هەر پێوەند بە بارزانی، کەسایەتیی سیاسی و نووسەری ناسراوی عەرەب، (د. منزر لفەزل) دەڵێت: "بارزانی گەورەترین و دیارترین سەرکردەی نەتەوەیی کورد بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (P.D.K) بوو، ئەو دەمەش لە 1979-03-01 لە نەخۆشخانەی (جۆرج تاون) لە (واشنتۆن) کۆچی دوایی کرد، ملیۆنەها کورد و خەڵکێکی زۆریش لە دۆستانی کورد و خۆشەویستانی گەلی کورد بۆی گریان، بۆیە یادی ئەو سەرکردەیە لە دڵی هەموو کوردێکدا و هەموو ئەوانەی پشتگیری لە ئامانجەکانی دەکەن هەمیشە زیندووە و دەمێنێ، ئەو ئامانجانەی لە پێناویاندا زۆر قوربانی بەخشی و بەدرێژایی ژیانی خەباتی بۆ وەدیهێنانی کرد. بۆیە مستەفا بارزانی وەک کەسایەتییەکی بێ وێنەی کوردی باشووری کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا و وەک سەرچاوەی ئیلهام و ڕەوشتی بەرز بۆ لاوانی کورد دەمێنێ، بارزانی ناسناوی ئەفسانەی چیایی هەڵگرتووە کە هەمیشە دوودڵ نەبووە لە گرتنەبەری ڕێگای ململانێ لە پێناو ئاشتی و ئازادی و دیموکراسیدا".

هەروەها سامی عەبدولڕەحمان، لە بیرەوەریی سێزدەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی-دا دەڵێت: "کاتێک کە چوومە خزمەتی بارزانی لە ئەمەریکا، دەمبینی بارزانی پێش کۆچکردنی بە ماوەیەک بەردەوام بە فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە خەریکە، گەرچی بارودۆخی تەندروستیشی نالەبار بوو، ئومێدی چاکبوونەوەشی بڕابوو، کەچی هەموو ڕۆژێک چەند کاتژمێرێکی دانابوو بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی".
مامۆستا موحسین دزەیی، کە هاوەڵی بارزانی بووە لە نەخۆشخانە واشنتن، لەم ڕووەوە دەڵێت: "ڕۆژی 01-03-1979 بە لەدەستدانی ئەو سەرکردە مەزنە، دنیا لەبەر چاومان تاریک بوو، نەماندەزانی چۆن هەنگاوی داهاتوو بهاوێژین. ئەو سەرکردە لێهاتووە بەجێی هێشتین، کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەی و بەدیهێنانی مافی ڕەوای میللەتە ستەملێکراوەکەی تەرخان کرد، ئەو پیاوە مەردە سادە و بەوەفایە دنیای جێ هێشت، هەموو حەزی خزمەتی گەلەکەی و ستەملێکراوان و هەژاران بوو، لە پێناوی ئەو ئامانجەی تێیدا دەیان جار هەوڵی لەناوبردنی دراوە".
موحسین دزەیی، درێژە بە باسەکەی دەدا و دەڵێت: "بارزانی کۆچی دوایی کرد، بەڵام کەلەپوورێکی گەورە و تژی لە پاڵەوانێتی و کردەوەی چاکی بۆ جێ هێشتین، ڕێگایەکی ڕۆشنی بۆ تێکۆشان گرتە بەر، ئەگەر بە وردی و دەستپاکی پیایدا بڕۆین بە ئامانج دەگەین و ئاواتەکانی گەلی کورد دێتە دی، ئەو ئاواتەی کە ئامانجی بارزانی بوو لە ژیانیدا. لەو کاتەدا هەر کە هەواڵەکە گەیشتە پەنابەرانی کورد لە ئەمەریکا و کەنەدا، ژمارەیەکی زۆریان لە چەندان شارەوە بە هەڵەداوان گەیشتنە لای ئێمە لە واشنتن، کاتێک هەواڵەکەم بە دکتۆر ماکفیرسن-پزیشکی تایبەتی بارزانیی نەمر ڕاگەیاند، زۆر خەمبار بوو، داوای کرد پرسەنامەی بگەیەنمە کاک ئیدریس. محەمەد سەعید دۆسکی، هەواڵەکەی گەیاندە ڕۆژنامەنووس (دانا ئادەم شمیدت)، دۆستی دێرینی بارزانی و خاوەنی پەرتووکی (گەشتێک لەنێو پیاوە ئازاکان)دا، شمیدت لە ڕۆژنامەنووسە بەرایەکان بوو کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا سەردانی کوردستانی کرد، بۆیە کە هەواڵەکەی زانی لە ڕۆژنامەی (کریستیان ساینس مونیتەر)دا کاری دەکرد، هەواڵەکەی گەیاندە ئاژانسەکانی دەنگوباس و ڕادیۆکان، بەم جۆرە هەواڵەکە بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە".
د. محەمەد سالح ئیبراهیمی، نووسەر و (مامۆستای زانکۆی تاران) لە وتارێکیدا دەنووسێت: "لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤایەتییدا (بارزانیی ڕۆژ) بە فوو ناکوژێتەوە. نیشانەی دڵسۆزی و هۆشیاری و بێداری و زیندووبوونی مستەفا بارزانیی ڕابەری نەتەوەی کورد لە هەموو کات و ساتێکدا و لەم سەردەمەشدا، جا چ کورد لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی، سێبەری ڕەحمەت و پڕ بەرەکەتی بارزانی وا بەسەرەوە، شۆێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانی دیارە بەسەر کورد و کوردستاندا و هەر دیاریش دەبێ".
هەروەها دەڵێت: "بارزانی ڕابەری ئەفسانەیی و بەرزە پلەیە، بارزانی لە ڕابەرانی سەدەی بیستەمە و نامرێت و نێوی هەر بە چاکی و پاکی دەمێنێ... زۆر بەداخەوە لە 01-03-1979 لە بەخۆشخانە لە واشنتۆن کۆچی دوایی کرد و بەپێی وەسێتی خۆی تەرمی پیرۆزی هێنرایەوە شاری شنۆ و خەڵک و حەشیمەتی زۆر پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد و لەگەڵی چوونە شاری شنۆ، تەنانەت وەفات و ناشتنەکەشی بووە هۆی یەکبوونی گەلی کورد لەو کاتەدا".
هەر لەم ڕوانگەیەوە د. خالید یونس-یش دەڵێت: "خەڵکانێکی زۆر لە هەموو وڵاتان و ناوچەکانی جیهانەوە هاتنە شنۆ بۆ بەڕێکردنی ئەو سەرکردەیەی کە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەی تێ کۆشا، دڵەکان قبوولیان نەکرد و پێیان داگرت کە دەبێت. بارزانی لەناویاندا بێ، بۆیە پاش چەند ساڵێک گۆڕە پاکەکەیان بردەوە باشووری کوردستان، لەو جێگەیەی لێی لەدایک بووبوو، لەنێو خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورەی وادا کە پێشتر هاوچەشنی نەبوو، نێژرا، بەدوای خۆشییەوە مێژوویەکی پڕ سەروەری و بیرێکی ڕووناک و سامانێکی نەتەوایەتیی مەزن و ڕێڕەوێکی نیشتمانیی دیموکراتی بەجێ هێشت".
جەلال دەباغ، سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی، لە دیدارێکیدا، سەبارەت بە کۆچی دوایی و پاشان هێنانەوەی تەرمی بارزانی بۆمان دوا و گوتی: "بێگومان مەرگی پڕ تراژیدیای

بارزانی مستەفا زیانێکی گەورە بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کەوت، ئەمەش لە هەلومەرجی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و دوور لە زێدی باب و باپیران و گەلەکەی بوو، وێڕای ئەوەش هێنرایەوە و لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاک سپێردرا تا دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 کە هەلومەرجی گونجاو ڕەخسا، لە ڕۆژی 06-10-1993دا بە پارێزگای سلێمانیدا تەرمی نەمران هێنرانەوە و بەناو شاری سلێمانیدا گەیەنرانەوە هەولێر و پاشان بە خاکی بارزان سپێردران. مەراسیمی هێنانەوە تەرمی بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بووە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بێ نموونە و بە بەشداریی سەدان هەزار کەس لە گشت ڕێگە و بانەکاندا پێشوازییان لێ کرا و بە ڕێزێکی زۆرەوە بەڕێ کران... بێگومان ئەم بەرز هەڵسەنگاندنەی گەل بۆ ڕابەرە دڵسۆزەکەی، باشترین بەرپەرچدانەوە بوو بۆ درۆ و دەلەسە و پڕوپاگەندەی دوژمنان لە دژی ڕابەرە شۆڕشگێڕەکەی گەلی کوردستان".

مامۆستا جەلال دەباغ، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "بە چاوی خۆمان بینیمان کە چۆن لە گەڕانەوەی بارزانیدا بۆ بەغدا و پاشان بۆ کوردستان بەڕێزەوە پێشوازیی لێ کرا، ئەمە ڕێکەوتی 06-10-1958 هەروا لە 06-10-1993 دا، واتە دوای (45) ساڵی تەواو، چۆن لە هێنانەوەی تەرمی نەمراندا بەگەرمی و بەڕێزەوە سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان پێشوازییان لێ کرد، ئەمەش دیسان جارێکی تر باشترین سەلماندن بوو کە گەل بە چ شێوازێک پێشوازیی لە ڕابەرە دلێرەکەی دەکات... پەند و تاقیکردنەوەکانی ژیان و تێکۆشانی بارزانیی نەمر، ئەوە فێری گەلەکەمان دەکات کە سەرکەوتنی ئایندەشمان لە یەکگرتندایە".

سەرۆک مەسعود بارزانی-یش سەبارەت بە کۆچی دوایی بارزانی دەنووسێت: "من دەمزانی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی چەند لەسەر دڵی کورد گران دەبێت. دەمزانی چ دەرد و خەفەتێک لە دڵ و دەروونی هاوڕێکانی خەباتی و هەموو ئەوانەی بەجێ دەهێڵێ، کە لەژێر ئاڵای ئەودا تێکۆشاون. من بەتایبەتی لەوە دەترسام ئەم هەواڵە ناخۆشە لەپڕە ئەنجامێکی پێچەوانە لەلای ئەوانەدا بەجێ بهێڵێ، کە سەریان نەوی نەکرد و خۆیان نەدا بەدەستەوە و پەیمانیان دا کەوا هەر لە تێکۆشان بەردەوام بن و ئەمە بیاندات بەدەست جۆرە نائومێدی یان ملکەچییەکەوە. لەبەر ئەوە هەستام ئەم ڕاگەیاندنەم نووسی و بڵاوم کردەوە کە تێیدا وتبووم (کۆچی دوایی بارزانی هەرگیز نابێت بە کۆسپ لە ڕێگەی درێژەپێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لەئەستۆ گرتبوو، خەبات هەر بەردەوام دەبێت و ڕەوت هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەو دەبێ). لە ڕاستیشدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی. باشترین بەڵگەی وەفاداریش بۆ یاد و بیرەوەریی ئەو، ئەوەیە ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵی گیرساند هەر بە هەڵگیرساوەیی بمێنێتەوە.

هەروەها د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو، لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: "ئاوڕدانەوە لە مێژووی ژیانی ئەو سەرکردەیە ئاوڕدانەوەیە لە کەسێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر، کە هەموو ژیانی لە خەبات و شۆڕشدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان درێژەی پێ دا، خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داواکانی هاونەتەوە و هاونیشتمانییەکانی، بۆیە بەدرێژایی 76 ساڵی تەمەنی، 73 ساڵی لە خەبات و ئاوارەییدا ژیا. تا ئەو کاتەشی کۆچی دوایی کرد، نە ملکەچی بۆ دوژمنانی نیشان دا و نە خۆی بە لاوازی نیشانی دەسەڵاتدارانی ئێراق و نەیارانی نەتەوەی کورد دا، بارزانی ئەو سەرکردەیە بوو تا کۆچی دوایی کرد، بۆ کوردستان ژیا، بەڵام تا لە ژیاندا بوو، خاوەنی یەک بست زەوی خۆی نەبوو".

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، لە 06-19-1993 تەرمی بارزانی و ئیدریسی کوڕی بە دوو هێلیکۆپتەری ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێنرایەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان، لە کاتی دابەزاندنی کەژاوەکاندا ڕێووێنەکە بە پێشوازیی سەربازی بەڕێوەچوو، هەردوو تەرمەکەش بەو ئاڵایەی کوردستان ڕازێنرابوونەوە کە (پێشەوا قازی محەمەد)ی سەرۆکی کۆماری کوردستان بەر لەسێدارەدانی بە بارزانی بەخشیبوو.

ئیدی لەلایەن خەڵکی کوردستان، هەر لە شاری سلێمانییەوە هەتا بارزان بەڕێز و بە گریان و فرمێسک ڕشتن و قژڕنینەوە و قوڕپێوان و لەخۆدان. لە سەرشەقام و ڕێگاوبان بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا، دواجار لە گوندی

بارزان بە خاک سپێردران. تا ئێستاش ساڵانە سەدان هەزار لە کورد و کوردستانییان لە کۆچیادیدا سەردانی مەزاری بارزانی باوک و ئیدریس بارزانی کوڕ دەکەن.
لە کاتی کۆچی دوایی بارزانیدا، ئێوارەی یەکی ئادار، بەم شێوەیە ڕادیۆی (مۆنتیکارلۆ)ی نێودەوڵەتی هەواڵەکەی بڵاو کردەوە و دەڵێت: "لە هەواڵێکی بەپەلەدا، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، مەلا مستەفا بارزانی، کە یەکێکە لە دیارترین سەرکردە کوردەکانە لە ئێراق و جیهاندا، دوای ئازارێکی زۆر بەدەست نەخۆشییەوە، کۆچی دوایی کرد... ".
عەبدوڵڵا ئاغا پشدەریی تێکۆشەر، کە هاوکات یەکێک لە ئامادەبووانی بەخاک سپاردنی بارزانی بووە، دەڵێت: "شەوی 5 لەسەر 6ی ئازاری 1979 تەرمی پیرۆزی بارزانی لە ئەمریکاوە گەیشتەوە (تاران)، خەڵکێکی هێجگار زۆر گردبوونەوە، تەرمەکە لەگەڵ ئێمەدا لە فڕۆکەی هێڵی کۆپێردا بوو، کاتێک لەو بەرزییەوە تەماشای شاری شنۆمان دەکرد و ئەو دەشتە پان و بەرینە، لە لامان سەیر بوو ئەو هەموو خەڵک و حەشیمەتە زۆرە لەو دەشتەدا کۆبووەتەوە، بە ڕاستی وەکوو گەڵای داران خەڵک کۆ بووبووەوە، بگرە لە (سەرپێڵی زەهاو)ەوە هەتاکوو (خۆی)، واتە لە باشوور و باکوورەوە (کورد و فارس) هاتبوون بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی بارزانی، ئەو هەموو خەڵکە زۆرەی کە وا لە شارەکانی (کرماشان، سەقز، بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشەهر، نەغەدە، ڕەزاییە، خۆی، سەڵماس)، جگە لەوانەش خەڵکێکی زۆری ئێراق و تورکیا و شارەکانی تری ئێران و بگرە تورکەکانیش هاتبوون بۆ بە خاک سپاردنی ئەو سەرۆکە مەزنەی کوردستان".
* ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتوون:
وێستەگەکانی ژیانم، موحسن دزەیی، بەشی سێیەم، وەرگێڕنی: ئیسماعیل بەرزنجی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شنۆ | هەولێر | فۆلدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2018-03-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-03-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com - 03-01-2018
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-12
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 287
31 ساڵ لەمەوبەر تەرمی بارزانی و کاک ئیدریس لە خاکی پیرۆزی بارزان سپێردران
20250721232627647430=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ئامادەکردنی: سۆران عەزیز

31 ساڵ لەمەوبەر بە پێشوازییەکی بێ وێنەی خەڵکی کوردستان، تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕێنرانەوە بۆ بارزان.
لە 06-10-1993 تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی کە لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێژرا بوون، هێنرانەوە بۆ کوردستان و لە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردران.
لە لاپەڕە 265 تا لاپەڕە 270ی بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانیدا، حەمەی حاجی مەحمود، باسی ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی سەرۆک مستەفا و ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: ئەو ڕۆژەی تەرمەکانیان لە باشماخەوە هێنایەوە باشووری کوردستان، لە سنوورەوە خەڵک پێشوازیی لێ کردن تا ناو سلێمانی، لەناو سلێمانیش هەموو خەڵکی شارەکە هاتن بەدەم تەرمەکانەوە و سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دانەواندن و چەپکە گوڵی وەفایان خستە سەر تابووتەکەیان.
سکرتێری پارتی سۆسیالیست ئەوەش دەڵێت: ئەو شەوەی لە سلێمانی تەرمەکانیان هێشتەوە، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بوون و لە تەنیشت مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخەوە دانرابوون، مام جەلال بەدیار تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانییەوە هەتا بەیانی مایەوە.
محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بەوەش داوە، لە ڕۆژی 07-10-1993دا کاتێک تەرمەکانیان برانە پەڕڵەمانی کوردستان، لەوێش مام جەلال زۆر وەسفی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی کرد.
مستەفا بارزانی لە ساڵی 1958 وەک ڕابەری نەتەوەیەکی ستەملێکرا و دانپێدانراو لەسەر ئاستی دنیا بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئێراق، ئەم بڕیارەش دوای ئەوە هات کە کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم مانای شۆڕشی وەرگرت و دەستووری کاتیی ئێراق نووسرایەوە کە تێیدا هاتووە: ئێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، ئەم بڕگەیەی دەستووری ساڵی 1958ی ئێراق، تەواو مانای ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی مستەفا بارزانییە کە لە ساڵی 1943 بۆ گەورە سیاسەتمەداری عەرەبی ئەو سەردەمە عەبدولڕەحمان عەزام پاشای نووسیوە کە پاشان بووە سەرۆکی کۆماری عەرەبی، تێیدا دووپاتی لەسەر ئەوە کردووەتەوە شۆڕشی کوردستان دژی نەتەوەی عەرەب نییە و دژی ئەو ڕژێمانەیە کە هەر دوو نەتەوە پێکەوە دەچەوسێننەوە، ئەمەش نهێنیی ئەو دەسەڵاتە سۆفی و مەعریفییەیە کە کاریزمای مستەفا بارزانی لە فەلسەفەی کوردایەتیدا دایڕشتووە، هەر ئەم دەسەڵاتە مەعریفییەش کاریزمای مستەفا بارزانی لای عەرەبی ئێراق دروستکردووە، کاتێک لە قاهیرەوە و دوای دیداری لەگەڵ جەمال عەبدولناسر کە ئەو کات تەنیا سەرۆک کۆماری میسر نەبوو، بەڵکوو خۆی بە ڕابەری هەموو نەتەوەی عەرەب دەزانی، گەڕایەوە بۆ ئێراق، پێش گەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی موسەنا، لە بەغدا ئاپۆرای جەماوەرێکی گەورەی کورد و عەرەب و تەواوی نەتەوەکانی تر بۆ پێشوازیی ڕاوەستابوون.
پێشوازی و ئاپۆرای جەماوەری کورد و عەرەب و تەواوی ئایین و نەتەوەکانی تر بۆ مستەفا بارزانی لە فڕۆکەخانەی بەغدا، ڕووداوێک بوو پێشتر بۆ هیچ ڕابەرێکی کوردستانی و ئێراقی لەو ئاستەدا و بەو شێوە خۆڕسکە نەکرابوو، لەسەر ئاستی کوردستانیش پێش ئەوەی مستەفا بارزانی سەردانی سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان بکات، لە هەموو ماڵێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر، وێنەی مستەفا بارزانی وەک ڕابەر و سیمبولی کوردایەتی هەڵواسرابوو، هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی سەرۆک هۆزەکانی کوردستان لە پێشوازیی ڕابەری کوردایەتیدا بوون.

دواتر بەهۆی ئەقڵییەتی شۆڤێنیی قەومی عەرەبی و ئایدیۆلۆجیای شۆڤێنیی بەعسییەکان، بوونە هۆکاری ئەوەی لە جێبەجێکردنی دەستووری 1958 حکوومەتی ئێراق پەشیمان ببێتەوە و سەرەنجامیش گەلی کوردستان لە ساڵی 1961 ڕاپەڕی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەڵگیرسا، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشیش مستەفا بارزانی بە جۆرێک ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشەی کرد کە حزبی بەعسی لە ساڵی 1970 بەشێوەیەک ناچار کرد، مل بدات و بۆ یەکەمین جار ڕێککەوتنی مێژووپی 11-05-1970 لە چوارچێوەی دانپێدانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان واژۆ بکات.
ئەم ڕێککەوتنە بۆ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستان، یەکەمین دیکۆمێنتی مێژووییە کە حکوومەتەکانی ئێراق وەک دیکۆمێنتێکی یاسایی، ددانیان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا نا، بناغەیەکیش بوو بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەک هیچ لایەنیکی سیاسی نەتوانێت سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکات.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2024-10-06

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-10-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 06-10-2024 -/wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 288
32مین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردە ئیدریس بارزانی کرایەوە
20250814101320651027=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: 32مین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردە ئیدریس بارزانی کرایەوە

ئەمڕۆ سێشەممە لە پیرمام، 32مین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی شەهیدی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تێیدا د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە بەشێک لە دەسکەوتەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی و هاوڕێکانی.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە وتارەکەیدا وتی: بەردەوام بیرەوەری و ساڵیادی نەمر ئیدریس بارزانی تێکەڵ بە دەسکەوتەکانی کوردستان بووە، چونکە ژیان و خەباتی ئەو بە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمانەوە گرێ دراوە.
ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی باسی لەوەش کرد کە دوژمنانی دەرەکی و نەیارانی ناوخۆ هەوڵیان دا پڕۆسەی ڕیفراندۆم سەرنەگرێت، بەڵام دواجار پڕۆسەکە سەرکەوت.
شاوەیس ئاماژەی بەوەش کرد: ڕیفراندۆم ئاوات و خواستی گەلەکەمان بوو بۆ ئازادی، بۆیە دەنگیان دا و پڕۆسەکەیان سەرخست، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو ڕیفراندۆمە جگە لەوەی لەسەر داوای جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، هاوکات بەشێک لەو دەسکەوتانە بۆ خەباتی برای هەمیشە زیندوومان کاک ئیدریس و هەڤاڵەکانی تری و لە سەروویانەوە، بۆ خەباتی بارزانیی نەمر دەگەڕێنەوە.
دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس وتیشی: خەباتی نەتەوەیەک وەک زنجیرەیەک وایە، ناتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، خەباتی میللەتێک لە دەسپێکەوە تا دەگاتە ئامانجی خۆی، یەک پەرتووکە کە هەموو لاپەڕەکانی پێکەوە بەندن و هەر خشتێکی لەسەر خشتێکی تر بینا کراوە.
شاوەیس باسی نزیکی و پەیوەندیی خۆی و نێوان شەهید ئیدریس کرد و وتی: بیرەوەرییەکان زۆرن، ئێمە لە منداڵی و قوتابخانەدا پێکەوە بووین، هاوڕێ سەردەمی گەنجایەتی بووین، لە ساڵانی هەشتاشەوە بەتایبەتیی دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، هاوخەباتی یەکتری بووین و لە دۆخێکی زۆر زەحمەتدا کارمان کردووە و ئێوەیش کە لێرە ئامادەن، هەمووتان ڕۆڵتان لەو خەباتە سەختەدا هەبوو، کە لە ساڵانی دوای 75ەوە دەستی پێ کردەوە، تا گەلەکەمان بگاتە ئامانج.
د. ڕۆژ لە درێژەدا ڕایگەیاند: کاتێک دەمانەوێت باسی کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو بکەین، باسکردنی لایەنەکانی ژیانی دەبێتە زەرورەت، کاکە ئیدریس کەسایەتییەک نەبوو کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، وەک ئەوەی بڵێین فلان ساڵ لەدایک بووە و لە فلان ساڵدا هاتە ڕیزی پارتییەوە و لە خەبات بەردەوام بوو و لە فلان ڕۆژ و ساڵدا کۆچی دوایی کرد، بەڵکوو کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان.
ئیدریس کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکووتن. ساڵی 1947 بارزانیی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژوویی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن

ڕۆژمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و مووسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14-08-1958 کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.
سەرەنجام پاش تەمەنێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان، کاتژمێر 6.30 ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی سلێمانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت گلکۆی پیرۆزی بارزانیی باوک و ڕابەر دەنێژرێ و ساڵی 1993 تەرمەکەی لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر گەڕێندرایەوە باشووری کوردستان و لە مەزاری نەمران لە بارزان نێژرا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 29-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وتنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی kurdistantv.net)- 29-01-2019)

کاتی تۆمارکردن: 14-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 289

35 ساڵ بەسەر کۆچی دوای ئیدریس بارزانیدا تێدەپەڕێت

20250807115650650075=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا، لە 31-01-1987 سەرکردەی کورد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، لە گوندی سلێڤانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ئیدریس بارزانی، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناو دەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراق بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران ساز کرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس کرد.

ئیدریس بارزانی، لە مانگی ئازاری 1944دا لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لە دایک بوو، وەک سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببووە ماڵی گەورەی کوردایەتی و سیمبولی نەتەوەیی و ڕووگەی تێکۆشەرانی کوردستان. لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەی لە سنووری بارزان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بەغدا، مووسڵ و بەسرا، لەگەڵ ئەوەی لە تەمەنی منداڵییەوە لە سۆز و خۆشەویستیی باوک بێبەش بوو، تا گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت لە ساڵی 1958دا.

لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بەیاوەرێی سەرۆک بارزانی، لە دەستەی شاندی دانووستانکاری شۆڕش بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش، سەرەنجام بە سەرپەرشتیی بارزانیی نەمر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان بە دەست هات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتیی کورد و سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران، محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.

بە سادەیی ژیاوە

ئیدریس بارزانی، لەناو جەماوەر خۆشەویست بووە سادە و بە قەناعەت بووە، بە سادەیی ژیاوە، خاوەن قسە و بەڵێنەکانی بووە، لەگەڵ هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری قسە و هەڵسوکەوتی کردووە، هەر کە شۆڕش بەرپا بوو، بارزانیی نەمر سەرپەرشتیی شۆڕشی کرد، ئیدریس بارزانی هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کە قوتابی بوو، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی باوک بەشداری لە شۆڕش کرد.

دۆست و دوژمنانی کورد بە کەسایەتیی ئیدریس بارزانی سەرسام بوون

ئەحمەد سلێمان، پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، بۆ هەولێر دەڵێت: "ئیدریس بارزانی، لە تەمەنی 17 ساڵی دەبێتەیەکێک لە فەرماندە زیرەک و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان هزری ئاشتی و یەکسانی و ئازادیخوازی و دیموکراسی بوو، لە بواری دیپلۆماسیدا زۆر سەرکەوتوو بوو. لە بواری کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی لەناو دڵی هەموو تاکێکی کورد کردبووەوە، کەسێکی سادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکان وەستاوە، خەمخۆری پێشمەرگە بوو، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بوو، لێبوردە بوو، کەسێک بوو باوەڕی بە خۆیی و میللەتەکەی هەبوو، هیچ کاتێک هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد، دۆست و دوژمنانی کورد زۆر پێی سەرسام بوون، قوتابییەکی قوتابخانەی بارزانیی نەمر بوو، لە زۆربەی داستانەکان بەشداریی کردووە و سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، سەرکردایەتیی هەر دوو داستانی هەندرێن و زۆزکی کردووە.

توانیی چارەسەری کێشە و گرفتی ئاوارەکان بکات

حەسەن شەوکەت، پێشمەرگەیەکی دیکەیە، بە "هەولێر"ی گوت: "پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئەوە بوو کە بەردەوامی بدەنە شۆڕش، بۆ ئەوەی دڵی دوژمن خۆش نەبێت، هەر بۆیە زوو کەوتە ناوکادیر و سەرکردە و ئەو خەڵکەی کە ئاوارەی ئێران بووە، لەگەڵ سەرۆک بارزانی پێکەوە ڕێکخستنەکانی پارتی نوێ کرانەوە، دواتر هەر بەسەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز دەستی پێ کرد، وەکوو درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخواز و ئارمانجی گەلی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوولی نیشتمانی.

لە قۆناغی شۆڕشی گوڵاندا ئیدریس بارزانی یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە هێزێکی دیکەی بە شۆڕشدا و پەیوەندی بە کۆمەڵێک کادیر و سەرکردە و پێشمەرگە و فەرماندەی پێشمەرگەی ئاوارە و دەربەدەر لە ئێرانەوە کرد، توانیی کۆ بکاتەوە و ئامادە بکات و ڕەوانەی ئەو بارەگانە بکات کە پارتی ئامادەی کردبوون؛ ئەوەش هێزێکی دیکەی دایەوە هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەی خۆی لە ئاوارەکان کردە خاوەن و توانی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئەوان بکات".

ئیدریس بارزانی ئەندازیاری دروستکردنی بەرەی کوردستانی بوو

ئیدریس بارزانی، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران سازکرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو، لە ئاستی دیپلۆماسیدا ئەزموونێکی ناوازەی هەبوو، بە تایبەتیی لە بواری بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکخستنی وتاری پارت و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق، سەرکردەی بەرەکانی شەڕ بوو، سەرکردەیەک بوو بڕوای بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو، لە بواری سەربازی شارەزایەکی زۆر باشی هەبوو، حکوومەتی ئێراق ناچارکرد پاشەکشە بکات، لەگەڵ ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەستی بەوە کردبایە تڕووسکایەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرد، لەگەڵ ئەوەی توانی پەیوەندی لەنێوان پارتی و هێزەکانی دیکە دروست بکات، لەسەر دەستی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەنێوان پارتی و یەکێتی هاتە کایەوە و لە ئەنجامدا بەرەی کوردستانی دامەزرا.

شۆڕشی کوردی بردە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازەوە، ئەگەرچی چەند مانگێک دوای کۆچی دوای جێبەجێ کرا، بەڵام ئەوە بەرهەمی بیری کوردانەی ئەو بوو، هەروەهایەکێک لەو سەرکردانە بوو کە توانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست بکات و بەرەو پێشەوە ببات، لە قۆناغی داهاتووشدا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە درێژە پێ بدات، بۆیە ئەگەر بە زیرەک و لێهاتوویی ئیدریسی جوانەمەرگ و سەرۆک بارزانی نەبوایە.، بزووتنەوەی کوردی و شۆڕشی گەلی کوردستان نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە و لە ساڵی 1991 ڕاپەڕین نەدەکرا و کوردستان ئازاد نەدەبوو، ئەو دەستکەوتانەی لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا خەباتیان بۆ دەکرا بە دەست هاتوونە، هەر بۆیە هەبوونی ئەو لەو قۆناغانەدا هاندەرێکی بەهێز بوو، کە وەرەی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و خەڵکێک هاند بدات ببێتە پێشمەرگە و بەرگری لە گەلی کوردستان بکات، بۆیە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوونە دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ".

لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا کۆچی دوایی کرد

کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتیی پارتی بڕیاری گەڕانەوەی تەرمی بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ دا. لە ڕۆژانی 6 تا 08-10-1993 لە ڕێووێنەیێکی تایبەتدا تەرمی هەردووکیان، لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا، گەیێندرانەوە گوندی بارزان و لە شوێنی لە دایکبوونیان ئەسپەردەی خاک کرانەوە. بە لەدەستدانیشی، جووڵانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە

سەرخەرانی پرۆژەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لە دەستدا". [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
فراکسیۆنی پارتی: ئیدریس بارزانی گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی hawlerweb.net 31-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 290
36 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێدەپەڕێت
2025080711471865007 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا، لە 31-01-1987 سەرکردەی کورد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، لە گوندی سلێمانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.
سەرکردە ئیدریس بارزانی، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناو دەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسیی و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراق بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران ساز کرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس کرد.
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس بارزانی، لە مانگی ئازاری 1944دا لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لە دایک بوو، وەک سەرچاوە مێژوویییەکانی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببووە مانی گەورەی کوردایەتی و سیمبولی نەتەوەیی و ڕووگەی تێکۆشەرانی کوردستان. لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەی لە سنووری بارزان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بەغدا، مووسڵ و بەسرا، لەگەڵ ئەوەی لە تەمەنی منداڵییەوە لە سۆز و خۆشەویستیی باوک بێبەش بوو، تا گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت لە ساڵی 1958دا.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، سەرکردە ئیدریس بارزانی بەیاوەریی سەرۆک بارزانی، لە دەستەی شاندی دانووستانکاری شۆڕش بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسیی و دیپلۆماسیی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش، سەرەنجام بە سەرپەرشتیی بارزانیی نەمر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان بە دەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژانەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتیی کورد و سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران، محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
بەسادەیی ژیاوە
سەرکردە ئیدریس بارزانی، لەناو جەماوەر خۆشەویست بووە سادە و بە قەناعەت بووە، بە سادەیی ژیاوە، خاوەن قسە و بەڵێنەکانی بووە، لەگەڵ هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری قسە و هەڵسوکەوتی کردووە، هەر کە شۆڕش بەرپا بوو، بارزانیی نەمر سەرپەرشتیی شۆڕشی کرد، سەرکردە ئیدریس بارزانی هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کە قوتابی بوو، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی باوک بەشداری لە شۆڕش کرد.
لە قۆناغی شۆڕشی گوڵاندا ئیدریس بارزانی یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە هێزێکی دیکەی بە شۆڕشدا و پەیوەندی بە کۆمەڵێک کادیر و سەرکردە و پێشمەرگە و فەرماندەی پێشمەرگەی ئاوارە و دەربەدەر لە ئێرانەوە کرد، توانیی کۆبکاتەوە و ئامادە بکات و ڕەوانەی ئەو بارەگانە بکات کە پارتی ئامادەی کردبوون؛ ئەوەش هێزێکی دیکەی دایەوە هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەی خۆی لە ئاوارەکان کردە خاوەن و توانی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئەوان بکات".

ئیدریس بارزانی ئەندازیاری دروستکردنی بەرەی کوردستانی بوو

سەرکردە ئیدریس بارزانی، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران سازکرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو، لە ئاستی دیپلۆماسیدا ئەزموونێکی ناوازەی هەبوو، بە تایبەتیی لە بواری بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانیی و یەکخستنی وتاری پارت و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق، سەرکردەی بەرەکانی شەڕ بوو، سەرکردەیەک بوو بڕوای بە ئاشتی و پێکەوەژیان

هەبوو، لە بواری سەربازی شارەزایەکی زۆر باشی هەبوو، حکوومەتی ئێراق ناچارکرد پاشەکشە بکات، لەگەڵ ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەستی بەوە کردبایە تروسکایەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرد، لەگەڵ ئەوەی توانی پەیوەندی لەنێوان پارتی و هێزەکانی دیکە دروست بکات، لەسەر دەستی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەنێوان پارتی و یەکێتی هاتە کایەوە و لە ئەنجامدا بەرەی کوردستانی دامەزرا. شۆڕشی کوردی بردە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازەوە، ئەگەرچی چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی جێبەجێ کرا، بەڵام ئەوە بەرهەمی بیری کوردانەی ئەو بوو، هەروەها یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە توانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست بکات و بەرەو پێشەوە ببات، لە قۆناغی داهاتووشدا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە درێژە پێ بدات، بۆیە ئەگەر بە زیرەک و لێهاتوویی ئیدریسی جوانەمەرگ و سەرۆک بارزانی نەبوایە، بزووتنەوەی کوردی و شۆڕشی گەلی کوردستان نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە و لە ساڵی 1991 ڕاپەڕین نەدەکرا و کوردستان ئازاد نەدەبوو، ئەو دەستکەوتانەی لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا خەباتیان بۆ دەکرا بەدەست هاتوونە، هەر بۆیە هەبوونی ئەو لەو قۆناغانەدا هاندەرێکی بەهێز بوو، کە وەرەی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و خەڵکێک هانبدات ببێتە پێشمەرگە و بەرگری لە گەلی کوردستان بکات، بۆیە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوونە دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ".

لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا کۆچی دوایی کرد

کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتیی پارتی بڕیاری گەڕانەوەی تەرمی بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ دا.

لە ڕۆژانی 06 تا 08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا تەرمی هەردووکیان، لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا، گەیێندرانەوە گوندی بارزان و لە شوێنی لە دایکبوونیان ئەسپەردەی خاک کرانەوە.

بە لەدەستدانیشی، جوولانەوەی سیاسیی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پڕۆژەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لە دەستدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی hawlerweb.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 291
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت
20250709172147644940=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
دهۆک بارزانی

کاتێک پەڕەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە و قسە لەبارەی کەسە کاریگەر و خاوەن کەسایەتی بەهێزی مێژووی کورد دەکرێت، دەبێت لە یەکێک لەو پەڕانە ناوی ئیدریس بارزانی ببینرێت، هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری هەوڵەکانی یەکڕیزی گەلی کوردی دادەنێن، بەو پێیەی کاری بۆ یەکماڵی کورد و قبوواڵ نەکردنی ملکەچی کردووە، هاوشێوەی ئێستا کە یەکڕیزی بە بنەمای گەیشتن بە ئامانجەکان دادەنرێت.
دوایین ڕۆژی مانگی کانوونی دووەم/ یەنایری هەموو ساڵێک لە ڕۆژمێری پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا ساڵڕۆژی کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەری دیاری خەباتی خەڵکی کوردستان ئیدریس مستەفا بارزانییە.
ئیدریس بارزانی لە مانگی ئازاری 1944 لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لەدایکبوو، کە وەک سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببوە ماڵی گەورەی کوردایەتی و سیمبوڵی نەتەوەیی و ڕووگەی تێکۆشەرانی کورد.

ئیدریس بارزانی تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ، مستەفا بارزانی باوکی، ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە جوواڵنەوەی کورد و کۆماری کوردستان لە مەهاباد خەباتی دەستپێکرد.
دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەدی بارزانی برای گەورەی مستەفا بارزانی لە پێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ژنانی کورد گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەو کات تەمەنی 3 ساڵ بوو لەگەڵ خێزانەکەیان گەڕانەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا بۆ یەکەمجار چووە بەرخوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری کۆماری بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.

بە گوێرەی ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕێزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی کردە شان و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.

دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار

ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا ، ئیدریس بارزانی بە یاوەری مەسعود بارزانی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون کە هەریەک لە شەهیدان سالح یوسفی و دارا تۆفیق و سامی عەبدولڕەحمان و نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون, لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش و سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
بە هۆی نسکۆی شۆڕشەوە، ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.

هەر بە گوێرەی ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەری مەسعود بارزانی، هەر زوو هەوڵەکانی خستەوەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە.
1979 گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هات و لە ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و دەسەڵاتی شای ئێران ڕوخێندرا و لە ئێراقیش بەعس زیاتر پێگەی خۆی لە دەسەڵات قایم کردبوو، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری بە قولایی 30 کیلۆمەتر تەواوکردبوو، دانیشتووانی گوندەکانی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کردبوو، هاوکات هێزە ئێراقییەکان و هێزە کوردستانییەکان لە ناوخۆدا دابەش ببوون.

لەو سەروبەندەدا شەڕی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا و حکوومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان وزە و توانای لایەنەکان بە هەدەر بڕوات و بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕوویدا و ئەو ڕووداوانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد و بەرهەمی خەباتە چەکدارییەکەی دروستکردبوو، هەر ئەوەش وای کرد، ئیدریس بارزانی لە پێناو هێنانەدی ئاشتەوایی و یەکخستنی ناو ماڵی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێشخەری بکات.

لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆتایی 1986دا بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.

ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران سازکرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
لە ئاستی دیپلۆماسیدا ئیدریس بارزانی ئەزموونێکی ناوازەی هەبوو، بە تایبەتی لە بواری بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکخستنی وتاری پارت و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق.

لە31-01-1987 دا ئیدریس بارزانی بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دواییکرد و بە لەدەستدانیشی جوولانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە

ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پرۆژەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لەدەستدا و لە شارۆچکەی سلڤانای سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا.
دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە 6ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 1993 تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشی ئەیلوول و ئیدریس بارزانی سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان ئەسپەردەی خاک کرانەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
نافیز جەلال حەوێزی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 31-01-2024 - (gulanmedia.com)

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 292
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت
20250721103205647353=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

"کاک ئیدریس، مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییە کەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویییە کەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ببووە هۆی نەرمونیانییە کەشی".
37 ساڵ بەر لە ئێستا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان یەکێک لە سەرکردە کاریگەر و گرنگەکانی لەدەستدا، کە سەرۆک بارزانی لە وەسفیدا دەڵێت: مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییە کەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویییە کەیەوە سەرچاوەی گرتبوو؛ ئەویش ئیدریس مەلا مستەفا بارزانی بوو.
ئەمڕۆ (31ی کانوونی دووەمی 2024)31-01-2024 یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاری گەلی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و بەشدارێکی کاراش بووە بە یاوەری سەرۆک مەسعود بارزانی، لە گفتوگۆ و دانووستانەکانی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەوانەش ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 و دامەزراندنی بناغەی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1986.
ژیاننامەی ئیدریس بارزانی
ئیدریس بارزانی لە مانگی ئاداری 1944 لە ناوچەی بارزان لەدایکبووە. کاتێک تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ، مستەفا بارزانی باوکی، ڕوویکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە جووڵانەوەی کورد و کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەستی بە خەبات کرد.
دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی سوپای شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەد بارزانی، برای گەورەی مستەفا بارزانی لە پێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ژنانی کورد، گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەو کات تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.
لە تەمەنی شەش ساڵیدا، ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا چووە بەر خوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958، ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.
دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕێزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی هەڵگرت و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداربی لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.
دوای نۆ ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە کە لە دەڤەری باڵەکایەتی ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەری سەرۆک مەسعود بارزانیی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون، کە هەر یەک لە شەهیدان ساڵح یوسفی، دارا تۆفیق، سامی عەبدولڕەحمان، نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش.
سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی، تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران، محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردییان تووشی نسکۆ کرد و ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.
لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەری سەرۆک مەسعود بارزانی، هەر زوو هەوڵەکانی

خستەوەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە. لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە، لە کۆتایی 1986دا، بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.

ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا، بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا، لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراقش، کە لە تاران سازکرا، بانگەوازیی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.

ئیدریس بارزانی لە ڕۆژی 31-01-1987، بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دواییکرد، لە شارۆچکەی سلێمانای سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، لە 6ی تشرینی یەکەمی 1993 (06-10-1993)تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئیدریس بارزانی، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان بە خاک سپێردران.

سەرۆک بارزانی لە وەسفی ئیدریس بارزانیدا

سەرۆک مەسعود بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد -شۆڕشی گوڵان"، ستایشی ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: "کاک ئیدریس، مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ببووە هۆی نەرمونیانییەکەشی".

سەرۆک بارزانی لە پەرتووکەکەیدا بۆ کاک ئیدریس نووسیویەتی: "کەسێکی لەخۆبوردوو و خاکیی بوو، لێبوورده بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆر جار خەڵکی ئاسایی و هەژاری بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی، هەستکردن بە کەموکورتیی لای بەرانبەر دەڕەواندەوە".

لە گێڕانەوەی یادی کاک ئیدریس بارزانی باسی هەستی هاوکارییەکەی کردووە، کە "ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاک ئیدریس جێی خۆی لە دڵی خەڵک و هەموو چین و توێژەکاندا بکاتەوە و بە پشتوپەنا و فریادڕەسی خۆیانی بزانن".

سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەشدەکات، "سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی هەبوون، زۆر جار کاک ئیدریس بریندار و پێشمەرگەی لە مانی خۆی دەپاراستن و بۆ چارەسەرکردنیشیان لەسەر ئەرکی خۆی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکردن".

لەبارەی هەوڵەکانییەوە بۆ ئاشتەوایی سەرۆک بارزانی دەڵێت: "کاک ئیدریس بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، بایەخ و گرنگی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی پێ بەخشرا."

لەبارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری دوای نسکۆی 1975 سەرۆک بارزانی لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: "کاک ئیدریس لە پێناو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی دوای نسکۆی 1975، بەگیانی پێشکەوتن و داهێنان و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە کاری دەکرد. ئەم نسکۆیە هەستی کاک ئیدریسی بە بەرپرسیارییەتیی دوو ئەوەندە زیادکرد و، وەک کەسێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا کاری دەکرد. لە هەرشوێنێک بوایە، کورد لە دەوری کۆدەبوونەوە و شوێنی گازندە و هیوا و ئومیدی خۆیان لە کاک ئیدریسدا دەبینییەوە". [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | مەهاباد | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
نافیز جەلال حەوێزی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی darkamazi.net- 31-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 293
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕیوە
20250726135910648298=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ یادی 37ەمین ساڵی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە کە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی یەک لە سەرکردە دیارەکان و ئەندازیاری ئاشتی لەدەست دا.
لە ڕۆژی 31-01-1987 ئیدریس مەلا مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد. ئیدریس بارزانی مل بە ملی سەرۆک مەسعوود بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان و خەبات دژی داگیرکەراندا هەبووە.
سەرۆک مەسعوود بارزانی دەربارەی ئیدریس بارزانی برای دەڵێت: ئیدریس بارزانی کەسێکی زۆر گەورە بوو، گەورەیی ئەو لە تێگەیشتن و پێگەیشتنی ئەو بووە، هەموو سیفاتەکانی مەلا مستەفا بارزانی لەناو ئەودا هەبوون، مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو و هیچ جارێک حەزی لە تۆڵەسەندنەوە نەبووە.
زۆرێک لە سەرکردەکانی کورد باس و پەسنی ئیدریس بارزانی دەکەن، ڕەوانشاد مام جەلال تاڵەبانی، دەربارەی ئەو کەسایەتییە وتویەتی: ئیدریس بارزانی کەسێکی ژیر بوو و پاشەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆی دەدیت.
نێچیرڤان بارزانی کاتێک باسی باوکی دەکات، دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی باوکم گران بوو، خۆی لە خوێندنەوەی پرتووک دور نەدەکرد و زۆربەی هۆزانەکانی، خانی و جزیری و وەفایی لەبەر بوون.
هەر دەربارەی ئیدریس بارزانی دا، د. ڕۆژ نووری شاوەیس دەڵێت: ئەو مرۆڤێکی کوردپەروەر و نەتەوەیی بوو، فەرق و جیاوازی لەنێوان کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا نەدەکرد.
فازڵ میرانییش دەڵێت: کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لە دەستی ئیدریس بارزانی دا هەبوو.
سیاسەتمەدار مەحموود عوسمانیش دەربارەی ئیدریس بارزانی دەڵێت: ئەو مرۆڤێکی شەڕخواز نەبوو، حەزی لە شەڕ نەبوو، بە تایبەت شەڕی کورد و کورد.
هەروەها حەمید ئەفەندی، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولیش دەڵێت: ئیدریس بارزانی کەسێکی زۆر ژیر بوو و بیر و هزر و مێشکێکی سەربازی و ئیداری بەهێزی هەبوو.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: کرمانجیی سەروو |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 26-07-2025 - https://www.gavtv.net
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | وەرگێڕانی کوردیپیدیا - کاروان م. ئاکرەیی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-26

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 294

41مین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان و هەڵوێستەیەک لەسەری

20170528212302100211=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

عەبدولڕەحمان عەلی کوردە

پێشمەرگەی یەکەم دەستپێکی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

2017-05-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 26-05-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-05-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
عەبدولڕەحمان عەلی کوردە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
لە پەراوێزی کتێبەکەی سەرۆک بارزانی: (شۆڕشی گوڵان 1975-1991)	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادی 41 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 28-05-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 295
49 ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی
20250708125842644706=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کاروان محەمەد سینۆ

ساڵی 1961 کاتێک شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی بەرپا بوو، سەرەڕای بچووکی تەمەنی، بەڵام ئیدریس بارزانی لەو شۆڕشەدا وەکوو پێشمەرگە و سەرکردەیەکی گەورە و بەتوانا لەنێو مەیدانی شۆڕشدا بووژایەوە و لێهاتووی و توانستەکانی کاک ئیدریس بارزانی لە بواری زانستی سەربازی و خەباتی پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسییەت و ئیدارەدانی جەنگ و ئاشتی و خەبات، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوون، تا ئەو ڕادەیەی کە بەلێهاتوویی خۆی، کاک ئیدریس بارزانی توانی جێگای خۆی لەنێو دڵ و متمانەی مەلا مستەفا بارزانیدا بکاتەوە. لەم ڕووەوە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی وەسفی کاک ئیدریس بارزانی دەکات و دەفەرموێ: دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ بووبوونەوە.

وەکوو پێشمەرگەیەکی چالاک و لێهاتوو، بە شیان و توانستەکانی خۆی، هەر زوو ئیدریس بارزانی لەنێو شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستانداپێشکەوت و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەرکەکانی کاک ئیدریس زیاد و قورستر دەبوون. ساڵی لەبەر لێهاتووی کاک ئیدریس بارزانی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی متمانەی بە 1961 کاک ئیدریس بارزانی کرد و ئەرک و کار و چالاکییەکانی شۆڕشی ئەیلوولی پێ ڕاسپارد. دواتر لە ساڵی 2691 سەرۆک مەسعود بارزانی لە گەلی بێخمە پەیوەندی بە بارەگای بارزانی کرد و بووە پێشمەرگەی کوردستان و لەپاڵ کاک ئیدریس بارزانی هەردووکیان قۆڵی پێشمەرگایەتییان لێ هەڵماڵی و هەردووکیان وەکوو پێشمەرگە، چالاکانە ئەرک و فەرمانەکانی جەنابی بارزانی و شۆڕش، بەوپەڕی بەرپرسێتییەوە ڕادەپەڕان و ڕۆژ دوای ڕۆژ وەکوو دووسەرکردەی لێهاتوو و شارەزا لە کاروباری شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەبات و دیپلۆماسییەت و دانووستان، هەردووکیان بوونە جێگای متمانەی بارزانی نەمر و هەر لەژێر چاودێری بارزانی

کار و چالاکییەکانی شۆڕشیان جێبەجێ دەکرد.

هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی
بێشک جەنابی مەلامستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی، لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا تەوەری سەرەکی و ستوونی سەرەکی شۆڕشی ئەیلوول بوون. بۆیە دوژمنانی کورد و شۆڕش و پارتی، هەردەم لە بۆسەدابووں کە بتوانن دەستیان بگات بە ژیانی ئەم سێ سەرکردە نیشتمانپەروەرانە. هەڵبەت مێژووی شۆڕش و خەباتی ئەم سێ سەرکردەیە، چیرۆکی هەوڵەکانی تیرۆرکردنی ئەم سێ سەرکردەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بە بۆنەی 94 ساڵ ڕۆژی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا، ئەمڕۆ کورتەیەک لە چۆنییەتی ئەم هەوڵە تیرۆرستیانەی سەر ژیانی ئیدریس بارزانی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات دەخەینەڕوو.

لە ڕێکەوتی 01-12- 1970 بۆ بەدواداچوون و تاوتۆکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی11-03-1970 و بەتایبەتی چارەنووسی پێشمەرگە و پێکهێنانی هێزی زێرەڤانانی سنوور حرس الحدود لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول. ئیدریس بارزانی چووە بەغدا و چاوی کەوت بە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری ئەوسای ئێراق و سەدام حسێن کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار بوو. ئیدریس بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ بەغدا ژمارەیەک سەرکردەی پێشمەرگە و ئەفسەری لەگەڵدابوو، بڕیاربوو ئەم سەردانەی کاک ئیدریس بارزانی سێ ڕۆژ بخایێنێت. بەڵام دواتر کاک ئیدریس نامەیەکی بۆ جەنابی بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی نارد و پێی ڕاگەیاندن کە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری ئێراق داوای لێکردووە کە ماوەی سەردانەکەی بۆ چەند ڕۆژێکی دیکە درێژ بکاتەوە. لەو دەمەدا شێخ بابۆ مامی کاک مەسعود و کاک ئیدریس لە سەردانێکدابوو لە ماڵی بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران، شێخ بابۆ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئیدریسی دەکرد بۆ ئەوەی لە حاجی ئۆمەرانەوە بەیەکەوە بگەڕێنەوە بارزان. لە 6ی کانوونی یەکەم کاک ئیدریس لە بەغدابوو، شێخ بابۆ لە کاک مەسعود بارزانی دەپرسێ: "دەتوانی بڕیاری ئیدریس بزانی، کەی دەگەڕێتەوە؟!، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا بگەڕێتەوە ئەوا من چاوەڕوانی دەکەم و ئەگەر زیاتر دەمێنێتەوە، ئەوا من بەتەنیا دەگەڕێمەوە بارزان".

بۆ جێبەجێ کردنی خواستی شێخ بابۆ، سەرۆک مەسعود بارزانی بە تەڵەفۆن قسەی لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی کرد بۆ ئەوەی کاتی گەڕانەوەی بزانێت، بەڵام هێڵی پەیوەندی کردنی تەلەفۆن لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ بەغدا کز و لاواز بوو و سەرۆک مەسعود بارزانی نەیتوانی کاتی گەڕانەوەی کاک ئیدریس بزانێت. بۆیە سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ دەستکەوتنی کاتی گەڕانەوەی کاک ئیدریس، پەیوەندی بە شێخ ڕەزا گوڵانی کرد بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو کاتی هەولێر، و پێی گوت: "هەوڵبدە تەلەفۆن لەگەڵ کاک ئیدریس بکەو پێی بڵێ مام بەپەلەیە بگەڕێتەوە بارزان، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەگەڕێتەوە ئەوە باشە، ئەگەرنا مام دەگەڕێتەوە بارزان".

لێرەدا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر شێخ ڕەزا گوڵانی وا تێگەیشت کە کاک مەسعود زۆر بەپێویستی دەزانێت کە کاک ئیدریس هەر ئێستا بگەڕێتەوە، و هەر ئەمەی بە کاک ئیدریس بارزانی ڕاگەیان. لەو کاتەدا، ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری مارسیدس کە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی ئێراق پێشکەشی بە کاک ئیدریس کردبوو، نێردرابووە میکانیکی بۆ چاککردنەوەی هەندێک کەموکووڕی. بۆیە کاک ئیدریس چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نەکرد و هەر زوو ئۆتۆمبێلێکی کرێ گرد و دەمودەست گەڕایەوە هەولێر بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت. ئێوارەی هەمان ڕۆژ 60-21-0791 ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە لە میکانیکی گەڕایەوە و بڕیاربوو کە ڕۆژی پاشترە کاک ئیدریس و حەمید ڕێکەوتی و محەمەد عەزیز کە یاوەری کاک ئیدریس بوون هەموویان بەیەکەوە بگەڕێنەوە، بەڵام گەڕانەوەی پێشوەختی کاک ئیدریس بووە ئەگەری ئەوەی حەمید

ڕێکەوتی و محەمەد عەزیز لە بەغدا بمێننەوە. بۆیە لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە کاک ئیدریس بارزانی بەغدای بەجێهێشت 60-21-0791 حەمید ڕێکەوتی و محەمەد عەزیز ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان وەرگرەتەوە و پێی دەرچوون بۆ نانخواردنی ئێوارە. لە هەمان کاتدا هەندێک خۆفرۆش بە هاوکاری نازم گزار بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ئێراق پیلانی تیرۆر کردنی کاک ئیدریس بارزانییان ئامادە کردبوو، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکەیدا البارزانی و الحرکە التحرریە الکوردیە بەدوور نازانێت کە هەندێک بەرپرسی باڵای ئەو کاتی ئێراق دەستیان هەبووە لەم پیلانەدا.

بەم شێوەیە جێبەجێکارانی پیلانی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی لە بەغدا، لە چەند شوێنێکی دیارکراو بۆسەیان بۆ ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان نایەوە، بەخەیاڵی ئەوەی کە کاک ئیدریس بارزانی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدایە. لە کاتژمێر10:00 ی شەو ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و پێیان وابوو کە حەمید ڕێکەوتی، ئیدریس بارزانییە لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەندێک لەیەکتر دەچوون، لە ئەنجامی گوللە بارانەکە، ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریس بارزانی زیاتر لە گوللەی بەرکەوت و حەمید 50 ڕێکەوتی بەسەختی بریندار بوو، بەڵام محەمەد عەزیز و حەسەن کاوانی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری هەردووکیان بێ زیان بوون و زیرەکانە حەسەن کاوانی توانی ئۆتۆمبێلەکە بەناو بۆسەکەدا لێخوڕێ تاکوو لە بۆسەکە دوورکەوتنەوە.

هەڵبەت ئەم هەوڵەی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی گرنگی و پایە و پێگەی کاک ئیدریس بارزانی دەخاتە ڕوو لەنێو بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد، دوژمنان و داگیرکەران دڵنیابوون لەوەی کە بە تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی یاخود کاک مەسعود بارزانی یاخود جەنابی مەلامستەفا بارزانی ئیتر دۆزی کورد و شۆڕشی ئەیلوول لەناو دەچێت. بەڵام لێهاتووی و خەبات و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری و کۆڵنەدانی ئەم سێ سەرکردە مێژوویانەی میللەتەکەمان بووە مایەی ئەوەی کە ڕژێمی ئێراق لە میانەی ڕێکەوتنی11 ی ئازاری 1970 دان بە مافی گەلی کورد بنێ وەکوو شەریکێکی دەستووری لە خاکی ئێراق و ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لەسایەی خەبات و تێکۆشانی بنەماڵەی بارزانی قەوارەیەکی سیاسی کاریگەرو دانپێنراوە لەنێو پرۆسەی سیاسی و دەستووری ئەمڕۆی ئێراقدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
ادريس بارزاني المهندس الأول للدبلوماسية والثورة	کورتەباس	عربي
البارزاني الخالد والراحل ادريس البارزاني والرئيس مسعود البارزاني وبعضاً من نضالاتهم	کورتەباس	عربي
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 296

59 ساڵ بەسەر داستانی مەزنی هەندرێن بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر تێدەپەڕێت

20250807142733650082=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: 59 ساڵ بەسەر داستانی مەزنی هەندرێن بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر تێدەپەڕێت
ڕۆژی 05-12-1966 پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، توانییان شکست بە پیلانێکی مەترسیداری دوژمن دژی هەرێمی کوردستان بهێنن و داستانێکی بێ وێنە و سەرکەوتنێکی مەزن بەناوی داستانی هەندرێن تۆمار بکەن، کە لە مێژووی شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا داستانەکە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت، کاریگەریی سیاسیی لە دوای خۆی بەجێهێشت و زەمینەی بۆ ئاگربەست ڕەخساند.
لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا لە چیای هەندرێن هێزێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و حزبی شیوعی یەکێک لە نەبەردی ترین داستانی مێژوویییان تۆمار کرد، دژی ڕژێمی ئەوسای ئێراق، پێشمەرگە بەهێزێکی کەم و بە وردیەکی پۆڵاییەوە توانییان داستانێک تۆمار بکەن، تا مێژوو ماوە لە بیر نەکرێت.
سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو شەڕەدا، وڵاتانی ناوچەکەی تووشی سەرسوڕمان کرد و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێراقیشی ناچار بە دانووستاندن کرد، بۆ کپکردنی شۆڕشی کوردستان، ڕژێمی ئێراق لە شەوی 2 لەسەر 03-05-1966، بە هێزێکی زەبەلاح کە پێکهاتبوو لە پێنج هەزار سەربازی پڕچەک و بە پاڵپشتیی فڕۆکەی شەڕکەر، لە چیای هەندرێن هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە، دوای 10 ڕۆژ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە دژە هێرشێکدا و لە ماوەیەکی کورتدا، پێشمەرگە توانی ئەو هێزە زۆرەی ئێراق تێکبشکێنێت و سەرکەوتنی گەورە بەسەر هێرشی فراوانی بەعس ڕابگەیەنێ، بەمەش گەورەترین سەرکەوتن بۆ شۆڕش و مێژووی گەلی کورد تۆمار کرا، کە ڕژێمی ئێراق ناچار کرد ڕێککەوتنامەی 29ی حوزەیرانی هەمان ساڵ ئیمزا بکات، هەروەها لەو داستانە بەرگرییەدا، لیوایەک و فەوجێکی ڕژێم بە یەکجاری لەناوچوون و دوو لیوای دیکەش هەڵوەشانەوە، وێڕای کوشتن و بەدیلگرتنی سەدان سەرباز و دەستکەوتی زۆری کەرەستەی سەربازی، پێشمەرگەکان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دیلەکان دەکرد.
ئەو داستانە بە خۆێنی سێ ڕۆڵەی کوردستان بە ناوەکانی (خدر عەبدوڵڵا بەگ دەرگەڵەیی، ساڵح مام ئەلیاس ڕواندزی، عەریف یونس) تۆمار کرا.
ڕژێمی ئێراق لە پێناو سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد، هەمیشە پەنای بردووەتە بەر شەڕ و هەڕەشە و پەلاماردان، لە جیاتی زمانی لۆژیک و دانووستاندن و پەنابردنەبەر گفتوگۆ، بژاردەی زمانی هەڕەشە و شەڕ و هێرشکردنی هەڵبژاردووە، بۆیە نەتەوەی کوردیش لە دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە، بەناچاری پەنای بردووەتە بەر بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەڕین، لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، بەناچاری دەستی داوەتە چەک، بۆ بەرگریکردن و پاراستنی گەلە بەشمەینەتەکەی، هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر داستانی هەندرێنی کردە هەوێنی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان وانەیەکی کەمەرشکێنیان دایە سوپا زەبەلاحەکەی ئێراق کە چیتر نەتوانن لە بەردەم ئوستووڕەی پێشمەرگەدا خۆیان ڕابگرن و دوژمن تێکبشکێنن، ئەم تێکشکاندنەی سوپا زەبەلاحەکەی حکوومەتی ئێراق دەنگی دایەوە و جیهانی ئەو ڕۆژگارەی هەژاند و سەرلەنوێ ئازایەتی و مەردایەتیی پێشمەرگەکانی بارزانی بە جیهاندا بڵاو کردەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆش، وەی دوژمنی وا ڕووخاند، ناچار بوو تکای ئاگربەست و وتووێژی لە شۆڕش و لە بارزانیی نەمر کرد.
داستانی هەندرێن بارودۆخی سیاسی و سوپای سەروبن کردەوە، ئیدی دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنەی پێشمەرگە، دوژمن هیچ هۆیەکی دیکەی بەدەستەوە نەما جگە لە بۆردومانی ئاسمانی بۆ گوندەکان، بەڵام زیانەکان کەمبوون، لەبەر ئەوەی خەڵک ڕاهاتبوون بەیانیان گوندەکانیان بەجێبهێڵن و لە دۆڵ و چیاکاندا بڵاوەبکەن و ئێوارە بگەڕێنەوە، لە دوای تەواوبوونی شەڕی هەندرێن بە مەبەستی ڕێگەدان بە ناشتن و گواستنەوەی تەرمی کوژراوانی سوپای ئێراق، بارزانی پێشنیاری کرد بۆ ماوەی 24 کاتژمێر ئاگر بەست ڕابگەیەنرێ، تاکوو خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنێ، ئەم بانگەوازەی بارزانی ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕشی کوردستان دەردەخات کە شۆڕش پابەندی یاسای جەنگ و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، ئەم بانگەوازەش جوانترین کردانەوەی لە جنێف لێکەوتەوە.
سەرۆک بارزانی، لە پەرتووکی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی سێیەم -بەشی یەکەم دەنووسێت:

سبەینێ 2ی ئایار برووسکەیەک لە هێزی باڵەکەوە هات وای دەگەیاند کەوا پێشکەوتنە بەربڵاوە گەورەکەی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەستی پێ کردووە و سوپا چیای هەندرێنی گرتووە و پشێوی کەوتووەتەوە و کاری داکۆکی کەلێنی زۆری تێ کەوتووە، بارزانی هەر کە لەم برووسکە ئاگادارببوو فەرمانی بۆ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی برام دەرکرد گورج بەرەو بەرەی شەڕ بکەوێتە ڕێ و دۆخەکە بەسەر بکاتەوە و لە ڕاستەقینەی دۆخەکەی ئاگادار بکات، فەرمانێکی یەکجارەکیشی بۆ سەرکردەکانی بەرەی شەڕ دایێ کە دەبێت بەهەر نرخێ بووە نەهێڵن دوژمن هیچ پێشکەوتنێکی تر و دەست بهێنێ.
هەروەها لە درێژەی نووسینەکەیدا سەرۆک بارزانی، دەڵێت: بەگەیشتنی ئیدریس بارزانی بۆ بەرەی شەڕ کۆبوونەوەیەک بۆ هەموو سەرکردەکان سازکرا و بڕیارێک وەرگیرا کە هەرچەند قوربانیدانی بوێت دەبێت پێشکەوتنی دوژمن ڕاوەستێنرێت.
کۆبوونەوەکە برووسکەیەکیان بۆ بارزانی لێ دا پەیمانیان تێدا دایێ کە خۆیان ڕادەگرن و سوورن دوژمن ببەزێنن و هەوڵ و تەقەڵاکانی بەهیچ دەرکەن و وتیان ئێمە ئەرکی ئەوەت نادەینە بەر بۆ خۆت تەشریف بهێنی، بۆ خۆمان کارەکە ڕادەپەڕێنین، ئەرکی هەرە گەورە لە داکۆکیکردن لە هەندرێن لە ئەستۆی یەکە لەشکرییەکانی حزبی شیووعیدا بوو، هەستیان دەکرد بەرپرسیارییەتێکی چەند گرانیان لە ئەستۆدایە و چەردەیەکیش شەرمەزاربوون، چونکە ئەو کارەیان بە هەڵوێستێک دادەنا کە لێپرسینەوەی دەروونی لە دوایە، لەبەر ئەوە زۆر تامەزرۆی ئەوەبوون بچنە شەڕێکی ژیان و مردنەوە بۆ داشۆردنی ئەوەی بەسستی و کەمتەرخەمییان دەزانی لە خۆیاندا، پێشمەرگەکانی تریش لەم هەستەدا هاوبەش و هاوبیریان بوون، پەیمانیان لەگەڵ خۆیان کردبوو نەهێڵن دوژمن بستێ چییە پێش بکەوێ.
سەرۆک بارزانی لە پەیامەکانی لە یادی داستانی هەندرێن، دەڵێت: داستانی هەندرێن وانەیەکی باشە بۆ دوژمن و داگیرکاران کە ئەگەر بیانەوێت ئیرادەی میللەتی کورد تاقی بکەنەوە، بەمشێوەیە تووشی شکست دێن، بەڵام زۆر جاریش دەبینین کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و شۆڤێنییەکان وانە لە مێژوو وەرناگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شکست و ڕیسوایان بۆ دەمێنێتەوە و سەرکەوتن بۆ میللەتی مەزلووم کوردستانە.
هەر لە بارەی ئەو داستانەوە کرمانج عزەت، بەرپرسی لقی 26 گوڵانی پارتی، باوکی ئەوکات کە فەرماندەیەکی پێشمەرگە بوو لەو شەڕەدا و لە پەرتووکی (شانێک بە بن باری نیشتمانەوە) عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بەوردی ئاماژە بە داستانی هەندرێن کراوە، لە بارەی یادی ئەو داستانە دەڵێت: لە ساڵی 1966، 150 پێشمەرگەی هێرشبەروو 100 پێشمەرگەی پاڵپشت، لە ماوەی 3 کاتژمێردا لیوای چواری ڕژێمی ئەوسای عارفیان تەفروتونا کرد.
کرمانج عزەت، باس لەوەش دەکات، داستانی هەندرێن، داستانێکە تا ئێستاش دەزگای سەربازی ئێراق باوەڕ ناکات چۆن تەنیا بەو هێزە بچووکە و لەو ماوەیە کەمە 95 سەنگەر دەستی بەسەردا بگیرێت، زیاتر لە 400 سەرباز بکوژرێ و 59 لاشەیان لەگەڵ نۆ دیل و هەموو ممتلکاتی لیوای چوار بکەوێتە دەستی پێشمەرگەی هێزی باڵەک، ئەو شەڕە کە بە خوێنی پاکێ سێ شەهید و نۆ بریندار تۆمار کرا، سەرتاپای چیای هەندرێن پاک کرایەوە، ئەو سەرکەوتنە بووە مایەی ناچار بوونی ڕژێمی ئەوسا کە واز لە هێرشی سەربازی بهێنێت و دەست بە دانووستاندن بکات.
بەرپرسی لقی 26 باس لەوەش دەکات، سەرکەوتنی هەندرێن تاقیکردنەوەیەکی گەورەی هاوکاری نێوان هێزەکانی پارتی و شیوعی بوو، کە هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی تێر وڕە و تێر بڕوا بە یەکتری کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-05-12	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی hawlerweb 12-05-2025
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-07
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 297
ئازاد نەقشبەندی: دوژمنانی کورد شایەتیی کۆنەدەریی ئیدریس بارزانی دەدەن
20250707231657644670=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مامۆستایەکی زانکۆ باس لە یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: ئیدریس بارزانی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە بوو کە چاونەترس و بوێر بوو لە بڕیار دان و هەنگاونان بەرەو ئایندەی کوردستان.
ئەمڕۆ 31-01-2017، لە یادی شەهیدبوونی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، د. ئازاد نەقشبەندی، مامۆستای زانکۆ، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: "گرنگە یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاشنایەتیمان لەسەر ڕێبازەکە هەبێت". باسیشی لەوە کرد: "من هەندێک شتم گوێ لێ بووە لە نەیارەکانییەوە کە باسیان کردووە، ئەوان گوتوویانە کەسێکی تەواو کۆنەدەر بووە، کەسێکی وەرە بەرز بووە، لە کاتە دژوارەکاندا، بۆ نموونە لە کاتی پیلانی ڕێککەوتنی جەزائیر لە 1975، ئیدریس بارزانی، یەکێک لە کەسە کۆنەدەرەکان بووە و داوای شۆڕشی کردووە بەرانبەر بە دوژمنەکانی و گوتوویەتی (ئێمە دەبێت ببینە قوربانیی گەلەکەمان)، ئەم شایەتییە نەیارەکانی بۆیان داوە.
ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئەوەشی نەشاردەوە کە لە نەیارانی کوردەوە بیستوویەتی و دەڵێت: "لە مامۆستاکانی ئەوسای زانکۆی سلێمانیم گوێ لێ بووە لە دەرەوەی وڵات و لە کاتی شۆڕش لە ساڵی 1974، ئەوان وتیان ئیدریس بارزانی، زۆر بەشێوەیەکی بەڕێزەوە سەیری مامۆستایانی زانکۆ دەکات، بە سامانێکی نەتەوەیی داناون، داوای کردووە بپارێزرێن، لە هەموو شتێک پێشەنگ بکرێن، کاتێک لەگەڵ مامۆستاکان کۆبوونەتەوە، ئەم قسەی کردووە.
ئازاد نەقشبەندی ئەوەشی خستە ڕوو، ئیدریس بارزانی بە ڕێزێکی زۆرەوە لە زانست و هزری ڕوانیوە، دەشڵێت: "لە هەمووی گرنگتر ئەوە بووە کە سەرکردەیەک بوو، یەکڕیزیی گەلی کوردستانی ویستووە، هەموو شایەتی بۆ دەدەن کە ئەو ئەندازیاری بەرەی کوردستانی بووە، ئەو بووە حزبە کوردستانییەکانی لەیەک بەرە کۆکردووەتەوە و ڕێکیانی خستووە، بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بە شەڕ و ناکۆکییەکانیان، کە وایە، لە کاتێکدا یادی ئەو پیاوە دەکرێتەوە، دەبێت ئەو لایەنانەمان لەبەرچاو بێت".[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
دیزاینەری مەزن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی basnews.com- 31-01-2017

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 298

ئاسایش و ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان لە مەهاباد

20250913220101656101=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئاساییش و ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان لە مەهاباد
دوای کۆمەڵێک دیدار و بەسەرکردنەوەی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا، ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و بنەماڵەی مەلا مستەفا گوازرانەوە بۆ مەهاباد و لەوێ نیشتەجێ کران. هەرچەندە بە هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک ئاساییش و ئارامی گەڕابووەوە بۆ بنەماڵەکانیان، بەڵام لە مەهاباد هەڵێکی باشتر بۆ پەروەردە کردنی ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان ڕەخسا.
منداڵەکان تا ڕادەیەک ئازارەکانی شەڕ و ڕاوەدوونان و برسییەتییان دەرمان کرا و ڕێگەی خوێندن و پەروەردەبوونیان لە دۆخێکی ئارامی کوردەواریدا بۆ کرایەوە. جگە لە ژمارەیەک لە گەورەپیاوان، ئەوانی تر بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ڕەنگە سەرلەنوێ تووشی کارەسات ببنەوە کە لەپڕ دیوەزمەی شەڕ لە بەرەکانی شەڕی قاراوا، مامەشە و بەرزاییەکانی مەڵقەرەنی و ناوچەی سەردەشت بەربینگی پێ گرتنەوە. جەنگاوەرانی بارزانی بە هەر شێوەیەک بوو، بە کەمترین زیان چارەسەریی شەڕەکانیان کرد و جگە لە پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی خەلیل خۆشەوی و چەند بریندار، بە سەرکەوتنێکی زۆرەوە بەسەر دوژمندا زاڵ بوون، بەڵام ئەوەی بارزانییەکانی لە پی خست نەخۆشی تایفۆئید بوو کە تەنگی بە بارزانییەکان هەڵچنی و نزیکەی 2000 بارزانی بە گەورە و بچووکەوە لە مەهاباد و شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لێ کوشتن و ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانەی بێ دایک و باوک هێشتەوە. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری وتی: لە ماوەیەکی کەمدا 108 کەس لە مەهاباد مردن کە 24 کەسیان شانەدەرپی بوون.
مەمۆ حەسەن باسی لە مردنی پێنج برای لە مزگەوتی گوندی گەرماویان کرد کە خەڵکی گوندی بێلکیس بوون، بە دوای یەکتردا مردن و تەیمەز ئاراب وتی: لە ماڵی سەعید محەمەد لە حەوت کەس، چواریان بوونە قوربانی. بە گشتی هیچ ماڵێک نەبوو کە چووبێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک یان چەند کەسی قوربانی نەدابێت.
شەریف قورتاس مەلا، یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت دەڵێت: ئەسپێ هەموو لەشی بارزانییەکانی داگرتبوو. دەرمان نەبوو کە لەناویان بەرین، باوکم لە قەڵاتان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییکرد. ماڵ هەبوو کە گەورە و بچوکیان بە نەخۆشی تایفۆئید تێدا چوون.
هەروەها شێخ عەبدولواحید ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەڵێت: لە مزگەوتی سوور نزیکەی 180 بارزانی بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییان کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مەهاباد | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

کازم شانەدەری ژیاننامە کرمانجی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 39-40.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-13

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 299
ئاشتیخوازی وەک باوەڕ و میرات!
20250711104826645160=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووری بێخاڵینووری بێخاڵی
(لە پەراوێزی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا)

ناوی مرۆڤەکان تەنیا ناون و هیچی تر، دەنگێکن و بە ئامادەبوونیان و لە کاتی گفتوگۆ و دواندنی یەکتردا، لە دەمماندا دەردەچن. ڕاستییەکەی، واتا و بەهایەکی ئەوتۆ لە ناوی کەسدا نییە، بەڵکوو لە جەوهەر و چییەتی کەسایەتیی ناولێنراوەکەیدایە.

ڕوونتر بڵێین: واتا و بەها و بایەخی ناو، لە خودی ناولێنراودان و لە بیرکردنەوە و تێڕوانین و ڕوانگە و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە... لەو بیرکردنەوە ژیان و مرۆڤدۆستییەیدایە کە لە خزمەتی چاکەی گشتیدا خستوویەتی و دەیخاتە گەڕ... لەو کار و کردەوە، ڕەفتار و ئاکار، هەنگاو و هەڵوێستانەیدایە کە بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی تەواو بوون و دەبن... لە کەمکردنەوەی ئەو ئازارانەدایە کە دەوروبەری بە دەستیانەوە دەناڵێنن... لە پاراستن و ڕزگارکردنی هەموو ئەو گیانانەدایە کە لە ترس و دڵەڕاوکێ، مەرگ و کوشتن ڕزگاری کردوون و دەیانکات.
لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر لە مێژووی نزیکەی سێ چارەگە سەدەی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان و ململانێی براکاندا ورد ببینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕەوانشاد (ئیدریس بارزانی) لە پێشەنگی سەرکردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا دێت لە پەیوەست بە دەستپێشخەری بۆ ئاشتەوایی، یەکڕیزی، تەبایی، هاوخەباتی و بەیەکەوە کارکردنی کوردان.

ئیدریس بارزانی باوەڕێکی نەگۆڕ و یەقینێکی کۆنکرێتیی بە ئاشتەوایی، یەکڕیزی و تەبایی هەبوو. لەو پێناوەشدا ماندووبی نەناسانە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستنە گەڕ بۆ کۆتایی پێهێنانی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان حزب و هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان. لەم ڕووەوە مێژوو ئەو دەسکەوت و شانازییەی بۆ (ئیدریس بارزانی) تۆمار کردووە کە:

یەکەم: ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان پارتی و پەکەکە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بەرهەمی هزر و تێڕوانین، هەوڵ و تێکۆشانی نەپساوەی ئەو بوو. بۆیە هەر ئەو ڕاستییەشە وا لە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) دەکات، کە ساڵی 2013 زیندانی ئیمیرالی و لە گەرمەی گفتوگۆکانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، لە پەیامێکیدا بۆ پشتگیریکردن لە سەرخستنی کۆنگرەکە، بڵێت: کۆنگرەی نەتەوەیی بیرۆکە و دەستپێشخەریی لە مێژینەی (ئیدریس بارزانی) بوو.

دووەم: پشکی شێر لە هەوڵ و هەنگاوەکانی کۆتایی پێهێنانی شەڕی براکوژی لە شاخدا، دواتریش گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی و پێکهێنانی (بەرەی کوردستانی)، هەر بەر (ئیدریس بارزانی) دەکەوێت.

لەم گۆشەنیگایەوە، کاتێک کە دەبینین (نێچیرڤان بارزانی) باوەڕمەند و متمانەبەخۆ، شێلگیر و پشوودرێژ، لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی بۆ ئاشتکردنەوەی لایەنەکان، یەکخستنەوەی ماڵی سیاسیی کورد و یەکڕیزی و تەبایی

کوردستانیان ماندوو نابێت و لە دەستپێشخەری ناکەوێت، بۆ هیچ کامێکمان مایەی شۆک و سەرسوورمان نییە، چونکە وەک پەندە کوردییەکەی دەڵێت: " گیا لەسەر پنجی خۆی دەژیێتەوە." و ئەویش گیای سەر ئەو پنجە ڕەسەنەیە.

دووانەی باوک و کوڕ (ئیدریس و نێچیرڤان بارزانی) لە دۆخی کوردی و کوردستانیدا کە بەدرێژایی مێژووی سێ چارەگە سەدەی ڕابردوو، بە ناکۆکی و ململانێ و خۆکوژی و خۆخۆری بارگاویە، خەیاڵمان دەباتەوە سەر ئەو قسەیەی عەرەب کە دەڵێن: هذا الشبل من ذاک الأسد ئاخر ئاشتی پێویستی بە جەنگاوەری ئازا و شێری نەترس زیاترە، تا شەڕ و خوێنڕێژی![1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xendan.org

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-11

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 300
ئیدریس بارزانی سەرکردەی ئازادیخواز و دونیابینییە میژوویییەکانی بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان
20250706121857644300=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نووسینی: جواد کاظم محمد
وەرگێڕانی هەرێم نیوز

ئیدریس مستەفا بارزانی لە ساڵی 1944 لە کوردستانی ئێراق لە دایکبووە، لەنێو خێزانێکدا کە سەرجەم ژیانی خۆیان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان تەرخانکردووە، باوکی واتە جەنراڵ مستەفا بارزانی، سەرکردەیەکی میژوویی و کەسایەتییەکی خەباتگێڕ بووە لە پێناوی مافەکانی کورددا لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەدا، ئیدریس بارزانی لەو کەشە سیاسی و سەربازییەدا گەورە بووە، ئەو کەش و ژینگەیە پربوو لە ململانێ و سەرکەوتن، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە تێیدا ڕەنگبگرێت و بۆ دواییش ڕێگەی بۆ ڕووناک بکاتەوە.

پێگەیشتن و کاریگەرییەکانی باوکی:
سەردەمی منداڵی ئیدریس بارزانی لەژێرسایەی ململانێکانی بنەماڵەکەیدا بوو لە دژی حکومەتەکانی ناوەند، لە ساڵی 1947 باوکی دووڕخرایەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت دوای ئەوی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەنێو سیاسەتدا ڕۆبچێت، ئەم ئەزموونە سەرەتاییە لەنێو ناخی ئیدریسی منداڵدا ڕەگێکی قوونڵی داکوتا، تا وایلێهات خەبات بکاتە ئەو ڕێگەیەی کەرامەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی لێوە بەدەستبهێنێت بۆ گەلەکەی.

سەرەڕای ئەو دۆخە ناهەمووارە، ئیدریس بارزانی هەستی بەوەکردبوو کە خوێندن و ئاستی ڕۆشنبیریی بۆ سەرکردە زۆر پێویستە، هەر بۆیە لە دووەوڵاتیش دەستی لە خوێندن هەڵنەگرت و بەردەوام بوو، لەو ڕێگەیەوە تواناکانی سەرکردایەتی وەرگرت، بە جۆرێک توانی بیکاتە ئەو کەسایەتییەی کە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دواتر جێگە دەستی دیار بێت.

ڕۆڵی لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا:
ئیدریس بارزانی وەک سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازیی بەتوانا لەگەڵ مەسعود بارزانی برای و پێشمەرگەکانیاندا لە سەرەتای شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە و ڕۆڵی لەبەرچاویان هەبووە، کاتێک ناکۆکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ حکومەت ئێراق گەشتنە لووتکە، ئیدریس بارزانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە ڕێکخستنی پێشمەرگە و ئیدارەدانی سەربازیی و دانانی پلانی سەربازیدا، جگە لەوەش پلانی دانا بۆ ڕێکخستنەوەی پارتی و چۆنییەتی پەرەپێدانی لە هەموو لایەکەوە بۆ ئەوەی ببێتە بزووتنەوەیەکی گشتگیریی کوردایەتی.

بە جۆرێک لە ساڵی 1974ەوە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی بەئاشکرا دەرکەوت، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە حکوومەتی ئێراق کێشەی بۆ ڕێککەوتنی نێوانیان دروستکرد کە لە بەیانی 11 ئازاری 1970 نەخشەی بۆ کێشرابوو، ئیدریس بازرانی لەو کاتانەدا باوەڕی وابوو دەبێت جەخت لەسەر سێ خاڵی سەرەکی بکرێتەوە:

1-یەکڕزیی نیشتمانی لەنێو ئێراقدا: بۆ ئەو مەبەستە ئیدریس بارزانی تێ دەکۆشا ڕێگریی لە پەرتبوونی ناوخۆیی و دابەشبوونی کورد بگرێت کە هەڕەشەیەکی گەورەبوو لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی.

2-دانپێدانان و شەرعیەتی نێودەوڵەتی: ئیدریس بارزانی بەباشی دەرکی ئەوەی کردبوو کە پێویستە پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد پەیدابکرێت، لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندیی لەگەڵ زلهێزەکاندا دەبەست بەتایبەتی

ئەمریکا و سۆڤیەت، بە جۆرێک کاری دەکرد کە نەشکێتەوە بە لایەکیاندا دژ بە لایەکی تریان.
3-دامەزراوەیی: ئیدریس بازرانی هەمیشە جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگی سەروخواریی لە ڕێکخستنەکاندا، باوەڕی بە ڕێکخستن هەبوو، بەتایبەتی لەنێو پارتیدا زۆر گرنگی پێدەدا، ئەوەش لە پێناوی بەردەوامی خەباتدا لە هەردوو بواری سیاسی و سەربازییدا.

تێڕوانینی مێژوویی بۆ خەبات: ئیدریس بارزانی دیدگایەکی مێژویی هەبوو بۆ سروشتی ململانێ و کێشەکانی کورد، ئەو بە جۆرێک سەیری خەباتی چەکداریی دەکرد کە هەندێک جار زەرورەتێکی بێ چەند و چوون بووە، بەڵام باوەڕیشی وابووە کە تەنیا ڕێگە نەبووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، لەو باوەڕەدا بوو کە چارەسەریی سیاسی و دبلۆماسی بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ستراتیژییەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا.
تێڕوانینەکانی لەسەر بنەمای ڕاست خوێندنەوەی بوو بۆ مێژووی کورد، کە پرەیەتی لە نموونەی سەرکەوتن و تێکشکان، ئیدریس بارزانی وانەیەکی لە ڕابوردوو وەرگرتبوو، ئەوە لەوە تێگەشتبوو کە ناکۆکیی ناوخۆیی هۆکاری سەرەکی هەڵوێستەکانی کوردە لە بەرانبەر حکومەتە جۆراوجۆرەکانی ئێراقدا، بۆیە هەمیشە کاری بۆ بەهێزیی پەیوەندییەکان دەکرد لەنێوان چین و توێژەکانی کورددا، باوەڕی وابوو سەقامگیریی ناوخۆیی بەردی بناغەی بەدەستهێنانی ئامانجە گەورەکانی کوردە.

لە هەمان کاتدا تێگەیشتنێکی ڕوونی هەبوو بۆ هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش، ئەو باوەڕی وابوو، پێگەی ستراتیژیی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی ببێتە گۆڕەپانی ململانێی وڵاتە زلهێزەکان، ئەوەش ئەوەی لە سەرکردەکانی کورد خواستووە کە بە نەرمونیانی و شارەزایی و لێزانینی تەواوەوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا مامەڵە بکەن و دەست و پەنجە نەرم بکەن و بۆ ئەو مەبەستە ستراتیژیەتی سیاسی و دوور مەودای بۆ پارتی دارشتوەتەوە.

ئاڵنگارییەکانی بەردەمی:
ئیدریس بارزانی لە ژیانی خۆیدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر و زەوەندە بووەتەوە، لەوانەش فشاری سەربازیی و سیاسی لەلایەن حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق، دابەشبوون و لەتبوونی هێزە کوردییەکان لە ناوخۆدا، سەرەڕای ئەوانەش توانیویەتی بە حیکمەت و لێزانینی خۆی بۆ داهاتوو بەردی بناغەی زۆر بابەتی سیاسی دابڕێژێت.

ئیدریس بارزانی لە ساڵی 1987 بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی میراتێکی دەوڵەمەندی لە بەهاو بیروباوەڕ بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێهێشتووە، ئەوانیش وەک کەسایەتییەکی بەهێز سەیری دەکەن کە لەنێوان ئازایەتی پێشمەرگانە و سەربازیی و دونیابینی و لێزانیبنی سیاسی تێدا کۆبووەتەوە، ئەوەش وای کردووە ببێتە سیمبولی خەباتی ڕزگاریخوازیی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بۆ کورد.

ئەو وانانەی پێویستە لە ئەزموونەکەی وەربگیرێت:
ئیدریس بارزانی لە ژیانی خۆیدا فێرمان دەکات سەرکرایەتی پێویستە لەنێوان بواری سەربازیی و سیاسیدا هاوسەنگی دروستبکات، خوێندنەوەی مێژوو و دەرهاویشتەکانی وامانلێدەکات کە دوور بکەوینەوە لە هەڵەکانی ڕابودوو تا بتوانین داهاتوویەکی باشتر بوونیادبنێن.
ئیدریس بارزانی نموونە و سیمبولی دادپەروەرانەبووە بۆ خەباتێکی ڕەوا و شەرعی، توانیویەتی نەهامەتییەکان بقۆزێتەوە بۆ هەلی بەدەستهێنانی بەرهەمی نەتەوەیی، لەگەڵ مەسعود بارزانی برایدا و لەپێش ئەوانیشەوە باوکیان ڕێگەیەکیان بەرەو بەدەستهێنانی خواستەکانی کورد بدۆزنەوە سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییەکانی

بەردەمیان، تێڕوانینی مێژوویيانە و نموونەی سەرکردایەتیکردنی وامان لێ دەکات کە باوەڕمان بەئازادی و دادپەروەیی هەبێت، ئێستاش لەدوای خۆی بەڕیز نێچیرڤان بارزانی بەجێهێشتووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو میراتگری مێژوویی و سەردەمییانەی ئەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وەرگێڕدراو لە زمانی: عەرەبی |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | haremnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 301
ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە
20250706132610644310=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



www.xebat.net
3 هەینی 2012/2/10 ژمارە (3992) ڕووداوەکانی ڕۆژ

ئیدریس بارزانی، مامۆستایەکی پەروەردە

فەلەکەدین کاکەیی

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە
نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | ڕەخنەی سیاسی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2012-02-10

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2012-02-10	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 302
ئیدریس بارزانی
20250706161117644347=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ڕێبین ئیسماعیل مەحموود

ناوەرۆک:
ژیانی سەرەتایی و پەروەردە
دەستپێکی چالاکی سیاسی
ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلول
سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان
ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دەرەنجامەکانی
کۆچی دوایی و میرات
کەسایەتی و شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی
کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی
میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی
ئەنجامگیری

پێشەکی
ئیدریس بارزانی (1944-1987) یەکێک بوو لە گرنگترین و کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری ناسراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئیدریس ڕۆڵێکی بەرچاو و یەکلاکەرەوەی هەبوو لە شکڵپێدانی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە. لە ماوەی ژیانی کورتیدا، ئەو توانی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ڕەوتی مێژووی کورد دابنێت و بناغەی بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوو دابنێت. ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ژیان، کار، بیروباوەڕ و میراتی ئیدریس بارزانی.

ژیانی سەرەتایی و پەروەردە
ئیدریس بارزانی لە 16-12- 1944 لە گوندی بارزان لە دایک بوو. وەک کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، لە تەمەنێکی زووەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاشنا بوو. بەهۆی دۆخی سیاسی ناسەقامگیر، بەشێکی زۆری منداڵی و گەنجێتی لە دوورخراوەیی لە یەکێتی سۆڤیەت بەسەر برد، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی داهاتووی هەبوو.

لە یەکێتی سۆڤیەت، ئیدریس خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کرد و زمانی ڕووسی فێر بوو. ئەم ئەزموونە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تێگەیشتنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان هەبوو. هەروەها، ژیان لە دوورخراوەیی بیرۆکەی نیشتمانپەروەری و خەباتی نەتەوەیی لە ناخیدا بەهێزتر کرد.

دەستپێکی چالاکی سیاسی
لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئیدریس دەستی کرد بە بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی. گەڕانەوەی بۆ ئێراق لەگەڵ باوکی لە ساڵی 1958، دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ئێراق، دەرفەتی پێدا

ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسی کورددا بەشداری بکات. لەم قۆناغەدا، ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک).
ئیدریس بەخێرایی سەرنجی سەرکردە کوردەکانی ڕاکێشا بەهۆی زیرەکی و توانای دیپلۆماسی. ئەو بە تایبەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دانووستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق چالاک بوو. لەم سەردەمەدا، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژاوا دروست بکات بۆ پشتگیری دۆزی کورد.

ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلول
شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی سیاسی ئیدریس بارزانی. لەم ماوەیەدا، ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی وەرگرت لە سەرکردایەتی شۆڕش لەپاڵ باوکی. ئیدریس بەرپرسیاریەتی گرنگی وەرگرت لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.
لە ماوەی شۆڕشدا، ئیدریس سەردانی چەندین وڵاتی کرد، لەوانە ئێران، میسر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد. ئەو هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق، بە تایبەت لە ساڵی 1970 کە بووە هۆی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار کە مافە کولتووری و ئیدارییەکانی کوردی بە فەرمی ناسی.

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان
دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەیلول و نەخۆشکەوتنی باوکی، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زیاتری لە سەرکردایەتی پدک وەرگرت. لە ساڵی 1979، دوای مردنی مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس بوو بە سەرۆکی پارتەکە. لەم پۆستەدا، ئەو هەوڵی دا سیاسەتی پارتەکە نوێ بکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی تر و حکومەتی ئێراق باشتر بکات.
لە ماوەی سەرکردایەتی ئیدریس، پدک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا هات. ئەو هەوڵی دا پارتەکە لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی مۆدێرن. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک) باشتر بکات و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تر دروست بکات.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دەرەنجامەکانی
ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975 کە لەنێوان ئێراق و ئێران واژۆ کرا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هەبوو. ئەم ڕێککەوتنە بووە هۆی کۆتاییهاتنی پشتگیری ئێران بۆ شۆڕشی کورد و لاوازبوونی بزووتنەوەکە. ئیدریس ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی کوردی دوای ئەم دۆڕانە.
دوای ڕێککەوتننامەکە، ئیدریس هەوڵی دا ستراتیژی نوێ بۆ بزووتنەوەی کوردی دابنێت. ئەو جەختی لەسەر گرنگی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کردەوە لە بری خەباتی چەکداری. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا بەهێزتر بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی.

کۆچی دوایی و میرات
ئیدریس بارزانی لە 31ی کانوونی دووەمی 1987 لە تەمەنی 43 ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد. مردنی زووی ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەتی کوردی هەبوو. میراتی ئەو لە بزووتنەوەی کوردی و پدک بەردەوام بوو لە ڕێگەی براکەی مەسعود بارزانی کە جێگەی گرتەوە وەک سەرۆکی پارتەکە.

مردنی ئیدریس بۆشاییەکی گەورەی لە سەرکردایەتی کوردی درووستکرد. بەڵام، ئەو بناغەیەکی بەهێزی بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کوردی دانا. زۆر لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیدانەی کە ئەو دروستی کردبوون، لە سەردەمی مەسعود بارزانیدا بەکار هاتن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد

کەسایەتی و شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی
ئیدریس بە زیرەکی و توانای بەرزی دیپلۆماسی ناسرابوو. ئەو دەیتوانی بە چەندین زمان قسە بکات، لەوانە کوردی، عەرەبی، فارسی و ڕووسی، کە یارمەتیدەر بوو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا. هەروەها، ئەو بە بیرکردنەوەی ستراتیژی و توانای چارەسەرکردنی کێشە ناسرابوو.

شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس زیاتر لەسەر بنەمای ڕاوێژکاری و بڕیاردانی هاوبەش بوو. ئەو هەوڵی دەدا گوێ لە بۆچوونی هەموو لایەنەکان بگرێت پێش بڕیاردان. ئەمەش وای کرد کە متمانەی زۆربەی لایەنەکان بەدەست بهێنێت و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەناو بزووتنەوەی کوردی.

کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی
کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی بەرچاو و درێژخایەن بوو. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی لە قۆناغی شۆڕشی چەکداری بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی. هەروەها، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بزووتنەوەی کوردی کە دواتر لە سەردەمی براکەی مەسعود بارزانیدا گەشەی کرد.

ئیدریس هەوڵی دا بیرۆکەی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا پەرە پێ بدات. ئەم بیرۆکەیە دواتر بووە بناغەی دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق و بووە هۆی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992.
هەروەها، ئیدریس ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە مۆدێرنکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بۆ پارتێکی سیاسی مۆدێرن. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی لەسەر شێوازی سیاسەتکردنی کوردی لە ئێراق هەبوو.

میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی
سەرەڕای ژیانی کورتی، ئیدریس بارزانی میراتێکی بەرچاوی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کورد کە دواتر یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری جیهانی بۆ دۆزی کورد.
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئیدریس هەوڵی دا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مۆدێرنیتە ببات. ئەو گرنگی بە پەروەردە و گەشەپێدانی ژێرخانی کوردستان دەدا. هەروەها، ئەو هەوڵی دا مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی باشتر بکات و ڕۆڵیان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکات.

ئەنجامگیری
ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی کلیدی و کاریگەر بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد. سەرەڕای ژیانی کورتی، ئەو کاریگەرییەکی قوڵ و درێژخایەنی لەسەر ڕەوتی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە هەبوو. میراتی ئەو لە بواری دیپلۆماسی، یەکخستنی هێزە کوردییەکان، و گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی، بەردەوام کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کوردی هەیە.

شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی، کە لەسەر بنەمای دیالۆگ، دانووستان و دیپلۆماسی بوو، بووە نموونەیەک بۆ سەرکردە کوردەکانی دوای خۆی. هەوڵەکانی بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 13-08-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-08-13	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
49 ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
Faili Kurd saves Barzani’s son life from attempted assassination in Baghdad in 1971	کورتەباس	English	
Idris Barzani	کورتەباس	English	
PDK-S’ statement on the anniversary of the departure of the immortal Idris Barzani	بەڵگەنامەکان	English	
PDK-Sالشهيد إدريس بارزاني من القادة العظماء ورمز الحرية والفداء ومهندس السلام	بەڵگەنامەکان	عربي	
The Gulan Revolution: The failure of Algiers Accord	کورتەباس	English	
ئاشتیخوازی وەک باوەڕ و میرات!	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
إدريس البارزاني: القائد التحرري ورؤيته التاريخية للنضال الكردي	کورتەباس	عربي	

إدريس بارزاني الشهيد الخالد في قلوب الكوردستانيين	کورتەباس	عربي	
إدريس بارزاني كما عرفته	کورتەباس	عربي	
إدريس بين الذاكرة و الحاضر	کورتەباس	عربي	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 3	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 4	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 5	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی بڕوای تەواوی بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی بەرگی خاکی و زمانی سادە و کەسایەتیەکی جیاواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی دەبووە کیسنجەری کورد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی کەم تەمەن و کۆششێکی زۆر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی لە تەمەنی مێرمندالّی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی لە نزیک هەلیکۆپتەرێکەوە	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی لە هەڕەتی لاویدا	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی لە ڕوانگەی 'شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی'یەوە	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی لە ڕێبازدا	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی لە کاتی پێکردنی سەبیل-پایپ	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی لەگەڵ دوو پلەداری سەربازیی	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و جەرجیس فەتحوڵڵا، هۆشیار زێباری، شێروان دزەیی و سابیر بارزانی لە ساڵی 1976دا	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالد بارزانی	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و عەبدولموهەیمەن بارزانی	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و عەزیز شەریف	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و مستەفا بارزانی و مەسعوود بارزانی	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی و هێمایەک بۆ ئاشتی	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانیی نەمر	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی کاتی تاقیکردنەوەی چەکی هاوان	وێنە و پێناس	 کوردیی ناوەڕاست
ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی کاریگەر بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست

ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: میراتێکی نەمر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی، ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەختی ناو قەیرانەکان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی، هەوێنی ئاشتی، تەبایی، سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی، وەکوو سەرکردەیەکی نەتەوەیی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس لەنێوان یادەوەری و ئەمڕۆدا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەفسەری مۆساد و ژەنەڕاڵی خانەنشین سەگی چۆری: ساڵی 1966 لەسەر ئەرکی دەزگای هەواڵگری موساد بۆ یارمەتی کورد هاتم بۆ کوردستان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەو دەرسەی لە ئیدریس بارزانی فێر نەبووین	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ادريس بارزاني المهندس الأول للدبلوماسية والثورة	کورتەباس	عربي	
البيشمركه ادريس بارزاني .. الذي نذر نفسه لخدمة شعبه .. في ذكرى رحيله	کورتەباس	عربي	
الدور التاريخي للبارزاني في الحركة التحررية الكوردية	کورتەباس	عربي	
الراحل إدريس مصطفى بارزاني: إرث قائد شاب في الذكرى التاسعة والأربعين لثورة كولان التقدمية	کورتەباس	عربي	
الراحل ادريس البارزاني .. البعض ممّا ذُكِرَ عنه	کورتەباس	عربي	
الكشف عن نص بروتوكول قديم تم توقيعة بين أوجلان و أدريس البارزاني سنة 1982	کورتەباس	عربي	
با سوود لە ئەزموونی سەرکردە و پێشمەرگەی خاکی (ئیدریس بارزانی) وەربگرین	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

بابەکر زێباری چیرۆکی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دەگێڕێتەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
باوکم، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری بینی لە ڕێککەوتنی 11ی ئازاری ساڵی 1970 لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتەی ئێراق	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بروفایل: ادریس بارزاني المهندس الأول للدبلوماسية والثورة	کورتەباس	عربي	
بۆچی ئیدریس بارزانی لەکۆنگرەی 9ی پارتیدا خۆی بۆ سەرۆکی پارتی نەپاڵاوت؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەرییەک لەیادی ئیدریس بارزانی جوانەمەرگدا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەرییەکانی چەند پێشمەرگەیەک لە یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
پەیامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیان لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2022	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چی وای کرد ئیدریس بارزانی ناسناوی ئەندازیاری ئاشتیی پێ بدرێت؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکي و دیژارەکي ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
خواطر من ذاكرتي عن الماضي القريب ..محاولة اغتيال السيد ادريس البارزاني	کورتەباس	عربي	
دبلوماسي محترف وعراب السلم والحرب.. 37 عاماً على رحيل إدريس بارزاني	کورتەباس	عربي	
دکتۆر ڕۆژ: ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی بووە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
دیزاینەری مەزن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ربع قرن على رحيل الفقيد ادريس البارزاني	کورتەباس	عربي	

ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سالانێک لە خزمەت شەهیدی جوانە مەرگ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سمکۆی شکاک و مارشەمعوون	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سەرکردەی ڕۆژانی سەخت.. ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سەرۆک بارزانی: ئیدریس بارزانی هەستی کەموکورتی لای بەرامبەرەکەی دەڕەواندەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شۆڕشی گوڵان، هەڵگیرسانەوەی مەشخەڵی خەبات لە دڵی چیاکان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە ڕووی هزرەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
عزيزنا ادريس سلاما لنفسك	کورتەباس	عربي	
عیرفانی قانع فەر بۆ لڤین دەدوێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
فازڵ بەشارەتی: ئیدریس بارزانی ئومێدی بۆ شۆڕشگێڕانی عێراق و کوردستانی دەگەڕاندەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
فازڵ میرانی باسی چەند وێستگەیەکی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەسیی ئیدریس بارزانی کرد 31-01-2025	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
في ذكرى الراحل إدريس البارزاني	کورتەباس	عربي	
في ذكرى رحيله ال35.. الذاكرة الكوردية ادريس مصطفى بارزاني	کورتەباس	عربي	
فەلەکەدین کاکەیی لە بەرنامەیەکی ئەرشیفی ڕووداوەوە: سیاسەتی ئیدریس بارزانی ئامادەسازیی بۆ بەرەی کوردستانی کرد	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
قبل 52 سنة زارنا ادريس بارزاني في سنجار	کورتەباس	عربي	

كركوك تحتضن مؤتمراً موسعاً لفكر الراحل ادريس بارزاني في ترسيخ السلام والتعايش	کورتەباس	عربي	
كيف نفهم تاريخية السيد إدريس بارزاني؟*	کورتەباس	عربي	
گفتوگۆیەک لەگەڵ ئیدریس بارزانی؛ یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لو كان موجودا لاختلف الوضع.. أربيل تحيي ذكرى وفاة إدريس بارزاني	کورتەباس	عربي	
لە ساڵوەگەری کۆچی دوایی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لە یادی سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕی مەزن ئیدریس بارزانیدا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ما هو السر وراء وفاة الزعيم الشاب للحزب الديمقراطي الكردستاني؟	کورتەباس	عربي	
ماستەرنامەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ئیدریس بارزانی چاپ دەکرێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
میژوو چۆن باس لە خەسڵەتەکانی (ئیدریس بارزانی)دەکات؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکەیدا چۆن باسی ئیدریس بارزانی دەکات؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
نامیلکەی ئیدریس دەریای دڵ بە پەرۆش بڵاوکرایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
نامەی مام جەلال بۆ مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی: ئیدریس بارزانی ئیراده و ئومێدی ڕۆژانی سەخت بوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
وفاء لذكرى القائد القومي ادريس البارزاني	کورتەباس	عربي	
ڕۆڵی شەهید ئیدریس بارزانی لە هزری نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی و ئاشتەوایی حزبە کوردستانییەکاندا، بەرچاوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کۆچی ئیدریس و ئەرکی سەرۆک	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کۆچی مرۆڤی باڵا لە ئاوابوونی خۆر دەچێت ئیدریس بارزانی بۆ ئێستا چیمان پێ دەڵێت؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کە بە خزمەتی کاک ئیدریس دەگەیشتین ماندووبوون و گلەییمان لە بیر دەچووەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کەسایەتیی ئیدریس بارزانی لە ناوەوە و دەرەوەی سیاسەت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کەسایەتیی ئیدریس بارزانی، لەسەر زاری هاوڕێباز و نامەبەرەکەیەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادی ئیدریس بارزانی، یادی پێکەوەکارکردن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادەوەرییەکانی موحسین دزەیی لە کۆچی دوایی (مستەفا بارزانی)دا: مستەفا بارزانی بەرژەوەندیی میللەتی دەویست و قەت نەحەسایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | zaniary.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 303

ئیدریس بارزانی (1944-1987) یەکێک بوو لە گرنگترین و کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم

20250729102849648720=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێشەکی

ئیدریس بارزانی (1944-1987) یەکێک بوو لە گرنگترین و کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری ناسراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئیدریس ڕۆڵێکی بەرچاو و یەکلاکەرەوەی هەبوو لە شکڵپێدانی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە. لە ماوەی ژیانی کورتیدا، ئەو توانی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ڕەوتی مێژووی کورد دابنێت و بناغەی بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوو دابنێت. ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ژیان، کار، بیروباوەڕ و میراتی ئیدریس بارزانی.

ژیانی سەرەتایی و پەروەردە

ئیدریس بارزانی لە 16-12-1944 لە گوندی بارزان لە دایک بوو. وەک کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، لە تەمەنێکی زووەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاشنا بوو. بەهۆی دۆخی سیاسی ناسەقامگیر، بەشێکی زۆری منداڵی و گەنجێتی لە دوورخراوەیی لە یەکێتی سۆڤیەت بەسەر برد، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی داهاتووی هەبوو.

لە یەکێتی سۆڤیەت، ئیدریس خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کرد و زمانی ڕووسی فێر بوو. ئەم ئەزموونە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تێگەیشتنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان هەبوو. هەروەها، ژیان لە دوورخراوەیی بیرۆکەی نیشتمانپەروەری و خەباتی نەتەوەیی لە ناخیدا بەهێزتر کرد.

دەستپێکی چالاکی سیاسی

لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئیدریس دەستی کرد بە بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی. گەڕانەوەی بۆ ئێراق لەگەڵ باوکی لە ساڵی 1958، دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ئێراق، دەرفەتی پێدا ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسی کورددا بەشداری بکات. لەم قۆناغەدا، ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک).

ئیدریس بەخێرایی سەرنجی سەرکردە کوردەکانی ڕاکێشا بەهۆی زیرەکی و توانای دیپلۆماسی. ئەو بە تایبەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دانووستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق چالاک بوو. لەم سەردەمەدا، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژاوا دروست بکات بۆ پشتگیری دۆزی کورد.

ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلول

شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی سیاسی ئیدریس بارزانی. لەم ماوەیەدا، ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی وەرگرت لە سەرکردایەتی شۆڕش لەپاڵ باوکی. ئیدریس بەرپرسیارییەتی گرنگی وەرگرت لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.

لە ماوەی شۆڕشدا، ئیدریس سەردانی چەندین وڵاتی کرد، لەوانە ئێران، میسر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد. ئەو هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق، بە تایبەت لە ساڵی 1970 کە بووە هۆی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار کە مافە کولتووری و ئیدارییەکانی کوردی بە فەرمی ناسی.

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەیلول و نەخۆشکەوتنی باوکی، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زیاتری لە سەرکردایەتی پدک

وەرگرت. لە ساڵی 1979، دوای مردنی مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس بوو بە سەرۆکی پارتەکە. لەم پۆستەدا، ئەو هەوڵی دا سیاسەتی پارتەکە نوێ بکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی تر و حکومەتی ئێراق باشتر بکات.
لە ماوەی سەرکردایەتی ئیدریس، پ.د.ک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا هات. ئەو هەوڵی دا پارتەکە لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی مۆدێرن. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ک) باشتر بکات و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تر دروست بکات.
ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دەرەنجامەکانی
ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975 کە لەنێوان ئێراق و ئێران واژۆ کرا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هەبوو. ئەم ڕێککەوتنە بووە هۆی کۆتاییهاتنی پشتگیری ئێران بۆ شۆڕشی کورد و لاوازبوونی بزووتنەوەکە. ئیدریس ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی کوردی دوای ئەم دۆڕانە.
دوای ڕێککەوتننامەکە، ئیدریس هەوڵی دا ستراتیژی نوێ بۆ بزووتنەوەی کوردی دابنێت. ئەو جەختی لەسەر گرنگی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کردەوە لە بری خەباتی چەکداری. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا بەهێزتر بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی.
کۆچی دوایی و میرات
ئیدریس بارزانی لە 31-01-1987 لە تەمەنی 43 ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد. مردنی زووی ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەتی کوردی هەبوو. میراتی ئەو لە بزووتنەوەی کوردی و پدک بەردەوام بوو لە ڕێگەی براکەی مەسعود بارزانی کە جێگەی گرتەوە وەک سەرۆکی پارتەکە.
مردنی ئیدریس بۆشاییەکی گەورەی لە سەرکردایەتی کوردی دروستکرد. بەڵام، ئەو بناغەیەکی بەهێزی بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کوردی دانا. زۆر لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیدانەی کە ئەو دروستی کردبوون، لە سەردەمی مەسعود بارزانیدا بەکار هاتن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.
کەسایەتی و شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی
ئیدریس بە زیرەکی و توانای بەرزی دیپلۆماسی ناسرابوو. ئەو دەیتوانی بە چەندین زمان قسە بکات، لەوانە کوردی، عەرەبی، فارسی و ڕووسی، کە یارمەتیدەر بوو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا. هەروەها، ئەو بە بیرکردنەوەی ستراتیژی و توانای چارەسەرکردنی کێشە ناسرابوو.
شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس زیاتر لەسەر بنەمای ڕاوێژکاری و بڕیاردانی هاوبەش بوو. ئەو هەوڵی دەدا گوێ لە بۆچوونی هەموو لایەنەکان بگرێت پێش بڕیاردان. ئەمەش وای کرد کە متمانەی زۆربەی لایەنەکان بەدەست بهێنێت و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەناو بزووتنەوەی کوردی.
کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی
کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی بەرچاو و درێژخایەن بوو. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی لە قۆناغی شۆڕشی چەکداری بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی. هەروەها، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بزووتنەوەی کوردی کە دواتر لە سەردەمی براکەی مەسعود بارزانیدا گەشەی کرد.
ئیدریس هەوڵی دا بیرۆکەی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا پەرە پێ بدات. ئەم بیرۆکەیە دواتر بووە بناغەی دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق و بووە هۆی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992.
هەروەها، ئیدریس ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە مۆدێرنکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بۆ پارتێکی سیاسی مۆدێرن. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی لەسەر شێوازی سیاسەتکردنی

کوردی لە ئێراق هەبوو.
میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی
سەرەڕای ژیانی کورتی، ئیدریس بارزانی میراتێکی بەرچاوی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کورد کە دواتر یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری جیهانی بۆ دۆزی کورد. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئیدریس هەوڵی دا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مۆدێرنیتە ببات. ئەو گرنگی بە پەروەردە و گەشەپێدانی ژێرخانی کوردستان دەدا. هەروەها، ئەو هەوڵی دا مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی باشتر بکات و ڕۆڵیان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکات.
ئەنجامگیری
ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی کلیدی و کاریگەر بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد. سەرەڕای ژیانی کورتی، ئەو کاریگەرییەکی قوواڵ و درێژخایەنی لەسەر ڕەوتی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە هەبوو. میراتی ئەو لە بواری دیپلۆماسی، یەکخستنی هێزە کوردییەکان، و گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی، بەردەوام کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کوردی هەیە.
شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی، کە لەسەر بنەمای دیالۆگ، دانووستان و دیپلۆماسی بوو، بووە نموونەیەک بۆ سەرکردە کوردەکانی دوای خۆی. هەوڵەکانی بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبووە. [1]
تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژەپێکراو نووسراوە و کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی https://zaniary.com - 29-07-2025
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2025
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 304

ئیدریس بارزانی ئیرادەی ڕۆژە سەختەکان بۆ ڕێکخستنەوەی نێومالّی کورد

20250715200707646254=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابە: ئیدریس بارزانی ئیرادەی ڕۆژە سەختەکان بۆ ڕێکخستنەوەی نێومالّی کورد
30 ساڵ پێش ئێستا و پێش ئەوەی بۆ دواجار مالّاوایيمان لێ بکات، دیاریی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بۆ شۆڕش و تەواوی خەڵکی کوردستان سەرخستنی پڕۆسەی ئاشتەوایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کە هەر ئەم ئاشتەواییەی نێوان پارتی و یەکێتی بووە بەردی بناغەی بەرەی کوردستانی، ئەو بەرەی کوردستانییەی کە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی کرد و یاسای ژمارە یەک و دووی دەرکرد بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلّەمان و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پاشانیش لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پەرلّەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و بووە چوارچێوەیەک بۆ ئەو کیانە سیاسییەی ئەمڕۆ لەژێر ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانیدا هەنگاو بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازیی یەکجارەکی هەڵدەگرێت.
ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، باش دەزانن کۆتاییەکانی ساڵی 1986 و سەرەتای ساڵی 1987، باشووری کوردستان بەرەو چ چارەنووسێکی نادیار هەنگاوی هەڵدەگرت، حکومەتی بەعس و سەدام بەهۆی باڵادەستبوونی تەواوی لە شەڕی دژی ئێراندا بەتەواوی غرور بووبوون و پلانی ئەوەیان دادەنا کە نەک شۆڕشی کوردستان دابمرکێننەوە و خامۆشی بکەنەوە، بەڵکوو وەک بەڵگەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام دەیخەنە ڕوو، بەعس و سەدام بە نیازبوون کە گەلی کوردستان هەر هەمووی ڕابگوێزن و بەسەر وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیدا دابەشی بکەن، ئا لەو ساتەوەختە مێژوویيە هەستیار و چارەنووسسازەدا تێگەیشتن و بڕوابوونی ئیدریس بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەو ئاستەدا بوو، ئەگەر یەکگرتوو و تەبا بین هیچ هێزێک ناتوانیت بەرانبەر ئیرادەی خۆڕاگریی گەلی کوردستان ڕابوەستێت.
دوای کۆچی ئیدریسی هەمیشە لە یاد بەعس و سەدام ئەوەی پێشبینی دەکرا نەک هەر بە زیادیشەوە کردی بەڵکوو هاوکات دەستی بە پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال کرد و هاوکاتیش بە چەکی کیمیایی کەوتە قەڵاچۆکردنی پێشمەرگە و ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانە هاوچارەنووسی پێشمەرگە بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی شارێکی گەورەی وەک هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی بۆردومانکرد و جیا لەوەی هەر دەستبەجێ زیاتر لە 5000 هاووڵاتی ئەو شارەی شەهید کرد، بە هەزاران کەسیش بریندار بوو و تەواوی خەڵکی هەڵەبجەش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ناومالّی کوردستان و نێوانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکریز و یەکگرتوو و تەبا بوون، ئەوا ئەو نەخشە ڕێیەی ئیدریسی هەمیشە لە یاد بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنە سیاسییەکان دایڕشتبوو بووە هۆکاری ئەوەی ئیرادەیەکی ئەوتۆ دروست بێتەوە کە یەکپارچە کورد بکاتەوە بەیەک بەو چەکدارانەشی کە لەبەر هەر هۆیەک بێت لەو کاتە چەکیان بۆ ڕژێمی بەعس هەڵگرتبوو.
ئەمڕۆ دوای 30 ساڵ کە یادی پیاوێکی گەورەی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی وەک ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، گرنگە ئیرادە و خوێندنەوەی ئەو پیاوە گەورەیە بۆ پێشهات و بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژە سەختەکان، ڕێگە پیشاندەری ئێستامان بێت و بەهەمان ئیرادە و گیانی کوردایەتی ئیدریس بارزانی لە بایەخ و گرنگی ئاشتەوایی و یەکڕیزی نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتیی بۆ ئەم قۆناغە تێبگەین و لەسەر بنەمای دەبێت کورد ئەمجارەش گرەوی ئەم قۆناغە بەرێتەوە، تەبایی و یەکڕیزی بوونیاد بنێینەوە، نەک لەسەر ڕوانگەی بەرژەوەندی حزبیانە بەوەی ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی کام حزبە و کام حزب نییە.
لە ئێستادا کە بەرەو قۆناغی کۆتایی دەوڵەتێکی تیرۆریستی درندەی وەک داعش هەنگاو هەڵدەگرین، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەگەر جیهان تەنیا یەک دوژمنی هەبێت ناوی داعش بێت، ئەوا کوردستان چەندین

دوژمنی هاوشێوەی داعشی هەیە لەژێر ناو و دروشمی جیاوازدا، هەر یەکێکیش لەو دوژمنانە بە چاوی داعش سەیری کورد و دەوڵەتی کوردستان دەکات و ئامادەن هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکەن بۆ ئەوەی کورد بە ئامانجەکانی خۆی نەگات و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست نەبێت.
گرنگە بزانین کورد سەربە هەر حزبێکی سیاسی بێت، چەپ بێت یان عەلمانی یان ئیسلامی، کوردستانییەکان کورد بن یان تورکمان یان کلدو ئاشور و سریان، لە چاوی دوژمنانی کوردستاندا، هەموویان کورد و کوردستانین، چۆن ڕژێمی سەددام حسێن بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایینەکان لە یەک کاتدا مزگەوت و کڵێسە و دێری پێکەوە خاپور دەکرد، چۆن کورد و تورکمان و کلد و ئاشوریی پێکەوە کۆمەڵکوژ دەکرد، دوژمنانی ئێستای کوردستانیش هەر هەموویان وەک داعش بەیەک چاو سەیری کورد و کوردستانییەکان دەکەن و ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و بڕوای بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەبێت، لای دوژمنانی کوردستان، دوژمنە و دەبێت لەناو بچێت.
ئەم قۆناغە وا دەخوازێت ئێمەش بە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەموومان یەکڕیز و تەبا و یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی بەیەک دەست بەیەک ئیرادە ڕووبەڕووی ئەو دوژمنانە ببینەوە کە چاویان بە سەرکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان هەڵنایەت.
ئەو کاتەی ئیدریس بارزانی بووە فاکتەری سەرەکی پڕۆسەی ئاشتەوایی و ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، هەموو ئەگەرێکی خراپ و کارەساتێکی جەرگبڕ دەرگای والّا بوو ڕووبەڕووی شۆڕش و کوردستان بێتەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی پێشبینی هەڕەشە و تەحەدی دەکرێت بۆ سەر کوردستان، بەڵام ئاسۆیەکی گەشیش چاوەڕێی کوردستان دەکات و سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵگری ئەو مەشخەڵی ئومێدەن کە ڕێگای ئایندەی هەموو کورد و کوردستانییەک ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بە بیرکردنەوەی هاوشێوەی ئیدریسی هەمیشە لەیاد کە بەردی بناغەی هەموو سەرکەوتنێک گرێدەداتەوە بەیەکریزی و تەبایی گەلی کوردستانەوە، ئەوا دەتوانین بەرپەرچی هەڕەشە و تەحەدییەکان وەک پێویست بدەینەوە و دەشتوانین ئەو ئایندە گەشەی ئیرادە و قوربانیدانی پێشمەرگە دروستی کردووە وەک خۆی لە ئامێزی بگرین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 26-01-2016

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2016-01-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 31-01-2017

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 305

ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەوایی و هەڵسانەوەی شۆڕش بوو

20250709171357644937=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دهۆک بارزانی

ئەمڕۆ ئێمە ساڵیادی پیاوێکی شۆڕشگێڕ و دیاری ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەکەینەوە، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێشخستنی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا هەبووە، هەمیشە لە سەنگەری خەبات و سیاسەتدا ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە بۆ سەرخستنی گەلەکەمان بەسەر نەیارانی کورد و شۆڕش، ئەویش ئیدریس مستەفا بارزانی، کوڕی مەلا مستەفای ڕێبەری ڕۆحی گەلی کوردستانە.

ئیدریسی هەمیشەزیندوو هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنی 17 ساڵیدا لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا چەکی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و شانبەشانی مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری ڕۆحی گەلی کوردستان دەست بە خەباتی پێشمەرگایەتی و چالاکی سیاسی دەکات و هەر لە سەرەتاکانیشەوە کاک ئیدریس بەوە ناسرابوو کە پیاوێکی هۆشیار و چالاکە لە کاروباری سیاسییدا، لەپاڵ خەباتی پێشمەرگایەتی کە بۆ ئەو کات زۆر پێویست بوو.

ئیدریسی هەمیشەزیندوو ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە هەڵسانەوەی شۆڕشی گەلی کوردستان لە دوای نسکۆی 1975، کە هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی دیسانەوە ڕیزەکانی شۆڕش ڕێکبخاتەوە و لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، بە جۆرێک دەستی دیار بوو لە ڕێکخستنەوەی دووبارەی ڕیزەکانی پارتی و شۆڕشی گەلی کوردستان. هەروەها ئیدریس بارزانی بەوە ناسرابوو کە زۆر بەدڵسۆزییەوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕا بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکان و کەسایەتییەکانی ناو شۆڕش و دواجار ئاشتی و تەباپی.

ئیدریس بارزانی، لەتەک بارزانیی نەمر، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و لە ماوەیەکی کەمیشدا، توانی ببێت بە سەرکردەیەکی لێهاتوو، هەر بۆیەش لە ساڵی 1965، لەنێو گەرمەی شەڕدا، بە فەرمی بە یاریدەدەری بارزانیی نەمر بۆ کاروباری سەربازی و کۆمەڵایەتی دەستنیشانکرا و لە سەردەمە ناخۆش و جیاوازەکانی شۆڕشیشدا، هەمیشە هەوڵی داوە کە ڕیزەکانی گەلی کورد یەکبخاتەوە و بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێنێت کە وەک قوتابخانەی بارزانیی نەمر، بڕوای بە گفتوگۆی دیموکراسی و تەباپی و یەکڕیزی هەبوو، هاوکات بە ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی هێزەکانی کوردستان دادەنرێت، کە لە ئاکامدا، بەرەی کوردستانی لە دایک بوو، هەر ئەم بەرەیەش بوو کە سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستانی کرد لە ساڵی 1991دا.

ئێستاش خەباتی ئیدریس بارزانی بەردەوامە و پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوە دەدەن خەونی نەتەوەیی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی بەدی بهێنێت کە سەربەخۆیی و سەرخستنی پرسی گەلی کوردستانە لە ناوچەکە و جیهاندا، ئیدریس بارزانی ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە بوو کە هەمیشە دوژمن لێی دەترسان، بۆیە زۆربەی جارەکان لە شاندەکانی بەشداری دەکرد و سەرکەوتنی گەورەشی بەدەست دەهێنا لە پرسی دیالۆگ و چالاکی سیاسیدا. بەڵام مخابن دوای گەڕانەوەی لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق لە تاران، لە ڕۆژی 31-01-1987 دا، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بەمەش کورد سەرکردەیەکی گەورە و پێشمەرگەیەکی ئازا و پیاوێکی زۆر بلیمەتی لەدەستدا، بەڵام ڕێگەی ئیدریس بارزانی هەر بەردەوامە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست |

ڕۆژی دەرچوون: 2022-02-03

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-02-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 306
ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە
20250706192630644355=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئیدریس بارزانی

"ئیدریس بارزانی" ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی براقی ئارادیخواربی گەلەکەمان رۆڵی کارا و بەرهەمداری گێراوە و، بەو سیفات و رەفتارە جیاکاربیانەی لە کەسایەتی و سەرکردەیەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نمونەیی بەرچەستە بکات، ئەم پێگە مێژووییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادار ی حۆک ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێ وە کە پەروەردە کراوو دەرچووی ئەو قوناجانە مەزنە بووە کە شێخ" عەبدولسەلامی" گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و ئەمرانی وەکو شێخ " ەحمەد و مستەفا بارزانی ئەمر" ئیابدا قالبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو زیانیان تەرخانی شۆرش و رابەرین و ئامانجی رزگاربی و ئاسودەیی گەلی کوردستاندا کردو لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە. وەك وەڤایەك بەرامبەر ئەم سەرکردە حواجێرە و لە سالیادی مالئاوابیکردنیدا چەند دێرێك لە ژیان و خەباتی دەخەینەروو. "ئیدریس" ی رابەری مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" ئەمر لە سالی 1944 لە گوندی "بارزان"ی مەلبەندی خوایەرستی و کوردایەتی بەرخودان لە دایکبووە. کوری رابەری مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" بەمرە و لە نێو هەلومەرجی شۆرشی سێیەمی بارزان 1943 – 1945 ارودۆخی ئالۆزی ئەو کات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و رووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هانۆنە دنیا و هەناسەی اوە و جاوەکانی پشکەونوون.سالی 1947 "بارزانی ئەمر" بەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە رێرەوێکی مێژووی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەك پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەو کات خۆیان بگەیەنێ بەکێنی سۆڤیەتی جاران، کاك "ئیدریس بارزانی " ەو کات تەمەنی 4 سالان دەبێت، لەگەڵ بنەمالەکەیاندا دووچاری مشەختی و .مربەدەری دەکرێن و بە دەست سەری بۆ خواروی عێراق دوور دەخرێنەوە و لە لایەن رژێمی ئەو نی عێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ نووشی ژیانێکی پر لەستەم دە، ی لە شارەکانی بەسراو موسڵ و بەغدا.لەگەڵ ئازارو زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەبیدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەرانەوە سەر ەرزانەکەی "بارزانی ئەمر" ۆ عێراق و کوردستان باش شۆرشی 14 ب ئەممووزی ساڵی 1958 کە ئەو کات کاك "ئیدریس بارزانی" لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێ ،، دوای ئەو دایرانە رۆژە بە دیدارێ" بارزانی "باوك و رابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.لە ساڵی 1961 کە شۆرشی ئەیلوولی مەزن بەرپا دەبێت بە رابەرایەتی "بارزانی ئەمر" و پارتی دیموکراتی کوردستان کاك "ئیدریس بارزانی" وەکو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆرشە مەزنە دەجێنە ئامێزی سەنگەرەکانەوە و زیان و تێکۆشانی دەست پێ دەکات کە هەر لە سەرەتاوە وەك

ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە[1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

Idriss Barzani: the first architect of diplomacy and revolution	کورتەباس	English	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 307

ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی مێژوو لە یادی ناکات

20250704211615644029=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی مێژوو لە یادی ناکات

نووسینی: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

بەشی یەکەم

ئیدریس مستەفا بارزانی ئەو سەرکردە و سیاسەتوانە کارامەیەیە کە مێژوو شانازی پێ دەکات و خاوەن خەباتنامەیەکی زێرینە لە پێناو کورد و کوردستاندا. شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی پەروەردەی قوتابخانەی رێبازی باوکی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر بوو، کە هەموو ژیانی خۆی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و بۆ سەرفرازی میللەتێکەی تەرخان کردبوو. ئەمڕۆو ئایینەدەش وەک سیمبولێکی نێو قوتابخانەی کورایەتی بە سیفات و ئەدگارە باڵاو نموونەییەکانی ڕۆشنایی دەبەخشێتە هزر و ڕوانینەکانی نەوەکانمان. کاکە ئیدریس کەسایەتی و سەرکردەیەک بوو کە هەرگیز مێژوو لە بیری ناکات و ڕۆڵە بە وەفا و دڵسۆزەکانی بە فەخرەوە یادی دەکەنەوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی دەگرن.

ئیدریس مستەفا محەمەد عەبدولسەلام بارزانیی لە ساڵی 1944 لە گوندی (بارزان) کە مەڵبەندی خواپەرستی و کورایەتی و بەرخودان لە دایک بووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە، لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی بارزان 1943-1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارەو هەروەها سەروبەندی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی بارزانیی نەمر، هاتۆتە دونیا. هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە تێکەڵ بەو بارودۆخە دەبێت و ڕەوتی ژیانی دەست پێ دەکات.

ساڵی 1947 بارزانیی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی، کە لە ڕێڕەوێکی مێژوویی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و خۆیان بگەیەنن یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ خانەوادەکانی بنەماڵەکەیاندا دووچاری مشەختی و دەربەدەریی دەکرێن و بەدەست بەسەری بۆ خواررووی ئێراق دوور دەخرێنەوە لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراقەوە، بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرا و موسڵ و بەغدا، لەو ماوەیەدا کاک ئیدریس بارزانی لە وادەی خۆیدا دەخرێتە بەر خوێندن و لەگەڵ ئازار و زەحمەتییەکانی ژیانی ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات، تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان لە پاش شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958ی ئێراق کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە بەغدا خەریکی خوێندن دەبێت و دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانیی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە ئامێزی زێدی باو باپیران لە خاکی کوردستان.

لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرپا دەبێت بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان کاک ئیدریس بارزانیی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە مەزنە دەچێتە ئامێزی سەنگەرەکانەوەو لێرەوە قۆناغی دووەم لە ڕەوتی ژیان و تێکۆشانی دەست پێ دەکات، کە هەر لە سەرەتاوە وەک کەسێکی دیار لەنێو شۆڕشی ئەیلوول دا بە دەردەکەوێت، بەهۆی لێهاتوویی و ئەو تواناداریەی هەیبووە هەر زوو لەنێو شۆڕش و پارتی دا ئەرکێکی زۆری بۆ دێننە ئاراو ئەویش بوێرانە دەچێتە پێش و ڕۆڵ و جێگەیەکی بەرچاوی دەبێت. بارزانیی نەمر وەک باوک و مامۆستا و سەرکردە گرنگی پێدەدا و هەوڵی پێگەیاندنی دەدات بۆ ئەوسا و ئایندەی شۆڕش و پارتی.

لە مانگی یەکی 1961 فەرماندەی سەربازی ڕژێم لە مێرگەسۆر داوای دیتنی کردووە ئەویش لە گەڵی دا دانیشتووە، لەو کارەدا نیازی خراپیان بەرانبەر کاک ئیدریس هەبووە و ویستویانە بیگرن، بەڵام بە ئازایی و

هۆشی خۆی لە دەستیان ڕزگاری بووە.
لە ساڵی 1964 بارزانیی نەمر بۆ ڕاپەڕاندن و هاوکاری کردنی لە ئیش و کاری پێشمەرگە و ئیدارەی سەربازی لە ناوچەی بارزانەوە دەیباتە لای خۆی، کە ئەو سەردەمە بارزانیی نەمر لە ناوچەی ڕانییە و دەوروبەری بووە، و لەوێ لێپرسراویەتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێ دەسپێرێت.
لە مانگی پێنجی 1966 ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی داستانی بە ناو بانگ و سەرکەوتووی چیای هەندرێن دەکات، کە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تانک و تۆپ و تەیارە و هێرشی سەربازی ڕژێمی ئەو کاتی ئێراقدا مقاومەت و سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار دەکرێت بە سەرپەرشتی کاک ئیدریس بارزانی کە هەموو پێداویستییەکی مەعنەوی بۆئەو سەر کەوتنە دابین کردووە و لە سەنگەرەکانی مەیدانی داستانەکانەدا وەکوو پێشمەرگە و وەکوو سەرکردەیەکی پڕ توانا و وەرە بەخش دەوری سەرەکی گێڕاوە.
-لە 01-05-1967 دەکرێتە سەرۆکی دەستەی کارمەندانی بارەگای بارزانیی نەمر.
لە ساڵانی 1969-1970 لە ڕووداوەکانی ئەو کات و پێشهاتەکاندا چ لەناو شۆڕش و چ لە وتووێژ لەگەڵ ڕژێمدا ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەگێڕی. لە بە دەست هێنانی ڕێکەوتنامەی مێژوویی کەی 11-03-1970 دا دەورێکی پێشەنگی دەبێت و بە ژیری و گیانێکی ژیرانەوە و دیبلۆماسییانەی کاریگەر هەڵسوکەوت دەکات.
-لە 11-03-1970 لە کاتی خوێندنەوە و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی 11ی ئادار لە بەغدا لەگەڵ وەفدی شۆڕشدا ئامادە دەبێت.
دوای ئەو ڕێکەوتنامە مێژوویی لە کاتێکدا وەکوو نوێنەری شۆڕش سەرقاڵی کاروبارەکانی پەیوەندی نێوان شۆڕش و حکومەتی بەغدا دەبێت، دەکەوێتە بەر پیلانێکی ناحەزان و تەقەی لێ دەکرێت، بەڵام بە پیشتوانی خوا لەو پیلانە دەرباز دەبێت.
-لە کۆنگرەی 8ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی 1970 بەستراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت و دواتر دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتکاری قوتابخانەی سەربازی.
-لە 15-11-1970 ئامادەی کۆبوونەوەیەکی قوتابخانەی سیاسی دەبێت بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانیی کە لەگەڵ گۆرگیس مەلیک چەکۆ ئەنجامی دەدەن دەربارەی چارەسەر کردنی گرفتەکانی ئاشوریەکان.
-لە 08-03-1974 بە نوێنەراتی شۆڕش دەچێتە بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتدا کە لە ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار حکومەتی بەغدا پاشگەز بووبووەوە، تا هەوڵ بدرێ چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوەو شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتدا بەرپا نەبێتەوە.
-بەڵام بەهۆی ئەو پیلانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەی لە ئارادا بووە وتووێژەکان بە ئەنجامی باش نەگەیشتووە و شەڕ لە ساڵی 1974 دەست پێ دەکاتەوە، دواتر لەنێوان حکومەتەکانی ئێران و ئێراقدا لە جەزائیر ڕێکەوتنامەیەک سەبارەت بە لە باربردنی شۆڕشی ئەیلوول مۆر دەکەن و لە ساڵی 1975 بۆ ماوەیەکی کورت شۆڕشی چەکداری دەوەستێ. لە بەرانبەر ئەو واقیعەی تاڵەدا وەکوو سەرکردەیەکی بە ئەزموون بە ڕێنمایی بارزانیی نەمر سەرەڕای هەڕەشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و گرفتە ناو خۆییەکانی کە دروست بووبوون لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کاک ئیدریس بارزانیی بە تواناداری و ئیرادەی بەرزی دەکەوێتە هەوڵ و ململانێ لەگەڵ هەلومەرجەکەدا و مێرخاسانە شان دەداتە بە ئەرکی ڕێکخستنەوە و جۆشدانی شۆڕش و زیندە بە چاڵکردی پیلان و گرفتەکان و دەتوانێت هاوشانی سەرۆک مەسعود بارزانی وەک سەرکردەیەکی قارەمان درێژە بە شۆڕش بدات.
لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخوازدا کە لە گوڵانی 1976 بەرپا بووە، ڕۆڵ و کاریگەریی ئیدریس بارزانی بە ڕادەیەکە کە هەوڵ و کۆششی بێ وێنەی ئەو بە داینەمۆو ناوەندێکی مەعنەوی و سەرەکی و کارا تۆمار بووە لە بەرانبەر ئەو دۆخ و گۆڕانانەی ئەو کاتەدا.
-لە 10-06-1976 دەبێتە سەرپەرشتکاری ئاوارەکانی دوای نسکۆی 1975 لە ئێران.
-لە دامەزراندنی (قیادة مؤقتة) (سەرکردایەتی کاتی) ڕۆڵی گرنگی دەبێت و لە ماوەی ساڵانی 1976-1979 وەکوو

ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو سەرکردایەتییە کاتییە لە بە هێزکردنی ڕیزەکانی پارتی و شۆڕش و بە تایبەتیی کاروبارە سەربازی و دیبلۆماسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەورێکی مێژوویی دەگێڕێت.
-لە کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی 1979 بەستراوە، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی قوتابخانەی سیاسی هەڵدەبژێردرێ، دواتر دەبێتە سەرپەرشتکاری قوتابخانەی سەربازی و پاشان لێپرسراوێتی بەشی پەیوەندی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت.
-لە مانگی 2ی 1979 بە سەرۆکایەتی وەفدی پارتی، سەردانی (ئیمام خومەینی) دەکات لە پاش ڕووخانی حکومەتی شای ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، دەتوانێت پەیوەندییەکی دیبلۆماسی سەرکەوتووانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو شۆڕشەدا ڕێک بخات. هەر لەو ساڵانەدا بۆ کاری دیبلۆماسی سەردانی سووریا و لیبیا و سەرکردەکانی فەلەستین و چەند وڵاتێکی ئەوروپی دەکات.
-لە ئاداری 1979 پاش بە خاک سپاردنی تەرمی بارزانیی نەمر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتارێک لە بەردەم 300 هەزار هاووڵاتی کورد پێشکەش دەکات بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمی بارزانیی نەمر ئامادە بووبوون.
-لە 28-11-1980 هۆکار و سەرکردەیەکی دیار دەبێت لە دامەزراندنی بەرەی جود: پارتی، شیوعی، پاسۆک، سۆشیالیست، کە ئێراق بەرەیەکی دیکەیان پێک هێناوە بە ناوی شۆڕشی ئێراقی ئەو دەسکەوتە لە واقیعدا کاری بەرەیی دەوڵەمەندتر کردووە لە ئاستی ئێراقدا. لێرەوە وەک هەمیشە ئیدریس بارزانی ڕۆژبەڕۆژ بە گوڕ و تینتر خەریکی خزمەت و بەرژەوندییەکانی ڕەوتی شۆڕش و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت. هەرچی زیاتر هەوڵ و کۆشش دەکات تا سەرکەوتنی شۆڕش و پارتی و یەکڕیزی هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و هاوپەیمانی لایەنە ئێراقییەکان و هاوسۆزی لایەنە دەرکییەکان پتەو و بەتینتر بکات.
تیبینی: ئەم بابەتە لە ژمارەی (4492) ڕۆژنامەی خەبات (29-01-2014) بڵاوبوویتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2014

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
30-01-2014	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی www.kdp.info- 30-01-2014

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 308
ئیدریس بارزانی ئەو میژووەی چەمکی ئازادی ڕاڤە دەکات
20250709162350644929=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
«بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێڕەو و گەوهەر و ئامانجی میژوو تێبگەین، گرنگە دیدێکی فەلسەفییانەمان هەبێت، نابێت بەو جۆرە میژوو بخوێنینەوە کە چەند ڕووداوێکە و وەک خۆیان بیانگێڕینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەبێ دیدی فەلسەفی ناتوانرێت لە ڕۆحی میژوو تێبگەین. ئەوەی فەلسەفە بە میژووی دەبەخشێت، چەمکی ئەقڵە، یان ئەقڵ گەوهەری هەموو ڕووداوێکە، کە ئەمەش پرانسیپی خودی میژووە، ئەو ئەقڵە، یان ئەو ڕۆحەی خۆی لەناو میژوودا دەبینێتەوە، لە گەوهەریدا خودی ئازادییە، میژووش بێجگە لە پیشاندان، یان پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ گەیشتن بەئازادی شتێکی دیکە نییە».

هیگل -فەلسەفەی میژوو
چۆن مرۆڤ کاتێک نەخۆش دەکەوێت لەناو ڕابردووی خۆیدا گەوهەری چاکبوونەوە (شیفا) پێناسە دەکاتەوە، بە هەمان شێوە نەتەوە و گەلی ژێردەستە و داگیرکراویش لەناو ڕۆح و گەوهەری میژووی خۆیاندا «ئازادی» پێناسە دەکەن، یان هۆشیاریان بۆ گەیشتن بۆ ئازادی بەرز دەکەنەوە.

مرۆڤی نەخۆش پێویستە پێش هەموو شت لە نەخۆشییەکەی خۆی تێبگات و بزانێت هۆکاری نەخۆشییەکەی چییە و، ئەوجا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدات، بە هەمان شێوە گەل و نەتەوەی ژێردەستەش دەبێت لەناو میژووی نەتەوەکەی خۆیدا لەو لایەنە کارەستبارانەی ناو میژووەکەی خۆی تێبگات و دەستنیشانیان بکات، ئەوجا لەسەر لایەنە گەشەکانی میژوو هەنگاو بۆ ئازادی و گەیشتن بە سەربەستی هەڵبگرێت، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە سوودوەرگرتن لە لایەڕە «گەش و ڕەشەکان»ی میژوو.

ئەم ئاڕاستەیە ئەوەمان فێر دەکات کە «ژیان» پێویستی بە هاوکاریی لایەڕە گەشەکانی میژووە و دەبێت لە گرنگیی ئەم لایەڕە گەشانە تێبگەین، لە هەمان کاتدا ژیان دیسان پێویستی بەوەیە لە لایەڕە ڕەشەکانی میژووش تێبگەین و بزانین ئەگەر ڕاستیدان نەکەینەوە، چ کارەساتێک لەسەر ئایندەمان دووبارە دەکاتەوە.

نەتەوەکان لە سێ ڕەهەندەوە پێویستیان بەوەیە لە میژووی خۆیان تێبگەن، ئەمەش بەو مانایەی نەتەوە پێویستی بە میژووە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای لایەڕە گەشەکانی میژووەکەی ڕۆڵێکی کاریگەریی لەناو نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت، هەروەها نەتەوە پێویستی بە میژووە بۆ ئەوەی ئەو میژووە بپارێزێت و شانازیی پێوە بکات و کەلتوور و دابوونەریتی خۆی پێ بپارێزێت، ئەوەی سێیەمیان کە نەتەوە چەوساوەکانی وەک ئێمە دەگرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو نەتەوانە ئازاری چەوسانەوە و ژێردەستەیی ناچاریان دەکات لە میژووی خۆیان تێبگەن و میژوو دادگایی بکەن و میژووش سەروەر بکەن.

ئیدریس بارزانی لەناو میژووی نەتەوەی خۆیدا
میشیل فۆکۆ لە پەرتووکی «ئەرکیولوژیای مەعریفە»دا هەوڵی داوە و قوونتر لە فردریک نیشە بە قووڵایی لایەڕە «گەش و ڕەشەکانی» میژوودا ڕۆچووە و، تەنیا بە پۆلێنکردنی میژوو بۆ «پاشماوەیی، ئاسایی، ڕەخنەیی» قایل نەبووە، بۆیە هەوڵی داوە، چینە کەڵەکە بووەکانی میژوو بشکێنێت و کۆتایی مەرگی میژوونووسان ڕابگەیەنێت و، لە بری هەمووان ڕووداوەکانی ناو میژوو خۆیان قسەمان بۆ بکەن و ڕاستیی ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە.

لەسەر ئەم ئاڕاستەیە ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ شکاندنی چینە کەڵەکەبووەکانی 60 ساڵی ڕابردووی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو سەرەتایەی «ئیدریس بارزانی» چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانی و، لە بری ئەوەی بچین لە پەرتووک و گێڕانەوەکانەوە بزانین ئیدریس بارزانی کێیە، دەمانەوێت بگەینە ئەوەی ئەم کەسایەتییە وەک سیمبولێکی ناو ئەم مێژووە خۆی مێژووەکەمان بۆ بگێڕێتەوە.

میشێل فۆکۆ لە دوای شکاندنی چینە کەڵەکەبووەکانی مێژوو و گەیشتن بە ڕوودا و سیمبولە دیارەکانی ناو مێژوو، پێمان دەڵێت: «تەنیا هەڵکۆڵین و شکاندنی چینەکانی مێژوو بەس نین، بۆ ئەوەی ڕوودا و سیمبولەکان بێنێتە قسە، بەڵکوو دەبێت لەنێوان ئێستا و ئەو ڕووداو و سیمبولەدا چەند زنجیرەیەک دروووست بکرێت و، لەنێوان هەموو ئەو زنجیرانەشدا کە شۆڕیان دەکەینەوە بۆ مێژوو، زنجیرەی دیکە دروووست بکرێت، بۆ ئەوەی هەمان ژینگە و کاتی ئەو مێژووە دروووست ببێتەوە و مێژووەکە وەک خۆی بێنینەوە گۆ».

لەسەر ئەم بنەمایە ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «مێژوویەک کە هانی دام چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شانم، مێژووی چەوسانەوە و داگیرکاریی کوردستانە، کە فیکر و تەریقەتی بارزان لەناو ئەم مێژوویەدا هەم سەکۆیەکە بۆ پیشاندانی سەروەریەکانی مێژوو و هەمیش دادگاییکردنی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆمان وەک گەلی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی لاپەڕە گەشەکانی مێژوومان سەوەری و گەورەیی زۆری بۆ تۆمار کردووین، بەوەی خەبات و تێکۆشان هەر بەردەوام بووە بۆ ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام لاپەڕە ڕەشەکانیشی هەر لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە تاکوو ئێستا و هەر لە سەردەمی میرنشینەکانی کوردەوە هەتا ئێستا، چاڵ هەڵکەندن و ملشکاندنی یەکتریشی تێدا بووە، بۆیە دەبێت ئەم لاپەڕە ڕەشانە دادگایی بکرێن و ڕاست بکرێنەوە».

ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «سەرچاوەی فیکر و عەقیدەی بارزان، یەکڕیزی و تەبایی نێوان تەواوی گەلی کوردستانە بەگشتی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان نەتەوەی کورد بەتایبەتی، ئەم فیکر و عەقیدەیە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا نەوە دوای نەوە پەڕەی پێ دراوە و هەوڵ دراوە، کە زیاتر بنەماکانی خۆی بۆ گەیشتن بەئازادی بچەسپێنێت، هەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە گەیشتە ئەوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گرێ بدرێت و، هۆزەکان یەک بخرێن و ستراتیژیەتێک بۆ ڕزگاری دابڕێژرێت، ئەمە وای کرد، شێخ عەبدولسەلام بارزانی بیر لە دارشتنی بناغەی دەوڵەتی کوردستان بکاتەوە، ئەم ئامانجەش وەک ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەر لایەک هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، دەبێت ئەوانی دیکە هەموو هاوکاریی بکەن و ئەو دەوڵەتە بپارێزرێت».

لە جیهانێکدا کە لە ئێستادا (ساڵی 2024) بە دەست نەبوونی متمانە و ناڕاستییەوە دەناڵێنێت و تەنانەت لە یەک دوو هەفتەی ڕابردوو کۆڕبەندێکی گەورەی وەک کۆڕبەندی دافۆس ناونیشانی «دووبارە بوونیادنانەوەی متمانە» بوو. ئیدریس بارزانی وەک سیمبولێک لەناو ئەم مێژووەدا پێمان دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو، هەر لە سوپاکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئینگلیز و تەواوی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق، هەوڵیان داوە، فیکر و عەقیدەی بارزان بسڕنەوە و کوردایەتی دەستەمۆ بکەن، بەڵام هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ئەم فیکر و عەقیدەیە وەک داینەمۆی کوردایەتی، ئەوەیە کە ئەم عەقیدەیە لەگەڵ گەلی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و لەسەر بنەمای «ڕاستگۆیی و دادپەروەری» دامەزراوە و، بە کردەییش جێبەجێ کردووە و، لە هەر شوێنێک ستەم هەبووبێت، ئەم فیکرە لایەنگری ستەملێکرا و بووە و لە بەرانبەر زاڵمدا ڕاوەستاوە و قوربانیی داوە، بۆ ئەوەی ئەو ستەمە هەڵبگرێت.

ئیدریس بارزانی لەناو چەمکی شۆڕشدا
وەک نیلسۆن ماندێلا لە بەردەم دادگای ئاپارتایددا پێناسەی شۆڕشی کردووە، شۆڕش واتە «ڕەتکردنەوەی یاسای داگیرکاران و ملکەچکردن بۆ ویژدانی نەتەوە»، لەناو ئەم پێناسەیەدا ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «لەناو فیکر و عەقیدەی بارزاندا، ویژدان هەوێنی هەموو یاسا و بڕیارێکە و هەر یاسا و بڕیارێکیش دژی ویژدانی نەتەوە بێت، ڕەت دەکرێتەوە، ئەمەش نەک هەر تەنیا بەرانبەر داگیرکەران، بەڵکوو بەرانبەر پاراستنی (ژینگە، ئاژەڵی کێوی، مافی ئافرەت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و...هتد)، ویژدان و شۆڕش دوو چەمکن، لێک جیا ناکرێنەوە و، ئەگەر ویژدان سڕ بوو، شۆڕش خامۆش دەبێت و کۆمەڵگە کاول دەبێت».

کۆپەر نیکۆس لە پەرتووکی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان» نهێنیی مانەوەی ئەستێرەکان بە سەربەخۆیی لەناو خوڵگە و کۆمەڵە هەسارەی خۆیدا، دەیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان بەردەوامە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئەستێرەکان لە سووڕانەوەیان لە خوڵگەی خۆیاندا بە دەوری خۆیان و لە سووڕانەوەیان وەک هەسارە بە دەوری خۆردا ڕابوەستن، ئەوا ئەستێرەکان بەر یەک دەکەون و کۆتاییان دێت. لەم ڕوانگەیەوە هانا ئارنێت لە پەرتووکی «لە شۆڕشدا»، چەمکی شۆڕشی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی لەسەر زەوی پێناسە کردەوە و دەڵێت: «شۆڕش کاتێک هەڵدەگیرسێت کە زەوی و ئاسمان بە یەک یاسا هەڵدەسووڕێت، ئەویش یاساکانی ئاسمانە». ئارنێت، لەم پێکەوەگرێدانەوەی کۆپەرنیکوس و چەمکی شۆڕش دەیەوێت پێمان بڵێت «کاتێک ویژدانی نەتەوە یاساکانی دەوڵەت و حکومەتێک ڕەت دەکاتەوە، هەوڵ دەدات بەو یاسایانەی ئاسمان پابەند بێت، کە سەربەخۆیی ئەستێرەکانی پاراستووە، ئەمەش بەو مانایەی کە دەبێت هەر نەتەوەیەک لە نیشتمانی خۆیدا بەئازادی جووڵە بکات و کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێت و، لەناو کۆمەڵە هەسارەی خۆیدا (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) هاوکار و هاریکاری پاراستنی ئاساییش و سەقامگیریی کۆمەڵە هەسارەکەی خۆی بێت.

جیاوازیی نێوان شۆڕشی ئەستێرەکانی ئاسمان و شۆڕشی مرۆڤایەتی (بە هەموو شێوازەکانی شۆڕشەوە) ئەوەیە کە شۆڕشی ئەستێرەکانی ئاسمان، یەک هێز بەردەوامیی پێداون کە ئەویش هێزی میتافیزیکیایە، بەڵام لەسەر زەوی نەوەیەک ڕادەستی نەوەیەکی دیکەی دەکات و، شێوازی هێز و بیرکردنەوەی نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا دایێت. لەناو جیاوازیی سەردەمەکان و بیرکردنەوەی نەوە جیاوازەکاندا ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «ڕەوایەتیی شۆڕش بە شکست و سەرکەوتن پێوانە ناکرێت، بەڵکوو بە زیندووڕاگرانی ویژدانی نەتەوەیە کە لەناو هزر و بیرکردنەوەی نەتەوەدا لە دایک بووە. لەناو مێژووی نەتەوەکەماندا چەندین شۆڕش بە زۆر سەرکوت کراون و خامۆش کراون، چەندین سەرکردە و ڕابەریشمان تیرۆر کراون و لە سێدارە دراون، وەک (شێخ سەعید، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، پێشەوا قازی محەمەد و...هتد)، هەروەها چەندین سەرکردەی گەورەشمان لە خاک و نیشتمانی خۆی دوور خراونەتەوە وەک (شیخ مەحموودی حەفید) کە دوور خرایەوە بۆ هیندستان، بۆیە وەک دەبینین، لە دوای دامرکاندنەوەی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێک، شۆڕش و ڕاپەڕینی بەهێزتر سەرهەڵدادەتەوە، وەک شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە جەنابی مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد».

لە ساڵی 1991 دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان و دەستپێکردنەوەی دانووستاندنەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەعس و سەددام حسێن، لە یەکێک لە شاندەکاندا نێچیرڤان بارزانی کە ئەندامی شاندی بەرەی کوردستانی بوو بۆ بەغدا، لە یەکێک لە دیدارەکانی شاندەکەدا سەدام حسێن ڕوو دەکاتە نێچیرڤان بارزانی و پێی دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد من لەگەڵ باپیرت دانووستاندنم دەکرد، ئێستا لەگەڵ نەوەکەی دانووستاندن دەکەم»، لە وەڵامدا نێچیرڤان بارزانی پێی دەڵێت: «ئەگەر ئەم کێشەیە

چارەسەر نەکرێت، دڵنیا بە لەگەڵ نەوەی منیش دەبێت دانووستاندن بکەن». سەدام حسێن لەم وەڵامدانەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرسام دەبێت، بۆیە خوالێخۆشبوو مام جەلال بە سەدام حسێن دەڵێت: «ئەوە کورِی ئیدریس و نەوەی مەلا مستەفایە، دەزانێت چۆن قسە دەکات».

ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە دەمانباتەوە بۆ ناو فیکری ئیدریس بارزانی، بەوەی هەرگیز شۆڕش کۆتایی نایەت و هەتا بگەینە ئازادی و سەربەخۆییش دەبێت شۆڕش هەر بەردەوام بێت بۆ پاراستنی ئەو ئازادی و سەربەخۆییە، ئێستاش دەبینین هەموو شوێنکەوتووانی ئەم فیکرە وەک نەوەکانی بارزانی، بە هەموو شێوەیەک خەبات و بەرگری دەکەن بۆ پاراستنی ئەم قەوارە سیاسییەی کوردستان.

ئیدریس بارزانی قوتابییەکی پەروەردەکراو لەسەر دەستی مستەفا بارزانی
سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەرتووکی «بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»، سەبارەت بە ئیدریس بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە کە «ئیدریس بارزانی هەموو سیفەتێکی مستەفا بارزانی تێدا بووە»، ئەم وەسفەی سەرۆک بارزانی بۆ ئیدریس بارزانی، هەتا ئێستا هیچ کەسێک نەیکردووە و لەوانەشە هەوڵێکی جددیی ئەوتۆش نەدرابێت، تا بزانین سەرۆک مەسعود بارزانی مەبەستی لەم دەربڕینە بەرانبەر بە ئیدریس بارزانی چی بووە.

سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی تەنیا دوو برا نەبوون، بەڵکوو دوو قوتابیی بەئەمەکی فیکر و عەقیدەی بارزان بوون و پەروەردەی بەردەستی مستەفا بارزانی بوون، لەمەش زیاتر دوو یاریدەدەری مستەفا بارزانی بوون، کە ئەرکەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئاواتی هەردوولایان ئەوە بووە کە لە ئاستی ڕەزامەندیی ڕابەر مستەفا بارزانی و شۆڕشدا بن، بۆیە وەک سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی باسی کردووە، ئەوان ڕاستە بە جەستە دوو جەستە بوون، بەڵام وەک یەک بیریان کردووەتەوە و، وەک یەکیش جێگەی ڕەزامەندیی ڕابەر مستەفا بارزانی و شۆڕش بوون، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولیش لە ساڵی 1975، هەر پێکەوە (سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس) بارزانی چوونەتە خزمەتی مستەفا بارزانی و بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵانیان لێ وەرگرتووە.

خوێندنەوەمان بەم ئاڕاستەیە بۆ بیرکردنەوەی هاوبەشی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی، بۆ ئەوەیە لەو پەیامەی سەرۆک بارزانی تێبگەین کە دەڵێت: «هەموو سیفەتەکانی مستەفا بارزانی تێدا بوو»، کە بێگومان بۆ ئەوەی هەر لەو پەیامە ئەوە هەڵبهێنجێنین کە سەرۆک «مەسعود بارزانی»یش هەموو سیفەتەکانی مستەفا بارزانی تێدا بووە و ئێستاش هەر وەک مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، ئەوەیە کە مۆڵەت پێدانی جەنابی مستەفا بارزانی بە سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی بەوەی دەست بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکەن، دروستە لەو دیمەنە دەچێت کە پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستان ڕادەستی مستەفا بارزانی دەکات.

ئەگەر لێرەوە پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین، ئایا تێڕوانینی ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی چۆن بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێچیرڤان بارزانی کورِی ئیدریس بارزانی وەردەگرینەوە کە لە دیمانەیەکدا پێی وتین: «جارێکیان باوکم (ئیدریس بارزانی) دەچوو بۆ شوێنێک پێی وتم: لەگەڵ من دێیت، یان لای مامت (سەرۆک مەسعود بارزانی) دەمێنیتەوە؟ لە وەڵامدا پێم وت من لای مامم دەمێنمەوە، باوکم پێی وتم: ئەگەر بە بژاردەی خۆت بوایە، مامت (سەرۆک مەسعود بارزانی)ت هەڵدەبژارد، باوکت بێت.»

ئەم هەستەی نێچیرڤان بارزانی لە تەمەنێکی زۆر لاویدا بووە و پێدەچێت هێشتا 20 ساڵی تەواو نەکردبێت، بەڵام ئەم هەستە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە خۆشەویستی و شکۆی سەرۆک مەسعود بارزانی لای

ئیدریس بارزانی چەند بووە.

ئیدریس بارزانی خولقێنەری ئومێد لە ناوجەرگەی کارەساتدا
لە مێژووی 60 ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تەنیا چەند شەڕێک هەن، کە وەرچەرخانی گەورەیان دروستکردووە و، هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەوانە «شەڕی هەندرێن کۆتایی ساڵی 1966، شەڕی دەربەندی کۆڕێ ساڵی 1991، شەڕی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش».

لەم سێ شەڕەدا ئیدریس بارزانی فەرماندەیی یەک شەڕی کردووە و لە شەڕی دەربەندی کۆڕێ و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگە فەرماندەیی شەڕەکانی کردووە، ئەم سێ شەڕە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن.

شەڕی هەندرێن لە کۆتایی ساڵی 1966 کە ئاکامی ئەم شەڕە ئاگربەس و ڕێککەوتنی مایسی 1967ی بە دوای خۆیدا هێنا، بووە وێستگەی وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی، بووە بناغەیەک بۆ شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیدانییە کە لە ساڵی 1970 ڕێککەوتنی مێژوویی ئادار واژوو کرا، هەتا ئێستاش هەموو ساڵێک پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی پێکەوە یادی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە دەکەنەوە.

لە ساڵی 1975 و پێش ئەوەی ئیدریس بارزانی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی بچنە خزمەتی مستەفا بارزانی و مۆڵەتی بڕیاردانی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش وەربگرن، ئیدریس بارزانی سەرپەرشتیی ئوردوگای ئاوارەکانی لەناو ئێران لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو، لەناو شەوەزەنگی ئەو کارەساتە گەورەیەدا ڕووناکییەک دروست بکات و، هەوڵیدا ئاوارەکان دووبارە ڕێک بخاتەوە و وەک سەرمایەیەکی مرۆیی بۆ شۆڕش و ئایندەی کوردستان بیانپارێزیت و، نائومێد نەبن و بە ناچاری بگەڕێنەوە ئێراق و خۆیان ڕادەستی ڕژێمی ئێراق بکەنەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە هەوڵەکانیان دەکەین:

1. بەپێی ئیمکانییەتی بەردەستی ئەوکات، ئیدریس بارزانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو، کێشە سەرەکییەکانی ئاوارەکان چارەسەر بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی باری قورسی ژیانیان نەگاتە ئەو ئاستەی نائومێدی چۆکیان پێ دابدات.

2. زۆر بایەخی بە خوێندنی منداڵانی ئاوارەکان دەدا، بۆ ئەوەی وەک سەرمایەکی مرۆیی و ڕووناکبیر بۆ شۆڕش پەروەردە بن.

3. هەوڵی دەدا لە ڕێگەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە کە لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ بوون، مەفرەزەی پێشمەرگە دروست بکات و بیانێرێتەوە بۆ کوردستان و دووبارە شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە.

4. هەوڵی دەدا، بە ڕێگەی کونسوولخانەی وڵاتان لە تاران، زەمالەی خوێندن بۆ ئەوگەنجانە دابین بکات، کە دەرچووی ئامادەیی و زانکۆ بوون، بۆ ئەوەی بچن لەو وڵاتانە خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی مرۆیی ڕووناکبیر و پسپۆڕ بۆ کوردستان ئامادە بکات.

شێوازی مامەڵەکردنی ئیدریس بارزانی و دووبارە درووستکردنەوەی سەقامگیری لە ناخی ئاوارەکاندا، ژێرخانێکی زۆر باشی درووستکرد، بۆ ئەوەی زەمینەی دووبارە لەدایکبوونەوەی ئومێد سەر هەڵبداتەوە. هەر بۆیە وەک سەرۆک مەسعود بارزانی باسی کردووە و، کاتێک پرسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی لەگەڵ ئیدریس بارزانی باسکردووە، ئەویش وەک سەرۆک مەسعود بارزانی بیری کردووتەوە و دەستبەجێ پیشنیارەکەی پەسەند کردووە و، زەمینەکە بەو جۆرە بووە کە ژێرخانێکی پێویست بۆ ئەو ئەرکە مەزن و پیرۆزە ئامادەیە.

ئیدریس بارزانی چەمکێک بۆ ئاشتی و تەبایی
لە ساڵی 1974 کە ئیدریس بارزانی تەمەنی تەنیا 30 ساڵ بووە، وەک نوێنەری مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول سەردانی بەغدای کردووە، سەبارەت بە شێوازی ڕێککەوتنەکە و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و یاسای ئۆتۆنۆمی گفتوگۆی کردووە، لەم سەردانەیدا لەگەڵ ئەوەی هەموو ئامانجی سەدام حسێن ئەوە بوو، کە یاسای ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیەک دەربچێت، کە ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ئادار بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام ئیدریس بارزانی داوای دەکرد، پەلە نەکرێت و ساڵێک ڕێککەوتنەکە درێژ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت بە ئاشتی و دانووستاندن کێشەکانی نێوان شۆڕش و حکومەتی بەعس چارەسەر بکرێت، نەک پەنا بۆ شەڕ ببرێتەوە، بەڵام سەدام حسێن پێداگری کرد و یاساکەی بەو جۆرە تێپەڕاند کە وەک خۆی دەیویست، ئەمەش لەلایەن شۆڕشی ئەیلوول و جەنابی مستەفا بارزانی قبووڵ نەکرا و لە ساڵی 1974 شەڕ دەستی پێ کردەوە.

لە دوای ساڵی 1975 و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و درووستبوونی فرەحزبی لە کوردستان، ئیدریس بارزانی بە پێ جیاوازی هاوکاریی ماددی و مەعنەویی ئەو لاوانەی کردووە کە دوای 1975 لە گرووپی بچووک خۆیان ڕێکخستووتەوە و حزبی جیاوازیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراندووە، لەمەش زیاتر وەک تێکۆشەرە دێرینەکان باسی دەکەن، بە نموونە (ملازم شوان و خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید) کە دوو سەرکردەی دیاری پاسۆک بوون، باس لەوە دەکەن، هەوڵیان داوە کە میساقێکی نیشتمانی لەنێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان درووست بکرێت و، پاشان ئەم میساقەیان بردووەتە لای حزبە سیاسییەکان، خۆیان دەڵێن «کە بردمان بۆ ئیدریس بارزانی پێی وتین: من کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم». ئەوجا لەگەڵ ئەوەی حزبەکان لەو سەردەمە بە هەمان شێوازی ئیدریس بارزانی پێشوازییان لەو دەستپێشخەرییەی پاسۆک نەکرد، بۆیە لە بری یەکڕیزی و تەبایی شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرسا و سەرەنجامیش دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و ناکۆکیی توند، هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە ئاشتی و یەکڕیزی هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەمی گەلی کوردستان نییە، ئەوە بوو بە ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی 1986، هەموو حزبە سیاسییەکان بە کردەیی لەیەک بەردا کۆبوونەوە و دوای چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێز و لەشکری کوردستان و وەک برا، هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی پێکەوە لە یەک سەنگەردا شەڕیان دەکرد و، ئەمە بووە بناغەیەک کە دواتر بە فەرمی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.

لە دوای ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی 1986، بە کردەیی هێزی پێشمەرگە وەک یەک بەرە شانبەشانی یەکتری شەڕیان دەکرد، ئەم یەکڕیزی و تەباییە هێزێکی مەعنەویی گەورەی لەناو هێزی پێشمەرگە درووستکردبوو، کە پێکەوە چالاکیی گەورەیان ئەنجام دەدا و گەیشتبووە ئەو ئاستەی هێزی پێشمەرگە دەیتوانی «شارەدێ و قەزا» ئازاد بکات، بۆیە حکومەتی بەعس کە لەو کاتەدا لە گەرمەی شەڕی ئێراق -ئێراندا بوو، زۆر بە دڕندانە ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بووەوە و، هەر لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی 1987 کەوتە

بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی کۆکوژ، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییشەوە، کە سەرەنجام بە پڕۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە «گەرمیان تا بادینان» کۆتایی هات، کە شپرزەییەکی زۆری درووستکرد و حزبە سیاسییەکان نەدەپەرژانە سەر ئەوەی کە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ بەرەی کوردستانی دابنێن و بە فەرمی ڕایبگەیەنن، بۆیە لە ئایاری 1988 بەرەی کوردستانی بە فەرمی ڕاگەیەنرا و بە ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان حزبەکان، سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال بۆ سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەستنیشان کران. سەرۆک مەسعود بارزانی لەناو کوردستان سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد و، خوالێخۆشبوو مام جەلال سەرپەرشتیی کاروبارەکانی دەرەوەی دەکرد.

لۆژیکی سەرۆک بارزانی کە لەناو کوردستاندا سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد، پاراستنی تەبایی نێوان حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی بوو، ئەم ئەرکە کە ئەرکێکی زۆر قورس بوو، بەتایبەتیی کە بارودۆخی کوردستان هێندە قورس بوو، کە دەکرێت بڵێین شەوەزەنگێکی تاریک باڵی بەسەر ناخی هەر کوردێکدا کێشابوو، لەناو ئەو شەوە زەنگە تاریکەدا، سەرۆک مەسعود بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی داستانی خواکوڕکی کرد، ئەم داستانە مەزنە کە لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بووە چرایەکی ئومێد لەو شەوەزەنگەدا و ئومێدی بۆ گەلی کوردستان گێڕایەوە.

سەرۆک مەسعود بارزانی لە ماوەی ساڵی 1988 تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کە سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد لەناو کوردستاندا، سەردانی بۆ هیچ وڵاتێک نەکردووە، تەنانەت دوای ئەوەی سەدام حسێن هێرشی کردە سەر کوەیت و داگیری کرد و، هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئێراق چڕبوونەوە، زۆر جاریش خوالێخۆشبوو مام جەلال داوای لێ کردووە، کە پێویستە سەردانی دەرەوە بکات، بەڵام هەموو دەسەڵاتێکی گێڕاندووەتەوە بۆ مام جەلال و سەردانی دەرەوەی کوردستانی نەکرد و، بە هاوکاری لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی زەمینەی خۆڕێکخستنەوە و ئامادەباشی بۆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 دارشت و لە ڕاپەڕینیشدا خۆی سەرپەرشتیی ئازادکردنی شاری کەرکووکی دڵی کوردستانی کرد لە ئێوارەی نەورۆزی 1991.

لۆژیکی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ ئاشتی و ژیانێکی شایستە بۆ گەلی کوردستان، هەمان لۆژیکی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی بووە، دژی شەڕ و کاولکاریی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وای کرد، لە ساڵی 1991 دوای ئەو هەموو کارە درندانەی بەعس و سەدام حسێن بەرانبەر گەلی کوردستان کردیان، جارێکی دیکە بە سەرۆکایەتی شاندێکی بەرەی کوردستانی سەردانی بەغدای کرد و تەوقەی لەگەڵ سەدام حسێن کرد، بەڵام کە ئەمجارەش سەدام حسێن ناوەرۆکی ڕێککەوتنی ئاداری 1970 ڕەت کردەوە و، لەمەش خراپتر دامەزراوەکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرۆک بارزانی زۆر دووربینانە پێشنیاری بە بەرەی کوردستانی کرد، کە هەڵبژاردن بکرێت و بە ئیرادەی گەلی کوردستان دامەزراوەکانی دابمەزرێنرێتەوە، بۆ ئەوەشی بیسەلمێنێت کە نییەتی گەلی کوردستان ئاشتییە و داوای چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەکەی دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستان بە دڕووشمی ئۆتۆنۆمی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991ی کرد و 51%ی کورسییەکانی یەکەمین پەرڵەمانی کوردستانی بردەوە و دوای چوار مانگ پەرڵەمانی کوردستان بڕیارە مێژوویەکەی کە بە بڕیاری «فیدراڵی» ناسراوە، دەرکرد.

ئەوەی لەم یادەدا پێویستە بگوترێت، ئەوەیە کە جەنابی مستەفا بارزانی هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و پاشانیش لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، ئەرکەکەی خستبووە سەر شانی «سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی»، بەڵام کە قەدەر هەموو ئەرکەکەی خستە سەر شانی سەرۆک مەسعود بارزانی، زۆر بە ئەمانەتەوە

شانی دایە بەر ئەو ئەرکە قورسە و ئەو بەشەشی دەکەوتە سەر شانی ئیدریس بارزانی جێبەجێی کردووە و لە بەردەم ویژدانی مستەفا بارزانیدا ئیدریسی بەزیندوویی هێشتووەتەوە و پێی دەڵێت: «ئەو ئەرکەی پێت سپاردووین، بە ئەمانەتەوە جێبەجێمان کردووە، ڕاستە ئیدریس بارزانی زوو بەجێی هێشتووین و گەڕایەوە بۆ لای تۆ، لەگەڵ ئەوەی نەگەیشتووینە ئەو ئاستەی ئاواتە گەورەکەی جەنابت بەدی بهێنین کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و ڕاستر بڵێم، ڕێگەیان نەداین، ئەو ئاواتەش بەدی بهێنین، بەڵام ئێستا بە فەرمی و لە چوارچێوەی یاسای پەڕڵەمانی کوردستاندا ئاڵاکەی پێشەوا قازی محەمەد کە بە ئەمانەت پێی سپاردی، ئاڵای فەرمیی هەرێمی کوردستانە و دەستووری ئێراق ددانی پێدا ناوە، لەگەڵ ئەوەی دەستووری 2005 ئێراق، وەک خۆی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام لانی کەمی مافەکانی گەلی کوردستانمان تێدا چەسپاندووە و خەباتمان بەردەوامە بۆ جێبەجێکردنی، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش وەک ئەو وەفایەی تۆ فێرت کردووین، ئێستا لە جێگەی خۆم، نێچیرڤانی کوڕی ئیدریس سەرۆکی هەرێمی کوردستانە».[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | فەلسەفە / هزر | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 27-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 309

ئیدریس بارزانی بایەخی بە فەلسەفە و شیعر و جوولانەوەی سیاسی دەدا

20250702103320643754=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی بایەخی بە فەلسەفە و شیعر و جوولانەوەی سیاسی دەدا

نووسینی: سۆران عەزیز

ئەمڕۆ 31ی کانوونی دووەم (31-01-2024)، یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، هاوڕێیانی بە یار و نەیارەوە شایەدی زیرەکی و نەتەوەیی و لێبوردەیی بۆ ئیدریس بارزانی دەدەن.

ئیدریس بارزانی لە مانگی ئاداری 1944 لە ناوچەی بارزان لە دایک بووە. کاتێک تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ، مستەفا بارزانیی باوکی، بە مەبەستی پشتیوانی و هاوکارێکردنی پێشەوا قازی محەمەد، چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بووەتە بەشێکی گرنگ لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

دوای کۆتاهێنانی کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیەتیی جاران و خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەد بارزانی، گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەو کات تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پاشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا چووە بەر خوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958، ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولیشدا لە ساڵی 1961، ئیدریس بارزانی دەبێتە پێشمەرگە و دەستەی یەکەمی پێشمەرگەکانی بارزانی بووە، دوای نۆ ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە لە دەڤەری باڵەکایەتی ئەنجام درا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوو کە هەریەک لە شەهیدان سالح یوسفی، دارا تۆفیق، سامی عەبدولڕەحمان، نافز جەلال و مەحموود عوسمان بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش.

ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناو دەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراق و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا، بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا، لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراقیش کە لە تاران ساز کرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.

زۆر لە هاوڕێیانی و ئەوانەشی نەیاری بوون، ئاماژەیان بەنەرمی و لێبوردەیی و توانای ئیدریس بارزانی داوە، فەلەکەدین کاکەیی هاوڕێی کۆچکردووی ئیدریس بارزانی دەڵێت: ئیدریس بارزانی مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، تێگەیشتوو بوو و لە بەغدا ناوەندیی خوێندبوو، باکگراوندێکی باشی هەبوو، زۆریش بایەخی بە فەلسەفە و هۆنراوەی دنیا و جوولانەوەی سیاسی لە دنیادا دەدا. خۆی مرۆڤێکی لەخۆبردوو بوو، مرۆڤێک بوو وەک دەروێش بوو و دەروێشی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەوەندی تێبینیم دەکرد.

د. عزەدین مستەفا ڕەسوولیش کە بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی دەبینێت، دەڵێت کە چوومە لای لە بن

خێوەتێکدا بوو لە حاجی ئۆمەران، کە چوومە ژوورەوە بینیم چەند پەرتووکێکی فکری و ئایینی گەورەی لە بەردەست بوون و خەریکی خوێندنەوەیان بوو.
ئەو کەسانەی هەمیشە نزیکی بوونە دەڵێن، ئیدریس بارزانی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێیەتییەکی باشی هەبووە و توانای زۆری هەبووە لە نووسین و داڕشتندا بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، شەوانە تا درەنگ دەیخوێندەوەو دەینووسی و هەردەم پەرتووکی پێ بووە، هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ خوێندنەوە تەنانەت لەناو ئۆتۆمبێلیشدا. بایەخی بە بوارەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە، زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و وەفایی لەبەر بووە. کەسێک بووە زۆر حەزی لە ئەدەب و سۆفیگەرێتی بووە
.
لە ساڵی 1979 کۆنگرەی نۆیەم بەسترا، لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا بوو، پارتی لە زۆر لاوە گەمارۆ درابوو لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان، جیا لە ڕووە سەربازییەکە، زیاتر لە ڕووی سیاسییەوە گەمارۆ درابوو. لەو کۆنگرەیە گونجان هەبوو، ئەوەبوو سەرۆک مەسعوود بارزانی بووە سەرۆکی پارتی و عەلی عەبدوڵڵاش بووە سکرتێری پارتی، کاک ئیدریسیش بە هەموو سادەییەوە قبووڵی کرد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت، هەمیشە جێی ڕێز بووە.
لە کاژێر شەشی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31ی مانگی 2ی 1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مالاوایی لە دنیا دەکات، لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ بارزان دەدەن، لە ڕۆژانی 6 تا 8-10-1993 لە ڕێوڕێنەێکی تایبەت لە بارزان بەخاکی نیشتمان شاد بوونەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
نافیز جەلال حەوێزی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net- 31-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-02

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 310
ئیدریس بارزانی برووسکەی ناو هەورێکی ڕەش
20250703105819643814=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی برووسکەی ناو هەورێکی ڕەش

«بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت، ئیتر کۆتایی بە هەموو خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان لەوە کردەوە ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێهیوایی دەبێت چی بکەین و چ ڕێگەیەک بگرینەبەر. بەڕوونی بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەنگاو و بڕیار ئەوەیە کە لەگەڵ کادیران و هەڤاڵان و خەڵکی دڵسۆز، هەوڵ بدەین تەمی نائومێدی بڕەوێنینەوە، بۆیە لەگەڵ ئیدریسی برام بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە ڕاوێژ و مشوورخواردن، ئیتر هەردووکمان چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی و بیر و تێڕوانینەکانمان بۆ شی کردەوە، بە موبارەکەی جەنابینا مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی خەبات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەزگا حزبی و سەربازییەکانمان وەرگرت، کە لەسەر بنەما و بەپێی چەمکی نوێی سەردەمیانە و بە گوێرەی بارودۆخ و ئەزموون و شارەزایی ڕابردوو پێک بهێنرێنەوە.»
سەرۆک بارزانی
پەرتووکی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. بەرگی چوارەم

مستەفا بارزانی کاریزما و ڕابەر فێری کردووین لە قۆناخە سەختەکانی خەباتدا «نە سەرکەوتن غروورمان بکات، نە شکست دوچاری نائومێدیمان بکات». لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆک مەسعود بارزانی لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کاتێک باسی بارودۆخی ڕۆژانی دوای نسکۆی ساڵی 1975مان بۆ دەکات، ئەو ساتەمان بۆ وێنا دەکاتەوە کە چۆن دەرهاویشتەکانی نسکۆ بووبوونە ئەو هەورەڕەشەی کە ڕووناکی لە کوردستاندا نەهێشتبوو، بۆیە ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: «بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت، هەموو شتێک کۆتایی دێت»، کەواتە لە دوای گەیشتن بەم یەقینە کە «نائومێدبوون کۆتایی بە هەموو شت دەهێنێت»، بڕیار دەدات کە هەموو شتێک بکرێت بۆ ئەوەی تەمی ئەو نائومێدییە بڕەوێتەوە، ئەمەش پێویستی بە هەنگاو و بڕیار بووە، ئەوجا هەر وەک ئاماژەی پێ کردووە، بۆ ئەم هەنگاو و بڕیارە لەگەڵ کاک ئیدریس پێکەوە کەوتوونە ڕاوێژ و مشوورخواردن، یەکەم هەنگاویشیان ئەوە بووە کە مۆڵەت و موبارەکەی جەنابی مستەفا بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و خەبات وەربگرن، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە هەردووکیان «سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی» کە چوونە لای مستەفا بارزانی، بەڵێنی ئەوەیان پێ داوە کە لەسەر هەمان فیکر و میتۆدی ئەو درێژە بە کاروانی خەبات و شۆڕش بدەنەوە.
ئەم میتۆدە هاوبەشەی «سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی» بۆ بەڵێندان بە جەنابی مستەفا بارزانی چیمان بیر دێنێتەوە، بێگومان ئەو وتارەی باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووتری ئەمریکامان بیر دێنێتەوە کە لە ساڵی 2010 و لە 200ە مین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن پێشکەشی کرد و، ئاماژەی بەوە کرد «کاتێک یادی لەدایکبوونی باوکانی دامەزرێنەر دەکەینەوە، مەبەستمانە لێیانەوە فێر بین، چۆن لە ئاسمانی تاریک و تەمومژاویی ڕۆژگارە سەختەکاندا، ڕووناکییان بۆ گەلەکەمان دەهێنایە خوارەوە...» ئۆباما لەم پەیڤەی دەیەوێت ئەوە بە گەلی ئەمریکا و هەموو جیهان بڵێت کە «ئەوانەی توانای بڕیاردانیان هەیە لە ڕۆژە سەخت و تاریک و تەمومژاوییەکاندا، سەرکردەی کاریزما و مرۆڤی باڵان، بەڵام ئەم کاریزما و باڵابوونەی مرۆڤ لەو کاریزمایانەوە دروستە دەبێت کە پێش ئێمە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا توانای بڕیاردانیان هەبووە».
ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەک بۆ «ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی» لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەڕێزان «مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی» بکەین، دەیانەوێت لەسەر ڕێگەیەکی دروست، لەسەر فیکر و میتۆدی ڕابەر و کاریزمایی بارزانی لە ڕۆژگارێکی سەخت و تاریکیدا بڕیاری زۆر قورس بدەن، ئەو بڕیارە قورسەش، وەک نیچە لە زاری زەردەشتەوە پێمان دەڵێت: «ئێستا ئەو ساتە وەختەیە کە مرۆڤ ئامانجی خۆی دیاری بکات، ئێستا کاتی ئەوەیە تۆوی بەرزترین هیوای خۆی بچێنێت، ئەم هەنگاوە لە ساتەوەختی خۆیدا وەک

برووسکەی ناو هەورێکی ڕەشە، کە ئەو هەورە ڕەشە دەکاتە باران و وەک خێر و بەرەکەت بە سەرماندا دەیبارێنێ. سەیر بکەن من مژدەهێنەری برووسک و دڵۆپە قورسەکانی ناو ئەو هەورە ڕەشەم و ئەمەم ناو لێ ناوە مرۆڤێ باڵا. ئەوەشی لە مرۆڤی باڵادا مەزنە، ئەوەیە کە ئەو پردێکە، نەک ئامانج.» بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە زاری زەردەشتەوە ئەوەمان پێ دەڵێت چۆن مرۆڤی باڵا دروست دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نیچە پێمان دەڵێت: «مرۆڤی باڵا وەک «خۆر» وایە، بەردەوام بەرەو لووتکە هەڵدەکشێت، تا ئاوا دەبێت، بەڵام ئاوابوونەکەی ئەوەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لامان و سەرلەنوێ تیشکەکەی لە باشووردا پەخش دەکاتەوە». ئەگەر لەو پەیڤانەی زەردەشتەوە پرسیارێکی دیکە بوروژێنین کە زەردەشت پێمان نالێت، چۆن ئەو بڕیارەی دا، بەرەو لووتکە هەڵبکشێت، یان چۆن ئەو بڕیارە قورسەی دا کە خۆی بکاتە مژدەهێنەری دەرکەوتنی مرۆڤی باڵا، ئەوا دەبێت بپرسین: ئەو ساتەوەختە کامەیە کە بڕیاردانی قورس وێنای مرۆڤی باڵا دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەمانوئیل کانت لە پەرتووکی «دامەزراندنی میتافیزیکای ئاکار» پێمان دەڵێت: «ئەو کەسانە دەتوانن بڕیاری قورس بدەن، کە دەبنە خاوەنی ئیرادەی خێر، ئەم ئیرادەیەش کاتێک دروست دەبێت کە هەموو بڕیارێک لە پێناوی خێری گشتیدا دەدرێت و هیچ ئامانجێکی کەسیی لە پشت ئەو بڕیارەوە نییە»، بەڵام چۆنێتیی دروستکردنی ئەم بڕیارە قورسەش بەو جۆرە دەبێت کە لە پەرتووکی (ڕەخنە لە مەلەکەی بڕیاردان) دەگرێت پێمان دەڵێت: «بڕیاری دروست ئەو بڕیارەیە کە هیچ غەریزەیەکی کەسی لە پشتەوە نەبێت»، بێجگە لە خێری گشتی، ئەم قسەیەی کانت بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو پەیڤە بەرزەی ڕابەر و کاریزما مستەفا بارزانی پراکتیزە دەبێت، کە فێری کردووین «لە سەرکەوتن غرووڕ نەبین و لە شکستیشدا نائومێد نەبین».

سەرۆک مەسعود بارزانی هەر لەو پەرتووکەدا کە باسی ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدیی دوای نسکۆ دەکات و، ئەم نائومێدییەش بە چەخماخەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان کراوە بە ئومێد، ئەمە مانای ئەوەیە وەک هانا ئارنێت لە پەرتووکی «شۆڕش» پێمان دەڵێت: «شۆڕش لە ساتەوەختی دەرکەوتنی ئیرادەی خێردا دەست پێ دەکات، ئەو ساتەی کە زەوی و ئاسمان بە یەک یاسا هەڵدەسووڕێن، چۆن ئەستێرە لە ئاسماندا بەپێی یاساکانی ئاسمان قبووڵ ناکات، هیچ ئەستێرەیەکی دیکە جووڵەی بۆ دیاری بکات، یان ئاڕاستەی جووڵەی بگۆڕێت، لەسەر زەویش بە هەمان شێوە ئەو ساتە وەختەیە کە ئیرادەی خێر چیتر ژێردەستەیی بۆ نەتەوەکەی قبووڵ ناکات» .
لەم ڕاستەوە جارێکی دیکە کە باس لە «ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی دەکەین»، ڕاشکاوانە باس لەو ئیرادە خێرە دەکەین کە «دوای مۆڵەت و موبارەکەی جەنابی مستەفا بارزانی بە هاوکاری و خۆنەویستی و ڕاستگۆیی نێوان سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هاتە ئاراوە»، هەر ئەم ئیرادە خێرە بوو، ئەفسانەی غروورێ سەدام حسێنی بەتاڵ کردەوە، کە دوای نسکۆ ئەوەندە غروور بووبوو دەیوت: «ئەگەر دارخورما لەسەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، ئەوا جارێکی دیکە پێشمەرگە لەو چیایانە دروووست نابێتەوە»، بەڵام ئیرادەی خێری سەرۆک مەسعود بارزانی و پشتیوانی و هاوکاریی دڵسۆزانەی ئیدریس بارزانی، هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پەخشی «ئێژگەی دەنگی کوردستان» ڕایانگەیاند: «دارخورما لەسەر چیاکان نەڕوا و پێشمەرگەش لە چیاکان دروووست بووەوە».

هەر بۆیە کاتێک یادی ساڵوەگەڕی 35 ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، ئەوەمان لەبەر چاوە کە «مرۆڤی باڵا نە پێویستی بەوەیە کەس سوپاسی بکات و نە سوپاسی کەسیش دەکات بۆ ئەوەی ستایشی بکات.» بەڵام وەک ئەمریکاییەکان کردوویانە بە نەریت بۆ یادکردنەوەی سەرکردە و مرۆڤە باڵاکانیان و دەڵین: «کاتێک یادی ئەو مرۆڤە باڵایانە دەکەینەوە، مەبەستمانە لێیانەوە فێر بین چۆن بتوانین لە ڕۆژگارە سەختەکاندا بڕیاری قورس بدەین، فێر بین چۆن لەناو شەوەزەنگی تاریکیدا ڕووناکی بۆ نەتەوەکەمان

هەڵکەین». لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش ئەمڕۆ کە یادی کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو دەکەینەوە، دەمانەوێت لە میتۆد و فیکری ئەوەوە فێر ببین، چۆن دەتوانین هاوکار و پشتیوانی ڕاستگۆیانەی سەرۆک مەسعود بارزانی بین، بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە خێرە بێتە ئاراوە، کە وەک بروسکە دڵۆپە قورسەکانی ناو هەوری ڕەش دەکاتە خێر و بەرەکەتی باران و ئایندەی کوردستان ڕووناکتر دەکاتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 2022-01-31

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-03
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 311
ئیدریس بارزانی بڕوای تەواوی بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو
20250711102215645156=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە بڕوای پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ئیدریس بارزانی هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەرکردەی بەرەکانی شەڕ بوو، بڕوای تەواویشی بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو. ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا هەستی بەوە کردبایە تروسکاییەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاریی بۆ درێژ دەکرد.

ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە، سەرکردەیەکی خاکی و خەمخۆری کوردستان و گەلەکەی بووە. لەم یادەدا، هاوڕێیازان و نامەبەرێکی سەردەمی پێشمەرگایەتی، پەنجە دەخەنە ژیانی و نهێنیی سەرکەوتنەکانی دەگێڕێنەوە.

ئیدریس بارزانی لە گوندی بارزان لەدایک بووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەی لە سنووری بارزان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بەغدا، مووسڵ و بەسرا، لەگەڵ ئەوەی لە تەمەنی منداڵییەوە لە سۆز و خۆشەویستیی باوک بێبەش بووە و تا گەڕانەوەی (بارزانیی نەمر) لە سۆڤێێت لە ساڵی 1958، مرۆڤێک بووە لەناو جەماوەر خۆشەویست و سادە و بە قەناعەت بووە، بە سادەیی ژیاوە. خاوەن قسە و بەڵێنەکانی بووە، لەگەڵ هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری قسە و هەڵسوکەوتی کردووە. هەرکە شۆڕش بەرپا بوو، بارزانیی نەمر سەرپەرشتیی ئەم شۆڕشەی کرد. ئیدریس بارزانییش هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کە قوتابی بوو، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانیی باوکدا بەشداری لە شۆڕش کرد.

د.ناسیح غەفوور، کە یەکێک لە هاوڕێ و نامەبەرە تایبەتەکانی ئیدریس بارزانی بووە، لایەنێکی ژیانی سیاسی و تێکۆشانی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەخاتە ڕوو و دەڵێت: کاک ئیدریس یەکێک بوو لەو کورە بلیمەتانەی بارزانیی نەمر کە بەرچاو بوو، جیددی بوو، حەزی لە بەشداریی سیاسی هەبوو، هەردەم لە دەور و خزمەتی بارزانیی باوک بووە، هاوکارێکی زۆر باش بوو، حەزی لە خزمەتکردن و خوێندن بوو، حەزی لە هاوکاریی پێشمەرگە و بارزانی هەبوو، بۆیە وردەوردە پێگەی ئەو لەناو شۆڕش بەرز بوویەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان خۆشەویست دەبوو.''

د.ناسیح غەفوور زیاتر لەسەر کەسایەتیی ئیدریس بارزانی قسە دەکات و جەخت دەکاتەوە ''ئیدریس بارزانی، جێگەی متمانە بوو، بۆیە لە داستانی (هەندرێن) کە حکوومەتی ئێراق شەڕی فەرز کرد بەسەر کوردستاندا، هێرشێکی گەورەیان کردە سەر کوردستان، جاشەکانی ئەو سەردەمەش بەشداریان کرد، بەڵام لەو داستانەدا ڕۆڵی کاک ئیدریس زیاتر دەرکەوت، ئەو وەک سەرپەرشتکار دەرکەوت و سەرکەوتنیش بە ناوی ئەوەوە تۆمار کرا.''

عەبدوڵڵا ئەسعەد پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، جەخت دەکاتەوە لەوەی، ئیدریس بارزانی لە بواری سەربازیدا شارەزایەکی زۆر باشی هەبووە، سەرکردایەتیی هەر دوو داستانی هەندرێن و زۆزکی کردووە و، ئەو کات حکوومەتی ئێراق ناچار کرد پاشەکشە بکات.

سادق سڵێمان پێشمەرگە و هاوڕێیازێکی دیکەیە و، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکاتەوە، ئیدریسی جوانەمەرگ، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە تێکشکاندنی دوژمن، لە ساڵی 1966 کاتێک سەرپەرشتیی شەڕی هەندرێنی دەکرد، بە جورئەت و چاونەترس لەناو هێزی پێشمەرگە بوو، بۆیە توانی سوپای ئێراق بە جۆرێک تێک بشکێنێت کە هەر دوای ئەو شەڕە حکوومەتی ئێراق ناچار بوو داوای دانووستاندن لە

سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول بکات. حکوومەتی ئێراق زۆر لە کەسایەتی (ئیدریس بارزانی) دەترسا، بۆیە لە بواری سەربازی، سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبوو، هەروەها لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار ڕۆڵی هەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەستی بەوە کردبایە تروسکاییەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرد.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شۆڕشی ئەیلوول و شکستی حکوومەتی ئەوسای ئێراق، حکوومەتی ئێراق گەیاند بەو باوەڕەی کە ناتوانێت کێشەی کورد بە شەڕ یەکلا بکاتەوە، ناچار بوو پەنا ببات بەر دانووستان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر.

غەفوور لەوبارەوە دەگێڕێتەوە ''کاک ئیدریس هەمیشە لەگەڵ بارزانی بوو، بۆیە دەوری باڵای هەبوو لە بەشداریکردن و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، هەڵبەت کاک مەسعوود بارزانییش لەگەڵی بوو، ئەوکاتە، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرپەرشتیی ڕێککەوتنەکەی دەکرد، سەدداميش بەشداریی کرد، لە واقعدا سەددام دەوری باڵای هەبوو لەو ڕێککەوتنە، بەڵام لەبەر ئەوە ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆککۆماری ئێراق بوو، ئەو ڕێککەوتنەکەی ڕاگەیاند و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتییش بەشداریيان کرد.''

وتیشی ''دەوری کاک ئیدریس دەورێکی گرینگ و باڵا بوو لە ڕێککەتنەکە. هەم وەک کوڕی بارزانیی نەمر و هەمیش وەک جێگای متمانەی بارزانی، خۆیشی بلیمەت بوو، ئازاد بوو، قسە لەڕوو بوو، بەتوانا بوو، دەیتوانی ڕۆڵ ببینێت. تا ساڵی 1974 ئەو هەمیشە دەیوت دەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، لە بەغدا بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە داخەوە بەغدا پەشیمان بوویەوە.''

ناسح غەفوور هاوکات دەڵێت: ''لەبەر لێهاتوویيەکەی، چەندین جار هەوڵی شەهیدکردنی ئیدریس بارزانی دراوە، چونکە یەکێک بووە لە هەرە چالاکەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو شۆڕشەی کە بەداخەوە لە ئەنجامی سەودایەکی نێودەوڵەتی شکستی هێنا. کە پێیم وایە لە ئیستایش کە ئەم سەودایە لەسەر کوردستان دەکرێت. هەڵبەتە هەمیشە کورد لە کاتی سەوداکردن زەرەرمەند بووە، ئەگەرنا بە هێزی پێشمەرگە و قارەمانەتییەکەی کورد قەت چۆکی دانەداوە.

لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیشدا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی بەرچاوە و ناسیح غەفوور ئاماژەی بەوە دا، ''دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول تووشی شکست بوو، هەوڵ درا جارێکی دیکە ئێمە شۆڕش بەرپا بکەینەوە. ئەوکات بارزانیی نەمر تەمەنی هەڵکشابوو، کێ دەبوو ئەوە بکات جگە لە بارزانی؟، کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو و کاک مەسعوود، دەورێکی باڵایان بینی بۆ بوژانەوە و ڕێکخستنەوەی پارتی، کە ئەوکات بە ناوی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو. کاک ئیدریس نەک لەبەر ئەوەی کوڕی بارزانییە، بەڵکوو داینەمۆی هەڵگیرسانی و دروستبوونەوەی پارتییە و دەوری سەرەکیی ئەو بوو لە هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان.

لە دوای بەرپاکردنی شۆڕشی گوڵان، حزبی دیکەش پەیدا بوون، ئەم فرەحزبییەش وای کرد پارتی لەگەڵ ئەو حزبانەدا کۆ ببێتەوە و، هەوڵ بدات لە دەوری یەکدی و بۆ یەک ئامانج تێبکۆشن، ناسح غەفوور دەڵێت ''کاک ئیدریس دەورێکی باڵای هەبوو لەوەی ئەگەر بمانەوێت سەرکەوین، دەبێت یەک بگرین، یەک بەرنامەمان هەبێت، ڕەنگە بیروڕای جیاواز هەبێت، بەڵام دەبێت ئەو بیروڕایە لە پێناوی سەرکەوتنی کوردستان بێت، ئەمانە هەمووی بیرکردنەوەی ئەو بوون.

لە و سەردەمدا بەرەیەک دروستکرا کە هاوپەیمانەتی لەگەڵ حزبی بەعسی ئێراق بەست، لە بەرانبەردا بەرەیەکی دیکە دروستکرا ئەو بەرەیە لە پارتی و حزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک بوو، د، ناسح غەفوور دەگێڕێتەوە کە، ئیدریس بارزانی هەستی بەوە کردبوو کە دەبێت حزبە کوردستانییەکان بە یەکگرتوویی کار بکەن و دەڵێت: ''کاک ئیدریس دەوری هەبوو لە نزیکبوونەوەی لەگەڵ حزبەکان. کاک ئیدریس دەیوت دەبێت لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوین، بۆیە ساڵی 1986 لەگەڵ مام جەلال یەکتریان بینی، لە مانگی 1ی هەمان ساڵ، بناغەی سەرەتای ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی دانرا، دواتر کە بەرەی کوردستانی دروستکرا، لە ساڵی 1991 ئەو لە ژیان نەمابوو، بەڵام بەرەی کوردستانی لە بنەڕەتدا کاک ئیدریس ئەندازیاری بوو.''

کاوە عوسمان پێشمەرگەیەکی دیکەی شۆڕشی گوڵانە، لەو ڕووەوە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی وتی، ڕۆڵ و کاریگەریی ئیدریس بارزانی لە دروستکردنی بەرەی کوردستانیدا، شۆڕشی کوردی بردە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسساز، ئەگەرچی چەند مانگێک دوای کۆچی دوای جێبەجێ کرا، بەڵام ئەوە بەرهەمی بیری کوردانەی ئەو بوو.

د، ناسح غەفوور هەروەها دەڵێت: لە ماوەی چوار ساڵ کارکردنمادا لە خزمەتی کاک ئیدریس، بۆم دەرکەوت کە ڕۆحی هاوکاری هەبوو، لەگەڵ شیوعییەکان و پاسۆک و حزبەکانی دیکەش هاوکار بوو، لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسییەوە دەوری باڵای هەبوو، دەیزانی چۆن بڕوا بە بەرانبەرەکەی بهێنێت، بۆیە لە کۆنگرەی تاران، ئەو سەرپەرشتیی شاندی کوردستانی کرد، ئەو کاتە عەلی عەبدوڵڵا، سکرتێری پارتی بوو، لەگەڵ کاک فەلەکەددین کاکەیی بەشداریان کرد. کاک ئیدریس دەوری باڵای هەبوو و وتارێکی زۆر گرینگی خوێندەوە.

د، ناسح غەفوور و زۆربەی کوردستانیان، وەفاتی ئیدریس بارزانی بە خەسارەتی گەورە ناو دەبەن، پێیان وایە بە مانەوەی لە ژیاندا دەیتوانی لە پێناوی دۆزی گەلەکەیدا کاری زۆرتر بکات، بەڵام بە داخەوە لە تەمەنی 44 ساڵیدا 31-01-1987 کۆچی دوایی کرد.
ئەو دەگێڕێتەوە کە، ''چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی وەفات بکات خواحافیزی لێ کردم، منی نارد بۆ سووریا بۆ کارێک، کاک نێچیرڤان بارزانی لەوێ ئامادە بوو. وتی تا دەتوانیت زوو بگەڕێوە. هەڵگری پەیامی سیاسی و نامەبەری بووم کە شانازی پێوە دەکەم. ڕاستییەکەی بیرکردنەوەیەکی سەیری هەبوو، شتی لە بیر نەدەچووەوە. من پاش دە ساڵ کە گەڕامەوە بۆ کوردستان و چوومەوە خزمەتی، کاک نێچیرڤانیش لەوێ بوو، ناوی نهێنیی من هێنا کە لە پێشمەرگایەتی بە کارمان دەهێنا.''

عەبدوڵڵا ئەسعەد پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بۆ ماڵپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خەڵک هەبوو، سەرکردەیەک بوو بڕوای بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بۆیە ئەگەر جەنابینا نەبووایە ئەو بەرەیە نەدەهاتە کایەوە. بەرەیەک کە بووە هۆکاری سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەت و پەرڵەمان. لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ئیدریس بارزانی لە ئێران زۆر قۆرس بوو، ئەرکی هەموو ئاوارەکانی بەسەر شانەوە بوو، تا بیتانیبایە کێشە و گرفتەکانی ئەوانی چارە دەکرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2018-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-11

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 312
ئیدریس بارزانی بەرگی خاکی و زمانی سادە و کەسایەتیەکی جیاواز
20250707085500644541=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کوردستانی نوێ
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
بەرواری دابەزاندن31/01/2011

ئیدریس بارزانی
بەرگی خاکی و زمانی سادە و کەسایەتیەکی جیاواز

مەبەست لەیادکردنەوەی ئیدریس بارزانی بە تەنیاگێڕانەوەی ئەو داستان و سەروەریانە نییە کە ئیدریس بارزانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە، بەڵکو دووبارە وەگۆهێنانەوەی ئەو کارەکتەرە سیاسیەیە لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کە چۆن بە زمانی سادە و بەرگی خاکییەوە، کاریزماوکەسایەتیەکی جیاوازی لەناو هاوکێشەی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دروستکردبوو، کاتێك لەم ڕوانگەیەوە جارێکی دیکە دیمەنی ئیدریس بارزانی بۆ خوێنەرانی خۆمان وێنا دەکەینەوە، پێشوەختە دان بەو ڕاستییە دەنێین کە ڕستەکانی ئەم نووسینە ناتوانێت تەواوی وێنای ئیدریس لە وشەکاندا دروست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی وشە ناتوانێت ئەوەی وێنە ڕاستەقینەکەی ئیدریس پیشانەمانی دەدات، دووبارە پێشانی بداتەوە، لێرەوە ئێمە دەمانەوێت لە دیمەنی بەرگی خاکی و زمانی سادەی ئیدریس بارزانییەوە ئەو کەسایەتیە وێنا بکەینەوە کە خەبات و تێکۆشانی وەك ئەرکێکی دانەپچڕاوو دانەبڕاوی سەرشانی خۆی سەیر دەکرد،هەڵبەت ئەو پێویستی بەوە نەبوو خەبات بکات تا بە هۆیەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی خۆی لەدایکبووی ئاو ڕۆژانی بەرخودان و شۆڕشەکان بووە ، لەم بارەیەوە پێویستی بەخۆسەلماندنەوە نەبوو، بۆیە لەم بوونەدا دەبوایە ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانی جارێکی دیکە بە زمانی سادە و ئاسایی ئاو خەڵکەوە بۆ جۆشدانەوەی خەبات و یەکخستنەوەی توانای هەروەها بۆ یەکگرتوویی جەستەرە فرەلایەن و فرە بیرۆچوونەکانی شەپەنگە جیاوازمکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ماناو بەهاکان دروست بکاتەوە، دروستکردنەوەی ماناو بەها بۆ یەکبوونی شەپەنگە جیاوازمکان، سەپاندنی بیرێکی تاك و تەنیای تایبەتی لەنێو کەسایەتی ئیدریسدا نەبوو، واتا ئەو نەیدەویست بەجۆرێك ماناو بەهای یەکگرتوو پێناسە بکاتەوە بەو شێوەیەی کە خۆی تێیگەیشتبوو، بەڵکو تێگەیشتنی خۆی بۆ مانای بەهاو یەکگرتوویی دەخستەوە ناو چوارچێوەی تێروانینە فرەڕەهەندو جیاوازمکانی دیکەو هەموو بۆچوونە جیاوازمکانی تریشی لەپێناوی گەیشتن و ڕێکەوتن لە ماناو بەهاکانی یەکگرتوویدا کۆدەکردەوە، بەمانایەکی دیکە ئیدریس بارزانی نامادەبوو تێگەیشتنی خۆی بۆ ماناو بەهای یەکگرتوویی لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بخاتە بەردەمی ڕەخنەو تێروانینی جیاوازی بۆچوونەکانی دیکەوە، ئەو نامادەبوو لە چوارچێوەی یەکبوون و یەکگرتوویی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، سەرتاپا ماناو بەهای یەکبوون و یەکگرتوویی پێناسە بکاتەوە، بەبێ ئەوەی پێشوەختە بڕانێت ئەو پێناسەیەی لەو چوارچێوەیدا بۆ ئەو بەهایانە دەکرێن بە سوودی پارتەکەی خۆی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە دەشکێنێتەوە یان نە، هەربۆیە ئەو بەوجۆرە سەیری بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، کەچۆن پارتی دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورداییەتی و بەرژەوەندی قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی، گەرچی ئومارى ئەو هۆکارەش قوربانیدانێك بێت بۆ بەرژەوەندییە

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی بەرگی خاکی و زمانی سادە و کەسایەتیەکی جیاواز[1]

کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی بەرگی خاکی و زمانی سادە و کەسایەتیەکی جیاواز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2011

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2011-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 313
ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد
20250706185154644353=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد

2013/07/29

لیزا فلك الدین كاكەیی

1983 ئەوكات هێشتا ئەك ئەنیا هەر من بەڵكو زۆربە ، زۆری خوێنەری ئەم بابەتەم، كەوا ئەمڕۆ گەنجی ئەر وڵاتەن لەدایك نەبوون و بوونیان نەبوو ، كەچی پێشمەرگە چاوئەترسەكانی كورد حە یكی ئازادكردنی خاكێك بوون كەهێشتا ناونەنرابوو كوردستان . لەلایەكی ترەوە سەركردەكانی شۆرشی كوردی لەهەرجوار پارچە خەریكی بەستنی رێككەوتنی گرنگ بوون ، ناوەكو لە دواڕۆژدا ببێتە بناغەیەك بۆ بەگگرنەوەی كوردانی هەرجوار پارچە و نەوەكانی كورد بێبەش نەبن لە بوونی ووڵاتێكی سەربەخۆ .

بەكێك لەو سەركردە نێكۆشەرە و خەباتگێرە كاكە ادریسی جوانەمەرگ بوو...

لە بەرواری 22-7-2013 ڕابەری PKKعبدالله ئۆجەلان لە ڕێگای شاندی (BDP)ەوە لە ئیمرالیەوە پەیامێكی ئاراستەی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد كرد ، لە پەیامەكەیدا باسی گرنگی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە پێكهێنانی پەكێتی نەتەوەیی كورد كرد .

بەشێك لە دەقی پەیامەكەی ئۆجەلان بەم شێوەیە بوو :

" لاوی خۆم ئاراستەی مسعود بارزانی و جلال تالەبانی هەروەها ڕێبەرقان بارزانی دەكەم ، لەسەرەنادا من لەگەڵ باوكی ڕێبەرقان بارزانی (ادریس بارزانی) پەیوەندیم هەبووە و كارم كردووە ، تیمە پرۆتۆكۆلێكی 11 خاڵیمان واژووكردووە ، ادریس بارزانی بەكەسێكی بەتوانا دەخەملێنم و كارەكانی حێگای شانازیین " .

ئەم پرۆتۆكۆلە لە ساڵی 1983 لەبەكەم دیداری ادریس بارزانی و ئۆجەلان لە شامی پایتەختی لاتی سوریا واژووكرا ، بەنامادەبوونی زمارەیەك لە ئەندامانی هەردوولا كە بەكێك لەوانە فلك الدین كاكەیی بوو ئەو كات ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو . شایانی باسە ڕۆژبەی شاهێدانی تیم پرۆتۆكۆلە ئێستا لەژیان نەماون. ئەم پرۆتۆكۆلە ئهێنی بوو بەناوی هەردوو لایەنەكانی PDK و PKK واژوو كرا .

ادریس بارزانی گرنگیەكی زۆری دەدا بەپرسی كورد لەهەرجوار پارچە بەتایبەتیش باكوری كوردستان ، چونكە دەیزانی ڕێككەوتن لەگەڵیان كلیلی دەرگای سەركەوتن و ئازادیبە بۆ باشوری كوردستان.

واژووكردنی ئەم پرۆتۆكۆلە كاریگەریەكی ئەونۆی بەسەر ڕەوشی سیاسی ئەوكاتەوە ئەبوو، هەتاگەر ڕۆژبەی بارتە سیاسیەكانی كورد ئەم پرۆتۆكۆلەیان پشتگوێخست و بەشداریان نەكرد ، چونكە پێیان وابوو واژووكردنی ئەم پرۆتۆكۆلە هیچ سوودێكی بۆ پرسی كورد نیبە سەرە ك تاڵۆزی بارودۆخی ئەو كاتی گەلی كورد .

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد
ناوی نووسەر: لیزا فەلەکەدین کاکەیی [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2013-07-29

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2013-07-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 314

ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی دڵسۆز

20250827220341653252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی دڵسۆز

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی دڵسۆز و بەوەفا بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا خۆی لە پێشمەرگەکان جیا نەکردەوە. لە مەیدانەکانی شەڕ و لە کاتی تەنگانە و پێویستدا هاوسەنگەر و هەڤاڵی پێشمەرگەکان بوو. بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی، بە ڕووخۆشی و قسەی خۆش، بە ڕاستگۆیی و وەفا بە بەڵێنەکانی لە دڵی پێشمەرگە و هاوڕێکانیدا جێی خۆی کردبووە. لە لای پێشمەرگەکان نەرم و نیان و لە لای دوژمن سەرسەخت و کۆڵنەدەربوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 27-08-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەرە 248

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 315
ئیدریس بارزانی پەیامی لێکبووردن و قبوڵکردنی جیاوازیی
20250715203008646269=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی پەیامی لێکبووردن و قبووڵکردنی جیاوازیی
ئامادەکردنی: سەربەست مەنمی

لاپەڕەکانی مێژوو گەواهیدەری ئەو ڕاستییانەن کە سەرکردە و جوامێر (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) نموونەی باڵای مرۆڤی کوردپەروەر و خاکەساری و ئاشتەواییخواز و مرۆڤدۆستی بوو. سەرکردەیەک لە هەناوی خەڵکەوە هاتوو، هۆشیار و بە ئاگا لە خەم و مەینەتییەکانی خەڵک، تێکۆشا و خەباتیکرد لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکدا.
بە خوێندنەوەی ڕووپەڕیی لاپەڕەکانی مێژوو، بە ڕامان لە بەڵگە زیندووەکان، بە گێڕانەوەی پێشمەرگە دێرین و سەرکردە سیاسییەکان، کاک ئیدریس بارزانی خاوەنی دونیابینی شارستانی و هەڵگری پەیامی ئاشتی و پێکەوە هەڵکردن بوو، خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی زەمینەی بیروبۆچوونی جیاواز و گفتووگۆ و دیالۆگ و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان بێتەبوون. سەرکردەیەک پشتیوانی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران بوو، هانی نەوجەوان و گەنجانی کوردی دەدا بۆ خوێندن و خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن، کاک ئدریس سەرباری نەهامەتی و ئاوارەیی و نەبوونی و زەرووڕەتی خەباتی چەکداریی، هەمیشە پشتیوانی پەروەردە و ڕۆشنبیری بوو.
ئیدریس بارزانی وەک مرۆڤێکی هاوچەرخ، خەونی سەربەخۆیی و بەدیهێنانی قەوارەیەکی کوردستانی لە خوێنیدا، لە قوڵایی باوەڕیدا، لە ئەندێشە و لە زەینیدا بوو، گیانی ئازدیخوازیی و پەرۆشی بۆ سەربەخۆیی پاڵنەری خەبات و گیانفیدایی، خاوەنی بیرۆکە و دەستپێشخەری ئاشتی و بەستنی کۆنگرەیی نەتەوەیی کوردستان بوو، ئەو بە فیکریی نەتەوەیی و ئازادیخوازی بۆ دۆزیی ڕەوای گەلی کوردستانی دەڕوانی.
لە قوڵایی ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و تەمومژاوییەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەنیبوو، لە ساتەوەختی ڕەشەبای مەرگدۆستی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیا و دیین و مەزهەب و ناوچەگەریدا، ئەگەر دۆخی ناوچەکە جارێک بۆ گەلانی خاوەن دەوڵەتی ئەم ناوچەیە سەختبووبێت، ئەوا بۆ گەلێکی ژێردەستەی وەک گەلی کوردستان گەلێکی بێ دەوڵەت چەند قات سەختر بوو، لێ ڕێبازیی بارزانی و هەستی مرۆڤدۆستی گەلی کوردستان خەباتی مەدەنیانە و ئازادیخوازانەی خۆی بەردەوامی پێدا، کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە دووپاتی یەک وتاریی و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کردووەتەوە لە گرتنەبەری ڕێگای ئاشتەوایی و مرۆڤدۆستی و گرتنە بەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازانەی دوور لە توندوتیژی.
لە ساڵیادی ژیاناوایی سەرکردە و شاسواری گەلەکەماندا (ئیدریس بارزانی)، جوانترین و باشترین وەفا بۆ ڕێبازی بارزانی و گیانی ئازادیخوازی کاک ئیدریس بارزانی، دەستگرتنە بە میرات و کەلەپووری ئازادیخوازیی و مرۆڤدۆستی کاک ئیدریس و یەک وتاریی و یەکڕیزیی هێز و حیزبە سیاسییەکان، لە پێناو هێنانەدی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان:

دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-31
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2019-01-31 -gulanmedia.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 316

ئیدریس بارزانی تێکەڵاوی خەباتی سیاسی دەبێت

20250821205223652331=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاژێک لە پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین.

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی قۆناغی ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی لە شەڕەکانی ساڵی 1945ی بارزان، کۆماری کوردستان، موسڵ و بەغدا تێپەڕاند. لە ساڵانی 1955-1958، ئازاری زۆری لە دووریی سەرۆک بارزانیی باوکی بینی. عەشقی ئیدریس بە باوکی و شێخ ئەحمەد و دواتریش بە شێخ عەبدولسەلام و مامەکانی و ڕێبازی شێخانی نەقشبەندی لە خزمەتکردن بە گەلی کورد، لە سەرەتای مێرمنداڵییەوە ئەوی بەرەو لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی ژیان و خەباتی بارزانییەکان پاڵیدەنا. ئەو بەوردی شارەزای مێژوو و بەسەرهاتی بارزانییەکان بوو، زۆر حەزی دەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەژێر دەستی باوکیدا بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کوردپەروەردە بکرێت. دوای گەڕانەوەی باوکی لە سۆڤیەت، لە 1958دا، بەزۆریی لەگەڵ سەرۆک بوو و بەوردی گوێی بۆ وتەکانی شل دەکرد.

هەموو جاری کە چێژی لە وتە و ئامۆژگارییەکانی سەرۆک وەردەگرت، لەژێر دەستی باوکیدا چوکی دادەدا کە دەستی ماچ بکات، بەڵام چونکە بارزانی دژی دەستماچکردن بوو، ئەو ئاواتەی بە جێ نەدەگەیشت، تا سەرەنجام کاتێک بارزانی تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بوو و دەیووست بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی لە ئێرانەوە بچێت بۆ ئەمریکا، ئیدریس بە یارمەتیی کاک موحسین دزەیی بەو ئاواتەی گەیشت. لەم بارەیەوە ڕێزدار موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: کاک ئیدریس زۆر لە باوکی نزیک بوو، من لە بەرگی سێیەمی پەرتووکەکەمدا کە هێشتا چاپ نەکراوە، نووسیومە کە من لە ژیانمدا نەمدیوە پەیوەندی نێوان کوڕ و باوک تا ئەو ڕادەیە نزیک بێت و مەلا مستەفا تا ئەو ڕادەیە گوێ لە قسەی ئیدریس بگرێت، هەروەها ئیدریسیش ئەوەندە گوێڕایەڵی باوکی بێت. سەفەری یەکەم کە بارزانی ساڵی 1976 بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەچوو بۆ ئەمریکا، کاک ئیدریس هاتە لای من و وتی: داوایەکم هەیە دەبێت یارمەتیم بدەی. وتم کارەکەت چییە؟ وتی: کاتی ڕۆیشتنی بارزانی من پێم خۆشە دەستی ماچ بکەم و دەزانم ئەو نایەوێت، ڕاست بوو کە بارزانی نەیدەهێشت هیچ کەس و تەنانەت کوڕەکانیشی دەستی ماچ بکەن. وتی: دەبێت یارمەتیم بدەی کە ئیزن بدات دەستی ماچ بکەم. من بەڵێنم پێدا، بەڵام وتم نازانم تکای من قەبوڵ دەکات یان نا. ئەوە بوو کاتێک من دەمویست لە خزمەت بارزانیدا بچم بۆ ئەمریکا، کاتی بەڕێکردنی لە فڕۆکەخانەی تارانەوە بۆ ئەمریکا، من چوومە لای و وتم: ئەزبەنی تکایەکەمان هەیە، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ئیزن بدە، ئیدریس دەستت ماچ بکا. پێکەنی و وتی قەیدی ناکات و لێگەڕا و ئەویش دەستی ماچ کرد. ئەوە یەکەم جار بوو بارزانی ڕێگا بدات کە دەستی ماچ بکەن و بەو ماچکردنە ئاواتی ئیدریس بە جێگە گەیشت.

بەر لەوەی کە سەرۆک بارزانی ئەرکی سەرۆکایەتی کوردی باشوور لە ئەستۆ بگرێت و بەر لەوەی کە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی بزووتنەوەی ناوچەی بارزان بۆ بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی کوردستان بگوازنەوە و بارزانی لە ساڵی 1945دا پارتی ئازادی دابمەزرێنێت، هەر لەو سەردەمەوە کە هۆزەکانی شیروانی، دۆڵەمەڕی، مزوری، بەڕۆژی، نزاری، گەردی و هەرکی، بنەجێ ڕێبازی شێخ عەبدولسەلامیان قبووڵ کرد و ناوی بارزانییان بۆ خۆیان هەڵبژارد، کاروباری ناوچەی بارزان لە بڕیاردانی تاکەوە گوازرایەوە بۆ بڕیاردانی بە کۆمەڵ و ناوچەی بارزانیان بە پرۆگرام و بە بەرنامەی پێشوەخت بەڕێوە دەبرد. کارەکانیان بە شێوەیەک دابەش دەکرد کە بەبێ گیروگرفت و بە دڕووستی بەڕێوە بچن و ئەگەر هاتوو لە کارێکدا کۆتایی کرا، بەرپرسی بە جێ نەگەیاندنی کارەکە دیار بێت.

ئەوە بوو هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، ئیدریس بارزانی بەهۆی لێوەشاوەیی لە کاری نووسین،

قسەکردن و پەیوەندیی و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەدا ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی سەرۆک بارزانی لە گوندی بارزان و کاروباری پێشوازیی کردنی پێشمەرگەی پێ سپێردرا بوو.
لەم بارەیەوە حەسەن عەبدوڵڵا کەشار وتی:
-لە بارزان کاری شۆڕش و کاری بارزان لێک جودا کرابووە. ئیدریس بارزانی کە لە بەغدا گەڕایەوە بۆ بارزان، لە ساڵی 1961وە نوێنەری بەڕێوەبردنی کارەکانی نووسین و پێشواز پێکردنی پێشمەرگەی لە بارزان لە ئەستۆ بوو، لە هەمان کاتیشدا عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کاروباری گوند و میوانداریی و پێ ڕاگەیشتن بە کێشە و گرفتی بارزانییەکانی لە ئەستۆ بوو.
سەرۆک بارزانی لە مانگی سێی ساڵی 1961دا بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان، ئیدریس و بنەماڵەکەی هێشتا لە بەغدا بوون بەڵام زۆری نەخایاند و بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە 11-09-1961 دا، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بارزان و هەر وەکوو حەسەن عەبدوڵڵا کە شاردەڵێت ئیدریس لە بارزان بە نوێنەرایەتی بارزانی، ئەرکی پەیوەندیی و پێشوازییکردنی پێشمەرگەکانی گرتە ئەستۆ.
کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا و بارزانی و پێشمەرگە هاورێکانی ناوچەی بادینانیان لە جاش و سوپای ئێراق پاککردەوە، بارزانی بڕیاریدا بپەڕێتەوە ناوچەی خۆشناوەتی و لە نزیکەوە هەوڵی ئازادکردنی ئەو ناوچەیە و بەشەکانی تری کوردستان بدات، بەو ئومێدە ڕۆژی 22-03-1962 لەگەڵ نزیکەی 300 پێشمەرگە لە بتخومەوە بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی چوو. بارزانی ئیدریسی لە بارزان بەجێهێشت کە درێژە بە کارەکانی بدات و مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، کە تەمەنی گەیشتبووە 17 ساڵ، لەگەڵ خۆی برد و شەرەفی پێشمەرگایەتی پێبەخشی و تفەنگی لە شان کرد.
هێزەکانی هاورێی بارزانی دوای حەوت ڕۆژ لە 28-03-1962 گەیشتنە سەری بەردی لە نزیک سیدەکان و دوای چەند تێکەڵچوونێک لەگەڵ جاشەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلان و دواتریش چەککردنی قەڵای ڕایات لە ڕۆژی 11-07-1962 دا، ناوچەکانی باڵەک، سیدەکان و خۆشناوەتی ئازاد کرد و ڕێکخراوەکانی پارتی لەو جێیانە گەڕخستەوە.
بە گشتی لە کۆتایی ساڵی 1962دا هەموو شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستان کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان و سنووری دەستکردی ئێران و ئێراق لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران و سنووری دەستکردی ئێراق و تورکیا لە دالانپەڕەوە تا زاخۆ لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی شۆڕشدا بوو.
لە م بارودۆخە نوێیە، دەستەی بارزانی بۆ هەندێک کاری کۆمەڵایەتی و بە تایبەتیی دابینکردنی بەشێک لە مافەکانی ئافرەتانی کوردستان کردەوە و ناوبراو چەند فەرمانێکی بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان لە کوردستان ڕاگەیاند. لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری لە لاپەڕە 62ی بەرگی سێیەمی پەرتووکەکەیدا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت:
-سەرۆک بارزانی هەر لە یەکەم ساڵیدا کە هات بۆ ناوچەی سۆران واتە ساڵی 1962 نەوە بوو، فەرمانێکی زۆر تووندوتوڵی دەرکرد بە قەدەغە کردنی ئەو کارە ناشەرعیانەی خوارەوە و هەمووشی دەربارەی ئافرەت.
1-مارە کردنی ژن بە زۆر و زۆرداری هەر وەکوو پێشتر لەناو کوردەواریدا ئەنجام دراوە.
2-گەورە بە گچکە، واتە ژن خواستن و هێنانی بەرانبەر بە خشینی کچی بچووک.
3-مارە کردنی کچی منداڵ (دون البلوغ).
4-پارە وەرگرتن لە بەشوودانی ژن کە پێی دەڵێن شیربایی.
5-ڕێگری کردنی ئافرەت لە خوێندن، ، کار و کاسبی کردن، ئیش کردن لە نووسینگەکانی میری و هەروەها ئیش کردن لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، بەڵام ئەوەش بە مەرجی جلکی ئیسلامی بپۆشێت و ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە سەرۆک بارزانی ڕێزێکی زۆر تایبەتیی هەبوو بەرانبەر بە ئافرەتانی کوردستان و هەمیشە دەیوت ئافرەتی کورد بەشێکی زۆری هەیە لە گەشەپێدان و جۆشدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی دەکرد و دەیوت ئافرەتی کورد لەو شۆڕشەدا دوو دەوری سەرەکی هەیە:

یەکەم: ئەوەیە کەوا لە ماڵەوە جێگای پیاوەکانی خۆیانیان گرتووەتەوە بۆ ئیش و کار لە کاتێکدا پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون و دوور بوون لە ماڵەوە.
دووەمیان: ئەوەیە کەوا ژنەکان جگە لە بەجێهێنانی ئیش و کاری ناوماڵ دیسان هەڵدەستن بە پەژینی نان کەوا بۆ بەرەکانی شەڕ ڕەوان دەکرێت و ئەوە بوو قسەکانی سەرۆک بارزانیی نەمر و هەمیشە دووپات و چەند پاتی دەکردەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 75-76.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 317
ئیدریس بارزانی چۆن لە هەوڵێکی تیرۆرکردن لە بەغدا ڕزگاربوو؟
20250704215429644049=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی چۆن لە هەوڵێکی تیرۆرکردن لە بەغدا ڕزگاربوو؟

بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی ئێراق، ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا دەگێڕێتەوە و، دەڵێت: لە شەقامێکی بەغدا دەستڕێژی گوللەی لێ کراوە بەڵام لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی نەبووە.
لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، بابەکر زێباری سوپاسالاری پێشووی ئێراق، باسی هەوڵێکی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا دەکات و وتی: ئیدریس بارزانی هاتبووە بەغدا و لە هۆتێل ئێکسسیور مابووەوە، چوومە لای و پێموتن بۆ هاتوونەتە ئێرە؟ فەرمووی بۆ؟ وتم لە هۆتێلەکەی ئەوبەری شەقامەکە فەرماندەی پێگەی بەغدای لێیە و کەسانی خراپیشی لێ کۆدەبێتەوە لە کوردەکان، وتم ڕەنگە خودا نەکات لەو ڕێگایە کردەیەک ئەنجام بدرێت. ئەویش وتی لق فەرمانی کردووە و ئێمەی هێناوەتە ئێرە و ئێمەشی لە دڵی خۆی شاردووەتەوە.
سوپاسالاری پێشووی ئێراق وتی: بەڵام ئەو خۆی پاراست ئەگەرچی دەستڕێژی لە ئۆتۆمبێلەکەی کرا، بەڵام ئەو لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا نەبوو، چونکە بارزانی مەزن فەرمانی پێکردبوو بگەڕێتەوە، کارێکی تایبەتیی هەبوو، بەڵام برادەرەکانی مابوونەوە میوانی وەزیرێک بوون، کاتێکچوون ئەوانیان کوشت.
لەبارەی دۆخی ئەو کاتی حکومەتی ئێراق لە دوای ڕووداوەکە، بابەکر زێباری وتی: حکومەت ئاگای لەو ڕووداوە بوو، چونکە من ئێشکگربووم لە وەزارەتی بەرگری بروسکە هات و وتیان داخڵی ئینزاری (نمرە جیم) بن، چونکە کوڕی بارزانی تیرۆر کراوە، گوایە جەنابیان شەهید کراوە. ئێمەش پەیوەندیمان بە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی بەغدا کرد، کە ئەو کات حسێن حەجی بامەرنی بوو، وتی ئەو ئێستا لە حاجی ئۆمەرانە و سەلامەتە.
وردەکاریی چۆنییەتی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی و ڕزگاربوونی لەو ڕووداوە
لە ڕۆژی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی 1970 بۆ بەدواداچوون و تاوتوێکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی 1ی ئازاری1970 و بەتایبەتی چارەنووسی پێشمەرگە و پێکهێنانی هێزی زێرەڤانانی سنوور (حرس الحدود) لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ئیدریس بارزانی چووە بەغدا و چاوی بە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆککۆماری ئەوسای ئێراق و سەدام حسێن کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار بوو دەکەوێت.
لەو دەمەدا شێخ بابۆ مامی مەسعود و ئیدریس بارزانی لە سەردانێکدابوو لە ماڵی مەلا مستەفا بارزانی لە حاجی ئۆمەران، شێخ بابۆ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئیدریسی دەکرد بۆ ئەوەی لە حاجی ئۆمەرانەوە بەیەکەوە بگەڕێنەوە بارزان. لە ڕۆژی 6ی کانوونی یەکەم شێخ بابۆ لە مەسعود بارزانی دەپرسێ: دەتوانی بزانی کەی ئیدریس دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا بگەڕێتەوە ئەوا من چاوەڕوانی دەکەم و ئەگەر زیاتر دەمێنێتەوە، ئەوا من بەتەنیا دەگەڕێمەوە بارزان.
مەسعود بارزانی بۆ دەستکەوتنی کاتی گەڕانەوەی ئیدریس بارزانی، پەیوەندی بە شێخ ڕەزا گوڵانی بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو کاتی هەولێر دەکات و پێی گوت: "هەوڵبدە تەلەفۆن لەگەڵ کاک ئیدریس بکەو پێی بڵێ مام بەپەلەیە بگەڕێتەوە بارزان.
بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر شێخ ڕەزا گوڵانی وا تێگەیشت کە مەسعود بارزانی زۆر بەپێویستی دەزانێت ئیدریس بارزانی هەر ئێستا بگەڕێتەوە، و ئەوەی بە ئیدریس بارزانی ڕاگەیاندووە. لەو کاتەدا، ئۆتۆمبێلەکەی نێردرابووە میکانیکی بۆ چاککردنەوەی هەندێک کەموکووڕی. بۆیە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نەکردووە و هەر زوو ئۆتۆمبێلێکی بە کرێ گرتووە و دەمودەست گەڕاوەتەوە هەولێر بێ ئەوەی کەس پێی

بزانێت.
ئێوارەی هەمان ڕۆژ 6ی کانوونی یەکەمی1970 ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە لە میکانیکی گەڕایەوە و حەمید ڕێکەوتی و محەمەد عەزیز کە یاوەری ئیدریس بارزانی بوون ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانییان وەرگرتووەتەوە و پێی دەرچوون بۆ نانخواردنی ئێوارە.
لە هەمان کاتدا نازم گزار بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ئێراق پلانی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانییان ئامادە کردبوو، لە چەند شوێنێکی دیاریکراو بۆسەیان بۆ ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی نایەوە.
لە کاژێر 10ی شەو ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و پێیانوابوو کە حەمید ڕێکەوتی، ئیدریس بارزانییە لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەندێک لەیەکتر دەچوون، لە ئەنجامی گوللە بارانەکە، ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی زیاتر لە 50 گوللەی بەرکەوت و حەمید ڕێکەوتی بەسەختی بریندار بوو، بەڵام محەمەد عەزیز و حەسەن کاوانی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخورێ هەردووکیان بێ زیان بوون و حەسەن کاوانی توانی ئۆتۆمبێلەکە بەناو بۆسەکەدا لێخورێت تاوەکوو لە بۆسەکە دوورکەوتنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | چۆمان (باڵەکایەتی) | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی rudaw.net- 31-01-2020.

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 318
ئیدریس بارزانی چی بە کۆچیرا دەڵێت
20250708184003644718=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەلام عەبدوڵڵا

لە ساڵی 1987دا و لە ئێوارەی ڕۆژی (31)ی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا کەسایەتییەکی دیار و سەرکردەیەکی بەتوانا و پێشمەرگەیەکی بە ئەزموون و دبلۆماتکارێکی کارامە، کاکە ئیدریس بارزانی ماڵاوایی لە ژیان کرد، بەمەش گەلەکەمان مرۆڤێکی هەڵکەوتوو، شارەزا لە بواری سیاسی و ئەندازیاری بەرەی کوردستانی لەدەستدا کە خەسارەتێکی گەورە بوو لەو ئانووساتەدا کە گەلەکەمان لە گەرمەی خەبات و تێکۆشان و بەرگریدا بوو دژی دڕندەترین و بەهێزترین ڕژێمی ئەو سەردەمە دەجەنگا.
کاک ئیدریس لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر و قاڵبووی خەبات و بەرخودان بوو، پەروەردەی دەستی سەرکردەیەکی مەزنی گەلەکەمان وەک، بارزانیی نەمر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەگی ڕوحی و نیشتمانپەروەری خودی خۆی هەر زوو دەرکەوت و خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی لە تەمەنی لاویدا لە ساڵی 1961دا کە تەمەنی تەنیا (17) ساڵ بوو دەستی پێ کرد و هەر زوو سەرنجی دەوروبەری بۆ خۆی لەنێو سیاسەتمەدار و پێشمەرگەدا ڕاکێشاو وەک سەرکردەیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و خەمخۆری گەلەکەی و وەک سەرکردەیەکی سەربازیش لە شەڕی (هەندرێن)دا (ئایاری 1966) بەئاشکرا دەرکەوت.

کریس کۆچیرا (1938-2017) ڕۆژنامەنووسی ناوداری فەڕەنسا کە شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە مەسەلەی کوردیدا پسپۆڕ و بە ئاگا بوو کە پێش وەفاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە باسی ڕۆڵی گرنگی لە بەرهەمهێنانی بەرەی کوردستانی دەکات کە چۆن توانیویەتی بە ئەزموون و حیکمەتی خۆی بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بێت و زەمینەسازی یەکبوون و تەبایی و یەکڕیزی ئامادە بکات. کاک ئیدریس بە کۆچیرا دەڵێت: (کاتێک متمانە لای هەردوولا پەرە دەستێنێت، ئەوکات هەموو گرفتێک چارەسەر دەبێت، ئەمەش لەمەودوا بووە هەوێنی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم لە ساڵی 1992دا).
نووسەر مایکڵ گۆنتەر (1943) سەبارەت بە کاک ئیدریس دەڵێت: ئەو وەک کەسێکی ئەکادیمی و بیرمەند دەهاتە پێش چاو کە پارێزگاری لە بەها و نەریتەکانی خانەوادەکەی کە لەسەری پەروەردە کرابوو دەکرد، ئێستا کاتی ئەوەیە لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ترسناکەدا ئەو دووربینییەی ڕەحمەتی کاکە ئیدریس بخرێتە گەڕو دەستپێشخەرییەک بۆ چارەسەری ئەم ناتەباییەی ئەمڕۆ کە زۆر خەتەرناکە بکرێت.
هەزاران چەپکەگوڵ بۆ سەر گۆڕی پڕ لە نووری.. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 319
ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز
20250706164913644349=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردەو ئاشتیخواز

موحسین دزەیی

بەرواری دابەزاندن: 2014/01/30

ئیدریس بارزانی هەمیشە نوێنەری بەرەو پێش گوزەران بووە لە ناو بەکردا بەڵگە زۆرن، دەزانی نەگەر نووسەرەکی لە ناو گوزداندا بوونی هەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانێت لە بەرامبەر دۆزمنێکی سەرسەختی بەرگری جوامێرانە بکرێت، لەبەرئەوەیە پێیان دەوت خاندارێکی ئاشتی، پێش کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد، بە چەند ساڵێک، لە نێوان پارتی و یەکێتی بە ئێوەیەکی تایبەتی و لەگەڵ هەموو حزبە کوردستانییەکان بە ئێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی ناشتی جێبەجێ کردنەکەش بووە بناغە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، چونکە هەمیشە حەزی بە یەکڕیزیی کورد دەکرد.

بۆ یەکەمین جار بوو کە لە ساڵی 1964 کاک ئیدریس بارزانیم لە نزیکەوە ناسی و ناکامی نەم نزیکبوونەوەیەم، دروست بوونی پێوەندییەکی باش بوو لەگەڵ یەکتر، نەوکات گەرچی لە هەرێمی لاوێنیدا بوو، بەڵام تواناکانی لە ناست ئەستێی خۆیدا بەرزتر بوون و چالاکی نەنجامدانەوەو چ لە ڕووی پاراوەیی زمانانییەوە، هەروەها لە ڕووی بۆچوون و ڕاشکاوێتییەوە بێوێنە بوو، هەمیشە وەک کوردێکی وەرزێک دڵسۆزانە حەزی بە خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆی بوو، هەموو نەو ڕێگەو شوێنانەی کە بارزانیی نەمر بۆی دەنەخشان، زۆر بە خۆشحاڵییەوە بێ دوودڵی هەموویانی جێبەجێ دەکردن، وەک پێشمەرگە زۆر سادەو لە خۆبوردووانە هەڵدەسوڕا، لە شەڕی پارتیزانیدا شارەزایی و توانایەکی بەرزی هەبوو، بۆ نموونە لە داستانی هەندرێندا، کە یەکێک بوو لە داستانە مەزنەکانی شۆڕشی نەیلول، کاک ئیدریس سەرکردایەتیی نەو داستانەی پێ سپێردرابوو، دەرئەنجام هەر نەو شەڕەش بوو کە حکومەتی سەرکەزی عیراق، پاش نەوەی توشی زیانێکی گەورە شکێن هات، ناچار بوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا مڵی کەچ بکات.

کاک ئیدریس هەمیشە پێشەڕگەکانی شۆڕشی بەسەر دەکردەوە، نێرلە هەر کۆن بووان بەسەری دەکردەوە، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان مڕۆڤێکی زۆر سادەو خاکیانە دەردەکەوت، نەمەش خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیانەی نەو سەرکردەیە بوو، حەزی لێ بوو زۆرترین کاتەکانی خۆی لە ناو خەڵک و لە ناو پێشمەرگەکاندا بەسەر بەرێت، بە ڕاستی زۆر پێی سەرسام بووم، چونکە زۆرجاڵ لەو زاتە نێزدیکبوومەتەوە و نەویش زۆر بە باشی لە من نێزدیکبوەتەوە.

کاک ئیدریس هەمیشە دەیویست بە هەر شێوەیەک پێی بکرایە خزمەتی میللەت و شۆڕش بکات، تا نەو کاتەی نسکۆی نازادی ساڵی 1975 بەسەر شۆڕشدا هات، هەمیشە خەمخۆری نەو ئامانجەی بارزانیی نەمر بوو، نەو ئامانجەی کە بارگی نەتەوەیی

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز
ناوی نووسەر: موحسین دزەیی[1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردەو ئاشتیخواز

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2014

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2014-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 320
ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی خاوەن ئەزموون
20250715205252646274=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی خاوەن ئەزموون
ئامادەکردنی: هەژار فارس

سیاسییەکی کارا و کارێزمایەکی بەهێز و دیبلۆماسێکی لێزان لە ئیدارەدانی حزب و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی حزب دەستی باڵای هەبوو لە ئاستی ناوخۆ نەرم و میانرەو لە دەرەوە بایەخی زۆری بە پەیوەندییەکان دەدا و دۆستایەتی کوردی بەرەوپێش دەبرد.
لە سەفیری وڵاتانی ئەوروپییەوە بگرە تا مەلاکانی ئێران دەهاتنە لای کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی. ئەو کەسایەتییەکی سیاسیی، سەربازیی و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماتێکی بە توانابوو، لەگەڵ هەرکەسێک وەک کەسی ڕووبەڕووی قسەی دەکرد. لەگەڵ جوتیار، جوتیار بوو و لەگەڵ سیاسیکار، سیاسەتمەدار و لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەکی سادە، نەترس و خاوەن پلان بوو، ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس دادەنیشتن، چاویان دەکرایەوە و ئەگەر پێشمەرگەیەک یان کەسێکی ئاسایی شەهید دەبوو، زۆر بەتوندی ناڕەحەت دەبوو. بەرلە شەڕ و جەولە

کردنی پێشمەرگە، لەگەڵ پێشمەرگەکان قسەی دەکرد و ئامۆژگاری دەکردن و بە دوور لە چاوی پێشمەرگەکان، بە بەرپرسەکانی ڕادەگەیاند کە هۆشیار بن و پێشمەرگە بە کوشت نەدەن.
جارێک حافز ئەسەد بانگهێشتی کرد بوو و کاک ئیدریس چوو. لە فڕۆکەخانەی دیمەشق، ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لێ دەکات و دەڵێت: سەددام حسێن بەعسییە و دوژمنتە و حافز ئەسەدیش بەعسییە. ئێوە چۆن باوەڕی پێدەکەن؟ ئیدریس لە وەڵامیدا دەڵێت: ئێمە دوژمنی هیچ کامیان نین، ئێمە هاتووین ئەگەر هاوکاریمان بکات، قەبوولی دەکەین و ئەگەر بیهەوێ بە قازانجی خۆی بەکارمان بهێنێت، بۆ ئێمە جیاوازییان نابێت.
کاک ئیدریس هەوڵیدەدا کۆماری ئیسلامی لە دوکتۆر قاسملوو نزیک بێتەوە. جارێک وەفدێک لە مەلاکانی ئێران هاتنە لای و وتیان: خودموختاری لە قورئاندا نییە و ئێمە قەبوولی ناکەین. کاک ئیدریس لە وەڵامیاندا وتی: هەر ئەو پرسەی کە ئێوە لە منی دەکەن، جارێک لەلایەن بەعسییەکانەوە، ئاڕاستەی باوکم کرا. لە وەڵامیاندا فەرمووی: وەرن بە قورئانمان لەگەڵ بکەن، بزانن ئەو زیاترە یان حوکمی زاتی.
پێشمەرگەکان شەش ئەندازیاریان گرتبوو. گیراوەکان ئەڵمانی، فەرەنسی و هیی دەوڵەتێکی تر بوون. ڕۆژێک سەفیری ئەڵمانیا لە ئێران هاتە لای ئیدریس و داوای بەردانی ئەندازیارەکانی کرد، کاک ئیدریس وتی: ئەمانە بەردەدەم، بەڵام تۆش بچووە لەو هەشت هەزار کەسەی کە لە ئێمە گیراوە، یەک کەسمان بۆ ئازاد بکە کە هەموو بنەماڵەکانیان ئاوارەن، منداڵەکانیان بەبێ باوک و ژنەکانیان بەبێ سەرپەرشت ماون. ئیدریس پێی گوت: ئەوەیە دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە ئێوە باوەڕتان پێیانە؟
ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 18-10-1979دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئیدریس بارزانیی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە بەشێکیدا سەبارەت بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەڵێت:
چونکە ئێمە میوانی میللەتی ئێرانین، بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ناو ئێران وەرنادەین و داوا دەکەین گیروگرفتی گەلی کورد لە ڕێی وتووێژ و ئاشتییەوە چارەسەر بکەن. داوای ئێمە لە کوردەکانی ئێرانیش ئەوەیە کە هەوڵبدەن گیروگرفتی خۆیان بە ڕێگەی ئاشتییخوازانە و برایانە لەگەڵ ئیمام خومەینی چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن دوژمنانی میللەتی ئێران و دوژمنانی گەلی کورد کەڵکی خراپ وەربگرن. هەرچەشنە ڕێککەوتنێک لەم بوارەدا، یارمەتیدەرە بە یەکییەتی خاک و نەتەوەیی ئێران. ئێستا هەموو ئەوانەی کە ئێمە دەیبیستین لە چوارچێوەی ئیسلامیی و برایەتی دایە و هەروەک خوای گەورە لە قورئانیشدا دەڵێت: (إنما المؤمنون إخوه) هەموو موسوڵمانەکان پێکەوە بران، دیسانیش برای گەورە دەبێت لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەوە مافی برای بچوکی خۆی بدات، بەڵام ڕادەی دڕووستیی ئەو مافە لەلایەن نوێنەرانی ڕاستینی گەلی کورد و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دیاریی دەکرێت. ڕەنگە دوای خودموختاریی هەندێک گیروگرفت سەرهەڵبدات، بەڵام ئومێدەوارین بە هۆشیاریی هەموو خەڵکانی ئێران، گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەو خودموختارییەی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردەکانە، بەڵام بوارەکانی سەربازیی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوەیان لە دەست حکومەتی ناوەندییدا دەبێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 30-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 321

ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی شایستە

20250831153808653578=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی شایستە

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی بەئەزموون بوو. بە هێمنی و بە ڕووی خۆش و زمانی ڕەوانی خۆی، کاری دەکردە سەر کەسانی ڕووبەڕووی. لە وتوویژەکانی نێوان شۆڕش و بەغدا و بەتایبەتیی وتوویژەکانی 11-05- 1970دا ڕۆڵی گرنگی بینی، هەروەها لە وتوویژەکانی شۆڕش لەگەڵ ئێران، ئەمریکا، لیبیا، دیمەشق و لایەنەکانی کوردیدا.

ئیدریس بارزانی نوێنەرایەتی بارزانی و شۆڕشی کوردستانی کرد و دەستکەوتی گرنگی بۆ کورد بەدەستهێنا. بەم هۆیەوە دوژمن گەلێک جاران نووکی تیژی هێرشی خۆی ڕووبەڕوو کردەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-08-2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 266.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-31

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 322
ئیدریس بارزانی دەبووە کیسنجەری کورد
20250802123218649415=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
کاوە ئەمین گوڵچین
سەردەمانێک لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەخۆیەوە مژوول کردبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی وەکوو خۆی دەیوت شەڕی لەگەڵ گەندەڵی دا بەرپا کردووە، هەرچەندە لەو شەڕەدا براوە نەبوو، بەڵام زەنگی ئاگادارکردنەوەی لێدا، وەکوو خۆی دەڵێت بە سەرکردەکانی ئەم وڵاتەی گوتووە، گوێم لە ئاوازێکی ناخۆشە، ئاوازێک لە هەموو مەترسییەکانی دیکە بۆ سەر وڵاتەکەمان کوشندەترە، ئەگەر لە بنەڕەتەوە چارەسەر نەکرێت دەبێت هەموومان کاڵەک بە ئەژنۆی خۆمان بشکێنین.
باسی جەلالی سام ئاغا دەکەم کە بۆ ماوەی 8 ساڵ بەڕێوەبەری چاودێریی دارایی بوو لە هەرێمی کوردستان.

دەمێک بوو، خۆم دەمویست، هەروەها چەندین کەسایەتی پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردم بۆچی بەرنامەی (پەنجەمۆر)ی لەگەڵ ناکەم، هەرچەند لە نزیکەوە دەمناسی و چەندین جار لە ماڵەکەی خۆی لە گردی سەرچنار سەردانیم کردبوو، لەبەر ئەوەی ماڵەکەی وەکوو تەکییەکە هەموو جۆرە کەسایەتییەکان ڕووی تێدەکەن و هەمیشە جمەی دێت، شێوەی قسەکردن و گێڕانەوەکانیشی بە جۆرێکن مرۆڤ بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بۆیە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن.
کاتێک دەچووم بۆ لای، هەندێک بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە، بەڵام هێندە لەسەر گەندەڵی گوتراوە بۆیە دەمویست زیاتر مێژوویەکی دیکە و لاپەڕەیەکی دیکەی ژیانی بگێڕینەوە، بەتایبەتیی مێژووی سلێمانی و ئەو ساڵەی کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە لە ساڵی 1974دا، ئەمانە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون، کەچی ئەو لە پرێکدا دەچووەوە بۆ دیوانی چاودێری و دەیهێنایەوە سەر بەڕە بۆری گەندەڵی و دەکەوتە گیانی ئەو بەرپرسانەی کە بە خەم سامانی ئەم وڵاتەوە نەهاتوون و نایێن. ئەو دەڵێت: گەندەڵی بە لێژنە دروستکردن و پرۆژە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر ئیرادە نەبێت و هەموو تاکێک لە سەرەوە تاوەکوو خوارەوە لە بەردەم یاسادا وەکوو یەک نەبن و سزا نەدرێن، چارەسەر ناکرێت.

جەلالی سام ئاغا هێشتا خۆی بە چەپ دەزانێت، ئاخر سەردەمانێک لە حیزبی شیوعیی ئێراقییەوە نزیک بووە، بەڵام دەڵێت چەپبوون نەیکردمە ئەندامی حیزبی شیوعیی ئێراق، پێشمەرگایەتی نەیکردمە پارتی و دۆستایەتیم لەگەڵ مام جەلالمام جەلال نەیکردمە یەکێتیی، زووزوو مەسەلەی ناحیزبیبوونی خۆی دووبارە لە (پەنجەمۆر)دا دووپات دەکاتەوە.
جەلالی سام ئاغا زۆر بە تاسەوە باسی سەردەمی یەک ساڵەی پێشمەرگایەتیی خۆی لە ناوپردان، گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران دەکات، باسی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ پێشمەرگە و بەرپرسەکانی شۆڕش دەکات. ئاخر کاک جەلال کارەکتەرێکی گرنگی ناو شۆڕش بووە لە ئەمیندارێتیی گشتی، کە وەزارەتخانەیەک بووە بۆ خۆی، وەکوو دەوڵەت کاریان کردووە! بۆ ئەوەی باسەکە گەرموگوڕ بکەم، لێی دەپرسم ئەرێ شۆڕشیش گەندەڵیی تێدابوو؟ دوای کەمێک بیرکردنەوە دەڵێت: هەبوو، بەڵام زۆر کەم بوو و لێپرسینەوەمان دەکرد، خەڵک هەبوو لەگەڵ لێپرسینەوەدا بوو، بەڵام دەیوت با زۆریش تووند نەبین.

یادەوەری لەگەڵ ماڵەکەی عەبدولخالق مەعرووف، ڕادیۆی شۆڕش، بەسەرهاتی مەیتەکەی مام هەژار بۆ ئەوە دەبن داستان و فیلمیان لێ بەرهەم بهێنرێت و لەو ڕێگایەوە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بە مێژوویەک ئاشنا

بکەین، کە تک تک شانازییان لێ دەتکێت.
هەرچەندە کاک جەلال خۆی بە کوردستانی دەزانێت و، عەلی سام ئاغای مامی کە دۆستێکی نزیکم بوو لە کاژیکە دێرینەکان بوو، کەچی هەستێکی سلێمانییانەی تێدا بەدیدەکرێت، ئاخر کاتێک باسی کاک ئیدریس بارزانی دەکات، وەکوو پیاوێکی کراوە و خاوەن بەرپرسیاریەتی و بە دیسپلین ناوزەدەی دەکات، بەڵام بە بزەیەکەوە دەڵێت: بەخوا باوکم تامێکی خۆمانەی لێدەهات، مەبەستی تامێکی سلێمانییانەیە.

من دەمویست زیاتر بیجوولێنم باسی سەردەمی شۆڕشم بۆ بکات، پێی دەڵێم ئەرێ کاک جەلال ڕاستە دەڵێن، نووسەر و هونەرمەندان ببوونە بار بەسەر شانی پێشمەرگەوە و هەر خەریکی نووکتە گێڕانەوە و ژیانی خۆیان بوون، نەدەچوونە بەرەکانی شەڕ و خۆیان دەدزییەوە؟ کاک جەلال دەڵێت: 70%ی وەڵامی پرسیارەکەت، بەڵێ یە. بەسەرهاتێکی خۆی و ئیدریس بارزانی و نووسەران و ئەدیبانی کورد دەگێڕێتەوە، کە لە بەرنامەکەدا دەیبینین، کاک جەلال یەک دوو جار ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی تایبەت بوو، بۆیە هەر ئەو کات بە هاوڕێیەکانم دەگوت، لە داهاتوودا ئەم پیاوە دەبێتە کیسنجەری کورد. کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو لەو سەردەمەدا، کە لە بەشێک لە سەرۆککۆمارەکانی ئەمریکا زیاتر لە مێژووی جیهان دا نێوبانگی هەیە. کیسنجەر دوای دوورکەوتنەوەی لە کاری دەوڵەتی، ڕاوێژی داوەتە زۆرترین سەرۆک و ناوەندەکانی ئەمریکا. ئەگەرچی کورد ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵی دا هەبوو، بەڵام کیسنجەر کەسایەتییەکی جیهانییە و لە مێژوودا مەگەر چەرچلی بەریتانی هێندە قسە لەسەر تواناکانی کرابێت.

زۆر بابەتی تایبەت لە بەرنامەی (پەنجەمۆر)دا لەگەڵ جەلالی سام ئاغا دەچنە لاپەڕەکانی مێژووەوە و نامەوێت هەر بە باڵای کاک جەلال دا هەڵبدەم، بۆیە لێم پرسی کاک جەلال خەڵک دەڵێن تۆ بە ڕۆژ دژی بەرپرسان و گەندەڵکاران قسەت دەکرد و بە شەویش لەگەڵیان دا دیشلەمەت دەخواردەوە؟
جەلالی سام ئاغا دەڵێت: مام جەلال هاوڕێم نەبوو، بەڵکوو دۆستم بوو، هەمیشە بەینم لەگەڵ مام جەلال دا خۆش بوو، بە کاک جەلالی خۆم بانگی دەکردم، بەڵام ڕاشکاوانە قسەم لەگەڵ دەکرد و بەبیرم دەهێنایەوە گوێم لە زەنگی خراپبوون دەدا.

حەزم دەکرد لاپەڕەی ڕەبەنییەکەی هەڵدەمەوە و هۆکارەکەی بزانم، بەڵام ئەو نەیویست لە بنی هەمانەکە بدات، بۆیە وتی لێمگەڕێ ئەوە داخێکە و با لەگەڵ خۆمدا ببەمە ژێر گڵەوە. باسی خۆشەویستیی خۆی و کچێکی عەرەب دەکات، خۆشەویستیی کچە عەشایەرێکی بەنێوبانگی عەرەب، هەست دەکەم هێندە کاریگەریی لەسەر ڕۆحی داناوە، بۆیە زۆر جار بە بەیتێک شیعر یان پەندێکی عەرەبی دەیەوێت بەرانبەرەکەی قایل بکات. زۆر بەسەرهات و گێڕانەوەی تایبەت بە پێشمەرگایەتی، حوکمڕانی، گەندەڵی و دۆستایەتی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد لە (پەنجەمۆر)ی تۆمارکراو لەگەڵ جەلالی سام ئاغادا شایەتییان لەسەر دەدرێت.
ئەمەی من گێڕامەوە تەنیا بەرکوڵێک بوو لە 6 کاژێری بەرنامەکە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 02-08-2025
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-02

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 323
ئیدریس بارزانی دەڵێت خەباتی کورد جارێ کۆتایی پێهاتووە
20250825111317652844=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی دەڵێت خەباتی کورد جارێ کۆتایی پێهاتووە
بۆ زانیاری:

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، تاران، تەلئەڤیڤ، لێژنەی نوێنەرایەتیی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک و ژنیف و نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا.
ڕۆژنامەی گاردییەن ڕۆژی 1ی گوڵان وتاریکی (جان ستاتوس)ی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژە بەوە کراوە ئاوارەکان شەپۆل شەپۆل لە ئێرانەوە دەگەڕێنەوە ئێراق و کاربەدەستانی ئێراق بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک باش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن جگەلە دوو گرووپ. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە فەرمییە کوردییەکانی ناوچەکەوە بە لەندەن گەیشتووە، لایەنی کەم 100 هەزار ئاوارەی کورد کە دوای شەڕی مانگی ڕابردوو چوونەتە ئێران، دەیانەوێت بگەڕێنەوە ئێراق. کورد دەڵێن دەوڵەتی ئێراق لە ترسی کاردانەوەی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی بە نەرمونیانی لەگەڵ زۆربەی ئەوانەی گەڕاونەتەوە ئێراق، هەڵسوکەوت دەکات و ئەو نیگەرانییە لە ئارادا نییە کە بە کۆمەڵ تۆڵە لە ئاوارەکان بکاتەوە.
دیارە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئێراق دوابەدوای ئەوە دەستی پێ کردووە کە ڕۆژی 10ی نیسان ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، کوڕی ژەنەڕاڵ بارزانی چووە بۆ ئۆردوگایەکی گەورە لە نەغەدە لە نزیک سنووری ئێراق. کوڕی ڕابەری کورد کە دکتۆر مەحمود عوسمان، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی لەگەڵ بووە، ئاوارەکانی تێگەیاندووە کە (KDP) هیچ چارەی دیکەی نییە، جگە لەوەی کۆتایی بە خەباتی کورد لە ئێراق بهێنێت، لایەنی کەم لە ئێستادا. ئاوارەکان سەرپشک کراون بیری لێ بکەنەوە و بڕیار بدەن دەگەڕێنەوە ئێراق یان لە ئێران دەمێننەوە. بڕیاری گەلی لە بنەماڵەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زۆر لە نیازی کاربەدەستانی ئێران بە گومانن و ژنەکان دەیانەوێت منداڵەکانیان لە کەشوهەوایەکی ئارامدا گەورە بکەن.
کاربەدەستانی ئێراق دەیانەوێت ئەو ئاوارانە جیا بکەنەوە کە هەستی بەهێزی نیشتمانپەروەرییان تێدایە. بۆیە بە تیروتەسەلی لەسەر سنوور پرسیاریان لێ دەکەن لە کاتی خەباتی کورددا چیان کردووە، هەروەها دەبێت ناوی سێ کەس لە ئەندامانی "پاراستن" (ڕێکخراوی ئاساییشی کورد) بهێنن و لە کۆتاییدا دەبێت ڕاگەیاندنێک واژوو بکەن کە تێیدا نووسراوە (KDP) لە ماڵوحاڵی خۆیان دەریکردوون.
سەرەڕای نەرمونیان بوونی ئێراق، دوو گرووپ لە ئاوارەگان مافی ئەوەیان نییە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان لە ئێراق. گرووپی یەکەم: ئەوانەن کە خەڵکی ناوچە گرنگەکانی کەرکووک، سنجار و خانەقین. ئەم ناوچانە ئێستا بەتوندی بەعەرەبکردن دەکرێن و (KDP) بانگەشەی ئەوە دەکات جوتیاری مسری لە دەوروبەری کەرکووک نیشتەجێ کراون.
گرووپی دووەم (زۆرترین نیگەرانیشیان لەسەرە) ئەو کوردانەن کە دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی کورد ڕێزی سوپای ئێراقیان جێهشتووە و چوونەتە ڕیزی پێشمەرگەکان. هەموو ئەم کەسانە لە ئۆردوگایەک لە نزیک دیوانییە لە باشووری ئێراق بەندکراون و هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسیان لە دەستدا نییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان | بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-25	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مامۆستا هێدی شاعیر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، نووسینی وریا ڕەحمانی، 2023، لاپەڕە 375-376.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 324

ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی کەم تەمەن و کۆششێکی زۆر

20250717144407646632=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فەرحان جەوهەر

بەر لە 34 ساڵ ئیدریس بارزانی لە تەمەنی 43 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئیدریس بارزانی هەر لە تەمەنی بچوکایەتییەوە بەحوکمی ئەوەی هەر لە کۆنەوە لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ بووە و کوڕی سەرکردەی مەزنی کورد مەلا مستەفای بارزانی بووە، لەگەڵ برای سەرۆک مەسعود بارزانی، شانیان داوەتە بەر بارێکی زۆر قورس.
بارودۆخی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بهێنن بەرچاوتان، لە لایەک کێشەی ئەو هەزاران پەنابەرانەی لە ئێران بوون، ئەو گوشارانەی حکومەتی ئێران و دەزگای بەدناوی ساڤاک، خەمی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، نەخۆشی سەرکردەی کورد بارزانی نەمر و دواتر وەفات بوونی، پەرت بوونی پارتی، ڕاگوێزانی گوندەکانی کوردستان و تەپڵ لێدانی بەعسییەکان بەسەرکەوتن، دڕووست بوون و بەرپابوونی کێشە و شەڕی ناوخۆیی هێزە کوردییەکان لەلایەکی تر، بێ ئومێدیەکی ئێجگار گەورەی لەناو کورد لە ناوەوە و دەرەوەدا دڕووستکردبوو، ئەمە و سەرباری داخرانی هەموو کەناڵە دبلۆماسی و سیاسییەکانی وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژاواش کێشەیەکی مەزن بوو، لەم بارودۆخە پڕ دژوارەدا ئەو دوو سەرکردە گەنجەی کورد کە سەرەتایی تەمەنیان بوو، ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود، کەوتنە ژێر ئەم بارە قورسە و شانیان دایە بەر و لە ماوەیەکی پێوانەیدا توانیان شۆڕش هەڵگیرسێننەوە، پارتی ڕێک بخەنەوە، کێشەی ئاوارەکان لە ئێران تا ڕادەیەک بەیارمەتیی دانیان چارەسەر بکەن، ئومێد لە دڵی گەلی کوردستان زیندوو بکەنەوە.
ئەوەی باسم کرد هەر بە نووسین و قسەکردن ئاسانە ئەگەرنا دنیایەک خەبات و زەحمەتی پێویست بووە، دوو گەنجی تازەپێگەیشتوو لەنێو ئەو هەموو زەحمەتییەدا و چوارچێوەیەکی تەسکی بەدوژمن دەورە دراو و بێ هاوکاری و بەو بڕە ئیمکانییەتەی پاشماوەی شۆڕشی ئەیلول توانیان دڕ بەتاریکی بدەن، موعجیزە دڕووست بکەن، ئەم ڕاستە ڕێ کردنە و هەستانەوەیە شایانی تێڕامان و پەند لێ وەرگرتنە بۆ نەوەی ئێستا و ئایندە، گەنجەکانمان حەقە مێژووی سەرکردەکانیان بزانن، سەرەڕای کەموکوڕتییەکان چ زەحمەتییەکیان کێشاوە بۆ میللەتەکەیان، لەم ساڵیادەدا سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدی جوانە مەرگ ئیدریس بارزانی، سڵاو لە مێژوو خەباتی شەست ساڵەی سەرۆک مەسعود بارزانی، کە هیچ دوژمن و نەیارێک ناتوانێت ئەو مێژووە بشێوێنێ.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 325

ئیدریس بارزانی لە تاریکیی شەوەزەنگدا بەدوای پرشنگی خۆردا دەگەڕا

20250715200336646250=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی لە تاریکیی شەوەزەنگدا بەدوای پرشنگی خۆردا دەگەڕا
یادکردنەوەی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، گەڕانەوەیە بۆ ناو فیکرێک کە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەوتۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لە کام دەرگای ئەو فیکرە بدەیت، دەرگایەکی دیکەی فراوانت بە ڕوودا دەکاتەوە و، لەناو شەوەزەنگی نائومێدیدا دەبێتە چرایەک و گرێکوێرەی قەیران و کێشەکانت بۆ دەکاتەوە و، کۆتایی بە شەڕ و ناکۆکییەکان دەهێنێت و، ئاشتی و تەبایی لە ناوماڵی کوردستاندا دەخاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی و، لەناو ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەشدا ئاسۆی ئومێدی زۆر گەورە بۆ نەتەوەکەی فەراهەم دەکاتەوە.
ئەوانەی لە نزیکەوە هەڤاڵ و هاوسەنگەری ئیدریس بارزانی بوون، باس لەوە دەکەن، قسەکردن لەسەر ئەو سەرکردەیە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکە کۆمەڵێک سیفەت و خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەوتۆی لەخۆی گرتووە کە زەحمەتە بتوانرێت هەموویان پێکەوە باس بکرێن، یان بتوانرێت لە باسێکدا هەموو ئەو خەسڵەتانە مافی تەواویان پێ بدرێت، هەر بۆیە کاتێک باسی ئیدریس بارزانی دەکەین، دەبێت باسی پێشمەرگەیەک و سەرکردەیەکی لێهاتووی پێشمەرگە بکەین، دەبێت باسی دیپلۆماتێکی گەورە بکەین، لە شێوازی بەڕێوەبردنی دانووستاندن و پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی مافی گەلەکەمان. دەبێت باسی خەمخۆریی بۆ ئاشتی و یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بکەین، دەبێت باسی ئەو وەرە پۆڵاینە بکەین کە لە ڕۆژانی سەخت و نەهامەتیدا دەبووە ئەو چیایەی کە چۆکی بە نائومێدی دادەدا و لە ناوجەرگەی نائومێدیدا، ئومێدی دروست دەکردەوە، دەبێت باسی ئەوە بکەین، چۆن کاری بەکۆمەڵ دەکرێت و، چۆن ئەم کارە پێویستی بە سادەیی و لە خۆبووردەیی و خۆشەویستی یەکتر هەیە، هەر بۆیە ڕاستە گوتوویانە ئیدریس بارزانی ئەو دەریا قووڵەیە مەلەوانی زۆر باش نەبێت، ناتوانێت مەلەی تێدا بکەیت.
ئیدریس بارزانی وەک پێشمەرگە، ئەو پێشمەرگەیە بوو کە لەناو تەریقەتی بارزان لەسەر دەستی مستەفا بارزانی بە بیری نەتەوەیی پەروەردە کرابوو، هەر لە سەرەتای لاوییەوە و لەناو سەنگەری پێشمەرگە لێهاتوویەکی ئەوتۆی لێ دەرکەوت کە بە تۆمارکردنی داستانی شەڕی هەندرێن، ئەو کاریزما خۆڕسکەی لێ دەرکەوت کە پێشتر هێزی پێشمەرگە تەنیا لە مستەفا بارزانی بینیبوویان، ئەم سەرەتایە وای کرد، ئیدریس بارزانی ببێتە جێگەی متمانە و خوشەویستی و پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە.
ئیدریس بارزانی لە کاری دیپلۆماتی و هونەری دانووستاندا و، لەسەر مێزی دانووستاندن کاریگەریی لەسەر بەرانبەرەکەی بەجێدەهێشت و پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکرد، ئەو سەرکردەیە هەرچەندە بەتەمەن و لاو بوو، بەڵام لە دانووستاندنەکانی ئاداری 1970 سەلماندی دیپلۆماتکارێکی گەورەیە و، ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، دەتوانێت لەسەر مێزی دانووستاندنیش بە دەستی بهێنێت.
ئیدریس بارزانی، ڕەنگدانەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی دیکەی مستەفا بارزانی بوو، کە ئەویش ڕاشکاویی و ڕاستگۆیی بوو لەگەڵ گەلەکەی خۆی، بۆیە کاتێک بۆی دەرکەوت کە حکومەتی بەعس و سەدام بەنیازن لە ڕێککەوتنامەی ئادار پاشگەز ببنەوە، ڕاشکاوانە ڕاستییەکانی بۆ گەلەکەی خۆی ئاشکرا کرد و، لەمەش زیاتر خۆی پێش هەمووان لە هەموو بەرەکانی شەڕی ساڵی 1974-1975 هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو.
ئیدریس بارزانی لە ڕۆژە سەختەکانی دوای نسکۆ دوای ئەوەی چیایەکی پشت و پەنا بوو بۆ سەرۆک بارزانی و

دامەزراندنەوەی سەرکردایەتیی کاتی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، لە هەمانکاتدا ئەو کەسە خەمخۆرە بوو بۆ ئاوارەکانمان لە ئێران و لەناو گوشاری ئێرانی سەردەمی شادا، ئەو ئیرادەیە بوو کە ئازار و نەهامەتییەکانی ئاوارەکانی کەم دەکردەوە و زامە قوونڵەکانی دڵیانی ساڕێژ دەکرد.
ئیدریس بارزانی بۆ خەباتی بەکۆمەڵی کۆی لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێراقییەکان، ئەو ئیرادەیە بوو کە لەناو بۆچوونە ئایدۆلۆژییە سیاسییە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە نەتەوەیی و مەزهەبییە جیاوازەکاندان خاڵی هاوبەشی دەدۆزییەوە و دەیکرد بە پرۆژە بۆ خەبات لە دژی ڕژێمی ئێراق و دەرخستنی پێگە و شکۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیدا.
ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە فرەحزبی لە کوردستاندا هەبوو و، بە تێڕوانین و چارەسەری جیاواز بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان سەیر دەکرد، بۆیە هەموو کات هەوڵی بۆ ئەوە بوو تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرەیەکی هاوبەشدا کۆببنەوە و هەموو پێکەوە هەوڵ بدەن چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی ناوخۆی کوردستان بدۆزنەوە و، لەسەر بنەمایەکی پتەوی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نەخشە بۆ بەرگری لە کوردستان دابڕێژن، هەر ئەم نییەت و ئیرادەیە بوو لە ساڵی 1986 پرۆسەی ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی گەیاندە مەنزڵ و، لەگەڵ ئەوەی یەک دوو مانگ دوای ئەم پرۆسە گەورە و سەرکەوتووە، مالاوایی یەکجارەکی لێ کردین، بەڵام ئەم پرۆسەیە بووە ئەو ژێرخانە پتەوەی کە پاشان بەرەی کوردستانی لەسەر ڕاگەیەنرا.
ڕاستە ئێستا ئیدریس بارزانی بە جەستە لە ناوماندا نییە، بەڵام فیکر و ڕێبازی کە هەڵێنجراوی فیکر و ڕێبازی مستەفا بارزانییە، ئێستاش لە هزر و بیرکردنەوەماندا دێت و دەچێت و داوامان لێ دەکات، بۆ گەیشتن بە ڕۆژی سەرفرازیی یەکجارەکی هەموومان پشتیوانی سەرۆک مەسعود بارزانی بین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی 1	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2) کورتەباس هەورامی

هەرمانە هەرەئێژێکِ ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی gulanmedia.com- 30-01-2021

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 326
ئیدریس بارزانی لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایکبووە. کوڕی مەلا مستەفا بارزانییە
20250720130538647201=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایکبووە. کوڕی مەلا مستەفا بارزانییە

لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا. ساڵی 1947 مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران دەبن. ئیدریس ئەوکات تەمەنی 4ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری سەختی و دەربەدەری دەکرێن و بۆ خواروی ئێراق دوور دەخرێنەوە. لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە، مووسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیانی ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئێراق و کوردستان. پاش شۆڕشی 14ی تەمووزی ساڵی 1958 کە لەوکاتەدا ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت. دوای ئەو دابرانە زۆرە بە دیداری باوکی شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باو و باپیریان لە خاکی کوردستان. لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، بە سەرکردەیی مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیدریس بارزانی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە، دەچێتە ئامێزی سەنگەرەکانەوە و ژیان و تێکۆشانی دەست پێ دەکات. بەهۆی لێهاتوویی و ئەو توانایەی هەیبووە هەر زوو لەنێو شۆڕش و پارتیدا ئەرکێکی زۆری بۆ دێننە ئارا و ئەویش بۆیرانە دەچێتە پێش.
ئیدریس یەکێک دەبێت کە جێگەی ئومێدی بارزانی بووە، بۆیە ڕادەبینێ کە ئیدریس گەیشتۆتە ئاستێ پلە و پێ سپاردنی ئەرکی لایەقە، ڕاستەوخۆ تێکەڵی کاروبارەکانی دەکات و زۆر ئەرکی قورسی پێ دەسپێردرێت کە سەرکەوتویی ئیدریس لە جێبەجێ کردنیاندا بەدیار دەکەوێت ئیتر دەبێتە جێی متمانە ی زیاتری مەلا مستەفا و یەکێک لەو کەسانەی کە پڕ بە دڵی دەبن.
مەسعود بارزانی، برای بچوکی ئیدریس دەڵێت:
دەتوانم بڵێم کاک (ئیدریس) وێنەیەکی پاک و بێگەردی (بارزانی) بوو هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببنەوە.
دەوری لە ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار و وتوێژەکانی ساڵی 1974 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و لە دوای ساڵی 1975 لە درێژدان بە شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی (جود)دا و دواتر بەرەی کوردستانی چەند بەرهەمێکن کە ڕۆڵی گرنگی تیایاندا هەبووە. سەبارەت بە هێڵی جەماوەری پارتی توانی دیپلۆماسیانەی دوای ساڵی 1975 بە شێوەیەکی سەرەکی بناغە دروستکەری بووە چونکە شارەزا و کارزان و جدی و بەپەرۆش بووە لە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر. تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بە تایبەتیی لە دوای ساڵی 1975 بەڕادەیەک بووە کە بناغەیەکی پتەوی دروستکردووە و لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا داینە مۆی ڕێکخستنەوە و هەڵیگرساندنەوەی شۆڕش بووە. ئیدریس بارزانی هەوڵ و ململانێ لەگەڵ هەلومەرجەکەدا و مێرخاسانە شان دەداتە بەر ئەرکی ڕێکخستنەوە و چۆشدانی شۆڕش و زیندە بە چاڵکردنی پیلان و گرفتەکان بکات. هەر دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازدا کە لە ساڵی 1976 بەرپا بووە و دەبێتە سەرپەرشتکاری ئاوارەکانی دوای نسکۆی 1975 لە ئێران.
ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیا نەکردووتەوە بە سادەیی ژیاوە و هەرشەوە لە بن ئەشکەوت و بن بەردێک بەبێ جیاوازی هەڵیکردووە. لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێ بووە و لە دارشتن دا توانای زۆری هەبووە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی خوێندوویەتەوە و نووسیویەتی. بایەخی بە بوارەکانی

نەتەوایەتی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و وەفایی لە بەربووە.
نێچیرڤان بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:
شەوانە تا درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی هەردەم پەرتووکی پێ بوو، متووی پەرتووک خوێندنەوە بوو تەنانەت لەناو ئوتۆمبێلیشدا دەیخوێندەوە، وێڕای ماندووبوون و ئەرکی قورسی خەبات، خوالێخۆشبوو لایەنی پێگەیاندنی ئێمەی فەرامۆش نەدەکرد، بۆ ئێمە بە کچ و کوڕە، هێژاترین مامۆستا بوو، من هەمیشە لەگەڵیدا بووم بەر لەوەی ماڵاوایی بکات بە حەق وەکوو دوو دۆستمان لێ هاتبوو شەوانە بە یەکەوە پەرتووکمان دەخوێندەوە گفتوگومان دەکرد.
لە کاتژمێر 6ی سەر لە بەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی (سلێڤانا)ی سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت بارزانیی باوک دەنێژرێت. پاش نزیکەی 10 ساڵ و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی هەردوو بارزانی، باوک و کوڕ دەدا و لە ماوەی 6 تا 08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت تەرمی هەردوو دەگوازرێتەوە خاکی ئازادی کوردستان و لە گوندی بارزانی زێدی ڕەسەنی خۆیان بۆ دواجار بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مەهاباد | فۆنداسیۆنەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
حۆلەکێ تیرۆرکەردەی مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
دەسپەنەو شۆڕشگێڵنی و کۆششو مەڵا مستەفا بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی kurdistanpress.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 327
ئیدریس بارزانی لە ڕوانگەی 'شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی'یەوە
20250713163441645541=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



زانیار سەردار قرگەیی
ئیدریس بارزانی ، لە شۆڕشی ئەیلوولدا هاوشان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی ، لەژێر ڕێنمایی ڕابەر و باوک و گەورەی بیری نەتەوەییان، مستەفا بارزانیی باوکیان، ڕۆڵێکی کارا و گرنگیان بینیوە. لە دوای نسکۆی شۆڕشیش لە ساڵی 1975، وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو ئاڵنگارییانەی ڕووی لە گەلی کوردستان و پێشمەرگە کرد، بە شێوەیەکی زۆر ئەندازیارانە شۆڕشی گوڵانیان پێکەوە بەڕێوەبرد و لە ڕاپەڕاندنی کاروباری پێشمەرگایەتیدا ئەندازیار و ئازا بوون و بە وردەیەکی پۆڵاییەوە ئەو ئەرکە قورسەیان لەو ڕۆژە سەختانەدا بەڕێوە برد.

بۆ قسەکردن لەسەر لاپەڕەکانی خەباتی پێشمەرگایەتی و هەڵدانەوەی چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانی پڕ لە خەبات و پێشمەرگایەتی، (زانیار سەردار قرگەیی) چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی ''شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی''، تێکۆشەر و کەسایەتیی ناسراو کردووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

(زانیار سەردار قرگەیی) وەکوو ئاشکرایە، لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا سەرکردە و کارێزما هەیە، بەتایبەتیی ئەو سەرکردانەی هەموو ژیانیان لە پێناو بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان تەرخان کردووە. لەم ڕۆژانەشدا گەلی کوردستان یادی سەرکردەیەکی گەورەی خۆی دەکاتەوە، کە ئیدریس بارزانییە، ئایا هۆکاری دەرکەوتنی ئەم سەرکردانەی گەلی کوردستان لەم دەڤەرە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

شێخ تاهیر شووشی: وا دیارە فەرمان و ئیرادەی خوای گەورە لەسەر ئەوەیە، بۆ سەرکەوتن و ڕزگاربوونی هەر میللەتێکی چەوساوە و ژێردەستە، کەسێک یاخود بنەماڵەیەک دیاری بکات کە هێز و توانا و خۆڕاگریان پێ دەدات و ئامادەیان دەکات. لەناو میللەتاندا نموونەی زۆرمان هەیە، ڕابەری وا هەڵکەوتوون، کە بە ئازایەتی و قارەمانییەتی بوونەتە جێی متمانەی خەڵکی خۆیان و بەبێ ماندووبوون دروشمی خەبات و تێکۆشانیان هەڵگرت، تا ڕزگار بوون، وەکوو غاندی و نیلسۆن ماندێلا و چەندین سەرکردەی دیکە.

میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی، بە سەدان ساڵە پەرتەوازە و ژێردەست و مافخوراو بووە و بە هەزاران شەهید و قوربانیی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی داوە، زۆر جاریش شکستی هێناوە و بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، خودای میهرەبان بنەماڵەیەکی خوداناس و ئەهلی عیرفان و عەدالەت و مرۆڤدۆستی بۆ میللەتی کورد دەرخست، کە لەناو ڕەحمی ئەو میللەتەدا و لە دەڤەری بارزان سەری هەڵدا و چرۆی کرد، ئەویش بنەماڵەی شێخەکانی بارزانە و بە بیر و باوەڕێکی کوردایەتیی قووڵەوە کەوتنە نێو ڕێڕەوی تێکۆشان و فیداکاری، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەتی کورد.

بزاڤ و تێکۆشانی بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و شۆڕشگێڕانی ئەو ناوچەیە و ناوچەکانی تری کوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی دەکرد و پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دەبینی، بەتایبەت لە ڕووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بۆیە دەبینین لەو ماوەیەدا زۆر ڕابەر و سەرکردەی بەتوانا سەریان هەڵدا و بوون بە قوتابیی ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی، بەتایبەتیی لەناو خودی شێخەکانی بارزاندا، وەک شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا و ئیدریسی جوانەمەرگ.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، دەبیین زۆر سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەی قارەمان لە قوتابخانەی بارزانی پێگەیشتن و پڕ بە بیر و باوەڕی کوردایەتی و لە بواڕەکانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا ناوبانگیان پەیدا کرد، یەک لەوانە ئیدریس بارزانیی جوانەمەرگ بوو.

(زانیار سەردار قرگەیی): ئیدریس بارزانی، وێڕای ئەوەی کوڕی مستەفا بارزانی بووە، هاوکات ناوبانگێکی گەورەی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا هەیە، پرسیار ئەوەیە، دەکرێت سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم سەرکردە گەورەیە باس بکەیت؟

شێخ تاهیر شووشی: شەهیدی هەمیشە زیندوو، ئیدریس بارزانی، کوڕی ڕابەری کورد مستەفا بارزانی، لە 1944 لە گوندی بارزان لەدایک بووە، هەر لەو ڕۆژەی چاوی بە دونیا هەڵێناوە، کەوتووەتە نێو دەریایەکی پڕ کارەسات و جەنگ و ماڵوێرانی و دەربەدەری، چونکە لەو کاتەدا مستەفا بارزانیی باوکی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەرخودانی خەڵکی کوردستانی دەکرد و کەوتبوونە نێو کێشمەکێشێکی گەورە لەگەڵ حکوومەتەکانی ئێراق و ئینگلیز، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد.

لە ئەنجامی شۆڕشی بارزان لە 1945 و ئاوارەبوونی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 1946، ئەو کاتە

تەمەنی ئیدریس بارزانی دوو ساڵ بووە، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان، ئیدریس بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە شێخەکانی بارزان و خێزانەکانیان، بە فەرمانی حکوومەتی ئێراق دوور خرانەوە بۆ شاری مووسڵ، شێخ ئەحمەد بارزانی و چەند کەسێکی دیکەیان خستە زیندانی بەسرە لە خواروووی ئێراق. ئەمە یەکەمین جار بوو ئیدریس بارزانی لە باوکی خۆی جودا ببێتەوە، چونکە بارزانی لەگەڵ 512 جەنگاوەری کورد سەریان بۆ حکوومەتەکانی ناوچەکە دانەنواند و ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، تا 1958 مستەفا بارزانی لەگەڵ هەموو جەنگاوەرەکان لە سۆڤیەت گەڕانەوە ئێراق و جارێکی تر ئیدریس لەگەڵ باوکی بە یەکدی شاد بوونەوە و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی بەغدا لەگەڵ مەسعود بارزانیی برای، دەرێژە بە خوێندن دەدەن.

لە ساڵی 1962 هەردووکیان واز لە خوێندن دەهێنن و دەچنە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لەگەڵ باوکیان دەمێننەوە و خەباتی کوردایەتی دەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستێرەیان زیاتر دەگەشێتەوە و دەبنە پێشمەرگە و یاریدەدەر بۆ باوکیان، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. ساڵی 1964 ئیدریس بارزانی پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدات و 8 منداڵیان دەبێت، کە سێیان کچ و پێنجیان کوڕ بوون، بە ناوەکانی: نێچیرڤان، دلۆڤان، عەباس، یوسف، ڕەوان. و هەروەها سێ کچ.

(زانیار سەردار قڕگەیی) ئەو وێستگە و ڕووداوانەی لە ژیانی ئیدریس بارزانی چ ڕۆڵێکی لەسەر دروستبوونی ئەو خەسڵەتانەدا هەبووە، کە پێی ناسراوە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئەوەی زانراوە لە ژیان و ڕەوشتی ئیدریس بارزانی و بۆچوون و خەسڵەتەکانی، هەر لە منداڵییەوە زۆر زیرەک و ژیر و چالاک بووە و بیرمەندێکی کارامە بووە و زۆر حەزی لە خوێندن بووە و تێکەڵ بە کەسانی بیرمەند و شارەزا و شاعیر و ئەدیبان دەبوو، تەنانەت لەسەر دەستی شێخ بابۆ و کەسانی تر لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و کەسانی بەتەمەنی ئەو ناوچەیە بووە خاوەن مێژوویەکی دێرین و پەند و بەسەرهاتەکانی، بەتایبەتیی ئەوانەی یاوەر و یاریدەدەرانی باوکی و شێخ ئەحمەد و شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوون.

ڕەفتارەکانی ئیدریس بارزانی لە ڕەفتارەکانی شێخەکانی بارزان دەچوو، چونکە خۆی بە موریدی تەکییەی بارزانی دەزانی و هەر لەو ڕێگایەوە بوو بە ئەهلی تەسەوف و خوداناسی. زۆر لە برادەر و دۆستانی ئیدریس بارزانی دەڵێن، ئیدریس هەر لە منداڵییەوە کەسێکی هەستیار و بیرمەندێکی بیرتێژ و چەلەنگ بووە و لە ڕووی هزر و بیر و ڕەفتارەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بووە، حەزی لە خوێندن بووە و قوتابییەکی ڕێکوپێک بووە و هەمیشە ڕێزی لە قوتابییان و مامۆستایانی دەگرت و دۆستی هەمووان بووە و شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تا ڕادەیەک لە ئینگلیزیشدا هەبووە). ئیدریس بارزانی وەک مستەفا بارزانیی باوکی، خاوەن ئیمان و بیر و باوەڕێکی بێ سنوور بوو، زۆر لە ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)ی لەبەر بووە و لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکردن و لە هەمان کاتدا ڕێز و پێزانینی بۆ ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان هەبووە، وەک ئایینەکانی کریستیان و یەهوودی و ئێزدی و ئایینەکانی تر.

(زانیار سەردار قڕگەیی) هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵەکانی و پێشمەرگە و هەڤاڵانی چۆن بووە؟
شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی بۆ منداڵەکانی، باوکێکی بەهیمەت و پڕ ڕەحم و میهرەبانی بووە، زۆر لێیان نزیک دەبووەوە و بە باشترین شێوە پەروەردەی دەکردن، تا لە پاشەڕۆژدا بتوانن خزمەتی خۆیان و خەڵکی کوردستان بکەن، لە هەمان کاتدا، بایەخێکی زۆری بە پێشمەرگە و کادیرانی پارتی و کەسانی هەژار و بێدەرامەت دەدا. خاوەن دڵێکی فراوان و هیمەتێکی بێسنوور بووە و زۆر مرۆڤناس و بە ئەزموون بووە، وەڵامی بۆ هەموو

پرسیارەکان هەبووە و بەئاسانی دۆست و دوژمنی خۆی لەیەکدی جودا دەکردەوە و خاوەنی فەرهەنگێکی قوونی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بوو.

(زانیار سەردار قڕگەیی) ڕۆنی ئیدریس بارزانی لە مەیدانی کوردایەتی و شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا چۆن بووە، بەتایبەتیی کە سەرپەرشتیی چەندین داستانی وەک هەندرێن و زۆزکی کردووە؟
شێخ تاهیر شووشی: هەر لە سەرەتای چوونی ئیدریس بارزانی بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە 1962، ببووە جێگای متمانەی بارزانیی باوک و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامودەزگاکانی شۆڕش و پارتی و هێزی پێشمەرگە فراوان و قوونتر دەبوون، هەروەها پەیوەندییەکی باش و کارای لەگەڵ ناوداران و سەرۆک هۆز و چینەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پەیدا کردبوو، چونکە خۆی لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی و حزبی و کۆمەڵایەتی سەرکردەیەکی ژیر و لێهاتوو بوو و لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە خاوەنی ئەزموون و خاوەنی بڕیار.

بۆ یەکەم جار بە فەرمانی باوکی سەرپەرشتیی (داستانی هندرێن و زۆزک)ی ساڵی 1966ی کرد و هێرشی درندانەی سوپای ئێراق و چەتە بەکرێگیراوەکانی تێک شکاند. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگەی کوردستان و سەدایەکی گەورەی لە ناوەوە و دەرەوە دایەوە و ئازایی حیکمەتی ئیدریس بارزانی چووە نێو دڵ و مێشکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ. هەر ئەو حەکیمییەی وای کرد حکوومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز ملکەچی ئاگربەست بکات، بۆ شەڕ ڕاوەستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و دەرکردنی بەیانی 29ی حوزەیرانی 1966 29-06-1966 سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا.

ڕاپەڕاندنی کاروباری پێشمەرگەی کوردستان و پرچەککردنیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و خێزانیان، لە ئەجێندای ئیدریس بارزانیدا بوو، هەروەها لە ڕووی حزبایەتی و کوردایەتییەوە، پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی کاراتر و فراوانتر دەبوون و ئاشنایەتیی بەرچاوی لەگەڵ فەرماندە و بەرپرسانی لەشکری و حزبی و پیاوە ئایینییەکان و کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و کوردپەروەر هەمیشە لە زیادبووندا بوو.

(زانیار سەردار قڕگەیی) ئێستاکە، کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا باس باسی دانووستاندن و گفتوگۆیە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، دەکرێت چ پەند و عیبرەتێک لە ئیدریس بارزانی وەربگرین، بەتایبەتیی کە خۆی و سەرۆک بارزانی لەو گفتوگۆیانەدا ڕۆڵێکی کارایان گێڕا، کە ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970ی لێ کەوتەوە و بووە بنەمایەک بۆ ئەو فیدراڵییەی، کە ئێستا لە چوارچێوەی ئێراقدا بە دەستوور دانی پێدا نراوە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە گەرمەی گفتوگۆکانی ساڵی 1970 لەنێوان بەرپرسانی حکوومەتی بەغدا و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، بە سەرپەرشتیی بارزانی، هەرچەندە ئیدریس بارزانی لە تەمەنێکی بچووکدا بوو، بەڵام لەبەر ژیری و توانا و دیدی سیاسیی بەهێزی، بەڕێزیان ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی لەو گفتوگۆیانەدا گێڕا و لە کاتی خۆیدنەوەی بەیانی 11ی ئاداری ساڵی 1970، خۆی و سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ خودی سەرکۆماری ئێراق لە شاری بەغدا ئامادە بوون و پێشوازییەکی گەرم و بێوێنەیان لەلایەن خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێراق لێ کرا و لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم لە 12ی ئادار لە گۆڕەپانی تەحریر لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری ئێراق و چەندین بەرپرسی تر ئامادەی ڕێپێوانێکی جەماوەریی گەورە و خۆیدنەوەی وتاری خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆیان بۆ ڕێککەوتنی 11ی ئاداری بەناوبانگ دەربڕی.

(زانیار سەردار قرگەیی) ئەی لە بواری حزب و لەناو پارتیدا، تا چەند توانیی ئەو ئەرکە قورسە لەئەستۆ بگرێت؟ بەتایبەتیی لە بواری بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان و لەشکریدا؟

شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا لە 1970 هاتە هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و لە کۆتایی 1973 بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی، ئیدریس بارزانی وەک سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا، کەچی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و لەشکری و حزبی و پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، هەمیشە خەمخۆری ئاوارە و لێقەوماوان بوو، چ ئەوانەی ئاوارەی خواروویی ئێراق، یاخود ئەوانەی ئاوارەی ئێران و وڵاتانی بیانی بووبوون.

(زانیار سەردار قرگەیی) لە مێژوودا باس لەو ڕۆڵەی ئیدریس بارزانی دەکرێت، کە لە 1974 لە کاتی هێرشی درندەی حکوومەتی ئێراق بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەدام حسێن کرایە سەر ناوچە کوردستانییەکان، ئایا چۆن توانیی بەو توانا کەمە لە چەک و تەقەمەنی، شکستی گەورە بە ئێراق بهێنێت؟

شێخ تاهیر شووشی: ڕاستە ئیدریس بارزانی لە کاتی قەیران و ڕۆژە سەختەکاندا توانیی ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و وەرچەرخان بگێڕێت. ئیدریس بارزانی سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، بەتایبەتیی لە مانگی ئاداری 1974، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی ئێراق و بە فەرمانی سەرۆک بارزانیی نەمر، شاندێکی کوردی بە سەرپەرشیی ئیدریس بارزانی چوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەدام حسێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی بەعس پێشنیارەکەیان ڕەت کردەوە و هێرشی سەربازیی درندانەیان بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات فراوانتر کرد.

لە کاتی شەڕ و هێرشەکانی سوپای ئێراق بۆ سەر کوردستان لە 1974، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی لە بەڕێوەبردنی بەرەکانی شەڕ و دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە لۆجیستییە سەربازییەکان گێڕا، بۆ تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان، لەگەڵ دابینکردنی چەک و تەقەمەنیی تازە و مۆدرێن، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی سەرکەوتن و داستانێکی گەورە، کە لەو نەبەردییەدا، وێڕای کوژران و بریندارکردنی 65 هەزار سەرباز و ئەفسەری ڕژێم، توانییان دەیان فرۆکەی جەنگی بپێکن، چ جای دەستبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپای ئێراق.

(زانیار سەردار قرگەیی) :ئەی لە شۆڕشی گوڵاندا، بەتایبەتیی لە دوای ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر، ئیدریس بارزانی چ ڕۆڵێکی گێڕا بۆ درێژەپێدان بە شۆڕش و گۆڕینی ئەو بارودۆخە ناهەمواوەی بەسەر گەلی کوردستاندا هات؟

شێخ تاهیر شووشی: ساڵی 1975، دوای جارِدانی ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حسێندا، ئیدریس بارزانی حەکیمانە دژ بەو ڕێککەوتنە پیلانگێڕییە وەستا و بڕیاری دا، لەگەڵ مەسعود بارزانیی برای و سەرکردەکانی تر درێژە بە شۆڕش و بەرخودان بدەن و ئەو واقیعە قبوڵ نەکەن. ڕێککەوتننامەی جەزائیر کاردانەوەی گەورەی خستە سەرشۆڕش و خەڵکی کوردستان و بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵگرتن و کۆچکردنی هەزاران پێشمەرگە و خێزانی کورد بەرەو ئێران و گەڕانەوەی هەزارانی تر بۆ ئێراق و پەرت و بڵاوە پێکردنیان لە ناوەڕاست و خواروویی ئێراقدا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو،

هەروەک بارزانیی نەمر دەڵێت: (بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆژێکی ڕەش بوو).

لە و ڕۆژەدا کورد جگە لە دوژمنی داگیرکەر، هیچ دۆست و کەسێکی نزیکی لە دەوروبەری خۆی نەبینی. پێشمەرگە بەرەکانی جەنگی جێ دەهێشت و پەرت و بڵاو بووبووەوە، بەبێ بیرکردنەوە لە ئایندە و چارەنووسی خۆیان و خێزانیان، نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارەبوونی سەرکردایەتیی پارتی بۆ ئێران، کاردانەوەیەکی نەخوازراوی هەبوو، بارێکی قورس و گرانتری خستە سەر شانی ئیدریس بارزانی، بەڵام ئەو سەرکردەیە هاوشان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی، بە وردەیەکی بەرز و هەستێکی پۆڵاییەنەوە، بەرانبەر ئەو ئالنگارییانە وەستان و ئەرکەکانی کورداییەتیی خۆیان جێبەجێ کرد و دووبارە دەستیان بە ڕێکخستنەوەی ڕێزەکانی پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هەڵگیرساندنی سەرلەنوێی شۆڕش لەنێو جەرگەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان.

(زانیار سەردار قڕگەیی) هەڵبەتە لەناو ئەو بارودۆخە نەخوازراوەدا، ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە زۆر بوون، کە لەلایەک ئالنگارییەکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگە و شۆڕش، لەلایەکی تریەوە نەهامەتیی گەلی کوردستان و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی زۆر بوو، ئایا ئیدریس بارزانی چۆن توانیی شکست بگۆڕێت بە سەرکەوتن و وەرچەرخان بەرانبەر گەورەترین پیلانی نێودەوڵەتی لە دژی گەلی کوردستان دروست بکات و دۆخەکە بگۆڕێت بە دووبارە هەڵسانەوە و بەردەوامبوونی شۆڕش؟

شێخ تاهیر شووشی: هەر وەک چۆن گەلی کوردستان لە دوای پیلانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوو، ڕەنگە باسکردنی ئەو بارودۆخە لەگەڵ ئەم زەمەنەدا جیاواز بێت، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆک و گۆڕینی واقیع و شکستهێنان بە شکست لێکچوون و پەیوەندییەکی گەورەی پێکەوە هەیە، لێرەدا بەشێک لەو ئاستەنگانە باس دەکەم، کە هاتنە بەردەم ئیدریس بارزانی:

1-ئیدریس بارزانی بە چاوی خۆی دەیدیت چۆن بەشێکی میللەتی کورد لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر تووشی خیانەت و نەهامەتی و بێهیوایی بووە، هەموو خەم و پەژارەکانی میللەتەکەی لەئەستۆ گرت و بووە کۆڵەکەی ڕاگرتنی هاوکێشەکان، کە چۆن و بە چ شێوەیەک بەرەو کەناری ئارامیی ببات و ئەو دڵەڕاوکێ و نەهامەتییە بڕەوێنێتەوە، کە خەڵکێکی زۆر بەدەستییەوە گیریان خواردبوو.

2- زیادبوونی گەف و هەڕەشە و فشارەکان بۆ سەر ئیدریس بارزانی و یاوەر و هاوڕێیانی لە هەموو لایەکەوە، دۆستەکانی دوێنێ بووبوونە دوژمنی ئەمڕۆیان، بەتایبەت ساواک و دەزگا ئەمنییەکان و بەرپرسانی ئێران. هەموو بەرنامەی بەرپرسانی ئێران بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ ئێراق و کوشتنی ڕۆحی کورداییەتی لەنێو دڵ و ناخ و مێشکی هەر تاکێکی وەفادار و شۆڕشگێڕی کورد.

3-زیندووکردنەوەی پڕوپاگەندەی تێکدەرانە لەناو ئەو گرووپە هەڵگەڕاوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ساڵی 64 و 66 لەنێو خانەی دوژمنداری و بۆ لەناوبردنی پارتی و بارزانی، بە سوودوەرگرتن لە ڕەوش و کاردانەوەی ڕێککەوتننامەی شووەی جەزائیر و گۆڕینی سەنگەریان لە بەغداوە بەرەو دیمەشق و هەڵگەڕانەوەیان، لە لێبوردنی تایبەتیی سەرۆک بارزانیی نەمر لە ساڵی 1970، کە خودی ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەریی لەو لێبوردنەدا بینی، بەرانبەر بەوانەی چەکیان دژی شۆڕشی میللەتی خۆیان هەڵگرتبوو.

4-پەیدابوونی چەند کەسانێکی بیرتەسک و ئاژاوەگێڕ لەنێو سەرکردایەتیی پارتی و ئۆرگانەکانی، کە دەستیان کرد

بە پرۆپاگەندە و تۆمەت بەخشینەوە و تاوانبارکردنی سەرکردایەتیی پارتی و دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوان کادیر و دڵسۆزانی خەڵکی کوردستان، بە شێوەیەک قسەیان دەکرد و پیشانی خەڵکیان دەدا، کە سەرکردایەتیی شۆڕش بەرپرسە لە تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول و ئۆباڵی ئەو کارەساتەیان دەخستە سەر شانی ئیدریس بارزانی و مەبەستیان ئەوە بوو، لە ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی دووری بخەنەوە، بەڵام بە پشتبەستن بە ئیرادەی لەبن نەهاتووی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کادیر و جەماوەری خۆڕاگری کوردستان، قسەکانیان وەک بڵقی سەر ئاو پووکایەوە و دواییش لەو قسانەی کردبوویان پەشیمان بوونەوە.

5-سەفەرکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ ئەمەریکا، لە مانگی 6ی 1976 بۆ چارەسەری نەخۆشی و مانەوەی ئیدریس بارزانی بەتەنیا لە سەرکردایەتیی پارتی و پێشڕەویکردنی شۆڕشی گوڵان بە خۆڕاگری و کۆڵنەدەری، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا و ئەرک و چالاکیی خۆی لەدەست نەدا. ڕێڕەوی خەباتی سیاسیی ئیدریس گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا هات و بیروباوەڕی بە ڕێبازی بارزانی فراوانتر بوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەس و لایەنە جۆراوجۆرەکان لە تەواوی ئاستەکانی ئێراق و ئێران و سووریا و لیبیا و چەندین وڵاتی تر پتەوتر و قوونتر دەبووەوە، ئەوەیش بۆ پەیداکردنی کۆمەک و پشتگیری و یارمەتیی بۆ (قیادەی موئەقەتە)، کە سەرپەرشتیی کارەکانی ئەو قیادەیەی دەکرد.

(زانیار سەردار قڕگەیی) پەیوەندیی نێوان ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی تەنیا پەیوەندییەکی برایانە نەبووە، بگرە پەیوەندییەکی هاوبیر و پێشمەرگایەتیی ڕۆژانی سەخت و مێژوویەکی قووڵ و دەوڵەمەندیش بووە، دەکرێت باسێکی ئەو پەیوەندییەمان بۆ بکەی، ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان هەبووە؟

شێخ تاهیر شووشی: لێرەدا باسی تەنیا پەیوەندیی برایی و خێزان و بنەماڵە ناکەم، بەڵکوو باسی ئەو پەیوەندییە دەکەم، کە لە شۆڕشەکان و ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەبووە، بەتایبەتیی لە شۆڕشی گوڵان، ئەوە بوو لە ساڵی 1978، دوای گەڕانەوەی کاک مەسعود بارزانی بۆ ئێران و کوردستان و درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەڕێزیان لەگەڵ کاک ئیدریسی برای هەمیشە تەواوکەری یەکتر بوون. بە هەموو هێز و توانایەکەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی گوڵانیان کرد و بە ماوەیەکی کەم توانییان جارێکی تر دەنگوباسی شۆڕشی گوڵان لە سەرتاسەری جیهان بڵاو بکەنەوە و زیانی گەورە لە هێزەکانی داگیرکەری ئێراق بدەن.

دوای مااڵواییی مستەفا بارزانی و هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران، هەردوو برا (ئیدریس و مەسعود بارزانی) سۆز و پەیمانیان دووپات کردەوە و بەڵێنیان دا، لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر زیاتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن. دوای مااڵواییی باوکی ڕۆحیی (مستەفا بارزانی) لە 1ی3ی1979 و بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی، هەر لەو ساڵەدا ڕێزدار (مەسعود بارزانی) لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا، دەبینین ڕۆڵ و ئەرکی ئیدریس بارزانی گەورە و کاراتر بوو، وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو بۆ ڕاپەڕاندنی شۆڕش و پارتی و هەمیشە برا و یاریدەدەرێکی بەئەمەک و کۆڵنەدەر بوو بۆ مەسعود بارزانی و قیادەی موئەقەتە و پێشمەرگەی کوردستان.

(زانیار سەردار قڕگەیی) ئەندازیاری بەرەی کوردستانی و ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان، یەکێک لەو خەسڵەت و دەستکەوتانەی ئیدریس بارزانی بووە، ئایا لەو کاتە هەستیار و نالەبارانەدا، چۆن توانیی ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت و بەرهەمەکەشی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی هەموو هێز و پارتە سیاسییەکانی لێ کەوتەوە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوش و بارودۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد

بووبن، بەتایبەت لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا، دەڵێن، کوردستان بە کات و ساتێکی هەستیار و نالەباردا گوزەری دەکرد، ئەوانەی چوونە هەندەران و ئەوانەی لە سەردەستی ڕژێمی بەعسی فاشی بۆ خواروو ئەو وڵاتە دوور خرابوونەوە و ناچار کرابوون ژیانێکی پڕ کوڵەمەرگی لەناو کەمپە زۆرەملێکان بەسەر ببەن، زۆریان تووشی داپڵۆسین و ئەشکەنجە و زیندانی و لەسێدارەدان بوونەوە، ئەو پێشمەرگە و هێزانەی بەرەنگاری ئەو ڕژێمە بوونەوە، لە حاڵەتی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا بوون و زۆر جار دژ بە یەک دەجەنگان.

ئیدریس بارزانی وەکوو خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانی، هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی ئەوەبوو، بتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی پارتەکان و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، ئەوەبوو لە ساڵی 1986 دەنگی خۆی بەرز کردەوە و هەوڵ و تەقەڵا و کۆششی خۆی خستە گەڕ، بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان و شۆڕشگێڕان، بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و تەبایی تەواوی هێزەکان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دژی داگیرکەر.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئیدریس بارزانی داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆستانی کورد کرد، یارمەتیی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ناوبژیکردن لەنێوان لایەنە کوردییەکان و هانیان بدەن یەک بگرنەوە و یەکڕیزی لەناوماڵی کورددا بەرپا بکەن، ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش لەلای خۆیەوە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و بەپیر بانگەوازەکەی ئیدریس بارزانییەوە هاتن و ئاکام لە ساڵی 1987، بەرەی هێز و لایەنەکانی کوردستانی ئێراقیان ڕاگەیەند، ئەوەش بووە مایەی خۆشحاڵیی هەموو لایەک، بۆیە هەر ئەو بەرەیە بووە هۆی ترس و بیم و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دوژمنانی کورد و توانیی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ، تا سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی مێژووویی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 و دانانی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان و دابینکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ سەر زێدی خۆیان و لاوەلاوە ناچارکردنی ڕژێم بە کشانەوەی هێزە ئەمنی و سەربازی و ئیدارییەکانی لە کوردستان و دامەزراندنی پەرڵەمان و حکوومەتی کوردستان لە ساڵی 1992، پاشان چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیی کوردستان، بە بڕیاری یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ئەم هەموو دەستکەوتانە تێکڕا بەرهەمی بەرەی کوردستانی و یەکڕیزیی گشت پارت و چینەکانی خەڵکی کوردستان بوو.

(زانیار سەردار قڕگەیی): کاردانەوەی کۆچی دوایی ئەم سەرکردەیە چۆن بوو؟ ئەی چۆن لەم سەرکردە خاکی و بەئەمەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پەند و عیبرەت وەربگرین، تاوەکوو لە ڕۆژە سەختەکاندا ڕووناکی بداتە بەر کاروانی خەبات و میللەتەکەمان و لەم نەهامەتییە دەربازی بێت؟

شێخ تاهیر شووشی: پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بە پێویستی دەزانم باسێکی ئەو ڕۆژەتان بۆ بکەم، کە یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی کورد مالاوایی لێ کردین، بەڵام بە ڕۆح و بە فیکر نا، بەڵکوو تەنیا بە جەستە، هەر بۆیە گەلی کوردستان ئەم سەرکردەیە بە ناوی (شەهیدی هەمیشە زیندوو9 ناو دەبەن. ئەوە بوو بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، ئێوارەی ڕۆژی 31ی1ی1987 31-01-1987 هەواڵی دڵ ڕاوەستان و مالاوایی سەرکردەی کورد (ئیدریس بارزانی) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو بووەوە، ئۆرگانەکانی پارتی و شۆڕشی گوڵان و سەرتاسەری کوردستان و زۆربەی زۆری خانەوادە کوردەکان لە ئێران و ئێراق و وڵاتانی دەرەوە، بە شین و گریانەوە بەرگی ڕەشیان پۆشی، بۆ لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە کوردپەروەر و سیاسەتمەدار و قارەمان و کۆڵنەدەر و خۆشەویستە.

هەموو خەڵکی کوردستان تووشی شۆک بوون بە لەدەستدانی ئیدریس بارزانی، کە هێشتا میللەتی کورد و شۆڕشەکەی پێویستیان بە حیکمەت و فەرمانەکانی ئەو بوو، بەڵام وا دیارە ئەمە دەستی قەدەرە و فەرمانی خودای پەروەردگاری لەسەرە، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەبەر خۆشەویستییان بۆی، ناوی ئیدریس بە سەرکردە و شەهید و جوانەمەرگ و هەمیشە زیندوو ناو دەبەن و ناوی منداڵەکانیان بەوەوە ناو دەنێن.

هەرچەندە ئیدریس بارزانی لە تەمەنی 43 ساڵیدا ماڵاوایی لە شۆڕشگێڕان و خەڵکی کوردستان کرد و چووە بەر ڕەحمەتی خودای گەورە و دلۆڤان، بەڵام لە دڵی هەمووان هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە و حیکمەت و خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە قارەمانە بووەتە بەشێکی گرنگ و پڕ سەروەری لە ڕێبازی بارزانیی نەمردا و هەمیشە قسە و ڕەفتار و چالاکییەکانی لەناو هزر و بیر و دەروونی هەزاران هەوادارانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە لە پێشمەرگە و کادیرانی پارتی و خەڵکی کوردستان لە ئێستا و ئایندەدا هەر دەمێنێتەوە و دووبارە دەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | baskurd.basnews.com/
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 328
ئیدریس بارزانی لە ڕێبازدا
20250710155256645043=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



نەمر ئیدریس بارزانی ، لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا، هەموو بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییەکانی وەلا نا و سەرجەم خەبات و چالاکییەکانی بۆ دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی تەرخان کرد.
بووبێ ئەسەر

گەلانی داگیرکراوی وەکوو کورد و نەتەوە بندەستەکان، ئەگەر بیانەوێت خۆیان ئازاد بکەن و بەرەوپێش بچن، دەبێت ڕێگا و ڕێبازێک بۆخۆیان ئامادە بکەن و هەموو خەبات و بەرخۆدانەکانیان بەپێی ئەو ڕێبازە ئەنجام بدەن. کاتێک زانرا کە هیچ نەتەوەیەک بەبێ ڕێباز واتە فەلسەفە، ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات، بارزانییەکان کە بیریان لە ئازادی گەلەکەیان دەکردەوە، لەوە تێگەیشتن. بۆیە دەستیان کرد بە دارشتنی ڕێبازێک بۆ ئەوەی میللەتی کورد بتوانێت لەسەر بنەمای خالەکانی ئەو ڕێبازەدا، خۆی ڕزگار بکات.
بارزانییەکان لەوە تێگەیشتبوون کە بەبێ ڕێباز ئەستەمە کورد بەئازادی بگات. هەر بەو هۆیەشەوە ڕێبازێک واتە فەلسەفەیەکیان بۆ کورد ئامادە کرد و سەرجەم خەبات و تێکۆشانی سەد ساڵەی خۆیان بەپێی ئەو فەلسەفەیە بەڕێوەبردووە و ئیدامەی دەدەن.
ئەگەر ئەمڕۆکە وەکوو خاوەن پارچەیەکی ئازادی کوردستانین، ئەوە بە سایەی ئەو ڕێبازە پیرۆزەوەیە کە بناخەکەی لەلایەن شێخ عەبدولسەلامی یەکەمەوە دانرا و عەبدولسەلامی دووەم بە چەند خاڵێک دەوڵەمەندتری کرد.
شێخ محەمەد بارزانی، لە سەردەمی خۆیدا بەپێی ئەم ڕێبازە پیرۆزە، سیستەمی ئاغایەتیی لە باشووری کوردستان لابرد. شێخ ئەحمەد یەکێک لە بیرمەندان و ڕاوێژکارانی ئەم ڕێبازە بوو. هەروەها بارزانیی مەزنیش بە پێی خاڵەکانی ئەم ڕێبازە شەڕی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی دەستپێکرد. باشووری کوردستانیش بە پێی بیروڕامانەکانی سەرۆک مەسعوود بارزانی، ئازاد کرا.
ئەگەرچی بارزانی مەزن کوردستانێکی ئازادی نەبینی، بەڵام دەیزانی ئەم خەبات و بەرخۆدانە ڕۆژێک لە ڕۆژان

کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، بە نەسیبی کوردان دەکات. چونکە ئەم ڕێبازە وەک قوتابخانە وایە. کەسانی ژێر و زانا بەپێی خاڵەکانی ئەم قوتابخانەیە پەروەردە و ئامادە کراون و دەکرێن. هەموو تێکۆشان و بەرخۆدانەکانی خوێندکارانی ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای خاڵەکانی ڕێباز بوون و لەسەر ئەو بنەمایەش بەردەوام دەبن.
لە سیاسەتی نەتەوەیی گەلی کورددا، هەندێک کەسایەتی هەن کە بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان مۆری قارەمانەتی، ئاشتی و یەکڕیزی و یەکییەتییان لە میژووی گەلی کورد داوە. یەکێک لەو نەمرانە ئیدریس بارزانی بوو. نەمر ئیدریس بارزانی یەکێک لە قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە و کەسایەتییەکی ئەم ڕێبازە پیرۆزە بوو.
وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەرکام لە ئەندامان یان بناخەکانی ئەو ڕێبازە، بەپێی کات و سەردەمێک کە تێیدا دەژیا، هەندێک شۆڕشیان بەرپا کردبوو. بە واتایەکی دیکە هەموو ڕێبەر و قارەمانەکانی ئەم ڕێبازە، محەقق شۆڕشێکیان بەرپا کردووە و گۆڕانکارییەکی گرنگیان لە سەردەمی خۆیاندا پێکهێناوە و پێکیشی دەهێنن. ئێستا حەز دەکەم ئاوڕ لە کەسایەتیی هێژا، زانا و ژیر و لێهاتوو، نەمر ئیدریس بارزانی بدەمەوە کە یەکێک لە بناغە پتەوەکانی ئەم ڕێبازە بوو. با پێکەوە بزانین کە نەمر لە پێناو ئازادیی کوردستاندا چ کار و خەباتێکی کردووە.
نەمر ئیدریس بارزانی، ڕۆڵێکی تایبەتیی لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی کوردستاندا هەبوو. ئەو نەک هەر جەنگاوەر و شەڕڤان بوو لە بواری سەربازیدا، نەمر بە هەڵوێست و کردار و چالاکییەکانی خۆی، وەکوو بەڕێوەبەرێکی ئەم ڕێبازە پیرۆزە بوو. هەر بۆیە جووڵە و چالاکییەکانی نەمر بە پێی ڕێباز دەچوونەپێش. لەنێو کارەکانیدا یەکەم و گرینگترین خاڵی، هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان بوو. نەمر هەموو حزبەکانی ئەو کاتی باشووری کوردستانی لەژێر چەترێکی نەتەوەییدا کۆ کردەوە. چوونکە لە خاڵەکانی ئەم ڕێبازەدا خاڵێک هەبوو بۆ یەکگرتن و دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوەیی و ئەو خاڵەش لەسەر دەستی نەمر بنیات نرا، واتە پێکهات.
ئیدریس بارزانی نەمر چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو کە کەم سەرکردەی کوردستان و جیهان هەیانبووە یان هەیانە. بۆ ئەوەی بتوانێت بەپێی خاڵەکانی ڕێبازی پیرۆز هەموو ڕێکخراو و حزبەکانی باشووری کوردستان یەک بخات و لەژێر چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆیان بکاتەوە، خەبات و تێکۆشان و هەوڵێکی زۆریدا و سەرەنجام لەو هەڵوێستە نەتەوەییەی خۆیدا سەرکەوتوو بوو.
یەکڕیزی و پێکەوە کارکردنی لایەنەکانی کوردستان زۆر قورس بوو، بەڵام مەحاڵ نەبوو. بۆیە نەمر ئیدریس بارزانی، بەپێی دەستوور و بەرنامەی ڕێبازی پیرۆز، دەستی بەم کارە کرد و سەرکەوتووش بوو...
نەمر ئیدریس بارزانی، بە ماندووبوون و هەڵوێستی خۆی، بە پێی ڕێبازی پیرۆز، چ حزبێک لە باشووری کوردستان هەبوو، بە هەوڵی درێژخایەن، بە ڕۆحێکی جوامێرانە و بە هەڵوێستی نەتەوەیی خۆی، هەوڵیدا بەرەی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. نەمر توانی ویست و ئاواتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد بەدیبهێنێت، واتە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیی، ڕاگەیاند.
بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ هیچ کەسێک کە بتوانێت حزبەکانی کوردستان لەژێر چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا لە پێناو بەرژەوەندی گەلەکەیدا یەکبخات. بەڵام کاتێک مرۆڤ ڕێبازێک یان فەلسەفەیەکی نەتەوەیی هەبێت، هەموو ئەرکەکانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ئاسان دەبن.
کاتێک داگیرکەران، کوردستانی شیرینیان پارچەپارچە کرد و لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد، هەوڵیاندا کە کورد یەکگرتوو نەبن و نەتوانن پێکەوە کار بکەن، هەر بۆیە هزر و بیریشیانیان داگیر کرد. لە ڕێگەی سیخوڕ و پیاوەکانیانەوە هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان، تێکدا و ئەم هەوڵانەیان هێشتا هەر بەردەوامە. بەڵام لەسایەی ئەم ڕێبازە پیرۆزەدا ئەم هەوڵانەیان لە باشووری کوردستان تێکشکا.
هەر بەهۆی ئەو داگیرکاریەوە بوو کە نەتوانرا یەکگرتوویی گەلی کورد بەدی بهێنرێت. بەڵام ئیدریس بارزانی نەمر زۆر باش ئەمەی دەزانی و بەو پێیە هەڵوێستی گرتەبەر و ماندوونەناسانە و بێ هەدادان، خەبات و چالاکییەکانی درێژە پێدا. لە ئەنجامی ئەو خەبات و تێکۆشانەیدا، نەمر ئیدریس بارزانی بەرەیەکی نەتەوەیی لە هەموو پارتە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان پێکهێنا، کە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام نەمر بە سەرکەوتووی جێبەجێی

کرد.
لە سایەی دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی، ئەمڕۆکە ئێمە وەکوو کورد لە باشووری کوردستان، خاوەنی وڵاتێکی ئازادی تایبەت بە خۆمانین. بەڵێ، ئەمە لە سایەی خەباتی سەد ساڵەی بارزانییەکان و دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی پێکهات کە بە سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی نەمر دامەزرا. کورد لە باشووری کوردستان بووەتە خاوەن بەشێک لە وڵاتی ئازادی خۆی کە ئەمڕۆ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت.
هەر بەهۆی ئەو هەڵوێست و هەوڵ و کردار و پێکهێنانی بەرەی نەتەوەییەوە بوو کە گەلی کورد ناوی ئەندازیاری ئاشتی و یەکڕیزی نەتەوەی کوردیان لەسەر نەمریان داناوە. ئەگەر ئەو بەرەی کوردستانییە نەبوایە، ئەمڕۆکە ئێمە خاوەن خۆمان و ئازادیی باشووری کوردستانمان نەدەبووین. خۆزگە لە باکووری کوردستانیشدا ئەندازیارێکی وەکوو نەمر ئیدریس بارزانی هەبوایە.
دۆزینەوەی ئەندازیارێکی ئاشتی و یەکڕیزی لەناو بزووتنەوە و پارتەکاندا، زۆر زەحمەتە. بەڵام نەمر قوتابییەکی قوتابخانەی ئەم ڕێبازە بوو. لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا، هەموو بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییەکانی وەلا نا و سەرجەم خەبات و چالاکییەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوەیی تەرخان کرد. نەمر بە پێی خاڵەکانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە مامەڵەی دەکرد کە پێشتر باسمان کرد. بۆیە نەمر زۆر باش دەیزانی ئەگەر یەکڕیزی کورد بەدی نەهێنرێت، ئەوا ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەشیان بەدی نایەت. چونکە ئەمە خاڵی سەرەکی خودی ڕێبازەکەیە.
نەمر ئیدریس بارزانی بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، خۆی و هەڵوێستی نەتەوەیی خۆی بە پێی ڕێباز پێکهێنا کە کورد لەسەر ڕووی جیهان بژین. هەروەها گەلی کوردیش ئەویان وەک ئەندازیاری ئاشتی و یەکڕیزی گەلی کورد لە ناخی خۆیاندا هەڵگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڕارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | darkamazi.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 329

ئیدریس بارزانی هەوێنی تەبایی نێومانێ کوردستانی و ڕەمزی بەرخودان

20250814111211651035=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی هەوێنی تەبایی نێومانێ کوردستانی و ڕەمزی بەرخودان
نووسینی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی
ئەمساڵ (2021)، 34 ساڵ بە سەرکۆچی دوایی شەهیدی سەرکردە (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) تێ دەپەڕێت .ئیدریس کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون.
ساڵی 1947 بارزانیی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژوویدا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات، خۆیان بگەیەننە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری مشەختی و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستەسەری بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرا و موسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیانی ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14-08-1958 کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانیی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی بابو باپیران لە خاکی کوردستان.
شەهید ئیدریس بارزانی، ئازایەتی و چاونەترس و تێکۆشەر و خوێندەوار و خاوەنی دڵێکی زۆر پاک بوو، (ئیدریس بارزانی) بەس بە تەنیا کورد نەبوو، ئەوکاری بۆ مرۆڤایەتی دەکرد، کوردپەروەر، بەڵام مرۆڤدۆست بوو، پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کورد دەکرد، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک دەیوت دەبێت خۆمان گرفتەکانی خۆمان چارە بکەین، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ کەسێکی دیکە ببەین. دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەو ڕۆژی باڵای بینی، مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕێک خستەوە و ناردنی بۆ پێشمەرگایەتیی شۆڕشی گوڵان، ئەو کوردپەروەر بوو.. ئەو سەرباری ئەوەی کوردپەروەر بوو، مرۆڤدۆست بوو، هەرکەسێک ڕووی لەو بکردبا دریغی نەدەکرد و هاوکاریی دەکرد. شەهید (ئیدریس بارزانی) مرۆڤناس بوو و دەیزانی چۆن دڵی خەڵک ڕابگرێت، چۆن گرفتەکان چارە بکات.
شەهید ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان ڕۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و، بەو سیفات و ڕەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نموونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژووییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادارای خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراو و دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شیخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی نەمر تیایدا قوڵبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی ڕزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کرد و لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە.
ئیدریس بارزانی، لە دروستکردنی بەرەی نیشتمانی کە لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان و ئێراقییەکاندا دروست

بوو، دەوری باڵای هەبوو، جگە لەوە لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا، لە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتیدا دەوری باڵای هەبوو. شەهید ئیدریس بارزانی نەک هەر بەتەنیا کە ئەندازیاری ئاشتی بوو، بەڵکوو ڕۆحی کوردایەتی بوو، بۆ هەموومان فریادڕەسی ئاشتی بوو، ماندووبوونی نەبوو، هەروەها دەورێکی باڵایشی هەبوو لە نزیکبوونەوەی لایەنە ئێراق و کوردستانییەکان بەتایبەت لە بەرهەڵستکاریی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەوانە (سەدام)، دەوری باڵای هەبوو لە ئاشتەوایی نیشتمانیدا، سەرپەرشتیی لایەنی سەربازی هێزی پێشمەرگەی دەکرد، لە هەمان کاتدا دەیزانی چۆن کاری دیپلۆماسی بکات، چۆن داوای مافی گەلی کورد بکات، ئەو ڕێکخەرێکی زۆر باشی هزری نەتەوەیی بوو، چوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی.

شەهید ئیدریس بارزانی گشت تواناکانی ئەو بۆ ئاشتی و خەباتی کوردایەتی لە ئاستێکدا بوو کە نەیارەکانی پێی سەرسام بوون، لە هیچ مافێکی کورد سڵی نەکردووە، ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، خاوەنی یەکێتی و یەکڕیزیی حزبەکان بوو . ''کاک ئیدریس لە خێزانێک دروست بوو ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر کەسایەتی، چونکە لە خێزانێکی شۆڕشیگێڕ و خەباتکاردا پەروەردە کرابوو، خانەوادەی شەهید (ئیدریس) وانەی نەتەوە و نیشتمانی و کوردایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی پەروەردە بووە، بۆیە کەسێکی کاریزمایی لێ دەرچوو، بەپێی بۆچوونی شارەزایان، هاوتەمەنەکان کاریگەریی زۆر دەخەنە سەر چینی خۆیان، بۆ ئەو کاتە کاک ئیدریس هەموو ئەو کەسانەی لێیەوە نزیک بوون و لە قوتابخانەکەی بوون، توانییان جێدەستی خۆیان لە داهاتووی کوردستان بچەسپێنن.''

ئیدریس بارزانی کەسێک بوو بۆ هەموو شوێنە سەختەکان ئامادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگە بوو خەباتی بۆ کوردایەتی بوو، زۆر کەسێکی ڕاشکاو بوو.. ئەو کاتەی (بارزانیی نەمر) لە ئەمەریکا بوو نەخۆش بوو، ئەو هەمیشە ئەو بارە قورسەی لەسەر شان بوو، لە لایەک نەخۆشکەوتنی (بارزانیی نەمر)، لە لایەک ڕێکخستنی ئاوارەکان لە لایەک ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە، باری سەرشانی (ئیدریس بارزانی) زۆر قورس بوو، ئەو ڕۆحی بەرخودان و کوردایەتی لەناو کادیران پەروەردە دەکرد. ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ڕاسپاردەی پێویستی دەدا بە جەماوەر لە دەنگی کوردستانەوە بۆ شۆڕش، بۆشایی زۆری درووستکرد. دەشڵێت ''تایبەتمەندیی کەسایەتیی (ئیدریس بارزانی) تایبەت بوو، لە کاتی پێویست (ئیدریس بارزانی) تووند بوو، لە کاتی ئاشتیدا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. خۆی دەبێت سەرکردە ئەم دوو مەرجەی تێدا بن، کە (کاک ئیدریس) سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو کە سەرکردەیەک هەیبوو.''

ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد، ئیدریس بارزانی پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. سەرراستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەوکردووەتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەرکردن بووبێت درێغی نەکردووە. مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە، زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دووری دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژووپی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتیی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئاڵۆزەی ئەو کات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدابووە.

ئەمساڵ(2021) لە کاتێکدا یادی 34 ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانیی دەکەینەوە کە ناوچەکە و ئێراق تێدەپەڕێت و لە سەروبەندی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستانە و گشت نیگاکان و هیواکان لەسەر هەر دوو سەرکردە و میراتگری قوتابخانەی کوردایەتیی و بارزانیی، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانیی و مەسرووربارزانیی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت ی کوردستان هەڵچنراوە لە پێناو جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و بەرەو پێشڤەبردنی پرۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا بەرەو

کوردستانێکی بەهێز. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2021-01-30
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2021-01-31(kurdistantv.net-)
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 330

ئیدریس بارزانی هەڤاڵ و دۆستی گەنجان و مێرمنداڵان

20250901145433653722=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی هەڤاڵ و دۆستی گەنجان و مێرمنداڵان
دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی بەتەواوی لەسەر ئەوە ساخ بووبوونەوە کە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، ڕوو لە لاوان و گەنجانی کوردستان بکەن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە کاتێک مەسعود بارزانی دەستی بە زیندوو کردنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، سەرنجی تەواوی بە لاوەکان دا و بە ژمارەیەک لاوی نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکرات ئۆرگانەکانی پارتی بوژاندەوە، لە ڕوانگەی ئیدریس و مەسعود بارزانییەوە لاوان کۆڵەکەی ڕاگرتن و گەشەپێدانی پارتی دیموکرات و شۆڕش بوون. ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی دڵسۆز بوو، پێگەیەکی فراوانی لەنێو لاواندا هەبوو و هەرگیز لە بەڕێوەبردنی لاوان و بەرەو پێش بردنی ئەو ئەرکەیدا سڵی نەکردۆتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 01-09-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 272

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 331
ئیدریس بارزانی و هێمایەک بۆ ئاشتی
20250709175551644945=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



سیروان تۆفیق شەفیق

مرۆڤەکان کە لە دایک دەبن هەموویان بە سروشت ئاسایین بێ ئەوەی پەروەردەی خێزان و بنەماڵە کاریگەریی بخاتە سەریان و هەندێک لەم مرۆڤانە هەر چۆن هاتوون وا گەورە دەبن و هەندێکیشان ناتوانن هەر وا بەئاسانی لەگەڵ ژیان هەڵبکەن و خۆیان بدەنە دەست قەدەری ژیان و ڕۆژگار، بەڵکوو بیر لە داهاتووی خۆیان و گەلەکەیان دەکەنەوە و دەبنە سمبول و ڕابەر و سەرکردەیەک بۆ گەلەکەیان. کاتێک دەتەوێت باس لە ژیانی کەسێک وەک سەرکردە و کەڵەپیاوانی گەلەکەت بکەیت دەبێت ئەو کەسە چەندین ڕەوشت و سیفاتی تێدا بێت جیاوازتر لە کەسی ئاسایی بۆ ئەوەی ببێتە کاریزمایەک.
کەواتا ئەوەی دەمەناوێت باسی ژیانی سەرکرد و سمبولێکی گەلی کورد بکەین لەم چەند دێرەدا، لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێت بە چەندین نووسین و لێکۆڵینەوە باس لە ژیان و ڕۆڵی سەرکردەی هەمیشە لە یاد کاک ئیدریس بکەین. بەڵام لە ساڵی 1944 وەک هەر منداڵێکی دیکەی کوردستان لە دایک دەبێت، بەڵام جیاوازتر پەروەردە دەکرێت و هەر لە منداڵییەوە دەبێتە قوتابییەکی زیرەک و چاوکراوەی قوتابخانەی شۆڕش و بەرخودانی بارزانی باوک و گۆش دەکرێت بە بیرکردنەوە لە ئازادی و سەربەخۆیی و پێکەوە ژیان لە کوردستان، بۆیە هەر زوو لە تەمەنی لاوێتیدا و کاتێک کاک ئیدریس تەمەنی دەبێتە 17 ساڵ بەتەواوی تێکەڵاوی شۆڕش و قوربانیدان دەبێت بۆ گەلەکەی و هاوشان لەگەڵ بارزانی باوک لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە بۆ پاراستنی کوردستان، کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو لە قۆناغەکانی ژیانیدا چەندین ڕۆڵی گرنگی بینیووە لەناو شۆڕشی چەکداری کوردستان و سەرکردایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی بارزانیی نەمر سەرکردایەتی داستانەکانی زۆزک و هەندرێن دەسپێرێت بە کاک ئیدریس بارزانی و ڕۆڵی ئازایانە دەگێڕێت لەم داستان و نەبەردیانە، هەم لەبەر ئەوەی کوڕی بارزانی باوک دەبێت و هەم لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی و نزیکی و خەمخۆری لە پێشمەرگە.

خوێندنەوە و لێهاتووی سەرکردە وای کرد ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت لە دانووستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی ئەو کاتی ئێراق کە ئاکامەکەی ڕێکەوتنامەی 11ی ئاداری لێکەوتەوەو کە بۆ یەکەم جار بوو ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێراق دانان بە مافی ئەتۆونۆمی بۆ کوردستان بنێت، کە ئەمەش بۆ سەردەم و کاتی خۆی گەورەترین دەسکەوتی شۆڕشی کوردستانی بوو، چونکە حکومەتی ئێراق دەیزانی بە سەرکووت کردن و چەوساندەوە و شەڕ لەگەڵ کورددا ناگاتە هیچ ئامانجێک بۆیە بە ناچاری ملکەچی دانان بە مافی ڕەوای کوردستان بوو.

لە دوای نسکۆی شۆڕش و پلانی ناحەزان جارێکی دیکە ئیدریس بارزانی ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە دووبارە دەستپێکردنەوەی چەخماخەی بەرخودان و هەڵسانەوە بەرەو ئاسۆ، ئەوانەی کە سەردەمی شۆڕشی گوڵان دەیگێڕنەوە باس لە چۆنێتی بیرکردنەوە و هەنگاوەکانی کاک ئیدریس دەکەن بەوەی زۆر وردبین و واقیع بینیانە بڕیاری دەدا هەر بۆیە زوو و بە هاوکاری و پاڵپشتی سەرۆک مەسعود بارزانی توانیان ئەو بیرکردنەوانە بگۆڕن کە باسیان لە کۆتایی هێنانی شۆڕشی کوردستان دەکرد و بە هەڵیگرسانەوەی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز جارێکی دیکە هیوایان بۆ میللەت و گەل گێڕایەوە و دوژمنیان تووشی هیستریا کرد.

کاتێک باسی بەرەی کوردستانی دەکەین ڕۆڵی کاک ئیدریس بارزانی وەکوو ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوە ژیانی حزبەکانی کوردستان بەرز دەنرخێندرێ، چونکە هەوڵ و کۆششی سەرکردە لەو قۆناغە هەستیاری کوردستان و هەبوونی ململانێ و شەڕی نەویستراوی ناوخۆی پارت و لایەنە کوردستانییەکان کاریگەریی نەگەتیفی کردبووە سەرشۆڕش و بە پێچەوانەوە بوبووە هۆی بەهێزی دوژمنانی کوردستان، بۆیە یبرکردنەوە و هەوڵ و کۆششی کاک ئیدریس لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بە ئامانجی نەهێشتنی دووبەرەکی لەنێو ماڵی کورد بەرز دەنرخێندرێت و هەر کاتێک باسی دروستبوونی بەرەی کوردستانی دەکرێت ڕۆڵی کاک ئیدریس وەکوو ئەندازیار و مامۆستا و سەرکردەی بیرمەند دێت.

چەندین خەسڵەتی دیکەی وەکوو (سادەیی، نزیکی لە پێشمەرگە و خەمخۆری هەژار و لێقەوماو ئاوارەکانی کوردستان و یەکسانی و دادپەروەری ... هتد) لەم زاتە پیرۆزە بەدی دەکرا، هەر بۆیە کاتێک باس لە ژیان و مێژووی سەرکردەی هەمیشە لەیاد دێت چەندین ڕەوشت و ئاکاری کاک ئیدریس وای کردووە وەکوو کاریزما و سەرکردەیەک هەمیشە بە زیندووی بمینێتەوە لە مێژووی خەباتی کوردایەتی و بەرخودانی گەلێک و ببێتە سیمبولی ئاشتی و تەبایی نێو ماڵی کوردی و باشترین بەڵگە و شاهێدی دان بۆ کاک ئیدریس بارزانی وەسفەکەی سەرۆک بارزانییە کە دەفەرموێت: دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانیی نەمر بوو، کەواتا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کاک ئیدریس بە سادەیی لە دایکبووبووە سەرکردەیەک و کاریزما و سمبولێک بۆ نەتەوەی کورد، بۆیە دوایی 32 ساڵ کۆچی دوایی بە شانازییەوە یادی دەکرێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 21-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 332

ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانی نەمر

20250706194753644364=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1


ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانی نەمر

نەوەی ڕۆژێک لەگەڵ ئیدریس بارزانی ژیابێت و
نەمرۆکە بیبوێت یەک دوو قسە دەربارەی نەو
پیاوە مەزنە هەڵکەوتووەی مێژووی کورد قسە
بکات، تووشی دوو حاڵەتی ناڕاستایی دەبێت:
یەکێکیان نەوەیە کە بیبوێت و نەیبوێت
شیرۆڵیک فرمێسکی وەفاداری، لە چاوەکانیدا
هەڵدەقوڵێن، هەر دڵۆپە فرمێسکێک هەزارو
یەک یادو یادگاری، لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن،
لە هەڵوێستی جوامێرانیو غەکدارانەو
مرۆییانەو گوردانەی نەو پیاوە کەم وێنەیە، کە ژۆر
بە ناسانی و نەماوەیەکی نێجگار کورتدا جێگەی
خۆی لە شوێنە پیرۆزەکانی دڵی بنیادەمدا
دەکردەوەو بە ناسانی لێی جودا نادەبۆوە.
حاڵەتی دووەمیان نەوەیە کە کەم کەس هەتا
نووکەش دەسەڵاتی نەوەیان هەیە پێناسێکی پر
بەپێست بۆ ئیدریس بارزانی دابنێن، چونکە نەو
پیاوە گەورەیە پرە لە پێناسەی جوان، بنیادەم
نازانێت، باسی کامیان بکات، لەگەڵ دەست پێ
بکات و لەگەڵ کۆتایی پێ بێنێ!
رەنگە ژۆرترین پێناسە لە دەرەجامدا بەرەو نەو
ناقارە بشکێتەوە کە ئیدریس بارزانی نەو
سەرکردە کەم وێنەیە بوو لە مێژووی بژاڵی
رزگاریخوازی نەتەوایەتیماندا کە وەک کاک
مەسعود خۆی باسی دەکات و دەڵێت: (دەتوانم
بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاکو بێ گەردی
بارزانیی نەمر بوو هەموو سیفاتی لەودا
کۆبووەتەوە)
هۆکاری بنەڕەتی نەو لەیەکچوونەی نێوان
بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە

زیندوو نەوەبوو کە کاک ئیدریس یەکێک بووە لە
نزیکە هەرە لە پێشەوەکانی بارزانیی نەمر و
هەمیشە وەک سێبەر لێی جوداناببۆتەوە، بۆیە
خەسڵەتە پیرۆزەکانی نەوی بە خۆوە هەڵگرتبوو،
هەمیشە هەوڵی نەوەی دەدا کە وێنەیەک بێنێ
لە فیکر و هەڵوێست و سیاسەت و عەدالەتی
نەو سەرکردە گەورەیە کە بەو خەسڵەتە کەم
وێنانەی خۆی بیوو بە خۆشەویستیی کورد و
ناوێشانی کورد و هیوای کورد.
کاک ئیدریس توانی سووڕ لە نەزموونە
سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی بارزانیی
نەمر ببینێ و نەو دەرفەتە هەڵنۆزێنتەوە بۆ
نەوەی نەو کاروانە دوورو درێژەی خەباتی پارتی،
رۆڵی خۆی ببینێ لە خزمەتی کورد وەوزی کورد،
نەوەبوو لەتەمەنێکی زووەدا هاتە ناو کۆری خەباتی
کوردایەتی.
خودی بارزانیی نەمریش بە نومێدی نەوەبوو کە
لە نێو ریزەکانی پارتیدا نەو سەرکردە
هەڵکەوتووانە بێنە پێشەوە بۆ نەوەی بەرەو بەو
رێبازە پیرۆزە بدەن و بە ئەمانەتەوە بیپارێزن.
نەوەبوو دوای مانناوایی کردنی بارزانیی نەمر،
نەو شۆڕەسوارانە توانیان بەردەوامی
بەشۆڕشی گوڵان بدەن و نەو بوارەیان نە
ڕەخساند کە نەو مەشخەڵەی بارزانیی نەمر
هەڵی کرد، تا ڕۆژی نەمرۆشی لەگەڵدابێت
دامرکێتەوە.

حەیدەر عەبدوڵڕەحمان

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانی نەمر
ناوی نووسەر: حەیدەر عەبدوڵڕەحمان مامە [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی ئیدریس بارزانی وێنەیەکی لە یەکچووی بارزانی نەمر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2000

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2000-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 333
ئیدریس بارزانی ڕۆڵی کاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبوو
20250703110902643815=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی ڕۆڵی کاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبوو
ئامادەکردنی: ڕابین شێروانی

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، (ئیدریس بارزانی) ڕۆڵێکی کاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هەبووە، هەروەها ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیشی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا.
(ئیدریس بارزانی) کوڕی (مەلا مستەفا بارزانی) لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لەدایک بووە. لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی 1947 (مەلا مستەفا بارزانی)ی باوکی کە لەگەڵ 500 کەس لە هەڤاڵانی ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیێتی پێشوو، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، (ئیدریس بارزانی) ئەو کات تەمەنی 3 ساڵ بووە، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ بۆ باشووری ئێراق دوور دەخرێنەوە و لە شارەکانی بەسرە، بەغدا و مووسڵ لە دەستبەسەریدا دەبن.
ئیدریس تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە ساڵی 1958دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.
ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی لە (ئیدریس بارزانی)یەوە نزیک بوون، باس لە خەسڵەتی جەماوەریبوونی ئەو دەکەن و دەڵێن، (ئیدریس بارزانی) قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیا نەدەکردەوە و بە سادەیی ژیاوە و زۆرجار لەگەڵ پێشمەرگەدا لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستاندا ڕۆژی کردووەتەوە.
لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، (ئیدریس بارزانی) ڕۆڵێکی زۆری دەبێت بەتایبەت لە شەڕی هەندرێندا، کە دواتر گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی ئێراق بەدوادا هات و گەیشتە ڕێککەوتننامەی (11ی ئاداری 1970)، لە دوای ساڵی 1975 لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی ئێراق جود و دواتر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ڕۆڵی باڵای هەبووە، هەر بۆیە بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناسراوە.
(ئەکرەم ساڵح) لەبارەی ئەو سەرکردە خاکییەوە دەڵێ، "تەمەن دەرفەتی نەدا زیاتر خزمەتی گەلەکەی بکات، هەڵبەت ئەوەندەی کە ژیا، خزمەتێکی زۆری بە گەل و نیشتمان و بە پڕۆسەی کوردایەتی و پارتی کردووە، بۆیە پێویستە ڕێز لەو ڕۆژە بگیرێت و بە بەرزی ڕابگیرێ.
ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی دەڵێت: (ئیدریس بارزانی) یەکێک بوو لە سەرکردە هەرە دیارەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردایەتی لە کوردستان، کە ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبووە لە بەڕێوەبردنی پارتی و خزمەتکردنی ئاوارەکان لە کاتی ئاوارەبوون و دەربەدەریدا لە وڵاتی ئێران. هەموو ئەوانە وا دەکات کە ساڵانە ئەو یادە بکرێتەوە و ڕێزی لێ بگیرێت و کەڵک لە ئەزموون و خەبات و ماندووبوونی هەڵوێستەکانی (ئیدریس بارزانی) وەربگیرێت، چونکە ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا، ئەو ئەندازیاری ئاشتی و دامەزرێنەری بەرەی کوردستانییە، کە ئەو بەرەیەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و بنیاتنانی دامەزراوەکانی دیکە.
کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (ئیدریس بارزانی) مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی (مەلا

مستەفا بارزانی) و (ئیدریس بارزانی) دا و لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993لە ڕێووێنەیەکی تایبەتدا تەرمی هەردووکیان، لەنێو پێشوازییەکی یەکجار بەرز و گەورەی خەڵکی کوردستاندا، گەیێندرانە گوندی بارزان و لەوێ نێژران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی kdp.info- 31-01-2017

کاتی تۆمارکردن: 03-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 334
ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی کاریگەر بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد
20250709164240644932=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئامادەکردنی: دهۆک بارزانی

سەرەڕای ژیانی کورتی، کاک ئیدریس بارزانی وەک سەرکردەیەکی گەورەی گەلەکەمان، هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ بەرگریکردن لە خاک و وڵات و نەتەوەکەی تەرخان کرد.
سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریس بارزانیی برای، بەیەکەوە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە ئاگری خەباتی کوردایەتییان هەڵساندەوە و گیانی بەرگری و قارەمانییەتییان بەزیندوویی هێشتەوە و هیوایان بۆ گەل و نیشتمان گێڕایەوە.
کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، هەمیشە دەرگای واڵا بووە بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێک، وەک ئەندازیاری ئاشتی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە یەکتر نزیککردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، کەسێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو، لە بوارەکانی سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگ و گەورە و بەرچاوی هەبووە.

شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی، کە لەسەر بنەمای دیالۆگ، دانووستان و دیپلۆماسی بوو، بووە نموونەیەک بۆ سەرکردە کوردەکانی دوای خۆی. هەوڵەکانی بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبووە.
ئیدریس بارزانی میراتێکی بەرچاوی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کورد کە دواتر یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری جیهانی بۆ دۆزی کورد.
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئیدریس هەوڵی دا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مۆدێرنیتە ببات. ئەو گرنگی بە پەروەردە و گەشەپێدانی ژێرخانی کوردستان دەدا. هەروەها، ئەو هەوڵی دا مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی باشتر بکات و ڕۆڵیان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکات.

لە ساڵیادی ژیاناوایی کاک ئیدریس بارزانی-دا هەموومان لەسەر رێبازی کوردپەروەرانەی ئەو، هەوڵی زیاتر بۆ پاراستنی دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و دەستەبەرکردنی یەکڕیزی و ئاشتەوایی و یەکتر قبووڵکردن بدەین.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرجەم شەهیدانی رێگەی رزگاریی کورد و کوردستان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-30	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەوایی و هەڵسانەوەی شۆڕش بوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 335
ئیدریس بارزانی یادێک لە دڵی شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەی کوردایەتی
20250706105854644294=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی یادێک لە دڵی شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەی کوردایەتی
نووسینی: بەهرە حەمەڕەش

کاتێک باسی خواستی ئاشتی و ئاشتەوایی و بەرەی کوردستانی دەکرێت، ناوی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەگەڵ دەهێنرێت. هاوخەباتەکانی دەڵێن، ناکرێت ڕۆڵی ئەو لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا فەرامۆش بکرێت.
ئیدریس بارزانی، کوڕی گەورەی مەلا مستەفا بارزانییە، لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایکبووە. لەنێو بارودۆخی شۆڕشی سێیەمی بارزان (1943 -1945) هاتۆتە دنیا.
ساڵی 1947 مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ 500کەس لە هەڤاڵانی ڕووبانکردە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئیدریس بارزانی تاکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە ساڵی 1985دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات. قۆناخی ناوەندی لە بەغدا تەواوکردووە. جگە لە زمانی دایک هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە.
سەرۆک مەسعودبارزانی لە وەسفی ئیدریس بارزانیدا دەڵێت کاک ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتوی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرنگی زۆری بە فرەلایەنی دەدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە بوو نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی پێ بەخشرا.
لە ساڵی 1961کە شۆڕشی ئەیلول بەرپا دەبێت، بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیدریس بارزانی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە، دەست بە خەباتکردن دەکات.
بە هۆی لێهاتوویی و ئەو توانایەی هەیبووە هەر زوو لەنێو شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەرکێکی زۆری بۆ دێننە ئارا و ئەویش بۆیرانە دەچێتە پێش. مەلا مستەفا تێکەڵی کاروبارەکانی دەکات و زۆر ئەرکی قورسی پێ دەسپێری کە سەرکەوتویی لە جێبەجێ کردنیاندا بەدیار دەکەوێت ئیتر دەبێتە جێی متمانەی زیاتری مەلا مستەفا بارزانی و یەکێک لەو کەسانەی کە پڕ بە دڵی دەبن.
سەرۆک مەسعود بارزانی، لە یادی شەهید ئیدریس بارزانیدا دەڵێت دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانی، بوو.
ڕۆڵی ئیدریس بارزانی، لە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار و گفتوگۆکانی ساڵی 1974 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و لە دوای ساڵی 1975 لە بەردەوامیدان بە شۆڕش و پێکهێنانی (بەرەی جودا) و دواتر بەرەی کوردستانی چەند بەرهەمێکن کە ڕۆڵی گرنگی تیایاندا هەبووە.
سەبارەت بە هێڵی جەماوەری پارتی و توانای دیپلۆماسییانەی دوای ساڵی 1975 بە شێوەیەکی سەرەکی بناغە دروستکەری بووە، چونکە شارەزا و کارزان و جددی و بەپەرۆش بووە لە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر. تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بە تایبەتی لە دوای ساڵی 1975 لە ئاستێکدا بووە، کە بناغەیەکی پتەوی دروستکردووە و لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا داینە مۆی ڕێکخستنەوە و هەڵیگرساندنەوەی شۆڕش بووە.
ئیدریس بارزانی، هەوڵ و ململانێ لەگەڵ ئەو هەلو مەرجەکەدا و مێرخاسانە شان دەداتە بەر ئەرکی ڕێکخستنەوە و شۆڕش و زیندە بە چاڵکردنی پیلان و گرفتەکان بکات. هەر دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی

نیشتمانی و پێشکەوتنخوازدا کە لە ساڵی 1978 بەرپا بووە و دەبێتە سەرپەرشتیاری ئاوارەکانی دوای نسکۆی 1975 لە ئێران.
ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیا نەکردووتەوە بە سادەیی ژیاوە و هەر شەوە لە بن ئەشکەوت و بن بەردێک بەبێ جیاوازی هەڵیکردووە. لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێ بووە و لە داڕشتن دا توانای زۆری هەبوە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی خوێندوویەتییەوە و نووسیویەتی. بایەخی بە بوارەکانی نەتەوایەتی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و وەفایی لە بەربووە.
فەلەکەدین کاکەیی، هاوخەباتی ئیدریس بارزانی نووسیویەتی: ئیدریس بارزانی مرۆڤێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بوو و باکگراوندێکی باشی هەبوو، زۆریش بایەخی بە فەلسەفە و هۆنراوەی دونیا و جوولانەوەی سیاسی لە دونیادا دەدا. مرۆڤێکی لەخۆ بردوو بوو، ئەوەندی تێبینیم دەکرد، نەمبینی هیچ شتێکی بۆ خۆی بووێت، هەمیشە یەک شتی دەگوتەوە، کە شۆڕش دوای 1975 ئەمانەتێکە لەسەر ئێمە ئەو خەڵکە ببەینە جێگەی خۆی، واتە خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە جێگەی خۆی، ئەوەی لە باشوورە بگەڕێتەوە کوردستان، ئەوەی لە دەرەوەیە بگەڕێتەوە کوردستان، ئەو شوێنانە ئاوەدان بکرێنەوە، وەکوو بڵێی ئەو ئاواتانەی لە دوای ڕاپەڕین هاتنەدی، ئەوە ئاواتی ئەو بوو، دەیوت ئەوە ئاواتی ئێمەیە.
لە کاتژمێر 6ی سەر لە بەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی (سلیڤانا)ی سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مااڵوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشتی باوکی دەنێژرێت.
پاش نزیکەی 10 ساڵ و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی هەردوو نەمر مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی دەدات. لە ساڵی 1993 لە مەراسیمێکی تایبەت دەگوازرێنەوە خاکی ئازادی کوردستان و لە گوندی بارزان دەنێژرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2022 -www.nuche.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 336

ئیدریس بارزانی.. سەرکردەیەکی دیندار و عیرفاندۆست

20260218110435676915=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی.. سەرکردەیەکی دیندار و عیرفاندۆست
ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

هەندێک جار هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی کەساتییەکان تەنیا مێژوو نییە، بەڵکوو تێگەیشتنە لەو ئەزموون و کولتوور و فەرهەنگە کۆمەڵایەتییەی پشت درووستبوونیانەوە، کە کاریگەریی زۆری هەیە لە دارشتن و پەروەردەکردن و ئاراستەی سەرکردایەتیکردن؛ هەڵبەت ئەوەی لەسەر کەسایەتی و سەرکردەیەکی کاریزمایی وەک خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بە دوای زانیاری و سەرچاوەدا بگەڕێت، بۆی دەردەکەوێت ئەو تەنیا سیاسییەک نەبووە، بەڵکوو سەرکردەیەکی لێهاتووی خاوەن هەست و هەڵوێستێکی بەرزی ئایینی و نەتەوەیی و کەسایەتییەکی هەڵکەوتە و مەبدەئی بووە، ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، بەڵکوو بۆ کەسێک کە لە بنەماڵە و تەریقەتی شێخانی بارزان هاتبێتە دوونیاوە، وێنایەکی بەرجەستەبووی جەنەڕاڵێکی مەزنی وەک بارزانیی نەمر بێت و، لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەی تێکۆشابێت! هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، لەپاڵ هەموو ئەو ئەرک و کۆڵە قورسەی سەرشانی و خەبات لە پێناو نیشتمان و قوولبوونەوەی لە خەمی خەڵک و خاکدا، دینداری و خواناسی لەبیر نەکات و بە ئەرکی لەپێشینەی ژیانی دابنێت، جێی هەڵوێستە و شانازییەکی مەزنە، ئەمە نەک بۆ خۆی و خەبات و مێژووی بنەماڵەکەی، بەڵکوو بۆ هەموو ئایینداوستان و زانایان و تاکێکی کورد شەرەفێکی گەورەیە، کە سەرکردەی وا هەڵکەوتووی سەر شا ڕێگەی ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری هەبووە و هەیە.
خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی وێڕای ئەوەی کارەکتەرێکی سیاسی خاوەن پەیوەندییەکی بەهێز و فراوانبووە، لە هەمان کات دا هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی دینداری و عیرفانی بووە. بەپێی زانیاری و سەرچاوەکان، ئیدریس بارزانی شەوانە کاتی تەرخانکردووە بۆ عیبادەت و خواپەرستی و قوولبوونەوە لە ڕێبازی خواناسی، حەزی بۆ شارەزایی لە قورئانی پیرۆز زۆر بووە و حەز و خولیای تەفسیری قورئانی زۆر بووە، لە پارێزگاریکردن و پابەندی و پاراستنی ڕێبازی ئەهلی سوننە و مەزهەبی فیقهی کورد زۆر بەهەڵوێست بووە، لە کاتی دانووستاندنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕاشکاوانە گوتوویەتی: ئێمە گەلێکی موسڵمانین، ستەم لێکراوین، بەڵام باوەڕتان هەبێت کە یەزدانی مەزن قەت ستەم قبوڵ ناکات خوا هەر سەرمان دەخات.
سااڵنە لەگەڵ هاتنەوەی مانگی مەولوود ئاهەنگی تایبەتیی بەوبۆنەوە سازکردووە و بانگهێشتی خەڵک و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی کردووە و لە خوێندنەوەی مەولوودنامە بەشداربووە و پەرتووکی (بوردەتولمەدیح)ی لەبەر بووە و لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی گێڕاویەتییەوە. مرۆڤێکی زاهید بووە لە ئایین و دونیادا و، زۆریش حەزی لە دروشم و پەرستشەکان کردووە، تەنانەت لە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو کە بۆی گێڕامەوە، کە لە خزمەت ئیدریس بارزانی دانیشتبوون باسی لە پێویستی و لەزەتی دینداری کردووە بەتایبەت کاتی (بانگ) بۆ ئەو هەستێکی تایبەت بووە، گوتویەتی: من زۆر حەزم لە دەنگی (بانگی نوێژ)ە و هەستدەکەم وەک پەیامێک دەروونم هێور و ئارام دەکاتەوە، هەبوونی ئەم دروشمە ڕوونایی دەداتە کۆمەڵگە و سەقامگیری ڕۆحی بڵاودەکاتەوە.
وێڕای ئەمەش ڕۆحێکی عیرفانی گەورەی هەبووە و بەردەوام حەزی لەو شتانە بووە کە ڕۆحی مرۆڤ بەرز و ئارام دەکەنەوە. تێکەڵبووە لەگەڵ هۆنراوەی شاعیرانی ڕێبازی عیرفانی و هەستی نەتەوەپەروەری، بەتایبەت زۆر شەیدای هۆنراوەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و وەفایی بووە. زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو سێ کەڵە شاعیرە ئایینپەروەر و نەتەوەپەروەرەی لەبەربووە. کۆڕ و مەجلیسی پێ ڕازاندووەتەوە، تەنانەت پەرتووکی (نەهجولبەلاغە)ی ئیمامی عەلی خوێندووەتەوە و بۆچوونی وابووە، حیکمەت و دانایی لە هەر کولتوورێک هەبێت پێویستە سوودی لێ وەربگیرێت.
هاوکات پەیوەندییەکی بەهێز و نزیکی لەگەڵ زانایانی ئایینی هەبووە، لە دوای ڕێککەوتننامە شومەکەی جەزائیر لە ساڵی 1975 لە کاتی ئاوارەیی لە ئێران و لە ئۆردووگای زێوە، دواتر کاراکردنەوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی

کوردستان لەسەر دەستی کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی نیشتمانپەروەر بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بوو. کە یەکێتی زانایان لەسەر پێی خۆی وەستاوەتەوە، ئیدی ئەو پۆلە مامۆستایە بوونە هەوێنی پاراستنی ئەم ڕێکخراوە و پاڵپشتی بۆ شۆڕش و هەستی کوردایەتی و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر، سەرەڕای ئەو گوشارەی لەسەر کورد و کوردستان هەبووە، کە ڕژێمی شا سەرجەم ئاوارەکانی دوورخستەوە بۆ شارەکانی دوورە دەستی ئێران تاوەکوو دووریان بخاتەوە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و چیتر تێکەڵی سیاسەت و شۆڕش نەبن.

مامۆستایانی ئایینی وەکوو سەرجەم پێشمەرگە و ئاوارە خۆڕاگرەکان کۆڵیان نەدا و کەوتونەتەوە خۆ بۆ ئەوەی هەرچی زووە یەکێتی زانایان ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە خوالێخۆشبووان مەلا محەمەدی مزووری لەگەڵ چەند مامۆستایێکی دڵسۆز و کۆڵنەدەری دیکەی وەک: مەلا عەلی مەلا عومەر دۆسکی ناسراو بە (قازی شۆڕش)، هەروەها مەلا محەمەد گۆری و مەلا عەبدوڵڕەحمان میر سەردەری، مەلا عەبدولکەریم خۆشناو و مەلا جوبرائیل بیری و چەندین مامۆستای دیکە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە ڕێکخستنەوەی یەکێتیی زانایان، ئەوان پەیوەندییان بە هەموو مامۆستایانی ئاوارەوە کرد لە سەرجەم شارە دوورەدەستەکانی ئێران، لە ئەنجامدا ساڵی 1989 لێژنەی ئامادەکاری دیارکراو مامۆستایانی ئایینی پەیوەندییان بەو لێژنەیەوە کرد و بە بەشداری 50 مامۆستای ئایینی کۆنفرانس بەسترا، تەنانەت هەندێکیان بەخێزانەوە گەڕانەوە ئۆردووگای زێوە تاوەکوو لە نزیکەوە بەشدارین لە کار و چالاکییەکانی یەکێتی زانایان.

هەموو ئەو هەوڵانە بە پشتگیری و هاوکاری ڕاستەوخۆی خوالێخۆشبوو (ئیدریس بارزانی) بووە، کە ئەگەر ڕۆڵی ئەو نەبووایە هەوڵەکان سەریان نەدەگرت و سەرکەتوو نەدەبوون. وەک سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان لە ئاوارەیی دا، ئەگەر ڕۆڵی ئەو نەبووایە ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی مامۆستایان لە ماوەیەکی کەم دا ئاستەم بوو.

نزیکی و پاڵپشتی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لە زانایانی ئایینی قەت وای نەکردووە ئەم ڕێکخراوە و مامۆستایانی ئایینی هەست بە بێکەسی بکەن، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئەم دامەزراوەیە و ئەو سەرکردە مەزنەیە وەک نزیکترین کەس لە زانایانی ئایینی، زەوینەی گونجاوی ڕەخساندبوو لەوەی زانایان بتوانن هاوشانی شۆڕشگێڕانی کورد و پێشمەرگە خەبات بکەن و لە چالاکی خۆیان نەوەستن.

سەرباری هەموو ئەرکە قورسەکان، ئەو سەرکردەیە لایەنی خواناسی و خواپەرستی فەرامۆش نەکردووە، دەتوانین بڵێین؛ کاریگەریی و ڕۆڵی ئایین لە لای ئەو جێی بایەخ بووە و کاردانەوەی بەسەر کۆی هزر و هەنگاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییەکانەوە هەبووە، ئاڕاستەی تێڕوانین و جیهانبینی، هەڵقوواڵاوی هەناوی ئایین و ڕێبازی عیرفانی و باپەند بە پرسی ئەخلاق بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بووە.

ئەمەش هۆکار بووە، کە بەردەوام گرنگی بە خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن بدات، لە بواری ئایین، ئەدەب و مێژوودا. هاوڕێی پەرتووک بووە و زۆر حەزی لە شارەزایی بەردەوام بووە لە قووڵایی خواناسی. وەک سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەم بارەوە دەڵێت: شەوانە تاوەکوو درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی، هەردەم پەرتووکی پێبوو. تامەزرۆی پەرتووک خوێندنەوە بوو. تەنانەت لەناو ئوتۆمبێلیشدا دەیخوێندەوە، شەوانە پێکەوە پەرتووکمان دەخوێندەوە و گفتوگۆمان دەکرد.

لەپاڵ ئەم هەوڵانە؛ هەمیشە هەڵگری خەمی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بووە و تەنانەت لە دانیشتنێکدا ساڵی 1986 لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی لە ئۆردووگای زێوە باسی لەوەکردووە، کە ئەو لە ژیانیدا پشووی کەم بووە و بەردەوام لە خەبات و تێکەڵی ئێش و ئەندێشەی گەلەکەی بووە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکەی ئاوارە بووە لەسەر کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی بووە، ناکرێت بەرپرسیاریێتی هەڵنەگرن و خەمی ئەو خەڵکە لە کۆڵ نەنێین. ئەم زەوینەیە خۆڕسکە هۆکار بووە، کە ئەو لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا کەسێکی سادە و دامەزراو و کۆمەڵایەتی بێت و، نموونەی ڕۆشنفکر و وەفا و ڕەوشتبەرزی بێت. لە دیدار و گفتوگۆدا بە قسە و گوفتاری شیرین و بوێر

و ڕاشکاو، لۆژیکییانە سەرنجی بەرانبەری ڕابکێشێت، تەنانەت ئەوە مەشهورە کە جارێک دەچنە لای ئایەتوڵڵا خامنەیی کە ئەوکات ئیمام جومعەی تاران بوو، لە دیدارەکە و دوای قسەکانی کاک ئیدریس بارزانی، خامنەیی هێندە سەرسام بووە بە گوفتار و زانیاری و ڕاشکاوی لە دەربڕیندا، پێیگوتوە کە مەلا مستەفا بارزانی بە ئاسوودەیی سەری ناوەتەوە چونکە کوڕی وەک تۆی هەیە، هەروا سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا دەڵێت: دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆببووبوونەوە.
ئەو بە ئەندازیاری ئاشتی و کەسێکی ژیر لە دانووستاندندا وەسف دەکرێت، لە کاتی ململانێ و باری نائاسایی و شەڕ و لێکترازانەکاندا و کاری دیبلۆماسی، ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕەخساندنی زەوینەی ئاشتی و سەقامگیری و لێکنزیکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان گێڕاوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی ناوکۆمەڵگەی کوردستان هەبووە، بۆیە لە سۆنگەی ئەمەکداری و خەمخۆری بۆ دۆخی ئاساییشی کۆمەڵایەتی، خەڵک بە پشت و پەنایەکی گەورە سەیریان کردووە، زۆر بایەخی بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی داوە و تۆڕی پەیوەندییەکانی فراوان بووە، ئەمەی وەک زەوینەی ئاشتی و پێکەوەژیان لەنێو سەرجەم بۆچوونە جیاوازەکان و پێکهاتە ئایینییەکان زانیوە.
بە کورتی: خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی وەک سەرکردە و سیمبوولێکی نەتەوەیی، لەسەر ڕێباز و میراتی دینداری و عیرفانی شێخانی بارزان، ئایین لە لای ئەو هێزێکی گەورەی مەعنەوی و ڕووحی بووە بۆ پاڵپشتی هەنگاوەکان و درێژکردنەوە و پاراستنی هەستی ئایینی و بەستنەوەی بە هەست و سۆزی نەتەوەیی و نیشتماندۆستی، وەک بناخەی گەیشتن بە مافی ڕەوای گەل و بەرقەرارکردنی ئاشتی و بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕش، بۆیە سەرۆک بارزانی لەگەڵ هەواڵی مااڵوایی ئەو پیاوە مەزنە دەنووسێت: بەم هەواڵە ناخ و دەروونم هەژا، دونیا لەبەر چاوانم تاریک بوو، کۆچی دوایی کاک ئیدریس کۆست و زیانێکی گەلێک گەورە بوو نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 10-02-2026

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2026-02-10	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی rudaw.net - 10-02-2026 (rudaw.net)

کاتی تۆمارکردن: 2026-02-18

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 337
ئیدریس بارزانی: ساواک دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم
20250906161721654450=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەردی عومەر

لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلولدا (ساواک) بە جۆرێک باڵی بەسەر شۆڕشدا کێشابوو، کە سەرکردەیەکی ئەیلول و کوڕی مەلا مستەفای بارزانی (ئیدریس بارزانی) بە تۆفیق نوری بەگ دەڵێت: تەنانەت (ساواک) دەزانێت من ئێستا نان و تەماتە دەخۆم.
تۆفیق نوری بەگ یەکێک لەو کەسانە دەبێت کە هەڵگری بیری نەتەوەیین و لەناو شۆڕشیشدا هەر بە (نەتەوەییەکان) ناسرابوون لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: نزیکبوونەوە لە (ساواک) وای کردبوو بەهیچ هێز و بیروباوەڕێک ڕاست نەکرێتەوە.
ئەم باڵادەستییەی (ساواک) دەگات بەوەی، کە هەواڵێک بڵاوکرایەوە؛ (ساواک) لیستێکی چەند کەسی ئامادەکردووە لەو کوردە نەتەوەییانەی کە لەناو شۆڕشا خەباتیان دەکرد، ژمارەیەک لەوانە کەسانی دیاری ناو ڕێکخراوی لاوانی کورد و کاژێک بوون کە پاڵیان بە شۆڕشی ئەیلولەوە دابوو، لەلایەن پاراستنەوە دەستگیربکرێن و بکوژرێن و لەناو ببرێن.

تۆفیق نوری بەگ لە هەبوونی وەها لیستێکدا بۆ دڵنیایی دەگەڕێت، بۆ پرسوجۆی ئەم بابەتە دەچێتە لای ئیدریس بارزانی و لە بیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە (155و156)وەها دەگێڕێتەوە: لە کاتێکدا من چوومە خزمەتی کاک ئیدریس بارزانی خەریکی نانخواردن بوو، نان و تەماتەی دەخوارد لە وەڵامدا تەماتەیەکی هەڵگرت و فەرمووی مەترسن کەستان ناگرن و لەناوتان نابەن.

منیش لە وەڵامدا وتم: چۆن؟ داوایان لە دەزگای پاراستن کردووە من ڕادەست بکرێم لەگەڵ کۆمەڵێک هاوبیری تردا.

فەمووی:ئێستا (ساواک) دەزانێت من نان و تەماتە دەخۆم و (ئەکید)بە دەزانن کە تۆ ئێستا هاتوویتە لای من و زۆر چاک ئاگادارن.
ئەم وەڵامەی کاک ئیدریس ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ئەوانەی لە دەوری بوون واتە کاربەدەستەکانی بارەگای بارزانی پەیوەندیداربوون بە دەزگای ساواکەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد - کاژیک | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | ڕانانی پەرتووک | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی سەروو | کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 24-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی2024-01-24 (politicmedia.net)
کاتی تۆمارکردن: 2025-09-06
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 338
ئیدریس بارزانی: میراتێکی نەمر
20250709181542644946=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خودای مەزن لە قورئاندا دەفەرموێت: (لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا). واتە خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێک، تەنیا بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت. لەوەتەی چەرخی گەردوون لە سووڕانەوەدایە، هەر مرۆڤێک ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی کەوتبێتە سەرشان، پێشتر خودای مەزن توانا و بەهێزی لەو کەسەدا بەدی کردووە. ئەگەرچی ئەم کەسانە بەسەختی ژیان بەڕێدەکەن، بەڵام بۆ هەمیشە بە نەمری لە پەڕەکانی مێژوودا دەمێننەوە.
لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا، فیلمی (BraveHeart) هاتەوە یادم. کاتێک ویلیام واڵاسی گەنج ڕێبەرایەتیی دۆزی گەلەکەی دەکات، ئەو گەلەی کە سااڵنێک بەدەست ئینگلیزەوە دەینااڵند. ویلیام ملی دایە بەر ئەرکێکی قورس و بەربەرەکانێیەکی گەورە لە پێناو ئازادبوونی سکۆتلەندا. ئەگەرچی ویلیام تەمەنێکی کورتی هەبوو و لەم ڕێگەیەدا گیانی بەخت کرد، بەڵام گەلەکەی بە ئامانج گەیشت و ئەو بووە چیرۆکێکی نەمر بۆ نەوەکانی داهاتوو.

گەلی کورد، کە بەدرێژایی مێژوو چەوساوەتەوە، نموونەی زۆری لەم چەشنەی هەیە. ئەمڕۆ، لە سااڵرۆژی کۆچی دواییدا، یادی سەرکردەیەک دەکەینەوە کە لە تەمەنێکی کەمدا بارێکی قورسی خەباتی هەڵگرت.
ئیدریس بارزانی سەرکردەی زیندوو لە تەمەنی الوێتیدا، ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی بوونە ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی. ئەو بڕیاری دا کە ژیانێکی کورت بەڵام پڕ لە واتا بژی. خۆشی و ئاسوودەیی ژیانی وەلا نا و لەنێو ئازارەکانی گەلەکەیدا ژیا، هەمیشە خەونی یەکڕیزی و سەرکەوتنی کوردی لە باوەڕدا بوو. ئەوەتا ئەمڕۆ، دوای دەیان سااڵ،

ئیدریس بارزانی وەک سەرمەشقێکی نەمر ماوەتەوە و دەتوانین بڵێین بەشێک لەو ئامانجانەی کە ئەو بۆی ژیا، بەدی هاتوون. [1]

سالم جاسم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | haremnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 339
ئیدریس بارزانی، ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەختی ناو قەیرانەکان
20250710154417645040=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیدریس بارزانی، ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەختی ناو قەیرانەکان

(کازم شانەدەری)، هاوەڵی (بارزانی نەمر) و پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، لە ساڵیادی کۆچی ناوەختی (ئیدریس بارزانی)دا دەڵێت: لەناو کەسایەتیی (ئیدریس)ی هەمیشە زیندووودا کۆمەڵێک خەسڵەت پێکەوە کۆ ببوونەوە، پێش هەموو شت خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز بوو، لێبووردە بوو، خەمخۆری خەڵک و پێشمەرگە بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەگەڵ (سەرۆک مەسعوود بارزانی)دا پێکەوە کاروباری ڕۆژانەی شۆڕش و (بارزانی نەمر)یان بەڕێوە دەبرد، لە دوای شۆڕشی ئەیلوول قۆناغێکی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بە پلەی یەکەم لەسەر شانی (ئیدریس بارزانی) بووە، هەر ئەو بوو مەفرەزەکانی پێشمەرگەی لە شۆڕشی گوڵاندا دەنارەوە بۆ کوردستان و لەناو ئێرانیشدا بە دەنگ بریندارەکان و خێزان و ماڵ و منداڵی پێشمەرگە دەچوو. (ئیدریس بارزانی) باوەڕێکی گەورەی بە ئامانجی ڕەوای گەلەکەمان هەبوو، ئەم ئامانجەی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوان تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە گرێ دابوو.

وتیشی: (ئیدریس) لە بەردەستی (بارزانی نەمر) فێری ئازایەتی و شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری ببوو. لە (شێخ ئەحمەدی بارزانی)یەوە، فێری ئاکار و لێبووردەیی و پێکەوەژیان ببوو، (ئیدریس) تەنیا برای (سەرۆک بارزانی) نەبوو، بەڵکوو هەڤاڵ و هاوخەباتی (سەرۆک بارزانی) بوو، ئەرکەکانی لەگەڵدا بەش کردبوو، هەر بۆیە من لە خودای مەزن و دلۆڤان دەپاڕێمەوە گیانی (ئیدریس بارزانی) لە ناوماندا هەر زیندوو بێت، بۆ ئەوەی بە هەمان ئیرادەی (ئیدریس) ئاشتی و برایەتی لەنێوان کوردان دروست ببێتەوە.

ئەگەر لەم وەسفە سادەیەی (کازم شانەدەری)یەوە کەسایەتیی (ئیدریس بارزانی) بۆ ئێستامان بخوێنینەوە، دەبینین بەرهەمی هاوکاری و هاوخەباتی نێوان (سەرۆک بارزانی) و (ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو، ڕۆژانی پێش کۆچی ناوەختییەتی کە توانی بەردی بناغەی بەرەی کوردستانی دابنێت و پڕۆسەی ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی بگەیەنێتە ڕێککەوتنێکی گرینگ و هەر ئەم ڕێککەوتنەیش بووە سەرەتای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، هەر ئەم بەرەی کوردستانییەیش بوو توانی سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 بکات و پاشانیش هەر ئەم بەرەیە یاسای ژمارە 1و2ی دەرکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و لەسەر ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەیش بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کورد توانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت.

پێکەوەگرێدانەوەی ئەم ڕووداوانە بە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی 1986 و سەرەتای 1987، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساڵانەی کە پێشبینیی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو بۆ کورد و کوردستان دەکرا، ئەو کات هێشتا پڕۆسەکانی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام هەموو پێشبینییەکان بەو ئاڕاستەیە بوون، کە ڕۆژانی دواتر کوردستان ڕووبەڕووی سەختترین قۆناغ و گەورەترین قەیران دەبێتەوە، لەم خاڵەوە ئەگەر دووبارە فیکری (ئیدریس بارزانی) بخوێنینەوە، هەست دەکەین هەستی بەوە کردبوو، ئەو ڕۆژە سەخت و قەیراناوییانەی پێشبینی دەکرێت ڕووبەڕووی کوردستان ببێتەوە، تەنیا بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەتوانرێت تێپەڕێنرێت، لەمەش زیاتر واقیعبینی سیاسیی (ئیدریس بارزانی) لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە زۆر باش لەناو ئەو واقیعەدا دەستنیشانی هۆکارەکانی کردووە، ئەویش ئەوەیە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی تەواوی لایەنە سیاسییەکان لە ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەست پێدەکات.

بێگومان لەگەڵ ئەوەی تەمەن ڕێگەی نەدا خۆی بەرەی کوردستانی ببینێت، بەڵام ئەم پێشبینییەی (ئیدریس

بارزانی) ڕاست دەرچوو، ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بووە بەردی بناغەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بەرەی کوردستانی لەو ڕۆژە سەخت و قەیراناوییانەدا بووە جێگەی ئومێدی تەواوی خەڵکی کوردستان، لەمەش زیاتر بەرەی کوردستانی تەنیا نەبووە هۆکار بۆ یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە شاخ، بەڵکوو بووە هەوێنی یەکڕیزی لە ویژدانی هەر تاکێکی کوردستاندا، ئەمەش لە ڕاپەڕینی 1991 بە کردەیی بەرجەستە بوو.

هەر بۆیە ئەمڕۆ لە کاتێکدا ساڵیادی کۆچی ناوەختی ئەم سەرکردەیەی گەلەکەمان دەکەینەوە و لە هەمان کاتدا کوردستان بە قۆناغێکی سەختی سیاسی و قەیرانی ئابووریدا تێدەپەڕێت، جێگەی خۆیەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە ئابووریيە و ڕێکخستنەوەی نێومااڵی کوردستان، سوودێکی گەورە لە ئەزموونی (ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو وەربگرین.

هەروەک (موحسین دزەیی)یش دەڵێت: دەبێت هەموومان وەک (ئیدریس)، هاوکاری (سەرۆک بارزانی) بین، بۆ ئەوەی بە هەمان ئیرادەوە، لەناو ڕۆژانی سەخت و قەیرانەکاندا ئومێد بۆ ئایندەیەکی گەش دروست بکەین.

دروستکردنی ئەم ئایندە گەشە بە بڕیاری بوێرانە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیمان و خۆدوورخستنەوە لە دەسکەوت و تێڕوانینی حزبییەوە دەست پێدەکات.

هەموو ئەو خەباتگێڕانەی هاوخەباتی (سەرۆک بارزانی) و (ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو بوون، ددان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە دوای کۆچی دوایی (ئیدریس بارزانی)، ئەرکی سەرشانی (سەرۆک بارزانی) زۆر قورس بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای کۆچی (ئیدریس بارزانی) بەرەی کوردستانی هاتە دامەزراندن و تێگەیشتنێکی گەورە لەنێوان (سەرۆک مام جەلال) و (سەرۆک بارزانی) لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان هاتە ئاراوە و توانرا لە میانەی بەرەی کوردستانیدا هەنگاوی زۆر گەورە هەڵبگیرێت، لە دوای دامەزراندنی پەڕڵەمان و حکوومەت، ڕاستە شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی بۆ ماوەیەک دروست بووەوە، بەڵام دیسان بە تێگەیشتنی گەورەی نێوان (مام جەلال) و (سەرۆک بارزانی) نەک هەر توانیان شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنن، بەڵکوو گەیشتنە ڕێککەوتنی ستراتیژی و لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەشدا توانرا وێڕای گۆڕانکارییە گەورەکان و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی ئێراق و نووسینەوەی دەستوور، دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ کوردستان بەدیبهێنن. بەڵام لە ئێستادا و جارێکی دیکە بەهۆی نەخۆشکەوتنی (مام جەلال) خوا شیفای بدات جارێکی دیکە ئەرکی سەرشانی (سەرۆک بارزانی) قورس بووەتەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی داعش و تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و هەنگاوەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، (سەرۆک بارزانی) پێویستی بە هاوکاریی هەموو لایەکە بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە سەختەیش بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان تێپەڕێنین.

(سەرۆک بارزانی) لە سەرەتای ئەمسااڵدا، پێشبینیی ئەوەی کردووە کە ئەمساڵ ساڵێکی سەخت و قەیراناوی دەبێت بۆ کوردستان و لە سەروبەندی ئەوەین گۆڕانکاریی گەورە لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست ڕوو بدات، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی پەیامی خۆی ئاڕاستەی گەلی کوردستان کردووە و پێی ڕاگەیاندوون، تەنیا ڕێگەیەک کە دەتوانین لەم گێژاوەدا ئومێد و گەشبینی بۆ ئایندەی کوردستان دروست بکەینەوە، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە. ئەم ئامانجەی (سەرۆک بارزانی) کە نەخشەڕێگەی بۆ دارشتووە، پێویستی بەوەیە هەموومان وەک (ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو هاوکاری (سەرۆک بارزانی) بین و هەر تەنیا بەم هاوکاری و پشتگرتنەی (سەرۆک بارزانی) ئەو ئیرادەیە دروست دەبێتەوە کە لەناو گێژاوی ڕۆژە سەخت و پڕ قەیرانەکاندا، ئومێد و گەشبینی بۆ ئایندەی کوردستان دابین بکەین، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە (ئیدریس) لە

پێناویدا ژیا و، ئێستایش دەبێت هەموومان درێژەپێدەری بین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2016

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2016-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
کازم شانەدەری	ژیاننامە	کرمانجی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2016 -(kdp.info)
کاتی تۆمارکردن: 10-07-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 340
ئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتی و هەمیشە هیوا و ئومێد
20250715202644646267=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتی و هەمیشە هیوا و ئومێد
ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان ڕۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و بەو سیفات و ڕەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نموونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژوویییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و تواناداری خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراو و دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شێخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی نەمر تیایدا قاڵبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی ڕزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کرد و لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە. ئەمڕۆ 32 ساڵ بە سەر کۆچی دوایی شەهیدی سەرکردە (ئیدریس بارزانی) تێدەپەڕێت.

ئیدریس کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لەدایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943-1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆماڕە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون. ساڵی 1947 بارزانی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری سەختی و دەربەدەری دەکرێن و بە دەست سەری بۆ خواروو ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرا و موسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیانی ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958 کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باو و باپیران لە خاکی کوردستان.

شەهید ئیدریس بارزانی، ئازایەتی و چاونەترسی و تێکۆشەری و خوێندەواری و خاوەنی دڵێکی زۆر پاک، (ئیدریس بارزانی) بەس بە تەنیا کورد نەبوو، ئەو کاری بۆ مرۆڤایەتی دەکرد کوردپەروەر بەڵام مرۆڤدۆست بوو، پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کورد دەکرد، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک دەیوت دەبێت خۆمان گرفتەکانی خۆمان چارە بکەین، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ کەسێکی دیکە ببەین. دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەو ڕۆڵی باڵای بینی، مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕێک خستەوە و نارد‌نی بۆ پێشمەرگایەتیی شۆڕشی گوڵان، ئەو کوردپەروەر بوو. ئەو سەرباری ئەوەی کوردپەروەر بوو، مرۆڤدۆست بوو، هەر کەسێک ڕووی لەو بکردبا درێغی نەدەکرد و هاوکاریی دەکرد. شەهید (ئیدریس بارزانی) مرۆڤناس بوو و دەیزانی چۆن دڵی خەڵک ڕابگرێت، چۆن گرفتەکان چارە بکات.

شەهید ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان ڕۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و بەو سیفات و ڕەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نموونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژووییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادار‌ی خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراو و دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شیخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی نەمر تیایدا قاڵبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی ڕزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کرد و لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە.

ئیدریس بارزانی، لە دروستکردنی بەرەی نیشتمانی کە لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان و ئێراقییەکاندا دروست بوو، دەوری باڵای هەبوو، جگە لەوە لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا، لە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتیدا دەوری باڵای هەبوو. شەهید ئیدریس بارزانی نەک هەر بە تەنیا کە ئەندازیاری ئاشتی بوو، بەڵکوو ڕۆحی کورد‌ایەتی بوو، بۆ هەموومان فریادڕەسی ئاشتی بوو، ماندووبوونی نەبوو، هەروەها دەورێکی باڵاشی هەبوو لە نزیکبوونەوەی لایەنە ئێراق و کوردستانییەکان بەتایبەت لە بەرهەڵستکاریی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەوانە (سەددام)، دەوری باڵای هەبوو لە ئاشتەوایی نیشتمانیدا، سەرپەرشتیی لایەنی سەربازی هێزی پێشمەرگەی دەکرد، لە هەمان کاتدا دەیزانی چۆن کاری دیپلۆماسی بکات، چۆن داوای مافی گەلی کورد بکات، ئەو ڕێکخەرێکی زۆر باشی هزری نەتەوەیی بوو، بە چوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی.

شەهید ئیدریس بارزانی گشت تواناکانی ئەو بۆ ئاشتی و خەباتی کورد‌ایەتی لە ئاستێکدا بوو کە نەیارەکانی پێ

سەرسام بوون، لە هیچ مافێکی کورد سڵی نەکردووە، ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، خاوەنی یەکێتی و یەکڕیزیی حزبەکان بوو . ''کاک ئیدریس لە خێزانێک دروست بوو ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر کەسایەتی، چونکە لە خێزانێکی شۆڕشیگێڕ و خەباتکاردا پەروەردە کرابوو، خانەوادەی شەهید (ئیدریس) وانەی نەتەوە و نیشتمانی و کوردایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی پەروەردە بووە، بۆیە کەسێکی کاریزمایی لێ دەرچوو، بەپێی بۆچوونی شارەزایان، هاوتەمەنەکان کاریگەریی زۆر دەخەنە سەر چینی خۆیان، بۆ ئەو کاتە کاک ئیدریس هەموو ئەو کەسانەی لێیەوە نزیک بوون و لە قوتابخانەکەی بوون، توانییان جێدەستی خۆیان لە داهاتووی کوردستان بچەسپێنن.''

ئیدریس بارزانی کەسێک بوو بۆ هەموو شوێنە سەختەکان ئامادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگە بوو خەباتی بۆ کوردایەتی بوو، زۆر کەسێکی ڕاشکاو بوو. ئەو کاتەی (بارزانیی نەمر) لە ئەمەریکا نەخۆش بوو، ئەو هەمیشە ئەو بارە قورسەی لەسەر شان بوو، لە لایەک نەخۆشکەوتنی (بارزانیی نەمر) لە لایک ڕێکخستنی ئاوارەکان لە لایەک ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە، باری سەرشانی (ئیدریس بارزانی) زۆر قورس بوو، ئەو ڕۆحی بەرخودان و کوردایەتی لەناو کادیران پەروەردە دەکرد. ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ڕاسپاردەی پێویستی دەدا بە جەماوەر لە دەنگی کوردستانەوە بۆ شۆڕش، بۆشایی زۆری دروستکرد. دەشڵێت ''تایبەتمەندیی کەسایەتیی (ئیدریس بارزانی) تایبەت بوو، لە کاتی پێویست (ئیدریس بارزانی) تووند بوو، لە کاتی ئاشتیدا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. خۆی دەبێت سەرکردە ئەم دوو مەرجەی تێدا بن، کە (کاک ئیدریس) سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو کە سەرکردەیەک هەیبوو. ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. سەر ڕاستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەو کردووەتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەر کردن بووبێت درێغی نەکردووە. مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دوور دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئاڵۆزەی ئەو کات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدابووە. ئەمساڵ لە کاتێدا یادی 32 ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکەینەوە کە ناوچەکە و ئێراق تێدەپەڕێت و لە سەروبەندی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستانە و گشت نیگاکان و هیواکان لەسەر هەر دوو سەرکردە و میراتگری قوتابخانەی کوردایەتیی و بارزانیی، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەڵچنراوە لە پێناو جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و بەرەو پێش بردنی پڕۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا بەرەو کوردستانێکی بەهێز. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی gulanmedia.com- 31-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 15-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 341

ئیدریس بارزانی، پیاوی ئاشتەوایی و ئومێد و نزیکی لە خەڵک

20250814133158651049=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی، پیاوی ئاشتەوایی و ئومێد و نزیکی لە خەڵک
لە یادی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیدا، هەمیشە خەسڵەت و ئاکارە کەسیی و ئینسانییەکانی لە ڕوانگە و باوەڕ و پرنسیپە سیاسییەکانی، زیاتر دێنە بەرباس، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت زۆرترین هاوڕێ و هاوەڵی سەفەرە کورتەکەی ژیانی و ئەوانەی هەست دەکەن کاک ئیدریس بۆ ئەوان و نزیک لەوان ژیا و لە یادکردنەوەشیدا زۆرترین قسەیان هەیە بۆ وتن، پێشمەرگەی سادە و گیانفیدا و ئاوارەکانی دوای نسکۆی شۆڕشن کە بە لای ئەوانەوە سیفەت و ئاکارە ئینسانییەکانی سەرکردە وەک (مەردی و جوامێری و خاکەساری و خەمخۆری و بەدەمەوەبوونی خەڵک)، لە دید و تیۆر و ڕوانگا سیاسییەکەی لە پێشترن.
پێشمەرگە و خەباتکارانی ئەوێ ڕۆژێ کە لە کاک ئیدریس دەدوێن، هەر یەکە و سەربوردە و سەرگوزشتە و یادێکی تایبەتیی لەگەڵ هەیە و هەر نەبێت نامەیەکی ئەوی لە سینە و ئەرشیڤیدا پاراستووە. کە لەو هەموو یادەوەری و چیرۆک و نامانە ڕادەمێنێ، لەو تۆڕە فراوانەی پەیوەندییەکانی ئەو سەرکردەیە ورد دەبیەوە، سەرت سڕ دەمێنێ چۆن پەرژاوەتە سەر ئەو هەموو خەڵکە و لەگەڵ دانەبەدانەیان هەستی هاوڕێیەتی و لێکنزیکی و بەخەمەوەبوونی چاندووە و لەو کەمدەرفەتی و دۆخە سەختەی شۆڕشدا، هەموو ئەو پەیوەندیانەی ئیدارە و ئیدامە پێداوە!
ئەوانەی لە دیاردەی ئیدریس بارزانی دەکۆڵنەوە، سەرچاوەی خەسڵەتەکانی بۆ دیدە سیاسییەکەی دەگێڕنەوە. لە دیدی ئەودا سەرکردە دەبوا خزمەتکاری ئەو خەڵکە بێت کە خۆیان خسووەتە خزمەتی کوردستان، دەبوا هەمیشە قەرزبار و منەتباری پێشمەرگە و جەماوەر بێت. لە دیدی ئەودا سەرکردە لەناو میللەتێکی شۆڕشگێڕدا تەنیا بە ویست و بڕیار و قبووڵی خەڵک دروست دەبێت، سەرکردایەتیکردنیش هیچ نییە جگە لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریی و چوونە ژێرباری ئەرکی سەختتر لەو ئەرکەی لە ئەستۆی هاوسەنگەرانییەتی، سەرکردە ئەو کەسەیە لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیدا، پێشەنگی هەمووان و لە ڕزگاربوون و حەوانەوەدا لە دوای هەمووانە. هەرلەو پێودەنگەوەیە کە سەرۆک مەسعود بارزانی دەڵێت: ئیدریس هەڵگری تەواوی سیفەتەکانی بارزانیی نەمر بوو.
هەر ئەو دیدە بەرپرسیارە بوو ئیدریسی نەمری کردە مەکۆی زەحمەتترین ئەرکەکانی دوای نسکۆ، لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی نسکۆ و چوونەژێرباری ئاکام و پاشماوەکانی، لە یەککاتدا خەمخواردن لە گوزەرانی ئەو خەڵکە زۆرەی نسکۆ ئاوارەی کردن، هاوکات تەحەددی سەختی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دووبارە ژیاندنەوەی گیانی ئومێد و هەستانەوە.
کاک ئیدریس باوەڕی ڕەهای بە دڕووستیی ڕێبازی حیزبەکەی هەبوو، بەڵام بە هەمان ڕەهاییش باوەڕی واقیعبینانەی بە و ڕاستییە هەبوو کە ئەگەر کۆی هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات پێکەوە لەژێر یەک چەتری نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆنەبنەوە و کۆتایی بە تەفرەقە نەهێنن، کوردایەتی ڕەنج بەخەسارە.
ئاشتبوونەوەی گشتی لای ئەو ستراتیژێک بوو کە باوەڕی وابوو بە هەر نرخێک بووە دەبێت سەربگرێت، دواجاریش هەر ئەو دیدە بوو بەرەی کوردستانی لێ بەرهەم هات و کوردستان و کوردەواری لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گواستەوە.
ئەگەر لە تەمەنی (بە سااڵن کەم) و (بە ڕۆڵ و ڕووداو درێژخایەن)ی کاک ئیدریس بڕوانی و بتەوێت بە چەند وشەیەک پێناسەی بکەیت، ڕەنگە (ئاشتەواییخوازی، ئومێدبەخشی، نزیکیی لە خەڵک) پر بە پێست بن.
ئیدریس بارزانی کەسێک بوو بۆ هەموو شوێنە سەختەکان ئامادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگە بوو، خەباتی بۆ

کوردایەتی بوو، زۆر کەسێکی ڕاشکاو بوو.. ئەو کاتەی (بارزانیی نەمر) لە ئەمەریکا بوو نەخۆش بوو، ئەو هەمیشە ئەو بارە قورسەی لەسەر شان بوو، لە لایەک نەخۆشکەوتنی (بارزانیی نەمر) لە لایک ڕێکخستنی ئاوارەکان لە لایەک ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە، باری سەرشانی (ئیدریس بارزانی) زۆر قورس بوو، ئەو ڕۆحی بەرخودان و کوردایەتی لەناو کادیران پەروەردە دەکرد. ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ڕاسپاردەی پێویستی دەدا بە جەماوەر لە دەنگی کوردستانەوە بۆ شۆڕش، بۆشایی زۆری دروستکرد. دەشڵێت ''تایبەتمەندیی کەسایەتیی (ئیدریس بارزانی) تایبەت بوو، لە کاتی پێویست (ئیدریس بارزانی) تووند بوو، لە کاتی ئاشتیدا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. خۆی دەبێت سەرکردە ئەم دوو مەرجەی تێدا بن، کە (کاک ئیدریس) سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو کە سەرکردەیەک هەیبوو.''
ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد، ئیدریس بارزانی پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. سەرراستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەوکردووەتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەرکردن بووبێت دریغی نەکردووە. مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دوور دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتیی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئاڵۆزەی ئەوکات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدابووە.
ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی 34 ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانیی دەکەینەوە کە ناوچەکە و ئێراق تێدەپەڕێت و لە سەروبەندی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستانە و گشت نیگاکان و هیواکان لەسەر هەر دوو سەرکردە و میراتگری قوتابخانەی کوردایەتیی و بارزانیی، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانیی و مەسرووربارزانیی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەڵچنراوە لە پێناو جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و بەرەو پێشڤەبردنی پڕۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا بەرەو کوردستانێکی بەهێز. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2) کورتەباس هەورامی

هەرمانە هەرەئێژێکِ ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی 31-01-2021 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 342
ئیدریس بارزانی، لە دید و بۆچوونی سەرۆک بارزانیدا
20250706122602644301=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی، لە دید و بۆچوونی سەرۆک بارزانیدا

یەکێک لە ڕووداوە هەرە ناخهەژێنەکان لای سەرۆک مەسعود بارزانی، کۆچی لەناکاوی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بارزانیی برا و پشتوپەنای بووە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەبووە، تا ئەو ئاستەی چەند جار گوتوویەتی، خۆزگە من بام لەباتی کاک ئیدریس.
سەرۆک بارزانی لە یەکێک لە پەرتووکەکانیدا، بەشێکی تایبەت دەکات بەو ڕووداوە دڵتەزێنە، کە (8) لاپەڕەیە و تێیدا بە دڵگرانییەکی زۆرەوە، بە کۆستێکی هێجگار مەزن و ناخهەژێنی دەناسێنێت.
وەک لە پەرتووکەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، کۆچی کاک ئیدریس کەلێنێکی گەورەی کردووەتە ژیانییەوە، کە هیچ کەس و هێزێک نییە ئەو کەلێنەی بۆ پڕ بکاتەوە، چونکە کاک ئیدریس بۆ ئەو پشت و پەنا و چیایەکی مەزن بووە و هاوکار و هاوبەشێکی باشی هەم ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتی، هەم ژیانی سیاسی و سەربازی و پێشمەرگایەتیشی بووە.
هەر بۆیە سەرۆک مەسعود بارزانی تەنیا لە شۆڕشی گوڵاندا، بەشێک لە هەڵسوکەوت و هەڵوێست و ڕۆڵ و خەسڵەتەکانی کاک ئیدریس بارزانی باس دەکات، کە وێستگەیەکی گرنگە و بەشێک یا لایەنێکی ژیانی شۆڕشگێڕیی ئەو سەرکردە مەزنە، بەمشێوەیە دەخاتە ڕوو:

"کۆچی دوایی کاک ئیدریس کۆستێک بوو هەرگیز لە یادەوەریمدا ناسڕێتەوە"
لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم بەشی دووەم، 1975-1990 شۆڕشی گوڵان، لە لاپەڕەکانی 143 تاکوو 150) دەنووسێت:
"ڕۆڵی کاک ئیدریس بارزانی لە شۆڕشی گوڵاندا:
ساڵی 1987، لە کاتێکدا، کە لە ناوجەرگەی شۆڕش و جەماوەرە خۆڕاگرەکەمان و ناوچە ڕزگارکراوەکان، شانبەشانی پێشمەرگە قارەمانەکان سەرقاڵی چالاکی و دیدار و کۆبوونەوەکانمان بووین، لەناکاو پێشهاتێکی ناخهەژێن ڕووی دا.
ئێوارەی ڕۆژی 29-01-1987، سەرچاوەکانی هەواڵ بۆردومانکردنی ورمێیان بڵاو کردەوە. بەوپێیەی منداڵەکانمان لە ورمێ قوتابی بوون، پرسیارمان لە مەکتەبی سیاسی کرد، بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان و داوام کرد ورمێ جێ بهێڵن.
دواتر بڕووسکەی مەکتەبی سیاسی هات، کە بڕیارە ڕۆژی 30-01-1987، کاک ئیدریس لە تاران بگەڕێتەوە ڕاژان و سلیڤانا.
کاک ئیدریس ڕۆژی 31-01-1987 لە کەرەج بە سەلامەتی گەیشتبووە ڕاژان و سلیڤانا و ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆچی دوایی کرد.
بەرەبەیانی ڕۆژی 1ی شوباتی 1987 نوێژم دەکرد، هەر سەلامی نوێژم دایەوە، (حەمەد فەقۆ)ی پاسەوان هاتە ژوورەوە و پاکەتێکی دامێ، کە پاکەتەکەم کردەوە، بڕووسکەی مەکتەبی سیاسی بوو. بڕووسکەکەم خوێندەوە، بڕوام نەکرد، ئایا خەو دەبینم! دنیا لە بەرچاوانم تاریک بوو و هیچم نەدەبینی، ناخ و دەروونم هەژا. نەمزانی ڕوو لە کوێ بکەم، شۆکێکی یەگجار گەورە و دڵتەزێن بوو، کۆستێک بوو هەرگیز لە بیر و یادەوەریمدا ناسڕێتەوە.
کۆچی دوایی کاک ئیدریس دڵتەزێن بوو، کۆست و زیانێکی گەلێک گەورە بوو، هەر بۆ ئێمە نا، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی و هێز و پارتە سیاسییە کوردستانی و ناوچەییەکانیش بەتایبەتی."
لاواندنەوەیەکی خەمناک لە یاداشتی ڕۆژانەی سەرۆک
لە درێژەی باسەکەیدا، سەرۆک دەڵێت:
"لە 1ی شوباتی 1987 لە یاداشتی ڕۆژانەی خۆمدا ئەم دەقەم نووسی:
بسم الله الرحمن الرحیم

(انا لله وانا الیه راجعون. لن یصیبنا الا ما کتب الله لنا).
زۆر بەداخەوە برا گیان، خۆزگە من لە شوێنی تۆ بام. زۆر ڕازیم بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، بەڵام ئەدی بەڵێنمان نەدابوو یەکتری جێ نەهێڵین؟ دڵنیام بە دەستی خۆت نەبووە، ئەگینا جێت نەدەهێشتم. سەرلەنوێ زامەکانمان کولانەوە، (ئەدی بەڵێنمان نەدابوو جارێکی دیکە لە خەم و ئازارەکانمان دەپەرینەوە)؟.
براکەم، دیارە باوکت بیرت دەکات، بەدڵنیاییەوە ئیشی پێتە، بەڵام ئێمە زیاتر پێویستمان بە تۆ هەبوو.
خەمخۆرەکەی خەمی هەژار و لێقەوماوان، پەروەردە و گوێڕایەڵی باوکی خۆت، بەخوا تۆ نموونە و هێمای ڕەوشتبەرزی و وەفا و ئەمەک و پاکی و ڕاستی بووی، دیارە ئەم گەلە چانسی نییە، ئەگینا جێت نەدەهێشتن.
ئایا دەزانی هەموو کوردێکی دڵسۆز لە ئێران و تورکیا و ئێراق و سووریا و لە هەر شوێنێک پرسەیان بۆ داناویت و ئەسرینت بۆ دەبارێنن؟ ”
بەم بۆنە خەمناکەوە مەکتەبی سیاسییش بڕووسکەیەکی بڵاو کردەوە، تێیدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی کاک ئیدریس کرا لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و بەتایبەتیی لە چەسپاندنی یەکڕیزی و تەبایی ناو ڕیزەکانی گەلەکەمان.
کاک ئیدریس.. خەمخۆر و یارمەتیدەری پەنابەران
کاک ئیدریس خەمخۆرێکی سەرەکیی ئەو برا پەنابەرانە بوو، کە ڕوویان کردبووە ئێران و لە نزیکەوە هاوکار و یارمەتیدەریان بوو، لە هەوڵی بەردەوامدا بوو لە پێناو چارەکردنی گیروگرفتەکانیان.
دوای نسکۆی ساڵی 1975، سەرەڕای هاتنەئارای بارودۆخێکی هەستیار و دژوار و سەرهەڵدانی ئەو بیروڕا و ناو و ناتۆرە و دەنگۆیانەی بڵاو بوونەوە، کاک ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرنگیی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە ناسناوی (ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی) پێ بەخشرا.
ئاشتی و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی کورد بە گرنگ دەزانی
مێژوونووس، جەرجیس فەتحوڵا دەڵێت: ”دوای چوونم بۆ ناو شۆڕش و ناسینی، تێگەیشتم، کە ئیدریس بارزانی لە ڕووی هزر و بیر و تێگەیشتنەوە زۆر لە تەمەنەکەی گەورەترە. لەو قۆناغەدا نووسینی نامە و ڕەوانەکردن و ناردنی بیرخەرەوە بۆ سلک و دەستە دیپلۆماسی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتیی خاچی سووری نێودەوڵەتیی پێ سپێردرابوو.
ئیدریس بارزانی بەنهێنی سەرپەرشتیی ناردنەوەی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی دەکرد بۆ سووریا، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ژمارەیەکی زۆر کادیر و پێشمەرگەی ناردنەوە کوردستان.
سەرەڕای هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانە، کاک ئیدریس پێویستیی کارکردنی لە پێناو پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی کورد بە گرنگ دەزانی، بۆیە دیداری لەگەڵ هەموو کەس و لایەنەکان کرد، تەنانەت ئەو کەسانەش، کە لەگەڵی جیاواز بوون.
کاری سیاسی و ئەنجامدانی چالاکی لە ئێران کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە دامودەزگا ئەمنییەکان، بەتایبەتیی (ساواک)، چاودێرییەکی زۆر توندیان خستبووە سەر کاک ئیدریس. سەرباری ئەوەی چالاکیی سیاسی و پارتایەتی بە شێوەیەکی نهێنی بوو، بەڵام دیسان زۆربەی کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی کار و چالاکییە سیاسییەکانی پارتی و دۆزی گەلەکەمان.“
هەوڵێکی زۆری دا لە ڕاگرتنی شەڕە خوێناوییەکەی نێو حزبە کوردستانییەکان
زۆربەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە و ئەو کادیرە سیاسییانەی لە سەرەتاکانی شۆڕشی گوڵان دەگەڕانەوە کوردستان، فەرمان و ئامۆژگارییەکانیان لە ڕووی هاتوچۆ و چالاکییەکانیانەوە لە ئیدریس بارزانی وەردەگرت.
کاک ئیدریس هەوڵێکی زۆری دا و هۆکارێکی سەرەکی بوو لە ڕاگرتنی شەڕە خوێناوییەکەی نێوان یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان. ئەو شەڕەی، کە لە هاوینی ساڵی 1982دا، بە هێرشی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر هێزەکانی سۆسیالیست لە گەلیی (شیلا)ی وەرتێ لە حەوزی ڕواندز دەستی پێ کرد و خوێنێکی زۆر لە هەردوولا ڕژا، چونکە زۆر پەرۆشی یەکڕیزی و تەبایی ڕیزەکانی گەلی کورد بوو، هەمیشە هەوڵی پاراستن و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی دەدا و داوای بەهێزکردنی خەباتی میللەتی کوردی دەکرد، لە پێناو بەرژەوەندیی شۆڕش و گەلی کورد.

ئارامگر و خۆڕاگر و پشوودرێژ بوو

کاک ئیدریس، بەئارامی و هێمنییەکەی ناسرابوو. کاتێک ڕژێمی ئێراق لە ساڵی 1983دا، لە کردەوەیەکی کارەساتباردا هەشت هەزار بارزانیی بێسەروشوێن کرد، ئەو خۆڕاگر بوو و نەیدەهێشت خەم و پەژارە بەسەریدا زاڵ ببێت و دڵی هەموویانی دەدایەوە.

ساڵی 1986، ئیدریس بارزانی سەردانی تارانی کرد، بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران. هەر لە تاران چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوت و دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە تاران، لەسەر داوای کاک ئیدریس، لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی 1986 شاندێکی پارتیمان بۆ دانووستان لەگەڵ یەکێتی، کە پێکهاتبوو لە (فازڵ میرانی، فرەنسۆ هەریری، حاجی حاجی برایم و عەبدوڵڵا)، سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە یاخسەمەری دەڤەری جافایەتیی کرد.

هەروەها کاک ئیدریس، ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرخستنی کۆنگرەی هاوکاریی گەلانی ئێراق بینی، کە لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی 1986 بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێراق لە تاران ساز درابوو. لە کۆنگرەکەدا، کاک ئیدریس پێداگریی لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق کرد.

پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان بارزانی و کاک ئیدریسدا هەبوو

پەیوەندیی نێوان بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی تایبەت بوو، کەم بینراوە نێوان هیچ کوڕ و باوکێک بەو شێوەیە بێت، پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو. بارزانی، لای ئیدریس زۆر گەورە و پیرۆز بوو، هەرچەند بۆچوونی خۆیشی هەبوو، بەڵام بێ سێ و دوو هەموو فەرمانەکانی باوکی جێبەجێ دەکرد. جەنابی بارزانی بۆچوونەکانی کاک ئیدریسی زۆر بە گرنگ وەردەگرت و بایەخیشی پێ دەدا و ڕەچاوی داوا و ڕەفتارەکانی دەکرد.

کاک ئیدریس شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ناوەڕۆک و ڕەفتار و سیاسەتەکانی دەوروبەر هەبوو، لە سیاسەتی دەوڵەتانەوە تا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان. پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ پارتە کوردستانی و ئێراقییەکان هەبوو. دەیتوانی سەرکەوتووانە پەیوەندییان پێوە بکات و ئامادەی هەنگاوی گرنگی قۆناغ بە قۆناغیان بوو. هەر ئەم شارەزاییە وای لێ کردبوو بتوانێت لەسەر ئاستی ئێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئێران و تا ئەورووپا، لە ڕووی ئاستی کاری دیپلۆماسیی ئەوکاتە، چالاکیی بەرچاو بۆ داکۆکی لە مافی کورد بکات.

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیشمان و لە دوای مااڵوایی بارزانی، کاک ئیدریس بووە پشت و پەنایەکی بەهێز بۆ هەموو لایەک. هەوڵی دەدا هەموو کێشەکان لە سنووردێکی ماقوڵدا، کە بەرژەوەندیی پارتیی تێدا بێت، قبووڵ بکات و کۆنگرە سەرکەوت.

ڕاشکاوانە و بوێرانە هەڵوێستی خۆی و حزبەکەی دەخستە ڕوو

لە کۆنفرانسی هاوکاریی گەلانی ئێراق لە تاران، کاک ئیدریس زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی پارتیی سەبارەت بە سیستمی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی لە ئێراقدا خستە ڕوو و ڕایگەیاند: پارتی دیموکراتی باشووری کوردستان، پشتگیری لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد و گشتی لە ئێراقدا دەکات، بە مەبەستی شێوەی حوکمڕانیی داهاتووی وڵات. سەبارەت بە ئەنجام و دەرهاویشتەکانیش لە ئەگەری هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد لە ئێراق، داکۆکی لە دەنگی گەلانی ئێراق کرد و ڕایگەیاند: ڕوانگە و داخوازیی گەل پەسەند دەکەین، تەنانەت ئەگەر بەپێچەوانەی ڕوانگەی ئێمەشەوە بێت.

ڕەوشت و ڕەفتارەکانی باوکی لە ژیانیدا بەرجەستە دەکرد

کاک ئیدریس لە پێناو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی دوای نسکۆی 1975، بە گیانی پێشکەوتن و

داهێنان و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە کاری دەکرد. ئەم نسکۆیە هەستی کاک ئیدریسی بە بەرپرسیاریێتی دوو ئەوەندە زیاد کرد و وەک کەسێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا کاری دەکرد.
کاک ئیدریس خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و لەسەرخۆ و بیرکراوە و هۆشیارییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو. سوور بوو لەسەر چارەکردنی کێشەکانی خەڵک و دەیزانی بەرپرسیارییەتیی گەورە لە سەرشانییەتی و ڕەوشت و ڕەفتارەکانی باوکی لە ژیانیدا بەرجەستە دەکرد، چونکە نە کۆڵی دەدا و نە ماندوو دەبوو. بۆیە لە هەر شوێنێک بوایە، کورد لەدەوری کۆ دەبوونەوە و هیوا و ئومێدی خۆیان لە کاک ئیدریسدا دەبینییەوە.
لە ڕووی پەیوەندییەکانەوە، کاک ئیدریس نەک تەنیا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ گەلەکەی لە باشوور هەبوو، بەڵکوو پەیوەندییە سیاسییەکانی، ئەویان بە گەلی کوردەوە لە ئێران، تورکیا و سووریا بەستەوە و ئەو پەیوەندییانەشی لە پێناو زەمینەخۆشکردنی کاری میللی و سیاسی بەر لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی 26ی گوڵان قۆستنەوە.
پەیوەندییەکی بەهێزیشی هەبوو لەگەڵ هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی ناوکۆمەڵگەی کوردی و پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی و برایەتیی کورد و عەرەب.
کاک ئیدریس هەمیشە بە بیری ئەو گەنجانەی دەهێنایەوە، کە دەچوونە دەرەوە و دەیوت، بەڵای منەوە گرنگ نییە، کە کورد لە کوێ دەژی، گرنگ ئەوەیە کورد بێت، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی لە شاخەکانی کوردستان سینگی خۆیان کردووەتە قەڵغان، هەروەک ئێوە گەنجن.
دووچاری گفتوگۆی تووند دەبوو، بەڵام بۆیرانە ڕووبەڕوویان دەبووەوە
بڕوایەکی تەواوی بە سەرکەوتن هەبوو و دووپاتی دەکردەوە، کە هەرچەند ڕۆژگاری چەپگەڕ تووشی ئەم کارەساتە گەورەیەی کردووین، بەڵام باوەڕتان هەبێت، کە یەزدانی مەزن هەرگیز ستەم قبووڵ ناکات، ئێمە ستەملێکراوین و بە نامەردی لە پشتەوەڕا خەنجەریان لێ داوین، بەڵام خوا هەر سەرمان دەخات. دڵنیا بن لەوەش، کە کوردستان ڕزگار دەبێت و ئێمەش دەبێت پەند وەربگرین و شۆڕشی ئەم جارەمان بەرەو سەرکەوتن ببەین. بەدڵنیاییەوە هەرواش دەبێت و پێویستە تۆڵەی خۆمان لە نەیاران بکەینەوە، نابێت ئەم کارەساتە مەزنە هەرگیز لەبیر بکرێت و پێویستە پەندی لێ وەربگیرێت.
کاک ئیدریس، هەوڵێکی زۆری دا لە پێناو بەرەوپێش بردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش، یەکێک لەو دامەزراوانە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، کە بریتی بوو لە: ئایەتوڵا تاڵەقانی، کە تازە لە بەندیخانە ئازاد کرابوو، موتەهەری، بەهەشتی، دکتۆر حەسەن ئایار، زۆر جاریش لەگەڵیاندا تووشی گفتوگۆی توند دەبوو، بەڵام بۆیرانە ڕووبەڕوویان دەبووەوە. تەنانەت لە دانیشتنێکدا یەکێک لە ئامادەبووان وتی: جەنابی بارزانی، دیارە پڕوپاگەندەیەکی زۆر لە دژتان دەکرێت و تاوانبار دەکرێن، کە سەربە هەندێک وڵاتن. سەرەتا تاڵەقانی وەڵامی دایەوە و بەرگریی لە بارزانی و شۆڕشەکەی کرد، بەڵام کاک ئیدریس وتی، "بەڕێز تاڵەقانی سوپاس بۆ هەڵوێستەکەتان، بەڵام مۆڵەت بدەن با من وەڵام بدەمەوە، ئێمە سەربە هیچ لایەنێک نین، گەلێکی ماف لێ زەوتکراوین، لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەو مافەماندا، هەر لایەنێک یارمەتیمان بدات، لێی وەردەگرین، بەڵام ئێوە، کە دەوڵەتێکی ئیسلامین و دەستوورتان قورئانە، باوکی منیش زانایەکی گەورەی ئایینی بوو. بۆتان دەسەلمێنم، کە پیاوی کەس نەبووین، ئێستا نزیکەی 180 هەزار پەنابەر لە ئێرانن، دەتوانن هەموویان ڕادەست بکەنەوە، بمانکوژن، پارچەپارچەمان بکەن، بەڵام دڵنیا بن نابین بە پیاوی کەس. ئێوە موسڵمانن و ئێمەش گەلێکی موسڵمانین، وەرن یارمەتیمان بدەن". هەڵبەت دوای قسەکانی کاک ئیدریس هەموو شتەکان گۆڕان.
گەورە و لێبوورده بوو، هەرگیز بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە
کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ببووە هۆی نەرمونیانییەکەشی. کەسێکی لەخۆبردوو و خاکی بوو. لێبوورده بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە. زۆرجار خەڵکی ئاسایی و هەژاری بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی، هەستکردن بە کەموکورتیی

لای بەرانبەر دەڕەواندەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کاک ئیدریس جێی خۆی لە دڵی خەڵک و هەموو چین و توێژەکاندا بکاتەوە و بە پشت و پەنا و فریادڕەسی خۆیانی بزانن. سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی هەبوون، زۆر جار کاک ئیدریس بریندار و پێشمەرگەی لە ماڵی خۆی دەپاراستن و بۆ چارەسەرکردنیشیان لەسەر ئەرکی خۆی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکردن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: وەرێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 30-01-2025
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 343
ئیدریس بارزانی، نمونەی زیندووی وەفاداری بەرامبەر گەل و نیشتمان
20250715201258646258=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی (30)یەمین ساڵەی، کۆچی دوایی سەرکردەی نەتەوەیی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکەینەوە کە جیهان و ناوچەکە و کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیاردا گوزەر دەکات کە پێشمەرگە گیانبەخشەکانی کوردستان و بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕووبەڕووی گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتی، چەتەکانی داعش و کورد و کوردستان بوونەتەوە، هەر چەندە دوژمنانی و نەیارانی کورد بە درێژایی خەباتی ئازادیخوازی کوردستان بە ناو و پیلانی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە نەتەوەی کورد و گەلی کوردمان لە باشوور لە ئامانجە نەتەوەییەکانی پاشگەز بکەنەوە بەڵام، نەک نەیانتوانیی بەڵکوو سەریان لە چیا بەرزەکانی کوردستان دا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕوحی بەرزە فری مستەفا بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان کە دەیان ساڵ لە پێناویدا تێکۆشان و خەباتیان کردبوو، ئاسوودەتر دەکات و ڕێبازی بارزانیی نەمر بۆ هەتاهەتایە لەنێو بیر و هزری هەر تاکێکی کورد بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
مێژووی مرۆڤایەتی شایەتی ئەوە دەدەن هەمیشە کە زۆربەی مرۆڤە ڕاست و دروست و بەتواناکان، لە بارودۆخە تەنگەکان دروست دەبن. بەڵێ شەهیدی زیندوو کاک ئیدریس بارزانی بەهۆی ئەو هەموو ڕووداوانەی لە یەکەم چرکەساتی کرانەوەی چاوی بە دونیا تووشی بوو، تا هاتنەدی تروسکەیەکی ئازادی لە ئێراق و شادبوونەوەی بە ئەندامانی خانەوادەکەی، هەمیشە بێ پشت و پەنا بووە، بەئیرادەیەکی پۆڵاین و باوەڕبەخۆ لەسەر پێی خۆی وەستایەوە، هەر ئەوانەش وای کرد کە مرۆڤێکی هاوڕێگا بێ بە زانین و ڕۆشنبیری و هاوکات تەبا لەگەڵ خەباتی ڕزگاری نەتەوەکەی لێ دەربچێ.
ئیدریس مستەفا بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان ڕۆڵی چالاک و بەرچاو و بەرهەمداری گێڕاوە و بەو ڕەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نموونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژووییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادارای خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراو و دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شێخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی نەمر تیایدا قالبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی ڕزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کرد و لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە.
ئیدریس کوڕی مستەفا بارزانیی نەمر ڕابەری سەرکردەی کورد کە لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943-1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون. کاتێک هەوالی لە دایکبوونی کاکە ئیدریس دەدرێتە باوکی ئەو و باوکی نەتەوە، بارزانی گەورە پێشڕەوی شۆڕشی بارزانی دەکرد، بۆیە هیچی پێنەکرا لەوە زیاتر لە یەزدانی گەورە داوا بکات کە ئەو کوڕە بە تەنیا کوڕی ئەو نەبێت، بەڵکوو کوڕی نەتەوە و نیشتمان بێت لە هەمان کاتدا.
ئیدریس بارزانی وەکوو چیایەک هەمیشە پشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە و هیچ شت و کەسێ نەیتوانیوە کار لە برایەتی نێوانیان بکات. شەهیدی هەمیشە لە یاد، ئیدریس بارزانی لە نوێنەرایەتی کردنی شۆڕش و پارتی دا

لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچە و نێودەوڵەتیدا لە کات و شوێن و قۆناغە جیاجیاکاندا توانای بەهێزی دەسەلمێنن، دەوری لە ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار و وتوێژەکانی ساڵی 1974 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و لە دوای ساڵی 1975 لە درێژدان بە شۆڕش و پێکهینانی بەرەی جودا و دواتر بەرەی کوردستانی چەند بەرهەمێکن ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگی تیاياندا هەبووە، کە بەدەست هێنانیان شاهیدی لەسەر توانا و ژیری بەهێزی سەرکردەیی و دیپلوماسییانەی دەدەن.
لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بە تایبەتیی لە دوای ساڵی1975 بەرادەیەک بووە کە بناغەیەکی پتەوی دروستکردووە تا ئێستا بۆ ئاییندەش شوێنەواریان ماوە و دەمێنێ، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا داینەمۆی ڕێکخستنەوە و هەڵیگرساندنەوەی شۆڕش بووە، کاک ئیدریس بارزانی بە تواناداری و ئیرادەی بەرزی دەکەوێتە هەوڵ و ململانێ لەگەڵ هەلومەرجەکەدا و مێرخاسانە شان دەداتە بەر ئەرکی ڕێکخستنەوە و جۆشدانی شۆڕش و زیندە بە چاڵکردنی پیلان و گرفتەکان وەک سەرکردەیەکی قارەمان خەبات بکات.
شەهیدی هەمیشەزیندوو ئیدریس بارزانی لە دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمر هەوڵیداوە زیاتر وێنەی ئەو بێت و درێژە بە ڕێبازی ئەو بدات، هەرچەندە زانیویەتی کە پڕ کردنەوەی جێگەی بارزانیی نەمر بە تاقە کەسێک نەک هەر زەحمەتە بەڵکوو شتی وا لە مێژوودا کەم ڕوویداوە، لە ساڵی 1985 لە وەڵامی پرسیارێکدا کاک ئیدریس دەڵێ: بارزانیی نەمر فێری کردین کە هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری گەل بزانین، بتوانین ئەمانەتی گەلی کورد و توانامان هەڵبگرین خەباتی ئێستا بە مانایەک درێژە پێدانی خەباتی بارزانییە.
شەهید ئیدریس بارزانی لەناو هەموو چین و توێژەکاندا ڕۆڵی هەبوو وەک مامۆستا و سەرکردەیەکی بە حیکمەت هەڵسوکەوتی کردووە، ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی هاندەدا کە بە زانست و بەرهەمهێنان لە خزمەتی مرۆڤایەتی و گەلەکەیاندا بن و بەرانبەر بە لاوان و قوتابیان خودان هەڵوێستێکی برایانە بووە و هەمیشە ئومێد و ئاواتی زۆری بە قوتابیان و لاوان هەبووە زۆر بایەخی پێدەدان کە فێری خورەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی و کوردانە بن و درێغی لە یارمەتیی و هاوکاری کردنیان نەکردووە. ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی.
بۆیە لە (30)یەمین کۆچی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی، گەلی کوردستان بە هەر چوار بەشە دابڕاوەکەی، لەسەر هەمان ڕێبازی ئازادیخوازی و ئەو وانانەی کە بارزانیی نەمر فێرمانی کردووە کە تا ڕزگارکردنی گشت خاکی کوردستان و سەربەخۆیی یەکجاریی کورد و کوردستان بەردەوامین لە خەبات و ساتێک درێغی نەکەین، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان و ڕابەری کورد مستەفا بارزانی و سەرکردەی هەمیشەزیندوو کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2017-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia - 31-01-2017

کاتی تۆمارکردن: 15-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 344
ئیدریس بارزانی، هەوێنی ئاشتی، تەبایی، سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان
20250713165609645547=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕێبوار حەمەلاو شوانی
شەهید ئیدریس بارزانی، جگە لە کاری حزبی و سیاسی خۆشەویستی جەماوەر بوو و هیچ کات خۆی لە خەڵک جودا نەدەکردنەوە خەمخۆر و دڵسۆز بوو و بە هەموو توانا تێ دەکۆشا تا کێشە و گرفتەکان.ارەسەر بکات و هیچ کات ڕێگەی نەدەدات بێ ئومێدی و سەختییەکان.ار لەسەر ڕوحییەتی خەبات و بەرخۆدان.ورد و کوردستانییەکان.کات .کاریگەریی ڕەوتی سەرکردایەتی کاک ئیدریس لە هەموو ڕووە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکانەوە، هەرگیز پر ناکرێتەوە . ڕۆڵی کاک ئیدریس لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هێندە کاریگەر بوو، کە ئەگەر مەرگی ناوادە دەرفەتی بدایە، ئێستا پارتی لە ڕووی کاریگەری سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری و نەتەوەیی لە کوێیە، بە بوونی کاک ئیدریس، ڕێک پارتی دوو هێندەئیستای دەبوو. سەرکردەکان.ڕووست ناکرین. لە دایک دەبن. کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، جگە لەوەی کە کورێ بارزانیی نەمر بوو، بەڵام بۆ خۆی هەلگری هەموو ئەو ئاکار و خەسڵەتانە بوو، کە سەرکردەی لە کەسانی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە. کەمن.ەو سەرکردانەی وەک شەهید ئیدریس بارزانییە، توانیبیتیان.ەسلەتی کاری

دیپلۆماسی، سیاسی، جەماوەری، سەربازی لە یەک کاتتدا لە خۆیاندا کۆبکەنەوە. لە زۆریک لەوانەم بیستووە کە لەگەڵ کاک ئیدریس کاریان.ردووە، یان.ینیویانە، هەموویان.ەسەر ئەوە کۆکن.ە کاک ئیدریس، کێوێک بووە لە وڕە، لە نەبەزین. سەرجاوەی ئومید بۆ ئایندەی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. و هەموکات بە گەشتبینی و هیواوە دەیروانییە دۆزی کورد و ئایندەی گەلی کورد ..

شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی وەک مرۆڤێکی هاوچەرخ، خەونی سەربەخۆیی و بەدیهێنانی قەوارەیەکی کوردستانی لەخوێنیدا، لە قوڵایی باوەڕیدا، لە ئەندێشە و لە زەینیدا بوو، گیانی ئازدیخوازییو پەرۆشی بۆ سەربەخۆیی پاڵنەری خەبات و گیانفیدایی، خاوەنی بیرۆکە و دەستپێشخەری ئاشتی و بەستنی کۆنگرەیی نەتەوەیی کوردستان.وو، ئەو بە فیکریی نەتەوەیی و ئازادیخوازی بۆ دۆزیی ڕەوای گەلی کوردستانی دەڕوانی.

ئیدریس بارزانی ، پێشمەرگەیەکی بوێر و دڵسۆزی مستەفا بارزانی بووە و جیا لەوەی لە داستانە مەزنەکانی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵی سەرکردەیەکی ئازا و بلیمەت و فەرماندەی گێڕاوە، ئەوا لە بواری سیاسیشدا هەموو کات توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر لێهاتووانە لەسەر مێزی دانووستاندن.اکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان.کات و، ئەم لێهاتوویییەشی لە ڕێککەوتننامەی11-03-1970 بەرجەستە بوو، کاتێک سەرۆکایەتیی شاندی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتەی ئێراق دەکرد. لە قۆناخی دووەمیشدا کە قۆناخی دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، ڕۆڵ و لێهاتوویی و شێوازی سەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی زیاتر دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئەم قۆناخە جۆرێک لە نائومێدی لای خەڵکی کوردستان. جۆرێک لە غروری لای داگیرکەرانی کوردستان.ڕووستکردبوو، بەڵام ئیدریس بارزانی کە هەرگیز لەناو شکستدا نە نائومێد دەبوو، نە لە سەرکەوتنیشدا لوتبەرز دەبوو، لە یەک کاتدا وەک هاوکار و پشتیوانێکی سەرەکیی سەرۆک مەسعود بارزانی و، هەڤاڵێکی خۆنەویستی تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانی جارێکی دیکە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. هێزی پێشمەرگەی کوردستان.ێک بخاتەوە، بەمەش توانرا هەر ساڵێک دوای نسکۆ شۆڕشی گوڵان.ابگەیەندرێت.

لە قوڵایی ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و تەمومژاوییەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەنیبوو، لە ساتەوەختی ڕەشەبای مەرگدۆستی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیا و دیین. مەزهەب و ناوچەگەریدا، ئەگەر دۆخی ناوچەکە جارێک بۆ گەلانی خاوەن.ەوڵەتی ئەم ناوچەیە سەختبووبێت، ئەوا بۆ گەلێکی ژێردەستەی وەک گەلی کوردستان.ەلێکی بێ دەوڵەت چاند قات سەختربوو، لێ ڕێبازیی بارزانی و هەستی مرۆڤدۆستی گەلی کوردستان.ەباتی مەدەنیانەو ئازادیخوازانەی خۆی بەردەوامیپێدا، کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە دووپاتی یەک وتاریی و یەکڕیزیی هێزوو لایەنە سیاسییەکانی کردووەتەوە لە گرتنەبەری ڕێگایی ئاشتەوایی و مرۆڤدۆستی و گرتنە بەری خەباتی شۆڕشگێرانەی ئازادیخوازانەی دوور لە شەڕ و ناکۆکیی.

هەروەها لە ناوەڕاستی هەشتاکان.ەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی لە پەرۆشی بۆ تەبایی و یەکدەنگی نێومالی کوردستانی ، جارێکی دیکە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەوەگەڕ، بۆ ئەوەی پڕۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لەناوکۆی هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندا بەرەو سەرکەوتن.بات، ئەم هەنگاوەش بووە بەردی بناخە بۆ دڕووستبوونی بەرەی کوردستانی کە پاشان.ەرکردایەتیی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستانی کرد و سەرەنجام دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 پەرڵەمان. حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دامەزرا ودواتر گەلی کورد بووە خاوەن.ەرێمێکی فیدرالی .

لێرەدا، ئەوەی گرنگە و پێوەستە ڕژدبین.ەسەر ئەوەیە، ئ کە هزر و شێوازی سەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی تەنیا بەشێک نییە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان. کە ساڵانە یادی دەکەینەوە، بەڵکوو خەسڵەت وهەنگاوەکانی ئەو سەرکردە مەزنەیە و جەختکردنەوە لەسەر کوردبوون. کوردستانیبوون. تەبایی وبەکهەڵوێستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەو زەروورەتەی کە ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە بەتایبەتی قۆناغی ئێستا گەلەکەمان.ێویستی پێیەتی، درێژەدان.ەو هەنگاوانە وا دەکات کە هەموو ساتێک هەست بکەین.ەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی هەر مەشخەڵهەڵگرو ڕێگە پیشاندەرە و لەناوماندایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 345
ئیدریس بارزانی، وەکوو سەرکردەیەکی نەتەوەیی
20250712132748645328=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسینی: تابلۆ حەسەن
لە 1945 گوندی بارزان بێزووی بە بۆنی خاک وکاغەزی پەرتووک و نەعرەتەی شۆڕش دەکرد، هەر لەو ساڵەدە ژان گرتی و بێچوویەکی ڕوحسووکی پێشکەش بە نیشتمان و نەتەوەی کورد کرد هەر وەکوو پێشتر پۆڵە سەرکردەیەکی لێهاتووی هێنابووە بەرهەم کە بە هێزی بازوو و هزری مێشکیان چوارچێوەی کێشەی نەتەوەیەکی بێ ناونیشانیان نەخشاند .

کاتێک هەواڵی لە دایکبوونی کاکە ئیدریس دەدرێتە باوکی ئەو و باوکی نەتەوە، بارزانی گەورە پێشڕەوی شۆڕشی بارزانی دەکرد بۆیە هیچی پێنەکرا لەوە زیاتر لە ئێزدانی گەورە داوا بکات کە ئەو کوڕە بە تەنیا کوڕی ئەو نەبێت، بەڵکوو کوڕی نەتەوە و نیشتمان بێت لە هەمان کاتدا .

شۆڕشی بارزان بە هەماهەنگی هەردوو هێزی ئێراق و ئینگلیزی دامرکایەوە بەڵام بڵێسەی شۆڕش لە دڵە گەورەکەی بارزانی دانەمرکایەوە، ئەوە بوو خۆی و جەنگاوەرە ئازاکانی سەنگەریان گوێزایەوە بۆ کۆماری کوردستان و لەوێ ئەرکی سەرکردایەتی سوپای کۆماری پێسپێردرا .

ڕژێمی دەستکردی پاشایەتی کەوتنە وێزەی کەسوکاری شۆڕشگێران و گوندەکانیان سووتاند و ژن و مێرد و منداڵیان ڕەوانەی شارەکانی باشووری ئێراق کرد، ئیدریس لە غوربەتدا پەروەردە کرا، وەڵامی پرسیارە ساکارەکانی ئەو منداڵە یەکەم وانەی نەتەوەیی بوون، هەر بە منداڵی کاکە ئیدریس دەیزانی کە ئەوان بۆیە لە بیابانن، دوور لە چیای سەرکەش و دیمەنی کەڵەئاسک و قاسپەی کەو تووڕ دراون چونکە کوردن، بۆیە ئەو وانەیە هەر وەک نەخشی سەربەرد لە مێشکی چەسپا، ئێدی ئەو وانەیە بوو بە نەخشەی ڕێگای ڕێبوارێکی وێڵی دوای ئازادی کورد و کوردستان .

منداڵ لەگەڵ ڕۆژگارە تاڵەکان گەشەی کرد تا گەیشتە قۆناخی هەرزەکاری، تینوێتی بینینی باوکی هەمیشە لێوەکانی وشکتر دەکرد تا لە 1959 باوکی لە یەکێتی سۆڤێتەوە وەکوو سەرکردەیەکی باڵای نەتەوەکەی پێ کردە سەر خاکی فرگەی بەغدا و توێنێتی ئیدریس و سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد شکایەوە، ئیتر ئیدریس بڕیاریدا هەر وەکوو سێبەر بە دوای باوکییەوە بێت نەوەک ڕووداوێکیچاوەڕوان نەکراو لە پڕێکا دیسان باوکی لێ دووربخاتەوە تا یەکەم گولەی شۆڕشی ئەیلول لە09-09-1961 تەقییەوە ئێدی ئەمیش بۆ یەکەم جار چەکی شەرەفی نایە سەرشان، هەروەکوو کاک مەسعودی برای دەڵی جگە لە چەکەکەی کاکە ئیدریس هەمیشە پەرتووک و ڕۆژنامە و نووسراو بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی تێشووی ڕێگای ئەو بوون، ئەو باوەڕی وا بوو کە ئاستی ڕووناکبیری پتر مرۆڤ دەبەستێتەوە بە خاکی نیشتمان و کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی، هەر ئەو زادە کولتوورییە بوو کە کاکە ئیدریسی وا لێکردبوو کە هەمیشە وەکوو ئەندازیارێکی ئاشتی هێزە کوردستانییەکان بە یەکەوە گرێ بدات، بۆیە دەبینین لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ڕۆڵی سەرەکی بینی، ئەویش هەر وەکوو باوکی خۆشەویستی هەموو ئایدلۆژیاکانی لە خواروو نەتەوە بوونداً دەبینی، بۆیە کاکە مەسعود دەڵێت کاکە ئیدریسم کۆپیەکی ئەسڵی باوکم بوو .

کاکە ئیدریس کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا، لە 31-01-1987 گیانی پاکی بەرەو ئاسمان هەڵفری و جەستەی خۆیشی بەخشیە شاری نەغەدە، لە دوای ڕاپەڕینە پڕشکۆکەی بەهاری 1991، لە مەراسیمێکی شایشتەدا لەگەڵ باوکی دەست لە مل هەردووک گەڕانەوە ئەو گوندە جوانەی هێنانینە بەرهەم، ئێستا ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان لە هەواداران و میوانانی نەتەوە دەچن چەپکە گوڵێک دەخەنە سەر دوو مەزاری خاکی، ئەوان دەیانزانی لە خاکەوە هەڵقوڵاون بۆیە دەبێت لە ژیانیشدا هەر خاکی بن و مەزاریانیش هەر خاکی بێت .

کاکە ئیدریس چووە تۆماری نەمران، بەڵام خوێندکار و براکەی کاکە مەسعود ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمێکە کە هەنگاوی پڕمتمانە دەنێت بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان، هەروا کاکە نێچیرڤانی پێشکەش کردووین کە ئیلهامی کاری لە مەملەکەتی هەنگەوە وەرگرتووە بۆیە لە هەموو کابینەیەکدا هەنگوینی کارمان بۆ بەرهەم دێنێ .

دروود لە یادی شەهیدان، ئەوانەی بۆ ئێمە ژیان .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2012-02-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەرییەکانی چەند پێشمەرگەیەک لە یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مردنی ئیدریس و فرمێسکەکانی مەسعود بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | chra.tv

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-12

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 346

ئیدریس بارزانی، کێوێک بووە لە وڕە، لە نەبەزین، سەرچاوەی ئومێد بۆ ئایندەی گەش، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی

20250715205007646273=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: شەهید ئیدریس بارزانی، کێوێک بووە لە وڕە، لە نەبەزین، سەرچاوەی ئومێد بۆ ئایندەی گەش، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی...

ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

شەهید ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، جگە لە کاری حزبی و سیاسی، خۆشەویستی جەماوەر بوو و هیچ کات خۆی لە خەڵک جودا نەدەکردەوە، خەمخۆر و دڵسۆز بوو و بە هەموو توانای تێ دەکۆشا تا کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکات و هیچ کات ڕێگەی نەدەدا بێ ئومێدی و سەختییەکان کار لەسەر ڕۆحییەتی خەبات و بەرخۆدانی کورد و کوردستانییان بکات. کاریگەریی ڕەوتی سەرکردایەتی کاک ئیدریس لە هەموو ڕووە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکانەوە، هەرگیز پڕ ناکرێتەوە.

لە مێژووی هاوچەرخی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا کەسایەتی سەرکردەیەکی بلیمەت، وەک کاکە ئیدریس نموونەیەکی کەم هاوتای ئەو چەشنە سەرکردانەیە کە چەند لە ماوەی ژیان و ساڵان و قۆناغەکانی خەباتیدا ناسراو و دیار و خاوەن ڕۆڵی کاریگەرانە بووە، بەدڵنیاییەوە دوای بە جەستە ماڵاوایی کردنیشی، ڕێڕەوانی ئەو سەرکردە بلیمەتە بەردەوامە و ئامادەیی و زیندوویەتی ئەو سەرکردەیە لە ژیان و ڕەوتی تێکۆشان و کاروبارەکانی خەباتدا پێگەیەکی بەرزی مێژوویی هەبووە و هەیە.

بەو هەموو سیفات و ئەدگارە جیا و کەمونێنانەی هەیبوون، بەو خەسڵەتە ڕەوشی و هزری و سەرکردەییانەی هەیبوو شوناسێکی پڕبایەخ و پڕ لە تایبەتمەندی لە مێژوودا بەرجەستە کرد و بۆ نەوەکانی گەلەکەی وەک قوتابخانەیەک دەدرەوشێتەوە و دەتوانرێت بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی کامڵ و سەرکەوتوو، بۆ ئەداکردنی ئەرک و کاروبارەکان، بەشێوەیەکی پاک و ڕاست و لەخۆبووردوانە سوودی لێوەربگیرێت و توانادارى و ئاکارە بەرز و بێهاوتاکانی بکرێتە بنەما و هاندەر لای هەرکەسێک بۆ خزمەتی نەتەوە و وڵات و داکۆکیکردن لە ڕاستی و دادپەروەری کەسایەتییەکی ژیرانە و سوودمەند لە خۆیدا بەرجەستە بکات.

ئیدریس بارزانی لە کاتی قەیران و ڕۆژە سەختەکاندا توانیی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و وەرچەرخان. کاک ئیدریس سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، بەتایبەتیی لە ئاداری 1974، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان، بە سەرپەرشتیی ئیدریس بارزانی شاندێکی کورد چوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەددام حسێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پەیماننامەی 11ی ئادار، بەڵام بەرپرسانی حکوومەت پێشنیازەکەیان ڕەت کردەوە و هێرشی سەربازیی درندانەیان بۆ سەر پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل فراوانتر کرد. لە کاتی شەڕ و هێرشەکاندا لە 1974، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە بەڕێوەبردنی بەرەکانی شەڕ و دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە سەربازییەکان بۆ تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی سەرکەوتن و داستانێکی گەورە، چ جای دەست بەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپای ئێراق.

شەهید ئیدریس، خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانی، هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی ئەوەبوو بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ یەکریزی و یەکگرتنەوەی پارتەکان و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، ئەوە بوو لە 1986 هەوڵ و تەقەڵا و کۆششی خۆی خستە گەڕ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنە

سیاسییەکان و شۆڕشگێڕان بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکڕیزی و یەک دەنگی و تەبایی هێزەکان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دژی داگیرکەران، هەروەها و گرنگی هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و بە پیر بانگەوازەکەی کاک ئیدریسەوە هاتن و لە 1987 بەرەی باشووری کوردستانیان ڕاگەیەند، هەر ئەو بەرەیە بوو ترس و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دوژمنانی کورد و توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ، تا سەرهەڵدانی مێژوویی خەڵکی کوردستان و دانانی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن هاوپەیمانان و دابینکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ سەر زێدی خۆیان و ناچارکردنی ڕژێم بە کشانەوەی لە کوردستان و دامەزراندنی پەڕڵەمان و حکوومەت و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیی کوردستان، بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەم دەستکەوتانە تێکڕا بەرهەمی بەرەی کوردستانی و یەکڕیزیی گشت پارت و خەڵکی کوردستان بوو.
ئەم ڕاستییانە لە ژیان و کەسایەتی و خەباتی ئیدریسی هەمیشە لە یاددا، پیاهەڵگوتن و دروستکراو نین، بەڵکوو واقیعی کەسایەتی و خەباتەکەیەتی، ئەو جەماوەرێتییەی ئێستا و ڕابردووی ئەم سەرکردەیە دەیسەلمێنن کە چەند گەورە و لێهاتوو و خۆشەویست بووە، چەند لە دڵ و هزری ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەی و ڕێبازەکەیدا بەزیندووێی دەژی. ئیدریسی جوانەمەرگ، کەڵەپیاوێکی بەتەمەن بچووک و بەژیری و مەعریفە گەورە بوو، ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیبێتیان مەحاڵە بتوانن هەرگیز ئەو کەسایەتییە مەزنە و هەڵسوکەوت و قسە و کردار و بزاڤەکانی لەبیربکەن، چونکە زۆر سەرنجڕاکێش و کەموێنە بووە.
ڕۆڵی کاک ئیدریس لەناو پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هێندە کاریگەر بوو، کە ئەگەر مەرگی ناوادە دەرفەتی بدایە، ئێستا پارتی لە ڕووی نفوزی سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری و نەتەوەیی لە کوێیە، بە بوونی کاک ئیدریس، ڕێک پارتی دوو هێندەی ئێستای دەبوو.
سەرکردەکان دروست ناکرین، لە دایک دەبن.
کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، جگە لەوەی کە کوڕی بارزانی نەمر بوو، بەڵام بۆ خۆی هەڵگری هەموو ئەو ئاکار و خەسڵەتانە بوو، کە سەرکردەی لە کەسانی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە. کەمن ئەو سەرکردانەی وەک کاک ئیدریس، توانیبێتیان خەسڵەتی کاری دیپلۆماسی، سیاسی، جەماوەری، سەربازی لە یەک کاتتدا لە خۆیاندا کۆبکەنەوە. لە زۆرێک لەوانەم بیستووە کە لەگەڵ کاک ئیدریس کاریان کردووە، یان بینیویانە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاک ئیدریس، کێوێک بووە لە وەرە، لە نەبەزین، سەرچاوەی ئومێد بۆ ئایندەی گەش، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و هەموکات بە گەشبینی و هیواوە دەیروانییە دۆزی کورد و ئایندەی گەلی کورد، بۆیە لە 33هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی تێکۆشەر و ماندوونەناسی گەلەکەمان ئەوا ڕێبازەکەی دەبێتە هۆی فاکتەرێکی کارا لە بەردەوامیی تێکۆشان و هەنگاو و سەرکەوتنەکانی ڕابردوودا و بۆ ئەمڕۆ و ئایندەش بووە هێما و ئەزموونێکی پڕ پەند و وانە بۆ ئینتیمای ڕاستەقینەی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی و خزمەتکردنی گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان. ئیدریس بارزانی لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا و تا هەتایە لە دڵ و ویژدانماندا زیندووە و لەگەڵماندایە و لێمان جیا نابێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 30-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 347

ئیدریس بارزانی؛ ئەندازیاری ئاشتبوونەوە

20250703104258643813=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئیدریس بارزانی؛ ئەندازیاری ئاشتبوونەوە

ناوی ئیدریس بارزانی تێکەڵبووە بە ئاشتی، سەرکردەیەک کە بە ئەندازیاری ئاشتی نێوان حیزبە کوردییەکان ناو دەبرێت. سەرۆک مەسعود بارزانی لەوبارەوە دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرینگیی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە بوو نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی پێ بەخشرا.

ژینامە

ئیدریس بارزانی

ئیدریس مستەفا بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لەدایکبوو، کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراقەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی ئێراق دووردخرایەوە و لەوێ ژیانێکی سەختی دوور لە نیشتمانی بەسەربرد، بەڵام ئەو ژیانە سەختە نەبووە هۆکارێک بۆ ئەوەی نەخوێنێت و نەخوێندەوە.

ساڵی 1947 مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ 500 کەس لە هەڤاڵانی ڕوویانکردە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

ئیدریس بارزانی تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە ساڵی 1985دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

فەلەکەدین کاکەیی، هاوڕێی کۆچکردووی ئیدریس بارزانی دەڵێت ئیدریس بارزانی مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، تێگەیشتوو بوو و لە بەغدا ناوەندێی خوێندبوو، باکگراوندێکی باشی هەبوو، زۆریش بایەخی بە فەلسەفە و هۆنراوەی دونیا و جوواڵانەوەی سیاسی لە دونیادا دەدا. خۆی مرۆڤێکی لەخۆ بردوو بوو، مرۆڤێک بوو وەکوو دەروێش بوو، دەروێشی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەوەندی تێبینیم دەکرد، نەمبینی هیچ شتێکی بۆخۆی بووێت، هەمیشە یەک شتی دەگوتەوە، دەیوت دوای 1975 ئەمانەتێکە لەسەر ئێمە ئەو خەڵکە ببەینە جێگەی خۆی، واتە خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە جێگەی خۆی، ئەوەی لە باشوورە بگەڕێتەوە کوردستان، ئەوەی لە دەرەوەیە بگەڕێتەوە کوردستان، ئەو شوێنانە ئاوەدان بکرێنەوە، وەکوو بڵێی ئەو ئاواتانەی لە دوای ڕاپەڕین هاتنەدی، ئەوە ئاواتی ئەو بوو، دەیوت ئەوە ئاواتی ئێمەیە.

ئەو کەسانەی هەمیشە نزیکی بوونە دەڵێن، ئیدریس بارزانی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێیەتییەکی باشی هەبووە و توانای زۆری هەبووە لە نووسین و دارشتندا بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، شەوانە تاوەکوو درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی و هەردەم پەرتووکی پێبووە، هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ خوێندنەوە تەنانەت لەنێو ئۆتۆمبیلیشدا. بایەخی بە بواڕەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە، زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و وەفایی لەبەربوونە. کەسێک بووە زۆر حەزی لە ئەدەب و سۆفیگەرێتی بووە.

ژیانی پێشمەرگایەتی

ئیدریس بارزانی، مەلا مستەفا بارزانی و مەسعود بارزانی

ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی لە ئیدریس بارزانییەوە نزیکبوون، هەمیشە باس لە خەسڵەتی جەماوەریبوونی ئەو دەکەن و دەڵێن ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیانەدەکردەوە و بەسادەیی ژیاوە و زۆر جار

لەگەڵ پێشمەرگەدا لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستاندا ڕۆژی کردووەتەوە.
لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری دەبێت بەتایبەت لە شەڕی هەندرێندا، کە دواتر گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ئێراق بەدواداهات و گەیشتە ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970، لە دوای ساڵی 1975 لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی ئێراق جود و دواتر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ، ڕۆڵی باڵای هەبووە .
پێش ئەوەش لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، بەتایبەتیی لە دروستکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا. ئەو تایبەتمەندییە دروستکردنی هاوکاری بەشێوەیەک بەرچاوبوو، کە لە ئەدەبیاتی پارتیدا بە ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی نێونراوە.
لە ساڵی 1964 ئەو کاتەی بارزانی باوکی لە ناوچەی ڕانیە و دەوروبەری دەبێت، بۆ هاوکاریکردنی لە ئیش و کاری پێشمەرگە و ئیدارەی سەربازیدا، ئیدریس بارزانی لە ناوچەی بارزانەوە دەباتە لای خۆی و بەرپرسیارییەتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێدەسپێرێت.
لە مانگی پێنجی 1966 ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی داستانی بەناوبانگ و سەرکەوتووی چیای هندرێن دەکات، کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تانک و تۆپ و تەیارە و هێرشی سەربازی ڕژێمی ئەو کاتی ئێراقدا بەرگری و سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار دەکرێت. ئەوانەی لەو سەردەمەدا بوون دەیگێڕنەوە کە ئیدریس بارزانی هەموو پێداویستییەکی مەعنەوی بۆ ئەو سەرکەوتنە دابین کردووە و لە سەنگەرەکانی مەیدانی داستانەکانەدا وەکوو پێشمەرگە و وەکوو سەرکردەیەکی پڕ توانا و وربەبەخش دەوری سەرەکی گێڕاوە.
ئیدریس بارزانی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکانی ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵاندا کە لە گوڵانی 1976 بەرپا بووە، ڕۆڵ و کاریگەریی ئیدریس بارزانی بە ڕادەیەکە کە هەوڵ و کۆششی بێ وێنەی ئەو بە داینەمۆ و ناوەندێکی مەعنەوی و سەرەکی و کارا تۆمار بووە لە بەرانبەر ئەو دۆخ و گۆڕانانەی ئەو کاتەدا.
فەلەکەدین کاکەیی ئاماژە بەوەش دەدات لە ساڵی 1979 کۆنگرەی نۆیەم بەسترا، لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدابوو، پارتی لە زۆر لاوە گەمارۆدرابوو لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان، جیا لە ڕووە سەربازییەکە زیاتر لە ڕووی سیاسییەوە گەمارۆدرابوو. لەو کۆنگرەیە گونجان هەبوو، ئەوەبوو مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی پارتی و کاک عەلی عەبدوڵڵاش بووە سکرتێری پارتی، کاک ئیدریسیش بە هەموو سادەییەوە قبووڵی کرد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت، هەمیشە جێگەی ڕێز بووە، کاک مەسعود سەرۆک بوو، بەڵام هەمیشە شتە بنچینەییەکانی بۆ کاک ئیدریس بەجێدەهێشت لە ڕووی سیاسی و جەماوەری و پەیوەندییەکانی دەرەوە.
فەلەکەدین کاکەیی لەبارەی کەسایەتیی ئیدریس بارزانییەوە دەڵێت: سنگ فراوانی بۆ مەسەلەی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو حیزبەکاندا هەبوو.
وردەکارییەکانی چۆنییەتی هەوڵی تێرۆرکردنی ئیدریس بارزانی و ڕزگاربوونی لەو ڕووداوە.
ئیدریس بارزانی
لە ڕۆژی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی 1970 بۆ بەدواداچوون و تاوتوێکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی 1ی ئازاری 1970 و بەتایبەتی چارەنووسی پێشمەرگە و پێکهێنانی هێزی زێرەڤانانی سنوور (حرس الحدود) لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ئیدریس بارزانی چووە بەغدا و چاوی بە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆککۆماری ئەوسای ئێراق و سەددام حسێن کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار بوو دەکەوێت.
لەو دەمەدا شێخ بابۆ مامی مەسعود و ئیدریس بارزانی لە سەردانێکدابوو لە ماڵی مەلا مستەفا بارزانی لە حاجی ئۆمەران، شێخ بابۆ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئیدریسی دەکرد بۆ ئەوەی لە حاجی ئۆمەرانەوە بەیەکەوە

بگەڕێنەوە بارزان. لە ڕۆژی 6ی کانوونی یەکەم شێخ بابۆ لە مەسعود بارزانی دەپرسێ: دەتوانی بزانی کەی ئیدریس دەگەڕێتەوە؟!، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا بگەڕێتەوە ئەوا من چاوەڕوانی دەکەم و ئەگەر زیاتر دەمێنێتەوە، ئەوا من بەتەنیا دەگەڕێمەوە بارزان.
مەسعود بارزانی بۆ دەستکەوتنی کاتی گەڕانەوەی ئیدریس بارزانی، پەیوەندی بە شێخ ڕەزا گوڵانی بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو کاتی هەولێر دەکات و پێی گوت: "هەوڵبدە تەلەفۆن لەگەڵ کاک ئیدریس بکەو پێی بڵێ مام بەپەلەیە بگەڕێتەوە بارزان.
بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر شێخ ڕەزا گوڵانی وا تێگەیشت کە مەسعود بارزانی زۆر بەپێویستی دەزانێت ئیدریس بارزانی هەر ئێستا بگەڕێتەوە، و ئەوەی بە ئیدریس بارزانی ڕاگەیاندووە. لەو کاتەدا، ئۆتۆمبێلەکەی نێردرابووە میکانیکی بۆ چاککردنەوەی هەندێک کەموکوڕی. بۆیە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نەکردووە و هەر زوو ئۆتۆمبێلێکی بەکرێ گرتووە و دەمودەست گەڕاوەتەوە هەولێر بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت.
ئێوارەی هەمان ڕۆژ 6ی کانوونی یەکەمی 1970 ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە لە میکانیکی گەڕایەوە و حەمید ڕێکەوتی و محەمەد عەزیز کە یاوەری ئیدریس بارزانی بوون ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانییان وەرگرتووەتەوە و پێی دەڕچوون بۆ نانخواردنی ئێوارە.
لە هەمان کاتدا نازم گزار بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ئێراق پلانی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانییان ئامادە کردبوو، لە چەند شوێنێکی دیاریکراو بۆسەیان بۆ ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی نایەوە. لە کاژێر 10:00ی شەو ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و پێیانوابوو کە حەمید ڕێکەوتی، ئیدریس بارزانییە لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەندێک لەیەکتر دەچوون، لە ئەنجامی گوللە بارانەکە، ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانی زیاتر لە 50 گوللەی بەرکەوت و حەمید ڕێکەوتی بەسەختی بریندار بوو، بەڵام محەمەد عەزیز و حەسەن کاوانی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی هەردووکیان بێ زیان بوون و حەسەن کاوانی توانی ئۆتۆمبێلەکە بەناو بۆسەکەدا لێخوڕێ تاوەکوو لە بۆسەکە دوورکەوتنەوە.
پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و ڕۆڵی لە شۆڕشی گوڵان
ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی
ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرۆک بارزانییدا هەبوو و ئەو پەیوەندییەش هەمیشە و لای هەموو کەس هەستی پێدەکرا. لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) کە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە نووسراوە، سەرۆک بارزانی بەمجۆرە باسی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە شۆڕشی گوڵان دەکات.
لە نووسینەکەدا هاتووە کە کاک ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرینگیی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە بوو نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی پێ بەخشرا.
هەروەها باسی ئەوە کراوە کە ئیدریس بارزانی، بە نهێنی سەرپەرشتیی ناردنەوەی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی دەکرد بۆ سووریا بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ژمارەیەکی زۆر کادیر و پێشمەرگەی نارد‌ەوە کوردستان.
سەرۆک بارزانی لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: کاک ئیدریس لە پێناو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی دوای نسکۆی 1975، بەگیانی پێشکەوتن و داهێنان و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە کاری دەکرد. ئەم نسکۆیە هەستی کاک ئیدریسی بە بەرپرسیاریەتیی دوو ئەوەندە زیادکرد و وەک کەسێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا کاری دەکرد. لە هەرشوێنێک بوایە، کورد لە دەوری کۆدەبوونەوە و شوێنی گازندە و هیوا و ئومیدی خۆیان لە کاک ئیدریسدا دەبینییەوە.
لە کاژێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31ی مانگی 1ی 1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی

کوردستان مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیدا و لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993 لە ڕێوڕێنەیکی تایبەت تەرمی هەردووکیان، لەنێو پێشوازییەکی خەڵکی کوردستان، گەیێندرانە گوندی بارزان و لەوێ نێژران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئېژێکې ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی .rudaw.net- 31-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-03

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 348
ئیدریس لەنێوان یادەوەری و ئەمڕۆدا
20250713185423645561=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فازڵ میرانی

ژیانئاوایی کاکە ئیدریس زۆر سەخت و دژوار بوو، وەک ڕۆژی کۆچی دوایی باوکی وابوو. ئەو کات هەستمان بە دڵڕەقی دەرئەنجامی بەرژەوەندییە پووچەکانی زلهێزان دەکرد، کە فشاریان دەخستە سەر گەلی ئێمەی ڕەسەن و دێرین. هەر وەک ئەوەی وەرزی زستان لەگەڵ وەرز و ڕۆژەکانی دیکەی ساڵدا لێمان بکەونە سەنگەر و بە یەکەوە بیانەوێت سەبر و مەعدەنمان بە ناخۆشی دوای ناخۆشی تاقی بکەنەوە.

ئیدریس بارزانی، یەکێک بوو لە تۆکمەترین کۆڵەگەکانی جوواڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستانی و ناسیۆنالیزمی ئێراقی. لە کارەساتی کۆچی دوایی مستەفا بارزانیدا بەوە دڵنەوایییمان هات، کە منداڵەکانی ڕێبازی ئەویان هەڵگرت و لە خەبات بەردەوام بوون، بەڵام کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان بوو، هەرچەند کارکردن لەو هەلومەرجە دژوار و سەختەدا ماندووی کردبوو، بەڵام خۆڕاگری و وەرەی پۆڵایینی، مردنی بەبێ پێشەکی و واکتوپڕی ئەویان لە مێشکی ئێمەدا دوورخستبووەوە.

بوونی کاکە ئیدریس لە کارکردن، کێوی سەختی و مەحاڵەکانی ڕادەماڵی، عەزیمەتی ئەو کێوئاسا بوو، لە بیکردنەوە و سەرکردایەتی بێوێنە بوو، بەردەوام لە کاری بەرهەمدار دابوو، زۆر ورد گوێی قوڵاغ دەکرد و زۆر بە باشی گفتوگۆی دەکرد و بەرانبەرەکەی ئیقناع دەکرد، کارەکانی بەپێی گرینگ و گرینگتر ڕیز دەکرد و نەمامی ئایندەی دەچاند. نموونەی باشترین برا بوو بۆ براکەی، باشترین مامۆستا بوو بۆ قوتابییەکانی، کانگەی وەفابوو، پێشمەرگەیەکی هێمن بوو، ژیر و زیرەک و بێ فرتوفێڵ بوو، نیشتمانپەروەرێکی دووربین و نەرمڕە و بوو، واقیعیانە شتەکانی دەخستە ڕوو، ئاشتیپەروەر و دادگەر بوو، ڕق لە ستەم و لووتبەرزی بوو.

زێدەگۆیی نییە گەر بڵێم دەیزانی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان دوور نییە، بەڵام قەدەری مەرگی پێشکەوت، دواتر لەگەڵ تەرمی بارزانی و ئیدریسدا گەڕاینەوە کوردستان. خوخەسڵەتی شۆڕشگێڕی و خەباتی ئەوانمان لە هۆشدا چەسپاند. ئیدریس هاوڕێ و هاوڕای بێوێنە بوو، تەمەنی ئەو گەنجینەی ئەو گەلە بوو، کوڕەکانی خەباتی ئەویان تەواو کرد، وەک ئەوەی لەنێوانیاندا سوێند و پەیمانێک هەبێت، کە نابێت بشکێندرێت.

ئەو ڕۆژەی ئیدریس کۆچی دوایی کرد، کاک مەسعود بارزانی هەموو هەستی ئێمەی لە ڕستەیەکی حەزیندا کۆکردەوە، کە لەگەڵ دەربڕینیدا، ئەسرینێک لە چاوی هاتە خوارەوە: " بە کۆچی دوایی کاکە ئیدریس پشتم شکا"، بەڵێ، هەواڵەکە بۆ خەڵکی کوردستان و بەرەی جەنگ و پەنابەران یەکجار جەرگبڕ و ناخۆش بوو، ئاخر ئیدریس کۆڵەگەی خەباتی ئێمە و ئۆپۆزسیۆنی ئێراق بوو، هەر بۆیە نیگەرانی و خەمناکی مەرگی ئەو، ئێراقییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی هەژاند.

ئەمڕۆ، لەگەڵ هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکمان بۆ خەبات، وێنە و دەنگ و ئادگاری ئیدریس دەخەینەوە بیرمان، ڕادەستی ڕەزای خودا دەبین و دەڵێین: ئیدریس لە هەر پێشهاتێکدا دەدوا، ئەی لە نەبوونی خۆیدا دەبوو چی بڵێت؟ ئێمە بە هەڵگۆزین لە بیری ڕێکخراوی ئەودا دەڵێین: کاکە ئیدریس، گەلی ئێمە وەفادارانە یادویادەڕێی تۆ زیندوو ڕادەگرێت، چونکە ئەو گەلە هەمیشە لە دڵ و چاو و هۆشی تۆدا بووە.
خودا تەمەنی سەرۆک مەسعود بارزانی درێژ بکات، لە هەڵگرتنی خەمی میللەتدا هاوکاری بکات، هەر وەک هاریکاری بارزانیی باوکی هەموومان و کاکە ئیدریسی هەمشە زیندووی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 06-02-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-02-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info.

کاتی تۆمارکردن: 13-07-2025

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 349
ئیدریسی ئازیز سڵاو لە گیانت
20250727132056648459=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
فازڵ میرانی
هەرکات ساڵیادی کۆچی دواییت هاتەوە، ئەو دیمەنە ئازاربەخشانەی کە دیمان دێتەوە بەرچاومان، کە جگە لە باوەڕبوون بە شارۆچکە و قەدەری خودا و، بڕوابوون بە گەلەکەمان و حزبەکەمان بۆ وەفاداری بۆ ئەمانەتەکە، لە ئازارەکەمان کەم ناکاتەوە.
ئێمە شتێک کە خودا پێی ڕازی نەبێت نااێین و ڕازین بەشارۆچکە و قەدەری خودا و بەوەی کە تۆ یەک لە بەندەکانی و لە بەهەشتی فراوانی دایت.
هەوڵ و ماندووبوونتان بەفیڕۆنەچوو، هەر هەوڵێکتان لە کارەکانتان لەناو حزبدا لە ماوەی ژیانی مەلا مستەفا بارزانی باوکتان و دوای وەفاتی ئەویش، و هەر سەختییەکیش کە لە پێناو گەلەکەتدا زاڵ بووبێت بەسەریدا لە ناوخۆ و ناوچەکەدا و لەنێو هاوکێشە ئاڵۆزەکاندا، و هەر قوربانییەک کە لە هێزی دڵتی بردووە تا لە لێدان کەوت، هەموو ئەوانە بەریان گرت و بوونە هێز و گەشە و هاندان و، بوونە پاڵنەر بۆ بزووتنەوەکەمان بۆ هەنگاونان بەرەو خەونەکەت، کە کوردستانێکی ئازاد و پڕشکۆ بوو.
سێ دەیە و چەند ساڵێک تێپەڕیوە و ئاسەوارەکانت هێشتا زیندوون و ڕۆحی تۆیان تێدایە و، هزرە ناوازەکەت و خۆشەویستیت بۆ کەسانی دەوروبەرت و دڵسۆزیت بۆ بەڵێنەکەت کە بە باوکت و براکەت و گەلەکەت و، حزبەکەت دابوو، دەیانجوڵێنێت.
تا ئێستاش ئافرەت و پیاوان بەسەرکردنەوەکانی تۆیان وەکوو باوکێک لە کاتی شەڕ و پەنابەرییدا لەیاد ماوە و تا ئێستاش وێنەی تۆ بە زەردەخەنەوە کە سەختی و ناخۆشییەکانیانی لەبیردەبردنەوە، هەر لەیاد و بیر و هۆشدا ماوە.
ڕەشەبای سیاسەتی بەرژەوەندییەکان کە بەڕووی گەلەکەماندا هەڵیکرد نەیتوانی ڕووناکی وشە ڕاستەکانتان وا لێبکات کە نەگەنە ئەوپەڕی سنوورەکانی خۆیان لە قەناعەت پێکردنی زۆران بە بەردەوامیدان بە خۆڕاگری.
مینبەرەکانی قسەکردن هەردەم تۆ و وشە بوێر و ڕاستگۆکانتیان لەیادە، هەموو وشەیەک لە شوێنی خۆی و بۆ مەبەستی خۆی و، گەورە بڕیاربەدەستان هەتا ئەوانەش کە دژت بوون تۆیان بیردێتەوە کە تۆ ڕاستگۆ و بوێر بوویت.
بێگومان مێژوو بوارێکی فراوانتر و لاپەڕەی درێژتر بۆ تۆمارکردنی خەباتەکەت کە لە منداڵییەکی تێکەڵاو بە هۆشیارییەکی پێشوەختەوە دەست پێ دەکات و درێژدەبێتەوە بۆ دەستکەوتە گەورەکان لە تافی لاویدا تا دەگاتە وەغەرکردنێکی زۆر زوو و ئازاربەخش کە ناخۆشی و ئازارەکانی ئێمەی زێدەتر کرد، لە کاتێکدا کە گۆڕەپانەکانی کارکردن بەرگەی نەبوونی تۆیان نەدەگرت.
ئازیزمان ئیدریس بارزانی کۆچکردوو:
سڵاو لە ڕۆحی پاکت کە لە بەخشەندەییدا هەموو شتێکی پێشکەش کرد و لەنێو گەلەکەت و خاکەکەتدا توایەوە و تێکەڵ بە خەندەقەکان و قەڵەم و دواڕۆژی دروستکرد.
سڵاو لە یادت بێت هەرچەندە کە تۆ هەردەم لە یادیت و بەزیندوویی مایتەوە، تۆ ئەو کەسەی کە یادت دەکەینەوە وەکوو ئەوەی کە هەرگیز هەر زیندوو بیت.
سەبارەت بەوانەش کە باوەڕیان بەوە هەبووە کە تۆ باوەڕت پێی بوو، ئەوانە هەر لەسەر ئەو بەڵێنەن کە بە باوکت و تۆیان دابوو، بەردەوامین لە هەنگاونانی بەردەوام لەسەر ئەو ڕێبازەی کە ئێوە سەرقافڵەکەین،
سەبارەت بەوانەش کە دژایەتیی بیروباوەڕەکەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ئێستا و داهاتوو بە چاوی خراپەکاریی

ڕابردوو دروست بکەن، ئەوانیش نەوەستاون، کار و نەزانییان بەردەوامە، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە جۆشدانی عەقڵەکان بەپاکی و بێگەردی و قسە ڕوون و کردارەکانی تۆ و باوکت، بۆ ئەوەی کە وەک بەربەستێکی بەهێز بەڕووی ئەو پڕۆژە تێکدەرانە بوەستینەوە کە دەیانەوێت مافی نەتەوەکەمان نەدەن.
دروود لە گیانی پاکت، خۆشەویستی دڵان، کاک ئیدریس، ئەی شەهیدی کوردستان و مرۆڤایەتی.
- بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 29-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 27-07-2025 -https://zagrosn.com
کاتی تۆمارکردن: 27-07-2025
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 350
ئیدریسی هەرماو!
20250813092602650881=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: (ئیدریسی هەرماو)!

لە بارەی مەرگەوە دەقیق بیرم نەماوە ، بەس (مامەعنا) ڕەوانشاد فەلەکەددین کاکەیی ئەیووت: مەرگیش هەر ژیانە، بەڵام بە جۆرێکی تر!
ئەگەر لەم بۆچوونە قووڵەی کاکەییەوە، لە مەرگی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیبڕوانین، دەقیقەن وایە، مەرگ بۆ ئەو، تەنیا کۆتاییە فیزیکییەکەی بوو نەک کۆتایی خۆی، ئەو بە جۆرێکی تر هەر ماوە!
ئەوانەی کە لەسەر بەردی ژیان، بە کاری گەورە و ئاکاری بەرزیان نەخشێک دەکێشن، ئیتر کە بای مەرگ ئەیانبا، لە زیهنی ویژدان زیندووەکاندا نەمردوون، هەر زیندوون!
ئێمە چونکە ئەمڕۆمان زۆر لە ڕابردوومان دەچێت، ئیتر بۆ هەر باسێک کە ئەمڕۆ دێتە گۆڕێ، ناوی گەورەکانی دوێنێ، کە کاک ئیدریس یەکێکیانە، لەگەڵیدا دێت.
لە باسی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەییدا کە باسی ئەمڕۆیە، ناوی ئەو دێت.
لە باسی ئیرادەی هەستانەوەی دوای کەوتندا و لە بەرەنگاریی بەڕووی دوژمندا، کە باسێکی نەبڕاوەی هەمیشە کراوەیە، هەر ناوی دێت.
کە باس لە خەمی ژیانی پێشمەرگە و گوزەرانی کەسوکاریان دەکرێت، ناوی ئەو دێت.
کە باس لە سنگفراوانی سیاسی و حیزبی و لە کراوەیی بیر و دڵ و دەستی سەرکردە دەکرێت، دیسان هەر ناوی دێت.
یەعنی مەسەلەیەک نییە کە دوێنێ جێی باس بووبێت و ئەمڕۆش جێی باس بێت و ناوی کاک ئیدریسی لەگەڵدا نەبێت، دەی ئەمە مەرگە یان مان؟!
ڕەحمەتی کاک فەرەنسۆ، (کەلعادە) لە ناوهێنانی کاک ئیدریسیشیدا هەر چاک دەپێکا و پێی دەووت: ئیدریسی هەرماو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی ژنانی ئازاد (haremnews.com)- 31-01-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-13

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 351
ئەحمەد بانیخێڵانی: هەوڵی فڕاندنی تەرمی بارزانی
20250710090647644995=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە ساڵی1981دا هەوڵی ڕفاندنی تەرمی سەرۆک بارزانی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراقەوە بڵاوکرایەوە کە تەرمەکەی بارزانی لە گۆڕەکەی دەرهێنراوە و هەوڵی ڕفاندنی بۆ ئێراق دراوە،

بەڵام تاوانباران نەیان توانیوە تەرمەکە بگوێزنەوە. برادەرانی پارتی لەم کارەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان تاوانبار کرد. بۆیە پەیوەندی نێوان (پارتی) و (حدکا) لە جاران ئاڵۆزتر بوو. ئێمە وەک حیزبی شیوعی هەوڵێکی زۆرمان دا کە هیچ نەبێت پەیوەندی ئەو دوو حیزبە لە سنوورێکدا ڕابگیرێت کە سەنگەر لە یەکتر نەگرن و شەڕی براکوژی و کوردکوژی بە دەستی کورد نەکەوێتە ئەم پارچەیەی کوردستانەوە و دەوڵەتی ئێران و ئێراق شەڕی خۆیان بە کورد نەکەن. بەڵام هەرکە لە کۆسپ و تەگەرەیەک دەبووینەوە، یەکێکی تر پەیدا دەبوو. لەو ماوەیەدا پارتی بەیاننامەی دەرکرد و هەندێک ڕەخنەی تێدا بوو لە هەڵوێست و سیاسەتی خۆیان بەرانبەر بە گەلی کورد لە دیوی ئێران. ئێمە ئەو بەیاننامەیەمان بە کارێکی باش زانی، چونکە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە لەو ڕۆژگارەدا بۆ پارتی زۆر بوو، کە هەزاران خێزانیان لە ئێراندا بوو بەسەر ئێرانەوە دەژیان، خۆشیان

گەلێک ئەرکیان بەسەر ئێرانەوە هەبوو. ئەم بەیاننامەیە تا ڕادەیەکی باش پەیوەندی نێوان (پارتی و حدکا)ی هێمن کردەوە. بەڵام زۆری نەبرد ڕووداوی تەرمەکەی بارزانی بەسەردا هات، برادەرانی پارتی کەوتنە هەڕەشەکردن لە حیزبی دیموکرات و شەڕی تۆڵەسەندنەوە. لەو کاتەشدا شاری (شنۆ) بەدەست حیزبی دیموکراتەوە بوو. ئێرانیش داوای لە پارتی دەکرد دەبێت. شنۆ بگرێت و ڕادەستی ئێرانی بکاتەوە. حیزبی دیموکراتیش بەیاننامەیەکی دەرکرد، ئەوەی ڕەت کردەوە کە دەستی لەو کارە چەپەڵەدا هەبێت، بەڵام بەیاننامەکەی دیموکراتیش خاڵی نەبوو لە هێرش و هەڕەشە بۆ سەر پارتی، چەند ڕۆژێکیش دوا کەوت. لەو کاتەدا مەسەلەکە گەیشتە خەتەری دەست پێکردنی شەڕ لەنێوان پارتی و حیزبی دیموکرات. هاوڕێ عومەر شێخ و من چووین بۆ لای برادەرانی پارتی بۆ ڕاژان. لەوێ لەگەڵ کاک مەسعوود و عەلی عەبدوڵڵا کۆ بووینەوە. لەم دیدارەدا بۆمان دەرکەوت کە کاک مەسعوود و کاک عەلی بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوە نین بخزێنە ناو شەڕەوە دژی حیزبی دیموکرات. بەڵام مەسعوود ئەوەی ڕوون کردەوە کە لەلایەن بنەماڵە و خێزانە بارزانییەکانەوە فشارێکی زۆری لەسەرە، لەو ڕووەوە پێشنیاری بۆ ئێمە کرد کە شێخ محەمەد خالید ببینین، هەروا کاک عەلی عەبدوڵڵاش هەمان پێشنیاری کرد. ئێمەش چووینە لای شێخ محەمەد خالید ، زۆرمان قسە لەگەڵ کرد، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت. تۆڵەی ئەو کارە لە قاسملوو بکاتەوە و شاری شنۆ بگرێت. ئێمەش پێمان وت: باشە یا شێخ تۆ ئەگەر سبەی شاری شنۆ لە حیزبی دیموکرات وەرگری، خۆ بەدەست خۆتەوە نامێنێ و دەبێت. ڕادەستی ئێرانی بکەی. لەلایەکی ترەوە ئێوە هێرش ببەنە سەر شنۆ تەنیا ڕووبەڕووی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات نابنەوە، بەڵکوو ڕووبەڕووی ژن و منداڵ و دانیشتووانی ئەو شارەش دەبنەوە کە خەڵکی ئەو شارە چەندان ساڵە یارمەتیی و کۆمەکی ئێوە دەکەن. پاشان ئێوە ئەگەر دەتانەوێ تۆڵە لە قاسملوو بکەنەوە، بڕۆن تۆڵە لە خودی قاسملوو بکەنەوە، بۆچی کوڕی خەڵک بە کوشتن دەدەن. ئێمە زۆرمان گوت، بەڵام بێسوود بوو. شێخ محەمەد خالید لە قسەی خۆی نەهاتە خوارێ. (من پێشتر دوو جار شێخ محەمەد خالیدم بینی بوو، جاری یەکەم لە ساڵی 1968 لە پرسەی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد . ئەو جارەیان شێخ محەمەد خالیدم زۆر هێمن و لەسەرەخۆ هاتە پێشچاو. جاری دووەمیش لە ساڵی 1979 لە شاری کەرەج چوومە سەردانی، ئەو جارەش زۆر کز و نیگەران هاتە پێشچاو، زۆر ناڕازی بوو لەو بارودۆخەی کوردە پەنابەرکان لە ئێراندا تێدا دەژین و ئەو کارەساتەی بەسەر گەلی کورد و شۆڕشەکەیدا هات).

ئێمە هیچمان پێ نەکرا، بەڵام ئەوەمان بە برادەرانی پارتی گوت، کە هەڵخزانتان بۆ شەڕ دژی حیزبی دیموکرات، دەتان خاتە کۆڵانێکی تاریک و بنبەستەوە و ڕووبەڕووی گەلی کوردی ئێران دەبنەوە. پاش ماوەیەک شەهید قاسملوو داوای لە حیزبمان کرد، کە بکەوێتە بەینەوە و پارتی نیازی گرتنی شنۆی هەیە. بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت. هەوڵ بدەن پارتی ئەم کارە نەکات، بە ناوی ئێمەشەوە پارتی دڵنیا بکەن، کە ئێمە لە ڕێگەی خەبات و کاری ئەواندا لە شنۆ یان هەر شوێنێکی تر هیچ کۆسپ و گرفتێک ساز ناکەین. هاوڕێیانی سەرکردایەتی منیان ڕاسپارد بچمەوە بۆ لای پارتی. لە سەرەتادا چوومە (نواوێ) شەو لای شەهید دوکتوور قاسملوو مامەوە. قاسملوو وتی هەواڵی تەئکیدمان هەیە کە ئێرانییەکان فشاریان خستووەتە سەر پارتی کە شاری (شنۆ)یان بۆ بگرن. تۆ کە ئەوان دەبینی تکایان لێ بکە کە ئەم کارە نەکەن و پەیمانی ئەوەشیان پێ بدە با شنۆ هەر بە ناو بە دەستی ئێمەوە بێت و ئەوان ئازادانە کار و هاتوچۆی خۆیانی تێدا بکەن، بەڵام با ئەم هێرشە نەکەن و زیاتر دەستمان نەچێتە خوێنی یەکتر.

بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ ڕاژان. لە ڕێگا لە گوندی (شیناوێ)ی پەنای (خانێ) لای مولازم عەلی لام دا و شەو لەوێ نووست، و سبەی بەرەو ڕاژان ڕۆیشتم. لە ڕاژان کاک مەسعوود و خوالێخۆشبوو کاک ئیدریسم بینی ئەم جارەشیان قسەی زۆمان و حیزبی دیموکراتم هەموو پێ وتن. بەڵام کاک ئیدریس سەرگەرمی خۆڕێکخستن بوو بۆ هێرش و گرتنی شاری شنۆ. من کە زانیم مانەوەم بێسوودە و پارتی ئەو کارە دەکات، زوو گەڕامەوە بۆ بنکە و

بە هاوڕێیانی سەرکردایەتیم وت کە بەپەلە (م.س)ی حیزبی دیموکرات ئاگادار بکەنەوە و بڕووسکەیان بۆ بنێرن و هەواڵەکەیان پێڕاگەیەنن. بەڵام هاوڕێ عومەر زۆر بە ساردی و لەسەرەخۆ وتی بڕووسکە نابێت، نامەیان بۆ دەنێرین. وتم هاوڕێ عومەر، ئیدریس بارزانی شنۆ دەگرێت. دەبێت. پێش هێرشەکە ئێمە دوکتوور قاسملوو ئاگادار بکەینەوە تا وا نەزانێت من هێشتا لە ڕاژانم. بەهەرحاڵ هاوڕێ عومەر لەسەر نەزمی خۆی پاش دوو ڕۆژ، نامەیەکی بۆ برادەرانی حیزبی دیموکرات نارد. کاتێک نامەکە گەیشتبووە قاسملوو، پارتی شنۆی گرتبوو.

ئەوانەی لە ساڵی 1981 تەرمەکەی بارزانییان دەرهێنابوو، تەنیا گۆڕەکەیان لادڕ کردبوو تەرمەکەیان لێ دەرهێنابوو. هەروەک لە کاک مەسعوودم بیست، تەرمەکەیان دەرهێنابوو و چەند مەترێک لە قەبرەکە دوورياں خستبووەوە بەجێیان هێڵابوو. کاتی خۆی کە بارزانییان بە خاک سپاردبوو تەرمەکەیان لەناو سندوقێکی تایبەتدا دانابوو تا لە کاتی گونجاودا بگوازرێتەوە بۆ کوردستانی ئێراق. ئەوە بوو پاش ڕاپەڕین و لە ڕێ و ڕەسمێکی پڕشکۆ و شایستە بە سەرۆک بارزانی تەرمەکەیان گواستەوە بۆ گوندی بارزان و ئەوێ بوو بە دوا مەنزڵگای. شایانی وتنە کە تەرمەکەی ئیدریسی جوانەمەرگیش لەگەڵ تەرمەکەی بابیدا لە هەمان ڕۆژ و ڕێوڕەسمدا گواستراپەوە. هەرچەند برادەرانی پارتی هەوڵدانی ڕفاندنی تەرمەکەی بارزانییان بە نەخشەی ئێراق دانا، حیزبی دیموکراتیان بەم کارە تاوانبار کرد. من پێم وایە ئەو کارە پەیوەندی بە دیموکراتەوە نەبوو. بە لای زۆرەوە بە دەسیسەی حکومەتی ئێران ئەنجام درا. دووریش نییە ئەو کەسانەی خزمەتی گۆڕەکەیان دەکرد دەوریان لەم کارەدا هەبووبێت، یان ڕاستییەکان بزانن. چونکە ئێران فشاری خستبووە سەر پارتی شاری (شنۆ) بگرێت. پێشتریش هێزەکانی پارتی لە ناوچەی هەورامان و نەغەدە خراپوونەوە ئەو جۆرە کارە چەوت و زیانبەخشانەوە. ئێرانییەکانیش دەیانزانی بە کارێکی وا (هەوڵدانی ڕفاندنی تەرمی بارزانی) کە لە شاری شنۆدایە، شنۆش بە دەست حیزبی دیموکراتەوەیە یەکسەر پارتی، (حدکا) تاوانبار دەکات و زەمینەی شەڕەکە ساز دەبێت. ئەگەر پارتی نیازیشی بووبێ ئەم کارە نەکات، ئەوا پاش ڕوودواوەکە دڵگەرمتر دەچیتە ئەو شارەوە. ئێستاش1995 دوای تێپەڕبوونی 14 ساڵ بەسەر ئەو ڕوودواوەدا کە بووە هۆیەکی تری پەیوەندی تێکچوون و شەڕی نێوان حیزبی دیموکرات و پارتی، تا ئێستا نە پارتی و نە دیموکرات و نە هیچ کەس و لایەنێکی تر، شتێکیان سەبارەت بە نەخشەی ڕاستی ئەو ڕوودواوە بە دیکیۆمێنت و بەڵگە بڵاو نەکردەوە. ئایا پارتی لەم ماوەیەدا ڕاستی ئەو مەسەلەیەیان بۆ دەرنەکەوت کە کێ لە پشت ئەو نەخشەیەوە بوو. یان بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان، چەوتی هەڵوێست و سیاسەتەکانیان دەردەخات و لە بەردەم گەل و کەسوکاری ئەو خەڵکانەی بە کوشتیان دان بەرپرسیار دەبن، بۆیە وا دیزە بە دەرخۆنەیان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 19-10-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-10-19	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | peshmergekan.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 352

ئەفسەری مۆساد و ژەنەرالی خانەنشین سەگی چۆری: ساڵی 1966 لەسەر ئەرکی دەزگای هەواڵگری موساد بۆ یارمەتی کورد هاتم بۆ کوردستان

20250723093747647733=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەڤپەیڤینیک لەگەڵ ئەفسەری مۆساد ژەنەرالی خانەنشین (سەگی چۆری) کە یەکێک بوو لەو گرووپە ئیسرائیلییەی کە لە سەرەتای ساڵانی 66 تا 67 و بۆ هاوکاری کورد لە ئیسرائیلەوە هاتبوو بۆ کوردستان و لەگەڵ پێشمەرگەکان پلانی شەڕیان لە دژی سوپای ئێراق دادەڕشت، سەردەمێک کە کورد لەژێر هەڕەشە و هێرشی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دابوو و لە هەموو لایەکەوە کەوتبوو بەر هێرش، گەورە ئەندازیارانی ئیسرائیل لە کوردستان یارمەتیی و پەروەردی پێشمەرگەیان گرتە دەکرد، هێزی پێشمەرگە کە ئەوکات وەک جوری باسی دەکات لە تفەنگی برنۆ زیاتر هیچ چەکێکی تریان بەکار نەهێنابوو، لە ڕووی پلانی شەڕ لە بەرانبەر هێزی سوپای ئێراق کە لە هەموو ڕوویەکەوە پر چەک بوون و ژمارەیان چەند هەزار کەس زیارتر بوو شەڕیان دەکرد، سەردەمێک کە کورد جگە لە ئیسرائیل هیچ ڕسگەیەکی تری نەمابوو بۆ وەرگرتنی هاوکاری و پەیوەندی، ئایا نزیکبوونەوی کورد لەو قۆناغەدا کارێکی هەڵە بوو؟ ئایا کورد هیچ زەرەرێکی کرد لەو دۆستایەتییە؟ ئەوەو چەندین پرسیارەی تر لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ سەگی چۆری کە یەکێک بوو لە دۆستە هەرە نزیکەکانی مەلا مستەفای بارزانی بخوێنەوە.

هەڤپەیڤین: دینۆ دانیاڵ

ئیسرائیل-کورد: با لە ژیانی خۆتەوە دەست پێ بکەین و بزانین چۆری کێیە؟

سەگی چۆری: من لە ئیسرائیل لەدایک بووم. باوکم بە ڕەچەڵەک خەڵکی لاتڤیایە (یەکێک لە کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت) دایکیشم پۆڵۆنییە. من لە شاری مۆشابی گوش تەلمۆن-بن ڤسرد کە نزیک شاری ناتانیایە لە ناوەڕاستی ئیسرائیل گەورە بووم. ساڵی 1952 لە سوپای بەرگریی ئیسرائیل بووم بە سەرباز و کۆرسی ئەفسەریی پەرەشووتم بینی و بووم بە فەرماندەی یەکەی تایبەتیی سوپا و فەرماندەی کەتیبە و دواتر چەندین

پلەی دیکەم وەرگرت. یەکێک لە کارە گرینگەکانم ئەوە بوو کە یارمەتیی کورد بدەم.

ئیسرائیل-کورد: یەکەم جار کەی چووی بۆ کوردستان و ئامانج لەو سەردانەت چ بوو؟

سەگی چۆری: من ساڵی یەکەمی یارمەتیی ئیسرائیل بۆ کورد چووم کە دەکاتە ساڵی 1966، ئەوکات لە سوپا ئەفسەر بووم و مۆساد ڕایسپاردم بچم بۆ کوردستان و ئەوەش فەرمانێک بوو.

ئیسرائیل-کورد: بەتەنیا چووی بۆ کوردستان یان کەسی ترت لەگەڵدا بوو؟

سەگی چۆری: من بەتەنیا چووم، بەڵام کەسایەتیی مۆساد، داڤید کرۆن، وەک بەرپرسی مۆساد و یەکێکی دیکەش لەوێ بوون بەڵام ئێستا ناوەکەیم بیر نایە. ئەوکات چووم بۆ بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران.

ئیسرائیل-کورد: کاتسک گەیشتی بۆ کوردستان سەرەتا چیت کرد و کس پسشوازی لس کردی؟

سەگی چۆری: من میوانی بارەگای مەلا مستەفا بارزانی بووم وئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازییان لێ کردم، بەڵام بارزانی لەوێ نەبوو. کە لێم پرسین باوکتان لە کوێیە؟ ئەوان وتیان چووەتە بەرەکانی شەڕ لە پێنجوێن. وتم تا بارزانی دێتەوە با دەست بە کارەکانمان بکەین و خۆمان ئامادە بکەین، ئەوانیش ڕازی بوون، ئەوان زۆر ژیرانە لێم تێ گەیشتن و هەر بەزووبی لێم تێ گەیشتن. من کوردی و عەرەبیم نەدەزانی و داڤید کرۆن کە پێشتر لەوێ بوو قسەکانمی دەکرد بە عەرەبی، بەڵام زۆر زوو ئەوان لە من دەگەیشتن و منیش لە ئەوان.

ئیسرائیل-کورد: کاتسک چووی بۆ تاران چیت کرد تا یارمەتیی کورد بدەی بە گشتی ؟

سەگی چۆری: کاتێک گەیشتم بۆ تاران داوایان لێ کردم کۆرسێک بۆ ئەفسەرانی ئێرانی ساز بکەم و فێری هەندێک شێوازی سەرەتایی شەڕیان بکەم و ئەوانیش فێری کوردەکانی بکەن، دیار بوو شا ئەوەی بە دڵ نەبوو، منیش داوام کرد فەرماندە کوردەکان بهێنن بۆ تاران و خۆم فێریان بکەم. ئەوان هاتن بۆ لام و کۆرسەکە دەستی پێ کرد، بەڵام لەوێ سەرکەوتوو نەبوو، چونکە شا زۆر حەزی لە کورد نەدەکرد. من لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی خۆمانەوە داوام کرد کە ئەو فەرماندە کوردانە ببەم بۆ ئیسرائیل و لەوس فێریان بکەم و ڕەزامەندی لەسەر هاتەوە و ئەوانم بە فڕۆکە هێنا بۆ ئیسرائیل. ئەوانم لە میوانخانەیەک لە کەرمێل لە نزیک حەیفا دانا و ڕۆژانە دەمبردن بۆ نێو سەربازگەی خۆمان و مەشقم پێ دەکردن. مەشقەکە نزیکەی مانگێکی خایاند و زۆر شتی باش فێر بوون و دواتر گەڕانەوە بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ کوردستان.

ئیسرائیل-کورد: داوی گەڕانەوەی فەرماندە کوردەکان بۆ تاران، تۆش لەگەڵیان گەڕایەوە؟

سەگی چۆری: بەڵێ منیش لەگەڵیان گەڕامەوە و ئەوانم دابەش کرد. هەر فەرماندەیەک 20 کەسم بۆ ئامادە کرد کە لە دژی سوپای عەراق شەڕی پارتیزانی بکەن، چونکە کوردەکان لە تفەنگی برنۆ و هەندێک چەکی دیکە زیاتریان نەبوو و سوپای ئێراق پڕچەک بوون و باشترین چەکیان هەبوو.

ئیسرائیل-کورد: داوی تەواوبوونی کۆرسەکە چیت کرد؟

سەگی چۆری: دوای تەواوبوونی کۆرسەکە خۆمان بۆ هێرشی بەرگری ئامادە کرد. دوای توانەوەی بەفر، سوپای ئێراق خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکرد و نیازیان هەبوو حاجی ئۆمەران بگرن. من بەرنامەی باشم بۆ فێرکردنیان ئامادە کردبوو، هەروەها منیش هەندێک شتیان لێ فێر بووم. دواتر هەر فەرماندەیەی ئەرکێکم پێ سپارد.

ئیسرائیل-کورد: هێڵی بەرگریتان لە کام شوێنەکان دانا؟ ئایا تۆش لە سەنگەرەکانی شەڕ نزیک بووی؟

سەگی چۆری: هێڵی بەرگریمان لە ڕەواندز و لە پشت چیای زۆزک و هندرێن دانا. کاتێک دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی هێنا، کوردەکان نەیاندەزانی چۆن لە بەرانبەر تانگ و فڕۆکەی دوژمن بەرگری بکەن. یەکەم جار هێڵی هێرشی بەرگری پێشەوەم دانا و ڕەچاوی ئەو شتانەم کرد کە کوردەکان لە دەستیاندا بوو. ئەوان زۆربەیان برێنۆیان پێ بوو و نیشانەیان زۆر ڕاست بوو و یەک گوللەیان بە فیڕۆ نەدەدا. هەرچەندە کەم بوایەن، وەک زنجیر بوون و کەمبوونیان پێوە دیار نەبوو و دەیانتوانی بەرگری بکەن و دوژمنیان سەرسام دەکرد. ئێمە دوو کۆمەڵەمان دروستکرد هەتا بتوانن هێرش بکەن و لە کاتی هێرشی دوژمندا بتوانن بەرگری بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە.

ئیسرائیل-کورد: ژمارەی سوپای ئێراق چەند بوو و لە کوێ بوون؟

سەگی چۆری: سوپای ئێراق شەش کەتیبە بوون و لە گەلی عەلی بەگ و خەلیفان بوون و مەزندە دەکرا نزیکەی دە هەزار سەرباز زیاتر بن. باشترین چەکیان پێ بوو و بە تانگ و فڕۆکە پاڵپشتی دەکران و سوپایەکی سەربازیی مەشقپێکراو بوون. من ئەفسەری پەرەشووتوانی بووم و هەندێک زانیاریم هەبوو و لە ئیسرائیل شەڕی پارتیزانیی دژی تیرۆرم کردبوو. سوپای ئێراق چاوەڕێ بوو بەفری چیای زۆزک و هندرێن و باڵەکایەتی بتوێتەوە و هێرش بکات و زۆر نەچێتە نێو ناوچەکەوە. من چەند گرووپێکم بۆ هێرشکردن و بەرپەرچدانەوە ئامادە کرد.

ئیسرائیل-کورد: ئەو کاتانەی کە تۆ بارزانیت دەبینی زیاتر باسی چیتان دەکرد و داواکاری ئەو لە تۆ چی بوو؟

سەگی چۆری: هەموو ڕۆژێک بارزانیم دەبینی. من بۆ ئەوە چووبووم کە یارمەتییان بدەم. مۆساد ڕایسپاردبووم کە هەندێک ئەرک بەجێ بگەیەنم و یارمەتیی کورد بدەم. ئەرکی من ئەوە بوو کە بە هەر شێوەیەک لە توانامدا بێت یارمەتیی کورد بدەم و کارێک بکەم کە بە سوودی کورد بێت و لە بەرەکانی شەڕدا دوژمن ببەزێنین.

لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی خۆمانەوە داوام کرد ئەو فەرماندە کوردانە ببەم بۆ ئیسرائیل
ئیسرائیل-کورد: کاتێک بارزانی لە پێنجوێن گەڕایەوە تۆ لە بارەی بەرنامەی شەڕەکە و ئەو پلانەی داتڕشتبوو چیت پێ گوت؟

سەگی چۆری: کاتێک بارزانی گەڕایەوە لە شوێنەکەی خۆمان هاتە لامان، من و میکی کە سەرۆکی شاندەکە بوو لەوێ بووین. من بەرنامەکانی شەڕەکەم بۆ ڕوون کردەوە، بەڵام خۆزگە ئەوەی ئەو دەیزانی هەموو ئەوانی دیکەش زانیبایان. من بەرنامەی خۆمم بۆ ڕوون کردەوە و ئەویش ڕازی بوو. بە ڕاستی سەرکردە بوو، تا جیهان ماوە سەرکردەیەکی وا بە خۆیەوە نابینێتەوە، زۆر بەداخەوەم کە ئێستا لە لامان نەماوە.

ئیسرائیل-کورد: دوای ئەوەی بارزانی بە بەرنامەکەی تۆ ڕازی بوو کەی بۆ هێرشەکە دەستبەکار بوون، ئایا

بەرنامەکە سەرکەوتنی هێنا؟

سەگی چۆری: بەپێی بەرنامەکەمان، کاتێک ئێراقییەکان دەستیان بە هێرش دەکرد، ئێمە هێڵی بەرگریمان دانابوو، ئەوان ناچار بوون پیادە هێرش بکەنە سەر چیاکان، چونکە ڕێگەکان بۆ تانگ شیاو نەبوون تەنانەت هەندرک شوێنی وا هەبوو کە بە پیادەش ترسناک بوو. وەک باسم کرد کود بە نیشانەڕاستی بەناوبانگە، پێم وتن تەقە مەکەن تا سەری سوپاکە دێتە ناوتان ئینجا بە برنۆکانتان تەقەیان لێ بکەن تا دانەبەدانەیان لەناو دەبەن. ئسمە لە بەرزاییەکانی زۆزک و هندرێن بووین. پێم وتن تەقە لە تانگەکان نەکەن نەوەک شوێنەکەمان ئاشکرا بێت. سوپاکە ناچار بوون پیادە بێن، کورد خاوەنی ناوچەکە بوون و زۆر شارەزای ناوچەکە بوون، بۆیەش بەختی سەرکەوتن زیاتر بە لای کوردەوەیە. لەو شەڕەدا زیانی دوژمن بە زیاتر لە سێ هەزار سەرباز مەزندە دەکرا. داوام لە ملازم یونس کرد فەرماندەی شەڕەکەم بۆ بگرێت، بەڵام بە داخەوە شەهید بوو و فەرماندەی شەڕەکەش کوژرا.

ئیسرائیل-کورد: دوای ئەو سەرکەوتنە بەرنامەی دیکەت چی بوو؟ ئایا بارزانی لە کارەکانت ڕازی بوو؟

سەگی چۆری: بەڵی بارزانی زۆر لێم ڕازی بوو، بەڵام بە کوژرانی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازەکان زۆر دڵتەنگ بوو، ئەو نەیدەویست ئەو ژمارە زۆرەی دوژمن بکوژرێن. دوای ئەو شەڕە لەناکاو هێرشی فڕۆکە و تانگ و تۆپەکان بۆ سەر کوردستان وەستان و ئێمە سەرمان سووڕ ما، دواتر هەواڵی ئەوە هات کە عەبدولسەلام عارف لەنێو فڕۆکەدا سووتاوە و عەبدولڕەحمانی برای بووە بە سەرۆک کۆمار و داوای لە بارزانی کرد شەڕ ڕابگرن و گفتوگۆ بکەن. من بە بارزانیم وت ئێمە شەڕ دەکەین و تۆش گفتوگۆ بکەن، ئەویش وتی چۆن دەبێت شەڕ بکەین کاتێک گفتوگۆمان هەیە.

ئیسرائیل-کورد: ئایا ئێران بۆ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی یارمەتیی کوردی دەدا؟

سەگی چۆری: کوردەکان چەک و تەقەمەنییان زۆر کەم مابوو. تەنیا ئەوەیان هەبوو کە لەو شەڕەدا گرتبوویان و هەندسکی کەمیشیان مابوو. بە ئێرانییەکانمان وت کوا چەک و تەقەمەنی، ئەوانیش وتیان چووە بۆ پێنجوێن، دیار بوو خۆیان لێ دەدزییەوە و حەزیان نەدەکرد تەقەمەنی بۆ کورد بنێرن و بە منیان دەوت کارەکانت تەواو بووە و بگەڕێوە وڵاتی خۆت.

ئیسرائیل-کورد: کاتێک لە کوردستان بووی بە چ ڕێگەیەک قسەت لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و لێپرسراوانی وڵاتی خۆت دەکرد؟

سەگی چۆری: کاتی خۆی هاوڕێیەکم لە کۆمپانیای مۆتۆرۆلا هەبوو. پێم وت چ ئامێرێک باشە بۆ کوردەکان بیکڕم، وتی ئامێری بێتەلمان هەیە کە مەودایەکەی 40 کیلۆمەترە. من پێم باش بوو و ڕاپۆرتێکم بۆ مۆساد نووسی و داوام کرد ئەو ئامێرانە بۆ کورد بکڕن، ئەوانیش لەسەر داوای من ژمارەیەکی زۆریان کڕی و هێنام بۆ کوردەکان و ڕادەستی ئیدریس بارزانیم کرد و ئەویش دای بە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ. زۆر سوودمان لەو ئامێرانە وەرگرت و دەوڵەتی ئێراقیش زوو ئەوەی ئاشکرا نەکرد. لە ئیسرائیل پێیان ڕاگەیاندم کە کارم تەواو بووە و دەبێت بگەڕێمەوە. منیش وتم تا بارزانی هەموو بەرنامەکەی من وەرنەگررت ناگەڕێمەوە. ئەو کات گەرووی عومەر ئاغا گیرابوو.

ئیسرائیل-کورد: ئایا ئەو کات کەتیبەی چواری سوپای ئێراق لەوێ مابوو. تۆ لەگەڵ مەسعود بارزانی چیتان کرد و ئەرکی میکی لەوێ چی بوو؟

میکی و مەسعود بارزانی دەزگای پاراستنیان دروستکرد
سەگی چۆری: میکی و مەسعود بارزانی دەزگای پاراستنیان دروستکرد. ئەو هرزە زۆر چالاک بوو. من وتم دەبێت هێرش بکەنە سەر کەتیبەی چوار کە لە هندرێن بوو و بیانگرین. دوو کەتیبەی دیکەش لە گەڵاڵە هەبوون کە لە لایەکی دیکەوە هاتبوون. فەرماندەی کەتیبەکە گوتبووی ناڕوات تا هەموو شوێنەکان نەگرێت، ئێمەش وتمان با بێت و شەڕ دەستی پێ کۆد. زیانێکی زۆریان بەر کەوت و کوژرا و بریندارێکی زۆریان هەبوو و فەرماندەی کەتیبەکەش کوژرا. من داوام کرد بەزیندوویی بۆم بهێنن بۆ ئەوەی بزانین بەرنامەیان چییە، بەڵام نەگەیشتە دەستم کوژرا و لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە ئێراقییەکان لە هەموو شوێنەکان کشانەوە. دوای ئەوە چەک و تەقەمەنی ئێران گەیشت و ڕەوشەکە گۆڕا. بارزانی ڕایگەیاند ئەمە زۆرزۆرە، من بەم هەموو کوشتارە ڕازی نیم، من دژی ڕژێمی ئێراقم دژی نەوەکانی نیم. دەزانم ئەو سەربازانە زۆربەیان بە زۆری هێنراون بۆ شەڕ و کەسوکاریان هەیە. من نامەوێت شەڕی کورد و عەرەب بکەم، تەنیا شەڕی ڕژێم دەکەم.

ئیسرائیل-کورد: تۆ پاش تەواوبوونی شەڕەکە گەڕایەتەوە بۆ ئیسرائیل و لەوێ چیت بەسەر هات و کەی دووبارە گەڕایەوە نێو کوردستان؟

سەگی چۆری: کۆتایی ئایاری 1966 کوردستانم بەجێ هێشت و گەڕامەوە ئیسرائیل و لە ئیسرائیلیش بۆ کۆرسێک ڕەوانە کرام کە ساڵێکی خایاند و لە ئەمریکا بەڕێوەچوو. بەر لە شەڕی ڕزگاریی ساڵی 1967 گەڕامەوە بۆ فەرماندەییەکەی خۆم لە ڕەمەتە گولان و لەوێ بووم کە بارزانی نامەیەکی بۆ ناردم. ئەو نامەیەم بۆ یادگاری هەڵگرتووە تا ئەو کاتەی دەمرم شانازی پێوە دەکەم کە سەرکردەیەکی گەورەی کورد بە دەستوخەتی خۆی نامەی بۆ من نووسیوە. بەر لەوەی بچمەوە وتم با هێرش بکەین بۆ سەر دوژمن لە چیای کۆرەک، بارزانی بە زۆری ڕازی بوو و کاتێک دوژمن هەستی بەوە کرد، بە ئالای سپی هاتن بۆ گفتوگۆ و بارزانی وتی بەسە، کە ئەوان بۆ گفتوگۆ هاتن من شەڕ ناکەم. من وتم تۆ گفتوگۆ بکە، من و کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی شەڕ دەکەین، ئەو وتی نابێت. ئەوەی جرگەی منی گرتەوە، ناوی "ئاریک ڕیگب" بوو کە دواتر لە شەڕی دۆڵی ئوردون کوژرا.

ئیسرائیل-کورد: لەسەر ڕەزامەندی خۆت وێستت بچی یارمەتیی کوردەکان بدەی یان مۆساد وەک ئەرکێک ئەوەی پێ سپاردی؟

سەگی چۆری: کاتێک لە سوپا بووم، بەرپرسی کەتیبەی 890ی پەرەشووتوانی بووم کە تا ئێستاش باشترین کەتیبەی سوپای ئیسرائیلە. زۆر ئەزموونم لەو کارەی خۆمدا هەبوو. دەزگای هەواڵگری مۆساد منی دەستنیشان کرد و وتی دەبێت بچی بۆ کوردستان.

ئیسرائیل-کورد: کاتێک تۆ چووی یارمەتیی کورد بدەی ئێرانییەکان نەیاندەویست، ئایا ئێوە وەک ئیسرائیل لە نزیککردنەوەی کورد و ئێراندا دەستتان هەبووە؟

سەگی چۆری: لە ئێران یەکێکمان وەک ڕاوێژکاری سەربازی هەبوو بە ناوی یەعقوب نمرۆدی، ئەو پیاوێکی زۆر ژیر و بەتوانا بوو و توانی کوردەکان لەگەڵ ئێرانییەکان لێک نزیک بکاتەوە. ئەو کات جەمال عەبدولناسر لە

میسر دەیوت خوزستان لەسەر کەنداوی فارس دەبێت بۆ باوەشی نەتەوەی عەرەب بگەڕێتەوە و تەنیا سوپای ئێراق لەوێ نزیک بوو و شا وتی، دەبێت شتێک بکرێت کە سوپای ئێراق لەو ناوچەیە دوور بخرێتەوە. ئەوە بوو نمرۆدی ئێران و کوردەکانی لێک نزیک کردەوە و شەڕەکە کەوتە ناوچە کوردییەکان و ئێران یارمەتیی کوردەکانی دەدا کە زۆر پێویستییان پێ هەبوو. ئیسرائیلیش لە کاتی شەڕی ئازادیی ئیسرائیلەوە ڕێ لە دەوڵەتی ئێراق بوو و ئەمە هەڵێکی باش بوو.

ئیسرائیل-کورد: کەی لەسەر بانگەیشتی مەلا مستەفا بارزانی دووبارە تۆ گەڕایەوە بۆ کوردستان؟

سەگی چۆری: من لە ڕەمەتە گوڵان بووم کە سەرۆکی مۆساد بانگی کردم، وتی بارزانی دەڵێ دەبێت چوریم بۆ بنێریتەوە. منیش خۆم ئامادە کرد و ساڵی 1974 بوو کە حکوومەتی ئێراق دووبارە هێرشی کردبووەوە سەر کوردستان. کاتێک گەیشتم بارزانی وتی دوژمن هێناوەتەوە و دەبێت کارێکی وا بکەین لە خشتەیان بەرین. ئامادەکارییەکی وامان کرد کە توانیمان دوژمن ببەزێنین و چەندین جار و لە چەندین بەرەدا وانەیەکی وامان پێ دان هیچ کات لەبیری نەبەنەوە و ئێمە سەرکەوتین، بەڵام بە داخەوە بە فڕوفێڵی شای ئێران و عەرەبەکان و هەندێک وڵاتی دیکە شۆڕشەکە نسکۆی هێنا. هەزاران سڵاو لە گیانی بارزانی کە برا گەورەیەکی من بوو. بە ڕاستی پیاوێکی ناودار بوو و سەرکردەی وەک ئەو لە جیهاندا کەمە.

ئیسرائیل-کورد: ئەگەر شتێکی تایبەت ماوە ئێمە باسمان نەکردبێ، یا پەیامێکی تایبەتت هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ئیسرائیل-کورد چییە؟

سەگی چۆری: ڕێز و سلاوی تایبەتم هەیە بۆ هەموو بەرپرسانی گۆڤاری ئیسرائیل-کورد و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. دوا ئاواتم ئەوەیە کە بە دیداری سەرۆک کاک مەسعود بارزانی شاد ببمەوە. زۆر بیری دەکەم و هیوای سەلامەتی و تەندروستی بۆ دەخوازم. بە ڕاستی سەرۆکێکی شیاوە بۆ ئەمڕۆی نەتەوەی کورد. دکتۆر مەحموود عوسمانیش کاتی خۆی زۆر هاتووە بۆ لام و زۆر بیری ئەویش دەکەم و هیوای تەمەندرێژی بۆ دەخوازم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ئیسرائیل |
ڕۆژی دەرچوون: 14-01-2010
فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2010-01-14	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی و جەنەرالێکی ئیسرائیلی، ساڵی 1966 لە باشووری کوردستان	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | wordpress.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-23

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 353

ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت

20250706134717644325=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت

ئەمڕۆ یەکشەممە 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت، کاتێکیش پەرەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە و قسە لەبارەی کەسە کاریگەر و خاوەن کەسایەتی بەهێزی مێژووی کورد دەکرێت، بێگومان لە یەکێک لەو لاپەڕانەدا ناوی ئیدریس بارزانی دەیندرێت، هاورێ و هاوسەنگەرەکانی ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری هەوڵەکانی یەکڕیزی گەلی کوردی دادەنێن، بەو پێیەی کاری بۆ یەکدەنگیی ئاماڵی کورد و قبووڵنەکردنی ملکەچی کردووە، هاوشێوەی ئێستا کە یەکڕیزی بە بنەمای گەیشتن بە ئامانجەکان دادەنرێت.

ئیدریس بارزانی کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لەدایک بووە، لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگکردنی ئەو کۆمارە هاتووەتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون. ساڵی 1947 بارزانی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووییدا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و مووسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14- 07- 1958 کە ئەو کات ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانیی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باو و باپیران لە خاکی کوردستان.

دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەدی بارزانی برای گەورەی مستەفا بارزانی لەپێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ژنانی کورد گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەوکات تەمەنی 3 ساڵ بووە لەگەڵ خێزانەکەیان گەڕانەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا بۆ یەکەمجار چووە بەرخوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری کۆماری بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.

بە گوێرەی ئەدەبیات و سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕیزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی کردە شان و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.

دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەلاڵە ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار

ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەری مەسعود بارزانی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون کە هەریەک لە شەهیدان سالح یوسفی و دارا تۆفیق و سامی عەبدولڕەحمان و نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون, لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش و سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە
بەهۆی نسکۆی شۆڕشەوە، ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.
هەر بە گوێرەی سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەریی سەرۆک بارزانی، هەر زوو هەوڵەکانی خستەوە گەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە.
لە 1979 گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هات و لە ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و دەسەڵاتی شای ئێران ڕووخێندرا و لە ئێراقیش بەعس زیاتر پێگەی خۆی لە دەسەڵات قایم کردبوو، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری بە قوواڵیی 30 کیلۆمەتر تەواو کردبوو، دانیشتووانی گوندەکانی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کردبوو، هاوکات هێزە ئێراقییەکان و هێزە کوردستانییەکان لە ناوخۆدا دابەش ببوون.
لە و سەروبەندەدا شەڕی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا و حکوومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان وزە و توانای لایەنەکان بە هەدەر بڕوات و بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕوویدا و ئەو ڕووداوانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد و بەرهەمی خەباتە چەکدارییەکەی دروستکردبوو، هەر ئەوەش وای کرد، ئیدریس بارزانی لە پێناو هێنانەدی ئاشتەوایی و یەکخستنی ناو ماڵی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێشخەری بکات.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئێراقی کە سەردانی بارەگای شۆڕشیان کردبوو لە سەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆتایی 1986دا بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران سازکرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا بۆ یەکەمجار چووە بەرخوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری کۆماری بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.
بە گوێرەی ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە

پەیوەندیان بە ڕێزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی کردە شان و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەرێی سەرۆک بارزانی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون کە هەریەک لە شەهیدان سالح یووسفی و دارا تۆفیق و سامی عەبدولڕەحمان و نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش و سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەست هات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
بە هۆی نسکۆی شۆڕشەوە، ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.
هەر بە گوێرەی ئەدەبیات و سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەرێی سەرۆک بارزانی، هەرز و هەوڵەکانی خستەوەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە.
سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش
لە 1979 گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هات و لە ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و دەسەڵاتی شای ئێران ڕوخێندرا و لە ئێراقیش بەعس زیاتر پێگەی خۆی لە دەسەڵات قایم کردبوو، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری بە قوڵایی 30 کیلۆمەتر تەواوکردبوو، دانیشتووانی گوندەکانی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کردبوو، هاوکات هێزە ئێراقییەکان و هێزە کوردستانییەکان لە ناوخۆدا دابەش ببوون.
لە و سەروبەندەدا شەڕی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا و حکوومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان وزە و توانای لایەنەکان بە هەدەر بڕوات و بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕوویدا و ئەو ڕووداوانە کاریگەرێی گەورەیان لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد و بەرهەمی خەباتە چەکدارییەکەی دروستکردبوو، هەر ئەوەش وای کرد، ئیدریس بارزانی لە پێناو هێنانەدیی ئاشتەوایی و یەکخستنی ناو ماڵی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێشخەری بکات.
لە سەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆتایی 1986دا بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناو دەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران ساز کرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
لە ئاستی دیپلۆماسیدا ئیدریس بارزانی ئەزموونێکی ناوازەی هەبوو، بەتایبەتی لە بواری بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکخستنی وتاری پارت و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق.
سەرەنجام پاش تەمەنێکی پڕ لە شانازی و خزمەت بە دۆزی ڕەوای کوردستان، لە 31ی کانوونی دووەم/ یەنایری 1987دا ئیدریس بارزانی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دوایی کرد و بە لەدەستدانیشی

جوولانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پرۆژەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لەدەستدا و لە شارۆچکەی سلڤانای سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا.
دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە 6ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 1993 تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشی ئەیلوول و ئیدریس بارزانی سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان و لە شوێنی گلکۆی مەزاری نەمران ئەسپەردەی خاک کرانەوە.
ئەمڕۆ یەکشەممە 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت، کاتێکیش پەڕەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە و قسە لەبارەی کەسە کاریگەر و خاوەن کەسایەتی بەهێزی مێژووی کورد دەکرێت، بێگومان لە یەکێک لەو لاپەڕانەدا ناوی ئیدریس بارزانی دەیندرێت، هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری هەوڵەکانی یەکڕیزی گەلی کوردی دادەنێن، بەو پێیەی کاری بۆ یەکدەنگیی ئاماڵی کورد و قبوولنەکردنی ملکەچی کردووە، هاوشێوەی ئێستا کە یەکڕیزی بە بنەمای گەیشتن بە ئامانجەکان دادەنرێت.
ئیدریس بارزانی کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لەدایک بووە، لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگکردنی ئەوکۆماڕە هاتووەتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون. ساڵی 1947 بارزانی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووییدا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و مووسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958 کە ئەوکات ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانیی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.
دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕووبانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران.
خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەدی بارزانی برای گەورەی مستەفا بارزانی لە پێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ژنانی کورد گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەوکات تەمەنی 3 ساڵ بوو لەگەڵ خێزانەکەیان گەڕانەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.
لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا بۆ یەکەمجار چووە بەرخوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری کۆماری بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.
بە گوێرەی ئەدەبیات و سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕێزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی کردە شان و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.

دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەری مەسعود بارزانی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون کە هەریەک لە شەهیدان سالح یوسفی و دارا تۆفیق و سامی عەبدولڕەحمان و نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون, لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش و سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە
بەهۆی نسکۆی شۆڕشەوە، ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.
هەر بە گوێرەی سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەریی سەرۆک بارزانی، هەر زوو هەوڵەکانی خستەوە گەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە.
لە 1979 گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هات و لە ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و دەسەڵاتی شای ئێران ڕووخێندرا و لە ئێراقیش بەعس زیاتر پێگەی خۆی لە دەسەڵات قایم کردبوو، پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری بە قوواڵیی 30 کیلۆمەتر تەواو کردبوو، دانیشتووانی گوندەکانی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کردبوو، هاوکات هێزە ئێراقییەکان و هێزە کوردستانییەکان لە ناوخۆدا دابەش ببوون.
لە و سەروبەندەدا شەڕی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا و حکوومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان وزە و توانای لایەنەکان بە هەدەر بڕوات و بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕووبدا و ئەو ڕووداوانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد و بەرهەمی خەباتە چەکدارییەکەی دروستکردبوو، هەر ئەوەش وای کرد، ئیدریس بارزانی لە پێناو هێنانەدی ئاشتەوایی و یەکخستنی ناو ماڵی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێشخەری بکات.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئێراقی کە سەردانی بارەگای شۆڕشیان کردبوو لە سەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆتایی 1986دا بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران سازکرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا بۆ یەکەمجار چووە بەرخوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری کۆماری بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دا ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.

بە گوێرەی ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕێزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی کردە شان و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەریی سەرۆک بارزانی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون کە هەریەک لە شەهیدان سالح یووسفی و دارا تۆفیق و سامی عەبدولڕەحمان و نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش و سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێراق بەدەست هات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی و تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردیان تووشی نسکۆ کرد.
بە هۆی نسکۆی شۆڕشەوە، ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.
هەر بە گوێرەی ئەدەبیات و سەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەریی سەرۆک بارزانی، هەرز و هەوڵەکانی خستەوەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە.
سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش
لە 1979 گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هات و لە ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و دەسەڵاتی شای ئێران ڕوخێندرا و لە ئێراقیش بەعس زیاتر پێگەی خۆی لە دەسەڵات قایم کردبوو، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری بە قوڵایی 30 کیلۆمەتر تەواوکردبوو، دانیشتووانی گوندەکانی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کردبوو، هاوکات هێزە ئێراقییەکان و هێزە کوردستانییەکان لە ناوخۆدا دابەش ببوون.
لە و سەروبەندەدا شەڕی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا و حکوومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان وزە و توانای لایەنەکان بە هەدەر بڕوات و بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕوویدا و ئەو ڕووداوانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد و بەرهەمی خەباتە چەکدارییەکەی دروستکردبوو، هەر ئەوەش وای کرد، ئیدریس بارزانی لە پێناو هێنانەدیی ئاشتەوایی و یەکخستنی ناو ماڵی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێشخەری بکات.
لە سەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆتایی 1986دا بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناو دەبرێت و هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا و لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق کە لە تاران ساز کرا، بانگەوازی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
لە ئاستی دیپلۆماسیدا ئیدریس بارزانی ئەزموونێکی ناوازەی هەبوو، بەتایبەتی لە بواری بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکخستنی وتاری پارت و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق.

سەرەنجام پاش تەمەنێکی پڕ لە شانازی و خزمەت بە دۆزی ڕەوای کوردستان، لە 31ی کانوونی دووەم/ یەنایری 1987دا ئیدریس بارزانی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دوایی کرد و بە لەدەستدانیشی جوولانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پڕۆژەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لەدەستدا و لە شارۆچکەی سلفانای سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا.
دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە 6ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 1993 تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشی ئەیلوول و ئیدریس بارزانی سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان و لە شوێنی گۆڵکۆی مەزاری نەمران ئەسپەردەی خاک کرانەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
نافیز جەلال حەوێزی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی basnews.com- 31-01-2021

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 354
ئەمڕۆ 36ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە
20250706131437644306=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئەمڕۆ 36ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە

ئەمڕۆ 36ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە، کە ڕۆڵێکی کارای لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا هەبووە.
ئیدریس مستەفا بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لەدایکبوو، کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراقەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی ئێراق دووردخرایەوە و لەوێ ژیانێکی سەختی دوور لە نیشتمانی بەسەربرد، دواتر لە سەروەختی لاوێتیدا بەشداریی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی کرد.
سەرۆک بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد/ شۆڕشی گوڵان) لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە نووسیویەتی: کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی ئەوەوە سەرچاوەی هاتبوو، بووبووە هۆی نەرمونیانییەکەشی.
سەرۆک بارزانی دەشڵێت: ئیدریس بارزانی، کەسێکی لەخۆبردوو وخاکی بوو، بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆرجار کەسی ئاسایی بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی وهەستی کەموکورتی لای بەرانبەرەکەی دەڕەواندەوە.
ئیدریس بارزانی، لە 31-01-1987 و 36 ساڵ لەمەوبەر، لە شارۆچکەی سلێمانای سەر پارێزگای ورمێی ئێران، کۆچی دوایی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەرکۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 31-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 355

ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت

20250817153438651409=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ (2024-01-31) یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاری گەلی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران .

ئیدریس بارزانی لە مانگی ئاداری 1944 لە ناوچەی بارزان لەدایکبووە. کاتێک تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ، مەلا مستەفا بارزانی باوکی، ڕوویکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە جوواڵانەوەی کورد و کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەستی بە خەبات کرد.

دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی سوپای شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەری شێخ ئەحمەد بارزانی، برای گەورەی مستەفا بارزانی لە پێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ژنانی کورد، گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەو کات تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ ئێراق و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری وڵات ڕاگوێزران.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا، ئیدریس بارزانی لە شاری کەربەلا چووە بەر خوێندن و تا ڕووخانی دەسەڵاتی پادشایی لە ئێراق و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم لە 1958، ئیدریس بارزانی لە دیداری باوکی بێبەش بوو، بەڵام لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤیەت گەڕانەوە و دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە.

دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961دا، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بە ڕیزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی هەڵگرت و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداریی لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد.

دوای نۆ ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە لە دەڤەری باڵەکایەتی ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ئاشتی و دانووستان لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئیدریس بارزانی بە یاوەری سەرۆک مەسعود بارزانیی برای، لە دەستەی شاندی دانووستانی شۆڕش بوون، کە هەریەک لە شەهیدان سالح یوسفی، دارا تۆفیق، سامی عەبدولڕەحمان، نافز جەلال و مەحمود عوسمان بوون، لە بەغدا کەوتنە شەڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف و داخوازی شۆڕش.

سەرەنجام بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان بەدەستهات و ڕێککەوتنەکە چوار ساڵی پڕ لە خۆشی و بووژاندنەوەی لە ئێراق هێنایە دی، تا سەرەنجام دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا کەوتنەوە دژایەتی کورد و سەرکردایەتییەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنی جەزائیریان لەگەڵ شای ئێران، محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی واژوو کرد و شۆڕشی کوردییان تووشی نسکۆ کرد و ئیدریس بارزانی بە یاوەری کەسوکار و ماڵبات و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون.

لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشدا ئیدریس بارزانی بە یاوەری سەرۆک مەسعود بارزانی، هەر زوو هەوڵەکانی خستەوەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستی بە چالاکی کردەوە. لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە، لە کۆتایی 1986دا، بناغەی بەرەی کوردستانی دانرا و لە مانگی حوزەیرانی 1988دا وەک هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.

ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا، بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا، لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراقیش، کە لە تاران سازکرا، بانگەوازیی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
ئیدریس بارزانی لە ڕۆژی 31-01-1987، بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دواییکرد، لە شارۆچکەی سلێمانای سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، لە 06-11-1993 تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئیدریس بارزانی، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان بە خاک سپێردران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڕارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
نافیز جەلال حەوێزی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 26-09-2025 -(kurdistantv)

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 356
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێدەپەڕێت
20250806113301649945=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێدەپەڕێت

ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتەوایی تێدەپەڕێت، ئیدریس مستەفا بارزانی بە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی کوردستان و ئەندازیاری درووستکردنی بەرەی کوردستانی دادەنرێت. وەک هاوخەبات و هاوڕێکانی باسی دەکەن، ئیدریس بارزانی هەمشە جەختی لە گرنگیی پێکەوە کارکردنی حیزبە کوردستانییەکان دەکردەوە، چونکە لای وابووە لەو ڕێگەیەوە گەلی کورد زووتر و ئاسانتر بە مافەکانی دەگات.
ژیانی پێشمەرگایەتی
ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی لە ئیدریس بارزانییەوە نزیک بوون، هەمیشە باس لە خەسڵەتی جەماوەریی ئەو دەکەن و دەڵێن: ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیانەدەکردەوە و بەسادەیی ژیاوە و زۆر جار لەگەڵ پێشمەرگەدا لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستان ڕۆژی کردووەتەوە .
بەگوێرەی ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە 1961، ئیدریس بارزانی لە دەستە یەکەمەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە پەیوەندیان بەڕیزی شۆڕشەوە کرد و چەکی تێکۆشانی هەڵگرت و شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری لە داستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا کرد. لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری دەبێت بەتایبەت لە شەڕی هەندرێندا. لە ساڵی 1964 ئەو کاتەی بارزانیی نەمر لە ناوچەی ڕانیە و دەوروبەری دەبێت بۆ هاوکاریی لە ئیش و کاری پێشمەرگایەتی و ئیدارەی سەربازیدا، ئیدریس بارزانی لە ناوچەی بارزانەوە دەباتە لای خۆی و بەرپرسیاریێتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێدەسپێرێت، کە دواتر گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی ئێراق بەدواداهات و گەیشتە ڕێککەوتننامەی 11-03-1970، دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتی و بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە مانگی حوزەیرانی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی، کە لە ناوچەی ناوپردانی شارەدێی گەڵاڵە لە دەڤەری باڵەکایەتی کرا، بۆ یەکەمجار ئیدریس بارزانی بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، بە ئەندازیاری ئاشتەوایی نیشتمانی ناودەبرێت، هاوکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراق و لەناو بەرهەڵستکارانی ئێراقدا، بە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر هەژمار دەکرا، لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی ئێراق، کە لە تاران سازکرا، بانگەوازیی بۆ یەکخستنی توانای بەرهەڵستکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس خستە ڕوو.
ئیدریس بارزانی، لە وتەکانی سەرۆک بارزانیدا
ناوی ئیدریس بارزانی تێکەڵ بووبوو بە ئاشتی، سەرکردەیەک کە بە ئەندازیاری ئاشتی نێوان حیزبە کوردییەکان ناو دەبرێت، سەرۆک بارزانی لەو بارەیەوە دەڵێت: ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرنگی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتی، ئەم دوو فاکتەرە هۆی سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی 1986، بەو هۆیەشەوە بوو نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی پێ بەخشرا.
ئیدریس بارزانی، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەبوو و ئەو پەیوەندییەش لای هەموو کەسێک هەستی پێ دەکرا، لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)، سەرۆک بارزانی بەمجۆرە

باسی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە شۆڕشی گوڵان دەکات.
سەرۆک بارزانی لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: ئیدریس بارزانی لە پێناو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی دوای نسکۆی 1975، بەگیانی پێشکەوتن و داهێنان و بەڕەوشتێکی بەرزەوە کاری دەکرد، ئەم نسکۆیە هەستی کاک ئیدریسی بە بەرپرسیاریێتیی دوو ئەوەندە زیادکرد و، وەک کەسێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا کاری دەکرد، لە هەر شوێنێک بوایە کورد لە دەوری کۆدەبوونەوە و شوێنی گازندە و هیوا و ئومێدی خۆیان لە کاک ئیدریسدا دەبینییەوە.
هەروەها باسی ئەوە کراوە کە ئیدریس بارزانی، بە نهێنی سەرپەرشتیی ناردنەوەی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی دەکرد بۆ سووریا بە مەبەستی ئامادەکاری گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ژمارەیەکی زۆر کادیر و پێشمەرگەی ناردەوە کوردستان.
لەناو پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان خۆشەویست بوو
ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی کە لە ئیدریس بارزانییەوە نزیکبوون، هەمیشە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئیدریس بارزانی، لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێیەتییەکی باشی هەبووە و توانای زۆری هەبووە لە نووسین و داڕشتندا بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە، شەوانە تاوەکوو درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی و هەردەم پەرتووکی پێ بووە، هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ خوێندنەوە تەنانەت لەنێو ئۆتۆمبێلیشدا. بایەخی بە بواڕەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە، زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و وەفایی لەبەربوونە، کەسێک بووە زۆر حەزی لە ئەدەب و سۆفیگەرێتی بووە.
عەمید مرادخان بشۆ دری، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر، دەڵێت: ئیدریس بارزانی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکانی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ماندووبوونێکی زۆری بینی، بۆ ئەوەی بە هەزاران خێزان لەناو بەفر ڕزگار بکات و بۆ دیوی ئێرانیان بگوازێتەوە، لە شۆڕشی گوڵان سەرکردەیەکی بەتوانا بوو، کۆڵەکەیەکی بەهێز بوو، هەتا لە بەرەی کوردستانی ڕۆڵێکی زۆری بینی و بڕوای بە لایەنەکان هێنا، خەمخۆری هەژاران و لێقەوماوان بوو.
عەمید مرادخان، دەشڵێت: ئیدریس بارزانی، کەسایەتییەکی گەورە و سەرکردەیەکی لێهاتووبی گەلەکەمان بوو، هاوکارێکی بەهێزی بارزانیی نەمر بوو، کەسێکی شارەزا و لێزان بوو، هیچ کاتێک لە کارەکانی ماندوو نەدەبوو، لە داستانی هەندرێن و زۆزک ڕۆڵێکی گەورەی بینی، سەرپەرشتیی داستانی هەندرێنی کرد، لە هێڵی پێشەوەی شەڕ بوو، هەموو کارەکانی بەباشی و بەسەرکەوتوویی دەکرد، لە بواری سەربازی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبوو، حکوومەتی ئێراق ناچار کرد پەنا ببات بەر دانووستاندن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بەڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، بۆیە لە هەر شوێنێک بوایە ڕۆڵێکی کاریگەریی دەبینی لە چارەکردنی کێشەکان و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بوو.
لیوا یاسین مام یوسف ئاغا کۆرکەیی، پێشمەرگەی دێرین، ڕایگەیاند: ئیدریس بارزانی، پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمر بوو، بەردەوام لەناو خەڵک بوو، زۆر بەباشی لە مەعاناتی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو و پێشمەرگە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تێ گەیشتبوو، هیچ کاتێک خۆی لە پێشمەرگە جیانەدەکردەوە و بەسادەیی ژیاوە و زۆر جار لەگەڵ پێشمەرگە لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستان ڕۆژی کردووەتەوە، دەرگای لەسەر کەس دانەدەخست، ئیدریس بارزانی، جەختی لە گرنگی پێکەوە کارکردنی حیزبە کوردستانییەکان دەکردەوە و دەیوت، لەو ڕێگەیەوە گەلی کورد زووتر و ئاسانتر بە مافەکانی دەگات.
لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا کۆچی دوایی کرد
لە 31-01-1987، ئیدریس بارزانی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دوایی کرد و بە لەدەستدانیشی جوولانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پرۆژەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لەدەستدا و لە

گۆڕستانی هەلەج لە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا، دوای ڕاپەڕینی 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، لە 1993 تەرمی هەریەک لە بارزانیی نەمر، ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئیدریس بارزانی، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لە دایکبوونیان لە بارزان ئەسپەردەی خاک کرانەوە.

ژیاننامە

ئیدریس بارزانی، لە مانگی ئاداری 1944 لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لە دایکبوو، کە وەک سەرچاوە میژوویییەکانی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببووە ماڵی گەورەی کوردایەتی و سیمبوڵی نەتەوەیی و ڕووگەی تێکۆشەرانی کورد.

ئیدریس بارزانی، تەمەنی دوو ساڵ بوو، مستەفا بارزانی باوکی، ڕوویکردە خۆرهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە جوواڵانەوەی کورد و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دەستی بە خەبات کرد.

دوای پیلانگێڕی دژی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی سوپای شای ئێران بۆ کۆماری کوردستان، بارزانیی نەمر و دەیان پێشمەرگەی کوردستان ڕوویانکردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 3 ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ بۆ باشووری ئێراق دووردەخرێنەوە و لە شارەکانی بەسرە، بەغدا و مووسڵ دەستبەسەر دەبن؛ ئیدریس بارزانی تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە 1958 لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دوای دابڕانێکی زۆر، ماڵباتەکەیان بەیەک شادبوونەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2024 (hawlerweb.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 357
ئەمڕۆ 37ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە
20250706130714644304=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ئەمڕۆ 37ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە

ئەمڕۆ 37ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە، کە ڕۆڵێکی کارای لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا هەبووە.
ئیدریس مستەفا بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لەدایک بوو، کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراقەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی ئێراق دوورخرایەوە و لەوێ ژیانێکی سەختی دوور لە نیشتمانی بەسەربرد، دواتر لە سەروەختی لاوێتیدا بەشداریی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی کرد.
سەرۆک بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد/ شۆڕشی گوڵان) لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە نووسیویەتی: کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی ئەوەوە سەرچاوەی هاتبوو، بووبووە هۆی نەرمونیانییەکەشی.
سەرۆک بارزانی دەشڵێت: ئیدریس بارزانی، کەسێکی لەخۆبردوو وخاکی بوو، بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆرجار کەسی ئاسایی بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی وهەستی کەموکورتی لای بەرانبەرەکەی دەڕەواندەوە.
ئیدریس بارزانی، لە 31-01-1987 و 37 ساڵ لەمەوبەر، لە شارۆچکەی سلێمانای سەر پارێزگای ورمێی ئێران، کۆچی دوایی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
31-01-2024	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
ئەمڕۆ 36ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
ئەمڕۆ 38ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 31-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 358

ئەمڕۆ 38ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە

20250706121313644299=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ئەمڕۆ 38ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە
ئەمڕۆ 38ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە، کە ڕۆڵێکی کارای لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا هەبووە.
ئیدریس مستەفا بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لەدایک بوو، کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراقەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی ئێراق دوورخرایەوە و لەوێ ژیانێکی سەختی دوور لە نیشتمانی بەسەربرد، دواتر لە سەروەختی لاوێتیدا بەشداریی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی کرد.
سەرۆک بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد/ شۆڕشی گوڵان) لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە نووسیویەتی: کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی ئەوەوە سەرچاوەی هاتبوو، بووبووە هۆی نەرمونیانییەکەشی.
سەرۆک بارزانی دەشڵێت: ئیدریس بارزانی، کەسێکی لەخۆبردوو و خاکی بوو، بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆر جار کەسی ئاسایی بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی وهەستی کەموکورتی لای بەرانبەرەکەی دەڕەواندەوە.
ئیدریس بارزانی، لە 31-01-1987 و 38 ساڵ لەمەوبەر، لە شارۆچکەی سلێمانای سەر پارێزگای ورمێی ئێران، کۆچی دوایی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

ئەمڕۆ 36ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرویژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی www.basnews.com- 31-01-2025
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 359
ئەو دەرسەی لە ئیدریس بارزانی فێر نەبووین
20250711104325645158=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ئەو دەرسەی لە ئیدریس بارزانی فێر نەبووین
ئاسۆ حاجی

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئیدریس بارزانی بە قبوولکردنی واقعی نوێی سیاسی لە کوردستان هەوڵیدا هەموو ئەو گرووپ و حیزب و لایەنە فکریانەی لە گۆڕەپانی خەباتی کوردستان دروست بووبوون لەژێر چەتری یەک وتاری و یەک هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆبکاتەوە.
لەو هەوڵانەی ڕووبەڕووی ئالنگاری گەورە بووەوە، کۆنەڵێک حیزب دروست بووبوون کە ئامانجی لە پێشیەنەیان لەناوبردنی حیزب و بنەماڵەکەی ئیدریس بارزانی بوون، حیزبی دیکەش هەبوون ئامادەنەبوون دەست بخنە ناو دەستی پارتی چونکە بە دیتنی ئەوان'پاشڤەڕ و خێلەکی و نۆکەری ئیمپریالی بوو' بەڵام ئیدریس بارزانی کۆڵی نەدا و شانی بە شانی برایەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی دا و پێکەوە شانیان دایە بەر ئەو ئەرکەی قۆناغی دوای نسکۆ و کۆچی دوایی مستەفا بارزانی خۆی سەپاند بوو.
ئیدریس بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی باشووری کوردستان و لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە هەوڵەکانی چڕ کردەوە و لە کۆتاییدا لەگەڵ مام جەلال توانیان ڕێککەوتنی ئاشبوونەوەی گشتی ئیمزا بکەن، ئەو ئیمزایەی بووە هەوێنی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 کرد و دامەزراندنی پەڕڵەمان و حکومەتی لێکەوتەوە.
لەو چەند ساڵە دەرفەتی دیداری بەڕێزان فازل میرانی و فەریدون عەبدولقادرم هەبووە، ئەو دوو بەڕێزە هەردووکیان لە گفتوگۆی نێوان ڕەوانشادان مام جەلال و کاک ئیدریس ئامادە بوونە و ڕاگەیەنراوی ڕێکەوتنی ئاشبوونەوەی گشتی ئەوان نووسیویانە، هەردووکیان لە قسەکانیان دەربارەی ئەو دیدارە و ڕێکەوتنە باسیان لە دوو خاڵ کردووە، یەکەمیان کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا کاک ئیدریس و مام جەلال کەمتر لە کاتژمێرێکی خایاندووە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن، دووەمیان کەسیان ڕاگەیەنراوەکەی نەخوێندۆتەوە و تا ئیمزای نەکردووە.
کاتێک مام جەلال و کاک ئیدریس یەکتر دەبینن مام جەلال پرسیارێک لە کاک ئیدریس دەکا، پێی دەڵێت:' ئەوەی ڕوویدا خەتای کامەمان بوو؟' پاشان چاوەڕوان ناکات تا کاک ئیدریس وەڵامی دەداتەوە، هەر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:' جا کامەمان مانای چییە، خۆ هەردووکمان یەکین'.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2018

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | drawmedia.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-11

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 360

بابەکر زێباری چیرۆکی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دەگێڕێتەوە

20250807201928650119=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی ئێراق، ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت لە شەقامێکی بەغدا دەستڕێژی گوللەی لێکراوە بەڵام لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی نەبووە.

لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، بابەکر زێباری سوپاسالاری پێشووی ئێراق، باسی هەوڵێکی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا دەکات و وتی: ئیدریس بارزانی هاتبووە بەغدا و لە هۆتێل ئێکسسیور مابووەوە، چوومە لای و پێموتن بۆ هاتوونەتە ئێرە؟ فەرمووی بۆ؟ وتم لە هۆتێلەکەی ئەوبەری شەقامەکە فەرماندەی پێگەی بەغدای لێیە و کەسانی خراپیشی لێ کۆدەبێتەوە لە کوردەکان، وتم ڕەنگە خودا نەکات لەو ڕێگایە کردەیەک ئەنجام بدرێت. ئەویش وتی لق فەرمانی کردووە و ئێمەی هێناوەتە ئێرە و ئێمەشی لە دڵی خۆی شاردووەتەوە.

سوپاسالاری پێشووی ئێراق وتیشی بەڵام ئەو خۆی پاراست ئەگەرچی دەستڕێژی لە ئۆتۆمبێلەکەی کرا، بەڵام ئەو لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا نەبوو، چونکە بارزانی مەزن فەرمانی پێکردبوو بگەڕێتەوە، کارێکی تایبەتیی هەبوو، بەڵام برادەرەکانی مابوونەوە میوانی وەزیرێک بوون، کاتێکچوون ئەوانیان کوشت.

لەبارەی دۆخی ئەو کاتی حکومەتی ئێراق لە دوای ڕووداوەکە، بابەکر زێباری دەڵێت حکومەت ئاگای لەو ڕووداوە بوو، چونکە من ئێشکگربووم لە وەزارەتی بەرگری بروسکە هات و وتیان داغڵی ئینزاری نمرە جیم بین، چونکە کوڕی بارزانی تیرۆر کراوە، گوایە جەنابینا شەهید کراوە. ئێمەش پەیوەندیمان بە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی بەغدا کرد، کە ئەو کات حسێن حەجی بامەرنی بوو، وتی ئەو ئێستا لە حاجی ئۆمەرانە و سەلامەتە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی بەعس | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | وڵات: ئێراق |

ڕۆژی دەرچوون: 2020-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1900-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2020-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 31-01-2020 - (westganews.net)
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-07
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 361

بارزان مەلا خالید: پرۆژەکانی ئیدریس بارزانی بۆ ئێستەی کوردستان گونجاون

20250721230521647429=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بارزان مەلا خالید: پرۆژەکانی ئیدریس بارزانی بۆ ئێستەی کوردستان گونجاون
بارزان مەلا خالید هاوڕێی خەباتی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ڕای دەگەیەنێت کە ناکۆکی و کێشە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان پێویستی بەوەیە هەوڵێکی وەک ئیدریس بارزانی بخرێتە گەڕ کە بەرەی کوردستانی دروستکرد و ڕاپەڕینی لێ بەرهەم هات.
ئیدریس مستەفا بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لە دایک بووە، تەمەنی هەموو لە خەباتدا بەسەر بردووە بۆ کوردستان، خاوەنی بیرۆکە و پرۆژەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییە کە حزبەکانی سیاسیی لەسەر ئامانجی نەتەوەیی بەیەکگەیاند، ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شاری شنۆ بە خاک سپێردرا، دوای ڕاپەڕینی 1991 تەرمی (مەلا مستەفا بارزانی) و (ئیدریس بارزانی) لە ڕۆژانی 6 تا 8ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری 1993 لە ڕێوڕەسمێکی گەورەی پێشوازی جەماوەری دا گەیەنرانە گوندی بارزان و بەخاک سپێردرانەوە.
بارزانی مەلا خالید بۆ وشە
دوای کارەساتی 1975 ئیدریس بارزانی پێیوابوو دەبێت بەرەیەکی یەکگرتوو لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەبێت و سەرجەم حزبەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە و خەبات بکەن لە پێناو ڕزگارکردنی میللەتی کوردی ستەملێکراوە.
بۆیە لە کۆنگرەی نۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئاشکرای دەردەکەوێت درووشمی سەرەکی بوو بە دەمەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو، چونکە ئیدریس بارزانی پێیوابوو سەردەمی تاک حزبی بەسەرچووە و سەردەمی فرەحزبیە، هەروەها سەرجەم حزبەکان لە چوارچێوەی یەک بەرژەوەندی یەکبگرن کە میللەتی کوردە، مەلا خالید وای گوت.
بارزان مەلا خالید بە خوێندنەوەی دۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئەوە دەخاتە ڕوو کە سەردەمی ئەو کاتی کوردستان، درووشمی سیاسیی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و دیموکراسی بۆ ئێراق بوو، بۆیە بۆ ئێستا شتێکی سەیر نییە ئەگەر لەسەر هەمان بیرکردنەوەی ئەو کات ڕێککەوتنێکی باش واڕوو بکرێت و بەرەیەکی بەهێزی ناوخۆیی هەبێت لە کوردستان و لەسەر چەند بنەمایەک ڕێک بکەون، چونکە ئەزموونی پێشتر هەیە و تەبایی بەرهەمی گەورەمان بۆ دەستەبەر دەکات.
ئەو پێشمەرگە دێرینەی پارتی کە هاوڕێی ئیدریس بارزانی بووە، زیاتر دەڵێت بۆ کەڵک وەرگرتن لە کارەکانی ئیدریس بارزانی و گونجاندنی بۆ کوردستانی ئەمڕۆ، دەتوانین هەندێک خاڵی گرنگ هەیە کاری لەسەر بکەین ئەویش تەبایی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیانە، بۆیە پێویستە کەڵک لە چەند ئەزموونێک وەربگرین بە تایبەت کە مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش خۆیئ کورد بە دەستی کورد حەرام کردووە، لەسەر ئەم بنەمایانە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە کوردستان زۆر بەرەو پێش دەچێ.
ڕوونی کردەوە کە گوتەکانی ئەم دواییەی مالیکی بەسە بۆ ئەوەی کورد بەرەی خۆی بەهێز بکات و یەکگرتوو بێت، ئیدریس بارزانی لەو ڕوانگەیەوە هەموو هەوڵێکی دا تا بەرەی کوردستانی دروستکرد و دواتر ئەو هاوهەڵوێستییە کوردییە ڕاپەڕینی بەرهەم هێنا.
بارزان مەلا خالید ڕای دەگەیەنێت کە ئەو سیاسەتانەی ئیدریس بارزانی کاری لەسەر دەکرد، پارتی لە ئێستەیشدا لەسەری دەڕوات و هێڵی سووری هەیە، مەسعوود بارزانی و نێچیرڤان بارزانیش ناتوانن ئەو هێڵە سوورە ببەزێنن کە ئەویش پرسی ئازادی کورد و کوردستانە هەروەها بوونی کیانێک بۆ کورد ئەگەر

سەرجەمیشیان لەناو بچن، بۆیە ئەو هێڵانە ڕۆچووەتە ناو هەموو دەمارەکانی پارتی، حەقە لایەنەکان دەرفەتی هاوئاهەنگی بدەن بە پارتی تا دەگات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکەی، لە بەرانبەردا پارتیش سازش بکات لە پێناو پڕۆژە گەورەکەی کە دەوڵەتە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: وەرێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2017-02-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-02-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی wishe.net- 01-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 362

بارزانی مەلا خالید بە سۆزێکی زۆرەوە چەند بابەتێکی لەسەر ژیان، خەبات و پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی بڵاو کردەوە

20250912200018655827=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بارزانی مەلا خالید بە سۆزێکی زۆرەوە چەند بابەتێکی لەسەر ژیان، خەبات و پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی بڵاو کردەوە
بە دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیدا، بارزان مەلا خالید بە سۆزێکی زۆرەوە چەند بابەتێکی لەسەر ژیان، خەبات و پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی بڵاو کردەوە. بە باشم زانی هۆی ئەو کارەی و سۆز و یادکردنەوەکانی بزانم، ناوبراو وتی: با بە وتەیەکی سەرۆک مەسعود بارزانی وەڵامت بدەمەوە کە لە پەرتووکە بەنرخەکەیدا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە و دەڵێت: پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961، بارزانیی نەمر لە بەرەکانی شەڕدا بوو. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و سەرپەرشتی کردنی فەرمانیدا هەموو لایەکمان کاک ئیدریس بە مەرجەع بزانین و لە هەڵسوکەوتەکانماندا پرس و ڕای پێبکەین. لێرەدا نهێنی کارزانی و پسپۆڕیی و گەورەیی کاک ئیدریس بە دەردەکەوێت، تۆ سەیر بکە لە کاتێکدا کاک ئیدریس کۆمەڵێک برای لە خۆی گەورەتری هەبوو، کەچی بارزانیی نەمر ئەوی بە گەورە داناوە و پرس و ڕای پێکراوە. هەروەها لێرەدا قسەیەکی هاوڕێ و تێکۆشەری دێرین مامۆستا عەزیز محەمەد دێتەوە یاد کە لەم شەوانەدا لەگەڵ هەڤاڵ خورشید شێرە لە خزمەتیدا بووین و لە قسەکانماندا باسی لە بوێری و ژیری کاک ئیدریس دەکرد و فەرمووی: لە خزمەت بارزانیی نەمردا بووم سەبارەت بە بەرپرسەکانی شۆڕش قسەمان دەکرد، من زۆر ستایشی ڕۆڵی کاک ئیدریسم کرد کە سەرنجم دایە بارزانی زۆری پێخۆشبوو، لە ناخەوە دەگەشایەوە.
سۆزی من لەوەوە دێت کە کاک ئیدریس مرۆڤێکی تایبەت بوو، هەرگیز خۆی لە خەڵکی تر جیا نەدەکردەوە و ئەو خۆی لەنێو مرۆڤی کورددا دەبینی، هەستی بە موعانەتەکانی دەکرد و لە یەکەم ڕوانیندا ناخی مرۆڤی دەخوێندەوە و چارەسەری شیاوی بۆ گرفتەکانی دەدۆزییەوە. سەرکردەیەکی خاکی و دڵپاک بوو، هەرگیز خۆی لە کەسی ڕووبەڕووی بە گەورەتر نەدەزانی، پێشمەرگەیەکی سادە و دڵسۆز بوو، لە گەرمەی شەڕ و ئاگردا سەرکردەیەکی خۆڕاگر، وەربەخش، بیردۆزی چارەسەری گرێ کوێرەکان و زامنکەری سەرکەوتنەکان بوو.
لە دوای کۆچی دوایی بارزانی باوکدا، هەموومان بۆنی ئەومان لە کاک ئیدریس دەکرد. لە ڕۆژانی مێحنەت و ساتە پڕ لە مەترسییەکاندا لە پێناو ڕێکخستنەوەی پارتی، کۆکردنەوەی پێشمەرگە، جۆشدانی شۆڕش، پوچەڵکردنەوەی مانۆڕ و پیلانەکانی دوژمن، ناحەزانی پارتی، شەوی دەکردە ڕۆژ و بێباک لە چاوی جاسوسان، پێداویستییەکانی شۆڕش و جێی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی دابین دەکرد. بایەخێکی زۆری بە ماڵ و منداڵی پێشمەرگە دەدا، نەیدەهێشت حەوجێی دەستی ئەم و ئەو بن.
ئەوەیە کە من بەشانازییەوە هەتاهەتا بە سۆزەوە یادی دەکەمەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکِ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیِ ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیِ ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 320-321.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 363
بارزانی نەمر چی بە سەرۆک بارزانی و شەهید ئیدریس گوت
20250710085444644994=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



زاری کرمانجی-سۆران:

سەرۆک بارزانی، لە بەشێکی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا باسی ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، لە مانگی شوباتدا دانووستانەکانی نێوان شۆڕشی کورد و شاندی حکوومەت لە بەغدا، نەدەگەیشتە ئەنجام و شاندی حکوومەت ساردییەکی دەستئەنقەستیان دەردەبڕی.

پاش گەڕانەوەی شاندی کورد، هیچ تیشکێکی هیوا لە ئاسۆوە بۆ ڕێککەوتن دیار نەبوو، هەمووان لەو باوەڕەدا بوون وتووێژ بەتەواوی ڕووخاوە، تا 02-03-1970، کە شاندێکی حکوومەتی ئێراق، کە پارێزگاری ئەو کاتی هەولێر و چەند بەرپرسێکی دیکەی تێدابوو، بە فەرمانی سەرکۆماری ئێراق هاتن و ڕای بارزانییان لەسەر ڕێککەوتنەکە دەویست، دووپاتیان کردەوە کە دەیانەوێت پرسی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و دەیانەوێت گفتوگۆ لە کوێوە پچڕاوە لەوێوە دەست پێ بکەنەوە، بارزانییش ڕایگەیاند ئێمە هەر لەسەر ڕایەکەی پێشوومانین، کە پێویستە بگەینە چارەسەرێکی ئاشتییانە.
دوای گەیاندنی پەیامی بارزانی، ڕۆژی09-03-1970 سەددام حسێن کە ئەو کات جێگری سەرکۆماری ئێراق بوو، لەگەڵ شاندێکدا گەیشتە ڕواندز و لە ڕواندزەوە تا ناوپردان، لەنێو یەک ئۆتۆمبێلدا بووین و هەرچی قسەمان کرد لە سنووری کاروباری شەخسی دەرنەچوو.
پاش فراوین، گفتوگۆ لەنێوان هەردوولا دەستی پێ کرد، تا کاتژمێر 12ی شەو درێژەی کێشا، ڕۆژی دواتر، گفتوگۆ لە کاتژمێر 9ی بەیانییەوە دەستی پێ کردەوە تا 2ی دوانیوەشەوی خایاند، سەرەنجامی دارشتنی ماددەکانی ڕێککەوتنەکە لە شەوی 10 لەسەر 11ی 1970 تەواو بوو، کاتژمێر 11 و نیوی شەو بارزانی و سەدام هەردووکیان ئیمزای خۆیانیان لەسەر دانا.
بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتێکی کورددا، دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، بەهۆی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە، دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورددا نا و ئەو بەڵگەیە تاهەتایە دەمێنێتەوە، نە دەشاردرێتەوە و نە پشتگوێ دەخرێ، کەس ناتوانێت بەهای ئەم بڕیارە کەم بکاتەوە، کە لەو بەڵگەنامەیەدایە.
ڕێککەوتنی 11-03-1970، چارەسەرێکی پێشکەوتووانە و دادپەروەرانەی گیروگرفتی کورد و سەرکەوتنێکی گەورەی تێکڕای گەلی ئێراق و بە تایبەتیی گەلی کورد و بە مرادگەیشتنێکی مەزنی شۆڕش و پارتی بوو.
ڕێککەوتنەکە هیچ لاری و کورتهێنانێکی تێدا نەبوو، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنیدا کۆسپی هاتە ڕێ، پێویستە دان بەوەدا بنێم، بەرپرسیارییەتی لە کۆسپ هاتنەڕێیدا، دەکەوێتە سەر هەردوولا، بەڵام بەشی لایەنی حکوومەت، لە پشتهەڵکردن لە ڕێککەوتنەکە، زۆر لە بەشی ئێمە گەورەتر بوو.
سەرۆک مەسعود بارزانی ئەوەش دەگێڕێتەوە، کە سەرنجڕاکێشترین بابەت بە لای ئەوەوە، ئەوە بووە بەرپرسێکی باڵای ئێراق بە ناوی (عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعید)، دەستبەجێ دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، داوای کردووە لێژنەیەکی تێکەڵی هەردوولا مینەکان هەڵبگرنەوە، لەوەوە بۆ سەرۆک بارزانی دەرکەوتووە کە مینەکان چەند کاریگەر بوون بەسەریانەوە.
سەرۆک بارزانی باسی ئەوەش دەکا: سەدام و شاندی حکوومەتی ئێراق، زۆر جەختیان لە بارزانی کردەوە کە من و ئیدریسیش لەگەڵ شاندەکە بنێرێ بۆ بەغدا تا لەو ئاهەنگەدا بەشدار بین کە بە بۆنەی ڕێککەوتنەکەوە دەکرێت، بە ناچاری ڕەزامەندیی پیشان دا، چونکە حەزی نەدەکرد برۆین.
بارزانی بە من و ئیدریسی وت: ئاگاتان لە خۆتان بێت و وریا بن، لەخۆتان بایی نەبن و بێفیزی پیشان بدەن و زیرەک بن، لەگەڵ هەموو کەس ڕووخۆش و قسەخۆش بن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو کەسانە لە چ پلەوپایەیەکدان.
کاتژمێر هەشتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ (11ی ئادار)، سەرکۆمار دەقی ڕێککەوتنامەکەی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی

بەغدا خوێندەوە، سەرۆکی شاندی کوردیش د.مەحمود عوسمان، بروسکەی بارزانیی خوێندەوە، دوای ئەوە یەکسەر شادمانییەکی وا بەسەر خەڵکی بەغدا هات ئەوسەری دیار نەبێت، گەورە و بچووک، کورد و عەرەب، ناو شەقامەکانی بەغدایان پڕ کرد، دەستیان بە دروشم و بەستە و گۆرانی و هەڵپەڕێ و شایی کرد و شەو تا کازیوەی بەیان بەردەوام بوون.
ڕێککەوتنی 11ی ئادار، بەری خەباتێکی سەرسەختانە و بەردەوام بوو، بەڵگەی ئەوە بوو، خوێنی ئەو شەهیدە بە قوربانیدانەی شۆڕش پێشکەشی کردن، بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، گومانیشی تێدا نییە بەشی زۆری ئەم سەرکەوتنە مێژوویییە بۆ خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەباتی گەلی کورد و قوربانیدانە گەورەکانی دەگەڕایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | zarikrmanji.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 364

باوکم، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری بینی لە ڕێککەوتنی 11ی ئازاری ساڵی 1970 لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتەی ئێراق

20250713184953645560=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بەشی ئێراق و هەرێمی کوردستان-نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای ئاماژە بە ڕێککەوتنی 11-03-1970 لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتەی ئێراق و کاریگەریی ئەو ڕێککەوتنە لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبەکان وتی باوکم، ئیدریس بارزانی ڕۆڵکی زۆری بینی لەم ڕێککەوتنەدا لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتەی ئێراق و سەرکردەکانی بارزانییەکان بڕوایان وایە پرسی کوردەکانی ئێراق لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا چارە دەکرێت.
بەپێی هەواڵی کوردپرێس، لە گفتوگۆیێکی تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ بەرنامەی (بالثلاثة)ی کەناڵی شەرقیە نیوز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باسی لە دۆخی ئێراق و چارەسەرەکان بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کێشەکانی ئێراق بە گشتیی کرد.
دەق هەڤپەیڤینی شەرقیە نیوز لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی:
بەشی یەکەم..
ش. ن.: لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە دایکبوویت، ئەو کاتە ئێراق دامەزراندنی کۆماری ئێراقی یەکەم و دووەمی بەخۆیەوە بینی، جەنابی سەرۆک بەرچاوترین ڕووداوی سیاسی کە ئەو کاتە لەگەڵی ڕوویدا چی بووە؟
نێچیرڤان بارزانی: زۆر سوپاس بۆ کەناڵی شەرقییە، بەخێربێن، هاتنی مانگی ڕەمەزان لە ئێوە و هەموو گەلی ئێراق و لە هەموو موسڵمانان پیرۆز دەکەم. ساڵی 1966 لە ئێراق لە حاجی ئۆمەران لە کوردستانی ئێراق لە دایکبووم. دایکم خەڵکی سلێمانییە و باوکیشم ئیدریس بارزانی بووە. بە منداڵی تا ساڵی 1974 و 1975 لە ئێراق بووین و دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووین. قۆناخی منداڵیم لە ئێران بووین. باوکم سەرقاڵی کاروباری ئاوارە و پەنابەران بووە ئەوانەی دوای نسکۆی شۆڕش لە ئێران پەنابەر بوون. ژیانمان بە منداڵی لەوێ بووە. تا ساڵی 1979 دوای شۆڕشی ئێران وردەوردە شتەکان گۆڕان و هاتینەوە ناوچەی کوردستانی ئێراق، بەڵام ئەو کاتانەش هەر لە شاخ بووین. قۆناخی منداڵیم قۆناخی ئاوارەیی بوو لە ئێران و هەر لەوێش قوتابخانەمان خوێندووە و

چووینەتە قوتابخانە. سەبارەت بە ژیانی سیاسیم، من لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەستمپێکرد، بەڵام زیاتر هاتنم بۆ ناو سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی دوای ساڵی 1987 بوو کە باوکم کۆچی دوایکرد و دوای ئەوە زیاتر کەوتینە ناو بواری سیاسەت و کارکرن.

ش. ن.: ئەم ژیانە تا ڕادەیەک ئاڵۆزە و گواستنەوەت لە شاری دایک بۆ وڵاتێکی دیکە، بێگومان منداڵیی کەسەکان یان مرۆڤەکان دەبات، ئایا ژیانی منداڵیی ڕاستەقینەت بینیوە؟

نێچیرڤان بارزانی: بەڕاستی نا. واتە قۆناخی منداڵیمان وەک پێویست نەبینی، کاتی منداڵیمان قۆناخێک بوو کە ئاوارەی ئێران ببووین وەک هەر خەڵکێکی دیکە کە ئاوارە دەبێت، واتە نەک بۆ ئێمە ئاسان نەبوو، بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە ئاوارە بوون لە ئەنجامی نسکۆی شۆڕش سەخت بوو، بەتایبەتیی باوکم و جەنابی سەرۆک بارزانی کە دەکاتە مامم، ئەوان زیاتر سەرقاڵی کاری ڕێکخستنەوەی پێشمەرگایەتی و خەباتی دووبارە بوون لە ئێراق، لەبەر ئەوە وەک پێویست ژیانی منداڵیمان نەدیوە.

ش. ن.: ئەمە یەکەمجارە بێمە کوردستان و بە بنیادنان و ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئێوە شۆک بووم، ئەمە هۆکارەکەی چییە؟ چۆن توانیتان بە ماوەیەکی کورت بنیادنان و ئاوەدانی وا پێشبخەن؟

نێچیرڤان بارزانی: لەڕاستیدا ئێراق بە شێوەیەکی گشتی وڵاتێکی ئاوەدان نییە. ئەوەی ئێستا ئێمە لە کوردستان دەیبینین لە پڕۆسەی ئاوەدانی و بنیاتنان، دوای ساڵی 2004 دەستی پێ کرد. دوای ساڵی 2004 ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان گەڕایەوە بۆ ئەوەی دەست بە ئاوەدانی و بنیاتنان بکات، ئەوەی ئێمە لە دەستپێکدا ئەنجاممان دا، زۆر فۆکەسمان خستە سەر ئەوەی کە پێویستە کەرتی تایبەت لە کوردستان دووبارە بنیات بنرێتەوە، کەرتی تایبەت داینەمۆی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە. فۆکەسمان لەسەر کەرتی تایبەت و دەستپێکرنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان بوو، خەڵکیش یارمەتیداین بەتایبەتیی کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین ئەگەر لەگەڵ هەر وڵاتێکی دەوروبەری خۆمان بەراوردی بکەین، دەبینین پێشکەوتنەکان زۆر خێرا و وەک پێویست نین. پێویستە ئەو پێشکەوتنانە نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو ئێراقدا باشتر بکرێت.

ش. ن.: با بگەڕێینەوە ژیانی کەسیتان، نەوە بەشێکی گرنگی ناسنامە و کەسایەتیی ژیانی هەر تاکێکی کوردە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چیاکان بەتایبەتیی لە کاتی خەبات و تێکۆشاندا چی دەگەیەنن؟

نێچیرڤان بارزانی: کورد هەمیشە قسەیەکی هەیە دەڵێت هیچ دۆستێکمان نییە چیاکان نەبێت. بۆ کورد هەمیشە وا بووە، خەبات و بەرخۆدانی خۆی هەمیشە لە چیاکان دەستپێکردووە. ئێمەش وەک بەشێک لەو خەڵکەی کە لە چیا و کێو بووین و بەشداربووین، هەر لە گەنجێتییەوە باوکم و مامم ئێمەیان فێرکردووە کە دەبێت لەگەڵ ئازار و مەینەتیی خەڵکدا بژین، ئێمە قۆناخی پێشمەرگایەتیمان بینیوە، ئەو شانازییەم نەبووە وەک پێشمەرگەیەک لە سەنگەری پێشەوەدا بین، بەڵام قۆناخی پێشمەرگایەتیشمان بینیوە و لەگەڵ پێشمەرگە بووین. لە چیاکان بووین و ئەم قۆناخانەمان هەمووی لە ژیاندا بینیوە.

ش. ن.: جەنابی سەرۆک لەوانەیە جەنابت گەورەترین نەوەیمەلا مستەفای بارزانی بیت، کەسایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و باوکی ئیدریس بارزانی، مامی مەسعوود بارزانی و باپیری مەلا مستەفا بارزانی، لای کەسایەتیی کۆتایی دەوەستین، ئایا مەلا مستەفای بارزانی کەسایەتیی ئیلهامبەخشی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەو ماوەیەی کە مەلا مستەفا لە ژیاندا بووە وەک باپیرم، قۆناخی منداڵیم بوو. مەلا مستەفا لە ساڵی 1976ەوە کە تووشی نەخۆشی بوو، بۆ چارەسەری چووە ئەمریکا، ئەو ماوەیەی کە ئێمە لەگەڵ باپیری خوالێخۆشبوومان دەژیاین، ماوەیەکی زۆر کەمبوو، بەڵام ئەوەی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسیم کردووە و وای کردووە کە لەژێر سێبەر و ڕێبەرایەتیی ئەودا گەورە ببم، مامم مەسعوود بارزانی بووە. زیاتر ئەو بووە وەک ئیلهامێک، وەک کەسایەتییەک، وەک سەرکردەیەک، وەک مامێک و وەک باوکێکیش سەیرم کردووە، زیاتر ئەو کاریگەریی لەسەر پێگەی ژیانم لە گەنجێتی و تا ئێستاش هەبووە.

ش. ن.: با بڵێین چی لە مەلا مستەفا بارزانی فێر بووین؟
نێچیرڤان بارزانی: ئەوەی هەموومان لە مەلا مستەفا بارزانی فێری بووین ئەوەیە کە دەبێت بەدڵسۆزییەوە تێبکۆشین بۆ و دەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان و خزمەتی بکەین. ئەگەر بتوانم بە دوو وشە بڵێم، دەڵێم ڕێبازی مەلا مستەفای بارزانی، ڕێبازی خزمەتکردنی گەلەکەی بووە، ڕێبازی خزمەتکردنی وڵات بووە، ئێمە لەو کەسایەتییەوە فێری ئەوە بووین کە هەوڵی جددی بدەین بۆ خزمەتکردنی دۆزی گەلەکەمان.

ش. ن.: هەروەک دەربارەی ڕۆڵی خوالێخۆشبووئیدریس بارزانی باست کرد جەنابی سەرۆک، لە کاتی باس کردنی کۆچی دواییی باوکتدا جەنابت هەستئامێز بووییت، با باسی ماوەی خەباتی بکەین، ڕۆڵی ئەو لە دۆزی کورد و هەروەها لێکنزیککردنەوەی عەرەب و کورددا چی بوو؟
نێچیرڤان بارزانی: لە پرسی کوردیدا ڕوون بوو کە لەژێر سێبەری باپیرم مەلا مستەفای بارزانیدا، هەم کاک ئیدریس خوا لێی خۆش بێت، هەم جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی هەردووکیان لە شۆڕشدا یاریدەدەری بوون. کاک ئیدریس لەو ماوەیەی کە لە شۆڕشدا بووە زیاتر پرسی کۆمەڵایەتی و سەربازی بەدەستەوە بووە. یارمەتیی مەلا مستەفای داوە و خۆیشی ڕۆڵکی زۆری بینی لە ڕێککەوتنی 11ی ئازاری ساڵی 1970 لەگەڵ ڕژێمی ئەوکات و چەندین جار سەردانی بەغدای کردووە تا ئەو لێکگەیشتنە دروست ببێت، هەمیشە شانازی بەوەوە دەکرد کە دوای ڕێککەوتنی ساڵی 1970 گەلی ئێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە بەسەرەوە تا هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێراق زۆر بە گەرمی پێشوازییان لەو ڕێککەوتنە کرد، دوای چەندین ساڵ خەبات و ماندووبوون گەلی ئێراق بە شێوەیەکی گشتی پێشوازییان لەو ڕێککەوتنە کرد. یەکێک بوو لەو کەسانەی ڕۆڵی بینی و ئەوانی دیکەش جەنابی سەرۆک بارزانی و برادەرانی دیکەش زۆر ڕۆڵیان بینی، بەڵام ئەو خۆی شانازی بەوەوە دەکرد کە ڕۆڵی لەو ڕێککەوتنەدا هەبووە لە نزیکبوونەوەی گەلی ئێراق بە شێوەیەکی گشتی بە کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتەکانەوە، چونکە ئێمە زۆر بڕوامان بەوەیە کە پرسی کورد پێویستی بە چارەسەر هەیە لە چوارچێوەی ئێراقدا. ساڵی 1970 هەر ئەو بۆچوونەمان هەبووە، ساڵی 1975یش هەر ئەو بۆچوونەمان هەبووە، ئێستاش هەر ئەو بۆچوونەمان هەیە کە پێویستە لە چوارچێوەی ئێراقدا چارەسەر بۆ پرس و کێشەکان بدۆزرێتەوە.
ش. ن.: ئەم چیرۆکانە هیی ساڵانی حەفتاکانن و ئێستاش لەسەر مێزی دانووستاندنن، هۆکارەکانی چین کە هەولێر داوای کاڵکردنەوەی کێشەکان بکات و ڕۆڵی دەستپێشخەر بگێڕێت، لەوانەیە داوای لە بەغداش کردبێت هەمان ڕێگە بگرێتە بەر، هۆکارەکان چین؟
نێچیرڤان بارزانی: بە بڕوای من کێشەکان زیاتر کێشەی چۆنییەتی بیرکردنەوەیە، بڕوام وایە کێشەکانی ئێراق بەوە چارەسەر نابێت ئاخۆ کێ بەهێزە و کێ لاوازە، کێشەکانی ئێراق کێشەی یەک خێزانە، کێشەی یەک خێزانیش پێویستی بە دانیشتن و گفتوگۆ هەیە، پێویستە لەسەر مێزی دانووستان چارەسەر بکرێن. بیرکردنەوەی کێ بەهێزە و کێ لاوازە ئێراق تووشی زۆر کارەساتی گەورە کردووە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە وانە لە ڕابردوو وەرگرین، وانە لەو هەڵانە وەرگرین کە هەموومان کردوومانە، بەغداش هەڵەی کردووە و بێگومان هەولێرەش زۆر هەڵەی کردووە، لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە سەقامگیریی ئێراقە، سەقامگیریی ئێراق لە ڕووی سیاسییەوە، سەقامگیریی ئێراق لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگە. دەبێت بێینە سەر ئەوەی ئەم کێشانە چۆن چارەسەر بکرێن؟ کێشەی ئێراق بەهیچ شێوەیەک بەوە چارەسەر ناکرێت بەغدا ئەگەر بەهێز بێت، بە واتای لاوازی بێت بۆ هەولێر، یان هەولێر بەهێز بێت، بە واتای لاوازیە بۆ بەغدا! ئێمە تەواوکەری یەکترین، بەغدا و هەولێر، کورد و عەرەب لەم وڵاتەدا هاوولاتیی ئەم وڵاتەن. دەبێت هەموومان پێکەوە هەوڵبدەین یەکەم هاووڵاتیبوونی ئێراق لەم وڵاتەدا بەهێز بکەین، دووەم هاوبەشییەکی دروست بنیاد بنێین تاوەکوو بتوانین پێکەوە لە ئایندەدا بەشدار بین. کێشەی ئێراق ئەوەیە هیچ پێکهاتەیەک لە ئێراق لە ئایندەی خۆی دڵنیا نییە! دەبێت ئەمە کۆتایی پێ بهێنین، گەلی ئێراق بە شێوەیەکی گشتی و بە هەموو پێکهاتەکانییەوە شایستەی ژیانێکی

زۆر باشترن لەوەی ئێستا هەیە. دەبێت هەموومان، هەموو سیاسییەکانی ئێراق لەم پێناوەدا پێکەوە کار بکەین. لە هەرێمی کوردستان لەوە تێدەگەین کە ئەرکمان لەسەر شانە و ئامادەین جێبەجێی بکەین. ئەرک و مافیشمان هەیە، ئامادەین لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرەنسیپە لەگەڵ بەغدا پەیڕە و بکەین تا بگەینە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ ئایندەی ئێراق.

ش. ن.: جەنابی سەرۆک، دەمەوێ بگەڕێینەوە و باسی بەڕێز مەلا مستەفای بارزانی بکەین، ئەو چۆن لە یەکێتیی ئێراق و برایەتیی کورد و عەرەبی دەڕوانی؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر سەیری هەموو قسەکانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بکەی، داکۆکیی ئەو لەسەر برایەتیی کورد و عەرەبە، داکۆکی لەسەر ئەوەیە کە دەبێت کێشەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا چارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق هەمیشە بە تووندوتیژی و چەک وەڵامی پرسی کوردیان داوەتەوە. پرسی کورد لە ئێراق پرسێکی جددییە و دەبێت چارەسەرکەشی چارەسەرێکی بنەڕەتی بێت. وەک نموونەیەک باسی دەکەم، دوای ساڵی 1970 هەوڵی کوشتنی مەلا مستەفا درا، ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینییان نارده لای و هەوڵی کوشتنی درا، ئەوە جەنابی سەرۆک بارزانی خۆی بۆ ئێمەی باس کردووە، دوای ئەوە زۆر باس لەوە دەکرێت کە بە چ شێوەیەک تۆڵە بکرێتەوە، باس لەوە دەکرا کە لەوانەیە خەڵکی مەدەنیش تیایدا ببنە قوربانی، جەنابی مەلا مستەفا یەکسەر ڕەتیکردەوە و وتی نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەم مەسەلەیە ببێتە مەسەلەی کورد و عەرەب و لەسەر من شەڕ دروست ببێت، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت. دوای مەلا مستەفا جەنابی سەرۆک بارزانی و ئێمەش هەموومان باوەڕی تەواومان بە پرسی برایەتیی کورد و عەرەب هەیە و دەمانەوێت ئەو گەلانەی لە ئێراقدان، پێکەوە فۆرمۆلێک بۆ پێکەوەژیان بدۆزینەوە. یەکێتیی ئێراق و پرسی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی ئێراق هێزێکە بۆ ئێراق، ئەمە ئەو شتەیە کە لە مەلا مستەفا فێری بووین، فێری ئەوە بووین کە کورد و عەرەب دەبێت برا بن. نموونەیەکی دیکە لەسەر ئەوە باس دەکرێت جارێکیان پارێزگارێکی عەرەب هەبووە لە هەولێر و دواتر بەو لێکدانەوەیە کە مەلا مستەفا پێی خۆش بێت پارێزگارەکەیان گۆڕیوە و پارێزگارێکی کوردیان لە شوێنی داناوە، لە دیدارێکدا خوا لێی خۆش بێت بە بەغدای گوتووە زۆر پێم باشترە ئەو پارێزگارە عەرەبە بگەڕێتەوە هەولێر، چونکە بۆ ئێمە ئەوە بابەتێک نییە کێ عەرەب و کێ کوردە، ئەوەی گرنگە بتوانین پێکەوە هەموو لایەک لەم وڵاتەدا بەئارامی و خۆشگوزەرانی بژین.

ش. ن.: ئێوە پەیامی بەڕێز مەلا مستەفا بارزانیتان وەرگرت و ئێستا جێبەجێی دەکەن، وا تێدەگەم ئەو پەیامە لە کاتی هاتنی داعش و حەواندنەوەی ئاوارە عەرەبەکاندا کە لە پارێزگاکانەوە هاتبوون ڕەنگی دایەوە. من هێشتا باس لە چوارچێوەی برایەتی و یەکێتیی ئێراق دەکەم؟

نێچیرڤان بارزانی: نامەوێت وەک منەتێک ئەو بابەتە باس بکەم، چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆمان بەجێ گەیاندووە. ساڵی 2014 زۆر بەداخەوە کە داعش هات و زۆر ناوچەی لە موسڵ و ئەنبار داگیر کرد، خەڵکی ئەو شوێنانە هاتنە هەرێمی کوردستان، ئێمە بە ئەرکمان زانی دەرگایان بۆ بکەینەوە و لێرە بن. لەو کاتەدا نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ئێراق و پەنابەری سووریامان هەبوو، بەڵام ئەوەی جێی شانازییە، بە سوپاسەوە دەمەوێت خەڵکی ئێراق ئەوە بزانن لەو ماوەیەدا و تا ئێستاش ئێمە یەک کێشەی ئەمنیمان لەو ئاوارانە نەبینی وەک مەترسییەک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە هیچ یەکێک لە وان نەمانبینی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروست ببێت لەنێوان کورد و عەرەبدا، بە پێچەوانەوە زۆر بەخۆشی بوو، ئێستایش ئەوەی گوێم لێ دەبێت زۆرێک لەوانەی بە خۆشحاڵییەوە توانیویانە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لە فەللووجە و ئەنبار و موسڵ و شوێنەکانی دیکە، ئەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خەڵک لە هەرێمی کوردستان هەر ماوە، ئەوە بۆ ئێمە جێگەی شانازییە. ئەوەی کە ئەنجاممان داوە ئەرکە و ئەگەر لەو ماوەیەدا کەموکوڕییەک هەبووبێت، داوای لێبوردنیان لێدەکەین. ئێمە ئەرکمان بەجێ گەیاندووە، ئەو ئەرک و تێگەیشتنەی لەسەری پەروەردە

کراوین جێبەجێمان کردووە کە دەبێت رێز لە برایەتیی کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتەکانی دیکە بگرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 27-04-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-04-27	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ku.kurdpress.com
کاتی تۆمارکردن: 13-07-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 365
برا و برادەر
20250824152322652791=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: برا و برادەر
هەوڵەکانی یەکخستنی هێزە کوردستانییەکان سەری نەگرت و لە تاران شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینی سەرکەوت.
مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئاگاداری جموجوڵەکان بوون. کاک مەسعود بۆ نزیکبوون لە ڕووداوەکان و خۆسازدان لەگەڵ بارودۆخی نوێ، گەڕایەوە ئێران، بەڵام هەواڵی کۆچی دوایی باوکی مستەفا بارزانی بەر لەو گەیشتەوە.
کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی، هەردوو کوڕەکەی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە، کە زۆر کەس گرەوی ئەوەیان لەسەر دەکرد کە ناتوانن پێکەوە بسازێن و لەسەر جێگرتنەوەی باوکیان لە سەرۆکایەتی پارتیدا لێکدەترزێن، بەڵام دوای ئەوە کۆنگرەی نۆیەم بەسترا و سەرەڕای دووركەوتنەوەی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی، هەردوو برا لەو تاقیکردنەوەیە بەسەرکەوتوویی دەربازبوون.
دکتۆر نەجمەدین کەریم دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و کاک مەسعود برا بوون، هەقای حیزبیبوون، زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە وا ناکۆکی هەبووە لەنێوانیان، بەڵام ئەو قسانە هیچ بنەما و ڕاستییەکیان نییە، ئەو قسانە ئێستاش بە شێوەی دیکە دەکرێن. من هەمیشە گوتوومە ئەوانە هیچ بنەمایەکیان نییە و دروستکراون، ئەوان بەردەوام ئیشەکانیان پێکەوە کردووە، بە ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر کردوویانە، کە جەنابی مەلا مستەفا لە ژیاندا مابوو بە سەرپەرشتی ئەو کاریان کردووە، لەژێر دەستی ئەو پەروەردە بوون، بەو شێوەیەش پەروەردە کراون کە هەمیشە پێکەوە کار بکەن وەکوو برا و وەکوو برادەر و وەکوو هەڤاڵ، هەر بەو شێوەیەش بوون. بە ڕای من کێ دەبێتە سەرۆک و کێ دەبێتە وەزیر ئەوە مەسەلە نەبووە، مەسەلەکە لە لایان زیاتر بردنە پێشەوە و درێژەپێدانی خەبات بووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بگاتە مافەکانی.
موحسین دزەیی پارێزەر و یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و دواتر بووە نوێنەری بارزانی لە دەرەوە

لەو بارەوە دەڵێت: ئەوان لە برا زیاتر بوون بۆ یەکتر، برابوون و برادەری زۆر نزیکیش بوون، هیچ کارێکیان بەبێ یەکتر نەدەکرد، بەردەوام پرس و ڕایان پێکەوە دەکرد و بڕیاریان لە پرسەکان دەدا، هەمیشە بۆچوونیان یەکبوو سەبارەت بە کێشە و پێشهاتەکان، گفتوگۆی بەردەوامیان هەبوو سەبارەت بە هەموو شتێک، بە ڕاستی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەواندا هەبوو من لەنێوان هیچ 2 برادا نەمبینیوە.
فازل میرانی کە ئەو قۆناغە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ئاگادارە دەڵێت: جەنابی کاک ئیدریس مامەڵەی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکرد وەکوو سەرۆک، بەڵام لە دەرەوەی کاری حیزبایەتیدا کاک مەسعود مامەڵەی بۆ گەورەی لەگەڵ کاک ئیدریس دەکرد، ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان، لە بەڵگەی ڕێزگرتن و ڕەوشت و پەروەردەی ئەوانە لە پێکەوە مانەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-08-24

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 61-63.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 366
بۆچی ئیدریس بارزانی لەکۆنگرەی 9ی پارتیدا خۆی بۆ سەرۆکی پارتی نەپاڵاوت؟
20250722080034647471=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول پارتی دیسان چۆن دروستبوویەوە؟ دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر دووبارە سەرهەڵدانەوەی پارتی هەبوو، بۆچی سەرانی سەرکردایەتی کاتی پارتی، قیادە موەقەتە سامی عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی لە کۆنگرەی 9دا هەموویان جیابوونەوە، بۆچی ئیدریس بارزانی لە کۆنگرەی 9ی پارتیدا خۆی بۆ سەرۆکی پارتی نەپاڵاوت.

ئەو کاتەی کە سەرانی قیادە موەقەتە تێهەڵچوونەوەو دەیانوویست لەپاش هەرەسی شۆڕی ئەیلوول، بەفۆرم و ڕێکخستنێکی نوێوە پارتی دروستبکەنەوە، بنەماڵەی بارزانی لەکەرەج بوون، بەڵام لەپاش کۆنگرەی 9و کۆتاییهێنان بەقیادە موەقەتە، پارتی کەوتەوە دەستی بنەماڵەی بارزانی.

سەرچاوە میژوویییەکانی پارتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دووبارە دروستکردنەوەی پارتی بەڕێبەری و ئاگاداری بنەماڵەی بارزانی بووە.

بەڵام هەندێک لەو سەرچاوە میژووییانەی کە باس لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەکەن لەپاش هەرەسی شۆڕی ئەیلوول، ئاماژە بەوە دەدەن کە بەڵگەنامەی یەکلاکەرەوە لەبەردەستا نییە کە دروستبوونەوەی پارتی

بەئاگاداری و چاودێری بنەماڵەی بارزانی بووبێت و ئەو کاتەی کە سامی عەبدولڕەحمانیش لەگەڵا چەند کەسێکی تردا قیادە موەقەتە سەرکردایەتی کاتی پارتی دروستدەکەنەوە مانی بارزانی ئاگایان لێ نەبووە، هەندێک سەرچاوەش باسلەوە دەکەن کە سەرانی قیادە موەقەتە دژی بنەماڵەی بارزانی و بەتایبەتی دژی ئیدریس بارزانی بوون.

لەگەڵ هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولدا، لە بەهاری ساڵی 1975 دا، شتێک بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان نەماو، ئەو حیزبەی کە لە 1946/8/16دا دامەزرا وەکوو حیزب کۆتایی هات.

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتیی بنەماڵەی بارزانی لە کەرەج شوێنی تایبەتییان بۆ ئامادەکراو پێشمەرگە و خەڵکەکەش لەژێر چاودێری ساواکدا نیشتەجێکران.

کرمانج گوندی لە پەرتووکی سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران)دا باسیلەوە کردووە کە سەرانی شۆڕشی هەرەس پێکراو لەکەرەج، بەکاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستانی ئێراق و جموجووڵەکانی مام جەلال و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالستی، کەوتنە پەیوەندی کردن بەبڕواپێکراوەکانی خۆیان بە مەبەستی ناردنەوەیان بۆ کوردستان، پاش ماوەیەک توانییان کۆمەڵێک کەس کۆ بکەنەوەو بیان نێرنەوە.
ئەو کەسانە بەڕابەرایەتی سامی عەبدولڕەحمان و چەند کەسێکی تر لە26-05-1976 (قیادە موەقەتە) سەرکردایەتی کاتی پارتییان ڕاگەیاند، وەکوو سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرانی قیادە موەقەت پێکهاتبوون لە (سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، فەلەکەدین کاکەیی، کەریم شەنگاری، وریا ساعاتی، ئازاد خەفاف، عەبدوڵڵا ساڵح) و چەند کەسێکی تر، لەگەڵ دەرکەوتنی قیادە موەقەتەش دەستبەجێ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا کە هەر لەو ماوەیەدا خۆی ڕاگەیاندبوو، شەڕی نێوخۆی نێوانیان دەستی پێ کرد و ناکۆکیی و شەڕ و ململانێکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی نێوان باڵی جەلالی و مەلایی زیندوو بوویەوەو قۆناغێکی دیکەی دەستی پێ کرد.
هەر لە سەرەتاوەو کە تەنیا یەک هەفتە بوو، قیادە موەقەتە دەستی بەجموجوڵ کردبوو، لە هاوینی ساڵی 1976 یەکەم مەفرەزەی چەکداری یەکێتی کە ژمارەیان 37پێشمەرگە بووە، بەسەرکردایەتی برایم عەزۆ لە ناوچەی بادینان، بەدەستی هێزەکانی قیادە موەقەتە دەکوژرێن، ئەمە جگە لە شەڕی کارەساتی هەکاری کە هەریەکە لە (عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو حسێن شێخ بابە) کە سێ سەرکردەی باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیسی ناو نیمەچە بەرەیی یەکێتی بوون، دوای بەدیل گرتنیان لەلایەن سەرانی قیادە موەقەتەوە کوژران.
هەرچەندە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەو تۆیان نەبوو، هاوکات لە گەڵا دروستبوونی قیادە موەقەتەدا، بەڕێبەری دکتۆر مەحمودو هەریەکە لە قادر جەباری و شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی، لێژنەی ئامادەکاری پارتی دروستبووبوو، بەوتەی نەوشیروان مستەفا ئەمانە دەیانوویست و بەنیازبوون پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ و هاوچەرخ ڕێکبخەنەوە، بەوپێیەی کە ئەم گرووپە لە سووریا بوون کەسیان لەدەور کۆنەبوویەوە،

چونکە ئەوانەی لە سووریا بوون و کاری سیاسییان دەکرد بۆ یەکێتی و لەدەوری مام جەلال کۆ بووبوونەوە.

ئەم گرووپەی دکتۆر مەحمود، بەردەوام لەهەوڵدا بوون بۆ خۆ نزیککردنەوەیان لە سەرکردەکانی باڵی بزووتنەوەی ناو یەکێتی، هەر بەپێی زانیارییە مێژوویییەکان، سەرانی قیادە موەقەتەو هەم دکتۆر مەحمود لەو سەردەمەدا ویستوویانە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەنە ناو باڵەکانی یەکێتی و هەر ئەوانیش ڕۆڵی سەرەکییان بینیووە لەوەی کە سەرکردەکانی باڵی بزووتنەوەی سۆسیالستی ناو نیمچە بەرەی یەکێتی، بەسەرکردایەتی ڕەسوڵ مامەند لەیەکێتی جیابونەوەشیان لەیەکێتی لەگەڵ لێژنەی ئامادەکاری پارتی بەسەرۆکایەتی دکتۆر مەحمود عوسمان، یەکیان گرت و سەرکردایەتییەکی نوێیان بەناوی (حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان- حسیک) پێکهێنا.

جیا لەم دوو گرووپە، عەلی شەنگاریش کە لەشۆڕی ئەیلوولدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەپرسی لقی 5ی پارتی

بووە، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 1975داو لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ئێرانەوە چوو بووە سووریا و لەوێ حیزبێکی بەناوی یەکێتی دیموکراتی کوردستان دروستکردبوو، عەلی شەنگاریش بەهەمان شێوەی دکتۆر مەحمودو جەماعەتەکەی دەیوویست بەفۆرمێکی نوێوە دیسان پارتی دروست بکاتەوە، بەڵام ئەمیش هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، چونکە سیاسییەکانی سووریا بۆ مام جەلال و یەکێتی یەکلایی بووبوونەوە، هەر لەوکاتەدا کە لە سووریا بوو، عەلی شەنگاری بەشداری کۆبوونەوەکانی یەکێتی دەکرد، حیزبەکەی شەنگاری تا ساڵی 1993 بەبێ ڕۆڵ و کاریگەریی بوونی هەبوو، لە کۆنگرەی 11ی پارتیدا شەنگاری حیزبەکەی هەڵوەشاندەوەو چوویە ناو پارتی بوویە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

زانیارییە مێژووییەکانی ئەو دەمە، ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرانی قیادە موەقەتە لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا نێوانیان خۆشنەبووە و بەتووندیش دژایەتی یەکتریان کردووە، هەر بۆیە زۆرینەی سەرانی قیادە موەقەتە لەبەر ناکۆکی تووندیان لەگەڵ هێڵی ئیدریس بارزانیدا، بەشداری کۆنگرەی 9ی پارتییان نەکرد و لەو کۆنگرەیەدا خۆیان نەپاڵاوت و دواتریش ڕێزی پارتیان جێهێشت، پاش دوو ساڵیش ئەو سەرکردانەی قیادە موەقەتە، جگە لە هەردوو جەوهەر نامیق و فەلەکەدین کاکەیی، بەڕێبەری سامی عەبدولڕەحمان، (پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان) پارتی گەلیان دامەزراند، پارتی گەل کە وەکوو پارتێکی نەتەوەیی چەپخواز خۆی وێنا دەکرد.
کرمانج گوندی لە پەرتووکی سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێراندا باسلەوە دەکات کە سامی عەبدولڕەحمان و سەرانی دیکەی قیادە موەقەتە، بەتوندی دژایەتی ئیدریس بارزانیان دەکرد، بۆیە لە دوای جیابوونەوەشیان و دروستکردنی پارتی گەل هەر لە سەرەتاوەو بەفراوانتر بەتوندی کەوتنە دژایەتیکردنی پارتی، بەتایبەتیی هێڵی ئیدریس بارزانی.
بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی پارتی، قیادە موەقەتە لە 1975/11/10دا یەکەم بەیانی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی دەرکردووە و لە کۆنفرانسی مانگی ئابی 1976یشدا لە بەرلین، ئەم سەرکردایەتییە بەفەرمی جێگیرکراون و هەر لەو کۆنفرانسەدا هەریەکە لە (مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، جەوهەر نامیق، ئازاد ڕێکەوتی، عارف تەیفور، کەمال کەرکووکی، ئازاد خەفاف، وریا ساعاتی، دڵشاد میران، محەمەد ڕەزا) شەرعیەتییان پێدراوە، ئاماژەش بەوە دەکرێت کە مەسعود بارزانی سەرۆکی سەرکردایەتی کاتی و سامی عەبدولڕەحمانیش سکرتێری بووە، ئەم سەرکردایەتییەش تا ساڵی 1979و کۆنگرەی 9ی پارتی بەردەوامبووە.

هەندێک سەرچاوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەریەکە لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی لە مانگی مایسی 1975دا پەیوەندییان بەژمارەیەک کادیری سیاسی و سەربازی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکەن

بۆ دروستکردنەوەی ڕێکخستنێکی نوێ، بەوتەی کرمانج گوندی، جموجوڵەکانی مام جەلال و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، وای لە بنەماڵەی بارزانی کردووە کە بکەونە خۆیان.
پارتی گەل حیزبەکەی سامی عەبدولڕەحمان لەناوەڕاستی ساڵی 1992دا لەگەڵ هەریەکە لەگەڵ حسک و پاسۆکدا کۆنگرەی یەکگرتنیان بەست و حیزبێکی نوێیان بەناوی پارتی یەکگرتن پێکهێنا، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە بە هێزێکی گەورەتر و فراوانتروە بەشداری یەکەمین هەڵبژاردن بکەن لە کوردستاندا، کەمتر لەساڵێکی خایاند پارتی یەکگرتن بوون بەچەند بەشەوەو سامی و هاوڕێکانی گەڕانەوە بۆ ناو پارتی.
لە ساڵی 1979 لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی کاتی، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا، پارتی جارێکی تر بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێ کردەوەو جارێکی تر ئەو حیزبە کەوتەوە دەستی بنەماڵەی بارزانی، لەو کۆنگرەیەدا کە چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی مستەفا بارزانی گرێدرا، مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی و

عەلی عەبدوڵڵاش بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردران.
سامی عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی، ئەوانەی قیادە موەقەتەیان دروستکردبوو، لەلایەن باڵی دەستڕۆشتووی پارتییەوە ئەوکاتە ناوی چەپەکانی پارتییان لێنرابوو، بەشداری کۆنگرەیان نەکرد و ڕازی نەبوون بەمیکانیزمەکانی دیاریکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی، بەوتەی فازڵ میرانی، ئەوان واتە سامی و هاورێکانی دەیانزانی کە لەهەڵبژاردن دەرناچن، چونکە کارێکی زۆر بۆ دەرنەچوونیان کرابوو، و لایەنیتر لە ڕووی نوێنەرانەوە زۆر بەهێزتر بوو، ئەوەش بوویە هۆی ئەوەی خۆیان هەڵنەبژێرن و بەشداری کۆنگرە نەکەن.
هەر بەوتەی فازڵ میرانی، مەسعود بارزانی داوای لە ئیدریسی برای کردووە کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی پارتی هەڵبژێرێت، بەڵام ئیدریس بارزانی بەهۆی ئەو هێرشە گەورەیەی کە لەسەری بووە ئامادە نەبووە خۆی بۆ سەرۆک هەڵبژێرێت.
ئەم قسەیەی فازیڵ میرانی دیسان جەخت لەسەر ئەو ناکۆکیی و ململانێ تووندە دەکاتەوە کە لەنێوان سەرانی قیادە موەقەتەو ئیدریس بارزانیدا هەبووە و ئەو هێرشەی سەر ئیدریس بارزانیش لەوکاتەدا، هەڵبەت هێرشی سامی عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی بووە.
مەسعود عەبدولخالق کە لە پەرتووکی (ناسنامەی حیزبە کوردستانی) یەکاندا باسی لەوە کردووە قیادە موەقەتە وەکوو لایەنێکی نوێ بەسەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان، هاتوونەتە مەیدان و مافی بارزانی ئاگایان لە دروستبوونی نەبووە و سەرانی قیادە موەقەتەش تەنیا وەکوو هێما ناوی بارزانییان هێناوە.
بەوتەی مەسعود عەبدولخالق، هەرچەندە پاشتر مەسعود بارزانی و ئیدریسی برای زاڵبوونەتەوە بەسەر قیادە موەقەتەدا، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە ئەو شۆڕشە یان دروستبوونەوەی پارتی بە ئاگاداری و ڕێنمایی بنەماڵەی بارزانی دروستبووبێتەوە.

سەید کاکە لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە قیادە موەقەتەش، وەکوو یەکێتی دژایەتی شۆڕی ئەیلوولیان کردووە، سەید کاکە کە یەکێکبووە لە سەرکردەکانی باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەوسەردەمەی ناو یەکێتی و لە شەڕی هەکاریدا لەلایەن قیادەموەقەتەوە بەدیل گیراوە، لەبیرەوەرییەکانیدا باسلەوە دەکات کە کاتی گیرانیان لەلایەن قیادە موەقەتەوە بەسامی عەبدولڕەحمانی وتووە کە ئێمە ڕێکەوتنمان لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا هەبووە، لە وەڵامدا سامی وتوویەتی ئێوە چۆن لەخۆتانەوە ئیدریس بە بەرپرسی ئێمە دەزانن، ئێمە سەربە ئیدریس نین، سەید کاکە ئەمە وەکوو بەڵگە دێنێتەوە کە قیادە موەقەتە نەک هەر بەڕێنمایی مافی بارزانی کاریان نەکردووە، بەڵکوو چەندە دژی یەکێتی بوون، هێندەش دژی مافی بارزانی بوون.

برایم جەلال لە پەرتووکیچەپێک لە مێژووی کۆمەڵەدا ئەوە دەڵێت کە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەترسییەکی زۆری لە دڵی بارزانی و هەندێک لەسەرانی کۆنی پارتی و تەنانەت ساواکی ئێرانیش دروستکردووە، بۆیە بنەماڵەی بارزانی کەوتوونەتەقەڵای خۆ خڕکردنەوە، بە مەبەستی پەیداکردنی هێزی چەکداری و جموجوڵی سیاسی بۆ ڕێگە گرتن لەیەکێتی، بەقەولی برایم جەلال بە یەکێتییان ڕاگەیاندووە ئەگەر شۆڕشیان پێنەکرێت، شۆڕشیان پێ تێک دەدرێت.
ڕاپۆرتی سیاسی مەسعود بارزانیش لە کۆنگرەی 9ی پارتیدا کە لەبەشێکیدا دەڵێت: دوژمنان و خائینان وایان دەزانی پارتی نەماوەو مەیدان بۆ ئەوان چۆڵ بووە ئەو ئاماژەیەی لێدەخوێنرێتەوە کە دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی گوڕی بە بنەماڵەی بارزانی داوە کە دیسان دەست پێبکەنەوە.

بۆ نووسینی ئەم ڕاپۆرتە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

یەک: سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران–کرمانج گوندی–1990- سوید.

دوو: بزاڤی ڕۆژگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراق 1980–1988- د. عەلی تەتەر نێروەی- 2008– دهۆک.
سێ: ناسنامەی حیزبە کوردستانییەکان- مەسعود عەبدولخالق- 2009- هەولێر.
چوار: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە- برایم جەلال- چاپی سێیەم- 2011- سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 16-08-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-08-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | diplomaticmagazine.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 367

بیرەوەری (37) مین سالّیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا

20250810104510650358=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: هەولێر ... بیرەوەری (37) مین ساڵیادی شەهید ئیدریس بارزانی بە بەرزی ڕاگیرا ...
ئێوارەی ئەمڕۆ 31-01-2024 بە ئامادەبوونی ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاری نانەکەلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی دێرین و بەرپرسان و کادیران و جەماوەری پارتی، لە (37) ساڵیادی ئۆغری شەهید ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی زنجیرە چالاکییەک بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو یادە سازدرا.
ئەم چالاکییانە لەلایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی دووی (پ.د.ک) ڕێکخرابوو، لە چالاکی یەکەمدا پێشانگەیەکی تایبەت بە (شەهید ئیدریس بارزانی) لەلایەن وێنەگر مەحمود هەولێری نمایشکرا، کە گوزارشتی لە ویستگەی خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتی (شەهید ئیدریس بارزانی) دەکرد.
لە چالاکی دووەمدا کۆڕێکی هۆنراوەخوێندنەوە بۆ ژمارەیەک شاعیر ئامادە کرابوو کە دەقە هۆنراوەیەکانیان تایبەت بوون بە کۆستی لە دەستدانی (شەهید ئیدریس بارزانی) و ئەو ڕۆحە ئاشتیخواز و ئەو سیاسەت و دیپلۆماتخوازییەی لە کەسایەتی ئەو زاتە کۆبووبوونەوە و شەهید پێیان ناسرابوو.
جێگەی وەبیرهێنانەوەیە شەهید ئیدریس لە کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیدا و لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993 لە ڕێورەسمێکی تایبەت تەرمی نەمران لەنێو پێشوازی خەڵکی کوردستان، گەیێندرانە گوندی بارزان و لەوێ بەخاک سپێردران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 31-01-2024 -(hawlergov)

کاتی تۆمارکردن: 10-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 368

بیرەوەریی حەسەن نووری لەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250816235053651313=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی حەسەن نووری لەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
حەسەن نووری باسی ئەو ڕۆژانە دەکات: کاتێک کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی وەفاتی کرد، چووینە لای جەنابی سەرۆک بۆ سەرەخۆشی. بارەگاکەی لە کانی سارکێ بوو لە نێروە، ویستی قسەمان بۆ بکات، تەقریبەن دە دەقە نەیتوانی قسە بکات، گریان لە قورگیدا بوو، دوایی قسەیەکی کرد، وتی ئێستا هەموو خەڵک هەستی پێدەکات ئەو بۆشاییەی ئیدریسی ڕەحمەتی لە پشت خۆی بەجێی هێشت چەند گەورەیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی بارزانی پێشمەرگەی سەربەخۆیی، لایەڕە 66

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 369

بیرەوەریی دکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250831160825653579=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی دکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵ ئیدریس بارزانی

دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی هاوخەبات بووە، پێکەوە چاویان بە سەدام کەوتووە و لە سەفەرێکیاندا بۆ ئەمریکا پێکەوە بوون، ناوبراو لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەربارەی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە بەڕێوەبەریی و سیاسەت و دیپلۆماسییدا دەڵێت:

-من لە ساڵی 1963وە کە لە ناوچەی بارزان بووم کاک ئیدریسم ناسیوە. ئەو کاتە تازە شەڕی بارزانی دەستی پێ کردبوو و تا ساڵی 1987 کە وەفاتی کرد بۆ ماوەی 24 ساڵ پێکەوە کارمان کرد و لە مەکتەبی سیاسییدا بووین، پێکەوە چووینەتە دەرەوە، لە بەغدا بووین. دیپلۆماتیکی زیرەک و تیگەیشتوو بوو، قسەزان و قسەکەر بوو، لە بواری کۆمەڵایەتییەوە زۆری دەزانی و من لەو باوەڕەدام کە عونسرێکی زۆر بە کەڵک بوو بۆ شۆڕش کە بەداخەوە زوو وەفاتی کرد و بە وەفات کردنی زیانێکی زۆری بە کاک مەسعود گەیاند، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لە شۆڕشدا هەبوو و کاک مەسعود خۆی لە کاتی وەفات کردنیدا کە لە بادینان بوو، نووسی: کە من پشتم شکا. بە گشتی زۆر بە سادەیی دەژیا و بە پێچەوانەی کورەکانی تری مەلا مستەفا، کاک ئیدریس و کاک مەسعود زۆر جێی باوەڕی مەلا مستەفا بوون. بە هەر حاڵ کەسێکی زۆر لێزان بوو. جێی داخ بوو کە زۆر زوو ڕۆیشت، کەسایەتییەکی بێ دەعیە و بێ تەکەبور بوو.

ئێمە لە ناوچەی ناوپردان پێکەوە لە مەکتەبی سیاسییدا بووین، ئەو بەر لە کاک مەسعود بۆ مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردرا. لە بینینی خەڵک، لە کۆبوونەوەکاندا و لە شەڕ و شۆڕەکاندا دەوری هەبوو. لە ئەمریکا بەیەکەوە بووین کە قسەی کردووە و لە ئێران پێکەوە بووین و لە بەغداش هەر بەو جۆرە، زۆر بەڕوونی قسەی دەکرد. زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

ڕۆژی دەرچوون: 31-08-2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەرە 268

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-31

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 370

بیرەوەریی شەمسەدین حسێن عەمەر لەسەر چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئایەتوڵا تالەقانی و دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو

20250912220142655904=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی شەمسەدین حسێن عەمەر لەسەر چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئایەتوڵا تالەقانی و دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو

شەمسەدین حسێن عەمەر یەکێکی تر لە پێشمەرگەکانی نزیک بە کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی باس لە چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئایەتوڵا تالەقانی و دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو دەکات و دەڵێت: ئایەتوڵا تاڵەقانی چاوی بە ئیدریس کەوتبوو، داوای لێکردبوو کە دکتۆر قاسملوو شەڕی ئێران نەکات. من لەگەڵ کاک ئیدریس بووم کە لە ناوچەی مەهاباد چاوی بە دکتۆر قاسملوو کەوت لە بەردەرگا گوێم لە قسەکانی بوو کە داوای لە دکتۆر قاسملوو کرد هەوڵبدات پەیوەندی بە تاڵەقانییەوە بگرێت و وتی تاڵەقانی گوتوویەتی نیمچە خۆموختاری بە کوردان دەدەین. کەچی تاڵەقانی زوو مرد و دکتۆر قاسملوو نەیتوانی لەو ئاموژگارییەی کاک ئیدریس بۆ وەرگرتنی خۆموختاریی کوردستان کەڵک وەرگرێت. کاک ئیدریس زۆری هەوڵدا کە کۆماری ئیسلامی مافی کوردی ڕۆژهەڵات بدات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مەهاباد | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 313

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 371

بیرەوەریی فازڵ میرانی لەسەر پەیوەندیی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر

20250816232146651310=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی فازڵ میرانی لەسەر پەیوەندیی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر

فازڵ میرانی، کە ئەو قۆناغە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ئاگاداڕە، دەڵێت: جەنابی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی مامەڵەی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکرد وەکوو سەرۆک، بەڵام لە دەرەوەی کاری حیزبایەتییدا کاک مەسعود مامەڵەی بۆ گەورەی لەگەڵ کاک ئیدریس دەکرد، ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان، کە بەڵگەی ڕێزگرتن و ڕەوشت و پەروەردەی ئەوانەن، لە پێکەوەمانەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-08-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی بارزانی پێشمەرگەی سەربەخۆیی، نووسینی ئاسۆ حاجی. 2023، لاپەڕە 62-63

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 372
بیرەوەریی قادر مەلۆ مستەفا دۆنەمەری دەربارەی ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی
20250901103133653674=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری دەربارەی ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی
قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری لە ساڵی 1978 و تا ساڵی 1988 کە کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کردووە وەکوو پاسەوان و دواتریش لە ماڵی کاک ئیدریس خزمەتی میوانەکانی کاک ئیدریسی کردووە، دەربارەی ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی دەڵێت: لە سەفیری وڵاتانی ئەوروپییەوە بگرە تا مەلاکانی ئێران دەهاتنە لای کاک ئیدریس. ئەو کەسایەتییەکی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و دیپلۆماتێکی بەتوانابوو، لەگەڵ هەر کەسێک وەکوو کەسی ڕووبەڕووی قسەی دەکرد، لەگەڵ جوتیار، جوتیار بوو و لەگەڵ سیاسیکار، سیاسەتمەدار و لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەکی سادە، نەترس و خاوەن پلان بوو، ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس دادەنیشتن چاویان دەکرایەوە و ئەگەر پێشمەرگەیەک یان کەسێکی ئاسایی شەهید دەبوو، زۆر بەتوندی ناڕەحەت دەبوو. بەر لە شەڕ و جەولەکردنی پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگەکان قسەی دەکرد و ئامۆژگاری دەکردن و بە دوور لە چاوی پێشمەرگەکان، بە بەرپرسەکانی ڕادەگەیاند کە هۆشیار بن و پێشمەرگە بە کوشت نەدەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 269.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 373

بیرەوەریی موحسین دزەیی لەسەر پەیوەندیی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر

20250816233146651311=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی موحسین دزەیی لەسەر پەیوەندیی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر

موحسین دزەیی، پارێزەر و یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و دواتر بووە نوێنەری بارزانی لە دەرەوە، لەسەر پەیوەندیی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر دەڵێت: ئەوان (کاک مەسعود و کاک ئیدریس بارزانییئیدریس بارزانی) لە برا زیاتر بوون بۆ یەکتری، برابوون و برادەری زۆر نزیکیش بوون، هیچ کارێکیان بەبێ یەکتر نەدەکرد، بەردەوام پرس و ڕایان پێکەوە دەکرد و بڕیاریان لە پرسەکان دەدا، هەمیشە بۆچوونیان یەکبوو، سەبارەت بە کێشە و پێشهاتەکان، گفتوگۆی بەردەوامیان هەبوو سەبارەت بە هەموو شتێک، بەڕاستی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەواندا هەبوو من لەنێوان هیچ دوو برادا نەمبینیوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-08-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی بارزانی پێشمەرگەی سەربەخۆیی، ئاسۆ حاجی، 2023، لاپەڕە 62

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 374

بیرەوەریی مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسووری دەربارەی نزیکیی ئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان

20250901150324653724=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسووری دەربارەی نزیکیی ئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان

مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسووری دەربارەی نزیکیی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان دەڵێت: ئەو کاتەی لە کەرەج بوو، ڕۆژانی هەینی لاوەکانی کۆدەکردەوە و دەیوت با باوکیان نەیەت. هەموو جارێ 20 تا 30 کوڕە گەنجی لە هۆڵی ژێرەوەی ماڵەکەی کۆدەکردەوە و هەمووانی بە ناو و ناوی باوک و باپیر و مێژووی ژیانیان دەناسی. قسەی بۆ لاوەکان دەکردن و لە کارەکانی خۆیدا پرسی پێدەکردن و لە سەرکەوتنی کورد دا هیوای پێدەبەخشین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 273

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 375
بیرەوەریی ناسر مەحۆ شینۆ لەسەر گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان
20250913131211656005=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی ناسر مەحۆ شینۆ لەسەر گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان
لەم بارەیەوە ناسر مەحۆ شینۆ سیلکی لە وتوێژێکی تایبە تدا کە دەنگی لای من (نووسەر پەرتووک) پارێزراوە، دەڵێت:
ساڵی 1981 کە تەرمی بارزانییان لە شنۆوە گواستەوە بۆ هەلەج، من لەگەڵ فەرەج یوسف و خواجە سلێمان و 27 پێشمەرگەی تر پاسەوانی بارزانیی نەمر بووین لە هەڵەبجە. تەیمز ناراب، لەشکری حسێن جەرگیز و عەلی شکاک بەپرسی ئێمە بوون. خەڵکی زۆر و بە تایبەتیی کوردە بەناوبانگەکانی باشووری کوردستان لە هەموو شارەکانی ئێرانەوە دەهاتن و سەردانی مەزاری بارزانیان دەکرد. حەمایل خان هاوسەری بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی تر هەموو 15 ڕۆژ جارێک بە ئۆتۆبۆس دەهاتنە سەر مەزاری بارزانی و ساڵانەش لە ڕۆژی وەفات کردنیدا لافیتەیان هەڵدەگرت و بە خۆپیشاندان لە زیوەوە بە پێ دەگەیشتنە سەر مەزاری بارزان. کە ڕۆژی 31-01-1987، ئیدریسیان لە هەلەج ناشت، هەلەج وەکوو ڕۆژی مەحشەری لێهات. ژمارەیەکی زۆری لە ژمار نەهاتوو لە هەڵەبجە کۆبوونەوە و هەرکەسە بە شێوەیەک بۆ ئیدریس شینی دەکرد، کۆمەڵێک دەگریان و هاواری خوا و پێغەمبەریان دەکرد و لەبەر شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەپارآنەوە و دەیانگوت، ئیدریس مرد و ئێمە لەناو چووین.
ڕۆژی 06-10-1993 کە بڕیاربوو تەرمی نەمران، بارزانی و کاک ئیدریس بگەڕێننەوە بۆ باشووری کوردستان، هەلیکۆپتەرەکانی کۆماری ئیسلامی 2 کاتژمێر درەنگتر لە کاتی دیاریکراو هاتن، لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا تەرمی نەمران بە ئۆتۆمبێل بگەڕێننەوە. 30 ئۆتۆمبێلیان ئامادە کرد و هەموویان بە لافیتە و وێنەی نەمران داپۆشی، بڕیاردرا ئێمە پاسەوانەکان بەو ئۆتۆمبێلانە لەگەڵ تەرمەکان بچینەوە، بەڵام هەلیکۆپتەرەکان هاتن و تەرمەکانیان بردەوە. شێخ نیهاد برای سەرۆک مەسعود، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، شێخ ئەدهەم بارزانی لەگەڵ دوو مەلا کە من نەتوانم نەیانناسم تەرمەکانیان بردەوە.
لە ساڵی 1993وە کە تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی، لە گوندی هەڵەجەوە هێنرانەوە بۆ بارزان، گوندی بارزان و مەزاری نەمران بووەتە ئارامگەی عاشقانی ڕێی ئازادی، ئاشتی و کوردایەتی و ساڵانە بە دەیان هەزار کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت کەسایەتییە بیانییەکانیش ڕوو دەکەنە بارزان و سەری ڕێز بۆ ئەو سەرکردانە دادەنەوێنن و بە بینینی مەزاری سادە و فەقیرانەیان سوکنایی بە دڵی خۆیان دەبەخشن و بەڵێنی تازە دەکەنەوە کە ڕێبازی نەمران بەرنەدەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڕارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان	کورتەباس کوردیی ناوەڕاست
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 323-324.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-13

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 376

بیرەوەریی نەجمەدین کەریم لەسەر پەیوەندی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر

20250816234151651312=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەریی نەجمەدین کەریم لەسەر پەیوەندی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی نەمر
دکتۆر نەجمەدین کەریم دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و کاک مەسعود برا بوون.
هەڤاڵی حیزبیبوون، زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کەوا ناکۆکی هەبووە لەنێوانیان، بەڵام ئەو قسانە هیچ بنەما و ڕاستییەکیان نییە، ئەو قسانە ئیستاش بە شێوەی دیکە دەکرێن. من هەمیشە گوتوومە ئەوانە هیچ بنەمایەکیان نییە و دڕووستکراون، ئەوان بەردەوام ئیشەکانیان پێکەوە کردووە، بە ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر کردوویانە، کە جەنابی مەلا مستەفا لە ژیاندا مابوو بە سەرپەرشتی ئەو کاریان کردووە، لەژێر دەستی ئەو پەروەردە بوون، بەو شێوەیەش پەروەردە کراون کە هەمیشە پێکەوە کاربکەن وەکوو برا و وەکوو برادەر و وەکوو هەڤاڵ، هەر بەو شێوەیەش بوون. بە ڕای من کێ دەبێتە سەرۆک و کێ دەبێتە وەزیر ئەوە مەسەلە نەبووە. مەسەلەکە لە لایان زیاتر بردنە پێشەوە و درێژە پێدانی خەبات بووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بگاتە مافەکانی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی بارزانی یێشمەرگەی سەربەخۆیی، نووسینی ئاسۆ حاجی، 2023، لاپەرە 62.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 377
بیرەوەرییەک لەیادی ئیدریس بارزانی جوانەمەرگدا
20250729192027648772=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مستەفا گۆرۆنی

لە ساڵوەگەری کۆچی دوایی شەهیدی سەرکردە کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بە ئەرکم زانی چەند وشەیەک بنووسم سەبارەت بە گەورەیی و کاریگەریی ئەم زاتە مەزنە لەسەر پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگایەتی لە شاخ و هەڵسوکەوت و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشمەرگەدا وەک بەدیهێنەری ئازادی ئەمرۆ.
سەرەتای ئاشنا بوونم بە شەهید کاک ئیدریس دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی 1969 کە ئەو کات ئێمە بەرپرسی بازگەی سەرەکی ماڵی بارزانی بووین، کاک ئیدریس زۆر جار خۆی سەردانی دەکردین و لە هەواڵ و کەم و کوڕییەکانی دەپرسین و بەردەوام هاوسۆزی دەنواند بەرانبەر کێشە و گیروگرفتەکانمان، ئەمەش وای لە ئێمە کردبوو کە لە دڵەوە خۆشمان بوێت، هەرجارێک کە بەبینینی شاد دەبووین، هێز وهیوامان بۆ دەگەڕایەوە.
دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئێمە ئاوارەی ئێران بووین و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک پەیوەندیمان بە سەرکردایەتییەوە پچڕا بوو و هیچ چالاکییەکی سەربازی بەرانبەر ڕژێمی بەعس ئەو کات ئەنجام نەدەدرا تاکوو ساڵی 1976 لە هەمان ساڵدا لە ڕێگەی شەهید فەرەنسۆ هەریری هەوڵمدا پەیوەندی بە خوالێخۆشبوو بکەم کە ئەو کات لە کەرەج نیشتەجێبوو و پەیوەندییەکەش زۆر بە نهێنی بوو، چونکە حکوومەتی ئێران لە ڕێگەی دەزگای ساواکەوە چاودێرییەکی توندی خستبووە سەر جموجوولی ئاوارە کوردەکانی ئێراق.
ئەوەبوو دوای ماوەیەک لە مانەوەم ڕۆژێک کاک فەرەنسۆ هەواڵی بۆ ناردم کەوا کاک ئیدریس پێی باشە مەفرەزەیەک دروووست بکەم و بگەڕێمەوە شاخ و چالاکی پارتیزانی ئەنجام بدەین، لە کۆتایی ئەم ساڵەدا لەژێر ڕاسپاردە و ڕێنمایی شەهید کاک ئیدریس مەفرەزەیەکم بە نهێنی پێکهێنا کە ژمارەمان پانزە کەس بوو کە بەداخەوە زۆربەیان ئێستا لە ژیاندا نەماون. چەندین چالاکیمان ئەنجامدا و سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێنا و پەیتاپەیتا خەڵک پەیوەندی پێمانەوە دەکرد بۆ ئەوەی ببن بە پێشمەرگە، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کەوا ئازایەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانەکان بەدیهێنەری سەرکەوتنەکان بوون، بەڵام ئەگەر پلان و

ڕێنمایی شەهید کاک ئیدریس نەبوایە هەلی سەرکەوتنمان زۆر لاواز دەبوو. خۆشەویستی ئەم سەرکردەیە بەرانبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەی و چۆک دانەدان بۆ دوژمن سەرچاوەی خۆڕاگری و بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری بوو بۆ پێشمەرگە و ڕوخێنەری وەی دوژمن بوو لە بەرەکانی جەنگ، مێژووش گەواهیدەری ئەم ڕاستییەیە کەوا لە هەر سەنگەرێک کاک ئیدریس پێشەوای بووبێت سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگە و شکست بۆ دوژمن بووە، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو توانا گەورەیەی کە لەدارشتنی پلان و سەرپەرشتی کردنی بەرەکانی جەنگدا هەیبوو. یەکێک لەو خەسڵەتانەی کە لە شەهید کاک ئیدریسم بینیوە وەکوو پێشمەرگەیەک و هەڤاڵێک، بریتی بوو لە هەست کردن بە ئازاری پێشمەرگە و هەڤاڵانی، هەرگیز خۆی لێ بەدوور نەدەگرتین و هەوڵی دەدا کێشە و گیروگرفتەکانیان بزانێت و بەپێی توانا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، لە هەڵسوکەوتیدا کەسێکی لەسەرخۆ بوو بەباشی گوێی لە بەرانبەرەکەی دەگرت. بەڕاستی کەسێک بوو کە لە ناخی دڵییەوە هاوسۆزی هەبوو بەرانبەر پێشمەرگە، لە ساڵی 1980 ڕۆژێک من لە لای بووم لەوکاتەدا باسی بارودۆخی پێشمەرگە کرا ئەویش وتی: خۆزگە ڕۆژێک هاتبا بمتوانیایە خزمەتی ئەم پێشمەرگانە بکەم کەوا ماڵ و منداڵ و سامانیان جێهێشتووە و خەریکی خەباتن بۆ بەرگری لە وڵات و دڵنیاشم ئەو ڕۆژە دێت. جا سەرکردەیەک ئەمە هەستی بێت بەرانبەر شۆنکەوتووانی بەڕاستی شایەنی گشت پیرۆزییەکە. لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدی سەرکردە کاک ئیدریس بارزانی دادەنوێنین، پەیمان دەدەین پارێزەری ئەو ڕۆژە بین کە خۆزگەی بۆ دەخواست. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2015

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2015-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی خەمێکی گەورەی بۆ هەموو کوردستان دروستکرد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | emapartin.wordpress.com 31-01-2015

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-29

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 378
بیرەوەرییەکانی چەند پێشمەرگەیەک لە یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
20250713170623645550=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
بەختیار قادر

ئیدریس مستەفا بارزانی کە کوڕە گەورەی مەلا مستەفا بارزانییە لە ساڵی 1944 لە بارزان لەدایک بووە. لە تەمەنی 4 ساڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ ماوەی یازدە ساڵ بۆ باشووری ئێراق دووردەخرێتەوە، بەڵام لە دوای دەستپێکردن شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1961 دەبێتە پێشمەرگە.
ئیدریس بارزانی لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول سەرپەرشتی پەنابەرانی باشووری کوردستانی لە ئێران کردووە و بووەتە یەکێک لە ئەندازیانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە.
خانە میر مستەفا کە یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئیدریس بارزانی بووە، ئێستا تەمەنی 89 ساڵە و ساڵی 1961 بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی 1969 لە دیلمانی باڵەکایەتی بووەتە پێشمەرگەی ئیدریس بارزانی کە ئەوکات شۆڕش لەگەڵ حکومەتی ئێراق لە شەڕدا بووە.
خانە میر مستەفا لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە دەڵێت: ئەوکات سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگ بوو لە زۆسک و هەندرێن و ئەو ناوچانە، هەمیشە خۆی لە ڕیزی پێشەوە بوو بە چرکەش بێئاگا نەدەبوو لە شەڕ و پێشهاتەکان.
هەروەها دەڵێت: هیچ کات خۆی لەگەڵ پێشمەرگە جیا نەکردووەتەوە. هەمیشە بەسەر پێشمەرگەکاندا ڕادەگەیشت و نەیدەهێشت کەموکوڕیمان هەبێت.
ئەشقی حسێن یەکێکی دیکە لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی ڕێگای سەختی بڕیوە، تەمەنی 59 ساڵە و لە 16 ساڵی لە سلیوانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە پێشمەرگە.
ئەشقی حسێن دەڵێت: هەرکە بوومە پێشمەرگە بە چالاکییەک هاتینەوە باشووری کوردستان، ئیدریس بارزانی لەوکاتەدا کارێکی گرنگی ئەنجام دا چوونکە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە تەکنیکی سەربازی باشی دادەڕشت. هەروەها دەڵێت: هەرکات پێشمەرگە بۆ داوایەک دەچووە لای دڵی نەدەشکاند و بە دەستبەتاڵی نەدەگەڕایەوە.
بەهائەدین عەبدوڵڵا، پێشمەرگەیەکی دیکەی ئیدریس بارزانی دەڵێت: دوای هاتنەوە لە باشووری ئێراق ئیدی نەیخوێند بەڵام لە مستەوا نەدەکرا لەگەڵ بەکالۆریۆسێکی ئەوکات بەراوردی بکەی زمانزان بوو خاوەن دەستوخەت و نووسینێکی باش بوو.
لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا داینەمۆی ڕێکخستنەوە و هەڵیگرساندنەوەی شۆڕش بووە. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان شایەتحاڵی دانووستانەکان بوونە.
خانە میر مستەفا، دەڵێت: کە سەدام هاتە ناوپردان و مەلا مستەفا لەگەڵی دانیشت، بە چاپچییەکەی وت بڕۆ بە باوکم بڵێ بزانم ڕێگەم دەدات بێمە ژووڕەوە مەلامستەفا ڕازی بوو، ئیدریس قسەی لەگەڵ کرد و هێنده بەکاربوو سەدام سەری سووڕما لە قسە و گفتوگۆکانی.
خانە میر مستەفا لەبارەی سەرپەرشتیکردنی ئاوارەکانی شۆڕش لە ئێران وتی: کە مەلا مستەفا نەخۆش کەوت و کاک مەسعود لەگەڵی ڕۆشت بۆ ئەمریکا ئیدی ئیدریس بووە سەرپەرشتیاری هەموو ئاوارەکان و بە هەمووانیش ڕادەگەیشت.
ڕۆژی 31-01-1978 لە سیوانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان مااڵوایی دەکات و لە گۆڕستانی گوندی هەلەجی دەفەری مەرگەوەڕ لە تەنیشتی باوکی دەنێژرێ. دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 تەرمی هەردوو بارزانی دەهێندرێنەوە زێدەکەیان لە بارزان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2020-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net.

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 379

بیرەوەرییەکانی هاجەر عەبدوڵڵا لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی

20250912194553655820=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکانی هاجەر عەبدوڵڵا لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی
هاجەر عەبدوڵڵا بیرەکەپران بیرەوەرییەکانی ژیانێکی دوورودرێژی لەگەڵ بنەماڵەی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی تێپەڕاندووە و گەلێک بیرەوەریی خۆشی لەگەڵ کاک ئیدریس و نازدار خانی خێزانی کاک ئیدریس و منداڵەکانی هەیە. ناوبراو دەڵێت: لە ساڵی (1964) نازدار خانی هاوسەری کاک ئیدریسمان لە سلێمانییەوە هێنا بۆ گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقەی ڕانیە. من لە بڵەوە هاتم بۆ دیلمان و لە خزمەت نازدار خان و منداڵەکانیدا بووم. ئەو کاتە نازدار خان تەنیا کچێکی هەبوو بە ناوی نەدا و دواتر لە ساڵی 1966دا کاک نێچیر و دلۆڤانی بە سکێک بوون. ساڵی (1968)یش بارز چاوی بە ژین کردەوە من تا ساڵی 1974 لە خزمەتیاندا بووم و هاوسەرەکەشم لەگەڵ سەرۆک بوو. ئەرکی من هاوکاریی کردنی نازدار خان بوو لە بوارەکانی خاوێن کردنەوەی ماڵەکەیان و خزمەتکردنی منداڵەکانی. دوو چێشتخانەمان هەبوو کە خۆراکی بنەماڵەی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانیان تێدا دروووست دەکرد خواردنەکان بەبێ جیاوازیی بۆ هەردوولا وەک یەک بوون بەڵام هەندێک جار کە میوان دەهاتن خواردنی جیاوازیان بۆ دروووست دەکردن حەلیم مامەند بارزانی، خەدیجە محەمەد حەلیم مریەم بیلو، مریەم عەزیز سوورچی و ئایشە مێنو لەگەڵ عەبدوڵڵا هۆستانی بەرپرسی چێشتخانەی بنەماڵەی سەرۆک و میوانەکان بوو.
کاک ئیدریس گەلەک تایبەتمەندی هەبوو کە لە هیچ کەسدا نییە، دەچوو بۆ بەرەی شەڕ، کە دەهاتەوە لە جیاتی ئێمە لێی بپرسین، دەهاتە لامان و لە هەمووی ئێمەی دەپرسی. مرۆڤێکی بەڕەحم و میهرەبان بوو. کەسی وەک ئەوم لە ژیاندا نەدیوە. لەگەڵ خێزانی و منداڵەکانی وەک هەڤاڵ دەجوڵایەوە و بە دەستی خۆی میوەی بۆ پاسەوانەکانی دەبرد و لێی دەپرسین میوەتان خواردووە؟ زۆر لە منداڵەکانی نزیک بوو و سەرنجی زۆری بە کەسایەتیی و وەرەی منداڵەکانی دەدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | ڕانیە (ڕاپەڕین) | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکِ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە314-315.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 380

بیرەوەرییەکانی ڕەزا خالید محەمەد لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی

20250912194714655821=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕەزا خالید محەمەد کە سەرەدەمێک بەرپرسی ناوچەی مێرگەسوور، بەرپرسی ناوچەی باڵەک، بەرپرسی سنووری باسیا، بەرپرسی ئاساییشی شارۆچکەی سۆران و میرگەسوور بووە، باس لە چوونی بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی و کارکردن لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: بارەگای بارزانی لە گوندی ڕژدور لە نزیک قەسرۆماکوس بوو. من چووم و لە خوار جادە کە چاوم بە کاک ئیدریس کەوت. لەگەڵ 5-4 پێشمەرگە بوو، کە منی بینی، پرسی جەماعەت ئەوە ڕەزا نییە؟ من لە ساڵی 1960وە لە گوندی چالیە و کوێستانەکانی سەروی هەسنی لە چیای شیرین، کاک ئیدریس، کاک مەسعود و کاک سابیرم دەناسی. بانگی کردم و وتی لێرە چی دەکەیت؟ وتم هاتووم ببم بە پێشمەرگە، هەگبەکەی کردەوە، 10 دیناری دەرهێنا و وتی بگرە ئەمشەو لێرە بەو بەیانی بگەڕێوە تۆ جارێ گچکەی، برۆ بەو 10 دینارە جلوبەرگی نوێ بکڕە و دوای دوو ساڵی تر بگەڕێوە. دەستم بۆ وەرگرتنی دینارەکانی درێژ نەکرد، وتم هاتووم ببم بە پێشمەرگە. وتی دایک و باوکت ئاگادارن؟ وتم بەڵێ و وتم ئەگەر وەرمنەگرن دەچم بۆ شوێنێکی تر. بە پێداگری زۆر قبووڵم کرد و ناردمی بۆ لای وەیسی عەلی شانەدەری. کە چوومە لای، پرسیاری لێ کردم و کاتێک منی ناسی، بەحورمەتەوە لە باوەشی گرتم و وتی: وەرە لێرە لەو خێوەتەی ئەڕەزاق بە. ماوەیەک لەوێ بووم و دوای ماوەیەک چووین بۆ دۆڵی خشتۆڵە لە نزیک قەسروماکوس. لەوێ لە بارەگای بارزانی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن چیچۆ دۆسکی، شەمسەدین موحسین، محەمەد مەلو، ئەیوب محەمەد و پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەزیز، خزمەتی پێشمەرگە و میوانەکانمان دەکرد. زۆری پێ نەچوو کە وتووێژی 11ی ئادار دەستی پێ کرد، من لەوە بە بەرۆش بووم کە بەبێ بەشداری کردنم لە شەڕ بە ئاشتی گەیشتین. دەموت خوازیا بەشداری شەڕیکم کردبا... دوای ماوەیەک کۆڕێک هات و وتی: کاک ئیدریس تۆی دەوێت. من چووم. لەگەڵ کاک مەسعود ماڵێکی چوار ژوورەیان بۆ کاری ڕۆژانە هەبوو. حاڵەتی دەروونی کاک ئیدریس بە جۆرێک بوو کە زۆر زوو خەڵکی دەناسی و دەیتوانی بۆ قسە کردن ڕابکێشیت و کەسێکی زۆر قسەخۆشبوو. وتی: کلیدی ئەم ژوورانەی من و مەسعود لای تۆ بن و خۆت خاوێنیان بکەوە و پاشماوەکان بسوتێنە و ئەگەر میوانیش هاتن، خزمەتیان بکە و چایی و پێداویستییەکان بێنە و ئیتر کەس نەیەتە ژوورە. نزیکەی 10-12 ڕۆژ لەوێ بووم، ڕۆژێک بینیم هەندێک پارە لە عەرز کەوتووە، من پارەکانم هەڵگرت و لە چەکمەچەی مێزەکەم نا. ڕۆژی دوایی کە کاک ئیدریس هات، وتم: پارە لێرە کەوتبوو. وتی: چەند بوو؟ وتم: نازانم لە چەکمەچەی مێزەکەم ناوە.

کاک ئیدریس کە بەیانیان دەهات، نزیکەی 10-15 خولەک لەگەڵ پێشمەرگەکان قسەی دەکرد، حاڵی دەپرسین و گاڵتەی لەگەڵ دەکردن و ئێوارانیش هەر بەم جۆرە بوو. ڕێگای ماڵەکەی بە ئۆتۆمبێل و بە پێ 6-5 خولەک بوو، لەو مەودایەدا لەگەڵ پاسەوانەکانی دەدوا و ئامۆژگاری دەکردن. من گەنجێکی باریک و لاواز بووم، گاڵتەی پێ دەکردم و دەیوت: ئەمڕۆ زۆر کەشخەی قۆز و نەیدەهێشت دەوروبەرەکەی تووشی فیکر کردنەوە و پەرێشانی بن. بە ڕاستی مرۆڤێکی تایبەت بوو، زۆر باش دەروونی لایەنی ڕووبەڕووی دەخوێندەوە و ئەگەر ئیشیکت بووایە بە قسەی خۆش بۆی جێبەجێ دەکردی. دۆست و هەڤاڵی کەسانی ئیشکەر بوو و دۆستەکانی لەبیر نەدەکرد. ڕێبەرێکی زۆر ئاشتیخواز و دەروون پاک بوو. ڕێزی لەلایەنگران و دۆستانی خۆی دەگرت. ئەو هیچ بەڵێنێکی بەبێ کردار نەدەهێشتەوە. کە دەهاتنە لای سێ جۆر بەڵێنی پێدەدان:

1- دەیوت: تا ڕۆژی فلان کارەکەت جێبەجێ دەکەم و لە کاتی خۆیدا کارەکەی بۆ جێبەجێ دە کرد.

2- دەیوت: تۆ حەقت بەسەر ئێمەدا هەیە، بەڵام دەرفەتم بدە کە ئیشەکەت بۆ جێبەجێ بکەم.

3- دەیوت: دەزانم مستەحەق، بەڵام دەبێت ئەحەمول بکەی تا ئیشەکەت بۆ جێبەجێ دەکەم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەرە 314

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 381
بیرەوەرییەکی ئازاد سوڵتان شێروانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی
20250901150428653725=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی ئازاد سوڵتان شێروانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی

هەر لەو بارەیەوە ئازاد سوڵتان شێروانی کە لە ساڵی 1969 و چاپچی مەلا مستەفا بارزانی و دوای ڕاوەستانی شۆڕش لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بووە، دەڵێت: ساڵی 1975 کە شۆڕش ڕاوەستا و ئێمە چووین بۆ ئێران، منیان بە بنەماڵەوە نارد بۆ جەهرۆم و دوای 8 مانگ بۆ کاشان گوازرامەوە. من منداڵەکانم لەوێ بەجێهێشت و هاتم بۆ کەرەج و لە خزمەت کاک ئیدریسدا بووم. کاک ئیدریس لە سەفەرەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر میهرەبان بوو، بە قسەی خۆش و هەڵبەست وتن نەیدەهێشت ماندوو بن، زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد لە ڕێگادا زۆر حەزی لە چای و سەبیلە دەکرد لە تەنیشت من دادەنیشت و چایی دەخواردە و سەبیلەکەی دەکێشا. کاک ئیدریس زۆر لەگەڵ گەنجان بوو کە ئێوارە دەهات یان ڕۆژانی هەینی دەیوت گەنجەکانم بۆ کۆ بکەنەوە، بەڵام باوکیان نەیهێنا. لەژێرخانی ماڵەکەیان لە کەرەج، بە ڕیز دادەنیشتن و لەو کۆڕە گەنجانەی دەپرسی، هەڵبەستی بۆ دەخوێندنەوە و مێژووی کوردی بۆ شی دەکردنەوە و لە کاروباری ژیان و خەباتی ڕۆژانەییدا قسەی بۆ دەکردن، کاک ئیدریس هەموو ئەو گەنجانەی بە بنەماڵە و باوک و باپیرانیانەوە دەناسی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 273

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 382

بیرەوەرییەکی ئازاد سوڵتان شێروانی لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908161235654954=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی ئازاد سوڵتان شێروانی لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

ئازاد سوڵتان شێروانی باس لە چۆنییەتی گەڕانەوەی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکات بۆ سلێمانا و دەڵێت (ساڵی 1975 کە شۆڕش ڕاوەستا و ئێمە چووین بۆ ئێران، منیان بە بنەماڵەوە نارد بۆ جهرم و دوای 8 مانگ بۆ کاشان نەقل کرام. لەوێ منداڵەکانم بەجێهێشت و چووم بۆ کەرەج و لە خزمەت کاک ئیدریسدا بووم. ئەوکاتە کاک ئیدریس لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە زۆری زەخت لێ دەکرا و بۆ هەرجێیەک دەچوو بە شوێنییەوە بوون و هەموو میوانەکانی کۆنترۆڵ دەکران. ساڤاک بە دوای ئەوەوە بوو کە بزانێت لەگەڵ کێ پەیوەندی هەیە و کێ پەیوەندی پێوە دەکات.

دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و بەر لە ڕووخانی، واتە لە سەردەمی خۆپێشاندانەکانی ئێراندا، کاک ئیدریس هەندێک ئازادی بە دەست خست و جموجوولەکانی زیاتر بوون. ڕۆژێک خەریکبووین لە کەرەجەوە بێین بۆ کوردستان، بەیانی ڕۆژی پێشتر کاک ئیدریس وتی دەچم بۆ ئەو ماڵانە و خوداحافیزییان لێ دەکەم و تۆش بچۆ خۆت ئامادە بکە. کاتێک گەڕامەوە زانیم فڕۆکەی ئێراق لە کاشانی داوە. من تەنگاو بووم، وتی خەم مەخۆ ئێستا دەچین و تەلەفۆن بۆ ماڵی ئێوە دەکەین. محەمەد هەرکی بەرپرسی حیزب بوو لە کاشان قسەی لەگەڵ کرد و تیگەیشتین زیان بە منداڵەکانی من نەگەیوە. وتی سبەینێ دەڕۆین. چووین بۆ ماڵی شێخ میسر لە کەرەج کە خوداحافیزی لە شێخ جەمال بکات. شێخ جەمال کەسێکی نووڕانی بوو. کە ئێمە دەچووین قەت نەیدەپرسی ئێوە بۆ کوێ دەچن، بەڵام ئەو جارە شێخ جەمال پرسی و وتی: ئیدریس بۆچی بەتەنیا هاتووی و جەماعەتت نەهێناوە کە بیانبینم؟ دوای نان خواردنی شەو شێخ جەمال دەچێتە ماڵی ئیدریس، دەپرسن بۆچی هاتووی، دەڵێت: تۆ هاتیت خوداحافیزیت لێ کردم و منیش بۆ ئەوە هاتووم خوداحافیزیت لێ بکەم. ئەو شەوە لەگەڵ سەرباز هەورامی لە ماڵی کاک ئیدریس نانمان خوارد. لە گەڕانەوەدا جەبار محەمەد جەبار ئەرگوشی و غەریب ئاکرەیی شوفێر بوون. کاک ئیدریس لەگەڵ جەماعەتێک لە ڕاژان کۆبوونەوەی هەبوو، لە ڕێگەدا چەند جارێک وتی بڕووسکەی بە سنگیدا دێت، بەڵام ئامادە نەبوو بچێتە لای دکتۆر.

بەرماڵی ڕاخستبوو و جەمەدانەکەی لە پەنای بەرماڵەکە دانابوو، تا دەستنوێژ بشوات کە جەڵتە لێیدا، دایکە حەمایل نێچیرڤانی نارد بانگی بکات و بڵێ، بێت نان بخوا کە چوو، دەبینی دەرگا داخراوە و کاک ئیدریسیش بێدەنگە، شەقێک لە دەرگا دەدات، دەرگاکە دەکرێتەوە و لە ڕووی کاک ئیدریس دەدات و هەندێک ڕووی بریندار بوو. بە دەنگی دەرگا و نێچیرڤان، دایکە حەمایل چوو دوای ئەوان من و محەمەد ئەمین مێرگەسووری، محەمەد موسا، دکتۆر سەعید ئەحمەد، ئەحمەد سەعید، سەلیم مەلۆ، خانەمیر، محەمەد عیسا، ڕەشید یەحیا، ئەحمەد وەسمان، سەرباز هەورامی، مستۆ بیدودی و سلێمان حادی دۆڵەمەڕی لێی کۆبوونەوە و بردمان بۆ نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام چارەی نەکرا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنداسیۆن: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 304.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 383

بیرەوەرییەکی بەدرۆ لەشکری حسێن لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250827223447653261=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی بەدرۆ لەشکری حسێن لەگەڵ ئیدریس بارزانی
بەدرۆ لەشکری حسێن کە بەشداریی کردووە لە شۆڕشی 1943-1945ی بارزان و کۆماری کوردستاندا و لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕووسیا و دوای گەڕانەوەی لە بەغدا کشکچی مانی بارزانی بووە. کە بارزانی ساڵی 1961 گەڕایەوە بۆ بارزان، بەدرۆش هاتووەتەوە. ئەو زیاتر دەڵێت: هاوینان لەگەڵ مانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەچووم بۆ هەوارگەی چاروێ لە چیای شیرین.
مام بەدرۆ بەشداریی چەندان شەڕی کردووە و سەبارەت بە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەڵێت: (کاک ئیدریس بەردەستی مەلا مستەفا بوو و ئیشەکانی ئەوی ڕادەپەڕاند. دوای ڕاوەستانی شۆڕش ئێمە لە زێوە بووین. من ژنم نەبوو و داوام لە محەمەد عەلی چیچۆ حەمۆ کرد کچەکەی بدات بە من کە ئەو ڕازی بوو، بەڵام کاک ئیدریس ڕازی نەبوو. وتی: (ئەو کچە بۆ تۆ نابێت و زۆر گچکەیە و ئەگەر دواڕۆژ بە تۆ ڕازی نەبێت کێشە بۆ خۆت و بۆ ئێمە دروووست دەبێت). منیش وتم خودا داویە و بە نیوە هەڵناوەشێتەوە. ئیدریس وتی: (ئەگەر خودا بیدات، منیش ڕازیم). بانگی کیژەکەی کرد و لێی پرسی و ئەویش وتی دەیکەم. بەم جۆرە ئیدریس ڕازی بوو. دوای نزیکەی ساڵێک لە پاسەوانەکانی پرسی بوو کە ئەو ژنە چی لێهات و دەترسم پێکەوە نەگونجێن.
ئامین کە لە مانی کاک ئیدریس کاری دەکرد، پێی دەڵێت زۆری نەماوە منداڵیان بێت. ئیدریس وتی: ئەگەر بەدرۆ کوڕی بێت، من گایەک دەکەمە خێر، بەڵام عومری کاک ئیدریس بڕی نەکرد کە کوڕەکەمان ببینێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 250.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 384
بیرەوەرییەکی بەسنا حەسەن سپێنداری بۆ کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
20250908162200654962=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی بەسنا حەسەن سپێنداری بۆ کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
بەسنا حەسەن سپێنداری یەکێک لە ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە گوندی هاشم ئاوای ناوچەی مەرگەوەر، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەڵێت:
-ئێمە لە گوندی هاشم ئاوا لە ناوچەی مەرگەوەر بووین. هاوسەرەکەم شەمسەدین خەریکبوو ڕیشی دەتاشی. من چووم بۆ دەرەوەی ماڵەکەمان کە بینیم دەنگی گریان دێت. ژنان لە خۆیان دەدا و پرچی خۆیان دەرهێناوە. پرسیم چ بووە؟ وتیان کاک ئیدریس عەمری خوای کرد. بە گریان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و هەواڵەکەم بە شەمسەدین ڕاگەیاند.
ئەو بەتوندی تورە بوو، وتی: وست بە، بەڵام کە بینی من دەگریم خۆی خڕ کردەوە و لەگەڵ چەند پیاوێکی تر ئێمەیان بەجێهێشت و چوون بۆ سلێمانا، ئێمە ژنەکان ئۆتۆمبێلمان پێ نەبوو کە بچین و بە ناچار بە گریان لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە.
هەندێک جار باوەڕمان بە هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس نەدەکرد. چونکە ئیدریس بە دوای مەلا مستەفادا گەورەی ئێمە بوو گەورەیەکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بوو لە ژیانماندا، هیچ کەسێک لەو بۆ ئێمە گرنگتر نەبوو، بەداخەوە هەواڵەکە ڕاست گەڕا، دەتوانم بڵێم هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس دژوارترین کاتی ژیانمان بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 307.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 385

بیرەوەرییەکی جیهان ئەحمەد حەمەد شیرۆکی لەسەر کەسایەتیی ئیدریس بارزانی

20250912194941655823=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی جیهان ئەحمەد حەمەد شیرۆکی لەسەر کەسایەتیی ئیدریس بارزانی جیهان ئەحمەد حەمەد شیرۆکی ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیبارزانی، چووەتە ماڵیان کە لە ڕاگرتنی منداڵ و کارەکانی ناو ماڵدا یارمەتیی هاوسەری کاک ئیدریس بدات و لەم بارەیەوە دەڵێت: بەهۆی باوکمەوە چووم بۆ کەرەج کە لە کاری ماڵ و ڕاگرتنی منداڵەکانی کاک ئیدریس هاوکارییان بکەم. نزیکەی ساڵ و نیوێک لە ماڵیان بووم، لەو ماوەیەدا هیچ کەسێکم نەبینی بوو کە وەک کاک ئیدریس بێت، قەت هەستم بەوە نەدەکرد کە کاریان بۆ دەکەم. هەم بۆ خۆی و هەمیش هاوسەرەکەی وەک یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان ڕێزیان لە من دەگرت و تەنانەت بۆ یەک جاریش من و دڵبەر کە ئەویش لەوێ کاری دەکرد، هەستمان بە جیاوازیی لە نێوان خۆمان و منداڵەکانیدا نەکرد. کاک ئیدریس دەهاتە لامان و زۆر بە میهرەبانیی قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد. من کە پێم لە ماڵیان نا، دنیایەکی نوێم بینی و هەستم بە خۆشی کرد. ئێستاش ئەو میهرە لە نێوان سەرۆک بارزانی و کاک نێچیردا ماوە. ماڵێکی ئاساییان هەبوو، خێزانی لەگەڵ ئێمە شیوی دروست دەکرد و لەگەڵ کاک ئیدریس پێکەوە لە ژوورێک نانیان دەخوارد و من و دڵبەریش ژووری خومان هەبوو. لە نەبوونی کاک ئیدریس دا خێزانی و منداڵەکانی دەهاتنە لای ئێمە و هەموو پێکەوە بووین. کە دەهاتەوە ماڵەوە لە خزمەت هاوسەر و منداڵەکانیدا دەبوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 316

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 386

بیرەوەرییەکی جەبار محەمەد جەبار لەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908161151654953=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی جەبار محەمەد جەبار لەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
هەر لەم بارەیەوە جەبار محەمەد جەبار ئەرگوشی کە لە ساڵی 1972 و شۆفێری ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بووە لە ئێران، سەبارەت بە گەڕانەوەی کاک ئیدریس بۆ سلێمانا دەڵێت: ڕۆژێک بەر لە چوونی کاک ئیدریس بۆ تاران، من کاک ئیدریس و کاک فەلەکەدین کاکەییم لە سلێماناوە هێنا بۆ کەرەج، کاک ئیدریس بە ئۆتۆمبێلی غەریب ئاکرەیی چوو بۆ تاران و من لە کەرەج مامەوە. دوای گەڕانەوەی کاک ئیدریس لە تاران، من و غەریب ئاکرەیی بە دوو ئۆتۆمبێل لەگەڵی چووین بۆ سلێمانا، کاتژمێر نزیک چواری بەیانی بەڕێکەوتین. کاک ئیدریس، ئەحمەد سۆفی و دکتۆر سەعید ئەحمەد لەگەڵ من سوار بوون و سەلیم مەلۆ، مەحمود موسا و سلێمان حادێ واتە پاسەوانەکانی کاک ئیدریس لەگەڵ غەریب بوون. ئەحمەد سۆفی لە قەزوین هاتە خوارێ. کاتی مالاوایی کردن، کاک ئیدریس پێی وتم من ڕەنگە تۆ نەبینمەوە، بەڵام تۆ دێیەوە لام. بە دوای ئەو وتنەدا کاک ئیدریس وەفاتی کرد و ئەحمەد سۆفی لە ئێران نەگەڕایەوە و هەر لەوێ مایەوە کە گەیشتینە ورمێ بینیمان فرۆکەکانی ئێراق لە خوێندنگەیەکیان دابوو و ژمارەیەک منداڵیان کوشتبوو. چووین بۆ لای شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لە ورمێ. دکتۆر سەعیدمان لەگەڵ بوو. کاک نێچیرڤان و کاک مەسروریش لەوێ بوون و ئەوانیش بە ئۆتۆمبێلێکی تر لەگەڵمان هاتن بۆ سلێمانا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە303.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 387

بیرەوەرییەکی حاجی مەلا ئەمین حاجی هۆستانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250829203547653465=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی حاجی مەلا ئەمین حاجی هۆستانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی
حاجی مەلا ئەمین حاجی هۆستانی بە شێوەیەکی هەندێک جیاواز، باسی بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ کاک ئیدریس دەکات و دەڵێت: (ساڵی 1976 کە شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسا، مەلا ئەمین باوکم لەسەر بڕیاری کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، بە فەرماندەیی مەفرەزەیەکی 13 کەسی کە پتر لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان پێکهاتبوو، ڕەوانەی ناوچەی گەردی، شێروان و بارزان کرا کە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی بدات. باوکم لەگەڵ شەش ئەندامی مەفرەزەکەی، ڕۆژی 30-05-1987 لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە لە بازی شەهید کرا.
ساڵی 1984 لەگەڵ دایکم و خوشک و براکانم لە گەڕەکی کوردانی شاری ساوە بووین کە لەنێوان ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان شەڕ هەڵایسا. ئیدریس بارزانی بۆ ئاشتکردنەوە و پێک هێنانەوەی دوو لایەنی شەڕەکە هاتە ساوە و لە ماڵی مەحمود موسا حەسەن چارەسەری کێشەکەی کرد. بە دوای کۆبوونەوەکەدا کاک ئیدریس بە شوێن بنەماڵەی ئێمەیدا نارد و وێستی چاوی بە ئێمە بکەوێت بەڵام چونکە دایکم لە کۆمپانیای عالی فرد کاری دەکرد و لە ماڵ نەبوو، من لە جیاتی ئەو چووم بۆ لای کاک ئیدریس. جگە لە کاک ئیدریس، عەزیز سندی، مەحمود کەلەپی، مستەفا وەلی کەرکووکی، تەتەر عەبدولخالق بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی لە ساوە و ژمارەیەکی تر کە لە پارتی دیموکرات و حیزبی سوسیالیست لەوێ بوون. کاک ئیدریس زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردم و بردمی لە لای خۆی داینام و داوای لێ کردم بچم بۆ کەرەج و سەردانی بکەم. مێرمندانێکی 15 ساڵانە بووم و وتم نازانم ماڵی نیوە لە کوێیە؟ وتی: لە کەرەجە و ئەگەر بڕۆیت بۆ کەرەج و لە عەزیمیە لە هەر کەس بپرسیت پیشانت دەدەن. دوای تێپەڕبوونی مانگێک دایکم ئیزنی دام بچم. ڕۆژی پێنجشەممە بوو، چووم بۆ کەرەج و لە ماڵی کاک کەمال محەمەد ئەمین کە یەکێک بوو لە خزمانمان دابەزیم و لەگەڵ ئاراس کوڕی کاک کەمال چووم بۆ ماڵی کاک ئیدریس. خۆی و نازدار خان پێشوازییان کردم و بردیانم لەنێوان خۆیاندا دایانانام. کاک ئیدریس بانگی کوڕەکانی کرد نێچیرڤان، دڵۆڤان و باز هاتن. کاک ئیدریس منی بە کوڕەکانی ناساند و وتی: ئەوەی باوکی ئەو کوڕە بۆ ئێمەی کردووە، کەس نەی کردووە. وتی: وەسییەتی باوە گەورەیە کە ئەگەر نانێکمان هەبێت، نیوەی هیی ئەو بنەماڵەیە. ئەو ڕۆژە کاک ئیدریس زۆری هەوڵدا کە لایان بمێنمەوە، بەڵام چونکە لە ماڵی کاک کەمال شیویان دروستکردبوو، ئیزنی دام بگەڕێمەوە ماڵی کاک کەمال، بەڵام وتی دوای نیوەڕۆ بچمەوە لای. من و ئاراس چووینەوە لای، دکتۆر سەعید، ئەحمەد نادر میرخان خەردەنەپی دۆڵەمەڕی، شەهید شەعبان و شەهید حالکە دۆڵەمەڕی میوانی بوون. ئێمە لەگەڵ عەلی شەعبان خزمایەتیمان هەبوو و ئەو منی دەناسی، کاک ئیدریس پرسیاری لە میوانەکان کرد و وتی: ئێوە ئەو کوڕە دەناسن؟ جگە لە عەلی شەعبان ئەوانی تر منییان نەدەناسی. دوای ئەوە کاک ئیدریس منی بە میوانەکان ناساند، ئەوانیش زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم. دوای نزیکەی خولەکێک قسە و باس، لەگەڵ مالاوایی کردنمان لە کاک ئیدریس و میوانەکان، کاک ئیدریس 500 تمەنی دا بە من و 200 دیناریشی بە ئاراس دا.
کاک ئیدریس زۆربەی کارەکانی بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە ئەنجام دەگەیاند. ئێمە سەرەتا هەر سێ ڕۆژەی جارێک دەبوو بڕۆین خۆمان بە پۆلیس بناسێنین و دەفتەریان بۆ ئیمزا بکەین و نەماندەتوانی لەنێوان شارەکاندا هاتوچۆ بکەین. ئەو بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا نامەی بۆ بەرپرسانی پارتی دە نارد و ڕێکخراوەکانی پارتی لە ئێران بە نهێنی زیندوو کردەوە.

پێویستە بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کە ئێمە هەر چەند ماڵێک لە شارێک بووین و دەرفەتی هاتوچۆمان نەبوو. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی 1978 دا شیرازەی دەسەڵاتداریەتی ساڤاک پچڕا و ئێمە بەرەبەرە لە شارەکان کۆبوونەوە و رێکخراوەکانمان بەهێز کردەوە.
کاک ئیدریس هەموو ئێمە لاوەکانی لەژێر چاودا بوو. ئەو نەیهێشت ئێمە تووشی کاری ناشایست، تیرۆر، پیاو کوژی، دزی و پاڵدانەوە بە ساڤاکەوە بین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەرۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 29-08-2025

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 252-254.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-29

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 388
بیرەوەرییەکی حسێن عەزیز حسێن لەگەڵ ئیدریس بارزانی
20250824171545652811=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی حسێن عەزیز حسێن لەگەڵ ئیدریس بارزانی

حسێن عەزیز حسێن لە باس کردنی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دا دەڵێت: ئێمە 40 کەس بۆ ماوەی 8 مانگ لە چیای زۆزک بووین. فەرماندەکەمان میتو ئەحمەد ستوونی بوو. ڕۆژێک خواڵێخۆشبوو ئیدریس بارزانی هات سەردانی ئێمەی کرد.
یەکێک لە پێشمەرگەکان بە ناوی عیسا عومەر دری چوو بۆ لای و وتی: ئێمە 8 مانگە لێرەین و دەڵێن دەبێت 4 مانگی تریش بمێنینەوە. بەڕاستی من تاقەت ناهێنم و ئەگەر دەتەوێت 4 مانگی تر لێرە بمێنمەوە، داوات لێ دەکەم، یان ئیزن بدە بگەڕێمەوە، یان کەسێک بنێرە بمخەسێنێت. کاک ئیدریس قسەکەی زۆر پێخۆشبوو، لەبەر ئەوە دەمی خۆی گرت و پێکەنی و وتی: من ناتوانم ئیجازەی ئێوە بدەم، بەڵام من مەئموورم و دەچم ڕاپۆرتی خۆم دەدەم بە سەرۆک. تۆ ئامادەی ئەگەر سەرۆک بەو وتەیەت خەڵاتت بکات، یان سزات بدات؟ وتی: بەڵێ. کاک ئیدریس وتی: من دەڕۆم و دوای سێ ڕۆژ دەگەڕێمەوە و وەڵامت بۆ دەهێنمەوە. ئەو دوای سێ ڕۆژ هاتەوە و 10 دیناری دا بە عیسا و وتی: ئەوە خەڵاتی تۆیە و خۆتان ئامادە بکەن، جەماعەتی فارس کورە مارکی دێن و ئێوە دەگۆڕن. بەم جۆرە ئێمەیان گۆڕی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 24-08-2025
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وتنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 133.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 389

بیرەوەرییەکی حەسەن عەبدوڵڵا کەشار لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250827225837653271=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی حەسەن عەبدوڵڵا کەشار لەگەڵ ئیدریس بارزانی
حەسەن عەبدوڵڵا کەشار دەڵێت: هەر کەسێک بە هەر نییەتێکەوە چاوی بە بارزانی دەکەوت، دڵی لە هەموو کینە و ناڕەحەتییەک پاک دەبووەوە و ئیدریس بارزانییش هەر بەو جۆرە ئەو حاڵەتەی لە مەلا مستەفاوە پێگەیشتبوو. لە ئێران مەلا مستەفا بەهۆی نەخوێشییەوە، ئێمەی هیوابڕ کردبوو، لەبەر ئەوە هەموو ئومێدی ئێمە ئیدریس بوو، ئەو کەسێکی مەیدانی بوو، لەگەڵ خەم و شادی ئێمەدا دەژیا. وشەیەکی لەسەر زار بوو، دەیوت ئەگەر کورد یەک نەبن سەر ناکەون، لەبەر ئەوە زۆری حەز لە یەکێتیی کوردان دەکرد.
هەر کە کاغەزێک بۆ مەلا مستەفا دەهات ئیدریس دەیخوێندەوە و بە ئامۆژگاریی مەلا مستەفا وەڵامی کاغەزەکانی دەدایەوە. ئیدریس زۆر موتیعی باوکی بوو و قەت لە قسەی دەرنەدەچوو. لە دیلمانەوە من لەگەڵ ئیدریس بووم. زۆری حەز لە سەبیلە کێشان بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی) | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 27-08-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 251

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 390

بیرەوەرییەکی حەمید ئەفەندی لەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908153035654937=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە بارەی کوچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، حەمید حسێن مەلا حەمید ئەفەندی لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من (نووسەری پەرتووک) پارێزراوە دەڵێت:
-من لە ناوچەی سلیڤان و شەمێران بەرپرسی لقی پێشمەرگە بووم. هەندێک وردە گلەیی لەنێوان ئێمە و سوپای ئێراندا لە ناوچەکەدا هەبوو، ئەوان سکاڵای ئێمەیان کردبوو. کاک ئیدریس ئاگاداری کردم کە بچم بۆ کەرەج و من چووم و لەگەڵ کاک ئیدریس و عوسمان قازی و دکتۆر شەوکەت بامەرنی چووین بۆ تاران و لە سەربازگەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دانیشتین. کاک ئیدریس بە هەڵسوکەوتی نەرمی خۆی توانی کێشەکە چارەسەر بکات و ئێمە گەڕاینەوە. لە تاران بووین کە کاک ئیدریس وتی هەندێک گرفتی دڵم هەیە بۆ نەچین پشکنینێکی دڵ بکەم. وتمان با بچین کەچی پەشیمان بووە و وتی مەگەر ئێمە بەیانی ناچین بۆ ورمێ لەوێ دەوەستم و پشکنینەکە دەکەم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: تاران | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 300.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 391

بیرەوەرییەکی خالید ئاغای حیسامی لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250920154514657013=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاش ئەوەی ساواک داوای دیدار و هاوکاریی لە خالید ئاغای حیسامی دەکات و ئەو ڕەتی دەکاتەوە کە هاوکارییان بکات، لە دیدارێک لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی باسی ئەم بابەتە دەکات و لە پەرتووکی ئاوێنە شکاو بەم شێوازە باسی ئەم بابەتە دەکات: ئەو ڕۆژە ئێوارێ لە ماڵی مەلا مستەفامەلا مستەفا (کە وام لەبیرە خۆی لە سەفەر بوو)، ئەو قسانەم بۆ کاک ئیدریس گێڕا و وتی: کاک خالید ئاغا، مەلا مستەفا دەسەڵاتی جارانی نەماوە، تۆ لەو وڵاتە دەژی، دەبێت لەگەڵیان ڕێک کەوی، ڕەجات لێ دەکەم ئەو تووڕە بوونە دانێ، پیاو دەبێت لەگەڵ زەمان بگۆڕێت.

کاک ئیدریس ئاگای لەوە نەبوو ساواک داوای ئەو ڕێککەوتنەی لە من کردبوو و پێم نەکرابوو، هەرچەندە خورماشی زۆر هەڵڕشتبوو، تووڕەیی وانیش هەر لەسەر ئەوە بوو، ڕەنگە ئەو ئیشەی من لە ڕەفزی داواکەی واندا بۆ هاوکاریی ژیرانەش نەبووبێ، بەڵام هەرچی بێ پێم لە چاوشۆڕی و سیخوڕی و خەیانەت باشتر بوو و لەبەر ئەوە بە کاک ئیدریسم وت: ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێوەش پشتی من بەردەن هێشتە هەر لێیان بێ منەتم، هەرچی بە باش دەزانن با بیکەن.

نازانم جەندی پیچوو، دوو مانگ یان کەمتر، ڕۆژێک هاتمەوە ماڵ، کاک ئیدریس نامەی بۆ ناردبووم نووسیبووی ئەورۆ لە تاران تەلەیفوینان کردووە ڕۆژی ..... سعات هەشتی بەیانی بچییە لای مودیری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بۆ کاری دامەزران، لەبەر ئەوە لە کاتی دیاری کراودا بچۆ ئەوێ چاوەڕوانت دەبێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئاوێنە شکاو (بیرەوەرپی هێدی)، نووسینی؛ هێدی، 2014، لاپەڕە 218.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 392

بیرەوەرییەکی دکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم لەگەڵ ئیدریس بارزانی کاتی دیداری لەگەڵ قەزافی

20250831171000653581=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی دکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم لەگەڵ ئیدریس بارزانی
دکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت: ساڵی 1986، دوو جار لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی سەردانی لیبیام کرد. جاری یەکەم بەشداریی کۆنگرەی سەرکردەکانی هێزی شۆڕشگێڕی عەرەبی سەردەم بوو. لەو کۆنگرەیەدا خوالێخۆشبوو قەزافی سەرکۆماری لیبیا ڕووی لە کاک ئیدریس کرد و وتی: هەموو ڕۆژی گوندتان لێ دەسوتێت و خەڵکتان دەکوژرێت، بۆچی لە جیاتی حوکمی زاتی، داوای سەربەخۆیی ناکەن؟ جورج حاوی سکرتێری حیزبی شیوعی لوبنان وتی: سەرۆک قەزافی زیاتر لە کوردەکان داوای حەق کورد دەکات. کاک ئیدریس لە بەرانبەردا هەستا و وتی: هەر عەرەبێکی بەشەرەف دەبێت ڕەنگی بەڕێز قەزافی هەبێت. ئەو وتانە بەداخەوە تەنیا لە باسدا مایەوە و عەرەبەکان ڕووی خۆشیان پێ نیشان نەدا.
جاری دووەم جگە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نوێنەری هەموو حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان لە لیبیا بوون. ڕۆژێک لەلایەن قەزافییەوە هاتن و وتیان کاک ئیدریس و هەڤاڵانی بێن. کاک ئیدریس نوێنەری حیزبە کانی کۆکردەوە و وتی: قەزافی بە دوای من و ئەندامانی پارتیدا ناردووە. من بەبێ ڕەزامەندی ئێوە ناچم. ئەگەر دەتانەوێت من دەچم و نوێنەرایەتی ئێوەش دەکەم، ئەگەرنا من بەبێ ڕەزامەندی ئێوە ناچم. هەموویان وتیان: ئێمە ڕازین، بچۆ و هەرچی تۆ بیکەی ئێمە ڕازین. عەدنان موفتی، عادل موراد، سامی عەبدولڕەحمان، عەبوو حرووبە، سەربە ڕێکخستنی ناسرییەکان و ژمارەیەکی تریش لەوێ بوون. من لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک ئازاد بەرواری چووین. لەگەڵ عەبدولسەلام جەلوود و موسا کوسە دانیشتین و لە گەڕانەوەدا، ناکامی کۆبوونەوەکەمان بە ئەندامان ڕاگەیاند. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | لیبیا |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-08-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 267-268.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-31

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 393
بیرەوەرییەکی سەبری دەروێش عومەر لەگەڵ ئیدریس بارزانی لە سەردەمی ساڤاکدا
20250901150529653727=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی سەبری دەروێش عومەر لەگەڵ ئیدریس بارزانی لە سەردەمی ساڤاکدا

لە جێیەکی تردا سەبری دەروێش عومەر کوڕی دەروێش عومەر ئەرگوشی یەکێک لە هەڤاڵانی سەرۆک بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت کە ساڵی 1952 لە تاشکەند لە دایک بووە و ساڵی 1959 لەگەڵ دایک و باوکی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بۆ ماوەیەک بەرپرسی لقی 4ی پارتی بووە لە ئێران و ئێستا ئەندامی پەڕلەمانی ئێراقە دەڵێت بەر لە ڕووخانی ڕژێمی شا، کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بەتوندی لەژێر چاودێریی ساواکدا بوو دوای ڕاکردنی شا لە ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، هەندێک ئاساییشی پەیدا کرد کاک ئیدریس زیاتر لە ڕاژان و سلێمانا بوو، بەڵام کاتێک دەگەڕایەوە بۆ کەرەج زۆر سەرنجی بە بینینی خەڵک و بە تایبەتیی لاوان دەدا. هەرچەندە بە بەردەوامی سەرقاڵی بینینی کوردە پەنابەرەکان، ڕۆژنامەنووسان، نوێنەرانی باڵیۆزخانەی وڵاتان و بەرپرسانی ئێرانی بوو، بەڵام ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە ماڵەکەی خۆی دادەنیشت لە سەرتاسەری ئێرانەوە دەهاتنە لای تایبەتمەندییەکی سەیر هەبوو، ئەوانەی بۆ جاری یەکەم دەهاتنە لای ناوی دەپرسین و ناسیاوی لێ وەردەگرتن بەڵام ئەگەر بۆ جاری دووەم دەهاتنەوە لای، بە نای خۆیان قسەی لەگەڵیان دەکرد و لە حاڵ و باری خۆیان و بنەماڵەکانی دەپرسی. لەگەڵ ئەوەشدا لە بچووکترین کات بۆ دیتنی کوردە گەنجەکانی کەرەج و شارەکانی دەوروبەری کەلکی وەردەگرت. لەگەڵیان کۆ دەبووەوە و ئامۆژگاری دەکردن کە بە ڕووە ماددە هۆشبەرەکان نەچن و ڕوو لە کوردایەتی بکەن مێژووی ڕووداوەکانی کوردستانی بۆ شی دەکردنەوە. یەکەم داخوازی لە لاوان ئەوە بوو کە بەرەو خوێندن بچن و خۆیان پەروەردە بکەن. هەموو ئەوانەی دەچوونە لای کاک ئیدریس بە وردیەکی تازە و بەهێز ماڵاواییان لێ دەکرد.
زۆر جار خەڵکم بردووەتە لای کاک ئیدریس، بۆ نموونە جارێک لەگەڵ وەفدێکی ڕێکخراوی عەمەلی ئیسلامی کە حیزبێکی دژ بە ڕژێمی سەدام حسێن بوو، چوومە لای. لە گەڕانەوەدا بە گوێی خۆم بیستم کە یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە بە هاوڕێکانی خۆی گوت: هەر جارەی دێمە لای کاک ئیدریس، شتێکی تازەی لێ دەبیسم. هەروەها خۆشحاڵ بوون بە لێکدانەوە سیاسییەکانی کاک ئیدریس و زمانی ڕەوانی ئەو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆندەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-09-01
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 273.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 394

بیرەوەرییەکی شەمسەدین حسێن عەمەر بۆ کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908162341654963=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی شەمسەدین حسێن عەمەر بۆ کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
شە مەسەددین حسێن عەمەر مزوری باڵا سپێندار، دانیشتووی دیانا، باس لە ناشتن و پرسەی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و دیداری لەگەڵ مەسعود بارزانی دەکات و دەڵێت: (ساڵی 1987 من بەرپرسی بەتالیونی مزوری باڵا بووم. کاک مەسعود لە لقی 1 لە گوندی کانی سارکێ لە بیزنۆ لە ناوچەی نێروەییەکان بوو. من نامەیەکی محەمەد خالیدم لە ئێرانەوە بۆ برد و وەڵامی نامەی کاک مەسعودم بردەوە بۆ زێوە. لەوێ بووم کە کاک ئیدریس کۆچی دوایی کرد. محەمەد خالید و کاک نێچیرڤان کارەکانی ناشتن و پرسەیان بەڕێوەبرد. زۆر باشم لەبیرە کە خەڵک لەوپەڕی خەم و پەژارەدا بوون و کاک نێچیرڤان دڵخۆشیی خەڵکەکەی دەدایەوە و دەیوت مادام مامم ماوە (مەبەست لە مەسعود بارزانییە) ئێمە نابێت خۆمان زۆر نارەحەت بکەین. دوای تەواوبوونی ڕێورەسمی ناشتن و پرسەکە، من گەڕامەوە بۆ ناوچەی بەرپرسایەتیم، عەلی خەلیل داوای کرد بچم بۆلای، کە چووم کاک مەسعود لەوێ بوو. وتی: باسی نێچیرڤان بکە، چۆن پێشوازی لە خەڵک کرد و منیش بۆم گێڕایەوە و باسی دانیشتنی مزگەوتی نار لە گوندی سەید مەزهەر و سەید عەلائەدین لە ناوچەی مەرگەوەرم کرد. پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێک کاک ئیدریس چوو بوو بۆ ئەمریکا کە باوکی ببینێ، دڵی لە خۆ چوو بوو. دوکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کردبوو. کاک مەسعود خۆی بۆ منی گێڕایەوە و وتی: دوکتۆرەکان گازی منیان کرد و وتیان ئیدریس تاقەتی بینینی باوکی نەبووە و لە زەخت دایە و ناتوانی لە بەرانبەر ئەو زەختەدا خۆی ڕابگرێت و ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی جەڵتەی دڵ بێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 308.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 395

بیرەوەرییەکی غەریب ئاکرەیی لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908154028654940=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی غەریب ئاکرەیی لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی
غەریب یوسف مزوری دەربارەی چۆنییەتی کوچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، دەڵێت: ڕۆژی 1987-01-29، لەگەڵ کاک حەمید ئەفەندی، عوسمان قازی و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی بە ئۆتۆمبیلی فیاتی ئیتالی عوسمان قازی لە کەرەجەوە چووین بۆ تاران سەربازگەیەک هەبوو لە پارچین لە نزیک (ئابعەلی) و جادەی مازەندەران لەوێ چەکیان دروست دەکرد و دایپۆش بوو. لە بەرەبەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە کاک ئیدریس لەوێ کۆبوونەوەی هەبوو. کاتژمێر پێنج خەریک بووین دەگەڕاینەوە. وتی: کاتێک دەستم بە ئاوی سارد دەشۆم، شین هەڵدەگەڕێ. دوکتۆر شەوکەت وتی: ئەوە هیی لەبەرکردنی جلوبەرگی نایلۆنە. عوسمان قازی لێی کرد بە گاڵتە و وتی گوێ مەدە قسەکەی، ئەوە دوکتۆری کەرانە بەو وتەیەی قازی هەموو لایەک پێکەنین. لەوێ دوکتۆرێکمان دەناسی کە ناوی دوکتۆر میر مەجلسی بوو وتمان بچین تۆ ببینی و دوایی دەڕۆین، کاک ئیدریس قبوولی نەکرد و وتی کۆبوونەوەیەکم هەیە لە کوردستان کە پێویستە بگەمە ئەو کۆبوونەوەیە ڕووی لە من کرد و وتی من و تۆ دەچینە کوردستان و دوای تەواو بوونی کارەکان پێکەوە دەچینە دەرەوەی وڵات. من نانم نەخواردبوو، وتم برسیمە. کاک ئیدریس وتی: نابێت برۆین، برۆ نان بخۆ و دوایی دەڕۆین. چووم ساندویچێکم کڕی و بەڕێکەوتین کەوتینە دوو سایتی تاران کەرەج. لەو تۆوە بە گاڵتە و گەپ و قسەی خۆش گەیشتینەوە بۆ کەرەج. کاک ئیدریس چوو خۆی ئامادە کرد و لە دەوروبەری کاتژمێر 3:30ی بەیانی بەڕێکەوتین. نێچیرڤان، مەسرور، سەرباز هەورامی و پێشمەرگەیەکمان بە ناوی سۆفی لەگەڵ بوو. دوو ئۆتۆمبێلمان پێ بوو. لاندۆڤێرێک و شیفرۆلێت بلێزەرێک. من لاندۆڤێرەکەم لێدەخوڕی و جەبار شیفرۆلێتەکەی. هەوا نزیکەی 20-25 پلە سارد بوو. سۆفی لە قەزوین دابەزی. لە سێ ڕیانی تاکستان دەسووڕاینەوە کاک ئیدریس وتی کاتی نوێژ هاتووە؟ کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو جەمەدانەکەی لەسەر سەهۆڵ ڕاخست و نوێژی لەسەر کرد بەرەو زەنگان و میاندواو دەچووینە پێش، کە گەیشتینە تەورێز وتی بەڵکوو چەند سەنگەکان بکرین. زۆر گەڕاین بەڵام نەماندۆزییەوە. بۆ خواردنی نیوەڕۆ گەیشتینە سۆفیان.
هەموو جارێ لەوێ نانمان دەخوارد، لە ماڵەوە خواردنیان بۆ دەپێچاینەوە و لە ڕێستۆرانتێک دەمانخوارد و بۆ ئەو نیو کاتژمێرەی لەوێ دەمانخوارد پارەمان دەدا. ئەوەندە چووبووین کە دواتر کابرای خاوەن ڕێستۆرانت پارەی لێ وەرنەدەگرتین. دوای خواردن بە شارەکانی خۆی و شاپووردا بەرەو ورمێ چووین کە بینیمان خەڵکی ورمێ ڕادەکەن. پرسیم چی بووە؟ ئۆتۆمبێلەکە ڕاگرم؟ کاک ئیدریس وتی تەیارەی ئێراق لە ورمێی داوە. ئەو کاتە شەڕی نێوان ئێران و ئێراق گەیشتبووە بۆمباران کردنی شارەکان و خەڵکی سڤیل.
گەیشتینە ورمێ و چووین بۆ بارەگای پەیوەندییەکانی پارتی کە کاک شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی بوو. لەوێ کاک ئیدریس چەند تەلەفۆنێکی کرد. لەپڕ نازیر لێیدا و تەیارە هات. ئێوارەی 30-01-1987 بەرەو گوندی سلیڤانا بەڕێکەوتین. عەبدولموتەئمین بارزانی هاتبوو بۆ سێ ڕیانی ڕاژان کە پێشوازیی لە کاک ئیدریس بکات. کاک ئیدریس و هاوڕێیانی چوون بۆ سلیڤانا و من چووم بۆ ڕاژان کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە هاتنی کاک ئیدریس ئاگادار بکەمەوە. فەرەیدون عەبدولقادر بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی و ڕەسوڵ مامەند بە نوێنەرایەتی پارتی سۆسیالیست لەگەڵ ژمارەیەکی تری لەوێ بوون.
دوای ئاگادار کردنەوەیان چووم بۆ سلیڤانا و هاتنی میوانەکانم بە کاک ئیدریس ڕاگەیاند. هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو، خەریکبووین خۆمان کۆدەکردەوە کە کاک مەسرور هات و وتی هەستن ماڵمان خراپ بوو. بە دوای کەوتین بۆ ژووری کاک ئیدریس، بینیمان کەوتووە و نەفەس ناکێشی. قۆڵی لیباسەکانی هەڵمالیبوو کە

دەستنوێژ بشوا کە جەڵتەی لێبدابوو.
کاتی گەیشتنەوەمان خواردن ئامادە بوو. کاک ئیدریس بەر لە خواردن دەچێت نوێژ بکات و بگەڕێتەوە بۆ خواردن زۆری پێ دەچێ. کاک نێچیرڤان دەچێت دەبینێ شێوی نەخواردووە و خواردنەکەی سارد بووەتەوە بانگی دەکات بەڵام وەڵامی لێ نابیستێت. بەشوێنی دەکەوێت دەبینێت دەرگای گەرما و قفڵە، بانگی باوکی دەکات، بەڵام ئەو وەڵام ناداتەوە و ئەویش دەرگاکە دەشکێنێت و دەبینێت باوکی لەوێ کەوتووە.
سواری ئوتومبێلمان کرد و بردمان بۆ نەخۆشخانەی شیر و خورشیدی وەرێ کە ناویان نابوو نەخۆشخانەی موتهەری، دکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کرد و بینییان تەواو بووە. تا بەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لەوێ ماینەوە و دواتر بردمان بۆ گوندی هەڵەج و لەکن ئارامگەی مەلا مستەفا بە خاکمان سپارد. سێ ڕۆژان لە ڕاژان بۆی دانیشتین، خەڵکێکی زۆر لە ڕاژان و گوند و شارەکانی کوردستانەوە هاتن. ژمارەیەکی زۆر بە پێ هاتبوون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 301.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 396

بیرەوەرییەکی قادر مەلۆ مستەفا دولەمەڕی لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی

20250912194111655818=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەم بارەیەوە قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من (نووسەری پەرتووک) پارێزراوە دەڵێت:

- خالید ئاغای حیسامی لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی ئەحمەد زکری لە کەرەج لە ماڵێکدا دەژیان. بەیانیی ڕۆژێک خالید ئاغا زۆر بەناڕەحەتی هات و وتی: ئەو کابرا غەدرم لێ دەکات.

کاک ئیدریس هێشتا لە خەودا بوو. کە هەستا چووم و وتم خالید ئاغا هاتووە. مامۆستا خالید چوو بۆ لای کاک ئیدریس و پێی گوت: منیش سەردەمێک نۆکەرێکی وەک قادرم هەبوو. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام، ئاو و خاوڵی بە دەستەوە بوو. کاک خالید کە ناوی منی هێنا، کاک ئیدریس زۆر ناڕەحەت بوو، لەژێرەوە تەماشای منی کرد و وتی: کاک قادر برۆ ئەحمەد زکری بگرە و هەتا دەتوانیت لێی بدە و ئەگەر منیش هاتم لێی دەدەم. من چووم و نەقلەکەم بۆ ئەحمەد زکری گێڕایەوە و وتم کاک ئیدریس گوتوویەتی بێم لێت بدەم. بۆچی نادادیت لە خالید ئاغا کردووە. دەستبەجێ بچۆ داوای لێبوردنی لێ بکە. ئەحمەد لەگەڵ ژنەکەی چوو بوو بۆ لای خالید ئاغا و دڵی وەرگرتبووە و ئەویش بەخشیبووی. بەیانی ڕۆژی دوایی خالید ئاغا هاتەوە. سمێڵەکانی قیت و ڕووخۆش بوو، بە کاک ئیدریسی گوت: هاتووم زکری ببەخشی، چونکە هاتووە و داوای لێبوردنی لێ کردووم.

کاک ئیدریس دوژمنی غەدرلێکردن بوو. هەوڵی دەدا هەموو کەس یەکتریان خۆش بوێت. هەر کەسێک دەهاتە لای وەڕی بە قەدەر چیاکانی کوردستان بەرز دەبووەوە.

وەسف کردنی کاک ئیدریس زۆر گرانە. حەجمی گەورەیە و لە وەسفکردن نایە، ئەو لە ئێران بوو، بەڵام هیچ غەدرێکی لە ئێران قەبوول نەدەکرد، بە ئێمەی دەوت: هەموو شتێک قەبوول بکەن، جگە لە غەدر.

ئێمە پاسەوان و خزمەتکاری ماڵی ئیدریس بووین. هیچ کام لە کچ و کوڕەکانی ماڵی بارزانی توانایان نەبوو بێڕێزی بە ئێمە بکەن یان قسەیەکی ناپەسەند بە ئێمە بڵێن. هەموومان وەک یەک بنەماڵە یەکسان بووین. زۆر جار دەیوت: فەرق ئێوە لەگەڵ براکانم نییە.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات هەڵگیرسا، کاک ئیدریس و کاک مەسعود زۆریان پێ ناخۆشبوو. کاک ئیدریس زۆر بەتوندی دژی شەڕ بوو. بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ، کاک ئیدریس هەوڵی ئەوەی دەدا کە ڕێگیم لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و حیزبی دیموکرات ڕێککەوێت و هەندێک دەستکەوتیشی بە دەست خست بەڵام سەرنەکەوت. خومەینی دەیوت وەک فارسەکان تەماشای کوردەکانیش دەکات بەڵام وا دەرنەچوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 312.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 397

بیرەوەرییەکی محەمەد عەزیز قادر لەسەر ئازایەتی و ڕێسک کردنی ئیدریس بارزانی

20250912195141655824=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی محەمەد عەزیز قادر لەسەر ئازایەتی و ڕێسک کردنی کاک ئیدریس لە ژیاندا
محەمەد عەزیز قادر حەمەعەزیز لە ئازایەتی و ڕێسک کردنی کاک ئیدریس لە ژیاندا دەدوێت و دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیپیاوێکی ئازا بوو، زۆری ڕیسک دەکرد. جارێک لەسەر بڕیاری ئەو ڕیسکێکمان کرد. لەگەڵ کاک ئیدریس و مستەفا بەگی خەزوری شێخ نیهاد و دوو-سێ حیمایە، بەبێ ئەوەی کە بە هیچ لایەنێک و تەنانەت بە مەلا مستەفاش بڵێن چووین بۆ بەغدا. چووین شێخ بابۆمان لە هۆتێلێک دۆزییەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جاشەکان، پلانی کوشتنی کاک ئیدریسیان داڕشتبوو و لە دووامان گەڕابوون کە ڕێگامان پێ بگرن و بمانکوژن، بەڵام پەیدایان نەکردبووین و ئێمە بەسەلامەتی گەڕاینەوە.
جارێکی تریش کاک ئیدریس موجازەفەیەکی تری دروستکرد و ڕیسکێکی تری کرد. وتی دەچین سەردان دەتاشین. وتم چۆن بچین؟ وتی دووبەدوو. ئۆتۆمبێلێکی مارسیدسی ڕەشی بێ ژمارەی ساڵی 1970مان پێبوو، ئەحمەد حەسەن بەکر بە دیاریی دابووی بە بارزانی. چووین لەو جادەی ڕەشید دوکانێکمان دیتەوە و بە نۆرە کیشکی یەکترمان گرت و سەردان چاک کرد و گەڕاینەوە بۆ هۆتێلەکەمان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 318.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 398

بیرەوەرییەکی محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250827221042653253=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بیرەوەرییەکی محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی لەگەڵ ئیدریس بارزانی
محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی نووسەر و کارگێڕی ئیداریی لەشکری یەکی هێزی ئامێدیی لە ساڵی 1965 کە فەرماندەکەی ئەسعەد خۆشەوی بووە، دەڵێت: جارێک من نەخۆش بووم، ئەسعەد خۆشەوی ئیزنی بۆم وەگرت بچم بۆ تاران کە شاری جوو و عەرەبان بوو. لە بامەڕنییەوە چووم بۆ قەسرێ، کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەوێ بوو، خواحافیزیم لێ کرد و لەگەڵ خێزانم چووم بۆ ئێران. نزیکەی دوو مانگ لەوێ بووم، لە نەخۆشخانەی تاران چاوم بە پێشمەرگەیەکی هاورێیم کەوت کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتبوو. پێشتر لە زیندانی موسڵ پێکەوە بووین. ئەو ساڵی 1965 لە هێزی عیسا سوار لە ناوچەی زیوە بریندار بووبوو و هەردوو قاچی مردبوو. وتی: ئەگەر گەڕایەوە بارودۆخی من بە ئیدریس ڕابگەیەنە. لە گەڕانەوەدا چووم بۆ لای کاک ئیدریس کە لەگەڵ سوپاس کردن، بارودۆخی ئەو پێشمەرگەیشی پێڕابگەیەنم. شەمسەدین موفتی لەوێ بوو. ئەو نوێنەری بارزانی بوو لە تاران. بەڵام کاتێک من چووم، ئەوم لە تاران نەبینی، کە هاتمەوە لەلای کاک ئیدریس بوو. باسی پێشمەرگە بریندارەکەم بۆ کاک ئیدریس کرد، زۆر ناڕەحەت بوو، وتی: چۆن بەبێ عیلاج لەوێ خستویانە. وەعد بێت بە زووترین کات پەیوەندی پێوە دەگرم. دوای ماوەیەک پێشمەرگە بریندارەکە گەڕایەوە و 2-3 ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد. لە هاتنەوەییدا سوپاسی منی کرد و وتی: کاک ئیدریس سەرکردەیەکی بە بەڵێن و نەرم و بە کردەوە بوو. کاک ئیدریس پەیوەندیی پێوە کردم و بە هەوڵی زۆری ئەو عیلاجم بۆ کرا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەسعەد خۆشەوی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 248

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 399

بیرەوەرییەکی محەمەد مەلا قادر لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908161352654955=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی محەمەد مەلا قادر لەسەر کوچی دوایی ئیدریس بارزانی
محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکرات لەو کۆبوونەوەیە دەدوێت کە بڕیار وابوو کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بەشداری تێدا بکات بۆ ئاشتکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعی ئێراق و دەڵێت:
- ڕۆژی 31-01-1978 لە مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی فەرەیدون عەبدولقادر ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو کاتی یەکێتی و شاندی حیزبی شیوعی ئێراق بە سەرۆکایەتی شادەروان ئەبوحیکمەتی هەبوو. شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی بوو، بۆ ئاشت بوونەوەی یەکیتی و شیوعی پاش شیوخواردن، کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو، لەو کاتەدا لە بێتەل ئاگاداریمان کردن کە کاک ئیدریس گەڕاوەتەوە و لە ماڵی کاک مەسعودە لە سلیڤان، زۆری پێ نەچوو پێیان ڕاگەیاندین کە کاک ئیدریس جەڵتە لێیداوە و بردوویانە بۆ ورمێ، پاش ماوەیەکی کەم بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییان پێ ڕاگەیاندین، هەر بەو شەوە شین و گریان دەنگی دایەوە، ئێمە هەموو لایەک، بە شاندی یەکێتی و شیوعییەوە چووینە سلیڤان، بۆ بەیانی بردمانە گۆڕستانی گوندی هەڵەج لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆس کە 10 کیلۆمەتر لە زیوە دووربوو. ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی ئۆردوگای زیوە کە مەکۆی پەنابەرکانی کوردی خۆمان بوو، ئامادەی مەراسیمی ناشتنی ئەم سەرکردە مەزنە بوون. لەو ئان و ساتەشدا بەفر دەباری، بەڵام شەپۆلی گریان و داد و فیغان دەنگی دەدایەوە. هەر لەم ڕۆژەدا ڕادیۆی ئێراق بڵاوی کردەوە کە ئیدریس بارزانی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئێراق لە شاری ورمێ بەرکەوتووە. هەرچەندە ئەو ڕۆژە فڕۆکەکانی ئێراق بۆردومانی ورمێیان کردبوو و بە هەزاران کوژرا و بریندارى لێکەوتبووە.
چەند ڕۆژ پرسەی ئەم زاتە مەزنە لە مزگەوتی گوندی ڕاژان دانرا، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی باشووری کوردستان کە لە ئێران بوون و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە ڕاژان بۆ پرسە و سەرەخۆشی جا بە داخەوە ئەو کۆچە ناخۆش و ناوەختە زیانی زۆری بە پارتی گەیاند.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆندەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 304.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 400
بیرەوەرییەکی مستەفا سائح عەبدوڵڵا نێروەیی لەگەڵ ئیدریس بارزانی
20250824173131652814=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی مستەفا سائح عەبدوڵڵا نێروەیی لەگەڵ ئیدریس بارزانی

حسێن عەزیز حسێن لە باس کردنی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دا دەڵێت: لە شەڕی هەندرێندا، هەرچەندە بارزانی خۆی سەرپەرشتیی شەڕەکانی دەکرد، بەڵام ئیدریس ڕاستەوخۆ لەوێ بوو تا شەڕەکە سەرکەوت. هەموو کارەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە دەست ئیدریسدا بوو. سەڵاحیەتێکی پان و بەرینی هەبوو، مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بوو، خەڵکی دەناسی و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بکات. لە ساڵی 1964 و چ ئەو کاتەی 2013-05-15 سەرقول بووم و چ ئەو کاتەش کە ئامر بە تالیۆن بووم، من بە تایبەتیی پەیوەندیم بە کاک ئیدریسەوە هەبوو و ئەو ئیشەکانی ڕادەپەڕاندم.
هەر لەو بارەیەوە و دەربارەی شەڕی هەندرێن فەریق نوعمان عەلوان سوهەیل مولازم خدر یەکێک لە فەرماندەکانی شەڕی هەندرێن لە حیزبی شیوعی ئێراق لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا دەڵێت:
ڕۆژی 1966-05-01 لیوای 4ی سوپای ئێراق لەژێر چاودێریی لیوا سەعید حەمۆ، وەزیری بەرگریی ئێراق، بە هاوکاریی 4000 جاش و هێزێکی تێکەڵاو لە تۆپخانە، بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی هێرشی کردە سەر چیای هەندرێن. ئەو کاتە لە دەربەندی ڕایات زەماوەندی مولازم ڕیاز بوو و ژمارەیەکی کەم پێشمەرگە لە چیاکە مابووین. ڕژێم نیوەی چیای هەندرێنی گرت. بارزانی خومپارەی 81 و 82 و تۆپێکی 25 ڕەتلی بۆ ناردین و بەو چەکانە توانیمان بە سەر دوژمندا زاڵ بین. ڕۆژی 1966-05-10 من بە پریشکی بۆمبارانی فڕۆکە بریندار بووم، بەڵام برینەکەم سووک بوو، تەنیا شەوێک لە نەخۆشخانە مامەوە و ڕۆژی 1966-05-11 گەڕامەوە بۆ بەرەی شەڕ. شەو بارزانی و کاک ئیدریس هاتن و لە کۆشکی سپی لە نزیک گوندی چۆمان کۆبوونەوە. کاک ئیدریس فەرماندەیی شەڕەکەی دەکرد. حکومەت هێرشەکانی گەیاندە گەرووی عومەرئاغا و زوزک و بەشێکی کەم لە چیای زوزک بە دەست پێشمەرگەکانەوە مابوو. چونکە زوزک بە سەر هەندرێندا زاڵ بوو، ئەگەر زوزکیان بەتەواوی گرتبا ئێمە نەماندەتوانی لە هەندرێن بمێنینەوە. لەگەڵ کاک ئیدریس بڕیارماندا بەرگری لە زوزک بکەین و نەهێڵین بکەوێتە دەست دوژمن. کاک ئیدریس کە فەرماندەیی هەموو بەرەکانی شەڕی دەکرد نەیدەهێشت لە هیچ شتێکدا کەم ببینین و پردێکی گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکانی لەنێوان ناوپردان و هەندرێن دروستکرد و هەرچی دەمانویست دەستبەجێ بۆی دە ناردین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-08-24
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2025-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 134.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 401
بیرەوەرییەکی مستەفا سائح عەبدوڵڵا نێروەیی لەگەڵ ئیدریس بارزانی 2
20250827222526653254=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی مستەفا سالّح عەبدوڵلّا نێروەیی لەگەڵ ئیدریس بارزانی
مستەفا سالّح عەبدوڵلّا نێروەیی لە بیرەوەرییەکی خۆی لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانیدا دەڵێت: کاتێک بارزانی ساڵی 1961 هات بۆ ناوچەکەمان، ئێمە نزیکەی 300 کەس ژن و منداڵەکانمان بەجێهێشت و لەگەڵ سالّح عەبدوڵلّا لە گوندی دزگە، قاهیر محەمەد لە گوندی نیروە، محەمەد تاهیر پەشید لە گوندی بێزنوور و نەزمی سەعدوڵلّا ئەحمەد لە گوندی نیروە کە سەرۆکی هەموو عەشیرەتەکەمان بوو لەگەڵ بارزانی کەوتین.
ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی 1963 هاتە لای ئێمە بە تێکەڵاو بوونی ئەو، لەگەڵ شۆڕش خەڵکێکی زۆر خۆشحاڵ بوون و هاتنی خۆشییەک بوو بۆ بارزانییش، چونکە هەستان و دانیشتن و هەڵسوکەوتی زۆر لە بارزانی دەچوو پیاوێکی زۆر بە کردەوە بوو، لەبەر ئەوە بارزانی بەشێکی زۆر لە کارەکانی بەو دەسپارد. کاک ئیدریس خەڵکی دەبینی و سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەی دەکرد لە شەڕی هەندرێندا هەرچەندە بارزانی خۆی سەرپەرشتی شەڕەکانی دەکرد بەڵام ئیدریس ڕاستەوخۆ لەوێ بوو تا شەڕەکە سەرکەوت هەموو کارەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە دەست ئیدریسدا بوو، سەڵاحیەتێکی پان و بەرینی هەبوو، مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بوو خەڵکی دەناسی و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بکات. لە ساڵی 1964 و چ ئەو کاتەی سەرقول بووم و چ ئەو کاتەش کە ئامر بەتالیۆن بووم، من بە تایبەتیی پەیوەندیم بە کاک ئیدریسەوە هەبوو و ئەو ئیشەکانی ڕادەپەڕاندم لە کۆڕەک گەرووی عەمەر، ناغای زوسکی و هەندرێن حکومەت دەیویست جادەی حاجی ئۆمەران بگرێت، ئیدریس لەوێ بوو و فەرماندەیی دەکرد. بە شەو و ڕۆژ لە بەشی سەربازیی و ئیداریدا کاری دەکرد و ڕاوەستانی نەبوو. پیاوێکی مەیدانیی و ئازا بوو. کاتێک خەڵک لە ئێران ئاوارە بوون، ئیدریس بەرێوەبەری کاری پەنابەران بوو. دیارە دکتۆر شەوکەت هاوکاریی دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆ خۆی تەنانەت کاری نەخۆشەکان و کێشەکانیانی لەگەڵ دەزگاکانی تاران بەرێوە دەبرد تا ئەوانەش کە سەفەری دەرەوەیان دەکرد. تەنانەت کێشە و گرفتی منداڵەکانیشیان بەهۆی ئیدریسەوە چارەسەر دەکرا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی) | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 241

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 402
بیرەوەرییەکی موحسین دزەیی سەبارەت بە لێهاتوویی و نەرم و نیانی ئیدریس بارزانی
20250831213116653609=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی موحسین دزەیی سەبارەت بە لێهاتوویی و نەرم و نیانی ئیدریس بارزانی

لە جێیەکی تردا ڕێزدار موحسین دزەیی سەبارەت بە لێهاتوویی و نەرم و نیانی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەڵێت: (تەمەنی کاک ئیدریس نزیکەی 20 ساڵ بوو کە من ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کرد، ئینسانێکی زۆر لێهاتوو بوو، بە توانا بوو، پیاوێک بوو دەیتوانی نەک سەرکردایەتی حیزبیک و شۆڕشێک، بەڵکوو دەیتوانی سەرکردایەتی وڵاتێک بکات. من زۆری لێ نزیک بووم، بە ڕاستی لە هەموو بوارەکاندا بە توانا بوو. پیاو حەزی دەکرد لە مەجلیسی کاک ئیدریسدا دانیشێت، چونکە ئەوەندە قسەخۆش بوو کە مرۆڤ لێی تێر نەدەبوو، ئەگەر کەسێک بۆ کارێک چووبایە لای، تەنانەت ئەگەر توانای جێبەجێ کردنیشی نەبووایە، بەڵام کەسەکە بە دڵی خۆش دەگەڕایەوە، چونکە ئەوەندە باش پێشوازیی لێ دەکرد و ئەوەندە قسەی خۆشی لەگەڵ دەکرد کە کابرا شتێکی لە دڵدا نەدەما کە ئیشەکەی بۆ کراوە یان نا. لە وتووێژەکانی شۆڕش لەگەڵ وڵاتانی ئێراق، ئێران و ئەمریکا، ئیدریس نوێنەرایەتی شۆڕشی کرد. بە ڕاستی لە دەستچوونی ئیدریس لەو کاتەدا زیانێکی گەورە بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ نەتەوەی کورد. کاک ئیدریس دەستی باڵای هەبوو لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵاندا، بە هەموو هێزییەوە یارمەتیی کاک مەسعودی دەدا و خەڵکی هان دەدا کە بچنە ڕیزی شۆڕش و ئەوە بوو کە خەڵکی دەستنیشان دەکرد. بارزانیی باوکی سەرکردەیەکی زۆر شارەزا بوو، هەموو کەڵێن و قوژبنەکان و هەموو بەرپرسان و دڵسۆزانی کوردی دەناسی. خاوەن ئەزموونێکی زۆر بوو، خۆی شوێنەکانی دەستنیشان دەکرد و دەیزانی کێ بۆ کام شوێن گونجاوە. کاک ئیدریس زۆر لە باوکی نزیکبوو، من لە بەرگی سێی پەرتووکەکەمدایە کە هێشتا چاپ نەکراوە، نووسیومە کە من لە ژیانمدا نەمبینیوە پەیوەندی نێوان کوڕ و باوک تا ئەو ڕادەیە نزیک بێت، مەلا مستەفا تا ئەو ڕادەیە گوێ لە قسەی ئیدریس بگرێت و هەروەها ئیدریسیش ئەوەندە گوێڕایەڵی باوکی بێت.
کاک ئیدریس زۆری حەزی لە کاک مەسعود بوو، حەزی دەکرد زۆر پێش بکەوی و چاوی لە بەرپرسایەتی نەبوو و کاک مەسعود بە پێشنیاز و پشتگیریی و یارمەتیی کاک ئیدریس بوو بە سەرۆکی پارتی و کاک مەسعودیش کە بوو بە سەرۆک، پتر ڕێزی کاک ئیدریسی دەگرت و ئەو پەیوەندییە پاکە بۆ هەمیشە لە دڵمدا زیندووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-08-2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 268-269

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-31

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 403

بیرەوەرییەکی مولازم نیهاد سایبر لەسەر ئامۆژگارییەکانی کاک ئیدریس

20250912195446655825=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی مولازم نیهاد سایبر لەسەر ئامۆژگارییەکانی کاک ئیدریس
مولازم نیهاد سایبر بەرزنجی لە شەڕی بازێ لە هەکاری و ئامۆژگاریی ئیدریس بارزانی دەدوێت و دەڵێت: سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای کۆبوونەوەی نۆکان و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی بادینان کە ئێمە دەرکەن، مام جەلال نامەیەکی ڕەوانەی جەماعەتی شوانچییەکانی تورکیا (مەبەست لە پارتی کارگەری کوردستان DDKD - نووسەر) کردبوو. نووسیبووی دوای ئەوەی پاشماوەی بەکرێگیراوانی موساد، سیا و ساڤاکمان لە ناوچەی سۆران پاککردەوە لە بەهاری ئایندەدا هێزێکمان بە سەرکردایەتی چاکترین فەرماندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی جووڵە دەکات بۆ ناوچەی بادینان. نامەی مام جەلال گەیشتە دەست کاک سامی عەبدولڕەحمان و ئەویش کاک ئیدریسی ئاگادار کرد. لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی مام جەلال دا کاک ئیدریس ئامۆژگاریی کردین کە نابێت بیانکوژن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 318-319

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 404
بیرەوەرییەکی مەحمود عەزیز حسێن لەبارەی پەیوەندیی ئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان
20250901150603653728=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی مەحمود عەزیز حسێن لەبارەی پەیوەندیی ئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان

هەروەها مەحمود عەزیز حسێن کە لەگەڵ عەزیز میرخانی باوکی لە کەرەج ژیاوە، دەربارەی کۆبوونەوەکانی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان دەڵێت: (من خۆم بەشداریم لەو کۆبوونەوانە کردووە کە جاروبار نەک هەمیشە کاک ئیدریس لەگەڵ لاوانی شاری کەرەج و دەوروبەری پێکی دەهێنا. کۆبوونەوەکانی گەرم و دۆستانە بوون، وەکوو یەک بنەماڵە دادەنیشتین و سەبارەت بە بارودۆخی ئێراق و جیهان باسی بۆ دەکردین. باسی لە هەژاریی خەڵکی کوردستان دەکرد و ئومێدی بە دواڕۆژی کوردستان هیوادار دەکرد. ئامۆژگاری دەکردین لەگەڵ مرۆڤی خراپ نەکەوین. دەیوت لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە، ئەگەر خۆشتان خراپ نەبن ناوتان بە خراپ دەردەچێت. باسی مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکانی بۆ دەکردین و داوای دەکرد بەرەو خوێندن و خۆپەروەردەکردن بچین لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ و پێکەنین و ڕاپرسی لە ئێمە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2014-~~00-00~~

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2014-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 273.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 405

بیرەوەرییەکی مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسوری لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی

20250912194333655819=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسووری لەسەر کەسایەتی ئیدریس بارزانی
مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسووری لە ساڵی 1963وە پاسەوانی سەرۆک بارزانی بووە و دواتر بووەتە پاسەوانی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و تا کۆچی دوایی ناوبراو لە نزیکەوە لەگەڵی بووە. مێرگەسووری دەربارەی خووڕەوشتی ئیدریس بارزانی دەڵێت: ئیدریس کەسێکی هۆشیار و زۆر نەترس بوو. هەرکە چاوی بە کەسێک دەکەوت، لێی تێدەگەیشت کە چۆن مرۆڤێکە. سەبیلەی دەکێشا و زۆری چایی دەخواردەوە. لە شکاتی خەڵکی دەکۆڵییەوە و هەر کە لە ڕاژانەوە بە سواری ئۆتۆمبیل دەچووین بۆ کەرەج لە ڕێگادا هۆنراوەی بۆ دەخوێندینەوە و ئامۆژگاری دەکردین کە چۆن لەگەڵ خەڵک و بنەماڵە و منداڵەکانمان هە ڵسوکەوت بکەین. کاتێک لە شنۆ بێحورمەتی بە تەرمی بارزانی کرا، من و خانەمیر ئەحمەد سەعید، سەلیم مەلۆ و غەریب ئاکرەیی کە شوفێر بوو، لەگەڵ ئیدریس چووین بۆ زیارەتی مەزارەکەی بارزانی لە هەلەج. لە گەڕانەوە دا بۆ سلێمانا ئیدریس لە ئێمەی پرسی لە بەرانبەر ئەو بێحورمەتییە دا چی بکەین؟ هەریەک لە ئێمە قسەی خۆمان کرد و زیاتر باس لە تۆڵەسەندنەوە کرا و وتمان تا تۆڵەی ئەو بێحورمەتییە نەکرێتەوە نان خواردن لە ئێمە حەرامە و ئەگەر تۆڵەی نەکرێتەوە ئێمە دەچین دەبین بە پاسدار.
ئیدریس قسەی ئێمەی پێخۆش نەبوو، هەرچەندە باوکی زۆر خۆش دەویست، بەڵام دژی شەڕی براکوژی بوو، ئەو شەڕی نەکرد، بەڵام دواتر شەڕمان بەسەردا سەپا و ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لێ گرتین بەو حاڵەش ئەگەر پێشمەرگەی دیموکراتمان ئەسیرەکرد، بۆ ئەوەی پاسدارەکان نەیانناسن جەمەدانی سوورمان دەدانێ و دەرزی تفەنگەکانمان دەردێنا بەڵام تفەنگەکانمان لێ وەرنەدەگرتن کە پاسدارەکان نەماننناسن. هەموو جارێ پاسدارەکان دەیانپرسی ئێوە کە ڕۆیشتن ژمارەتان ئەوەندە نەبوو؟ [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 312-313.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 406

بیرەوەرییەکی کەمال محەمەد ئەمین مەحمود لەگەڵ ئیدریس بارزانی

20250827232358653274=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بیرەوەرییەکی کەمال محەمەد ئەمین مەحمود لەگەڵ ئیدریس بارزانی
کەمال محەمەد ئەمین مەحمود باس لە کەسایەتیی ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی هەروەک مەلا مستەفا لە ژیانیدا هەتا پێشمەرگەکان نانیان نەخواردبایە، نانی نەدەخوارد. خۆی بەشداریی شەڕی دەکرد و زۆر ئازا بوو. خۆشەویستی خۆی لە دڵی هەموو کەسدا چاند بوو، قەت لەبیرم ناچێت کە کۆچی دوایی کرد، کاک مەسعود بارزانی بە ئێمە و پاسەوانەکانی وت: ئێوە نازانن ئیدریس چەندە بەنرخ بوو. بۆ من چیایەک بوو و وەک ماموستایەک لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و پێشمەرگایەتییەوە کاری دەکرد و مردنی ئیدریس پشتی منی شکاند. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنداسیۆن: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-28	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 252

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 407
بیرەوەریەکانی مستەفا چاوڕەش
20181017093529158561=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خوشک و برایانی بەڕێز، ئە و هاوڕێ بەڕێزانەی کە چەندین ساڵ لە خزمەتی نیشتماندا پێکەوە بووین، زۆر دەمێکە بیرم کردووەتەوە بیروەرییەکانی ژیانم بنووسمەوە و بیانخەمە بەردەستی بەڕێزتان. دیارە هەر ساڵە و شتێک هاتووەتە پێشەوە و سەرکەوتوو نەبووم. زۆر لە هەڤاڵەکانم داوام لێدەکەن بۆ نووسینەوەیان، زۆریش بەڵێنم دانێ ئەمڕۆ نا سبەی دەست پێبکەم، بەڵام هەر بۆم نەکرا و جێبەجێ نەبوو. ئێستا تازەبەتازە بڕیارم داوە ئەوەی لە ژیانی خۆمدا دیومە و بەسەر خۆم و کەسوکارم و هاوڕێکانم هاتووە، بیخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست. ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی نووسینەوەی ئە و هەڤاڵانەی پێش من بیرەوەرییە کانی خۆیانیان نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە سەر خەرمانی خەباتی میللەتە کەم. بڕوا بکەن زیاتر لە دە ساڵ دەبێ هەر بەڵێنیان پێئەدەم. جارجارە کە ئەمبینن‌ەوە، گلەییم لێدەکەن. منیش هەرجارەی بیانوویەکم هێناوەتەوە، بەڵام هەر پێم وتوون ئە و بەڵێنەی داومە، جێبەجێی دەکەم و دەیبەمە سەر. ڕەنگە تۆزێکیش تەمەڵی خۆمی تێدا بووبێ. بە هەرحاڵ، دەست لە دەست و قوەت لە خوا دەستم بە نووسینەوەیان کرد.
دیارە هەر کەسێک هەر شتێک بنووسێتەوە، پێی خۆشە لە هی هەموو کەسێک باشتر و دەوڵەمەندتر بێ، بۆ ئەوەی هەر کەسێک کە دەیخوێنێتەوە، حەقی خۆی بداتێ، ڕەحمەتی بۆ بنێرن و گلەیی لێنەکەن. نووسینە وەی ڕاستییە کان خزمەت بە خوّت و میللەتە کەت دەکەن، ئیتر هەر شتێک تۆمار بکەی، تا هەر هیچ نەبێ، چەند هاوڕێیەک کە لە ژیاندا ماون، بڵێن ڕاستە یان بە پێچەوانەوە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم ویژدانی خۆم ئازار نادەم غەدر لە هیچ هاوڕێیەکم بکەم. مێژووش هەروا نووسراوەتەوە. بەندە پەنجا ساڵێک لە ڕیزی حیزبایەتی و تێکۆشاندا بووم. پێش ئەوەی من یادەوەرییەکان بنووسمەوە و باسی ڕووداوەکان بکەم، گەلەکەم شاهیدن و دەمناسن؛ شارەکەم و شارەکانی تر و خەڵکی دەرەوە شاهیدن، چونکی لە ژیانی خەباتگێڕی و تێکۆشاندا بە زۆر کووچە و کۆڵان و شار و گوندا تێپەڕم کردووە. شتێک نییە شارا وە یان هەڵبەستراو بێ. هەڤاڵەکانم کە ئیشم لەگەڵ کردوون و بەشێکی خەڵکی کوردستان ئاگاداری خەباتی منن و هەڵسەنگاندنی خۆیان هەیە. ئەوەی ئەتەوێ بینووسی، یان بیڵیت، دەبێت پێش هەر کەسێکی تر جێی ڕەزامەندیی خوّت بێت.

من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئە و هەڤاڵە تێکۆشەرانەی پێش خۆم بیرەوەرییە کانیان نووسیوەتەوە و دەستخۆشییان لێدەکەم. چونکی تەنیا ژیان و خەباتی خۆت نانووسیتەوە و تەنیا موڵکی خۆت نییە، هی میلەتەکە تە. هەرچییەک بنووسیتەو ە، لە سەرت ماڵە و دەبێ ورد بیت لە نووسینەوەیدا، غەدر لە کەس نەکەیت و بە شانوبالی کەسدا هەڵنەدەیت. هەر کەسەش خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە میژوو، بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکانی و هاوڕێ و کەسوکاری، کە لە مەیدانی خەباتدا گیانی خۆیان بەخت کردووە و مەیدانیان بۆ بەجێ هێشتووە، تۆش دەبێت لە دێڕی یەکەمییەوە تاکو کۆتایی بیرەوەرییە کان ڕاستگۆ بیت.
بڕوا بکەن بەشێک لە درەنگکەوتنم لە نووسینەوەی بیروەرییەکانم تەنیا تەمەڵی نەبوو، بەڵکو زۆر شتی تریش ڕێگر بوون. چ لە پێش دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چ دواتریش زۆر بەرپرسیارێتی و مەسئوولیاتم هەبووە. بە و پێیەش چەندین نامەی هەڤاڵانم بۆ هاتووە. بەشێک لە نامەی هەڤاڵەکانم لە چەند قۆناغێکدا فەوتان، وەک نامەکانی جەنابی مام جەلال، کاک نەوشیروان مستەفا، کاک ڕەسوڵ مامەند، ناوەندی کۆمەڵە، کاک سالار عەزیز، مەلا بەختیار، کاک ملازم عومەر و هەموو کاکەکانی تر.
هۆی یەکەم: هەندێکم ناردەوە بۆ سلێمانی، بەڵێنیان دامێ بۆم هەڵبگرن، بەداخەوە لەبەر درێ ندەیی ڕژێم کەسوکارەکەم نامەکانیان لەگەڵ چەندین وێنەدا سوتاند. هەندێک لە وێنەکان کە هی قۆناغی منداڵی بوون و پاراستبووم. ئەگەر نەفەوتانایە و لەگەڵ ئە و هەموو نامانەدا بمانایە، خەرمانێکی گەورە دەبوون بۆ ڕاستیی نووسینە وەکەم. هۆی دووەم: کاتێک لە سیروان بە دەسکیسەی ڕژێم ژەهرخواردکراین، هەرچیم هەبوو لە ماڵەکەدا، بە نووسینەکانیشەوە، جارێکی تر فەوتان و نەمزانی چییان لێهات. ژەهرخواردنەکە جگە لەوەی بووە هۆی شەهیدبوونی دایکم و کاک بێستون مەلا عومەر و سەریعەی مەلا موحەرەمی مەرگە، بووە هۆی بەشێکی تر لە نامەی هەڤاڵەکانم، بەتایبەت سەرکردایەتی، لەناو بچن. هۆی سێیەم: لە قۆناغەکانی تردا و دوای ساڵی 1996 بە دواوە بەشێکی تریش فەوتان، . ئیتر نەمدەویست شتێک بنووسمەوە پشتیوانیی لەگەڵدا نەبێ، هەرواشی لێهات. ئەوەی دەیڵێمەوە، وەک حیکایەتێک وایە. زۆر داوای لێبوردن دەکەم بۆ کەموکوڕییەکان. هیچ شتێک لەم دنیایەدا بێکەموکوڕی نابێ. هەڵەکانی ئەم نووسینە دەگەڕێتەوە بۆ خۆم. هەر لێرەشەوە داوای لێبوردن لە هەموو ئە و هەڤاڵانە دەکەم ئەگەر ناویانم لەبیر چووبێت، یان شتێکم باس کردبێت و ناویانم نەهێنابێ. گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیخەمە بەردەستی بەڕێزتان، بۆ خزمەتی خەباتی میللەتە کەمە. دژی هیچ کەسێک نییە، تەنها بۆ دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکانە، تەنها دژی داگیرکەرانی کوردستان و خائین و خۆفرۆشانە، ئەوانەی لە خزمەت ڕژێمدا بوون. دیارە ڕاستییەکانیش بەم نووسینەوەیەی من و دوای منیش تەواو نابێ. دەیان کار و شتی تازە دێتە پێشەوە، خەڵکی تریش دەتوانن بینووسنەوە و هەقی خۆیانە، میژوو بەم چەند دێڕەی من کۆتایی نایەت و بەردەوامە، کاروان لە ڕەوتایە و بەرە و پێشەوەیە. تەنها هیوام ئەوەیە بەم نووسینەوەیەم خەباتی میللەتە کەم نەشێوێنم و غەدر لە هەڤاڵە خۆشەویستەکانم نەکەم، کە لە کاروانی خەباتدا شەهید بوون، چونکی ئەوەی ئێمە ڕەنجی ئەوانی زۆر تێدایە، ئەوان ئەم ئەمانەتەیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە، کە هێشتا لە ژیاندا ماوین.
تەمەن و ژیانی من بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی کردووە. ئەوەی لەبیرم بێ، وەک لاوێک لە ساڵی 1962دا چوومە تە ڕیزی حیزبایەتی. لاوێکی تەمەن 16 ساڵ بووم، لە ژیان و سیاسەتیشدا کەمئەزموون بووم، بەڵام تاکو ئەمڕۆ بۆ چرکەساتێک لە خەبات دوا نەکەوتووم. خەباتی من لە وکاتەوە دەست پێدەکات، کە لە یەکێتیی قوتابیانی عێراقدا بووم حیزبی شیوعی. ئیتر دەبێ بیهێنمەوە بەرچاوی خۆم و خەیاڵی خۆم، چونکی وەک لە پێشەوە وتم، هەموو شتەکان فەوتان. دیارە لە تەمەنی پەنجا ساڵ خەباتدا بیرەوەرییەکان بێکەموکوڕی و بیرچوونەوە نابن. ئەم تەمەنەش هی لەبیرچوونەوەیە. خوا بکات تاکو تەواوی دەکەم، کەڵکی ئەوەم پێوە مابێ شتە گرنگەکانم لەبیر نەچێتەوە. لەم ئەم ڕۆژگارەدا و بەم هەموو بەسەرهات و چوون و هاتنەوە زۆر زەحمەتە بتوانیت لە سەداسەد وێنەیەکی تەواو بهۆنیتەوە بۆ ئەوەی کە دەیڵێیت. بۆ کەسێک ئەرشیفەکەی لەناو چووبێت، زۆر زەحمەتە ڕۆژ و مانگ و سەعاتی لەبیر بێ. ئە و جانتایەی ناردمەوە بۆ سلێمانی بۆم هەڵبگرن، سەدان وێنەی

تێدا بوو کە ئەگەر بمانایە، بۆ ئێستا سامانێکی گەورەبوو، چ بۆ خۆم چ بۆ میللەتە کەم. ئیتر کە هەڵەت کرد، دەبێ ئەنجام هەرچی بێت، قبوڵی بکەیت.
دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 هاتینەوە ناو شار. چووم بۆ ماڵی هەندێک لە و خزمانەم، کە جێگەی بڕوا بوون. وا هەستم دەکرد دایکم شتی لا دانابن و بۆیان شاردبێتەوە، دەموت دایکم هیچی لا دانەناون؟ دیارە وەڵام هەر ئەوە بوو کە نەخێر، ئە و کەسانەش کە شتیان لا دانرابوو، نەدە چوونە ژێری، لەبەر ئەوەی سوتاندبوویان. هەر یەکێک دەیوت شتێکی لامە. دیارە مەبەستی من شتی ناوماڵ نەبوو، مەبەستم ئە و دەستمایە و سامانەم بوو، کە لە نامە و وێنەکاندا بوو و هەموویان فەوتان. هەموو کاتێک کە بیرم دەکەوێتەوە، داخی بۆ دەخۆم و دەڵێم ئە و هەڵە گەورەیە چی بوو؟ بۆ لای ئە و خوشکەم دامنان؟. خۆ ئەگەر لە لای کەسێکی دەرەوە بووایە، مەبەستم خەڵکی لادێکانە، بە چاو و گیانی خۆیان دەیانپاراست. لە سەرێکی تریشەوە ناتوانم گلەیی بکەم، هەموومان ڕژێمی بەعس و ڕژێمی دیکتاتۆرەکەی سەددام حسێن دەناسین. چی نەما بە میللەتە کەی نەکەن، لە کوشتن و بڕین و ماڵوێرانکردنەوە هەتا تیربارانکردنی کورەکانیان بە بەرچاوی خۆیانەوە و دەیان و هەزاران تاوانی تر؟ بۆیە ناتوانم تەنها وشەیەک لەسەر ئەوە بە کەس بڵێم. ئیتر کە هاتمە سەر نووسینەوەی ئەم تەمەنەی خەبات و ئەم شۆڕشە، پێش هەموو شتێک بڕیارم دا لە ڕاستی لا نەدەم و ئەوەی بە بیرم هاتەوە، بە هێمنی بینووسم.
زۆر داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم، کە هەندێک شت هەیە نانووسرێ؛ ڕاستە بیرەوەرییە و هی خەبات و پێشمەرگایەتی و قۆناغی منداڵییە لە شاری سلێمانی، بەڵام هەر ناوترێ. خۆتان دەزانن مەبەستم لە چییە، چونکی لە و هەموو ساڵەی ئیشکردن بە چەندین قۆناغدا گوزەرمان کردووە، زۆر شتمان بینیووە و زۆرمان کردووە. مەبەستەکەش بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بووە، شتێکی تایبەتی یان شەخسیی لە پێشەوە نەبووە. لە ماوەی لێپرسراویەتیمدا لە هەر جێگەیەک درێغیم نەکردووە بۆ سەرخستنی ئامانج و هیوای گەل. من کێشەی مۆلک و بەراو و توتنم لەگەڵ کەس نەبووە. هەر لە تەمەنی شانزە ساڵییە وە کە چوومەتە ڕێزی حیزبی شیوعییەوە، زۆر بە جیدی ئیشم کردووە، لە پاش ئەوەش بەهەمان شێوە و لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا ئیشارەتی پێدەدەم. بیرەوەرییە کان خۆیان دەدوێن و شاهیدیم بۆ دەدەن، خەڵکی کوردستان خۆیان پێش خوێندنەوەی شاهیدی ڕاستییە کانن. مەگەر هەر خۆم و ئەوانەی ئیشم لەگەڵ کردوون، بزانن چیمان کردووە، ئەمە ئەگەر مێژوو ویژدانی هەبێ و غەدر لە کەس نەکات، یان هەڤاڵەکانی لە سەروو خۆتەوە غەدرت لێنەکەن.
خەبات دوای ئێمەش زۆری ماوە، کێشەکانمان زۆریان چارەسەر نەکراون. ئەوەی بە دڵسۆزی کردوومە، بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم بۆ خزمەتی میللەت و داهاتووش تاکو ئەوەندەی ئیمکان بێ و بتوانم، هەر نەبێ لەبەر خاتری خوێنی شەهیدە هاوڕێکانم و میللەتەکەم درێغی نەکەم. ڕەنگە ئێوەش پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە کەموکورتی بەدی بکەن کە لای منەوە بێت، یان شتێکتان بۆ ڕوون ببێتەوە. پێشتر خەڵک نووسیوویانە، بەوەی منیش تەواو نابێ، دوای ئەوەش دەیان و سەدان خەڵکی دڵسۆز هەن ڕاستییە کان بڵێن و نەیشێوێنن. بەڕێزتان فەرموون بە خوێندنەوەی ئەوەی خۆم کردوومە و بەشدار بووم تێیدا. جارێکی تریش سەرم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەم.

قۆناغی منداڵی

لام باشە لێرەوە دەست پێبکەم. ئەوەندەی لەبیرم ماوە، لە سەروبەندای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژدا خەڵکی عێراق و کوردستانیش زیاتر هۆشیار بوونەوە. لە و سەردەمەدا هەموو خەڵکی ملیان لە سیاسەت دەدا و هەر کەسەش بە مەیلی خۆی ڕێگەی خۆی هەڵدەبژارد، بەتایبەت گەورەکان. منیش وەک بنەماڵە لە پێش چواردەی گەلاوێژ و بەدواوەش کەسوکارەکانم گەورەکان شیوعی بوون، بەتایبەت خاڵێکم بە ناوی (حەمەئەمین

حسێن). ئەمەم بە حوکمی ئەوە لەبیرە، کە پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیاین. لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵ ساڵی 1956 قوتابیی بووم لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی. خوا لێ خۆشبێ شێخ مەحموود و مەلیک فەیسەڵ هاتن بۆ سلێمانی. لە قوتابخانەوە ئێمەیان برد و جلی خاکییان لەبەر کردین، پێیان دەوت کەشافە. لە سەروو پۆلی خۆمانەوە لە بەردەم باخی گشتیی سلێمانی ڕیزیان کردین. ئێستاش هەروەک خۆی ماوە و بەرامبەر ئوتێل سلێمانی پاڵاسە، ئەوسا دائیرەی ئینحیساری تووتنی سلێمانی بوو، لەولاشەوە هیچ خانوویەکی تری لێنەبوو، لە خوار ئەویشەوە سانەوپی سلێمانی بوو، ئە و کاتە گەڕەکی عەقاری نەبوو. لەولاترەوە شار هەمووی دەشتایی بوو، پێیان دەوت دەشتی تەیارەخانەکە، چونکی ئەگەر جارجارە تەیارەیەکی بچووک یان هالیکۆپتەر بهاتایە، لەوێ دەنیشتەوە. من شاری سلێمانی و ئە و جێگەیەم بە و شێوەیە بینیووە.

ماڵمان لە گەڕەکی سابوونکەران بوو لەسەر جادەکە. ئە و ماڵەی کە تێدا بووین، دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکمان لەسەر جادەکە بوو، دەرگاکەی تریش نزیک مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بوو، باوکی بەڕێز قازی سلێمانی شێخ محەمەدی خاڵ کە پیاوێکی بەڕێز بوو و لە بنەماڵەیەکی دینی بوو، ماڵیان ئاخر ماڵی سلێمانی بوو، پشتی ماڵیان دەشتایی بوو. دوایی بوو بە قوتابخانە و منداڵی گەڕەک لەوێ یاریمان دەکرد، هەندێک گامێشی لێبوو، تورەمان دەکردن، ڕاویان دەنای، لامان ئازایەتی بوو.

شەقامی سابوونکەران بە ماڵی خوالێخۆشبوو ڕەشید کەریم هەیەری قەساب کۆتایی دەهات. زۆر جار منداڵەکانی گەڕەک لە حەوشە گەورەکەی ماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە و پێکەوە یاریمان دەکرد. من بووم، نەوزاد و ئازاد کە دوو برا بوون و هاوتەمەن بووین، محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا، حسێن حاجی عەبدوڵڵا، ئەکرەمی پوورزام و مەحموود کاکە جەمال. حەوشەکەمان گەورە بوو، لەم دەرگا ڕامان دەکرد و لە و دەرگا دەهاتینە دەرەوە. لە و سەردەمەدا تەمەنی منداڵی سادە و خۆش بوو، وەک ئێستا نەبوو ئەم هەموو شتە پێشکەوتووانە هەبێ.

بە حوکمی ئەوەی لای نەنکم (دایکی دایکم) گەورە بووم، کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە، دەبوایە بچوومایە بۆ لای خاڵەکانم. هەردووکیان خەیات بوون، من شاگردیان بووم. دوایی کە دوکان هەڵدەگیرا، بوغچەیەک شەوکارم دەبردەوە بۆ ماڵیان و دوایی دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ تەمەن هەڵکشا، من و مەکتەب و شاگردی بەردەوام بووین.

منداڵ بووم، نازانم چووبوومە قوتابخانەی سەرەتایی یان نا، ماڵی پوورزاکانمان لە کەرکووک بوون، لەگەڵ خاڵم چووبووین بۆ سەردانیان. لەوسەرەوە بە پاس گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. خاڵم لەناو پاسەکەدا شتێکی خستە گیرفانی کراسەکەمەوە و وتی سنگ بنێ بە کورسییەکەی پێشەوە. منیش نەمدەزانی چییە. دیار بوو بەیانی حیزبی شیوعی بوو، چونکی خۆی شیوعی بوو. لەبەر پشکنین دای بە من. کە هاتینەوە سلێمانی، دەریهێنا. هەروەک وتم، خاڵم شیوعی بوو، لە ساڵی 1955 – 1956 لە سلێمانی سجن کرا. لە بیرمە لەگەڵ دایکم چووم بۆ لای لە سجنی سەرەوەی سلێمانی، کە ئێستا بووە بە پارکی دایک. وەک لەبیرم بێت، ئەم کەسانە لەگەڵ خاڵم سجن بوون: 1- حەمەی حەمە جۆڵا 2- عەلی بۆسکانی 3- سەعید ناکام 4- ئەحمەد موەزمید 5- سابیر پێیان ئەوت سابیرە لووتە، دوایی بوو بە ئەمن، بەڵام ئە و کاتە لەسەر شیوعییەت گیرابوو، ئەوانەی ناوم نووسیوون، خوا لێیان خۆش بێت کەسیان نەماون.

لە هاویناندا لای مێردی پوورم وەستا حەمە ئەمینی بەنا و کوڕی پوورم وەستا محەمەد کرێکاریم دەکرد. بە و منداڵییە لە سێ مانگی پشووی هاویندا شتێکم بۆ خوێندن پاشەکەوت دەکرد، ئەگەرچی بەشی پێویستییەکانی

نەدەکرد. خزمەکانم دەستیان پێمەوە بوو، بەتایبەت نەنکم و پوورم و دایکم. ئەمە ژیانی ئە و سەردەمە بوو. ئێستاش جارجارە قسە بۆ منداڵەکانی خۆم دەکەم، دەڵێم من خۆم بە و شێوەیە دروست کردووە و کارم کردووە. تەمەنم دوانزە ساڵان بوو کرێکاریم دەکرد. لە بیرمە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بوو، من ئە و ڕۆژە کرێکاریم دەکرد و لە مزگەوتەکەی ئابڵاخ ئیشم دەکرد، ئێوارەکەی زانیمان شۆڕش بووە. ئە و ساڵەشم لەبیرە کە شێخ مەحموودی حەفید وەفاتی کرد. شەوەکەی تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی. ئە و کاتە تەمەنم دە ساڵ بوو. لەگەڵ عەبدوڵڵا حاجی حەمە سەعید خەراجیانی خاڵی شەهید سەلاح موهندیس پێکەوە چووین بۆ پێشوازیی تەرمەکەی. کاک عەبدوڵڵا ئێستا مامۆستایە، ڕەنگە خانەنشین بووبێ یان بەڕێوەبەری قوتابخانە بێت. لە جادەی گۆرانی ئێستا، کە ئەوسا شەقامێکی باریک بوو و نەکرابوو بە شەقام، هاتینە خوارەوە. گەیشتینە بەردەرکی سەرا، لای فولکەکە تەنیشت دەرگای سەرەکیی سەرا کە ئینزباتخانەی عەسکەری بوو. خەڵکی شاری سلێمانی لە هەموو لایەکەوە خرۆشابوون، بۆ پێشوازیی لە شێخی نەمر دەستەدەستە و تاک و کۆمەڵ دەڕۆیشتین بەرە و مزگەوتی گەورە، لە و کاتەدا کە ئێمە گەیشتینە لای بەردەرکی سەرا، خەڵکێکی زۆر بەرە و جادەی پیرەمێرد و بەرە و سجنی سەرەوە دەڕۆیشتن و هاواریان دەکرد چیتان دەوێت ئەی میللەت؟ وەڵام دەدرایەوە بەربوونی شێخ لەتیف. دیار بوو ئە و کاتە شێخ لەتیف لە سجنی سەرەوە بەند بوو. لە پێشەوەش باسم کردووە سجنی سەرەوە ئەوپەڕی سلێمانی بوو. لە کاتی هوتافکێشاندا هاوار هاواری بەربوونی شێخ لەتیف بوو. لە پڕێکدا بوو بە تەقە و دەستڕێژی گوللە. پێشتر گوێم لە تەقە نەبووبوو. زۆر ترسام، لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا بە ترسەوە بەرە و ماڵەوە هەڵکشاینە وە. لە کوێوە هاتبووین، لەوێوە گەڕاینە وە. تەقە هەر بەردەوام بوو. ئە و کاتە وتیان تەرمی شێخی نەمریش گوللەی بەرکەوتووە. بەیانی زانیمان لە و خۆپیشاندانەدا ئەختەری خێزانی خوالێخۆشبوو ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا شەهید بووە. ئێستاش وەک ئە و ڕۆژە لە بیرمە. بەیانی وتیان خەڵکی تریش شەهید بووە و خەڵکیشیان گرتووە. ئە و کاتە سەردەمی مەلیک فەیسەڵ بوو و عومەر عەلی پارێزگاری سلێمانی بوو. من خۆم چەند جار عومەر عەلیم بینیووە. جارێکیان هات بۆ قوتابخانەکەمان. ئە و کاتە لە سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی مەڵکەندی کە لە گەڕەکی مەسیحییەکان بوو. منیان وەک منداڵێکی پاکوخاوێن بانگ کرد بۆ ژووری بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش لەوێ بوون. لەسەر سینییەک نوقڵەکەم گێڕا بۆ عومەر عەلی کە پارێزگار بوو.

لەبیریشمە ساڵی 1957 کە لافاوی سلێمانی بوو، ئە و ڕۆژە لە ئامادەیی سلێمانی بووم. یاری هەبوو، منیش حەزم لە یاری بوو، چووبووین بۆ سەیری. لە کاتی یارییەکەدا پەڵەهەورێکی ڕەشی هێنا و باران دایکرد. بە شەقامی مەولەویدا بەرە و ماڵەوە دەڕۆیشتم، ئیتر کە گەیشتمە ناوەڕاستی شەقامی مەولەوی، باران و لافاو بواری نەدا، شەقامەکە ئەمبەروئەوبەری پێدا نەدەکرا. لە نزیک قاڵدرمەکانی ئێستا و لای دوکانی مەدهوشی خەیات بینایەکی تۆزێک بەرزی لێبوو، بە چەند پلیکانەیەک سەرکەوتم، ئیتر نازانم کوێ بوو، وابزانم دائیرەی کشتوکاڵ بوو، زۆر باش لەبیرم نییە. لافاو هاتە خوارەوە. بە چاوی خۆم بینیم سەیارەی دەهێنا، چەند سەیارەیەکم بینی. ئاو چووە هەموو دوکانەکانەوە. خێرایییەکەی ئەوەندە بەهێز بوو، کەس ئەمبەر وئەوبەری بۆ نەدەکرا، پاش ماوەیەک باران وەستایەوە. خەڵکی کەوتنە جموجۆڵ، منیش بەرە و ماڵەوە گەڕامەوە. ڕۆژ بەرە و تاریکی ڕۆیشت. شەوێ لە ماڵی خۆمان گوێمان لێبوو ئۆتۆمبێل دەگەڕا و بە بڵندگۆ هاواری دەکرد و ئەیوت بۆ خەڵکی لێقەوماو: (ئەوەی ماڵوێرانە، ڕوو بکاتە خەستەخانە). دیار بوو خەڵکێکی زۆر لە شاری سلێمانی و گەنج و لاو پیر و منداڵ بوونە قوربانیی ئە و لافاوە و زەرەرێکی یەکجار زۆری گەیاند بە ماڵ و حاڵ و دوکانی خەڵکی. خاڵەکانم لە قەیسەریی وەسمان پاشا خەیات بوون، قەیسەرییەکەش نزم بوو و ئاوی تێچووبوو، شتەکانی ناو دوکانەکان خراپ بووبوون. فەرد شەکر و هەنار و ئە و شتە قورسانەم دەبینی، کە لافاوەکە هێنابوویە ناو قەیسەرییەکەوە، ئە و کاتە وەک ئێستا نەبوو، هیچ ڕاگرییەکی ئاو نەبوو، ئێستاش جارجارە ئە و کێشەیە هەر هەیە لەگەڵ ئەوەی زێرابی سندوقی دروست کراوە.

ساڵ بە ساڵ سەرەتاییمان تەواو کرد. لە و سەروبەندەدا بەتایبەت پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ، هەموو شتێک خۆی دەرخست، پێم باشە کەمێک باسی فوتبۆڵێن بکەم. هەر گەڕەکە و تیپی خۆی هەبوو، تیپەکەش ناوی هەبوو. ئێمەش لە سابوونکەران، پاش قۆناغی منداڵی و تۆپی پەڕۆ و چەرم، بە حوکمی تەمەنمان خۆمان لە تیپی دووەمی هێرش بینییە وە. تیپی یەکەم ئە و برا گەورانە بوون، کە لە تەمەن و بااڵشدا لە ئێمە گەورەتر بوون. مەیدانی فوتبۆڵێنەکەمان خەستەخانەی شیرەکەی ئێستا بوو. ئەوێ کرا بە بینا بۆ خەستەخانە، چوویە مەیدانێکی تر دارالطلبە کە لەسەر ئیبراهیم پاشای ئێستا بوو ئەوسا پێیان دەوت سەدەکە. ئە و کاتە شەقام نەبوو، کە زستانان بارانا و دەهات، لەوێدا کۆدەبووەوە و دەچووە خوارەوە بەرە و لای گردی سەیوان و سەرکارێز و خواری سلێمانی. مەیدانی تۆپتۆپێنمان لەوێ بوو. لە تیپی یەکەم هەندێک ناوم لەبیرە، داوای لێبوردنیش دەکەم ناوی هەندێکی تری ئە و برا بەڕێزانەم بیر نەماوە.

تیپی یەکەی هێرش و سەرۆکی تیپەکە خوالێخۆشبوو 1- کەریم حاجی فەرەج ئاغا بوو. 2- نەجمەدین شێخ نیزامەدین. 3- عوسمان سابوونچی. 4- وەستا ساڵح سووری بەنا. 5- تەیموری ساحێبقران. 6- عەبدولڕەحمان. 7- قادری حاجی فەرەج ئاغا و چەندینی تر. تیپی دووەمیش کە لە تیپی یەکەم منداڵتر بووین و ئەم بەڕێزانە بوون: 1- خۆم. وێنەی ئە و سەردەمەشم لایە ساڵی 1959 لەگەڵ پاشکۆی ئەم بیرەوەرییە دا بڵاوی دەکەمەوە بە ناوەکانیشەوە، کە لە وێنەکەدا هەن. 2- عەلی مەلا تاهیر (وەفاتی کردووە) زابت بوو. 3- سیروان خەفاف (وەفاتی کردووە). 4- ماجید ساحێبقران (وەفاتی کردووە). 5- فەرەیدوون زەنگەنە (وەفاتی کردووە)، برای بەڕێز شەوکەت دانساز. 6- ڕەفیقی خەلفە فەرەج کەبابچی (وەفاتی کردووە). 7- ئەکرەم حەپسە لە موسڵ لە ڕۆژی (1980/12/10) لە سێدارە درا. 8- هەڵگورد عارف (وەفاتی کردووە) کە دواتر سەرۆکی یانەی سلێمانی بوو، 9- غەفوور شێخ مەحموود نانەوا (شوکر ماوە). 10- عەبدولی برای حاجی محەمەد حەوایی (شوکر ماوە). 11- ساڵح حەمە ئەمین موزەمید (شوکر ئەویش ماوە و ئێستا خانەنشینە) 12- عەلی مەعسووم، کە بوو بە باشترین یاریزانی سلێمانی و تیپی یەکەمی هێرش، کاتی خۆی لەگەڵ تیپەکەی ئێمە بوو. ئەوکاتەش گەڕەکاوگەڕەک یاری دەکرا.

جارێکیان لەگەڵ تیپی یەکەمی هێرش بۆ یاریکردن چووین بۆ هەڵەبجە. لەبەر ئەوەی یاریزانێکمان کەم بوو، منیان لە تیپی یەکەم داخڵ کرد. لە کاتی یاریکردندا یەکێک لە هاورێکانم بە ناوی عەبدول وتی چاورەش تێ هەڵدە. ئیتر کە یاری تەواو بوو، منداڵی هەڵەبجە بە چاورەش چاورەش دوام کەوتن. لە دواییدا چاورەش بوو بە نازناو بۆم. ئێستاش لە هەر جێگەیەک تاکو نەڵێیت مستەفا چاورەش، کەس نامناسێت. لەڕاستیشدا ناو چاوم قاوەییە و برۆ و برژانم ڕەشە.

ئە و سەردەمە هەموو کەسێک سەیارەی نەبوو. تەنها کەسانێک و هەندێک خانەوادە هەیانبوو، کە توانایان باش بوو. چەند جارێک کە لە گەڕەکی سابوونکەرانەوە دەڕۆیشتین بۆ فوتبۆڵێن و یارپی گەڕەکاوگەڕەک لە مەیدانی سانەوییەی سلێمانی، دوو عەرەبانە یان سێ عەرەبانەی دووئەسپیمان دەگرت. سەرەکەی موشەما بوو، هەڵمان دەدایەوە و بە سێ ڕیز دادەنیشتین. هەموو ئەندامانی تیپەکە و ڕیزێک لە لای عەرەبانچێکە، دوو ڕیزیش لە دواوە، بە شەقامی مەولەویدا دەڕۆیشتین. ئە و سەردەمە تاکسی نەبوو. لە دوای یاریش ئەگەر براوە بووینایە، عەرەبانەمان دەگرت و بەهەمان ڕێگەدا بە چەپڵەڕێزان و خۆشی دەهاتینەوە بۆ گەڕەکی خۆمان.

ئە و سەردەمە ژیان زۆر سادە و ئاسایی بوو. بڕوا بکەن شەقامی مەولەوی لە ئێستا جوانتر و پاکتر بوو. هەموو گەڕەکەکان تیپی خۆیان هەبوو، ناوی هەندێک لە تیپەکانم لەبیرە: 1- تیپی ئەزمر 2- تیپی هێرش، کە هی

سابوونکەران بوو 3- تیپی ئاسۆ 4- تیپی جوانڕۆ 5- تیپی دەرسیم 6- تیپی چواربلخ 7- نەغەدە 8- مەڵکەندی و هی تر. هەر تیپەش قارەمانی خۆی هەبوو. گەڕەکاوگەڕەک یاری دەکرا و ئێستاش هەر ماوە، بەڵام بە چوونەپێشەوەی دنیا و پێویستییەکان ئەویش چووەتە قۆناغی پێشترەوە، هەندێک جاریش سیاسەت لە تیپ و گەڕەکاندا ڕەنگی دەدایەوە. ئە و کاتەش هەر لە خوێندن بەردەوام بووم.

پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ وردەوردە ملەقوتێی سیاسەت وای کرد خەڵکی چاوی بکرێتەوە. منیش وەک هەموو کەسێکی تر و لە بنەماڵەیەکی ئە و سەردەمەی شیوعیدا چاوم کردبووەوە. لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموز ڕۆژانە یان ناوبەناو ئاهەنگ دەگێڕدرا و هەر جارەی بە ناوی شتێکی تازەوە ڕێک دەخرا بۆ پاڵپشتیی شۆڕش. حیزبەکان ئاشکرا بوون، مۆڵەتیان وەرگرت و بارەگاکانیان لە سلێمانی کرایەوە. هەر لە و سەردەمەدا بە چاوی خۆم بینم هەندێک تێکۆشەر کە لە زەمانی نووری سەعیدی سەرۆکوەزیرانی پێشوودا گیرابوون، پاش شۆڕشی گەلاوێژ بەربوون. خەڵکی سلێمانی ڕۆیشتن بە پیریانەوە، بەتایبەت شیوعییەکان. ئازادکراوەکان لەسەر پیکابێک بوون و خەڵکی لە پێشوازییاندا بوون. من لەلای قوتابخانەی پیشەسازیی ئێستا لە شەقامی سالم بینیم. ئەوانەی لەسەر پیکابەکە بوون، وتیان مامۆستا بەهادین نووری و گۆرانی شاعیرن، من نازانم کێی تریان لەگەڵ بوو. شار خرۆشابوو، دەیانوت بەهادین نووری لە ئەشکەنجەداندا ئوتویان لەسەر پشتی داناوە. ئەوە بۆ هەستی نیشتمانی زۆر گرنگ بوو. لە دواییدا زەمانێک منیش چوومە ڕیزی حیزبەکەی مامۆستاوە و بووین بە هاوڕێی خەبات و ئاشنای یەکتر بووین. دوایی دێمەوە سەر ئەم باسە.

هەروەک وتم، هەر کەسە و ئازادانە حیزبی خۆی دۆزیەوە، یەکێک لە حیزبی شیوعی و یەکێکی تر لە پارتی دیموکراتی کوردستان. ئە و کاتەش هەر ئە و دوو حیزبە هەبوون و ناویان هەبوو. لە هەموو گەڕەکێک خەڵکی خۆیان هەبوو، بنکەیان هەبوو، بێجگە لە سەندیکای کرێکاران، تەندروستی و مامۆستایان، بارەگای قوتابیان، هەر کەسەش بۆ لای خۆی، منیش بە حوکمی ئەوەی مێردی پوورم وەستا حەمەئەمین و وەستا محەمەدی کوڕی کە هەردووکیان بەنا بوون، هەروەها خوالێخۆشبوو عومەری عەلی قەساب کە ئەویش خزمان بوو، سەرۆکی سەندیکای کرێکاران بوو، لەگەڵ ئەوەی تەمەنم منداڵ بوو، بەڵام هەر هاتوچۆم دەکردن. خۆشم بە بیروباوەڕ لەوانەوە نزیک بووم. هێشتا کاتی ئەوەم نەبوو بچمە حیزبەوە، لە لایەکی تریشەوە خەریکی خوێندن بووم. منیش وەک هەموو کەسێکی تر وردەوردە چاوم کردەوە و هەستم بە هەندێک شت دەکرد. وەک ئێستا هەر حیزبە و ئەندام و لایەنگری خۆی هەبوو. هەستی سیاسیشم ئەوەندە نەبوو وەک پێویست درک بە شتەکان بکەم، چاوم لە کەسوکاری خۆم کرد، کە شیوعی بوون. نەمدەزانی قەڕەڤر و کێشەی شیوعییەکان و پارتی لە ساڵەکانی پەنجاونۆ بەدواوە لەسەر چییە. ساڵی پەنجاونۆ لە سانەوێی سلێمانی شەڕ دروست بوو. برایەکی وەستا سەعید فەرەج بە ناوی حسێن لای فولکەی پاڵاس بە دەستی کۆمەڵێک خوێندکار کە سەر بە پارتی بوون، شەهید کرا. شیوعییەکان بە ڕێپێوانێکی گەورە بردیان بۆ سەرقەبران، من خۆشم دوایان کەوتم تا ڕێپێوانەکە کۆتایی هات.

شیوعییەکان کە لە دەوری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بوون و جێگەی گرنگیان هەبوو و بارەگایان لە بەغدا بوو. کادێرە سەرەکییەکانی دیار بوون، بەڵام بێجگە لەوەی شیوعییەکان جێگەی گرنگیان بە دەستەوە بوو، نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکان وردەوردە خەریکی کاری خۆیان بوون و سەریان لە عەبدولکەریم شێواندبوو، ڕۆژبەڕۆژیش دۆخەکە خراپتر دەبوو، حاڵیبوونی عەبدولکەریمیش لە مەسەلەی کورد و داواکانی بەرە و ئاقاری خراپ هەنگاوی دەنا. لە بەرواری (1961/9/11) شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، هێزی پێشمەرگە ڕێگەی دەربەندی بازیان و دەربەندیخانیان گرت. حکومەتی قاسم بە تەیارە هێرشی کرد، کە یەکەمجار بوو دوای شۆڕشی تەمموز دژی گەلی کورد بەکاریان هێنا. هێزی پێشمەرگەیان لە دەربەندی بازیان و دەربەندیخان

شکاند. شۆڕش بەردەوام پاشەکشەی دەکرد، چەندین پێشمەرگە بە شێوەیەکی زۆر درندانە و بێڕەحمانە شەهید کران. بڵاوە لە و جێگەیانە کرا و بۆ چەمی ڕێزان و جێگەکانی تر، وەک ماوەت و بەمۆ. لە بەشەکانی تردا بەرەکان و هێزەکان ڕێک خرانەوە. ئەمجارەش بە مەیدانی شۆڕش ڕاگەیەنرا. حکومەتی قاسم هەنگاوێکی نەنا بۆ داواکان و چارەسەرکردنیان. ئەوەی ڕاستی بێت، من وردەکارییەکانی ئە و سەردەمە باش نازانم، بەڵام ڕۆژگارەکانم لەبیرە و ئەوەندەی دیومە، دەیگێڕمەوە. شۆڕشەکە ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو و ئەچووە پێشەوە.

حیزبی شیوعی کە لەژێر پاڵەپەستۆی سۆڤێتدا لەگەڵ حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا دۆست بوو، ئەم جوواڵانەوەیەی پێ باش نەبوو. ئەگەرچی گرتن و ڕاونانی شیوعییەکان دەستی پێکردبوو، بەڵام شیوعییەکان لاوازبوونی قاسمیان پێ خراپ بوو و دەیانوت کاتی شۆڕش نییە. دەرەبەگەکان لەبەر دابەشکردنی زەوی ئەم جۆرە قسانەیان دەکرد، ئەمە دەوری یەکێتیی سۆڤێت لەولاوە بوەستێت کە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی ڕژێمی قاسمی دەکرد و کاریگەرپی گەورەشی دانابوو لەسەر سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی عێراق، کە پشتیوانی قاسم بن و پشتیوانی لە شۆڕشی کورد نە کەن. بێگومان دەوری ئەم سیاسەتەش کەم نەبوو. حیزبی شیوعی نەیدەتوانی لە فەلەکی سۆڤێت بێتە دەرەوە، ئەگەر هەر شتێک بوایە، دەبوایە پرسیاری ئەوێیان بکردایە. نەیاندەتوانی لە قسەی سۆڤێت دەربچن. ئەگەرچی پڕتەوبۆڵەیەک دروست بووبوو، بەڵام کز بوو، تا وای لێهات گەورەترین زیانی بە شیوعییە کان و جوواڵانەوەی نیشتمانییش گەیاند. ئەوەبوو بینیمان لە 8ی شوباتی 1963دا چی بەسەر قاسم و شیوعییە کانیش هات، کە بووە بە مێژووی کوشتوبڕ هەر لە سەلام عادل کە سکرتێری حیزبی شیوعی بوو، تا دەیان ئەندامی لیژنەی ناوەندی و کادێر لە بەغدا وەک شەهید جەمال حەیدەری، ئەمە جگە لەوەی سەدان کادێر و ئەندامیان لە زیندانەکان توند کران و سەدانی تریشیان لێ شەهید کردن. قاسم و داروودەستەکەی قاسمیش لەولاوە بوەستێ، هۆی ئەمەش سیاسەتی هەڵە و چەوتی قاسم و شیوعییە کان بوو. من ئە و کاتە پاڵێوراوی حیزبی شیوعی بووم و ساڵی 1962 چووبوومە حیزبەوە.

وردەوردە شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی خوالێخۆشبوو بارزانی ڕێک خرایەوە و بە دەوری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە و جێگەیانەی بە دەستیانەوە بوو لە دێهاتەکان، بنکە و بارەگایان دانا. خەڵکیش ڕوویان کردە دەرەوە. پۆلیسە کوردەکانیش کە لە مەخفەرە دووردەستەکان بوون، ناوبەناو مەخفەرەکانیان تەسلیم دەکرد و دەچوونە ناو شۆڕشەوە. هەندێکیشیان بە شەڕ دەستی بەسەردا گیرا. شۆڕش لە پشدەر، قەرەداغ، شارباژێڕ، بەمۆ و چەمی ڕێزان گەورە بوو. لە بادینان و هەولێریش ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەست بوون پێوەی. بێجگە لە خەڵکی عەشایەر و دێهاتەکان، خەڵکی خوێندەواریش کادێرەکان چوونە دەرەوە. ئیتر هەرجارە لە شوێنێک مەخفەر دەستی بەسەردا دەگیرا و شەڕی پارتیزانی دروست دەبوو. بەڕاستی پۆلیسەکانیش دەوریان هەبوو، دەتوانیت بڵێیت بە چەکی مەفخەرەکانیان شۆڕشیان دەوڵەمەند کرد و لەگەڵ شۆڕش هاوڕێ بوون. شۆڕش ڕوو لە هەڵچوون و گەورەبوون بوو. ئەم گەورەبوونەش لە بادینانەوە تاکو بەمۆ، کەموزۆر گرنگ بوو، بە چاو دەبینرا و دەبیسترا و باسی دەکرا. پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتیی بارزانی خاوەنی بوو. مەکتەبی سیاسیش لە مالومە و ماوەتی درێ و شوێنەکانی تر بوو، بە گوێرەی دۆخی خۆیان کە لە و جێگەیانەدا پێویستیان پێبوو.

ناوبەناو شەڕ ڕووی دەدا، لە بیرمە لەلای دێ تەگەران لەسەر پردەکە گەورەترین شەڕ لەگەڵ حکومەت کرا. من سەیارە شکاوەکانی پۆلیسم بینی کە هێنایانەوە. لە و شەڕەشدا پێشمەرگەی ئازا و سەرلقی ئە و کاتە حەمید کاوانی شەهید بوو. حیزبی شیوعیش نە ئەوەبوو دەستی لە حکومەتی قاسم بەربێت، نە حەزیشی لێبوو لە دژی شۆڕشی کورد بە قسەی بکات. ئەوەش لە داهاتوودا زیانی لێدا و هۆکارەکەشی سۆڤێت بوو، چونکی سۆڤێت ڕێگەی نەدەدا دژی قاسم شەڕ بکرێ.

شیوعییە کان پۆلپۆل دەگیران و زیندانی دەکران و دوور دەخرانەوە، بەعسییەکانیش خۆیان ئامادە دەکرد. هەر حیزبی بەعس لە ساڵی 1959دا بە سەرۆکایەتیی سەدام لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا بۆسەیان بۆ عەبدولکەریم نایەوە، تەقەیان لێکرد و برینداریان کرد. لە وکاتەشدا عەبدولکەریم نەهات ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە. عەبدولکەریم قاسم لەباتی ئەوەی پەند وەربگرێت، لە جاران زیاتر دژایەتیی دیموکرات و شیوعییە کان و لەملاشەوە دژایەتیی کوردی دەکرد. شۆڤێنییە عەرەبەکان و بەعسییەکان ڕۆژبەڕۆژ خۆیان قایم دەکرد. ڕۆژی هەشتی شوبات کودەتایان کرد و عەبدولکەریمیان کوشت، دەیان ئەفسەری پلەبەرزی دیکە شیان گرت و کوشت بە شیوعییە کانیشەوە، چونکی تەنها شیوعییە کان بوون لە ڕۆژی هەشتی شوباتدا بەرگرییان لە خۆیان و عەبدولکەریم کرد، بەڵام هیچیان پێنەکرا و تەنیا ماڵوێرانی و کوشتنیان بۆ مایەوە. چەندین لاشەی تێکۆشەرەکان لەسەر شەقامەکانی بەغدا کەوتبوون، لە شیوعییە کان، دیموکراتەکان، عەسکەرەکان. حیزبی بەعس بەیانی ژمارە 13ی دەکرد بۆ لەناوبردنی شیوعییە کان و سەلام عادل حسێن و دەیان و سەدانی تر شەهید کران.

حەرەس قەومییەکانی بەعس درێغییان نەکرد لە کوشتن و بڕین و تاڵانکردن و ئەتککردنی ناموسی خەڵکی. درندەیی و بێقانونی لە سنوور چووە دەرەوە و لای هەمووان ئاشکرا بوو، هەتا نەتەوەپەرستە عەرەبەکانیش پێیان قبوڵ نەدەکرا و ئەوانیشی گرتەوە. کودەتای هەشتی شوبات تاریکترین ڕۆژگار بوو لە و سەردەمەدا. منیش تازە پلەی پاڵێوراویم تەواو کردبوو، قەرار بوو بە ئەندام لە حیزبی شیوعی وەربگیرێم.

هەر لە و سەردەمەدا لە سلێمانی شیوعییە کان کەوتینە ئامادەباشی و چاوەڕوانیکردنی بەغدا. دوای چەند ڕۆژێک چاوەڕوانی هەموو لە جێگەیەک لە جادەی ئیبراهیم پاشای ئێستا کۆ دەبوونەوە، گروپگروپ ڕادەوەستاین، سیان و چوار سەرمان کردبوو بەیەکدا و چاوەڕوانی ڕێنمایی حیزبمان دەکرد. ئە و سەردەمە چەکمان نەبوو، تاکوتەرا خەنجەرمان پێبوو. دەمانچە هەر زۆر نامۆ بوو. چاوەڕوانی ئەوە بووین شتێک ڕوو بدات. ئەمە چەند ڕۆژێکی خایاند. بێهودە ملمان شۆڕ کرد، کودەتای بەعس سەری گرت و ئێمەش بڵاوەمان لێکرد هەر کەس بۆ ماڵی خۆی. دەسەڵات لە هەموو شارەکان کەوتە دەست بەعسییەکان. ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولسەلام عارف کە لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی ئە و سەردەمە بوون، سەرکردایەتییان دەکرد. دیارە حیزبی بەعس و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان دەیان کادێر و ئەفسەری حیزبی بەعسیان لەگەڵ بوو. هەرچییان لە کوشتن و گرتن پێکرا، کردیان. ئەم کودەتایە فرسەتێک بوو بۆ شۆڕشی کورد، شەڕیان ڕاگرت و کەو تنە گفتوگۆ لەگەڵ بەعسییەکان. پاش ماوەیەک وەفدی کوردی بە سەرپەرشتیی سالح یوسفی و هەندێکی تر لە لێپرسراوانی کوردی - لە یادم نییە کێی تریش بوون - چوون بۆ بەغدا، ئەمە ماوەیەکی خایاند. ئەوەی ڕاستی بێت، نە بەعسییەکان و نە قەومییەکان داوای کوردیان پێ هەزم نەدەکرا و قبوڵ نەدەکرا، بەردەوام بوون لەسەر هەستی شۆڤێنیی عەرەبیی خۆیان. هەر لە و سەروبەندەدا مام جەلال هات بۆ سلێمانی و لە بەردەرکی سەرای سلێمانی قسەی بۆ خەڵکی کرد، کە لە لەگەڵ حکومەت گفتوگۆدان. ئەمەش سەری نەگرت و زۆری نەخایاند وەفدی نوێنەری کورد لە بەغدا گیران. سالح یوسفی و پێشمەرگەش چوونەوە شاخ و شەڕ دەستی پێکردەوە.

زۆر لە بارەی ئەم قۆناغەی شۆڕشی ئەیلوول تاکو کودەتای بەعسییەکان و قەومییەکان لە ساڵی 1963 نووسراوە و وتراوە. منیش وەک لاوێک کە تازە سەرم هەڵدەدا، ئەوانە باس دەکەم کە خۆم لە بیرمە و دیومە. پێش من مێژووناسەکان و خاوەن پێنووسە جوانەکان و کەسانی بەتوانا و شارەزا زۆریان لەسەر نووسیووە. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی من دەتوانم باسی بکەم، تەنها ئەوەیە کە چوومەتە ناو حیزبی شیوعی و ئەمەش لە ساڵی 1962 دەست پێدەکات، کە تەمەنم شازدە ساڵان بوو. لەبەر دوو هۆ زۆر ملەلەقێی سیاسەتم دەکرد.

ئەوەی وریای کردینەوە، یەکەم/ شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بوو، دووەم/ کەسوکارەکەم شیوعی بوون. ئەمانە وایان کرد خولیای ئە و بیروباوەڕە بم و پێش منیش کەسانی تر هەر لە و تەمەنەدا 16-18 ساڵاندا دەستیان پێکردووە.

ناوەندیی شۆڕش

ئە و سەردەمە لە ناوەندیی شۆڕش بووم، مەکتەبەکەمان لای خەستەخانەی سەرەوە بوو و دیوارەکەی بە دیواری خستەخانەوە بوو. لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان خوالێخۆشبوو شەوکەت فەندی بوو، سدارە یەکی ڕەشی لەسەردا بوو. هەتا بڵێیت پیاوێکی باش بوو. مامۆستاکانیش خوا لێیان خۆشبێت ئەمانە بوون: مامۆستا غەفووری مەلا عەلی مەڵکەندی، مامۆستا لەتیف میرزا مەحموود کە دوایی بوو بە بەڕێوەبەر، مامۆستا جەمال عەبدول، مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت و هەندێک مامۆستای بەڕێزی تر. ئێمە خەریکی خوێندن بووین و شۆڕشی کوردیش بەردەوام بوو. لە و سەردەمەدا ڕۆژانە کێشەی شیوعییە کان و پارتی لە قوتابخانەکەدا هەبوو و بەرۆکی ئێمەشی گرتبوو، بەتایبەت ساڵی 1963دا ڕۆژ نەبوو لە قوتابخانەکەمان دەنگەدەنگ نەبێ لەسەر سیاسەت و پارتی و شیوعی. دۆخی ئە و کاتەش وای کردبوو ئێمەی شیوعی لە قوتابخانە ژمارەمان کەم بێت لەچاو پارتییەکان، بەڵام جوڵەمان هەبوو و بە و ژمارە کەمەشەوە خۆڕاگر و نەترس بووین. ئێستا ئەگەر ئە و هەڤاڵ و برایانەی ئە و سەردەمە ئەمە ببینن، ڕاستیی ئە و ڕۆژگارەیان دێتەوە پێش چاو. کێشمەکێش و ناکۆکیی شیوعی و پارتی بەسەر مەسەلەکاندا بۆ هەموو چین و تووێژەکان ڕەنگی دەدایەوە، نەک هەر خوێندکارەکان. باسی ڕۆژ و شۆڕشی کورد و هەڵوێستی شیوعییە کان لە هەموو کوچە و لایەک هەبوو، تەنانەت لەناو خوێندکارانیشدا.

هەموو ڕۆژێک دەنگەدەنگ بوو و ئێمەش دیار بووین. بڕوا ناکەم ڕۆژێک لەبەر کاری حیزبی و بە هۆی کۆبوونەوە و ڕاکردن بە دڵسۆزی بۆ کاری حیزبی دەرسی پێنجەمم خوێندبێ. هەر بە و هۆیەشەوە لە خوێندن دواکەوتم و سەرکەوتوو نەبووم.

ئە و کاتە برادەرێک بە ناوی وەهبی لێپرسراوم بوو. ئێستاش ماوە و جارجارە دەیبینم. دەمزانی کۆمەڵێک لاوی گەڕەک کە لە خوێندنیش پێکەوە بووین، کەسوکاریان شیوعییە. هەوڵم دەدا خۆمیان لێ نزیک بکەمەوە و بیانهێنمە ناو حیزبەوە، وەک شەهید کەمال جەمال، عومەر مام تۆفیق، کە ئێستا هونەرمەندێکی سەرکەوتووە عومەر دڵپاک مامی کەمال جەمال بوو. کەمال شاکر ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگەیە. محەمەد ڕەحیم دوایی بە هەڤاڵ جووجەڵە ناسرا و لەبەر بچکۆلەیی و زەعیفی ئە و ناوەیان لێنابوو، کە چووە دەرەوە، بوو بە پارتی و دواتریش خاڵە حاجی. دیارە من پێش هەموویان چوومە دەرەوە. ئەوان خوێندکار بوون، بەجێم هێشتن.

هەر لە و ساڵانەدا ئەوانەی لە ناوەندیی شۆڕش بووین، پێکەوە شیوعی بووین، من بەرپرسیان بووم لە شانەیەکی حیزبیدا، چەند کۆبوونەوەیەکیشمان کرد پێکەوە. کەسەکان ئەمانە بوون: شێخ جەعفەر مستەفا کە ئێستا وەزیری پێشمەرگەیە، مەنسووری شێخ کەریم حەفید، موعتەسەم عەبدولکەریم خاڵی شێخ مەنسوور بوو، محەمەد ڕەحیم، کەسێکی تر ناوی عوسمان بوو، هەروەها محەمەد ناوێ لە گەڕەکی سابوونکەران. دەمانچەیەکی بچکۆلەمان هەبوو و لای محەمەد ڕەحیم بوو، ئیتر نازانم برادەرانی پارتی چۆن پێیان زانیبوو، چووبوون لە پۆلدا لێیان سەندبوو، لەسەر ئەوە تووشی شەڕ و قڕەقڕ هاتین. هاتنە سەر من و شەڕ دەستی پێکرد. نەتیجەی شەڕ چەقۆیەک بەر پەنجەم کەوت، ئەوەی چەقۆکە یان خەنجەرەکەی پێبوو، کاک ئاسۆی شێخ نووری بوو، ئێستا لە ئەنجومەنی ناوەندە و زۆر برای بەڕێزە.

ساڵی 1964 هەر لە قوتابخانە بووین، شەوێکیان تاکو بەیانی بە شەونخووڕی دروشممان دەنووسی. ئەوەی حیزب داوای دەکرد، پێمان سپێردرابوو کە بە کاغەز و کاربۆن لە ژێریدا بینووسینەوە. ئەوەی نووسیبوومان، دابەشمان کردبوو. لە پۆلەکان خستبوومانە ناو مێزی خوێندکارەکان، هەندێکیشی لای من مابووەوە. ئە و سەردەمە بوو کە حیزبی شیوعی بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە بکوژێتەوە، داوای ئاشتی دەکرد لە کوردستان. زۆر لە دروشمە کانیم لەبیر نەماوە، ئەوەندەی بزانم هەمووی باسی ئاشتی بوو. برادەرانی پارتی کە ئەمەیان زانی، ئیتر بوو بە دەنگەدەنگ، هاتنە پۆلەکەی منیش و بردیان بۆ شەوکەت ئەفەندی، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو. شەوکەت ئەفەندی بانگی کردم وتی ڕۆڵە تۆ کوڕی هەژاریت، چیت داوە لەم سەرئێشەیە؟ برۆ خەریکی خوێندنی خۆت بە. لە هۆڵی قوتابخانەکەش زۆر لە خوێندکاران و مامۆستاکان وەستابوون و قەرەباڵغی دروست بووبوو. شەوکەت ئەفەندی قسەی بۆ دەکردین بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە. لە یەکێک لە قسەکانیدا وتی: ئەم جەمال عەبدولناسرە موزاهەرات و شتی هێنایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. زۆر قسەی تریشی بۆ قازانجی هەموومان کرد.

ئەوەش دۆخی خوێندن بوو. لەڕاستیدا هەر خەریکی کۆبوونەوە بووین، خوێندنی چی؟ ئەم دۆخە ڕۆژبەڕۆژ تووندوتیژتر دەبوو. هەر لە و ساڵەدا بوو کە لە سلێمانی بکوژوبڕ بوو. زەعیم سدیق داوای لە مامۆستایان کرد بڕوسکە بۆ حکومەت بنێرن، تەئیدی عەبدولکەریم قاسم بکەن و لە بڕوسکەکەدا دژی شۆڕشی کورد قسە بکەن. باشم لە بیرە مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت هەزار ڕەحمەتی لێبێت، وابزانم هەر ئە و ساڵە دامەزرابوو، مامۆستامان بوو، بڕوسکەی نەکرد. ئەوە بوو ئیتر قاچاغ بوو و چووە دەرەوە. مامۆستایەکی عەرەبیش هەبوو ناوی فائیز زوبەیدی بوو، ئەویش بڕوسکەی لێنەدا، هەڵوێستێکی تری هەبوو و شیوعی بوو. دوور خرابووەوە بۆ سلێمانی. ئێمە لە ناوەندیی شۆڕش لێژنەیەکی حیزبیمان هەبوو، کە لێپرسراوی ناوەندیی شۆڕش بووین و پێک هاتبووین لە چەند هەڤاڵێک. شێخ حسێن شێخ عوسمانی نێرگزەجار لێپرسراومان بوو و کاتبی قوتابخانەکەمان بوو لە و سەردەمە شلۆق و کێشمەکێشمەدا. پاش ماوەیەک کارکردن پێکەوە سەرپەرشتیی کارەکانی حیزبمان دەکرد، من پلەکەم بەرز کرایەوە و بووم بە ئەندامی لێژنە. هاوڕێیەکی تر بوو بە لێپرسراومان، هی من و کاک شێخ حسێن و کەمال جەمال کە لێژنەکەمان پێک هێنابوو. شێخ حەمەتایەر خەڵکی ئەحمەدبڕنە بوو. بنەماڵەیەکی تێکۆشەر بوون، لە و سەردەمەشدا دێ ئەحمەدبرنە زۆریان شیوعی بوون. شێخ حەمەتایەر کەسێکی خاکی بوو، لە ڕووی حیزبییەوە لە ئێمە هۆشیارتر بوو، کۆبوونەوەکانی باش بەڕێوە دەبرد. من لەبەر کاری حیزبی دیار بووم. پاش ئەوەی قوتابخانەم بەجێ هێشت و خواحافیزیم کرد و چوومە دەرەوە، بیستم شێخ حەمەتایە ڕ بە هۆی هەندێک کەسی ناسیاویەوە چووەتە دانشگای سەربازی و بووە بە ئەفسەر لە سوپای عێراق. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بیستم وەفاتی کردووە. بەڕاستی کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ حیزب و زیرەک بوو، ئیتر دۆخەکەش ڕۆژبەڕۆژ بەرە و تووندوتیژی و ناخۆشی دەڕۆیشت.

قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سلێمانی 1963/6/9

با بێینەوە سەر وەزعی ناو شاری سلێمانی. لە بەرەبەیانی 6/9 هاتوچۆ قەدەغە کرا. هەر لە نیوەشەوەوە سەربازەکان بە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاو بوونەوە. بە سەرکردایەتیی زەعیم سدیق، کە هەموو خەڵکی بە هۆی خراپییەکانی و ئازاردانی خەڵکەوە ناویان بیستووە، دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵبەماڵ. زەعیم سدیق ئامرلیوای سەربازی بوو و هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو. ئە و ڕۆژە تاکو ئێوارێ خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕەشبگیر کران و هەزاران گەنج و پیر ڕاپێچ کران بۆ حامیەی سلێمانی و لەوێش تیرباران کران. خەڵکی زۆر ناوداری تێدا بوو و خەڵکی تێکۆشەر بوون، وەک کەمال حاجی فەرەج ئەفەندی، مامۆستا یاسین حاجی باقی، زیاتر لە سەدوپەنجا

کەس شەهید کران بەبێ ئەوەی بچووکترین تاوانیان هەبووبێ. ئەم کوشتوبڕەش بۆ چاوترساندنی خەڵکی شاری سلێمانی بوو. ئەوانەی گیران، ماوەیەکی زۆر لە سەربازگەکەی سلێمانی حامیەی سلێمانی لە ناو وڵاخ و ئە و جێگەیانەدا زیندانیان کردن، نزیکەی سێ ڕۆژ زیاتر نان و ئاویان نەدانێ، ئازارێکی جەستەیی زۆریان دابوون. زۆر باشم لەبیرە هەر لە و بەرەبەیانەدا خودەبەسەر و سەربازەکان خۆیان کرد بە حەوشەکەی ئێمەدا و ڕیزیان کردین. جیایام کردینەوە و دوو کەسی خزمی ئێمەیان برد. نازانم چۆن منیان نەبرد، ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە منداڵ دیار بووم. کەس ئاگای لە کەس نەبوو، نەتدەزانی لە خزم و کەسوکار و برادەرت کێ گیراوە و کێ براوە. لەبەر ئەوەی چوونەدەرەوە نەبوو. کەس نەیدەوێرا سەر لە دەرگا بەرێتە دەرەوە. پاش ئەوەی حکومەت بڵاوی کردەوە بۆ چەند سەعاتێک دەتوانن بێنە دەرەوە، هەر کەسە و هەواڵی کەسوکاری خۆی دەپرسی. ژمارەی گیراوەکان لە چەند هەزار کەسێک تێپەڕی کرد، شار بۆنی خوێنی لێدەهات، ئەمە گرانی و قاتوقڕی لەولاوە وەستابێ. ژیان زۆر زەحمەت بوو، ئەگەر کەسێک نەگیرابێت یان نەکوژرا بێت، دەبێ بڵێیت شانسی هەبوو.

ئەوانەش کە لە سەربازگەی سلێمانی گیرابوون، وەجبەوەجبە ڕیزیان دەکردن، هەر لە سەربازگەکەوە بە شەقامی کانێسکاندا دەیانهێنان و دەبوایە هوتافیان بکێشایە بۆ سەروەرێی حکومەت. یەکێک لە پێشەوە هاواری دەکرد و دەبوایە ئەوانی تریش بیڵێنەوە، ئەوانەی لە ڕیزەکەدا بوون، هەموویان لەبەر برسێتی و ئازار ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو.

پاش ئەوەی خەڵکەکە بەربوون، دەرکەوت دەیان و سەدان خەڵکی ئەم شارەیان گرتووە. مامۆستا یاسین یەکێک بوو لە شەهیدەکان، کە یەکەم وەرزشکاری سلێمانی بوو و مامۆستای وەرزش بوو، خۆشەویستی خەڵکی شاری سلێمانی بوو. بە دەستی تاوانبار زەعیم سدیق غەدرێکی یەکجار زۆر و تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بەم خەڵکە کرد لە شاری سلێمانی.

ئەوەی ڕاستی بێت بە پێشمەرگەیان نەدەوێرا، داخی دڵی خۆیان بە خەڵکی بێدیفاع ڕشت، کەسیش نەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، چونکی حاکمەکانی بەغدا لەوان زیاتر دژی میللەتی کورد بوون. لەم ڕەشبگیرییەدا پرسیار نەدەکرا کێ پارتییە یان شیوعییە یان شتێکی تره، هەموو خەڵکیان پێ دوژمن بوو. هەر لەسەر ئە و سیاسەتەش ڕۆیشتن و عێراقیان غەرق خوێن کرد، خۆشیان پاشان بە جەهەنەم چوون. ئەم گرتن و ڕاونانە هەموو عێراق گرتەوە، بەتایبەت شیوعییەکان لە ناوەڕاست و خواروی عێراق. بەعس درێغیی نەکرد لە کوشتن و بڕین و ڕاونان و گرتن. دەیان سەرکردەی حیزبی شیوعییان کوشت و تیرباران کرد.

هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەسەر شۆڕشی کورد نارۆشن بوو. بۆ خۆڕزگارکردن لە م شاڵاوەی ڕژێم بۆ سەر تێکۆشەرانی حیزبی شیوعی، بڕیاریان دا پاش چەند ڕۆژێ لە ڕەشبگیر بچینە دەرەوە. منیش بە هۆی خزمەکانم کە لە خۆم گەورەتر بوون و شیوعی بوون، خۆم ئامادە کرد لەگەڵیان بچمە دەرەوە. ئە و کاتە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ، چاوم لە گەورەکان دەکرد و ملەقوتێی سیاسەتم دەکرد. ئە و سەردەمە شەقامی ئیبراهیم پاشای ئێستا دەرەوەی شار بوو، ڕەنگە چەند ماڵێک لەولاترەوە هەبووبن. لەگەڵ وەستا محەمەد بەنای پوورزام، خوالێخۆشبوو وەستا عومەری عەلی قەساب، کە سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی بوو، خوالێخۆشبوو جەبار عەلی قادری پوورزای دایکم و دەیانی تر، لە و مەوعیدەدا کە حیزب داینابوو، هەموومان شە و یەکمان گرتەوە. بە ترس و نارەحەتییەکی زۆر بە ناوشاردا ملی ڕێگەمان گرت و بە بێدەنگی بە بەینی دوو ڕەبایەی عەسکەریدا ڕۆیشتین. دەستی یەکمان گرت و چووینە دەرەوە بەرە و شاخی گوێژە و بە شاخەکەدا سەرکەوتین.

ڕۆژی یەکەم نزیکەی پەنجا کەس دەبووین لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی. یەکەمجار بوو لە ژیانمدا دەرەوە ببینم وەک لادێ. قۆناغی یەکەممان گەیشتینە دێی چنگیان. ئەمەی باسی دەکەم، چەند ڕۆژی دوای قەدەغەکردنی هاتوچۆ بوو. ئە و ڕۆژە تاکو ئێوارێ لە چنگیان ماینەوە. برادەرانی پارتی و پێشمەرگە و بەرپرسانی ئە و سەردەمە لەوێ جوابیان ناردبوو چۆن هاتوون بۆ ئێرە؟ من وردەکارپی ئە و سەردەممم نەدەزانی. بە تەمەن بچووکترینی ناو ئە و هاوڕێیانە بووم. زەختیان کرد و وتیان دەبێ لێرە نەبن. لای ئێوارە وتیان خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆینە دێی ئالاسیاو. ئە و کاتە بارەگای جەنابی شێخ لەتیف لەوێ بوو. زۆر دۆستی حیزبی شیوعی بوو و ئەوانەی دەوروپشتی کەسانی شیوعیی تێدا بوو. شێخ لەتیف پیاوێکی دڵسۆز و پاک بوو.

ئێوارە بەرە و گوندی ئالاسیاو بەڕێ کەوتین. شە و تاریک بوو، چاوساخێکمان لەگەڵدا بوو، وتیان ئە و شارەزای ڕێگەیە. شیوعی بوو و ناوی غەریب سمێل بوو. پاش ماوەیەک ڕێکردن دنیا تاریک بوو. غەریب لە دۆڵێکدا ڕێگەکەی هەڵە کرد. وتیان مادام وایە، با تاکو بەرەبەیان لێرە بین، ئەوسا دەڕۆین. هەرکەسە لە جێگەی خۆی شوێنکی تەختانیی دۆزییەوە بۆ ئەوەی ڕاکشێ. ئەوەی ڕاستی بێت، من لە هەموو خشەیەک دەترسام، دەرەوەم نەبینیبوو. شتێک کە بیرم ناچێتەوە، مێشوولەیەکی بچووک هەبوو، بە هەواوە هاتوچۆی دەکرد، وەک فسفۆر وابوو، لە ترسی ئە و میشولەیە تاکو بەیانی خە و نەچووە چاوم. وتیان ئەوە باڵەکانی وایە زیانی نییە. ڕۆژ بووەوە و بە هۆی شارەزاکەمان ملی ڕێگەمان گرت و گەیشتینە گوندی ئالاسیاو. پێش ئێمەش هەندێک لە شیوعییە کان گەیشتبوونە ئەوێ، دیارە بڕیاری حیزب بووە لەوێ یەک بگرینەوە. هەر بندار و سێبەرێک چەند هاوڕێیەکی لێبوو. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و بردمانە سەر. خواردن هەر زۆر کەم بوو، نان و دۆ بوو. بە یاسای شیوعی هەمووی وەک یەک بەری دەکەوت. هەریەکەی دۆلکەیەک دۆ و کەمێک شەکر و چای دەدرایە.

ئە و ماوەیەی لەوێ بووم، دوو کۆبوونەوەی فراوان کرا. ئەوانەی لەوێ بوون، ئەگەر هەڵەم نەکردبێ، سەد هاوڕێیەک دەبوون. کۆبوونەوەیەکیان دکتۆر فارس خواڕەحم کە شیوعییە کی ناسراو بوو، بەڕێوەی برد. دکتۆر فارس تاکو وەفاتیشی کرد، هەر شیوعی بوو. لە ساڵەکانی هەشتاکان لە مۆسکۆ وەفاتی کرد و هەر لەوێش بە خاک سپێردرا. باسەکەی لەسەر دیموکراتیی مەرکەزی بوو. هەموومان گوێبیستی بووین، لە بن ئە و دەوەنە و لە و برسێتی و نائومێدییەدا کە شیوعییە کان بەسەریان هاتووە، من هەر تەقەی سەرم دەهات. چونکی تازە چووبوومە حیزبەوە. دیارە شیوعییە کان لە هەر جێگەیەک بن، خۆیان ڕادەهێنن، مەسەلەی فکر و خوێندنەوە شتێکی گرنگە لایان. دانیشتنی دووەم شێخ جەعفەر عەبدولکەریم کۆبوونەوەی پێکردین. خیانەتی کرد و تەسلیم بووەوە، بوو بە بەعسی و لە ساڵەکانی دواتردا بوو بە پارێزگاری سلێمانی. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس عێراق بەجێ هێشت. وتیان ئەندامی لیژنەی محەلیی سلێمانییە. ئە و کاتە ئە و پلەیە گەورە بوو. ئە و ڕۆژگارە سیاسەت ئاوا بوو. دیارە برای قارەمانی حیزبی شیوعی شێخ مەعروف بەرزنجییە، کە مەردانە گیانی خۆی بەخت کرد و بەعسییەکان لەگەڵ برایەکی تریدا لە سێدارەیان دا. من لەچاو ئەوانی تر منداڵ بووم کەمئەزموون بووم. دوای چەند ڕۆژێ پێیان وتم تۆ بڕۆرەوە. بەڕاستی خۆشم حەزم دەکرد. خۆ لەوێش هەر دانیشتن بوو لە بن دارودەوەن. خوا بەوە ڕەحمی کرد مانگی شەش بوو و دنیا سەرماوسۆڵە نەبوو، ئەگینا لە کوێ جێگەمان ئەبووەوە. لە ڕێگەی حیزبەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە هاوڕێکان گەڕامەوە بۆ سلێمانی. دواتر وتیان ئە و برادەرانەی لە ئالاسیاو بوون، لەوێ نەماون و ڕۆیشتوون بۆ دەوری دێی ئاشی بارام. لەوێش برایانی پارتی ئە و سەردەمە زەختیان لێدەکردن. وابزانم تاکەتاکەش لێیان گرتبوون. دۆخی شیوعییە کان بە و شێوەیە بوو لە و ناوچەیەدا. لە شاخی بەمۆش لە ناوچەی هورێن و شێخان چارەنووسیان زۆر لەوە خراپتر بوو. لەوێ بارەگایەکیان کردبووەوە و لە دەستی ڕژێمی بەعس هەڵاتبوون. بەڵام پارتی پەلاماری دان، بارەگاکانیان گرتن و چەند شیوعییە کیان کوشت. هەندێک لەوانەی ڕایان کردبوو، خۆیان دابوو بە دەم ئاوی سیروانەوە، مەڵلەیان

نەزانیبوو یان ئاوەکە خوڕ بوو و خنکابوون. ئەم زەختەش لە هەموو جێگەیەک نەبوو، زیاتر لە دەوری سلێمانی وابوو.

لە و سەردەمەدا لەگەڵ ئە و هەموو ماڵوێرانی و دەربەدەرییەدا حیزبی شیوعی هەر پاشکۆی سۆڤێت بوو. دیارە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کێشە لەناو حیزبدا دروست ببێت. بەتایبەت لە ساڵی 1964دا، کە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ویست و بڕوایان وابوو ڕژێم بەرە و ئیشتراکییەت دەڕوا و بەنیاز بوون حیزبی شیوعی لەناو اتحاد اشتراکی عر بیدا بتوێننەوە. بۆ ئە و مەبەستە چەندین بەیان نووسران، کە لەم ڕێگەیەوە دەڕۆن بۆ ئیشتراکییەت. ئەوانەی هەڵگری ئەم ئاڵایە بوون لە مەکتەبی سیاسی، عامر عەبدوڵڵا و مامۆستا بەهادین نووری بوون. نازانم کێی تریش لەگەڵ ئە و بیروباوەڕە بوون. ئەمە بووە بنەمای کێشە لەناو حیزب. پێشتریش لە زەمانی عەبدولکەریم قاسمدا دوو باوەڕ لەناو حیزبدا هەبوو. لایەک پێی وابوو کە هەقە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بڕوخێنن. سۆڤێت بەمەی زانی، بە پەلە بەتاڵی کردەوە و سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی ناچار کرد کە واز لە و سیاسەتە بهێنن، وای لێکردن لە قسەی سۆڤێت دەرنەچن و بە پاشکۆیی بمێننەوە. ئە و بەیانەش کە ساڵی 1964 دەرچوو، لەناو حیزبدا پێیان ئەوت خەتی ئاب. ئەوانەی ئە و کاتە لە ناو حیزبی شیوعیدا ئیشیان کردبێ، زۆر باش لە بیریانە. ئیتر لەناو حیزبی شیوعیدا دژی ئە و بەیانە وەستانەوە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دەیان شیوعی لەناو زیندانەکاندا بوون. دەیان کەسی تریش کە نەگیران و نەکوژران، هەڵاتن. دەیان ئەفسەر و کادێری عەرەب ڕوویان کردە کوردستان. من لەبیرمە کەسێکی عەرەب بە ناوی ئەبووعەلی ڕای کردبوو و لە ماڵی ئێمە بوو. ماوەیەکی زۆر مایەوە لامان و زۆریش خزمەتی پێکرا.

کێشەی شیوعی و پارتی هەر بەردەوام بوو، بەتایبەت لە سنووری سلێمانی. بە هەق دەزانم بڵێم زۆر دڵسۆز بووین بۆ حیزب و بە دڵ و گیان ئیشمان بۆ دەکرد. خەڵکیش دابەش بووبوون بەسەر حیزبەکاندا. لە مەیدانەکەدا هێزی پارتی هێزی گەورە بوو و پێشمەرگەی هەبوو. لە و سەردەمەدا شۆڕشی کورد پەناگایەکی باش بوو بۆ شیوعییە کان.

ساڵی 1964 هەر خوێندکار بووم، بەڵام وەک لە پێشەوە باسم کرد هەر خەریکی کۆبوونەوە و کاری حیزبی بووم. لە ساڵی 1964 لە گەڕەکی سابوونکەران برادەرێک هەبوو ئوتووچی بوو، ناوی قادری ئاتە بوو، زۆربەی کاتی بێئیشی لای دەوەستاین. کاتێکم زانی شەڕە، ئەکرەمی پوورم لەگەڵ چەند برادەری بە حساب پارتی بەشەر هاتووە و ئەکرەم خەنجەری بەدەستەوەیە. بەهەرحاڵ، منیش چووم و کەوتمە بەینەوە. خەنجەرێک بەر قۆڵم کەوت و خوێنێکی زۆری لێهات. منیان بەڕێ کرد بۆ خەستەخانە. لەوێ دکتۆرەکان خستیانم، ئەوەندەی پێنەچوو ئەکرەمیشیان هێنا. بەڵام ئەکرەم زۆر خراپ بوو. خەنجەریان لێدابوو و بەر سییەکانی کەوتبوو، خوێنی لەبەر دەڕۆی. بە هەرحاڵ، هەردووکمان بە تەنیشت یەکەوە لە خەستەخانە کەوتین. ئەکرەم چەند بوتڵێک خوێنیان تێکرد، تەرەفی دووەمیش بریندارییان هەبوو. ئەوانەی لەسەر شیوعی و پارتی شەڕمان بوو، وەک برا وابووین هەم لە قوتابخانە هەم لە گەڕەک. ئەکرەم لەگەڵ بریندارەکەی تر بە منداڵی شیریان خواردووە. ئیتر شەڕەحیزب و سیاسەت برای لە برا کردووە. ئەوانەی شەڕمان بوو، ئەوسا و ئیستاش برایەتیمان لە هەموو کاتێک خۆشترە. ئێمەش بە هۆی دڵسۆزیمان بۆ بیروباوەڕەکەمان بووبووینە سووتەمەنیی ئەم سیاسەتە.

ئە و سەردەمە شەڕەخەنجەر باو بوو، دەمانچە هەر زۆر کەم بوو. من خۆم ماوەی چوارده ڕۆژ لە خەستەخانە کەوتم، چونکی دەمارەکانی قۆڵمی بڕیبوو. ئەکرەم زیاتر مایەوە، چونکە بڕینەکەی کاریگەرتر بوو. دیارە دوای ئەم هەموو شەڕەش هەر ئاشتبووینەوە. ئەمە دۆخی سەرجادە و شاری سلێمانی بوو. ئە و کاتەی من و ئەکرەمی

پوورم کە لە خەستەخانە کەوتبووین، مفاوەزاتی پارتی و حکومەت دەستی پێکرد. کەسێکیان هێنا بۆ خەستەخانە. وتیان ئەمە شیوعییە و لە شەڕی سەری بەردی لای سیدەکان و ڕواندز قاچی بریندار بووە، ناوی نەجمەدین مامۆ بوو. ئێمەش بە حوکمی خۆشەویستیمان بۆ حیزبی شیوعی و بیروباوەڕ چوونە لای و خۆمان بە یەکتری ناساند. ئەوەی بۆ خۆمان بوایە، بۆ ئەویش دەبوو. ئە و غەریب بوو و خەڵکی هەریر و باتاس بوو. خێزانی و خوشکی و خوشکەزای هاتن. ئێمەش بردمانە ماڵی خۆمان و لەوێ میوانداریەکی باشمان لێکردن. پاش دەرچوونی نەجمەدین مامۆ ئەویشمان بردەوە ماڵی خۆمان. ماڵی شەهید ئەکرەم و کەسوکارەکەشمان لە ئێمە زیاتر خزمەتیان دەکرد، چونکی قاچێکی بڕابووەوە، خوشکەزاکەی ناوی عەبدولڕەزاق و کچەکەی ناوی حەسیبە و کوڕەکەی ناوی فرسەت بوو. نەجمەدین مامۆ چەند مانگێک لامان مایەوە و تاکو ساڵی 1965 شەڕ دەستی پێکردەوە و بۆ جێگەی خۆی ڕۆیشتەوە. ئێمەش هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتین.

لە سەرەتای 1965دا منیش لەبەر هەم لە قوتابخانە و گەڕەک دیار بووم، چووم بۆ سەربازی و ماوەی سێ مانگ لە کەرکووک سەرباز بووم. لە کەرکووک لە ماڵی خزمەکانم بووم، پووری دایکم پووڕە حەلاو و کوڕ و کچەکانی ماڵیان هەر لە کەرکووک بوو. خۆیان خەڵکی سلێمانی بوون. هەموو شەوێک لە ماڵی پووڕە حەلاوم دەنووستم، بەیانیان دەچووم بە پاسکیلی ئازادی پووزام دەچووم بۆ دەوام. لەوێش لە تیپی فتبۆڵێن بووم. دەوام هەر ئە و چەند سەعاتەی سەرلەبەیانیان بوو، ئیتر دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بەوەش بۆم نەچووە سەر. ڕۆژی 01-04-1965 لە ڕێگەی حیزبەوە نامەم وەرگرت. چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و یەکەمجار چوومە قەڵادزێ، لقی کوردستانی حیزبی شیوعی لەوێ بوو. ڕۆژی یەکەم لەوێ مامەوە. بۆ ڕۆژی دوایی بە بڕیاری حیزب وتیان بچن بۆ ئاوەگرد. ئاوەگرد لەسەر شاخی سەفین بوو بە بەرزاییەکەوە، بارەگای حیزبی شیوعیی لێبوو. لە ئاوەگرد کانییە کی باشی لێیە و ئاوەکەش زۆر سازگارە. باشم لەبیرە ئە و ڕۆژەی کە لە قەڵادزە بەڕێ کەوتین بۆ ئاوەگرد، من تەمەنم 18 ساڵ بوو. لە ڕانیە لەگەڵ هەندێک هاوڕێدا یەکمان گرتەوە. ئەوانەی پێکەوە چووین بۆ ئاوەگرد، ئەم کەسانە بووین: 1- ملازم ئەحمەد جبووری ئەفسەرێکی عەرەب بوو، لە دەست ڕژێمی بەعس هەڵاتبوو و بەرگرتن نەکەوتبوو، شیوعی بوو. دوایی بووین بە برادەر، لە چەندین بۆنەدا ناوبەناو یەکمان دەبینییەوە. 2- عەلی مەولوود خەڵکی داربەسەر بوو. بەداخەوە ساڵی 1974 کە شەڕ دەستی پێکردەوە، لە چۆمان بە هۆی فڕۆکەکانی ڕژێم شەهید بوو. 3- ڕەئوف سلێمان، خوالێخۆشبوو خەڵکی ڕانیە بوو. 4- دکتۆر عەلی سلێمان. لە ڕانیە وە بەڕێ کەوتین بۆ ئاوەگرد، لە بناری شاخ لە جەلی دابەزین. کەوتینە ڕێ و بە شاخەکەدا سەرکەوتین، پاش ماوەیەک گەیشتین. لەوێش بارەگای حیزبی لێبوو، هاوڕێیەکی لێبوو بە ناوی کەمال خدر، مامۆستا بوو و لێپرسراوی بنکەکە بوو، خەڵکی شاری کۆیە بوو. من لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ لەوێ یەکمان گرتەوە. ئەوانیش وەک من بوون و هەندێکیان خەڵکی سلێمانی بوون، زیاتر ئاشنا بووین بە یەک. ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، پاش ئە و ماوەیە وتیان دەتانێرین بۆ پێشمەرگایەتی، لە لای گەڵاڵە بارەگای حیزبی لێیە و هێزەکانی پێشمەرگەش لەوێن.

ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین. بە چەند قۆناغێک گەیشتینە بناری شاخی هەندرێن لە ڕێگەی سەرکەپکان و دۆڵەڕەقە و وەرتێ، لە دێی سەروچاوەش لامان دا. لەوێ بارەگایەکی پێشمەرگەی هەبوو و ملازم ئەحمەد جبووری لێپرسراوی بوو، لەوێ بینیمانەوە. دوایی بەرە و سنووری ڕواندز ڕۆیشتین. ئەمەش ساڵی 1965 لە مانگی حەوتدا بوو. گەیشتینە ئەوێ و بەسەر پەلەکاندا دابەشیان کردین. ئە و کاتە چەند لقێک هەبوون و دابەش بووبوون بەسەر چەند پەلێکدا. هەمووی ڕێک خرابوو، هەر هەمووشی بە نۆرە لەسەر شاخی هەندرێن واجباتی دەگرت. شاخی هەندرێن پانترین شاخی کوردستانە، بەسەر ڕەواندز و سەربازگەکەی ڕواندوزدا دەڕوانێ. لە بنارەکەیدا بە دیوی بەرزیوەدا چەند گوندێکی بچووکی لێیە وەک جنراوە، میراجیان، هەوارەکۆن، بەرامبەری گوندی ماولیانە، لەولاشەوە دێی دەرگەڵە و لە سەرووبەوە گوندی سەلان لەگەڵ شاخی کاروخ لەیەک دەدا

تەوە، کە بەسەر گوندی وەرتێدا زاڵە، وەرێ ئێستا بووە بە ناحیە.

چوونمان بۆ ناوچەی ڕەواندز

ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین. بە چەند قۆناغێک گەیشتینە بناری شاخی هەندرێن لە ڕێگەی سەرکەپکان و دۆڵەڕەقە و وەرێ، لە دێی سەروچاوەش لامان دا. لەوێ بارەگایەکی پێشمەرگەی هەبوو و ملازم ئەحمەد جبووری لێپرسراوی بوو، لەوێ بینیمانەوە. دوایی بەرە و سنووری ڕواندز ڕۆیشتین. ئەمەش ساڵی 1965 لە مانگی حەوتدا بوو. گەیشتینە ئەوێ و بەسەر پەلەکاندا دابەشیان کردین. ئە و کاتە چەند لقێک هەبوون و دابەش بووبوون بەسەر چەند پەلێکدا. هەمووی ڕێک خرابوو، هەر هەمووشی بە نۆرە لەسەر شاخی هەندرێن واجباتی دەگرت. شاخی هەندرێن پانترین شاخی کوردستانە، بەسەر ڕەواندز و سەربازگەکەی ڕواندوزدا دەڕوانێ. لە بنارەکەیدا بە دیوی بەرزیوەدا چەند گوندێکی بچووکی لێیە وەک جنراوە، میراجیان، هەواڕەکۆن، بەرامبەری گوندی ماولیانە، لەولاشەوە دێی دەرگەڵە و لە سەرووبەوە گوندی سەلان لەگەڵ شاخی کاروخ لەیەک دەدا تەوە، کە بەسەر گوندی وەرتێدا زاڵە، وەرێ ئێستا بووە بە ناحیە.

ئە و پەلەی منی بەرکەوتم ملازم عەبدولڕەحمان سەرپەلمان بوو، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، خەڵکی ناسرییە یان دیوانییە بوو. پەلێکی تریش هەبوو عەریف یونس سەرپەلی بوو، خەڵکی هەولێر بوو. بەداخەوە لە مانگی پێنجی ساڵی 1966 لە شەڕی هەندرێن شەهید بوو. ئە و کاتە لیوای چواری سەربازیی عێراقی هێرشی هێنا بۆ سەر هەندرێن. شاخی هەندرێن بە شیوعییە کان سپێردرابوو و حیزبی شیوعی سەرپەرشتیی دەکرد. ئە و کاتەش بارەگای لقی کوردستانی حیزبی شیوعی دوور نەبوو لێی، لە دۆڵی شاور بوو لە دێی بەردانگە. ئە و هێزانەی حیزبی شیوعی کە لەوێ بوون، سەر بە هێزی باڵەک بوون و عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری ئامرهێزەکەی بوو، بە ماندووبوونی خۆی بووبوو بە ئامرهێز و لە شەڕیشدا چاوێکی لەدەست دابوو. ئەم ئەفسەرە عەرەبانەی لەوێ بوون: مقدم سعید مطر، غضبان سعد، ملازم خدر، ملازم ڕیاض، ملازم احسان، ملازم عبدالرحمان کە سەرپەلی من بوو، مقدم کمال نعمان کە لێپرسراوی هێزەکان بوو، هەروەها شەهید فاخری حەمەد ئاغای مێرگەسووری. مونیر عەسکەر مەسیحی بوو و خەڵکی عەینکاوە بوو، بەڵام ئەفسەر نەبوو.

هەروەک لە پێشەوە باسم کرد، ئە و پەلە ی منی تێدا بووم، ملازم عەبدولڕەحمان سەرپەلی بوو، عەریف ڕەفیق خەڵکی کۆیە بوو و جێگری سەرپەل بوو. ئەوانەی لە پەلەکە ی ئێمە پێکەوە بووین، خەڵکی سلێمانی عوسمان ئامەی بەرخەش وەفاتی کردووە و هەر شیوعی بوو، جارجار دیومە. حەسەنە بچکۆل بەنا بوو، بەداخەوە لە شەڕی کۆڕەک کە پێکەوە بووین، شەهید بوو. حەمەئەمین خەڵکی دەشتی هەولێر بوو، ئەویش لە کۆڕەک شەهید بوو. شێخ عەبدولڕەحمان خەڵکی دێی کانی ماران بوو لە بیتوێن، پێیان دەوت هاوڕێ کاسترۆ، ناوە حیزبییەکەی کاسترۆ بوو، پیاوێکی دڵسۆز بوو بۆ حیزب و ئازاش بوو، وەفاتی کرد، لەم ساڵانەی دواییدا جارجار ئەمبینی. لەتیف شاڵی خەڵکی کەرکووک بوو، ئێستا لای برایانی پارتییە و لە بەشی جیهاز ئیش دەکات، عەلی قادر خەڵکی کەرکووک بوو. خەڵکی تریش هەبوون، بە داوای لێبوردنەوە ناوەکانیانم بیر نەماوە.

لە چەند خاڵێکی گرنگی سەر شاخی هەندرێن واجباتمان پێ سپێردرابوو. ماوەی دوو هەفتە لەسەر شاخ دەبووین، دوایی دەیانگۆڕین، پەلێکی تر دەهاتە شوێنی ئێمە و ئێمەش دەهاتینە خوارەوە. بارەگاکانمان لە چەند شوێنێک بوو. 1- لە میراجییان لە جەنیراوە لە بناری هەندرێن لەسەر ئاوی دەنگارە. لە هاویندا بارەگاکانمان دەبردە ناو قەدی هەندرێن. دۆڵێکی لێبوو و ئاوێکی هەتا بڵێیت ناسازگاری هەبوو، پێیان دەوت کانی گیز. زۆر ناخۆش بوو، مێشولەشی زۆر بوو. واجباتەکانمان لەم جێگایانەدا بوو. ئەشکەوتی شەهیدان لە دامێنی شاخی

هەندرێن دەڕوانێت بەسەر دێی جندیان و بێشوکدا، نزیک سەربازگەی ڕواندز. 2- قەڵاگە لە ناوەڕاستی شاخی هەندرێن بوو، لەوێ چادرمان هەڵدابوو. لە قەڵاگە هەندێک پێشمەرگەی کاولوک و ڕواندزی شارەزا هەبوون، بە ئێستر دەچوون لەسەر شاخی هەندرێن باڕێک بەفریان دەهێنا، لەسەر تەنەکە دامان دەنا، دەتکایەوە ناو تەنەکە وە کە لە ژێرەوەی دامان نابوو، ئیتر ئەوە ئیشی ڕۆژانەمان بوو. کە لەسەر شاخ بووینایە زەردەزیرە تێی دەدا، ئەگەر ئاوت بخواردایەتەوە، دەبوو زۆر هۆشیار بێت، زەردەزیرەکە کە بۆ ئاو دەهات، بە دەمتەوە نەدات.

ئەوانەی کە لە پەلە کەمان شارەزا بوون، یادیان بەخێر بێ ئەگەر مابن، بەهێز بوون و شارەزا بوون: 1- سەعید شێخۆ خەڵکی ڕواندز بوو، چەند برایەکیشی هەر پێشمەرگەی حیزب بوون لەگەڵمان. 2- عەلی هەینی خەڵکی کاولوک بوو، برایەکیشی لەگەڵمان بوو.

لە ئەشکەوتی شەهیدانیش واجباتم گرتووە، هەردووکیانم بینیووە. سەرکەوتن بۆ سەر شاخی هەندرێن ناخۆش بوو، دوور بوو. ئەگەر لە ئەشکەوتی شەهیدان واجباتمان بگرتایە، ئەوە بە وڵاخ دەهاتینە لای میراجیان و بە تەنەکە و شەڵتە ئاومان سەردەخست. خەفەری ئاو و خواردن حازرکردن هەبوو. من خۆم هەردووکیانم بەرکەوتووە. هەر کات خەفەری ئاو بوومایە، کێشەم هەبوو، کێشەکەشم بارکردن و بەستنی بوو، کە ئێستاش هەر فێر نەبووم، بەتایبەت ئەگەر بە تەنها بووینایە، زەحمەت بوو. برادەرەکانی کاولوک و ڕواندز ماشاڵڵا یان لێبێت بەتایبەت سەعید شێخۆ دەچووە سەر هەندرێن بارەبەفری دەهێنا. هەر لە کێشی ئەودا بوو، عەلی هەینی و برادەرەکانی تریش هەروا بوون.

من تازە چووبووم بۆ پێشمەرگایەتی. لە پێش ئێمەشدا کە هێزەکانی تر لەوێ بوون، چەند هاوڕێیەک لە شەڕ لەگەڵ حکومەتدا شەهید بووبوون، وەک شەهید قاسم، برای ڕەئیس لەتیف بوو. پێشتریش لە سلێمانی یەکترمان دەناسی، خەڵکی گەڕەکێک بووین و هاتوچۆشمان هەبوو لەگەڵیان. قەبرەکەی لە دێی میراجیانە. یەکێکی تر بە ناوی جەلال حاجی ئەحمەد خەڵکی شاری کەرکووک بوو. لەسەر ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی ناو هێزەکانی لق و پەل، شیوعییە کان زۆر باش و ڕێکوپێکن.

لە و سەردەمەدا لە مانگی هەشتی 1965دا لەگەڵ فاخری حەمەدئاغا کە بەرپرسی هێزەکان بوو، لەگەڵ هەندێک لە پێشمەرگەکان چووین بۆ دۆڵی ئالانە لە بناری شاخی کۆڕەک تاکو گوندی شەرکان جولەمێرگ، بە شە و ڕۆیشتین. ئە و کاتە سەربازگەی سەربازی لە خەلیفان هەبوو. ئەم دوو دێیەی باسم کرد، زۆر نزیکی خەلیفان بوون. دیارە من پێشمەرگەیەکی سادە بووم. نەمدەزانی ئەم سەردان و چوونە بۆ ئەوێ بۆ چییە. دواتر دەرکەوت ئەم جەولەیە بۆ شەڕی کۆڕەک بووە. هەر لە و دەمەدا پاش جەولەکەمان بۆ لای خەلیفان لەسەر شاخی هەندرێن واجباتمان هەبوو. لەسەر ڕێگە وتیان بارزانی دێت، وەک ئێستا لە بیرمە، سەرم بە گوێزان سفر کردبوو و جامانەیەکی سوورم بەستبوو. پاش ماوەیەک دەرکەوتن و خوالێخۆشبوو حەمەدئاغای مێرگەسووری باوکی فاخر لە پێشییەوە دەڕۆیشت. وتیان خاڵۆزایەتی یان خاڵیەتی. گەیشتنە لامان، بە حوکمی شەهید فاخر حەمەدئاغام دەناسی، پاش چاکوچۆنی لەگەڵ بارزانی تەوقەم کرد، هەر زۆرم پێخۆش بوو، چونکی لەوەتەی چاومان کردووەتەوە ناوی بارزانی دەبیستین. وا ئێستا دەست دەخەمە دەستیەوە، بەلامەوە خۆش بوو.

دیار بوو بەڕێزی بۆ گرتنی شاخی کۆڕەک هاتبوو. هەر لە مانگی هەشتەوە هێزەکانمان بەرە و دۆڵی ئاکۆیان بەڕێ کەوتین و ئەوەندەی پێویست بوو، لە شاخی هەندرێن هێشتیانەوە. ئە و هێزانەی بەشداریی شەڕەکەیان کرد، لقێکی عزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە و مەلا ئەمین بارزانی بوو، خۆشیان بارەگایان لەوێ بوو. من خۆم

یەکەمجارم بوو بەشداریی شەڕ بکەم. دیارە بەرپرسان بەرنامەی شەڕەکەیان داناوە و هەر پەلە جێگەیەکی پێسپێردرابوو. سەرکەوتین بەرە و شاخی کۆڕەک. ئەگەر شاخی کۆڕەک بگیرێ، زاڵ دەبێت بەسەر گەلی عەلی بەگ دا و دیوێکی دەڕوانێ بە سەر هەموو دۆڵی ئالانە و خەلیفان و لایەکی تریش ڕواندز.

شەڕی کوڕەک لە ساڵی 1965

هەر کە سەرکەوتین، پەلاماری ڕەبیەی یەکەممان دا و پاش ماوەیەک گیرا. من برادرێکم لاوە بوو، لێم پرسی تەقە لە کوێ بکەم؟ یەکەم شەڕە بەشداریی دەکەم لە ژیانمدا. تفەنگێکی هۆڵەندیم پێبوو، وایان پێدەوت، فیشەکی ئینگلیزیی دەخوارد. لە و شەڕەدا ملازم ڕیاز بریندار بوو، یەکەم شە و من یەکێک بووم لە و پێشمەرگانەی کە هەڵمانگرت و بە کۆڵ هێنامانە خوارەوە بۆ دارەهیشک، کە بارەگای پشتەوەمان بوو. ملازم ڕیاز خۆی شاهیدە، ئێستا لە دانیمارک یان لە سوید دەژی. لە ژێرەوە فانیلەیەکی عەلاگەی سپیم لەبەردا بوو. لە دوای ماوەیەکی زۆر فڕێم دا، تا ئە و کاتەش هەر خوێنی پێوە بوو، چونکی بە ئاوی گەرم شتبووم. خوێن بە ئاوی گەرم دەیبوێرێ، ئە و کاتە نەمدەزانی بە ئاوی سارد پاک دەبێتەوە.

ئەم شەڕە ماوەی دوو هەفتە زیاتری خایاند. ئە و جێگەیانەی نەگیرابوون، لەگەڵ سەربازەکان بەرامبەری یەک وەستا بووین. لە و شەڕەدا دوو برای مەلا ئەمین بارزانی شەهید بوون، یەکێکیان ناوی تاهیر بوو. شەڕ درێژەی کێشا، ئێمەش نەکشابووینەوە. وتیان هێزی ترمان بۆ دەنێرن. هێزێک هات و وتیان جەماعەتی مەکتەبی سیاسین، کە چوون بۆ هەمەدان، لەگەڵ پارتی ڕێک کەوتوون و گەڕاونەتەوە. ڕەئیس کەمال موفتی بەرپرسی یەکەمیان بوو. پێکەوە بەرنامەمان بۆ هێرشی دووەم دانا. بڕوا بکەن ئەوەندە نزیک بووین لە یەکەوە، گوێمان لە دەنگی یەکتر دەبوو. تۆپبارانی حکومەتیش بەردەوام بوو. بە شە و زۆر سارد بوو، بە ڕۆژیش مانگی ئاب بوو و زۆر گەرم بوو. ئەم کەسانە لەگەڵ ئە و هێزەدا بوون: کەمال مەولوود، عەریف حەسەن خەڵکی هەرتەڵ بوو، شەوی هێرشەکە شەهید بوو، زۆر پیاوێکی بەهەڵمەت و ئازا بوو، ئیبراهیم سەعەکەڕ دەنگی خۆش بوو و بە عەرەبی گۆرانیی بۆ سەربازەکان دەوت. هەروەک وتم، نزیک بووین لە یەکەوە، بە دەم ڕەبابەی بۆ لێدەدان. جارجارەش قسەی خۆشی بۆ دەکردن. ئەوانیش بە تەقە وەڵامیان دەدانەوە. لە و ماوەیەدا هێرشی دووەممان کردە سەریان. دوو هەفتەی خایاند و هەموو شاخی کۆڕەکمان گرت. تەنها یەک ڕەبیە مابووەوە، کە شوێنێکی قوت بوو و پێیان دەوت کەپکەقەل، ئەوەندە قوت بوو، بە ڕاستی مەگەر هەر قەل لەسەری هەڵنیشتایە. ئەگەر ئەوێمان بگرتایە، ئیتر هەموو شاخی کۆڕەک دەگیرا و بەسەر ناوچەکە و گەلی عەلی بەگدا زاڵ دەبووین. جادەی هاملتۆنمان کۆنترۆڵ دەکرد کە لە حاجی هۆمەرانەوە دێتە ڕواندز و بە گەلی عەلی بەگدا تێپەڕ دەکات.

ڕەبیەی کەپکەقەل نەگیرا. لە و ماوەیەشدا حکومەت هێزی زۆری هێنا. لە ئاخر شەودا وتیان سەعید حەمۆکە ئەفسەرێکی بەناوبانگی سوپای عێراق بوو و فەرماندەی لیوا بوو، هاتووە. لە کاتی هێرشی ئێمە بۆ کەپکەقەل تۆپبارانێکی زۆر خەست و چڕیان کردین. هەموو ئە و جێگەیانەی ئێمەی لێبووین، پێکای. هێزەکانی ئێمەش و ئەوەشی هاتبوو، شپرزە بووین و شکاین، چونکی شەهیدێکی زۆرمان هەبوو، نزیکەی بیست پێشمەرگە لە هەردوو لامان شەهید بوون. لام وابێت هی تریش شەهید بوون، من لە شیوعییە کان ناوی چەند هاوڕێیەکم لەبیرە، کە هەر لە پەلەکەی ئێمە بوون. حەمەئەمین خەڵکی هەولێر بوو. عەبدوڵلا بچکۆل هەر خەڵکی هەولێر بوو. وەستا حەسەن بەنا خەڵکی سلێمانی بوو. هەندێک لە و برادەرانە بە چەند پارچەیەک دۆزیمانەنەوە، بەتایبەت وەستا حەسەن لەلای برادەرانی م.س، عەریف حەسەن شەهید بوو. لە کۆتایی شەڕەکە هێزەکانمان لێدانێکی یەکجار کوشندەی بەرکەوت و لەگەڵ هێزەکەی تر بڕیاری کشانەوەیان دا. هاتینەوە بۆ گوندی فەقێیان و دۆڵی ئاکۆیان، بارەگای هەموو هێزەکان لەوێ بوون. تفەنگەکەی عەبدوڵلا بچکۆلیان دا بە من،

وەسەتێکی جوان بوو، لەبەر ئەوەی وریا بووم. کاتی خۆی ئە و چەکانەی کە حیزبی شیوعی لە شۆڕشی وەرگرتبوو، وەک باسیان دەکرد 30 تفەنگی برنە و بووە، تەنها سێ تفەنگی وەسەتی تێدا بوو، یەکێکیان درا بە من. یەکێکیان لای ڕەئیس کەمال نەعمان بوو. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نەبوو بە و هەموو هێزە زۆرەوە ئەوەندە شەهیدمان هەبوو و لە پاش تێکشکانیش بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان لە ئاکۆیان. برادەرانی کاک عزەت سلێمان بەگ گەڕانەوە بۆ دەرگەڵە. کاک زراری برای و هێزەکەیان لەوێ بوون. هێزەکانی مەلا ئەمین هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە، چونکی واجباتیان هەر لەوێ بوو. بەداخەوە دوو برای شەهید بوو.

ئەمە یەکەم شەڕ بوو بەشداریم تێدا کرد، تەمەنم هەژدە ساڵ بوو. لەڕاستیدا دەبێت بڵێم لە شەڕی کۆڕەکدا پێویستمان بە هێزی تر بوو، لەبەر ئەوەی هیلاک بووین، وتیان ئەمە هێزی عەشایەرە، وتیان گۆرانن. عەشرەتێک هەیە بە و ناوەوە و لە و سنوورە بوون، ئەوانیش شەهیدیان دا. تێکشکانمان خەسارەتێکی گەورە بوو. ئەگەرچی لە ڕۆژانی یەکەمدا زۆر باش چووینە پێشەوە، بەڵام سەنگەری حکومەت لە کەپکەقەل بەرنامەکەی تێک دا، دۆخی جەبهەکەی گۆڕی و بە کشانەوەی ئێمە تەواو بوو.

پاش گەڕانەوەمان بۆ شاخی هەندرێن زستان هات و بەهار هاتە پێشەوە. وەک لە پێشەوە باسم کردبوو، واجباتەکانمان لەسەر شاخی هەندرێن بوو لە ئەشکەوتی شەهیدان و قەڵاگەی ناوەڕاستی هەندرێن. هێزەکانمان نیوەی لە دێهاتەکانی میراجیان، جەنراوە، بەرسرین و هەواڕەکۆن بوون. بارەگای سەرەکیی هێزی حیزب لە گوندی بەرسرین بوو. ئە وکاتە لیوای چوار لە حامیەی ڕواندز بوو. لە بەرەبەیانی (1966/5/1) هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر شاخی هەندرێن و زۆریان داگیر کرد. ئەگەرچی وردەشەڕمان لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئەوان هەر لە پێشڕەو یدا بوون. ئە و ڕۆژە پەلەکەی ئێمە لە خوارەوە بووین لە بارەگای پشتەوە. کە ئەمەمان زانی، هەموو هێزەکانمان سەرکەوتین بۆ لای برادەران، کە لەسەر شاخی لە هەندرێن بوون. هەر پەلە و جێگەی بۆ دیاری کرا. لە ماوەی دە ڕۆژدا سوپای عێراق زۆربەی هەرە زۆری شاخی هەندرێنی داگیر کرد. بەڵام بەرەنگاری هەر بەردەوام بوو. مانگی پێنج بوو، باران هەر مابوو. بۆ نەگبەتی ئە و چەند ڕۆژەش بۆ هەر باران دەباری. ئێمەش لەبەر سەرما و باران بووین، سەرەوەی شاخی هەندرێن بەفری زۆری پێوە بوو، ساڵ لە دوای ساڵ بەفر بەسەریەکدا دەباڕێ و دەمێنێتەوە.

شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای عێراق

سەرکردایەتیی سەربازیی ئە وکاتە نەخشەی بۆ دانرا. ئە وکاتە من ڕابەری سیاسیی پەلەکەی خۆمان بووم. سەرکردایەتیی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی لە دەرگەڵە بوون. وەک لەبیرم بێت، ئەم کەسانە بوون: مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی، ئەبووحیکمەت، عادل سەلیم و هەندێک کەسی تریش. مامۆستا بەهادین نووری و مامۆستا کەریم ئەحمەد لەوێ بوون. هێزەکانی پێشمەرگەش فاخر حەمەدئاغای مێرگەسووری و ڕەئیس کەمال نەعمان کە ئەفسەرێکی عەرەب بوو، منیر عەسکەر مامۆستا بوو و خەڵکی عەینکاوە بوو، ملازم خدر لەسەر تۆپەکان بوو، ئێستاش هەر ماوە و لە هەولێرە. ئەفسەرەکان ملازم عەبدوڵڕەحمان و ملازم ئیحسان بوون. ڕەنگە ناوی تریشم لەبیر چووبێ. لەگەڵ ئەم هێزەی ئێمەش بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای. بەڕاستی ئەوەی بیرم بێت، لەسەر شاخ و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەم هێزانەم بینی. ئێمە لەسەری هەندرێن بووین، لەبەر سەرما چووبووینە ئەشکەوتێک پێیان دەوت ئەشکەوتی گامۆر، دووکەڵی ئاگر خەریک بوو کوێری دەکردین. سەرما و باران تاکو ڕۆژی (1966/5/12) بەردەوام بوو. لە بەرنامەی هێرشکردنەکەدا دەستەدەستە جیا کراینەوە بۆ هێرش بۆ سەر سوپاکەی عێراق. لەلای خۆمانەوە بە تۆپی 81 ملم و 82 ملم بە سەرپەرشتیی ملازم خدر کەمال نەعمان لە دوای نیوەڕۆوە دەست کرا بە تۆپبارانی سەنگەرەکانی سوپای عێراق.

لە کۆسپی سپی لەولای بەرزێوەوە تۆپخانە هەبوو، لەسەر جادەی هاملتۆن لە پێچەکەی کە لادەداتەوە بەرە و بەرسرین، چەند تۆپێکی 125 ملمی لێبوو. ئامرهێزی باڵەک عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری و خوالێخۆشبوو فرا نسۆ هەریری لەوێ بوون، هەروەها ئیدارەی هێزی باڵەک عەبدولڕەزاق بێتوشی خەڵکی کۆیە بوو. بە و حسابەی شەڕەکە لە سنووری هێزی باڵەکدایە بە سەرکردایەتیی شۆڕشی خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی، ئەوانیش دوور و نزیک سەرپەرشتیی هێزەکانیان دەکرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرش دژی حیزبی شیوعی هەندێک پڕوپاگەندەیان بڵاو کردەوە. شیوعییە کان هەندرێنیان فرۆشت و خیانەتیان کرد، ئەمە ڕۆژانی پێش هێرشی ئێمە تاکو 5/12 بوو، چەند ڕۆژێ ئەم قسانە کرا، بەڵام ئێوارەی هێرشی ئێمە هەموو ئە و پڕوپاگەندانە بەتاڵ بوونەوە و قسەی ناحەزان پوچەڵ کرایەوە.

دەوری سەعات 3:30ی پاشنیوەڕۆ هێرشی ئێمە دەستی پێکرد. هەر هێزەش جێگەی بۆ دەستنیشان کرابوو. من خۆم بۆ دەستەی هێرشبردن نووسی و شەڕ دەستی پێکرد. هەر لە یەکەم هێرشمان بۆ سەر سەنگەرەکانی سوپا سەرکەوتوو بووین، چونکە ئە و هاوەنانەی کە هەمان بوو، پێش هێرشەکە بە سەرپەرشتیی ڕەئیس کەمال نەعمان و ملازم خدر جێگەکانی خۆیان زۆر باش پێکا. کاک فاخر مێرگەسووری و هەموو پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکانی دەرگەڵەییەکان بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای دەورێکی یەکجار مەردانەیان نواند. لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ئە و هێزە گەورەیەی لیوای چوار شکا و هەڵاتنی سەربازەکان دەستی پێکرد. ڕەبیە بە ڕەبیە دەگیرا و ئێمەش دەچووینە پێشەوە، بە دواوەیان بووین. من خۆم لە ناوەڕاستی شاخی هەندرێن لە هێرشبردندا بریندار بووم، گوللەیەک بەر سەرم لای گوێچکەم کەوت، ئیتر کەوتم و خوێن لە لووت و دەموچاوم دەهات. ئێستاش ئە و گوێچکەیەم هیچی پێنابیستم؛ لە جێگەیەکی تردا دێمەوە سەر ئەم باسە. سەفەری بەغدا و ئێران کرد و عەمەلیاتم کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەمەش خۆی چیرۆکێکە لە ژیانی مرۆڤدا.

لە و شەڕ و هێرشە مەردانەیەدا سێ کەسمان لێ شەهید بوو 1- عەریف یونس کە سەرلق بوو، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو. 2- سالح مام ئەلیاس، خەڵکی ڕواندز بوو، باوکیشی هەر پێشمەرگەیەکی ئازا بوو. لەگەڵ عەریف یونس سەرپەل بوو. 3 خدری عەبدوڵلا بەگی دەرگەڵەیی کە لەگەڵ هێزەکەی کاک عیزەت و دەرگەڵەییەکاندا بوو.

ئەوەندەی لەبیرم بێت ئەم کەسانەش بریندار بوون: 1- مستەفا چاوڕەش. 2- ڕەئوف ئەڵاکەرەمی هەڵەبجەیی 3- حەسەن خەڵکی سلێمانی بوو، تۆزێک ئەشەلی 4- عومەر قەرەچەتانی 5- ئیسماعیل نەسروڵلا 6- زراری سلێمان بەگ 7- سەعید خەڵکی ڕەواندز بوو. من لە تەنیشت شەهید سالح مام ئەلیاسەوە بریندار بووم. ئیتر ئیمان و بڕوامان ئەوەندە بەهێز بوو بە حیزب و چینی کرێکار، لە و کاتەی خوێن لە دەموچاوم و سەرم دەهات، وامدەزانی ئەمرم، چونکی گوللە لە سەری ئینسان بدات و نەزیف هەبێ، ئەگەری مانەوەی لە ژیاندا کەمە. هوتافم دەکێشا بە ژیانی حیزبی شیوعی و چینی کرێکار. کورێکی هاورێم لەگەڵمان بوو و ناوی بەکرەڕەش بوو، خەڵکی کەرکووک بوو، لە و کاتەی من هاوارم دەکرد بژی حیزب و چینی کرێکار، وتی هەتیو فڵقەفڵقی چیتە؟ کەی کاتی ئەوەیە؟ تۆ خەریکی دەمریت. ئیتر ئاگام لە شەڕەکە نەما. دنیاش بەرە و تاریکی دەڕوات.

شاخی هەندرێن زۆر گەورە بوو. لە و شوێنەی بەجێیان هێشتبوو، چادرێکمان بینی، وتیان ئەم چادرە هی ئامرلیواکەیە و ڕای کردو وە، لەوە دەچوو وابێت، لە هی سەرباز نەدەچوو. هەموو پێویستییەکی تێدا بوو، بۆ نموونە لێفەی تێدا بوو بە بەرگەوە، کە لە سەربازی هەر بەتانی هەیە. من بە لێفەکەی ئامرلیواکە دایانپۆشیم، کە گەورە بوو و دوو کەسی بوو. ئە و شەوە بەبێ دەرمانکردن مامەوە، بەڵام هاورێکانم بریندەکەیان توند بۆ بەستم بۆ ئەوەی خوێنی زیاترم لێ نەڕوات. ڕێگەش ئەوەندە دوور بوو، هی ئەوە نەبوو بە کۆڵ هەڵمگرن. بە و شەوە هەر نەدەکرا. بەیانی تۆزێک بە کۆڵ هەڵیانگرتم و وڵاخیان بۆ پەیدا کردم، سواریان کردم بۆ خوارەوە بۆ

بارەگاکانی پشتەوە لەسەر جادەی هاملتۆن. لەوێشەوە سواری سەیارەیان کردم بۆ خەستەخانەی شۆڕش لە ناوپردان، کە خانویەکی گڵ بوو و دوو ژوور بوو، نزیک جادەکە بوو لەمبەرەوە. دکتۆرێکی عەرەبی لێبوو و بە ناوی دکتۆر حەسەن، لێپرسراوی خەستەخانەکە بوو، خۆشی شیوعی بوو. ئەنجا بێمەوە سەر دۆخی تەندروستیی خۆم. لەبەر ئەوەی خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتبوو، چووبووە ناو گوێچکەمەوە و خوێنەکە وشک بووبووەوە. تا گەیشتمە ناوپردان، بیست و چوار سەعاتی خایاند. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو دەمم نەدەکرایەوە؛ دیار بوو گوللەکەی کە بەرم کەوتووە، دەماری مفسەلی لای گوێچکەمی گرتووە، ئەمەش شتێکی زۆر زەحمەت بوو. بێجگە لە ئازار و برینداری ئەمەشی هاتە سەر. دەمم نەدەکرایەوە خواردنی پێبخۆم، لە کاتی قسەکردندا دەمم دەیگرت، پسکیتم دەکردە چاوە و بە پەنجە ئەمخستە دەممەوە، پاش دوو ڕۆژ لە خەستەخانەی شۆڕش لە ناوپردان تۆزێک کرایەوە.

داستانی شەڕی هەندرێن

شەڕە گەورەکەی هەندرێن بووە داستانێکی بێوێنە لە ژیانی شۆڕشی ئەیلوولدا و دەیان هۆنراوە و پەخشانی بەسەردا هەڵدرا. بەڕاستیش هەق خۆیەتی، لەبەر ئەوەی گۆڕانێکی بەرچاوی هێنایە کایەوە. لە و شەڕەدا دەیان پارچە چەکی قورس گیران لە تۆپ و جۆرەکانی جیهازی زۆر پێویست، کە بۆ کاری سەربازی بەکار دەهێنرێ. بێجگە لە سەدان پارچە چەکی سووک و کۆژرانی سەربازێکی زۆر لە مەیدانی شەڕەکەدا. لەبەر ئەوەی من لەوێ نەبووم و لە خەستەخانە بووم، لە هەموو جێگەیەکەوە لە سنووری باڵەکایەتی و ڕواندز خەڵکی دەچوون بۆ تەماشاکردنی شاخی هەندرێن. هەندێک کەسیش چووبوون شتە بەجێماوەکان ببەن بۆ خۆیان. خەڵکی دێهاتەکانیش هەق خۆیان بوو.

ناردنم بۆ ئێران بۆ چارەسەر

پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە خەستەخانەی ناوپردان مامەوە، ناردمیان بۆ خەستەخانەی خانێ لە ئێران. چەند ڕۆژێکیش لە خانێ مامەوە. دوایی ناردمیان بۆ تاران. لە بیرمە کە ڕەوانەیان کردین بۆ تاران، سێ پێشمەرگە بووین، ئە و کاتەش کارمەندێکی دەوڵەتیان لەگەڵ دەناردین لە هێنان و بردن، دیار بوو ساواک بوو. 1- من خۆم 2- کوڕێک ئاشووری بە ناوی ستێفان، ئەڵغام لە دەستیدا تەقیبووەوە. پەنجەکانی پەڕیبوون و چاوی ئەزیەت دابوو، بە زەحمەت دەیبینی. 3- کەسێکی تر بە ناوی سەعید خەڵکی لای دهۆک بوو، ئەویش ئەڵغامی پێدا تەقیبووەوە و مێشکی تێک دابوو. چووینە شاری مەهاباد، یەکەمجار بوو ئەوێ ببینم. لە کەبابخانەیەک نانمان خوارد، دوایی چووین بۆ مەراغە. ئێوارە سواری شەمەندەفەریان کردین، چوار کەس بووین، کارمەندێکی دەوڵەت و ئێمەش سێ پشمەرگە، کەسێکی تریشمان لەگەڵدا بوو، لەوە دەچوو بارزانی بێت. شەوەکەی لە ناو شەمەندەفەرەکەدا بووین، ڕۆژ بووەوە و گەیشتینە تاران. لە وێستگەی شەمەندەفەر دابەزین. لە ژیانمدا شاری وا گەورە و جوانم نەدیبوو؛ لە شاخەوە بۆ تاران. ئیتر دەستیان گرتین و لە شەقامەکە پەڕینەوە. جلی خاکی و کوردیمان لەبەردا بوو. خەڵکی تەماشایان دەکردین. من کەڕ بووم و دەمم نەدەکرایەوە. سەعید ئەقڵی نوقسان بووبوو. ستێفان کوێر بووبوو. بە ڕاستی کە خەڵک سەیری دەکردین، بەزەییم بە خۆماندا هاتەوە، وتم ئێستا خەڵکی کە ئەمانبینن، ئاخۆ بە چیمان تێبگەن؟ ئە و کاتە سەردەمی شا بوو، کارمەندەکەی ساواک بردینی بۆ جێگەیەک، کە لەوە دەچوو جێگەی حەوانەوە بێت و تایبەت بێت بە پێشمەرگە و بریندار، لە سەڵتەنەت ئاباد بوو. لەبەر ئەوەی من برینەکەم چاک بوو، پێویستی نەکرد لە خەستەخانە بمخەن. ڕۆژانە دەیانبردم بۆ لای دکتۆر. ئەوەی پەیوەندیی بە برینەکەمەوە هەبوو، دکتۆرەکان وتیان ئەم حاڵەی ئەم بە تێپەڕینی کات چارەسەر دەبێت، دەمی چاک دەبێتەوە و دەکرێتەوە. گرژی و خوێن گرتوویەتی. ماوەی دوانزە ڕۆژێک لە تاران

بووم. ڕۆژێک کارمەندێکی دەوڵەت هات، لەبەر ئەوەی دەیان گەڕاندمەوە، بردیانینە دەرەوە بۆ بازاڕ و دوایی گەڕاینەوە بۆ سەڵتەنەت ئاباد. بۆ ڕۆژی دوایی گێڕانیانینەوە بۆ کوردستان. ئیتر کە چوومەوە بۆ لای هاوڕێکان، لە قسەکردندا دەمم دەیگرت. هەر کەسێک قسەی لەگەڵ بکردمایە، هەستی پێدەکرد. هەر لە و ماوەیەدا بە حوکمی گەورەیی شەڕی هەندرێن شۆڕش و حکومەت سووکەگفتوگۆیەکیان کرد بە ناوی ڕێککەوتنی حوزەیران. گفتوگۆکەش لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیر کرا. شەڕی هەندرێن وای کرد حکومەتی بەزاز بکەوێتە گفتوگۆ.

ڕێککەوتنی عەبدولڕەحمان بەزاز

لەبەر دۆخی خۆم و دەمم سەردانی بارەگای بارزانیم کرد لە حاجی هۆمەران، لەوبەرەوە بوون لە کوێستانەکان. بارەگای بارزانی لەژێر چادردا بوو. نامەیەکیان دامێ بۆ دکتۆر غانم عەقراوی لە خەستەخانەی شەعیبی بەغدا، دۆستی شۆڕش بوو. بە منیان وت نامەی بارزانییە، لام زۆر گرنگ بوو، ڕەنگە نامەکە یان کاک ئیدریس یان کاک مەسعود نووسیبێتیان. نامەکەم وەرگرت و هاتمەوە بارەگاکانی خۆمان لە بەرسرین.

ئامرهێزی باڵەک عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری بە دەستوخەتی خۆی بەرگەیەکی بۆ کردم بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەغدا و لە بازگەکان دەست نەهێننە ڕێگەم. کوڕێک سەیارەیەکی مارسیدسی پێبوو و ناوی نامیق بوو، هەولێری بوو، وابزانم شیوعیش بوو. برادەران دەیانناسی. لەگەڵ نامیق سواری سەیارە بووم بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ بەغدا. گەیشتمە بەغدا، هەندێک ماڵی خزمم هەبوو لەوێ. چوومە ماڵی کاک جەبار کوڕی پووری دایکم. ڕۆژی دوایی چووم بۆ خەستەخانەی شەعب لای دکتۆر غانم عەقراوی. نامەکەم دایە دەستی و زۆرزۆر ڕێزی گرت. وتی بەسەرچاو، دەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ عەمەلیات. بۆ ڕۆژی دوایی چوومە وە بۆ خەستەخانەی شەعب، دیار بوو خۆی ڕێکی خستبوو، بردمیانە ژووری نەشتەرگەری عەمەلیات و پاڵیان خستم. ئەوەندەم ئاگا لێبوو دەرزییەکیان لێدام و شتێکیان خستە دەممەوە، قاڵبێک بوو بە قەدەر دەمم دەبوو، وەک جەکی سەیارە وابوو. پاش ماوەیەک کە هۆشم هاتەوە و چاوم کردەوە، هەندێک لە خزمەکانم کە ماڵیان لە بەغدا بوو، هەروەها شەهید عەلی بۆسکانیم بینی. لەگەڵ کاک عەلی هەم تێکەڵاوی خێزانیمان هەیە و هەم شیوعی بوو. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی نامەرد و قازانجپەرست بە دەستی غەدر شەهیدیان کرد. قەت غەدری وا گەورەم لەبیر ناچێت. ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵی کاک جەباری پوورزام و چەند ڕۆژێک لەوێ پشووم دا. پاش نەشتەرگەرییەکە دەمم فەرقی کردبوو. لەبەر ئەوەی بە زۆر کردبوویانەوە، وەک خۆی لێهاتەوە، بەڵام کەمێک لە جاران باشتر بوو و فەرقێکی کردبوو.

گەڕانەوەم بۆ لای هاوڕێیان

ئەگەرچی خزمەکانم زۆریان لێکردم جارێ نەڕۆمەوە، بەڵام من بڕیارم دا بگەڕێمەوە. دیارە کە من هاتم بۆ بەغدا، سووکەڕێککەوتنێک هەبوو، ماوەکەی کورت بوو. هەر بە و خەیاڵە گەڕامەوە، بە و بەرگەیەی کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری بۆ ئاسانکردنی ڕێگە بۆ نوسیبووم. لە گەڕانەوەمدا لە سەیارەکەدا لە خالس ڕایانگرتین، وەک پیشەی هەمیشەیی بازگەکانی عێراق داوای ناسنامەیان کرد، منیش بەرگەکەم دەرهێنا، وتیان دابەزە. هەر بە دابەزینم سەربازەکان کەوتنە لێدانم و گرتیانم، سەیارەکەیان ئیزن دا و منیان گلدایەوە، پاشان لەگەڵ چەند سەربازێک بردیانم بۆ سەربازگەی سەعد. پاشان نووسراویان بۆ کردم بۆ دایەرەی ئەمنی بەعقووبە. لە ژووری مدیر ئەمنی بەعقووبە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم. لەوێ نەموت پێشمەرگەم، وتم خوێندکارم، لە ماڵی خزمەکانم بووم لە بەغدا. لە گەڵاڵە نەخۆش کەوتووم و ئەم بەرگەیان داومەتێ بۆ لای

دکتۆر لە بەغدا، بۆ چارەسەر ڕۆشتووم بۆ ئەوێ. بریندەکەم دەمێک بوو سارێژ بووبوو. هەر کێشەی دەمنەکردنەوەم بوو، پێمەوە دیار نەبوو. مدیری ئەمن وتی کێ دەڵێت تۆ بریندار نیت؟ وتی پیاسە بکە بۆ ئەوەی بزانێت ئەشەلم یان لەم جۆرە شتانە، منیش چەند جارێ بە بەرچاویە وە هاتم و چووم. چونکی تەمەنیشم کەم بوو و لە پێشمەرگە نەدەچووم، ڕەوانەی تەوقیفی بەعقووبەیان کردم. چەند ڕۆژێ لەوێ بووم، پڕبوو لە خەڵکی کورد بۆ ئەوەی هەر کەسە و بۆ جێگەی خۆی ڕەوانەی بکەنەوە. دیارە منیش لە قسەکانمدا وتوومە خوێندکارم، کۆمەڵێک کوردی تێدا بوو و بەردەبوون. بیرم کردەوە تازە من دەگەڕێمەوە. لەوێ کوڕێکی تێدا بوو لە تەمەندا لە من گەورەتر بوو، وتیان شیوعییە و گیراوە، ناوی باقی بوو، خەڵکی خانەقین بوو. منیش خۆم پێناساند. بەڕاستی زۆر یارمەتیی دام و ئە و چەند ڕۆژە جێگەی کردمەوە. دوایی بانگیان کردم و وتیان خۆت ئامادە بکە، ڕەوانەی کەرکووکت دەکەین تە سفیرات بە شەمەندەفەر. سێ پۆلیسیان لەگەڵ ناردم. کەلەپچەیان کردە دەستم و سواری شەمەندەفەر بووین. پۆلیسەکان کورد بوون، خەڵکی دەوری خانەقین یان شارەبان بوون. کە زانییان کوردم، لەناو شەمەندەفەرەکەدا کەلەپچەکەیان لەدەستێکم کردەوە، بەڵام بە دەستێکمەوە مابوو، کردیان بە شیشی کورسییەکەی بەردەمم، هەر پیاوەتی بوو، منیش لە و دەقیقەی کە گیراوم، بیر لە ڕاکردن دەکەمەوە و چۆن خۆم دەرباز بکەم و ڕزگارم بێ. لە هەندێک جێگە شەمەندەفەرەکە ڕادەوەستا. کە نەمویست ڕابکەم دوو هۆی هەبوو: 1- پۆلیسەکان پیاوەتییان لەگەڵ کردووم و کەلەپچەکەیان داکەندووە. 2- ئەگەر ڕاشم بکردایە، چونکی چۆڵەوانی بوو، دەگیرامەوە. ئیتر ماوە نەمایەوە، گەیشتینە کەرکووک. وتم لە ناو کەرکووک ڕادەکەم. سەعاتێکم لە دەستدا بوو، هەندێک زنجیر هەیە وەک ئیسپرینگ دەکشێت، بردمە لای ئانیشکم. وتم تاکی کەلەپچەکە دەکەم بە ژێریدا و قۆڵی کراسەکەم دادەدەمەوە بە سەریدا.

مانگی هەشت بوو، بەڵام شانسی من کە سواری پاسیان کردم، چووە ناو مەوقیفی کەرکووکەوە. لەوێ دایانگرتم و هیچ دەرەتانێک نەمایەوە بۆ هەڵاتن. ئیتر کردمیانە ژووڕەوە. ژووڕەوە پڕ بوو لە خەڵکی و زۆریان شیوعی بوون خەڵکی لای موسڵ بوون. منیش وەک ئەوەی شتێکی گەورەم دۆزیبێتەوە، خۆم پێناساندن. بردیانمە لای خۆیانەوە، زۆر حورمەتیان گرتم و هاوکارییان کردم. دوانیان ناوەکانیان دەزانم، پاش بەربوونیان هاتنە دەرەوە بۆ لای حیزبی شیوعی لە ناوچە ی گەڵاڵە. ناویان سوبحی و عامر بوو و لە شیوعییە کانی شاری موسڵ بوون. دوو شە و لەوێ مامەوە. بڕیار بوو ڕەوانەی سلێمانیمان بکەنەوە. نزیکەی 8 تا 10 کەس دەبووین. خستینیانە ناو سەیارەیەک، کە وەک قەفەز وابوو، پەنجەرەپەنجەرە بوو. بەرە و سلێمانی کەوتینە ڕێ. هێشتا هەر بیر لە ڕاکردن دەکەمەوە، هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەگەر لە سلێمانی دەفتەر و کونیە ی من هەڵبدەنەوە، دەزانن شیوعیم، دەورم هەبووە و ناوم هەیە. منیش لە ئیفادەکەمدا وتوومە خوێندکارم، ئێستاش لە سلێمانی دەمناسن و دەزانن یەکەم پێشمەرگەم. لە ڕابوردووشدا خەباتم دیار بووە و تووشی ئازاری زۆر دەبم یان زۆر دەگیرێم. هەندێک شت هەیە گێڕانەوەی وەک فیلم وایە. کاتێک لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی بە سەیارەی پۆلیس لە قەفەزەکەدا بە ڕێگەوە بووین، زاوایەکی پووری گەورەمان پووڕە حەلاو ماڵیان لە کەرکووک بوو، ئۆتۆمبێلی باری گەورەی پێبوو و لە نێوان کەرکووک و سلێمانیدا ئیشی دەکرد، ناوی حاجی کەریم بوو. ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە لە پێشەوە بوو، ئۆتۆمبێلەکەی ئەویش لە دواوە بوو و پوورزاکانمی تێدا بوو. نەوزاد و سیروانی کوڕی بوون. کە منیان بینی، ئەنجا زانرا گیراوم، چونکی تاکو ئەوەی گەڕابوومەوە لە بەغدا، وایانزانیوە دوای نەشتەرگەرییەکە گەیشتوومەتەوە لای هاوڕێیان لە گەڵاڵە. کە گەیشتبوونە سلێمانی، ئاگاداری کەسوکاریان کردبوو کە من گیراوم و بە و شێوەیە منیان بینیووە. منیش کە ئەوانم بینی، دەستم بۆ جوڵاندن، ئیشارەتم دانێ و زانییان.

گەیشتینە حەوشەی سەرای سلێمانی. ڕۆژی هەینی بوو و تەسلیمی پۆلیسی خەفەریان کردین. بەڵام لەبەر

ئەوەی هەینی بوو و دائیرە نەبوو، هەر لە حەوشەکەی بەر ژووری ئەفسەری ئیشگر ڕایانگرتین. نووسراویان کرد بۆ ئەوەی بمانبەن بۆ سجنی سەرەوە، تاکو ڕۆژی شەممە دائیرە دادەنرێ و بانگمان بکەن. ئەوانەی لەگەڵ من بوون، ڕەوانەیان کردن، هەر من مامەوە. وتیان تۆ سەربازی فیراری، دەتنێرین بۆ حامیەی سلێمانی. منیش وتم کاکە وانییە برۆن جوان تەماشای نووسراوەکان بکەن من خوێندکارم. ڕۆیشتن، پاش کەمێک هاتنەوە و وتیان ڕاستە. ڕاوەستە تاکو کتابەکەت بۆ چاک دەکەین. منیش هەر لە حەوشەی سەرای سلێمانیم، لەبەر ژووری ئەفسەری ئیشگر ڕاوەستام، بەڵام کەلەپچەکەم لە دەست کراوەتەوە. منداڵی سلێمانیم و کۆڵانەکانی سلێمانی هەمووی شارەزام. سێ پۆلیسیان هێنا ئاگایان لێم بێت، ئەفسەرەکە داوای ئاوی کرد، دوانیان مایەوە. لە وکاتەدا منداڵێکیان هێنا کە مار پێوەی دابوو.

وردەوردە هاتمە لای دەرگا گەورەکەی حەوشەی سەرا، بەرامبەر بەڕێز ڕەفیقی وێنەگر لەسەر شەقامی پیرەمێرد کە بەرامبەر حەمامەکە بوو. یەکسەر لە شەقامەکە پەڕیمەوە بۆ کۆڵانەکەی بەرامبەری و لە بەرچاو ون بووم، بە ڕاکردن خۆم کرد بە مزگەوتەکەدا بۆ دیوی شەقامی گۆرانی ئێستا. مزگەوتەکە دوو دەرگا بوو، خۆشم زۆر شارەزا بووم، یەکسەر دەچووە لای حەمامی سەرچناری ئێستا، کە ئێستا شەقامی گۆرانە، ئە و ساڵە تازە دروست دەکرا. شەقامەکە هەمووی هەڵکەندرابوو، ساڵی 1966 ڕێگە نەبوو سەیارەی پێدا بڕوات، ئاوەڕۆی گەورەیان تێدا دروست دەکرد. هەر بە ڕاکردن بەرە و ماڵەوە ڕۆیشتمەوە. ماڵی پوورە حەپسەم لەسەر جادەی گۆران بوو، لای سەرەوە ماڵی وەستا حەمەئەمینی بەنا، خۆم کرد بە ماڵەوەدا و وتم لە زیندان ڕام کردووە. وریای خۆتان بن و هەر ئەوەندە. ئیتر لەوێ دەرچووم بۆ جێگەیەکی ئەمینتر. حکومەت هاتبوون خاڵێکمیان گرتبوو بە ناوی عەباس دەروێش حسێن خەیات بوو، ماڵبەماڵی خزمەکان گەڕابوون و ئەوەی شکیان لێکردبێت، لەگەڵ خۆیان بردبوویان، بەڵام تازە من ڕزگارم بوو. لە ماڵی کەسێکی ناسیاومان بووم لە گەڕەکی حاجی حان، هەر لەوێشەوە جوابم نارد بۆ بۆ هاورێیانی حیزب، لە سلێمانی، کە شتێکی وابووە.

پاش دوو شە و مانەوە لە ڕێگەی حیزبەوە و لەگەڵ هاورێیەکی تر لە کارێزەوشکەوە و لای ئیسکان دەرچووینە دەرەوە بۆ دەرەوەی شار. ناوی مام قادر بوو، ئە وکاتە ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی بوو، ئەگەر زیاتر نەبووبێ. زۆر بەداخەوە ماوەی چەند مانگێک پێش ئێستا وەفاتی کرد، بەرە وگەڵاڵە و دەرگەڵە ملی ڕێگەمان گرت. ئەوە بۆ من خۆشترین سەرکەوتن بوو. هەندێک جار لە فیلمدا یان لە کتێبدا شتی وامان خوێندووەتەوە. بە ڕۆحیەتی بەرزەوە ڕزگارم بوو، خاڵم چەند ڕۆژێک زیندانی کرا و پاشان بەردرا. پاش چەند ڕۆژێک ڕێگە گەیشتمەوە لای هاورێیان و بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە.

ئینجا بێمەوە سەر نەشتەرگەری. دەمم وەک جارانی لێهاتەوە، تەنها تۆزێک فەرقی کردبوو. لای ڕاستم گوێچکەم هیچی نەدەبیست، کەڕ بووبووم و دەمم باش نەدەکرایەوە، کە قسەم دەکرد زمانم دەیگرت و پێمەوە دیار بوو. ئە وکاتەی من لە دەست پۆلیسەکان ڕام کرد، کەسێک عەریفی ئێشکگر بوو بە ناوی عەریف ئیبراهیم ئەولێ خەڵکی سلێمانی بوو و پیاوێکی باش بوو. لەسەر من نەقڵی ڕانیە یان کرد. بەداخەوە ئەوانیش لەسەر من لەگەڵ پۆلیسەکان تووشی دوورکەوتنەوە وگواستنەوە بوون، چاریش نییە، ئەمە ڕێگەی خەباتە، زۆرم پێناخۆش بوو.

من وەک جاران لە دەرەوە بووم. ڕۆژبەڕۆژ و مانگبەمانگ ساڵ دەچێتە پێشەوە، تفەنگم کردەوە شانم و لەگەڵ هاورێکان واجباتی خۆم دەست پێکردەوە. وا بوو بە ساڵی 1967. لە سلێمانی حیزب تووشی هەندێک کێشە بووبوو، هەڤاڵەکان داوایان کردبووم بۆ لای خۆیان. من ئاگام لە هیچ نەبوو، بەڕێز مامۆستا کەریم ئەحمەد و بەڕێز مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی بانگیان کردم بۆ دەرگەڵە. کە چووم، وتیان حیزب لە سلێمانی پێویستیان پێت

هەیە، کێشەیەک ڕووی داوە. ئەوەی ڕاستی بێت، خۆشم زۆرم پێخۆش بوو، لە شاخ ڕزگارم دەبێ و ئەگەڕێمەوە بۆ ناوشار بۆ لای هاوڕێیان، تەنانەت ئەگەر کاتییش بێ. ئە و هاوڕێیانەی داوایان کردبووم، هەموویانم دەناسی، لەوەپێش پێکەوە بووین. پاش ئە و بڕیارەی حیزب بە نهێنی گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پەیوەندیم کرد بە حیزبەوە و هەڤاڵەکانیشم بینی وەک 1- ئەکرەمی حەپسە 2- لەتیف حەمەمۆراد، ساڵی 1969 لە بەغدا لە قەسر ئەلنیهایە شەهید کرا. 3- مەلا ڕەئوف، ئێستا لە لەندەنە.

ئە و کاتەی هاتمەوە، لەگەڵ هاوڕێ شێخ عەلی کە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی ئێمە بوو، ئیشمان دەکرد. بەداخەوە وەفاتی کرد، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو، باوکی بەختیار عەلی، کە ئێستا بەختیار یەکێکە لە نووسەرە گەورەکان. ئە و کاتەی من هاتوچۆم دەکرد، بەختیار منداڵ بوو، وابزانم لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوو یان زیاتر. شێخ حامدی مامیشی هەر لەوێ پێکەوە بوون، بنەماڵەیەکی شیوعیی تێکۆشەر بوون. وابزانم دەوری مانگی هەشت بوو. ماوەیەک پێکەوە کارمان کرد و کارەکانی حیزبمان بێ دوودڵی ڕادەپەڕاند و جێبەجێمان دەکرد. ئێمەش گەنج بووین و دڵسۆز بووین بۆ حیزبەکەمان. هەر لە و سەردەمەدا و لە 1967/9/17 حیزبی شیوعی بوو بە دوو بەشەوە.

ئەوەی پێیان دەوت قیادەی مەرکەزی عەزیز ئەلحاج سەرکردایەتیی دەکرد، گوایە دژی حیزب بوو و لە خەتی شۆڕشگێڕی لایان داوە. ئەم باڵەی حیزبی شیوعی خۆی بە شۆڕشگێڕتر دەزانی و دەیوت سیاسەتی حیزب کە لایداوە بە لای ڕاست، قیادەی مەرکەزی ڕاستی دەکاتەوە. جیابوونەوەکەش زۆر گەورە بوو، سەرتاپای عێراق گرتەوە. دژی سیاسەتی سۆڤێت بوو، کە حیزبی شیوعیی دایک کلکیەتی و بە دوای ئەوەوەیە، قیادەی مەرکەزی دروست بوو، لە هەموو جێگەکانی عێراق دەرکەوت. ئێمەش ئە و هاوڕێیانەی کە ناوم هێنان، لەگەڵ قیادەی مەرکەزی کەوتین کە عەزیز ئەلحاج سەرکردایەتیی دەکات، هاوڕێ شێخ عەلی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر بەڕێوەیان دەبرد. ئەنجا تۆ سەیر بکە، ئە و کاتە منیان نارەوە بۆ ئیشکردن لە سلێمانی، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند لەگەڵ باڵەکەی قیادەی مەرکەزی ڕۆیشتم. گەنج بووین، وردەکاریی سیاسەتی حیزب زۆر شارەزا نەبووین، ڕاست و چەپمان باش نەدەزانی. مامۆستا کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و ئەبووحکمەت منیان نارەوە، کەچی کە جیابوونەوە بوو، من لەگەڵ ئەم باڵەی تری حیزب ڕۆیشتم، ئەوەش دوو هۆی هەبوو. هەموو هاوڕێ شۆڕشگێڕ و کوڕە ئازاکانی من دەمناسین، لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بوون. منیش لەگەڵ هاوڕێکانی تر لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بۆ ئیشکردن بەردەوام بووم. بڕوا بکەن ئە و کاتەی حیزبی شیوعی بوو بە دوو بەشەوە لە سلێمانی، زۆربەی زۆری شیوعییە کان لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بوون، لای ئەوانیش مایەوە، بەڵام کەمەکەی بوو. لەبیرمە جارێکیان وتیان ڕۆنیۆ و چاپ کەوتووەتە لای ئەوان و لای هاوڕێ....ە. خۆمان حازر کرد بچینە سەری و داوای لێبکەینەوە، ئیتر نازانم چۆن بوو نەچووین، ڕێک نەکەوت. زۆرزۆر سەرمان قاڵ بوو بە کاری حیزبییەوە، بە و حسابەی ئێمە شۆڕشگێڕترین. خەریکی ڕێکخستنەوەی کارەکانمان بووین لە و بەشەی ئیشمان تێدا دەکرد. هەرچیمان پێسپێردرا، بەبێ دوودڵی بەدڵ و بەگیان جێبەجێمان دەکرد بۆ حیزب. کۆمەڵێک کادێر و هاوڕێی ئیشکەر و دیار بووین. ناومان هەبوو لای هاوڕێیان خۆمان و دەسەڵاتی ئە و سەردەمەی سلێمانی حسابیان لەسەر ئەکردین. لە ئیشوکارەکانیش خۆمان دەرنەئەخست. هەر لە ژووڕەوە بووین، مەگەر کارێکمان بووبێ بهاتینایە دەرەوە، چونکی کەسانێکی دیار بووین، ئەگینا هەر لە ژێرخان و ماڵ خۆمان ئەشاردەوە، ئە و سەردەمەش حکومەت زەعیف بوو، بەڵام باڵی مەکتەبی سیاسی کە پێیان ئەوت جەلالی، لە سلێمانی دەسەڵاتیان هەبوو، بارەگای سەرەکییان لە بەکرەجۆ بوو، ئێمەش ناومان هەبوو، لە کادێرە سەرەکییەکانی حیزبی شیوعی بووین لە باڵی قیادەی مەرکەزی، لە ژێر چاودێریدا بووین.

من خۆم و ئه و هاوڕێیانەی پێکەوە کارمان ئەکرد، هیچ کێشە و گرفتێکمان نەبوو، دەستکاریی ئیشی کەسمان نەدەکرد، تەنها لە چوارچێوەی کاری حیزبیی خۆماندا بوو، بەڵام هەستمان ئەکرد جەلالییەکان چاودێریمان ئەکەن، ئیتر ساڵی 1968ەوە خۆمان ئەپاراستن، چونکی ئەوان لەگەڵ دەسەڵاتدا بوون.

جەژنی قوربان

ئه و ماوەیەی دوای جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی لە حیزبی شیوعیی عێراق ئێمەش لەناو ئه و حیزبەدا زیاتر خەریکی کاری حیزبی بووین. برادەرێکم خۆی لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بوو، جوابی هێنا و وتی ئاگاداری خۆتان بن، چاودێریتان ئەکەن. بە حوکمی ئەوەی برادەری منداڵی بووین و لە گەڕەکدا پێکەوە بووین، ئاگاداری کردینەوە. شەوی یەکەمی جەژنی قوربانی 1968 چووینە ماڵی برادەرێکم بە ناوی شێخ کەریم، دراوسێمان بوو و لە بەیتەری ئیشی ئەکرد. ئه و شەوە لەوێ ماینەوە، هەم جەژن بوو هەم خۆپاراستنیش بوو، ڕۆژی دووەمی جەژن لە دڵی خۆمدا وتم حەقیان چییە بە سەرمانەوە؟ جەژنە و هەموو کەس سەرگەرمی جەژنە لەگەڵ کەسوکاری خۆیدا، چاوەڕوانی ئەوەمان نەئەکرد بە شەوی جەژن بێنە سەرمان.

بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە سەرمان

دووەم شەوی جەژن نزیکەی سەعات نۆونیو بوو. لە دەرگای ماڵەوە درا، غەڵبەغەڵب و قەرەباڵغی پەیدا بوو، ماڵمان لەسەر شەقامی گۆران بوو لە سەروو ئۆرزدی باکەوە. لە ماڵی ئەکرەمی پوورم بووم، ماڵی وەستا حەمەئەمین بەنا. من و ئەکرەم هەردووکمان لە تەمەنێکدا بووین، هاوڕێی یەک بووین و شیوعی بووین، تەنیا هەردووکمان بووین، شەوی جەژنیش ماڵەوە پڕ بوو لە کەسوکار.

هەردووکمان یەکی دەمانچەیەکمان پێبوو، د مانچەکەی من میکارۆفی ڕووسی بوو، ئەوەی ئەکرەم چواردەخۆر بوو. قسەمان دەکرد، نەمدەزانی کێن و کێ نین. سەربانێک بەرامبەرمان بوو، ماڵی مەلا مستەفا بوو، ئیمامی مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بوو، سەربانەکەیان بەرامبەر ژووڕەکانی ئێمە بوو، تەماشامان کرد پڕ بوو لە تفەنگ بەدەست. دیار بوو دەورمان گیرابوو، ئێمەش ئاگامان لێنییە سەربان و بنبان گیراوە، هاتنە بەر پەنجەرە و هەیوانی ئه و ژووڕەی تێیدا بووین. پرسیمان ئێوە کێن؟ وتیان پێشمەرگەی حیزبین، بیکەنەوە. کە گوێمان لەوە بوو، وا هەستمان کر بۆ گرتنمان هاتوون. ژووڕەکە مەکینەیەکی خەیاتی و لیفە و دۆشەکی تێدا بوو، هەموویمان خستە بەر دەرگاکە بۆ ئەوەی نەکرێتەوە و نەیەنە ژووڕەوە، چونکە نیازی تەسلیمبوونمان نەبوو. پێمان وتن چیتان ئەوێ، لێرە برۆن، سوودی نەبوو. وتیان تەسلیم بن. ئه و ژووڕەش من و شەهید ئەکرەم و و خوشک و دایک و منداڵەکانی تری لێبوون. لە دە کەس زیاتر بووین لە و ژووڕەدا، بە خۆشی جەژنەوە کۆبووبووینەوە. لە بەرامبەر دەرگای ئه و ژووڕەی کە تێیدا بووین، کەسێک دەستڕێژێکی کرد بەناوماندا، غەدارەی ئەمەریکی بوو. لە و جێگەیەی فیشەکەکان هاتوونە ژووڕەوە، مانای کەسێک وەستاوە. لێی هاتینە دەست و تەقەمان لە و جێگەیە کردەوە. شەڕ دەستی پێکرد، لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژ دەکرا. من و شەهید ئەکرەم دابەش بووین. ئه و ئاگاداری بەر هەیوانەکە بوو، منیش دەرگاکە، نەکا پاڵی پێوە بنێن و بێنە ژووڕەوە. گڵۆپەکانی ژووڕەکەمان کوژاندەوە، ئێمە لە تاریکی و ئەوان لەبەر ڕووناکی. ئەوان کڵاشنکۆف و برنە و و چەکی تریان پێبوو، ئێمەش تەنها دوو دەمانچەمان پێبوو، بەرگریمان کرد. بڕوا بکەن ماوەی یەک سەعات زیاتر هەر لە ژووڕەوە بووین، چونکە نیازی تەسلیمبوونمان نەبوو. پاش دەستڕێژەکانی یەکەم ئێمە تەنها بۆ خۆپاراستن بۆ ئەوەی فیشەکمان پێبمێنێ، ناوبەناو تەقەیەکمان دەکرد، بە و مانایەی ماوین، بەڵام لە یەکەم دەستڕێژدا ئێمە دوو بریندارمان هەبوو، یەکێکیان زاهیری برام بوو، ئه و کاتە تەمەنی 12 ساڵ بوو، ماجدی پوورم تەمەنی یانزە ساڵ بوو،

هەردووکیان خوێندکار بوون. ئەوان هەندێکیان لە سەربان دەبینران. ناوبەناو ژن هاواری دەکرد و دەیقیژاند و سوورەتی قورئان و ئایەتەلکورسییان دەخوێند. لەپڕێکدا دەستڕێژیان لێدەکردین، لە نیوەیدا لە ترسا لەبیریان دەچووەوە، ماجد گوللەیەک بەر قاچی کەوت و خوێنی لێئەهات. زاهیریش گوللەیەک بەر قاچی کەوت و قاچی شکاندبوو، خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت و لەتاو ئازار هاواریان دەکرد. کەسوکارەکەم پاڵ دەخست بۆ ئەوەی گوللە نەیانگرێتەوە. لەبەر ئەوەی کچەکەی پوورم خەیاتی دەکرد و مەکینەکە ی خەیاتییەکە هی ئە و بوو، جلی ژنانە و قوماشی جلدوورین لە ژوورەوە هەبوون. چووم بریندەکانم بۆ پێچان بۆ ئەوەی خوێنی زیاتریان لێنەیەت. بۆ ئەوەی هێرش نەکەنە سەرمان، ئەکرەم بە وریاییەوە تەقەی دەکرد، منیش هەروەها. دوعاونزا هەر تەواو نەدەبوو. نەمانهێشت بێنە پێشەوە، ئە و هێزە زۆرە کە چوار پیکاب بوون، لە بەکرەجۆوە هاتبوون، پاش ماوەیەک تەقە کەمتر بووەوە. لە و کاتەدا دەستم لە پەنجەرەکە بردە دەرەوە و تەقەیەکم بەرە و سەروو جادە کرد، حەرەسی ماڵی مووسا سەمەد هەبوو بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، وتم بۆ ئەوەی بێن بەدەنگمانەوە، بەڵام هیچ نەبوو، نەهاتن.

پاش کەمێک گوێمان لە شوتەشوتی سەیارەی پۆلیس بوو، هاتنە بەر پەنجەرەکە، پەنجەرەکە بەسەر جادەی گۆراندا دەیڕوانی. سەیارەی پۆلیس ڕاوەستا و ئەفسەرێکی پۆلیس دابەزی، دەمانچەیەکی سمیتی بەدەستەوە بوو. وتم کەی ئەمە حکومەتە؟ هەندێک جنێوم دا بەوانەی هاتوونەتە سەرمان. وتی کاتی ئەوە نییە، دەرگاکە بکەرەوە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر لە کاتی تەقە و ئەم جۆرە شتانەدا دامنابوو حکومەت دێت و دەگیرێین. زەمانی جاران لەژێر پشتێنی کوردییەوە قایش دەبەستڕا، بە هەردوو کچە پووەکەم نەسرین و پەروینم وت لەژێر جلەکانتانەوە ببیەستن، ئەگەر پۆلیس هات، بە دەستی بەتاڵ دەچینە بەردەستیان. هەر وامان کرد. پۆلیس هات، ئەوان شکان و ڕایان کرد، ئێمەیان بۆ نەگیرا. دەمانچەکەی خۆم و ئەکرەمی پوورمم دا بە کچەکانی پوورم. کە دەرگامان کردەوە، بینیمان یەکێک لەوان بەجێمابوو، کوژرابوو. ئێمەش دوو بریندارمان هەبوو. من ماجدی پوورم هەڵگرت و خستمە ناو سەیارەی پۆلیسەوە، ئەفسەرەکە وتی سەرکەوە. وتم با بچم بریندارەکەی تر بهێنم کە زاهیری برام بوو. کە هاتمەوە ماڵەوە، وتم ئەکرەم با برۆین، چونکی ئەوەی لێیان بەجێمابوو، پۆلیس وایزانی لە ئێمە کوژراوە. لەگەڵ ئەکرەم چووینە ماڵێکی دراوسێ و کچەکانی پوورم دەمانچەکانیان بۆ هێناین. لەوێشەوە چووینە ماڵێکی دراوسێیەکمان تاکو بەرەبەیان لەوێ ماینەوە. ئیتر هەردووکمان لە کاتی بانگی بەرەبەیاندا هاتینە دەرەوە و ڕۆیشتین، بیرمان کردەوە بچینە هەر ماڵێک کە خزممان بێت، یان برادەری نزیکمان بێت، ڕۆژ بێتەوە دێن بۆمان ئەگەڕێن. بە شەقامی مەولەویدا هاتینە خوارەوە. لەلای فولکەی سەرۆکایەتیی زانکۆی ئێستا لای سلێمانی پاڵاس، نانەواخانەیەک هەبوو، هەندێک نانمان کڕی. ماڵی برادەرێکی حیزبیمان هەبوو لە عەقاری، پێشتر بۆ خۆحەشاردان لەوێ بووین. لە نزیک یان بەرامبەر ماڵی حەمەی حاجی تایەر بوو، کە لێپرسراوی باڵی م.سی ئە و کاتەی سلێمانی بوو. وتمان جێگەیەکی بێشکە، بەرەبەیان بوو، لە دەرگامان دا، بە نانی گەرمەوە چووینە ژوورەوە. نەمانوت چی بووە و چی ڕووی داوە، جارێ لێی نوستین. دوایی کاک مەحموود چووبوو بۆ دەوام بۆ سەرکارەکەی خۆی. کە هاتەوە بۆ ماڵ، وتی ئەوە ئێوە چیتان کردووە؟ شار شڵەژاوە و بەدواتاندا ئەگەڕێن، ئێمەش ئەوەی ڕووی دابوو، وەک خۆی بۆمان گێڕایەوە. وتمان کاکە کاتی ئەوە نییە، برۆ بە زووترین کات هەم حیزب ئاگادار بکە ئێمە لێرەین، هەم فیشەکمان کەم پێماوە لە هەردوو جۆرەکەیمان بۆ بکرە و بۆمان بهێنە. ئەویش مەردانە ڕۆیشت، هاتەوە و فیشەکی بۆ هێناین. دوو شە و لە ماڵی ئە و بووین، دوای ئەوە هەندێک بەرنامەمان هەبوو. دوای ئەوەی ئەوان هاتوونەتە سەرمان، ئەوەی دەبێت جێبەجێی بکەین، ئەوەیە تۆڵەیان لێبکەینەوە، بەڵام جێبەجێ نەبوو. پاشان ملی ڕێگەمان گرت بۆ دەرەوە. ئیتر بۆ ڕۆژەکەی هەندێک لە خزمەکانمان وەستا حەمەئەمین بەنا و باوکی شەهید ئەکرەم گیران، زەختێکی زۆریان لە کەسوکارمان کردبوو.

ئێمەش لە ڕێگەی حیزبەوە ڕێگەمان گرتەبەر بەرە و بناری بەمۆ بۆ دێی کۆرەک و بانی بی بۆ لای عەلەڕەش و کاک حەمەفەرەج فەتاح. شارەزایان لەگەڵ ناردین تا گەیشتینە دێی کۆرەک. ماڵی کاک عەلەڕەش لەوێ بوو، کەسێکی دیاری شیوعی بوو لە ناوچەکە. لەگەڵ کاک حەمەفەرەج فەتاح هەردووکیان لە کادێرە دیارییەکانی حیزب بوون. هەردووکیان بەشدار بوون لە جووڵانەوەی جوتیارانی هۆرێن و شێخان لە ساڵی 1953 دژی ئاغاکان.

ئە و ماوەیەی لەوێ بووین، شتێک نەبوو خۆمانی پێوە سەرگەرم بکەین، بەڵام باشییەکەی ئەوەبوو ناوچەیەکی ڕزگارکراو بوو لەلایەن شۆڕشەوە، وا ڕێکەوت ئە و کاتەی ئێمە ڕێمان کەوتە ئەوێ، شەڕ گەرم بوو لە بەینی جەلالی و مەلاییدا، فاخری حەمەدئاغای مێرگەسووری و سامی عەبدولڕەحمان هەردووکیان خوا لێیان خۆش بێت، هاتبوون بۆ سەرپەرشتیی ئە و ناوچەیە، هەر لە و کاتەشدا خوالێخۆشبوو حەمە شەمیرانی کە سەرلقێکی ئازا و ناودار بوو و لە عەشیرەتی شەمیرانی بوو، تازە چووبووە ناو حکومەت و جەلالییەکان. ئێمەش هەر لە و ناوە مابووینەوە و بۆ سەرقاڵی لە بەینی دێهاتەکاندا هاتوچۆمان ئەکرد. ماوەی مانگێک زیاتر لەوێ ماینەوە. چەند جارێ لەگەڵ کاک حەمەفەرەجی فەتاح و عەلەڕەش و ساڵح کوێخا چووین بۆ سەر شاخی بەمۆ، ئەوان حەزیان لە ڕاو بوو، ئێمەش هیچمان لێ نەئەزانی و تەقەی سەرمان ئەهات. مەگەر هەر لە چیرۆک و کتێبدا باسی ڕاوکردنمان بیستبێ، بە کوردییەکەی کاری ئێمە نەبوو، هی خەڵکی شارەزای خۆی بوو. یەکێک لە جارەکان دۆینەمان لەگەڵ هێلکە و نان پێچایەوە و بۆ ڕاو لەگەڵیان ڕۆشتین بۆ جێگەیەک لە شاخی خۆشک. ئەوان شارەزای ئە و جێگەیە بوون. هەر لە نیوەشەوەوە سەرکەوتینە سەر شاخ، بەڵام بایەکی ئەهات، زۆر سارد بوو، باکەی ئەوەندە بەهێز بوو، لە هەنگاوناندا ئەیگێڕاینە دواوە. چووینە بن شاخێک، عەلەڕەش وتی من چاو لێک ئەنێم، تۆ بە و دووربینە تەماشای بەردەمی خۆت بکە، ئەگەر شتێکت بینی، هەڵمسێنە، بەڵام جووڵەجووڵ مەکە. لە بیرمە تفەنگێکی پەڕەشوتمان پێبوو. پاش تۆزێک دنیا ڕووناک بووەوە و منیش سەیری خواروەوەم ئەکرد، تەماشام کرد چەند سەر حەیوانێک ئەلەوەڕێن. بە هێواشی عەلەڕەشم هەڵساند، ئەویش نیشانی لێگرتن، تەقەی لێکردن و یەکێکیان کەوت. ئیتر من شۆڕبوومەوە بۆی، چووینە سەری، بزنەکێوی بوو، پاشان هەموو ئەوانەی چووبووین بۆ سەرشاخ، کۆبووینەوە و ئاگرمان کردەوە. ئەوەندەی بۆمان خورا خواردمان، باقیاتمان دا بە کۆڵماندا و بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە. پاش ماوەیەک مانەوە حیزب جوابی نارد مادام ناتوانین لەناو شار بمێنینەوە، داوایان لێکردین بچین بۆ بەغدا، ئێمەش ڕازی بووین. شەهید حەمە کوڵەباڵ خەڵکی باوەکۆچەک بوو و لە عەشیرەتی کۆکۆیی بوو، شیوعییە کی دیار بوو، هات بەدواماندا. ئێمەش خواحافیزیمان لە کاک عەلی و کاک حەمەفەرەج و حەمە ڕەق و ساڵح کوێخا عەزیز و هاوڕێیانی ئە و ناوچەیە کرد.

لەگەڵ حەمە کوڵەباڵ بەرە و هەڵەبجە ملی ڕێگەمان گرت بۆ ئەوەی لەوێوە بۆ ئە و جێگەیە بڕۆین، کە بۆیان دیاری کردبووین. بە شاخی زمناکۆدا سەرکەوتین بەرە و ناوچەی تاوەگۆزی بە لای دێی کانی کەوە بەرە و هەڵەبجە بە دێی پریسدا تێپەڕین، نزیکی هەڵەبجە بووینەوە. بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بچینە ناوشارەوە، حەمە کوڵەباڵ چووە ڕەبیەکانی عەشرەتی خۆیان بۆ لای کوێخا عەلی کە خزمیان بوو. ڕێگەی بۆ کردینەوە و چووینە هەڵەبجەوە. چەند شەوێک لەوێ ماینەوە، چەند هاوڕێیەکی مامۆستای لێبوو، لای ئەوان بووین. حەمە کوڵەباڵ وتی ئەچم بۆ شار و دێمەوە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا چووبوو. لەبەر ئەوەی حیزب ئیمکانیاتی نەبوو و ساڵێک بەسەر جیابوونەکەوەدا تێپەڕ نەبووبوو، بەرنامەیان دانابوو بۆ ڕفاندنی پارەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی. ئە و کاتە پەروەردە بەرامبەر مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ بوو، مزگەوتی گەورەی سلێمانی. بە سەرکەوتوویی ئیشەکەیان جێبەجێ کردبوو، تەقە ڕووی دابوو، هاوڕێیەک لەوانەی بەشداریی کردبوو، بریندار بووبوو و گوللەیەک بەر قاچی کەوتبوو. پارەکەیان هێنا، چواردە هەزار و پێنجسەد دینار بوو.

لە سابوونکەران حەمە کوڵەباڵ چووبوو نان بخوات لە کەبابخانەی عەبدوڵڵا سەید شریف، جەماعەتی بەکرەجۆ ئەچنە سەری و ڕێگەی پێئەگرن، تەقەی لێئەکەن و شەهیدی ئەکەن. ئێمە کە بە و ڕووداوەمان زانی، هەر زۆرزۆر پێمان ناخۆش بوو، لە دوو سەرەوە. لە لایەک هاوڕێیەکی چالاکی حیزبمان لەدەست داوە، لە لایەکی تر لەگەڵ ئێمە زۆر ماندوو بوو لە هێنان و بردن و هێنانەوەمان بۆ هەڵەبجە، ئێمەش چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەکەین بۆ ئەوەی بەرنامەی دەرچوونمان لە هەڵەبجە جێبەجی بکەین کە ئە و چاوساغمان بوو. بە غەدر شەهیدیان کرد، لە سلێمانی لیژنەی شاری سلێمانی بەیانێکی زۆر تووندی دەرکرد لەسەر شەهیدکردنی حەمە کوڵەباڵ، نارەحەتیی ئێمەش سنووری نەبوو.

بۆ ڕۆژی دوایی لە هەڵەبجە هاتینە دەرەوە و ملی ڕێگەمان گرت. هەر بە هۆی خزمەکانی شەهید حەمە کوڵەباڵەوە بەڕێ بەرە و سلێمانی کەوتینە ڕێ. کورێکمان لەگەڵ بوو ناوی عەلی بچکۆل بوو، شارەزا بوو و نیژوینی بوو ماڵیان لە لای سەراو بوو، بە دێ ئەحمەدبڕنەدا هاتین و قۆناغ بە قۆناغ گەیشتینە سلێمانی، لەوێشەوە بەرە و سنووری قەڵادزێ چووین. ئە و ڕێگەیەمان بە پیادە بڕی. لە قەڵادزێ لەگەڵ کەمال جەمال بەختیار یەکمان گرتەوە. پاش ماوەیەک حیزب نووسراوی بۆ کردین بڕۆین بۆ بەغدا.

چوونمان بۆ بەغدا

بەرەبەیانی ڕۆژی 1968/7/17 سەیارەیەکی تایبەتمان گرت و بەرە و کەرکووک بەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە (هەیبەت سوڵتان)، لە بازگەی سەربازی ڕایانگرتین، وتیان شۆڕش بووە، هاتوچۆ قەدەغەیە، ئینجا زانیمان بەعسییەکان کودەتایان کردووە بەسەر عەبدولڕەحمان عارفدا. بە ناچاری شۆڕ بووینەوە بۆ چایخانەکانی هەیبەت سوڵتان. ئە و شەوەمان لەوێ بەسەر برد، بۆ ڕۆژی دوایی بەهەمان سەیارە و لەگەڵ هەمان سائق سوار بووین بۆ کەرکووک و لەوێشەوە بۆ بەغدا. هەرسێکمان هەویەی تەزویرمان پێبوو بۆ ئەوەی لە بازگەکان تووشی کێشە نەبین و بگەینە بەغدا. شە و گەیشتین و چووینە ئوتێل. ئە و شەوە لەوێ تووشی ژانەسکێک بووم. مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت عەرزەکەم بە نینۆک هەڵئەکەند. داوای ئیسعافیان بۆ کردم، بردیانم بۆ خەستەخانە، لەوێ دەرمانیان دامێ و دەرزییان لێدام. گەڕامەوە بۆ ئوتێلەکە. لە و کاتەوە ئیتر تووشی نەخۆشیی دڵەکزە و مەعیدە بووم، لە کاتێکی تردا دێمەوە سەر عەمەلیاتی مەعیدەم پاش 5 ساڵ.

لەگەڵ هاوڕێیانی بەغدا

نامەیەکمان پێبوو بۆ ئەوەی خۆمان بە حیزب بناسێنین. کاک فاروق مەلا مستەفا لەوێ کارمەند بوو، وابزانم لە وەزارەتی بازرگانی یان یەکێک لە بانکەکان کاری ئەکرد. پاش ئەوەی کاک فاروقمان بینی، نامەکەمان تەسلیم کرد، ئەویش ئێمەی ئەناسی. دوایی لەگەڵ حیزب ڕەبتی کردین و هاتن بەدواماندا. بردیانین بۆ ماڵێکی حیزبی. خاوەنی ماڵەکە ناوی حەمید بوو، کورد بوو و خەڵکی خانەقین و دەوروبەری بوو. چەند شەوێک لەوێ ماینەوە و خزمەتیان کردین. دوای ئەوە بردیانین بۆ ماڵێکی تر، ئەویش هەر کورد بوو. تاکو لە بەغدا ماینەوە، هەر لە ماڵی ئەوان بووین. ناوی هاوڕێ جەبار بوو، خێزانەکەی ناوی بەهیجە بوو، کورد بوو و خەڵکی خانەقین بوون، سێ منداڵیان هەبوو بە ناوی ستار، نزار، ڕزگار گەورەکەیان ستار بوو. چەند کەسێک لە ماڵەکەیاندا بووین، کە زۆر زەحمەت بوو. ماڵیان لە گەڕەکی ڕاغبە خاتوون بوو. من خۆم، ئەکرەمی پوورم، کەمال جەمال، لەتیف حەمەمۆراد، جەمال عەلی فائز، مەلا ڕەئوف. چواریان شەهید بوون، تەنها من و مەلا ڕەئوف ماوین. ئەوەی ڕاستی بێت خۆمان ئەپاراست، زۆر کەم ئەچووینە دەرەوە مەگەر بۆ کارێکی حیزبی، کاک جەبار لە مەیدانی نەهزە لە دوکانێکی سەمونفرۆشتن لەسەر دەغیلە بوو. شە و کە ئەهاتەوە، باوەشێ سەمونی گەرمی بۆ

ئەهێنانەوە. هەتا بڵێیت ماڵێکی بەحورمەت بوون، خزمەتی زۆریان کردین. لە ڕووی کارکردنمانەوە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، من لە لێژنە باڵاکە بووم. شەهید سالح عەسکەری کە کورد بوو، لە سەرکردایەتیی قیادەی مەرکەزی بوو و لێپرسراومان بوو، جارێکیش کازم سەفار کە لە قیادەی مەرکەزی بوو، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردین.

لە و سەردەمەدا ئەمانویست خۆمان جیا بکەینەوە. بەحساب شۆڕشگێڕین لە لێژنەی مەرکەزی، چەندین چالاکیمان ئەنجام دا. لە سەردەمی نازم گزار و دەستوپێوەندەکانی بەعسدا لەتیف حەمەمۆراد گیرا و لە قەسر ئەلنیهایە شەهید کرا. ئە و سەردەمە عەزیز ئەلحاج گیرا و لە قەسرئەلنیهایە ئیعترافی کرد. ناوی زۆری هێنا و زۆر زووش ڕووخا. سەرکردەکان هەموویان گیران. هاوڕێ کەمال شاکر کە ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگەیە و لەناو یەکێتی ئیش دەکات، لە فەرماندەیی پێشمەرگە پێکەوە بووین، کەسێکی ئازا بوو. بڕیارەکانی حیزبی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرد. لە و کاتەی ساڵی 1968 1969 چەندین کاری شۆڕشگێڕانە کرا و دەنگی دایەوە، حیزبی برد بۆ قۆناغێکی تر کە متمانەی پێبکەن. بڕوا بکەن کوردەکان بووین کە کارەکانی حیزبمان جێبەجێ کرد، هەر هەموویان دەورێکی قارەمانانەیان بینی، کورد وتە نی کون لە جەرگیان نەبوو، ئەگەرچی زۆریش شارەزای بەغدا نەبووین. بەداخەوە زۆربەیان شەهید بوون، هەریەکەی بە شێوەیەک. لە و خەباتە سەختەی پێیدا تێپەڕین، هەرچییەکمان پێدەسپێرا، بەبێ دوودڵی جێبەجێمان دەکرد.

لە و ساڵەی لە ماڵی شەهید جەبار بووین، لە و بەغدا گەورەیەدا مانگانە یەکی 5 دینارمان هەبوو، بەڵام بڕوا و ئیمان بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە خوێن و لە دڵماندا بوو. ئەگینا ئەگەر ئەوە نەبێ، چی وا لە ئێمە دەکات لە کوردستانەوە بۆ بەغدا؟ یەکێک لە چالاکییە کانتان بۆ باس دەکەم. حیزب جوابی نارد دۆخی مادی زۆر خراپە. لە ڕێگەی حیزبەوە ناونیشانیان هێنا. هەفتانە لە جێگەیەک پارەی پاکەتی جگەرەی جمهوری کۆدەکرێتەوە، بەرنامەمان دانا ئە و کاتەی پارەکە تەواو دەبێ، دوای نیوەڕۆ تەسلیم دەکرێت. برادەران چوون هێنایان، هێنایانە ماڵی کاک لەتیف شاکر برای کاک کەمال شاکر، کە ماڵیان لە بەغدا بوو. من و ساڵح عەسکەری چاوەڕوانمان دەکرد و لێمان وەرگرتن. پارەکە لە جانتایەکی چەرمدا بوو. لەبەر لایەنی ئەمنی پارەکەمان دەرمان هێنا و جانتاکەمان لە تونی حەمامەکەدا سووتاند. پارەکەمان کردە دوو بەرگەپشتییەوە. من و ساڵح عەسکەری بردمان بۆ گەڕەکی بەیاع. ماڵی ئامۆزایەکی کاک ساڵح لەوێ بوو، نائب ضابط بوو. لە ماڵی ئەوان ژمارەمان (8500) دینار بوو، کە بۆ ئە و کاتە زۆرزۆر بوو. لەوێش تەسلیم کرا و من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە ڕاغبە خاتوون. ئێمەش حیزبەکەمان دروشمی شۆڕشگێڕانە و ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەڵگرتبوو، بەڵام سەرکردایەتی لە بەغدا دانیشتبوون. چۆن دەبێت بەم دروشمە قورسەوە لە بەردەستی ڕژێم دانیشێت؟ ڕۆژانە قڕە بوو لەگەڵ بەعسییەکان، بەتایبەت لە دانشگا و شوێنەکانی تر. هەر لە و ماوەیدا خوێندکارێکی چالاکی شیوعی شەهید کرا بە ناوی مطشر حواس، هاوڕێی ئێمە بوو. ڕۆژبەڕۆژ دەرکەوتن و ئیشکردن ئەستەم دەبوو، بەعسیش دەستی دابووە درێندەیی.

لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا کارمان دەکرد و هاتوچۆی ماڵەکانیانمان دەکرد، وەک سەعدون فەیلی، کە پاش نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا. دواتر لە تۆڵەی ڕابوردووی کە ناویان هێنابوو، بەعس گرتی و لە سێدارەی دا. چەند برادەرێکی تریش هەبوون لای من بوون، ماڵیان لە مدینە الثورە بوو.

کارەکانمان و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ ساڵح عەسکەری بەردەوام بوو. جارێکیان ئە و چەند برادەرەی کە لە ماڵەکەی ڕاغبە خاتوون پێکەوە دەژیاین، گلەییمان هەبوو لەسەر هەندێک لایەنی ژیانمان و هەروەها هەندێ

کاری سیاسی. سالّح عەسکەری ئەحمەد مەحموود حەلاقی هێنا بۆ لامان. جارێکیش بۆ نیوسەعات عەزیز ئەلحاج هات بۆ لامان، چونکی ئیشەکانی ئێمە هەستیار بوو. ئێمەش کەم نەبووین، هەموو یەکێک لە و هەڤالّانە قارەمانێک بوون. مێژووش سەلماندی و گیانی خۆیان کردە قوربانی لە و رێگەیەدا.

دۆخەکە بەردەوام بوو. لە خواروووی عێراق لە هۆرەکان هێزێکی حیزبی بە سەرکردایەتیی خالد ئەحمەد زەکی و ئەبوومووحێسن خۆیان بۆ خەباتی چەکداری ئامادە دەکرد. بەلّام سەرکردایەتییەکە هەر لە بەغدا بوو. ئە و بلّاوکراوانەشی دەردەچوون، ئاگریان لێدەباری بەرامبەر رژێم و حیزبی بەعس. ئەمەش ئەوەندەی تر هەم بەعسی وریا کردەوە، هەم خۆی حازر کرد بۆ ئەوەی تۆلّە بکاتەوە. حیزبی شیوعی لیژنەی مەرکەزی خەریکە لەگەلّ بەعس بچێتە بەرەی نیشتمانی و ئازادبوون، هەنگاوبەهەنگاو لەگەلّ بەعس بەرە و رێککەوتن دەڕۆیشتن. سۆڤێتیش لەبەر قازانجی خۆی دەورێکی سەرەکیی هەبوو. پاش ماوەیەک بەرەکەیان پێک هێنا و ئیمزایان کرد. بە ئاشکرا بنکە و بارەگایان کردەوە، دەیانویست لەگەلّ رژێمی دیکتاتۆری بەشداری حکومەت بن. شۆڕشی کوردیش بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشانی خۆی، هێزی پێشمەرگە لە هەموو جێگەیەک دیار بوو و دەستی باشی لە رژێم دەوەشاند.

ئێمە جارێ هەر لە بەغداین. لەگەلّ هاوڕێ سالّح عەسکەری لە مەیدانی سەباع مەوعیدمان هەبوو. کە هات، جانتایەکی گەورەی پێبوو، نەمزانی چیی تێدایە. وتی توخوا ئێستا کاتی ئەمەیە؟ پاش ماوەیەک لەیەک جیا بووینەوە و سواری تاکسی بوو. بۆ رۆژی دواتر دەبوایە یەکمان ببینیایەتەوە، بەلّام نەهات، بۆ رۆژی دواتریش هەر نەهات. ئەگەر مەوعیدەکان دواکەوتنی تێدا بووایە، بۆ رۆژی دواتر دووبارە دەبووەوە. لە و جێگەیە کەسێکم بینی و پێی وتم هەموویان گیراون. لە و سەروبەندەی پێش گرتنی عەزیز ئەلحاج ئێمەش زۆر لە مالّی هاوڕێ جەباردا ماینەوە. ترسی ئەوەمان بوو کەشف ببین. وتمان بچین بۆ خانوو بگەڕێین لە بەتاوین. من و لەتیف حەمەمۆراد لە لای شۆریجە لەسەر جادەی جمهوری بووین. وا رۆیشتبووین بە ناوی خوێندکارەوە بەدوای خانوودا بگەڕێین، چونکی من ناسنامەیەکم پێبوو بە ناوی ئەرکان عەبدوڵلّا ئەلسەعداوی لە پۆلی چوارەم کۆلێژی تەربیە بووم، ئەمەش خۆی چیرۆکێکە. رۆژێکیان چووم بۆ لای برادەرێکم لە داخلییەکەی باب ئەلموعەزەم، کە چوومە ژوورەوە لەسەر مێزێکی گەورە سەدان ناسنامەیان هەڵڕشتبوو بۆ ئەوەی خوێندکارەکان ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە. کارگوزارێک لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، منیش دەستم دایە ناسنامەیەک و هەڵمگرت. ناسنامەکە ناوی ئەرکان عەبدوڵلّا ئەلسەعداوی لەسەر نووسرابوو، وابزانم خەڵکی لای خالّس بوو. هاتمە مالّەوە، وێنەکەی ئەوم لێکردەوە و وێنەیەکی خۆم پێوەنا. بووم بە خاوەن ناسنامەیەکی باش.

با بێمەوە سەر ئەوەی چۆن بۆ خانوو گەڕاین. بۆ عەسکەری فیرار دەگەڕان. وتمان با لەسەر جادەکەوە نەڕۆین، باشتر وابوو بچینە کۆلّانەکان. وتم لەتیف من ناسنامەم پێیە و لە پێشەوە دەڕۆم، ئەگەر تووشی عەسکەر و نیزامی بووین، تاکو داوا لە من دەکەن، تۆ بگەڕێرەوە. پێکەوە دەڕۆیشتین، تەماشای دەوری خۆشمان دەکرد. هەردووکیشمان دەمانچەمان پێبوو. کاتێکمان زانی ئەفسەرێک لەگەلّ دوو سەرباز لە دوکانێک هاتنە دەرەوە، وتیان ناسنامەکەت، من دەستم برد بۆ گیرفانم، بلووزێکی ملدارم لەبەردا بوو، کە هەوێەکەیان بدەمێ. لەتیف لە دوامەوە ڕای کرد و دەرباز بوو. ئەوان بە لەتیفەوە مەشغوڵ بوون، منیش دوور کەوتمەوە. لە و جێگەیەی کە پێیان دەوت سوق الغزل، جارێکی تر ڕا دەکات. بەلّام تووشی تەقە دەبێ و ئەمجارە لەتیف دەگیرێ. پێشتر لە نێوان خۆماندا وتبوومان ئەگەر حالّەتی گرتن هاتە پێشەوە، کەسمان نالّێن شیوعین، دەلّێین ئێرانیین و قاچاغچین. لەتیفیان برد بۆ مەخفەرێک لای مەیدانی نەهزە. هەوالّەکەشمان بە هۆی شەهید حەسەن فەرەجەوە پێگەیشت. لەوێ برادەرێکی مفەوەزی هەبوو و کورد بوو. من دوو جار چووم بۆ لای لەتیف. جل و پێویستیم بۆ برد و هەتا خەریک بووین محامیی بۆ بگرین. لە و کەینوبەینەدا عەزیز ئەلحاج گیرا،

هەروەها لێپرسراوەکەی لەتیف کە ناوی حاتەم سوجان بوو، وتبووی بابە ئەوە ئێرانی نییە، لە لێژنەی ئیغتیالاتی بەغدایە. شە و چووبوون لەتیفیان بردبوو، من ڕۆژی دواتر وەک جاران چووم بۆ لای. مفەوەزەکە لە دوورەوە بە ئیشارەت وتی نەیەیت، ئیتر من پشتاوپشت گەڕامەوە. دوایی هەواڵمان بۆ هات کە شەوێ لەتیفیان بردووە، حاتەم ئیعترافی لەسەر کردبوو، ئیتر نەمانبینییەوە. دوایی دەرکەوت لە قەسر ئەلنیهایە کوشتوویانە. بەڕاستی لەتیف کوڕێکی مەرد و ئازا بوو، کون لە دڵیدا نەبوو، زۆر دڵسۆزی بیروباوەڕەکەی بوو، گیانی خۆی لە پێناویدا دانا.

خۆڕێکخستنەوەی خۆمان کە هاتینەوە بۆ کوردستان

لە و ماوەیەدا هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی پاش ئەوەی لە زیندان بەربوو، هاتە دەرەوە. هاوڕێ نەجم ناوە نهێنییە کەی بوو. کەسیش لە هاوڕێ ئیبراهیم و موسڵح جەلالی لەوانەی لە دەرەوە بوون، لە پێشتر نەبوون. ئە و کاتە عەزیز ئەلحاج و سالح عەسکەری و مەحمود حەلاق و باقیاتی قیادەی مەرکەزی گیرابوون. سکرتێری حیزب عەزیز ئەلحاج دەورێکی هەر زۆر ترسنۆکانە و نامەردانەی هەبوو، منیش ترسم لێنیشت و خێرا شوێنەکەم بەجێ هێشت. کە دۆخەکە وای لێهات، ئیمکانیاتی مادیشمان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو. هاوڕێیان ئەکرەمی پوورم و هاوڕێ کەمال شاکرم ناردەوە بۆ سلێمانی. دەمانچەیەکی ستاری بچووکمان هەبوو، بۆم فرۆشتن بە 30 دینار بۆ مەسرووفات و گەڕانەوەیان. ئەوان ڕۆیشتن. منیش کەوتمە کۆکردنەوەی ئە و شتانەی لەم ماڵ و ئە و ماڵی هاوڕێیان هەمانە. وا بکەم هاوڕێیەکم دەست بکەوێ تەسلیمی بکەم و منیش بگەڕێمەوە. ئە و کاتەش موسلح جەلالی ئەندامی سەرکردایەتیی قیادەی مەرکەزی بوو و بەرپرسی سلێمانی بوو. نامەیەکی بۆ ناردبووم داوای کردبوو ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. منیش لە دڵسۆزیم وتم با ئەم شتانەی هەمانە، کۆیان بکەمەوە، ئیتر منیش دوای ئەکرەم و کەمال دەگەڕێمەوە. چەند غەدارە و دەمانچەمان هەبوو، هەندێکی لە ماڵی سەعدون فەیلی بوو، چووم و خستمە ناو زەمیلەیەکەوە، هەندێک سلقم دا بەسەریا و دامپۆشی. سواری پاسی دووقات بووم و بردم بۆ جێگەیەکی تر. هەندێکی تریشم کۆکردەوە. ناسنامەم بۆ هاوڕێ سەعدون فەیلی و سامی فەیلی دروست کرد و ناردمنەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆمان ماڵی شەهید ئەکرەم حەپسە، لەوێشەوە بۆ بارەگای حیزب کە لە قەرەداغ بوو لە دێی گەرەزیل. کارتێکی پرنەکراوەم هەبوو هەویە هی جمعیه الأقتصادین العراقین بوو، بۆ سامیم پڕ کردەوە و ڕەوانەم کردن. هەندێک کلماتی چاپەمە نیم لابوو، ناسنامەم پێدروست دەکرد، هی حیزب بوو. ئێستا سامی فەیلی لە سویدە.

قیادەی مەرکەزی و هەندێک لە و کادێرانەی بەردەست کەوتوون، گیراون. لە و کاتەدا ئەم گرتنە دەستی پێکردووە، هاوڕێیەکی دۆست و خزمی کاک جەبار بە ناوی نەسرەدین مەجید یەدەکی قیادەی مەرکەزی بوو، تازە لە زیندان ئازادیان کردبوو لە لای بەسرە لە زیر لەبەر نەخۆشیی سنگی. ئەویش خەڵکی خانەقین بوو. بە هۆی کاک جەبارەوە یەکمان گرتەوە، وتم بەخوا زۆر باش بوو هاوڕێ نەسرەدین تۆ هاتیتەوە. من لە خوام دەویست کەسێکم دەست بکەوێت، خوا دەلیلی داماوە و وا تۆی بۆ ناردم. نامەم بۆ هاتووە و دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. ئە و شتانەی لامە و کۆم کردوونەتەوە، تەسلیمی جەنابتی دەکەم. وتی زۆر باشە.

کەسێک کە پێشتر چەند جارێک بینیبووم، لێم پرسی کەسێک ناناسی پلەی حیزبییەکەی تۆزێک گەورە بێ و لە پلەی لق و ئەم جۆرە شتانەدا بێ بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی بچڕاون لە حیزب کۆیان بکەینەوە؟ وتی با من کەسێک دەناسم. مەوعیدێکمان دانا، ڕۆژەکەیم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم ڕۆژی سێشەمە بوو سەعات سێ، لەسەر شەقامی شێخ عومەر بەرامبەر حەمامی کولات. لە پشتەوەی گەراجێک هەبوو، هەموو ئۆتۆمبێلەکانی عێراق لەوێوە سەفەریان بۆ شارەکان دەکرد. سەر سووچەکەی چایخانەیەکی لێبوو. وا ڕێک کەوت دەروبەری

سەعات دوو لەگەڵ نەسرەدین پێکەوە بووین. وتم کاک نەسرەدین من لەگەڵ هاورێیەک مەوعیدێکم داناوە، بڕیارە برادەرێکی فەرعی بەغدا بێت و ببینم. ئەگەر وابوو، تەسلیمی جەنابتی دەکەم. لەبیرمە سێسەد فیشەکی دەمانچەم لە تووڕەکەیەکدا بەدەستەوە بوو، تەسلیم بە هاورێ نەسرەدینم کرد. وتی منیش دێم لەگەڵت، وتم پێویست ناکات. ئیتر زۆر قسەمان نەکرد لەسەر ئەوە، ماڵێکی خزمێکی لە و نزیکانە بوو، چوو فیشەکەکانی دانا، ئێمەش ملی ڕێگەمان گرت. ڕۆژی پێشتر دەمانچەیەکی ستاری گەورەم بۆ هاورێ نەسرەدین بردبوو. وتم حیزب لێ دراوە و دەبێ وریا بین، با تۆش ئەم دەمانچەیەت پێبێ. بە هەردووکمان 750 فلسمان پێبوو، تاکسییەکمان گرت بۆ شەقامی شێخ عومەر، چەند مەترێکی مابوو دابەزین، وتم کاک نەسرەدین بەخوا دەترسم بە هۆی ئەم مەوعید و مەوعیدکارییە وە تووشی شتێک بین، وتی چی بکەین؟ وەک ئەوەی دەڵێیت دڵم لێ دابوو. لە دوورەوە تەماشای چایخانەکەم کرد. چەند کەسێک لە دەرەوە دانیشتبوون، برادەرەکەی خۆم بینی کە مەوعیدم لەگەڵی دانابوو، یەک دوو کەسی لەگەڵدا بوو. وتم ڕەنگە ئە و هاورێیە بێت کە هێناویەتی بە منی بناسێنێ. من و هاورێ نەسردەین چوویینە لایان و سەلاممان کرد و لەبەرمان هەڵسان. تەوقەمان کرد و دانیشتین. یەکێکیان گەورە و کەتە بوو، چاویلکەی لە چاودا بوو، وتم ڕەنگە ئەم هاورێیە بێ. چایان بۆ بانگ کردین، من دەستم لەسەر مێزەکەی بەردەمم بوو. کەڵەگەتەکە هەڵسایە سەرپێ و پەلاماری مەچەکی منی دا، زانیم تووش بووین. خۆم ڕاتەکاند و ڕزگارم بوو لە دەستی، تێگەیشتم ئەمە داوە و کەمینی بەعسییەکانە. کورِ ئە و کوڕەیە خۆی ڕزگار بکات. ئە و جێگەیەش بە هۆی گەراج و بازاڕەوە زۆر قەرەباڵغ بوو. چەند هەنگاوێک ڕام کرد. تەقەیان لێکردم. منیش دەمانچەیەکی چواردەخۆرم پێبوو، فیشەکی لەبەردابوو، بەس چەکوشەکەم دادابووەوە، هەڵگەڕامەوە و دەستڕێژم لێکردن. قەناعەتم وابوو لەبەر ئەوەی ئەوەندە خەڵکیان گرتووە و یەکسەر دەستی بەرز کردووەتەوە و تەسلیم بووە، وادەزانن منیش وەک ئە و کەسانەم و یەکسەر تەسلیم دەبم. لام وابێت تەقەکانیان بە ئاسماندا کردبێ، چونکی سێ مەتر دوور نەبووم تەقەیان کرد، هەر نەبوایە بریندارى دەکردم، زۆر نزیک بووین لە یەکەوە، بەڕاستی تەقەیان نەکرد، ئەگینا دەیانکوشتم. ئەوەندە خەڵکی نابوت و ترسنۆکیان گرتووە، تاکو ئێستا کەسیان نەدیووە تەقەیان لێبکات. هەمووی هەر بێچەک بووە گرتوویانە، هەرواشیان حساب بۆ من کردبوو. من ڕادەکەم و ئەوان بەدوامەوە. ناوبەناو هەڵدەگەڕێمەوە تەقەیان لێدەکەم، ئەوانیش لە منی دەکەن. من دەبوایە حسابی فیشەک بکەم، هەر دوو یەدەکی دەمانچەم پێبوو، کەوتمە پشتی گەراجەکەوە، ماڵەکان و کۆڵانەکان دەستی پێکرد، ئە و خانووانەش هی خەڵکی فەقیر بوون. وتم بەڵکو لە و ناوە ڕزگارم بێ. هیلاک بووبووم، ئەم هەموو خەڵکە هاتبوونە دەرەوە لە ماڵەکان و سەرجادەکە، تەماشای ئەم فیلمە دەکەن، مرۆڤ ئەگەر هەر لە ماڵەوە دانیشێ و خۆی شاردبێتەوە لەپڕێکدا ڕاکردن زەحمەتە. چەند جارێ دەکەوتم و هەڵدەسامەوە، بەڵام پۆلیسێک بەدوامەوە بوو و لێم نەدەبووەوە. هەڵگەڕامەوە فیشەکێکم پێوەنا، بەری نەکەوت، بەر دیوارەکە کەوت، سڵەمییەوە، لەویش ڕزگارم بوو. ماڵی خوشکێکم هەر لە و ناوچەیە بوو لە ناوچەی کوردەکان، ئەمبەریان پشتی شەقامی شێخ عومەر لای باب شێخ. لە خەیاڵی خۆمدا وتم خۆم دەکەم بە ماڵی خوشکەکەمدا و خۆم دەشارمەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو، هەموو دنیا هاتبوونە دەرەوە سەیری ئەم ڕووداوەیان دەکرد. کە گەیشتمە لای ماڵی خوشکم ئەوانیش وەک خەڵکی تر هاتبوونە دەرەوە بۆ سەیری ئەم تەقە و فلیمە.

دایکم و ڕێزانی خوشکم و زاهیری برام منیان بینی ڕادەکەم. ئیتر ماوەی ئەوە نەمایەوە بڵێم دەچم بۆ ئەوێ، ئەوانیش لە سلێمانییە وە هاتوون و لە ماڵی خوشکمن. کە بەم شێوەیە منیان بینی، ئیتر من نەوەستام. فەوزیەی خوشکم و زاهیری برام بە دوامدا ڕایان کرد. من ڕۆیشتمەوە سەر شەقامی شێخ عومەر، چاکەتەکەم داکەند و دەمانچەکەم خستە ژێر پانتۆڵەکەمەوە، تاکسییەکم ڕاگرت. هەر کە وەستا، خوشکەکەم لەگەڵ زاهیری برام خۆیان فڕێ دایە ناو تاکسییە کەوە. ئەگەر تاکسییە کە ڕاست بڕۆیشتایە، دەچووەوە هەمان ڕووداو، پێم وت بڕۆ بۆ بەردەرگای شێخ عەبدولقادر گەیلانی، کابرای تاکسی ڕۆیشت و چووینە سەر شەقامی

جمهوری، وتم بەرە و گازینۆی کندی، ئەوێ زیاتر کوردەکانی خەڵکی سلێمانیی لێ دادەنیشتن. پێش ئەوەی بگەمە گازینۆی کندی، دابەزیم و نەموێرا زیاتر، چونکی ئێمە قاچاغ بووین لە جەماعەتی م.س، ئەوانیش لەوێ دادەنیشتن و ناکۆک بووین. ماڵی کورێکی پوورم وەستا محەمەد بەنا لە و ناوە خانوویان گرتبوو بە کرێ. خوشکەکەم لەسەر جادەکەوە تاکو ماڵی وەستا محەمەدی پوورم بە پێی ڕووت بە دوامەوە بوو، ڕەنگە خەڵکی بەغدا شتی تریان بە خەیاڵا هاتبێت بە و شێوەیە ئێمەیان بینی، نازانن ئەم چیرۆکە شتێکی تڕە.

کە چووینە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم، بینیمان پووڕە حەپسەم لەوێیە. ئەویش لە سلێمانییە وە هاتووە. موسلح جەلالی و حیزب بەیانێکیان دەرکردووە لەسەر گرتنی عەزیز ئەلحاج، سەدوپەنجا دانەیان بە پوورمدا ناردووە بۆ من بڵاوی بکەمەوە... ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ. وتم هەر ئێستا بیسووتێنن، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێ. خوشکەکەم ناردەوە بۆ ماڵی خۆیان لەگەڵ زاهیری برام. لە ماڵی خوشکەکەم زۆر شتم دانا بوو. هەموو جۆرە شتێک قومبەلەی دەستی، کەرەسەی دروستکردنی ناسنامە تەزویر، کلماتی چاپخانە، کاغەزی پڕنەکراوەی مۆڵەتی سەربازی بۆ خەڵکی پێبنێرینەوە بۆ کوردستان، شتی تریش. وتم برۆن خێرا لەناویان بەرن، لەوێ مەیانهێڵن. من پاش ئەم قسەوباسە بەجێم هێشتن. خوایە بۆ کوێ بچم؟ کورێکی هاورێمان لە بەغدا دەیخوێند، لە وەزیریيە بوو. ناوی جەلال عەبدوڵڵا بوو، بە جەلال چاوشین ناسراوە. ئێستاش ماوە و لە سلێمانییە. زۆر برادەرمان بوو، چووم بۆ لای، خواهەڵناگرێ مەردانە خزمەتیان کردم، دوو شە و لایان بووم، ئە و کاتە عادل مەجید لەگەڵی بوو، ئەویش دەیخوێند. بیرم کردەوە ژیان بۆ من لە بەغدا تەواو بوو، ناکرێ پیاو لەوە زیاتر خۆی تووشی تالوکە بکات. ئە و دڵسۆزییەی من لە بەغدا لەوە زیاتر بڕ ناکات، مانەوەش سوودی نییە. هەر ئە و ڕۆژەی دوایی سەردانی ماڵی ژنبرای هاورێ جەبارم کرد بە ناوی کاک ئەحمەد، کورد بوو، برای ژنەکەی بوو، ئێستاش ماوە و جارجارە تەلەفۆنم بۆ دەکات. چوومە ماڵیان، کە لە نزیک شەقامی ڕەشید بوو. وتم بە کاک جەبار بڵێن من و نەسرەدین تووشی شتێکی وا هاتووین، با ئەویش نەچێتەوە ماڵەوە، چونکی ڕەنگە نەسرەدین گیرابێ، پێکەوە بووین، من بە شەڕە دەمانچە دەرچووم. ئیتر نازانم ئە و چیی بەسەر هاتووە. ئیتر من بە غدا کۆتاییم بە کارەکانم هێنا و چووم بۆ لای پووڕە حەپسەم.

دوو دەمانچەی چواردەخۆرم لە کەمەری ڕاست و چەپی پوورم بەست، بەیانی زوو سەعات شەش لە پێشەوەی تاکسییە کە جێگەی دوو نەفەرم گرت، خۆم لای سایەقەکەوە سوار بووم، دەفتەر خزمەتی سەربازیم پێبوو هی عادل مەجید بوو، دەستکاریم کردبوو و کردبووم بە کامل ئەمین کە سەربازیم تەواو کردووە، عادل ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانییە. ماوەیەک وابزانم بەڕێوەبەری شوێنەوار یان مۆزەخانە بوو.

پوورم کەواکەی دایەوە بە سەر دەمانچەکاندا، لە ژێرەوە بەستبووی. چەند بازگەیەکی پشکنین داوای هەویەیان دەکرد، منیش دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەم خستبووە ناو نایلۆنێکەوە. کە سەربازەکە داوای دەکرد، لە بەرچاوی بۆم دەرهێنا. بە و مانایەی زۆر پارێزگاریی لێدەکەم بۆ ئەوەی خراپ یان پیس نەبێ. تەماشای دەکرد و دەیدامەوە. بەم شێوەیە گەیشتینە هەولێر. لەوێ هاورێیەکم دەناسی بە ناوی فازڵ. کورێکی کورتەبنە بوو و ماڵیان لە قەڵات بوو. چووینە ماڵیان، لەوێ دەمانچەکانم لە پوورم وەرگرت و لە و ماڵە دامنا. پوورم ناردەوە بۆ سلێمانی. منیش سواری سەیارە بووم بۆ گەڵاڵە بۆ لای حاجی هۆمەران. ئیتر لە ڕێگە ترسم کەم بووەوە، دەفتەری خزمەتی سەربازیم پێبوو، گەیشتینە دیانا. لە چوارڕێیانەکەی دیانا دوا بازگەی سەربازی بوو. لەوێش تێپەڕم کرد گەیشتمە دێی ناوکێلەکان کە بارەگای حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی لەوێ بوو. کە دابەزیم، زۆربەی هاورێکانم دەناسی. چەند ڕۆژێ بوو گەیشتبووم، وتیان ئەمشە و عەزیز ئەلحاج دێتە سەر تەلەفزیۆن و ئیعتراف دەکات.

هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا لە شاریش و دەرەوە ش ئیشی دەکرد. موسڵح بە کاری حیزبی چووبوو بۆ گەڕەزیلی قەرەداغ. ئێمەش چووین و ماوەیەک لەوێ ماینەوە. لە دێهاتەکان دەگەڕاین لە دۆڵان، دەرەویان، جافەران کە بارەگای هێزی پێشمەرگەی لێبوو. لە و ناوە ماوەیەکمان بەسەر برد. پاشان گەڕاینەوە بۆ بارەگای سەرەکی لە ناوکێلەکان. هەر لە و ماوەیەی عەزیز ئەلحاج و هاوڕێکانیان گیرابوون، شک پەیدا بووبوو کە موسڵح لە ژێرەوە لەگەڵ پاراستنی پارتی خەریکە. کاری ڕۆژانەی جێی شک بوو، دیار بوو ئەبوولەیلا ئیبراهیم عەلاوی لە ئێمە زیاتری دەزانی. ڕۆژێکیان ئەبولەیلا بانگی کردین، ئە و چەند هاوڕێیەی بڕوای پێیان بوو. لە بارەگاکە بووین، پێی وتین شکی زۆرمان لە موسڵح هەیە، کە لەگەڵ پاراستن دەستی تێکەڵاو کردووە. زاوایەکی موسڵح لە خەستەخانەی ناوپردان بوو، ناوی دکتۆر فازڵ مستەفا بوو، ئیتر نازانم لە ڕێگەی ئەوەوە یان کەسێکی ترەوە زانیبووی، وردەکارییەکانی نازانم.

لە بارەگای ناوکێلەکان بڕیاری چەککردنی موسڵح جەلالی درا و گیرا

ئە و هاوڕێیانەی پێمان وترابوو، خۆمان حازر کرد. لەسەر نانخواردنی بەیانی هەموومان پێکەوە بووین. ئەبولەیلا ئیبراهیم علاوی قسەی لەگەڵ کردبووین. موسڵحمان چەک کرد. چەند هاوڕێیەکمان دەمانچەکەمان لێسەندن، ئاگادار کرا کە تۆ خیانەتت کردووە، ئیتر لە و جۆرە شتانەی لەسەری کۆبووبووەوە، ئەوانەی بە و کارە ئاگادار کرابووین، من خۆم، کەمال شاکر، ئەکرەم حەپسە، کەمال جەمال بەختیار. دیارە لە ڕووداوێکی وای چاوەڕواننەکراودا هێمنیی بارەگاکە تێک دەچێت. ئەوانەی لەوێ بوون، ئاگادار نەکرابوون و تاکو ئە و کاتەی موسڵح چەک کرا، کەسانی یەکەمی حیزبەکە لایان سەیر بوو. ئەمە چی بوو ڕووی دا؟ پێی وترا خیانەتت کردووە. پاش ماوەیەک قسەوباس، دەستی کرد بە گریان. دەستەسڕێکی سپیی پێبوو، چاوی سڕی و وتی من ئامادەم ساڵێک لە و ئەشکەوتەدا دانیشم و لەم جۆرە قسانە، دیار بوو خۆ ئێمەش سجنمان نەبوو، ئێزن درا و ڕۆیشت بۆ ناوپردان، ئیتر بۆ لای کێ چوو؟ نازانم، دوای ئەوە پەیوەندیی کردبوو بە هێزێک لە هاوڕێیانی سلێمانییە وە و چەند کەسێکی لەگەڵ ڕۆیشتن، ماوەیەک ئاژاوە و سەرئێشەی دروست کرد بۆ حیزب. حیزبیش خۆی ڕوو لە کزی بوو، بەتایبەتیش پاش گرتنی عەزیز ئەلحاج و ئەوەی لەسەر تەلەفزیۆن وتی. ئەوانەشی لەگەڵی ڕۆیشتن لە سلێمانی حەمە ئەمین پێنجوێنی ئەندامی لقی کوردستان بوو، فایەق ئەمین سەعەسوور، کەسانی تریش کە ئێستا ناوەکانم لەبیر نەماوە. کۆتاییەکەشی دەزانن، موسڵح چووەوە لای ڕژێمی بەعس و خیانەتی کرد، لەوێ جێگەی خۆی دۆزییەوە. هەموو ئەوانەی لە و سەردەمەدا لە حیزبی شیوعی کاریان کردبێ، ئە و ڕاستییە دەزانن.

ساڵ ڕۆیشت و ساڵ هات. گۆڕانێکی گەورە هات بە سەر شۆڕشی کورددا. ئێمە لە دەرەوە بووین، پێشمەرگە بووین، موسڵح لەگەڵ سەدام حسێن لە تەلەفزیۆن دەرکەوت لەسەر مەسەلەی ڕۆشنبیری، سەدام پێی وت مامۆستا. بە چاوی خۆم بینیم بووبوو بە بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی ناوچەی حوکمی زاتی. ئەوەی ڕۆشنبیری بێ، موسڵح نەیبوو، لەبەر ئەوەی وەک سەدانی تر خۆیان فرۆشتبوو. خەڵکی تریش دوای کەوتن. پاش ئە و زیانە گەورەیەی حیزب کردی، پاش گرتنی عەزیز ئەلحاج، ئەمیش لەملاوە زیانێکی گەورەتری لە ڕیزەکانی حیزب دا و بەرە و لاوازیی برد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنەکان باش بوون لەچاو ئەم هەموو مەینەتییەی بەسەری هاتووە.

دوای ئەوە هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی بوو بە کەسی یەکەمی حیزب، ئەبووجەعفەر ناوی خضیر سەلمان بوو خەڵکی زاخۆ بوو. ئەبووئەنیس فاروق مەلا مستەفا، لە شاری سلێمانیش شێخ عەلی و دەیان کادێر و هەڵسووڕاوی تر لە شارەکان ئیشی خۆیان دەکرد. ئێمەش لە دەرەوە کادێرە هەڵسووڕاوەکانی عەسکەریی حیزب

بووین. ئە و کاتە کارەکان بە ئێمە هەڵدەسووڕا. دەوری ئیبراهیم عەلاوی زۆر بوو، پشتیوانیی گەورەشی لە هاوڕێ فاروق مەلا مستەفاوە بوو. پێش جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی لە حیزبی شیوعی ساڵی 1967 هاوڕێ فاروق هەر لە خەتی ئەبولەیلا بوو. هاوکاریی باشی دەکرد، ئێمەش هەر هەموومان زۆرزۆر بڕوا و متمانەمان پێی بوو، کەسێکی یەکجار زیرەک بوو، پیاوێکی سادە و پاک بوو، ڕەنگە لە و سەردەمەدا من و دەیانی وەک من لە ڕووی فکرییە وە سوودمان لێوەرگرتبێ. خۆ کێشەی حیزب و کاری ڕۆژانە هەر تەواو نابێ. دوای هەڵاتنی موسڵح، دیار بوو ئەبووجەعفەریش مەیلی لای ئەوان هەبوو. بەڕاستی ئەبووجەعفەریش پیاوێکی دیار بوو.

کێشەی ناو حیزب هەر تەواو نەدەبوو. دوایی هەندێ بارەگامان بردە گوندی گوێزان، دارئەلسەلام، لای گەڵاڵە. چەند گوندێک بوون لەسەر جادەکە، واتە لەسەر خەتی هاملتۆن نەبوون. لە دارئەلسەلام لە جێگەیەکی چۆڵەوانیدا خانوومان دروست کرد، ساڵ گوزەری دەکرد و ئێمە بەردەوام بووین، شۆڕشی کوردیش بە سەرکردایەتیی بارزانی ڕۆژبەڕۆژ لە گەورەبوون و پەرەسەندندا بوو، هەموو بەشەکانی کوردستانی عێراق لە زاخۆوە تاکو خانەقین گرتبووەوە. ئە و کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی دیموکرات باش بوو، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان بوو، ئەمەی باسی دەکەم، ساڵی 1969 و سەرەتای ساڵی 1970یە. چەند جارێک لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی و هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا پێکەوە چووین بۆ لای (م.س)ی پارتی. کاک حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب بوو، لەگەڵ بەڕێزان عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر مەحموود عوسمان لە ژوورێکدا کاریان دەکرد. کاک محەمەد عەزیز لێپرسراوی ئیدارەی م.س بوو و بەڕێوەی دەبرد. لە و سەردەمەدا پەیوەندیی شۆڕش و حکومەتی عێراق بەرە و لەیەکنزیکبوونەوە دەچوو. پێشمەرگە دەستی باشی لە ڕژێم دەوەشاند. حکومەتیش زیانی زۆری پێکەوتبوو. بە حوکمی ئەوەی بارەگاکەمان لە ناوکێلە کان لەسەر جادەی گشتی بوو، ئاگاداری هەندێک هاتوچۆ بووین لە نێوان حکومەت و شۆڕشدا و بۆنی ڕێککەوتنی لێدەهات.

یەکەم سەفەری هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی بۆ سوریا و لوبنان

بڕیار درابوو هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی سەفەرێکی سوریا و لوبنان بکات، هاوڕێکانی ڕێکخستنی دیمەشق و هاوڕێ موزەفەر نەواب کە ئە و کاتە لە دەرەوە بوون، داوایان کردبوو. بەرنامەی سەفەرێک ڕێک خرا. هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی ویستی بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵیدا بڕۆم. زۆر منی خۆش دەویست بڕوا و متمانەی پێم بوو. ڕۆژی 09-03-1970 بەڕێ کەوتین. من بووم، هاوڕێ عەزیز ئەنوەر ناسراو بە عەزە ڕەش، بە عەزەی بەهێش دەناسرا، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا وەفاتی کرد. هاوڕێیەکی تر عەرەب لەگەڵماندا هات، لای ئێمە بوو و ناوی حەسەن بوو، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو، باوکیشی عەسکەری خانەنشین بوو و پلەکەی گەورە بوو. ملی ڕێگەمان گرت بۆ سوریا و نووسراویشمان وەرگرتبوو لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لە لای بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم بۆ ئەوەی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار ئامر هێزی بوو، هاوکاریمان بکات بۆ پەڕینەوە بۆ سوریا. ڕۆژی یەکەم بە گوندەکانی گەرووی بێشی و شێخان و بەرە و مێرگەسوور ڕۆیشتین. ئێوارەی ڕۆژی 1970/3/11 گەیشتینە مێرگەسوور. بەیانی یانزەی ئازار خوێندرایەوە، ئێمە لامان غەریب نەبوو و دەمانزانی شتێک هەیە. دوو ڕۆژ بوو بە ڕێگەوە بووین، لەبەر بارانی ڕێگە تۆزێکیش تەڕ بووین. شەوێ چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو حەمە ئاغای مێرگەسووری، بە حوکمی پەیوەندیی من لە پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ کاک فاخری کوڕی لە هەندرێن ناسراویمان هەبوو. جەوهەر و سەعید و ئەوانیشم دەناسی، خوا لێیان خۆش بێت ماڵێکی بەڕێزی گەورە بوون. هەروەها عەزەی بەهێش ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاک فاخردا بوو، ماڵیان وەک ماڵی خۆی وابوو، خۆشیان دەویست، خزمەتێکی زۆر باشیان کردین، هەر لەوێ بووین گوێمان لە بەیانی یانزەی ئازار بوو لە مێرگەسوور.

بەیانی یانزەی ئازار

لە نێوان شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و حکومەتی عێراق ڕێککەوتن بوو. ئەو کاتە ش ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی کۆماری عێراق بوو. پاش بەیانی یانزەی ئازار لە سەرتاسەری کوردستان شەڕ ڕاگیردرا. بوو بە خۆشی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە نێوان هەردوولادا گفتوگۆ و هاتوچۆ دەستی پێکرد. ئێمەش بۆ ڕۆژی دوایی هەڵساین و ملی ڕێگەمان گرت بۆ سوریا. چووینە ڕێزان و لەوێشەوە بۆ بلی، بارزان لەسەر ڕێگەی سەفەرەکەمان بوو. ئیتر قۆناغبەقۆناغ دەڕۆیشتین، لەولای بلێوە ڕووبارێکی لێبوو، ئاوەکەی دەهاتەوە بۆ لای ڕێزان. لە و ئاوە پەڕینەوە بەرە و دەشتی زێبار. لەسەر ڕووبارەکە هەندێک ماسیمان کڕی و بە ئاگر برژاندمان. دوایی بەرە و دێرەلوک و هاندڵ ڕۆیشتین. بۆ شەوێ چووینە گوندێک بە ناوی کالین کە ئاشووری بوون و بەڕۆژوو بوون، خواردنیان کردبوو بێ ڕۆن. ڕۆژووی ئەوان نە چەورپی تێدایە نە گۆشت. ڕۆژی دوایی ڕێگەمان گرتە بەر. گەیشتینە بالتە و لەوێشەوە بەرە و خواروویی دهۆک. ئەو کاتە دهۆک قەزا بوو، بچووک بوو، گڵۆپەکانی دهۆک لێمانەوە دیار بوو. ئە و ماوەیەمان بە شە و بڕی. هاتینە شندۆخا، پاشان پەڕینەوە بۆ مالتایا و لەوێشەوە چاوساغمان لەگەڵ بوو بۆ ناوچەی پێشمەرگە و قۆناغبەقۆناغ گەیشتینە لای عیسا سوار ئامرهێزی زاخۆ. بارەگاکەی لە گلناسک بوو. چووینە بارەگاکەی و خۆمان پێناساند. نامەکەی مەکتەبی سیاسیمان دایە، ئەویش زۆر ڕێزی لێگرتین و ئە و ڕۆژە تاکو ئێوارێ لای ماینەوە. ڕەمەزان عیسا لەوێ بوو، لەوێ کەسێکی شارەزای بانگ کرد ناوی محەمەد ڕەشۆ بوو، لەچاو ئێمەدا بەتەمەن بوو. دیار بوو پەڕاندنەوەکاری خۆی بوو، لەگەڵمان هاتە گوندێکی گەورەی مەسیحی بۆ ئەوەی بچینە سەر ئاو، وابزانم دێ ڕەبوون بوو، بۆ ئەوەی لە ئاوە گەورەکەی فیشخابور بپەڕینەوە بۆ بەری سوریا. ئە و ئاوە سنووری کردووە بە دوو بەشەوە لە نێوان تورکیا و سوریا و عێراقدا، ئاوی دیجلەی پێدەڵێن. ئاویش چی، ناوێری تەماشای بکەی، بەهارە و ئاو زیادی کردووە، غیرەتی ئەوێ. پانایی ئاوەکەش زۆر بوو لەبەر ئەوەی ئاوەکە بە هۆی باراناو و لافاو هەڵسابوو. لە و کاتەدا پانییەکەی نزیکەی نیو کیلۆمەتر دەبوو. کاک محەمەد ڕەشۆ خوا بکەم ئێستا مابێت، چاکەی باشی لەگەڵ کردین یادی بەخێر بێ.

پەڕینەوە بۆ سوریا

کاک محەمەد هات و دوو چووپی گەورەی تراکتۆری پێکەوە بەستەوە، بە حەبلی گەورە و ئەستوور دوو چووپی سەیارەی بەست بە چووپە گەورەکانەوە. کەسێکی تریش لەگەڵی بوو ناوی نازانم. هەردووکیان لە پێشەوە سواری چوپە بچوکەکان بوون. عەزەی بەهێ تا سەر سنوور لەگەڵماندا هات، خواحافیزیمان لێکرد و گەڕایەوە. ئێمەش سێ کەسمان ڕۆیشتین. بڕیارەکەش وابوو.

لە ناو ئاوەکەدا محەمەد ڕەشۆ و هاوڕێکەی مەلەیان دەکرد، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان ڕادەکێشا. ئاوەکە هی ئەوە نەبوو بڵێی مەلە دەزانم، ئەگەر لێت بقەومایە، مەلەوانیش بویتایە، بڕوا ناکەم ڕزگارت بوایە. بە هەرحاڵ، من ئە و کاتە مەلەم نەدەزانی. ئەگەر گرفتێک ڕووی بدایە لە ئاوەکەدا، من یەکەم کەس تێدا دەچووم و دەخنکام. ئیتر ژیانیش زۆری سەرکێشییە. هەرواشمان هێناوە لە ژیاندا. بڕوا بکەن ڕەنگە نیوسەعات زیاتر ئە و ئاوە ئێمەی بردووەتە خوارەوە لە بەرامبەر فیشخابور تا گەیشتینە بەری سوریا. بە سەلامەتی گەیشتینە ئەوێ. ئەم پەڕینەوەیەم لا سەیر بوو. خواحافیزیمان لە محەمەد ڕەشۆ و هاوڕێکەی کرد. ئە و شەوەی پەڕینەوەکەش شەوێکی مێژوویی بوو، یەکەم: دوای یانزەی ئازار بوو، دووەم: سەر سنووری سێ پارچەی کوردستان بوو، لەسەر چیاکان و ئاگر لە هەرسێ لاوە بەرز دەبووەوە. پیاو هەستێکی یەکجار سەیری لا دروست دەبێ.

کوردستان چۆن وا دابەش کراوە. شەوی نەورۆز بوو، نەورۆزیش هی هەموومانە.

گەیشتنە سوریا

کە گەیشتینە گوندەکانی سنووری سوریا، چووینە دوو گوند بە ناوی پلێسێ و ڕەکافە. لەبەر ئەوەی ناوەکان کوردی بوون، حیزبی بەعس گۆڕیبوونی بە حەیفا و یافا. لەوێ نامەمان پێبوو بۆ کوردەکانی سوریا، ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی چەپی سوریا هەبوو، سەرۆکەکەی بەڕێز محەمەد نەیۆ بوو، سکرتێرەکەی سەلاح بەدرەدین بوو. ئەو کاتە هەردوو حیزبی کوردی هەبوون. ئەوانمان لە گەڵاڵە دەناسی، لە کوردستانی عێراق بوون. لە دوو دێکە ئەوەندە حورمەتیان گرتین، پیاو نازانێ چۆنی باس بکات. بۆ بەیانی ڕۆژ چاوساغیان لەگەڵ ناردین و سواری ئۆتۆمبێلی دێکە بووین بۆ قامیشلو. برایانی سوریا زۆر هاوکارییان کردین، لە قامیشلو چووینە ماڵی عەزیز ئومەری، کە لە برادەرانی پارتیی سوریا بوو. ئێستاش لەبیرمە ماڵیان لە شەقامی خالید کوڕی وەلید بوو، دەرگاکەیان ژمارەی 46 بوو، لەبیرم نەدەچووەوە، چونکی لەدایکبوونی خۆم ساڵی 1946ە. لە ماڵی کاک عەزیز دڵسۆزانە و کوردانە خزمەتیان کردین. باسی وەزعی کوردستانی عێراق و ڕێککەوتنی تازەی یانزەی ئازار کرا. ئەوانیش ئازارێکی زۆریان دەدەن، سیاسەتی تەعریب لەوێ بەردەوامە، ئیعترافیان پێناکەن و ڕەگەزنامەی نادەنێ. ئە و ڕۆژە تاکو ئێوارە لە ماڵی ئەوان ماینەوە. لە قامیشلو بۆ حەلەب سەیارەیان بۆ گرتین. سەیارەکان بە شە و دەڕۆیشتن. بەرەبەیان گەیشتینە شاری حەلەب. هەر ئە و ڕۆژە سواربووین بۆ دیمەشقی پایتەختی سوریا. تەلەفۆن و ناونیشانی هاوڕێیانی سوریامان لابوو، بەتایبەت هاوڕێ حەسەن کە عەرەب بوو، لە سوریا وە هاتبوو بۆ لامان و شارەزاییەکی باشی هەبوو. ڕەفیقەکانی خۆی لەوێ بوون. ئە و هاوڕێیانەی لە سوریا بوون، خەلیل ئیبراهیم کە دوایی بوو بە دکتۆر و ئێستا لە ئەڵمانیایە. ئەو کاتە لەگەڵ ڕێکخراوی فەلەستین بەرەی دیموکراتی بوون، هەروەها حەسەن. هەندێک هاوڕێی تریش لە دیمەشق بوون و لە دانیشگا دەیانخوێند. عادل عەبدولجەلیل کەسێکی هەڵسووڕاو بوو. لەم ساڵانەی دواییدا بەعسییەکان لە لوبنان تیرۆریان کرد، نزار عەبدولجەلیل برای بوو. دکتۆر تارق دلێمی ئەویش لە جامیعەی دیمەشق دەیخوێند و ساڵی کۆتایی بوو. حازم و دەیانی تر لەوێ بوون. کە گەیشتینە ئەوێ، هاوڕێیان هاتن و ئێمەیان برد بۆ بینایەک. قەبوویەکیان بۆ گرتبووین. لەوێ بە ژێرزەمین دەڵێن قەبوو، کەمێک حەساینەوە.

دوو هەفتەی ویست تاکو گەیشتینە دیمەشق. پاش ئەوەی ماوەیەک لەوێ بووین، شوقەیەکمان گرت و لە عێراقەوە بە دزییە وە منداڵەکانی ئەبوولەیلا هاتن. خێزانەکەی ناوی هاجەر بوو و لە ئەسڵدا کورد بوو، کورێک و کچێکی هەبوو و ناویان لەیلا و عادل بوو. لە خانووەکەدا پێکەوە بووین، من وەک کوڕ و برای ماڵەکە وابووم، جێگەی بڕوای تەواوی ئەبولەیلا بووم. لەگەڵ هاوڕێکانیش بەهەمان شێوە خۆشەویستی و برایەتیمان بەهێز بوو. ئە و ماوەیەی لەوێ بووین، ئەبولەیلا خەریکی کاری حیزبی بوو لەگەڵ بەعسییە چەپەکان، کە لە دەست ڕژێمی سەدام حسێن ڕایان کردبوو. پەیوەندییەکی باشی دروست کرد، وابزانم کەسێکی لێپرسراویان ئەو کاتە ناوی دکتۆر فوئاد بوو. ویستمان سوود لەم پەیوەندییە وەربگرین بۆ هەندێک پێویستیی چەک و شەڕی پارتیزانی. هەر لە و ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین، حافز ئەسەد دەسەڵاتی گرتە دەست. کۆنگرەی هەرێمی حیزبی بەعسیان گرت، حافز ئەسەد دەوری کۆنگرەی دا و هەموویانی گرت بە سەرکردایەتیی قەومی و هەرێمییە وە، بەرنامەکانی ئێمەش ئە و بەشەی تێکچوو. ئەوانەی سووریا گیران، لەناویشیاندا نووردین ئەتاسی. منیش کە بڕیار بوو هەندێک چەک و تەقەمەنی بهێنمەوە بۆ هاوڕێیان، بەرنامەکەم تێکچوو. بەڵام کۆڵمان نەدا و هەر لە هەوڵدا بووین. پێش ئەوە من وەجبەیەکی کەمم هێنایەوە، دە کڵاشینکۆف و دە دەمانچەی چواردەخۆر، زوو هێنامەوە و تەسلیم بە برادەرانم کرد.

لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پێویستیی شەڕی پارتیزانی بەردەوام بووین، لەگەڵ ڕێکخراوی فەلەستین بەرەی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی نایف حەواتمە و قەیس سامرایی پەیوەندیی باشمان هەبوو، هەندێک لە هاوڕێکانی خۆمان لە بەرەکەی ئەوان کاریان دەکرد و بەشدار بوون.

ئە و ماوەیەی لەوێ بووم، لەگەڵ ئەبولەیلا لە ژێرخانەکەی خۆمان بووم. لە دیمەشق ڕۆنیۆیەکی تازەمان کڕی. ئەبولەیلا هەر خەریکی نووسین بوو. کتێبێکی بە دەستەوە بوو لەسەر تەحریفیەت. حیزبی شیوعی بووبوو بە پاشکۆی سۆڤییەت و زیانی گەیاندبوو بە جوولانەوەی شیوعییە ت. هەر لە و ژێرزەمینە نووسینی کتێبەکەی تەواو کرد. شە و و ڕۆژ ئیشمان تێدا دەکرد. کتێبەکە ناوی حزب الشیوعی العراق والتحرفییە العالمیە المعاصرە بوو. دوای تەواوبوونی بەرگ و دەرزیلێدان، منیش ئەوەندەی بەشی کوردستان بوو، لەگەڵ خۆم هێنامەوە. نووسراوەکان و نامە نهێنییە کانی ئەبوولەیلام بۆ هاوڕێیان لەگەڵ خۆم هێنا. وەک جاران لە دیمەشقەوە بۆ حەلەب و لەوێ ئێوارە سواری ئۆتۆمبێل بووم بۆ قامشلو. بەرەبەیان گەیشتمە ئەوێ و چوومە ماڵی کاک عەزیز ئومەری. پاش ئەوە چاوساغیان لەگەڵ ناردم. برادەرێکیان هەبوو ناوی ڕەسوڵ بوو لە دێی گرد زیارەت، بە عەرەبی کردبوویان بە تل ئەلزیارەت، دەچوومە ئەوێ، لەوێشەوە هاوکارییان دەکردم بۆ سەر سنووری عێراق. گرد زیارەت لەسەر ڕێگەی گشتیی قامشلو-دیریک بوو. لەسەر سنوور لە دێی خانک لە ئاوەکە دەپەڕیمەوە بۆ دێی دیرەبوون لە سنووری زاخۆ. لەوێشەوە بەرە و دهۆک بە ناوچە ئازادکراوەکاندا بە ڕێگەی پێ، وڵاخم لە دێکان بەکرێ دەگرت و شتەکانم لێدەنا، چونکی کتێبێکی زۆرم پێبوو. هەندێک جار هەر بە شە و دەڕۆیشتم. ئەوەندە هاتوچۆم کردبوو، شارەزا بووم و چاوساغم نەدەویست بۆ ڕێگە.

بەتایبەت لە سوریا باش شارەزا بووبووم، ئەوێ وەک عێراق نەبوو، ڕەبیە و بازگە نەبوو. من لە سنووری قامشلۆوە بە ناو کۆمپانیای نەوتدا تێدەپەڕیم. کەس نەیدەوت لە کوێوە هاتووی. ئەمەی باسی دەکەم، چەندین جار دووپات بووەتەوە، ئیتر گەیشتمەوە ناوکێلەکان بۆ بارەگای حیزب لای گەلاڵە. ئیشەکانی ئەوێشم تەواو دەکرد، دەبوایە بگەڕامایەتەوە بۆ سوریا و لوبنان. جارجارەش هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ سوریا بۆ ئەوەی شارەزا بن.

لە لوبنان

ئە و کاتانەی دەچووم بۆ لوبنان، پاش ئەوەی دەچوومە ئوتێل، پاشتر دەچوومە ماڵی کاک مستەفا جاف. بەداخەوە لەم سالانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد. خۆی هاوڕێی ئەبولەیلا بوو لە لەندەن، سالەکانی دانشگایان لە لەندەن پێکەوە تەواو کردبوو. هەردووکیان ئەندازیار بوون، حەقیشە باسی خوشکی بەڕێزم نازەنین قەفتان بکەم، هاوسەری کاک مستەفا بوو. هەتا بڵێیت بە خزمەت بوون، نەک هەر بۆ ئەبولەیلا، بۆ هەر کەسێکی تریش. ئەوانەی لە ڕابوردوودا هاتوچۆیان کردوون، شاهیدییان بۆ ئەدەن. نموونەیان زیاد بێت. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کاک مستەفا جاف. پاش ئەوەی ئەبولەیلام لەوێ ئەدۆزییەوە، کاری ڕۆژانەی ئەویشم دەکرد. زیاتر هاتوچۆی گۆڤاری الحریەم دەکرد. موحسن ئیبراهیم و فواز تەرابلسیم دەناسی، لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان قسەم بۆ دەکردن، ئەوانیش لە گۆڤارەکەیاندا بڵاویان دەکردەوە، بەتایبەت لەسەر ڕژێمی سەدام حسێن. خۆیان چەپ بوون، لەگەڵ ئەبوولەیلا ڕێکخراوی تریشمان دەبینی. کەسێک چەند جار ئەبولەیلای بینی نخلە مطران. ئەوانیش لە شیوعییە کانی لوبنان بوون و تەیارێکی تایبەت بوون.

من زۆربەی کات هەر لە سوریا بووم لای هاوڕێکان، قەد پیاوەتیی عادل عەبدولجەلیلم لەبیر ناچێتەوە، هەروەها نزاری برای و تارق دلێمی و خەلیل و ئەوانی تر. ئەمەش لە پێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا بوو ئەم

هەموو ڕێگەیەم دەبڕی. بڕوا بکەن هەموو جارێ دە ڕۆژ ڕێگە بەڕێوە دەبووم تاکو دەگەیشتمە قامشلو، ئەگەر بیروباوەڕ نەبێ کێ توانای ئەمەی هەیە؟ پیاو باسی خۆشی بکات کەس لە ڕۆیشتن لەگەڵم دەرنەدەچوو، چونکی جگەرەم نەدەکێشا. بە منداڵیش وەرزشکار بووم، هەندێک بەغیلییان پێدەبردم لە ڕۆیشتندا. ئە و پێشمەرگانەی لەگەڵم بوون، شاهیدن.

لەم هاتوچۆیەدا دوو وەجبە چەکم هێنا بۆ هاوڕێیان. ئەگەرچی ژمارەکەی کەم بوو، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییە وە زۆر بوو. جارێکیان ساڵی 1972 لە سوریا وە هەندێک چەکمان هێنا. قۆناغی یەکەم لە دێی گرد زیارەت لای کاک ڕەسوڵ گەیاندمانە سەر سنوور و داخڵی کوردستانم کرد، بەڵام لای لەشکری یەک خوالێخۆشبوو ئەسعەد خۆشەوی دەستی بەسەردا گیرا. ئەسعەد خۆشەوی بارەگاکەی لە بامەڕنی بوو. پاش ماوەیەک هێنان و بردن وەرمانگرتەوە و گەیاندمە لای هاوڕێیان. ئەو کاتە ی لە دیمەشقە وە دەگەڕامەوە، ئەوانەی یارمەتییان دەدام، دیارییەکم بۆ دەهێنان. دیارییەکە زیاتر ڕەمزی بوو. لە دیمەشق فیشەکی تاپڕ یان شتی ترم بۆ دەکڕین. کە ڕێگەشم دەگۆڕی، لە هەر جێگەیەکەوە بووبێ هەر شتم بۆ دەهێنان.

هاتوچۆ لە ڕێگەی موسڵە وە بۆ سوریا بە مغامەرە

دیارە دوای ڕێککەوتنی 11ی ئازار چەند جارێ هاوڕێکانم هێنا و بردمن. هەر جارەی کە دەگەڕامەوە بۆ سوریا، چەند هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆم دەهێنا بۆ ئەوەی هەم دنیا ببینن و هەم فێری ڕێگە بن بۆ ڕۆژی پێویست، هەم پشوویەک بدەن. ئەوانەی لە و جارانەدا کە لەگەڵ خۆم بردوومن بۆ سوریا بۆ ئەوەی شارەزا بن، زۆر لە هاوڕێکان بوون وەک ئەکرەمی پوورم، کەمال جەمال (بەختیار)، کەمال بە بەختیار دەیانناسی. جەمالی عەلی فائز، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا هەرسێکیان شەهید بوون و لە سێدارە دران.

ڕێگە گۆڕین

بەهۆی ڕێککەوتنی یانزەی ئازارەوە لە گەڵاڵەوە دەڕۆیشتین بۆ هەولێر، لەوێشەوە بۆ موسڵ پاشان بۆ دێیەکی کوردی ناوی تاوس بوو، بە عەرەبی گۆڕیبوویان و ناویان نابوو وەلید. ئێستاش هێزی کوردی لێیە. تاوس مەخفەرێکی سنوورپی گەورەی تێدا بوو، لەوێوە بۆ ئە و دێیەی سوریا بە شە و دەڕۆیشتم، ڕێگاکەی نیوسەعات بوو، دێکەی سوریا ناوی قوڵدمان بوو. لە تاوس دەچوومە ماڵی حەمید، کوڕێکی زۆر دڵسۆز بوو. لەوێ لە تاوس کە شە و تاریک دەبوو، چاوساغیان لەگەڵ دەناردم و دەپەڕیمەوە بۆ دێی قوڵدمان. لەوێش برادەرانی پارتی هاوکاریان دەکردین، نووسراومان پێبوو بۆیان. جارێکیان کە چووم کاک فازڵ میرانی لەوێ بوو، ئەو کاتە ئەندامی لقی 3 بوو لە موسڵ. لەوێ یەکەمجار یەکترمان بینی و ناسی. لە دێی تاوس هاوکارییان کردم لە ڕووی چاوساغ و پەرینەوەوە. ئیتر کارەکەم ئاسان بووبوو، لەباتی دە ڕۆژ ڕێگە، بە ڕۆژێک دە گەیشتمە خاکی سوریا، ئەمەش وەک ئەوەی فێڵ لە میری بکەی. دوای ڕێککەوتنی یانزەی ئازار کە بازگەکان تووندوتیژییان کەمتر بووبووەوە، جامانەیەکی سوورم دەبەست، ئیتر ئە و زەمانە جامانەی سوور بەرگەی پەرینەوە بوو، بازگەکان نەیاندەپرسی، منیش سوودێکی زۆرم لە جامانەی سوور وەرگرت بۆ هاتوچۆ، جارجار ئەگەر دوا بکەوتمایە و دوو مانگی پێ بچوایە، خەڵکی دێکان گلەییان لێدەکردم بۆ دواکەوتووی؟ بەینم زۆر خۆش بوو لەگەڵیان، وەک کەسوکاری خۆمیان لێهاتبوو.

کۆنفرانسی لقی کوردستان حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی

لە سنووری گەڵاڵە لە چەند دێیەک بارەگامان هەبوو: 1- ناوکێلەکان 2- دارئەلسەلام 3- گوێزان. ساڵی 1972 بڕیار درا کۆنفرانس بگیرێ بۆ پێداچوونەوەی کاری حیزبی، وا ڕێکەوت لە کوردستان بووم و بەشدار بووم. پێشتر ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی بووم. هەموو شتێک ئامادە کرا، ئە و هاوڕێیانەی لە جێگە دوورەکانەوە هاتن، گەیشتن. نزیکەی چل کەس دەبووین. ئەبولەیلا لەوێ بوو و سکرتێری حیزب بوو. کۆنفرانس چەند ڕۆژێکی خایاند. پاش وتاری ئەبولەیلا ڕاپۆرت خوێندرایەوە لەسەر ئیشکردن و خەباتی چەکداری، کە دژی دیکتاتۆرییەت و ڕووخانی ڕژێم بەردەوام بین. لەسەر هەموو خاڵەکان قسە کرا و لقی کوردستانی قیادەی مەرکەزی هەڵبژێردرا. لەوانەی دەرچوون لە کۆنفرانسەکەدا بۆ لقی کوردستان، ئەگەر کەسێکم لەبیر نەچووبێتەوە: 1- شێخ عەلی 2- فاروق مەلامستەفا 3- خۆم(مستەفا چاوڕەش) 4- سەعدی خالەند خەڵکی مەخموور بوو دوای نەکسەی شۆڕش 1975 بەعس لە سێدارەیان دا. 5- تارق حاجی سەعید، خەڵکی هەولێر بوو. 6- ئیسماعیل خەڵکی موسڵ بوو برای عەدنان چلمیران بوو، ئیسماعیل ناوە نهێنییەکەی بوو. 7- مامۆستا عومەر خەڵکی سلێمانی بوو. هیوادارم کەسێکم لەبیر نەچووبێت، کۆنفرانس تەواو بوو هەر کەسەش گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی. بەیانی کۆتایی دەرچوو و بەرنامەی کاری داهاتوو دانرا. ئیتر پاش هەڵبژاردن جارێکی تر بە منیان وت کارمان زۆرە و دەبێ بچیتەوە بۆ سوریا.

دیسان سەفەر بۆ سوریا

پاش ڕێککەوتنی یانزەی ئازار هاتوچۆم ئاسان بووبوو. بازگەکان کەمتر زەختیان دەکرد و کەمتر ڕایاندەگرتیت. ئەمجارە هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا هاوڕێی سەفەرمە، بەڵام چاوساغ منم کە بچین بۆ سوریا بۆ ئەوەی هاوڕێ فاروق کارەکانی ئەوێ جێبەجێ بکات. دووقۆڵی بۆ سەفەری سوریا کەوتینە ڕێ. هاتینە هەولێر، هەردووکمان جامانەی سوورمان بەست. ئاسان بوو، خەڵکی سیاسیش هەمیشە دەگەڕێت فێڵ لە دوژمنەکەی بکات بە هەر ڕێگەیەک بێت. لە هەولێرەوە چووینە موسڵ و چووینە ئە و گەراجەی ئوتۆمبیل کە خەتی د ێ تاوس دێت و دەگەڕێتەوە. بەیانیان دەهات و دوای نیوەڕۆان دەگەڕایەوە. لە ناو موسڵ لەسەر شەقامەکەی دەچووین بۆ گەراج، چاومان بە بەهادین ئەحمەد کەوت، کە لە مەجلسی تەشریعی بوو. کاک فاروق دەناسی، بەڵام منی نەدەناسی. خۆمان لێ لادا، چونکی لەگەڵ دەوڵەت بوو. تاکسییەکمان گرت بۆ دێ تاوس، ئە و ڕۆژە سەیارەی خەتەکەیان نەهاتبوو. زۆر شارەزای ئە و ڕێگەیە نەبووین، کە تەکسییەکە لێوەی ڕۆیشت. تاکسییەکە بەرە و ڕەبیعە ڕۆیشت، ئێمەش زۆر ترساین، کاک فاروق وتی ئەگەر زانیمان مەبەستێکی هەیە، سایەقی تاکسییەکە دەکوژین. پێش ئەوەی بگەینە ڕەبیعە، بە لای ڕاستدا لای دا بۆ دێ تاوس. گەیشتینە ماڵی کاک حەمید و هات بە پیرمانەوە. ماڵی حەمید خانەخوێم بوون، دەمەدەمی ئێوارە بوو، چووینە ژوورەوە. پاش هەواڵپرسی کاک فاروقم پێناساندن، ژنەکەی کاک حەمید هات زۆپاکەی بە پشقل داخست. لەوێ دار نییە. بە دەستی پشقلی کردە زۆپاکەوە، بەهەمان دەستیش بێئەوەی بیشوات، چای کردە قۆرییەکەوە. کە چای تێکرد، کاک فاروق نەیخواردەوە، وتم کاکە ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام من چایەکەم خواردەوە. دوای نانخواردنی ئێوارە یەکێک تاکو دێ قۆڵدمان کە دێیەکی سوریایە، لەگەڵماندا هات. بە پشتی مەخفەرەکەی تاوسدا بردیانین. بە کەمتر لە سەعاتێک گەیشتینە ئەوێ، لەوێش پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین. شەومان ڕۆژ کردەوە، بەیانییە کەی سواری جێب بووین بەرە و قامشلو. ئیتر وەک جاران قۆناغبەقۆناغ بۆ حەلەب و دیمەشق. کە گەیشتینە دیمەشق، ژەمبوردە بووبووین. پێکەوە دووقۆڵی چووینە ڕیستورانتێک و نانمان خوارد. دوایی هاوڕێکانی خۆمان دۆزییەوە. ئە و ماوەیەی سوریا هەر پێکەوە بووین. کاک فاروق ئیشەکانی حیزبی جێبەجێ ئەکرد و من ڕێنماییم دەکرد بۆ شوێنەکان. جا لێرەدا حەقە بوەستم: لە گەڵاڵەی حاجی هۆمەرانەوە حیزب یەکی دە دیناری دایێ، حساب کرابوو. لە موسڵ بایی دینارونیوێک گۆشتم کڕی بۆ ماڵی کاک حەمید کە خانەخوێمان بوو و هاوکاریی پەڕینەوەی دەکردین. ڕەنگە کاک فاروق شتێکی زیاتر

پێبووبێ، دۆخی دارایی ماڵیان باشتر بوو. ئێمە ئاوا دەرۆیشی حیزب بووین، بە دە دینار بۆ دیمەشق، ڕەنگە هەبێت بڕوا نەکات.

سەردانی مەزاری مەولانا خالیدمان کرد

بە حوکمی ئەوەی من شارەزای دیمەشق بووم، لەگەڵ هاوڕێ فاروق چووین بۆ گەڕەکی کوردەکان بۆ سەر مەزاری مەولانا خالیدی نەقشبەندی. کاک فاروق و ئەوانیش خۆیان بە نەوەی مەولانا خالید دەزانن. لە پردی نحاس پەڕینەوە و چووینە مەزارەکەی، کە لە گۆڕستانێکی گەورەدا بوو لە گەڕەکی کوردەکان. ئە و بینایە خێزانێکی لێبوو، لە ڕووی ناوماڵەوە ڕێکوپێک بوون، لەسەر قەنەفە دانیشتین، تەلەفزیۆن و ئەمجۆرە شتانەیان هەبوو. کاک فاروق لە من باشتر مێژووی شەجەرەی مەولانا خالیدی دەزانی. قسەی لەگەڵ کردن. وتم کاکە لای ئێمە زێوان هەمووی ڕیشدار و ڕیشسپین، بزانە لێرە چەند پاکوخاوێنن. ئەوەشمان تەواو کرد و گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان.

سەردانێکی لوبنانمان کرد، پێکەوە چەند شەوێ لەوێ بووین لە ئوتێل جیرۆ سالم هاوس لە کۆڵانەکانی شەقامی حەمرا بوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ دیمەشق و لەوێش پاش چەند ڕۆژێکی تر گەڕاینەوە بۆ کوردستان. وەک جاران لە ڕێگەی خانکەوە هاتینەوە. لە ئاوی دیجلە بە بەلەم پەڕینەوە بۆ دێی دیرەبوون. بەرە و لای گەڵاڵە و بارەگای خۆمان لە ناوکێلەکان و دارئەلسەلام کەوتینە ڕێ، دواجاریش لەگەڵ ئەبوولەیلا چووین و گەڕاینەوە، هەر لە ڕێگەی براەدرانی کوردی سوریاوە بوو. هەتا ماوین سوپاسیان دەکەین، ئە و کاتەی لە سوریاوە هاتینەوە، لەسەر سنووری سوریا عێراق دەورمان بە پاسەوانی سنووری سوریا گیرا. پێی دەڵێن هەجانە، تەقەیەکی زۆریان لێکردین. پاش ئەوە گرتیانین و تۆزێک ئازاریشیان داین. بە دەستبەستراوی بردیانین بۆ قامشلۆ. ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری. هەرچیمان پێبوو گیرا. ئە و شەوە لە قامشلۆ لە بارەگای موخابەرات بە سجنی ماینەوە. بەڕاستی لە بیرم نییە کێی تریشمان لەگەڵ بوو. من و ئەبوولەیلا بووین، هەریەک بە جودا ئیفادەی خۆمان دا و خۆمان ناساند، کە ئێمە عێراقیین و سیاسیین. لەگەڵ دیمەشق قسەیان کرد. بۆ ڕۆژی دوایی ئازادیان کردین، خۆشیان تاکو سەر سنوور هێنایانین و دوایی پەڕینەوە بەرە و کوردستان، هەر بە پێ گەڕاینەوە بۆ بارەگای خۆمان لە ناوکێلەکان.

کوژرانی ئەبووجەعفەر

دیارە کێشە لەناو حیزبدا هەبوو، ئەبووجەعفەر بە تاکڕەوی کاری دەکرد. وای لێهاتبوو بارەگاکەشی جودا بوو. لەناو خۆماندا ئەوەندە بە خراپی باس کرابوون، ئەگەرچی من هەر خەریکی هاتوچۆ بووم، بەڵام مێشکی پێشمەرگەکان پڕ بووبوو کە ئەمانە خائینن و لەم جۆرە شتانە. زیاتر کێشەکان لەسەر خواروویی عێراق بوو، کە ئەبووجەعفەر سەرپەرشتیی دەکرد. چەندین موخابەرات و جاسوسی تێخزابوو. ڕۆژێک لە کاتی ڕێککەوتنی یانزەی ئازاردا کە هاتوچۆ گەرم و بەردەوام بوو، پێشمەرگەکانی ناوکێلەکان ئەبووجەعفەر لەناو سەیارەیەک دەبینن. کوڕێک ناوی حسێن بوو لەگەڵ عەباس ناوێک هەردووکیان عەرەب بوون، دایدەگرن و دەیکوژن، بێئەوەی نە ئەبوولەیلا یان کەسێکی تر ئاگادار بێ، یان ئەمریان پێکرابێ. ئەوان بە کارێکی شۆڕشگێڕییان زانیووە. ئەم تەقەتەقەش لە و کاتەدایە کە وەفدێکی حکومەتی عێراق هاتووە و لێپرسراوان لەگەڵیان دێنە خوارەوە تاکو ڕەوانەیان بکەن. ڕووداوێکی ناخۆش بوو، ئێمەش لە دارئەلسەلام بووین، ئاگامان لە هیچ نەبوو. کە وەفدەکە بە سەر کوژراوەکەدا دێن، پارتی حسێن دەکوژێ. ئیتر دوای ئەوە زانیمان شتی وەها ڕووی داوە. ئەمەش هۆیەکەی ئەوە بوو موسلیح خیانەتی کردبوو. کێشەکانی ناو حیزب زەقتر بووبوونەوە. هەندێک کەسی تریش

لەگەڵیان ڕۆیشتبوون. ئەبووجەعفەریش وەک ئەوان نیازی ڕۆیشتنی هەبوو. ئیتر نازانم بۆ کوێ و نیازی چی بووە. ئە و ماوەیە لە لامان نەمابوو، چووبووە لای دەربەند و چۆمان. ئەمەش، بێجگە لە کوشتنەکە، کارێکی زۆر ناخۆش بوو. لە و سنوورە حاکمیەت و دەسەڵات هی پارتی بوو، کوشتن هەر قبوڵ نەدەکرا، زۆر تووڕەیان دەکات. هەر لەبەر ئەوەش حسێنیان کوشتەوە.

خۆشمان دەمانزانی پارتی شتی وەها قبوڵ ناکات، ناحەقیشیان نەبوو. ئێمە لە بن دەسەڵاتی ئەواندابن. زۆر خراپە بە کەیفی خۆت خەڵک بکوژی. پاش چەند سەعاتێک هێزێکی پارتی لە هێزی گەڵاڵەوە هاتن بۆ دارئەلسەلام بۆ بارەگاکەمان، ئێمەیان هەموو سجن کرد. ئەبوولەیلا لەلامان نەبوو، شتێکی سەیر بوو، بەڵام چاوەڕوانکراو بوو. هەر کە ڕووداوەکە بوو، من نامەیەکم بۆ هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا نووسی لە سلێمانی و تیایدا ڕووداوەکەم بۆ باس کرد. ئە و کاتە زاهیری برام لامان بوو، منداڵ بوو و جێگەی شک نەبوو. بە زاهیردا نامەکەم بۆ نارد. ئەبوولەیلایان بانگ کرد بۆ ناوپردان. ئە و هێزەش بە سەرپەرشتیی حەسەن ناسر و مستەفا نیرویی لە هێزی باڵەک هاتن. ئیتر نازانم چەند کەسیان لەگەڵ بوو. بە هێمنی و حورمەتەوە گرتیانین. بۆ ڕۆژی دوایی ئەبوولەیلا هاتەوە. دیار بوو ڕووداوەکەی بۆ ڕوون کردبوونەوە. دەرگایان کردەوە و ئێمەیان بەردا.

پاش چەند ڕۆژی هاوڕێ فاروق هات و زاهیری برامی لەگەڵ بوو بۆ چاوساغی. ئەبووجەعفەر بە هیچ شێوەیەک حەقی کوشتنی نەبوو. ئە و هاوڕێیانە بە عەقڵی خۆیان ئەمەیان کردبوو، ئەمە ڕاستیی ڕووداوەکەی ئەبوجەعفەر بوو. کاروباری حیزب پێشکەوتن و گەشەکردنی نەبوو. لە دەوری خۆمان ئەخولاینەوە. دۆخەکەش وای کردبوو و یارمەتیدەر نەبوو.

چوونم بۆ بەغدا بۆ نەشتەرگەریی گەدە

ساڵی 1968 هەر لە یەکەم ڕۆژی کودەتای حیزبی بەعسەوە تووشی کێشەی گەدە بووم. چڵک و ئازار و ترشانی هەر بەردەوام بوو. زۆریش دەچوومە لای دکتۆر، بەتایبەت کە لە سوریا بووم، ترسم نەبوو و بە ئازادی دەچووم بۆ لای دکتۆر. دکتۆرێک هەبوو ئێستاش ناوەکەیم لەبیرە، هاتوچۆم دەکرد. جێگەکەی لە مەیدانی عەرنوس بوو، ناوی منذر الدقاق بوو. مامۆستای کۆلێژی پزیشکی بوو لە دیمەشق. کە لە سوریا دەبووم، دەچووم بۆ لای. پاش پشکنین دەرمانی بۆ دەنووسیم، لە کاغەزەکەی دەنووسی پاش پانزە ڕۆژ سەردانی دکتۆر بکەرەوە. ئیتر منیش ئەگەر لەوێ بوومایە، دەڕۆیشتم، لەوێش نەبوومایە ئەوە هیچ. ئە و ماوەیەی دەرمانەکانم بەکار دەهێنا، باش دەبووم، دوایی وام لێدەهاتەوە. ئیتر ساڵی 1973 زۆر خراپ بووم، چوومەوە بۆ سلێمانی. هەرچیم دەخوارد، ئەمهێنایەوە. دڵەکزێیەکی زۆرم هەبوو و ئازاری دەدام. دکتۆر عەدنان هەبوو لەسەر شەقامی پیرەمێرد لە نزیک خەستەخانەی سەرەوە. چوومە لای، وتی تۆ قورحە هەیە و دەبێ عەمەلیاتی بکەی. منیش بیرم کردەوە لە سلێمانی بە هۆی حیزبایەتییەوە شتم زۆر لەسەرە. خوایە لە بەغدایش حوکمی ئیعدام هەیە بە غیابی لە زەمانی عەزیز ئەلحاج و بەغدا، دۆخێکی تایبەتیم هەیە. هێنام و بردم، وتم هەر بەغدا باشترە، کەس نامناسێ. بە کەسم نەوت. ڕۆیشتم بۆ بەغدا. دەفتەر خزمەتی سەربازیم پێبوو، بە ناوی خۆمەوە نەبوو، لە پێشەوە باسم کرد هی کەسێکی تر بوو و دەستکاریم کردبوو. خوایە بچم بۆ لای کێ؟ ماڵی کاک جەباری پوورزام لە بەغدا بوو. کوڕی پووری دایکم بوو، چوومە ماڵیان. کاک عومەر عەلی قەساب لەوێ بەڵێندەر بوو و ئیشی بینای دەکرد. کاک جەباری پوورزاشم زاوای بوو و بۆم باس کرد. خوا لێیان خۆش بێ هەردووکیان نەماون. لە دارا تۆفیق نامەیەکی بۆ وەرگرتم بۆ دکتۆرێکی برادەری، ناوی یوسف موسا محەمەد بوو. عیادەکەی لە مەیدانی نەسر بوو. چووم بۆ لای، برادەرێکم لەگەڵ بوو، ناوی جەمالی عەلی فائز بوو. دکتۆر یوسف پاڵی خستم فەحسی کردم. وتی تۆ قورحەتە و دەبێ عەمەلیاتی بکەی، هەروەها دوانزەگرێش. خۆی

مامۆستای کۆلێژی پزیشکی بوو. وتی بچۆ بۆ خەستەخانەی کەرامە. لەوێ جێگە نییە، دەست بگرە بە سکتەوە و بڵێ ئازارم زۆرە، با بتخەن. چیی پێوتم، وامکرد. تاکسییەکم گرت، جەمال لەگەڵمدا هات. لە بەردەرگای خەستەخانە خۆم کرد بە مردوو لە تاو ئازار بۆ ئەوەی بمخەن. دەرزییان لێدام و خۆم چاک نەکردەوە، ها ئێستا یان کاتێکی تر ئەمرم. لەوێ خستیانم. بەیانی دکتۆر یوسف هات، لە هۆڵەکەی خۆی لێی بەرپرسیار بوو، ناسیمیەوە، بۆی نووسیم بۆ خوێن. لە بەردەرگای خەستەخانە دوو قاپ خوێنم کڕی یەکی بە سێ دینار. ئیتر ڕۆژی دوایی عەمەلیاتیان کردم. ئەوەی لام بوو جەمال سەفێ خوشکەزای کاک عومەری عەلی قەساب بوو، خزمەمان بوو، کە چاوم کردەوە لەلام بوو. دوایی زاهیری براشم لە سلێمانییەوە هات بۆ خەستەخانە بۆ لام. وامان کرد کەس نەزانێ. ئەگەر بەعس پێی بزانیمایە، کۆتایی بە ژیانم دەهات.

ماوەی هەشت ڕۆژ لە خەستەخانە بووم، دوایی چوومە ماڵی هەندێک لە خزمەکانی ترم. ماڵی کچێکی پوورم لەوێ بوو بە ناوی ئەمیرە. چوومە ماڵیان تاکو باش بووم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بەڵام سەرکێشییەکی گەورە بوو. کەم کەس دەتوانێ ئەوە بکات.

وازهێنان لە حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی

زۆر زەحمەتە کەسێک تەمەنی لاوێتیی خۆی تەرخان کردبێت بۆ حیزبێک، ئەوەی لە توانایدا بووبێ و بە زیادیشەوە لەپێناوی ئە و ئامانجە و داخوازیی چینی هەژاراندا هەرچی پێکرابێ، درێغی نەکردبێت. کەچی هەر خۆی واز بهێنێت. ئە و هاوڕێیانەشی کە کاریان لەگەڵ کردووم یان لە نزیکەوە ناسیویانم، شاهیدی دەدەن بۆ ڕاستیی ئەوەی لەم یادەوەرییەدا پێش وازهێنان نووسیومە. نامەوێ زۆر باسی خۆم یان هاوڕێکانم بکەم کە لە و ڕێبازەدا ڕەنگە لە من زیاتریان کردبێ و شەهید بوون و گیانی خۆیان بەخت کرد. منیش چەندین جار لە لێوارى مردن ڕزگارم بووە. هەر لەوەی لە شەڕە گەورەکەی هەندرێن گوللە لە سەری دام و ئێستاش پێوەی دەناڵێنم. یان لە بەغدا ئەگەر خۆم بەغیرەت نەبوومایە، ئەوەی تووشم هات لە گرتن و بە شەڕە دەمانچە دەرچووم و چەندین ڕووداوی تر. بەڵام نەک هەر خۆم، کەسوکارەکەشم هەمووی پێمانەوە موبتەلا بوون. تاکو ئە و ڕۆژەی بڕیاری وازهێنانم داوە، وەک ئەمڕۆ ڕووسوورم لەگەڵ ئە و هاوڕێیانەی بەجێیان دەهێڵم، ڕووسوورم لە بەردەم میللەتە کەمدا، کە هەمیشە لە سەنگەری گەلدا بووم.

پێش نەشتەرگەرێی گەدەم و دوای ئەوەش ماوەیەک لە خولیای ئەوەدا بووم واو بهێنم، چونکی پاش ئەم هەمووماندووبوون و قوربەسەرییەی دیوومانە، حیزبەکەمان گەشە ناکات، هەر لە جێگەی خۆیەتی و لەباتی پێشکەوتن بەرە و دواوە دەڕوات. پاش ئەوەی لە بەغدا گەڕامەوە، لە سلێمانی لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوانەی دەیان و سەدان شە و پێکەوە شەونخونیمان کێشا لە پێناوی حیزبدا، کۆبوومەوە. ئەوانیش شیوعی بوون. زۆر بەیەکەوە ئیشمان کردووە، هاوڕێی خەباتم بوون، وەک شەهید ئەکرەمی پوورم و هی تریش. قسەمان زۆر کرد، کۆتاییەکەی ئەوە بوو من بڕیاری وازهێنانم دا لە حیزب. پێم وتن من دەچم بۆ لای سەرکردایەتی و لای هاوڕێ ئەبولەیلا لە دارئەلسەلام، کە بارەگاکەمان لەوێ بوو، پێیان دەڵێم واز دەهێنم. ئیتر ڕۆیشتم بۆ لایان. داوام کرد بەتایبەتی لەگەڵی دانیشم. لەگەڵ ئەبوولەیلا هەم بەینمان زۆر خۆش بوو هەم هەردووکمان وەک دوو هاوڕێ یەکترمان خۆش دەویست. سەدان شە و و ڕۆژمان پێکەوە کردووەتەوە، بە ئەمینی لەگەڵ خۆی و ماڵ و منداڵی لە سوریا شەونخونیمان کێشاوە. هاوڕێی چەندین جار سەفەری قەرەداغ و شۆڕەکانی تری کوردستانم بووە، هەروەها هەموو جارەکان من لەگەڵی بووم لە سوریا و لوبنان. پاش ئەوەی قسەم بۆ کرد و ڕەئی خۆم دا. ئەوەی ڕاستی بێ، زۆرزۆری پێناخۆش بوو، زۆر قسەی بۆ کردم و هەوڵی لەگەڵ

دام پەشیمان ببمەوە، کاک فاروق مەلا مستەفا شاهیدە. وتیان نابێت. وتم هاوڕێیانی بەڕێز وا حسابم بۆ بکەن ترساوم یان ترسنۆکم. ئەبولەیلا وتی دەزانین تۆ ترسنۆک نیت. بەڵام مادام هەر سووری، بڕیار لای خۆتە. منیش ئەملاوئەولام ماچ کردن و خواحافیزیم لێکردن. لە حیزبی شیوعیدا وەک جیگای تر نییە. من دەمانچەیەکی حیزبم لابوو لێیان وەرنەگرتمەوە. ئەگەرچی ئەوەی هەشیانبوو ئەوەی لە سوریا وە هاتبوو هەر من هێنابووم، بەڵام تەربیەتی حیزبی شیوعی جیاوازە. سوپاسم کردن و خواحافیزم کرد.

چوونم بۆ گەڵاڵە بۆ لای کاک فەرەنسۆ هەریری

کاک فەرەنسۆم دەناسی، چونکی ئە و چەند ساڵەی تەمەنی پێشمەرگایەتیم لە سنووری هێزی باڵەک و لە گەڵاڵە بووە. چەندین جاریش بە ئیشی حیزب چووم بۆ لایان. لە مێشکی خۆمدا وتم دەچم ئاگاداریان دەکەم لە ئێستاوە ئیتر من شیوعی نیم و وازم لە حیزب هێناوە. وام دانابوو برۆم بۆ قەڵادزێ بۆ ماڵی باوکم دانیشم، کاروکاسبییەک بکەم. شاری قەڵادزەش ڕزگار کرابوو و بە دەستی پێشمەرگەوە بوو، کورد حوکمی دەکرد. کە چوومە لای، شەرحی حاڵی خۆم بۆ کرد، وتم من لە وکاتەی هاتوومەتە لای تۆ، وازم هێناوە. مەبەستیشم ئەوە بوو لە و سەردەمەدا هەرچی دەکرا، ئەگەر مۆری شیوعییە کانی پێوە بوایە، ناوی من و و چەند هاوڕێیەکی تریشی تێدا دەهات. من لە سوریا و لوبنان بووم شت ڕووی ئەدا، ناوی منیان دەهێنا. دەیانوت مستەفا چاوڕەش بووە. ئاگاشم لێنەبووە. ئەوەی ڕاستی بێت، کە من شەرحی حاڵی خۆم بۆ کرد، کاک فەرەنسۆ هەریری زۆر ڕێزی گرتم. وتی باشە کاکە، لام باشە کاک مەسعود بارزانی ببینیت. منیش نەمویست قسەکەی بشکێنم وتم باشە. مەوعیدی بۆ وەرگرتم. لە وکاتەدا کە من چووم، وتیان کاک مەسعود چووە بۆ ناوچەی بارزان و هەفتەیەک زیاتری پێدەچێ، لێرە بە تاکو دەگەڕێتەوە. تاکو ئە و هاتەوە، کاک ئیدریس بارزانیشم بینی. ئەویش هەر هەمان قسەی پێوتم کاک مەسعود ببینم. ئە و ماوەیە تاکو هاتەوە، من لە دەربەندی ڕایات بووم لە چایخانەکەی مستەفا سلێمانی برای خوالێخۆشبوو ڕەشۆڵ. کە هاتەوە، چووم بۆ لای لە کۆنستانەکانی حاجی هۆمەران. بارەگای بارزانی لەوێ بوو. بەرە و پایز دەڕۆیشت. لەژێر چادرێکدا دانیشتبوو. شارەزا بووم، لە ساڵەکانی 1966 چەند جارێک چووبووم بۆ ئەوێ لەبەر بریندارییەکەم لە هەندرێن بۆ ئەوەی بمنێرن بۆ تاران. ئە وکاتەش کە من چووم بۆ لای کاک مەسعود، دۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ بەرە و ئاڵۆزی دەچوو لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق. ڕۆژنامەکانی هەردوولا لەسەر یەکیان دەنووسی. شیوعییە کان لەگەڵ بەعسییەکان لە بەرەیەکدا بوون. لە چەند جێگەیەک تووشی تێهەڵچوون بووبوون لەگەڵ یەک، لە وکاتەشدا 12 شیوعی لە دەرەوەی وڵات لە دەورە دێنەوە. لە سنووری زاخۆ بێسەروشوێن کران. شیوعییە کان پارتییان تاوانبار دەکرد کە نەماون، لە سنووری عیسا سوار بوو. هاوڕێیەکی خۆم کەمال جەمال بە بەختیار ناسرابوو، ئەویش هەر لە و سەردەمەدا چووبوو بۆ سوریا، لە ڕێگە بێسەروشوێن کرا و تا ئێستاش نادیارە، بە شەرتێ لەگەڵ حیزبی شیوعی نەمابوو، وازی هێنابوو.

چاوپێکەوتنی کاک مەسعود بارزانی

چووم بۆ لای کاک مەسعود، پاش بەخێرهاتن هەندێک قسەی بۆ کردم لەسەر دۆخەکە و سیاسەتی شەڕ و شیوعییە کان؛ ئیتر منیش دۆخی خۆم بۆ باس کرد. دیار بوو پێش خۆم کاک فەرەنسۆ هەریری پێی وتووە و بۆی باس کردووە وازم هێناوە. ئەگینا ئە و منی باش نەدەناسی. لەبیرمە وتی کاکە من لەژێر ئەم چادرە دانیشتووم، کەسێک دێت دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە و دەیەوێ بمکوژێ. دیارە من بەرگری لە خۆم دەکەم و هەرچیم پێبکرێ ئەیکەم. مەبەستی ئەوکات هەم ڕژێمی بەعس بوو هەم شیوعییە کان، کە وردەشەڕیان هەبوو. ماوەی زیاتر لە چارەکە سەعاتێک لای بووم، دوایی وتی نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ عەلی عەبدوڵڵا، کە ئەو کاتە

پارێزگاری شاری سلێمانی بوو. لە نامەکەیدا نووسیبووی کە کورێکی باشە و سوود لە توانای وەربگرن، ناوبانگی باشە، وازی لە حیزبی شیوعی هێناوە. لە نامەکەدا نووسیبووی ڕەبتی بکەن بە هەڤاڵ محەمەد ڕەحیمەوە. ئە و نامەیەش دوایی کەوتبووە لای محەمەد ڕەحیم و لە کتێبەکەی محەمەدی حاجی مەحموودا کە لەم ساڵانەی دواییدا دەریکردبوو، نامەکەی چاپ بووبوو. دیارە نامە و شتەکانی محەمەد ڕەحیم پاش کوژرانی کەوتووەتە لای کاک محەمەدی حاجی مەحموود، بەڵام مێژووەکەی بە هەڵە نووسیوە. نامەکە هی ساڵی 1973یە. سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە، خواحافیزیم کرد. ئیتر وێستم بڕۆمەوە بۆ سلێمانی، کاک فاتح حەمەڕەش لە فەوجی حدود بوو، ئامرفەوج بوو، سەیارەی پێبوو. لەگەڵی سوار بووم، لە ڕێگەی دۆڵی باڵیسانەوە هاتینەوە بۆ سلێمانی. کاک فاتح ئە و کاتە منی نەدەناسی. جیا بووینەوە و سوپاسم کرد.

چوونم بۆ لای کاک عەلی عەبدوڵڵا، پارێزگاری سلێمانی

ڕۆژی یەکەم لە ماڵەوە بووم. وتم چۆن بچم بۆ لای کاک عەلی عەبدوڵڵا، بیرم کردەوە بێستون مەلا عومەر برادەرمە و لەگەڵ محەمەد ڕەحیمە. تەلەفۆنم بۆ کاک بێستون مەلا عومەر کرد. قسەم لەگەڵ کرد و وتم نامەیەکی وام پێیە، ئەگەر بێیت بۆ لام. لەگەڵ کاک بێستون لە قۆناغەکانی ژیاندا هەر لە منداڵییەوە لە سەرەتایی پێکەوە بووین لە گەڕەک، هەروەها زۆر برادەری یەکتر بووین. برایەتیمان بەهێز بوو، من شیوعی و ئە و پارتی بوو لە هەموو تەمەنی خۆیدا.

دیدارەکەمان ڕێک خست. عەسرێک هات بەدوامدا، لەگەڵی چووم بۆ لقی 4ی پارتی دیموکراتی کوردستان. کە چووم، ئەم کەسانە لەوێ بوون: کاک عەبدوول سۆران، بەداخەوە بە غەدر شەهید کرا. کەمال شێخ غەریب و کاک مەحموود مەلا عیزەت. هەرسێکیان نەماون و بە بەهەشت شادبن. تۆزێک دانیشتم، زۆر بەخێریان هێنام، دوایی کاک عەلی عەبدوڵڵا هات. دوای دەوام لە لقی چوار دەوامی دەکرد. لێپرسراوی یەکەم بوو. چوومە ژوورەوە بۆ لای کاک عەلی، زۆر ڕێزی گرتم، چایەکی بۆ بانگ کردم و هەندێک قسەی بۆ کردم. نامەکەم دایە دەستی و خوێندییەوە. زۆر قسەی باشی کرد؛ وتی کاکە لەبەر ئەوەی خۆت دەزانی من پارێزگاری سلێمانیم، کارم زۆرە و سەرم قاڵە، لەگەڵ کاک محەمەد ڕەحیم یەک ببینن و پەیوەندیتان هەبێ. نامەکەی کاک مەسعوودی جێبەجێ کرد.

لەگەڵ کاک محەمەد ڕەحیمدا

لام باشە بگەڕێمەوە بۆ ساڵەکانی (1962 – 1963) بەدواوە. من لە ناوەندیی شۆڕش بووم. ئە و کاتە شیوعی بووم و ئیشی حیزبم دەکرد، لە ناوەندی شۆڕش بەرپرس بووم. ڕۆژگار شتێکی تڕە و گۆڕان بەردەوامە. ئە و کاتە من بەرپرسی محەمەد ڕەحیم بووم، ئەویش شیوعی بوو و لای من بوو. ئێستا ئەندامی لقی 4ی پارتییە و لێپرسراوی پاراستنە. بێستون مەلا عومەر سایەقی ئەوە، جێبەکەی بۆ لێدەخوڕێ. ئە و کاتەش ئۆتۆمبێل کەم بوو، کەم لێپرسراو هەیبوو. جێبێکی کورت لاندرۆڤەر بوو. ئەوەی سەیارەی بوایە، بەغیلیان پێدەبرد. لەسەر قسەی کاک عەلی عەبدوڵڵا لەگەڵ محەمەد ڕەحیم یەک ببینن و پەیوەندیتان هەبێ. دیار بوو کاک عەلی ناوەڕۆکی نامەکەی پێوتبوو. لەم ساڵانەی دواییشدا دەرکەوت هەر نامەکەشی داوەتێ، لای ئەو بوو. خوا هەڵناگرێ ئەویش زۆری پێخۆش بوو. ئە و ماوەیەی لە سلێمانی بووم، بۆ زۆر جێگە لەگەڵ خۆی سواری دەکردم لە پێشەوە. بە تیرێ دوو نیشانی دەپێکا، یەکێکیان وەک وەفایەک بۆ ڕابوردووی برادەری و لە ڕابوردوودا من بەرپرسی ئە و بووم لە گەنجێتی و خوێندکاریدا، دووەم نیشانی خەڵکی سلێمانیی دەدام کە من وازم لە حیزبی شیوعی هێناوە. ئەمەش ماوەیەکی خایاند. دۆخەکەش هەر بەرە و شەڕ و ناخۆشی دەچێت، ڕۆژانە لەگەڵ حکومەت گرژی دروست

دەبێ.

وتیان لە چوارتا بارەگایەک دەکەینەوە. مادام ئیشت نییە، تۆ بچۆ بۆ ئەوێ و لێپرسراوی بە. وتم باشە. خۆشم حەزم دەکرد لە بەرچاو نەبم، چونکی شتم لەسەر بوو. ئە و نامەیەی کاک مەسعود بارزانی بۆ عەلی عەبدوڵڵا هەر زۆرزۆر مەبەستمە و بۆ من باش بوو، چونکی کەس ناتوانێ لە ڕووی میرییەوە کێشەم بۆ دروست بکات لە خەباتی ڕابوردوومدا. ئە و شتانەی لەسەرم بوون، بە هۆی حیزبی شیوعییە وە بوو.

بارەگای چوارتا

بینایەکمان بۆ ئەم بارەگایە بەکرێ گرت و وردەوردە دامانمەزراند. من خۆم لەوێ بووم. لە پێشەوە چەند پێشمەرگەیەکی کەم بووین، لە دە کەس تێپەڕی نەدەکرد. مامۆ کاک حسێن بوو لە چوارتا. ئە و کاتە قایمقامی چوارتا کاک لەتیف حاجی سالح بوو. لێپرسراوی ناوچەی چوارتا کاک عەلی ماردین بوو، خزمی هەڤاڵ محەمەد ڕەحیم بوو. خانووەکەش دوو نهۆم بوو، ژێرەوەی دوو ژوور بوو. لەبەر ئەوەی شارەکان بارەگا و پێشمەرگەی تێدا بوو، چۆڵ بوو، منیش لە هەفتەیەکدا دووجار دەڕۆیشتمەوە بۆ سلێمانی. ئیشێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو. ژوورێکی تێدا بوو بۆ مەکتەب. کاک جەمال قاسم ناوبەناو دەهات. ئەویش لەگەڵ محەمەد ڕەحیم کاری پاراستنی دەکرد، جێگری بوو. ئەم هاتوچۆیەش بەردەوام بوو.

ڕۆژێکیان هەینی بوو، لەسەر شەقامی مەولەوی چاوم بە کاک بەکری حاجی فەرەج و بێستون مەلا عومەر کەوت. پاش چاکوچۆنی وتیان ئیشمان هەیە، ئەمرمان پێکراوە و دەچین کەسێک دەگرین. من نەمدەزانی کێیە، وتم منیش ئیشم نییە، لەگەڵتان دێم. لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە وام وت. وتیان نابێ کەس بزانێ، وایان باس کرد.

سواری جێبەکەی محەمەد ڕەحیم بووین. ڕۆیشتین و لە تەنااڵ تێپەڕیین. وتیان دەچین بۆ دێی هەیاسی. دوو هەیاسی هەیە، سەروو و خوارەوو. کە چووینە ئەوێ، ئەوان ناوەکەیان دەزانی. لەوێ وتیان ڕۆیشتووەتەوە بۆ سلێمانی. ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە. پێش ئەوەی بگەینە تەنااڵ، لە ڕێگە چەند کەسێک بە پێ بەرە و تەنااڵ دەڕۆیشتنەوە. دیار بوو بەکری حاجی فەرەج و بێستون دەیانزانی کێیە. کە پێیان گەیشتین، سااڵومان کرد. بە عومەری سەید عەلییان وت سەرکەوە لەگەڵمان. من تاکو ئە و کاتەش و دوای ئەوەش نەمزانی کێیە. بردمان بۆ سوورداش بۆ لای هێزی ڕزگاری. ڕەئیس عەبدوڵڵا ئامرهێز بوو. بەکری حاجی فەرەج دەستی کردە ملی و سەرکەوت، چونکی پێی وترابوو نابێ کەس بزانێ. ئێمە گەڕاینەوە سلێمانی. وتیان برۆن بیهێنن بۆ چوارتا. من خۆشم لێپرسراوی بارەگاکەی چوارتا بووم. گەڕاینەوە، چووینە سووردداش. لە سجن دانرابوو. لە بیرمە ملازم سەردار دەلەوی لەوێ بوو. هەر ئە و شەوە هێناما بۆ چوارتا. تاکو ئە و ساتە عومەری سەید عەلیم نەناسیووە چییە و کێیە، لەبەر هاوڕێیەتی لەگەڵیان چووم. ئیتر من هاتمە دەرەوە، لای ژوورەکەی جەمال قاسم وەستابووم. وتی نازانم بۆچی منیان هێناوە، جەمال قاسم وتی غێر مارکسییەتەکە. کە وای وت، من لام سەیر بوو، چونکی وتیان خەتەرە و پیاوی حکومەتە. ئەمە مانای چی؟ ئیتر کە هاتە دەرەوە، من خۆم قسەم لەگەڵ کرد وتم بۆچی تۆ لەسەر مارکسییەت گیراوی؟ وتی بەڵێ. وتم گوێ مەدەرێ من خۆم هەمووی مانگێک دەبێ لە حیزبێکی مارکسی وازم هێناوە. یانی چی خەڵکی مارکسی بگرم؟ ئیتر نازانم چییان لێپرسیووە و چیی وەڵام داوەتەوە. وتم گوێ مەدەرێ، من براتم لێرە.

زیندانیکردنی عومەر سەید عەلی

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر کەسێک کە دەگیرێ، حسابی بەندی بۆ دەکرێ. ئەویش کە لە ژووروەوە بوو، نە من ئەوم دەناسی نە ئەویش منی دەناسی؛ خۆی ماوە لە ژیان. من زۆر هاوکاریم کرد ئە و چەند ڕۆژە: 1- کتێبێکم بۆ بردە ژووروەوە عشرة أيام هزة العالم کە ئەمە مەگەر هەر لای مارکسییەکان و شیوعییە کان دەست بکەوێت، لە بارەگای پاراستن شتی وا هەر نییە، هەشبێت بۆ زیندانی نییە. 2- نامەیەکم لێوەرگرت بۆ شێخ حامد کە خزمی بوو، بە دزییەوە ناردم بۆ ئەوەی بزانن گیراوە. هەر ئەوەش وایکرد زوو بەریان دا. 3- نەمهێشت لە زیندان ئیشی پێبکەن، ئیش هەر بە زیندانی دەکرێ. لە و سەردەمەشدا چەند کەسێکی تر گیرابوون. وتیان ڕەوانەی بارەگای بارزانییان دەکەن. ئەمیشیان هێنا وامزانی ڕەوانەی سەرەوەی دەکەن. بە دزییەوە سێ دیناری ئە وکاتەم دایە. وتم نەک پارەی پێنەبێ. کاک عومەر ئێستا دەڵێت دینارێک بووە. ئەگەر دینارێک بێت یان زیاتر و کەمتر، مەبەدەئ کارەکە حەق حسابی بکات. هەرچەند بێ، ئەو کاتە زۆر بووە. خۆشمان لە و سەردەمەدا ڕەنگە چەند دینارێکمان پێبووبێ. کە هێنایانن، سواری سەیارەکەی یەکێتیی جوتیارانیان کردن، ئەمیان بەرە و سلێمانی بردەوە. ئەوانی تریش ڕەوانەی سەرەوە کران بەرە و گەڵاڵە و حاجی هۆمەران و ناوپردان. ئەوانیش حەمەی حەمە تالیب و ئەحمەدی برای بوون. ئەمان کە گیرابوون، فێلیان لێکردبوون. پێیان وتبوون وەرن کاک شەکیب عەقراوی ببینن، کاک عەبدوڵڵا مەلا سالح خزمیان بوو، فێڵیان لەویش کردبوو. کاک عەبدوڵڵا ویستبووی وەک کوردێکی دڵسۆز خزمەت بکات، کەوتبووە بەینەوە لە حکومەتیان دوور بخاتەوە و خزمەت بە شۆڕش بکەن. وەعدیان دابوویە، بەڵام دوایی وا دەرنەچوو. هەر ئە و شەوە کاک عەبدوڵڵا زۆر هەوڵی دا، وتی نامەردیتان لەگەڵ کردووم. قسەی زۆری کرد، حەقیشی بوو. بەڵام گوێیان لێنەگرت. ئەمە هەمووی محەمەد ڕەحیم کردبووی. غەدریان لێکرا، هەرچەند کاک عەبدوڵڵا وتی عەیبە و نامەردییە و بۆ من ناخۆشە، بەڵام ئەوان نەیانبیست.

هاتنە دەرەوەی کۆمەڵێک ئەفسەری کورد

دۆخی شۆڕش و حکومەتی بەعس ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە گرژی بوو، ئێمەش بارەگاکەمان هەر لە چوارتایە. ئەم ئەفسەرانە ئەندامانی پارتی بوون و لە سوپای عێراقدا بوون. خەڵکی تێکۆشەر بوون، لە ڕێکخستنی پارتیدا ئیشیان دەکرد. هەمووی چەند سالێک بوو ئەفسەر بوون. لەسەر داوای خۆیان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە پێشمەرگە بکەن. هاتنە لامان لە بارەگای چوارتا. لای ئێمەش چەند ڕۆژێک مانەوە، دوایی چوون بۆ بارەگای مەکتەبی سەربازی لە ناوپردان. ئەوانەی لە یادم بێ هاتنە لامان: 1- شەهید ستار سەعید خەلەف. 2- شێرکۆی عەبدوڵڵا دەروێش. 3- ملازم مەنسوور حەفید وکەسانی تریش. دوایی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دابەشیان کردن.

بارەگاکەمان چوو بۆ پێنجوین

ڕۆژبەڕۆژ دۆخەکە خراپتر دەبوو. بۆنی دەستپێکردنەوەی شەڕ دەهات. خەڵکی دەترسان و خۆیان ئامادە کردبوو بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی حکومەت نەیانگرێ. ئێمەش وتیان دەگوێزینەوە بۆ پێنجوێن. هێشتا هەر لە چوارتا مابووین. سەدان خەڵکی سلێمانی و جێگەکانی تریش هاتنە دەرەوە. قەرەباڵغییەکی بێشومار ڕوویان کردە دەرەوە. دکتۆر مەحموود عوسمان لە ڕادیۆی کوردستان قسەی کرد و ڕوحیەتی خەڵکی بەرز کردەوە. لە قسەکانیدا وتی حکومەت بە هەرچییەک لێمان بدات، ئێمەش هەمان شت بەکار دەهێنین. ئەوەش لەسەر وەعدی ئێران. زۆر قسەی کرد بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکی. هەموو شوێنەکان پڕ بووبوون لە خەڵک، جێگەوڕێگە نەمابوو. خەڵکی کوردستان شۆڕشیان بە هی خۆیان دەزانی. هەموو چین و توێژەکان لە دەرەوە بوون. کرێکار: دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا، کاسبکار... شاری سلێمانی چۆڵ بوو. هەر لە وکاتەدا پۆلیسی

سلێمانی هەمووی هاتە دەرەوە، سجنی سلێمانیشیان هێنا و شکاندیان. هەرچیی تێدا بوو، ئازاد کران. ئەمەش هەر ڕووی لە زیادبوون بوو. شارەکانی تریش هەروەها، لە دەرەوەش ئیدارەکانیان ڕێک خست. پارێزگا دروست کرا و هەر دائیرە یەکیش لە کەپر و بندارااندا جێگەیان بۆ خۆیان کردەوە. پارێزگاری سلێمانی خوالێخۆشبوو شەفیق ئاغا بوو.

محەمەد ڕەحیم و جەمال قاسم لە بارەگای پێنجوین بوون. بارەگاکە لە تەکیەی شیخ محەمەد شێخ عەبدولکەریمدا بوو. چەندین بارەگای تریشی لێبوو. هێزی خەباتی لێبوو و شەهید فەتاح ئاغا ئامرهێز بوو. کە شەڕیش دەستی پێکردەوە، هەموو ناوچەکانی گرتەوە. شەڕ گەرم بوو، بەتایبەت لە ناوچەی گەڵاڵە و ڕواندز و ناوچەکانی تریش. بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش و بارەگای بارزانی لە حەوزی ڕواندز بوو، حکومەتی عێراق هەوڵی ئەوێ دەدا. لەبەر ئەمەش هێز لە جەبهەکانی تەوە دەچوون بۆ پشتیوانیی هێزی باڵەک و ڕواندز بۆ پشتیوانی. هێزەکانی خەبات و ئەزمڕ هەر جارەی چەند لقێکیان بە ناو خاکی ئێراندا بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی ئێرانی دەنارد. بە نۆرەش پاش مانگێ، زیاتر یان کەمتر، ئالوگۆڕیان پێدەکرا. ئە و لقەی ئێمەش کە لە پێنجوین بووین، لەگەڵ هێزی خەبات ڕۆیشتین. لە پێنجوێنەوە بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی ئێرانی لە مەریوانەوە بۆ مەهاباد ڕۆشتین و شە و ماینەوە. دوایی بۆ خانێ و لەوێشەوە بۆ حاجی هۆمەران، لەوێشەوە دابەش دەکراین. شەڕ لە زۆزک و سەتیز و جەبهەکانی تریش گەرم بوو. زەختی زۆر لەسەر جادەی هاملتۆن بوو، بە گەیشتنمان ڕەوانەی زۆزکیان کردین.

لە سەنگەرەکانی زۆزکدا

بە شە و گەیشتینە سەر شاخی زۆزک. شەوەکەی تۆپباران بەردەوام بوو. هەموومان لە و شاخە نەشارەزا بووین. کە ڕۆژ بووەوە، چووین بۆ نزیک سەنگەرەکانی بەرامبەر دوژمن بۆ گۆڕینی هێزی ئەزمڕ، کە هی پۆلیس بوو. هەر لە کۆسپی سپییە وە دابەزین و بە پێ سەرکەوتین بۆ سەر شاخی زۆزک. ڕەنگە من وەک ناوچە لە هەموویان شارەزاتر بووبم، لەبەر ئەوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیم لە سنووری ڕواندز تەواو کردووە و شارەزای شاخی هەندرێنم. ئە و تۆپبارانەی ئە و شەوە بینیم، شتێکی سەیر بوو. ڕۆژمان لێبووەوە. ئیتر ڕۆیشتین بۆ گۆڕینی ئەو هێزەی لەوێیە. لە کاتی گۆڕینی هێزەکاندا تۆپباران مۆڵەتی نەدەداین، لە دەوروپشتی دەداین. ڕەنگە چەند مەترێک لێمانەوە دوور بووبن. لە وکاتەی تۆپبارانەدا ئە و هێزەی وێستمان بیانگۆڕین، هێزەکەی شەهید قادری حەمەسالح تاوەگۆزی بوو. هەر لە بەردەماندا پارچەکانی تۆپێک لە لەتیف عەبدوڵڵا مارفی دا، یەکسەر قاچی پەڕاند، بە سەختی بریندار بوو. ئیشتاش ماوە و خۆی شاهیدە. قاچی بۆ دروست کراوە. هەر لەم لامانەوە تەرمی ملازم محەمەد حاجی ئەحمەدیان هێنایەوە کە بە حاجی ئەحمەدی سەروپێ مەشهوورە، شەهید بوو. لەگەڵ بێستون مەلا عومەر پێکەوە هاتبووین. هێشتا چاومان نەکردبووەوە زیانێکی زۆرمان کرد، لامان قورس بوو، ترسیش لەولاوە وەستابێ. ئەوەی بۆمان کرا، ڕەوانەکردنی بریندارەکان و شەهیدەکان بوو لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ کەسوکاریان لە سلێمانی.

زاهیری برام لەبەر من هاتبوو، منداڵ بوو. بانگم کرد و پێم وت لەگەڵ بێستون مەلا عومەر و تەرمی شەهید محەمەد بڕواتەوە. ئەوان ڕۆیشتن و زاهیریش تاکو مەریوان لەگەڵیان چووبوو، کاتێکم زانی زاهیر پەیدا بووەوە. ئینسانێکی بەغیرەت بوو. بۆ حەق و وێژدان، هێزەکانی سلێمانی و گەرمیان بۆ جەبهەکانی ڕواندز درێغییان نەکرد، ڕۆژ نەبوو چەندین پێشمەرگەی قارەمان لە و پێناوەدا شەهید نەبێ. ئێرانیش تۆپبارانی جەبهەکانی حکومەتی عێراقی بۆ دەکردین، لە چەند جێگەیەک تۆپیان دابەستبوو.

پاش ماوەیەک ئێمەیان گۆڕی. هاتینە خوارەوە بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین، بەڵام هەر لە سنووری باڵەکایەتی لە دەوری دەربەند و چۆمان لە ناو چنارەکاندا بۆ پشوودان ماینەوە. بۆ جارێکی تر ناردینیانەوە بۆ جەبهە. ئەمجارەیان بۆ جەبهەی گەرووی هۆمەرئاغا لە دامێنی شاخی زۆزک، دەکەوێتە پشتی شارۆچکەی دیانا، کە ئێستا بووە بە سۆران. کە گەیشتینە جەبهەکە، بە شانێکی شاخەکەدا دابەش بووین و لە تەنیشتمانەوە تۆپی 106ی لەسەر جێب لێبوو. هەندیک لە ئەفسەرە کوردەکان سەرپەرشتییان دەکرد. یەکێک لەوانە ملازم مەحموود ئەحمەد کەریم بوو و لە ئەسڵدا خەڵکی ئابڵاخ بوو. ئەمە لە مانگی تشرینی یەکەمدا بوو. چەند شە و و ڕۆژ لەوێ بووین بۆ ئەوەی نەک میری و سەربازەکانی لەوێوە دزە بکەن و پشتی جەبهەکان بگرن. هەموو ڕۆژێک تۆپبارانمان لەسەر بوو، چاڵمان هەڵکەندبوو.

ئێوارەی ڕۆژی 1974/10/21 حکومەت وەک هەموو ڕۆژانی تر کەوتە تۆپبارانی سەنگەرەکانمان. ئێمەش هەموومان دامەزراین و بووین بە چەند بەشێکەوە. بە درێژایی سەنگەرەکان تۆپەکان دووکەڵێکی سپیی لە بەردەممان دروست کرد، وتمان نەک دوژمن لەژێر تاریکیی ئەم دووکەڵەدا هێرش بهێنێت. تۆپبارانەکە زۆر بوو، پاش ماوەیەک لە لای ڕاستەوە گرِ بەرز بووەوە. سی مەترێک لە منەوە دوور بوو. ئیتر من ڕام کرد بۆ جێگەی ئاگرەکە، تەماشام کرد سێ پێشمەرگەمان کە لە سەنگەرەکەدا بوون، دوانیان بەرکەوتوون. زاهیری برام و مەحموود ڕەشید کاک نەبەز، بەڵام یاسین مەلا عیزەت بریندار نەبووبوو. زاهیر هاواری کرد وتی کاکە منم بمکوژێنەوە. ئیتر هەموو ئەوانەی لەوێ بووین، خەریکیان بووین. گرِیان لێ هەڵئەسا. ئە و مەتارە ئاوانەی پێمان بوون، پێماندا کردن، کەچی لەباتی کوژانەوە، زیاتر دەگەشایەوە. دوای ئەوە زیاتر وەک پشکۆی ئاگر دەگەشایەوە. ئاویش سوودی نەبوو. واماندەزانی بە ئاو دەکوژێتەوە. پاشان زانیمان ئاو هەر زۆر خراپە و پێی دەگەشایەوە.

لە جەبهە دکتۆری لێنەبوو. برینپێچێک لەگەڵماندا بوو، ناوی عەلی مەلا عەزیز بوو و برادەرم بوو، شوکر ماوە. هەرچیی کرد هیچ سوودی نەبوو. هەتا عەلی تورِە بوو و قسەی زۆری کرد لەبەرکەم ئیهتمامی بە جەبهەکە و نەبوونی دکتۆر.

تاریکی کرد و شەوی بەسەردا هات. ئە و جەبهەیە سەیارەیەکی لێ نییە بریندارەکانی پێ بگوێزینەوە بۆ ئە و کارەساتەی بە سەرمان هاتووە. ملازم مەحموود کە لێپرسراوی تۆپی (106)ی سەر جێبەکان بوو، تۆپەکانی لێکردەوە و دایگرت. نەبەز و زاهیری برامی خستە سەر جێبەکە بۆ ناوپردان. بەینی ئێمە و ناوپردان چەند سەعاتێکە تاکو بگەینە دکتۆر لە ناوپردان. سەیارەکە سەری بەتاڵ بوو هەوا لێی دابوون.

هەندێک زانیاری لەسەر بۆمبی فسفۆر:

1- باشترین شت ئەوەیە هەوای لێببڕی و نەهێڵیت هەوا لێی بدات.

2- ئاوی پێدا نەکەیت.

3- بەتانی تێوە پێچیت و هەوا لێی نەدات.

4- خۆڵی پێدا بکەی بۆ ئەوەی هەوای لێ تەرک بکەیت.

لە خەستەخانە ئەم زانیاریانەیان پێوتین. لەناو ئەم جێبە سەر بەتاڵەدا دوو سەعات زیاتر هەوای خێرای سەر سەیارە لێی داون. تاکو گەیشتینە خەستەخانە لە کەوەرتیان بە و ئازار و هاوارەوە، ئەوەندەی تر وێران بووبوون. خراپترین شت ئەوە بوو بە هەوا و ئاو وەک خەڵووز دەگەشانەوە.

لە خەستەخانەی کەوەرتیان لە لای دکتۆر خورشید هەندێک پاککردنەوە و دەرمان کران، ڕەوانەیان کردین بۆ خەستەخانەی خانێ لە ئێران. لەوێش بە گەیشتنمان دکتۆرەکان هاتنە سەرمان. دکتۆرێکی لێبوو خەڵکی سلێمانی بوو، برادەرمان بوو، دکتۆر ئەسفەندیار ئەحمەد شوکری، دکتۆری شۆڕش بوو خزمەتێکی زۆر باشی کردین. ماوەی چەند هەفتەیەک لەوێ بووین لەگەڵ زاهیری برام و مەحموود ڕەشید (نەبەز). سووتانی زاهیری برام سنووری نەبوو. دەموچاوی، دەستی، قا چەکانی، جێگەی ساغی نەمابوو، هەمووی بە فسفۆر سووتابوو. بڕوا بکەن پاش هەفتەیەک لە خەستەخانە کە گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە لە هەندێک جێگەی لەشیدا وەک گڵۆپ فسفۆڕ دەسووتا، بەتایبەت دووکەڵ لە گوێچکەی دەهات. ئەم حاڵەتە زۆر ناخۆش بوو، چارەش نەبوو.

بەڕێوەبەر و کارمەندەکانی و سستەرەکانی خەستەخانەکەی خانێ هەموویان تورک و فارس بوون. حاڵەتی ئێمە ئەوەندە دیار بوو، هەموویان دەهاتن بۆ لامان. زۆر باش بوون لەگەڵمان، بەزەییان پێماندا دەهاتەوە. لەلایەکی تریشەوە خزم و دۆست و برادەران دەهاتن بۆ لامان بۆ نەخۆشخانە. هەموو کات دوو کەسمان لابوو، یەکێکیان نیهاد مەحموود زۆر برادەرم بوو، بەداخەوە لەم ساڵانەدا وەفاتی کرد، هەروەها ئەحمەد برای کاک نەبەز.

ڕۆژانە برینپێچێکی کورد دەهات بۆ لامان، برینپێچی شۆڕش بوو و لەوێ ئیشی دەکرد. خەڵکی بادینان بوو. پیاوێکی زۆر باش بوو، ناوی کاک ئەحمەد بوو. ماوەی چەندین سەعات برینەکانی زاهیری دەرمان دەکرد. بڕوا بکەن بە دوو سەعات تەواو نەدەبوو. هەندێک جێگەی برینەکانی ڕزیبوو، دەبوایە بە مقەست بیبڕێ. زاهیر ئەوەندە ئازاری هەبوو، بە کاک ئەحمەدی دەوت جگەرەیەکی بدەنێ بۆ ئەوەی تۆزێک لە پێست بڕین نەجاتی بێت و هەناسەیەک بدات لەتاو ئازار. ماوەیەک لەوێ ماینەوە، زاهیریان ڕەوانەی تاران کرد و منیش لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ تاران.

تاران و خەستەخانەی501ی ئەرتەش

گەیشتینە ئەوێ. خەستەخانەکە عەسکەری بوو و کەس نەیدەتوانی شە و لەوێ بمێنێتەوە. منیش ڕۆژانە لە بەیانییەوە دەڕۆیشتم بۆ لای تاکو ئێوارێ. دوایی دەگەڕامەوە بۆ ئوتێل سەنتڕاڵ لە شەقامی لالەزاری نۆ، لەسەر حسابی ئێران بوو. ڕۆژێکیان زاهیریان بردە ژوورەوە بۆ شتن و پاککردنەوە، کە هێنایانەوە، وتی گوێچکەیەکم لێبووەتەوە. ڕزیبوو، چونکی فسفۆرەکە هەمووی ڕزاندبوو و سووتاندبووی. ئیتر دڵخۆشیم دایەوە وتم لە دەرەوەی وڵات گوێچکە دروست دەکرێ، خەمت نەبێ.

ئە و ماوەیەی زاهیر لە خەستەخانە بوو، مانی کاک سەرداری حەمەی عەبدوڵڕەحمان ئاغا لە تاران بوون، زۆر خزمەتیان کردین. جارجارە سایە خانی خێزانی خواردنی تایبەتی دروست دەکرد و دەیانهێنا بۆمان. لەگەڵ سایە خزمایەتیمان هەیە، هەروەها سیروانی براشی لەوێ بوو. کاک نیهادی خاڵی وەک برام زیاتریش بوو، لەوێ بوون. هەتا ماوین لە بیرمان ناچێتەوە. لە و ڕۆژگارەدا کە لە شارێکی وەک تاران لە خەستەخانە بووین، پاش ئەوەی لەوێ هەوڵێکی باشیان بۆ دا لە خەستەخانەی 501 ی ئەرتەش، دیار بوو چارەسەری زۆرتری

ئەویست. وتیان دەینێرین بۆ بەریتانیا.

ناردنی زاهیری برام بۆ بەریتانیا

ئاشکرا بوو حکومەتی عێراق بۆمبی فسفۆری بەکار هێناوە، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغەیە. وڵاتان لە ڕادیۆکانیان باسیان دەکرد کە دژی مرۆڤایەتییە. ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسی، زاهیریش بریندەکەی زۆر کاریگەر بوو. دیار بوو لە دوو ڕووەوە ناردنەکەی قازانجی بۆ کورد هەبوو. یەکەم بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بزانن حکومەتی عێراق چەند دڕندە و بێڕەحمە و دژی مرۆڤایەتییە، زاهیریش نمونەیەکی دیارە. دووەم زاهیر چارەسەری باشتری بۆ دەکرێ. شۆڕشیش پێی باش بوو زاهیر بنێرنە دەرەوە، چونکە وەک ڕێکلامێک بوو بۆی.

لەسەر بڕیاری بارەگای بارزانی ئەوەی پێویست بوو، بۆیان جێبەجێ کرد و حازریان کرد بۆ سەفەری دەرەوە بۆ بەریتانیا. بۆ ڕۆحییەتی پێشمەرگەش باش بوو. ئەگەر پێشمەرگە وای بەسەر بێت، خاوەنی هەیە بۆ چارەسەرکردن. من و خوالێخۆشبوو نیهاد بەرەبەیان زوو لەگەڵی چووین تاکو فڕۆکەخانەی میهرئاباد لە تاران و بەڕێمان کرد. ئەملاوئەولایمان ماچ کرد.

گەڕانەوەم بۆ پێنجوێن

لەبەر بارەگاکەمان لە پێنجوێن بوو، گەڕامەوە بۆ ئەوێ. ماوەیەکی کورت لەوێ بووم، مانگێک تێپەڕی نەکرد. ئیتر دەنگ بڵاو بووەوە کە لە جەزائیر ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان سەدام حسێن و شای ئێراندا مۆر کراوە. بە هۆی هاواری بومدین کە ئەوکات سەرۆک کۆماری جەزائیر بوو و لە نێواندا بوو، لەسەر چارەنووسی شۆڕشی کورد پێک هاتبوون. ڕادیۆکان باسیان دەکرد. هەموو خەڵکی و پێشمەرگە ڕۆژانی یەکەم لایان قورس نەبوو، چونکی کەس بڕوای نەدەکرد شۆڕشێک بەم گەورەییە و خاوەن هەزاران هەزار پێشمەرگەی گیان لەسەردەست وای بەسەر بێت. من چووم بۆ چۆمان و ناوپردان بۆ ئەوەی ڕاستییە کان بزانم، ئەوێ نزیکترین جێگە بوو بۆ ئەوەی هەواڵەکان زووتر بزانین، چونکە نزیکی سەرکردایەتی کوردە. ئیتر هەموو بەیەکدا دەهاتین، ئە و هاوڕێیانەی یەکترمان دەناسی، دەتوت خۆڵودۆ کراوە بەسەرماندا. نەک هەر ئێمە، بۆ هەموو کورد، ئەوەی تەنانەت لە شارەکانیشدا بوو، زۆر قورس بوو بۆی. جێگەی بڕواکردن نەبوو، هەموو ئە و خەڵکانەی لە فرۆشگا و ئۆردوگا و بازاڕدا بوون، نەیاندەزانی چ بڕیارێک بدەن.

لە ڕادیۆکانی دەرەوە هەر باس باسی ڕێککەوتنی جەزائیر بوو. لە و کاتەشدا جەنابی بارزانی بانگ کرابوو بۆ تاران بۆ ئەوەی بڕیارەکەی پێڕابگەیەنن. دکتۆر مەحموود عوسمان و وابزانم کاک موحسین دزەییشی لەگەڵ بوو. پاش چەند ڕۆژێ گەڕانەوە. ڕاگەیەندرا کە شۆڕش تەواو بووە: 1- کێ دەچێت بۆ ئۆردوگا، ئێران دەرگای کردووەتەوە. 2- کێ دەڕواتەوە بۆ عێراق ئازادە. هەریەکەش ئازادە و بڕیار لای خۆیەتی. بێجگە لەوەی شۆڕش تەواو بوو، هەموو چارەنووسمان دیار نییە. من چارەنووسی زاهیری براشم لە و کاتەوەی بردوویانە بۆ بەریتانیا هیچ هەواڵی نازانم، دڵیشم لای ئەوە. هەزاران کەس ملی ڕێگەیان گرت و تەسلیم بوونەوە بە ڕژێم. منیش لەگەڵ کۆمەڵێک برادەردا کە زیاتر خەڵکی سلێمانی بوون و هەندێکیان ئەفسەر بوون، هەر بەخۆماندا دەهاتین چی بکەین؟ کەوتمە عەوداڵ و بەدوای چارەنووسی زاهیری برامدا دەگەڕام. لە لایەکەوە بەر گوێم کەوت زاهیر دەنێرنەوە. ئە و کاتەی ئەوانەی لێپرسراو بوون کە نوێنەری شۆڕش بوون 1- هاواری کاک زیادی کۆیە 2- جەمال عەلەمدار لە لەندەن ئیشی کوردیان هەڵدەسووڕاند، ئەوانیش هەر سەرپەرشتیی زاهیریان دەکرد. هێشتا بریندەکانی سارێژ نەبووبوو نارديانەوە. منیش چاوەڕوانم دەکرد. کە هاتەوە، یەکمان گرتەوە.

ناوچەکان چۆڵ بووبوون. ئەوەی لە خەیاڵمدا نەبوو، گەڕانەوە بوو. چی بکەین؟ خەڵکی جارێک نائومێدە، ئێمە دوو جار نائومێد؛ بەم دەست و دیاریيەوە بڕۆینەوە بۆ شار و لای کەسوکاری هەژار؟ چەند ڕاوێژمان کرد، جێگەیەک نەبوو لێی بین. بڕیارمان دا بڕۆینەوە بۆ لای کەسوکار، بەڵام خۆمان تەسلیم نەکردەوە، وەک خەڵکی تر گەڕاینەوە. کە چووینە وە، لە سلێمانی زاهیری برام بەجێ هێشت و چەند ڕۆژێ بەدزییە وە لەلای خزمان بووم. لە ڕێگەی قەڵادزەوە بە هاوکاریی کاک قادری حاجی حەمە قادر گەڕامەوە بۆ ئێران. کاک قادر لە قەڵادزە کەسێکی بانگ کرد ناوی حەمەی پیرۆزە ڕەش بوو، خەڵکی قەڵادزە دەیناسن. وتی نابێ کەس بزانێ. من لێرەوە سوپاسی هەردووکیان دەکەم، گەیشتمەوە سەردەشت و خزمەکانی باوکم هەموویان لەوێ بوون. باوکم لە بنەچەدا خەڵکی شاری سەردەشتە و باپیرم قەبرەکەی لە سەردەشتە. باوکم بە منداڵی هاتۆتە سلێمانی و قەڵادزە، کەسوکارەکەم بە بنەماڵەی ڕەحیمی ناسراون. ماڵی پوورم خوشکی باوکم لەوێیە. کەسوکاری زۆرم لەوێن. چوومە سەردەشت بۆ ماڵی حاجی ئەحمەد ڕەحیمیی کەبابچی، وەک بنەماڵەش قەساب و کەبابچین، لە دێکانیش لە بێزیلی ماڵی پوورم و کوڕەکانی لەوێن.

ژیان لە سەردەشت

چوومە وە سەردەشت. دەوڵەت قبوڵی نەدەکرد لە شار دابنیشم، یان دەبێ بچمە ئۆردوگای ڕەبەت یان جێگەیەکی تر، خزمەکانم لە خەستەخانەی سەردەشت کاریان دەکرد. ڕێگەیان بۆ دانام کە لەوێ دابمەزرێم. خۆشم لە پێشمەرگایەتیدا فێری دەرزیلێدان و خزمەتکردنی بریندار بووبووم. چووم بۆ ڕەزائیە (ورمێ) بۆ لای دکتۆر ئەسفەندیار. عەریزەیەکم نووسی، داوای ئەوەم کرد کە برینپێچی دەزانم بۆ ئەوەی دامەزرێم. بۆ مەسەلەی ژیانیش پێویستە خۆم بژییەنم، موحتاجی کەس نەبم. بە هیمەتی دکتۆر ئەسفەندیار چووم بۆ لای ئاغای جەم، لێپرسراوی شیروخورشید بوو لە ئازەربایجانی غەربی. نووسراویان بۆ کردم بۆ بیمارستانی سەردەشت و لەوێ لە تاقیگە موختەبەر دامەزرام. ماوەی ساڵێک ئیشم کرد. لەوێش لەناو کەسوکارەکانمدا بووم. من لە سەردەشت کێشەم نەبوو. پاش ئەوەی دۆخەکە یەکلا بووەوە، هەندێک کەس ڕۆیشتەوە و هەندێکیتر مایەوە لە ئێران. لەگەڵ زاهیری برام پێوەندیمان هەبوو. جوابم بۆ نارد بێتەوە بۆ ئەوەی بینێرن بۆ دەرەوە. لام مەبەست بوو زاهیر بنێرنە دەرەوە. بۆ ئیشی زاهیر جارێکیان لەگەڵ شەهید شێرکۆی شێخ عەلی کە بەداخەوە دوایی لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو، چووین بۆ کەرەج بۆ لای کاک مەسعود بارزانی. بێجگە لە مەسەلەی چارەسەری زاهیری برام هەندێک شتمان باس کرد و لەگەڵ شێرکۆی شێخ عەلی بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام سەری نەگرت.

لە و سەردەمەشدا چەند وڵاتێک پەناهەندەیان وەردەگرت، لەوانەش هۆڵەندا، نەمسا، ئەمەریکا. ناوی زاهیری براشم لەناو لیستی هۆڵەندادا بوو، لەبەر ئەوەی پێویستی بە هاوکاری هەبوو، ناوی منیشیان نووسیبوو. ناومان لە هۆڵەندا هاتەوە. لە تارانەوە بروسکەیان بۆ کردم خۆم حازر بکەم کە جەماعەتی هۆڵەندا سەفەر دەکەن، تۆش دەبێت ئامادە بیت. منیش دائیرە کەم ئاگادار کردەوە و خواحافیزیم لە خزم و دۆستانی سەردەشت کرد. ئە وکاتەی کە لە سەردەشت بووم، کاک دکتۆر عەلی ڕەحیمیی ئامۆزامان تازە لە زیندانی ورمێ نەجاتی بووبوو، چەند ساڵێک لەسەر سیاسەت سجن بوو؛ خۆی دکتۆری بەنج بوو. لەسەر بیروباوەڕی چەپ گیرابوو. ماڵی حاجی ئەحمەد ڕەحیمی و کاک عەلی و دایکی و برا و خوشکەکانی لە دایک و باوکی خۆم زیاتر خزمەتیان کردم، هەستم بە غەریبی نەدەکرد. زۆریان پێناخۆش بوو کە ڕۆیشتم. بەڵام منیش لەبەر زاهیری برام و هەم ئەوروواپاش ڕۆیشتم. هەموو کەسێک حەز دەکات لە سەردەشت ڕزگاری بێ بۆ ئەوروواپا. لە خەستەخانەی سەردەشت بە نووسراوێک وازم هێنا. نامەیەکیان دامێ و سوپاسیان کردم. لێم ڕازی بوون، ئیشی باشم کردبوو،

مەسرووفاتی ڕێگەشیان دامێ، خواحافیزیم کرد.

لە تاران

کە گەیشتمە تاران، لەگەڵ زاهیری برام لە ئوتێل دیاموند یەکمان گرتەوە. دوایی چووین بۆ کەرەج بۆ لای کاک مەسعود بارزانی. سوپاسیمان کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی زاهیری داوە. بۆ مەسرووفاتی زاهیر بە قەدەر ئیمکانیاتی ئە و کاتە هاوکاریی کردین.

ڕۆژی 06-03-1976 لە تارانەوە شەش کەس سواری تەیارە بووین. لە هۆڵەندا پەنجا کوردیان وەرگرتبوو. پەنجا کەسەکەش بە ژن و منداڵ و پیاوەوە. ئە و شەش کەسەش ئەمانە بووین: خۆم و زاهیری برام، دکتۆر سەمیر چەراغوەندی، ڕوکان، ئەکرەم مستەفا، دلاوەر. سەفیری هۆڵەندا لە فرۆکەخانەی میهرئاباد لەگەڵمان بوو. بلیتی تەیارەشیان بۆ بڕیبووین. خواحافیزیی لێکردین و پاش پێنج سەعات گەیشتینە هۆڵەندا.

ئە و برایانەی پێش ئێمە گەیشتبوونە هۆڵەندا، هەندێکیان لەگەڵ کچێکی هۆڵەندی کە لە ڕێکخراوی پەناهەندە ئیشی دەکرد و ناوی خیدیا بوو، چاوەڕوانمان بوون. ئێمە لەبەر ئەوەی بە ڕەسمی قبوڵ کرابووین، هەروەها سەرۆکی پەناهەندەی هۆڵەندی بیت مۆلەرمان لەگەڵ بوو، سواری پاسیان کردین بەرە و ئوتێل، ئوتێلەکە ناوی ئایتونیل بوو، لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر.

لە هۆڵەندا، ئوتێل ئایتونیل

دوو ئوتێل هەبوو هی یەک کەسی هۆڵەندی بوو. هەردوو ئوتێلەکە لەسەر یەک جادە بوو و نزیکی یەک بوون. هەردووکیان ناویان ئایتونیل بوو. ئە و پەنجا کوردە پەناهەندەیە دابەشیان کردبووین بە سەر ئەم دوو ئوتێلەدا، بەڵام نانخواردنمان لە بەشەکەی لای ئێمە بوو. سێ ژەمە لە یەک کاتی دیاریکراودا لەسەر مێزی نانخواردن نانمان دەخوارد، لە دنیایەکی نائومێدییە وە کەوتووینەتە وڵاتێک کە هەر لە خەودا بینومانە، ئەوەندە جوان بوو!!

لەبەر ئەوەی لای حکومەتی هۆڵەندەوە دەعوەت کرابووین، مەسرووفاتیان دەکێشاین. هەفتانە شتێکی کەم یارمەتییان دەداین. کچەکە ش کە ناوی خیدیا بوو هەموو ڕۆژێ بۆ جێبەجێکردنی ئیشەکانمان هاتوچۆی دەکردین. وەک خەستەخانە، کۆرسی زمان، دۆزینەوەی ئیش. بەڕاستیش کارەکانی بۆ ئاسان دەکردین.

کۆرسی زمانی هۆڵەندی

هەر پاش چەند ڕۆژێک کۆرسی زمانی هۆڵەندییان بۆ حازر کردین، کە زۆر پێویست بوو. لە هەر وڵاتێ بژیت، حەق وایە فێری زمانەکەی ببیت. زمانی هۆڵەندیش یەکێکە لە زمانە قورسەکانی ئەورووپا. هەموومان ڕۆژانە دەچووین. لە دوو پۆل دایان نابووین، لە و سەردەمەشدا هەر کەسە و بە قەدەر زیرەکی و توانای خۆی فێری زمان دەبوو. من بەشەکەی خۆم بایی ئەوەندە بوو، کە کاری ڕۆژانەی پێ مەیسەر بکەم. دوایی باسی دەکەم. بەڵام فکرێکم هەر لە کوردستان بوو.

دەستپێکردنەوەی کاری حیزبی لە هۆڵەندا

هەموو ئە و کوردانەی کە لە هۆڵەندا بووین، بە هۆی نەکسەی شۆڕشەوە کەوتبووینە ئەوێ. هەر هەمووشمان لە دوای شکست و نائومێدیی شۆڕش ئە و وڵاتانە وەریانگرتین. دیارە کە گەیشتینە ئەوێ، هەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست بووبوو، هەم قیادەی موەقەتە. ئێمەش دابەش بووبووین بەسەر هەردوولادا. لەوێش هەموو کەسێک ئازاد بوو کێ هەڵدەبژێرێ. هەردوولاش هەوڵیان دەدا کە ئەوانەی لەوێن، ڕایانکێشێ بۆ لای خۆی. هەموو یەکێکشمان ڕابوردوومان دیار بوو. ئەگەرچی لەوێش هەموومان پەیوەندییەکی باشمان پێکەوە هەبوو. هەردوولا ڕێکخستنی خۆیان هەبوو، منیش وەک هەموو کەسێک هەوڵیان لەگەڵ دام و هەموویان ڕێزیان لێدەگرتم بە حوکمی ماندووبوونی ڕابوردوومان، زاهیری برام شاهیدی خەبات و جەبهەکان بوو. من برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیم هەڵبژارد. هەردوولاش ڕێکخستنی خۆیان دروست کرد. لەوێش لە چوارچێوەی دوو ئوتێلداکە ڕۆژانە قسەوباس و موناقەشە بوو، کە چۆن ئەم شۆڕشە گەورەیەمان لەدەست چوو و ئاوارەی وڵاتان بووین. هەر لە و ماوەیەدا کۆمەڵەی خوێندکاران لە بەرلین کۆنگرەی بەست. زۆربەمان چووین بۆ ئەوێ بۆ بەشداریکردن. دوای ئەوەش لە فرانکفۆرت.

ئەوانەی لەوێ بووین، هەموومان ئیشمان دەکرد و لە ساڵی 1976دا لەگەڵ یەکێتی بووین. ئەم کەسانە: من، ئازادی مستەفا خۆشناو، فوئاد حسێن کە ئێستا لێپرسراوی مەکتەبی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانییە، عەلی ئیحسان، مەحموود دەروێش، چیا عەباس، زۆری تریش. برادەرانی تریش، پارتی و قیادەی موەقەتە، بەشی خۆیان خەڵکیان هەبوو. هەر هەمووشمان لە ئوتێلەکە پێکەوە بووین، برایەتیمان باش بوو و ژیانمان پێکەوە بوو. ئەوانەی یەکێتی هەموومان کۆمەڵە بووین. لە ڕێگەی ئازادی مستەفا خۆشناوەوە پەیوەندیمان بە هەڤاڵانەوە لەگەڵ دیمەشق هەبوو. ئە و کاتە سەرکردایەتیی یەکێتی لە دیمەشق بوو.

هاتنی مام جەلال و عادل موراد بۆ هۆڵەندا

هەر لە ساڵی 1976دا مام جەلال و عادل موراد هاتن و کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەوانەمان کرد کە یەکێتی بووین. پاشانیش لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ لەسەر بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی و دۆخی کوردستان قسەیان بۆ کردین. ئە و ماوەیەش لەوێ بووین، چەندین ڕێپێوانمان دژی ڕژێمی عێراق کرد، بەتایبەتیش کە کاک شەهاب و هاوڕێکانیان لە سێدارە دران. هەموومان کوردەکان لە مەیدانی دام کە جێگەیەکی بەناوبانگە لە ئەمستردام و لە بەردەم تەلاری مەلیکەی هۆڵەندایە، چەندین وێنە و دروشممان دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەرز کردەوە. لەگەڵ هاوڕێکاندا لە کارکردن بەردەوام بووم. هەر لە و ماوەیەشدا بوو محەمەد سابر هاتە دەرەوە، چەند شەوێک لامان مایەوە و ئیتر نەگەڕایەوە بۆ عێراق، بە ئیفاد هاتبوو.

کۆبوونەوەی پاریس

هاوڕێیانی کۆمەڵە بڕیارمان دا کۆبوونەوەیەک لە پاریس بکەین. ئەوانەی بەشداربووین: 1- فواد مەلا مەحمود، خوا لێی خۆش بێ وەفاتی کرد 2- مستەفا چاوڕەش 3- ئازاد مستەفا خۆشناو 4- ئەحمەد بامەڕنی، کە کۆبوونەوەکەش لە ماڵی ئەوان بوو 5- زاهیر حەمەد خەڵکی کۆیە بوو، بەداخەوە ئەویش پاش گەڕانەوە لەگەڵ ماڵومندالی بەر ئەنفال کەوت 6- چیا عەباس 7- فواد حسێن 8- فازڵ تەیب. لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر دۆخی کوردستان و یەکێتی قسەی زۆرمان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بۆچوونێک هەبوو، کە با جارێ پەلە نەکەین و لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا بە نهێنی ئیش بکەین. من خۆم دژی ئەوە بووم و وتم هاوڕێیان برادەران لە کوردستان هاتوونەتە دەرەوە. خەباتی چەکداریان دەست پێکردووە، لەگەڵ ئە و هەموو زەختەی لە سەریانە. مانای چی

ئێمە لە ئەورووپا بە نهێنی کار بکەین؟ کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتنی ڕایەکەی من کۆتایی هات. بڕیارمان دا وەک ڕێکخستنی کۆمەڵە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئاشکرا ئیش بکەین. دوای ئەوەش بڕیارمان دا لەگەڵ هاوڕێیانی وڵات پەیوەندی دروست بکە ین و لە دەرەوەش لەگەڵ هەموو ئە و جێگەیانەی دەستمان دەیگاتێ لە ئەورووپا، خەریکی کاری ڕێکخستن بین. لە پاریس وێنەیەکم لای بورجی ئیفڵ گرت. دەستم گرتبوو بە ئاسنەکانییە وە، وتم ئەگەر چوومە وە بۆ وڵات، با شاهید بێ و بڵێن پاریسی دیووە. دوای کۆبوونەوەی پاریس بەرنامەی خۆمان دانا.

کۆبوونەوەی فرانکفۆرتی یەکێتی

ساڵی 1977 دکتۆر فواد مەعسوم هاتبوو بۆ کۆبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخستنەوەی کارەکانی یەکێتی. ئێمەش هەڤاڵەکان لە هۆڵەنداوە چووبووین و ئەمانە بووین: من خۆم، فواد حسێن، عەلی ئیحسان، مەحموود دەروێش، چیا عەباس. لە وڵاتانی تریشەوە هاتبوون: لە بەریتانیاوە د.فازڵ تەیب. دکتۆر ئازاد نەجمەدین و محەمەد سابیر. دکتۆر فواد قسەی بۆ کردین کە ئێستا لە کوردستان شۆڕش دەستی پێکردووەتەوە و هەڤاڵەکان لە دەرەوەن. ناوی چەندین کەسی دیاری هێنا، کە چالاکیی باشیان هەیە. ئەوەی پێویست بوو، بۆی باس کردین. لە و کۆبوونەوەیەشدا قسە زۆر کرا لەسەر شۆڕش و خەباتی نوێ. دکتۆر فواد وتی دۆخی شۆڕش لە ڕووی دکتۆرەوە باش نییە. ئەگەر پێشمەرگەیەک بریندار ببێت، نە دەرمان هە یە نە دکتۆر. منیش لە کۆبوونەوەکەدا وتم بیکەن بە بڕیار و داوا لە دکتۆرەکان بکەن بڕۆنەوە. هەر کەسێک نەڕۆیشتەوە، لێی قبوڵ مەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی یەکێتین. هەر لەوێدا من دکتۆریش نەبووم بە کاک دکتۆر فوادم وت من لە ئێستاوە ئامادەم بۆ گەڕانەوە، هەر واشم کرد. لە کاتی پشوودانداا یەکێک لە دکتۆرەکان وتی بۆچی تۆ پێشنیاری ئەوە دەکەی ئیجرائات بکرێ؟ وتم باشە ئێوە لەشولارتان عەیی نییە بۆچی نارۆنەوە؟ بە هەرحاڵ، کۆبوونەوە تەواو بوو. لەگەڵ دکتۆر فواد ڕێک کەوتم بۆ گەڕانەوە. کە گەڕایەوە، نامەیەکی لە سوریا وە بۆ ناردم بۆ گەڕانەوە، پاش چەند ڕۆژێک خۆم حازر کرد و خواحافیزیم لە برادەرەکان کرد. سواری تەیارە بووم بۆ سوریا، بە مەرجێک زاهیری براشم لە بەریتانیا عەمەلیات کرابوو، بەجێم هێشت. ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەش بووین و لە هۆڵەنداوە چووبووین، گەڕاینەوە. زاهیر دوایی گلەیی لێکردم کە بەجێم هێشتووە. ئە و لەسەر حەق بوو. پێش هاتنەوەش بە هۆی بارودۆخی زاهیری برام کە جیاواز بوو لەبەر سووتانەکەی، شوقەیەکیان دایێ لە بالمامیر لە نهۆمی هەشتەم، ژمارەی شوقەکەمان 824 بوو. بیناکە ناوی دیڤلستاین بوو.

پێش هاتنەوە چەند برادەرێکی ئەفسەر کە بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولیان کردبوو، لە سوریاوە هاتن بۆ هۆڵەندا. تاکو ئێستاش هەر لە هۆڵەندان، ملازم فەرەیدون حەمەڕەشید خەڵکی سلێمانی و ملازم عەلی مستەفا خەڵکی کەرکووک بوو. کە هاتن، چووین بۆ فڕۆکەخانەی ئەمستردام (سیخپۆڵ) بۆ پێشوازیکردنیان. ویستیان گلیان بدەنەوە، ئێمەش سووکەنارەزایەتیەکمان دەربڕی و کارەکەمان بۆ ئاسان کردن، هەروەها سلێمان قەسابیش لە ئەڵمانیاوە هات. ماوەیەکی زۆر لە هۆڵەندا مایەوە. ئەویش لە شۆڕشی ئەیلوولدا سەرلق بوو و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو.

گەڕانەوەم بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ کوردستان

مانگی 9ی ساڵی 1977 گەیشتمە سوریا و لەوێش چووم بۆ لای هەڤاڵان. ماوەیەک لایان مامەوە. بەرنامەمان دانا بۆ چوونە وە بۆ کوردستان. دیارە چوونە وەش لە نێوان ئەم هەموو دەوڵەتەدا کارێکی ئاسان نەبوو.

من و دکتۆر کەمال خۆشناو ڕێک کەوتین. خوا بە بەهەشتی شاد بکات دوایی بوو بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ عەونی قەڵەمچی پێیان دەوت ئەبووعومەر، لە جووڵانەوەی سۆشیالیستی عەرەبی بوو لە جەماعەتی عەبدوڵڵا نەسراوی. ئەمیش لەم ساڵانەی دواییدا تەسلیم بووەوە و گەڕایەوە بۆ لای سەدام حسێن پێش ڕووخان. هەڵوێستێکی خراپیشی هەبوو. لە تەلەفزیۆنی عێراق قسەی کرد و بوو بە بەشێک لە ڕژێمی سەدام. چەند ساڵ بەڕۆژوو بوو، دوایی بەربانگی بە.... کردەوە.

هەرسێکمان لە سوریاوە سواری تەیارە بووین بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە بۆ دیاربەکر. لە دیاربەکر هەندێک لە دۆستە کوردەکانی تورکیا چاوەڕوانیان دەکردین. عومەر چەتین لەگەڵ برایەکی تر بە ناوی موحتەرەم، بەداخەوە بیستم بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل وەفاتی کردووە. پاش ئەوەی شەوێک لە دیاربەکر ماینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی سواری ئۆتۆمبێل بووین بەرە و گەڤەر و شەمدینان. موحتەرەم ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و گەیشتینە گەڤەر، بۆ ئەوەی لەوێشەوە لە ڕێگەی هەڤاڵەکانیانەوە بچینەوە سەر سنوور. ئێمە ڕۆژی 1977/10/13 گەیشتینە ئەوێ، بەڵام دیار بوو ڕۆژی 1977/10/10 هەندێک لە هەڤاڵانی یەکێتی هاتبوون و هەندێک چەکیان پێبوو بیبەنەوە بۆ کوردستان. لەوێ لە ڕێگە قیادەی موەقەتە کەمینیان بۆ دانابوون و چەند هەڤاڵێکیان شەهید کردبوو، هەرچی پێیان بوو، بردبوویان. لەوانەی شەهید بووبوون، ملازم حەسەن خۆشناو، باهر و هی تریش من ناوەکانیان نازانم، داوای لێبوردن دەکەم.

ئێمە کە گەیشتینە گەڤەر، ئاگاداری ئەم ڕووداوە نەبووین و دڵمان خۆش بوو قۆناغێکی باشمان بڕیووە، لەسەر سنوور نزیک بووینەتەوە و هەڤاڵەکان هەموویان لەوێن، مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەموو ئەوانەی لەگەڵیانن.

کە چووینە ئە و ماڵەی بڕیار بوو هاوکاریمان بکات بۆ لایان، وتی ناتوانم جووڵە بکەم، میتی تورکی ئە و ناوەیان گرتووە. دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو. هەتا ماڵەکە وتیان ناتوانین لێرەش بتانحەوێنینەوە. سەرسنوور و ناو شاریشیان گرتووە. لەگەڵ کاک موحتەرەم گەڕاینەوە بۆ شاری وان. لەوێش کەسی خۆیان هەبوو، بردینیە ماڵی برادەرێک کە لە کارگەی چیمەنتۆی وان ئیشی دەکرد. دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، بەڵکو ڕێگەکە بکرێتەوە و بتوانین دەرباز بین. ڕێگە هەر نەکرایەوە. موحتەرەم هاتەوە بەدوامانداو بڕۆینەوە بۆ دیاربەکر، لەوێش چووینە ئوتێل سەراج، خاوەنی ئوتێلەکە کورد بوو. من و دکتۆر کەمال خۆشناو نزیکەی دە ڕۆژ زیاتر لە و ئوتێلە ماینەوە. ئەبووعومەر عەونی قەڵەمچی گەڕایەوە بۆ سوریا، تاقەتی ئەم هاتوچۆ و بێنەوبەرەیەی نەبوو. بە و حسابە گەڕایەوە تا برادەران ئاگادار بکاتەوە.

بە ڕۆژ لە و شارەشدا نەماندەزانی چی بکەین. من لای خاوەن ئوتێلەکە وتم خەڵکی ئێرانم و ناتوانم بچمەوە بۆ ئێران. چاوەڕوانی باوکم دەکەم، بڕیارە لێرەوە بێت، دەچین بۆ حەج و دەیبینم. خاوەن ئوتێل شکێکی کردبوو. مەسرەف گران بوو، دەچووین نانمان لە نانەواخانەیەک دەکڕی. لە ئوتێلەکە بەدزییە وە چامان لێدەنا، بە پەنیر و ماست و ئەم جۆرە شتانە بەڕێمان کرد. گوزەرانمان لە ئوتێل بەم شێوەیە بوو. ناوبەناویش عومەر چەتین و موحتەرەم دەهاتن بۆ لامان، یان لە چایخانەیەک دەمانبینین. لە سەرەتای مانگی یازدەدا برادەرێک لەگەڵ موحتەرەم هات بۆ لامان و وتیان با بڕۆین، گەڕانەوەمان ڕێک خستووە. سوار بووین لەگەڵیان. کە هاتن، ملازم عەبدوڵڵا خۆشناویش لای برادەرانەوە هاتبوو، ئەویشمان لەگەڵ بوو، شارەزای ڕێگە بوو.

چووینە هەکاری جولەمێرگ. لە ماڵی برادەرێک بووین بە ناوی حافز. ئێستاش دۆستایەتیمان ماوە، چەند جار هاتووە بۆ سلێمانی و لە خزمەتیدا بووم. شەوێک لە ماڵیان ماینەوە. دنیاش بەرە و سەرما و بەفر دەچێت،

ناوچەی هەکاری کوێستانە. ئۆتۆمبێلی ئیسعافی هێنا و حازریان کردبوو، من و دکتۆر کەمال خۆشناو و ملازم عەبدوڵڵا خۆشناو لە دواوە لە جێگەی نەخۆش سوار بووین، لە هەکارییە وە بۆ شەمدینان. لەوێ بە ناو بازگەی جەندرمەکانی تورکیادا تێپەڕین و بە سەلامەتی گەیشتینە لای هەڤاڵان. لەوێ دێیەک هەبوو بە ناوی ماسی ڕۆ لەسەر سنوورە. بۆ من خۆش بوو، لەوێش ئەوانەی بینیم، زۆربەیان لە ڕابوردوودا و لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەمناسین. لە ترسی جەندرمە و حکومەتی تورکیا لە دەرەوەی دێکە بوون. کە گەیشتین، برادەران ئاگریان کردبووەوە. بەفر باریبوو، سارد بوو، منیش لە ئەوروپاوە گەڕاومەتەوە، کۆڵەپشتێکم پێیە، لە هۆڵەنداوە هێنابووم و شتی زۆری تێدا بوو. کە برادەران ئێمەیان بینی، خوا بە بەهەشتی شاد بکات، عوسمان قادر منەوەر برادەرم بوو لە زووەوە، بۆ سوبعەت وتی مردووت مرێ ئەوە ڕۆن ڕژاوە وا هاتوویتەتە وە؟ بوو بە پێکەنین.

منیش وەک ئە و هەڤاڵانەی ئەوێ قاتێک جلی کوردیم پێبوو، خۆم گۆڕی. چەند هەڤاڵێک دەچوون بۆ دەرەوە. پانتۆڵەکەی خۆم دایە یەکێکیان بۆ ئەوەی سەفەری پێبکات بۆ ناو تورکیا، چونکی ناو تورکیا جلی کوردی قەدەغە بوو. سوودی لە پانتۆڵەکەم بینی، ئە و ماوەیەی لەوێ بووین، لەگەڵ هەڤاڵان ئاشنایەتیم پەیدا کرد.

هەموو ڕۆژێ پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە، و لە ترسی حکومەتی تورکیا ناو دێکانمان چۆڵ دەکرد دەچووینە دەرەوەی دێ. بەفریش باریبوو. لەسەر ئە و بەفرە دەماینەوە و تاکو ئێوارە و ئاگرمان دەکردەوە. شەوان دەهاتینەوە بۆ ناو گوندەکان. لە و دێیانەی لێی بووین ماسی ڕۆ لە زستان جەندرمەی تورک شوێنە کوێستانییە کانی چۆڵ دەکرد و هاوینان بۆی دەهاتنەوە. وابزانم ئێستاش هەر وایە، چونکی زستانان ژیانی تێدا ناکرێ.

لەگەڵ ئەم هەموو سەرماوسۆڵە و برسێتییەدا باوەڕمان بەهێز بوو، بە سەری یەکتر سوێندمان دەخوارد. ڕۆژگارمان بەڕێ دەکرد، چونکی لەوێ چاوەڕوانی چەکمان دەکرد. ئەوانەی لەوێ بوون، ناوی هەموویان ناوترێ. مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، ملازم عومەر، عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، ڕەسوڵ مامەند، حاجی حاجی ئیبراهیم، دکتۆر خالید، ملازم تاهیر عەلی والی بەگ، مامۆستا سەلام، دلێری سەید مەجید، شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی، مامۆستا عەزیز، هاوڕێ جەبار، عەلی ئامەخان، عوسمان قادر منەوەر، عەبدولقادر هەڵەدنی و دەیانی تریش. پاش ماوەیەک دکتۆر مەحموود عوسمان و شەمسەدین موفتی هاتن. لێژنەی تەحزیری بوون، بە ناوی پارتییەوە هاتن. لەسەر سنوور یەکمان گرتەوە. هەروەها شەوکەت حاجی موشیر کە لەم دواییانەدا لە دێی گامیش تەپە لە شارەزوور بە دەستی تیرۆریستان نامەردانە شەهید کرا. هەروەها کاک محەمەدی حاجی مەحموودیش لەوێ بوو. هەر هەموومان بە کۆمەڵە و بزووتنەوە، یەکێتی بووین.

هاتنی چەک

دەماو دەمی ئێوارەیەکی درەنگ بوو. هەواڵیان هێنا وتیان چەک هاتووە. ئە و قەرەباڵغیەی سەرسنووریش بەشێکی بۆ ئەوەبوو. هەر هەموومان خۆمان کۆ کردەوە. کە چووین، لۆرییەک بوو و چەقیبوو. سەرەوەی هەمووی فەردە ئارد بوو، چەکەکان لەژێرەوە بوون و لەچاو ئە و چاوەڕوانییەی ئێمەدا بە و هێزەوە هەمانبوو، زۆر نەبوو، بەڵام بۆ ئێمە و بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و ڕۆحییەتی هەڤاڵەکانیش باش بوو، بە دەستی بەتاڵ نەدەگەڕاینەوە بۆ ناو وڵات. کەم یان زۆر، زۆر باش بوو. گوڕوتینێکی تری دایێ. ئاربیجیی تێدا بوو، لەوێش مام جەلال و برادەران دابەشیان کرد. پێش گەڕانەوەمان چەند ڕۆژێک لە ماڵی مام خورشید بووین لە گەڕێشم. زۆرزۆر خزمەتیان کردین، بەتایبەت مام خورشید، بەڕاستی پیاوێکی بە خزمەت بوو، بە ماستی زستانە و هەنگوین تێری کردین.

پێش ئەوەی من و دکتۆر کەمال خۆشناو بگەینەوە، بەڕێز عەلی عەسکەری لە ڕێگەی شێخ محەمەدی لۆلانەوە چووبوو بۆ بەغدا. لەسەر بڕیاری یەکێتی و بە ئاگاداریی هەڤاڵان چووبوو، لەسەر متمانەی حاجی شێخ محەممەدی لۆلان. بەڵام هەروا هاتەوە و گەیشتەوە لای هێزەکان. حکومەت هەر حسابی بۆ نەکردبووین و داوای کردبوو تەسلیم بینەوە. وتبوویان دەبێ ئە و ناوە چۆڵ بکەن و لێتان دەدەین. ئیتر بڕیاری گەڕانەوە درا.

گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق

هێزەکەی ئێمە لەگەڵ ئە و بەشە چەکەی بەرمان کەوتبوو، بە سەرکردایەتیی کاک نەوشیروان کە لێپرسراوی یەکەم بوو، کەوتینە ڕێ. دنیا زستان بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو. لە ناوچەی شەمدینانەوە بە ئێراندا بۆ عێراق کەوتینە ڕێ. ڕۆژێک بە تەواوەتی تاکو شەومان بەسەر هات، نیوەی چۆمی گادەرمان تەواو کرد و بارانیش دەباری. لە چۆمی گادەر لامان دا. ئاگرمان بۆ نەدەکرایەوە، تاریکەشە و بوو، ئە و شەوەمان لەبەر سەرما گوزەراند، زۆر ناخۆش بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لای ئێوارەکەی تروسکاییەکمان لێدەرکەوت، ڕوومان تێکرد. چەند ماڵێک بوون سەر بە شاری شنۆ بوون، لەوێش خزمەتێکی باشیان کردین. لە و نێوانەی ڕێگەدا هەر سێ کەسمان لێپرسراوی وڵاخێک بوو، لە بارەکە و وڵاخەکەش بۆ ئالیکدانی و ڕاکێشانی، بارە تفەنگ بوو. هەم خۆمان برسی و هەم وڵاخەکان. چۆمی گادەرەش ئاوەکەی هەڵسابوو، چونکی باران دەباری. ڕەنگە دەیان جار بە جل و پێڵاوەوە ئەمبەروئەوبەری ئاوەکەمان کردبێ، بەڵام بواری پەڕینەوەی هەبوو.

گەیشتینە خاکی ئێران

لە ناوچەی شنۆوە بە ڕۆژهەکەی بە دێهاتەکاندا بەرە و ناوچەی خانێ کەوتینە ڕێ. لە ڕێگە زۆر ماندوو بووین، گەورەترین کێشەمان باربەستن بوو. کە باڕێک دەکەوت، چەند خەریک بووینایە، نەماندەزانی وەک خەڵکی لادێ بیبەستین و چاکی بکەین. ئەگەر هیمەتی برادەرانی خەڵکی دەرەوە نەبوایە کە لەگەڵمان بوون، زەحمەت بوو و پەکمان دەکەوت. لە و هیلاکییەدا وڵاخەکانیش ماندوو و برسی دەبوون، سەرماش لەولاوە وەستابێ. هەر بۆ خۆشی و نمونە مامۆستا عەزیز دانشگای تەواو کردبوو یادی بەخێر بێ، لە سلێمانی گیرا و دوایی بەعس لە سێدارەی دا. بارەکەیان کەوتبوو داوای لە محێدین کرد کە خەڵکی دەرەوە بوو و چۆخماخی بوو، یارمەتیی بدات بۆی چاک بکاتەوە. پێی دەڵێ کاکە کە ئێوە نازانن بار ببەستن بۆچی هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی و هاتوونەتە دەرەوە. مامۆستا عەزیز دەڵێت بەخوا نەمزانی دەبم بە قەتارچی. کاکە تۆش وەرە پرسیارێکی فیزیام بۆ حەل بکە تاکو منیش بارت بۆ ببەستم. ئەمە مەسیرەکەمان بوو. بەڵام جارجار قسەی خۆش و خۆشەویستی هەبوو. ئەمەش زەمانی شای ئێرانە و ئە و ڕێگەیەی پێدا دەگەڕێینەوە، زۆر لە دێهاتەکانی ئێران پاسگا و ئەرتەشی تێدا بوو. لە هەندێ جێگە دەبوایە بە شە و بڕۆین بۆ ئەوەی نەمانبینن. ئێوارەیەک چووینە دێیەک، پێش ئەوەی بگەینە خانێ، مەبەستم دەوری خانێیە، لە دێکە دابەش بووین. ئێمەش لەگەڵ کاک نەوشیروان، کاک سالار و ملازم عومەر لە دیوەخانی ئاغای دێکە بووین، هێشتا نانمان نەخواردبوو، سەربازی ئێرانی و چریک لەگەڵ لێپرسراوی پاسگاکە هاتنە ژووروە، وتیان ئێوە چین و چی دەکەن لێرە؟ بۆمان شەرح کردن. وتیان هەر ئێستا هەڵسن و برۆن. دەڕۆین و ناڕۆین و تەنها نان دەخۆین و دەڕۆین... لەم قسانەمان دەکرد. ملمان نەدا. برسێتی شتی تریشی بەدەمەوەیە، دوایی هەڵساین و هەر بە و شەوە بە و هێزەوە ملی ڕێگەمان گرت و گەیشتینە ناوچەی لاجان و کۆنە لاجان. بە دەوری خانەدا سوڕاینەوە. حەقی خۆشیەتی کە دەوری قادر خەبات بنرخێنین. ئە و ڕێگەنیشاندەرمان بوو، کەسێکی تریشی لەگەڵ بوو، ئەویش شارەزا بوو، وابزانم دوایی لە شۆڕشدا شەهید بوو. لەگەڵمان زۆر ماندوو بوو. منیش کە لە ئەوروپاوە هاتبوومەوە، هەندێک ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێرانم پێبوو. لە چەند شوێنێک کە لامان دەدا ئەمدا بە خوێندەوارەکانی خەڵکی دێکان، کە کاک نەوشیروان بەمەی زانیبوو، بەپەلە جوابی بۆ ناردم وتی مردووت نەمرێ تۆ چی دەکەی؟ وەزعی خۆمان زۆر جوانە رێوی بە کونەوە ناچی هەژکێ بەخۆیەوە دەبەستێ. ئەنجا بەڕاستی کاک نەوشیروان لەسەر حەق بوو. منیش وازم لە دابەشکردنی بەیان هێنا، خواخوامان بوو بگەینەوە وڵات.

هەر لە وگەڕانەوەیەدا بە ڕۆژ لە دێهاتەکان نەدەهاتینە دەرەوە. خۆمان دەشاردەوە، نەماندەهێشت لە هەندێ جێگە کەس بچێتە دەرەوە. شە و بەرێ کەوتین. لە نێوان خانە و میراوادا چەکەکانمان لە عەرەبانەیەکی تراکتۆر بارکردبوو، چادرمان دابوو بەسەریا، هەندێکمان لەسەر مەکینەکە سوار بوبووین، چەند عەرەبانەیەک بوو لەسەر جادەی گشتیی خانە و سەردەشت. سەربازەکانی ئێران ڕێگەیان پێگرتین. وتیان ئێوە چین و چی دەکەن؟ یەکێکیان چادری سەر عەرەبانەکەی لادا. هەر شێت بوو، هەمووی چەک بوو. وتیان دوامان کەون بۆ پاسگا، یان پادگان. ئێمەش خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێک حازر کردبوو، وردەوردە لەگەڵ مەسیری جادەکەی خۆمان مەبەستمان بوو لەگەڵیان هاتین تاکو گەیشتینە لای میراوا، لەوێ لامان دا و وەڵاممان نەدانەوە. ئێمەش چەکدار بووین. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوانیش زۆر لەسەری نەڕۆیشتن. دەیانزانی کە تەسلیم نابین. پاروویەکی بچوک نەبووین، لەوێش ڕزگارمان بوو. بە شاخەکەدا هەڵگەڕاین. لە شانی میراواوە سەرکەوتین تاکو گەیشتینە دێی کونە مشکە. کە چووینە ئەوێ، دامەزراین و نزیک وڵاتی خۆمان بووینەوە. دیوەخانێکی گەورەی لێبوو و وێنەیەکی گەورەی عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕی هەڵواسیبوو. عەلی ئاغا گەورەیان بوو. عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕ پیاوێکی قسەخۆش بوو. بەداخەوە حکومەتی سەدام حسێن خۆی و خزم و کوڕێکی لە سێدارە دا. هەزار ڕەحمەتی لێبێت.

ئە و شەوە لە کونە مشکە ماینەوە. بەیانی ملی ڕێگەمان گرت بەرە و نۆکان و شێنێ. لە مەسافەی ڕۆیشتندا دوودوو و سێسێ دەڕۆیشتین. بە ڕێگەوە بووین لە نزیک بەرزاییەکانی نۆکان شۆڕ بینەوە. تووشی جەماعەتێک چەکدار بووین. کەوتینە سەنگەرگرتن لە یەک، ئێوە کێن و ئێمە کێین؟ بوو بە تەقە لە نێوان هەردوولادا، وابزانم لەوان کەسێک کوژرا و بریندارێش هەبوو، وتیان جەماعەتی قیادەی موەقەتە بوون. ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ بەرنامەیەکی شەڕ نەبوو، ئەوەش بە ڕێکەوت بوو. ئێمە وا نزیکەی دە ڕۆژ زیاترە بە ڕێگەوەین. ئەوەندە ماندووین، هەر مەپرسە. شەڕە و تووشت دەبێ، دەرکەوت ئەوانیش هەر بۆ سەفەر چوون بۆ ئێران.

ئە و دۆخە هەزار تەفسیری بۆ کرا، کەمینە و لەم جۆرە شتانە. بە ڕاستیش ڕووداوێکی خۆش نەبوو. ئەم ڕووداوە کە ڕووی دابوو، هەواڵ چووبوو بۆ شێنێ و نۆکان و زەڵێ. تاکو ئە وکاتەش لەم سنوورە و لە سنووری سلێمانیش هیچ شەڕوپێکدادانێک لە نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتە پارتی ڕووی نەدابوو. عەبدولمەلیک پارتی بوو، لەگەڵ جەماعەتەکەی ئەم هەواڵە دەزانن و ناوچەکە چۆڵ دەکەن، وا دەزانن بەرنامەی لێدانیان هەیە، کە نزیک بووینەوە، هەڤاڵەکانی خۆمان هاتن بۆ پێشوازیمان. ئەوکاتە ئەم کەسانەم بینی: تاڵب ڕۆستەم کە ئامرهەرێمی ئە و سنوورە بوو، کوێخا عەلی قەلاوە، دکتۆر عەلی و مریەم خان، بەکر پیرۆت، یەکێتیی زۆری لێبوو. چەند ڕۆژێ لەوێ لە شێنێ و زەڵێ و نۆکان حەساینە وە. ئیتر کاک نەوشیروان لەگەڵ هەڤاڵەکانی تر بەرنامەی دانا بۆ گەڕانەوە بەرەو سلێمانی بۆ ئەوەی ئە و چەکانەی پێمانە، دابەشی بکەن و مەفرەزەکان ڕێک بخاتەوە، چونکی ئە و بووبوو بە ئامرهەرێمی سلێمانی.

بەیانییە کەی هەتاو بوو. خۆمان حازر کردبوو و بارەکانمان بەستن، بەڵام شاخەکان بەفری پێوە بوو. ملی ڕێگەمان گرت و سەرکەوتین، لە نیوەی ڕێگە لەسەر شاخ نزیک بووبووینەوە، هەواکەی گۆڕی و دەستی کرد بە بەفرباریین و کڕێوە. تاریک بوو، وای لێهات ڕێگەکان کە پێیدا دەڕۆیشتین، دیار نەما، سەرما و هەوای سارد

لەولاوە وەستابێ، ولاخەکان کە بارەکانیان پێوە بوو، هەمووی وەستان. هەر کەسەمان خەمی خۆمان بوو ڕەق نەبینەوە، بڕیار درا گوریسی هەموو بارەکان بپچڕێنن. هەرچیمان پێبوو لە چەک و ئە و شتانەی کە لەسەر ولاخەکان بوون، بەجێمان هێشت، کوڕ ئە و کوڕەیە خۆی ڕزگار بکات. چەند کەسێک تەقەی دەکرد بۆ ئەوەی لەیەک ون نەبین. زۆربەشمان نەشارەزابووین، ئەمەشمان بەسەر هاتووە. هەندێکمان بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشتین، دۆڵێک بوو پێیدا چووینە خوارەوە، پاش ماوەیەک تووشی ئاشێک بووین، لامان دا و ئاگرمان کردەوە، خۆمان گەرم کردەوە، بووبووین بە چەند بەشێکەوە، چاوەڕوان بووین خۆش بکاتەوە. باش بوو بۆ ڕۆژی دوایی سامالّ بوو. هەریەکەمان گوریسێکمان هەڵگرت و سەرکەوتینەوە بۆ سەرشاخ بۆ ئەوەی چەکەکان بهێنین، هەر لەوێ لەسەر چوون بۆ سەرشاخ لە نێوان کاک ملازم عومەر و مامۆستا عەزیز ساردی پەیدا بوو، وتی من سەرناکەوم. وەک براش وابوون، هەست بە دڵسۆزیی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان ئەمەشی تێدا بوو. هەموومان سەرشاخ کەوتین، چەکەکانمان دۆزیەوە. هەرکەسە چەند چەکێکی بە گوریس لە کۆڵی بەست، هێنامانە خوارەوە. دوایی بۆمان دەرکەوت ئە و دۆڵەی بۆی هاتووین، پشتی دێی هەڵشۆ بوو، هەر ئە و ڕۆژە شەوەکەی بەڕێ کەوتین. بە بەردەم دێی هەڵشۆدا هاتینە خوارەوە و لامان نەدا، چونکی مەخفەری تێدا بوو. بۆ ئەوەی کەشف نەبین، هەر بە و شەوە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، گەیشتینە دێی نورەدین، لەوێش بەلەمیان بۆ ئامادە کردین. لە بەرامبەر نورەدینەوە پەڕینەوە بۆ دێی سەرتەنگ و لە بانە ڕۆژمان لێبووەوە، بەدوای یەکدا بە هیلاکی و برسیەتی و سەرما. لەوێش گەیشتینە مەفرەزەکانی خۆمان کە لە ناوچەکە بوون. کاک محەمەد مەلا سەلام بوو، کاک نەوشیروان هەندێک چەکی دانێ لەوەی پێمان بوو. وتیان پلەکەی ئامرهێزە. چاومان کەوت بە مام ئەحمەد خەڵکی مامەنداوا، مام ئەحمەد (عەلی)ی کوڕیشی لەگەڵدا بوو، بەداخەوە لە شۆڕشدا بە غەدر شەهید کرا.

پاش ئەوە بەرە و ناوچەی گەڵاڵە و شینکایەتی و سەفرەوزەرون ڕۆیشتین. لە گەڵاڵە سەربازگەی لێبوو، خۆمان لێ لادا. شارەزامان لەگەڵ بوو. لە بناری شاخەکەوە ڕۆیشتین، هەر جارەش پاش ماندووبوون کاتی نانخواردن لەسەر کانی لە ڕێگە لامان دەدا. چامان لێدەنا و نانمان دەخوارد، پاش ئەوە بەرە و جێگەیەکی تر کە مەبەستمان بوو، دەڕۆیشتین. دواقۆناغمان گەورەدێ بوو، خەڵکی ئەویش هەندێکیان پێشمەرگە بوون لەگەڵمان، وەک حاجی مەحموود گەورەدێ ئێستاش ماوە. لەوێ پشوویەکی باشمان دا، گەورەدێ دێیەکی گەورە بوو، چەند ڕۆژێ لەوێ ماینەوە. ئیتر جەولەمان دەکرد لە دێکانی مالومە، گەڕەدێ، چۆخماخ و دەوروبەری سنگر و مێولاکە، ئە و برادەرانەی لە مەسیرەکەدا لەگەڵمان بوون، هەندێکیان خەڵکی دۆڵی جافایەتی بوون، وەک خوالێخۆشبوو عەبدولقادر حاجی کە خەڵکی هەڵەدن بوو باوکی شەهید غەریب هەڵەدنی، مەجیدی برای و حاجی مەحموود گورون خەڵکی چۆخماخ بوون. پاش ئە و ماوە درێژە کە گەیشتینەوە، ئەوان چوونە وە بۆ لای مال و منداڵیان، دەمێک بوو دابڕابوون لێیان، حەقیان بوو. پاش ئەوە لەگەڵ کاک نەوشیروان خۆمان حازر کرد.

لە دێی چۆخماخ بووین کە زانیمان کاک ئارام لە قەرەداغ لە دێی تەنگی سەر شەهید بووە، من و کاک نەوشیروان پێکەوە وەستابووین. نامەکەی نیشان دام، کە خەسارەتێکی یەکجار گەورە بوو. خۆمان وردەوردە نزیک بووینەوە لە خەمزە، لەوێش هەندێک هەڤاڵی ڕێکخستن هەبوون، من نەمدەناسین، وەک شێخ یوسف و ئیسماعیل ڕەشید و حامد، لەوێ دابەشیان کردین، هەروەها فەتاح خەڵکی سنگر، لەوێشەوە هاتینە خوارەوە بۆ سیرەمێرگ لە ماڵی عومەری حاجی ئەحمەد و مەجیدی برای، خزمەتیان زۆر کردین، هەروەها فەتاحی براشیان. پاش نانخواردن چاوساغیان لەگەڵ ناردین بۆ پەڕینەوە. پاش ماوەیەک گەیشتینە دێی تەگەران. لەوێش ناکرێ بمێنینەوە، سەرجادە بوو، ڕەبیەی حکومەت لە پشتی ماڵەکان بوو. ڕۆیشتین بۆ گەڕەدێ و چنگیان، ئە و ڕۆژە هەر لە دێی چنگیان بووین. لەوێ کاک نەوشیروان بە هاوکاریی ملازم عومەر و کاک سالار

هەندێک لە هێزەکانی ڕێک خستەوە. مەفرەزەکان دروست کران، ئەوانەی ئامرمەفرەزە بوون لە کۆبوونەوەکەی چنگیان 1- شەهید عوسمان قادر منەوەر 2- من خۆم مستەفا چاوەڕەش 3- مەحموود ڕەشید نەبەز 4- کەریم دادەمەنە 5- جەمال عەلی باپیر 6- دەرسیم کە لەوێ یەکمان گرتەوە 7- ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا. کاک بەکری حاجی سەفەر و عەلی چوارتاییش لەوێ بوون. ڕۆژی دوایی تریش هەر لە چنگیان بووین و دابەش بووبووین. بەرەبەیانی لە دەنگی تەقە خەبەرمان بووەوە. دیار بوو دەوری دێکە گیرابوو. حکومەت هەواڵی ئەوەیان زانیبوو کە ئەم هێزە لەگەڵ نەوشیروان مستەفادایە، جەیش و جاش هاتبوون دەوری دێکەیان گرتبوو، کوڕی ئازا ئەوە بوو خۆی ڕزگار بکات.

دێی چنگیان لە دۆڵێکدایە پشت و بەرامبەری شاخی بەرزە. لەم ڕووداوەدا هەشت پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی کاک عوسمان قادر منەوەر گیران، خۆی لەگەڵیان نەبوو، نامیق کە خەڵکی سپیار بوو، لەگەڵیان بوو. دەبوو بچنە چایخانەکەی قەیماسە، بەڵام کە چووبوون، کەوتبوونە داوی دوژمنەوە و هەموویان گیرابوون. ئێمە نەمانزانی تاکو تەقە دەستی پێکرد. من ئەوکاتە یەک پێشمەرگەم هەبوو، ناوی ئازاد سالح بوو پۆلیسی یاریکەر بوو، باوکی کەبابچی بوو. هەریەک کڵاشینکۆفم هەبوو و هی شانی خۆم بوو، دابووم، خۆم لە تورکیاوە هێنابوومەوە. ئەوەشم نەما. بەداخەوە حکومەت هەر هەشت پێشمەرگەکەی لە سێدارەدا. دوای ئە و بەرەبەیانە هەریەکە و بە لایەکدا ڕامان کرد. ئێمە هەڵگەڕاین بە شاخەکەی بەرامبەر دێی چنگیاندا، هەندێکیشی بە دۆڵەکەدا بەرە و دێی باراو، ئەوان سەلامەت بوون. بەشەکەی کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، سالار عەزیز پێکەوە بووین. بە شاخەکەدا بەرە و گەڵێ هەڵگەڕاین. وردەوردە دنیا ڕووناک بووبووەوە. جاشەکان تەقەیان لێدەکردین. نازانم چۆن بەرنەکەوتین، نیوەی شاخەکە لە سەرەوە بەفر بوو، لەبەر ئەوەی کاک نەوشیروان جگەرەکێش بوو، کوتوپڕ تووشی هەناسەبڕکێ بوو. تەنگەنەفەس بوو. من لە ئەوروپاوە هاتبوومەوە، قەمسەلەیەکی گەرم و باشم لەبەردا بوو، دامکەند و دام بە کاک نەوشیروان، جامانەکەم دایە و لەچکی کرد. چووینە دۆڵەکەوە، لە گوللەی دوژمن ڕزگارمان بوو، بەڵام نەشارەزا بووین لە و دۆڵەدا، هەر چاوەڕوان بووین ئێوارە دابێ، برسیشمان بوو. بە پێشمەرگەیەکمان وت بچێت بۆ ناو دێی دۆڵەتو ناوی شوانە بوو، نەیوێرا بچێت. خەبات مەلا عەبدول منداڵ بوو و تازە هاتبوو، وتی من دەچم. ڕۆیشت و هاتەوە، نانیشی بۆ هێناین. وتی ناو دێکە دوژمنی تێدا نییە، مەبەستی دۆڵەتوو بوو، پاش ئەوە شۆڕبووینەوە بۆ ناو دێ.

جارێ وردەکاری و دۆخی برادەرەکان باش نازانین، ڕووداوەکەش جارێ لێمان ڕوون نەبوو، ئەوەندە نەبێ ئە و چەند کەسە ڕزگارمان بووە و پێکەوەین. شێخ عەبدول دۆڵەتوو خەڵکی دێکە بوو، خزمەتێکی بەرچاوی کردین، مەرد بوو، هەروەها خەڵکی دێیەکەش. وردەوردە ئیتر هەواڵمان بۆ هات چی بووە و چی ڕووی داوە، کێ شەهید بووە و کێ گیراوە. بۆ ئێوارە درەنگ چووینە وە بۆ چنگیان، لەوێشەوە نەماینەوە. بەرە و دێی باراو کە مەسافەکەی نزیکەی چلوپێنج دەقیقە دەبێ، بە پیادە ڕۆیشتین. چنگیان سەختترە. هەموومان بە هۆی ئە و پەلامارەی دوژمن بۆ سەرمان لە دێی باراو یەکمان گرتەوە، هەر دوان لە بن دارێک یان بن بەردێک دانیشتبووین، باسی دۆخەکەی نامیقمان دەکرد، کە بەرە و قەیماسە ڕۆیشتوون و تووشی کەمین بوون، جارێ نامیق دیار نییە. عوسمان قادر منەوەر وتی نامیق شارەزایە، ئێستا لە چەمی تەنکەبوار پەڕیونەتەوە و ڕزگاریان بووە. نامیق زۆر وریایە. تەنکەبوار ڕوبارێکە دێتە خوارەوە و لەبەر دێی زەلانەوە دەڕوات بۆ قەڵاچوالان.

لە و قسانەدا بووین و هەواڵیان هێنا مەفرەزەکەی نامیق هەموویان گیراون. زۆرمان پێناخۆش بوو، عوسمان قادر منەوەر لە هەموومان زیاتر. چونکی دەستەکەی خۆی بوون، هێشتا خۆمان ڕێک نەخستووەتەوە تووشی ئە و زیانە گەورەیە بووین. بەڵام بەردەوام بووین لە کارەکانی خۆمان، هەر لەگەڵ کاک نەوشیرواندین. جارێ بۆ کارکردن و گەڕان بە دێهاتەکاندا ڕۆیشتین بۆ ناوچەی شلێر و پێنجوێن. ئە وکاتە ئەنوەری مەجید سوڵتانمان

لەگەڵ بوو، بەداخەوە لە شەڕ بۆ بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لای سەقز شەهید بوو. زۆر برادەر بووین، لە دێهاتەکان زۆربەی کات پێکەوە دابەش دەبووین بۆ نانخواردن.

لە گەڕانمان لە دێکان جارێکیان چووینە دێی حاجی مامەند و لەوێوە بۆ پارەزان، لەوێ ملازم ئەنوەر کەسێکی بانگ کرد. شکی لێکرد کە لە سلێمانی گەڕابووەوە، پاش پرسیارکردن لەشی گەڕا، لە پاکەتی جگەرەکەیدا نامەیەکی بچوک پێچرابووەوە. لە کەسێکی حکومەتەوە بووە کە سەر بە دائیرە ی ئەمن بوو حەمە کەریم خەبات بۆ کادرێکی عەسکەری.... کە پێشمەرگە بوو. نامەکەمان خوێندنەوە. دەرکەوت لەگەڵ ئە و کەسە و لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ ئەمنی سلێمانی پەیوەندیی هەبوو، کەسەکەش لە جەولەکەی لای شلێر بوو لەگەڵ کاک نەوشیروان، بەپەلە ڕۆیشتین و کاک نەوشیروانمان لێئاگادار کردەوە، چەک کرا و سجن کرا، ئەگەرچی بنکە و بارەگا و سجنمان نەبوو. لە و کاتەشدا هەڤاڵان شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی و دکتۆر خالید سەعید پێکەوە هاتبوون بۆ سنووری شلێر. هەموومان لە شلێر یەکمان گرتەوە. لە گەڕان لە دێکان ئیشەکانیش ڕێک دەخرا. ئە و کەسەی گیرا بوو، لە ئێوارەیەکدا لەکاتی دابەشبووندا هاوکارییان کردبوو، هەڵات و چووەوە بۆ ناو حکومەت.

کە لەوێ بووین، چووینە دێی چاش و مشیاو. کاک نەوشیروان نەخۆش کەوت، چەند ڕۆژێ لە ماڵی خوالێخۆشبوو حەمە سدیق خان خزمەتیان کرد. خۆی و کوڕەکانی خانەدان بوون، ئەم دێیە لەسەر سنووری ئێرانە. ئینجا هەموو هێزەکانمان بەرە و ناوچەی سیوەیل هاتین. گەیشتینە دێی بارێی گەورە و بارێی بچوک لە لای تیمار. لە لای تیمار ڕەبیەی لێبوو. دیار بوو ئەم هێزەی ئێمەشیان بینی بوو، تەقەیان لێکردین. بەڵام لەسەر ڕۆیشتنی خۆمان بەرە و ناوچەی ئالان درێژەمان دا و لە دێی موسەکەوە و شابەدین بەرە و لای مەروێ و شاناخسێ، بۆ ئەوەی هێزەکە بپەڕێتەوە و بە خاکی ئێراندا بڕۆین بۆ لای مام جەلال. دیارە لە بەینی سنوور ئاوێکی گەورەی لێبوو. سیم دەبەسترا لەمبەر بۆ ئەوبەر بۆ پەڕینەوە، ئەم مەسیرەیەش دیار بوو.

بڕیاریان دابوو بڕۆن بۆ تورکیا بۆ هێنانی وەجبەیەکی تر چەک. بڕیاریان درابوو زۆرترین هەڤاڵەکان و پێشمەرگە بڕۆن. لە و سەفەردا ئەوانەی ڕۆیشتن، کەسێکی وا نەمایەوە. لە فەرماندەی مەفرەزەکان، ئەوانەی ڕۆیشتن 1- جەمالی عەلی باپیر 2- محەمەدی حاجی مەحمود 3- عوسمان قادر منەوەر 4- مەحمود ڕەشید نەبەز. هەموو ئیشەکانیان بە ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا و من سپارد. کاک ئەحمەدیش زیاتر لە ناوچەی ئالان لە دەوری گرگاشە دەمایەوە، لەسەر چەمەکەی سەرسنوور.

پاش ڕۆیشتنی ئەوان، من و ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئیشەکانمان. ژمارەمان زۆرزۆر کەم بوو، کاک بەکری حاجی سەفەریش لە سنووری پێنجوین زیاتر ئیشوکاری حیزبی دەکرد. عەلی چوارتاییش مابوو، ئیتر هەموو سنوورەکە ئەوەندە مابووین، دیارە لە کاد ڕەکانیش کاک وەهاب و شۆڕش ئیسماعیل مابوون. هەموومان بە دێهاتەکاندا دەگەڕاین بۆ ئەوەی ئیسپاتی مانەوەمان بکەین. جارجارەش مەفرەزەیەک دەڕۆیشتین بۆ ناو شاری سلێمانی. ئەوانەی مابووین، بێجگە لە شەهید عەلی چوارتایی هەموو کۆمەڵە بووین، ناوبەناویش لاوان دەهاتنە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ڕێکمان دەخستن. دیارە کارێکی وا ئاسان نەبوو، دوژمن هەمیشە دەیویست جێپێمان هەڵگرێ و دەستمان لێبوەشێنێ. ئێمەش لە گەڕانمان خۆمان دەپاراست. ئەم دۆخە چەند مانگێکی خایاند، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکان دروست کرد و توانیمان خۆمانیان پێبناسێنین و خۆشیان بوێین. گەڕان و هاتوچۆ جارێک و دوو نەبوو، لە بەردەوامیدا بوو. ڕەنگە لە و ماوەیەدا چەندین جار لە سنووری ئالانەوە بۆ شارباژێڕ و سیوەیل هاتوچۆم کردبێ.

سەفەری هەکاریی هەڤاڵان

لەوکاتەی کە ئە و هەڤاڵانە بۆ هێنانی چەک ڕۆیشتن بۆ هەکاری، ئیتر ئەرک و گەڕان کەوتبووە سەرشانی ئێمە. هەر لە و سەردەمەشدا پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ برایانی ئێراندا هەبوو لە ڕێگەی شەهید محەمەد مەلا عەلی خەڵکی بێژوێ، کە لەوێوە نامە و ڕاسپاردە و شتەکانی لە لای کاک سەلاحەدین موهتەدییەوە دەهێنا. منیش ئەمنارد بۆ لای مام جەلال لە دۆڵەکوکە و نێوزەنگ، دواجار هاتبوونە ئەوێ. بەداخەوە لە گرتنی ناحیەی کارێزە محەمەد مەلا عەلی شەهید بوو، کەلێنێکی گەورە بوو بۆمان، زۆر خزمەتی کردین و گیانی خۆشی لەسەر دانا. پیاوێکی تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردایەتی بوو، ماڵ و منداڵی بەخزمەت بوون.

من کە دەهاتمەوە، زیاتر لەگەڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا یەکمان دەبینی و دەگەڕامەوە بۆ شارباژێڕی تەخت، تاکو سنووری بەرزنجە دەهاتم. جارێکیان محەمەد مەلا عەلی کەسێکی هێنا بوو لای سەلاحەدین موهتەدی بۆ لامان، ناوی خانەی موعینی بوو، برای شەهید سلێمان موعینی و عەبدوڵڵا موعینی بوو. خەڵکی شاری مەهاباد بوون، ماوەیەکی کورت پێکەوە بووین. زۆر سوودم لێوەرگرت، ئەویش تازە لە زیندانی شا ڕزگاری بووبوو، لەشی جێگەی ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو و نیشانی دەدام، بەتایبەت قاچی. باسی ژیانی خۆی و ئێرانی بۆ دەکردم. ساواکی ئێران زۆر ئەزیەتیان دابوو. دوای ئەوەی بەربووبوو، ڕەوانەی لای ئێمەیان کردبوو بینێرین بۆ لای سەرکردایەتی و مام جەلال.

شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا و خانەی موعینی و پۆلێک پێشمەرگە

پاش سەردانی شارباژێڕ ناوبەناو دەچوومە وە بۆ لای هەڤاڵ ئەحمەد بۆ ئەوەی بزانین چیمان کردووە و چی بکەین باشە. بە ڕێگەوە بووم بۆ لای، لە میراواوە بەرە و شاخی گمۆ دەڕۆیشتم، لە ڕێگە بەیەک گەیشتین، دیار بوو ئەوان شاخەکەیان بڕیبوو و دەهاتنە خوارەوە. ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد، چونکی ئەوەندە خۆشەویستی هەبوو لە نێوانماندا، سنووری نەبوو. وتی تۆ لێرە بە، من کارێکم لە دیوی ماوەت هەیە. زۆرم پێناچێ دەگەڕێمەوە، منیش وتم کاکە بۆ بمێنمەوە؟ وادانیشتووین پشوویەکمان داوە. ئەوەی هەیە باسی دەکەین، منیش دەبێ برۆمەوە بۆ شارباژێڕ. لەسەر ئیشوکارەکان هەندێک قسەمان کرد. وتی تاکو یاڵانقۆز دەچم، ئیتر وتم کاک خانە با لەگەڵ من بێت، وتی قەیناکە با لەگەڵ من بێت. خواحافیزیمان کرد و لەیەک جیا بووینەوە، تاکو میراوە پێکەوە بووین. ئەوان ڕۆیشتن، ئێمەش شە و لە میراوا ماینەوە.

بەرەبەیان لە دەنگی تەقەیەکی زۆر حەرەسەکە بەئاگای هێناین. لە ماڵی عوسمان قامیشی بووم. ئەوکاتە پێشمەرگەی خۆمان بوو. هەموومان هەڵساین، خۆمان کۆکردەوە و خۆمان بەست، وتم کاک عوسمان با یەکێک بچێتە سەرەوە و بزانێ ئەم تەقانە چییە؟ وابزانم خۆی سەرکەوت یان کەسێکی تر بۆ بەرزاییەکەی پشتی دێ، هاتەوە و وتی هیچ نییە، لەبەری دڕی تەقەیە، وتم ڕەنگە سەربازەکان مەشق بکەن، چونکی کاک ئەحمەد نەیوت دەچم بۆ ئەوێ، پاش ئەوەی نان و چای بەیانیمان خوارد، ڕۆیشتین بۆ دێی کورەداوێ. نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، بەرامبەر دێی کورەداوێ دەڕۆیشتین بەرە و گۆرانگە. هێشتا ناو دێمان بەجێ نەهیشتبوو، چەند جارێ بانگیان کردم، منیش ڕاوەستام. حاجی سەلیم ئاغای مەروێ هات، ئەوکاتە لە دەرەوە لەگەڵمان بوو، لەگەڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا بوو. وتی حکومەت پەلاماری داوین لە دڕێ لەسەرکانی بێشوک. لەوێ هەموو پێشمەرگەکان پەرش و بڵاو بوونەتەوە، کاک ئەحمەد و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید بوون و کۆمەڵەکیش گیراون. خۆمان چیمان بەسەر نەهاتبوو تا ئەم هەواڵە ناخۆشەش ببیستین. لەولاوە لە

هەکاری برادەران تێدا چوون و چارەنووسیان دیار نییە، لێرەش ئەم پۆلە پێشمەرگەیەمان شەهید بوون. ئەرکەکانیش ئێتر دەکەوێتە سەرشانی من. خوایە چی بکەم؟ ئێتر پاش ئە و هەواڵە ناخۆشە ناچار بووم بگەڕێمەوە بۆ دیوی ئالان بۆ ئەوەی مام جەلال و سەرکردایەتی لەمەی بەسەرمان هاتووە، ئاگادار بکەمەوە. گەڕامەوە و لە دێی میراوا حاجی تۆفیقم بانگ کرد کە موختاری دێکە بوو، وتم مادام لەناو شەهیدەکاندا خانەی موعینیی تێدایە، هەر چۆنێک بێت، بەڵکو بچیت بۆ ماوەت، بەڵکو تەرمی شەهید خانەم بۆ بهێنیتەوە، ئا مانەتە لامان. خوا هەڵناگرێ وتی بەسەرچاو، ڕۆیشت و هاتەوە، وتی بەخوا هەر نەموێرا باسیشی بکەم. دیارە بۆی نەکرابوو.

لە گەڕانەوەماندا بۆ دیوی ئالان خوا کردی و حاجی چاوشین پەیدا بوو. حاجی چاوشین بەناوبانگ بوو بۆ خێرارۆیشتن. حاجی ڕێگەی دوو ڕۆژی بە ڕۆژێک دەبڕی. لە سەرکردایەتییەوە بە ناو خاکی ئێراندا گەڕابووەوە. بەداخەوە ئەمیش ساڵی 1979 لەگەڵ شەهید سیروان تاڵەبانی شەهید بوو. ئێتر ڕووداوەکە چۆن بوو، لە نامەیەکدا بۆ مام جەلال و کاک نەوشیروانم نووسی. نامەکەم پێدا و بەڕێم کرد. ئەوانەی شەهید بوبوون:

1- ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا جێگری هەرێم خەڵکی دڕی بوو.

2- محەمەدی حاجی عەلی خەڵکی بەردەسپیان لای سەراو.

3- عوسمان عەریف مەجید لە ئەسڵدا خەڵکی شوان بوو.

4- فەرەیدون حاجی ئیبراهیم ناسراو بە حاجی ئیبراهیم چاوشوشە. خەڵکی سلێمانی بوو.

5- جەزا ناوێک.

6- خانەی موعینی خەڵکی شاری مەهاباد بوو، براکانی لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران بوون. دوو پێشمەرگەش بەدیل گیرابوون:

1- مستەفا حەمەعەلی دەمرکانی تازە هاتبووە دەرەوە، تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندبوو. لەبەر ئەوە ئیعدامیان نەکرد، حوکمی هەتا هەتاییان دا، لە لێبوردنی گشتیی ساڵی 1979دا بەربوو، جارێکی تر هاتەوە لای خۆم و بووەوە بە پێشمەرگە. کوڕێکی ئازا و وریا بوو.

2- کوڕێکی عوسمان قامیشی بەدیل گیرا، ئەویش هەر لەبەر منداڵی لە سێدارە نەدرا و لە لێبوردنی گشتیدا بەربوو.

ئەمەی بەسەر پێشمەرگەکاندا هات کارەساتێکی یەکجار قورس بوو، خۆمان لە و سەردەمەدا چەند ئەوەندەیەک دەبووین. دوای ئەوەی حاجی چاوشینم بە نووسراو ڕەوانەی لای سەرکردایەتی کرد، پاش دوو سێ ڕۆژ حاجی هاتەوە و وەڵامی نامەکانی خۆمی بۆ هێنامەوە. من هەر لە ئالان چاوەڕوانم کرد تاکو هاتەوە. مام جەلال لە وەڵامدا سەرباری ئەوەی ئەم برا پێشمەرگانە شەهید بوون، سەرخۆشیی لێکردبووین و هەندێک ئامۆژگاریی کردبووین، لە نامەکاندا یەکێک لە خاڵەکان نووسیبووی بۆم، من جێگری ئامرهەرێم بم تاکو شێخ عەلی خولە کەشکۆڵ دێتەوە. ئەویش لەگەڵ برادەرانی تر لە شەڕی هەکاری لای قیادەی موەقەتە گیرابوو.

ئەوەی بەسەرمان هات و ئەوەی لە هەکاریش ئە و هەموو هەڤاڵانەمان شەهید بوون و گیران، لە و سەردەمەدا قورس بوو. نائومێدیەک باڵی هەم بەسەر پێشمەرگە و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کێشا، بەتایبەت دوای هەکاری، چونکی لە هەکاری ئەوەی کوژرابوو، کوژرابوو، باقیات گیرابوون، چەند کەسێک نەگیرابوون و هەڵاتبوون، پاش ماوەیەک گەیشتنەوە لامان. وەک جەمالی عەلی باپیر و محەمەدی حاجی مەحموود، کە ئێستا لێپرسراوی حیزبی سۆشیالیستی کوردستانە، چەند کەسێکی تر ڕزگاریان بووبوو و بە هەزار دەردیسەری گەیشتنەوە لامان. لە و سەرکردانەی لەوێ شەهید بووبوون: 1- عەلی عەسکەری 2- دکتۆر خالید 3- شێخ حسێن بابە شێخی یەزیدی. ئەوانەی گیرابوون 1- ملازم عومەر 2- شێخ عەلی(خولە کەشکۆل) 3- حامدی حاجی خالید 4- ئازاد هەورامی 5- عوسمان قادر منەوەر 6- مەحموود ڕەشید (نەبەز) 7- مامۆستا سەلام 8- سەید کاکە 9- تایەری عەلی والی. خەڵکی کە ئەم هەواڵانەیان دەبیست، وایاندەزانی شۆڕش نەماوە.

ئەوانەی لەگەڵمدا بوون، نزیکەی بیست پێشمەرگە بوون، یەکێکیان فەرماندەی دەستەکەم بوو بە ناوی عادل سەید قادر. منیش دە پێشمەرگەم لەوانەی لای خۆم بۆ جیا کردەوە و وتم بڕۆڕەوە بۆ شارباژێڕ، لەناو خەڵکی و دێهاتەکاندا بگەڕێن با خەڵکی بزانن پێشمەرگە ماوە و کاری باش بکەن.

وەڵامی نامەکانی مام جەلال زیاتر ورەی بەرز کردمەوە، کاری تازەشی بۆ دەستنیشان کردبووم، بڕوا و متمانەی زیاتریشی دامێ. منیش لە دیوی ئالانەوە گەڕامەوە بۆ میراوا. جارێکی تریش حاجی تۆفیق موختاری دێی میراوا م بانگ کرد و ناردم بۆ ماوەت هەر بۆ تەرمەکەی خانەی موعینی، کە ئەمانەت بووە لامان، حکومەتی عێراق نازانێ خەڵکی ئێرانە. خوا هەڵناگرێ جارێکی تر چووەوە، بەڵام نەیتوانیبوو. چونکی بە هەڵە تەرمەکانیان شاردبووەوە. ئیتر منیش بە ناچاری بەرە و کوێەداوێ گەڕامەوە و لەوێشەوە بۆ گردە زویر و وەراز بۆ ئەوەی بپەڕێمەوە بۆ شارباژێڕی تەخت. پێش خۆشم عادل سەید قادرم نارد بووەوە. ئەم هاتوچۆیەش ئاسان نییە. بە ناو ئەم هەموو کەمینانەدا قۆناغبەقۆناغ گەیشتمەوە لای دۆڵەتوو و سەرکەوتم بۆ لای چایخانەکەی قەیماسە.

ڕۆژی پێش ئەوە ڕەفیقی حاجی عەبدوڵڵا کە پێشمەرگە بوو لام، پارەم دابویە و وتم تاکو من دێمەوە حەیوانێک بکڕن، هیلاکین، پێشمەرگەکان با گۆشت بخۆن. لە دووڕەوە کەسێک بەرە و ڕوومان هات. کە نزیک بووەوە، ڕەفیقی حاجی عەبدوڵڵا بوو. پاش سڵاو وتی دەزانی چی ڕووی داوە؟ وتم چی بووە؟ وتی کارەساتێکی زۆر ناخۆش ڕووی داوە، ئە و دەستەیەی کە من لەگەڵ عادل سەید قادر ناردوومەتەوە بە ناو خەڵکیدا بگەڕێن بۆ ئەوەی خەڵکی پێشمەرگە ببینێ، لە دێی عازەبان تووشی شەڕ بوون لەگەڵ دەستەکەی کاک وەهاب، کە ئەو کاتە کادێر بوو. کاک وەهاب شکی لێکردوون و وایزانیوە تەسلیم دەبنەوە. ئەمانیش هەمان شکیان هەبووە لەوان. پەلاماری یەکتری دەدەن و تەقە دروست دەبێ لە نێوان هەردوو لایاندا و کورێکی پێشمەرگەی چاک بە ناوی بێباک شەهید دەبێت. بێباک ئەندازیار بوو، خەڵکی خانەقین بوو. زۆرم خۆشەدەویست. لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوون. عادل خۆی بریندار دەبێ، گوللەیەک بەر قۆڵی دەکەوێت و تووشی نەزیف دەبێ. کورێکی تر بە ناوی محەمەد هەڵەبجەیی بریندار دەبێ، کاک وەهابیش پاش ئە و ئیشە لە و ناوە دوور دەکەوێتەوە. نائومێدی و بێخاوەنی باڵ دەکێشێ بەسەر ناوچەکەدا. ئیتر کە ئەمەم بیست، کەوتمە سۆراغی کارەکە. لەولا هەکاری، لەولاوە شەهید ئەحمەد فەتحوڵڵا و هاوڕێکانی، لەملاشەوە مەفرەزەکەی عادل و کاک وەهاب.

هاتمەوە سەر ماڵی وێران

ئەم ڕووداوە زۆرزۆر بۆ من ناخۆش بوو، سۆراغم کردن و دۆزیمنەوە. کە هێنایانن، لە دارەمەیتدا بوون، عادل

لەسەر شانی پێشمەرگەکان بوو. خەڵک هاوکاریی دەکردن، نەشدەکرا لە دێیەک بیانهێڵێتەوە لەبەر ئەوەی نەک دوژمن پێی بزانێ و بێت بیانبات. عادل خوێنی تێدا نەمابوو. نە دکتۆرمان هەیە و نە خەستەخانە، دکتۆرەکەیان خۆم بووم. دەمزانی دەرزی لێبدەم. کۆڵەپشتێک دەرمانم پێبوو، عادل و محەمەدیشم دەرمان کرد. پێشمەرگەیەک لەولاوە هەر بۆ گاڵتە وتی ئەگەر حکومەت بزانێ خۆشت دکتۆری، قیمەتت زیاد دەکات. بیرم کردەوە، جێگەمان نییە بۆیان. بارەگامان نییە، کەسیش نییە لە ترسی حکومەت بیانشارێتەوە. بە بیرمدا هات وتم بیانبەن و لای حکومەت تەسلیمیان بکەنەوە. بڵێن ویستومانە تەسلیم ببینەوە، مستەفا چاوڕەش هاتووەتە سەرمان. کە زانیویەتی تەسلیم دەبینەوە، وای لێکردووین، بۆ ئەوەی بڕواتان پێبکەن، کارەکەم خستە سەرخۆم. دوو چەکیشم دانێ تەسلیمی بکەنەوە بۆ ئەوەی بڕوایان پێبکەن، چەکێکی برنە و و کاڵاشینکۆفێکی خراپمان هەبوو، بەحرییان پێدەوت. هەردوو چەکەکەم دانێ. کەسوکاریش لەبەر دوو هۆ زۆر سوپاسیان کردم. یەکەم چەکم دانێ. دووەم ڕێگەم دان بیانبەنەوە، دایکیشی لەگەڵیا بوو، کەسوکاری کە ڕووداوەکەیان زانیبوو، هاتبوون بۆ لایان. ئەوان ڕۆیشتنەوە، کاری خۆیان چۆن جێبەجێ دەکەن کەیفی خۆیانە، ئیتر ئاگامان لەیەک نەما. لە ساڵانی دواتردا عادل بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کرد، ڕەحمەتی لێبێ.

پاش ئەوە ناردم بەدوای کاک وەهابدا و دۆزیمەوە، هات بۆ لام. کاک وەهاب شوکر ماوە. وتم کاکە کارێکی خراپتان کردووە، ناشکرێت لەبەر دۆخی ناسکی خۆمان لێرە بمێنیتەوە، بچۆ بۆ سەرکردایەتی. کاغەزێکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان، کاک وەهابیش پێی باشبوو. ئیتر ڕۆیشت بۆ سەرکردایەتی. منیش چەند ڕۆژێ خەریکی گەڕان بووم بە دێهاتەکاندا، هەم دۆخەکەمان ڕوون دەکردەوە بۆ خەڵکی کە لە نێوان خۆماندا بە هەڵە بووە، هەم خەریکی پەیداکردنی چەک بووین، لە و ماوەیشدا چەند جارێک چووینە شارەوە بۆ دەستوەشاندن لە حکومەت، خۆشم لەگەڵیان دەچووم.

پەیوەندیی نێوان خۆمان و ڕێکخستنی ناوشار

پەیوەندییەکی باشمان دروست کرد. ناوبەناو لەسەر دۆخەکە و جوڵانی دوژمن زانیارییان بۆ دەناردین، بەتایبەت لەسەر جموجۆڵی دوژمن و ئەوانەی هاوکاریی ڕژێم دەکەن. سوودمان لێوەردەگرتن، لە نێوان خۆمان و ناوشاردا کەسێکی ئەمینم دۆزیبووەوە. بڕوایان بە من هەبوو، ئێستاش ماوە، خەڵکی دێی دۆڵەتوو بوو بە ناوی شێخ عەبدول، ناوبەناو نامەم پێدا دەنارد، وەڵامی نامەکانی بۆ دەهێنامەوە. پیاوێکی دڵسۆز بوو. ڕۆژبەڕۆژیش خەڵکی زیاتر باوەڕمان پێدەکات و متمانەمان لایان زیاتر دەبێ و ئێمەش زۆر حورمەتمان دەگرتن.

ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران

لە و سەردەمەدا وەزعمان بەرە و پێشەوە دەچوو. لە خەڵکی شار و لادێش دەهاتن بۆ لامان بۆ پێشمەرگایەتی. ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەستی پێکردبوو، وردەوردە شارەکانی دەگرتەوە، بۆ ئێمەش زۆر باش بوو. لەگەڵ کوردەکانی ئێران پەیوەندیمان هەبوو لە ڕێگەی محەمەدی مەلا عەلی بیژوێ وە. ڕۆژێکیان کاک محەمەد دوو برای کوردی ئێرانی هێنایە لامان بە ناوی 1- مامۆستا ئیبراهیم ساعدی وەتەندۆست 2- دکتۆر جەعفەر شەفیعی دکتۆر عەزیز ناوی نهێنیی بوو. ئەم دوو برایە لە ڕێگەی کاک محەمەد مەلا عەلییە وە هاتن. کاک سەلاحەدین موهتەدی کە لە بۆکان بوو، ناردبوونی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای مام جەلا یان بکەم.

لە بەردەم دێی بیژوێ چریک و ژاندارم ڕێیان پێگرتبوون و دکتۆر جەعفەریان گرتبوو، مامۆستا ئیبراهیم خۆی شاردبووەوە، بەڵام فێڵیان کردبوو لێیان، کاک محەمەد مەلا عەلی وتبووی بۆ سەردانی ئێمە هاتوون بۆ بیژوێ،

بە و شێوەیە ڕزگاری بووبوو. شەوێک دواکەوت، منیش کە مامۆستا ئیبراهیم هات و لە ئاوەکە پەڕاندیانەوە، زۆر ترسام. چونکی ماوەیەک پێش ئێستا خانەی موعینییان ناردبوو، لە (دڕی) تووشی ئە و کارەساتە بوون، ئەمانەش ئەمانەتن. مامۆستا ئیبراهیمم نارد بۆ پشتی گرگاشە شوێنێکی لێبوو و پێیان دەوت بایەقەل، لەوێ شاردمەوە. مالّیان ئاوابێ خزمەتیان کردبوو و ڕێزیان گرتبوو. بۆ بەیانی دکتۆر جەعفەریان هێنا، منیش هەردووکیانم ئامادە کرد ڕەوانەی لای سەرکردایەتییان بکەم. ئەوەندەی لەبیرم مابێ، بارێک دەرمانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەروەها مەبلەغێک پارە بۆ یارمەتیی شۆڕشی کورد. بۆ ئێمە زۆر بوو، وابزانم دە هەزار دیناری ئەو کاتە بوو. نەک دە هەزار دینار، دە دیناریش بۆ ئێمە زۆر بوو.

ڕەوانەکردنیان بۆ لای سەرکردایەتی

مامۆستا غەفور ژاژڵەیی تازە هاتبووە دەرەوە، ئەویش دەچوو بۆ سەرکردایەتی. بە فرسەتم زانی و تەسلیمی دەستێکی ئەمینی وەک مامۆستا غەفورم کردن و ڕەوانەم کردن. سیممان بەست و بە شە و لە ئاوەکە پەڕاندنماننەوە بۆ بەری ئێران. خۆیان بە سیمەکەدا هەڵواسی. منیش دڵم ڕەحەت بوو کە تووشی هیچ نەبوون. پاش ماوەیەک مامۆستا غەفور ژاژڵەیی لە سەرکردایەتی هاتەوە. تەسلیم بە مام جەلالی کردبوون. دکتۆر جەعفەریش لەوێ خەستەخانەیەکی بچوکی دانابوو، دەستی کردبوو بە دکتۆری و بە دکتۆر عەزیز دەناسرا. جەعفەر شەفیعییش لەوێ بوو. دوایی لەگەڵ هەردووکیان بووین بە برادەر، خەڵکی زیرەک و تێکۆشەر بوون. لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئێران بوون. ئێستاش مامۆستا ئیبراهیم بەردەوامە لە خەبات، بەداخەوە دکتۆر جەعفەر لە ڕووداوی ئۆتۆمبێلدا شەهید بوو و گیانی لەدەست دا.

لەگەڵ مامۆستا غەفور پێکەوە بووین، زۆر منی خۆشەدەویست و جارجارەش جودا دەبووینەوە و ناوبەناو یەکمان دەگرتەوە. بەداخەوە تەمەنی مامۆستا غەفور زۆری نەخایاند لەناو شۆڕشدا، بە هۆی خیانەتی کەسێک کە پێشمەرگە بوو لەگەڵیدا و خزمی بوو، لە خەودا لای باڵخ شەهیدی کرد و تەسلیم بووەوە، ئەمە زۆر ناخۆش بوو بۆمان. ئەوەی شەهیدی کرد، ناوی سالّح بوو. کادێرێکی باشی خاوەن ئەزموون لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەدەستی نامەرد و خیانەتکار شەهید بکرێ. من ئومێدی زۆرم پێی بوو، پێویستمان پێی بوو. خۆشی خەڵکی سنووری ماوەت بوو، کادێرێکی بزووتنەوە بوو. دوای شەهیدکردنی مامۆستا غەفور ماوەی هەفتەیەکی نەبرد، خیانەتکارەکە لە شاری سلێمانی کوژرایەوە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی کەس نەوێرێ دەستی بچێتە خوێنی هەڤاڵەکانی و لە پێناوی پارەوپولدا خیانەت بکات و بزانێ دەکوژرێتەوە. ئەوەی کوشتیەوە، دەستی خۆش بێ.

هـ و سەردەمەدا وام لێهات دێهاتەکان هەموویان دەیانناسیم. خۆشم کارێکی وام کرد، هەموو شارباژێڕ و سیوەیل و بەرزنجە و سنوورەکە وەک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بمناسن. پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ دێهاتەکاندا دروست کرد. خوا هەڵناگرێ خەڵکی لە ئێمە دڵسۆزتر بوون، پشتیوانی شۆڕش بوون، هەموو شتێکیان بۆ دەکردین، دەیانحەواندینەوە، نانیان دەدایێ، جلیان بۆ دەشتین، دەنگوباسی دوژمنیان بۆ دەهێنایین. لەم سەروبەندەدا ناوبەناو خۆم لەگەڵ مەفرەزەکان هاتوچۆی ناوشارم دەکرد و دەستمان لە دوژمن دەوەشاند.

هاتنەوەی کاک نەبەز و کاک عوسمان قادر منەوەر پاش بەربوونیان لای قیادەی موەقەتە

ڕۆژێکیان لە دێیەک بووین. جوابیان هێنا و وتیان دوو برادەر هاتوونەتەوە عوسمان قادر منەوەر و مەحموود

ڕەشید (نەبەز). من چووم بە پیریانەوە، تووشی ئەزیەتێکی زۆر بوون لە گرتن لای قیادەی موەقەتە. پاش ئەملاوئەولای یەکتر ماچکردن و پشووداننێک، نامەیەکی کاک نەوشیروانیان دامێ، کە بۆ منی نووسیبوو. پاش سڵاو و هەواڵپرسی، نووسیبووی وا ئە و برایانەی خۆت ڕزگاریان بووە و هاتنەوە. خۆشت دەزانی چەند برادەرن، هیوادارم مەفرەزەیان بۆ دروست بکەیتەوە. لەڕاستیدا هەر زۆرزۆرم پێخۆش بوو، هەم بۆ ڕزگاربوونیان، هەم بۆ منیش باشە کە دوو هاوڕێی باش و ماندوو و خاوەن شارەزایی باش پێکەوە کارەکان بکەین. خۆ ئەوان هیچ تاوانێکیان نەبووە کە تووشی ئە و ڕووداوە بوون. بێجگە لەوەش، لە پێش منەوە لە پێشمەرگەکانی ساڵی 1976 بوون کە هاتوونەتە دەرەوە. کە ڕۆیشتبوون، وەک من دەستەیەک پێشمەرگەیان هەبووە، هەردووکیان غەریب نەبوون بۆ من و تازە یەکترمان نەناسیووە. لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێکەوە پێشمەرگە بووین. حەقی خۆیان بوو درێغی نەکەم. کە ئەوان هاتنەوە، نزیکەی سی پێشمەرگە زیاتر دەبووین. منیش دابەشم کرد بەسەر هەرسێکماندا، هەریەکەمان دە پێشمەرگەمان لەگەڵ بێت، خۆ ناکرێ هەر پێکەوە بین. لە ڕووی کاری پارتیزانیشەوە باش نییە. بۆ ئەوەی دابەش بین بەسەر ناوچەکاندا، پاش چەند ڕۆژێ پێکەوەبوون بڵاوەمان لێکرد و ناوبەناو یەکمان دەگرتەوە.

ئەگەر شەوێک لە دێیەک بمانایەتەوە، بەیانییە کەی چوار پێنج سەعات زیاتر دوور دەکەوتینەوە لە و دێیەی لێی بووین بۆ ئەوەی دوژمن جێگە پێمان هەڵنەگرێ، نیوەڕوانیش هەمیشە لە جوڵاندا بووین. ئەمە پیشەمان بوو. چەکی دەستیشمان تەنها کڵاشینکۆف و برنە و بوو، کە بەشی هەموومانی نەدەکرد. فیشەک هەر ئەوانەمان پەیدا دەکردەوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوول لەم لادێ و ئە و لادێ شاردرابووەوە. سەرچاوەیەک نەبوو یان کەسێک نەبوو لەم دوورەدەستییەماندا هاوکاریمان بکات. بێجگە لەوەی لە مانگێکدا چەندین جار دەچووینە ناوشار بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن، ئەمەش بۆ هەست و ڕۆحییەتی خەڵکی لەناوشاردا باش بوو.

دوو پێشمەرگەی خەڵکی سلێمانی لە لای مام جەلال پێشمەرگە بوون. حەزیان لێبوو بێنەوە بۆ سلێمانی. نووسراویان بۆ کردبوون و هاتنەوە بۆ لای من. یەکێکیان ئاوات عومەر عەلی ئەمین بوو، کە باوکی خزممان بوو، خوێندکار بوو و وازی هێنابوو، ئەویتریان ناوی هێمن قەیسەر بوو. لاو بوون، ئیتر ئەوانیشمان لەگەڵ خۆمان ڕێک خست، بەداخەوە ئاوات پاش ماوەیەک لە کاتی جەولەکردندا لە دێی هونەرێنە گیرا، دوژمن لە بەرزنجەوە هێرشیان بۆ کردبوون، دوایی لە موسڵ لە سێدارە درا.

بابا تاهیریش لە سلێمانی هاتبووە دەرەوە. ئێمەیش لەگەڵ ناوشار و ڕێکخستن کارەکانمان ڕێک خستبوو، ناوبەناو خەڵکی ڕێکخستنیان نەدەدۆزییەوە. بۆ ئەوەی تووشی مەترسیی گرتن نەبن، زۆرجار لەگەڵ خۆمان تەماسیان دەبەست و بە زانیاری هاوکاریان دەکردین.

لەگەڵ کاک عوسمان قادر منەوەر (لەم ساڵانەی دواییدا وازی لە یەکێتی هێنابوو و بووبوو بە پارتی. بەداخەوە ساڵی 1994 لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو) وا ڕێک کەوتین هەر چوارمان بچینە شارەوە، برادەرێکمان هەبوو لە ناوشار بە ناوی ڕەفیقی قادر نەمەڵی، بە تاکەکەسی ئەمبینی. هاتبوو بۆ لام، ئێستا ماوە و لە دەرەوەی وڵاتە. پێم وتبوو بزانێت ئاخۆ خەڵکی بێگانە لە ناوشاردا هەیە؟ بۆ ئەوەی بیانڕفێنین و دەنگ بداتەوە، خەڵکی و ئەوروپا بزانن لە کوردستان شۆڕش هەیە.

پاش ماوەیەک وەڵامی داینەوە و نووسیبووی چەند ئەڵەمانییەک هەیە و ماڵەکەیان لە تووی مەلیکە لای ماڵەکانی مامۆستاکانی زانکۆوە، وتمان زۆر باشە. من و کاک عوسمان لەگەڵ بابا تاهیر و ئاوات عومەر عەلی ئەمین ڕێک کەوتین (بەداخەوە بابا تاهیریش لە شەڕی ناوخۆدا لای شەقڵاوە شەهید بوو). هەرچوارمان ملی

ڕێگەمان گرت و بە شە و خۆمان کرد بە ناو سلێمانیدا. شەوی یەکەم من و عوسمان چووینە ماڵی خوشکێکم، ماڵەکەیان لە خانووەکەی ئێستگەی نەقڵ بوو، پشتی دارالطلبە لە خوار خانووە قوڕەکان. ماڵی (عوسمان حاجی عەلی) زاوام بوو. ڕۆژ بووەوە، ئەوەندەی پێویست بوو، کەسوکار هاتن بۆ لامان. ئەکرەمی پوورم هات، ماوەی ساڵێک دەبوو ژنی هێنا بوو، سەنگەری کوڕی خستە باوەشمەوە، وتی کوڕەکەم جوانە؟ وتم لە خۆت دەچێ. لێرەدا ئەکرەم بە چەند دێڕێک باس ناکرێ. ئەکرەم یەکێتی نەبوو و بڕوای پێی نەبوو. لەسەر ئەوەی نامەیەکی بۆ من نووسی و بە هۆی خەڵکی خائینەوە دەست دوژمن کەوت، لەسەر ئە و نامەیە و ڕابوردووشی قینیان لێی بوو.

ئە و ڕۆژەی لە ماڵی خوشکم بووین، بۆ شەوێ لەگەڵ باباتاهیر و ئاوات یەکمان گرتەوە. کە چووین بۆ لایان، من و عوسمان لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا دەستمان لە تاکسییەک ڕاگرت، دیار بوو ئێمەی ناسی، ناسیاو دەرچوو، عوسمانی باشتر دەناسی. وتی کاکە گیان ئەوە سوپچی تاکسیەکەم، بە خوا وا خەریکە دڵم دەوەستێ، ناوێرم لەگەڵتان بێم. ئە و ڕۆیشت و تاکسییەکی ترمان ڕاگرت. چووین بۆ لای ڕەفیقی قالە نەمەڵی. کە بینیمان، وتی ئەڵەمانییە کان لەوێ نەماون. وتمان ئەی باشە ئێمە بەم هەموو شاخ و نارەحەتی و ترس و خۆشاردنەوەیە هاتووین بۆ ناوشار، با شتێک بکەین ئینجا بگەڕێینەوە دەرەوە. لەبەر یانەی سلێمانی لەسەر شەقامەکە، خوار فلکەی ئاسکەکانی کانێسکان لەگەڵ باباتاهیر و ئاواتدا یەکمان گرتەوە. هەرچوارمان سواری تاکسییەک بووین و بە شەقامی مەولەویدا بەرە و بەر دەرگای سەرا و لەوێشەوە بۆ جادەی سابوونکەران ڕۆیشتین، لەوێ چالاکییەکی سەرکەوتوومان جێبەجێ کرد. ئیتر بە گەڕەکی قەزازەکاندا چووینە خوارەوە، لای مزگەوتی هەمزە ئاغا، تۆزێک لە جێگەی چالاکییەکە دوورکەوتبووینەوە، تەقەیەکی زۆر کرابوو، خەڵکی هاتبوونە بەردەرگا بۆ ئەوەی بزانن چی ڕووی داوە، ئێمەش تێکەڵی خەڵکەکە بووین. گەنجێک ڕای دەکرد و پێڵاوێکی پاژنە بەرزی لە پێدا بوو، وتم کاکە ئەوە بۆچی ڕادەکەی، چی بووە؟ وتی کاکە ئەمە دۆخی شارەکەمانە، منیش وتم هیچ مەترسە، خائنێک کوژراوە، دەمانچەکەم دەرهێنا و نیشانم دا. کە ئەمەی دی، لە شەقەی باڵی دا و لە جاران خێراتر ڕای کرد، من وبستم ڕوحییەتی بەرز بکەمەوە، لە جێگەی کارەکە دوورکەوتبووینەوە، ئیتر هاتینەوە بۆ شارباژێڕ.

لە گەڕانەوەماندا لای دێ وەللانە کوڕێک پێشمەرگە بوو لای عوسمان قادر منەوەر، ناوی سوارە سیوەیلی بوو، وتی دەڕۆمەوە، بە دزییەوە داوای لە عوسمان کرد دەمانچەکەی بداتێ تاکو دێتەوە، ئەویش دەمانچەکەی دایە. دەمانچەکەش لە ڕاستیدا هی کاک بەکری حاجی سەفەر بوو، عوسمان بە موەقەت وەریگرتبوو، دای بە سوارە. ئەو کاتە چەک هەر زۆر کەم بوو. بە حساب سوارە ڕابەری سیاسی بوو لە مەفرەزەکەی عوسمان و کۆمەڵە بوو. کە ڕۆیشت، هەر نەهاتەوە، دوایی لە ناوشارەوە هەواڵیان بۆ ناردین وتیان سوارە تەسلیم بووەتەوە. عوسمان زۆری پێناخۆش بوو و تورە بوو. قسەی زۆر خۆش بوو، هەموو ڕەفیقەکان دەزانن، سلێمانی وتەنی کوڕی شار و کوڕی کۆن بوو. عوسمان وتی وامدەزانی ئەم سەگبابە خوشکەزای مارکسە. خۆم لە پەنایا مەلاس دابوو بۆ ئەوەی کەس ڕەخنەم لێنەگرێ، کەچی ئە و پیاوە دەرچوو.

بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کاتەکان لەگەڵ عوسمان و نەبەز پێکەوە بووین، بڵاو دەبووینەوە و یەکمان دەگرتەوە. پاش ماوەیەک کاک نەوشیروان نامەیەکی نووسیبوو بۆم و دەڵێت هەرسێکتان لێژنەی هەرێم بن. ئەو کاتە ئامرهەرێمی 3ی شارباژێڕ بووم هەر خۆم سەرپەرشتیم دەکرد. منیش بیرم کردەوە چی ڕەنجێکی بێشومارم داوە و کێشاوە. من لای خۆمەوە زۆر ڕێزم لە نامەکەی کاک نەوشیروان گرت، بەڵام عەقڵم لێژنەی نەدەبڕی. لێژنە بۆ هەموو شتێک دەبێ، بەڵام بۆ کاری پێشمەرگایەتی نابێ، بەتایبەتی لە دۆخێکی وەک ئێمەدا کە شەڕی پارتیزانی دەکەین. چونکی دەبێ یەک کەس بڕیار بدات. لێژنە بۆ ڕاوێژکردنە لەسەر مەسەلەیەک، پاش

ماوەیەک پێکەوە بووین، من نامەیەکم بۆ کاک نەوشیروان نووسی و وتم من لێژنەم پێ باش نییە. ئەگەر جەنابتان لەم سێ کەسەمان هەر کامێکمانت پێ باشترە، من ڕازی دەبم و مۆری هەرێم تەسلیمی ئە و دەکەم. لە وەڵامدا هەر خۆمیان دانایەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ دژی یەکتر بووین، ئێستا و ئەوساش وەک برا وابووین، بەداخەوە شەڕی ناوخۆ لەیەکی کردین. هەر لە کۆتایی ساڵی 1978 و سەرەتاکانی 1979دا بوو لە ئێران جوڵانەوە دروست بوو.

سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئێران

لە و سەردەمەدا جارێکیان لەگەڵ محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ بە دزییە وە بە ناو خاکی ئێراندا لەسەر سنوورەوە سەردانی سەرکردایەتیمان کرد. چوومە لای مام جەلال و کاک نەوشیروان و باقیی برایانی تر. لە نێوزەنگ تازە خەریکی ژوور دروستکردن بوون. مام جەلال لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان پێکەوە ژوورێکی بچوکیان هەبوو، ئاودزی کردبوو، تەختەیان لەسەر دانابوو، ئاو بە ژێریاندا دەڕۆیشت، زستانیش بوو. هەواڵی کارەکانمان و دۆخی ناوچەکەیان لێپرسیم و وەڵامم دانەوە. خەڵکی ئێرانی دژی ڕژێمی شا هەستابوون، کوردستانیش لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار بوو. بۆ ئێمە زۆر باش بوو، وێستم برۆمەوە، مام جەلال نامەیەکی دامێ بۆ کاک سەلاحەدین موهتەدی کە لە بۆکان دادەنیشت. لەگەڵ کاک محەمەد مەلا عەلی گەڕامەوە، چووم بۆ بانە و لەوێشەوە بۆ بۆکان. کە چووم لە سەقز بوو، لە ڕێگەی دۆست و هاوڕێکانمەوە چووم بۆ سەقز، ئە و ڕۆژە چلەی شەهید محەمەد حسێن کەریمی بوو، کە یەکێک لە لێپرسراوانی کۆمەڵەی ئێران بوو. کۆمەڵە ئەو کاتە ناوی خۆیان نەنابوو، بڵاوکراوەیان بڵاو دەکردەوە، ناوی کۆمەڵەی لەسەر نەبوو. کە چوومە سەقز، پاش ئەوەی لە ڕێگەی هەندێک هاوڕێی بانەییەوە ئەمویست کاک سەلاحم بۆ بدۆزنەوە، ئۆتۆمبێلێکی پەیکان هات چەند کەسێکی تێدا بوو، لەگەڵیان سوار بووم. من کاک سەلاحم نەبینیبوو و نەمدەناسی، کەسێکی کورتەباڵام بینی، جلی کوردیی لەبەردا بوو، شەدەیەکی گوڵداری بە سەرەوە بوو، وتم من هاتووم کاک سەلاحم دەوێ، وتی من ئەوم. نامەکەم دایە و چووینە جێگەیەک، وەڵامەکەی بۆ نووسیمەوە. من گەڕامەوە بۆ بانە. یادیان بەخێر بێت یەکێکیان کاک جەلیل حەمە مەلا بوو. دوای ئەم ساڵانە بە نەخۆشیی دل وەفاتی کرد، دوو برای لە زەمانی (شا)دا شەهید بوون. یەکێکی تریان کاک غەفور هەمزەیی بوو، ئەویش ئەوکاتە لە حیزبدا نەبوو، پاشان بووبوو بە ئەندامی کۆمیتە مەرکەزیی حیزبی دیموکرات و نوێنەریان بوو لە بەغدا، کەسێکی دڵسۆز و باش بوو، بەداخەوە ڕژێمی بەغدا شەهیدیان کرد. کاک غەفور لە بانە مامۆستا بوو، شەوێک لایان مامەوە. لە ڕێگەی بلەکێوە گەڕامەوە بۆ شارباژێڕ.

دۆخی ئێران ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو، خەڵکی دژی ڕژێمی شا هەڵسابوون و شارەکانی کوردستانیان گرتبووەوە. مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووم دەربارەی جوڵانەوەی ئێران، نووسیبووی لە هەر کاتوساتێکدا کوردەکانی ئێران پێویستیان پێتان هەبوو، خۆتان بە پێشمەرگەی ئەوان بزانن و لە خزمەتیاندا بن. ئێمەش ئە و ماوەیە جارجار دەکەوتینە سەر سنوورەکان. ئە و پێشمەرگانەی لەگەڵمان بوون، خوا لێیان خۆش بێت حەمە ئەمین ئاغای باریٔ و عەلی چوارتایی بوون. دووجار لەسەر داوای خوالێخۆشبوو شێخ جەلال حسێنیی بانە کە لەوێ وەک ڕابەرێک سەرپەرشتیی شاری بانە و دەوروبەری دەکرد، بە هێزەوە چووینە شاری بانە بۆ پشتیوانیی خەڵکی، کە دژی ڕژێمی (شا) کۆدەبوونەوە. لە سەرقەبرانی سلیمان بەگ قسەمان بۆ خەڵکی دەکرد، کە ئێمە پشتوپەنای ئێوەین، یەکێتیی نیشتمانی بە هی خۆتان بزانن. ئەم دۆخەش چەندجار دووبارە بووەوە تاکو شا هەڵات. ئێمەش درێغیمان نەکرد لە پشتیوانیکردنیان.

چوونە ناو شاری سەردەشتەوە

من لە ناوچەی ئالان بووم، هێشتا بەشێکی ساواک و پادگان لە سەردەشت مابوو، سەربازی تێدا بوو. ئێوارەیەک بە و هێزەی لەگەڵمدا بوو، خۆم کرد بە شاری سەردەشتدا. لای خەڵکی شتێکی سەیر بوو. بە حوکمی ئەوەی پاش نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول هەر لە سەردەشت مامەوە و کەسوکاری باوکم هەموویان هەر لە سەردەشتن و باوکم خەڵکی سەردەشت بوو، هەموویان دەیانناسیم و بڕوایان پێم هەبوو. قەبری باپیریشم لە سەردەشتە.

لام وابێت لە و سەردەمەدا یەکەمجار بوو خەڵکی شار لە ناوشاردا پێشمەرگە ببینن و (ئار بیجی)ی بە شانەوە بێ. دەما ودەمی ئێوارە بوو، دەیان خەڵکمان لێکۆبوونەوە، بەرنەدەکەوتین بۆ ماڵان، ترس لە ڕژێمی شا نەمابوو، هەستی کوردایەتیش لای هەموویان هەبوو. دەستمان بە دەستی دەیان کەسەوە بوو، لە خۆشەویستی پێشمەرگە و خەبات، ئێمەش چڵکن. حەمامێکی نمرە هەبوو، گرتم بۆ پێشمەرگەکان. حەراسەتێکی باشم دەرکرد، هەموو خۆیان پاکوخاوێن کردەوە. ئە و شەوەمان لە شاری سەردەشت ڕۆژ کردەوە، من سەردانی خزمەکانم کرد و لە ماڵی حاجی ئەحمەدی ڕەحیمیی ئامۆزای باوکم خزمانم لێکۆبوونەوە، زووتریش هەر لە و ماڵە بووم کە لە ئێران بووم، وەک کوڕی ماڵەکە وابووم.

مام جەلال کە زانیبووی، نامەیەکی پەلەیان نووسی بۆم، دەڵێن تۆ بۆچی چوویتە شارەوە. دەبێ بە گەیشتنی نامە شار چۆڵ بکەی، بچۆرەوە بۆ شارباژێڕ. منیش جێبەجێم کرد، ڕاستیان دەکرد، من بێپرس ئە و کارەم کردبوو.

خەڵکی سەردەشت ئۆتۆمبێلیان بۆ پەیدا کردین، بەرە و دێی ماراغانی و دەرماناوا و دێهاتەکانی تر بەڕێیان کردین. لە ڕێگەیش دێبەدێ کە پێیدا تێپەڕمان دەکرد، کۆبوونەوەم پێدەکردن، کە دەبێ هەموو خەڵکی ڕاپەڕێت بۆ بەشداری لە شۆڕشی ئێراندا، دەبێ بۆ ڕووخاندنی شا خەبات بکەن. خەڵکەکان خۆیان شاهیدن، من لە کۆبوونەوەکان دەموت شا سەگی ئیمپریالیزمە، دەبێ دژی خەبات بکەین. خەڵکی دەرماناوا، بێژوێ، دولکان، ڕەشەکان، بێتوش خۆیان شاهیدی ئە و ڕۆژگارانەن، هەتا چەند کەسێکم گرت و لەگەڵ خۆم بردمن وەک موختار، وتیان پیاوی دەوڵەتن، پاش ئەوەی خەڵکی داوایان لێکردم، ئازادم کردن. ئەمەش هەستێکی گەورە و نەتەوایەتیی دروست کرد کە پێشمەرگە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانیانە. هەر پێش ڕاپەڕینیش پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ هەندێک خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت. دکتۆر عەلی ڕەحیمی و براکانی ئامۆزام بوون، محەمەد حەسەن پور کە ئەوسا و ئێستاش لە حیزبی دیموکراتدا بوو لە دائیرە ی پۆست کاری دەکرد، محەمەد مەلا عەلی بێژوێ، کە دۆستی مام جەلالیش بوو، مامۆستا محەمەدی مەحموودیان مامۆستا بوو لە ئالان لە دێی سنجوێ، لێمان نزیک بوو لەسەر سنوور، خزممان بوو، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بۆ زۆری تر. لە و سەردەمەدا کە ڕاپەڕینی ئێران دەستی پێکرد، چەند دەمانچەیەکم بۆ دۆستەکان لە شاری سەردەشت نارد. ئەو کاتە خەنجەریش نەبوو. ترس و سامی شا نەمابوو، هێشتا شەهید دکتۆر قاسملو و برادەرانیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بوون و نەگەڕابوونەوە بۆ کوردستان.

حەق خۆیەتی لێرەدا باسی بکەم لە ناوچەی سیوەیلیش حەمە ئەمین ئاغای باریٔ تازە هاتبووەوە دەرەوە. خزم و کەسوکار و کوڕەکانی لەگەڵدا بوون، بەڕاستی پشتوپەنای باش بوو بۆمان، خۆشی پیاوێکی تێکۆشەری ناسراوی ناوچەکە بوو، دۆستی مام جەلال بوو، لە ڕابردووشدا لەگەڵیدا بووە، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بەداخەوە لە کاتی واجبدا لە لای بانە سەیارەکەیان وەرگەڕا و شەهید بوو، بەڕاستی خەسارەتێکی گەورە بوو کە لە و کاتەدا لێمان کەوت، زۆر پێویستیمان پێی بوو.

جیابوونەوەی بزووتنەوە بە سەرکردایەتیی هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند

یەکێتیی نیشتمانی لە چەند باڵێک پێک هاتبوو، (کۆمەڵە، بزووتنەوە، خەتی گشتی) لە دروستبوونی یەکێتییەوە لەگەڵ هەموو کارە باشەکان و پێکەوەئیشکردن، کێشمەکێش هەر هەبوو. پاش گەڕانەوەی هەموومان سەرکردایەتی لەسەر سنوور گەڕایەوە، لە سێ سێکوچکە ی تورکیاوە بارەگای سەرکردایەتی لە دۆڵەکۆکە و دوایی دۆڵەنێ و دواتریش لە نێوزەنگ بوو. ئە و کاتەش دکتۆر مەحموود و شەمسەدین موفتی هاتبوونەوە. ڕۆژانە کێشە دروست دەبوو. هیلاکی و نەبوونی و هەژارِیی پێشمەرگە دیار بوو. برادەرانی بزووتنەوە کاک ڕەسوڵ مامەند و دکتۆر مەحمود عوسمان و هەڤاڵەکانیان بارەگاکانیان بردە ئەوبەری شێنێ بۆ دۆڵەتوو و گۆڕەشێر. ئە و بەڕێزانە سەرکردایەتییان دەکردن، کەمیش نەبوون. ئەوانەی لەبیرم بن (ڕەسوڵ مامەند، دکتۆر مەحموود، حاجی حاجی ئیبراهیم، سەید کاکە، قادر جەباری، هەندێکی تر بوون). ئەمەش دەنگی دایەوە و بەیانیان دەرکرد، جیابوونەوەی خۆیان ئاشکرا کرد. بۆ ئەم کارەش هەردوو لا هەوڵ دەدات زۆرترین پێشمەرگە و زۆرترین کادێرە دیارەکان لەگەڵ خۆیان ببەن. لە هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە بوو، لە هەرێمی 3ی شارباژێڕ عوسمان قادر منەوەر بزووتنەوە بوو، لە هەرێمی 3 بە حوکمی پەیوەندیی باشمان کادێر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، ئەم ڕووداوەش هاتووەتە پێشەوە، ئەوەی ڕاستی بێت من وێستم هەرێمەکەمان کێشەی تێنەکەوێت. ڕەسوڵ مامەند و هەڤاڵەکانیان جوابیان بۆ عوسمانیش ناردبوو دەوری خۆی ببینێت و هێز جیا بکاتەوە. چۆن دەڵێیت دەماری یەکترمان دەناسی، حەزی لەناو ئێران بوو، شاش ڕووخا بوو، هاتوچۆ بە ناو ئێراندا ئاسان بوو. چەند جارێک ئەم جیابوونەوەیەی دا بە گوێمدا. منیش خەڵکم دانابوو بەسەریەوە بزانم چی دەکات و چی ناکات، بە خەیاڵمدا هات و وتم کاک عوسمان بۆچی من و تۆ نەچین بۆ لای هەڤاڵان لە نێوزەنگ، بەڵکو دەورمان هەبێ و ئەم جیابوونەوەیە ڕوو نەدات؟ خۆی ڕووشی دابوو. وتی زۆر باشە. هەردووکمان سەرو دەمانچەمان لەگەڵ خۆمان برد، بەرە و بانە کەوتینە ڕێ. شەوێ لە بانە لە ماڵی چەند هاوڕێیەکمان ماینەوە. بەیانی سواری سەیارە بووین بەرە و سەردەشت، بۆ ڕێگەی نێوزەنگ دەبوایە بچویتایەتەوە سەردەشت. گەیشتینە سەردەشت. لە گەراج دابەزیین، لای گەراج ڕێکەوت وابوو زۆربەی سەرکردایەتیی بزووتنەوە مان تووش بوون، لەسەر جادە ڕووبەڕوومان هاتن، سڵاومان لەیەک کرد و ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد، من تۆزێکیش ناساغ بووم، وتم من دەچم بۆ ماڵی دکتۆر عەلی ڕەحیمی. عوسمان لەگەڵ ئەوان ڕۆیشت، کورد وتەنی زانیم (ڕیسەکەم دەبێتەوە بەخوری). پاش پشوودانێک پاڵ کەوتبووم. کاتێکم زانی وتیان میوانت هات، کە هاتنە سەرەوە، هەموو ئە و برادەرانە بوون، کە لەسەر جادە بینیمانن، کاک ڕەسوڵ و باقیی هەڤاڵان لەگەڵ عوسمان هاتن بۆ ماڵەوە. پاش بەخێرهێنان قسەمان لەسەر ئە و دۆخە کرد، کە لەناو یەکێتیدا ڕووی دابوو. دیار بوو ئەوان دەیانزانی کە من لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەم. پاش قسەکان ڕۆیشتن، وتم کاک عوسمان با بچین بۆ نێوزەنگ بۆ لای مام جەلال و کاک نەوشیروان، وتی من بۆچی بێم؟ برادەرانی خۆمانم بینیووە و من نایەم، ئیتر بەرنامەکەی منیش تێکچوو. بۆچی هاتووین و چۆن گۆڕا. ناکرێ منیش عوسمان بەجێ بهێڵم، بگەڕێتەوە بۆ شارباژێڕ و پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆی ببات. هەر لە ماڵەوە نامەیەکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان، مەسەلەکەم بۆ باس کرد. نووسیبووم لە سەردەشتەوە دەگەڕێمەوە بۆ شارباژێڕ لەبەر ئەو شتەی هاتووەتە پێشەوە.

گەڕانەوەمان بۆ شارباژێڕ لە سەردەشتەوە

چۆن هاتبووین، هەرواش گەڕاینەوە. چووینە دێی بلەکێ لە سەرسنوور لە ناوچەی بانە. کە چووینە ئەوێ، بینیمان برادەرانی بزووتنەوە لە زۆر جێگەوە کۆبووبوونەوە و بارەگایان دانابوو، گومرگیان دانابوو، بەداخەوە ئەو کاتە ئەوانەی لەوێ بوون، زۆریان شەهید بوون، ڕەحمەتیان لێبێت. (جەلال حاجی حسێن) بزووتنەوە نەبوو، کاژیک بوو، ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، عوسمان لەگەڵ خۆم گەڕابووەوە، جەمالی حەلاو، لە شۆڕشی

ئەیلوولیش لای خۆم بوو و پێکەوە بووین، نەجم هونەرێنی و هی تریش، داوایان لێکردم دانیشتنیان لەگەڵ بکەم و قسە بکەین، منیش خۆم فەقیر کردەوە. هەر بە تەنها بووم، وتم زۆر باشە، بەڵام هەموو شتەکان دیار بوون و دەمزانی.

1- وتیان با گومرگی هاوبەش دابنێین. وتم من پەیوەندیم بە گومرگەوە نییە، پەیوەندیی بە لقی حیزبییەوە هەیە، کە کاک بەکری حاجی سەفەرە، دەتوانن لەگەڵ ئە و قسە بکەن، من ناتوانم و ئیشی سەربازی دەکەم.

2- وتیان با بگەڕێینەوە کۆبوونەوە بەهێزەکە دەکەین، کێ دێت بۆ لای بزووتنەوە بەخێر بێت، کێش دەچێت بۆ لای کۆمەڵە، بەخێر بچێت. وتم زۆر باشە. مەبەستم ئەوە بوو بە نەرمی لەگەڵیان بدوێم تاکو دەگەینەوە لای شارباژێڕ. هەرچییان وت، بێدڵیم نەکردن. لە پێش ئەم جیابوونەوەیەدا چەند کۆشینکۆفێکیان بۆ ناردبووین، من هەرە باشەکەیانم دا بە جەمالی حەلاو، لەبەر دوو هۆ، لە شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ خۆم بوو، دووەم کوڕی شەهید بوو. کەچی لە و قەرەبالّغییەدا چووبووە لای ئەوان، منیش هەر لە کۆبوونەوەکەدا داوای چەکەکەم کردەوە، کردیانم بە کێوا، وتیان چەک بۆ پێشمەرگەیە. فەرقی چییە و لەم جۆرە قسانە، منیش وتم کە وایە با ڕێک بکەوین بۆ داهاتوو. ئەگەر هەر کەسێکی ئێوەش هات بە چەکەوە، داوای مەکەنەوە. وتیان زۆر باشە. هەندێ وردەشتی تریشمان باس کرد. دواتر من و عوسمان بە شاخی سوورکێودا سەرکەوتین، منیش بەرنامەی خۆم هەبوو بۆ ئەم جیابوونەوەیە. دەمویست دەستم بگاتە وەهاب و شۆڕش ئیسماعیل. هەردووکیان کادێر بوون، تازە کەرتێکمان بۆ وەهاب کردبووەوە، لە و ماوەیەدا وەهاب هاتبووەوە، نزیکەی هەشت هەڤاڵی کۆمەڵە هاتبوونە دەرەوە و لامان بوون (عومەر میرزا و حەمە قەل و چەند خزم و هاوڕێیەکی تر). بەداخەوە کاتێک من چووم بۆ قەرەداغ و لە شارباژێڕ نەمام، عومەر میرزا بە ئیش ڕۆیشتبوو. لە بناری جێشانە کەوتە کەمینی جاشەکانەوە و گرتیان، لە موسڵ لە سێدارە درا. پیاوێکی مەرد و قارەمان بوو، لە زیندانیش هەر قارەمان بوو. دوو خوشکەزاشی لەگەڵ بوو. هاتین تاکو گەیشینە دێی گورگەیەر. باش بوو چاوم بە کاک وەهاب کەوت و جیام کردەوە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد. ماوەیەکی کورت بوو وەهاب لای کاک نەوشیروان گەڕابووەوە. ئەو کاتە نامەیەکی بۆ هێنابووم ئیشی بۆ دیاری بکەم. دوای کێشەکەی عادل سەید قادر بوو. ڕێک کەوتین، بەرنامەیەکمان دانا ڕێگە نەدەین هەرێمی 3ی شارباژێڕ تێک بچێت.

چووینە دێی بزەینیان بۆ ماڵی کاک ڕەشید قوربانی. وتم کاک عوسمان وەرە با قسە بکەین، پێم وت ڕێگە نادەم ئەم هەرێمە کەس لێی جیا ببێتەوە، تەنها یەک پێشمەرگەش. ئەوەی ئێوە لەگەڵ من کردتان لە بلەکێ، قبوڵم نییە. تۆش بۆ کوێ دەڕۆیت برۆ. تۆ برادەرمیت، دەمانچە چواردەخۆرەکەشم دایەوە. زۆر ناخۆش بوو بۆ من، بۆ ئەویش، بەڵام ئێمە دەستمان داوەتە شتێک بۆ قازانجی میللەت و پێشمەرگە گرنگترە. عوسمان هیلاک بوو، لەناو دێ وڵاخێکی پەیدا کرد و بە تەنها ڕۆیشت. منیش کۆبوونەوەم بە هەموو پێشمەرگەکانی سنوورەکەی خۆمان کرد (عەلی چوارتایی، حەمە ئەمین ئاغای باریّ و باقیاتی مەفرەزە و کەرتەکان). جیابوونەوەی بزووتنەوەم لە یەکێتی بۆ ڕوون کردنەوە، عوسمان چووبووە دێی ئالاسیاو، مەفرەزەکەی خۆمی بینی بوو، لەگەڵ خۆی خستبوون و هەمووشیان کۆمەڵە بوون، هەر کۆمەڵەش ناردبوونییە دەرەوە. (عومەر میرزا و حەمە قەل و ئەوانی تر) لەگەڵیان بوون، مام ئاراس لای من بوو، دیار بوو دوایی لەگەڵیان خستبوون. بەداخەوە مام ئاراس لە شەڕی ناوخۆدا لە شارەزوور شەهید بوو. ئەویش ئەو کاتە لای دەستەکەی خۆم بوو، دوایی لەگەڵ عوسمان ڕۆیشت. عوسمان و دەستەکەی خۆم چووبوون بۆ دێی نۆدێ، بە کەسێکدا جوابم بۆ ناردن بێنەوە بۆ لام، لە کاتی نووستنی شەودا هەر هەموویان هاتنەوە لام و عوسمانیان لە خەودا بەجێ هێشتبوو. عوسمان کە خەبەری دەبێتەوە، سەیر دەکات کەس لە دەوری نەماوە.

هەرێمی 3 بە باشی مایەوە، تەنها مام ئاراس لەگەڵ عوسمان ڕۆیشت، دوایی گلەیی کردبوو بەشکو بگیرامایە، منیش جوابم بۆ ناردەوە خۆت ئە و ئاوەت ڕشتووە، ئەم وەزعە زۆری خایاند، کێشە و جیابوونەوە و شەڕی بەدوا هات.

شەڕی دیزڵی

حەق وایە ئەوەش لەبیر نەچێتەوە، کە لە کاتی ڕووخانی شادا ئێمە کێشەمان لەگەڵ قیادەی موەقەتە هەبوو. ئەو کاتە هەڤاڵ (سالار عەزیز) لە سەرکردایەتییەوە هاتبوو. هێزەکانی قیادەی موەقەتە لەسەر شاخی دیزڵی بوو، بڕیار درابوو مادام لە شوێنەکانی تر هەڤاڵەکانی ئێمەیان شەهید کردووە، ئێمەش لێیان بدەین. هێزەکانی هەرێمی 1 و هەرێمی 3 و شارەزوور لە مەریوان کۆبوونەوە، بەرنامەی هێرش دانرا. پاش شەڕێکی یەک شەوی، هەموو دیزڵیمان گرت و چەند کەسێکیش گیران. لە داهاتوودا شەوێکیش چووینە سەر چوارتا، ئەو کاتە حسێن ئیبراهیم دەروێش قائیمقام بوو، نزیک ماڵەکەی بووینەوە و (ئاربیجی)یەکمان پێوەنا، وابزانم سەری کرد و بەر خانووەکە نەکەوت. لە پێش هاتنەوەی عوسمان و نەبەز لە هەکاری، چەندین خەڵکی خۆفرۆش و خائن بە بڕیاری شۆڕش ئیعدامی شۆڕشگێڕانە کران.

تەسلیمبوونەوەی عەبدولمەلیک و ستاری سەعید خەلەف

لە سەروبەندی ڕوخانی ڕژێمی شادا ڕۆژێکیان لە دێی هەولّو بووین. زیاتر لە هەشت هالیکۆپتەر بەسەرماندا بەرە و موبڕە و مامەخەلان و سەرووتریش تێپەڕین، ئێمە ترساین و خۆمان دامەزراند، وتمان نەک ئیخباری ئێمەیان کردبێ و بگەڕێنەوە، بەڵام تاکو چاوبڕ بکات، دوور کەوتنەوە. پاش ماوەیەک بەهەمان شوێندا گەڕانەوە. ئێوارە لە سلێمانییەوە ڕێکخستن جوابی بۆ ناردین عەبدولمەلیک و ستاری سەعید خەلەف و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، تەسلیم بوونەتەوە، فرۆکەیان بۆ چووە بۆ دێی سیرین. ئیتر (پ.م)ی قیادەی موەقەتە لە شارباژێڕ نەمان و هەموویان تەسلیم بوونەوە بە حکومەت. ئێمەش پێمان خۆش بوو، لەباتی ئەوەی تووشی شەڕ بین لەگەڵیان، لە کوڵمان بوونەوە. لەوێشەوە کەوتنە نامەناردن بۆ دۆست و برادەرەکانیان، بۆ دڵساردکردنەوەی خەڵکی لە پێشمەرگایەتی. زانیاریمان بۆ هات بە هۆی کەسێکەوە بە ناوی.... چەند نامەیەک هێناوە، نامەکانیش بۆ چەند هەڤاڵێک بوو بۆ ئەوەی بڕۆنەوە و تەسلیم ببنەوە. 1- کەریم دادەمەنە 2- عوسمان قادر منەوەر 3- دەرسیم. هەموویان ئەو کاتە دەستەی پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو، منیش چوومە دێکەیان، لەگەڵ پێشمەرگەکان بانگم کرد و گرتم، زۆر ئامۆژگاریمان کرد واز لە هاتوچۆ بهێنێ و نامەی دۆژمن نەهێنێ. ئەوانە خیانەتیان کردووە، ڕۆیشتوونەتەوە و تەسلیم بە دۆژمن بوون. لەم قسانەم زۆر بۆ کرد، وتم برۆ خزمەتی ماڵ و منداڵی خۆت بکە، حەقت نەبێت بەسەر ئەم شتانەوە. نەمگرت و بەرەڵڵام کرد. خۆ سجنمان نەبوو تاکو سجنی بکەم.

بۆ بەیانی ڕۆیشتین بۆ لای ماوەت. لای شاناخسێ و ماشان و دەوروبەری چەند هەفتەیەکمان پێچوو، لە ڕێگەی کورەداوێوە گەڕامەوە، پێش ئەوەی بڕۆمەوە بۆ دێی.... و بزانێت هاتوومەتەوە ناوچەکە، دوو پێشمەرگەی لای خۆم بانگ کرد، یەکێکیان شەهید مام ئاراس بوو، دووەم شامل حاجی جەمال بوو، ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە. بانگم کردن و بە ناوی عەبدولمەلیکەوە نامەم بۆ هەردووکیان نووسی. من خۆم نووسیبوم، بەڵام بە ناوی ئەوەوە، تێیدا نووسیبووم خۆتان بۆ کێ بەکوشت دەدەن؟ شۆڕش گیرفانپڕکردنە. لە و جۆرە قسانەی کە دوژمن بە پێشمەرگە و شۆڕشی دەوت. لە نامەکەدا نووسیبوم ئەگەر بتانەوێ بێنەوە، دۆستێکم هەیە لە دێی.... بە ناوی فلان بچن بۆ لای، ئە و دەتانهێنێتەوە و جێگەی متمانەی منە. شامل و ئاراسم نارد،

بەڵام خۆم نەچوومە گوندەکەوە. شە و درەنگ چوومە دێکە و لە مزگەوتەکە فلان دوو بەتانیی دابوونێ، پێی وتبوون من وەک کە و وام لە قەفەزدا، بڕۆن تا بەیانی خوا گەورەیە. کە هاتنەوە، وایان پێوتم، وتم با نەزانێ. هەر شە و ناو دێیە کەم بەجێ هێشت. وتم سبەی شە و بچنەوە بۆ لای بزانن چی دەکات.

بۆ ڕۆژی دوای لە و ڕێگەیەی دەڕوات بۆ سلێمانی، ڕێگەیەکی گشتی و دوو تولەڕێگەی هەبوو، پێشمەرگەم لێدانا، پاش ماوەیەک تەماشامان کرد فلان لەگەڵ شامل و مام ئاراسی پێش خۆی داوە بیانبات بۆ شار و تەسلیمیان بکاتەوە. پێشمەرگەکان گرتیان و هێنایان بۆ لام، وتم فلان ئەوە بۆ کوێیان دەبەیت؟ وتی بۆ دێی.... و نەشارەزان. شامل و ئاراس وتیان وەڵڵا ڕاست ناکەیت، ئەمانبەیت بۆ سلێمانی تەسلیممان بکەیتەوە. ئە و شەوە هەردوو دەستیمان بەست. بەیانی پێش ئەوەی فلان بهێنن، من چوومە ناو دێوە. بە پێشمەرگەکانم وت چارەکێ دوای من وەرن و فلان بهێنن. چوومە ماڵەکەیان و بە خێزانەکەیم وت.... ئەوە فلان لە کوێیە؟ خێزانەکەی وتی وەڵڵا مانگایەکمان تەبەقی گرتووە، چووە بۆ ئە و کێوە. وتم خوشکێ بۆ درۆ دەکەی؟ تۆش شەریکی ئەم کارەی؟ فلانمان گرتووە. کە پێشمەرگەکان بە دەستبەستراوی هێنایانەوە بۆ بەر ماڵەوە، خێزانەکەی ماڵیی بە سەریا، هەندێک جنێوی سوکی پێ دا، پێی وت نەموت نەکەی، واز بهێنە؟

جا ئەمە دۆخی شۆڕش و دوژمن بوو، زۆر هەوڵیان دا بەری بدەین، خەڵکی ناوچەکە هەندێکیان کۆکردبووەوە، پێش ئەوەی بگەنە لامان، لەسەر بڕیاری شۆڕش ڕەمی کرا بۆ ئەوەی خەڵکی فێر ببێت خیانەت نەکات و خەڵکی تەسلیم نەکاتەوە. ئەم شۆڕشە بە و قوڕبەسەرییە بەڕێ کرا. چەندین شتی تریش وەک ئەوە جێبەجێ کراوە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی لە پێناوی ئەوەی شۆڕش هەرەس نەهێنێ، سەرکەوێ و خەڵکی خیانەت نەکات. ڕەنگە لێرەدا ئەوە جێگەی باس نەبێ، یان باش نەبێ بچێتە ناو کتێبەوە. بەڵام بەشێکی گرنگی شۆڕش و مێژووی شۆڕشە.

هەواڵی شەهیدبوونی (سیروان تاڵەبانی) ئامرهەرێمی 5ی قەرەداغ

کە گەلانی ئێران سەرکەوتن و شا ڕووخا، هاتوچۆ ئاسان بوو بۆ نێوزەنگ بۆ لای سەرکردایەتی. کوردستانی ئێرانیش وەک شارەکانی تر ڕزگاری بوو، دۆخی ئێمەش گۆڕانی بەسەردا هات. ناوبەناو دەچووینە شارەکانی ئێرانەوە، بەتایبەت شوێنە سنوورییەکانی وەک بانە و مەریوان و سەردەشت و خانە. بۆ ئێمە زۆر ئاسان بوو، لەباتی ئەوەی چەندین ڕۆژ بە ڕێگەدا بڕۆین، بە ئۆتۆمبێل سەفەرمان دەکرد، کارئاسانییەکی باش بوو. جارێکیان لە شاری بانە بووین. یەکەمجار بوو سیروان تاڵەبانی ببینم. ئەملاوئەولای یەکمان ماچ کرد. ئەوان لە قەرەداغەوە هاتبوون و بۆ لای سەرکردایەتی لە نێوزەنگ دەچوون. ئەوەی لەگەڵی بوو، ناسیم، برادەرم بوو ناوی حەسەن خاوێی بوو، لە شۆڕشی ئەیلوول پێکەوە بووین. من و سیروان هەردووکمان ئامرهەرێم بووین، کۆمەڵەش بووین. یەکتریمان خۆش دەویست، هەرچەند دووریش بووین لە یەکتر. سیروان وتی دەچین بۆ سەرکردایەتی، خواحافیزیمان کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سنوورەکەی خۆمان لە شارباژێڕ. دوای دە ڕۆژێک هەواڵمان پێگەیشت و وتیان سیروان تاڵەبانی لەگەڵ هەڤاڵەکانی لای شارەزوور کەوتوونەتە کەمینی جاشەکانەوە و شەهید بوون. بە ڕاستی ئەم هەواڵە زۆر ناخۆش بوو. دیار بوو لە گەڕانەوەدا تووشی جاشەکانی حکومەت بوون، کە لێپرسراوەکەیان حەمەخانی حاجی دارا بوو. ئەمانیش سواری تراکتۆر بووبوون، تەقەیان لێدەکەن و شەهیدیان دەکەن. کەمێکی دەرباز بوو، لەوانەی شەهید بوون: 1- سیروان تاڵەبانی، ئامرهەرێمی 5ی قەرەداغ 2- حەسەن خاوێی ئامرکەرت بوو. 3- حاجی چاوشین، من لە جێگەیەکی تردا باسم کردووە کە چۆن خێرا بوو لە ڕۆیشتندا. 4- نەجات ڕەحیم 5- عەلی چەلەبی 6- محەمەدی حاجی کەریم شۆفێری تراکتۆرەکە بوو، هاوڵاتی بوو. بەڕاستی بۆ قەرەداغ خەسارەتێکی گەورە بوو. کەسێکی وەک سیروان بە زەحمەت

دروست دەبێتەوە و کاتی ئەوێ، ئەمە ڕێگەی خەباتە و هی تریشی بەدوادا دێت، چونکی قەرەداغ ناوجەرگەی حکومەت بوو. سنوورەکەی ئەملای خانەقین بوو و لایەکی سلێمانی و گەرمیان و کەرکووک، هەرێمێکی گەورەش بوو لە ڕووی ڕووبەرەوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا هەمیشە پێشمەرگەی لێبووە و جێگەی ململانێ بووە لەگەڵ دوژمن. هەمیشەش دوژمن هێرشی بۆ کردووە.

گواستنەوەم بۆ هەرێمی 5ی قەرەداغ

پاش شەهیدبوونی هەڤاڵ سیروان و هەڤاڵەکانی قسەوباس بڵاو بووەوە. یان من دەبێ بڕۆم بۆ قەرەداغ یان جەمالی عەلی باپیر، دەبێ یەکێکمان بچین. زۆری نەخایاند نووسراوێکی مەکتەبی عەسکەری بە ئیمزای هەڤاڵ ملازم عومەر هات، کە سەرکردایەتی بڕیاری داوە تۆ بچیت بۆ قەرەداغ بۆ ڕێکخستنەوەی هەرێمەکە. ملازم عومەر هەندێک شتی نووسی بوو، کە پەیوەندییان بە دۆخی قەرەداغەوە بوو. لەم شۆڕشەدا ناوی قەرەداغم زۆر بیستووە، کە زۆر زەحمەتە و هەمیشە هێرشی ڕژێمی لەسەرە بە سوپا و جاشەوە، کۆپتەر هەر باس مەکە. منیش تۆزێک سڵەمیمەوە، لام ئاسان نەبوو. خۆم ئامادە کرد کە بچم بۆ سەرکردایەتی و ڕێگە و شوێنی چوون جێبەجێ بکەم. ئە وکاتە لە بانە بووین. لەناو شاری بانە هەڤاڵ ئیبراهیم جەلال م بینی. هەردووکمان ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بووین. ئەو کاتە ی کە سیروان شەهید دەبێ، ئەو لێپرسراوی سیاسی بوو. ماوەیەک بوو لە قەرەداغ بوو، لەسەر شەهیدبوونی هەڤاڵ سیروان و دۆخی قەرەداغ قسەمان کرد. پێم وت سەرکردایەتی بڕیاری داوە ببم بە ئامرهەرێمی 5ی قەرەداغ، لە ئەنجامی قسەکانیدا وای حاڵی کردم کە نەچم و نامەیەک بنووسم بۆ مام جەلال، داوای هەندێک چەکی پێویستی گەورەی لێبکەم و شتی تریش. منیش کەوتمە ژێر کاریگەریی قسەکانی. هەڤاڵ ئیبراهیم جەلال ترساندمی، وتی تۆ نامەیەک بنووسە، من بەیانی دەڕۆم و لەگەڵ خۆم دەیبەم. نەڕۆیت تاکو دێمەوە.

نامەکەم بۆ مام جەلال

لەسەر قسەی ئیبراهیم جەلال نامەیەکم بۆ هەڤاڵ مام جەلال نووسی. پوختەی نامەکەم باسی چوونم بوو بۆ قەرەداغ، بەڵام ئەم چوونە پێویستی بە هەندێک چەک هەیە، بەتایبەت چەکی دۆشکا و لەم جۆرە شتانە. ئیتر مام جەلال نامەکەم دەخوێنێتەوە، پێدەکەنێت و دەڵێت وەڵڵا عەقڵی مستەفام وەک عەقڵی عەزیز عەقراوی دێتە پێشچاو، شۆڕشی ئەیلوول هیچمان نەبوو، کەچی عەزیز عەقراوی داوای چەکی ستراتیجیی کردبوو. ئەم نامەیەی مستەفاش لە و نامەیە دەچێت. وتبووی ئەگەر دۆشکامان ببوایە، لای خۆمان لە نێوزەنگ دامان دەنا بۆ پارێزگاریکردن لە بارەگای سەرکردایەتی، دەی باشە خۆی نازانێت نیمانە؟ چاوەڕوانی ئیبراهیم جەلالم کرد، هەر نەهاتەوە و تووشی ئەوەشی کردم.

نامەیەکی تری ملازم عومەر بۆ من

دیاربوو وایانزانیبوو من بیانووم گرتووە بۆ ئەوەی نەچم بۆ قەرەداغ. لە نامەکەدا نووسیبووی برام ئەگەر ناتوانی بچیت، ئاگادارمان بکەرەوە، کەسێکی تر دەنێرین. بە هۆی ئە و نامەیەوە وایانزانیبوو نامەوێ بچم، نامەکەی من شێوەترسێکی پێوە دیار بوو، نازانن کە هاوڕێ ئیبراهیم تووشی ئە و هەڵەیەی کردووم. ئیبراهیم جەلال بە منی وت لە بانە نەڕۆیت تاکو دێمەوە، منیش چاوەڕوان بووم. ئێستاشی لەگەڵ بێت لە قەرەداغ نەمبینییەوە. بڕیارم دا ملی ڕێگە بگرم بۆ قەرەداغ.

لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار بۆ قەرەداغ

چووم بۆ سەرکردایەتی. هەڤاڵ مەلا بەختیار تەکلیفی لێکرابوو کە لەگەڵم بێت. لە سەرکردایەتییەوە کەوتینە ڕێ، لە نێوزەنگەوە بۆ بێوران. لەوێش هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید تازە کە هاتبووە دەرەوە و نەقڵی قەرەداغیان کردبوو، لەگەڵمان هات، بۆ ئەوەی وەک کادێرێکی حیزبی لێپرسراوی ناوچەی قەرەداغ بێت. لەگەڵ چەندین پێشمەرگەی دەستەکەی خۆم بەڕێ کەوتین. ئەوانەی دیار بوون، هەڤاڵ مەلا بەختیار، دلاوەر ئەحمەد مەجید و ئاسۆی دەلاک بوون. لە بێوران هەڤاڵ عادل شوکرم لەگەڵ خۆم هێنایەوە. مام جەلال عاجزی کردبوو و لێی تورەبووبوو، وتیان کوڕێکی ماندوو و باشە، لەگەڵ خۆت بیبەرەوە، خەڵکی کوڵەجۆی گەرمیان بوو. منیش لەگەڵ خۆم هێنامەوە و کردم بە لێپرسراوی دەستەکەی خۆم. لە بێوران هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیرم بینی. لەسەر ڕێگەمان بۆ سەردەشت هەڤاڵ شەوکەت وتی شێخ محەمەد حەمەڕەش لەگەڵ خۆت بیبەرەوە، سوودی زۆری لێدەبینن، خەڵکی کربچنەیە، پۆلیس بووە، وتم زۆر باشە. ئەویش بوو بە هاوڕێی ڕێگەمان بۆ قەرەداغ، حەمەڕەشیش ئە و قارەمانەی لێدەرچوو، بەداخەوە لە ڕاپەڕیندا شەهید بوو. لە زۆر جێگەی تریش لەگەڵم بووە، لەگەڵ یەکەم سەردانی گەرمیان هەردووکیانم کرد بە فەرماندەی مەفرەزە، حەمەڕەش بۆ لای سەنگاو، عادل شوکر بۆ لای سنووری کەلار.

بە ڕێگەوەین بۆ لای سلێمانی، پێش ئەوەی بپەڕینەوە بۆ بەری قەرەداغ، لای دۆڵەڕووت مەلا بەختیار و دلاوەری ئەحمەد مەجید جیا بوونەوە. پێیان وتم لە قەرەداغ یەک دەگرینەوە، بە کاری حیزبی چوونەوە ناو شاری سلێمانی. ئێمش لە هەنارانی خواروەوە بەرە و قولەرەیسی ڕۆشیتین. نانی ئێوارەمان خوارد، بەڵام پێش ئەوەی بچینە قولەرەیسی، کوێخا حسێنی هەناران زۆر خزمەتی کردین، پیاوێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو. من لە مااڵی حاجی لەتیف بووم، دوایی بوو بە دۆستم. چاوساغیان لەگەڵ ناردین بۆ پەڕینەوە لە جادەی سلێمانی-کەرکووک بە بەردەم قلیاساندا، چونکی ئە و ناوە هەمووی سەربازگە بوو، ئێمەش نزیکەی بیستوپێنج پێشمەرگە دەبووین. هاتینە ناو دارەکانی باخی بەختیاربیەوە کە ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە و گومرگی سلێمانییە. هاتینە سەر پردەکەی قلیاسان، چووینە شانی چەمەکەوە، تاکتاک پەڕیینەوە تاکو ئە و ئۆتۆمبێلانەی لە سلێمانی و کەرکووکەوە دێن، نەمانبینن. ئەگەر لایێک دەربکەوتایە خۆمان پاڵ دەخست. بەرامبەر کارگەی شەکرەکە بە چەمەکەدا چووینە خوارەوە، چووینە دێی عەواڵ، لەوێش لە مااڵی شێخ عومەر پشوویەکمان دا. پاش ئەوە بەڕێ کەوتین. شە و درەنگ گەیشتینە دێ کۆن لە مااڵی حاجی عەزیز. شەوی پەڕینەوەمان 1979/8/19 بوو، تاکو بەرەبەیان نزیکەی سەعاتێک نووستین، لەگەڵ بانگی بەرەبەیان هەڵساین و بە شاخەکەدا سەرکەوتین. ڕۆژ بووەوە و گەیشتینە دێی قەاڵ سووڕە. یەکەم دێ بوو دوای دێ کۆن، چونکی چەند ڕۆژ و شەوێک بە ڕێگاوە بووین و هیالک بووین، ڕۆژەکەی تاکو درەنگ لە قەاڵ سووڕە ماینەوە. دوایی شۆڕ بووینەوە بۆ دێی سەرزەل. لەوێ چاومان بە جەمال قەاڵ سووڕەیی کەوت، پێشمەرگە بوو و خەڵکی ئەوێ بوو. بەداخەوە ئەمیش دوای چەندین ساڵ شەهید بوو. کە ئێمەی بینی، ڕایکرد، وایزانی جاشین، هەواڵی بردبوو بۆ کاک ڕۆستەم، پێشتر خۆمان بۆ ئەوەی لە یەک نەگۆڕێین، بە کەسێکی خەڵکی دێکەدا جوابمان بۆ ناردن بۆ دێی تەنگی سەر، تەنگی سەر ئە و دێیە بوو کە جاشەکان هاوڕێ ئارامیان لێ شەهید کردبوو. لەگەڵ کاک ڕۆستەم یەکمان گرتەوە، هەندێک ڕێنمایی کردین لەسەر دۆخی قەرەداغ، زۆریش خۆشحاڵ بوو بە چوونی ئێمە.

هاتنەوەی مەلا بەختیار و دلاوەر ئەحمەد مەجید لە شارەوە

پاش ئەوەی گەیشتمە قەرەداغ و سەرژمێری پێشمەرگەکانم کرد، هەمووی سەدوپەنجا پێشمەرگە مابوون. گەیشتنی منیش بۆ قەرەداغ و بیستنی هەواڵەکە لە لایەن هەڤاڵان و پێشمەرگەکانەوە گوڕوتینێ بوو بۆیان،

هێزێکی باش بووین بۆیان.

لە و ماوەیەدا کە هەڤاڵ سیروان شەهید بووبوو، خاوەنی نەمابوو، هەر هەڤاڵە و چووبووە لایەکەوە، منیش چەند ڕۆژێ لەگەڵیان بووم. وردەوردە هەڤاڵە کادێر و پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە. ماوەیەک پێش ئەوەی من بچم، ئەکرەم و خەبات لە سێوسێنان شەهید کرابوون. هەندێک هەڤاڵ بە هانایانەوە نەچووبوون تەقەیەکیان لەسەر بکەن، پاش شەهید سیروان کەس حسابی بۆ ئەوی تر نەدەکرد.

گۆران لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی قەرەداغ بوو، زوێر بووبوو، کەوتبووە لایەک، ئیبراهیم جەلال ڕۆیشتبوو و نەگەڕایەوە، ئیرادەیەکی باش نەبوو کۆیان بکاتەوە. ئیتر بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مەلا بەختیار چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ کادێرە سەربازییەکان کرا، وەک هەڤاڵ ڕۆستەم، شێخ جەعفەر. هەروەها هەڤاڵانی گەرمیانیش هاتن. کاک سامان گەرمیانی جێگری من بوو. لە گەرمیان دەوریان هەبوو، هەروەها خالید گەرمیانی، عوسمان حاجی محەمەد، بەختیار. بەداخەوە خالید و گۆران شەهید بوون. دوایی لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دێبەدێ کۆبوونەوەمان دەکرد و منی پێدەناسانن، لەگەڵ پێشمەرگەکانیش کۆبوونەوەمان کرد. کۆبوونەوەیەکیشی بە کادێرە سیاسییەکان کرد. مەلا ئیبراهیم لە گەرمیان بوو، مامۆستا جەلال حاجی تۆفیق لە بەری قەرەداغ بوو لای سێوسێنان، مامۆستا ئەنوەر لێپرسراوی ناوچە بوو، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشیی شیرپەنجە وەفاتی کرد، زۆر ماندوو بوو.

پاش کۆبوونەوەکان لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ دلاوەر و هەڤاڵ ڕۆستەم و هەڤاڵ شێخ جەعفەر چووینە بەری سێوسێنان و تەکێ و بەلەکجار. هەموو گەڕانەکەمان بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان بوو بە هیمەتی هەموومان. هەڤاڵ سۆرانیش لەوێ بوو، لە گەرمیان هێرشیان بۆ کرابوو، پێشمەرگەیەکی قارەمانمان بە ناوی سەرکەوت شەهید بووبوو. کاک مەحموود سەنگاویش هات و لەگەڵمان بوو، بە هیمەتی هەموان کەرت و مەفرەزەکانمان دروست کردەوە.

دۆخێکی خراپ سەریهەڵدابوو. یەکێک لە کارەکانم ئەوە بوو چارەسەری بکەم. تووندوتیژیم ڕاگرت، بەرامبەر بە هەندێ کەس ناهەق کرابوو. خەڵکیان خستبووە حەوزی ئاوەوە و لێیان دابوون. لە دێی بەڵخە لە ڕۆستەم ناوێکیان دابوو، لەم ساڵانەی دواییەدا وەفاتی کرد، بڕوا بکەن زۆربەی ئە و تەقەمەنییەی هەمان بوو، ئە و لە جاشەکانی دەکڕی و بۆی دەهێناین. لەسەر ڕاو عاجزیان کردبوو. من کردم بە دۆستێکی زۆر باش و حورمەتم گرت، ئاشتم کردەوە. ساڵی 1992 کە بووم بە پارێزگاری کەرکووک، پارێزگا لە دەربەندیخان بوو، هات بۆ لام. منیش کڵاشینکۆفێکم دایە لەباتی خزمەتی ڕابوردووی. زۆری پێخۆش بوو کە بەسەرم کردووەتەوە لەبیرم نەکردووە.

ڕاپۆرتێک هاتبوو و چەندین ناوی تێدابوو کە بیانگرین، ژمارەکەی زۆر بوو، زۆریشی موختارەکان بوون، ئە و سەردەمە خەڵکی لە ترسی بەعس پەنجا فلسیان لێسەندووە ناویان نووسیووە. نەمهێشت کەسیان بگیرێ، هەندێکیانم هێنا و قسەم بۆ کردن، ئە و سەردەمە کەس نەیدەتوانی بە ڕۆژ بچێتە ناو دێکان، شەواوشە و نەبێ. بە ئیدارەیەکی باش و پەیوەندیی باش لەگەڵ خەڵکی خۆشەویستییەکمان دروست کرد. خەڵکی هەموو دێهاتەکانی قەرەداغ و گەرمیانیش خۆیان شاهیدن و ئێستاش کە دەمانبینن، ڕێزی زۆرمان دەگرن. ئە و هاتنەی هەڤاڵ مەلا بەختیار هاوکارییەکی باش بوو، هەروەها دەوری (ڕۆستەم و شێخ جەعفەر و کاک سامان) زۆر باش بوو و وەک برا وابووین. مامۆستا ئەنوەر خوا لێی خۆش بێ، برادەران لێی ڕازی نەبوون، نە پێشمەرگە و نە خەڵک، بە بەشداریی هەڤاڵ مەلا بەختیار کە لەوێ بوو، بڕیاری دا بگوێزێتەوە بۆ سەرکردایەتی لە نێوزەنگ.

هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید بوو بە لێپرسراوی ناوچەی بازیان. مامۆستا جەلال بۆ بەری ئەمبەری قەرەداغ، مەلا ئیبراهیم بۆ گەرمیان، فوئاد حاجی قادر کادێری ناوچە بوو، دکتۆر چیا و دکتۆر یاسینیش هاتبوونە دەرەوە. هەردووکیان ئیشیان بۆ دیاری کرا کاری دکتۆری بکەن، پاشان چیا بوو بە کادێر لە شارەزوور، بەداخەوە لە زەڕایەن شەهیدیان کرد.

حەمە سەعید سێتەلانی کادێری شارەزوور بوو، ئەمیش کادێرێکی چالاک و باش بوو، ئیشەکانی شارەزووری دەکرد، بەداخەوە دوای گرتنی ڕەبیعی دارەڕە ش شەهید بوو، لەم شۆڕشەدا ڕەنجی زۆری کێشا. پاش ئەوە هەڤاڵ مەلا بەختیار گەڕایەوە و تەشکیلاتی تازەی قەرەداغ بەم شێوەیەی خوارەوە جێبەجێ کرا 1- شێخ جەعفەر ئامرکەرتی قەرەداغ. 2- مام ڕۆستەم، ئامرکەرت. پاشان کەر تێکمان کردەوە لە جەباری. بە ڕاستی دەوری باشی هەبوو. کە ڕۆیشت، هەشت پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، دوایی کاری زۆر باشیان کرد و گەشەیان کرد. هەڤاڵ مەلا بەختیار کە هاتبوو، ئاسۆی دەلاکی لەگەڵ بوو، ئاسۆ کەسێکی ئازا و شارەزای ناوشار بوو، ویستمان لەسەر داوای خۆی بچێت چالاکییەک بکات لە پشت ماڵەکانی بەڵخە، مەلا بەختیار داوای لێکرد بۆ کوشتنی خائینێک، کە ئەفسەری ئەمنی دائیرە یەک بوو. ئاسۆ گەنجێکی ناسراوبوو، ناوی هەبوو. منیش کورێکم لەگەڵدا بوو و ناوی حسێن بوو. زۆریش لەگەڵمدا بوو، وتی منیش دەچم. دیار بوو ئە و چەند ڕۆژەی بە ڕێگەوە بووین، لە بەینی خۆیاندا قسەیان کردبوو، خۆی لەگەڵی ڕێک خستبوو، بەبێ ئاگاداریی ئێمە قسەی خۆیان کردبوو. لای منیشەوە هیچ بەرنامەیەک نییە حسێن بچێتەوە و کاری وا ئەنجام بدا ت. حسێن وتی منیش حەزدەکەم بچمەوە بۆ کاری ناوشار. لەگەڵ مەلا بەختیار دوو کەسمان دیاری کرد، هەریەکەیان یەکێکی بۆ دیاری کرا، کە لێمان جیا بوونەوە، بانگم کردن و وتم کە چوونە قەراغ شار، دەبێ لەیەک جیا ببنەوە. لەبەر ئەمنییە تی ئیشەکەتان نابێ کەستان جێگەی ئەوی تر بزانێت. وتیان باشە و پاش ئەنجامدانی کارەکە دەگەڕێینەوە. دەمانچەیەکی چواردەخۆرم دایە حسێن، لەگەڵ یەدەکێکی زیادە کە هی دەمانچەکەی خۆم بوو. وتم مادام دەچیتە ناوشار با پێت بێت. خواحافیزیمان کرد. چەند ڕۆژێکی خایاند، جوابیان هێنا وتیان ئاسۆی دەلاک گیراوە، کەسیش نازانێ چۆن گیراوە، بەڵام حسێن دەنگی نەبوو، نەگیرابوو و لە شاردا دەسوڕایەوە. دەرکەوت شێوەی گرتنەکەی چۆن بووە.

گرتنی ئاسۆی دەلاک بە هۆی خیانەتی حسێنە وە

هەردووکیان دەڕۆنەوە بۆ سلێمانی، دیارە بڕوا بە یەکتر دەکەن. حسێن کە لای منیش بووە، وادیارە سەر بە ڕژێم بووە و پیاوی حکومەت بووە، یان ڕەنگە دوایی لەگەڵیان ڕێک کەوتبێ. وەک باسی دەکەن، کاتی خۆی ئاسۆ لە چالاکییەکانیدا خزمێکی حسێنی کوشتووە، ئەمەش فرسەتێکی باشە تۆڵەی لێبکاتەوە. پێکەوە دەچنە ناوشار. حسێن پێی وتووە من جێگەم هەیە و ئەمینە، لەگەڵی چووە. ئیتر کەس نازانێ ئاسۆ چۆن گیراوە. لەوە دەچێ سەرخۆشی کردبێ یان لە خەودا فرسەتیان لێهێنابێت، یان شتێکی لەوجۆرە. ئەگینا ئەگەر بە شەڕە دەمانچە بوایە، ئاسۆ کورێکی ئازا و چاونەترس بوو و وای بەسەر نەدەهات. ئاسۆ بێ و فیشەکێ نەتەقێنێ؟ وردەوردە دەرکەوت ئاسۆ گیراوە، بەڵام چۆن؟ نازانرێ. حسێن لە شار ماوەتەوە، لەسەر جادەیە و دەگەڕێ، مانای ئەوەیە تەسلیم بووتەوە. پاش ماوەیەک وەڵامی ناردبوو، کەسێکی بینی بوو و پێی وتبوو دەمانچەکەت دەدەمێ بۆ کاک مستەفای بنێریتەوە. کە ئەمەم بیست، بە پەلە فریای کەوتم و وتم نەکەی لێی وەرگری. ئەگەر وەریبگریت، مانای ئەوەیە تۆ لەگەڵ من هاوکاری دەکەی، دوایی دەتگرن و لە سێدارەت دەدەن. وتم بڵێ من پەیوەندیم پێوەی نییە. پاش ماوەیەک جوابی نارد، وتبووی ئامادەم چالاکییەک بکەم و بێمە دەرەوە. ئەمەیانم لا باشبوو. جوابم نارد بۆی کە کەسێکی خائینمان بۆ بکوژێت، کەسەکەشمان دیاری کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، تەقەی لێکرد و بە خەستی بریندار کرد. بەڵام ئە و کەسە نەمرد و ئێستاش ماوە، لای فلانە حیزب دانێدە

دراوە. ئەم کەسە چەندین کەسی بە لە سێدارەدان داوە. هاورێیانی شاری سلێمانی کە زانییان حسێن بووە ئاسۆی دەلاکی بەگرت داوە، هەرزوو کوشتیانەوە. ئەمەش سەرگوزەشتەی گرتنی ئاسۆی دەلاک بوو.

بەهۆی ئەوەی فەرماندەی هەرێمی 5ی قەرەداغ بووم، پەیوەندیی ڕۆژانەم لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشار هەبوو لە (سلێمانی، کەلار، کفری، دەربەندیخان، کەرکووک). ئەوانیش لە جموجۆڵی دوژمن ئاگاداریان دەکردینەوە، بەتایبەت ئە و کەسانەی کە لەگەڵ دوژمن هاوکاری دەکەن.

بێمەوە سەر جەولەکەی گەرمیان. یەکەمجار بۆ ڕێکخستنەوە لە و سەفەرەدا دەستکاریی دەستەکانمان کرد. لەوێ شەهید خالید گەرمیانیمان لەگەڵ بوو، کاک سامان گەرمیانی جێگرم بوو، چووبوو بۆ سەرکردایەتی و هێشتا نەگەڕابووەوە، خالید گەرمیانی شارەزابوو، ئەم جەولەیەمان چووینە خوارەوە تاکو مەسوێیەکان و مەسۆیی سەرچەم و خوارتر. خالید گەنجێکی کورتەباڵای چالاک بوو. لەوێ حەمەڕەشمان کرد بە ئامرمەفرەزە بۆ لای گەرمیان و دەوری سەنگاو. کاک مەحموود سەنگاوی لەوێ بوو، ئامرمەفرەزە بوو. هەروەها عادل شوکریشمان کرد بە ئامرمەفرەزە و هەموویانم بەجێ هێشت. خۆمان گەڕاینەوە بۆ تیلەکۆ و پونگەڵە. لە دەمەدەمی عەسردا هاتینە سەر جادەی دەربەندیخان-باوەنور، نزیک کارگەی ئاوی بانیخێڵان. لەم سەفەرەدا خالید گەرمیانی و عادل شوکر و حەمەڕەشم لەگەڵ بوون. سەر جادەکەمان گرت، هەرچی ئۆتۆمبێل لە هەردوولاوە هات، ڕامان گرتن. کۆم کردنەوە و قسەم لەسەر شۆڕش و خەبات و دەوری پێشمەرگەی کوردستان بۆ کردن.

لەوکاتەدا چوار کۆستەر هاتن، دەرکەوت لە سنووری خانەقین خەڵکی کە دەگەڕێنەوە لە ئێران، تەسفیراتیان بۆ دەکەن بۆ سلێمانی، چونکی خەڵکی سلێمانی و جێگەکانی تر بوون. هەر کۆستەرێک پۆلیسێکی لە پێشەوە وەک مەئموور بە تفەنگەوە لەگەڵدا بوو، هەموو سەیارەکا نمان ڕاگرت. پۆلیسەکانمان گرت و چەکمان کردن، هەموویان عەرەب بوون. ئێمە شۆڕش دەکەینەوە، خەڵکی تازە عائدون دەگەڕێنەوە. بێجگە لەوانیش نائب زابتێکی حدودمان گرت، کە لەشی گەڕاین، کاغەزێکی پێبوو و قوتی دا. ژمارەی دیلەکان پێنج کەس بوون، سەیارەیەکی حکومیی گەورەکان نەقڵ بەریمان لەگەڵ خۆمان هێنا، لامان دا بەرە و چرچەقەڵا. لەبەر ئەوەی ڕێگە قوڕ بوو، چەق و بۆمان دەرنەچوو، سوتانمان. لە لای دێ دەرەدۆینەوە لەگەڵ پۆلیسە سجنەکان هەڵگەڕاینەوە بۆ دیووی قەرەداغ. لای کەلی پەیکوڵی چووینە دێ ئاوەسپی، ئەوێ شوێنێکی عاسی بوو و حەساینەوە. لەولاشەوە پێشمەرگەکانی لای قۆڵی کفری جەماعەتی خالید گەرمیانی دووسەد سەر بەرانیان لە کفری هێنابوو، هی حکومەت بوو. لەوێش هەر چەند پێشمەرگەیەک حەیوانێکمان سەربڕی و خواردمان. شیشمان لە دار دروست کرد بۆ برژاندن. بڕوا بکەن کاک ڕۆستەم نیو حەیوانی خوارد، بۆ ئێوارە چووینە دێ هۆمەر قەڵا لە ماڵی حاجی حەمە سالحی خوالێخۆشبوو، لەوێش دەستی کرد بە برنج و مریشک خواردن. ماشاڵڵا تاقەت و قوەتی زۆر بوو، لامان سەیر بوو. پۆلیسە عەرەبەکانیش لایان سەیر بوو. ئەوان وایانزانیبوو شۆڕش تەواو بووە، کەچی وا پێشمەرگە دەبینن. خەڵکی تەسلیم دەبنەوە، کەچی ئەمان ئاوا سەربەستن و لەسەر جادەی باوەنور- دەربەندیخان بە دیلی دەیانگرین.

دیارە ئێمە سجنمان نەبوو، چی لەم پۆلیسانە بکەین؟ هەریەکەمان هەندێک قسەمان بۆ کردن، لەسەر مەغدوریەتی میللەتی کورد و خراپیی ڕژێمی بەعس، پاش چەند ڕۆژێک چووینە دێ کانی سارد، لای دەربەندیخان. ئێستا بووە بە گەڕەکێکی دەربەندیخان. من و مامۆستا جەلال شێخ تۆفیق کە بەرپرسی ناوچە بوو، خەڵکەکەمان کۆ کردەوە. دوایی کە تەواو بووین، پۆلیسەکانمان ئیزن دا و تەسلیم بە دێ کانی ساردمان کردن ڕەوانەی دەربەندیخانیان بکەنەوە، ئێمەش هەر شە و کشاینەوە بەرە و دێ چەمرگە و باوەخۆشێن و

دیوانە.

شەڕی لای ئیمام قادر و دیوانە

ڕۆژ بووەوە و کاتێکمان زانی هێزێکی زۆری سەربازی بە ناقیلەوە هێرشیان هێنا بەرە و لای ئێمە. ئە و جێگەیەی ئێمەی لێبووین، زۆر قایم نەبوو، سەرجادەی قیر بوو. خۆمان گەیاندە دەوری ئیمام قادر و دابەش بووین. لەگەڵ ئەم هێزەی دوژمن کەوتینە شەڕەوە. حکومەت ئێوارەکەی کشایەوە، ئێمەش زیانمان نەبوو. دیار بوو ئەوانەی بەرمان دابوون، کە ڕۆیشتبوونەوە بۆ لای حکومەت، وتبوویان ئێمە لە و ناوەین و تاکو دێی کانی سارد هاتوون لەگەڵمان، زانیاریی تەواویان دابوو.

دوای ئەوەش سەردانی شارەزوورمان کرد، هەروەها هەردوو بەری قەرەداغ و گەرمیان ئیشەکانمان ڕێک خست. هەر کادێرە، سیاسی بێ یان سەربازی ئیشی خۆی بۆ دیاری کرا. لە سەرکردایەتییەوە بروسکەیان کرد کە بچم بۆ نێوزەنگ.

چوون بۆ نێوزەنگ لە ساڵی 1980

پاش ئەوەی بە چەندین ڕۆژ گەیشتمە لای سەرکردایەتی و چەند ڕۆژێ لەوێ بووم، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا. لەسەر دۆخی ئەم ماوەیەی لە قەرەداغ بووم، پرسیاریان لێکردم، منیش وەڵامم دانەوە. هەر لەوێش پاش کۆبوونەوەکان مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دا هەڤاڵ ئازاد هەورامی لەگەڵ من بێتەوە بۆ قەرەداغ بۆ ئەوەی ببێت بە بەرپرسی لقی کەرکووک. منیش بەڕاستی هەر زۆرم پێخۆش بوو، هەردووکمان لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بووین، قەرەداغیش ئەوکاتە هەمووی بە بنکەی سوور ناو دەبرا.

گەڕانەوە بۆ قەرەداغ لەگەڵ ئازاد هەورامی

ڕۆژی گەڕانەوەمان دیاری کرد. ئەمجارە هەڤاڵ ئازاد هەورامیشمان لەگەڵدایە. بە دوو قۆناغ هاتین، ڕۆژی یەکەم لە بارەگای سەرکردایەتییە وە لە نێوزەنگەوە هاتینە بیتوش، کە خاکی ئێرانە و سەرسنوورە، بە ناوچەی ئالان ناسراوە، هەروەها دێهاتەکانی گەرماو هەرزنە. شە و لەوێ ماینەوە. بۆ ڕۆژی دواتر بە سیم لە ئاوەکە پەڕینەوە و خۆمان پێدا هەڵواسی. بەهار بوو و ئاوەکە زۆر بوو. ئە و ئاوە لە سەردەشتەوە دێتە خوارەوە و تێکەڵ بە ئاوی ماوەت دەبێ بەرە و دەربەندی ڕانیە و قەڵادزە. لە بەهاردا ئاوەکە زۆرە، لە کاتی تریشدا هەر دەبێ بە سیم بپەڕێتەوە، مەگەر لە هەندێ جێگە بوار هەبێ. پاش پەڕینەوە ڕێگەمان گرتە بەر بەرە و دۆڵی سەفرەوزەروون، ئەم ڕێگەیە چۆڵە، چونکی حکومەت دێهاتەکانی ناوچەکەیان هەمووی گواستووەتەوە و وێرانیان کردوون، هیچی نەماوە. ڕێگەکەش بە دۆڵێکدا دەڕوات. ڕەنگە تاکو دەگەیتە سەفرە، زیاتر لە بیست جار ئەمبەروئەوبەر بکەیت و تەڕ ببیت. لە سەفرە ئاگرمان کردەوە و نانمان خوارد. دەبوایە بۆ ئێوارێ بگەینە دێی وڵاخلو، کە ئاخر دێیە و ڕانەگوێزراوە. لەبەر ئەوەی سەر شاخی برزوت و بالوسە لێتەوە دیارە، پشتی دێی قامیش، دەبێ بە وریاییەوە بڕۆین. بەیانی ڕۆیشتنەکانمان تاکتاک بێ. بۆ ئێوارە بە هیلاکی و تەڕی گەیشتینە دێی وڵاخلو. هەموو خەڵکەکە ناسیاو بوون و بەخزمەت بوون، ئێمەیان دەناسی. دابەشیان کردین، پاش نانخواردن هاتینە مزگەوتەکە بۆ نووستن. لە و ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو حکومەت نیازی هەیە هێرش بۆ ناوچەکە بهێنێت. بە پێشمەرگەی پاسەوانم وت سەعات چواری بەیانی هەڵمانسێنێ، بۆ ئەوەی نەک دەوری دێ بگیرێ.

کەمین و شەڕی گاپێڵۆن

وتم نان و چای بەیانی دەبەینە دێی گاپێڵۆن. ملی ڕێگەمان گرت. لە دوورەوە هەر دەنگی وەڕینی سەگ دەهات. نزیک دێی گاپێڵۆن بووینەوە. تازە خەریکە ڕووناک دەبێتەوە. چۆمێکی بچووک لەبەر دێیەکەدا هەبوو، پەڕینەوە و ڕۆژ بووەوە. ڕووناک بووەوە، من خۆم لە پێشەوە بووم. کە نزیک ناو ماڵەکانی گاپێڵۆن بووینەوە، پڕ بوو لە سەرباز، بۆمان دامەزرابوون. خۆم بینیم. یەکسەر بە پێشمەرگەکانم وت بگەڕێنەوە بۆ دواوە، پشتاوپشت گەڕاینەوە، کە ئەمەیان بینی، لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکردین. هەرچۆنێک بوو، خۆمان گەیاندە ناو چەمەکە، لە هەندێ جێگە گوللە نەیدەگرتینەوە. خۆ ناکرێ هەر لەوێدا بمێنینەوە. ناوبەناو بەدەم خۆدەربازکردنەوە تەقەمان دەکرد بۆ خۆڕزگارکردن، بۆئەوەی نەیەنە سەرمان، جێگەکەمان خراپ بوو، ڕوومان کردە گەڕەدێ، دیار بوو سەربازەکان ئەویش گیرابوو. لەوێشەوە تەقەیان لێکردین، هەرچی بەرزایی هەبوو، گرتبوویان. هەندێک لە پێشمەرگەکان کۆڵەپشتیان پێبوو، لە سەردەشت شتیان بۆ منداڵەکانیان کڕیبوو. هەموو کۆڵەپشتەکانیان لە چەمەکەدا فرێ دا، بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت و باریان سوک بێ. ڕوومان کردە مالومە و بە دەستی چەپدا بەدەم تەقەکردنەوە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی دەستمان بگاتە شاخەکە. باش بوو ئەوێ نەگیرابوو، ئێمەش خۆمان قایم کرد و ڕزگارمان بوو. ترسمان نەما، ئیتر کەوتینە شەڕ لەگەڵ سوپا و جاشەکان، تۆپبارانیش دەکرێین.

ئەمە لە بەیانییەوە حساب بکەن وا خەریکە دەبێ بە ئێوارە. ئێمە بەم هێزە ماندووەی خۆمان لە شەڕداین لەگەڵیان، وەرەمان بەرزە. لە دەوری عەسردا مەفرەزەیەکی حیزبی سۆشیالیست کە خوالێخۆشبوو شێرکۆی شێخ عەلیی خەڵکی سەرگەڵوو سەرپەرشتیی دەکردن، هاتن بە هانامانەوە. شێرکۆ زۆر برادەرم بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، بەڵام ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ هەموومانی لەیەک کردبوو. زۆرم پێخۆش بوو، نەک هەر لەبەر شەڕەکە، بەڵکو لە دڵی خۆمدا وتم دەرگایەک بێت بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر. ئەمەش ماوەیەکی کورتی خایاند. لە دەمەدەمی ئێوارەدا سوپاکە کشانەوە و من سوپاسی کاک شێرکۆم کرد، کە هاتوون بە دەنگمانەوە. ئێوارە هاتینەوە ناو دێی گاپێڵۆن. ئە و پێشمەرگانەی کۆڵەپشتەکانیان فرێ دابوو، چوون دۆزییانەوە و هێنایانەوە. ئێوارە نانمان خوارد، هەر دوای نانخواردن ڕۆیشتین بەرە و دۆڵە ڕووت. لە قوڵەجاغ و سنکرەوە بە شاخەکەدا بەرە و هەناران سەرکەوتین. چووینە ماڵی کوێخا حسێن و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. کوێخا حسێن وەک هەموو جارەکان دەروێشی کوردایەتی بوو، منی زۆر خۆش دەویست، خزمەتی باشی کردین. دیارە لەگەڵ ئازاد هەورامی پێکەوەین، هەروەها مام دەروێشمان لەگەڵ بوو، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، خەڵکی دێی سیارەی لای دەربەندیخانە.

لە دۆڵی شێرکوژەوە هاتین بۆ قولەڕەیسی بۆ ئەوەی بمێنینەوە تا شە و دابێت، شەویش لە جادەی سلێمانی-کەرکووک بپەڕینەوە بۆ قەرەداغ. هەرواشمان کرد. هاتینە قولەڕەیسی. لە ماڵی حاجی لەتیف ماینەوە. من و کاک ئازاد نانمان خوارد. پاش نانخواردن لەگەڵ پێشمەرگەکان هەموومان یەکمان گرتەوە. موختارەکەمان بانگ کرد، ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە. چاوساغی لەگەڵ ناردین بەرە و قلیاسان و سەر پردەکەی قلیاسان بۆ بپەڕینەوە. هاتینە ناو باخی بەختیارییەوە، چووینە چەمەکەی قلیاسانەوە لەوێشەوە بۆ دێی عەواڵ.
پشوویەکمان دا و ڕێگەمان گرتە بەر بەرە و شاخی جێشانە و دێ کۆن. دەبوایە هەر ئە و شەوە بگەینەوە دیوی قەرەداغ. ئەمەی من باسی دەکەم، بە نووسین و گێڕانەوە زۆر ئاسانە، بەڵام حسابی ئە و سەردەمە بکەن و ماندووبوون و هیلاکیی چەندین ڕۆژ ڕێگە و کەمینی دوژمن بهێننە بەرچاوی خۆتان، بەڵام بڕوامان بە مەسەلەی میللەتەکەمان بەهێز بوو.

دوایی بۆ دێی قەڵاسووڕە هەڵگەڕاین. لەوێش ئیسراحەتمان کرد و شۆڕ بووینەوە بۆ دێی تەنگی سەر. هەڤاڵ ئازاد هەورامی یەکەمجارە لەگەڵ من دێتە قەرەداغ و بووە بە لێپرسراوی لقی دووی کەرکووک. لە دواتر باسی دەوری ئازاد هەورامی دەکەم.

شتێک کە دەبێت باسی بکەم

لە و ماوەیەدا کە هێشتا لە نێوزەنگ بووین و لەسەر گەڕانەوە بووین بۆ قەرەداغ، خالیدی کوڕی خاڵم پەیدا بوو، کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بە ناوی..... پێشتریش لای من پێشمەرگە بوو و تەسلیم بوبووەوە. کە هات، لام سەیر بوو. وتم خالید بۆچی.... هاتووە؟ چونکی لە عەفووەکەدا چەند مانگێک بوو تەسلیم بوبووەوە، وتی بۆچی؟ کوڕی چاکە. منیش قسەم نەکرد.

کە لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی گەڕاینەوە، ئەویش هاتووەتەوە بۆ لای من، بەڵام من هەر بەخێرهاتنم کرد. زمانی خۆم گەست و کەوتمە شکەوە لێی. لە گەڕانەوەدا تفەنگێکی ژێسێم دایە، بەڵام خۆی نەیزانی دەرزیی تفەنگەکەم دەرهێنابوو، تاکو گەیشتینەوە قەرەداغ، حەراسەتم پێی دەگرت. کە ئەوم دەکرد بە (حەرەس)، کەسێکی تریشم دەکرد بە حەرەس بەسەر ئەوەوە و بە خۆی نەدەزانی. خزمێکی گیرابوو، کەسێکی قارەمان بوو.... لە دەوری قەرەداغ جاشەکان گرتبوویان، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو.

هێشتا لە ڕێگەدا بووین کە لە ڕێکخستنی شاری سلێمانییەوە نامەیەکم بۆ هات. لە نامەکەدا باسی ئەوە کرابوو کە (.... لەگەڵ کەسێکی تر ڕۆیشتووە بۆ کەرکووک بۆ لای غەزعەل تکریتی لە مەنزومەی شمالی. دەبێت وریا بیت و حسابی خۆت بکەی. ئەگینا بۆچی دەچن بۆ لای غەزعەل تکریتی و دێنەوە بۆ لای تۆ؟) دیارە بەڵێنیان پێداون ئەگەر شتێکم لێبکەن، فلانەکەس کە حوکم دراوە، بۆیان بەربدەن. ئەگەر ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەوەی بزانیایە، ڕازی نەدەبوو و خۆی وەڵامی بۆ دەناردم، چونکی خۆی بەڕاستی پیاوێکی مەرد و خاوەنبڕوا بوو. ئەمەش کە کراوە، لە ڕێگەی کەسێکی ئەمنەوە کراوە، کە دواتر ڕێکخستنی شار کوشتیان.

ئیتر من دڵنیا بووم و ڕێکخستنی شاریش تەئکیدیان کردەوە. وردەوردە ڕۆیشتین تاکو گەیشتینەوە قەرەداغ. لە تلەزەیتەوە پەڕینەوە بۆ میریاسی سەروو. ئیشەکە لێرەوە دەست پێدەکات. دەبێت من چی بکەم؟ با منیش فێڵێکیان لێبکەم، بەڵام تەنها لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی باسم کرد و چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. نامەکەی ڕێکخستنی شارم نیشان دا..... بانگی کردم، ئە و نازانێ من چیرۆکی چوونیان بۆ کەرکووک دەزانم، ناشزانێ کە دەیکەم بە حەرەس، دەرزیی تفەنگەکەی دەرهاتووە. پێم وت ئیشێکم هەیە، کەسێک دەناسم بە ناوی..... بچۆ بۆ لای بۆ سلێمانی و نامەیەکیشت بۆ دەنووسم پێی بدە. کەسێکی خائین هەیە دەبێت بۆم بکوژن. من.... دەنێرم بۆ لای لەناو شاری سلێمانی، مانێکم بۆ داناون تاکو خۆتانی تێدا بشارنەوە، ویستم دەمی ئەوەی لە سلێمانییە، چەور بکەم. ئە و مانەش کە من بۆیان دیاری دەکەم، پاروویەکی چەورە، بە گرتی دەدەن. مانەکە ڕێکخستن کەشف دەکەن.

ئەنجا با چیرۆکی ئەوەی شاری سلێمانی باس بکەم. پێش ئەوەی بێمە سەر باسی.... کە بچێت بۆ لای.... لە سلێمانی. هەر کە بووم بە ئامرهەرێمی 5ی قەرەداغ، لە نامەیەکی ڕێکخستنی شارەوە گلەییان کردبوو چۆن ڕێگە دەدەن فلان لە دێی.... دانیشێ، کە چەند خەڵکی بەگرت داوە و پیاوی میر یە؟ بە درێژی لەسەریان نوسیبوو،

کە چۆن هاوڕێ ئاسۆی بەگرت داوە. ئاسۆ لە عەفووەکەدا کە بەربووبوو، پێیان وتبوو ناوی.... نەهێنیت، ئەگینا دەتانکوژینەوە. هاوڕێ ئاسۆ کە هاتە دەرەوە، لە قەرەداغ هەمووی گێڕایەوە. ئێستا ماوە کەسێکی تێکۆشەر و دیارە. کاتی خۆی بە هۆی کەسێکەوە پارە دەدەن کۆلاشینکۆفیان بۆ بکڕن بۆ ڕێکخستن، بە حساب.... بۆیان بکڕێ، ئەویش سێسەد دیناریان لێوەردەگرێ. لە کاتی تەسلیمکردنی چەکەکە لە لای ئۆرزدی باک دەیانگرن و حوکمی ئیعدامیان دەدەن. بەڵام لە عەفووەکەدا بەربوو. کۆلاشینکۆفەکەش لە جانتایەکدا دەبێت و دەرزیی تێدا نابێ. دوایی ئاسۆ هاتە دەرەوە و بوو بە کادیر لامان. ئاسۆ وتی وەختێ لە ئەمن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین، ئە و زەرفەی سێسەد دینارەکەی تێدا بوو و ئێمە دابووماں، لەسەر مێزەکەی مدیری ئەمن بوو. هەر ئە و سەردەمە....م بانگم کرد لە دێی..... هێشتا هەڤاڵەکان لە زیندان بوون و بەرنەبووبوون. براەرێکم هات مامۆستا بوو لە و ناوە. تەکلیفی کرد و سەری لێتێکدام. نەمگرت. ئەو کاتە لەسەداسەدیش دڵنیا نەبووم، نەسیحەتم کرد و وتم برۆ خزمەتی ماڵ و منداڵ بکە. کە بەرم دا، خەڵکەکەش سوپاسیان کردم. مەوعدێکم لەگەڵ دانا بێت بۆ قەرەداغ بۆ لام، ئەمە جاری یەکەم، دیسان بە هالیکۆپتەر دابەزین. هەواڵی منیان پرسیبوو. منیش نەچووبووم بۆ ئەوێ. شکم هەبوو کەسێکی تر ئە و ئەخباریەی کردبێ. بەڵام هەر ئەم بوو....

دێمەوە سەر باسەکەم.....م بانگ کرد وتم کەسێک هەیە بۆم بکوژن، خائنە و پیاوی میرییە، ماڵیشم بۆ داناون، بە درۆوە نامەیەکیشم نووسی بۆ.... ئە و برادەرەی چووە بۆ لای غەزعەل تکریتی کە مەبەستم بوو بێت، .... بە نامەکەوە ڕۆیشت بۆ شار. دەمم چەور کردووە بۆ ئەوەی بێت. پێم وتن وەرن بۆ دێی دوکان، ئە و ڕۆیشت. ئێمەش چووینە دێیەک نزیک ئە و جێگەیەی بۆ ئە و دوو کەسەم دیاری کردووە کە لە سلێمانییەوە بێن بۆ ئەوەی ئیشەکەیان پێبڵێم، من مەبەستم بوو بێن و بیانگرم.

بە کاک ئازاد هەورامیم وت با نەچینە دێی دوکان، چونکی مەوعدێکم هەیە. ئەمڕۆ بە هالیکۆپتەر ئینزالمان بۆ دەکەن. ئە و شە و و ڕۆژە لەناو ئە و دێیانەدا بووین. هەموویان خزمەتێکی باشیان کردین. وەک جاران وردەوردە لە جێگەی دیاریکراو نزیک دەبینەوە، بەڵام نەچووینە ناو ئە و دێیەی بۆم دیاری کردوون. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بوو گرمەگرمی هالیکۆپتەر پەیدا بوو. چوونە ئە و جێگەیەی بۆم دیاری کردبوون. دیار بوو ئەمر بە.... کراوە، کە من مەوعیدەکەم دانابوو. ئێمەش لە بنی دارەکاندا و بنی ژاڵەکاندا خۆمان شاردەوە تاکو کۆپتەرەکان هەڵسانەوە و ڕۆیشتن. دوایی چووینە نزیک دێی....، بە دووربین تەماشام دەکرد و دەترسام نەیەن، دەمەدەمی ئێوارە دوو کەس دەرکەوتن. کە نزیک بوونەوە، ئەوان بوون. فلان و فیسار. ئیتر دڵنیا بووم کە ئەم ئیخباریەشی کردووە و هاتووە، کە لێم پرسین ئێوە لە کاتی هالیکۆپتەرەکان کوێ بوون؟ وتیان خۆمان شاردەوە. عەسکەر و ئەفسەرەکان لە خەڵکی دێکەیان پرسیبوو مستەفا چاوڕەش لە کوێیە؟ بڕیار بووە لێرە بێت. جارێ قسەم نەکرد تاکو لە ماڵی یەکێک لە جوتیارەکان نانی ئێوارەمان خوارد. لێرەوە وتم بۆچی چوون بۆ کەرکووک بۆ لای منەزەمەی شمالی؟ وتیان نەچووین. دوایی یەکەیەکە جیام کردنەوە. یەکێکیان وتی چووین، یەکێکیان وتی نەچووین، کە هەردووکیانم دانا بەیەکەوە، وتیان چووین، چونکی لەسەر یەک قسەیان کرد، من بە کۆنە پێشمەرگەکەی خۆم وت کورِی باش دەی کە تۆ هاتیت بۆ نێوزەنگ، بۆچی پێت نەوتووم چوون بۆ کەرکووک؟ وتی نیازم بووە لە قەرەداغ پێت بڵێم.

هەردووکیان یەک جۆر پشتێنیان لە پشتا بوو، قەیفەی ڕەش بوو. دیار بوو پارەیان لە ئەمن وەرگرتبوو و بە یەکەوە لە جۆرێک کڕیبوویان، وتیان کە چووین بۆ کەرکووک، بۆ ئەوە بووە سەری ئەفسەرێک یان پاسدارێکی ئێرانی بهێنینەوە، وەعدیان داوە فلانەکەسمان بۆ بەربدەن. جنێوێکم پێدان و وتم کەوایە بۆچی هاتوون بۆ لای من؟ خۆ من ئەفسەری ئێرانی نیم و پاسدار نیم. درۆیان کرد، هەق بوو هەردووکیان ئیعدام بکرێن. بۆ

مەسەلەی.... لەگەڵ سەرکردایەتی تەماسم کرد و بڕیاری ئیعدامکردنی درا.

ئەمەش بەشێکی تر لە چیرۆکی ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕۆژگارە سەختەکان. وەک ئەوە وایە لە فلیمی سینەمادا بیبینی. بۆیە نووسیم، بۆئەوەی میللەتەکەمان و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە ڕاستیی ڕووداوەکە بزانن، ئەوەی کردوومانە لە پێناوی ڕزگاری و ئازادیی خەڵکیدا بووە. دوژمنایەتیی مولک و بەراومان لەگەڵ کەس نییە، ئەگەر خائنان لەناو نەبرانایە، ئەم ڕۆژەش دروست نەدەبوو، ئەم بڕیارانەش بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بووە و جێبەجێ کراوە.

بە هاوکاریی (کاک ئازاد هەورامی، سامان گەرمیانی، شێخ جەعفەر، کاک ڕۆستەم) و کادێرەکان پێکەوە کاروبارەکانی قەرەداغ و گەرمیانمان ئەنجام دەدا. لە ڕووی سیاسی و سەربازییە وە خەریکی ڕێکخستنەوەی بووین. ئازاد هەورامیش لە قەرەداغ و گەرمیان دەورێکی باش و مامۆستایانەی هەبوو. ئە و سێ ساڵەی پێکەوە بووین، من لێپرسراوی سەربازی و ئەویش سیاسی، ڕۆژێ لە ڕۆژان جیاوازیمان نەکردووە، ئامانجمان سەرکەوتنی یەکێتی و شۆڕش بووە. جاری وا دەبوو دەستکاریی کادێرەکانیشم دەکرد، بە دیوی گەرمیانیشەوە خۆشەویستی و متمانە سنووری نەبوو، هەموومان دەبوایە ڕێزی خەڵکی بگرین، خزمەتی دێهاتەکان بکەین و ئازاریان نەدەین. ئەمەش ئیشی ڕۆژ و دوو ڕۆژمان نەبوو.

لە گەڕانەکانمان بۆ هەردوو بەشی قەرەداغ و شارەزوور بەردەوام بووین. جارجارەش دەچووین بۆ گەرمیان، مەبەستم (سەنگاو، کفری، کەلار) و دێهاتەکانی ئە و جێگایانەیە. جارێکیان ئەوەندە هیلاک بووین، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دوو شە و و ڕۆژێک چووینە پشتی دێ ئاوەسپی لە قەرەداغ بۆ بناری قۆپیەکە لەناو دەربەندەکەدا. بە کەسمان نەوت بۆ کوێ دەچین. وێستمان پشوویەک بدەین.

ڕفاندنی ڕووسییەکان و شەڕی خاوێ

هەمیشە لە جەولەکردندا بووین، چونکی بارەگامان نەبوو و شەڕەکەشمان پارتیزانی بوو. وا ڕێک کەوت لەبەری قەرەداغ لە دێ دێلێژە بووین، نیوەڕۆ بوو لەناو دێ بۆ نانخواردن دابەش بووبووین. پاسەوانەکە ئاگاداری کردین وتی لە دۆڵی باسەڕەوە خەڵکێکی زۆر بەڕێوەن بۆ ئێرە. ئەو کاتە چەمی باسەڕە وەک ئێستا جادەی پێدا نەدەڕۆیشت، ڕێگەکەی پیادە بوو. هەموو خۆمان بەست. من چوومە سەرەوە بۆ لای حەرەسەکە. لە پشتی دێلێژە دامەزراین، وتمان نەک حکومەت بێت و هێرش بهێنێ، چونکی نزیک نەبووبوونەوە. پێویست بوو وریا بین، بە دووربین سەیرم کرد، شتێکی سەیر دیار بوو. جلەکانیان هەریەکە ڕەنگێک بوو، پانتۆلیان لە پێدا بوو، کە وردەوردە نزیک بوونەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەشیان لەگەڵدا بوو بە سەرپەرشتیی مامە ڕیشە. گەیشتنە لامان و لەگەڵ ڕیشە ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد و ئەوانەی پێناساندم کە ڕووسینو هاتوون بۆ بەردەم چەمی باسەڕە بۆ ڕاوەماسی. ڕیشەش گرتبوونی، سەیارەیەکی گەورەیان پێبوو. سەیارەکەی سوتاندبوو و ئەوانیشی هێنا بۆ لامان. ئەوەی ڕاستی بێت، هەر زۆرم پێخۆش بوو و دەستخۆشیم لە ڕیشە و پێشمەرگەکان کرد. وتم ئەمە کارێکی سیاسییە، ئێستا دەولەتان و ڕادیۆکان بە هۆی ڕفاندنی ئەم ڕووسیانەوە باسمان دەکەن. ئێستاش هەروایە، کە کەسێک دەڕفێنرێت، دنیا باسی دەکات. منیش مەبەستم بوو بۆ ئەوەی دەنگی کورد و شۆڕش بگاتە دەرەوە، هەموومان چووینە ناو دێی دێلێژە، ڕوسییەکانمان لەگەڵ خۆمان دانا و نانیان خوارد، دنیا گەرم بوو، 09-08-1980 بوو. پاش ئەوەی مامە ڕیشە و برادەرانیان نانیان خوارد، گەڕانەوە و جارێکی تر سوپاسم کردن.

ئەو کاتە مامە ڕیشە لە کەرتی چواری جەباری بوو، ئەوان ڕۆیشتن. ئێمەش لەگەڵ ئازاد هەورامی کۆبوونەوە و ڕێک کەوتین بچین بۆ دێی مێولێ. لە وکاتەدا ئەم برادەرانە پێکەوە بووین (خۆم، ئازاد هەورامی، شێخ جەعفەر، مام ڕۆستەم، گۆران کە ئامرکەتی دەستەکەی خۆم بوو، دەیان پێشمەرگەی تریش). نانی ئێوارەمان لە مێولێ خوارد. بیرمان کردەوە بچینە جێگەیەکی قایم، چونکی دوژمن ئێستا عەودالی ئەم ڕووسییانەیە. لە پشتی مێولێ بەرزاییەکی لێبوو، زۆر قایم بوو. سەرو بەتانیمان هەڵگرت و چووینە سەر شاخ، ئەگەر تووشی هەر شتێک بووینایە، شەڕی باشی لێدەکرا. لە مێولێ ناردم بەدوای ئەحمەدی حاجی سالّح. لە نێوان سلێمانی و قازانقایەدا ئیشی دەکرد. سەد دینارم دایە و وتم بایی ئەم سەد دینارە فانیلە و جلی ژێرەوەم بۆ بکڕە بۆ ڕووسییەکان، چونکی ئەوەندە بە ڕێگەدا ڕۆیشتوون، هەموویان ئا ڕەقەیان کردبووە. فێری ئەوە نەبوون کە تووش بوون. من مەبەستم ئەوەبوو خزمەتیان بکەم بۆ ئەوەی دوایی کە بەریان دەدەین، نەڵێن دواکەوتوون، وەک ئە و قسانەی دوژمن پێمان دەڵێ کە ئێمە خائن و وەحشین. ئەحمەد ڕۆیشت.

بۆ بەیانی ڕۆژی 1980/8/10 لەگەڵ ئە و هەڤاڵانەی پێکەوە بووین، وێستمان بچینە جێگەیەک، سەر کانییەک، دەرەوەی دێ بێ. دوو حەیوانم بۆ کڕین بۆ ئەوەی لەسەر کانییە کە گۆشتیان بۆ ببرژێنین و خزمەتیان بکەین. لەسەر کانیی چنارە، بە ڕای هەموومان لە نێوان خاوێ و مێولێدا نزیک خاوێمان هەڵبژارد. کە دانیشتبووین، کێشەمان ئەوەبوو کەسمان زمانی ڕووسیمان نەدەزانی، ئەوانیش لە ڕووسی زیاتر زمانێکی تریان نەدەزانی. یەکێکیان لەگەڵدا بوو خەڵکی باکۆ بوو. بێجگە لە ڕووسی بە تورکییش قسەی دەکرد. لای ئێمەش مام ڕۆستەم خەڵکی کەرکووک بوو و تورکیی دەزانی. ئیتر کەوتینە قسەکردن و پرسیار و وەڵام، ڕۆستەم تەرجومەی دەکرد بۆ هەردوولا. لە بیرمە پرسیارێکیان کرد، یەکەیەکە وتیان ئیشیان چییە. هەریەکەمان شتێکمان لە کارەکەمان بۆ باس کردن. لە ڕۆستەمیان پرسی خۆت ئیشت چییە و چی بووێت؟ وتی من پاڵەوانم قۆڵی هەڵماڵی. ئیتر بوو بە پێکەنین.

لەسەر کانیە کە بۆ گۆشتبرژاندن ئاگرمان کردەوە. لەگەڵ دوکەڵی ئاگرەکە هالیکۆپتەر لەسەر ناوچەی قەرەداغ پەیدا بوو. جارێک هات و چوو، کەشفی کردین، دووەمجار کە هات، یەکسەر دەستڕێژی لێکردین. ئیتر ئێمەش بڵاو بووینەوە. لە یەکەم دەستڕێژدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون، ئەمە بێجگە لە بریندارەکان. شەڕ دەستی پێکرد و کار لە کار ترازا. دیار بوو ڕفاندنی ئەم ڕووسییانە حکومەتی تورە کردبوو، هێزێکی بێشومار و زۆری هێنابوو. ئەوەی چاوەڕوانمان نەدەکرد، بەم شێوەیە بوو.

سەرشاخی پشتی دێلێژە تاکو پشتی خاوێ سەرباز و جاش گرتبوویان. ئێمە لە دامێنی شاخەکەدا بووین لەسەر کانییە کە. کەوتبووینە ژێر ڕەحمەتی گوللەی ئەوان. هالیکۆپتەر بە ئاسمانەوە بوو، نە یەک و نە دوو، لە سەعات نۆونیوەوە شەڕ دەستی پێکرد. بەرامبەریشمان پشتی سۆڵە و کونەکۆتر و دەوروبەری گیراوە. ڕووسییەکان خۆیان خستبووە ناو کانیی ئاوەکەوە، گوللە نەیدەگرتنەوە. دوانیان بریندار بووبوون، لەترسا یەکی بەردێکی گەورەیان لەسەر سەریان دانابوو. ئەم شەڕە تاکو ئێوارەی خایاند و تاریکی کرد. نەمانهێشت دوژمن بە و هەموو هێزەوە لێمان نزیک ببنەوە. بەرگرییەکی مەردانە و بێوێنەمان کرد. شێخ جەعفەر بریندار بووبوو. ئەنجا چی بکەین؟ هێزی دوژمنیش لە دەورمانە، ئێمە شانزە بریندار و شەش شەهیدمان هەبوو. ئەمەش ناوی شەهیدەکانە:

1- شەهید گۆران (حسێن حاجی حەسەن) خەڵکی تلەزەیت، ئامرکەرتی پێشمەرگەکانی خۆم بوو.

2- ئەحمەد حارس پێشمەرگە بوو، خەڵکی کانی هەنجیری بناری شارەزوور بوو.

3- دکتۆر عەلی قادر جافەرانی. دکتۆری هەرێمی 5ی قەرەداغ بوو.

4- هیوا نووری ڕەباتی چەند ڕۆژێک بوو هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، وازی لە خوێندن هێنابوو.

5- ئەسعەد خەڵکی دێی دیوانە بوو.

6- بەهادین خەڵکی قازانقایە بوو.

بریندارەکان زۆربوون و جارجارەش دەستڕێژیان لێدەکرین، جێگەکەمان دیار بوو، بەڵام تاریک بوو. هەر هەموومان هیلاک و شەکەت بووین، چەند مەفرەزەیەکمان لە قازانقایە بوون و هاتبوون بە دەنگمانەوە، ئەوانیش تووشی شەڕ بووبوون. مەفرەزەکە ئەم کەسانەیان لەگەڵ بوون: 1- دلاوەر ئەحمەد مەجید 2- ئاوات شێخ جەناب. 3-دکتۆر ساجد، هەرکەسێکم لەبیر چووبێت، داوای لێبوردن دەکەم.

من و ئازاد هەورامی و ڕۆستەم و شێخ جەعفەر لە پەنا بەردێکدا دانیشتین. سەرەڕای ئە و هێز و جەبەروتەی دوژمن، ڕووسییەکانمان بە شەڕ تەسلیم نەکرد. کاک جەعفەر قاچی بەرکەوتبوو، ماجیدی پوورم بریندار بوو، لەگەڵ هەڤاڵەکانی تر و حەمەی تەلە. فیشەکمان پێنەمابوو، خۆ نە فیشەکمان هەیە نە مەشجەب، کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین، برادەران ڕایان وابوو بەریان بدەین. ئەوەی ڕاستی بێت، من ڕەئم وابوو بەریان نەدەین. وتم ئەم هەموو شەهید و شەڕەمان کردووە بۆچی بەریان بدەین؟ دوایی بیرکردنەوە منیش هاتمە سەر قسەی هەڤاڵانی تر. فیشەکمان پێ نییە، بەیانیش چارەنووسمان وەک ئەمڕۆ دەبێت و پەلامارمان دەدەنەوە. ئە و هەموو بریندار و شەهیدەمان هەیە، دوایی دەیانوت خەتای تۆ بووە. لەبەر ئەوە ڕێک کەوتین نامەیەک بنووسین بۆ سەفارەتی ڕووسی، بەم شێوەیە نامەکەم نووسی:

بەڕێز سەفیری یەکێتیی سۆڤێت. سڵاوتان لێبێت. بۆمان دەرکەوت ئەوانەی گیراون، ڕووسن. ئێمەش ڕوسیا بە پشتوپەنای میللەتانی هەژار دەزانین. میللەتی کورد هەمیشە دۆستی ئێوە بووە. لە گرتنیان نەیانزانیبوو ڕووسن، وا بڕیارمان دا ئازادیان بکەین. داوای ئێمەش لە ئێوە ئەوەیە چەک بە حکومەتی عێراق مەفرۆشن. لەبەر ئەوەی دژی گەلێکی وەک ئێمەی هەژار بەکاری دەهێنێ. من ناکەمەم ئیمزا کرد. هاتە سەر ئەوەی مۆرەکەی لێبدەین، مۆرەکەی من لە مۆرەکەی لق کە لای ئازاد هەورامی بوو، باشتر بوو. ئینگلیزی و عەرەبیی تێدا بوو، قەبارەشی گەورەتر بوو، پێش ئەم ڕووداوە جارجار ڕۆستەم لەگەڵ ئازاد هەورامی گاڵتەی دەکرد و دەیوت مۆرەکەی تۆ بەکەڵک نایەت، ئیتر لە و دۆخەدا بوو بە پێکەنین، مۆرەکەی هەرێمی 5م لێدا و پێچامەوە. کە نامەکەشم نووسی، تاریک بوو، بەتانییە کیان دا بە سەرمدا و لەژێر بەتانیە کەوە نامەکەم نووسی. لایتی بچووکیان بۆ داگیرساندم.

مادام بڕیاری بەربوونیانمان دا، ناردم بۆ لای موختاری خاوێ حاجی ڕەشید، داوام لێکرد دوانزە گوێدرێژمان بۆ بنێرێ بۆئەوەی ڕووسییەکان سوار بکەین و بیانێرینە دێی خاوێ. بەیانی ئاگاداری جەیشەکە بکەن کە بەرمان داون، ئەوەشمان جێبەجێ کرد، وڵاخ هات و ڕووسییەکانمان سوار کرد، پێشمەرگەی شارەزامان لەگەڵ ناردن بۆ دێی خاوێ.

نۆرەی تەرمی شەهیدەکانە دەست دوژمن نەکەون

پاش ئەوەی ئە و بەڵایەمان لەکۆڵ بووەوە، دەستمان کرد بە گواستنەوەی تەرمی شەهیدەکان هەریەکە بۆ جێگەی خۆی. بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەون، هەموویانمان هێنایە خوارەوە، دواییەنیان دکتۆر عەلی قادر بوو. لە و جێگەیەی شەهید بووبوو، چووم کردمە کۆڵم. ئەویشمان بە سەربەرزی ناردەوە. دڵمان ڕەحەت بوو، کە دەست دوژمن نەکەوتن. ئەگەر سبەینێ شەڕیش دەست پێبکاتەوە، شەهیدەکان دەست دوژمن ناکەون. لە یاسای شەڕدا بەتایبەت لە کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تاکو ئێستا زۆر ناخۆشە شەهید دەست دوژمن بکەوێ، هەریەکەمان ناردەوە بۆ لای کەسوکاری خۆی. هاتینە سەر بریندارەکان. لەم مەیدانە بچوکەدا بریندارەکانمان سواری وڵاخ کرد. ئەم هەموو بریندارە بۆ کوێ بەرین؟ کوێمان هەیە؟ بە عەقڵی هەموومان و خەڵکی گورباس، دۆڵێکی بچوک هەبوو تۆزێک نەدیوو بوو، لە بەینی گورباس و دێلێژەدا، هەموومان چووینە ئەوێ و ڕۆژ بووەوە. پێمان وتن نابێت کەس لە جێگەی خۆی بجوڵێتەوە بۆ ئەوەی کەشف نەبین، بەرامبەرمان لەسەر شاخی پشتی سۆڵەوە بەرامبەر دێلێژە عەسکەرێکی زۆر بە تەیارە دابەزیبوون. هالیکۆپتەر وەک ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە لە هاتوچۆدا بوو، وەرە حسابی بریندارەکان بکە و داوای ئاو دەکەن، خۆمان دوو ڕۆژە هیچمان نەخواردووە و برسیمانە. بە و گەرمایەی مانگی ئاب بریندار بە و ئاو نەبێ، نەماندەتوانی بچینە سەر چەمەکە ئاویان بۆ بهێنین، تەنها دکتۆر ساجدمان لەگەڵ بوو بۆ تیمارکردنیان. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ساجدیش وەفاتی کرد، کوڕێکی زۆر چاک بوو. جوڵەمان لە خۆمان بڕی، ئەگەر یەکێک بجووڵایەتەوە، هاوارمان لێدەکرد، چونکی ئەگەر دوژمن بمانیدۆزیایەتەوە، دەرنەدەچووین. کەم بووبووینەوە، هەموو بریندار و بێ فیشەک بووین.

بە و دۆخەوە چۆن لەگەڵ ئاسمان شەڕ دەکرێ؟ ئە و هەموو هێزەش دەوری گرتووین. کەوتینە دوای نیوەڕۆ، لە دەمەدەمی عەسردا چاومان لێبوو چەند جارێ کۆپتەر لەسەر شاخی پشتی سۆڵە دادەبەزی و هەڵدەستایەوە، دیار بوو هەواڵیان بۆ چووە ڕووسییەکان بەردراون. ئەوانیش ئەمریان پێکراوە بۆ گەڕانەوە. دیار بوو موختاری خاوێ ئەوەی پێمان وتووە، جێبەجێی کردووە. حاجی ڕەشید پیاوێکی باش بوو.

زانیمان سوپاکە کشاوەتەوە، کوڕ ئە و کوڕە بوو خۆی بگەیەنێتە چەمەکە بۆ ئاوخواردنەوە و دەموچاوشتن. پاش پشوویەک و دەموچاوشتن، هەموو یەکمان گرتەوە، ملی ڕێگەمان گرتەبەر. دێی دێلێژە نزیکترین دێ بوو لێمانەوە، کە چووینە ناو دێ، خەڵکی دڵسۆزی دێلێژە هاتن بە پیرمانەوە، وتیان ئەوە ماون؟ وتومانە یەک کەسیان دەرنەچوون، ئێمەش بە ڕۆحیەتی بەرزەوە وەڵاممان دانەوە. بە هۆی هەڵگرتنی شەهیدەکان و بریندارەکان جلەکانمان هەمووی خوێن بوو. چووینە ناو دێ، حەمامیان بۆ گەرم کردین و نانمان خوارد.

ڕۆژی دوایی جەژن بوو

ڕۆژی جەژن کەسوکاری پێشمەرگە و خەڵکی ڕێکخستن ڕوویان کردە قەرەداغ بۆ هەواڵی پێشمەرگە و عەزیزەکانیان، ئەوەی شەهید بووبوو، بردیانەوە. ئێمەش بریندارەکانمان شاردەوە. هەر دووان و سیان ئەمانناردن بۆ دێیەک بۆئەوەی هەموویان لە یەک جێگە نەبن، چونکی لە ترسی ئیخباریکردن بنکە و بارەگامان نەبوو. ڕۆژانە دکتۆر ساجد هاتوچۆی دەکردن، برینەکانی بۆ دەرمان دەکردن. بەڕاستی دکتۆر ساجد دەورێکی گەورەی بینی.

ڕۆژی دوایی نامەیەکم بۆ هات لەبەری دوکانەوە نزیک دەربەندیخان، لە هەمان ڕۆژدا 1980/8/10 حکومەت بە هێزێکی گەورەوە هێرشی هێنابوو و بۆ هەمان مەبەستی ڕووسییەکان هاتبوونە بەرامبەر دێی هومەر قەڵا.

لەوێش کەرتێکمان دەبێ، ئامرکەرتەکەیان عوسمان حاجی محەمەد باخی سەروو بوو، ناوی بەختیار بوو، لەگەڵ جێگرەکەی هیوای حەمەفەرەج فەتاح خەڵکی بانی یی لای دەربەندیخان. پێشمەرگەکان بەرەنگاری سوپاکە دەبنەوە. کە لای ئێمە شەڕە، لەوێش شەڕە. بەرگر یەیەکی بێوێنەیان کردبوو، لە و شەڕەدا بەختیار و هیوای حەمەفەرەج شەهید دەبن. کە تاریک دادێ، پێشمەرگەکان دەکشێنەوە. نە ئەوان ئاگایان لە ئێمەیە نە ئێمەش ئاگامان لەوانە. ئەو کاتە جیهاز و بارەگا نەبوو، هەموو بنکە و بارەگامان بە کۆڵی خۆمانەوە بوو. کە ئەم هەواڵەمان زانی، بارەکەمان قورستربوو، هەموو ئە و کوڕە ئازایانە نمونەی قارەمانی بوون، تاکو ئەوانەمان لە و سەردەمەدا پێگەیاند، مەگەر خوا بزانێت چیی وێستووە. باشترین کادێری سەربازی شەهید بوون.

لە ڕێکخستنی شارەوە جوابیان بۆ ناردین و وتیان هەرچی ڕێگە هەبوو بۆ دەرەوەی قەرەداغ، هەمووی گیراوە. دوژمن هەتا تولەڕێگەکانیشی گرتبوو، سەرجادەی قولەرەیسی، ئە و ڕێگەیانەی شکی لێدەکەن، گرتبوویان. لەوێش ڕزگارمان بکردنایە، ڕەنگە لە جێگەیەکی تر تووشی شەڕ ببین. من ئەوەم بە گەورەترین سەرکەوتن زانی بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەگەرچی باشترین کادێری سەربازیمان لە دەست دا، بەڵام قورسایی خۆی هەبوو. ئێستاش شەڕی خاوێ یەکێکە لە داستانە مەزن و گەورەکانی ئەم شۆڕشە. ئێمە ئەمانویست ئەم ڕووسیایانە بگەیەنینە لای سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرجەعی خۆیان قسە بکرێ. ئە و کاتەش دەنگێکی باشی دەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاریگەریی خۆی هەبوو. هەر زوو لە سوریا وە بە هۆی سەفارەتی ڕوسیاوە لەگەڵ نوێنەری ئێمە لە سوریا پەیوەندییان بە برادەرانمانەوە کردبوو. دیارە شانسمان نەبوو، ئەگەر بۆمان بکرایە، بەرمان نەدەدان تاکو خۆمان لە ڕێگەی خۆمانەوە تەسلیمی سەفارەتمان دەکردن. دوای ئە و شەڕە گەورەیە هاتینەوە سەرخۆمان.

شەڕی ئێران و عێراق

هەروەک کاری ڕۆژانەمان لە گەڕاندا بووین. ئەمجارەیان لە بناری شاخی جێشانە بەرامبەر سلێمانی لەناو دێ بووین. لەگەڵ شێخ جەعفەر پێکەوە بووین. هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجیدمان لەگەڵ بوو، بەرپرسی ناوچەی ئەوێ بوو و لەگەڵ پێشمەرگەکان یەک دوو سەیارەی تۆیۆتامان پێبوو، هی حکومەت بوو، لەناو شاری سلێمانی هێنابوومان. بە هۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە ترسمان کەم بووبووەوە و بە ئۆتۆمبێلیش دەگەڕاین. وەک جاران نەبوو، هالیکۆپتەر کەم بووبووەوە، جاران کۆپتەر چاوی پیاوی دەردەهێنا، ئاهێکمان پیا گەڕا و ترسمان کەمتر بووەوە.

دەوری سەعات 9ی سەرلەبەیانی بوو، بە چاوی خۆمان بینیمان دوو تەیارەی ئێرانی بەسەرماندا هاتن. پاش چەند دەقیقەیەک لە کارگەی شەکرەکەیان دا و ئاگر بەرزبووە. ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی فەقیر و هەژار شەهید دەکات، لەبەر ئەوەی لە حکومەتی عێراق دەدات، چۆن دەڵێی غیرەت گرتینی، هەندێکمان سواری سەیارەکان بووین و هەندێکمان بە پێ. بەرە و شاری سلێمانی بە ڕۆژی ڕووناک کەوتینە ڕێ، هاتینە کەنەسوورە. خەڵکی کەنەسوورە شاهیدن، لەوێشەوە بەرە و ناوشار. ئەو کاتە ش مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەری کە مام هێرش یان لەگەڵ بوو، هاتبوون بۆ قەرەداغ، لەگەڵمان بوون. بەداخەوە مام هێرش لە شەڕێکی تردا شەهید بوو. هاتینە بەرامبەر گەڕەکی ئابڵاخ، سەر گردەکە، کە ئێستا مەزاری شەهیدانی لێیە. بۆ چەند سەعاتێک سەیتەرەمان دانا. ئەوەی بەردەستمان کەوت، شۆڤڵێک و تەنکەڕێکی پڕ لە گاز بوو. لەگەڵ خۆمان هێنامان بەرە و دێی جێشانە. لە بەردەم جێشانە تەنکەڕەکە چەقی، قورس بوو، ئێمەش بۆرییەکەمان کردەوە و هەرچی گازی تێدا بوو، ڕژاند مان. بە و عەقڵیەتەی ئەوسامان واماندەزانی دنیامان گرتووە. بەڵام شۆڤڵەکەمان سەرخست بۆ سەر شاخ. ڕەنگە یەکەمجار بووبێ بە و شاخەدا

هەڵمان گیرا، چونکی ڕێگە نەبوو، هەر دوای سەعاتێکی نەخایاند سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە بە جاش و مەفرەزەکانیەوە هێرشیان هێنا بۆ سەرمان و تەیارەی هالیکۆپتەر بەسەر سەرمانەوە هەڵسا. ئێمەش لێیان دامەزراین لە نێوان جێشانە و دارۆغادا، هەر لە نزیک نیوەڕۆوە تاکو تاریک داهات، شەڕ بوو. لە سەربازگەی تانجەرۆوە تۆپباران دەکراین. نەمانهێشت حکومەت بە و هەموو ئیمکانیاتەوە بێتە پێشەوە. هاوین بوو، چواردەورمان لەبەر پوش گڕی گرتبوو، شەڕیش بەردەوام بوو. بریندارێکمان هەبوو ناوی سەربەست بوو، پەنجەی قرتا، فەرماندەی مەفرەزەبوو. ئە و شەڕە زۆر ڕوحیەتی بەرز کردینەوە. هەم چوونە ناو شارەوە، هەم دوژمن نەیتوانی زاڵ بێت و کشایەوە. ئەم شەڕە و ئاگر و سوتانە بە بەرچاوی خەڵکی سلێمانییەوە بوو، بە چاوی خۆیان بینییان پێشمەرگە بەرەنگاری گەورەترین هێز دەکات. دوایی تاریک بوو، لە دارۆغا نانمان خوارد و بەسەر شاخدا چوونە وە بەرە و قەرەداغ.

ئەم هاتوچۆیەمان بەردەوام بوو، کەرتی دووی بازیان کە شێخ جەعفەر ئامریان بوو، لەگەڵ لیژنەی ناوچەی بازیان کە هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید بەرپرسیان بوو، زۆربەی شەوەکان دەچوونە ناو شاری سلێمانییە وە و چالاکیان ئەنجام دەدا. لە گەرمیانیش بەهەمان شێوە پێشمەرگەکانمان هەمیشە لە چالاکیدا بوون. لەسەر ڕێگە گشتییەکان دەستیان لە دوژمن دەوەشاند، هەروەها لەبەری بەمۆ و خانەقین، چونکی لە سنووری هەرێمی 5ی قەرەداغدا بوون. لەوێش پێشمەرگەی ئازا و چالاکمان هەبوو، هەموویان خەڵکی ئە و سنووڕە بوون، وەک سەلام کوێخا عەزیز و سالحی برای و مامە عەلەڕەش و کوڕەکانی حەمەفەرەج فەتاح خەڵکی بانی بی، مەحموودی مامە عەزە و مامە عەزەی باوکی، حاجی عەبدوڵڵا، ڕەئوفی یاسە، ئازادی مامە عەلەڕەش و دەیان پێشمەرگەی تر. هەندێکیانم لە پێش شۆڕشەوە دەناسین بە هۆی حیزبی شیوعییەوە.

جارێکیان پێشمەرگەکانی بەمۆ و خانەقین هەندێک مانگای عەرەبەکانیان هێنا، مانگاکان گەورە بوون، پێیان ئەوت مانگای جبوری. عەرەبەکان هاتبوونە سەر زەویوزاری کورد. کوردەکان هەمووی دەرکرابوون، کەسی لێنەمابوو. کە هێنایانن، دۆخی ماددی یەکێتی باش نەبوو، بەخەیاڵما هات وتم با دوو مانگا بنێرم بۆ مام جەلال بۆ نێوزەنگ بۆ ئەوەی ماست و شیری هەبێ. بە برادەرانی ڕێکخستنی خۆماندا بەڕێم کرد. کە گەیشتبوو، مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووم وتبووی برام تۆ کە مانگاکانت ناردووە، گوڵکەکانت لەگەڵ نەناردووە. الاحسان بالتمام. منیش نەمزانیبوو ئەگەر گوڵکەکان نەنێرم، شیرەکەی وشک دەکات. ئیشەکەم بوو بە ئیشی دووجار و گوڵکەکانیشم بۆ نارد. بەداخەوە شتەکانم سووتان، ئەگینا ئە و نامانە بمانایە، باش بوو و خۆشیش بوو. خۆزگە مام جەلال لەبیری مابێ، هەندێک لە هەڤاڵەکان ئەوانەی ئە و سەردەمە پێکەوە بووین، بۆ خۆشی وتبوویان خەڵکی ماستاو دەکات، بەڵام کاک مستەفا مانگا دەکات.

ئەمە ژیانی ئێمە بوو، پڕ بوو لە خۆشەویستیی یەکتر و نیشتمان. ڕۆژبەڕۆژ و ساتبەسات کار و چالاکیمان زۆر دەبوو. گەشەیەکی بەرچاومان کردبوو. ژمارەمان زۆر زیادی کردبوو. کەرت و مەفرەزەکان باش ڕێک خرابوون، کەسانی باش و ئازاو دڵسۆز بوون. لە و سەردەمەدا کۆمەڵێک هەڤاڵی ڕێکخستن هاتنە دەرەوە لە گەرمیان، وەک هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینە و براکانی، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کە ئێستا بە عەلیی پەڕلەمان ناسراوە. سەید محەمەد خەڵکی کفری بوو، بوو بە کادێر، بەداخەوە شەهید بوو. ڕەنگە ناوەکانم لەبیر نەمابێ، بەڵام زۆر بوون. جا نەک هەر لە گەرمیان، لە شوێنەکانی تریش هاتنەدەرەوە هەبوو. پێشمەرگە چالاکیی چاکیان دەکرد و بەردەوام بوون، هەرێمی 5ی قەرەداغ هەر خۆی شۆڕشێک بوو، کادێرە سیاسی و سەربازییەکان بێوچان کاریان دەکرد، بڕوا و متمانەی خەڵکیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو، گەورەیی هەرێمی 5 سنووری نەبوو.

ڕۆژێکیان لە قەرەداغ جەولەمان دەکرد. خۆم و شەهید ئازاد هەورامی و مام ڕۆستەم لەگەڵ هەندێک لە

هەڤاڵەکانی تر، لە مەسۆییەوە بەرە و سێوسێنان دەچووین. ماڵی دایکم و خاڵم لە مەسۆیی بوون، سەردەمێک لە ترسی گرتن لە شار ڕایان کردبوو. منیش جارجارە سەردانم دەکردن. دەبوایە کەسیش نەزانێت لەوێن، لەبەر ئەوەی خەبەریان لێنەدەن و حکومەت بێت بیانبات.

مام دەروێش سالّح پێشمەرگەیەکی هەتا بڵێیت ئازا بوو، کۆنە شیوعی بوو لەگەڵ خۆم، لە زووەوە دەمناسی، شوکر ئێستاش هەرماوە. لەگەڵ هەڤاڵ حەمە قاشتی کە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندە، یەکێک بوو لە کورە ئازاکانی هەرێمی ئەوکاتە، هەردووکیان فەرماندەی دەستە بوون. ڕۆژێکیان هاتن و مامۆستایەکی عەرەبیان هێنابوو لە دیوی شارەزوور لە زەڕ ایەن. زەڕایەن جاشی زۆر لێبوو، مۆڵگەکانیان لەوێ بوو، لە دیوی سیارە و چنارە لای دەربەندیخان لەسەر جادەی سلێمانی دەربەندیخان کەمینیان دانابوو. سەیارەی ئەم مامۆستایەی تێکەوتبوو، ئەم مامۆستایەش لێپرسراوی منەزەمەی بەعس بوو لە زەڕایەن. کاتی خۆی لە پیشەسازی سلێمانی مامۆستا بوو، ناوی ڕەشید مەجید محەمەد بوو، کەسێکی چوارشانە بوو. هێنایان بۆ لام. تازە بە هۆی خیانەتەوە دکتۆر چیا کە کادێرمان بوو و کورێکی زۆر باش و ڕێکوپێک بوو، شەهید کرابوو. کە هاتن، پاش سەلام و بەخێرهاتن تەسلیمیان کردم، منیش عەرەبیم دەزانی، خۆم فەقیر کرد، تۆزێک قسەم لەگەڵی کرد، لە کاتی قسەکردندا وتی کاکە ئانی زوجتی کوردیە، کاک ڕۆستەم یەک زلڵەی مزری لێ دا، ئە و زەلامە گەورەیە کەوت! وتی وادەزانم کوردەی خوشکم.... وادەزانی پێمان خۆشە ژنەکەت کوردە؟ ئەوکاتە ی مامۆستا بووە لە پیشەسازی، ژنەکەی خوێندکاری خۆی بووە و هێنابووی، دەسەڵاتی هەبوو، کچی حاجی جەلال ناوێک بوو. قسەم لەگەڵی کرد کە ئەگەر پێشمەرگەی لەگەڵ بنێرم بۆ زەڕایەن بە شە و منەزەمەی تەسلیم بکات، من بۆ ئەوەی فێڵی لێبکەم. وتی زۆر باشە و ئاسانە، دیارە ئەویش دەیەوێ فێڵ لە من بکات بە خەیاڵی خۆی. وا دەزانێ گۆڕمان بۆ هەڵدەکەنێ وەک چۆن دکتۆر چیایان شەهید کرد.

لەگەڵ هەڤاڵان ئازاد هەورامی و مام ڕۆستەم بڕیارمان دا. دەستەیەک پێشمەرگەی شارەزای ئە و سنووڕەم بانگ کرد، مۆرم دا لە بڕیارەکە و تەسلیم بە دەستەکەم کرد. لە خەیاڵی خوێدا دەیبەن بۆ زەڕایەن تەسلیمیان بکات، من لە بەرچاوی ڕەشید بە دەستەی پێشمەرگەکانم وت حورمەتی بگرن و لەگەڵی بچن بۆ زەڕایەن، منەزەمەتان تەسلیم دەکات و هەموو شتەکان بهێنن، بۆ ئەوەی وابزانێت بە ڕاستمە. لێپرسراوی پێشمەرگەکانم بانگ کرد، بڕیارە ڕەسمییەکەم پێوت. بۆیە حەزمان کرد بچێتەوە لای زەڕایەن، چونکە لەوێ خەڵکی دەیناسن، بزانن تۆڵەی دکتۆر چیادا هەموو خائنێک ئەمە چارەنووسی دەبێ. ئەوان ڕۆیشتن، کابرای عەرەب دڵخۆش بوو، هەر شەوێ ئەمرەکەیان جێبەجێ کرد. زەڕایەن خەڵکی جاشی زۆر لێ کۆبووبووەوە، لە ڕێکخستنی خۆمان ناو زەڕایەن ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی دوژمن بووین. لەسەر ئەمە حکومەت کەسوکاری هەندێ پێشمەرگەی گرت، وەک باوکی حەمە قاشتی و کەسوکاری تری پێشمەرگەی ئە و سنووڕە.

جارێکی تر لە قەڕەداغ بووین. کەسێکی خراپ گیرابوو بە ناوی....، خەڵکی لای چەمچەماڵ بوو لە دێی...، پاش ئەوەی ئامۆژگاریمان کرد واز لە خراپە بهێنێت، بەڕەڵڵامان کرد. کەچی بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی حکومەت. لە هەندێ جێگە لەگەڵ ئێمە بوو. ئەوکاتە ی گیرابوو، لە دێهاتەکان دابەش دەبووین و نانمان دەخوارد، کە گەڕابووەوە، چوو سواری هالیکۆپتەریان کردبوو، هاتبوو بەدواماندا بگەڕێ. چووبوو بۆ هەندێ دێ، لە هەندێک دێ خەڵکی فەلاح و کاسبیان گرتبوو. لەوێش دێهاتییەکان فلانیانیان ناسیبووەوە کە لە ڕابوردوودا چووەتە ماڵیان. ئەوانەی گیرابوون لەناو تەیارەکەدا فلان دەستی کردبوو بە باخەڵیاندا و هەویەکانی دەرهێنابوون. پێی وتبوون من خۆم لە ماڵەکانی ئێوە لەگەڵ مستەفا چاوڕەشدا بووم. بووبوو بە شاهید بەسەر خەڵکەکەوە. کە خەڵکەکە هاتنەوە، بۆیان باس کردم، نامەیەکم نووسی بۆ کاک ڕۆستەم کە ئەوکاتە لێپرسراوی کەرتی چواری جەباری بوو. مەردانە لە دێیەکەی خۆیان گرتبووی و جارێکی تر بۆی ناردمەوە. پاش ئەوە

شاهیدی لەسەر بوو. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی لە دێ... لەلایەن پێشمەرگەوەئیعدام کرا. پاشان کە کاک ڕۆستەمم بینی، وتی کوڕی خوا خۆ من نەمنارد ئیعدامی بکەن، تۆزێک خزمیشم بوو. ئیتر هەر کەسێک خیانەتی بکردایە چارەنووسی وا دەبوو. لاشمان مەبەست بوو خەڵکی بترسن و خیانەت نەکەن، ئیخباریمان نەکەن. کاک ڕۆستەم زۆر لای ئاسایی بوو.

بەرەوپێشچوونی هەرێمی 5

دۆخی هەرێمی 5 هەتا بڵێیت باش بوو، زۆر زیادی کردبوو، خەڵکی لە هەموو شوێنەکانی سنووری هەرێم بە هەموو شتێک هاوکارییان دەکردین. ماڵەکانیان وەک ماڵی خۆمان بوو. هەستاین بە دروستکردنی هێزی پشتیوان. هەرێمەکەش لە ڕووی ژمارەوە گەورە بوو، پەیوەندیی باشمان لەگەڵ شارەکانی (سلێمانی، دەربەندیخان، کەلار، کفری، چەمچەماڵ) هەبوو. ڕێکخستن زۆر هاوکارییان دەکردین، دەنگوباسی ڕۆژانەیان بۆ دەناردین لەسەر هەڵسوکەوتی دوژمن و پیاوەکانی ڕژێم. بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە ترسی جارانمان نەمابوو و زیاتر دەچووینە دێیەکانەوە. لە ڕووی ئیشوکاری حیزبییەوە کاک ئازاد هەورامی دەورێکی یەکجار باشی بینی، ڕێکخستنی خستە شارۆچکەکانەوە، دەوری باشیان هەبوو.

شەهیدبوونی خالید گەرمیانی

ئێمە ئاگادار نەبووین مامۆستا جەعفەر کە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو، لە نێوزەنگ هاتووەتە خوارەوە و چووە بۆ گەرمیان. ئێستاش نەمزانی بۆچی هاتبوو. دەوری سەعات 8ی سەرلەبەیانی بوو. لەگەڵ شێخ جەعفەر و کاک ڕۆستەم لە خاوێ بووین. نەمانزانیبوو سەر شاخی پشتی خاوێ گیرابوو، دیار بوو بە شە و لە سەنگاو یان چەمچەماڵەوە هاتوون، دەوری دێهاتەکانی تریش گیرابوو، دێ خاویش وەک دۆڵێک وایە، ئەگەر سەرشاخت لێبگیرێ، ئیشت زەحمەت دەبێ.

هەر ئەوەندەمان زانی لەسەر شاخەوە دەستڕێژیان لێکردین و شەڕ دامەزرا. ئینجا زانیمان دەورمان گیراوە. من لەگەڵ شێخ جەعفەر و مام ڕۆستەم تینمان بۆ هات. یەکەمجار خۆمان ڕزگار کرد. بە دۆڵەکەدا چووینە خوارەوە و کشاینەوە، لە لایەکی ترەوە هەڵگەڕاینەوە بۆیان. لەگەڵ پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە و کەوتینە شەڕەوە. هالیکۆپتەریش مۆڵەتی نەدەدا و بەسەر سەرمانەوە بوو. تاکو دەوری عەسرێکی درەنگ شەڕمان لەگەڵ کردن. مام ڕۆستەم شارەزابوو لە ئاربیجیدا، چەند گوللەیەکی ئاربیجیی نا بە هالیکۆپتەرەکەوە، وتیان پێکاویەتی، لای ئێمە هیچ نەکەوتە خوارەوە، مەگەر عەزیەتی پێگەیشتبێت. لە و شەڕەشدا سەلامی فەقێ عەلی کە خەڵکی کفری بوو و برای شەهید قاسم بوو، لەگەڵمان بوو، سەردەستەی پێشمەرگەکانی لای خۆم بوو، دەوری هەبوو. ساچمەی هالیکۆپتەرەکان چاوێکی بریندار کرد، ئێستاش بە و چاوەی نابینێ. بنەماڵەی سەلام بنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری کفری بوون، هەموو گەرمیان دەیانناسن، بنەماڵەیەکی دڵسۆزن.

دوای شەڕەکان هاتینە خوارەوە بۆ دێی قازانقایە، دیار بوو دوژمن زانیاریی هەبوو لەسەر هاتنی مامۆستا جەعفەر. ئە و ناوەیان گرتبوو و کەمینیان دانابوو. خالید گەرمیانی بۆ ئەوەی مامۆستا جەعفەر بگەیەنێتەوە لای ئێمە لە قەرەداغ، لەگەڵی هاتبوو، کەوتبووە کەمینەکەوە. خالید شەهید دەبێ، بەڕاستی گەورەترین خەسارەتی هەرێمی پێنجەم بوو، چونکی خالید زۆرزۆر هەڵسووڕاو و ئازا بوو، چەندین چالاکیی لەناو شاری کفری ئەنجام دابوو. لە بیرمە جارێکیان لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا چووبوونە خوارەوە بۆ ناوچەی دوژمن بۆ خوار دووزیش، لە دێیەک بە ناوی ئەبووسەباح چەکێکیان هێنابوو. جارێکی تر کوڕی بەرێوەبەری پۆلیسی کفرییان

ڕفاند و گۆڕییانەوە بە کەسوکاری پێشمەرگە. بەداخەوە لە و کەمینەدا شەهید بوو. لە گەرمیان بە ئاسانی شۆنەکەیمان بۆ پڕ نەکرایەوە. بەڵام خۆشبەختانە دەیان کادێری سیاسی و سەربازی لە گەرمیان دروست بوون. هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوو. ناکرێ دەوری هەڤاڵەکانی تر باس نەکرێ، هەموویان زۆر چاک بوون، سامان گەرمیانی جێگرم بوو، سەرپەرشتیی گەرمیانی دەکرد، دەوری مەلا ئیبراهیم بەرپرسی ناوچەی گەرمیان بوو. ئێستا لە نەمسایە و دەبێ هاتبێتەوە. هەر لە و ساڵەدا بوو خۆمان ئامادە کرد بۆ سەرکردایەتی بۆ کۆنفرانسی سێ.

شەڕی گەورەی لای ئیمام قادر و دێوانە

هەر لە قەرەداغ بووین. ئێوارەیەک حەمە قاشتی و مام دەروێش سەیارەیەکی لاندکرۆزەری پشتبەتاڵیان هێنا. هی کارگەیەکی بەرد بوو لای دەربەندیخان. شۆفێرەکەی میسری بوو. کە هێنایان، تەسلیمی منیان کرد. هەرچەند میسرییەکە زۆر هەوڵی دا ئۆتۆمبێلەکەی بدەینەوە، وتمان هی حکومەتە، ناتوانین بتدەینەوە، میسرییەکەمان ئیزن دا. بۆ بەیانی هێزێکی گەورەی سوپا لە دەربەندیخانەوە هێرشیان هێنا و ناقلە و سەربازێکی زۆریان لەگەڵدا بوو، هالیکۆپتەر بەسەر سەرمانەوە بوو، ئێمەش لە دەوری ئیمام قادر و بنارەکە بە چەند قۆڵێک لێی دامەزراین و شەڕ دەستی پێکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، پێشمەرگەکان دەورێکی مەردانە و قارەمانەیان بینی. ئێمەش لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی لە قۆڵێکەوە دامەزراین، جارجارەش دەگەڕام بۆ لای قۆڵەکانی شەڕەکە و لەوێش حەمە قاشتی و مام دەورێش دەوریان دیار بوو، شارەزای ناوچەکەش بوون، تاکو ئێوارە تاریکی کرد، شەڕ بەردەوام بوو، تۆپخانەکانی سەربازگەی دەربەندیخان تۆپبارانی دەکردین. هالیکۆپتەر بە سەرمانەوە دەستڕێژی دەکرد، بێجگە لە سوپا کە دەیانویست بێنە پێشەوە. ئە و هێزە زۆرەی دوژمنمان شکست پێهێنا و ئێوارە کشانەوە. نەیانتوانی لە جادەکە زیاتر بێنە پێشەوە. ئێمەش پاش شکاندیان گەڕاینەوە بۆ جێگەی تر، لەوێش خەسارەتمان نەبوو. لەوان کوژراو و بریندار هەبوو.

هاتنی هەڤاڵان شەوکەتی حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس

لە و ماوەیەدا لە بناری شاخی بەمۆ و دێهاتەکانی ئەوبەر ئاوی دەربەندیخان پێشمەرگەی چاکمان هەبوون. سەرکردایەتی بڕیاریان دابوو کە بەری خانەقین و ئەوبەری ئاوی سیروان بکرێت بە هەرێم، ناوی هەرێمی 9یان بۆ دانابوو. کاک شەوکەت حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس هاتن. ئامرهەرێم و جێگرەکەی، نامەی سەرکردایەتییان بۆ هێنابووم بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەم بۆ کردنەوەی ئە و هەرێمە و ئە و پێشمەرگانەی خەڵکی ئەوبەرن. کەرتێک زیاتر بوو بۆیان بگوێزمەوە بۆ سەر هەرێمی 9، چەند ئیمکان دەبێ، هاوکارییان بکەم بۆ سەرکەوتنی ئە و هەرێمە و چوونیان بۆ بەری بەمۆ بۆ پەڕاندنەوەیان.

من و ئازاد هەورامی لەگەڵ کاک شەوکەت و سەلاحی موهەندیس دانیشتنێکمان کرد و بڕیارمان دا هەموو پێشمەرگەکانی سنووری خانەقین، واتە بەری ئەوبەری دەربەندیخان و بەمۆ و سەرتەک، هەموویان بگوێزینەوە بۆ ئەم هەرێمە تازەیە، هەرواشمان کرد. چەند ڕۆژێک لامان مانەوە، دوایی بەرنامەی خۆیان دانا بۆ ڕۆیشتن و پەڕینەوە بۆ ئەوبەر. ئێمەش باشترین پێشمەرگەکانی ئە و سنووردەمان تەسلیم کردن. لە و کەسانەش سەلام کوێخا عەزیز، مەحمودی مامە عەزە، ساڵح کوێخا عەزیز، مامە عەزە، حاجی عەبدوڵڵا، کاک عەلەڕەش لەگەڵ خزم و کەسوکاری پێشمەرگەیان و دەیانی تریش.. لەمەودوا خۆیان لە ئیشوکارەکانیان بەرپرسیار دەبن.

ئەوەی جێگەی داخە، چەند مانگێکی نەخایاند و گەڕانەوە. کاک شەوکەت و کاک سەلاح پێکەوە نەگونجان.

ئەمەش کاریگەریی کردە سەر باقیاتی هێزەکە، ژیانیش لهو ناوچە چۆڵەوانییە ئاسان نەبوو بۆ هەرێمێک، ئە و پێشمەرگانەی کە بۆمان گواستبوونەوە، گەڕانەوە بۆ لای خۆمان بۆ هەرێمی 5ی قەرەداغ.

ڕۆیشتن بۆ کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە

من و کاک ئازاد هەورامی بێجگە لەوەی لێپرسراوی سیاسی و سەربازی بووین لە قەرەداغ و گەرمیان، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەش بووین، ئیشەکانمان پێکەوە بوو، زۆریش تەبا و گونجاو بووین.

لە دوای ساڵی 1980 کە ماوەیەکی زۆر ئیشمان کرد، داوا کراین بەپێی ئە و بەرنامەیەی دانرابوو، بچین بۆ نێوزەنگ بۆ لای سەرکردایەتی. بڕیاری کۆنفرانسی کۆمەڵە دراوە. ئەوانەی بە پێی بەرنامەکە بەشدار دەبن، خۆمان ئامادە کرد، هەموویان ئاگادار کرانەوە و ڕۆژی سەفەرمان دیاری کرد بۆ هەڤاڵانی قەرەداغ و گەرمیان بۆ ئەوەی یەک بگرینەوە و بکەوینە ڕێگە بە مەبەستی کۆنفرانس. بەڕێ کەوتین، بە چەند شە و و ڕۆژ و بەزاندنی کەمینەکانی ڕێگە هەموومان گەیشتینە لای سەرکردایەتی. هەر ئێمەش نەبووین، لە هەموو سنووری هەرێمەکان و هەروەها ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک) و هەموو شوێنەکانەوە هەڤاڵان هاتن و لە کاتی خۆیدا ئامادە بوون. هەموومانیان دابەش کرد بەسەر بارەگاکاندا. باش بوو دنیا گەرمی کردبوو.

ڕۆژی کۆنفرانس دیاری کرا و هەمووان بەشدار بووین. دیار بوو کێشە زۆر هەبوو، لە دروستبوونی کۆمەڵەوە ناکۆکیی لە ناو هاوڕێکاندا هەبوو. من خۆم لە بەشێکی زۆری ئە و کێشانە بێئاگا بووم، چونکی لە دامەزراندنی کۆمەڵە و کێشمەکێشی ڕابوردوو ئەوەی قڕەقڕی لەسەر بوو، هەر تێیدا نەبووم. کێشەکانیش تایبەت بوون بە کۆمیتەی هەرێمەکان و ناکۆکیی ناو سەرکردایەتیی کۆمەڵە و زەمانی شەهید شەهاب شێخ نووری و چوونیان بۆ ئێران، گرتنیان و تەسلیمکردنەوە و چیرۆکەکانی. ئەوەی ڕاستی بێت، من پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێ (مەلا بەختیار، کاک سالار عەزیز، کاک ملازم عومەر، کاک نەوشیروان) هەبوو. هەر ئە و سەردەمە کە لەسەر سنوورەکەوە گەڕاینەوە بۆ شۆڕش، هەر ئەوانم بینی بوو و ئەوانم دەناسی، هەڤاڵەکانی تر لە زیندان بوون و گوناهی من نەبوو، کە پەیوەندیم لەگەڵیان نەبوو، من کە لە شارباژێڕ یان قەرەداغەوە ئەچووم بۆ نێوزەنگ، هەر لە بارەگاکانی ئەوان ئەمامەوە. خۆشەویستی و پەیوەندیمان وەک یەک گیانی لێهاتبوو. خۆشەویستی سنووری نەبوو. برادەرانی زیندانیش تازە بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرابوون. ساڵی 1979 پەیوەندیم تازە دروست کردبوو لەگەڵ هەڤاڵانی وەک کاک عومەری سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادر و ئەرسەلان بایز و عەلی بچکۆل و ئاوات عەبدولغەفور و ئاسۆی شێخ نووری و هەندێکی تر. من قۆناغەکانی پێشمەرگایەتیم تێپەڕاندبوو. لە قۆناغی فەرماندەیی هەرێمدا بووم، کام هەرێم؟ ئە و هەرێمەی جێگەی بڕوا و متمانە و هێزی گەورەی یەکێتی بوو و لە ماوەی سێ ساڵدا کە هەموو ساڵێ سەرژمێری چالاکیی پێشمەرگایەتی دەکرا، بە شاهیدی هەمووان قارەمانی یەکەمی ساڵ دەرئەچوو، بێجگە لەوەی هەر یەکێتی هەبوو لەوێ، کۆمەڵەش بە حوکمی دەوری من باڵادەست بوو، بنکەی سووریان پێدەوت. وام دانابوو ئەبمە جێگەی ڕێز و گەورەیی لای هەموو برادەران. لەسەر کۆنەکان زۆر شارەزایم نەبوو. لە دەنگەدەنگی کۆنفرانسدا ئە و شتانەم زانی، لەسەر مەسەلەیەک کە دەهاتە پێشەوە و ئەبوو بە بڕیار یان دەستی بۆ بەرز بکرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، تەماشای مەلا بەختیار و کاک سالار جارجارەش کاک نەوشیروانم دەکرد، لەگەڵ ئەوان دەستم بەرز کردەوە، لەولاشەوە وەک وتم دەورم هەبوو لەم شۆڕشەدا هەر لە دروستبوونی هەرێمی 3ی شارباژێڕ پێش و پاشی نەکسەی هەکاری. دوای شەهید سیروان کە من چوومە قەرەداغ حسابی زۆرم لەسەر هەڵچنی بوو، لە ڕووی ژمارەوە 150 پ.م، ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندا بوو. بێجگە لە شەڕی ڕۆژانە لەگەڵ دوژمن کە پەلامار دەدراین.

دامنابوو حسابی تایبەتیم بۆ بکرێ. لە شۆڕشی گەلاندا وایە. خۆم بە پاڵەوانی مەیدانەکە دەزانی، لە کێشمەکێشی ناو کۆنفرانس و هەندێک لە هەڤاڵەکان کە فێر کرابوون، بە غەدر قسەیان کرد لەسەرم، زەمینەیەکی وایان دروست کرد هەم کۆنفرانس کێشەی زۆری تێکەوت، هەم منیش دەرنەچوومەوە، ئیتر بیرم کردەوە ئەمە وەفای سیاسەتە، وتم ڕەنگە لەناو شۆڕشەکانی دنیا و میللەتانی تری دنیاش وابووبێ. من لای خۆمەوە لە و برادەرانەی بە ناهەق قسەیان کرد، زوێر بووم. کۆنفرانس تەواو بوو بە پینەوپەڕۆ و بە هەزار قڕەقڕ و شەقەشەق و بێنەوبەرە. باڵەکەی من دۆستیان بووم، سەرکەوتوو نەبوون، منیش بە ئاگری ئەوان سوتام. وەک وتم لەگەڵ دەستبەرزکردنەوەکاندا لەگەڵ ئەوان دەستم بەرز دەکردەوە، وتم باشە گوناهی من چی بوو؟ نە لە کۆمیتەی هەرێمەکان بووم، نە لە و شتانەی دەنگەدەنگی تێدا بوو. بە هەرحاڵ، دڵم زۆر شکا، بیرم کردەوە لە سیاسەتدا زۆر ناهەق دەکرێ، ئەمەش یەکێکە لەوانە، بەتایبەت لە لایەن هاوڕێکانی خۆتەوە. ئیتر کێ هەڵبژێرا و کێ هەڵنەبژێردرا، پینەوپەڕۆیان کرد و تەواوبوو. کاتی گەڕانەوەمان هات بچینەوە بۆ قەرەداغ. سەردانی کاک نەوشیروانم کرد، هیوادارم لە بیری مابێ، بڕواشم وایە پیاوێکی زیرەکە و تەجروبەش شاهیدە. وتم کاک نەوشیروان هەندێک لە و هەڤاڵانە فێرکرابوون، هەندێک قسەیان کرد غەدریان لێکردم، ئەمەش مۆرەکەی هەرێمی5ی قەرەداغ. من ناگەڕێمەوە و کێت پێ باشە، دەوروتەسلیمی لەگەڵ دەکەم، لە کۆتاییدا پاش قسەوباسەکان، کاک نەوشیروان وتی خۆت بڕۆرەوە، کەس لە و برادەرانە نانێرینەوە، وتم باشە.

ئەو کاتە ش کە گەڕاینەوە (کاک ڕۆستەم و شەهید باباتاهیر و هێمن) لە قەرەداغ پێکەوە بووین. وردەوردە گەڕاینەوە و چووینە وە قەرەداغ. ماوەی دوو هەفتەی نەبرد کاک سامان لەگەڵ مەفرەزەیە کدا هاتەوە. منیش لە دێی مەسۆیی بووم، هەڤاڵ کاک سامان نامەیەکی کاک نەوشیروانی دامێ. کە خوێندمەوە نووسیبووی: پاش سڵاو و کەلام. هیوادارم پێکەوە کار بکەن. منیش ئەگەر هەڵەبم یان ڕاست لەم شێوەی نامەیە زۆر دڵگران بووم. من چۆن هاتمەوە و چیی پێ وتم. وتم کاک سامان گیان من ناتوانم بەم شێوەیە کار بکەم، تۆ بچۆرەوە بۆ سەرکردایەتی. تۆزێک دەنگەدەنگمان بوو، من وامزانی چووەتەوە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام چووبووەوە بۆ گەرمیان، پاش چەند ڕۆژێک ئێمە لەگەڵ برادەرانی گەرمیان مەوعیدی پێشترمان هەبوو لەگەڵ مەلا ئیبراهیم کە بەرپرسی سیاسیی گەرمیان بوو، کاک مەحموود سەنگاویشم لەگەڵ بوو. چووین بەدیوی گەرمیاندا. کە چووین، ئە و برادەرانە دۆخەکەیان بە هەڵە تێگەیاندبوون. خەریک بوو تووشی کێشە ببین. کێشە نەبوو، بەڵام دروستمان کرد. خەریک بوو دەستمان بچێتە گیانی یەک. بەڕاستی هەڵەی هەردووکمان بوو، من دەبوایە نامەکەی کاک نەوشیروانم قبوڵ بکردایە، ئەویش بە هەڵە شتەکانی باس نەکردایە.

من نامەیەکم نووسی بۆ سەرکردایەتی لەسەر ڕووداوەکە و هاتنەوەی کاک سامان. دیار بوو ئەویش نامەی نووسی بوو، ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو هەموو کەسێک مۆبایلی پێێ، جهازیشمان نەبوو. بارەگامان نەبوو، ئێواران بە ڕادیۆکەی گەلی کوردستان بە جفرە و ژمارە حەلمان دەکرد، ئیتر ڕادیۆکە وتی بۆ ئاگاداری بۆ ئاگاداری، ئاگاداری هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش دەکەین دوای بەرنامەکان بروسکەی هەیە، ئاگادار بێ. ئەنجا وەرە دانیشە بە تاریکی لەبەر فانۆس بروسکەکان بە جفرە و ژمارە حەل بکە، کە حەلم کرد دەڵێت:

لە مام جەلالەوە بۆ هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش

بە پەلە و بێ دواکەوتن وەرە بۆ سەرکردایەتی بۆ کاری پێویست.

زانیم بۆچییە. ئیتر گەڕامەوە بۆ قەرەداغ، لەوێشەوە جارێکی تر بۆ سەرکردایەتی. بە چەند ڕۆژێ ڕێگە گەیشتم.

لە پێشدا چوومە لای هاوڕێ مەلا بەختیار، ئەوەی ڕووی دابوو، بۆم گێڕایەوە. دوایی چووم بۆ لای مام جەلال، لەسەر ئەوەی ڕووی دابوو، نەسیحەتی کردین. مام جەلال لە دەرەوەی وڵات هاتبووەوە و ڕادیۆیەکی باشی بە دیاری دامێ. زۆر دڵم پێی خۆش بوو.

سەفەرم کرد بۆ تاران

بە فرسەتم زانی مادام هاتووم، سەرێک لە زاهیری برام بدەم. دەمێکە ئاگام لێی نەماوە و لەوێ بەجێم هێشتووە. مۆڵەتی دوو هەفتەم وەرگرت و بەرگەم دروست کرد. چووم بۆ سەردەشت بۆ مااڵی خزمەکانم، لەوێشەوە چووم بۆ تاران. چەند جارێک قسەم لەگەڵ زاهیر و ماجدی پوورم کرد. زاهیر بە هۆی بریندارببوونەوەکەیەوە لەژێر چاودێریی دکتۆردا بوو، عەمەلیاتی دەویست. پاش ئە و چەند ڕۆژە گەڕامەوە بۆ لای سەرکردایەتی، هەر بە گەیشتنم وتیان سەرکردایەتی بڕیاری داوە کە تۆ دەبێ بڕۆیت، بڕیارەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

1- کاک نەوشیروان سەرپەرشتیی هێزەکان دەکات لە باڵەکایەتییەوە بۆ لای ڕواندز و بالیسان.

2- تۆش سەرکردایەتیی هێزەکانمان لە دۆڵی جافایەتی و وڵاخلوو دەکەیت. لە سنووری جافایەتی سەید کاکە بەهێزێکی زۆرەوە هاتووە، شکاندوونی و شەهیدمان هەیە. دەبێ بچیت چارەسەری بکەی و ڕاوی بنێی. منیش وتم زۆر باشە.

من ئامرهەرێمی قەرەداغم، کە هاتووم بۆ سەرکردایەتی، هێزم لەگەڵ خۆم نەهێناوە، زۆربەی زۆری دەستەکەی خۆم لەگەڵ نییە. باشبوو کاک غەریب عەسکەری لەوێ بوو، بەداخەوە غەریب عەسکەری لەم ساڵانەی دوای ڕوخانی سەدام حسێن بە ڕووداوێکی دڵتەزێن وەفاتی کرد. وتیان ئەمیش هەندێک پێشمەرگەی لەگەڵە. لەگەڵتدا دێت بۆ خوارەوە. بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد و ملی ڕێگەمان گرتەبەر. بەرە و گەرماو دەڕۆیشتین، گەیشتین بە (دانای ئەحمەد مەجید و محەمەد تەیب) کە بەرە و سەرکردایەتی دەچوون، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەن لە و دۆخەی بەسەر یەکێتیدا هاتووە. لەوێ ڕووداوەکانیان بۆ گێڕامەوە و لەگەڵ خۆم گەڕانەوە. منیش بڕیارەکەی سەرکردایەتیم پێوتن. لە بێتوش دوو سندوق فیشەکم کڕی. سەید کاکە بە هێزێکی حیزبی سۆشیالیستە وە هاتوون و برادەرانی ئێمەیان تاکو وڵاخلوو ڕاوناوە. لە سیمەکە لای دێ هەرزنە خۆمان هەڵواسی و لە ئاوەکە پەڕینەوە. هاتینە دێ وڵاخلوو. هێزەکەمان بێساحێب بوون. پێش ئەوە جەمال عەلی باپیر شەهید بووبوو. شەهید جەمالی عەلی باپیر دەور و تەئسیری خۆی هەبوو. پاش شەهیدبوونی شەهید جەمال تەنها کاک فاتح شوانییان لەگەڵ بوو. دوایی کاک شێخ دارا ئامرهەرێمی چوار لەگەڵمان یەکی گرتەوە.

ئە و هێزەی لەگەڵ سەید کاکە هاتبوو، واهاتبوو یەکێتی لە ناوچەکە پاک بکاتەوە و بیشکێنێ. لە شاخەکەی بەرامبەری دێ مالومە پێشمەرگەیەک شەهید بووبوو. لە بیرم نییە کێی تریش شەهید بووبوو. ئەمەش دۆخێکی زۆر خراپی دروست کردبوو لای پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە. دیارە کە هەموومان باسی شەڕی ناوخۆ دەکەین، چ ئەوسا و چ ئێستاش بە مااڵوێرانیی دەزانین و کەسمان پێمان خۆش نییە. چی بکەین؟ دروست بووە و هاتووەتە پێشەوە. هەمووشی خۆی بە حەق دەزانێ، یان دەبێ تەسلیم بیت و بشکێی یان خۆڕاگر بیت. ئەنجا ئێمەمانان دەزانن بە چی دەردیسەری و قوربەسەرییەک ئەم شۆڕشە هەڵگیرساوە و گەیشتووەتە ئەم قۆناغە، ئەگینا هەردوولا ئەمانزانی ئەم شەڕە مااڵوێرانییە و تووش بووین.

کۆکردنەوەی هێزەکان و ڕاونانی سەید کاکە

پاش ئەوەی لەگەڵ هێزەکەی هەرێمی 4 یەکمان گرتەوە، نامەم نارد بۆ ئەوانەی پەرتەوازە بووبوون و کەوتبوونە ئەملاوئەولا. لە مالومەوە بەرە و هەڵەدن دێبەدێ بەدوای سەید کاکە و هێزەکەیدا ڕۆیشتین. لەگەڵ کادێرەکان قسەم کرد، مەعلوماتم کۆکردەوە لەسەر هێزەکەی سەید کاکە و ناوچەکە. زانیمان بەرە و دێی شارستێن ڕۆیشتوون و لەوێشەوە بەرە و مەرگە، بێجگە لە هێزەکەی هەرێمی چوار، هێزێکی ترمان هەبوو، لەگەڵ کاک زیرۆ عەبدوڵڵا یەکمان گرتەوە. لەگەڵ کادێرەکان بەرە و مەرگە دەهاتین، دڵشاد تۆفیق حاجی باقی و هەندێک پێشمەرگەی ترمان بینی. دیار بوو ئەوانیش لە مەرگە بوون. لەگەڵ هێزەکەی کە لەگەڵمدایە و هەڤاڵە شارەزاکان کۆمکردنەوە. هەر شەوێ ئە و جێگەیانەی پێویست بوو، هێزم بۆ نارد و ڕێنماییم کردن چی بکەن. تەماشای ناوچەکەم کرد بۆ ئەوەی بزانم چی بکەم باشە.

1- هێزێکم نارد بۆ هەواربەرزە، شاخێکی بەرزە و بەسەر چەند لایەکدا دەڕوانێت، بەتایبەت دێی بیوەکە و ئاوەژێ و شارستێن. لە ڕووی سەربازییەوە جێگەیەکی زۆر گرنگ بوو و ستراتیژی بوو.

2- زیرۆ عەبدوڵڵا هێزێکی لەگەڵ بوو و ژمارەیان پەنجا پ.م زیاتر بوو. خۆشی خەڵکی مەرگە بوو، شارەزا بوو. ئەوانم بۆ شاخی بەردقلیش دانا، ئەمیش بەسەر دێی مەرگە و جادەی قیری سەرەکی و مەلا سەفی و بیوەکە و پاشکێش دەڕوانێ.

3- هەندێک هێزی تری خۆمان هەبوو لە ناوچەکەدا، تیپی 44ی چەکوچ لەگەڵ شێخ سەدرەدین بوون و بە شاخی ئاسۆسەوە بوون، سوفیان و مەرگە لە بەردەستیاندا بوو، بێجگە لە و هێزەی لەگەڵ خۆمدا بوو.

4- بەرەبەیان هێزەکەی سەید کاکە، حەمە عەلی بەردەشانی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، کە ناوەکانیان نازانم، لەگەڵ سەید لە پێدەشتەکەی پشتی بیوەکەدا لە دەرەوەی دێ بوون. لای ئێمەشەوە کەمین دەردەکرێ بۆ لای مەلا سەفی، دڵشاد کادێر بوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دەکەونە کەمینەکەیان و شەهید دەبێ. بەوەش شەڕ دامەزرا و لە یەک ئاشکرا بووین، جێگەکانیشمان لە یەکتر دیار بوو. من خۆشم لە دەوری شارستێن بووم و بەرە و ڕووی ئەوان ڕۆیشتم. ئەگەر هێزەکەی بەردقلیش وەک پێویست بوونایە، ئێمە ئەمانتوانی زیانی زۆریان لێبدەین، چونکی لە بەردەمیاندا نوستبوون، ئێمە سەرشاخمان بەدەستەوە بوو. شەڕ لە چەند قۆڵێکەوە دەستی پێکرد. هێزەکەی ئاسۆس و تیپی 44 لەگەڵمان تەماسیان هەبوو. هێزی سەید کاکە بە درێژایی شاخی دارەبەنان دامەزرابوون. شەڕی سەرەکی لەوێ بوو، تاکو ئێوارە خۆیان ڕاگرت. دوایی شکان و خۆیان گەیاندە دێی سێ ناجیان بۆ پەرینەوە، چوار کەسیان لێکوژرا و بەجێمان، شە و پەرینەوە. سەید کاکە ماینەکەی لێبەجێما، چوونە بناری کۆسرەت، ئێمەش ڕۆژی دوایی هێزەکانی خۆمان ڕێک خستەوە. ئە و ڕۆژە چووینە دێی مەرگە، کە لە و ناوە مەرکەزە. جارێکی تریش هێزەکانم دابەش کردەوە. بە گوێرەی بەرنامەی شەڕەکەمان هەرکەسە جێگەی خۆی بۆ دیاری کرا. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەبوو پاش شکانی هەرێمی 4 هەڵسانەوەیەکی باش بوو. پاش دوو ڕۆژ لەبەری مەرگەوە لە دێی خۆشاوەوە ڕۆیشتین بەدوایاندا بۆ بناری کۆسرەت.

ئە و بەرنامەیەی کە بڕیارە من جێبەجێی بکەم تاکو لەگەڵ هێزەکەی کاک نەوشیروان یەک بگرینەوە، دەبێ بەردەوام بم لەسەری بۆئەوەی لە ناوچەکە دەریان بکەین. شەوێ گەیشتینە دێی توربە. دەبوایە لەبەر حکومەت کە ڕەبایەکانی دیار بوون، هەر بە شە و لە ئاوی دەریاچەی بە بەلەم بپەڕینەوە. لە توربە نانی

بەیانیمان خوارد. بۆ ڕۆژەکەی ڕۆیشتین بۆ چناران. دیار بوو هێزەکەی حەمە عەلی بەردەشانی کە لەگەڵ سەید پەڕیوونەتەوە. حیزبی شیوعی کە عەلی حاجی نادر بەرپرسی بوو، لەوێ هاوکاریی کردبوون و لە و ناوە خۆیان شاردبووەوە، خزمایەتیی هەبوو لەگەڵیان، وەک شیلانەیی دانّدەی حەمە عەلی و ئەوانی دابوو. کە گەیشتم، هەندێک دەنگەدەنگمان بوو لەسەر ئەوەی کردبووی. بەڵام بەوە تەواو بوو، لەوێ تووشی شەڕ نەبووین. ئەو کاتە شەهید سەربازیش لەگەڵ ئەوان بوو. هەر لە بناری کۆسرەت بوون. ئیتر ئێمە کارەکەمان تەواو نەبووە، هەنگاوبەهەنگاو و دێبەدێ بەرە و (کەلکان و ئالیقە و شوشکە و باسەڕە و خدران) ڕۆیشتین، شەوێکیش لە و سنوورە لە بناری کۆسرەت ماینەوە. ڕێکخستنی خۆمان کە خەڵکی سنوورەکە بوون، هاتن بۆ لامان. هەندێک زانیاریان دایێ لەسەر حکومەت و ئە و هێزەی لەگەڵ سەید کاکەیە، لە دێی مێوژە هەرێمی چوارم نارەوە بۆ ئەوەی سنوورەکەیان بە چۆڵی نەمێنێتەوە. دانا ئەحمەد مەجید و برادەرانیان بۆ شەویش لە دێی خدرانەوە بە هۆی چاوساغ و خەڵکی شارەزا بەلای دێی قەسرۆک و کلاوسووراندا پەڕینەوە بەرە و دێی سکتان. ئە و شەوە دوا قۆناغمان دێی سکتان بوو، ئێستا سکتان هاتووەتە سەر جادە، پێشتر لە بناری شاخەکەدابوو، جێگەیەکی باش و قایم بوو.

دەبوایە بە شە و هاتوچۆمان بکردایە، چونکی لەسەر جادەی گشتی ڕەبایەی سەربازی لێیە. هەروەها سەربازگەیەک لە دێی قەمتەران هەبوو، لە سەرێکی تریشەوە بۆ ئەوەی ئەوەی بۆی هاتووین، بیپێکین، ڕۆژی دوایی هێزێکی هەرێمی 14 بە سەرپەرشتیی سواری عەباسی مامەند ئاغا لەگەڵ ئێمە یەکی گرتەوە و سکتانمان بەجێهێشت بەرە و دێی چیوەکان. لە سکتان کورێکی شۆفێری لێبوو، نامەیەکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان و ناردم بۆ سلێمانی بۆ ڕێکخستن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگاتە دەستی کاک نەوشیروان و سەرکردایەتی، بۆ ئەوەی ئاگادار بن کە لە کوێم و چیمان کردووە و چۆن سەیدمان شکاندووە.

کەوتینە ڕێگە و بە شاخەکەدا هەڵگەڕاین، بە شێوەی پێشمەرگانە دوودوو نێوانمان هەبوو، چەند مەترێک لە نێوان یەکتردا بەرە و چیوە کەوتینە ڕێ. چەند سەعاتێک ڕێگەکەی دوور بوو، کە نزیک چیوەی سەروو بووینەوە، من خۆم لەگەڵ هێزێکی کەم بە لای ڕاستدا هەڵکشام بۆ شاخەکە و چوومە لای سەرەوەی، بە دووربین تەماشام دەکرد، بە دەستی ڕاستدا جادەی سەرەکیی بالیسان و سەروچاوە بوو، دێی وەرێ لە بەردەماندا بوو، جادەی قیرە، حکومەت دروستی کردووە. جێگەکەی ئێمە کە خۆمی لێبووم، زۆر قایم و سەخت بوو. دەمەدەمی ئێوارە تەماشام کرد وا چەند چەکدارێک سەردەکەون بۆ ئە و شاخەی ئێمەی لێیە. ئێمەش لێیان دامەزراین. ئەوان ئاگایان لە ئێمە نەبوو تاکو نزیک بوونەوە، دەرکەوت سەید و جەماعەتەکەی لە دێی چیوە بوون. دەنگمان دان و لێمان دان، بەرە و چیوە هەڵاتن. هێزەکەی لای منیش دوایان کەوتین، تاکو ناو دێ ڕاومان نان و شەوی بەسەردا هات. ئیتر لە یەکتر ئاشکرا بووین. لایەکەی هێزەکەی کاک نەوشیروانی لەگەڵە، لە دەوری بالیسانن، زانییان ئێمەش گەیشتووین و جێگەی باشمان بەدەستەوەیە و سەیدمان شکاندووە. ئەوەش زانرا کە هێزەکەی سەید کاکە کەوتۆتە نێوان هەردوو هێزەکەی ئێمەوە، کاک نەوشیروان ملازم سەید کەریمی لەگەڵدایە، بەداخەوە سەید کەریم لە کاتی گفتوگۆی یەکێتی لە ساڵی 1984 لەگەڵ حکومەت جاشەکانی تاسڵوجە شەهیدیان کرد.

بەرەبەیان لە چەند قۆڵێکەوە بۆیان چووین. بە شاخی هەورێدا هەڵگەڕان. هەورێ شاخێکی گەورە و درێژ و سەختە. شەڕ دامەزرا و هەنگاوبەهەنگاو لێیان چووینە پێشەوە. سەید شاخی هەورێشی چۆ ڵ کرد. چەند کوژاوێکی بەجێ هێشت و بەرە و دێی کونە فلوسە ڕای کرد. ئێمەش بە هەردوولامان هێزێکی یەکجار زۆر و باش و بەڕوحیەتمان هەبوو. وازمان لێنەهێنان و دوایان کەوتین. پاش تەواوبوونی شەڕ لە دۆڵی بالیسان و شاخی هەورێ و دێی چیوە لەگەڵ هێزەکەی لای کاک نەوشیروان و سەید کەریم یەکمان گرتەوە. کاک نەوشیروان

کۆبوونەوەیەکی پێکردین، بەرنامەی تازەمان دانا. شەوێک یان دوو شە و لە و ناوە ماینەوە. بۆ ئەوەی سەید و هێزەکەی نەحەسێنەوە، بە دوایاندا ڕۆیشتین و چووینە دێی نازەنین، لەوێ شەوێک ماینەوە. هێزەکەی لای نازەنین لەگەڵ من بوون، ئەوانی تر لای سەید کەریم بوون و لە لایەکی تردە چوون. دلاوەری ئەحمەد مەجید لەگەڵم بوو، بەسەر شاخی سەفیندا سەرکەوتین. دیار بوو شە و لەوێ مابوونەوە، لە چەند سەنگەرێک لێفە و بەتانییان بەجێ هشتبوو لەسەر شاخ.

ئێمەش لەگەڵ هێزەکانی هەولێر و سەید کەریم بووین، کە شارەزا بوون، چونکی هێزەکەی لەگەڵ من بوو، یەکەمجار بوو ئە و ناوچەیە ببینین، لەگەڵ هێزەکانی ئەوان بۆ چەند دێیەک چووین وەک (عەلیان، سوسە، ونەکە تاکو زیارات). ئەو کاتە تۆفیق بیرێژی و ئازاد خۆشناو لەگەڵمان بوون. لەوێ بڕیاریان دا پاش چەند ڕۆژێ من بگەڕێمەوە. سەیدمان بەرە و دەشتی هەولێر ڕاونا. من گەڕامەوە بۆ ناوچەی سەرگەڵوو. ئە و هێزەی لەگەڵمدا بوو، لە ڕێگەی ئاوی دوکان لە تۆربەوە پەڕینەوە بۆ خۆشاو، لەوێشەوە بۆ لای سەرگەڵوو، جارێکی تریش بەهەمان شێوە هێزێکی سۆشیالیست پاشماوەکەیان لە و ناوە مابوون، لە دەوری سێوکانیان لە پشتی سوورداش و دەوری سەرگەڵوو بوون. ڕێکخستنەکانی خۆمان گەیشتنەوە سنوورەکە، زانیاریان هێنابوو و وتیان ئە و پاشماوەیەی حسک لە دەوری سەرگەڵوون، منیش گەیشتبوومەوە هەڵەدن، شێخ دارای حەفید ئامرهەڕێمی 4 بوو لە دوای شەهید جەمالی عەلی باپیر. هێزەکانی هەڕێم و ئەوەندەی لەبەردەستدا بوون، کۆمکردنەوە و لە مزگەوتەکەی هەڵەدن کۆبوونەوەم پێکردن لەسەر ئەم شەڕەی کە هەیە و ئەوەش کە ئەوان دەستپێشخەر بوون. لە کاتی هێرشەکەی سەید کاکەدا برادەرانی ئێمەیان ڕاونا و هەندێکیان شەهید کرد، مادام ژیان پێکەوە نەماوە، ئیتر دەبێ ئێمەش نەهێڵین ئەوان لەم سنوورە بمێننەوە. بڕیار و عەقڵیەتی هەردوولامان بەم شێوەیە بوو. بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان ئامادە نەکەن، نامەیەکی ئەوانمان گرتبوو، کە دەڵێت هێزێکی جاشەکانی جەلالی بە سەرکردایەتیی مستەفا چاوڕەش شەست کەسن و هاتوونەتەوە. بەڵام نەیاندەزانی من لە کوێم، دیار بوو هەواڵیان بۆ چووبوو، بەڵام لە ژمارەی هێزەکە بە هەڵەدا چووبوون، ئێمە زۆر لەوە زیاتر بووین.

بەرنامەمان دانا، پاش قسەکان وتم نابێ بچینە ناو سەرگەڵوو. بەرە و سێوکانیان دەچین، چونکی ئەگەر بچووینایەتە ناو سەرگەڵوو جوابیان بۆ دەناردن. لەوێ هەوادار و دۆستیان هەبوو، خەڵکی ئەوێشیان تێدابوو بە هۆی شەهید شێرکۆی شێخ عەلییەوە. شە و گەیشتینە پشتی سوورداش بەرامبەر شاخەکەی سێوکانیان، کاک زیرۆ و هێزەکەیمان لەگەڵ بوو. شێخ دارا ئامرهەڕێمی چوار پاش شەڕێک لە و ناوە لەگەڵیان شکاندنی و کۆژراویان هەبوو، ئەو کاتە حاجی مەحموودی گەورە دێ حسک بوو، لەگەڵیان بوو. ئەوە دوا مەفرەزەی حسک بوو لە سنوورەکە. ئیتر یەکێتی دەستی بەسەر هەموو ناوچەکەدا گرت. بە نووسراوێک سەرکردایەتیم ئاگادار کردەوە کە شتێک لە و ناوە نەماوە، وەڵامیان دامەوە وتیان تۆش بگەڕێرەوە بۆ قەرەداغ، دەستخۆشییان لێکردم.

گەڕانەوەم بۆ قەرەداغ

پاش بەجێهێنانی ئە و ئەرکەی پێم سپێردرابوو، گەڕامەوە بۆ قەرەداغ. ماوەی مانگێک زیاتر دەبوو هەڕێمی 5م بەجێ هێشتبوو. لە و ماوەیەشدا ئە و هەڤاڵانەی لەوێ بوون، کارەکانی خۆیان بە باشی جێبەجێ کردبوو. کاک سامان لەگەڵ کاک نەوشیروان بوو، ئەویش لە گەرمیان نەبوو. ئیتر پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ قەرەداغ و لەبەر گرنگیی ناوچەی مەیدان و شاخی بەمۆ کەرتێکی تازەمان دروست کرد و چوونە وە بۆ ئەوبەری سیروان، بەڵام هەر سەر بە هەڕێمی 5 بوون، هەموو پێشمەرگە ئازاکان بوون. پاش ماوەیەک مانەوە لە قەرەداغ جارێکی تر سەرکردایەتی داوای هێزی لێکردین بۆ لای خۆیان.

چوونمان بۆ سەرکردایەتی بە هێزەوە

جارجار سەرکردایەتی داوایان لێدەکردین هێزیان بۆ بنێرین. ئێمەش ئەوەندەی ئیمکان بوایە، ئامادەمان دەکرد و دەچووین بە پیر داواکەیانەوە. ئەوکاتە ش بەینی یەکێتی و پارتی باش نەبوو، هەروەها هێزێکی گەورەیان کۆکردبووەوە و هاتبوونە بەرامبەر شێخێ و نێوزەنگ. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی ناچار بوو داوای هێز لە ئێمە و هەرێمەکانی تریش بکات بۆ پارێزگاریکردن لە سەرکردایەتی و بنکە و بارەگایان. بە شارەزایی خۆمان لە دۆخی یەکێتی دەمزانی لە سەرکردایەتی جێگە و پێویستی نییە، بۆ ئەم سەفەرەش چوار هێسترم لە قەرەداغ کڕی. لە دێی سێوسێنان بە قەدەر بارەکانی خواردنی قوتووم کڕی. هەموو پێشمەرگەیەکیش خۆی سەرو بەتانیی هەڵگرت بۆ ئەوەی بچین بۆ نێوزەنگ. لە قەرەداغ شۆڕ بووینەوە بەرە و دێی جێشانە. ژمارەمان نزیکەی سەدوپەنجا پ.م دەبوو، بۆ ئەوەی دەمە ودەمی ئێوارە لەلای پردی قلیاسان و باخی بەختیاری بپەڕینەوە بەرە و قلیاسان و دۆڵی شێرکوژ. پێش ئەوەی هێزەکە بچینە سەرجادەکە، چاوەڕێمان کرد شە و دابێت بۆ پەڕینەوە، تۆزێک ڕووناکی مابوو، چەند پێشمەرگەیەکی شارەزام نارد. ئێمەش دوای ئەوان کەوتینە ڕێگە بەرە و لای ئەوان. نزیک جادەی سەرەکیی سلێمانی-کەرکووک لای پردەکە بووینەوە، دەلیلەکان و پێشمەرگەکان گەڕانەوە و وتیان کەمینی لێیە. ناتوانین بپەڕینەوە، بەهار بوو، گەڕاینەوە دواوە. لەگەڵ هەڤاڵەکانی لێپرسراو بیرمان کردەوە خۆ ناکرێ بچینەوە بۆ قەرەداغ، نەک لەوێ برادەرانی سەرکردایەتی بارودۆخیان باش نەبێ. چی بکەین باشە؟

بڕیارم دا بچینەوە بۆ لای شێخ عەباس و حاجیاوا لە خوار سلێمانی بەرە و بازگەی سلێمانی-هەڵەبجە بچینە پشتی بازگەکە. ئەمەش هەر بە قسە خۆشە، بەتایبەتیش بۆ هێزێکی سەدوپەنجا پێشمەرگەیی و بە شەوی تاریکیش. ئەوەی زەحمەت بوو، بەهار بوو، ئاوی قلیاسان هەڵسابوو. بواریکمان دۆزیەوە و ناچار بووین هەر بە جلەوە خۆمان لە ئاوەکە بدەین، چونکی نەدەکرا خۆمان ڕووت بکەینەوە، بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر پەڕینەوە، بە جلی تەڕ و پێڵاوی تەڕەوە هاتینە نزیک دێی ڕازیانە و لەوێشەوە بەرە و وێڵەدەر سەرکەوتین. دەبێ هەموو ئەمەش بە شە و تەواو بکەین، خەریک بوو دنیا ڕووناک بێتەوە. هەموو شەوەکەی هەر بە ڕێگەوە بووین. کە ڕۆژ بووەوە بە دیوی وێڵەدەردا شۆڕ بووینەوە. وتمان چۆنە ڕەبیەکانی سەر شاخی لای وێڵەدەر تەقەمان لێناکات. چونکی دیار بووین، بەدوای یەکتردا گەیشتینە شارباژێڕ و دێی عازەبان، هیلاکمان تێدا بوو، هەر لە و دەشتە خۆی دابوو بە زەویدا و خەوی لێکەوتبوو، لەبەر هیلاکی لای دێی وەلانە و دەوروبەری لێی نووستبوون. لە دەوری نیوەڕۆدا لە عازەبان هەموومان یەکمان گرتەوە، من خۆشم پێش چوونم بۆ قەرەداغ فەرماندەی هەرێمی 3ی شارباژێڕ بووم، تولەڕێگەکانیش شارەزا بووم. خەڵکی عازەبان و هەموو دێکانی شارباژێڕ دەیانناسیم.

لەوێوە کەوتینە ڕێگە بەرە و سەرکردایەتی، چەند ڕۆژێکی خایاند. بە گەیشتنمان دۆخی ئەوێ خاو بووبووەوە، هێزەکانی پارتی و جود کشابوونەوە. ئێمەش پاش ئەوەی گەیشتبووین، سەرکردایەتیمان بینی و سوپاسیان کردین. گەڕاینەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئالانی ئێرانەوە بۆ دۆڵی سەفرەوزەروون، هاتینە هەناران و قولەڕەیسی و گەیشتینەوە قەرەداغ.

ژیانی پێشمەرگە هەر ئەم تۆزە نییە. بێ ئیمکانیات و فەقیری، بەبێ چەکی باش و بەبێ فیشەک، و گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە لە لایەن ڕژێمەوە یان دەربەدەربوون بۆ لادێکان، هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە و سەردەمەدا. لە و بێئیمکانیاتەی خۆمان چەند جارێک لە دەمی خۆمان گرتۆتەوە و ناردوومانە بۆ سەرکردایەتی.

لە ناوچەی بازیان و قەرەداغ کرێکارێکی زۆریان بۆ کشتوکاڵ دامەزراندبوو غابات، هەر لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون و مانگانەیان وەردەگرت، کادێرەکانمان هەموو مانگێک دینارێکیان لێوەردەگرتن. ئەمە بەشێکی سەرچاوەی داهاتی ئێمە بوو، ئەو کاتە پێشمەرگەی سەڵت مانگی پێنج دینارمان دەدایە، خێزاندار مانگانەی حەوت دینار و نیومان دەدایە، هەموو کاتێکیش نەبوو.

لە گەرمیانیش شەڕی گەورە دەکرا، بەتایبەت لەلای کەرتی چواری جەباری، کە مام ڕۆستەم ئامرکەرتی بوو، دوای ئەویش ڕێشە بوو. لای کفری و کەلار و دەربەندیخان و بازیان دوژمنیان هەراسان کردبوو. ناوشاری سلێمانی بەهەمان شێوە بوو. لە کەرتی جەباری بە هۆی چالاکیی کەرتەکەوە ئێواران هەر لە عەسرەوە ڕێگەی بەغدا دادەخرا. بەڕاستی مامە ڕیشە و موحسین و سەردار و هاوڕێکانیان نمونەی ئازایەتی و مەردایەتی بوون، یادیان بەخێر بێ. خۆ مەفرەزەکانی کەرتی بازیان زۆربەی شە و دەچوونە ناو سلێمانییەوە. چەندجارێکیش خۆم لەگەڵیان چوومە شارەوە بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن.

پاش ئەم هەموو سەرکەوتنە و زیادبوونی پێشمەرگە، سەرکردایەتی بڕیاری دابوو کە شێوەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بگۆڕێ، لە هەرێمەوە بیگۆڕێت بە ناوی تیپ. لەسەر ئەم بڕیارە پرسوڕا بە ئێمەش کرا، بەتایبەت بۆ قەرەداغ، کە زۆر گەورە بووبوو.

دابەشبوونی هەرێمی 5ی قەرەداغ بۆ سێ تیپ

پاش ئەوەی ناوی هەرێمەکان گۆڕدران بە تیپ، بڕیار درا هەرێمی 5ی قەرداغ بکرێ بە سێ تیپ لەبەر گەورەیی سنوورەکە و زۆربوونی پ.م. و بەم شێوەیەی خوارەوە ناویان لێنرا:

1- تیپی 53ی شیروانە لای کاک سامان.

2- تیپی 55ی قەرەداغ لای کاک حامدی حاجی خالید.

3- تیپی 57ی سەگرمە لای کاک ئازادی سەگرمە.

دوای ئەم ڕێکخستنەی تیپەکان سەرکردایەتی منی گواستەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری و بووم بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری. دەبوایە بڕۆم بۆ نێوزەنگ، ئەو کاتە هەڤاڵ ملازم عومەر لێپرسراوی م.ع بوو، پاش دەوروتەسلیم لەگەڵ هەڤاڵان، پەڕیمەوە بۆ شارباژێڕ بۆ ئەوەی لەوێوە بڕۆم بۆ سەرکردایەتی. پێش ئەوەی بڕۆم مەکتەبی عەسکەری و پێش بەجێهێشتنی قەرەداغ حەقی خۆیەتی چەند وشەیەک بڵێم بۆ مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە حەق تاکو ئەو کاتە ی گوێزرامەوە، لەگەڵ هەموو هەڤاڵەکان وەک برابووین، خۆشەویستییەکی بێوێنە لە بەینی هەمووانداا هەبوو. وەک یەک خێزان بووین، بەتایبەت نێوانی من و ئازاد هەورامی وەک یەک کەس ئیشمان دەکرد، بەینی من و شێخ جەعفەر و مام ڕۆستەم و کاک سامان زۆر خۆش بوو. ئەگەرچی تۆزێک ساردی کەوتە نێوانمانەوە، بەڵام ئەوسا و ئێستاش وەک برا وابووین، لەگەڵ کاک دلاوەری ئەحمەد مەجید، عەدنان حەمەی مینە، مەلا ئیبراهیم، مامۆستا جەلال، شێخ تۆفیق، فوئادی حاجی قادر لە برای دایک و باوک خۆشەویستتر بووین. خۆ لەگەڵ هەموو خەڵکەکەی وەک برا و کەسوکارمان لێهاتبوو، هەموومان پشتوپەنای یەکتربووین، ئەو کاتە ی ساڵی 1979 دوای شەهید سیروان کە چووم بۆ

قەرەداغ، بە دڵەڕاوکێ و تۆزێک ترسەوە ڕۆیشتم، بەڵام بەوپەڕی سەرکەوتن خۆشەویستییەوە قەرەداغ بەجێ هێشت بۆ هەڤاڵەکانم. هەموو ئە و هەڤاڵانەی کە ناوم هێناون و باقیاتی ئەوانەی ناوم نەهێناون. ئەوەندە یەکترمان خۆشەویست، وامان حساب دەکرد کە یەکێتی ئێمەی لەیەک کردووە. لە پێشەوە باسم کرد کە هاتم بۆ قەرەداغ سەدوپەنجا پ.م بوو، بەڵام کاتێک لە ساڵی 1982 مانگی پێنج بەجێم هێشت، ژمارەی پێشمەرگە هەشت سەد پێشمەرگە بوو، هەر بۆیەش دابەشی کرا بە چەند تیپێکدا.

پەڕیمەوە بۆ شارباژێڕ و قەراغم بەجێ هێشت

هاتمە شارباژێڕ و کەوتمە سەردانی پێشمەرگەکان و خەڵکی دێکان، چونکی لە ڕابوردوودا لەوێ بووم و هەموویانم دەناسی. بیرم کردەوە تەمەنم هەڵکشاوە، ئەمساڵ و ئەوساڵمان بەڕێ کرد. کاتی ئەوە هاتووە ژن بهێنم، بەڵام چۆن؟ کە لە قەرەداغ بووم، چەند جارێک بەبیرمدا هات، بەڵام زروفی ئەو کاتە یارمەتیی نەداین، کەم کەس دەیوێرا لە ترسی گرتن و ماڵوێرانی خۆیمان لێبدات. لەوێ سەرکەوتوو نەبووم. لە شارباژێڕ بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، کە نزیک سنوورە، دۆخەکە تۆزێک باشترە. ئە و ماوەیەی لەوێ مامەوە، چەند تێپێکی لێبوو.

چەککردنی لەشکری ئیسلامی

لە سەرکردایەتییەوە ئاگاداریان کردم بڕیاریان داوە لەشکری ئیسلامی چەک بکەین، بە نامە ئاگاداریان کردم و دیاریان کردبوو کە من لێپرسراوی یەکەمی ئە و جێبەجێکردنە بم لە شارباژێڕ. من کە لەوێ بووم، نیازی ژنهێنانم هەبوو. کە لە قەرەداغ پەڕیبوومەوە، دوا کەوبووم. ئە و برایانەی لەوێ بوون، ئەمانە بوون: کاک بەکری حاجی سەفەر و کاک سالار عەزیز، کە ماڵیان لە پارەزان بوو، حامدی حاجی خالید، ئاوات قارەمانی، کاک شۆڕش ئیسماعیل، سەلاح چاوشین، کاک وەهاب، کاک شەوکەت حاجی موشیر و چەندین کادێری سیاسی و عەسکەری. لەسەر ئە و بڕیارەی سەرکردایەتی کۆبوونەمان کرد و بۆ جێبەجێکردنی نەخشەمان دانا.

ئە و هێزەی لەشکری ئیسلامی هاتبوونە حاجی مامەند، لە وکاتەشدا وردەوردە لەگەڵ برایانی پارتی پەیوەندیمان باشتر دەبوو، برایانی پارتی بە سەرکردایەتیی نادر هەورامی و کاک عەبدوڵڵا حەمە ئەمین ئاغا لەگەڵ هێزەکانی خۆیاندا بوون.

من و کاک ئاسۆی شێخ نووری و کاک بەکر لەسەر چەند خاڵێک لەگەڵیان ڕێک کەوتبووین. بەڵام ڕێککەوتنی ناوچەیی بوو محلی بۆ هاتنەوەیان بۆ شارباژێڕ. من و کاک نادر هەورامی ڕێککەوتنەکەمان واژوو کرد. بە و شێوەیە هاتنەوە شارباژێڕ، لەبەر ئەوەی دوژمنی هەردوولامان حکومەتی بەعس بوو، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە زۆری نەخایاند.

هەر لە وکاتەدا بوو بڕیارمان دا لەشکری ئیسلامی چەک بکەین. پارتی ئاگای لەوە نییە ئێمە نیازمان چییە. لەبەر ئەوەی من پەیوەندیم لەگەڵ پارتی باش بوو و ڕێکەوتنەکە من واژوم کردبوو لەگەڵیان، وامان پێ باش بوو من بچمە دێ قەڵاتێ و لە نزیک هێزەکانی پارتی بم، بۆ ئەوەی ئەگەر لەکاتی چەککردنی لەشکری ئیسلامی شتێک هاتە پێشەوە، من لێیان نزیک بم و قسەیان لەگەڵ بکەم.

لە بەرەبەیانی وادەی دیاریکراودا لە دوو قۆڵەوە دەستمان کرد بە چەککردنیان. لە قۆڵێکەوە لای سەرگەڵوو، کە

بارەگاکەیان لە بەرگەڵوو بوو. هەڤاڵ ملازم عومەر هاتبوو و لێپرسراوی ئە و بەرنامەیە بوو. لەبەری شارباژێریش من بووم، لە سەعاتی سفر لە دێی حاجی مامەند جێبەجێمان کرد. دەوریان گیرا و هەموویان چەک کران، لە هەردوولا کوژراو هەبوو. هێزەکانیان هەموویان ئەسیر کران. یەکێک لەوانەی ئەسیر بوو، کەسێکی خەڵکی بادینان بوو. پاش ئەوەی کۆتایی هات بە لەشکری ئیسلامی، دوو کەسیان کە بەرپرسیاریان بوون، ڕەوانەی سەرکردایەتی کران. باقیاتی ئەوانی تریشمان هێنایە مزگەوتەکەی چنگیان. پاشان بەرماندان. لەڕاستیدا دەستکەوتێکی باشمان هەبوو لە چەک و ئە و شتانەی پێیان بوو. لە قۆڵی هەڤاڵ ملازم عومەریشەوە بەهەمان شێوە هەموویان گیران و چەک کران. بەداخەوە لە قۆڵی سەرگەڵوو سەلاح موهەندیس شەهید بوو، کادێرێکی سەربازیی باش و خۆشەویست بوو، هەر لە وکاتەدا چەند باریٚ چەکیان دەپەڕاندەوە بۆ لای سەرگەڵوو لای دێی خەمزە. ئەوانیش هەموویان لەلای قۆڵەکەی کاک ملازم عومەرەوە گیران و چەک کران و کۆتایی بە لەشکری ئیسلامی هێنرا.

ژنهێنان

هەر لە و ماوەیەدا سەرکردایەتیم ئاگادار کردەوە کە دوا دەکەوم و نیازی ژنهێنانم هەیە. لە دەوری چنگیان و دێکانی ئە و ناوە مامەوە. پاش ئەوە ساڵی 1982 ژنم هێنا و ماوەیەک مامەوە. داوایان کرد بچم بۆ سەرکردایەتی. لە ڕێگەی سلێمانی بۆ قەڵادزە و لەوێشەوە بۆ نێوزەنگ، لەوێشەوە لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خێزانمیان هێنا بۆ نێوزەنگ. منیش ئەوکاتە ی کە لە قەرەداغەوە پەڕیبوومەوە بۆ شارباژێڕ، ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتام پێبوو. لەگەڵ خۆم هێنابووم، هی حکومەت بوو و ڕفاندبوویان بۆم. هەر بەوەش لە قەرەداغەوە پەڕیمەوە، سەرکێشییەک بوو بۆ خۆی. کە ڕۆیشتم بۆ مەکتەبی عەسکەری، پێشکەشی کاک بەکری حاجی سەفەرم کرد. ئەوکاتە ئە و ئامرهەرێمی 3ی شارباژێڕ بوو.

دوای من لە ڕێگەی شارباژێڕەوە بەلای موبرە و بەندی موبرە ڕۆیشتم. لەگەڵ پارتیدا نێوانمان خراپ بووبوو، ساردی کەوتبووەوە نێوانەوە، لای بەندی موبرە خەریک بوو بکەوینە کەمینەوە. بە شارەزایی خۆمان دەرچووین. کەمینەکە پارتی نەبوو، هەندێ کەسی خراپیان لابوو، لەگەڵ من کێشەیان هەبوو و ویستیان سوود لە و دۆخە وەربگرن.

کارکردن لە مەکتەبی سەربازی

کە گەیشتمە لای سەرکردایەتی، لە مەکتەبی سەربازیی هەڤاڵ ملازم عومەر لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی چووبوون بۆ دیووی ئێران بۆ هاوکاریی کوردەکانی ئێران و حیزبی دیموکرات لە جەبهەی کونەمشکە و میراوا. پاسدار و حکومەتی ئێران هێرشێکی گەورەیان هێنابوو بۆ سەر هێزەکانی کوردستان. ئێمەش وەک هێزی پشتیوان بەشداریی ئە و شەڕانەمان کرد. برادەران لەوێ بوون، هێزەکانمان لە هەموو تیپەکان و سنووورەکانەوە بانگ کرابوون و لە شەڕەکەدا بوون. ئیتر من کە گەیشتم، ڕۆژانە لە مەکتەبی سەربازی دەوامم دەکرد. هێزەکانمان چووبوونە قولایی ئێرانەوە. بێجگە لە جەبهەی میراوا وکونەمشکە، شەڕ لە جەبهەی ئالۆوەتان گەرم بوو. لە کونەمشکە شەهیدمان زۆر بوو، زستانێکی زۆر سەختیش بوو، شێخ فەیسەڵ شەهید بوو، خەڵکی هەڵەبجە بوو، ملازم خولە بریندار بوو، بڕبڕەی پشتی بەرکەوتبوو، لە کۆتایی شەڕەکان کشاینەوە. برادەران گەڕانەوە و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا. لە وکۆبوونەوەیەدا بڕیاری دروستکردنی مەڵبەندەکان درا.

دروستبوونی مەڵبەندەکان

لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی بڕیاری دروستکردنی چەند مەڵبەندێک درا، مەڵبەندی یەکی سلێمانی بارەگاکەی لە حاجی مامەند بوو، مەڵبەندی دووی کەرکووک بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بوو، مەڵبەندی سێ بارەگاکەی لە سما قوولی بوو، مەڵبەندی چوار لە بادینان بوو. بۆ مەڵبەندی دوو بڕیاریان دا من ببمە لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی دوو و بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بێت، پێکهاتەی مەڵبەندی دوو بەم شێوەیە دیاری کرابوو:

1- عەلی بچکۆل لێپرسراوی مەڵبەند.

2- مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەند.

3- شێخ دارای شێخ جەلال حەفید لێپرسراوی دارایی.

4- شێخ محەمەدی شێخ مەحموود لێپرسراوی کۆمەڵایەتی.

5- ئاوات عەبدولغەفور لێپرسراوی سیاسی.

6- شێخ عەبدولکەریم حاجی کاکەی شەدەڵە لێپرسراوی ئیداری.

ئێمە لە نێوزەنگ بووین لە بارەگای سەرکردایەتی. زستانی ساڵی 1982 بوو، هاتینە خوارەوە بەرە و سەرگەڵوو، شوێن دیاری بۆ مەڵبەند کرا. لە ڕێگەی بێوران پشتی سەردەشتەوە بەرە و دۆڵەگەرم سەرکەوتین بەسەر شاخی زەردەدا، بۆ بێتوش شۆڕ بووینەوە. پاش دوو سێ ڕۆژ ڕێگە گەیشتنە سەرگەڵوو، بەڵام بۆ بڕیاری کردنەوەی مەڵبەند نە بارەگامان هەبوو نە ئیمکانیات.

کردنەوەی بارەگای مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو

سەرگەڵوو جێگەکەی دەکەوێتەوە چاڵاییەکی بەرامبەر شاخی دابان هەلاج. لای ڕۆژهەڵاتنەوە هەڵەدنە، ڕۆژئاوای سێوکانیانە و پشتی بەرگەڵوو دێ چاڵاوایە، دەوروبەری سەرگەڵوو جێگەیەکی سەختە، بەتایبەت شاخەکانی دەوروپشتی و بەرگەڵوو. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بارەگای هێزی ڕزگاری بوو و ڕەئیس عەبدوڵڵا ئامرهێزی بوو. ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمەمانان بووین لە جێگەی وەهادا بارەگامان دادەنا، چونکی لە شاخی دابان بەرامبەر ناو دێیەکە بەچاوی بێ دووربین سەربازەکان و ڕەبیەکانی ڕژێمی عێراقیمان دەبینی هاتوچۆیان دەکرد. ئەوەندە نزیک بوو، جارجارە سەربازەکان تەقەیان لەناو دێ دەکرد.

چووینە سەرگەڵوو، ئەوەش بە حوکمی ئەوەی شێخ محەمەدی شێخ مەحموود خەڵکی سەرگەڵوو بوو، هەروەها شێخ عەبدولکەریم خەڵکی شەدەڵە بوو، خزمەکانی هەردوولایان لەوێ هەبوون، لە و بێجێگەییەدا خۆمان و پێشمەرگەکان چەند ڕۆژێک لە ماڵی شێخ محەمەد بووین و خزمەتێکی زۆر زۆریان کردین، خاڵە شێخ مەحموودی باوکی و دایکە بەڕێزەکەی زۆر زەحمەتیان کێشا لەگەڵمان. پاشان ژوورێکی بچوکمان پەیدا کرد و کەوتینە کاری خۆمان. ئە و تیپانەی سەر بە مەڵبەند بوون، بانگمان کردن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن. ڕێنماییە تازەکانمان لەسەر ئیشکردن پێوتن.

ئەم تیپانەش سەر بە مەڵبەند بوون، من خۆم لێپرسراوی ڕاستەوخۆی تیپەکان بووم.

1- تیپی 47ی پیرەمەگرون، سنووری چالاکی: کارێزە و گاپیلۆن و شاری سلێمانی و دەوری دۆڵەڕووت، چەند بتوانێ چالاکی بکات.

2- تیپی 23ی سووڕداش، ئەویش لە دوکانەوە بۆ سلێمانی.

3- تیپی 57ی سەگرمە لەبەری قەرەداغ بوو.

4- تیپی 21ی کەرکووک، مام ڕۆستەم.

5- تیپی 25ی خاڵخالان، کاک نەبەز.

6- تیپی 43ی ئاسۆس، عەبدولڕەحیم.

7- تیپی 44ی چەکوچ، شێخ سەدرەدین.

8- تیپی 68ی مامەندە، قادری مامەند ئاغا.

9- تیپی 63ی جوتیاران، محەمەد ڕازانی.

10- تیپی مەڵبەند، فاتح شوانی.

11- تیپی 65ی بلفەت، مەولود هێرویی.

12- تیپی کوڕەکاژاو، هۆمەر ئاغا.

هەریەکە و سنووری جوگرافیای خۆی جیاواز بوو، سنووریان دیاریکراو بوو. خۆشمان ئەمانزانی، هەموو تیپێک ڕابەری سیاسی هەبوو، شانەشانە ڕێکخستنی تێدا بوو، لە ڕووی سەربازیشەوە کەرت و مەفرەزەکان دیاری کرابوون و لێپرسراوی خۆیان هەبوو.

دروستبوونی مەڵبەند و بەڕێوەچوونی

کە هاتینە خوارەوە، سەرکردایەتی ئەوەندە ئیمکانیاتی نەبوو شتێکمان بدەنێ تاکو بارەگاکە دابنێین یان مانگانە شتێکمان بۆ دیاری بکەن. تواناکەمان لەسەر هاوکاری و پیتاکی خەڵک بوو، بەتایبەت لە شاری سلێمانی.
بەحوکمی ئەوەی مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند بوو لە شارباژێڕ و دەوری بەرزنجە، هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی بوو، خۆشی چونکی هەموو ناو شاری دەناسی، لەگەڵ ڕێکخستندا پەیوەندییەکی لە ئێمە باشتری هەبوو. خۆشی پێش شۆڕش لە ناوشار ئیشی کردووە، وای ڕێک خستبوو یارمەتییان بۆ ئە و دەنارد. ئێمەش شتێکمان بەر نەدەکەوت یان هەر نەبوو. هەڤاڵانی مەڵبەند شوکر ماون و شاهیدی ئەم قسەیە منن. بیرمان

کردەوە زەحمەتە ئیشی شۆڕشێک و مەڵبەندێک ئاوا بەڕێوە بچێ. ناوبەناو کاک شێخ دارا لێپرسراوی دارایی قەرزی بۆ دەکردین، لە دوای زستان بیرمان کردەوە هەندێک خۆمان کۆبکەینەوە و لە بەرگەڵوو خانوو دروست بکەین و هەریەکەمان بارەگا بۆ خۆی دروست بکات. هەندێک پارەمان قەرز کرد و بە بۆریی شەش ئینجیی ئاسن ئاوی پاکمان لە مزگەوتەکەی سەرگەڵووە بۆ بەرگەڵوو ڕاکێشا. ئاوەکە شەش هەزار دیناری ئەو کاتە ی تێچوو. شێخ محەمەد لە دێی چاڵاوا قەرزی کردبوو، نزیکەی بیست و پێنج هەزار دینار قەرزار بووین.

باشە چی بکەین؟ منیش خەڵکی شاری سلێمانیم دەناسی و خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەر بوون، ناردم بەدوای چەند گەنجێکی ناوشاردا. تابعەیەکی بچوکمان هەبوو و نووسراومان پێ چاپ دەکرد. نووسراوێکم ڕاکێشا بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ ژمارە

مەڵبەندی دوو/ بۆ بەڕێز...../ ڕۆژ.

هیوادارین سەرکەوتوو بن/ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

زەحمەت نەبێ سەردانی مەڵبەند بکەن لە سەرگەڵوو بۆ هەندێک کاری پێویست. تکایە دوا مەکەون.

ئیتر بۆ پێشەوە. بە مۆری مەڵبەند مۆرمان دەکرد.

پاش ئەوەی نامەکانم دا بە و هەڤاڵانە، کوڕە گەنجەکان ملیان لە چەقۆ ئەسوی، نەترس بوون. دوای ئەوە هەرچی نامەی بۆ چوو، یەک و دوو ملی ڕێگەیان دەگرت و دەهاتن بۆ لامان. پاش ئەوەی ڕێزمان دەگرتن، قسەمان بۆ دەکردن و پێمان دەوتن شۆڕش بە پشتیوانی ئێوە سەر دەکەوێت.

ئیتر خوا هەڵناگرێ کەس نەبوو نەیەت. لە دووسەدوپەنجا دینارەوە تاکو هەزار دینار یان زیاتریان دەدایێ. لێرەدا حەق خۆیەتی ئەوە بڵێم تەنها یەک کەس مەبلەغی دەهەزار دیناری بۆ ناردین. ئێستاش سوپاسی دەکەین. ئە وکەسەش مومتازی نووری عەلی بوو، بە هۆی شەهید عومەر سێقەدەوە. لە سلێمانی لە بەنزیخانە ئیشی دەکرد، ژنبرای شەهید ڕەسوڵی حەمەزێڕ بوو، بۆی هێنابن. لە شاریش عومەر ئیشی لەگەڵ دەکردین، بەڕاستی ئە و پارەیە لەوکاتەدا زۆر بوو بۆمان. خەڵکی واش هەبوو جارجارە لە ترسی خۆیان نامەکەیان دەبرد و نیشانی حکومەتیان دەدا، چونکی ئەوەی نامەکەی دەبرد بۆی، نەیاندەناسی. دەترسان پیاوی میری بن، ئەمەش لە سەرێکەوە حەق خۆیان بوو، بەعس لەسەر سڵاوێک دەیان خەڵکی ئەم وڵاتەی لە سێدارە دا، یان نەدەبینرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان دەکرد و درێغییان نەدەکرد لە هاوکاری، شتێکیان دەنارد.

ئە و ماوەیەی کە باسی دەکەم هەڤاڵ شێخ دارا چووبوو بۆ کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان لە دۆڵی بالیسان. من بێجگە لەوەی ئیشی تیپەکانم دەکرد، ڕۆژانە ئیشەکەی کاک داراشم دەکرد. کە لە بالیسان هاتەوە، جانتایەکی دیبلوماسی کە نزیکەی 25 هەزار دیناری تێدا بوو، تەسلیمم کرد. قەرزی دێهاتەکانم دایەوە و پارەی ئاوەکەشم دا کە بە بۆری ڕامان کێشابوو بۆ بەرگەڵوو.

ساڵی 1983 و چالاکیی پێشمەرگە

چووینە ساڵی (1983)ەوە. چالاکی پێشمەرگە زۆرزۆر زیاد بوون، وەزعیشمان بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە باش بوو، تۆزێک حەسابوویندەوە. هەموو تیپەکان لە سنووری چالاکیی خۆیان دوژمنیان هەراسان کردبوو. چالاکیی باشیان دەکرد. ئێمەش ڕۆژانە ڕێنماییمان دەکردن. ئە و کاتە جیهازمان هەبوو، لە دوژمنمان گرتبوو، مەرکەزی تیپەکانیش جیهاز و بارەگاشیان هەبوو.

وەزعی ئێمە و پارتی لە سنووری شارباژێڕ تێک چوو

مەڵبەندی یەکی سلێمانی تووشی کێشە هاتبوون لەگەڵ هێزەکانی پارتی لەلای دێی گۆڕەدیم کە لەولای چوارتاوەیە. لە بەندی موبرە چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە گۆڕەدیم شەهید کردبوو، دکتۆر سیروان و هەشت پێشمەرگەی تر. ئیتر ماوەی دانیشتن پێکەوە نەماوە، ژمارەی شەهیدەکانیش زۆر بوون. هەرچی هێزی پارتی و سۆسیالیست و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، بەری ئەوبەری تەنکەبواریان گرتبوو، تاکو دەچۆوە ئێران و بەشێکی سیوەیل و سورکێو.

یەکێتی کەمینی بۆ کەسێکی تر دانابوو. ئەو کاتە هەڤاڵ ئاوات قارەمانی سەرتیپی 33ی سلێمانی دەبێ. جەزای عەلی کاتب کە کەسێکی دیاری ناو پارتی بوو و لێپرسراویان بوو، شەهید دەبێ. ئەوانیش چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن. ئەوان هەشت کەسی یەکێتییان شەهید کردووە، لێرەش جەزای عەلی کاتب شەهید بووە، کارلەکار دەترازێ. زۆرم پێناخۆش بوو بۆ شەهید جەزا. لە و جێگەیانەی بەدەستیانەوە بوو، بە هاوەن سەنگەرەکانی یەکێتییان تۆپباران دەکرد.

لە مەڵبەندی یەکەوە داوایان لە مەڵبەندی دوو کرد هاوکارییان بکەن و هێزیان بۆ بنێرن بچن بە هانای مەڵبەندی یەکەوە. منیش لێپرسراوی سەربازی بووم. لەگەڵ هێزێک ڕێک کەوتین نازم حەمەی سلێمان. تازە هاتبووە دەرەوە، لەگەڵ یەکێتی بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناوچەی شوان ئامربەتالیۆن بوو. بەڵام کە هاتە دەرەوە، هاتە لای یەکێتی نیشتمانی. من و نازم حەمەی سلێمان سەد پێشمەرگەمان ئامادە کرد، ڕۆیشتین بۆ شارباژێڕ. لە جادە پەڕینەوە. من شارەزای شارباژێڕ بووم. لە تولەڕێ چووینە دێی دۆڵەتوو، لەوێشەوە سۆیرەڵە و هەرمیلە و هەوڵۆ، لە و چەند دێیە هێزەکەمان دابەش کرد. جارێ هەر لەمبەر ئاوی تەنکەبوارین.

هەڤاڵ مەلا بەختیار لە مەڵبەندی یەک جوابی بۆ ناردین لە گفتوگۆدان لەگەڵ پارتی و خەڵکمان ناردووە بۆ لایان، جارێ نابێت هیچ بکرێ، لە جێگەی خۆتان بن. ڕۆژێک دوو ڕۆژ لە و دێهاتانە ماینەوە. نەتیجەکەی هەر خراپتر دەبوو، بەڵام لە جێگەی خۆمان نەجوڵاین. بیرم کردەوە ئەگەر هێزەکانی پارتی و سۆشیالیست بێنە ئەوبەری ئاو و بەرزاییەکان بگرن، ئیتر کاری ئێمەش زۆر زەحمەت دەبێ بۆ پەڕینەوە، پاش ئەوە نائومێد بووین.

بەرنامەی پەڕینەوە بۆ بەری دێی وڵیاوە

شەوی یەکەم پەڕیمەوە بۆ ئەوبەری ئاوی تەنکەبوار و چوومە دێی وڵیاوە. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، هێزێکم سەر خست بۆ سەر شاخەکەی پشتی وڵیاوە و کاک نازم حەمەی سلێمان لەگەڵیان بوو. شەوێ لەسەر شاخ هێزەکانی جود هاتبوونە سەریان و دزەیان کردبوو، بەڵام هێزەکەی ئێمە لێیان دابوون و هاتبوونە دەست، ڕایان کردبوو. هەندێک پێویستیی شەڕیشیان لێ بەجێمابوو. هەر تەقە دەستی پێکرد، منیش سەرکەوتمەوە بۆ لایان،

هەندێکی تریش تەقوتوقمان کرد. ئەوان هەڵاتن، ئێمەش سەنگەرەکانی خۆمان قایم کرد. کە ڕۆژ بۆوە، جێگەکانمان لەیەکەوە دیاربوو. بە تۆپۆتایەکی پشتبەتاڵی شین هاوەنەکانیان هێنا و بەرامبەرمان دایان بەست، دەستیان کرد بە تۆپبارانکردنمان. ئەوەی ڕاستی بێت، هەر زۆر لێمان نزیک بوون، ڕۆژی دوایش بەهەمان شێوە هاتنەوە و تۆپبارانیان کردین.

بەرنامەیەکی باشم دانا، هێزێکی گەرمیانیش هات بۆ لام، عادل شوکریان لەگەڵدا بوو و لێپرسراویان بوو، هەروەها شەهید حەمەڕەشیشیان لەگەڵ بوو. هەر کە تاریکی کرد، بە کەسمان نەوت. لە خوار موبرەوە چوومە قۆخی شێخی و چوومە دێی گورەدێم و بەندی موبرەم گرت. جارێ کەس نەیزانیووە. هێزەکانیشم دابەش کرد. پشتی ماڵەکانی موبرەم گرت تاکو گوڕەدیم بە درێژایی جادەکە:

بەیانی ڕۆژ بۆوە و بە سەیارە هاتن بۆ موبرە، کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی گەرمیانەوە و شەڕ دەستی پێکرد. ئەنجا زانیان ڕێگەی چوارتایان لێگیراوە، هەر ئە و بەیانییە دەیان سەیارە لە چوارتاوە پێویستی و خواردن و نامەیان بۆ دەهێنان. ڕێگەمان گرت و نەمانهێشت کەس بچێت بۆ لایان، بە گرتنی بەندی موبرە و مامەخەلان و گوڕەدیم بەرنامەیان خراپ تێک چوو. لە دەوری عەسردا پێشمەرگەکان هێرشیان بۆ کردن. بەرزاییەک هەبوو، قایم بوو کونەڕەبایەی سەربازیی عێراقی بوو، کۆپانان لەوێ بوون و پاش شەڕێک گیرا. ئەوان شکان و هەڵاتن، کوژراویان بەجێ هێشتبوو. ئیتر هەر ئە و ڕۆژە هەموو ناوچەکە بەدرێژایی جادەکە گیرا، ڕۆژی دوایی تر لە قەڵاتێ و قۆڵی ئەولاوە هێزەکانی مەڵبەندی یەک کە هەڤاڵ حەمە فەرەج لێپرسراوی سەربازیی بوو، هێرشیان کردنە سەر. حەمەڕەش، عزەت شەمساوایی، جەمال حەمەی خواکەرەم، شۆڕش ئیسماعیل، فەرەیدون حەمە ساڵح، سەلاح چاوشین کە ئە و کاتە سەرتیپ بوو، ئاوات قارەمانی، هەموو تیپەکان بەشدار بوون. لە هەردوولاوە هێرشیان بۆ کردن بۆ شاخی لەرێ. تاکو ناو ئێران ڕۆیشتن و ناوچەکە پاک کرایەوە. هێزەکانی جود کشانەوە بۆ ئێران، چەند ئەسیرێکیان هەبوو و دوایی ئازادمان کردن، چووینە حاجی مامەند و بارەگای مەڵبەندی یەک. چەند ڕۆژێ لە و سنوورە ماینەوە، کۆبوونەوەیەکمان لە حاجی مامەند بە پێشمەرگەکان کرد و قسەمان لەسەر ئەنجامی شەڕەکە و سەرکەوتنمان کرد.

هەر ئە و شەوە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لە حاجی مامەند بووین. بارەگا ی شیوعی لەوێ بوو، دیار بوو شیوعییە کان لە هەموو بەرەی شەڕەکان لەگەڵ جود شەڕی یەکێتییان کردووە، بەتایبەت لە بالیسان کە بارەگای مەڵبەندیان گرتبوو. هەروەها کەمینی جود کە بووە هۆی شەهیدبوونی سەرباز و شەماڵ، ئێمەش بروسکەمان بۆ هاتبوو لە سەرکردایەتی کە لە شیوعییە کانیش بدەین مادام لە هەموو جەبهەکان شەڕیان کردووین. ئەوەی ڕاستی بێت، لامان باش نەبوو، لەبەر ئەوەی شیوعییە کان کە مامۆستا بەهادین نووری و مەلا عەلی لێپرسراویان بوون لە حاجی مامەند، شەڕێ یەکێتییان نەکرد و بەشدار نەبوون لەگەڵیان.

لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لامان باش بوو پێیان بڵێین لەم ناوە نەمێنن لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوان لە جێگەکانی تر شەڕمان لەگەڵ بکەن. وتم کاک مەلا بەختیار من دەچم پێیان دەڵێم و برادەرمن، من خۆشم دەمناسین. کۆنەشیوعی بووم. وتی زۆر باشە، هەتا بۆ دڵنیایی دەمانچەکەی خۆشم دانا و لەگەڵ خۆم نەمبرد، بێگومان لەبەر دڵی ئەوان. کە چووم، عەبدوڵڵا مەلا فەرەج مەلا عەلی لێپرسراوی سەربازییان بوو و لەوێ بوو، هەر ئە و شەوە مامۆستا بەهادین نووری لەگەڵ هێزێکیان پەڕیبۆوە بۆ قەرەداغ، لەگەڵ کاک مەلا عەلی قسەمان کرد. وتم من بۆیە هاتووم، تا ئاگادارتان بکەم کە ئێوە لە جێگەکانی تر شەڕی ئێمەتان کردووە، ناکرێ ئێوە لێرە بن. لەسەر ئەوە قسەمان زۆر کرد. بۆ مێژوو دەیڵێم (مەلا عەلی) وتی برام حەز دەکەم بزانن ئێمە لە و سیاسەتەی حیزبی خۆمان ناڕازین. دەمێکە ئێمە لێرەین، کێشەمان هەیە لەگەڵ قیادەی حیزب لەسەر

بەشداریکردن لەم شەڕەدا. وا خەریکە پەڕوبااڵ دەردەکەین، ئیتر نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. ئێمەش زۆرمان لا باش بوو، وتم ئێمەش نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. وتیان ئێمەش دەڕۆین بۆ قەرەداغ. کاک مەلا عەلی لە یادداشتەکانی خۆیدا کتێبکی نووسیووە و ئەوەی من نووسیومە، باسی دەکات و ناوی منیشی هێناوە. کاک محەمەد فەرەج لەگەڵ هێزێک چووبوو بۆ قەرەداغ و لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو بۆ ئەوەی شەڕ نەبێ. وەزع لە هەرێمی یەک بەم شێوەیە بوو، شەڕی ئێمە 1983/5/19 بوو. ئیتر قیادەی حیزبی شیوعی لێی قبوڵ نەکردوون، دوای ئەمەش کێشەیان سەری هەڵدا، هێشتا لە دێهاتەکانی شارباژێڕ بووم، لە دێی چنگیان چوومە سەر شاخ و بە جیهاز قسەم لەگەڵ کاک نەوشیروان کرد. وا ڕێکەوت لە قەندیل بوون، جیهاز وەرگیرا، چونکی هەم شاخی پشتی چنگیان بەرزە، قەندیلیش بەرزترین شاخە. باسی وەزعی سنووری شارباژێڕم بۆ کرد، ئەمە دوای شەڕی 1983/5/1ی قەندیل بوو، وتی لە تۆڵەی شەهید شەماڵ و سەربازدا، چونکی لە هەموو جێگەکان پەلاماریان داوین، بۆیە ئێمەش ئەمەمان کردووە. من وردەکاریی قەندیل نازانم.

گەڕانەوەم بۆ مەڵبەندی دوو بۆ سەرگەڵوو

لەگەڵ نازم حەمەی سلێمان گەڕاینەوە بۆ سەرگەڵوو. ئەنجامی شەڕەکە و دۆخە کەم بۆ هەڤاڵانی مەڵبەند مەڵبەند باس کرد، چۆن بوو، وا بۆم گێڕانەوە. نازم گەڕایەوە بۆ ناوچەی تیپی 21ی کەرکووک لە ناوچەی شوان. ئیتر هەمیشە دەبوایە ئاگاداری کارو چالاکیی هەموو تیپەکان بین و ئامۆژگارییان بکەین، چالاکیی پێشمەرگەش هەمیشە لە زیادبووندا بوو، ڕادیۆی گەلی کوردستان دەورێکی یەکجار باشی دەبینی، ڕۆحیەتی پێشمەرگە و میللەتی بەرز دەکردەوە.

گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لە نێوزەنگ

لەبەر زەختێکی زۆر کە لە چەند لایەکەوە دەکرایە سەرکردایەتی، بڕیاریان دابوو نێوزەنگ چۆڵ بکەن. وەک هەنگاوی یەکەم مەکتەبی سیاسی هاتبوونە ناوچەی سەرشیو لای باوزێ و گەناو. ئە و جێگەیەش زۆر باش نەبوو. مەعلوماتیان بۆ هاتبوو لەوێش پەلامار دەدرێن، ئەوکاتە زەختی ئێرانیشمان لەسەر بوو. تۆپبارانیان دەکردین.

بروسکەیان بۆ کردین کە بچین بەهانایانەوە بۆ ئەوەی کارەکانی تیپەکانی ئەوێ ڕێک بخەینەوە و سەرکردایەتی بگوێزینەوە بۆ ناوچەی دۆڵی جافایەتی لەلای بەرگەڵوو و یاخسەمەر. من لەگەڵ هێزێکی شەست پێشمەرگەیی لە سەرگەڵووەوە بەڕێ کەوتم بۆ ناوچەی بێتوش و ئالان لە بەری ئێران و گەیشتمە ئەوێ. بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جەنابی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و مهندس ئاریاو کەریم حداد لە ناوچەی بێتوش بوون. ئە و شەوە لە بێتوش لە ماڵی کاک کەریم حداد مامەوە. لە زۆوە یەکترمان دەناسی بە هۆی ئەوەی خەڵکی سەردەشت بووین. ڕۆژی دواتر چووم بۆ لای هێزەکانی خۆمان. تیپی 63ی جوتیاران لەوێ بوون و کەرتێکیان لەگەڵ پاسداری ئێرانی تووشی شەڕ هاتبوون. مەلا ئیبراهیم شەهید بووبوو. لەملاشەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو عێراق هێرش دەکات بۆ سەرمان. منیش وەک لێپرسراوی یەکەم وتم ناکرێ شەڕی دوو دەوڵەت بکەین و بکەوینە بەینی دوو بەرداشەوە. بەپەلە ناردم بە دوای ئە و هێزەی لەگەڵ مەلا ئیبراهیم بوو و کشانمەوە بۆ لای خۆمان.

لەگەڵ شەهید جەمال تاهیر کە لە سەرشیو بوو، ڕێک کەوتین کارێکی وا بکەین، خەڵکی گوندە کان وڵاخمان بۆ بهێنن بۆ گواستنەوەی بارەگا. بەڵام بە نهێنی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای دۆڵ جافایەتیی بکەین، بڕیاریش وابوو بۆ

بەرگەڵوو بێت. ئیتر من چوومە وە بۆ لای هێزەکان و تیپی 63ی جوتیاران. پاش ئەوەی هێزەکانمان یەک خستەوە، دەنگۆی هێرشی حکومەت هەبوو. تیپی 63ی جوتیاران چوونە شاخی گردە بێناس. کاک عەلی شاماریش لەگەڵمان بوو، لەگەڵ م.س هاتبوو بۆ سەرشیو. هەر ئە و شەوەی هێزەکانمان چون بۆ گردە بێناس حکومەت هێرشی هێنا و کەوتە کەمینی تیپی 63ی جوتیارانەوە. لە شەوەوە تاکو بەرەبەیان لە شەڕدا بووین، من سەرپەرشتیم دەکردن. ئەو کاتە دوو تیپ بوو 63ی جوتیاران محەمەد ڕازانی سەرتیپی بوو، 65ی بلفەت مەولود هێرۆیی سەرتیپی بوو. ئەوانەی دەوریان هەبوو لە شەڕەکەدا، ئامرکەرت و سەرتیپ بوون.

شەهید محەمەد ڕازانی، بەداخەوە لە شەڕی لای شەدەڵە ساڵی 1987 شەهید بوو. مەحموود ڕازانی، مەولود هێرۆیی، عەبدوڵڵا وسو، عەبدوڵڵا هەمزە، عەبدوڵڵا مەحموود، مام جوتیار، ڕەحیم حاجی خدر، عەلی وەیسی. هێزەکانی ئێمەش سەرکەوتوو بوون و گەورەترین دەستکەوتیان هەبوو. لێمان وەرنەگرتنەوە و دابەشیان کرد.

ئەوەندەی لەبیرم بێ، سەربازێکی زۆر کوژرا و چەکێکی زۆرمان دەست کەوت لە ئاربیجی، وابزانم شەش یان حەوت دانە بوو، ئەمە جگە لە دەیان کڵاشینکۆف، هەر لە ژماردن نەدەهات، چەکەکانم بەسەر هەموویاندا دابەش کرد. ئەو کاتە داستانێکی گەورە بوو، دەست خۆشیم لێکردن. داستانی گردە بێناس بووە بەیەکێ لە مێژووەکانی شەڕی یەکێتی. جارجارە یادی دەکرێتەوە. ڕۆژی دوایی حکومەت لە جادەوە هێرشێکی گەورەی هێنا. لەوێش بەگرییەکی گەورە کرا، تیپی 44ی چەکوچ هەندێکیان بەشدار بوون. بەداخەوە عەلی وەیسی بە خەستی بریندار بوو، عەلی وەیسی ڕابەری سیاسیی تیپ بوو. گواستمانەوە بۆ خەستەخانە، لەم ساڵانەی دواییدا شەهید بوو. کوڕێکی ئازاد و دڵسۆز بوو. پاش شەڕەکان هێزەکانمان لە جێگەکانی خۆیان مانەوە.

سەرکردایەتیمان هەمووی گواستەوە، منیش گەڕامەوە بۆ سەرگەڵوو.

شەڕی بێتواتە

پاش ئەمەش هێزەکانی یەکێتی بە سەرپەرشتیی هێزەکانی ئەنوەر بەگ لە ماوەیەکی کەمدا ناحیەی بێتواتەیان گرت. ناوچەکەش دەستکەوتێکی گەورەی هەبوو، من خۆم لەوێ نەبووم، لەسەر جیهاز بە وردی ئاگاداری ڕووداوەکان بووم. یەکێک بوو لە سەرکەوتنەکان بۆ هێزی پێشمەرگە.

دانوستانی یەکێتی و حکومەت

سەرکەو تنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو بەرەکان بەردەوام بوو. لەولاشەوە شەڕی ئێران و عێراق درێژەی دەکێشا. خەبات و شەڕی ئێمە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد بوو. هەر حکومەتێک داواکان جێبەجێ بکات، ئامادەین قسەی لەگەڵ بکەین. توانا و دەسەڵاتی یەکێتی و چالاکیی پێشمەرگەکان هەموو جێگەکانی گرتەوە. دیار بوو حکومەتی عێراق بۆی دەرکەوتبوو ناتوانێت بە شەڕ بەسەر یەکێتی و هێزی پێشمەرگەدا زاڵ ببێت. خەباتی پێشمەرگەش هەر لە شاخ نەبوو، ڕێکخستنی ناو شارەکان هەموو ڕۆژێ دەستیان لە بەکرێگیراوانی حکومەت دەوەشاند. بێجگە لەوەش، هەموو شەوێک پێشمەرگە دەچوونە ناو شار و شارۆچکەکانەوە. حکومەت لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە ڕێگەی شەهیدی میللەتی کورد دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو جوابیان ناردبوو بزانن یەکێتی ڕەئی چییە لەسەر گفتوگۆکردن (بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەش لە نووسینە وەی یاداشتەکانیدا ئیشارەتی پێداوە). خەباتی ئێمەش بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی میللەتەکەمان بوو. خۆ بۆ ئەوە چەکمان هەڵنەگرتووە هەتا ماوین هەر بەشانمانەوە بێ، ئەگەر

داواکانمان جێبەجێ بکات، بۆچی دانوسان ناکەین؟ زۆر باش دەیکەین.

لەم قسەوباسانەدا سەرکردایەتی بڕیاری دا هەڤاڵ مام جەلال بچێت بۆ بەغدا. ئێمە لە سەرگەڵوو بووین، دیارە سەعات بە سەعات دەزانین چی دەگوزەرێ. وەک جاران نەبوو بێسیم مان نەبێ. وەفدێکی یەکێتی بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال بە هالیکۆپتەر لە بالیسانەوە ڕۆیشتن بۆ بەغدا. شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوش لەگەڵیان ڕۆشت. چوونە بەغدا و هەندێک گفتوگۆ و قسە کرابوو، گەڕانەوە.

بۆ جاری دووەم بڕیار درابوو هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بچێت و سەرۆکی وەفد بێ. ئەمجارەیان لەبیرمە هەڤاڵان ملازم عومەر، فەرەیدون عبدوالقادر، دکتۆر فوئاد مەعسوم و هەندێک هەڤاڵی تر لە وەفدەکەدا بوون، منیشیان لەگەڵ بووم. خۆمان ئامادە کرد. هەموومان هاتینە دوکان، لەوێش لە سەربازگەکەی دوکان هالیکۆپتەریان ئامادە کردبوو، سوار بووین و چووینە کەرکووک. لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل چووینە بەغدا. چەند ڕۆژێ لە ماڵێکی گەورە دایان نابووین. بەرامبەر دائیرە ی موخابەراتی عێراق بوو، وتیان زووتر ماڵی بەرزان تکریتیی برای سەدام حسێن بووە، کرابوو بە میوانخانە، چەند ڕۆژێ لەوێ بووین. ڕۆژانەش دانیشتن دەکرا و لەسەر کاری دانوسان قسەیان لەگەڵ دەکرا، هەر لەوکاتەدا مەبلەغێک یارمەتیی یەکێتی درا، مەبلەغی دوو ملیۆن دینار بوو. کاک نەوشیروان داوای لە من کرد بیگەیەنمە لای مام جەلال، کە لە سەرگەڵوو بوو، منیش هێنامەوە تەسلیم بە مام جەلالم کرد و جارێکی تر هەر بە سەیارەی حکومەت گەڕامەوە بۆ بەغدا بۆ لای کاک نەوشیروان، ئاگادارم کرد پارەکەم تەسلیم کردووە.

لە کەرکووک لە بینای لیژنەی ڕێکخستنی بەینی حکومەت و یەکێتی لامان دا، لە بینایەکی حوکمیدا بوون، هەڤاڵ عومەر عەزیز نوێنەری ئێمە بوو، لێپرسراوی یەکەمی لیژنەکە بوو بۆ کارئاسانیی بۆ ئیشوکارەکانی ڕۆژانە. کەسێکی لێبوو عەقید غەسان ناجی عەسکەریی ناوبوو، لێپرسراوی یەکەم بوو لەلایەن حکومەتەوە، من یەکەمجار بوو لەوێ بینیم. هەڤاڵ عومەر عەزیز منی پێناساند و وتی کاک مستەفا چاوڕەش و پاش چاکی و چۆنی غەسان وتی ئێمە لەژێر ئەرز بۆ تۆ دەگەڕێین کەچی ئێستا لێرەیت، قسەیەکی بەماناوە کرد بەرامبەرم، وتی تۆ وەرەقە ئەکەیت بۆ خەڵکی بێن بۆ لات، کەچی لە ڕێگە کەمینیان بۆ دادەنێیت و دەیانکوژیت، منیش وەڵامم دایەوە وتم من ئیشی نامەردانە ناکەم، خۆ من تەنها یەک کەسم نەکوشتووە، دەیان کەسم کوشتووە. هەر کەسێ دژی میللتەکەم بێت، دەیکوژم، ئیتر بێدەنگ بوو. ئەمە لە کەرکووک لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بەغدا. گەیشتمەوە لای هەڤاڵان کاک نەوشیروان و وەفدی یەکێتی، دانیشتنەکان بەردەوام بوو. ڕۆژانە دەهاتن بە شوێنیاندا و دوای کۆبوونەوەکان دەهاتنەوە. بە هۆی وەستانی شەڕ لەگەڵ حکومەت جارجارە پێشمەرگەش دەچوونە وە بۆ شارەکان بۆ سەردانی کەسوکاریان، لە هەموو جێگەکان ئە و لیژنەیەی بەینی ئێمە و حکومەت کە لیژنەی تەنسیقیان پێدەوت، بەرگەی دەکرد بۆیان، بۆ ئەوەی لە بازگەکانی میری دەست نەهێننە ڕێگەیان.

هاتنی جەژن و دانانی مین بۆ من لە سەرقەبران

جەژن هاتە پێشەوە. ئێمەش لەگەڵ حکومەت لە دانوسان بەردەوام بووین. منیش وەک هەڤاڵەکانی تر ئێوارەیەکیان چوومە وە بۆ سلێمانی، ماجدی کوڕی پووریشم لەسەر قسەی ئێمە تازە لە دەرەوەی وڵات لە ئەڵەمانیاوە گەڕابۆوە. ماجد پێشمەرگە بوو. لە شەڕە گەورەکەی خاوێدا بە سەختی بریندار بووبوو. برای ئەکرەمی حەپسە بوو. لەبەر خاتری پوورم داوامان لە ماجد کردبوو بێتەوە، ئەویش بە قسەی کردین و گەڕایەوە. لە و سەردەمەی شەڕی ئێمە و حکومەت هەمیشە گردی سەیوان ڕەمزی خۆڕاگریی بوو دژی ڕژێم. ئێمەش چەند کەسێکمان وەفاتیان کردبوو، پووڕە حەپسەم و ئاسۆی خاڵم شەهید بووبوون، وتیان یەکەم

ڕۆژی جەژن دەچین بۆ سەرقەبران، من پێم وتن مەچن، باش نییە. لە سەر بان نووستبووین، بڕیارمان دا نەچین، بەرەبەیان خزمان هاتن بە دواماندا، من هەر نەچووم، ماجد لەگەڵیان چووبوو. لەکاتی چوونە سەرقەبران خزمان و دۆستانی زۆر لێبوو، مینیان بۆ دانابووین. مینەکە لەژێر قاچی ماجد تەقی بووەوە و بووە هۆی بریندارببوونی. من لە ماڵەوە بووم، دراوسێکان وەک عادەتی جەژن دەهاتن بۆ لامان. کە خەبەریان هێنا، بەپەلە چووینە خەستەخانە. هەردوو قاچی پەڕاندبوو، هەتا بڵێیت ناخۆش بوو، لەولاوە ئەکرەم لە سێدارە دراوە. دایکی وەفاتی کردووە، ماجد لە ئەڵەمانیاوە هاتۆتەوە و هەردوو قاچی پەڕیووە، ئەمەش ڕێگەی خەبات و خزمەتکردن بە نیشتمانە، هی تریشی بەدوادا دێت. کەسوکاری ئە و خائینانە بوون کە بە دەستی پێشمەرگە کوژرابوون، بە دەسکیسەی ڕژێم ئە و ئەڵغامەیان دانابووەوە. فرسەت بووە، نێچیرێکی باشیان دەست کەوتووە، بۆیە ئەڵغامیان دانابوو بۆم.

شەهیدبوونی ئاسۆی خاڵم

هەر لەکاتی دانوستانی نێوان یەکێتی و حکومەت، لەگەڵ خالیدی برای ئاسۆ، کە خالید لەگەڵ خۆم پێشمەرگە بوو، هاتینەوە سلێمانی و لە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم بووین، خالید بە سەیارەکەی من چووبووە دەرەوە. کاک مەحموودی حاجیمان دەعوەت کردبوو. پێکەوە لە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم دانیشتبووین، گوێمان لە هەندێ تەقە بوو، ئاسۆی خاڵیشم لە بەردەرگا بوو، کە گوێی لێدەبێت، دڵی لای بوو، بۆ سۆراغی خالید چووبوو. کاک بەکری حاجی سەفەریش لە شار دەبێ، لە ماڵێک لە و ناوە دەعوەت دەبێ و پاسەوانەکانی لە بەردەگا دەبن، ئاسۆش نایانناسێ. دوای ئەم تەقانە بەرە و ڕوویان دەڕوات، ئەوانیش لەبەر تەقەکان خۆیان ئامادە کردووە، ئەوان بانگی دەکەن، ئەمیش دەگەڕێتەوە دواوە. تەقەی لێدەکەن و بە خەستی بریندار دەبێ، ئەوان ئە و ناوە بەجێ دەهێڵن. هەر نەبووایە دەبوو بەزووپی بیانبردایە بۆ خەستەخانە. کە چووینە سەری، بێهۆش بوو. بە و هۆیەوە بەرنامەکەمان تێک چوو. من و کاک مەحموودی حاجی چووین بۆ خەستەخانە، خوا هەڵناگرێ دکتۆرەکان زۆر هەوڵیان دا، خوێنی نەدەوەستایەوە، بەدەستی هەڤاڵەکانی خۆمان شەهید بوو، زۆر ناخۆش بوو، بە نامەردی شەهیدیان کرد. ئەوانیش هەروایان زانیووە سەر بە ڕژێمە یان هاتووە شتێک بکات، بەڵام ئاسۆی داماو لەبەر خالید هەر سەرپێ لەپێدا بوو، تەنانەت چەکیشی پێنەبوو. زۆر بێتاوان بوو.

ماجید و ناردنی بۆ ئەڵەمانیا

دوای ئەوەی ماجید هەردوو قاچی پەڕی، برای بەڕێزمان دکتۆر کەمال فوئاد کە لە ئەڵەمانیا بوو، کارئاسانیی بۆ کردین ماجد بەرین بۆ ئەڵەمانیا. دیار بوو هەر لە سلێمانی لەبەر ئەوەی مینەکە کاریگەر بوو، دکتۆر نەوزاد عەتار و دکتۆرەکانی تر هەردوو قاچیان بڕیەوە، دکتۆر نەوزاد زۆر ماندوو بوو لەگەڵمان، نمونەیان زیاد بێت. کارەکەش ئەوەندە نامەردانە بوو، لام وابێت دەبێ وائەژمار بکرێ دەستدرێژی بووە بۆ سەر شاری سلێمانی و شەهیدانی گردی سەیوان. هەموو شاری سلێمانی بەداخ بوون، چونکی کاری وا هەر لە خەڵکی نەفسنزم و خوێڕی و خائینان و ڕژێمی بەعس دەوەشێتەوە. ماجیدیش دەبوایە کەسێکی لەگەڵ بچوایە بۆ هاوکاریکردنی، چونکی هەردوو قاچی پەڕیبوو. لە ڕێگەی لیژنەی هاوبەشەوە پەساپۆرتیان بۆ هەردووکمان دەرهێنا و لە بەغداوە ڕۆیشتین بۆ ئەڵەمانیا. هەر لە فرانکفۆرتەوە یەکسەر ئێمەیان برد بۆ خەستەخانەی شارێکی بچوک لە نزیک فرانکفۆرت پێیان دەوت لودڤیگس هافن، کە تایبەت بوو بە دەستبڕین و قاچ و ئەم جۆرە ڕووداوانە. لەوێ ماوەی دوو مانگ کەمتر مامەوە، دوایی گەڕامەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ سووریا. بارەگاکەمان لە سووریا بوو. ماجیدم بەجێ هێشت، چونکی ئە و کاتی زۆری دەویست و خۆشی پێشتر لە ئەڵەمانیا بوو و دەیتوانی بمێنێتەوە.

ڕۆژبەڕۆژ وەزعی ئێمە و حکومەت بەرە و گرژی دەڕۆیشت، ڕۆژانە کێشە دروست دەبوو.

هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ سووڕداش

وا دەردەکەوت حکومەت نیازی نییە شتێک بکات، دەیانویست سوود لەکات وەربگرن لەبەر شەڕی ئێران و عێراق. ئێمە هێشتا بارەگاکانمان لە سووڕداش مابوو، بەڵام بۆ کاتی تێکچوون لەگەڵ میری هەندێک ئامادەکارییمان کردبوو، بەتایبەت لای دۆڵی کانی توو و سیروان و ناوچەی مەرگە و بناری شاخی ئاسۆس. عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ هێزێکی زۆر هات. بەحوکمی ئەوەی من لە مەکتەبی عەسکەری بووم، ڕۆژانە مام جەلال ئیشەکانی ئەوێ پێدەسپاردم. هەردوو وەفد دانیشتین، یەکێتی بە سەرپەرشتیی مام جەلال و عەلی حەسەن مەجیدیش سەرپەرشتیی وەفدی بەعسییەکانی دەکرد. من لە ژووری کۆبوونەوەکە بووم، دیار بوو قسەکانیان بۆ خاوبوونەوەی وەزعەکە بوو، بەڵام هیچیشیان نەدەکرد. وەفدی حکومەت بە هالیکۆپتەر هاتن و گەڕانەوە، دانیشتنەکان هەر ئاسایی بوو، هیچی جێبەجێ نەکرا.

چۆڵکردنی بارەگاکانمان لە سووڕداش

هەموو ئە و بارەگایانەی لە سووڕداش بوون، یەکبەدوایەک چۆڵمان کردن تەنها بارەگاکەی مەکتەبی سەربازی نەبێ. من و ملازم عومەر لەوێ بەجێ مابووین، ئە و بارەگایانەشی دروست کرابوون لە ئاوەژێ و سیروان و کانی توو، هەرکەسە و چووە جێگەی خۆی. مام جەلال چووە سیروان، نێوان کانی توو و چنارنە، لەوێ خانووی بۆ دروست کرابوو. شوێنێکی دوورەدەست بوو. بارەگای کاک نەوشیروان لە کوروان بوو، تەنیشتی ئاوەژێ. ناوەندی کۆمەڵە لە کانی توو بوو، مەکتەبی ڕێکخستن لە کانی شینکە بوو. پاش ڕۆیشتنی هەموو بارەگاکان ئێمەش ڕۆیشتین. لە سیروان بارەگامان دانا، خانووش بۆ ئێمە دروست کرابوو. جیهازمان دانا و کەوتینە تەماس لەگەڵ هەموو تیپەکانی یەکێتیی نیشتمانی و ئیشەکانمان دابەش کرد. بارەگای تیپی 43ی ئاسۆس لە مەرگە بوو. جوتیاران لە دەورمان بوون و لەسەر شاخی ئاسۆس و کۆلارە واجباتیان بۆ دیاری کرا.

هاتنی عەقید غەسان ناجی عەسکەری بۆ لای مام جەلال

جوابیان ناردبوو عەقید غەسان دێت، مام جەلال منی نارد بە دوایدا. لە بنگردەوە لەگەڵ خۆم هێنام بۆ لای مام جەلال. چەند سەعاتێک مایەوە، دوایی لەگەڵی گەڕامەوە بۆ بنگرد، سواری هالیکۆپتەر بوو و گەڕایەوە، منیش گەڕامەوە بۆ لای مام جەلال، زۆر کەس وتیان چۆن وێرات و چوویت، چونکی هەموو بارەگاکانمان چۆڵ کردبوو و گەڕابوونەوە بۆ شاخ.

دانانی بەرنامە بۆ گرتنی شاخی دابان-هەلاج

وا خەریکە شەڕ دەبێتەوە، حکومەت لەژێر زەختی تورکیادا لە هەموو ئە و بەڵێنانەی دابوویان، پەشیمان بوونەوە. دیار بوو هەر بۆ سوودوەرگرتن لە کات بوو. حیزبی بەعس هەر بڕوای بە کورد و مەسەلەکەی نەبوو. بڕیارمان دا مادام شەڕ دەبێتەوە، داستانێکی گەورە تۆمار بکەین و لە خەڵکی بگەیەنین ئاشتی ئاشتییە و شەڕیش شەڕە، ماندووش نەبووین لە خەبات. قسەمان زۆر لە دژ دەکرا لەلایەن نەیارەکانەوە. پێش ئەوەی حکومەت پەلامارمان بدات، ویستمان وا بکەین هەندێک جێگە ڕزگار بکەین. بەرنامەکە دانرا و بڕیار درا هێزەکان

بجولێنرێن. مام جەلال ئەم کارەی بە کاک ملازم عومەر سپارد، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بێت بۆ سەرگەڵوو و هەڵەدن، نزیکترین جێگە لە و جێگەیەی دەمانەوێ پەلاماری بدەین.

ملازم عومەر بەرنامەی خۆی داڕشت و هێزەکان گەیشتن، بە منی وت تۆ لێرە بمێنەوە لەبەر کاروباری ئێرە. با نەڵێن مەکتەبی عەسکەری کەسی لێنەماوە. لەگەڵ ئامرتیپەکان کۆبوونەوەی خۆی کرد. ئیتر من لەوێ نەبووم. هەر تیپە و جێگەی خۆی پێسپاردبوون، لە کاتێکی دیاریکراودا لە بەرەبەیاندا پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر بارەگا و ڕەبیەکانی سەر شاخی دابان و هەلاج. لە ماوەیەکی کورتدا هەمووی گیرا، دەستکەوتێکی یەکجار زۆر، فەوجێک بە هەموویەوە لێک هەڵوەشا، ئەمەش گەورەترین شەڕی یەکێتی بوو لەگەڵ حکومەت دوای دانوستان، لەم شەڕەدا ئەسیرێکی زۆر و کوژراوێکی زۆر هەبوون. ئێمەش پۆلێک پێشمەرگەی ئازا و قارەمانمان شەهید بوون. سڵاو لە ڕۆحی پاکیان. لە دوای شەڕی دابان-هەلاج لە هەموو بەرەکان و سنووری تیپەکان شەڕ دەستی پێکردەوە. پەلاماری زۆر جێگەیان دا و سوتاندیان، وەک دۆڵی خەلەکان و زۆر شوێنی تر.

ئێمە ئەوکاتە هەر لە سیروان بووین. بارەگای مەکتەبی سەربازی مابوو بۆ ئیشوکاری ڕۆژانەی تیپەکان، مام جەلال لە سیروان بوو، دەچووم بۆ لای و لەسەر وەزعی تیپەکان و چالاکییەکان ئاگادارم دەکردەوە. ملازم عومەریش پاش ئە و سەرکەوتنە گەورەیە گەڕایەوە.

گرتن و چەککردنی برادەرانی ئاڵای شۆڕش لە قەرەداغ

ماوەیەک بوو مەسەلەی ئاڵای شۆڕش کە هەڤاڵ مەلا بەختیار سەرپەرشتیی دەکرد، لەناو یەکێتیدا دروست بووبوو. بۆ ئە و مەسەلەیەش چەند جارێک لەگەڵ برادەرانی ئاڵای شۆڕش قسە کرا. لەناو یەکێتی و بەتایبەت کۆمەڵەدا شتێکی دیار بوو، دوای دانوستان هەستی پێدەکرا.

جارێکیان چەند هەڤاڵێک هاتن بۆ سیروان بۆ لای مام جەلال و لەوێشەوە چوون بۆ قەرەداغ بۆ لای کاک مەلا بەختیار. ئەوەی لەبیرم بێ، ئەم هەڤاڵانە بوون 1- ئازاد هەورامی 2- کاک وەهاب 3- مامۆستا موحسین 4- مامۆستا پشکۆ. خۆشیان هەندێکیان هەر ئاڵای شۆڕش بوون. من وردەکاریی قسەکان نازانم. لە ئەنجامدا وادەرکەوت لێی قبوڵ نەکرێت، بەتایبەتیش لەم وەزعەی یەکێتیدا. باشم لەبیرە لەگەڵ هەڤاڵەکان نامەیەکم نووسی بۆ کاک مەلا بەختیار، هەندێک شتم تێدا نووسی و داوام کردبوو وا برادەران هاتوون، چیتان پێدەکرێ بۆ خزمەتی یەکێتی، درێغی مەکەن، شتی تریشم نووسی بوو. پاش ئەوەش وابزانم جارێک مام جەلال کاک مەلا بەختیاری بینیبوو، زۆر شتیان باس کردبوو، ئەوانیش نیازی لەتکردنی یەکێتییان نەبوو، لە ڕاستیدا چەند تێبنییەکیان لەسەر هەندێک شت هەبوو.

من و ملازم عومەر لە بارەگای مەکتەبی سەربازی بووین

ماوەیەک بوو مام جەلال بارەگای خۆی گواستبۆوە بۆ دۆڵی جافایەتی و لە دێی یاخسەمەر بارەگای دانابوو. منیش چووبوومە ماڵەکەی ئەوەوە. ڕۆژێکیان ئە و پێشمەرگەیەی لەسەر جهازەکە بوو، هات. من و ملازم عومە ڕ پێکەوە بووین. وتی بە بێسیمەکە گوێم لێبووە شتێک ڕووی داوە لە قەرەداغ، وتی وابزانم کاک مەلا بەختیاریان گرتووە و چەکیان کردوون. پێکەوە لەگەڵ کاک عومەر چووینە لای بێسیمەکە و گوێمان گرت، دەرکەوت کە هێزێکیان کۆکردۆتەوە بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ جەبار فەرمان و شەوکەتی حاجی موشیر، چوونە تە سەریان و گرتویانن. کاک ڕۆستەمیشیان لەگەڵ بوو، نازانم کێی تریشیان لەگەڵ بوو لە لێپرسراوانی تیپەکان.

کاک عومەر کە گوێی لە هەندێ قسە بوو، لێیان تورِە بوو و جیهازەکەی داخست. زۆر تورِە بوو لەوەی دژی مەلا بەختیار کردبوویان. بۆ مێژوو شاهیدم هەڵوێستێکی مەردانە و پیاوانەی هەبوو. بێسیمەکەی پێچایەوە و ناردیەوە بۆ لای مام جەلال. ئیتر کاک عومەر زویر بوو و لە ماڵەکەی خۆی دانیشت. بمانەوێ و نەماوێ بە و هۆیەوە کارەکان تێک چوون، مەکتەبی سەربازییش نەما. پاش چەند رِۆژێکی تر من و ملازم عومەر چووین بۆ لای مام جەلال لە یاخسەمەر. دوای ئەوە سەردانێکی مەلا بەختیارمان کرد لە زیندان. دوای ئەوەش سەرێکم لە کاک نەبەز دا، ئە و و مامۆستا پشکۆیان لەسەر ئە و مەسەلەیە زیندانی کردبوو. دوایی گەرِاینەوە بۆ لای مام جەلال. لەسەر ئەوەی رِووی داوە، کاک عومەر قسەی لەگەڵ مام جەلال کرد، ئیتر پێکەوە گەرِاینەوە بۆ سیروان. هەردووکمان ماڵمان لەوێ بوو.

جارێکی تر من چوومە وە بۆ لای مام جەلال

بارەگاکانمان چۆوە لای ناوچەی مەرگە و لەوێ ماینەوە. من پێشتر لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی دوو بووم. دوای ئەوەی کاک عومەر جهازەکەی ناردەوە، شتێک نەمایەوە بە و ناوەوە. دوای گفتوگۆ لەگەڵ میری ئیتر من نەچوومە وە بۆ مەڵبەندی دوو. سەردانی مام جەلالم کرد، بیرم کردەوە خۆ ناکرێ هەر لەوێ بیت و کار نەکەی، لەبیر دەچیتەوە. کە چووم بۆ لای مام جەلال، هەندێک قسەمان کرد. لەسەر وەزعی سنووورەکەی پشدەر و ئە و ناوە پرسیاری لێکردم. باسی ئەوەی کرد کە ناچیتەوە بۆ مەڵبەند، ئە و کاتە کاک عەلی بچکۆلیش لەوێ نەمابوو. کاتی خۆشی لەبەر کۆمەڵێک هۆ چووم بۆ مەڵبەندی دوو، ئەگینا ئە و کاتەش نەدەچووم. بە کاک نەوشیروانم وتبوو خۆم دەزانم چیم کردووە بۆ یەکێتی. دوایی بە مام جەلالم وت من ناچمەوە. قادر چاوشین کانی وەتمانی لە یاخسەمەر دانیشتبوو. لەکاتی قسەکانماندا وتم من ناتوانم بچمە شوێنێک، هەندێ کەس زروف کردوویەتی بە سەرکردایەتی. وتی دەزانم، مام جەلال هەردوو دەستی بەرز کردەوە و وتی ئەگەر بە من بێت، بە دوو دەست دەنگت بۆ دەدەم بۆ سەرکرایەتی و مەکتەبی سیاسی، بەڵام من ناتوانم پەیرِە و پێشێل بکەم، بەرپرسی مەڵبەند دەبێ سەرکردایەتی بێت. کۆتایی قسەکانمان بەوە تەواوبوو من بچمەوە بۆ ناوچەی مەرگە و کانی توو، تیپەکانی لەوێن، سەرپەرشتییان بکەم، هی هەموو تیپەکان. وتم باشە و خواحافیزیمان کرد. من گەرِامەوە تاکو ئەو کاتە ی رِۆژێمی بەعس ژەهرخواردیان کردم لە ساڵی 1987دا، ژمارەی تیپەکانی ئە و سنووورەش زۆر بوون، حەوت تیپ بوون. منیش لەگەڵ هەموویان دانیشتم و ئاگادارم کردن وەک لێپرسراوی یەکەم من سەرپەرشتیی کارەکانیان دەکەم.

شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت

لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەتدا ساڵی 1986 لە جەبهەکانی بەرامبەر پێشمەرگە، حکومەت دەستی کرد بە پەلاماردان، لە پشتی خەمزەوە بۆ دوو برا و کەلکی قەیوان و دۆڵ بێشک و هەموو ناوچەکانی. هێزی پێشمەرگەش گەورەترین بەرگرِیی کرد. لە مەڵبەند و تیپەکانی تریشەوە هێز دەهات بۆ هاوکاری. شەرِەکان زیاتر لە سنووری تیپی 47ی پیرەمەگرووندا بوو. بەڵام ئە و شەرِە گەورە و بەربڵاوە هەر بەوان نەدەکرا، لەبەر ئەوە هێزی پێشمەرگە بەشدار بوو، شەرِی هەمووان بوو. کاک کۆسرەت لە و جەبهەیەدا سەرپەرشتیی هێزەکانی دەکرد. ئەوەی رِاستی بێت، دوورگەی شەرِەکە بچوک دەبووەوە، چونکی هێزی دوژمن بە و هەموو ئیمکانیاتە گەورەیەوە درێغیی نەکرد، هەرچی چەکی بوو، بەکاری دەهێنا، تۆپباران نەیدەهێشت هەناسە بدەی، هێزەکانی کە من لەگەڵیان بووم و سەرپەرشتیم دەکردن، بە قەدەر پێویستی سەنگەرەکان دابەش بووبوون.

له دوو برا و خەجە لەرزۆک و مارە ڕەش و شوێنەکانی تریش شەڕ گەرم بوو. له یەکێک له جەبهەکان که زۆری خایاند و بەردەوام بوو، جەبهەی قەیوان بوو. من چووم بۆ دێی قەیوان. لەگەڵ سەلاح چاوشین و ڕابەری سەید ئیبراهیم دەوروتەسلیمم کرد. چونکی هەر ناوبەناو لەبەر هیلاکی یەکترمان بەگوێرەی پێویستی شەڕەکە دەگۆڕی. ئەوان گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی پشتەوە بۆ شاخی کورەنگ له پشتی کارێزە. هێزێکم بە سەرپەرشتیی عوسمان شارستێنی جێگری تیپی 43ی ئاسۆس نارد. شە و حکومەت و جاشەکان هێرشیان هێنا، بەڵام پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست. زیانێکی زۆریان له دوژمن دا و لاشەی جاشێک بەجێما، دوایی بە هۆی خەڵکی ناوچەکەوە تەسلیممان کردەوە. ئە و جێگەیەی لێی بووم، بە هیمەت و ئازایەتیی پێشمەرگەکان و ئیمانی بەهێزیان زۆر سەرکەوتوو بوو.

شەڕی گەورەی کەلکی قەیوان

من سەرپەرشتیی هەموو بەرەکانی شەڕەکەم دەکرد حکومەت هەموو ڕۆژێک له قولەکانی لای خۆمەوە هێرشی دەهێنا. پێشمەرگەش باشترین بەرگریی دەکرد. بڕوا بکەن له مێژووی کورددا وێنەی نەبوو. ڕۆژێک هێزێکی گەورەی حکومەت له دۆڵەڕووتەوە بە هەموو توانای خۆیەوە، هەر له تەیارەی پیلاتوز و دەبابە هەتا جاش و جەیشەکەی هێرشی هێنا بۆ کەلکی قەیوان، مەیدانەکەش زۆر گەورە نەبوو، تیپی 31ی لێبوو. هەڤاڵ هەڵۆی ئەحمەد کوردە سەرتیپیان بوو. لەکاتی هێرشەکەدا ئەم پێشمەرگانە له سەنگەرەکەدا بوون:

1- هەڵۆی ئەحمەد کوردە، سەرتیپ

2- عەبە ڕەق، فەرماندەی کەرت

3- ئازاد سابیر، جێگری فەرماندەی کەر ت

4- مەلا عەتار، فەرماندەی کەرتی 1

5- شەهاب، فەرماندەی کەرتی 1

6- وەستا کەمال، فەرماندەی کەرتی 3

7- جەمال حەمە کەریم، فەرماندەی کەرتی 4، شەهید بوو

8- حەمەزیاد، فەرماندەی کەرتی 5

9- مامە سەعە، فەرماندەی کەرتی 6

10- وەستا لەتیف، فەرماندەی کەرتی تیپ، دووەم ڕۆژ شەهید بوو

له کاتی دەستپێکردنی شەڕەکەدا بێسیمێکی هۆکی تۆکیم پێبوو، هەڵۆش له خوارەوە بوو. هەڵۆ هات و هەرووکمان سەرکەوتین بۆ لای پێشمەرگەکان. ئە و پێش من چووە لای پێشمەرگەکان. ڕێک کەوتین من له

خوار ئەوانەوە بم. شەڕ گەرم بوو. هەتاکو ئەو کاتە شەڕم زۆر بینی بوو و بەشداریم تێدا کردبوو، بەڵام شەڕی وەک ئەوەی کەلکی قەیوانم نەبینیبوو. کەلکی قەیوان چەند سەد مەترێکە و زیاتر نییە، ئە و جێگەیەی شەڕەکەی تێدا بوو، هێرش لەسەر هێرشیان بۆ دەکرد، بەڵام دەشکان. وا ڕێک کەوت بێسیمەکەم کردەوە. لەگەڵ ئەفسەرێک ڕەبت بوو، گوێم لە قسەکانی ئەفسەرەکە بوو، قسەی بۆ پلەدارێکی لە خۆی گەورەتر دەکرد. ئەفسەرەکە بۆ ئەوەی خۆی بکات بە پاڵەوان، دەیوت سەیدی وا نزیک بووینەوە و شکاندمانن، کە گوێم لەم قسانەی بوو چوومە سەر خەتەکەی و وتم درۆ دەکەیت. ئەگەر ڕاست دەکەیت، سەرت بەرز بکەرەوە، ئێمە لە جێگەی خۆمانین و هیچ شوێنێکتان نەگرتووە. وام لێکرد ڕووخاندم، هەرواش بوو و درۆی دەکرد. کۆتایی شەڕەکە ئێوارە سەرباز و جاش شکان، بەرە و خوارەوەی دۆڵەڕووت هەڵاتن و شۆڕ بوونەوە.

من ئێوارە شتێکم نووسی بۆ ڕادیۆی گەلی کوردستان. لەبیرمە چیم نووسی، ئێوارەش ڕادیۆکە بڵاوی کردەوە و هێز و توانایەکی تری بە خەڵکی و پێشمەرگە دا. بەم شێوەیە بوو:

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، جارێکی تر پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان پەیمانیان تازە کردەوە لە شاخی قەیوان، کە نەهێڵن دوژمن وڵاتەکەمان داگیر بکات، پێشمەرگەکانی قەیوان بڕیاریان داوە ئەگەر شاخی قەیوان بگوێزیتەوە، ئەمان لەجێگەی خۆیان بمێننەوە و شەهید بن و سەنگەرەکان چۆڵ نەکەن. پەیمان بە خوێنی شەهیدان دەدەن بەردەوام بن و دوژمن بشکێنن.

دوای ئەوەش ڕۆژانی تر چەند جارێک هێرشیان هێنا و بە شکاوی گەڕانەوە. دیارە لە بەرەکانی تریش شەڕ هەر بەردەوام بوو. من ماوەی مانگێک لەوێ بووم. تاکو لەوێش بووم، بڕوا بکەن تاقە سەنگەرێکمان نەگیرا. جگە لە وکەسانەی لە پێشەوە ناوم هێنان، ئەم هەڤاڵانەش لەوێ بوون هەرکەس بە پلەی خۆی.

1- جەمال ئەبو شوارب، جێگری کەرت

2- تایەر چاوشین دەرمیانەیی، جێگری کەرت

3- فایەق چاوشین، جێگری کەرتی 5

4- تایەری حاجی سەعید، جێگری کەرتی 6

5- عەلی چەلەبی، جێگری کەرتی تیپ

6- ڕۆستەم قولەرەیسی، فەرماندەی مەفرەزە

7- دلاوەری حاجی عوسمان پێنجوینی، فەرماندەی مەفرەزە

8- ئیبراهیم، فەرماندەی مەفرەزە، شەهید بوو

9- کەمال مالیە، فەرماندەی مەفرەزە

10- مەحموود بناوەسوتەیی، فەرماندەی مەفرەزە

12- جەلال، فەرماندەی مەفرەزە

کادێر ەکانیش ئەمانە بوون:

1- سەیوانی حەمە زرگوێزی، بەرپرسی ڕێکخستنی تیپ بوو

2- شێخ جەمیل، بەرپرسی پۆل بوو، شەهید بوو

3- سالار عوسمان، کادێری ڕێکخستن

4- شێخ کامل، کادێری ڕێکخستن

5- شێخ سالار، کادێری ڕێکخستن

6- جەزا ئەحمەد کوردە، ڕابەری سیاسی بوو

7- بەرزان ئەحمەد کوردە، کادێری ڕێکخستن بوو

لە جەبهەکان شەڕ هەر بەردەوام بوو، تیپەکانی 63ی جوتیاران و 43ی ئاسۆسمان لەگەڵ بوو. دواتر عەبدولڕەحیم میرزا ڕۆستەم، کە سەرتیپ بوو، هاتە جێگەکەم. ئەم شەڕە سێ مانگ درێژەی کێشا. ئەم تیپانەش بەشداربوون لە قوڵەکەی لای منەوە:

1- تیپی 93ی کۆیە: ڕەهبەری سەید ئیبراهیم سەرتیپ بوو، شەهید محەمەد شینە جێگری سەرتیپ بوو، مەولود فەرماندەی کەرت بوو.

2- تیپی 43: عوسمان شارستێنی جێگری تیپ بوو، سەرپەرشتیی دەکرد. شەهید مەحموود سێدەری فەرماندەی کەرت بوو.

3- تیپی 23ی سووڕداش: جوامێر براخاس سەرتیپ بوو. حەمەی تەیب جێگری تیپ بوو.

لە گەڕەدێوە ڕۆشتین بە هانای پێشمەرگەکانەوە بۆ شاخی گۆجار. فریا نەکەوتین و پێشمەرگە شکان و هاتنە خوارەوە، شەهید و بریندارییان هەبوو. یەکێک لە پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکان شەهید عەلی مەسیفی بوو، کە ئامرکەرتی تیپی مەڵبەندی سێ بوو لای کاک کۆسرەت. تاکو دێی کانی مێو شەهید و بریندارەکانمان هەر بە ڕاکێشان هێنایە خوارەوە بۆ ئەوەی دەستی دوژمن نەکەون.

بۆ مێژوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتییەکی زۆریان داین لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت ڕۆژی کشانەوەمان پاش ئەوەی جێگەکانمان بەجێ هێشت. هێزەکانمان ئیزن دان و بڵاوەیان کرد، ئێمەش بە و

هیلاکییە زۆرەوە یەکمان گرتەوە، چووین بۆ لای مام جەلال، بارەگاکەی لە دێی یاخسەمەر بوو. من و کاک کۆسرەت و ڕائید جەلال ڕۆیشتین بۆ لای. کە گەیشتینە ئەوێ، چووینە ژێرزەمینێکی بچوکەوە. دانیشتین و قسەی بۆ کردین، بۆ بەرزکردنەوەی وەرەمان وتی ئەم شۆڕشە سەرکەوتن و کشانەوەشی تێدا دەبێ. دیارە زۆریشی پێناخۆش بوو. بەڵام وتی ئێوە هەر کە دەڵێن سەنگەرەکان، دەگرین، بەڵام مانەوە و بەرگری و شەڕی بەرامبەر زەحمەتە، دەبێ زۆر باش بزانن شۆڕش هەم هێرشە و هەم بەرگریکردن، زۆری قسە بۆ کردین لەسەر گرنگیی سەنگەرلێدان بۆ خۆپاراستن لە تۆپبارانی ڕژێم. دواییەن قسەی ڕووی تێکردین و وتی هەڤاڵینە ئێمە دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەموو ڕووداوێک. وامان دانابوو پاش کشانەوەمان لە گۆجار و جەبهەکانی تر لە نزیکی بارەگای مام جەلال لە یاخسەمەر بمێنینەوە. وتمان ڕەنگە سوپای عێراق هێرشی بەردەوام بێ بۆ سەر بارەگای مام جەلال بە حوکمی ئەوەی بارەگەکەی نزیک بوو. وتی ئێستا ئێوە چیتان پێباشە، من ئامادەم، تەنانەت ئەگەر شکانیش هەبێ. دەستم سوتاوە، جارێکی تر ناچمەوە بۆ ئێران، لام باشە بچم بۆ مەڵبەندی سێ بۆ لای کاک کۆسرەت. ئێمەش ڕەئیەکەیمان هەر زۆر پێباش بوو، لە قسەکانیدا هێز و توانای دایێ. دوای کۆبوونەوەکە، هەریەکەمان گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان. من لەگەڵ هێزەکەمدا گەڕامەوە بۆ ناوچەی مەرگە. هەڤاڵەکانی تریش لەگەڵ هێزەکانیان بڵاوەیان لێکرد.

کە گەڕاینەوە، هێزەکانمان ڕێک خستەوە و کارەکانمان دابەش کرد بەسەر تیپەکانی ئەوێدا. بەهار بوو و هێشتا شوێنە کوێستانییە کان بەفری پێوە مابوو. پاش ماوەیەک لە سەرکردایەتییەوە بروسکەیان بۆ کردین بۆ ئەوەی بەرنامەی گرتنی هەندێ جێگە دابنێن. ئەوەی کە پێی ئەوترێ داستانی ڕزگاری.

داستانی ڕزگاری

بڕیار بوو دەستێکی گەورە و سەرتاسەری لە دوژمن بوەشێنین. بەرنامەی بۆ دانرا. هەرکەسەش جێگەی شەڕەکەی بۆ دانرا، لە شاخی گوێژە و ئەزمڕەوە تاکو شاخی ئاسۆس و سنووری قەڵادزە. دیارە شەڕ لە نێوان عێراق و ئێراندا گەرم بوو. ئەوەندەی پێویستمان بوو، هێزی پێشمەرگەمان بۆ هەموو جەبهەکان کۆکردەوە.

ئەوانەی بەشدار بوون: (کاک وەهاب لەسەر شاخی ئەزمڕ، شێخ جەعفەر لە خەجە لەرزۆک و دووبرا بۆ لای خەمزە). زۆری تریش لە هەڤاڵەکان بەشدار بوون. شاخی زینوی سپی بوو، بە من سپێردرا، کە دەکەوێتە پشتی گەڵاڵە و سەفرە و دەوری زەروون، کۆتایی شاخی ئاسۆس. تیپەکانی ئە و سنووڕە و فەرماندەکانیانم کۆکردەوە. کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن و بەرنامەی شەڕەکەم بۆ باس کردن. لەبەر پێویستی تیپی 99مان بانگ کردبوو، کە شەهید ئازاد حەمەی گەمحان سەرتیپ بوو و کەوتبووە لای ئێمە. لە دابەشکردنی هێزەکان بۆ داستانی ڕزگاری ئەم تیپانە بەشدار بوون: تیپی 63ی جوتیاران، تیپی 43ی ئاسۆس، تیپی 65ی بلفەت، تیپی 44ی چەکوچ، تیپی 68ی مامەندە، تیپی 99ی کۆیە، تیپی 61ی کورەکاژاو. مەبەستم بوو لێرەدا دوو خاڵ باسی بکەم:

1- سەرەتای بەهار بوو. بەهۆی بەفرەوە سەرکەوتن بۆ جێگەی مەبەست زەحمەت بوو، بەفر هەموو ڕێگەکانی گرتبوو. لە پشتی دێی کانی تووەوە کە ڕێگەی سەرکەوتنە لەلای کورەکوڕەوە، ماڵی حەسەن ئاغا لەوێ بوو و تەنها ماڵ بوو. باشە ئەم هێزە گەورەیە چۆن سەردەکەوێ؟ هاتین دێهاتەکانی سنووری مەرگە هەر لە شارستێنەوە هەتا چنارنە و مەرگە و کانی توو، بیوەکە و ئەوانی تر چەند کەسێکمان بانگ کرد بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن ڕێگەکە بکەینەوە و بەفرەکە بشکێنین بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوین. دوو ڕۆژ پێش ئەوەی سەرکەوین، ئەمەمان جێبەجێ کرد. ڕێگەکەش ئەوەندە کرایەوە، کە تەنها زەلام بتوانێت پێیدا بڕوات و سەرکەوێ، ئەوەش بە خاکەناز پاک کرایەوە.

2- لەلایەن سەرکردایەتیی خۆمانەوە پێیان وتین هاوکات لەگەڵ هێرشی ئێمە بۆ سەر ڕەبایەکان لە زینوی سپی ئێرانییە کان و سوپای پاسدارانیش هێرش دەکەنە سەر شاخی گردە ڕەش و دەیگرن. ئەمە بۆ ئێمە باش بوو ئەگەر جێبەجێ بکرایە، ئیتر خۆمان ساز دا، ڕەبیەکان دەستنیشان کران. هەر تیپەی بەشی خۆی بۆ دیاری کرا و لێی بەرپرسیار کرا. ڕۆژی پێش هێرشکردن سەرتیپەکان چوونە نزیک ڕەبیەکان. لە و جێگەیەی بۆی دیاری کرابوو، بە دووربین تەماشایان کرد و ئە و جێگەیانەیان دەستنیشان کرد، کە بۆی دەچن.

کە سەرکەوتینە سەر شاخ، زۆر سارد بوو، سەر شاخ بەفر بوو، نمەنمەش باران دەباری. ئە و شەوەمان بە هەزار دەردەسەری بەسەر برد. نەشمان دەتوانی ئاگر بکەینەوە و خۆمان گەرم بکەینەوە، بۆ ئەوەی دوژمن پێمان نەزانێ. لە شەوی 1987/4/14\13 سەعاتی سفرمان دیاری کرد. لە نیوەشەودا دەستمان کرد بە پەلاماردانی ڕەبیەکان. من خۆم لە ڕەبیەی یەکەمدا لەگەڵ شەهید ئازادی حەمەی گەمحان و تۆفیق کانی وەتمانی و باقیاتی تری هێزەکە بووم.

لە هەموو لایەکەوە بوو بە تەقە، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا توانیمان سیانزە ڕەبیە بە شاخی زینوی سپییەوە بگرین، پێشمەرگەکان و لێپرسراوەکانیان بەڕاستی دەورێکی مەردانەیان بینی، هەر لە یەکەم تەقەدا جیهازەکەم کردەوە، وا ڕێکەوت کاک وەهابم وەرگرت، چونکی هەر هەموومان سەعاتی سفرمان لە هەموو قوڵەکانەوە لەیەک کاتدا بوو. لەگەڵ کاک وەهاب دۆخی شەڕەکەمان بەیەک وت و باسی سەرکەوتنمان کرد.

چەکێکی زۆرمان دەست کەوتبوو، لە ڕەبیەکان ئەفسەری ڕەبایەکە لەگەڵ چەند سەربازدا کوژرا، حەوت کەسیشمان ئەسیر کرد. هەویەی کوژراوەکەم لەگەڵ ئەسیرەکان نارد بۆ لای سەرکردایەتی بۆ سجنی بۆ بەرگەڵوو، سجنەکەمان لەوێ بوو.

هەموو ئە و جێگەیانەی گرتبوومان، نەمانتوانی تێدا بمێنینەوە، لەبەر ئەوەی ئێرانییە کان وەعدەکەی خۆیان نەبردە سەر و پەلاماری گردە ڕەشیان نەدا. گردە ڕەشیش بەسەر ئێمەدا زاڵە، لەژێر ڕەحمەتی گولەی دوژمندا دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوان بەرزتر بوون لە ئێمە و پەلاماریش نەدرابوون. بۆ ئەوەی شەهیدی زۆرمان نەبێ، ئاگادارم کردن بکشێنەوە. تەنها یەکەم ڕەبیەمان چۆڵ نەکرد، لەسەری سەرەوە بوو و گولەی دوژمن نەیدەگرتەوە. تێیدا ماینەوە، بەڵام شاخەکە زۆر ڕووت بوو، نەهاتنی ئێرانییە کان پرتەوبۆڵەی خستە ناو پێشمەرگەکان، حەقیان بوو، چونکی ئێمەش بەرنامەی خۆمان لەسەر هاتنی ئەوان داڕشتبوو. ئیتر کشاینەوە و چەند شەهیدێکمان هەبوو 1- ئەحمەد حەسەن خەڵکی هێرۆ بوو 2- ڕەسوڵ قەندۆڵی 3- ڕەسوڵ ئیسماعیل خەندان. چەند ڕۆژێک لە و سەرماوسۆڵەیە سەرشاخدا، کە هیچ ئاوەدانیی تێدا نییە، ماینەوە. بنبەردێکی بچوکی لێبوو، پێیان دەوت ئەشکەوتی بەرخان، چەند کەسێکی دەگرت، لەوێ بە پاڵکەوتنەوە ئاگرمان کردەوە. دوکەڵ هەر کوێری کردین. دوای ئەوە مانەوەمان دەورێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکی هەرچی گرتمان، بەجێمان هێشت. لەگەڵ فەرماندەی تیپەکان لەسەر وەزعی سەرکەوتن و کشانەوەمان کۆبوونەوەیەکم کرد.

جیهازمان پێبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچمان پێنەبوو شەحنی بکاتەوە، پاتریەکەی مرد. لەبەر بەفرەکە وڵاخ دەرنەدەچوو. بەکۆڵ ئەم باتریمان نارد خوارەوە بۆ سیروان بۆ ئەوەی شەحنی بکەن و ئاگاداری بەرەکانی تریش بین. لەبەر بەفر و دووریمان لەوێوە ڕۆیشتن و گەڕانەوە ڕۆژێکی دەویست. پاش شەحنکردن هەرکەسێک پێشمەرگە بووایە یان هاووڵاتی، تا دەگەیشتەوە لامان، ئەوەندە دەکەوت و تێزاب و ئاوی پاتریەکەی پێدا دەڕژا، حاڵی خراپ دەبوو. تێزابی ناو پاتریەکە قەمسەڵەی چەندین کەسی سوتاند. کێشەی پەیوەندیمان

گەورەترین کێشەبوو، بەڵام هەر جێبەجێمان کرد.

پاش ئە و چەند ڕۆژەی سەر شاخ نەوزادی کاک حسێن و ئامانجی محەمەدی حاجی تاهیر لەسەر جیهازەکە بوون، بەداخەوە نەوزاد لەم ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. دەوری باشیان هەبوو. وتیان مام جەلال لەسەر بێسیمە و داوات دەکات. چووم قسەم لەگەڵ کرد، وەزعی لای خۆمانم بۆ باس کرد، وتی بچن زەرون بگرن. وتم ناکرێ، هەموو سەرتیپەکانم کۆکردووەتەوە، ئەوە زەحمەتە. لەم قسانەمان زۆر کرد، وتی گوێچکە ساغەکەتم بدەرێ چونکی من گوێچکەیەکم ئیش دەکات، ئەوی تریان 1966/5/12 لە شەڕە گەورەکەی هەندرێن فیشەکی بەرکەوتووە، لەوکاتەوە یەک گوێچکەم کار دەکات. منیش وەزعەکەی لای خۆمانم دەزانی. وتم تۆش باش گوێم لێبگرە لەسەر ئەوەی من لە مەیدانەکە بووم، دەمزانی چی دەکرێ و چی ناکرێ. دوای ئەوەی بروسکەی کرد هێزەکەمان هەندێکی بەجێ بهێڵم و هەندێکیش لەگەڵ خۆم ببەم بچم و بۆ جەبهەی لای کارێزە. جێبەجێم کرد و جارێکی تر چوومە وە بۆ جەبهەی کارێزە.

دوای ئەوەی ماوەیەک لە کارێزە بووم، گەڕاینەوە بۆ ناوچەی مەرگە کە بارەگای خۆم لەوێ بوو لە سیروان. مالّی ملازم عومەر و قادری مامەند ئاغا و شێخ جەنگی برای مام جەلال و محەمەد سوڵتان کە ئیسلامییەکان دوای ڕاپەڕین شەهیدیان کرد و لێپرسراوی حیزبی بوو لەوێ، لەوێ بوو. لەگەڵ ملازم عومەر مالّەکەمان چەند مەترێک دوور بوو لەیەکەوە. تەنیا ئەم چوار مالّەی لێبوو، ئاوەدانیش نەبوو. ئەوەی لێ بوو، مالّە پێشمەرگە بوو، ماوەیەکیش مالّی نەوزادی نوری بەگ لەوێ بوو، لە ئیدارە ئیشی دەکرد. ناوبەناویش تەیارە دەهات و بۆردومانی دەکردین. ڕۆژێک تەیارە زۆر خراپ لێی داین. باش بوو زیانمان نەبوو. لاستیکی ئاوە کەی پچڕاند، کە لە کانییە کەوە ڕامانکێشابوو. دەنگۆی ناوبەناویش هەبوو حکومەت هجوم دەکات. دەبووایە ئە و هێزانەی لەبەر دەستدا بوون، خۆمان ئامادە بکەین. من سەرشاخم دابەش کردبوو بەسەر تیپەکانی سنوورەکەی لای خۆمان، کە نزیکەی هەشت تیپ بوون. ئیشوکاری ڕۆژانەشم لەگەڵ جێبەجێ دەکردن و سەردانم دەکردن، شەوانیش لەگەڵ ملازم عومەر پێکەوە ئەبووین.

هاتنی نەقیب ئەمیر بۆ سیروان

نەهاوەندی خێزانم لە سلێمانی بوو. بە نیاز بوو بێتەوە بۆ لامان. بە فرسەتمان زانی. نەقیب ئەمیر جوابی نارد کە گەڕایەوە، نەوجوانی خێزانی لەگەڵ خۆی بهێنێت. ئەوانیش ڕێکیان خستبوو ڕۆژی 1987/7/19 بگەڕێنەوە. پشتیوانی سایەق کە لە پێشەوە باسم کرد، کەسێکی ئەمینە و چووبوو بەدواياندا. ئەمانیش خۆیان ئامادە کردووە بێن. سواری سەیارەی کردبوون. دایکی نەقیب ئەمیریش سەبریەخان لەگەڵیاندا هاتبوو. نەوجوان و نەهاوەند و دوو منداڵ زریانی کوڕم یەک ساڵ بوو، بەرزینی کوڕی ئەمیر تازە لەدایک بووبوو، هێشتا نەیبینیبوو، دوای خۆی کە ڕای کردبوو، بووبوویان. کە دەگەڕێنەوە، ڕۆژی 1987/7/19 لە ڕێگەی سلێمانی ئەخباری کرابوون. لە بازگەکەی تاسلوجە کە بۆ دوکان دێت، بەتایبەت بۆیان دانیشتبوون. مەفرەزەی ئەمنی تایبەت چووبوون. کە تاکسییە کە ڕادەگرن، زانیاریی تەواویان هەبووە کێن و کێ نین، چونکی لە سەداسەد زانیویانە ئەوانن. ئەوەی خەبەرەکەی لێداون، ناوی پشتیوانی شۆفێری داوە، نەفەرەکانیش دیار بوون. هەر لەوێ دەیانگرن و دەیانبەن بۆ ئەمنی سلێمانی. دوای بەربوونیان پاش ساڵ و نیوێک لە سجن نەهاوەندی خێزانم گێڕایەوە هەر لەبەر دەرگای دەرەوە تاکو ژوورەوە هەموو ئەمنەکان پشتیوانیان بە حاڵی مردن بردبوو، ئەوەندەیان لێدابوو. ناگێڕدرێتەوە چییان لێکردووە، ئیتر هەموویان گیران. ئەوانە گیراون و ئێمەش ئاگادارنین و نازانین، لەگەڵ ئەمیر کەوتینە ئەوەی بۆچی نەهاتن، چونکی کەس نەیزانیبوو. لە سلێمانی وادەزانن گەیشتوونەتە لای ئێمە، لە ئێمەش وایە جارێ نەهاتوون. پاش چەند ڕۆژێ دەرکەوت گیراون. لەبەر ئەوەی

بەرزین ساوابوو، چەند هەفتەیەک بووبوو، بردبوویانەوە بۆ ماڵی باوکی ئەمیر، بەڵام زریانی کوڕی منیان بەرنەدابوو و هەر لەگەڵ دایکی دابوو، ئێمەش نازانین چییان پێوتوون و چییان لێپرسیوون. نەهاوەند گێڕایەوە سەبری خان دایکی ئەمیر عەرەبیی دەزانێ، زۆر جوان وەڵامی ئەمنەکانی دەدایەوە، لەولاشەوە دڵخۆشیی من و نەوجوانی خێزانی ئەمیری کوڕی دەدایەوە. دوای ئەوە جوابیان بۆ هێنایەن کە گیراون. بەڕاستی کارەسات بوو، چونکی بەعس بیانگرێ و بزانێت خێزانی منە، پیاو خۆ هیچی پێناکرێ. چەند خەمی خۆم بوو، دوو ئەوەندە خەمی ئەمیرم بوو، چونکی بەڕاستی بۆ ئە و قورس بوو. ژیانی ئە و جیاواز بوو لەگەڵ من، ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا. ئیتر کەسوکارەکانمان لە سلێمانی کەوتنە سۆراخکردنیان، ڕوونیشە کە گیراون، ماوەی سێ مانگ لە ئەمنە سوورەکە زیندان بوون. ئەوە لەلایەک ئەوان گیراون، ئەمیر وتی دەچم سەرێک لە حەمە تۆفیق دەدەم لە بەرگەڵوو. ئەو کاتە لە بارەگای کاک نەوشیروان بوو. لای من ڕۆیشت و خواحافیزیی کرد، چەند ڕۆژێکی نەخایاند حکومەت وەک پیشەی هەموو جارانی تۆپبارانی بەرگەڵوو دەکات، گوللەی تۆپ کیمیاوی لە بارەگاکەی کاک نەوشیروان دەدات لە و ئە و ژوورەی ئەمیری تێدا بووە، چوار کەسی تێدا شەهید دەبێ:

1- مەحموود سێدەری پێشمەرگەیەکی قارەمان و زۆر ئازابوو، کورد واتەنی کون لە جەرگیدا نەبوو.

2- کوڕەکەی مەحموود سێدەری لەگەڵ باوکی دەبێ، ئەویش پێشمەرگە بوو، ناوی حەکیم بوو.

3- نەقیب ئەمیری حاجی کەریم چاوشین.

4- شێخ محەمەد شێخ مەحموود، پوورزای حەمە تۆفیق بوو.

مەحموود سێدەری لە هەرە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی 43ی ئاسۆس و دۆڵی جافایەتی بوو، ئەوەندە ئازا بوو، ناوی هەبوو، بەتایبەت لای ئێمەمانان. باشمان دەناسی و خۆشمان دەویست، زۆر قۆز بوو، کوڕەکەی لە خۆی جوانتر بوو.

ئەمەش هاتە سەر ئە و بارگرانییە ی من. بە شەهیدبوونی ئەمیر نازانم چی باس بکەم؟ لە باسکردن نایەت. نەک هەر من، ئەوەی ڕۆژێک ناسیبوونی و برادەریی کردبوون، بۆیان بەداخ بوون. ئیتر بروسکەم کرد تەرمی ئەمیر بهێننەوە بۆ مەرگە بۆ لای من. برادەران جێبەجێیان کرد و ناردیانەوە بۆ لام، لەوێش بەخاکمان سپارد. باشە چۆن جواب بنێرم بۆ حاجی کەریم چاوشینی باوکی و خزمان؟ وا ڕێک کەوت خاڵێکم بە ناوی حەمە ئەمین دەروێش حسێن هاتبوو بۆ لام. ئەوم نارد بەدوایدا و وتم بچۆ بۆ لای، بەس مەڵێ شەهید بووە. بڵێ دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، خاڵم ڕۆیشت و ڕۆژی دواێی لە بنگردەوە حاجی لەگەڵ خۆی هێنا. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە نازانێ باوکی شەهید ئەمیرە. دەڵێت ئەمڕۆ یەکێکیان ناشت ناوی نەقیب ئەمیر بوو، بەر کیمیاوی کەوتبوو، حاجی کەریم کە گوێی لەم قسەیە دەبێت، دەکێشێ بە خۆیدا و دەست بە گریان دەکات. بۆ ئێوارە گەیشتنە لای من و ملازم عومەر. زۆر دڵمان دایەوە و قسەمان بۆ کرد. وتی کاکە ئەم قسانە بۆ من مەکەن. من لە ژیانمدا زۆر شتم قبوڵ کردووە بۆ ئەوەی توشی ئەمە نەبم، تازە کوڕەکەم ڕۆیشت، سوودی چییە؟ خوا هەڵناگرێ هەڵوێستی زۆر مەردانە بوو. ئە و شەوە لامان مانەوە، تا بەیانی خەوی لێنەکەوت، هەر دەگریا. لەگەڵ خاڵم ڕەوانەی سلێمانیمان کردنەوە. بە چی دیارییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. سەبریەخانی دایکی ئەمیر خێزانی حاجی کەریم و نەوجوانی خێزانی ئەمیر و نەهاوەند خێزانی من زیندانن لای بەعس لە سلێمانی. نەتوانی بڵێیت کوڕەکەم شەهید بووە، چونکی ئەگەر پرسەی بۆ دابنێیت، ئەوەی ماویشە دەیگرن. پاش ئەوەی حکومەت زانیبووی لە سەداسەد ئەمیر شەهید بووە، پاش چەند مانگێ دوای شەهیدبوونی ئەمیر نەوجوان و

سەبری خانیان بەردا. بەڵام خێزانی من و زریانی کوڕم پاش سێ مانگ کە لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بوون، بردیانن بۆ بەغدا بۆ دائیرە ی ئەمنی عامی عێراق. لەوێ سجن بوون تاکو ساڵی 1988، ماوەی ئەم ساڵ و نیوە نەیانهێشت چاویان بە کەسێک بکەوێ، نەشماندەزانی لە کوێن. ئیتر هەر ئە و ماوەیەی نەهاوەند گیرابوو، کامەرانی برای نەهاوەند و حەسەن محەمەدی ئامۆزای و چەند پێشمەرگەیەکی تر لای شەدەڵە لە شەڕێکدا لەگەڵ دوژمن شەهید بوون. هێرشیان کردبوو بۆ سەر ڕەبایەکانی قوڵە پوشینە لای پیرەمەگرون. تەرمەکەیمان دەست نەکەوتەوە. نەهاوەند خرایە زیندان و برا و ئامۆزاشی وایان بەسەرهات، ماڵی باوکیشی دەربەدەر.

بەدەستی ڕژێم ژەهر خواردیان کردین

لە و ماوەیەدا کە منداڵەکان زیندان بوون و برا و ئامۆزای شەهید بووبوون، لە دەرەوە دایکم و کچێکی خوشکەزام بە ناوی تریفە لە ترسی گرتن و هەروەها بۆ خزمەتکردنی منیش هاتبوون بۆ لام. منداڵەکانیش لە بەغدا چاوپێکەوتنیان نەبوو. ئە و ماوەیەی لەوێ بوون، دوو هەفتە پێش ئەوەی ژەهرخواردمان بکەن، بە هۆی کەسێکەوە شەش وێنەی زریانی کوڕمیان بۆ ناردبووم لە دائیرە ی ئاسایشی گشتی بەغدا وە. (زریان)یان هێنابووە دەرەوە، بیجامەیان بۆ هێنابوو، هەندێک یارِیی منداڵانەشیان بۆ دانابوو لە باخچەکەی ئەمندا. شەش وێنەیان گرتبوو، لە دایکیان جیا کردبووەوە، کە کردبوویانەوە ژووری زیندان و نەیانهێشتبوو یارِیی منداڵەکانیش بەرێتە ژوورەوە. دایکی گێڕایەوە وتویانە مادەی ئاسنە نابێ ببرێتە ژوورەوە. ئەم شەش وێنەیەی زریان و کەسەکەش لە ژیاندا ماوە، ناوی وەستا مەجیدە، خەڵکی سلێمانییە و ئێستا لە ئەڵەمانیایە، نازانم کێ دابویە. ئەم وێنانە بۆ ئەوەبوو کاریگەریم تێبکات و بڕوخێم.

لە زروفێکی وەهادا پیاو کەسێکی بگیرێ، هەوڵ دەدات کەسێک بدۆزێتەوە هەوڵێکی بۆ بدات. خزمان و دۆستان زۆر هەوڵیان دا، بەڵام هەر جوابیان نەدانەوە. لەبەر ئەوەی خێزانی من بوو، سوودی نەبوو. منیش کەسێکم دەناسی و ئێستاش ماوە. کەسێکی دیاری ناوچەی بتوێن هەمزەی عەباس مامەند ئاغا، کە ئەو کاتە مستشار بوو، من چۆن هەمزە ئاغام ناسی؟ پێش ئەوەی باسی ئەوەی خۆم بکەم، باسی ئەوە دەکەم چۆن هەمزە ئاغام ناسی. لە دوای تێکچوونی گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ میری ساڵی 1985 واجباتی فەوجەکەی هەمزە ئاغا لە دۆڵی خەلەکان بوو. شەڕیش گەرم بوو. پێشمەرگە چووبوونە سەر ڕەبایەکانی فەوجەکەی، وابزانم پێشمەرگەیەک شەهید بووبوو یان شتێکی تر، ئەویش بە هۆی هەندێک دۆستی خەڵکی ڕانیە جوابی بۆ من نارد کە شتێکی وابووە، خۆیان ئامادەن هاوکاریی پێشمەرگە بکەن، من لە ڕێگەی ئە و دۆستانەوە نامەیەکم بۆ کاک کۆسرەت نووسی و داوام کە نەچنە سەر ئەم فەوجە، چونکی دۆستی خۆمانن و بۆ هەمزە ئاغاش جوابم نارد مانگانە یارمەتی مەڵبەندی چوار بدەن بۆ هەموو شتێک لە پەڕینەوە و لایەنی مادیش. پەیوەندیم بۆ دروست کردن. پێشمەرگە ئێواران بە بەردەمیاندا هاتوچۆیان دەکرد.

بێمەوە سەر ژن و منداڵ و ژەهرخواردکردنمان، منیش هەر لە ڕێگەی دۆستەکانەوە نامەیەکم بۆ هەمزە نووسی، کە لە هەواڵدان بۆ ڕزگارکردنی منداڵەکانم چیی پێدەکرێت، درێغی نەکات. من نامەکەم لە 1987/11/14 نووسی. دە ڕۆژ دوای ئەوە کە هێشتا منداڵەکانم بەرنەبووبوون، لە 1987/11/24 بە هۆی خیانەتی ئافرەتێکەوە بە ناوی نەرمین کە ژنی پێشمەرگە بوو، فرسەتیان لێهێنایین و ژەهرخواردیان کردین. منداڵەکان لە زیندان مانەوە تا ئە وکاتەی بە لێبوردنی گشتی لە ڕۆژی 1988/9/14 وەک هەر خەڵکێکی تر کە لە بەغدا بوون، بەربوون. ئەگینا هیچ شتێک نەیخوارد و بەریان نەدان. کە ئەوان بەربوون، من کەوتبوومە خەستەخانەی لەندەن، تازە لە خەستەخانە هاتبوومە دەرەوە.

لێبوردنی گشتی دەردەکرێت و دەرگای زیندان دەکرێتەوە، بەڵام ڕۆژی یەکەم ئەوانیان بەرنەدابوو. ئەبو سەنا یەکێکە لە دۆستەکانم، ڕۆژی لێبوردنەکە چووبوو بۆ لایان. خەڵکی دەناسی، دەستی ئەمنەکانی ماچ کردبوو، هەر بەریان نەدان، ماڵەوەمان بۆی گێڕامەوە. بۆ ڕاستیی قسەکانم شوکر ئەبو سەنا ماوە. ئە و هەوڵانەی بۆ ئازادبوونی منداڵەکانمم دا، بووە هۆی ئەوەی لە پاش ڕاپەڕین ئازاری زۆرم بدەن، وەک ئەوەی بۆ ئازاکردنی منداڵەکانم لەگەڵ ڕژێم پەیوەندیم دروست کردبێت. دوو ساڵ بە ئازارەوە نالاندم، تاکو لە پلینۆم لە بەردەم 823 ئەندام و جەنابی مام جەلال لە قەڵاچوالان بەرگریم لە خۆم کرد. هەمووشیان باش دەیانناسیم چیم کردووە لەم شۆڕشەدا، بوو بە چەپڵەلێدان بۆم. نەک هەر چەپڵە، بەڵکو هۆڵی پلینۆم هەڵسایە سەر پێ بۆ پشتیوانیی من. من لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆمدا بچوکترین هەڵەم نەکردووە. تەنها هەڵەم ئەوەبوو کە ئە و نامەیەم نووسی و دەبوایە نەمنووسیایە. هیچ شتێکی شاراوەم نەبووە، ئە و هەڤاڵانەی ئیشیان لەگەڵ کردووم، شاهیدیم بۆ دەدەن.

هەر لە کاتی خۆیدا کە نامەکەم نووسی، بۆ بەیانی نامەیەکیشم بۆ مام جەلال نووسی و بە شێرکۆی شێخ نووریدا ناردم بۆی. بارەگای ئێمە پێنج سەعات ڕێگە لە بارەگای مام جەلال، کە لە یاخسەمەر بوو، دووربوو. خۆشبەختانە بەختیاری ساڵح ڕەفعەت لە ژیاندا ماوە، ئەوکاتە سکرتێری مام جەلال بوو. بەختیار نامەکەی دیووە. غەدری مێژوو لە من کرا، بەڵام ڕاستی ون نابێت. خەڵکی نامەردیش زۆر ترش و خوێیان پێوە کرد، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕۆژانی خەبات و پێشمەرگایەتیدا کەسوکاریان لەسەر خیانەت بە بڕیاری شۆڕشگێڕانە ئیعدام کراون، کەوتنە پڕوپاگەندەی نامەردانە و بە فرسەتیان زانی. بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ. ڕاستییە کان دەرکەوتن.

بۆ پشتیوانیی قسەکانم

بۆ ئەوەی ڕاستیی ئە و ڕووداوە بزانن، لەسەر ئەم مەسەلەیە برازایەکی شێخ ستار بە ناوی کاوە لە مەڵبەندی یەک گیرابوو. کاوە لە گەرمیان ئەفسەر بوو، ئێوارەیەکیان پیاوێکی مشکیبەسەر هات بۆ لامان. لە سیروان لە بارەگای کاک ملازم عومەر بووین، وتی هاتووم ژن و منداڵەکانت بۆ بەربدەین، ئێوەش لە بەرامبەردا کاوەمان بۆ بەر بدەن. ڕەنگە زۆریش حەزم کردبێ هەر ئە و دەقیقەیە بیگۆڕینەوە، بەڵام وەڵاممان دایەوە کە شتی وا نابێت. کاک عومەر پێی وتن برۆن، ئەم حەقی نەماوە بەسەر ژنەکەیەوە، تەڵاق داوە و شتی وا نابێ، کابرا ڕۆیشتەوە. کەسیش نییە حەز نەکات ژن و منداڵ بەرنەبێ و لە زیندانداا بن. بە شەرتێک تازە ژنم هێنابوو و تەنها کوڕێکم هەبوو.

چیرۆکی ژەهرخواردکردنمان لە سیروان

بە هۆی ئەوەی بەسەر منداڵەکان هات، بۆشاییەک دروست بوو. تەنها دایکم مابوو، شەڕیش لە هەموو شوێنەکان بەردەوام بوو، هەر سێ مانگ دوای گرتنی خێزانم لە ساڵی 1987 لە مانگی نۆدا کامەرانی برای و حەسەنی ئامۆزای لە شاخی قولە پوشینە لای شەدەڵە شەهید بوون. ئە وکاتەشدا بارەگای تیپی 43ی ئاسۆس لە مەرگە بوو. جەباری عەلی عەوێز لە کاتی دانوستانی یەکێتی و حکومەتدا گیرابوو. لە و ماوەیەدا بە لێبوردن بەربوو. پێش ئەوەی خۆی بێت، ژن و منداڵەکەی هاتبوون و لە مەرگە بوون، ڕەفیقەکانی جەباریش هەر لە مەرگە بوون. بارەگای منیش لە سیروان بوو. بە سەیارە نیوسەعات لە مەرگەوە دوور بوو. جەباریش کە بەربوو، هات لە مەرگە ماڵی دانا لای تیپی 43ی ئاسۆس. ئەوکاتە هەڤاڵ نەبەز سەرتیپی 43ی ئاسۆس بوو. پاش ماوەیەک لە دێیە کە گلەیی وگازندەیان کرد و قسەی لەسەر دروست بوو کە شەوانە مەشروبات دەخواتەوە.

من و کاک ملازم عومەر بانگمان کرد و وتمان تۆ دوای ئەم هەموو ماندوبوونە بۆچی خۆت ناشیرین دەکەی؟ ئەگەر وا بکەی، خەڵکەکە داوای دەرکردنت دەکەن. خوا هەڵناگرێ وتی هەڵە بووم، ئیتر شتی وا ناکەم و ڕوو ناداتەوە. ئەم پەیوەندییە دروست بوو. کاتێک جەبار گیراوە، نەرمینی خێزانی هاتوچۆی بەغدا و دائیرە ی ئەمنی کردووە و پەیوەندیی دروست کردووە. قسەشیان لەسەر جەبار دەکرد، کە بە هۆی ژنەکەیەوە بەربووبێ. بۆ مێژوو دەڵێم جەبار لەگەڵ حکومەت هیچی نەبوو ژنی خراپ نەبێ. ئێمە ئاگاداری ئەم وردەکارییە نین، ئەو کاتە ژن و منداڵی منیش لە زیندان بوون، بەڵام دایکم و تریفەی خوشکەزام لام بوون لە ماڵەکەی خۆم.

من گومانم دەکرد ڕێژەیەکی کەم ژەهریان پێدابم. چونکی زۆر هیلاک ئەبووم، سنگم دەیەشا، وەک ئەوە بوو تێزابی پێدا بکەی، بە شەرتێ من جگەرەشم نەکێشاوە. لە ڕۆیشتندا لە پێشمەرگایەتیدا کەس لەگەڵ من دەرنەچووە، هەمیشەش لە خەیاڵی منداڵەکانمم، کە زیندانن.

شەوێکیان هەر خەوم لێنەدەکەوت، سەعات 12 بوو. هەستام و وەسیەتم نووسی بۆ ملازم عومەر، کامێرایەکی ڕەسمگرتن و کامێرایەکی ڤیدیۆم هەبوو لەگەڵ دوو هەزار دینار. هەموویم بەیەکەوە گرێ دا و بە تیپ بەستم. لێم نووسی کاک عومەر ئەگەر شتێکم لێهات، ئەمەی هەمە لە ژیاندا، بیدە بە منداڵەکانم. سەعات 12 بیرم کردەوە ئە و ژنە نەرمین جارێکیان هات و وتی دەتوانم بچم ژنەکەت ببینم، بەڵام بۆ بەربوون ناتوانم. کە بیرم دەکردەوە، ئەم قسەیە سەرنجی ڕاکێشام، خەیاڵم بۆ ئەوە چوو هەر ئە و ژنە ژەهری کردبێتە خواردنەوە. هەرچی خواردبووی، وای لێهاتبوو. بۆ نموونە عومەر بۆتانی، جەلال مینە بەگ، عومەر جەیران، عوسمان قادر منەوەر. من خۆم جارێک بە سەیارە هاتبوومە خوارەوە، لە مەقەڕی کاک نەبەز کفتەیان هەبوو. منیش مامەوە، دیار بوو ئەوەشی کردبوو، ڕێژەکەی کەم بووە، لە کۆڵاندا کاریگەرییەکەی کەم دەبێتەوە.. وتم عەیبە بەم شەوە هەڵی بسێنم. ئیتر بەیانی سەعات 8 چووم بۆ لای کاک عومەر. هێشتا لە خە و هەڵنەسابوو. تۆزێک هاتوچۆم کرد، دوایی هەڵمساند. وتم کاک عومەر ئەم سنگئێشە و هیلاکییەی من نەخۆشی نییە. وتی چییە؟ وتم شکم لە و ئافرەتەیە، چونکی قسەیەکی وای کردووە کە دەتوانێ سەردانی منداڵەکان بکات. ئیتر لەگەڵ کاک عومەر ڕێک کەوتین ئەگەر ئەمجارە بێتەوە، بە دزیەوە جانتاکەی بپشکنین.

چوونی ملازم عومەر بۆ یاخسەمەر

نێوان مەرگە و یاخسەمەر لای مام جەلال بە پیادە پێنج بۆ شەش سەعات دەبێ. ئەو کاتە تەنها من سەیارەیەکی تۆیۆتام هەبوو. بۆ ڕێزگرتن لە کاک عومەر کە هەموو تەمەنمان پێکەوەین و وەک برابووین، وام بەلاوە جوانتر بوو بە سەیارەکە بڕۆین. وتم خۆ سەیارەکەم هەر خەڵکی سوودیان لێدەبینن، خۆمان حازر کرد. وابزانم 1987/11/21 ڕۆیشتین. کە گەیشتینە بەرگەڵوو، ملازم عومەر سەرکەوت بۆ بارەگای کاک نەوشیروان، منیش وتم دەچم پشکنینی خوێن دەکەم و ئەشعەیەک دەگرم، چونکی تەندروستیم باش نەبوو. ئە و ڕۆیشت و من چوومە خەستەخانەکە، دکتۆر بەرزان ئەکرەمی عزەت نەجیب شاهیدە و دکتۆر شوان لەوێ بوو. پشکنینیان بۆ کردم، وتیان سەرمات بووە. شروبێکیان بۆ نووسیم، لەبەرچاوی ئەوان سەرەکەیم کردەوە، تۆزێکم لێخوارد و هەڵم دایە چەمەکەوە. وتم هەر ژەهریان داومەتێ. پاش ئەوە چوومە بارەگای کاک نەوشیروان. وتی بۆچی هاتوون؟ ئێمە بروسکەمان کردووە بۆ تیپەکانی گەرمیان بێن بۆ لای ئێوە، پەلاماری شاخی ئاسۆس و زینوی سپی دەدەین و دەیگرین. لەبەر گرنگیی بڕیارەکە بۆ ڕۆژی دوایی یان هەر ئە و ڕۆژە گەڕاینەوە، چۆن چووین وا هاتینەوە.

هێزەکان دێن بۆ ئەوەی ڕێکیان بخەین بۆ گرتنی شاخی ئاسۆس و زینوی سپی، بڕیارەکەش بە ئێمە وتراوە کە چی

بکەین. ڕۆژی 1987/11/22 هێزەکان گەیشتن، خۆمان ئامادە کرد. لەگەڵ کاک عومەر چووینە کانی تووە، دوا قۆناغە کە ئوتومبێل بۆی دەچێ. وردەوردە لە کورکورەوە هێزەکانمان بەرە و شوێنی دیاریکراو سەرخست. من لە بنی داربڕکدا دانیشتبووم، هیلاکیم پێوە دیاربوو، هێزی جارانم نەمابوو، گومانەکەم هەر بەردەوام بوو. لە دڵی خۆمدا وتم کاک عومەر وا تێنەگات دەترسم یان شتێکی تر. هاتە سەر ئەوەی ئێمەش سەرکەوین بۆ سەرشاخ. خۆم ئامادە بووم، کیسەخە و و پێداویستیی ترم پێبوو. کاک عومەر هات وتی کاک مستەفا تۆ نەخۆشی، مەیە. وتم وەڵڵا کاک عومەر کە بڕیارم دابوو بێم، زیاتر لەبەر خاتری تۆ بوو، چونکی لە داستانی ڕزگاریی یەکەمدا من لێپرسراوی بووم، جێگەکان شارەزا بووم. مادام وایە، من نایەم و دەڕۆمەوە بۆ بارەگای خۆمان، ئێرانی وتەنی بەرپرسیاری تدارکات دەبم، خواردن و فیشەک و پێویستیتان بۆ جێبەجێ بکەم، خوا حافیزیمان کرد و گەڕامەوە بۆ سیروان بۆ بارەگای خۆمان. ڕۆژی پێشتر وەستا مەجید گۆشتی مریشکی بۆ هێنابووین، هەر چوار ڕانە مریشک لە نایلۆندا بوو، دایکم بەتەمەن بوو، ژن لە زیندان بوو، ئیسماعیل لالەم بانگ کرد، پێشمەرگە بوو لام، شۆفێریش بوو، وتم بچۆ بۆ ماڵی مامۆستا مەلا موحەرەم کە ئیمام جومعەی مەرگە بوو، با سەریعەی کچی بنێرێ یارمەتیی دایکم بدات. مامۆستا مەلا موحەرەم خزممان بوو. مادام خۆم نەچووم بۆ سەر شاخ، با ئە و خواردنەی لە ماڵەوە هەیە، ئامادەی بکەم و بۆیان بنێرم.

دوای نیوەڕۆ ئیسماعیل هاتەوە. لەباتی سەریعەی مەلا موحەرەم بێت، نەرمین ژنی جەباری عەلی عەوێزی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەر ئە و ڕۆژە لە سلێمانی گەڕابووەوە. عەلی لوت ماسی بە سەیارەی مەفرەزەی خاسە لەگەڵ خۆی تاکو بنگرد هێنابووی. ئێمە ئەمە نازانین. جەباری مێردی چووبوو بۆ قەرەداغ بۆ لای خێزانی مام هێرش. مام هێرش شەهید بووبوو، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو و ڕەفیقی جەبار بوو.

دیارە پێش ئەوەی بێت، دائیرە ی ئەمن پێیان وتووە چی بکات و چۆن بەکاری بهێنێ، هاتە ماڵی ئێمە. ئەو کاتە ش لە نێوان یەکێتی و هیزە سیاسییەکاندا ئاشتبوونەوەی گشتی هەبوو. بەرەی کوردستانی لە سەرەتای دروستبوونیدا بوو، دکتۆر مەحموود عوسمان، عەدنان موفتی و موحسین بایز هاتبوون کە بارەگای حیزبی سۆشیالیستی کوردستان دابنێن، کە کاک ڕەسوڵ مامەند سکرتێری بوو. هاتن و پەیدا بوون، بارەگاکەمان هیچی تێدا نەبوو. سەرم خستن بۆ ماڵی خۆمان، سەعات دەوری یانزە بوو. چووین دانیشتین. برادەران نامەیان بۆ من نووسیبوو شوێنیان بۆ پەیدا بکەم بۆ بارەگا. من بیرم کردبۆوە کانی شینکە چەند خانوویەکی تێدایە و نزیک خۆمانە، بیاندەمێ بۆ بارەگا. پێشتر ماڵی شێخ جەنگیی تێدا بوو، ئەوان چووبوون بۆ ئێران و چۆڵ بوو. کە چووینە ماڵی خۆمان، وتم نیوەڕۆ نارۆن بۆ هیچ جێگەیەک، تەماشای یەکتریان کرد، تێگەیشتم لای من میوان دەبن. دەرگای ژووری میوانەکەمان بەرامبەر ژووری چێشتلێنان بوو، ڕووم کردە دایکم و وتم دایە نان دروست بکەن بۆ نیوەڕۆ. ئە و نەرمینەش لەوێ بوو، نەرمین فرسەت دەهێنێت. دەچێت هەرچی ماستمان دەبێ، دەیگرێتەوە و ماستاو دروست دەکات. ئە و دەرمانەی پێی دراوە، دەیکاتە ناو ماستاوەکەوە. دوایی کە ئێمەیان برد بۆ لەندەن بۆ عیلاج، دەرکەوت ئە و ژەهرەی پێمان دراوە، پێی دەڵێن ثالیۆم. دەوری سەعات 12:5 بوو نان تێکرا. سفرە ئامادە کرا و پەرداخەکان لەسەر سفرەکە دانران. من خۆم پەرداخە ماستاوەکانم تێکرد، بەقەدەر ژمارەی میوان، هەر لەکاتی ماستاوتێکردندا لە پێشەوە پەرداخێکم خواردەوە بەحساب مەعیدەم ساف بێت، بۆ ئەوەی نیوەڕۆ نانی باش بخۆم، کە نان دانرا، ئەوانەی لەسەر سفرەکە بوون، ئەگەر لەبیرم نەچووبێ، ئەم بەڕێزانە بوون.

1- دکتۆر مەحموود عوسمان 2- عەدنان موفتی 3- سامی شۆڕش. ئەو کاتە لەسەر چاپخانەی یەکێتی بوو لای خۆمان 4- بێستون مەلا عومەر 5- ئاوات مەحموود. دوای ئێمەش دیارە دایکم و سەریعەی مەلا موحەڕەم و تریفەی خوشکەزاشم نانیان خواردووە. دکتۆر شوان دوای ئێمە هات، نەخۆشی هەبوو، ئەویش نانی خوارد.

وتم با زوو نان بخۆین. دوو شەهیدمان هەیە، کە لە شەڕەکاندا شەهید بوون، هێنابوویانن خوارەوە. یەکێکیان سەردار بوو، برای هاوڕێ جەبار لای کاک ملازم عومەر شۆفێر بوو. ئەوی تریشیان خەڵکی تووە سووران بوو، چاوەڕوانی هاتنی کەسوکاریمان دەکرد.

بەپەلە نانمان خوارد و چووین بۆ سەرقەبرانی دێی چنارنە. لەوێ قەبرمان بۆ هەڵکەندبوون، هەر لە و خواردنەی وەستا مەجید هێنابووی، لێمان دروست کردبوو و ناردبوومان بۆ برادەرانی سەر شاخ، کە لەگەڵ کاک عومەر بوون و لە شەڕدا بوون. لە سەرقەبران پێش ئەوەی شەهیدەکان بنێژین، کاک بێستون وتی گێژم، منیش مەتارەیەک ئاوم پێبوو، دامێ و دەموچاوی پێ شت، وتم بچۆ لای سەیارەکان دانیشە، ئێمەش کە تەواو بووین، دێینەوە بۆ لات. پاش بە خاکسپاردنی شەهیدەکان، کە هاتینەوە لای سەیارەکان، بێستون لەسەر جادەکە لە تەنیشت سەیارەکە ڕاکشابوو. بە پەلە خستمانە ناو سەیارەکە و بردمان بۆ خەستەخانەکەی لای خۆمان. ئە و دکتۆرانەی لەوێ بوون، ئەمانە بوون: (دکتۆر مەحموود عوسمان، دکتۆر شوان، دکتۆر جەلال). ئەوەی پێویست بوو، بۆیان کرد، هیچ هۆشی نەهاتەوە، وتیان دڵیەتی. پاش ڕاوەشان و هەوڵدان گیانی لەدەست دا. هەر لەوکاتەی دکتۆرەکان لەسەر بێستون بوون و ئێمەش لەوێ بووین، سەریعەی مەلا کچی مەلا موحەڕەم کە هاتبوو یارمەتیی دایکم بدات، هات بۆ خەستەخانەکە و وتی سەرم دێشێت. یەکسەر لەوێ کەوت بە زەویدا، پاش ماوەیەکی کورت ئەویش تەواوبوو. وتیان سەرعیەتی. جارێ کەسی تر هیچی لێ دیاری نەدابوو، ویستم سەریعە سواری سەیارەکە بکەم و لەگەڵی بچمەوە بۆ مەرگە، وتیان دایکت بانگ دەکات. کە چووم بۆ لای، وتی مستەفا گیان مەعیدەم دێشێ. هەر ئەوەندەم لێ بیست، ئەویش بێهۆش بوو. ئەویشمان نارد بۆ لای دکتۆرەکان. من سەریعەم بردەوە بۆ مەرگە تەسلیم بە کەسوکاریم کرد. خەڵکی مەرگە و کاک چەتۆ و پووڕە گەلە کە خەڵکی مەرگە بوو و ئێستاش ماوە، لێم کۆبوونەوە. دۆستان مەسینەیەک شیریان بۆ هێنام هەر ناو سەیارەکەدا دەستم کرد بە خواردنەوەی و هەموویم تەواو کرد، هەستم دەکرد وردەوردە بێهێز دەبم، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو. دایکیشم گیانی سپارد و تەواوبوو. هێنایانەوە بۆ دێی ئاوەژێ قەبریان بۆ هەڵکەند، ویستم بچمە ژێر تەرمەکەیەوە، بەڵام نەمتوانی.

ئە و ژنەش بەدرۆ خۆی ڕشاندبۆوە بە مانای ئەوەی ئەویش خواردوویەتی. هەر لە ئاوەژێ نەوزادی نووری بەگ لەگەڵمان بوو، وتم کاک نەوزاد وریای ئەم نەرمینە بن شتێکتان بەسەر نەهێنێ. شێرکۆی شێخ نووری وتی ڕەمیی بکەم؟ وتم نەء، چونکی ئەگەر شتێکی وا بکەی، ڕەنگە بڵێن شتێک هەیە و بۆ داپۆشینی کوشتوویانە. ئە و کاتەش نیوەی دنیا بڕوات پێناکات.

تریفەی خوشکەزاشم هیچی لێ دیاری نەدابوو منداڵ بوو. ناردم بۆ سلێمانی خزمان ئاگادار بکات. ماڵی کاک بێستون چووبوونەوە بۆ سلێمانی، جوابم ناردبوو بۆ گوڵەی خێزانی کە لە ترسی حکومەت بە دزیەوە تەعزێ دابنێن.

ڕۆژی دواتر خزمەکانم لەگەڵ گوڵەی خێزانی بێستون هاتن. ئە و ڕووداوەی ڕووی دابوو، بە چاوی خۆیان بینییان. بە منیان وت تۆ برۆ مشوری خۆت بخۆ، حەقی ئێمەت نەبێ. من هەر شەوەکەی پێش ئەوەی ئەوان بێن، وردەوردە سەری پەنجەکانم سڕ دەبوون و توکی سەرم دەوەری، شە و دکتۆر شوان هات و لام نووست. وتم دکتۆر گیان وەزعم باش نییە، وتی تۆ وەزعی نەفسییت خراپە. بە هەرحاڵ، ڕۆژمان کردەوە، خزمان هاتن. پێش ئەوەی ئەوان بێن، دوو ئێسترم حازر کردبوو، نەقالەی نەخۆشم حازر کردبوو. من ڕۆیشتم بەرە و کانی توو. لەوێ ئیتر ڕێگەی سەیارە نەما. سواری ئێسترەکان بووم بەرە و ئێران و خزمانم بەجێ هێشت. لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەکانی لای خۆم ملی ڕێگەمان گرت. ئەوەشم بیر نەچێت هەر کە هەر دوای ڕووداوەکە

بروسکەیەکم کرد بۆ ملازم عومەر و وتم ئە و خواردنەی بۆم ناردوون، مەیخۆن، ژەهری تێدایە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەوانیش خواردوویانە، بەڵام لە مریشکەکەدا نەبوو، لە ما ستاوەکەدا بوو، کە ئێمە خواردبوومانەوە. دوایی بۆیان گێڕامەوە کە چەند ترساون. دەیانوت هەموومان لە خۆمان دەترساین شتێکمان لێبێت لەسەر ئە و شاخە و دەمانوت هەر ئێستا لێمان دیاری دەدات.

هەر کە لە کانی توو دەرچووین، سکم کەوتە ئازار. سواری وڵاخیان کردم، داوای ئاوم دەکرد نەیاندەدامێ، چونکی شارەزاییمان نەبوو. لە وکاتانەدا باشترین ئاوە بۆ ئەوەی میز زۆر بکەیت و ژەهرەکە فرێ بدەیت. هەرچۆنێک بێت، سەرکەوتین و چووینە سەر شاخی ئاسۆس، نزیک جێگەی شەڕەکان، ئەوەی لەبیرم بێت (ملازم عومەر، شێخ دارای حەفید، شێخ سەدرەدین، قادری مامەند ئاغا، لێپرسراوانی پێشمەرگەکان و برادەرانی تریش) لەوێ بوون. وەزعم زۆر خراپ بوو. کاک عومەرم جیا کردەوە و وتم من هەر شکم لە و ئافرەتەیە نەرمین. وتی نامەیەک بنووسە بۆ جەباری مێردی. بۆ ئەوەی هەر کە لە قەرەداغ گەڕایەوە، خۆی بیکوژێ، منیش دەستم قەڵەمی نەدەگرت. بە و شەوە تاریکە بە خەتێکی ناخۆش ئەم چەند دێڕەم بۆ جەبار نووسی. ئێستاش لەبیرمە چیم نووسیووە:

برام کاک جەبار

سڵاو

کاکە گیان خیانەتی ژنەکەی تۆوە بووە هۆی شەهیدبوونی کاک بێستونی مەلا عومەر کە برادەری چەند ساڵەتە، هەروەها دایکم و کچەکەی مەلا موحەڕەم، ئێمەش چارەنووسمان دیار نییە، هیوادارم خۆت معامەلە لەگەڵ ئەم وەزعە بکەی.

برات مستەفا چاوڕەش

مانای ئەوەی بیکوژی. دوای نووسینی نامەکە هەر بە و شەوە بەرە و سنووری ئێران و عێراق بۆ دێی هەرزنە ڕۆیشتین، شارەزامان لەگەڵ بوو. شەڕیش بەردەوامە لە نێوان عێراق و ئێراندا، نزیکی سنوور بووینەوە لای هەرزنە. ڕێگە نەبوو، کەمینی سوپای عێراق لێبوو، ناچار گەڕاینەوە و بە بناری ئاسۆسدا بەرە و ڕێگەی گەرمکان کەوتینە ڕێ. بەم حاڵەتەی منەوە دوو ڕۆژی خایاند. لەتاو ئازار نە خۆم ئەمتوانی بە پێ بڕۆم، نە هێزم تێدابوو بەسەر وڵاخەوە خۆم بگرم، لەبەر ئە و هەموو هەوراز و نشێوەی ڕێگە. جارجارە پێشمەرگەکان لە هەندێ شوێن هاوکارییان دەکردم و لە کۆڵیان دەکردم. هەرچۆنێک بێت، گەیشتینە لای برادەرانی شێخ سەدرەدین، ئەسپەکەی شێخیان بۆ زین کردم بۆ ئەوەی لە ئاوەکە بپەڕمەوە و بچم بۆ ژاراوەی لای قەڵادزە. کاک ملازم عومەر جوابی ناردبوو بۆ لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران. ئەو کاتە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵ لەوێ بوو، دۆستایەتیی باشی لەگەڵ کاک عومەر هەبوو. داوای لێکردبوو کە بێت لە ژاراوەوە بمبات بۆ سەر سنوور لای سونێ و لەوێشەوە بەڕێم بکەن بۆ سەردەشت.

لە ئاوی بەردەم سندۆڵان و گەرمکان پەڕینەوە. لەبەر ئازار و بێهێزی بەسەر ئەسپەکەوە خۆم بۆ ڕانەدەگیرا. کوڕێکی مەردمان لەگەڵ بوو ناوی هەمزە شێنێی بوو، ئە و ماوە دوورودرێژە بە کۆڵ هەڵی گرتم. من مردنم لا خۆشتر بوو لەوەی کە بووبووم بە ئەرکێکی قورس بۆ پێشمەرگەکان. بەداخەوە هەمزە دوایی شەهید بوو، هەزار ڕەحمەتی لێبێت، نمونەیان زیاد بێت. نزیک ژاراوە بووینەوە، لە پەنایەکدا منیان دانا و چوون بۆ لای حاجی مام

عەلی. ئەو کاتە مەفرەزەی هەبوو و لای حکومەت بوو، بەڵام سەر بە خۆمان بوو. زۆربەی ئیشی ئە و ناوەمان بە و دەکرد، جێگەی بڕوا بوو، هەروەها حەمە بچکۆلیش. لە ڕێگەی کاک عومەرەوە چووینە ماڵی حاجی مام عەلی. ئە و شەوە تاکو بەیانی لە ماڵی ئەوان بووم، هاوکارییەکەیان جێگەی سوپاسە. بەیانی مەلا حەسەن شیوەسەڵ هات بە شوێنمدا و بە سەیارەی حیزبی دیموکرات سواری کردم. لە بەینی دوو پێشمەرگەی خۆیاندا دایانم، خۆی دەمانچەکەی خستە سەرپێ وتی هیچ خەمت نەبێت، تۆ ئامانەتی. کەوتینە ڕێ بە ناو شاری قەڵادزەدا تێپەڕبین. بازگەکانی سەربازی دەیاننasی و بەبێ کێشە گەیشتینە سوێ، لەوێ قاچم تەواو بوو، بە پێوە خۆم بۆ ڕانەدەگیرا، هەر لە بارەگای حیزبی دیموکرات ئاویان بۆ هەڵواسیم و هەندێک چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردم، لەوێشەوە بەڕێیان کردم بۆ قاسمەڕەش و لەوێشەوە بۆ سەردەشت.

لە سەردەشت و خەستەخانە

هەموو دنیا هەواڵی ژەهرخواردنکردنمانی زانیبوو، ڕادیۆکان باسیان کردبوو. بە حوکمی ئەوەی من خۆم باوکم خەڵکی سەردەشتە و بە منداڵی هاتۆتە عێراق، لە شۆڕش ئەیلوولدا ساڵێک زیاتر خۆم لەوێ بووم لە ماڵی خزمەکانم 1975-1976. کەسوکاری باوکم و ئامۆزاکانم و ماڵی پوورم لەوێ بوون، خەڵکی سەردەشت دەیانناسیم، هەموو خزمان لە خەستەخانەی سەردەشت لێم کۆبوونەوە. ئە و شەوە هەموویان دەگریان بۆم، ڕۆژ بۆوە و بە ئەمبۆلانس بەڕێیان کردم بۆ سەقز. یوسف ڕەحیمیی ئامۆزامان لەگەڵم هات و گەیشتینە سەقز، لەوێش هالیکۆپتەریان بۆ حازر کردم بۆ تەورێز. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لە کاتی بەرپرسیارێتیی من کە مەسئولەکانی ئێران لە وەختی شەڕی ئێران و عێراقدا دەهاتن بۆ ناوچەکەی ئێمە لە مەرگە، لای من میوان دەبوون، بەتایبەت ڕەحیمی، هاوکارییەکەیان لەبەرچاو بوو. کە دەهاتن، بۆ زۆر شوێن پێکەوە دەچووین.

خەستەخانەی تەورێز

چەند ڕۆژێک لە بیمارستانی تەورێز مامەوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبووم. چارەسەری منیان نەدەزانی. ڕۆژێکیان بردیانم بۆ بەشێک خوێنەکەیان پاک دەکردەمەوە، دەرزی لە قۆڵێکمدا بوو. خوێن بە بۆری دەردەهات و بە جهازێکدا دەڕۆیشت، لە قۆڵەکەی تڕەوە تێیان دەکردمەوە. ئەمە بۆ خەڵکی تلیاککێش بەکار دەهات، بە ناچاری بۆ منیشیان کرد. لە تەورێز چاوم و مێشکم باش بوو، خەڵکم دەناسی. ئە و دۆست و خزم و هەڤاڵانەی لەوێ بۆیان کرا، هاتن بۆ لام، سوپاسیان دەکەم. شێخ جەنگی و فاتح شوانی و زۆر لە برادەرانی تر سەریان لێدام.

پاش چەند ڕۆژێ بە تەیارە لە تەورێزەوە ڕەوانەی تارانیان کردم، کە گەیشتمە تاران، زاهیری برام لە هۆڵەنداوە هاتبوو و چاوەڕێی دەکردم. هەندێک دەرمانی چارەسەری لەگەڵ خۆی هێنابوو، کاریگەریی زۆر باشی بوو. بردیانم بۆ خەستەخانەی مهر. کە من لەوێ بووم، (عەدنان موفتی و سامی شۆڕش و ئاوات مەحموود)یان هێنا. لە خەستەخانە یەکمان گرتەوە. دوای ئێمەش بە دوو ڕۆژ دکتۆر شوانیان هێنا، بەسەر عەرەبانەوە بوو، ئەویش توک بە سەریەوە نەمابوو. من و ئە و برادەرانەی ژەهرمان خواردبوو، هەموو توکەکانمان وەریبوو، من لە هەموویان خراپتر بووم. بە دکتۆر شوانم وت دکتۆر گیان بە منت دەوت هیچ نییە و وەزعی نەفسیت خراپە، بزانە چیمان بەسەر هات؟ هەموومان لە خەستەخانەی مهر بووین. ئەم ژەهرخواردنەی ئێمەش بێجگە لە کوردستان، بە هۆی ڕێکخستنەکانی یەکێتی و ڕادیۆکانی جیهان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. شتێکی زۆر گەورە بوو و دژی مرۆڤایەتی بوو.

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنالّ

ئەمەی بەسەر ئێمە هات، کارێکی دژی مرۆڤایەتی بوو. ڕژێمەکەی سەدام حسێن بە هۆی نۆکەر و جاسوسەکانییەوە جێبەجێی کرد. ڕێکخراوی ئەمنستی هەمیشە پاڵپشتی زوڵملێکراوانانە. لەلایەکی تریشەوە بە هۆی دۆستایەتی و خزمایەتیی کاک عەدنان موفتی لەگەڵ سیامەند زەید عوسمان کە وابزانم ئامۆزای یەکترن، هیمەتیان کردبوو. هانیا المفتی کە خێزانی کاک سیامەندە، لە گەورە کەسەکانی ئەمنستییە، جێگەی خۆیەتی سوپاسی بێپایانی بکەین کە لەسەر مەسروفاتی خۆیان کارەکەی ئێمەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، لە خەستەخانەی لەندەن بریج هۆسپیتەڵ لە لەندەن لە بەریتانیا جێگەیان بۆ دابین کردبووین.

وا نزیکەی مانگێک دەبێ وامان بەسەر هاتووە، ئەم خەستەخانە و ئە و شار، بڕیاریان وەرگرتبوو بۆمان. پشکنینی دڵیان بۆ کردین کە سواری تەیارە بین، چونکی ئەوەی نەخۆشیی دڵی هەبێت، زەحمەتە سواری تەیارە ببێت. هەر لەبەر ئەوەش ئاوات مەحموود دەرنەچوو، ئیتر نەیانهێنا بۆ لەندەن. ئەگینا بڕیار بوو ئەویشمان لەگەڵ بێت. بەداخەوە لەم ساڵانەدا هەر بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کرد. هەر هەموومان لە خەستەخانەی مهری تاران بووین، تایبەت بوو بە نەخۆشیی دڵ و ژەهر. دکتۆرەکەمان ناوی فەرزاد بوو، کە چاودێڕی دەکردین. هەر لەسەر حسابی ئەمنستی ئەویش لەگەڵماندا هات بۆ لەندەن. مەسەلەکەی ئێمە زۆر گەورە بووبوو و دەنگی دابۆوە. بێجگە لەوەش سێ کەسمان شەهید بووە، دایکم و بێستون و سەریعە. ئیتر تەیارەیان بۆ دابین کردین بۆ سەفەر.

پێش سەفەر ڕۆژێکیان هەزار ڕەحمەتی لێبێت عوسمان قادر منەوەر هات بۆ لام و بردمیە ژووری حەمامی خەستەخانە، وتی دەتشۆم، بێهۆش بووم. وتیان دوو شە و دوو ڕۆژ لە ژووری بوژانەوەی دڵ بووم. من ئاگام لە خۆم نەبوو، کەس بە تەمام نەمابوو، کە چاوم کردەوە، بە لای ڕاست و چەپدا ئەوانەی تەنیشتم ئەمردن، هێنامیانەوە بۆ ژووری خۆم.

سەفەرەکەمان بۆ لەندەن چەند ڕۆژێک دواکەوت. هۆیەکەشی ئەوە بوو بەریتانیا هەر تەیارەیەک لە ئێرانەوە بچوایە بۆ لەندەن، لە ڕێی سەگەوە کە بۆن دەکات، دەیانپشکنی. ئێران کاری ڕاگرت و وتی نابێ سەگ بێتە ناو تەیارەکانمانەوە. ئێمەش خواخوامانە سەعاتێک زووتر بگەینە دەرەوە. باشبوو پاش چەند ڕۆژێ پێکهاتن. ئەم پشکنینەش لەبەر دەرمانی هۆشبەر و تەقینەوە بوو.

لە تارانەوە بۆ لەندەن

ڕۆژی 1987/12/20 سواری تەیارە بووین، گەیشتینە لەندەن. دکتۆر فەرزادیشمان لەگەڵ بوو. من، عەدنان موفتی، سامی شۆڕش، دکتۆر فەرزاد. من لەناو تەیارەکەش لە جێگەی سێ نەفەر جێگەیەکی تایبەتیان بۆ بەستم، لەناو تەیارەکەدا پاڵ کەوتبووم. گەیشتینە فڕۆکەخانەی لەندەن. لەوێش هەموو شتێکیان بۆ حازر کردبووین. برا و کەسوکار و خەڵکی زۆری یەکێتی و حیزبەکانی تر چاوەڕوانمان بوون. هەریەکەمان ژووریان بۆ دیاری کردین لە خەستەخانەی لەندەن بریج، ئیتر ڕێکخستنەکانی یەکێتی و خزمەکان و هەموو حیزبەکان هەموویان بە پەرۆش بوون بۆمان، هەمووش سەردانیان دەکردین. وەک ئەوە بوو ئەم تاوانە گەورەیە لە هەموویان کرابێت. ڕۆژانە قەرەباڵغییەکی زۆر لە خەستەخانە هەبوو. هەڤاڵەکانی خۆمان بەرنامەیەکیان دانا و بە نهێنی حەراسەتیان دەگرتین، لەبەر حکومەتی عێراق نەک لەوێش زەفەرمان پێبەرێ و شتێکمان لێبکات،

هەموو شتێک لە حکومەتی عێراق و سەدام حسێن دەوەشایەوە. لەوێ پاش پشکنین دۆزرایەوە چییان داوینەتێ و چارەسەریشیان دایێ. ژەهرەکە ناوی ثالیۆمە. لەگەڵ ئەوەی قاچم ئیشی نەدەکرد، ئە و ژەهرە دەمارەکانی هەموو گیانمی مراندبوو، هیچ جوڵەیەکم نەبوو. ئەشیعەیان بۆ سنگمان گرت، لە سنگی مندا چەندین پەڵە دەرکەوت. دکتۆر هنری سەرپەرشتیی دەکردین. بۆ من وتبوی ئەم پەڵانە نیشانەی شێرپەنجەیە، کاک عەدنان و سامی شۆڕش لە من باشتر بوون، بەپێی خۆیان هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام تووک بە سەریانەوە نەمابوو. هەموومان ناشیرین بووبووین، من زۆر خراپ بووم، دکتۆر بڕیاری دابوو نەشتەرگەڕیی سییەکانم بۆ بکات، وتبووی سێ پارچە لە سیی دەکەینەوە و ئەیبەین بۆ تاقیکردنەوە، بزانین چۆنە یان شێرپەنجە.

نەشتەرگەڕیی سییەکانم لە لەندەن

دیاربوو دکتۆر هنری بە خزم و هەڤاڵەکانی وتبوو لەسەدا نەوەدونۆ شێرپەنجەیە، بەڵام بە منیان نەوتبوو، وتبووی دەیبەین نەشتەرگەڕیی سییەکانی بۆ دەکەین. هاتن بەمنیان وت بۆ نەشتەرگەڕیی، وتم زۆر باشە و بۆم واژوو کردن. مێشکم باش بوو و چاوم ئەیبینی، لەسەر مردنیش بووم، هەرچی لە خزم و دۆستان دەهاتن دەیانوت چۆنی؟ ئەموت زۆر باشم، بەڵام چۆن باشێ؟ مەگەر هەر خۆم ئازارەکانی بزانم، تاکو گەیشومەتە بەریتانیا، لە تاو ئازار بە هەموو ماوەکەی سەعاتێک خە و نەچۆتە چاوم. پێش ئەوەی بمبەن بۆ ژووری نەشتەرگەری، وتم دکتۆرێکی برادەرم دەتوانێ لەگەڵتان بێتە ژوورەوە؟ وتیان باشە. ئەویش دکتۆر ئەکرەم ڕەئوف حەوێز بوو. هەر لەوەتەی چاومان کردۆتەوە، برادەرین، لە خەستەخانەش هەر لام بوو.

بردیانم بۆ ژووری نەشتەرگەری، دکتۆر ئەکرەمیش هات. بەنج کرام و ئاگام لە هیچ نەما. دوایی ئەکرەم بۆی گێڕامەوە وتی کە چەقۆیان لە سییەکانت دا، چڵک و جەراعەت هاتە دەرەوە. وتیان شێرپەنجە نییە و چڵکی کردووە، وتی کە سنگیان کردیتەوە، زۆر زەرد و جوان و پاک بوو، دکتۆرەکان فیکەیان لێدا، ڕەش نەبوو. ئەوەش هۆی ئەوەبوو من قەت جگەرەم نەکێشاوە، پاش ئەوە هێنامیانە ژوورەکەی خۆم. پاش چەند ڕۆژێ وردەوردە بەرە و باشی دەچووم. ڕۆژێکیان هەر لە خەستەخانەکە زاهیری برام و ڕێزانی خوشکم و ماجدی پوورم و دکتۆر ئەکرەم و سلێمان ڕەحیمی هاتن و سواری عەرەبانەکەی خەستەخانەیان کردم و بردیانم. هۆڵێکی بچوکی لێبوو، نەمدەتوانی بەپێ بڕۆم، تەماشام کرد مێزێکیان ڕازاندۆتەوە، پیرۆزباییان لێکردم. وتم ئەمە چییە؟ ماچیان کردم، هەموویان وتیان نەشتەرگەریەکەت بۆ ئەوەبوو دکتۆر هنری ترسی شێرپەنجەی هەبوو، دەرکەوتووە ئەوە نییە. بۆ منیش خۆش بوو، وتیان بە تۆمان نەوتووە. ئە و شەوەشمان بە خۆشی بەڕێ کرد.

ماوەی دوو مانگی ڕێک لە خەستەخانە بووم. نەمدەتوانی لەسەر قەرەوێلە بێمە خوارەوە. قاچەکانم ئیشیان نەدەکرد، ئە و ژەهرە هەرچی دەمار هەبوو، مراندبووی. کاک عەدنان و کاک سامی شۆڕش پاش یانزە ڕۆژ لە خەستەخانە چوونە دەرەوە، شوکر باش بوون. لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی بێمە خوارەوە، هەر لەسەر قەرەوێلەکە وەرزشیان پێدەکردم، بۆ قاچم و دەستم. هەموو ڕۆژێ دەهاتن خوێنیان لێدەردەهێنام و دەیانبرد بۆ ژووری تاقیکردنەوە. بە و دەرمانانەی وەرم دەگرت، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی ژەهرەکە کەمتر دەبۆوە. ئەوەی منی بینیبێت، بەتەمام نەبووە. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ بەرە و باشتر دەچووم. برۆم و سمێڵم و برژانگم و قژی سەرم تاڵێکی نەمابوو، ژەهرە کە هەمووی لە بنا سووتاندبوو، پاش دوو مانگ هاتنە دەرەوەش لە خەستەخانە هەر لەسەر حسابی ئەمنستی شوقەیەکیان بۆ گرتم. هەفتانەشیان دەدامێ بۆ مەسروفات. لای ئەوان کە لە دەرەوە بووم، دوو مانگ مامەوە. هەموو ڕۆژێ دوو سەعات دەچووم بۆ خەستەخانەیەکی تر وەرزشیان پێدەکردم فیزیۆتێرەپی- physiotherapy، ماوەیەک دوای ئەوەی کە لەوێ بووم، هەزار ڕەحمەتی لێبێت سەرچڵ قەزاز شوقەیەکی بۆ گرتم بەکرێ لەسەر حسابی خۆی و یارمەتیی دام. هەتا ماوم سوپاسی دەکەم. چونکی ئەو کاتە ی

ئە و کارەساتەی بەسەرمان هات، یەکێتی خۆی لە زروفێکی یەکجار خراپدا بوو لە ڕووی دارایییەوە، ئە و مەسروفاتە گەورەیەی ئێمە بە یەکێتی نەدەکرا تەنها بە ئەمنستی نەبێ، چونکی شەوانەی خەستەخانەکە 250 پاوەن بوو، بێجگە لە مەسروفاتی نەشتەرگەری و فیزیۆتێرەپی کە هەر لەسەر حسابی ئەوان پێیان دەکردم. هێمنی شاعیر ئەفەرموێت شاعیری بۆ ئە و ئەوەندە سوودی هەبوو، ئە و ناوە دوورودرێژەی لە کۆڵ کردەوە و بە هێمنی شاعیر ناسرا، منیش بە هۆی وەزعەکەمەوە ئەوەندەم قازانج کرد، کە لە کاتی فیزیۆتێرەپیدا فێری مەلەیان کردم. چونکی وەرزشی پێکانم لەناو ئاودا بۆیان دەکردم، وردەوردەش فێری مەلە بووم.

ئە و ماوەیەی کە لە لەندەن بووم، خێزانەکەم نەهاوەند لەگەڵ زریانی کوڕم ساڵەوەخت بوو هەر لە زیندانی ئەمنی عامەی بەغدا بوون بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێت بچێت بۆ لایان یان بۆیڕێ هەواڵیان بپرسێ. لە شوقەکەم ئە و هەڤاڵ و برادەرانەی لێیان ئەمین بووم، سەردانیان دەکردم. کاتی هاتنی مام جەلال بۆ لەندەن منیش تازە لە خەستەخانە هاتبوومە دەرەوە. مام هات بۆ لام و برادەرەکانی تریش درێغییان نەکرد لە دڵخۆشیکردنم و پشتیوانیکردنم.

گەڕانەوەم بۆ هۆڵەندا

پاش ئەوەی دکتۆرەکان ئیزنیان دام لە فیزیۆتێرەپی، بە حوکمی ئەوەی لە دوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول لە و پەنجا پەناهەندەیە بووین، کە لە ساڵی 1976 لە هۆڵەندا وەرگیرابووین، من ئەوەندە نەمامەوە. هۆڵەندام بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ پێشمەرگایەتی، مافی پەناهەندەیەکەم نەمابوو و بەسەر چووبوو. ئەوەی بەسەر ئێمە هات، شتێکی گەورەبوو، هەموو دنیا لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا لەسەریان باس کردبوو، ڕۆژنامەکانی هۆڵەندەش بەهەمان شێوە. ئیتر زاهیری برام لە هۆڵەندا بوو. هەواڵیان بۆ هێنام هۆڵەندا ڕازی بووە پەناهەندەییەکەم بۆ بگێڕێتەوە. ئاگاداریان کردم بچم بۆ سەفارەتی هۆڵەندا لە لەندەن. پاسپۆرتیان دامێ تاکو پێی بگەمە هۆڵەندا. منیش ئە و شتانەم جێبەجێ کرد. سواری تەیارە بووم و گەیشتمەوە هۆڵەندا. لە فڕۆکەخانەی ئەمستردام ئە و هەڤاڵانەی ئەوێ و کەسوکارەکەم و کاک شازاد سائب و زۆر لە هاوڕێ کۆنەکانم کە یەکمان دەناسی و پێکەوە لە ڕابوردوودا لە هۆڵەندا بووین، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم. پاش چەند ڕۆژێ پشودان دەستم کرد بەوەی پەناهەندەیەکە دەست پێبکەمەوە و وەریبگرمەوە. لەسەر ماڵی کاک شازاد خۆم ناوونوس کرد، وتیان شارەکەی ئەوان مارسن-Maarssen باشە، نزیکەی 30 کیلۆمەتر لە ئەمستردامەوە دووربوو، هەرواش دەرچوو. لەبەر ئەوەی پۆلیس بەسەرهاتنی منیان دەزانی، لە ماوەی دوو مانگدا پەناهەندیەکەیان دامەوە.

لە ئەمستردام خانویەکم بە کرێ گرت، لەوێش لە خەستەخانەیەک خۆم ناونووس کرد. هەفتەی سێ ڕۆژ دەچووم بۆ فیزیۆتێرەپی بۆ ئەوەی ماسولکەکانی لەشم، بەتایبەت قاچم، بەهێز ببن. ئەوکاتە بە گۆچان دەڕۆیشتم. پاش ماوەیەک لەناو شاری ئەمستردام لە ڕۆژهەڵات لە کۆڵانی ئاچایاسترات خانوم وەرگرت. ئە و ماوەیە هەر لەژێر چاودێڕی پزیشکدا بووم، وەزعی کوردستانیش ڕۆژبەڕۆژ ڕژێم وێرانی دەکرد. هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و گەرمیانی ئەنفال کرد. بە هۆی برادەرانەوە لە ئێرانەوە ئاگاداریان کردم، نازانم تەلەفۆنیان بۆ کردم یان نامەیان نارد، بەتایبەت بەهیمەتی ملازم عومەر دەنگوباسەکانم دەزانی. هێزی پێشمەرگەش پاش ئەنفال لە پاشەکشێدابوو بۆ سەر سنووورەکان.

لێبوردنی گشتی 1988

ئە و ماوەیە بێجگە لەوەی بەسەر خۆم هاتووە و دایکم شەهید بووە، منداڵەکانیشم لە زیندانن لە بەغدا. دەسەڵات لە 1988/9/15 لێبوردنی گشتیی ڕاگەیاند. هەواڵم زانی کە ئەوانیش بەردەبن، بەڵام بە کەفالەت. بە ئاسانی بەریانەدان، چونکی قانونی لێبوردنی گشتی کەفالەتی تێدا نییە، ناچار خەزوورم کاک حسێن باوکی نەهاوەند کارمەندی دائیرە ی تەلەفۆنات بوو. چوو بۆ بەغدا و بوو بە کەفیلی نەهاوەند و زریان، بە و مەرجەی هیچ پەیوەندیی بە منەوە نەمێنێ، هاتنەوە بۆ سلێمانی. پاش ئەوەی منیش لە هۆڵەندا دڵنیا بووم، دڵخۆش بووم بەوەی بەربوون. جوابم بۆ ناردن بێن بۆ ئێران، ئیتر ناچار بوون هەم ماڵی کاک حسێنی خەزوورم و هەم منداڵەکانی من هەموویان بە دزییەوە بێن بۆ ئێران. لە شاری سەقز گیرسانەوە. منیش بیرم لەوە دەکردەوە، لەبەر ئەوەی تەندروستیم بەرە و باشی دەچوو و لەژێر چارەسەرکردندا بووم، کەوتمە ئەوەی دەست بکەم بە مامەڵەی منداڵەکانم بۆ هێنانیان بۆ هۆڵەندا. پاش ماوەیەک ڕازی بوون و کارەکانیان لە دائیرە کانی هۆڵەندا تەواو بوو. منیش بلیتم بڕی بۆ ئێران. کاک حەمە تۆفیق نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی بوو، لەگەڵ محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا مەلا ڕەشید و برادەران لە فڕۆکەخانەی مهرئابادی تاران لە چاوەڕوانیدا بوون. دەوری سەعات چواری بەیانی بوو. نەهاوەندی خێزانیشم لەگەڵیان هاتبوو و لە دوورەوە چاوەڕوانی دەکرد. پێش ئەوەی بێمە دەرەوە لە مۆرکردنی پاسپۆرت، بە سەرشانی یەکێک لە خزمەکان منداڵێکم بینی، وتم ڕەنگە کوڕەکەی من بێت، چونکی نە ئە و منی دەناسی، نە منیش بینیبووم. کە چوومە لایان، پاش ئەملاوئەولای یەکتر ماچکردن و بەخێرهاتن، چووینە ماڵی کاک محەمەد تۆفیق، دوای ئەوە لەگەڵ نەهاوەند و زریان ژووریان بۆ جیا کردینەوە. زریان چونکی هەر لەگەڵ دایکی بووە، من ناناسێ و نەیبینیوم، نەیدەهێشت لایان بم. ئیتر لە ژوورەوە وردەوردە ڕاهات لەگەڵم، هەندێک شتی منداڵانەم بۆ هێنابوو، خستمە بەردەستی تاکو ڕاهات. دوای ئەوە چووینە وە بۆ شاری سەقز بۆ ماڵی باوکی نەهاوەند، چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە، چووم بۆ سەردەشت و سەردانی خزمانی ئەوێشم کرد. دوایی چووم بۆ قاسمەڕەش. بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی لێبوو. زۆریان پێخۆش بوو چاک بوومەتەوە و هەموویانم بینی. بەڵام هەر گۆچانم پێبوو، قاسمەڕەش سەرسنووڕە، دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ سەقز و لەوێشەوە بۆ تاران، لەوێشەوە بۆ هۆ لەندا، منداڵەکانم دامەزراند و زریانم خستە قوتابخانە. ماوەیەکم لەوێ بەسەر برد.

شەڕی کوێت و داگیرکردنی لەلایەن عێراقەوە

ئە و ماوەیەی کە لەوێ بووم لەگەڵ منداڵەکان، سەدامی دیکتاتۆر پەلاماری شاری کوێتی دا. ئەمەش چەند مانگێکی خایاند. من لەگەڵ هەڤاڵان لە گۆڕینەوەی نامەدا بووم لەسەر وەزعەکە، کاک ملازم عومەر لە نامەیەکیدا بۆی نووسیبوم بەرنامەیان داناوە بۆ ڕاپەڕین، ئاهێکمان پێدا هاتۆتەوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن وڵاتان لە سەدام قبوڵ نەکەن و لێی بدرێ، نەخشەی دابەشبوونی میحوەرەکانی بۆ نووسیبوم. نووسیبووشی ئەگەر تۆش لێرە بویتایە، دەوری بەرچاوت دەبوو. ئەوەبوو وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا لە سەدامیان دا و ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد، لە شارەکانی کوردستانیش پەلاماری دامودەزگای ڕژێم درا و شارەکان ئازاد کران. ڕاپەڕین ڕۆژی 05-03-1991 شاری ڕانیە و دواتریش هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. هەزاران هەزار سەربازی سوپای عێراق ئەسیر کران و دامودەزگاکانی بەعس وێران کران، بەتایبەت لە سلێمانی هەرچی لە تاوانباران بەردەست کەوتن، کوژران. ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کە ئێستا بووە بە مۆزەخانە، شاهیدی ئە و ڕاستییە یە.

ڕاپەڕین

بێجگە لەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتەکانی تر دەوریان هەبوو، یەکێکی تر لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین

بەرەی کوردستانی بوو، کە پێکەوە مژدەیان دا بە خەڵکی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسییەکان پێکەوە بەرنامەیان داناوە و هاتوونەتە خوارەوە. ئەمەش زیاتر خەڵکی کوردستانی دڵخۆش کرد. هەر قۆڵەش لای خۆیەوە. یەکێتیی نیشتمانی بۆ ئەم ڕاپەڕینە بێبەرنامە نەبوو، هەر لە ڕۆژی یەکەمی پەلاماری سەدام حسێن بۆ کوێت یەکێتی خۆی بۆ ڕووداوەکان ساز کرد. من لەسەر کارە سەربازییەکانی پێشمەرگە قسە دەکەم. لە 05-03-1991 شاری ڕانیە ئازاد کرا، ئەمەش یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکان بوو، هەروەها هاوکاریی ئە و دۆستانەی کە لەناو ڕژێم چەکیان هەڵگرتبوو. خەڵکی سنووری ڕانیە و دەوروبەری باش دەزانن و شاهیدی ئەوەن لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ڕاستییەکان باش دەزانم و ئاگادارم هەر لە ناردنەوەی بێسیمی گەورە کە مامۆستا باپیر هێنایەوە لەگەڵ عەزیز بەگ و کوردەی کوڕی، لە دۆڵی شاوڕێ دایان نابوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی پێش ئەوەی ڕاپەڕین بەرپا بێ. هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ ئە و هێزانەی لای ڕژێم چەکدار بوون. هەندێکی لە ڕابوردوودا لای خۆمان پێشمەرگە بوون، دیار بوون و پەیوەندییان هەبوو. بە یەکەم تەقەی شەهید عەلی نەبی بلێسەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد. خۆشبەختانە ڕانیە ئازاد کرا، ئەنجا شوێنەکانی تر، لە ڕۆژی 07-03-1991 لە شاری سلێمانی و ڕۆژی 1991/3/11 لە شاری هەولێر ڕژێم بەدەرنرا لە کوردستان. بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی 1991/3/21\20 شاری کەرکووک ڕزگار کرا و ماوەی چەند ڕۆژێک هەوای ئازادیی هەڵمژی.

پەلاماری حکومەت و ڕەوی یەک ملیۆنیی خەڵکی کوردستان

دوای ئە و سەرکەوتنانە و ڕزگارکردنی شارەکان و کەرکووک، ئەمریکا، کە هەموو هیوامان لەسەر هەڵچنیبوو، لە جێگەی خۆی وەستا و ڕووی نەکردە بەغدا. لە ترسی ئەوەی نەک شیعەکان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمریکا لەگەڵ سەدام حسێن ڕێک کەوت. ڕژێمیش لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە خۆی ئامادە کرد بۆ پەلاماردانی شارەکانی کوردستان و ترسی نەما، بە شەڕ هەندێک جێگەی گرتەوە. هەموو خەڵکی کوردستان سەدام و ڕژێمەکەی باش دەناسن چیی کردووە بە میللەتەکەمان لە ئەنفال و کیمیاباراندا خەڵکی و لە ترسی سیاسەتی بێبەزەییانە زۆربەی زۆری خەڵکی ماڵوحاڵ و شارەکەی خۆیان بەجێ هێشت. هەر ئە و ڕەوە گەورەیە بوو، کە کوردستانی بە هەموو دنیا ناساند، هەموو خەڵکی کوردستان ڕوویان کردە سنووورەکان و شارەکانی کوردستانی ئێران و تورکیا، خەڵکی پێشوازیی لێکردن. ئەم ڕەوە ملیۆنییە دنیای بەئاگا هێنا و ئاشکرا بوو ڕژێمی سەدام حسێن چەند بێبەزەییە. ڕێککەوتنی شفازکۆف قائدی سەربازیی ئەمەریکی لەگەڵ سوڵتان هاشم لە سنووری بەسرە کۆتایی بە شەڕ هێنا و شەڕ لەگەڵ سەدام ڕاگیرا. ئەم وەزعەش وای لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کرد بیر لەوە بکەنەوە کە وڵات لەوە زیاتر کاول نەبێ و لەسەر خاکی خۆمان بمێنین.

گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ کاک نەوشیروان

لەگەڵ کاک نەوشیروان و دلاوەری ئەحمەد مجید هەندێک لە هەڤاڵانی تر لە شاری دیاربەکر یەکمان گرتەوە و هاتینەوە بۆ کوردستان. لەسەر سنوور هەموو هەڤاڵانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان پێشوازییان لێکردین. هاتینە دهۆک و شەوی یەکەم لەوێ ماینەوە، دوایی گەڕاینەوە بۆ هەولێر و سلێمانی، بە کەسوکار و هەڤاڵان شاد بووینەوە. بەڵام ئەمجارە شارەکان بەدەست خۆمانەوەیە و لە ڕووی حیزبی و پێشمەرگایەتییەوە خەریکی خۆڕێکخستنەوەین. پاش ماوەیەک باسی ئەوە کرا کۆنگرەی یەکەم بگیرێ.

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی 1992/1/27 لە شاری سلێمانی و لە هۆڵی ڕۆشنبیری کۆنگرە دەستی پێکرد. سکرتێری گشتی هەڤاڵ مام جەلال ڕاپۆرتی سیاسیی خوێندەوە. بەداخەوە لە ڕۆژی یەکەمدا هەڤاڵ عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا گیانی لەدەست دا و کۆنگرە هەڵگیرا. پاش بە خاک سپاردنی لە شاری کۆیە، کۆنگرە گوێزرایەوە بۆ شاری هەولێر. پاش قسەوباس زەمینە خۆش کرابوو بۆ ئەوەی هەر سێ ڕێکخستنەکە لە یەکێتیدا وەک ڕێکخستنی جیاواز نەمێنێ و ببێتە یەکێتیی نیشتمانی. من ناچمە ناو کێشەکانەوە، کۆنگرە دەنگەدەنگی تێدابوو لەسەر باسەکان و ڕابووردوو، باڵەکان دیاربوون، بەڵام یەک شت لای هەموان گرنگ بوو و هەموومان لە سەری ڕاوەستاین، ئەویش یەکڕیزیی یەکێتی بوو. ئە و هەموو خەبات و ماندووبوون و شەهیدانەی لە و ڕێگەیەدا دابوومان، لەبەرچاومان بوو. ئەوانەی لە کۆنگرەدا بەشداربوون، چ پێشمەرگە چ ڕێکخستن، ئازاری زۆریان دیووە، بەهۆی دەیان هۆی ترەوە لەسەر یەکڕیزیی کۆنگرە ڕازی بووین.

هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و خەتی گشتی

لە کۆنگرەی یەک ئەم تێکەڵکردنەوەیە جێبەجێ بوو، هەموومان دەستمان بۆ بەرز کردەوە، کەسیش دژی نەبوو. ئەوەندەی من بزانم، بە هەموو کاکەکانەوە فاتحە بۆ باڵبااڵێن خوێندرا و ئیتر سێ باڵ نەما. لەو کاتە دا کەسێک نەبوو بڵێ فلان شت ڕاست نییە، چونکی قسەیەکی وانەکرا کە دیار بێ و دژی هەبێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرباری قسەوباس و گفتوگۆ و بێنەوبەرەی ناو کۆنگرە، دواییەن ڕۆژی کۆنگرە لە هەولێر سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی هەڵبژێرا. منیش یەکێک بووم لە و هەڤاڵانەی سەرکردایەتیی کۆنگرە دەنگیان پێدام. ئەو کاتە ش من لەگەڵ کاک نەوشیروان نزیک بووم. ئەم هەڤاڵانە بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران:

1- مام جەلال 2- نەوشیروان مستەفا 3- جەبار فەرمان 4- کەمال فوئاد 5- ئەرسەلان بایز 6- د. فوئاد مەعسوم 7- مستەفا چاوڕەش 8- ملازم عومەر 9- عومەر فتاح 10- چەتۆ حەوێزی 11- کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی 12- شاخەوان عەباس 13- شێردڵ حەویزی 14- دارۆ شێخ نووری 15- سەعدون فەیلی.

پاش کۆنگرە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە شەقڵاوە کرا، مام جەلال لەوێ بوو. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە سیاسەتی تازە و دابەشکردنی ئیشوکارەکان. پاش ئەوە بە حوکمی پێشمەرگایەتی و شارەزایی بڕیاریان دا من ببمە سەرلەشکری هەولێر. ئەو کاتە ی بووم بە سەرلەشکر، یەکێتی سێ لەشکری هەبوو. لەشکری یەک جەبار فەرمان بوو، لەشکری دوو من بووم، لەشکری سێ لە بادینان شێردڵ حەویزی بوو.

لەشکری دووی هەولێر

دەبوو بزانین بارەگاکەی ئەم لەشکرە لە کوێ دابنێین؟ بە ڕاوێژی هەموان شەقڵاوەمان پێ باش بوو. بینای قائمقام چۆڵ بوو، وەرمان گرت و دەستکاریمان کرد. بارەگای لەشکری شەقڵاوەی لێنووسرا. ئەو کاتە مامۆستا بەکر مستەفا جێگرم بوو. ئامرهێزەکانی زۆر بوون، چونکی ئەو کاتە لەشکری دووی قەڵادزەشی لەسەر بوو، سنووڕێکی زۆر بەربڵاوی هەبوو، هەرچەند تەماشام دەکرد، ئەم هەموو هێز و سنووڕە بەربڵاوە لە کێشی یەک لەشکردا نییە و فریای نەدەکەوتی. ئەگەر بیرم مابێ ئامرهێزەکان ئەم هەڤاڵانە بوون: 1- شەهید ڕێباز 2-

سەفین مەلا قەرە 3- عەبدوڵڵا مام عەلی 4- عەبدوڵڵا بۆر 5- ڕەهبەری سەید ئیبراهیم 6- شاخەوان عەباس. بێجگە لەوەش مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو فریای کارەکانی نەدەکەوتین، هەموو سنووری سیدەکان پشدەر و بتوێن و کۆیە و هەموو هەولێر لەسەر ئەم لەشکرە بوون. ئەو کاتە ش لەبەر گەورەیی لەشکرەکە وەک پێویست چەک و تەقەمەنی نەبوو. بە هاوکاریی هەڤاڵ بەکر مستەفا و ئامرهێزەکان کارەکانمان ڕادەپەڕاند. هێشتا هەڵبژاردن نەکرابوو و بەرەی کوردستانی ئیدارەی ئیشوکارەکانی دەکرد. هەر حیزبە و چەکداری خۆی و هێزی خۆی هەبوو، ململانێی حیزبەکانیش لەولاوە وەستابێ، کێشەی ڕۆژانە هەبوو.

هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 1992/5/19

بڕیاری هەڵبژاردن درا و ڕۆژی 1992/5/19 دەستی پێکرد، هەر حیزبەش بە قەدەر قەوارەی خۆی دەنگی هێنا. هەر ڕۆژی یەکەم ئێوارەکەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە مەرەکەبەکە دەسڕێتەوە. ئەم دەنگۆیە لە هەموو لایەک بڵاو بۆوە. من لە شەقڵاوە بووم، مام جەلالیش بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو. ژەنەڕاڵ نابی ئەمەریکی هات. لەگەڵی چووین بۆ هەولێر. کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال هاتن بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم کێشەی مەرەکەبە بن. باش بوو بە هیمەتی هەمووان چارەسەر کرا و لەسەری ڕێک کەوتن. هەر لە و کاتەشدا نوێنەری پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرا، منیش ناوم لە لیستی سەوزدا هەبوو، پاش هەڵبژاردن، حکومەت کابینەکەی دامەزراند و کەوتە سەرقاچی خۆی. بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جەوهەر نامیق بوو بە سەرۆکی پەرلەمان. هەردوو حیزبی سەرەکی لەسەری ڕێک کەوتن.

کێشەمان لەگەڵ پێ کاکا

لە ڕابوردوودا هەر شتێک بووایە، دەخرایە پاڵ بەرەی کوردستانی. بەڵام کە حکومەت پێک هات، حکومەتی تورکیا زەختێکی زۆری دەکرد لەسەر وجودی پێ کاکا لە سنووورەکانی کوردستانی عێراق. وتی قبوڵ ناکەین چەکدارەکانی پێ کاکا لاتان بن، لەسەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا دەیان و سەدان جار خۆمان دزیوەتەوە و خۆمان پاراستووە لەوەی لەگەڵ پێ کاکا تووشی شەڕ بین. ئەوانیش بە چاک و خراپ مراعاتی وەزعی ئێمەیان نەدەکرد. هەوڵێش درا لەگەڵیان، بەڵام ئەوان لە جێگەیەک و ئێمەش لە جێگەیەکی تر سوودی نەبوو. کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی بڕیاریان دابوو لێیان قبوڵ نەکەین و ئاگاداریان بکەینەوە، وابکەن بچنەوە ناو خاکی تورکیا، تورکیاش قبوڵی ناکات. حکومەتی تورکیا دەیانوت پێویستە لە سنووری ئێوە دەستدرێژی نەکەنە سەرمان و سەربازمان نەکوژرێ. ئەمەش بەڵایەکی گەورە بوو، پێ کاکاش هەرچی خۆی بیویستایە، ئەوەی دەکرد.

کۆبوونەوەی شەقڵاوە لە نێوان یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود

هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی لە شەقڵاوە کۆ بوونەوە. هەندێک لە لێپرسراوانی سەربازیی هەردوولا بەشدار بوون. ئە و کاتە مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، ئەم بەڕێزانە بوون:

1- کاک مەسعود بارزانی 2- کۆسرەت ڕەسول عەلی 3- فازڵ میرانی 4- ئەرسەلان بایز 5- مستەفا چاوڕەش 6- بابەکر زێباری 7- عومەر فەتاح 8- حەسەن کوێستانی 9- مامۆستا چەتۆ 10- کەمال فوئاد 11- عارف ڕوشدی 12- هەندێکی بەڕێزی تریش بەشدار بوون.

ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە مەسەلەی پێ کاکا، بڕیارمان دا هێزەکانمان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانن بە ڕاستیمانە و ئاگاداریان بکەین لە و سنوورە دوور بکەونەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین هەردوو بەشی بادینان و خواکورک بخەینە بەرنامەی کارەوە. من سەرلەشکری هەولێر بووم، بەوەی بارەگاکەشم هەر لە شەقڵاوە بوو، سنوورەکە دەکەوێتە نزیکی ئەوەی منەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاریان دا فازل میرانی لێپرسراوی بادینان بێ، خۆشی هەر لێپرسراوی لقی یەکی ئەوێ بوو. منیش حەزم نەدەکرد و تۆزێک خۆم کەنار گرت، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا کاک کۆسرەت وتی لای ئێمەشەوە هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی جەبهەی خواکورک دەبێت، بە مانای لێپرسراوی یەکەمی هێزەکانی پێشمەرگە لە و جەبهەیەدا، هێزی هاوبەشی پارتی و یەکێتی. بڕیار درا و کۆبوونەوە تەواو بوو. بۆ ڕۆژی دوایی خۆمان ساز کرد بۆ ئەوەی پێویستییەکان جێبەجێ بکەین.

عوسمان قادر منەوەر نوێنەری پارتی بوو. چووین بۆ بانک. لەوێ مەبلەغێک پارە بۆ مەسروفات و یارمەتیی پێشمەرگەکان و ئە و هێزانەی کە بەشداری دەکەن، دیاری کرابوو. پارەکەمان وەرمان گرت. هێزەکان کۆ کرانەوە و ڕەوانەی ناوچەی سیدەکان کران لە ناوچەی برادۆست. خۆشمان ڕۆیشتین بۆ جێگەی مەبەست کە پێویست بوو، بەرامبەر هێزەکانی پێ کاکا. بنکە و بارەگامان دانا و چادرمان هەڵدا. ماڵی کەریم خانی برادۆست لە مجێسەر بوو و لەوێ دادەنیشت. ئەوانیش هێزێکیان هەبوو، هەمووی خرایە ژێر بەرپرسیارێتیی منەوە. هەروەها حەمید ئەفەندیش نوێنەری پارتی بوو و لەگەڵمان.

هاتنی کاک نەوشیروان پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات

هەموو هێزەکان جێگەیان بۆ دیاری کرا. من و مامۆستا بەکر مستەفا پێکەوە بووین. پێویستیی شەڕ بەسەر هێزەکاندا دابەش کرا. پێش ئەوەی شەڕ بێ، ئێوارەیەک کاک نەوشیروان و حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامد حاجی خالید و مام ڕۆستەم هاتن بۆ ئە و جێگەیەی ئێمەی لێبووین. حەمە ئەمین پێنجوێنی دۆستی پێ کاکا بوو. لە ڕابووردوودا لەگەڵ من لە حیزبی شیوعیدا قیادەی مەرکەزی بوو، هاوڕێی یەکتر بووین و زۆر پێکەوە بووین.

کاک نەوشیروان وتی هاتووین خەڵک دەنێرین بۆ لایان، بەڵکو بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، شەڕ نەبێ و بڕۆن. حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامدی حاجی خالد ڕۆیشتن بۆ لایان، شە و لایان مانەوە و قسەیان لەگەڵ کردبوون هەرچۆنێک بێت شەڕ ڕوو نەدات، وابزانم کەسێکی ئەوانیش لەگەڵیان هاتبوو. ئێش ئەوەی ئەوان بگەنەوە لامان، تەقە دامەزرا. بەبێ ئەوەی ئاگادار بین، بەرنامەکان تێک چوون. ئە و هێزەی بەرامبەریان لێپرسراوەکەی ناوی هەڵگورد بوو ئامرهێزیان بوو، لە برادەرانی پارتی بوو.

ئە و ڕۆژە ددانم زۆر دەیەشا. لە ئازاری ددان ناخۆش تر نییە، جا لێپرسراوی ئە و جەبهە گرانەش بی. وتم باشتر ئەوەیە بنێرم بۆ ڕەواندز دکتۆرێک بێت و ددانم دەربهێنێ. دکتۆر هات، لەسەر تەنەکەیەک دانیشتم. وابزانم برای دکتۆر محەمەد خۆشناو بوو، دکتۆری ددان بوو. لە هێنانوبردنی ددانم بە گازەکە ددانم شکا. ئەمە زۆر ناخۆش بوو، زۆر هەڵیکۆڵی و دەرنەهات، هەندێک دەرمانی ئازاری بۆ نووسیم. لە نیوەشەودا سەعات سێی شە و لەتاو ئازار خەبەرم بۆوە. بیرم کردەوە جارێ شەڕەکە گەورە نەبووە و کاک نەوشیروان لامانە. هەر ئە و شەوە سواری ئوتومبێل بووم بۆ سلێمانی، سەعات 8ی بەیانی گەیشتمە شار. چووم بۆ لای دکتۆر سەرداری حەمەی باقی. ئەوەی پێویست بوو بۆی کردم، پارچە شکاوەکانی دەرهێنا. نانی نیوەڕۆم لە سلێمانی خوارد و گەڕامەوە بۆ سیدەکان و جەبهەکە لای برادەران. کاک نەوشیروان و ئەوانەی لەگەڵی بوون، گەڕانەوە. من و حەمید ئەفەندی و مامۆستا بەکر و عوسمان قادر منەوەر پێکەوە بووین. برادەرانی پارتی جەمال مورتکە،

هەڵگورد، مستەفا نێروەیی و زۆری تریش بوون. هەندێک لە هێزەکان لە سلێمانییەوە هاتبوون، لای یەکێتی (ڕێباز، شاخەوان و سەفین، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، ئەنوەری عەزەباوە، عەبدوڵلا بۆر، مەحموود سەنگاوی، عەبدوڵلا مام عەلی، تۆفیق کانی وەتمانی، فاقە) و زۆری تریش لە هەڤاڵەکانی لێپرسراوی پێشمەرگە. لە چەند جەبهەیەکەوە شەڕ دەستی پێکرد. هەتا بڵێی ئازا بوون، کچەکانیان وەک پیاوەکان شەڕیان دەکرد. لە هەموو شەڕەکان لە هەردوولا زەرەرمان لێکەوت، زۆریش شەهید و بریندارمان هەبوو. لای ئەوانیشەوە بەهەمان شێوە. شەڕەکە درێژەی کێشا، بەتایبەت لە بادینان. بەپێی مەعلوماتەکان پ ک ک ئازایانە شەڕیان کرد و دەریش نەکران، بەڵام لەلای ئێمەوە هەنگاوبەهەنگاو دەچووینە پێشەوە. هەندێک جیگامان گرت و زاڵ بووین بەسەر جیگاکانیاندا. هێزەکانمان ئاڵوگۆڕ پێدەکرد، چونکی شەڕەکە درێژەی کێشا. هەندێ هێز شەهیدی زۆر بوو، هیلاک بوبووین. مانگی دە و یازدە بوو، لە وکاتانەشدا ئەوێ سارد و کوێستانە. ئەم شەڕە حاڵەتێکی نەفسیی خراپی دروست کردبوو لای پێشمەرگەکان، بڕوایان پێی نەبوو، کە ئیمانیشت بە شتێک نەبێ، لە شەڕدا سەرناکەوی و زەحمەتە. من خۆم لێپرسراوی یەکەم بووم، کە قسەم دەکرد بۆ پێشمەرگەکان و دەموت دەبێ وابکەین و ئاوا بکەین، لە دەروونی خۆمدا زۆر بڕوام پێی نەبوو، ئیتر ئیلتیزاماتە.

ئەمەش وەزعی گشتیی شۆڕشی شەڕەکان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕیان دەکرد، هەوڵی سەرکەوتن دەدرا. وەک وتم هێزەکان هیلاک بووبوون، لەگەڵ هێزێکی لەشکری یەک کە هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود سەرپەرشتیی دەکردن و هی گەرمیان بوون، گۆڕیمانن. لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر هاتن. شەڕێکی باشیان کرد. زۆر چووینە پێشەوە، ئەم شەڕانەش لەگەڵ پارتیدا بە هاوبەشی دەمانکرد.

هاتنی هەڤاڵ کۆسرەت بۆ لامان وەک سەرپەرشتیی یەکەمی جەبهەکە

ئە و ماوەیەی کاک کۆسرەت لامان بوو، گۆڕوتینێک بوو بۆ پێشمەرگەکان. لە هەموو ڕۆژەکانی شەڕەکاندا دەیان ڕۆژنامەنووسی بیانی دەهاتن بۆ لامان. ئەڵەمانی، هۆڵەندی، تورکی، ئێرانی، ئینگلیزی... ئێمەش وەزعی شەڕەکانمان بۆ باس دەکردن. داوای ئێمە ئەوە بوو پێم دەوتن ئامادەین هاوکاریشیان بکەین بە شەرتێ لای ئێمە چۆڵ بکەن. لەبەر ئەوەی ئێمە حکومەتین و دەبێ سنووری خۆمان لەگەڵ دراوسێ بپارێزین، ئیتر هەر دەوڵەتێک بێت. ئەم قسانە و زۆر شتی تریش دەوترا، ئەموت فەرموو ئێوە وەکیلی ئێمە بن و بچن بۆ لایان، پێیان بڵێن بڕۆن. ئێمە هیچی ترمان لەوان ناوێت، ئیتر ئەوانیش ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسی، ئێمەیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

ئەم شەڕە زۆر ناخۆش بوو، هێزی مەعنەوی و مادیی دەویست. درێغیمان نەکرد بۆ سەرکەوتنی خۆمان. هاتنی کاک کۆسرەت بەرپرسیارێتیی سەرشانمانی کەم کردەوە، شەڕ چووە سەر و مانگێکی خایاند. لەگەڵ کاک کۆسرەت لە چادرێکدا پێکەوە بووین، سەعات چواری بەیانی پێشمەرگەیەک پاسەوان بوو، هەڵیساندم و وتی جیهازێک هەر داوا دەکات هەڤاڵ هەڤاڵ. وتم کە داوای کرد، بانگم بکە و هەڵمسێنە. لە دەوری سەعات پێنجی بەیانیدا بوو جیهازەکەی بۆ هێنام، قسەم لەگەڵ کردن. وتیان دەمانەوێ چاومان پێتان بکەوێ. مەرجی حکومەتی ئێوەمان قبوڵە و ڕازین. وتم زۆر باشە، سەری سەعات وەرنەوە قسە دەکەین، بە کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیم وت. وتی باشە چاوتان پێیان بکەوێ. هاتنەوە سەرخەت. مەوعیدمان دانا لەسەر ئاوی خواکورک یەکتر ببینین. بۆ ڕۆژی دوایی سەعات 5 مەوعیدمان هەبوو. ئەوانەی کە چووین بۆ چاوپێکەوتنیان، من خۆم بەرپرسی هێزەکان، عوسمان قادر منەوەر، مامۆستا بەکر مستەفا، کەمال شاکر، لەبیرم نییە کێی ترمان لەگەڵ بوو. لەگەڵ هێزێک چووینە خوارەوە، سەعات و نیوێک ڕێگە دەبوو. کە گەیشتین، ئەوانیش هاتن. عوسمان ئوجەلان برای عەبدوڵلا ئوجەلان، نازانم کێی تری لەگەڵدا بوو، پاش یەکترناسین و چاکوچۆنی

قسەمان کرد.

ئەوان ڕازی بوون بێن بۆ لای ئێمە و ڕێکەوتن واژوو بکەن. لە کۆتایی قسە و باسەکانمان وتم فەرموون با پێکەوە بچین بۆ هەولێر. عوسمان ئوجەلان وتی من بە ئەمر هاتووم بۆ لاتان. پرسم بە سەرۆک ئاپۆ نەکردووە، دەبێ بڕۆمەوە پرس بکەم و ڕەزامەندیی لەسەر بێ ئەنجا بێم. مەوعیدمان دیاری کرد بۆ ڕۆژی دوایی لە هەمان جێگەیەک بگرینەوە. ئێمەش گەڕاینەوە، بە شاخدا سەرکەوتینەوە بۆ لای هێزەکان. کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیمان بینی قسە و باسەکانمان بۆ گێڕانەوە. وتم مەوعیدی ترمان هەیە لەگەڵیان. ژمارەی جیهازەکانیشمان گۆڕیوەتەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. لە ماوەی پێش وەستاندنی شەڕ هێزەگەی عوسمان حاجی مەحموود هاتبوون. برادەرانی پارتیش هێزەکانیان گۆڕیبوو. لە شەوی دواییدا پێ کاکا جێگەی کەمیان بەدەستەوە مابوو. زۆرمان پێ باش بوو کە ڕێک کەوتین، چونکی ئەوان لە دۆڵێکدا مابوون. بەهەموو جۆرە چەکێ شەڕمان دەکرد. ترسم لێنیشت و بچنە سەریان لە بەرپرسە گەورەکانیان بکوژرێ. خۆ پێشمەرگە لە شەڕدا نازانێ کێ بەرپرسە و کێ چییە، ئیتر ئەمە فرسەتێکی باش بوو بۆ ڕێککەوتن.

جارێکی تر چوومە خوارەوە بۆ سەر ئاوی خواکورک

لە کاتی خۆیدا سەعات 5 عوسمان ئوجەلان هات. ئەمجارەیان پێویستی بە دانیشتن نەبوو. عوسمان وتی من کە هاتووم، پێویستە لەباتی من تۆش لێرە بمێنیتەوە. بیرم کردەوە کە نابێ بڵێم ناتوانم، وتم هەڤاڵ عوسمان من لەبەر ئەوەی لێپرسراوی هێزەکانم، ناکرێ لێرە بم. چونکی هەموویان من بڕیاریان بۆ دەردەکەم. بە کوردییەکەی لێپرسراوی یەکەمم. ئەگەر من بمێنمەوە، ئیشەکان ئەوەستێ. قەناعەتی کرد و وتی با هەڤاڵانی تر بمێننەوە. ئیتر عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر مستەفا و کەمال شاکر لەوێ لای پێ کاکا بەجێمان. من و عوسمان ئوجەلان کەوتینە ڕێ و بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین. هەر ئە و شەوە کە گەیشتینەوە لای پێشمەرگەکانی خۆمان، سواری ئۆتۆمبێلمان کرد و ڕەوانەی هەولێرمان کرد بۆ بینینی حکومەت و پەرلەمان، دەقیقەیەک زووتر بگەیشتایە باشتر بوو. شەڕ کۆتایی هات، چەند ڕۆژی لە هەولێر مانەوە، پاشان گەڕایەوە. لەسەر چۆڵکردنی ناوچەی خواکورک ڕێک کەوتن، منیش چاوساغم لەگەڵ ناردنەوە بۆ لای خۆیان. باش بوو ئەم شەڕەمان لە کۆڵ بۆوە.

هەر دوای هاتنەوەی عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر و کەمال شاکر، ئە و هێزانەی لامان بوون، نیوەی زیاترم ئێزن دا بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ڕێک کەوتین کە ئەوێ چۆڵ بکەن، لە بەرامبەردا نێوزەنگیان بۆ دیاری کردبوون و خۆشیان ڕازی بووبوون. نێو زەنگ دەکەوێتە پشتی قەڵادزە لە سەرسنووری ئێران–عێراق. لە ڕابوردوودا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لەوێ بوو، خانووی لێبوو و چۆڵ بوو. مام جەلالیش بارەگایەکی لەوێ هەبوو. هەموویان ڕۆیشتن و کەسیان لەوێ نەما، دوا کەس خۆمان بووین. ئەوانەی بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، هەر لە و تەقەمەنییانەی لامان بوو، زۆرم دانێ بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن بۆ خۆیان. لە و سەردەمەشدا تورکیا هەندێک یارمەتیی چەک و پێویستیی شەڕی دایێ. هەموویم بەسەر هێزەکانیاندا دابەش کرد. منیش گەڕامەوە بۆ هەولێر و چووم بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێش ئەوەی ڕووی دابوو، بۆم گێڕانەوە. دوایی گەڕامەوە بۆ شەقڵاوە کە بارەگای لەشکری دوو لەوێ بوو.

پاش ماوەیەک سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری دا ببمە پارێزگاری کەرکووک. هەر دوای هەڵبژاردن لە 1992/5/19 هەموو وەزارەتەکان دانران، پارێزگارەکان دیاری کرابوون. منیان بۆ کەرکووک دانابوو. ئەوەی ڕاستی بێ، حەزیشم دەکرد تۆزێک لە کۆڵ پێشمەرگایەتی ببمەوە، و ئەم تاقیکردنەوەیەش بکەم.

پاش چەند ڕۆژێک بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو. ئەو کاتە دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆک وەزیران بوو. بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کرایەوە. مستەفا قادر مەحموود دانراوە بە پارێزگاری کەرکووک. کەس بە و ناوەوە نەیدەناسیم. بۆ ڕۆژی دوایی کوردستانی نوێ نووسییەوە مەبەست لە مستەفا قادر مستەفا چاوڕەشە، لەبەر ئەوەی من هەر بە و چاوڕەشەوە ناسراوم. دوای ئەوە چووم بۆ لای دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئامۆژگارییەکانم لێوەرگرت کە چی بکەم. چونکی پارێزگای کەرکووک وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک نییە، ئە و پارێزگایە لە باری سیاسییەوە بڕیاری لێدراوە. خۆ ناوشاری کەرکووک بەدەست ڕژێمی بەعسەوە بوو. ئە و جێگەیانەی کە لە ڕابوردوودا سەر بە کەرکووک بووە، چەند قەزایەکە، بەڵام بۆ ئەهمیەتی ئەم قەزایانە خرانە سەری: چەمچەماڵ، خانەقین، کەلار، کفری، دەربەندیخان. دەربەندیخان لە ڕابوردوودا سەر بە سلێمانی بوو، خرایە سەر کەرکووک بۆ ئەوەی پارێزگا لەوێ بێت.

ڕۆیشتنم بۆ دەربەندیخان

ڕۆژی چوونم بۆ دەربەندیخان دیاری کرا. جێگرەکەم سیروان کاکەیی بوو لە هەڤاڵانی پارتی بوو، قائمقامەکانیش لە بەینی پارتی و یەکێتیدا دابەش کرابوون. بۆ ڕێزنان لە من و لە ئەهمیەتی کەرکووک زۆر لە هەڤاڵان لە سلێمانییەوە لەگەڵم هاتن. لەمدیوو تونێلی دەربەندیخان خەڵکی دەربەندیخان و حیزبەکان پێشوازییان لێکردم، بۆ منیش ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی ئیشی ئیداریبە. کە چووینە دەربەندیخان، ئەوانەی هاتبوون بۆ پێشوازیم، لەبەردەم لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان قسەم بۆ کردن. زۆر سوپاسم کردن و بەڵێنم دا کە وەک پێشمەرگایەتی لە خزمەتیاندا بم، چونکی لەکاتی پێشمەرگایەتی من ساڵی 1979 تاکو 1982 ئامرهەرێمی 5ی قەرەداغ بووم، کە هەموو سنووری کەرکووکی دەگرتەوە بە دەربەندیخان و خانەقین و کفری و کەلارەوە.

پارێزگا بڕیار لێدرا و هاتینە دەربەندیخان، بەڵام جێگەیەک نییە بۆ بینا پارێزگا. چەند ڕۆژێک لە لقی3ی پارتی بووین، خەڵک دەهاتن بۆ پیرۆزبایی، لەوێ پێشوازیم لێدەکردن و لەسەر بەرنامەی ئیشکردنم قسەم بۆ دەکردن. بۆ مێژوو دەیڵێم بە و هەست و ڕۆحێکی یەکسانیخوازییەوە دەستم بە کارەکان کرد، بێ ئەوەی جیاوازی لەبەینی هیچ کەسێکدا بکەم جا ئیتر لە هەر حیزبێک بێت. لەبەر ئەوەی ئەم پارێزگایە هیچی نەبوو، مام جەلال ئامبولانسێکی تازەی دامێ کە بەکار نەهاتبوو، هەروەها 100 کڵاشینکۆفیشی دامێ، کاک مەسعود بارزانیش 100 کڵاشینکۆفی دامێ. بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی پۆلیسی پێ پڕ بکەمەوە، منیش کەموزۆر دابەشم کرد. ئەو کاتە ش کاملی عەلی کاکی مدیر پۆلیسی کەرکووک دەستنیشان کرا. ئەویش دەوری باشی بینی و شارەزایی هەبوو، هەندێک لە چەکەکان ئە و بەسەر پۆلیسدا دابەشی کردن، چونکی نەک هەر چەک، وەک هەر شوێنێکی تری کوردستان هەموو شتەکان لە کاتی ڕاپەڕیندا تاڵان کرابوو. لە و ماوەیەدا پەیوەندییەکی تووندوتۆڵمان لەگەڵ خەڵک و حیزبەکاندا بەبێ جیاوازی هەبوو. خۆشم بە حوکمی تەمەنی خەبات و پێشمەرگایەتی کەسێکی نەناسراو و غەریب نەبووم لایان. هەموو هاوکارییان دەکردم، منیش وابووم بۆ ئەوان. پاش چەند ڕۆژێ گەڕاین بۆ ئەوەی جێگەیەک بۆ پارێزگا بدۆزینەوە.

بینای قائمقامیەتمان هەڵبژارد

ئەم بینایە کەڵکی نەبوو، دەرگا و پەنجەرە و پێویستیی زۆری دەویست. دەستمان کرد بە چاککردن و پینەوپەڕۆی، بۆ ئەوەی دەست بکەین بە ئیشکردن و کاری ڕۆژانە خەڵکی ببەین بەڕێوە. باش بوو لە ماوەیەکی کەمدا جێبەجێمان کرد و چووینە ناو بینای پارێزگاوە.

بەشی پێویست کارمەندمان دابین کرد. لەگەڵ جێگری پارێزگا (سیروان کاکەیی) برایانە کارەکانمان بەڕێوە دەبرد. من لای خۆمەوە جیاوازیم نەدەکرد، چونکی حکومەتەکەمان نیوەبەنیوە بوو، ئەم بەڕێزانەش وەک قائیمقام لە بەینی پارتی و یەکێتیدا دامەزران.

1- شەفیق ئەمین کارگێڕی خۆجێیەتی

2- جەبار یاوەر قائمقامی چەمچەماڵ

3- سەرتیپ جاف قائمقامی کەلار

4- عەدنان حەمەی مینە قائمقامی دەربەندیخان

5- فاروق قادر حەمە سالّح قائمقام خانەقین، لە مەیدان دادەنیشت

6- مەلا سەعید قائمقامی کفری

پارێزگای کەرکووک

دیارە کە دەڵێن پارێزگا، هەر ناوەکەی و کەسە دیاریکراوەکانی هەبوو، ئەگینا تاکە بەڕێوەبەرایەتییەکیشی نەبوو. یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیمان دامەزراند، کە دکتۆر عسام بوو. شارەوانی نەبوو، کشتوکاڵ نەبوو، کارەبا نەبوو، هەموو بەشەکانی تر، چونکی ئەمانە هەمووی لە مەرکەزی کەرکووک بوو و لەژێر دەسەڵات ڕژێمدا.

هەموو ڕۆژێک کە دەچوومە دەوام، خەڵکێکی زۆر لە هەموو شوێنەکانەوە دەهاتن بۆ پیرۆزباییکردن و پشتیوانیی خۆیان نیشان دەدا. لە و جێگەیانەوە دەهاتن، کە بە حساب سەر بە کەرکووک بوو، هەروەها لە و شوێنانەی ئاوارەی کەرکووکی لێبوو. بۆ نمونە ڕانیە، دارەتووی لای هەولێر، بنەسلّاوە، هەولێر، سەربازگەی سەلام لای سلێمانی، شانەدەری، چەمچەماڵ و جێگەکانی تریش. هەر هەموشیان دەرکراو و ماڵوێران و کەمدەرامەت بوون، ژیانێکی مەمرە و مەژیان بەسەر دەبرد. هەموویان لە کەرکووک دەرکرابوون، بۆ نمونە لە شانەدەری ژیانیان لە کابینەدا بەسەر دەبرد، دووپشک و مار هەراسانیان کردبوون، پارێزگاریش هی خۆیانە. ڕۆژانە دەهاتن داوای چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانیان دەکرد و منیش دەستم کورت و بێئیمکانیات بووم. ئەگەرچی لە ڕابوردوودا وەزیفەم نەبینی بوو، بەڵام ئیدارەیەکی باشم دەکرد هەر بەقسەی خۆش. ئەگەر شتێکم پێبکرایە، بۆم دەکردن. ئە و ماوەیەی لەوێ بووم، بە هۆی کارمەندێک کە پوورزام بوو، لە شاری کەرکووک خوێندبووی و ژیابوو بە ناوی ئازاد تۆفیق عەزیز لە ئەسلّدا خەڵکی کورەداوێ شارباژێڕ بوو، سەرمان کرد بەهەموو ئە و ڕێکخراوانەی هاتبوونە کوردستان بۆ هاوکاریی خەڵکی. بە ڕاستی ئازاد دەورێکی زۆر باشی بینی، خۆشی دەرچوی زانکۆ بوو. لە ڕابوردوودا وەزیفەی بینیبوو، هیمەتێکی باشی کرد بۆ ئاوارەکان، وەک ئازووقە و جلوبەرگ و چادر و شتی تر. لەگەڵ ڕێکخراوەکان پەیوەندییەکی باشی دروست کردبوو، بەداخەوە لەم سالّانەی دواییەدا بە هۆی نەخۆشی وەفاتی کرد. ڕۆژانە ئەوەندەی بۆمان کرابێت، لەگەڵ سیروان کاکەیی و باقیی برادەرانی تر لە کاردا بووین بۆ سەرخستنی پارێزگای کەرکووک و کارەکانی.

لە و ماوەیەدا ناوبەناو سەردانی هەموو ئە و جێگەیانەم دەکرد کە سەر بە پارێزگاکە بوون، وەک قائیمقامیەتەکانی کەلار، کفری، خانەقین، کە لە مەیدان دامانناوو، چونکی خانەقین لەژێر دەسەڵات ڕژێمدا بوو، بەڵام دێهاتەکانی سنووورەکەی لەبەردەستی خۆماندا بوو، هەروەها چەمچەماڵ، لەبەر ئەهمیەتی کەرکووک قەزای دەربەندیخانیان خستبۆوە سەر کەرکووک لە ئیدارەی سلێمانی. لە و ماوەیەدا جێگە نەما سەری پێدا نەکەین، لەگەڵ خەڵکی سنووورەکە دادەنیشتین و گوێمان لە داوا و پێویستیەکانیان دەگرت. چەند جارێکیش سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانم کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، بە هۆی ئازادەوە ڕێکخراوەکان ئەرکی سەرشانی منیان سوک کردبوو. ئازاد درێغیی نەکرد لە هاتوچۆیان بۆ پەیداکردنی پێویستی بۆ پارێزگا. خۆشم پەیوەندییەکی باشم هەبوو لەگەڵ حیزبەکانی سنووورەکە، بەتایبەت لەگەڵ برایانی پارتی. ئەوکاتە بەڕێز مەسعود سالّەیی لێپرسراوی لقی حیزبی بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارێزگایە بێکەموکوڕی و بێکێشە نەبوو، هەر لە و سەردەمەی من لە پارێزگای کەرکووک بووم، کێشەیەک دروست بوو لەگەڵ بزووتنەوە ی ئیسلامی، خەریک بوو گەورەترین شەڕی لەسەر دروست بێ. شاری دەربەندیخان شاهیدن زۆر بە هۆشیاری و هەستیاری چارەسەرمان کرد و کۆتایی هات، خەڵکیش سوپاسیان کردین. ئێستاش خەڵکی دەربەندیخان باسی دەکەنەوە.

شەڕی کفری لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوە

من لە سلێمانی بووم. مام جەلال ئاگاداری کردم کە بچم بۆ کفری. کێشەیەک ڕووی دابوو لەوێ. وتی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی لەگەڵ خۆت ببە و پێکەوە بچن و زوو چارەسەری بکەن. مامۆستا کە ئێستا پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامییە، شاهیدە. هەردووکمان یەکمان گرتەوە، خۆمان حازر کرد و بەڕێکەوتین. شە و درەنگ دەوری نزیکەی سەعات دووی شە و بوو بۆ دەربەندیخان، لەوێشەوە بۆ کفری. شە و درەنگ گەیشتینە ئەوێ، هەردوو لایەنی شەڕکەرمان ئاگادار کردەوە کە هاتووین. سەردانی کۆمیتە و بارەگای بزووتنەوە مان کرد. هەر لایەش هێزی خۆی ئامادە کردبوو و سەربانەکان گیرابوون.

ئەوەی بۆمان کرا، چارەسەری کێشەکەمان کرد. برایانی بزووتنەوە وتیان چەکی شەهیدەکانمان فەوتاوە و داوایان کردەوە. هەر بۆ چارەسەری کێشەکە من لەوێ چوار چەکم لە پاسەوانەکانی خۆم وەرگرت و تەسلیم بە برایانی بزووتنەوە م کردەوە لەباتی ئە و چەکانەی کە فەوتاوە. لە و شەڕ و جەنجاڵیەدا کێ دەزانێ چەک کێ بردوویەتی و لای کێیە، شڕەخۆر زۆرە. لەگەڵ مامۆستا لە کفرییەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی بێنەوە بۆ سلێمانی. شەهیدەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنا، یەکێکیان خەڵکی کەلار بوو. تەسلیممان کردەوە بە کەسوکاریان و دووەمیان خەڵکی دەربەندیخان بوو، ئەویشمان بردە مزگەوت و تەسلیم بە کەسوکاریان و بزووتنەوە مان کردەوە. سێهەمیان لە زەڕایەن تەسلیممان کردەوە بە بارەگاکەیان کە لەسەر جادەکە بوو و لە مەخفەرەکەی زەڕایەندا بوون. کەسێکیان هەندێ قسەی ناشیرینی کرد. لەبەر حورمەتی مامۆستا (شێخ محەمەدی بەرزنجی) وەڵامم نەدایەوە. شەهیدێکی ترمان پێبوو، پێکەوە هێنامانەوە بۆ بارەگای بزووتنەوە و تەسلیممان کرد. بارەگا لەسەر شەستیەکەی سلێمانی بوو، شەهیدەکەش خەڵکی ڕانیە بوو. پاش ئەوەی ئیشی هەردووکمان تەواو بوو، سوپاسی یەکترمان کرد و خواحافیزیمان کرد. هەر ئە و ڕۆژە لە هەولێر دەبوایە بچوومایە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، پێشتر بڕیاری لێدرابوو.

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە هەولێر

لە هەولێر لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆبوونەوە بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا بووین بروسکە هات بۆ مام جەلال کە لە شاری ڕانیە بزووتنەوە ی ئیسلامی پەلاماری کۆمیتەی ڕانیە یان داوە و داگیریان کردووە، پێنج لە هەڤاڵانمانیان شەهید کردووە: لێپرسراوی کۆمیتەکە مامۆستا محەمەد سوڵتان بوو، عەلی مام قادر، سلێمان فەخری، بەختیار محەمەد مەجید، عەزیز شێخە.

چوونە تە سەر بارەگا و لەناو بارەگاکەدا شەهیدیان کردوون، ئەوەی لە کفری کوژراوە من و مامۆستا شێخ محەمەد کە هێناومانەوەتەوە بۆ سلێمانی و ئەوانیش ڕەوانەی ڕانیە یان کردۆتەوە، لە ڕانیە بە خۆپیشاندان بە ناو شاری ڕانیە و بەردەم کۆمیتە ڕانیە دا بردوویانە، لەوێ دەستیان کردووە بە هاوار و قسەی ناشیرین و شعاری ئیسلامی و دژی یەکێتی و حەماسی خەڵکەکەیان هەڵساندووە. ئە و لێپرسراوانەی لەوێ بوون، بەرنامەیان داناوە بۆ تۆڵەکردنەوە. بە شەرتی مامۆستا محەمەد نەیهێشتووە فیشەکێک بتەقێ، پیاوێکی نەرم بوو و بڕوای نەبووە ئە و کارە بکەن. خۆشیان بۆ هیچ ڕووداوێک ئامادە نەکردووە، بێجگە لە شەهیدکردنی ئە و هەڤاڵانە، هەرچیش لە کۆمیتە بووە، گرتوویانن و بە دیلی بردوویانن.

ئیتر کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. دەبوو هەریەکەمان بچێتەوە بەلای جێگەی خۆیەوە و ئاگاداری وەزعەکە بین، بزانین ئەم ڕووداوە لە کوێی تر سەر دەردەهێنێ، خۆشمان ئامادە بکەین بۆ هەر ڕووداوێک و ئەگەرێک.

ئێمە هیچ بەرنامەیەکی شەڕمان نەبوو. ئەوانەی سلێمانی و کەرکووک و ڕانیە دەبوایە بهاتینایەتەوە بۆ کۆیە. لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان بزووتنەوە بازگەیەک یان بڵێین بارەگایەکیان هەبوو، بە گەورەی (لا اله الا الله)یان لەسەر نووسی بوو. نەمانتوانی لەوێوە بگەڕێینەوە، چوویە وە شەقڵاوە و لەوێوە گەڕاینە وە بۆ سلێمانی و گەرمیان.

بارەگای سەرەکیی بزووتنەوە لەسەر ئەشکەوتان لە بێتواتە بوو

بارەگای شێخ عوسمان کە ڕابەری بزووتنەوە ی ئیسلامی بوو، لەوێ بوو. بەنیاز بوون لە حەوزی پشدەر و بیتوێن و تاکو کۆیە دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن، یان ئیعلانی بکەن. غروریان بێسنوور بوو. وەڵامی کەسیان نەدەدایەوە و لە بازگەکانیش ڕانەدەوەستان. لە ڕانیە ش پاش شەهیدکردنی محەمەد سوڵتان، شەڕ دەستی پێکردبوو، دیارە لە پای ئەمەی کردوویانە، دەبێ حسابی وەڵامدانەوەش بکەن. هەڤاڵ جەبار فەرمان لەبەر ئەوەی سەرلەشکری یەکی سلێمانی بوو، لێپرسراویەتیی هەبوو بەرامبەر ئەم ڕووداوە. بۆ ئەم مەبەستە ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی سلێمانی بۆ چارەسەری ئەم کارەی هاتۆتە پێشەوە، کۆبوونەوە. دیارە شەڕ هەموو ئە و جێگەیانەی گرتەوە کە بزووتنەوە ی لێبوو. لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو بارەگاکانی بزووتنەوە گیرا بە بێتواتەشەوە. لە سلێمانیش بەهەمان شێوە بارەگاکانیان گیرا، چونکی ئەوان گەورەترین هەڵەی سیاسییان کرد کە هاتن بەگژماندا، نە قۆناغەکە پێویستی دەکرد، نە شەڕیش پێویست بوو. ئەم غرورە لەپای چی؟ لە هەردوولاش کوژراوێکی زۆر هەبوو، دەست بەسەر هەموو بارەگاکانیان گیرا و ڕایان کرد بۆ ئێران. مەلا عوسمان و ئەوانەی لەگەڵی بوون لەکاتی هەڵاتن لە دۆڵی شاوڕێ گیران، هەر بۆ نمونە عومەر چاوشین کە سەر بە حکومەت بوو، چوار پێشمەرگەی شەهید کردبوو لە سلێمانی، لای ئەوان دانێدە درابوو، ئەویش لەلای دارەبەن لە دۆڵی شاوڕێ کوژرا.

ئیتر لەسەر داوای برایانی پارتی و جەنابی کاک مەسعود بارزانی مەلا عوسمان تەسلیم بەوان کرا و ناردیان بۆ

مەسیف. دیارە لە هەورامانیش شەڕیان کرد، بەڵام لەوێش شکان و خۆیان کرد بە ئێراندا. ماوەیەک هێزەکانمان لە تەوێڵە مانەوە، ئەمەش هەمووی بە شەڕ بوو، بارەگایان نەما و چوونە ئێرانەوە. لەوێش ڕادیۆیەکیان دانا و دەستیان کرد بە بەرنامەی خۆیان.

دوای ئەمە منیش گەڕامەوە بۆ دەربەندیخان بۆ پارێزگا. لەوێش وەک جاران کاری خەڵکیمان ڕادەپەڕاند. لە و ماوەیەشدا سەردانی شارۆچکەکانم کرد و لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک کۆ دەبوونەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم کارانە زۆر هیلاکی کردبووم، پاش ماوەیەک داوام لە سەرکردایەتی و مام جەلال کرد بۆ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووک لابچم. دەستیشم کورت بوو، داوای هەموو خەڵکیم پێ جێبەجێ نەدەکرا. چونکی هەموو ئە و ڕێکخراوە ناحکومیانەی هەبوون و ئەوانەی لە ئەوروپاوە هاتبوون، هاوکاریی کەرکووکیان نەدەکرد لەبەر ئەوەی کەرکووک سەر بە حکومەتی مەرکەزی بوو لەبەر بەرپرسیارێتیی خۆیان نەدەهاتن، چونکی حکومەتی عێراق کێشەی بۆ دروست دەکردن. هەرچییەکمان بکردایە، دەرەقەتی ژیانی خەڵکی نەدەهاتین. ڕژێمی دیکتاتۆری وای وێران کردبوو، هەڵسانەوەی بە و ماوە کورتە ئاسان نەبوو.

پاش ئەوەی داواکەم لەلایەن سەرکردایەتی و مام جەلالەوە قبوڵ کرا، وتیان پێویستە چاوێک بە دۆخی ڕانیە و قەڵادزەدا بخشێنینەوە. تۆش حازر بە، دەبێ بچیت بۆ ئە و ناوچەیە. منیش ڕازی بووم، سەرکردایەتی بڕیاری بۆ دەرکردم بچم بۆ ئەوێ و ببم بە لێپرسراوی مەڵبەند.

دروستکردنی مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین

کاتی خۆی مەڵبەندی شەشی سۆران هەبوو کە سنوورەکەی ڕانیە و قەڵادزە و سۆران و شەقڵاوەی دەگرتەوە. کە من دیاری کرام، مامۆستا چەتۆش لە مەڵبەندی شەشی سۆران بوو، لێپرسراوی بوو، گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییە کان.

چوونم بۆ ڕانیە

ئە و ڕۆژەی کە دیاری کرا بڕۆم بۆ ڕانیە، کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی م.س و سەرکردایەتی و کادێرە سەربازییەکان لەگەڵم هاتن، بەڕاستی لە ژمارەدە نەدەهاتن. ساڵی 1994 بوو، خەڵکێکی یەکجار زۆر هەر لە دۆڵی خەلەکان، کانی ماران، قەرەنی ئاغا، گرجان و چوارقورنە و ڕانیە، قەڵادزێیەکان، خەڵکی ناوچەکە و کادێرەکان هەموویان لە پێشوازیدا بوون، ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان ڕیز بووبوون، بە فیلم لام هەیە. ئەوەی بۆ من کرا، شتێکە قەد لە یادم ناچێ و هەتا ماوم سوپاسیان دەکەم، قەرزاریاریان کردم، بەڵام ئە و ڕاستییە ش بڵێم من کوڕی ئەوانە بووم، باشم دەناسن و هەمیشە لە خزمەتی یەکێتی و هەژاراندا بووم. ئەوەی بۆیان کردم، لە گێڕانەوە نایەت.

کە گەیشتمە ڕانیە وەک عورف و عادەت مەراسیمێکی یەکجار گەورەیان ڕێکخستبوو. لە کاتێکدا بوو بزووتنەوە ی ئیسلامی شکا بوون وڵاتیان چۆڵ کردبوو. لە و جێگەیەی محەمەد سوڵتان و هاوڕێکانیان شەهید کردبوو، من لە سەربانی کۆمیتەکە قسەم کرد، سوپاسی هەمووانم کرد بۆ ئە و پێشوازییەی لێیان کردم. لە برایانی پارتی ئازاد قەرەداغی هاتبوو، ئەو کاتە لێپرسراوی لقی 11 بوو، هەروەها شیوعییەکان و سۆشیالیست هاتبوون. لە وتارەکەشمدا سوپاسی هەموویانم کرد. لە پوختەی قسەکانم وتم چۆن لە پێشمەرگایەتیدا لە خزمەت ئەواندا بووم، ئێستاش هەر بە و ڕۆحیەتەوە هاتووم. ئەم حکومەتە تەواوکەری شۆڕشەکانی کورد لە شێخ مەحموودی حەفیدەوە کە مەلیکی کوردستان بوو بۆ پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول،

دەبێ بە هەموومان بیپارێزین و بە چاومان پارێزگاریی لێبکەین. مەراسیم تەواو بوو، قەناعەتی تەواوم بە برایەتی و پێکەوەژیان هەبوو. ئە و برایانەی لە پارێزگای کەرکووک لەگەڵم بوون و برایانی پارتی شا هیدی ئەم قسانەمن، وەک سیروان کاکەیی و شەفیق ئەمین و فاروق قادر حەمە ساڵح و سەرتیپ جاف و دژوار.

مەڵبەند دروست بوو و کادێرەکان دیاری کران، بەڵام جێگەیەک نییە بۆ بینای مەڵبەند. لە کۆمیتەی ڕانیە دەوامم دەکرد، ماوەیەکی زۆر هەر خەریکی پێشوازی بووم لە خەڵکی سنووورەکە و کەسایەتیەکانی سنووورەکە و کادێر و پێشمەرگەکان. بیرم کردەوە چۆن بینایەک پەیدا بکەم بۆ مەڵبەند بۆ ئەوەی بتوانین کاری تێدا بکەین. ئەم بینایەی ئێستا مەڵبەندی تێدایە، ئاوارەی ئێرانی تێدابوو، وێران بوو، هەر ئەوێش گەورە بوو و بە کەڵک دەهات. پاش خۆناساندن داوام لێکردن و شتێک یارمەتیم دان، بۆیان چۆڵ کردین. هەر بینایەکیش خەڵکی فەقیرو هەژاری تێدا بێ و ئاوارەی تێدا بێ، دەرگا و پەنجەرەی تێدا نامێنێ. دەستمان کرد بە چاککردنەوەی. پاش ماوەیەکی کورت حازرمان کرد و چوویینە بینای تازەوە. ژووورەکانمان ڕێکخست بۆ بەشەکانی مەڵبەند، چاومان بە کۆمیتەکان و ڕێکخستندا خشاندەوە. ڕۆژانەش سەردانی جێگەکانمان دەکرد. لە وکاتەی مەڵبەند دروست بوو، هەڤاڵ مستەفای سەید قادر لە مەکتەبی ڕێکخستن بوو کادێرێکی چالاک و خۆشەویست بوو، بەتایبەت لە پشدەر و بیتوێن. کاک مستەفا هات بۆ پیرۆزبایی، قسەم لەگەڵ کرد کە بێتەوە و هەردووکمان وەک پشدەری خزمەتی بکەین. داواکەی قبوڵ کرد. لەگەڵ کاک عومەر فەتاح کە ئەو کاتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بوو لە هەولێر قسەمان کرد. ئەوە بوو هەڤاڵ مستەفا وەک جێگر هاتەوە لامان و وەک یەک ستاف کارمان دەکرد. لە وکاتەشدا گۆڕانێکی یەکجار بەرچاو ڕووی دا لە و سنووورە، لە و سەردەمەدا لەبەر خەڵکی و ئەندامانی یەکێتی و مەڵبەند ڕێگە نەبوو. مستەفای سەید قادر جێگرم بوو. ئەندامانی مەڵبەند 1- قەرەنی عەبدوڵلا 2- مامۆستا عەزیز 3- دکتۆر خەسرە و 4- حاجی دێلوێی 5- محەمەد وەتمان 6- بابەکر دەربی 7- کوردە چاوشین، 8- لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەکان، مامۆستا عەلی حەمەد بەگ.

هەموومان بە پەڕۆش بووین بۆ سەرکەوتنی مەڵبەندەکە و خزمەتی خەڵکی ناوچەکە. سەردانی هەموو بارەگاکانی حیزبەکانم کرد، لەگەڵ برادەرانی پارتی و زەحمەتکێشان و شیوعی و سۆشیالست و یەکگرتوو ڕۆژبەڕۆژ باشتر دەبووین.

خەڵکی گەیی لێدەکردین بۆچی سەردانیان ناکەین، دووجار جەمال کاک ئەحمەدی دارەشمانە هات بۆ لامان، وتی بۆچی سەردانمان ناکەن، بەڵێنمان دایە کە هەر ڕۆژێک ڕێک بکەوێ، بچین بۆ لای.

شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی

بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، زیادوکەمی لێناکەم، ڕۆژی 01-05-1994 جومعە بوو، لە دوو سەرەوە دەوامان نەبوو، هەم یەکی ئایار کە جەژنی کرێکاران بوو، هەم جومعەش بوو. وتمان دەچین بۆ دارەشمانە سەردانی جەمال کاک ئەحمەد دەکەین، ئەوەندەی لەبیرم بێ، خۆم بووم، مستەفای سەید قادر، محەمەد وەتمان، هەندێک کەسێکی دیکەش بووین. لە ڕانیە وە ڕۆیشتین. لە ڕێگە لەناو سەیارەکەدا وتیان کۆیخا عەلی قەلاوە تەعزیان هەیە لە ژاراوە. وتم فرسەتە و دەچینە تەعزیکەش. چوویینە ئەوێ، فاتحامان خوێند و دوایی هەڵساین بەرە و قەڵادزێ ڕۆیشتین. کە گەیشتینە قەڵادزە، وتیان مام جوتیار و ئەوانیش تەعزیان هەیە، خزمێکی مین پێیدا تەقیوتەوە و شەهید بووە. چوویینە مزگەوتی هێرۆییەکان. لەوێش مام جوتیار وەک خاوەن تەعزێ بە پێوە وەستابوو. پاش فاتحە بەرە و دارەشمانە کەوتینە ڕێ. گەیشتینە ئەوێ و چوویینە ماڵی کاک جەمال. وتیان لێرە نییە، چوویینە ماڵی خزمیان، چایەکمان خواردەوە و هەڵساین بگەڕێینەوە بۆ قەڵادزە. گەیشتینە قەڵادزە لە گەڕەکی سەرەوە

داخڵی ناو قەڵادزە بووین. هەندێک پێشمەرگەمان بینی لەبەردەم لیژنەی ناوچەی پارتیدا و جامانەی سوریان لەسەردا بوو، وتیان ئەمانە چین؟ وتم دیارە میوانی خۆیانە، هاتوون بۆ لایان و ئیشی خۆیان هەیە. چووینە ناو قەڵادزە، وتم با سەردانێکی کۆمیتەی خۆمان بکەین، ناکرێ لێپرسراوی مەڵبەند بیت، بچیتە قەڵادزە و سەردانێکی کۆمیتەکەی خۆت نەکەیت. منیش تازە چوومە تە ئەوێ. چووینە کۆمیتە و تۆزێک دانیشتین. کۆمەڵێک لە دوکاندارەکان هاتن. وتیان عەلی حەسۆ میرخان هاتووە و شۆڤڵی هێناوە. دەڵێت ئەگەر چۆڵی نەکەن، دوکانەکان دەڕووخێنم. منیش وتم بڕوا مەکەن، چۆن دوکان تێک دەدەن؟ من ئەو کاتە زانیم عەلی حەسۆ میرخان هاتووە بۆ قەڵادزە.

ئەوانەی هاتبوون ڕۆیشتن. کە لە کۆمیتە هەڵساین بڕۆینەوە بۆ ڕانیە، لەسەر سوچەکەی دەچێتەوە سەر شەقامی گشتیی قەڵادزە و نزیک دوکانەکان بوو، جارێکی تر پێشیان پێ گرتمەوە و وتیان مامەی ئاسایش هاتووە، دەڵێت بە ڕاستمانە و دەیڕووخێنین. ئیتر ناکرێ هەروا لێی بگەڕێیت. منیش وتم خۆ هەموومان دەڵێین قەڵادزە دووجار شەهید کراوە، بەڕاستی بڕوام نەکرد. وتم کاک محەمەد تۆ لێرە بمێنەرەوە و مەهێڵە هیچ ڕوو بدات. من ڕۆیشتمەوە بۆ ڕانیە و چوومە ماڵی دڵشادی مام قادر. وتی دەبێ نیوەڕۆ لای من بن بۆ نانخواردن. نانمان خوارد، نزیکەی سەعات دوو دەبوو. کاتێکم زانی چەند کەسێک لە قەڵادزەوە هاتن بۆلام بۆ ماڵی کاک دڵشاد. ئەوانەی هاتبوون، ئەم کەسانە بوون: 1 بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی 11 بوو 2 ئاغای غەفور 3 خاڵە هەمزە، خەزوری کاک عومەر قەڵادزەیی، وتیان وەزعەکە خراپ بووە، خەڵکی هەڵستاوە و خەریکە شەڕ دروست دەبێ. منیش وتم برایانی بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لام باشە عەلی حەسۆ میرخان بڕواتەوە. بەیانی من و کاک ئازاد قەرەداغی لێپرسراوی لقی یانزە دادەنیشین و بڕیارێکی لێدەدەین. قائمقامیش کاک نادری حەمە قادرە، کە پارتییە. یاسا چ بڕیارێک بدات، ئەوە جێبەجێ دەکەین. گەیم لە کاک بابەکر کرد و پێم وت دوو ڕۆژ پێش ئێستا باوکت کێشەی زەوی هەبوو لە سەروچاوە. ئەحمەدی حاجی قادرم لەگەڵ برادەرانی ئێوە نارد. لەبەرخاتری ئێوە و تەبایی پاراستن غەدرمان لە جوتیارەکان کرد. وتم دەبوایە ئەوەشم نەکردایە، چونکی جوتیارەکان گلەییان لێکردم. وتیشم کاک بابەکر ئەم کێشەیەش لەسەر مێزەکەی من و کاک ئازاد قەرەداغی چارەسەر دەکرا، نەک هێز بهێنن و زۆربەی لقی 11 دوای عەلی حەسۆ میرخان بکەون. هەر لێرە لە ڕانیە چارەسەرمان دەکرد. پێم وتن خۆ ئەم کێشەیە هی ئێمە نییە وەک یەکێتی، هی دوکاندار و عەلی حەسۆ میرخانە. من بۆچی بێم؟ خۆتان بڕۆن بڵاوە بە هێزەکە بکەن، بەیانی هەمووی چارەسەر دەکەین. گلەییشم لە ئاغای غەفور کرد و وتم تۆ پەیوەندیت بەم مەسەلەیەوە چییە؟ بابەکری فەقێ ئەحمەد وتی بروسکە دەکەم بۆ کاک مەسعود بارزانی، وتم کەیفی خۆتە چی دەکەی. ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، منیش دوای ئەوان چوومە وە بۆ مەڵبەند لە ڕانیە. بەڵام دیار بوو خەڵکەکە ڕێگەیان گرتووە لەسەر ئە و هێزەی هێنابووی، منیش بروسکەم دەکرد بۆ هێورکردنەوەی.

لە دەوری سەعات 6 مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی وەکیل وەزیری ئەوقاف بوو و لە قەڵادزە بوو. بروسکەیەکی کرد بۆمان و نووسیبووی عەلی حەسۆ میرخان لە شەقامی کەمەر بەندێوە دەگەڕێتەوە و واپێک هاتووین. منیش بروسکەم بۆ کرد و وتم دەستتان خۆش بێت، کارێکی باشتان کردووە ئەم کێشەیەمان لە کوڵ بۆتەوە.

لەپڕێکدا سەعات حەوتی ئێوارە بروسکەیەکی تر لە کۆمیتەوە هات. دەڵێت جەماعەتی عەلی حەسۆ میرخان (مام جوتیار)یان شەهید کرد. لام سەیر بوو، بەڕاستی باری کارەکەی قورس کرد.

بەم شێوەیە بووە دەنگە دەنگ و دەڕۆین و نارۆین. لە کوێوە بڕۆین؟ هەندێک لەوانەی پارتی دەڵێن چۆن دەبێ

کاک عەلی لە دەرەوەی شارەوە بڕوات؟ کەسەکانیش دیار بوون، مام جوتیار دەچێت بەبێ چەک قەناعەتیان پێبکات بڕۆن. لەوێ مام جوتیار شەهید دەکەن، وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبێ. مام جوتیار لای ئێمە کەم نەبوو، لێپرسراوی پێشمەرگەکانی ناوشار بوو، منیش تازە چوومە تە ئە و مەڵبەندە. هێشتا دیوارەکانمان بۆیاخ نەکردووە، شەڕ بەردەگای پێگرتین. شەوی 1\1994/5/2ە، منیش دەبێ ئیحتیاتی خۆم بکەم، چونکی هێزم نەبوو، ئەم شەڕەش بەردەرگای گرتووە. ناردم بەدوای عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ تۆفیق کانی وەتمانیدا. پێم وتن لە قەڵادزە شەڕ دروست بووە، ئێوەش بچن و ئاگادار بن کۆمیتە نەگیرێ. پارتی دەوریان داوە، گردی حوسنیشیان گرتووە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی قەڵادزە-ڕانیە. ئەوانم بەڕێ کرد. کە چووبوونە ئەوێ، پارتی دامەزرابوون کوچە و جێگە باشەکانیان گرتبوو. ئەمانیش بە و شەوە گەیشتونەتە ئەوێ و نەشارەزان، لە دەوری کۆمیتە دەبن. کە ڕۆژبۆوە، سەربان و بنبانیان گرتووە، تەقە لەمانیش دەکەن و شەڕەکە گەرمتر دەبێ. هەر لەوێدا عەلی نەبی شەهید دەبێ. عەلی نەبی ئە و پێشمەرگەیەی یەکێتی بوو، کە لە ڕابوردوودا زۆری تەمەنی خۆی لەگەڵ یەکێتی سەرف کردووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991دا لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند، ئە و ئیستخباراتەکانی کوشت و ڕاپەڕین دەستی پێکرد. وەک عەشیرەتیش لە خزمانی شاورییە. بە هەرحاڵ، تەمەنی عەلی نەبی دیارە، هەروەها ئیسماعیل وەرتێ یش هەر کۆنە یەکێتی بوو و لە شۆڕشدا دەوری هەبوو. لێپرسراوێتیی هەبوو. تەرمی عەلی نەبییان هێنایەوە بۆم بۆ ڕانیە. ئیسماعیل وەرتێ و تۆفیق کانی وەتمانی بریندار بوون. ئەویش وەک ئەوان لە (پ.م) کۆنەکان و بەرپرسەکانی یەکێتییە.

ڕۆژی 02-05-1992 شەڕ دەستی پێکردووە، ئەمبەروئەوبەرمان لەیەک گرتووە. عەلی حەسۆ میرخان و ئەوانەی لەگەڵیان، لە گردی حوسنییەوە کە دەروازەی شاری قەڵادزەیە و بەرزترین گردە گرتویانە، هاتوون نزیک ژاراوە بوونەتەوە. شۆفێرەکەی محەمەد وەتمانیان هەر لەسەر پردەکەی قەڵادزە لەناو سەیارەکەیدا شەهید کرد. من هەر لە ڕانیە م، هەرچی لە خزمەکانی عەلی نەبی و ئەوانەی تریش کە دێن دەڵێم، شەڕ لە قەڵادزەیە. محەمەدی کوڕی عەلی نەبی هاتە ژوورەکەم، نەیزانیبوو باوکی شەهید بووە. منیش من پێم نەوت. لە وکاتەدا یەکێک هات و وتی عەلی نەبی شەهید بووە. محەمەدی کوڕی تفەنگەکەی دا بە زەویدا و ڕۆیشت. لە ژوورەکەی من لە مەڵبەند چەندی یەکێتیی لێیە، ئەوەندەش برادەرانی پارتی لامن 1 محەمەد عەلی، خەڵکی مەلا سەفی ئەندام لقی 11 بوو. 2 نادر قائمقام قەڵادزە بوو و خزمایەتیشمان هەیە، جەعفەر لێپرسراوی ئاسایشی پارتییە، ئیتر لە وکاتەشدا ئازاد قەرەداغی لە سلێمانی بۆ ڕانیە گەڕایەوە، خەڵکی ڕێگەیان گرتبوو، لە چوارقورنە سەیارەکەی خۆم بۆ نارد. هات بۆ مەڵبەند.

لەسەر شەڕەکان و ڕووداوەکان بروسکە لەسەر بروسکە دەهات. هەموویم نیشانی برادەرانی پارتیش دەدا، زۆریشم پێناخۆش بوو. بروسکەیەک هات باسی کوشتنی (بارزان)ی برازای نادری کرد، یەکسەر نیشانم دا. خۆی ماوە و شاهیدە.

هاتنی لیژنەیەک لە هەولێرەوە

لیژنەکە هات و لە ژوورەکەی خۆم بەخێرهاتنم کردن. لیژنەکە لە بەڕێزان یونس ڕۆژبەیانی وەزیری ناوخۆ و دارۆی شێخ نووری وەزیری دارایی پێک هاتبوو. بۆ مێژوو دەیڵێم هەر لە و بەینەدا بروسکەیەکی کاک مەسعود بارزانیم بۆ هات و دەڵێت هەوڵ بدەن هەردوولا چارەسەری وەزعەکە بکەن، من ئاگادار نیم عەلی حەسۆ هاتووە بۆ قەڵادزە و گرتنی بارەگاش قبوڵ ناکەین. منیش بە باشی وەڵامی بروسکەکەم دایەوە. بە هاتنی لیژنەکەش وەزعی ڕانیە شڵەژاویی پێوە دیار بوو. من لیژنەیەکم پێک هێنا لە حاجی دێلۆیی ئەوکاتە لای ئێمە ئەندام مەڵبەند بوو و لە کۆمەڵایەتی بەرپرس بوو، دوایی چووە لای پارتی، محەمەد عەلی کە پارتی. پێم وتن

بچن شەڕەکە ڕاگرن و نەهێڵن زیاتر بێ. هەروەها مامۆستا سەعیدیش لەگەڵیان چوو. بەداخەوە وەفاتی کرد. ئەوانمان ڕەوانە کرد بە و هیوایەی کۆتایی بەم شەڕە بهێنن.

کەسێکی وەک عەلی نەبی شەهید بووە. من لە ژووری مەڵبەندم، تەرمەکەیان بە بەردەممدا هێنا بیبەنەوە بۆ دۆڵی شاوڕێ بۆ دێکەی خۆیان بە خاکی بسپێرن. منیش مۆڵەتم لە کاک یونس ڕۆژبەیانی و کاک دارۆ وەرگرت و وتم ئێوە جەنابتان لێرەبن. من دەچم بەشداری لە ناشتنی شەهید عەلی نەبیدا دەکەم. ئیسماعیل وەرتێ یش وەزعی باش نەبوو، ناردم بۆ هەولێر. سواری سەیارە بووم و چووم بۆ لای بەشداربووانی ناشتنی لە دێکەی خۆیان، کە گەیشتمە سەرقەبران، ئە و بەڕێزانەی لەوێ بوون و ناسیمن 1- جەلیل گادانی 2-ئاکۆی عەباس ئاغا و دەیان کەس لە خەڵکی ناوچەکە. هێشتا قەبرەکە تەواو نەبوو، دانیشتبووین قسەمان دەکرد لەسەر ئەم شەڕەی دەستی پێکردووە. تەقە دامەزرایەوە. ئێتر ناچار بووم مەراسیمی ناشتنەکەم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بۆ ڕانیە. کە گەیشتمە مەڵبەند، خەڵکی ڕانیە و خزمانی شەهید عەلی نەبی هێرشیان کردبووە سەر لقی یانزە و گرتبوویان. ئەمەش بارەکەی قورستر کرد. لە مەڵبەندیش یەکێک دەهات و یەکێک دەچوو، بۆ خۆشم زۆرم لا ناخۆش بوو بۆ ئە و برادەرانەی هاتبوون. کاک نادر شاهیدە، لە وکاتەی بروسکەیان دەهێنا، لە کەسیانم نەدەشاردەوە. من خۆم کەسێکی سیاسی بووم. کە بووم بە لێپرسراوی مەڵبەند، لە وتارەکەی سەربانی کۆمیتەکەدا کە بە دەنگ و ڕەنگیش لام هەیە وتبووم دەبێت بە هەموومان ئەم ئەزمونە بپارێزین. بەداخەوە ئەوە ی چاوەڕوانمان نەدەکرد، ڕووی دا.

زەمینەی شەڕ لە ئارادا بوو. ئەگەر لە ڕانیە نەبووایە، لە گەرمیان یان لە هەولێر یاخو لە دهۆک شەڕ هەڵدەگیرسا. عەقڵیەتی وەزعەکە و حاکمیەت وای کردبوو، ئەم شەڕەش لە ملی ئێمەوە ئاڵا. لە شەڕیشدا لەسەر حەق بیت یان ناحەق، کەس خۆی بەکوشت نادات، منیش نامەوێ بارەگاکەم بگیرێت. لە دڵدا لە هەموو کەسێکی تری پارتیم پێ ناخۆشتر بوو، بەڵام ئیتر شەڕ شەڕە. جارێکی تر بەداخەوە بۆ هەموو شەهیدەکانی هەردوولا، شەڕەکە بە هۆی هەڵەی چەند کەسێکەوە ڕووی دا.

هێزم لەگەڵ کاک یونس و کاک دارۆ نارد تاکو شاخی هەیبەت سوڵتان. وتم نەک ڕێگەیان پێبگرن، چونکی وەزعەکە خراپ تێک چووبوو، هەموو کەسێک خۆی بە شت دەزانی، بەداخەوە شەڕی قەڵادزە بووە هۆی شەهیدکردنی عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ و عەلی حەسۆ میرخان و هەروەها مام جوتیار و دەیان شەهیدی تر، نە خواستمان بوو و نە بیرمان لێکردبۆوە. هەموو یەکێکیان بۆ هەمووان وەک یەک بوو، جارێکی تر جێگەی داخە. بۆ ڕۆژی دوایی تەرمی شەهیدەکان و عەلی حەسۆ میرخانمان ناردەوە بۆ لای برادەرانی پارتی، ئەوانەی ئێمەش نێژران.

بەداخەوە ئەم شەڕە هەموو لایەکی گرتەوە. هەروەک وتم، ئەگەر کەم تەجروبەیی لای ئێمە بوو، لە شوێنەکانی تر بۆچی، یان ساڵەکانی دوایی بۆچی؟ زەرەر و خەسارەتێکی گەورە لە هەردوولا کەوت. هەر هەموشمان بەرپرسیارین بە یەکێتی و پارتییەوە. هەر بەمەش تەواو نەبوو. لەباتی ئەوەی ئە و چەند ساڵە خەریکی خزمەت و ئاوەدانی و بیناکردنی وڵات بین، بە شەڕی یەکترەوە خەریک بووین تاکو هەموومان عاقڵ بووین و بە ڕێککەوتنی واشینتۆن لەسەر دەستی مادلین ئولبرایت کۆتایی هات. مانی ئاوا بێت، ئەگینا دەیان ڕۆڵەی تری ئەم میللەتە لە هەموو لایەک دەبوونە قوربانیی ئەم شەڕە نەگریسە. بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە و تووشی ئە و ڕۆژگارە نەبینەوە، هەموومان دەبێ بەرپرسیار بین لە ڕابووردوو و داهاتووش. دوای ئەمەش چەندین لێژنە دروست کران، چەندین جار ژووری عەمەلیات دورست کرا، ئەحمەد چەلەبی هات و چوو، لێژنە دەهات بۆلامان بۆ ڕانیە و قەڵادزە، بۆ چارەسەری ئەم شەڕە.

ئەوەی ڕووی دا لە دڵما باربێکی قورس و گرانە بۆ هەموو ژیانم. چونکی ناخی خۆم دەناسم، بەڵام تەسلیمی کەسیش نابم. زۆر کەسی تر هەبوون، نابێ کەس خۆی لێ دەرباز بکات و دوایی قسەی گەورە بکات.

دوای ئەوەی ڕۆژانی یەکەم و دووەمی شەڕەکە کۆتایی هات، حاجی حاجی ئیبراهیم جوابی نارد و وتی برادەرانی لقی 11 و هەندێک لە ناوچە لای منن، لەگەڵ خۆم دەیانهێنم بۆ لات، منیش وتم زۆر باشە بەخێر بێن. هێنانی و لەگەڵ خۆی بردنیەوە. بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی و هیوا ئەحمەد مستەفا و هەندێکی تریشی لەگەڵ بوو. شەڕ بەردەوام بوو، ئەو کاتە ش مام جەلال و کاک نەوشیروان لە وڵات نەبوون، بروسکەکانیان دیارە.

سەفەر بۆ ڕێککەوتنی پاریس

لە هەڤاڵانی یەکێتی نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، سەرچڵ قەزاز بوون. منیش مۆڵەتم وەرگرت بچم سەرێک لە منداڵەکانم بدەم لە هۆڵەندا. پاش ئەوەی لە هەولێر کۆ بووینەوە، تەیارەی هەلیکۆپتەر هات، تەیارەی تورکی بوو. لە هەولێر سواربووین و چووە سەری ڕەش نیشتەوە. لەوێش لە برادەرانی پارتی (سامی عەبدولڕەحمان و موحسین دزەیی)ی هەڵگرت. هەر هەموومان لە یەک هالیکۆپتەردا بووین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تورکیاوە بڕۆین بۆ فەڕەنسا بۆ ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و شەڕە. گەیشتینە سلۆپی و لەوێشەوە بۆ دیاربەکر. دوایی سواری تەیارەی مەدەنی بووین بۆ ئەنقەرە. کە گەیشتینە ئەنقەرە، کاک شازاد سائب لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی دەکردین. من پرسیارم کرد تەیارە هەیە بۆ هۆڵەندا؟ وا ڕێکەوت هەبوو، من لێیان جیا بوومەوە و خواحافیزم لێکردن، هەر ئە و ڕۆژە گەیشتمە هۆڵەندا و ئەوانیش ڕۆژی دوایی چووبوون بۆ فەڕەنسا.

مانەوەم لە هۆڵەندا

ماوەی چەند مانگێ لە هۆڵەندا مامەوە. من بە خۆم نەزانی بوو، نیمچە دوورخستنەوەیەک بوو و بە خۆمیان نەوتبوو، چونکی کە باسی گەڕانەوەم دەکرد، کاک شازاد سائب کە لە هۆڵەندا بوو، دەیوت پەلەت چییە؟ ئە و شتێکی دەزانی، پاشان تێگەیشتم.

پاش گەڕانەوەم جارێکی تریش ڕێککەوتنی پاریس جێبەجێ نەکرا، لەبەر ئەوەی هێشتا وەفدەکە نەگەڕابۆوە، ئەوەی لە کۆبوونەوەکان باس کرابوو لە دانیشتنەکان، لای تورکەکان هەبوو، ناڕازی بوون و وتبوویان ئێوە چوون دەوڵەتی کوردی دروست بکەن، یان خۆتان ڕێک بکەون؟ بەداخەوە لە سەردەستی پیاوێکی گەورەی وەک فرانسوا میتران جێبەجێ نەبوو، هەردوو وەفد گەڕانەوە و شەڕ بەردەوام بوو، ئەوەی ڕاستی بێت، لە هەموو ناوچەی شەڕەکان شەڕەکە گەرمتر بوو، بەتایبەت لە پشدەر و خۆشناوەتی، لە و شەڕانەدا پارتی و ئیسلامیەکان و پشتیوانی جیرانەکانیشی تێدا بوو. پاش جەولەیەکی تری شەر، ڕێک کەوتن سەری هەڵدایەوە.

چوون بۆ ئیرلەندا و ڕێککەوتنی دبلن

ئەمیش لە پاریس باشتر نەبوو، هەندێک مەرجیان دانا بوو، کە دژی پێ کاکا بوو. تورکەکانی تێدابوو، داوایان کردبوو کە لە دژی شەڕ پێ کاکا بکەین، قبوڵمان نەکردبوو. درێژەکێشانی ئەم شەڕە وەزعێکی ناخۆش بوو بۆ هەمووان. ئەو کاتە شاری هەولێر و چەند جێگەی تریش بەدەست ئێمەوە بوو. چەند هێرش بۆ سەر هەولێر

شکستی هێنا، هەموو لایەکی هیلاک کردبوو.

گەڕانەوەم لە هۆڵەندا

هەر لە و ماوەیەدا من لە هۆڵەندا گەڕامەوە، ئەو کاتە هەڤاڵ عومەر فەتاح بووبوو بە سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕاپەڕین. لە گەڕانەوەمدا وەک جاری پێشوو خەڵکی سنووری پشدەر و بتوێن و شەقڵاوە و سۆران گەورەترین پێشوازییان لێکردم. هەزاران خەڵکی و کادێر و ئەندام پێشوازییان لێکردم لە چنارۆک و هیزۆپەوە تاکو ناو ڕانیە، لە جاری یەکەم کە بووم بە لێپرسراوی مەڵبەند، زیاتربوو. کە من ڕۆیشتم هەڤاڵ مستەفای سەید قادر جێگرم بوو. لە گەڕانەوەشم بۆ دەبوو سوپاسی ئە و خەڵکە دڵسۆزەی یەکێتی بکەم، کە بە پیرمەوە هاتوون و ئە و پێشوازییە گەورەیەیان لێکردم. پێش ئەوەی بچمە سەربانی مەڵبەند، کاک عومەر یان هەر کەسێکی تری م.س قسەیان نەکرد بڵێن تۆ لە مەڵبەند نەماویت و مستەفای سەید قادر کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەند. چوومە سەربانی مەڵبەند قسەم بۆ ئامادەبووان کرد، لە قسەکانمدا وتم من هەر ڕۆڵەکەی جارانتانم، سوپاستان دەکەم بۆ پەرۆشیتان بۆ گەڕانەوەم، چونکی پێیان وتم کادێر و خەڵکی داوایان کردبووم. من ئەم ماوەیە دوور بووم و لێتان دڵم لاتان بوو هەر سەربازەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم. بە چەپڵەڕێزان مەراسیم تەواو بوو، کاک عومەر فەتاح لەوێ بوو، زۆریش لە هەڤاڵانی یەکێتی لە شارەکانی تردوە هاتبوون لەگەڵمدا، چوومە ژوورەکەی خۆم، کاک عومەر فەتاح وتی دەزانی لێرە نەماویت و نەقڵ بووی؟ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر بووە بە لێپرسراوی مەڵبەند. منیش لام سەیر بوو گوێم لەم قسەیە بوو. مەسەلەیەکی کوردی هەیە وەک لە سەربان فڕێم بدەیتە خوارەوە. وتم باشە هەڤاڵانی بەڕێز پێشتر بۆچی پێتان نەوتم هەر نەبووایە نەدەچوومە سەربانی مەڵبەند و قسەم بۆ خەڵکی نەدەکرد. بە هەرحاڵ، بڕیارە و جێبەجێ دەکرێ، هەر کێشە نییە. لە دڵی خۆمدا زۆر دڵگران بووبووم. ئیتر گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

چوونی خەڵکی ڕانیە و کەسایەتیەکان بۆ لای مام جەلال

خەڵکی کە بیستبوویان من لە ڕانیە نەماوم، چووبوون بۆ لای مام جەلال و وتبوویان کاک مستەفا چاوەڕێش بۆ ئە و سنووڕە زۆر زەروورە. پاش نزیکەی دوو هەفتە تێپەڕی نەکرد، مام جەلال بانگی کردم. پاش هەندێک قسەوباس لەسەر وەزعی ئەوێ، پێی وتم بگەڕێمەوە بۆ ڕانیە و لەوێ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە دروست بکەم و سەرپەرشتیی بکەم. مام جەلالیش زانیی من لە و قۆناغەدا پێویستم بۆ ئەوێ و داوای خەڵکیشە، شەڕیش بەردەوامە و پێشمەرگە و خەڵک بە قسەم دەکەن. دەوریشم دیارە لای خەڵک. منیش قبوڵم کرد و گەڕامەوە بۆ ڕانیە.

دروستکردنی یەکەم فەرماندەیی پێشمەرگە لە ڕانیە

پاش گەڕانەوەم هەوڵم دا بینایەک پەیدا بکەم بۆ ئەم فەرماندەییە. لە دائیرە ی توتنی ڕانیە چەند ژوورێکم پەیدا کرد. ڕێکمان خست و لە هەموو ڕوویەکەوە ئیدارەم بۆ دانا. هەموو هێزی پیشمەرگەی هێزەکانی ئەوێم گرێ دا بە فەرماندەیەکەوە لە سنووری پشدەر و بتوێن و سۆران و شەقڵاوە و جەبهەی شەڕەکان. ئەوەی لەبیرم مابێ، ئەم هێزانە بوون: 1- هێزی ئیرون کە مەلا نەجم ئامرهێزی بوو بەداخەوە دوایی شەهید بوو. 2- هێزی بتوێن، مەحموود سەنگاوی ئامرهێزی بوو. 3- هێزی سۆران، عەبدوڵڵا بۆر بوو. 4- موحسین بایز. 5- مامۆستا مەهدی، هێزی پشدەر. 6- هەروەها تۆفیق کانی وەتمانی. 7- محەمەد وەتمان. ئەمانیش هێزیان هەبوو. لە و کاتەدا ئیشەکانمان لەگەڵ مەڵبەند مستەفای سەید قادر پێکەوە ئەنجام دەدا و کارەکانمان دابەش کردبوو. بۆ

واجباتیش لە و جێگەیانەی پێویست بوو، پێیان سپێردرا و لە سنووری سۆران و شەقڵاوە و خەلیفان و ڕواندز و لای قەسرێ و حاجی هۆمەران هەر هێزە جێگەی بۆ دیاری کرا.

سەنگەرەکانمان قایم کرد. ڕۆژانە بەتایبەت لە کڵاوقاسم و کەپکی حەمەد ئاغا و دەوری شەقڵاوە و شوێنەکانی تر شەڕ بەردەوام بوو، لە هەردووڵا شەهید و بریندار هەبوون. من سەرپەرشتیم دەکرد تاکو گوێزرامەوە بۆ مەڵبەندی کەرکووک.

گوێزرامەوە بۆ مەڵبەندی کەرکووک

ئەو کاتە لەناو یەکێتیدا لە بەینی هەندێک لە هەڤاڵەکان کێشە هەبوو، بەتایبەت بەینی هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود و عەدنان حەمەی مینە لە گەرمیان. ئە و کێشەیە هەر چارەسەر نەکرا. مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دا من ببم بە لێپرسراوی مەڵبەند، بارەگاکەی لە تەکیە بوو لای دەربەندی بازیان، منیش بڕیارەکەم جێبەجێ کرد، ڕۆیشتم بۆ ئەوێ و خواحافیزیم لە سنووری ڕانیە کرد.

مەڵبەندی کەرکووک

چوون بۆ ئە و مەڵبەندەم لا ناخۆش بوو. بە غەدرم دەزانی، لە دڵی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد. کە کەسێکی نزیک یان زۆر نزیک دەهات بۆ لام بۆ پیرۆزبایی، قسەی دڵی خۆم بۆ دەکرد و پێم دەوت من دوور خراومەتەوە خۆشم دەزانم بۆچی.

تەکیە جێگەیەکی بچوک بوو. بە تەنکەر ئاویان بۆ بارەگەکەی دەهێنا، هەر بە ناو مەڵبەند بوو، خەفەتم بۆ دەخوارد. هەر ناوەکەی گەورە بوو، ئە و کۆمیتانەی هەیبوو، هەریەکەی لە جێگەیەک بوو، هەر کۆمیتەیەش تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، کۆمیتەی چەمچەماڵ نزیکترینیان بوو لێمەوە. لە ڕانیە و کفری و کەلار کۆمیتەمان هەبوو، دوو کۆمیتەمان هەبوو لە هەولێر لە بنەسڵاوە و دارەتوو، لە سلێمانی کۆمیتەیەک، لە سەنگاوی کۆمیتەمان هەبوو. کۆمیتەکان زۆر دوور بوون لە یەکەوە. بە هۆی 31ی ئابەوە ماوەی مانەوەم لەوێ کورت بوو. ئە و ماوەیەش سەردانی هەموویم کرد و کارەکانم ڕێک خست. لەگەڵ هەموو کادێرەکان پەیوەندیی باش و تۆندوتۆڵمان هەبوو و خۆشمدەویستن. ماوەی چەند مانگێ لەوێ بووم، هەر لە و ماوەیەشدا کۆنفرانسی مەڵبەندمان گرت لە دەربەندی بازیان لە بینای سیاحییەکەدا. مام جەلال هات و وتارێکی پێشکەش کرد لەسەر ئەهمیەتی کەرکووک، زۆر نەخایاند 31ی ئاب شەڕ گەرم بوو، بەرنامەی کاری حیزبی تێک چوو، هەر لەبەر ئە و زروفەی بەسەر یەکێتیدا هات، من کەوتمەوە سەرپەرشتیی هێزەکانی سنوورەکە و سەنگەر قایمکردن.

سی و یەکی ئاب

پارتی لەگەڵ حکومەت ڕێک کەوتن. پەلاماری شاری هەولێریان دا و گرتیان، پاش شکانی هێزەکانی یەکێتی و ئەوەی ڕووی دا، هەموویان هاتنە دەرەوەی شاری هەولێر. ڕۆژبەڕۆژیش شەڕ گەرمتر دەبوو و هەموو لایەکی دەگرتەوە. من لە و سنوورەی لای خۆمان سەرپەرشتیی هەموو هێزەکانم دەکرد لە سەنگاوەوە تاکو دوکان. ئە و هێزەی لەبەردەستمدا بوون، دامنان. زیاتر مەبەستم بوو بەرەی چەمچەماڵ بەهێز بکەم. هەموو شەوێک هێزێکی باشم دەنارد بۆ بەردەم سەربازگەکەی بانی مەقان. دەترسایین حکومەت لەوێشەوە هێرش بەرە و سلێمانی بهێنێ. لەناو خەڵکیدا باس دەکرا.

لەسەر جادەی سلێمانی-چەمچەماڵ لای کارخانەی گەچی تەکیە و لە شیوە سوور لەبەر هێرشی تانک و ناقیلە بە شۆڤڵ دوو ساتری گەورەم هەڵکەند. هەموو شەوێک حکومەت بۆ سەرلێشێواندن دەبابەکانی دەجوڵاند، وامان دەزانی هێرش دەهێنێ، بەڵام هیچ نەدەکرد، تەنیا بۆ شپرزەکردنی ئێمە بوو، منیش هێزم دابەش دەکرد بەسەر ئە و جێگەیانەی لام باش بووبێ و ئەقڵم پێ شکابێ، بەڵام هەر نەهاتن.

وردەوردە هێزەکانی پارتی بەرە و کۆیە پێشڕەویان دەکرد. پاش چەند ڕۆژێک جوابیان هێنا کۆیە گیرا. من لای خۆمەوە دەربەندی بازیانم لە هەردوو بەری جادەوە قایم کرد. مام ڕۆستەم و هاشم و هێزێکم لەگەڵیان نارد بۆ دوکان. بەڵام وەزعی نەفسیی پێشمەرگە خراپ بوو و هیلاک بووبوون. لە شار دەرکرابوون، من بڕوام نەدەکرد کۆیە بگیرێ، هەیبەت سوڵتان جێگەی شەڕە و ئەگەر بشگیرێت، بەشەڕی چەند ڕۆژە دەگیرێت، بڕوام نەدەکرد بە و خێراییە بگەنە دوکان، لە دوکانیش شەڕیان لەگەڵ نەکرا. ئە و کوڕەی لەسەر بێسیمەکە بوو لە مەڵبەند، بانگم کرد و وتم ئەگەر هێزەکانی پارتی گەیشتنە دوکان، ئاگادارم بکە.

هەندێک ئیحتیاتم کرد. هەرچی نامە و بەڵگەنامەی گرنگ بوو لەگەڵ هەندێک جیهازی مەڵبەند ناردمەوە بۆ سلێمانی و لە جێگەیەکی ئەمین هەڵمگرتن، پیاو دەبێ حسابی هەموو ئەگەرێک بکات بۆ هەر شتێک بێتە پێشەوە.

ئە و شەوە لە تەکیە بووین. هێز دەهات و هێز دەڕۆیشت. ئەوەی سەر بێسیمەکە هات و وتی دوکان گیرا، پارتی گەیشتنە دوکان. منیش خۆم و پێشمەرگەکانی لەگەڵ خۆم بوون، خۆمان کۆ کردەوە لەولاشەوە عادل نادرم بە هێزێکەوە ناردبوو بۆ لای سەنگاو، بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر هات و ڕۆیشت. منیش تەکیەم چۆڵ کرد بەرە و تاسلوجە، چوومە بارەگای هێزە سەربازییەکانی سکرتاریەت لە تاسلوجە، لەوێ خۆم شت. هەندێک هێزم نارد بۆ لای کارگەی قیرەکە و کارخانەی چیمەنتۆی کەلەوانان تا بەرزاییەکان بگرن بە و خەیاڵەی بەرەنگاری دەکەین. بەڵام خوایە کەس تووشی شکان نەبێ، چونکی لە هەموو شەڕی دنیادا هەروابووە، لەناو کوردیشدا زیاتر دەبێ بە ڕاکەڕاکە و بەرنامە تێک دەچێ.

لە سکرتاریەتی تاسلوجەش عەدەد جهازەکە هات و وتی لە قەڵاچوالان بارەگا و ئەوراق دەسوتێنن کاک هاشم مام عەلی لەوێ بوو، هەندێکیشیان تەقاندۆتەوە. زۆر ناخۆش بوو، پیاو بڕوای نەدەکرد، ئیتر منیش سواربووم بەرە و سلێمانی. کە وەزعەکە بەم شێوەیەی ڕووی داوە، منداڵەکانیشم لەگەڵ خزمەکانی شار ڕۆیشتبوون بەرە و سنوور، هاتبوون بەدوایان بەرە و پێنجوین.

گەیشتمە چواڕیانی سەرچنار، دۆشکایەکم بینی بەجێیان هێشتبوو، منداڵێکی لەسەر بوو دەیخولاندەوە. من نەمزانیبوو منداڵەکانم ڕۆیشتوون، سەیارەیەکم نارد منداڵەکانم لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئەزمر. کە هاتنەوە، وتیان ڕۆیشتوون. ئە و بەرنامەیەی من بۆم دانابوون جێبەجێیان نەکردبوو، ئێمەش ملی ڕێگەمان گرت بەرە و ئەزمر، کە چووینە سەرشاخ، لەگەڵ ئەوانەی ناردبووم بۆ ماڵەوە، هەموو یەکمان گرتەوە. بە نائومێدی لەسەر ئەزمرەوە تەماشای ناو شارم دەکرد، ئێمە چیمان کردووە، چۆن کاتی خۆی سەداممان لە شار دەرکردووە، ئێستاش خۆمان لە شار یەکتر دەرئەکەین. لەسەر شاخی ئەزمرێش خەڵکی زۆری لێبوو پەیتاپەیتاش خەڵکی دەهات، ئەوانەی یەکێتی بوون و لە خۆیان دەترسان، لە سەرێکی تریشەوە چونکی لە هەولێر حکومەتیان لەگەڵ بووە، لە ترسی حکومەت نەک هەر یەکێتی، خەڵکی تریش دەهات. ڕۆژێکی هەتا بڵێیت ناخۆش بوو، پیاو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، پاش ئەم هەموو ماڵوێرانییە چیمان چنییە وە. شۆڕبووینەوە بۆ قەڵاچوالان،

کە گەیشتینە قەڵاچوالان، دوکەڵ و ئاگر لە هەندێک ژوور هەڵدەستا، دیار بوو کاغەزیان دەسوتاند. درەنگی کردبوو، ملی ڕێگەمان گرت بەرە و ماوەت، خەڵکی تریش پێش ئێمە ڕۆیشتبوون، مام جەلال ڕۆیشتبوو، کە گەیشتینە کێڵێ لەسەر ڕێگە پێشمەرگەیەکم لابوو، وتم ڕەنگە ماڵی ئێمە هاتبن بۆ ئەوێ، هاتەوە وتی نەهاتوون، بۆ پێنجوین ڕۆیشتوون. هەر ئە و شەوە گەیشتمە گرگاشە. لەوێ چوومە ماڵی بەکری مامە قالە و عەزیزی مامە قالە، شەوێ لەوێ ماینەوە، خەڵکی تریشی لێبوو. ڕێگە نەبوو بڕۆیت، سەیارەیەکی مێکزەمینیمان هەبوو و پەکی کەوتبوو. بۆیان دەرنەچووبوو و سوتاندبوویان، بە هەڵەی پێشمەرگە بێ ئەوەی شەڕ بێ، ئەگینا پێویستی بە سوتاندن نەدەکرد. چووینە لای شاناخسێ، مام جەلال و بەشێکی زۆری ئەندامانی م.س و سەرکردایەتی لەوێ بوون، بێجگە لە هەزاران ئەندام و لایەنگری یەکێتی، تفت هەڵدایە زەوی نەدەکەوت. شاریان بەجێ هێشتووە و چاوەڕوانی بڕیاری سەرکردایەتین. پاش ئەوە بڕیار درا بچینە ناو ئێران، مام جەلال و سەرکردایەتی بچین بۆ نێوزەنگ، کۆنە هەواری خۆمان، ئە و جێگەیەی لە زەمانی ڕژێمدا بارەگای م.س و مامی لێبووە، گەیشتینە دێی چۆمان.

ئە و ڕۆژەی لەسەر سنوور بووین، چاکەی خەڵکی دێهاتەکانی گرگاشە و دێهاتەکانی ئێران لەبیر ناچن، بەتایبەت دێی چۆمان. خزمەتێکی زۆریان کردین بەتایبەت ماڵی کاک کەریم. لە ساڵەکانی 78 و 79 کە لە و ناوە بووین، دەمناسین. بە هۆی منیشەوە خزمەتی سەدان خەڵکیان کرد، دەعوەتێکی گەورەیان کردین، کاک کۆسرەتیشم لەگەڵ بوو، شاهیدن و لایان سەیر بوو. کە لە و سنووری ئێرانە بووین، پارتی دوامان کەوتن و وێستیان لە چەند قۆڵێکەوە پەلامار بدەن. ئێمەش مەبەستمان بوو ئەم خەڵکەی لەگەڵمانە، دەربازیان بکەین بۆ ئەوەی تووشی ناڕەحەتیی لەوە زیاتر نەبن. خەڵکەکەمان بە پشتی چۆماندا بۆ بەرزاییەکان بەرە و دێی بلەسەن سەرخست. خەڵکەکە سەرکەوتن، تەقەش بەردەوامە. ئە و ڕۆژە پیاوی مەردی دەوێست. ئەگەرچی هەندێک لەوانەی پلە و پایەدار بوون، خۆیان و خزم و ماڵ و منداڵیان ڕۆیشتن، ئێمە ماینەوە، بەرەنگاری پەلامارەکەمان کرد و نەمانهێشت بێنە سەر چەمی چۆمان و نزیک ببنەوە و شکاندمانن. ئەم سەرکەوتنە ڕۆحیەتێکی باشی لای خەڵکەکە دروست کرد. لەوێ من خۆم، عوسمان حاجی مەحموود، مەحموود سەنگاوی، جەمالی حاجی محەمەد، مەجیدی حاجی عەلی شاناخسێ و زۆری تریش بەرەنگاریمان کرد.

بۆ ئێوارە سەرکەوتین و چووینە ئێرانەوە بۆ نێوزەنگ، من لێیان جودا بوومەوە و چووم بۆ بانە، لەوێش دۆست و ناسیاوم زۆر بوون. لەوێوە چووم بۆ سەیران بەن، لە ئوردوگا منداڵەکانم دۆزییەوە، لەگەڵ خۆم هێنامن بۆ سەردەشت بۆ ماڵی خزمەکانم. لەوێ بەجێم هێشتن و خۆم چووم بۆ نێوزەنگ بۆ لای مام جەلال و مەکتەبی سیاسی.

جارێکی تر لە نێوەزەنگ

مام جەلال سوکە بارەگایەکی دانابوو، چادری هەڵدابوو و سەکۆیەکیان بۆ دروست کردبوو. کەپرێکیان دانابوو، ئێمەش لە دەوروپشتی ئەوەوە هەریەکە و لە گۆشەیەکدا هەڵماندابوو. ئەوەندەی لەبیرم بێ (مام جەلال، کاک کۆسرەت، مەلابەختیار، ملازم عومەر، هێرۆخان، عومەر سەید عەلی، سالار عەزیز، خۆم). مەڵبەندی سلێمانی چادرێکیان هەڵدابوو، لێیان نووسیبوو مەڵبەندی سلێمانی، پیاو بەزەیی بە خۆی و یەکێتیدا دەهاتەوە، منیش کە ڕام کردبوو، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووک بووم، من خۆم بەڕاستی شەرمم دەکرد لەناو ئە و خەڵکەدا بم، قەت خۆم بە شکاوی نەدیووە. ئە و خەڵکانەی کە لەوێش بوون، زیاتر هی پشدەر و ڕانیە بوون. کە لە ڕابوردوودا لێپرسراوی ئە و سنووڕە بووم، هەموویانم دەناسی و حسابی زۆریان بۆ دەکردم.

جەبهەی شەڕەکانیشمان لە دوبە و شیوەڕەز و دەوروبەری بوو. قەڵادزە گیرابوو و سەرکەوتبوون. من خۆم ئۆتۆماتیکی چوومە وە بۆ لای پێشمەرگەکانی پێشەوە، وازم لە مەڵبەندی کەرکووک هێنا، بروسکەیەکم کرد بۆ برادەرانی کەرکووک و وتم خۆتان مەڵبەندەکە بەڕێوەبەرن. پیاوی زۆر گەورەشی تێدابوو، بەڵام نەهاتن. لە سەیرانبەن بوون لە ئوردوگا و منداڵەکانیان بەجێ نەهێشت. هێرشی پارتیش بەردەوام بوو بۆ سەرمان، هەندێک لە بەرزاییەکانی شیوەڕەزیان گرتبوو. هێزەکانمان بەرامبەریان لێگرتبوون بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەیەنە پێشەوە و ڕایان گرتبوون.

شەڕی گرد دیواران

هێزەکانی پارتی هەڵکشابوون و تینیان بۆ هێنا بووین. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەش لە قوڵی شێنێوە ڕاستی گرد دیوارانمان بەدەستەوە مابوو لە دێی ئاڵی ڕەش. هێزەکانیان هێرشیان هێنا، لەوێ هێزێکی کەمی لێبوو، دەبێ هەرچۆنێک بێت، ئەوێ قایم بکەین. هێزێکمان نارد بە سەرپەرشتیی موحسین بایز و سیامەندە سووری کۆیە. لەوێ شەڕێکی باشیان لەگەڵ هێزی هێرشبەر کرد و شکاندیانن بەرەوخوار و ئاڵی ڕەش، ئەگەر گرد دیواران، بگیرایە ژیان لە دەوری شێنێ زەحمەت دەبوو، هێزی ئێمەش لە و ناوە بوون. بێجگە لە خۆمان هەزاران هەزار خەڵکی پشدەر و بتوێن و سۆران و حاجی هۆمەران دوای یەکێتی کەوتبوون. ئەم شەڕە بووە وەرچەرخانێکی باش، جەبهەی شیوەڕەزیشمان قایم کرد. تۆفیق کانی وەتمانی و محەمەد وەتمان و هێزەکانی تری لێبوون لەگەڵ محەمەدی حاجی قادر. ڕۆژێکیان تۆپبارانیان کردین، لە دەوری جەبهەی شیوەڕەز کورێکی سەرحەدی خەلیفە یونس شەهید بوو، ئێمەش بارەگای بچوکمان دانابوو لە دەوری مام جەلال لە نێوزەنگ و زەڵێ، هەریەکەمان بە قەدەر حاڵی خۆی.

چۆن بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی دانرا

من لەژێر چادرەکەی خۆمدا بووم، لە جەبهە هاتبوومەوە، دەوری نیوەڕۆ بوو، کاک کۆسرەت و ملازم عومەر و سالار عەزیز هاتن بۆ لام. پاش ئەوەی لەسەر وەزعی خۆمان و مەسەلەکان پێکەوە قسەمان کرد، هەریەکەمان لەسەر ئاستی شکان و چی بکەین باشە قسەمان کرد. بیرمان کردەوە چۆن جێگەیەک بگرین و ئەم قەرەبالغییەی لەم ناوەیە، جێگەی بکەینەوە؟ مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت تف هەڵدەیت بەر عەرز ناکەوێ، ئەوەندە زۆر خەڵکی لێبوو، باوەڕ نەدەکرا. لە بەینی خۆماندا بیرمان لە گرتنەوەی پشدەر و قەڵادزە دەکردەوە. کاک سالار عەزیز وتی برادەرینە ئێمە بۆچی بیر لە پشدەر بکەینەوە؟ بۆچی بیر لە سلێمانی نەکەینەوە؟ سلێمانی هی خۆمانە و پارتی لەوێ ئیحتیاتی نەکردووە. پاش کەمێک باسکردن لەسەر ئەوەی چی بکەین، هەرسێکمان پشتیوانی قسەکانی کاک سالارمان کرد. هەر لەوێ چونکی پەلەمان بوو وەزعمان باش نەبوو، وتمان بابچین بۆ لای مام جەلال و لەگەڵیدا باسی بکەین، بزانین ئە و چی دەڵێت، بەبێ پرسی ئە و نابێت.

لای مام جەلال

کە چووینە لای مام جەلال، هەر خۆمان بووین. باسی وەزعی خۆمان کرد چی بکەین. وتمان مام جەلال هاتووین بۆ ئەوەی مەسەلەی گرتنەوەی سلێمانیت لەگەڵ باس بکەین، دەمانەوێ جارێ بیر لە گرتنەوەی پشدەر نەکەینەوە. لەگەڵ ئەویش بیرۆکەکەی هەر چوارمان باس کرد و ئەویش هاتە سەر قسەی ئێمە.

لەسەر گرتنەوەی سلێمانی ڕێکەوتین، بەڵام نابێ کەس بزانێت، با جارێ باس نەکرێ.

بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی

لەگەڵ ئە و هەڤاڵانەی ناوم هێنان، قسەمان کرد، مام جەلال وتی پێم باشە کاک مستەفا چاوڕەش بچێت بۆ لای ئالان لە پشتی ماوەت، شارەزای ئەوێیە. لەوێ هەندێک پێویستی وەربگرێ تاکو ئە و هێزانەی بۆ ئە و مەبەستە پێویستە، دەگەنە ئەوێ و ئاگاداریان دەکەین بچن بۆ لای مستەفا چاوڕەش. دوای ئەوە کە هێزەکان گەیشتن، ئەنجا با کۆسرەت و ملازم عومەر بچن، چونکی هێزەکانمان بە هۆی شکان و شەڕی هەولێر پەرەوازە بووبوون، هەر هێزەی کەوتبوونە لایەک، کۆکردنەوەیان ئاسان نەبوو. ڕێگەی دوور و سەختە تاکو دەگەن. لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین. من هاتمەوە قاسمەڕەش و لەوێشەوە پێشمەرگەکانی خۆم لەگەڵ خۆم برد، خواحافیزیم لە برادەران کرد. خەڵکەکەش کە لە و ناوەبوون، هەریەکە لە پەنای دارێک و بنی بەردێک هەڵیدابوو، زۆر بێسەروبەر بوو، ناخۆش بوو، حیزبەکانی دۆستیشمان لە و ناوە بوون. حیزبی سۆسیالیست و حیزبی زەحمەتکێشان و پارێزگاران و دۆستەکانمان.

گەیشتمە چۆمان و بارەگام لە (ئالان) پشتی ماوەت دانا

چۆمان دێیەکی سەر سنووری ئێرانە، تەنها ئاوەکەمان لە بەیندایە. لەوێ هێزەکان بروسکەیان بۆ چووبوو بێن بۆ لای من و فەرمان لە من وەربگرن. منیش هەرچی گەیشت، ڕێکم خست و لەوێش هەندێک پێویستی شەڕەکەمان کڕی. لەوانە چوارسەد کڵاشینکۆف، لام وابێت هەر ئەوانە بوون کە لە خۆمانیان وەرگرتبوو، دوایی پێیان فرۆشتینەوە. دوانزە بی کەی سی، چوار دۆشکا، چوار ڕاجیمەی بچووک. کە هێزەکان گەیشتن و ئامادە بوون، بروسکەم بۆ مام جەلال و کاک کۆسرەت و ملازم عومەر کرد. ئەوانیش هاتن، کاک سالاریش لەگەڵ تۆپخانەکانی خۆمان هات، کە کاک محەمەدی عەزەبابی لێپرسراوی بوو. چەند ڕۆژێ لە و ناوە بووین و بەرنامەی خۆمان دانا.

گرتنەوەی چوارتا

لە بەرەبەیانی 1996/10/11 ناوی خوامان لێهێنا. ئە و هێزانەی لامان بوون، زیاتر هی هەولێر بوون، ئەوەندەی لەبیرم بێت، ئەم کەسانە بوون (مام غەفە مام غفور، ئیسماعیل مەحموود، عەبدوڵڵا بۆر، مەلا نەجم، سەلاح دیلمانی، بورهان سەعید سوفی، ئەنوەری عەزە باوە، ئاسۆ ئەڵەمانی) ئەوانیش هێزەکانیان کەم مابووەوە و وەک هێزی گەورە نەبوون. بە هۆی شەڕی هەولێرەوە دابڕان و شەهید و بریندار هەبوو لەناو هێزەکاندا. هێزێکی تریش لای شاناخسێ هەبوو بە سەرپەرشتیی عوسمان حاجی مەحموود.

یەکەم پەلامارمان بۆ سەر کەلکەسیر بوو. هەنگاوبەهەنگاو دەچووینە پێشەوە و شوێنەکانمان دەگرت، لە قۆڵی ڕاستیشەوە شاخی گمۆمان گرت. ڕۆژی یەکەم لە باسێ و کەناروێ تێپەڕمان کرد و شەوێ گەیشتینە چوارتا و گرتمان. بەداخەوە بە هۆی هەڵەی پێشمەرگە کەسێکی دڵسۆزی یەکێتی لە دێی بێوڕێ شەهید بوو، زۆر خەفەتم بۆ خوارد.

ڕۆژی دووەم لەناو چوارتادا

ڕۆژی دووەم لە قەڵاچوالانەوە هێرش کرایە سەرمان، شەڕ تاکو ئێوارە درێژەی کێشا. من سەرپەرشتیی هێزەکانم دەکرد. کاک کۆسرەت و کاک عومەریش لە کەناروێ بوون لە خوار ماڵەکانی چوارتاوە لەناو ڕەزەکان. ئێمەش هێزەکانمان دابەش کرد. بە هەموو جۆرە چەکێک دەکرا.

لە دەوری سەعات یازدەدا زەختێکی یەکجار زۆرمان لەسەر بوو، بە ڕاجمە و تۆپ و چەکی تری قورس لێیان دەدراین. هەندێک لە و هێزەی لام بوو و دابەش بووبوون، بە بەرچاوی خۆمەوە کشانەوە دواوە و بەرە و ڕێگەی کەناروێ. لە و جێگەیەی خۆی لێبووم، چەندین پێشمەرگە بە تۆپ و ڕاجمە بریندار بوون، هێمن قەیسەر و فەلاحی خوشکەزام و چەند کەسێکی تریش بریندار بوو. هەتا بڵێیت وەزعێکی ناخۆش بوو. بیرم کردەوە خۆ ئەگەر هەڵسم و بڕۆم، هێزەکەش بەدواما دێت و سەبرم گرت. ئیتر جوابم نارد بۆ کاک کۆسرەت وەک لێپرسراوی یەکەم و کاک ملازم عومەر. خواهەڵناگرێ هاتن و لە شانی ڕاستی منەوە لای دێی مێکوکان دۆشکایان دابەست، ئە و لایەم قایم بوو و ترس نەما. هاتنی ئەوانیش خۆی لە خۆیدا هێز بوو. شەڕ درێژەی کێشا و نەمانهێشت لێمان نزیک ببنەوە، من خۆشم لەگەڵ هێزەکانی هەولێردا بووم (مامە غەفە، ئاسۆ ئەڵەمانی، بورهان سەعید سۆفی...)، تەنها یەک هێزی سلێمانیمان لەگەڵ بوو، ئەویش کەم بوو سوهاد.

کۆبوونەوەی چوارتا

هەر چوارمان لە دەوری سەعات 12ی نیوەڕۆ (کۆسرەت، ملازم عومەر، سالار عەزیز، مستەفا چاوڕەش) لەسەر جادەکە لەبن چنارە گەورە و بەناوبانگەکەی چوارتا کۆبوونەوەیەکمان کرد. خەبەرێکمان بۆ هاتبوو کە هێزێکی 500 کەسی لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر لە قۆڵی پێنجوینەوە هاتووە. وتمان هەر زۆر باشە. کاک کۆسرەت وتی بچۆ بۆ لای کاک فەرەیدون داوای 250 پێشمەرگەی لێبکە و جەبهەکەی پێ قایم بکە. منیش بە سەیارەکەی خۆم بە ناو ڕاجمە و تۆپدا بەرە و دێی چنارە ڕۆیشتم. هەرچۆنێک بێت، کاک فەرەیدونم دۆزییەوە. لەگەڵی دانیشتم و وتم هاتووم 250 پ.م بدەیێ لە و هێزەی لەگەڵ تۆ هاتوون بۆ ئەوەی دابەشیان بکەم و دەوری چوارتای پێ قایم بکەم. وتی بەخوا هێزەکەی ئێمە لەملاوئەولا و ناو ئۆردوگاکان کۆمان کردۆتەوە و هیلاکە، لەم جۆرە قسانە. دوایی هاتمە ئەوەی داوای پەنجا پێشمەرگە بکەم، هەر پێی هەڵنەسووڕا. منیش بە نائومێدی گەڕامەوە و ئیعتیمادم کردەوە سەر خۆمان. لە ڕاستیشدا هێزێکی قەرەباڵغی لەگەڵ بوو.

گەڕامەوە لای کاک کۆسرەت و وتم بۆی هەڵنەسووڕا. تاکو ئێوارە هەر لە شەڕدا بووین و تەنیا هێزەکانی خۆمان بووین. بەڵام خۆڕاگر و مەرد بوون. ئێوارە تەقە کەم بۆوە، کاک کۆسرەت و کاک عومەر وتیان ئێمە دەڕۆینەوە بۆ کەناروێ دەعوەتیان کردووین. تۆش هێزەکان ڕێک بخەرەوە و واجباتیان بۆ دیاری بکە، پاشان بۆ نانخواردن وەرە بۆ لامان. خواحافیزیمان کرد و ئەوان ڕۆیشتن. هێشتا تۆزێک ڕووناکی مابوو، تەماشام کرد لایێ دوای سەیارە ڕێزی بەستووە لە قەلاچوالانەوە بەرە و سیتەک و ئەزمر، دیار بوو هێزەکانی پارتی دەکشانەوە. ئە و ڕۆژە تا ئێوارە ئێمە لە جەبهەی چوارتا خۆمان ڕاگرت. دیار بوو بڕیاری کشانەوەیان دابوو. ئەوەی بەسەر ئێمە هات، بەسەر خۆشیان هات. کەوابوو، من نەچووم بۆ کەناروێ بۆ لای هەڤاڵان، لە سەیارەکەمدا بێسیمی تێدابوو، پەیوەندیم لەگەڵ کردن، وتم پارتی دەکشێتەوە و من بەرە و سلێمانی دەچم، ئێوەش وەرن بەدوامدا.

بە سەیارە لە چوارتا هاتمەوە خوارەوە. لەبەردەم چوارتا هەندێک لە و هێزەم بینی، کە لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر هاتبوون. لە و هەڤاڵانە کە لەوێ حازر بوون، وتیان با برۆین بەدوایاندا. منیش وتم هەڤاڵینە ئێمە لێرە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتین. من شارەزای شارباژێڕم، کاتی خۆی ئامرهەرێمی ئێرە بووم پێش چوونم بۆ قەرەداغ. تولەڕێگەکانی ئەم سنوورە دەزانم، با کۆبوونەوەیەک بکەین. وتیان پێویست ناکات و نایەوێ.

مەبەستی کۆبوونەوەی من ئەوە نەبوو دوایان بخەم، بەڵکو چەند قسەیەک بکەین. لە دێی تەگەران جارێکی تریش پێم وتنەوە، هەر وتیان پێوسیت ناکات. بەرە و جادەی سیتەک ملی ڕێگەمان گرت. کە لە بازگەکەی سیتەک تێپەڕمان کرد، نزیکەی 30 سەیارە زیاتر بووین. هەر وتیان بڕۆین. لەکاتی کشانەوەی پارتی لەسەر شاخی ئەزمڕەوە چەند ڕێزێک تەقەی دۆشکایان تێگرتین، تاریکی کردبوو، لە قیرەکەی دا و گڕی بەرز کردەوە، ئیتر دەورم چۆڵ بوو. منیش لامدایە قەراغ جادەکە. لە پەنا جادەکەدا جێگەی دەبابە هەبوو، سەربازگەی حکومەت بوو، لە پەنایا دانیشتم، ئەوەش لەبەر ئەوەی بروسکەم کردبوو بۆ کاک کۆسرەت و کاک عومەر کە بێن بەرە و سلێمانی، وتم خوا نەخواستە ئەوان لەسەر قسەی من بێن و وابزانن لە پێشیانەوەم و بکەونە کەمینەوە. لە لایەکەوە چاوەڕوانیی ئەوانم دەکرد، لە لایەکی تریشەوە چاودێریی سەر ئەزمڕم دەکرد بزانم بە کوێ دەگات. پاش تۆزێک سەید جەوهەر و چەند پێشمەرگەیەک لە ئەزمڕەوە هاتن. کە چووبوونە سەر ئەزمڕ، هێزی لێمابوو، ئەمانیش هیلاک بوون و ڕۆژی پێشتر لە پێنجوێنەوە هاتبوون، وتم سەید بڕۆ بۆ دێی سیتەک، من لەم وڵاتە شارەزام. لەوێ بن و پشوویەک بدەن. تاکو بەیانی خوا گەورەیە، تەکبیرێکی لێدەکەین.

هەر دانیشتبووم و چاوەڕوان بووم. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە سەرەوە هاتنە خوارەوە، کە بینیمن سەیفوڵڵای عەلی بەگ، تەحسین قادر و مامۆستا شاهۆ بوون، وتیان ئەوە تۆ چی دەکەی لێرە؟ وتم تووش بووم. باسەکەم بۆ گێڕانەوە پێم وتن ئێوەش بڕۆن. خواهەڵناگرێ وتیان چۆن بەجێت دەهێڵین؟ هەموویان مانەوە. دوایی چەند سەعاتێ گەڕاینەوە بۆ قەڵاچوالان. لەلای تەگەران هەڤاڵێکیان دانابوو، وتیان با بێت بۆ چوارتا، وتم من ناتوانم بێم. لەبەر هاتنی برادەران چوومە قەڵاچوالان، کە بینیم وێران کرابوو، کاشیی ئەرزەکەشیان شکاندبوو. لەگەڵ کاک کۆسرەت و کاک عومەر یەکمان گرتەوە، خەریک بوو ببێت بە سەعات یەکی شەو. بەرنامەمان دادەنا چی بکەین. کورێکی شارباژێریم دەناسی بە ناوی فەتاح حاجی ئەحمەد. هات و وتی ئەوە ئێوە چی دەکەن لێرە؟ سلێمانی نەنوستووە و چاوەڕوانتان دەکات. پارتی کشاوەتەوە و سلێمانییان چۆڵ کردووە. خەبەرێکی زۆر خۆش بوو، سەرکەوتنەکان بەرهەمی خۆی هەبوو، پاش ئەوە ڕانەوەستاین و بڕیارمان دا بەرە و سلێمانی بڕۆین.

هەڤاڵ کۆسرەت، ملازم عومەر و خۆم

سواری ئۆتۆمبێل بووین بۆ سلێمانی و پێشمەرگەش بە دواماندا. کەسیش پێش ئێمە نەهاتە شارەوە. وتم کاک کۆسرەت لام باشە بچین زیارەتی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ بکەین لە سلێمانی، شتێکی ئوسوڵی و جوانە. وتی باشە. هەرسێکمان چووینە مزگەوتی گەورە، بە واجبی خۆمان هەڵساین و دوایی چووینە پارێزگای سلێمانی. دەرگاکەمان شکاند و چووینە ژوورەوە، چۆنمان بەجێ هێشت، هەرواش بۆی هاتینەوە.

کە ڕامان کردبوو، شکا بووین جارجارە لەگەڵ کاک سالار عەزیز شۆخیمان دەکرد، ئەموت هەر کامێکمان زوو چووینە شارەوە، ئەوەمان پارێزگارە. وا ڕێکەوت من پێش ئە و چووم، هەر ئە و بەیانییە زوو سەعات پێنجی بەیانی ڕاگەیاندم بانگ کرد. دوو بەیانم دەرکرد، یەکەمیان: بۆ هەموو خەڵکی شاری سلێمانیی بەڕێز، ئەمڕۆ دەوام هەیە و کەس دوا نەکەوێت، بەیانەکە لە تەلەفزیۆن خوێندرایەوە. بەیانی دووەم: داوا لە هەموو پێشمەرگەکان و جەماوەری یەکێتی دەکەین کەس بە هیچ بیانوویەک نەچێتە سەر ماڵی پارتی و خەڵکی تر و دەستدرێژی نەکەنە سەر کەس و تاڵانی نەکرێ. بە ئیمزای پارێزگاری سلێمانی، ناوم تێدا نەهێنا.

شاری سلێمانیش خرۆشابوو، دۆست و ئەندام و خزم و ناسراو لە ژووری پارێزگای سلێمانی بوون. یەکێک دەڕۆی و یەکێک دەهات. ڕێگە نەبوو هەنگاو هەڵگرێت. زۆر کەس هاتن بۆ لامان، زۆرزۆر بوون و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی. ئێمەش هەر هەموومان بەڕاستی زۆر هیلاک بووین، ئەگەرچی سەرکەوتن هیلاکیی لەبیر

بردینەوە، بەڵام هەر پێمانەوە دیار بوو. زۆر لە دۆ ست و خزمان هاتن و داوایان لێکردین بچین بۆ نانوچاخواردن. بەیانی لامان باش بوو بۆ ماڵی کەس نەچین بۆ هیچ جێگەیەک، مەجیدی حاجی ئەحمەدی سێرەمێرگ مەنجەڵە ماست و نان و چای بۆ هێناین بۆ ژووری پارێزگا، لەوێ نانمان خوارد. کاک کۆسرەت جهازێکی پێبوو، لەگەڵ هەموو دنیا هەر بە تەلەفۆن قسە دەکرا. ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو و مۆبایل لای ئێمە هەر نەبوو. جیهاز خرایە ئیش، کاک کۆسرەت قسەی لەگەڵ کاک نەوشیروان کرد کە لە لەندەن بوو. هەواڵی گرتنەوەی سلێمانیی پێ دا. منیش وتم با هەواڵی بپرسم، ملازم عومەریش قسەی لەگەڵ کرد. پاش چاکوچۆنی وتم کاک نەوشیروان وەڵڵا چاومان لەرێ بوو، حەزمان دەکرد لامان بوێتایە و سەرت باینایەتەوە. لە دڵپاکیی خۆم و لە ڕووی هێزی مەعنەوییەوە لەم جۆرە قسانەم دەکرد. کە لێبومەوە، ملازم عومەر لێم تووڕە بوو و وتی مردووت مرێ ئەوەندە دڵپاکی، تۆ چیت داوە لە و قسەیە، قابیلە تۆ نەسیحەتی کاک نەوشیروان دەکەی؟

کۆبوونەوە لە ژووری پارێزگای سلێمانی

لای نیوەڕۆ بە سەرپەرشتیی کاک کۆسرەت کۆبوونەوەیەکمان کرد لەسەر وەزعی تازە و بەرنامەی داهاتوو. ئەوانەی بەشدار بوون (هەڤاڵ کۆسرەت، ملازم عومەر، مستەفا چاوڕەش، عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی شەدەڵە، شەوکەت حاجی موشیر، سالار عەزیز) ئیتر نازانم کێی تریشمان لەگەڵ بوو. پاش باسی هەموو مەسەلەکان کارمان دابەش کردەوە. بڕیاریان دا من بچم بۆ ڕانیە، لەوێشەوە بۆ سۆران بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێ، هیمەت بکەین و سۆران بگرین. من ڕۆیشتم بۆ ڕانیە و چوومە ماڵی کاک ئاکۆی عەباس ئاغا، لەوێ نانی نیوەڕۆم خوارد. ئیشەکانی ئەوێم ڕێک خست، دوای ئەوە چووم بۆ ناوچەی گەڵاڵە و چۆمان و قەسرێ بە نیازی ئەوەی پێیان سپاردم، جێبەجێی بکەم. لەوێش هێزەکانم کۆ کردەوە بەرنامەی گرتنی سۆرانم دارشت. کە چوومە ئە و سنوورە، لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد جندیانی کە لێپرسراوی سیاسیی ئەوێ بوو، هێزەکانم ڕێک خست. هێزێکی باشم لەگەڵ بوو. خەڵکی سنوورەکەش لە خەڵکی وەرتێ و پێشمەرگەکانی ئەوێ و ئەوانەشی لەگەڵ خۆم بوون، هەروەها هەڤاڵ ئیسماعیل مەحمود و هەندێکی تریش کە لە گەرووی بێشێ بوون و لەوێش هێزم دانا. فەقێ حەسەن کاسکان سەرتیپ بوو، هەژار کانەبی، قادر خەباتیش لەوێ بوون. بەرنامەمان دانا، چووینە زینوی ماویلیان، زۆر بە نهێنی و بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، نزیکەی سەد پێشمەرگەم لە بناری شاخی هەندرێنەوە بۆ پشتی جندیان نارد. پێم وتبوون هیچ ناکەن تاکو لێتان نزیک دەبینەوە. لای خۆشمانەوە پەلاماری پشتی ماولیانمان دا، بەرەبەیانییە کەی چووینە پێشەوە. تەقەشمان لەبەر زێوە کرد بە و نیازەی بچینە پێشەوە بەرە و دیانا، لەلای بێشی هێزی باڵەکی لێبوو و لەگەڵ ئیسماعیل مەحموود بوون. هێشتا پشتی ماولیانمان نەگرتبوو. کەسێکی لێبوو بە ناوی سابر ماولی، نامەیەکم بۆ نارد، نازانم بەدەستی گەیشت یان نا. داوام لێکردبوو تەسلیم بێت. شەڕیش بەردەوامە، وەزعمان سەرلەبەیانی لە پیشڕەویدا بوو، لە دوای نیوەڕۆ شۆێنی شەڕەکە گۆڕانی تێدا بوو، ورتەورت کەوتە ناو پێشمەرگەکانی خۆمان. پێویستیی تەقەمەنیمان کەم بوو و بەرە و نەمان دەچوو. هەڤاڵ ئازاد جندیانی و نیاز دەرگەڵەییم لەگەڵم بوو. وتم کاک ئازاد هیمەت بکە، خۆت بچۆ بزانە هەندێک پێویستیی شەڕەکەمان بۆ بهێنە، مەبەستم فیشەک بوو. وتم خۆت دەزانی شەڕ بە ئاگر دەکرێ. ئەومان بەرێ کرد، بەڵام ڕێگە نەبوو بێتەوە. دیار بوو پارتی ڕانیە و قەڵادزەیان گرتبووەوە. دوای هەڤاڵ ئازاد، حیکمەت وەڵڵاشیمان نارد و ئەویش نەهاتەوە، ڕێگەی نەبوو.

بەرەی شەڕەکەمان لە ڕووی تەقەمەنییەوە زۆر لاواز بوو، چاویشمان لێبوو پارتی بە هێزێکی باشەوە بۆ زینوی ماویلیان سەردەکەوتن، کە ڕووبەڕووی ئێمە بوو. تاکو درەنگ ئیدارەی شەڕەکەمان کرد، لە ڕووی سەربازییەوە هەموومان لە زینوی ماویلیان دامەزرابووین. خۆم، قادر خەبات، نیاز دەرگەڵەیی، هەژار کانەبی. پارتی هەر دەهاتە پێشەوە. پاش ماوەیەک شەڕ نیاز دەرگەڵەیی هات بۆ لام و وتی هەڵسە، کەسمان یەک فیشەکمان

پێنەماوە. منیش بڕیاری کشانەوەم دا، شۆڕ بووینەوە بەرە و خوار بۆ لای دەرگەڵە و لەوێشەوە بەرە و دێهاتەکانی خوارەوە کشاینەوە. لەگەڵ ئە و هەڤاڵانەی پێکەوە بووین. هەژارکانەبی بریندار بوو و قاچی شکا.

مام جەلال بروسکەیەکی بۆ کردم، پاش ئەوەی جەبهەی شەڕەکەم ئاگادار کردبوو. بە بروسکە دەڵێت کورتەک بەهێز بکە منیش فەقێ حەسەنم بانگ کرد و پێم وت بچێت ئەوێ قایم بکات، وتم هەروا نا، بەڵکو سەنگەر لێبدات. فەقێ حەسەن ڕۆیشت.

شەوەکەی لەگەڵ هەڤاڵ ئیسماعیل مەحموود لە بناری شاخی مامەڕووت ماینەوە. لەوێش هێزمان هەبوو، پاش شەڕێک ئەوانی هاتنە خوارەوە ڕەشید ئێنێ و پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە و چووین بۆ کورتەک. کە گەیشتمە ئەوێ، چاوم کەوت بە فەقێ حەسەن و ئەوانەی لەوێ بوون. دیار بوو ئەوێ لە ڕووی سەربازییە وە سوودی نەمابوو.

بروسکەی دووەمی مام جەلال بۆ من

لە بروسکەی دووەمدا داوا دەکات هێزەکان دابەش بکە، هەندێک لەگەڵ خۆت بهێنە و وەرە بۆ لامان. واتە بڕۆم بۆ نێوزەنگ، کە خۆی لەوێ بوو. منیش لەگەڵ فەقێ حەسەن کاسکان کە خەڵکی بناری قەندیل بوو، بە و شەوە لە ڕێگەی قەڵاتوکانەوە بەرە و سەرکردایەتی ملی ڕێگەمان گرت، بەرەبەیان گەیشتینە ئەوێ. چووینە ماڵی حەسەن ئیبراهیم شوان، پێشمەرگەی خۆمان بوو. نانوچای بەیانیمان خوارد، من ئەمتوانی بە سەیارە لە دۆڵی شەهیدانەوە بڕۆم. بەڵام لە حاڵەتی پاشەکشێدا دەڵێت فەرموو خۆی بە سەیارە ڕۆیشت و پێشمەرگەکانی بەجێ هێشت، ئەوەم نەکرد. لەگەڵ پێشمەرگەکان نزیکەی شە و و ڕۆژێکی تەواو بە پێ ڕۆیشتین. بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە سونێ، زۆریش نەخۆش و هیلاک بووم. دکتۆر فوئاد مەعسوم نامەیەکی بۆ نارد بووم، دەڵێت هەرچۆنێک بێت، دەبێ ئەمشە و هێرش بکرێ بۆ قەڵادزە و بیگرنەوە، چونکی لە ئەنقەرە ڕێککەوتن ئەکرێ. لە کوێ شەڕ وەستابێ، ئەوێمان بەدەستەوە دەبێ. بۆ ئێمەش قەڵادزە و دەوروبەری گرنگیی زۆری هەبوو.

جوابم نارد وتم ناکرێ ئەمشە و نەبێ؟ زۆر نەخۆشم. نامەیەکی تری بۆ ناردم و تیایدا دەڵێت گرتنەوەی قەڵادزە چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکەت. نامەکەم ماوە. هێرۆخانیش نامەیەکی بۆ ناردم داوای هیمەتی مێژووییم لێدەکات. ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵان بەرنامەمان دانا و هاتینە خوارەوە. پێش ئەوەی ئێمە بگەین، لە قەڵادزە هێرشیان بۆ پارتی کردبوو و کشابوونەوە بۆ شاخی کێوەڕەش لە بەینی ڕانییە و سەنگەسەر و قەڵادزە.

ئەوانەی پێکەوە بووین (خۆم، مستەفای سەید قادر، محەمەدی حاجی مەحموود لە حیزبی سۆشیالیست، موحسین بایز و تۆفیق کانی وەتمانی). لە دێی دۆڵەبەفرە کۆبوونەوەیەکی پەلەمان کرد و بەرنامەی گرتنی شاخی کێوەڕەشمان دانا. هێزەکانمان دابەش کرد و جێگەمان بۆ دیاری کردن، لەبەری ئاسۆس (محەمەدی حاجی قادر)ی لێبوو لە پشت دێی سەرسیان.

شەڕی کێوەڕەش و گرتنەوەی

ئەوەی پێویست بوو، کردمان. لەگەڵ ئە و هەڤاڵانەی واجباتیان پێسپێردرا، قسەمان کرد. هەر ڕەتڵە و لەگەڵ لێپرسراوی خۆی ڕۆیشت. سەعاتی سفرمان دانا بۆ هێرشکردن. من لەگەڵ هەڤاڵانی تر چووینە بن کێوەڕەش لە تووەسووران. لەوێشەوە هێزەکان سەرکەوتن و شەڕ دامەزرا، لە ماوەی سەعاتێک کەمتردا برادەران لە

هەموو قوڵەکانەوە سەرکەوتن. من و محەمەدی حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر و موحسین بایز هەر بە سەیارە بە ناو دەربەندی ڕانیە دا هاتین، لەناو دەربەندەکە لەیەکتر گوڕاین، تەقەیەکی زۆر کرا، خەریک بوو یەکتر بکوژین و خوا نەیکوشتین. هەنگاوبەهەنگاو بەرە و ڕانیە کەوتینە ڕێ. جارجارە سواری سەیارە دەبووین بۆ ئەوەی زوو بگەینە ناو ڕانیە، گەیشتینە ناو ڕانیە، لەوێش ڕانەوەستاین و ڕۆیشتین بەرە و چوارقورنە. جەمالی حاجی محەمەد و هێزیک لە بەرەی شەڕی بناری کۆسرەت بوون بە جیهاز ئاگادارم کردەوە وا ئێمە هاتووین، ئێوەش وەرنە سەرجادەکەی لای دێ قەمتەران و چاوەڕوانمان بکەن. بەڕێ کەوتین. هەر لە چوارقورنە ئە و هێزەی لەگەڵ عوزێر فەقێیانی بوو، وتم ئێوە بەرە و بالیسان بڕۆن. ئەوان جیا بوونەوە و ڕۆیشتن، ئێمەش بەرە و گرجان و قەرەنی ئاغا و کانی ماران. گەیشتینە قەمتەران و لەگەڵ جەمالی حاجی محەمەد یەکمان گرتەوە، پێم وتن ئێوەش بڕۆن بەرە و هیران و ڕۆیشتن.

ئێمەش بەرە و کانی وەتمان چووین. هێزەکانیشمان لە هەموو قۆڵەکانەوە بۆ پێشەوە دەڕۆن. کە گەیشتینە کانی وەتمان، کاک کۆسرەت و ملازم عومەر و عوسمان حاجی مەحموود و مامۆستا سەیفەدین بینی و هێزی تریان لەگەڵ بوو. وتمان ئێوە لە چنارۆک بن لەسەر پردەکە. پێش ئەوان کاک عوسمانم بینی. لای کاک کۆسرەت تۆپیان بە شاخی هەیبەت سوڵتانەوە دەنا. کە چاومان بەیەک کەوت، لەسەر وەزعی شەڕەکان قسەمان کرد. ئێمەش لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر گەڕاینەوە بۆ دێ هیزۆب. جارێکی تر وێستیان لە سماقوڵییە وە پەلامار بدەنەوە و جادەکە بگرنەوە. دۆشکایەکی 30 ملیمان پێبوو و هی محەمەدی حاجی مەحموود بوو، بەکارمان هێنا. ئەوانیش نەهاتنە پێشەوە، پاش نانوچای بەیانی من جیا بوومەوە لێیان و چوومە وە بۆ ڕانیە بۆ مەڵبەند، پاش ماوەیەک هەڤاڵ جەبار فەرمان هات و پیرۆزبایی کرد. هەندێک قسەمان کرد، وتی با هیزەکان دابەش بکەینەوە، تۆ بچۆ بۆ هیران، لەلای هیران (جەمالی حاجی محەمەد) بەهاوەن بریندار بووبوو وەزعی باش نەبوو. ڕەوانەمان کرد بۆ خەستەخانە. من وتم داوای لێبوردن دەکەم، ئیشم بۆ دیاری مەکەن، نەخۆشم. هەوڵی زۆری دا، قبوڵم نەکرد. بەڵام مەسەلەکە نەخۆشی نەبوو، شتێکی تر بوو، مام جەلال هەر لە نێوزەنگە.

چوونم بۆ لای مام جەلال لە نێوزەنگ

چووم بۆ لای مام جەلال و داوای مۆڵەتم لێکرد بڕۆم بۆ هۆڵەندا. لەدوای 31 ئابەوە منداڵەکانم لە شاری سەردەشت بوون لە ماڵی خزمەکانم. زۆر بە دڵی نەبوو و ڕاستییە کەش کاتی نەبوو، بەڵام هەرچەند هەوڵم دەدا، نەمدەتوانی گرێی دڵی خۆم دەربڕم لەسەر چییە. هەر وتم نەخۆشم و کردم بە بیانوو دەبێ بڕۆم بۆ هۆڵەندا. بەڕاستی بە نابەدڵی مۆڵەتی دام. هەر ئە و شەوە چوومە لای دکتۆر خەسرە و گوڵ محەمەد، بارەگاکەی لە توژەڵە بوو، لای مامەوە. بەیانی بە هۆی دۆست و چاوساغەوە سواری سەیارە بووم بۆ سەردەشت، چوومە لای منداڵەکانم و سەردانی خزمانم کرد، پاشتر کارەکانم تەواو کرد. لەگەڵ خۆم بردمن بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا و دەوری من لە جەبهەکان تەواو بوو.

ژیان لە هۆڵەندا

لەم تەمەنەداو دوای ئە و هەموو دەردیسەرییەی بەسەرمان هاتووە، ئاسان نییە بتوانی لە هۆڵەندا بژیت و بە سۆشیال بەڕێوە بچیت. جاری واش هەیە بڕیاری پەلە دەدەیت، بەڵام دوای ماوەیەک لێی پەشیمان دەبیتەوە. منیش کە بە ناوی نەخۆشییە وە بڕیاری ڕۆیشتنم دا، هەر لە یەکەم جاردا پێم خۆش نەبوو. ئەوانەی ئیشیان لەگەڵ کردووم، ئەوانەی لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی و مەڵبەندەکان و وەزیفەی حکومی لەگەڵمدا کاریان کردووە،

دەمناسن و دەزانن من چیم کردووە. نامەوێ لێرەدا گلەیی بکەم، بەڵام حەق وایە هەندێک شت بوترێت. لەڕاستیدا ناعەدالەتی و فەرق و جیاوازی دڵگرانیان کردم. ئیتر هۆ زۆرن و ناکرێ بیانووسم.

هەر زوو وردەوردە هەستم دەکرد ناتوانم لە هۆڵەندا بژیم و بمێنمەوە. دیارە کە لە هۆڵەنداش بووم، لە یەکێتی دانەبڕابووم، لەوێش لەگەڵ هەڤاڵەکان هاوکاریم دەکردن، باڵێکیشم هەر لای برادەران بوو لە کوردستان، ئەمەش ماوەیەکی خایاند.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری بڕۆکسلی بەلجیکا

دەمێک بوو برادەرانی پێ کاکا خەریکی ڕێکخستنی ئەم کۆنگرەیەن، برادەران لە کوردستانەوە جوابیان نارد بۆ من بچم بەشداریم. وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی چووم، کۆنگرەش دەستی پێکرد. وەک بیرم مابێت، ئەم کەسانە لە کۆنگرەکە بوون: (زوبێر ئایدەر، یەشار کایا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر مەحموود عوسمان، مستەفا شەڵماشی، ناسری ڕەزازی و مەرزیەی خێزانی) کەسانی تریش کە زۆربەیان سەر بە برادەرانی پێ کاکا بوون و هەر ئەوانیش ڕێکیان خستبوو. کۆنگرە دوو ڕۆژی خایاند، لەوێش هەر لایەنە کاری بۆ خۆی دەکرد.

لە وکاتەی کۆنگرە گیرا، هێرشی تورکیا بۆ هاوکارێی پارتی بەردەوام بوو، بە تەیارەی پێشکەوتوو زەرەرێکی زۆری لە هەڤاڵانی ئێمە دا. ڕۆژانە لەگەڵیان قسەم دەکرد. من لەسەر وەزعی تازە و شەڕ و تورکیا قسەم کرد، لەسەر ئەم شەڕەی لە کوردستانە. لەوێ هەندێک دەنگ بەرز بۆوە لەسەر کوردستانی عێراق، بەتایبەت دژی یەکێتی لەناو کۆنگرەکەدا. برادەرانی کوردی ئێرانی دەیانوت گوایە بەدەستی یەکێتی برایانی تێکۆشەری ئێرانی دەکوژرێن. من لەسەر ئە و ڕووداوانە وەڵامم دانەوە، کە سیاسەتی یەکێتی نییە.

بەڵام ئەوان بریندار بوون، هەندێک کادێریان لە سلێمانی و سنووری سلێمانی بە دەسیسەی ئێران شەهید کرابوون. ڕووم کردە هەڤاڵانی کۆنگرە و وتم برایانی خۆشەویست ئەوەی کە ئێوە دەڵێن خەڵکتان شەهید بووە، ڕاستە، بەڵام نە بە بڕیاری یەکێتی و نە بەخواستی ئێمەش بووە، خۆ ڕەنگە کەسێکی یەکێتی بە وکارە نامەردانەیە هەڵسابێ، بەڵام یەکێتی بێئاگایە و بڕیاری ئێمە نییە. ئە وکەسە خیانەتی کردووە و خۆی فرۆشتووە. لەلایەن برایانی حیزبی دیموکراتەوە هەندێک قسە کرا، بەڵام بە هێمنی و بە ئاشکرا قسەیان نەدەکرد. کەسێکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی ئێران زۆر توند بوو، گەنج بوو. هەر ئە وکەسەی کە قسەی لەسەر یەکێتی کرد، کاتێک من لێپرسراوی مەڵبەندی ڕانیە بووم، مەگەر هەر خۆی و من بزانین چەند هاوکاریم کردوون لە پاراستنیان، هەتا هاوکاریی شتی تریش، کە لێرەدا ناوترێت. لام سەیر بوو ئە و برایە بە ناوی.... ئەم قسانەی بەرامبەر بە یەکێتی دەکرد. هەوای ئەوروپا هەڵی گرتبوو، لەولاشەوە کەسانێکی تر تێژیان دەکرد کە دەمناسین. لەکاتی پشوودا ئە و برایەی قسەکانی کرد، وتی دەمەوێ لەگەڵت دانیشم، منیش ڕەفزم کرد و وتم چۆن دەبێ تۆ لەگەڵ یەکێک دابنیشیت، بۆچوونت وابێ لەسەر حیزبەکەی، قبوڵم نەکرد و لەگەڵی دانەنیشتم.

ئەوکاتە ئەگەر کۆنگرە یەکێتیی تێدا نەبووایە، لاواز دەبوو. چونکی پێ کاکا لای گرنگ بوو یەکێتیی تێدا بێ. منیش لە و زەمینەی ناوکۆنگرە وتم ئەگەر ڕازی نین، من دەڕۆم. بە زۆر لە هۆڵی کۆبوونەوەکان دایاننامەوە.

لە کۆنگرەدا هەندێک بڕیار لەسەر هاوکاریی هێزە کوردستانییە کان دژی تورکیا درا. چونکی لەوکاتەدا تورکیا لە سنووری شەڕەکان بە فڕۆکە پەلاماری هێزەکانی ئێمەی دابوو و زەرەری پێ گەیاندبووین. هەندێک لە

هەڤاڵەکانم شەهید بووبوون وەک مامۆستا مەهدی ئامرهێز بوو، فەقێ حەسەن کاسکان ئامرهێز بوو، تەحسین کاوانی کادێرێکی پێشکەوتووی یەکێتی بوو و سەرتیپ بوو، زۆر خۆشم دەویست. پاش تەواوبوونی کۆنگرە گەڕامەوە بۆ هۆڵەندا.

هاتنی مام جەلال بۆ لەندەن و چوونم بۆ لای

مام جەلال هات بۆ لەندەن، منیش چووم بۆ لای و لەوێ ڕۆژی 1998/6/10بینیم. پێکەوە قسەمان کرد. خۆشم پێشتر نامەم بۆ نوسیبوو بۆ کوردستان. لەوێ بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ کوردستان. مام جەلال هەر لەوێ لە لەندەن ئاگاداری هەڤاڵ ئەرسەلانی کرد کە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بوو، ئەمری دەرکرد بە گەڕانەوەم بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی 8ی ڕاپەڕین لە ڕانیە. دیار بوو ئە و ماوەیە خەڵکی سنوورەکە و کادێرەکان باسی منیان کردووە، کە پێویستم بۆ ئە و سنوورە. ئەوەش یەکێک بوو لە و هۆکارانەی مام جەلال بڕیاری گەڕانەوەی بۆ دام وەک لێپرسراوی مەڵبەند. منیش گەڕامەوە بۆ هۆڵەندا و لەوێ بەبێ دواکەوتن ناوی خوام لێهێنا. بلیێ فڕۆکەکەم لە 1998/7/28دا بڕی و لە ڕێگەی ئێرانەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان. پاش چەند ڕۆژێک بەرنامەم دانا و چوونم بۆ ڕانیە.

چوونم بۆ مەڵبەندی 8 ڕاپەڕین

لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی هەشت کاتی ڕۆیشتنەکەمان دیاری کرد. ڕۆژی 04-08-1998 لە سلێمانی کەوتمە ڕێ. هەموو کادێرەکان و خەڵکی ناوچەکەش بە پەرۆش بوون بۆ گەڕانەوەم وەک ڕێز و خۆشەویستییەک کە لایان هەمبوو، هەر لە بێستانەوە بۆ هیزۆب و تاکو چوارقورنە و ناو شاری ڕانیە ئەمبەڕوئەوبەری شەقامەکان خەڵکی و هەڤاڵان وەستابوون و پێشوازییان لێکردم، سەدان سەیارەم لەگەڵ بوو. گەیشتمە ناو ڕانیە و چوومە سەربانی مەڵبەند قسەم بۆ ئامادەبووان کرد. سوپاسێکی بێپایانم کردن لە بەرامبەر دڵسۆزییان بۆ ڕۆڵەکەی خۆیان. لەناو چەپڵەڕێزان و شیعر خوێندنەوەدا تۆزێک بەرنامەی کاری خۆم بۆ باس کردن. مەراسیم تەواو بوو. منیش لە مەڵبەند کەوتمە سەر کاری خۆم.

مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین

چەند ڕۆژی یەکەم سەرگەرمی هاتنی خەڵکی و بەخێرهاتنەوە بووم لەلایەن خەڵکی سنووری سۆران و قەڵادزە و ڕانیە و شەقڵاوە و شوێنەکانی تر و کەسوکارەکانیشم لە و سنوورە. بۆ زانیاریی زیاتریش سنووری سۆران، حاجی هۆمەران، چۆمان لە ڕووی حیزبییەوە لەسەر سنووری مەڵبەندی هەشت بوو. ئە و هەڤاڵانەی لە سلێمانییە وە لەگەڵم هاتن بۆ مەڵبەندی هەشت (شەوکەت حاجی موشیر، سەلاح چاوشین، مستەفای سەید قادر، عەبدولکەریم حاجی کاکە حمەی شەدەڵە، شێخ جەعفەر، ئاوات شێخ جەناب) بوون. زیاتر لە 500 سەیارە هاتبوون بۆ پێشوازیم. لە چەند ڕۆژی یەکەمدا خەڵکی سنوورەکە و دائیرە کان بە کۆمەڵ دەهاتن بۆ بەخێرهێنانەوەم. لە سنووری هەولێر و سلێمانییش برادەران دەهاتن.

لە و ماوەیەی لە دەرەوە بووم، کۆمەڵێک هەڤاڵی خۆشەویستم شەهید بووبوون. یەکەم هەنگاوم ئەوەبوو سەردانی ماڵ و خێزانەکانیانم کرد، فەقێ حەسەن کاسکان، شەهید مەلا نەجم و مامۆستا مەهدی و ئەوانی تریش. ڕۆژێکیش چووین بۆ بەری مەرگە و سەردانی مەزاری شەهید عەبدولڕەحیم و شەهید شێخ محەمەد و دایکی شەهیدم (خدیجە حسێن) کرد، کە لە کاتی شەهیدبوونی لەوێ نێژرابوو، لە ئاوەژێ ڕەسوڵ قەندۆڵ.

ڕۆژی 1998/8/10 چووم بۆ قەڵادزە و سەردانی ماڵی شەهیدانی تریشم کرد. سەردانی ماڵی شەهید فاقەم کرد کە لە قەڵادزە بوون، لەگەڵ ماڵی هەندێک لە دۆستەکان وەک حەمەی کانەبی ئاغا، مەلای مەحمود، بایز عباس ئاغا و شێخ سەدرەدین. چووم بۆ بوسکین بۆ ماڵی شەهید بەکری فەقێ ئیبراهیم و شەهید دڵشاد.

لە سەردانەکانمدا گوێبیستی داوای خەڵکی سنوورەکە بووم. بۆ بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان سەردانی کاک کۆسرەت و پارێزگاری سلێمانیم کرد. ڕۆژی 07-08-1998 لە ڕادیۆی مەڵبەندەوە قسەم کرد و سوپاسی هەموو خەڵکیم کرد کە هاتبوون بۆ پێشوازیم و پەرۆشییان بووم. ڕۆژی 1998/8/18 هەر بۆ بەخێرهێنانەوە کاک شەوکەت و سەرحەدی خەلیفە یونس و محەمەدی حاجی مەحموودی هارونی و مارف ئاغای گەڵاڵی لەگەڵ مەڵبەندی شارەزوور هاتن. حسابی ئەمە بکە چەند لای خەڵکیت و دەیانەوێت.

هاتنی مام جەلال بۆ ڕانیە

ڕۆژی 1998/8/20 مام جەلال هات بۆ ڕانیە. لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند ئاکۆی عەباس ئاغا و شێخ مەزەفەر کاکی هیران چاوەڕوانیی مام جەلال و کاک کۆسرەتمان دەکرد بۆ ئەوەی پێکەوە بێن. بڕیارە لەگەڵیان بچین بۆ شێنێ، دەعوەتی کاک محەمەد وەتمان بوون. کە هاتن، دکتۆر کەمال فوئادیان لەگەڵ بوو. سەردانی ماڵی ڕەسوڵ حاجی شێخەمان کرد کە وەفاتی کردبوو، هەر هەمان ڕۆژیش گەڕانەوە بۆ سلێمانی. منیش چوومە وە بۆ مەڵبەند. ڕۆژانەش هەرچی کارێک بهاتایەتە پێشەوە، بە هاوکاریی هەڤاڵان جێبەجێمان دەکرد.

گۆڕینەوەی دیلەکان

ڕۆژی 01-09-1998 زۆربەی هەڤاڵانی مەڵبەند چووین بۆ کۆیە. خەڵکی تریش زۆر هاتبوون. لە و هەڤاڵانەی سەرکردایەتی هەڤاڵ (جەبار فەرمان، عومەری سەید عەلی، سەعدی پیرە، کوردۆ قاسم، پارێزگاری هەولێر مامۆستا بەکر مستەفا و شاخەوان عەباس) مەبەستی دیدارەکەشمان گۆڕینەوەی دیلەکانی بەینی ئێمە و پارتی بوو. چلوچوار کەسی پارتی لای ئێمە بوو، لای ئەوانیش 167 دیل بوون. لە و ژمارەیە زۆربەیان پێشمەرگە نەبوون، گۆڕیماننەوە. ئەوانەی لای ئێمە ناسراوەکانیان (هەڵمەتە ڕەش، سەعید باویانی، کەمال زیوەیی) بوو. هەردوولا بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیمان لە دیلەکان کرد و لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە. هەرکەسەش بۆ جێگەی خۆی. هەموو کاتەکان ئیش بوو، شە و و ڕۆژی نەبوو. ناوبەناویش سەردانی خەڵکیمان دەکرد. درێغیم نەدەکرد لە سەردانی کەسایەتییەکان.

ڕۆژی 06-09-1998 برادەرێکی خۆشەویستم و کادرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان عەلی حاجی سەعید ڕەش وەفاتی کردبوو، لە پرسە کەی بووم، لەگەڵیان چوومە وە ماڵەوە، خزمیشمان بوو. ناوبەناو لەگەڵ حیزبەکانی سنووری ناوچەکە چاومان بەیەک دەکەوت و لەسەر وەزعی ناوچەکە قسە و باسمان دەکرد. لەناو عەشیرەتی مەنگوورپدا کێشەیەک هەبوو لەبەینی جوتیارەکان و ماڵی بایز ئاغا، کە لە ئێرانەوە هاتبوونەوە. دەبوو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە. ڕۆژی 1998/9/5مان دیاری کرد بۆ ئەوەی کێشەی زەوییان بۆ چارەسەر بکەین. زۆر هەوڵمان دا بگەینە چارەسەر، بەڵام ماڵی بایز ئاغا و عەبدوڵڵا ی کوڕیان ڕازی نەبوون. هەردوولاشیان حەزیان بە ڕێککەوتن دەکرد، ئەو کاتە بۆمان چارەسەر نەکرا و بە قسەیان نەکردین. هەر لە و کاتانەی لە مەڵبەند بووم، کێشەی ترمان هەبوو، بەتایبەت شەڕی جەبهەکان.

ڕێککەوتنی واشنتۆن لەسەر شەڕی ناوخۆ

ڕۆژی 08-09-1998 ڕۆژێکی پیرۆزە، ڕادیۆی ئەمەریکا و لەندەن بڵاویان کردەوە کە هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی لەسەر دەستی ئەمەریکا و وەزیری دەرەوە مادلین ئۆلبرایت، ڕێک کەوتوون. بڕیاریان داوە بە زووترین کات پەرلەمانی کوردستان پێکەوە کۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری ئاشتی باشتر بچێتە پێشەوە. ئەم ڕێککەوتنەش لای کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زۆر پیرۆزە و پشتیوانیی لێدەکەن. لای یەکێتی و پارتییش گرنگە بۆ ئەوەی لە کۆڵ ئەم شەڕە ببنەوە. چاوەڕوانیی گەڕانەوەی هەردوو بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی بچێتە مەیدانی ڕاستەقینەوە. ئەوەی گرنگ بوو، شەڕ کۆتایی هات. ئەمەش خواستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستەکانمان و پێشمەرگەشە. دیارە بەهۆی ئە و چەند ساڵەی شەڕ و کێشەی خەڵکی ئەرکێکی گەورەمان لەسەر بوو، بێکاری و بێئیشیی خەڵکیش لەولاوە وەستابێ. هەریەکە و داوایەکی هەبوو، ئەمە بێجگە لە ئیشوکاری حیزبی.

یەکێک لە کێشەکانی سنوورەکە ئەوەبوو کە پەیوەندیی عەشایەری وەک باقیی شوێنەکانی تر زاڵ بوو بەسەریدا، بگرە لێرە زیاتریش بوو. بچوکترین کێشە بووایە، خەڵکی خۆی دەبەست و داوای تۆڵەیان دەکرد، جا ئیتر هەق بێ یان ناهەق. لەبەر ئە و زروفەی هاتبووە پێشەوە، زۆر دڵی خەڵکمان ڕادەگرت بۆ ئەوەی لێمان زوویر نەبن، بەتایبەت شاوریبەکان، چونکی هەموویان پێشمەرگەی یەکێتی بوون و ئازاری زۆریان بینیووە لە پێناوی یەکێتیدا و شەهیدی زۆریان داوە. منیش هەمیشە کارێکی وام دەکرد، کە بتوانین ئەوەی دێتە پێشەوە، چارەسەری بکەین. پەیوەندییەکی ڕۆحیی باشم هەبوو لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە. ئێستاش هەروام، بۆ چارەسەری بچوکترین کێشە پرسوڕایان پێدەکردم و منیش بەشدریم دەکرد لە سوڵح و شایی و خۆشی و ناخۆشیدا. خۆم بە کەسێک لەوان دەزانی. بێجگە لەوەی پلەی کارکردنم گەورەترین پلەی حیزبی بوو و لێپرسراوی مەڵبەند بووم. بە حوکمی ڕابوردووی پێشمەرگایەتیم و خۆشەویستیم بۆیان بەبێ جیاوازی دەورێکی سەرەکیم هەبوو کە گوێیان لێدەگرتم. لەم ساڵانەی دواییەدا کە کاریشم لەوێ نەماوە، بەڵام پەیوەندیم نەپچڕاوە لەگەڵیان. ئەمەی من دەیڵێم بە سەرگوزەشت و تێپەڕبوون هەروا کارێکی ئاسان نییە، هیلاکی و ماندووبوونی زۆری ویستووە.

ئیشی ئێمەش لەم سنوورەی بەینی دەوڵەتان بێ کێشە و گیروگرفت نەبووە، هەر جارە بە هۆی کێشەیەکەوە سەرقاڵیان دەکردین. ئەو کاتە ی من لەوێ بووم، سەرپەرشتیی هەموو کارەکانی میریشم دەکرد، چونکی ئە و سەردەمە حیزب سەرکردایەتی و ڕابەریی دەکرد.

لەوێش ئیشکردن شەوو ڕۆژی بۆ نەبوو، جاری وابوو لە نیوەشەودا بەئاگایان دەهێنای لە فلانە شوێن کێشە دروست بووە، شەڕ بووە و فلان کوژراوە. ئەمەش بێجگە لە بەرەکانی شەڕ، ئەگەرچی ڕێککەوتنی واشنتۆن مۆر کراوە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێشمەرگەکانی سەنگەری پێشەوەم کشانەوە بۆ ڕاستگۆیی و بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بچێتە مەیدانی کارکردنەوە. لە دڵیشەوە نەک هەر من، هەموو پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێیان باش بوو. لەبەر ئەوەی شەڕ ماڵوێرانکەرە، هەموو ئێستا بەداخەوەین و بە غەدرێکی مێژوویی حساب دەکەین، هەردوولاشمان زەرەرمەند بووین. چاکترین کادێری سەربازی و سیاسیی هەردوولامان بوونە قوربانیی ئەم شەڕە. ئەوەی ئیشمان لەسەر دەکرد و بڕوامان پێبوو بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوەبوو هەوڵ بدەین هەنگاوبەهەنگاو بچێتە پێشەوە. ئاسان نییە شەڕی چەند ساڵە و ئەم هەموو سەنگەرگرتنە لە ماوەی چەند شە و و ڕۆژ و مانگدا ساڕێژ بێ، بەتایبەت لای خۆمان، مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین ئازارەکانیمان چێشتووە. من دەرگام هەمیشە کراوە بوو لە مەڵبەند و لە ماڵیش. خەڵکی شاهیدی بۆ ڕاستیی قسەکانم دەدەن.

قسەیەک هەیە دەڵێن لێپرسراوان کەس نابینن، من بەرپرسیارم لە کاری خۆم. ئەوە من نیم و واش ئیشم نەکردووە، دەرگام هەمیشە ئاوالا بووە، هەموو ئیشەکان ڕووی لە من بوو، چونکی بەرپرسیاری یەکەم بووم.

ئە و حیزبانەی کە لە سنووری مەڵبەند بوون، لەگەڵ هەڤاڵەکان سەردانمان دەکردن. بۆ نمونە کێشەی ئامرکەرتێکمان هەبوو بە ناوی عوسمان مام ڕەسول. لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەدا سواری عەباس ئاغا و ئاکۆی عەباس ئاغا هاوکاریان کردین. کێشەکە لە دێی زارگەڵی بوو لەگەڵ ماڵی کاک ئەحمەد، کەسایەتییەکی ناوچەکە بوو. لە و ماوەیەی کارکردن پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵمان هەبوو لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە: (عەبدوڵڵا بۆر، محەمەدی حاجی قادر، موحسین بایز، تۆفیق کانی وەتمانی، مەحموود سەنگاوی، مەلا نەجم، سەلاح دیلمانی) و دەیان کادێری عەسکەری و سیاسی. بۆ یادی شەهیدەکانی سنووورەکە کە زۆر بوون، ڕۆژی 1998/10/30 یادمان کردنەوە و مەراسیمێکی گەورەمان بۆ ساز کردن. کەسوکاری شەهیدەکانیش چاویان تێوەبوو. من قسەم لەسەر خەڵکی ناوچەکە و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە شەهیدەکان و پاراستنی ڕێککەوتنی واشتنتۆن کرد، باسی ئەوەشم کرد ڕێگە بە کەس نەدەین ئاژاوە بنێتەوە.

جارجارەش بۆ ڕێکخستنی کارەکانی خەڵکی لەگەڵ حکومەت دەهاتمەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژی 1998/11/26 لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، ژمارەی بەشداربووان 26 ئەندام بوو. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گرنگیی ڕێککەوتنی واشنتۆن و بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت بوو، مام جەلال لێرە نەبوو. ڕۆژی دواتر لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت، سەرکردایەتیی یەکێتی و وەزیرەکان و فەرماندەکان و مەڵبەندەکان بۆ ماوەی دوو سەعات کۆ بوونەوە و لەسەر هەمان تەوەری کار و خزمەتکردنی خەڵکی و ڕێککەوتنی واشنتۆن قسەمان کرد. هەروەک وتم، ڕانیە بێکێشە نەبوو، هەندێک پێشمەرگە تەقەیان کردبوو، بە پەلە گەڕامەوە و سجنم کردن، لێپرسینەوەی پێویست کرا بۆ بنبەستکردنی کێشەکە.

هاتنی کاک کۆسرەت بۆ ڕانیە

ڕۆژی 1998/10/29 کاک کۆسرەت هات بۆ لامان. لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان جوانترین پێشوازیمان لێکرد. هاتنەکەی زۆر باش بوو. بڕیار بوو لە یادی شەهیداندا کاک کۆسرەت قسەیان بۆ بکات. دواتر پێکەوە چووین بۆ قەڵادزە. بەهەمان شێوە مەراسیمی پێشوازیکردن لەوێش بە جوانی بەڕێوە چوو و لە مزگەوتی گەورەی قەڵادزە قسەی بۆ خەڵکی کرد. لە گەڕانەوەش سەردانی ماڵی شەهید ئیسماعیل وەرتێ و کەسایەتییەکانی سنووورەکەمان کرد. سەردانی ماڵی حاجی قادری بۆڵی و ماڵی شەهید فەقێ حەسەنمان کرد. چووینە شکارتە و لەسەر مەزاری مەلا نەجم و هەڤاڵەکانی چەپکە گوڵمان دانا و لە بالیسان قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. لە گەڕانەوەشدا سەردانی ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتەمان کرد. دوایش هاتینەوە دوکان لە ماڵی سەردانی کەسایەتی و سەرۆکی عەشایەری جاف کوێخا ئیسماعیل تەلانیمان کرد و شەویش لەوێ ماینەوە. خزمەتێکی جوانیان کردین، هەموو قسەکان لەسەر پێکەوەژیان و تەبایی و برایەتی بوو کە بیپارێزین. یەکێک لە و شتانەی خەڵکی ناوچەکە حسابیان لەسەر دەکرد، بەسەرکردنەوەیان بوو. منیش لە و ڕووەوە کەمتەرخەم نەبووم، خەڵکی خۆیان شاهیدن. بەتایبەت لە هەموو پرسەکانیاندا بەشدار دەبووم. جیاوازیم نەدەکرد کێیە و کوڕی کێیە، جیاوازیم لە بەینی هەژارو دەوڵەمەنددا نەدەکرد، بە واجبی خۆم دەزانی وەک برا و کەسوکار سەردانیان بکەم و بچم بە دەمیانەوە. خۆ ئەگەر سەردانی پرسەکان بنووسم، پەرتوکێکی دەوێ. جارجارەش دەعوەتیان دەکردین.

خزمەکانی سەردەشت و ناسیاو و دۆستان دەهاتن و لام دەمانەوە. خەڵکی کوردستانی ئێرانیش زۆر دڵخۆش

بوون بەم وەزعە و ئازادیی کوردستان، بە هی خۆیان دەزانی. هەمیشە قسەوباسیان ئەوەبوو تەبایی و برایەتی بپارێزین و نابێ ڕێگە بدرێ درز بکەوێتە بەینمانەوە. جارجارە گلەییان لێدەکردین لەبەر پەرۆشیمان بۆ سەرکەوتنی ڕێککەوتنەکە لە کاتێکدا بەرامبەرەکەمان بێدەنگە. من یەکێک لە کارەکانم ئەوەبوو ئەوەندەی بۆم بکرایە، سەردانی ماڵە شەهیدەکانم دەکرد، ڕۆژی 1998/11/15 سەردانی ماڵی شەهید عەزیز و شەهید عەلی وەیسی و شەهید محەمەد سوڵتانم کرد، منەتیشی تێدانییە، لەسەرمان واجب بوو. ڕۆژانە دەڕۆیشتم. سنووری کەشمان هەمووی مینڕێژ کرابوو، سەردانی شێنێمان کرد بۆ ماڵی محەمەد ڕەسوڵ حاجی شێخە، باوکی پیاوێکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی چاک بوو، وەفاتی کردبوو، هەروەها خزمێکی محەمەد وەتمان مین پێیدا تەقی بۆوە و شەهید بووبوو. لە سەردانەکان هەر خۆم نەبووم، هەڤاڵانی جێگر و کارگێڕەکانم لەگەڵ بوون، چەند کێشەیەک هەبوو، هەمزەی مام ئیبراهیم کوژرا بوو. لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا بۆر چارەسەرمان کرد.

سەردانی ماڵی مەحموودی کوێخا حەمە ئەمین شیلانەییم کرد، پیاوێکی تێکۆشەر بوو. سەردانی چەندین کەسایەتی تریشم کرد، وەک سواردی ئیسماعیل ئاغای بڵباس کە خۆی و کەسوکارەکانیان زۆر بەخزمەت و دڵسۆز بوون.

سەردانەکانم حسابی لەسەر دەکرا، ئە و خەڵکەش کەموزۆر مەینەتییەکی زۆریان دیووە لە پێناوی خزمەتی پێشمەرگە. دەستەڵات ڕەحمی نەکردووە. پریشکی ئاگری ڕژێم هەموو لایەکی گرتۆتەوە، کەم کەس هەیە خۆشەویستترین کەسی نەکردبێتە قوربانی لە پێناوی ئەم ئازادییەدا، ئەگەر کوڕی نەبووبێ، خزم و کەسوکاری بووە. حیزبەکانیش سەردانیان دەکردین. ڕۆژی 1998/11/14 لە بزووتنەوە ی دیموکراتیخوازان مامۆستا بەهادین نووری و مەلا حاجی خەڵکی ڕواندز هاتن بۆ لام بۆ مەڵبەند و لەسەر وەزعی ناوچەکە قسەمان کرد. سەردانی گوندەکانی زەنگلان و مەمکانمان کرد. لەگەڵ محەمەد وەتمان چووین، مەلا عەبدوڵڵا زەنگل لەوێ بوو، ماتۆڕی ئاویان بۆ دانرابوو. ڕۆژی 1998/11/19 لەگەڵ عەشیرەتی بۆڵی چووین بۆ لای کاک کۆسرەت بۆ هەندێک پێویستی بۆیان جێبەجێ بکرێ.

گرتنی عەبدوڵڵا ئوجەلان

ڕۆژی 1999/2/16 هەندێک لە خزمەکانی سەردەشتم هاتبوون و لە ماڵی خۆمان بووین لە ڕاینە. کاتی نانی نیوەڕۆ ڕادیۆمان کردبۆوە. لە دەنگوباسەکاندا بڵاوی کردەوە عەبدوڵڵا ئوجەلان لە کینیا گیراوە و ڕەوانەی تورکیایان کردۆتەوە، پاشان دەرکەوت بە فیتی و بەرنامەدارێژراوی چەندین دەوڵەت بووە. تورکیا و ئیسرائیل و ئەمەریکا و دەزگا جاسوسییەکانی وڵاتی کینیا و وڵاتانی تریش بەشداریان لە و پیلانگێڕییەدا کردووە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف تەنگ ببێت، چونکی کوردێک گیراوە، کە سەرکردایەتیی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکات بۆ ڕزگاربوونی گەلەکەی و نیشتمانەکەی، داوای حەق خوراوی میللەتەکەی دەکات. لە وڵاتی تورکیادا بچوکترین ماف کە قسەکردن بوو بە زمانی دایک، پێشێل کرابوو. کورد نەیدەتوانی بە زمانی دایک قسە بکات و بڵێن ئێمەش کوردین. تورکیا ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆی لە قەڵەم دا. هەموو وڵاتان و ئاژانسەکان باسیان دەکرد. بەڵام لە سەرانسەری کوردستاندا هیچ کەسێکی بەویژدان نەبوو ماتەم داینەگرتبێت. هەر لە ماڵی خۆمان کە خزمەکانی سەردەشتم لابوون هەموویان گریان. لە ڕاستیدا تەنیا عەبدوڵڵا ئوجەلان نەگیرابوو، هەموو کورد گیرابوو. غەدرێکی گەورە بوو و بە هاوکاری دەوڵەتانی زلهێز بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد لە کورد و مێژووکەی کرا.

لەسەر گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە هەموو ماڵێکی کورد پرسە بوو. لە سنووری مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین و

سنوورەکە بارەگاکانی پێ کاکای لێیە، کۆنە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانی لەوێن، کاتی خۆشی ساڵی 1992 من لە خواکورک بووم، ئەوێمان بۆ دانان. ئەم وەزعەی ئوجەلان دنیای هەژاند بەتایبەت کوردی ئەوروپا و تورکیا. هەندێک لە حیزبە بچوکەکان و چەند رێکخراوێک ویستیان لە ڕانیە رێپێوان بکەن، رێگریمان لێنەکردن. هەوڵیان دا، بەڵام کەسیان پێ کۆنەکرایەوە. ناشکرێ لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە دانیشین و تەماشاکەر بین.

لەسەر ئە و مەسەلەیە نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی بۆ ئەوەی خۆمان شتێک بکەین. هەمان ڕۆژ وەڵامی دایەوە و نووسیبووی چیتان پێ باشە بیکەن. منیش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند بەرنا مەیەکی باشم بۆ دانا. هەموو ئارم و نووسینەکانی سەر لافیتەکان کە لە رێپێوانەکەدا هەڵگیرابوون، من شە و حازرم کرد و لە مەڵبەند نووسران. خەڵکی سنوورەکەمان ئاگادار کرد، لە فەرمانگەکان و قوتابخانەکان گەورەترین ژمارە و قەرەباڵغیمان ساز دا. بەڵام خۆم لە پشتی پەردەوە بووم. کادێرەکانی خۆمان هەموو بەشدار بوون، خۆشم لە بارەگای مەڵبەند مامەوە و لە پەنجەرەکانەوە تەماشام دەکرد، دیارە ئەمەش حساباتی لەسەرە. لەبەر وەزعی خۆمان و تورکیا، دەبوایە کارێک نەکەین دواپێ بیدەنەوە بە چاوماندا، چونکی ئەو کاتە وای دەخواست. هەموو شاری ڕانیە بە گەورە و بچوکەوە بەشدار بوون بەرامبەر تورکیا. لافتەکان و نووسینی سەر لافیتەکان هەمووی دژی تورکیا بوو و دەوڵەت و لایەنانە بوو کە هاوکارییان کردوون. ئەمەش وەزعی نەفسیی خەڵکی باشتر کرد. لە داخوازییەکاندا داوای ئازادکردنی ئوجەلانیان دەکرد، ئەو کاتە ش لە یەکەم ڕۆژەکاندا ترسی ئەوەمان هەبوو لە سێدارەی بدەن، جوڵانەوەیەکی میللیی گەورە لە کوردستان و دەرەوە و ئەوروپا دروست بوو. ئەوە بۆ ماوەی دەساڵ زیاتر دەچێ لە نووسینە وەی ئەم بیرەوەرییە هێشتا لە زیندانە، بەڵام جوڵانەوەکەشیان بەردەوامە و حەق خۆشیانە. ئەوەندەی پێمان پێکرا، بۆمان کردن.

گەڕانەوەی مام جەلال لە واشنتۆن

بڕیار بوو هەڤاڵانی مەکتەبی ڕێکخستن ڕۆژی 1998/11/26 کۆبوونەوەیەک بکەین بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەی مام جەلالدا لە واشنتۆن بەرنامەیەک دابنێین. منیش گەڕامەوە بۆ مەڵبەند لە ڕانیە و لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەکان کۆبوومەوە بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەی مام جەلال بەشدار بین. هەر لەوێش سنووری ڕاوەستان و جێگەیان بۆ دیاری کرا.

ڕۆژی 1998/11/30 مام جەلال گەڕایەوە، کۆمیتەکانی مەڵبەندی هەشت لە حاجی هۆمەران، قەڵادزە، ڕانیە، دوکان بناری کۆسرەت، بناری ئاسۆس، ڕواندز و چۆمان، شەقڵاوە هەموو بەشدار بووین. سەعات یەک و نیو مام جەلال گەیشتە دەروازەی سلێمانی، پێشوازییەکی زۆر جوانمان لێکرد. هەموو شاری سلێمانی هاتبوون. ئەم پێشوازییەمان زۆر بە لاوە گرنگ بوو، بێجگە لەوەی مام جەلال هاتۆتەوە، لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی ڕێککەوتنی واشنتۆنیان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ واژو کردووە. ئاشتی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لای خۆمانەوە زۆر بە گرنگمان زانی و کەمتەرخەم نەبووین.

وەک کاری مەڵبەند ڕۆژێکمان دیاریمان کردبوو بۆ سەردانی بناری کۆسرەت و دێی خدران، کە ئێستا ناحیەیە. ئەوی تریشیان لە قەڵا دزە لەلای خزمانی هێرۆییەکان. سەردانی هەدووکمان کرد و بە پەلە گەڕاینە وە قەڵادزە بۆ پێمانک. سەردانی ماڵی شەهید مام جوتیاریشم کرد. کارەکان زۆر بوون و فریاکەوتنیان ئاسان نەبوو.

هەر لە و ڕۆژانەدا 1998/12/13 بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا وەفاتی کردبوو، کەسێکی تێکۆشەری کوردستانی تورکیا بوو، بەڵام هەموو ژیانی لە پێناوی کوردستانا سەرف کرد. لە سەردەمێکدا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان

بوو، ڕۆژی 1998/12/14 لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند چووین بۆ پرسەکەی. پاش پرسەکە چووین بۆ ماڵی سیروان ڕەمزی فەتاح کە خزمیان بوو.

گواستنەوەم بۆ مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییە کان

ئەوەندەی لە مەڵبەندی ڕێکخستنی هەشتی ڕاپەڕین بۆم کرابێ، بە دڵسۆزی و گیانی لەخۆبردوویی‌یەوە جێبەجێم کردووە، زۆریش ماندوو بووم لە و پێناوەدا. ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم لە قازانجی خۆم نەکردۆتەوە چ لە ڕابوردوو و چ ئێستاشدا. کە لە مەڵبەندی هەشت بووم، شە و و ڕۆژ وەک یەک وابوون بە حوکمی شوێنی کارکردنم. ترسیشم لە هیچ نەبوو، چونکی هەرچییەکم کردبێ، بۆ قازانجی خەڵکی ناوچەکە و سەرکەوتنی میللەت و یەکێتی بووە. لە و پێناوەشدا ڕەنگە پیاو تووشی هەڵە بووبێ، بەڵام لە ڕووی دڵسۆزییە وە بووە. بۆ خزمەت بووە. ئەوەی دەیڵێم بەجێی دەهێڵم بۆ خەڵکی ناوچەکە و سنووری کارکردنم لە پشدەر و بتوێن و ئە و هەڤاڵانەی کارم لەگەڵدا کردوون لە جێگرەکان و ئەندامانی مەڵبەندو کۆمیتەکان، با خۆیان شاهیدی بدەن.

پاش بڕیاری گواستنەوەم چەند ڕۆژێ لە و سنووڕە مامەوە، سەردانی کۆمیتە و هەندێک لە خەڵکی دیار و ناسراوی ناوچەکەم کرد و خواحافیزیم لێکردن. داوای لێبوردنم لێ کردن ئەگەر لە مەیدانی ئیشکردنا کەمتەرخەمیم بووبێ یان هەڵەیەکم کردبێ. دیارە کە منیش لە مەڵبەندی هەشت نەمام، کەسێکی تر لە هەڤاڵان دەبێ بێتە جێگەی من. بڕیار درابوو هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود بێت.

ڕۆژی 1999/10/15 هەڤاڵ ئەرسەلان بایز و مستەفای سەید قادر و خۆم لەگەڵ هەڤاڵ عوسمان لە سلێمانییەوە چووین بۆ ڕانیە. پێش چوونیشم بۆ ئەوێ بەرنامەم بۆ دانابوو، پێشوازییەکی گەرمان لێکرد، خەڵکی و کادێرەکان لە شەقامەکان ڕاوەستابوون.

کارکردنم لە مەکتەبی پەیوەندییەکان

پاش ئەوەی دەستم کرد بە کاری پەیوەندییەکان لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە عەرەبی و کوردی و تورکییەکان، چونکی ئە و حیزبانەی ئێستا لە بەغدا دەسەڵاتیان هەیە، ئە وکاتە هەموویان لە سلێمانی بارەگایان هەبوو. پەیوەندیی ڕۆژانەمان هەبوو لەگەڵیان، پاش سەردان و هاتنی ئەوان بۆ پیرۆزبایی و یەکترناسین، منیش سەردانی هەموویانم کردەوە، هەروەها لەگەڵ پێ کاکاش، کە سووکەجێگەیەکیان هەبوو و نوێنەرەکەیانم دەبینی.

چوونم بۆ قەندیل و هێنانی عوسمان ئوجەلان بۆ سلێمانی

لەبەر ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکان بووم، ڕۆژی 1999/10/2 لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕۆیشتم بۆ قەندیل. لە ساڵی 1992 لە دوای شەڕەکانی خواکورک لەگەڵ عوسمان ئوجەلان فەرهاد بەیەک ئاشنا بووین. کێشەیەکمان هەبوو، ڕۆیشتم بۆ قەندیل بەدواییدا بۆ ئەوەی بە نهێنی قسەی لەسەر بکەین. پێکاکا نوێنەریان لە سلێمانی هەبوو. لەگەڵم هات و چووینە شوێنی دیاریکراو، لەگەڵ خۆم عوسمانم سواری سەیارە کرد و هاتینە سلێمانی بۆ ماڵی خۆمان. پاش پشوودانێک چووینە ماڵی هەڤاڵ جەبار فەرمان. شەوێ کاک جەبار و عومەر فەتاح و خۆم لەگەڵیان دانیشتین. ئەویش کانی یەڵماس و کەسێکی تری لەگەڵدا بوو. ماوەی دوو سەعات زیاتر کۆبوونەوە و لەسەر وەزعی خۆمان و ئەوان قسەمان کرد. پێمان وتن تورکیا زەختێکی زۆری لەسەر دروست کردوین. ئێوەش مادام لەم وڵاتەن، دەبێ هاوکارمان بن بۆ چارەسەرکردنی، ئەم پەیوەندییەش

هی شاردنەوە نییە و بایی ئەوەندە زانیارییان هەیە پێی بزانن. با بۆ مێژووش ئەم ڕاستییە بڵێم بۆ ئەوەی نەوەی نوێ و ئەوانەش کە بێئاگان، بزانن ئێمە یارمەتیی زۆرمان دەدان و هاوکاریمان دەکردن، بۆ نمونە لە سلێمانی نەخۆشخانەیەکی تایبەت و نهێنی هەبوو بۆ نەخۆش و بریندارەکانیان و چەند خانوبەکیان هەبوو، کە وەک بارەگا بۆ کاری خۆیان بەکاریان دەهێنا. من هاتوچۆم دەکردن.

ئەوان لە ڕێگەی مەخموورەوە، کە ئە و کاتە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بوو، دەهاتنە چەمچەماڵ، بە تایبەتی بریندارەکانیان. لە چەمچەماڵیش ئەندام کۆمیتەیەکی خۆمانم پێ ناساندبوون تا کارئاسانییان بۆ بکات. بە شە و لە چەمچەماڵەوە دەڕۆیشتن بۆ قەندیل. بە ڕێگای تریشدا دەڕۆیشتن. دواجاریش لە خەستەخانەیەکی قەڵادزە بە نهێنی و لەسەر ئەرکی خۆم بەشێکم بۆ جیا کردبوونەوە بۆ ئەوەی خەڵک نەیانبینێ.

بە ئاگاداریی ئێمە لە قۆڵی قەدەداغ پێشمەرگە و بارەگایان هەبوو. جا با بێمەوە سەر کۆبوونەوەکەی ماڵی هەڤاڵ جەبار فەرمان. لەبەر ئە و هەموو زەختەی لە سەرمان بوو، لە کۆبوونەوەکە داوامان لێکردن و تکامان لێکردن هەرچۆنێک بێت، کێشەمان بۆ دروست نەکەن، خۆ ڕۆژانەش پێویستیی خۆیان لە قەڵادزە و ڕانیە وە بۆ جێبەجێ دەکرا. ئێمەش ئاگادار بووین و دەمانزانی. لەسەر کۆمەڵێک باسوخواسی ئە و ڕۆژە قسەمان کرد و پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە هەر ئە و شەوە چوونە وە بارەگای خۆیان. خۆشم لەگەڵیاندا چووم.

هەڤاڵ جەبار فەرمان کەسێکی ئەمینی لابوو و ناوی مامۆستا عرفان بوو، منیش لە ڕابوردوودا دەمناسی و کادێر بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ هەندێک پێشمەرگە داواکرا لەگەڵمدا بێت بۆ بردنەوەی عوسمان ئوجەلان. ڕاستییە کەی منیش ئەوەم لەیەک دایەوە نەک لە ڕێگە تووشی شتێک ببین. چونکی پێشتر زانیاری لەسەر شەمدین سوکاک کۆکرابۆوە، هالیکۆپتەری تورکی دابەزیبووە سەری و ڕفاندیان، زیاتر لەبەر حورمەت و ناوبانگی خۆم و یەکێتی لە سلێمانییەوە لەگەڵ سەیارەکەی خۆم سوارم کرد تاکو گەیشتینەوە لای بناری قەندیل، ئە و جێگەیەی خۆی وتی بەسە و ئیتر من گەڕامەوە. تاکو بناری قەندیل سێ جار سەیارەکەم گۆڕی، چونکی ئەگەر شتێک بووایە لە بابەتی شەمدین سوکاک، کراسی قورئانمان لەبەر بکردایە هەر دەیانوت دەسیسەی خۆیان بووە. ئێمەش تۆزێک زەختمان لێکردن کە نابێ بە ئاشکرا شتتان بۆ بێنن، چونکی سیخوڕی تورک ڕۆژانە زانیارییان دەداتێ.

جارێکی تریش هەر لە سلێمانی لەگەڵیان کۆبوونەوە لە ماڵی کاک جەبار فەرمان، کە نوێنەریان کانی یەڵماس و سینان بوو، لای ئێمەشەوە (من و عومەر سەید عەلی و محەمەد تۆفیق ڕەحیم) ئەم جارەیان بۆ ئەوەی داوایان لێبکەین، لە سلێمانی بارەگاکانیان چۆڵ بکەن. لەسەر ئەم داوایەش هەردوولا قسەی زۆرمان کرد.

نانی ئێوارەمان لە ماڵی جەبار فەرمان خوارد، کۆبوونەوەکە سێ سەعاتی خایاند. وتیان ڕۆژی یەکشەممە وەڵامتان دەدەینەوە، هەر لەسەر کارئاسانی و پەیوەندیمان و لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکە نوێنەرەکەیان کە ناوی ڕودی بوو، لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی پەیوەندییەکاندا ناردم بۆ ڕانیە بۆ لای هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود کە لێپرسراوی مەڵبەندی هەشت بوو، بۆ ئەوەی خەستەخانەکەی قەڵادزە بەشێکی چۆڵ بکەن بۆ نەخۆش و بریندارەکانیان بۆ ئەوەی خەڵکی نەیانبینێ.

چوونی من و هەڤاڵ عومەر شێخ موس بۆ لای عوسمان ئوجەلان

هەڤاڵ عومەر شێخ موس لە سوید هاتبۆوە. لە ڕابوردوودا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان بوو، کەسایەتییەکە لە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد. لە ڕابوردووش پێش ئەوەی یەکێتی دروست ببێت، لە ئەوروپا کەسێکی چالاک بووە بۆ خزمەت گەلی کورد، کەسایەتییەکی ناسراویشە، داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ لای عوسمان ئوجەلان لە قەندیل. بۆ ئەم سەفەرە بەرنامەمان دانا. من بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکانم و سنووری پشدەر هەموویان دەناسم، ڕۆژی 1999/12/1 بەیانی زوو بەڕێ کەوتین بۆ جێگەی مەبەست. چووینە دێی شێخان. عوسمان ئوجەلان هات و ماوەی دوو سەعات لەگەڵی دانیشتین، ئەم سەفەر و سەردانەمان بۆ هەمان مەبەستی هێورکردنەوەی بەینی یەکێتی و پ ک ک بوو، کە ماوەیەک بوو گرژیی تێکەوتبوو، قسەکان لەسەر ئە و باسانە بوو، کە وابکەین تووشی شەڕمان نەکەن، ئەگینا هەردوولا زەرەرمەند دەبین. بۆ ئێوارە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. کاک عومەر سوپاسی کردم کە لەگەڵی ڕۆیشتووم و کارئاسانیم بۆ کردووە.

من و مامۆستا چەتۆ حەوێزی لەبەر ئەوەی هەردووکمان لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووین، لە هەوڵی ئەوەدا بووین لە سلێمانی جێگەیەکیان بۆ پەیدا بکەین. بە هاوکاریی وەستا عەبدول کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی لای خۆم بوو، جێگەیەکمان بۆ پەیدا کردن بۆ ئەوەی بە نهێنی تێیدا بن و نەیەن بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان، چونکی لە دەرەوەی مەکتەب هەواڵ بڵاو دەبۆوە. باسی ئەوەش هەبوو لەلایەن تورکەوە چاودێری بکرێن. خۆشم جارجارە سەردانی ماڵەکەیانم دەکرد.

شەڕی دێی ئاڵی ڕەش

پێشمەرگەکانی یەکێتی لە دێی ئاڵی ڕەش دەبن لە سنووری پشدەر، بێ ئەوەی هیچ شەڕێک لە بەینا بووبێ، پ ک ک پەلاماریان دابوون و ئەمانیش ئاگایان لە خۆیان نەبووە. زیاتر لە دوانزە پێشمەرگەیان شەهید کردین، ئەمە کارێکی زۆر ناخۆش و شەڕفرۆشتن بوو، دوای ئەمەش لەیەکی بدەنەوە ئەوە بکەن چی ڕوو دەدات. چەندین جار تورکەکان داوایان کردووە کە پ ک ک لە و ناوەیە و دەریان بکەین، ئێمە وتوومانە لەلامان نین و لەسەر سنوورن، دەیان شێلەوبیلەمان بۆ هێناونەتەوە. کەسێکیان هات بۆ لام بە ناوی ئادەم بۆ ئەوەی جێگەیان بۆ دیاری بکەین، هەر بەردەوام بووین. بە وریای کارمان لەسەر دەکرد.

مامۆستا باپیر لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بوو. جارێکیان هات بۆ لام و وتی تورکەکان بەنیازن بێن سەردانی ناوچەکە بکەن، من هەڤاڵ سەلیم حەمە ئاغام بانگ کرد کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی پشدەر بوو، بەداخەوە بە نەخۆشی وەفاتی کرد. وتم بچۆ ئاگاداریان بکە لە و جێگەیانە نەمێنن و دیار نەبن، جموجۆڵیان نەمێنێت. ئەوەم جێبەجێم کرد، بزانین چی دەبێ. هەر هەمان ڕۆژ مامۆستا عەزیز و مامۆستا باپیر لای برادەرانی پ ک ک بوون و هاتنەوە. ڕێکمان خستبوو لەگەڵیان چی بکەن.

ڕۆژی 1999/5/11 تورکەکان لەگەڵ دکتۆر خەسرە و گوڵ محەمەد هاتن و ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، بەڵام من پێشتر پێم وتبوون ئێمە پەیوەندیمان نییە لەگەڵیان و ئەوان لەم سنووڕە نین، لەسەر مەرزی ئێرانن، دەسەڵاتمان نییە بەسەر ئە و ناوچانەوە، بەڵام برادەران گێڕایانەوە کە چووبوون و کەرەستەی پێشکەوتوویان پێبووبوو، دەیانزانی لە کوێن، بڕوایان بە قسەکانی من نەکرد.

جارێکی تریش لە 1999/2/16 دکتۆر خەسرە و لەگەڵیان هاتەوە، بۆ هەمان مەبەست ڕۆیشتن بۆ بناری قەندیل و گەڕانەوە. ئەوەی ئێمە بۆمان باس دەکردن، هەر بڕوایان پێی نەبوو، چونکی خۆیان شوێنەکانیان

لەسەر نەخشە دەزانی.

دێمەوە سەر شەڕی دێی ئاڵی ڕەش. پاش شەهیدکردنی دوانزە پێشمەرگەکە ئیتر ئەمبەروئەوبەرمان لەیەک گرت و شەڕ دامەزرا، کە خۆشمان بۆ ئامادە نەکردبوو و چاوەڕوانی نەبووین. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و م.س ئە و هەڤاڵانەی کە پێویست بێ، کارەکانیان بەسەردا دابەش کرا، ئەو کاتە من لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، بەڵام دەبێ دیار بم و لەوێ وجودم هەبێ. جەبهەکانمان بەربڵاو بوون.

دانانی بارەگای سەنگەسەر وەک ژووری ئیشکردن

ئەوانەی کە کارەکانمان پێسپێرابوو لەوێ کۆ بووینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی هەمووی بوو، سەردانی سەنگەرەکانمان کرد، سەردانی کورتەکمان کرد لای دۆڵی شەهیدان، دوایی هاتینەوە ڕانیە و لەوێشەوە بۆ زینوی وەرتێ. تەماشای سەنگەرەکانی خۆمان کرد و پێ کاکاشمان کرد کە لە یەکەوە نزیک بووین. دوایی گەڕاینەوە بۆ چوارقورنە بۆ لای مام جەلال کە لە سلێمانییەوە هاتبوو، خۆی بارەگایەکی هەمیشەیی هەبوو لەوێ. لەگەڵ مام جەلال سەعاتێک کۆبوونەوەمان کرد، هەرکەسە و لای خۆیەوە وەزعی جەبهەکانی بۆ باس کرد و بەرنامەمان دانا بۆ ئەوەی پێ کاکا دوور بخەینەوە.

لەسەر ئەم باس و ئاڵوگۆڕی ڕەئیە بووین بە دوو بەشەوە بۆ سەرپەرشتیی کارەکان. یەکەم جەبهەکانی کورتەک و هێزەکانی گەرمیان هەڤاڵ جەبار فەرمان لەگەڵیان بێت. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی سەردانی سەنگەرەکانی کوزینەمان کرد بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت و بەرنامەی خۆمان دابنێین. ئە و هێزەی کە لە جەبهەی کوزینە بوو، ئەم هەڤاڵانە بوون. 1- بورهان سەعید سوفی 2- هەرێم کەمال ئاغا 3- سیامەندە سوور 4- عوسمان بانی ماڕانی 5-جەلال ئیلنجاغی. قسەمان لەگەڵیان کرد لەسەر ئەوەی هاتۆتە پێشەوە. هەر شەویش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. ڕۆژی 12/2 من و فەریدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز گەڕاینەوە بۆ ڕانیە. فەریدون عەبدولقادر دەربارەی ئاڵوگۆڕی وەزعەکە قسەی بۆ کردین.

دوای چووین بۆ پشتی قەڵادزە بۆ سەنگەرەکانی جۆلانە بۆ لای هەڤاڵ محەمەد وەتمان و لەگەڵ فەرماندەیی ئەوێ قسەمان کرد. ئەم هەڤاڵانە لەوێ بوون 1- لەتیف حاجی فەرەج 2- تەها کانی بەردی 3- حاجی مام عەلی لە مامەندە بوو، فاتح حەمەڕەشیش لەوێ بوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بەرنامە دابنێن و خۆیان قایم بکەن. سەعات چوار گەڕاینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان هات و تفەنگێکی قەناسی بۆ هێنام. هێشتا شەڕ لەلای ئێمەوە دەستی پێنەکردووە. ئەم هەیئەتەی ئێمە لە سەنگەسەر بووین، هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و من خۆم و خەلیل دۆسکی بووین. کارەکانی خۆمان جێبەجێ کرد و بەرچاومان ڕوون بوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ لای فەوجی شێخ و سێوەیس. هەر هێزە و جێگەی خۆی پێسپێردرا.

ڕۆژی 2000/12/4 شەڕ دەستی پێکرد و لە جەبهەی شاخی زێڕنەکیوی لای ماخوبزنان چاومان لە ئاگری شەڕەکە بوو، چاوەڕوانی ئەنجام بووین، لە جەبهەکەش هەڤاڵ مستەفای سەید قادر، عەدنانی حەمەی مینا، موحسین بایز، محەمەدی حاجی قادر، عوزێر فەقێیانی و نازم کەرکووکیی لێبوون، باش چووبوونە پێشەوە و سەیتەرەیان کردبوو بەسەر جادەی ئێندزێدا.

شەڕە گەورەکەمان لە بناری قەندیل لە جەبهەکەی کورتەک

ئەگەرچی بناری سوورە دێ و سڵی و پۆڵی زۆر دوور بوون، بەڵام لە هێرشی یەکەمدا کەمێک چووبوونە پێشەوە و هەندێک شوێنیان گرتبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی جێگە سەرەکییەکانیان پێ نەگیرابوو، هێزەکانمان زۆر بە خراپی شکابوون و کشانەوە. دە شەهید و 30 بریندارمان هەبوو، دیلیشمان هەبوو.

لە جەبهەی زێرنەکیوی ژمارەیەک لە پێ کاکا شەهید بوون و دوو دیلیان هەبوو، هەندێک تەقەمەنیش دەستکەوتبوو. جەبهەی کورتەک باش نەبوو، هێزەکانمان هەموویان بە شکاوی گەڕانەوە بۆ جێگەی خۆیان بۆ لای هەڤاڵ جەبار فەرمان، کە لێپرسراوی جەبهەکەی ئەوێ بوو. ئێمەش بۆ بەیانی سەردانی سەنگەرەکانی لای شاخی مامەندەمان کرد لای محەمەد وەتمان. هەندێک تەقە دروست بووبوو و لە دوورەوە پێیانەوە نابوون بۆ ناو دۆڵەکە. دوایش چووین بۆ لای شاخی موسێ چەپلەک لای فەرماندەیی 16ی باباگورگور، هەندێک ئامۆژگاریمان کردن و گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، لەوێ بارەگای فەرماندەیی ئێمەی لێبوو.

پێ کاکا ڕۆژی 2000/12/5 سەعات 11؛30 پەلاماری سەنگەرەکانی شێنییان دابوو. بە چەند بروسکەیەک لەم پەلامارە ئاگاداریان کردین. هێزەکانی ئێمەش وەڵامیان دابوونەوە و نەیانهێشتبوو بێنە پێشەوە. هیچ جێگەیەکیان نەگرتبوو، لەوێ و لە جەبهەکانی تریش دوو شەهید و حەوت بریندارمان هەبوو. ئیسعافم بۆ بریندارەکان نارد بۆ ئەوەی زوو بگەنە خەستەخانە. هێزەکانی ئێمە داوای دۆشکایان کردبوو، منیش کاتیوشا و دۆشکام بۆ دابین کردن.

دوای شەڕی زێرنەکێو جارێکی تر پێ کاکا هێرشی کردبوو، پێشمەرگەکان شکابوون، هەموو شاخی زیرنەکێویان گرتبوو، وەزعی پێشمەرگەکانی ئێمە باش نەبوو.

لە پاش ئەم شەڕانە، هەموو ئە و هەڤاڵانەی بەرپرسیاری جەبهەکان بوون، لەگەڵ جەبار فەرمان کۆبوونەوە و بەرنامەی تازەمان دانا. هەندێک پێشمەرگەی ترمان نارد بۆ جەبهەی زێرنەکێو بۆ ئەوەی ئە و شوێنانەی لێیان، گیراوە بیگرنەوە. هەندێک هێزی شکاویشمان گۆڕی.

ئێوارەی 2000/12/6\5 من و عوسمان حاجی مەحموود سەرکەوتین بۆ جەبهەی کۆرک پشتی سەنگەسەر. سەعات 2؛30 دوو و نیوی شە و پێ کاکا پەلاماری سەنگەرەکانی داین و شەڕ دامەزرا، هێزی دوانزەی پشدەری لێبوو و هەڤاڵ عەلی حەمەڕەش ئامریان بوو، پاش شەڕێکی یەک سەعاتی پێ کاکا هیچ شوێنێکی نەگرت و کشانەوە. پێشمەرگەکان بەرگرییەکی چاکیان کرد. لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە ئەم شەڕەی تووشی هاتووین، مانۆڕانییە و ئەنجامیشی نابێ. لە هەردوولا کوڕی فەقیر و هەژار تێدا دەچن و دەکوژرێن. خوا پێ کاکا بگرێ لەسەر ئەم سیاسەتە چەوتەیان. سەعات هەشتی بەیانی من و عوسمان حاجی مەحموود هاتینە خوارەوە بۆ ئەوەی پێویستی جەبهەکەیان بۆ بنێرین، ئە و ماوەیە لە هەموو جەبهەکان شەڕ هەبوو، بەتایبەت بە شەو، ئێمەش پاش شەڕەکان و کشانەوەی پێ کاکا لە هەندێک جێگە خەریکی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە بووین، بەڵام هەمووی هیلاک بوو، سەرماوسۆڵە لەولاوە وەستابێ، بە گشتی وەزعی نەفسی پێشمەرگە باش نەبوو، بێجگە لەوەی شەڕەکەش هەر باش نییە.

ڕۆژی 2000/12/8 جەبهەکان ئارامییەکیان پێوە دیار بوو و شەڕ نەبوو، ئێمەش هەندێک ئاڵوگۆڕمان بە هێزەکانمان کرد. جارێکی تر پێ کاکا پەلاماری کورتەکیان دایەوە و گرتیان. هێزی ئێمەش پاش شەڕێکی چەند سەعاتی پاشەکشێی کرد. ئە و فەرماندەییەکانی ڕاپەڕین و بتوێن و کەرکووک لەوێ بوون. ئە و شەوە جەبار

فەرمان لە چوارقورنە بوو.

شەوی 9\2000/12/10 لەسەر شاخ بووم لەگەڵ فەرماندەیی پشدەر لە موسی چەپلەک شەڕی لێنەبوو.

بەڵام شە و پێ کاکا هێرشی کردبووە سەر فەرماندەیی 5ی دوکان، پاش شەڕێکی گەرم و چەند سەعاتێ 13 پێشمەرگەی دوکان شەهید بووبوون و چەندین پێشمەرگەش بریندار بووبوون. لە پێ کاکاش نۆ کەس شەهید بوبوون و بەجێما بوون، بەڵام شکابوون و کشابوونەوە. هەر هەمان ڕۆژ کاک کۆسرەت سەردانی کردین و چووین بۆ لای پێشمەرگەکان، دواتریش ڕۆیشتین بۆ دۆڵی شەهیدان.

شەڕی کوزینە

ڕۆژی 2000/12/11 سەعات یەکی شە و پێ کاکا هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پشتی دێی کوزینە، فەرماندەیی دووی هەولێر لەوێ بوون (بورهانی سەعید سوفی و هەرێم کەمال ئاغا). پاش شەڕێکی گەرم و بێوێنە لەلایەن هەردوولاوە پێ کاکا شکابوون و زەرەرێکی زۆریان کردبوو. هێزەکەی ئێمەش دوانزە شەهیدمان هەبوو. لە پێ کاکاش زۆر کەس شەهید بووبوون و لێیان بەجێما بوو. هەر لە هەمان شەودا پەلاماری زینوی وەرتێ و شاخی هەڵەموندیان دابوو، پاش شەڕێکی کورتخایەن پێ کاکا هەموو سەنگەرەکانی ئێمەیان گرتبوو، لەوێش کەمتەرخەمی کرابوو. دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەی.

لە سەعات سێی شەودا پێ کاکا زاڵ بوو بەسەر شاخەکەدا و دوو شەهیدمان هەبوو. ئەم شکانەش کارێکی یەکجار خراپی کردە سەر جەبهەکە و وەرەی پێشمەرگە، بەڕاستی پێ کاکا واجباتیان شەڕە. خۆ لە و شاخە زیاتر کوێ هەیە بۆی بچن؟ هەر دەبێ شەڕ بکەن. من ئە و شەوە دووجار چووم بۆ لای جەبار فەرمان لە فیرقەی چوارقورنە. نامەیەکی کاک کۆسرەتم بۆ برد. لە خە و هەڵمساند و ئاگادارم کرد کە زینوی وەرتێ گیراوە. دوایی چووم بۆ لای مستەفای سەید قادر. هەردووکمان چووین بۆ لای هێزی قەرەداغ، دەوری سەعات یانزەی نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ ئامرەکەیان ئەنوەر دۆڵانی و کاکەمەند بۆ ئەوەی هیمەت بکەین بۆ گرتنەوەی زینوی وەرتێ، ئەوانیش ئەوەندەی بۆیان کرا، هیمەتیان کرد، بەڵام بێسوود بوو، هەرچی شاخی هەڵەموندی هەبێ، زینوی وەرتێشی دەبێ و بەسەر ئەمدیوو و ئەودیوی ناوچەکەدا زاڵ دەبێت. بە گشتی وەزعی جەبهەکان باش نەبوون، نائێم هەر هەمووی.

دەنگیش هەیە ئەمرۆ شەڕ ڕاوەستێ و ئاگربەست بکرێ. مام جەلال لەسەر وەزعەکە و شەڕ و ئاشتی نامەیەکی دووورودرێژی نوسیبوو بۆمان. ئێوارەش هەڤاڵ کۆسرەت بروسکەیەکی کرد و دەڵێت خۆت و هەڤاڵ جەبار فەرمان وەرن بۆ لامان. لە نامەکەشدا دەڵێت با کاک مستەفای سەید قادر لێپرسراوی جەبهەکە بێ. لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی مام جەلال من و کاک جەبار ڕۆیشتین، لە کۆبوونەوە هەموومان پێمان باش بوو شەڕ نەبێ و ئاشتی لەگەڵ پێ کاکا بکرێ. بڕیارمان دا کاک کۆسرەت بچێتەوە بۆ لای مام جەلال و ڕەئی ئێمەشی پێ بڵێت و بۆی ڕوون بکاتەوە.

ئاگربەست کرا، کەچی پەلاماری شێنێیان دابوو، هەروەها لە قوڵی موسی چەپلەکەوە هێرشیان کردبوو. بەڵام شەڕەکە زوو تەواو بوو، شەهیدێکمان هەبوو بە نارنجۆکی دەستی شەهید بووبوو، ئێوارەیە و جەبهەکان بۆنی شەڕوەستانیان لێدێت. بەڵام وردەتەقە لەملاوئەولاوە هەر هەیە. هێرشی گەورە و شەڕی گەورە نەبوو، بزانین بەرهەمی شەڕوەستان چیی بەسەر دێت و چەند سەرکەوتوو دەبێ. هەر هەموومان لە جەبهەکانین و

هەڤاڵەکان دێن بۆ لامان بۆ جێبەجێکردنی پێویستیی ڕۆژانەیان.

ڕۆژی 2000/12/12 سەردانی هەڤاڵ جەبار فەرمانم کرد لەچوارقورنە، لەوێشەوە چووین بۆ زینوی وەرتێ. من و هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر، عوسمان حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی پێکەوە بووین. پاش ئەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد دەربارەی جەبهەکان و وەزعی سیاسی. پێمان باش بوو هەڤاڵ مام جەلال لەسەر دواین گۆڕانکارییەکان ئاگادارمان بکاتەوە، بەتایبەت کە شەڕ وەستاوە. هەر ئە و شەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت قەسەمان کرد. لە وەڵامی تەلەفۆنەکەیدا وتی سبەینێ خۆم و مام جەلال دێین. مام جەلالیش بروسکەی کرد و وتبوی خۆشم سبەینێ دێم بۆ لاتان. هەر لە سەروبەندی ڕاوەستانی شەڕ تەلەفزیۆنی Medtv دەڵێت ئەگەر یەکێتی ڕازی بێت، شەڕ ڕادەگرین. چاوەڕوانی هەڵوێستی یەکێتی دەکەین و ئامادەین ڕۆژ و سەعات دەستنیشان بکەین. ئێمەش چاوەڕوانین بزانین هەڵوێستی م.س چی دەبێ لەگەڵ هاتنی مام جەلال. ئێمەش وەک سەرپەرشتیاری جەبهەکان و پێشمەرگەکان پێمان باش بوو شەڕ بوەستێ و تورکیش سوود لەم شەڕە وەرنەگرێ.

هاتنی مام جەلال بۆ چوارقورنە

مام جەلال هات و ئێمەش ئەم هەڤاڵانە لەوێ پێشوازیمان لێکرد: (فەرەیدون عەبدولقادر، مستەفا چاوڕەش، عوسمان حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی). هەروەها هەڤاڵ جەبار فەرمان و مستەفای سەید قادریش لەوێ بوون.

کۆبوونەوەی مام جەلال دوای نیوەڕۆ دەستی پێکرد، قسەکان زیاتر دەربارەی جەبهەکان و هێزەکانمان بوو. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچوونمان پێوت. خۆشی وتی ئەوەی ئێوە دەیڵێن، ڕاستە. لەبەر جەژنیش پشوو بە هێزەکان دەدەین. لە داهاتوودا هەندێک ئاڵوگۆڕیش دەکەین. ئەوانەی ئازابوون، هان بدرێن و تەمەڵ و ترسنۆکەکان دوور بخرێنەوە. پێویستە پاکسازی بکرێ. دیارە ئەم ماستە بێ موو نییە و ئێرانیش دەوری هەیە. ئێمە دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، چونکی بەرپرسیار بووین و پێشمەرگەش چاوەڕوانی بڕیاری تازەیە. لەسەر بڕیاری مام جەلال هەندێک ئاڵوگۆڕی چەکمان کرد بۆ پێشمەرگە. جەلال کە بەرپرسی جبەخانە بوو، لەوێ بوو. بە ناوی جەلال ئەوەندی بۆم کرا، لە سەردان و هاتوچۆی جەبهەکان کەمتەرخەم نەبووم. سەردانی هەموو بەشەکانی لای خۆمانمان دەکرد لە جۆلانە و کوزینە. ئەوکاتە ی چووینە لایان لە جەبهەکە، مام غەفوریش لەوێ بوو.

ڕۆژی 2000/12/15 ئەوەی لەسەر بێسیمەکە بوو، بانگی کردین و وتی مام جەلال داوای تۆ و فەرەیدون عەبدولقادر دەکات. ئێمەش چووین بۆ لای بۆ چوارقورنە. کە چووین، هەندێک لە هەڤاڵانی تریش لەوێ بوون، لەوانەش: مستەفای سەید قادر، جەبار فەرمان، خەلیل دۆسکی. بانگکردنەکە تایبەت بوو بە دابەشکردنی هێزەکان لە پاش ڕاگرتنی شەڕ.

هەر ئەمڕۆش کەسێکی لێپرسراوی تورکی بە ناوی یوز پاشا لەگەڵ حەسەن قاپلان کە هەردووکیان تورک بوون، بە هالیکۆپتەر هاتن بۆ چوارقورنە و داوایان لە مام جەلال کرد بچێت بۆ تورکیا. دوای گەڕانەوەیان مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردین. هەندێکیش چەکی دایێ، بەتایبەت سەنگەرەکانی من و فەرەیدون عەبدولقادر و خەلیل دۆسکی کە نەشکابوون. دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. هەر ئەمشە و پێ کاکا لە تەلەفزیۆنەکەیان بڵاویان کردەوە کە یەکێتی وەڵامی ئاگربەستی ئەوانی نەداوەتەوە. هەر ئەمڕۆش لە دوکان

مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە، ئایا مام جەلال بچێت بۆ تورکیا یان نەچێت.

ئەمڕۆش جەبهەکانمان دابەش کرد و جیا کرانەوە. لیوا خەلیل دۆسکی بۆ ناوچەی شێخ، خۆم مستەفا چاوڕەش بۆ بەرقەلیش و کوزینە، عوسمان حاجی مەحموود بۆ کۆرک، مستەفای سەید قادر بۆ دۆڵەڕەقە و پلنگان. لە دوای ئەوەی جەبهەکان دابەش کرایەوە، هەرکەسەمان بەرپرسیار بوو لە شوێنی خۆی. من هاتمەوە بۆ ڕانیە، پشوویەکم دا و دوایی گەڕامەوە بۆ سەنگەسەر. وەستا ڕەسوڵم نارد بۆ بارەگای ئە و محوەرەی خۆم لێی بەرپرسیارم، هەر ئەمڕۆش بڕیارە وەفدێکی ئێرانی بێت بۆ لای مام جەلال لەسەر گۆڕانکاریی تازە. هەروەها تورکەکان گەیشتنە چوارقورنە لە قەڵاکەی چوارقورنە و هێزێکی بچوکیان لەوێیە بۆ پەیوەندی و سەردانی جەبهەکان. پاش ئەوەش چووم بۆ دێی سپێرۆ لای پشتی سەنگەسەر بۆ دانانی بارەگایەک. لە و بێدەنگییەی جەبهەکان و کەمە ئارامییەی هەبوو، لەلایەک خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزەکان بووم، لەلایەک دانانی بارەگا و لەلایەکیش سەردانی هەڤاڵەکانم دەکرد، سەردانی مامەغەفە و هێزەکەیانم کرد، چووم بۆ سەرشاخ و پشتی کوزینە و سەردانی فەرماندەی نوێی کۆیەم کرد لە گرد ئێستر. داوام لێکردن سەنگەرەکانیان قایم بکەن نەک پردەکە بە تاریکیی شە و بیتەقێننەوە. لە پاش هاتنی ئێرانییە کان کە چاویان بە مام جەلال کەوتبوو، بەڵێنیان دابوو بیانگوێزنەوە.

چوونمان بۆ قەڵادزە

ڕۆژی 2000/12/19 لەگەڵ هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز و شێخ جەعفەر چووین بۆ قەڵادزە بۆ پرسەی مام وسو کاوانی و سەردانی چەند کەسایەتییەکی تری ناوچەکەمان کرد. هەر هەمان ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ چوارقورنە. کە چووین بۆ لای مام، برادەرانی تریش هاتبوون، وەک هەڤاڵ بەرهەم ئەحمەد سالح، ئەرسەلام بایز و جەبار فەرمان و هەندێک هەڤاڵانی تر، پاش ئەوەی مام جەلال هەندێک ئامۆژگاری کردین، گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر.

هاتنی وەفدێکی ئێرانی

هەیئەتێکی ئێرانی هاتبوون بچن بۆ لای پێ کاکا، پێک هاتبوون لە سەردار فروزەندە، هاشمی، پەناهی و نوریان. چون بۆ لای پێ کاکا بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بێت. پێ کاکا بچنەوە جێگەکانی خۆیان و بکشێنەوە. بڕیاربوو ئێوارە بگەڕێنەوە. کە هاتنەوە، وتیان بەڵێنیان داوە برۆنە دواوە. وتبوویان مام جەلال چی بڵێت وا دەکەین، بە قسەی ئێرانییە کان.

بەفربارینێکی زۆر و ڕێگەگرتن

ڕۆژی 2000/12/20 تەها کانی بەردی فەرماندەی هێزەکەی سەر شاخی مامەندە بروسکەی بۆ کردین و وتی لەسەر شاخی مامەندە ئەوەندە بەفر باریوە، ڕێگە نییە پێشمەرگەکان هاتوچۆ بکەن و بێنە خوارەوە. ڕێگە نەبوو ئێمەش بچین بۆ لایان، هەوڵمان دا شۆفڵ و گلێدەریان بۆ بنێرین بۆ پاککردنەوەی ڕێگەکە.

وەزعی جەبهەکەش هێمنە، بەڵام بارانێکی یەکجار زۆر دەباری. لەبەر ڕێگەگرتن و سەرما و بارانێکی زۆر و ڕەشەبا هەندێک لە پێشمەرگەکان، لە جەبهەی دۆڵی شەهیدان کە هێزی ئینزباتی سلێمانی و فەوجی تایبەت

بوو، دابەزیبوون. لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و شێخ جەعفەر چووین بۆ دۆڵی شەهیدان لە پشتی سەنگەسەر، کە هێزەکانی لێبوو. هەوڵمان دا ئەوانەی هاتوونەتە خوارەوە، سەربکەونەوە. هێزی تریشمان بۆ ناردن بۆ ئەوەی لەوێ لاواز نەبین تاکو ئەنجامی کۆتایی. هەر هەمان ڕۆژ چووین بەرە و شاخی مامەندە بۆ سەرپەرشتیکردن و ناردنی شۆڤڵ و پێویستی بۆ کردنەوەی ڕێگەی بەفرگرتوو.

ئێوارەش ڕۆژی 12/21 هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و جەبار فەرمان چوون بۆ قەڵاچوالان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی. مام جەلال بروسکەی کردبوو (من و عوسمان حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر) ئاگاداری جەبهەکان بین. هەندێک لە هەڤاڵانیش هاتن بۆ لامان وەک عەلی بچکۆل و سەعدون فەیلی. عەلی بچکۆل ساڵی 1983 لە مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو بەرپرسمان بوو، برادەری هەموومان بوو و هاتبوو بۆ لامان.

پاش گەڕانەوەی هەڤاڵ فەرەیدون لە کۆبوونەوەی م.س بۆی باس کردین کە هەموو لایەک دەستیان خستوەتە کارەکەوە. دەست بۆ هەر لایەکیان دەبەیت، کۆمەڵێک گرێکوێرەی تێدایە، لەملا ئێران و لەولاوە تورکیا. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچونی خۆمان لەگەڵ کاک فەرەیدون باس کرد. ئەویش لەبەر ڕۆشنایی قسەکانمان نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی و وەزعی جەبهەکەشی بۆ ڕوون کردەوە.

هەر لە و بەینەشدا لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و باقی برادەران سەردانی دۆست و ڕێکخستن و پرسەکانی خەڵکی قەڵادزە و ڕانیە مان دەکرد. وا جەژنیش هاتە پێشەوە. لای ئێمەش نە شەڕە و نە ئاشتی. بڕیارمان دا هەندێک لە پێشمەرگە ماندووەکان، ئەوانەی زیاتر لە مانگێکە لەوێن، مۆڵەتیان بدەین و بچنەوە لەگەڵ کەسوکاریان جەژن بکەن.

من هەر لە سەنگەسەرم. برادەرانی مەڵبەندی پێشمەرگە هاتن بۆ لام هەڤاڵان 1- هەڵۆ. 2-بەختیار چیمەنی 3-دەشتی. وا هاتبوون لام بمێننەوە. منیش بەسەر جەبهەکانی پێشمەرگەدا دابەشم کردن. من جارێ هەر لە و بەینەدا لە ڕانیە و قەڵادزە و شوێنەکانی تر سەرپەرشتیی هێزەکان دەکەم و لە هاتوچۆدام. لەسەر کەمکردنەوەی پێشمەرگە مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووین، کە نیوەی ئێزن بدەین و نیوەی بهێڵینەوە. داواکەیمان جێبەجێ کرد.

ڕۆژی 2000/12/25 نامەیەکم نووسی بۆ ئە و هێزەی فەوجی نیزامی، کە لیوا قارەمان لەگەڵیان بوو. داوام لێکردن بێنە خوارەوە و برۆنەوە. ملازم شێخ جەمالم نارد بۆ لایان. منداڵەکانیشم لە سلێمانییە وە هاتبوون بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی پێکەوە جەژن بکەین. لە نێوان ئێمە و پ ک کاکا تاکو 12/25 شتێکی وا دیار نییە.

ڕۆژی 2000/12/26 لەگەڵ کاک فەرەیدون و زریانی کورم چووین بۆ جەبهەکانی کوزینە و چووینە سەر شاخ و سەردانی هەموو سەنگەرەکانمان کرد. لەوێ فەرماندەیی دووی هەولێری لێبوو. ئەوەندە باران باری بوو، ناو سەنگەرەکان هەمووی ئاو بوو. پیرۆزبایی جەژنمان لێکردن و گەڕاینەوە. لە ڕانیە ش بە بۆنەی جەژنەوە خەڵکی تەقەی خۆشیی دەکرد. ڕۆژی 2000/12/27 یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە. ئێمەش بەم جەژنە دڵمان هەر لای پێشمەرگەکانە، کە بەرامبەر یەک وەستاوین و خەریکی چین. ئە و ڕێکەوتنەی ئێرانییە کان لەگەڵ پ ک کاکا کردوویانە، چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ کشانەوە. ئەگەر جێبەجێ بکرێ کارێکی باشە و لە کۆڵ ئەم شەڕە دەبینەوە، کە حەزمان پ ک نییە.

له ڕانیه سەردانی ماڵی شەهیدانمان کرد

ڕۆژی دووەمی جەژن هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود تەلەفۆنی کرد و وتی بەتەماین بە بۆنەی جەژنەوە لەگەڵ کاک مستەفای سەید قادر بچین بۆ سەردانی ماڵی شەهیدان، تۆش وەرە. منیش یەکسەر چووم، هەروەها لەگەڵ کۆمیتەی ڕانیە هەڤاڵ ئەحمەد زرار دەستمان پێکرد بە سەردان. پاشان چووین بۆ ئۆردوگای ڕانیە و چوارقورنە و گرجان و قەرەنی ئاغا. هەر ئە و ڕۆژە ئاگاداریان کردین و وتیان کاک کۆسرەت هاتووە. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لەوێشەوە بۆ سەنگەسەر. هەر هەمان ڕۆژ هەندێک لە هەڤاڵان هاتبوون (کاک بەرهەم، محەمەد سابیر، عەدنان موفتی، سەعدون فەیلی، ئاسۆ ئەڵەمانی، مامۆستا بەکر، سەفین مەلا قەرە و شاخەوان عەباس). لەگەڵیان سەردانی هێزەکانی لای عەدنانی حەمەی مینا مان کرد لە دێی ماخوبزنان، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لە مەڵبەندی ڕانیە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان کۆبوونەوە.

دواتر لەگەڵ ملازم عومەر و سەلاحەدین موهتەدی و هەندێک برادەری تر چووین بۆ دۆڵی شاورێ لای دێی پڵنگان. پاشان چووین بۆ دێی باوزێ لە پشتی قەڵادزە بۆ لای کەسوکاری شەهیدان، دێکەیان 73 شەهیدی هەیە، دێیەکی تێکۆشەر و باشن، زۆرینەیان پێشمەرگەی یەکێتین. ڕۆژی 12/30 بەیار کوڕی ملازم عومەر هات و لەگەڵ زریان کوڕم ناردمن بۆ جەبهەکەی لای کوزینە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان هەم ژیانی پێشمەرگە و هەم سنووورەکەش ببینین.

دوا ڕۆژی ساڵی دوو هەزارە 2000/12/31 و هێشتا پێ کاکا نەکشاوەتەوە. بڕیارە سەرەتای ساڵی تازە جێبەجێ بکەن. بڕیاریشە ڕۆژی 2001/1/18 مام جەلال سەردانی ئەنقەرە بکات. بروسکەیان بۆ کردین کە ڕۆژی 02-01-2001 کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە لە قەڵاچوالان.

کۆتایی ساڵی 2000

هیوادارم شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵی کورد.

جارێکی تر لە سەنگەسەر

لە سەنگەسەر کۆبوونەوەیەکمان کرد. ئەوانەی بەشدار بوون لە لێپرسراوەکان و سەربازییەکان، ئەمانە بوون: (فەرەیدون عەبدولقادر، مستەفا چاوڕەش، مقەدەم سەلاح مەولان، تۆفیق کانی وەتمان، موحسین بایز، محەمەدی حاجی قادر، جەمال هەروتی و عەبدوڵڵا بۆر) کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دابەشکردنەوەی هێزەکان لە داهاتوودا بەسەر جەبهەکاندا. بڕیارمان دا تەنها بەشی حەراسەت هێز بهێڵینەوە. زستانەکەشی زۆر سەخت بوو، لە گەڕانەوەشدا بۆ سلێمانی بەفر لە دۆڵی خەلەکان ڕێگەی گرتبوو. هەندێک لە هێزەکانی کەرکووک و سلێمانیم ناردەوە بۆ جێگەی خۆیان. شوێنەکانی ئەوانم بە فەرماندەیی پشدەر سپارد، کە عەلی حەمەڕەش ئامرهێزیان بوو. جەبهەی بەرقلشیوم گوڕی، کە لە شەڕدا جێگەیەکی گرنگە بۆ سنووری قەڵادزە

گەڕانەوەم بە یەکجاری لە جەبهەکان

پاش ئەوەی هێزەکانم ڕێک خستەوە، پاش ڕاوەستانی شەڕ، گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ سەرکارەکەی خۆم. ئەوەی لە جەبهەکان ڕووی دا، تەنیا ناخۆشی و ئازار بوو، تەنها کوڕی کورد کوژرا لە هەردوولا. هەمووشمان کە

قسە دەکەین، بۆی بەداخین. بە و هیوایەی جارێکی تر ڕوو نەداتەوە و دەرسی لێوەرگرین. هەموو لێپرسراوە گەورەکانی کورد کە باسی شەڕی ناوخۆ دەکرێت، ئاخوداخی بۆ هەڵدەکێشن. بڕیاریان داوە دووپات نەبێتەوە. منیش گەڕامەوە بۆ فەرماندەیی گشتی و مەڵبەند. چەند ڕۆژێ دوای گەڕانەوە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. ئە و چەند ڕۆژەش لەگەڵ کادێرەکانی مەڵبەندی پێشمەرگە کۆبوونەوەم کرد لەسەر خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و خاڵێکیشی باسی جەبهە و شەڕەکانم بۆ کردن، کە بە کوێ گەیشت.

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ڕۆژی 2001/1/2

لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. کۆبوونەوەکە لەسەر دووخاڵ بوو، یەکێکیان پیرۆزبایی ساڵی تازەی لێکردین و چەند ساتێک ڕاوەستاین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان. دەربارەی کۆنگرەش بوو، کە زۆربەی باسەکان تەرخان کرا بۆ کۆنگرە و سەرکەوتنی کۆنگرە. کۆنگرە ئامادەباشیی دەوێ، کە لەسەر هەموومان پێویستە کاری بۆ بکەین.

ڕۆژی سێی مانگ سەردانی مام جەلالم کرد. بڕیارەی ڕۆژی 04-01-2001 مام جەلال لەگەڵ مەڵبەندی پێشمەرگە کۆبێتەوە، چونکی گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە و باشترین کادێری تێدایە. ڕۆژی 1/4 جێبەجێ نەبوو. مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم لەبەر ئەوەی کاری تری بۆ هاتۆتە پێشەوە، من خۆم لەگەڵ هەڤاڵان دانیشتم.

ڕۆژی 2001/1/15 مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردین. هەندێک تێبینیی هەبوو لەسەر وەزعی پێشمەرگە و جەبهەکان. لەسەر کۆنگرەش قسەی بۆ کردین، هەڤاڵانیش ڕاوبۆچوونی خۆیان وت.

پاش سەفەری مام جەلال بۆ تورکیا لە مەڵبەندی ڕانیە کۆبوونەوەمان ڕێک خست و کۆبوونەوەمان بە فەرماندەکانمان کرد. هەمووی خۆئامادەکردن بوو بۆ کۆنگرە. دوای من هەڤاڵ فەرەیدونیش قسەی بۆ کردن. پاش گەڕانەوەش لە سنووری ڕانیە شەوێ ئەم هەڤاڵانە هاتن بۆ ماڵەوە بۆ لام بۆ بەخێر هاتنەوە: کاک کۆسرەت، شێخ جەعفەر، شێخ محەمەد شاکەلی و لیوا خلیل دۆسکی.

کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی 2001/1/30 لە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی سەعات دە کۆنگرە دەستی پێکرد. یەکەم دانیشتن تایبەت بوو بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشداربوانی کۆنگرە و دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ گیانی شەهیدانی یەکێتی و کوردستان. پاشان سکرتێری گشتی هەڤاڵ مام جەلال ڕاپۆرتی پێشکەش کرد. ڕاپۆرتەکە هەشتاوچوار لاپەڕە بوو، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ تەواو بوو. یەکەم دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی حەقیان درایە و بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرانەوە بۆ سەرکردایەتی. مام جەلالیش بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرکردایەتی. هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم هەڵبژێردرانەوە، لەبەر ئەوەی دوو سەرۆک وەزیرانن. هەروەها هەڤاڵ جەبار فەرمان لەبەر دووری و نەخۆشی هەڵبژێردرایەوە. ڕۆژی یەکەم کۆتایی هات.

ئەم چەند ڕۆژەی کۆنگرەش لێژنەکان بەردەوام ئیشی خۆیان دەکرد و هەر بە شە و ڕاپۆرتی خۆیان دەخوێندەوە.

ڕاپۆرتی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

من ڕاپۆرتی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم بۆ بەشداربوانی کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕێکخستنی پێشمەرگە و داواکانیان خوێندەوە. تاکو ڕۆژی 2001/1/15 کۆنگرە بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا دوا ڕۆژی کۆنگرە، بێجگە لە و هەڤاڵانەی دەستی دامەزرێنەر، مام جەلال سکرتێری گشتی، هەڤاڵ کۆسرەت و بەرهەم، هەروەها جەبار فەرمان، بەم شێوەی خوارەوە ئەندامانی سەرکردایەتی بە ڕێژەی دەنگەکانیان هەڵبژێران.

1- مستەفای سەید قادر 925

2- فەرەیدون عەبدولقادر 888

3- عەدنان موفتی 844

4- ئەرسەلان بایز 817

5- عوسمان حاجی مەحموود 805

6- مستەفا چاوڕەش 762

7- عومەر فەتاح 724

8- شێخ جەعفەر شێخ مستەفا 721

9- ئازاد جندیانی 712

10- سەعدی ئەحمەد پیرە 706

11- مەلا بەختیار 704

12- عارف ڕۆشدی 680

13- شاخەوان عباس 639

14- بورهان سەعید سۆفی 625

15- مەحموود سەنگاوی 615

16- عیماد ئەحمەد 602

17- حاکم قادر حەمە جان 593

18- کوردۆ قاسم 593

19- عومەر سەید عەلی 565

20- محەمەد سابیر 553

21- عوسمان بانی مارانی 549

22- شاڵاو عەلی عەسکەری 545

23- جەلال جەوهەر 539

24- محەمەد تۆفیق ڕەحیم 536

25- سەفین مەلا قەرە 521

26- جەمال یوسف بادینی 509

ئەم هەڤاڵانەش یەدەک بوون:

1- ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمەڕەش

2- خەسرە و گوڵ محەمەد

3- ئاسۆ ئەڵەمانی

4- ئاسۆ عەلی

5- شۆڕش ئیسماعیل

6- شەوکەت حاجی موشیر

7- ڕزگار عەلی

8- لیوا خلیل دۆسکی

9- جەمال حاجی محەمەد

10- خەسرە و شیرە

دوای کۆنگرە لە ماڵەوە بووم. میوانێکی یەکجار زۆر هات بۆ لام بۆ پیرۆزبایی کە بە و دەنگە زۆر دەرچووم. سەردانی هەندێک لە و هەڤاڵانەم کرد کە دەرنەچوون، هەندێکیان حەق بوو دەربچن، بەڵام هەڵبژاردن و کۆنگرە دەسەڵاتی کەسی تێیدا نییە. سەردانی هەڤاڵ کۆسرەتمان کرد بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی.

دوای کۆنگرەی دووەم یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە قەڵاچوالان کرا و کۆنگرە مام جەلال سەعاتێک قسەی بۆ کردین لەسەر یەکڕیزی و یەکێتیی ناو یەکێتی و ئەم وەزعەی دوای کۆنگرە. هەڤاڵان لەسەر ئەنجامی کۆنگرە قسەیان کرد. هەندێک هەڤاڵی تازەش هاتنە کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەندێک بوون بە یەدەک. لە هەموو کۆنگرەیەکدا لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێت. بەڵام لە قەڵاجوالان ئەمە نەکرا. لەوە دەچوو وەزعی یەکێتی لای مام جەلالەوە ساغ بووبێتەوە. ئەوانەی دوای کۆنگرەی دوو بوون بە مەکتەبی سیاسی، هەڵبژاردنی بۆ نەکرا و هەموشمان لەبەر یەکڕیزی ناو یەکێتی ڕازی بووین. هەموومان لامان باش بوو. هەر لە و کۆبوونەوەیەدا کارەکان دابەش کرایەوە، مام جەلال هەڵسا و چووە ژوورەکەی خۆی. یەکەیەکە بانگی کردین بۆ ئەوەی کاری تازەمان پێ بسپێرێت. یەکەم کەس هەڤاڵ مستەفای سەید قادری بانگ کرد و کردی بە جێگری خۆی لە فەرماندەیی، دووەم کەس منی بانگ کرد، وتی لام باشە بچیتەوە مەکتەبی پەیوەندییەکان و منیش قبوڵم کرد. پێشتریش لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووم. ئیتر پاش ئەوەی لە جەبهەکان دەوروتەسلیمم کرد، گەڕامەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان.

مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان

پاش چوون بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان، لەگەڵ هەڤاڵانی ئەوێ کۆبوومەوە. بەرنامەی کارمان دانا و کەوتمە سەر ئیش، لە دەستپێکدا هەندێک لە هەڤاڵان و حیزبەکانی هاوپەیمان هاتن بۆ دوو پیرۆزبایی، یەکێکیان بۆ جاری دووەم کە هەڵبژێردراومەتەوە بۆ سەرکردایەتی، دووەم بوون بە لێپرسراوی پەیوەندییەکان.

منیش بەرنامەیەکم دانا بۆ سەردانی هەموو حیزبەکانی سنووری لای خۆمان و جێبەجێم کرد، ناوبەناویش کۆبوونەوەیەکی هاوپەیمانیی کوردستانیمان لای بارەگاکەی خۆم جێبەجێ دەکرد و هەموو مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژمان باس دەکرد، لە دەفتەردا دەنووسرایەوە و واژومان دەکرد.

پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن

لە و سەردەمەدا مەکتەبی پەیوەندییەکان ئەرکی زیاتری کەوتە سەر. بۆنی ڕووخانی ڕژێم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو. هەر بۆ ئەم مەبەستەش من لە جاران زیاتر هاتوچۆی لای مام جەلام دەکرد، بەتایبەت بۆ ئە و حیزبە گەورانەی کە دەوریان دەبێت بۆ ڕووخان. من ئیشارەت بە چەند هاتنوچوونێک دەدەم کە پێش ڕوخان هاتوون و لەگەڵیان دانیشتبووین. بە تەنها دەستنیشانی دوو هاتن دەکەم کە لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم.

هاتنی عەبدولعەزیز حەکیم بۆ لای مام جەلال پێش ڕووخانی ڕژێم

مام جەلال بانگی کردم و وتی سەید عەبدولعەزیز حەکیم برای سەید محەمەد باقر ئەلحکیم سەرۆکی مەجلسی ئەعلای ئیسلامی دێت. بچۆ لەگەڵ خۆت بیهێنە. دوو سەیارە پاسەوانی لە سکرتاریەتی خۆی لەگەڵمدا نارد. ئەمەش پێش ساڵی 2003 بوو. منیش خۆم ساز کرد و ڕۆیشتم بۆ سنووری پەروێزخان، کە جێگەی هاتنی بوو. پاش چاوەڕوانی بەڕێزی هات و خۆم پێناساند کە من لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە هاتووم. برادەرێکی مەکتەبەکەی خۆشیان لە سلێمانی لەگەڵم هاتبوو. پاش پشوویەک سواری سەیارەکەم کرد لەگەڵ خۆم و خۆشم سەیارەکەم لێدەخورێ. پیاو هەزار شت لەیەک دەداتەوە، خوانەخواستە لە و زروفە ناسکەدا شتێکی لێبێت، هەزار تەفسیرات لەسەر دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەش بوو پێکەوە سوار بووین و گەیشتینە سلێمانی. پاش ئەوەی ئە و ڕۆژە پشوویان دا، بۆ ڕۆژی دوایی لای مام جەلال کۆبوونەوەی هەردووکیان دەستی پێکرد. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوە بوو بەرنامەی هاوبەش و هاوکاری دابنرێ بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنی خوێنڕێژ. دووجار بە و شێوەیە چووم بۆ پەروێزخان، هەردوو جارەکەش لەگەڵ خۆم سواری سەیارەم کردووە. دیارە پێش ئەوەش لەگەڵ عادل عبدالمهدی کە کەسێکی باڵادەستی مەجلیس بوو و پەیوەندیمان هەبوو. پێشتریش لەگەڵ عادل عبدالمهدی ئاشنایەتیمان هەبوو و دەگەڕایەوە بۆ زەمانی کارکردنم لە حیزبی شیوعی (قیادەی مەرکەزی)دا. لەبەر ئەوە دۆستایەتیمان هی ڕابوردوو بوو، هەر هەمووشیان بارەگایان هەبوو لە سلێمانی و هاوکاریان بووین.

هاتنی عەلی ئەدیب جێگری مالیکی پێش ساڵی 2003

لەگەڵ حیزب دەعوەی عێراقیش پەیوەندیمان هەبوو. پێش ڕووخانی ڕژێم وەفدێکیان هاتبوو و بەرپرسەکەیان عەلی ئەدیب بوو. هەر خۆم چووم بە دوایدا بۆ سنووری پەروێزخان. وابزانم ئێستا لە کەسە باڵادەستەکانی حیزبی دەعوەیە و وەزیری خوێندنی باڵایە لە بەغدا. چەند ڕۆژێ لێرە مانەوە و خزمەتمان کردن. لەگەڵ جەنابی مام جەلال دووجار دانیشتنمان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی هەردوولامان بەهێزتر بکەین لەسەر ئەم مەسەلانە و بەرنامە دابنێین و هاوکار بین بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری. هەر لە سلێمانی خانوێەکمان بۆ گرتبوون بە کرێ بۆ ئەوەی بیکەن بە بارەگا. کرێی خانووەکە شەش هەزار دینار بوو بۆ مانگێک، سەیارەمان بۆ کرین و مانگانەش سەد هەزار دینارمان دەدانێ. مەبەستم لە نووسینی ئەم ژمارانە بۆ ئەوەیە بزانرێت چیمان کردووە بۆ هەموو هێزە عێراقی و کوردستانییەکان. پاش ئەوەی کارەکانیان کۆتایی هات و گەڕانەوە، عەلی ئەدیب نامەیەکی بۆ من بەجێ هێشت و سوپاسی کردم. مەبەستی من ئەوەیە کە زۆر هاوکاری هەموو هێزەکان بووین بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، هیوادارم لەبەر چاویان بێت، هەموویان لە کوردستانەوە گەڕانەوە، حیزب نییە هاوکاریمان نەکردبن بە گەورە و بچوکەوە.

هەر بۆ نمونەی یەکێتیی تورکمانی ئیسلامی کە عەباس بەیاتی لێپرسراویانە و ئێستا لە کەسە دیارەکانی پەرلەمانی عێراقە و نزیکە لە حیزبەکەی مالکییەوە، لە سلێمانی بارەگایان هەبوو، مانگانە یارمەتیمان دەدان و ماوەی نزیکەی مانگێ پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان ساز و ئامادە بکەن، لای مام جەلال لەگەڵیان دانیشتین. پاش ئەوە چەندین پارچە چەکمان دانێ، وابزانم 30 کڵاشینکۆف بوو، زۆر باش لەبیرم نییە، هەروەها مەبلەغی دە هەزار دۆلارم تەسلیم کردن. ئێستا هەموویان لە دەسەڵاتدان و کەسیان نییە یەکێتی هاوکاری و پشتیوانی نەکردبێت. بە هەمان شێوە هاوکاریی حیزبە تورکمانییەکانمان کردووە بە جەبهەی تورکمانی و ئەوانی تریشەوە.

لە داهاتوودا پەیوەندی لەگەڵ هەموو حیزبەکان بە گەورە و بچوکەوە لە پاشکۆیەکی ئەم بیرەوەریدا چاپ دەکەم، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و ئەوانەی لە و فەلەکەدا بوون کە

تووشی شەڕ هاتین لەگەڵیان، لەگەڵ هەموویان پەیوەندییەکی یەکجار باشمان هەبوو. هەندێکی من خۆم لەلای مام جەلال ئاگادارم کەموزۆر هاوکارییان کراوە، هەندێکی تونڕە و و سەرکێشیش بە ناوی ئەنسارولئیسلام شەڕیان کردین و پێشمەرگەیان شەهید کردین، هەر لە بزووتنەوە و لە کۆمەڵ جیا بوونەوە. بە غەدر شەڕیان لەگەڵ کردین و چارەنووسی خۆشیان چیی بەسەر هات. ئیتر یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبوو. بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ دەکردن. بە هۆی ئەم هەموو کۆبوونەوە و هاتنوچوونە ش وردەوردە دەچینە پێشەوە بۆ ئەوەی هەموو هێزەکان هاوکاری بکەین بۆ ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن. من لەگەڵ ئەوەی لە مەکتەبی پەیوەندییەکانم، بەڵام بە حوکمی کارەکانی ڕۆژ کە لە منەوە دوور نییە، بەتایبەت جەبهەکان و شەڕفرۆشتنی ناحەزان، هەمیشە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە سەردانم دەکردن.

کێشەیەک لە شاخی سورێن

ڕۆژی 2002/7/11 سەعات چوار و نیو چووم بۆ لای کاک کۆسرەت لەسەر مەسەلەی شەڕێک لە بناری شاخی سوورێن، سوکەتەقە بووە لە نێوان ئەنسارولئیسلام و هێزەکانی سۆشیالست. شێخ جەعفەر و لیوا سمکۆ دزەیی چووبوون بۆ جەبهەکە. من و کاک کۆسرەت خۆمان ئامادە کرد بچین. لە وکاتەدا لە ماڵەوە بووین و هێشتا سواری سەیارەکە نەبووبووین. تەلەفۆنیان کرد و وتیان ڕێبازی کوڕی کاک کۆسرەت و دڵشادی وێنەگری هەردووکیان سەیارەکەیان وەرگەڕاوە و تەواو بوون. بەیەکەوە سواری سەیارە بووین بەرە و دوکان. پێش ئەوەی بگەینە ناو دوکان، لە کۆتەڵ سەیارەیەکی فریاکەوتنمان بینی و ڕامان گرت. هەتا بڵێیت قورس ناخۆش بوو. لەگەڵ تەرمی ڕێباز و دڵشاد گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. خوا قوەتی کاک کۆسرەت بدات، ڕۆژی دوایی لە گردی سەلیم بەگ بەشداریی مەراسیمی بە خاک سپاردنمان کرد. کاک نەوشیروان وتارێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و دەوری کاک کۆسرەت و ئەمیرە خانی باس کرد، کە بە شاژن ناوی هێنا، هەروەها دکتۆر بەرهەم و ئەرسەلان بایزیش قسەیان کرد. مەراسیمێکی گەورەی بۆ کرا هەم لە بە خاک سپاردنی و لە پرسەکەی کە لە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی بەڕێوە چوو و هەموومان بەشدار بووین.

مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان

بۆ جاری دووەم بوومەوە بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان، لە ماوەی ئەم دوو جارەداو ڕۆژانەش لە بیرمە و نوسیومەتەوە، خۆ ئەگەر هەر تەنها ڕۆژەکان بنوسمەوە و تاکو ئە وکاتەی لەوێ نەماوم چوومە تە جێگەیەکی تر هەر خۆی پەرتوکێکی لێ دەر دەچێ. بڕوا بکەن هەموو ڕۆژەکان پڕ لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن، دانانی کات و سەعات لەگەڵ هەموو حیزبەکان بۆ کاری ڕۆژانەیان لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەڤاڵەکانی مەکتەب و لەلای مەکتەبی سیاسی بۆ جێ بەجێ کردنی. ئەوەشی زۆر پێویست بوو لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال ڕێکم خستووە و لە دانیشتنەکان هەمووشیان خۆم لەگەڵدا بووم، ئاگاداری هەموو قسەکانم لە باش و خراپی کە وتراوە. خۆ هەروەکو وتم نووسینە وەی زۆری ئەوێ هەمووشیان لە یەک دەچن، چونکی لەگەڵ هەموو حیزبەکان و لایەنەکان بەبێ جیاوازی هەموو جۆرە قسەیەکی تێدا کراوە نەخشەی بۆ دانراوە، مەبەستیش حیزبەکان هەر ئەوانەی لەلای خۆمان نین، هەندێک زۆر بە نهێنی یان هەندێک ئەفرادو خەڵکی ناودار، ئیتر ئەمە ئیشی ڕۆژانەمان بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی مەکتەب ئیشەکانمان دابەش کردبوو ئەنجاش فریا نەدەکەوتین، لە مەکتەبەکەش پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵمان هەبوو، تاکو ئە و ڕۆژەی من گوێزرامەوە بۆ شوێنکی تر، ئیتر لە نووسینە وەی بیرەوەرییە کاندا ناچاربووم جار جارە ئیشارەت بە هەندێکی هەر بدەم وەک لە پێش ئێرەوە هەر ئیشارەتم پێداوە، هەم هی مەکتەبی پەیوەندییەکان و کارەکانی تر، ئەگینا بیرەوەری چییە ئەگەر وەک خۆی نەینووسیتەوە، جا لەبەر ئەوە من لە مەکتەبی پەیوەندییەکان ئیشارەت دەدەم بە کەمێکی لەم

نووسینە وەیەداو ئەچمە دوای ئەوە، بۆ مێژووش هەموو پەیوەندییەکان هەم لە مێشکم پارێزراوە هەم لە توێی چەند دەفتەرێکدا بۆ مێژووی یەکێتی و خۆم پارێزراوە.

ڕۆژی 2001/3/13 چووم بۆ کۆیە بۆ چاوەڕوانی برایانی پارتی بێن بۆ لێکۆڵینەوە لە شەهیدکردنی فەرانسۆ هەریری ئە و برایانە کە هاتبوون 1 بروسکی نووری شاوەیس 2فایەق ڕەش 3 نیاز حەمە سەعید بەگ 4 قادر سدیق و سەلام برای کاک پیرۆت. دیار بوو لە و بەڵگانەی کە دەستیان کەوتبوو لە شەهیدکردنی فەرەنسۆ هەریری هەندێک سەرە داویان دەست کەوتبوو، ئێمەش هاوکاریان بووین، و بەرهەمی باشی هەبوو چونکی لەملاو ئەولاوە هەندێک شەهیدکردنی فەرانسۆ هەریری بەجۆرێکی تر لێک دەدایەوە. ئە و ڕۆژە لەگەڵیان بووم بۆ هەموو شوێنەکان لە سلێمانی، نیوەڕۆکەشی لەگەڵیان پێکەوە چووین بۆ لای عەباس ئەبو شوارب کەبابچی و لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد دۆستی هەموومان بوو.

ڕۆژی دوایی تر چووینە لای مام جەلال و پاش قسەکردن بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێدان بۆ ئاسانکردنی کارەکەی بۆی هاتوون، شەویش لەگەڵیان بووم لە یانەی کۆمەڵایەتی، کاک فاروق مەلامستەفا دەعوەتی کردبوون.

هەر لە کاری ڕۆژانەمان لەگەڵ حیزب و لایەنەکان کە بەردەوام بووین بە عەرەب و تورکمان ئاشوریەکانەوە و ئەوانەی کە لە سلێمانی بارەگایان هەبوو لامان یان ئەوانی تر کە لە هەولێر بارەگایان هەبوو هاتوچۆیان دەکردین هەموو کارەکانمان ڕێک دەخست، لە یەکێک لە کارەکان کردنەوەی بارەگای جوڵانەوەی تورکمانی سەربەخۆ ڕۆژی 03-09-2002 لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵانی مەڵبەند چووین بۆ چەمچەماڵ و لەوێش قائمقامی چەمچەماڵ لەگەڵمان هات، ئەمەش لەسەر دوربینیی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. کە هەمیشە برا تورکمانەکانمان بە بەشێک لە پێکهاتەی عێراق زانیوە و خەڵکی کەرکووک زانیوە و هەر هەنگاوێ بنرێت بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بزانن کە کورد کێشەی نییە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک بەتایبەت تورکمانیش کە غەدریان لێ کراوە لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە. ڕەنگە لای هەندێک قورس بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییە کی دیارە سەدام غەدری لە هەموو خەڵکی عێراق کردووە و لەسەر هەموو خەڵکی عێراق پێویستە دژایەتیی سەدام بکات و کۆبکرێنەوە. کەم بێت یان زۆر هێزو تواناکان و دەبێ حسابی دراوسێکیانیش بکەین.

گەڕانەوەی مام جەلال لە ئەمەریکا

مام جەلال لە ئەمەریکا گەڕایەوە. ئاگاداریان کردم هەموو حیزبەکان ئاگادار بکەمەوە بۆ کۆبوونەوە، منیش ڕۆژی کۆبوونەوەم ڕێک خست. ڕۆژی 2002/9/14 کۆبوونەوە کرا. مام جەلال سەفەرەکەی خۆی بۆ باس کردن، بەتایبەت مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکان ئەوەی زیاتر پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە. لە کۆبوونەوەکەدا باسی دەوری حیزبەکانی کرد لە داهاتوودا و ڕەئی هەموویانی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان وەرگرت. دیارە دوای ئەوە کۆبوونەوەی تریش کرا. ڕۆژبەڕۆژ فشاری ئەمەریکا و خۆرئاوا لەسەر عێراق تووندتر دەبوو. حیزبەکان کە لە سلێمانی بارەگایان هەبوو، بەتایبەت مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و حیزبی دەعوە، مام جەلال چاوی پێیان کەوت. هەروەها لەگەڵ هەژدە حیزبە کوردستانییە کەش کۆبوونەوەی کرد بۆ هەمان مەبەستی سەفەری کە چووبوو بۆ ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا. لە گەڕانەوەشیدا بەلای کاک مەسعود بارزانیدا گەڕابۆوە و چاوی پێی کەوتبوو.

ئەگەرچی عێراق ڕازی بووبوو پشکنەرەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام ئەمەریکا لە زمانی لێپرسراوە ئەمەریکییەکانەوە زیاتر لەسەری توندتر دەکرد و هەر سوور بوون لەسەر گۆڕینی ڕژێمی سەدام. ئێمەش لە خوامان دەوێ و هەموو هەوڵێکی خۆمان بەکار دەهێنین. ئەم هاتوچۆ و کۆبوونەوانەی مام جەلال لە پاش گەڕانەوەی و بینینی هەموو حیزبەکان بەبێ جیاوازی بەشێکی سەرەکیی ستراتیژی ئە و کاتەمان بوو. من خۆم لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بووم. شاهیدم کە چۆن ئەم ماوەیەمان تەرخان کردووە بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام حسێن.

هاتنی هانیا موفتی بۆ سلێمانی

هانیا موفتی نوێنەری ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی بوو و کاک کۆسرەت دەعوەتی کردبوو (من، کاک عەدنان موفتی، ڕەفعەت عەبدوڵڵا، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئاسۆ ئەڵەمانی) لەگەڵی بووین و بەشدار بووین. هانیا ئێستا ئیشەکانی گەورە بووە. زۆر دۆستم بوو زۆریش یارمەتیی داین کاتێک ساڵی 1987 کە من و کاک عەدنان موفتی و خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە ژەهرخواردیان کردین. بە هیمەتی هانیا موفتی ڕەوانەی بەریتانیا و لەندەنیان کردین بۆ چارەسەر. هاوسەرەکەی هانیا کوردە و ئامۆزای کاک عەدنان موفتییە و ناوی سیامەند زەید عوسمانە. کەسێکی باش و تێکۆشەرە. لە ڕۆژی یەکەمی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری هانیام لەگەڵ خۆم برد بۆ شاری کەرکووک. شەوی یەکەم لەوێ ماینەوە. بە چاوی خۆی ڕووخانی ڕژێمی سەدامی لە کەرکووک بینی. هەر خۆشی نەبوو، هەیئەتێکی لە خۆی گەورەتری لەگەڵدا بوو، بۆ ڕۆژی دوایی هانیا گەڕایەوە.

بۆ ئەم مەبەستە و ڕووخانی دیکتاتۆریەت حیزب نییە کۆبوونەوەمان لەگەڵ نەکردبێت، عێراق بێت یان کوردستانی، بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردن.

ڕۆژی 2002/9/30 بە نوێنەرایەتیی کاک مەسعود بارزانی وشیار زێباری هات بۆ لای مام جەلال بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و خۆئامادەکردن بۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و بڕیارلێدانی. بڕیارە ڕۆژی 2002/10/4 یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ببەسترێ. هی لیستی سەوز و زەرد، منیش خۆم لەسەر لیستی سەوزم. ئیتر خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، چونکی بە هۆی شەڕی ناوخۆوە کاری پەرلەمان وەستابوو. بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە و بەشداریکردن تێیدا لەگەڵ هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر خۆمان ئامادە کرد. کاک شەوکەت هەزار ڕەحمەتی لێبێ پیاوێکی ماندوو بوو، یەکەم پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بوو، بەدەستی چەتەکانی ئەنسارولئیسلام لە شارەزوور بە غەدر و دوور لە ڕەوشتی ئیسلامی شەهید کرا. لەگەڵ کاک شەوکەت پێکەوە لای باخی بەختیاریی سلێمانی یەکمان گرتەوە بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ هەولێر. ڕۆژی 04-02-2002 سەعات دە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەست پێ دەکات.

یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دوای کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ.

پاش دەسپێکردنەوەی پەرلەمان دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس وتاری پەرلەمانی پێشکەش کرد، داوا لە دانیاڵ میتران کرا. بەڕێزی وتارێکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی لە هەموان و لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ ئەم هەنگاوەی نراوە لە ڕێککەوتن و پێکەوەکارکردن. زۆر تەئکیدی لەسەر برایەتی و پێکەوەژیان کردەوە. دڵسۆزیی خۆی بۆ داوای ڕەوای گەلی کوردستان دەربڕی و پشتیوانیی فەرەنسای نیشان دا بۆ داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان. بە چەپڵەڕێزان پێشوازیی لە وتارەکەی بەڕێزیان کرا.

سوێندخواردنی ئەندامانی تازەی پەرلەمان

ئە و ئەندامە تازانەی پەرلەمان کە ئامادە بوون و لە لیستی سەوز و زەردا بوون، تازە هاتبوون و سوێندی یاساییان خوارد.

سوێندخواردنم لە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان

منیش کە لە لیستی سەوزی پەرلەمان بووم، سوێندی یاسایم خوارد و لە و ڕۆژەوە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەستبەکار بووم.

وتارەکان دەستی پێکرد. وتار یەکەم کاک مەسعود بارزانی بوو، وتاری دووەم مام جەلال بوو، هەردووکیان وتارێکی گرنگیان پێشکەش کرد بۆ ئەم قۆناغە نوێیە و بووە مایەی خۆشحاڵیی بەشداربووان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دەستپێکردنەوەی کاری هاوبەش و زاڵبوون بەسەر کۆسپوتەگەرەکاندا. پاش مەراسیمی پەرلەمان لەگەڵ شەوکەتی حاجی موشیر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، چونکی پێکەوە چووبووین.

من هەروەک لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، کاری حیزبیم دەکرد. وەفدێک لە برا عەرەبەکان لە موسڵەوە هاتبوون. حیزبی ئیسلامی عێراق بە نوێنەرایەتیی دکتۆر فاروق العانی و دکتۆر حاچم الحسنی. لای مام جەلال هەم کۆبوونەوەکەم ڕێک خستبوو کە بۆ ڕۆژی 2002/10/6 بوو، هەم لای مام جەلال نانی نیوەڕۆ بخۆن.

مام جەلال وتی با کاک کۆسرەت و کاک عەدنان موفتی ئامادە بن بۆ کۆبوونەوە. ڕۆژی 10/6 برایانی حیزبی ئیسلامی هاتن و مامۆستا عەلی محەمەدیان لەگەڵ بوو کە لە یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان بوو، چونکی سەرچاوەکەیان یەک بوو و ئیخوان بوون. کە هاتبوون، بەرنامەیەکیان پێبوو، بڕیار درا هەفتەی داهاتوو قسەی لەسەر بکرێ.

کۆبوونەوەی پەرلەمان لە سلێمانی لە ئوتێل پاڵاس

پاش ئەوەی یەکەم کۆبوونەوە لە هەولێر کرا، بۆ ڕۆژی سێشەممەش 2002/10/6 کۆبوونەوەی دووەم لە سلێمانی بەڕێوەچوو. کاک مەسعود بارزانی هات و پێشوازیمان لێکرد. لەوێش وتارێکی لەسەر دەوری پەرلەمان و کۆتایی شەڕی ناوخۆ پێشکەش کرد.

بەرە و سازدان و ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام

هەموو ڕۆژەکان لەگەڵ حیزب و لایەنەکان کۆبوونەوە بەردەوام بوو بۆ ئەوەی یەکڕیز بین. ڕۆژی 2002/10/9 لەگەڵ ئەبوداود حمید مجید موسی سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق لای مام جەلال کۆبوونەوە کرا. هەڤاڵانی تریش بەشداربوون بۆ دانانی بەرنامەیەک و خۆئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری.

کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییە کان

ڕۆژی 2002/10/10 هەژدە حیزبی کوردستانی لە قەڵاچوالان و بە سەرپەرشتیی مام جەلال کۆبوونەوە. حیزبەکانی تریش بەرپرسی یەکەمیان بەشدار بوون. کۆبوونەوەکە زیاتر لەسەر ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی بوو و بۆیان ڕوون کرایەوە. هەروەها داوا لە هەموومان کرا هەموومان خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕووداو و گۆڕانەکان، کاتەکانیش خێرا تێپەڕ دەکات بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت. پاش ئەوەش مام جەلال لەگەڵ پێنج حیزبەکەی کە لەگەڵ خۆمان هاوپەیمانییان هەبوو، کۆبۆوە.

جارێکی تریش ڕۆژی 2002/10/12 لەگەڵ حیزبی ئیسلامی (حاچم الحەسەنی و فاروق العانی) عێراق لای مام جەلال کۆبوونەوە. ئەمجارەیان ماموستا عەلی محەمەدی یەکگرتوو و عومەر عبدالعەزیز لە سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵیان بوو. لەم کۆبوونەوەیەدا پەیمانێک میثاق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە بەینی هەردوولادا واژوو کرا. بۆ مێژوو دەبێ بڵێم هەر لە و کۆبوونەوەیەدا حیزبی ئیسلامی زۆر سڵیان دەکردەوە لە هاتنە سەر حوکمی شیعە و لە داهاتوو دەترسان. هەرواشی لێهات. ڕۆژی 2002/10/12 چووم بۆ لای نوێنەری مەرجەعی دینیی گەورە سەید محەمەد حسێن شیرازی لە حەوزەی زەینەبییە و لە ئوتێل ئاشتی چاوم پێیان کەوت. دوایی بردمن بۆ لای مام جەلال لە قەڵاچوالان. مام جەلال زۆر ڕێزی گرتن و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن. لەسەر کارەکان وەعدی هاوکاریی پێدان. ئەوانیش ڕازی بوون لە چاوپێکەوتنەکە.

بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام

ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی و بە سەرپەرشتیی مام جەلال بۆ ڕووخاندنی ڕژێم هەموو هەنگاوێکمان دەنا و زۆر بە جدی و بەبێ سڵەمینەوە، بە نهێنی و ئاشکرا کارمان بۆ دەکرد.

بنکە و بارەگاکانی هێزی برا شیعەکان هێزی بەدر

هێزەکانی بەدر کە سەر بە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی بوون، چەند بنکە و بارەگایان لامان هەبوو هەم لە شاری سلێمانی و لە ناڵپارێزی لای سەید سادق و پێنجوێن. دیار بوو حکومەتی عێراق جوابی دەنارد کە ئە و هێزانە لە و ناوەن. ئێمەش ئینکاریمان دەکرد، حکومەت هەڕەشەی دەکرد. ئێمەش دەمانوت هێزی خۆمانە. بۆ ئەم مەبەستەش کارەکانمان بە نهێنی ئەنجام دەدا تاکو کاتی خۆی دێتە پێشەوە. ڕۆژی 2002/10/23 سەردانی بارەگای مەجلیسم کرد لە سلێمانی بۆ ئەوەی پێکەوە بەرنامەیەک دابنێین و تووشی زەرەر نەبین، چونکی عێراق دەڵێت هێزی سەر بە ئێرانی لێیە و ئێمەش دەڵێین شتی وانییە. خۆ دیارە عێراقیش سیخوڕ و خەڵکی هەیە و زانیاریی دەدەنێ. ئیتر دەمانویست نهێنی بێت. بەڵام کاری نهێنی لە وڵاتێکی وادا ئاسان نەبوو، هەرچەند نکوڵیشی لێبکەین.

کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

بێجگە لە کارەکەی خۆم کە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، بەشداریی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیشم دەکرد.. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ سالار عەزیز چووین بۆ هەولێر بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی فیدراڵ و حکومەتی فیدراڵی عێراق. ماوەی سێ ڕۆژمان پێچوو. ماوەیەکی زۆری ویست بۆ باسکردن و قسەکردن لەسەری، هەموو پەرلەمان بە لیستی سەوز و زەردەوە قسەمان لەسەر کرد شتێکمان گەڵاڵە کرد. شەویش من و مەلا بەختیار و سالار عەزیز دەعوەتی کاک ڕۆژ نووری شاوەیس بووین. پێشمەرگەی دێرین خوا عەفوی بکات ئیبراهیم سەعە کەڕیش لەوێ لای دکتۆر ڕۆژ بوو و بینیمان. ئیبراهیم لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگەیەکی ئازا

بوو و پێکەوە بووین.

ڕۆژانی دوایش کارەکان بەڕێوە چوون. ڕۆژی 2002/11/7 دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح و دوو وەزیر هاتن سوێندیان خوارد. دوو وەزیرەکەش دکتۆر محەمەد خۆشناو بۆ وەزیری تەندروستی و بایز تاڵەبانی بۆ دارایی بوون. دوای ئەوەش بە زۆرینەی دەنگ دەنگ لەسەر پڕۆژەی فیدراڵی درا.

بەرە و کۆنگرەی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراق و کۆبوونەوەی بروکسل

هەنگاوبەهەنگاو خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری. بڕیارە کۆبوونەوەیەکی گەورە لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بە ناوی کۆنگرەی بەرهەڵستکارە عێراقییەکان ساز بکرێت. منیش بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکانم و هەموو حیزبە کوردستانی و عێراقییەکان دەناسم و کاری ڕۆژانەیان لە ڕێگەی منەوەیە، ئەندامی وەفدی یەکێتیم لەگەڵ مام جەلال بۆ ئە و کۆنگرەیە. دەنگیش هەیە چەند ڕۆژێک دوا بکەوێت. بۆ ئەم کۆنگرەیە قسەمان لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کردووە، کە نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریکردن حازر بکەن.

چون بۆ ئێران

بە مەبەستی سەفەرکردن بۆ کۆنگرە ڕۆژی 2002/11/13 ڕۆیشتم بۆ پەروێزخان و لەوێشەوە بۆ کرماشان و تاران بەڕێ کەوتم. پاش ئەوەی گەیشتمە تاران، کاک بەهرۆز گەڵاڵی ئاگاداری کردمەوە و وتی لە ئێرانەوە سەفەر ناکرێ، لە ڕێگەی تورکیاوە دەبێ. منیش هیلاکییەکەم بۆ مایەوە و ناچار جارێکی تر گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەبەر ئەوەی بڕیاریان دابوو لە ڕێگەی تورکیاوە بچین.

گۆڕانی جێگەی کۆنگرە لەباتی بەلجیکا بۆ بە لەندەن

دیار بوو جێگەی کۆنگرە گۆڕاوە و چۆتە لەندەن. چەند ڕۆژێ لە سلێمانی مامەوە، هەر خەریکی ئیشوکاری حیزبەکان بووم بۆ ئەوانەی بەشدار دەبن. پاش ئەوە سەفەرمان کرد بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ لەندەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراق.

هەموومان لە لەندەن بە دوای یەکدا لە ئوتێل هلتون یەکمان گرتەوە و کۆنگرەش هەر لە هۆڵی ئوتێل هلتون بوو. بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندیەکان بووم، لەگەڵ مام جەلال و مەلا بەختیار و زۆر لە هەڤاڵانی تریش بەشدار بووین بەشداربووانی حیزبەکانی تریش پێک هاتبوون لە کاک مەسعود بارزانی و هەڤاڵەکانی خۆی، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوە ی ئیسلامی، حیزبی دەعوە، مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی ئیسلامیی عێراق، کاک محەمەدی حاجی مەحموود لە حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، ئاشوورییەکان، جولانەوەی ئیشتراکیی عەرەبی. حیزبی گەورە و بچوکی عێراق دژی ڕژێمی سەدام بوو. هەروەها ئەیاد عەلاوی و وفاق نیشتمانی و ئەحمەد چەلەبی موئتەمەری وەتەنی عێراق بەشدار بوون.

کۆبوونەوەیەکی گەورە و سەرکەوتوو بوو، بۆ دوای ڕووخانی ڕژێم بەرنامە دانرا. ئەوەی حەقە لێرەدا بوترێت، دەوری مام جەلال بە کۆنگرەوە دیار بوو هەموشیان قبوڵیان بوو، ئەگەر کێشەیەک بهاتایەتە پێشەوە، مام

جەلال دەوری تێدا دەبینی. کۆنگرە دوو ڕۆژی پێچوو و لە پاش تەواوبوونی گەڕاینەوە بۆ کوردستان. بەڕاستی ئەم کۆنگرەیە بناغەدارێژی یەکڕیزی بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، لە پشتی پەردەشەوە دەوری ئەمەریکا دیار بوو. زاڵمای خەلیلزاد لەوێ بوو، ئە و چەند ڕۆژەی کۆنگرەکە هەموو حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان بەشدار بوون و بە پەرۆش بوون بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنی دیکتاتۆر. کۆنگرەش بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات و بەیانێکی کۆتایی لەسەر دەرچوو، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی هێزەکان بوو.

پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ کوردستان. لەسەر ئیشەکەی خۆم بەردەوام بووم و لە جاران زیاتر لەگەڵ حیزبەکان لە پەیوەندیدا بووین. ئە و بەرنامەیەی کە داڕێژراوە بۆ ڕووخانی ڕژێم، هەوڵ و ماندوبوونێکی زیاتری دەوێ، هەر کەسە لای خۆیەوە، بەرچاوڕونییە کمان هەبوو. لەگەڵ ئە و هەموو کێشەیەی کە یەکێتی لە سنووری سلێمانی هەیبوو، لەگەڵ جەماعەتی ئەنسارولئیسلامدا لە شەڕدا بووین و پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەدا، سەرئێشەیان بۆ دروست کردبووین. ئێمەش هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووین لە ڕێگەی حیزبە ئیسلامییەکانەوە چارەسەرێکی ئەم وەزعە بکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە گێچەڵی ئەوانە دوور بخەینەوە. بۆ ئە و مەبەستە چەندین جار هەنگاومان ناوە، چونکی ئەوەی ئێمە خۆمانی بۆ حازر دەکەین، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنە، کە زۆر گەورەیە. جارێکیان من و عیماد ئەحمەد و سەعدی پیرە سەردانی بزووتنەوە ی ئیسلامیمان کرد بۆ ئە و مەبەستە. لە هەڵەبجە شێخ عەلی و برایانی بزووتنەوە مان بینی (کەمال ڕەحیم، عەبدولرحمن عەبدوڕەحیم و یاسین ئەحمەد). ئەوان ڕۆژی پێشوتر چووبوون بۆ تەوێڵە و جەماعەتی ئەنسارولئیسلامیان بینیبوو. داوای شتی زۆر قورسیان کردبوو، مەبلەغی چەند ملیۆن دینارێک و بەربوونی زیندانییە کانیان، هەندێک لەوان خەڵکیان کوشتبوو و وتبوویان ئیعتیراف بە حکومەتیش ناکەن، بە گوێرەی شەرعی ئیسلام. پاش دانیشتن لەگەڵیان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ئەوەی باسمان کردبوو، بۆ جەنابی مام جەلالمان گێڕایەوە.

دیار بوو لە ڕووی کاری تیرۆریستی و پەلامارەوە درێغییان نەدەکرد، هەر لە شەهیدکردنی فەڕا نسۆ هەریریەوە تا پەلاماری مالّی دکتۆر بەرهەم و شەهیدکردنی پێنج لە پاسەوانەکانی، هەروەها لە سنووریشەوە لەلای هەڵەبجە پەلاماڕەکانیان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەهیدانی خێڵی حەمە و شوێنەکانی تر. ئەمەی ئەوان دەیان کرد، قابیلی قبوڵ نەبوو. لەبەر ئەوەش دەبوایە بیر بکرایەتەوە چۆن ئەم شەڕ و بەڵایەش لە کۆڵ خەڵکی کوردستان بکرێتەوە. ئێمە کاری زۆر گەورەترمان لەبەردەست و بەرنامەدا بوو. زۆریش هەوڵمان دا و ئەوکات لە ڕێگەی بزووتنەوە وە چەندین جار لەگەڵیان دانیشتین. کۆتاییەکەی پێش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و بە هاوکاری هاوپەیمانان لە سنووری خورماڵ و تەوێڵە پاش شەڕێکی قورس ڕاونران و بەرە و سنووڕەکانی ئێران هەڵاتن و ناوچەی هەڵەبجە پاک کرایەوە لە ئەنسارولئیسلام و زەرەرێکی گەورەیان پێگەیشت و کوشتارێکی گەورەیان لێکرا. لەلایەن ئەمەریکاوە لە و جێگەیانەش درا، کە دۆستایەتییان دەکردن، دیارە تەکنەلۆجیای سەربازی هێند پێشکەوتووە، لە دەریا ی سووڕەوە ساروخ دەهاویژرێ و لە جێگەی مەبەست دەدات. کەسێکی ئێرانی وتبووی ساروخەکان هاتوون و لە چایخانەکەی زمزیران لایان داوە و قاوەیەکیان خواردۆتەوە، ئەنجا هەڵساون و چون بۆ لێدانی ئەنسارولئیسلام. ئیتر پاش ئە و هەموو سەبر و ڕاوەستانە پاک کرانەوە و هەڵاتن. بۆ ئەم هێرش و لێدانەش هێزێکی باشمان بەکارهێنا و کادێرە سەربازیەکانمان بەشداربیان کرد، دوای ئەوەش ناوچەی هەورامان ئاهێکی پێدا هاتەوە و خەڵکی وێستیان کەمترین شت گوێ لە ڕادیۆ و گۆرانی بگرن، کە لێیان زەوت کرابوو.

خۆئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری

ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی ئەوەی لە ئەستۆماندا بوو، درێغیمان نەکرد. پاش گەڕانەوە هەر لە ڕێگەی

مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەوە کە بەندە لێپرسراوی بووم، لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان کەوتینە کۆبوونەوە بە تاک و بە دەستەجەمعی. زۆریش خۆمان دەپاراست لە هەندێ وتاری زەق و بریقەدار بۆ ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن بێئاگا بکەین لە بەرنامە و ئامانجەکانمان. لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانمان بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، وەک دوو هێزی سەرەکیی مەیدانی کوردستان و خاوەنهێز دەبوایە وابێت. لە کاتی پەلاماری هاوپەیمانان هێزەکانی یەکێتی و پارتی بەشداری چەکداریمان کرد، بەتایبەت لە سنووری موسڵ و کەرکووک و خانەقین و ئە و ناوچانەی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، کە چەندین ساڵ بوو بەعەرەبکرابوون و خەڵکە ڕاستەقینەکەی دەربەدەر کرابوون، یان هێزی سەربازی لێبوو یان عەرەبیان بۆ هێنا بوو، زۆر جێگە پاک کرایەوە، بەتایبەت لە خانەقین هەموو عەرەبانەی هێنابوویانن سەر زەوی کورد و تاکو ئێستاش ئاسەواری دیارە، دەرکران و هەڵاتن. دیارە لە شوێنەکانی تریش چووینە پێشەوە، بەڵام وەک لای خانەقین نەبوو. دەوری مەلابەختیار دیار بوو.

ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری

عێراق و ڕژێمی سەدام حسێن بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی دژی هەموو عێراقیەکان و دژی دراوسێ و ئەوروپا لە لایەکەوە. لەولاشەوە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و گوێنەدان بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و بەرپا کردنی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران و پەلاماردانی کوێت. لە ڕاپەڕینی خەڵکی عێراقدا سەدان خەڵکی شەهید و بریندار کرد بە کورد و عەرەبەوە. چەکی بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەکار هێنا. کوشتن و بڕینی خەڵکی عێراق درێژەی کێشا و زیندانەکان پڕبوو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردو عەرەب و شیعە. سەدان کەسیان لە سێدارە دا تەنها لەبەر ئەوەی کورد یان شیعە بوون. ڕژێمی سەدام بە خەیاڵی خۆی وایدەزانی یاری بە عەقڵی وڵاتان دەکات. ڕۆژبەڕۆژ وڵاتان بەتایبەت ئەمەریکا خۆیان بۆ ڕووخاندنی ئامادە دەکرد. ئێمەش لەم بەرنامەیە بێئاگا نەبووین، بەڵام زۆر بە نهێنی کارمان لەسەر دەکرد، بەتایبەت هەردوو هێزی سەرەکی کوردی یەکێتی و پارتی.

دراوسێکانی عێراق، وەک کوێت و سعودیە، لە بەرەی هێزی هاوپەیمانان لەنگەریان گرتبوو. لە و ماوەیەدا هەموویان ئامادەسازیی باشیان کردبوو بۆ ئەم شەڕەی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام. هێزێکی گەورە لە پاپۆڕە گەورەکانی ئەمەریکا و بریتانیا لە ئاوەکانی کەنداو لەنگەریان گرتبوو، تاکو کاتی ئەوە هات لێی بدەن.

هێرش بۆ سەر عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام

حکومەتی عێراقیش هاشوهووش و درۆی گەورە زیاتر هیچیرتری بەدەستەوە نەمابوو. وەزیرەکەی محەمەد سەعید سەحاف هەر بە خەیاڵ بەیانی دەردەکرد و باسی سەرکەوتنەکانی دەکرد بەسەر هاوپەیمانەکاندا. لە کاتێکدا لە بەغدا نزیک بووبوونەوە، سەدام حسێن خۆی شاردەوە، ئەوەی گیرا گیرا و ئەوەی هەڵات هەڵات.

ڕۆژی پەلامار بۆ سەر عێراق

ئێمەش وەک یەکێتی نیشتمانی هێزەکانمان لە ئامادەباشیدا بوو. من ئەو کاتە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییە کان بووم و هەر ڕۆژی یەکەم خۆم ئامادە کرد. هانیا موفتیی لێپرسراوی ڕێکخراوی لێبوردنی دەولی میوانمان بوو، لەگەڵ خۆم بردم بۆ گرتنی کەرکووک. کەسێکی تریشی لەگەڵدا بوو. لە یەکەم ڕۆژی گرتنی شاری کەرکووک بەشدار بووین. ئەویش بە چاوی خۆی بینی چۆن هێزە ترسنۆکە فشۆڵەکەی سەدام حسێن بەبێ

ئەوەی بەرگری بکەن، هەڵدەهاتن و چەکەکانیان فڕێ دەدا. ئێمەش هەنگاوبەهەنگاو چووینە پێشەوە. تاکو ئێوارێ لە پارێزگای کەرکووک بووین و شەوێ چووینە ماڵی پوورزایەکم کە ماڵی لە کەرکووک بوو نەوزاد تۆفیق، شەوێ لەوێ ماینەوە. هەر ڕۆژی یەکەم هەموو داموودەزگاکانی حکومەت کەوتە دەست کورد. بۆ ڕۆژی دوایی و شەوەکەی لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی کشاینەوە. من زیاتر خۆم پاراست لەبەر خاتری هانیا موفتی، وتم نەوەک ڕووداوێک ڕوو بدات و شتێکی لێبێت، دوایی بەرپرسیارێتیم دێتە سەر، چونکی لەسەر بڕیاری خۆم و ڕازیبوونی هانیا چووبووین. ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ سلێمانی. ڕژێمی دیکتاتۆری تەسلیم بوو. هێزەکانی هاوپەیمانی بەغدایان داگیر کرد. ئیتر قۆناغێکی نوێ هاتە پێشەوە. لە هەموو شارەکانی کوردستان و عێراق خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی و بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە هاتنە سەر شەقام.

بەرە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان

ڕۆژی 02-01-2005 خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان. ڕۆژی 1/26 چووم بۆ قەڵاچوالان بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال. لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران و کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان کۆبوونەوەمان هەبوو. هەڤاڵ مەلا بەختیاریش بەشدار بوو. مام جەلال وتارێکی لەسەر گرنگیی خەبات و تێکۆشانی خوێندکاران و زیندانییە سیاسییەکان و خۆسازدان بۆ هەڵبژاردن پێشکەش کرد.

هەڵبژاردن مەسەلەیەکی چارەنوسسازە، پێشمەرگەکانی خۆم ئیزن دا بچنەوە بۆ سنووری قەڵادزە و ڕانیە بۆ ئەوەی لەوێ دەنگ بدەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەوێن. دەبێ هەر کەسەش لە جێگەی خۆی لەوێ دەنگ بدات. هەڵبژاردنیش نزیک بۆتەوە و بڕیارە 2005/1/30 بێت و لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کرا و بە هێمنی بەڕێوەچوو.

ڕۆژی 04-02-2005 لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەیەکیان کرد. لە کۆبوونەوەی مام جەلال و مەسعود بارزانی بڕیاریان دا کە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بێت. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی وەزیران و عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی بێت، مام جەلالیش هەڵبژێراوە و دەستنیشان کراوە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق.

ڕۆژی 2005/2/13 ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاو کرایەوە، لیستی شیعەکان یەکەم بوون 131 و کورسی پەرلەمانیان بەردەکەوێ، لیستی کوردیش 70 کورسی و دووەم بوو، سێیەم ئەیاد عەلاوی 38 کورسی، غازی عجیل یاوەریش 5 کورسیی هێنابوو.

چاوەڕوانیکردنی مام جەلال بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی کۆمار

پاش ماوەیەک لە هەڵبژاردن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە ڕۆژی 06-04-2005 لە پەرلەمان کۆبوونەوە و دەنگ درا. لە کۆی 275 ئەندامی پەرلەمان مام جەلال 228 دەنگی هێنا و دوو جێگری بۆ دانرا (عادل عبدالمهدی، شێخ غازی عجیل یاوەر). لە دەنگدانەکەشدا 30 وەرەقەی سپیی تێدابوو و دەنگیان نەدابوو. مام جەلال وتارێکی پێشکەش کرد. بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کە لە مێژووی عێراق و کورددا نەبووە، لە هەموو شارەکانی کوردستان و هەر چوار پارچەی کوردستان ئاهەنگ ساز کرا بۆ بوونی مام جەلال بە سەرۆککۆماری عێراق.

ڕۆژی 4/7 چووم بۆ هەولێر بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەشداریی دوا کۆبوونەوە بکەین و خواحافیزی بکەین و پەرلەمانی تازەهەڵبژێراویش دوای ئێمە دەست بە کاری خۆیان بکەن. دیارە ئە و ماوەیەش کە لە پەرلەمان بووم، لەگەڵ باقی هەڤاڵەکانی تر هەرچیمان پێکرابێت، ئەرکی سەرشانمان بەجێ هێناوە. شەرەفێکی گەورە بوو بۆمان لە خزمەتی خەڵکیدا بین.

چوون بۆ قەرەداغ

هەموو ساڵێک لە یادی کیمیابارانی قەرەداغ بەتایبەت دێ سێوسێنان و دوکان و دەوروبەری بەشداریی ساڵرۆژی کیمیاباران دەکەم بە حوکمی ئەوەی لە ڕابوردوودا لەگەڵیان ژیاوم و ساڵی 1979 تاکو ساڵی 1982 ئامرهەرێمی قەرەداغ بووم. خەڵکەکەش ئەمناسن. لەوێ بەشداریم کردن و وتارێکم پێشکەش کردن لەسەر خزمەتی خەڵکی قەرەداغ، پاشان سەردانی هەندێک ماڵی ناسیاوم کرد.

ڕۆژی 2005/4/19 چووم بۆ لای حاکم کامل. لێژنەیەک دروست بووبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکانی ڕژێمەکەی سەدام حسێن. منیش شکایەتنامەیەکم نووسی، لەگەڵ هەندێک بەڵگەنامە لەسەر تاوانەکانی سەدام حسێن و ڕژێمەکەی هاوپێچم کرد. لە شکایەتنامەکەدا باسی ژەهرخواردنکردنمان و شەهیدبوونی دایکم و بێستون مەلا عومەر و سەریعەی مەلا موحەڕەمم کرد، وەزعی خۆمان کە چیمان بەسەر هات و چۆن لە مردن ڕزگارمان بوو. باسی بوردومانەکەی ساڵی 1974 لە گەرووی هومەر ئاغام بە بۆمبی فسفۆڕ و سوتانی زاهیری برامم کرد بە و بۆمبە، کە بە یاسای دەوڵەتان قەدەغەیە. شکاتی خۆم کرد، هەموو نووسراوەکانیشم دانێ، کە لە کاتی خۆیدا لە ڕێکخراوی لێبوردنی گشتیی جیهانی لەسەر ئێمە دەرچووبوو.

وەفاتی باوکم

2005/5/8 ڕێبواری برام ئێوارە درەنگ لە ڕانیە وە تەلەفۆنی بۆ کردم کە ئەمشە و باوکم وەفاتی کردووە. بە حسابی ئە و بەرواردی کە لە دەفتەرنفوسەکەیدا هەیەتی، دەبێ باوکم تەمەنی 92 ساڵ بێت. ڕەنگە ئەوە ڕاست نەبێ، بەڵام لە و زەمان و سەردەمەدا هەروا نووسراوە. هەر کە لە شاری سەردەشتەوە بە منداڵی هاتۆتە قەڵادزە و لەوێ گیرساوەتەوە، دەفتەری نفوسیان بۆ دەرهێناوە. ئیتر لەگەڵ خزمانی سلێمانی هەموومان بەیانی زوو ڕۆژی 09-05-2005 بەڕێ کەوتین بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی بەشداریی مەراسیمی ناشتنەکەی بکەین. مەراسیمی بەخاکسپاردن و دوو ڕۆژەی مزگەوتمان جێبەجێ کرد، هەموو دۆست و هەڤاڵانی لێپرسراوانی یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی هاوخەممان بوون، زۆریش سوپاس دەکەین. دوایی گەڕامەوە بۆ سلێمانی. ئەوەی نەیتوانیبوو لە سلێمانییەوە بێت بۆ ڕانیە یان نەیزانیبێت، هات بۆ لام بۆ ماڵەوە. ئە و چەند ڕۆژەی پرسەکەی هەندێک لە خزمەکانی ئێرانمان لە شاری سەردەشتەوە بەشداریان کردین.

کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی

ئەم ماوەیە کۆبوونەوەی دووقۆڵی بەردەوام بوو بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەندێک مەسەلە، وەک پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و داهاتووی حکومەتی عێراق. دەبوو بۆ ئەم قۆناغە و لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی عێراقدا یەکگرتوو و یەکڕیز بین. بەشداریم لە زۆر لە و کۆبوونەوە و هاتوچۆیانەدا کرد. خۆشبەختانە لەسەر شتەکان هەڵوێستی هەردوولامان باش بوو. ئەمەش یەکێک لە کارە باشەکان بوو، کە نیشانی هەموو حیزبەکانی

عێراقیمان دا و وەک کورد سوودمان لێوەرگرت. ئەم کۆبوونەوانەش یەک و دوو نەبوو، دەیان دانیشتنیان بەدوای خۆیاندا هێنا.

هاتنی سەفیری چین بۆ لای مام جەلال

ڕۆژی 2005/5/25 مام جەلال لە دوکان دەعوەتی کردین. دەعوەتی سەفیری چینی کردبوو. هەموو وەزیرەکان و مامۆستاکانی دانشگا بانگ کرابوون. مام جەلال زۆر گرنگیی پێ دا و ڕێزی لێگرت، تاکو شەوێکی درەنگ لای ماینەوە. دۆستایەتیی مام جەلال لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە بەردەوامە و حسابێکی تایبەتی هەیە، . ئەوەتا ئەمڕۆ دەرئەکەوێ کە وەک یەکیتیی نیشتمانی پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵمان لەگەڵ چین هەیە. هەر لەوێش مام جەلال سەرەخۆشیی وەفاتی باوکمی لێکردم. ئەوەی ڕاستی بێت، تاکو ئەمڕۆش ئە و پەیوەندییە دەوری خۆی هەیە. هەمیشە گوتیم لە مام جەلال بووە نەسیحەتی دەکردین و باسی دەوری کاریگەری چین و حیزبی شیوعیی بۆ دەکردین، زۆربەی هەڤاڵەکان شاهیدی ئە و ڕاستییە ن.

ڕۆژی 03-07-2005 چووم بۆ لای مام جەلال لە قەڵاچوالان. پاش ئەوەی لەسەر ئیشکردن زۆر قسەی بۆ کردم و ڕێنمایی کردم، وتی بڕیارم داوە کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و نوێنەریشم بێت بۆ ئیشوکارەکانی پێشمەرگە، منیش زۆر سوپاسم کرد، بەڵێنم دایە کە هەرچیم بۆ بکرێ، وەک ڕابوردوو درێغی نەکەم و لە خزمەتی پێشمەرگەدا بم.

بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی کاک کۆسرەتم کرد، ئەویش وتی لە مەکتەبی سیاسی بڕیارمان داوە کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و کارەکانی سکرتێری گشتی بۆ کاروباری پێشمەرگە ڕابپەڕێنیت. منیش سوپاسم کرد، وتم ئەگەر ئەمرەکەتان دەرکرد، هەر بە و شێوەیە دەری بکەن.

هەروەها سەردانی کاک ئەرسەلان بایزم کرد، وتی مام جەلال چەند مانگە پێی وتوم کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە و ئەمرەکە دەربکەم. سەردانی مەلا بەختیارم کرد لە بارەگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ئەویش وتی لەگەڵ مام جەلال قسەمان کردووە بۆ ئەوەی بکرێتە لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە، بەڵام لەبەر یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دواکەوتووە. وتویەتی ئەنێرم بەدوایدا بۆ ئەم مەبەستە. پاشان وتی مام جەلال وتویەتی دەعوەتی دەکەم و لەوێ قسەی لەگەڵ دەکەم.

هاتنی عەمرو موسا ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی

ڕۆژی 2005/10/25 سەعات دوانزە چووم بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پێشوازی عەمرو موسا ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی. پاش گەیشتنی و بەخێرهاتنی بردمانە ئوتێل سلێمانی پاڵاس، سەعات 5ی ئێوارە لەگەڵ مەلا بەختیار چووین بۆ ئوتێل سلێمانی پاڵاس. لەلای مام جەلال ڕۆژووەکەیان شکاند، مانگی ڕەمەزان بوو. بۆ شەوێ کۆبوونەوە دەستی پێکرد، ئێمەش بیست لە هەڤاڵان بانگ کرابووین. باسەکانیش لەسەر وەزعی عێراق و حکومەتی عێراق بوو. مام جەلال بەخێرهاتنی کرد و کۆبوونەوە دەستی پێکرد. بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵی چووینە وە بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و خواحافیزیمان لێ کرد.

دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە سلێمانی

ڕۆژی 2005/10/25 سەعات 9:30 سەرلەبەیانی دەنگی دوو تەقینەوە هات. پاش ئەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم کە کەسێکی خۆکوژ بە ئوتومبێل لای دووڕیانەکەی ئوتێل ئەبوسەنا لە ڕێگەی سەرچنار خۆی تەقاندۆتەوە و ئامانجی ئەم کارە تیرۆریستییە مەلا بەختیار بووە. من یەکسەر ڕۆیشتم بۆ جێگەی ڕووداوەکە. ئەوەی گرنگ بوو مەلا بەختیار سەلامەت دەرچوو بوو. چەند بریندارێک هەبوو و خۆکوژەکەش لە ئۆتۆمبێلەکەدا هەندێک ئەندامی جەستەی مابوو. دوای ئەوە یەکسەر چووم بۆ ماڵی مەلا بەختیار. ئیتر هەڤاڵان و دۆست و برادەران هاتن بۆ هەواڵ پرسی، هەر دوای ئەوەش بە ماوەیەک تەقینەوەیەکی تر لەبەردەم وەزارەتی پێشمەرگە ڕووی دابوو و بووبووە هۆی شەهید بوونی دە کەس، کاک نەوشیروان فواد مەستی وەزیری پێشمەرگە سەلامەت بوو، هەر لە ماڵی مەلا بەختیارەوە لەگەڵ ئە و برادەرانەی هاتبوون بۆ لای مەلا بەختیار، لەگەڵ ملازم عومەر و سالار عەزیز پێکەوە چووین بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و چووینە لای وەزیری پێشمەرگە کاک نەوشیروان فواد مەستی و کاک موحسین بایز و جەبار یاوەر. ئێمە لەوێ بووین کە کاک عومەر فەتاح هات، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، پاشان من چوومە وە بۆ لای مەلا بەختیار و ڕۆژانی تریش هەر سەردانم کرد و لەلای بووم، پرسەی شەهیدەکانیش لە و مزگەوتانەی دانرابوو، بەشداریم لەگەڵ کردن. سەبارەت بە تەقینەوەکەش ئاسایش سەرەداویان دەستکەوت و خەریکی لێکۆڵینەوە بوون.

هەڵبژاردنی ساڵی 2005

هەڤاڵان لە مەکتەبی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە بانگیان کردم و وتیان دەبێت تۆش بچیت سەرپەرشتیی هەڵبژاردن بکەیت لە سنووری مەڵبەندی چەمچەماڵ و قەرەداغ. چووم بۆ لای هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم کە لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵ بوو. لەگەڵ برایانی پارتی کە نووری حەمەعەلی لێپرسراوی لقی ئەوێ بوو، کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی بەرنامەیەک دابنێین بە هاوبەشی بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی لیستی کوردستانی کە ژمارە 730 بوو. لەوێش سەردانی ماڵی کەریم ئاغای هەمەوەندم کرد. نانمان خوارد، پاش ئەوە سەعات 3:30 چووم بۆ قەرەداغ، لەوێش لەگەڵ لێپرسراوانی حکومی و حیزبی و کۆمیتەی یەکێتی بەرنامەمان دانا. لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردن لە چەند جێگەیەک وەک ناحیەی قەرەداغ و سێوسێنان و قازانقایە لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە کۆبوونەوە و قسەم بۆ کردن بە حوکمی ئەوەی هەم من ئەوانم دەناسی و ئەوانیش منیان دەناسی، ئەمەش دەوری خۆی هەیە بۆ بڕوابوون و بەخشینی متمانە.

پاش ئەوەش لیستی کوردستانی لە و سنوورەی چەمچەماڵ و قەرەداغ لە سەدا نەوەدی دەنگەکانی هێنا.ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو و بەبێ کێشە هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێکەوتن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی

ڕۆژی 2006/1/21 لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی مام جەلال و مەسعود بارزانی کۆبوونەوە بوو. منیش چووم. لەوێ بڕیاریان دا کە هەردوو ئیدارەکە یەک بگرێتەوە و هەردوو بەڕێز واژوویان کرد لەسەری. تاکو ئە و کاتە حکومەتی عێراق پێک نەهاتبوو. پاش هەڵبژاردن مام جەلال هەر لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان. کێشەی شیعە و سونە و بێنەوبەرەی زۆربوو. نەدەزانرا مەسەلەکان بە کوێ دەگەن.

هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی چون بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەلای مام جەلال بەشداری بکەن قسە لەسەر ڕاوبۆچوونی یەکێتی بۆ ئیعلانکردنی حکومەتی عێراق بکەن. هەر لە و بەینەدا ئیتلافی شیعەکان ئیبراهیم جەعفەریان هەڵبژارد کە ببێتە سەرۆک وەزیران. جەعفەری 64 دەنگی هێنا و عادل عبدالمهدی 63 دەنگ.

کاک ئەرسەلان بایزم کرد کە لە بەغدا گەڕابۆوە، سەردانیم کرد و وتی ئەمرەکە دەردەکەم بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، مام جەلال پێی وتوم خۆت ئامادە بکە. ڕۆژی دووشەممە یان سێشەممە دەچین بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە. ئە وکاتە شیخ جەعفەر لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە بوو. ڕێکەوتین کە ڕۆژی دوو شەممە بچین.

دەستبەکاربوونم لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

ڕۆژی 2006/2/27 لەگەڵ کاک ئەرسەلان لە مەکتەبی ڕێکخستنەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستن و هەندێک لە هەڤاڵانی مەکتەب و مەڵبەندەکان و خزمەکانم چووین بۆ فەرماندەیی و مەکتەبی ڕێکخستن، کە پێکەوە لەیەک جێگەن. لەوێش هەڤاڵان مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی پێشوازییان لێکردین. کاک ئەرسەلان باسی ئاڵوگۆڕی کارەکانی کرد، باسەکە هاتە سەر خۆم. زۆر بە جوانی پێشکەشی کرد، ئەگەرچی لای هەڤاڵان غەریب نەبووم، بەڵام ئوسوڵی کارەکە وایە. پاشان هەموو برادەرانی حازری یەک لە یەک زیاتر خۆشحاڵی خۆیان نیشان داو زۆر باسیان کردم. جوان نییە خۆم لێرەدا بینووسم. سەرە هاتە سەرم، زۆرزۆر سوپاسی هەموویانم کرد و بەڵێنم دا لە خزمەتی پێشمەرگە و میللەتەکەمدا بم. پاش مەراسیم خواحافیزی کرا و ئیتر من لە و ڕۆژە تاکو ئێستا کە ساڵی 2013یە، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم و لەگەڵ هەڤاڵەکانم بە هاوکارێی یەکتر کارەکانی ئەوێ بەڕێوە دەبەین. مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە و هەرچی هێزی چەکداری لیواکان هەیە، لەسەر ئە و مەڵبەندەیە.

دوای ڕۆژانی دەوامکردنم چەند ڕۆژێک هەر لە خزمەتی دۆست و هەڤاڵاندا بووم. پاش ئەوەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند کارەکانی ڕۆژانەمان بەڕێوە دەبرد و هەفتەی جارێکیش فەرماندەیی کۆدەبوونەوە بۆ کاری هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی وەک هەیئەتی فەرماندەیی. زۆربەی هەفتەکان پێنج شەممان لەگەڵ هەموو ئامرلیواکانی هێزی پێشمەرگە کۆدەبینەوە. لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکان بەرنامەی خۆمان دادەنێن.

زۆریش لە سەرۆک عەشیرەتە گەورەکان هاتن بۆ لام بۆ پیرۆزبایی، وەک ئاکۆی عەباس ئاغا وکەریم خانی برادۆست. شەویش میوانی من بوون، سوپاسیان دەکەم. ناوبەناویش میوانی بیانی دێن بۆ لامان.

ئیشی ڕۆژانەمان

هاری شوت کە پلەدارێکی ئەمەریکییە، هات بۆ لامان. لەگەڵ مستەفای سەید قادر لەگەڵی دانیشتین. کاروباری هاوبەشمان لەگەڵ باس کرد، دوایی لەگەڵیدا چووینە لای کاک کۆسرەت. نیوەڕۆ لای بووین. ڕۆژی 2006/3/20 فەرماندەیی لیوای ئەمەریکی هاتن بۆ لامان. من و مستەفای سەید قادر لەگەڵیان دانیشتین. پاشان لەگەڵ هەڤاڵ عەبدوڵڵا کانی بەردی و هەڵۆ پێنجوێنی کە هەردووکیان جێگری من بوون، لەگەڵیان چووین بۆ هەڵەبجە، چونکی ویستیان خۆیان ببینن کە چ کارەساتێکی بەسەر هێناوە. پاشان لەگەڵیان گەڕاینەوە. ئەوانیش سواری هالیکۆپتەر بوون و ڕۆیشتنەوە.

کۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتی

ڕۆژی 04-04-2006 لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند هەڵۆ پێنجوێنی و مەلا ئەحمەد و هەڤاڵانی مەڵبەندەکانی تر پێکەوە چووین هەولێر بۆ ئەنجومەنی وەزیران. لەوێ لە هۆڵی یەکی شوبات کۆبوونەوە دەستی پێکرد. سەعات 11:30. کاک کۆسرەت و کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک نەوشیروان و عومەر فەتاح و فازڵ میرانی لەسەر هاوکاری و پێکەوەکارکردن قسەیان بۆ کردین، کە بە هەموومان خزمەتی خەڵکی بکەین و و هاوکاری تەواویش بکرێ لە بەینی مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتیدا. باسی ئەوە کرا کە چارەنوسی هەموومان بەستراوە بەیەکەوە و هەرهەموومان بە و نەفەسە قسەمان کرد. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە. پاش گەڕانەوەشمان من لەگەڵ جێگر و کارگێڕەکانی مەڵبەند کۆبوونەوەم کرد و لەسەر ئە و نەفەسەی کۆبوونەوەی چواری مانگی هەولێر قسەم بۆ کردن.

ساڵڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی سەدام

ڕۆژی 09-04-2003 ئە و ڕۆژە بوو کە سەدام حسێن و ڕژێمەکەی ڕووخان و عێراق لە دەست خوێناوێژترین تاوانبار ڕزگاری بوو، کە نە لە مێژووی عێراق و لە مێژووی دنیادا وێنەی نەبووە. هەر هەموومان ئە و ڕۆژە بە خۆشی و سەرکەوتنێکی گەورە دەنرخێنین، بەتایبەت کە کوردستان لە دەست ئەم ڕژێمە فاشییە ڕزگاری بوو. لە هەر بستێکی کوردستان دەیان یادگاریی پڕ ئێشوئازارمان لەگەڵ ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرە هەیە. ئەوەندە تاوانیان دەرحەق بە میللەتەکەمان کردووە، لە ژماردن نایەت. جێگەیەک و دوان نییە، بەهەر لایەکی وڵاتدا دەڕۆیت، سوتێنراوە. بۆ ڕاستیی ئەمەش 2006/4/24 لەگەڵ مستەفای سەید قادر چووین بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەوێ بەرنامەی یادی 1974/4/24 بکەینەوە بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت کە لە و ساڵەدا تەیارەکانی ڕژێمی سەدام شاری قەڵادزێ تێکۆشەریان بۆردومان کرد و دەیان و سەدان کەسیان لە خەڵکی شارەکە و خوێندکارانی زانکۆ شەهید کرد. مەبەست لە ئەم یادکردنەوانە دەرخستنی تاوانەکانی ڕژێمە بە هاوکارێی هەموان. لەوێ ڕۆژی 2006/4/24 مەراسیمەکە وەک ساڵەکانی تر بە جوانی بەڕێوە چوو. ئێمەش بەشدار بووین و کاک کۆسرەت لەوێ وتارێکی پێشکەش کرد.

هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆکی کۆماری عێراق

ڕۆژی 2006/4/22 لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە بوو بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار و سەرۆک وەزیران. لەوێ بە زۆرینەی دەنگ مام جەلال هەڵبژێرا بۆ سەرۆک کۆماری عێراق و لە کۆی 275 دەنگ 198 دەنگی هێنا و جەواد مالکی بوو بە سەرۆک وەزیران. بە هۆی ئە و سەرکەوتنە گەورەیەوە لە سلێمانی و جێگەکانی تر بوو بە شایی و ئاهەنگگێڕان، خەڵکی هاتنە سەر شەقامەکان، ئەمەش نیشانەی خەباتی میللەتەکەمانە. دەوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە و مەیدانەدا دیار و بەرچاو بوو.

بوونی شێخ جەعفەر بە وەزیری پێشمەرگە

ئەم ماوەیەی پێش بوون بە وەزیر و دوای ئەوەش لە فەرماندەیی لەگەڵ هەیئەتی فەرماندەیی (مستەفای سەید قادر، مەحموود سەنگاوی و هاشم مام عەلی و کەمال شاکر و بەندە) هەر خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بووین. سەردانی هەموو بنکەکانی مەشقی پێشمەرگەمان دەکرد بۆ ئەوەی وردەوردە لە جاران باشتر بن و خاوەن توانای سەربازی باش بن. ئەوەندەی بۆمان کرا و ئیمکانیات هەبوو، دریغیمان نەکرد، گوێشمان لە داواکانیان دەگرت بۆ ئەوەی ئامادەسازی بکەین بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی و لە و بارەیەوە هەنگاوی باشمان نا. لەم سەردانانەدا چووینە مەیدان لای خانەقین، سەرای سوبحان ئاغا لە

شارەزوور، سەنگاو، چەمچەماڵ، کفری، پشدەر، کۆیە. ڕۆژی 2006/5/14 لەگەڵ شێخ جەعفەر چووین بۆ هەولێر. ئە و ڕۆژە بوو بە وەزیری پێشمەرگە. لەوێش هەڤاڵانی پارتی پێشوازییان لێکردین.

هاتنەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ سلێمانی

پاش ئەوەی مام جەلال بوو بە سەرۆکی کۆماری عێراق، ناوبەناو دەهاتەوە بۆ سلێمانی. ئێمەش زۆرینەی برادەران لە سەرکردایەتی و کادێرەکان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێدەکرد. هەموو جارێک خۆم دەچووم. مەگەر جارێک لە سلێمانی نەبووبم، نەک هەر من، زۆرینەی هەڤاڵەکانی سەرکردایەتی و کادێرە دیارەکان دەچووین بۆ فڕۆکەخانە. ئەمەش ئەرکێکی هاورێیانە بوو وەک سکرتێری حیزبەکەمان و وەک سەرۆک کۆماریش، جارجارەش هەندێک قسەی خۆشی سااڵنی خەبات دەهاتە پێشەوە.

لەگەڵ ژەنەڕاڵ ئەدینۆی ئەمەریکی

پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ناوبەناو ئەفسەرە گەورەکانی ئەمەریکا سەردانیان دەکردین بۆ فەرماندەیی. ئەدینۆ ئەفسەرێکی پلەبەرزی ئەمەریکی بوو، داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ سنووری مەرگە و کانی توو زۆر جێگەی تریش بۆ ئەوەی لەسەر وەزعی ئەنفال جێگەکان ببینێ و منیش بۆی ڕوون بکەمەوە. ڕۆژی 03-06-2006 سەعات هەشتی سەرلەبەیانی بەرێ کەوتین. ئە و جێگەیانەی پێویست بوو، هەنگاوبەهەنگاو هەڵوێستەمان کرد و بۆم باس کرد. چووینە گوندی ئاوەژی و لەوێش سەردانی قەبری دایکم کرد. پاش شەهیدبوونی لە 1987/11/24 بە دەستی ڕژێم لەوێ ناشتومانە و نەمان هێناوەتەوە. پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ دێی مەرگە و لەوێ سەردانی ماڵی بەڕێز مەلا موحەڕەمی ئیمام و خەتیبی مەرگەمان کرد. لە ماڵی ئەوان نانی نیوەڕۆمان خوارد. مەلا موحەڕەم کەسایەتییەکی ناوچەی بنگرد و مەرگەیە. کچەکەشی لەگەڵ دایکم لە ماڵی ئێمە بە ژەهرەکەی حکومەت شەهید بوو. موتەلیبی کورپێشی لە ساڵی 1996 شەهید بووە. ئەدینۆ زۆر سوپاسی کردین و تاکو ئێستاش ناوبەناو پەیوەندیمان هەیە.

مام جەلال و کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرماندەیی

پاش ئەوەی مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆمار، دەستی کرد بە کارەکانی خۆی. دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان ڕۆژی 2006/6/12 بانگی کردین بۆ قەڵاچوالان و کۆبوونەوەیەکی پێکردین. ئەوانەی بەشدار بووین (مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، هاشم مام عەلی، نەوشیروان فواد مەستی، مامۆستا عەزیز، کەمال شاکر، جەبار یاوەر، موحسین بایز، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم). لەم کۆبوونەوەیەدا کە لێپرسراوانی هێزەکانی پێشمەرگە لەوێ بوون، باسی دەوری هێزی پێشمەرگەی بۆ کردین کە چۆن لە ڕابوردوودا گەورەترین دەوری مێژوویی هەبووە و ئەم ڕۆژگارەی هێنایە کایەوە. لە کۆبوونەوەکەدا ڕێنمایی ئەوەی پێداین لە جاران زیاتر بەرنامەی باش دابڕێژین بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، چونکی خەبات زۆری ماوە. هاوکات تەئکیدی لێ کردینەوە کە لە کەموکوڕییەکان ئاگاداری بکەینەوە بۆ ئەوەی بە گوێرەی پێویست چارەسەری بکات. هەریەکە هەڤاڵانی بەشداربوو لای خۆیەوە بەشداریی کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیان خستە ڕوو. لە کۆبوونەوەکەشدا سەرنجی ڕاکێشاین بۆ ئەوەی ڕیزەکانی یەکێتی بەهێز بکەین و ڕێکخستنی پێشمەرگەش زیاتر لە جاران دەوری خۆی ببینێ.

هەر هەمان ڕۆژ شەوەکەی مام جەلال گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئێمە وەک فەرماندەیی هەموو ڕۆژێکی پێنجشەممان

کۆبوونەوەی هەفتانەمان هەبوو، ناوبەناو هەموو فەرماندەیی لیواکانمان بانگ دەکرد بۆ ڕێکخستنەوەی لیواکان. ئەم کۆبوونەوانە تاکو ئێستاش بەردەوامییان هەیە. ئێستا نیوەی هێزەکانمان وەک هێزێکی یەکگرتوو لە وەزارەتی پێشمەرگە تێکەڵ کردۆتەوە، کە هەڤاڵ شێخ جەعفەر وەزیریەتی. بەندە بۆ کارەکانی فەرماندەیی و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی ناوبەناو سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکەم و ڕێنماییەکان لە کاک کۆسرەت و هەڤاڵانی تر کە بەرپرسیارن لە کاروباری پێشمەرگە، وەردەگرین.

ڕۆژی 2006/6/21 لەگەڵ کاک کۆسرەت چووین بۆ هەولێر بۆ پەرلەمان، کاک کۆسرەت بوو بە جێگری سەرۆکی هەرێم و لەوێ سوێندنی یاسایی خوارد. زۆربەمان بەشدار بووین. من و شێخ جەعفەر و مامۆستا بەکر سەعید و کاک ئەرسەلان بایز پێکەوە بووین. پاش ئەوە مۆڵەتم وەرگرت و سەفەرێکی هۆڵەندام کرد، مانگێک زیاترم پێچوو. هەر پاش گەڕانەوەش وەک جاران لە ئیشوکارەکاندام.

ڕۆژی 08-08-2006 هالیکۆپتەری ئەمەریکییەکان هاتن بەدوامانداو بۆ فەرماندەیی و خۆم و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا عەزیز و کەمال شاکر و ڕەهبەری سەید ئیبراهیم و نەبەزی ئەحمەد کوردە لە فەرماندەییەوە سواربووین و چووین بۆ تکریت بۆ بارەگای فیرقەی چوار، کە عەبدولعەزیز موفتی ئامرفرقەکەیە بۆ ئەوەی دەوروتەسلیم لەگەڵ ئەمەریکییەکان بکرێت و تەسلیم بە هێزەکانی سوپای عێراق بکەنەوە. لەوێش وەزیری بەرگری عێراق عبدالقادر عبیدی و موفق ڕبیعی هاتن قسەیان لەسەر سەربەخۆیی عێراق کرد و دەوری سوپای عێراقیان باس کرد. ڕابوردوودا موفق ڕبیعی هەندێک قسەی کردبوو. کە بینیمان، گلەیمان لێکرد، ئەویش قبوڵی کرد و داوای لێبوردنی کرد، وتی من کورد و دۆستایەتیی کوردم خۆش دەوێت. نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئەمەریکییەکان بە هالیکۆپتر هێنانیانەوە بۆ بارەگای فەرماندەیی لە سلێمانی.

ناوبەناویش من کۆبوونەوەی ئەنجومەنی مەڵبەندم جێبەجێ دەکرد و لەسەر وەزعی ڕۆژ و ئە و کارانەی دەهاتە پێشەوە، قسەمان دەکرد و بڕیاری گونجاومان بۆ دەدا.

کۆبوونەوەی هاوبەشی فەرماندەیی و فەلەک بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی

ڕۆژی 02-08-2006 سەعات هەشت و نیو لە سلێمانییەوە بەرێ کەوتین بۆ سەری ڕەش. وەفدەکە پێک هاتبووین لە (کاک کۆسرەت، مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، جەبار یاوەر، عەمید قارەمان). هەیئەتێکی پارتی بە سەرۆکایەتیی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و (فەریق شیروان عومەر عوسمان، زەعیم عەلی، ئەنوەری حاجی عوسمان، محەمەد قازی) پێشوازیی لێکردین. هەر یەکە لە کاک مەسعود و کاک کۆسرەت باسی ئەوەیان کرد کە دەبێت بەرنامەیەکی بەپەلە و باش دابنێین بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە. هاوکات باسی گرنگیی ئەم یەکگرتنەوەیەشیان بۆ کردین بۆ مێژوو دەیڵێم هەردوولامان ئەم یەکگرتنەوەیەمان بە کارێکی یەکجار پیرۆز زانی. هەریەکەشمان لای خۆمانەوە بەشداریی قسەکانمان کرد بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە. پاش سێ سەعات کۆبوونەوە کۆتایی هات و لەسەر ئە و ڕاسپاردە و بڕیارانەی دابوومان، گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان بۆ ئەوەی بەرنامە دابنێین بۆ کاری پێویست.

لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕێک کەوتین. سەرکردایەتیی هەردوولا بە پەرۆشەوە بڕیاریان لێدابوو، ئێمەش هەم لای خۆمانەوە چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵ فەرماندەکانی خۆمان جێبەجێ کرد و ڕاوبۆچوونمان لێوەرگرتن بۆ ئەوەی دەستبەکار بین.

هەروەها لە نێوان فەرماندەیی و فەلەکدا چەندین کۆبوونەوەی دوو قۆڵیمان ئەنجام دا. هەردوولا لە سەرەتادا هەفتانە کۆدەبوونەوە و بە کارەکاندا دەچوونە وە چیمان کردووە و بۆ داهاتوو چی بکەین. بەڕاستیش هەنگاوی باشمان نا. ڕۆژانی دواتریش بە چروپڕی کۆبوونەوە هاوبەشەکانمان لە بەینی هەردوولادا ئەنجام دەدا، چونکی هێزی جیاوازمان هەبوو لە دوو پارتی جیاوازدا، هەردوولا هێزی پێشمەرگەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە خۆیان لە فەرماندەیی و فەلەکدا دەبینییەوە. لە ساڵانێکدا شەڕمان بووە پێکەوە و هەردوولاشمان ئازاری شەڕەکان باش دەزانین، کە کوڕی فەقیر و هەژار بوونەتە سوتەمەنیی ئەم شەڕە نەگریسە. چونکی خۆمانی تێدا بووین، دەمانزانی دەبێ چی بکەین کە بۆ داهاتووی میللەتەکەمان بۆ ئەوەی تووشی ئەم ماڵوێرانییە نەبینەوە. هەر لەبەر ئەوە زۆر بە هەست و هۆشیارییە وە وەک یەک ستاف کارمان لەسەر دەکرد. کە کۆدەبوونەوە، شتێکمان نەبوو جیاواز بێ لە یەکتر، ئەمەش هەم خواستی ئێمە و هەم خواستی خەڵکی و کەسوکاری شەهیدان بوو، کە ڕۆڵەکانیان بووبوون بە قوربانی ئە و ماڵوێرانی و شەڕە.

کە دەهاتە سەر باسێک، هەموومان وەک یەک بیرمان دەکردەوە و جیاوازیمان نەبوو. ئە و ئیرادەیەش سەرکەوت، ئەوەتا ئێستا خۆشبەختانە یەک وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە و هێزەکان لەوێدا خۆیان دەبینێتەوە، ئەوەی مابێتیش، هەر ئیشی لەسەر دەکەین بە مەبەستی هێناکایەی یەکڕیزی و یەکهێزی.

لەسەر ئەم یەکهەڵوێستی و یەکگرتنەوەیەش کۆبوونەوەکانم لەگەڵ مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە هەفتانە بەردەوام بوو بۆ ئەوەی ئە و زەمینە باش و گونجاوە سازوئامادە بکەین بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن و هێزەکانمان ئامادە بن بۆ یەکگرتنەوە. بەتایبەت لە جاران زیاتر لەگەڵ ئە و کۆمیتەیەی ناو وەزارەت دادەنیشتین بۆ بەرنامەی گونجاو و جێبەجێکردنی. هەروەها بۆ سەرکەوتنی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە بەرنامەیەکی باشمان دا و سەردانی شوێنەکانمان کرد وەک پشدەر، ڕانیە، کەلار، هەولێر، کۆیە، سلێمانی و شارەزوور. لەگەڵ هەموو ئە و هێزانەی هەمان بوون، دانیشتین و لەسەر گەورەیی و گرنگی قسەمان بۆ کردن و ڕەئمان وەرگرتن لەسەر چۆنێتیی جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکان.

هاتنی وەزیری بەرگریی عێراق و جێگریی فەرماندەیی هێزی بەریتانیا

ڕۆژی 2006/8/23 وەزیری بەرگریی عێراق و جێگری فەرماندەیی هێزی بەریتانیا هاتن. سەعات 11:30 لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکردن. ئە و هەڤاڵانەی بەشدار بوون، ئەمانە بوون: (مستەفای سەید قادر، زەعیم عەلی، شێخ جعفەر). لەوێ لە فەرماندەیی پێشوازیمان لێکردن. دوایی چووینە وەزارەتی پێشمەرگە و کۆبوونەوە. دیارە ئەم کۆبوونەوە و هاتوچۆیە زیاتر لەگەڵ هاوپەیمانەکان ئەنجام دەدرا، چونکە ئەوان بەشێک بوون لە هێزەکانی ڕزگارکردنی عێراق لە دەست سەدامی خوێنڕێژ. پاش ئەوە لەگەڵیان چووین بۆ لای کاک کۆسرەت.

شەوێ لەسەر شاخی ئەزمر بووین لە ئوتێلەکەی ئەزمر، ڕۆژی دوایی لەگەڵ شێخ جەعفەر چووین بە دوایاندا و بردمانن بۆ فڕۆکەخانە و گەڕانەوە بۆ بەغدا. پاش ئەوە وەفدەی پارتی، کە پێک هاتبوون لە زەعیم عەلی و فەریق شیروان، گەڕانەوە. ڕۆژی 07-09-2006 دیسانەوە کۆبوونەوەی هەردوولا لای سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی بۆ هەمان مەبەست کرا و هەر ئە و هەڤاڵانە چووبووین، لەبەر ئەوەی بە یەکێک لە کارە گرنگەکانمان دەزانی و دامانناببوو لە پێشەوەی ئیشەکانمان بێت.

هاتنەوەی مام جەلال لە بەغداوە

سەعات حەوت و نیو لەگەڵ دکتۆر خەسرە و گوڵ محەمەد چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و چاوەڕوانی مام جەلال بووین بێتەوە. لەگەڵ زاڵمای خلیل زاد هاتن و لەوێشەوە پێکەوە سەفەریان کرد.

هەڵبژاردن

لەسەر هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی لە مەکتەبی سیاسییەوە و بە نامەی هەڤاڵ ئەرسەلان بایز بە ڕەسمی ئاگاداریان کردم بچم بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن لە سنووری پشدەرو بتوێن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کێشەکان بزانم و چارەسەریان بکەم. لە نامەکەشدا هەموو دەسەڵاتێکی حیزبی و حکومیم پێدرا. منیش بڕیارم دا بۆ ڕۆژی دوایی کە دەکاتە 05-08-2006 بڕۆم. کە چوومە ئەوێ، چاوم کەوت بە لێپرسراوان محەمەد وەتمان و حەسەنە گەورە. قسەمان زۆر کرد لەسەر ئە و مەسەلەیە و ڕێگەی سەرکەوتنی.

هەر لەگەڵیان سەردانی جێگە پێویستەکانم کرد و چووم بۆ باوزێ و ناحیەی ئیسۆی. قسەم بۆ خەڵکەکە کرد کە بە ویژدانەوە دەنگ بدەن، دیارە ئەمەش بێ سەرئێشە نییە. هەرکەسەش دەیەوی ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، دەری بچێنێ. لەوێ کەموزۆر باش بەڕێوەچوو. لە گەڕانەوەدا بووم و گەیشتبوومە کانی وەتمان، کاک ئەرسەلان بایز تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی هەر ئێستا بچۆ بۆ تەقتەق. لەوێ کێشە دروست بووە و لە نزیکەوە چارەسەری بکە. کێشەکە تایبەت بوو بە کۆمیتەی سێ گرتکان. من هەر لەوێوە ڕێگام بەرە و تەقتەق گۆڕی. لەوێ بە هیمەتی برادەرانی کۆیە کێشەکەمان چارەسەر کرد و دوایی گەڕامەوە بۆ مەڵبەند.

دیسانەوە کاک ئەرسەلان تەلەفۆنی کرد وتی دەبێ بچیت بۆ سەرکەپکان لای ڕانیە. لەوێش کێشە دروست بووە، بەرە و ئەوێ بەڕێ کەوتم و گەیشتم. لەوێش کێشەی پۆلێکی دێی گوڵان هەبوو، کە لە بەینی خۆیاندا ڕێک نەدەکەوتن. ئەوێشمان چارەسەر کرد و کردمان بە دوو بەشەوە. ئەوانیش بەم چارەسەرە ڕازی بوون. لەگەڵ ئەم کارانەش ناوبەناو دەگەڕامەوە بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە بۆ ئەوەی کاری ئەویش بەهاوکاریی هەڤاڵەکان جێبەجێ بکەم.

بردنەوەی تەرمی شەهیدان

ڕۆژی 2006/11/20 لەگەڵ ئیسماعیل مەحموود و چەند هەڤاڵێکی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە کە خەڵکی سنووری باڵەکایەتی بوون، سەعات نۆ چووین بۆ ڕانیە. دوو شەهیدمان هەبوو کە ساڵی 1988 لەکاتی پڕۆسەی ئەنفال لە دێی دۆڵ مازەڵە شەهید بووبوون. شەهید مەهدی مەلا غەفور و ڕەمەزان. لەگەڵیان چووینە وە بۆ چۆمان و لەوێ لە وڵاتی خۆیان بە خاکمان سپاردن. لەسەر مەزاری پیرۆزیان بە ناوی فەرماندەیی و مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە قسەم کرد لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئە و دوو شەهیدە، کە لە ڕێگەی گەل و یەکێتیی نیشتمانیدا گیانی خۆیان بەخت کرد. تۆ وەرە تەماشای ئە و ڕۆژگارە بکە خەڵکی باڵەکایەتی و لە کوێ شەهید بوون، ئەویش یەکێتیی نیشتمانی ڕێگەنیشاندەریان بوو. هەڤاڵ ئازاد جندیانی لەوێ بوو و لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهیدان قسەی کرد. هەروەها مەلا حەسەن لێپرسراوی ناوچەکە قسەی کرد. دوای مەراسیمی بە خاک سپاردن گەڕاینەوە.

کاری هەمیشەیمان لەسەر خزمەتی پێشمەرگە و هەنگاونان بوو بۆ چاکتر و بەهێزکردنی. هەر لە و سەروبەندەی

هەڵبژاردنەکان هەندێک ئاڵۆگۆڕ کرا و هەندێک هەڤاڵ تازە بوونە لێپرسراوی مەڵبەند. ئێمەش سەردانمان کردن و پیرۆزباییمان لە خۆیان و ستافی هەڵبژێراو کرد.

لە ڕۆژنامەکان هەواڵی ئەوە بڵاو کرایەوە کە نەوشیروان مستەفا وازی هێناوە. هەفتەنامەکانی(چاودێر و ئاوێنە) نووسیبوویان کە نەوشیروان مستەفا وازی لە مەکتەبی سیاسی هێناوە و بەنیازە سەنتەرێکی توێژینەوە دابنێ. بۆ ئەم هەواڵە و هەندێکی تر سەردانی هەڤاڵانم کرد. دیار بوو زەمینەی ئەم وازهێنانە لە دەمێکەوە بوو. ئەو کاتە هەڤاڵ مستەفای سەید قادر لە بەغدا بوو لای مام جەلال. بە تەلەفۆن قسەمان کرد و کە هاتیشەوە، وازهێنانی کاک نەوشیروان پشتڕاست و کردەوە وتی بە ڕەزامەندیی مام جەلال سەنتەرێکی توێژینەوە دادەمەزرێنێت. ڕۆژی 12/7 سەعات 12:30 وەک هەمیشە چووم بۆ لای کاک نەوشیروان. ناڕەحەتیی خۆم نیشان دا لای کە وازی هێناوە، دیارە بڕیاریش لای خۆی بوو.

هاتنی ئیبراهیم عەلاوی بۆ کوردستان

ڕۆژی 2006/12/9 ئیبراهیم عەلاوی هاتبوو بۆ سلێمانی. ئیبراهیم عەلاوی هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ڕابووردووم بوو، کە لە حیزبی شیوعیی عێراق (قیادەی مەرکەزی) پێکەوە بووین. تاکو ئە و ڕۆژەی لە حیزبدا بووم، زۆربەی کاتمان پێکەوە بووین، چەندین سەفەری دەرەوەی کوردستانمان کردبوو بۆ سوریا و لوبنان لە ساڵەکانی 1970 تاکو 1973 تا ئە وکاتەی خۆم وازم هێنا. پەیوەندییەکی دۆستانەی پێکەوەژیانمان هەبوو. کە هاتبوو بۆ سلێمانی، میوانی کاک فاروق مەلا مستەفا بوو. ئە و سەردەمە ئەویش لە قیادەی مەرکەزیدا بوو. دۆستی دێرینی بوو لە ڕابووردوودا و ئێستاش پەیوەندییان بەهێزە. ئیبراهیم عەلاوی هەتا بڵێیت کەسێکی خۆنەویست و زیرەک و دڵسۆز بوو بۆ بیروباوەڕی مارکسزم و لینیزم. زۆر شتی لێ فێر بووم، بە یەکێک لە دیارترین کەسە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق دەزانم. بەداخەوە ئێستا تەمەنی هەڵکشاوە و توانای جارانی نەماوە.

کاری ڕۆژانەم لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند (عەبدوڵڵا کانی بەردی، وەستا ڕەسوڵ، مەلا یاسین) بەڕێوە دەبرد. چەندین جار سەفەری ئە و جێگەیانەمان کردووە، کە ڕێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی لێبوو، چونکی مەڵبەندی پێشمەرگە گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە. سەردانەکانمان بۆ خانەقین بوو بۆ لای پاسەوانی سنوور نازم وەستا شەریف، کە ئامرلیوای پاسەوانی سنووری خانەقینە، هەروەها بۆ هەموو شوێنەکانی تر لە هاتوچۆدا بووین. لەسەر هەر کێشە و کارێک بهاتایەتە پێشەوە، ئەوەی بە خۆمان نەکرایە، هەڤاڵ مام جەلالمان ئاگادار دەکردەوە. بۆ هەر جێگەیەک بچووینایە، لەگەڵ ئەفسەرەکان کۆبوونەوەمان دەکرد و لەسەر وەزعی ڕێکخستن و ئە و شتانەی دەهاتنە پێشەوە، قسەمان بۆ دەکردن.

ئێمەش بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی پێشمەرگە بکەین، لە و جێگەیانەی پێویست بوو، سەنتەری ڕووناکبیریی پێشمەرگەمان دروست کردبوو. ئەم سەنتەرانە زیاتر بۆ هۆشیارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە بوو. ئە و شتانەی پێی هەڵدەستان، ئەمانە بوو: 1- نەخوێندەواری بوو، سەدان سەرباز و پلەداری نەخوێندەواریان پێگەیاندووە 2- فێربوونی زمانی ئینگلیزی 3- دەورەی کۆمپیوتەرمان بۆ دەکردنەوە 4- ناوبەناویش بۆ چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک وەرزێکی ڕۆشنبیریمان دەکردەوە و خەڵکە خاوەن تواناو شارەزاکانمان دەعوەت دەکرد. هەریەکەیان لەسەر بابەتێک قسەیان بۆ دەکردن و تاکو ئێستا بەردەوامە.

باسکردنی بەستنی پلنۆم

لەناو هەڤاڵانی ڕێکخستنی مەڵبەندەکان باسی کۆنگرە و پلینۆم دەکرا. لای ئێمەش لە مەڵبەند لەگەڵ هەڤاڵانی جێگر و کارگێڕەکان هەمان باس دەکرا. لام باش بوو لەم قۆناغەدا پلینۆم بگرین نەک کۆنگرە. دیارە هاتنەوەی بە مام جەلالیش بۆ سلێمانی باسەکان لە بەینی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و مەڵبەندەکان گەرمتر بوون.

چوونمان بۆ مەسیف بۆ لای سەرۆکی هەرێم

بڕیار بوو بچین بۆ مەسیف. فەرماندەیی و فەلەک بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی کۆبوونەوەمان هەبوو. بڕیار بوو کاک کۆسرەتیش لەگەڵماندا بێت.

ڕۆژی 2006/12/27 ئەم هەڤاڵانە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووین (کاک کۆسرەت، مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، موحسین بایز، جەبار یاوەر و خۆم). سەعات دەونیو کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. برایانی پارتی پێک هاتبوون لە (کاک مەسعود، زەعیم عەلی، عومەر عوسمان). کاک مەسعود پاش بەخێرهێنان لەسەر گرنگیی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە قسەی بۆ کردین، کە زەرورە و دەبێت بەزووترین کات جێبەجێی بکەین. هاوکاریکردنیشمان لەلایەن دۆستە هاوپەیمانەکانەوە بە یەکگرتنەوەوە بەستراوە و بەڵێنیان دابوو هەموو پشتیوانییە کمان بکەن بە مەرجی ئەوەی ئەوەی یەک بگرینەوە، لەبەر ئەوە دەبێ دەستوبرد بکەین. کاک کۆسرەت و هەڤاڵانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە بەشداریان کرد لە باسوخواسەکاندا خاڵی هاوبەشی تێکڕای قسەکان پێداگیری بوو لەسەر یەکگرتنەوە. نانی نیوەڕۆمان لەسەر خوانی کاک مەسعود خوارد و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. پاش گەڕانەوەم سەردانی هەڤاڵ مەلا بەختیارم کرد و قسەمان لەسەر پلینۆم و واجباتی من بۆ ڕاپەڕاندنی کرد. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 12/28 چووم بۆ قەڵاچوالان بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی دەرچووانی کۆلێژی سەربازی بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال. فەریق کەمال موفتی لەوێ بوو. منش لەباتی فەرماندەیی بەشداریم تێدا کرد.

خۆئامادەکردن بۆ پلینۆم

لەگەڵ هەڤاڵانی جێگر و کارگێڕەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی مەڵبەندمان کرد و لەسەر گرنگیی پلینۆم قسەمان کرد و خۆمان بۆ ئامادە کرد. منیش خۆم ئامادە دەکەم بۆ پلینۆم کە قسەی خۆم بکەم و دەزانم چی دەڵێم.

لە سێدارەدانی سەدام حسێن

ڕۆژی 2006/12/30 یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو. سەعات شەش تاوانبار سەدام حسێن لە سێدارە درا. ئەمەش یەکێک بوو لە ڕۆژە خۆشەکان و ڕووداوێکی مێژووپی بوو. دەستی ئە و کەسە خۆش بێت کە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. با کەسوکاری شەهیدان دڵخۆش بن بەوەی کە ئە و تاوانبارەی دەیان و سەدان و هەزاران خەڵکی کورد و عەرەبی لە سێدارە داوە، بە سزای خۆی گەیشت.

دواین ڕۆژەکانی ساڵی 2006 بە و خۆشییە گەورەیە کۆتایی هات، جەژنیش بوو بە چەند جەژنێک. شیعە پێی خۆش بوو، عەرەبی سونە پێیان ناخۆش بوو. لای ئێمەش شایی و زەماوەند بوو، پیرۆزباییمان لە یەکتر دەکرد بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەم تاوانبارەی مێژوو.

سەردانی دکتۆر فوئاد مەعسوم مان کرد

یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی 2007 و دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان سەعات یانزە لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵان سەردانی دکتۆر فوئادمان کرد و دەربارەی پلینۆم و دەوری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ پلینۆم قسەمان کرد. هەندێک لە هەڤاڵەکان بە حوکمی ئەوەی لە سوپای عێراقدا بوون یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوون، نەیاندەتوانی بەشداری بکەن. ئێمەش زەختمان لەسەر بوو. بۆ ئە و مەبەستە چووینە لای دکتۆر فوئاد. ئە و لێپرسراوی یەکەمی پلینۆم بوو، بڕیار بوو دکتۆر فواد ئاگادارمان بکاتەوە.

کۆبوونەوەی مەڵبەندەکان بە سەرپەرشتیی مام جەلال

سێهەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە قەڵاچوالان مام جەلال سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی کرد بۆ قسەکردن لەسەر پلینۆم. کۆبوونەوەکە سێ سەعات بەردەوام بوو. بڕیاریش درا ڕۆژی 07-01-2007 پلینۆم بگیرێ.

تاکو ڕۆژی بەستنی پلینۆم هاتوچۆ لە بەینی هەڤاڵانی سەرکردایەتی و م.س و مەڵبەندەکان گەرم بوو. ئەوەندە چڕوپڕ بوو، هەموومان سەرقاڵی بووین بۆ ئەوەی پلینۆمەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت. منیش خۆم گرێیەکی گەورە لە دڵمدا بوو، ماوەیەکی زۆر بوو پێوەی دەتلامەوە. بە پلەی یەکەم دەبوو وەک لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە کە گەورەترین مەڵبەندی حیزبی یەکێتی بوو، خۆم و هەڤاڵەکانم، ئەوانەی بەشداریی پلینۆمیان دەکرد، ئامادە بکەم. دووەمیش، پاش ڕزگارکردنی عێراق چەند هەڤاڵێک ناومان هاتبوو گوایە فایلمان هەیە و پیاوی ڕژێمی بەعس بووین تا کاتی ڕووخانی. هەر کەسەش بەرپرسیارە لە کاری خۆی. ئیتر من زۆرم پێخۆش بوو، فرسەتێکی باش بوو ڕاستگۆیانە لەبەردەم بەشداربووانی پلینۆمدا بەرگری لە خۆم بکەم.

بەستنی پلینۆم لە قەڵاچوالان

ڕۆژی 07-01-2007 سەعات دە پلینۆم لە قەڵاچوالان لە هۆڵی شەهید شەهاب دەستی پێکرد. بەشداربووانی پلینۆم 808 ئەندام بوون. پاش بەخێرهێنان لەلایەن دکتۆر فوئاد مەعسومەوە، مام جەلال ڕاپۆرتی سیاسیی پێشکەش کرد و ماوەی دوو سەعاتی خایاند تاکو تەواوبوو. لە ڕاپۆرتەکەدا باسی هەموو لایەنەکانی کردبوو. دوایش چەند لێژنەیەک دروست کران بۆ قسەکردن لەسەری، یەکێک لە لێژنەکان لێژنەی سکاڵا بوو. بۆ ڕۆژی دووەم خۆم ئامادە کردبوو قسە بکەم لەسەر ئەوەی بۆم دروستکرا بوو. هەموو شتەکانم بە دیکۆمێنت و نووسراوەوە ئامادە کرد. چونکی نەدەکرا تەنیا بە قسە بەرگری لە خۆم بکەم، دەبوو بە بەڵگەوە ڕاستییە کان بۆ هەڤاڵانی بەشداربووی پلینۆم ئاشکرا بکەم. لەسەر هەموو مەسەلە گرنگەکان قسە کرا. لەسەر مەسەلەی فایلەکان ناوی پێنج کەسمان هاتبوو، من خۆم یەکێک بووم لە و ناوانە. ئیجازەم لە بەڕێوەبەری ئیدارەی پلینۆم وەرگرت و چوومە سەر مەنەسەکە. لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەدا و بەرامبەر 808 ئەندامی پلینۆم قسەم کرد و باسی تەمەنی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسیی خۆم کرد. زۆر قسەم کرد لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆم و بنەماڵەکەم. پاش ئەوەی هەموو ڕاستی و ڕووداوەکانم گێڕایەوە، لەبەردەم پلینۆمدا وتم ناچمە خوارەوە، ملپێچێکم لە ملدا بوو، وتم دەبێ بمخنکێنن ئەگەر بچوکترین هەڵەم هەبووبێت. دوای ئەوەی ڕاستییە کان ڕوون بوونەوە، هەموو بەشداربووانی پلینۆم بە چەپڵەڕێزان پشتیوانیان کردم، نەک هەر بە دانیشتنەوە، بەڵکو هەڵسانە سەر پێ و هۆڵی پلینۆم چەندین دەقیقە دەنگی دەدایەوە. منیش سوپاسم کردن. هەم توانیم ڕاستییەکان بخەمە ڕوو و هەم بەرگریەکی باشم کرد. سوپاسی هەموو بەشداربوانی پلینۆمم کرد، کە ڕۆڵە و

هەڤاڵی خۆیان ناسی. ئە و کاتە بۆ من خۆشترین کات بوو.

هەر دوای ئەوەی ئێمەش مام جەلال هاتەوە و بەیانی کۆتایی پلینۆم خوێندرایەوە و کۆتایی پێهات. هەندێک هەڤاڵی یەدەک سەرکەوتن بۆ سەرکردایەتی. هەڤاڵان و کادێرەکان سەدان تەلەفۆنیان بۆ کردم بۆ دەستخۆشیکردن لە ڕوونکردنەوەکانم لە پلینۆمدا. ڕۆژانی دوایی زۆریش لە هەڤاڵان و کۆمیتەکان هاتنە ماڵەوە بۆ لام بۆ پشتیوانیکردنم و سەرکەوتنم لەبەردەم پلینۆمدا، هەروەها لە مەڵبەندی پێشمەرگەش چەندین ڕۆژ پێشوازیی هەڤاڵان و کادێرەکانم دەکرد. ڕۆژانی دوایی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی نوێ بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد، پاش دابەشکردنی کارەکان کۆبوونەوەی دوایی تایبەت بوو بە کەرکووک.

ڕۆژی 2007/1/15 لە چوارتا لە ڕادیۆی گەلی کوردستان چاوپێکەوتنی ڕادیۆییم هەبوو. ڕاستەوخۆ لەسەر وەزعی یەکێتی و پێشمەرگە و پلینۆم وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە. هەروەها هەڤاڵ بەرزانی ئەحمەد کوردە بەشدار بوو. ئەوەی پەیوەندی بەوە هەبوو، وەڵامی دایەوە، بڕیار بوو جەمال حاجی محەمەدیش بێت، بەڵام بۆی نەکرابوو و نەهات. هەر ئە و ڕۆژە هەواڵێکی زۆر خۆشمان زانی، کە بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر لە سێدارە دراون، ئەمانە تاوانباری گەورەن دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و عێراق. زۆر دڵخۆش بووین بە و هەواڵە.

دوای پلینۆم لەگەڵ (مستەفای سەید قادر) کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بە پلەدارەکانی هێزی پێشمەرگە کرد و قسەمان بۆ کردن. ئەوانیش لە کۆبوونەوەکەدا هەندێک ڕاوبۆچوونی خۆیان باس کرد.

لە دوای پلینۆم کارمان زیاتر بوو. لەبەر ئەوەی مستەفای سەید قادر چوو بوو بۆ سەفەر، کارەکانی فەرماندەیی و مەڵبەندم جێبەجێ دەکرد، ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو و قورس بوو. هێزی پێشمەرگە گەورە بوو و کاری ڕۆژانەیان زۆر بوو. بۆ ئەم کارانەش ناوبەناو سەردانی کاک کۆسرەتم دەکرد و ڕاوێژم لەگەڵ دەکرد، بە تایبەتیش لە کاتێکدا مام جەلال سەرقاڵی کاری بەغدا بوایە. لە و ماوەیەی دوای پلینۆم ئاڵوگۆڕ کرا، مەڵبەندەکان زیاد کران و هەر قەزایەک مەڵبەندی بۆ دیاری کرا و کەوتنە سەر کاری خۆیان.

لە کۆبوونەوەکانی فەرماندەییدا چەندین جار قسەمان لەسەر کەرکووک کرد. بۆ مەسەلەی کەرکووک لەگەڵ هەڤاڵانی پەیوەندیدار کۆبوونەوەمان کرد، بەتایبەت لەگەڵ مەڵبەندی کەرکووک بۆ ئەوەی هێزیان بۆ بنێرین. لام باش بوو لەبەر ئە و حاڵەتە حەساسەی لە کەرکووک هەیە، پرس بە مام جەلال بکەم بۆ ناردنی هێز بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوی لەسەر بێت.

ڕۆژی سێشەممە 2007-02-06 هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی ئاگاداری کردم وتی مام جەلال لە بەغدا داوای هەردووکمانی کردووە بچین بۆ بەغدا. بۆ ڕۆژی دوایی مەلا بەختیار و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا سەیفەدین و خۆم لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە چووین بۆ بەغدا، پاش گەیشتنمان و پشوودان، دوای نیوەڕۆ چووینە لای مام جەلال. ئەویش لەبەر ئەوەی میوانی زۆر بوو، تەنها بینیمان و نانمان پێکەوە خوارد. ئە و سەردەمەش وەزعی بەغدا هەر خراپ بوو، تەقینەوە بەردەوام بوو. مام جەلالیش زۆر سەرقاڵ بوو بە بینینی ئەم حیزب و ئە و حیزب و حکومەت.

ئێوارەکەی لەگەڵی دانیشتین و باسی وەزعی عیراق بۆ کردین کە چەند پرکێشە و زەحمەتە، باسی هێزی پێشمەرگەی لەگەڵ من و مەحموود سەنگاوی کرد و داوای لێکردین کە لیوایەکی تریشی بۆ ئامادە بکەین. لەبەر

ئەوەی ئە و هێزەی خۆی کە لەگەڵیەتی، دەبێ بە فیرقە. پاش قسەکردن لەگەڵ مام جەلال بڕیارمان دا پاش گەڕانەوەمان دەست بکەین بە ئامادەکردنی لیوایەکی تر و بۆی حازری بکەین.

دانیشتنی دووقۆڵی لەگەڵ مام جەلال

پێش ئەوەی بچین بۆ بەغدا، لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار باسی ئەوەم کردبوو کە ئەمەوێ واز لە سەرکردایەتیی یەکێتی بهێنم. ئەویش وتی لەگەڵ مام جەلال باسی بکە. وتم مام جەلال داوایەکی تایبەتی خۆم هەیە. پاش ئە و سەرکەوتنە گەورەیەی لە پلینۆم بە دەستم هێنا، ئەمەوێ لە کاتێکدا واز بهێنم. وەزعم زۆر باشە و کێشەم لەگەڵ کەس نییە. من لە دوو کۆنگرە و چەندین پلینۆمدا دەنگی زۆر و کادێر و پێشمەرگەم هێناوە. مام جەلال لە وەڵامدا وتی خەڵکی و پێشمەرگە تۆیان خۆش دەوێ، وازهێنان نییە، من پشتیوانت دەبم بۆ داهاتوو و لە کۆنگرەی داهاتووش پاڵێوراوی خۆمی. ئەمە قسەی مام جەلال بوو لەگەڵم. منیش ڕازی بووم و سوپاسم کرد. ئە و چەند ڕۆژە هەر لە بەغدا بووین و لە دەوری مام جەلال بووین. خۆ وەزعی بەغدایش ئەوەندە نائەمینە، هی ئەوە نییە بچیتە بازاڕ و دەرەوە، کارمان تەواو بوو و وێستمان بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی.

هەر لە و کاتەشدا وەفدێکی فەلەستین لای مەحموود عەباسی سەرۆکی فەلەستینەوە هاتبوون و پێک هاتبوون لە دکتۆر ئەسعەد عەبدولڕەحمان و حمادە فراعنە. لای دکتۆر فوئاد دەعوەت بوون. ئێمەش لە بەغدا لەگەڵیان بووین. هەر لە بەغداش لەگەڵ مەحموود سەنگاوی چووینە فڕۆکەخانەی موسەنا، لیوایەکمان لەوێ هەبوو و ئەنوەر دۆڵانی فەرماندەیان بوو. لەوێش کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ فەرماندەکانیان کرد لەسەر وەزعی هێزی پێشمەرگە و واجباتیان لە بەغدا، چونکی لە و سەردەمەدا بە هۆی وەزعی خراپی بەغداوە لیوایەکی ئێمە چووبوون و هاوکارییان دەکردن، دەورێکی یەکجار باشیان هەبوو و جێی ڕەزامەندی بوون لای خەڵکی بەغدا. ئێوارەش هاتینەوە لای مام جەلال و بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە دەکەین و بەیانی بگەڕێنەوە. مام جەلال هەندێک ڕێنمایی تریشی کردین کە چی بکەین. ڕۆژی 2/11 لەگەڵ ئە و هەڤاڵانەی پێکەوە چووبووین، گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. بۆ ڕۆژی دوایی مەحموود سەنگاوی تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سبەینێ دەبێ بچین بۆ هەولێر. کۆبوونەوەی فەرماندەیی و فەلەک هەیە، مانای پارتی و یەکێتی.

ئە و هەڤاڵانەی ڕۆژی 2007/2/14 کە ڕۆیشتین بۆ کۆبوونەوەکە، پێک هاتبووین لە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، جەبار یاوەر، موحسین بایز، خۆم). مەبەستی کۆبوونەوەکەش ئەوە بوو هەردوولامان قسە لەسەر یاسای وەزارەتی پێشمەرگە بکەین و بەرزی بکەینەوە بۆ سەرۆکی هەرێم. هەڤاڵانی پارتیش پێک هاتبوون لە (فەریق عەلی، فەریق شیروان عەبدولڕەحمان، محەمەدی قازی، عەبدولڕەحمان بێشوکی، عومەر عوسمان، ئەنوەری حاجی عوسمان). ماوەی سێ سەعات لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر کۆبوونەوە و قسەمان لەسەر خاڵبەخاڵ کرد و بڕیارمان دا بەرزی بکەینەوە بۆ سەرۆکی هەرێم.

ڕۆژی 09-02-2007 چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و بۆ پێشوازی لە هاتنەوەی مام جەلال، کە هەمیشە سەرقاڵی کارەکانی بەغدایە و ماندووە. دوای هاتنەوەشی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەستیان پێکرد و هەندێک ئاڵوگۆڕ لە جێگەکاندا کران.

1- کوردۆ قاسم بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان.

2- حامدی حاجی خالد بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی.

3- مامۆستا جوامێر بوو بە لێپرسراوی مافی مرۆڤ.

4- شەماڵ عەبدولوەفا بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

بەشێک لە کۆبوونەوەکان کە تایبەت بوو بە کەرکووک، برادەرانی کەرکووک ئامادە بوون (ڕزگار عەلی، جەلال جەوهەر، ڕەفعەت عەبدوڵڵا) و لەگەڵ مام جەلال دانیشتین تایبەتیان کرد بە ئامادەبوونی بەرهەم سالح و عەدنان موفتی بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی لەسەر کەرکووک قسە بکرێ و بەرنامەی باشی بۆ دابنرێت. هەرچی پێویست بێت، بۆی بکرێ. دیارە وەزعی کەرکووک قسەی زۆر هەڵدەگرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 2/24 مەسعود بارزانی هات بۆ لای مام جەلال لە دوکان بۆ ئەوەی گوتاری کورد یەک بێت لەسەر عێراق و کوردستان.

سەفەرمان بۆ ئوردن

مام جەلال نەخۆش کەوتبوو و لە ئوردن بوو. بڕیارمان دا سەرکردایەتی یەکێتی کە ژمارەمان 30 هەڤاڵ زیاتر بوو، سەردانی بکەین. ڕۆژی 04-03-2007 سواری تەیارە بووین بەرە و عەمان بۆ خەستەخانەی مەلیک حسێن کە مام جەلال لەوێ کەوتبوو. ماوەی نیو سەعاتێ لای ماینەوە. چوویینە هۆڵێکی خەستەخانە و خۆی هات بۆ لامان لەگەڵی دانیشتین. لە هەواڵیمان پرسی، ئەویش سوپاسی هاتنەکەی کردین و وتی پێویستی نەدەکرد زەحمەت بکێشن. هەر هەمان ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لە ڕاستیشدا نەک هەر ئێمە، هەموو خەڵکی کوردستان بە پەرۆش بوون بوی.

کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکییەکان

ڕۆژی 05-03-2007 یادی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بوو کە لە شاری ڕانیە وە بوو. من هەموو سااڵێک دەچم بۆ بەشدارپی ئە و ڕۆژە پیرۆزە، بەاڵم لەبەر گرنگیی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکییەکان مامەوە. ئەمەریکییەکان هاتبوون بۆ لای کەسوکاری ئە و کەسانەی لای قەرە تەپە بە هۆی هەڵەی تەیارەکانی ئەمەریکاوە شەهید بوون. من و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا عەزیز و کەمال شاکر لەگەڵ ئەمەریکییەکان دانیشتین. ئەمەریکییەکان هاوکارییەکی ڕەمزییان هێنابوو بۆ کەسوکاری شەهیدەکان. دواپی من لەسەر ئە و کارەی ئەمەریکییەکان لە تەلەفزیۆن قسەم کرد.

من نامەیەکم بۆ ئەمەریکییەکان نووسی و گلەیم لێکردن لەسەر ئە و مەبلەغەی کە هێنابوویان بۆ کەسوکاری هەشت پێشمەرگە شەهیدەکەمان، چونکی مەبلەغێکی زۆر کەم بوو. ئانا کە لە فەرماندەیی لامان بوو، نامەکەی بۆ وەرگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی. لە نامەکەشدا داوای کەسی یەکەمیانم کرد، کە بێت بۆ لامان. ئەویش بڕیاری دابوو ڕۆژی یەک شەممە بێت بۆ لام.

هاتنەوەی مام جەلال لە عەمان

ڕۆژی 2007/3/14 مام جەلال پاش چاکبوونەوەی لە عەمان گەڕایەوە. نێچیرڤان بارزانی هاتبوو، لە ماڵی کاک

کۆسرەت نانی نیوەڕۆمان خوارد و چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پێشوازیی مام جەلال. پاش ماوەیەک لەگەڵ دکتۆر بەرهەم و ئەرسەلان بایز و هێرۆخان و فەخزی زەنگەنە گەیشتنەوە. لەلایەن خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانییە وە گەورەترین پێشوازیی لێکرا. بە بۆنەی چاکبوونەوەی مامەوە دەیان سەر مەڕیان لەسەر شەقامەکان سەربڕی. شەویش لەسەر شەقامەکانی سلێمانی خەڵکی ئاهەنگی دەگێڕا.

ڕۆژی 2007/3/20 سالڕۆژی ڕزگارکردنی شاری کەرکووکە و ڕۆژێکی پیرۆزە لای خەڵکی کوردستان. هەر هەمان ڕۆژی تەها یاسین ڕەمەزان کە جێگری سەدام حسێن بوو، لە بەغدا لەسێدارە درا. لەسێدارەدانەکەی لەسەر کوشتاری دوجیل بوو و سزاکەی حەق خۆی بوو. کورد هەمووی پێ خۆش بوو.

جەنەڕاڵ پاتریوس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا هات بۆ سلێمانی، من و مستەفای سەید قادر لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکرد و لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ لای مام جەلال، ماوەیەک لەلای مایەوە. هەر خۆشمان هێنامانەوە و ڕەوانەمان کردەوە بۆ جێگەی خۆی. ئیبراهیم جەعفەری هات بۆ لای مام جەلال بۆ ماڵەوەیان، پاش نانخواردنی نیوەڕۆ گەڕاینەوە و بەجێمان هێشت.

لە فەرماندەیی بەسەرپەرشتیی مستەفای سەید قادر و مەحموود سەنگاوی و خۆم کۆبوونەوەیەکمان دەربارەی وەزعی سنووری پێنجوێن کرد. ئەنسارولئیسلام پەلاماری لای باشماخیان دابوو. بڕیارمان دا هێزێک بنێرین، خۆم لەگەڵیان بچم و کۆبوونەوە بە هێزەکانی ئە و سنووڕە و لێپرسراوەکانیان بکەم. هێزەکەش تەسلیم بەوێ بکەم بۆ زیاتر توندوتۆڵکردنی سنووڕەکە.

هەر لە و سەروبەندەدا سەفیری ئینگلیز و قائیدی سەربازیی ئینگلیز هاتن. لە فڕۆکەخانەی سلێمانی مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و خۆم پێشوازیمان لێکردن، بە هالیکۆپتەر هاتبوون. بردمانن بۆ لای مام جەلال لە دەباشان بۆ بارەگای خۆی، بۆ ئەوەی مام جەلال دەوری خۆی بگێڕێ بۆ بەربوونی 15 سەربازی ئینگلیز کە لە خلیج گیرا بوون. پاش قسەوباس هێنامانەوە بۆ لای خۆمان و ڕەوانەمان کردنەوە.

پاش چوار ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن، عیراق هەر نائارام بوو و کوشتن و تەقینەوە هەبوو. نەگونجانی حیزبەکان و شیعە و سونە بەردەوامیی هەبو و، مام جەلالیش زۆر ماندوو بوو بەم کارەوە.

ڕۆژی 2007/4/18 هەڤاڵانی فەرماندەیی چووین بۆ خانەقین، لەگەڵ ئەمەریکییەکان کۆبوونەوەمان هەبوو. چووینە بارەگای پاسەوانی سنوور لای نازم وەستا شەریفی فەرماندەی لیواکە. پاشان فەرماندە ئەمەریکییەکان هاتن بە ناوی جنراڵ سوتەرلاند و فەرماندەیەکی تر بە ناوی بروکس Brooks. مەبەستی ئێمە ئەوە بوو زیاتر کە ڕێگەمان بدەن و داوامان کرد هێزێک بنێرین بۆ دەوری سەعدیە و لای خانەقین. لە قسەکاندا وتی دەسەڵاتی من نییە و کە گەڕامەوە باسی دەکەم. بۆشمان ڕوون کردەوە لەبەر کاری تیرۆریستانە، چونکی لەوێوە دزە دەکەن. پاش قسەیەکی زۆر لەسەر ئە و باسە وتی کە چۆوە، لەگەڵ کەسانی سەرووی خۆی باسی. دەکات کۆبوونەوە کۆتایی هات و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

بەڵام ڕۆژانە هەڤاڵانی فەرماندەیی کۆبوونەوەمان دەکرد بۆ بڕیاردان لە چۆنێتیی پڕکردنەوەی ئە و بۆشاییە گەورانەی هەیە و ناردنی هێز بۆیان، ئەمجارەیان بۆ بەینی بێجی و کەرکووک بۆ پاراستنی نەوت و کارەبا لەبەر تیرۆریستان. دەبوو حساباتی هەموو ناوچەکان بکەین و چیمان پێبکرێ، بۆیان جێبەجێ بکەین.

لەگەڵ بەختیار چیمەنی سەردانی کولیەی ئەرکانم کرد لە چوارقورنە لە قەڵاکە، کە خوێندکارانی ئەرکان لەوێ دەرس دەخوێنن. جەلال حەمەعەلی ئامری کولیەکەیە. ماوەی سەعاتێک و دە دەقیقە قسەم بۆ خوێندکارەکان کرد و باسی شۆڕشەکانی کورد و بەتایبەت شۆڕشی نوێم بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بۆ کردن. خوێندکاران هەندێک پرسیاریان کرد، منیش وەڵامم دانەوە. نانی نیوەڕۆشمان لەلایان خوارد و پاشان گەڕاینەوە.

هاتنی ئیبراهیم عەلاوی ئەبولەیلا بۆ سلێمانی

ڕۆژی 2007/5/23 لە ماڵی خۆمان ئیبراهیم عەلاوی و فاروق مەلا مستەفا و ماجد عەلاوی برای ئەبو لەیلا و وەستا محەمەدی پوورزامم دەعوەت کرد. من و ئیبراهیم عەلاوی ساڵانێکی زۆر لە حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزیدا پێکەوە بووین و لە ساڵەکانی 1969 و بەدواوە سکرتێرمان بوو. برایەتی و هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش بوو، تاکو ئە و ڕۆژەی وازم هێنا لە حیزبی شیوعی هێنا، زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین. چ لە کوردستان و چ لە لوبنان و سوریا. من جێگەی متمانە و بڕوای بووم. لە دەرەوە پێکەوە لە یەک خانوودا دەژیاین. پاش ئە و هەموو ساڵە و ئە و دابڕانە دوورودرێژە لە یەکتر خۆشەویستیی ڕۆژگارەکانمان هەر لەبیرە. بە واجبی خۆمم زانی لە خزمەتیدا بم. ئە و ڕۆژە لە ماڵی خۆمان هەموو ئە و بەڕێزانەی ناوم هێنان، دەیان بیرەوەریی ئە و ڕۆژگارە سەخت و زەحمەتەمان بە بیری یەکتر هێنایەوە. لای من ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، بەداخەوە ئێستا ئەبولەیلا تەندروستیی تەواو نییە، تەمەنی هەڵکشاوە و لە لەندەن دەژی. بەڵام پیاوی مەرد و تێکۆشەر هیچ کاتێک لەبیر ناچێتەوە. هەمیشە بە مامۆستای خۆمم زانیووە و زۆر شتی لێوە فێربووم، یادی بەخێر بێت.

کارکردن لە فەرماندەیی

چەند جارێک لەگەڵ سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی کۆبوونەوەمان کردووە لە نێوان فەرماندەیی و فەلەکدا. ئێمە لەلایەن یەکێتییەوە بۆ هەموو ئە و شتانە دەچووین، کە پەیوەندیی پێمانەوە هەبوو. کۆبوونەوەی 2007/5/28مان لەلای سەرۆکی هەرێم زیاتر بۆ ئەوەبوو کە نێچیرەڤان بارزانی و هەیئەتێکی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ هەندێک مەسەلە چووبوون بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بەڵام هەروا گەڕابوونەوە. لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەی بەغدا چەندین جار هاتوچۆمان کرد. بەڵام حکومەتی ناوەندی بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەدەکرد. هەر بۆ نموونە بە واژووی مالکی بڕیاری دوو دامەزراندنی دوو فیرقەی سەربازی لە کوردستان درا. هەتا ئێمە لە فەرماندەیی و فەلەک جێگەشمان بۆ دیاری کرد. بەڵام پاش چەندین هاتن و چوون هیچ ئەنجامێکی نەبوو. نەک هەر ئەمە، هەموو شتەکانی تریشیان هەر وابوون. بۆیە هیچ متمانەیەک بە حوکمی مالکی نەدەکرا.

ئە و سەردەمەی کە ئیبراهیم جەعفەریش سەرۆکی وەزیران بوو، بێکێشە نەبووین. ڕۆژی 2007/7/23 مام جەلال ئاگاداری کردین ئیبراهیم جەعفەری لە بەغداوە دێت بۆ سلێمانی، ئێمەش بچین لە فڕۆکەخانە پێشوازیی لێبکەین و لەگەڵ خۆمان بیبەین بۆ لای. لەگەڵ مەلا بەختیار و جەلال جەوهەر و مستەفای سەید قادر چووین بۆ پێشوازیی جەعفەری. سەعات نۆ لە فڕۆکەخانە دابەزی، سەعات دوانزەونیو لە مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد. لەوێش هەڤاڵان ئەرسەلان بایز و عومەر سەید عەلی بەشدار بوون، دواییش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قسەیان کرد.

پاش ئەوەی شەوێک مایەوە، ڕۆژی دواتر لەسەر شاخی ئەزمر دەعوەتی کاک کۆسرەت بوو. بە و بۆنەیەشەوە

دەعوەتی حیزبە کوردستانییە کانیان کردبوو. لەوێ بە گشتی قسەکانی باش بوون. بەڵام تاکو ئێستا ڕۆژبەڕۆژ وەزعەکە خراپتر دەبێت. هەموو ئە و قسانەی دەیکەن و ئە و بەڵێنانەی دەیدەن، بەتایبەت بەڵێنەکانیان بە مام جەلال، جێبەجێی ناکەن و کێشەکانمان هەروەک خۆیان ماونەتە وە.

ڕێککەوتنی ستراتیژیی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا

قسەی زۆر لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژیی کراوە، چ لە پێش ڕێککەوتن و چ لە دوای ڕێککەوتن. تاکو ئێستاش لەلایەن هەردوو حیزب و خەڵکیشەوە قسەوباسی لەسەر دەکرێت. ڕۆژی 2007/4/27 بە سەرپەرشتیی مام جەلال و مەسعود بارزانی ئەم ڕێککەوتنە واژوو کرا و تاکو ئێستاش بەردەوامیی خۆی هەیە. ئەم ڕێککەوتنە بۆ کورد هەر زۆر باش بوو، دەبێت هەردوولامان تەبا و ڕێک بین هەرچەند جیاوازی لە بیروبۆچوونماندا لەسەر مەسەلەکان هەبێت. تەبایی نێوان هەردوو حیزب دەبێ هەمیشە بەردەوامیی هەبێ بۆ خزمەتی کوردستان. ئەگەر جارێکی تر شەڕ دروست ببێتەوە، هەموو خەڵکی کوردستان زەرەر دەکەن و حورمەت و هێزی خۆمان لای خەڵکی کوردستان و دەرەوە لەدەست دەدەین. ئەگەر شتێک بێتە پێشەوە لەگەڵ هەر لایەنێکی تردا، ئەگەری زۆرزۆری هەیە چارەسەر بکرێ، بەڵام لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ماڵوێرانیی لێدەکەوێتەوە. حەق وایە ئە و ڕێککەوتنە هەر بەردەوام بێ، بەتایبەت هەموو دۆستەکانمان لە جیهان بە ئەمەریکی و ئەورووپییەوە ڕێنمایی ئەوەیان کردووین کە وا پێویستە پێکەوە بژین، بەتایبەت لە مەیدانی پێشمەرگە و سەربازیدا، من خۆم ئاگاداری ڕێنماییەکانیانم. ئیتر هەموو ڕێککەوتن و کارێکیش بێکەموکوڕی نابێ، هەر لایەنەش دەبێ لە داوای خۆی بێتە خوارەوە، هەموو شتێک بە دڵی لایەک نابێت.

هەر دوای ئەوە 7/29 بە سەرپەرشتیی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا بۆ دوو خاڵی سەرەکی، یەکێکیان وەزعی کوردستان و عێراق و دووەمیان ڕێککەوتنی ستراتیژی. ڕێککەوتنەکەش خوێندرایەوە و قسەی لەسەر کرا. دوای ئەوەش باس لە ڕێککەوتنی چوارقۆڵی نێوان یەکێتی و پارتی و حیزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلا کرا و دوای نیوەڕۆ قسەی لەسەر کرا. دوای ئەم ڕێککەوتن و کۆبوونەوانە مەڵبەندەکانمان ئاگادار کردەوە کە بۆ هاندانی گیانی پێکەوەژیان ئەم ڕێککەوتنە بۆ خەڵکی باس بکرێت و بەندەکانی جێبەجێ بکرێت.

کێشەی دەوری خانەقین لەلایەن تیرۆریستانەوە

لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە ڕۆژانە لە و سنوورە کۆنە بەعسییەکان و تیرۆریستەکان و قاعدە خەریکی شەهیدکردنی کوردن و تەقینەوە دەکەن. ئێمەش هێزەکانمان لە سنووری خانەقین و سەعدیە و جەلەولا ئامادە کردووە. لەگەڵ مەلا بەختیار چووین بۆ سەردانیان و چووینە قوڵایی ئە و جێگەیانەوە. ئەوکاتە ش عەمید چەتۆ سااڵح لێپرسراوی پۆلیسی ئە و سنوورە بوو و سەرپەرشتیی دەکرد. سەردانی هەموو جەبهەکانمان کرد و لە هەندێک جێگە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن بۆ ئەوەی زیاتر دەوریان هەبێ بۆ بنبڕکردنی کاری تیرۆریستی. لە و سەردانەماندا لەگەڵ زۆری خەڵکی و دائیرە کان کۆبوونەوەمان کرد. ئەم سەفەرەشمان هەموو سنوورەکەی گرتەوە بە کفریشەوە.

سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی 08-08-2007 لەگەڵ ملازم عومەر و سەلاحەدین موهتەدی و محەمەدی موهتەدی لە سلێمانییە وە چووین بۆ کۆیە بۆ لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە دووبەش بووبوون. یەکەم جار چووینە

لای سکرتێری حیزب مستەفا هیجری و برادەرانیان و سەعاتێک لایان دانیشتین. پاشان چووین بۆ لای برادەرانی تری حیزب حەسەن ڕەستگار و هەڤاڵەکانیان. لەوێش باسمان لە وەزعی عێراق و کوردستان کرد. جەلیلی گادانی و فەتاحی کاویان لەوێ نەبوون و چووبوون بۆ سلێمانی. لە گەڕانەوەیاندا بە هۆی تەلەفۆنەوە لە چنارۆک یەکمان گرتەوە و ماوەیەکی باش پێکەوە بووین. بەڵام کاک فەتاح نەخۆش بوو. دوایی هەردوو لامان گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان.

سەردانی مامۆستا بەهادین نووری

ڕۆژی 2007/9/15 لەگەڵ سکرتاریەتی مام جەلال (ئاوات عومەر و خالد محەمەد ئەمین) بە نوێنەرایەتیی مام جەلال چووین بۆ قەرەداغ بۆ دێی تەکیە بۆ لای مامۆستا بەهادین نووری، کە نەخۆش بوو و لە جێگەدا کەوتبوو. سڵاوی مام جەلالمان پێگەیاند. مامۆستا بەهادین تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی حیزبی شیوعی عێراق و کوردستانە. لە عێراق و کوردستان ناسراوە، لە ساڵەکانی پەنجادا سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە. لە ژیانی خۆیدا لە ساڵەکانی چلەکاندا زیندان بووە، بە هۆی نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەنەوە لە جێگەدا کەوتووە. لە خزمەتی بیروباوەڕی مارکسیزم و لینیزمدا لە کوردستان و عێراق دەوری هەبووە و کەسێکی دیار بووە، لەم ساڵانەی دواییدا وازی لە حیزبی شیوعی هێناوە.

دروستکردنی فیرقەیەک لە سنووری سلێمانی و گەرمیان

ڕۆژی 2007/9/19 لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیئەتی فەرماندەیی لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە شێخ جەعفەر و جەبار یاوەر و موحسین بایز کۆبووینەوە بۆ پێکهێنانی فرقەیەک و ئامادەکردنی ناوەکان. پاش قسەکردن لەسەری بەرنامەمان دانا بۆ جێبەجێکردنی. حکومەتی مالکی بە بڕیار و واژووی مالیکی خۆی بڕیاری دا لە سنووری هەرێمی کوردستان دوو فیرقەی سەربازی دروست بکرێ. ئێمەش لای خۆمانەوە سەرقاڵی دروستکردنی بووین. لە سنووری هەولێر و بادینانیش ئامادەکاریی بۆ دروستکردنی فیرقەکەی تر کرا. بەڵام تاکو ساتی نووسینی ئەم بیروەرییانە کە ساڵی 2013یە، هیچی جێبەجێ نەکرا و هەر دەستیدەستیمان پێدەکەن. نەک هەر ئەوە، ئەوەتا لەباتی دروستکردنی دوو فیرقەکە لەگەڵ هێزەکەی مالکی لە سەنگەردا بەرامبەر یەک وەستاوین. خۆ ئەگەر حکومەت ڕاستی بکردایە و دوو فیرقەی دروست بکردایە بۆ خزمەتی عێراق و دژی تیرۆریستان و ناحەزانی حکومەت دەبوو. بەڵام ئەوان هەر کاتیان دەکوشت و بەڵێنەکانیان ڕاست دەرنەچوو. تاکو ئێستا هەر لە و بازنەیەدا دێین و دەچین، وەفدمان دەچێت و هی ئەوان دێن، کەچی هیچی لێ پەیدا نەبوو. بەم عەقڵیەتەی حکومەتی مالکییەوە کارێکی دروستکردنی دوو فیرقەکە ئاسان نییە.

ئێمە لای خۆمانەوە ڕۆژانە ئیش بۆ ئەم مەبەستە دەکەین. ڕۆژانی دواتر لەگەڵ هەموو فەرمادەیی لیواکان کۆبووینەوە و چەندین جار پرسوڕاوێژمان پێکردن. هەموو شتێکیشمان حازر کرد، بەڵام هیچ دیار نەبوو. خەتاکەشی مالکی و دەوروپشتی بوو، بڕیارمان دا کە مام جەلال هاتەوە، ناوەکان بخەینە بەردەستی و ڕەزامەندی ئەویشی لەسەر بێت. کات دێت و دەڕوا و مانگەکان بوون بە ساڵ. بۆ دروستکردنی ئەم دوو فرقەیە هەر دەستی دەستیمان پێدەکەن، هەر ڕۆژەی بیانوویەک دەهێننەوە، هەروەک لە پێشەوە باسم کرد، ڕەزامەندی مالکی لەسەر بوو، دیار بوو پاشگەز بوونەتەوە لێی.

ساڵی 2007 کۆتایی هات و ئە و شتانەی کە پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە هەبوو، لای حکومەتی مالکی هەروەک خۆیان مانەوە. وەفدی کوردی بە سەرپەرشتیی نێچیرەڤان بارزانی چوون بۆ بەغدا بۆ قسەکردن

لەسەر بوجەی نەوت و پێشمەرگە. کە گەڕانەوە باسەکانیان بۆ گێڕاینەوە و قسەکانیان دڵخۆشکەر نەبوو، بە تایبەتیش مەسەلەی پێشمەرگە.

کێشەکان لە چەند لایەکەوەیە، لەولاوە تورکیا هەڕەشە دەکات و تۆپباران بەردەوامە، بەتایبەت لە سنووری قەندیل. خەڵکی ناوچەکە زەرەرێکی زۆریان پێگەیشتووە، لە دێی لیوژێ چەندین کەس بریندار بوون. لە لایەکی تریشەوە عێراق بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد و موچەی پێشمەرگە یەکلایی نەکرایەوە. تەقینەوەش لە عێراق و بەتایبەت کەرکووک بەردەوام بەردەوام بوو.

ڕۆژی 2007/2/18 مام جەلال بە بۆنەی هاتنی جەژنی قوربانەوە لە بەغدا گەڕایەوە. هەموومان لە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکرد. بە و ڕۆژی جەژنە فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی سنوورەکانی لای ڕانیە یان کرد لە ساوسێوکان بەینی ڕانیە و ڕواندز، لە بادینان و لای خواکورکیش بۆردومان بەردەوامە.

کۆبوونەوەی کۆتایی ساڵی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی 2007/12/30 لە قەڵاچوالان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی مام جەلال سەعات دەونیو کۆبوونەوە دەستی پێکرد. لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و پەیوەندیی کوردستان و عێراق باسوخواس کرا. هەر لە و کۆبوونەوەیەدا وەزعی پێ کاکا باس کرا قسە لەسەر پەیوەندیی ئێمە و پارتی و مادەی سەدو چل و کەرکووک کرا. کۆبوونەوەکە تەواو نەبوو و بڕیار درا سبەینێ جارێکی تر کۆببینەوە. ڕۆژی دوایی هەڤاڵ کۆسرەت سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی کرد. هەموو کارە سیاسی و ڕێکخستنەکان قسەی لەسەر کرا. هەر مەکتەبە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد، بڕیار درا لە ساڵی داهاتوودا ڕۆژی 03-01-2008 کۆبوونەوەیەکی تر بە سەرپەرشتیی مام جەلال بکرێت. دوای کۆبوونەوەکان کە داوامان لێکرا ڕەئی خۆمان بنووسین بۆ ئەوەی کێ سەرۆکی وەزیران بێت. من لە نامەیەکدا ڕەئی خۆم بۆ مام جەلال نووسی، کە دکتۆر بەرهەم ببێت بە سەرۆکی حکومەت، لە حاڵەتی نەهاتنەوەشیدا نێچیرڤان بارزانی ببێت بە سەرۆکی حکومەت.

چووینە ساڵی تازەوە. لە ساڵی 2008 کۆبوونەوەکەی سێی مانگ بە سەرپەرشتیی مام جەلال بۆ تەواوکردنی کۆبوونەوەکانی کۆتایی ساڵی 2007 ئەنجام درا و لە بەیانی کۆتاییدا بڕیار درا بە دانانەوەی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی وەزیران.

هەموو جارەکان بە هاتنەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی کۆبوونەوەکان بە گەرموگوڕی دەستیان پێدەکردەوە. مام جەلال قسەی لەسەر هەموو خاڵە گرنگەکان بۆ دەکردین. ڕۆژی 2008/1/16 نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند بچین بۆ بەغدا بۆ لای و لەوێ چاومان پێ بکەوێ. وەڵامی نامەکەی دامەوە و وتی جارێ زۆر سەرقاڵم، هەرکات ماوەم هەبوو، بروسکەتان بۆ دەکەم.

ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند چووین بۆ دوکان بۆ پێشوازی لە هێنانەوەی تەرمی 354 ئەنفالکراوی دۆڵی جافایەتی، کە لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێندا ئەنفال کرابوون بۆ ئەوەی لە دوکان بە خاکیان بسپێرین. مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی منیان ڕاسپارد بچم سەرپەرشتیی هێنانەوەی تەرمەکان بکەم. لەوێش لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکاندا زۆربەی هەڤاڵان بەشدار بوون، لە ناویشیاندا کاک کۆسرەت.

بۆ سەفەرەکەی بەغدامان بۆ لای مام جەلال شاڵاو تەلەفۆنی کرد و وتی ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ هەڤاڵانی

مەڵبەند بڕۆن بۆ بەغدا، مام جەلال داوای کردوون. منیش هەڤاڵانم ئاگادار کرد. ڕۆژی سێشەممە گەیشتینە بەغدا. هەر بەگەیشتنمان پاش چاخواردنەوە لای مام جەلال کۆبوونەوە دەستی پێکرد. ئە و ڕۆژە لەگەڵ مەڵبەندی پێشمەرگە کۆبووینەوە. سێهەم کۆبوونەوەشمان دکتۆر بەرهەم بەشدار بوو لەگەڵمان. خاڵێکی گرنگی تر کە مام جەلال قسەی بۆ کردین، لەسەر کۆنگرە بوو و وتی دەبێ هی هەمووان بێ.

دکتۆر بەرهەمیش لە ماڵەکەی خۆی دەعوەتی کردین. ڕۆژی دوایی منیش لەگەڵ لیوای پاسەوانەکانی مام جەلال و کۆمیتەکەیان کۆبوونەوەیەکم کرد، لەسەر وەزعی یەکێتی و هۆشیاریان لە بەغدا قسەم بۆ کردن. ئێوارەکەی کارەکانمان تەواو بوو و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. ئەم سەفەرەمان سەرکەوتو بوو. هەڤاڵانی مەڵبەندیش زۆریان پێ باش بوو. پاش گەڕانەوەمان لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەی مام جەلال لەگەڵ هەموو کۆمیتەکان کۆبوونەوەمان کرد و قسەم بۆ کردن.

سەفەری هۆڵەندام کرد

لە هۆڵەنداوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و وتیان زاهیر برات وەزعی باش نییە و تووشی نەخۆشیی خراپ بووە. منیش یەکسەر بلیتم بڕی بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ لای. خالیدی خاڵم لەگەڵم هات. خالید پێشمەرگەی کۆنی یەکێتیی نیشتمانییە، هەردووکمان پێکەوە ڕۆژی 08-02-2008 سوار بووین بۆ ڤێنا و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا بۆ لای زاهیری برام. زاهیر خۆی بۆ نەشتەگەری ئامادە دەکرد. ڕۆژی 2/20 بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەری، پاشان دکتۆرەکان دڵنیایان کردین کە وەزعی باشە و ئەوەی پێویست بووە، بۆیان کردووە و سەرکەوتوو بووە. لەبەر ئەوەی زوو فریای کەوتوون. زاهیر نەخۆشیی پروستاتی هەبوو.

خزمان و کەسوکار و دۆستان لە هەموو جێگەیەکەوە هاتن بۆ لای. لەبەر ئەوەی کەسێکی دیارە، لە شۆڕشی ئەیلوول ساڵی 1974 لە گەرووی هۆمەر ئاغا بەر بۆمبی فسفۆر کەوتووە و تاکو ئێستا پێوەی دەناڵێنێ. کوردەکانی ئەوروپا دەیناسن. هەر پاش ماوەیەکی کورت و هاتنەدەرەوەی لە خەستەخانە کۆمیتەی بەنەلوکسی هۆڵەندا و میدیای کوردی مەراسیمێکیان ڕێک خست بۆ ڕێزلێنان لە زاهیری برام لە مەیدانی مارکادوپلێن لە ئەمستردام. منیش قسەم لەسەر خەباتی زاهیر و بنەماڵەکەمان کرد. کەسێکی هۆڵەندی بانگهێشت کرابوو، کەسایەتییەکی هۆڵەندی بوو و پارێزەری هەموو کوردەکان بوو لە ساڵەکانی 1975 تاکو ئەم دواییە. فان بنی کۆم قسەی لەسەر ناسینی زاهیر و دەوری زاهیر کرد. هاورێکانی زاهیر بیرەوەرِیی خۆیان لەگەڵ زاهیر گێڕایەوە. بۆ ئە و و هەموومان ڕۆژێکی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. پاش ئە و ماوەیەی لای زاهیر بووین، ئیتر خۆمان بۆ گەڕانەوە حازر کرد. ڕۆژی 05-03-2008 گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. نیهادی هاورێشم لەگەڵ هاتەوە، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی چووبوو بۆ هۆڵەندا و ئەڵەمانیا. ئەویش نەخۆشیی شێرپەنجەی پەنکریاسی هەبوو. بەداخەوە دوو مانگی نەبرد نیهاد وەفاتی کرد. برادەرێکی زۆر خۆشەویستم بوو، کەسایەتییەکی دیاری شاری سلێمانی و تێکۆشەرێکی دیار بوو.

یادی کارەساتی کیمیاباراني سێوسێنان لە قەرەداغ

لەوەتەی یادی ئە و ڕۆژە ناخۆش و ڕەشە دەکەنەوە، هەموو ساڵێک بەشداریان دەکەم. بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژگارەکانی پێشمەرگایەتیدا لە ساڵەکانی 1979 – 1982 کە ئامرهەرێمی قەرەداغ بووم، لەگەڵیان ژیاوم و ئازارەکانیان بە ئازاری خۆم دەزانم، وەک کەسیش دەیانناسم. ڕۆژی 2008/3/22 لەگەڵیان بەشدار بووم و قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانی خەڵکی قەرەداغ و پشتیوانییان بۆ

شۆڕش کرد. هەر لەبەر ئەوەش بوو دوژمن بەقین بوو و کیمیاباڕانی کردن و 68 کەسی شەهید کرد، نەک هەر سێوسێنان، دێ دوکان، عەلیاوا و جێگەکانی تریش بێبەش نەبوون لە کیمیاباڕانی ئەم ڕژێمە دڕندەیە.

ڕۆژی 2008/4/10 کۆبوونەوەیەکمان کرد بە ئامادەیی فەریق نەوشیروان فواد مەستی و مستەفای سەید قادر و باقی فەرماندەی لیواکان بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانیان. دوای ئەوەش سەردانی سنووری جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپەمان کرد و لەگەڵ فەرماندەکانیان و سەربازەکان قسەمان لەسەر گرنگیی ئەم واجباتە کرد بۆ دیفاعکردن لە کوردستان دژی تیرۆریستان.

کۆنگرەی کەمئەندامانی پێشمەرگە

ڕۆژی 2008/5/24 کۆنگرەی کەمئەندامان بوو. زۆر لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی وەک کاک کۆسرەت، کاک بەرهەم، کاک عومەر فەتاح، مستەفای سەید قادر، عوسمان حاجی مەحموود، مەلا بەختیار لەوێ بوون و بەشداریان کرد. هەڤاڵان منیان ڕاسپارد لەباتی هەموویان وتار بخوێنمەوە. وەک واجبیش عایدی خۆم بوو، بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەم. لەسەر وەزعی کەمئەندامان و خەباتی یەکێتی و ڕابووردووی هێزی پێشمەرگە و ئەم هەڤاڵانەی کە ئێستا بەشێک لە ئەندامی لەشیان لەدەست داوە لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش و ئەم ئازادیەی ئەمڕۆ، قسەم کرد. هەر بۆ خۆشی وتم منیش وەک ئێوە کەمئەندامم، لە ساڵی 1966 لە شەڕی هەندرێندا گوێچکەم لە دەست داوە. قسەکانم جێگەی ڕەزامەندیی بەشداربووان بوو.

پیری شەوکێڵ و یادی شەهیدبوونی عەلی چوارتایی

ڕۆژی 2008/5/25 لە پیری شەوکێڵ لە سنووری چوارتا مەراسیمێکی گەورەمان ڕێک خست بۆ یادی شەهیدبوونی عەلی چوارتایی، کە فەرماندەی تیپی 37ی شارباژێڕ بوو. عەلی چوارتایی کەسێکی ئازا و دڵسۆزی یەکێتی بوو. بۆ ئەم مەراسیمە بێجگە لەوەی هەڤاڵەکانی خۆمان لە چوارتا و شارباژێڕەوە هاتبوون، لە بانە و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوون. لەوێش بە حوکمی ئەوەی هاورێی پێشمەرگایەتیم بوو، لەسەر خەبات و تێکۆشانی قسەم کرد. حەق خۆیەتی ئەم شەهیدە و هەموو شەهیدان لەیاد نەکەین و لە وێژدانی هەموواندا بن.

لە و ماوەیەدا وردەوردە کێشەی ناو یەکێتی دەردەکەوت و قسەی لێدەکرا. پاش ئەوەی من قسەم کرد، وتاری بنەماڵەی شەهید عەلی چوارتایی خوێندرایەوە. کچێکی خوشکەزای بوو یان برازای بوو خوێندیەوە. جوانترین وتاری بنەماڵەی پێشکەش کرد و جێگەی سەرنجی بەشداربووان بوو، لە خۆلاسەی قسەکانیدا باسی شەهیدی کرد و سوپاس خەڵکەکەی کرد، وتی ئێمە حەقمان نییە بە سەرەوە ئێوە لەسەر چی کێشەتانە، ئێمە کوڕەکەی خۆمان بەخشی بە یەکێتی بۆ ڕزگاریی نیشتمان لە دەستی داگیرکەران. لەبەر خوێنی شەهیدەکان داواتان لێدەکەین یەکێتی با هەر بە یەکێتی بمێنێتەوە، دوای کەسوکاری شەهیدان لێتان قبوڵ ناکات چارەنووسی یەکێتی بەرە و بێهێزی بەرن، تکاتان لێدەکەین... تکاتان لێدەکەین... چەند جارێک ئەمەی وتەوە. بۆ ڕۆژی دوایی لەبەر جوانی قسەکانی بە هەڤاڵانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم وت بڵاوی بکەنەوە. ئەوانیش بۆیان بڵاو کردەوە.

ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکان

لە سنووری قەرەتەپە و جەلەولا و خانەقین و سەعدیە کێشە هەر بەردەوامە، کۆنەبەعسیەکان و تیرۆریستان لە و سنووری ناوبەناو خەڵکی کورد شەهید دەکەن و تەقینەوە دەکەن. زەختێکی زۆر لەسەر کوردی ئە و سنووریە، عێراقیش بێدەنگیی لێکردووە. بێجگە لەوەش، داوای چۆڵکردنی ئە و سنووری دەکەن. ئەگەرچی هەندێک لە خەڵکی خۆمان لە ترسی کوشتن چۆڵیان کردووە، بەڵام داواکردنی چۆڵکردنی بەدەست ئێمە نەبوو و بڕیاری سیاسیی ئەویست. ئێمەش هێزەکانی خۆمانمان خستە ئامادەباشییەوە و چاوەڕوانی سەرۆکایەتیی هەرێم بووین.

کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنەڕاڵ تۆماس

ئەمەریکا ئاگاداری وەزعی خانەقینە و چاودێڕیی دەکات. ڕۆژی 04-08-2008 ژەنەڕاڵ تۆماس و هەئیەتێک هاتبوون. پێکەوە کۆبوونەوە و ئاگادارمان کردن تەنها هەنگاوێک ئە و ناوچانە چۆڵ ناکەین، ئاگاداری سوپای عێراق بکەن کێشەمان بۆ دروست نەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژانە لە پەیوەندیدا بووین لەگەڵ فەرماندەی لیوای 34 (نازم کەرکووکی) و ئە و هەڤاڵانەی کە لە سنووری سەعدیە و قەرەتەپە و خانەقینن. وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگریی عێراق دەیانویست ئە و جێگەیانەی ئێمەی لێین، بپشکنن، ئێمەش قبوڵمان نەکرد. لەسەر ئەم مەسەلەیە من و مەحموود سەنگاوی و شێخ جەعفەر و فەریق نەوشیروان فوئاد مەستی چووین بۆ لای کاک کۆسرەت. پاش قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەوە پێک هاتین هەندێک لە هێزەکانی ئەرکان وەک هێزێکی ئیحتیات بنێرین بۆ بەهێزکردنی ئە و سنووری. منیش دوو لیوام خستە ئامادەباشییەوە لە پشدەر بە فەرماندەیی کەمال حاجی ئاغا و محەمەدی حاجی قادر. حکومەتیش هێزی جوڵاندبوو بۆ سنووری خانەقین. سەرەڕای ئەوەش ڕۆژی 2008/8/10 لە شاری خانەقین تەقینەوەیەک ئەنجام درا. ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی ئە و سنووری لە تەماسدا بووین بۆ هەر پێشهاتێک.

کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/8/11 لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر

ئەم کۆبوونەوەیە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر کرا بۆ یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە. هەردوولامان کۆبوونەوەکەمان بە گرنگ وەرگرت، لەلایەن یەکێتییەوە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، کەمال شاکر، لیوا فازڵ، جەبار یاوەر) ئامادە بوون. لەلایەن برایانی پارتییەوە (فەریق عەلی، فەریق شیروان عەبدولڕەحمان، محەمەدی قازی، عومەر عوسمان عەبدولڕەحمان و بەکر و ئازاد میران) و هەندێک هەڤاڵی تر ئامادە بوون. داوای لێبوردن دەکەم کە ناوی باوکی هەندێکیان نازانم. لە ئەنجامی چەند سەعاتی دانیشتنەکەمان بڕیارمان دا لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا جێبەجێی بکەین و چەند لێژنەیەکمان پێکهێنا بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێنن. هەر لەوێش قسەمان لەسەر وەزعی ناجێگیری خانەقین و قەرەتەپە و جەلەولا و سەعدیە کرد. هەندێک بڕیارمان دا بۆ پشتیوانی و بەرگریی لێ، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق نیازی هەبوو هێرشی بۆ بکات.

هەر هەمان ڕۆژ پاش کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ کۆیە. لە کۆیە یادی شەهیدانی قولە بەرازە بوو، کە لە ساڵی 1978 شەهید کران. نۆزدە شەهیدمان هەبوو و فەرماندەکەیان شەهید شەفیق بوو. من لەوێ وتاری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم خوێندەوە و قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانیان و خەباتی پێشمەرگەکانی سنووری کۆیە کرد.

دیسان خانەقین

وەزعی سنووری خانەقین و دەوروبەری تەواو نەبوو. سوپای عێراق هەڕەشەی دەکرد و هێزی زیاد دەکرد. ئێمەش لەگەڵ هێزەکانی خۆمان ئامادەباشیمان کرد و هێزەکانمان حازر کرد. عیراق هێزێکی هێنا و ڕێگەمان نەدا بەرە و خانەقین بێن. ناچار ڕوویان کردە منذریە، کە سنووری عێراق و ئێرانە. ئاگاداری سوپای عێراقمان کرد ئەگەر بێنە خانەقین، شەڕ بەرپا دەبێت.

چوونمان بۆ خانەقین

ڕۆژی 2008/8/25 هەڤاڵ مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی وەرە بۆ مەکتەبی سیاسی منیش چووم. کە چووم، کۆبوونەوە تەواو بووبوو، وتی با برۆین بۆ خانەقین. منیش چوومە ماڵەوە جلوبەرگم گۆڕی و خۆم حازر کرد. سەعات شەش و نیو بەڕێ کەوتین بۆ خانەقین و شەوێ لەوێ ماینەوە. ڕۆژی دوایی 2008/8/26 پێکەوە لەگەڵ هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی و مەلا بەختیار سەردانی جەبهەکانی خۆمان کرد و ئە و جێگەیانەی کە پێویست بوو، پێشمەرگەمان لێدانا و لە حاڵەتی ئامادەییدا بوون. جەبهەکان پێک هاتبوون لە 1- دارە وشک 2- پەڵکانە 3- پردی حەلوان 4- عەلی ئاوا. ئەم چوار جێگەیەمان قایم کرد و هێزی باشمان لێدانا. لە جێگەکانی تریش هێزمان دانا. سەنگەرەکانمان قایم کرد و هێزی پشتیوانیشمان لە پشتەوە دانا. دوای ئەوەی دڵنیا بووین لە و جێگەیانەی هێزمان لێدانا، گەڕاینەوە بۆ خانەقین. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەگەڵ ڕێکخستنی خانەقین کۆبوونەوە. مەلا بەختیار لەسەر ئەم وەزعەی هاتۆتە پێشەوە، قسەی بۆ کردن.

ڕۆژی 8/27 هەڤاڵانی پارتی (فەریق عەلی و مەسعود سالەیی) هاتن بۆ لامان و ئێمەش پێشوازیمان لێکردن. ئە و هێزەی پارتی کە لەوێ بوو، لێپرسراوەکانیان هاتن (ئەنوەری حاجی عوسمان و خالد)، لەوێ وەک یەک گیان پێکەوە ئیشمان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەمان دەکرد.

ئەوەی ئێمە دەمانویست، ئەوەبوو حکومەتی عێراق چاو بە کارەکانیدا بگێڕێتەوە و ئەم شەڕەمان لێ لادات. مەبەستمان بوو بە ئاشتی کۆتایی بێت، چونکی حکومەتەکەمان بە هی خۆمان دەزانی. جەنابی مام جەلال سەرۆکی کۆمارە و چەندین وەزیر و ئەندام پەرلەمانمان هەیە.

ئە و هێزانەی داوامان کردبوون، ڕۆژی 8/29 گەیشتن و دابەشمان کردن. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ 2008/8/29 ئەمەریکییەکان هاتن. لەگەڵ مەلا بەختیار لەگەڵیان دانیشتین، ڕاستیی کێشەی خانەقین و دەوروبەریمان لەگەڵ باس کردن. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، پێمان ڕاگەیاندن کە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابین سەربازی عێراق بێتە ناو خانەقینەوە. پێمان ڕاگەیاندن ئێمە چاوەڕوانین حکومەت چاو بخشێنێتەوە بە سیاسەتی خۆیدا بەرامبەر ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەتایبەت کە ئێستا لە خانەقین کێشەکان توند بوونەتەوە. پێمان وتن ئێمە ئاشتی و هێمنیمان زۆر لا مەبەستە. بەڵام جارێ چارەنووسی ئەم وەزعە نادیارە. لەبەر ئەوە بڕیارمان داوە ئەوەندەی هێزمان پێویست بێت، داوای بکەین و دابەش بکەین بەسەر ئە و جێگەیانەی کە پێویستە هێزی لێبێت.

ئەم وەزعەی هاتبووە پێشەوە، بێجگە لە ئامادەکردنی هێز، کاری تریشی دەویست. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار سەردانی برا شیعەکانی خانەقینمان کرد و لەگەڵیان دانیشتین. ڕاستییە کانمان بۆ ڕوون کردنەوە. هەروەها لەگەڵ پارێزەرەکانی خانەقین کۆبوونەوە، دوایی لای نازم وەستا شەریف نانی نیوەڕۆمان خوارد.

لە پەرلەمانی کوردستانەوە، لە پارێزگار و مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتییەوە، لە خەڵکی شارەکانی کوردستانەوە پشتیوانی و هاوکاریمان دەکرا. ڕۆژانە خەڵکی بەڕێوە بوون بەدەست و دیاری و پێویستی ڕۆژانەی پێشمەرگەوە. ڕۆژی 03-09-2008 وەفدێکی گەورەی وەزارەتی بەرگریی عێراق هات بۆ لامان کە بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراق و کۆمەڵێک ئەفسەری گەورەی عێراق تێدا بوون، وەک عەلی غیدان. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار پێشوازیمان لێکردن و ڕاستیی وەزعەکەمان بۆ باس کردن. کەسێکیان وتی دەڵێ عاشورایە، چونکی هەموو سەربانی ماڵەکان ئاڵای کوردستانی لەسەر بوو. وتم بەڵێ عاشورای ئێمەیە، بۆچی لە دنیا تیپی فوتبال ئاڵای هەیە، بۆ کورد بۆ حەرامە ئاڵای خۆی هەبێ؟ بەڵێ عاشورای ئێمەیە، دەنگی نەکرد. ڕۆژی 04-09-2008 لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی لای خۆمان کۆبوونەوە و ئەوەی پێویست بوو، قسەمان لەگەڵ کردن و کارەکانمان دابەش کرد، هەر کەسە بە قەدەر حاڵی خۆی و هێزی خۆی. هەڤاڵ مەلا بەختیار هەر ئە و ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ مام جەلال کرد و ئەوەی لە خانەقین هەبوو، لەگەڵی باس کرد. ئەویش دەستخۆشیی لێکردین.

ڕۆژی 06-09-2008 ڕۆژێکی ناخۆش بوو. لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە دارە وشک مین تەقیبووە و حەوت پێشمەرگەمان شەهید بوو، کە فەرماندەکەیان زولفەقار بوو و خەڵکی هەڵەبجە بوو. ئەم شەهیدەکانی تر ئەم کەسانە بوون: 1- جوامێر زولفەقار، کوڕی بوو 2- ملازم هەورامان کەریم عەبدوڵڵا. 3- نزار حەمە ساڵح. 4- چیا محەمەد عەبدوڵڵا 5- عەلی عەتا عەلی کریم 6- زانا محەمەد عەلی. هەمان ڕۆژ لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەگەڵ هۆزەکانی عەرەبی جەلەولا کۆبوونەوە، هەندێک داخوازییان هەبوو و بۆمان جێبەجێ کردن.

لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق

لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق کۆبوونەوە و بۆمان باس کردن چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی مالکین. بەڵام پێنەدەچوو مالکی ڕازی بێت بە و ڕێککەوتنەی لەگەڵ وەفدەکەی وەزارەتی بەرگری (بابەکر زێباری و عەلی غیدان و یاوەرەکانیان) کرا، چونکی لە قسەکردندا بۆنی دەمیان باش نەبوو. دواتریش هیچ جوڵەیەکیان نەکردبوو بە هێزەکانیان بیانگەڕێننەوە بۆ جێگەی خۆیان. بڕیار بوو فەرماندەی هێزەکانی سەرووی عێراق ئەمەریکیەکان بێت بۆ لامان، لەبەر ئاووهەوای خراپ بۆی نەکرا، خۆڵبارین و ڕەشەبایەکی زۆر بوو. دوای خست بۆ داهاتوو.

شەوەکەی لەگەڵ ئاواتی حەمە ڕەش سەردانی سەنگەرەکانم کرد لەلای دێ پەڵکانە. ڕۆژی 09-09-2008 نوێنەری مەسیحیەکانی هەرمۆتەی کۆیە هاتن بۆ لامان لەگەڵ وەفدێکی یاوەریان بۆ پشتیوانیی مەسیحیەکان بۆ خەڵکی کوردستان. وتیان دەچینەوە و لەگەڵ ڤاتیکان تەماس دەگرین، ئێمەش زۆر ڕێزمان لێگرتن و سوپاسمان کردن. هەر ئە و ڕۆژە هەڤاڵان مستەفای سەید قادر و مەحموود سەنگاوی لە سلێمانییە وە هاتن بۆ لامان، هەڤاڵ مەحمود خۆشی هەمیشە لەگەڵمان بوو. وەزعی جەبهەکانیش ئارام بوو.

ئە و فەرماندە ئەمەریکییەی کە ڕۆژی پێشتر لەبەر تێکچونی هەوا بۆی نەکرا بێت بۆ لامان، هەمان ڕۆژ هات. ناوی جەنەراڵ هایدلینک بوو. لە بینای قائیمقامیەتی خانەقین لەگەڵی دانیشتین و وەزعەکەمان بۆ باس کرد. مەلا بەختیار هەمووی بۆ ڕوون کردنەوە. ئەویش وتی ڕێزی زروفی ئێوە دەگرین.

ڕۆژی 2008/9/10 ئاگاداریان کردین چەند سەربازێکی عێراقی هاتونەتە پێشەوە. منیش چووم ئاگادارم کردن کە هەر ئێستا دەبێ بچنەوە بۆ جێگەی خۆیان. سواری سەیارەکانیانم کردن و تاکو جێگەی پێشووی خۆیان ملی ڕێگەیان گرت و ڕۆیشتن. بۆ شەوەکەی ئەفسەرێکی سوپای عێراقی لەگەڵ دوو ئوتومبێل سەرباز لە ڕێگەی

خانەقینەوە دەچوونە وە بۆ موسڵ. ڕێگەمان دان و کارئاسانیمان بۆ کردن لە ڕێگەی سلێمانییە وە بڕۆنەوە بۆ موسڵ، بێگومان لەبەر تیرۆر و ترس لە شوێنی تر ئە و ڕێگەیەیان هەڵبژاردبوو.

نوێنەری حیزبەکانی کوردستان هاتن بۆ لامان و سەردانیان کردین، پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە نیشان دا. ئەم وەزعەش تاکو ڕۆژی 04-09-2008 هەروەک خۆیەتی. جوڵانی سەربازی عێراق لە دەوری بازگەکانی نەقشبەندی دەستی پێکردبوو. داوایان لە پۆلیسی ئەوێ کردبوو چۆڵی بکەن. ئێمەش هەر لە تەماسدا بووین لەگەڵ هێزەکانی خۆمان. هەوڵیشمان دەدا تا دەکرێت شەڕ نەبێ. وتمان با تەقە لای ئێمەوە نەبێ، ئەگەر ئەوانیش دەستپێشخەر بوون، وەڵامی چاکیان دەدەینەوە. دکتۆر بەرهەم سالح لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ هەڤاڵ مەلا بەختیار کرد و وتی وەزیری بەرگری وتویەتی ئێمە هیچ بەرنامەمان نییە بچین بۆ بازگەی نەقشبەندی. پاش ئەوە وەزعەکە تۆزێک هێور بووەوە، بەڵام جێگەی بڕوا نەبوون. دەبوو ئێمە وریا بین. شە و دکتۆر خەسرە و گوڵ محەمەد بە تەلەفۆن وتی ئیحتیاتی خۆتان بکەن، نیازیان هەیە پەلاماری ئە و سنوورە بدەن تاکو 9/20، ئامادەگیی باش بکەن، ئەوان نیازیان باش نییە. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، هەموو هێزەکانی خۆمان ئاگادار کردەوە وریاتر بن لە جاران.

ڕۆژی 05-09-2008 سەعات 8:30 لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار چووین بۆ کفری، لەوێش هەڤاڵ مەردان چاوشین لێپرسراوی مەڵبەند پێکەوە چووین بۆ جەبارە. زیاتر لە 300 کەس لە کورد و عەرەب و تورکمان کۆبوونەوە.

ڕۆژی 9/5 سەعات سێ و نیو عبدالمنعم ئامرلیوای سەربازیی سوپای عێراق کە لە جەلەولا بوو لەگەڵ فەرماندەیەکی ئەمەریکی کە ناوی کۆفی بوو، هاتن بۆ لامان بۆ خانەقین. لەسەر وەزعی جەلەولا قسەمان کرد، ئاگادارمان کردن بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نادەین هەنگاوێک بێنە پێشەوە. ڕۆژی 08-09-2008 سەردانێکی سەنگەرەکانی حەلوانم کرد لای پردەکە. هەندێک ئامۆژگاریم کردن بۆ بەهێزکردنی سەنگەرەکانیان. هەمان ڕۆژ وەزیری بەرگریی عێراق عەبدولقادر عبیدی هات بۆ لای قائیمقامی خانەقین لە منذریە. لەگەڵی دانیشتبوو و وتبووی ئێمە نایەینە خانەقین. ئە و ئێمەی نەبینی، بەڵام ئێمە وردەکاریی هاتنەکەیمان زانی.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ لیوا ئیسماعیل سەرحان چووم بۆ سەردانی جەبهەکانی پەڵکانە، لەگەڵ پێشمەرگەکان دانیشتم کە لیوای 24ی لێبوو. زیاد خۆرانی ئامرلیوایان بوو. دوایی ئەوە ڕۆیشتن بۆ سەنگەرەکانی باخچە. پشتیوانیی خەڵکی و هەڤاڵان تەواو نابێ. زۆر دڵسۆز بوون بۆ هێزی پێشمەرگە.

ڕۆژی 9/9 جەمال حەکیم ئاغا و سەلاحەدین موهتەدی و جەلال سام ئاغا و عەمید هادی سوور و مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر و یوسف زۆزانی هاتن بۆ لامان، تا ماوەیەکی درەنگ لامان بوون بۆ هاوەدەنگی و پشتیوانی.

ڕۆژی 2008/9/20 ڕۆژی لەدایکبوونی دابانی کوڕم بوو. هەر بە تەلەفۆن پیرۆزبایم لە خۆی و باقیاتی ماڵەوەمان کرد.

بڕیار بوو کۆبوونەوەیەک ڕێک بخرێ لە نێوان ئێمە و نوێنەری وەزارەتی بەرگری عێراق. ئەمەریکییەکان کۆبوونەوەکەیان ڕێک خستبوو. سەرۆکی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانی منیان کردبوو بە سەرۆکی هەیئەتەکەی خۆمان. بڕیار بوو کۆبوونەوەکە لە بارەگای فرۆکەخانەی کەرکووک بێ، کە ئەمەریکییەکان لەوێ بوون. ڕۆژی

2008/9/29 سەعات پێنج و نیو لەگەڵ لیوا ئیسماعیل سەرحان چووین بۆ هەولێر و لەگەڵ عەمید جەمال کە لە دهۆکەوە هاتبوو، یەکمان گرتەوە. سواری هالیکۆپتەریان کردین و چووین بۆ کەرکووک، لە بارەگای سوپای ئەمەریکا دابەزیین، کۆبوونەوەی هاوبەش دەستی پێکرد.

وەفدی کوردی پێک هاتبوو لە (مستەفا چاوڕەش، لیوا ئیسماعیل سەرحان، عەمید جەمال). وەفدی سوپای عێراقیش پێک هاتبوون لە عەلی غیدان فەرماندەی هێزەکانی وشکانی و فەریق عەبدولکەریم عبیدی فەرماندەیی هێزەکانی دیالە، فەرماندەی فیرقەی موسڵ. لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە چەند ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپا هاتبوون، لێپرسراوەکەیان هایتلک بوو، هەموو باسەکە لەسەر خانەقین بوو. دیار بوو عێراقییەکان واهاتبوون ڕازیمان بکەن ئێمە ئەوێ بەجێ بهێڵین، ئێمەش ئەوەی بیرمان لێنەدەکردەوە، چۆڵکردنی خانەقین بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکییەکان ئێمەیان بە حەق دەزانی، بەڵام دڵی ئەوانیشیان لا مەبەست بوو. هەردوولا لەسەر هەڵوێستی خۆمان ماینەوە، وتم خانەقین وڵاتی کوردستانە، ئێمە نەچووینە تە سەر خاکی کەس. ئێوە کێشەتان چییە و بۆ داوای چۆڵکردنی دەکەن؟ ئێمەین دژی تیرۆرین. خۆ لای ئێمە پارێزراوە، ئە و جێگەیانەی ئێوەی لێن، هەمیشە تەقینەوە و وێرانییە. بە هەرحاڵ، پاش دوو سەعات کۆبوونەوە چۆن هاتین، هەرواش گەڕاینەوە. بچوکترین نەرمیمان نەنواند بۆ کشانەوە لە خانەقین. لای ئەمەریکییەکان نان حازر کرابوو. لە دانیشتنی موجامەلاتدا هەر ئە و باسانە بوو، من وتم باشە پرسیارێکتان لێدەکەم: ئێوە سنووری کوردستان بە کوێ دەزانن؟ قسەیان نەکرد، وتیان تۆ بیڵێ. وتم من بیڵێم؟ وتیان بەڵێ. وتم من هەر لە منداڵییەوە کە زمانم پشکوتووە و چاوم کردۆتەوە، شاخی حەمرینم بە سنووری کوردستان زانیووە. هەر ئەوەنەبوو هەڵسنە سەر پێ، زۆر لایان قورس بوو. عەقڵیان قبوڵی ئەوەی نەدەکرد. وتم وایە و هەرواش دەمێنێتەوە. بۆ مێژوو عەمید جەمال و لیوا ئیسماعیل سەرحان شاهیدن. پاش نانخواردن سواری هالیکۆپتەریان کردین و هێناینیانەوە بۆ هەولێر. لەوێش چاومان کەوت بە فەریق شیروان عەبدولڕەحمان. ئەوەی بۆی چووبووین باسمان کرد و بۆمان گێڕایەوە بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی لێ ئاگادار بکاتەوە.

هەر ئە و ڕۆژەش کە لە هەولێر بووین، مام جەلال لە سەفەری دەرەوە گەڕایەوە. کاک مەسعود بارزانی و تارق هاشمی لە فڕۆکەخانە پێشوازییان لێکرد. منیش چووم و بەشدار بووم. دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و پاشان چوومە وە بۆ خانەقین. پاش گەڕانەوەی مام جەلال وردەورە بەغدا هێور بۆوە. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان. بەڵام هێزی باشمان لە خانەقین بەجێ هێشت و تاکو ئێستاش هەر بەردەوامین لەسەری. ئەم کێشەیە هەر ماوە و دەمێنێ. هەر حاکمێکی تریش بێتە سەر حوکم لە عێراق، تاکو خەڵکی کوردستان بە حەق خۆی نەگات، واز ناهێنێت لە داوا ڕەواکەی. هەرچی حاکمی پێشوو و ئێستاش هەیە، چاویان هەڵنایەت داوای ڕەوای خەڵکی کورد جێبەجێ بکەن. هێشتا لەوە حاڵی نەبوون هەتا حەق کورد جێبەجێ نەکرێ، هیچ کەسێک لە عێراق بە ئارامی ناژی و هیچ حاکمێک تەختەکەی ناپارێزێ و سەرکەوتوو نابێ. لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژەوە زۆرمان بینی. لە پاش ڕووخانی حوکمی مەلیک فەیسەڵ ئارامی لە عێراقدا نەبووە، چونکی داوای خەڵکی کوردستانیان جێبەجێ نەکردووە، کوردیش شتێکی زیاتری لە حەق خۆی داوا نەکردووە.

ڕۆژی شەممە 2008/11/8 نزاری سکرتێری هەڤاڵ مام جەلال لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی مام جەلال داوای کردووە لەگەڵ مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی ڕۆژی پێنجشەممە لە بەغدا سەردانی بکەن، وتم زۆر باشە. لەگەڵ هەڤاڵان خۆمان حازر کرد بۆ سەفەر، بەڵام ڕۆژی دووشەممە 11/10 جارێکی هەڤاڵ نزار تەلەفۆنی کردەوە و وتی مەوعیدەکەی ڕۆژی پێنج شەممە بخەنە ڕۆژی شەممە، لەبەر ئەوەی مام جەلال کاری بۆ هاتۆتە پێشەوە، وتمان زۆر باشە.

ڕۆژی شەممە لە سلێمانییە وە چووین بۆ بەغدا، من و مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی و مەحموود سەنگاوی، ئێوارەکەی هەریەکەمان بە جیا چاومان کەوت بە مام جەلال و خاڵە گرنگەکانی دایێ بۆ ئەوەی سبەینێ باسوخواسی لەسەر بکەین. ڕۆژی دوایی پاش نانخواردن کۆبوونەوەی لەگەڵ کردین. کۆمەڵێک قسە کران بۆ چاککردنی وەزعی پێشمەرگە و پێویستی فەرماندەیی و ئامۆژگاریی کردین. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا 100 دۆلار بۆ پێشمەرگە زیاد بکرێ. شەویش هەر لە بەغدا لە میوانخانەکەی مام جەلال بووین. شەوی 11/17 گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لە گەڕانەوەشدا هەڤاڵ حامدی حاجی خالدمان لەگەڵ بوو. هەندێک ڕاسپاردەی پێوتبووین دەربارەی هەندێک لە بارەگاکانمان لە سەرای سوبحان ئاغا، کە ئاڵوگۆڕ بە جێگەکەی بکرێ. لە گەڕانەوەماندا جێبەجێمان کرد. چونکی باشترین پێویستیەکانی هێزی پێشمەرگە و سەرۆکایەتیی ئەرکانمان لەوێ بوو، حسابی تایبەتمان بۆ کرد و گواستمانەوە، ناحەزان چاویان تێبڕیبوو زیانی پێبگەیەنن.

خەستەخانەی پێشمەرگە

دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشید بوو بە سەرۆکی خەستەخانەی شۆڕش. من لەگەڵی چووم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و لەوێش لەگەڵ کارمەندانی خەستەخانە بە دکتۆر و کەسانی تریشەوە بەشداریان کرد. لەسەر گرنگیی نەخۆشخانەی شۆڕش و خزمەتکردنی. قسەم بۆ کردن.

ڕۆژی 2008/11/25 ئەمەریکیەکان هاتن بۆ لامان، دیقید و سیار فەرماندەی جێبەجێکردنی ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر لەگەڵیان دانیشتین. لەسەر ئە و مەسەلانەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبوو قسەمان کرد.

وەفاتی عەلەڕەش

ڕۆژی 2008/12/24 خۆم و مەحموود سەنگاوی و عارف ڕوشدی چووین بۆ دەربەندیخان بۆ بەشداری لە مەراسیمی ناشتنی عەلەڕەشدا کە بە نەخۆشی وەفاتی کردبوو. مام عەلەڕەش یەکێک بوو لە هاوڕێ کۆنەکانی شەستەکان. لە حیزبی شیوعیدا پێکەوە بووین لە دەرەوە. پیاوێکی نەبەز و سەرچڵ بوو. بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، ئە و لە ساڵەکانی پەنجاکاندا بەشداریی جوڵانەوەی جوتیارانی کردبوو لە سنووری هۆرێن و شێخان. ئەو کاتە حیزبی شیوعیی عێراق سەرپەرشتیی دەکرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پیاوێکی نەترس بوو، خەڵکی دێی کوێرەک بوو، هەر لەوێش بەخاکمان سپارد. زۆر لە برایانی تر هاتبوون، عومەر سەید عەلی و مەلا بەختیار بە ناوی یەکێتییەوە قسەیان لەسەری کرد و حەقی خۆیان دایە. عەلەڕەش هەر لە دروستبوونی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەردەوام بوو. لە قەرەداغ کە من فەرماندەی هەرێمی 5 بووم، ئە و لە کەرتی بەمۆ بوو، بەشداریی دەیان چالاکیی کردووە. کوڕێکی بە ناوی ئازاد شەهید بوو. ئەمیش لە ڕیزەکانی حەمە فەرەج فەتاحدا بوو، کە لە بناری بەمۆ دوو کەسی دیاری جوڵانەوەی جوتیاران بوون. حەمە فەرەج خەڵکی دێی بانی بی بوو لە بناری بەمۆ، دوو کوڕی قارەمانی لە شۆڕشدا شەهید بوون. لە هەردوو ڕۆژەکەدا چووم بۆ دەربەندیخان بۆ مەراسیمی پرسەکەی. لە ساڵی 1968 لەگەڵ شەهید ئەکرەمی حەپسەی پوورزام ماوەی مانگێک زیاتر لە ماڵی عەلەڕەش بووین. بە هۆی چالاکیمانەوە لەناو حیزبی شیوعی عێراق قیادەی مەرکەزی لە دەستی دەسەڵات ڕامان کردبوو.

لێژنەی جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت

لەسەر ڕۆشنایی و بڕیاری مام جەلال لەناو یەکێتیدا چەند لێژنەیەکیان بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دروست کرد. ئەمەش زۆر قسەی لەسەر کرا و زۆری ویست بۆ ئەوەی هەر کەسێک کاری خۆی جێبەجێ بکات. ئە و لێژنەیەی من لێی بەرپرسیاری بووم، لە پۆلیس و ئاسایش پێک هاتبوو و ئەندامەکانی بریتیبوون لە خوالێخۆشبوو موحسین بایز، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، عوسمان بانی مارانی، لیوا ئەحمەد موسا. ماوەی دوو سەعات لە بینای پۆلیسی هاتوچۆ کۆبوونەوە و لەسەر مەسەلەی جیاکردنەوە و پاکسازی و چاکسازی قسەمان کرد. پرسیار زۆر کرا و وەڵاممان دایەوە. ڕۆژی 03-01-2009 سەعات دە لە لەگەڵ بەشی ئاسایش و بەشی پاسپۆرت و مانەوە بۆ هەمان مەبەست کۆبوونەوە. دواتریش لەگەڵ بەرگری و فریاکەوتن و پۆلیسی کارەبا کۆبوونەوە. ئەوەندەی پەیوەندیی بە لێژنەکەی ئێمەوە هەبوو وەک پۆلیس و ئاسایش، کاری خۆمان جێبەجێ کرد و دواڕاپۆرتمان لەسەر چاکسازی و جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت تەسلیم بە مەکتەبی سیاسی کرد.

ڕۆژی 2009/1/26 هەیئەتێکی وەزارەتی پێشمەرگە کە پێک هاتبوون لە برایانی پارتی (زەعیم عەلی، عەبدولڕەحمان بێشوکی، محەمەد قازی، ئازاد خۆشناو، عومەر عوسمان) هاتن و لەسەر یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزعی کەرکووک کۆمەڵێک ڕاو بۆچوونمان باس کرد. لە بیروڕاکانماندا زۆر لە یەکەوە نزیک بووین. بارودۆخی ئە و کاتەی کوردستانیش ئەوەی دەویست. لەم کۆبوونەوەیەدا دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید، کە لێپرسراوی خەستەخانەی شۆڕش بوو، بەشدار بوو لەگەڵمان.

وازهێنانی هەندێک لە هەڤاڵانی م.س

دیارە یەکێتی لەگەڵ ئە و هەموو قۆناغەی پێیدا تێپەڕیووە و مێژوویەکی زیاتر لە 30 ساڵی هەیە، بێکێشە نەبووە. لە هەندێ قۆناغدا کێشەکان چارەسەر کراون، هەندێک جاریش کێشەکان لەسەر یەک کەڵەکە بوون و ماونەتەوە.

ڕۆژی 2009/2/13 هەڤاڵان (عوسمان حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر و عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر) وازیان لە یەکێتی هێنا. ئەمەش هەتا بڵێیت کاریگەر و ناخۆش بوو. ئێمە نیوەی تەمەنمان لە ڕۆژگارە ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین. خۆ لە خۆوە وازیان نەهێناوە. منیش ڕۆژانە کە لە مەڵبەند دەبووم، دەیان و سەدان کادێر تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و لەسەر وازهێنانی ئە و هەڤاڵانە پرسیاریان لێدەکردم. منیش بە هێمنی وەڵامم دەدانەوە. ئەمەش جارێ پێشەکییەکەیەتی، با بزانین بەرە و کوێ دەڕوات. خۆشمان هەندێک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی قسەمان لەسەر ئەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک کردبوو. باس هەر باسی وازهێنانی ئە و هەڤاڵانە بوو.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ ماڵی کاک کۆسرەت، دەیان کادێر و ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لەوێ بوون. لەناویشیاندا هەڤاڵان (عەدنان موفتی و عیماد ئەحمەد و جەلال جەوهەر و مستەفای سەید قادر و عوسمان حاجی مەحموود). هەموو نیگەران بووین لەسەر ئەم وەزعەی هاتبووە پێشەوە. بڕیار بوو ئێوارە هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحموود بچێت بۆ لای مام جەلال بۆ بەغدا. ڕۆژی 2009/2/15 چووم بۆ مەڵبەند. وەک ڕۆژانی تر نەبوو، هەڤاڵ مستەفای سەید قادر نەهاتبوو بۆ دەوام. یەکێک بوو لە و چوار هەڤاڵەی وازیان هێنابوو. منیش کۆبوونەوەیەکی کارگێڕی مەڵبەندم بەڕێوە برد و لەسەر ئەم وەزعەی ناو یەکێتی قسەم کرد. وتم سەرکەوتن و گرنگیی ئەم وەزعە ئەوەیە هەموومان هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، یەکێتی لاواز نەبێ و قسەی باش بکەین. ئەمەی ڕووی داوە، لە سەروو ئیرادەی ئێمەوە بووە و پرسیشمان پێنەکراوە. شە و بە

تەلەفۆن لەگەڵ مام جەلال و دکتۆر بەرهەم و کاک کۆسرەت قسەم کرد. بەڕاستی وەزعێکی زۆر قورس بوو. کەسوکاری شەهیدان وتیان کوڕی خۆمان بۆ ئەوە بە کوشت نەدا تا وەزعی یەکێتی ئاوای لێبێت. وتیان لێتان قبوڵ ناکەین و دژتان خۆپیشاندان دەکەین. نەشماندەزانی ئەم دۆخە بە کوێ دەگات.

ڕۆژی 2009/2/16 هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم و مستەفای سەید قادر چوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال بۆ ئەوەی لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ بکەن لەسەر وازهێنانی ئە و هەڤاڵانە، بە و هیوایەی ئەنجامێکی باشی هەبێت. منیش بە قەدەر حاڵی خۆم نیگەران بووم. ئە و کۆبوونەوانەی لە مەڵبەندی پێشمەرگە بەڕێوەم دەبرد، هەر قسەی باشم دەکرد، ڕێگەم نەدەدا کەس قسەی خراپ بکات و لە و دۆخەی هاتبووە پێشەوە، سوود وەرگرێ. پاش گەڕانەوەی کاک کۆسرەت دیار بوو لەسەر زۆر مەسەلە ڕێک کەوتبوون.

بڕیار بوو ڕۆژی 2/19 دکتۆر بەرهەم و دکتۆر فوئاد مەعسوم لە بەغداوە بە نامەیەکی مام جەلالەوە بێنەوە بۆ لای کاک نەوشیروان. لەگەڵ ئەوەشدا دیار نەبوو ئەنجامەکە بە کوێ دەگات. وەزعی ناو یەکێتی پاش ئە و وازهێنانە گەورەیە مایەی دڵخۆشی نەبوو. خەم باڵی بەسەر هەمووانداکێشابوو. ڕۆژانی دواتر مام جەلال بە سەفەرێک ڕۆیشت بۆ کۆریا. چاوەڕێ بووین بگەڕێتەوە و دۆخەکە بکەوێت بە لایەکدا.

بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرەی سێ

ڕۆژی 2009/4/21 لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیار دراکۆنگرەی سێهەم لە مانگی شەشی ساڵی داهاتوودا ببەسترێ، واتە 01-06-2010 کە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتییە. بۆ ئەم مەبەستەش لە مەڵبەند کۆبوونەوەمان کرد و بە هەنگاوێکی باشمان زانی. دەبوو خۆمان حازر بکەین و ئەوەی دەکەوێتە سەرشانمان، جێبەجێی بکەین.

کاک ئاوات لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سبەینێ سەعات دوانزەونیو لە دوکان لای مام جەلال بن، دیاریتان دەداتێ، کە تایبەتە بە پێشمەرگە کۆنەکان. ڕۆژی دوایی نزیکەی بیست کەس بووین لە لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکان و ڕۆیشتین بۆ لای مام جەلال لە دوکان. پاش ئەوەی مام جەلال باسی ڕۆڵی هەریەکەمانی کرد، یەکی دەمانچەیەکی دایێ وەک ڕێزلێنان لە ماندووبوونمان.

کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی 2009/5/25 بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال و جێگرەکان کۆبوونەوە کرا و پێداگیری لەسەر دوو خاڵ کرا: یەکێکیان مەسەلەی عێراق بوو و قسەی زۆر لەسەر کرا، دووەم لەسەر ئە و هەڤاڵانەی چووبوونە ناو گۆڕانەوە. لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پاش گفتوگۆ بڕیار درا داوایان لێبکرێ بگەڕێنەوە ناو یەکێتی. ئەگەر نەگەڕانەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەڵیانپەسێرن تجمید، دواتریش کۆنگرە بڕیار لە چارەنووسیان بدات.

لە ئەوروپا هەندێک لە هەڤاڵەکان بە ناوی (ڕەگ)ەوە بەیاننامەیە کیان دەرکرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ برادەرانی گۆڕان دەربڕی. ئەوانەی کە لە کۆمیتە و یەکێتی وازدەهێنن، تەلەفزیۆنی KNN بۆیان بڵاو دەکاتەوە کە لەسەر بیروباوەڕی جیاواز ڕیزەکانی یەکێتییان بەجێ هێشتووە و وازیان هێناوە. ئەم وەزعەش ڕۆژانە بەردەوام بوو. هەندێک کەس لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە لەگەڵیان ڕۆیشتن. ئێمەش لای خۆمانەوە زۆر بە هەستیاری لەگەڵ ئەم وەزعە جوڵاینەوە، بەتایبەت من خۆم.

ڕۆژی 5/30 سەردانی کاک کۆسرەتم کرد، داوای لێکردم بچم بۆ پشدەر و بتوێن. وتی لەوێ هەڤاڵان بە قسەت دەکەن. وتم ئەمرێکم بۆ دەربکەن، خۆ لە خۆمەوە ناچم. ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی بڕیارێکی بۆ دەرکردم.

وەفاتی هەڤاڵ موحسین بایز

ڕۆژی 2009/6/11 قائمقامی ڕانیە عەلی حەمەد بەگ بە تەلەفۆن ئاگاداری کردم کە موحسین بایز بە هەڵە فیشەکی تاپڕی لە دەست دەرچووە بووە بە هۆی شەهیدبوونی خۆی. بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆش بوو. هێنایانە سلێمانی بۆ پزیشکی دادوەری. دوایی لەگەڵ تەرمەکەی چووم بۆ ڕانیە. ڕۆژی دوایش هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی هاتن بۆ بەشداری لە بەخاکسپاردنی. من پێشەکی قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانی کرد. دواتر هەڤاڵ بەرهەم ساڵح و پاش ئەویش هەڤاڵانی تر قسەیان کرد. موحسین بایز تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی یەکێتی نیشتمانی بوو، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو، خەڵکی خۆشیان دەویست، لە خزمانی میرزا ڕۆستەمی بوو.

دانانی دکتۆر فوئاد مەعسوم و خۆم

لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی من و دکتۆر فوئاد مەعسومیان دانا بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن لە سنووری پشدەرو بتوێن و کۆیە. منیش سەردانی دکتۆر فوئادم کرد لە ماڵەوە و بڕیارمان دا ڕۆژی سێشەممە بچین بۆ ڕانیە.

چووینە ڕانیە و لەوێ ئوتێل بتوێنمان گرت بۆ ئە و ماوەیەی کە لەوێین بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن و بارەگامان دانا. ئیتر کەوتینە خۆمان بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی و کەسایەتییەکان و کۆمیتەی حیزبییەکان، ناوبەناویش سەردانی قەڵادزە و جێگاکانی ترمان دەکرد. ئەوەندەی توانیمان و عەقڵمان بڕیی، لە سەردان و قسەکردن و چاوپێکەوتنی خەڵکی درێغیمان نەکرد بۆ سەرکەوتنی لیستی کوردستانی، لام وابێ کەسمان بێبەش نەکرد لە بینین. دیارە هەڤاڵانی مەڵبەندی ڕاپەڕینیش هاوکارمان بوون لە هەموو کارەکاندا. ئێوارانیش بە هیلاکی دەهاتینەوە ئوتێل بتوێن. هاتنی خەڵکی بەردەوام بوو، ئێمەش ماندوو بووبووین. ئە و ماوەیەی لەوێ بووین، نەمانهێشت هیچ کێشەیەک ڕووبدات و غەدر لە کەس بکرێ. تەنها یەک کێشەی بچوک ڕووی دا. کێشەکەش ئەوەبوو سەیارەیان لە کەسێکی گۆڕان سەند. بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد و بۆمان گێڕانەوە. کەسەکان خزمی یەکتر بوون. تاکو ڕۆژی هەڵبژاردن ئەمە کاروپیشەمان بوو. دیارە لە چوارقورنە و حاجیاوا و شوێنەکانی تریش لەگەڵ فەرماندە و سەربازەکانی سنووردا کۆبوونەوە. لە کەناڵی تەلەفزیۆنیشەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردین. بڕیار بوو ڕۆژی سێشەممە مام جەلال بێت بۆ ڕانیە و ماوەیەک لامان بێت و ئەویش چاودێڕیی هەڵبژاردنەکە بکات.

ڕۆژانە هەر سەرگەرمی هەڵبژاردن و چاوپێکەوتن بووین لەگەڵ عەشیرەتەکان و حیزبەکان کەسایەتییەکانی سنووردا کە. لەبەر ئەوەی لیستی کوردستانی پێکەوە بووین. لەگەڵ برایانی پارتی لە لقی 11 کۆبوونەوەی هاوبەشمان کرد، کە هەڵۆی ئەحمەد کوردە لێپرسراوی بوو.

سەعات یانزەی ڕۆژی 7/7 مام جەلال گەیشتە ڕانیە و لەگەڵ دائیرەکانی سنووردا کۆبوونەوەی ئەنجام دا و سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتیی کرد. لە شاری قەڵادزە و ڕانیە ش کۆبوونەوەی کرد و من و دکتۆر فوئاد مەعسوم لەگەڵیدا بووین. لەبەر شارەزایی و ناسیاویم لەگەڵ خەڵکی سنووردا کە سەردانی چەند

ماڵە شەهیدێکم کرد، کە لە ڕۆژگارە ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین. ڕۆژی 2010/7/20 کۆبوونەوەی فەرماندەیی بوو بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال و بە ئامادەبوونی خۆم و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و کەمال شاکر. لەگەڵ هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی لەسەر گرنگیی ئەم کۆبوونەوەیە و هەڵبژاردن قسەی بۆ کردن. لە هەندێک لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ هەڤاڵ نەهرۆی سەعید سوفی پێکەوە بووین وەک لێژنەی هەڵبژاردن.

هەڵبژاردن ڕۆژی 7/25 دەستی پێکرد و تەواو بوو. چەند ڕۆژێ دوای هەڵبژاردن دەنگەکان جیا کرانەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: لیستی کوردستانی لە سەدا 57%، گۆڕان 23%، چاکسازی 12%. کاک مەسعود بارزانی ڕێژەی لە 69%ی دەنگی هێنا بۆ سەرۆکی هەرێم. ململانێیەکی گەورە هەبوو لە نێوان لیستی کوردستانی و گۆڕان. غەدرێکی زۆر لە مێژووی یەکێتی کرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لیستی کوردستانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە سلێمانی گۆڕان دەنگی باشیان هێنا، وەزعی یەکێتی باش نەبوو، لە جێگاکانی تریش باش نەبوو ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ خەباتی یەکێتیدا.

ئێوارەی چوار شەممە 8/5 مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سەعات هەشتونیو وەرە بۆ لام بۆ ماڵەوە. کە ڕۆیشتم، بڕیاری دا بە تەنها بچم بۆ سەرپەرشتیی هەردوو مەڵبەندی قەڵادزە و ڕانیە. لەڕاستیدا هەڵبژاردنەکە تووشی شۆکی کردبووین.

لە قەڵادزە و ڕانیە

لە ڕانیە سوکەبارەگایەکم دانا و دەستم کرد بە جێبەجێکردنی ئە وکارانەی پێیان سپاردبووم. هەموو دۆست و هاوڕێ و ئەوانەی ئەمناسین، بەسەرم کردنەوە. سەردانی هەندێک لە بنەماڵە گەورە و بەهێزەکانیشم کرد. کەوتمە ئەوەی چی بکەین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنین و دۆخەکە وەک ڕابوردوو نەبێت. لام وابێ کەسێک نەما بزانم دەوری کاریگەری دەبێ و چاوم پێی نەکەوتبێ. لەگەڵ ئەوانەشدا دەچوومە پرسەی کۆچکردووەکان و بەشدار دەبووم لەگەڵیان، ئەوەم بە ئەرکی خۆم دەزانی. جارجارەش دەگەڕامەوە بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە و چاوم لە کارەکانی ئەویش دەبوو. وام بە خەیاڵدا هات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەم بە باشی هەندێک ئاڵوگۆڕ بە کۆمیتەکان و هەندێک دەزگای حکوومە ت بکەم. بە حوکمی ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکیان پێدابووم، نەمدەویست غەدر لە کەس بکرێت. لە سەرەوە تەداخولات دەکرا، منیش ڕاپۆرتێکم ئامادە کردبوو بۆ حکوومە ت و حیزب.

لە مەڵبەندی 8 وەک هەنگاوی یەکەم 6 لێپرسراوی کۆمیتەم گۆڕی. خۆم بۆ دانانیان لەگەڵیان چووم. کارگێڕەکانی مەڵبەندم بەسەر کۆمیتەکاندا دابەش کرد بۆ ئەوەی زیاتر بجوڵێن و سەرپەرشتییان بکەن. جێبەجێکردنی ئە و بەرنامە تازەیەی دەستم پێکردبوو، بێکێشە نەبوو. من خۆم بۆ هیچ مەبەستێک و دژی کەس ئەمەم نەکرد. لە هەڵبژاردنی ڕابوردوو بە هەموومانەوە زەرەرمان کرد و دۆڕاندمان. بە سەروو و مەڵبەندیشەوە هەموومان لەوێ بووین، ئەم گۆڕانکارییەم بەلاوە باش بوو ئەگەرچی نیوەچڵیش بوو. ئەوەی ویستم لە حکوومە ت، لە وکاتەدا جێبەجێ نەکرا.

ڕێزانی خوشکم بە هۆی نەخۆشییەوە وەزعی باش نەبوو. لە وکاتەدا مام جەلال و ملازم عومەر لە سەفەری ئەمەریکا بوون. لەوێ بە مام جەلالیان وتبوو. هەر کە گەڕانەوە، ملازم عومەر لە فڕۆکەخانەی سلێمانییە وە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی بە مام جەلالم وتووە، ئەویش وتویەتی سبەینێ بێت بۆ لام، منیش سوپاسم کرد. ڕۆژی

دوایی چووم بۆ لای مام جەلال، لەوێ مۆڵەتی دامێ و هاوکاریشی کردم بۆ سەفەر بۆ هۆڵەندا بۆ لای ڕێزانی خوشکم، کە لە خەستەخانە کەوتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زریانی کوڕم ناردبوو، چوونە کەم دواخست. چونکە دەستم دابووە هەندێک کار و نەدەبوو بە نیوەچڵی بەجێیان بهێڵم.

پلینۆم

ڕۆژی 2009/10/29 پلینۆم دەستی پێکرد. دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرپەرشتیی دەکرد، کەسێکی لە سەرخۆ و بەویژدان بوو. دکتۆر فوئاد ڕاپۆرتی پێشکەش کرد و داوای کرد مام جەلال پێشکەش ڕاپۆرتی یەکێتی بخوێنێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە بوو، بەر ئێمە کەوت. لێژنەی پێشمەرگە لەم هەڤاڵانە پێک هاتبوو: (شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، جەباوەر یاوەر، کەمال شاکر، مامۆستا عەزیز، مستەفا چاوڕەش). ئێمەش لەگەڵ پەنجا کادێری پێشمەرگە دانیشتین و ڕاپۆرتێکمان لەسەر وەزعی پێشمەرگە و چاککردنی بۆ پلینۆم ئامادە کرد. ڕاپۆرتەکە لە چوارده خاڵ پێک هاتبوو. لەوێش هەندێک قسەی لەسەر کرا و بە دەنگی زۆرینەی پلینۆم قبوڵ کرا. پلینۆم ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و ڕۆژی 10/31 کۆتایی هات.

کۆبوونەوە لە ماڵی هەڤاڵ (دکتۆر بەرهەم سالح) سەرۆکوەزیران

لە ماڵی دکتۆر بەرهەم بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی کۆبوونەوەیەکی فەرماندەییمان کرد. هەڤاڵانی بەشداربوو پێک هاتبوون لە: 1- نەوشیروان فواد مەستی 2- شێخ جەعفەر 3- مستەفا چاوڕەش 4- مەحموود سەنگاوی 5- جەبار یاوەر 6- کەمال شاکر 7- مامۆستا عەزیز 8- دلێری سەید مەجید 9- هاشم مام عەلی، لەگەڵ سکرتێرەکانی لای هەڤاڵ بەرهەم سۆران و لەتیف شێخ عومەر. ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر تەرخان کرابوو بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە، هەردوو فەرماندەییەکە کە لەسەری ڕێک کەوتبووین. چۆن دەبێ ئەم کارە جێبەجێ بکەین کە لەسەری ڕێک کەوتووین؟ قسەی زۆری لەسەر کرا.

هاوکات کەموزۆر هەر خەریکی دەوری قەڵادزە و ڕانیە م بۆ ئیشوکارەکان. کەسێکی دڵسۆز و پیاوێکی نیشتمانپەروەر لە قەڵادزە وەفاتی کردبوو هۆمەری حاجی موسا، بەشداریی مەراسیمی پرسەکەم کرد. نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال لەسەر ئە و ماوەیەی سەرپەرشتیی سنووری پشدەر و بتوێنم دەکرد و کارەکانم بۆ ڕوون کردەوە. وێنەیەکیشم دا بە مەکتەبی سیاسی. وێنەی نووسراوەکەشم بۆ مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین خوێندەوە. ماوەی چوار مانگ لەوێ ئیشم لەگەڵ کردن. دوای کۆبوونەوەکە خواحافیزیم لێکردن و گەڕامەوە بۆ سلێمانی و چوومە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ جێگاکەی خۆم.

چوونمان بۆ پیرمام بۆ لای سەرۆکی هەرێم

بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان هەبوو لە نێوان فەرماندەیی و فەلەک. سەعات دە کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. لە پاش قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە بڕیارمان دا بەزووترین کات کار بکەین بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە. کاک مەسعود دەستخۆشیی لێکردین بۆ کارەکانی ڕابووردومان. هەر لە و کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا چەند لێژنەیەک دروست بکرێن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

دوا بەدوای ئەم کۆبوونەوەیە چەندین جار هەردوولامان کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی هەنگاوبەهەنگاو لە

کارەکان بچینە پێشەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە زیاتر و زووتر جێبەجێ بێ. کاری زۆرمان کردووە، بەڵام هەر ماو یەتی. تاکو ئێستا دوانزە لیوامان بە یەکگرتوویی ڕێکخستووە و دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکەین. دیارە ئەم کارە هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە پێشەوە، لەسەر هەموو ئاستەکان کارمان کردووە. بێجگە لەوەی خۆمان کارەکەمان ئەوەبوو، دەبوو مام جەلال و مەکتەبی سیاسییش لە هەموو هەنگاوەکان ئاگادار بکەین و ڕاوبۆچوونیان وەربگرین.

جارێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و چوونم بۆ پشدەر

ڕۆژی 03-02-2010 لە مەکتەبی سیاسی بڕیارێکیان دەرکرد کە جارێکی تر بڕۆمەوە بۆ قەڵادزە و ڕانیە بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن. هەڤاڵەکان بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکران. بۆ ئەم مەبەستەی هەڵبژاردن قسەم کرد کە هەموومان هیمەت بکەین و سەرکەوتوو بین.

وردەوردە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە، بەڵام تووندوتیژە و دەبێ هەستیارانە لەگەڵی بجوڵێینەوە، بەتایبەت لە و سنوورە. مام جەلالیش هاتبووەوە و لە بارەگای مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی کرد کە لەسەر هەڵبژاردن بوو. ئەوەی من بە باشم زانی، بە ڕاوێژ لەگەڵ هەڤاڵانی ڕاپەڕین جێبەجێمان کرد. خەڵکی بە خۆشییەوە ئامادە بوون بۆ هەڵبژاردن.

مام جەلال لە کەرکووکیش لە بارەگای خۆی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی کرد بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێ کە کەرکووک لە کوردستان جیا نابێتەوە و کوردستانە. ئیشێکی زۆرم کرد بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکانی یەکێتی نیشتمانی و دەریش چوون. ڕۆژی 3/5 سەعات سێونیو بەشداریی ئاهەنگی سااڵڕۆژی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە م کرد و چوومە سەر مەزاری شەهیدان (عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ و ئەرسەلانی کاک هەمزە و شەهیدە قارەمانەکانی تری یەکێتیی نیشتمانی). بانگەشەی هەڵبژاردن ڕاوەستا و دنیا هێمن بووەوە. ڕۆژی 07-03-2010 هەڵبژاردن دەستی پێکرد. هەر ڕۆژی 3/7 ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانییە لە دەست ڕژێمی سەدام و خۆشترین ڕۆژی خەڵکی ئە و شارەیە. منیش وەک هەموو تاکێکی کورد بەشداریم کرد و دەنگی خۆم دا بە لیستی کوردستانی. چواردە هەزار دەنگی زیاتر بوو. لە شارو ناحیەکانیش لیستی کوردستانی سەرکەوتوو بوو. هەردووکی نزیکەی لەسەروو شەست هەزار دەنگی زیاتر بوو، هەر ئەمەش وای کرد لیستی کوردستانی بەگشتی لە سنووری سلێمانی سەرکەوتوو بێ. منیش بە سەرکەوتنێکی باشم زانی بۆ خۆم، چونکی لە ڕابوردوودا دۆڕاندبوومان. ئەمجارە تەنهاش بووم.

زریانی کوڕم ڕۆژی 02-04-2010 ژنی گواستەوە. لە هۆڵی ئۆسکار ئاهەنگێکی خێزانیی گەورەمان بۆ بەڕێوە برد، ڕۆژێکی خۆشی و شادی بوو بۆ خۆیان و کەسوکاریش. شەوێ درەنگ مەراسیم کۆتایی هات.

یادی داستانی گردە بێناس

سەعات شەش چووم بۆ قەڵادزە و لەوێشەوە لەگەڵ هەڤاڵە پێشمەرگە کۆنەکانی ئە و سەردەمە بۆ لای شاخی گردە بێناس. تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی هەبوو بۆ تیپەکانی ئە و سەردەمە، منیش لەبەر خاتری ئە و پێشمەرگانەی ڕۆژگارە سەختەکان چووم. چونکی من لێپرسراوی یەکەمی داستانی گردە بێناس بووم و ئە و ڕۆژگارە سەرپەرشتیی هێزەکانم کرد. لە سەروبەندی شەڕەکەدا بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیمان لە سەرشیوەوە گواستەوە بۆ بەرگەڵوو و سەرگەڵوو. لە شەڕەکەدا سەربازێکی زۆر کوژران و دەستکەوتێکی زۆرمان

لە دوژمن گرت لە کلاشینکۆف و ئاربیجی و بەسەر هێزەکانی بەشداربووی شەڕەکەدا دابەشم کردن. ئەم سەرتیپ و کادێرانە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون: (شەهید مام جوتیار، مەولود هێرۆیی، عەبدوڵلا وسوو، شەهید محەمەد ڕازانی، مەحموود ڕازانی، عەبدوڵلا مەحموود، عەلی شامار، عەبدوڵلا هەمزە)، هەروەها دەیان پێشمەرگەی تر دەوریان هەبوو.

بەرە و کۆنگرە

پاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا کۆنگرە بگیرێ، هەموو مەڵبەند و کادێرەکانی سەرگەرم بوون. منیش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی پێشمەرگە بۆ ئە و مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەین کۆنگرە سەرکەوتوو بێ، لەگەڵ هەموو بەشەکانی مەڵبەند کۆبوونەوە و دابەش بووین بۆ ئە و جێگایانەی هێزەکانمانی لێیە.

بڕیار درابوو مەڵبەندەکان لە هەر پێنج سەد ئەندام یەک نوێنەری هەبێ، هێزی پێشمەرگەش لە سێسەد و پەنجا ئەندام یەک نوێنەری هەبێ. ڕۆژانە لەسەر ئە و بەرنامەیە کاری خۆمان ئەنجام دەدەین. ڕۆژی 4/23 بە ئامادەیی مام جەلال لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرە پلە بەرزەکانمان کرد بە بەشداریی شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و بەندە. مام جەلال لەسەر گرنگیی هێزی پێشمەرگە قسەی بۆ کردین. لەسەر سەرخستنی کۆنگرەش هەندێک ڕاوبۆچوونمان خستە بەردەستی مام جەلال. دوای ئەوە هەندێک ئاڵوگۆڕ کرا لەناو هێزەکان پێشمەرگە، کاک نەوشیروان فوئاد مەستی خۆی وازی هێنا و خانەنشین بوو، لە جێگای ئە و حسێن مەنسوور دانرا. لە کۆبوونەوەکەدا ئاگاداری پلەدارەکانمان کرد بۆ ئەم مەبەستە، بەڕاستی کاک نەوشیروان دەوری سەرەکیی بینی لە بەهێزبوون و دروستکردنی سەرۆکایەتیی ئەرکاندا.

هاتنی جەنەڕاڵ باربارۆ

لەگەڵ هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی چووین بۆ پێشوازیکردن لە جنراڵ باربارۆی گەورە ئەفسەری هێزەکانی هاوپەیمانی و لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ لای مام جەلال. لەسەر وەزعی عێراق و تیرۆر قسەیان کرد. ڕۆژی دواتر جەنەڕاڵ ئودیرنۆ قائدی عەسکەریی ئەمەریکی هات. چووین بۆ دوایدا بۆ فڕۆکەخانە و بردمان بۆ لای مام جەلال. دوای ئەوەش ڕۆژی 2010/4/30 لەلای مام جەلال ئەم هەڤاڵانە کۆبوونەوە: (شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز) کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسکردن وەزعی پێشمەرگە و باشکردنی ژیانی. کۆنگرەش ئەوەندەی نەمابوو. لەسەر ئەوە مام جەلال وتی دەبێ گرنگی بدەن بە کۆنگرە. دوایی بۆ هەمان مەبەست سەردانی کاک کۆسرەتم کرد و لەسەر ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە باسوخواسمان کرد، دیارە باسی کۆنگرەش خاڵێکی تر بوو. ئێمە هەمیشە کێشەی ژیان و وەزعی پێشمەرگەمان دەخستە بەردەستی سەرووی خۆمان بۆ ئەوەی بە هەموومانەوە ڕێگای باشتر بدۆزینەوە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

هەر دەربارەی کۆنگرە و نزیکبوونەوەی لێژنەیەکی مەکتەبی ڕێکخستن هاتن بۆ لامان و لەگەڵیان دانیشتین. قسەوباسەکانمان لەسەر ئە و خاڵانە بوو، کە پێویست بوو ئامادەی بکەین و بەشداریکردنیشمان چۆن بێت.

ڕۆژی 5/8 هەڵبژاردن لە کۆمیتەکان دەستی پێکرد. بەڵام لەلای ئێمە هێزی پێشمەرگە هەڵبژاردن نەکرا، لەبەر ئەوەی هێزەکانمان زۆر بەربڵاو بوون لە جێگا جیاوازەکانی عێراق و کوردستان واجباتیان دەگرت. خاڵێکی تریش ئەوەبوو لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەڵبژاردن ناکرێ، بۆ ئەوەی کاریگەریی خراپ نەکاتە سەر هەڵبژاردن. چونکی هەڵبژاردن ئامانی نییە، جاری وا هەیە باشترین کەس دەرناچێ. لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا شتێکم نووسی بە ناوی کۆنگرەمان بۆچی ئەوێ و چی بکەین باشە؟ لای خۆمەوە سەردانی مەکتەبی ڕێکخستن هەڤاڵ عیماد و دەزگای هەڵبژاردن شۆڕش ئیسماعیل و مەکتەبی سیاسیم کرد بۆ ئەوەی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە مەغدور نەبێ لە بەشداریکردن، چونکی گەورەترین مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند خەریک بووین. چاوەڕوان بووین مام جەلال لە بەغدا بگەڕێتەوە. لەبەر گرنگیی هەڵبژاردن چوار هەڤاڵی جێگری مەڵبەند لەگەڵ دکتۆر فوئاد چوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال. شەوێ تەلەفۆنیان لەگەڵ کردم و وتیان هەڵبژاردن دەکرێ بەیەک بە شێوەی بازنەیی دەکرێ. ڕۆژی دوایی ئە و هەڤاڵانەی چووبوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال، گەڕانەوە و قسەمان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە کرد. بڕیار بوو ئە و هەڤاڵانەی بەشداریی کۆنگرە دەکەن، ئاگادار بکرێن و 152 ئەندام مەڵبەندی پێشمەرگە بەشداریی کۆنگرە بکەن. ڕۆژی دوایی چووم بۆ قەڵاچوالان بۆ سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن.

دوا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پێش کۆنگرەی سێیەم

ڕۆژی 2010/5/31 دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بوو پێش کۆنگرە. مام جەلال سەرپەرشتیی کرد و لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا سوپاسی هەمووانی کرد کە هەموو بەجدی کاریان کردووە بۆ سەرخستنی کۆنگرە. داوای لێبوردنی لە هەڤاڵان کرد و وتی ئەگەر ڕۆژی لە ڕۆژان هەڵەیەکم کردبێ، تەحەمولی بەرپرسیاریەتی دەکەم. هەموومان بەشداریی قسەکانمان کرد. ڕۆژی دواتر کۆنگرە لە 01-06-2010 دەستی پێکرد.

یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی سێیەم

ڕۆژی 01-06-2010 سەعات یانزە کۆنگرە لە هۆڵی تەلاری هونەر بە ئامادەبوونی وەفدی میوان و سەفیرەکان و حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان پاش قورئانخوێندن و سرودی مەشخەڵان دەستی پێکرد. مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوو. بەخێرهاتنی هەمووان کرا. چەندین وتار خوێنرانەوە، لەوانەش وتاری مەسعود بارزانی، وتاری مالکی و حیزبی دەعوە، دوایی (عمار الحکیم) سەرۆکی مەجلیسی ئەعلا و حیزبی سۆسیالیستی سوید و باقیی لایەن و حیزبەکانی تر.

ڕۆژی یەکەم کۆتایی هات، شەویش لە یانەی کۆمەڵایەتی ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ میوانان و بەشداربووانی کۆنگرە ساز کرا. دوایی سەردانی هەندێک لە هەڤاڵەکانم کرد لە جێگای حەوانەوەیان، ئەوانەی لە دوورەوە هاتبوون.

ڕۆژی 6/2 دووەم ڕۆژی کۆنگرە دەستی کرد بە کارەکانی

مام جەلال ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە، ماوەیەکی باشی خایاند. دوای چارەکێک پشوو کۆنگرە دەستی پێکردەوە و ماوەی دوو سەعات و نیوی خایاند. ڕاپۆرتەکەی مام جەلال بە دوورودرێژی باسی وەزعی یەکێتی و کێشەکان و پێشکەوتنەکانی کرد. دوای ئەوە سەرکردایەتیی یەکێتی خۆی حەل کرد. ئیتر کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە.

ئیدارەی سەرپەرشتیی کۆنگرە هەڵبژێردرا، کە پێک هاتبوو لە نۆ کەس و سیانیان ژن بوون. کارەکان دەستیان پێکرد. هەڤاڵ عادل مورادد بەرپرسی یەکەم بوو.

ڕۆژی سێهەمی کۆنگرە

چەندین بڕیار درا بۆ بەشداری و چاودێریی ئەوانەی لەسەر لیستی یەکێتی لە وەزارەت و پەرلەمانن. بە زۆرینە ی دەنگ پەسەند کرا. چەند لێژنەیەک دروست کرا بۆ ڕاپۆرتەکەی بەشەکانی پێشمەرگە، دارایی، ڕێکخراوەکان و مەڵبەندەکان و حکوومەت. من لێپرسراوی لێژنەی پێشمەرگە بووم، داواش کرا هەر کەسێک پێی خۆشە و حەز دەکات، دەتوانێ لەگەڵمان بێت.

لێژنەکەمان پێک هاتبوو لە (شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، جەمیل هەورامی، م. ئەحمەد لەتیف، عەبدوڵڵا کانی بەردی، جەبار یاوەر). بۆ هاتن و گفتوگۆی پێشمەرگە نزیکەی سەد و پەنجا هەڤاڵ بەشداربیان کرد لە و ڕاپۆرتەی بۆ کۆنگرەمان ئامادە دەکرد. لە و هەڤاڵانە 35 کەسیان قسەیان کرد، بڕیاریشمان دا بۆ ڕۆژی دوایی تر لە بارەگای پێشمەرگە دێرینەکان جارێکی تر لەسەری کۆبینەوە و پێیدا بچینەوە. هەڤاڵ عومەر فەتاحیش هات بۆ لامان و بەشداریی کردین. ئیتر ڕۆژی دوای خۆئامادەکردنە بۆ ڕاپۆرتەکانی تر و لەسەر خاڵبەخاڵی گفتوگۆ کرا.

ڕۆژی پێنجەمی کۆنگرە

هەر لە تەلاری هونەر هەندێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەکان کە دروست کرابوون، خوێندرانەوە و قسەیان لەسەر کرا.

ڕۆژی شەشەمی کۆنگرە

کۆبوونەوەکان دەستیان پێکردەوە. دوای نیوەڕۆ سەرەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشمەرگە هات. چوویە بەردەم هەڤاڵانی کۆنگرە. من ڕاپۆرتەکەم خوێندەوە، پاش ئەوەی دە کەس قسەیان لەسەر کرد، خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر درا. ڕۆژانی تریش لێژنەکانی تر کارەکانی خۆیان پێشکەش کرد. ڕۆژی حەوتەمی کۆنگرە کێشەیەک لەسەر بەشداربووانی کۆنگرە دروست بوو: کێ حەق هەیە بەشدار بێ؟ چونکی ڕێژەی بەشداربووان لە و ژمارەیە زیاتر بوو، کە بڕیاری لەسەر درابوو. ئەمەش چارەسەر کرا لە ڕاستیدا دیزە بە دەرخۆنە کرا. کۆمیتەی بەڕێوەبردنیش مشتومڕێکی لەسەر کرا و دوایی دەنگی لەسەر درا. ڕۆژێکیش تەرخان کرا بۆ پەیڕەوی ناوخۆ و زۆر قسەی لەسەر کرا. باقیات هەڵگیرا بۆ ڕۆژی دوایی تر.

ڕۆژی دەیەمی کۆنگرە هەردوو جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵان کۆسرەت ڕەسوڵ و دکتۆر بەرهەم سالح وەک جێگری سکرتێری گشتی دەستنیشان کران و زۆرینە دەنگی لەسەر دا. ئێوارەش هەڵبژاردن دەستی پێکرد. کۆنگرە بڕیاری دابوو سەرکردایەتی پەنجا ئەندام بێ، بەم شێوەیە ژمارەی پەنجا هەڤاڵ هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی. من خۆم دەنگی سیانزەهەمین بووم و 618 دەنگم هێنا، لە کۆنگرەی دووەمدا شەشەم دەنگم هێنا بە ڕێژەی 762 دەنگ، لە کۆنگرەی یەکەمیش دەنگی باشم هێنا. یەکێتی سێ کۆنگرەی گرتووە لە هەرسێکیان ڕێژەی دەنگەکانم بەرز بووە و قەت یەدەک نەبووم. ئەوەش دەنگی کادێرەکان و پێشمەرگەکان بوو و حەق خۆمیان داومەتێ، سوپاسیان دەکەم. پاش ئەوەی کۆنگرە تەواو بوو، زۆر لە هەڤاڵان هاتن بۆ

پیرۆزبایی.

هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی دوای کۆنگرە

ڕۆژی 2010/6/24 سەعات 11 لە دەباشان لە ماڵی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرپەرشتیی هەردوو جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ (کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم) دەستی پێکرد، تەنها عیماد ئەحمەد لەوێ نەبوو، لە سەفەر بوو. سەرەتای کۆبوونەوە مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، مام جەلال هەشت کەسی دەستنیشان کردبوو بۆ مەکتەبی سیاسی، کە ئەم هەڤاڵانە بوون: 1- ڕەفعەت عەبدوڵڵا 2- دکتۆر نەجمەدین کەریم 3- عماد ئەحمەد 4- مەلا بەختیار 5- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد 6- عومەر فەتاح 7- عەدنان موفتی 8- ئەرسەلان بایز.

دیار بوو مام جەلال حسابی لەسەر شارەکان کردووە و ئەم هەڤاڵانەی داناوە. بێگومان حەق خۆیەتی، بەڵام لە کۆنگرەدا دەنگ هەر دەنگە و حەق وابوو حسابی لەسەر بکرێ. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا سێ هەڤاڵی تر دەستنیشان بکرێن و بخرێتە دەنگدانەوە، لە و هەڤاڵانەی کە پشتیوانییان لێکرا، ئەم سێ هەڤاڵە دەرچوون بۆ مەکتەبی سیاسی: 1- شێخ جەعفەر 2- حاکم قادر حەمەجان 3- مەحموود سەنگاوی، باقیات مانەوە و ئیحتیات بوون. بەڵام تاکو ئێستا هەر دەوری (ئەندامی مەکتەبی سیاسی) دەبینین. من لە گرنگیی هیچ هەڤاڵێک کەم ناکەمەوە، بەڵام بە حەق تەواو و شەرعیی خۆمی دەزانم لە پێشەوەی زۆر لە و هەڤاڵانە بم، ئەگەر بە دەنگ بێ و دەنگی هۆڵی کۆنگرە بێ. زۆر دڵگران بووم دەرنەچووم، وتم لە ڕابوردووش سیاسەت هەروا بێوەفا بووە. دەستەگەری و پشتیوانی لە سەروو خۆتەوە گرنگە، ئیتر هەرچەند بیرم دەکردەوە و سەرم دەهێناو دەبرد، هەر خەفەتم پێ دەخوارد. مەبەستم ئەوە بوو خۆ مەسەلەی مەکتەبی سیاسی ئەوەیە هەموو کەسێک حەز دەکات لە پلەی بڕیاردانا بێت و پلەی بەرزتر بێت. ئیتر نامەوێ زۆر بچمە وردەکاری و گێژاوی ئەم و ئەوەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم بۆ مێژوو و هەڤاڵانی کۆنگرە شاهیدن و ڕابوردووشم لەناو یەکێتیدا شاهیدە کە هەمیشە حەزم بە دەستەگەری نەکردووە، هەر دەستەی یەکێتیی ناو یەکێتی بووم، هەموو هەڤاڵەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەزانن کە لە ژیانمدا هەر وام هێناوە، خۆشم لە هیچیان پێ کەمتر و کەمتواناتر نییە لە هەموو بواڕەکاندا، خۆ لەناو ڕێزەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە و خەڵکیدا لێ ئەگەڕێم خۆیان شاهیدیم بۆ بدەن، ئەوەندەش کە لەسەر هەڵبژاردن نووسیومە، بەسە.

ئە و ڕۆژانەی دوای کۆنگرە هەر لە دڵی خۆمدا ڕاوێژم دەکرد و بڕیارم دا واز لە سەرکردایەتیی یەکێتی بهێنم، نەک یەکێتی. چونکی تەمەنی خۆم و لاوێتی و کەسوکارم داوە بە یەکێتی. دواجار نامەیەکی گلەییئامێزم بۆ هەڤاڵ مام جەلال نووسی. هێشتا نامەکەم نەناردبوو، بەڵام ئامادەم کردبوو. چوومە لای هەڤاڵ عیماد ئەحمەد کە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بوو. نامەکەم نیشان دا، هەڤاڵ عیماد لەسەر ناوەڕۆکی نامەکە قسەی نەبوو، تەنیا تێبینی لەسەر وشەی وازهێنان هەبوو و پێی باش نەبوو ئە و وشەیە بنووسم. دوایی نامەکەی دابوو بە کاک دلێری سەید مەجید بۆی ببات. بە هەرحاڵ، نازانم گەیشت بە دەستی مام جەلال یان نا. کۆمەڵێک هەڤاڵ کە لە ساڵەکانی تەمەنی یەکێتیدا پێکەوە زۆر تاڵی و ناخۆشی و دەردەسەریمان دیووە، نەسیحەتیان کردم هەر ئیش بکەم و پەلە نەکەم لە وازهێنان. چونکی وەزعی من وەک هەندێک هەڤاڵی تر نییە و هی ئەوە نییە لێرەدا باسی بکەم. وەزعی زۆر جیاوازە لە هەندێکی تر. ئەوەتا تا ئێستا تاکو کاتی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە بەردەوامم.

بیرەوەرییە کانیشم کە لە ساڵەکانی 1956ەوە دەست پێکردووە، وام دانابوو تاکو کۆنگرەی سێ بێ لەوێدا کۆتایی

پێ بهێنم، چونکی ئەوەی گرنگ و دیار و زەحمەت بوو، ڕابوردوو بوو. ئەمانی تر، بەتایبەت ئەم ساڵانەی دوایی، زیاتر بیرهێنانەوەیە و کەمیش نییە. زیاتر لە پەنجا ساڵ باس دەکات. لە پێش هاتنە ناو کایەی حیزبایەتی و سیاسەتەوە زۆر شتم لەبیر بووە و یاداشتم کردووە. یادەوەرِی ڕۆژگارەکان کە پێیاندا تێپەڕیووم، ئەوەندەی لە بیرم بووبێ، بە ئەمانەتەوە یاداشتم کردووە، ئەوەندەی کە ئەمەوێ بیڵێم و حەق بدەم بە هەموو هەڤاڵەکانی ڕێگای خەباتم، ئەگەر شتێکم لە بیر نەبووبێ، داوای لێبوردنیان لێدەکەم. لە بیرەوەرِی ئە و ڕۆژگارە دژوار و سەختەدا شت لەبیر دەچێ، بەتایبەتی ئەگەر جێگایەک نەبێت بتوانی بە ئەمانەتەوە هەندێک نووسینی تێدا هەڵبگریت. هەر هەموشمان ڕژێمە دیکتاتۆرە بێڕەحمەکەی سەدام حسێن دەناسین و لە بیرمانە. کەسێک بە ناوی دلێر عەبدوڵڵا عەزیز لە سێدارە بدرێ تەنیا لە پای ئەوەی لە خۆشەویستیی پێشمەرگەیدا وێنەیەکی لەگەڵ گرتووم، ئیتر نابێ چاوەڕوانی شتی تری لێ بکەین. سیاسەت هەر ماوە و ئێمەش لە زیادە ماوین. دەیان هاوڕێی خۆشەویست و قارەمانمان لەدەست چوو؛ یادیان بەخێربێت. منیش هەر بەردەوامم لەسەر کار لەناو کوردانی هەژارترین چین، کە پێشمەرگەیە. خۆشم هەر لە و قوتابخانەیە پێگەیشتووم و لەگەڵیان ماوم. ئە و هەڤاڵانەی ئێستا پێکەوە ئیش دەکەین، شاهیدن کە دڵ و دەروونمان لای سەرکەوتنی پێشمەرگەیە لە هەر سەنگەرێکدا بن. جارجارەش کە تەنگژە و ناڕەحەتی لەگەڵ ناحەزان و حکوومە تی عێراق دروست دەبێ، هەروەک ڕۆژگارەکانی ساڵانی پێشوو لەگەڵیاندا دەبم. مەگەر هەر ئێمەمانان و خەڵکی بەویژدان سەنگی پێشمەرگە بزانێت، قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە. سەری ڕێزم دادەنەوێنم و هەتا مابم خۆم بە قەرزاری شەهیدەکان و کەسوکاریان دەزانم. وەفاش بۆ ڕێبازی پیرۆزیان، هەر خۆم بە سەربازیان دەزانم.

دوا وتە

دەمەوێ بیڵێم بە هۆی کەسێکەوە بە ناحەق زۆر قسە بە هەموومان دەوترێت. لە کۆتاییدا من هەر کوڕە هەژارکەی جارانم. نە دەوڵەت و نە ئە و قەسروقسوورەی باسی دەکەن، بە هی خۆمیان نازانم و بەلامەوە گرنگ نین. شارە قارەمانەکەی سلێمانی و هەموو ئە و جێگایانەی لە ڕابوردوودا ئیشم لێکردوون، دەکەم بە شاهید. لە کۆتاییدا دەڵێم ئینسان مەعسوم نییە لە هەڵە، زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر لە نووسینەوەی ئەم یادەوەرییانەدا غەدرێکم لە نووسینەوەدا کردبێ. هیوامە ئەمەش بە کارە باشەکان حساب بکرێ و بچێتە سەر خەرمانی تێکۆشانی میللەتەکەم و خەباتی پێشمەرگە... ئێوەش هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | نەغەدە | وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1965-04-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1994-05-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

2010-06-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
1998-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2001-01-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2005-01-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2010-04-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
1992-05-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2006-08-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2008-01-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2009-01-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2010-02-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2006-06-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2005-07-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2002-09-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2008-09-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
2001-01-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست

2002-02-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2005-02-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-03-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2006-04-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1998-08-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-08-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-09-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1991-03-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-03-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-03-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2006-08-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-09-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-02-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1976-03-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2005-04-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

1998-09-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-09-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-01-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1991-03-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2010-03-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1998-08-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2006-09-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-02-08	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2006-08-08	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-08-08	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1998-09-08	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-09-08	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2007-02-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1970-03-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2003-04-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

2005-05-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1980-08-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2008-09-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئاوات قارەمانی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
ئەسعەد خۆشەوی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
ئەنوەر مەجید سوڵتان	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست	
بەدەستی ڕژێم ژەهر خواردیان کردین 1987/11/24	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
پیاوە مەترسیدارەکەی ئەمن، چۆن خەڵکی دەخستە تەڵەی بەعسەوە؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
تۆڵەی شەهیدکردنی دکتۆر چیا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
جەبار فەرمان	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
جەلیل گادانی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
جەلەولا	شوێنەکان	کوردیی ناوەڕاست	
جەمال تاهیر	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست	
چاکەکردن دەبێ تا سەربێ (ألإحْسانُ بِالتَمامِ)	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

چوون بۆ قەرەداغ و دانانی تەشکیلە تازە	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
چوونی شاندی یەکێتی و پارتی بۆ ڕێککەوتنی پاریس	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
چوونی مام جەلال و عادل موراد بۆ هۆڵەندا ساڵی 1976	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دابەشبوونی هەرێمی 5ی قەرەداغ بۆ سێ تیپ	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
داستانی ڕزگاری 13-04-1987	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دانانی بەرنامە بۆ گرتنی شاخی دابان-هەلاج 1985	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دروستبوونی مەڵبەندەکانی ی. ن. ک	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان لەلایەن کاک نەوشیروانەوە	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دوای دەرمانخواردکردن مستەفا چاوڕەش چۆن چووە دەرەوە بۆ چارەسەر؟	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئوجەلان 16-02-1999	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
زیندانیکردنی عومەر سەید عەلی لەلایەن پارتیەوە	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
سوورداش	شوێنەکان	 کوردیی ناوەڕاست
سی و یەکی ئاب 1996	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
شەهید بوونی خالید گەرمیانی	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
شەهید محەمەد ڕازانی	شەهیدان	 کوردیی ناوەڕاست

شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا و خانەی موعینی و پۆلێک پێشمەرگە	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی براکوژی و ڕاونانی سەید کاکە	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت 1986	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی گەورەی لای ئیمام قادر و دێوانە	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی گەورەی کەلکی قەیوان 1985	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای عێراق 05-12-1966	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی کوڕەک لە ساڵی 1965	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی یەکێتی و پارتی لە سنووری شارباژێڕ 1983	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی یەکێتی و پارتی لە ڕانیە و قەڵادزێ 02-05-1992	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی یەکێتی و پەکەکە	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
شەڕی یەکێتی و پەکەکە لە دێی ئاڵی ڕەش 04-12-2000	کورتەباس		کوردیی ناوەڕاست
عومەر شێخموس	ژیاننامە		کوردیی ناوەڕاست
عیماد ئەحمەد	ژیاننامە		کوردیی ناوەڕاست
فرۆکەخانەی سلێمانی	پارت و ڕێکخراوەکان		کوردیی ناوەڕاست

قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سلێمانی 09-06-1963	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
گرتن و چەککردنی برادەرانی ئاڵای شۆڕش لە قەرەداغ 1985	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
گرتنی ئاسۆی دەلاک بە هۆی خیانەتەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
گرتنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتیەوە 11-10-1996	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
گوللەی تۆپی کیمیاوی لە بارەگاکەی کاک نەوشیروان دەدات	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
گەڕانەوەی مستەفا چاوڕەش بۆ کوردستان لەگەڵ کاک نەوشیروان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
لەشکری دووی هەولێر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
مامە ڕیشە	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست
مستەفا چاوڕەش و بوونی بە پارێزگاری کەرکووک	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
مستەفا چۆن بوو بە چاوڕەش؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
مومتازی نووری عەلی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
نامەی مستەفا چاوڕەش بۆ مام جەلال	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
نەگونجانی هەڤاڵان شەوکەتی حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
هاتنی عوسمان ئوجەلان بۆ سلێمانی 02-10-1999	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ سووڕداش 1984	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

هاتنی نەقیب ئەمیر بۆ سیروان	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
هاوکاریی کوردەکانی ئێران و حیزبی دیموکرات	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 19-05-1992	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و خەتی گشتی	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕاپەڕینی ساڵی 1991	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕفاندنی ڕووسییەکان و شەڕی خاوێ 10-08-1980	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕۆژی 06-03-1976 لە هۆڵەندا پەنجا کوردیان وەک پەنابەر وەرگرتبوو	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕێککەوتنی جەزائیر	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕێککەوتنی واشنتۆن لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ 08-09-1998	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
ڕەوی یەک ملیۆنیی خەڵکی کوردستان	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
کورتە باسێکی هەکاری 07-07-1978	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
کۆبوونەوەی کۆمەڵە لە پاریس	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
کۆبوونەوەی یەکێتی لە فرانکفۆرت ساڵی 1977	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست
کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد -کاژیک	پارت و ڕێکخراوەکان	 کوردیی ناوەڕاست
کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 30-01-2001	کورتەباس	 کوردیی ناوەڕاست

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی 1992-01-27	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کێشەو دووبەرەکی کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کەرت بوونی حزبی شیوعی لە 1967/09/17	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کەمین و شەڕی گاپێڵۆن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | http://www.peshmargamedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-17

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: کورتەباس

بابەت: 408

بە فیلمی دەرهێنەرێکی کورد گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی بەلجیکا دەستپێدەکات

20250817123314651380=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بە فیلمی دەرهێنەرێکی کورد گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی بەلجیکا دەست پێ دەکات
دەرهێنەرێکی کورد بەڵگەفیلمێک لەسەر فۆتۆگرافەرێکی ئێراقی ئامادە کردووە و باس لە بەرهەمەکانی دەکرێت، کە وێنەی زۆری لە باشووری کوردستان گرتووە، بە تایبەتیش سەرکردەکانی کورد، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، لە دەستپێکی فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا پەخش دەکرێت.
بەڵگەفیلمەکە بەناوی جوانیی شاراوەی ئێراق لە دەرهێنانی سەهیم عومەر خەلیفە، تێیدا باس لە لەتیف ئەلعانی فۆتۆگرافەری ئێراقی و بەرهەمەکانی دەکات کە وێنەی زۆری لە باشووری کوردستان گرتووە، بە تایبەتیش سەرکردەکانی کورد، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی.
فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا بە گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلم لە بەلجیکا دەناسرێت و لە شاری لۆڤین لە 22 هەتا 30-03-2023 بەڕێوە دەچێت و یەکێک لەو فێستیڤاڵانەیە کە براوەی فیلمی لێژنەی دادوەری، دەچێتە لیستی درێژی بەربژێرکراوان بۆ خەڵاتی ئۆسکار.
باوکی هونەری فۆتۆگرافی ئێراق نازناوێکە خەڵک بە لەتیف ئەلعانیان داوە کە بە کامێراکەی ژیانی ڕۆژانەی لە ئێراق و باشووری کوردستان تۆمارکردووە. فیلمەکە لە 2020 لە بەغدا و چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان وێنەگیراوە و ساڵێک دوای وێنەگرتنی، ئەو فۆتۆگرافەرە کۆچی دوایی کردووە و بە گشتی بەرهەمهێنانی پێنج ساڵی خایاندووە.
لەتیف ئەلعانی، لە 18-01-2021 لە تەمەنی 89 ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە بەغدا کۆچی دواییکرد.
لەم بەرهەمەدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە و وێستگە گرنگەکانی ژیانی و لە بەشێکیدا باس لە پەیوەندی لەگەڵ کورد و تێڕوانینی بۆ کوردستان کراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | هونەری | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 21-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 21-01-2023 -(kurdistantv.net)
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-17
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 409

بەبۆنەی ساڵیادی 32 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، لە سلێمانی مەراسیمێک ئەنجامدرا

20250721235845647437=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ پێنجشەممە 2019-01-31 مەراسیمێک بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە لقی 21ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی ئەنجامدرا.
عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژ و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی بە دامەزراوەی وشەی ڕاگەیاند، لە ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردە و ڕێبەر ئیدریس بارزانی، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هاوواڵتیانی ناوچەکە باس لە ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەریی ئەو کەسایەتییە بۆ ئامادەبووان خرایەڕوو.
زیاتر گوتی، ئیدریس بارزانی، سەرکردەیەکی گەورە بوو لە بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوایی‌دا، کەسایەتییەکی کاریگەربوو، خاوەن خەباتێک بوو لە پێناو کوردستانێکی ئازاد.
ئیدریس مستەفا شێخ محەمەد بارزانی ناسراو بە ئدریس بارزانی کوڕی ڕابەری نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی لە 1944-03-14 لە گوندی بارزان لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵی لە سۆز و خۆشەویستی باوک دوور بووە تا مەلا مستەفا بارزانی باوکی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە، لە ساڵی 1958دا، دوای زیاتر لە 25 ساڵ خەبات و تێکۆشان و ماندوو بوونێکی زۆر لە پێناو ئازادی کورد و کوردستاندا بەهۆی نەخۆشی لە هەشتی تشرینی دووەمی 1987 کۆچی دوایی کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: هەواڵ | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-31

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

32مین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردە ئیدریس بارزانی کرایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆرۆێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net - 31-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 410
بەرکولێک لە پەرتووکی (ژیانی کوردێک).. مێژووی پڕ لە شۆڕش و بەسەرهاتەکانی کوردستان
20250710095250645000=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بەرکولێک لە پەرتووکی (ژیانی کوردێک).. مێژووی پڕ لە شۆڕش و بەسەرهاتەکانی کوردستان
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

گومانی تێدا نییە، کە ژیانی هەر مرۆڤێکی کورد پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر، لە خۆشی و ناخۆشی و هەڵبەز و دابەز و تەنانەت خاڵی نییە لە کارەساتیش، کە هەموو ئەوانە هەڵقوڵاوی ئەو ڕووداوگەل و کارەساتانەیە، کە بەدرێژایی ژیانی ڕۆژانە بەسەر مرۆڤی کورددا هاتوون. بۆیە پێویستە وەک ئەمانەتێکی مێژووپی، هەر کەسێکی بەئەزموون و تێکۆشەر، یا نووسەر و ڕۆشنبیر، لە هەر بوارێکدا بێت، هەوڵی پاراستن و تۆمارکردنی ڕووداو و مێژوو و کارەسات و بیرەوەرییەکانی بدات، لە ڕێگەی نووسین و وێنە و بەڵگەنامەوە تۆمار بکرێن و بپارێزرێن، تاکوو لەداهاتوودا سوودیان لێ وەربگیرێت و وەک پەند و ئەزموون و وانەی بەسوود کاریان پێ بکرێ.
لە هەمان کاتیشدا، ڕەوش و ڕووداو و کارەسات و گۆڕانکارییەکانی ناوچە کوردستانییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا، بە نەوەی ئێستا ئاشنا بکرێن و سەرجەم تاکەکانی ئێستا و ئایندەی لێ بەئاگا بێنین، تا بزانن لە ڕابردوودا چی ڕووی داوە و ژیان چۆن گوزەراوە و چۆن قوربانی و خەبات و تێکۆشان کراوە و دەبێت ئێستا چۆن کەڵک لەو ئەزموونە وەربگرین. لە هەمان کاتیشدا دەبێت قەدر و ڕێزی ئەو دەستکەوتانە بگرین، کە بە خەبات و قوربانیدان و خوێن و ئازار و مەینەتییەکی زۆر هاتوونەتە ئاراوە، تا دەرەنجام، ئەم قەوارە سیاسییەی لێ هاتووەتە بەرهەم، دەبێت بە گیان بیپارێزین.
لە و سەروبەندەدا، باس لە پەرتووکی (ژیانی کوردێک) دەکەین، کە لە نووسینی پێشمەرگە و خەباتگێڕێکی دوێنێی شاخ و پێشمەرگەیەکی ئەمڕۆی شارە، کە دوای پەنجا ساڵ خەبات، ئەزموونی ژیان و خەبات و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکان و ڕووداوەکانی ڕابردووی دوێنێی بۆ ئێستا تۆمار کردووە. ئەویش هەڤاڵ عومەر عوسمان مێرگەسۆرییە.
ئەم هەڤاڵە بە نووسینی ئەم پەرتووکە، دەیەوێت ببێتە بەشێک لەو مێژووی تێکۆشانە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەلاقە دیرۆکییەدا، دڵۆپێک لە دەریایەک خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی تۆمار بکات و لە دووتوێی پەرتووکێکی بەنرخدا، بۆ مێژوو، چەند ڕووداو و کارەسات و بیرەوەریی و هەڵوێست و ئاکارێک ئەرشیف و دیکۆمێنت بکات، وەک کارەکتەرێکی ناو ڕووداوەکان پشکێ لەو سەروەرییانەشی بەرکەوێ. یا مەڵوێەک لەو خەباتە بخاتە سەر خەرمانی مێژووی شۆڕشگێڕیی کوردەواریمان، لە ڕێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.
عومەر عوسمان نووسەری پەرتووکی (ژیانی کوردێک)، ویستوویەتی لە ڕێگای ئەم پەرتووکەوە، باسێک بەناو مێژووی میللەتی کورددا بکات، لە قۆناغی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە و وەک کارەکتەرێک ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، ئەویش مێژوویەکە پڕە لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژووپی خۆش و ناخۆش و ئاخنراو بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا.
ڕەنگە وەکوو ئەوەی نووسەر ئاماژەی پێ کردبێت، پەرتووکەکە بێ کەموکورتی نەبێت، چونکە ڕووداو و بەسەرهات و یادەوەریی تەمەنی ساڵەهای کەسێک، بەبێ هەڵە و کەموکورتی نییە و ڕەنگە بۆچوونەکانیش لەسەر ڕووداوێک جیاوازییان هەبێت، بەڵام بەپێی پێویست هەوڵی داوە، لە ڕێگای ئەم پەرتووکەوە پەرتووکخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەندتر بکات. ڕەنگە ئەو ڕەخنەیە لە نووسەر بگیرێت، کە بەپێی پێویست هەق خۆی بە ڕووداو و کارەساتەکان نەدابێت، بەڵام بۆ تێپەڕبوون بە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، نووسەر ناچارە خێرایی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی لە پەرتووکێکدا تەواوی ژیان و ڕووداو و کارەساتەکانی چەندین دەیەی

ڕابردووی خەباتی شۆڕشگێڕی و بەگشتی مێژووی خەبات و تێکۆشانی پڕ لە سەروەریی شۆڕشگێڕان و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بگێڕێتەوە و تۆماری بکات.
ڕەنگە ئەزموونی پەرتووکخانەی کوردی لە بواری پەرتووکی یادەوەریی شۆڕشگێڕانی کورد شتێکی نوێ بێت، ئەگەرچی چەندین پەرتووکی دیکە چاپ کراون و پەرتووکخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردبێت، بەڵام ئەم ئەزموونە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی بۆ مێژوونووسان و بۆ دیکۆمێنتکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان هەیە، بەتایبەتیی مێژووی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و یاوەرەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت و کودەتای بەعس و هێرشی بۆ سەر دەڤەری بارزان و قۆناغە جیاجیاکانی پێشمەرگایەتی و جەنگ و شەڕ لە ساڵانی 1963 و 1965 و 1974، پاشان ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکانی ڕابردوو، کە بە چەندین دیکۆمێنت و وێنەی گرنگی ئەرشیفی و مێژووییی دەوڵەمەند کراوە و پەخش کراوە.
هەروەها لە پەرتووکەکەی (ژیانی کوردێک)، نووسەر زۆر بەڕوونی و باشی باس لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو دەمەی ڕێککەوتنی 11ی ئادار دەکات و پێی وایە، بەسەرهاتێکی گرنگ و دەستکەوتێکی بێوێنە بوو بۆ میللەتی کورد و لە هەموو شارەکانی ئێراق و بەغدا، خەڵکی کوردستانی هوتافیان دەکێشا (بژی کورد.. بژی بارزانی).
لە درێژەی باسەکەدا و لەم وێستگە گرنگەی کورددا، نووسەر باس لە کارزانی و لێهاتوویی و شارەزایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکات و ڕۆڵی گرنگ و دیاری لە زۆربەی کاتە ناهەمواوەکاندا دیار دەکات، بە ساتی گفتوگۆ و دانووستاندن و هەروەها لە بەرەکانی جەنگ و لە شەڕ و ئاشتیدا. ئینجا لەمەش گرنگتر، کاتێک پرسیاری لە نووسەران و خەڵک کردووە (چۆن لە ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار دەگەن و خەڵک چی دەڵێن؟ بەدڵیانە یا نە؟) تەنانەت کاتێک پێی گوتراوە خەڵکی بەدڵیانە، کاک ئیدریس بارزانی پێی گوتوون: (ڕاستە، بەڵام دەبێت هۆشیار بین و خۆشمان لەبیر نەچێتەوە و خۆبین نەبین).
لە لاپەڕە 66دا، نووسەری پەرتووکی ژیانی کوردێک، بەشێکی گرنگی پەرتووکەکەی بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە 1974-1975 تەرخان کردووە و تێیدا ناوی زۆربەی شەهیدەکان و سەرکردە شەهیدە پاڵەوانەکانی ئەو دەمەی تێدا هاتووە و بەوردی زانیاریی لەسەر بەرەکانی شەڕ و چۆنییەتیی خۆسازدان و ئامادەکردنی پێداویستیی شەڕ و سەربازی و تفاق و تەقەمەنی و هێرشی ئاسمانی و خەباتی ئەو سەردەمە دەکات، کە لە پێناو کەرامەتی مرۆڤ کورد و ڕزگاری و ئازادیی خاکی کوردستان گیانیان کردە قوربانی، بۆ پاراستنی کوردستان و خەڵکی کورد، تا دەرەنجام ڕۆژەکانی ئەمڕۆیان بەخۆێن تۆمار کرد.
لە تەوەرێکی گرنگی دیکەی پەرتووکەکەدا، نووسەر بەوردی باسی لە ژیانی ئاوارەبوون و ژیانی شاری قەزوین و کۆچی دوایی سیمبولی نەتەوەی کورد (بارزانیی نەمر) کردووە. لە ناوەڕاستی پەرتووکەکەشدا باس لە قۆناغی سەرلەنوێی پێشمەرگایەتی کردووە و ڕوداوی جەرگبڕی کۆچی دوایی (ئیدریس بارزانی)ی باس کردووە. هەر لە داستانی خواکورکەوە تاکوو شەڕ و چالاکییەکانی تری دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ.
دواتر نووسەر، (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) باس لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و کۆچڕە و قۆناغی گفتوگۆ و شەڕی پەکەکە و قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان دەکات و ڕووداو و کارەساتی 01-02-2004 و قۆناغەکانی تری ژیانی نووسەر ئاماژەی پێ کراوە، کە هەموو دەکرێت پەند و ئەزموونی لێ وەربگیرێت، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو ڕووداو و کارەساتانە.
ئەوەی لاپەڕەکانی پەرتووکی بیرەوەریی ژیانی کوردێکی دەوڵەمەند کردووە، ئەو ژمارە زۆرەی وێنەکانە، کە هەر لە لاپەڕە 217 تاکوو 302، کە دەکرێت تاکی کورد خوێندنەوەی تایبەتیی لەسەر ئەو وێنانە هەبێت و ڕۆڵی لە گێڕانەوە و سەلماندنی زۆر لە ڕووداو و کارەسات و وێستگە گرنگەکانی مێژووی ئەم نەتەوەیە هەبێت، چونکە هەر وێنە و باس و خواسی تایبەت بە خۆی هەیە و مێژووی چرکەساتی چرکاندنی ئەو زەمەن و ئەو ساتەوەختانە دەگێڕێتەوە.
بەگشتی، ئەم پەرتووکە چەند یاداشت و یادەوەری و کارەسات و ڕووداوی گرنگی خۆش و ناخۆش و کەوتن و هەستانەوە و خەبات و شۆڕش و بەرخودانی ساڵانی ڕابردووی پێشمەرگە دەخاتە بەرچاو، جگە لە چەند

وێنەیەکی ئەرشیفیی گرنگ، کە وەک بەڵگەی زیندوو، یا وەک گەواهیدەرێک و شاهیدحاڵێک بۆ تێکۆشان و شۆڕشڤانیی نووسەر بەرجەستە دەکا، لە ڕێگەی حزبێکی شۆڕشگێڕی گرنگی ئەو قۆناغە، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە.
نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەم جۆرە کارانە و ئەو مێژووەش، بەشێکە لە ئەرک و کاری پێشمەرگایەتی، بە تۆمارکردن و بە دیکیۆمێنتارکردنی ڕووداوگەلێکی مێژووی شۆڕشگێڕی و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕۆژگاری سەختی خەباتدا، تاکوو بزر نەبێت و نەوەکانی ئێستا و داهاتووی لێ ئاگادار بن، کە باس لە زیاتر لە نیوسەدە ڕەوش و ڕووداوی مێژوویی دەکات، کە شرۆڤە بۆ بارودۆخی ئەو دەمەی کوردستان دەکات، هەرچەندە بەشێکی زیاتری پەیوەستە بە ژیانی خودی نووسەر خۆیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتگیر، توانیویەتی ڕەوشەکە لە سەردەمانی قۆناغێکی گرنگی شۆڕشگێڕیدا بەرجەستە بکات و لاپەڕەک لە مێژووی شۆڕشگێڕی تۆمار بکات. لەو نێوەندەیشدا، نەیتوانیوە ڕۆڵ و باس و خواسی شەهیدان بەگشتی فەرامۆش بکات، وەک ئەمەک و وەفایەک ڕۆڵی زۆر لە هەڤاڵە شەهیدەکانی خۆی و حزبەکەی بەرز نرخاندووە، ئەمەش دڵسۆزی و ئەمەکداریی نووسەر دەردەخات.
ئەم پەرتووکە بە شێوەیەکی باش بابەتە هەستیار و گرنگەکانی شرۆڤە کردووە، کە بە چەند قۆناغێکی جیاجیا دەستی پێکردووە و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بە ئامانج گەیەنراوە.
بەگشتی، ئەم جۆرە کارانە بۆ قۆناغی ئێستامان زۆر گرنگ و پێویستن، هەڵبەت هیچ شتێکی لەم چەشنە بەبێ کەموکورتی و هەڵەی چاپ نابێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، قۆناغێکی سەرکەوتووی بڕیوە. دیارە خواستێکی باشی هەبووە، بۆیە بۆ جاری سێیەم چاپ کراوەتەوە و پەرتووکخانە هەژارەکەمانی پێ دەوڵەمەند کراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 22-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-22	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com-22-01-2022
کاتی تۆمارکردن: 10-07-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 411
بەرەی کوردستانی
20250906083938654393=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بەرەی کوردستانی
لە بەشی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئاماژەم بۆ بڕیارێکی ئەو کۆنگرەیە کرد کە دەڵێت: (کۆنگرە بڕیاریدا بۆ چڕکردنەوەی خەبات بە دژی ڕژێمی بەعسی ئێراق، هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی و بەرەیەکی نیشتمانی ئێراقی بدات). جگە لەو بڕیارەی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە دژی پارتی دیموکرات بوو، لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی لەم چەشنە بوو. لەبەر ئەوە هەریەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەرەیەکی جیاواز لە یەکتریان پێکهێنا. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی 12-11-1980 لەگەڵ حیزبی شیوعی ئێراق، حیزبی سوسیالیستی کوردستان و حیزبی بەعسی ئێراق دەرەوەی دەسەڵات، بەرەی وەتەنی قەومی دیموکراتی جوقدی لە دیمەشق دروستکرد. ئەم بەرەیە بەهۆی ناکۆکی لەنێوان ئەندامانیدا هەڵوەشایەوە.
لە لایەکی تریدا، 16 ڕۆژ دوای پێکهاتنی بەرەی جوقد، پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی 28-11-1980 لەگەڵ حیزبی شیوعی ئێراق، حیزبی سوسیالیستی کوردستان و پارتی سوسیالیستی کورد بەرەی وەتەنی دیموکراتی جودی لە ڕاژان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهێنا. ئەم بەرەیە هەتا ساڵی 1986 و پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بەردەوام بوو.
سەرەنجام دوای شەڕ و پێکدادانێکی چەند ساڵەی ئەو دوولایەنە، بە هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، شەڕەکانیان بە کۆتا هێنا و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کە دواتر مام جەلال نازناوی ئەندازیاری ئاشتی لەسەرنا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ئەو دوو حیزبەی پێکەوە ئاشت کردەوە. دوو ساڵ بەدوای ئەو ئاشتبوونەوەیەدا لە ڕۆژی 02-05-1988، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعی ئێراق، پارتی سوسیالیستی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کورد، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان توانیان لە بەرەیەکدا کۆببنەوە کە ناوی بەرەی کوردستانی بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆنداسیۆنەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
لە بارەی بەرەی کوردستانییەوە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا نووسراوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 287-288.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 412
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ
20250826192432653066=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەیئەتێک لە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ لە کۆڕیادی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی بەشداریی کرد.
ڕۆژی یەکشەممە 14ی ڕەشەمەی 1401ی هەتاوی، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆروێژ، لە کۆڕیادی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیدا بەشداریی کرد و لەلایەن هەیئەتی ناوچەی نۆروێژی پارتی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا.
سەرەتای کۆڕیادەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەستی پێ کرد.
کۆڕیادەکە چەندین بڕگەی لەخۆ گرتبوو کە تایبەت بوو بە ژیان و خەباتی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی.
هاوکات کۆمەڵێک پەیام و وتار لەلایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسییەکانەوە خوێنرانەوە و پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە 8 حیزب و ڕێکخراو بوون لەلایەن سەردار محەمەدپوور لە بەشی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ، خوێنرایەوە. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) | پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: نەرویژ |
ڕۆژی دەرچوون: 00-00-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1900-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2022-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی kurdistanmedia.com 2022

کاتی تۆمارکردن: 26-08-2025

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 413

پارتی .. بەرەیەکی نیشتمانی بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی

20250816134349651250=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پارتی .. بەرەیەکی نیشتمانی بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی

چەمکی«پارتی سیاسی- political Party»، لە بیرکردنەوەی بەشی هەرە زۆری رێبەرە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهاندا بریتییە لە ئیلهام وەرگرتن لە مێژوو و شکۆی نەتەوە بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەک وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوە بۆ شۆڕش و رزگارکردنی نەتەوە لەژێردەستەیی و هەروەها بۆ رزگارکردنی دەوڵەتە لە فەوزا و پاشاگەردانیی سیاسی و گێرانەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران، کاتێک ڕابەرێکی کاریزمای نەتەوە بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەکاتەوە، پێش دامەزراندنی پارتە سیاسییەکە، کاریزمایەک لە هەناوی مێژووی نەتەوە لەدایک بووە، کە هەموو گەل وەک باوک و ڕابەر سەیری دەکات. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لەسەر دامەزراندنی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا – 1823» بدەین، دەبینین ئەم پارتە کە دێرینترین پارتی سیاسییە لە جیهاندا و لەسەر دەستی هەردوو باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا «تۆماس جیفرسۆن و جیمس مادیسۆن» دامەزراوە، ئەوا دەبینین ئەم دوو باوکە دامەزرێنەرەی ئەمریکا، ئەم پارتەیان بۆ ئەوە دانەمەزراندووە کە دەنگیان بۆ کۆبکاتەوە و بە رێگەی ئەم پارتە ببن بە سەرۆکی ئەمریکا، بە پێچەوانەوە «تۆماس جیفرسۆن» لەناو گەلی ئەمریکادا هاوتای «جۆرج واشنتۆن»ە و لە ساڵی 1776 خۆی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای نووسیوە و، سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە بۆ دوو خول (1801- 1809) و «جیمس مادیسۆن»یش کە چوارەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە بۆ دوو خول (1809-1817)، ئەم دوو کاریزمایە وەک شەخسی خۆیان پێویستییان بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی نەبووە بە ناوی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا»، بەڵکوو زەروورەتی سەرهەڵدانی ئاژاوە و پاشاگەردانیی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی ئەمریکا وای لێکردن، بۆ دووبارە یەکخستنەوە و رێکخستنەوەی تواناکانی گەلی ئەمریکا، بیر لە دامەزراندنی ئەم پارتە سیاسییە بکەنەوە. ئەم واقیعە بۆ بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەمان شێوەیە و کاتێک بیری لە زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە، خۆی و پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان بوون و، لە شەڕێکی سەختدا بوون لەگەڵ سوپای شاهەنشایی ئێران، هەر بۆیە مستەفا بارزانی بە ئیلهام وەرگرتن لە مێژووی شکۆی نەتەوە، دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەک «بەرەیەکی نیشتمانی» بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوەی لەو قۆناغەدا بە پێویست زانی، ئەوجا لەبەر ئەوەشی مستەفا بارزانی پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو هەناوی مێژووی نەتەوەدا وەک ڕابەر و کاریزما لەدایک ببوو، هەر بۆیە دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی «پارتی دیموکراتی کوردستان»، خەڵکی کوردستان ئومێدێکی گەورەی بۆ دروست بوو، هەمووان لە دەوری پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە، ئەو کۆبوونەوەیە لە دەوری ئیرادەی ڕابەر و کاریزمایەک کە لە هەناوی مێژوو و مێژووی خەباتی نەتەوەکەی خۆیدا لەدایک ببوو، وای کرد، پێشەوا قازی محەمەد (یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان) ئەمانەتی پاراستنی «ئاڵای کوردستان»ی بە مستەفا بارزانی سپارد.

زەروورەتی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی لە فیکر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا

لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی و بۆ کۆکردنەوەی حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە و، کۆکردنەوەی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان و رێکخستن و یەکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوە، لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا لە 16-08-1946 لە شاری بەغدا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەنرا و، ئامانج لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکخستن و رێکخستنی تەواوی هێز و تواناکانی گەلی

کوردستان بۆ دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» بوو، ئەم ئامانجەش لە وتارەکەی مستەفا بارزانی لە «پاکۆ - 1947» زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر کراوەتەوە.
کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان وەک «پارتێکی دامەزراو لەسەر دەستی کاریزمایەک پێناسە دەکەین»، مەبەستمان ئەوەیە دامەزرانی ئەو پارتانەی ڕێبەرە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان بیری لێ دەکەنەوە، زەروورەتی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و زەروورەتی ڕێگرتن لە پاشاگەردانی و فەوزای سیاسیی ناو دەوڵەت، ناچاریان دەکەن، بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بکەنەوە وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاریی نەتەوە و چارەسەرکردنی پاشاگەردانی و فەوزای سیاسی لەناو دەوڵەتدا بەکاری بهێنن.
نموونەی دامەزراندنی ئەم جۆرە لە پارتی سیاسی و جوواڵانەوەی سیاسی لە مێژووی نەتەوەکاندا زۆرن، هەر بۆ نموونە: کاتێک «جۆرج واشنتۆن» سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەمریکای کرد بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە بەریتانیا، تەنیا جووڵانەوەیەک هەبوو بە ناوی «ئاهەنگی چا- « Tea Party » و دروشمی ئەم جووڵانەوەیەش کە بووە بڵێسەی شۆڕش، ئەوە بوو: «باج دەدەین بە ئاو و سندوقە چاکان دەخەینە ناو دەریا و باج بە حکومەتی بەریتانیا نادەین»، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 47 ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری ئەمریکا لە ساڵی 1823 هەردوو باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا «تۆماس جیفرسۆن» و «جیمس مادیسۆن» کە هەر یەکەیان بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی ئەمریکا بوون، دامەزراندنی پارتێکی سیاسییان بەناوی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا» بە زەروورەت زانی. واتە دامەزراندنی ئەم پارتە لەو کاتەدا زەروورەت بوو بۆ ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی حوکمڕانی لە ئەمریکادا، نەک ئەو دوو کەسایەتییە پێویستیان بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی هەبێت.
هەروەها کاتێک فەرەنسا کەوتە گێژاوی پاشاگەردانیی سیاسی و گەیشتە لێواری هەڵدێر لە ساڵی 1958، شارل دیگۆل کە فەرەنسای لە نازیسم ڕزگار کرد و ببووە ڕابەر و سیمبول و کاریزمای هەموو گەلی فەرەنسا، ناچار بوو لەناو ئەو فەوزا و پاشاگەردانییە سیاسییەی کە حزبە سیاسییەکانی ئەو کاتی فەرەنسا دروستیان کردبوو، بۆ ماوەی 12ساڵ (1946-1958) خۆی لە پرۆسەی سیاسی کشاندەوە، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی ئەم پاشاگەردانییە ببێتە مەترسی لەسەر چارەنووسی گەل و شکۆی کۆماری فەرەنسا، شارل دیگۆل پەنای بۆ جەماوەری فەرەنسا برد و، دەستووری فەرەنسای هەموار کردەوە و «کۆماری پێنجەم»ی ڕاگەیاند، دوای ئەوەش «پارتی دیگۆل»ی ڕاگەیاند، بەمەش نەک هەر کۆماری فەرەنسای لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار کرد، بەڵکوو بەردی بناغەی «بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا»ی دانا، کە بووە ئەو «یەکێتیی ئەورووپا»یەی ئێستا 27 دەوڵەتی لەناو خۆیدا کۆکردووەتەوە.
لەمەش نزیکتر، دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر دەستی «ڕەجەب تەیب ئەردۆگان» لە تورکیا و بردنەوەی بە ڕێژەی (50+ 1) لە هەڵبژاردنەکانی 2002، تەنیا دامەزراندنی پارتێکی ئیسلامیی سیاسی نەبوو، وەک «پارتی ڕەفا» کە «نەجمەدین ئەربەکان» سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵکوو پارتی داد و گەشەپێدان یەکگرتنی تەواوی ئەو هێزانە بوو کە دژی سیستمی عەلمانییەتی تورکیا بوون و خەویان بە گێڕانەوەی «خەلافەتی عوسمانی»یەوە دەبینی، بەتایبەتیش دامەزراوەی «خزمەت» بە سەرۆکایەتیی «فەتحوڵا گوڵەن»، کە ئەم دامەزراوەیە بە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ لە بەشی زۆری وڵاتانی ئیسلامی، ساڵانێکی زۆر بوو کەلتووری «ئیسلامی - عوسمانی» بڵاو دەکردەوە و، ببووە هێزێکی میللیی نەرم لەناو تورکیادا، هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ یەکەم جار بوو کە پارتێکی سیاسیی ئیسلامی بتوانێت، ڕێژەی (50+1%)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و، کۆتایی بە ناسەقامگیریی حکوومی و حوکمڕانی بهێنێت و، لە ماوەی تەنیا 10 ساڵدا توانی گۆڕانکاریی گەورە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە تورکیا دروست بکات و، تورکیا بووە یەکێک لە ئەندامانی گرووپی 20 دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی جیهان «G 20» . ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەر پارتی داد و گەشە پێدان، ئەوەیە کە ڕاستە هەتا ئێستاش پارتێک بە ناوی «داد و گەشەپێدان» هەر ماوە و لە دەسەڵاتیشدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بناغە «بەرە»یەی ئەو پارتەی لەسەر بوونیاد نرابوو و ئێستا لێکترازەوە و بوونی نەماوە، ئەوا ئێستا ئەو جیاوازییە زۆر بە ڕاشکاوی دەبینین کە لە دوای ساڵی 2012وە

هەمان پارتی سیاسی بووەتە سەرچاوەی لێکترازانی کۆمەڵگەی تورکیا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش تورکیا بەرەو دوورکەوتنەوە لە یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی دەڕوات، ئابووریيەکەشی کەوتووەتە قەیرانێکی گەورەوە، ڕاستە هەمان حزب بە ناوی «داد و گەشەپێدان» ماوە و لە دەسەڵاتیشدایە، بەڵام هەر ڕۆژەو پەلاماری دەوڵەتێکی دراوسێی خۆی دەدات.
ئاماژەکردنمان بۆ ئەو نموونانەی کاتێک نەتەوە پێویستی بە زەروورەتی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەبێت، بۆ ئەوە بوو، کاتێک ئەو پارتە سیاسییە دووچاری کێشەیەک دەبێت، کێشەکە وای لێ نەکات، واز لەو پرەنسیپانە بهێنێت کە ڕابەر و کاریزمای دامەزرێنەری ئەو پارتە بۆ پارتەکەی داڕشتووە. ئەوجا ئەگەر لێرەوە خوێندنەوەیەک بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، ئەوا دەبینین جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی مستەفا بارزانی، ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی پاراست کە پارتی دیموکراتی کوردستانی لە پێناودا دامەزراوە، هەر بۆیە لەبەر ئەوەی دوای نسکۆ زەمینەی ئەنجامدانی کۆنگرە لەبار نەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان و ئێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرکردایەتییەکی کاتی دەستنیشان کرد و، دوای ساڵێک دووبارە هەڵگیرسانەوەی «شۆڕشی گوڵان»ی ڕاگەیاند. ئەم بوێری و پابەندبوونە بە پرەنسیپەکانی ئیرادە و مێژووی نەتەوە لەسەر ئاستی جیهانیشدا لە کەم پارتی سیاسیدا پەیڕەو کراوە و بوونی هەبووە.
لە ماوەی ساڵانی 1975 -1979 و بۆ زەمینەسازی بۆ گرێدانی کۆنگرەی نۆیەم، بەڕێزان «سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو» لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیە گرتبووەبەر کە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هاوکاری و دەستگیرۆیی ئەو گەنجە خوێنگەرمانە بکەن کە جووڵەی سیاسییان دەستپێکردبوو و حزبی تازەیان دروستکردبوو، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوەش لە هەوڵێکی بێوچاندا بوون، کە هەم پشتیوانیی نیودەوڵەتی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بۆ شۆڕشی کوردستان دروست بکەنەوە، هەم ئومێدێکیش بۆ ئەو تێکۆشەرانە دروست بکەنەوە کە دوای ساڵی 1975 ڕوویان کردبووە هەندەران.
لە دوای ساڵێک لە گرێدانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین هەنگاوی سەرۆک مەسعود بارزانی دامەزراندنی بەرەی جود (بەرەی نیشتمانی دیموکراتی) بوو، کە چوار پارتی سیاسی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردبووەوە و بریتی بوون لە «پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی ئێراق، حزبی سۆشیالیستی کوردستان – حسک، پارتی سۆشیالیستی کوردستان- پاسۆک». سەرنج بدەن جارێکی دیکە سەرۆک مەسعود بارزانی زەروورەتی «پارتێکی سیاسی» بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوەی لە چوارچێوەی « خەباتی بەرەییدا» پێناسە کردەوە، لەمەش زیاتر هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش بێتە ناو ئەو بەرەیە و پەرتەوازەیی نێومانی کوردستان کۆتایی بێت و ئومێدێکی تازە بۆ نەتەوەکەمان دروست ببێتەوە، بۆ ئەمەش وەک خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید ئەندامی سەرکردایەتیی پاسۆک لە بەرنامەی «ڕووداو و مێژووی تەلەڤزیۆنی NRT » دەڵێت: «ئێمە دەستپێشخەرییەکمان بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەبوو و پاش ئەوەی لە سەرکردایەتیی پاسۆک گەڵاڵەمان کرد، بردمان بۆ لای کاک ئیدریس بارزانی و دوای ئەوەی ناوەرۆکی پرۆژەکەمان بۆ باس کرد، کاک ئیدریس بارزانی وتی: «ئەم کارەتان هێندە پیرۆزە بۆ یەکڕیزیی نێومانی کورد، من لای خۆمەوە کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە لایەنەکانی دیکەش ئەم پرۆژەیە پەسەند بکەن، بە تایبەتیی مام جەلال، بۆیە ئەم پرۆژەیە بۆ ئەویش بەرن». ئێمە بەڕێکەوتین بۆ بارەگای مام جەلال، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە لای ئەو، بارەگای حزبی سۆشیالیست لەسەر ڕێگەمان بوو، چووینە لایان و دکتۆر مەحموود عوسمان و چەند کەسێکی دیکەی سەرکردایەتییان لەوێ بوون، پاش ئەوەی پرۆژەکەمان بۆ ئەوان باس کرد، دکتۆر مەحموود عوسمان بە هەمان شێوەی کاک ئیدریس بارزانی پێی وتین: «ئێمەش کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەین». بۆ

نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چووینە بارەگای مام جەلال و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لای بوون و پرۆژەکەمان بۆ ئەویش باس کرد، بەڵام بەداخەوە زۆر بەتوندی ڕەتی کردەوە».
ئەم ڕەتکردنەوەیەی مام جەلال بۆ یەکڕیزی و گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەوڵەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندووی بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی خاو نەکردەوە و، توانرا لە کۆتایی ساڵی 1986 لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا یەکێتی و پارتی ئاشت ببنەوە، لەم ئاشتبوونەوەیەشدا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی زۆر گەورە بووە، هەر بۆیە دوای ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە، یەکسەر بەرەی کوردستانی ڕاپەڕاندا بەڵام بە کردەیی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا «هەموو لایەنەکان» بە شێوازی بەرەیی چالاکییان دەکرد و، هەر بە شێوازی بەرەش «بەتایبەتیی لە سەرەتای ساڵی 1987 « پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان پێکەوە لە یەک سەنگەر و یەک بەرەی شەڕەوە بەرانبەر بە دوژمن ڕادەوەستان. هەر بۆیە کە دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی 1987 کاک ئیدریس بارزانی شەهید بوو و دواتر لە ساڵی 1988 بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا، بەڵام لای هەمووان ئاشکرا بوو کە ئەو بەرەی کوردستانییەی 1988 بە فەرمی ڕاگەیەنرا، بە کردەیی لە دوای کۆتایی 1986 و ئاشتبوونەوەی پارتی بووبی هەبووە، هەر بۆیە هەموو لایەک ناسناوی «ئەندازیاری بەرەی کوردستانی»یان بە ئیدریس بارزانی بەخشیوە.
ئەوجا لێرەوە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وەک «بەرەیەکی نیشتمانی» و بەرەی کوردستانیی پارتەکانی کوردستان لە ساڵی 1988، دەبینین دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی 1958، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1961 بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی داوە و لە دوای نۆ ساڵ خەباتی چەکداری و سیاسی و دیپلۆماتی، ڕێککەوتنامەی ئاداری لەگەڵ حکومەتی ئێراق ئیمزا کردووە، لە بەرانبەردا بەرەی کوردستانییش دوای دامەزراندنی لە ساڵی 1988 لە ساڵی 1991 ڕاپەڕینی کرد و، پاشان دانووستاندنی کرد بۆ جێبەجێکردنی دەقی ڕێککەوتنامەی ئادار لەگەڵ هەمان حکومەتی بەعس کە لە 1970 لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول ئیمزایان کردبوو، بەڵام کاتێک بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن ڕێکنەکەوتن و حکومەت دامودەزگاکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرۆک مەسعود بارزانی پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن بدەن، دوای ئەوەش کە ئەم بڕیارە لە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی درا، سەرۆک مەسعود بارزانی وتی: «ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی منداکە توانیمان سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بگەیەنینە قەناعەت بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن لە کوردستان بدات»، ئەمەش واتە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و ئیرادەی میللەت ئەو بۆشاییە ئیدارییە پڕ بکەینەوە کە لە کشانەوەی دامەزراوەکان لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە لە کوردستان دروست ببوو.
دوای ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان، دیسان سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێگەی نەدا پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی قەبە و گەورە بەرز بکاتەوە و پاشان نەتوانێ جێبەجێیان بکات، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا پارتی سیاسی بوو لەناو پارتە بەشداربووەکانی بەرەی کوردستانی کە هەمان دروشمە ڕاستەقینەکەی خۆی بەرزکردەوە کە بریتی بوو لە «دیموکراتی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان»، لە ماوەی ڕۆژانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرە موزایەدەیەکی زۆری سیاسییان بە سەر دروشمەکەی پارتی کرد، بەڵام زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سیاسەتە واقیعبینەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی دا، سەرەنجامیش ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بووە دامەزراندنی «پەڕلەمان و حکومەت»ی هەرێمی کوردستان و هەر لەو پەڕلەمانەشدا تەنیا دوای چوار مانگ لە دامەزراندنی، بڕیاری «فیدراڵی» پەسەند کرا، کە سەرۆکی پەڕلەمان پارتی و فراکسیۆنی پارتییش زۆرینەی (1+50%) بوو.
تێڕوانین بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پارتی زەروورەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا، تەنیا تێڕوانینێکی حزبییانەی کادیرەکانی پارتی نییە، بەڵکوو دید و تێڕوانینی هەموو ئەو پارت و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانەیە کە فیکری مستەفا بارزانی بە چەتری ئەو بەرەی نیشتمانییە زانیوە کە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

هەر بۆ نموونە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی گۆڤارێکیان دەردەکرد بە ناوی «دیسان بارزانی»، ئەم گۆڤارە دوور و نزیک پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و پارتییش ئەم گۆڤارەی دەرنەکردووە، لەمەش زیاتر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای دروستبوونی لێکترازانی 1964 لەناو پارتیدا، هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، پشتگیریی ئەو ئاڕاستەیەیان کرد کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد و، دژی ئەو خەڵکانە بوون کە بە ناوی «باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان» چوونە لای حکومەت و چەکیان لە دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرت، لەمەش زیاتر پاش ئەوەی هەڵبژاردنی 1992 ئەنجام درا و پارتی زۆرینەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بە دەست هێنا، هەموو حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی «بزووتنەوەی ئیسلامی» ئاکامی هەڵبژاردنەکەیان پەسەند کرد و پیرۆزباییان لە پارتی کرد، تەنیا «یەکێتی نیشتمانی» نەبێت، هەر بۆیە سەرۆک بارزانی لە پێناوی ئەوەی ماڵی کوردستان پەرت نەبێت و جارێکی دیکە لێکترازان بە خۆیەوە نەبینێت، بەو شێوەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوت کە «دەبێت ئاکامی هەڵبژاردن بە ڕێژەی 51% بۆ پارتی و 49% بۆ یەکێتی لەناو پەرلەمانی کوردستان قبوڵ بکرێت و، لەناو حکومەتدا پارتی و یەکێتی وەک یەک بن (50%)، بەمەش ئەو سیستمە سەقەتە دروست بوو، کە دواتر ناوی لێ نرا «پەنجا بە پەنجا».
پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەو حزبە سیاسییە نەتەوەیی و نیشتمانییانەی بە ناوی «یەکگرتن» بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، نەیانتوانی بەربەستی (7%) بشکێنن، دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، پشتگیری ئاڕاستە و لۆژیکی سەرۆک مەسعود بارزانی بوون، کە پێداگری لەسەر قبوونکردنی هەڵبژاردن دەکرد، یان پشتگیریی ئەو سیستمە سەقەتەیان دەکرد کە بە ناچاری «پەنجا پەنجا»ی لێ کەوتەوە. بێگومان هەر لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەر حزبەکانی ناو یەکگرتن «حسک، پاسۆک، پارتی گەل» بڕیاریان دا، ببنە بەشێک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و، بۆ ڕێککەوتنیش لەسەر ئەوەی چۆن ئەم یەکگرتنە ڕووبدات و ڕابگەیەندرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا، کۆنگرەی 11 لە 1993 ئەنجام بدرێت و لەناو کۆنگرەدا ئەم یەکگرتنە ڕاگەیەنرا و هەر چوار پارتەکە «پارتی، حسک، پاسۆک، پارتی گەل» بە تێکڕای دەنگ سەرۆک مەسعود بارزانی-یان بە سەرۆک هەڵبژاردەوە، هەر لەو کۆنگرەی یازدەیەشدا بڕیار درا کە لە 06-10-1993 تەرمی نەمران «مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی» لە سنووری باشماخی سلێمانی لەگەڵ ئێران، بگەڕێندرێنەوە بۆ کوردستان و، لە گەڕاندنەوەی تەرمی نەمرانیشدا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی هەموو بیروبۆچوونە سیاسییەکانەوە وەک ڕابەر و باوکی نەتەوە پێشوازییان لە تەرمی «مستەفا بارزانی» و ئیدریس بارزانی» کرد و، ئەم ڕووداوە مێژووییە دەگمەنە وای کرد، سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ یەک دوو هەفتە سەردانی سلێمانی بکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سوپاسی خەڵکی سلێمانی بکات و لە نزیکەوە پێشوازییان بکات، هەر لەو ماوەیەی سەرۆک بارزانی لە سلێمانی بوو، شەوێک لەگەڵ کادیرانی هەر سێ پارتەکەی پێشوو «یەکگرتن» و بەشێک لە کادیرانی پارتی کۆبوونەوە و باسی لە یەکڕیزی و یەکخستنی نێومااڵی کوردستان کرد و پێی ڕاگەیاندن: «پارتی بۆ ئەوە دروست بووە، یەکڕیزیی نێومااڵی کوردستان ڕێک بخات، بۆیە ناوی پارتی لای من پیرۆزە و بێجگە لە دەستکارێکردنی ناوی پارتی، هەرچییەکی ئێوە بتانەوێت، دەتوانن لەناو پارتیدا بیکەن، ئەمەش ئەو لۆژیک و فیکرەیە کە مەلامستەفا بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر دامەزراندووە و سەرۆک مەسعود بارزانی درێژەپێدەریەتی.
کاریزما لە هەناوی مێژووی نەتەوەدا پارتی سیاسی دروست دەکات سیاسەتمەدار لەناو مێژووی ئایدیۆلۆژیادا لەناو هیچ نەتەوەیەکدا بەرەیەک، یان پارتێک بەو ئاستە فراوانە دروست نابێت کە هیچ گرووپ و لایەنێک دژی نەبێت، یان ئاستەنگ بۆ ئامانجەکانی دروست نەکەن، بەڵام لەناو هەموو نەتەوەیەکدا و لە یەکێک لە قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا «بەرەیەک، یان پارتێکی سیاسی» دروست دەبێت، کە لەناو منداڵدانی مێژووی نەتەوەکەی دێتە دەرەوە و نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوەکەی دەکات و، ئەم ئیرادە میللییە دروشمێک دێنێتە ئاراوە کە هەموو خواستی نەتەوە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و، ئەو دروشمە دەبێتە ئەو ئیرادەیەی کە

نەتەوە هیچ چەوسانەوە و ستەمێکی مێژوویی قبوڵ ناکات و بە شێوەیەکی خۆڕسکانە شۆڕش دەست پێ دەکات و، ئەم تایبەتمەندییەی لەناو مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوە دەکات، تەنیا بەو «بەرە نیشتمانی و پارتە سیاسییە» دروست دەبێت، کە نەتەوە، بوون و کەرامەتی خۆی لەژێر چەترياندا دەبینێتەوە. لەمبارەیەوە د.مستەفا عەقاد لە پەرتووکی «فەلسەفەی شۆڕش»دا دەڵێت:
«کاتێک سەیری دروشمی شۆڕشی فەرەنسا دەکەین بە زمانی فەرەنسی بریتییە لە (یەکسانی، برایەتی، دادپەوەری) و ئەم سێ وشەیەش پێکەوە ڕیتمێکی میوزیکیان وەرگرتووە، وا هەست دەکرێت، کۆمەڵێک زانا و زمانەوان و سیاسەتمەدار پێکەوە دانیشوون و ئەم سێ وشەیان هەڵبژاردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم سێ وشەیە کە بووەتە دروشمی شۆڕش، هەموو نەهامەتییەکانی ئەو کاتی گەلی فەرەنسای لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و دروشمێکی خۆڕسکی ئیرادەی گەلی فەرەنسایە». ئەگەر بێینە سەر دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتیی ئیرادەی گەلی کوردستانی دەکرد و، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە بە خۆڕسکی ئەم دروشمە «کوردستان یان نەمان» لە دایک بوو، بێگومان ئەم دروشمەش دروشمی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، خۆ ئەگەر ئەم دروشمە بەرهەمی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوایە، ئەوا دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی جیابوونەوە و ڕێگەیەکی دیکەیان دژی شۆڕش گرتەبەر، دەبوو هەر دروشمی «کوردستان یان نەمان»یان بەرز بکردایەتەوە، نەک بیگۆڕن و بیکەن بە «نەسرەوتن تا سەرکەوتن»، ئەگەر سەرنج لەم دوو دروشمە بدەین کە ئەوەی دووەمیان داڕشتنەوەیە لەسەر ئەوەی یەکەم، دەبینین گەلی کوردستان لە هەر چوارپارچە خۆی بە خاوەنی دروشمی «کوردستان یان نەمان « دەزانێت و «نەسرەوتن تا سەرکەوتن» بە هیی خۆی نازانێت.
دروستبوونی بەرەیەکی نیشتمانی، یان جوواڵانەوەیەکی سیاسی وەک «ئاهەنگی چا - Tea Party»، جۆرج واشنتۆن بۆ ئازادکردنی ئەمریکا، یان پارتەکەی گاندی بۆ ڕزگارکردنی هیندستان لە کۆڵۆنیاڵی بەریتانی، یان پارتەکەی دیگۆڵ بۆ دووبارە ڕزگارکردنەوەی فەرەنسا لە پاشاگەردانیی حزبی سیاسی و تەنانەت پارتەکەی ئەردۆگانیش تا 2012 بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لە قەیرانی پاشاگەردانیی حوکمڕانی و هەڵاوسانی ئابووری، هەموو ئەم نموونانە بەرەنجامی بەشێکی زۆری یەکگرتنی ئەو ئیرادەیەن کە نوێنەرایەتیی تەواوی نەتەوە دەکات و، لەناو هەناوی ئەم ئیرادەیەدا کاریزمایەک لە دایک دەبێت کە هەموو نەتەوە وەک باوک و ڕابەر و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات، بەڵام لەناو ئەو پارتە سیاسییانەی سیاسەتمەدارەکان لەناو مێژووی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا (چەپ، ڕاست، ئایینی) دادەمەزرێن، نەتەوەبوون و کەرامەتی خۆیان لەناو ئەو جۆرە پارتە سیاسییانە نابینننەوە، هەر بۆیە ئەو پارتە سیاسییانەی لەناو مێژووی ئایدیۆلۆژیا دروست دەبن، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش خەڵک چەواشە بن و دوای بکەون، ئەوا سەرەنجام نەتەوە خۆی لێ بێبەری دەکات.
لێرەوە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان بەرەی «ئاهەنگی چا- Tea Party «کە لە هەناویدا «جۆرج واشنتۆن» لەدایک بووە و، هەروەها پارتی کۆمونیستی ڕووسیا «بەلشەفیک» کە لە هەناویدا «ڤلادمیر لینین» لە دایک بووە و، بزانین چی دەبینین؟ لە یەکەمیاندا کە لەدایکبوونی کاریزمای جۆرج واشنتۆنە وەک «باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا»، ئەمەیان لە مێژووی ئەو نەتەوەیە لەدایک بووە کە بە خۆیان دەڵێن «گەلی ئەمریکا» و ماوەی 250 ساڵە هەر بەزیندوویی لە ویژدانی گەلی ئەمریکا ماوەتەوە، لەمەش زیاتر ئەم ویژدانە گیانی شۆڕشگێڕەکانی «ئاهەنگی چا - Tea Party «یان هەر بەزیندوویی هێشتووەتەوە و هەتا ئێستاش ئەم گرووپە کە بوونە مەحەکی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، لایەنگری هیچ کام لە هەر دوو حزبی «کۆماری و دیموکراتی» نین، بەڵکوو دەنگەکانیان جۆلانەن و بەرەو ئەو لایەنە دەچێت کە لەسەر ئاڕاستەی باوکانی دامەزرێنەر بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان دادەنێن.
لێرەوە ئەگەر سەیری نموونەی دووەم بکەین کە «ڤلادیمیر لینین»ە و لەناو هەناوی حزبی بەلشەفیک و ئایدیۆلۆژیەتی «مارکس و ئەنگلس» لەدایک بووە، وەک بینیمان بۆ زیاتر لە 70ساڵ لە «1917- 1989» دوو لەسەر سێی جیهان بە ڕابەری خۆی دەزانی، بەڵام گەلی ڕووسیا بە ڕابەر و باوکی دامەزرێنەری خۆی نەزانی و

ئێستاش ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە و ڤلادمیر پوتین (سەرۆکی ڕووسیا) دەڵێت: «ڕاستە قەیسەر مردووە، بەڵام خەونەکانی قەیسەر زیندوون» و باسی لینین و حزبی بەلشەفیک ناکات و بە باوکی گەلی ڕووسیاشی نازانێت.
لێرەدا ئەگەر ئەو پرسارە بوروژێنین و بپرسین: بۆچی ئەم جیاوازییە دەبینین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە جۆرج واشنتۆن لەژێر دروشمی ئاهەنگی فڕێدانی سندوقەکانی چا بۆ ناو ئاوی بۆستن «باج دەدەین بە ئاو، باج نادەین بە پەڕلەمانێک نوێنەرایەتیمان نەکات»، شۆڕشی بەرپا کردووە و، ئەمەش ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ قبووڵنەکردنی داگیرکاریی بەریتانیا و جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەڕلەمانی بەریتانیا، بۆیە کاتێک جۆرج واشنتۆن ڕێبەرایەتیی ئەم شۆڕشە دەکات، هەموو هاوواڵاتییەکی ئەمریکایی ئیرادەی خۆی لە «جۆرج واشنتۆن»دا دەبینێتەوە، لە بەرانبەردا دەبینین ڤلادمێر پوتین لەژێر دروشمێکدا «شۆڕش» و سیاسەتی کردووە، کە دروشمەکە لە هەناوی ئایدیۆلۆژیای مارکس و ئەنگلس «ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن» لەدایک بووە و، گەلی ڕووسیا ئەم دروشمە بەو دروشمە نازانێت کە لە هەناوی ئیرادەی گەلی ڕووسیا لە دایک بووبێت، ئیرادەی خۆیشی لەناو فیکری «لینین»دا نابینێتەوە، هەر بۆیەش دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بووە ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە و زیاتر لە 15 کۆماری هەبوو، بەڵام کەس نەیزانی چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا ئەم ئیمپراتۆریەتە گەورەیە هەر بە دەستی گەلەکەی خۆی لەبەریەک هەڵوەشا.
ئەگەر لەسەر ئەم ئاڕاستەیە و جارێکی دیکە لەناو فیکری مەلا مستەفا بارزانی-یەوە سەیری دامەزراندنی پارتی بکەین، دەبێت ئەو ڕاستییانە بڵێین و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو پێی ئاشنا بن و بیکەنە بابەت بۆ توێژینەوە زانستییەکانیان لەسەر ئیرادەی نەتەوە و گەشەی بیری نەتەوەیی، ئەو ڕاستییانەش بریتین لە:
1. لە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان لە سەرەتای سیپەکانی سەدەی ڕابردوو و دوای دوورخستەوەی بۆ باشووری ئێراق و پاشان گەڕاندنەوەی بۆ سلێمانی، کاریزمای مەلا مستەفا بارزانی بە خۆڕسکی لەناو ویژدانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستاندا لەدایک بووە و خەڵکی کوردستان شەرعییەتی ڕابەرایەتییان پێ بەخشیوە، هەر بۆیە کاتێک پلان بۆ شۆڕشی دووەمی «بارزان» دادەنێت، نەک هەر «حزبی هیوا» بەڵکوو ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیش پەیوەندی پێوە دەکەن و، لێژنەیەکیش بە ناوی « لێژنەی ئازادی» بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە دادەمەزرێنن.
2. لە ساڵی 1945 کاتێک پێشەوا قازی محەمەد کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێت، ئەوە مەکتەبی سیاسیی حزبێک نەبووە پلان و بەرنامەی بۆ دانابێت، هەتا مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بچن پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، بەڵکوو ئەوە بیرکردنەوەی کاریزمایەکە کە لە هەناوی مێژووی نەتەوەکەیدا لە دایک بووە و هەموو بستێکی خاکی کوردستان بە «بارزان» دەزانێت و ئامادەیە لەسەر هەر بستێکی قوربانی بدات.
3. لە کۆتایی ساڵی 1946 و سەرەتای ساڵی 1947 دوای کەوتنی کۆماری کوردستان، ئەوە ئیرادەی کاریزمای مستەفا بارزانی بووە، نەک بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حزبێک، کاتێک بڕیار دەدات، ڕێڕەوە مێژوویەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەست پێ بکات و لە ئاوی ئاراس بپەڕێتەوە و کێشەی کورد بە هەموو جیهان بناسێنێت.
ئەگەر بەوردی هەڵوێستە لەسەر ئەم خاڵانە بکەین، دەبینین لە مێژووی گەلی کوردستاندا هەر لە دوای شەڕی «چاڵدیران»ەوە هەتا ئەمڕۆ، کاریزمایەکی هاوشێوەی کاریزمای مستەفا بارزانی کە بە خۆڕسکی لەناو هەناوی مێژووی نەتەوە لەدایک بووبێت، حاڵەتێکی دەگمەنە، ڕاستە زۆر سەرکردە و پێشەوای گەورەمان هەبووە، وەک شێخ مەحموودی حەفید کە «مەملەکەتی سلێمانی» ڕاگەیاند و، پێشەوا قازی محەمەد کە «کۆماری کوردستان»ی لە مەهاباد ڕاگەیاند و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی ئەم دوو سەرکردەیەی وەک دوو سەرکردەی گەورە سەیر کردووە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت: «هیچ کاریزمایەک وەک کاریزمای مستەفا بارزانی نەیتوانیوە هەر چوار پارچەی کوردستان لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە». [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2021-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2021 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 414
پارتی وەک پشکۆی ژیلەمۆیە
20250804231906649779=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: پارتی وەک پشکۆی ژیلەمۆیە
خۆری پارتی کاتێک دەرکەوت، شەوەزەنگ کوردستانی گرتبووەوە، بەڵام بە لەدایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، درِ بەو شەوەزەنگە درا و تیشکی زێڕین بست بە بستی کوردستانی تەنی و مەشخەڵی شۆڕشی کوردایەتی گەیاندە دوا مەنزڵ. پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی نیشتمانیی جەماوەرییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، باوەڕی بە فرەیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئازادییەکان و یەکسانی هەیە، پارتی وەکوو حزبێکی دیموکراتی جەماوەریی پێشکەوتنخواز، نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد و گەلانی هەرێمی کوردستان لە ئێراقدا دەکات.
پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بڕوای بە مافی چارەی خۆنووسین هەیە، لە پێناو مافە ڕەواکانیان لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر تێدەکۆشێت و کەڵک لە ئەزموونی گەلانی دیکەش وەردەگرێت پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین پارتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنەری سەرەکیی حکوومەتە ئەویش لەپای سەرکەوتنی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا، ئەو پارتە بانگەشەی دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات، لەسەر بنەمای سیستەمێک کە هەموو پێکهاتە ئایینییەکان، هەموو پێکەوە لەسەر بنەمای یەکسانی بژین و بتوانێت بۆ مافی تاکەکان ئازادیی تێدا فەراهەم بکرێت.
پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەهێزترین مەزنترین حزبی کوردستانە، لە 16-08-1946دا دامەزرا، پارتێکی جەماوەری، کە لە هەموو چین و توێژێکی لەخۆ گرتبوو، بووە قەڵای کوردایەتی، لەژێر سایەی ڕابەر و کەسایەتی و کاریزما، باوکی ڕۆحیی کورد (بارزانی نەمر) دامەزرا. پارتی بووە چەترێک بۆ هەموو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی گەلی کورد، کە دەیانویست شوناسی نەتەوەمان نەهێڵن و بەردەوام کاریان بۆ لەناوبردنی دەکرد، لەم ڕوانگەیەوە، پارتی بڕیاری دا تا دوا هەناسە خەبات بکات، بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنان، کار بکات بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانی نەتەوەییمان، لەم لایەنەوە چەندین داستان قارەمانێتییان. تۆمار کرد.
هەر لەم یادە پڕ شکۆیەدا، کە هاوکات ساڵیادی لەدایکبوونی ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانییە، بووە ڕۆژێکی گەش لە ئاسمانی کوردستان. سەرۆک مەسعود بارزانی لەتەک باوکی کورد بارزانی نەمر و شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی، شۆڕشی ئەیلوولیان بردە قۆناغێک کە ڕژێمی ئەوسای ئێراق ناچار کرد لە ساڵی 1970 دان بە مافی ئۆتونۆمی بۆ کوردستان بنێت.
دوای پەشیمانبوونەوەی لە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، شۆڕش دووبارە دەستی پێ کردەوە و بەردەوام بوو، تا ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر، بۆ ماوەیەکی کاتی شۆڕش ڕاوەستا، دوایی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی دەستی پێ کرد، کە چەندین داستان و نەبەردیی تۆمار کرد، لەوانە داستانی خواکورِک، کە سەرۆک مەسعود بارزانی چەند وتەیەکی پێشکەشی بە پێشمەرگەکان کرد، ئەو کات پێشبینیی گۆڕانکارییەکانی کرد لە گۆڕەپانی ناوچەکە و کوردستان بەتایبەتی، تا لە ساڵی 1991 بە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستان ڕاپەڕین کرا ، کە سەرۆک مەسعود سەرۆکی بەرەی کوردستان بوو، هەر سەرۆک بارزانی بوو لە کۆیە یەکەمین جار دوای ڕاپەڕین باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد و هەر سەرۆک مەسعود بارزانی بڕیاری ڕیفراندۆمی دا. بۆیە لەم یادە پیرۆزەدا، سڵاو بۆ گیانی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی جوانەمەرگ و گشت شەهیدانی کوردستان دەنێرین و تەمەندرێژی بۆ سەرۆک

مەسعود بارزانی دەخوازم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 16-08-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 16-08-2023 - chawykurd.com

کاتی تۆمارکردن: 04-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 415
پانۆرامای ژیانی بارزانی لە لەدایکبوونەوە تا ئێستا
20250722105724647495=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: پانۆرامای ژیانی بارزانی لە لەدایکبوونەوە تا ئێستا

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ 16ی ئاب، 73 ساڵ بەر لە ئێستا، سەرۆک بارزانی لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ئاڵای کوردستان لەدایکبوو.
سەرۆک بارزانی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەناو خێزانێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ پەروەردە بووە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێچکەی ژیانی گرتووەتە بەر.
لە ماوەی 73 ساڵەی ڕابردوودا، سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی کارای لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان و هەوڵە دیپلۆماتییەکان گێڕاوە لە پێناو گەیشتنی کورد بە ماف و ئازادی و دەستکەوتەکانی خۆی.
مەسعود مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بووە و خۆی دەستی لەو پۆستە هەڵگرت.
لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە یەکەم کیانی سەربەخۆی کوردی بووە.
هاوکات ئەمڕۆ 57 ساڵ بەسەر تەمەنی پێشمەرگایەتی سەرۆک بارزانیدا تێدەپەڕێت کە هەمیشە پێشمەرگایەتی بە گەورەترین شانازی خۆی دەزانێت، چونکە لە تەمەنی 16 ساڵییەوە بووەتە پێشمەرگە و چەکی پێشمەرگایەتیی کردووەتە شان.
لە 20ی ئایاری ساڵی 1962 لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا سەرۆک بارزانی چەکی بەرگری لە کوردستانی کردە شان و بوو بە پێشمەرگە.
بارزانی چەندان جار ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر لە تەمەنی 16 ساڵییەوە هەر پلە و پۆستێکی هەبووبێت هەمیشە خۆی بە پێشمەرگە زانیووە و لە سەنگەرەکاندا لە چیا و دەشت و بان و بست بە بستی خاکی کوردستاندا پێشمەرگە بووە و لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگریی لە کوردستاندا بووە و هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان زانیوە.
سەرۆک مەسعود بارزانی کوڕی مستەفا بارزانیی نەمر ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە، پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمرە بۆیە هەمیشە لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی برای هاوشان بۆ ساتێکیش لە پێشمەرگایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دانەبڕاون.
دوای کۆچی دوایی بارزانی نەمر لە ساڵی 1979 و بەرپرسیارییەتیی سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی زیاتر بوون، درێژەیان بە ڕێبازی بارزانی نەمر دا و سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵانیان لە ئەستۆ گرت، هەمیشە پێشمەرگە بوون و لەگەڵ پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ و لە چیا و سەنگەرەکان بوون، کە ئاکامەکانی ئەو شۆڕشە، ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 و دواتریش پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو.
سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە ڕێککەوتننامەی 11-05-1970 وەک شاندی دانووستانکار چوونە بەغدا و ئامادەی مەراسیمی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار بوون.
بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003، سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراق بینی و دواتر لە دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقی فیدراڵ و نووسینەوەی دەستووری نوێی ئێراق، بە هەوڵ و کۆششی بارزانی بەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا جێگیر کرا.
سەرۆک بارزانی لە جەنگی دژی تیرۆردا، لەو کاتەوەی تیرۆریستانی داعش پەلاماری کوردستانیان دا لە ساڵی

2014 وەک پێشمەرگە و سەرۆک، شانبەشانی پێشمەرگە و ڕۆژنامەکانی کوردستان دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەستایەوە و تا تەفروتوناکردنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگدا مایەوە و ڕابەرایەتیکردنی ئەو شەڕەی کرد و ڕۆڵی گەورە و دیاری لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش هەبوو، کوردستان بە سەرکردایەتیی سەرۆک بارزانی بووە هاوپەیمانیی سەرەکی نێودەوڵەتی دژی داعش.
گوتە بەناوبانگەکی وەڕی دا بە پێشمەرگە کە ڕای گەیاند، لە بەرگرییەوە دەست بە هێرش دەکەین و ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکدەشکێنین.
سەرۆک بارزانی لەوکاتەی حکوومەتی بەغدا دژ بە مافە دەستوورییەکانی کوردستان وەستایەوە و بودجە و قووتی هاونیشتمانییانی بڕی، مەرامی دوژمناکارانەی ئەو دەسەڵاتەی هەست پێکرد، بۆیە دوای چەندان هەوڵی ئاشتەوایی و لوتبەرزی دەسەڵاتدارانی بەغدا، بارزانی ڕابەرایەتی ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی کرد و لە 25-09-2017 ڕێفڕاندۆم کرا و لە 93%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا کە لە دەستکەوتە هەرە گەورەکانی سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستانە و شانازی بەو ڕۆژ و دەرفەتەوە دەکات.
سەرۆک بارزانی دوای خیانەتی 16-10-2017 و ڕادەستکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بە حەشدی شەعبی و سوپای ئێراق، سەرکردایەتی بەرەنگاربوونەوەی پیلانی لەناوبردنی کیانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک دا پێشمەرگە ئەو پیلان و هێرشانەی تێکشکاند.
ڕۆژی یەکشەممە 29-10-2017، سەرۆک بارزانی پەیامێکی ڕاگەیاند و ڕەتی کردەوە وادەی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم درێژ بکرێتەوە و ئامادەیی خۆیشی بۆ خزمەتکردنی گەل و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.
ئێستا حزبەکەی بارزانی لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان و ئێراق لە ڕووی جەماوەرییەوە یەکەمە و لە کوردستان 45 کورسی و لە ئێراق بە 28 کورسیی یەکەم حزبن لە ڕێژەی کورسیدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 16-08-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-08-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی 16-08-2019 -wishe.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 416
پێگەی ئیدریس بارزانی لە نێو شیعری نوێی کوردیدا
20250701230912643741=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
د. محەمەد خدر مەولود
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: لە ساڵوەگەری کۆچی ناوادەی ئەندازیاری ئاشتەوایدا...
باسکردن لە ناونیشانی ئەو توێژینەوە ئەکادیمیە ئەدەبییە (پێگەی ئیدریس بارزانی لەنێو هەڵبەستی نوێی کوردیدا، بە نموونە لە هەڵبەستەکانی شاعیرانی کورد عوسمان عەونی و هەژار موکریانی دا) دەمانگەیێنێتە ئەو ڕاستییانەی خوارەوە:
یەکەم: لەبەر ئەوەی ئیدریس بارزانی کوڕی مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆک و دامەزرێنەری (پ. د. ک)ە. بارزانی باوک لەنێو هەڵبەستی کوردی و ئەدەبیاتی کوردیدا قارەمان و کارەکتەری دەقە ئەدەبییەکانە چ وەک سیمبول یا بابەتی دەق و ئەو ئەدەبیاتەی تەواو دەوڵەمەند کردووە کە بە ئەدەبیاتی نیشتمانی نەتەوەیی ئازادیخواز دادەنرێت و لە هەمانکاتیشدا دەچێتە نێو ئەدەبیاتی بەرگری و هەڵبەستی بەرخودانی کوردی هاوچەرخەوە.
بارزانی باوک بۆ بارزانی کوڕ ئیدریس بارزانی لە دوای کۆچی دواییدا، بۆ ئەویش دەبێتە گوڵەگەنمێکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی و ڕۆڵی مێژوویی و سیاسیی بنیاتنانی پێگەی تایبەتیی لەنێو هەڵبەستی کوردیدا و خەرمانەی ئەدەبی کوردی دا، ئەمە وێرای تایبەتمەندییەتی کەسێتی و ڕۆڵ و پێگەی کەسێتی ئیدریسی جوانەمەرگیش لەو تەمەنە کورتەی خەبات و تێکۆشانیدا .
لەم خاڵەدا هەردوو کارەکتەری دەق (بارزانی باوک-مستەفا بارزانی و بارزانی کوڕ- ئیدریس بارزانی) دەبن بە سومبولێکی ئەدەبی بۆ هەڵبەست و ئەدەبیاتی نیشتمانی نەتەوەیی هێمادار و ناوەرۆک پڕ لە هەڵبەست و ئەدەبی بەرخودان و بەرگری.
دووەم: ئەم دەستەواژەیە (ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان) گەر زۆر بە کەمیش بەکارهاتبێت و کەمتر توێژینەوەی زانستی لەسەر کرابێت، ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندەی فرە ڕەهەندی ئەدەیی زیندووە، ئەدەبیاتی کوردی ڕەنگینتر و دەوڵەمەندتر کردووە، چونکە ئەم ئەدەبیاتە لق و پۆپی لێ بووەتەوە و چەندین ژانری ئەدەبی پێ نووسراوەتەوە لەوانە:
ئەدەبیاتی میدیایی–نووسین و وتار بۆ کەنالەکانی ڕاگەیاندن، دەقی هەڵبەستی، هۆنراوە و سروودی نیشتمانی، شانۆنامە، ڕۆمان، چیرۆک، بیرەوەری و یاداشت، مێژوو، وتار و وتاری سیاسیی ڕۆژنامەوانی و میدیایی درامای تەلەڤزیۆنی، کۆنسێرتی موزیک و سروود و گۆرانی، مارش و سروودی پێشمەرگە و سەربازی تا دەگاتە ئەدەبیاتی دروشم و بەسن و پێداهەڵدان و بەباڵادا هەڵبڕین بۆ جۆشدان و بەرزکردنەوەی گیانی بەرخودانی جەماوەری تێکۆشەر و وەرگر و ئامادەبووی بۆنەکان .
مستەفا بارزانی سەرۆک و ڕابەر لەناو گوڵزاری هەڵبەستی ئەفرێنەری کوردیدا:
لە خوێندنەوەی سەرچاوە چاپکراوەکانی ئەو بواره ئەدەبییەدا ئەم خاڵەمان لا گەڵاڵە دەبێت:
بە دەگمەن شاعیرێکی کورد دەدۆزینەوە هەڵبەستی بۆ بارزانی نەگوتبێ یا بارزانی نەبووبێتە ئیلهامبەخش بۆ بابەت و کارەکتەری دەقە هەڵبەستییەکە.
هەندێک لەو چەند شاعیرە دەگمەنانەش، لە دەرفەتێک گەڕاون بە جۆرێک یا بە سیمبولیش بێ گوزارشتە شاراوەییەکە بگەیێنن بۆ نموونە لە ئەدەبی نووسراوی بڵاوکراوەی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشووی ژێرسانسۆری ڕژێمی پێشووی بەغدا واتە لە ساڵانی (1976 -1990) چەندین وشە و دەستەواژە هەن لەنێو هەڵبەست و ئەدەبیاتدا کە دەبن بە ئاماژە و هێمای سومبولی بۆ مستەفا بارزانی و ڕەمزی نەتەوەیی

نیشتمانی داگیرکراو لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لەوانەوە:
لە ناوی چیاکانی کوردستانەوە لە (مەتینەوە بگرە تا سەفین و هەڵگورد و زمناکۆ و سۆرێن) و ئەوانی تریش تا وشەی مانادار و ناوی شوێنەکانی (دیلمان، ناوپردان، پردی حافز، بازێ بازان، شاهێ کوردان، شێرەپیاو، قارەمانی گەورەی لێژان، سوپاسالار، کەڵەپیاو، گیڤارا، شاهە سواریێ چارچرا، کاوە، داربەڕوو، یارزان لە برێتی بارزان، شوان، ڕەنگی زەرد، باوک، ڕابەر، هەڵۆ، نەورۆز و هتد) ئەو دەستەواژە و وشانە چ ناونیشانن بۆ کۆبەرهەمێکی ئەدەبی و هەڵبەستی یا وشە و دەستەواژەی مانا و هێمابەخشن لە دەقە شیعرییەکاندا.
دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژە بە چەندین ناو و شوێن و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی پرسی فەڵەستینیش بکەین کە وەک هێمای مانادار خواستراون بۆ پرسی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی ئەیلوول و گوڵان .
مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەدا:
هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (پێگەی ئیدریس بارزانی لەنێو هەڵبەستی کوردیدا بە نموونە لە هەڵبەستی شاعیرانی ناسراوی کورد (عەونی –عوسمان حبیب عەبدوڵڵایە، عەونی شاعیرە، ناونیشانی دەق هەڵبەستەکەی (بۆ مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی)یە.
هەڵبەستی دووەم هیی شاعیری ناسراوی کورد (هەژار–عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، دەق هەڵبەستەکەی بە ناونیشانی (بۆ کاک ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزان)ە.
بۆ ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەمان، لە وەڵامدا دەڵێین لەبەر گەلێ ڕەهەند و بایەخ و بەهەند وەرگرتن و ڕێزنان لە هەڵبەستی شۆڕشگێڕ و کوردایەتییەوە ئەم ناونیشانەمان هەڵبژاردووە کە خۆی لەم ڕەهەندانە دەبینێتەوە:
یەکەم: ڕەهەندی مێژووی و ئەدەبی بۆ نووسینی دەقە شیعرییەکان.
دووەم: ڕەهەندی شوێن، سنووری جوگرافیای نووسینی دەق .
سێیەم: دوور لە بابەتی ئەدەب و شەنوکەوکردنی بەراودکاری بۆ هەردوو دەق، چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوانیان بەدی دەکرێت گرنگترینیان کارەکتەر و بابەتی سەرەکی دەقی هەڵبەستەکانە کە (ئیدریس بارزانی)یە، ڕۆڵی سەرەکی لەنێو دەقە هەڵبەستییەکان دەگێرێت و بابەتی هەڵبەستەکانی لەسەر بنیات نراوە.
ئەم سێ خاڵە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم دوو دەقە هەڵبەستییە بوون (بۆ مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی)ی عەونی شاعیر و (ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزان)ی هەژار. دەنا گەلێ شاعیری تر هەڵبەست و شیوەنیان بۆ کۆچی ناوادەی ئیدریس بارزانی هۆنینەتەوە و بە هەڵبەستەکانیان ئەدەب و هەڵبەستی نیشتمانی نەتەوەیی کوردی و هەڵبەستی هاوچەرخی بەرخودان و شۆڕشگێڕیان دەوڵەمەند کردووە.

لەبارەی خاڵی یەکەم و دووەم کە ڕەهەند وئیعتباراتی مێژووپی و شۆڕشگێڕین، هەڵبەستی (بۆ مەرگی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی) عەونی شاعیر لە ڕۆژی سی و یەکی کانوونی دووەمی نۆسەد و هەشتا و حەوت (1987-01-31)ە، شوێن شاری کۆیەی ژێردەستەی داگیرکاری ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا و حزبی بەعس نووسراوە، واتە لەنێو سنوور و جوگرافیایەکی پڕ (لە ترس و تۆقاندن و مەرگ)دا.

کەچی هەڵبەستی (بۆ کاک ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزان) لە چلەی کۆچی ناوادەی ئیدریس بارزانی لەلایەن خودی هەژاری شاعیرەوە خوێنراوەتەوە کە ڕێک ئەو ڕۆژەش ساڵیادی دوازدەمینی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر بووە لە ڕۆژی 13 یا 14ی ئازاردا دەقەکە خوێنرابێتەوە کەواتە دەبێت هەشتەمین (کۆچی دوایی بارزانی باوک– مستەفا بارزانی بێت و یادی (74) ساڵەی لەدایکبوونی سەرۆک و ڕابەری کوردان مستەفای بارزانی بووە، گەر ئەو بۆنەیە ئەو ناوەیەشی لێ نەنرابێت، چونکە هەر لە ساڵیادی یەکەمی کۆچی دوایی بارزانی باوکدا هەژاری شاعیر نەک هەر بە کردەنی بەشداری کردووە و هەڵبەستی خوێندۆتەوە، بەڵکوو وەک خۆی دەڵێت:
(کۆچکردنی بارزانی، کووڕەی دڵی ساردەوەبووی نێڵ دامەوە و بۆ یەکەمجار بۆ بەڕێکردنی بارزانی هەڵبەست هاتووە بەلامەوە) شنۆ 57-12-15 بۆ کوردستان لاپەڕە (539)

دەق ئەم هەڵبەستە (بۆ کاک ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزان) لە شاری شنۆ لە ناوچە و سنووری جوگرافیایەکی دوورەدەستی ڕژێمی پێشووی بەعس نووسراوە.
خوێندنەوەیەکی پراکتیکی زانستی بۆ دەق هەڵبەستی
(بۆ مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی)ی عەونی شاعیر:
دەق ئەم هەڵبەستە (بۆ مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی) ڕۆژی 31-01-1987 نووسراوە بە نهێنی بۆ چەندین نووسەر و شاعیر و کەسانی بەهەڵوێست و کوردپەروەر و تێکۆشەر، لە شاری کۆیە خوێنراوەتەوە کە هەندێک لەو نووسەر و ئەدیبانەی ئەوسا دانیشتووی شاری بەغدا و هەولێر و کەرکووک و کۆیە بوون.
ئەوسا شوێنی کاری–نووسینگەی عەونی شاعیر هیی عوسمانی باوکی عەونی بوو، دووکان–شوێنی کاری لە باوکی لە عوسمان حبیب عەبدوڵڵا بۆی مابووەوە و دوای دەوامی فەرمی میری بۆ بژێوی ژیانی کەسوکار و خوشک و براکانی لە نووسینگەکەدا دادەنیشت و مامەڵەی بازرگانی دەکرد، زۆربەی ئێواران هەر لە پاش عەسران شوێن دەبووە کۆڕ و مەکۆی ئەدیب و نووسەران و بە خوێندنەوەی هەڵبەست و بەرهەمی ئەدەبی جۆش و خرۆشی تێ دەکەوت و هەروا دەبووە مەکۆی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەران بۆ باسکردنی هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و کوردایەتی و چالاکییەکانی پێشمەرگە و هەواڵی زوڵم و ستەم و تۆقاندن و تاوان و لەسێدارەدان و کارە دوژمندارییە یەک لە دواییەکانی حزبی بەعس و ڕژێمی دیکتاتۆری ئێراق لە بەرانبەر گەلی کوردا.
دەق ئەم هەڵبەستە (بۆ مەرگی خوالێخۆش بوو ئیدریس بارزانی) عەونی شاعیر یەکەم جار لە ئێوارەی 01-02-1987 خوێنراوەتەوە و ڕۆژانی دواییش هەر بەهێمنی و بەنهێنی بۆ ئەدیب و نووسەرانی نزیک و دۆست و یاران و هاوڕێ و هەڤاڵان و دڵسۆزانی خۆی، عەونی شاعیر دەق هەڵبەستەکەی بۆ خوێندوونەتەوە .

ئەم هەڵبەستە (بۆ مەرگی خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی) دەچێتە نێو خانەی هەڵبەستی نیشتمانی نەتەوەیی، بە واتایەکی تر دەچێتە نێوخانەی هەڵبەستی کوردایەتی دەق هەڵبەستەکە لە (12) دێڕ هەڵبەست پێکدێت و بنەمای هەڵبەستەکە و بنیادی دەق-سکتراکچەری تێکستەکە لەسەر دوو ڕەهەندی بابەتە هەڵبەستییەکە وەستاوە:

ڕەهەندی یەکەم: بیستنی هەواڵە، وەرگرتنی هەواڵ و دەنگوباسی مەرگی خۆشەویستێکە لە ڕادیۆ.

ئەوی وەرگر- ئەوی بیستەر- ئەوی شاعیر لەنێو ڕەهەندی یەکەمی بوونیادی دەقە هەڵبەستییەکەیدا دەڵێت:

گوێم لە ڕادیۆ گرت بوو تا هەست بکەم دەنگێکی خۆش
خستییە بەر گوێم کت و پڕ دەنگی پڕ سۆز و پەرۆش
دەنگی مەرگی خۆشەویستێکە لەبیر ناچێیتەوە
هەرکە بیستم هێندە دڵگیر بووم نەما لەلام هەست و هۆش

ڕەهەندی دووەم: ڕەهەندێکی وەسفی سێ لایەنەیە، وەسفی قارەمانی هەڵبەست و وەسفی ڕۆژگار و ڕەخنەگرتن لە ڕۆژگار و پرۆتستۆکردنی و خاڵی سێیەمیش وەسفی باری دەروونی شاعیرە لە دێری (6-12) دەقەکەیە.
لە ڕەهەند و لایەنی سێیەمدا، لە ڕەخنەگرتن و پرۆتسۆکردنی مەرگی ئیدریس بارزانی، عەونی شاعیر ئاوا ڕەخنەی تووند و گلەیی تووند ئاڕاستەی ڕۆژگار دەکا:

ڕۆژگار ڕووت سوورنەبێت هەروا بەشت بێ ڕووی ڕەش
ڕووڕەش و دڵگیر و پەست بی هەر بەئازار و نەخۆش

هەر لەبارەی ڕەهەندی دووەمەوە، لە خاڵی سێیەمدا لە گەیاندنی هەواڵی مەرگی ئیدریس بارزانی لە ڕادیوە–لە میدیای بیستراوە بۆ نووسینی وەک تێکستێکی هەڵبەستی ئەفرێنەر عەونی شاعیر لە دێری (10-12) وا وێنەی هەڵبەستی و وشەی ئەفرێنەری کاریگەریی ڕۆناو و دەقە هەڵبەستییەکەی (بۆ مەرگی خوالێخۆش بوو ئیدریس بارزانی) لەسەر ڕۆناوە و دارشتووە.

ڕۆژی (سی و ئێکی کانوون) نۆسەد و هەشتا و حەوت
هەر کە بیستم ڕاچەنیم لەرزیم و کەتم چووم لە هۆش
ڕێم بێ دەستە گوڵێک بەستم لە بۆ سەر گۆڕەکەی
پێی بڵێم تۆ نامری ناوت دەژی ژینێکی خۆش

گرنگی و بایەخی ئەم هەڵبەستە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی هەڵبەست نووسینی عەونی بۆ چی دەگەڕێتەوە ..؟

لە وەڵامدا هەڵوێستەیەکی ئەدەبی و شۆڕشگێڕی دەکەین دەڵێین:
دەق ئەم هەڵبەستە لە دوای نووسینی و هەر لە دوای 31-01-1987وە لە نووسینگەکەی (مەحەلەکەی)، شوێنی کاری بازرگانیدا لە شاری کۆیە، ڕۆژانە عەونی شاعیر ئەم هەڵبەستە بۆ چەندین ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستا و شاعیر و خوێنەر خوێندۆتەوە.
هەڵبەتە ئەو قۆناغە سەردەمی هەرە تاریک و تۆقێنەر بووە لە مێژووی کورد، سەردەمی ترس و تۆقاندن و زیندان و لەسێدارەدان و بەعەرەبکردن و سەردەمی بەعس بووە. بەعس ئەو ناوەی هەموو وەسفێکی دیکتاتۆری و شۆفینی و تاکڕەوی و شەڕانگێزی و عرووبەیی بە مەبەستی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنی دەگرێتەخۆی و بە باڵایدا دەبڕدرێت.
بۆیە خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە بۆ ئەو سەردەمە دوو پەیامی هەبووە:
یەکەم: ئاگادارکردنەوەی خەڵک و جەماوەری تێکۆشەر لە کۆچ و مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی، بە مەبەستی جۆشدانەوەی خەبات و تێکۆشانیان، نەک ئەم کۆچە ناوادەیە ببێتە هۆکاری ساردبوونەوە لە خەبات و تێکۆشاندا.
دووەم: پەیامی هەڵبەستی و ئەدەبی، ئەدیب و شاعیرانی کورد بۆ بەرز و پیرۆزراگرتنی پێگە و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە خەبات و تێکۆشاندا.
سووربوونیش لەسەر هەمان ڕێباز لە دوای ئەم کۆچە ناوادەیەدا.
وەک لە دوا دێردا عەونی شاعیر دەڵێت:

ڕێم بێ دەستە گوڵێک بەستم لە بۆ سەرگۆڕەکەی
پێی بڵێم تۆ نامری ناوت دەژی ژینێکی خۆش

هەندێک لە شاعیر و ئەدیب و نووسەرە ناودارانەی کورد کە عەونی لە نووسینگەی شوێنی کارکردنی دەقە هەڵبەستەکەی بۆ خوێندوونەتەوە ئەم بەڕێزانەن:
(تاهیرحەوێزی، عەبدولمەجید نووردین، کەریم شارەزا، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەلا قادری گۆپتەپەیی، مەجید ئاسنگەر، مەسعود محەمەد و چەندی تر لە نووسەر و ڕۆشنبیر و خوێنەرانی کۆیە و هەولێر و کوردستان تد...)

تەنانەت جارێکیان دوای خوێندنەوەی دەقە هەڵبەستەکە، مەسعود محمەدی نووسەر و هزرمەندی ناوداری کورد دەڵێت:
ئافەرین عەونی، ئەو هەڵوێستە نیشتمانییە بوێرییەت وەک هەڵبەستەکانت بەرز و گرنگ و پڕبایەخە، پیاوێکی ئازا و نەترسی، شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێست هەر دەبێت وابێ، وریای خۆتبە سەردەمێکی پڕکێشە و گرفتە.
ئەم قسەیەی مەسعود محەمەدی نووسەر و هزرمەندی کورد وێرای دەستخۆشی و پیرۆزباییکردنی لە هەڵبەست و بوێری شاعیر، بڕوانامەیەکی شانازییە بۆ بوێری و هەڵوێستی نەتەوەیی عەونی شاعیر.
جێی ئاماژەیە جگە لەم هەڵبەستە (بۆ مەرگی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی) عەونی شاعیر کە پێشەنگی هەڵبەستانی ئەو بوارەیە ئەوا هەڵبەستە ناوداڕەکەی مانگی 11ی ساڵی 1958 و هەموو هەڵبەستە نەتەوایەتییەکانی تر وەرگرتووە لە هەڵبەستی (نامەیەک بۆ بارزان–22-11-1958)ی عەونی شاعیرکە بە بۆنەی گەڕانەوەی (شێرانی مەزن، ڕۆڵەی ئازادی، هاوڕێی دڵسۆز، خەمخواری گەڵ) هەموویان سومبوڵ و هێمان بۆ بارزانی باوک و ڕابەر و یار و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ بارزانی لانەی شێران. واتا شاعیر هەردوو قارەمان (بارزانی باوک– مستەفا بارزانی و بارزانی کوڕ- ئیدریس بارزانی) بۆ دەقی هەڵبەستەکانی دەبن بابەت و ناوەرۆک.

خوێندنەوەیەکی پراکتیکی زانستی بۆ هەڵبەستی (بۆ کاک ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزان)ی هەژاری شاعیر:
دەقی ئەم هەڵبەستە لەیەک کاتدا لە ڕۆژی 12-03-1987 بۆ یادی هەشتەمین ساڵەی کۆچی بارزانی باوک و چلەمین ڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی کوڕ گوتراوە، شوێنی سازدانی ڕێوڕەسمەکە مزگەوتێکی گوندی ڕاژانە لە دواین سنووری باشووری دووڕەدەستی ڕژێمی بەعس و مەترسی ژێر فڕۆکە جەنگییەکان...

دەقی ئەم هەڵبەستە بەر لەوەی وەک دەقێکی سەربەخۆ تایبەت بێت بە مەرگی ئیدریس بارزانی لە هەڵبەستی دیکەدا ئاماژە بە کۆچ و مەرگی ناوادەی کراوە:

ئیدریسی جێنیشینی تۆ
ڕۆڵەی ئازا و ئەمینی تۆ
هانا بوو بۆ بریندارانِ
چارەساز بوو بۆ بێچارانِ
کۆنەزامی بژاندەوە
کوڵمانی دامرکاندەوە
مخابن چەرخی دڵ بەکین
ئەویشی پێ ڕەوا نەدین

هەروا لە هەڵبەستی (خوایە بەس بێ ئیتر- یادی نۆیەمی کۆچی بارزانی 1-3-1988) هەژار دەڵێت:

مەسعود و یار و هاوکاری
وەسەرخە بەرەو ڕۆژگاری

بەر لە مەرگی کاک ئیدریس سەردانی هەژار موکریانی کردووە، بۆ پرسینی هەواڵ و زانینی دەنگوباس و تەندروستی ئەو ڕۆژەش 30-01-1987 واتە ڕۆژێک بەر لە کۆچی دوایی خۆی، دیارە ئەوسا هەژار زۆر نەخۆش بووە:

بۆ ئەو باسەی وەبەزێن
دڵی بەرد و پۆڵا تەزێن
وتیان کاک ئیدریس کۆچی کرد
بە مەرگێکی کتوپڕ مرد
ئیدریس دڵسۆزی هەژاران
مایەی خۆشی و گەشەی یاران
زراوتۆقێنی کوردکوژان
چقڵی گڵێنەی خوێنمژان
گوڵی خانەدانی بارزان
وریا و پاکژ و لە کارزان
ئیدریس برای لە مێژینم
ڕووناکایی شەوی ژینم
تامی مەرگی خۆت پێ چێشتم
بۆ خەمانت بەجێ هێشتم
قەرار بوو بەر لە تۆ بمرم
جێگە لە لای بابە بگرم
ئیرەییت هات پێشم کەوتی
پێش من لە لای بابە خەوتی

مەزنی ئەم چامە هەڵبەستییەی هەژار موکریانی لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەبینرێت و بەدی دەکرێیت و تۆێژەر و ڕەخنەگر دەتوانێت تێگەیشتنی تەواو و خوێندنەوەی زانستی لەسەر بنیات بنرێت:
1- ڕێکەوت و مێژووی نووسینی دەقی هەڵبەستی (گوڵی خانەدانی بارزان)
2- مەبەست و ناوەرۆک لە یەکەم دێری هەڵبەستەوە لە دێری (ئاخ و داخ لە بەختی خەوتوو) تا دێری (ژێر پێی بارزانی بێ سەرم .. هەژارێکی بەختەوەرم)ە، کە (28 دێری 4 کۆپلە)ی هەڵبەستەکە تەواوی ماناکەی لە دێرە هەڵبەستی (7)وە سەرچاوەی گرتووە:

گوڵی خانەدانی بارزان
وریا و پاکژ و لە کارزان
ئەستێرەی ڕێنموونی گەل
ناوەخت ئاوا بووی لە کەل

3- لووتکەی ئەفراندن و گەیشتنە ترۆپی مەبەستی شاعیر لە دەقی هەڵبەستەکەدا لە دێری (7)ەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و لە دوا دێری هەڵبەستەکەدا گەیشتنە ترۆپکی مەبەست و مەرامی شاعیر:

قەرار بوو بەر لە تۆ بمرم
جێگە لە لای بابە بگرم
ئیرەیت هات پێشم کەوتی
پێش من لە لای بابە خەوتی

تەواوی مەبەست و مەرامی هەژاری شاعیر و ناوەرۆکی دەق لێرەدا، لەم دوو دێرەی کۆتایی دەقەکەدا بەدیار دەکەوێت. هەردوو کارەکتەری دەق (بارزانی باوک–بارزانیی نەمر و بارزانی کوڕ–ئیدریس بارزانی) دوو قارەمان و ڕابەر و سەرۆک و سەرکردەی واری واقیعین هیی (چەرخی دڵبەکین)ی بەختی خەوتووی کوردی کۆس کەوتوون.
بەڵام بە بوونی ئەوان، بە بوونی بارزانی کورد وەک نەتەوە ماوە و هەر دەمێنێت و لە ئازادی واز ناهێنێت.
دواجار لە دیدو دونیا بینی هەژاری شاعیردا لەگەڵ بارزانی بوون، واتە گەیشتنە ئامانج:

تێ بگەن کوردستان خواردن
خۆ لە مافی ڕەوا بواردن
بەسەرچوو و باوی نەماوە
ڕۆڵەی کورد پەیمانی داوە
تا ماوە کە هەر دەشمێنێ
لە ئازادی واز ناهێنێ
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
لە بارزانی جێ نەمێنێ [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | هونەری | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان تیڤی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-01

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 417

پەرتووکی مام وسو دزەیی گەشتی زۆزگ لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە بڵاوکرایەوە

20250816124703651236=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: پەرتووکی مام وسو دزەیی گەشتی زۆزگ لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە بڵاوکرایەوە
لە ڕێوڕەسمێکدا لە مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەرتووکی مام وسو دزەیی؛ گەشتی زۆزگ؛ لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە لە نووسینی ئەردەڵان مام وسو دزەیی بڵاو کرایەوە .
لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کە نوێنەری سەرۆک بارزانی ئامادە بوو، لەلایەن شوان محەمەد ئەمین وێستگە سەرەکییەکانی گەشتی خەبات و شێوازی نووسینەوەی پەرتووکەکە، شرۆڤەی ناوەرۆکی پەرتووکەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئامادەبووانی خستە ڕوو.
نووسەر ئەردەڵان مام وسو دزەیی، لەسەر پەرتووکەکە وتی ئەم پەرتووکە پەرتووکێکی بیرەوەرییە لە بارەی ژیان و ڕۆڵی باوکم لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لەگەڵ مستەفا بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی، ئەم پەرتووکە چەندین تەوەر لە خۆ دەگرێت هەر لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و ئاوارە بوون لەگەڵ بارزانیی نەمر تا دوا ساتی کۆچی دوایی.
شایەنی باسە پەرتووکە لە 340 لاپەڕە پێکهاتووە، کاری دیزاینی لەلایەن د.ئەکرەم فەرەیدوون بۆ کراوە، چاپی یەکەمی ساڵی 2022 بە ژمارەی سپاردنی (132) پێنج هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەرۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 11-06-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-06-11	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2022-11-06 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 16-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 418
پەکەکە لە قەندیل نارِوات!
20210413193642393518=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نالیا ئیبراهیم
قەندیل ئەو ناوچە شاخاوییە کە دەکەوێتە باشووری کوردستان، لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، بە دژوارترین و گرنگترین چیاکانی کوردستان دادەنرێت کە بەرزاییەکەی زیاتر لە 3000 مەترە.
بەدرێژایی خەباتی کوردان قەندیل ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، بەڵکوو هەمیشە لانکی پێشمەرگە و سەنگەری بەرگری بووە، هەمیشە داگیرکارانی کورد نەیانتوانیوە داگیری بکەن، هەڵکەوتنی چیاکانی زۆر سەختن، مانەوە لەو چییانە ئیرادەیەکی زۆر و خۆڕاگری دەوێت کە بە هەمیشەیی بەفری لێیەو کەش هەوایەکی زۆر ساردی هەیە.

هەمووان دەزانین ساڵی 1983 ڕێکەوتنێکی 11خاڵی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز ئیدریس بارزانی و پارتی کرێکارانی کوردستان بەسترا، بە مەبەستی چێگیرکردنی هێزەکانی گەریلا لە چیاکانی باشوور، یەکێک لەو خاڵانە لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە بە هیچ جۆرێک شەڕی ناوخۆی کوردان نەکرێت، بەڵکوو هێزەکانیان بە ڕووی دوژمندا بێت.
هەر لەو ساڵەوە هێزی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنگەری شۆڕشیان لە قەندیل بەست.
بوونی هێزی سەربازی پەکەکە ئەنجامە لە کێشەی کوردانی باکوور کە لە ڕەهەندێکی مێژوویی قوڵەوە دروست بوون.
کە چەندین ساڵە تا دوا پلە بە وردەیەکی بەرز و خۆڕاگیرییەوە شۆڕش و خەباتی خۆیان پێش دەخەن، کە مانەوە و وەرە بەرزی هەر تاکێک لەو پارتە و بە گەریلاکانیشیانەوە، پرسیارێکی زۆرزۆری لە جیهاندا دروستکردووە هەر وەک دەوترێت تەلیسمی ئەو پەروەردە ڕۆحیی و گیانبەخشییە بۆ کوردستان لە قوتابخانەکەی ئۆجەلانە.
لێرەدا من نامەوێت باس لە خەباتی ئەو لایەنە بکەم، تەنیا ئەوەی گرنگە بیڵێین قەندیل تاکە خال و شوێنە کە دوژمن نەیتوانی بەو هەموو هێز و بەکارهێنانی چەکی نوێ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی کە بەکارهێنا و چەندین گەریلا و خەڵکی سڤیلی شەهید کرد لێ نەیتوانی ئامانجی خۆی پێک بێنێت. هەروەک دەزانین ڕژێمی تورکیا و ئێران زۆر هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچانە، بەڵام شکستیان خواردە.
لە هەندێک لایەن یان بە ناو نووسەر و ڕۆشنبیر..هتد بوونی لایەنی ناوبراو بە هەڕەشەیەکی گەورەی دەبینێت لەسەر ئاساییشی کوردستان کە دەڵێن: پەکەکە سەنگەر بگوازێتەوە بۆ ناو باکوور و قەندیل چۆڵ بکەن یاخود دەڵێن ئەوان دەستێوەردان دەکەن، گوایە ئەوە هەڵەی پەکەکەیە کە دەمیرتاش و هاوسیاسییەکانی زیندانی کران، یا خود هەدەپە کە نە چووەتە دەستەلاتی تورکیا ئەوە هێزی قەندیل بووە نەیهێشتوە.. چەندین بۆچونی تر!
هەڵبەت من وەک ژنێکی سیاسی دەمەوێت چەند سەرنج و ڕاستییەک بخەمە ڕوو وەڵامی هەندێک لەو بۆچونە یەقینانە بدەمەوە کە بنەمایان نییە.
قەندیل گەورەترین سەرمایەیە بۆ کورد هەر بۆیە ناکرێت چۆڵ بکرێت بۆ بەجێهێنانی پلانی درێژی تورکیا و بیەوێت دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت، لە کاتێکدا پەکەکە ئەوە بکات، گەورەترین هەڵەی مێژوویی دەکات و هەموو کورد دەبێت باجەکەی بدات.
باس لەوە دەکرێت پەکەکە ئاساییشی هەرێمی تێکداوە بەڵام لە بیرکرا کە هێزەکانی پێشمەرگە شنگالیان چۆل کرد، هێزی ئەو لایەنە بوو شکۆی شەنگالیان پاراست کە بە داخەوە زیاتر لە 3700 خێزان لەلایەن داعشەوە فڕێندران و بێسەروشوێنن کە هەرێمیش خاوەندارێتی لێ ناکات.
یاخود دەوترێت لە پشت خۆپشاندانەکانی هەرێمی کوردستانەوە، پەکەکەی لە پشت بووە، بۆ ناچن لە باکوور ئەم ناڕەزاییەنە دەربڕن، دیارە ئەم جۆرە بۆ چونانە زۆر کلاسیکە و لەم سەردەمەدا گوێی لێناگیرێت.
باشوور لە قەیراندایە و میللەت ماندووە لەبەر ئەوە مافی خۆیانە بڕژێنە سەر شەقام، هەرچەندە لەگەڵ تۆندوتیژیدا نیم لێ سووتاندنی ئەو بارەگایانە ناکاتە ئەوەی خەڵکی سڤیل شەهید ببن، هەر بۆ گەواهی ئەوەی خەڵکی سڤیل خۆرسکانە هاتنە سەر شەقام هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لاهور شێخ جەنگی

باسی لەوە کرد هیچ لایەن و هێزێکی سیاسی لە پشت خۆپشاندانەکانی سلێمانیەوە نەبووە. لە خۆپشاندانەکانی باکووریش بە سەدان و هەزاران خەڵک زیندانی و حوکمی چەندین ساڵە دراون بە خەڵکی سڤیل و سیاسیشەوە و چەندین شەهیدیان داوە کە لە بەرانبەر دڕندەترین ڕژێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەستاون لێ لە باشوور کە هەرێمێکی ئازاد و بەناو دیموکراتە میللەت تووشی ئازار و زیندانی دەبنەوە، ئەگەر داوای مافی خۆیان بکەن! ئایا کاکی نووسەر بۆ ئەم پرسیارە لە خۆت و دەسەڵاتەکەت ناکەیت، دەتانەوێت کرۆکی داوای میللەتی تورە بەم پاساوە بێ بنەمایە وەڵام بدەنەوە!
باس لەوەش دەکرێت هەدەپە باڵی پەکەکەیە و خۆیان خزاندۆتەوە ناو پارتە چەپەکانی تورکیایەوە، ئەو بەڕێزە زۆر بێئاگایە لەوەی پارتێک، یان ڕێکخراوی تورک بە ناوی چەپەوە لە ئێستەدا بوونیان نییە جگە لە هەدەپە نەبێت کە وەک پارتێکی ئۆپۆسزیۆن وەک چەترێک هەموو ئەو هێزانەی کۆکردووەتەوە کە نزیکن لە فکر و تێڕامانیان، کە لە ناویشیاندا چەندین کەسی وەک نەتەوە و ئایدیای جیاواز، بێباوەڕ و دینییەکانیشی لە خۆ گرتووە، بە نموونە عەلەوی، ئێزیدی، کریستیان و موسوڵمان..هتد هەن.
لێ ئەوەی بۆ من ڕوون نییە ئەو بەڕێزە چ ئەرگومێنتێکی هەیە کە هەدەپە باڵی پەکەکەیە؟

دەڵێن گوایە ئەوە هەڵەی هێزی پەکەکەیە کە پارێزگاری لە مانەوەی ڕژێمی سووریا و بەشار ئەسەدی کردووە کاتێک هێزە ئۆپۆسزیۆنەکان ویستویانە ئەو ڕژێمە بڕۆخێنن، هەڵبەت ئەوەی کەمێک چاودێری و شارەزایی لە هێزی نێودەوڵەتی هەبێت دەزانێت کێ بڕیار لەسەر مانەوەی بەشاری داوە، چوار ساڵ بەر لە ئێستە ئۆباما لە لێدوانێکدا باسی کرد کە ئامانجیان نییە گۆڕانکاری بەهێزی سەربازی لە سووریادا بکەن بەڵکودەیانەوێت گۆڕانکاری بەشێوەیەکی سیاسی لە دەستەڵاتەکەیدا بکەن.
لە کۆتاییدا هەروەک بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد دەیووت: (تا کێشەکانی باکووری کوردستان چارەسەر نەکرێت، چاوەڕوان نەکرێت کێشەی بەشەکان و پێکهاتەکانی تری کوردستان چارەسەر ببێت).
مەبەست لەم وتارە وەڵامدانەوەی هەندێک ئەو بۆچوون و حکومدانەیە بەسەر هەر لایەنێک یان لەسەر چۆڵکردنی قەندیل کە زۆر کەس بە مۆڵکی پەکەکەی دەزانێت، کە لە ڕاستیدا پێویستە هەموو خاوەندارێتی لێبکەین.. ئەو بەڕێزانەی تریش کۆێرانە حکوم نەدەن لایەنی کەم چاودێری ڕەوشە بکەن یاخود بە دوادا چوون لەسەر ڕاستییەکان بکەن، تا نەکەونە هەڵەی گەورەتر‌ەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | وتار و دیمانە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 22-12-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی گەل - هەدەپە	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

پەکەکە: لەمڕۆ بەدواوە ئاگربەست ڕادەگەیەنین	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
تورکیا: خۆشحاڵین کە عێراق پەکەکە وەک ڕێکخراوی قەدەخەکراو دەناسێنێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
هاکان فیدان: بە بەرپرسانی یەکێتیم گوت سنوورێک بۆ پەیوەندییەکانتان لەگەڵ پەکەکە دابنێن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2020-12-22

کاتی تۆمارکردن: 2021-04-13

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: کورتەباس
بابەت: 419
تارماییە هەمیشەییەکە
20250803132120649558=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: تارماییە هەمیشەییەکە
نووسینی: نووری بێخاڵی

ئەمڕۆ 06-03-2024، ڕێک (49) ساڵ، واتە نیو سەدە ساڵێک کەم، بەسەر ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیردا تێدەپەڕێت، کە تیایدا و لە میانی گەلەکۆمەیەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تووشی نسکۆ هات و دەستکەوتە سیاسی و یاساییەکانی درێژترین شۆڕشی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا (شۆڕشی ئەیلوول)، زیندەبەچاڵ کران. وەبیرهێنانەوەی ئەم یادە تاڵە و هەموو کۆستەکانی وەک کیمیاباران‌کردن و ئەنفال و جینۆسایدە، کە بوونەتە بەشێک لە یادەوەریی نێوکۆیی گەلی کوردستان، کارێکە دەبێت بەردەوام بایەخی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و داهاتوو، هەروا ئاسان دەستبەرداری خەون و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەبێت و بێبادی و گەندەڵی و خراپ فەرمانڕەواییکردنی حیزبەکان، نەکاتە بیانووی ئەوەی، کە ڕاکردن و خۆدزینەوەی لە بەرپرسیارییەتیی نیشتمانی، پێ پاساو بداتەوە.
ڕەوانشاد (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) لە ڕۆژی 07-03-1975 لە نامەیەکیدا دەربارەی ڕێککەوتنی جەزائیر و هەڵوێستی ئێران، بۆ سەرۆک (مەسعود بارزانی) دەنووسێت: "تیمسار مەهام لە زاری سەیادیان پێی ڕاگەیاندم کەوا ئەوان بە تەنیا لە گۆڕەپانەکە بەجێمان ناهێڵن و منیش پێیم وت پاشەکشەی ئێوە بەم شێوەیەی کە دەیبینم، دژی پەرەنسیپی بەجێنەهێشتنمانە بە تەنیا و نیگەرانی و دڵگرانیی خۆم پێی ڕاگەیاند. هەروەها پێیشم وت ئەگەر ژیانێکی شەرافەتمەندانەمان نەبێت، ئەوا دڵنیا بە مردنێکی شەرافەتمەندانە قەبووڵ دەکەین". دەقی ئەو نامەیەی ڕەوانشاد (ئیدریس بارزانی)، هەموو ئەو زانیاری و قسانە پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێن هێزەکانی ئێراق لە دواوە و لەناو خاکی ئێران، پشتیان لە پێشمەرگە گرتبوو. تەنانەت زۆرێک لە پێشمەرگە و شایەتحاڵەکانی ئەو ڕۆژگارە کە ئاودیوی ئەودیو سنوور ببوون، باس لەوە دەکەن کە بە چاوی خۆیان سەربازی ئێراقییان لە (مەهاباد) بەسەر پشتی زیل و ئیقاوە بینیوە، کە بەرەو (خانێ) ڕۆیشتوون.
زۆر کەس پێیان وایە، لە ئاکامی خۆشباوەڕیی سەرکردایەتیی شۆڕش بە ئەمریکا و پشتبەستن بە ئێران، کە دواتر هەمووان پشتیان لە کورد کرد، شکست بە شۆڕشەکە هێنرا و بێ ئومێدیی تەواوی کوردستانی گرتەوە، بەڵام واقیعی ئەوکاتە و بەڵگەنامەکان شتێکی دیکەی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەمان پێ دەڵێن. ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکات، بۆ نموونە سەردانی بەردەوامی هەردوو وەزیری دەرەوەی ئێراق و ئێران بۆ لای یەکتری، کۆبوونەوەی نوێنەری ئێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ (هنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ڕۆڵی وڵاتانی ناوبژیوانی ئەندام لە ڕێکخراوی (ئۆپێک) پێش مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە، هەروەها سەرکووتکردنی شۆڕشی (زەففار) لە عومان و سەرگرتنی (کامپ دەیڤد) دوای ڕێککەوتنەکە، ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە ڕێککەوتنەکە لەپڕێکدا نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی پلانی پێشوەختە و بەرنامە بۆدارێژراو بووە. لە ماددەی حەوتەمی بەشی دووەمی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە: " ئەو ڕێککەوتننامەیە، بە ناوەڕۆک و پڕۆتۆکۆل و پاشکۆکانی، بە گوێرەی ماددەی 102 لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تۆمار دەکرێت"، بەڵام بە ڕای شارەزایانی بواری یاسای نێودەوڵەتی، چونکە خودی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دژی ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییە سیاسییەکان و بە تایبەتیی دژی بنەمای مافی نەتەوەکانە لە دیاریکردنی چارەنووسدا، بۆیە نە ئەوکات و نە ئێستا و نە لە داهاتووشدا ئەو ڕێککەوتنە ڕەوایی نێودەوڵەتی وەرنەگرتووە و وەرناگرێت.
ماددەی پێنجەمی بەشی دووەمی ڕێککەوتننامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە " بە هیچ شێوەیەک نابێت دەستکاریی

هێڵی سنووری وشکانی و ئاوی نێوان ئێراق و ئێران بکرێت، ئەمەش بڕیارێکی کۆتایی و هەمیشەییە". ئەوە لەکاتێک دایە کە (سەددام حسێن) لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران -ئێراق و بە دیاریکراوی لە 17-09-1980، لە تەلەڤزیۆندا وتی: "لێرەوە کۆتایی بە ڕێککەوتنی جەزائیر هات و هیچ بەهایەکی نییە)، کەچی هەر (سەددام) خۆی، لە کۆتایی ساڵی 1990 و لە کاتی داگیرکردنی کوێت و ئابڵووقەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر ئێراق، لە نامەیەکدا بۆ (ڕەفسەنجانی)ی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران، پابەندیی خۆی و ئێراق بە ڕێککەوتنەکە دووبارە کردەوە. ڕاستییەکەی، ڕێککەوتنی جەزائیر سەودایەک بوو لەنێوان ئێراق و ئێران لەسەر حیسابی شۆڕشی کورد، سەوداکەش لەلایەن یەکێتیی سۆڤییەتی ئەو کات و ئەمریکا بەڕێوە دەچوو، کە جگە لە کورد، تیایدا ئێراق دۆڕا و ئێران براوە بوو. ناوەرۆکی ماددەی پێنجەم و دەنگۆی دووبارە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکەش لە ساڵانی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و نەمانی (سەددام)، پرسیاری ئەوە دێنێتە پێشەوە، ئایا لەبارداید ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنرێتەوە، یان بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆ هەموار بکرێتەوە؟ ئەی لە ئەگەری دووبارە پیادەکردنی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە و هەمواركردنەوەی، چ مەترسییەک بۆ سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی درووست دەکات؟ لە کاتێکدا کە هەم زەمینە و زەمان و هۆکارەکانی لەدایکبوونی ڕێککەوتنەکە نەماون، هەمیش سیستەمی حوکمڕانی هەردوو وڵات گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا هاتووە، هاوکات گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە، ڕەنگە ئەگەری هەڵوەشاندنەوە، یان نوێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە و هەمواركردنەوەی ناوەرۆکەکەی، نەک هەر ئاسان نەبێت، بەڵکوو نزیکیش بێت لە مەحاڵ و کاری نەکردە.

ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە و پاشانیش کۆتاییهێنان بە شۆڕش، کاریگەریی نەرێنی لەسەر شۆڕش خۆی و دەروونی پێشمەرگە و هاووڵاتیيانیش کرد. بە قسەی شایەتحاڵەکانی ئەو کات، دۆخەکە بۆ خۆی کارەسات بوو، کە کاریگەرییەکەی بەڕوونی لە ڕووخساری هەمووانداڕەنگی دابووەوە. وەک لە بەرپەڕی هەندێک لە پەرتووکەکانی مێژوو و یادەوەرییەکاندا خوێندوومانەتەوە، گوایە سەرکردایەتیی شۆڕش زوو ڕادەستی واقیعەکە بوو و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەبوو، ئەگەرنا پێشمەرگە ئامادەی شەڕ و بەرگری بوو، بەڵام لە بەرانبەردا هەن پێیان وایە، ئەم بۆچوونە جۆرێک لە کورتبینی و هەستنەکردن بە بەپرسیارێتی تێدایە و دەڵێن، بڕیاری (بارزانی نەمر) بۆ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە و سەرپشککردنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، یەکێک بوو لە هەنگاو و تاکتیکە سەرکەوتووەکانی ڕێبەری شۆڕشەکە. سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاندنی مەرگی شۆڕش و دەستکەوتەکانی بوو، هەروەها بووە هۆی ئاوارەیی و دوورخستنەوە و پەنابەرِیی سەدان هەزار کورد، بەڵام هەیە پێی وایە دەرهاویشتەکانی دوای ئەوە، لە ئاستی کوردستانی و ئێراق و جیهانیدا، بە قازانج بۆ کورد و شۆڕشەکەی گەڕانەوە. لەوەشدا نموونە بە چارەنووسی سەددام و شای ئێران و لەناوچوونی سیستەمە حوکمڕانییەکەیان و ڕاپەڕین و هاتنەکایەی هەرێمی کوردستانی بەرهەمی قوربانیدانی گەلی کوردستان و ڕاپەڕین دێننەوە.

دواجار ماوەتەوە بڵێم، (پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی باشی نێوان ئێراق و ئێران)، ئەوەی کە بە (ڕێککەوتننامەی جەزائیر) ناسراوە، لە 09-09-1975 لەنێوان ئێراق و ئێران و بە ناوبژیوانی جەزائیر ئەنجام درا. ڕێککەوتنەکە لە جەزائیر بە سەرپەرشتیی (هەواری بۆمدین)ی سەرۆک کۆماری جەزائیر، لەلایەن هەریەکە لە (سەددام حسێن، جێگری ئەو کاتی سەرۆک کۆماری ئێراق) و (محەمەد ڕەزاشا، شای ئێران)، واژۆ کرا. ڕێککەوتنی جەزائیر کە لە دەقێکی کورتی سێ خاڵی و پێشەکی و پاشبەندێک پێکهاتووە، دوای چەندین کۆبوونەوەی لێژنە هاوبەشەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی ئێراق و ئێران و بە چاودێریی (عەبدولعەزیز بوتەفلیقە)ی وەزیری دەرەوەی جەزائیر، کۆمەڵێک ڕێککەوتنامەی دیکەی لێکەوتەوە، لەوانە: (پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن) و (پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە سنووری وشکانی) و (پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە سنووری ئاوی) و (پرۆتۆکۆڵی پاراستنی ئارامی و ئاساییشی سنوور) و چوار ڕێککەوتنی دیکە، کە بە هەموویان نزیکەی (50)ماددە لەخۆیان دەگرن، ئەمە و سەرەڕای دەقی نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان هەردوو وەزیری دەرەوەی ئێراق و ئێران.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2024-03-06

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی chawykurd.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-03
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 420
تەمەنێک بۆ پەیامێک.. ڕێڕەوی بارزانی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی
20250724122230647909=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی تایبەت: تەمەنێک بۆ پەیامێک.. ڕێڕەوی بارزانی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی

چەند ڕۆژ و هەفتەی پێش 25ی ئەیلوول، دەچووە هەر شار و شارۆکەیەکەوە، یاریگە یان گەورەترین گۆڕەپانی ئەو شوێنەی پڕ دەکرد لە جەماوەر. جەماوەری هەموو ئەو شوێنانە، تەنیا یەک ئاڵایان پێ بوو کە ئاڵای کوردستانە، تەنیا ڕووبان لە یەک کەس بوو بۆ ئەوەی ئەو ئاڵایەیان بۆ ببات هەموو شوێنێکی جیهان. تەنیا چاویان لەسەر ئەو پیاوە بوو کە لەو ڕۆژەی مەلۆتکە بووە، لەسەر خاکی کۆماری کوردستاندا لەدایک بووە و هەموو تەمەنی بۆ گەڕانەوەی ئەو کۆمارە تەرخان کردووە، هەموو چاوەڕێی ئەو پیاوە جامانە بەسەرە بوون، باسی خەونی سەربەخۆییان بۆ بکات. ئەویش پێی دەوتن، ئەمە مافە، دەسەندرێت و هەرگیز نافەوتێت. ئەو پیاوە سەرۆک بارزانییە کە ڕێبازێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەو ڕێیەش بۆ ڕۆژێک لای نەداوە، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە.
پێش ئەوەی لەدایک بێت، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی باوکی، لە باشووری کوردستانەوە بە خۆی و هۆز و موریدانییەوە، بە خێزان و منداڵەوە، ڕێیان گرتە بەر و چوونە مەهاباد، بۆ ئەوەی پشتیوانیی شۆڕشەکەی پێشەوا قازی محەمەد بکەن و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات دامەزرێنن. لە مەهاباد، لە 16-08-1946، مەسعوود مستەفا بارزانی لەدایک بوو.
ئەگەر شانازییەکی مەزنی ئیمامی عەلیی کوڕی ئەبوو تاڵب ئەوە بووبێت کە هەرگیز کڕنووشی بۆ جگە لە خودا نەبردووە، بۆیە پێی دەگوترێت خودا ناوچاوانی پیرۆز کردووە (کرم الله وجهه) ئەوا لەژێر هەمان ڕێسادا، خودا ناوچاوانی بارزانیی کۆرپەی پیرۆز کردووە، چونکە لەسەر خاکی کوردستان و لە کۆماری کوردستاندا لەدایک بووە. ناهەق نەبوو ئیمامی عەلی، هەموو تەمەنی لە پێناو یەکتاپەرستیدا خەرج کرد، بۆیە ئەوپەڕی حەقڕێیە کە سەرۆک مەسعوود بارزاییش هەموو تەمەنی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا خەرج کردووە و لەسەر ئەو ڕێیەش بەردەوامە. مرۆڤی ڕەسەن، ڕابردوو و منداڵیی خۆی لەبیر ناکات، پەروەردەکەی لەسەری گۆش بووە،

لێی لا نادات.
پەروەردەی بارزانی، ژەنەڕاڵ بارزانیی باوک، شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدە. پەروەردەی بارزانی، ئەحمەدی خانییە کە بناغەی نەتەوایەتیی دامەزراند، پێش ئەوەی ئەوروپاش بیری لێ بکەنەوە. پەروەردەی بارزانی، کۆماری کوردستان و پێشەواکەیەتی.
تا شانزە ساڵی
ئەو ڕۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی سەرۆک بارزانیدا کە لەناو کۆماری کوردستاندا حزبەکە ڕاگەیەنرا، پێش ئەوەی بە ماوەیەکی کەم، بەهۆی ناپاکیی زلهێزان و دەستی هۆزە ناوخۆییەکان، کۆمارەکە لەناو ببرێت، بۆیە لە ساڵی 1947 بە ناچاری لەگەڵ ماڵباتەکەی و ژمارەیەک پێشمەرگەدا دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان، بەڵام هەر زوو لەلایەن حکوومەتی پاشاییەوە بەرەو باشووری ئێراق نەفی دەکرێن.
پاش ماوەیەک مەلا مستەفا خێزانەکەی بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانیدا دەچنە یەکێتیی سۆڤیەت و تا شۆڕشی 14-07-1958 لەوێ دەمێننەوە. بارزانیی کوڕ بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ لە باوکی و کوردستانیش دوور دەبێت و لەگەڵ بەشێکی ماڵباتەکەیاندا لە بەغدا دەبن.
بارزانی هەر لە بەغدا دەچێتە قوتابخانە و قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1961، ناچار دەبێت واز لە قوتابخانە بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ بارزان.

پێشمەرگایەتی
لە ساڵی 1962، واتە لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، سەرۆک بارزانی ئەو جلە کوردییەی لەبەری دەکات و ئەو چەکەی هەڵی دەگرێت بۆ پێشمەرگایەتی، ئیدی دەبنە پێناسەی و بۆ هەمیشە بە سەرۆک و پێشمەرگە وەکوو دوانەیەکی دانەبڕاو ناوی دەچێتە مێژووەوە و تا ژیان بەردەوام بێت، بە پێشمەرگەکەی ڕێی سەربەخۆیی کوردستان دەناسرێتەوە و لە هەر کوێیەک ناوی کورد بێت، ناوی سەرۆک بارزانی، ئەو پیاوەی جلە پێشمەرگایەتییەکەی هەر لەبەرە، دێتە بەر چاوی هەموو میللەتانی دنیا و دەزانن ئەوە؛ ئەو پیاوەیە کە دەیەوێت میللەتەکەی سەربەخۆ بێت.
شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، تا ساڵی 1975 دەخایەنێت و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی برای، پێکەوە لەگەڵ باوکیاندا دەبن و ئەزموونی ڕابەرایەتیی گەلێکی لێ فێر دەبن، ئەزموونی بەرخودان و خۆنەچەماندن لە باوکیانەوە هەڵدەگرن و ئەو شکۆمەندی و غیرەتی کوردبوونە بەسەر هەموو کورددا دابەش دەکەن.
سەرکردایەتی
وا دیارە ڕێگەی دژواری سەرۆک بارزانی و بەرپرسیاریەتیی سەردەمە مێژووییەکە وای خواستووە، هەر زوو شان بداتە بەر ئەو کۆڵە قورسە و هێشتا گەنج بووە، باوکی ئەزموونێکی تر و بەرپرسیاریەتییەکی دیکەی پێ دەسپێرێت ئەویش بەشداریکردنە لە شاندی کورد بۆ بەغدا لە ساڵی 1970 کە ڕۆڵی کاریگەڕیی هەبووە بۆ واژووکردنی ڕێکەوتنی حوکمی زاتی کە گەورەترین دەسکەوتی شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەگەرچی حکوومەتی ئێراق وەکوو هەمیشە لەمەشدا پاشگەز بوونەوە.
لە ساڵی 1971 کە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، دەبێتە ئەندامی لێژنەی ناوەندی، دواتریش دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتیی ئاژانسی پاراستنی پێ دەدرێت.
پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، بە فەرمانی مەلا مستەفا، هەردوو برا، ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعوود بارزانی پێکەوە قیادە موئەقەتە دروووست دەکەن و بەهۆیەوە جارێکی تر پێشمەرگەکان کۆ دەکەنەوە. هەر ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی 1976دا.
ئەزموونێکی چڕ و پڕ

لە ساڵی 1976 بۆ ساڵی تا ساڵی 1979، مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمەریکا دەبێت و لەو ماوەیەدا، دەبێتە تاکە قوتابیی ئەو ڕێبازە گەورەیەی میللەتێک چاوەڕێی هاتنەوەیەتی کە مەلا مستەفا بارزانییە. بارزانیی کوڕ لە بەردەستی باوکیدا، هەموو بناغەکانی کوردایەتی و سیاسەت و دانایی فێر دەبێت، باوکی نهێنیی گەیشتن بە دڵی خەڵکی فێر دەکات و هەمیشە بیری دەهێنێتەوە، شانازییە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت. سەرۆک بارزانی ئەمە بۆ هەمیشە هەڵدەگرێت و بیری ناچێتەوە ئەو ڕۆژە و ئەو خاکەی لێ لەدایک بووە، پێی دەگوترێت کۆماری کوردستان، بۆیە هەر لەوێ بەڵێن نوێ دەکاتەوە، بۆ هەمیشە پێشمەرگەی سەربەخۆیی بێت.
دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، مەلا مستەفا دەیەوێت لە ڕێی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بگەڕێتەوە باشووری کوردستان، بۆیە لەپێشدا سەرۆک مەسعوود بارزانی دەڕواتە ئێران تا لەوێ ئامادەکاریی پێشوازی لە باوکی ڕێک بخات، بەڵام لە یەکی ئاداری 1979، ئەو ڕۆژەی پێ دەنێتە خاکی ئێرانەوە، هەواڵی پێ دەدەن کە مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کردووە.

سەرۆکایەتیی حزب و ڕابەرایەتیی گەلێک
پاش کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، لە تشرینی دووەمی 1979، سەرۆک بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و کاک ئیدریسی براشی دەبێتە پشتیوانێکی گەورەی و پێکەوە تا ساڵی 1987 لە چەند بەرەیەکەوە هێزەکانی پێشمەرگە پتەو دەکەنەوە.
لە نیسانی 1991 بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی، شاندێکی باڵای هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستان بۆ ڕێکەوتن دەچنە بەغدا و دوای چەند مانگ ئیدی دەگەنە بنبەست، چونکە ڕژێمی سەدام ئامادە نەبوون بێنە ژێرباری داواکانی گەلی کوردەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاپەڕینی گەلی کوردی لێ بکەوێتەوە.
لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا خەریک بوو کوردستان ببێتە گۆمی خوێن و تۆڵەسەندنەوە و هیچ ماڵێ نەمێنێ خوێنی تێدا نەڕژێت، سەرۆک بە دانایی خۆی ئەو خوێنەی ڕاگرت و ئاشتەوایی لەنێو ماڵی کورددا دروستکرد، ئەمەش لە جیهاندا دەنگی دایەوە.
لە ساڵی 1992 کاتێک یەکەم هەڵبژاردن لە باشووری کوردستان کرا، سەرۆک بارزانی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەدا، پاشانیش کاتێک ئەنجامی دەنگەکان هاتەوە کە ڕکابەری سەرەکی ئەو کاتە تەنیا پارتی و یەکێتی بوون، پارتی بە دوو پۆینت پێش یەکێتی دایەوە و براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بوو، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکییەک دروست نەبێت، بڕیاری دا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە یەکسان بۆ هەردوو حزب لێک بدرێتەوە و بەیەکسانیش پۆستەکان دابەش بکرێن.
لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا، تەنانەت لایەنی بەرانبەریش ئەوە ناشارنەوە کە سەرۆک بارزانی هەمیشە هەوڵی داوە ئەو شەڕە زیاتر نەبێت و گەشە نەکات، بەڵام ئەو ڕۆژگارە تاڵە تێدەپەڕێت و لەگەڵ مام جەلالدا بەڵێنی ئەوە دەدەن هەرگیز ڕێگە نەدەن جارێکی تر خوێنی کورد بڕژێتەوە و لە ساڵی 1998 لە ئەمەریکا لەسەری ڕێ دەکەون.
ئەم ڕێکەوتنەی سەرۆک بارزانی و مام جەلال وای کرد، تا لە ژیاندا مابوو، پشتیوانی یەک بن، بۆیە کاتێک لە ساڵی 2003 ڕژێمی سەدام حسێن ڕووخا و دواتر حکوومەتی ئێراق پێک هێنرا، سەرۆک بارزانی پێداگیر بوو لەوەی دەبێت مام جەلال ببێتە سەرۆکی ئێراق و تا لە ژیاندا بوو لەسەر ئەو پۆستە مایەوە.
سەرۆکی هەرێم
لە مانگی حوزەیرانی 2005 سەرۆک بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا و لەو ماوەیەدا سەردانی فەرمیی بۆ چەند وڵاتێک کردووە و کەسایەتییە بەرزەکانی وەک جۆرج بووش، سەرۆکی ئەمەریکا و تۆنی بلێر، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و پاپای ڤاتیکان و سیلڤیۆ بێرلۆسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا لە ڕۆما و شا عەبدوڵڵای عەرەبستانی سعوودی لە ڕیازی بینیوە و زۆر سەرۆک و سەرکردەی

تری جیهانی بینیوە. پاشان لە مانگی تەمووزی 2009، لە یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆک بارزانی بە دەنگدانی جەماوەری وەک سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، پاشان لە مانگی ئابی ساڵی 2013 پەرڵەمانی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ دوو ساڵی دیکە درێژ کردەوە.
ڕابەرایەتیی پێشمەرگە
پاش هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی داعش کە چەند شارێکی ئێراق و سووریا و باشووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستانیان داگیر کرد و گەلێ کوردی ئێزدییان جینۆساید کرد، سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتیی پێشمەرگەی کوردستانی کرد و هەتا هەموو بستێکی خاکی کوردستانیان لێ نەسەنرایەوە، لە بەرەکانی جەنگ نەهاتەوە، ئەمەش قارەمانییەتییەک بوو هەموو جیهان بۆ پێشمەرگە و سەرۆکەکەی تۆمار کرد کە لەجیاتیی هەموو وڵاتان، پێشمەرگەی کوردستان خۆی دایە بەر ڕزگارکردنی جیهان لەدەست ئەو تیرۆریستانە.

ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان
ئەو خەونەی مارتن لۆسەر کینگ بینی کە گەلی ڕەشپێستی ئەمەریکا ڕۆژێک دەبێت دەگەن بە مافی یەکسانی، سەرۆک بارزانییش خەونێکی ئاوای بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە مەهابادەوە کە هێشتا منداڵ بوو بینی. لە حوزەیرانی ساڵی 2017 وادەی ڕیفراندۆمی ڕاگەیاند و لە 25 ئەیلوولی هەمان ساڵ ڕیفراندۆمەکە بە دەنگی زۆرینەی باڵای گەلی کورد لە باشووری کوردستان، سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە ئێراق هەڵبژارد.
وەک چۆن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، زلهێزەکانی جیهان پشتیان لە گەلی کورد کرد، لە پاش ڕیفراندۆمیش کە بەپێی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی هەر گەلێکە و دەبێت وڵاتان ددانی پێدا بنێن، بەڵام بە پێچەوانەوە پشتیان نەگرت و ئێراقیش ئەنجامەکەی ڕەت کردەوە کە ئەوەش دووەم لە یاسا نێودەوڵەتییەکان.
سەرۆک بارزانی پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: ئێمە بە ڕیفراندۆم بە هەموو جیهانمان وت گەلی کورد چی دەوێت، ئەمڕۆ بێت یان سبەی، ئەو داوایە کە داوای ڕەوای گەلێکە، هەر جێبەجێ دەکەین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 15-08-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-08-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2024-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی wishe.net- 15-08-2024

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 421
تەڵاخانی بانە بووکی مەلیکی کوردستان
20230312192446473921=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
تەڵاخانی بانە بووکی مەلیکی کوردستان
سەرمەد لەتیف

تەڵاخان کچی سەلیم خانی بانە ساڵی 1936 لە بنەماڵەیەکی خانەدان و نیشتمانپەروەر لەدایکبووە. سەلیم خانی باوکی تەڵاخان حاکمی بانە و سەردەشت بوو، گشت ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران دەرهێنابوو و خۆی حوکمی دەکرد وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، باپیرم شێخ لەتیفی حەفید لەگەڵ کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی محێدین چنارەیی و مەلا ئەسعەدی مەحوی و هەندێک لە هاوەڵانی ڕووەکەنە شاری بانە و لەلایەن سەلیم خان پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکرێت. دواتر وەک ڕێزلێنان لە شێخ لەتیفی حەفید کە کوردی یەکەم مەلیکی کوردستان بوو، سەلیم خانی بانە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی سەردەشت کۆدەبێتەوە و ڕەزامەندییان لێ وەردەگرێت تا شێخ لەتیفی حەفید بکرێتە حوکمداری سەردەشت. ئەوانیش ڕازی دەبن و شێخ لەتیف دەبێتە حوکمداری سەردەشت و محێدین چنارەیی دەبێتە حاکمی سولّح و هەروەها مەلا ئەسعەدی مەحوی دەبێتە حاکمی شەرع.
ماوەی نزیکەی ساڵێک حوکمی ناوچەکە دەکەن و بەپێی بەڵگە و وتەی ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا ژیاون توانیویانە ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوەببەن و پەیڕەوی یاسا بکەن و چەندین گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە چارەسەر بکەن. شێخ لەتیف لەپلانیدا بووە حوکمدارییەکە فراوان بکات، بەڵام شێخ بابە عەلی برای دێت بە شوێنیدا و دەیگەڕێنێتەوە شاری سلێمانی چونکە حکومەتی ئێراق هەڕەشەی قەڵاچۆکردنی خانەوادەکەی کردبوو ئەگەر بێت و شێخ لەتیف ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێنەهێڵێت.
ئەم هەڵوێستە بەرز و جوامێرانەی سەلیم خانی بانە بەرانبەر شێخ لەتیفی حەفید وا لە مەلیک مەحمود دەکات داوا لە سەلیم خانی بانە بکات کچێکی خۆی بداتە شێخ لەتیفی کوڕی (لەو سەردەمەدا ئەم دیاردەیە باو بووە لەناو بنەماڵە ناوداڕەکانی کورد) . بۆیە سەلیم خانی بانە ڕازی دەبێت و دەڵێت کە تەڵای کچم گەورەبوو پێشکەشی شێخ لەتیفی حەفیدی کوڕی مەلیکی کوردستانی دەکەم. دواتر سەلیم خانی بانە ساڵی 1945 لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانەوە دەرمانخوارد دەکرێت و شەهید دەبێت. دوای شەهیدبوونی، سوپای داگیرکەری ئێران هێرش دەکەنە سەر سەقز و بانە و ئەو ناوچانە و دووبارە داگیری دەکەنەوە. لەو کاتەدا شێخ لەتیف لەسەر داوای مەلیک مەحمود مانْباتی سەلیم خانی بانە دەباتە ماڵەکەی خۆی لە کەناروێ تا پارێزراو بن. دواتر بنەماڵەی سەلیم خان دەگەڕێنەوە بانە و شێخ لەتیفی حەفید هاوسەرگیری لەگەڵ تەڵاخانی سەلیم خانی بانە دەکات و دەبنە خاوەنی 3 کچ بەناوەکانی: مەهاباد، شنۆ، نژۆ.
هەڵوێستە مێژوویەکانی ئەم شێرە ژنە کوردپەروەرە بە جۆرێک مرۆڤ سەرسام دەکات ئەوەی لە نزیکەوە نەیناسیبێت ئەستەمە باوەڕبکات کورد شێرە ژنێکی ئاوای تێدا هەڵکەوتووە و مێژووش غەدری لێکردووە! نووسینەوەی یادەوەرییەکان لەگەڵ تەڵاخانی نەنکمدا لە بابەتێکی ئاوا خێرادا ئاسان نییە، لانی کەم دەبێت لە داهاتوودا لە دووتوێی پەرتووکێکدا تۆماری بکەم.
تەڵاخان لە تەمەنێکی زۆر گەنجدا بوو کە هاوسەرەکەی (شێخ لەتیفی حەفید) کۆچی دوایی کردووە. لەو کاتەدا تەڵاخان بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە بە پشتبەستن بە خۆی ئەرکی سەرپەرشتی بنەماڵەیەکی گەورەی مەلەکی لەئەستۆ گرت و بەباشترین شێواز بەڕێوەی دەبرد. لەو کاتەدا بەهۆی کۆچی دوایی شێخ لەتیفەوە، تەڵاخان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بووەوە. ئەوەبوو لە ڕێی خانەوادەی بەڕێز حەمەی ئەورەحمان ئاغاوە

پەیوەندی کرد بە مەلا مستەفای بارزانییەوە و چوونە دیداری. دایکی بەڕێزم خاتوو شنۆی شێخ لەتیف بۆی گێڕامەوە و وتی: کاتێک تەڵاخانی دایکم لە ڕێی ماڵی بەڕێز حەمەی ئەورەحمان ئاغاوە پەیوەندی کرد بە جەنابی مەلا مستەفای بارزانییەوە، بارزانی داوای کرد بۆ سبەی چاوی پێمان بکەوێت. ئەوەبوو بۆ سبەی چووینە ماڵی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە گوندی ڕایات. کە چووینە ماڵی کاک ئیدریس، جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لەناو ئەشکەوت بوو لەشاخ بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی حکومەتی ئێراق. ئەوەبوو چوون بەشوێن جەنابی بارزانیدا و لە ماوەیەکی کوورتدا گەیشتە لامان.

بارزانی بە تەڵاخانی وت: من برای ئێوەم و هەرچیتان پێویست بێت لە خزمەتتاندام. ئەوەبوو جەنابی بارزانی پێی باش بوو کە ئێمە دەربچین لە سلێمانی تا پارێزراو بین. پاشان مەفرەزەیەکی نارد بە شوێنماندا کە لە 8 پێشمەرگە پێکهاتبوو، بەڵام کە لە ئەزمەر هاتبوونە خوار تابێنە ناو سلێمانی، کەوتنە ناو کەمینێکی حکومەتەوە و دوانیان بریندار کران. خۆشبەختانە بریندەکەیان سووک بوو و ڕزگاریان بوو، بەڵام نەیانتوانی بگەنە لامان. لەو کاتەدا تەڵاخان پەیوەندی بە کەسێکی دڵسۆزمانەوە کرد کە ناوی حسێن بەگی میرە بەگ بوو، هات بە شوێنماندا بە جێبێکەوە و دەرچووین بەرەو قڕگە. لەڕێگا کەوتینە ناو کەمینی حکومەتەوە و تەقەیەکی زۆرمان لێکرا، ئۆتۆمۆبێلەکەمان چەندین فیشەکی بەرکەوت بەڵام خۆشبەختانە بە سەلامەتی ڕزگارمان بوو. کە گەیشتینە قڕگە، شەهید عەبدوڵڵا ئاغای برای فەتاح ئاغا کە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد پێشوازی لێکردین و یەکسەر پێی وتین ئەو تەقەکردنە لە ئێوەبوو؟ وتتمان بەڵێ. پاشان شەهید عەبدوڵڵا ئاغا بردینی بۆ پێنجوێن. کە گەیشتینە پێنجوێن، شەهید فەتاح ئاغا پێشوازی لێکردین و ئێمەی برد بۆ ماڵی کوڕەکانی حەمەمین خانی شیوەگوێزان (برای حەمە ڕەشیدخانی بانە) . لەوێ ماینەوە تا ماوەیەک، ئەوەبوو قەڵادزێ بۆردومان کراو بەو هۆیەوە پێنجوێن چۆڵکرا و فەتاح ئاغا ئۆتۆمۆبێلی هێنا و بەڕێی کردین بۆ شیوەگوێزان و 15 ڕۆژ لەوێ ماینەوە. دواتر فەتاح ئاغا ئێمەی برد بۆ قزڵجە و 35 ڕۆژ لەوێ ماینەوە، لەو کاتەدا ئێمە یەکەم خێزان بووین کە جەنابی مەلا مستەفا ڕەزامەندی لە شای ئێران بۆ وەرگرتین بچینە ناو خاکی ئێرانەوە تا پارێزراو بین. لە قەڵای مەریوان جەنابی حەمەخانی کوڕی مەحمودخانی کانی سانان پێشوازی لێکردین و لە ماڵی ئەوان ماوەیەک ماینەوە، پاشان خانوویەکمان بەکرێ گرت و لەوێ ماینەوە تا نسکۆ. دوای نسکۆ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لەڕێگا لە پێنجوێن جەنابی فەتاح ئاغامان بینی و فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە و وتی: ئێوەش بەجێمان دێڵن؟. ئیتر هەموو فرمێسک بە چاوماندا هاتە خوارو بارودۆخێکی زۆر سەخت بوو، چارەنووسی کورد نادیار بوو. کە گەڕاینەوە سلێمانی، تەڵاخانی دایکم بە هەموو توانایەکییەوە بەردەوام بوو لە خزمەتکردنی شۆڕشگێڕان و کەسانی هەژار و لێقەوماوان. لەم بارودۆخە سەختەشدا، تەڵاخان سوور بوو لەسەر خوێندنی هەرسێ کچەکەی و تا تەواوکردنی زانکۆ کۆڵی نەدا کە لەو سەردەمەدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی بنەماڵەکەمانەوە ئاسان نەبوو کچ زانکۆ تەواو بکات. دواتریش لە کاتی جەنگی نێوان ئێراق و ئێران (1980 – 1988) ژێرزەمینی ماڵی تەڵاخان بووبوو بە پەناگەی خەڵکی ناوچەکە لە ترسی بۆردومان. چەندین خێزان لەو ماوەیەدا لەو ژێرزەمیندا دەژیان و تەڵاخان خزمەتێکی زۆری دەکردن.

من خۆم شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا کە تەڵاخانی نەنکم پەروەردەم بکات بەهۆی ئەوەی لە سەرەتای تەمەنی منداڵیمدا لەگەڵ خاتوو شنۆی دایکمدا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووین و دایکم بۆ ماوەی 3 ساڵ لەسەرجێ مایەوە بە نەخۆشی. لەو کاتەدا تەڵاخان ئەرکی پەروەردەکردنی من ئەگرێتە ئەستۆ و دواتریش کە دایکم چاک بوویەوە، من هەر لای تەڵاخان مامەوە و زیاتر لە 25 ساڵ پێکەوە ژیاین و لە خزمەتیدا زۆرشت فێربووم. تەڵاخان بۆ من لە دایک و باوک و مام و خاڵ زیاتر جێی بۆ گرتبوومەوە. لەمنداڵیمەوە تەڵاخان فێری کوردایەتی دەکردم و خۆشویستنی کوردستانی لەدڵمدا دەچاند. ماڵمان بەردەوام وەک لانکەیەک بوو بۆ دانەدانی شۆڕشگێڕە ئاوارەکان، ماڵمان بەردەوام وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی گەورە کێشەی کۆمەڵایەتی دەیان خێزانی لەلایەن تەڵاخانەوە تێدا چارەسەر دەکرا. تەڵاخان بە دانەدان چەندین کەسی لە کوشتن و گرتن ڕزگار کردووە. هەمیشە ماڵی پڕ بوو لە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. تەڵاخان لای گەورە سەرکردەکانی کورد ڕێزێکی

زۆری لێ دەگیرا بە جۆرێک قسەی ڕەت نەدەکرایەوە.
تەڵاخان پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا لە ئێوارەی 17-01-2016 دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و مااڵوایی لە کوردستان کرد. بەڵام یادەوەرییەکانی هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بانە | سلێمانی | سەردەشت | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەاڵتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-02-07

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-02-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
تەڵاخان خێزانی شێخ لەتیفی حەفید، ساڵی 1967	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ لەتیفی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی چاوی کورد - 2023-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-12
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 422

جینۆسایدی کوردانی فەیلی تەنیا قەتڵوعامکردنی کورد نییە، بەڵکو گۆڕینی دیمۆگرافیا و شوناسی نەتەوەیەکیشە

20240126192845546641=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دکتۆر ساحێب قارەمان وەکوو شارەزا و پسپۆڕێکی ئامار و سەرژمێری و کەسایەتییەکی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی، لەم دیدارەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کەیسی کوردانی فەیلی و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانی بەغدا و ناوچەکانی کوردانی فەیلی دەکات. چەند ڕاستییەکی نوێ ئاشکرا دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کرد.

* بەو پێیەی شارەزایەکی باشت لە زانستی ئامار و سەرژمێریی دانیشتووانی ئێراقدا هەیە، خوێندنەوەشت بۆ هۆکاری سەرەکیی پاکتاوکردنی کوردی فەیلی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ بەرزیی ڕێژەی دانیشتووانی کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە دەگەڕێنیتەوە، ئایا لەسەر چ بنەمایەک پشتت بەم خوێندنەوەیە بەستووە؟

-ژمارەی زۆری دانیشتووان و چڕیی ئەم ژمارەیەی کوردانی فەیلی لە ناوچەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە وای کرد، ڕژێمی بەعس بۆ کەمکردنەوەی ئەم ژمارەیە و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، دەست بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی بکات، هەرچەندە هەر لەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی دیکە ڕژێمەکانی پێشووی بەعسیش بە بیانووی (التبعیە) لە ڕەگەزنامەی ئێراقیدا دژایەتیی کوردانی فەیلییان کردووە، بەڵام لە سەرژمێریی ساڵی 1977 دا برگەیەکی نوێیان بۆ زیادکرد، کە تایبەت بوو بە نەتەوە و ئاستی خوێندنیان، بەمەش بەڕوونی دەرکەوت تەنیا لە بەغدا ژمارەی دانیشتووانی کوردانی فەیلی لە ملیۆنێک کەس زیاترە، ئەو سەردەمە کوردانی فەیلی جگە لەوەی کاسب و پیشەوەر و بازرگان و زەنگین بوون، ژمارەیەکی یەکجار زۆری خوێنەوار و ڕۆشنبیریان تێدا بوو، منداڵەکانیان زۆربەی دەرچووی زانکۆ و دواناوەندی بوون، ئەوانیش دواڕۆژ بە زۆرینە دەبوونە کارمەند لە بەغدا، بە واتایەکی دیکە بەغدا گەورەترین شاری باشووری کوردستان بوو لەو سەردەمەدا،

گەڕەکەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ناو مەڵبەندی بەغدا جگە لە گەڕەکی ئەعزەمییە و وەزیرییە کە عەرەب و تورکمان بوون، گەڕەکەکانی دیکە تاکوو سەلمان پاک هەر هەمووی کورد بوون، لە ساڵی 1979 کاتێک داوایان لە کوردانی فەیلی کرد، سەردانی فەرمانگەکانی نفووس بکەن لەوێ هەموو ماڵەکانیان دەستنیشان کرد، بەعسییەکان بۆ شاڵاوە گەورەکەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە ساڵی 1980 خۆیان ئامادە کرد.

* پێش ئەوەی باسی جینۆسایدەکەی ساڵی 1980 بکەین، دەمەوێت.هسەر ئەو خاڵە ڕابوەستین، ئایا جگە لە ناوەندی بەغدا بارودۆخی کوردانی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری بەغدا چۆن بوو؟

-بەعەرەبکردن و شاڵاوی جینۆساید دژی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەوەی من لەبیرم دێت لە دەرەوەی بەغدا هەرچی ناوچەکانی بەری ڕۆژهەڵات. باکووری شاری بەغدا، هەمووی کورد بوون، دانیشتووانی خاڵس و بەعقوبە و شارەبان کە ئەو سەردەمە بەعقوبە بە خراسان ناو دەبرا و خاڵسیشیان پێ دەوت، دوەڵەت ئاباد (دیلتاوە) و تا مەندەلی و بەدرە و جەسان و بە زرباتییەشەوە کورد بوون، مەحموود خورشید پاشا لە «سیاحەتنامەی حدود» باسی ویلایەتی بەغدای کردووە و دەڵێت: «عەشیرەتی فەیلی کە تایفەی کوردن لە بەدرە و جەسان و زرباتییەن، لە خوار مەندەلی و زرباتییەشەوە تێکەڵ بە ئیلامی عەرەبی بوون». من خۆم کاتێک لە ساڵی 1964 منداڵ بووم و لەگەڵ خێزانەکەم چوومە کوت.ە دووکاندارێک کە جامانەی لەسەردا بوو، بە زمانی عەرەبی سۆراخی ماڵی خزمێکم پرسی، خاوەن دووکانەکە پێمی وت: تۆ چی ئەویت؟ لە وەڵامدا وتم: خزمەم، کەچی بە تووڕەییەوە پێی وتم: ئەی بۆچی بە کوردی قسە ناکەیت، نەمدەزانی هەرچی دووکاندار و خەڵکی سەرشەقام هەبوون بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، بابەتی جینۆسایدی کوردی فەیلی تەنیا باسکردن و زیندووکردنەوەی ئەو جینۆسایدە نییە کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کراوە، بەڵکوو زیندووکردنەوەی گۆڕینی دیمۆگرافیا و شاڵاوی بەعەرەب کردنیشە. بەم شێوەیە هەرچی پاساوی (التبعیە) هەیە کە لە یاسای ڕەگەزنامەی ساڵی 1924 هەبوو، زۆربەی کوردانی فەیلی خۆیان بەو (التبعیە) دانابوو، تاوەکوو خزمەتی بەزۆرەملێی سەربازی نەیانگرێتەوە، لە کاتی ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی لە ساڵی 1970 ڕژێمی فاشیزمی ئەو سەردەمە تەنانەت ڕەگەزنامەی ئێراقییان لەو کوردانەی فەیلیش سەندەوە کە ڕەوانەی ئێرانیان کردن، لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی پاڵپشتی و هاوکاریی مەلا مستەفا بارزانییان کرد، ئەمەش بووە پاساوێکی دیکە تاوەکوو ڕژێمی بەعس پیلان و مەرامە قێزەوەنەکەی لە دژی کوردی فەیلی جێبەجێ بکات.

* زۆر باس لەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی دەکرێت، بەتایبەتیی ئەو دەمەی سیمبولی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا لە ڕووسیا گەڕابووەوە، دەکرێت، باسێکی ئەم پەیوەندییەمان بۆ بکەیت؟

-پەیوەندیی نێوان کوردانی فەیلی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی مێژوویەکی کۆنی هەیە، دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم کە براگەورەی حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری (پ. د. ک) بوو، ئەو دەمە دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لە ساڵی 1946 ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە و لە دامەزرێنەرانی پارتی بووە، ئەوە بوو لە ساڵی 1952 لە ئێراق دەریان کرد، سالح یوسفی کاتی خۆی باسی دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمی کردووە، دەیوت: «جەعفەر محەمەد کەریم فێری کورداییەتی کردم»، دوای ئەمیش نەوەیەکی دیکە هات کە حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا کەریم و عادل موراد و زەکییە ئیسماعیل و.. تادوایی کە هەر لە پۆستی سکرتێری پارتی و بەرپرسی یەکێتی قوتابیان و ئافرەتان و چەندین پۆستی گەورەی دیکەیان هەبوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کاسبکارەکان و بازرگانەکانی کوردانی

فەیلی کۆمەک و هاوکاریی باشی شۆڕشیان کردووە، یەکەمین ئێزگەی کوردانی فەیلی هێنایان بۆ بەغدا و دواتر ناردیانە هەرێمی کوردستان، تەنانەت کاتێک مەلا مستەفا لە ڕووسیا گەڕایەوە لە ئوتێل سەمیرئەمیس دادەنیشت، ئەوە بوو کوردانی فەیلی هەموویان پۆل بە پۆل دەچوونە خزمەتی، تا وای لێهاتبوو کاتێک حکومەت دەیویست بابەتێک لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی باس بکات، بە کوردێکی فەیلی و لە ڕێگەی عەبدولڕەحیم فەیلییەوە دەیانارد، مەلا مستەفا بارزانی باش دەیزانی کوردانی فەیلی چ قوورساییەکیان لە بەغدا هەیە و پەراوێزیش خراون، بۆیە بەردەوام داکۆکی لە خێزانەکانی کوردی فەیلی دەکرد، لە بەرانبەریشدا کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان زۆر خۆش دەویست، لە ساڵی 1970 لقی 5ی پارتی گەورەترین لقەکانی پارتی بوو لە بەغدا و نزیکەی نیوملیۆن ئەندامی هەبووە و زۆرینەیان کوردی فەیلی بوون .

* لە زۆر نووسراوەکان و لێدوانەکانی کەسایەتییەکانی کوردانی فەیلیدا خۆشەویستیی ئەوان بۆ نەتەوەکەیان نەشاردووەتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن کوردانی فەیلی پارێزگارییان لەم خۆشەویستی نەتەوەییە و مەزهەبەکەشیان کردووە؟

-کوردانی فەیلی موسڵمانن و سەربە مەزهەبی شیعەن، بەڵام پێش هەموو شتێک ئەوان کوردن و نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێت، تەنانەت ئەو یەک دوو مەوکیبەشی بە ناوی کوردانی فەیلی ساڵانە لە ئیمامی موسا لە کازمییە ئامادەی دەکەن، بۆ ناوبانگ و بوونی کورد لە بەرانبەر عەرەبەکان دەگەڕێتەوە، ئەوان حزبی تونداڕەوی ئیسلامییان خۆش ناوێت، لە پەنجاکاندا کاتێک حزبی دەعوە دروست بوو، یەک کوردی فەیلی تێدا نەبوو، ئەوان لەو سەردەمەدا شیوعی یان پارتی بوون. لە ساڵی 1963 لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دژی بەعسییەکان ڕاوەستان. جەمشید حەیدەری لە پەرتووکەکەیدا باسی کردووە کە چۆن لە ماڵی فەیلییەکان شاردراوەتەوە، خۆشەویستیی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی لە هەمان کات ڕق و قینێکیشی لە دڵی بەعسییەکاندا دروستکرد، تا لە ساڵی 1980 بە بیانووی تەقینەوەی زانکۆی موستەنسریە گوایە دەستی کوردانی فەیلی تێدا بووە، شاڵاوە گەورەکەیان دەست پێ کرد و بڕیاری 666یان لە 07-05-1980 دەرکرد دژی هەموو مافێکی هاوواڵاتیبوون و ڕەگەزنامەیەکی کوردانی فەیلی.

* لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی تێدەگەین کە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئەو جینۆسایدە گەورەیە بێدەنگ بوو، بەڵام ئەی بۆچی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەم خەمساردییە بەرانبەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەبوو؟

-سەرۆک مەسعود بارزانی لە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان کە بۆ کوردانی فەیلی لە هەولێر ڕێکخرا، وەرچەرخانێکی لە دووبارە زیندووکردنەوەی ئەم تاوانکارییە گەورەیەی دروستکرد، ئەمە بۆ خەمخۆرێی بەڕێزیان و ئەو پەروەردەیە دەگەڕێتەوە کە بارزانیی باوک لەسەر ڕێبازێکی کوردایەتی پەروەردەی کردووە، لە ئێرانیش لە دوای ئاوارەبوونی کوردانی فەیلی سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە کەمپەکاندا یارمەتییان داون، سەبارەت بە فەرامۆشکردنی کەیسی کوردانی فەیلی لە دیباجەی دەستووری کۆماری ئێراقدا کە لە ساڵی 2005 دان بەم تاوانە دانراوە و لە یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005ی یاسای دادگای باڵای تاوانکاریی ئێراقیش بڕیاری لێ درا، لە لایەن پەرلەمانی ئێراقەوە بڕیاری بەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی دەرکرد، بەڵام بڕیارەکە وەکوو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە و لە ڕووی واقیعەوە کاری پێ نەکرا، هەر وەکوو چۆن بۆ کوردانی ئێزدی هیچ نەکرا و قەرەبووی مەعنەوی و دارایی نەکرانەوە و مافەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، بۆ کوردانی فەیلییش هەر وا بووەوە، هۆکاریشی ئەوەیە نوێنەرانی کورد لە بەغدا کەمتەرخەم بوون.

لەگەڵ ئەوەی لە کۆنفرانسەکە ئومێد و هیوایەکی بۆ کوردانی فەیلی دروست بوو، هەندێک تێبینی و سەرنجم لەسەر بەڕێوەبردن و بانگهێشت کردنی میوانەکانی کۆنفرانسەکە هەبوو، بەتایبەتی کە هەندێک کەسی ناشایستە و فەرامۆشکردنی هەندێک کەسایەتیی گرنگی ناو کوردانی فەیلی بەڕوونی دیار بوو.

* بڕیاری دامەزراندنی دامەزراوەیەک بۆ کوردانی فەیلی لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرنگ بوو، ئایا ڕا و پێشنیارت لەسەر ئەم دامەزراوەیە چییە؟

-دامەزراوەیەکی وا گرنگی تایبەت بە کەیسی کوردانی فەیلی جێگەی دەست خۆشییە، بەڵام سەرەتا دەبێت ئامانجی ئەو دامەزراوەیە ڕوون بێت، دوای دەستنیشانکردنی ئەرکەکەی بەپێی ئەمە کەسایەتی بۆ دادەنرێت، دوور لە مەحسووبییەتەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت باس لە لە دامەزراندن و پەیکەری ئەو دامەزراوەیەدا بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: کوردی فەیلی | وڵات: باشووری کوردستان | ئێڕاق |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-06-12

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-06-12	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com 12-06-2023

کاتی تۆمارکردن: 2024-01-26

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 423
جەنابی ئیدریس بارزانی و یادەوەرییەک
20250715213511646280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: جەنابی ئیدریس بارزانی و یادەوەرییەک
نووسینی: زیرەک کەمال
گوڵان لە ژمارەی ڕابردوو وتارێکی لەسەر سەرکردەی کۆچکردوو کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بڵاوکردەوە، بەمەش کارێکی باشیانکرد، چونکە بە نووسین و یادکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشمەرگە و دڵسۆزی کورد و کوردستان بوون، لەلایەک وەفاداریی بۆ ئەوان و لەلایەک بەرزڕاگرتنی کەلتووری شۆڕشگێڕانەیە.
ئەو وتارەی گوڵان منی گێڕایەوە بۆ یادەوەرییەکی مێژوویی، ئێوارەیەکی سەخت و بەفرانباری ساڵی (1983) لە گوندی بێتواتە کە ئەو کات تەمەنم (16) ساڵ بوو، باوکی ڕەحمەتیم دەستی گرتم و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی، بینیم پیاوێک لە ژوورەوە دانیشتووە و لەسیما و ڕووخساریدا حەسرەت و ماندووبوونێکی زۆر دەخوێنرایەوە، یەکسەر شتێکی دایە باوکم کە بەقەد نیو شقارتەیەک دەبوو، باوکیشم دایە دەستم کە سەیرم کرد نامە بوو هەمووی بە (تێپ) بەسترابوو، باوکم وتی: بۆم بخوێنەوە، منیش بەوردی نامەکەم بۆ خوێندەوە، سەیر بوو کە ناو و ئیمزای هیچ کەس بەسەر نامەکەوە نەبوو، بەڵام باوکم وتی: ئەوە نامەی کاک ئیدریس بارزانییە و بۆ منی ناردووە، بەڵام لەبەر مەترسی سەر ژیانی من و نامەهەڵگر ناوی خۆی نەنووسیوە، هەڵبەت من ئێستاش نازانم نامەکە هیی جەنابی کاک ئیدریس بارزانی بوو، یان نا، دواتریش هیچ سۆراغ و زانیارییەکی ترم لەسەر ئەو نامەیە نەزانی، چونکە ماوەیەک دوای ئەوە ماڵ و باوکم و قوتابخانەم جێ هێشت و چووم بووم بە پێشمەرگە، بەڵام دواتر قەناعەتی ئەوەم لا پەیدا بوو، کە کابرا ڕاستی دەکرد و نامەکە هیی خودی کاک ئیدریس بارزانی بوو.
لەبەرچی؟ کۆمەڵێک ڕستە لە نامەکەدا هاتبوو، کە پێشبینی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەی تێدا بوو بۆ نموونە: نووسرابوو: ڕێزدار کاک کەمال بەگ تۆ لە هەرکوێیەک بیت، مایەی سیقە و متمانەی ئێمەی و دڵنیاش بە لە ئایینده ڕژێمی بەعس دەڕووخێت و ئەگەر تۆش نەیبینی، ڕۆڵە و نەوەکانی ئێمە و میللەتەکەمان ڕۆژی ئازادی بەچاوی خۆیان دەبینن. هەروەها لە نامەکەدا نووسرابوو: لە ئێستا کە سەدام و ڕژێمەکەی بەربوونەتە گیانی میللەتەکەمان و ئازادیخوازان و هەروەها دنیاش لە ئاستی ئەو تاوانانەدا گوێی خۆی کەڕ کردووە، ڕۆژێک دێت هەر ئەو وڵاتانەی خۆیان بەدۆستی سەدام دەزانن و بێدەنگن لە ئاستی کارە خراپەکانی، ئەوا هەر سەدام و ڕژێمەکەی خۆیان دەبێتە مایەی فیتنە و سەرئێشە بۆ خۆیان.
دیسان دەمەوێت جەخت بکەمەوە کە نامەکەی هیی خودی کاک ئیدریس بارزانی بوو، چونکە جارێکیان لە داوەتێکی نووسەران و ڕۆشنبیراندا کە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سازی کردبوو، هەر خودی مام جەلال لە یەکێک لە تەوەرەکانی قسەکانیدا وتی: ئیدریس بارزانی جگە لەوەی دەورێکی گەورە و سەرەکی هەبوو لە ئاشتبوونەوەی گشتیی نێوان ئێمە و پارتی و حزبەکانی تری کوردستان لە ساڵی (1986)، هەروەها پیاوێکی وردبین و ژیر بوو، داهاتووی وەکوو ئێستا دەبینی و ڕۆژێک کاک ئیدریس بەمنی گوت: ئەو وڵاتانەی لە ئاستی تاوانەکانی سەدام بێدەنگن، ڕۆژێک دێت دەبێتە کێشە بۆ خۆشیان، واتا دەقی قسەکەی مام جەلال و قسەی ناو ئەو نامەیەی بۆ باوکم هاتبوو وەکوو یەک بوون.
ساڵی 1984 کە بوومە پێشمەرگە لە سنووری بارزان حاجی حەمەدەمین شێخوەسانیم بینی کە تێکۆشەرێکی پارتی بوو. خۆم پێناساند و پێمگوت: ئەگەر نامەیەک بۆ کاک ئیدریس بارزانی بنێرم، دەگاتە دەستی؟ وتی تۆ بینووسە، خوا کەریمە، دوای شەش مانگ حاجی حەمەدەمینم بینییەوە، وتی خەبەرم هەیە نامەکەی بەدەست گەیشتووە و زۆری پێ خۆش بووە و ئەوەشی گوتووە خۆ ئەو بنەماڵەیە، هیی خۆمانن، چۆن نەهاتۆتە

لای خۆمان، بەڵام قەیناکە گرنگ ئەوەیە بووەتە پێشمەرگە و حزبی شیوعیش دۆست و هاوپەیمانی ئێمەیە، ئێمەش وەکوو پێشمەرگایەتی بۆی حیساب دەکەین. ئەوەشی گوتبوو ئەگەر ڕێی کەوتە ئەو ناوە، با پەیوەندیم پێوە بکات و دەیبینم.
دیارە جەنابی کاک ئیدریس بارزانی و باوکم ئازادیی کوردستانیان نەبینی، بەڵام خەون و ئامانجی هەردووکیان دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا دێتەدی کە خۆی لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین) | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 15-02-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-02-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 15-01-2017
کاتی تۆمارکردن: 15-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 424

چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیتلاعات

20250901142244653712=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیتلاعات
ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 18-10-1979 دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە بەشێکیدا سەبارەت بە ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت:
-چونکە ئێمە میوانی میللەتی ئێرانیین، بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ناو تاران وەرنادەین و داوا دەکەین گیروگرفتی گەلی کورد لە ڕێی وتووێژ و ئاشتییەوە چارەسەر بکەن. داوای ئێمە لە کوردەکانی ئێرانیش ئەوەیە کە هەوڵبدەن گیروگرفتی خۆیان بە ڕێی ئاشتیخوازانە و برایانە لەگەڵ ئیمام خومەینی چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن دوژمنانی میللەتی ئێران و دوژمنانی گەلی کورد کەڵکی خراپ وەربگرن. هەموو چەشنە پێککەوتنێک لەم بوارەدا، یارمەتیدەرە بە یەکێتیی خاک و نەتەوەیی ئێران. ئێستا هەموو ئەوانەی کە ئێمە دەیبیستین لە چوارچێوەی ئیسلامیی و برایەتیدایە و هەروەک خوای گەورە لە قورئانیشدا دەڵێت: إنما المؤمنون إخوة (هەموو موسوڵمانەکان پێکەوە بران). دیسانیش برای گەورە دەبێت لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەوە مافی برای بچووکی خۆی بدات، بەڵام ڕادەی دڕووستیی ئەو مافە لەلایەن نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کورد و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دیاری دەکرێت. ڕەنگە دوای خۆموختاری، هەندێک گیروگرفت سەرهەڵبدات، بەڵام ئومێدەوارین بە هۆشیاریی هەموو خەڵکی ئێران گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەو خۆموختارییەی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردەکانە، بەڵام بوارەکانی سەربازیی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوەیان لە دەست حکومەتی ناوەندیدا دەبێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 71.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 425
چل و پێنج ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانیی نەمر تێ دەپەڕێت
20250810100205650345=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: چل و پێنج ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانیی نەمر تێ دەپەڕێت

چل و پێنج ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، ڕابەری زیاتر لە نیو سەدەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان تێ دەپەڕێت، کە بووەتە سەرمەشق و هەوێنی کوردایەتی و ئازادیخوازی و سەربەخۆیی گەل و خاکی کوردستان.
بارزانیی نەمر، لە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا، خەباتی دژی داگیرکەرانی خاوەن هێز و پشتیوان هەڵبژارد، کە گەلی کورد لە سەردەمێکی پڕ لە ئازار و نەهامەتی دەژیا، جگە لە خوا و ڕەوایی دۆزەکەی و ئامادەیی ڕۆڵەکانی بۆ مەرگ لە پێناو ئازادی، هیچ پشت و پەنایەکی دیکەیان شک نەدەبرد، بەڵام بەهۆی ئیرادەی بەهێز و باوەڕبەخۆبوون و ڕەوایی دۆزەکەی، بۆ چرکەیەک بڕوای ئەو سەرکردە مێژوویییەی کورد لەق نەبوو، ئازایانە خەباتی بۆ نەتەوەکەی کرد و لەو ڕێگەیەشەوە، میراتێکی گەورەی لە خەبات، دژی ستەم و زۆرداری بۆ ڕۆڵەکانی بەجێهێشت.
بارزانیی نەمر، یەکێکە لە ڕابەرە گەورە و ناسراوەکانی کورد و کوردستان و بەهۆی ئەو خەباتە جیاکار و نموونەیەی لە پێناو ئازادی و سەربەستی دا بە درێژایی زیاتر لە نیوسەدە ئەنجامیدا و ڕۆڵێکی وەرچەرخێنەری لە مێژوودا تۆمارکرد، چەند زەمەن دەگۆڕێت و بەرەوپێش دەڕوات وبستگە و قۆناغ و ئاکام و ئاراستەکانی ئەو مێژووە مۆرک و ڕەنگدانەوەیان بەسەر واقیع و قۆناغە تازەکاندا پرشنگ دەدات، ئەمەش گرنگی شێواز و ڕەوتی تێکۆشانی بارزانیی نەمرە وەک ڕابەرێکی مێژوویی، ئێستا دەبینین لە پشت زیاتر لە نیو سەدە خەباتیدا، ناو و فیکر و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بارزانیی نەمر، ئامادەییەکی کارای لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە و بووەتە پێداویستییەک بۆ سەلماندن و داکۆکی کردن لە ناسنامەی نەتەوایەتی و چارەی کێشەی ڕەوای ئەم گەلە.
ژیانی منداڵی
مەلا مستەفا بارزانی، ناوی تەواوی "مستەفا کوڕی شێخ محەمەد بارزانی"یە، لە 14-03-1903 لە گوندی بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی سێ ساڵیدا کاتێک بارزانیی نەمر بەر هەڵمەتی عوسمانییەکان دەکەوێت و دوای بەدیلگرتنی شێخ عەبدولسەلام کە برا گەورەیەتی، لەگەڵ دایکیدا بۆ ماوەی نۆ مانگ لە بەندیخانەیەکی مووسڵ زیندانی دەکرێت.
سەرکردایەتیکردن
لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، لە ساڵی 1919 بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دەکات و سەرکردایەتیی هێزێکی سێ سەد کەسی پێ دەسپێردرێت، دواتر لە ساڵی 1920 لەلایەن شێخ ئەحمەد بارزانی برایەوە دەنێردرێت بۆ لای شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی باکوور بە مەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ شۆڕشەکەیدا. لە شۆڕشەکانی ساڵی 1931-1932 بۆ بەرگریکردن لە میحوەرەکانی مێرگەسۆر و شێروان، فەرماندەیی هێزێکی گەورەی کرد بەرانبەر هێزەکانی ئینگلیز جەنگا، لەوێشەوە ناوبانگی وەک سەرکردەیەکی سەربازیی بەتوانا و شارەزا، دەرکرد.
لە ساڵی 1932، حکوومەتی ئێراق سەردەمی پاشایەتی، بە پشتیوانی بەریتانییەکان، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی کورد کە لەلایەن شێخ ئەحمەد بارزانی برایەوە سەرکردایەتی دەکرا، دوای بەدیلگرتنی شێخ ئەحمەد، بارزانیی نەمر، دەستی کرد بە سەرکردایەتیکردنی هێزەکان و ڕێکخستنەوەیان.

دوای سالێک، حکوومەتی ئێراق لێبووردنی گشتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و بنەماڵەی بارزانییەکان دەرکرد، لە ماوەی ساڵانی 1936 تا 1943، چالاکیی سەربازی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ڕاگیرا، تا لە ساڵی 1943 دووبارە بزووتنەوەی کوردی و خەباتی پێشمەرگایەتی، بەسەرکردایەتیی بارزانیی نەمر دەستی پێ کردەوە.

جەنەڕاڵ و فەرماندەی سوپای کۆماری کوردستان

لە 15-08-1945 لە ئێرانەوە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەنرا، دوای ماوەیەکی کەم، سەدای پارتی گەیشتە ناوچەکانی کوردستان و توانرا چەندین بڵاوکراوە بە خەڵکی کوردستان بگەیەنرێت، حکوومەتی ئێراق دەستی کرد بەدەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی.

لە 22-02-1946، لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بارزانیی نەمر لە دەستە ڕاستی قازی محەمەد وەستابوو، بە فەرماندەیی سوپای کۆماری کوردستان دەستنیشان کرا و پلەی "جەنەڕاڵ"ی پێ بەخشرا.

لە ساڵی 1947 و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و کشانەوەی ڕووسیا لە ئێران و کۆتایی هاتنی کۆماری مەهاباد، هێزەکەی بارزانیی نەمر و هێزەکانی ئێران تێکهەڵچوون و شەڕ دروستبوو، لەوێ هێزەکانی کوردستان دوای بەرگرییەکی توند، بارزانیی نەمر توانی لەگەڵ زیاتر لە پێنج سەد خەباتکاری کورد، خۆیان بگەیەننە سنووری یەکێتیی سۆڤیەتیی جاران، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لەو وڵاتەدا مانەوە، سەرەتا بارزانیی نەمر لە ئازەربایجان و ئۆزبەگستان نیشتەجێ بوو، پاشان بۆ مۆسکۆ گواستراینەوە، زمانی ڕووسی و هونەرکارییەکانی سەربازی و زانیاریی ئابووری خوێندووە، لە 26-10-1958 گەڕایەوە ئێراق، ئەویش پاش شۆڕشی 14ی تەموز بوو کە عەبدولکەریم قاسم دەستەڵاتی لە ئێراق گرتە دەست و سیستەمی کۆماری ڕاگەیاند، لە کاتی گەڕانەوەیدا سەروەری و ڕێز و نەوازشێکی زۆری لێنرا، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بەو بەڵێنانەی بە کوردەکانی دابوو و هەڵگیرساندنی جەنگ لە دژی کورد، لە ئەیلوولی 1961 بارزانیی نەمر، شۆڕشی دژی دەستەڵاتدارانی بەغدا ڕاگەیاند، لە 11-09-1961 تا 1975 ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی چەکداری لە دژی دەستەڵاتدارانی بەغدا کرد، شۆڕشی ئەیلوول، 14 ساڵی خایاند و تێیدا چەندین دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەستهێنا.

ڕێکخستنەوە و تێنامەی ئادار

لە ساڵی 1968، گۆڕانکاری بەسەر سەرکردایەتیی ئێراقدا هات و بەعسییەکان کودەتایان کرد، بارزانیی نەمر و حکوومەت دەستیان بە گفتوگۆ کرد، بەرهەمی گفتوگۆکان ڕێکخستنی ئاداری 1970ی لێکەوتەوە کە بەپێی بڕگە و ماددەکانی ئەو ڕێکخستنە، کورد هاوبەش دەبێت لە حوکمڕانیی ئێراق و زمانی کوردییش لە دامودەزگاکانی فێرکردن، دەبێتە زمانی فەرمی، جگە لەوەی سیستەمی حوکمی زاتی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت و کورد لە ناوچەکەی خۆیدا حوکمی خۆی دەکات، بەڵام دواتر حکوومەتی ئێراق خۆی لە ڕێکخستنەکە دزییەوە و لەگەڵ ئێران لەسەر دژایەتیکردنی کورد ڕێکخستن و لە ساڵی 1975 ڕێکخستنەی جەزائیریان ئیمزا کرد.

یەکخستنی نەتەوەی کورد

بارزانی ژیانی نەتەوەیەکی ژیاندەوە، مانای بە بوون و مانەوەی بەخشی، کاروانی سەرکەوتنی بۆ خستە ڕێ و ئاسۆی چارەنووسی نیشاندا، بۆیە بارزانیی نەمردووە و نامرێ، بارزانی نە کۆچی بووە مەرگ و نە لەدایکبوونیشی بۆ تەمەنێکی دیاریکراو بوو، بارزانی هەبوونەکی جاویدانی و مێژوویەکی بێ کۆتاییە، تا وادەی بە جەستە کۆچکردنی، سەرکردە و ڕابەرێک بوو، وەلێ ئێستە ڕێبازێکە، بیروباوەڕ و ئەدگار و ئامانجی ئەو، چیای ئازادی و خۆری سەرخۆبوونە، دادگەی ئەرک و مافە، تەرازووی دابەشکردنی ژیانە بەیەکسانی، چۆن دوێنێ، ناوی ئەو، خەباتی ئەو، ڕابەرایەتی ئەو، بوون و بەرخودان و خواستی نەتەوەکەمانی تێدا کۆبووبووەوە، ئەمڕۆش هەر لەناو و مێژووی خەباتی ئەو گەورە ڕابەرەدا گەلەکەمان پێناسەی خۆی دەبینێ و بە شارێگەی ڕاستدا درێژە بە کاروانی ڕوو لە سەرکەوتنی دەدات.

بارزانیی نەمر لە هەر چوار پارچەی کوردستان شۆڕشی بەرپا کردووە

بارزانیی نەمر لە هەر چوار پارچەی کوردستان شۆڕشی بەرپا کردووە، ئاگای لە هەموو پارچەکان بووە، بارزانیی نەمر مێژووە، مێژووی بزاڤی نەتەوەی کوردی مۆدێرنە، لە قۆناغە مێژووییەکاندا، سەرکردە و ڕێبەرانی کورد ڕۆڵیان بۆ چنگخستنی مافەکانی کورد گێڕاوە، بارزانیی نەمر، کە لە شۆڕشی بارزان و دواتریش لە کۆماری مهاباد و شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵاندا بەشداری کردووە، درێژەپێدەری خەباتی کورد بووە لە قۆناغێکی مێژووییدا، بڕوای وابوو کورد هەموو یەکە و جیاوازی لەنێوان هیچ کەس و لایەنێکی نەدەکرد، ئاگای لە هەموو پارچەکان بووە، بۆیە پێویستە هەموو حیزب و لایەنەکان یادی بارزانیی نەمر بکەنەوە نەک تەنیا حیزبێک، چونکە گەلی کورد بە بارزانیی نەمر دەناسرا، بارزانی تەنیا بۆ پارچەیەکی کوردستان تێنەکۆشاوە، بەڵکوو خەباتی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە، بۆیە دەبێت هەموو کوردێکی دڵسۆز جا لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، یادی بارزانیی نەمر بکاتەوە.

شۆڕشی بارزان تا ئێستەش بەردەوامە

عەبدوڵڵا سلێمان، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ڕایگەیاند: ئازایەتی و بڕوابەخۆبوون و ئیمان بە ماف و عەدالەتخوازیی و خەبات کردن لە دژی زۆردار و ڕەتکردنەوەی ژیانی بن دەستی، لەو خەسڵەتە دیارانەی بارزانیی نەمر بوون کە لە مەکۆی بارزان و لە قوتابخانەی خۆنەویستی و شۆڕشگێڕیدا پێی گۆش کرابوو، دواتر هەر ئەو بنەمایانە بوون کە بەو هۆیەوە بارزانیی نەمر دید و پەیڕەوێکی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕەنگ ڕێژ کرد.

مستەفا دێرانەیی، پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕی ئەیلوول و گوڵان، دەڵێت: بارزانیی نەمر جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی نەدەکرد، هەموو پێکهاتەکانی لە دەوری خۆی کۆکردبوویەوە، نەی دەوت ئەوە کوردە، یان ئێزدییە، یان کریستیانی، بە یەک چاو سەیری هەموو پێکهاتەکانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی سادە بوو هەر بەو شێوەیەش ژیاوە، زۆر گرنگی بە جلوبەرگ و خواردنی نەدەدا، بەردەوام هەوڵی دەدا کورد یەکڕیز و یەکدەنگ بێت، بۆ ئەوەی بە مافەکانی بگات، بڕواشی وابوو ڕۆژێک هەر دێت کورد بەو ئاواتە دەگات، ئەو دەسکەوتانەی ئێستەش بە دەستهاتوون و گەلی کورد شانازییان پێوە دەکات، لە ئەنجامی شۆڕشی بارزانیی نەمر بە دەستهاتوون، شۆڕشی بارزانیی نەمر، تاکە شۆڕشە، کە لە سەرتاسەری کوردستان بەبێ جیاوازی و بە یەک پەیام بەرپا کرا، شۆڕشی بارزانیی نەمر، تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر درا

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 29-09-1971، هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر دەدرێت، لەم بارەیەوە سەیف دووری، مێژوونووسی ئێراق، دەڵێت: لە 29-09-1971، نازم گزار، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی گشتیی ئێراق هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر، سەرکردەی کوردی دا و هەوڵەکەی شکستی هێنا، هەوڵەکە لە ڕێگەی شاندێکەوە بوو کە لە دە پیاوی ئایینی پێکهاتبوون، ئەوان لە بەغداوە چوو بوون بۆ سەردانی بارزانیی نەمر بۆ نێوانگیری و ڕاگرتنی شەڕی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و سوپای ئێراق.

نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی

بەر لە چل و پێنج ساڵ کورد و کوردستان ڕۆژێکی پڕ ماتەمینیان بەخۆوە بینی، ئەو شۆڕشگێڕەی سەرکردایەتی مەزنترین شۆڕشی کوردستانی کردبوو لە ناسکترین و ئاڵۆزترین قۆناغی مێژووپی ئێراق و ناوچەکە و جیهاندا کۆچی دوایی کرد.

بارزانیی نەمر، لە دوای ساڵی 1975، تووشی نەخۆشی دەبێت، بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر دەچێتە ئەمریکا، بەڵام لە 01-03-1979، سەرکردەی مەزنی کورد و کوردستان لە نەخۆشخانەی جۆرج تاون کۆچی دوایی کرد، لە چواری ئادار تەرمی پیرۆزی بارزانیی نەمر گەیشتەوە تارانی پایتەختی ئێران و دواتر بە هەلیکۆپتەر، تەرمەکەی گەیاندرایەوە شاری شنۆی کوردستان و لەوێ لەلایەن سەدان هەزار کەس لە پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و هاوواڵاتیبانی ڕۆژهەڵات و کوردەکانی باکوور و ڕۆژاوا پێشوازی لە تەرمی پیرۆزی بارزانیی کرا، کە لەو ڕۆژەدا لە سنووورەکان پەڕیبوونەوە، تا لە ماڵاوایکردنی بارزانیی نەمردا بەشداربن، ڕۆژی دواتر تەرمی بارزانی لە

گۆڕستانی شنۆ لەسەر وەسییەتی خۆی لەپاڵ گۆڕی شێخ بابۆ بە خاک سپێردرا، پاش ڕاپەڕین و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992 تەرمی بارزانیی نەمر و شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە گۆڕستانی شنۆ هێنرانەوە بۆ کوردستان و لە خاکی پیرۆزی بارزان و لە زێدی خۆیان بە خاک سپێردران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 29-02-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-02-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ماڵپەڕی 29-02-2024 -hawlerweb.net
کاتی تۆمارکردن: 10-08-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 426

چوونی ئیدریس بارزانی بۆ لای بارزانیی باوک

20250829210819653466=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: چوونی ئیدریس بارزانی بۆ لای بارزانیی باوک
لە ڕۆژی 19-06-1979 و کە بارزانی بۆ جاری دووەم، بۆ چارەسەرێی نەخۆشییەکەی گواستراینەوە بۆ ئەمریکا، کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی چەند جار هەوڵی دا بچێت سەردانی باوکی بکات، بەڵام ئەرتەشبود نیعمەتوڵا نەسرین سەرۆکی دەزگای هەواڵگرێی ئێران ساواک، بەهۆی بەقیندااچوونی لە ناوبراو و مەسعود بارزانی برای کە سەرۆکایەتی ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی گوڵانی دەکرد، نەیدەهێشت کاک ئیدریس لە ئێران بچێتە دەر. کاتێک ئێران لە 18-01-1978 و تووشی ئاڵۆزیی بوو، بە گوشاری خەڵک نەسیرییان لە ساواک لابرد و کردیان بە باڵیۆزی ئێران لە پاکستان. بە دەرچوونی نەسیری لە پۆستی ساواک و شلبوونەوەی ساواک لە بەهانبەر گەلانی ئێراندا، ڕێگە بۆ کاک ئیدریس کرایەوە کە دوای نزیک بە دوو ساڵ و چوار مانگ، ئێران بەجێبهێڵی و لە نیوەی دووەمی مانگی ئۆکتۆبەر تشرینی یەکەمی ساڵی 1978دا بچێت بۆ ئەمریکا و لە واشنتۆن بە دیداری باوکی شادبێتەوە.
دوای گەیشتنی کاک ئیدریس بۆ واشنتۆن، کاک مەسعود نزیکەی 20 ڕۆژ لە ئەمریکا مایەوە و پاشان چوو بۆ لەندەن. لەوێ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی بەسەر کردەوە و لەوێوە چوو بۆ نەمسا (ئوتریش). لەوێش بە هەمان شێوە چاوی بە ئەندامانی لقی ئەوروپای پارتی کەوت و بۆ ڕێکخستنەوە و دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان ماوەیەک لە ڤیەننا مایەوە. دوای پیشاندانی ڕێکاری نوێی ڕێکخستن بۆ بەڕێوەبردنی لق و لیژنەکان، دەیوست بچێت بۆ فەرەنسا کە لەگەڵ بەسەرکردنەوەی ڕێکخراوی پارتی، چاوی بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئایەتوڵا خومەینی بکەوی کە ڕۆژی 08-01-1979 لەلایەن تیرۆریستەکانی باڵیۆزخانەی ئێراق بەر هێرشێکی تیرۆریستی کەوت. لەو پەلامارە تیرۆریستییە ڕزگاری بوو، بەڵام دوو لە هاوڕێیانی، بە ناوەکانی ئازاد بەروارێی و دکتۆر پیرۆت ئەحمەد یان بریندار کرد. دوای ئەو هەوڵە تیرۆریستییەی ڕژێمی ئێراق، بە پێشنیاری بارزانی و کاک ئیدریس، مەسعود بارزانی لە چوونی بۆ فەرەنسا پاشگەز بووە و چوو بۆ لای یاسر عەرەفات و ڕۆژی 12-01-1979 لە قوبرس لەگەڵ ڕێزداران عارف تەیفور، دڵشاد میران و کەریم شنگاری یەکیان گرتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران | ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |

ڕۆژی دەرچوون: 29-08-2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 255.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-29

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 427

چوونی بارزانییەکان بۆ کەرەج و هەڵوێستی ئیدریس بارزانی لەگەڵ خالید ئاغای حیسامی

20250920153544657012=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: چوونی بارزانییەکان بۆ کەرەج و هەڵوێستی ئیدریس بارزانی لەگەڵ خالید ئاغای حیسامی
خالید ئاغای حیسامی لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی و هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە ئەو، لە پەرتووکی ئاوێنە شکاو دا دەڵێت:
حکومەت لە هەوەڵەوە قەرار بوو شارۆچکەیەک بۆ بارزانی دروست کات و لەگەڵ پەنابەرەکانی تر بچنە ئەو شارە، کە لیستەیەکمان بۆ ئەوە کرد، نزیکەی دوازدە هەزار کەس دەبوون، دوایی وتیان ئەو ساڵ تازە درەنگ بووە ئەو شارە تەواو نابێت، دوو سێ جێگەیان لە تاران و کەرەج دیاری کرد کە بارزانی لە کێهەیان حەز بکات جێگەی خۆی و جەماعەتێکی بۆ بکەنەوە هەتا بەهاری داهاتوو، جا شارۆچکەی بۆ دروست بکەن و داوایان لێ کرد خۆی بچێت چاوی بەو شوێنانە بکەوێت و بڕیاری لەسەر بدا کە وام لە بیرە ئەو شوێنانەش دوو گەڕەک لە تاران بە ناوی (تاران پارس) و (شهرک غرب) و (عزیمیە) لە کەرەج بوو، ئەویش لەناو ئەو جێیانەدا عزیمیەی هەڵبژارد و لەبەر ئەوە لەو گەڕەکە سەد خانوویان بۆ کڕی کە خۆی و هەر کەسی تریش حەز بکات لەگەڵ خۆی بیانهێنێت. لە پاییزی ساڵی 1966ی زایینی ماڵی بارزانی هاتە کەرەج، بەڵام هەتا ماوەیەکی زۆر من خانووم وەبەر نەکەوت کە بەرەبەرە حکومەت خانووەکانی ڕادەست دەکرد، لەبەر ئەوە من ئەو ماوەیە هەر خۆم تەنیا لە کەرەج لە ماڵی بارزانی بووم و ماڵەکەشم لە نەغەدە بەجێما هەتا خانوو وەبەر منیش کەوت و ئەوانیش هاتن.
کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی نەیدەویست من خۆم داوای ڕۆیشتنی ئەوان لە نەغەدە بەجێ بمێنم و دیار بوو لە هەڵوێستی حکومەت نیگەرانیی هەر مابوو کە دەزانین ئەو دەم زەمانی شا بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئاوێنە شکاو (بیرەوەرپی هێدی)، نووسینی؛ هێدی، 2014، لاپەڕە 213.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 428
چۆن لە مێژوو و کەسایەتی ئیدریس بارزانی تێبگەین لە میانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نوێی کوردستاندا؟
20250703123915643850=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسینی: ئەکرەم تاڵیب ئەلوەشاح (ئەکرەم طالب الوشاح)
وەرگێڕانی: هەرێم نیوز

سەرەتا: مێژووی نوێی کورد پڕیەتی لە کەسایەتی وا کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی ڕێڕەوی خەباتی کوردایەتیدا، یەکێک لەوانە ئیدریس بارزانییە، ئەو یەکێکە لە کارەکتەرە سیاسی و سەربازییەکانی قۆناغێکی هەستیاری خەباتی خەڵکی کوردستانە، بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی ئەو پێویستە سەیری ئەو مێژووە بکەین کە ئەوەی تێداژیاوە بۆ ئەوی ڕۆڵ و کەسایەتی ئەوەی تێدا بخوێنینەوە، پەیوەندییە بەهێزەکانی لەنێو هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جۆاروجۆرەکانی و کاریگەریی ئەوە لەسەریان دەرک بکەین.
ئیدریس بارزانی تەنیا سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی نێو بنەماڵەی بارزانییەکان نەبووە، بەڵکوو مێژوویەکی گرنگی هەبووە، پیاوی دەوڵەتمەداریی و لە هەمان کاتدا بیرمەندێکی سیاسی بووە، بیردۆزی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە لەنێوان واقیعیەتی سیاسی و دەستپێشخەریدا پێکەوە گرێ داون، بۆ ئەوەی خەونی کوردایەتی بەدیبێت، ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر هەڵوێستە سیاسی و چالاکییەکانی، بەشداریی دەکات لە وتاریی سیاسی نوێی کوردایەتیدا.

ڕۆڵی مێژوویی لە پێگەیشتنی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دا: ئیدریس بارزانی لە کاتێکدا لەدایکبوو کە واقیعێکی ئاڵۆز و ناهەموار لەئارادابوو لە ڕووی سیاسییەوە، کێشەی کورد لەنێو هەڵکشان و داکشاندابوو، لەنێوان هیوای بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.
لەوماوەیەدا جووڵانەوە کوردییەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و لەناوبردن و کێشە دەبوونەوە، بنەماڵەی بارزانییەکانیش یەکێک بوون لە دیارترینیان کە لەنێو ئەو ململانێیانەدا ڕۆڵیان هەبووە. ئیدریس بارزانی لە لەژینگەیەکی پڕ لە خەبات و بەرخۆداندا گەورەبووە، باوکی جەنراڵ -مستەفا بارزانی-سەرکردەیەکی نەتەوەیی بەرجەستە بوو، چەندین شۆڕش و بەرخۆدانی کوردی سەرکردایەتی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی، ئیدریس بارزانی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگە سەخت و ناهەمواوارە، هەر لە گەنجێتییەوە شانی خستە ژێر باری کوردایەتی و چووە نێو کایە سیاسی و سەربازییەکان کە هێشتا لە سەرەتای لاوێتیدا بوو.
پێگەی جوگرافی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی کەسایەتی ئیدریس بارزانیدا، لەبەر ئەوەی کوردستان چواردەور دراوە بەو نەتەوانەی کە زۆر توندن لە پاراستنی نەتەوەکانیاندا، دەیانەوێست بە هەرشێوەیەک بووە زیان بە کورد بگەیەنن، ئەو ژینگەیە پێویستی کردبوو لەسەر ئیدریس بارزانی کەپێی خۆش بێت یان نە دەبێت سیاسی بێت و لە هەمان کاتیشدا چەکدارێکی جەربەزە بێت و لەنێوان سیاسەت و پێداویستییە نەتەوەییەکاندا هاوسەنگی دروستبکات.
ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا:
ئیدریس بارزانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بەدەستخستنی پشیتوانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەردەمی نوێدا، نەک هەر لە بواری سەربازییدا بەڵکوو لە بواری سیاسی و دبلۆماسیشدا کە توانیبووی پشتیوانی زۆری هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد بەدەستبهێنێت.

1-ڕۆڵی لە بواری جەنگ و سیاسەتدا ئیدریس بارزانی شانبەشانی پێشمەگە جەنگاوە، لە هەموو جەنگەکاندا

مەسعودی برای لەگەڵدا بووە، ئەوان پێکەوە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە ڕێکخستنەوەی هێزە کوردییەکاندا، پەرەیان بە ستراتیژییەتی سەربازیی داوە دژ بەو ڕژێمانەی کە شەڕی کوردیان کردووە، ئەو تەنیا جەنگاوەرێک نەبووە، بەڵکە بۆ بەرگریی و جووڵانەوە سیاسییەکە وەک بیرمەندێکی ستراتیژی کاری کردوو و لەنێوان باڵی سەربازیی و سیاسیدا هاوسەنگی دروستکردووە. هەروەخا ڕۆڵی هەبووە لە دانووستانە سیاییەکاندا کە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتییدا کراوە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بەشێک بووە لەوکارانەی کەکراوە بۆ سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوەش قۆناغێک بووە کە ململانێی گەورە هەربووەلەنێوان کورد و حکوومەتی ئێراقیدا، کە بە پشتیوانی حکومەتەکانی دیکەی ناوچەکە شەڕی کوردیان کردووە، پێکەوە لەگەڵ مەسعود بازرانی برایدا ستوونێکی گەورەی شۆڕشەکە بوون.

2-ئیدریس بارزانی و پەیوەندییە هەرێمییەکان ئیدریس بارزانی سیاسەتمەدارێکی واقیعبین بوو، دەیزانی کە کێشەی کورد ناتوانێت لە چوارچێوەیەکی دابەڕێت و پەیوەندیی لەگەڵ چوارچێوەیەکی ببچڕێنێت، بۆیە هەوڵی دەدا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا پەیوەندیی دروستبکات، بۆ ئەوەی پشتیوانی کێشەکەی بکەن و لە خواستەکانی تێبگەن. ئەم کارەش هەروا ئاسان نەبووە، بەڵکوو ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بووەتەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەمواریەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، وڵاتانی ناوچەکە بەرژەوەندییان پێکەوە ئاڵاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیدریس بارزانی وەک یاریزانێکی کارامە دەیتوانی ڕۆڵی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکەدا بگێڕێت.

کەسایەتی ئیدریس بارزانی لەنێوان خەبات و واقیعیەتی سیاسییدا: کەسایەتی ئیدریس بارزانی بەوەدا جیادەکرایەوە کە لەنێوان بابەتە سیاسی و هەنگاوە تەکتیکییەکاندا ڕۆڵی هەبووە، ئەو بەباشی لەوە تێگەشتبوو کە خەباتی سەربازیی بەتەنیا ناتوانێت دەستەبەری مافەکانی کورد بکات، بەڵکوو دەبێت کورد بەشێک بێت لە یارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و بگرە جیهانیش.
ئەو پیاوێکی ستراتیژیین بوو چاوی بۆ دوور هەڵدەخست، ئەو پەلەپەلی نەدەکرد لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا، ئەو دەیەویست شرۆڤەی هەموو هەنگاو و بڕیارێک بکات، سەرەڕای ئەوەش هیچ کاتێک درێغی لە بواری سەربازیی و بەکارهێنانی هێز نەکردووە ئەگەر پێویست بووبێت، ئەوەش وای کردبوو کە بوترێت هاوسەنگ بووە لەنێوان سەربازیی و سیاسییدا.
هەروەها ئیدریس بارزانی لە گەلەکەی دابڕاو نەبووە، بەڵکوو هەمیشە لەناو پێشمەگە و خەڵکدا بووە، ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی کە لەناو خەڵکدا ڕێزی زۆری بگیرێت و هەر ئەوەش وای کردووە کە ئەو میراتە بگاتە نێچیرڤان بارزانی کوڕی کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشێک لە میژوونووسان و شرۆڤەکاران باس لەوەدەکەن لێکچوونی زۆر لەنێوان ئەو دوو کەسایەتییە و برا و برازاکانیدا هەیە هەزار ڕەحمەتیان لێبێت.
میراتە سیاسی و فیکرییەکانی ئیدریش بارزانی: لەدوای مردنەکەی ئیدریس بارزانی میراتێکی زۆری سیاسی و فیکری بۆ جێهێشتووین، کە تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی ڕووداوە سیاسییەکان ماوە، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە بەشداریی کردووە لە دانانی بەردی بناغەی ئەو داواکارییانەی کورد لە سەردەمی نوێدا هەیەتی، هاوکاریی کوردی کردووە لە دیاریکردنی شوناسی نەتەوەیی لە بەرانبەر ئەو ئاڵەنگارییانەدا کە هاتوونەتە بەردەمی.

دیارترین بەشداریەکانی بریتین لە:

- چەسپاندنی چەمکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بەرەو سەربەخۆیی.
- پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئەوەش وای کردووە کێشەی کورد ڕەهەندێکی دبلۆماسییەتی نوێ وەربگرێت.

• بوونیادنانی سەرکردە لەسەرە تێکەڵەیەک لەنێوان سیاسەت و سەربازییدا، ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر نەوەکانی دوای خۆی کە سەرکردەی لەوشێوەیە بەرهەم بهێنێت.
ئەمڕۆ چۆن ئیدریس بارزانی بخوێنینەوە؟
بۆ ئەوەی ئیدریس بارزانی وەک خۆی لەنێو مێژوودا بناسین، دەبێت بیخەینەوە نێو سیاق بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەشێوەیە گشتییەکەی، لەڕووی ژمارە و تواناوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی پێشکەوتنی سیاسی بەهێز بەرجەستەبکات. ئەمڕۆ، دەبێت کەسایەتی ئەو بەو شێوەیە بخوێنینەوە کە چەندە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کوردیی دابنێت، بەشێوەیەک تا ئێستاش هاوسەنگی لەنێوان باڵی سەربازیی و دبلۆماسییەتدا بکرێت لەنێو بۆچوون و لایەنە کوردییەکاندا.
هەورەک چۆن ئەزموونی ئیدریس بارزانی هەڵێکمان پێدەدات کە سڕووشتی ململانێ نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێبگەین، هەروەها ئەو لایەنانە چۆن مامەڵە دەکەم لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد کە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەبێتەوە. بەم شێوەیە، ئیدریس بارزانی تەنیا کەسێکی ئاسایی نێو مێژووی کورد نییە، بەڵکوو بەشێکی دانەبڕاوی نێو مێژووی ململانێی بەردەوانە، بەشداریی کردووە و لە داڕشتنی هۆشیاریی سیاسی و سەربازیی کورددا، ئەو سیاسەتمەدارێکی جەربەزە و شارەزا بووە، دەوڵەتمەدار بوو دەیزانی کێشەی کورد چەندە ئاڵۆزە، دەیەویست چارەسەری واقیعییانە بدۆزێتەوە لە کاتێکدا لە بیروباوەڕە نەتەوەییەکەشی دوور نەکەوێتەوە.
خوێندنەوەی کەسایەتی و شرۆڤەکردنی ڕۆڵەکانی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، تەنیا دروستکراوێکی مێژوویی نەبووە، بەڵکوو سیاسەتی خوێندبوو، خەباتی دەکرد، دەبێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی لەنێوململانێی نەتەوەیی دا لە جیهاندا سوودی لێببینرێت، و چۆن بتوانرێت بە زیرەکی و شارەزایی و وەک نموونەیەکی کوردی وێنا بکرێت کە بە خوێن و ئاسان و ئاگر و دڵگەرمیی نووسراوەتەوە، ئەمەش هەر ئەوکەسەیە کە مێژووی کوردی کۆن و نوێ و سەردەمی کورد بەدوایدا دەگەڕێت.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنتدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: عەرەبی | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی سەرکردەی ئازادیخواز و دونیابینییە مێژووییەکانی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی 2025-01-31 -haremnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-03

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 429

چی وای کرد ئیدریس بارزانی ناسناوی ئەندازیاری ئاشتیی پێ بدرێت؟

20250708122046644704=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قائید میرۆ

ئەمرۆ 36 (31-01-2023) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شەهید ئیدریس بارزانی تێپەڕ دەبێت، کە هاوڕێیانی و خەڵکی کوردستان بە ئەندازیاری ئاشتی و دۆستی هەژاران ناوی دەبەن، هاوڕێیەکی ئیدریس بارزانی دەڵێت: چەندین جار ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە لە پێناو میللەتەکەیدا.

د.ناسیح غەفوور، هاوڕێی شەهید ئیدریس بارزانی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: بەر لەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەم، لە کەرکووک بووم و ناوی شەهید ئیدریسم بیستبوو، چونکە شەهید ئیدریس بارزانی هەر زوو ناوی لەنێو شۆڕش دەرکرد، بە تایبەتیی لە شەڕی بەناوبانگی هەندرێن ڕۆڵی شەهید ئیدریس بارزانی دیار بوو، دواتر کە بوومە مامۆستا لەناو شۆڕش شەهید ئیدریس بارزانیم ناسی.

لای خۆشییەوە، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، شوکری نێروەیی، هاوڕێی شەهید ئیدریس بارزانی وتی: لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ئاشنایەتیم لەگەڵ شەهید ئیدریس بارزانی پەیدا کرد و تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد لە سلێڤانا هاوڕێ بووین، بە درێژایی ئەو ساڵانەی لەناو شۆڕش لە نزیکەوە ناسیم و زانیاریی وردم لەسەر پەیدا کرد، ئەوەی لە شەهید ئیدریس بارزانی بینیم لە سەرکردەی دیکەی کوردم نەدیت، یەکێک لە سیفاتە هەرە باشەکانی شەهید ئیدریس تێکەڵاوی و ئاشنایەتی بوو لەگەڵ خەڵک، بەردەوام لە کێشە و گرفتی هاوواڵتیانی دەکۆڵییەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ دەدان، ئیدریس نێوبانگی لە هاوکاری و بەهانەوەچوونی بۆ میللەت دەرکردبوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی 31ی کانوونی دووەمی ساڵی 1987 لە ناوچەی سلێڤانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیدریس بارزانی لە تەمەنی 44 ساڵیدا ماڵاوایی کرد و سەرۆک بارزانی لە پەرتووکی بۆ مێژوو باس لە وەفاتی شەهید ئیدریس دەکات و دەڵێت: (کەسێکی لەخۆبوردوو و خاکی بوو، لێبوورده بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆر جار خەڵکی ئاسایی و هەژاری بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی، هەستکردن بە کەموکورتیی لای بەرانبەر دەڕەواندەوە).

د. ناسیح غەفوور، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: شەهید ئیدریس بارزانی کەسێکی لێبوورده و ئاشتیخواز بوو، هەتا لەگەڵ نەیارانی کەسێکی لێبوورده بوو، لەگەڵ ئێمەیش وەک کادیرانی حزب و خەڵکی بە گشتی کەسێکی کراوە و میهرەبان بوو، لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ساڵی 1986 شەهید ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، هەر ئەوەش وای کرد ناسناوی ئەندازیاری ئاشتیی پێبدرێت، چەندی دەربارەی ڕۆڵ و پێگە و کەسایەتیی ئەو سەرکردە بلیمەتەی کورد بدوێین، تەواو نابێت، چونکە ئیدریسی جوانەمەرگە لە تەمەنێکی کەمدا خزمەتێکی زۆری گەلەکەی کرد.

شوکری نێروەیی دەڵێت: شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە ژیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە بۆ میللەتەکەی، ڕۆژانە قەت هەستی بە ماندوویەتی نەدەکرد لە خزمەتکردن هەر لە هاوکاری و پاڵپشتیی پێشمەرگە و کادیر و هاوواڵتی ئاسایی بگرە تا ئاوارەیی، زۆر خزمەتی بەهەمووان کرد، دوای ڕێککەوتنی11-03-1970 شەهید ئیدریس چووە بەغدا لە پێناو مافی گەلەکەی هەر لەوێ پیلانی کوشتنیان دانا، بەڵام ئەو کات ڕزگاری بوو و شەهید نەبوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	قیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 430
حزبی سێکوچکەی بنەماڵە
20250723104103647754=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: حزبی سێکوچکەی بنەماڵە
نووسینی: کوردۆ شابان

لەوتەی پارتی هەیە، کۆدێکی نەکراوەی هەیە، زۆرینەی دۆست و نەیارانیشی بۆیان نەکراوەتەوە، ئەوەیش چۆن توانیویەتی لەو ماوە درێژەی تەمەنی حزبەکەدا، بمێنێتەوە و باڵبانێنی لێ نەکەوێتەوە؟ جیا لەو جیابوونەوەیەی باڵی مەکتەبی سیاسی کە لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو تووشی هات.
ئایا پارتی حزبی بنەماڵەیە؟ بەڵێ. خۆی ئەمە پرسیارە گرنگەکە نییە، ئەوەیان جەوهەرییە، جۆری مامەڵەی حزبەکە لەگەڵ ئەندامانی و پاشان ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت. لەگەڵ حکوومەتدا چۆنە؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەی بنەماڵەییە، ئیتر کارەساتە؟ وێڕای ئەوەی حزبە نەیارەکانی پارتی وایان خستووەتە هزری تاکی کوردەوە کە هەر ئەوەی حزبی بنەماڵەیە، ئیتر هەموو دەرگایەکی بەسەردا دادەخرێت، بەڵام ئەمە لۆجیکی نییە.
ئەوەی کەمێک ئاگای لە هەواڵی سیاسیی نێودەوڵەتی و وڵاتانی تر بێت، لە چەندان وڵاتی زۆر پێشکەوتووش بە ڕووی دیموکراتیدا دەبینێ سەرۆک و سەرکردەکانی لە چوارچێوەیەکی بنەماڵەییدا تەسک بوونەتەوە و کاریگەریی لەسەر بەها بنەڕەتییەکانی سیاسەتێکی لیبراڵی و دیموکراتی نەکردووە. ئەمە جگە لەوەی هەندێک وڵات، لەوتەی هەن بنەماڵەیەک بەڕێوەی بردوون، وەک بەریتانیا، بەهۆی بنەماڵەی شاهانەوە بووەتە سەقامگیرترین وڵاتی دنیا و لە مێژوویدا هەرگیز داگیر نەکراوە و تاکە خاکی سەر زەویە ئەو تایبەتمەندییەی هەبێت.

داهێنانی سێکوچکەیی لە مەلا مستەفاوە
پارتی نەک حزبی بنەماڵەیە، حزبی سێکوچکەی بنەماڵەیە. ئەمە ئەو کۆدەیە کە دەمەوێت بیکەمەوە. لە دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، چونکە مەلا مستەفا بارزانی وەک ئەوان دەیانگوت، هەموو بڕیارێکی لە خۆیدا قۆرخ کردووە، ئیتر ئەو حزبە سیاسەتی خۆی گۆڕی، لە جیاتی ئەوەی حزبی بنەماڵە و تاکە هەڕەم و سەرکردە بێت، بوو بە حزبی سێ سەرکردەی ناو بنەماڵەکە. مەلا مستەفا، ئیدریس بارزانییدریس بارزانی و مەسعود بارزانی.
لەو سەردەمە دژوارەی بەسەر قیادەی پارتیدا هات، لایەنی بەرانبەر وایاندەزانی مەلا مستەفا هەنگاوێک بەرەو دەرهێنانی حزبەکەی لە بنەماڵەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ئەم هەنگاوە کە دوو کوڕی خۆی خستە پێشەوە، بە سەرەتای شکستێکی گەورە لە قەڵەمیان دا.
ئەوەی کرۆکە لێرەدا، ئایا دەکرێت ستایشی کارێکی ئاوا بکرێت کە زۆربەی بڕیاری حزب، تەنیا لە سەرۆکێک و دوو کوڕەکەیەوە بێنە دەر؟ نالۆجیکییە، بێین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە بەبێ ئەوەی لە ئەندامانی حزبەکە خۆیان نەپرسین و نەڕوانین، هەروەها تەماشای ئەنجامی ئەم ئەزموونە نەکەین و لە دوورەوە بە ڕووکەش، تۆمەتی بخەینە سەر. وەڵامیش ئەوەیە، هەرچەندی ڕکابەرانی پارتی ئەم جۆرە سیستەمە سێکوچکەییە بنەماڵەییە بە دیاردەیەکی دزێو پێشانی خەڵک دەدەن، کەچی ئەندامانی حزبەکە، بگرە زۆریش کەیفیان بەو سیستەمە دێت و هەرگیز بۆیان نەبووە بە گرفتێک و وەک پلانێکی سەرکەوتوو بۆ دروستکردووە. ئەنجامە مێژوویەکەشی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین، حزبەکە هێشتا لە یەکەمیایە.

لەوەتەی سیستەمی حزبایەتی لە دنیادا دروست بووە، هیچ حزبێک نییە لە ماوەی 73 ساڵی تەمەنیدا هەر یەکەمین دەنگ و یەکەمین نوێنەری خەڵکی وڵاتەکەی بێت. پارتی تاکە حزبە ئەو ڕیکۆردەی تۆمار کردووە و ئەستەمە حزبێکی تری دنیا بتوانن بیشکێنن. ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟
بۆ ئەو سیستەمە سێکوچکەییە دەگەڕێتەوە کە ڕابەرێک بە هەمان ئەندازە، دووانەکەی تر بەهێز دەکات و جۆرە ڕێکخستنێکی دروستکردووە، ئەگەر یەکێکیان لاواز بێت، ئەوانیش وەک سێپا دەکەون، ئیتر ناچارن هەریەکەیان بە ئەندازەی بەهێزکردنی کێڕۆی خۆی، هیی ئەوی تریش بەهێز بکات. بەم شێوەیە، باڵباڵێن لە پارتیدا خۆی دەتوێنێتەوە.
هەڵبەت دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت، شتێکی سروشتییە جگە لە کوچکەکان خۆیان، ئەوانەی لای یەکێکیان کار دەکەن، لە دۆخێکی ڕکابەریدا بن، بەڵام ئەوە کاریگەریی نەخستووەتە سەر خۆیان. نموونەی کۆمەڵێک یانەی وەرزشییە، هەریەکەیان دەیەوێت خۆی پلە یەک بێت، لە کۆتاییدا هەموویان لە خزمەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیانن.

درووستکردنەوەی سێکوچکە
دوای وەفاتی مەلا مستەفا و شەهیدبوونی ئیدریس بارزانی، بەرپرسیاریەتیی ئەو حزبە بەتەواوی دەکەوێتە سەر سەرۆک مەسعود بارزانی. ئەم بەو تەمەنەوە، لەنێوان ئەوەدا بوو خەڵکێکی بە ئەزموون و شارەزا ببات بۆ ئەوەی هاوکاری بن لە بەڕێوەبردنی حزبەکەیدا، یان بە تەنیا کارەکان بکات. یەکەمی هەڵبژارد و هەموو نزیکەکانی باوکی لە خۆی نزیک کردەوە. بەڵام چاویشی لەسەر زیندووکردنەوەی سیستەمی سێکوچکەییە و چاوەڕێیە. لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا، خەریکی پەروەردەکردنی ئەو برازایەیەتی کە هێشتا باوکیشی شەهید نەکرابوو، لەژێر چاودێری ئەمدا بوو، ئەویش نێچیرڤان بارزانییە.
نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەیەکی کۆنی گۆڤاری گوڵاندا دەڵێت: جارێکیان هەرسێکمان دانیشتبووین، من بووم، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بوو، لەگەڵ خوالێخۆشبوو باوکم. باوکم دەچوو بۆ شوێنێک مامیشم بۆ شوێنێکی تر، لێی پرسیم: لەگەڵ من دەچی یان لەگەڵ مامت؟ وتم: وەڵا من لەگەڵ مامم دەچم. ئینجا ڕووی لە سەرۆک مەسعود بارزانی کرد و فەرمووی: برام ئەوە ناوی منی لەسەرە بە سیفەتی باوک، بەڵام ئەگەر ببێتە هەڵبژاردن لەنێوان من و تۆدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم تۆ هەڵدەبژێرێت نەک من. پەیوەندیم لەگەڵ مەسعود بارزانی نەک بە سیفەتی ئەوەی مامە، بەڵکوو وەک شەخسیش، جارێ وەک مرۆڤ زۆر خۆشم ویستووە، دووەم وەک سەرکردە قەناعەتم بە بۆچوونەکانی ئەو سەرکردەیە هەبووە کە لەژێر ئاڵا و سێبەری ئەودا بتوانم کار بکەم، وەک مامیش لە ڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە دەتوانم بڵێم بە زیادەوە ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە کە باوکم بەجێی هێشتبوو، بۆیە پەیوەندی من لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی لە سێ لاوە خۆی دەبینێتەوە: پەیوەندی مام و برازایە، پەیوەندی سەرکردەیەکە لەگەڵ کەسێک کە باوەڕی بەم سەرکردەیە هەیە، وەک مرۆڤیش خۆشم دەوێت.
لە دوای ڕاپەڕینەوە، بارزانی بەتەواوی نێچیرڤان بارزانی دەخاتە کایەی سیاسەت و بڕیاردان و ئیتر دوو لە سێکوچکە وەک نەریتی بۆماوەیی مەلا مستەفا تەواو دەبێت. و سێیەم دەمێنێتەوە. بارزانی دەزانێت نێچیرڤانی برازای کاریگەریی خۆی بەسەرەوەیە، بۆ کەسێک دەگەڕێت کە تایبەتمەندییەکانی ئیدریس بارزانیی کاکی هەبێت. توند لە بڕیاردان و حەدی. زۆر لە بنەماڵەکەی و کەسانی تری دەرەوەی بنەماڵەیش کە شارەزای ئەوانن، پێی دەڵێن، مەسرور بارزانی کوڕی گەورەی خۆت، بەشێکی زۆری لە خاسییەتەکانی کاک ئیدریس و تەنانەت بەشێکی زۆری تایبەتمەندییەکانی مەلا مستەفای هەڵگرتووە. بارزانی کاتێک لەمە دڵنیا دەبێتەوە، ئیتر بۆی دەردەکەوێت توانیویەتی سێکوچکەکەی لە سەردەمی باوکی، نهێنی مانەوەی حزبەکەی بوو، تەواو بووە و بۆ دەیان ساڵی داهاتوو پتەویی ناو ماڵی حزب مسۆگەر دەکات. برازایەک نزیک لە خۆی و کوڕێک وەک کاکی و باوکی بیر دەکاتەوە.

لە سەردەمی مەلا مستەفادا دارایی حزب درابووە دەست سەرۆک بارزانی و بابەتی تەناهیش لای ئیدریس بارزانی بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا کە بابەتەکان لە چوارچێوەی حزبەوە فراوان دەبێت. بۆ بابەتی دەوڵەتداری و حوکمڕانی، نێچیرڤان بارزانیی برازای کە تایبەتمەندییەکانی خۆی تێدایە، حوکمڕانی دەداتێ، کورڕ گەورەکەشی کە تایبەتمەندییەکانی کاکی تێدایە، بابەتی تەناهیی دەداتە دەست.

ئێستا چی گۆڕا، بۆ حکوومەت دەدرێتە مەسرور بارزانی؟
حزبەیلی ئۆپۆزیسیۆن، هەوڵی زۆریان دا تا بارزانی لە پۆستەکەی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لاچێت، ئەو سوور بوو لەوەی ئەمانەتێک هەیە لەسەر شانی دەبێت. تەواوی بکات ئینجا بەجێی بهێڵێ. ئەمانەتی بارزانی کە سەربەخۆیی کوردستان بوو، زۆرینەی هەنگاوەکانی بە ڕیفراندۆم بڕی و ئیتر کە زانی دوای ئەوە، هەنگاوەکانی تر تەنیا کاتی ماوە، نەک هیچی تر، دەستبەرداری پۆستەکەی بوو.
هەنگاوی ڕیفراندۆم، بارزانیی کردە سەرکردەیەکی مێژوویی و تازە کەس ناتوانێت هەوڵەکانی ئەو نادیدە بکات.
بارزانی لەوە دڵنیایە هەنگاوی ڕیفراندۆم داهاتووی کوردستان مسۆگەر دەکات، وەک خۆی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیوزویک دەڵێت: ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلی کوردی زیندوو کردەوە و داهاتووی دوای ڕیفراندۆم لە ڕابردووەکەی گەشتر دەبێت.
من لە یەکەم ساڵی یادی ڕیفراندۆمە مەزنەکەدا، پەرتووکێکم لەسەر بڵاو کردەوە، ناونیشانەکەیم بە سوودوەرگرتن لەو دێرانەی پێشووی سەرۆک بارزانییەوە وەرگرت و ناوم لێ نا: ڕیفراندۆم، سەرکەوتنی ئیرادە و پارێزەری داهاتووی گەلێک. زۆربەی بابەتەکانی، شیکاری و وتاری بڵاوکراوەی ناو هەفتەنامەی وشەن.
بێینەوە سەر بابەتەکە، ئێستە قۆناغی کارکردنە بۆ زیندووکردنەوەی ڕیفراندۆم و جێبەجێکردنی ئیرادەی گەلی کورد کە بەڵێ بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئەم قۆناغە پێویستی بەوەیە بارزانی وەک مەرجەعێک تەنیا لەبارەی بابەتی سەربەخۆیی و هەنگاوەکانی بەرەو ئەو ئامانجە کار بکات، بۆیە پێویستە کەسێک لە سەرۆکایەتیی هەرێم بێت، بتوانێت پەیوەندییەکانی کوردستان پتە و بکاتەوە، تا بەتەواوی دەیگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی پێش ڕیفراندۆم و بگرە بەهێزتریش. ئەو کەسە دەبێت. سااڵنێکی لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بڕیێ و کەسێکی دیپلۆماسیی سیاسی بێت، توانای دانووستان و گفتوگۆی هەبێت. و کەسێکی وەرگیراو بێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. بە دڵنیاییەوە لە نێچیرڤان بارزانی باشتر نادۆزێتەوە بۆ ئەو ئەرکە گرانە، لەبەر ئەوە ئیتر ئەرکی ئەو دەگۆڕێ، چونکە پەیوەندی کوردستان بە دنیاوە پێویستی بەوە، بۆیە خۆی و تەواوی سەرکردایەتی حزبەکەی، بە یەک دەنگ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵیدەبژێرن. بیریشمان نەچێت لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، ئەمەریکا و ئەوروپا داوایان لە نێچیرڤان بارزانی کرد، دۆخی کوردستان هێور بکاتەوە و توانی لە ئاستی بەرپرسیارییەتیی هەرێمەکە بێت.
پۆستی سەرۆکی حکوومەت دەدرێت بە مەسرور بارزانی. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێکە لە سێکوچکەکە، بەڵکوو دوو هۆی تری گەورەیش هەیە. پێویستە حکوومەت لەم قۆناغی خۆئامادەکردنە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بدرێتە دەست کەسێکی توند کە ستافێکی فراوانی هەیە بۆ لێپێچینەوە و هەر کەسێک دەستی لە گەندەڵیدا گلاوە، دووری بخاتەوە.
بەمە جگە لە هەوڵە سەرەکییەکەی سەربەخۆیی، پارتی دەگەیەنێتە ئەو خەونەی کە لە چوار ساڵی داهاتوودا دەیەوێت پێی بگات، بتوانێت سەرووی 55 کورسیی پەرڵەمان مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بە تەنیا حکوومەت پێک بهێنێ، ئەم خەونەش مەشرووعە و هەموو حزبێک ئاواتی بۆ دەخوازێت، وەک چۆن باشترین ڕێی حوکمڕانیشە کە دەسەڵات یەک حزب بەرێوەی ببات و چەند حزبێک چاودێری بکەن.
خاڵی دووەمیش ئەوەیە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەسایەتیی مەسرور بارزانی بەتەواوی خەڵکی کوردستان ئاشنا بکرێت، چونکە سرووشتی کاری تەناهیی وایە کە خەڵک لە دوورەوە لێی دەڕوانن و نازانن کەسەکە لە حاڵەتی سرووشتیی خۆیدا چۆنە و تێڕوانینی چییە، بۆیە پێویست بوو ئەو تەمەی لەلایەن میدیای ڕکابەرەوە نیشان

دەدرێت، لابەرێت و وەک کەسێکی تەواو مەدەنی لەناو جومگەکانی خەڵکدا ئاوێتە ببێت. ئەز وەک خۆم، زۆرم بەلاوە گرنگە ئیتر کەسایەتیی ڕاستەقینەی مەسرور بارزانی پێشانی خەڵک بدرێت. خەڵکانێک کە لە نزیکەوە دەیناسن پێیان گوتووم، ئەو کەسێکی مەدەنییە، وێڕای ڕژدی لە جێبەجێکردنی بڕیار، ئەو کەسەیە کە ستراتیجی بیر دەکاتەوە و دەڕوانێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | وتار و دیمانە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 12-12-2018

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-12-12	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-23

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 431
حەفتاکانی هەولێر
20240601202654572930=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
حەفتاکانی هەولێر
نووسینی: شێرزاد شێخانی

سارانی حەفتایەکانی هەولێریش وەکی سارانی شێستەکانی وابوون، گۆڕانکارییەکی زۆریان لێ ڕوونەدابوو، هەتا ناوەڕاستی حەفتایەکان ئیدی گۆڕانەکی زۆر لە هەولێر ڕوویدا.. بیدایەتەکەی بە بەیانی یازدەی ئازار دەستی پێ کرد، هەولێر و کوردستان بەعام خۆشییەکیان هاتەوە بەرو دونیا نەختەک گۆڕا..
لە بیرمە پێش دەرچوونی بەیانەکە لە ساری 69 شەڕی پێشمەرگە و جەیشی ئێراقی زۆر گەرم بوو، لەو زەمانەدا لە ڕادیۆی شۆڕش گێمان لە هەندەک کەلیمەی تازە دەبوو، کاتێکی بارزانی مەلا خالیدی موزیعی شۆڕش لە ڕادیۆ هاواری دەکرد، ئەمڕۆ فڕۆکەیەکی سیخۆی بەعس هاتە پلیخاندن، هەر چەندە حکوومەتی بەعس نەیدەهێشت بەباشی ئەو دەنگە زوڵاڵەی شۆڕشی ئەیلولمان پێ بگا تەشویشی (هانی هانی) دەخستە سەری، بەران هەر کووەکی بی ئەخباری شۆڕشمان دەزانی. وا دیاربوو جەیشی ئێراقی لە شەڕەکانی ئەو ساردا شکابوون لۆیە حکوومەتی بەعس بەناچاری کەوتە مفاوەزات و بەیانی یازدە ئازاری دەرکرد..
لە بیرمە وەفدی حکوومەت دەهاتن و دەچوون و دونیا هەمووی مشەوەش ببوو، خەرکی بەعام پەرۆشی ڕێکەوتن بوون و حەزیان دەکرد ئەو خینڕژانە کۆتایی پێ بێ. یەکەک لەو کەسانەی لە وەفدەکاندا بەشداری دەکرد ڕەحمەتی حسێن شیروانی مودیری شوڕتەی هەولێر بوو.. چەند جارەکی ئەوم لەنادی مۆزەفین دەدیت کە لەوێ بابم چایخانەی هەبوو.. دەمدیت کاتێکی لە مفاوەزات دەهاتەوە مۆزەفەکان دەورەیان دەگرت و پرسیاریان لێ دەکرد.. پێشتر هەر جارەکی باسی مفاوەزاتی دەکرد دەیگۆت هێشتا هەندەک موشکیلە مایە چارەسەر نەکرایە. ئاخر جار کە هاتەوە ڕۆژی 8ی مانگی ئازار بوو لەگەر وەفدەکەی حکوومەت لە ناوپردانەوە گەڕابوەوە، دەمەو عەسر هاتە نادی و دەیان مۆزەف دەوریان دابوو، لەوی خۆم گێم لێیبوو گۆتی سێ ڕۆژی دی بەیانی ڕێکەوتن لە تەلەفزیۆن ئیعلان دەکرێ. کەواتە ئەمە پێش هەموو کەسەکی کوردستان زانیمان کە ئیشەکە تەواو بووە و بەیان دەردەچی، درمان زۆر خۆش بوو..
لە ڕۆژی 11 ئازار لە تەلەفزیۆنە ڕەش و سپییەکەی چایخانەی سەید سەلیم و گازینۆ عەبۆ دیتمان ئەحمەد حەسەن بەکر بەیانەکەی دەخیندەوە و لە تەنیشتی دکتۆر مەحمود و کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی ڕاوەستاینە.. ئیدی دونیا بووە شایی و هەرپەرکێ هەولێر بەعام هاتنە سەر جادە. هەرچی لۆری و گەلابەشی هەبوو هینایە سەرجادە و خەرکی بەسەر دەکەتن و دۆڵ و زۆرناش لە پشتیانەوە، لە هەر لایەکی تەماشات بکردبایە شایی و هەرپەرکێ بوو، وەکی ڕۆژی حەشر وابوو هەموو خەرک هاتبوونە دەرێ لۆ خۆشی دەربڕین. ئەوجا هەر بابەیەک دەهاتە دەرێ بە قاتی کوردییەوە شانازی بە کورداییەتی خۆی دەکرد. کچ و مچیش بە کراس و کەوێی کوردانەوە خۆیان پێشان دەدا، ڕوحی کورداییەتی گەیشتبووە کەشکەڵانی فەلەک مەعنەویات بەرز بوو، زۆرمان حەزدەکرد پێشمەرگە ببینین بزانین چ مەخلوقەکە خوا دروستی کردیە، وامان دەزانی پێشمەرگە وەکی دێوەکانی ناو حیکایەتەکانی داپیرانمانن، باڵابەرز و بەشان و شەوکەت، وەکی کاوەی ئاسنگەر چەکووجەکی گەورەیان بەدەستەوەیە، ڕدێنی ڕەشی درێژیان هێشتیتەوە، عەزەڵاتیان لە عەزەڵاتی هاشم کورەچی ئەستوورترە، کاتێکی هەندەکیان هاتنەوە هەولێرێ تەماشامان کرد هەر وەکی خۆمانن، پیاوی ئاساین بەران ئینسانی بەبیر و باوەڕ و ئازا و پاڵەوانن.. ئیدی هێدیهێدی تێگەیشتین لۆچی میللەتی کورد نامری هەتا پێشمەرگە بەشاخەکانییەوە مابن.. ئەوکاتی خەرکی خوا خوایان بوو پێشمەرگەیەک بێتە داخوازی

کچەکانیان لۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەن، ئێستا پێشمەرگە بچیتە داخوازی کچەکی، پێی دەڕێن برۆ خوا بتداتێ! زەمانەکە وا گۆڕایە پێشمەرگە هیچ قەدر و قیمەتەکی نەمایە، لە بێ مووچەی لەمزگەفتان دەستەسڕ ڕادەخا، هەندەکیان لەبەر دەستکوورتی گولەیەک دەنێن بە سەری خۆیانەوە، ئاخ کورد چت بەسەر خۆت هینا، خوا سەبەبکارت بگری.[1]

باقی وەلسەلام...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 2024-06-01 بۆ کوردیپیدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2024-06-01

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 432
حەمایل خان و ئیدریس بارزانی چۆن بوون بە باوک و دایکی تاڵیب مەندەلاوی
20250715200943646256=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسینی: تابلۆ حەسەن

تاڵیب مەندەلاوی کوردێکی خەڵکی گەرمەسێری کوردستانە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو وەک قوتابییەک چووەتە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و پاشتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان شەرەفی ئەندامێتی پێ بەخشراوە و چالاکانە لە سنووری لقی پێنجی پارتی کاری کردووە، لە 1973 لەبەر هۆکاری سیاسی بەغدای بەجێهێشت و پەیوەندی کرد بە شۆڕشی ئەیلول و لە ڕێگەی کاک ئەکبەر حەیدەری ئامر بەتالیۆنی شەشی بەمۆوە ڕەوانەی گەڵاڵە کرا، لەوێ چووە کۆرسی تۆبخانەی شۆڕش و لەسەر تۆپی سەد و بیست و دووی مەیدان دەستبەکار دەبێت تا ئەوکاتەی شۆڕش تووشی پلانێکی نەگریسی گەورە بوو کە بە ئیمزاکردنی هاوپەیمانی شوومی جەزایرەوە شۆڕش کەوتە پێش دوورێیانێکی هات و نەهات، یان ئەوە بوو درێژە بە شۆڕش بدرێت کە دەرنجامەکەی هەڕەشەی قەڵاچۆکردنی کورد بوو یانیش چالاکی شۆڕش بۆ ماوەیەک سڕ بکرێتەوە تا ئەو دەمەی هەل و مەرچی تازە دێتە پێشەوە، بێگومان هەڵبژاردنی ڕێگەی دووەم کارێکی سیاسیی گونجاو بوو بۆ ئەو دەمە بۆیە ئەو ڕێگەیان دەستنیشان کرا، ئەنجامیش ئەوە بوو هەزاران خێزانی کورد بوون بە پەنابەر لە شارە جیاجیاکانی ئێران، ئەم کاک تاڵیبەش کەوتە شاری ساوە و لەوێ بڕیاری ئەوەی دا بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە پەنابەرەکانی کورد بۆیە خۆی ناونووس کرد لە کۆرسێکی سۆشیال و بەسەرکەوتوویی لەو کۆرسە دەرچوو و وەکوو سەرپەرشتکارێک دەستبەکار بوو، لە لایەکی ترەوە هەر وەک کاک تاڵیب بۆمان دەیگێڕێتەوە کە لەلایەن ئێرانەوە چاودێری خراپووە سەر ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە مابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە زۆربەی زۆری خەڵکی ئەو پەیوەندییەیان پاراست و بەردەوامییان بە خەباتدا، بۆیە ئەم چەندین جارە چاوی بە شەهیدی گەورە کاک ئیدریس بارزانی کەوتووە، هەروەکوو دەڵێ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی زۆری لا گرنگ بوو کە پەنابەرەکان یەکگرتوو بن و هەماهەنگی باش لەنێوانیاندا هەبێت، هەموو جارێ ئامۆژگاری کاک تاڵیبی کردووە کە ڕێزی تایبەت لە خێزانی شەهیدان بنرێت، یارمەتیی بۆ دەناردن، لە هەموو کاروباریان ئاگادار بوو.
کاک تاڵیب خاوەنی خەرمانەیەک یادەوەرییە، لەگەڵ گێڕانەوەیان دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک دەرێژێ، ڕۆژێکیان کاک ئیدریس بانگی دەکات و دەڵێ تۆ بە حوکمی کارەکەت هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو جۆرە کەسانێک دەکەیت، تەنانەت وا پێویست دەکات بچیتە مااڵنەوە، بەڵام تۆ تا ئێستاش ژنت نەهێناوە، ڕەنگە ئەمەیان بۆ کەسایەتی تۆ گونجاو نەبێت، ئایا بۆ بیر ناکەیتەوە لە پێکهێنانی خێزانێک، کاک تاڵیب درێژە بە قسەکانی دەدات و بە قورگی پڕ گریانەوە دەڵێت لەو دەمە و لەو غەریبییە تازە هەواڵی کۆچی دوایی باوکم بیستبوو، کە کاک ئیدریس ئەو قسانەی بۆ دەکردم هەستم کرد باوکم نەمردووە، لە ڕاستیشدا ئەوەی کاک ئیدریس بۆی کردم ڕەنگە باوکیشم نەیکردایە.
مەندەلاوی دەڵێت گەرامەوە شاری ساوە و ئەم پرشنگ خانەم بەرچاو کەوت (بە دەست ئاماژەی بۆ خێزانەکەی کرد) کە کچی کاک مەحموودە سووری کەرکووکییە کە کادرێکی پارتی و پەنابەریەکی کورد بوو لە ئێران، گەڕامەوە لای کاکە ئیدریسم و هەواڵەکەم پێگەیاند، بە بزەیەکەوە دەستی خستە شانمەوە و قەڵەمەکەی دەرهێنا و بە خەتێکی جوان نامەیەکی بۆ کاک مەحمود نووسی تێیدا پێناسەیەکی باشی منی تێدا کردبوو، لە هەمان کاتدا نامەیەکی بۆ دایە حەمایل نووسی کە ئەویش یارمەتیم بدات، هەروا وتی خۆت بە بێکەس نەزانیت، دەمەوێت هەرچی کورد هەیە لە شارەکەتان ئامادەی شاییەکەتان بێت، لە ماڵی خۆت بە جیا

و لە ماڵی خەزوورت بە جیا خواردن بکرێت و ئەوەشی دەیەوێت لە چێشتخانەیەکی ساوە بانگهێشت بکرێت.
کاک تاڵیب دەڵێت کە نامەکەم برد بۆ حەمایل خان وێستم لە پێش ژوورەکەی چاوەڕوان بم، بەڵام خوالێخۆشبوو هەر وەکوو دایکێکی میهرەبان بانگی کردمەوە ژوورەوە، لەناو زەرفێک پارەیەکی زۆری پێدام و وتی ئەمە ماڵی تۆ و هەموو کوردێکە، هەر کاتێک وێستتان دەرگای ئەم ماڵە کراوەیە، بەڵام جارێکی تر لە دەرگا مەوەستە تکایە، من سەربەرزم بە هەموو کوردێک کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆی تەرخان بکات، بە دڵێکی خۆشەوە گەرامەوە ساوە، ئەوەی کاکە ئیدریس و دایە حەمایل بۆیان کردم هەمووی بە زیادەوە کرا.
ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە چاو دەگێڕم تەنیا ڕۆحە شیرینەکەی کاکە ئیدریس دەبینم، بە دوای دایکێکی میهرەبان دەگەڕێم ڕۆحێکی سپی و بێگەردی دایکی کوردان دەبینم، کە سەیری ئەم منداڵانەم دەکەم کە خوێندکاری باڵان لە ئەڵمانیا دەڵێم ئەمانە یادگاری ئەو دایک و بابە میهرەبانەن.
دوا وتەی کاک تاڵب ئەوەیە کە ئێستا بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە خەریکی خەتمکردنی قورئانی پیرۆزم و وەکوو دیارییەک دەیبەخشم بەو ڕۆحە سپیانەی کە خزمەتکردنی کورد و کوردستان مەبەستی هەرە گەورەیان بوو.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 20-12-2011

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2011-12-20	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 20-12-2011

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 433
خالید شلی هاوڕێی ئیدریس بارزانی: لای شەهید ئیدریس جیاوازی نەبوو لەنێوان پێشمەرگەیەک و کوڕی ئەو
20250703112412643817=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئامادەکردنی: قائید میرۆ
ئەمڕۆ 37 ساڵ بەسەر ماڵاوایی شەهید ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت، هاوڕێیەکی ئیدریس بارزانیش پێی وایە شەهید ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی کەموێنەیە لە مێژوودا، دەشڵێت: بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ خەڵک دەکرد لای ئەو هیچ جیاوازی لەنێوان پێشمەرگەیەک و کوڕی ئەو نەبوو.
خالید شلی، فەرماندەی پێشمەرگە و هاوڕێی شەهید ئیدریس بارزانی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: شەهید ئیدریس بارزانی یەکێک بوو لە سەرکردە کاریزماکانی گەلی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەبیرمە هەر سەنگەرێکی پێشمەرگە شەهید ئیدریس بارزانی لێبووایە سەردەکەوت و بەدرێژایی ئەو ساڵانەی شەهید ئیدریس لە بەرەکانی شەڕ بوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئێمە لەگەڵ شەهید ئیدریس بارزانی گەورەبووینە و دەزانین چ مرۆڤێکی مەزن و میهرەبان بوو.
ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە وتی: یەکێک لەو سیفەتانەی ئیدریس بارزانی کە زۆر پێی ناسراوە نەبوونی جیاوازی بوو لەلای ئەو، کەسێکی تا بڵێی میهرەبان بوو لەگەڵ هەموو چینوتوێژەکان، لای شەهید ئیدریس بارزانی جیاوازی لەنێوان پێشمەرگەیەک و کوڕی ئەو و برایەکی ئەو نەبوو، بەیەک چاو سەیری هەموو کەسێکی دەکرد، دەستی هاوکاریشی بۆ هەموو کەسێک درێژ دەکرد بەتایبەتیی پێشمەرگە.
خالید شلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئەو ڕۆژەی شەهید ئیدریس بارزانی ماڵاوایی لێکردین من لە سنووری لقی یەک بووم، بڕیاربوو ئەو ڕۆژە نامەیەکی سەرۆک بارزانی بگەینم بە شوێنێک، بەڵام کە بەیانی چوومە خزمەت سەرۆک بارزانی لە چاوەکانی سەرۆک بارزانی دیاربوو ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە، پرسیم ئەوە چی بووە؟ پێی وتم کاکە ئیدریس ماڵاوایی کردووە، بەهۆی خۆشەویستی بەندە بۆ شەهید ئیدریس یەک بەدەنگی خۆم هاوارم کرد و چوومە لای پێشمەرگە و فەرماندە هاوڕێکانم هەواڵی شەهیدبوونی ئیدریس بارزانیم پێگەیاندن، ئیدریس

لای من مرۆڤێکە ئێستاش کە دێتەوە بیرم خۆم پێناگیرێت و تا مردنیش لەبیرم ناچێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی سەروو | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یاد و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هیچ کات لە دڵی تێکۆشەرانی گەلی کوردستان دەرناچێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی kdp.info- 31-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 03-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 434
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: شوێن نەما ئیدریس بارزانی لە دەرگەی نەدا بۆ ئەوەی میللەتی کورد هەڵسێتەوە
20250806100523649937=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: د. ڕۆژ نووری شاوەیس: شوێن نەما ئیدریس بارزانی لە دەرگەی نەدا بۆ ئەوەی میللەتی کورد هەڵسێتەوە

پاش 33 ساڵ لە کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، پێشمەرگە و سیاسەتڤانی کورد، ئێستاش هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو دەکەن لە کایەی سیاسیی نێوخۆ و دەرەوەدا. ئیدریس بارزانی لەنێو هاونیشتمانییان، نووسەران و شاعیراندا کەسێکی خۆشەویست بووە، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیاندا هەبوو. لەو بارەیەوە د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی تۆڕی میدیایی ڕووداودا باسی لە ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە سەردەمی ئاشتی و شەڕ و دانووستانەکان کرد.
دەقی هەڤپەیڤینەکە:
ڕووداو: سەرەتای یەکترناسینی ئێوە لەگەڵ ئیدریس بارزانی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ لە کوێ بە یەکەوە کارتان کردووە و چۆن یەکترتان ناسی؟
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: ناسینی من لەگەڵ کاک ئیدریس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1959 کە بە یەکەوە قوتابیبووین لەگەڵ بەڕێز جەنابی کاک مەسعود بارزانی، لە ناوەندێی غەربیە بووین، ئێمە هاوڕێی ڕۆژانە بووین.

ڕووداو: ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە شۆڕشدا لەگەڵ پێشمەرگە و لە کاتی شەڕ و بواری کاروباری پێشمەرگەدا چۆن بوو؟ بەتایبەتیی دەگوترێت کە ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە شەڕی هەندرێندا.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: بەدڵنیاییەوە کاک ئیدریسی ڕەحمەتی وەکوو سیاسەتمەدار و پێشمەرگەیەکی ناسراوی کورد، وەکوو کوڕی مەلا مستەفا، کەسایەتییەکی تایبەتیی هەبوو. کەسایەتییەکی هەبوو دەتوانم بڵێم لەنێو ئێمەدا کە هاوڕێ بووین بە یەوەکەوە لەو کاتەی کە لە خوێندن بە یەکەوە بووین، کەسایەتییەکی زۆر دیار و

ڕووبەرووبوو. مرۆڤێکی وریا و زیرەک، جیددی لە خوێندندا و سادە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا. دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس هەمان ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینی.
کاک ئیدریس لە سەرەتای شۆڕشدا جێگەی متمانەی مەلا مستەفای بارزان، سەرۆکی نەمری کورد بوو و کاروباری عەشیرەتی ماڵەوەی پێ سپاردبوو. کاک مەسعود لەگەڵ خۆیدابوو، لەوێ ڕۆڵی ئەوەی دەبینی کە لەنێو عەشیرەتدا هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبڕوات، ئەو کێشانەی کە ڕەنگبوو تووشی جەنابی مەلا مستەفا ببن، ئەو دەیگرتنە ئەستۆی و ئەو چارەسەری دەکردن. لە دواییدا جەنابی مەلا مستەفا بانگی کردەوە لای خۆی کە پێویستبوو لە شۆڕشدا بەشداری بکات و ڕۆڵێکی دیارتری بداتێ لە شۆڕشدا.
کاک ئیدریس لە شۆڕشدا جیا لە ڕۆڵی سەربازی کە پێی ناسرابوو، چونکە ماوەیەکی زۆر بەپرسی بەشی سەربازیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، جگە لە ڕۆڵی سەربازیی کە دیار بوو، کەسایەتییەک بوو لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ خەڵکدا زۆر سادە و خۆیی بوو. کاک ئیدریس لەگەڵ سەرکردەیەک وەکوو سەرکردە قسەی دەکرد، لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا وەکوو پێشمەرگە قسەی دەکرد، لەگەڵ پیاوێکی گەورەدا وەکوو پیاوێکی گەورە و تەنانەت لەگەڵ منداڵێکیشدا وەکوو منداڵێک هەڵسوکەوتی دەکرد. بە گشتی هەڵسوکەوتی زۆر خۆشبوو.
کاک ئیدریس خەسڵەتێکی دیکەی هەبوو، هەر لە منداڵییەوە دیار بوو لە کارکردندا جیددیە و بەدوای شتەکاندا دەچێت. کاتێک کەسێک سەردانی دەکرد یان پێشمەرگەیەک کێشەیەکی دەبوو، هەمیشە بە خەتێکی جوان و ڕێکوپێک ئەو شتەی دەنووسییەوە کە لێی داواکرابوو. ئێستاش خەتەکەیم لەبیرە، ئەلفێکی درێژ بەشێوەیەکی تایبەتیی و جوان دەینووسییەوە. ئەگەر ئەو کاتە چارەسەری کێشەکەی پێ نەکرابووایە، وازی لێنەدەهێنا تا لە ئەنجامدا هەر چارەسەری دەکرد.
کاک ئیدریس لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا، لەگەڵ ئەوانەی جێگەی متمانەی بوون، هەڵوێستی تایبەتیی هەبوو. دەوروپشتی خۆی زۆر خۆشدەویست و بەرگریی لێ دەکردن. من زۆر جار بینیومە وەکوو پڵنگ بەرگریی لە هەڤاڵ و دەوروپشتی خۆی کردووە.
کاک ئیدریس من بە چاوی خۆم بینیومە، چونکە زۆر لەگەڵیدا بووم لە چوونە دەرەوە، بە تایبەت لە کاتی پاش نسکۆی شۆڕش کە هەوڵمان دەدا پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بخەینەوە سەر دۆخی جاران. هەم بۆ ئەوەی دانمان پێدا بنێن و پەیوەندیمان لەگەڵ ببەستن و دەوڵەتان گرنگیمان پێ بدەن. من بینیومە لە بارودۆخێکی وا تەنگانەدا کە لە پێویستیدا بووین، بەرانبەر هیچ پەرپرسێکی گەورەی ئەو وڵاتانە سڵی نەکردووەتەوە و ڕای خۆی زۆر بەئاشکرا و ڕوونی گوتووە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش سازشی لەسەر پرەنسیپی خۆی نەکردووە. پرەنسیپی ئەو تەنیاوتەنیا کوردایەتی بوو.

ڕووداو: ڕۆڵی کاک ئیدریس لە بواری سیاسیی و شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتیی چۆن بوو؟ بەتایبەت دەگوترێت کە یەکێک بوو لە کەسە دیارەکانی شاندی دانووستانی ڕێککەوتنی 11-03-1970 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و یەکەمین کەسیش بووە کە لە ساڵی 1972دا بە ناوی شۆڕشی کوردستانەوە دانیشتنی لەگەڵ ئەمریکاییەکان کردووە.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: من نازانم کەی لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا دانیشتووە، بەس دەزانم یەکێک لەوانەی کە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا درووست بکاتەوە، کاک ئیدریس بووە. لە هەمان کاتیشدا کاک ئیدریس ئەندامێکی کارای شاندنی دانووستان بووە لە بەغدا. ئەو شاندەی لە ئەنجامدا گەیشتە ڕێککەوتنی ئازار کە تاوەکوو ئەو ساتە گەورەترین دەستکەوت بووە کە لە ڕێگەی خەبات و قارەمانێتیی پێشمەرگەوە بەدەستی گەلی کورد هاتبوو.
ئەو شاندە دانووستانکارە شاندێکی کارامە بوو، کاک ئیدریسیش یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو شاندە و ڕۆڵێکی باڵایشی هەبوو، چونکە لەنێو شاندەکەدا ئەو کەرێ گەورەی مەلا مستەفا بوو.
ئەوەی بێتەوە بیرم، ئەوانەی کە دانووستانیان لەگەڵیان دەکرد، هاتوچۆی سەرەوەیان دەکرد و مەلا

مستەفاشیان بە ئەبوو ئیدریس بانگ دەکرد. کاک ئیدریس تەنیا ئەوە نەبێت لەو دانووستانانە یان لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەمریکا ڕۆڵی هەبووبێت، کاک ئیدریس هەوڵیداوە هەمیشە لەگەڵ هەموو لایەک پەیوەندییەکی باشی هەبێت. ئامانجی لەو پەیوەندییەش ئامانجی کەسی و بەرژەوندی نەبووە، بەڵکوو تاکە ئامانجی ئەوە بووە ئەو پەیوەندییانە بخاتە گەڕ بۆ کێشەی میللەتەکەی و کێشەی گەلی کورد، لەوەشدا ڕۆڵی زۆر دیاربوو.
شوێن نەما کاک ئیدریس بۆی نەچێت و شوێن نەما لە دەرگەی نەدا بۆ ئەوەی میللەتی کورد جارێکی دیکە هەڵسێتەوە سەر پێ، بەتایبەتیی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول.

ڕووداو: مەبەستم ئەو سەردانەی ئیدریس بارزانییە بۆ ئەمریکا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1972، ئەو کاتە لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان سەردانی ئەمریکا دەکات و لەگەڵ ئەمریکاییەکان دادەنیشێت.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: منیش تێدەگەم کە مەبەستت ئەو کاتەیە، من مەبەستم ئەوەیە کە هەوڵدان و کۆششی کاک ئیدریس تەنیا بە ئاڕاستەی ئەمریکادا نەبووە، بەڵکوو بە ئاڕاستەی هەموو دەوروپشت و دەوڵەتان بووە. ئەو لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر ڕۆیشتووە کە هەمیشە ویستوویەتی دۆستەکانی کورد زیاد بکات. پەیوەندیی لەگەڵ هەموو لایەک دروستبکات بۆ ئەوەی خزمەتی کێشەی گەلەکەی بکەن.

ڕووداو: ڕۆڵی ئیدریس بارازنی لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا چۆن بوو؟ بەتایبەتیی لە کاتی سەرکردایەتیی کاتی و لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: بێگومان یەکێک لەوانەی کە ڕۆڵێکی بنچینەیی لە دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتیدا هەبووە لە بەهاناهاتنی ئاوارەکانی کورد لە ئێران، لە کۆکردنەوەی کادیران و هەڵوێستپێشاندان و دۆزینەوەی دەرفەت بۆ تازەکردنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان، کاک ئیدریس بووە. کاک ئیدریس لە هەمان کاتدا لەو بابەتەدا، دەتوانم زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێم، کەسێکی زۆر لەخۆبردوو بووە. بەرژەوەندیی خۆی خستووەتە ئەولا و هەوڵی داوە چی باشە بۆ حیزبەکەی و میللەتەکەی ئەوە بێتە کایەوە و ئەوە بکرێت. نەک تەنیا هەوڵی داوە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی شۆڕش هەڵبستێت، بەڵکوو هەر لایەک هاتبێتە پێشەوە و گوتبێتیان ئێمە دەست پێدەکەینەوە یان چالاکیی شۆڕشگێڕانە دەنوێنین، کاک ئیدریس بە مادی و مەعنەوی یارمەتیی داون. لە دواییدا بەداخەوە کەسایەتییەکی ئەوان دژی کاک ئیدریس قسەی دەکرد. کەس نەما لەوانەی لە شۆڕشدا بەشداربوون کە کاک ئیدریس یارمەتییان نەدا. ڕۆڵی کاک ئیدریسیش لە دوای نسکۆ بە پلەی یەکەم ئەوە بوو، بگرە لەنێو سەرکردایەتیی کورددا، کەسایەتییەک بوو کە بەهانای ئاوارە کوردەکانەوە دەچوو، بەسەر کەمپەکاندا دەگەڕا و یەکەیەکە خەڵکی دەبینی و دڵی دەدانەوە و هیوای بۆ دروستدەکردنەوە بەوەی کە شۆڕش ڕاستە تووشی نسکۆ بووە، بەڵام زیندووەبێتەوە و دروستدەبێتەوە. هەروەها لە بارودۆخێکی زۆر زەحمەت و سەختیشدا، شانبەشانی کاک مەسعود، ڕۆڵێکی باڵای هەبووە بۆ دروستکردنەوەی سەرکردایەتیی کاتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان.

ڕووداو: ڕۆڵی ئیدریس بارزانی چۆن بوو لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکان و بەتایبەتیی نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؟ کە دەگوترێت لەو کاتەدا ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاشتکردنەوەی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا گێڕاوە. ئەو کات لەگەڵ خودی نەوشیروان مستەفا دانیشتووە بۆ ئەوەی هەردوولا ڕێکبکەون بۆ دووبارە دروستکردنەوەی بەرەی کوردستانی و چەند جارێکیش لەگەڵ بەڕێز مام جەلال دانیشتووە.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس بە سرووشتی خۆی مرۆڤێکی نەتەوەیی کوردی بوو. کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لێک جیانەدەکردەوە. لەنێو هەر پارچەیەکیشدا هیچ کوردێکی لەوەی دیکە

جیانەدەکردەوە. هەمیشە مەبەستیشی ئەوە بوو کورد یەکپارچە و یەکدەنگ بێت، بزانێت چی دەوێت و ئامانج و بەرژەوەندیی چییە و چۆن بەو ئامانج و بەرژەوەندییە دەگات. لەبەر ئەوە شتێکی نامۆ نەبوو کە کاک ئیدریس لە بابەتی ئاشتبوونەوەی گشتیدا رۆڵێکی باڵای هەبوو. ئەو کەسە بوو کە لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا پێکەوە ئەو رێککەوتنەیان واژۆکرد کە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ڕابووەستێت. کاک ئیدریس شەڕیشی هەڵنەگیراسندبوو، بەڵام مەبستی ئاشتی بوو.
لە ڕاستیدا ئەو رێککەوتنە لە کۆنگرەی نصرة الشعب العراقییەوە هاتە کایەوە کە لە تاران بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق بەسترابوو و دەرفەتێک بوو لەوێ شاندی کوردی بە یەکدەنگ قسەبکەن. ئەوەبوو بە یەکدەنگ قسەیان کردبوو و لە ئەنجامیشدا لەنێوان خۆیاندا رێککەوتن کە شەڕی نێوخۆ ڕابوەستێت و بەرەو بەرەی کوردستانی بڕۆن و بەرەی کوردستانی دروستبکرێت.
ئەو هەنگاوە هەنگاوێکی ئەوەندە گەورە بوو کە ئەنجامەکەی پاش چەند ساڵێک دەرکەوت. کاتێک شەڕی ئێراق و ئێران وەستا، بارودۆخێک هاتە پێشەوە کە لە ئاستی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا بوو، بەڵام ئەو بارودۆخە بەهۆی ئەو کەش و ژینگەیەی دروستبووبوو، شۆڕشی کوردی پاراست و بەردەوام بوو و لە پیسترین بارودۆخدا تووشی نسکۆ نەبوو. لە بارودۆخێکدا کە ڕەنگە زەحمەتتر بووبێت لە بارودۆخی رێککەوتنی جەزائیر. ئەو کاتەش ئێراق و ئێران رێککەوتن، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر کورد هەمان شت بوو.
ئەگەر مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە و بپرسێت بۆچی کاک ئیدریس بە ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی ناونرا؟ چونکە لە ڕاستیدا هەوڵی جیددی ئەو لە یەکەم ڕۆژەوە بەو ئاڕاستەیە بوو کە شەڕی نێوخۆ نەمێنێت، ناکۆکی لەنێو کورددا نەمێنێت و کورد بە یەکدەنگ لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا دەربکەوێت، چونکە ئەو باش دەیزانی ئەگەر یەکدەنگ نەبین، ناگەینە هیچ. ئەمە تاوەکوو ڕادەیەک ڕۆڵێکی بچووکی کاک ئیدریسە، لە کاتێکدا تەنانەت کاک ئیدریس پەیوەندیی لەگەڵ ئەو حیزبانەدا تازە کردەوە کە دژ بە خودی خۆی بوون. هەمووی بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە تێبگات کە کورد یەکێکە و مەبەستی یەک شتە و ڕێگەکەشی یەکێکە.
وەکوو باسم کرد، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو لە ماوەیەکی زۆر ئەستەمدا نەک تەنیا پارتی و یەکێتی، بەڵکوو هەموو حیزبە کوردییەکانی ئەو کاتە لەژێر سایەی بەرەی کوردستانیدا کۆبوونەوە. ئەنجامەکەشی ئەوە بوو شۆڕش بەردەوامبوو تاوەکوو ڕاپەڕین و هەڵبژاردن و دروستکردنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ڕووداو: دەگوترێت ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی بەهێز و بەرفراوانی لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەردا هەبووە. بۆچی کاک ئیدریس دەیویست ئەو پەیوەندییانە بەم شێوەیە بەردەوامبن؟
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس بە سرووشتی خۆی، وەکوو کوڕی مەلا مستەفا، پێشمەرگەی خۆشدەویست. دەیزانی پێشمەرگە پێویستییەکی زۆری هەیە. پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە، پێشمەرگە کەسێکی خۆشەویستە، بەڵام چەند کەس شت بۆ پێشمەرگە دەکات؟ کەمن ئەوانەی شت بۆ پێشمەرگە دەکەن، کاک ئیدریس یەکێک بووە لەوانە. هەر پێشمەرگەیەک بهاتبا بۆ لای و هەر شتێکی لێ داوا کردبایە، یان هەر کێشەیەکی هەبووایە، هەوڵی دەدا بە ئەوپەڕی تواناوە بۆی چارەسەربکات. ئەمەش لە سرووشتی ئەودا خولقابوو.
ئەوەشمان لەبیر نەچێت، پەروەردەی کاک ئیدریس پەروەردەیەک بوو وەک دەڵێن، سەرکردە یان گەورەی قەومێک خزمەتکاری ئەو قەومەیە. واتە کاری بۆ خەڵکی هەژار و بۆ پێشمەرگە دەکرد. لە دواییدا ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کورد لە ڕێگەی پێشمەرگە و قوربانیدانی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدانەوە دەگاتە شتێک. ئەم ڕۆژەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین، هەمووی لە ڕێگەی ئێش و ئازاری پێشمەرگەوە بووە. کاک ئیدریس ئەوەی زوو زانیوە، لەبەر ئەوە زۆر بە تەنگی پێشمەرگەوە هاتووە. ئەو خەسڵەتانەی ئەوە پیشاندەدەن کە کاک ئیدریس مرۆڤێکی تاوەکوو بڵێی گەورە بووە.

ڕووداو: لە کاتی ناخۆشی و سەختییەکاندا کەسێکی چۆن بوو؟ وەک چۆن بوو؟ بەتایبەت لە نزیکبوونەوەی لە چارەسەری کێشەکاندا.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس مرۆڤێک بوو هەمیشە وەک بەرز بوو. من خۆم ڕۆژێک نەمبینیوە وەک دابەزێت، یان وای لێکردبێت هیوای بە ڕێگەکەی خۆی نەمێنێت. بە سروشتی خۆی کەسێکی جەربەزە و وریابوو، واتە هەستت دەکرد کە ئاگای لە هەموو شتێکە. کە لەگەڵیدا دادەنیشتی، یان کە گەشتێکمان دەکرد، یان هەرشتێکمان پێکەوە دەکرد، من خۆم هەستم بەوە دەکرد کاک ئیدریس ئاگای لە هەموو شتێکە.
کاک ئیدریس لەو کەسانەبوو کە بە قسەی دوژمن نەدەبەسترایەوە، وەڵامی بۆ هەموو شتێک هەبوو، زۆر وریاش بوو لە وەڵامدانەوە، بۆیە هەمیشە لە ڕۆڵەکانیدا سەرکەوتوو بوو. لە گەشتەکانیدا، لە هەوڵەکانیدا بۆ دروستکردنی پەیوەندیی تازە، لە هەموویاندا سەرکەوتووبوو و ڕۆڵی هەبوو لە بەرەوپێشەوەبردنی شۆڕش و گەیاندنی بە قۆناخێکی زۆر پێشکەوتوو. ئەوەمان لەبیر نەچێت کە خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتیی دوژمنانی کورد، دژ بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوون.

ڕووداو: لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا دەگوترێت ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شای ئێران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەدا هەبووە، بایەخێکی زۆری بە خوێندنەوە و هۆنراوە و نووسین داوە. ئایا پەیوەندی ئەو لەگەڵ خوێندنەوە و هۆنراوە و نووسین چۆن بووە بە تایبەتیی لە بابەتی سۆفیگەرییەوە؟
د.ڕۆژ نووری شاوەیس: پێش هەموو شتێک کاک ئیدریس عەرەبییەکی زۆر چاکی دەزانی، زۆر لێهاتوو بوو، لەو کاتەی قوتابی بووە بەقەد مامۆستایەکی زانیوە، مرۆڤێک بوو حەزی بە خوێندنەوە و هۆنراوە و ئەدەب دەکرد، لەو شاعیرانەی کە من دەزانم ئەو زۆر پێی کاریگەر بووە بابە تاهیری عوریان بووە، لە شارەدێی فەلسەفی و سۆفیگەرییەوە زۆر سەرسامی بابە تاهیر بووە، هەمیشە هۆنراوەکانی دەگوتەوە، کەم کەس ئەوانە دەزانێت ئەوانە نەبێت کە نزیکی کاکە ئیدریس بوونە.
کاک ئیدریس بە سروشتی خۆی، لە هەڵسوکەوتی، دانیشتنی، جلوبەرگی، شێوەی ژیانی و سادەیی لە ژیاندا دەتوانیت بڵێی موتەسەوێف بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەیربکەیت، هەمیشە هەوڵی داوە دەوروپشتی مەجلیسی شاعیری تێدا بێت و لەگەڵ شاعیراندا دابنیشێت. لەو شاعیرانەی لێیانەوە نزیکبوو، هەژار موکریانی و هێدی بوون، تاوەکوو ڕادەیەک سەرسامی هێمن بوو. لەو کاتەی هێمن وێستی لە ژێران گۆڤار دەربکات، بارودۆخەکەشی وابوو بە دزییەوە شتی بۆ هێمن دەنارد و یارمەتیی دەدا. لەنێو خۆشماندا، لەنێو ڕۆشنبیران، کاک فەلەکەدین کاکەیی یەکێک بوو لەوانەی زۆر لە کاک ئیدریس نزیکبوو.
کاک ئیدریس ڕۆحیەتێکی هەبوو کە هەستت دەکرد لەگەڵیدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت. حەزی لە سوعبەت بوو. کۆڕی خۆشبوو. ئەمانە هەمووی لە خەسڵەتەکانی کاک ئیدریس بوون. لە ڕاستیدا ئەگەر بتەوێت باسی کاک ئیدریس بکەیت، باسکردنی بە چاوپێکەوتنێک و دووان تەواونابێت. کاک ئیدریس دیاردەیەکە و ئەو دیاردەیەش تۆوی خۆی هەیە کە توێژینەوەیەکی تەواوی دەوێت و دەبێت بە قوولی لێکبدرێتەوە.

ڕووداو: ئەو سلێمانەییانەی کە تێکەڵی کاک ئیدریس بوون، دەڵێن کەسێکی قسەخۆش و مەجلیس گەرم بووە. ئایا لەم ڕووەوە چۆن بوو؟
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: بەشێوەیەکی گشتی حەزی لە سوعبەت دەکرد، متمانەی بە خەڵک بوو، بە تەنگی خەڵکیشەوە دەهات.

ڕووداو: تۆ هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی ئیدریس بارزانی بوویت، لە قوتابخانەدا کەسێکی چۆن بوو؟
د. ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس یەکێک بوو لە هەرە زیرەکەکانی ئەو قۆناخەی خۆمان. نمرەکانی لە هیچ

بابەتێکدا لە 90 کەمتر نەبوون. حەزیشی لە خوێندن دەکرد. نموونەی قوتابییەکی جیددیی هەرە زیرەک بوو. مامۆستایەکانیشی پێی سەرسامبوون. من قسەیەکی کاک مەسعودم دێتەوە یاد، من و کاک مەسعود لە هۆبەیەک بووین، کاک ئیدریس لە هۆبەیەکی دیکە بوو، مامۆستایەکی عەرەبیمان هەبوو پرسیارێکی لە کاک مەسعود پرسی، بە عەرەبی وەڵامی دایەوە. وتی زۆرباشە، بەڵام یەکێک هەیە لە تۆ باشترە کە لە هۆبەکەی دیکەیە ناوی ئیدریسە. کاک مەسعودیش وتی: ئەوە برامە. مامۆستاکە وتی: ڕاستناکەیت. ئەویش وتی: نا، برامە. لە ڕاستیدا هەردووکیان لە خوێندندا زۆر زیرەک بوون و زۆر حەزیان لە خوێندن دەکرد و لە خوێندن و کار و هەموو شتێکیاندا زۆر ڕێکوپێک بوون. هیوادارم لاوانی ئەمڕۆ بەو جۆرە بن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rudaw.net 31-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 06-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 435
د.نەسرین فەخری: مەلا مستەفا کەسایەتییەکی زۆر بەڕێز بوو حورمەتی گەورەی بۆ ئافرەت هەبوو
20250710213213645093=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت:د.نەسرین فەخری: مەلا مستەفا کەسایەتییەکی زۆر بەڕێز بوو حورمەتی گەورەی بۆ ئافرەت هەبوو
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

داوام لە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کرد، چاوم بە باوکی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) بکەوێت، ئەویش کاغەزێکی دامێ تا کارئاسانیم بۆ بکرێت
پرۆفیسۆر د. نەسرین فەخری، نووسەر و شاعیر و میدیاکار و ئەکادیمیی ناسراوی کورد، وێڕای ئەوەی کەسێکی بلیمەت و شارەزا و پسپۆڕ بوو، هاوکات گەنجینەیەک بوو لە زانیاریی مێژوویی قۆناغە جۆراوجۆرەکان، لە تەمەنی و لە زۆر ڕووداو و کارە زانستی و سیاسییەکان و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار یان ئاگادار بووە.
بۆیە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی هاتوچۆم دەکرد، چەندین دیدارم لەتەکدا سازدا، بە تەنیا بەشێکم بڵاو کردەوە کە تایبەت بوو بە سەرکردەی مێژوویی مستەفا بارزانی لە ڕۆژنامەی (خەبات).
ماوەیەک بەر لە کۆچی دوایی، بە دەنگ دوا دیدارم لەگەڵیدا ساز دا و دەنگەکەی لەلام پارێزراوە. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەمەوە.
زیاتر لە بواری هۆنراوە و ئەدەب و بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ناوبانگت دەرکردووە، دەکرێت باسێکی کورتی ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت؟
د.نەسرین فەخری: هەر کوردێک یاخۆ پێشمەرگەیەک خوێنی دەڕژێت، من لەناو خوێنی ئەودا دەتلێمەوە، لەبیرم دێت کە منداڵ بووم هۆگری هۆنراوە سیاسییەکان بووم، بۆیە کاتێک تەمەنم گەیشتە ناوەندی و دواناوەندی و دواتر گەیشتمە قۆناغەکانی زانکۆ، هەموو هۆنراوەکانی دیوانی یەکەمم سیاسی بوون.
زیاتر لە چ ڕوانگەیەکەوە ئەم هۆنراوەە سیاسییانەت نووسیوە؟
د.نەسرین فەخری: لە هۆنراوە سیاسییەکاندا، زیاتر جەخت لەسەر (خاک و نیشتمان، زمان، دەرەبەگ و کچە

شوانی جوان و نەگبەت دەکەم، کە یەکێک لە گیرفانپڕەکان ئەو گوڵە جوانەی کورد هەڵدەتەکێنێت..) ڕاستە من لە گوند نەژیاوم، بەڵام تێکەڵاوییەکی زۆرم لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری هەبووە، لە منداڵییەوە لەگەڵ دایکمدا سەردانی ماڵانم دەکرد و لەناو کۆڵان و گەڕەکدا دەگەڕام و هاوڕێم هەبوو. لەبیرمە کاتی خۆی تۆفیق وەهبی وتی: ئەرێ نەسرین تۆ چیت کردووە؟. وتم: بۆ؟. وتی: ئەو هۆنراوەیەی نووسیوتە، شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید چووە لە دەرگەی ماڵی باوکتی داوە، گوتوویەتی: (کوڕە حەمە پیامە بگە، دەڵێن نەسرین ئەو هۆنراوەیەی لەسەر من نووسیوە، خۆ نایەتەوە حەشرم پێ بکات).

لە هۆنراوەکەدا دەڵێم:

(پیرە گەماڵ هەر ساڵ بە ساڵ هەر چارە لە ماڵ

بیدە بە خوێناوی ئەو کەسەی، کە خوێنی ئەڕێژی بە گوناھ).

دەڵێن سەربوردەت لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەیە و تەنانەت هۆنراوەیشت لەسەری نووسیوە؟

د. نەسرین فەخری: لەبیرمە کاتێک دیمانەیەکمان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کرد، کە چووین من لە تەنیشتییەوە دانیشتم و جلی کوردیم لەبەردا بوو، ڕێزم بۆی هەبوو، ئەوکاتە من قوتابی بووم، دیدارەکە لەلایەن سەرۆکی ڕابیتەی ئافرەتان ڕێکخرابوو، ئەو کەسێکی زۆر جوان بوو، دەموچاوێکی کراوە و کەسێکی ڕووخۆش بوو، دەموچاوی دەبریسکایەوە و حەزت دەکرد سەیری بکەیت، بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی، کێ پرسیاری هەیە؟ نەزیلە دلێمی وتی: نەسرین فەخری. عەبدولکەریم قاسم وتی: وەرە لامەوە. منیش چوومە لایەوە و زۆر لێی نزیک بوومەوە، پێی وتم: چۆنی؟ وتم: بەخوا بارودۆخەکەم بە دڵ نییە. وتی: بۆ بەدڵت نییە؟ وتم: خەریکە جموجووڵ دەست پێ دەکات. وتی: مەترسە، من هەم. وتم: چۆن نەترسم، خۆ مەسەلەکە میللەتێکە، نازانیت لەژێرەوە چۆن فێر دەکرێت. دواتر قسەی زۆرمان کرد و وتی: بۆ دڵنیاکردنت با شتێکت بۆ بگێڕمەوە. وتم: فەرموو. پێی وتم: سەرۆکی ئێراق کێیە؟ وتم: تۆی. وتی: قیتار کێ لێی دەخورێت؟ وتم: شۆفێرەکەی. وتی: من هەموو میللەتەکەم خستووەتە ناو ئەو قیتارەوە و دەیانبەم و دەیانپەڕێنمەوە. وتم: گەورەم تۆ کێ دەپەڕێنیتەوە؟ دز و خراپەکار و کینە لە دڵ و بەدڕەوشتەکانیش لەگەڵ چاکەکان تێکەڵ بوون و تۆ دەیانپەڕێنیتەوە، ئەمە کەی پەڕینەوەی پێ دەڵێن؟ بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم و سوپاسی کردم. وتی: لەم تەمەنەتدا چەند عاقڵ و ژیریت!.

عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ کورد باش بوو، بەڵام کاتێک بارودۆخەکە تێکچوو، بە هۆنراوە هێرشم کردە سەری.

دەکرێت کەمێک لە سیاسەت دوور بکەوینەوە و باسێکی هۆنراوەی کۆمەڵایەتییەکانم بۆ بکەیت؟

د. نەسرین فەخری: بابەتی کۆمەڵایەتی نییە من بە هۆنراوە، یان بە دەق و وتار باسم نەکردبێت.

پڕۆفیسۆر جەلیل کەمالەدین بڕوانامەیەکی لەسەر بابەتێک وەرگرتووە بە ناونیشانی (پەردەلادەرێک لە جیهانی نەسرین فەخریی هۆنراوە و ڕۆشنبیریدا) دەکرێت باسێکی ئەم بابەتەمان بۆ بکەیت؟

د. نەسرین فەخری: ئەو بابەتەی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) لە بەغدا بە زمانی عەرەبی لە دووتوێی 33 لاپەڕەدا نووسی و ناردی بۆ ئێمە، لە ساڵی 2004 لە ژمارە 4ی (گەلاوێژ) بڵاو کرایەوە، لە سەرەتای بابەتەکەیدا ئەم پڕۆفیسۆرە کە بنەماڵەیەکی زۆر بەناوبانگن، دەڵێت: من تەنیا دەتوانم لایەکی بابەتەکانی دکتۆرە نەسرین بگرم، ئەو خاوەنی دەیان و سەدان لایەنی دیکەیە کە بە پەرتووکێک ناتوانی ئەو مافەی بدەیێ، بۆیە ئەم پڕۆفیسۆرە عەرەبە تەنیا لایەنی ڕۆشنبیرییەکەی وەرگرتووە و خۆیشی ئاماژەی بەمە کردووە. ئەو باسی ڕۆڵی من دەکات لە بەهێزکردنی لایەنی ڕۆشنبیری، تەنانەت ئەو وەسفم دەکات لە ڕووی جوانییەوە بە کچێکی پاریسی هەژمارم دەکات.. دواتر ئەو باسی ئەو شۆڕشە دەکات کە لە کۆلێژی پەروەردە لە بەغدا دروستم کرد، کۆڕ و کۆبوونەوەم دانابوو، هەموو 15 ڕۆژێک سیاسەتمەدار و ئەکادیمی و شاعیر و ڕۆشنبیران دەهاتن بە عەرەب و کوردەوە بەشدار دەبوون، قوتابییەکان کە بەتوانا بوون، من خۆم هەڵمدەبژاردن چالاکییان هەبێت. لەبیرمە لە ڕۆژنامەی ئەوکاتەدا لەسەر منیان نووسی و وتیان: وەک ناسراوە ئەو شۆڕشگێڕەیە کە هەر بەردەوام

شۆڕشگێڕە، بوونی خۆی لە ئێستەوە بۆ دوارۆژ جێگیر دەکات و تەحەدای هەموو شتێک دەکات و سەردەکەوێت. عەرەبەکان دەیان وتار و بابەت و پەرتووکیان لەسەر نووسیوم، لەبیرمە لە ڕۆژنامەی (الصباح) دکتۆر نەجاح کوبە کە ئەکادیمییەکی بەناوبانگی زانکۆیە و کەسێکی زۆر ناسراوە لە نەجەف و کەربەلا، بابەتێکی لەسەر نووسیم، تێیدا دەڵێت: د. نەسرین ئەو کەسەیە کە گۆرانیی بۆ کورد و عەرەب و مرۆڤایەتی چڕیوە، زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەران بۆ پەرتووکەکانیان داوایان کردووە من پێشەکییان بۆ بنووسم.
جیا لە بەرهەم و نووسین و پەرتووکەکان، سەربردەت لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی باڵای کوردستاندا هەیە؛ لێرەدا حەز دەکەم باسێکی جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانیم بۆ بکەیت؟
د.نەسرین فەخری: من چەند جارێک لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی دانیشتووم، هەروەها لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە ئیدریس بارزانی دانیشتووم و گفتوگۆمان کردووە. لەبیرم دێت لە بەغدا لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی کۆ بوومەوە، ئەو کاتە بوو کە دەیانویست کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا دابمەزرێ و لە سووچێکی هوتێلەکەدا هەمووان بە ئامادەبوونی دکتۆر مەحموود عوسمان پێکەوە دانیشتین، من داوام لە کاک ئیدریس کرد چاوم بە باوکی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) بکەوێت، ئەویش کاغەزێکی دامێ تا کارئاسانیم بۆ بکرێت و چاوم بەو زاتە گەورەیەی کورد بکەوێت، لە کاغەزەکەدا کاک ئیدریس بارزانی نووسیبووی: (هەڵگری ئەم نامەیە، هەموو ڕێگەیەکی بۆ خۆش بکەن، ئەمە هاوڕێی باوکمە).
دواتر پرسیارێکم لێ کرد و پێم گوت: ئەوە حوکمی زاتییان کردووە بە عوقمی زاتی، باشە ئەگەر ئەمانە هەڵگەڕێنەوە چی دەکەیت؟ وتی: (دڵت هیچ نەکات، لەوێوە سەردەکەوین، ناگەڕێینەوە دواوە)، مەبەستی شاخەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستانە کە بەسەر دوژمنانی کورد سەردەکەون. لە ناوپردان کە بانگ کرام، لەبیرمە 15 کەسایەتیی گەورەی کورد لە بەغدا هەڵبژێردرابوون، ئەو کاتە من قوتابی بووم، تاکە ئافرەت بووم بەتەنیا هەڵبژێردرام بۆ ناوپردان و داوەت کرام، ئەو سەردەمە بە جلوبەرگی کوردی چووم، لەوێ کەپریان بۆ دانابووم، لە خوارەوە دانیشتبووم و گوێم دەگرت، یەکێک هاتە لامەوە و پێی وتم کاکە ئیدریس دەڵێت با بێتە سەرەوە. چوومە سەرەوە و لە تەنیشت خۆیەوە داینام. ئەوان زۆر بەگەورەیی سەیریان دەکردم و ڕێزیان لێ دەگرتم.
من لە دایکمەوە فێری کوردایەتی و خزمەتکردنی هەژاران و وتنی قسەی هەق بووم. باوکیشم ڕۆڵێکی گەورەی لە پێگەیاندنی کەسایەتیی مندا هەبوو.
با کەمێک باسی کارکردنت لە ڕادیۆ بکەین، دەڵێن کاتێک لەوێ بووید، چەندین جار سەردانی بارزانیت کردووە، هەندێک جار لەسەر ئەم هەستە نەتەوەییەت دووچاری کێشەش بوویت؟
د.نەسرین فەخری: بەڵێ ناوبەناو خۆم دەدزییەوە و دەچوومە حزووری بارزانی. مەلا مستەفا کەسایەتییەکی زۆر بەڕێز بوو، ڕێز و حورمەتی گەورەی بۆ ئافرەت هەبوو، تەنانەت کاتێک دەچوومە لای، مەجلیسەکەی بەجێ دەهێشت و لە ژووڕێکی دیکە کە گەورەتربوو، پێشوازیی لێ دەکردم، گفتوگۆ و قسەمان پێکەوە دەکرد و لە ئەحواڵی دەپرسیم و دەیوت (لە ئێزگە چی هەیە)؟ منیش چی هەبوو بۆم دەگێڕایەوە. من ئەو کاتە لە خوێندنەوەی هەواڵەکاندا زۆر بەتوانا بووم و شارەزاییەکی باشم لە قسەکردن و دەنگ و هەواڵ هەبوو، بەتایبەتیی لە تێهەڵکێشی قسەدا. بارزانی ڕێنوێنیی دەکردم و لە سیاسەتدا پێی دەوتم ئاوا و ئاوا بکە. زۆربەی جار بەپێی ڕێنوێنییەکانی بارزانی نووسینەکانم دەنووسی، ئەو زۆرپی لێ نەدەکردم، تەنیا دەیوت دەڵێی چی ئەمەش بنووسیت؟ یان لەسەر ئەم بابەتە باش نییە بنووسی. منیش ئەم هەڵوێستەی بارزانیم زۆر بە دڵ بوو، چونکە حیسابی وردی بۆ کەسایەتیی بەرانبەر دەکرد و خۆی بە گەورەتر لە بەرانبەرەکەی نەدەزانی. لە بیرمە یەکێک لەو بابەتانەی لەگەڵ بارزانی قسەم لەسەر کرد، هێرشکردن بوو لەسەر شای ئێران کە زۆر ستەمی لە نەتەوەی کورد دەکرد. من لە ئێزگە بەرپرسی بەشی کوردی و عەرەبییەکەی بووم، لەگەڵ ئەفسەرانی ئازاد دانرام، کاتێک لە کردنەوەی ئێزگە هەواڵم دەخوێندەوە، بەڕێوەبەرەکە پێی وتم ئەگەر هاتنە سەرمان نەترسی. لە باڵیۆزخانەی ئێرانەوە هاتن و ئیشارەتیان بۆ کردم و وتیان کوا د.نەسرین فەخری، ئەمەیە؟ وتم بەڵێ من

ئەوم. دەستیان کرد بە زەرفێکدا و وتیان ئەمە داوەتنامەیەکە لە شای ئێرانەوە بۆ بەڕێزت هاتووە، شای ئێران سەرەڕای ئەو قسە پێوتن و ڕەخنە و هێرشانەت، موعجیبە بە دەنگ و قسەکانت، داوەتنامەی بۆ ماوەی مانگێک بۆ ناردوویت. منیش سەیری جەماعەتی خۆمان و ئەوانم کرد و پێم وتن مەبینن منداڵم، من سەرم ناخەمە سەر سینیی ئاڵتوون و لەوێ سەرم ببڕن. ئەو کاتە بوو کە بارودۆخی بەغدا تێکچووبوو، مەلابانگدان بوو، هێزی سەربازی هێنرایە سەر بەغدا و هێرشیان کردە سەر ئێزگەکە و وتیان تۆ بە کەیفی خۆت شت دەخوێنیتەوە، ئەوە ناخوێنیتەوە کە پێیان داویت، ئەوان بە مەبەستی گرتنم هاتبوون، جەماعەتی ئێزگە وتیان بۆ دەیگرن؟ ئەو لێرە دانیشتووە و بۆ هیچ شوێنێک ناڕوات. پێشیان وتن لەمەودا ڕێگەم پێ نادەن ئەوە بخوێنمەوە کە دەمەوێت و بەڵێنیان پێ دان تەنیا ئەوە دەخوێنمەوە کە دەینووسنەوە، بەڵام من هەر ئامادە نەبووم بکەومە ژێر ئەو فشار و هەڕەشانەوە.

مامۆستا مەلا عەلیی زمناکۆ و خوسرەو جاف، باسی تۆیان بۆ کردم، یادگاریت لەگەڵیاندا هەیە؟

د. نەسرین فەخری: پێشمەرگەی تێکۆشەر و کوردپەروەر مەلا عەلی زمناکۆم خۆش دەوێت، بەردەوام لە ڕێگەی نامەوە بەسەرم دەکاتەوە و جارێکیش خەڵاتی پێشمەرگەی پێشکەش کردم. شانازیی بەناوی پێشمەرگە و ئەو خەڵاتەوە دەکەم، زۆرم حەز دەکرد ببینم، لەو ڕۆژانە هاتە لام، زۆر خۆشحاڵ بووم، سوپاسی دەکەم و نزای خێر بۆ خۆی و هەموو پێشمەرگەی کوردستان دەکەم.

کاک خەسرەو جاف دەڵێت: (خانمە ئەدیبەکەم، من و تۆ دەبێت بە چی پشوو بکەین کە جەرگی دایکمان کراوە بە چوار پارچەوە).. خەسرەو جاف هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەوەفای من و ئەدیبەکانە، کەسێکی دڵسۆز و کەسایەتییەکی بەرزی هەیە، من لە دائیرە بووم و هیلاک بووم، کەچی ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکردم و هۆنراوەکانی بە تەلەفۆن بۆم دەخوێندەوە و دەیوت: دەبێت گوێبیستی من بیت و ڕاوبۆچوونی تۆ بزانم، من زۆر خاتریم دەوێت، ئەو و بەدرخان و چەندین کەسایەتیی دیکە کە ئێستە بەهۆی نەخۆشییەوە بیرم نایەنەوە، حەز دەکەم پێشەکیی پەرتووکەکەم لەلایەن بەدرخان سندی بنووسرێت. یا کاک خەسرەو شتێک بنووسێت.

هەست دەکەم کارکردنت زیاتر لەگەڵ پیاوان بووە و زۆر بەکەمی سەربردە و باسکردنت لەگەڵ ئافرەتان هەیە؟

د. نەسرین فەخری: من هەر لەگەڵ پیاودا کارم کردووە، ئەو سەردەمە و دواتریش ئافرەتەکان زۆر کەم بوون، جگە لەوەش بەداخەوە زۆر بەکەمی ئافرەت لە من تێدەگەیشتن، بۆیە لەناو لێژنە و کارەکاندا زۆر بە کەمی کارم لەگەڵ ئافرەتان کردووە، دەتوانم بڵێم ئافرەت هەر نەبووە، ئەوەندە کەم بوون لەو کاتەدا، لەبیرمە یەک جار توێژینەوەیەکی دکتۆرا بوو لە زانستی دەروونیدا، دکتۆرەیەکی ئافرەت ئەندام بوو، پێش ئەوەی قسە بکات وتی من پێش ئەوەی قسە بکەم، شانازیم دەکرد لە تەنیشت دکتۆرە نەسریندا دانیشم. من وەک نەسرین مرۆڤم، مەسەلەکە پیاو و ئافرەت نییە، بە فلسێک پیاوێک ناگرم، ئەگەر پیاو بێت و غیرەتی مرۆڤایەتیی تێدا نەبێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هاوڕێم نەبووە، ڕەفیق و هاوڕێم هەبوو دەهاتنە لام و دەچوونە جادرییە، یەکێکیان ناوم لەبیرە شیرین هاشمی بوو، دواتر زانیم کچی خالید هاشمی بوو کە عەمیدی کۆلێژ بوو، ئەو سەردەمەی قوتابی بووم، هەشت مانگ چوومە دەرەوەی وڵات، کە گەڕامەوە حەشریان پێ کردم، نووسیبوویان نابێت دامەزرێتەوە، ئەو دەمە بوو کە لەلایەن ئەمنەوە داوام دەکرا، بەڵام من کۆڵم نەدا و هەر هەوڵم دا، کاتێک لە بەردەرگەی عەمید کردمە دەنگەدەنگ، بانگی کردم و منی لەگەڵ خۆیدا بردە هۆڵەکە و وتی: کێ موستەحەقە لەسەر مێزی زانکۆ دانیشێت لە غەیری ئەم کچە ناوداراە زانایە؟

ئەم ئازار و مەینەتییانە چییان فێر کردی؟

د. نەسرین فەخری: ڕاستە ئازار و مەینەتیی زۆرم بینیوە، ڕۆژ هەبووە چوومەتە ژوورەوە و دەرگە و پەنجەرە و پەردەم لەسەرخۆم داخستووە تا ئەمن نەیەت و دەستگیرم نەکەن. شەو هەبووە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتووە. بیرم دێت نەخۆش بووم و ئینزیلاقی بڕبڕەی پشتم هەبووە، جەماعەتی بەعس هاتنە سەرم، پێم وتن چیتان دەوێت من لەسەر مردنم، نووسینەکانیمان بینی، وتیان نیوەی نەخۆشییەکەت ئەو هەموو

نووسینەیە کە کەس نییە چاپی بکات و لەسەر ئەو ڕەفەی مەکتەبەکە کەڵەکە بووە، ئێمە ئامادەین هەموو دوو مانگ جارێک پەرتووکێکت بۆ چاپ بکەین، تەنیا وەرە لەگەڵمان کار بکە. پێم وتن ئێوە سەیری کوێ دەکەن؟ وتیان سەیری تۆ دەکەین کە لە جێگەدا نەخۆشیت. وتم ئەی من سەیری کوێ دەکەم؟ وتیان سەیری سەرەوە دەکەیت. وتم واتا لە خوا زیاتر سەر بۆ کەس دانانەوێنم. ئەگەر من لەگەڵ بەعس بوومایە، ئەو سەردەمە زیاتر لە 20 پەرتووکیان بۆ چاپ دەکردم، هەر ڕازی نەبووم بچمە لای بەعسییەکان، تا کوردەکان کێشەیەکیان بۆ نامەوە و منیان دایە دادگەی شۆڕشی بەغدا. وتیان ناجوولێیت، بیجوولێنین دەمرێت. وتیان بە قەرەوێلەوە بیبەنە دادگە، خەڵکێکی زۆر هاتنە وەڵام و وتیان پەنجەیەک لە دکتۆر نەسرین نادەن. بەو شێوەیە ڕزگارم بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 26-11-2019

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-11-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2019-12-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 26-11-2019
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 436
داستانی هەندرێن.. ئەو شەڕەی پێشمەرگە غرووری سەرکردایەتی و سوپای ڕژێمی ئێراق تێدا شکاند
20250709112815644879=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسین: زانیار سەردار قڕگەیی

ڕژێمی بەعسی ئێراق، بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد، پەنای بردووەتە بەر شەڕ و هەڕەشە و پەلاماردان، لەباتیی زمانی لۆژیک و دانووستاندن و پەنابردنە بەر گفتوگۆ، بژارەی زمانی هەڕەشە و شەڕ و هێرشکردنی هەڵبژاردبوو، بۆیە نەتەوەی کوردیش لە دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە، پەنای بردووەتە بەر چەک بۆ بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەڕین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی و پاراستنی گەلە بەشمەینەتەکەی.
لەم باسەماندا، یەکێک لەو داستان و نەبەردییانەی شۆڕشی ئەیلوول دەخەینە ڕوو، کە هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، داستانی هەندرێنی کردە هەوێنی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان و وەک دەگوترا تۆڵەی شەهیدانی سلێمانییان کردەوە و وانەیەکی کەمەرشێنیان دایە سوپا زەبەلاحەکەی ئێراق، کە چیتر نەتوانن لە بەردەم هێزی پێشمەرگەدا خۆیان ڕابگرن.
ڕۆژی 12-05-1966، پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی بارزانی، توانییان شکست بە پیلانێکی مەترسیداری دوژمن لە باشووری کوردستان بهێنن و داستانێکی بێ وێنە و سەرکەوتنێکی مەزن بە ناوی (داستانی هەندرێن) تۆمار بکەن، کە لە مێژووی شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، داستانەکە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت.
ئەو داستانە لە چیای هەندرێن، بە بەشداریی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی تۆمار کرا و توانییان هێرشی سەربازیی پڕ چەک و مەشقپێکراوی ئێراق تێکبشکێنن و خەونی لەنێوبردنی شۆڕشی باشووری کوردستان پووچەڵ بکەنەوە. سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو شەڕەدا، وڵاتانی ناوچەکەی تووشی سەرسوڕمان کرد و دەسەڵاتدارانی ئێراقیشی ناچار بە دانووستاندن کرد.
بۆ کپکردنی شۆڕشی کوردستان، ڕژێمی ئێراق لە شەوی 2 لەسەر 03-05-1966، بە هێزێکی زەبەلاح، کە پێکهاتبوو لە سەربازی پڕچەک و بە پاڵپشتیی فڕۆکەی شەڕکەر، لە چیای هەندرێن هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوای 10 ڕۆژ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە دژەهێرشێکدا و لە ماوەیەکی کورتدا، پێشمەرگە توانیی ئەو هێزە زۆرەی ئێراق تێکبشکێنێت و سەرکەوتنی گەورە بەسەر هێرشی فراوانیدا ڕابگەیەنێت. بەمەش گەورەترین سەرکەوتن بۆ شۆڕش و مێژووی گەلی کورد تۆمار کرا، کە ڕژێمی ئێراق ناچار کرد ڕێککەوتننامەی 29ی حوزەیرانی هەمان ساڵ ئیمزا بکات، وێڕای کوشتن و بەدیلگرتنی سەدان سەرباز و دەستکەوتی ئێگجار زۆری کەرەستەی سەربازی. کە سوپای داگیرکەری ئێراق لە شەڕەکە دووچاری شکستێکی گەورە دەبێت.
ئەو داستانە بەهۆی لێهاتوویی فەرماندەکان و وریەبەرزی و خۆڕاگریی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و شیوعی تۆمار کرا، کە لە ساتەوەختی شۆڕشی ئەیلوودا و لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەردا، گەورەترین حەماسەت دەخوڵقێت، کە تاکوو ئەم سەردەمەش هەر شانازیی پێوە دەکرێت.

ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگە لەو سات و کاتەدا، هیوا و ئومێدی گەورەی بە گەلی کوردستان بەخشی و نووسەران و شاعیرانی کوردیش بە هۆنراوە و نووسین پاڵپشتی و پشتیوانیی خۆیان دەردەبڕی و هۆنراوەیان بۆ پێشمەرگە نووسیوە. بەتایبەت یەکێکی وەک شاعیر و ڕووناکبیری سلێمانی، (عەبدولڕەحمان بەگی بابان)، ناتوانێت لە ئاست ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پێشمەرگە بێدەنگ بێت، هەم لە تووڕەیی هێرشی دوژمن و هەم

لە سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگەی کوردستاندا، هەست و سۆزێکی کوردپەروەریی لە ناخیدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بە هۆنراوەیەک، خۆشحاڵی و خۆشەویستیی بۆ کوردستان و پێشمەرگە و بارزانی دەردەبڕێت و هەڵسەنگاندنێکی سەنگین و بەرز و جوانی لە ڕووی مێژووی ژیانی سیاسیی ڕابردوو و ئەو کاتیان بۆ دەکات. لە هەمان کاتدا، ئەو داستانە بە تۆڵەی کارەساتی 9ی حوزەیرانی شاری سلێمانی دەناسێنێ، کە ڕژێم لە ڕابردوودا ستەم و ستەم و کۆشتارگەیەکی زۆری دەرهەق بە خەڵکی کوردپەروەری سلێمانی کردبوو. شاعیر پێوایە، تۆڵەی جەماوەری سلێمانی لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی بارزانی کرایەوە.

مەحمود ئەحمەد، دەڵێت: نیسانی 1966 سەردەمێکی ئاسایی نەبوو، چاوەڕوانی هێرشێکی قورسی ڕژێمی بەغدا دەکرا بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەوروبەری بنکە و بارەگای بارزانی بۆ ئەو پەلاماردانە دەستنیشان کرابوون، حکوومەتی ئێراقیش پەیتاپەیتا هێزی پیادە و زرێپۆش و تۆپخانەی ڕەوانەی ناوچەی ڕواندز و دیانا دەکرد و خۆی بۆ شەڕ و هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی ساز دەدا، لە زۆربەی شوێنە ستراتیژییەکاندا هێزی ڕژێم لەنگەری گرتبوو و سەنگەری لێ دابوو، نیازی پیس و خەیاڵپڵاوی سەریەک دەنا.
دەزگا ڕاگەیاندنەکانیشی خستبوونە گەڕ، بۆ درۆهەڵبەستن و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ناڕاست، تەنانەت پڕوپاگەندەکانی ڕژێم ئەوەندە کاریگەر بوون، زۆر لە خەڵکی و لە دوژمنان و ناحەزانیش چاوەڕوانی ئەوە بوون، ئەمڕۆ نا سبەی شۆڕشی کورد لەبەین دەچێت و بارزانی و پێشمەرگەکانی بە دەستگیر کراوی! لە بەغدا پیشان دەدرێن. هەر بەهۆی ئەو پڕوپاگەندەوە، زۆر لە کوردانی نیشتەجێبووی ناوەڕاست و باشووری ئێراق تووشی نەخۆشیی دەرووی بووبوون، نائومێدی خانووی دڵیانی هاخنیبوو، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهانیش هەموو ڕۆژێ دەنگ و سەدای دەهۆڵە شکاوەکەی بەغدایان لێ دەدایەوە.
لەملاشەوە، پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەرکردایەتیی بارزانی، خۆیان بۆ بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی میللەتی کورد و خاکی کوردستان ئامادە کردبوو، بۆ شەڕی مان و نەمان خۆی ساز دەدا، هەرچی هەوڵیش درا بۆ ئەوەی ئەو شەڕە نەقەومێ، بەڵام بێ کەڵک بوو!"
وەک مەحمود ئەحمەد، ئاماژەی پێدەکات: لەو کاتەدا، دەنگوسەدای ئەم فەتحە مومتازە، بزەی خستە سەر لێوی کوردان و جارێکی دیکە ئاوی ژینی کردەوە ناو جەستەیان و سەرلەنوێ هیوای سەرکەوتن و نەبەزینی پێشمەرگە و بارزانی بە جیهاندا ڕاگەیاندەوە. خۆشی و شادیی خستە ناو دڵانەوە و لە زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا بوو بە زەمزەمە و شایی، ئەوە بوو، کە ئەم تێکشکاندنەی سوپا زەبەلاحەکەی حکوومەتی ئێراق لە دنیادا دەنگی دایەوە و جیهانی ئەو ڕۆژگارەی هەژاند و سەرلەنوێ ئازایەتی و مەردایەتیی پێشمەرگەکانی بارزانیی بە جیهاندا بڵاو کردەوە. جارێکی دیکە بارزانی سەلماندی و چەسپاندی، کە ڕۆڵەکانی نەبەرد و چاپووکن و پێشمەرگە شێری مەیدانن، گیانیان دەبەخشنە خاکی پیرۆزی کوردستان. تەنانەت خەڵکی دەیوت: ئەمە تۆڵەی خوێنی بەناهەق ڕژێنراوی کارەساتی 9ی حوزەیرانی 1963ی شاری سلێمانی و شەهیدەکانییەتی، زیندەبەچاڵکردنی ئەو هەموو ڕۆڵە بێتاوانانەی سلێمانییە. هەروەها دەگوترا، بارزانی یەک بە هەزار تۆڵەی سەندن.
هەموشمان ئەوە دەزانین، کە سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی هەندرێندا و تێکشکاندنی سوپای ئێراق بەو شێوە بەرفراوانە، دەنگ و سەدایەکی کاریگەری هەبوو لە جیهان و لەسەر ئاستی ناوەوەش، وەی دوژمنی وا ڕووخاند، ناچار بوو تکای ئاگربەست و وتووێژی لە شۆڕش و لە مستەفا بارزانی کرد.
هەروەها سەرۆک مەسعود بارزانی، لە باسی سەرکەوتنی ئەم داستانەدا دەنووسێت: ڕۆژی 12-05-1966 لە داستانێکی کەموێنە، بە دروشمی کوردستان یان نەمان، هێزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، گورزێکی بەهێزیان لە سوپای ئەو کاتەی ڕژێمی ئێراق دا. لەو داستانەدا هێزی باڵەک ڕۆڵێکی کارایان بینی، هەروەها بە فەرمانی بارزانیی نەمر، ڕابەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، شەهیدی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، ڕۆڵی گیانفیدایی گێڕا و سەرکردایەتیی شەڕەکانی (هەندرێن و زۆزک)ی کرد. بۆ دوژمن سەلما، کە

پێشمەرگە هەمیشە دەتوانێت بەرگری لە خاکی کوردستان بکات. لە 12ی ئایاری 1966دا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی پرشنگداری بەسەر هێزی پڕچەکی زەمینی و ئاسمانیی دوژمن لە حەوزی ڕواندز تۆمار کرد. ئەو هێزەی، کە بۆ لەناوبردنی سەرکردایەتیی شۆڕش پەلاماری ناوچەکەی دابوو، لە شەڕێکی دە ڕۆژەدا لە چیای هەندرێن و زۆزک و کۆڕەک و گەرووی هۆمەرئاغا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشدارپی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەیەکەوە، داستانێکی قارەمانانەیان تۆمار کرد و هێزی دوژمنیان لەبەریەک هەڵوەشاند.

عەبدولڕەحمان بەگی بابان، لە سلێمانییەوە هۆنراوە بۆ ئەو داستانە دەهۆنێتەوە
عەبدولڕەحمان بەگی بابان، گەلێ هۆنراوەی بۆ داستانەکانی بارزانی و پێشمەرگەکانی نووسیوە و زۆریش بە کەسایەتیی بارزانی سەرسام بووە. ئەم شاعیرە داستانی هەندرێنی بەم پارچە هۆنراوەیە تۆمار کردووە:

شەڕی هەندرێن
لەبەرچی تۆم خۆشئەوێت ئەی نیشتمان: تۆ خاک و خۆڵێکی
کەژ و کێوی چیا زۆر بەرز و هۆزان و شیو و دۆڵێکی
لە ناوچەی شەرقی ناوەندا بە تەنها تۆ کڵۆڵێکی
عەدو وا تێئەگا ئێستا بەشی زلڵە و چەپۆڵێکی
لە مێژوو لائەدا دوژمن وە یا عەمدەن لەبیری چوو!
کە بۆ میسرِ و یەمەن لەم خاکەوە والی و ئەمیری چوو!
کەژ و کێو و دەر و شیوت کە کوردستان مەشهوورە
بە مێژوو نابێتە یانەی پڵنگانی ڕق ئەستوورە
وەلیعەهدی کە یانە لێدەری شاهانەی ئاشوورە
بۆ فەخر و ناوی من ئەی نیشتمان شۆرەتت بەسمە
کە شیو و دۆڵەکانت مەقبەرەی سەد دوژمن و خەسمە
لە شەرق (بەڵخ)ەوە تا قاهیرە تاق و ڕەواقت بوو
عەرەب ناوی نەبوو تۆ سوریە و خاکی ئێراقت هەبوو
لەگەڵ ڕۆما دەمی سوڵح و دەمی جەنگ و شیقاقت بوو
لە هیند و تورکەوە خاوەنی جیهانداری مەراقت بوو
کەچی ئێستا معێدی بۆق و کیسەڵ خۆر و پێ خاوس
خەریکی هەڵمەتن بۆ شاخەکانی شاهی کەیکاوس
لەسەر ئەم ئەمرە بوو حەسلەی دلێر و شێری بارزانی
لە جەیش و عەسکەری عارەب سێ لیوای کرد بە قوربانی
هەرچی چەک و تۆپی بوو کەوتە ژێر دەستت بەئاسانی
هەزاران ئافەرین بۆ تۆ سەندتەوە تۆڵەی سلێمانی
ئیتر هێزی نەما جەیشی معێدی بۆ شەڕی تازە
گەیشتە شەرق و غەرب دەنگ و سەدای ئەم فەتحە مومتازە
جەلالی کوردی ساسانی ئەگەر تۆ نایەتە بیرت
لە تەئریخی دەرێنە قارەمانیی باوک و باپیرت
لە میراتی ئەوان زوو ڕاپەڕە بۆ خەنجەر و شیرت
لەبندا بیبڕە کەللەی معێدی کۆنە نێچیرت
لەبیری چوو معێدی دەرسی (زولئەکتاف)ی ساسانی

ئەوا دەرسێکی تازەی دا ئەدا ئوستادی بارزانی
لەسەر کورسی لە شۆڕش دایە عارەب هەر لە ناوخۆدا
لە ترسی تۆیش هەمیشە وا لە گریان و ڕۆڕۆدا
کەچی نیازی وەهایە قەومی کوردی تۆ لە باکوردا
معێدی پێپەتی دانێ لە جێگە و مەسکەنی تۆدا
ئەوی چاوی لەجێی تۆیە وەهای لێدە بەبێ ئامان
لەترسی زەبری تۆ ڕاکاتەوە بۆ ئوردن و عەممان!
لەسەر دین بەسەر تۆدا کە بۆ دەفعی سەڵیب هاتم
حەق من چۆن ئەخۆی عالەم ئەزانێ کۆنە ئاغاتم
لە ڕەغمی تۆ ئەبێ بیهێنمە دی ئامال و ئاواتم
ئێراقت هی منە تەئریخی قەومی خۆتە ئیسپاتم
جنووبت کورد و فورسە نەفی بەغدا شاری ئەقوامە
سنووری تۆ کوێتە تا جنووبی خوتەیی شامە!
لە نۆسەد تێپەڕی ساڵ و شەست و شەش لە نیسانا
سەرۆک و پێشەوای گەورە پلان و سەرخەتی دانا
سلێمانی: دەمێکە وا لە گریان و لە ئەفغانا
ئەبێ تۆڵەی بسێنن یەک بە سەد ئیمڕۆ لە مەیدانا
ئەوا هاتۆتە شاخی هەندرێن عەسکەری زۆری
وەهای لێ دەن: کە ئەو شاخە ببێتە مەقبەرە و گۆڕی![1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 12-05-2025

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2025-05-12 رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا) کوردیی ناوەڕاست

یادی 53 ساڵەی داستانی هندرێن کرایەوە کورتەباس کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com - 12-05-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 437

داستانی هەندرێن... لە پەلاماری دوژمنەوە بۆ دانوستاندن و مل دانە بەر داوای شۆڕشی کورد

20250817143326651390=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: داستانی هەندرێن... لە پەلاماری دوژمنەوە بۆ دانووستاندن و مل دانە بەر داوای شۆڕشی کورد

ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

ڕژێمی ئێراق لە پێناو سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد، هەمیشە پەنای بردووەتە بەر شەڕ و هەڕەشە و پەلاماردان، لەباتی زمانی لۆژیک و دانووستاندن و پەنابردنەبەر گفتوگۆ، بژاردەی زمانی هەڕەشە و شەڕ و هێرشکردنی هەڵبژاردووە، بۆیە نەتەوەی کوردیش لە دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە، بەناچاری پەنای بردووەتە بەر بەرگریکردن و شۆڕش و ڕاپەڕین، لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، بەناچاری دەستی داوەتە چەک، بۆ بەرگریکردن و پاراستنی گەلە بەشمەینەتەکەی. لەم باسەماندا، یەکێک لەو داستانە نەبەردییانەی شۆڕشی ئەیلوول دەخەینە ڕوو کە هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر داستانی هەندرێنی کردە هەوێنی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان و وەک دەگوترا تۆڵەی شەهیدانی سلێمانییان کردەوە و وانەیەکی کەمەرشێنیان دایە سوپا زەبەلاحەکەی ئێراق کە چیتر نەتوانن لە بەردەم ئوستووڕەی پێشمەرگەدا خۆیان ڕابگرن، لەو سەروەختەشدا ڕژێمیان ناچار کرد پەنا بباتە بەر گفتوگۆکردن.

پێشکەوتنە بەربڵاوە گەورەکەی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەستی پێ کردووە و سوپا چیای هەندرێنی گرتووە سەرۆک مەسعود بارزانی، لە پەرتووکی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی سێیەم - بەشی یەکەم دەنووسێت: سبەینێی 2ی ئایار بروسکەیەک لە هێزی باڵەکەوە هات وای دەگەیاند کەوا پێشکەوتنە بەربڵاوە گەورەکەی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەستی پێ کردووە و سوپا چیای هەندرێنی گرتووە و پشێوی کەوتووەتەوە و کاری داکۆکی کەلێنی زۆری تێ کەوتووە. بارزانی هەر کە لەم بروسکە ئاگادارببوو فەرمانی بۆ ئیدریسی برام دەرکرد گورج بەرەو بەرەی شەڕ بکەوێتە ڕێ و دۆخەکە بەسەر بکاتەوە و لە ڕاستەقینەی دۆخەکەی ئاگادار بکات و، فەرمانێکی یەکجارەکیشی بۆ سەرکردەکانی بەرەی شەڕ دایێ کە دەبێت بە هەر نرخێ بووە نەهێڵن دوژمن هیچ پێشکەوتنێکی تر و دەست بهێنێت.

هەروەها لە درێژەی نووسینەکەیدا سەرۆک دەڵێت: بەگەیشتنی ئیدریس بۆ بەرەی شەڕ کۆبوونەوەیەک بۆ هەموو سەرکردەکان سازکرا و بڕیارێک وەرگیرا کە هەرچەندی قوربانیدانی بوێت دەبێت پێشکەوتنی دوژمن ڕاوەستێنرێت.

کۆبووەوەکان بروسکەیەکیان بۆ بارزانی لێ دا پەیمانیان تێدا دایێ کە خۆیان ڕادەگرن و سوورن دوژمن ببەزێنن و هەوڵ و تەقەڵاکانی بەهیچ دەرکەن و وتیان ئێمە ئەرکی ئەوەت نادەینە بەر بۆ خۆت تەشریف بهێنی و، بۆ خۆمان کارەکە ڕادەپەڕێنین. ئەرکی هەرە گەورە لە داکۆکیکردن لە هەندرێن لە ئەستۆی یەکە لەشکرییەکانی حزبی شیووعیدا بوو. هەستیان دەکرد بەرپرسییەکی چەند گرانیان لە ئەستۆدایە و چەردەیەکیش شەرمەزاربوون، چونکە ئەو کارەیان بە هەڵوێستێک دادەنا کە لێپرسینەوەی دەروونی لە دوایە، لەبەر ئەوە زۆر تامەزرۆی ئەوەبوون بچنە شەڕێکی ژیان و مردنەوە بۆ داشۆردنی ئەوەی بەسستی و کەمتەرخەمییان دەزانی لە خۆیاندا و، پێشمەرگەکانی تریش لەم هەستەدا هاوبەش و هاوبیریان بوون و، پەیمانیان لەگەڵ خۆیان کردبوو نەهێڵن دوژمن بستێ چییە پێش بکەوێ. چیا بەهۆی بۆمبارانی بۆمبای سووتێنەک و ناپاڵمەوە بوو بەیەک پارچە ئاگری هەڵایساو. تەقینەوەی گوللە تۆپیش چیاکەی بەپانی و بە درێژی گرتبووە و بەڕاستی ئەو نرخەی دەدرا گەلێ گران بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوپا و جاشانیش دەرسێکیان درا هەرگیزاوهەرگیز لەبیر نەکەن. شکست بە پیلانێکی مەترسیداری دوژمن دژ لە باشووری کوردستان

ڕۆژی 12-05-1966 پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، توانییان شکست بە پیلانێکی مەترسیداری دوژمن دژ لە باشووری کوردستان بهێنن و داستانێکی بێ وێنە و سەرکەوتنێکی مەزن بەناوی (داستانی هەندرێن) تۆمار بکەن، کە لە مێژووی شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا داستانەکە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت.
ئەو داستانە لە چیای هەندرێن، بە بەشداریی 150 پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی تۆمار کرا و توانییان هێرشی پێنج هەزار سەربازی پڕ چەک و مەشقپێکراوی ئەوسای ئێراق، بە خوێنی سێ پێشمەرگە تێکبشکێنن و خەونی لەنێوبردنی شۆڕشی باشووری کوردستان لەنێو ببەن.
ئەو داستانە بە خوێنی سێ ڕۆڵەی کوردستان بە ناوەکانی (خدر عەبدوڵڵا بەگ دەرگەڵەیی، سالّح مام ئەلیاس ڕواندزی، عەریف یوونس) تۆمار کرا.
سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو شەڕەدا، وڵاتانی ناوچەکەی تووشی سەرسوڕمان کرد و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێراقیشی ناچار بە دانووستاندن کرد. بۆ کپکردنی شۆڕشی باشووری کوردستان، ڕژێمی ئێراق لە شەوی 2 لەسەر 03-05-1966، بە هێزێکی زەبەلاح کە پێکهاتبوو لە پێنج هەزار سەربازی پڕچەک و بە پاڵپشتیی فڕۆکەی شەڕکەر، لە چیای هەندرێن هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوای 10 ڕۆژ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە دژەهێرشێکدا و لە ماوەیەکی کورتدا، پێشمەرگە توانی ئەو هێزە زۆرەی ئێراق تێکبشکێنێت و سەرکەوتنی گەورە بەسەر هێرشی فراوانی بەعس ڕابگەیەنێت. بەمەش گەورەترین سەرکەوتن بۆ شۆڕش و مێژووی گەلی کورد تۆمار کرا، کە ڕژێمی ئێراق ناچار کرد ڕێککەوتنامەی 29ی حوزەیرانی هەمان ساڵ ئیمزا بکات، هەروەها لەو داستانە بەرگرییەدا، لیوایەک و فەوجێکی ڕژێم بە یەکجاری لەناوچوون و دوو لیوای دیکەش هەڵوەشاندنەوە، وێڕای کوشتن و بەدیلگرتنی سەدان سەرباز و دەستکەوتی هێجگار زۆری کەرەستەی سەربازی، پێشمەرگەکان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دیلەکان دەکرد.
لەو شەڕەدا، سوپای داگیرکەری ئێراق دووچاری شکستێکی گەورە دەبێت، ئەو داستانە بەهۆی لێهاتوویی فەرماندەکان و وریابەرزی و خۆڕاگریی پێشمەرگە قارەمانەکان تۆمار کرا، کە لە ساتەوەختی شۆڕشی ئەیلوولدا و لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەر گەورەترین حەماسەت دەخوڵقێت، کە تاکوو ئەم سەردەمەش هەر شانازیی پێوە دەکرێت. ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگە لەو سات و کاتەدا، هیوا و ئومێدی گەورەی بە گەلی کوردستان بەخشی و نووسەران و شاعیرانی کوردیش بە هۆنراوە و نووسین پاڵپشتی و پشتیوانیی خۆیان دەردەبڕی و هۆنراوەیان بۆ پێشمەرگە نووسیوە. بەتایبەت یەکێکی وەک شاعیر و ڕووناکبیری بەئەزموونی سلێمانی، بەناوی ((عەبدولڕەحمان بەگی بابان)) ناتوانێت لەئاست ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پێشمەرگە بێ دەنگ بێت، هەم لە تووڕەیی هێرشی دوژمن و هەم لە سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگەی کوردستاندا، هەست و سۆزێکی کوردپەروەری لە ناخیدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بە هۆنراوەیەکی بەرز و سەنگین، خۆشحاڵی و خۆشەویستی بۆ کوردستان و پێشمەرگە و بارزانی دەردەبڕێت و هەڵسەنگاندنێکی سەنگین و بەرز و جوانی لە ڕووی مێژووی ژیانی سیاسیی ڕابردوو و ئەوکاتیان بۆ دەکات و ئەو داستانە بەرز دەنرخێنێت و ستایشێکی زۆری پێشمەرگە و مستەفا بارزانی دەکات. لە هەمان کاتدا، ئەو داستانە بە تۆڵەی کارەساتی 9ی حوزەیرانی شاری سلێمانی دەناسێنێ، کە ڕژێم لە ڕابردوودا ستەم و ستەم و کۆشتارگەیەکی زۆری دەرهەق بە خەڵکی کوردپەروەری سلێمانی کردبوو. شاعیر پێی وایە، تۆڵەی جەماوەری سلێمانی لەسەر دەستی پێشمەرگەی بارزانیدا کرایەوە.
لە ساڵیادی ئەو داستانەدا و لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (1643)، ڕۆژی پێنجشەممە 14-05-1992دا، مەحموود ئەحمەد محەمەد، وتارێک بەناوی (شەڕی هەندرێن و هۆنراوەیەکی بلاونەکراوەی ئەوڕەحمان بەگی بابان)، بەم شێوەیە بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێت:
”مانگی نیسانی 1966 بەنیسبەت گەلی کوردەوە سەردەمێکی ئاسایی نەبوو، چاوەڕوانی هێرشێکی قورسی ڕژێمی بەغدا دەکرا بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان، دەوروبەری بنکە و بارەگای بارزانیی نەمریش بۆ ئەو پەلاماردانە

دەستنیشان کرابوو، حکوومەتی ئەوسای ئێراقیش پەیتاپەیتا هێزی پیادە و زرپێوش و تۆپخانەی ڕەوانەی ناوچەی ڕواندز و دیانا دەکرد و خۆی بۆ شەڕ و هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی ساز دەدا، لە زۆربەی شوێنە ستراتیژییەکاندا هێزی ڕژێم لەنگەری گرتبوو و سەنگەری لێ دابوو، نیازی پیس و خەیاڵپڵاوی سەریەک دەنا. دەزگا ئیعلامییەکانیشی خستبوونە گەڕ و هەموو سات و کاتی لە کاردا بوو بۆ درۆ هەڵبەستن و پڕوپاگەندەی ناڕاست بڵاوکردنەوە، تەنانەت پڕوپاگەندەکانی ڕژێم لەو ساتەدا ئەوەندە کاریگەر بوون، زۆر لە خەڵکی و لە دوژمنان و ناحەزانیش چاوەڕوانی ئەوە بوون، ئەمڕۆنا سبەی شۆڕشی کورد لەبەین دەچێت و بارزانی و پێشمەرگەکانی بە دەستگیر کراوی لە بەغدا پیشان دەدرێن. هەر بەهۆی ئەو پڕوپاگەندەوە، زۆربەی کوردە دانیشتووەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوون، نائومێدی خانووی دڵیانی هاخنی بوو، دەزگا ئیعلامییەکانی جیهانیش هەموو ڕۆژێ دەنگ و سەدای دەهۆڵە شکاوەکەی بەغدایان لێ دەدایەوە.

لەملاشەوە، پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر، خۆی بۆ بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی میللەتی کورد و خاکی کوردستان ئامادە کردبوو، بۆ شەڕی مان و نەمان خۆی ساز دەدا، هەرچی هەوڵیش درا بۆ ئەوەی ئەو شەڕە نەقەومێ، بەڵام بێ کەڵک بوو.!

ئەوەبوو شەڕی بەناوبانگی هەندرێن لە 2لەسەر 3-05-1966 ڕووی دا و پاش 10 ڕۆژ شەڕ و هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە، هێزی پڕچەک و تەیارکراو و چەندین فڕۆکە و دەیان تانک و چەکی جۆراوجۆری سوپای زەبەلاحی دوژمن، زۆر بە خراپی تێکشکا و زیانێکی گەورەی لێ کەوت، سوپای داگیرکەر چۆکی دادا و پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کرد، سێ لیوای سەربازی بە چەندین جۆر چەک و تەقەمەنییەوە تار و مار کران و کەوتنە دەستی پێشمەرگەی کوردستان، خەون و خەیاڵپڵاویی جەنەرالەکانی بەغدا پووچەڵ بوونەوە، بەڵام ئەوە خەونێکی نەزۆکی دوژمنان بوو کە هەرگیز نەدەهاتە دی.

وەک مامۆستا مەحموود ئەحمەد ئاماژەی پێ دەکات: هەر لەو کاتەدا، دەنگوسەدای ئەم فەتحە مومتازە، بزەی خستە سەر لێوی کوردان و جارێکی دیکە ئاوی ژینی کردەوە ناو جەستەیان و سەرلەنوێ هیوای سەرکەوتن و نەبەزینی پێشمەرگە و بارزانی بەجیهاندا ڕاگەیاندەوە.

خۆشی و شادی خستە ناو دڵانەوە و لە زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا بوو بە زەمزە و شایی!! ئەوە بوو کە لە دنیادا ئەم تێکشکاندنەی سوپا زەبەلاحەکەی حکوومەتی ئێراق دەنگی دایەوە و جیهانی ئەو ڕۆژگارەی هەژاند و سەرلەنوێ ئازایەتی و مەردایەتیی پێشمەرگەکانی بارزانی بەجیهاندا بڵاو کردەوە. جارێکی دیکە بارزانی سەلماندی و چەسپاندی کە ڕۆڵەکانی نەبەرد و چاپووکن و پێشمەرگە شێرەی مەیدانن، گیانیان دەبەخشنە خاکی پیرۆزی کوردستان. تەنانەت خەڵکی دەیوت: ئەمە تۆڵەی خوێنی بەناهەق ڕژاوی کارەساتی 9ی حوزەیرانی 1963ی شاری سلێمانی و شەهیدەکانییەتی، زیندەبەچاڵکردنی ئەو هەموو ڕۆڵە بێ تاوانانەی سلێمانییە.

هەروەها دەگوترا، بارزانی یەک بە هەزار تۆڵەی سەندن.

هەمووشمان ئەوە دەزانین، کە سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی هەندرێندا و تێکشکاندنی سوپای ئێراق بەوشێوە بەرفراوانە، دەنگ و سەدایەکی کاریگەریی هەبوو لە جیهان و لەسەر ئاستی ناوەوەش، وەرەی دوژمنی وا ڕووخاند، ناچار بوو تکای ئاگربەست و وتووێژی لە شۆڕش و لە مستەفا بارزانی کرد.

بڕووسکەی مستەفا بارزانی بۆ پێشمەرگەکانی داستانی هەندرێن

لە مستەفا بارزانییەوە بۆ هێزی باڵەک، بۆ مەکتەبی تەنفیزی، بۆ هەموو بنکەکان:

سوپاسی هەوڵەکانتان دەکەین ئەی قارەمانی کوردستان لە چیای هەندرێن، و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە قارەمانەتان لێ دەکەین، لە بەرگریکردن لە خاکی پاکی کوردستان. گەلی کورد ئیعتیزاز و شانازی بە ئێوە دەکات و لە خودا داوا دەکەم یارمەتیمان بدات، بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکیی ئێوە بەسەر دوژمنە ستەمکارەکانی گەلی کورد.

هەروەها سەرۆک مەسعود بارزانی لە باسی سەرکەوتنی ئەم داستانەدا دەنووسێت:

ڕۆژی 12-05-1966 لە داستانێکی کەموێنە، بە دڕووشمی کوردستان یان نەمان، هێزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گورزێکی بەهێزیان لە سوپای ئەو کاتەی ڕژێمی ئێراق دا. لەو داستانەدا هێزی باڵەک ڕۆڵێکی کارایان بینی، هەروەها بە فەرمانی بارزانیی نەمر ڕابەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، ڕۆڵی گیانفیدایی گێڕا و سەرکردایەتیی شەڕەکانی (هەندرێن و زۆزک)ی کرد. بۆ دوژمن ئیسپات بوو کە پێشمەرگە هەمیشە دەتوانێت بەرگری لە خاکی کوردستان بکات. لە 12ی ئایاری 1966 دا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی پرشنگداری بەسەر هێزی پڕچەکی زەمینی و ئاسمانیی دوژمن لە حەوزی ڕواندز تۆمار کرد. ئەو هێزەی کە بۆ لەناوبردنی سەرکردایەتیی شۆڕش پەلاماری ناوچەکەی دابوو، لە شەڕێکی دە ڕۆژەدا لە چیای هەندرێن و زۆزک و کۆڕەک و گەرووی هۆمەرئاغا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەیەکەوە، داستانێکی قارەمانانەیان تۆمار کرد و هێزی دوژمنیان لەبەریەک هەڵوەشاند.

عەبدولڕەحمان بەگی بابان لە سلێمانییەوە هۆنراوە بۆ ئەو داستانە دەهۆنێتەوە

(مەحموود ئەحمەد)ی نووسەر دەڵێت:عەبدولڕەحمان بەگی بابانیش لە دونیا دەرچووی ساڵی 1968، شاعیرێکی نوێخواز و نیشتمانپەروەر بووە، گەڵێ هۆنراوەی بۆ داستانەکانی بارزانی و پێشمەرگەکانی بارزانی و کەسایەتیی مستەفا بارزانی نووسیوە و لە هەمان کاتیشدا زۆریش بە کەسایەتیی بارزانی سەرسام بووە و خۆشی ویستووە.

شاعیر داستانی هەندرێنی بەم پارچە هۆنراوەیە تۆمار کردووە، کە مەحموود ئەحمەد لە ساڵی 1993دا دەنووسێت: تا ئێستاش ئەم هۆنراوەیە باڵاو نەکراوەتەوە. بەڵام لەو ڕێکەوتەشەوە تا ئەمڕۆ باڵاو نەکراوەتەوە و تەنانەت لە دیوانەکەشیدا تۆمار نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی، دوای تێپەڕبوونی پەنجا و هەشت ساڵ و لە ساڵڕۆژی تۆمارکردنی ئەو داستانە نەبەردییەدا باڵاوی بکەینەوە، تا شوێنی خۆی لە لاپەڕەی مێژووی خەباتی گەلەکەماندا بەدەرەوشاوەیی بکاتەوە.

هۆنراوەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

شەڕی هەندرێن

لەبەرچی تۆم خۆشدەوێت ئەی نیشتمان: تۆ خاک و خۆڵێکی
کەژ و کێوی چیا زۆر بەرز و هۆزان و شیو و دۆڵێکی
لە ناوچەی شەرق ناوەندا بە تەنیا تۆ کڵۆڵێکی
عەدو واتێئەگا ئێستا بەشی زلڵە و چەپۆڵێکی
لە مێژوو لائەدا دوژمن و یا عەمدەن لەبیری چوو!
کە بۆ میسر و یەمەن لەم خاکەوە والی و ئەمیری چوو!
کەژ و کێو و دەر و شیوت کە کوردستان مەشهووڕە
بە مێژوو نابێتە یانەی پلنگانی ڕقئەستووڕە
وەلیعەهدی کە یانە لێدەری شاهانەی ئاشووڕە
بۆ فەخر و ناوی من ئەی نیشتمان شۆڕەتت بەسمە
کە شیو و دۆڵەکانت مەقبەرەی سەد دوژمن و خەسمە
لە شەرق (بەڵخ)ەوە تا قاهیرە تاق و ڕەواقت بوو
عەرەب ناوی نەبوو تۆ سووریە و خاکی ئێراقت هەبوو
لەگەڵ ڕۆما دەمی سوڵح و دەمی جەنگ و شیقاقت بوو
لە هیند و تورکەوە خاوەنی جیهانداری مەراقت بوو
کەچی ئێستا معێدی بۆق و کیسەڵ خۆر و پێ خاوس
خەریکی هەڵمەتن بۆ شاخەکانی شاهی کەیکاوس

لەسەر ئەم ئەمرە بوو حەسلەی دلێر و شێری بارزانی
لە جەیش و سەربازی عارەب سێ لیوای کرد بە قوربانی
هەچی چەک و تۆپی بوو کەوتە ژێر دەستت بەئاسانی
هەزاران ئافەرین بۆ تۆ سەندتەوە تۆڵەی سلێمانی
ئیتر هێزی نەما جەیشی معێدی بۆ شەڕی تازە
گەیشتە شەرق و غەرب دەنگ و سەدای ئەم فەتحە مومتازە
جەلالی کوردی ساسانی ئەگەر تۆ نایەتە بیرت
لە تەئریخی دەرێنە قارەمانیی باوک و باپیرت
لە میراتی ئەوان زوو ڕاپەڕە بۆ خەنجەر و شیرت
لەبندا بیبڕە کەللەی معێدی کۆنە نێچیرت
لەبیری چوو معێدی دەرسی (زولئەکتاف)ی ساسانی
ئەوا دەرسێکی تازەی دا دەدا ئوستادی بارزانی
لەسەر کورسی لە شۆڕش دایە عارەب هەر لە ناوخۆدا
لە ترسی تۆیش هەمیشە وا لە گریان و ڕۆڕۆدا
کەچی نیازی وەهایە قەومی کوردی تۆ لە باکووردا
معێدی پێ پەتی دانێ لە جێگە و مەسکەنی تۆدا
ئەوی چاوی لەجێی تۆیە وەهای لێدە بەبێ ئامان
لە ترسی زەبری تۆ ڕاکاتەوە بۆ ئوردن و عەممان!
لەسەر دین بەسەر تۆدا کە بۆ دەفعی سەلیب هاتم
حەقی من چۆن ئەخۆی عالەم دەزانێت کۆنە ئاغاتم
لە ڕەغمی تۆ دەبێت بیهێنمە دی ئامال و ئاواتم
ئێراقت هیی منە تەئریخی قەومی خۆتە ئیسپاتم
جنووبت کورد و فورسە نەفی بەغدا شاری ئەقوامە
سنووری تۆ کوێتە تا جنووبی خوتەیی شامە!
لە نۆسەد تێپەڕی ساڵ و شەست و شەش لە نیسانا
سەرۆک و پێشەوای گەورە پلان و سەرهێڵی دانا
سلێمانی: دەمێکە وا لە گریان و لە ئەفغانا
دەبێت تۆڵەی بسێنن یەک بە سەد ئیمڕۆ لە مەیدانا
ئەوا هاتۆتە شاخی هەندرێن سەربازی زۆری
وەهای لێ دەن: کە ئەو شاخە ببێتە مەقبەرە و گۆڕی!
ئەو هۆنراوەیە لەو ساتەوەختەدا بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەبووە و بووبووە وێردی سەرزاری ڕۆشنبیران و بەتامەزرۆییەوە دەستاودەستی دەکرد و دەماودەم دەگێڕدرایەوە، بەتایبەت لە شاری سلێمانیدا.
ئێستاش ڕۆشنبیران شرۆڤە و لێدوانی لەسەر دەدەن و بەرز دەینرخێنن و باس لە سەنگ و گرنگی و بایەخی دەکەن. مامۆستا زاهیر ئەحمەد سەوز، کە ئەدیبێکی ناسراوی شاری سلێمانییە و لەو ساڵانەدا لە شارۆچکەی ڕواندز مامۆستا بووە و بەگائا بووە لە ڕووداوەکان، بەمجۆرە شرۆڤەی ئەو هۆنراوەیەی بۆ کردین:
شاعیرانی نەتەوەیی لە ڕێگەی هەڵبەستەوە، ڕۆڵی جوامێرانەی پێشمەرگە و مەلا مستەفای بارزانی دەنرخێنن و بەیان دەکەن، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم قەسیدەیە لەلایەن ئەوڕەحمان بەگی بابان نووسراوە و ئاماژەیە بۆ شەڕی هەندرێن. ئەو شەڕەی تۆڵە بوو بۆ خوێنی پاکی بەناهەق ڕژاوی کورد. لەناو دێرەکاندا بە زمانێکی سادە و پاراوی ڕاستەوخۆ، دوور لە ئایدۆلۆژیا و دەمارگرژی.

قەسیدەکە بەگشتی و وشەکان بەتایبەتیی سیحری بەتاڵ نین و پەیامێکی ئاشکران و ناواخنیان بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی (بارزانی)یە، نەک تەنیا لەم قەسیدەیەدا، بەڵکوو زۆربەی نووسەران ئەم ڕۆڵەیان بەیان کردووە و خستوویانەتە نێو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە و وەک سیمفۆنیا دراوە بە گوێی کوردانی خۆڕاگر و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەردا.

ئەم قەسیدەیە بێلایەن نییە، لە ئامرازەکان و بیری نووسەرەوە خوڵقاوە. ڕاستە زانست ئەسەلمێنێ، لە هەمانکاتدا ئەدەب و هونەر ڕووداوەکان دەسەلمێنن بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونە بەڵگە زۆرن و ماوە کەمن، ئامانجی گەورەی ئەدەب، ئامادەسازییە بۆ تێکۆشان دژ بە داگیرکەر، بەتایبەت لە قۆناغی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، بە ڕابەرایەتیی سەرکردە نیشتمانپەروەرەکان کە سەردەقیان مەلا مستەفای بارزانی و قازی محەمەدە لەناو کورددا.

هەروەها مامۆستا زاهیر دەڵێت: شاعیر لەم قەسیدەیەدا کە بریتییە لە (47) بەیت و لەژێر ناوی (شەڕی هەندرێن) بڵاوکراوەتەوە، وەک ئامانجی بەرز و باڵای ڕۆڵی جوامێرانەی (پێشمەرگە، مەلا مستەفای بارزانی، هاوڕێباز و هاوسەنگەرەکانی، کوردی نەتەوەیی لە شار و لە شاخ، ئەدیبان و گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ)، کە لەژێر چەتری یەکڕیزی و تەبایی و خۆشەویستیی خاک و خەڵک و مەلا مستەفا لەسەر خاکی کوردستان لەنگەری گرتبوو. بەمشێوەیە هێمای بۆ کراوە.

(عەدو وا تێئەگا)، (لەسەر ئەم ئەمرە بوو، حەسڵەی دلێر و شێری بارزانیی، هەزاران ئافەرین بۆ تۆ، سەندتەوە تۆڵەی سلێمانی، دەنگوسەدای ئەم فەتحە مومتازە، ئەوا دەرسێکی تازەی دا دەدا ئوستادی بارزانی، ئەوی چاوی لەجێی تۆپە وەهای لێدە بەبێ ئامان، لە نۆ سەد تێپەڕی ساڵ و شەست و شەش لە نیسانا، ئەوا هاتووەتە شاخی هەندرێن).

هەموو ئەم نیوە دێڕانەی نێو هەڵبەستەکە هێمان بۆ قارەمانێتیی پێشمەرگە و مەلا مستەفا و هاوسەنگەرەکانی و ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی سەرکردە. مێژووی گەلانی دونیا لە ڕێگەی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکانی سەردەمی خۆیان ئەنرخێنرێ. شاهیدیی ڕۆڵی جوامێرانەی مەلا مستەفای بارزانییش، ئەم هۆنراوەیە و سەدان هۆنراوەی شاعیرانی سەردەمەکەن، کە شاهیدی حاڵن.

ئەقڵ لە گشت بابەتەکاندا لە دوای خۆی دەگەڕێت، واقیعیش نمایش ناکرێت ئەگەر دەقەکان نەدۆزرێنەوە، لێرەشدا ئەم دەقە هۆنراوەییە (خود، گیانفیدایی پێشمەرگە، ڕۆڵی سەرۆک بارزانی، دارشتنی تۆکمە، دەستنیشانکردنی سەرهێڵی شەڕی هەندرێن، لە قەڵەمی شاعیرانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی وەک ئەوڕەحمان بەگی بابان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ڕۆڵی سەرکردە و خواستی گەل و شۆڕش، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، خۆیان نمایش دەکەن).

شاعیر پێش زەمەن کەوتووە و حەقیقەتی واقعیی بەدەر خستووە و بەئاگا بووە لەوەی، زانست بە سەلماندن ئەنرخێنرێ، هونەر و ئەدەب نمایشی دەکا، هەردووکیشیان ڕەزامەندی، یان ڕەتکردنەوەی دەدەن.

شەڕی هەندرێن نە خەیاڵ بوو، نە خەو، واقعێکی ڕاستەقینەی سەر ئەرزی چیای هەندرێن بوو، بەشداربووان، شاهیدەکان لە ژیاندان و هەوێنی تۆڵە و قیبلەنمای وەرە بەرزی پێشمەرگە و کارامەیی و گیانفیدایی مەلا مستەفا و حیکمەتی پاراستنی خاک و خەڵک و دەنگی تۆڵە بوو لە داگیرکەر لەسەر هەر بستە خاکێکی کوردستان، دەرهەق بەو تاوانەی لە شاری سلێمانی ئەنجام درا، لەسەروەختی شۆڕشی ئەیلوول و سەرەتای قۆناغی بزاڤ نەتەوەیی و نیشتمانی، بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و بیر و توانای پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە بوون بە هەوێنی دەیان هۆنراوەی شاعیران. یەکێک لەوانە ئەم قەسیدەیە و قەڵەمی بەپێزی (ئەوڕەحمان بەگی بابان) و هاوبیرەکانییەتی، کە لەم قەسیدەیەدا ڕەنگی داوەتەوە.

سەرچاوەکان:

- ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (1643)، ڕۆژی پێنجشەممە 14ی5ی1992، لاپەڕە (6)دا، وتارێکی مەحموود ئەحمەد محەمەد.

- ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (3082)، 14ی5ی2019 لا (5) – ڕائیب جادر، یادی 53 ساڵەی داستانی هەندرێن کرایەوە.
- دیدارێکم لەگەڵ نووسەر و چیرۆکنووسی ناسراو، مامۆستا زاهیر ئەحمەد سەوز. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 16-03-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-03-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2023-03-16 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 438
دوو فیلمی دەرهێنەرێکی کورد بەربژێری خەڵاتی 'ئەنسۆر'ی بەلجیکان
20250803115311649548=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: دوو فیلمی دەرهێنەرێکی کورد بەربژێری خەڵاتی 'ئەنسۆر'ی بەلجیکان
ئامادەکردنی: پەسار فایەق

لیستی بەربژێرکراوان بۆ خەڵاتەکانی 'ئەنسۆر' بڵاوکرایەوە کە بە ئۆسکاری سینەمای بەلجیکا ناسێنراوە، سەهیم عومەر خەلیفە لە ڕێگەی دوو فیلمەوە بەربژێری دوو خەڵاتە.
خەڵاتەکە لەلایەن ئەکادیمیای 'ئەنسۆر'ی بەلجیکا دەبەخشرێت و بە گرنگترین خەڵاتی سینەمایی ئەو وڵاتە ناسێنراوە کە ڕێز لە دەستکەوتی سینەمایی و پیشەسازی سینەما لەو وڵاتە دەگرێت.
سەهیم عومەر خەلیفە، لە ڕێگەی فیلمی سینەمایی 'مێسیی بەغدا' بەربژێری خەڵاتی باشترین دەرهێنەرە، هەروەها بەڵگەفیلمێکی بەناوی 'جوانیی شاراوەی ئێراق' بەربژێری خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمە و ڕکابەری چوار فیلمی دیکە دەکات بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە.
بەربژێرکراوەکان لەلایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەری یەکلایی دەکرێنەوە کە ژمارەیان نزیکەی دوو هەزار کەسە، دواتر لەلایەن لیژنەیەکی سەربە ئەکادیمیاکە؛ براوەی خەڵاتەکان دیاری دەکرێن و خەڵاتەکان لە 03-02-2024 لە هۆڵی کورسال لە شاری کەناری دەریایی ئۆستێندی بەلجیکا دابەش دەکرێن و یەکەم خولی لە 2010 بەڕێوەچووە.
فیلمی 'مێسیی بەغدا' لە کانوونی یەکەمی 2023 خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی لە 10مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک بەدەستهێنا و بەخشرایە ئەحمەد محەمەد، ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکە.
10یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک، بە دروشمی 'زمانی کوردی' و بە نمایشی 116 بەرهەمی فیلمسازانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، لە 9 تا 16-12-2023 لە دهۆک بەڕێوەچوو و فیلمی 'مێسیی بەغدا' وەک فیلم دەستپێک پێشاندرا و سێ بەرهەمی تۆڕی میدیایی ڕووداو تێیدا بەشداربوون.
هەروەها لە مانگی تشرینی دووەمی 2023 سێ خەڵاتی سەرەکیی لە 26مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئارپا

لە هۆلیوودی ئەمریکا بەدەستهێنا، ئەویش خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان و باشترین سیناریۆ بوو.
فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئارپا ماوەی 26 ساڵە بەردەوامە و چالاکییەکانی ئەمساڵی لە هۆلیوودی لۆس ئەنجلس دەستپێکرد و لە 17ی تشرینی دووەم کۆتاییهات.
'مێسیی بەغدا' نوێترین فیلمی سینەمایی سەهیم عومەر خەلیفە، لە دوای بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی، لە 28مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی 'Schlingel' لە شاری کێمنێتس ئەڵمانیا بەشداربوو کە تایبەتە بە فیلمی منداڵان و گەنجان و لە 23 تاوەکوو 30-09-2023 بەڕێوەچوو و خەڵاتی لیژنەی دادوەری گەنجانی وەک باشترین فیلم لە فێستیڤاڵەکەدا بەدەستهێنا.
ئەم بەرهەمە لە حوزەیرانی 2023، بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی کرد، لەوانە 25مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی شەنگهای کە بەربژێری سێ خەڵات بوو و لە هەمان مانگ لە 63یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی زلینە لە چیک.
هێندریک ڤێرتە لە ڕێگەی کۆمپانیای ئەی تیم پرۆدەکشن لە بەلجیکا، محەمەد ئەکتاش لە ڕێگەی کۆمپانیای میتۆس فیلم لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا؛ لە بەرهەمهێنانیدا بەشدارن. کۆمپانیای وایلد بۆنچ کە یەکێک لە بەهێزترین کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەی فیلمە لە ئەورووپا، ئەرکی بڵاوکردنەوەی فیلمەکەی لە ئەستۆگرتووە.
کورتەفیلمی 'مێسیی بەغدا' براوەی 60 خەڵاتی جیهانییە، لە 2022 وەک فیلمێکی بڵندی سینەمایی بەرهەمهێنرا و کاری وێنەگرتنی لە هەرێمی کوردستان و ئێراق کراوە.
'میسیی بەغدا' باس لە منداڵێک دەکات کە هەرچەند خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و هۆگری یاریزان لیۆنێل مێسییە.
'جوانیی شاراوەی ئێراق' کە باس لە فۆتۆگرافەری ئێراق، لەتیف عانی دەکات، لە 10مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک، خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی کوردی بەدەستهێنا و ئێستا لە سینەماکانی بەریتانیا نمایشدەکرێت.
ئەم بەرهەمە کە وێنەی سەرکردەکانی کورد لەخۆ دەگرێت، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، لەلایەن لەتیف عانی گیراون کە باوکی هونەری فۆتۆگرافی ئێراق دەناسرێت.
بەرهەمەکە لە 2020 لە بەغدا و چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان وێنەگیراوە و سااێک دوای وێنەگرتنی، لەتیف عانی کۆچی دواییکردووە.
لەم بەرهەمەدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە و وێستگە گرنگەکانی ژیانیی و لە بەشێکیدا باس لە پەیوەندی لەگەڵ کورد و تێڕوانینی بۆ کوردستان کراوە.
لەتیف عانی لە چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو وێنەی زۆری لە باشووری کوردستان گرتووە، بەتایبەتیش لە هەولێر، سلێمانی، زاخۆ و ئاکرێ.
لەتیف ئەلعانی، لە 18-01-2021، لە تەمەنی 89 ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە بەغدا کۆچی دواییکرد.
سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دەریای سوور لە 2023 لە جەدەی سعودیە بەڕێوەچوو، ئەمەش دوای ئەو کرانەوە کولتووریییەی ئەو وڵاتە دێت، کە لە زۆربەی شارەکانیدا فێستیڤاڵی هونەری سازدەکات و تۆڕی میدیایی ڕووداو لە فێستیڤاڵەکەدا ئامادەبوو و ڕووماڵێکی بەرفراوانی کرد.
سەهیم عومەر خەلیفە، لە دایکبووی زاخۆی سەربە پارێزگای دهۆکی باشووری کوردستانە و لە بەلجیا دەژی، بڕوانامەی ماستەری لەو وڵاتە بەدەستهێناوە، خاوەنی چوار کورتەفیلم و دوو فیلمی بڵندی سینەمایی و بەڵگەفیلمێکی درێژە، لە ڕێگەی فیلمەکانییەوە زیاتر لە 110 خەڵاتی بەدەستهێناوە، دوو ساڵ بەسەربەکەوە کورتەفیلمەکانی لە کورتە لیستی کورتەفیلمە بەربژێرکراوەکان بۆ خەڵاتی ئۆسکاردا بوو و یەکێکە لە ئەندامانی ئەکادیمیای هونەر و زانستی وێنەی جوڵاوی کە خەڵاتی ئۆسکار دابەش دەکات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2024-01-06

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
بە فیلمی دەرهێنەرێکی کورد گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی بەلجیکا دەستپێدەکات	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net.ماڵپەڕی

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-03

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 439

دکتۆر ڕۆژ: ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی بووە

20250714204417645978=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە شارۆچکەی پیرمام فەرماندەی هێزی خەباتی پێشمەرگەی کوردستان کۆڕێکی ماتەمینی بۆ سالیادی کۆچی دوایی سەرکردەی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی سازکرد، لەو کۆڕەدا دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا ڕایگەیاند ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە دروستکردنی سەرجەم میحوەرەکان و ئەندازیاری ئاشتی بووە.

ئەمڕۆ سێشەممە 31مین سالیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی بەڕێوەچوو، کە تێیدا د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە بەشێک لە دەسکەوتەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی و هاوڕێکانی.

د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە وتارەکەیدا وتی: بەردەوام بیرەوەری و سالیادی نەمر ئیدریس بارزانی تێکەڵ بە دەسکەوتەکانی کوردستان بووە، چونکە ژیان و خەباتی ئەو بە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمانەوە گرێ دراوە.

د. ڕۆژ باسی لەوەش کرد، کە دوژمنانی دەرەکی و نەیارانی ناوخۆ هەوڵیاندا پڕۆسەی ڕیفراندۆم سەرنەگرێت، بەڵام دواجار "پڕۆسەکە سەرکەوت.

شاوەیس ئاماژەی بەوەش کرد: ڕیفراندۆم ئاوات و خواستی گەلەکەمان بوو بۆ ئازادی، بۆیە دەنگیان دا و پڕۆسەکەیان سەرخست. جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە " ئەو ڕیفراندۆمە جگە لەوەی لەسەر داوای جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، هاوکات بەشێک لەو دەسکەوتانە بۆ خەباتی برای هەمیشە زیندوومان کاک ئیدریس و هەڤاڵەکانی تری و لە سەروویانەوە، بۆ خەباتی بارزانیی نەمر دەگەڕێنەوە.

دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس وتیشی: خەباتی نەتەوەیەک وەک زنجیرەیەک وایە، ناتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، خەباتی میللەتێک لە دەسپێکەوە تا دەگاتە ئامانجی خۆی، یەک پەرتووکە کە هەموو لاپەڕەکانی پێکەوە بەندن و هەر خشتێکی لەسەر خشتێکی تر بینا کراوە.

شاوەیس باسی نزیکی و پەیوەندیی خۆی و نێوان شەهید ئیدریس کرد و وتی: بیرەوەرییەکان زۆرن، ئێمە لە منداڵی و قوتابخانەدا پێکەوە بووین، هاوڕێ سەردەمی گەنجایەتی بووین، لە سالانی هەشتاشەوە بەتایبەتیی دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، هاوخەباتی یەکتری بووین و لە دۆخێکی زۆر زەحمەتدا کارمان کردووە و ئێوەیش کە لێرە ئامادەن، هەموتان ڕۆڵتان لەو خەباتە سەختەدا هەبوو، کە لە سالانی دوای 1975ەوە دەستی پێ کردەوە، تا گەلەکەمان بگاتە ئامانج.

د. ڕۆژ لە مەراسیمەکەدا وتی: کاتێک دەمانەوێت باسی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو بکەین، باسکردنی لایەنەکانی ژیانی دەبێتە زەروریەت، کاکە ئیدریس کەسایەتییەک نەبوو کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، وەک ئەوەی بڵێین فلان سال لەدایک بووە و لە فلان سالدا هاتە ڕیزی پارتییەوە و لە خەبات بەردەوام بوو و لە فلان ڕۆژ و سالدا کۆچی دوایی کرد، بەڵکوو کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: پیرمام | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-21

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-14

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 440

دۆست و هەڤاڵانی نزیکی ئیدریس بارزانی یادی دەکەنەوە

20250912193227655815=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دۆست و هەڤاڵانی نزیکی ئیدریس بارزانی یادی دەکەنەوە
ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕ تێکەڵی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ساڵی 1970 یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو گرووپەی کە بەشداری وتوێژەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی ئێراق کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و حکومەت لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ئاداری 1970دا. سەرنج بدەنە یەکێک لەو گفتوگۆیانەی کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 08-03-1974، لەنێوان ئیدریس بارزانی و سەدام حسێن لە بەغدا کراوە.
لە م بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی 11ی کتێبەکەیدا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975 دا دەڵێت: لە یەکەم کۆبوونەوەدا کە بە دوای گەیشتنی وەفدی شۆڕش ئەنجامی گرت، سەدام حسێن ڕووی لە ئیدریس بارزانی کرد و پێی وت: لەگەڵ باوکت ڕێککەوتووین کە پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بەیانی 11ی ئادارداا، یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێت و بخرێتە کار. ئەو پرۆژە یاسایەی کە دواجار بۆمان نارد، دوا ڕای ئێمەیە و ئێمە پێمان خۆشە پێی ڕازی بن. ئەوەی دەمەوێت بە باوکتی بڵێیت ئەوەیە: ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی ئێراقدا بێت، ئەوە بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتولعەرەب دەکەین و مەترسییەکە لادەبەین. ئەمەش برینێکی قوول دەکاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەکانی ئەوە لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسایەتی لەسەر ئێوە دەبێت، ئەگەر ناچار کراین تەنازول بۆ شا بکەین، ئەو کاتە ئێوە باجێکی گران دەدەن.
ئیدریس بارزانی وەڵامی سەدام حسێنی دەداتەوە و دەڵێت: (شایەنتر بۆ ئێوە ئەوەیە کە تەنازول بۆ میللەتی خۆتان بکەن، نەک بۆ شای ئێران و باشتر ئەوەیە بەرلەوەی دەست بە شەڕ بکەنەوە، بگەڕێنەوە سەر دەرووی خۆتان، ئەگەرنا باوەڕ و متمانەی هەموو میللەتی ئێراقتان لە کیس دەچێت). ئیدریس بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بۆ گیروگرفتەکانی کەرکووک و خانەقین دەکات و دەڵێت: (دەست هەڵگرتن لە کەرکووک و خانەقین و شنگار کارێکی نەکردەنییە و ناتوانین قبوولی بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕ لادەین، تکامان وایە بیر لە چارەیەک بکەینەوە کە بگەڕێینەوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە. بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە ئەمەیە:
1-دواخستنی جاردانی یاسای ئۆتۆنۆمی لە وادەی دیاریکراوی خۆی کە11-05-1974ە، بۆ ماوەی 6 مانگەوە بۆ ساڵێک تا هەردوو لامان لەو ماوەیەدا پێکەوە هەوڵبدەین ڕێگەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە.
2-جارِ بدەن ئەم ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، بەڵام لەبەر هەندی هۆکاری ستراتیژی لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە.
3-لێژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سێ ناوچەیە پێک بهێنرێت و دەست بکرێت بە سەرژمێری دانیشتووان لەسەر بنەمای سەرژمێرە گشتییەکەی ساڵی 1957 بە مەرجێک ئەو ساختەکارییانە هەڵبوشێنرێتەوە کە لە ماوەی نێوان ئەو مێژووە و ساڵی 1963دا کراون.
وەڵامی سەدام بە ئیدریس بارزانی بەم جۆرەبوو: ئەم پێشنیارانە پەسەند نین و دەدرێنە دواوە. تەنیا ڕێگەیەک کە ماوەتەوە ئەوەیە ڕازی بن بە ئۆتۆنۆمی بەو دارشتنەی ئێمە دامانناوە و مۆڵەتی 15 ڕۆژتان هەیە لەم ماوەیەدا هیچ بزووتنەوە و کارێکمان نابێت. پاش ئەوە، ئەوەی پێی ڕازی نەبێت، ئێمە بە دوژمنی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین.
دوا وەڵامی ئیدریس بارزانی بۆ سەدام ئەوە بوو کە ڕای ئێوە بە باوکم و سەرکردایەتی پارتی دەگەیەنم و پاشان

وەڵامی خۆمانتان دەدەینەوە.
(وەفد)ی ڕەوانەکراوی پارتی دیموکرات، ڕۆژی 09-03-1974 لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرد. شەوی 10-03-1974، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لەسەر پێشنیارەکانی ڕژیم دوا و قبووڵی نەکرد. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا قسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد کە دەیڵێت: خوا شایەتە من ڕکم لە شەڕ دەبێتەوە. شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەری هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس ڕێگەی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان لەوە زیاترە کە وازیان بۆ لە کەرکووک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە. ئەمەشیان مەحاڵە، ئەگەر لەنێوچاوانمان نووسرابێت هەموومان لەناو بچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕوین. من ئەوەم لا ناخۆشە کورد بێت تف لە کوڕەکەم بکات و بڵێت: بۆچی کەرکووکت فرۆشت؟ [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | کەرکووک | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێراق |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 309-311.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 441

دیداری حافز ئەسەد لەگەڵ ئیدریس بارزانی لە زاری قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری

20250901105608653683=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دیداری حافز ئەسەد لەگەڵ ئیدریس بارزانی لە زاری قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری
جارێک حافز ئەسەد بانگهێشتی کردبوو و ئەو چوو. لە فڕۆکەخانەی دیمەشق ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لێ دەکات و دەڵێت: سەددام حسێن بەعسییە و دوژمنتە و حافز ئەسەدیش بەعسییە، چۆن باوەڕی پێدەکەن؟ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە وەڵامیدا دەڵێت: ئێمە دوژمنی هیچ کامیان نین ئێمە هاتووین ئەگەر هاوکاریمان بکات، قبووڵی دەکەین و ئەگەر بیەوێت بە قازانجی خۆی بەکارمان بهێنێت بۆ ئێمە جیاوازییان نابێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: سووریا | ڕۆژی دەرچوون: 01-09-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 270

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 442
دیداری دوو ژەنەرالی کوردستان
20250907113639654648=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
کاوە ئەمین گوڵچین
مێژووی کورد شایەتی لەسەر ڕۆڵی زۆر کەسایەتی گەورەی کورد دەدات کە تاوەکوو کۆتایی ژیانیان وەفاداربوون بۆ نەتەوەکەیان. دوو ژەنەرالی کورد کە مێژووی کوردستان شایەتییان بۆ دەدات، ژەنەراڵ بارزانی و ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشان.

ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا ڕابەرایەتیی شۆڕشی ئاراراتی کرد (لەنێوان ساڵانی 1927 - 1930)، هەروەها ژەنەراڵ مستەفا بارزانی سەرکردایەتیی چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی کرد لەنێویاندا شۆڕشی ئەیلوول (1961 - 1975) کە درێژترین شۆڕشی کوردستان بوو. ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت لەم کورتە نووسینەدا تیشکی بخەمە سەر، خەبات و بەرخۆدان و قارەمانێتی ئەو دوو ژەنەرالەی کورد نییە کە هەموو ژیانی خۆیان پێشکەشی نەتەوەکەیان کرد، بەڵکوو دیدارێکی کورتی نێوان هەردوو ژەنەرالە لە تاران. شایەتی زیندووی ئەو دیدارە یەکێک لە هەڤاڵانی ژەنەراڵ بارزانییە کە هێشتا لە ژیان دا ماوە، ئەویش کاک موحسین دزەییە.

چەند ساڵێک پێش ئێستا بە مەبەستی تۆمارکردنی بەرنامەیەکی مێژووپی (پەنجەمۆر) لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێر سەردانی کاک موحسینمان کرد، لەبەر ئەوەی ئەو یەکێکە لەوانەی ئەزموون و یادەوەرییەکی زۆری لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی هەیە و لە نزیکیشەوە ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشای بینیوە.

ئەو کاتەی ئێمە بینیمان سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی، هێشتا وەکوو خۆی دەیوت: یادەوەرییەکانی خیانەتی لێ ناکەن، بەڕوونی خاڵی دەخستە سەر پیتەکان و ڕووداوەکانی بەوردی دەگێڕانەوە، کاتێک باسی ژەنەراڵ بارزانی دەکرد دەیوت، بڕواناکەم مێژووی کورد ژەنەراڵ بارزانییەکی دیکە بەخۆیەوە ببینێت، کەس ناتوانێت جێگەی خاڵیی ئەو پڕبکاتەوە، چونکە ئەو پیاوێک بوو بۆ نەتەوەکەی ژیا، بۆ ساتێکیش خۆی لە جووتیاران و هەژارانی نەتەوەکەی جیانەکردەوە، پشتی بە هەژارانی کورد قایم بوو.

یەکێک لەو بابەتە مێژووییانەی بە لای منەوە بایەخێکی مێژووپی جیاوازی هەبوو لەو گفتوگۆیەدا، دیداری نێوان ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا و ژەنەراڵ بارزانی بوو لە تاران، بۆیە دەمویست بەوردی قسەی لەسەر بکەین، چونکە تاوەکوو دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئێرانییەکان ڕێگەیان نەدەدا بارزانی، سەردانی ئیحسان نووری پاشا بکات یان بە پێچەوانەوە. موحسین دزەیی دەیوت ئێرانییەکان هەرجارە و بیانوویەکیان دەهێنایەوە، جارێک دەیانوت نەخۆشە و توانای قسەکردنی نییە، جارێک دەیانوت سەفەری کردووە، کورت و کورمانجی ئێرانییەکان بە دیدارێکی بەوشێوەیە دڵخۆش نەبوون، بەڵام ساڵی 1975 کە بەناچاری ڕوومان لە ئێران کردبوو، ئێرانییەکان خۆیان پێشنیازیان بۆ سەرۆک بارزانی کرد، ئەگەر حەزدەکات دەتوانێت لە ماڵەکەی خۆی سەردانی ژەنەراڵ ئیحسان بکات، بارزانیش بەبێ بیرکردنەوە بە بەڵێ وەڵام دەداتەوە!

موحسین دزەیی دەڵێت: من و مام هەژار لە خزمەت بارزانیدا بووین کاتێک لە شووقە بچکۆڵانەکەی کە لە ژوورێکی نووستن و هۆڵێک پێکهاتبوو گەیشتینە خزمەت ئەو ژەنەرالە پیرە. لەبەر ئەوەی سەردانەکە چاوەڕوانەکراوبوو، سەرەتا کە دەچنە ژوورەوە ئیحسان نووری پاشا بارزانی ناناسێتەوە، کە دەڵێن ئەوە

بارزانییە، ژەنەرالّ ئیحسان بەرزەپێ هەڵدەستێتەوە و باوەشێک بە بارزانیدا دەکات و گریانێکی بە کوڵ دایدەگرێت. وەکوو کاک موحسین دەیوت دیارەکە زیاتر کۆمەڵایەتی بوو، لەژێر چاودێری ئێرانییەکاندا بوو، بەڵام دیدارێکی مێژووپی بوو، دیداری دوو سەرکردەی سیاسی و سەربازیی کورد بوو کە دەیان جار سنوورە دەستکردەکانی کوردستانیان بەزاندبوو و شەڕی سوپای سێ وڵاتیان کردبوو، هەرچەندە بەخت یاوەریان نەبوو ئاڵای وڵاتەکەیان لەنێو ئاڵای نەتەوە سەربەخۆکانی دنیادا بە شەکاوەیی ببینن.

کاتێک لێم پرسی: ئایا ژەنەرالّ بارزانی لەو دیدارەدا وەکوو ژەنەرالّ ئیحسان نووری پاشا گریا؟ کاک موحسین وتی مەلا مستەفا پیاوێکی بەورە بوو لە هەموو ئەو ماوەیەی کە من لە گەڵیدا بووم تەنیا یەک جار بینیومە فرمێسک بە چاویدا بێتە خوارەوە ئەویش ئەو کاتە بوو کە شێخ بابۆی برای کۆچی دوایی کرد. ژەنەرالّ ئیحسان نووری پاشا بەشداری لە پرسەی شێخ بابۆشدا کرد.

ئێرانییەکان بەوە ناسراون کە دوژمنی خۆیان بە شەکر دەخنکێنن، ڕابردوو لەبیرناکەن، بەپێی لاپەڕەکانی مێژوو چەندین سەرکردەی کورد بە فرت و فێڵ لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە کوژراون، بۆیە گومان دەکرێت ئەو مۆتۆرسیکلەی لە 18 ئاداری ساڵی 1976 (1976-03-18)لە تاران خۆی بە ژەنەرالّ ئیحسان نووری پاشا دا کێشا دەستی ساواکی لە پشتەوە بووبێت.

کاک موحسین دزەیی دەڵێت: لەسەر ڕاسپاردەی ژەنەرالّ بارزانی لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی بەشداریمان لە بەخاکسپاردنی تەرمی ژەنەرالّ ئیحسان نووریدا کرد. ژمارەیەک لە کوردی دانیشتووی تاران کە زۆربەیان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون لەو ماتەمینەدا بەشداربوون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2025-09-07

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی(rudaw.net) 07-09-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-07

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 443
دیزاینەری مەزن
20250711114531645164=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
بەدر ئیسماعیل شیرۆکیبەدر ئیسماعیل شیرۆکی

یادێک بۆ ئیدریس بارزانی، لە سی و پێنج ساڵیی کۆچی ناوەختیدا.

بارودۆخی ناهەموار و تێکچڕژاوی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارەبوونی بەشێکی زۆر لە خەڵک و شۆڕشگێڕانی کورد بۆ ئێران، قەیرانێکی دژواری سایکۆلۆژیی هێنابووە ئاراوە. لەو کەشە نالەبارە مرۆڤی و سیاسی و ئاساییشیە بێسەروبەرەدا، ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسیی لایەنگری ئیدۆلۆژی چەپ، هەموو هەوڵی خۆی خستبووەگەڕ تاکوو لەدەستپێکی هەستانەوە و شێوەگرتنەوەی بنگەی شۆڕشدا، لەڕووی هزری و ئیدۆلۆژییەوە بزاڤەکە بخاتە ژێر هەژموونی و دیدگاکانی خۆیەوە و لەسەروی سەرکردایەتی بزاڤی ڕابوونەوە جێ خۆشبکات.

لە کەشێکی سەخت و تاقەتپروکێنی وەهادا، ئیدریس بارزانی یەکێک لەو کەسایەتییە ئوستورەییانە دەبێت، کە شان دەداتە بەردژواری ئیدارەدانی قۆناغ و ڕەسەن هێشتنەوەی بزاڤی کوردایەتی .

ئیدریس بارزانی لەتەک کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیی باڵای کەسیی، لەدەربڕینی بۆچوون و ڕوانگە هزرییەکانی، مرۆڤێکی ڕاشکاو و لێوەشاوە و باوەڕبەخۆ بوو، بارودۆخی داسەپاو و ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زەبروزەنگی دەسەڵات و دەوڵەتی سەردەست، کە ئەو تێیدا پەنابەرێکی ژێر هەڕەشەو بن چاودێڕیی هەمیشەیی بوو، ئەوی ناچار بە سازش و دەربڕینی ڕای جیاواز لە باوەڕ و ڕەوایی پرسەکان نەدەکرد و، هەرگیزیش لە پێناو ئاساییشی ژیانی کەسیی خۆی، ئامانج و ستراتیژ و پلانی هەستانەوەی، بەپێی بارودۆخی داسەپاو بۆ دەمێکیش هەڵنەدەپەسارد .

سەرباری هەموو ئەو ڕاشکاوی و شەفافیەت لە هەڵوێست و دەربڕینەکانیشیدا، هێشتا لە دید و ڕوانگەی هەندێک لە کاراکتەری سیاسی چەپگەرا، جێگای ڕەخنە و گازندەی توند بوو، چونکە داکۆکی ئەویان لە ڕەسەنایەتی و مەعنەویەت پارێزی، بە ئەزموونکردنەوەی ڕێکارە کۆنەکان و هەندێک جاریش بە کۆنەپارێز لە قەڵەم دەدا. ئیدریس بارزانی پێداگر بوو لە بەکارهێنانەوەی میراتی خەباتکاریی ڕابردووی شۆڕشەکانی بارزان و دەوڵەمەندیی مەعنەوی و جڤاکی ئەو بەرخۆدانانەی، کە بە پێی دووچەمکی لەیەکگرێدراوی باوەڕی عێرفانی و سەربەخۆخوازیی نەتەوەیی بەڕێوە دەچوون و مستەفا بارزانی مەزنیش، هەم پێکهاتەیەکی گرنگی ئەو مێژووە و هەمیش گەشە پێدەر و بەرەوپێشبەری ئەو ڕێبازە بووە، کە شۆڕشی ئەیلولیش بەشی هەرەزۆری پتانسێلی ئازادیخوازی و کوردایەتی و بڕوادارکردنی تاکی شۆڕشگێڕی ناوخۆی کوردستانی، بەپێی باوەڕی بارزانی، لەوە وەردەگرت، گەرچی لە بەکار هێنانی دیپلۆماسی و بۆ پەیوەندیکردن و بە نێودەوڵەتی کردنی کێشەی کورد و شۆڕش، کەڵکی لە نوێترین میتۆد و ڕێکاری هاوچەرخیش وەرگرتبێ.

تا ئەو شوێنەی من ئاگاداری ڕاو بۆچوونی ئیدریش بارزانی بووبم، ئەو هەرگیز بڕوای بەوە نەبووە کە هەرەس و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە ئەنجامی لاوازیی بیروباوەڕ و پتەو نەبوونی هزری نەتەوەیی شۆڕشگێڕان و شکان و ڕووخانی مرۆڤی و بنەما فەلسەفیەکانی ئەو بزاڤە ڕوبدابێت، تەنانەت من نەمبیستووە، گازندەیەک، یان

ڕەخنەیەکی لەو بارەوە ئاڕاستەی شۆڕشگێڕان کردبێتەوە.

هەڵسەنگاندنێکی دڕووستی بۆ قورسایی گەڵەکۆمەی هەرێمی و پیلانگێڕی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکرد و خۆڕاگری و بەرهەڵستیی ئەو پیلانگێڕیە مەزنەی لە دەرەوەی توانای ئەوسەردەمی گەلی کورد و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەدیت . ئەو ڕای وابوو کە دەبێت هەموو دەرد و ئازارەکانی شکان و ئاوارەبوون، لە ڕابردوو بەجێبهێڵرێن، تەنیا ئیرادە بکەنە هاوسەفەر و دەستی پێوەبگرن، تاکوو دووبارە شۆڕشی لەسەر بینا بکرێتەوە.

بە تێبینیکردنی ئەزموونەکانی شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵی دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی، لە شکستپێهێنانی گەورەترین شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردان، ئیدریس بارزانی گەیشتبووە ئەو بڕوایە کە بێجگە لەهێز و توانای خۆیەتی کورد و هزری نەتەوەیی و فۆرمی شۆڕشگێڕی خۆمالّی و خۆژێنیی کوردی، ئەوەی لە سەرهەڵدانەکانەنی شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە 1908-1914 تا ڕابوونەکانی مەلیکایەتی شێخ مەحمود و بزاڤەکانی باکووری کوردستان، تا دەگاتە شۆڕشەکانی بارزان 1931-1945 بە شۆڕشی ئەیلولیشەوە، هیچ ئیدۆلۆژیەکی دەرەکی دیکە، ناتوانێت لە بەردەوامی و ئاڕاستەکردنی هزریی شۆڕشگێڕی کورد کاریگەر بێت.

من زۆر جاراران ئیدریس بارزانیم لە کۆڕی باوەڕمەندانی بارزان و خەڵکی سادەی پەنابەر بینیوە . ئەو لە ئاخافتنەکانیدا ڕەچاوی دووبابەتی زۆر گرنگی دەکرد و بە دوو شێوازی زۆر جیاواز دەپەیڤی. هەرگیز ئەو ڕستە و وشە و دەستەواژە زمانەوانیانەی، کە لە کۆڕ و کۆنفرانس و ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بەکاری دەهێنان، لەگەڵ خەڵکی سادە و لە دانیشتنە جەماوەریەکان، کەڵکی لێوەرنەدەگرتن.

ئەو لە دانیشتنە خۆیەتیەکاندا، لەریزی ساکارترین مرۆڤەکان جێی دەگرت و بەو زمان و وشانە دەپەیڤی، کە مرۆڤێکی نەخوێندەواری گوندیی کورد بەکاری دەهێنان و بۆ تێگەیشتنی باشتری دانیشتووانیش، ئاخافتنەکانی خۆی بە مەسەلەیەک، یان پەندێکی پێشینیانی وەها پشتڕاست دەکردەوە، کە بۆ خەڵکەکە زۆر ئاشنا و جێی فام بێت.

لە ساڵی 1986 یەکێتی قوتابیانی کوردستان خوڵێکی تۆپی پێی بەناوی جامی بارزان بۆ هەموو تیپەکانی پەنابەران لە سەرتاسەری ئێران ڕاگەیاند . شوێنی کێبەرکێیەکان شاری کەرەج بوو، کە بارەگای لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیانی لێبوو، ئێمەش وەکوو تیپی فوتبۆڵی پەنابەرانی شاری نەغەدە بەشدار بووین .

لەو دەرفەتەدا، هەڵێکیان بۆ ڕەخساندین تاکوو چاومان بە زیندەیاد ئیدریس بارزانی بکەوێ، بەڕێزی لە ماڵی خۆی زۆر بەگەرمی و خۆشەویستییەوە پێشوازی لێکردین. دوای ئەوەی بۆ ماوەی چوارەکێک قسەی بۆ کردین، وتی حەزدەکەم ئێوە قسەم بۆ بکەن، دەمەوێت ڕای ئێوە لە بارەی بارودۆخ بزانم . هەندێک لە دۆستان پرسیار، و ڕایان هەبوو، منیش یەکێک لەوانە بووم، کە قسەم هەبوو، من داوای ئەوەم لێکرد کە خولێکی سیاسی بکرێتەوە، کە لاوانی پەنابەر زیادتر فێری ڕۆشنبیری سیاسی و ئیدۆلۆژی بکرێن . بەڕێزی دوای تەواو بوونی قسەکانم زۆر بەنەرمی پرسیاری ناوی باوک و گوند و هۆزی لێ کردم. پاشان چەند خولّەکێک وەڵامی پرسیارەکانی منی دایەوە و وتی ئەگەر دەتانەوێ ڕۆشنبیر بن و بۆ گەلەکەتان بەکەڵک بن، لەبارەی مێژووی باب و باپیرانتان بپرسن و بخوێننەوە. ئەوە باشترین ئیدۆلۆژی و ڕۆشنبیری یە بۆ ئێوە .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-01-30

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | shafaq.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-11

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 444
دەربارەی شەڕی هەندرێن 1966
20250727111313648442=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
وەڵام بۆ پەرتووکی بیرەوەرییەکانی فارس کورەمارکی

مەغدید حاجی

بەشی دووەم و کۆتایی

هەڤاڵ فارس ڕاستەکات کە دەڵێت: شەڕی هەندرێن یەک لە دیارترین شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلول بوو .. هەروەها ڕاستە کە کاک ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی دەکردە سەر هەردوو بەرەی هەندرێن و زۆزک (ل 108)، بەڵام پلانی شەڕی هەندرێن کاک ئیدریس داینەناوە، بەڵکوو پلانی شەڕەکە (12-05-1966) و ڕێگارکردنی چیای هەندرێن، لەلایەن ڕەئیس کەمال نعمان بەرپرسی سیاسی و سەربازی هێزی حزبی شیوعی (لێژنەی ئازادی) دانراوە، بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی ئازادی (فاخیر مێرگەسۆری، ملازم خدر، منیر یەعقوب، حاجی مەلا سەعید) لەگەڵ عزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە. (چاوپێکەوتنی تۆمارکراومان لەگەڵ فەریق نعمان علوان، ناسراو بە ملازم خدر، لە 16-01-2022 بارەگای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی ئێراق لە هەولێر)

ڕاستە فاخر مێرگەسۆری کە ئەندامی حزبی شیوعی بوو، فەرماندەی مەیدانی یەکەمی داستانی هەندرێن بوو، بەو پەڕی ئازایەتی شەڕی کردووە، لەوەشیاندا کاک فارس ڕاستی نووسیوە کە دەڵێت: پێشمەرگە شیوعییەکان ڕۆڵێکی دیاریان بینی، لە ناویاندا چەندین ئەفسەری عەرەب هەبوون کە پەیوەندییان بە شۆڕش کردبوو، ڕۆڵیان هەبوو لە یەکلاکردنەوەی شەڕەکە..

نووسەری بیرەوەری (فارس کورەمارکی) لە لایەک ستایشی شەڕی هەندرێن و ڕۆڵی شیوعییەکان دەکات، بەڵام دوای چەند دێڕێک بە ناڕەوا دەیەوێت لە گرنگی داستانی هەندرێن کەمبکاتەوە و دەڵێت: ئەگەر ئێمە لە هەردوو بەرەی زۆزک و گەرووی عومەراغا، خۆڕاگر نەبووینایە سەرکەوتن بەدەست نەدەهات!

دەڵێت: وەکوو گریمانە، ئەگەر سوپا دەستی بەسەر چیای هندرێن دابگرتایە ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکەیان جێبەجێ نەدەبوو (ل 108) بە بێ کۆنترۆڵی چیای زۆزک و گەرووی عومەراغا، سوپا نەیدەتوانی ڕێگای هاملتۆن کۆنترۆڵ بکات .. نووسەر دەڵێت ، دەبوو لەجیاتی ناونانی (شەڕی هەندرێن) ناوبنرایە شەڕی (حەوزی ڕواندز) یان (باڵەک)!نووسەر دەڵێت ، من نکوولی لە کاریگەریی شیوعییەکان، بە سەرکردایەتی فاخر مێرگەسۆری ناکەم لە شەڕی حەوزی ڕواندز، بەڵام سەرکەوتنەکە لە هەرسێ بەرەی شەڕەکەدابوو (ل 109)..

ئێمەش لە وەڵامیدا دەڵێین، نکوڵی لە قارەمانێتی و بەرگریی و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی پارتی لە هەردوو بەرەی چیای زۆزک و گەرووی عومەراغا ناکەین، کە فشاری زۆری جاش و سوپایان لەسەر بوو، شەڕ و بەرگریی جوامێرانەیان کرد و شەهید و بریندارییشیان زۆر بوو.. بەڵام نەک تەنیا شیوعییەکان گرنگی شەڕی هەندرێنیان وەکوو شەڕێکی یەکلاکەرەوە و شکستپێهێنان بە پلانی دوژمن (توکلت علی الله) باسکردووە،

بەڵکوو بەشێک لە فەرماندە باڵاکانی پارتیش نەیان توانیوە دان بەو ڕاستییەدا نەنێن.. کاک مەسعود بارزانی لە ڕۆژی 12-05-2023 دا، لە مەراسیمی کردنەوەی مۆنۆمێنتی بارزان، یادی داستانی هەندرێنی کردەوەو ڕاستگۆیانە، دەقاودەق وتی: ئیمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتنی داستانی هەندرێنە لە 12-05-1966 کە بە تەمابوون، بەرنامەیەکیان دانابوو، بێن بە خیلالی دوو هەفتە بگەنە حاجی ئۆمەران، بەڵام پلانەکەیان سەری نەگرت... لە هەندرێن وەکوو ئەمڕۆ سعات چوار هێرشی مقابل دەستی پێ کرد ، بە ڕاستی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دەورێکی زۆرزۆر گەورەیان بینی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تری شۆڕش. بەڵام مێژوو حەقیقەت چۆنە دەبێت بیڵێ ، دەوری پێشمەرگەکانی شیوعی زۆر گەورە بوو، بە تایبەتیی کەمال نعمان، ملازم خدر کە ئێستا فەریقیشە ئێمە هەر پێی دەڵێین ملازم خدر .. لیوای چوار هەر تەفروتوونابوو، ئەوەبوو مفاوەزات دەستی پێ کرد و هودنەی حوزەیران پەیدابوو.

دەتوانین بڵێین ئەم قسانەی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامە بۆ هەموو ئەوانەی نەیانویستووە ڕۆڵی ڕاستەقینەی فەرماندەو پێشمەرگە شیوعییەکان لە داستانی هەندرێن و کاریگەریی ئەم داستانە بخەنە ڕوو.

دووپاتی دەکەینەوە سەبارەت بە دانانی پلانی ڕزگارکردنی هەندرێن، لە سەرەوە بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی تۆمارکراومان لەگەڵ ملازم خدر ڕوونمان کردەوە. سەبارەت بە بۆچوونی دیکەی کاک فارس کە جەبهەی شەڕی هەندرێن بەرانبەر بە شەڕی زۆزک و گەرووی عومەراغا بە لاوەکی دادەنێت!

بێگومان ئەم بۆچوونەش دووڕە لە ڕاستی، با ئەوجارەش بەڵگەکەم یان سەرچاوەکەم، لایەنی حیزبی شیوعی نەبێت، بەڵکوو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە مەلامستەفا بارزانی بێت، لە دوای سەرکەوتن لە شەڕی هەندرێن مەلا مستەفا بارزانی یەکسەر بروسکەی پیرۆزبایی بۆ هێزی باڵەک و هەموو فەرماندەکان ناردووەو دەڵێت: سوپاسی هەڵمەتتان دەکەین ئەی قارەمانانی کوردستان لە چیای هەندرێن، هەوڵ و ماندوبوونتان بەرز دەنرخێنین و پیرۆزباییتان لێدەکەین، بەرانبەر بەو قارەمانێتییە کەموێنەیەتان، لە بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان .. بڕوانە: (شانێک بە بن باری نیشتمانەوە، ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، ل 173)

لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی بەمجۆرە لە چیای زۆزک و گەرووی عومەراغا بەدەستنەهات، تاکوو بارزانی بروسکەی پیرۆزباییان بۆ بنێریت. بەڵکوو لەو کاتدا بارودۆخی سەربازی لە زۆزک زۆر ئاڵۆز بوو.. بڕوانە: (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) ل 381 -383)

هەروەها کاک مەسعود بارزانی نووسیویەتی و دەڵێت: ڕۆژی 12ی ئایار پێشمەرگە داستانێکیان لە نازدارترین داستانەکانی گەلی کورد لە هەموو مێژوویدا تۆمارکرد..هەندرێن بارودۆخی سیاسی و سوپایی سەروبن کردەوەو کارێکی بەو کۆمەڵە دڵ لە کورد پڕ لە کینەیەی ناو دەسەڵات بە دەستان کرد، کە لە شەرمەزاریاندا سەریان شۆڕ کەن، ئیتر لەوە پاش ورتەیان نە دەبیسترا.. بڕوانە: (مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 221).

عزەت سلێمان بەگ، یەک لە فەرماندەکانی سەربە بارەگای بارزانی لە بارەی گرنگی شەڕی هەندرێن نووسیویەتی و دەڵێت: .. گەورەترین ئەگەر بڵێم لە هەموو کوردستانا ، شەڕی هەندرێن بوو، شەڕی وا سەرکەوتوو بەناوبانگ کەم بووە.. (ژیان و بەرخودان عزەت سلێمان بەگ.. ئامادەکردنی شێرزاد

عەبدولرەحمان، 1995 ، ل 45).

لە پەرتووکی (بیرەوەرییەکانی فارس کۆرەمارکی، ل 111) پەراوێز ژمارە (6) دا هاتووە، هەندێک لە شیوعییەکان زێدە ڕۆیی دەکەن کە سەرکەوتنی پێشمەرگە لە هەندرێن بۆ خۆیان دادەنێن!! دوایی نووسویەتی و دەڵێت: ئایا ئەوان یەک بریندار یان یەک شەهیدیان لە شەڕی هەندرێن تۆمارکردووە؟!

لە ڕاستیدا حەزم نەدەکرد وەڵامی ئەم کاک فارسە بدەمەوە، چونکە نەماوە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەرتووکی نووسیوە و پەرتووکەکە چاپکراوە و خەڵکانێک وەکوو سەرچاوە لەوانەیە پشتیان پێ بەستابێت یان پشتی پێ ببەستن، جا لە پێناوی ڕاستی مێژوویی بە چاکم زانی وەڵامی بدەمەوە، پەرتووکەکەشی لەم دواییە بەدەست من گەیشت.

بۆ ڕۆڵ و قوربانی دانی شیوعییەکان ئەگەر خوێنەر، نەشگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە شیوعییەکان، بەڵکوو بگەڕێتەوە بۆ هەندێک سەرچاوە کە من لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن دەتوانێت لە حەقیقەت بگات..

سەبارەت بە شەهید و بریندارەکان لە داستانی هەندرێندا، هەموو ئەوانەی لەم شەڕەدا بەشداربووینە و باسیان کردووە و دەیان سەرچاوەش لەبەردەستە، لە داستانی هەندرێن ڕۆژی 12-5-1966 تەنیا سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون، دوانیان پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی شیوعی بوون: (شەهید عەریف یونس سەرلق و بەرپرسی فیدائیە شیوعییەکان بوو، شەهید سالح مام ئەلیاس ڕواندزی کوڕی مام ئەلیاس کە سەرپەل و لەگەڵ کوڕی فیدائی بوون لە شەڕەکە، سێیەم شەهید خدر عەولابەگ بەرپرسی یەک لە گرووپەکانی فیدائی لقی عزەت سلێمان بەگ بوو، ئەوانیش دۆستی حزبی شیوعی بوون).

سەبارەت بە بریندارەکانیش: (مستەفا چاوڕەش ، ڕەئوف ئەڵلا کەرەمی هەڵەبجەیی، حەسەن قەرەچەتانی، حەسەن عەولا حسێن، حسێن مەولود، سەعید ڕەزاق دەرگەڵەیی، حسێن مەولود کەڵێتەیی، عومەر قەرەچەتانی، ئیسماعیل نەسرۆڵلا، سەعید حەمەد ئاغا) زرار سلێمان بەگیش پێی وەرگەڕابوو. بەڵام خۆی باسی بریندارببوونی خۆی نەکردووە، بەڵکوو مستەفا چاوڕەش ناوی وەکوو بریندار تۆمارکردووە، بڕوانە:

(بیرەوەرییەکانم، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، 2007؛ یادەوەریەکانی مستەفا چاوڕەش، چاپی یەکەم، ل48؛ عزەت سلێمان بەگ، ڕۆژنامەی برایەتی 13-05-1993؛ مەحمود دکتاریۆف، گۆڤاری هەندرێن، ژمارە سفر، 1998).

عزەت سلێمان بەگ دووپاتی کردووەتەوە کە تەنیا ئەوان و هێزی حیزبی شیوعی لە داستانی هەندرێن ڕۆژی 12-05-1966 بەشدار بوون.

بەشێکیش لە پێشمەرگەکانی کاک عزەت یان شیوعی بوون یان دۆستی حزبی شیوعی بوون.. بارزانیش پاراستنی هەندرێنی بە پلەی یەکەم بە حزبی شیوعی سپاردبوو، کاک مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکەیدا ئەمەی چەسپاندووەو دەڵێت: ئەرکی هەرە گەورە لە داکۆکی کردن لە هەندرێن لە ئەستۆی یەکە لەشکرییەکانی حزبی شیوعیدا بوو بڕوانە: مەسعود بارزانی سەرچاوەی پێشوو، ل 217.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی عێراق | پۆلێنی ناوەڕۆک: سەربازی | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-03-21

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
59 ساڵ بەسەر داستانی مەزنی هەندرێن بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادی 53 ساڵەی داستانی هندرێن کرایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | regaykurdistan.com 21-03-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-27

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 445
دەرچوون لە ئێراق: بەشی 107
20250804091940649695=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دەرچوون لە ئێراق: بەشی 107
نووسینی: کەیوان ئازاد
یەکێک لەو ڕووداوانەی نێو ساڵانی جەنگی (ئێراق-ئێران)، کە کارەساتێکی مرۆیی لێکەوتەوە (شەڕی گردەمەن) ناسراو بە (شەڕی حاجی ئۆمەران) بوو. شەڕەکە کەوتە ڕۆژی (هەینی) ڕێکەوتی (22-07-1983) ، بەڵام ئەوە سەرەتای دەسپێکی شەڕەکە بوو، چونکە بەدوایدا زنجیرە شەڕێک هات، کە کۆتاییەکەی، کەوتە ساڵی (1988). دەسپێکی ئەو شەڕە دوای ئەوە هات، کە فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسدارانی ئێران بە مەبەستی قەرەبوون کردنەوەی زیانەکانیان لە بەرەکانی ناوەڕاست و باشووری خۆراوای وڵاتەکەیان، پلانی دەستگرتنیان بەسەر چیای (گردەمەن)و ناوچەی (حاجی ئۆمەران) دانا. لەو پلانەشدا ڕاوێژیان بە "مەسعود بارزانی" سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، چونکە ناوچەکە زێدی خۆی و ماڵباتەکەی و پێگەی جەماوەری پارتەکەی بوو. وەک ناوبراو لە بەرگی چوارەمی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد) باسی کردووە، ئێرانییەکان لە ڕێگای (جەنەڕاڵ سەیاد شیرازی) و (جەنەڕاڵ موحسینی ڕەزایی) پەیوەندیان پێوە کردووە، تا ڕای ئەو لەسەر پلانەکە و بەشداریان لە شەڕەکە بزانن. وەڵامی "مەسعود بارزانی"ش بۆ ئەوان ئەوە بوو، کە ناوچەکە زۆر سەختە و بەئاسانی ناکەوێتە دەست هێزەکانی سوپای ئێران. ئەگەر کاریشی بۆ بکەن، زیانی مرۆیی و جەنگی زۆری دەبێت. لە بەرانبەردا لایەنی ئێرانی ئەوەیان ڕاگەیاندوە، کە ئەوان کێشەی زیانی مرۆییان نییە و باکیان نییە چەند لە هێزەکانیان دەبنە قوربانی، بەڵکوو ئەوەی لای ئەوان گرنگە دەستگرتنە بەسەر ئەو شوێنە ستراتجییە و سەرکەوتن لەو شەڕەدا. وەک "مەسعود بارزانی" ئاماژەی پێداوە، بۆچوونی خۆی وابوو، کە پارتەکەی خاوەنی هێزێکی چەکداری زۆر و چەکی باش نەبووە، تا بڕیاری بەشداری لەو شەڕە بدات، بەڵام کاتێک لایەنی ئێران سوور بوون لەسەر شەڕەکە و بەشداریکردنی هێزێکی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە پێویست بووە هاوکاری بکرێن، چونکە دواجار هەر دوولایان، نەیاری دەوڵەتی ئێراق بوون.
دوای وەرگرتنی ئەو ڕاوێژە و ئامادەکاری بۆ شەڕەکە، سوپای ئێران بە فەرماندەیی (جەنەڕاڵ سەیاد شیرازی) و بە یاوەری (جەنەڕاڵ موحسینی ڕەزایی) لە (22-07-1983ز)، بە هاوکاری هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە فەرماندەیی (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی)، دوای شەڕێکی سەخت و کوژرا و بریندارێکی زۆر، دەستگیرا بەسەر لوتکەی چیاکەدا. لوتکەیەک ناوچەی (حاجی ئۆمەران)و دەوروبەری لەبەردەستدا بوو. حکومەتی ئێراقیش بە پشتیوانی هێزێکی هەر دوو فەیلەق (یەک و پێنج) و چەندین یەکەی سەربازی و هێزەکانی کرێگرتەی کورد لە هۆزەکانی (زێباری، هرکی، سوورچی، ڕێکانی، برادۆستی) و چەند هۆزێکی تر، ڕووبەڕووی ئەو شاڵاوە وەستان، بەڵام سەرەتا شکستیان هێنا. هەر بۆیە حکومەتی ئێراق و سەرۆکەکەی، ئەو شکستەی کردە پاساو بڕیاری ئەنفالکردنی بارزانییەکان دا. شەڕی (حاجی ئۆمەران) نەک هەر شەڕی (دوو) دەوڵەت بوو لە ناوچەیەکی کوردستان، بەڵکوو گواستنەوەی هێزی شەڕەکە بوو لە ناوەڕاست و باشووری دەوڵەتی ئێراقەوە بۆ بەشی باکووری، کە ئەوکات بە (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) ناسرا بوو. واتە لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێراق لە هەردوو بەرەی ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەی توانیبووی لەنێوان ساڵانی (1980-1983ز.) بچێتە ناو خاکی ئێران و چەندین شار و شارۆچکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام لە بەری باکووری ئەو پێشڕەوییانەی بۆ نەکرا و شکستی خوارد. ئەمە و لە دوای ئەو شەڕە هاوکێشەکە پێچەوانەوە بوویەوە، بەوەی دەوڵەتی ئێران هاتە نێو خاکی ئێراق و دەستی گەیشتە چەندین ناوچە و شارۆچکەی تر. تەنانەت شاڵاوەکە بە ئاستێک بۆ ئێرانییەکان گەورە و کاریگەر و بە بایەخ بوو، ناوی (وەلفەجەری دوو-والفجر)یان لێنا. واتە (یەک) لەو (دە) وەلفەجرەی

ئێرانییەکان، بۆ ئەو شالاوە دانرا.
خاڵێکی گرنگی تر لەو ڕووداو و شالاوە ئەوە بوو، کە ڕەوتی ڕووداوەکانی جەنگەکە بۆ کورد بە گشتی و پارت و ڕەوتە کوردییەکانی شاخ و هێزە کرێگرتەکانی کورد، بە ئاڕاستەیەکی تردا گوزەری کرد. ئەوەش سەرباری ئەوەی حکومەتی ئێراق، پاساوی دەسکەوت، تا دەست بداتە ئەنفالی بارزانییەکان، بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگی هێزی خۆی بەرانبەر سوپای ئێران لە ناوچە کوردییەکان، لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) کەوتە گفتوگۆ.
بەتایبەت دوای ئەوەی تا ئەوکات، ئەو ڕەوتە، نەیارێکی تووندی پارتی دیموکراتی کوردستان و ماڵباتی بارزان بوو، ئەمە و شەڕی دەوڵەتی ئێرانیشی دەکرد. هەر بۆیە کەڵک وەرگرتن لەو هێزە، چەندە لە بەرژەوەندی خودی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بوو لەو دۆخەدا دەوڵەتی ئێراق ئاوڕی لێبداتەوە، دوو ئەوەندە لە بەرژەوەندی حکومەتی ئێراق بوو، بەو هێزە کاریگەرە شەڕی (پارتی دیموکراتی کوردستان)و هەموو ئەوانە بکات، لە بەرەی دەوڵەتی ئێران بوون.
لەلایەکی دیکەوە بە گواستنەوەی ئەو شەڕە و بەو چڕییە بۆ بەری باکوور، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، چوونە شەڕێکی سەختترەوە. ئەمەو جگە لەوەی بووە هۆکاری چۆڵکردن و سووتان و وێرانبوونی سەدان گوند و دەیان شارۆچکە. هەر بۆیە ئەو شەڕە، چەندە بە قازانجی دەوڵەتی ئێران و زیانی دەوڵەتی ئێراق بوو، زیانەکانیشی بۆ کورد بە گشتی کەم نەبوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی) | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 15-04-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-04-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2025-04-15 chawykurd.com
کاتی تۆمارکردن: 04-08-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 446
دەرچوون لە ئێراق: بەشی 75

20250804225257649778=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دەرچوون لە ئێراق: بەشی 75
نووسینی: کەیوان ئازاد
"شۆڕشی کورد لەنێوان (دوو) ناو و (دوو) هێزی نەیار بە یەکی کوردا"
هەڵایسانی (دوو) شۆڕش لە یەک ساڵ و یەک پێگەی جوگرافیایی باشووری کوردستاندا، دەرئەنجامی ناکۆکی و ململانێیەکی تووندی (دوو) باڵی کۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە سەرەداوەکانی بۆ ساڵی (1964ز) گەڕایەوە، ئەوەش کاتێک باڵێکی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی (باڵی مەکتەبی سیاسی) لە سەرکردایەتی پارتی و خودی (مستەفا بارزانی) جیابوویەوە. دوای (دوو) ساڵیش واتە لەنێوان ساڵانی (1966-1970) چووە پاڵ حکومەتی ئێراق و شەڕی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلولی کرد. کاتێکیش حکومەتی ئێراق لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشەکەی ڕێکەوت و ڕێکەوتنامەی (11-03-1970ز) لێکەوتەوە، ئەو باڵەی مەکتەبی سیاسی پەرتەوازە بوون. بەشێکیان بۆ نێو ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) گەڕانەوە. ئەوەش کاتێک (مستەفا بارزانی) لێبوردنی گشتی بۆ دەرکردن و ئازادی کردن لەوەی بۆ نێو پارتی و شۆڕشەکە دەگەڕێنەوە یان نا؟ ئەو بەشەشی بۆ لای پارتەکەیان نەگەڕانەوە و ئەو عەیبە و شکستەیان نەهێنایە سەرخۆیان، پەرتەوازە بوون.
لەنێو ئەمانیش، بەشێکیان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)یان وەک باڵێکی چەپگەرایی کوردستانی دامەزراند، کە ئەوکات سەردەمی چەپەکان و شیوعییەت بوو. بەشێکی تریان چوونە پاڵ حکومەتی ئێراق و دژایەتی پارتی و شۆڕشەکەیان کرد. کۆمەڵێ سێیەمیشیان ڕێگای دەرەوەی کوردستان و ئێراقیان گرتەبەر و ژیانی پەناهیندەیی و ئاوارەییان هەڵبژارد. ئەوانەشی مانەوە، وازیان لە سیاسەت هێنا و دانیشتن. ئەوکاتەشی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی (ڕێکەوتنامەی جەزائیر) لە (06-03-1975ز) لێدرا، ئەندامە پەرتەوازەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، کەوتنەخۆ و لە (1ی حوزەیران)ی هەمان ساڵ و لە گازینۆ (الطليطلة)ی شاری (دیمەشق)ی پایتەختی وڵاتی سووریا، ڕێکخراوێکی کوردییان بەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دامەزراند. لەم ڕووداوەشدا (جەلال تاڵەبانی) ناسراو بە (مام جەلال) ڕۆڵی سەرەکی وگەورەی لە دامەزراندنی ئەو ڕەوتە نوێیەدا بینی. بەوەش ئەو هیوایەیان هاتەدێ، کە لە ساڵی (1964ز)ەوە کاریان بۆ دەکرد.
ڕووداوی دامەزراندنی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە وڵاتێکی وەک سووریا، مانۆبای بارزان و (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی لەناو وڵاتی ئێراندا تاساند، چونکە بۆ ئەوە نەچووبوون، پارتێکی سیاسی نوێ، لە وڵاتێکی نەیار بە دەوڵەتی ئێراق و لە نەیارە کۆنەکانیان لەوکاتە هەستیارەی شکستی شۆڕش و پارتەکەیان، دڕووست بێت. هەر بۆیە بەزووبی کەوتنە خۆیان و سەرکردایەتییەکی کاتیان بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) پێکهێنا و ناوی (سەرکردایەتی کاتی-قیادە موەقەتە)یان لێنا. ئامانج لە پێکهێنانی ئەو سەرکردایەتییەش بۆ ئەوە بوو، تا بوار نەدەنە هیچ کەسایەتی و هێزێکی دیکە، گۆڕەپانی خەباتیان لەبندەست دەربهێنێت. بەر لەوەشی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یەکێتی) بانگەشە بۆ شۆڕشەکەی بکات، سەرکردایەتی کاتی پارتی، بانگەشەیان بۆ (شۆڕشی گوڵان) کردبوو. ئەم ڕووداوەش ئەوەندی تر ناکۆکی نێوانیانی تۆندتر کردەوە و زۆری نەخایاند قۆناغێکی تری شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ خۆی هێنا. هۆیەکەش دیار بوو، نە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرتی کوردستان، پێیان خۆشبوو، لایەنە نەیارەکەیان لە سەرووبەندی شکستی شۆڕشەکەیاندا، بانگەشە بۆ شۆڕشێکی تر بکات. نە سەرانی (یەکێتی) دەیانوویست جارێکی دیکە مانۆبای بارزان و (پارتی) بێنەوە مەیدان و جڵەوی سەرکردایەتی کورد و شۆڕشێکی تر لە باشووری کوردستان بگرنە دەست، بەڵام لەگەڵ هەموو

ئەوانەشدا، نە سەرکردایەتی کاتی پارتی، جڵەوی هێزی (یەکێتی) و شۆڕشەکەی بۆ گیرا! نە بەرانبەرەکەشی توانی هێز و سەنگی ئەو پارتە و سەرکردایەتییەکەی و ماڵباتی بارزان لەسەر پرۆسەی خەبات و سیاسەتی باشووری کوردستان، نەک بسڕێتەوە، بەڵکوو لاوازیشی بکات.
لە نێو ئەو ڕووداوانە (مستەفا بارزانی) وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەری شۆڕشی ئەیلول، دوا ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵ نەخۆشییەک بەسەر دەبرد. ئەمەو هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) وەک دوو ڕۆڵەی بەوەفا و بە ئەمەک، لە دەوری باوکیان مانەوە، تا تەنیای نەکەن و خەفەتی کورد و پێشهاتە خراپەکان، کار لە نەخۆشییەکەی نەکەن، بۆیە لە دەوری مانەوە، تا ئاگاداری دۆخی تەندروستی بن و هیوایەک بۆ ژیانی بگێڕنەوە. بەو دۆخەوەش بەسەر خۆیان و ماڵبات و پارت و شۆڕشەکەیاندا هات، لە ناوخۆ ڕووبەڕووی ئەو هێزە بوونەوە، کە کاریگەرییەکەی لە (ڕێکەوتنامەی جەزائیر) کەمتر نەبوو. هەر بۆیە پێویست بوو ڕووبەڕووی ئەو دۆخە ببنەوە و بەسەریدا زاڵ ببن. بۆ ئەوەشی بەسەریدا سەرکەون، کاریان بۆ ڕێکخستنەوەی پارتەکەیان و هەڵایسانی شۆڕشێکی تر کرد. ئامانج لەو کارەشیان، ڕێگری بوو لە بەرانبەرەکەیان، تا پێش خۆیان بانگەشە بۆ شۆڕشێکی تر نەکەن. هەرچۆن بێت، بەو دۆخە نوێیەوەو بەو هەموو پیلان و بەرنامە سیاسییانەی لەسەریان بوو، کاریان بۆ بەهێزکردنەوەی پارتەکەیان و هەڵایسانی شۆڕشێکی تر کرد. دیارە سەرباری ئەو هەموو تەنگەژانەش لەسەریان بوو، زۆر باش ڕووبەڕووی دۆخەکە بوونەوە و پێش پارتە نەیارەکەیان (شۆڕشی گوڵان)یان ڕاگەیاند. ئەو کارەشیان بێ ڕووبەڕووبوونەوە و بێ کاریگەریی و شوێنەواری خراپ تێنەپەڕی، چونکە دوای یەک هەفتە لە ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەیان، (یەکێتی)، (شۆڕشی نوێ) ڕاگەیاند.
دەستپێکردنەوەی دوو شۆڕشی دژ بەیەک، لەوەها دۆخێکی باشووری کوردستان و درەندەیی حکومەتی ئێراق و ڕژێمی بەعسدا، بەئاسانی تێنەپەڕی. بەتایبەت ڕژێمێک، کە زۆرینەی ڕەها کوردی باشووری کوردستان و پشتیوانانی شۆڕشی ئەیلولی کەوتبووە دەست. هەروەها دەیتوانی بە ویستی خۆی بەکاریان بهێنێت و یاریان پێبکات. هەر بۆیە ڕاگەیاندنی (دوو) شۆڕش لە (دوو) کاتی زۆر نزیک و لە یەک پێگەی جوگرافی کوردستاندا، دۆخەکەی بۆ باشووری کوردستان، تەواو شڵەقاند و خەڵکی باشووری کوردستانی بەرەو دۆخێکی تر برد. کەچی هەردوولا بێ گوێدانە، ڕەهەند و ئایندە خراپەکانی، دەستیان بە قۆناغێکی تری خەبات و شەڕی براکوژی و ململانێی توندی سیاسی کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 15-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی chawykurd.com- 23-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 447
دەرچوون لە ئێراق: بەشی 84

20250804103640649702=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

"حکومەتی ئێراق لەنێوان شەڕی لایەنە کوردییەکان و گفتوگۆکان لەگەڵیان"
نووسینی: کەیوان ئازاد
لە کاتێکدا حکومەتی ئێراق سەرقاڵی ڕاگواستنی ناوچە و گوندە سەرسنوورییەکانی بوو لەگەڵ (دوو)ی دەوڵەتی (ئێران-تورکیا)، لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی هاوسێ و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەهێزتر دەکرد. بەو حاڵەشەوە شەری هێزە کوردییەکانی ناوچە سنوورییەکان دەکرد و بەرپەرچی هەر شاڵاو و کردەیەکی چەکداری ئەدایەوە، کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە ئەکرایە سەر هێزەکانی. لەو دۆخەشدا هەر جارە و مامەڵەی لەگەڵ هێزێکی سیاسی کوردی دەکرد، تا بە ڕاکێشانی هێزێک بۆ لای خۆی، لە هێزەکەی دیکە بدات. بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لەو کەسایەتییە کوردییانە بینی، کە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، بۆ لای خۆی گەڕانەوەو وازیان لە خزمەتکردن و درێژەدان بە پشتیوانیکردنی شۆڕشی کورد هێنا. بەهۆی ئەوانیشەوەو لە ڕێگای هەردوو دەزگای موخابەرات (هەواڵگری)و ئەمن (ئاساییش)، نامەی نییەت پاکی حکومەتی ئێراق بۆ سەرانی (پارتی، یەکێتی، سۆسیالیست، شیوعی) و هێزەکانی تر نارد و بەڵێنی پێدان، چارەسەری کێشەکانیان بە گفتوگۆ بکات. لەم بوارەشدا نامەی بۆ (مەسعود بارزانی) وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) برای نارد. هەروەها نامەشی بۆ (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (ڕەسوڵ مامەند) سکرتێری حیزبی سوسیالیستی کوردستان و (عەزیز محەمەد) سکرتێری حیزبی شیوعی ئێراقی نارد. نێردەی نامەکانیش لە (دکتۆر نووری تاڵەبانی، فوئاد عارف، عەبدولوەهاب ئەتروشی)و نزیکەکانی ئەوان و چەند کەسایەتییەکی کوردی تر پێکهات.
جیاواز لەوەش، دۆخی ئەو حیزبانەش بەهۆی شەڕی یەکتر و پیلان و سیاسەتی بەعس و هەژموونی دەسەڵاتی لە ناوچە کوردنشینەکان، کاری ئەوانی سەختتر کرد بوو، بۆیە ئەوانیش لە درەفەتێک ئەگەڕان، لە ڕێگای کەسایەتییە نزیکەکانی خۆیانەوە لەنێو شارەکان، پەیوەندی بە حکومەتی ئێراقەوە بکەن و قۆناغێک لە دانووستان بهێننە پێشەوە. ئەو دانووستانانەی لەنێوان حکومەتی ئێراق و هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەنێوان ساڵانی (1978-1980) ئەنجامدران، بێ ئەنجام مان. هەر لە سەرەتاشەوە دیار بوو بێ ئەنجام دەبێت. هۆیەکانیش زۆر دیار بوون. لەلایەک کارکتەری سەرەکی دەستپێکردنی ئەو دانووستانانە، هەردوو دەزگای موخابەرات و ئەمنی ئێراق بوون. ئەوانیش تەنیا ئامانجیان لێدانی کورد و هێزە کوردییەکان و شۆڕشەکەیان بوو، نەوەک خزمەتکردن بە کورد و ئەو لایەنانە و سەرکەوتنیان. ئەمەو ئەو کەسایەتییانەش بۆ ئەو نێوەندگیرییە دانرابوون، لەژێر دەسەڵات و هەژموونی حکومەتی ئێراقدا بوون، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو، دانووستانەکان بێ ئەنجام دەبەن.
لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش نایدە بگرین، کە ئەو کەسانەی بوونە نێوندگیری نێوان حکومەتی ئێراق و هێزە کوردییەکان، ئەگەر واقیعەکەیان بە کەسی یەکەمی هێزە کوردییەکان گەیاندبێت، ئەوەبووە، کە حکومەتی ئێراق یاریپەکی سیاسیان پێدەکات! خۆ ئەگەر هێز و دەسەڵاتی حکومەتی ئێراقیشیان بە سەرانی کورد گەیاندبێت، ئەوا لەوە ئاگاداریان کردونەتەوە، کە شەڕکردن لە چیاکان ئەنجامی نابێت و حکومەت و پارتی بەعسی فەرمانڕەوا بەو چەند سەد پێشمەرگەیە و بە چەکی کلاشینکۆف و ئاربی جی، ناڕوخێت. هەر بۆیە لە هەردوو بارەکەدا، بە قازانجی حکومەتی ئێراق گەڕابوو. ئامانجێکی تری ئەو دانووستانانە بۆ حکومەتی ئێراق ئەوە بوو، کە بەهۆی ئەو دانووستانانە، پێگەی سەرەکی و بارەگا لاوەکییەکانی ئەو هێزە کوردییانە و ڕێکخستنەکانی ناوشاریان ئاشکرابوون. هەروەها دەستی دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێراقیش گەیشتە هێز وتوانا و زانیاری

وردی لایەنە کوردییەکان و هاوکار و پشتیوانەکانیان لە کۆی شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆم و ناوچە و شارەکانی دیکەی ئێراق. لە کۆی هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ دانووستان لەنێوان حکومەتی ئێراق و سەرکردایەتی کاتی پارتی، تا بە دانووستان لەگەڵ (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعی ئێراق) دەگات، هەر بە شکست کۆتایی هات.
ماوەتە بڵێین؛ ئەوەی لە دۆخی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول سوودی بینی، حکومەتی ئێراق بوو. ئەوەشی زیانی لێ کرد، سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان بوون بەبێ جیاوازی. ئەمەو جگە لەوەی شێوازی دانووستانی حکومەتی ئێراق لەگەڵ ئەو هێزە کوردییانە بەجیا، بە زیانی ناوخۆیی لایەنە کوردییەکان تەواو بوو. هۆیەکەش ئەوەبوو، هەریەک لەو هێزانەی چوونە دانووستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق، لەلایەن ئەوانەی دانووستانیان ڕەتکردەوە، بە (خائین و خۆفرۆش) تۆمەتبار کران. تەنانەت سەدان ناوی نەشیاو و ڕەخنەی تووندیان ئاڕاستە کرا. بە ئاستێک چەندە حکومەتی ئێراق لەو سیاسەتەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بۆ ماوەیەک لایەن لە دوای لایەنی کوردی ناسی، شەڕی ناوخۆیی ئەوانیشی تووندتر کردەوەو تووندتر کەوتنە گیانی یەک. بە ئاستێک کۆی کۆمەڵگەی کورددییان لە شاخ و شار بۆ دەیان بەرەی دژ بە یەک دابەشکرد، کە دواتر کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی کۆمەڵگەی کوردی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، خراپ کەوتنەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-03-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی Chawy kurd- 03-03-2024
کاتی تۆمارکردن: 04-08-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 448

دەرچوون لە ئێراق: بەشی90

20250804101529649700=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دەرچوون لە ئێراق: بەشی90
نووسینی: کەیوان ئازاد
"کۆچی دوایی (مستەفا بارزانی)"
لە کاتێکدا کۆتایی هاتن بە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران، دەروازەیەکی بەڕووی کوردی باشووری کوردستان و شۆڕشەکەیدا کردەوە، ڕێبەری (شۆڕشی ئەیلول) و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تەمەنی (76) ساڵی و لە (1-03-1979ز) لە نەخۆشخانەی (جۆرج واشنتۆن)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. بەو ڕووداوەش نەک تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێنەر و یەکەمین سەرۆکی پارتەکەی لەدەستدا، کوردی باشووری کوردستانیش سەرکردە و ڕابەرێکی لەدەستدا، کە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، ڕابەرایەتی خەباتی چەکداری و سیاسی کوردی باشووری کوردستانی کرد.
(مستەفا کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلام بارزانی)، ناسراو بە (مەلا مستەفا) لە (14-03-1970) لە گوندی (بارزان) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و تێکۆشەری کورد لەدایکبووە، لە ماوەی تەمەنیدا بەشداری و سەرکردایەتی، چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێراق و ئێرانی کردووە. یەکەمێن دەرکەوتنی بۆ بەهاری ساڵی (1919ز) دەگەڕێتەوە، کاتێک لەسەر داوای (شێخ محەمەد)ی باوکی بە سەرکردایەتی هێزێکی (300) کەسی نێردرا بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکەی (شێخ مەحموودی نەمر) لە ناوچەی (سلێمانی)، بەڵام بەر لەوەی ئەو هێزە بگاتە ناوچەکە و بەهانای (شێخ مەحموودی نەمر)و دەسەڵات و هێزەکەیەوە بچێت، شەڕی (دەربەندی بازیان) ڕووی دابوو. هەروەها (شێخ مەحموود)و هێزەکەی تێکشکا بوون و خودی شێخیش بەدیلی کەوتبووە دەست بەریتانییەکان و ڕەوانەی شاری (بەغدا) کرابوو، بۆیە ئەو هێزەی (مستەفا بارزانی) تەمەن (16) ساڵ، سەرکردایەتی دەکرد، گەڕایەوە زێدی خۆی لە بارزان.
وێستگەی دووەمی خەباتی کەوتە ساڵی (1932ز)، کاتێک بەشداری ڕاپەڕینێکی ناوچەکەی کرد، کە لەلایەن (خەلیل خۆشەوی) دژ بە ڕژێمی پادشایەتی ئێراق، ڕابەرایەتی کرا. بەشداری سێیەمیشی سەرکردایەتی (شۆڕشی بارزان) بوو لە ساڵی (1943ز)، کە تا ساڵی (1945ز) دژ بە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پادشایەتی ئێراق وەستا. دوای شکستی ئەو شۆڕشەش بەناچاری لەگەڵ زۆرینەی هێزی بارزان و ماڵباتەکەی بەرەو خۆرهەڵاتی کوردستان پاشەکشەیان کرد و لە ناوچەی موکریانی ئێران نیشتەجێ بوون. کاتێکیش (کۆماری کوردستان) لە (22-01-1946ز) لە شاری (مەهاباد) دامەزرا، (مستەفا بارزانی) یەکێک بوو لە بەشداربووە سەرەکییەکانی و پلەی جنرالی پێدراو کرایە فەرماندەیی تەواوی هێزەکانی بارزانی لە کۆماردا. دوای شکستی کۆماری کوردستانیش لە (17-12-1946ز) لەگەڵ (504) بارزانی، شاری (مەهاباد)ی پایتەختی کۆماری بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەجێهێشت و تا ساڵی (1958ز) نەگەڕایەوە زێدی خۆی. کاتێکیش لە (6ی تشرینی یەکەمی1958ز) گەڕایەوە ئێراق، کۆتایی بە ڕژێمی پادشایەتی هاتبوو وە کۆماری ئێراق دامەزرا بوو. هەر بۆیە تا ساڵی (1961ز) لەگەڵ ئەو کۆمارو فەرمانڕەواکەی (عەبدولکەریم قاسم) مایەوە. کاتێکیش ئەو ڕژێمە نوێیە وەک ڕژێمی پادشایەتی، مافەکانی کوردی وەلانا، (مستەفا بارزانی)، نەک هەر شاری (بەغدا) بەجێهیشت و ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی کرد، بەڵکوو بۆ یەک ساتیش نەگەڕایەوە (بەغدا)و سازشی بۆ نەکردن. بەوەش شێلگیرانە و بۆ ماوەی (14) ساڵ بەرانبەر دەسەڵاتدارانی ئێراق وەستا، تا ئەو کاتەی بەهۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیرەوە لە شۆڕشەکە دڕا، لەو ماوەیەشدا ڕێکەوتنامەی (11-03-1970) وەک دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ خۆی و پارت و شۆڕشی ئەیلول و کوردی باشووری کوردستان تۆمار کرد.

دوای شکستی شۆڕشی ئەیلولیش، ئاوارەیی وڵاتی ئێران بوو، بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە و ڕووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، تا دەروازەییەک بۆ کیشەی کورد بدۆزێتەوە. هەر لەوێش بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی و دووچاری بە نەخۆشی شێرپەنجە، پێویستی بە چارەسەر هەبوو. هەر بۆیە لەنێوان ساڵانی (1975-1979ز)، سەرباری گەڕان بە دووی چارەسەری نەخۆشییەکەی و سازان لەگەڵ ئازارەکانی، کاروباری پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی گۆڵانی بەڕێوەبرد، کارەکانیشی لە ڕێگای هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) بەڕێوە دەبرد. بەو شێوەیە، (چوار) ساڵی کۆتایی تەمەنی، بە ئازار و ناخۆشییەوە بەڕێکرد، تا ئەو کاتەی لە (01-03-1970ز) مااڵوایی لە خێزان و بنەماڵە و کورد و کوردستان کرد. دوای کۆچی دواییشی لەسەر وەسیەتی خۆی و بەکاتی هێنرایەوە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە شاری (شنۆ) بەخاک سپێردرا. ئەوەش دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی (04-03-1979ز) تەرمەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هێنرایەوە وڵاتی ئێران و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی میهرئابادی تاران. لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بە ڕێ و ڕەسمێکی شکۆداری گەورە بەرەو شاری (شنۆ) لە ئوستانی ئازەربایجانی خۆراوا بەڕێکرا. ڕۆژی دواتر واتە لە (5ی ئازار) لە گۆڕستانی ئەو شارەو بە کاتی بەخاک سپێردرا. دیارە ئەوەش دوای ئەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕەزامەندی لەسەر هێناوەی تەرمەکەی و بەخاک سپاردنی بە شێوەیەکی شکۆدار دا. ئەوەش بەهۆی ئەوەی هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی نەتەوە و خاکەکەی تەرخانکرد و لەلایەن ڕژێمی پێشووی نەیارییەوە لێدرابوو. بەو شێوەیەش و لەو کاتە هەستیارەدا، کە ئاسۆیەک بۆ کورد بە گشتی و کوردی باشووری کوردستان بەدەی دەکرا، ئەو ڕێبەرە دیارەی کورد، کۆچی دوایی کرد. بەو ڕووداوەش ئایینەدەی پارتی و شۆڕشەکە و کێشەی کوردی بۆ هەردوو کوڕەکەی "ئیدریس و مەسعود" بەجێهێشت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-07-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-07-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ماڵپەڕی 2024-07-31 - chawykurd.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 449
دەستپێکردنەوەی شەڕی ساڵی 1965 و نامەیەکی ئیدریس سەبارەت بەو شەڕانە
20250822195232652507=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: دەستپێکردنەوەی شەڕ و نامەیەکی ئیدریس سەبارەت بەو شەڕانە

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول زۆر هەوڵیدا کە شەڕ نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کێشەکانی بەغدا لەگەڵ کوردستان بەڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو هەوڵانە بێسوود بوون. لە سەرەتای مانگی مارس ئاداری 1965ەوە چەند تێکهەڵچوونی بچووک لە ناوچەکاندا ڕووی دا. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەوڵیدا پێش بەو شەڕانە بگرێت، بەڵام نەیتوانی و شەڕە بچووکەکان خۆیان لە گەلێک شەڕی مەزن و پڕ لە زیاندا دیتەوە. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای خۆی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەک، هەروەها بە سەرهەڵدانەوەی شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک خێڵەکان پشتی شۆڕشیان گرت و ژمارەیەکیشیان پاڵیان بە حکومەتەوە دا.
ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کە چاودێڕی بەسەر ئەو شەڕانەدا دەکرد، بەو نامەیەی خوارەوە مەسعود بارزانییان لێ ئاگادار دەکات و ئەویش نامەی کاک ئیدریسی لە پاشبەندی پەرتووکەکەیدا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975 بڵاوکردووەتەوە. ئیدریس بارزانی لە نامەی ڕۆژی 08-05-1965 یدا ئاماژە بەو شەڕانەی خوارەوە دەکات:
1- شەوی 21–22-04-1965، هێزێکی لقی دووی لەشکری سێی عەبدولوەهاب ئەتروشی هەڵیانکوتایە سەر سەنگەری جاشان لە هەڵەبجە و بە موشەک لە سەنگەرێکی جاشانیان دا و شەش جاشیان کوشت و ژمارەیەکیان بریندار کرد.
2- هێزێکی لقی دوو لە بەتالیۆنی لەشکری سێی عەلی شەعبان هێرشی کردە سەر گوندی شێخ مەموودیانی سەربە عەبدولڕەحمان سیساوەیی ناپاک و دوای شەڕێک کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، جاشەکان خۆیان بەدەستەوەدا. دەستکەوتی ئەو شەڕە 19 تەفەنگی ئینگلیزی و برنۆ بوو.
3- شەوی 29– 30-04-1965 ، هێزێک لە لەشکری سەفین بە خۆمپارە هێرشی کردە سەر سەربازگەی شەقڵاوە و زیانێکی زۆری پێگەیاند.
4- دوای شەڕێکی بەرفرەوانی نۆ ڕۆژە لە دەشتی هەولێر، دوژمن زیانێکی زۆری گیانی لێکەوت و 73 لاشەی جاش و سەربازی لە مزگەوتی هەولێر کۆکردەوە.
5- هەر لەو شەوەدا ، 29 – 30-04-1965، دوو مەفرزە لە لەشکری دوو هێرشیان کردە سەر بەستۆڕە. سەنگەرێک دەستی بەسەردا گیرا و ئەوانەی لە سەنگەرەکانی تردا بوون، هەڵاتن. دەستکەوتی ئەو شەڕە پێنج تفەنگی ئینگلیزی و پەڕەشوتێک و دەمانچەیەک بوو لەگەڵ کەلوپەلی سەنگەرەکان.
6- ڕۆژی 01-05-1965، مەفرەزەیەک لە لەشکری دوو، کەمینێکی لەسەر جادەی ئەسلێ کەرکووک - هەولێر دانا و ئۆتۆمبێلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت و لێیاندا و سەرنشینەکانی کوژران و 7 تفەنگی برنۆ و ئینگلیزیی دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.
7- ڕۆژی 27-04-1965 ، هێزێکی زۆری سوپا و جاش بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە هێرشێکی گەورەیان کردە سەر چیای دهۆک. دوای سی ڕۆژ شەڕ چیاکەیان گرت، بەڵام پێشمەرگەکان لە دژەهێرشێکدا دوژمنیان شکاند و چیاکەیان ئازاد کردەوە. لەو شەڕەدا دوژمن زیانی زۆری لێکەوت و یەکێک لە پێشمەرگەکانیش شەهید بوو.
8- دوژمن لە گەلی زاخۆ بە هێزێکی زۆر و لەژێر ئاگری تۆپخانە و فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا هێرشی کردەسەر ڕالو، باغلیجە و بە زنجیرە چیای بێخێردا بەرەو فیشخابور چووە پێشەوە. لەو هێرشانەدا، دوژمن 40 چەکداری

لێکۆڕرا و تانکێک کەوتە سەر مینی چێندراوی پێشمەرگەکان. لە هەمانکاتدا هێزێکی گەورەی سوپا بە هاوکاری جاشەکان و بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە، بەرەو گوندەکانی باشووری زاخۆ چووە پێشەوە و هێزێکی تریش بۆ گوندی حەسەناوا بەرەو گوندەکانی بێتاس پێشڕەوی کرد کە پێشمەرگەکان لێیاندا و زیانێکی زۆریان پێگەیاند. لەو شەڕانەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.

9- ڕۆژی 04-05-1965، پێشمەرگەکانی لقی شەش لە بەتالیۆنی پێنجی لەشکری سێ لە ناوچەی قادرکەرەم و کانی شیرینکا بەرەنگاری هێزەکانی سوپا و جاش بوونەوە. لە شەڕێکدا کە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند، دوژمن بە 15 جاش و سەربازی کوژرا و 30 بریندار پاشەکشێی کرد. لەو شەڕەدا هیچ زیانێک لە پێشمەرگەکان نەکەوت.

10- ڕۆژی 04-05-1965، پێشمەرگەکان لە جادەی دهۆک- موسڵ، کەمینێکیان بۆ دوژمن دانا کە ئۆتۆمبێلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکرد و حەوت جاشیان کوشت و جاشێکیشیان بەدیل گرت. دوژمن بە بۆمبباران کردنی ناوچەکە و ناردنی هەشت تانک توانی پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان زیانیان نەبینی و دوو تفەنگیش دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

11- ڕۆژی 04-05-1965، هێزەکانمان کاروانێکی سەربازیی لەنێوان کەرکووک و چەمچەماڵ لە کەمین خست. هێزی یارمەتیدەری دوژمن لە کەرکووک و چەمچەماڵەوە بە فریای کاروانەکە کەوت شەڕ بۆ ماوەی کاتژمێرێک بەردەوام بوو. پێشمەرگەکان زیانی زۆریان بەدوژمن گەیاند و ناچاریان کردن بکشێنەوە. لەنێو کوژراوەکانی دوژمندا مولازم عەدنان سوبحی و حسێن حەمید شناسایی بوون. هەر لەو ڕۆژەدا هێزێکی گەورەی سوپا و جاش بەرەو گوندی زەنگەنە هاتن کە پێشمەرگەکان لێیاندان و پاشەکشەیان پێکردن. دوژمن کوژرا و بریندارەکانی بە هێلیکۆپتەر گواستەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

12- شەوی 27 – 28-04-1965، دوو جاشی سەلام عارف لە کۆیە پەیوەندیان بە بارەگای مەلا عەبدوڵڵاوە کرد. شەوی 1 – 02-05-1965، هەقی ئاغا کە لە دەستپێکردنی جووڵانەوەی ئەم دواییە بووبوو بە جاش، پەیوەندی بە بارەگای مەلا عەبدوڵڵاوە لە سەرکەپکان کرد و پەشیمانی خۆیانیان ڕاگەیاند. ڕۆژی 05-05-1965، سەربازێکی عارەب پەیوەندی بە هێزەکانی تاریق ئەحمەد و لەشکری سێ کرد. لە 03-05-1965، سێ سەرباز بە ناوەکانی موتلەگ محەمەد، سەید یونس و عەلی سالح پەیوەندیان بە بەتالیۆنی سێی لەشکری سێی تاریق ئەحمەدەوە کرد.

13- کاتژمێر 7ی ئێوارەی 06-05-1965، تۆپچییەکانمان باڵەفڕگەی بامەرنییان تۆپباران کرد و زیانێکی زۆری گیانییان لە دوژمن دا. سەرلە ئێوارەی ڕۆژی 07-05-1965، بۆ جاری دووەم باڵەفڕگەیان تۆپباران کردەوە. وەرەی دوژمن ڕووخاوەو بە فڕۆکە گوندەکان بۆمبباران دەکات.

14- ڕۆژی 05-05-1965، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی دووی بەتالیۆنی پێنجی لەشکری سێ، 180 سەر مەڕی لە نزیک کۆمپانیای زەنبوور لە 25 کیلۆمەتری کەرکووک و دەست کەوت کە هیی جاشەکان و سوپای عارفن.

15- شەوی 05-05-1965، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی دووی بەتالیۆنی پێنجی لەشکریسێ، بە نارنجۆک هێرشی کردە سەر سەنگەرێکی جاشان لە گوندی باداوا و چوار جاشی کوشت کە تاهیر جاشی سەربە خالیدی سەرۆک جاش لەنێو کوژراوەکاندا بوو.

16- لە ناوچەی لقی شەشی ڕزگاری لەشکری سێ، مقدم عەزیز حکوومەت دوو ناوەندی پۆلیسی گوازتەوە.

17- ڕۆژی 06-05-1965، هێزەکانمان لە ناوچەی ئاکرێ لەگەڵ جاشە ئێزیدی و زێباریەکان تێکگیران و چوار جاشیان کوشت.

18- هێزێکی حکوومەت بە یارمەتیی فەوجێک لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاشان بەرەو سەفین سپیگرە هاتە پێشەوە کە پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوە و شکاندیانن.

19- کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ئەمڕۆ پێنج باڵەفڕی مێگی 21 بۆ ماوەی 20 دەقیقە گەڵاڵەیان بۆمبباران کرد و ئۆتۆمبێلێکی هاووڵاتییەک بەر بۆمبباران کە کەوت و هیچ زیانێکی گیانی بە دواوە نەبوو.

براتان ئیدریس
1965-05-08
(پاشبەندی 7). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 1980-11-17	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 78-80.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 450
ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی
20250710160139645047=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
فەرماندەیی بارزان

ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان رۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و، بەو سیفات و رەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نموونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژوویییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادارای خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراوو دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شێخ عەبدولسەلامی گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی نەمر تیایدا قاڵبوونەتەوە و درێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی ڕزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کرد و لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە. وەک وەفایەک بەرانبەر ئەم سەرکردە جوامێرە و لە ساڵیادی ماڵاواییکردنیدا چەند دێڕێک لە ژیان و خەباتی دەخەینەڕوو.
ئیدریس کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون.ساڵی 1947 بارزانی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری مشەختی و دەربەدەری دەکرێن و بە دەست سەری بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسراو موسڵ و بەغدا.لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958 کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.
لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەرپا دەبێت بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان کاک ئیدریس بارزانی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە مەزنە دەچێتە ئامێزی سەنگەرەکانەوە و ژیان و تێکۆشانی دەست پێ دەکات کە هەر لە سەرەتاوە وەک کەسێکی دیار لەنێو شۆڕشی ئەیلوول دا بەدەر دەکەوێ، بەهۆی لێهاتوویی و ئەو توانانا داراییەی هەیبووە هەر زوو لەنێو شۆڕش و پارتی دا ئەرکێکی زۆری بۆ دێنن ئارا و ئەویش بۆیرانە دەچێتە پێش و ڕۆڵ و جێگەیەکی بەرچاوی دەبێت، کاک ئیدریس بارزانی یەکێک دەبێ کە جێگەی ئومێدی بارزانی نەمرە بووە بۆیە بارزانیش بە تەنگیەوە هاتووە و ویستویەتی دەیەوێ وەک خۆی ئاوها پێی بگەیەنێ، کە درک بە تواناداری دەکات و لێی ڕادەبینێ کە کاک ئیدریس گەیشتۆتە ئاستێ پلە و پێ سپاردنی ئەرکی لایەقە، ڕاستەوخۆ تێکەڵی کاروبارەکانی دەکات و زۆر ئەرکی قورسی پێدەسپێری کە سەرکەوتویی کاک ئیدریس لە جێبەجێ کردنیاندا بەدیار دەکەوێت ئیتر دەبێتە جێی متمانە ی زیاتری بارزانی نەمر و یەکێ لەو کەسانەی کە پڕ بە دڵی بارزانی نەمردەبن. بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دەڵێ: دەتوانم بڵێم کاک

ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانی نەمر بوو هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببنەوە.کاک ئیدریس بارزانی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی دا براو هەڤاڵێکی زۆر بەڕێز و خۆشەویستی یەکتر بوونە و لە تێکۆشاندا هاوکار و هاوپشتی قایمی یەکتر و دوو هاوسەنگەر و دوو هێزی مەعنەوی و کۆڵەگەی پڕ توانا و هێزی ڕێبازی کوردایەتی و شۆڕشی کورستانە بوونە، کاک ئیدریس وەکوو چیایەک هەمیشە پشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە و هیچ شت و کەسێ نەیتوانیوە کار لە برایەتی نێوانیان بکات.شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی مرۆڤێکی بڕوا قایم بووە بە خوا و بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئیمانداری و تاعەتەکانی سنووری نەبووە و گشت فەرزە ئایینییەکانی جێبەجێ کردوون، بەردەوام هاوڕێی پەرتووکی ئایینی بووە بەشی زۆری سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزی لە بەربووە بە مانا و تەفسیرەوە، شەهیدی سەرکردە فەرەنسۆ هەریری کە یەکێک لە هەڤاڵە نزیکەکانی بووە دەڵێ: هەمیشە لە زیکری خوادا بوو و ڕەمەزانێکم نەدی بەرۆژ و نەبێ نوێژی دەکرد و نوێژەکانی هەربۆ خودا بوون بۆ ڕیایی نەبوون، ئەگەر زۆر جار ناچار نەبوایە نوێژەکانی هەر لە ژووری خۆی دەکرد کە کەس نەیبینێ لە سۆفیگەری چاک شارەزا بوو و بۆ خۆی سۆفی ڕێبازەکەی خۆی بوو هەرچەندە کەسایەتی و سەرکردەیەکی بە توانا و پایەدابوو، بەڵام سادە و قەناعەتکار بووە بەرانبەر کەرەستە و هۆی تایبەتیی بۆ ژیانی و بەرانبەر ماڵ و ڕێو شوێنی نێشتەجێ بوون و ماندوو تیایدا، بەشداری و ڕۆڵی شەهید ئیدریس بارزانی لە نوێنەرایەتی کردنی شۆڕش و پارتی دا لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچە و نێودەوڵەتیدا لە کات و شوێن و قۆناغە جیاجیاکاندا توانای بەهێزی دەسەلمێنن، دەوری لە ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار و وتوێژەکانی ساڵی 1974 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و لە دوای ساڵی 1975 لە درێژدان بە شۆڕش و پێکهینانی بەرەی جودا و دواتر بەرەی کوردستانی چەند بەرهەمێکن ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگی تیایاندا هەبووە، کە بەدەست هێنانیان گەواهی لەسەر توانای بەهێزی سەرکردەیی و دیپلوماسیانەی دەدەن.

سەبارەت بە هێڵی جەماوەری پارتی توانی دیپلۆماسیانەی دوای ساڵی 1975 بە شێوەیەکی سەرەکی بناغە دروستکەری بووە چونکە شارەزا و کارزان و جدی و بەپەرۆش بووە لە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر، بۆیە جێگەی کاریگەریی کاک ئیدریس بارزانی شوێنەواری هەبووە هەردەم حیسابات تایبەتیی بۆ کراوە، لەسەر ئاستی ولاتانی ناوچەکە و جیهانیش تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بە تایبەتیی لە دوای ساڵی1975 بەرادەیەک بووە کە بناغەیەکی پتەوی دروستکردووە تا ئێستا بۆ ئایندەش شوێنەواریان ماوەو دەمێنێ، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا داینەمۆی ڕێکخستنەوە و هەڵیگرساندنەوەی شۆڕش بووە، کاک ئیدریس بارزانی بە توانادار و ئیرادەی بەرزی دەکەوێتە هەوڵ و ململانێ لەگەڵ هەلومەرجەکەدا و مێرخاسانە شان دەداتە بەر ئەرکی ڕێکخستنەوە و جۆشدانی شۆڕش و زیندە بە چاڵکردنی پیلان و گرفتەکان وەک سەرکردەیەکی قارەمان خەبات بکات . هەر دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازدا کە لە ساڵی 1976 بەرپا بووە و دەبێتە سەرپەرشتکاری ئاوارەکانی دوای نسکۆی1975 لە ئێران.ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەدا جیا نەکردووەتەوە بە سادەیی ژیاوە و هەرشەوە لە بن ئەشکەوت و بن بەردێک بەبێ جیاوازی هەڵیکردووە هەر بۆیەش بە تایبەتیی پێشمەرگە زۆر خۆشیان ویستووە و گوێرایەڵی بوونە و فەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەڤاڵ و هاوسەنگەرانیدا هەردەم لەسەر بنچینەی هاوکاری و گیانی هەرەوەزی و لێک تێگەیشتن بووە وبە سنگ فراوانییەوە هەر بیروڕا و ڕەخنەیەکی وەرگرتووە و موناقشەی ئیجابیانەی لەسەر کردوون، ڕێزی زۆری لە پێشمەرگە گرتووە و هەمیشە بە تەنگ دابینی پێداویستی و جێبەجێ کردنی خواستەکانیاوە بووە، شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی لە دوای کۆچی دوایی بارزانی نەمر هەوڵیداوە زیاتر وێنەی ئەوبێت و درێژە بە ڕێبازی ئەو بدات، هەرچەندە زانیویەتی کە پڕ کردنەوەی جێگەی بارزانی نەمر بە تاقە کەسێک نەک هەر زەحمەتە بەڵکوو شتی وا لە مێژوودا کەم ڕوویداوە، لە ساڵی 1985 لە وەڵامی پرسیارێکدا کاک ئیدریس دەڵێ: بارزانی نەمر فێری کردین کە هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری گەل بزانین، بتوانین ئەمانەتی گەلی کورد و توانامان هەڵبگرێن خەباتی ئێستا بە مانایەک درێژە پێدای خەباتی بارزانییە.شەهیدی هەمیشە لە یادئیدریس

بارزانی وەکوو سیاسەتوانێکی بلیمەت بیری لە سەنگی کاریگەریی جەماوەرێتی گردۆتەوە باش درکی بە کاردانەوەکانی بوون یا خود نەبوونی ئەم لایەنە گرنگە کردووە، بۆیە لە چۆنییەتی بنیاتنان و گەشە پێدانیاندا سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە شەهیدی سەرکردە شەوکەت شیخ یزدین لەمبارەیەوە دەڵێ: کاک ئیدریس بارزانی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا وەکوو کوردێک و سەرکردەیەکی کورد دەجولایەوە، هەر ئەمەش وای کرد بوو جێگەی رێز و متمانەی هەموو لایەک بێت، خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان متمانەیان پێی هەبوو پرس و ڕایان پێ دەکرد، کاک ئیدریس نوێنەری هێڵی جەماوەری بوو لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان دا ئەو هێڵەی کە بارزانی نەمر داینا بوو.

هەروەها کاک فازل میرانی لە مبارەیەوە دا دەڵێ: ئەو خەڵکانەی بە کاک ئیدریس پشت ئەستوور بوون لە هیچ ئەرک و هەڵوێستێک نەدەترسان متمانەی تەواویان هەبوو کە پشتگیری تەواویان لێ دەکا، ئێمەی وا فێرکردبوو کە حسابی ئەوە نەکەین ڕۆژێک بە تەنیا دەمێنێن و کەس نەبێ پشتمان بگرێ، هەمیشە قەڵغانێک بوو بۆ ئەوانەی کاری پێ دەسپاردن ئەمەش گرنگترین پردە کە سەرکردە بە خەڵکەوە گرێدەدا. شەهیدی هەمیشە لە یادی ئیدریس بارزانی هاوکات هەمیشە هاودەرد و خەمخۆری خێزان و منداڵانی شەهیدان بووە بە ڕادەیەک کە کەسوکاری شەهیدان زۆر سەبووریان پێ هاتووە بە چاوی باوکێکی دڵسۆز و سەیری منداڵانی شەهیدانی کردووە و هەرکات و لە بۆنەیەکدا بە سەرێکردوونەتەوە. هەوڵی داوە لە نزیکەوە لە کێشەی جەماوەر بکۆڵێتەوە و زۆر تێکەڵێی دەکردن، هەردەم دوپاتی کردووەتەوە کە دەبێت ئێمە پیاوی عەمەل بین نەک قسە. شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی بۆ خۆی هەردەم لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێ بوونە و لە داڕشتن دا توانای زۆری هەبوە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی خوێندوویەتەوە و نووسیویەتی بایەخی بە بواڕەکانی نەتەوایەتی و ئایین و ئەدەب و مێژووداوە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و وەفایی لە بەر بوونە.کاک نێچیرڤان بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: شەوانە تا درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی هەردەم پەرتووکی پێ بوو متووی پەرتووک خوێندنەوە بوو تەنانەت لەناو ئوتۆمبێلیشدا دەیخوێندەوە ، وێڕای ماندووبوون و ئەرکی قورسی خەبات خوالێخوشبوو و لایەنی و پێگەیاندنی ئێمەی فەرامۆش نەدەکرد، بۆ ئێمە بە کچ و کوڕە و هێژاترین مامۆستا بوو من هەمیشە لەگەڵیدا بووم بەر لەوەی مالاوایی بکات بە حەق وەکوو دوو دۆستمان لێ هاتبوو شەوانە بە یەکەوە پەرتووکمان دەخوێندەوە گفتوگومان دەکرد.شەهید ئیدریس بارزانی لەناو هەموو چین و توێژەکاندا ڕۆڵی هەبوو وەک مامۆستا و سەرکردەیەکی بە حیکمەت هەڵسوکەوتی کردووە، ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی هاندەدان کە بە زانست و بەرهەمهێنان لە خزمەتی مرۆڤایەتی و گەلەکەیاندا بن و بەرانبەر بە لاوان و قوتابیان خودان هەڵوێستێکی برایانە بووە و هەمیشە ئومێد و ئاواتی زۆری بە قوتابیان و لاوان هەبووە زۆری بایەخی پێدەدان کە فێری خورەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی و کوردانە بن و درێغی لە یارمەتیی و هاوکاری کردنیان نەکردووە.

ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یادئیدریس بارزانی پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. سەرراستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەوکردووەتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەرکردن بووبێت درێغی نەکردووە.مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دوور دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتیی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئاڵۆزەی ئەوکات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدابووە. لە کاتژمێر 6.5ی سەر لە بەیانی ڕۆژی31-01-1987 لە شارەدێی سلێمانای سەربە شاریوڕەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مالاوایی دەکات و ڕۆحی بەرەو بەهشتی نەمری و سەرفرازی هەڵدەکەشێ. لە گۆڕستانی شاریشنۆ لەتەک گۆری پیرۆزی بارزانیی باوک و ڕابەر دەنێژرێ.بەمەرگی ناوەخت و ئەو کۆستەی مەزنەی کاک ئیدریسی بارزانی زیانێکی گەورە بە گەلی کورد و پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان و بەرهەڵستکاریی ئێراق دەکەوێت.پاش نزیکەی 10 ساڵ و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی

پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی پێرۆزی هەردوو نەمرانبارزانی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەدا و لە ماوەی 6 تا08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی شایان و مێژوویی تەرمی نەمران دەگوازرێتەوە خاکی ئازادی کوردستان و لە گوندیبارزانی زێدی ڕەسەنی خۆیان و مەڵبەندی کوردایەتی و بەرخودان بۆ دواجار بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێن.کە گلکۆی پیرۆزیان بووەتە مەزارگەی هەڤاڵ و هاوسەنگەر و ڕۆڵە بەوەفاکانی گەلەکەیان و ڕێبوارانی ڕێبازی پیرۆزیان و دۆست و هاوسۆزانی کورد، بە تایبەتیی ڕۆژی 3/1 هەموو ساڵێک زیارەتیان دەکەن و لەسەر گۆڕی پیرۆزیان بەڵێن و پەیمان لە بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی پڕ بەرهەم و سەروەریان نوێ دەکەنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-29

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | Facebook.فەرماندەیی بارزان 2019-01-29

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 451
ژیانی ئیدریس بارزانی
20250810133030650373=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیدریس (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) سێیەمین کوڕی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایکبووە. لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەم 1943-1945 هاتووتە دنیا. ساڵی 1947 مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ 500 کەس لە هەڤاڵانی ڕەوانەی یەکێتی سۆڤیەت دەبن، ئیدریس ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ بۆ باشووری ئێراق دوور دەخرێنەوە و لە شارەکانی بەسرە و موسڵ و بەغدا تووشی ژیانێکی پڕئەستەم دەبن، ئیدریس تا گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ ئێراق و کوردستان لە 1958دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلول بەرپا دەبێت بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان تێکوشان دەست پێ دەکات، بەهۆی لێهاتوویی و ئەو توانایەی هەیبووە هەر زوو لە شۆڕش و پاراتی دیموکراتی کوردستاندا ئەرکێکی زۆری بۆ دێنەئارا و ئەویش بوێرانە دەچێتە پێش. مەلا مستەفا، تێکەڵی کاروبارەکانی دەکات و زۆر ئەرکی قورسی پێدەسپێرێت کە سەرکەوتوو دەبێت ئیدریس لە جێبەجێ کردنیاندا بە دیار دەکەوێت ئیتر دەبێتە جێی متمانەی زیاتری لای مەلا مستەفا و یەکێک لەو کەسانەی کە پڕ بە دڵی دەبێت. مەسعود بارزانی برای بچووکی ئیدریس دەڵێت: دەتوانم بڵێیم ئیدریس وێنەیەکی پاکی و بێگەردی بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەوەدا کوبوبینەوە، دەوری لە ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار و توێژەکانی ساڵی 1974 لەگەڵ حکومەتی ئێراق و لە دوای ساڵی 1975 لە درێژەدان بە شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی جودا و دواتر بەرەی کوردستان، چەند بەرهەمێکن لە ڕۆڵی گرنگی تیایاندا هەبوو. سەبارەت بە هێڵی جەماوەری پارتی توانی دیپلوماسییانە دوای ساڵی 1975 بە شێوەیەکی سەرەکی بناغە دروستکەر بێت، چونکە شارەزا و کارزان و جدی و بە پەروش بووە لە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر. چ ئیدریس بارزانی هەوڵ و ململانی لەگەڵ هەلومەرجەکەدا و میرخاسانە شان دەداتە بەر ئەرکی ڕێکخستنەوە و جۆشدانی شۆڕش و زیندەبەچاڵکردن و پیلان و گرفتەکان بکات، هەروەها دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گۆڵانی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز دا کە لە ساڵی 1976 بەرپا بووە و دەبێتە سەرپەشتکاری ئاوارەکانی دوای نسکۆی 1975 لە ئیران. ئیدریس بارزانی شەوانە تا درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی هەردەم متوعی پەرتووک خوێندنەوە بووە تەنانەت لەناو ئوتومبیلیشدا دەخوێندەوە وێرای ماندوو بوون و ئەرکی قورسی خەبات. خۆا لێخۆشبوو لە 6ی سەر لە بەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی سلێمانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەلاتی کوردستان ماڵاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شنۆ لە تەنێشت باوکی دەنێژرێت، پاش نزیکەی 10ساڵ و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گۆاستنەوەی تەرمی هەردوو بارزانیی باوک و کوڕ دەدات و لە ماوەی 6تا8-10-1993 لە ڕێورەسمێکی تایبەت تەرمی هەردوو سەرکردە دەگوازرێنەوە خاکی ئازادی کوردستان و لە گۆندی بارزان دووبارە بە خاک دەسپێرنەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 29-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Piran Post) ڕۆژی 2020-01-29

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 452
ژیانی پێشمەرگایەتی ئیدریس بارزانی
20250704210050644018=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ژیانی پێشمەرگایەتی ئیدریس بارزانی
ئیدریس کوڕی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1944لە گوندی بارزان لەدایکبووە. ئەو لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان هاتووەتە دنیا.
ساڵی 1947 مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ 500کەس لە هەڤاڵانی ڕوویانکردە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.
ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی
ئەوکات تەمەنی 3 ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11ساڵ بۆ باشووری ئێراق دووردەخرێنەوە و لە شارەکانی بەسرە، بەغدا و مووسڵ لەدەستبەسەریدا دەبن. ئیدریس تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە 1958دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.
ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی لە ئیدریس بارزانییەوە نزیکبوون، هەمیشە باس لە خەسڵەتی جەماوەریبوونی ئەو دەکەن و دەڵێن ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیانەدەکردەوە و بەسادەیی ژیاوە و زۆر جار لەگەڵ پێشمەرگەدا لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستاندا ڕۆژی کردووەتەوە.
لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری دەبێت بەتایبەت لە شەڕی هەندرێندا، کە دواتر گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ئێراق بەدواداهات و گەیشتە ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970.
لە دوای ساڵی 1975 لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی ئێراق جود و دواتر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ڕۆڵی باڵای هەبووە.
پێش ئەوەش لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، بەتایبەتیی لە دروستکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا. ئەو تایبەتمەندییە دروستکردنی هاوکاری بەشێوەیەک بەرچاوبوو، کە لە ئەدەبیاتی پارتیدا بە ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی نێونراوە.
لە ساڵی 1964 ئەوکاتەی بارزانی باوکی لە ناوچەی ڕانیە و دەوروبەری دەبێت، بۆ هاوکارێکردنی لە ئیش و کاری پێشمەرگە و ئیدارەی سەربازیدا، ئیدریس بارزانی لە ناوچەی بارزانەوە دەباتە لای خۆی و بەرپرسیاریەتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێ دەسپێرێت.
ئەوکەسانەی هەمیشە نزیکی بوونە دەڵێن، ئیدریس بارزانی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هاوڕێیەتییەکی باشی هەبووە و توانای زۆری هەبووە لە نووسین و داڕشتندا بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، شەوانە تاوەکوو درەنگ دەیخوێندەوە و دەینووسی و هەردەم پەرتووکی پێبووە، هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ خوێندنەوە تەنانەت لەنێو ئۆتۆمبیلیشدا. بایەخی بە بواڕەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئەدەب و مێژوو داوە، زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و وەفایی لەبەربوونە. کەسێکبووە زۆر حەزی لە ئەدەب و سۆفیگەریێتی بووە.
ئیدریس بارزانی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکانی ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەو پێشمەرگانەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵیبوونە و لێی نزیکبوون ئێستاش نایانەوێت ڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییان بیربکەوێتەوە.
لە کاژێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مااڵوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت.
دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی مەال مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیدا و لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت تەرمی هەردووکیان، لەنێو پێشوازییەکی خەڵکی کوردستان، گەیەنرانە گوندی بارزان و لەوێ نێژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 03-01-2014

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2014-01-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rudaw.net- 01-03-2014

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 453
ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی یەکەمین مقاوەمەتی لە دژی ڕژێمی عێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە برد
20231213143205536419=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دکتۆر عیسام فەیلی پسپۆڕی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موستەنسریە بۆ گوڵان: ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی یەکەمین مقاوەمەتی لە دژی ڕژێمی ئێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە برد

سەرۆک بارزانی درێژەپێدەری خەباتی کوردایەتیی بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر بووە، بۆیە لای کوردانی فەیلی خۆشەویستە
لە مێژووی نوێی هاوچەرخدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە ئێراقدا بە یەکێک لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، دەرهەق بە کوردانی فەیلی کە بە هۆی کوردبوون و هاوکارێکردنی شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتی کردنی مەلا مستەفا بارزانی تووشی بوون، تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد. لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارمان ئاڕاستەی دکتۆر عیسام فەیلی پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موستەنسریە کرد، کە هاوکات بە یەکێک لە لێکۆڵەرەوە ناسراوەکانی سیاسی دادەنرێت و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.
* کورد لە مێژوودا زۆر جار ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامە بووەتەوە، جینۆسایدی کوردانی فەیلییش کە لە لایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق بەتایبەتیی ڕژێمی بەعس تووشی بوون، تا چەند ئەم تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە؟ ئایا ئەم تاوانە گەورەیە دەرهەق بە کوردانی فەیلی دەچێتە چ شێوازێکی جینۆسایدەوە؟
- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ڕاستییەکی مێژوویی هەیە، دەبێت بوترێت، ئەویش ئەوەیە جینۆسایدی کوردانی فەیلی کە لە ئێراق تووشی بووین، لە چوارچێوەی زنجیرەیەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە دێت، کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تووشی بوون، ئەم ڕژێمانە جگە لەوەی بڕوایان بە ماف و پێکەوەژیان نەبووە، بەردەوامیش چاوی تەماعیان لەسەر خێرویێری خاکی کوردستان بووە، بۆیە تاوانی

بەردەوامیان بەرانبەر خەڵکی سڤیلی کورد ئەنجام داوە، لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ گەلی کورد تووندوتیژ و بگرە زاڵم و خوێنڕێژ بوون، ئەم واقیعە تاڵە سەلمێندراوە لە مێژوودا هەر لە کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان و گەرمیانییەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەنفال، تا وێرانکردن و دەرکردنی دانیشتووانی ڕەسەنی زیاتر لە 4500 گوند و وێرانکردن و سووتاندنیان و بەعەرەبکردن تاوەکوو بە زۆرەملێ دەرکردنی دانیشتووانی کورد لە پارێزگاکانی کەرکووک و دیالە و مووسڵ و ناوچەکانی دیکە، لە تورکیا و ئێران و سووریاش بارودۆخی کوردەکان باشتر نەبووە.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش، بەڵێ ئەم تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بە جینۆساید دادەنرێت، چونکە بە هۆی کوردبوونیان و پاڵپشتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول و بەپێتی خاکەکەیانەوە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و ناسنامەکانیان لێ سەندرایەوە و ماڵ و حاڵیان تاڵان کرا و گەنجەکانیان زیندانی کران و تاکوو ئێستاش ژمارەیەکیان بێسەروشوێنن، ئەو تاوانانەی بەرانبەر کوردانی فەیلی کراوە، بە هەموو پێوەرێک دەچێتە قاڵبی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکەوە.

* باسی شۆڕشی ئەیلوولت کرد، بەوەی کوردانی فەیلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، ئایا ئەم پاڵپشتییە بۆچی دەگەڕایەوە؟

- کوردانی فەیلی لە ناوجەرگەی بەغدا پاڵپشت و هاوکاریی هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بوون، لەناو بزووتنەوەی چەپ و حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریەکی کارایان هەبوو، کوردەکانی فەیلی یەکەمین کەس بوون لە بەسراوە تاوەکوو بەغدا پێشوازییان لە گەڕانەوەی سەرکردەی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد. لە 08-02-1963 بەعسییەکانی ئەو سەردەمە کە کوردەکان بە حەرەس قەومی ناویان دەبردن، چەندین تاوانیان دژی کورد ئەنجام دا، حەرەس قەومییەکان لە کۆچە و کۆڵانەکانی بەغدا کەوتنە گیانی خەڵکی سڤیلی کورد و ئازارێکی زۆری کوردە فەیلییەکانیان دا، بۆیە کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتیی لە بەغدا ڕووبەڕووی کودەتاچییەکان بوونەوە، کاتێکیش حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست، ڕق و قینیان بەرانبەر کوردانی فەیلی لەدڵدا مابوو، کە لە دوو زەمەنی جیاوازدا لە شۆڕشی ئەیلوول و لە کاتی کودەتای بەعسییەکان ڕۆڵی ئازادیخوازانەیان گێڕا و لەسەر نەتەوەکەی خۆیان هاتنە دەنگ، تەنانەت کوردەکانی فەیلی پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی بوون و لە ڕێێوانەکەی کوردانی فەیلی لە بەغدا کە بۆ پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و ڕێککەوتنامە مێژووییەکەی ڕێک خرا، پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی باشتر دەرکەوت و ئەوەندەی دیکەی بەعسییەکانی ترساند. چەندین بەڵگەنامەی تایبەت بە موخابەرات هەن، کە باس لە مەترسیی کوردانی فەیلی بۆ سەر سەقامگیریی سیاسیی ئێراق دەکات، تەنانەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوردانی فەیلی موخابەرات لە بەڵگەنامەیەکدا دوو پێشنیاری داوەتە حکومەت، بەوەی کوردانی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن، یان لە ناویان ببەن، بەمەش بەعسییەکان دەستیان کرد بە پیلاندانان بۆ دەستپێکردنی شاڵاوی ڕاپێچکردنی فەیلییەکان بە بڕیاری (مجلس قیادە الثورة) و پیلانی موخابەرات، ئەوە بوو هەڵمەتەکەیان لە ساڵی 1970 دەستپێکرد و 1980 گەیشتە ئاستێکی زۆر دڕندانە، بێگومان جگە لەم بیانوو و ڕق و کینەش، دەوڵەمەندیی کوردانی فەیلی کە هێزێکی گەورەی ئابووری بوون، بابەتێکی دیکەی هۆکاری جینۆسایدەکە بوو، چونکە سروشتی دەسەڵات و پێگەی کوردی فەیلی لە بەغدا خۆی بینییەوە لە بەردەم پابەندبوونێکی ئەخلاق و مرۆیی و نەتەوەیی بۆ هاوکارێکردنی مەلا مستەفا بارزانی بە پارە و توانای بەردەستی.

کوردانی فەیلی لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردەیەکی ئاسایی نەبوو، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بوو، لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە ژەنەڕاڵ بارزانی دەستە ڕاستی شێخ ئەحمەد بارزانی بوو، یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی دەسەڵاتی مەلیکی بەڕێوە برد و، بە یەکەمین ژەنەڕاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی خراپی حوکمڕانیی ئێراق دادەنرێت، بەمەش مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی نەتەوەیی کوردە و لە لایەن زۆربەی پێکهاتە و تیرە و هۆزە کوردەکانی ئەو سەردەمەوە پاڵپشتی دەکرا، لەناو پارتییش مەلا مستەفا بارزانی پێگە و ڕۆڵێکی گەورەی دایە فەیلییەکان و دەسەڵات و پێگەی خۆیان

هەبوو، بە نموونە دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵلا فەیلی و سەعید فەهیمی و...تادواپی، بەمەش گرنگیدانی مەلا مستەفا بارزانی بە کوردانی فەیلی هەروا لەخۆڕا نەبوو، باش دەیزانی مامەڵە لەگەڵ چین و توێژێکی کورد دەکات، کە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆحی نەتەوەییدان و بڕوای تەواویان بە دۆزە ڕەواکەی مەزڵوومییەتی کورد لە ئێراقدا هەیە. دوای مەلا مستەفا بارزانی کوڕەکانی ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی لەسەر هەمان ڕێچکەی نەتەوەپی باوکیان ڕۆیشتن.

* ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە کەمێک ڕاوەستین، دوای شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پاڵپشتیکردنی کوردانی فەیلی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

- دوای ڕێککەوتننامەی شووەی جەزائیر ڕۆڵ و پێگەی هەر دوو سەرکردە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتیی ئیدریس بارزانی کە شوێن پێی مەلا مستەفا بارزانی هەڵگرتبوو، لە نزیکەوە پەروەردەی ئەو سەرکردە میژوویپە گەورەیە بوو، لە نزیکیشەوە لە کاروباری نهێنی و ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لە ناوجەرگەی بەغدا و ناوچەکانی دیکەی دیالە و ڕۆژهەڵاتی دیجلە شارەزا بوو، بەتایبەتیی کە کوردانی فەیلی (نوخبە)ی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامە و پێگەی ئابووری و بازرگانییان ناو جەرگەی بەغدا زۆر بوون، هەر دوو سەرکردەی کورد ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی بیروباوەڕی تەواویان بە عەقیدەی بارزان و بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی گەلی کورد هەبووە، لە ناوچەیەکی پڕ لە مەترسی و ئاشووب و تووندوتیژی خاوەنی خەباتێکی گەورەن. هەر خۆی لەخۆیدا سەرۆک بارزانی لە بەغدا ژیاوە و لەو شارە خوێندوویەتی و لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشکردنە سەر کوردستان خوێندن بەجێ دەهێڵێت و لە 1962 پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات. ئەم سەرکردەیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەرە و بنەماڵەکەی لە پێناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد قوربانییەکی زۆریان بەخشیوە. ئەم سەرکردەیە لە لایەن کوردانی فەیلی لە بەغدا خۆشەویست بووە و لای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر خۆشەویستە و ڕەمزی نەتەوەپی و نیشتمانپەروەرییە، هەر ئەمەشە وای کردووە سەرۆک بارزانی لای کوردانی فەیلی خۆشەویست بێت.

* مەبەستت چییە بەوەی پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی لەناوکایەکانی بازرگانی و کاسبی و ئابووری هۆکارێکی دیکەی جینۆسایدەکەی کوردانی فەیلی بووە؟

- کەلتووری تووندوتیژی و مۆرکی تاڵانی و زەوتکردنی ماڵ و حاڵی کوردان میژوویەکی کۆنی هەیە. بەعسییەکان لە پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی لە ناوجەرگەی بەغدا دەترسان، ئەو سەردەمە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا حزبی ئیسلامی و مەزهەبی نەبوون، یان لاواز بوون، زیاتر بەلای بزووتنەوەی نەتەوەپی و چەپەکاندا دەچوون، کوردانی فەیلییش بە دابینکردنی هاوکاریی ماددی و یارمەتیی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و پارتی و شۆڕش هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشی شۆڕش بوون. یەکێک لە بازرگانە کوردە فەیلییەکانی ئەو سەردەمە 400 دیناری ساڵی شەستەکانی پێشکەش بە شۆڕش کرد، ئەمەش هاوکارییەکی گەورەی دارایی بوو. تەنانەت جووڵەی بازرگانییان لەنێوان ئێراق و وڵاتانی دراوسێ ئاڕاستەی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول کرد، تاوەکوو شۆڕش سوودی لێ وەربگرێت، کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان بە داکۆکیکاری سەرسەختی خۆیان دەزانی، بۆ نموونە کاتێک حکومەتی ئێراق پاڵێوراوێکی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئێراق داوا کرد، مەلا مستەفا بارزانی کوردێکی فەیلی بۆ ئەو پۆستە دیاری کرد.

* ئەگەر باسی هەڵگیرسانی شەڕی ئێراق- ئێران بکەین، کە لەو ساڵانەدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی گەیشتە لووتکە، بەڵام ئەمە بۆشاییەکی دروست نەکرد لەنێوان پەیوەندیی کوردانی فەیلی لەگەڵ شۆڕش، هۆکاری ئەوە چی بوو؟

- ئەم پرسیارە بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی گرنگە. لە ناوجەرگەی بەغدا بە سەدان کوردی فەیلی لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر کران و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و لەو ژیانە مەدەنی و خۆشگوزەرانی و پێگە داراییەوە ئاوارەی کەمپەکان بوون و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا، لە قۆناغێکی ناسکی شۆڕشی کورد و نەبوونی

کەسایەتییەکی وەکوو مەلا مستەفا بارزانی بە تەئکید بۆشاییەکی مەترسیدار لەنێوان دوو مێژووی خەبات دروستە دەکات، کە شوێنەوارەکانی لە دوای 2003 زیاتر دەرکەوت و ژمارەیەک لە فەیلییەکان خۆیان بە مەندەلاوی و ناوی دیکە ناساند، ڕەنگە بە هۆی ترسیان لە دووبارە ڕاپێچکردنیان و پەراوێزخستنیانەوە بێت، یان زۆربەیان ڕوویان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد، دەرەنجام ژمارەیان کەم بووەوە و پێگەی جارانیان نەماوە. من وەکوو ئەکادیمییەکی مێژوویی لە توێژینەوەکانمدا ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووە، بە بەرنامە کار بۆ کاڵکردنەوە و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا کراوە، لە کاتێکدا کوردەکان زۆر نیشتمانپەروەرتر و کاریگەرتر بوون لە زۆربەی ئەو هۆز و تیرانەی ئیدعای نیشتمانپەروەری دەکەن. خۆ ئەگەر کوردەکان نەبوونایە ویلایەتی مووسڵ بە دەستی تورکیاوە دەبوو، لەو کاتەدا زۆر لە هۆزە عەرەبییەکان دەنگیان دا بەوەی لەگەڵ تورکیادا بن، بوونی حزبە مەزهەبییەکانیش دەسەڵاتی زۆریان هەیە لە دامەزراندن و بەخشینەوەی ئیمتیازات. بۆیە ئەرکی سەرۆک بارزانی بۆ کۆکردنەوە و پاڵپشتیکردنی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان و کۆکردنەوەیان بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزە ڕەواکەی کورد لە بەغدا ئاسان نییە و دەبێت هەمووان پاڵپشتی بکەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: کوردی فەیلی | وڵات: ئێڕاق | ڕۆژی دەرچوون: 17-09-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-09-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com 17-09-2023
کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 454
ساتی وەفاتی مەلا مستەفا بارزانی
20190701234230343211=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەلا مستەفا بارزانی لەسەر ڕاسپاردەی پزیشکەکان لە نەخۆشخانە هێنرابوویە دەرەوە و لە خانوویەک لە واشنتۆن نیشتەجێ کرابوو. ئیدریس بارزانی کوڕی و موحسین دزەیی و کوڕەزایەکی خۆی بەناوی فەرهاد بارزانی لەگەڵ کەسێکی تر بەناوی مەحمود دۆسکی پێکەوە لەو خانووەدا دەژیان.
لە ئاخروئۆخری مانگی دوو، تەندروستی مەلا مستەفا بەڕادەیەک بەرەو باشی دەچوو کە پزیشکەکانی بەڵێنیان پێدابوو بینێرنەوە بۆ ئێران، کە ئەوکات هەموو خێزانەکەی لەوێ دەژیان.
.
ئیدریس بارزانی دەبێ تەندروستی باوکی خراپە بۆیە زۆر تکا لە مەلا مستەفا دەکات ڕازی بێت کە بیبەنەوە بۆ نەخۆشخانەی زانکۆی جۆرج تاون، چونکە قۆڵی ڕاستی بەڕادەیەکی زۆر ئاوسابوو. پزیشکەکان وتبوویان ئەم هەڵماسینە دەبێتە هۆی وشکبوونی باڵی قۆڵی ڕاستی. بەڵام بارزانیی باوک دەیوت: تازە ئەوان ناتوانن هیچم بۆ بکەن.
مەلا مستەفا هەرچۆن بوو ڕازی بوو، ڕۆژی 1ی 3 جارێکی تر داخڵی نەخۆشخانە کرایەوە. دوای خەواندنی لە

ژوورێکی تایبەت، ئیتی ئیدریس و دزەیی گەڕانەوە بۆ خانووەکە و فەرهاد و دۆسکی لە نەخۆشخانە لای مایەوە. ڕۆژی 1ی3 بارزانی ڕەوشی تەندروستی ئاسایی بوو، باش ئاگای لەخۆی بوو، قسەی دەکرد و هیچ ئازاری نەبوو. ئەو ڕۆژە هیچ ڕووی نەدا تا عەسر.
دەمژمێر پێنجی ئێوارە مەلا مستەفا داوای لە فەرهادی کوڕەزای کرد لەسەر قەرەوێلە - چەرپاکە دای بگرێت و بیخاتە سەر کورسییەک تا لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکات، فەرهاد و مەحمود هەر زوو بەگوێیان کرد، فەرهاد دەستێکی خستە پشتی باوەگەورەی و دەستەکەی تری خستە ژێر ئەژنۆکانی تا هەڵی بگرێت. بەڵام بینی ڕەنگی مەلا مستەفا سوورهەڵگەڕا بۆیە شڵەژا و لە جێی خۆی دانیایەوە.
بارزانی کەمێک پشووی دا، بە چاوە ڕەش و تیژەکانی لەژێر برۆ ڕەش و پڕەکانییەوە سەیرێکی فەرهادی کرد و وتی: ئادەی کوڕ ئەمجارەش هەوڵێکی تر بدەوە تا بمخەیتە سەر کورسییەکە. فەرهاد نەیدەویست ئەو کارە بکات، بەڵام بێ دڵی باوەگەورەی بۆ نەدەکرا ناچار جارێکی تر بەرزی کردەوە تا بیخاتە سەر کورسییەکە.
جاری دووەم فەرهاد کە مەلا مستەفای بەرز کردەوە، مەحمود بینی وا ڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕاوە، سەری کە ڕێک وەستابوو وردەوردە بەلادا هات و کەوتە سەرشانی فەرهاد.
کە فەرهاد و دۆسکی هەستیان بە شتێکی جیاواز کرد، دۆسکی بەپەلە چوو بانگی پزیشکەکانی کرد. ئەوان دوو دەقیقە دواتر گەیشتن. پزیشکەکان کە مەلا مستەفایان بینی، وتیان: تەواو ئەو مرد !
فەرهاد پەشۆکا، خێرا دەستی برد بۆ تەلەفۆنەکەی کە لە پشتەسەری مەلا مستەفادا دانرابوو، ویستی تەلەفۆن بۆ مامە ئیدریسی بکات تا پێی بڵێ هەموو شتێک کۆتایی هات، بەڵام لەو کاتەدا ژمارە تەلەفۆنەکەی ئەو خانووەی بیر نەمابوو کە ئیدریس بارزانی و دزەیی لێ دەژیان. هەرچۆن بوو دۆسکی ژمارەکەی لێدا و فەرهاد بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هەواڵی مردنی مەلا مستەفای گەیاند.
دوای دەمژمێرێک تەرمی مەلا مستەفا بارزانی گوازرایەوە بۆ ئەو خانووەی لێی دەژیان لە واشنتۆن... پەیتاپەیتا کوردان و دۆستانی کورد و بارزانی دەچوونە ئەو خانووە تا لە نزیکەوە ئاگاداری مردنی سەرکردەیەکی بەناوبانگی سەدەی بیستەمی کورد بن.
چوار ڕۆژ دواتر تەرمەکەی بارزانی بە فڕۆکەیەک گەیەنراوە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕێوڕەسمێکی بێ وێنەدا کە دەیان هەزار کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستانەوە ڕۆیشتبوون، تەرمی بارزانی بەخاک سپێردرا.
مەلا مستەفای بارزانی ڕۆژی 01-03-1979 لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵاندا بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.
ئەم چیرۆکە لە پەرتووکی (بر تارک طوفان) دا نووسراوەتەوە کە تەوای کێبەکە تەرخانکراوە بۆ مێژووی سیاسی و چەکداری بارزانی.
وێنەکە مەلا مستەفا و مەسعود بارزانی کوڕیەتی لەو کاتەی لە واشنتۆن چارەسەری پزیشکیی وەردەگرت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: فارسی |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

Kawa Sheikh Abdullah	ژیاننامە	English
حۆلەکێ تیرۆرکەردەی مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس هەورامی	
دەسپەنەو شۆڕشگێڕنی و کۆششو مەڵا مستەفا بەرزانی	کورتەباس هەورامی	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس هەورامی	
کاوە شێخ عەبدوڵڵا	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
یادی لەدایکبوونی سەرکردە و فەرماندەی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | Kawa Shekh Abdulla

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-01

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: کورتەباس
بابەت: 455
سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران؛1980-1987
20250226183640624889=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ 1980-1987
ناوی نووسەر: ژیلوان هەڵەدنی

ڕووداوەکانی ساڵانی (1978 _ 1979)ی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی (محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی)، قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا هێنایە کایەوە. قۆناغێک کە تێیدا گەلانی ئێران بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی، بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، پاراستنی بەرژەوەندیە گشتییەکان، نەشونماپێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و زامنکردنی دیموکراسی ئێران، دەستیان بەچالاکی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی کردەوە. هەر لەو ماوەیەشدا، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە مەکۆی دروستبوون و هەڵتۆقینی ڕێکخراوگەلێکی فرە ئایدیا هەر لە نەتەوەیی و چەپ و لەناو چەپیشدا چەپی مائویستی و ڕادیکاڵ و چریکی و تودەیی و چەندین خەت، بەوتەی یەکێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە لەناو ئەمانەشدا چەندین خەت هەبوون وەک هێڵی سێ و تەنانەت چواریش! دەتوانین بڵێین لە بەرانبەر دروستبوونی پارت و ڕێکخراوی چەپدا، کەسایەتییە دیارە ئایینییەکانیش هەوڵیاندا کە ئەمانیش بەبیری ئایینی و مەزهەبیی پارت دروست بکەن و لە شانۆی ڕووداوە سیاسییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن و، بەهۆی بوونی کۆمەڵگەیەکی زۆرینە ئایینی و لەناویشدا مسوڵمانی سوننی مەزهەب، لایەنگیرو هاویرانیان لێ کۆببێتەوە.

سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستان یەکێک بوو لەو پارت و جەرەیانە سیاسیانەی کە لە ساڵی 1980 دروست بوو، دەتوانرێ هەم لە خانەی پارتێکی نەتەوەیی هەمیش لە خانەی پارتێکی ئیسلامی هەژمار بکرێت، چونکە هەروەک لە مێژووەکەیدا دەبینین ئەو کەسانەی پێکهێنەرو دروستکەری بوون پاشخانێکی فکری ئیسلامی سوننی مەزهەبیان هەبوو، هەروەتر کەسانێکی نەتەوەیی بوون و پاشخانێکی سیاسیان هەبوو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تاکوو تەموزی 1980، زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتیی ئەوانەی لە نووسینگەی (شێخ عیزەدینی حسێنی)دا کاریان دەکرد، هەوڵێکی زۆریاندا کە ڕێکخراوێکی نوێ بەسەرکردایەتی شێخ عیزەدین دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وتووێژو دانیشتن کرا، تەنانەت لە ساڵی 1979 دا (عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی) لە ناوچەی (بێژوێ)ی ئالان پەیڕەوو پڕۆگرامێکی نووسی کە هاوشێوەی پڕۆگرامی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو و بڕیاردرا گفتوگۆی لەسەر بکەن, بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروڕا و سەری نەگرت و هەندێک کەسی نزیک لە شێخ عیزەدین ئەوەیان کردە بیانوو کە شێخ عیزەدینی حسێنی ڕێبەری جوڵانەوەی گەلی کوردەو ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی سیاسیدا کاربکات ئەو پێگە جەماوەری و کەسایەتییە سیاسی و سەربەخۆیەی نامێنێت، لە نموونەی ئەوانەش (محەمەد موهتەدی، سەعدی موهتەدی، ئەحمەد ئەسکەندەری، فاتح شێخ ئیسلامی، مەلا محەمەد، مەلا عومەر، ڕەحمان شکاک و چەند کەسی دیکە) کە زۆربەیان لایەنگری کۆمەڵە بوون و پێیان خۆش نەبوو نووسینگەی شێخ عیزەدین لەلایەن زەبیحیەوە سەرپەرشتی بکرێت و وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی پەرەبسێنێت. دەکرێت بڵێین, هەندێک لەو کەسایەتیانە لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیاندا شێخ عیزەدینان پاشگەز کردووەتەوە لەوەی بەشداری لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا بکات. چونکە ئەگەر وا ڕێبکەوتایە ئەو ڕێکخراوە سیاسییەی کە عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی و شێخ جەلالی حسێنی هەوڵیاندا بەسەرکردایەتی شێخ عیزەدینی حسێنی دایبمەزرێنن، ئەوا تەرازوی هێز بە جۆرێکی دیکە دەشکایەوە، هەر بۆیە بەچەندین بیانووی جۆراوجۆر ڕێگریان لەو کارە کرد.

ئیتر لێرەوە هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی سازمانی خەبات، لە سەرەتاکانی ساڵی 1979ەوە تا ڕۆژی ڕاگەیاندنی، زیاتر لەسڵ و نیوێکی خایاند، لەو ماوەیەشدا چەندین کۆبوونەوەی فراوان بە بەشداری دەیان مامۆستا و خوێندەوار و ڕووناکبیری ناسراو چالاکی کورد ئەنجامدران، کە زۆرینەی ئەوانە لە ڕاپەڕینی جەماوەرپی و خەبات دژی ڕژیمی شادا خاوەن ڕابردووی سیاسی بوون. کۆبوونەوەکانیش لە چەند شوێن و گوندی وەک (سیاومە)، (بەردەڕەش)، (کانی بەرد)، (ساوان) و (بلەکێ) لە ناوچەی بانە، (سارتکێ)، (سیسێر) و (نستان) لە ناوچەی سەردەشت ڕێکخراون. سەرەنجام پێشنیوەڕۆی 5ی خەرمانانی 1359 بەرانبەر 27-08-1980 دواپین کۆبوونەوە، کە دەکاتە یەکەم کۆنگرە، بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە لە گوندی (کانی بەرد)ی ناوچەی بانە بەڕێوەچوو. لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا یەکەم پەیڕەو پڕۆگرام پەسەندکراو، دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە بەناوی (سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان–خەبات) ئاشکراکراو، بەیاننامەی دامەزراندنی (خەبات) بڵاوکرایەوە.

ئەم ڕێکخراوە بەسەرکردایەتی (شێخ جەلالی حسێنی) و ئەندامێتی هەریەک لە (مەلا خدری عەباسی، مەلا کەریم سەییادی، مەحمود ئەمینی، بایز ڕەسوڵی، ئاغا خزری، مەلا حسێن گورجی، مەلا محەمەد سەلیمی، عومەر قادری، تەها مینایی، سەید خەلیل شەریفی) دامەزرا, هەر لە سەرەتای دامەزراندنیشیەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا دەستی دایە خەباتی چەکداری و بەشداری ڕاپەڕینی کرد. دوابەدوای بێ ئاکام بوونی هەوڵەکان لەگەڵ شێخ عیزەدینی حسێنی بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک و، هاوکات بەردەوامیی سیاسەتی قرکردنی کورد و هێرشی سوپا و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی، سازمانی خەبات لەسەر ڕەوتێکی نەتەوەیی–ئیسلامی لە 27ی ئابی1980 ڕادەگەیەنن. بەپێکهاتنی سازمانی خەبات چالاکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە قۆناغێکی دیکەوە، چونکە تا ئەو سەردەمە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەبیروباوەڕێکی چەپ کاریان دەکرد و هێزێک لە مەیداندا نەبوو کە شێوە فکرێکی جیاواز لەوانی هەبێت، هەر بۆیە کاتێک سازمانی خەبات وەکوو هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەفکرێکی ئیسلامی هاتە مەیدان، بەشێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئەوانەی نەیاندەتوانی لەگەڵ هێزەکانی دیکە بن لەناو سازمانی خەبات دا دەستیان بەکار و چالاکی کرد.

ئەم ڕێکخراوە یەکەم کۆنگرەی خۆی لە ساڵی 1980ز لە گوندی (کانی بەرد)ی ناوچەی بانە گرێداو تێیدا شورای سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردران و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی پەسەند کرا، کە شێوازی کارکردن و هەڕەمی دەسەڵاتی تێدا ڕوونکرایەوە، وەکوو لەبەندی هەشتدا دەڵێت "شورای ڕابەرایەتی کە لانی کەمی11 کەسە، بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبەری ڕێکخراوە کە بەشێوەی کاتی کاروباری ڕێکخراو بەدەستەوە دەگرێ و پەیوەندی ڕێکخراو لەگەڵ کۆمەڵ و ڕێکخراوی دیکە دیاری دەکات و چەندایەتی مانگانەو چۆنییەتی خەرج کردنی داهاتی ڕێکخراو بەدەست ئەوەو کۆمیتەی سیاسی و نیزامی و مالی و بڵاوکردنەوە و پڕوپاگەندە لەناو ئەندامەکانی ئەو دیاری دەکرێت و کۆمیتەی ئیجرائی لە نوێنەری هەریەک لەو کۆمیتانە پێک دێ، لانی کەم شورا یەک مانگ جارێک کۆدەبێتەوە و بەپێی پێویست کات بۆ کۆبوونەوەی لێپرسراوانی ناوچەیەک یان زیاتر دیاری دەکات و تا ئامادەبوونی ڕێکخراوەکان و گرتنی کۆنگرە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، بەڵام کاتێک کۆنگرە گیرا هەموو کاروبارێک دەکەوێتە ئەستۆی کۆنگرەو سنوورێک بۆ دەسەڵاتی کۆنگرە نییە و ڕێبازی پێویست دیاری دەکات و دەسەڵاتی گۆڕینی بەرنامە و هەروەها نێوی ڕێکخراویشی هەیە". یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەوەیە کە باوەڕی بەبنەماکانی ئیسلام هەیە بۆ زامنکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و کارنامەی سیاسی ئاوێتەیەکە لە مەیلی نەتەوەیی و ئیسلامی و لەڕووی بیروبۆچوونی ئیسلامیشەوە میانڕەوەو لە ئوسوڵیەتی ئیسلامییەوە نزیک نییە.

سەرهەڵدانی سازمانی خەبات لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی–ئیسلامیی لەو قۆناغە ئاڵۆزەدا، جێگەی گرنگی پێدان و هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئەوەی کە زیاتر ئەم لایەنە قوڵ دەکاتەوە، جیاوازی پەیڕەو و خۆ ڕێکخستنی سازمانی خەباتە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا، چونکە ئەوانەی لەپێش شۆڕش و لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستیان بە خەباتی سیاسی و چەکداری کرد، لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی و ئایدیۆلۆژیاندا، نەتەوەیی و چەپ و سۆسیالیستی بوون. واتە وتاری سیاسی و بەرنامەی حیزبەکان لەو قۆناغەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاریگەریی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و بیروباوەڕی چەپی لەسەربوو، ئەگەرچی پەیڕەو و بەرنامەی دیکەش دەبینرا، بەڵام زیاتر هەژموون و ئەندێشەی چەپ و کۆمۆنیستی باڵی بەسەر وتارەکانیاندا کێشابوو.

هەرچەندە لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە جەماوەری کوردستان لە مەیدانی خەباتدا بوون و لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا کەمتر پرسیار لە بیروباوەڕ و بەرنامەی هێزە سیاسییەکان دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی دیکەی خەڵکی کوردستان مەرجی بەشداریان لە مەیدانی خەباتدا ئەوەبوو کە ئەو لایەنەی کاری لەگەڵ دەکەن لەگەڵ بیروباوەڕەکانیان بێتەوە. کەواتە لەم نێوانەدا بوونی ڕێکخراوێکی سیاسی (نەتەوەیی–ئیسلامی) لە کوردستان نەک هەر بەگرنگ و کاریگەر دەزانرا، بەڵکوو بە جۆرێک لێک دەدرایەوە کە پێویستییەکی حەتمی قۆناغێکە، بەتایبەتیش لەو ڕوانگەیەوە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان مسوڵمانی سوننە مەزهەبن، ئالێرەدا سازمانی خەبات لەمیانەی درک کردن بەواقیعیەتی بارودۆخی کوردستان و بەیروبۆچوونێکی جیاواز لەباقی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و لەدەورانی کێشمەکێشمی نێوان بیروباوەڕی چەپ و ئیسلامی سیاسی شیعەگەرادا, هاتە ناو گۆڕەپانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی و مەزهەبیی (دینیی) کردە ئامانج و ستراتیژی کارەکانی. ئەم ڕێکخراوە جگە لە چالاکی سەربازی لە دوای دامەزراندنییەوە کار و چالاکی و ڕێبازی سیاسیان لە ڕێگەی باڵاوکراوە و ڕاگەیەنراوی تایبەت بەخۆیانەوە بە خەڵکی کوردستان دەگایەند و ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و بەشداری پێکردنیان لە چالاکی سیاسیدا، لەم چوارچێوەیەشدا یەکەم ژمارەی باڵاوکراوەی (تێکۆشان)یان لە 21-03-1984 دا دەرکرد ، هەروەها لە ساڵی 1985 دا وێستگەیەکی ڕادیۆیان بەناوی (ڕادیۆی دەنگی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دامەزراند.

سەبارەت پەیوەندییەکانی سازمان و حزب وڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە، کاتێک سازمانی خەبات لەسەر ڕەوتێکی نەتەوەیی–ئیسلامی دامەزرا، شتێکی سروشتی بوو کە بەهۆی جیاوازی ئایدیۆلۆژی و کاری ڕێکخراوەییەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەدا ناکۆکی و ململانێی بۆ دروست ببێت. هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا خۆی لەکێشە و ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداریی بپارێزێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییەکاندا بەشێوەیەکی ئاشتییانە درێژە پێبدات. بۆ نموونە: لە دوای دامەزراندنی سازمانی خەبات، سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە هەستی بەمەترسی هێرش و پەلاماری هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ سەر خۆی کرد و لەم ڕووەشەوە هەوڵیدا پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ دابمەزرێنێت، بەتایبەتیی لەگەڵ حدکا دا. بۆ ئەم مەبەستەش لە تشرینی یەکەمی 1980 دا لە گوندی (نستان)ی ناوچەی (ڕەبەت) کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان نوێنەرانی خەبات و حدکا پێکهات و تێیدا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن، کە گرنگترینیان ئەوەبوو زیان بەیەکتر نەگەیەنن و لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا کاربکەن. بەڵام ئەمە بەتەنیا ڕێکەوتنێکی ڕواڵەتی بوو هەر لەسەر کاغەز مایەوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە پەیوەندییەکی دۆستانە و ئاشتییانە نەبوو، هیچ جۆرە هاوکاری و پێکەوە کارکردنێکیان ئەنجام نەدا. هەرچەندە پێویست بوو لەنێوان خەبات و حدکا دا پەیوەندییەکی بەهێز

هەبێت، بەتایبەتیی کە ئەو دوو ڕێکخراوە لەباری نەتەوەییەوە هاویەرو بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشان، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە حدکا پێی وابووە دروستبوونی هەر ڕێکخراوو پارتێکی نوێ هاوسەنگی هێز تێک دەدات و بەدژی خۆشی سەیری دەکرد و بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەرخۆی بەتەنیا سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دەکات، ئالۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان خەبات و حدکا لە ئاستێکدا بوو کە بەدرێژایی سالانی (1980–1989) سەرەڕای نەبوونی پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان ئەم دوو پارتەدا، بەپێچەوانەوە چەندین جار شەڕی چەکداریی لەنێواندا ڕوویداوە. بۆ نموونە: لە ساڵی 1981 لە شاری بانە ئالۆزی و پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزێکی حدکا و هێزێکی خەبات دا ڕوودەدات و لەئەنجامدا پێشمەرگەیەکی خەبات بریندار دەبێت.

هەروەها ساڵی 1982 هێزەکانی حدکا لە ناوچەی (سەردەشت) هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای خەبات و پێنج پێشمەرگەیان زامدار دەکەن، لە ناوچەی (بۆکان)یش چەند جارێک بارەگایان تاڵان دەکەن، لە ناوچەی (پیرانشار)یش هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای خەبات و بەرپرسەکەیان بەدیل گرتووە و زیندانیان کردووە. هەروەها ساڵی 1983هێزێکی گەورەی (حدکا) بەفەرماندەیی (ئیسماعیل بایەزیدی) هەڵیانکوتایە سەر بنکەی (خەبات) لە گوندی (ئەشخەڵ)ی ناوچەی (نەڵێن)، کە لە چەند کیلۆمەتری دەفتەری سیاسی (حدکا) هەڵکەوتبوو. دواتریش ئەو ئیسماعیل بایەزیدیە لە ساڵی 1985دا پەیوەندیی بە (خەبات)ەوە کرد. جگە لەمانەش هەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چەند جارێکی دیکە خەبات لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی هەڕەشەو فشاری حدکا بووەتەوەو هێرش کراوەتە سەر پێشمەرگەکانیان، هەروەها جگە لە هێرشی چەکداریی، حدکا لە ڕێگەی بڵاوکراوەشەوە دەربارەی سازمانی خەبات قسەی کردووە، بۆ نموونە: پەرتووکی (چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات) کە لە دوای ڕاگەیاندنی (خەبات) لەلایەن (کەریم حیسامی)، کەسی دووەمی (حدکا)ەوە نووسراوە. لە ساڵی 2001یشدا پەرتووکێک بەناوی (لە دەستەی خاڵە مەلاوە تا ڕێکخراوی خەبات)، لەلایەن (سادق هەورامی)ەوە نووسراوە هەروەها لە بەیاننامەیەکی نهێنیدا کە حدکا بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ناردووە، لەخاڵی پێنج دا نووسراوە "سازمانی خەبات بەوێنەی ناسارێ و ناویشی لە ڕادیۆ ناخوێندرێتەوە "سەبارەت بەپێکدادان و ئالۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو پارتە، سەرکردایەتی سازمانی خەبات ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان هیچ کاتێک دەستپێشخەر نەبوون لە هێرش کردن بۆ سەر حدکاو زیان گەیاندن بەپێشمەرگە و تاڵانکردنی بارەگاکانیان، بەڵکوو زیاتر حدکا لەو بوارەدا دەستپێشخەر بووە. لە بەرانبەردا سەرانی حدکاش باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕووداوانە هیچ کاتێک سیاسەتی گشتی حیزب نەبووە و بەڵکوو هەڵسوکەوت و شێوازی مامەڵەی هەندێک لە ئەندامانی حیزب بووە کە پێیان وابووە لەبەر ئەوەی ئەمان زۆرترن دەبێت ئەوانی دیکە بخۆن، ئەگینا هەروەکوو دەزانرێت، حدکا هەرگیز بەوجۆرە نەبووە و هیچ کات لەگەڵ دروستبوونی پارت و ڕێکخراوی نوێ، ناتەبا نەبووە. چونکە حدکا لەبنەڕەتدا حیزبێکی دیموکراتەو باوەڕی بە فرەحیزبی هەیە. بۆ نموونە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە کوردستاندا حیزبی وەکوو (چریک) هەبوو کە بەهیچ جۆرێک خەباتی بۆ کورد نەدەکرد، بەڵام حدکا هیچ ڕێگر نەبوو.

لەڕاستیدا خوێندنەوەی حدکا بۆ خەبات خوێندنەوەیەکی واقیعی نەبووە، بەڵکوو پێیان وابووە ئەم ڕێکخراوە بەدژی دەسەڵاتی ئەوان دامەزراوە و ئەوی پێ لاواز دەبێت، هەروەکوو بەشێک لەئەندامانی حدکا ئاماژەیان بەوە کردووە کە (خەبات بۆ بن کۆڵکردنی حیزبی دیموکرات دروست بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و جەماوەری هەردوولا لەهەلومەرجی سیاسی ئەو کاتەی کوردستاندا، زیاتر پێکهاتەیەکی خێڵەکی و نادیسپلین بوو، هێندەی لەژێر کاریگەریی سۆز و لایەنگری حیزبایەتیدا بوون، هێندە هەستی یەکگرتووپی و هاوخەباتیی و دۆستایەتییان نەبوو.

پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵە و خەبات دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی سەردەمی دەفتەری (شێخ عیزەدینی حسێنی) و کەسایەتییەکانی ناو دەفتەر لەگەڵ کۆمەڵە، چونکە (شێخ عیزەدینی حسێنی) دۆستایەتی و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبوو. ئەم نزیکایەتییەی شێخ عیزەدین لەگەڵ کۆمەڵە کاریگەریی کردبووە سەر نزیکایەتی و دۆستایەتی (شێخ جەلال) لەگەڵ کۆمەڵەدا و تەنانەت ئەو چەک و کۆمەکانەی کە (شێخ جەلال) چ لە سەردەمی دەفتەرو چ لە سەردەمی سازمانی خەباتدا لە حکومەتی ئێراق وەردەگرت بەشێکی دەدا بەکۆمەڵە، چونکە ئەو کاتە کۆمەڵە لەگەڵ حکومەتی ئێراق پەیوەندی نەبوو. هەروەها (شێخ جەلال) لە دیمانەیەکدا دەڵێت "لەگەڵ کەسانێک لە کۆمەڵە، لە هەموو نێوچەکان دۆستایەتی شەخسیم بووە، لە کاتی شۆڕشدا حەزم کردووە هاوکاریان بکەم، هەرچەندە بیروباوەڕمان لێک دوور بووە"، لەڕاستیدا خودی کەسایەتی (شێخ جەلالی حسێنی) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی خەبات لەگەڵ کۆمەڵەو بەردەوامییان بەشێوەیەکی نیمچە ئاشتییانە. بەڵام کاتێک کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی 1983دا لەگەڵ (گرووپی سەهەند) تێکەڵ بوون و بوون بە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، ئیدی ئەوان هەموو خەباتێکی نەتەوەییان بەخراپ دەزانی و پێیان وابوو کێشەیەکە لە بەردەمیان و هەوڵیان دەدا لەسەر ڕێگەی خۆیان لایبەرن. ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو ڕێکخراوە لەباری نەتەوەییەوە لێک دووربکەونەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لەباری ئایدیۆلۆژی و دینیشەوە زۆر لێک دووربوون.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵە و خەبات نەگەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداریی و شەڕی براکوژی لەنێوانیاندا سەرهەڵبدات و هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی یەکتر. ئەگەرچی هەندێک جار ناکۆکی و ململانێی ناوچەیی ڕوویداوە، بەڵام زۆر زوو چارەسەر کراون و شەڕی گەورەی لێنەکەوتۆتەوە، بەڵکوو هەندێک جاریش لە مەیدانی شەڕدا هەر سێ هێزی (خەبات و کۆمەڵە و حدکا) لە بەرانبەر ڕژێم پێکەوە وەستاون. بۆ نموونە: لە ساڵی 1984 لە ڕێگەی (بانە–سەردەشت) شەڕێکی گەورە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی ڕژێم ڕوویداوە کە بەشەڕی (دارساوێن) ناسراوە و تێیدا سوپای ڕژێمی ئێران تێکشکاو زیانێکی زۆری بەرکەوت. سەرەڕای ئەوەی خەبات و کۆمەڵە تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەندییەکانی نێوانیان بەدۆستایەتی هێشتەوە، بەڵام هیچ کات ئەو دوو هێزە نەگەیشتنە ئەوەی بەرەیەکی هاوبەشی کوردی دروست بکەن و هێز وتواناکانیان یەک بخەن، کە ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیروڕای هەردوولا دەربارەی مەسەلە سیاسی و پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان و هەروەها جیاوازی شێوازی کارکردن و بەشداریان لە مەیدانی سیاسی و خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

کاتێک شەڕی ناوخۆی نێوان (کۆمەڵە و حدکا) لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا سەریهەڵدا، سازمانی خەبات نەک هەرتەنیا بڕ لایەنی خۆی پاراست، بەڵکوو بەئاشکرا ئیدانەی ئەو کارەی کردو, تەنانەت لە بەیاننامەیەکدا بە زمانێکی تاڕادەیەک توند دژی ئەو شەڕە هەڵوێست وەردەگرێ و هەردوو لایەن لە زیانەکانی ئاگادار دەکاتەوە و داوایان لێ دەکات دەست لە کوشتنی یەکدی هەڵبگرن و بەتەواوی هێز وتواناوە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە "ئەو ڕاستییە بەهیچ شتێک ناشاردرێتەوە کە بەکوشتدانی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی یەکتر خودموختاریی و دێموکراسیی نارەخسێنێ و سۆسیالیزم و دێموکراسیی ئینقلابیی ناهێنێتە دی و ناکرێت.لە قازانجی زەحمەتکێشاندا بێ. ئێمە بەنێوی سازمانێکی بەشدار لە خەباتی خوێناویی کوردستاندا، لە کاتێکدا کە ئەم شەڕە بە تووندیی مەحکوم دەکەین و بێزاریی خۆمان سەبارەت بە بەکوشتدانی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی یەکتر دەردەبڕین، داوا لە ڕێبەرایەتیی هەردووک حیزب دەکەین کە بڕێک چاوی خۆیان بەسەر کوردستانی پڕ لە مەینەت و دەرد و ژاندا بخشێنن و هەلومەرجی تایبەتیی ئەم قۆناغەی خەباتەکەمان لەبەرچاو بگرن و بەهەستی بەرپرسیی و سۆزی کوردایەتیی و چاوی واقیع بینیی شۆڕشگێڕیی لە کوردستان بڕوانن." هەروەها لەدرێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: "ئایا درێژەدان بەم بارودۆخە

هۆی مەترسییەکی گەورە پێکناهێنێ؟ ئایا گرِی خەبات لەناو دڵی کۆمەڵاندا کپ ناکا؟ ئەوەش ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی دوژمنانی گەلی کورددا نییە؟ ئەوەی ڕاستەو ڕوونەو کەس بۆی ناشاردرێتەوە، ئەوەیە کە درێژەدان بەم شەڕە تاوانە و خاڵێکی ڕەشە لەسەر لاپەڕەی مێژوو و کۆمەڵانی خەڵک قەت لەبیریان ناچێتەوە. دەبا هەموو خۆبینیی و تەعەسسوبێک وەلا بندرێ و بەگیانێکی پڕ لە هەستی بەرپرسی و لەخۆ بوردووبی لەگەڵ مەسەلەکە بەرخورد بکرێت، ئێمە سازمانی (خەبات)، داوا لە ڕابەرایەتیی هەردووک لایەنی شەڕەکە دەکەین کە چی دیکە درێژە بەم کارەساتە ناڕەوا و دڵتەزێنە نەدەن و لە زووترین کاتدا شەڕ ڕابگرن و ناکۆکییەکان بەزووبی و بەشێوەیەکی عادڵانە لە فەزایەکی ئارامدا چارەسەر بکەن. درێژەدان بەم شەڕە لەم هەلومەرجەی خەباتەکەماندا بازی کردنە بەئاگر و ئاگردانی بەروبوومی بزووتنەوەیە ".

ئەگەرچی ئەم هەڵوێستەی سازمانی خەبات لەلایەن سەرکردایەتی (کۆمەڵەو حدکا)ەوە گوێی پێنەدرا، بەڵام لەو قۆناغەدا دەکرێت وەکوو هەڵوێستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی سەیربکرێت، چونکە پاراستنی بێ لایەنی و ئیدانە کردنی شەڕی ناوخۆیی و داوای ڕاگرتنی بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کارێکی ژیرانە و نەتەوەییانەیە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی سازمان و ڕێکخراوی پەیکار، هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی سیاسی نابینرێ، تەنیا ئەوەندە نەبێت لە کاتی لێدانی بنکەی ڕێکخراوی پەیکار لەلایەن حزبی دیموکراتەوە لە شاری بۆکان، جێگەی نیگەرانی کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری سازمان بووە و بەکارێکی هەڵەیان زانیوە و پێیان وابوو ئەوە سەرەتایەکی خراپە لەپەیوەندی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی سازمانی خەبات و بزووتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سوننە و جەماعەتی ئێران، شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سوننە درەنگ دامەزراو درەنگ دەستی بەچالاکی کرد. هەرچەندە دامەرزێنەرانی هەردوو ڕێکخراوەکە لە مامۆستایان و زانایانی سوننە مەزهەب بوون، بەڵام لەئاستی سیاسی و سەربازیدا هەماهەنگیەکی ئەوتۆیان نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە دوای کوژرانی کورێکی (مامۆستا شێخ جەلال)، (مەلاعەبدولقادری تەوحیدی) سەردانی سازمان دەکات، لەوێدا مامۆستا شێخ جەلال داوای یەکبوون لە مەلا عەبدولقادر دەکات، بەڵام دوای چەندین هاتوچۆو سەردانی یەکتری نەگەیشتنە ڕێککەوتن. جێگەی باسە، هەر لەو قۆناغەدا چەندین گرووپی تری چەپ و کۆمۆنیستی هەبوون وەک (ڕێکخراوی یەکگرتنی کۆمۆنیستی– سازمان اتحاد کمونیستی)و (ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران–سازمان اتحاد کمونیستهای ایران) و (حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئێران–حزب کارگر سوسیالست ایرانی- ح.ک.س.ا)، بەڵام پێ ناچێت سازمانی خەبات هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەم گرووپانەدا هەبووبێ.

"پەیوەندییەکانی سازمانی خەبات لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دا"

پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی. ن. ک):-
دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و کرانەوەی دەروازەکانی سنوور بەڕووی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا، دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەو هێزانە ڕەخسا کە جارێکی تر گەشە بکەن و پەیوەندی نوێ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بکەن. لەم چوارچێوەیەشدا (یەکێتی) لەپێشەوەی ئەو هێزانەی باشووری کوردستان بوو کە لەو پێناوەدا هەوڵێکی زۆری داو پردێکی پەیوەندی بەهێزی لەنێوان خۆی و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروستکرد. پێش دامەزراندنی سازمانی خەبات، (شێخ جەلالی حسێنی) وەکوو کەسایەتییەک لە ناوچەی بانەو دەوروبەریدا, پەیوەندی لەگەڵ (یەکێتی) هەبوو. کاتێکیش سازمانی خەبات دامەزرا، ئیدی خەبات و یەکێتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست بوو، کە زیاتر لە بواری هاوکاری چەک و تەقەمەنی و کۆمەکی دیکەدا بوو. بۆ نموونە: لە کۆتایی ساڵی 1981 دا (یەکێتی) بە مەبەستی پەیداکردنی چەک پەیوەندی بەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حدکا، کۆمەڵە، خەبات) دەکات و

داوایان لێ دەکات لەو بابەتەدا هاوکاری بکەن. ئەو ئەندامانەی (یەکێتی) کە بۆ هێنانی چەک ڕۆشتبوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا چوونە لای (شێخ جەلال) لە گوندی (بلەکێ) و، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەک چەکی زۆری هەڵگرتبوو، سەرەتا 50 چەکی جۆری (برنەو)یان دەداتێ و هەروەها پەیمانیان پێدەدات کە ژمارەیەکی زیاتری چەکیان بۆ پەیدا بکات.

لەقۆناغەکانی دواتردا، (یەکێتی) بەمەستی پەیداکردنی ئازوقە و چەک و تەقەمەنی زیاتر لە پێناو بەردەوامی دان بە خەباتی چەکداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەبات درێژە پێدەدات و چەند جارێکی دیکە لەلایەن خەباتەوە چەک و تەقەمەنیان پێدەدرێت. بۆ نموونە: ساڵی 1983 چەند نوێنەرێکی (یەکێتی) بۆ هەمان مەبەست بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕۆن و لەلایەن خەباتەوە هاوکاریەکی زۆر دەکرێن و سەرەڕای پێدانی چەک، لەڕووی مانەوەو کردنەوەی بارەگا لەو ناوچانەی کە خەبات تێیدا باڵادەست بوو ئاسانکاری زۆریان بۆ دەکرێت. هەروەها بەمەستی هێورکردنەوەی شەڕی نێوان (یەکێتی) و (ڕژێمی بەعس) لە ساڵانی (1983–1984)دا، سازمانی خەبات وەکوو زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵێکی زۆری داوە و بەئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ یەکێتی دەربڕیوە تاکوو بارگرژیەکانی نێوانیان بەرەو کەم بوونەوە بڕوات و گفتوگۆ ببێتە پردی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. جێگەی باسە (یەکێتی)ش لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەبات دا، بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئاڵۆزیەکانیان لەگەڵ حدکا هەوڵی زۆریان داوە و تەنانەت چەند جارێک نوێنەرانی (یەکێتی) دانیشتن و گفتوگۆیان لەنێوان ئەو دوو پارتەدا پێکهێناوە. ئەگەرچی هەوڵەکانی (یەکێتی) نەیتوانی بەشێوەیەکی تەواوەتی گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان خەبات و حدکا چارەسەر بکات، بەڵام دەکرێت وەکوو کارێکی ئیجابی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووردا لێی بڕوانرێت.

پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک):-
پەیوەندی (پارتی) وەکوو هێزێکی سیاسی باشووری کوردستان، جیاواز بوو لەگەڵ پەیوەندی هێزەکانی دیکە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. چونکە (پارتی) لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول تارەدایەک بەرەو هەڵوەشاندنەوە ڕۆیشت و تەنیا لقەکانی دەرەوەی مابوون. بەڵام لەقۆناغێکی دواتردا (ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێیان بەناوی (سەرکردایەتی کاتی/ س.ک) دروستکرد کە بە (قیادەی مووەقەت/ ق.م)یش ناودەبرا. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە بریتی بوون لە (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس). ئیدی (پارتی) لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەر زوو هەوڵیاندا خۆیان لە خومەینی نزیک بکەنەوەو بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێک بەسەرۆکایەتی (ئیدریس بارزانی) و ئەندامێتی هەریەک لە (کەریم سنجاری، ڕەشید سندی و عەبدولوەهاب ئەتروشی) لە قوم و تاران سەردانی خومەینیان کرد و پەیوەندیان لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئێران دامەزراند، کە لەڕاستیدا ئەمە کاریگەریی گەورەی کردە سەر پەیوەندییەکانی (پارتی) لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیی (حدکا و کۆمەڵە)و چەندین جار ناکۆکی لەنێوانیاندا ڕوویداوە.

بەڵام سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان (پارتی)و سازمانی خەبات ئاماژە بەشتێکی ئەوتۆ ناکرێت.، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دووری بنکەو بارەگاکانی ئەم دوو ڕێکخراوە لەیەکتری کە تەنیا لە چەند ناوچەیەکی سنووری کوردستانی نێوان ئێران- ئێراق دا نەبێت بارەگەیان لەیەکتر نزیک بووە. هەر ئەمەش وای کردووە کە سازمانی خەبات وەکوو تاکە هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربکەوێت کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ (پارتی) نەبووبێت. بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەندێک جاریش هاوکاری لەنێوانیاندا هەبووە. بۆ نموونە: لەو

ناوچانەی کە خەبات بەرپرسیاریێتی هەبوو بەتایبەت شاری بانەو دەوروبەری، رێگەی نەدا هیچ کات (پارتی) و (یەکێتی) پەیوەندییەکانیان بەرەو ئالۆزی بڕوات، بەڵکوو پێشمەرگەی ئەو دوو هێزەی لە شاری بانە دابەشکرد و ناوچەی (بۆیەن و پشت ئاربەبا)ی دا بە (پارتی) و هەروەها ناوچەی (دەشتە تاڵ)یشی دا بە (یەکێتی)، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان (خەبات و پارتی) هیچ کات نەگەیشتە ئەو قۆناغەی کە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە.

جیابوونەوە و کەرت بوون، یەکێکە لە دیارترینی ئەو دیاردانەی کە لە مێژووی سیاسی زۆرینەی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت. ڕەنگە ئەگەر لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردووی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی گەورە بەگشتی و پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور بەتایبەتیی بڕوانین، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە (جیابوونەوە و کەرت بوون) وەکوو دیاردەیەکی حەتمی بەشدارێکی کارای سەر شانۆی سیاسی بووە و لە هەموو کات و ساتێکدا بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی سەردەمەکەو لاوازی و بەهێزی هەر لایەنێک بکرێت ئامادەیی هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی پەتای ئەم دیاردەیە، بەدیوێکدا دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی دابوونەریتی خێڵەکی و خزمایەتی بەسەر بڕیاری سیاسیدا کە تەنیا گوزارشت لە بۆچوونی چەند کەسێکی دیاریکراو دەکات و ئەمەش بەتێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ قبووڵ نەکردنی یەکترو درووستبوونی هەستی خۆپەرستی، بەدیوێکی دیکەشدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسایکۆلۆژیەتی تاکی کورد لە بواری کەم ئەزموونی مێژوویی و تێنەگەیشتنێکی ورد و زانستیانە لە مانای سیاسەت و بەڕێوەبردندا هەیە.

ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوڵتردەبوونەوە و ئومێدی گەیشتن بەڕێکەوتنێک لەسەر چۆنییەتی دۆزینەوەی میکانیزمی کۆبوونەوەیەکی فراوان یان دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەمابوو. سەرەنجام لە 24ی مایسی1987دا جیابوونەوەیەک بەسەرکردایەتی (مەلا خدری عەباسی) و بە بەشداری هەریەکە لە (بایز ڕەسوڵی، تەها مینایی) وەکوو ئەندامانی دەفتەری سیاسی و (ڕەئوف حسێنی، عوسمان حسێنی، حامید مەعروفی، عەلی عەزیزی، ڕەشید ئەحمەدی) وەکوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕوویداو لە بەیاننامەیەکدا بەتەواوەتی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو تەنیا (بابە شێخ حسێنی و خالید سەقزی) وەکوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ (شێخ جەلال حسێنی) مانەوە.
جیابووەوەکان لە سەرەتاوە بەهەمان ناوو بەرنامەی ڕێکخراوی خەبات، تێکۆشانی سیاسی خۆیان درێژە پێدا، بەڵام دوای مانگ و نیوێک لە جیابوونەوە، ناوی ڕێکخراوەکەیان کرد بە (ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕانی نەتەوەیی و ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان–خەباتی شۆڕشگێڕ)، هەروەها لە 18ی ڕەزبەری 1367 دا ئیزگەیەکی ڕادیۆییان بە ناوی (دەنگی شۆڕشی کوردستان) دانا, گۆڤار و بڵاوکراوەی وەک (تێکۆشان) و (بێستان) و چەندین بڵاوکراوەی دیکەیان دەرکرد. بەڵام لەڕووی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆییەوە هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت. و بەڵکوو هەمان بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پێشوویان کردەوە بەکارنامەی سیاسی خۆیان.

لە بەیاننامەی جیابووەوەکاندا، هۆکارەکانی جیابوونەوە و لێکترازاندنی ڕیزەکانی خەباتیان بۆ بارودۆخی ناوخۆیی ئەو ڕێکخراوە گەڕاندۆتەوەو ئاماژەیان بەچەند خاڵێک کردووە:-

1. پێشێلکردنی ڕێ و شوێنی دیموکراسی و حاکمیەتی تیرۆر و ئیرهاب.

2. زاڵبوونی ڕابیتە بەسەر زابیتەدا.

3. لەژێرپێنانی پەیڕەوو پڕۆگرامی ڕێکخراوی خەبات.

4. پشکنینی بیروباوەڕو سەپاندنی ویست و ئارەزووی بنەماڵە.

5. دژایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتن خوازانە.

6. حەیف و مەیل کردنی ئیمکانات و سامانی سازمان بەقازانجی بنەماڵە.

سەرچاوە:-
ڕابەر سیوەیلی ، ژیلوان هەڵەدنی:سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان1980-1987، چاپی یەکەم ، 2018. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ئایین و ئاتەیزم | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-02-02

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-02-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی چاوی کورد - 2025-02-02
کاتی تۆمارکردن: 2025-02-26
ناوی تۆمارکار: شادی ئاکۆیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 456
سالّانێک لە خزمەت شەهیدی جوانە مەرگ
20250717151359646638=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



عومەر هەرگوشی

سڕووسەقەم بوو مرگەوەر بووبوو بە پارچەیەک جەمەد. ئاگر لە سەرما حەجمینی نەبوو، ئاوارەکان ڕادیوبەدەست هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شۆڕشە گەرمەکەیان دەببیست، جولەی پێشمەرگە لە هیی هەنگ دەچوو، سرەوتنی نەبوو، کاکە ئیدریسی سەرکردەش هەر لەوان دەچوو، هەر نەسرەوتن و پڕ لە بزاڤ بوو. ئەرکێکی زۆر قورسی لەشان بوو. لەبەرێک دڵە ڕەنجاوەکان چێکاتەوە، لەملا خەمی خێزانی پێشمەرگە لەکۆڵ بگرێت و بیری ئاژاوە و ناحەزی دامرکێنی و برایەتی و خۆشەویستی بڕازێنێ. ئاگای لەسەری لوتکە و کێوەکان و کوردە چەکبەدەستەکان بێت وتاکتاک بە بروسکە و نامە، وەیان بەرزکاتەوە و گیانی فیداکاری و بەرخۆدانیان بگەینێتە لوتکە، وایان گۆشکات بەقەد لوتکەی لەژێر پێیان بۆ کورد و شۆڕش دڵسۆزبن.
دەستێکی لەسەر چەک بوو بۆ پاراستنی گەل و نیشتمانەکەی، دەستەکەی تری بە پێنووس، تا مەرەکەبی تەواو دەبوو، چارە بوکێشەکان بدوزێتەوە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و سوپاسگوزاری ماندونەناسەکان بکات.

گوێگرێکی زۆر پایەبەندی ڕووداوەکان بوو لە ناوچەکە و جیهان، گوێی لە هەموو هاوارو گازییەکانی زۆرلێکرا و چەوساوەکان بوو، باری قورسی خەمەکانیان لە کۆڵ کردبوو، دڵە گەورەکەی ببووە کۆما خەما. دیاربوو بەرگەی ئەو هەموو تەعدا و غەدرەی نەدەگرت کەرۆژانە لە میللەتە مەزڵوومەکەی دەکرا.
دەیویست شەو بکاتە ڕۆژ وچرکەساتێک زووترو زیاتر لە خزمەت خانەوادەی گیانگوری و پێشمەرگە و داماو و مافخوراوەکاندا بێت. هەموو شتێک لای ئەو بەهای خۆی هەبوو، بەڵام هیچ شت وەک ڕاپەڕاندنی ئەرک و دەستپاکی و ڕەوشت جوانی بەهای نەبوو. هەموو مەبەستی لە ژیاندا، هێنانەکایەی دادپەروەری کومەڵایەتی بوو کە دیار بوو پەروەردەی عەدالەتی بارزان و دەستی زاهیدی پاک شێخ ئەحمەدی بارزانی بوو، خۆی بە موریدێکی دلسۆز و بە ئەمەکی ئەو دەزانی. لە هەرکێشە و بۆنەیەکدا دەیویست بە ئەمرێکی شێخی گەورە یان چەند دێری هۆنراوەکانی مەلای جزیری لایەنەکان گۆش و پەروەردەبکات. عاشقی وێژدان و خیرەت و مەردایەتی بوو ڕەوشت بەرزی و ئەمانەت و گوێڕایەڵی، پێوەری ڕاستەقینەی سەرەدەری بوو لەگەڵ خەڵک. پەیڤی تفاق و یەکرێزی و خۆشەویستی و بەڕێزی، وێردی سەرزمانی بوون. دەکرێت بڵێین ئەو ڕێز و تفاقەی ناو پارتییەکان بەگشتی و ماڵی بارزان بەتایبەتیی بەرهەمی ئەو بناخە پتەوەن کە جوانەمەرگ داینناوە و تا ئێستاش کاریگەریی خوی هەیە. کاتێک ئەندامانی خێزانی بارزان بە (بەڵێ ئەزبەنی)، وەڵامی گەورەکان دەدەنەوە و ڕێز و متمانە لەنێوانیان لە لوتکەیە، ئەمە ئەنجامی ئەو بیروباوەڕەیە کە مەبەستمانە، کاتێک کە دەڵێین ئەگەرخودا نەخواستە گولە بوو نێچیروان بێ، مەسرور خۆی دەداتە بەر یان بە پێچەوانەوە، دەبێت تێبگەین کەئەمانە پەروەردەی عەقیدەیەکی ڕەسەنن کە جوانەمەرگ، ئەندازیاری داهێنان و پیادەکردن و بەکردەنی کردنی بووە، هەڵبەت لەسەرچاوەی عە قیدەی بارزان و کوردایەتی هەلدەقوڵێ و دەتوانین بڵێین، هەوێن و سڕی سەرکەوتنی ئەم گەل وڵاتە بەندە بەو مەبادئانەی بارزانی نەمر بۆی داناوین و ئیدریسی جوانە مەرگیش بەئەمانەتەوە خزمەتی دەکرد و گەشەی پێ دەدا.
زۆر بەپەرۆش بوو بۆ ئەو دۆخەی کورد تێیکەوتبوو، هەستی بە مەترسییەکان دەکرد و دەیزانی ئەرکی زۆر قورسە و هەورازەکان سەختن، بەڵام هونەر و ئازایەتی لەوەدایە لە بێ ئومێدیدا، . ئومێد بۆ گەل دروستە کەیت و وڵاتی تاریک، ڕووناک کەیت و هەورازی سەخت بە خوێن و شەونخوونی ببڕی. دەیتوانی لەناو دەریا ئاگر بکاتەوە و لەناو باروت و بۆمبا و ویرانکاری مزگێنی ئاوەدانی و برایەتی بدات و خەڵکی لە خەوی گران ڕاپەڕێنێ.
ئەوەندە گیانی لێبووردەیی بەهێز بوو، دەیتوانی بۆ خزمەتی کورد و کوردستان لە هەرکەسێک ببوورێت و برایەتی و دۆستایەتی بچەسپێنێ، ئەگەر لایەنی بەرانبەر ئاگر و باروتی دوژمنایەتیشی بە دەستەوە بوایە. کە دەڵێن (ئەندازیاری ئاشتی) واتە، چەسپاندنی ئارامی وبرایەتی لەجێگای خوێڕشتن و ڕق و کینە. ئەرکەکانی خۆی لەوپێناوەدا چڕ کردبوو، هزری خۆی تەواو پێوەی سەرقاڵ کردبوو. لە کۆنفرانسی هاوکاری گەلانی ئێراقدا و لە ماوەیەکی کورتدا، توانی بەردی بەهێزی بناخەی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ لایەنە ئێراقیەکان دابنێت کە تا ئێستاش کاریگەرییان هەبێت و سوودی زۆری بۆ کورد تێدابێت. لەدەمێکی پڕ ترسناک و دوژمنکاریدا، کە خوێن لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هێژ دەڕژا و خوێنی شەهیدانی وەک عەبدولڕەحیم جسیم و حسو میرخان و دەیان شەهیدی تر، هێژ هیشک نەبووبوو و گلێنەی چاوی ئازیزەکانیان لە فرمێسک زوها نەبوبوون، دەستی برایەتی و تەبایی بۆ یەکێتی درێژکرد و ئاشتییەکی بەرقەرارکرد کە لە خەیاڵ و هزری دۆست و دوژمناندا نەبوو. بۆیە دەڵێم هونەر ئەوەیە لەناو دەریا ئاگر بکەیت لەناو باروت ئاشتی بچەسپێنیت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باکووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-02-04

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-02-04	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 457
ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی. .. ڕێبەر و مەرجەع
20250723092311647726=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی.. ڕێبەر و مەرجەع
ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی، سەرۆک بارزانی، کە لەناوگەلی کوردستان بە ڕابەر و مەرجەع و پێشمەرگە ناوی دەهێنرێت، گەشە بە ڕێبازی بارزانی دەکات و ڕێگا نادات کورد لە دەستی دوژمن بمێنێتەوە. وەک پێشمەرگە و ڕێبەری کورد خەبات دەکات، 77 ساڵە دژی خۆچەماندن هەنگاو دەنێت.
سەرۆک بارزانی کە وەک خۆی دەڵێ، لە هەر پلەوپایەیەک بێت خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان دادەنێت، لای خەڵکی کوردستان وەک ڕێبەری و لای لایەنە سیاسییەکانیش وەک مەرجەع دەناسێنرێت. ئەو لە ئاستی کوردستان و نێودەوڵەتی پێگەیەکی ئەوەندە بەهێزی هەیە، سەرکردەی وڵاتان سەردانی دەکەن و پرسی لە پرۆسە سیاسییەکاندا پێ دەکەن.
لێرەوە لە ماڵپەڕی فەرمی مەسعوود بارزانی وەرگیراوە:
سەرۆک مەسعود مستەفا بارزانی، لە بنەماڵەی بارزانە کە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانی باشووری کوردستانە و ئەم بنەماڵەیە تێکۆشەرە زیاتر لە سەدەیەکە لە مەیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تێدەکۆشێت.
تەکییەی بارزان کە سەربە تەریقەتی نەقشەبەندییە، ناوەندێکی هزریی نیشتمانی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی بووە.
خەباتی بارزان بە ڕابەرایەتی شێخ عەبدوسەلامی بارزانیی یەکەم و شێخ محەمەد بارزانی و شێخ عەبدوسەلام بارزانی دووەم و تا شێخ ئەحمەدی بارزانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی سەرانسەری کوردستان هەبووە.
بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەمر شۆڕشی بارزان پێی نایە قۆناغێکی فراوانتر و پێشکەتووتر و حیزب و دامودەزگای سەربازیی و ڕێکخراوەیی بە شیوەی کاریگەرتر خرانە خزمەت بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی.
-سەرۆک بارزانی لەدایکبووی ڕێکەوتی16-08-1946، لە شاری مەهابادی پایتەختی کۆماری دیموکراتیی کوردستانە، ئەوەش هەمان ڕۆژە کە یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد لە شاری بەغدا بەستراوە و تێیدا ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەمر وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵدەبژێرێت.

-پاش نسکۆی کۆماری دیموکراتیی کوردستان، لە ساڵی 1947 لەگەڵ ماڵباتەکەی و گشت باشووریەیەکانی نێو کۆمار، دەگەڕێنرێتەوە باشووری کوردستان. لەولایشەوە، بارزانیی نەمر، لەگەڵ زیاتر لە 500 هەڤاڵیدا، ڕوو لە یەکێتی سۆڤێت دەکات و لەوێ دەگیرسێتەوە و تا ڕووخانی ڕژێمی شانشینی و دامەزراندنی کۆماری ئێراق لە ساڵی 1958، ئینجا دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ دەڕەخسێت. لە هەمان کاتدا شێخ ئەحمەدی بارزانیش لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ.
-بە دەستپێکی هێرشی سوپای ئێراق بۆ سەر باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی 11-09-1961، بە ناچاری خوێندن بەجێ دەهێڵێ و لە ڕێکەوتی 20-05-1962دا پەیوەندی بە ڕێزەکانی هێزی پێشمەرگەوە دەکات .
-ساڵی 1967 یەکێک لە دامەزرێنەران و سەرپەرشتیاری دەزگای پاراستن بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا.
-ساڵی 1970 ئەندامی شاندی دانووستانکاری شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی ئێراق بووە.
-ساڵی 1970 لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و دواتر بە ئەندامی یەدەگی قوتابخانەی سیاسی دەستنیشان کراوە.
-دوو مانگ دوای نسکۆ، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانیدا و بە هاوڕێیەتی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی جوانەمەرگ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردە، فەرماندە و کادیری پێشکەوتوودا، بناغەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەڕێژێتەوە.
-لەنێوان ساڵانی 1976تا 1979دا، لە ئەمەریکا لە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانیی باوک و ڕابەردا بوو کە بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە.
-لە سەرەتای ساڵی 1979 بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەی کاروباری حزب، هەروەها بۆ ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ نووسینگەی ئیمام خومەینی لە پاریس بە مەبەستی هەماهەنگی و کاری هاوبەش دژی ڕژێمی شای ئێران، سەردانی ڤییەننا دەکات. لەوکاتەدا لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا، لەلایەن دەستەیەک بکوژی دەزگای هەواڵگریی ئێراقەوە هەوڵی تیرۆرکردنی درا و دوو لە یاوەرەکانی بریندار بوون.
-دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی 1979دا، سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ شاری تاران و لەوێ هەواڵی کۆچی دوایی باوکی پێ دەگات، لەگەڵ ئیدریس بارزانی ئامادەسازی بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و لە شاروچکەی شنۆ ڕێووێنەی بەخاکسپاردنی ئەنجام درا.
-ڕێزدار مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی 1979دا، لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بە سەرۆکی پارتی دێتە هەڵبژاردن و دەبێتە دووەمین سەرۆک لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.
-ساڵی 1983، لە پڕۆسەی ئەنفالی بارزانییەکاندا، 37 کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگەڵ 8000 کەسی ناوچە و عەشیرەتەکەی، لەلایەن ڕژێمی سەدام حسێنەوە لە بیابانەکانی ناوەڕاست و خواروی ئێراقدا لەناو دەبرێن و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا شوێنبزر دەکرێن.
-لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوە و بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشانی ناوخۆ، سەرۆک بارزانی چەندین جار لەگەڵ پێشمەرگە سەردانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان کردووە.
-ساڵی 1986 یەکەمین بەرهەمی خۆی لە بواری خەباتی بارزانی و مێژووی پارتیدا، لەژێر ناونیشانی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سێ بەرگدا و بە زمانی عەرەبی لە چاپ دەدات، کە تاکوو ئێستا چەندین جار پێداچوونەوەی بۆ کردووە و بۆ سەر زمانەکانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست، تورکی و فارسی و ئینگلیزی وەرگێڕراوە.
-لە 31-01-1987 بەڕێز ئیدریس بارزانی برای سەرۆک بارزانی کە هەڤاڵ و هاوشانی بەردەوامی سەرۆک لەو خەباتە سەختەدا بوو لە ناوچەی سلێمانەی سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە.
-ساڵی 1988 فەرماندەیی گشتی داستانی خواکورێکی کردووە.
-لە ساڵانی 1980 تا 1987 ڕۆڵی هەریەکە لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی برای، لە سەرکردایەتی کردنی

شۆڕشی گوڵان و دامەزراندنی چەندین بەرەی سیاسی لەنێوان لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق زۆر بەرچاو بوو، کە دیارترینیان پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بوو.
-بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی 2-05-1988 ڕاگەیەنرا لە (8) حزبی باشووریی کوردستان پێکهاتبوو: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حسک، پاسۆک، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان-ئێراق، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری. مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کار و خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس لە ئێراق کە لەو سەردەمەدا کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییەکانی بەرانبەر بە گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی گەیاندبووە ئەوپەڕی دڕندەیی.
-شەهید ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری دروستکردنی بەرەی کوردستانی دادەندرێت و سەرۆک مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی بینی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو بەرەیەدا، بەتایبەتییش لە کاتی سەرپەرشتیکردنی ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی گەلی کوردستاندا.
-ساڵی 1989 لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بۆ جاری دووەم بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە.
-لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991دا، ڕابەری مەیدانیی بەرەی کوردستانی بووە و پلانی دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئێراق لە باشووری کوردستان داناوە.
-لە 07-04-1991 لە دەربەندی کۆڕێ سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە کە تێیدا پێشمەرگە داستانێکی مەزن و مێژوویی تۆمار کرد و هێرشی هێزەکانی بەعسی لە کۆڕێ تێکشکاند، داستانی کۆڕێ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەباتی بەرخودان و ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.
-لە مانگی ئایاری ساڵی 1991دا، لە دوای کۆڕەو، سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ شاری بەغدا کردووە و بە مەبەستی دانووستان بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد، لەگەڵ سەرانی ڕژێمی ئێراقدا گفتوگۆی کردووە، بەڵام لە دوای چەندین خول دانووستانەکان بێ ئەنجام بووە.
-لە نەورۆزی ساڵی 1991 لە شاروچکەی کۆیەوە، داوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی کردووە.
-لە یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستاندا لە ساڵی 1992، خۆی بۆ ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرێ و دەنگی یەکەمی بەدەست هێناوە، بەڵام کێشە ناوخۆییەکان و ڕەچاوکردنی دۆخی ناوخۆ ئاستەنگ بوون لە یەکلاکردنەوەی ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە.
-لە ڕێکەوتی 10-06-1991دا، لە لایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤەوە خەڵاتی ئاشتیی بە گەلی کوردی پێ بەخشراوە. دواتر لەلایەن بەڕێزیانەوە خەڵاتەکە پێشکەش بە خاتوو دانیال میتێران کرا.
-ساڵی 1992 ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراقی INC بووە.
-لە شوباتی 1992 لە لەندەن لەلایەن جۆن مەیجەر سەرۆک وەزیرانی بریتانیا پێشوازی لێ کراوە.
-لە ساڵی 1993دا، لە کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی، کە بە بەشداری (2167) نوێنەر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە.
-پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستاندا، هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تا ڕێگە لەو شەڕە ماڵوێرانکەرە بگرێت. لە ڕێکەوتی 17-09-1998 بە ئامادەبوونی بەڕێز خاتو مادلین ئۆلبرایت، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕێکەوتننامەی ئاشتیی واشنتۆنیان ئیمزا کرد.
-لە ڕێکەوتی 15-10-1998 لە بارەگای پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا لەلایەن بەڕێز فرانسوا ئۆلاند، سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا پێشوازیی لێ کرا.
-لە ڕێکەوتی 20-10-1998 یش لەلایەن سەرۆکی پەرڵەمان و وەزیری دەرەوەی بەلجیکاوە پێشوازیی لێ کرا.
-لە ڕێکەوتی 14-10-1999 لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە بە بەشداری (1473)

نوێنەر لە هەولێر بەڕێوەچوو، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بۆ جاری چوارەم بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە.
لەم قۆناغە بە دواوە ئەرک و دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەنگاوی گەورە دەنێت و بەرپرسیارییەتی و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت، کە ئەمە بەشێک لەو چالاکی و ئەرک و دیدارانەیە:
-8 جار لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا کۆبووەتەوە. 4جار لەگەڵ جۆرج بوش کە دوو جار لە کۆشکی سپی بووە 25-10-2005 و 14-12-2008، هەروەها 27-11-2003 لە بەغدا و 03-09-2007 لە بنکەی سەربازیی (عین الاسد) لە سنووری ئوردن. هەروەها 4جار لەگەڵ باراک ئۆباما کۆبووەتەوە کە 3جار لە کۆشکی سپی بووە، هەروەها لە بەغدا.
لە 31-11-2005 لەلایەن سێرجیۆ برلسکۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیاوە پێشوازیی لێ کرا.
-چەندین دیداری لەگەڵ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیادا هەبووە. لەوانە پێنج جار لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا دیداریان هەبووە. لە شوباتی 1992 لەلایەن توروت ئۆزاڵ سەرۆککۆماری تورکیا لە ئەنکارا پێشوازی لێ کرا و یەکەمجار بوو میوانێکی فەرمی بە جلکی کوردییەوە پێشوازی لێ بکرێت.
-لە ڕێکەوتی 25-07-2009 لە هەڵبژاردنی گشتی و ڕاستەوخۆدا، بە 70% ی دەنگی گەل، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوەتەوە.
-ساڵی 2010 بۆ جاری پێنجەم لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە، بە سەرۆکی پارتیی هەڵبژێردراوە و شایەنی باسە لەم کۆنگرەیەدا لە بەردەم تێکڕای میوانە بیانی و ناوخۆییەکانیدا، بەئاشکرا باس لە مافی بڕیاری چارەنووس بۆ کورد، کرا.
-لە ساڵی 2013 پەرڵەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی پەرڵەمانتاران و ڕەزامەندی زۆربەی فراکسیۆنەکان، ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ دوو ساڵ درێژ کردەوە. هەرچەندە بەڕێز مەسعود بارزانی لەم درێژکردنەوەیە ڕازی نەبوو بەڵام لەبەر ئاشتەوایی نیشتمانی ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتەوە.
-ساڵی 2014 لە شەڕی دژ بە داعشدا، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و تا تێکشکاندنی ئەم هێزە لە ئەرکەکەی بەردەوام بووە. سەرۆک بارزانی لە میانەی ساڵانی شەڕی داعش بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی هەر هەشت میحوەری بەرەکانی جەنگی دەکرد.
-سەرۆک بارزانی لە ماوەی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندا، وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جگە لە ئەرکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دابەشکردنی میحوەرەکان، سەرکردایەتیی شەڕی دژی تیرۆریستانی دەکرد و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی و فەرماندەیی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەی بۆ ئازادکردنی ڕەبیعە، زوممار، چیای زەرتک، بەنداوی مووسڵ، چیای شەنگال و حەوزی عەوێنات و شاری شەنگالی کرد. پلانی ئازادکردنی زوممار و حەوزی عەوێنات و چیای شنگال و شاری شنگال، کە سەرۆک بارزانی دارێژەریان بوو ڕاستەخۆش و فەرماندەیی کردن. لەڕووی کات و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو پلانانەوە، داستانی بێ وێنە بوون.
-لە ڕێکەوتی 20-08-2014 پێشوازی لە بەڕێز ماتییۆ ڕێنز، سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا کردووە.
-لە ماوەی شەڕی داعشدا، هەولێر ترافیکێکی قورسی دیپلۆماسی بەخۆیەوە دیت و بەرپرسانی باڵای ئەرمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا، بەتایبەتیی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی دژی داعش و باڵیۆزی ئەو دەوڵەتانە لە ئێراق، سەردانی کوردستانیان دەکرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆ دەبوونەوە. لەوانە: ئەمەریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، بەلژیکا، نەمسا، چیک، هەنگاریا، سوید، نەرویج، ژاپۆن، و...
-ساڵی 2015 ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دۆسیەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی خستە بەردەستی ئەنجوومەنی شورای کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەری بکات، ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوە لە

بارودۆخەکە، بەهۆی نالەباربوونی بارودۆخی وڵات و نزیکبوونی هێزەکانی داعش لە شارە گەورەکانی کوردستان، بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمیان بۆ دوو ساڵی تر، دا، بەڕێزیشیان لەبەر هەستیاری دۆخەکە و پشتگەرمیی پێشمەرگە لە ئەرکەکەی بەردەوام بوو.
-ڕۆژی 22-05-2015 بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو لە وڵاتی ئوردون کرد.
-لە ڕێکەوتی 23-12-2015، پێشوازیی لە بەڕێز پێترۆ گراسۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیرانی ئیتاڵیا کردووە.
-لە ڕێکەوتی 25-10-2016 لە پیرمام پێشوازی لە بەڕێز ستێفان لۆفین سەرۆکوەزیرانی سوید کردووە.
-ڕۆژی 11-07-2017 سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی سەردانەکەی لە پارلەمانی ئەوروپا لە بروکسل، وتارێکی پێشکەش کرد.
-ڕۆژی 11-07-2017، سەرۆک بارزانی، خێرت بۆرژوا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی فلاندەرزی بەلژیکا، پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرد.
-چەندین جار بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی کردووە و لە چوارچێوەی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردە سیاسییەکانی جیهاندا کۆبوونەتەوە. لەوانە: شا عەبدوڵڵا پادشای شانشینی ئوردون، خاتوو ئەنگێلا میرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئیلهام عەلییێف سەرۆککۆماری ئازەربایجان، جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، مارک ڕووتە سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا، خاتوو کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ سەرۆکی کرواتیا، گیئۆرگی ئیڤانۆف سەرۆکی مەکدۆنیا، خاتوو فیدریکا موگیرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، تەممام سەلام سەرۆکوەزیرانی لوبنان، حەیدر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئێراق، کۆبوونەوەی ئەنجام داوە. ئەوە جگە لە دیدارەکانی لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی دەوڵەتانی بەشداری ئەو کۆڕبەندە و سەرۆک و سکرتێری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی دیکەی بەشداربووی کۆڕبەندەکە.
-بەڕێز مەسعود بارزانی، بە سووربوون و پێداگرییەکی ڕابەرانەوە لەسەر بڕیاردانی گەلی کورد لە مافی چارەنووسی خۆی، لە ڕێکەوتی 25-09-2017، ڕێفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان ساز دا، لە ئەنجامدا 93% دەنگدەرانی کوردستان، بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.
-لە ئەنجامی خیانەتی تاقمێک و ڕادەستکردنی کەرکووک گەرمەسێر، لە ڕێکەوتی 16-10-2017 دا. بۆ ڕێگریکردن لە بەدیهاتنی خەونی نەیاران، لە ڕێکەوتی 20-10-2017، وەک فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی پردێ، مەخمور، تەلسقۆف، سحێلا، لە بەرانبەر میلیشیای حەشدی شەعبی، سوپای ئێراق، وەستایەوە پێشڕەوی ئەو هێزە پڕچەکەی وەستێنرا و بەغدای ناچار بە ملدان بۆ دانووستان کرد.
-لە ڕێکەوتی 29-10-2017، پەرڵەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری درێژکردنی ماوەی دەسەڵاتدارێتی هەردوو دەسەڵاتی ڕاپەراندن و یاسادانانی دا، بەڵام سەرۆک بارزانی بەوە ڕازی نەبوو و دەسەڵاتی خۆی خستە بەردەم پەرڵەمان تا بەسەر هەردوو دەسەڵاتی ڕاپەراندن و یاسادانان دابەش بکرێت و ڕایگەیاند کە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و وەک پێشمەرگە لە خەبات بەردەوام دەبێت.
-سەرۆک مەسعود بارزانی ساڵی (1965) هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی هەشت منداڵە.
-سەرۆک بارزانی شارەزای زمانەکانی کوردی بە هەردوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و ناوەڕاست، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزییە.
-حەز بە خوێندنەوەی پەرتووکی مێژوویی، ڕامیاری و سەربازی دەکات. یەکێکە لە ئارەزوومەندانی هۆنراوە عیرفانییەکانی هۆزانڤانی کورد مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و وەفایی.
-سەرۆک بارزانی وەرزش دەکات و حەزی لە وەرزشەکانی تۆپی پێ و مەلەکردن و پیادەڕۆیشتنە.
-باوەڕی بە چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت وەک ئەندامێکی کارای کۆمەڵگە، پێکەوە ژیانی نەتەوە، ئایینزا و ڕێبازەکان لە کوردستاندا هەیە و بە بناغەی نیشتمانی هاوواڵتیبوونیان دەزانێ.
-سەرۆک بارزانی زۆر گرنگی بە پرسی ژینگەپارێزی دەدات و لەسەر ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ

ئەحمەد بارزانی، پاراستنی سرووشت و ژینگە بە بنەمای ئەرکی ئایینی و نیشتمانی دەزانێت. ئەم بنەمایە ئیمرۆ لە دەڤەری بارزان بە چڕێ جێگیرکراوە و بۆیەشە سرووشتی ئەم دەڤەرە بووە بە نموونەیەک لە ژینگەی سرووشتیی نایاب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کار بۆ فراوان کردنی ئەم نموونەیە لە هەموو کوردستان دەکرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مەهاباد | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2023-08-15

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-23

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 458

سبەی 38 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی تێپەڕ دەبێت

20250806104247649940=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: سبەی 38 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی تێپەڕ دەبێت
31 کانوونی دووەمی ساڵی 1987 هاوکاتە لەگەڵ 38ەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، کە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بە ئەندازیاری هەوڵەکانی یەکڕیزیی گەلی کوردستان دادەنێن، بەو پێیەی کاری بۆ یەک ماڵیی کورد و قبوولنەکردنی ملکەچی کردووە، هاوشێوەی ئێستا کە یەکڕیزی بە بنەمای گەیشتن بە ئامانجەکان دادەنرێت.

ژیاننامە

ئیدریس بارزانی لە مانگی ئازاری 1944 لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لە دایکبووە، کە وەک سەرچاوە مێژوویییەکانی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببووە ماڵی گەورەی کورداییەتی و سیمبولی نەتەوەیی و ڕووگەی تێکۆشەرانی کوردستان.

ئیدریس بارزانی، تەمەنی دوو ساڵ بوو، کە باوکی بارزانیی نەمر، ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

دوای پیلانگێڕی دژی کۆمار و ڕووخانی، بارزانیی نەمر و 503 پێشمەرگەی کوردستان ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، خێزان و ژن و منداڵەکانیش بە یاوەریی شێخ ئەحمەدی بارزانی براگەورەی بارزانیی نەمر لە پێناو پاراستنی گیانی منداڵ و ئافرەتانی کورد گەڕانەوە بۆ ئێراق و ئیدریس بارزانیش کە ئەو کات تەمەنی 3 ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەیان گەڕانەوە و لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشوور ڕاگوێزران.

ئیدریس بارزانی تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان لە ساڵی 1958 لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ژیانی پێشمەرگایەتی

ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی لە ئیدریس بارزانییەوە نزیکبوون، هەمیشە باس لە خەسڵەتی جەماوەریبوونی ئەو دەکەن و دەڵێن، ئیدریس بارزانی قەت خۆی لە پێشمەرگەکان جیانەدەکردەوە و بەسادەیی ژیاوە و زۆر جار لەگەڵ پێشمەرگە لە ئەشکەوت و بنبەردەکانی چیاکانی کوردستان ڕۆژی کردووەتەوە.

لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زۆری دەبێت بەتایبەت لە شەڕی هەندرێن، کە دواتر گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی ئێراق بەدواداهات و گەیشتە ڕێککەوتننامەی 11-03-1970، لە دوای ساڵی 1975 لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی ئێراق و دواتر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی پارتی لەگەڵ یەکێتی ڕۆڵی باڵای هەبوو.

لە ساڵی 1964 ئەو کاتەی بارزانیی نەمر لە ناوچەی ڕانیە و دەوروبەری دەبێت، بۆ هاوکارێکردنی لە ئیش و کاری پێشمەرگە و ئیدارەی سەربازیدا، ئیدریس بارزانی لە ناوچەی بارزانەوە دەباتە لای خۆی و بەرپرسیارییەتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێدەسپێرێت. سەبری ئەحمەد، پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ئاشکرای کرد: ئیدریس بارزانی، لە شۆڕشی ئەیلوول لە بواری سەربازی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەبوو، کەسێکی زۆر شارەزا بوو لە زۆربەی بوارەکاندا، لە تەمەنی 17 ساڵیدا دەبێتە یەکێک لە فەرماندە زیرەک و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان هزری ئاشتی و یەکسانی و ئازادیخوازی و دیموکراسی بوو، لە بواری دیپلۆماسی زۆر سەرکەوتوو بوو، لە بواری کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی لەناو دڵی هەموو تاکێکی کورد کردبوویەوە، کەسێکی سادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکان وەستاوە، خەمخۆری پێشمەرگە بوو، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بوو، لێبوردە بوو، کەسێک بوو باوەڕی بە خۆیی و میللەتەکەی هەبوو، هیچ کاتێک هەستی بە ماندووبوون

نەدەکرد، دۆست و دوژمنانی کورد زۆر پێی سەرسام بوون، لە زۆربەی داستانەکان بەشداری کردووە و سەرکەوتنی بە دەستهێناوە، سەرکردایەتی هەر دوو داستانی هەندرێن و زۆزکی کردووە.
ڕەسوڵ حسێن، پێشمەرگەیەکی دیکەی شۆڕشی گوڵانە، وتی: هیچ کات خۆی لە پێشمەرگە جیا نەکردووەتەوە، هەمیشە بەسەر پێشمەرگەکاندا ڕادەگەیشت و نەیدەهێشت کەموکووڕی هەبێت، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە تەکنیکی سەربازی باشی دادەڕشت، هەر پێشمەرگەیەک بۆ داوایەک دەچووە لای دڵی نەدەشکاند و بە دەستبەتاڵی نەدەگەڕایەوە، بۆیە هەمیشە تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە نابێت مافی پێشمەرگە بخورێت، بۆیە ئیدریس بارزانی، مرۆڤێک بوو لەناو جەماوەر خۆشەویست و سادە و بە قەناعەت بوو، بە سادەیی ژیاوە، خاوەن قسە و بەڵێنەکانی خۆی بووە، لەگەڵ هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری قسە و هەڵسوکەوتی کردووە، بۆیە ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەخت بوو.
ئەندازیاری ئاشتی
شەوکەت سلێمان، پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان، دەڵێت: ئیدریسی هەمیشە زیندوو، خۆی لە ئاوارەکان کردە خاوەن و توانی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئەوان بکات، لەگەڵ ئەوەی توانی پەیوەندی لەنێوان پارتی و هێزەکانی دیکە دروست بکات، لەسەر دەستی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەنێوان پارتی و یەکێتی هاتە کایەوە و لە ئەنجامدا بەرەی کوردستانی دامەزرا، ڕۆڵ و کاریگەریی ئیدریس بارزانی لە دروستکردنی بەرەی کوردستانی، شۆڕشی کوردی بردە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازەوە، ئەگەرچی چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی جێبەجێ کرا، بەڵام ئەوە بەرهەمی بیری کوردانەی ئەو بوو، هەروەها یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە توانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست بکات و بەرەو پێشەوە ببات، بۆیە ئەگەر بە زیرەکی و لێهاتووی ئیدریسی جوانەمەرگ و سەرۆک بارزانی نەبوایە، حەرەکی کوردی و شۆڕشی گەلی کوردستان نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە و لە ساڵی 1991 ڕاپەڕین نەدەکرا و کوردستان ئازاد نەدەبوو، ئەو دەستکەوتانەی لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا خەباتیان بۆ دەکرا بە دەست هاتوونە.
لەشکری مەحموود ، پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ڕاگەیاند، کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو یەکێک لە سەرکردەکانی گەلی کوردستان بوو لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر، ڕۆڵێکی گەورەی بینی هەروەکوو سەرکردەیەکی سەربازی لە مەیدان و قۆناغەکانی دواتر، بۆ دانووستاندن لەگەڵ حکوومەتی ئێراق و لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و بارەگای بارزانی، سەرکردەیەکی لێهاتوو و شارەزا بوو لە بواری سەربازی، ئیداریی و دیپلۆماسیدا، هەردەم خۆی وەکوو پێشمەرگەیەک دەبینی، نەک وەکوو سەرکردەیەک، بۆیە هەر کەسێک سەردانی بارەگای بارزانی کردبایە، سەردانی ئیدریس بارزانی دەکرد، چونکە دەیزانی ئەو دەتوانێت کێشەکان چارە بکات و بڕوا بۆ دروست بکات کە جارێکی دیکە بە وردەیەکی بەرزەوە بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی
ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەبوو و ئەو پەیوەندییەش لای هەموو کەسێک هەستی پێدەکرا. لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) کە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە نووسراوە، سەرۆک بارزانی بەمجۆرە باسی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە شۆڕشی گوڵان دەکات. "کاک ئیدریس بارزانی بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، هەروەها بایەخ و گرنگی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، هەروەها باسی ئەوە کراوە کە ئیدریس بارزانی، بە نهێنی سەرپەرشتیی ناردنەوەی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی دەکرد بۆ سووریا بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کادیر و پێشمەرگەی ناردەوە کوردستان.
سەرۆک بارزانی، لە پەرتووکەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کاک ئیدریس لە پێناو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی دوای نسکۆی 1975، بەگیانی پێشکەوتن و داهێنان و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە کاری دەکرد، ئەم نسکۆیە هەستی کاک ئیدریسی بە بەرپرسیارییەتیی دوو ئەوەندە زیادکرد و، وەکوو کەسێکی بەرپرسیار لە

بەرانبەر ڕووداوەکاندا کاری دەکرد، لە هەر شوێنێک بوایە، کورد لە دەوری کۆدەبوونەوە و شوێنی گازندە و هیوا و ئومێدی خۆیان لە کاک ئیدریسدا دەبینییەوە.
کۆچی دوایی
کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان مالاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرکردایەتی پارتی بڕیاری گواستنەوەی تەرمی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی دا. لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا تەرمی هەردووکیان، لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستان، گەیێندرانەوە گوندی بارزان و لەوێ بە خاکسپێردران، بە لەدەستدانیشی جوولانەوەی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان کەسایەتییەکی کاریگەر و سەرکردەیەکی دیار و بە ئەزموون و یەکێک لە سەرخەرانی پرۆژەی ئاشتەوایی و بە یەکەوەژیان و یەکخستنی تواناکانی لەدەستدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2025
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی hawlerweb.net 30-01-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 459
سیاسەت لە نێوان پراگماتیسم و خەونی منداڵکارانەدا
20250727123102648448=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: سیاسەت لەنێوان پراگماتیسم و خەونی منداڵکارانەدا

سیاسەت لە کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بە هەمان ئاستیش هەڵچوون و داچوونی ئەزموون کردووە. لە هەموو ئەم مێژووەدا خەباتی شاخ و شار و ناوکۆییەک لەنێوان ئەم دوو زۆنە یەکپارچەیەدا هەبووە و لە بیرمان ناچێت کە خەباتی شار و شاخ پێکەوە بوونە هۆی ئازادی و ڕزگاریی هەرێمی کوردستان و پێکهاتنی ئەو قەوارەیەی ئێستە هەیە.
شتێک کە ئێستەی ئێمەی مسۆگەر کرد و بە ئەمڕۆ گەیاند، پراگماتیسم و کردەگەرێتی سەرکردە و عەقڵانییەتی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا بووە، چ لە سەردەمی شەڕی شاخ و ڕووبەڕووبوونەوەی تەواو لەگەڵ بەعس، چ لە سەردەمی نزیکبوونەوە لە ڕزگاریی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی بارزانی.
لە ورد و درشتی ئەم وێستگانەدا ئەوەی ئاڕاستەکەر و بەرنامەی خەبات و ڕەوتی سیاسیی کورد بوو، ئەزموونێک بوو کە کەسایەتیی و سەرکردە سیاسییەکان لەو هەموو ساڵانەدا کۆیان کردبووەوە. واتە پراگماتیسم و کردەگەرێتییەک کە نە خۆی لەسەر خەونی منداڵانە و خەیاڵی خاوی خێڵەکی هەواری هەڵداوە و نە بەبێ مەعریفەیەکی سیاسیش هاتووەتە پێش.
دەڵێن جارێک لێپرسراوێکی فەلەستینی لە شام بە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی جوانەمەرگی وتووە: ڕاستە ئێوەش ژێردەستە و خاک داگیرکراون، بەڵام ئێوە لە فەلەستینییەکان زۆر دواکەوتوترن. کاک ئیدریسیش بێ سێ و دوو وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: ڕاستە ئێمە لە ئێوە دواکەوتوترین، هۆکارەکە ئەوەیە ئێوە ژێردەستەی ئیسرائیلی پێشکەوتوون، بەڵام ئێمە ژێردەستەی عەرەبی نەفام و نەزانین.
ئەم وەڵام و حازرجوابییە ژیرانەیە تەنیا لە کەسایەتییەک هەڵدەهێنجرێت کە خوێندنەوەی بۆ کۆی هاوکێشەی سیاسی و جیۆپۆڵەتیکی ناوچەکە و لەوەش گرینگتری وێژمان و دیسکۆرسی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی گەلانی دەرودراوسێ بە تایبەتیی پان عەرەبیسمی زاڵی ئەوکات، هەبووە. ئەمە لە حاڵێکدایە لەپاڵ ئەم

مەعریفەیە کەسایەتییەکی سیاسیی و کاریزمایی مەزنی ئاوەها لە کردەوە و پراکتیکیشدا کۆڵەکەی گەورەی وتووێژ و دانووستانی سیاسی و گفتوگۆ لەنێوان هەموو هێزە کوردستانییەکانی پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا بوو، بە شاهیدی مێژوو و ئەو نامانەی ماونەتەوە و لێرەدا دەرفەتی هێنانەوەی دەق نامە یان نموونەیان نییە.
ئەمە تێڕوانینێکە وا لە پانتایی سیاسەتدا بە دوو چەکی ئەزموون و مەعریفە دێتە کایەوە و پاش نەمانی جەستەیی و فیزیۆلۆجی کەسایەتییەکەیش، تێڕوانین و جیهانبینییەکەی بەشی ئەوەی تێدایە کە ئێمە ئەگەر و کەلێنی سیاسیی لێ هەڵبهێنجین و بە ئاڕاستەی ئاشتی و ئاساییشی نەتەوەییماندا سوودی لێ ببینین.
ئەم دەروازەیەم کردەوە بۆ ئەوەی باسی ئەو دۆخە بکەم کە بووەتە ئەگەرێکی بشێویساز و دژی ئاسایتی نیشتمانیی کوردستان ئیش دەکات و بەردەوام لەناو یەکێتییەوە لە زاری سکرتێری ئەو حزبە و هەندێک میدیای سێبەر یان کەسایەتیی سێبەری ئەوەوە دەیبیستین.
بەپێچەوانەی زۆر کەس کە شپرزەیی و بێ چارەنووسیی یەکێتی دەگەڕێننەوە بۆ ڕووداوەکانی هەشتی تەموز و لابردنی یەکێک لە هاوسەرۆکەکانی ئەو حزبە، واتە لاهوور شێخ جەنگی و دەستگرتن بەسەر هێزە چەکدارەکانیدا، من سەرەداوی ئەم شپرزەیی و حاڵەتی داڕمان و نوشوستییەی یەکێتی دەگەڕێنمەوە بۆ کاتێک کە مام جەلال کۆچی دوایی کرد و یەکەم جار بافڵ تاڵەبانی لەسەر شاشەکان دەرکەوت، ڕووخسارێکی نامۆ و ناسراو لە یەک کاتدا!
نامۆ بە و واتایەی ئەم ڕوخسارە لە پانتایی سیاسەتدا بە واتا ڕاستەوخۆ و نزیکەکەیەوە پێشتر هێندە نەبینراوە و لە زاکیرەی گشتیی خەڵکی کوردستاندا بە گشتی خەزن نەبووە، ناسراویش بە و واتایەی سێبەرێکی ڕووخساری مام جەلال بە لایەک لە ڕوومەتییەوە بوو، هەر ئەوەندە!
پاش کۆچی دوایی مام جەلال، بافڵ بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ کەسێک بوو لە پشت خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بوو، ئەمە وێنە و چرکەساتێکی مێژوویی و مەحاڵە هیچ کوردێک لە بیری بچێتەوە، تەنانەت ئەوانەیش کە دژی پارتی و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوون. دوای ڕووداوەکانی هەشتی تەموز و بە داردەستکردنی هێزی دژەتیرۆر بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی سیاسی و ئەمنی و هەروەها پەستانخستنە سەر خەڵک و سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر بازاڕ و دەوڵەمەندەکانی سلێمانی و دەیان کردەوەی تێکدەرانەی نابەرپرسانە، عەقید هاوکار جافیان بە ناجوامێرانە و دوور لە هەر بەهایەکی مرۆیی و ڕۆحێکی ئینتمادارانە بۆ کوردستان، تیرۆر کرد و پاشان تۆپەکەیان فرێ دایە زەوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و بە نهێنی داوایان کرد پارتی ئەم کردە تیرۆرستی و تێکدانی ئاساییشی کوردستانە، نەدیو بگرێت و پەردەپۆشی بکات!
پارتیش بە خەونی ئاساییشی کوردستانەوە هاتووە و باڵای کردووە، بۆیە ئەمەی ڕەت کردەوە و حکوومەتی هەرێمیش هەوڵی تەواوی دا بابەتەکە ئاڕاستەی یاسایی خۆی وەربگرێت و تاوانباران بدرێنە دادگا. ئەم بەرپرسیاربوون و دەروەستبوونەی پارتی و کابینەی نۆیەم، وای کردووە سکرتێری یەکێتی و سێبەرە لاوازەکانی لێرەولەوێ هەندێک دەنگی نابەرپرسانە و دژە نیشتمان هەڵبڕن و بە سەودایەکی نادیار بەشداری لە کۆبوونەوەکانی حکوومەت نەکەن!
ئێستە پرسیار ئەوەیە کە چ ناوێک لەم بە حساب کردەوە و ئەکتە بنێین؟ ئایا سکرتێری یەکێتی دەیەوێت وەک منداڵێک وڕک بگرێت و لەوەی بۆچی پارتی و کابینەی نۆ پلانی تیرۆرکردنی عەقید هاوکار جافیان ئاشکرا کردووە؟
یانی ئەو سیاسەت وەک پانتاییەکی سۆزاوی و ئیمۆشناڵ تێگەیشتووە و مومارەسەی دەکات؟ ئەگەر وابێت دەبێت ئێمە باس لە چەمکی تۆراندی منداڵکارانە لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا بکەین و جیاواز لە هەندێک تۆران و قینکردنی سیاسیی نەرمونیان کە پێشتر هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەیان زیاتر تموحی ئاشتکردنەوە و لاواندەنەوە و دەست بەسەرداهێنانی هەیە، بەڵام جارێ ئەو باوەش و ئامێزە ئەمنەی بۆ خۆی نەدیوەتەوە تا بەرەو ڕووی شاگەشکە بێت و ڕا بکات؟! یان نا دیسان بە دیوێکی تردا ئەم سەرکردە تازەیە حەزی لە جلی سەربازی و وێنەگرتنە لەگەڵ هێزی سەربازی و ماشینی سەربازیی و بە گشتی هەر شتێک پێوەست بێت بە

بابەتی سەربازییەوە؟
دیارە سەردەمێکی نە فرە دوور لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و لە کوردستانی خۆشماندا، کاتێک لە منداڵێکی قۆناغی سەرەتاییت بپرسیایە حەز دەکەی لە داهاتوودا ببیت بە چی؟ دەیوت حەز دەکەم ببم بە فڕۆکەوان ئەم حەزە منداڵکارانە بۆ فڕین، تەنیا ئەنجامی جیاوازدەرکەتنە و نەبوونی مەعریفە و تێگەیشتنێکی دروستە هەم لە زەوی و هەم لە ئاسمان و هەم لە مەودای نێوانیان، ئەگینا هیچ کات منداڵێک لەو تەمەنەدا ئەو بەرزاییەی پێ قووت نادرێت کە لەناو فڕۆکەوە سەیری زەوی دەکەیت.
هەرکام لەمانە بە تایبەتمەندیی ڕەفتاریی و ئەکتی سکرتێری یەکێتی بناسین، نە بەری مەعریفە دەکەوین و نە ڕێگەمان لە پراگماتیسم و کردەگەرێتییەک بەپێی لۆجیکێکی دیاریکراو دەکەوێت، ئەمە بەر لەوەی کۆمێدیا بێت زەنگی کارەساتە بۆ کوردستان و یەکێتی نیشتمانی، لێرەوە دەبێت داوا لە هێزە ڕەسەن و دێرین و بە ئەزموون و خاوەن مەعریفەکانی یەکێتی بکەین کە ئەگەر ناتوانن سووکانی ئاژوتنی یەکێتی بگرنە دەست، ئەوا هەوڵ بدەن ڕەوتێکی ڕاوێژکاریی لەناو یەکێتی دەست پێ بکەن تا لانی کەم هەیکەلی یەکێتی لەمە زیاتر پارچەپارچە نەبێت و بەرەو مەترسیی نەڕوات و لەوێشەوە ئاساییشی هەرێم نەکەوێتە مەترسیگەلێکەوە کە ئاسۆکانیمان لێوە دیار نییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 29-11-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-11-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net.
کاتی تۆمارکردن: 27-07-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 460
سێ خاڵی گرنگ لە خەباتی ئیدریس بارزانی
20250703145557643863=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسین: محفوظ مایی
وەرگێڕان: کامەران ئاکرەیی

سێ خاڵی گرنگ لە ژیانی خەباتی ڕەوانشاد کاک ئیدریس بارزانیی جوانەمەرگدا:
1-لە بواری خەباتی چەکداریدا:
لە شۆڕشی ئەیلولدا پشت و هاندەرێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگە، بە ڕێبەرایەتی و شارەزایی ئەو، پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دەهێنا، شەڕەکانی زۆزک و هندرێن، و ئەو سەرکەوتنانە وایان کرد کە حکومەتی ئێراق ناچار بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکاتی شۆڕشی کوردستان بکات.
2-لە بواری خەباتی ئاشتیخوازی و پێکەوەژیاندا:
وەکوو ئاشتیخوازێک کارێکی وەهای کرد کە هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێراق لە یەک کۆنگرەدا یەک بگرن و پێکەوە دژی دیکتاتۆری خەبات بکەن.
هەروەها ئەو بوو وای کرد کە بەرەی کوردستانی لەناو هێزی کوردی دا دروووست ببێت و سەرجەم هێزە کوردستانییەکان پێکەوە خەبات بکەن لەناو چوارچێوەی بەرە (جود)دا.
3-لە بواری ڕێکخستن و ڕاگرتنی پارتی لە کەوتن و جودابوونەوەدا:
زۆر هێز و پارتی سیاسی کاتێک کە تووشی شکەستن دەبن، دەبینین کە هەندێک کەس لەناو سەرکرداتیدا خۆیان جودا دەکەن.
دوای وەفاتی بارزانی باوک، کە سیمبوڵی خەباتی نەتەوەی کوردە و سەرۆکی پارتی و سەرکێشی شۆڕشی کوردستانی بوو، ئەوکات ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی وای کرد کە پارتی لێک نەترازێت و جارێکی تر و لە کاتێکی کەمدا، دوای شکستی شۆڕش، جارێکی تر شۆڕشی کوردستانی لە ڕێکخستنێکی بەهێزتردا دەست پێ بکات و مۆراڵی خەڵکی کوردستان بەهێز بکات و شۆڕشی گوڵانی بۆ بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول و دواتر بەرهەمی ئەو شۆڕشەنوێیە فیدراڵی بوو کە بۆ کوردستان بەدی هات.
سڵاو بۆ گیانی سەرکێشی کاروانی کوردایەتی بارزانیی نەمر.
سڵاو بۆ گیانی کاک ئدریس بارزانی جوانەمەرگ.
سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی سەروو | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: عەرەبی |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
سێ خاڵێن گرنگ د خەباتا ئیدریس بارزانی دا	کورتەباس	کرمانجی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کرمانجی | مالپەڕێ sibehi.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-03

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 461
سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و ڕۆژی ئیدریس بارزانی
20250901223639653816=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و ڕۆژی ئیدریس بارزانی

لەو بارەیەوە، حەمید شەریف موسا دەڵێت: (لە ساڵی 1979دا بۆ جاری دووەم چاوم بە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کەوت. ئەو کاتە ئێمە قیادەی موەقەت بووین و چووین بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا لە خوێندنگەی زیوە چاوم بە کاک ئیدریس کەوت. سەلیم ئەسعەد هات و وتی کاک ئیدریس پرسیاری تۆ دەکات. من چووم و بە خزمەتی گەیشتم. ئەو کاتە پێشمەرگەمان کەم بوو، هەموومان بە سەرکردە و پێشمەرگە و یەکترمان دەناسی. سامی عەبدولڕەحمان، عارف تەیفوور، کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق لەوێ بوون. ئیدریس بارزانی ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی لە ئەستۆ بوو. لە باشوور و ناوەندی ئێرانەوە تا دەگاتە ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان، نوێنەریان بۆ کۆنگرە کۆکردبووەوە. سەرکردایەتی پارتی کارەکانی بەمجۆرە دابەش کردبوو کە کاک ئیدریس سەرپەرەشتی کوردە ئاوارەکانی ئێرانی دەکرد و کاک مەسعود بارزانی کاری پیشمەرگەکانی ناوخۆی باشووری کوردستانی بەڕێوەدەبرد و ئەو کەسانەش کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، هاوکاریی کاک مەسعودیان دەکرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: وەرێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-00~~-2014
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2014-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 277-278

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 462
سەرکردە ئیدریس بارزانی ناوێکی دیار لە مێژوودا
20250715210547646276=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسینی: شوکر محەمەد هەرکی

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە دیارە بوو لە قۆناغە سەختەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا، ناوێکی دیار و خۆشەویستێکی بارزان و بارزانی باوک و تەواوی گەلەکەمان بوو، پەروەردەی قوتابخانەی کوردایەتی و کوردبوون بوو، ئەوەش فەلسەفە و پەروەردەی بارزانیی نەمرە، لەتەک ئەمە بۆ خۆشەویستی جەنابی سەرۆکی خۆشەویستمان بەڕێز مەسعود بارزانی بووە.
هەموو تەمەنی تەرخانکرد لە پێناو خەباتی نەتەوەی و سەروەربوونی گەلی کورد و نیشتمانەکەی دا بەخت کرد ئەویش پیرۆزی پێشمەرگە بوونە، ئەو کاتەی گەلەکەمان لە قۆناغی ناهەموار گوزەری دەکرد کە دوژمن لە هەموو لایەک دەوری کورد و کوردستانیان دابوو، سەرکردەیەکی کارێزما زەرور بوو بۆ سەرکێشی میللەت و خەباتی نەتەوەی لە پێناو گەلێکی مەزڵومدا، ئەویش سەرکردەی بە جەربەزە و بوێر و خۆشەویست و مرۆڤ دۆست ئیدریس بارزانییە، کە توانی لە کاتی نائومێدی ئومێد دورست بکات، بە هێز و سەلیقە و توانا عەقڵییەکانی پەی ببات بە کۆری خەبات و تێکۆشان، وربەبەرزی و ژیاندنی گەلەکەی لە ئاوارەی و دوور لە زێدی باو باپیراندا، ئەمە حیکمەت و ژیری دەوێت، لێ سەرکردە ئیدریس بارزانی بە هزر و مەعریفەی خۆی توانی گەل بژێنێت و پارێزراوی دورست بکات، بە دانانی کارنامە و ستراتیژێکی سیاسی بۆ خەبات و دارشتن و جێبەجێ کردنی تویسیبەکانی بارزانیی نەمر و بۆ پێشمەرگە و گەلەکەی لە هەموو ئاستەکانی ژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەی کوردی دوور لە نیشتمانی خۆی، ئەویش دەوڵەمەندی چەکی دادپەروەری، و هەمان فەلسەفی بارزانیی نەمر بوو، ئاستە دبلۆماسییەکانی دیارن لەگەڵ ئەو گەل و وڵاتانەی دەوروبەر لە هەرێم و دەورەوەی وڵات دا، بۆ ئەوسای خەبات، کە چ زەحمەتییەک بووە، بۆیە چەندین جار دوژمن پیلانی جۆراوجۆری بۆ دارشتووە لە ئێراق و ناوچەکە، بەڵام موعجیزە ئاسا توانی سەرکەوێت و زال بێت بەسەر هەموو ئەو پیلانگێڕیانەی کە لە دژیدا ئەنجامدراون، هەموو ئەم خەباتە بۆ پاراستنی کەرامەت و ناموسی گەلەکەی بووە، تا پارێزراو بێت، جێی باسە توانی بیپارێزێت، لە ئاستی پێشمەرگایەتی دا دڵسۆز و کارزان و هۆشیار بوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا شانبەشانی ئەوان لە سەرکردایەتی کردن و ئاراستەکردنی دا کاریزما و خۆشکێن بوو، لە ئەمڕۆدا پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی سمبولی نەتەوەی کوردن، جیهان شانازی پێوە دەکات، لە ئاستی کۆمەڵایەتی بێوێنە بووە لە دادگەری و پەیداکردنی بژێویەکی شایستە بۆ گەلەکەی، ئیدریس بارزانی هەمیشە پێشمەرگەی هانداوە، کە براوایەکی مەزن و خاوەن ئیرادەبن، و وتوویەتی ئێوە خۆتان تەخان کردووە لە پێناو سەربەرزی نەتەوەیەک.
ئاستە کەسییەکانی دیارن کە چەند مرۆڤ دۆست، ڕووناکبیر و ئەدیب، خوێنەر و خوداناس، نیشتمان و خاک و گەل لە لای پیرۆز بوون، ئەمڕۆش بەرهەمی خەبات و دادپەروەری هەر بە زیندووی ماونەتەوە، چ لە ئاستی ڕۆڵەکانی بارزانی و چ لە ئاستی حزب چ لە ئاستی خۆشەویستی گەل، ئەمەش مەزنترین سەرمایەیە.
لەگەڵ جەنابی سەرۆک دوو دڵبرا هاوشان و هاوخەبات بوون، ئەمڕۆش جەنابی سەرۆکی کوردان بەڕێز بارزانی هەموو جیهان سەرسامە بە حیکمەتەکانی کە کورد و کوردستان و کوردستانیان لە دەستێکی ئەمان دان، دوو لاوی جیاواز لە خزمەت گەل و نیشتمانی کوردان ئەوانیش جەنابی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەوڵەتمەدار و بەڕێز مەسرور بارزانی برا گەورەی کوردان، کە درێژە پێدەری هەمان ڕێباز و جێبەجێ کاری هەمان فەلسەفەی بارزانیی نەمرن، لە پێناو سەربەرزی و کەرامەتی گەل و سەروەریدا.

ڕەوان شاد سەرکردەی هەمیشە زیندوو، لەناو دڵی هەموومان و سەر قافلەیان بارزانی باوک تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمان.
بژی کورد، بژی کوردستان، نەمری بۆ شەهیدان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2020 -gulanmedia.com
کاتی تۆمارکردن: 15-07-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 463
سەرکردەی ڕۆژانی سەخت.. ئیدریس بارزانی
20250717145209646633=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: سەرکردەی ڕۆژانی سەخت.. ئیدریس بارزانی
ناوی نووسەر: فەرحان جەوهەر

هەموو ئەو کەسە تێکۆشەرانەی ڕۆژانێک لە پاڵ ئەو سەرکردە مەزنەی کورد خەباتیان کردووە، هەرگیز ناتوانن لە بیری بکەن، ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی پشوو درێژ بووە لە سیاسەت، گفتووگۆزانێکی گەورەش بووە لە بەیەکگەیاندنی لایەنە جیاوازەکان، ئاشتەوایی سیاسی لایەنە کوردییەکان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەسەر دەستی ئەو سەرکردەیە لەدایکبوون.

بەر لەو هەنگاوەش ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە بۆ هەڵسانەوەی شۆڕشی کوردستان و دووبارە خۆسازدانەوە بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەبات. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا چ وەک سەرکردەیەکی مەیدانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ و دیپلۆماتکارێکی لێهاتوو بۆ گفتووگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بەتایبەتیی ڕۆڵی مەزنی لە دەرچوونی ڕێککەوتننامەی ئازار گەلێک زۆر بوو، هەروەها سەرکردایەتی کردنی شەڕی گەورە و بەناوبانگی هەندرێن، کە بووە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەگەڵ حکومەتی ئێراق و ناچاربوون مل بۆ گفتووگۆ بدەن.

کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی شانبەشانی پێشمەرگەی پارتی و شۆڕش لەم شەڕەدا، کە شیوعییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، دەرەنجامی بیری فراوانی ئەو سەرکردە مەزنە بوو، بۆ هاوخەباتی و پێکەوەبوون. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەسەر دەستی ئیدریس بارزانی کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هات.

لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیش، هەماهەنگی دروستکرد، بۆ خەباتکردن پێکەوە لە دژی دیکتاتۆریەت، وێڕای لایەنی سیاسی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیش هیچ کاتێک خۆی لە خەڵک جیانەدەکردووە، کێشەکانی تاک بە تاکی پێشمەرگە و هاوواڵتیان و گەنجانی چارەسەر دەکرد، پێداویستییەکانی پێشمەرگە و بەرەکانی جەنگی دابین دەکرد، کەمبوون ئەوانەی کێشەی لای ئەو سەرکردەیە چارەسەر نەکرابێ، گەلێک لەو گەنجانەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەنیازی هەندەران بوون، دوای دانیشتنیان لەگەڵ ئەو، ڕایەکانیان دەگۆڕا و دەچوونە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و دەستیان بە خەبات دەکردەوە.

ئەمەش نیشانەی سەرکردەی کاریزماییە، کە دەتوانێت لە سەختترین کاتدا، بڕوا و هێز بداتە دۆست و لایەنگرانی، هەر بۆیە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاوارەیی توانی دەستە دەستە پێشمەرگە کۆبکاتەوە و لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا ڕەوانەی سنووورەکانیان بکات و سەرکردایەتییەکی کاتی پێکبهێنێت، بۆ دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، کە دواتر بە شۆڕشی گوڵان ناسێنرا.

هەروەها لە ئێرانیش وێڕای چاودێری دەزگای جاسووسی ساڤاک، کاری ڕێکخستنی حیزبی و یارمەتیدانی خەڵکە ئاوارەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، هیچ ماڵە پێشمەرگەیەک نەبووە ئیدریس بارزانی یارمەتیی نەدابێ، بەو بڕە پارەیەی لە پاشماوەی شۆڕش مابووەوە هەریەک بەگوێرەی پێداویستی خۆی، هەموو ئەو فەرمانده

پێشمەرگانەی پەیوەندیان لەگەڵ ئەو سەرکردەیە هەبووە، ڕۆژێک نەبووە دڵی یەکێکیانی زوێر کردبێت، بە پێچەوانەوە هەبووە لەناو ئەو فەرماندانە، دڵی ئەویان شکاندبێت، بەڵام وەک باس دەکەن، هیچ بەسەر خۆی نەهێناوە.

لە گفتوگۆ هێمن بووە و بواری بە بەرانبەرەکەی داوە بەئازادی ڕای خۆ دەربڕێت، ئەو کاتەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق لایەنی شیعی وێستوویەتی لە کۆنگرەی تاران ساڵی 1986، کە هەموو لایەنە کوردییەکانیش بەشداربوون، فۆرمێکی دیارکراوی خۆیان بۆ حوکمدارێتی لە دوای ڕژێمی سەددام بەسەر لایەنەکان بسەپێنن، ئیدریس بارزانی تەنیا سەرکردە بوو ڕووبەڕوویان بووە و داوای کرد، دەبێت خەڵکی ئێراق بە هەڵبژاردن ئەم بابەتە یەکلابکاتەوە، نەک بە سەپاندنی مۆدێلێکی بەزۆر، بۆیە هەموویان ڕازی بوون بەو ڕایەی ئیدریس بارزانی، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە فکر و بۆچوون و خاسییەتانەی سەرکردەی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistan24.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 464

سەرۆک بارزانی لە باسی کاک "ئیدریسی هەمیشە لە یاد"دا

20250809134256650282=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: سەرۆک بارزانی لە باسی کاک "ئیدریسی هەمیشە لە یاد"دا
ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە تێگەیشتووبی و پێگەیشتووییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ببووە هۆی نەرمونیانییەکەشی. کەسێکی لەخۆبوردوو و خاکی بوو. لێبوورده بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە. زۆر جار خەڵکی ئاسایی و هەژاری بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی، هەستکردن بە کەموکورتیی لای بەرانبەر دەڕەواندەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاک ئیدریس جێی خۆی لە دڵی خەڵک و هەموو چین و توێژەکاندا بکاتەوە و بە پشتوپەنا و فریادڕەسی خۆیانی بزانن. سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی هەبوون، زۆر جار کاک ئیدریس بریندار و پێشمەرگەی لە ماڵی خۆی دەپاراستن و بۆ چارەسەرکردنیشیان لەسەر ئەرکی خۆی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکردن.
سەرۆک مەسعود بارزانی
پەرتووکی بەرگی چوارەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد
شۆڕشی گوڵان [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2024-01-01 - www.kdp.info
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-09
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 465
سەرۆک بارزانی: ئیدریس بارزانی هەستی کەموکورتی لای بەرامبەرەکەی دەڕەواندەوە
20250717140435646628=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەمڕۆ 38ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانییە، کە ڕۆڵێکی کارای لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا هەبووە.
ئیدریس بارزانی ساڵی 1944 لە بارزان لەدایک بوو، کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراقەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق دووردخرایەوە و لەوێ ژیانێکی سەختی دوور لە نیشتمانی بەسەربرد، دواتر لە سەروەختی لاوێتیدا بەشداریی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی کرد.
سەرۆک بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد/ شۆڕشی گوڵان) لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە دەنووسێت، "کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی ئەوەوە سەرچاوەی هاتبوو، بووبووە هۆی نەرمونیانییەکەشی.
سەرۆک بارزانی دەشڵێت، "ئیدریس بارزانی، کەسێکی لەخۆبردوو و خاکی بوو، بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆر جار کەسی ئاسایی بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی و هەستی کەموکورتی لای بەرانبەرەکەی دەڕەواندەوە.
ئیدریس بارزانی، لە 31-01-1987 و 38 ساڵ لەمەوبەر، لە شارۆچکەی سلێمانای سەر پارێزگای ورمێی ئێران، کۆچی دوایی کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 466
شۆڕشی گوڵان و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی
20250713224938645736=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ئیدریس بارزانی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دا قۆناغێکی تایبەت بوو. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر کەسایەتییەکی سیاسی، چالاکوان، خاوەن قسەی خۆی لە بەرفراوانی سیاسەت کە خاوەن بڕیار و وەفادار بێت، ئیدریس بارزانی دێنێتە و بیر.
شێوەی وەفاداری ئیدریس بارزانی وای دەکرد کە هەمیشە مرۆڤ، لە سیاسەت و بیرۆکەی کوردانە و پشتگیری کردنی، بیر لە ئیدریس بارزانی بکاتەوە . وەفاداری ئیدریس بارزانی وای کردبوو کە زۆر کەس لە دۆزی خۆیاندا بەدڵسۆزی بیر بکەنەوە. ئیدریس بارزانی لە کاتی پێویست خاوەن تۆلەسەندنەوەیەکی بەرفراوان بوو. هەروەها بە هەڵوێست و خاوەن بڕیار بوو. ئیدریس بارزانی، وەکوو ئەندازیاری بنیاتنانی بەرەی کوردستانی دەناسرێت. یاخود بە زمانێکی پاراوتر ئەندازیاری ئاشتی بوو.
ئیدریس بارزانی لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە باشووری کوردستان لەدایک بووە. کاتێک لە تەمەن 3 ساڵاندا بووە بە خێزانەوە، لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراق، بۆ باشوور و ناوەڕاست دوور خراونەتەوە و هەتا تەمەنی 11 ساڵی ژیانێکی قورس و دوور لە زێدی خۆی دەرباز کردووە. بەڵام ئەو ژیانە زەحمەتە نەبووە هۆی ئەوەی دەست لە خوێندن بەربدات . بەداخەوە تەمەنی ئیدریس بارزانی زۆر کورت بوو و زوو لە تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستاندا کۆچی کرد.
ئیدریس بارزانی دوای کارەساتی ساڵی 1975 و تێکچوونی شۆڕش، بەردەوام پێداگری لەوەی دەکرد کە دەبێت خەڵکی ئاوارە و کۆچبەر بگەڕێنەوە شوێن و جێگەی خۆیان لە باشووری کوردستان. لە ئەنجامی ئەو بیرۆکەیەی دا، ساڵی 1976 بە هیمەتی ئیدریس بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک) بە سەرۆکایەتی قیادەی موەقەت دەستی بە شۆڕشی گوڵان کرد.
دوای شکستی ساڵی 1976 ڕەخنەی گەورە لە (پ. د. ک) و بارزانیی نەمر گیران، هەتا ئەوەی کە زۆر لە کەسایەتییەکان لە سەرکردایەتی (پ. د. ک) خۆیان دوور کرد و دژایەتی (پ. د. ک) و بارزانیان کرد. زۆرەک لە کوردەکان بە ناوی چەپگەرایی دژایەتی بارزانی و (پ. د. ک)یان کرد.
لە دەستپێکی شۆڕشی گوڵان، ئەو کەسانە ڕووی گلەییەکانیان کردە ئیدریس بارزانی و زۆر ڕەخنەی نابەجێیان لێ گرت. بەڵام ئیدریس بارزانی، بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و سەلامەتی (پ. د. ک) سنگی خۆی بۆ هەموو ڕەخنە و گلەییەکان کردەوە و (پ. د. ک) و شۆڕشی گوڵانی پاراست. ئەوە ئاشکرایە کە لەناو تەڤگەری کوردستانی دا ، زۆر شت نازاندرێ. هەندێک شت پەیتاپەیتا باس دەکرێن. بەڵام ئەگەر ئیدریس بارزانی نەبووایە دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان، وەکوو خەونێکی لێدەهات.
بەپێی قسەی هاوسەنگەر و هەڤاڵەکانی، ئیدریس بارزانی هەردەم جەختی لەسەر گرنگی هاوکاری بۆ پارتەکانی کوردستانی دەکرد و بڕوای وابوو، کە بەو ڕێگایە گەلی کورد زووتر و ئاسانتر مافە ڕەواکانی دەستەبەر دەکات . زۆر کەس کە لەگەڵ ئیدریس بارزانی بوونە، باسی ژیربوون و زانا بوونی ئەو دەکەن. یەک لەو کەسانە فەلەکەدین کاکەیی بووە. کاکەیی لە نووسینێکی دا باسی ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: "ئیدریس بارزانی مرۆڤەکی خوێندەوار بوو، تێگەیشتوو بوو و لە بەغدا دەرسی خوێندبوو، زۆریش گرنگی بە فەیلەسوف و هەڵبەستی جیهانی و تەڤگەرە سیاسییەکان لە جیهان دەدا. ئەو مرۆڤێکی فیداکار بوو، مرۆڤێک بوو وەکوو دەروێشەکان، دەروێشی دۆزی کورد بوو. بە گشتی کە من دەمدیت، قەت نەبووە کە شتێک بۆ خۆی بخوازێت ، هەمیشە یەک شتی دەوت، ئەو دەیوت دوای ساڵی 1975 ئەمانەتێک لەسەر ملی ئێمەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ئەو خەڵکە ببەینەوە جێ و مەکانی خۆیان، واتە خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەوانەی لە

باشووریّ ئێراقن بگەڕێنەوە کوردستان، ئەوانەی لە دەرەوەنە بگەڕێنەوە کوردستان. ئێمە پێویستە ئەم شوێنانە ئاوەدان بکەین.
وەکوو وایە خۆزگەکانی دوای ڕاپەڕین هاتوونەتە دی، ئەوە ئومێد و ئارەزووی ئەو بوو، ئەو دەیوت: ئەمە تاکە ئاواتی منە.
کاکەیی دەربارەی ئیدریس بارزانی دەڵێت : "لە ساڵی 1979، کۆنگرەی نۆیەمی (پ. د. ک) گرێدرا، کە لە ڕەوشێکی زۆر ئاڵۆزدا بوو، پارتی لە زۆر لایەن دەور درابوو، لەناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، جگە لەلایەنی سەربازی، زۆرتر لەڕووی سیاسییەوە دەورە درا بوو. لەو کۆنگرەیەدا گونجان و یەکتر قبووڵکردن هەبوو. ئەوە بوو کە مەسعوود بارزانی بوویە سەرۆکیّ پارتی و عەلی عەبدوڵڵاش بووە سکرتێری ئەو، کاک ئیدریسیش بە دڵێکی ساف و سادە قبووڵی کرد کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێتن . هەمیشە جێگەی ڕێز بوو، کاک مەسعوود سەرۆک بوو بەڵام شتە بنەڕەتییەکانی سیاسی، جەماوەری و پەیوەندییەکانی دەرەوە ی ڕادەستی کاک ئیدریس دەکرد.
ئیدریس مستەفا بارزانی، ساڵی 1944 لە بارزان لە دایک بوو و ڕۆژی 31-01-1987 لە گوندی سلێڤانای سەربە شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.
دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ساڵی 1991، تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ باشووری کوردستان گەڕێندرانەوە و لە بارزان بە خاک سپێردران.
ئیدریس بارزانی، هەمیشە لە کار و خەباتی ئێمەدا و دڵی هەموو نشتیمانپەروەرێکی کورد دا زیندووە . [1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: کرمانجیی سەروو | ڕۆژی دەرچوون: 13-07-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-07-13	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکیّ و دیڤارەکیّ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
شۆرەشا گولانێ و ڕۆلا ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کرمانجی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کرمانجی | مالپەڕێ https://sibehi.com - 13-07-2025
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | وەرگێڕانی کوردیپیدیا - کاروان م. ئاکرەیی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 467
شۆڕشی گوڵان.. لە شەوانی ئەنگوستەچاودا دەنگێ بوو بۆ هیوا
20230103084056456080=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



د. شێرزاد نجار

بە ڕابەرایەتی ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرۆک مەسعود بارزانی پرشنگی شۆڕشی گوڵان دەستی بە درەوشانەوە کرد و وێڕای هەموو تەحەدییەکان لە 26ی گوڵانی 1976 شۆڕشی گوڵان دەستی پێ کرد.
لە ناوەندی ساڵی (1974) کاتێک شۆڕشی کورد بە لوتکەی توانا و هێزی شۆڕشگێڕیی خۆیەوە بوو، ئا لەو کاتانەدا لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیداو بەبارتەقای ئاسۆدا سیمای گۆڕانکاریی دەرکەوت بوو، بەڵام بۆ شیکردنەوەی ڕووداو و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان و دەرکەوتنی سیماکانی داهاتوو کاریگەرییەکانی لەسەرشۆڕشێ کە لە ساڵی 1961ەوە هەڵگیرسێنرابوو، بەپێی پێویست گرنگیی بەو هاوکێشەیە نەدرا، بەتایبەتیش لە ئاداری ساڵی 1974ەوە کاتێک کە تێکۆشانە بوێرانەکەی گەلی کورد لە پێناوی بەرگریکردن لە بناغەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ چەسپاندنی مافە ڕەواکانی لە ژیانێکی سەقامگیر و لە چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی بەشێوەیەک لە ئاستی داخوازییە ڕەواکانیدا بێت، لە بڕەودابوو.

ئەم گۆڕانکارییانە لە جوولانەوەو ئاڕاستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە سیاسەتی ئەمریکاییدا زۆر جددی و ترسناکن و لە هەمان کاتیشدا پێچەوانەی ئاڕاستەکانی شۆڕشی کورد بوون، ئەم جوولانەوانە بریتی بوون لە گەیشتنی بەرژەوەندییە دژەبەیەکەکان بەیەکتری کە شتێکی ئاسایین لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیانەی پشتبەستو بوون بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، تەنانەت گەر ئەو بەرژەوەندییانە بەهۆی مەسەلەیەکی شۆڕشگێڕیشەوە دژەبەیەکیشبن، ئا لەوێدا ئەو هەموو دژەیەکانە لەیەک مەسەلەی هاوبەش و گرنگدا کۆدەبوونەوە کە ئەویش بریتی بوو لە: چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد و شۆڕشی کوردی بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتانی زلهێز، یان تەنانەت بەرژەوەندییە دژەبەیەکەکانیشیان بپارێزێت. سەرەتا بۆ ئەو مەبەستە لە کۆتایی ساڵی 1974 لە ئەستەنبوڵ کۆبوونەوە، پاشان لە ئاداری 1975 لە (جەزائیر) کۆبوونەوە (بەبێ ئەوەی شۆڕشی کوردی هیچ کاردانەوەیەکی جددییانەی لەسەرکۆبوونەوەکان هەبێت، جگە لەو شاندە نەبێت کە بە بانگهێشتێکی سەرۆکی میسری (ئەنوەر سادات) سەردانی (قاهیرە) ی کردبوو، شاندەکە بە سەرۆکایەتی سەرکردەی لێهاتوو و دیار لە پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) بوو، (سادات: لەسەر پێشهاتەکان کە لە داهاتووی نزیکدا مایەی ڕوودانن هەروەها لە ئاکام و دەرئەنجامەکان لەبارەی شۆڕشی کوردی بەهۆی ڕێککەوتنی ئێراق و ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کە ئەویش لەخۆیدا بێگومان لەسەر حیسابی چارەنووسی شۆڕشی کوردی دەبێت، ئاگاداری کردنەوە) پاشتر ڕێککەوتنی06-03-1975یان و بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵپەسێراوەکان لەوانەش چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێراق کە دەبێتە مایەی ڕاگرتنی هەر پشتگیرییەکی دەرەکی بۆ کورد، لەئاکامیشدا دەبێتە مایەی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشەکەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی و واقیعی واژۆکرد، ئەو ڕێککەوتنە وەکوو کارەساتێک بوو کە سێبەر و شاڵاوەکانی بەسەر تەواوی ڕێچکەی شۆڕشی کوردیدا بڵاوکردەوەو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە یەکگەیشتنی بەرژەوەندییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی مەسەلەیەکی ئاساییە و بەردەوام ئەو دیاردەیە مایەی ڕوودانە لەبەر ئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەر لەخۆیدا و هەر وەکوو پرۆفیسۆری ئەمریکیی بەناوبانگ (هانز مۆرکنتاو) دەڵێت: گوزارشت پێکردنێکە بۆ ململانێ لەسەر هێز و دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان. ئەم بارە بووە هۆی دروستبوونی حاڵەتی (ناهاوسەنگی) لەناو سەرکردایەتی و کۆمەڵگە و گەلی کوردیدا بەشێوەیەک کە ڕوون نەبوو چی بکرێت و چەندین پرسیار هاتە ئاراوە لەبارەی پرسیارێک کە (ڤلادیمێر لینین) ی سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کردبووی کە ئەویش: چ بکرێت؟
دەستەبژێرێک لە گەنجە شۆڕشگێڕەکانی کورد ڕووبەڕووی ئەم واقیعە بوونەوە و ڕازی نەبوون ملی بۆ کەچبکەن. هەر بۆیە لەبارەی بارودۆخە تراژیدییەکانی دوای ڕێککەوتنی 6ی ئادار دەستیان کردە تێروانین و بڕیاریاندا لە خەباتی چەکداری بەردەوامبن، بۆیە بە نهێنی کۆبوونەوەکان دەستی پێ کرد و کادیرە شۆڕشگێڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستەواژەیەکی دیاریکراوی بەرخودانەوە پابەندبوون، بەو مەبەستەوە ئەم کادیرانە : (هەمیشە لەیاد شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی و شەهید سامی عەبدولڕەحمان و جەوهەر نامق و محەمەد ڕەزا و عارف تەیفوور) و دەستیانکرد بە موداوەلە و لێژنەیەکیان پێکهێنا کە هاوشێوەبوو لەگەڵ سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ پارتەکە و بە ناوی (سەرکردایەتیی کاتی) ناونرا، ئەم سەرکردایەتییە کاتییە بەشێوەیەکی جددییانە و لە پێناوی بەردەوامبوون لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا هەستان بە جوولانەوە. .
سەرکردایەتیی کاتیی ئەرک و مەسەلەی چارەسەرکردن و زیندووکردنەوەی ڕێکخستنە حزبییەکانی کە تووشی شکست بووبوون لەئەستۆگرت، هاوکات پەیوەندییەکانی دەرەوەی چالاککردنەوەی، لە مانگی حوزەیرانی 1975دا لێژنەی ڕێکخستنی دەرەوە هەستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەکی گرنگ کە تیایدا گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول باس کرد و لەگەڵ بانگهێشتکردن بۆ یەکگرتن و چالاکیی زیاتر لە پێناوی بەزاندنی ئەو بارەی کە بەسەر گەلی کورد و شۆڕشەکەیدا سەپێنرابوو. پەیوەندییەکان دەستیان پێکرد و لەگەڵ زۆربەی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا، شەهید سامی عەبدولڕەحمان

هەڵسووڕێنەری ئەو پەیوەندییانە بوو کە لە پێناوی گەڕاندنەوەی چالاکی حزبی و پتەوکردنی پەیوەندییە حزبییەکان زۆر چالاکبوو، هەر لەو بارەیەوە لە هاوینی ساڵی 1975دا سەردانی (ڤییەننا) ی کرد و ژمارەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ کادیرەکانی ئەو وڵاتە سازکرد لەوانەش نووسەری ئەم چەند دێڕە لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربوو کە تیایدا بناغە سەرەکییەکان دەستنیشان کرا لەبارەی چۆنییەتی کارکردن بۆ داهاتوو هەروەها ڕێکخستنی چالاکییەکانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) کە لەو کاتانەدا وەکوو (سەنگەرێکی هێڵەکانی پێشەوەی) لێهات بۆ خەباتی فیکری و دیپلۆماسی کوردی. سەرکردەکانی کۆمەڵەکە، لەوانەش نووسەری ئەم چەند دێڕە، لە گەیاندنی قەبارەی تراژیدیای کوردی بۆ جیهانی دەرەوە و لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و کەسایەتییە پێشکەوتووخوازەکان بوون بە پێشەنگ، هاوکات پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی کۆمیۆنیستی نەمساوی دەستی پێ کرد کە بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکار (برونۆ کرایسکی) بوو و کە لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان هاوسۆزبوو بە تایبەتیش (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی) شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) ڕۆڵێکی داینامیکی لەم پەیوەندییانەدا گێڕاو بەندەش هاوکارێی دەکرد، ئەو چاوپێکەوتنانە لەبارەی کێشەی کوردی و ئاڕاستە و ڕەهەندەکانی بۆداهاتوو وەکوو دیالۆگێکی فکری قوڵ بوون هەروەها بریتی بوون لە سرووشی فیکری بۆ نەوەی نوێ کە چارەنووسەکەی هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەیە بوو لە بەخشین و بەردەوامبوون بۆ شۆڕشی کورد. بەڵێ واشبوو، دەستەبژێرێک لەم نەوە نوێیە کە بە هزری شۆڕشگێڕانە دەوڵەمەند بوون و جاروبار دەوڵەمەند بە هزری ڕادیکاڵی نیزیک بە هزرەکانی (گیڤارا) و (تڕۆتسکی) ، هەر لە هزری (بوون – وجودیەت) تاکوو ئایدیالیزمی و یۆتۆپیانیزمییەت، ڕووبەڕووی بارەکە بوونەوە و بە بوێرانە و ئەمانەت و دڵسۆزانە ئەو بەرپرسیارەتییەیان لەئەستۆگرت. بەو شێوەیە، تیشکە سەرەتاییەکانی شۆڕشی گوڵان دەستی بە دەرکەوتن کرد و سەرەڕای هەموو مەترسی و سەرکەشییەکان و وێڕای ستەمداریی ڕژێمەکان لە 26ی گوڵانی 1976 یەکەمین پریشکی شۆڕشەکە هەڵگیرسا، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ژمارەیەک لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی بنکە سەربازییەکان کە لە هەمان ئەو کاتانەدا شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) لەو بارەیەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە (لەندەن) ئەو باسەی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی مەیدانی ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی کرد لە ناوەوەی کوردستان سەرەڕای کەموکوڕی لە ئیمکانییەتەکان، شۆڕش هیچ سەرچاوەیەکی نەبوو بۆ چەک و سەرچاوە داراییەکانی زۆر کەمبوو و پشتگیریی دارایی بۆی کەم و بچووک بوو، بەڵام ڕۆحی شۆڕشگێڕانە لە ئاستێکی بەرزدابوو، ئەمەش بوو بە زەمینەیەکی گرنگ لە داهێنانی تەکتیکی نوێ بۆ کاری شۆڕشگێڕانەی پشت بەستوو بە ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان (وەکوو کوبا و ڤێتنام و فەڵەستین) . بەوشێوەیە، ڕۆشناییە سەرەتاییەکان بۆ ڕێگەیەکی دوور و ترسناک و هەستیار دروست بوون و شۆڕش بەو بڕە سەرچاوە کەمەی توانیی لەسەر زەوی واقیعدا خۆی جێگیربکات و ڕەگی بچەسپێنێت و چالاکییەکانی سەرنجی دوژمنەکانی پێش دۆستەکانی ڕابکێشێ. هەر بۆیە، کاری شۆڕشگێڕانە کارێکی ئاسان نەبوو (هەروەها بەهیچ شێوەیەک وەکوو کاری سیاسیی ئەمڕۆ ئاسان نییە) ، بەڵکوو کارێکی زۆر ئەستەمە بەشێوەیەک کە ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە مەترسیدابوو، ئیتر چۆن لەگەڵ کۆمەڵە خەباتگێڕ و تێکۆشەرێک کە ژیانیان دەخەنە دەستی قەدەرەوە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ستەمکەر و ستەمدار؟ هەر لەو کاتانەدا، ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) دەستیان پێکرد و کۆنگرەکە لە یەکێک لە هۆڵەکانی زانکۆی (بەرلینی ئازاد) لە شاری (بەرلین) دا بەستڕا. بەستنی کۆنگرەکە لە کەش و هەوایەکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی و هەروەها مەترسیدار بەڕێوەچوو، چونکە کۆمەڵەکە لەبەر بارەشی کەرتبوون و دووبەرەکێدا بەهۆی کاردانەوەی نسکۆی شۆڕشی کورد و باری نالەبار و گرژی ناو کوردستان مەترسی هەڵوەشاندنەوەی لەسەر بوو، بە چەند گفتوگۆیەکی توند لەسەر دروشمەکان کۆنگرە دەستی پێ کرد و دوو ئاڕاستەی جیاواز لەناو ئەندامانیدا دروست بوو، یەکەمیان ڕۆڵی سلبیانەی ئەو ئەندامانەی بوو کە لەناو دار و پەردووی شۆڕشەوە هاتبوونەوە و ڕای ئەندامانی کۆنگرەیان بە ڕێگە لاوەکییەکاندا دەبرد (هەندێک لەمانە تا ئەمڕۆش

لە ژیانی سیاسیانەی هەرێمی کوردستاندا پێشەنگن و لە بنکە هەستەوەریەکانیدان) ، هەر بۆیە هێڵەکانی کۆنگرە پێکەوە نەدەبەسترایەوە تا ئاکام هەندێک لەوانە کشانەوەو دواتر کۆمەڵەیەکی تایبەت بە ئایدیۆلۆژیای خۆیان دامەزراند، ئیتر کۆنگرە درێژەی بە کارەکانی خۆی دا و دانیشتنەکان لەلایەن ئەم کادرانەوە سەرپەرشتی دەکران (د. ڕۆژ نووری شاوەیس، د. محەمەدسالح جومعە، د. ناسح غەفوور، د. شێرزاد نەجار) و چەند کادرێکی سەربەخۆ. کۆنگرەکە پشتێنەیەکی پتەو بوو بۆ شۆڕش لە کوردستان و پشتگیری تەواوی خۆی بۆ بەرخودان لە شاخەکانی کوردستان دەربڕی، هەر لە دوای تەواوبوونی کۆنگرەو لە مانگی ئابی ساڵی 1976 یەکەمین کۆنفرانسی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دوای نسکۆوە و لە بەرلینی خۆراوا سازدرا، تێیدا هۆکارەکانی نسکۆ و باری گشتی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و پەرەپێدانی ڕێکخستنەوەی حزبی باس کران، کۆنگرە لەسەر نەخشەی ڕێگەی ڕزگاریخوازانەی کوردی ڕێککەوتن و ڕێبازی چەکدارانەش چەسپێنرا کە پێشتریش لەلایەن شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتووخوازەوە وەکوو ڕێگەیەکی تازە بۆ کاری خەباتگێڕی بڕیاری لەسەر درابوو، هەروەها لە کۆنفرانسەکەدا ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی هەڵبژێردران، هەندێک ناوەکانیان بەئاشکرا و هەندێکیش بەنهێنی ناوەکانیان پارێزران.

بەم شێوەیە هەموو کەموکوڕییەکانی کە لەسەرکردایەتی کاتی هەبوو چارەسەرکران، لەناو سەرکردایەتیشدا کۆمەڵێک خەباتگێڕ دەنگیان پێدرا لەوانە سەرۆک مەسعود بارزانی، شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی، شەهید سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، محەمەد ڕەزا، عارف تەیفوور، وریا کاتژمێری، فازیل جەلال، عەبدولڕەحمان بێداوی، دکتۆر کەمال کەرکووکی) ئینجا بۆ لقی ئەوروپای پارتیش محەمەد ڕەزای تێکۆشەر هەڵبژێردرا تاکوو بەرپرسیاریەتی لقەکە لە بەرلینی ڕۆژاوا بۆ ڤییەننا بگوازێتەوە، لەوێ پەیکەربەندی ڕێکخستنی حزبی لەسەر بناغەیەکی نوێ دارێژێتەوە، شیاوی وتنە وێڕای ئەو هەموو پیلانە موخابەراتییانەی ئێراق کەبۆ جوولانەوەو چالاکییەکانی لە ئارادا بوون ئەو لقەی ئەوروپا چالاک بوو. .

ئەم سەرەتایانە لە حەقیقەتدا بووژانەوەیەک بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بەپێی بنەما تازەکانی پەرەسەندنی شۆڕش لە بزاڤەکانی ڕزگاریخوازی جیهانیدا، کە هاوبەند بوو بەتێکۆشانی میللەتانی تینوو بەئازادی. خەباتگێڕانی پێشەنگ لە شۆڕشی گوڵان دا چەندین سەروەرپی بە بایەخیان لە تێکۆشان پێشکەش کردوو سەلماندیان کە زیندوویەتی نەتەوە لە بەرانبەر ستەمکاریدا دانامرکێت، لە قۆناغێکدا بەربەستی بێتەڕێ بۆ دامرکانەوەی لە قۆناغێکی تردا دەگەشێتەوە، ئەم شۆڕشە گوزارشتی لە ڕەهەندێکی ستراتیژی دەکرد، کاتێک ڕایگەیاند تێکۆشان لە پێناو سەرکەوتندا پشوودرێژی دەوێت، لە ڕاستیدا خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی گوڵان ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەرهەمی بەپێز و زیندوو کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەستکەوتی ئەو بەرهەمانەی ئێستای بۆ میللەتی کورد بەدیهانی، ئەم دەسکەوتانە پێویستیان بە هاوکارێکردنی یەکتر و پشت بەیەک بەستن هەیە، تاکوو بپارێزرێن و بەئاسانی لەدەست دەرنەچن. [1]

کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی شۆڕشی گوڵان.. لە شەوانی ئەنگوستەچاودا دەنگێ بوو بۆ هیوا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 01-06-2010

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

کەمال کەرکووکی ژیاننامە کوردیی ناوەڕاست



تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:



سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 468
شۆڕشی گوڵان، هەڵگیرسانەوەی مەشخەڵی خەبات لە دژی چیاکان
20250722153713647544=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
زاگرۆس فەتاح

ئەمڕۆ کە 26ی ئایارە یادی ڕۆژێکی مێژوویی و یادی ساتەوەختێکی هەستیارە لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا، هاوکات یادی ڕۆژانێکی پڕ لە ئومێد و گەشبینی و گیانی شۆڕشگێڕانە و نەبەزین و بەردەوام بوونە لە خەبات، ئەویش ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانییە بە ڕابەرایەتیی (سەرۆک مەسعود بارزانی) و (کاک ئیدریسی جوانەمەرگ) و کۆمەڵێک سەرکردە و تێکۆشەری دیکەی ئەو ڕۆژگارە سەختە.

ئەم شۆڕشە درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو کە بە ڕابەرایەتیی ڕێبەری نیشتمانییمان جەنابی بارزانی نەمر بەڕێوەبرا، بەڵام بە ناو و ناوەرۆکێکی نوێکراوە و لە هەلومەرج و بارودۆخێکی دیکەی سەختدا.

سەرۆک بارزانی و ئەو سەرکردە سیاسی و سەربازیانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختەدا شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کردەوە، ئەگەر فیداکاری و گیانلەسەردەستی زۆریان پێشکەش نەکردایە، ئەوە ئەستەم بوو بتوانن بەردەوام بن و شۆڕش و خەبات درێژە پێ بدەن، چونکە جگە لە ڕژێمی بەعس، چەندین لایەنی دیکەی نێوخۆیی و دەرەکی لە هەوڵی کپکردنی ئەم شۆڕش و خەباتەدا بوون، بەڵام بەئیرادەی بەهێز و فیداکاری و سیاسەتی حەکیمانە، سەختییەکان تێپەڕێنران و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان بەردەوامی هەبوو تا دەرەنجامەکەی گەیەنرایە، ڕاپەڕینی ئاداری 1991، بەرهەم و دەستکەوتەکەی، وەک تاجێک خرایە سەر میللەتی ئازادیخوازی باشووری کوردستان.

شۆڕشی گوڵان؛ خەونی بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و هەموو سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکان و ئەو پێشمەرگانەشی گەیاندە ڕاپەڕین و ئازادی کە مەرگ و شەهیدبوون نەیهێشت بەو ئاواتە بگەن.

ئەم شۆڕشە؛ لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بەردەوام گیانی ڕۆڵە فیداکار و ئازاکانی کردووەتە خۆراکی خەبات و جەنگ و دوژمنان لەم فیداکارییەی ڕۆڵە ئازاکانی گەلەکەمان تۆقیون، خوێنی هەزاران شەهیدی ئەم خەبات و داستانانە بوون بە داینەمۆی سەرکەوتنی شۆڕش و بەدیهێنانی بەشێکی زۆر لە خەون و ئامانجەکانی شۆڕش، بۆیە ئێمە لەژێر ڕێنماییە بەردەوامەکانی جەنابی سەرۆک بارزانیدا لە هەوڵی بەردەوامداین تا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕێز لە قوربانیدان و خەبات و ماندووبوونی کەسوکار و خانەوادەکانیان بگرین و بەپێی توانا خزمەتیان بکەین، هەرگیزیش لە خزمەتکردنیان ماندوو نابین، چونکە هەرچیان بۆ بکەین هێشتا هەر شایستەی زیاترن.

لە کۆتاییدا:

دروود بۆ گیانی پاکی ڕابەری ڕوحی نەتەوەییمان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو و هەموو ئەو سەرکردە سیاسی و سەربازییانەی لەو ڕۆژگارە سەختەدا نەیانهێشت ئاگری کوردبوون و کوردایەتی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا بەیەکجاری خامۆش ببێت و بە خوێن و گیانی خۆیان سەرلەنوێ مەشخەڵی ئەو ئومێد و ئامانجەیان هەڵگیرساندەوە.

تەمەندرێژی و سەربەرزی و سەرفرازی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی) و هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە ساتی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە خەباتیان دەستپێکرد و بوونە درێژەپێدەری شۆڕشەکەمان تا کۆتایی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-05-26

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-05-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 469
شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە ڕووی هزرەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو
20250707225348644668=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە ڕووی هزرەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی
ڕۆژی 31-01-1987، گەلی کوردستان سەرکردە و خەباتگێڕێکی گەورەی وەک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەدەست دا، کە خاوەن مێژوویەکی پڕ لە سەروەریيە و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و لە شۆڕشگێڕەکانی بارزان پەروەردە کراوە، لەو دەڤەرەی لە مێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا چەندین ڕابەر و سەرکردەی گەورە تێیدا سەریان هەڵداوە.
ئیدریس بارزانی، لە شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ براکەی، مەسعود بارزانی، لەژێر ڕێنمایی ماموستای بیری ئازادیخوازانەی نەتەوەییان کە باوکیان بووە، ڕۆڵێکی کارا و گرنگیان بینیوە و لە دوای نسکۆی شۆڕشیش لە 1975، وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو تەحەدییانەی ڕووی لە گەلی کوردستان و پێشمەرگە کرد، سەرکەوتووانە شۆڕشی گوڵانیان بەڕێوە برد.
ئیدریس بارزانی، وێڕای مێژووی پڕ لە خەبات و شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی، ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە

ئاساییبوونەوە و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان لایەن سیاسییەکانی کوردستان، هەر بۆیە بە ئەندازیاری ئاشتیش ناو دەبرێت. بۆ قسەکردن لەسەر لاپەڕەکانی خەباتی ئەم سەرکردەیە و هەڵدانەوەی چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی، تێکۆشەر و کەسایەتیی ناسراوی کوردستان کرد:

ئیدریس بارزانی، وێڕای ئەوەی کوڕی سەرکردەی میژوویی مستەفا بارزانی بووە، هاوکات ڕۆڵ و ناوبانگێکی گەورەی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا هەیە، دەکرێت سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم سەرکردە گەورەیە باس بکەیت؟

شێخ تاهیر: ئیدریس بارزانی، لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لەدایک بوو، هەر لەو ڕۆژەوە کەوتووەتە نێو دەربایەکی پڕ مەینەت و کارەسات و جەنگ و ماڵوێرانی و دەربەدەری، چونکە لەو کاتەدا بارزانیی باوکی، سەرکردایەتیی شۆڕش و بەرخودانی دەکرد و کەوتبوونە نێو کێشمەکێشێکی گەورە لەگەڵ حکوومەتەکانی ئێراق و ئینگلیز، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد. لە ئەنجامی شۆڕشی بارزان 1945 و ئاوارەبوونی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 1946ی بەدوادا هات، ئەو کاتە تەمەنی کاک ئیدریس 2 ساڵ بوو، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان، ئیدریس بارزانی لەگەڵ چەند کەسانێک و شێخەکانی بارزان و خێزانەکایان بە فەرمانی حکوومەتی ئێراقی دوور خرانەوە بۆ مووسڵ. شێخ ئەحمەد بارزانی و چەند کەسێکی تریان خستە زیندانی بەسرە. بارزانی لەگەڵ جەنگاوەران سەریان بۆ حکوومەتەکانی ناوچەکە دانەنەواند و ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیەت، تا 1958 گەڕانەوە ئێراق و جارێکی تر کاک ئیدریس لەگەڵ باوکی بەیەک شاد دەبنەوە و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی بەغدا، لەگەڵ کاک مەسعود بارزانیی برای درێژە بە خوێندن دەدەن و لە 1962 هەردووکیان واز لە خوێندن دەهێنن و دەچنە ڕیزەکانی شۆڕش و کوردایەتی دەکەن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستێرەیان زیاتر دەگەشێتەوە و دەبنە پێشمەرگە و یاریدەدەر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی شۆڕش.

ئەو وێستگە و ڕووداوانە لە ژیانی ئیدریس بارزانی، چ ڕۆڵێکی لەسەر دروستبوونی ئەو خەسڵەتانە هەبووە کە پێی ناسراوە؟

شێخ تاهیر: ئیدریس بارزانی هەر لە منداڵییەوە دەرکەوت، کە زۆر زیرەک و ژیر و چالاک بووە و بیرکەرەوەیەکی کارامە بووە و زۆر حەزی لە خوێندن بووە و تێکەڵ بە کەسانی بیرمەند و ئەدیبان دەبوو، تەنانەت لەسەر دەستی شێخ بابۆ و کەسانی تر لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و کەسانی بەتەمەنی ئەو ناوچەیە بووە خاوەن میژوویەکی دێرین و پەند و بەسەرهاتەکان، ڕەفتارەکانی ئیدریس بارزانی لە ڕەفتارەکانی شێخەکانی بارزان دەچوو، چونکە خۆی بە موریدیان دەزانی و هەر لەو ڕێگایەوە بوو بە ئەهلی تەسەوف و خوداناسی. دەڵێن: ئیدریس بارزانی هەر لە منداڵییەوە کەسێکی هەستیار و بیرتیژ و چەلەنگ بووە و لە ڕووی هزر و بیر و ڕەفتارەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بووە، حەزی لە خوێندن بووە، شارەزایی لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی تا ڕادەیەک هەبووە). ئیدریس وەک بارزانی باوکی، خاوەن ئیمان و بیر و باوەڕێکی بێ سنوور بوو، زۆر لە ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ.)ی لەبەر بووە و لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەیانی پێ دەکرد و لە هەمان کاتدا ڕێز و پێزانینی بۆ ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان هەبووە، وەک کریستیان و ئێزدی و کاکەیی و یەهودی و ئایینەکانی تر.

هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵەکانی و پێشمەرگە و هەڤاڵانی چۆن بووە؟

شێخ تاهیر: ئیدریس بارزانی بۆ منداڵەکانی، باوکێکی بەهیمەت و بەسۆز بوو، بە باشترین شێوە پەروەردەی دەکردن، تا لە پاشەڕۆژدا بتوانن خزمەتی کوردستان بکەن، لە هەمان کاتدا بایەخێکی زۆری بە پێشمەرگە و کەسانی هەژار و بێ دەرامەت دەدا. خاوەنی دڵێکی فراوان و هیمەتێکی بێ سنوور بووە و زۆر مرۆڤدۆست بوو، خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەند بووە، وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان هەبووە و بەئاسانی دۆست و دوژمنی خۆی لەیەک جودا دەکردەوە، خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بوو.

لە مەیدانی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا چۆن بووە، بەتایبەتیی کە سەرپەرشتیی چەند داستانێکی وەک هەندرێن و

زۆزکی کردووە؟
شێخ تاهیر: چوونی ئیدریس بارزانی بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش لە 1962، بووبووە جێگای متمانەی بارزانیی باوک و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ داموودەزگاکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە فراوان و قووڵتر دەبوو، هەروەها پەیوەندییەکی باش و کارای لەگەڵ ناوداران و سەرۆک هۆز و خەڵکی لە هەموو کوردستان پەیدا کردبوو، چونکە خۆی سەرکردەیەکی ژیر و لێهاتوو بوو، لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی و حزبی و کۆمەڵایەتی، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە خاوەنی ئەزموون و خاوەنی بڕیار، بۆ یەکەمین جار بە فەرمانی باوکی، سەرپەرشتیی (داستانی هەندرێن و زۆزک)ی لە 1966 کرد و هێرشی دڕندانەی سوپای ئێراقیان تێکشکاند. ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگەی کوردستان و سەدایەکی گەورەی لەناوەوە و دەرەوەدایەوە، حیکمەتی ئیدریس بارزانی چووە نێو دڵ و مێشکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ، هەر ئەوەیش وای کرد حکوومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز، ملکەچی ئاگربەست بکات بۆ شەڕ ڕاوەستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش و دەرکردنی بەیانی 29-06-1966 بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا.
ئێستا باسی دانووستاندن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دەکرێت، چ پەندێک لە ئیدریس بارزانی وەربگرین، بەتایبەتیی کە خۆی و براکەی سەرۆک مەسعود بارزانی، ڕۆڵێکی کارایان لەو گفتوگۆیانەدا گێڕا کە ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 ی لێ کەوتەوە؟
شێخ تاهیر: لە گەرمەی گفتوگۆکانی 1970 لەنێوان بەرپرسانی حکوومەت و سەرکردایەتیی شۆڕش بە سەرپەرشتیی بارزانی، ئیدریس بارزانی لە تەمەنێکی گەنجدا بوو، بەڵام لەبەر ژیری و توانا و دیدی سیاسیی بەهێزی، ڕۆڵێکی سەرەکیی لەو گفتوگۆیانەدا گێڕا و لە کاتی خوێندنەوەی بەیانی 11ی ئادارداء خۆی و سەرۆک مەسعود بارزانی، لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئێراق لە بەغدا ئامادە بوون، پێشوازییەکی گەرم و بێ وێنەیان لەلایەن خەڵکی کوردستان و ئێراق لێ کرا و لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم، لە گۆڕەپانی تەحریر لەگەڵ (ئەحمەد حەسەن بەکر)ی سەرۆک کۆماری ئێراق و چەندین بەرپرس، ئامادەی ڕێپێوانێکی جەماوەریی گەورە و خوێندنەوەی وتاری خۆشحاڵی و پشتگیری بۆ ڕێککەوتنەکە بوون.
لە مێژوودا باس لەو ڕۆڵەی ئیدریس بارزانی دەکرێت، کە لە 1974 لە کاتی هێرشی دڕندەی حکوومەتی ئێراق بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەددام حسێن کرایە سەر ناوچە کوردستانییەکان، دەکرێت تیشکی بخەنە سەر؟
شێخ تاهیر: ڕاستە ئیدریس بارزانی لە کاتی قەیران و ڕۆژە سەختەکاندا توانیی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و وەرچەرخان، کاک ئیدریس سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، بەتایبەتیی لە ئاداری 1974، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان، بە سەرپەرشیی ئیدریس بارزانی شاندێکی کورد چوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەدام حسێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی پەیماننامەی 11ی ئادار، بەڵام بەرپرسانی حکوومەت پێشنیازەکەیان ڕەت کردەوە و هێرشی سەربازیی دڕندانەیان بۆ سەر پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل فراوانتر کرد. لە کاتی شەڕ و هێرشەکاندا لە 1974، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە بەرێوەبردنی بەرەکانی شەڕ و دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە سەربازییەکان بۆ تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی سەرکەوتن و داستانێکی گەورە، چ جای دەسبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپای ئێراق.
ئەی لە شۆڕشی گوڵاندا دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ڕۆڵێ ئیدریس بارزانی چوون بوو؟
شێخ تاهیر: لە 1975، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حسێن، کاک ئیدریس حەکیمانە دژ بەو ڕێککەوتنە پیلانگێڕییە وەستا و بڕیاری دا لەگەڵ مەسعوود بارزانیی برای و سەرکردەکانی تر درێژە بە شۆڕش بدەن و ئەو واقیعە قبوڵ نەکەن. ڕێککەوتننامەکە کاردانەوەی گەورەی خستە سەرشۆڕش و خەڵکی کوردستان و بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵگرتن و کۆچکردنی هەزارەها پێشمەرگە و خێزان بەرەو ئێران و

گەڕانەوەی هەزارەهای تر بۆ ئێراق و بڵاوە پێکردنیان لە ناوەڕاست و خواروی ئێراقدا، ئەوەش کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، لەو ڕۆژەدا کورد هیچ دۆستێکی نزیکی لە دەوروبەری خۆی نەبینی. نسکۆی شۆڕش و ئاوارەبوون بۆ ئێران کاردانەوەیەکی نەخوازراوی هەبوو، بارێکی قورس و گرانتری خستە سەر شانی کاک ئیدریس، بەڵام بە وردەیەکی بەرز و هەستێکی پۆڵایینەوە بە ئەرکەکانی خۆی هەستا. دووبارە دەستی بە ڕێکخستنەوەی ڕێزەکانی هێزی پێشمەرگە کردەوە و لەگەڵ کاک مەسعود خۆیان ئامادە کرد بۆ هەڵگیرساندنی سەرلەنوێی شۆڕش.

لەناو ئەو بارودۆخە نەخوازراوەدا، ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە زۆر بوون بۆ پێشمەرگە و شۆڕش، لەلایەکی تردوە نەهامەتیی گەلی کوردستانیش زۆر بوو، ئیدریس بارزانی چۆن توانی شکست بگۆڕێت بە هەستانەوە و وەرچەرخان بەرانبەر پیلانی نێودەوڵەتی دروست بکات؟

شێخ تاهیر: با بەشێک لەو ئاستەنگانە باس یکەم کە هاتنە بەردەم کاک ئیدریس: ئەو دەیدی چۆن بەشێکی میللەتی کورد لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەکە تووشی نەهامەتی و بێهیوایی بووە، هەموو خەم و پەژارەکانی میللەتەکەی لەئەستۆ گرت و بووە کۆڵەکەی ڕاگرتنی هاوکێشەکان، کە بە چ شێوەیەک بەرەو کەناری ئارامیی ببا و ئەو دڵەڕاوکێ و نەهامەتییە بڕەوێنێتەوە کە خەڵکێک بەدەستییەوە گیری خواردبوو.

زیادبوونی هەڕەشە و فشارەکان بۆ سەر ئیدریس بارزانی و یاوەر و هەڤاڵانی، لە هەموو لایەکەوە دۆستەکانی دوێنێ بووبوونە دوژمنی ئەمڕۆیان بەتایبەت دەزگا ئەمنییەکانی ئێران. هەموو بەرنامەی ئێران بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ ئێراق و کوشتنی ڕۆحی کوردایەتی لەنێو دڵ و ناخ و مێشکی هەر تاکێکی شۆڕشگێڕی کورد.

ئەندازیاری بەرەی کوردستانی و ئەندازیاری ئاشتی، یەکێک لەو خەسڵەت و دەستکەوتانەی ئیدریس بارزانی بوو، لەو کاتە هەستیار و نالەبارەدا چۆن ئەو ڕۆڵەی گێڕا؟

شێخ تاهیر: ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووبن، بەتایبەت لە ساڵی هەشتاکاندا، دەڵێن: کوردستان بە کات و ساتێکی هەستیار و نالەبارەدا گوزەری دەکرد، ئەوانەی چوونە هەندەران و ئەوانەی لەسەر دەستی ڕژێم دوور خرابوونەوە، ناچار کرابوون ژیانێکی کولەمەرگی لەناو کەمپە زۆرەملێکان بەسەر ببەن، زۆرێکیان تووشی داپڵۆسین و ئەشکەنجە و زیندانی و لەسێدارەدان بوونەوە، ئەو پێشمەرگانەی بەرەنگاری ئەو ڕژێمە بوونەوە لە حاڵەتی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا بوون و زۆر جار دژ بەیەک دەجەنگان.

کاک ئیدریس خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانی، هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی ئەوەبوو بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ یەکریزی و یەکگرتنەوەی پارتەکان و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، ئەوەبوو لە 1986 هەوڵ و تەقەڵا و کۆششی خۆی خستە گەڕ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و شۆڕشگێڕان بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و تەبایی هێزەکان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دژی داگیرکەران. هەر لەو ڕوانگەیەوە داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و دۆستانی کورد کرد یارمەتیی بدەن بۆ ناوبژیکردن لەنێوان لایەنە کوردییەکان و هانیان بدەن یەک بگرنەوە و یەکڕیزیی نێومانڵی کورد، ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە بەڕێز (جەلال تاڵەبانی)، ئەویش لەلای خۆیەوە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و بەپیر بانگەوازەکەی کاک ئیدریسەوە هاتن و لە 1987 بەرەی باشووری کوردستانیان ڕاگەیەند، هەر ئەو بەرەیە بوو ترس و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دوژمنانی کورد و توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ، تا سەرهەڵدانی میژوویی خەڵکی کوردستان و دانانی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن هاوپەیمانان و دابینکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ سەر زێدی خۆیان و ناچارکردنی ڕژێم بە کشانەوەی لە کوردستان و دامەزراندنی پەڕڵەمان و حکوومەت و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیی کوردستان، بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەم دەستکەوتانە تێکڕا بەرهەمی بەرەی کوردستانی و یەکڕیزیی گشت پارت و خەڵکی

کوردستان بوو.
کاردانەوەی کۆچی دواییەکەی چۆن بوو؟
شێخ تاهیر: ئەو ڕۆژە یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی کورد مالاوایی لێ کردین، بەڵام بە ڕۆح و بە فیکر نا، بەڵکوو تەنیا بە جەستە، هەر بۆیە گەلی کوردستان ئەم سەرکردەیە بە ناوی (شەهیدی هەمیشە زیندوو) ناو دەبەن، ئەوە بوو بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە لە 31-01-1987 هەواڵی مالاوایی سەرکردەی کورد (ئیدریس بارزانی) بڵاو بووەوە، زۆربەی زۆری خانەوادە کوردەکان لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە بە شین و گریانەوە بەرگی ڕەشیان پۆشی. بە لەدەستدانی ئیدریس بارزانی، کوردستانییان تووشی شۆک بوون، هێشتا میللەتی کورد و شۆڕشەکەی پێویستیان پێی بوو، دەبینین ماڵباتێکی زۆری کوردستانیان ناوی منداڵەکانیان دەنێن (ئیدریس) لە خۆشەویستیی ئەو سەرکردەیە. هەرچەندە کاک ئیدریس لە تەمەنی 43 ساڵیدا مالاوایی لە شۆڕشگێڕان و خەڵکی کوردستان کرد، بەڵام هەمیشە قسە و بیر و ڕەفتار و چالاکییەکانی لەناو هزر و بیر و دەروونی هەزارەها هەواداری ئەو ڕێبازە هەر دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2018

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی لە ڕوانگەی 'شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی'یەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی ئایدیۆلۆژیای ئاینی - basnews.com- 31-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 470

شەهید ئیدریس بارزانی ، کێوێک بووە لە وەرە ، لە نەبەزین ، سەرجاوەی ئومید بۆ ئایندەی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی

20250708121036644702=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

شەهید ئیدریس بارزانی ، جگە لە کاری حزبی و سیاسی خۆشەویستی جەماوەر بوو و هیچ کات خۆی لە خەڵک جودا نەدەکردنەوە خەمخۆر و دڵسۆز بوو و بە هەموو توانا تێدەکۆشا تا کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکات و هیچ کات ڕێگەی نەدەدات بێ ئومێدی و سەختییەکان کار لەسەر ڕوحییەتی خەبات و بەرخۆدان کورد و کوردستانییەکان بکات .کاریگەریی ڕەوتی سەرکردایەتی کاک ئیدریس لە هەموو ڕووە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکانەوە ، هەرگیز پر ناکرێتەوە .
لە مێژووی هاوچەرخی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا کەسایەتی سەرکردەیەکی بلیمەتی وەک کاکە ئیدریس نموونەیەکی کەم هاوتای ئەو چەشنە سەرکردانەیە کە چەند لە ماوەی ژیان و سالان و قۆناغەکانی خەباتیدا ناسراو و دیار و خاوەن ڕۆڵی کاریگەرانە بووە، بەدڵنیاییەوە دوای بە جەستە ماڵاوایی کردنیشی ڕێڕەوانی ئەو سەرکردە بڵیمەتە بەردەوامە و ئامادەیی و زیندوێتی ئەو سەرکردەیە لە ژیان و ڕەوتی تێکۆشان و کاروبارەکانی خەباتدا پێگەیەکی بەرزی مێژووییی هەبووە و هەیە. بەو هەموو سیفات و ئەدگارە جیا و کەموێنانەی هەیبوون، بەو خەسڵەتە ڕەوشی و هزری و سەرکردەییانەی هەیبوو شوناسێکی پڕبایەخ و پڕ لە تایبەتمەندی لە مێژوودا بەرجەستە کرد و بۆ نەوەکانی گەلەکەی وەک قوتابخانەیەک دەدرەوشێتەوە و دەتوانرێ بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی کامڵ و سەکەوتوو، بۆ ئەداکردنی ئەرک و کاروبارەکان بەشێوەیەکی پاک و ڕاست و لەخۆبووردوانە سوودی لێوەربگێرێت و توانادارى و ئاکارە بەرز و بێهاوتاکانی بکرێتە بنەما و هاندەر لای هەرکەسێک بۆ خزمەتی نەتەوە و وڵات و داکۆکیکردن لە ڕاستی و دادپەروەری کەسایەتییەکی ژیرانە و سوودمەند لە خۆیدا بەرجەستە بکات.
ئیدریس بارزانی لە کاتی قەیران و ڕۆژە سەختەکاندا توانیی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و وەرچەرخان، کاک ئیدریس سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، بەتایبەتیی لە ئاداری 1974، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان، بە سەرپەرشیی ئیدریس بارزانی شاندێکی کورد چوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەددام حسێن ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پەیماننامەی 11ی ئادار، بەڵام بەرپرسانی حکوومەت پێشنیازەکەیان ڕەت کردەوە و هێرشی سەربازیی درندانەیان بۆ سەر پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل فراوانتر کرد. لە کاتی شەڕ و هێرشەکاندا لە 1974، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە بەرێوەبردنی بەرەکانی شەڕ و دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە سەربازییەکان بۆ تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی سەرکەوتن و داستانێکی گەورە، چ جای دەسبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپای ئێراق.
شەهیدی ئیدریس خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانی، هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی ئەوەبوو بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ یەکریزی و یەکگرتنەوەی پارتەکان و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، ئەوەبوو لە 1986 هەوڵ و تەقەڵا و کۆششی خۆی خستە گەڕ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و شۆڕشگێڕان بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و تەبایی هێزەکان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دژی داگیرکەران. هەروەها و گرنگی هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و بەپیر بانگەوازەکەی کاک ئیدریسەوە هاتن و لە 1987 بەرەی کوردستانی ئێراقیان ڕاگەیەند، هەر ئەو بەرەیە بوو ترس و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دوژمنانی کورد و توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ، تا سەرهەڵدانی میژوویی خەڵکی کوردستان و دانانی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن هاوپەیمانان و دابینکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ سەر زێدی خۆیان و ناچارکردنی ڕژێم بە کشانەوەی لە کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیی کوردستان، بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەم دەستکەوتانە تێکڕا بەرهەمی بەرەی کوردستانی و یەکریزیی گشت پارت و خەڵکی کوردستان بوو. ئەم ڕاستییانە لە ژیان و کەسایەتی و خەباتی

ئیدریسی هەمیشە لە یاددا پیاهەڵوتن و دڕووستکراونین، بەڵکوو واقیعی کەسایەتی و خەباتەکەیەتی، ئەو جەماوەرێتییەی ئێستا و ڕابردووی ئەم سەرکردەیە دەیسەلمێنن کە چەند گەورە و لێهاتوو خۆشەویست بووە، چەند لە دڵ و هزری ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەی و ڕێبازەکەیدا بەزیندوویی دەژی. ئیدریسی جوانەمەرگ، کەڵەپیاوێکی بەتەمەن بچووک و بەعەقڵ و مەعریفە گەورە بوو، ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیبێتیان مەحاڵە بتوانن هەرگیز ئەو کەسایەتییە مەزنە و هەڵسوکەوت و قسە و کردار و بزاڤەکانی لەبیربکەن، چونکە زۆر سەرنجڕاکێش و کەمونێنە بووە.

ڕۆڵی کاک ئیدریس لەناو پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ، هینده کاریگەر بوو ، کە ئەگەر مەرگی ناوادە دەرفەتی بدایە ، ئێستا پارتی لە ڕووی نفوزی سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری و نەتەوەیی لە کوێیە ، بە بوونی کاک ئیدریس ، ڕێک پارتی دوو هینده‌ی ئیستای دەبوو. سەرکردەکان دڕووست ناکرین ، لە دایک دەبن . کاک ئیدریسی جوانەمەرگ ، جگە لەوەی کە کورِی بارزانی نەمر بوو ، بەڵام بۆ خۆی هەڵگری هەموو ئەو ئاکار و خەسڵەتانە بوو ، کە سەرکردەی لە کەسانی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە. کەمن ئەو سەرکردانەی وەک کاک ئیدریس ، توانیبیتیان خەسڵەتی کاری دیپلۆماسی ، سیاسی ، جەماوەری ، سەربازی لە یەک کاتتدا لە خۆیاندا کۆبکەنەوە. لە زۆریک لەوانەم بیستووە کە لەگەڵ کاک ئیدریس کاریان کردووە ، یان بینیویانە ، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاک ئیدریس ، کێوێک بووە لە وڕە ، لە نەبەزین ، سەرجاوەی ئومید بۆ ئایینده‌ی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. و هەمووکات بە گەشتبینی و هیواوە دەیروانییە دۆزی کورد وئایینده‌ی گەلی کورد . بۆیە، لە 33 مین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردە تێکۆشەر وماندوونەناسەی گەلەکەمان ئەوا ڕێبازەکەی دەبێتە هۆی فاکتەرێکی کارا لە بەردەوامیی تێکۆشان و هەنگاو و سەرکەوتنەکانی ڕابردوودا و بۆ ئەمڕۆ و ئایینده‌ش بووە هێما و ئەزموونێکی پڕ پەند و وانە بۆ ئینتیمای ڕاستەقینەی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی و خزمەتکردنی گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان. ئیدریس بارزانی لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا و تا هەتایە لە دڵ و وێژدانماندا زیندووە و لەگەڵماندایە و لێمان جیا نابێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 471

شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا 1/2

20250706170446644350=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



برایەتی

کاروباری کوردستانی

فازڵ میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی ڕێبازدا:

شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

(١)

شەهید ئیدریس بارزانی بەرامبەر هەڤاڵانی خۆی متەوازع و بەرامبەر دوژمنیش جەددی بوو

سەرەتایەک

ئیدریس کێیە

ئیدریس و چۆنیەتی کۆرەکەکان

ئیدریس و ڕێکخستنەکەی (١٩٧٠)ی ئازادی

ڕۆڵی ئیدریس لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوللان دا

ڕێبازی بارزانی

ئەنجامگیری و تێبینی

ناونیشانی بابەت: شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

ناوی نووسەر: فازیل میرانی [1]

کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | فەلسەفە / هزر | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2003-02-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2003-02-01	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
شەهید ئیدریس بارزانی ، کێوێک بووە لە وڕە ، لە نەبەزین ، سەرجاوەی ئومید بۆ ئایندەی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا 2/2	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 472

شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا 2/2

20250706172945644351=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کاروباری کوردستانی

فازل میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی رێبازدا:

شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

(٢)

ئیدریس و پێویستی ئەمرۆ

کەورەیی ژیان

فازل میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی رێبازدا:

ئێمە پێمان باشە لە عێراق شەڕ ڕووبەدات، بەڵام ئەگەر ڕووبدا، ئەوە دڵنیاین کوردستان دەبێتە ئەمینترین شوێن

میللەتێک دیموکراتی و فیدراڵی و ئازادی و سەربەستی بخوازێ، خۆ دەبێ خۆڕاگریش بێت

پرسە هەنووکەییەکان

ڕۆڵی کورد لەهەوکێشەکاندا

شرۆڤەی دەڤەرێوکێکان

ئەنجامگیری دانپووری

کۆتایی

ناونیشانی بابەت: شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

ناوی نووسەر: فازیل میرانی [1]

کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا 2/2

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | فەلسەفە / هزر | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2003-02-02

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2003-02-02	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
شەهید ئیدریس بارزانی ، کێوێک بووە لە وڕە ، لە نەبەزین ، سەرجاوەی ئومید بۆ ئایندەی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 473
شەهید فەتاح ئاغا.. ئەستێرەیەکی گەش بە ئاسمانی کوردایەتییەوە
20250710122440645015=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: شەهید فەتاح ئاغا.. ئەستێرەیەکی گەش بە ئاسمانی کوردایەتییەوە
زانیار سەردار قرگەیی

گەلی کورد خاوەنی سەدان قارەمانی گیانفیدایە، کە لە پێناو گەیشتن بەئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی شەهید بوون نموونەیەک لەو تێکۆشەرە کوردپەروەرانەی، کە هەمیشە لە بڕەودا بوون بۆ خەبات و تێکۆشان لە بزاڤی ڕزگاریخوازیدا و لە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، شەهید (فەتاح ئاغا)یە، کە بە هەستی نەتەوەیی و کوردپەروەرییەوە تێ دەکۆشا، وەک هاوبیرێکی نەتەوەیی سەرنجڕاکێش و هەڵکەوتوو بووە و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی پەروەردە کردووە.
فەرماندەی قارەمانی ڕۆژگارە سەختەکان و مامۆستای زانست و بیری نەتەوایەتی و کادری لێهاتوو و پێشمەرگەی لەخۆبردووی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (فەتاح حەمەئەمین ئاغای نۆڕک)، جگە لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی، لە ڕێبازی کوردایەتیدا و لە ڕیزەکانی (کاژیک)یشدا درێژەی بە ڕەوتی تێکۆشانی نەتەوەیی داوە و هەوڵی بڵاوکردنەوەی تۆوی نەتەوەگەرایی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی دەدا لەنێو شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا.
بەتایبەت کاتێک، کە مامۆستای قوتابخانە بووە، یا فەرماندە بووە لەنێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. وەک خانەوادەیش، خانەوادەی باوکی و مامەکانی، خانەوادەیەکی خانەدان و تێکۆشەری بەئەزموونی ڕێبازی کوردایەتین و قسەیان سەنگ و بایەخی خۆی هەبووە و هەیە و پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لەنێو کۆمەڵگەدا.. لە دێرینەوە، لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و زانستیدا، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە خزمەتی گەلی کورددا. لەو پێناوەشدا، قوربانی و خوێنێکی زۆریان بەخشیوەتە کوردستان، هەمیشە جێگەی ڕێز و تەقدیری خەڵکی کوردستانن و بە چاوی ڕێز و پێزانین و خۆشەویستییەوە لێیان ڕوانیون و جێگەی بڕوا و متمانەیەکی زۆرن، نەوە لەدوای نەوەشیان ئەو ڕێچکەیەیان پاراستووە و درێژەپێدەری ڕێبازی

کوردایەتی و ڕێبازی کۆمەڵایەتییەکی دروستن.
شێرکۆ بێکەس، پەخشانەهۆنراوەیەکی ناوازەی بۆ شەهید فەتاح ئاغا هۆنیوەتەوە و لە بیرەوەرییەکانیشیدا دەنووسێت: "هاوڕێیەتیی من و کاک فەتاح بۆ ساڵی (1959-1960) دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ئەو مامۆستای سەرەتایی بوو لە قوتابخانەی سەرشەقام، ناسیاوی و دۆستایەتیشی لەگەڵ کاک فەرەیدوون عەلی ئەمیندا هەبوو. لە سەردانێکی سلێمانیدا، نامەیەکی هاوڕێم، فەتاح ئاغای حەمەئەمین ئاغام پێ گەیشت. نامەکە هەر بۆ هەواڵپرسین و بەسەرکردنەوە بوو. کاک فەتاح، لاوێکی کەڵەگەتی سپیکەڵەی ڕووخۆش بوو، زۆر هۆنراوەدۆست بوو، پێم وایە لە هاوینی ئەو ساڵانەدا بوو، هەر لەگەڵ خۆی، چووین بۆ ناوچەی شارباژێڕ و بناری سیوەیل، هەر لەو سەفەرەدا حەمەئەمین ئاغای باوکی و ئەورەحمان ئاغای مامی و مامەکانی تریم ناسی، بە هەموو بناری سیوەیلدا گەڕام، میوانداریەکی ئێجگار گەرمیان کردم و نزیکەی پازدە بیست ڕۆژ مامەوە. هەر لەو سەفەرەدا، بۆ یەکەم جار سواری ئەسپ بووم، هەر بۆ یەکەم جاریش لە ژیانمدا تفەنگم تەقاند".
لە درێژەی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "بەر لە چوونەدەرەوەی یەکەم جاریش، هەر لە ساڵانی (1964-1965)دا، جارێکی تر ڕێم کەوتەوە بناری سیوەیل، ئەمجارەیان بۆ جۆرێک لە خۆحەشاردان بوو، چونکە ترسی گرتنم هەبوو، ئەو جارەیش لە گوندی زیبە و نۆرک و بارێ گەورە و بارێ بچووک مامەوە. لەگەڵ براکانی و ئامۆزاکانی و مامەکانیدا دۆستایەتی و ئاشنایەتیی تەواوم هەبوو. بەتایبەت کاک سواڕە و کاک خدری برای. دەرگای کراوەی ماڵی شەهید فەتاح و مامەکانی، جێی داڵدەی دەیان نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی ئەو سەردەمانە بوون. ئەم بنەماڵەیە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتیدا بوون، ڕۆژێ لە ڕۆژان و لە هەموو قۆناغە سەخت و تاریکەکاندا، تاقە یەکێکیان نەبوون بە پیاوی ڕژێم و چەکی خیانەتیان نەکردە شان".
شێرکۆ بێکەس هەروەها دەنووسێت: "ناوچەی سیوەیل، بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول، لە ناوچەی هەرە بێگەردەکانی کوردستان بوو، هەمیشە لە سەنگەری گەلەکەی خۆیاندا بوون. کاک فەتاح یەکێک بوو لەو سەرکردانەی ناو شۆڕشی ئەیلوول، کە ڕێزی لە ئەدیبان و ڕووناکبیران دەگرت. لە ساڵی (1974)یشدا دوای ڕێکنەکەوتنی حکوومەت و پاشگەزبوونەوەی لە بەندەکانی یازدەی ئادار و دەسپێکردنەوەی شەڕ، وەختێک لەگەڵ دەستەیەک لە ئەدیبانی سلێمانی بڕیاری چوونە پاڵ شۆڕشمان دا، ڕووماڵ کردە هەڵەبجە، لەوێ کە شەهید فەتاح ئێمەی بینی، پێی وتین کە دەبێت لەگەڵیدا بچین بۆ تەوێڵە. دوای ئەوەی گەیشتینە تەوێڵە، بردینییە ماڵی خۆی و براکانی و چەندین ڕۆژ خزمەتی کردین. تا دواتر لە مەخفەرەکەی تەوێڵە جێی بۆ چاک کردین و هەرچی پێداویستیی ژیان هەبوو بۆی دابین کردین. لەناو فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا، کەم کەسیان وەک شەهید فەتاح سادە و ساکار و لێزان و ڕووخۆش و بە وێڵ و ڕووناکبیر بوو".
شێرکۆ بێکەس زیاتر دەگێڕێتەوە: "ئەو شەوانەی، کە لە تەوێڵە و ماڵی خۆیان پێکەوە دادەنیشتین و قسەی دەکرد، ئەیزانی دەڵێت چی و جگە لەوەیش زانیاری و خوێندەواری چ لە ڕووی عەسکەری و سیاسی و ئەدەبییەوە بەبڕشت بوو. دیار بوو چەند خۆی ماندوو کردووە. خۆی ڕێ لە وشەی ئاغا ئەبووەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش بەشبەحاڵی خۆم هەڵسوکەوتی ئاغایانەم لێ نەبینیوە. لە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانیشدا، کورێکی ئازا و لەخۆبوردوو بوو، دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، گەڵێ لە ڕووناکبیران و کەسانی دی ڕوویان تێکرد، بۆ ئەوەی مقاومەت بکات و بمێنێتەوە، منیش سەردانم کرد، بەڵام ئەو دواجار نەیتوانی لە فەرمانی بارزانی دەرچێ، منیش بۆ خۆم، ئەو کانییەی ئاوم لێی خواردبێتەوە، هەرگیز بەردم تێ فڕێنەداوە. وەک وەفایەکیش لە (1992-1993)دا پەخشانە هۆنراوەیەکم بەناوی پلنگەکەی ئەیلوولەوە بۆ نووسی و پێم وایە لە پەرتووکێکدا، کە براکانی سەرپەرشتیی چاپیان دەکرد، بڵاو بووەوە. کە شەڕی ناوخۆ لە شاخ هەبوو، ئێمە بە تونڈی ئەو کارانەمان لە نامەکانی خۆماندا ئیدانە دەکرد. بیرمە جارێک لە ڕادیۆوە گوێم لە وتارێک بوو، زۆر خراپ و ناشیرین و نابەجێ دەربارەی شەهید فەتاحی حەمەمین ئاغا نووسرا بوو. منیش نامەیەکی تونڈم بۆ نووسین. هەروەها ڕەئووف بێگەرد و پێم وایە کاک عەبدوڵڵا ئاگرینیش بە هەمان شێوە، دواتر داوای

لێبوردنیان کرد.
هەروەها پێشمەرگەی دێرین مامۆستا محەمەد مەلا قادر، لەبارەی شەهید فەتاح ئاغاوە دەنووسێت:
"شەهیدی قارەمان (فەتاح ئاغا) لە بنەماڵەیەکی خانەدانی سلێمانین، لە گوندی نۆرک لەدایک بووە. لە ساڵی 1948 لە چوارتا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لە 1958 خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە. لە 1962 بووەتە پێشمەرگە و لە 1964 بووەتە سەرلقی بەرزنجە، پاشان لە 1968 پلەی ئامر بەتالیۆنی پێ دەسپێردرێ لە هێزی خەبات، تا 1970، پاشان بووەتە بەرپرسی رێکخراو، کە ئەمەش پلەیەکی حزبی بووە، لە رێکەوتی11ی ئادار بوو، چونکە پێشمەرگەکان بە پاسەوانی سنوور (حرس الحدود) دامەزران. لەو ماوەیەدا کاری حزبی کردووە، چالاکیی زۆری نواندووە".
لە درێژەدا مامۆستا محەمەد مەلا قادر دەڵێ: "لە 1973 فەتاح ئاغا کراوە بە ئامر هێزی خەبات، واتە هێزی خەبات دروست بووە لە پاشماوەی ئەو پێشمەرگانەی نەبووبوون بە پاسەوان حدوود. کاتێکیش لە 1974 شەڕ دەستی پێکردەوە، شەهید فەتاح ئاغا لە هێزی خەبات ڕۆڵی چالاکی بینی، بەڵام هەموو هێزەکانی کورد بە شێوەی نیمچە نهێنی لە رێگەی پاسەوانی سنوور دروستکرانەوە، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕوای بۆ دروست بوو کە حکوومەتی ئێراق رێککەوتنی 11ی ئادار جێبەجێ ناکات. ئەو مرۆڤە قارەمانە لەسەر رێبازی کوردایەتی پەروەردە بووبوون، لە تەمەنی لاویەتیدا جگە لە خوێندنی قوتابخانە، پێشتر لە حوجرەی فەقێیانیش خوێندبووی و شارەزایی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زمانی عەرەبی پەیدا کردبوو".
دەشنووسێت: "دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، شەهید فەتاح بووە پەنابەر لە عەزیمیە لە ئێران. لەوکاتەدا ماڵمان بووە دراوسێ و پەیوەندیمان بەهێزتر بوو، هەم لەلایەنی کۆمەڵایەتی و هەم لەلایەنی هزری و سیاسییەوە. دۆستی (ئەحمەد هەردی و شێخ محەمەد هەرسین و حەمەی عەزیز) بوو، مرۆڤێکی ڕەوشتبەرز و هێمن و لەسەرخۆ بوو، خۆی کەسێکی بەڕێز بوو و ڕێزی لە خەڵکیش دەگرت. لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانیدا پەیوەندی و دۆستایەتییان بەهێز بوو، زۆر جار ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەلای من، وەک کەسێکی بەڕێز و لێهاتوو باسی ئەوی دەکرد و دەیوت: پێم خۆشە پەیوەندیتان هەر وا بەردەوام بێت. ڕۆژێک شەهید فەتاح لە لای من باسی خوێندنی کرد، کە لە کۆلێژی زانستی ڕامیاریی (العلوم السیاسیە) وەردەگیرێم، منیش زۆر هانم دا، دواتر چوار ساڵ خوێندی و تەواوی کرد، هەندێک کەس لە پەنابەرەکانی خۆمان بەو شێوەیە وەرگێڕان و هەمووشیان دەرچوون و بڕوانامەی (لیسانس)یان وەرگرت".
لەبارەی پەیوەندیی هەڤاڵانەی خۆی و شەهید فەتاح ئاغا، مامۆستا محەمەدی مەلا قادر دەنووسێت:
"لەگەڵ شەهید پەیوەندیی بەهێزمان هەبوو، هەتا 1979، کە کۆنگرەی نۆیەم بەسترا و من بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی چوار، ئیتر لە یەکتر دابڕاین. لە 1980 لقی چوار بە هێزێکی 500-600 پێشمەرگەوە هاتنە سەر سنووری حاجی ئۆمەران، چالاکییەکی گرنگی سەربازیی ئەنجام درا، لەلایەن لقی 2، 3، 4، شەڕێکی قورسی چەند ڕۆژە ڕووی دا، توانرا شاروچکەی حاجی ئۆمەران ڕزگار بکرێت. بەڵام سوپای ئێراق هێرشێکی پێچەوانەی کرد و توانی بیگرێتەوە، هەرچەندە لە ئەنجامی ئەو هێرشەیدا زیانێکی زۆری بەرکەوت، ئێمەش ژمارەیەک شەهید و بریندارمان هەبوو، یەکێک لەو شەهیدانە کاک فەتاح ئاغا بوو، ئەو تازە هاتبووە سەردانی شەهید عەبدوڵڵا ئاغای برای، کە ئەندامی کارگێڕی لقی چوار بوو، هەروەها بۆ سەردانی مەکتەبی سیاسی و برادەرانی لقی چوار هاتبوو. بەشداریی چالاکییەکەشی کرد و لە ئەنجامدا لە 10-11-1980شەهید بوو. تەرمە پیرۆزەکەیمان لە گۆڕستانی نەغەدە لە ئێران ناشت. زۆرینەی شەهیدەکانمان لەوێ دەناشت. ئەو شەهیدە قارەمانە بە ڕێوونێکی شکۆدار لەلایەن بەرپرسانی حزبی و پەنابەرەکانی نەغەدەوە، بە خاک سپێردرا. سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و چەند ئەندامی سەرکردایەتییش بەشدار بوون".
هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەوان مستەفا ساڵح کەریم، لە وتارێکیدا دەربارەی شەهید فەتاح بەم شێوەیە دەدوێت: "کاک فەتاح لە ئاسمانی خەباتی سەختی درێژخایەنی کوردستاندا ئەستێرەیەکی گەش، ڕۆڵەیەکی بەوەفای کورد، جوامێرێکی دلێری قارەمان، پێشمەرگەیەکی لەخۆبردوو، سەرکردەیەکی کارامە، مامۆستایەکی

دڵسۆز بوو. تا هێزی بزووتن لە لەشیدا بەگوڕ بوو، بۆ کورد تێکۆشا و درێخیی لە خەباتی خۆیناوی نەکرد، تا بەنرخترین سەرمایەی هەموو جیهانیشی پێ بەخشی، کە ئەویش گیانی بوو. لەو کاتەشدا، کە لەشی بێنازی خەڵتانی خوێن بوو، دوا لێدانی دڵی هەر بۆ کورد بوو، بۆ کوردستان بوو. هەڵۆکەی بەمۆ و شنرۆ، یەکێک لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی ئەم گەلە بوو، لەو ڕۆژەوە کە کوردایەتی تێکەڵ بە خوێنی بوو، تا دوا هەناسەی ئەو ڕێبازەی گرتبوویە بەر، بەری نەدا و لێی لا نەدا و ڕێگەی ڕاستیی گرتە بەر و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک تەرکی ڕێی پێ نەکرد. تۆ ئەو کەڵەپیاوەی، کە لە تافی لاوێتیدا گوڵاوی عومری خۆتت بەخشی بە کوردستان. تۆ ئەو پیاوە بەوەفایەی، کە وەفاداریت بۆ خاکەکەت وای لێ کردی، دەست لە هەموو ناز و نیعمەتێک هەڵبگری و ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژێریت".

شێرکۆ بێکەس، پەخشانەهۆنراوەیەکی درێژی بۆ شەهید فەتاح ئاغا هۆنیوەتەوە، بەناوی (پڵنگە کەڵەگەتەکەی ئەیلوول)، بەڵام لێرەدا چەند کورتەیەکی دەخەینە ڕوو:

بۆ سوورکێو، بۆ ئەزمر
لەوانیشەوە بۆ هەموو کوردستان
شەهید جۆگەلە بوو، مانگەشە و بوو، ئاگر بوو.
زەنگی دەست ئازادیی و چراوگی کوردایەتی و
بەورێکی سپی و
سەرەمیرێکی کون لە جەرگا نەبووی
بەردەمی ئەژدیهاکانی تاریک بوو
ئەو لە لانکەی شاخدا چاوی پشکووت
مەڵاشووی بە پەنجەی هەتاو هەڵدرایەوە
ئەو باوکێک گۆشی کرد، کە ماڵەکەی
ماڵی ئازادی و پەناگەی عاشقانی کوردایەتی و
هێڵانەی هەموو باڵندەیەکی پەڕاگەندەی
لە شارەوە هەڵفڕیو بوو بۆ دەرانی
هەناوی گەرمی بە دانەی ئەوا.
لە سەردەمێکدا، ڕۆژژمێری پێشمەرگە دەڵێت:
زێ و نۆڕک و بارێیەکان
ئەو نیشتمانە بچووکانە بوون
کە لە سنووری ئازادیی ئەواندا
نێزەکان بە ناچاری دەوەستان و دەستەوەستان ئەبوون
باڵندە لانەوازەکانیش لە ئاسۆی سیوەیل دا
پڕ بە گەرووی دەربەندەکان ئەیانخوێند
لە سەردەمێکدا، ئەو بنارە سەربەستە
بێشکەکەی کاکە فەتاح
بناری غارغارێنی ئەسپە شێیەکانی کوردایەتی بوو
بناری میوانداریەکی بەردەوامی ئەوین و
بناری وەفا و ئەمەکی جوامێرانە بوو.
بۆ قەڵەمی ئێمە و هۆنراوەی ئێمە و
ڕاز و نیازی لە شارەوە هەڵاتوومان

دایکێکی میهرەبان بوو.
ئەی هاوڕێی شەهیدم!
ئەی گیانی سپی کاک فەتاح
ئەی پڵنگە کەڵەگەتەکەی ئەیلوول
هۆنراوە و قەڵەمم
سەر بۆ خوێنە پیرۆزەکەت دائەنەوێنن.
هۆنراوە و قەڵەمم لە بەردەم شەهیدبوونتا
نووشتانەوەی نەونەمامێک
لە بەردەمی زریانێکدا، بۆت ئەنوشتێنەوە و دەڵێن:
ئەگەر درەنگوەختیش
ئەم گوڵاوی وشانەمان بەسەر مەزارەکەتدا..
بەسەر کەژاوەی بیرەوەریتدا پڕژاندبێ
داوای بەخشین
لە ڕۆحە سپیەکەت دەکەین.
داوای بەخشین
لە خوێنە هەمیشە درەوشاوەکەت دەکەین..
ئێمەی دوای ئێوە زیندوو، کێمان لە ئاستی
جێ نزرگەی سووری ئێوەدا.. بچووک نانوێنێ؟!
هەروەها پێشمەرگەی دێرین عومەر عوسمان مێرگەسۆری، لەسەر شەهیدبوونەکەی لە دیدارێکدا پێی وتم:
"شەهید فەتاح ئاغا سەرکردەیەکی لێوەشاوە و دڵسۆز بوو، من لە ساڵی (1970) لەلایەن بارەگای بارزانییەوە، لەسەر فەرمانی بارزانی نەمر، کاری کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانی شۆڕشم پێ سپێردرا. بۆ ئەم مەبەستە، چووم بۆ سلێمانی و نووسراوی بارەگای بارزانیم بۆ فاخر مێرگەسۆری برد، کە ئەوکات بەرپرسی لقی 4 بوو، هەروەها نووسراوێکیش بۆ شەهید فەتاح ئاغا، کە ئەوکات فەرماندەی هێزی خەبات بوو، هەروەها نووسراوێکم بۆ ڕەئیس عەبدوڵڵا فەرماندەی هێزی ڕزگاری پێ بوو کە بارەگای لە سووراش بوو. بارەگای هێزی خەبات لە شاڕۆچکەی تەوێڵە بوو، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژێکیان سەردانی تەوێڵەم کرد و لەوێ بۆ یەکەم جار شەهید فەتاح ئاغام ناسی، شەو لەوێ لە خزمەتیاندا بووم، دواتر چووین بۆ پێنجوێن، لەوێش شەوێک ماینەوە و پێکەوە بووین، هەر لەوێ چووین بۆ باشماغ لەوێش پێکەوە کارەکانمان ئەنجامدا گەڕاینەوە سلێمانی. لە وکاتەدا من گەنج بووم، فەتاح ئاغاش بەتەمەنتر بوو، بەڕاستی زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کە بەو کەسایەتییە گەورەیە وە، مرۆڤێکی دڵسۆزی بارزانی نەمریشە و دیاریش بوو لەو سەفەرە بە ئۆتۆمبێلی خۆی ڕۆیشتن، کە هەر خۆی لێی دەخوڕی، شەهید فەتاح ئاغا کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر و زانا و بلیمەت بوو، کە کەسێکی بە قیافە جوان بااڵبەرز بوو.
لە (1974) کە هێزەکانی هێزی خەبات هاتن بۆ گەرووی عومەرئاغا و سەرتیز، دیار بوو کاک فەتاح ئاغا هەندێک سەربەرشتیی هێزەکەیانی دەکرد و سوارە ئاغای برای لە گردی عومەرئاغا لەگەڵ شەهید عەبدوڵڵا سەربەرشتیی هێزەکانیان دەکرد، بە ناوی (نهێنیی قەیوان). بەڕاستی فیداکاریی زۆریان نواند و نەیانهێشت دوژمن سەرکەوێ، بەندەش بە تۆپخانە زۆر پشتگیریم دەکردن. هەر بەو بۆنەیەوەش، شەهید فەتاح ئاغا دەمانچەکەی بەر پشتی خۆی بە قایش و کیفەکانییەوە بە نامەیەک بۆ منی ناردبوو و زۆر سوپاسی منی کردبوو. بەڕاستی ئەوە زیاتر وای کرد کە من فەتاح ئاغام زۆر لەلا خۆشەویست بێت، جگە لەوەی بەهۆی دەروێش ئاغای ئامۆزایان، کە پێکەوە شەش مانگ بوو لە دەرەوە بووم، ببووین بە برادەری ئەویش و کاریگەریی هەبوو لە ناسینی ئەم خانەوادە شەهیدپەروەر و بەڕێزە".

عومەر عوسمان لە درێژەی قسەکانیدا، باسی لە شەهیدبوونەکەی فەتاح ئاغادا کرد و گوتی: "لە ساڵی (1980) پارتی هێرشێکی بۆ سەر حاجی ئۆمەران دەست پێ کرد، لەو شەڕەدا شەهید فەتاح ئاغا وەک فەرماندە و قارەمانێک بەشداریی کرد، بەڵام داخەکەم لەو شەڕەدا شەهید بوو و خۆی کردە قوربانیی خاکی کوردستان، کە بەڕاستی زیانێکی گەورە بوو بۆ کوردستان و بۆ پارتی، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید فەتاح ئاغا و شەهید عەبدوڵڵا و شەهید ڕزگاری برایان، هەر سێ برای شەهیدی پارتی. ڕێبازە پیرۆزەکەی پارتی و بارزانی بەوەوە جوانە، کە ڕێبازی شەهیدانە، ڕێبازی شەهید عەبدولسەلام بارزانییە، ڕێبازی هەشت هەزار بارزانی، کە بەدەست داگیرکەرانی کوردستان شەهید کران. ڕێبازی هەزاران شەهیدی قارەمانە، ڕێبازی سێ ئەستێرەی برا و سەرکردە و فەرماندە و قارەمانی بنەماڵەی شەهید فەتاح ئاغایە". [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |
ڕۆژی دەرچوون: 21-12-2021

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-12-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
فەتاح محەمەد ئەمین	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی ماڵیەڕی 21-12-2021 -basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 474

شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لە دڵی میللەتا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە

20250706193733644362=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



برایەتی

ژمارە (3019) ٢٠٠٠/٩/٣١ ی

شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لە دڵی میللەتا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە

دڵزار هەیدەرقادر

وێنەی شەهید ئیدریس بارزانی کە لە ساڵی ١٩٨٧ز گیراوە

گۆستی ئاوەدانی

ئاهەنگێرانی ئاشبوونەوەی کورد

ئەندکارو خوو و جەستەکانی

ژیانی سیاسی ئەو جوامێرە

سەرکردەی جوانەمەرگ و مەڕۆکی گەلەکەمان

ناونیشانی بابەت: شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لە دڵی میللەتا هەر بە زیندووێی دەمێنێتەوە
ناوی نووسەر: دژوار عەبدولقادر [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لە دڵی میللەتا هەر بە زیندووێی دەمێنێتەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2000-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2000-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
شەهید ئیدریس بارزانی ، کێوێک بووە لە وڕە ، لە نەبەزین ، سەرجاوەی ئومید بۆ ئایندەی گەش ، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | idrisbarzani.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 475
شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای عێراق 05-12-1966
20181017134142158570=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بیرەوەرییەکانی مستەفا چاوڕەش

شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای ئێراق
سەرکردایەتیی سەربازیی ئەو کاتە نەخشەی بۆ دانرا. ئەو کاتە من ڕابەری سیاسیی پەلەکەی خۆمان بووم. سەرکردایەتیی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی لە دەرگەڵە بوون. وەک لەبیرم بێت، ئەم کەسانە بوون: مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی، ئەبووحیکمەت، عادل سەلیم و هەندێک کەسی تریش. مامۆستا بەهادین نووری و مامۆستا کەریم ئەحمەد لەوێ بوون. هێزەکانی پێشمەرگەش فاخر حەمەدئاغای مێرگەسووری و ڕەئیس کەمال نەعمان کە ئەفسەرێکی عەرەب بوو، منیر عەسکەر مامۆستا بوو و خەڵکی عەینکاوە بوو، ملازم خدر لەسەر تۆپەکان بوو، ئێستاش هەر ماوە و لە هەولێرە. ئەفسەرەکان ملازم عەبدوڵڕەحمان و ملازم ئیحسان بوون. ڕەنگە ناوی تریشم لەبیر چووبێ. لەگەڵ ئەم هێزەی ئێمەش بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای. بەڕاستی ئەوەی بیرم بێت، لەسەر شاخ و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەم هێزانەم بینی. ئێمە لەسەری هەندرێن بووین، لەبەر سەرما چووبووینە ئەشکەوتێک پێیان دەوت ئەشکەوتی گامۆر، دووکەڵی ئاگر خەریک بوو کوێری دەکردین. سەرما و باران تاکوو ڕۆژی 05-12-1966 بەردەوام بوو. لە بەرنامەی هێرشکردنەکەدا دەستەدەستە جیا کراینەوە بۆ هێرش بۆ سەر سوپاکەی ئێراق. لەلای خۆمانەوە بە تۆپی 81 ملم و 82 ملم بە سەرپەرشتیی ملازم خدر کەمال نەعمان لە دوای نیوەڕۆوە دەست کرا بە تۆپبارانی سەنگەرەکانی سوپای ئێراق. لە کۆسپی سپی لەولای بەرزێوەوە تۆپخانە هەبوو، لەسەر جادەی هاملتۆن لە پێچەکەی کە لادەداتەوە بەرەو بەرسرین، چەند تۆپێکی 125 ملمی لێبوو. ئامرهێزی باڵەک عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری و ڕەوانشاد فرەنسۆ هەریری لەوێ بوون، هەروەها ئیدارەی هێزی باڵەک عەبدولڕەزاق بێتووشیی خەڵکی کۆیە بوو. بەو حسابەی شەڕەکە لە سنووری هێزی باڵەکدایە بە سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕەوانشاد کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی، ئەوانیش دوور و نزیک سەرپەرشتیی هێزەکانیان دەکرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرش دژی حیزبی

شیوعی هەندێک پڕوپاگەندەیان بڵاو کردەوە. شیوعییە کان هەندرێنیان فرۆشت و خیانەتیان کرد، ئەمە ڕۆژانی پێش هێرشی ئێمە تاکوو 5/12 بوو، چەند ڕۆژێ ئەم قسانە کرا، بەڵام ئێوارەی هێرشی ئێمە هەموو ئەو پڕوپاگەندانە بەتاڵ بوونەوە و قسەی ناحەزان پوچەڵ کرایەوە.

دەوری کاتژمێر 3:30ی پاشنیوەڕۆ هێرشی ئێمە دەستی پێ کرد. هەر هێزەش جێگەی بۆ دەستنیشان کرابوو. من خۆم بۆ دەستەی هێرشبردن نووسی و شەڕ دەستی پێ کرد. هەر لە یەکەم هێرشمان بۆ سەر سەنگەرەکانی سوپا سەرکەوتوو بووین، چونکە ئەو هاوەنانەی کە هەمان بوو، پێش هێرشەکە بە سەرپەرشتیی ڕەئیس کەمال نەعمان و ملازم خدر جێگەکانی خۆیان زۆر باش پێکا. کاک فاخر مێرگەسووری و هەموو پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکانی دەرگەڵەییەکان بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای دەورێکی یەکجار مەردانەیان نواند. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو هێزە گەورەیەی لیوای چوار شکا و هەڵاتنی سەربازەکان دەستی پێ کرد. ڕەبیە بە ڕەبیە دەگیرا و ئێمەش دەچووینە پێشەوە، بە دواوەیان بووین. من خۆم لە ناوەڕاستی شاخی هەندرێن لە هێرشبردندا بریندار بووم، گوللەیەک بەر سەرم لای گوێچکەم کەوت، ئیتر کەوتم و خوێن لە لووت و دەموچاوم دەهات. ئێستاش ئەو گوێچکەیەم هیچی پێنابیستم؛ لە جێگەیەکی تردا دێمەوە سەر ئەم باسە. سەفەری بەغدا و ئێران کرد و عەمەلیاتم کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەمەش خۆی چیرۆکێکە لە ژیانی مرۆڤدا.

لە و شەڕ و هێرشە مەردانەیەدا سێ کەسمان لێ شەهید بوو 1-عەریف یونس کە سەرلق بوو، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو. 2-سالح مام ئەلیاس، خەڵکی ڕواندز بوو، باوکیشی هەر پێشمەرگەیەکی ئازا بوو. لەگەڵ عەریف یونس سەرپەل بوو. 3 خدری عەبدوڵلا بەگی دەرگەڵەیی کە لەگەڵ هێزەکەی کاک عیزەت و دەرگەڵەییەکاندا بوو.

ئەوەندەی لەبیرم بێت ئەم کەسانەش بریندار بوون: 1-مستەفا چاوڕەش. 2-ڕەئوف ئەڵلاکەرەمی هەڵەبجەیی 3-حەسەن خەڵکی سلێمانی بوو، تۆزێک ئەشەلی 4-عومەر قەرەچەتانی 5-ئیسماعیل نەسروڵلا 6-زراری سلێمان بەگ 7-سەعید خەڵکی ڕەواندز بوو. من لە تەنیشت شەهید سالح مام ئەلیاسەوە بریندار بووم. ئیتر ئیمان و بڕوامان ئەوەندە بەهێز بوو بە حیزب و چینی کرێکار، لەو کاتەی خوێن لە دەموچاوم و سەرم دەهات، وامدەزانی ئەمرم، چونکی گوللە لە سەری ئینسان بدات و نەزیف هەبێت، ئەگەری مانەوەی لە ژیاندا کەمە. هوتافم دەکێشا بە ژیانی حیزبی شیوعی و چینی کرێکار. کورێکی هاورێم لەگەڵمان بوو و ناوی بەکرەڕەش بوو، خەڵکی کەرکووک بوو، لەو کاتەی من هاوارم دەکرد بژی حیزب و چینی کرێکار، وتی هەتیو فڵقەفڵقی چیتە؟ کەی کاتی ئەوەیە؟ تۆ خەریکی دەمریت. ئیتر ئاگام لە شەڕەکە نەما. دنیاش بەرەو تاریکی دەڕوات.

شاخی هەندرێن زۆر گەورە بوو. لەو شوێنەی بەجێیان هێشتبوو، چادرێکمان بینی، وتیان ئەم چادرە هیی ئامرلیواکەیە و ڕای کرد و وە، لەوە دەچوو وابێت، لە هیی سەرباز نەدەچوو. هەموو پێویستییەکی تێدا بوو، بۆ نموونە لێفەی تێدا بوو بە بەرگەوە، کە لە سەربازی هەر بەتانی هەیە. من بە لێفەکەی ئامرلیواکە دایانپۆشیم، کە گەورە بوو و دوو کەسی بوو. ئەو شەوە بەبێ دەرمانکردن مامەوە، بەڵام هاورێکانم برینەکەیان توند بۆ بەستم بۆ ئەوەی خوێنی زیاترم لێ نەڕوات. ڕێگەش ئەوەندە دوور بوو، هیی ئەوە نەبوو بە کۆڵ هەڵمگرن. بەو شەوە هەر نەدەکرا. بەیانی تۆزێک بە کۆڵ هەڵیانگرتم و وڵاخیان بۆ پەیدا کردم، سواریان کردم بۆ خوارەوە بۆ بارەگاکانی پشتەوە لەسەر جادەی هاملتۆن. لەوێشەوە سواری ئۆتۆمۆبێلیان کردم بۆ خەستەخانەی شۆڕش لە ناوپردان، کە خانویەکی گڵ بوو و دوو ژوور بوو، نزیک جادەکە بوو لەمبەرەوە. دکتۆرێکی عەرەبی لێبوو و بە ناوی دکتۆر حەسەن، لێپرسراوی خەستەخانەکە بوو، خۆشی شیوعی بوو. ئەنجا بێمەوە سەر دۆخی تەندروستیی خۆم. لەبەر ئەوەی خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتبوو، چووبووە ناو گوێچکەمەوە و خوێنەکە وشک بووبووەوە. تا گەیشتمە ناوپردان، بیست و چوار کاتژمێری خایاند. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو دەمم

نەدەکرایەوە؛ دیار بوو گوللەکەی کە بەرم کەوتووە، دەماری مفسەلی لای گوێچکەمی گرتووە، ئەمەش شتێکی زۆر زەحمەت بوو. بێجگە لە ئازار و بریندارى ئەمەشى هاتە سەر. دەمم نەدەکرایەوە خواردنی پێبخۆم، لە کاتی قسەکردندا دەمم دەیگرت، پسکیتم دەکردە چاوە و بە پەنجە ئەمخستە دەممەوە، پاش دوو ڕۆژ لە خەستەخانەی شۆڕش لە ناوپردان تۆزێک کرایەوە.

هەر لەو ماوەیەدا بە حوکمی گەورەیی شەڕی هەندرێن شۆڕش و حکومەت سووکە گفتوگۆیەکیان کرد بە ناوی ڕێککەوتنی حوزەیران. گفتوگۆکەش لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیر کرا. شەڕی هەندرێن وای کرد حکومەتی بەزاز بکەوێتە گفتوگۆ.

داستانی شەڕی هەندرێن
شەڕە گەورەکەی هەندرێن بووە داستانێکی بێوێنە لە ژیانی شۆڕشی ئەیلوولدا و دەیان هۆنراوە و پەخشانی بەسەردا هەڵدرا. بەڕاستیش هەق خۆیەتی، لەبەر ئەوەی گۆڕانێکی بەرچاوی هێنایە کایەوە. لەو شەڕەدا دەیان پارچە چەکی قورس گیران لە تۆپ و جۆرەکانی جیهازی زۆر پێویست، کە بۆ کاری سەربازی بەکار دەهێنرێ. بێجگە لە سەدان پارچە چەکی سووک و کۆژرانی سەربازێکی زۆر لە مەیدانی شەڕەکەدا. لەبەر ئەوەی من لەوێ نەبووم و لە خەستەخانە بووم، لە هەموو جێگەیەکەوە لە سنووری باڵەکایەتی و ڕواندز خەڵکی دەچوون بۆ تەماشاکردنی شاخی هەندرێن. هەندێک کەسیش چووبوون شتە بەجێماوەکان ببەن بۆ خۆیان. خەڵکی دێهاتەکانیش هەق خۆیان بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
59 ساڵ بەسەر داستانی مەزنی هەندرێن بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر تێدەپەڕێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
داستانی هەندرێن.. ئەو شەڕەی پێشمەرگە غرووری سەرکردایەتی و سوپای ڕژێمی ئێراقی تێدا شکاند	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
دەربارەی شەڕی هەندرێن 1966	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادی 53 ساڵەی داستانی هندرێن کرایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یادەوەرییەکان؛ مستەفا چاوڕەش

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-17

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: کورتەباس
بابەت: 476
عیرفانی قانع فەر بۆ لڤین دەدوێت
20250715132331646179=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
بیلال محەمەد- تاران

بەشی دووەمی پەرتووکی (دوای 60 ساڵ ژیان و یاداشتەکانی مام جەلال تاڵەبانی) لە ئامادەکردنی عیرفانی قانع فەرد لەژێر چاپدایە و سەدان دۆکیۆمێنت و دیداری بەڕێسانی مێژوویی و سیاسی تێدایە.
دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمی پەرتووکەکەیدا (ساڵی 2009 بە یەکەم بەیان لە پێشانگای تاران پێشکەش کرا) بە خستنە ڕووی کۆمەڵێک دۆکیۆمێنت و هەڵدانەوەی بەشێکی مێژووی سیاسی کورد (لە ساڵەکانی 1930 تا 1966) و بەتایبەت بارزانییەکان، سەرکردایەتی پارتی تورە کرد و لە ئێستادا و بە فۆرم و ناوەرۆکی نوێ و جیاواز لە بەشی یەکەم، بەڵگەکان بڵاو دەکرێتەوە بە وتەی ئامادەکاری پەرتووکەکە هۆکاری مادی، چاپی پەرتووکەکە و وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی دواخستوە.
قانعی فەرد بە لڤینی ڕاگەیاند بەشی دووەمی پەرتووکەکە لە ساڵانی 1967 ەوە میێژوو دەخاتە ڕوو، ئەو دەمەی ئیدریس بارزانی هەوڵی کوشتنی مام جەلالی دا و دواجار جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بەرەو بەغدا هەڵهاتن و لەوێ یارمەتیی حکومەتیاندا بۆ بوژانەوەی کوردستان و دواتر تاڵەبانی لەگەڵ برایم ئەحمەد دێنەوە بۆ کوردستان و لە پەرتووکەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لە بەغدا بوون شەڕیان دژی پێشمەرگەکانی پارتی دەکرد و بەشێکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هەڵهاتنەکەی ئەو دوو سەرکردەیە ئیجابیاتەکەی ئەوەبوو دواجار زانکۆی سلێمانی-یان کردەوە.
قانعی فەرد ئەوەش دەخاتە ڕوو لە بەشی دووەمدا پشتی بە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمەی CIA و حکومەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و ساواکی ئێرانی بەستوە و لە بەشێکی بەڵگەکانیشدا هاتووە گەورە ڕاوێژکاری ئەمریکا هینری کیسجەر ساڵی 1975 بڕی 16 تا 60 ملیۆن دۆلاری لە بانکی سویس داوە بە مەلا مستەفای بارزانی و هەر لەو دەمەدا ڕێکخراوی ساواکی ئێران بەشێکی زۆری پارەی خسووەتە ئەو حیساب بانکییەوە و لەو بڕە پارەیەش هیچی بۆ خەباتی کورد خەرجنەکراوە و حسابەکەش لە (ئوتریش-نەمسا) بەناوی بارزانییەوە هەیە و کاتێکیش لە بەشی یەکەمی پەرتووکەکەدا سەردانی بارزانیم کرد و باسی ئەوەم کرد گفتوگۆم لەگەڵ کیسنجەر کردووە، بارزانی پێی وتم لەگەڵ دەریایەکی پیس و گڵاو گفتوگۆت کردووە!
قۆناغێکی دیکەی بەڵگەنامەکان باس لە ئازاری 1970 دەکات ، ئەو دەمەی بارزانی دەیەوێت دژی حکومەتی بەعس شەر بکات لەمەدا ساواک لە بودجەی تایبەتیی سەرۆک وەزیران، مستەفا بارزانی لە ڕێی (هەژار) ناوێکەوە و لە ڕێگەی بانکێوزخانەی میسر لە ئێران ئەو یارمەتییە لە ساواک وەردەگرن و لە کۆتایی شەرەفنامەی بەدلیسیش کە لە ساڵی 1981 لە تاران چاپ کرا باس لەم بابەتە کراوە و ئەوەش خراوەتە ڕوو مام جەلال بۆ دڵداری لەگەڵ هێرۆ، کورد و کوردستانی فرۆشتووە.
بەشی یەکەمی ئەم پەرتووکە بیرەوەرییەکانی تاڵەبانییە، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەشی پارتی نیگەرانی پیشاندا و دواتریش تاڵەبانی لە ڕێگەی کۆنفرانسێکەوە بێئاگایی خۆی نیشاندا ، بەڵام لە باسکردنی بەشی دووەمی ئەم پەرتووکە، قانعی فەرد ئەوە ئاشکرا دەکات تاڵەبانی بڕی 50هەزار دۆلاری تەنیا بۆ وەرگێڕانی پەرتووکەکە تەرخان کردووە، بەڵام لەلایەن سەرکردەیەکی یەکێتی دەست بەسەر پارەکەدا دەگیرێت و تێزی دکتۆراکەشی پێشکەشی تاڵەبانی و دکتۆر کەمال فوئاد کردووە بەپێی وتەی خۆی 130 هەزار دۆلاری لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا و 60 هەزار دۆلار لە یەکێک لە بانکەکانی ئێران، بۆ تەواوکردنی پەرتووکەکەی قەرز کردووە.
بە وتەی قانعی فەرد بەشێکی گرنگ لەم بەشەی پەرتووکەکەیدا خستنەڕووی کۆمەڵێک کاسێتی دەنگی

تۆمارکراوی مەلا مستەفا بارزانییە کە بۆ یەکەمجارە بڵاو دەکرێنەوە و ژمارەیان 12 کاسێتە و لە هەندێک لەو تۆمارە دەنگیانەدا مستەفا بارزانی دەڵێت ئینگلیزیمان تاقیکردەوە بەڵام ئینگلیز لەگەڵمان درۆی کرد و هەروەها مەلا مستەفا لە وەسفی قازی محەمەد بەدەنگی خۆی دەڵێت قازی محەمەد پیاوێکی خوێڕی و ترسنۆکە و لەبەشێکی دیکەی تۆمارە دەنگیەکاندا بارزانی بە ئیسرائیلییەکانی وتوە موخلیستر لە من و بنەماڵەی من بۆ ئێوە لە داهاتوودا نییە لە کوردەواریدا و جنێو بە مام جەلال و بنەماڵەی برایم ئەحمەد دەدات و ئامۆژگاری ئیسرائیلییەکانیشی کردووە کە هەرگیز پشت بەوانە نەبەستن و لە وەسفی شای ئێرانیش دەڵێت شای ئێران باوکی ئێمەیە و لە ساڵی 1968 مەلا مستەفا لەگەڵ (جەنراڵ نعمت الله نصیری) قسە دەکات کە ئەوکات سەرۆکی ساواک بوو، هەر ئەو دەم ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە بارزانی دەپرسێت چیت بە کابرای ساواک وت؟ بارزانی لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکەدا دەڵێ بە نصیرم وت ئەو وەعدەی کە ئێوە لە منتان نەویست خۆم بەجێم هێنا!، ئەویش مەبەستی کوشتنی جەماعەتی دیموکراتی ئێران و شورشگێران بوو لە ساڵی 1968 ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو ساواک داوای کوشتنی ئەوانەشی نەکردبوو.
کێشەی نێوان بارزانی و قازی محەمەد پانتاییەکی پەرتووکەکەیە و عیسی پژمان لە پەرتووکەکەیدا و لە لاپەڕە 538-563 باس لەوگفتوگۆیە کراوە لەگەڵ تیمسال فەزلوللا هومایۆنی و تێیدا هاتووە لە 5ی ئۆکتۆبەری 1984 لە لەندەن تۆمارکراوە و ئێستا لە زانکۆی هارڤاردە و لەوێدا باس لەوە کراوە چۆن بارزانی و جەماعەتەکەی تەقە لە قازی محەمەد دەکات و هاوکات پەرتووکی (سیاسەت کرد در خاورمیانە) لاپەڕە 334-374 ئەوە خراوەتە ڕوو چۆن وادی جویدە باسی ئەوەی کردووە بارزانی تەداخولی لە کاری قازی محەمەد کردوە و لە بەرانبەریشدا قازی محەمەد لای ڕووسەکان دەڵێ ت: ئەوکابرایە پیاوی ئینگلیزە و برایم ئەحمەدیش لە توتوێژێکدا ئەوەی خستووەتە ڕوو قازی محەمەد بارزانییەکانی بۆ شوێنێکی تایبەت گواستۆتەوە بە بیانوی ئەوەی پیاوی ئینگلیزن.
بەشی دووەمی پەرتووکی (دوای 60 ساڵ ، ژیان و یاداشتەکانی جەلال تاڵەبانی) ئەوەخراوەتە ڕوو ساڵی 1968 ژمارەیەک ئەفسەری هەواڵگری ئیسرائیل دێنە ئێران و داوا لە ساواک دەکەن دەیانەوێ ت سەردانی کوردستانی ئێراق بکەن و دواتر دەچنە کوردستان و دەزگای پاراستن دروست دەکەن بۆ ئەوەی کاری هەواڵگری لە دژی دەستەڵاتی ئەوکاتەی ئێراق ئەنجام بدەن و بەپێی بەڵگەکان لە کاتی گەڕانەوەی ئەو شاندەی مۆساد و بەپێی وتەی جەنراڵ موجتەبی پاشایی و عەلی ئەکبەری فەرازیان و حەسەن عەلەوی کیا و عیسا پژمان هەریەک لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لەگەڵ شاندەکەی مۆساد دەڕۆن بۆ ئیسرائیل و لەوێ تا ساڵی 1971 دوو جار بەشداری لە خولی هەواڵگری مۆساد و فێربوونی سیخوری دەکەن و بۆ ئەمەش چالاکوانێک بەناوی (سەنار مامەندی)کە کوردی ڕۆژهەڵاتە پەرتووکێکی نووسیوە (خاطرات و دردها) ئەوە دەخاتە ڕوو من بەبریندارى خرابوومەوە زیندانەوە و کەسێک لەناو زیندانەکەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرم کە مەسعود بارزانی بوو!.
پەیوەندی نێوان بارزانی و شای ئێران بە جۆرێک دەبێت لە بەرانبەر نزیک بوونەوەی زیاتری بارزانی لە شا، لەسەر حسابی تایبەتیی ساواک خانویەکی گەورە لە عەزیمیەی کەرەج بە بڕی 800 هەزار تومەنی ئەوکاتە بۆ بارزانی دەکڕدرێت و لە دواتر لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا دەڵێت قەدەری خوا وای لێ کردین و ئیتر ئەرک و فەرمانی من کۆتایی پێهات و من سەرکردەی کورد نیم و پاشان ڕاگەیاندنی یەکێتی بەسەردا هات. بەڵگەنامەکانی نێو ئەم پەرتووکە ئەوە ئاشکرا دەکەن لە ساڵی 1978 بارزانی سەردانی ئەمریکا دەکات و لەسەر پێشنیاری شای ئێران نوێنەری ساواک بەناوی ج. الف، لەگەڵ بارزانی دەبێت و شەوان مەسعود و ئیدریس دوور لە مستەفای باوکیان لە ئوتێل ژیانیان بەسەر دەبرد و بە نوێنەرەکەی ساواک دەیانوت باوکمان خەڵەفاوە و لە خۆیەوە قسە دەکات و تاقەتی دانیشتنمان لەگەڵیدا نییە و ئەمەش بۆ یەکەمجار ئەم مەسەلەیە ئاشکرا دەبێت !.
قانعی فەرد کە ئێتسا تەمەنی 36 ساڵە خوێندکاری دکتۆرایە لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا و تێزی دکتۆراکەشی کارکردنە لەسەر مێژووی کورد و دەڵێت بەڵگەکان هێندە زۆرن ناتوانرێت لە شیکردنەوەیەکی کورتدا باسیان

بکات هێندە نەبێت درێژە بەشێکردنەوەی ئەو سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا دەدات و دەڵێ ئەو کات هەندێ شاری ئێران خۆپیشاندانی تێدا ڕووبدابوو، بارزانی لە ئوتێلی وێستود لە ویلایەتی فلۆریدا داوا لە نوێنەرەکەی ساواک دەکات کە دەیەوێت وەک سەربازێکی شا بگەڕێتەوە بۆ ئێران و دەم کوتی ئەوانە بکات کە خۆپیشاندان دژی دەستەڵاتی شا دەکەن و بەنیازی ئینقیلابن، هێندەی پێناچێت شای ئێران هەڵدێت و بارزانیش چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست ساز دەکات و بای دەداتەوە بەلایەکی دیکەدا و دەڵێت (شای ئێران کوردی فرۆشت!).
بەپێی بەڵگەنامەکان کە ژمارەیەکیان لای لقین پارێزراون و لەم پەرتووکەدا خراوەتەڕوو ڕاستەوخۆ دوای ئینقیلاب 1979، مەسعود و ئیدریسی برای دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و سەردانی خامنەیی و چەمران و ڕەفەسەرنجانی و بازرگان دەکەن و ئامادەیی هەموو هاوکاریەکیان بۆ نیشان دەدەن و هەر لەو ڕۆژانەدا قاسملو لە ڕۆژنامەی کەیهانی ئێرانیدا ڕەخنەیان لێ دەگرێت و پێیان دەڵێت باشە ئێوە بۆ وا دەکەن؟ و کرێس کۆچێراش هەمان بابەتی نووسیوەتەوە و تەنانەت لە دوای وەفاتی مستەفا بارزانی و لە هەڵبژاردنەکەی مارسی 1979 لە کەرەج بارزانی داوا دەکات دەمانەوێت بەشداری هەڵبژاردن بکەین و دەنگ بە جمهوری ئیسلامی بدەین و تەنانەت دەیکەن بە شەڕە تەقە.
هەندێک لە بەڵگەنامەکانی پەرتووکەکەی قانعی فەرد خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی ساڵی نەوەدەکانە و لە ساڵی 1991 سەردار مەسجیدی بەرپرسی سوپای قودس دەستی بارزانی دەگرێت و دەیهێنێتەوە بۆ کوردستان و پێی دەڵێ دونیا گۆڕاوە و لەو کاتەشەوە تۆڕی پەیوەندی نێوان پارتی و حیزبی بەعس دەستی پێ کرد تا ساڵی 2003 و ڕووخانی ڕژێمی سەدام.
لقین سەبارەت بە هاوکاری ئێران و پێدانی ئەو بەڵگە نامانە بە ئامادەکاری پەرتووکەکە پرسیاری کرد و ئەویش وتی بەڵگەکانی سەردەمی شا هەموو کەس دەتوانێ بیانبینێت و لە زۆرینەی زانکۆکان هەیە و لە دوای ئینقیلاب هەوڵمداوە بزانم ئیتلاعات لە ماوەی ئەم 35 ساڵە لەسەر کوردەکان چی هەیە، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئێران، پێیان وتوم ئەوانە بەڵگەنامەی حکومەتن و مایەی بڵاوکردنەوە نین و لە وەڵامی ئەوەشدا ئیجابیاتی خستنەڕووی ئەو نهێنیانە لە ئێستادا چییە؟ قانعی فەرد دەڵێت هەشت سەد کەسایەتی سیاسی گەورەی جیهان لەسەر مێژووی کورد قسە دەکەن و یەکێکی وەک جاک شیراک باس لە کیمیابارانی کورد دەکات و خانمی ئەمریکی ئەپڵ باڵیۆرزی ئەمریکا لە ئێراق نێوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەزگای هەواڵگری ئێراق قسە دەکات ئەوانە خزمەتی ڕاستکردنەوەی مێژوو دەکەن و وەڵامی ئەو پرسیارە دەدۆزیتەوە بۆ ئێمە وامان لێهاتوە و بەم ڕۆژە گەیشتوین!
لایەنێکی دیکەی بەشی دووەمی پەرتووکە مێژوویەکە گفتوگۆیە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی جەلال تاڵەبانی و لەناو پارتیشدا جەوهەر نامیق سالم و شێخ ئەدهەم بارزانی و محەمەدی مەلا قادر قسەیان کردووە و هەروەها دیدار و گفتوگۆی کلینتۆن و کەیسنجەر و جاک شیراک و برۆینسکی و ڕەفەسەرنجانی و شیمۆن پێرێز و سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئێراق تێدایە و دیوە شاراوەکانی سیاسەتی کوردی خستووەتە ڕوو، کۆتایی پەرتووکەکەش باس لە ساڵی 2005 دەکات ئەو دەمەی تاڵەبانی خەریکی سوێندی سەرۆکایەتییە، سەدام حسێن لە زیندانەوە جل دەشۆڕێت و کۆندالیزا ڕایس لە فڕۆکەخانەوە دەیەوێت ئێراق بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەجێبهێڵێت و نامەکەی مەسعود بارزانی دەخوێنێتەوە کە ئێمە حەزمان لەوە نییە مام جەلال ببێت بە سەرکۆمار. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | jalaltalebani.blogfa.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 477
فازڵ بەشارەتی: ئیدریس بارزانی ئومێدی بۆ شۆڕشگێڕانی عێراق و کوردستانی دەگەڕاندەوە
20250713164943645545=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
عەزیز ڕەسوڵ

ئەمڕۆ سااڵڕۆژی کۆچی دوایی سەرکردەی کورد و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئیدریس بارزانییە کە سەرکردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیپلۆماسی و ڕۆشنبیریی کورد بووە، هاوڕێ خەباتگێڕەکانی باس لە ئاشتیخوازیی ئیدریس بارزانی بۆ ناومااڵی کوردی و سەرسەختی لە بەرانبەر دوژمندا دەکەن.
فازیل بەشارەتی، پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕشی گوڵان و کەسێکی نزیک لە ئیدریس بارزانی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەفاتی کاک ئیدریس کەلێنێکی گەورەی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بەگشتی دروستکرد، کاک ئیدریس پیاوێکی هەڵکەوتەی خەباتی مەیدانیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو.
فازڵ بەشارەتی دەڵێت: لەگەڵ دەستپێکردنەوەیشۆڕشی گوڵان دەتوانین بڵێین کاک ئیدریس زمانی دیپلۆماسییەتی کورد بوو، چرای ڕووناکی هەموو ماڵێکی لێقەوماوی ئاوارە بوو لە ئێران و هەندەران لەسەر شۆڕش و پارتی، پشتیوانی هەموو پێشمەرگە بوو، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا و ئەمەلی بۆ شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانی ئێراق و کوردستان گێڕایەوە، ڕۆڵی کاک ئیدریس دەبێت بە ئاوی زێڕ لە الپەڕەکانی مێژوودا بنووسرێتەوە.
بەشارەتی دەڵێت: دەبێت لە ڕۆڵی کاک ئیدریس تێ بگەین، ڕۆڵی هەڵسانەوەی شۆڕش و دروستبوونەوەی پێشمەرگە و ئاوەدانکردنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو لە شۆڕشی گوڵان.
بەشارەتی باس لە دیدارێکی خۆی و ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1982 لەپاش وەرگرتنی پلەی ئامرکەرتی لەسەر فەرمان و بڕیاری جەنابی کاک ئیدریس بارزانی چوومە خزمەتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان، لە وتەیەکدا، بە سێ خاڵ ئامۆژگاریی کردین کە ئەمانە بوون، داواتان لێ دەکەم وەکوو تەمەنی خۆتان بیر لە پارتی و کوردایەتی نەکەنەوە، وەکوو گەورەیی پارتی و زەروورياتی کورد بیر لە کوردایەتی بکەنەوە و، داوای لێ کردین هەتا پێتان دەکرێت خۆتان لە شەڕی کوردکوشتن بپارێزن.
گوتیشی: کاک ئیدریس پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمر بوو، لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ژیابوو، بەردەوام لەناو خەڵکدا بوو، زۆر بەباشی لە مەناعاتی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو و پێشمەرگە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تێ گەیشتبوو، بۆیە کاک ئیدریس دەیتوانی سارێژکەری هەموو بریندە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی بێت، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دەسپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵاندا.
زیاتر گوتی: هەموو نەیارەکانی کورد تێ گەیشتبوون کە ناتوانن فێڵ لە کاک ئیدریس بکەن، چونکە پیاوێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو، زۆرباش دەیتوانی خوێندنەوە لەسەر نییەتی هەموو ئەو سەرکردە کوردی و غەیرە کوردیانە بکات، یەکێک لە ڕۆڵەکانی کاک ئیدریس و سەرکەوتنی بوون، تێگەیشتنی بوو لە بەرانبەرەکانی خۆی لەو ڕوانگەوە دەیتوانی ببێتە پێشەنگییەکی سەرکەوتوو لەناو پڕۆسەی سیاسیی سەردەمی شاخ و خەباتی سیاسیی کورد سەختترین خەبات بووە، سەختترین ژیانی هەبوو لەناو ژیانی هەموو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕدا.
دەربارەی پەیوەندیی دیپلۆماسیی ئیدریس بارزانی، بەشارەتی گوتی: پێشبینییەکانی کاک ئیدریس ئومێدی بە بەرانبەرەکەی دەدا و نموونە بەوە دەهێنێتەوە، پێش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ئیدریس بارزانی لە پاریس سەردانی ئیمام خومەینی دەکات و گفتوگۆی پاش دەسەاڵتی شای لەگەڵ دەکات، بەرنامەی ژیانێکی نوێی شۆڕشگێڕی لە کوردستانی باشوور دەکات، دیپلۆماسییەتی کاک ئیدریس لە ئاستێکدا بوو لەبری ئەوەی

کاک ئیدریس داوای دیدار و چاوپێکەوتنی سەرکردە باڵاکانی دنیا بکات، زۆربەی سەرکردەکانی وڵاتانی دنیا پێشنیاری دیداریان لەگەڵ کاک ئیدریس دەکرد، زەروورياتی کورد زۆر مابوو بە کاک ئیدریس و کۆچی دوایی کاک ئیدریس ئاسایی نەبوو، کاتی ئەو کۆچە نەبوو، بەڵام رێبوارانی رێگای کاک ئیدریس کە پەروەردەی دەستی ئەون توانییان ئیدامە بە رێگاکەی بدەن و کورد گەیشتووەتە ئەم دۆخە کە کیانێکی هەیە و دنیا پێشوازیی لێ دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.kdp.info
کاتی تۆمارکردن: 13-07-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 478
فێستیڤاڵێکی بەڵگەفیلم لە بەلجیکا بە فیلمێکی کوردی دەست پێ دەکات
20250730231032648978=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: فێستیڤاڵێکی بەڵگەفیلم لە بەلجیکا بە فیلمێکی کوردی دەست پێ دەکات

بەڵگەفیلمێکی سەهیم عومەر خەلیفە دەرهێنەری کورد، لەبارەی لەتیف ئەلعانی فۆتۆگرافەری ئێراق، وەک فیلمی دەستپێکی فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا هەڵبژێردراوە و لە بەشی فیلمە بەلجیکییەکانیش لە کێبڕکێدایە.
بەڵگەفیلمەکە بەناوی جوانیی شاراوەی ئێراقە، تێیدا باس لە لەتیف ئەلعانی و بەرهەمەکانی دەکات کە وێنەی زۆری لە باشووری کوردستان گرتووە، بە تایبەتیش سەرکردەکانی کورد، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی.
فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی دوکڤێلا بە گرنگترین فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمە لە بەلجیکا دەناسرێت و لە شاری لۆڤین لە 22 تا 30-03-2023 بەڕێوە دەچێت و یەکێک لەو فێستیڤاڵانەیە کە براوەی فیلمی لێژنەی دادوەری، دەچێتە لیستی درێژی بەریژیکراون بۆ خەڵاتی ئۆسکار.
باوکی هونەری فۆتۆگرافی ئێراق نازناوێکە خەڵک بە لەتیف ئەلعانیان داوە کە بە کامێراکەی ژیانی ڕۆژانەی لە ئێراق و باشووری کوردستان تۆمار کردووە. فیلمەکە لە 2020 لە بەغدا و چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان وێنەگیراوە و ساڵێک دوای وێنەگرتنی، ئەو فۆتۆگرافەرە کۆچی دوایی کردووە و بە گشتی بەرهەمهێنانی پێنج ساڵی خایاندووە.
لەم بەرهەمەدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە و وێستگە گرنگەکانی ژیانی و لە بەشێکیدا باس لە پەیوەندی لەگەڵ کورد و تێڕوانینی بۆ کوردستان کراوە.
لەم بەرهەمەدا لاس بێلگاس بەرهەمهێنەری سەرکییە و لە نووسین و دەرهێنانی فیلمەکەدا هاوکاری خەلیفە بووە، هەروەها سۆمەریان بۆ بەرهەمهێنانی دراما لە ئێراق و Faitesunvoeu لە فەرەنسا بەرهەمهێنەرینە، جگە لە کەناڵی ARTی فەرەنسی و 12 کەناڵی دیکە بەرهەمهێنەری هاوبەشی فیلمەکەن.

لەتیف ئەلعانی، لە 18-11-2021 لە تەمەنی 89 ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 21-01-2023

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 479

قادر برسی... ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی بارزانی زۆری خۆشدەویست

20250709131707644896=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: قادر برسی... ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی بارزانی زۆری خۆشدەویست

یەکێک لە شاعیرە میللی و ناسراوەکانی شاری سلێمانی (قادر محەمەد سەعید)ە، کە ناسراوە بە (قادر برسی). ئەو ناسناوە هەر خۆی بۆ خۆیی هەڵبژاردووە. کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانییە و دۆستێکی ئەدیبە ناسراوەکانی ئەم شارە بووە، خاوەنی چەندین هۆنراوەی نیشتمانییە و یەکێکە لەوانەی بە دەروێشی ڕێی کوردایەتی و بارزانی دەناسرا و چەندین هۆنراوەی بۆیان هۆنیوەتەوە.
لە ساڵانی پێش شۆڕشی 14ی تەموزی 1958، تامەزرۆ و خولیای بینینی بارزانی بووە، دوای ئەو شۆڕشە و تا ساڵانی دواتریش، چەند جارێک سەردانی بارزانیی کردووە، تەنانەت بارزانی جارێکیان خۆی بەدوایدا ناردووە و بینیویەتی. زیاتر لە چوار هۆنراوەی بۆ بارزانی هەیە و جارێکیان بارزانی بە نووسراوێک وەڵامی داوەتەوە و لە بەرانبەر ئەو هەست و سۆزە کوردپەروەرییەدا سوپاسی کردووە
قادر برسیی شاعیر، لە ساڵی 1934 لە گەڕەکە دێرینەکەی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی هەژار لەدایک بووە، لە بنەڕەتدا ماڵی باوکی خەڵکی ڕەباتن. قادر برسی لە تەمەنی منداڵیدا نەخرابووە بەر خوێندن، چونکە باوکی بە کار و پیشەی بەرگدروویەتی بەخێوی دەکردن، ئەمیش بۆ فێربوونی پیشەکەی، بووەتە شاگردی باوکی، بەڵام دواتر لە تەمەنی گەورەییدا چووەتە بەر خوێندن و لە هەردوو قوتابخانەی سەرەتایی شەواندا، کە قوتابخانەی (گۆیژە، فەیسەڵییە) بوون کە لە شوێنی بازاڕی عەسرێی ئێستا بوون، وەکوو سێ کوچکەیەک وابوون لەتەک نەخۆشخانەی ناوەڕاستی ئەوسا، کە دیواری هەرسێ لایان لە حەوشەی یەکتردا بوون.
لە ساڵی 1947 بۆ یەکەم جار لە دڵ و دەروون و ناخیدا هەستی بە بەهرەی هونەری هۆنراوە و شانۆ کردووە، هەر لەو ساڵانەدا توانیویەتی چیرۆکێکی شانۆیی بەرهەم بێنێ و لەتەک کۆرانی گەڕەکدا نماییشی بکەن، کە خۆی ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەری بووە، وەکوو لە بەرگی دووەمی (کەشکۆڵەکەی ئاغا)ی عومەری کەریم ئاغا باس کراوە. هۆنراوەیەکیشی لە (مەنەلۆج)ێکی هونەرمەندی ناسراو (حاجی مەکی عەبدوڵڵا)دا بەکار هاتووە.
هەروەها سەرۆکی تیپی وەرزشیی (برسی) بووە. لە ساڵی 1957دا ئەندامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بووە لە بواری گۆرانی و شانۆدا.
لەبارەی یەکەم بەرهەمی هۆنراوەییەوە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە سلێمانی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین) و لە هەولێرەش لە گۆڤاری (هەتاو)دا چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە. هەتا کۆچی دواییشی، لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەر بەردەوام بووە لە نووسینی هۆنراوە و بڵاوکردنەوەیاندا.
شاعیر دەڵێت: "لە قوتابخانە پچڕپچڕ و ناو بەناو هەندێکم خوێند. هەر ئەوەیش بووە هۆکارێ، کە بتوانم لە ساڵی (1967)دا بەشداریی تاقیکردنەوەکانی دەرەکی (خارجی) بکەم لەسەر شاری سلێمانی، لە شارۆچکەی (قەڵادزێ) بڕوانامەی شەشی سەرەتاییم لە خولی یەکەمدا بەدەست هێناوە، ئەوە بوو پێی بووم بە فەرمانبەر لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی و هەتا ساڵی 1996 بەردەوام بووم و پاشان خانەنشین بووم."
شاعیر چەند جارێک لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی دەستگیر کراوە. لە ساڵی 1956 نامیلکەیەکی هۆنراوەی بە ناونیشانی (پشیلە و بەنگکێش) بڵاوکراوەتەوە، نووسەر و چیرۆکنووسی کورد مامۆستا موحەڕەم محەمەد ئەمین پێشەکیی بۆ نووسیوە و هونەرمەندی گەورەی کورد جەمال بەختیار وێنەی بەرگەکەی کێشاوە. لە ساڵی 1950 و دواتر لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری وەک (هەتاو، بڕوا، نەورۆز، ژین، شەفەق، هاوکاری، ڕەنگین، گۆڤاری شارەوانی و نەورۆزنامە) هۆنراوەی بڵاو کردووەتەوە.
بەر لە کۆچی دواپی، لە وەڵامی پرسیارێکمدا، کە ئاڕاستەی ئەم شاعیرەم کردبوو، لەوێدا لێم پرسی، هۆنراوەیەکت هەیە بۆ (بارزانی) و کراوە بە سروود و لەلایەن هونەرمەندانەوە گوتراوەتەوە، تەنانەت لە ئاهەنگێکدا، کە سەددام حسێن ئاماد ەبووە، ئەو سروودە گوتراوە، ئەوە چۆن بوو؟
قادر برسیی شاعیر بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە و وتی: "لە ڕاستیدا چەند هۆنراوەیەکم بۆ بارزانی نووسیوە،

بەڵام ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، ئەوە ساڵێک دوای گەڕانەوەی بارزانی بوو، واتە لە ساڵی 1959 بە بۆنەی گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو، بە ناوی (سڵاو لە کورد) نووسیومە، ئەمە هۆنراوەکەیە:

سڵاو لە کورد لە کوردستان لە پڵنگەکەی چیای بارزان
ئەمڕۆ ڕۆژی ئازادییە سەربەخۆیە پارتییەکەمان
ئەو پارتییە بوو لە مەهاباد شای هێنابووە هاوار و داد
تێکۆشانی گەلەکەمان ئەو ڕۆژەمان دێنێتە یاد
یادی کوشتنی پێشەوا لە تاریکی نیوەشەوا
ئێمەی ڕاپەڕان لە خەوا تاکوو بمرین لە ڕێی ئەوا
بمرین لە ڕێی ئازادیا لە پێناوی سەربەستیا
باڵدارێکی سپی و جوانین لەناو ئاسمانی ئاشتیا
ڕابردوومان گەلێ جوانە هەمووی هەوڵ و تێکۆشانە
ئێستاش ئەوەی مەبەستمانە ڕزگاربوونی کوردستانە
کوردستانی داگیرکراو دابەشکراو بێ جێگە و ناو
تاکەی بیخۆن وەک گەزۆی خاوکاسە ئەڕژێت پڕبێ لە ئاو
ئەمرین بۆ کورد بۆ کوردستان لەسەر پەیڕەوەکەی ئەوان
بەبێ لادان بەبێ وەستان ڕاناوەستین لە تێکۆشان
لە تێکۆشانی یەکێتی شانبەشانی گەلی گێتی
بەردەوامە نەتەوەی کورد لەو پەیمانەی کە داویەتی
ئەو پەیمانەی دای بەزەعیم بە سەرکۆمار عەبدولکەریم
سەختتر و باڵاترە لەسەر لوتکەی چیای دەرسیم"

شاعیر وتی: "ئەم هۆنراوەیەم پێشکەش بە بارزانی کرد و لە ڕۆژنامەی (ژین)یشدا بڵاوم کردەوە. لە دواییشدا لەلایەن هونەرمەند (بەهادین کابان)، برا بچووکی هونەرمەند کەریم کابان، بە مەقامی سەبا گوتراوە و تۆمار کرا و بڵاو کرایەوە.

جارێکی دیکەیش هەر ئەو هەڵبەستە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا) لە هۆڵی (خولد) بە ئامادەبوونی (ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسێن) لە ئاهەنگەکەدا گوترا، لەلایەن ئاهەنگگێڕ (ڕەفیق چالاک)ی هونەرمەندەوە پێشکەش کرا، دیسانەوە لە یەکێک لە پەرتووکەکانی خوالێخۆشبوو غەفوور میرزا کەریم بڵاو کرایەوە، ئیتر ئەو هۆنراوەیە لەو ئاهەنگەدا گوترا، بۆ یەکەم جار و دواجار بوو. هۆنراوەیەکی دیکەم داناوە بەناوی (گەورەم) لە یەکێک لەو چەند پەرتووکەی بڵاو کرانەوە، بە بۆنەی یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر لە ساڵی 2003 دا، پەرتووکەکە ناوی (گوڵزار و وشە)یە لەتەک وێنەیەکی خۆم و سەرۆک بارزانیدا".
قادر برسیی شاعیر جگە لە بواری ئەدەبی، لە بواری هونەری نواندنیشدا بەشداریی هەبووە، هەروەها زۆر هۆنراوەی لەلایەن هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستانەوە کراون بە گۆرانی، وەک (حەمەی نێرگز، عوسمان عەلی، ئاوات چالاک، فەریقە کوێر، بەرهەم حەسەن) و.. هتد.

ڕووی پرسیارێکمان لە (مامۆستا ئەحمەد سەلام)ی شاعیر و چیرۆکنووس کرد، دەربارەی (قادر برسی) لە وەڵامدا پێی وتین:

"ڕاستییەکەی کاک قادر برسی لە لای هەرکەسێک کە ناسیبێتی کەسێکی خۆشەویست بوو. ئەو ساڵانەی لە هەولێر بووم، جارجارە دەهات و دەمبینی، ئەوەندەی ئەو دڵی بە من دەکرایەوە، من سەد ئەوەندە زیاتر دڵم بەو پیاوە دەکرایەوە، بەڕاستی پیاوێکی قسەخۆش و ڕۆح سووک بوو، مرۆڤێکی خاکی و دڵ و دەروون پاک بوو، گیانی کوردایەتی و خۆشەویستیی بۆ کورد و بۆ پێشمەرگە لەڕادەبەدەر بوو. من لە ساڵانی 1964دا لە ناوچەی (قەڵاسێوکە) ڕابەری سیاسیی لقی (حاجی شێخ قادری سۆتکەیی) بووم، ئەو سەردەمە پیاوێکی لاواز و بەژن و باڵا کەڵەگەت، تازە کرابوو بە بەرپرسی سەربازی لەو لقەی ئێمەدا دانرا، بەڵام بەداخەوە زۆر نەمایەوە، هەر دوو سێ مانگی نەبرد لە یەکێک لەو شەڕانەی لەو ناوچانەدا بەرپا بوو، ئەو پیاوە کە ناوی (جەلیل سووسەیی) بوو شەهید کرا. مەبەستم لەو سەردانانەی قادر برسی بۆ هەولێر، پرسیاری ئەو پیاوەی لێ کردم، دیار بوو کاک قادر بە باشی لە خەباتی ڕابردووی ئەو پیاوە شارەزا بوو، داخی گرانم بۆ ئەو پیاوە، تا ئێستایش شتێکی لەبارەوە لە هیچ شوێن و نووسینێکدا بەدی ناکەم.
دیارە پیاوە قارەمانەکانی ئێمە ئەمە پیشەیانە، بێ دەنگ دێنە ناو کۆڕی خەباتەوە و زۆر بە بێدەنگییش بەرەو پیری مەرگ دەچن. لە یەکێک لە مەنەلۆجە هۆنراوەییانەی کاک قادر، کە دەربارەی لاساییکردنەوەی ئەو سەردەمانەی گەنجانی سلێمانی گوتوویەتی، ئەم چەند دێڕەم لە خەیاڵە:

سمێڵ ئەتاشن لاجانگ چوارپەنجە
چۆن پێ نەکەنم بەم جۆرە گەنجە
کە بەیەک ئەگەن بۆ هەواڵپرسین
بە دوو دەنگ دەڵێن (هەلەو گودمۆرنین)
بۆ نالێی (ڕۆژباش) کە زمانی خۆتە
یاخوا ڕووت ڕەش بێ لای ئەو میللەتە
ئاوا لاسایی غەرب ئەکەیتەوە
گرەو لە ئەدیسۆن ئەبەیتەوە..

کەمال دۆلپەموویی، ڕۆژنامەنووس، سەبارەت بە قادر برسیی شاعیر دەڵێت: "کەڵەپیاوان لەناو گەلانی فرەنەتەوەییدا هەڵدەکەون و دەبنە چرای ڕووناک بۆ پیشاندانی ڕێگەی سەرفرازی، ئەوانە لە هەر بیروباوەڕێک بن، قەڵەمەکەیان خزمەت بە نیشتمانەکەیان دەکات و وەک پێشمەرگەیەک بەرگری لە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیان دەکەن.
لەناو گەلی کوردیشدا، لە کەڵەپیاوی وەک قادر برسی زۆرن، کە وەکوو پێشمەرگەیەک، لە سەنگەری (مان و نەمان)دا بەرگریی لە کورد و کوردستانەکەی کردووە و خامەکەشی هۆنینەوەی وشەی جوانی بۆ کوردایەتی چڕیوە، بۆ سەردەمێک، کە بارزانی پێشەوایی شۆڕشی ئەیلوولی 1961ی کردووە، ئەو وەک قارەمانێک پەیوەندیی بەو شۆڕشەوە کردووە و ڕۆڵی پێشمەرگایەتی و سیاسی بینیوە.
نامەوێت ژیاننامە و ئاستی خوێندن تۆمار بکەم، چونکە شاعیر بە ساڵ حیساب ناکرێ، بەڵکوو ڕادەی داهێنان و هێز و پێزی بەرهەمەکەی بۆ حیساب دەکرێت، کە دەیخاتە پاڵ سامانی ئەدەبیی نەتەوەکەی.
لە تەمەنی حەفدە ساڵیدا کانیاوی بەهرەی هۆنراوەوتنی تێدا دەرکەوتووە و لەناو هاوڕێ و کەسوکار و بنەماڵەکەیدا دەنگ و ڕەنگی تایبەتیی خۆی هەبووە، بەهۆی کێشەی ژیانی و چوونە ناو بواری کوردایەتییەوە، تووشی ناڕەحەتی و دەربەدەری بووە، لە تەمەنی لاوێتییدا دەست دەکات بە هۆنراوە نووسین و بڵاوکردنەوەی لە (ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری هەتاو)دا، هەر لە سەردەمی پاشایەتیدا نامیلکەیەکی هۆنراوەیی لەژێر ناوی (پشیلە و بەنگکێش) لە چاپ دراوە و مامۆستا موحەڕەم محەمەد ئەمین بۆی چاپ کردووە. لەناو ڕووداوەکانی نامیلکەکەدا ئاماژەی بە سیستەمی پاشایەتی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتووە، لەسەر ئەوە خوالێخۆشبووان بانگ

دەکرێن بۆ ئیدارەی ئاساییشی ئەو کاتە.“
قادر برسیی شاعیر، لەبەر کەمیی خوێندەواری، وەک شاعیرێکی میللیی خۆرسکی گەلی کورد سەری هەڵداوە، نموونەی ئەم جۆرە شاعیرانەیش زۆرن. هۆنراوەکانی برسی لە دڵێکی پڕ حەسرەت و خەمی بۆ کورد چڕیوە، هۆنراوەکانی لە ناوەرۆکدا مانابەخشن. لەناویاندا هۆنراوەیشی بۆ ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووە نووسیوە، بۆ ئەوەی بەبیری ڕووناک ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو هۆشیاری و ڕووناکبیری و یەکگرتن ببات، بۆ ئەوەی بە یەکڕیزی دەست بدەنە چەک بۆ ڕزگاری و خەباتی چەکداری، تا لەو ستەم و زۆرەی بێگانە ڕزگاریان ببێت.
جگە لەوانەیش، هۆنراوەی بۆ سەرکردە و کەڵەپیاوانی کورد هۆنیوەتەوە، ئەوەتا ئەو هۆنراوەانەی بۆ عەشقی گەورەپیاوێکی مێژوویی وەک بارزانی چڕیوە، کە بەدرێژایی مێژووی تەمەنی خەباتی بێ وەستان تۆمار کردووە، چونکە بەڕاستی خۆنەویستێکی هۆشمەند و زیندووی نێو کۆمەڵی کوردەواری بووە و پوختەی مێژووی سەردەمیش بووە.
لێرەدا برسی شاعیر لەناو دڵێکی پڕ لە حەسرەت و وەفا وە، بارزانیی کردووەتە هێما و سوارچاکی نەتەوایەتی، کە ژیانێکی نوێی لە یازدەی ئادارەدا بۆ کوردان بەدەست هێناوە.
لە ڕۆژگارە سەخت و ناهەمواراەکانیشدا، کە بەسەر کورددا هات، بەتایبەتیی لە ساڵی 1963دا شاری سلێمانی لەلایەن دەسەڵاتداران و زەعیم سدیقەوە.
(قادر برسی) وەکوو شۆڕشگێڕێک لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە، بە هاوکاریی (ڕەشۆڵ و قەشەیەک)، هەرسێکیان پێکەوە کاریان بۆ حزب دەکرد و لە خەت بەردەوام بوون. بۆ تێکەڵبوونیان لەناو ئاپۆرای جەماوەری سلێمانی، بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی خەڵک و گەیاندنی پەیامی ناو شار بە پێشمەرگەی کورد لە شاخ، کە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان هەبووە، لەم مەیدانەیشدا (مەحموودی حاجی) یارمەتیدەریان بووە و لە هەموو چالاکییەکانیاندا هاوکاریی کردوون.
برسیی شاعیر وەکوو پیاوێکی شۆڕشگێڕ و شاعیر بە تەنیا مامەڵەی لەگەڵ خۆیدا نەکردووە، بەڵکوو پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەبازیش بووە، بە زۆری تێکەڵاوی ناو خەڵکی دەبوو، بەقسەخۆشەکانی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.
هەروەک کەمال دۆڵپەموویی باسی دەکات و دەڵێت: ”جارێک بەندە بە برسیی شاعیرم گوت، با برۆین بۆ ماڵەوە نانێکی خۆمانی بخۆین. لە وەڵامدا برسی وتی، نانی چیم دەرخوارد دەدەیت، ئەگەر گایەکم بۆ سەربڕی، من هەر لەو برسێتییە تێر نابم و هەر برسیم.“
بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەم شاعیرە میللی و تێکۆشەر و خەمخۆرەی کورد لە ڕێکەوتی 05-10-2011 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، هەزاران سڵاو و چەپکەگوڵی ڕازاوە پێشکەش بە گڵکۆی نەمری ئەم شاعیرە خەمخۆر و دڵسۆزەی ڕێبازی کوردایەتی و ئەدەب و هۆنراوەی کوردی بێت. من وەک خۆم، کە ناسیومە و چەند دیدارێکی ڕۆژنامەوانیم لەتەکدا سازداوە، ئەم شاعیرە تا ڕادەیەکی هێجگار زۆر بارزانیی خۆشدەویست و زۆر کوردپەروەر بووە و هەمیشە لە خەمی ئەدەبی کوردیدا بووە. لە ڕۆژی 5ی10ی2011 کۆچی دوایی کرد و یەکەم ڕۆژی پرسەکەی لە ڕۆژێکی مێژووییدا بەڕێوەچوو، کە 06-10-2011یە، کە دوو یادی گرنگی لە مێژووی کورددا تێدایە ئەویش:
یەکەمیان: گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی 6ی10ی1958 لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ ئێراق.
دووەمیان: گەڕانەوەی تەرمی نەمران (بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) لە ڕێکەوتی 6ی10ی1993دا لە شاری شنۆوە بۆ باشووری کوردستان-دەڤەری (بارزان).

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
عومەر کەریم ئاغا	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
غەفور میرزا کەریم	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی .basnews.com- 24-07-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 480
گفتوگۆیەک لەگەڵ ئیدریس بارزانی؛ یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە
20250724171103647939=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە

گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی

ئامادەکردنی: فەرهاد شاکەلی

● ئێوارەی رۆژی ۱۹۸۷/۱/۳۱ کاک ئیدریس بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق و کۆری سەرکردەیی مەزنی کورد مەلا مستەفای بارزانی، لە تەمەنێکی چل و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

● ئەم گفتوگۆیەم لە رۆژانی ٢٢ تا ١٩٨٥/٧/٢٤،لە کوردستان،لەگەڵ کاک ئیدریسدا کرد. پرسیارەکانی من و وەرامەکانی ئەویش بە نووسین بوون. بەڕەڵای ئەوەش لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا ،بە دوورودرێژی،سەبارەت بە گەلێ بابەتی خواییش دوواین.

کاک ئیدریس لە وەرامەکانیدا بە بەڕوونیی باسی بەکگرتنی هێزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەکات. هەر بەم باوەڕە کوردیپەروەرانەشەوە بوو کە خوالێخۆشبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ دا بە ناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، لەگەڵ کاک جەلال تاڵەبانیدا ، بەناوی بەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ، لە تاران، پەیماننامەی ئاشتبوونەوەو هاوکاریان مۆرکرد.

● ئەم گفتوگۆیەم پێشتر بەزمانی سوێدی لە گۆڤاری Svensk-Kurdisk Journal ی ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوکردۆتەوە.

78 (ف)

ناونیشانی بابەت: گفتوگۆیەک لەگەڵ ئیدریس بارزانی؛ یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە
ئامادەکردنی: فەرهاد شاکەلی
ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە 4-5 گۆڤاری مامۆستای کورد لە تەموزی 1987 بڵاوکراوەتەوە.[1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی گفتوگۆیەک لەگەڵ ئیدریس بارزانی: یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 01-07-1987

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1987-07-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | mk.bradost.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-24

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 481

گفتوگۆیەکی ئیدریس بارزانی و سەفیری ئەڵمانی لە ئێران

20250901141326653710=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: گفتوگۆیەکی ئیدریس بارزانی و سەفیری ئەڵمانی لە ئێران
پێشمەرگەکان شەش ئەندازیاریان گرتبوو گیراوەکان ئەڵمانی، فەرەنسیی و هیی دەوڵەتێکی تر بوون. ڕۆژێک سەفیری ئەڵمانیا لە ئێران هاتە لای ئیدریس و داوای بەردانی ئەندازیارەکانی کرد، ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی وتی ئەوانە بەردەدەم، بەڵام تۆش بچۆ لەو 8000 کەسەی کە لە ئێمە گیراوە یەک کەسمان بۆ ئازاد بکە کە هەموو بنەماڵەکانیان ئاوارەن منداڵەکانیان بەبێ باوک و ژنەکانیان بەبێ سەرپەرشت ماون. ئیدریس پێی وت ئەوەیە دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە ئێوە باوەڕتان پێیانە؟ [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل 271.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 482

گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان

20250913131107656003=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان:
چارەنووسی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیبەوە گەیشت کە بەدوای کۆچی دواییشیدا لە سەروک بارزانی باوک جیا نەبێتەوە. پێشتر وتم: بارزانی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەرنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی و لە بارزان بینێژن و ئەگەر بۆیان نەکرا لە شنۆ و لەپاڵ ئارامگەی شێخ بابوی برای بە خاکی بسپێرن. چونکە لەو سەردەمەدا گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ گوندی بارزان ئاسایی نەبوو، بەڕێزان، ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەد سەعید دۆسکی لە ئەمریکا بڕیاریاندا تا زەمینەی گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ بارزان دەستەبەر دەبێت، تەرمی مەلا مستەفا لە شنۆ بە خاک بسپێردرێت.
دوای بە خاک سپاردنی تەرمی بارزانی لە شنۆ کە لە بەشی پێشووتردا ئاماژەم بۆ کرد، پێشبینییەکان وەڕاست گەڕان و ساڵی 1991 باری سیاسیی ئێراق تێکچوو و پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان. بە جێگیربوونەوەی پارتی دیموکرات لە باشووری کوردستان، زەمینە بۆ بەجێگەیاندنی وەسیەتی مەلا مستەفا خۆشبوو. لەبەر ئەوە دوای جێبەجێکردنی ڕێکاری پێویست، ڕۆژی 01-06-1993 تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی، لە گوندی هەلەجەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوو هێلیکۆپتەری شنۆکی ئێران هێنرانەوە بۆ باشووری کوردستان و لەنێو ئاپۆرەی سەدان هەزار کەس خەڵکی بەئەمەکی کوردستاندا و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەی نەتەوەییدا، تەرمەکانیان گواستەوە بۆ گوندی بارزان و ڕۆژی 08-10-1993 لە پەنای یەکتر بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆندەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 322-323.
کاتی تۆمارکردن: 2025-09-13
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 483
لای کوردەکان بووم
20230709001551504964=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: لای کوردەکان بووم
ئامادەکردن: هیوا ناسیح

پەرتووکی لای کوردەکان بووم، بینەری خەباتێک بۆ ژیان (Ich war bei den Kurden، Augenzeuge eines Lebenskampfes) کە هیی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی نەمسایی فریتس زیتە (Fritz Zitte) یە، ساڵی 1980 لە ڤییەننا بە قەبارەی مامناوەند و 210 لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، وێنەی پێشمەرگەیەکی گەنج لەسەر بەرگەکەیەتی بە برێنەوێکەوە. نووسەری ئەم پەرتووکە ساڵی 1924 لەو وڵاتە لەدایکبووە و ساڵی 2007 کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو بەوە ناسراوە کە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی نووسین و وێنەیی لە شوێنە پڕ لە قەیران و جەنگەکانەوە ئامادە کردووە و لە هەندێک تەلەڤزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی وڵاتانی ئەورووپادا بڵاویکردونەتەوە، ئەم بەوە جیاواز بووە لە ڕۆژنامەنووسانی سەردەمەکەی، کە خۆی سەرکێشی کردووە و کام ناوچە جەنگ، کە شەڕ و نائارامی و خەبات و شۆڕشی تێدابووە خۆی بە هەر نرخێک بووە چووەتە ئەوێ و ماوەتەوە و ڕاپۆرتی مەیدانی ئامادە کردووە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسایەتی و کاراکتەرە دیارەکاندا ئەنجامداوە و دواتر بەشێوەی پەرتووک بڵاویکردووەتەوە، نموونە وڵاتانی وەک یەمەن، ئەنگۆلا، سووریانم، نیگەراگوا، نامیبیا، چاد، سوودان، کەمبۆدیا، ئەفغانسان و کوردستانە، خۆی خاوەنی زیاتر لە 20 پەرتووکە زۆربەیانی بەم جۆرە نووسیوە. وەک دەربڕیشدەکەوێت هەمیشە پشتی خەباتگێڕان و گەلانی چەوساوەی گرتووە و ڕەخنەی لە چەوسێنەران، داگیرکەران و سیستمی سیاسی ناوچەیی و جیهانی گرتووە. تەنانەت ڕەخنەی لە سەرکردایەتی و کاراکتەرەکانی شۆڕشەکانیش گرتووە. ئەم بە خۆی و کۆڵەپشت و کامێرا و جانتایەکەوە ملیناوە و گوێی بە مەترسی و کێشە و گرفت و هەندێک جار گیانی خۆشی نەداوە!
لە پێشەکی پەرتووکەکەی (لای کوردەکان بووم) نامەیەکی کوردیی دەستنووسی سامی عەبدولرەحمان (سامی سنجاریی) ، سکرتێری ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەقی ئەڵمانییەکەشی بڵاوکراوەتەوە، کە لە 10/15/ 1979دا نووسراوە، تێیدا بە کوورتی وەسفی ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە دەکات و ئەمکارەی ئەو بۆ دەنگدانەوەی خەباتی کورد بەرز هەڵدەسەنگێنێت. بەڵام چیرۆکی نووسینی پەرتووکەکە بەوە دەست پێ دەکات، کە نووسەر زۆر پێشتر زانیاری لەسەر کێشەی کوردەکان هەبووە و مەبەستی بووە سەردانی کوردستان بکات، لە نیوەشەوێکی پایزی ساڵی 1979دا تەلەفۆنێکی لە پاریسەوە بۆ دێت، کە کوردێک پێی دەڵێت: گەر تۆ وەک جاران حەز دەکەی سەردانی کوردستان بکەیت ئەوا ڕۆژی چوارشەممە ئوتێلی فڵان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا یەکتر دەبینین. ئەمیش ڕازی دەبێت و یەکتر دەبینن، دوای ئاشنابوون بە ئامانج و بیروبۆچوونی زیتە ڕازی دەبن هاوکاری سەفەرەکەی بکەن، پێدەچێت ئەمان سەربە پارتی بووبێتن. ڕێک دەکەون کە ئەم بە فڕۆکە تا ئەستەمبوڵ بچێت و لەوێ ئەندامێکیان پێشوازی لێ بکات، بۆ ناسینەوەشی پێنج کرۆنییەکی کاغەزی پارەی ئەوکاتی سوید دوو لەت دەکەن و لەتێکی دەدەنە ئەم و لەتێکی دەنێرنەوە بۆ ئەوێ وەک بەڵگە. دیارە ئەم کارەی پارتی کردوویەتی زۆر گرنگ بووە بۆ کاتی خۆی، کە دەنگی کورد نەگەیشتۆتە هیچ کوێ و دوای هەرەسی 1975 وازانراوە کە خەباتی کورد کۆتایی هاتووە، زۆر کەم ڕۆژنامەنووس و نووسەران دەگەیشتنە ناو پێشمەرگە. بە کوورتی ناوبراو خۆی دەپێچێتەوە و سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری 1979 دەفڕێت بۆ ئیستانبوڵ و وەک ڕێککەوتون لە کاتژمێر دووی نیوەشە و لە ئوتێلی دیڤان لە ئەستەمبوڵ دێن دەیبەن. کەسێک بە ناوی عومەر وەک وەرگێڕ و هاوسەفەر سەرەتا بە ئۆتۆمبیل بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) و لەوێوە

بۆ سنووری ئێران، دواتر لەگەڵ دووکەسدا بە ڕێگەی قاچاخ و بە سواری ئێستر بە سەر سنووری پڕ لە مەترسی مین و خاڵی سەربازی و شاخوداخ و دۆڵ و ڕێگەی سەخت و کەندولەند، تا بە نایاسایی دەگەنە نێو خاکی ئێران و لای بارەگایەکی پارتی دەحەسێنەوە. دیارە ئێران ئەوکات دۆخێکی زۆر نائارام و بارگاوی بە شەڕ و شۆڕی کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە شا و ناکۆکی نێوان ڕژێمی ئێران (خومەینی) و حزبە کوردییەکان بووە،
ئەتمۆسفیرەکە زۆر نائاسایی و پڕ لە مەترسی و دڵەڕاوکە و بارێکی ئاساییشی ناجێگیر بووە، بە تایبەت بۆ ئەمێکی بیانی و ئەورووپی، کە تەنیا ڤیزەی گەشتیاری تورکیای هەبووە و بە نایاسایی هاتۆتە ناو ئێرانەوە، بەڵام ئەم گوێ پێ نادا و لەسەر ئەوە سوور دەبێت، کە بچێت بۆ سەرکردایەتی ئەوکاتی پارتی -قیادە مووەقەتە، و چاوی بە سکرتێری ئەوکاتی پارتی بکەوێت!
پێشمەرگەکان ئەم تێیدەگەیەنن کە دوو ڕێگە هەیە، یەکێکیان ئەمینترە کە لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگەکاندا و دوو سێ هەفتەی پێ دەچێت و بە پێیە، ڕێگەی دووەم بە ئۆتۆمبیلە و یەک ڕۆژ دەخایەنێت، بەڵام پڕ لە مەترسییە، چونکە دەبێت بە سێ خاڵی پشکنینی هێزەکانی سەربە ڕژێمی ئیسلامیدا تێپەڕن! دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر زیتە بڕیار دەدات کە ڕێگەی ئۆتۆمبیلەکە هەڵبژێرێت، هەرچەندە بۆ ئەمێکی ئەورووپی و بێ هیچ بەڵگەیەکی سەفەر و ڤیزەیەک، گەر بگیرێت بە دڵنیایی بە پێی یاسای ئەوکاتی دەستەڵاتدارانی ئێرانی گوللەباران دەکرێت! بە کوورتی جانتا و کامێراکەی هەڵدەگرێت و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا، ئەمیش بەرگی کوردی دەپۆشێت و لەگەڵ ئەواندا بە لاندرۆڤەرێک بەڕێدەکەون! دوای ئەوەی بە سەرکێشی بە هەر سێ بازگەکەدا تێپەڕ دەن، کەوەک خۆی دەڵێت ئەو چەند خولەکەی لە بازگەکاندا ئۆتۆمبیلەکەیان دەوەستاند لای ئەم کات بە سااڵێک دەڕۆیشت و وەخت بوو هەناسەش لەخۆی ببڕێت، لای ئێوارەکەی دەگەنە سەرکردایەتی حزبەکە، کە پێدەچێت ناوچەی ڕاژان بووبێت. لەوێ سامی عەبدولڕەحمان دەبینێت، هەندێک دەحەسێتەوە و لەژێر دەوار و چادرەکانیاندا دێت و دەچێت. پاش چەند ڕۆژێک لەسەر ویستی خۆی و بە پێشنیازی سامی لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی پ.م دا لە جەولەیەکدا دەڕوات بەرەو کوردستانی باشوور، بۆ بینینی ڕەوشی ئەوێ، ڕاپۆرت لەسەر کار و چالاکییەکانیان دەنووسێت. لە ڕێگا زۆر سەرما، برسێتی، شەوڕە و بێخەوی و ماندوێتی و ساتی پڕ لەمەترسی دەبینێت، پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بەرەو سەرکردایەتی، نیوەشەوێک پاسەوانێکی سامی بانگی دەکات بۆ چادرەکەی ئەو، لەوێ سامی دەڵێت: تۆ دەتەویست گفتوگۆیەکی ئارام و درێژم لەگەڵدا بکەیت و تۆماری بکەیت، ئێستا کاتم هەیە! ئەویش تۆمارکەر دەردەهێنێت و چاوپێکەوتنێکی باشی لەگەڵدا دەکات، کە دەقەکەی لە پەرتووکەکەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم سامی وا دەناسێنێت: پێشمەرگەیەکی بێ جامانە، ئەندازیار و زمانزانێکی زیرەک و بەئاگا کە لە بەریتانیا خوێندوێتی و ژیاوە، سمێڵ تاشراو (کە ئەوکاتە سمێڵتاشین لەنێو کورد بە گشتی و پێشمەرگەدا بەتایبەتیی زۆر نامۆ بووە) .
وێنەیەکیشی لەگەڵ ناوبراودا لە بەرگی پشتەوەی پەرتووکەکەدا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها وەک تێۆریسێن (مونەزیر) ی حزبەکەش باسی دەکات.
یەک لەو پرسیارەی سەرنجڕاکێشانەی لە گفتوگۆکەدا هاتووە، زیتە دەپرسێت: پارتی دیموکرات هەڵگری چ ئایدۆلۆجێیەکی زانستی و سیاسییە؟ سامی لە وەڵامدا دەڵێت: شۆڕشەکەمان پێشکەوتووخوازانەیە. زیتە: بەڵام هەموو شۆڕشەکان وا ئیدیعا دەکەن؟ سامی: وایە، بەڵام من دەتوانم بڵێم لە پڕۆگرامی خۆماندا زۆر ئامانجی سۆسیالیستیمان وەک خاڵ جێگیرکردووە...هتد. لە شوێنێکی تردا سامی دەڵێت: ئێمە جارێکی تر هەرگیز چەکەکانمان دانانێین، وەک سااڵی 1975 و بە فەرمانی بارزانی کردمان، گەلی ئێمە بە خوێن باجەکەیان دا! لە شوێنکی تردا زیتە دەپرسێت: کامیان بۆ ئەم شۆڕشە گرنگترە، کەسایەتی سەرکردایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی؟ سامی: بێگومان لە خاڵی یەکەمدا ئایدۆلۆجی، چونکە شەڕکەران دەبێت بزانن بۆ چ ئامانجێک خەبات دەکەن....هتد. ئەوەی سەیرە سامی عەبدولڕەحمان هەرچەندە وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا دیارە و قسەدەکات، بەڵام لە وەڵامەکانیدا هیچ باسی حزب و لایەنەکانی تری کوردستانی باشوور ناکات و ناویان ناهێنێت، وەک ئەوەی تەنیا حزبی ئەوان لە مەیداندا بووبن. هەروەها ئاماژە بە ناکۆکی و خاڵی جیاوازیشیان

لەگەڵ حزبەکانی تردا نادات، تەنیا باسی حزبی دیموکراتی ئێران دەکات. و وەک کەسێک دەردەکەوێت کە دەیەوێت لەسەر ڕێچکەیەکی نوێ خەبات بکەنەوە. بەڵام مرۆڤ تێی دەگات، کە پارتی باوەڕی بە فرەحزبی نەبووە.
زیتە لێرە و لەوێ لەگەڕانەکانیدا بەنێو پ. م و گوندەکاندا پرسیاری لە پ.م و لێپرسراو و خەڵکی سادەش کردووە، لە شوێنێکدا دەنووسێت: پیاوێکی سەرسپی پیری کورد لە گوندێکدا بە هێمنی و حەسرەتەوە وتی: ئێمەی کورد گەلێکی نەناسراو و مەتەڵاوین، زۆر لاپەڕەی مێژوومان پڕ کردووەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی هەرگیز هەڵنەدراونەتەوە، بۆیە وەک ڕاز و نهێنی تا هەتایە دەمێنێتەوە!
پێدەچێت پاسداران پێیان زانیبێت کە ئەم هاتووە، بۆیە دوای ئۆتۆمبیلەکەیان دەکەون، ئەم کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتیدایە و پێدەچێت ناکۆک بن لەگەڵ پێشمەرگەی حزبی دیموکراتدا لەوسەردەمەدا، کاتێک لەدەست هێزە ئێرانییەکە هەڵدێن بێئاگا دەکەونە نێو ئەو گوندانەی لەژێر کۆنترۆڵی حزبی دیموکراتدایە و ئەوەندەی نامێنێت تەقە لەیەک بکەن و کێشە درووست بێت، بۆ ئەم سەختە تێبگات، هەردوولا کوردن و هەمان بەرگ و چەکیان هەیە بۆ دەبێت ناحەز و دژ بە یەک بن!
نووسەر بەشێکی پەرتووکەکەی تەرخانکردووە بۆ باس لە خەبات و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (ڕاپەڕینی کوردەکان) بە درێژی باس لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دواتر هاتنەسەرکاری خومەینی و درێندەیی و تاوانەکانی ڕژێمی مەلاکانی ئێران دژ بە کورد و بێوەفاییان بەرانبەر خەباتی گەلی کورد دژ بە شا، کوشت و بڕ و گوللەبارانکردنی گەنجانی کورد و ...هتد دەکات. هەروەها باس لە نەدانی مافەکانی کورد و سەرکوتکردنی کوردەکان دەکات. لە بەشێکی تردا بە درێژی باسی دەزگای هەواڵگری ئێران لە سەردەمی شادا (ساواک) دەکات، کە چەند درێندە و خوێنڕێژ و بێبەزەیی بوونە بەرانبەر ئازادیخوازان و زیندانییانی سیاسی کورد. ئینجا ڕەخنە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و سەرۆکی وڵاتانی ئەوروپاش دەگرێت، کە بەوپەڕی ڕێزەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان پێشوازییان لە شا کردووە و دەستی شاژن (فەرەح زیبا) یان ماچ کردووە لە سەردانەکانیاندا.
لە بەشێکی تریدا بە درێژی باسی کوردەکانی باکوور و چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت و خوێن ڕێژی ئەتاتورک دەکات، کە ناوی کوردەکانی گۆڕی بۆ (تورکە شاخاوییەکان) ، تەنانەت دەڵێت دیپلۆماتە ڕۆژاواییەکان ئاگادارن کە بە فەرمانی ناوبراو زیاتر لە 600 هەزار کورد کوژراون و سەربڕاون، کەچی ئەم بابەتە کە جینۆسایدە کەس لە ئاستی نێودەوڵەتی بەرزی ناکاتەوە و باسی ناکات!
لە گەڕانەوەیدا بە هەمان شێوە تووشی چەرمەسەری و گرفتی زۆر دەبێت، لە ئێستر بەردەبێتەوە و دانێکی دەشکێت! لەگەڵ قاچاخچی فەرش و بەنایاسایی ناوخۆیی تورکیا دەبێتەوە بەڵام ئەوەی گرنگە بەلایەوە، سەرجەم نووسین و وێنەکانی گرتونی بە سەلامەتی لەگەڵ خۆیدا دەگەیەنێتەوە ئەوروپا.
دوا بەشی پەرتووکەکەی بە ناوی گرێکانی یان گرفتەکانی کوردەکان، هەڵسەنگاندنێکی جوانی بۆ شۆڕشەکانی کورد و خەباتەکەی کردووە، باس لە نەوت و بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات، ئەم جگە لە بێبەزەیی و درێندەیی دوژمنان و یەکترڕینی بەرژەوەندییەکانیان، باس لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری دواکەوتوویی و عەشایری، ناکۆکی و ناتەباپی ناوخۆیی، یەکنەگرتویی، خۆخۆڕیی دەکات، کەوا سەرەڕای ئەوەی کوردەکان شەڕکەری باشن و کۆڵنەدەرن، ئەو هۆکارانە نەیهێشتوە بە ئامانج بگەن. ئەم (دووبەرەکی) وەک قەدەر یان نەفرەتی کوردەکان باس دەکات کە لێیمان نابێتەوە. دیارە ئێوەش هاوڕامن کە ناوبراو تەواو پێکاوێتی.
هەر لەو بەشەدا دێتە سەر کۆنگرەی نۆیەمی پارتی، کە لە مانگی نۆڤەمبەری 1979 لە ئێران سازکراوە، جا نازانم خۆی ئامادەبووە یان نا، بەڵام ڕووداوەکانی نێو کۆنگرەکەی بەوردی تۆمار کردووە، باس لە ناکۆکییەکان دەکات کە وەک دوو باڵ دەرکەوتوون، باڵی مامۆستا بارزانی باوک و باڵی سامی عەبدولڕەحمان، تەنانەت دەڵێت کاتێک ئیدریس بارزانی لەنێو کۆنگرە داوا دەکات هیچ پشتیوانییەکی کوردەکانی ئێران نەکرێت لە شەڕیاندا دژ بە خومەینی، دەنگ بەرز دەبێتەوە و ئامادەبووان ئەمە وەک (ناپاکی) بەرانبەر بە براکوردەکانیان دەبینن، دەشڵێت کێشەکان زیاتر خەتای ئیدریس بارزانی بووە نەک (مەسعود) ، کە گوتراوە ئەوە خۆفرۆشتنە بە

خومەییەنی...هتد. لەوێدا زۆر زەمی شا کراوە و هەڵوێستی خومەییەنی بۆ هاوکاریی پەنابەرانی ئێراقی کورد لە ئێراندا بەرزنرخێنراوە. دەنووسێت، لەسەر ئەمانە سامی عەبدولڕەحمان و نۆ لە ئەندامانی سەرکردایەتی کشاونەتەوە لە سەرکردایەتی و وەک ئەندامی سادە ماونەتەوە.
ئەم ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازادبوونی بەشێکی ئەوێ وەک دەرفەتێکی زێڕین بینیوە، بۆیە لای وابووە کە دەبێت بە هەموو پشتیوان و هاوکاریان بن، تا ئەم دەرفەتە لەدەست نەدرێت، کە بۆ هەموو کورد گرنگە.
تەنانەت دەنووسێت: هەرچەندە بارزانی باوک پیربووە، وەک ڕەمزە و ڕێزێکی زۆری لەنێو کوردەکاندا هەیە، بەڵام کوڕەکانی بەم هەڵوێستەیان، مەبەست لە پشتیوان نەکردنی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە، دووەم هەڵەی کوشندە دەکەن، دوای چەکدانانی 1975 کە نووسەر بە (تەسلیمبوون) باسی دەکات. لە پەرتووکەکەشیدا خاڵی نۆیەمی بەیانی کۆتایی کۆنگرەی بە ئینگلیزی و ئەڵمانی بڵاوکردووەتەوە کە داوا لە حدکا و ڕژێمی ئێران دەکات بە گفتوگۆ کۆتایی بە شەڕ بهێنن.
ئەم پەرتووکە وەک سەرچاوەیەکی مێژووی نزیکی خەباتی کورد گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەوە جێگەی ڕەخنەیە، کە هیچ باسێکی لە حزب و گرووپەکانی تری ئەوکاتی باشووری کوردستان نەکردووە، وەک یەکێتی، پاسۆک و حزبی شویعی و ...هتد، بەڵام پێم وایە گرنگە وەربگێڕرێتە سەر زمانی کوردی، بەتایبەت کە نووسەر کەسێکی بیانییە و بێلایەنانە ڕووداو و هەڵوێستەکانی نووسیوەتەوە.
سەرچاوە: Fritz; ،Ich war bei den Kurden -Augenzeuge eines Lebenskampfes; Sitte
Verlag Styria، 1980، Austria، ISBN: 3222112630
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕانانی پەرتووک | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-04-06

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-04-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
هیوا ناسیح	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2023-07-09
کاتی تۆمارکردن: 2023-07-09

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 484
لە بادینان مەراسیمی تازیەی ئیدریس بارزانی لە دەڤەری ڕێکان داندرابوو
20250725134612648202=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیدریس بارزانی، بە وێنەیەکی بێگەردی مەلا مستەفا بارزانی دەناسرا و هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی لە ئیدریس دا دەبینران، ئەوە قسەی سەرۆک بارزانی بوو سەبارەت بە ئیدریس بارزانی، لەبەر ئەوەی ئیدریس بارزانی لەبەردەستی بارزانیی نەمر پەروەردە کرابوو و پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی و خەباتکاری لە بابی فێربوو، بۆیە کاتێک ئیدریس کۆچی دوایی کرد، کوردستان بەو کۆچە شۆک بوو، لە زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان شین و تازیەی بۆ دانرا، لە دەڤەری بادینان تازیەکە لە گوندێکێ دەڤەری ڕێکان لە شێلادزێ دانرابوو، بەڵام هەتا ئێستا مێژوو قەرزداری تۆمارکردنی ئەم ڕووداوەیە.
بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا شتێک لە ڕابردووی خەبات و قوربانیدانی باب و باپیرانیان بزانن و ئیدی ئەو ڕووداوانە لەبەر چاوی خەڵک ون نەبن، ئێمە دیدارێکمان لەگەڵ پێشمەرگە میکائیل عەبدولکەریم شاجی ڕێکانی، ساز کردووە، ئەو کەسەی کە لەسەر ئاستی دەڤەری بادینان تازیەی بۆ ئیدریس مەلا مستەفا بارزانی دانا.
مام میکائیل عەبدولکەریم شاجی ڕێکانی، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان وتی: هەر لە منداڵییەوە، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونیدا هەبووە و بۆ خەبات و قوربانیدان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەستی بە پێشمەرگایەتی و شۆڕش کردووە و وتی، کورد ایەتی و پێشمەرگایەتی بە ڕۆژە سەخت و گرانەکاندا تێپەڕیوە، بۆیە لە گەنجێتی و سەرەتای تەمەندا وەک پێشمەرگە دەستمان بە خەبات و بزاڤی ڕزگاریخواز کرد، مل بە ملی هەموو پێشمەرگە و خەباتکارەکانی ئەو سەردەمە، سوپاس بۆ خوا بەرهەمی قوربانیدان و خوێنی شەهیدان، کوردستانی گەیاندە کەناری ئازادی و پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە دیت.

سەبارەت بە دانانی تازیەی ئیدریس بارزانی لە دەڤەری ڕێکان، ناوبراو وتی، کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، ئەو کات ڕۆژێکی ناخۆش و کارەساتبار بوو، گریان و شینی خستە دڵی هەر کوردێکێ نیشتمانپەروەر، لەبەر ئەوەی ئیدریس بارزانی خەباتکار و سەرکردەیەکی هەرە دیار و بەرچاو بوو لە بزاڤی ڕزگاریخواز و شۆڕشەکانی کوردیدا، بە تایبەتیی شۆڕشەکانی بارزان و ئەیلول و گوڵان، سەرباری ئەوەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەرەی کوردستانی، دیسان ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی هەرە بەرچاوی هەبووە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەتا ژینگەییش لە کوردستان و ناوچەکە، بۆیە کۆچی دوایی ئەو ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر بزاڤ و چالاکی و دڵ و دەروونی خەڵکیش درووستکرد.
ئەو زیاتر وتی، کاتێک کە ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، مانمان لە گوندی شاجا سەربە دەڤەری ڕێکان بوو، بەڵام ئەو کات من چوبوومە گوندی چاڵی لە ماڵی شەعبان هەرنی لە دەڤەری زێباری بۆ کارێکی بازرگانی، شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی کاتێک لە خەو هەستاین و نانی بەیانیمان خوارد بوویە کاتژمێر 8ی بەیانی، کوڕی ئەو ماڵە بەناوی ڕەشید هەرنی، ڕادیۆی ئێزگەی دەنگی کوردستانی کردەووە، بەداخەوە هەواڵێک بڵاوکرایەوە و تێیدا گوترا کە ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کردووە، کاتێک گوێمان لەو هەواڵە بوو شۆک بوین و زۆر دڵگران بووین و بەرەو گوندی شنێ بەڕێکەوتین و بۆ نیوەڕۆ گەیشتین، لەوێ نانمان خوارد، دوایی هاتینە سەر ڕووباری زێ گەورە و لە نزیک گوندی هردان بە بەلەم دەربازی دەڤەری گوندی شنێ بوین، دوو کەس بەناوەکانی عوسمان سیتەیی و عەبدوڵلا ئیسماعیل سیتەیی هاتنە گوندی شنێ و نامەیەکیان پێدام و وتیان، ئەمە بۆ تۆیە، من نەمدەزانی بخوێنمەوە، بۆیە داوام لە کەسێکی باوەڕپێکراو کرد نامەکەم بۆ بخوێنێتەوە و وتی، نامەکە لە سەرەوە هاتووە و تێیدا دەڵێت کە بە زووترین کات بگەڕێیەوە گوند، یاخود بۆ گوندی شاجا بۆ کارێکی گرنگ، بەڵام نەیانوت کارەکە چییە، بۆیە منیش یەکسەر هاتمە لای دەرگای گەلی باڵندان لە نیوەی چیای باڵندان و لە

چەمی سیتەیان لە ڕووباری شین ئاودیوی گوندی سیتە بووم، لەبەر ئەوەی ئەو کات سەربازەکانی ڕژێم لەسەر ڕێگا هەبوون من بە نهێنی هاتم هەتا کەس نامەکەشم پێ نەبینێت، دواتر کەسەک بەناوی عەمێ باوانی ئۆتۆمبێلی خاڵێ بەناوی عیسای پێبوو، بە ئۆتۆمبێل منی گەیاندە گوندی ڕێنجبراخە و کات بووە مەغریب، میوانی عوبەید عومەر ڕێنجبراخە بووم، دوایی ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بگەمە ماڵەوە لە گوندی شاجا و سوپاس بۆ خوا درەنگانی شەو بە سەلامەتی گەیشتم.

کاتی گەیشتن چی ڕوویدا؟

میکائیل شاجی دەڵێت: کاتێک گەیشتمە ماڵ، بینیم کە زۆر خەڵک لە ماڵمان کۆ بوونەتەوە، لە دەستپێک وامزانی شەڕێک یا خۆد کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروستبووە یاخود کەسێکی گوندەکەمان کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەو هەموو خەڵکە لەبەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی هاتوونەتە ماڵمان، لە ماڵی ئێمە سەرکردە و بەرپرس و پێشمەرگە و کەسایەتی سیاسی و لەشکری و کۆمەڵایەتی هەموو ئامادەبوون، دواتر چەند کەسێکی پلەدار وەکوو عەلی تێلی، جەمال قەدشی، شەعبان ماهر، زویێر کەژو و چەند کەسی تر کە ناوەکانیان نایەتە بیرم، پێیان وتم با برۆین بۆ سەربان، ڕۆێشتین، ئەوان پێیان وتم، دەمانەوێت تازیەی ئیدریس بارزانی لە ماڵی ئێوە دابنێین، دەتوانیت ئەو بەرپرسیاریەتییە هەڵگرێ. لە دەستپێک بەبێ دودڵی من داواکاریەکەیانم وەرگرت، بەڵام داوام لێ کردن کە ڕای خەڵکی گوند وەربگرم، لەبەر ئەوەی ڕژێمی بەعس بە فرۆکە لەو دەڤەرە دەگەڕا و هەر چالاکییەک یاخود کۆبوونەوەیەکیان دیتبا بۆردومانیان دەکرد، من نەمدەویست کە خەڵک ببنە قوربانی بڕیاری من، دوای ڕاوێژم لەگەڵ خەڵکی گوندەکە، خەڵکەکە یەکدەنگ پشتیوانی خۆیان بۆ من ڕاگەیاند، بۆیە بە هاوکاری پێشمەرگە و ئامادەبووان و خەڵکی گوندەکە، ئێمە پلانێکی توکمەمان ڕێکخست بۆ ئەوەی تازیەکە بەرفراوان و بە بێکێشە بەڕێوەبچێت، ئەوە بوو پێشمەرگە وەک بابەتێکی ئەمنی چوار خاڵی پشکنینی لە دەوروبەری گوندەکە دانا، خاڵی یەکەم لە گرێ زەڤیا سێلێی ڕۆژاوا هاتە دانان، خاڵی دووەم لە سەرێ سالێی ڕۆژاوا دانرا، دیسان خاڵی سێیەم لە خەلا کورێی ڕۆژهەڵات و خاڵی چوارەم لە ملی خێوکێ لە ڕۆژهەڵات داندرا، ئێمەش دەستمان بە ئامادەکاری کرد بۆ دانانی مەراسیمەکە و توانیمان لە ڕۆژی دووەمی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی سەرەخۆشییەکە دانێین، ڕێکەوتی 31-01-1987، ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، ئێمە لە ڕێکەوتی 01-02-1987 تازیەمان دانا، ئەو شۆڕشگێرانەی کە ناسراون لەلای ماڵی بارزان کە پێشوازی خەڵکیان دەکرد: عەلی تێلی نێروەی، حەجی عومەر شەتنسی دوسکی، حسو سیدانی، زەینەل شکر کێریادێری ڕێکانی، جەمال ئێسفکی قەدشی، محەمەد ڕەشێ بابسێفی بارزانی، تەلحە موسا هەرنی زێباری، زبیر کەژو ئورەماری دوسکی، شەعبان ماهر سەرنی نێروەی، شەریف عەبدولڕەحمان هورەی ڕێکانی، هاشم باقی سیتەی ڕێکانی، محەمەد مەم سەرنی نێروەی، عەبدوڵڵا مشەختی ڕێکانی، ئەحمەد نەوروز ئامێدی، عەلی کەرەم سپێری نێروەی، خورشید محەمەد سینی نێروەی، تەحسین عوبەید نێروەی و خەلیل هێتیتی مزویری و چەند هەڤاڵێکی تر کە هەموویان نایێنە بیرم، مەراسیمەکە بۆ سێ ڕۆژ لە ماڵی ئێمە دانرا، لەو کاتە ئەمە هەم لە ڕووی دارایی هەمیش لەڕوی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن کارێکی بەزەحمەت بوو.

بۆچی ماڵێ ئێوە بۆ مەراسیمەکە دەستنیشان کرا؟

مالێ ئێمە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی بارەگای شۆڕش بوو و لەلایەن پێشمەرگە بەڕێوە دەبردرا، بەردەوام 20 بۆ 30 پێشمەرگەی لێبوو، ئەو کەسانەی بارەگاکەیان لەلایەنی ئەمنی و پێشمەرگایەتی بەڕێوەدەبرد پێکهاتبوون لە محەمەد عەلی بناڤی بەرواری کە بەرپرسیاریان بوو و ئەوانی تر عەلی قومری بەرواری، ڕەمەزان ڕەشوو بەرواری، حەجی سادق بێدکاری بەرواری، شعبان ئەرەدنی، شوکری ئەرەدنی، نازی زەین توتازایی نێروەیی بوون، سەرباری ئەمەش لە سەردەمی هەردوو شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵانیش ماڵی ئێمە، جێگەی پێشمەرگە بوو، هەروەها ئەو کات ماڵی ئێمە جێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بوو، هەر شەڕ و ئاڵۆزییەکی کەسی و گوندایەتی و کۆمەڵایەتی و سکاڵایەک لە ناوچەکە هەبوایە لێرە چارەسەر دەکرا، ئەگەر کێشەکە گەورە بوایە بۆ دەڤەری بارزان ڕەوانە دەکرا، بۆیە بۆ ئەم مەراسیمە ئێرە هەڵبژێردرا.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە گوندی سارکێی سەربە ناوچەی نێروەش تازیەیەکی شاراوە بۆ ئیدریس بارزانی دانرابوو، لەبەر ئەوەی ئەوکات سەرۆک مەسعود بارزانی لەوێ بوو، بۆ سەلامەتی جەنابینا، مەراسیمەکە شاراوە بوو، بەڵام ئەوەی ئێمە، ئاشکرا و گشتی بوو و لە هەموو بادینان خەڵک هاتبوو و هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد، دوای تازیەکە هەتا 10ڕۆژ هەر خەڵک دەهاتن یاخود نامەی سەرەخۆشییان دەنارد، ئێمەش هەموویمان وەرگرت و دواتر ناردمان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
شایەنی باسە ناوبراو لە ڕێکەوتی 01-07-1947 لەدایکبووە و لە ساڵی 1972 ژیانی هاوسەری پێک هێناوە و پێنج کوڕ و شەش کچی هەیە، دوو لە منداڵەکانی بە ناوەکانی کازم میکائیل و سینەم میکائیل ئەنفالن و یەکێکیان بەناوی سەعید میکائیل شەهید بووە، ئێستاش خۆی نیشتەجێی شێلادزێیە و هیوای گەشی بۆ کوردستانێکی ئازاد هەیە. [1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: دهۆک | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: کرمانجیی سەروو |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
ڕووباری زێی گەورە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی وشە- 25-07-2025
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | وەرگێڕانی کوردیپیدیا - کاروان م. ئاکرەیی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-25
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 485

لە پێناو کوردستانێکی بەهێز دەبێت لە ئیدریس بارزانییەوە فێربین

20250814125829651044=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئامادەکردنی: پیران ئەمیر

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو زۆر لە بارەی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی گوتراوە و لە لاپەڕەکانی مێژوودا نووسرایەوە، ناوێک کە هێشتا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتری گەرەکە بۆ ئەوەی لە حیکمەت و دانایی ئەو زاتە مەزنە تێبگەین کە لە دوای نسکۆوە بەفری چیاکانی گرتێبەردا و دووبارە لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە و لە ساتەوەختی ناتەباییی لایەنەکاندا ڕوی خێری بەڕووی ئاشتی و تەباییی بوو.

بەڵێ ئەو ناوە داینەمۆی شۆڕشی گوڵان و خەباتی شاخ و کۆتری ئاشتی بووە کە لە ڕاپەڕیندا گەیشتە ترۆپک، دەکرێت بگوترێت هیچ کەسێک وەک ئیدریس بارزانی نەبوو، ئەو لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بە کار و فەرمان و هەڵوێستەوە تەواو هاوشێوەی باوکی بوو، قووڵبووی مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی و ئاشنای تەواوی شاخەکانی کوردستان بوو، پێشمەرگە و ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکر و ئاشتیخواز بوو، بە جۆرێک گیانی تەبایی تێکەڵی خرۆکەکانی خوێنی ببوو، ئەو داینەمۆی تەبایی ناو ماڵی کورد و شۆڕشگێران بوو بە جۆرێک وەک سەرۆک بارزانی وتی: (دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی مستەفا بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببنەوە). بەڵێ شەهید ئیدریس بارزانی بەحەق پێشمەرگە و سەرکردەی ڕۆژانی سەختی خەبات و خاوەنی دەسکەوتەکانی بەیاننامەی ئاداری ساڵی حەفتا و ژیانەوەی خەباتی کورد بوو لە شۆڕشی گوڵاندا.

ئێستا (2019) کە بەدرووشمی (بەرە و کوردستانێکی بەهێز) پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنێت و شەرەفی سەرۆکایەتی لە ئیرادەی جەماوەر وەرگرتووە و خەڵک چاوەڕێن و لایەنەکان بە گیانی برایانە و لێک تێگەیشتنەوە بێنە پێشەوە و وانەکانی تەبایی و ئاشتی لە ئیدریس بارزانییەوە فێربن و جێبەجێی بکەن بە ئاڕاستەی هەرچی زووتر گەشانەوە و پێشخستن و نەجاتدانی هەرێمی کوردستان لەو کێشمە کێشمانەی ئێستا لە ناوچەکە بوونی هەیە. بەڵێ پێویستە وەک چۆن لە بەغدا و لە تاووتوێ کردنی بابەتی بەشە بودجە و مووچەی هاوواڵتیياندا دەستەکانمان لە یەکتر گرێدا و سەرکەوتنی گەورەمان بۆ ئەو قۆناغە بەدەست هێنا، بەهەمان شێوە پێویستە بەهەمان ڕوحیەت کار بکەین بۆ قۆناغی داهاتوو تاکوو بەیەکەوە لە کوردستانێکی بەهێزدا بەرەو ئامانجی باڵاتر هەنگاو بنێین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-29

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 29-01-2019 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 486
لە سائوەگەری کۆچی دوایی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو
20250722120134647504=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



گوڵبەند ئازاد قەرەداغی

بەڕاستی یادکردنەوەی کۆچی دوایی مەزنە مرۆڤێکی وەک کاکە ئیدریس بارزانی کارێکی هێندە ئاسان نییە و مرۆڤ دەوێت خۆی لەبەر بگرێت ئەگەرچی ئەو کات و ساتەی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو کۆچی دوایی کرد و ماڵاوایی لێکردین، من منداڵ بووم هەموومان لە ئاوارەیی ژیانی پێشمەرگایەتیمان دەگوزەراند، بەڵام لە ڕێگای باوکی کۆچکردووم ئازاد قەرەداغی کە ئەویش دەروێشێکی ڕیبازی پیرۆزی بارزانی باوک بوو، هاوکات قوتابییەکی بەئەمەکی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو بوو، دەمزانی ئەو مەزنە مرۆڤە چ قوورساییەکی هەیە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و مرۆڤی بۆ کورد و کوردستان، بۆیە بە کۆچی یەکجارەکی ئەو کەلێنێکی زۆر گەورە دروست بوو، بڕینێکی یەکجار گەورە لە جەستەمان دروست بوو کە تا ئەو چرکەساتە سارێژکردنی یەکجار ئەستەمە و لە یاد ناکرێ، لەبیرمە ئێمە و هەزارانی وەکوو ئێمە لەو ڕۆژە شوومەدا پرسە و ماتەممان ڕاگەیاند و زۆر هەستمان بە دڵتەنگی و غەریبی کرد کە ئێمەی کورد ئەو سەرکردە مەزنەمان لەدەستدا کە هەموو تەمەنی خۆی

لە خەبات و بەرخودان و پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی بەسەر برد، لەو ساوەی کە هاتە دنیا تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد بۆ تاوێکیش نەحەسایەوە، بەڕاستی هێشتا زوو بوو بۆ کۆچی دوایت، چونکە کوردستان هێشتا پێویستی پێتان بوو، بۆیە لەو یادە پڕ لە سۆیە تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە لە ناخەوە خەمباریین و فرمێسکت بۆ بڕێژین و هەمیشە یادت بەرز ڕابگرین و نزای خێرت بۆ بکەین ئەی سەرکردە ماندوو نەناسەکە، تۆ هەمیشە لە دڵمان زیندووی یادی زیندوو بێت و گۆڕەکەشت پڕ نوور و ڕووناکی بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 487

لە سالۆڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا بەڵگەفیلمی "ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی" نمایش کرا

20250807114024650071=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: لە سالۆڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانید ابەڵگەفیلمی "ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی" نمایش کرا

36ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شەهید ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیدا تێپەڕی و بەو بۆنەیەوە چەندین چالاکی لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا و بەشێوازی جیاجیا یادی ئەو سەرکردەیە کرایەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، لە هەولێر لە سالۆڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، تۆڕی میدیایی ڕووداو بەڵگەفیلمێکی لەژێر ناونیشانی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی" نمایش کرد.

لە مەراسیمەکەدا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای حزبی و حکومی، هەروەها چەند دیپلۆماتکار و کۆنسوڵی وڵاتان بەشداربیان لە مەراسیمەکەدا کرد.

بەڵگەفیلمەکە، کە تایبەت بوو بە خەبات و ژیانی سەرکردەی هەمیشەلەیاد ئیدریس بارزانی، لە دەرهێنانی ئاسۆ حاجییە، کە چەندین کەسایەتی و هاورێی کاک ئیدریس بارزانی لە بەڵگەفیلمەکەدا لەبارەی ژیان و کەسایەتیی و تایبەتمەندییەکانی ناوبراوەوە دواون.

لە مەراسیمەکەدا ئاکۆ محەمەد، بەڕێوەبەری تۆڕی میدیایی ڕووداو، وتارێکی لەسەر بەڵگەفیلمەکە پێشکەش کرد و لە بەشێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە سەرۆک مەسعود بارزانی ئەو کاتەی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا دەبێت لە ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای دهۆک، هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی برای پێدەگات، هەستی خۆی دەنووسێت و لە ڕستەیەکدا دەڵێت: "تۆ خەمخۆری خەمی هەژار و لێقەوماوان بووی." [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆندەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2023-02-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-02-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی hawlerweb.net 01-02-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 488
لە سانیادی شەهیدبوونی ئیدریس بارزانی
20250707232312644671=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ سێشەممە 31-01-2017، سی ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت.
ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لەدایک بووە. لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزاندا هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی 1947، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەسەر دەستی ڕژێمی ئەوسای ئێران، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و 500 کەس لە هەڤاڵانی، ڕوویان لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کردووە. لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا لەلایەن ڕژێمی پێشووتری ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ بۆ باشووری ئێراق دوور خراونەتەوە و لە شارەکانی بەسرە، بەغدا و مووسڵ لە دەستبەسەریدا دەبن. ئیدریس بارزانی تاوەکوو گەڕانەوەی بارزانی باوکی بۆ ئێراق و کوردستان لە 1958دا لە بەغدا درێژە بە خوێندن دەدات، پاشان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە.
لەنێو پێشمەرگەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ئیدریس بارزانی بە خەسڵەتی جەماوەریبوون ناسراوە و تاوەکوو ئێستاش، سادەیی و مامەڵەی لەگەڵ پێشمەرگە دەگێڕدرێتەوە.
لەمبارەیەوە هەر ئەمڕۆ، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڵاوی کردووەتەوە: "ئیدریس بارزانی، پیاوی وردەبەرز و بە دڵێکی پۆڵایین و پڕ لە گەشبینی، بۆ زاڵبوون بەسەر کارەساتی گەورە و سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار و شارەزای سەربازیی بەتوانا و خاوەن کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی خۆشەویست بووە". ڕوونیشی کردووەتەوە: "ئیدریس بارزانی یەکێکە لە سیمبولەکانی قوتابخانەی کوردایەتی و قارەمانی چەندین داستان و نەبەردیی بەرگری لە خاک و نیشتمان کە گەلی کورد شانازی پێوە دەکات".
میرانی دەڵێت: "کاک ئیدریس شانبەشانی سەرۆک مەسعود بارزانی و هەڤاڵەکانیان، داڕێژەری شۆڕشی گوڵان بوون کە نەیانهێشت گەلی کورد بێئومێد و بێهیوا بمێنێتەوە". جگە لەوەی دڵسۆزی ئاوارەکان و خەمخۆری ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بووە، لە سیاسەتدا سەرکردە و لەگەڵ پێشمەرگەدا پێشمەرگە، دۆستی هەژاران بووە، بە سادەیی ژیاوە، هەر بۆیە خۆشەویستی هەمووان بووە، ئەندازیاری ئاشتی بووە. پیاوی ڕۆژانی سەخت بووە، لە بەرانبەر گرفتەکان و تەنگ و چەڵەمەکان چیایەکی خۆڕاگر بووە، وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی پێ داوە.
ئەوەشی ئاشکرا کردووە: "لە کاتی بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی ئیدریس بارزانیدا، سەرۆک مەسعود بارزانی فەرمووی، چیایەک لە پشت من چوو".
کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 31-01-1987، لە گوندی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئیدریس بارزانی مااڵوایی لە ژیان دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت باوکی دەنێژرێت.
دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری گواستنەوەی ڕووفاتی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانییان دا و لە ڕۆژانی 6 تاوەکوو 08-10-1993 لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ڕووفاتەکانیان لەنێو پێشوازییەکی یەکجار بەرز و گەورەی خەڵکی کوردستاندا گەیەنرایەوە کوردستانی باشوور و لە گوندی بارزان نێژران. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مەهاباد | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2017
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 31-01-2017.
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 489
لە سانیادی کۆچی دوایی پیاوی حیکمەت و خەبات ئیدریس بارزانی دا
20250709174952644944=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

د. بەهات حەسیب قەرەداغی

ساڵان تێدەپەڕن و یادەوەرییەکان بەزیندوویی دەمێننەوە و هەرگیز نامرن. یادی کاک ئیدریس و هەزاران شەهیدی ڕێگەی: (یان کوردستان یان نەمان) زیندووە و لە دڵ و یادگەی هەموو ئەو تێکۆشەرانەدا هەڵکەنراوە کە نە لە شاخ و نە لە شار، نە لە سەنگەری نەبەردیدا، نە لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری ناو زیندانەکانی بەعسدا، سەریان نەوی نەکرد و لە تاریکترین و سەختترینی ڕۆژگارەکاندا، خەونی ڕزگاری و سەروەریی کورد و کوردستانیان بە هیچ پلەوپایە و بەرژەوەندی و دەسکەوتێکی دارایی نەگۆڕییەوە.

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، ئەو پیاوەی کە تەنیا سەرکردەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو دەنگی حیکمەت و دانایی بوو لە سەردەمی ململانێیەکی سەخت و شەڕی خۆکوژیی نێوان براکاندا، ئەو لەو ڕۆژگارەدا خۆی و پارتەکەیی کرد بە پردی دڵنیایی بۆ پەرینەوەی نەتەوەکەی بەرەو یەکبوون و سەرفرازی و دواڕۆژێکی ئومێدبەخش.

ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی تەقلیدی نەبوو، پیاوێک بوو کە دەیزانی چۆن لەناو زریانی شەڕی ناوخۆدا، تۆوی هیوا و ئومێد بچێنی. دەیزانی چۆن لە تاریکایی شەوی دەیجوور و نائومێدیدا، ڕەنگی ئاسۆیەکی ڕۆشن بڕێژێ. ئەو خاوەنی ئیرادە بوو بۆ دۆزینەوەی سەرە داوی دیپلۆماسی کاتێک کە چارەنووسمان هاوبەش دەبوو.

بەداخەوە کاک ئیدریس و هەزاران تێکۆشەری تری ئەم گەلە، بەر لەوەی هەناسەیەکی قوولّی خۆزگە و خەونە بەدیهاتووەکانیان هەڵمژن، جێیان هێشتین و چوون بەرەو دونیای نەمری.

ئیدریس بارزانی تەنیا ناوێک نەبوو لە ساڵنامەی مێژوودا، بەڵکوو پردێکی دڵنیایی بوو بۆ گەیاندنی خەون بە واقیع، شۆڕش بە دیپلۆماسی، ڕابردوو بە ئایندە.

پیاوێک کە تەلیسمی ژەهر و ژاوەژاوی دەسەڵات و هێز و تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینە کاری لێ نەکرد!

پیاوێک کە لە خەباتی سیاسیدا لەبری نەفرەتکردن لە تاریکی، چرای شکۆمەندیی هەڵکردبوو. لەبری هاتوهاوار و زمانی درِ و ئاگرین، دەنگ و زمانی هێمنی و تەبایی و هاوچارەنووسیی هەڵبژاردبوو. لە گێژاوی ئاڵانگاری و ڕووبەڕووبوونەوەدا بە حیکمەت و ئارام بوو، خاوەنی عەقڵێکی سەنگین و هاوسەنگ بوو.

لە فەرهەنگی دوا ساڵانی تەمەنی کورتیدا سازان خواستی بوو نەک ترازان.. متمانە و لەیەکتر گەیشتنی لا پەسەند بوو نەک بەد گومانی، بەیەکترگەیشتن ئامانجی بوو نەک لەیەکتر دابڕان.

کاک ئیدریس و هەزاران قارەمانی تر ڕۆیشتن و جێیان هێشتین، بەڵام کاروانی خەبات نەوەستاوە وناشوەستێت. ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و پڕ پیلانی ناوخۆ و دەرەکیدا، سەرۆک بارزانی ئاڵاهەڵگر و پێشەنگ و ڕێبەری گەلی کوردستانە و کورِ و برازا و دۆست و هاوسەنگەر و هاوخەباتانی کورداییەتی، درێژە پێدەری کاروانی کوردن بەرەو بەدیهێنانی خەونە ڕەواکانی نەمران.

ئەمڕۆ لەسایەی قوربانی و خەبات و دیپلۆماسییەتەوە هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان قەوارەیەکی سیاسی و ئابووریی متمانە پێکراوە. قۆناغەکانی ململانێ و شەڕی ناوخۆمان بۆ تا هەتا تێپەڕاند، ئێستا لە قۆناغی پتەوکردن و یەکخستنی دامەزراوەکانی دەوڵەتداری و چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەداین، هەموو ئەوانەش بەشێک بوون لە خەون ئاوات و میراتی فیکریی ئیدریس بارزانی کە لە هەموو هەنگاوێکیدا بەرەو یەکخستنی سەنگەر و ڕیزەکانی کوردایەتی، ئامادەی سازان و لێبوردەیی و کرانەوە بوو.

یادی ئیدریس بارزانی چرایەکی ڕۆشنە ڕێگەی خەباتی نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو ڕووناک دەکاتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە قوربانیدان بێهودە نەبووە و نابێت و تەنیا ئیرادەی ڕاستەقینەیە کە مێژوو دروست

دەکات.. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ava.news
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 490
لە سۆران بە چەند چالاکییەک یادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی کرایەوە
20250707215936644663=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: بەوێنە.. لە سۆران بەچەند چالاکییەک یادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی کرایەوە
ئامادەکردنی: محەمەد هەسنانی

بە مەبەستی بەرزراگرتنی ساڵیادی کۆچی دوای سەرکردە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لقی سۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چەند چالاکییەکیان ئەنجام دا.
ئەمڕۆ پێنجشەممە 31-01-2019، ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوان لە هۆڵی ڕۆشنبیری هونەری سۆران، لە ساڵیادی کۆچی دوای سەرکردە ئیدریس بارزانی، کۆڕێکی لەژێر ناونیشانی (ڕۆشنگری، گەنجان، چاککردنی باری حکومەت و کۆمەڵگە) سازکرد.
هەر بەهەمان بۆنەوە لەژێر چاودێری دکتۆر هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لقی سۆرانی یەکێتی قوتابیان لە هۆڵی بۆنەکانی سۆران، پێشانگایەکی تایبەتیی کردەوە، لەگەڵ بەڕێوەچوونی ژمارەیەک چالاکی دیکەی جۆراوجۆر.
ئیدریس بارزانی، کوڕی مستەفا بارزانیی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە سەدەی ڕابردوو، سەرکردەیەکی دیاری گەلی کوردستان بوو. لە ڕۆژی 31-01-1987، کۆچی دوایی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: هەواڵ | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2019
فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی basnews.com- 31-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 491
لە سۆران پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە ژیانی ئیدریس بارزانی ئەنجامدرا
20250722000742647442=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: لە سۆران پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە ژیانی ئیدریس بارزانی ئەنجامدرا

ئەمڕۆ پێنجەشەممە 31ی کانوونی دووەم، فراکسیۆنی پارتی لە پەرڵەمانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی قوتابیان پێشانگایەکی فۆتۆگرافیان لە شارۆچکەی سۆران کردەووە.
وەیسی سەعید ئەندامی پەرڵەمانی کوردستان بە وشەی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ وەک فراکسیۆنی پارتی لە پەرڵەمانی کوردستان لە هۆڵی بۆنەکانی سۆران، بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی گەلی کورد ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بە هەماهەنگی لقی سۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆگرافیمان کردەووە.
زیاتر وتی، ئیدریس بارزانی دۆستی هەژاران بووە دەرگای بۆ هەموو تۆێژەکان واڵا کردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە بارودۆخێکی وەک ئێستەدا لەژێر چاودێری هێمن هەورامی پێشانگایەکی تایبەت بە وێنەکانی ئیدریس بارزانی بکەینەوە کە گوزارشت لە ژیان و خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی دەکات.
ئاماژەی بەوە کرد، لەو پێشانگایەدا ژیانی بەرخوودان و سەروەرییەکانی ئیدریس بارزانی خرایەڕوو کە لەلایەن وێنەگر مەحمود هەولێری ئامادە کراون.
ئیدریس مستەفا شێخ محەمەد بارزانی ناسراو بە ئدریس بارزانی کوڕی ڕابەری نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی لە 1944-05-14 لە گوندی بارزان لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵی لە سۆز و خۆشەویستی باوک دوور بووە تا مەلا مستەفا بارزانی باوکی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە، لە ساڵی 1958دا، دوای زیاتر لە 25 ساڵ خەبات و تێکۆشان و ماندوو بوونێکی زۆر لە پێناو ئازادی کورد و کوردستاندا بەهۆی نەخۆشی لە هەشتی تشرینی دووەمی 1987 کۆچی دوایی کرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: هونەری | هەواڵ | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2019-01-31
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

فۆتۆگرافەر	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی wishe.net-31-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 492
لە سەرووی ناکۆکییەکانەوە لەگەڵ د. مەحمود عوسمان
20241109160319607150=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پێشکەشکار: ئەحمەد زاوێتەپی
دکتۆر مەحمود عوسمان یەکێکە لەو کەسانەی لەناوجەرگەی دانووستاندن لەنێوان ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق و کورددا ژیاوە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و دواتر لە سەردەمی بەعسییەکان و لە دوای ڕاپەڕین و دواتریش لە ساڵی 2003 لەسەر هەموو ئەو قۆناغانە لەم بەرنامەیە میوانداری دکتۆر مەحمود عوسمان دەکەین.
ئەحمەد زاویتەپی/ بەخێربێن دکتۆر مەحمود بۆ ئەم ئەڵقەیە ئێمە باسی ڕەوشی دانووستاندن دەکەین لە سەردەمی ڕژێمە جیاجیاکانی ئێراق تا دوای ڕووخانی ڕژێم تۆ یەکێکی لە سیاسییە دێرینەکان کە لە هەموو قۆناغەکان ڕۆڵت هەبووە لە قۆناغی پێشوو کاتێک گفتوگۆ دەکرا درێژەیان دەکێشا و زۆرجاریش نەدەگەیشتنە ئەنجام و بەڵێنەکان جێبەجێ نەدەبوون بەڕێزت هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟
د.مەحمود عوسمان/ پێشەکی سوپاس بەخێربێن سڵاو بۆ بینەرانی کوردستان24 بۆ ئێوەش و بۆ برادەرانی پشت کامێرا کە ئەزیەتیان کێشا خۆی لە مێژووی کوردستان شەڕ زۆربوو گفتوگۆ زۆربووە لەو حکومەتانەی لە باشووری کوردستان ئەنجامی تەواونەبووە.
هۆکارەبوون بۆ شکست هۆکارە سەرەکییەکان بریتین لەوەی یەکەم حکومەتەکانی بەغدا بڕوایان بەو مافەی کورد نەبووە کە زۆر داوای ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی یان حکومی خۆبەڕێوەبەری بکات و داوای کەرکووکی کردووە حکومەتی ناوەندی ڕازی نەبووە بەم داواکارییانە لە کاتی گفتوگۆکان نەیانگوتوە لەسەرچی ڕازین یان دژی چین.
زۆر شت نووسراوە ئیمزایان لەسەرکردووە بەڵام هەرکات دەسەڵاتیان هەبووبێت دژی وەستاونەتەوە پاشگەزبوونەتەوە ئەوە هۆکارێک بووە. داواکاری و خواستی کورد و حکومەتی ئێراق دووشتی
لەیەکترجیاوازبوونە بۆ نموونە ئێمە داوای فیدراڵیمان کردووە ئەوان دەیانەوێت حکومەتێکی بەهێزیان هەبێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئێراقدا هەبێت ئێستا هەرێمی کوردستانیان کردووەتە پارێزگایەکی گەورە هۆکارێکی تر نووسراوەکانی نێوان بەغدا و کورد نەبوونی وردەکاری بووە بۆ نموونە دەڵێت دەبێت ئەوە بکرێت بەڵام

نەنووسرا و کەی و چۆن بکرێت وردەکاری چییە. هەرکات کورد داوای وردەکاری کردووە ناکۆکی دروستبووە چونکە ئەوان حەزیان کردووە وردەکاری نەبێت ئێمە حەزمان کردووە وردەکاری هەبێت بەڵام ئەوە حەزیان لە وردەکاری نەبووە بۆ نموونە ماددەی 140 کە بۆ کورد لە هەموشت گرنگتردەبێت ئەم ناوچانەی کێشە لەسەرن ناوی هەموو ناوچەکانی نەهێناوە کاتیش دەستنیشان نەکراوە کاتێکیان دەستنیشان کردبوو 31-12-2007 بەڵام نەبوو ئەوە دووەمین هۆکارە کە وردەکاری و خشتەی کات هۆکاری تر حکومەتەکانی دراوسێ دژی ئێمە بوون وەک تورکیا و ئێران و سووریا چونکە لە سنووری ئەوانیش کورد هەیە و مافی نەدراوە دەوڵەتانی دەرەوەش وەک ئەمریکا و ڕووسیا و هەتا نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان ئەم کێشانە کێشەی ناوخۆیی ئێراقن دەبێت کورد لەگەڵ حکومەتی ئێراق ئەم کێشەیە چارەسەربکات هیچ کات ئامادەنەبوون ببنە کەسی سێیەم لەنێوان ئێمە و بەغدا بۆیە ئەم کێشەیە ماوەتەوە یاخود کە تێکچووە هیچ کەس شاهیدنییە کە بڵێین خەتای کامیانە ئەم سێ هۆکارە فاکتەری بنچینەین فاکتەری تریش کە کوردییە ئەوەیە کە کورد یەکگرتوونییە هەر حیزبێک بەجیا خۆی قسەی کردووە وەکوو ئێستا زەرەرێکی زۆر دەکەین ئەوەش فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە نەبوونی یەکڕیزی زیانی گەورەی بە کورد گەیاندووە.

ئەحمەد زاویتەیی/

بەڕێز دکتۆر مەحمود تۆ یەکێک بوویت لەوکەسانەی کە لەناوجەرگەی دانووستاندنەکان بوویت لە زۆربەی قۆناغەکان سرووشتی ئەم دانووستانەی نێوان ئێوە و بەغدا چۆن هەڵدەسەنگێنی لەگەڵ لایەنە ئێراقیەکان و ڕژێمە جیاجیاکانی ئێراق؟

د.مەحمود عوسمان/

لە ساڵی 1963لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم 1964 و 1966 و 1970 لەهەموو ئەو ساڵانە دیالۆگ هەبووە ساڵی 1979 و 1991 دیالۆگ هەبووە دوای ساڵی 2003 دانووستاندن هەبووە بەڵام یەک فاکتەر لەهەموو قۆناغەکان وەکوو یەک بووە ئێستاش هەروایە بیروبۆچونی کورد جۆرێک بووە هیی حکومەتی بەغدا جۆرێکی تربووە ئێمە داوامان کردووە حکومی زاتی یان فیدراڵی ئەوان داوایان کردووە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کە دەسەڵاتی هەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ نموونە ئەوان داوا دەکەن کە ئەمنییەتی ئێراق لە دەستی بەغدا بێت بەڵام ئێمە داوامان کردووە ئەمنییەتی ئێراق لە دەستی بەغدا بێت بەڵام ئێمە داوامان کردووە ئەمنییەتی کوردستان لە دەستی خۆماندا بێت ئێمە خواستمان بووە پەیوەندی دەرەوەمان هەبێت ئەوان دژی ئەوان بەگشتی بۆچوونی ئێمە وابووە کەمافی خۆمان دابین بکرێت بەڵام بۆچوونی ئەوان وابووە کەمافی کورد کەمتر بێت لەبیرمە لە نووسینی دەستوور لە2005 هەوڵماندا زۆرشتی باشبوو توانیمان مافی چارەنووس بنووسین لەناو دەستوور بەڵام ئەوە جێبەجێ نەبوو ئەو کات دۆخی کورد زۆرباش بوو کورد بەهێزبوو یەکگرتوو مام جلال سەرۆک کۆماربوو کاک مەسعود لە بەغدا بوو دواتر لەجێبەجێ کردن نەیانکردووە لەبەر ئەوە هەموو ئەو هۆکارانەی باسم کردن فاکتەری سەرەکین کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی کەقسەی پێش گفتوگۆ و دوای گفتوگۆیان یەک نییە (ئێراق ڕێککەوتنەکان وەک خۆی جێبەجێ ناکات)

کاتێک خاڵ ئەنووسرێت بەڵام کە وردەکاری بۆ خاڵەکە ئەنووسرێت ناکۆکی دروستدەبێت و ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکرێت، .

ئەحمەد زاویتەیی

دەتوانین بڵێین نیازپاکی نەبووە لەلای نوێنەرانی بەغدا لەگەڵ کوردا یاخود نییەتیان خراپ بووە لەگەڵ کوردا کە دانووستاندن نەگەنە ئەنجام لەبەرژەوەندی کوردا کە دانووستاندن نەگەنە ئەنجام؟

د.مەحمود عوسمان

نالێم نییەتی خراپ بەڵام بۆچونی جیاواز تۆ هەوڵدەدەیت مافی خۆت وەربگریت ئەو هەوڵدەدات مافی تۆ کەم بکاتەوە ئەوە جیاوازییەکەیە نەک مەسەلەیە ئەوان دژن بەڵام بیروڕای ئەوان ئەوەیە کە ئێراق یەکە حکومەتی ناوەندی هەموشت لای حکومەتی ناوەندی بێت وەک ئەمنییەت و ئابووری و پەیوەندییەکانی دەرەوە هەموو

شتێک کەرکووک هەمیشە کێشەی ئەوان لەگەڵ ئەوەنین کە کەرکووک لای کوردبێت لەبڕیارجێبەجێ کردن نییەت باشی نەبووە بۆ نموونە ئەو وەفدانەی ئێستا دەچنە بەغدا جارێک دەچن دوو دەچن سێ دەچن کورد نییەتی باشە خۆشباوەڕە زوو باوەڕدەکات ئەوان فێڵبازن فێڵی لێدەکەن.
کەدەچنە مفاوەزان خاڵێک داخڵ دەکەن کەفێڵێکی تێدایە وەختی دێن تەفسیری بکەیت جێبەجێ نابێت بۆ نموونە 2014 بودجە کێشەمان هەبوو لەگەڵ حکومەتی مالیکی لەسەر 2012 تاپێش ئەوەی عەبادی بێت لەسەر مەسەلەی نەوت.ئێستا داوا دەکەن حکومەتی هەرێم ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بفرۆشین تائەوان بودجەکە بدەن لە دوایدا ناتوانی تۆ ئەوە زەمان بکەیت ڕۆژی 400هەزار دواتر گونجان یان شەش مانگ حیساب بکرێت ڕۆژی وا هەیە 400 یان 300 ڕۆژی وا هەیە 400 زیاترە ئەوان کارێکیان کرد کە حکومەتی هەرێم نەیتوانی 400 دابنێ کردیانە خاڵ بودجەی هەرێمیان بڕی بۆ زانیاریت تۆ دەڵێی ڕۆژی 400بەسێ مانگ حسابی بکە بەشەش مانگ حسابی بکە ئەوە فێڵی تیایە بەڕەئی من هەندێک خاڵ جێگیردەکەن کەقابلی جێبەجێکردن نییە.

ئەحمەد زاویتەیی

بۆمبی تەوقیتکراو دادەنێنن

د.مەحمود عوسمان

بەڵێ بۆمب دادەنێنن کوردیش بەسیتە خۆشباوەڕە نییەتی پاکە فێڵی لێدەکەن.

ئەحمەد زاویتەیی

گرنگترین دیالۆگ ساڵی 1970 یازدەی ئازار گەیشتنە حکومی زاتی یان ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بچەسپێنن تۆ لەناو دانووساندنەکان بوویت ڕەوشی دیالۆگ چۆن بوو؟

سنووری دوای ساڵی 1991 هەرهەمان ئەو سنوورانەبوون کە لەبەیانی یازدەی ئازاری 1970 دیاری کران چۆن گەیشتنە ئەنجام؟

د.مەحمود عوسمان

دیالۆگی ئەوکاتە ئاسانتربوو چونکە یەک کەس بڕیاری دەدا مەلامستەفا لێرە و سەدام حسێن لەوێ ئاسان بوو لێرە تەنیا پارتی هەبوو حیزبی شیوعی هەبوو بەڵام لەناو دیالۆگ نەبوو لێرە مەلامستەفا سەرۆکە بڕیاردەدات. لەوێش سەدام خۆی بڕیاردەدا ئەچیت قسەی لەگەڵ دەکەین یان دەڵێت بەڵێ یان دەڵێت نەخێر. زوو جێبەجێ دەبێت ئێستا ئەچیت دەبێت لەگەڵ دەیان حیزب و جەماعەت دیداربکەیت ئیشەکە زەحمەتترە لێرەش هەمان شت حیزب زۆرن ئەو وەختە سەهلتربوو بەڵام حکومەتی ئەو وەختەش نیازی پاک نەبوو مەبەستی ئەوە بوو بۆ ماوەیەک لەگەڵ کورد بێتە پێش کوردشوێن کەوتەی ئەوان بێت وەختێکیش کە بینیان کورد نابێتە شوێنکەوتەی ئەوان ناتوانێت پشتگیری حکومی بەعس بکات بەتەواوی کەوتنە تیرۆری کاک ئیدریس بارزانی و تیرۆری مەلامستەفای بارزانی و سیاسەتیان گۆڕا و وردەوردە تێکچوو تالەگەڵ سۆڤیەت معاهەدەیان کرد دژی کورد ئەوکاتە گفتوگۆ ئاسانتر بۆ یەکەم جاردانیان بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و خاڵی زۆرباشی تێدابوو بەیانی 11ی ئازار بەڵام کاتێک هاتە سەر جێبەجێ کردن ئاسان نەبوو زۆر کێشەی تێکەوت.

ئەحمەد زاویتەیی

بۆچی دوای چوارسالان شەڕ دروست بوو لە کاتێکدا گەیشتبوونە هەندێک ئەنجام ناوەرۆکی ئەم بەیانە خاڵی کرا؟

د.مەحمود عوسمان

ئەم پلانە وەختی ئێمە مفاوەزاتمان کرد لە بەغدا من سەرۆکی وەفدی کوردیم لە بەغدا کاک ئیدریس و کاک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئێمە بوون ئێمە دەچووینە بەغدا جارێک دواتر ئەوانیش ئەهاتنە کوردستان مەلامستەفا خۆی سەرپەرشتی مفاوەزاتی دەکرد کەئەچوینە ئەوێ سەدام خۆی سەرپەرشتی دەکرد ئێمە دەمانویست ئۆتۆنۆمی جێبەجێ ببێت دوانەکەوێت ئەوان وتیان ڕاستەوخۆ ناتوانین ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکەین

پێویستمان بەهەشت ساڵ هەیە ئێمە ئەم قسەیەمان ڕەفزکرد ئێمە ئیسرارمان دەکرد لەسەر ئێستا ئەوان ئیسراریان دەکرد لەسەر هەشت ساڵ لە دوایدا بەناوبژیوانی یەکێتی سۆڤیەت و جەماعەتی تر لەگەڵ ئێمە و ئەواندا بوون وای لێ هات بوو بەچوارساڵ باشتر بوو ئێمە قبووڵی بکەین سۆڤیەتییەکان بەئێمەیان وت یان دەبێت ئەم چوارساڵە قبووڵ بکەین یان ڕێککەوتن نابێت ڕێککەوتن پێویست بوو بۆ گەل و پێشمەرگە ئەو ناکۆکییەی نێوان ئێمە و مام جلال نەما بارودۆخێکی باشی دروستکرد ئەم چوارساڵە لەوەوەهات.

ئەحمەد زاویتەیی

دەڵێن لەبەیانی یازدەی ئازار تورکیا نوێنەری خۆی دەنارد بەغدا کەئەم ڕێککەوتنە سەرنەگرێت ئێرانیش هەوڵی دەدا ئەم ڕێککەوتنە نەبێت ئایا فاکتەری هەرێمی ڕۆڵیان چی بوو ئەم هەوڵە هەرێمیانە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

د.مەحمود عوسمان پێش ڕێککەوتن و دوای ڕێککەوتن هەوڵ هەرهەبوو تورکیا زۆر دژبوو چونکە ئەو کاتە دەیوت کورد هەربوونی نییە ئێستا دەڵێت هەیە بەس تیرۆریستن هەرهەمان شتە ئێرانیش شا زۆر دژبوو چونکە لەگەڵ کورد تێکچوبوو زۆر فشاریان لەمەلامستەفا کرد بەڵام ئیمزای کرد بەڵام چی لەبەرژەوەندی گەلی کورد بوو مەلا مستەفای بارزانی ئەوەی کرد لەبەر ئەوە ئەم دوو دەوڵەتە زۆر فشاریان لە ئێراق کرد بەڵام ئێراق سیاسەتی خۆی هەبوو هەردوولا ڕازی بوون بەرژەوەندی هەردوولای تێدابوو.

ئەحمەد زاویتەیی

گۆڕینی سیستەمی حکوم لە ئێراق لەپادشایەتی و کۆماری و هەتا 2003 ئەگەر سەرنج بدەی مامەڵە لەگەڵ کورد نەگۆڕاوە خاڵی هاوبەشیان هەیە ئایا تۆش هەمان ڕات هەیە کە نەگۆڕاون لەسیستەمێکی حکومی بۆ سیستەمێکی تر؟

د.مەحمود عوسمان

جیاوازی هەیە جیاوازییەکە ئەوەیە پێش سەدام چونکە سەدام خوێنڕێژبوو ئەنفال و کیمیایی کرد ئەوە کارێکە هیچ حکومەتێکی تری ئێراق نەیکردووە لەهەمان سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف ڕایان وابوو کە عەشائیری کورد هەمووی عەرەبن شۆڤێنی زۆر هەبوو ئێستا چەندین حیزبی شیعە کەلەحکومدان زۆرینەیان دژن سەردەمی حکومی نوێ دوای ڕووخانی ڕژێم کورد زۆر بەهێزبوو فاکتەری سەرەکی بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام لەبنیاتنانەوەی ئێراقی نوێ لەئەنجوومەنی حکوم و نووسینەوەی دەستوور بەڵام نییەتی بنچینەی هیچ جیاوازی نەبوو ئەوان دەیانەوێت کەمترین ماف بۆ کورد هەبێت ئێمەش دەمانەوێت زۆرترین ماف بۆ کورد هەبێت ئەوە جیاوازییەکە ئەوان دەیانەوێت حکومەتێکی ناوەندی هەبێت جگە لەهەرێمی کوردستان هیچ هەرێمی تر لە بەغدانییە بۆ زانیاریت حکومی فیدراڵی هەبێت دەبێت هەرێمی تر هەبێت بەڵام نایکەن هەتا سوونە و شیعە هیچیان نایکەن و حەز لەحکومی ناوەندی بەهێز دەکەن هەرێمی کوردستانی پێش ڕووخانی سەدام هەبوو فرز الامر واقیع چەند بتوانن مافی کەمبکەنەوە لەگەڵ تورکیا و ئێران ڕێککەوتن بکەن کاتێک ڕیفراندۆممان کرد ڕای خەڵکمان وەرگرت هەموو دونیا بووبە دوژمن ئێمە لەسەریان هەوڵدەدەن بچوکی بکەنەوە بۆ زانیاریت کورد مەترسی نییە لەسەریان دەیەوێت لەسەر زەوی مافی خۆی هەبێت کورد ستەمی لەکەس نەکردووە ئەوان ستەمیان لەکورد کردووە.

ئەحمەد زاویتەیی

باسی 2003 بکەین ئەو کاتە حکومەتی هەرێم هەبوو سەدام ڕووخا هەندێک کەس دەڵێن نەدەبوایە کورد بچێتە بەغدا دەبوایە پێیان بڵێت ئێوە برۆن ڕێککەوتن بکەن دواتر وەرن ڕێککەوتن بکەین لەسەر ماف نەدەبوایە کورد ببێتە بەشێک لەپڕۆسەی سیاسی بۆ ئەمەچی دەڵێیت چی؟

مەحمود عوسمان

لە 2003 کە سەدام ڕووخا ئەمریکا ڕووخاندی لەبەر ئەوە ئەمریکا خاوەن بڕیاربوو ئەو کاتە و ئەمریکا زەختی لەکورد کرد کە جیابوونەوە نییە دەبێت بچن لە بەغدا حکومەتی ئێراق پێکبهێنن ئەمریکییەکان ساڵێک و

دوومانگ لە بەغدا حکومیان کرد لەپاش مەجلیسی حکوم پێکهێنرا هیچ هەنگاوێک بەدڵی کورد نەبوو.
ئەحمەد زاویتەیی
کەواتە کورد نەیتوانی بڵێ ناتوانم بێمە بەغدا؟
مەحمود عوسمان
هەندێک کەس کە دەڵێن دەمانتوانی ئەوە بکەین وانییە ڕاست نییە چونکە ئەمریکا بڕیار دەدات ئەمریکا دۆخی ئێراق جێگیرکرد ئەمریکا حکومی دەکرد کەچی بکەین بۆیە کورد نەیدەتوانێت دژبێت کورد و سوونە بەفشاری ئەمریکا چوونە ئەنجوومەنی حکوم دوایی بڕیمەر حکومەتی ئێراق دروست بوو نە مەسەلە ئەوەیە کورد ئیختیاری تری هەبوو قبووڵی نەکرد ئەوە وانییە دوای 2003 دۆخێک دروست بوو کە کورد دەبوو قبووڵی بکات.
ئەحمەد زاویتەیی
ئەم ڕەنگە مامەڵە لەگەڵ بۆچی دەگەڕێتەوە فشاری هەرێمی لەسەر کورد هەیە کەبەغدا هاندەدەن کەبەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات؟
د.مەحمود عوسمان
من لە سەرەتاوە وتم بیری خۆیان وایە کە ئێراق یەک وڵاتە حکومەت دەبێت ناوەندی بێت و دەسەڵاتی هەبێت بەسەر هەموو شتێکدا حکومێکی ناوەندی بەهێز هەبێت بەسەر هەموو شتێکدا حکومێکی ناوەندی بەهێز هەبێت و پشتگیری هەبوو هیچ هەرێمێک ناکەن هەرێمی کوردستان فەرز بوو لەسەریان چونکە پێشتر هەبوو یەکێک لەفاکتەرەکان ئەوەیە فاکتەری دەرەکیش هاندانی دەوڵەتانی دەوروبەر کە خۆیان کوردیان هەیە هیچ مافیان نەداوە بە کورد زەختیان لە ئێراق کردووە کەکەمترین ماف بە کورد بدات.
هەمیشە قەزیەکەیان تەرک کردووە دەڵێن کێشەیەکی ناوخۆییە ئەو کێشە ناوخۆییە دەبێت لە ناوخۆ لەگەڵ حکومەت چارەسەربێت دەستوەردانیان نەکردووە هەتا لەئەنفال و کیمیابارانیش هەروتیان ناوخۆییە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خەرقی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانە ئەم فاکتەرەش وەکوو هەموو فاکتەرەکانی تر کاریگەریی خۆی هەیە.
ئەحمەد زاویتەیی
ئەم ڕەوشە دەگۆڕێت کەلەتوانای کورد هەیە ئەم ڕەوشە بگۆڕن ئایا دۆخێک بێتە پێش لەبەرژەوەندی کورد بێت یان ئەم دۆخەی ئێستا هەیە بەردەوام دەبێت؟
د.مەحمود عوسمان
مومکینە بگۆڕێ بەمەرجێ کورد یەکگرتووبێت نەک هەرحیزبەی بەجیا نەک وەک ئەم دۆخەی ئێستا ئەگەر یەکگرتووبێت بەهێزدەبێت.
یەکگرتنی کورد هێزێک دەدات بە کورد دەتوانێت ڕۆڵ و دەوری هەبێت لە بەغدا و تورکیا و ئەمریا خاڵی یەکەم و خاڵی تر ئەگەر گۆڕانکاری لەسیاسەتی نێودەوڵەتی دروست ببێت لەهەمان کاتدا زەخت لە ئێران و تورکیا بکرێت تەداخول نەکەن لەکێشەی کورد هەرسێ فاکتەرەکە گرنگە بەڵام گرنگترینیان یەکگرتنی کوردە گۆڕینی سیاسەتی دەرەکی ئێراقیش ناوخۆیی ئێراقیش سەدر دژی هەموویانە.
ئەحمەد زاویتەیی
کورد نەیتوانیوە کەڵک لەناکۆکییەکان نێوان لایەنەکان وەرگرێ؟
د.مەحمود عوسمان
کورد نییەتی باشە و خۆشباوەڕە دژی هیچ لایەنێک نین بەڵام ئەوان بەمشێوەیە نین ئێمە بەو شکڵەبین بەڵام ئەوان نییەتیان باش نییە.
ئەحمەد زاویتەیی
دکتۆر ئەگەر کورد نەتوانن کاریگەریی لەسەر هزری سیاسی ئێراق بکەن دەتوانن کاریگەریی لەسەر هزری تاکی

ئێراق بکەن تاکی عێراقی لەبەرژەوەندی کورد هەڵوێستی هەبێت؟
د.مەحمود عوسمان
هاوڵاتی ئێراق بەگشتی دژی مەسەلەی کوردنین وەختی خۆی کورد نەفی کرا بۆ باشووری ئێراق زۆر ڕێزیان گرتن ئێستا گرووپی گەشتیاری دێنە ئێرە هیچ گرفتیان نییە بەڵام حکومەتی ئێراق حکومەتی هاوڵاتی نییە حکومەتی ئەم حیزب و ئەو حیزبە هەڵبژاردنیش هەمیشە پرپەتی لەساختەکاری لە 2003 تا ئێستا هەمان ستاف و دەموچاو حکوم دەکەن ئەوە حکومەتی هاوڵاتی نییە لای کوردیش کەمتەرخەمی هەیە کە دەبێت زیاتر هەوڵبدات لەگەڵ هاوڵاتی شیعە و سوونە و تورکمان حکومەتەکان هەرهاوڵاتی نین تابتوانن کاریگەریان هەبێت چونکە دەبینی هاوڵاتی ئێراق لەحاڵی کورد باشترنییە کورد دەبێت بەیەکگرتوویەوە لۆبی بۆ خۆی بکات.
ئەحمەد زاویتەیی
باسی لۆبیت کرد ئەگەر باسی دیبلۆماسییەتی کوردی بکەین ئایا توانیویەتی کاریگەرپی لەسەر ئێران و تورکیا و ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا دروست بکات لەبەرژەوەندی کێشەی کورد هەڵوێستیان بگۆڕن؟
د.مەحمود عوسمان
بێگومان ئەو پەیوەندیانەی هەیبووە بەتایبەتیی پاش ڕووخانی سەدام و پێشتریش پەیوەندی هەبووە یازدەی ئازاریش کاریگەرپی هەبووە کە کورد بتوانێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پەیوەندی هەبێت کەلۆبی بکات و لەوێ چالاکی بکات لەڕووی دیبلۆماسی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکەکان بکات لێرەدا دوو شت هەیە بەڵام کورد بەیەکگرتووی نەیکردووە حیزبێک بۆ ئێران و یەکێکی تر بۆ تورکیا دووەم سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە نەگۆڕاوە ئەو دەوڵەتانە دەڵێن ئێراق یەک دەوڵەت دەوڵەتیش قابیلی دابەشبوون نییە دەبێت کورد لە بەغدا مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و زەمانی کورد دەستووری ئێراقە ئەوە قسەی ئەمریکایە و سیاسەتیان نەگۆڕاوە بەڵام مانای ئەوەنییە کەقەت ناگۆڕێ بەڵام کورد دەبێت هەربەردەوام بێت لێرەوە دەبینین جوگرافیای سیاسی دوژمنی ئێمەیە گەمارۆدراوین لەنێوان چەند دەوڵەتێک هیچ لایەکمان لەسەر دەریانییە فڕۆکەخانەمان هەیە بەڵام لەژێر چاودێری بەغداان لەبەر ئەوە مێژووی پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا لەگەڵ ئێمەش هەیەتی بەڵام لەبەرئێمە نایگۆڕێتەوە لە سەردەمی شا پەیوەندی هەبوو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەمریکا ئەوەندەی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئێران ئەوەندە پەیوەندی نییە لەگەڵ کوردی ئێران.
لەبەر ئەوە ئەم شتانەش هەیە بەگشتی ئێمە دوژمنمان زۆرە ڕاستە دیبلۆماسییەتی کوردیش هەبووە ئێستاش هەیە بەڵام ئەم فاکتەرانەی باسم کردن هۆکاری ئەوەن کە دیبلۆماسییەتی کورد وەک پێویست نییە کە پێمە دەمانەوێت.
ئەحمەد زاویتەیی
هاوکێشەیەک هەیە کە هەرکات بەغدا بەهێزبێت هەرێم لاوازە بەپێچەوانەوە هەرکات هەرێم بەهێزبێت بەغدا لاوازە ئەم هاوکێشەیە چۆن دەگۆڕێت هەردووکیان بەهێزبن.
د.مەحمود عوسمان
ئەو کاتە بەهێزدەبن کەدەستوور جێبەجێ بکرێت دەستووری ئێراق خاڵی باشی تێدایە ئەگەر جێبەجێ بکرێت ئێراقێکی فیدراڵی بەپێی دەستوور بەغدا بەهێز دەبێت کوردستانیش بەهێزدەبیت بەو عەقڵیەتە ئەوانەی بەغدا دەستوور جێبەجێ ناکەن دەڵێن دەبێت حکوم مەرکەزی بێت زۆر بڕوایان بەفیدراڵی نییە وەختێک دێتە سەرباسی دۆخەکە لەسەر حیسابی کورد دەبێت کورد لاوازدەبێت کورد کە بەهێزە هەندێک جار یەکگرتووبووە بەکاری نەهێناوە لە دژی خەڵکی تر بەهێزی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەکارهێناوە وەکوو 2003 ئێمە بەهێزبووین یەکگرتووبووین بەڵام بەکارمان نەهێنا دژی بەغدا تا هەندێک مافی زیاتر بەدەست بهێنین لەبەر ئەوە وەختێک بەهێزدەبن هەردووکیان کەدەستوور جێبەجێ بکرێت
ئەحمەد زاویتەیی

باسی 2003ت کرد سەرۆک بارزانی و مام جلال تاڵەبانی هەبوون کورد بەهێزبوون لە بەغدا؟
د.مەحمود عوسمان
2003 ئێمە لە بەغدابووین کاک مەسعود بارزانی مام جلال لەوێ بوون کاک مەسعود ماوەیەکی زۆر لەوێ بوو کاتی دەستوورمان نووسی زۆر هەوڵدرا ئێمە یەکگرتووبوین کۆبوونەوەی زۆرکرا شەوتا پێنجی بەیانی کۆبوونەوە بووە بڕیمەر و نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ بوون ئەوەندەی توانیمان مافی خۆمان چەسپاندووە یەکێک لەو خاڵانەی کە زۆر هەوڵمان بۆیدا چوویە ناو دەستوور شیعە و سوونە دژی بوون ئەوە کە دەڵێت دوو دابەش سێ، .
سێ پارێزگا دژی یاسایەک بوون ئەوە نابێتە یاسا زۆر دژی بوون مافی تر هەیەشتی باشی تیایە لە دەستوورەکەدا هەیە و چەسپاوە هەوڵماندواوە ئەوەی کە نەکراوە نەمانتوانیوە زیاتربکەین کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان موافق نەبوون و هێزە ئێراقیەکان موافق نەبوونە بەڕاستی هەرئەوەندەکراوە.
ئەحمەد زاویتەیی
بەڵام لەو خاڵانە جێبەجێ نەبوون؟
د.مەحمود عوسمان
جا ئەوەیە نووسین شتێکە و جێبەجێ کردن شتێکی تر
دەستوور ببینە شتێکی باشە بەڵام لەجێبەجێکردن جیاوازی هەیە بۆ نموونە 140 چەندساڵە هەیە کوا هیچی جێبەجێ نەکراوە خاڵی پێشمەرگە بەشێکە لە هێزی بەرگری ئێراق دەبێت هەموو شایستە داراییەکانی هەبێ نەدراوە بۆ نموونە نەوت و غاز نەبووەتە یاسا نەوتی هەرێم بەقاچاغ دانراوە دەڵێت دەبێت سزابدرێت لەم کۆتاییە ئێراق و تورکیا رێککەوتنی ژێربەژێریان کردووە نەوتی هەرێمیان بڕی ئەوەی تورکیا کردویەتی ئێراقیش موافقە لاری نییە بۆ ئەوەی کێشە بۆ هەرێم دروست بکرێت.
ئێمە لەگەڵ ئەمریکییەکان قسەمان کرد کە شێخان و خانەقین کوردن بچنە سەر هەرێمی کوردستان بڕیمەر وتی یەک سانتیمەتر ناخەینە سەر کوردستان بەپەنجە هێمای بۆ کرد بۆ نایخەن ئێمە نامانەوێ بڵێن ئەمریکا هات ئێراقی ڕووخاند کوردی بەهێزکرد تورکیا و ئێران و عەرەب زویردەبن.
ئەحمەد زاویتەیی
ئایا ترس هەیە دەستوور بگۆڕێت؟
د.مەحمود عوسمان
هەوڵیان داوە بیگۆڕن بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بگۆڕێ نازانم لەئایندە هەمیشە هەوڵیان ئەوەیە ماف و دەسەڵاتی کورد کەمبکەنەوە دەسەڵاتی ناوەندی زیاتربکەن کاک مەسعود بارزانی نزیکەی 50 ڕۆژ لە بەغدا بووە کەئەم مفاوەزاتەکرا بەردەوام ئەیانوت ئەم خاڵە دوابخەن بۆ دوای دەستوور ئەوە دوابخەن بۆ دوای هەڵبژاردن ئێمە هیچ کات ئەمەمان قبوڵ نەکرد هەڵوێستی مام جلال و کاک مەسعود بەتایبەتیی مام جلال سەرۆک کۆمار بوو ئەبوایە مراحاتی هەموو ئێراقیەکان بکات بەڵام هەڵوێستی کاک مەسعود بارزانی هەمیشە پێداگری دەکرد لەسەرئەوەی هیچ دواناخرێت. دەتوانم بڵێم دەستووری ئێراق شتی باشی تیایە بەڵام جێبەجێ ناکرێت.
ئەحمەد زاویتەیی
تەمەنی قەوارەی هەرێم 33ساڵە بەرەو کوێ دەچێت؟
د.مەحمود عوسمان
بەغدا دەیەوێت دەسەڵاتی هەرێم کەمبکاتەوە بڕوای وایە تەنیا هەولێر و دهۆک و سلێمانی هەرێمی کوردستانە ئێران دەیەوێت بچوکی بکاتەوە چونکە ئێران و ئێراق پەیوەندیان باشە لەهەمانکاتدا تورکیاش دەیەوێت هەرێم بچوک ببێتەوە.
دەیانەوێت لەوە گەورەترنەبێت کورد ئەگەر بیەوێت بەرەو کەرکووک بچێت بۆ جێبەجێکردنی 140 دەبێت

یەکگرتووبێت ئێمە ئەم یەکگرتوویەمان نییە ئێستاش ئەوە گەورەترین کێشەی ئێمە ئەگەر یەکگرتوونەبین خراپتردەبێت.
ئەحمەد زاویتەیی
دەبێت کورد چی بکات لەم دۆخەدا ؟ جگە لەیەکگرتووی چیتربکات؟
د.مەحمود عوسمان
کورد دەبێت سێ شت بکات یەکەم دەبێت یەکگرتوو بێت نە حیزبایەتی تەسک دەبێت کورد کوردایەتی بکات.
دووەم دەبێت کاریکات بۆ جێبەجێکردنی دەستوور.
سێیەم دەبێت کاریکات بۆ جێبەجێکردنی لۆبی لە دەرەوە بکات یارمەتیی و کۆمەک بۆ پشتیووانی لەکێشەکەی.
ئەحمەد زاویتەیی
کورد بۆچی یەکگرتوو نابێت؟
د.مەحمود عوسمان
بەڕێکەنینەوە نازانم بۆچی بەڵام شتێکی خراپە تەرکیز لەسەر حیزبایەتی نابێت ئێمە هیچمان نەکردووە دەبێت هەموو پێکەوە بۆ کورد کاربکەن سالی 2014لە کەرکووک بەهۆی نەبوونی یەک لیستی 190دەنگمان لەکیس چوو دژایەتی سیاسییەتی ئێران و تورکیا کێشەیە بۆ ئێمە
ئەحمەد زاویتەیی
زۆرزۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان سیاسەتڤانی کوردستانی
بینەرانی ئازیز سوپاس بۆ ئێوەش تا ئێستا بینەری بەرنامەکە بوون تا ئەڵقەیەکی تر بەرنامەکە خواتان لەگەڵ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistan24.net
کاتی تۆمارکردن: 2024-11-09
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 493
لە هەولێر یادی 35 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی دەکرێتەوە
20250706124826644302=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هادی سەلیمی

35ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس مستەفا بارزانی تێپەڕ دەبێت. بەو بۆنەیەوە لە هەولێر چەند چالاکییەک ئەنجامدران. هاوڕێیەکی دەڵێت: ئەو هیچکات دڵی کەسی نەڕەنجاندووە و بەردەوام کێشەکانی خەڵکی چارەسەرکردووە.

عومەر عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتییە و زیاتر لە 50 ساڵ پێشمەرگە بووە و دەڵێت: ساڵانی زێڕینی گەنجی و پێشمەرگایەتی نزیک بووە لە ئیدریس بارزانی. لە یادی 35 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا باسی تایبەتمەندییە کەسی و پیشەییەکانی دەکات و دەڵێت: ئەو هیچکات هەستی بە ماندووبوون نەکردووە.

عومەر عوسمان دەڵێت: لە ساڵی 1958ەوە ئەوم دەناسی، کاک ئیدریس قەت لە ئیش ماندوو نەدەبوو، بەردەوام حەزی لە کارکردن بوو. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەبوو دڵی کەسی نەڕەنجاندووە و هەرکەسیش دڵی لێ بهێشایە زوو ئاشتی دەکردەوە. کاک ئیدریس کەسێکی زۆر بەڕێز بوو و بەردەوام ڕێزی لە خەڵک دەگرت.

مام وەلید یەکێکی دیکەیە لە هاوڕێکانی ئیدریس بارزانی، لە تەمەنی گەنجی خۆی و ساڵانی کۆتایی تەمەنی ئیدریس بارزانیدا وەک خۆی دەڵێت: ئەزموونێکی زۆری لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ئیدریس بارزانی وەرگرتووە.

وەلید زوبێر، پێشمەرگەیە و دەڵێت: هەر کەسێک لەگەڵی قسەی بکردایە کاری ئاسان دەبوو، کە لەگەڵی بوویتایە قەت هەستت بەسەختی و نائارامی نەدەکرد. هەرکات کارێکت پێی هەبووایە هەموو هەوڵی خۆی دەدا جێبەجێی بکات.

ئیدریس مستەفا بارزانی لە ساڵی 1944 لە بارزان لەدایکبووە. ئەو کاتەی تەمەنی 3 ساڵ بوو لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتی ئێراقەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی گوازرانەوە بۆ خواروو و نێوەڕاستی ئێراق.

لە هەولێر دوو توێژینەوەی ئاکادیمی لەسەر ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا خرانەڕوو.
د. شوان حەمەدەمین، مامۆستای زانکۆ باسی لەوە کرد، لە توێژینەوەکەماندا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو کەسایەتییەکی دیپلۆماسی بووە بە مانای وشە. هەنگاوەکانی ئەو بۆ بواری دیپلۆماسی دانیشتنی لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکان و سەردانی بۆ وڵاتان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەو کەسایەتییە شارەزاییەکی گەورە و پتەوی لە دیپلۆماسیدا هەبووە.

ئیدریس بارزانی لە 31ی کانوونی دووەمی 1987 لە شارەدێی سلێمانای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دواییکرد. لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی 1993 تەرمی ئیدریس بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی گەڕێندرانەوە باشووری کوردستان. ساڵانە لە باشووری کوردستان بە چالاکیی جیاجیا یادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی دەکرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | کۆمەڵایەتی | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
فراکسیۆنی پارتی: ئیدریس بارزانی گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 494
لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شێخ مەحموود، مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بە خاک سپێردران
20250722102209647487=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شێخ مەحموود، مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بە خاک سپێردران
24 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە باشووری کوردستان بە خاک سپێردران. لە هەمان ڕۆژدا و لە ساڵی 1956 تەرمی شێخ مەحموودی حەفید گەڕێندرایەوە سلێمانی ئەمڕۆش سەرکردەیەکی تری مێژوویی بەخاک سپێررا کە جەلال تاڵەبانییە.
ئەمڕۆ 06-10-2017 تەرمی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری پێشتری ئێراق، بە خاک سپێردرا، ئەوەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی گەڕاندنەوەی تەرمی هەر یەک لە مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ باشووری کوردستان، کە بەر لە 24ساڵ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هێنرایەوە بۆ هەرێمی کوردستان.
ئیبراهیم باجەلان، مێژوونووسی دیاری گەرمەسێر، ڕای گەیاند، مێژووش پەیامی بۆ نەتەوەی کورد هەیە کە هەمیشە هاودەنگ و یەکدەنگ و یەکگرتوو بن، ئەوەتا سەرکردە کاریزماکانی کورد وەک بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و مام جەلال لەیەک ڕێکەوتی مێژووییدا بە خاک دەسپێردرێن.
بەوتەی ئەو مێژوونووسە، گەڕانەوەی ئەو سێ سەرکردەیە لە یەک ڕۆژی دیاریکراو بۆ باشووری کوردستان پەیامێکە بۆ نەوەکانی داهاتوو و پێیان دەڵێت تەنیا خەبات و کوردایەتی ئەوانی کۆ نەکردووەتەوە بەڵکوو مێژووش ئەوانی کۆ کردووەتەوە.
ئەو هەروەها دەڵێت: ئەمڕۆ نەوەکانی بارزانی و پارتی هەمان ڕوانین کە بۆ خەباتی بارزانی هەیانبوو، بۆخەباتی تاڵەبانیشیان هەیە، بۆیە میدیاکانی پارتی بایەخی پێویستی پێدەدەن .
دایکی شەهید حەسەن کە ڕۆڵەیەکی لە شەڕی تیرۆر دا گیانی خۆی بەخت کرد، لە ڕێگەی وشە و سڵاوی بۆ ڕووحی پاکی مەلا مستەفای بارزانی، ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی نارد.
ئەو داوای کرد ئەم بەرواره مێژووییە کورد زیاتر یەک بخات بۆ سەربەخۆیی کە ئاواتی بارزانیی نەمر بوو.
لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ و لە 06-10-2017 ڕووفاتی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە دەڤەری بارزان بەخاک سپێردران. لە هەمان ڕۆژ و لە ساڵی 1956 تەرمی شێخ مەحموود گەڕێندرایەوە سلێمانی. مام جەلال تاڵەبانیش هەر ئەمڕۆ لە دەباشان بە خاکی نیشتمان دەسپێردرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 06-10-2017
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-10-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
حۆلە دیبلۆماسیەکی مەڵلا مستەفای بەرزانی جە ڕاو مەسەلی کوردینە (1)	کورتەباس	هەورامی
گێڵایۆ مەڵلا مستەفای بەرزانی و هامڕایەکاش پەی ئیراق	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 495
لە کۆچیادی ئیدریس بارزانیدا... سەرکردەیەکی خاکی لەنێوان ئەندازیاریی ئاشتەوایی و خەباتی پێشمەرگایەتیدا
20250707201347644650=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: لە کۆچیادی ئیدریس بارزانیدا... سەرکردەیەکی خاکی لەنێوان ئەندازیاریی ئاشتەوایی و خەباتی پێشمەرگایەتیدا

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، کوڕی سەرکردەی هەرە درەوشاوە و ناوداری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانییان (مستەفا بارزانی)یە، بۆ خۆیشی سەرکردە و فەرماندەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەری بەئەمەک بووە، لە کاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستاندا، شۆڕشگێڕێکی بەئەزموون و قارەمان و بەورە و خۆڕاگر و بەئەزموون بووە، بەرانبەر دوژمنان بوێر و خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایین و لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کەسایەتییەکی سادە و خاکی بووە. لە کاتی لێکترازانی ڕێزەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا ئەندازیاری ئاشتی و تەبایی و ڕێکخەرەوەی ڕیزەکانیان بووە و ڕۆڵی کارا و گەورەی گێڕاوە و لەخۆبردوو و پەرۆش بووە. مەخابن کە کاتژمێر 6.30 ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی سلیڤانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم سەرکردە نەبەردە دواماڵاوایی کرد... باسکردنی ئەم سەرکردە لێهاتوو و بەئەمەکەی گەلەکەمان لە 33ەمی ساڵوەگەڕ و کۆچیادیدا، ، دەمانگەڕێنێتەوە ناو لاپەڕەکانی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەریيە و ئەزموونی دەوڵەمەندی ڕووناککەرەوەی ڕێگا و چارەنووسی دواڕۆژی نەتەوەکەمان. بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی ئیدریس بارزانی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ (پ. د. کەیوان ئازاد) مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی ساز دا..

ڕووداوەکانی مێژوو لە خەبات و ناوی سەرکردەکانەوە تۆمار کراوە، سەرەتا دەکرێت گرنگیی باسکردن و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی سەرکردەکانمان بۆ باس بکەیت؟ تا چەند گرنگە نەتەوە شارەزایی لە مێژووی سەرکردەکانی هەبێت؟
د. کەیوان ئازاد: بەهەڵدا نەچووین ئەگەر بڵێین، ناسنامەی بەشێکی گەورەی مێژوو بە ناوی ئەو سەرۆک و سەرکردە و فەرماندانەوە بووە، کە ڕۆڵی گەورەی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی مێژوو بینیوە، تا ئەوەی بەشێکی ڕووداوەکان هەر بەناوی خۆیانەوە تۆمار کراون. بەم پێیەش بەشێکی ئەو تۆمارانە دەربڕین بووە لە ژیان و خەبات و هەوڵەکانی ئەوان لە پێناو کۆمەڵگە و نەتەوە و گەلەکانیان. هەر بەهۆی ئەوەشەوە، ناویان چووەتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە. لەم نێوەندەشدا ئەو سەرۆک و سەرکردە و فەرماندانە دوو لایەنە بوون، هەیانبووە بیری مرۆڤدۆستی و نەتەوەیی و خۆشەویستیی نیشتمان و خاکیان لە ناخدا چەکەرەی کردووە و هەموو تەمەنیان لە پێناو ئەو خۆشەویستییەدا تەرخان کردووە. هەشیانبووە دژی مرۆڤایەتی و خۆشەویستیی ژیان و کۆمەڵگە و جیهان بوون. لەنێو ئەو (دوو) کۆمەڵەشدا، کۆمەڵی یەکەم براوەی مێژوو و ئایندەی کۆمەڵ و نەتەوە و گەلەکەیان بوون و کۆمەڵی دووەمیش بەر نەفرەتی مرۆڤایەتی و جیهان و تەنانەت مێژووش کەوتوون. لە پەراوێزی ئەو ڕاستییانەدا، یەکێک لە فەرماندە و کەسایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، بە نموونەی جۆری یەکەمی کەسایەتییەکانی مێژوو بهێنینەوە، ئەویش (ئیدریس بارزانی)یە. ئەو فەرماندەیەی لە ماوەی (43) ساڵی تەمەنی بۆ کوردستانیان ژیاوە و بۆ کوردستان گیانی کردە قوربانی. بۆ تیشک خستنەسەر چەند لایەنێکی ژیانی ئەم سەرکردە لێهاتووە، پێویستە چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئاکار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی ئامادە بکرێت، تا زیاتر لە مێژووی شۆڕشگێڕیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ببێتە وانەیەک بۆ تێکۆشەرانی درێژەپێدەری ڕێبازەکەی.

ئیدریس بارزانی، سەرکردەی گەورەی گەلەکەمان، خاوەنی خەبات و هەڵوێست و ئاکاری شۆڕشگێڕانە بوو، سەرباسی ئێوە چییە بۆ ئەو سەرکردەیە؟
د. کەیوان ئازاد: ڕیشەی کەسایەتی و بنەماڵەی ئیدریس بارزانی، لە ڕووی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەوە زۆر دەوڵەمەندە، ئەو سەرکردەیە: (ئیدریس کوڕی مستەفا کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی تاجەددین بارزانی)یە. ئەو لە بنەماڵەیەکی دیار و هەڵکەوتەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە (4ی ئازاری ساڵی 1944) لەناو ئەشکەوت و لە دامێنی چیای شیرین لەدایک بووە.
ساتی لەدایکبوونی لەناو ئەشکەوت و لە دامێنی چیایەکی سەرکەشی باشووری کوردستان بە ناوی (چیای شیرین) بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو لەنێو بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و کوردپەروەر لەدایک بووە کە جگە لە سەرقاڵییان بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو نەتەوەکەیان، هیچی دی نییە. دیارە ئەوەش بەو بەڵگەیەی، کە ئەگەر بنەماڵەکەی یان لانی کەم باوکی (مستەفا بارزانی) لە کاتی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی نەتەوەکەی نەبوایە، ئەوا لەدایکبوونی کوڕەکەی لە کۆشک و باڵەخانە، یان لانی کەم لە ماڵێکی گەورە و جوانی بنەماڵەکەیدا و لە زێدی خۆیان (گوندی بارزان) دەبوو.
کەواتە کاتێک ئیدریس بارزانی لەدایک دەبێت، مستەفا بارزانی لە شۆڕش و تێکۆشاندا بووە؟
د. کەیوان ئازاد: ئەو کاتەی (ئیدریس بارزانی) لەدایک بوو (مستەفا بارزانی) باوکی سەرکردەی شۆڕشی دووەمی بارزان و لە کاتی خەباتدا بوو لە دژی ڕژێمی پادشایەتی. ئەوەش بۆ باوکی و بنەماڵەکەی نوێ نەبوو، چونکە بەر لەو شۆڕشە، کە لەنێوان ساڵانی (1943-1945) بەردەوام بوو، بنەماڵەکەیان شۆڕشی یەکەمی لەنێوان ساڵانی (1932-1933) درێژە پێدا. پێشتریش (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی)ی باپیرە گەورەی، بەهۆی هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، لەلایەن تورکە عوسمانییەکان لە (01-01-1914) لەگەڵ هەریەک لە (محەمەد ئاغای هێشتی) سەرۆک هۆزی ڕێکانی و (عەبدوڵڵا ئاغای مزووری) سەرۆک هۆزی مزووری و (عەلی کوڕی محەمەد ئاغای مزووری) لە شاری (مووسڵ) لەسێدارە دران. ئەو ڕووداوەش ڕووی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی ئەو بنەماڵەیەی لە قۆناغی مێژووی هاوچەرخی کورد هەڵماڵی و خستە ڕوو.
مەلا مستەفا بارزانی تەنیا لە شۆڕشەکانی باشووری کوردستاندا بەشداریی نەکردووە، بەڵکوو ئەو بەشداری کارای خەبات و شۆڕش بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا پەرینەوەی لە ڕووباری ئاراس و پەنابردنیان بۆ یەکێتیی سۆڤێتی جاران، دەکرێت باسی ئەو سەردەمەمان بۆ بکەیت، کە ئیدریس بارزانی لە سەرەتای تەمەنیدا بووە؟
د. کەیوان ئازاد: ئیدریس بارزانی یەک ساڵی سەرەتای تەمەنی ژیان لەنێو شەڕ و ململانێی شۆڕشگێڕانی بارزان لەگەڵ ژرێمی پادشایەتی تێپەڕاند، دوای شکستی شۆڕشی دووەمی بارزانیش لە ساڵی (1945)، ڕوویان لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد. زۆری نەخایاند لە 22-01-1946 شەرەفی بەشداریکردنیان لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە شاری (مەهاباد)ی پایتەخت پێ برا. دوای (330) ڕۆژ خزمەتی باوکی و بنەماڵەکەی لەو کۆمارەدا، دواجار بەهۆی ڕووخانی کۆمارەکەوە لە (17ی کانوونی یەکەمی 1946)، مستەفا بارزانیی باوکی لەگەڵ زیاتر لە (500) کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، ڕێگای یەکێتیی سۆڤیەتیان گرتە بەر و لە (18-06-1947) لە ڕووباری (ئاراس) پەرینەوە و پەنایان بۆ ئەو وڵاتە برد. هەرچی ئیدریس-ی تەمەن (دوو) ساڵە بوو، لەگەڵ (شێخ ئەحمەدی بارزان)ی مامە گەورەکەی و بەشێکی بنەماڵەکەیان، بەنهێنی گەڕانەوە ئێراق، بەڵام دواتر لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتی پادشایەتی پێیان زانرا و بۆ باشووری ئێراق دوور خرانەوە.
مرۆڤ لەو تەمەنە منداڵییەدا زۆر ئاستەمە لە باوکی دوور بخرێتەوە، ئیدریس بارزانی چەند ساڵ لە باوکی دوور بوو، چۆن ئەم دووریيە وای نەکرد ئیدریس بارزانی لە ڕێبازی کوردایەتی و مرۆڤایەتی باوکی دوور بکەوێتەوە؟
د. کەیوان ئازاد: لەنێوان ساڵانی (1944-1958) دوور لە باوکی و بە ئاوارەیی و دەستبەسەری لە شارەکانی (مووسڵ، بەسرە و بەغدا)ی بەسەر برد. بەوەش (14) ساڵی تەمەنی دوور لە سۆز و خۆشەویستیی باوکی و لە

ژیانێکی سەخت و دژواری ئاوارەیی و دوورخراوەییدا تێپەڕاند. لەوانەش بۆ کەسانێک لە سەرەتاییترین تەمەنی خۆیاندا، لە سۆز و خۆشەویستیی باوکایەتی دوور نەبووبن، کارێکی قورس نەبێت، بەڵام لە واقیعدا کەم بوون ئەوانەی کە بەرگەی وەها ڕۆژگار و سەردەمێک بگرن و (14) ساڵی سەرەتای تەمەنی دوور لە سۆز و خۆشەویستیی باوکی تێپەڕێنێت. شادبوونەوەی ئەویش دوای گەڕانەوەی باوکی بوو لە (یەکێتیی سۆڤیەت)، کە لە (06-10-1958) گەڕایەوە شاری (بەغدا) و لە فڕۆکەخانە وەک پاڵەوان و سەرکردەی نەتەوەیی کورد پێشوازیی لێ کرا. دوای ئەو ڕووداوە و تا ئەو کاتەی باوکی لە (10-03-1979) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد، لە باوکی دوور نەبوو. ئەوەش وەک تاسەی کوڕ بۆ باوکی نا، بەڵکوو بۆ ئەو ئەرکە نەتەوەییەی کە باوکی وەک سەرکردەیەکی گەورەی کورد لە باشووری کوردستان، لە خەباتدا بوو، بۆیە وەک ڕۆڵەیەکی بەوەفا بۆ باوکی و نیشتمانپەروەرێک بۆ نەتەوەکەی، ویژدانی ڕێگای نەدا لێی دوور بکەوێتەوە.
شۆڕشی ئەیلوول وەکوو شۆڕشێکی سەرتاسەریی کوردستان و ناسنامەی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و ئازادیی گەلی کورد بۆ ژیانی ئیدریس بارزانی گرنگ بوو، لاپەڕەکانی مێژوو چۆن باسی ئەو سەردەمە و شۆڕشەکانی بۆ دەکات؟ ئەو لەو سەردەمەدا چۆن تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و سەربازی بوو، کە هەر لەو سەردەمەدا ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچی خانەوادەیەکی دیاری سلێمانی ئەنجامدا؟
د. کەیوان ئازاد: دەرکەوتنی ئەو وەک فەرماندەیەکی سیاسی و سەربازیی دیار بۆ ساڵی (1961) دەگەڕێتەوە، کاتێک ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم) لە بەڵێنەکانی بۆ کورد پاشگەز بووەوە و لەبری مانەوەی لەسەر بەڵێنەکانی، کەوتە لێدانیان. ئەوە بوو لە (09-09-1961)، فەرمانی بۆمبارانکردنی ناوچەکانی کوردستانی دا. ئەوەش زەمینەی (شۆڕشی ئەیلوول)یان ڕەخساند، بۆیە لە کاردانەوەی ئەو ڕووداوەشدا لە (13-09-1960) زۆر بەتوندی گوندی (بارزان)ی بۆمباران کرد. بەو ڕووداوەش دەری خست کە ئەو گونده پێگەی سەرەکیی شۆڕشە و (مستەفا بارزانی) سەرکردەیەتی. بەهۆی ئەوەشەوە (ئیدریس بارزانی) وەک کوڕی سەرکردەی شۆڕش و پێشمەرگەیەکی شۆڕش لە هەڕەتی تەمەنی لاوی، کە تەنیا (17) ساڵان بوو، تێکەڵاو بە ژیانی سیاسی و سەربازی کرا. (سێ) ساڵ دواتریش و لە (1964) لەگەڵ (نازدارخان) کچی یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شاری سلێمانی (محەمەد ئەورەحمان ئاغا)، پڕۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجام دا. ساڵی دواتریش، بەهۆی توانا و لێهاتوویییەوە کرایە یاریدەدەری باوکی بۆ کاروباری سەربازی و کۆمەڵایەتیی شۆڕش. لە (1966)یش بووە سەرپەرشتیاری مەکتەبی سەربازیی پارتی دیموکراتی کوردستان. دوای ئەویش یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی دانووستانی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق. کۆتایی ئەو کارەشی بە واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی (11-03-1970) لە شاری (بەغدا) بە ئەنجام گەیشت، کە بە (ڕێککەوتنامەی ئادار) ناسرا. تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەی ڕێککەوتننامەکە، لەو ڕۆژەدا لەگەڵ (مەسعود بارزانی)ی برای ئامادەی خوێندنەوەی ڕێککەوتننامەکە بوو، کە لەلایەن سەرکۆماری ئێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە خوێنرایەوە.
نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وێستگەیەکی گرنگی ژیانی ئیدریس بارزانی بوو، کە دواتر سەرکردە و سیمبولی نەتەوەیی کورد ژەنەرال مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد، کۆچی باوکێک، کە خاوەنی ڕێباز و فیکرێکی نەتەوەیی گەورە بێت بۆ ئیدریس بارزانی، تا چەند جەرگبڕ و خەمێکی گەورە بوو؟ ئەی وێڕای ئەم خەمە گەورەیە، چۆن توانی لەگەڵ مەسعود بارزانیی برا و هاوخەباتی، دووبارە شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسێننەوە و بەردەوامی بە شۆڕش بدەن؟
د. کەیوان: کاتێک شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە (06-03-1975) ڕووبەڕووی نسکۆ بووەوە، ئیدریس بارزانی، سەرکردەی گەلەکەمان لەگەڵ باوکی و بنەماڵەکەی و شۆڕشگێڕانی کورد پەنایان بۆ وڵاتی ئێران برد و لە ئۆردوگای (کەرەج) نیشتەجێ بوون. زۆری نەخایاند لەگەڵ (مەسعود بارزانی)ی برای، سەرکردایەتیی شۆڕشێکی تریان لە (26-04-1976) لە باشووری کوردستان کرد، کە لە ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (شۆڕشی گوڵان) ناودێر کراوە. هەر بۆیە لەنێوان ساڵانی (1975-1987)، سەرباری ئەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، یەکێکیش بوو لە ڕێبەرە دیارەکانی ئەو

شۆڕشە. کاتێکیش باوکی (بارزانیی نەمر) لە (-01-03-1979) کۆچی دوایی کرد، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی دیاری کرا. ئەوەش دوای ئەوەی (مەسعود بارزانی) بۆ سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا. دیارە لەگەڵ ئەوەی (ئیدریس بارزانی) نزیک بە (دوو) ساڵ لە (مەسعود بارزانی)ی برای گەورەتر بوو، بەڵام لەسەر داوای خۆی و وەک نیشاندانی وەفاداری بۆ براکەی و ئامانجی باڵای بنەماڵەکەیان کە ئامانجی باڵای کوردستانیان بوو و دڵسۆزیی خۆی بۆ پارتەکەی، برا لەخۆی پچووکترەکەی (مەسعود بارزانی) بۆ ئەو پۆستە دیاری کرد و ئامادەیی خۆی بۆ جێگری و کارکردن لەگەڵیدا پیشان دا. تەنانەت بەپێی تۆماری سەرچاوە میژوویییەکانی ئەو قۆناغە و شایەتحاڵەکانی سەردەمەکەی، تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد، بۆ یەک سات لە براکەی دانەبڕا، بێگومان سەرۆک مەسعود بارزانییش بە شایەدیی ڕووداوەکانی میژوو و هەڵوێست و خەباتی، لەو ڕۆژەوە تا بە ئێستا دەگات، بە شیاوترین شێوە درێژەی بەو خەباتە پیرۆز و مەزنە داوە.
ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە ئاشتەوایی نیشتمانی چەند لە ژیانی ئەم سەرکردەیە ڕەنگی داوەتەوە، کە بە (ئەندازیاری ئاشتی) ناوبراوە؟ ئایا ڕۆڵی لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی تا چەند گرنگ بوو؟
د. کەیوان ئازاد: لەنێوان ساڵانی (1979-1987) وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەرباری بەشداریکردنی لە زۆربەی شەڕ و ڕووبەڕووبووەکانی پارتی لەگەڵ نەیارەکانی و ڕژێمی بەعسی ئێراقدا کردووە، لە (1986) لە کۆنگرەی پشتیوانیی گەلی ئێراق بەشداریی کرد و ڕۆڵی گەورە و میژوویی خۆی گێڕا. لە بەرەی ناوخۆش ڕۆڵی گەورەی لە ئاشتەوایی نیشتمانیدا گێڕا، کاتێک لە (7ی تشرینی دووەمی ساڵی 1986) لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (تاران)ی پایتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی ئاشتەوایی نیشتمانی و سەرەتاکانی دروستکردنی بەرەی کوردستانییان ڕاگەیاند. بەوەش بناغەی (بەرەی کوردستانی) لەسەر دەستی ئەو (دوو) کەسایەتییە دانرا، کە لە (2ی مایسی ساڵی 1987) ڕاگەیەنرا و هەریەک لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد-پاسۆک و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعیی کوردستان) چوونە نێو ئەو بەرەیەوە. بەوەش قۆناغێکی ئاشتەوایی نیشتمانیی کوردی لە باشووری کوردستان هاتە دی، کە بەری ڕەنجی ئەو کارەش، ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری (1991) و یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە مەرگ مەودای بەو سەرکردەیە نەدا ئەو (دوو) ئەزموونە ببینێت.
تا چەند بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان بە کۆچی دوایی ئەم فەرماندەیە زیانی بەرکەوت؟
د. کەیوان ئازاد: بەداخەوە دوای (43) لە تەمەنی، (ئیدریس بارزانی) بە جەڵتەی دڵ گیانی سپارد و کۆچی دوایی کرد. هەر هەمان ڕۆژ تەرمەکەی برایەوە گوندی (سلڤانە)ی نزیک (ڕاژان) و بە شێوەیەکی کاتی بەخاک سپێردرا. دوای (پێنج) ساڵیش لەو ڕووداوە و لە (06-10-1993) و لە مەراسیمێکی گەورە و پڕ شکۆدا، تەرمەکەیان لەگەڵ ڕووفاتی (مستەفا بارزانی)ی باوک و سەرکردەیان لە خۆڕهەڵاتی کوردستانەوە هێنایەوە باشووری کوردستان و لە (گوندی بارزان)ی زێدی سەدان ساڵی بنەماڵەکەیان، بۆ دواجار بەخاک سپێردران. بەوەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان، سەرکردە و فەرماندەیەکی کوردستانپەروەر و ئازادیخوازی بەئەمەک و دڵسۆزی لەدەست دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆلدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2020-01-30

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 30/01/2020

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 496
لە کۆنگرەی 1986ی تاران، بۆچی ئیدریس بارزانی لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق تووڕەبوو؟
20250130131308620469=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سیروان عەباس
لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا؛ سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و لە بەشێکیدا وتی، کاک ئیدریس زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا.

ئەمڕۆ 29-01-2025 . 38 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی کورد ئیدریس مەلا مستەفا بارزانیدا تێپەڕی. فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا کە بۆ یادکردنەوەی ئەو سەرکردەیە ڕێکخرابوو، باسی چەند وێستگەیەکی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەسیی ئیدریس بارزانیی کرد.

فازڵ میرانی وتی، باسکردنی پیاوێکی گەورەی وەکوو کاک ئیدریس، کارێکی ئاسان نییە لە وتارێک یان کۆڕێکدا دەرەقەتی بێیت، ڕەنگە هەمووشمان شایانی ئەوە نەبین یان ئەوەندە لێهاتوویمان نەبێت کە باسی هەموو لاپەڕەکانی ژیانی بکەین.
لە پێشەکیی قسەکانیدا فازڵ میرانی وتی، ئێمە لێیەوە نزیکبووین (لە ئیدریس بارزانی)، وەکوو من کە لە 1968ەوە ناسیم و لەگەڵی بووم تاوەکوو کۆچی دوایی کردووە، لە ڕۆژە سەختەکان و لەو ڕۆژانەشی کە دەکرێت بڵێین خۆشی بوون، ئەو ڕۆژانە بە نیسبەت تێکۆشەران خۆشییە کە هەست بە سەرکەوتن بکەن و هەست بە پێشکەوتنی دۆخی میللەتەکەیان بکەن بۆ پاراستنی وڵاتەکەیان.

وتیشی، ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە پێشمەرگە، مەرگیان لە پێش خۆیان داناوە، لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە سەرکردەی باڵای ئێمە ئیدریس بارزانی لەپێش ئەو سەرۆک بارزانی و لە پێشتریش خەڵکی تریش لە شۆڕشەکانی کورد، چ لە باشووری کوردستان یان پارچەکانی دیکەی کوردستان.

تاوەکوو ئەم میللەتە بێبەشبێت لە مافە مرۆییەکانی خۆی، ئەم شۆڕشە بەردەوامە. ئەگەر مرۆڤانە بیربکرێتەوە مافی دەوڵەت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدایە. ئێمەی کوردستانی بە گشتی لەو گەلانەین کە لەو وڵاتە ئینسانییانەدا بە نائینسان لە قەڵەم دەدرێین، ئەمە دەبێت هەموومان لەسەری ڕابووەستین و هەموومان لەو بارەوە هەست بە نەقس (کەموکووڕی) دەکەین، ئەمانە بەشێکی دیکە بوون لە قسەکانی میرانی.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بەوەش کرد، ئەمە ڕێبازێک بوو کە گەورەکانی ئێمە دایانناوە و دەبێت فەلسەفەی ژیان، خەبات و چالاکییەکانی ئێمە بێت، هەریەک هێندەی توانای خۆی.

'ئیدریس بارزانی زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا

فازڵ میرانی لەبارەی ئیدریس بارزانییەوە زیاتر دوا و وتی، من حەز دەکەم بە دیقەت بن لە باسکردنی مێژووی سەرکردەکانی خۆمان، یەک: بۆ ئەوەی غەدریان لێ نەکرێت؛ دوو: بۆ ئەوەی حەقیان بدەینێ. من بە تەعبیرێکی کوردانەی ئاسان دەڵێم، کاک ئیدریس ژیا و کۆچی کرد، بەڵام بە مەزڵوومییەت، شۆڕشگێڕانی ئێران بە خەڵکی قارەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن: بەهەشتیی شەهیدی مەزڵووم بوو، زۆری کرد و لە سەرکەوتن کەم

مایەوە. بە دیدی بەندە، شەهید ئیدریس بارزانی هەمان شەهیدی مەزڵووم بووە، زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا.

فازڵ میرانی کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هاوسەنگەری ئیدریس بارزانی بووە، خۆزگە دەخوازێت و دەڵێت: خۆزگەم دەخواست بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و شەهیدەکانی ئێمە شەریکی ئێمە بووبان؛ ئەمڕۆ لەم سەرکەوتنەی کە لانی کەم میللەتی ئێمە لە حاڵەتێکی نیسبیی ئیستیقرار و ئاشتی و ئاوەدانیدایە. بە موتڵەق نائێم، چونکە موتڵەقی ئێمە لەمە زیاترە کە ئێستا تێیداین، بەڵام ئەمڕۆ لێرەین و دەبێت هەوڵ بۆ سبەینێیەکی باشتر بدەین.

'ئیدریس بارزانی و مام جەلال یەکەم ڕێککەوتنی ئاشتەوایی نێوان پارتی و یەکێتییان واژۆ کرد'

میرانی وتیشی، ئیدریس بارزانی پیاوێکی سادە بوو، دەتوانم بڵێم بە حوکمی نزیکیم لێی، سەرەڕای ئەوەی گوتراوە یان دەگوترێت؛ ئینسانێکی زاهید بووە. زاهید بووە لە سیاسەت و زاهید بووە لە دونیا، شەوان خەوی لێنەکەوتووە و عیبادەتی کردووە، هەر وەکوو شەوان و ڕۆژانی کردووەتە یەک لە پێناوی پێشمەرگە، ئاوارە و چارەنووسی ئەم حیزبە و ئەم میللەتە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد، لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان و تەعامول لەگەڵ نسکۆی 1975 و کاروباری ئاوارەکان و تەمویلی قیادە موەقەتەی خۆمان؛ شەوان و شەوان کاک ئیدریس شەونخووڕی کردووە بۆ ئەوەی یەکێک بنێرێت بۆ کوردستان و ڕێگایەک بۆ قیادە موەقەتە بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئێرانییەکان سەروکاری پەنەهەندە چارەسەر بکات، ئینجا کاروباری حیزب و پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و تا جەبهەی ئاشتبوونەوەی گشتی، بەتایبەتیی لەگەڵ پارتی و یەکێتی کە ئەندازیار و جێبەجێکردنەکەی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بووە، کە لە خزمەتی بووم ساڵی 1986 لە تاران لەگەڵ ڕەحمەتی مام جەلال یەکەمین یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەنێوان یەکێتی و پارتی پاش ئەو شەڕە نەگریسەی نێوان هەردوو حیزب ئیمزا کرد.

'ئەگەر ئیدریس مابا دووبەرانبەر دەبووین'

فازڵ میرانی دەڵێت: بە کوردی و بە کورتی، جارێکی دیکەش لەبیرمە لە ساڵی 1998 لە شەقڵاوە لە مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە کۆڕێکم بەست و وتم: ئەگەر ئیدریس مابا ئێمە ئەمڕۆ دوو بەرانبەر دەبووین. ئێستاش وا دەڵێم، دوو بەرانبەر بوون مەسەلەیەکی مەعنەوییە، بەڵام من دەڵێم لە ڕووی پەیوەندییە نێخۆییەکانی کوردستاندا هەمیشە کاک ئیدریس کۆکەرەوە بوو، تەنانەت ئێمە لە شۆڕش بووین بەڵام ئەگەر ئێمە ئیشمان بە نێوخۆ هەبا ئەو دەفتەرێکی گچکەی هەبوو؛ خەڵکی هەبوو نامەی بۆ ئێمەی دەگەیاندە ناو ئێراق و وەڵامەکانیش لە ڕێگای ئەوەوە دەهاتنەوە.

بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کاک ئیدریس سنگی فراوان بوو، بیری گەورە بوو، ئەوانەی کە چەکداری حکومەت بوون ئێمە بە جۆرێک تەماشامان دەکردن و بانگمان دەکردن، بەڵام کاک ئیدریس لەژێرەوە پەیوەندییەکی هەبوو بە جۆرێکی تر بۆ بەرژەوەندییەکی تر، ڕۆژگار دەیسەلماند ئەو ڕاستترە لە ئێمە، میرانی وای گوت.

'کاک نێچیرڤان دەتوانێت بەردەوامی بە ڕێبازەکەی بدات'

فازڵ میرانی بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی، زیرەکیی ڕەحمەتی ئیدریس بێجگە لە پەروەردەی منداڵەکانی کە پەروەردەیەکی باشی کردووە، بەرهەمەکەی دیارە کە کوڕەکانی بۆ نموونە؛ کاک نێچیرڤان ئەمڕۆ دەتوانێت بەردەوامی بەو ڕێبازە بدات وەکوو کوڕ و باب.

وتیشی، هەموومان کوڕی ئەم حیزبەین و کوڕی مەلا مستەفاین، کوڕی مەلا مستەفا بە جنسیە و خوێن کوڕی ئەون، بەڵام ئێمە بە خۆبەخشانە کوڕی ئەوین و تەمەنێکە لەگەڵیداین، منەت ناکەیەن بەسەریاندا، ئەمە ئەو پەروەردەیە کە لە مەدرەسەکەی ئەودا فێربووینە کە وابین.

'ئامۆژگاریی ئیدریس بارزانی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی'

لەبارەی ڕێبازی بارزانییەوە فازڵ میرانی دەڵێت: فێرین هەڤاڵ جێنەهێڵین و بەو جۆرەش دەمێنینەوە، ئەو (ئیدریس بارزانی) لە پەروەردەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەناو خانەوادەی بەڕێزی بارزانی دا، کە بووین بە ئەندامی سەرکردایەتی لە ساڵی 1979 لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئێمە دانیشت و وتی: ئێوە بوونە مەسئول، من ئەم نەسیحەتانە لای ئێوە دەکەم، یەک: تاوەکوو پێتان بکرێت خەڵک ببینن، خەڵکێک دێت سەردانی ئێوە دەکات، لە دیتنی خەڵک قەلس نەبن؛ وەکوو بۆکانی دەڵێن. ئێوە قازانج دەکەن؛ ئەوان ئێوە دەناسن بە حوکمی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتین؛ بەس ئێوە ئەوان ناناسن. ئەگەر ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ نەکەن دۆستێک لەدەست دەدەن، ناچاریەک پەیدا دەکەن. ئەوی تر وتی: هەر ئینسانێک دوو لاپەڕەی ژیانی هەیە، لاپەڕی چاکەکان و لاپەڕەی خراپەکان. ئەگەر مەسئولیەتت دا بە یەکێک تەنیا لەسەر لاپەڕەی چاکەکانی نەیدەنێ، بۆ ئەوەی باری قورس نەکەن و لەژێری نەکەوێ. بەڵام ئەگەر محاسەبەی یەکێکیشتان کرد تەنیا لەسەر لاپەڕەی هەڵەکانی مەیکەن بۆ ئەوەی سزاکەتان قورس نەبێت.

'ئیدریس بارزانی کرایە گوتەبێژی فەرمیی شاندی کورد'

بە ئاماژەدان بە کۆنگرەی ساڵی 1986ی تاران، فازڵ میرانی دەڵێت: لە کۆنگرەی نەسرەتی شەعبی ئێراق لە مانگی 12ی ساڵی 1986 لە تاران، دیسان لە خزمەتی دابوومەوە. ڕەحمەتی جەنابی کاک عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری حیزب بوو، ئەحزابی کوردستانی لەوێ بوون، ئەحزابی ئێراق لەوێ بوون (ئۆپۆزیسیۆن)، لەوێ مەسەلە هاتەوە سەر مافی چارەسەری کێشەی کورد، لە ڕاگەیێندراوی کۆتایی ئێمە گرووپی کوردی (هەموو حیزبەکان) کاک ئیدریسی ڕەحمەتییان کردە گوتەبێژی فەرمی بە ناوی شاندی کوردی.

وتیشی، بۆ مێژوو دەیڵێم، هەموویان وتیان: کاک ئیدریس جەنابت هەرچی بڵێی ئێمە لەمەر پرسی کوردی پەیڕەوەی دەکەین و تۆ بڕاگەورەی هەموومان بیت.

بۆچی مام جەلال ئامادە نەبوو پێش ئیدریس بارزانی بکەوێت؟

فازڵ میرانی دەڵێت: هەر بەو موناسەبە کە چووینە هۆتێل ئیستیقلال بۆ دانووستاندن، یەکەمجار بوو مام جەلال لەوێ ببینم، بەڕەحمەت بێت، کە چووینە هۆڵەکە کاک ئیدریس دەستی مام جەلالی گرت و خستیە

پێش خۆی. ئەویش وتی: نا قوربان! من هەر دەروێشەکەی جارانم، من ناتوانم پێش تۆ بکەوم، تۆ کوڕی مەلا مستەفای.

بۆچی ئیدریس بارزانی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەوکاتی ئێراق تووڕە دەبێت؟

میرانی دەڵێت: ئێمە وتمان: چارەسەری پرسی کورد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەوەی 11ی ئازار، یانی دیموکراتییەت بۆ ئێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، بەڵام ئەحزابی ئیسلامیی شیعەی ئێراق ڕەفزیان کرد و وتیان: ئێمە دەیکەینە دەنگدان، لەوکۆمەڵە حیزبانەی لەوێ بوون ئێراقییەکان بە شیعە و کوردەوە. کاک ئیدریس تەماشای باقر حەکیمی کرد و وتی: ئێوە قەزیەی کوردی دەکەنە تەسویت؟ دەستی بۆ یەکێک برد و وتی، ئەمە بە ناوی حیزبێکەوە هاتووە، ئەمە ڕایکردووە لە حاجی ئۆمەران من ناردوومە بۆ ئوسترالیا، ئێستا هاتووە تەسویت لەسەر قەزیەی کوردی بکاتەوە بۆ من؟ عەیبە بۆ ئێوە. زۆریش بە تووندی وەڵامی دانەوە و وتیشی: بزانە سەید! پەنجەی ڕاوەشاند و بە عەرەبی وتی، اذا لم يقر حق الكرد في اتفاقية اذار، سنكون في حل من التزاماتنا امام هذا المؤتمر من الف الى ي (ئەگەر لە ڕێککەوتننامەی ئازاردا دان بە مافی کورد دا نەنرێت، ئێمە خۆمان بە پابەند نازانین بە هیچ خاڵێکی ئەم کۆنگرەیەوە). وتیشی: ئێمەی کورد بە بەیاننامەیەک لە کۆنگرەکە دەردەچین.

بە وتەی، فازڵ میرانی، لەوکاتەدا من [فازڵ میرانی] دەستێکم لە کاک ئیدریس دا و وتم: بڕەک لەسەرخۆ. وتی: ئەمانە ئەم زمانە دەزانن، بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکەم.

لە کۆنگرەکەدا، محەمەد مەهدی شەمسەدین، سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجوومەنی باڵای شیعەی لوبنانیش ئامادەبوو، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەڵێت: ڕووی لە برا شیعەکانی ئێراق کرد و وتی: ئەم دوو سێ ڕۆژە لە کۆنگرە شتی سەیر دەبینم. وتیان: چییە؟ وتی: ئێوە بە گەلی کورد دەڵێن برا کوردەکانمان، باشە ئێوە بە حوکمی عروبەتی خۆتان ناڵێن ئەلئومە کوردیە، لانی کەم بڵێن گەلی کورد. وتی: لام سەیرە ئێوە لە تارانن، سەدام لەوێ دەڵێت: گەلی کورد و حوکمی زاتی بۆ باشووری کوردستان، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی هەیە و ئەنجوومەنی یاسادانانی هەیە و ئیداراتی هەیە، باشە ئێوە ناتوانن وەکوو سەدامیش بن؟ من ئەوە بە شایستە نازانم و ڕاست نییە، جێی مافی گەلی کورد بکەنەوە لە حوکمی زاتی و ئەگەر زیاتری نەدەنێ نابێت ئێمەی شیعە کەمتریان پێبدەین.

'خەڵکی خۆمانی ڕازیکرد و بە جورئەتەوە لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوت'

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی وتیشی، ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی لە ساڵی 1986 کارێکی ئاسان نەبوو، خۆتان دەزانن لە دوای شەڕی 1983 بوو، بەڵام هەر ئیدریس بوو بە جورئەتی خۆی و بە زیرەکی خۆی، خەڵکی خۆی ڕازیکرد و بە جورئەتەوە چووە پێش و ڕێککەوتنی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد.

هاوسەردەمی کاک ئیدریس یەکجار زۆرن، باسی ئەو نە لە کۆڕێک دەکرێت نە لە وتارێک و نە لە پەرتووکێک، بەڵام ئەوەی باسی دەکەن، ئەوەی بۆی دەنووسن یان لەسەری دەنووسن، حەقە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی ڕاست و ئیجتیهادی تێدا نەبێت، ئەمانەش بەشێکی دیکە بوون لە قسەکانی میرانی.

لە کۆتایی وتارەکەیدا فازڵ میرانی وتی، دەبێت هەموومان ئەوەندە خۆمان موئەهەل بکەین کە باسی ئیدریس

دەکەین لە حەق دەربێین، چونکە ئەگەر شتێک بڵێین لە مێژووی ئەودا نەبێت، غەدرمان لێکردووە، ئەگەر شتێکی کردبێت و ئێمە نەزانین بیڵێین ئەوە موشکیلەکە، بەڵام ئەگەر بزانین و نەیڵێین، نادادییەکە لە دەرحەق دەکەین.

دەق گوتەکانی فازڵ میرانی:

بەیانیتان باش. خودا دەفەرموێت (بسم الله ڕحمان ڕحیم ...)، حەقە لە هەموو چالاکییەکانی خۆمان زیکری خودا بکەین و بە قورئان دەستپێبکەین نەک بە وتار و شتی ئەوها. سوپاسی ئەم ڕێکخراوە دەکەین، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆڤی بۆ ئەم چالاکییە بۆ مرۆڤێک، سەرکردەیەک، شۆڕشگێڕێک، ئاشتیپەروەر و ئاشتیخوازێک لە پێناوی مرۆڤایەتی لە پێناوی ئازایەتی، ئەم کۆڕەی کردووە. سوپاسی ئامادەبووەکان دەکەین و سوپاسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین. زیندووکردنەوەی یادی تێکۆشەران و مرۆڤە لێهاتووەکانی گەلەکەمان لە هەموو بوارەکاندا ئەرکێکی مرۆییە، مافیان گەرەنتی (زامن) بکەین و ئەرکێکی ئینتیمائی چ نەتەوەییە، چ سیاسییە بۆ ئەو خەڵکانەی کە (مونتەمین) لەو کەناڵەوە و هەر بەم بۆنەیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرفرازە لەوەی یادی سەرکردە تێکۆشەرەکانی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی لە ڕۆژنامەکانیشدا دەیبینم، بەتایبەتیی لە خەبات و هەتا لە کوردستانی نوێش ئێمە بە هەزاران شەهید و قوربانیمان داوە، هەر ڕۆژێک ژمارەیەک لە ڕۆژنامە دەردەچێت، دڵنیا بن بە حوکمی زۆریی قوربانیی گەلەکەمان لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێک شەهیدمان داوە. ئیدی لەم مەیدانە لەو مەیدانە، لەم حیزبە یان لەو حیزبی دیکە، بەڵام هەموو ڕۆڵەی ئەم وڵاتەن لە پێناوی ئەم وڵات و ئەم میللەتە خوێنی خۆیان بەخشیوە یان چوونەتە بەر پەتی سێدارە یان بزر بوون لە ئەنفال و کیمیاباران.

باسکردن لە پیاوێکی گەورەی وەکوو کاک ئیدریسی ڕەحمەتی، کارێکی ئاسان نییە، لە وتارێکدا یان لە کۆڕێکدا کە دەرحەق بێت و هەموومان ڕەنگە شایەنی ئەوە نەبین یان ئەوەندە لێهاتوویمان نەبێت کە باسی هەموو لایەڕەکانی ژیانی بکەین، بەڵام ئێمە ئەوانەی کە لێی نزیک بووینە و لانی کەم تەمەنێک وەکوو بەندە بۆ نموونە من لە 1968وە، ڕەحمەتی شەهید ئیدریسم ناسیوە و لەگەڵی بووینە تاوەکوو کۆچی دوایی کردووە، لە ڕۆژەکانی سەخت و لە ڕۆژەکانی کە دەکرێت بڵێین خۆشی. ئەو ڕۆژانە بە نیسبەت تێکۆشەرەکان خۆشییە کە هەست بە سەرکەوتن بکەن و هەست بەئارامیی پێشکەوتنی دۆزی میللەتەکەیان و پاراستنی وڵاتەکەیان بکەن، بۆیە ناویان لە خۆیان ناوە پێشمەرگە، چونکە مەرگی خۆیان لەپێش خۆیان داناوە، لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزانە کە سەرکردەی باڵابەرزی ئێمە ئیدریس بارزانی و لەپێش ئەو، سەرۆک بارزانی و لەپێش ئەوانیش خەڵکی تریش لە شۆڕشەکانی کورد چ لە باشووری کوردستان چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان خەباتیان بۆ کردووە. تاوەکوو ئەم میللەتە بێبەشە بگاتە مافەکانی خۆی. چونکە مافی نەتەوەیی کە لای خەڵک گوناحە، دەوڵەتبوون لای خەڵک گوناحە، بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئینسانانە بیربکەنەوە، ئەمە لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ دایە، چونکە هەموومان ئینسانییانە لە یەک وڵات دەژین، ناکرێت لە وڵاتی ئینسانی، هەندێک ئینسان بە ئاسوودەیی بژین و خاوەن پاسپۆرت و کیان و وڵات بن، هەندێک خەڵکی دیکەش لەو جیهانی ئینسانییەدا بێبەش بن لە مافەکانی خۆیان یان مافیان لێ قەدەخە بێت و لەسەری سزا بدرێن.

ئێمەی کوردستانی بەگشتی و کورد بەتایبەتیی لەو گەلانەین کە لەو وڵاتە ئینسانییانەدا، بە نائینسان لە قەڵەم

دەدرێین، لە چاوی نائینسانەکان کە خۆیان بە ئینسان دەزانن. ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت هەموومان لەسەری بوەستین و هەموومان لەو بوارەدا هەست بە کەموکوڕییەک بکەین بۆچی (ئەلف) وایە، بۆچی من وانەبم، بۆچی بۆ ئەلف حەڵاڵە، بۆ من حەرامە، ئەمە ڕێبازێک بوو گەورەکان و سەرکردەکانی ئێمە دایانناوە و دەبێت فەلسەفەی ژیانی ئێمە بێت و فەلسەفەی بیرکردنەوە و خەبات و چالاکییەکانی ئێمە بێت، هەر یەک بە ڕادەی خۆی، بە ڕادەی توانای خۆی، من چەندم پێ دەکرێت، مەرج نییە تۆش ئەوەندە بکەیت، تۆش بە ڕادەی خۆت، بەڵام هەر هەموومان ئەوەندەی پێمان دەکرێت، هەوڵ بدەین. جاری وا هەیە؛ من حەز دەکەم دیقەت بکەن لە باسکردنی مێژووی سەرکردەکانی خۆمان، یەکەم بۆ ئەوەی غەدریان لێنەکرێت، دووەم بۆ ئەوەی حەقیان بدەینێ.

من بە تەعبیرێکی کوردانەی ئاسان دەڵێم کاک ئیدریس ژیا و کۆچی کرد، بەڵام بە مەزڵوومییەت، شۆڕشگێڕانی ئێران بە خەڵکی قارەمانی ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەڵێن، بەهەشتی شەهیدی مەزڵووم بوو، زۆری کرد و لە سەرکەوتندا کەم مایەوە، بە دیدی بەندە شەهید ئیدریس بارزانی هەمان شەهیدی مەزڵووم بووە، زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا، تەمەننام دەکرد بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و شەهیدەکانی ئێمە هاوبەشی ئێمە بووان ئەمڕۆ لەم سەرکەوتنەی کە لانی کەم میللەتی ئێمە لە حاڵەتێکی نسیبی سەقامگیری، ئاشتی و ئاوەدانیدایە. بە موتڵەق نااڵێم، چونکە موتڵەقیی ئێمە لەمە زیاترە کە ئێستا تێیداین، بەڵام ئەمڕۆ لێرەین و دەبێت هەوڵ بۆ سبەیەکی باشتر بدەین.

کاک ئیدریس بە ڕەحمەت بێت، پیاوێکی سادە بوو، دەتوانم بڵێم بە حوکمی نزیکیم لێی، سەرەڕای ئەوەی گوتراوە یان دەگوترێت؛ ئینسانێکی زاهید بووە. زاهید بووە لە سیاسەت و زاهید بووە لە دونیا. شەوان و شەوان و شەوان ئیدریس خەوی لێنەکەوتووە و عیبادەتی کردووە، هەر وەکوو شەوان و شەوان و ڕۆژانی کردووەتە یەک لە پێناوی پێشمەرگە، ئاوارە و چارەنووسی ئەم حیزبە و ئەم میللەتە و بەشێکی زۆریش لە نەخۆشییەکانی لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان و هەڵسوکەوت لەگەڵ نسکۆی 1975 و کاروباری ئاوارەکان و تەمویلی قیادە موەقەتەی خۆمان؛ شەوان و شەوان کاک ئیدریس شەونخوونی کردووە بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە یەکێک بنێرێت بۆ کوردستان و ڕێگایەک بۆ قیادە موەقەتە بدۆزێتەوە، ڕێگەیەک بدۆزێتەوە لەگەڵ ئێرانییەکان کاروباری پەنابەرکان چارەسەر بکات، ئینجا کاروباری حیزب و پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و تاوەکوو جەبهەی ئاشتبوونەوەی گشتی، بەتایبەتیی لەگەڵ پارتی و یەکێتی کە ئەندازیار و جێبەجێکردنەکەی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بووە، کە لە خزمەتی بووم ساڵی 1986 لە تاران لەگەڵ ڕەحمەتی مام جەلال یەکەمین یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان یەکێتی و پارتی پاش ئەو شەڕە خوێناوی و نەگریسەی نێوان هەردوو حیزب [واژۆ کرد].

ئینجا من ناچمە سەر 11ی ئازار ئەم برادەرە باشی کرد بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە کورتی و بە کوردی. لەبیرمە لە ساڵی 1998 لە شەقڵاوە کۆڕێکم کرد بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە، وتم ئەگەر ئیدریس مابا، ئێمە ئەمڕۆ دوو بەرانبەر دەبووین. من ئێستاش وا دەڵێم، دوو بەرانبەربوون مەسەلەیەکی مەعنەوییە، بەڵام من دەڵێم لە ڕووی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی کوردستاندا هەمیشە کاک ئیدریس کۆکەرەوە بوو، تەنانەت ئێمە لە شۆڕش بووین، بەڵام ئەگەر ئێمە کارمان بە نێوخۆ هەبووایە، ئەو دەفتەرێکی گچکەی هەبوو؛ خەڵکی هەبوو نامەی بۆ ئێمە دەگەیاندە نێو ئێراق و وەڵامەکانیش لە ڕێگەی ئەوەوە دەهاتنەوە. بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاک ئیدریس سنگی فراوان بوو، بیری گەورە بوو، ئەوانەی کە چەکداری حکومەت بوون ئێمە بە جۆرێک تەماشامان دەکردن و بانگمان دەکردن، بەڵام کاک ئیدریس لەژێرەوە پەیوەندییەکی هەبوو بە جۆرێکی دیکە بۆ بەرژەوەندییەکی دیکە، ڕۆژگار دەیسەلماند ئەو ڕاستترە لە ئێمە. من یەک یان دوو بیرەوەری

لەگەڵ زیرەکیی ڕەحمەتی ئیدریس بێجگە لە پەروەردەی منداڵەکانی کە پەروەردەیەکی باشی کردووە، بەرهەمەکەی دیارە کە کوڕەکانی بۆ نموونە؛ کاک نێچیرڤان ئەمڕۆ سوپاس بۆ خودا دەتوانێت بەردەوامی بەو ڕێبازە بدات وەکوو کوڕ و باب، ئەگەر نا هەموومان کوڕی ئەم حیزبەین و کوڕی مەلا مستەفاین، کوڕی مەلا مستەفا بە جنسیە و خوێن کوڕی ئەون، بەڵام ئێمە بە خۆبەخشانە کوڕی ئەوین و تەمەنێکە لەگەڵیداین، منەت ناکەین بەسەریاندا، ئەمە ئەو پەروەردەیە کە لە مەدرەسەکەی ئەودا فێربووین کە وابین، فێربین هەڤاڵ جێنەهێڵین و بەو جۆرەش دەمێنینەوە.

ئەو (ئیدریس بارزانی) لە پەروەردەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەنێو خانەوادەی بەڕێزی بارزانی دا، کە بووین بە ئەندامی سەرکردایەتی لە ساڵی 1979 لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئێمە دانیشت، ئەوە برای بەڕێزم کاک زەعیم عەلیش لێرەیە و وتی ئێوە بوون بە بەرپرس، من ئەو ئامۆژگاریانە لای ئێوە دەکەم، یەکەم تاوەکوو پێتان بکرێت خەڵک ببینن، خەڵکێک دێت سەردانی ئێوە دەکات، لە دیتنی خەڵک قەڵس نەبن؛ وەکوو بۆکانی دەڵێن. ئێوە قازانج دەکەن؛ ئەوان ئێوە دەناسن بە حوکمی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتین؛ بەس ئێوە ئەوان ناناسن. ئەگەر ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ نەکەن دۆستێک لەدەست دەدەن، ناچارییەک پەیدا دەکەن. ئەوی تر وتی، هەر ئینسانێک دوو لاپەڕەی ژیانی هەیە، لاپەڕەی چاکەکان و لاپەڕەی خراپەکان. ئەگەر مەسئولییەتت دا بە یەکێک تەنیا لەسەر لاپەڕەی چاکەکانی نەیدەنێیە، بۆ ئەوەی باری قورس نەکەن و لەژێری نەکەوێت. بەڵام ئەگەر محاسەبەی یەکێکیشتان کرد تەنیا لەسەر لاپەڕەی هەڵەکان یان خراپەکانی مەیکەن بۆ ئەوەی سزاکەتان قورس نەبێت.

بۆ ئێستاش ئەو قسانە خودا یارمەتیی بێت تاوەکوو بتوانین پەیڕەوییان لێ بکەین، ڕادەیەکی زۆر، نااێم سەت لە سەت، مرۆڤە، هەندێک جار ئینسان لەو شتانەش دەزانێت و نایکات.

ئەوەی لە کۆنگرەی نەسرەتی شەعبی ئێراق لە مانگی 12ی ساڵی 1986 لە تاران، دیسان لە خزمەتی دابووم. ڕەحمەتی جەنابی کاک عەلی عەبدوڵڵا، سکرتێری حیزب بوو، ئەحزابی کوردستانی لەوێ بوون، ئەحزابی ئێراق لەوێ بوون (ئۆپۆزیسیۆن)، لەوێ مەسەلە هاتەوە سەر مافی چارەسەری کێشەی کورد، لە ڕاگەیێندراوی کۆتایی ئێمە گرووپی کوردی خودا هەڵناگرێت هەموو حیزبەکان، یەکێتی، سۆسیالیست و ئەو ئەحزابانەی لەوێ بوون، ئاڵای شۆڕش هەبوو ئەو وەختە کاک عیماد نوێنەرایەتیان دەکرد، کاک ئیدریسی ڕەحمەتییان کردە گوتەبێژی فەرمی بە ناوی شاندی کوردی، بۆ مێژوو هەر هەموویان وتیان کاک ئیدریس، جەنابت هەرچی بڵێیت ئێمە لەمەڕ پرسی کوردی پەیڕەوی لێدەکەین، با تۆ براگەورەی هەموومان بیت.

هەر بەو بۆنەیە کە چووینە هۆتێل ئیستیقلال بۆ دانووستاندن، یەکەمجار لەوێ مام جەلالم بینی، بە ڕەحمەت بێت، کە چووینە هۆڵەکە کاک ئیدریس دەستی مام جەلالی گرت و خستییە پێش خۆی. ئەویش وتی نا قوربان؛ من هەر دەروێشەکەی جارانم، من ناتوانم پێش تۆ بکەوم، تۆ کوڕی مەلا مستەفای.

ئینسان ناکرێت مێژوو نەخوێنێتەوە، هەندێک جار مێژوو دەشێوێنن، خەڵکێک بەپێی ویستی خۆیان مێژووەکە دەگێڕنەوە، بەڵام من مێژوو وەکوو خۆی دەگێڕمەوە حەز دەکەم بە ئینساف بم لە مێژوودا.

ئێمە وتمان چارەسەری پرسی کورد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەوەی 11ی ئازار، واتە دیموکراتییەت بۆ ئێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، بەڵام ئەحزابی ئیسلامی شیعەی ئێراق ڕەتیانکردەوە ئەمەش مێژووە و حەز دەکەم بیزانن، وتیان ئێمە دەیکەینە دەنگدان، لەو کۆمەڵە حیزبانەی لەوێ بوون ئێراقییەکان بە شیعە و کوردەوە،

(هەندێک قیادەی حیزبی بەعسیش ئەبو باقر یاسین و ئەوان لەوێ بوون.) کاک ئیدریس تەماشای باقر حەکیمی کرد بە ڕەحمەت بێت و وتی، ئێوە پرسی کورد دەخەنە دەنگدانەوە؟ دەستی بۆ یەکێک برد و وتی، ئەمە بە ناوی حیزبێکەوە هاتووە، ئەمە ڕایکردووە لە حاجی ئۆمەران من ناردوومە بۆ ئوسترالیا، ئێستا هاتووە دەنگ لەسەر قەزیەی کورد بدات بۆ من؟ عەیبە بۆ ئێوە. زۆریش بە تووندی وەڵامی دانەوە و وتی بزانە سەید، هەر ئەوها، پەنجەی ڕاوەشاند و بە عەرەبی وتی، (اذا لم یقر حق الکرد في اتفاقیة اذار، سنکون في حل من التزاماتنا امام هذا المؤتمر من الف الی ي) و ئێمە دەردەچین بە بەیاننامەیەک، ئێمەی کورد.

من لە تەنیشتی بووم، دەستێکم لێدا و وتم کەمێک لەسەرخۆ. وتی، ئەمانە ئەم زمانە دەزانن، بۆیە بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکەم.

ئەوە بوو محەمەد مەهدی شەمسەدین، بە ڕەحمەت بێت، سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجوومەنی باڵای شیعەی لوبنانیش ئامادە بوو، ئەو ڕووی لە برا شیعەکانی ئێراق کرد و وتی، ئەم دوو سێ ڕۆژە لە کۆنگرە شتی سەیر دەبینم. وتیان چییە؟ وتی، ئێوە بە گەلی کورد دەڵێن برا کوردەکانمان، باشە ئێوە بە حوکمی عروبەتی خۆتان ناڵێن (ئەلئومە کوردیە)، بەس (ئەلئوخوە کورد)؟ کۆمەڵێک کۆچەرین لە قەفقاز هاتوون ئەمانە؟ لانی کەم بڵێن گەلی کورد. وتی، لام سەیرە ئێوە لە تارانن، سەدام لەوێ دەڵێت: گەلی کورد و حوکمی زاتی بۆ باشووری کوردستان، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی هەیە و ئەنجوومەنی یاسادانانی هەیە و ئیدارەی هەیە، باشە ئێوە ناتوانن وەکوو سەدامیش بن؟ لەبەر ئەوە من ئەمە بە شایستە نازانم و ڕاست نییە، جێی مافی گەلی کورد بکەنەوە لە حوکمی زاتی و ئەگەر زیاتری نەدەنێ نابێت ئێمەی شیعە کەمتریان پێبدەین.

بە هەر حاڵ ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی لە ساڵی 1986 کارێکی ئاسان نەبوو، خۆتان دەزانن لە دوای شەڕی 1983 بوو، بەڵام هەر ئیدریس بوو بە ڕەحمەت بێت، بە جورئەتی خۆی و بە زیرەکیی خۆی، لە لایەک خەڵکی خۆی ڕازیکرد و لە لایەکیش بە جورئەتەوە چووە پێش و ڕێککەوتنی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد.

هاوسەردەمی کاک ئیدریس یەکجار زۆرن، باسی ئەو نە لە کۆڕێک دەکرێت نە لە وتارێک و نە لە پەرتووکێک، بەڵام ئەوەی باسی دەکەن، ئەوەی بۆی دەنووسن یان لەسەری دەنووسن، حەقە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی ڕاست و ئیجتیهادی تێدا نەبێت، دەبێت هەموومان ئەوەندە خۆمان موئەهەل بکەین کە باسی ئیدریس دەکەین بە ڕەحمەت بێت، لە حەق دەربێین، چونکە ئەگەر شتێک بڵێین لە مێژووی ئەودا نەبێت، غەدرمان لێکردووە، ئەگەر شتێکی کردبێت و ئێمە نەزانین بیڵێین ئەوە کێشەیەکە، بەڵام ئەگەر بزانین و نەیڵێین، ئەوەش نادادییەکە دەرحەق دەکەین.

بە هەر حاڵ دەستخۆشی لەم ڕێکخراوەیە دەکەم و دەستخۆشی لە ئامادەبوونی ئێوە دەکەم و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پێمان باشە یادی سەرکردەکانی خۆمان بکەینەوە، هەر وەک وتم لە بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان، لە کردەوەی ڕۆژانەمان یان ئەگەر پێمان نەکرا، لانی کەم لە بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان بیریان بکەینەوە و لە بۆنەکاندا ناویان بهێنین. خودا شەهیدەکانی ئێمە لە بەهەشت جێگیر بکات و پێشمەرگە پەککەوتووەکانی ئێمە ساخ بکاتەوە و بیانپارێزێت، تێکۆشەرە کۆنەکانی ئێمە بەشێکیان دەبینم، ئەوە خاڵە (سلی) لێرەیە تەمەنێکە، خاڵە سلی کە لێرە دانیشتووە لە شەڕی زۆزکدا کە یەکێک لە قارەمانەکانی، سەرکردە کاک ئیدریس بووە، لە سەرتیز ساڵی 1974 بەرەی شەڕ چۆڵ بوو، ئەم خاڵە سلییە دەستی بە تفەنگەکانی خەڵک دەگرت و دەیوت وەرە با بچینەوە، ئەمە نەکەن دوژمن بێت سەرتیز بگرێتەوە، ئەمانە تەمەنیان درێژ و تەندروستییان باش بێت، لە هەموو گرنگتر یەکڕێیە، نەک یەکڕیزی، یەکڕیزی زەحمەتە هەموومان لە حیزبێکدا بین، ئەگەر بڵێین

یەکڕیزی، بەڵام یەکڕێگەیی بگرین لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و ئەو خەڵکەی لە کوردستاندا دەژین، تاوەکوو ئەو ڕۆژەی دەگەن بەو ئاستەی کە خەڵکی ئێمە بە پێشمەرگە و بە هاوواڵاتی گیانیان لە پێناوی بەخت کردووە. کوردستان پارێزراو بێت و سەرکردەکانمان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرفراز بێت و ئاڵای حیزبەکەشمان لەگەڵ تێکۆشەرانی تر هەمیشە بەرز و شەکاوە بێت.

بەخێربێن، سوپاس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 29-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئۆپۆزسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
ئۆپۆزیسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 30-01-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 497
لە یادی 38 ساڵەی وەفاتی ئیدریس بارزانیدا
20250702102202643753=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: لە یادی 38 ساڵەی وەفاتی ئیدریس بارزانیدا
نووسینی: هشیار شکاک خورشید

ئیدریس بارزانی یەکێک بوو لە شەهیدانی نیشتمانی کوردستان کە جێگەیەکی مەزنی هەبووە لە مێژووی شۆڕش و ڕزگاریی نەتەوەیی و سەرکردەیەکی دیاری سیاسی کورد و ئەفسانەیی ناسیۆنالیستی کورد بووە، ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی لە خەباتی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە ئێراقدا هەبووە و کەسایەتییەکی کاریگەر بووە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و بەدرێژایی تەمەنی شانبەشانی (بارزانی نەمر) و سەرۆک و ڕابەر (مەسعود بارزانی) بۆ پێشخستنی دۆزی ڕەوای کورد خەبات و کاری کردووە.
ئیدریس بارزانی ژیانێکی سەخت و پر لە سەرکێشی و تووشبوون بە مەترسییە هەمیشەییەکانی لە پێناو مافە نیشتمانییەکان تێپەڕاندووە، ڕۆڵێکی بێوێنەی لە دانووستان و هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ گەشتن بە دۆز و مافەکانی کورد هەبووە، بەتایبەتی لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە بزووتنەوەی کورد ڕووبەڕووی تەحەددای حکومەتی ئێراق و زلهێزەکانی ناوچەکە ببووە.
لە یادی 38 ساڵەی وەفاتی جوانە مەرگدا هەزاران دروود و سڵاو بۆ ڕۆحی پاک و بەرزە فڕی دەنێرین، بۆ ئەبەد لە یاد و یادەوەریەکانمان زیندوو و نەمرە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمڕۆ 34 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی www.gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-02

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 498
لە یادی سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕی مەزن ئیدریس بارزانیدا
20250713165934645549=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
سیامەند سێلکی

لە ڕۆژی (31-01-1987) سەرکردە و سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕی مەزن، ئیدریس بارزانی، بۆ یەکجاری ماڵاوایی لەکورد و کوردستان کرد. بەم کۆچە ناوەختە کورد بەگشتی و پارتی بەتایبەتیی سەرکردەیەکی لێزان و هۆشیار و خاوەن ئەزموونیان لەدەست دا.

دیارە دونیابینی و ژیان و بەسەرهاتی وەها سەرکردەیەک کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا بەسەر بردووە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەزموونێکی پڕبەها و دەوڵەمەندە، بۆیە دەکرێت بۆ ئێستا و داهاتوو سوودی لێ ببینین و وانەی لێ وەرگرین. لەم سۆنگەوە لە یادی سی و پێنج ساڵەی وەفاتیدا بەپێویستمان زانی بەکورتی باس لە چەند لایەنێکی ژیان و خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە مەزنە بکەین.

واقعی پەروەردەی هزری و کۆمەڵایەتی ئیدریس بارزانی:
ئیدریس بارزانی، لەناو ژینگە و فەرهەنگ و کەلتوورێکدا چاوی بەژیان هەڵهێنا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەندروست و کامل و سەردەمیانە بوو پڕا و پڕبوو لەمرۆڤ دۆستی و عەدالەت خوازی و لێبوردەیی و یەکتر قبولکردن. لەناو جۆاکێک دا قوناغەکانی ژیانی دەستپێکرد کە مرۆڤ بوون و ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤایەتییەکان لەلوتکەدا بوو. لەناو ئەم فەزا کامل و پاکەدا وەکوو تاکێک لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) و بارزانی نەمر پەروەردە بوو پێگەیشت.

لەژێر کاریگەریی ئەو پەروەردە فکری و کۆمەڵایەتییەدا و لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی خودانی بارزاندا، بووە هۆگری ڕێگای حەق و عەدالەتخوازی و مرۆڤ دۆستی و هەموو تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتکردنی کورد و کوردستان و چەسپاندنی ئەو بەها بەرزانەی کەڕێبازی بارزانی نەمر لە پێناویدا دامەزراوە و خەباتی بۆ کردووە.

ئیدریس بارزانی، لە مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتیدا:
ڕوون و ئاشکرایە پێ گەیشتنی تاک یان مرۆڤ بەگشتی لەناو ژینگەیەک دا کە لەڕووی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و هزریەوە کامل و تەندروست و سەردەمیانە بێت، هاندەر و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاک وەکوو مرۆڤێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە پێ بگات و گەورە بێت. بێگومان ئەو ژینگەیەی ئیدریس بارزانی تێیدا چاوی بەژیان هەڵهێنا لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو. بۆیە هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە وەکوو مرۆڤێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە دەستی لەخۆشییەکانی ژیان هەڵگرت و بووە هۆگری چیاکان و وەکوو شۆڕشگێڕێک تەقڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، بەم شێوەیە لە ساڵی (1962) شانبەشانی سەرۆک مەسعود بارزانی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) لە تەمەنی شازدە و حەڤدە ساڵیدا، لە چیای برادۆست پەیوەندیان بەبارزانی نەمرەوە کرد و چەکی پێشمەرگایەتیان کرده شان و بوونە ڕێبواری ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە ئیدریس بارزانییەوە نزیک

بوون، پەیوەندی ئیدریس بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەدا پەیوەندییەکی دۆستانە و هەڤاڵانە بووە، وەکوو برا مامەڵە و سەرەدەری لەگەڵدا کردوون. کەسێکی خاکی و ڕووخۆش و سنگ فراوان بووە. لەکاتە سەخت و دژوارەکاندا لەسەرخۆ و وردبەرز و خۆڕاگر بووە.

هەرگیز خۆی لە پێشمەرگە جیا نەکردووتەوە و، خواردن و خواردنەوە و پشوودانی هەر لەگەڵ پێشمەرگە بووە، لە چوارچێوەی پابەند بوون بەبنەماکانی ڕێبازی بارزانی نەمر، بەردەوام ڕێنماییان بەپێشمەرگە داوە کە هەموو تاکێکی کوردستانی بەخوشک و برای خۆیان بزانن و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤایەتییەکان سەرەدەری لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا بکەن. لەدانانی نەخشە و پلانی سەربازیدا لێزان و کارامە و شارەزا بووە.

بۆ هەموو بڕیار و کارێک ڕاوێژ و پرسی بەو پێشمەرگانە کردووە کە ئەزموونێکی زۆریان لەناو شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتیدا هەبووە و، بۆچوونی ئەوانی بەهەند وەردەگرتووە. لە هەموو ئەمانە گرنگتر هەمیشە لە کاتی دانانی نەخشە و پلانی سەربازیدا حسابی جدی بۆ دوو خاڵ کردووە، یەکەمیان ئەوەبوو کە بەکەمترین زیان پێشمەرگە پلانەکە بخاتە بواری جێبەجێکردن. دووەمیشیان ئەوەبوو کە پێویست بوو نەخشە و پلانەکە بەشێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە هیچ زیانێک بە خەڵکی سڤیل و بێ تاوان نەگات.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و ئاوارەبوونی ئێران، ئیدریس بارزانی، بووەتە پشت و پەنای ئاوارە و پەنابەران و لەگەڵ خەم و ئازارەکانی ئەواندا ژیاوە و بەردەوام دەرگای بەڕووی هەمووواندا ئاواڵە بووە و لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکار و پشتیوانیان بووە. بێگومان ئەم تایبەتمەندیانە بۆ کەسایەتی سەرۆک مەسعود بارزانیش سەدا سەد ڕاست و واقعین.

ڕوانگەی ئیدریس بارزانی بۆ پرسی نەتەوەی کورد:
ئیدریس بارزانی، وەکوو قوتابییەکی ڕاستەقینەی بارزانی نەمر، بڕوایەکی بەهێزی بەو حەقیقەتە هەبوو، کە پرسی کورد پرسی نەتەوەیەکی بن دەست و خاک داگیرکراوە و، بەشێوەیەکی زاڵمانە و دوور لەخواست و ویستی خۆی، نیشتمانەکەی پارچەپارچە کراوە و، هەموو ماف و ئازادییەکی لێ زەوتکراوە.

بەم تێگەیشتنە واقعیە لەپرسی کورد دەیڕوانی و پێی وابوو ئازار و مەینەتییەکانی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان یەکە و، ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە تاڵەیە کە بەهۆی داگیرکردنی کوردستانەوە بەسەریدا سەپێنراوە. لەم سۆنگەوە هەرکاتێک هەستی کردبا لە هەر پارچەیەکی کوردستان تروسکاییەک بۆ خەبات و تێکۆشانی کورد هەیە، یەکسەر دەستی هاوکاری و پشتیوانی بۆ درێژ کردووە. بۆ نموونە، لە سەرەتای دەرکەوتنی (پ. ک. ک)دا وەکوو هێزێک لە باکووری کوردستان، ئیدریس بارزانی و پارتی بەو هیوایەی کە (پ. ک. ک) وەکوو هێزێک بۆشایی خەباتی شۆڕشگێڕی و چەکداری لە باکووری کوردستان پڕ بکاتەوە و، وەکوو هێزێکی نەتەوەیی خزمەتی پرسی کورد بکات لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریان پێشکەش بەو حزبە کردووە و بارەگا و ئیمکاناتی پارتیان خستە خزمەت گەشەکردنیان.

لێ مخابن (پ. ک. ک.) لەجیاتی ئەوەی وەفای بۆ ئەو هەموو هاوکاریەی پارتی هەبێت و لەئاستچاوەڕوانییەکانی پارتی و هەموو کورد بێت، هەر کە لەسەر پێی خۆی وەستا، بۆ بەدەست هێنانی متمانەی داگیرکەرانی کوردستان لەپارتی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان هەلگەڕایەوە. هەر بەم دیدە نەتەوەییە و لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمردا، ئیدریس بارزانی، بەردەوام کاری بۆ ئەوە

کردووە کە هەموو هێز و تواناکانی کورد لە دامەزراوەیەکی نەتەوەییدا کوبکاتەوە.

لە پێناو ئەم ئامانجە پیرۆزەدا لە ساڵی (1980)دا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دانایان کورد ی لاگەڵە بووە و کاری لەسەر کردووە. بیرمەند و تێکۆشەری ناسراوی کورد خوالێخوش بوو (فەلەکەدین کاکەیی) لەم بارەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: پرسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دانایانی کورد بۆ پارتی و ئیدریس بارزانی، پرسێکی ستراتیژی و گرنگ بوو.

لەم سۆنگەوە ئیدریس بارزانی، زۆر بەجدی و خەمخۆرانە کاری لەسەر کرد و، دوای پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی شارەزا و دیار لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دانایانی کوردی کردە پڕۆژە و پێشکەش بەلایەنە کوردستانییەکانی کرد.

دیارە بەحوکمی ئەوەی کە باکووری کوردستان گەورەترین پارچەی کوردستان بووە و، (پ. ک. ک.) ش لەو سەردەمەدا خۆی وەکوو هێزێکی نەتەوەیی وێنا کردووە . ئیدریس بارزانی وەکوو یەکەم لایەن پڕۆژەکەی لە ڕێگای کەسێکەوە بەناوی هەڤاڵ (خالید) کە ئەندامی سەرکردایەتی (پ. ک. ک.) بوو پێشکەش بەو حزبە کردووە. لەوکاتەدا (پ. ک. ک.) بەڕوالەت پێشوازی لەدەستپێشخەریەکە کردووە و، ئامادەیی دەربڕیوە کە هاوکار دەبێت لەسەر خستنی پڕۆژەکەدا. ئەم هەڵوێستەی پ. ک. ک. بۆ پارتی و ئیدریس بارزانی جێگای خۆشحالی بوو، بۆیە لەهەنگاوی دووەمدا و هەر لە ڕێگای هەڤاڵ (خالید)ەوە پڕۆژەکە بۆ لایەنەکانی دیکەش ڕەوانەکرا.

مخابن هەڤاڵ (خالید) لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکەیدا لە نزیک قەندیل و لەلایەن هێزێکی کوردستانییەوە کە لەو سەردەمەدا شەڕی دژی هەموو لایەنەکان ڕاگەیاند بوو شەهید کران. جێگای داخە بەهۆی ئەم ڕووداوە و فراوان بوونی شەڕی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکاندا، پڕۆژەکە بەئەنجام نەگەیشت و وەستێنرا.

بەڵام، ئەوە نەبووە هۆی ئەوە کە ئیدریس بارزانی لەیەکخستنی نێومااڵی کوردستانیدا بێ ئومێد بێت. بەپێچەوانەوە بەپشتیوانی سەرۆک مەسعود بازانی سوورتر لەجاران هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ لە پێناو کۆتایی هێنان بەشەڕ و چەسپاندنی ئاشتی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکاندا. ئەوەبوو لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا ئیرادەی ئاشتیخوازانەی پارتی و ئیدریس بارزانی سەرکەوتوو، لە ئەنجامی ئەم سەرکەتنەشدا ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان ئیدریس بارزانی و خوالیخوش بوو مام جەلالدا ئیمزا کرا و، بووە بنەما بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. واتە دەتوانین بێژین، ئیریس بارزانی، ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی لە کۆتایی هێنانی شەڕی ناخۆیی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا هەبوو. کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وەکوو چەترێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموو هێزە کوردستانییەکان تێیدا کۆبوونەوە. دیارە تۆمارکردنی ئەم دەسکەوتە لەو سەردەمەدا لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ کورد مێژوویی و گرنگ بوو، بۆیە وەکوو ڕیزگرتنێک لە خەبات و تێکۆشانی ئیدریس بارزانی ناسناوی ئەندازیاری ئاشتیان پێ بەخشی .

ڕوانگەی ئیدریس بارزانی بۆ گفتوگۆ و دانووستاندن:
ئیدریس بارزانی، وەکوو سەرکردە و سیاسەتڤانێکی لێزان و کارامە هەمیشە بڕوای وابووە کە گفتوگۆ و دانووستاندن شێوازێکی شارستانی و سەردەمیانەی خەباتە و، ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێ سیاسییەکان. لەم سۆنگەوە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەرکاتێک هەستی کردبێت هێندەی تڕۆسکایەک دەرفەت بۆ چارەسەری سیاسیانەی پرسی کورد هەیە. بێ

دوودڵی پەنای بردووەتە بەر گفتوگۆ و دانووستاندن و هەوڵیداوە دوور لەتووندوتیژی و خوێن ڕشتن ماف و داخوازیە نەتەوەیەکانی کورد مسۆگەر و دەستەبەر بکات.

هەڵبەت وەکوو سیاسەتڤانێکی هۆشیار و دووربین شارەزایەکی تەواوی لەم بوارەی خەباتدا هەبووە. لەسەر مێزی گفتوگۆ و دانۆستاندندا وەکوو دیبلۆماتکارێکی سەرکەوتوو قسەزان و ڕەوان بێژ، لەڕوانگەیەکی ئەقڵانی بەپێوەری زانستی و لۆژیکی بۆچوونەکانی خۆی بۆ بەرانبەرەکانی خستووتەڕوو. لەبەر ئەمە لە سەردەمی گفتوگۆکانی ساڵی (1970) نێوان شۆڕشی ئەیلوول و بەغدا، بە فەرمانی بارزانی نەمر، بووە یەکێک لەئەندامە کاراکانی شاندی دانووستانکاری کوردستان و ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەڕێککەوتنی یازدەی ئازاری (1970)دا. دیسان لەسەر ئاستی کوردستانیشدا و لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاشتی خوازانەی پارتیدا بەردەوام کاری بۆ ئەوە کردووە کێشە و ململانێکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لە ڕێگای گفتوگۆ و دانووستاندنەوە چارەسەر بکرێن. بۆ ئەم ئامانجە لە کاتی پێویست و گونجاودا دەستپێشخەری ڕاگەیاندووە و، هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووتە گەڕ بۆ یەکخستنی نێو مالی کوردستانی.

ڕوانگەی ئیدریس بارزانی بۆ زانست و مەعریفە:
ئیدریس بارزانی، وەکوو سەرکردە و سیاسەتڤانێکی سەردەمیانە زۆر گرنگی بەبواری زانستی و مەعریفی داوە. بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگای خوێندنەوەی پەرتووکە مێژوویەکان زانیاری پێویست لەبارەی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئازادیخوازی جیهانەوە بەدەست بێنێت. ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا لە مەیدانی خەبات و تێکوشانی شۆڕشگێڕانەدا و لە هەردوو بواری سیاسی و سەربازیدا کەڵک لەئەزموونی سەرکەوتووی ئەو گەلانە وەرگرێت.

هەروەها زۆر هۆگری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و دیوانی شیعرەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فردەوسی بووە. زۆر جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کە قسەی بۆ ئامادەبوان دەکرد، هەوڵی دەدا بەهێنانەوەی ئایەتەکانی قورئان و شیعرەکانی مەلای جزیری، دید و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر پرسە گەرمەکان دەربیڕێت. لە هەموو ئەمانە گرنگتر هەمیشە هانی پێشمەرگەکانی داوە خوێان فێری خوێندنەوە و نووسین بکەن.

هەر لە چوارچێوەی ئەم گرنگی پێدانە بەزانست و مەعریفە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارە بوونی ئێران، بەردەوام ئامۆژگاری ئاوارە و پەنابەرانی کردووە کە منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن. دیسان لە ڕێگای پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانییەوە زۆرێک لەو پێشمەرگانەی کە گەنج بوون و ئاوارەی ئێران ببوون، بە مەبەستی خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرز ڕەوانەی ئەمریکا و ئەوروپای کردن، بەر لەڕەوانە کردن، ئەو پێشمەرگانەی بانگ دەکرد و بەدوورودرێژی قسەی بۆ دەکردن و ئەوەی دووپات دەکردەوە کە نسکۆی شۆڕش دەرئەنجامی پیلانێکی نێودەوڵەتییە و لە نزیکترین دەرفەتدا دەست بە شۆڕش دەکەینەوە.

بۆیە ئێوە کە دەگەنە ئەمریکا و ئەوروپا جگە لەخوێندن و بەدەست هێنانی زانست، پێویستە پێشمەرگە ئاسا خەمی هەموتان خەمی ئایندەی خەڵک و خاکی کوردستان بێت، چونکە دڵنیام دوور یان نزیک کوردستان پێویستی بەو زانست و ئەزموونە دەبێت کە ئێوە بەدەستی دێنن. بێگومان ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئیدریس بارزانی وەکوو سەرکردەیەکی دوورباین و خاوەن ئیرادە لەو بارودۆخە دژوارەدا پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕۆژێک دێت کوردستان بۆ ئیدارەدان و بەڕێوەبردن پێویستی بەکەسی زانا و خاوەن ئەزموون دەبێت. بۆیە لەو سەردەمەدا خەمی ئەوەی هەبووە کە هاوکاری گەنجانی ئاوارە بکات، تا بتوانن بخوێنن و دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرز بگەڕێنەوە و خزمەتی خاک و نیشتمانەکەیان بکەن.

پەیوەندیی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی:
ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پێگە و ڕۆڵی بنەماڵەی بارزانی لەسەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا، بەجێ گەیاندنی ئەرک و بەرپرسیاریێتی بووە بەرانبەر خاک و نەتەوەکەیان. نەک حەز و ئارەزوو وەکوو ئەوەی دوژمن و ناحەزانی کورد باسیان لێوە کردووە.

لەم سۆنگەوە لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و شۆڕشدا و لە پێناو ئەوەی ئەو ئەرک و بەرپرسیاریێتییە دلسۆزانە و ڕاستگۆیانە بەجێ بگەینن. هەمیشە سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو، وەکوو داینەمۆیەکی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دلسۆزانە و خەمخۆرانە و پێکەوە ملیان داوەتە بەر بەرپرسیاریێتی و لەژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمردا، ڕۆڵی سەرەکی و کارایان گێڕاوە لەتۆمارکردنی دەسکەوت و سەروەریەکاندا. لەکاتە هەرە سەخت و دژوارەکاندا بۆ هەستانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕش وەکوو دوو سەرکردەی قارەمان و خاوەن ئیرادە، تەواوکەری یەکتر بوون و شانبەشانی یەکتر دەسکەوت و سەروەری مەزنیان بۆ کورد و کوردستان تۆمار کردووە.

بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەو خەباتگێڕ و پێشمەرگانەی کە بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لەسەرۆک بارزانی و جەنابی ئیدریس بارزانییەوە نزیک بوون. پەیوەندیان بەڕادەیەک تووند و تۆل و بەهێز بووە، وەکوو ئەوە وابوون گیانێک بن لەدوو جەستەدا. هەڵبەت ئەم پەیوەندییە بەهێز و تۆکمەیە دەرئەنجامی ئەو پەوەردە فکری و کۆمەڵایەتییە بووە کە لەسەری پەروەردە کرابوون. دیارە هەر بەهۆی ئەو پەروەردەیەوەیە کە ئێستاش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، لەژێر سەرکردایەتی سەرۆک بارزانیدا وەکوو یەک تیم تەواوکەری یەکترن لە خزمەتکردنی خەڵک و خاکی کوردستاندا .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net مالپەڕی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 499
لە یادی سەرکردەیەکی هەمیشە لە یاد "ئیدریسی جوانەمەرگ" ئەندازیاری ئاشتی
20250809140854650287=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: لە یادی سەرکردەیەکی هەمیشە لە یاد "ئیدریسی جوانەمەرگ" ئەندازیاری ئاشتی
ئامادەکردنی: شێرکۆ حەبیب
ساتێک هەواڵی گیان لە دەستدانی شەهیدی هەردەم لە یاد، کاکە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی مان پێگەیشت، لە ئاوارەیی و هەندەران بووین لە شاری جەهرومی باشووری ئێران، لە کات و ساتێک لە دەربەدەری و ژیانێکی دووڕەوڵات و ژیانی ئۆردوگا، لە هزری ئەوەدابووین ئاخۆ چ سات و کاتێک کوردستان ڕزگاری دەبێت و لە ژیانی ئاوارەیی ڕزگارمان دەبێت و دەگەڕێینەوە. لەوانەیە هەندێک بەئارەزووی خۆمان ڕوومان لە هەندەران نەکردبێت، بەڵکوو ناچار بووین، هەبوو لە ڕێکخستنەکانی ئەو حزب و ئەم حزب ئیشی دەکرد و تەنانەت دوای ڕووی لە ئاوارەیی ڕژێمی دیکتاتۆر کەسوکاری نزیکی زیندان کردین، کە من یەکێک بووم لە هەزاران خانەوادە کە کەسی نزیکمان زیندانی کرا کە دایکی ڕەحمەتیم بوو. لەو ساتە وەختانە بوو لە ئۆردوگای جەهرومی سەربە پارێزگای شیرازی ئێرانی بوو، هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی ئەو سەرکردە مەزنەمان بیست، ئەم هەواڵە جەرگبڕە برینەکانی زیاتر قوواڵتر کردین، چونکە لەدەستدانی کەسایەتییەکی وەک ئیدریس بارزانی نەک هەر کۆستێکی گەورە بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکوو زیانێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان، شەهیدی هەردەم لە یاد بە ئەندازیاری ئاشتی ناسرابوو، ساڵی 1986 توانی ڕێککەوتن لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەر بخات و جەنابی سەرۆک بارزانی لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد– شۆڕشی گوڵان) نووسیویەتی، "کاک ئیدریس بڕوایەکی تەواوی بە پاراستنی ناسنامە و شوناسێکی یەکگرتووی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، بایەخ و گرنگی زۆری بە فرەلایەنی دەدا لە ژیانی پارتایەتیدا، ئەم دوو فاکتەرە هۆکاری سەرەکی بوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتبوونەوەی گشت".
کۆچی دوایی سەرکردەی هەردەم لە یاد کاکە ئیدریس لە کات و ساتێک بوو کە جەنابی سەرۆک بارزانی و کورد پێویستیان پێ بوو، ئەوساتانە بوو کە جەنابی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی جەنگ بوو دژ بە دیکتاتۆریەت. ئیدریس بارزانی جگە لەوەی لە بنەماڵەیەکی کورد و نیشتمانپەروەر و قوتابی ڕێبازی پیرۆزی جەنابی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر بوو، کەسایەتی و کاریزمای خۆی و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە شۆڕشی کورد، هەر لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵانی پێشکەتووخواز. ساڵی 1976 ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتووخواز دا هەبوو وەک کەسێکی لە خۆ بوردە بوو، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لە دانووستاندنی ساڵی 1970 و ئیمزا کردنی ڕێککەوتنامەی 11-05-1970 دا هەبوو لەگەڵ حکوومەتی ئەو کاتی ئێراق.
ئیدریس بارزانی هەروەک خانەوادە تێکۆشەرەکەی سەرجەم ژیانی خۆی بەخشیبووە خزمەتکردنی نیشتمان و گەلەکەی کە ئەمە بەدرێژایی مێژوو لە خانەوادەی بارزانی بەدی دەکرێت، خۆشبەختانە لە ماوەی ڕابردوو توانیم هەندێک بەڵگەنامەی بەریتانی وەرگێڕم بۆ سەر زمانی عەرەبی کە باس لە خەبات و قوربانی ئەو بنەماڵە کوردپەروەرە دەکات، هەروەها ئێستا (2024)، سەرقاڵی وەرگێڕانی هەندێک بەڵگەنامەی بەریتانیم لەسەر ئۆپۆراسیۆنەکانی دژی جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانیی نەمر، کە داپەروەری و ماف پەروەری و نیشتمانپەروەری ئەو خانەوادەیە دەخاتە ڕوو.
خۆشبەبەختانە ئەو خەبات و تێکۆشانەی سەرکردەی هەردەم لە یاد و هەزاران پێشمەرگە و میللەتێک لەسەر ڕێبازی پیرۆزی جەنابی بارزانیی نەمر ئەمڕۆ بەرهەمەکەیان دەبینین لە کوردستانێکی ئاوەدان و ئەزموونێکی دیموکراسی و ئەمڕۆش کاروان بەردەوامە بەڕابەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی.
سڵاو لە گیانی پاکی سەرکردەی هەردەم لە یاد کاکە ئیدریس. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2024-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2024-01-31- (hawlerweb.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 500
لە یای 37 ساڵەی بەرپابوونی شۆشی گوڵاندا.. پێشمەرگەی دێرین (حەدە مۆمنی)
[202507151127486461 58=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)



دەقەری بارزان -سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

پێشمەرگەی دێرین (حەدە مۆمنی): ژیانی پێشمەرگایەتی منی فێری خوڕاگری و سەبر و تەحمول کرد، لە شۆڕشی گوڵاندا هەمیشە ئامۆژگارییەکان ئیدریس بارزانی و سەروک مەسعود بارزانی بۆ ئێمە پێشمەرگان ئەوە بوو کە نابی وڕەمان لە دەست بدەین و نابی بێ ئومێد بین دەبی هەمیشە بیر لە سەرکەوتن بکەینەوە

زۆرن ئەوانەی کە هاندەری ڕێبازی بارزانی نەمر و کوردایەتی بوونە تا هەستی نەتەوەپەروەری و ئازادیخوازی بکەنە ژیانیان، بۆیە ڕۆڵەکانی کوردستانیش لە قوتابخانەیەک لەم ڕێبازەدا فێری تێکۆشان و کۆڵنەدان بوونە و هەموو کات لە پێناو ژیانی گەلەکەیان بەرەو پیری مەرگ چوونە. ئەو ڕۆژگارە سەختانەی کە ئەمڕۆی ئازادی و فیدراڵیان بۆ کوردستان بەرهەم هێناوە، بۆیە ئێمە دەبی بە شانازییەوە هەمیشە ئەو دیرۆکە بەزیندووپی ڕابگرین، گۆشە کیش لەم ئەرکە بە سەرکردنەوەی پێشمەرگە دێرینەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بیرەوەری و

گێڕانەوەی خەباتنامەی پێشمەرگایەتیانە کە یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانە مام (حەدە مۆمنی) تێکۆشەرە کە هەمیشە جێگای شانازیی کوردستان بووە کە بە هەموو ئیرادەیەک خەباتی کردووە بۆ کورد‌ایەتی. بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی 37 ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز درێژەپیدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە دەڤەری بارزان لە شارەدێی گۆرەتوو سەردانی ئەو قارەمانەمان کرد یەکێک لەو تێکۆشەرە دێرین و ماندونەناسانەمان بەسەرکردووە، کە ئەویش پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕین (حدو حالی بانی) ناسراوە بە (حەدە مۆمنی). کچی گەنجی (خانم) لە کارەساتی زێوە گیانی لەدەست داوە:

• پێشمەرگەی دێرین (حەدەمۆمنی) لە خانوادەیەکی کوردپەروەر و خەباتکار لە گوندی (بانی) سەربە دەڤەری بارزان لە دایک بووە لە تەمەنی منداڵی بووە کە لە ساڵی 1945 لەگەڵ خانوادەکەی ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران دەبێت، باوکی تێکۆشەری (حالی بانی) لە ئەنجامی ئەو ڕێگا نەخۆشە لە مەهاباد بەهۆی نەخۆشی کوشندە گیانی لەدەست دا، بەڵام لە دوای باوکیان دایکی دڵسۆزی پەروەردەکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرت، ئەو خانوادەی زۆر غەریبی و ئاوارە و دەردەسەریان کێشاوە، (حەدە مۆمی) هەر لە تەمەنی لاویەتی هزری نەتەوایەتی دەچێتە ناخی بۆ کورد‌ایەتی و دەبێتە پێشمەرگە و یەکێک لەو دڵسۆزانە بووە کە لەگەڵ بارزانی نەمر بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات لە دەڤەری بادینان کە ڕۆڵێکی قارەمانانە هەبووە بەشداری شەڕەکانی پیرس، سەر ئاکرێ، چیای زاویتە و گەرماوە و مەریبا و کردووە، کەسێک باوەڕپێکراو نزیک بارزانی نەمر بووە و بەشداربووی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازکە ڕۆڵێکی گیانفیدای هەبووە و بەشداری داستانی خواکورکی کردووە و پێشمەرگەی ڕاپەڕین بووە.

• لە سەرەتا لێمان پرسی خۆێندنەوەت چییە بۆ شۆڕشی گوڵان؟ مام (حەدە مۆمنی) وتی:
هەر لە دوایی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە هەزاران هەزار خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕابەری کوردستان بە ماڵ و خێزان و منداڵەوە کە ئاوارەی ئێران بوون، هەرچەندە لەوێشدا ڕژێمی ساواک شای ئێرانی ئێمەی ئاوارەکانی هەموو بە سەر چەندین ناوچە و شار و پارێزگایەکان و شارە دوور و نزیکەکانی ئێران دابەش کردین، بۆ ئەوەی هیچ جاری تر بزاڤ بۆ کورد‌ایەتی نەکەین، بەڵام ئێمە ڕوحییەتمان لە دەست نەدات و بە باوەڕیمان بە بارزانی نەمر و پارتیمان و جەماوەرە خۆڕاگرەکەمان هەمان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانمان هەبوو بۆ ئازادی کوردستان، دەستمان لەناو دەستی یەکترنا بۆ ئەو هەستەی کە بەرانبەر بە خاکی کوردستانمان هەبوو و توانیمان لەگەڵ ڕابەرمان شۆڕشێک درووست بکەین کە ئەویش شۆڕشی گوڵان هەمان درێژەپێدەری ئەیلوولی مەزن بوو، ئەم شۆڕشە هەر لە دەستپێکی کە بیرۆکەی باوکی کورد بارزانی نەمر بوو کە بڕیاریدا دەبێت شۆڕش بەرپا بکرێتەوە، کە دواتر ئەو شۆڕشە ناونرا شۆڕشی گوڵان ئێمە بە هەمان ئیرادەی خۆمان چ ئەوانەی کە پێشمەرگەکانی ئەیلوول بووین بە هەمان هەست چووینە ناو ڕێزەکانی لەشکری کوردستانی بۆ ئازادی وڵاتمان. بەحقیقەت شەهیدی جوانەمەرگ کاک ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی هەردووکیان قوتابی قوتابخانەی باوکیان بوون و لەو قوتابخانەیە فێری کورد‌ایەتی بووبوون بۆ ڕزگار کردنی کوردستان و شۆڕش لەسەر شانی ئەوان بوو لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەتیان دەکرد چ لە ئاوارەییدا چ لە باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوە، ئیدریس بارزانی توانی لە ئاوارەییدا لە ئێران زۆربەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کۆبکاتەوە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئێران و پەیوەندی کرد بە جەماوەری کوردستان و پێشمەرگەکانی تر لە دیوی کوردستان هەر یەک لە ئێمە ماڵ و جێگای خۆمان بەجێهێشت هاتین بۆ سەر سنووورەکان، لەوێوە پەیوەندیمان کرد، هەر یەکێکمان لەو شوێنانەی کە زیاتر شارەزاییمان پێ هەبوو، بەم شێوەیە دەستمان کرد بە شۆڕشی گوڵان، بووینە پێشمەرگە و جارێکی تر لەناو سەنگەرەکانی تێکۆشان خەباتمان کرد بۆ شەرەفی میللەتەکەمان و کوردستانێکی ئازاد.

• مام (حەدە مۆمنی) لە بارەی ڕۆڵی ئەندازیاری ئاشتی کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و سیفەتە بەرزەکانی ئەم سەرکردەیە بەم شێوەیە هاتە ئاخەوتن:
ئیدریس بارزانی کەسایەتی ناوداری کوردستان بووە هەمیشە خەباتی دەکرد، ئەوەندە مرۆڤێکی کوردپەوەر بووە هەمیشە لەگەڵ جەماوەری کوردستان هەمیشە دەیوت دەبێ میللەتی کوردستان بکاتە ئاواتەکانی خۆی و کوردستان ڕۆژێک هەر ئازاد دەبێت. ئیدریس بارزانی هەمیشە پیاوی ڕۆژانی تەنگانە بووە لە ئاوارەیی پاڵپشتێکی مەزن بۆ کوردەکانی ئاوارە بووە کاک ئیدریس بارزانی وەکوو پێشمەرگە بوو، وەک پێشمەرگە دەژیا و بە خۆی پێشمەرگەکانی پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمر هەرچیان دەخوارد ئەویش هەر هەمانی دەخوارد و لە پێشەوەی مەیدانی کوردایەتی بووە هیچ کاتێک پلەوپایەی لای نەبوو و ئەو پێشمەرگە و بەرپرسەی خۆشی دەویست کە خزمەتی کوردستانیان کرد بێت و هەموو جار سەردانی ماڵی پێشمەرگەکانی کردووە و هەمیشە خانوادەی شەهیدانی بەسەردەکردەووە و هەمیشە بە خۆی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی پشت و پەنای ئێمە ئاوارەکان بوون هەرچی لە دەستیان دەهات بۆ کوردایەتی ئامادە بوون خزمەت بکەن.

• دەتوانیت لە هەندێک لە بیرەوریەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات باسی ڕۆڵی ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بکەن؟ مام (حەدە مۆمنی) وتی:
بە حەقیقەت ڕۆڵی ئەو دوو سەرکردە زۆر کاریگەریی هەبووە بۆخەباتی کوردایەتی، ئێمە هەمیشە ڕوحیەمان بەرز دەبوویەوە کە ژیانی پێشمەرگایەتی وەک ئێمە بوون و باس کردن لەو دوو سەرکردە ئیدریس بارزانی و سەروک مەسعود بارزانی بە سەدان لاپەڕە تەواو نابێت چونکە مێژوو شاهید دەدات هەردووکیان لە شۆڕشی گوڵان هەمان بیروچوونەکانی باوکیان بارزانی نەمر هەبووە، هەموو کاتێک نەخشەی مەیدانی شەڕی بۆ دوژمن دادەنا کە گەورەترین زەربەی لە دوژمن دەدا خاوەنی پلانێکی سەرکەوتوویی بوون و گەورەترین دەسکەوتیان بۆ مێژوویی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە دەستیان دەهێنا شۆڕشی گوڵانیشدا توانیان جەماوەر و خەڵکی دڵنیابکەنەوە کە لە ڕێبازی کوردایەتیدا کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە و هەرگیز واز لەم ڕێبازە ناهێنین و شۆڕشی بارزانی نەمر بەردەوامە. هەمیشە ئامۆژگارییەکان بۆ ئێمە پێشمەرگە ئەوە بوو کە نابێ وەرەمان لە دەست بدەین و نابێ بێ ئومێد بین دەبێ هەمیشە بیر لە سەرکەوتن بکەینەوە.

• لە بارەی ڕۆڵی پەنابەرکانی کورد لە ئێران مام (حەدە مۆمنی) چاوی پڕ لە فرمێسیک وتی:
بەحەقیقەت ڕۆڵی جەماوەری کوردستان ڕۆڵێکی یەکجار زۆر بوو، جەماوەری کوردستان و بە تایبەتیی ئاوارەکان کورد لە ئێران ڕۆڵێکی مەزن بووە بۆ شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز، هەموویان ماڵ و منداڵی خۆیان بە جێهشت و هاتنە ناو سەنگەرەکانی شۆڕش. دەمەوێت بڵێم نابێ لە شۆڕشی گوڵان ڕۆڵی ئافرەتەکان لە بیر بکەین چونکە ئافرەتەکان سەرەڕای ئەوەی پیاوەکانیان لە سەنگەری خەبات بوون و دەبوایە لە لایەک منداڵەکانیان بە خێو بکەن و لە لایەکی تریش دەبووا بۆ بژیوی ژیان ئیش و کار بکەن، تاکوو منداڵەکانیان لە برسان نەمرن، هەمیشە ئامادەی پاڵپشتی بوون بۆ شۆڕشی گوڵان، لە یادمە چەندین جار کاک ئیدریس بارزانی لە ئاوارەیی دا دەیفەرموو: کە دەبێ تەحموڵی هەموو شت بکەن و هەتا لەگەڵ برایانی ئێرانی برایانە ڕەفتار بکەن و ئەگەر هەرکەسێک کێشەیەکی هەبوو دەبێ هاوکاری یەکتر بن. هەتا کاک ئیدریس بارزانی دەیفەرموو: لە ئاوارەیی دا ڕەسەنی کورداییەتی خۆتان لە بیر نەکەن و بزانن کە دوژمن چەند ستەمی لە ئێمە کردووە، ئومید بە خوای گەورە ئێمە بەردەوام دەبین لە خەباتمان و دوژمنمان شکست دەدەین و دەگەڕێینەوە کوردستانی ئازاد، بۆیە پەنابەرکانی ئێران و هەتا جەماوەری ناو باشووری کوردستان پەیوەندییان کرد بە شۆڕشی گوڵان.

• ژیانی پێشمەرگایەتی تۆی فێری چ کردووە؟ مام (حەدە مۆمنی) وتی:
ژیانی پێشمەرگایەتی منی فێری خۆڕاگری و سەبر و تەحمول کرد، هەمیشە بارزانی نەمر خۆی بە پێشمەرگەی

کوردستان دەزانی چونکە دەیزانی پێشمەرگە واتە بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی میللەتی کوردستان، من 52 ساڵە پێشمەرگەمە هەموو تەمەنی خۆم لە پێشمەرگایەتی بۆ کوردستان تەرخان کردووە لە پێناو ئامانجەکانی بارزانی نەمر، بۆیە ژیانی پێشمەرگایەتی منی فێری هەموو تەحمولێک کرد بەرانبەر ژیان، بەرانبەر برسییەتی و ماندووبوون و تینویەتی و سەرما و گەرما و بریندار بوون و هەڵویستمان هەبێت بەرانبەر کوردستان و هەتا نەبوونی خۆمان بە بێ جیاوازی دابینین ناوی پێشمەرگەیە بۆ ژیانی پێشمەرگایەتی فێری رێزگرتنی بەرانبەر و فێری ئەوەمانی کرد، کە هیچ کاتێک تەعدا قبوڵ نەکەین و خۆشمان مرۆڤی ڕاستگۆ و ئازا و میهرەبان بین، هەمووی ئەوە ژیانە لە قوتابخانەی کوردایەتی بارزانی نەمربووە کە فێری ئەوەی کردین دەبێت هەموومان بەرانبەر کوردستان هەست بەرپرسیارەتی بکەین. فێری کردین دادپەروەر بین و جیاوازی نەکەین لەناو ژیانی پێشمەرگایەتی و لەگەڵ خەڵکدا. لە ژیانی پێشمەرگایەتی فێری ئەو بووین کە دەبێت بە هێزێکی پڕ وڕەوە هەموو کاتێک خۆمان ئامادەی پێش مەرگ بکەین بۆ سەرکەوتنی خەباتی کوردستان. بە شازییەوە کە خۆم بە یەک لە پێشمەرگەکانی کوردستان بزانم بۆ من شەرەفە.

• لە کۆتاییدا چ پەیامێکت هەیە؟ مام (حەدە مۆمنی) وتی:
من زیاتر لە 52 ساڵ دەبێت کە پێشمەرگەمە و هەتا دەمرم خۆم هەر بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی نەمر کە کوردایەتییە دەزانم ئێمە دەبێ لەسەر هەمان ڕێبازی بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو هەموو شەهیدانی کوردستان کە گیانیان فیدای نیشتمان کرد و بەردەوام بین و نابێت خەبات و ماندووبوونی ئەوان لە بیر بکەین. هەروەها نابێ شۆڕشەکانی کوردستان و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان لە یاد بکەین و هەتا ئەو پێشمەرگە قارەمانانەنەی کە خەباتیان کردووە و هەتا ئێستا بریندار و پەککەوتوونە و خوێنی شەهیدانی کوردستان لە یاد بکەین کە ئەوان بوونە بەرهەمی ئەمرۆی کوردستان تێیدا خاوەن ئالا و حکوومەت و پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانین. ئەوەیش بۆ سەقامگیری و تەباێی کوردستان خەبات دەکات و کوردستان لە سایەی ئەو دا ئەمن و ئارامی و تەباێی و ئاشتی بەردەوام باڵی بە سەر کێشاوە. هیوادارم نەوەی ئەمرۆ و ئایندە مێژووی نەتەوەکەیان بخوێنەوەو ڕێز لە خەبات و قوربانیدانی گەلەکەیان بگرن و بەدڵسۆزیەوە خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن. زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و ڕۆژنامەی خەباتان کە هەموو کات ئێمەی پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی شەهیدان و هەڤاڵانی بارزانی نەمر بەسەردەکاتەوە.لە کۆتاییدا پیرۆز بای لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و بنەماڵەی سەربەزی شەهیدان دەکەم و هەزاران سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی و سەرقافلەیان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەردەم لەیاد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 27-05-2013

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2013-05-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info.

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 501
لەبارەی ناوچەی قەندیلەوە (نامەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئیدریس بارزانی)
20250708124803644705=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نەبەز گۆران

زیاتر لە چل ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک هەڤاڵانی باکووری کوردستان، بڕیاری شۆڕشی چەکداری دەدەن، بەڕێز ئۆجەلان، نامەیەک بۆ ئیدریس بارزانی دەنووسێت. (دەقی هەردوو نامەکە، لە ئەرشیفی هەڤاڵانی قەندل هەیە.) لە نامەکانی هەردووکیاندا، باس لە شوێن دەکەن، بەڕێز ئۆجەلان پێشنیازی ناوچەی قەندیل و ئەو دۆڵە دەکات هەتاکوو دەگاتەوە زاپ، بۆ شۆڕشی نوێ. لە وەڵامدا ئیدریس بارزانی، ڕاستەوخۆ ڕازی دەبێت، کە شۆڕشگێڕانی باکوور بێنە ئەو ناوچەیە و بیکەنە خاکی شۆڕشەکەیان.

بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دوو نامەیە، سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ ڕیشە مێژوویەکەی ناوچەکە و، پاشان لە گۆشە نیگای نامەکانی هەر دووکیانەوە، کۆمەڵێک سەرنج دەخەینە ڕوو. هیچ گومانم نییە، بەڕێز ئۆجەلان، مێژووناس و مێژووخوێنە، زۆر بەباشی زانیویەتی دەبێت سەرزەمینی شۆڕشەکەی لە کوێ دەست پێبکات. ئەو دۆڵە لە قەندیلەوە بۆ زاپ، دڵی هەر چوارپارچەی کوردستانە، هەر چوار پارچەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر هێزێک ئەو دۆڵەی بەدەستەوە بێت، ئەگەر کوردبێت، پشتووپەنایە بۆ کورد و، ئەگەر بێگانەبێت، مەترسییە بۆ سەر هەر چوار پارچەکە، چونکە گرێی بەستنەوەی چوارپارچەکە، پەیوەستەوە بەو دۆڵەوە.

ئێمەی زاگرۆس نیشن، زیاتر لە شەش هەزار ساڵە لە شەڕداین بۆ بەرگریکردن لە خاک و زمان و کولتوورەکەمان، لەو شەش هەزار ساڵەدا، لەڕووی جوگرافییەوە، شوێنێکمان هەیە، پێیدەگوترێت شوێنی نەگیراو، چ سۆمەری، ئەکەدی، ئاشووری و بابلی و هاخامەنشین، یۆنانی و ڕۆمی و بیزەنتی، عەرەب و عەباسی و مەغۆل و عوسمانی، فاشیزمی تورکی و عەرەبی و فارسی، هیچ کامیان نەیانتوانیووە ئەو جوگرافیایە داگیربکەن و هەمیشە هیی کورد بووە، شوێنە نەگیراوەکەی کورد لەڕووی جوگرافیاوە ئەو دۆڵەیە لە قەندیلەوە بۆ زاپ دەست پێدەکات و بۆ هەمیشە بەدەست کورد و زاگرۆس نشینەکانەوە بووە. (لە پەرتووکی هێماکانی دونیای ڕۆماندا، لەگەڵ کاک بەختیار عەلی کەمێک سەرنجمان لەسەر ئەو شوێنە داوە، کە وەک تاریکی وایە ناگیرێت.)

کاتێک دوو کارەکتەری سیاسیی کورد لە مێژووی نوێدا، لە نامەکانیاندا قسە لەسەر ئەو شوێنە دەکەن و، بە باشترین شوێنی دەزانن بۆ شۆڕش و بەرگریکردن لە کورد، سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێن بۆ ئەوەی بەم جۆرە تەماشای بکەین.
یەکەم/ هەردووکیان زانیویانە، ئەو خاکە پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پێویستە بەدەست کوردەوە بێت، نەک بێگانە.
دووەم/ ئیدریس بارزانی لەو قۆناغەدا هێزەکەی لە ئێران بووە و نەیتوانیووە بیباتە ئەو شوێنە.
سێیەم/ بڕوای بە شۆڕشی باکوور بووە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، لە داهاتوودا ئەندامانی حیزبەکەی ناهۆشیارانە هێرش دەکەنە سەر شۆڕشگێڕەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات کە لەو شوێنەن و بە خاکی ئەوانی نازانن.
(تێبینی: ئەو هەموو ساڵە شەڕ لەنێوان ئەو دوو هێزە دروووست بوو، بەڵام لە ئەدەبیاتی پەکەکەی جاراندا، بۆ ڕێزگرتن لە نامەکەی یەک ڕستەی زیر لەسەر ئیدریس بارزانی نەوتراوە.)

دوای زیاتر لە چل ساڵ جارێکی تر پرسی قەندیل و دۆڵی نەگیراو دێتەوە ئارا. هێزە شۆڕشگێڕەکانی باکوور، کە حیزبەکەیان بۆ شۆڕشی باکوور دروستکرد، بە پیر نییەتێکی ئاشتییەوە حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام لەبارەی شۆڕش بۆ خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، خاکی کوردستانی سوور، هیچیان نەگوت. چونکە پرۆژەی تریان هەیە، بۆ ئەو شوێنانە، بەتایبەت بۆ ناوچەی گۆمی نەخچەوان و لاچین و سیاباخ، کە کوردستانی سووری پێ دەگوترێت و، کوردە زازاکان و ئێزیدییەکان تێیدا نیشتەجێن و باکوورییەکان کۆمەڵێک ڕێکخراوی کولتووریان بۆ دروستکردوون، تا سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ پرسی خاک و زمان و کولتوورەکەیان.

ئێستا پرسی قەندیل بووە بە ترسێک لای زۆرێک لە کوردەکان. وا گریمانە دەکەین، دوای نییەتی شۆڕشگێڕانی باکوور بۆ دەوڵەتی تورک، پرۆسەی ئاشتی دەچێتە پێش، زیندانییەکان ئازاد دەکرێن، سەرۆک ئاپۆ و دیمرتاش و هەڤاڵان دێنە دەرەوە، دەستوور دەگۆڕێت و ددان بە زمان و مافی کورددا دەنرێت و حیزبی سیاسیی نوێ لە باکوور دروستدەکرێت بۆ بەشداری کورد لە مۆدێلی نوێی حوکومڕانی تورکیا.

گریمانەکە وا وێنا دەکەین هەموو ئەمانە ڕوو دەدەن، بەڵام ئەم هەموو ڕووداوانە تەنیا بۆ پرسی کوردی باکووره، لای هەڤاڵانی قەندین، هێشتا پرسی کوردی ڕۆژهەڵات و کوردی خاکی سوور تەواو نەبووە. گەر پرسی کوردی باکوور بچێتە دۆخێکی جیاوازەوە، چیرۆکەکە تەنیا گۆڕانێکی بەسەردا دێت، گۆڕانەکەش ئەوەیە، سیماکە لە شوێنێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، گەر پرسی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان.

چوونبنە قۆناغێکی باشەوە و لە داهاتوودا باکووری کوردستان بچێتە هەمان قۆناغەوە، بۆ هەڤاڵانی قەندیل پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاکی سوور، دەبێتە پرسێکی بنەڕەتی و لەوێ چیرۆکێکی تر دەست پێ دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئا هێزە وەشکرێ هیچ پبوەنێیشان بە ئیسلامی ڕاسەقینەیۆ نییەن	کورتەباس	هەورامی	
ئایین و دیموکراسی	پەرتووکخانە	هەورامی	
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (1)	کورتەباس	هەورامی	
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (10)	کورتەباس	هەورامی	

ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (11)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (12)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (13)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (14)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (15)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (16)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (17)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (18)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (19)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (2)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (20)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (21)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (22)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (23)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (24)	کورتەباس	هەورامی

ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (25)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (26)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (27)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (28)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (29)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (3)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (30)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (31)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (32)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (33)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (34)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (35)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (36)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (37)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (38)	کورتەباس	هەورامی

ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (39)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (4)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (40)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (41)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (42)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (43)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (44)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (45)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (46)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (47)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (48)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (5)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (6)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (7)	کورتەباس	هەورامی
ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (8)	کورتەباس	هەورامی

ئیسلام و نیشتیمان پەروەری (9)	کورتەباس	هەورامی
ئۆران نمایەندەو مەزڵوومەکانو جەهانی	کورتەباس	هەورامی
ئەر بکوشی کۆششکارەنی یام موجاهیدەنی، ئەر بمری شەهیژەنی	کورتەباس	هەورامی
باڵابییەی ئایدولوژی پەکەکەی ئەنجامو کۆششی سیاسی و چەکدارین	کورتەباس	هەورامی
پارتو کومونیستو تورکی پارتێ شۆفێنیستی	کورتەباس	هەورامی
پۆلیس ئینا خزمەتو زایۆنیزمینە	کورتەباس	هەورامی
پەکەکە دژمەنی چینایەتی جاش و کرێگەرتەکا	کورتەباس	هەورامی
پەکەکە نەتەوەپەرەسی سەرەتاییش بێ دۆر و بێ کاریگەر کەردەن	کورتەباس	هەورامی
تورکەکێ مافی فەرهەنگی بە ڕیشەپەرەسی مزانان	کورتەباس	هەورامی
جوانەکێ دەرسیمی پەروەردەی تورکی مەکریێ	کورتەباس	هەورامی
چەپڕەویەتی کوردی چۆرو کاریگەری چەپڕەویەتی تورکینە	کورتەباس	هەورامی
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
سازنای شۆعە و نەقشبەڕیەکانی	کورتەباس	هەورامی
سەرچەمەو کۆمەکو تەریقەتەکا	کورتەباس	هەورامی
عەلەویەتی و جۆهەری شۆڕشگێڵنی	کورتەباس	هەورامی

مادامەکی ماچان دژو ئیمپریالیزمینمې، با هۆتەرې بکەرانە سەرو ئاڈیشان	کورتەباس	هەورامی
مشێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
مەلانە دڵې بەهەشتی یان ئی دنیێ بە بەهەشت مەکەران؟	کورتەباس	هەورامی
نەتەوەپەرەسی تورکی و تەمامنای کارەکانو ئیسلامیەتی نەتەوەیی	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکې ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | hawlati.co

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 502

لەدایکبوونی ئیدریس بارزانی

20250913210145656081=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: لەدایکبوونی ئیدریس بارزانی

لە ڕەوتی ئەو وتووێژانەدا کە ناوچەی بارزان لە دۆخێکی نە شەڕ و نە ئاشتیدا بوو، ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ساڵی 1944 لە گوندی بارزان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. ناوبراو هێشتا پێی نەگرتبوو کە نووری سەعید و کابینەکەی ڕۆژی 03-06-1944 دەستیان لە کار کێشایەوە و پاچەچی کابینەی نوێی دامەزراند و ڕایگەیاند: (من بەرپرس نیم لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کابینەی نووری سەعیدا).

بە نووسینی حەسەن بەرفەع کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران بوو لە پەرتووکی کوردەکاندا، دوای دامەزراندنی کابینەی پاچەچی، لە سەرەتای مانگی ئاوگوستی 1945، زنجیرەیەک وتووێژ لەنێوان کوردەکان و ئەفسەرانی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی ماژۆر موور کاپیتان ستاک ئەنجامی گرت. ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لە مەلا مستەفا بارزانی و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد کرد کە دەست لە هەڕەشەی شەڕی چەکدارانە هەڵبگرن و بچن بۆ باشووری ئێراق و جگە لە کوردستان لە هەر جێیەک دەیانەوێت نیشتەجێ بن، بەڵام مەلا مستەفا ئەو پێشنیارەی قبووڵ نەکرد، لەبەر ئەوە دەوڵەتی ئێراق بڕیاریدا لە بەرانبەر بارزانییەکاندا توندوتیژی زیاتر بەکار بهێنێت.

لە ئاکامی ئەو هەڕەشەکردنەی ئینگلیزەکاندا شەڕ لە زاخۆوە تا سلێمانی و خانەقینی داگرت. مەلا مستەفا ناوچەی بارزانی کرد بە مەڵبەندی ڕووناکبیریی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و چەندان هەزار کوردی مەدەنی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپای ئێراق و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا چوونە ڕیزی شۆڕشی بارزانەوە و بە ئەزموونی خۆیان شۆڕشەکەیان دەوڵەمەند کرد و مەلا مستەفا بە هاوکاریی ژمارەیەک لەو خەباتکارانە ساڵی 1945 پارتی ئازادیی کوردستانی لە بارزان دامەزراند.

دوای ڕێکنەکەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتی کاپیتان ستاک، ڕۆژی 25-08-1945 سوپای ئێراق بە هێزێکی زۆر، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان. لە ئاکامدا لە ڕۆژی 05-09-1945 شەڕێکی قورس و جەرگبڕ لەنێوان هێزەکانی پارتی ئازادیی و چەکدارانی سوپای ئێراق هەڵگیرسا کە شەش خەباتکاری کورد بە ناوەکانی: حەسەن بەگ میرمەحەمەدی بیرسیافی، یوسف کرکەموویی، مەلا سوار عومەر سواری، عەلی جۆجەک خەردونی و مستەفا عومەر باوەیی شەهیدبوون و محەمەد سدیق برای مستەفا بارزانی، مەلا سلێمان شێخانی، محەمەد عیسا سێلکی، عەبدوڵلا سالح میرگەسووری و چەند کەسی تر بریندار بوون. لەو شەڕەدا کە لە مەیدان موورێک ڕوویدا، 80 چەکداری دوژمن بە دیل گیران و لاشەی 480 چەکداریشی لە مەیدانەکانی شەڕدا مانەوە کە دواتر ڕێگایان پێدرا کە خەڵکی ناوچەکە تەرمەکانیان بۆ بەرنەوە.

لەنێوان ساڵانی 2012-2014 دا، لە نزیکەوە چاوم بە ژمارەیەک لەو خەباتکارانەی شۆڕشی 1943-1945ی ناوچەی بارزان کەوت کە خۆیان یان باوک و برایان بەشداریی شەڕی مەیدان موورێک و شەڕەکانی تریان کردبوو. ئەوان هەرچەندە بۆ جەنگاوەرە شەهیدەکانیان بە تاسە بوون، بەڵام شەڕی مەیدان موریکیان بە یەکێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان (1943-1945) دەزانی و دەیانوت لەو شەڕەدا دوژمن وەکوو کەو دەکەوتە داوی شۆڕشگێڕانەوە.

دوای شکانی دوژمن لە زنجیرە شەڕەکانی مەیدان مۆریک، ئینگلیزەکان سەرلەنوێ سوپای ئێراقیان ڕێکخستەوە و بە هێزێکی زیاتر و بە هاوکاریی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانیان و جاشە خۆماڵییەکان و لەژێر ئاگری تۆندی تۆپخانەدا، لە چوار بەرەی ئاگری ڕەواندز و دیانا، دۆڵی خەلیفان و ئامێدی پەلاماری ناوچەی بارزانیان دایەوە. لە بەرەی خەلیفان جاشە سوورچییەکان هاوکاریی سوپای ئێراقیان کرد و توانیان پاشەکشە بە شۆڕشگێڕەکان بکەن. لە

بەرەی ئاکرێ سێ تۆپ و لە مەزنێ سێ تۆپی تری دوژمن کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە. لە ئاکامی بەردەوامیی شەڕەکە دوژمن توانی لە پردی مەزنێ و لە بەرەی ئامێدیی لە ڕووباری مەزن بپەڕێتەوە و بگاتە ناوچەی مزوری و بەرۆژی. لەوێ بۆ ئەوەی کە کارەساتێکی گەورە سەرهەڵنەدا، مەلا مستەفا فەرمانی پاشەکشەی دا و شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی گوندەکان بە سەدان منداڵی ساوای وەکوو ئیدریس کە تەمەنی کە متر لە 2 ساڵ بوو، بەرەو گوندی کەڵکەڵە لە ناوچەی پیران و دەشتی بەرازگر پاشەکشەیان کرد. فڕۆکەکانی ئینگلیز لە بەیانییەوە تا ئیوارە بە بەردەوامی بەسەرشۆڕشگێڕەکانەوە دەسووڕانەوە. ژن و منداڵێکی زۆر شەهید و ئاژەڵێکی زۆریش لە بەرەکانی شەڕدا کوژران و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا شەهیدەکانیان دەناشت، بەڵام ئیدریس لەناو ئەو ئاگر و ئاسنەدا ڕزگاری بوو.

خەڵکی ناوچەی بارزان کە بەتێکڕا گوندەکانیان بەجێهێشتبوو، بە ڕێچکەکاندا دەڕۆیشتن و گوللەی تۆپ و فڕۆکە وەکوو باران بەسەریاندا دەباری و جێ نەبوو کە خۆیانی تێدا بشارنەوە. بە دۆڵی گوندەکانی سیرو و زەروا دا بەرەو گوندی ناسی لەسەر سنووری تورکیا بۆ ناوچەی برادۆست چوون، ناوەڕاستی یەکەم مانگی پاییز بوو کە گەیشتنە کۆێستانەکانی سێ سنوور. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵەکان پێڵاویان لە پێدا نەبوو و بەناو بەفر و قوڕ و باراندا دەڕۆیشتن و ئیدریسیش هەرجارەی بە کۆڵ و باوەشی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیدا بوو. نزیکەی 10 ڕۆژ بەڕێگاوە بوون.

برسییەتی تینی بۆ هێنابوون و نان و خۆراکیان نەمابوو، گریان و هاواری ئیدریس و منداڵەکانی تر لە برسان ئاسمانی پڕ کردبوو، گەورەکان ناچاربوون هەنگاوەکانیان توندتر بکەن، تا سەرەنجام لە شەترە و کێڵە شین پەڕینەوە و خزانە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و برسییەتیان وەپشت سەر خست.

لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئۆمەر شانەدەری دەڵێت: هاوکات لەگەڵ پەڕینەوەمان بۆ ئێران، ئێمەیان بە بنەماڵەوە دابەشکرد. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک چووین بۆ مەڕگەوە و تەرگەوە ئەوانی تر لە دەشتی شنۆ، دەشتی سندوس دەشتی لاجان و دەشتی باراندوز جێگیرکران و ژمارەیەکیش لەگەڵ شێخ ئەحمەد چوون بۆ مەهاباد.

بەهەر حاڵ کاتی گەیشتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کوردستان بە دەست ڕووسەکانەوە بوو لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهانییدا، ڕۆژی 25-08-1941هاوپەیمانانی جەنگ سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا ئێرانیان داگیر کردبوو و هەروەک وتم ئەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست ڕووسەکانەوە بوو کاتی بارزانییەکان ڕۆژی 11-10-1945 خزانە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، هێشتا حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕانەگەیەنرابوو 55 ڕۆژ پاش جێگیربوونی بارزانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڤاری کوردستان بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لاپەڕەی 11ی ژمارە 1، ڕۆژی 15ی سەرماوەزی 06-12-1945 ی خۆیدا بە ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە لە 23-10-1945 کرد.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەسەر ناوچەکەدا ڕادەگەیشت. لەبەر ئەوە، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بارزانییەکان لەلایەن حسێن فروهەر زیرینگەڕان سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و چەند ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و خەڵکی ناوچەکانەوە پێشوازیی کران. شێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ ژمارەیەک چوو لە مەهاباد جیگیر بوو، مەلا مستەفا و بنەماڵەکەی بە ئیدریسەوە لە گوندی نێرکی لە ناوچەی تەرگەوەر کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی لێبوو و هەڤاڵانیشی لە شنۆ، نەغەدە، تەرگەوەر، مەرگەوەر و گوندەکانی ئەو ناوچانە نیشتەجێکران.

شەش ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری کوردستان لە مەهاباد و ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی 12-12-1945 فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە بەشداریی کۆنسوڵی سۆڤیەت، نوینەری باڵیۆزخانەی فەرەنسە و میژونی کاتولیکی فەرەنسیی لێژنەیەک لە نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری ئازەربایجانی لە تەورێز ڕاگەیاند.

قازی محەمەد سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە دوای 40 ڕۆژ

پاش دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، بە بێ هاوەنگیی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت و ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان، ڕۆژی 22-01-1946 لە کۆبوونەوەیەکی 20 هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. جگە لە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی ئازادی، نوێنەری هیچ لایەن و وڵاتێک بەشداریی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نەبوو.
دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مەلا مستەفا لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی ئازادیی کوردستان چوو لە شنۆ نیشتەجێ بوو. لەوێ گەڵاڵەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئاڕاستەی هەڤاڵانی کرد و ئەوانیش قبوواڵیان کرد. لەو چوارچێوەیەدا مەلا مستەفا، هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج ئەحمەد، نووری ئەحمەد تەها، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم و عیزەت عەبدولعەزیز لە مانگی شوبات 1946، لە شاری شنۆ کۆبوونەوە و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکە و جیهان بناغەی پارتییەکی سیاسیی چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دارشت کە لە لایەک مافی دیموکراتیی نەتەوەی کوردی لە باشووری کوردستاندا تێدا بگوونجێت و لە لایەکی تر خاوەنی پڕۆگرامێکی ڕوونی دیموکراتی بێت بۆ بە دیموکراتی کردنی ئێراق. پارتی دیموکراتی کورد، ڕۆژی 16-08-1946 بە ئامادەبوونی 70 ئەندام کۆنگرەی یەکەمی خۆی لە بەغدا پێکهێنا.
پێشتر وتم پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بێ ڕەزامەندیی ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان و کاربەدەستانی سۆڤیەت، کۆماری کوردستانیان دامەزراند. هەرچەندە دواتر کۆماری کوردستان بوو بە ئامرازی واقیع و ڕێبەرانی ئازەربایجان و سۆڤیەت نەیانتوانی چاوی لێ بپۆشن، بەڵام یارمەتییەکی ئەوتوویان نەدەکرد کە بتوانێت گەشە بستێنێت و لە کاتی مەترسیدا بەرگری لە خۆی بکات. لەبەر ئەوە دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە مەهاباد و جێگیربوونی لە شنۆ، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پەیوەندییان بە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفاوە کرد کە بێن هاوکاریی کۆماری کوردستان بکەن.
کۆماری کوردستان جگە لە ژمارەیەک پێشمەرگەی خەڵکی شاری مەهاباد، ئیتر هێزێکی بەرگریی نەبوو کە وەڵامدەری کاتی پێویست بێت. تەنانەت دوای پەیوەستبوونی بارزانییەکان بە کۆمار، هەرچەندە سوپایەکی 13750 کەسی پێکهێنا، بەڵام جگە لە 2200 پێشمەرگەی بارزانییەکان، ئەوانی تر سەربە عەشیرەتەکان بوون و بە فەرمانی ئەوان هەڵدەسووران، نەک ڕێبەرانی و فەرماندەکانی سوپای کۆمار.
دوای تێپەڕبوونی 27 ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، ڕۆژی 19-02-1946 لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی قەوامولسەلتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران، سەردانی مۆسکۆی کرد. لەو سەفەرەدا قەوام چاوی بە ستالین و مۆڵۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کەوت و گەڕایەوە بۆ ئێران، دوای گەڕانەوەی دەنگۆ داکەوت کە قەوام و ستالین لەسەر نەوت و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران ڕێککەوتوون. ئەوە مەترسییەکی زۆری خستە سەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان. بەم بۆنەیەوە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و ڕێبەرانی پارتی ئازادی چڕتر کردەوە و لە ئاکامدا ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوانیاندا پێکهات و پەسەندیان کرد کە بارزانییەکان باڵی سەربازیی کۆمار پێکبهێنن.
لەو چوارچێوەیەدا، هێشتا قەوامولسەلتەنە لە سۆڤیەت بوو کە مەلا مستەفا ڕۆژی 28-02-1946 بە شێوەیەکی ڕەسمی گەڕایەوە بۆ مەهاباد و لەلایەن ڕێبەرانی حیزبیی و حکومەتی کۆماری کوردستانەوە پێشوازیی کرا. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی هاتنی بارزانی بۆ مەهاباد چەند هەواڵ و بابەتێکی جیاواز و دەق وتارێکی بارزانیی لە لاپەڕەی ژمارەی 23 دا بڵاوکردەوە کە باسی لە ڕێککەوتنی نێوان پێشەوا قازی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە لایەک و مستەفا بارزانیی و شێخ ئەحمەد و ڕێبەرانی پارتی ئازادی لە لایەکی تردا دەکرد کە بۆ سەربەخۆیی کۆمار، ئازاد کردنی بەشەکانی تری کوردستان بە ئاشتی و دیموکراتی بەڕێوە بردنی

کۆمار خزمەتکردن بە فەرهەنگ و بەرز کردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵکی کورد هەوڵبدەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | مەهاباد | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
کازم شانەدەری	ژیاننامە	کرمانجی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 32-37.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-13

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 503
ماستەرنامەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ئیدریس بارزانی چاپ دەکرێت
20250714203832645976=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس مستەفا بارزانیدا، ماستەرنامەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و خەباتی ئەو تا کۆچی دواییەکەی بڵاو دەکرێتەوە.

کاروان جەوهەر لێکۆڵەری ئەکادیمی و نووسەری پەرتووکی ئیدریس بارزانی (1944-1987) ژیان و ڕۆڵی سیاسی سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا لەبارەی بەرهەمەکەی دەڵێت، لە بنەڕەتدا ئەم پەرتووکە نامەیەکی ماستەرە، پێشکەش بە بەشی میژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین لە 11-03-2017 کراوە لە هۆڵی فەرهادی کۆلێژی ئاداب تاوتوێ کراوە و بەپلەی زۆر باشە وەرگیراوە.

نووسەری پەرتووکەکە ناوەرۆکی پەرتووکەکەی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە لە پێشەکی و چوار بەش و دەرئەنجام پێکهاتووە بەلیستی سەرچاوە و پشکۆکان کۆتایی هاتووە:

بەشی یەکەمی: بۆ ژیان و کەسایەتی ئیدریس بارزانی لە پێنج باسدا تەرخان کراوە، باسی یەکەم: لەدایکبوونی و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی
باسی دووەم: بارودۆخی سیاسی ناوچەکە لە سەردەمی منداڵی ئیدریس بارزانیدا
باسی سێیەم: ژیانی ئیدریس بارزانی (1958 -1964)دا
لقی یەکەم: گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی کاریگەریی لەسەر پێگەیشتنی ئیدریس بارزانی
لقی دووەم: پێکەوەنانی خێزان (ژیانی هاوسەری)
باسی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی کەسێتی ئیدریس بارزانی
باسی پێنجەم: کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

بەشی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی ئیدریس بارزانی لەنێوان ساڵانی (1961-1969)دا
ئەم بەشەش بەسەر سێ باسدا دابەش کراوە:
باسی یەکەم: سەرەتای کاری سیاسی ئیدریس بارزانی لە (1961-1964)دا
باسی دووەم: کاری سیاسی کاری سیاسیی ئیدریس بارزانی لە (1964-1969)دا
باسی سێیەم: سەرەتای کاری سەربازی ئیدریس بارزانی لە (1965-1969)دا
— ڕۆڵی لە سەرپەرشتیکردنی شەڕی هەندرێندا لە ئایاری 1966

بەشی سێیەم: باس لە ڕۆڵی ئیدریس بارزانی خراوەتە ڕوو لەنێوان ساڵانی (1970-1975)، بەسەر سێ باسدا پۆلین کراوە:
باسی یەکەم: ڕۆڵی لە گفتوگۆکانی ڕێککەوتنامەی (11ی ئاداری 1970)دا
باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسی ئیدریس بارزانی لە (1970-1975)دا

ئەم باسەش بەسەر دوو لق دابەش کراوە:
لقی یەکەم: ڕۆڵی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆدا لە (1970-1975)دا
لقی دووەم: پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەسەر ئاستی دەرەوە لە (1970-1975)دا
باسی سێیەم: ڕۆڵی سەربازی ئیدریس بارزانی لە (1970-1975)دا
— هەڵوێستی بەرانبەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە (6ی ئاداری 1975)دا

ناونیشانی دوا بەشی ئەم پەرتووکە باس لە ڕۆڵی ئیدریس بارزانی دەکات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا لەنێوان ساڵانی (1975-1987)دا لەلای خۆیەوە بەسەر سێ بەش دابەش کراوە:

باسی یەکەم: ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە دووبارە ڕێکخستنەوەی حزب و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە (1975-1979)دا، ئەم باسە خۆی لە دوو لق دەبینێتەوە:
لقی یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆی باشووری کوردستان
لقی دووەم: هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی بۆ ڕێکخستنەوەی شۆڕش لەسەر ئاستی دەرەوە

باسی دووەم: ڕۆڵی لە سەرپەرشتیکردنی پەنابەرەکان لە (1975-1987)دا
باسی سێیەم: ڕۆڵی لەنێوان ساڵانی (1979-1987)
لقی یەکەم: ڕۆڵی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی (پ.د.ک)
لقی دووەم: ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە کاری بەرەیی و ئاشتبوونەوەی گشتی لە (1980-1987)دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕاپانی پەرتووک | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2019
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-14

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 504
مستەفا بارزانی؛ میژوو لەناو میژوودا
20250805205221649874=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: مستەفا بارزانی؛ میژوو لەناو میژوودا

ڕێبەرێکی مەزنی نەتەوەیی و کاریزمایی میژووپی گەلی کوردستان، سەرکردەیەک لەناو میژووی نەتەوەیی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە گێڕانەوەی جیاواز دەربارەی دەوترێت، ئەوەش بەهۆی بەشداریکردن و پاڵپشتیکردنی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان.
لە میژووی قۆناغەکانی سەدەی ڕابردوو، کەم قۆناغ هەیە بە ناوهێنانی لەناو میژووەکەیدا نەبێت، بارزانی نەک تەنیا لەم ناوچەیە بەڵکوو لە جیهان؛ لای کەسایەتی و سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و فۆتۆگرافەرە ناودار و دیارەکان، ئارشیڤێکە، پاش 42 ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا هێشتا وێنەی کەم بینراوی بڵاو دەکرێتەوە، بارزانی لەناو شۆڕش و خەباتی گەلەکەیدا لەدایک بوو ئەو کاتێک دێتە دونیاوە دوو مانگ بەسەر کۆچی دوایی باوکیدا تێپەڕیووە.
بارزانی گەلێک گێڕانەوە دەربارەی ژیان و کەسایەتی هەیە، چ وەک شۆڕشگێڕ و خەباتکارێکی کورد و چ وەک پێشمەرگەیەکی نەتەوەیی و دانەبڕاو لە خەباتی گەلەکەیدا، چ وەک ژیانی کەسی و تایبەتیی و چ وەک سەرکردەیەکی ناو داستان و بەرەی پێشەوەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داگیرکەراندا.
فۆتۆگرافەری فەڕەنسی "فرانسوا گزافیێ لۆڤات" دەڵێت: "لە کانوونی دووەمی ساڵی 1963 لە کانی ماران، یەکەم جار مەلا مستەفام بینی، بە چاوێکی وەک بازەوە سەیری کردم و کوڕێکی زۆر گەنجیش کە لەگەڵماندا بوو، بە زمانی کوردی بە مەلا مستەفای گوت؛ هاتووە وێنەمان بگرێت و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیمان لەسەر بکات، کە یەکەم جارە ئەو ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە لەسەر پێشمەرگە دەکرێت، مەلا مستەفا منی خۆشویست و بۆ ماوەی چوار مانگ توانیم ئەوەی دەمویست وێنەی بگرم".
فۆتۆگرافەرە فەرەنسییەکە چەندین نهێنی و وردەکاری خەباتی مستەفا بارزانی دەگێڕێتەوە و، ئاماژەی بەوە داوە "لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مەلا مستەفا لەگەڵ نزیکەی 530 کەس لە پێشمەرگەکانی، بڕیاریان دا بە شەڕکردن ڕێگای خۆیان بەناو تورکیا و ئێراندا بکەنەوە و داوای پەنابەری لە یەکێتیی سۆڤیەت بکەن، ڕێڕەوەکەش لە 24-05-1947 لە گوندی ئەرگووشی نزیک بارزان دەستی پێ کرد".
پاشان (شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن) کە لە ماوەی ساڵانی 1961 تا 1975 عەدەد جیهاز و بێتەل بووە لە شۆڕشی ئەیلول و کەسی نزیک بووە لە مەلا مستەفا) چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی مەلامستەفا باسدەکات و دەڵێت؛
ساڵی (1966) ئەو پرسیارەم لە بارزانیی نەمر کرد، بۆچی تۆیش وەک باوک و براکانت نازناوی شێخت نەبووە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی وتم؛ پێش لەدایکبوونم مەلایەکی زۆر بەئایین و لەخواترس و پیاوچاک لە بارزان بووە، خەڵکەکە زۆر ڕێزیان لێگرتووە و خۆشەویست بووە لەلایان، کە من لەدایکبووم لەسەر ناوی ئەو پیاوچاکەوە ناویان ناوم "مەلا مستەفا".
گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مەلا مستەفا بارزانی
ناوی تەواوی مستەفا محەمەد بارزانی کوڕی شێخ محەمەدی بارزانە و لە 14-03-1903 لە بارزان لە دایکبووە.
لە ساڵی 1906 کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بووە، لەگەڵ دایکی لە موسڵ زیندانی کراون.
لەنێوان ساڵانی 1917 بۆ 1919 شێخ ئەحمەدی برا گەورەی، مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان

شەرناخیدا بۆ کاروباری شۆڕش دەینێرێتە باکووری کوردستان، لەوێ لە دەڤەری مووش چاوی بە شێخ عەبدولقەهاری نەهری و شێخ سەعیدی پیران دەکەوێت.
لە ساڵی 1919 بەشداریکردووە لە جووڵانەوەی شۆڕشەکەی "شێخ مەحمودی حەفید" لە سلێمانی و سەرپەرشتی تیپێکی چەکداری کردووە کە ژمارەیان 300 چەکدار بووە.دەچێت بە هانای شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بەشێک لە هێزەکەی لە دۆڵی بیاو-ەوە و بەشەکەی دیکەش لە ناوچەی باڵەک-ەوە دەڕۆن، لە ڕێگەیاندا تووشی شەڕی عەشیرەتە دۆستەکانی ئینگلیز دەبن و چەندین پێشمەرگەیان لێ شەهید دەبێت، ئەم شەڕە بووە هۆی ئەوەی هێزەکە دڕەنگ بگەنە فریای "شێخ مەحمود" و کاتێک دەگەن شەڕ کۆتایی هاتووە و شێخ مەحمود-یش لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە دیل گیراون.
لەنێوان ساڵانی 1920 بۆ 1921 بەهێزێکەوە بە هانای ئەرمەنەکانەوە چووە و پاشا (ئەندارێک) پاشا ی ئەرمەنەکانی ڕزگارکردووە.
لە ڕۆژی 12-27-1943 مستەفا بارزانی، بەیارمەتیی حیزبی هیوا و چەند کەسانێکی نیشتمانپەروەر لە سلێمانی دەرباز دەبێت و دەگاتە ناوچەی (شنۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە 22-01-1946 بارزانی لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد بەشداریکرد و، لەلایەن سەرۆک کۆماری کوردستانەوە (قازی محەمەد)، بارزانی کرایە فەرماندەی سوپای کۆماری کوردستان و پلەی جەنەرالی سەربازی پێ بەخشرا.
لە 16-08-1946دا بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند و وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا و لە سەرجەم کۆنگرەکانی حیزبدا، کە هەندێکیان ئامادەنەبوو، وەک سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە.
لە 11-09-1961 تا 1975 بارزانی ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی چەکداری لە دژی دەسەڵاتدارانی بەغدا کرد و، شۆڕشەکەی 15 ساڵی خایاند و تێیدا چەندین دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەستهێنا.
لە 11-03-1970 بارزانی و حکومەتی ئێراق لەسەر پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕێککەوتن و، ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی کوردستاندا شۆڕشێکی کوردیی بە 9 ساڵ خەبات بتوانێت ئەو دەستکەوتە بۆ کورد بەدەستبهێنێت.
لە 01-03-1979 مستەفا بارزانی، لە ئەمریکا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد. لە 05-03-1979 لەسەر وەسییەتی خۆی لە شاری (شنۆ) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر سنووری باشووری کوردستان و، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەسپاردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرا.
دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991، تەرمی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کۆڕی، لە ئارامگەی خۆیان لە شنۆ-وە گواستراینەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونی و لە ناوچەی بارزان بەخاک سپێردرا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | مێرگەسوور | فۆنداسیۆن: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 07-03-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-03-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵلا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی chawykurd 18-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 05-08-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 505
موحسین دزەیی: ئامانجی دووری بارزانی نەمر تێکۆشان بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان بوو
20240301115246555980=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
پەیمان محەمەد
موحسین دزەیی ، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی (پ. د. ک) لە هەڤپەیڤینێکدا باس لە کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و شۆڕشەکانی دەکات و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ئاشتەوایی دەدا و لەگەڵ شەڕ نەبوو، بەڵام ئامانجی دووری تێکۆشان بوو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان.

هەڤپەیڤینەکە کۆنە و بۆ ساڵی 1993 دەگەڕێتەوە، موحسین دزەیی لە بەشێکی قسەکانیدا باس لە چۆنێتی ناسینی مەلا مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێت: ''ساڵی 1943 منداڵ بووم و یەکەم جار بوو کە چاوم بە بارزانی کەوت، بێگومان لەو کاتەوە هەر لەسەر ئەو باوەڕە مامەوە کە بازرانی سەرکردەیەکی لێهاتووی کوردە و شتێک بۆ کورد دەستەبەر دەکات.

موحسین دزەیی لەبارەی هاوکارییەکانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد دەڵێت: بارزانییەکان هێزی سەرەکیی سوپای بەرگریی کۆماری مەهاباد بوون و ''تاکە هێز'' بوون کە کاتی هێرشی سوپای ئێران، بەرگرییان لە کۆمار کرد.

هەر لەبارەی کۆماری مەهابادا ئەو ئەندامەی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بەوە کرد، ''کاتی تێکچوونی کۆمار، مەلا مستەفای بارزانی بە قازی محەمەدی گوتووە، خۆت ڕادەست مەکە، پێکەوە تاوەکوو بمێنین بەرگری لە کۆمار دەکەین، بەڵام قازی محەمەد قبووڵی نەکردووە و گوتوویەتی، منیش لەگەڵ خەڵکەکە دەمێنمەوە و خۆم ڕادەست دەکەم، ئاڵای کوردستانیشی ڕادەستی بارزانی نەمر کردووە.

لە بەشێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەدا، موحسین دزەیی باس لە پیلانگێڕییەکانی حیزبی بەعس بۆ مەلا مستەفا بازرانی و کوردستان دەکات و دەڵێت: ساڵی 1974 بارزانی پێیخۆش نەبوو شەڕ دروستببێتەوە، بەڵام بەعس بڕیاری دابوو و شەڕەکەی بەسەر کوردستاندا سەپاند.

دەق هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ موحسین دزەیی

پرسیار: ئایا مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵەکانی 1974 و 1975 کە درێژەی بە شۆڕش دایەوە، بڕوای تەواوی بە دۆستەکانی هەبوو؟ کەرکووک چەندە گرنگ بووە بە لای بارزانییەوە؟ پەیماننامەکەی جەزائیر چ کاریگەرییەکی لەسەر مەلا مستەفا بارزانی هەبوو و بۆچی درێژەی بە شۆڕش نەدا؟

موحسین دزەیی: سوپاسی هاتنتان دەکەین بۆ ئینگلتەرا، چونکە زەحمەتمان داون و ڕێکنەکەوت لە کوردستان بتانبینین، بەپێی توانا هەوڵدەدەم ئەو پرسیارانەی ئێوە ڕوون بکەمەوە، هەرچەندە کە باس لە سەرۆک بارزانی، کەسایەتییەکی ئەوها مەزن، بۆ کەسێکی وەک من یان لە ماوەیەکی سنووردارردا زۆر ئەستەمە بە تێروتەسەلی باسی بکەین، بەڵام هەوڵدەدەم ئەو بیرەوەری و ئەو شتانەی کە لەیادمن باسیان بکەم، بەتایبەتیی ئەوەی کە داواتان کرد لە ساڵانی 1974 و 1975.

دەمەوێت بەر لەوە، نەختێک بگەڕێمەوە بۆ مێژووی کۆن، کە من بارزانیم چۆن ناسیوە و کەی ناسیومە؛ من منداڵ بووم لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم، وابزانم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی کە ئەوکات قوتابخانەی یەکەمی هەولێریان پێدەگوت، لەوێ بووم. ساڵی 1943 لە مامۆستاکانم گوێم لێ بوو باسی شۆڕشێکیان دەکرد بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، کە شۆڕشێکی هەڵگیرساندووە.

ئەوکات شەڕی دووەمی جیهانی لە ئارادا بوو، هەروەها لە کاک ئەحمەدی برام کە لە من گەورەتر بوو و ئەم دەنگ و باسانەی دەزانی، جاروبار ئەم شتانەم لێ دەبیست. تۆزێک هەستم بەوە دەکرد حەزم دەکرد مەلا مستەفای بازرانی بناسم، کە کێیە؛ ڕۆژێکی زستانی 1944 بوو، سەرەتای ساڵی 1944 دوای ئەوەی کە گفتوگۆ پەیدا بوو لەنێوان میری ئەوکات و شۆڕشەکەی بارزانیی نەمر لە بارزان و بەڵێنیان پێدابوو، کە هەندێک لە داواکارییەکانی جێبەجێ بکەن.

ڕۆژێک لەنێو پۆل دانیشتبووین، لە کاتێکدا قەرەباڵخییەک پەیدا بوو و لە هەر پۆلێک قوتابییەکان ڕایان دەکردە دەرەوە بە مامۆستاکانیشەوە، ئێمەش لەگەڵیاندا [چووین]؛ پرسیارمان کرد چی بووە؛ [بینیمان] چەند کەسێک لە بەرانبەر ئێمە بە پێ بەرەو ناوشار دەهاتنەوە، 10 یان 12 کەس بوون، چەکدار بوون، یەکێکیان لە پێشەوە دەڕۆیشت. پرسیارمان کرد کێیە؟ وتیان مەلا مستەفای بارزانییە، ئەوکات چووبوو بۆ باداوە بۆ پرسەی خوالێخۆشبوو مەلا فەندیی (ئەفەندی) هەولێر، کە پیاوێکی گەورەی ئایینی و سیاسی بوو لە هەولێر کە [مەلا مستەفای بارزانی] لەوێوە بەرەو ناوشار دەچوو.

ئەمە یەکەم جار بوو کە چاوم بە بارزانی کەوت، بێگومان هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕە مامەوە کە بازرانی دەبێتە سەرکردەیەکی لێهاتووی کورد و شتێک بۆ کورد دەستەبەر دەکات. تاوەکوو دوای ئەوە کە شۆڕشی 1945 دەستی پێ کردەوە و بە تەواوەتی ئێمە بەدوادواچوونمان بۆ هەواڵەکانی شۆڕش دەکرد، کاتێک چووبوومە قۆناخی ناوەندی، هەواڵی ئەم شۆڕشەمان دەزانی، دواتر کە چوو بۆ مەهاباد و لەگەڵ هاوڕێکانی لەوێ خزمەتی کۆماری مەهابادیان کرد؛ من لەوکاتەوە زانیومە کە مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەیەکە هەوڵدەدات کە ئامانجی کورد جێبەجێ بکرێت و شتێک بە کورد بگات و ئێمەش چاومان لەمە بڕی بوو.

دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد، گەڕایەوە باشووری کوردستان و دووبارە ڕێڕینی مەسیری بەناوبانگ کە سێ یان چوار دەوڵەتی بە نێو دوژمندا بڕی و هەمووی بە شەڕ، کە ماوەی زیاتر لە شەش هەفتەی خایاند و گەیشتە خاکی سۆڤیەتی ئەوکات. نامەوێت بگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەی کە مەلا مستەفای بارزانی چۆن هاتەوە و چۆن پارتی ئەوکات پەیوەندی پێیەوە دەکرد و تاوەکوو ئەوکاتەی گەڕایەوە و شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد.

ساڵی 1963 چوومەتە نێو شۆڕشی ئەیلوول، ئەوکات لە نزیکەوە زیاتر بارزانیم ناسی. بازرانی هەموو هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوە بوو شتێک بۆ نەتەوەی کورد دەستەبەر بکات و پەیوەندیی بە هەموو لایەنێک دەکرد، کە بتوانن یارمەتییەکی میللەتەکە بدەن و بارزانی توانی لە ماوەیەکی کەم دەنگی کورد بگەیێنێتە جیهان و کورد بە دەرەوە بناسێنێت و بە هەر کەسێکت گوتبایە کە من کوردم، پرسیاریان لێ دەکردی بازرانی؟ ناوی بارزانییان لەگەڵ کورد دەهێنا.

پرسیار: بارزانی مەبەستی بوو گرفتی کورد بکاتە بابەتێکی جیهانی؟

موحسین دزەیی: بەڵێ، مەبەستی ئەوە بوو، لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا؛ هەرچەند ئەو کات دۆخەکە بە جۆرێکی دیکە بوو، لە سەرەتای شۆڕشەوە سااڵنە جارێک ڕۆژنامەڤانێک دەهات، یان بە دوو ساڵ جارێک دەهاتن. پەیوەندی گرتن زۆر ئەستەم بوو، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە هەوڵێکی دەدا و بەپێی توانا خەڵکی دەنارد دەرەوە کە بتوانن دەنگی کورد بگەیێنن دەرەوە.

قەناعەتی وابوو کە ئەگەر هێزێکی گەورە پشتگیریی کورد نەکات، ناتوانێت بگاتە ئامنجەکانی خۆی، لەبەر ئەوە بەردەوام هەوڵی دەدا هێزێکی سەرەکیی جیهان، ببێتە پاڵپشتی میللەتی کورد.

مەال مستەفا کەسێکی سیاسی بوو، لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن، هەموو هێلکەکانی نەدەخستە سەبەتەیەکەوە، هەوڵی دەدا لەگەڵ سۆڤیەت، ئەمریکا، بەریتانیا، لەگەڵ دراوسێکانمان لەگەڵ ئێران و تورکیاش هەوڵی [پەیوەندی] دەدا.

بێگومان کاتێک مەال مستەفا دەیوت کورد، مەبەستی تەنیا باشووری کوردستان نەبوو، بەردەوام باسی لە هەموو کوردستان دەکرد، هەرچەند کە بۆ دۆخی ئێستای ئێمە لە باشووری کوردستان دەمانەوێت شتێک دەستەبەر بکەین، بەاڵم بەردەوام ئامانجی دووری ئەوە بوو کە کورد هەموو یەکە و نەتەوەیەکی دابەشکراوە.

بێگومان پێشتریش سەلماندوویەتی، لە دوو سێ پارچەی کوردستان شەڕی کردووە، لە ئێران تەنیا ئەو بوو بەرگری لە کۆماری مەهاباد کرد و چەند شەهیدیان دا.

پرسیار: ئەمە ڕوونە کە ئەگەر هێزی ئەوان نەبووایە، ئەو ساڵەش نەیاندەتوانێت لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای ئێران بەرگری بکەن؟

موحسین دزەیی: بەڵێ، هێزی سەرەکیی سوپای کۆماری مەهاباد بۆ بەرگری، بارزانییەکان بوون و چەند بەرەیەکی شەڕیان ڕادەست کرابوو و ئەوان شەڕیان دەکرد، چەند شەهیدێکیشیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆریان شەهید هەبوو لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان و خۆی کە چوو بۆ ڕۆژهەاڵتی کوردستان، چووە الی قازی محەمەد و وتی، 'وەکوو سەربازێک ئامادەمە بەرگری لە کۆماری مەهاباد بکەم'.

پرسیار: هیچ بیرەوەرییەکی باس نەکردووە لەبارەی ئەو کات و بوونیان لە کۆماری مەهاباددا؟

موحسین دزەیی: دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد، بەر لەوەی قازی بگیرێت، من ئەم وتەیەم لە هاوژینی [خانمی] قازی محەمەد دایکی کوڕی ڕەش بیستووە، بەر لەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، من لە ئەڵمانیا خانمی قازیم بینی، چوومە الی ئەو قسەی بۆ کردم و وتی، ئەو کاتەی کۆماری مەهاباد تێکچوو و خەریک بوو خۆیان ڕادەست بکەن، بارزانی داوای لە قازی کرد کە خۆی ڕادەست نەکات، 'وەرە من لەگەڵت دەبم و تاوەکوو ماوین شەڕ و بەرگری دەکەین'.

بارزانی گوتوویەتی، 'ئەو ئاڵایەی کوردستانت بۆ دەپارێزم'، ئەمە خانمی قازی ئەم قسەیەی کرد، قازیش گوتوویەتی، 'نەخێر، من بڕیارم داوە کە خۆم ڕادەست بکەم، لەبەر ئەوەی نابێت، خەڵک کە (بەزیوە) لە بەرگری، منیش لەگەڵ خەڵکەکە خۆم ڕادەست دەکەم، با مەسیرمان هەموو یەک بێت.'

کە بارزانی گەڕایەوە لە سۆڤیەت خۆی ئەم قسەیەی بۆ من گێڕایەوە، دەڤی ئەم قسەیە بوو، وتی، 'داوام لە قازی کردووە، قازیش گوتوویەتی نەخێر، ئاڵاکەی کوردستان ڕادەستی تۆ دەکەم، من دەبێت خۆم ڕادەست بکەم'. [بارزانی] وتی ئەو جا ناچار بووم و بەرەو باشووری کوردستان گەڕامەوە'، کە پاشان چووە سۆڤیەت.

ئیتر خۆتان دەزانن کە مێژووی شۆڕش چۆن بووە، ئەو کات شۆڕشەکە بەردەوام بوو تاوەکوو ڕێککەوتنی 11ی ئازار، کە حکومەتی ئێراق دانی نا بە مافی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی [حوکمی زاتی] و ڕێککەوتنێک لەسەر ئەم بنەمایە جێبەجێ کرا؛ ئەمە بۆ کورد گەورەترین دەستکەوت بوو، لە مێژووی نەتەوەی کورددا نەبوو کە حکومەتێک بە فەرمی دان بە مافی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی دابنێت و ڕێککەوتنی فەرمی لەنێوان دوو لایەنەکە هەبێت. بێگومان مەلا مستەفا ئەمەی پێ دەستکەوتێکی گەورە بوو، کە دەستەبەر کراوە، هەرچەند قەناعەتی نەبوو بەعس ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکات.

پرسیار: واتا گومانی هەبوو لە ڕێککەوتنەکە و کردەوەکانی بەعس؟

موحسین دزەیی: بەڵێ، بەر لەوەی بچێت بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، دانیشتنێکی لەگەڵ ئێمە کرد و ڕای هەموومانی وەرگرت، هەمووان بۆچوونیان وابوو کە ئەم ڕێککەوتنە بکرێت و دەستکەوتێکی گەورەیە؛ وتی، 'من بە گوێی ئێوە دەکەم بۆ ئەوەی نەڵێن ڕای خۆی سەپاند، مادام ئێوە زۆرینەن و ڕاتان وایە ڕێککەوتنەکە بکەین، من ڕێکدەکەوم و ئەمە ڕاستە شتێکی باشە، بەڵام من هیچ کات متمانەم بە حیزبی بەعس نییە، کە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، بەڵام کێشە نییە واژۆی دەکەم.' گەڕایەوە بۆ ئەو ژوورەی کە سەدام حسێنی لێبوو و ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کرد.

بۆ ئێمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام دەرکەوت دوای ماوەیەک بەعس دەستی بە پیلانگێڕی کرد و پاشگەز بووەوە و بەڵێنەکانی لە ماوەیەکی کەمدا لەبیر کرد.

پرسیار: یەکێک لە هۆکارەکانی بێباوەڕی بارزانی کردەوەی بەعسییەکان بوو، یەکێک لە پیلانگێڕییەکانیشیان پیلانی مەلاکان بوو.

موحسین دزەیی: بەڵێ، بێگومان پێتشتریش لە ساڵی 1963 ئەزموونی لەگەڵیان هەبوو، دەیناسین، لەبەر ئەوە هەرگیز متمانەی پێیان نەبوو و گومانی لە ڕاستبوونیان هەبوو، یەکێک لە نموونەی پاشگەزبییەکەیان، ئەوە بوو کە پیلانگێڕییان لە دژی ژیانی [مەلا مستەفا] کرد.

ئەو کات من نوێنەر بووم لە پراگ، لە چیکۆسلۆڤاکیا، مانگی نۆ بە مۆڵەت گەڕابوومەوە بەغدا، بە ئۆتۆمبێل لە ڕێگەی موسڵەوە گەڕامەوە و نەچوومەوە بۆ هەولێر و یەکسەر چوومە بەغدا، خۆی وایە کە یەکێک لە دەرەوە نوێنەر (سەفیر) بوو، دەچێت لە تۆماری تەشریفات (سجیل تشریفات) لە کۆشکی کۆماری واژۆیەک دەکات، کە گەڕاوەتەوە و هەروەها چاوی بە سەرۆککۆمار و جێگرەکەی دەکەوێت. من داوای چاوپێکەوتنم لەگەڵ جێگری سەرۆککۆماری ئەو کات کرد کە سەدام حسێن بوو، ڕۆژیان بۆ دیاری کردم بۆ ڕۆژێک دواتر بۆ ئێوارە، منیش بە هەلم زانی وتم سەرێکی هەولێر دەدەمەوە، ئەو کات شێروانی کوڕم لەگەڵ بوو، منداڵ بوو، وتم ئەویش دەگەیێنمەوە هەولێر، پاشان بەیانی من دەگەڕێمەوە و ئێوارە دەچم بۆ چاوپێکەوتنەکە.

هاتمەوە بۆ هەولێر ئەوەندەی پێنەچوو ئاگاداریان کردمەوە و وتیان پیلانگێڕییەکی وا هەبووە، یەکسەر

بروسکەیەکم نووسی بۆ کۆشکی کۆماری و جێگری سەرۆککۆمار کە چاوپێکەوتنەکەم دوابخرێت، من ناتوانم ئێستا بێم. یەکسەر بەرەو گەڵاڵە بەڕێکەوتم، بەرەبەیانی گەیشتم؛ چووم، وتیان مەلا مستەفا لە قەسری سەلامە و ڕۆیشتم بۆ ئەوێ، بەرپرسی پاسەوانەکان کە ناوی (حاچک) بوو و لە ژووروەوە پیاسەی دەکرد، ئێستاش حاچک ماوە و یەکێک لە هەڤاڵەکانی بوو کە لەگەڵی چووبوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و یەکێک لە قارەمانەکان بوو. حاچک کە چاوی بە من کەوت و زانی کە شۆڕشگێڕ وتی، 'لێرەیە بەڵام خەوتووە'، کە بینی قەناعەتم نەکردووە. بردمی و وتی، 'لە پەنجەرەوە سەیر بکە'، منیش سەیرم کرد و بینیم خەوتووە، وتی، 'تازە خەوتووە، با ئیستڕاحەت بکات و جێگەش بۆ تۆ دادەنێین ئیستڕاحەت بکە.'

بەیانی هەڵسام چوومە لای پێکەوەنانی بەیانیمان خوارد، بێگومان لەم پیلانگێڕییەی کە لەگەڵیان کرد، زۆر دڵگران بوو و بە موعجیزەش ڕزگاری بوو.

پرسیار: نەمر بارزانی خۆی چی دەوت لەبارەی ڕووداوەکەوە؟ بابەتەکە سەرسوورهێنەرە، لەنێوان کۆمەڵێک مەلادا ڕوویدا.

موحسین دزەیی: بەڵێ، بەڵام دۆخەکە ئاوا بوو کە مرۆڤ سۆز و عاتیفەی دەجوڵا و بە سۆزەوە قسەی دەکرد، بەڵام ئەو نەشڵەژابوو و زۆر ئاسایی بوو، واتا ئێمە زیاتر شڵەژابووین، کە لە کاتی ڕووداوەکە لەوێش نەبووین، ئاگادار نەبووین و چاومان لێ نەبوو، بەڵام شڵەژابووین؛ بەڵام ئەو باوەڕی تەواوی هەبوو و وتی، 'شتێک ئەگەر خودا ڕای لەسەر نەبێت، جێبەجێ نابێت، هەرچەند پیلانگێڕییەکی گەورەشت لەگەڵ بکەن، مرۆڤ ڕزگاری دەبێت.'

پاشان دوای یەک یان دوو ڕۆژ بۆی باس کردین ڕووداوە چۆن بووە و چۆن دانیشتوونە، چۆن مەلاکان تەقیونەتەوە، ئەوەی کە لە بەرانبەر ئەو دانیشتووە، ئەوەی شەهید بوو چایچییەکە بوو، کە کەوتووەتە نێوان سەرۆک بارزانیی نەمر و مەلاکەی کە تەقەمەنی لێ بەسترابوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە [مەلا مستەفای بارزانی] پارێزراو بێت و ئەو پێشمەرگەیەش شەهید بێت. ئەمە یەکێک لە نموونەکان بوو کە حکومەت [لە ڕێککەوتنی 11ی ئازار] پاشگەز بووبووەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا کە ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکات.

پرسیار: ئەمە هۆکارێک نەبوو کە مەلا مستەفای بارزانی شەڕ ڕابگەیێنێت؟
موحسین دزەیی: هیچ کات؛ بەڵێ زۆر داواکرا کە وەزیرەکان و کاربەدەستان [لە بەغدا]، هەمووی بکشێنەوە و دەست لە بەرپرسیارییەتیی لە حکومەت هەڵبگرن، بەڵام مەلا مستەفا قبوولی نەکرد، ڕای بارزانی ئەوە بوو کە ئێمە نابێت بەڵگە بدەینە حکومەت کە ئەوان پاشگەز ببنەوە، ئێمە دەبێت ئەو ماوەیەی کە داندراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی 11ی ئازار، تەواوی بکەین، شەڕ نەبێتەوە بڵێن مەلا مستەفای بارزانی لەسەرخۆی شەڕی کردەوە، دەیوت، 'میللەتی کورد لە من گەورەترە لەبەر ئەوە خەڵک چاوەڕێی ئەوە نییە کە من لەسەر ژیانی خۆم بڵێم دەست بە شەڕ بکرێتەوە، ئێمە دەبێت ئەم دەرفەتە بپارێزین تاوەکوو ئەو چوار ساڵە تەواو دەبێت، بزانین ئایا جێبەجێی دەکەن یان نا'، ئەمە ڕای ئەو [مەلا مستەفای بارزانی] بوو.

کە ساڵی 1974 دانووستاندنیان لەسەر شێوەی ئۆتۆنۆمییەکە دەستپێکردەوە، من یەکێک بووم لە ئەندامانی شاندی کوردستان، دیار بوو کە پاشگەز بووبوونەوە، تەنانەت ئەوانەی کە بە ناو بەرەی قەومی و نیشتمانی-قەومی بووبوونە هاوبەشی بەعسییەکان لە حیزبەکانی دیکە، ئەوانیش پشتگیریی ئێمەیان نەکرد و زیاتر

پشتگیریی بەعسیان دەکرد، کە دواتر زانیان بە هەڵە چوونە و دوای ماوەیەکی کەم [بەعس] ڕووی لەوانیش سووڕاند.

بێگومان ساڵی 1974 بارزانیی نەمر پێیخۆش نەبوو شەڕ ببێتەوە، لەبەر ئەوە دواین جار ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی بۆ گفتوگۆ ناردە بەغدا، بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت ڕێگە نەدرێت شەڕ دەستپێبکاتەوە و ئیدریس وەک دواین شت هەوڵی لەگەڵیان دا، کە هەموو شتێک بۆ ساڵێکی دیکە دوابخرێن، بەڵکوو لەو ماوەیەدا متمانە بگەڕێتەوە نێوانیان کە قبووڵیان نەکرد و ئەوان بڕیاری شەڕیان دابوو و زیاتر بەعس شەڕەکەی بەسەر کوردستاندا سەپاند.

پرسیار: واتا بارزانی تاوەکوو دواین ساتەکان هەوڵی بۆ ئاشتەوایی دەدا؟
موحسین دزەیی: تاوەکوو دواین ساتەکان دەیویست لە ڕێگەی ئاشتی و دیپلۆماسییەوە ڕێککەوتنەکە سەر بگرێت و شەڕ نەبێتەوە، بەڵام [بەعسییەکان] قبووڵیان نەکرد بەهیچ شێوەیەک.

پرسیار: یەکێک لە هۆکارەکان کەرکووک بووە کە ڕێکنەکەوتوون، باسی ئەم بابەتەمان بۆ بکە.

موحسین دزەیی: بەڵی، لە دانووستاندنەکانی 1970 کە شاندی حکومەت بەر لە ڕێککەوتنەکە هاتن، یەکێک لەوان کە سامەڕایی، نازانم ناوەکانم نایەتەوە بیر، وابزانم ئەوکات وەزیری ڕاگەیاندن و لە سەرکردایەتیی بەعس بوو، لە دانیشتنێکدا پێنووسی دا لە مێزەکە و بە عەرەبی وتی، 'کێ دەڵێت کەرکووک شارێکی کوردییە؟' بارزانی وەڵامی دایەوە و وتی، 'کەرکووک کوردستانە، پارچەیەکە لە کوردستان و کەس ناتوانێت، نە تۆ و نە من ئەم مافە لە میللەتی کورد وەربگرینەوە، ئەگەر داگیری دەکەن ئەوە جیایە، بەڵام بڵێن کورد نییە ئەمە ناکرێت (مومکین نییە)'.

بەڵێ کەرکووک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بوو کە شەڕ ببێتەوە. ئەوکات بە هیچ شێوەیەک بارزانیی نەمر ئامادە نەبوو کە لەسەر کەرکووک نەرمی بنوێنێت، بەڵام بەعس دەیویست ئێمە بەتەواوی نەرمی بنوێنین و پەیوەندییمان بە کەرکووکەوە نەمێنێت و بە کوردستان ئەژمار نەکرێت. بازرانیی نەمر مەبەستی ئەوە بوو بە کوردستان ئەژمار بکرێت، 'کێشە نییە ژێردەستی بەعسیش بێت، پارێزگاریشی عەرەب بێت، یان ئیدارەی هاوبەشی هەبێت'، ئەم شتانەی هەموو قبووڵ کرد، بەڵام کەرکووک پارچەیەکە لە کوردستانە.

پرسیار: واتا بارزانی بەو جۆرە قبووڵی بوو؟

موحسین دزەیی: بەڵی، بەو جۆرە قبووڵی کرد کە ئیدارەی هاوبەشی هەبێت، بەڵام دەبێت لە بواری جوگرافییەوە حکومەت دان بەوەدا بنێت کە بەشێکە لە کوردستان، بەڵام جاری وا بەرژەوەندییەکە لەمە دایە کە ئیدارەی هاوبەشی هەبێت و لە دەقی ئەو یاسایەی کە بڕیار بوو دابنرێت، دەبێت دەق هەبێت کە ڕێککەوتنی لەسەر کرابا و پارچەیەک لە کوردستان ئەژمار کرابا.

پرسیار: بارزانی پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە بە فەرمی لەوێ دان بەوە دانەنرێت کە کەرکووک بەشێک نییە لە کوردستان؟

موحسین دزەیی: بەڵێ، هیچ کات نەیدەویست و دەیوت، 'نە من ئەو مافەم هەیە و نە کەس ئەو مافەی هەیە

کە سەبارەت بە پارچەیەک لە خاکی کوردستان نەرمی بنوێنێت و بگوترێت کە ئەمە خاکی کورد نییە، چۆن دەتوانم وا بڵێم، کێ ئەم دەسەڵاتەی داوەتە من، کەس ئەو مافەی نییە.'

پرسیار: دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕ، سەپاندنی ئەو داوایە لەلایەن بەعسەوە لەبارەی کەرکووک و قبووڵنەکردنی سازێک دواخرانی دانووستاندنەکان بوو؟

موحسین دزەیی: داواکردنی دواخرانی دانووستاندنەکان بۆ سازێک، چارەسەرێک بوو بۆ ئەوەی شەڕ نەبێت، ئەگەر نا ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی شەڕ نەبوو، بەڵام ئەوان [بەعس] دەیانویست یاسای ئۆتۆنۆمییەکە بەو شێوەیە دابڕێژن، کە خۆیان مەبەستیان بوو؛ کە شتێک بێت هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، کیانێکی ئۆتۆنۆمی پێکبهێنن بە شێوەیەک کە خۆیان دەیانەوێت، نەک بەو شێوەیە کە کورد دەیەوێت؛ واتا دەسەڵاتێکی وای نەبێت و نەتوانێت هیچ بکات، بەڵکوو زیاتر لەژێر دەسەڵاتی دەزگاکانی حکومەتی بەعسدا بێت، بە هەموو دامەزراوەی ئۆتۆنۆمییەکەوە.

پرسیار: ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شەڕ دەستپێبکات؟

موحسین دزەیی: بەڵی بووە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ، کوردیش ناچار بوو بەرگری لە خۆی بکات. بێگومان بارزانیی نەمر هیچ کات متمانەی بە حکومەتی ئێران و حکومەتی ئەوکاتی شا نەبوو، کە ئەوان هیچ کات بەرگری لە مافی کورد ناکەن و نایانەوێت کیانێک بۆ کورد دروووست بکرێت و [پشتگیریکردنی کورد] بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە، لەبەر ئەوەی کە ناکۆکی هەبوو لەنێوان حکومەتی ئەوکاتی ئێران و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق، دۆسیەی کوردیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنا، کوردیش ویستی ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و تا دەکرێت کەڵک لە دۆخەکە وەربگرێت؛ لەبەر ئەوە بارزانیی نەمر حەزی دەکرد حکومەتێکی گەورەتر بێتە نێو بابەتەکەوە، بۆ ئەوەی تەنیا ئێران [لە بابەتەکەدا] نەبێت، کە متمانەی تەواوی بە حکومەتی شای ئەوکات نەبوو.

سالی 1972 ڕیچارد نێکسن، سەرۆککۆماری ئەمریکا کە هات بۆ ئێران و شایان بینی و بڕیاردرا پشتگیریی دۆسیەی کورد بکەن و ئەمریکا پەیوەندیی بە کوردەوە کرد، ئەوکات بازرانی وتی، 'مادام هێزێکی گەورە لە پشت ئێمەیە'، متمانەی بە ئەمریکا کرد و ئەوکات هاوکاریی زیاتر لەگەڵ ئێران دەستی پێ کرد.

بێگومان دەرکەوت ئەوانیش ڕاست نین، دەرکەوت ئەمە یارییەکە و زیاتر ئەندازیاری ئەم یارییەش کیسنجەرە و ئەویش تەنیا بۆ گوشارخستنەسەر حکومەتی ئێراق بوو بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی بگۆڕێت، کە حکومەتی ئێراقیش سیاسەتی خۆی گۆڕی و بەرەو ڕۆژاوا چوو و ئەوان وازیان لە دۆسیەی کورد هێنا، دواتر دەرکەوت کە سیناتۆر پایک لێکۆڵینەوەی لەسەر بابەتەکە کردووە و بڵاوکراوەتەوە کە ئامانجی سەرەکیی بابەتەکە چی بووە.

پرسیار: ئایا کیسنجەر (وەزیری دەرەوی ئەوکاتی ئەمریکا) بە تاوانبار دەبینی لە بەرانبەر کورددا؟
موحسین دزەیی: بەڵێ، من بە تاوانباری دەبینم کە بۆ مەبەستی خۆی خیانەتی لە گەلی کورد کرد.

پرسیار: بڕوام وایە بارزانیی نەمریش چاوەڕوانی ئەو یارییەی لە کیسنجەر نەبوو.
موحسین دزەیی: نەخێر بەو شێوەیە چاوەڕانی نەدەکرد کە دوای ماوەیەکی کەم [پشت لە دۆسیەی کورد بکەن]، بێگومان هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت، ئەویش ئەوەی دەزانی کە هەر کەسە بێتە نێو دۆسیەکەوە بۆ

بەرژەوەندیی خۆیەتی، بەرژەوەندیی خۆی دەوێت، بەڵام تا ئەو ڕادەیە کە هەموو بەرژەوەندیی کورد قوربانیی بەرژەوەندیی خۆی بکات و خیانەت لە دۆسیەی کورد بکرێت، ئەمە چاوەڕواننەکراو بوو.
پرسیار: کاریگەریی ئەو پیلانگێڕییەی کە لە جەزائیر کرا چی بوو لەسەر مەلا مستەفای بارزانی؟

موحسین دزەیی: بە ڕای من کاریگەریی لەسەر هەموو کوردێک هەبوو، کاریگەریی لەسەر بارزانیش دانا، دروستبوونی بارزانی و کەسایەتیی بارزانی جیا بوو لەگەڵ ئێمە و خەڵکی دیکە، کەس نەبوو ئەو کات نەشڵەژێت، بەڵام ئەو هیچ کات کۆنترۆڵی خۆی لەدەستنەدا، هیچ کات نەشڵەژا، هیچ کات بیر و باوەڕی بە میللەت نەگۆڕدرا، دڵنیا بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد دەتوانێت مافی خۆی وەربگرێت و دەبێت بەردەوام بێت لە خەباتی خۆی، هەرچەند خیانەتی لێ بکرێت، یان دوژمن بتوانێت بۆ ماوەیەکی کەم شۆڕشی پێ ڕابگرێت، یان بەرانبەری بوەستێتەوە.

بارزانی ڕای وا بوو کە ئەگەر بە ماوەیەکی کەم کورد دووبارە ڕیزەکانی خۆی باشتر ڕێکبخاتەوە دەتوانێت دەست بە شۆڕش بکاتەوە و لە جاران باشتر دەتوانێت ئەم کارە بکات.

بێگومان زۆر هۆکار هەبوون کە وای لێبکات بڕیار بدات ئەم شەڕە ڕابگیرێت، وای پێ باش بوو، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە پێیوابوو ئەگەر شەڕەکە ڕانەگیرێت، دوای ئەو ڕێککەوتنەی جەزائیر کورد تووشی گرفتێکی گەورە دەبێت.

بەر لە ڕاگرتنی شەڕ، ڕۆژێک نوێنەرێکی شا هاتە لای بارزانی و بە جیا بینی و پێیگوت، 'ئێمە ڕێککەوتووین لەگەڵ حکومەتی ئێراق و هەموو جۆرە ڕێککەوتنێک، و دەبێت سنووری ئێران کراوە بێت بۆ سوپای ئێراق و سنووری ئێراقیش بۆ ئێمە کراوە بێت، لەبەر ئەوە سوپای ئێراق دێتە نێو ئێران و بە پشتەوەدا [خاکی ئێران] دێت و هێرش دەکاتە سەر کورد'؛ ئەو کەسەی کە ئەم بابەتەی باس کرد، ئەفسەرێکی کورد بوو و لەگەڵ شا کاری دەکرد، بەڵام نەختێک سۆزی هەبوو و پەیوەندیی تایبەتیشی لەگەڵ بارزانی هەبوو و ئەو هەواڵەی هێنا.

دوای چەند ڕۆژێک، یەک دوو ڕۆژ بینیمان کە ئەفسەری ئێراقی بۆ پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری هاتوون بۆ خانێ (پیرانشار) کە لەسەر سنووری حاجی ئۆمەرانە، واتا خۆیان ئامادە دەکرد کە هێزێک بۆ ئەوێ بهێنن و بمێننەوە.

ڕاستییەکەی بازرانیی نەمر میللەتی لە کارەساتێکی گەورە ڕزگار کرد، هەرچەند دۆخی ئەو کاتی خەڵک زۆر خراپ بوو، هەرچەند کە تووشی دابڕانی زۆر بووین، بەڵام لە کارەساتێکی گەورە ڕزگاری کردین و شەڕ ڕاگیرا. بۆیە دوای ماوەیەکی کەم توانرا دووبارە شۆڕش دەستپێبکاتەوە.

کە دەڵێن شۆڕشی گوڵان، من هەر بە درێژەی شۆڕشی ئەیلوولی دەزانم کە دارێژەری ئەمیش هەر بارزانی بوو. بارزانی خۆی دیاری دەکرد کە کێ و لە کوێ دەستپێبکات، کەی دەستپێبکەن، کێ بچێتەوە کوردستان، خۆی دیاری دەکرد، هەرچەند کە تووشی نەخۆشیش هاتبوو، بەڵام خۆی دارێژەر بوو.

پرسیار: ئایا ئەم ڕێککەوتنە جیا لەوەی کە بە دژی کورد کرا، چاڵێک نەبوو بۆ حکومەتی ئێراق؟
موحسین دزەیی: دیارە حکومەتی ئێراق زۆری نەرمی بۆ ئێران نواند و هەوڵی دەدا نەرمی بۆ ئێران بنوێنێت، بەڵام لەگەڵ کورد نەبێت.

پرسیار: ئەم نەرمی نواندنە چی بوو؟
موحسین دزەیی: بۆ نموونە لەسەر سەروەری ئێراق نەرمی نواند، لەسەر هەموو شەتولعەرەب کە پێشتر ئێراق بوو، قبووڵی کرد کە دابەش بکرێت و نیوەی بدرێت بە ئێران و نیوەش بۆ ئێراق بێت، هەروەها هەندێک لە ناوچە سنوورییەکان کە ناکۆکی لەسەر بوو و ئێراق بە خاکی خۆی دەزانی، نەرمی نواند بۆ ئێران.

پرسیار: ئایا ئەمەش هۆیەک نەبوو کە شەڕی ئێران و ئێراق دووبارە دەستی پێ کردەوە؟
موحسین دزەیی: بەڵێ، یەکێک لە هۆکارەکان ئەمە بوو، بێگومان نەرمییەکی زۆریان بۆ ئێران نواند و دوای شۆڕشی ئێران و لاوازبوونی حکومەتەکە و لاوازبوونی سوپای ئێرانی کە پاڵپشتیی نێودەوڵەتییان نەما، لە سەرەتای شۆڕش حکومەتی ئێراق بە دەرفەتی زانی، کە ئەوکات سوپای ئێراقیش بەهێز بووبوو، وای زانی کە دەتوانێت بە ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، لەبەر ئەوە هەوڵی دا کە بتوانێت ئەو شتانەی پێشتر نەرمی نواندووە، وەریان بگرێتەوە و یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران ئەمە بوو. جگە لەوە حکومەتی ئێراق بەڵێنی بە ئەمریکا و بە ڕۆژاوا دابوو کە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، گۆڕی و نەرمیی بۆ داواکارییەکانیانی ئەوانیش نواند.

پرسیار: دوای ئەوە زۆری نەخایاند کە بەداخەوە بارزانیی نەمر نەخۆشییەکی کوشندەی گرت، من زۆرم بیستووە کە دەڵێن ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر کاریگەریی لەسەر دانابوو و دڵگرانی کردبوو.

موحسین دزەیی: بێگومان کاریگەریی لەسەر هەموو کەس دانا، بەتایبەتیی لەسەر بارزانی، چونکە زیاتر هیوای ئەوە بوو کە شتێک بۆ کورد جێبەجێ بکات تا ئەوکاتەی کە خۆی لە ژیاندا ماوە، هەوڵی ئەوەی دا کە خزمەتێکی گەلی کورد بکات و دەیزانی کە دوای ئەو دابڕانەی کە بەسەرشۆڕشی ئەیلوولدا هات و خۆی تووشی ئەم نەخۆشییە بووە، ماوەیەکی کەمی ماوە، ڕەنگ بێت دەرفەتی نەبێت کە ئەم ئامانجانە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە بێگومان کاریگەریی لەسەر هەبوو و پێیناخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی هیچ کات کۆڵی نەدا، واتا بەپێی دەسەڵاتی خۆی و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، هەوڵی دەدا شتێک بۆ کورد جێبەجێ بکات.

ئەو ماوەیە من لە ئەمریکا لەگەڵیدا بووم، ڕۆژ نەبوو پەیوەندییەکی سیاسیی بە ئەندامانی کۆنگرێس، ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا و ڕۆژنامەڤانان نەگرێت، بۆ ئەوەی دۆسیەی کورد لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە باس بکات.

ڕۆژێک کۆتاییەکانی ساڵی 1976، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ بوو، لە نیۆیۆرک لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤەوە بانگهێشت کرابوو، کە سەر بە ڕێکخراوای نەتەوە یەکگرتووەکانە، چووین بۆ ئەوێ و من لەگەڵیدا بووم، محەمەد سەعید دۆسکیی خوالێخۆشبوو ئەویش لەگەڵ بوو، چووین بۆ باڵەخانەکە کە بەرانبەر باڵەخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و جادەیەکیان لەنێوان بوو.

بێگومان لەم بانگهێشتەدا داوایان لە بارزانی کرد کە قسەیەک بکات، هەڵسا لە جێگەی خۆی کە بچێتە لای مایکەکە بۆ ئەوەی قسە بکات، بەر لەوەی بچێت بۆ ئەوێ پەنجەرەیەک بەرانبەر باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد، نزیکەی دوو بۆ سێ خولەکێک وەستا، خەڵکەکە سەریان سوورمابوو، کە بۆچی وەستاوە، سەیری کرد و پاشان وتی، 'دەزانن بۆ وەستام؟ من سەیرم کرد، بەردەم باڵەخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاڵای هەموو وڵاتەکانی لێیە تەنیا ئاڵای کوردستان نەبێت، کورد

کە میللەتێکە 30 ملیۆن کەسە، ئێمە تەنانەت ئەمەشمان داوا نەکردووە کە ئاڵامان [دابنرێت]، داوای ئەمەمان کردووە کە مافی ئۆتۆنۆمیمان بدەنێیە کە ئەمەشمان پێ ڕەوا نابینن'. لەوێ بە هەموو میوانەکانی گوت؛ ئەمە سەرەتای قسەکانی بوو، جا وتی، 'کوا مافی مرۆڤ، ئێمە میللەتێکین کە 30 ملیۆن کەسین، مافی ئەوەمان نەبێت ئێستا ببینە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، میللەتیش هەیە دانیشتووانی بەقەد شارێکی کوردستان نابن، ئاڵایان لەوێ هەیە و ئەندامە.' ئیتر بوو بە چەپڵەڕێزان لە باڵەخانەکەو و دەست خۆشی لێکرا و پاشان درێژەی بە قسەکانی دا و محەمەد سەعید دۆسکیش وەرگێڕانی بۆ دەکرد.

پرسیار: واتا بارزانی لەم ڕۆژانەشدا بە بەردەوامی هەوڵی بۆ مافی کورد دەدا؟
موحسین دزەیی: تاوەکوو دواییین ڕۆژەکان بە بەردەوامی بیری لێ دەکردەوە، تەنانەت ڕۆژێکیان ڕۆژنامەڤانێک هەبوو، ئەو ڕۆژنامەڤانەی کە ڕاپۆرتی لەسەر پیلانگێڕییەکانی کیسنجەر و شا و بابەتی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر و ئەوانە بڵاو کردەوە و ناوەکەی نەهێنی بوو، لە تۆڕێکی میدیایی کاری دەکرد کە دواتر دەریان کرد، ئەم ڕۆژنامەڤانە بانگهێشتی کردبووین لە ماڵی خۆی، لە بارزانی پرسی، 'ئێوە ئەو هەموو هەوڵێکتان دا، ئەو هەموو ساڵە شۆڕشتان کرد و پیلانگێڕییەکی زۆر هەیە لەسەرتان، وا دیارە کورد ناتوانێت هیچ شتێک دەستەبەر بکات، بۆ ئێوە ئیمان بە ئەمری واقیع ناهێنن'؟
بارزانیی نەمر لێی پرسی و وتی، 'چۆن؟ یانی کوردی ئێراق بتوێتەوە لەنێو عەرەبدا؟ کوردی تورکیا لەنێو تورکدا بتوێتەوە؟ هیچ کات کورد ناتوێتەوە لەنێو نەتەوەیەکی دیکەدا و کورد هەر دەبێت بە مافەکانی بگات.'
ڕۆژنامەڤانەکە سەری سووڕمابوو و وتی، 'لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو کارەساتە بەسەر کورد هاتووە و ئەمە نزیکەی 100 ساڵە ئەم شۆڕشانە دەکرێن لە هەموو پارچەکانی کوردستان و نەگەیشتوون بە ئامانجی خۆتان و تووشی ئەم کارەساتە بوونە، هێشتا هەر واز ناهێنن؟' بارزانی وتی، 'هێشتا هەر واز ناهێنین تاوەکوو بە ئامانجەکانی خۆمان دەگەین.' ڕۆژنامەڤانەکە وتی، 'سەرم سووڕماوە لە ئێوە و ئەم میللەتە.'
بارزانیی نەمر هەموو بۆنەیەکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کە دۆسیەی کورد بناسێنێت و بزانێت کە چی سوودێک هەیە بۆ میللەتی کورد، هەوڵ بدات بەدەستیبهێنێت.

هەموو هەوڵدانی بارزانی بۆ پەیداکردنی دۆست بۆ کورد بووە، نزیکەی 11 ساڵ لە سۆڤیەت ماوە، بێگومان دۆستی زۆر بووە، لەنێو کاربەدەستان، لەوانەش خرۆشچۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیست) کە دۆستی خۆی بوو، بەڵام بارزانی مەبەستی لەو دۆستایەتییە چی بوو؟ پەیوەندی هەر مابوو لەگەڵ سۆڤیەت، دەیویست شتێک بۆ کورد بکات، مەبەستی ئەوە بوو یارمەتییەکی کورد بدات؛ کە قەناعەتی بەوە هات هیچییان بۆ کورد پێ ناکرێت، هەوڵی دا ئەمریکا شتێک بۆ کورد بکات و دۆستایەتی لەگەڵ دامەزراند، دۆستایەتی لەگەڵ لایەنی دیکە پەیدا کرد، کێ بتوانێت شتێک بۆ کورد بکات، ئامانجەکە بەرژەوەندیی کورد بوو.

پرسیار: پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی کوردستان چۆن بوو؟
موحسین دزەیی: بارزانی کەسێکی زۆر خاکی (متواضع) بوو، خۆی بە گەورەتر نەدەزانی لە هیچ کەس، منداڵێک چووبا بۆ لای، هەڵدەستا و بەخێرهاتنی دەکرد، لەگەڵ زۆر کەس دادەنیشت لە هەموو چین و توێژێک و لەگەڵ هەر کەسەش بەپێی دۆخی خۆی قسەی لەگەڵ دەکرد، بارزانی کەسێکی دووربین بوو، هەندێک جار کە بڕیاری لەسەر شتێک دەدا، یان بڕیاری لەسەر کەسێک دەدا سەبارەت بە بابەتێک کە لێکدانەوەی بۆ ئێمە ئەستەم بوو، لامان سەیر بوو کە دوای ماوەیەک، [بابەتەکە] یان بەو جۆرەی کە ئەو گوتبووی جێبەجێ دەبوو یان بۆچوونی ئەو بە ڕاست دەردەچوو.

پاشان بارزانی هێزی خەڵک ناسینی زۆر بەهێز بوو، بۆ نموونە میوانێکی کە دەهات بۆ یەکەم جار بوو و نەیبینیبوو، دوای بەخێرهاتن، دەنگی نەدەکرد و دەرفەتی دەدا ئەو کەسە قسە بکات، ماوەیەک کە کەسەکە قسەی دەکرد، بۆی دەردەکەوت کە ئەم کەسە چۆنە و بەپێی عەقڵییەتی خۆی قسەی لەگەڵدا دەکرد.
کەسێک بوو باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو، باوەڕی بە مافی میللەت هەبوو، باوەڕی بە مافی جووتیار هەبوو، دژی ستەم بوو، قبووڵی نەدەکرد بە هیچ شێوەیەک، پێشمەرگە یان بەرپرسێک ستەم لە کەسێکی دیکە بکات، تاوان لە کاتی ئەودا زۆر کەم بووبوو و ئەوەی کە سزا درابا دەبوایە جێبەجێ کرابا بۆ ئەوەی ببێتە ئەزموون بۆ خەڵکی دیکە.
وەک وتم بارزانی خۆی لە هەموو کەسێک بە بچووکتر دەزانی. خۆی مەسەلەیەکی بۆ گێڕامەوە و وتی ساڵی 1963 لە ناوچەی بارزان شەڕ دەستی پێ کردبوو، فڕۆکە دەهات و دەچوو، وتی 'خەڵکەکە لەبەر فڕۆکە دەچوونە دەرەوە، منیش دەگەڕام بەسر خەڵکەکەدا، جارێکیان سابیری کوڕم یەکێک لەوانە بوو کە چووبووە دەرەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە فڕۆکە بپارێزێت، بینیم سابیر نەختێک بە ناڕاحەتییەوە دانیشتووە و تووڕەیە، وتم، سابیر چییە بۆ وا ناڕاحەتی؟ وتی گورگۆ قسەی پێ گوتووم'.
گورگۆ یەکێک بوو لەو پێشمەرگانە کە پیاوێکی پیر بوو، یەکێک بوو لەوانەی کە لەگەڵ بارزانیی نەمر چووبوو بۆ سۆڤیەت، سابیری کوڕی گوتبووی، 'گورگۆ خۆی لێ تووڕە کردووم'، بارزانی گوتبووی چی پێ وتوی؟ سابیر گوتوویەتی 'پێی گوتووم بۆ من خوەڵامی باوکی تۆم؟' بارزانی وتی، 'منیش پێکەنیم و وتم سابیر تۆ تازە دەزانی کە من و تۆ هەردووکمان خوەڵامی گورگۆ و پێشمەرگەکانی وەکوو گورگۆین؟ ئێمە خوەڵامی ئەوانین'. وتی کە ئاوام گوت، سابیر بێدەنگ بوو.
جا خۆی بە خوەڵامی هەموو کەس دەزانی، لەبەر ئەوە ئەو ناوبانگەی دەرکرد و ئەم خۆشەویستییەی لەنێو خەڵک بەدەستهێنا.

یەکێک هەیە بە ناوی عەبدوڵڕەحمان بناوی، کە چێشتلێنەرە لە مەکتەبی سیاسی کە ئێستاش ماوە، پێی دەڵێن باپیر، ئێستا پیر بووە، ئێستاش لەسەر چێشتخانە و ئەوانە چاودێرە، لە ئەمریکا بووین، عەبدوڵڕەحمان بناوی چێشتلێنەری تایبەتیی خۆی بوو لەگەڵی هاتوچۆی دەکرد بۆ هەر شوێنێک کە چووبایە.
کاخەزێکی بۆ بارزانی نووسیبوو، وەڵامی دایەوە و بە هێڵی خۆی بۆی نووسییەوە و لەژێرەوە کە واژۆی کردبوو، نووسیبووی ''خادمکم'' مستەفا بارزانی؛ ئێستاش نووسراوەکە لای ئێمە ماوە، جا بە نیسبەت خەڵک ئەو بەو شێوەیە بوو و خۆی بە خزمەتکاری ئەو میللەتە دەزانی نەک گەورەی خەڵک، لەبەر ئەوەش میللەت وا رێزی لێنا و خۆشەویست بوو.

کەسێکی زۆر خۆنەویست بوو و کەسێک بوو کە هیچ شتێکی بۆخۆی نەدەویست، من بینیومە بە دەستی خۆی جلوبەرگی خۆی دووریوەتەوە یان پێڵاوی خۆی پینە کردووە، بینیومە لەسەر بەتانییەک لەژێر بەردێک خەوتووە، تەنیا نان و ماستێکی خواردووە.

ڕووداوێکم بیر هاتەوە، وابزانم ساڵی 1969 بوو، من بەرپرسی بەشی دادوەریی مکتەبی تەنفیزیی ئەو کات بووم، بەشی دادگە و ئەوانە لە ئەستۆی من بوون، ڕۆژێک کەسێک کەسێکی دیکە بریندار کردبوو و دەستگیر کرابوو، خزمێکی ئەوەی دیکە چوو بۆ لای بارزانیی نەمر و بە شێوەیەک تێگەیاندبوو کە خزمەکەی تەحەدای لەوەی دیکە کردووە و دەستگیر کراوە، بارزانیی نەمریش ناردبووی کە ئەم کەسە ئازاد بکرێت، دادوەرەکە هات بۆ لای من و وتی ئازادیان کردووە، منیش پێمناخۆش بوو و تووڕە بووم کە نەدەبوایە ئەمە کرابا؛ کۆبوونەوە هەبوو لە حاجی ئۆمەران کە من نەچووم بۆ کۆبوونەوەکە، کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی هەبوو بە سەرپەرشتیی بارزانیی نەمر کە پریساری کردبوو بۆچی دیار نییە، گوتبوویان تووڕە بووە، فەرموبووی لە

چی؟، ڕووداوەکەیان بۆ باس کردبوو. بازرانی ئەمری کرد و منیش چووم و دانیشتم، وتی وەرە دابنیشە تا کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، دوای کۆبوونەوەکە هات دەستی خستە سەر شانم و وتی، 'ئێوە هەمووتان هەڵە دەکەن، من دەنگ ناکەم لێتان خۆش دەبم، جارێکیش کە من هەڵەیەکم کرد حەق وایە ئێوە لێمببوورن و داوای لێبوردن دەکەم. منیش پێموت تۆ چۆن داوای لێبوردن لە من دەکەیت، بەڵام نەدەبوایە کاخەز بۆ بەندیخانە بنێریت و یەکسەر بە منت گوتبایە و خۆم دەمناردەوە، وتی نا، جا ئێستا بنێرن کابرا بگرنەوە؛ گرتمانەوە، دواتر کابرا عەریزەی نووسی، سوڵحیان کرد جا ئینجا ئازادکراوەتەوە.

پرسیار: کەواتە شتێک کە ڕوویدەدا، نەیدەویست بەو شێوەیە بمێنێتەوە و دەبوایە چارەسەر کرابا.
موحسین دزەیی: بەڵێ، یەکسەر دەیەویست چارەسەری بکات، یەکسەر ئەوەی کە تۆمەتبار بوو، یان تەحەدای کردبایە، دەبوایە دادگایی کرابا و دەیوت، دەبێت سزا بدرێت، بۆیە ئەو کات تاوان کەم بوو، کەس بوێری نەبوو تەحەدا لە کەسێکی دیکە بکات.

پرسیار: وابزانم بازرانی خۆی سەرکردایەتیی زۆربەی شەڕەکانی کردووە، لەوبارەوە هیچ شتێکت لەیادە؟
موحسین دزەیی: زۆربەی شەڕەکان خۆی سەرکردایەتی کردووە، زۆربەی شەڕەکانی کە ئەو لە بەرەی شەڕدا بووە؛ لە شۆڕشی 1943 و 1945 لەو ناوچەیەی کە ئەو لەگەڵ هێزێکی لەوێ بوو، خۆی سەرپەرشتیی کردووە و خۆی سەرکردایەتیی شەڕەکە بووە و بەردەوام دوژمنی شکاندووە. لە ڕووداوێکدا حەسۆی فاتێ هەبوو، کە پێشمەرگە بوو و ئێستا ئەمری خودای کردووە، ئەو بۆی گێڕامەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە شەڕ بوو لەنێوان ئەوان و حکومەتی ئێران کە دەڕۆیشتن بۆ [سۆڤیەت]، ئەو حەسۆیە بریندار دەبێت و خەریکە جێبمێنێت کە بارزانی دەچێت خۆی ڕزگاری دەکات و دەیهێنێتەوە، جا ئەو کات تانکێک (دەبابە) گەیشتبووە سەریان و بە موعجیزە توانیبوویان تانکەکە بشکێنن بۆ ئەوەی نەگاتە سەر سەریان و ئەم بریندارەی ڕزگار کردبوو و نەکەوتبووە دەستی دوژمن، تاوەکوو ئەم ساڵانەش هەر مابوو.

پرسیار: ئەی چۆن باسی مەسیرە مێژوویییەکەی بارزانیی نەمر دەکەیت کە سنووری چوار دەوڵەتی بڕیوە؟
موحسین دزەیی: مەسیرە مێژوویییەکەی [چوونی بارزانی و هاوڕێیانی بۆ سۆڤیەت] مەسیرێکی بەناوبانگە و زۆر لە پەرتووکەکانی دەرەوە و ڕۆژنامەکاندا باس کراوە، کە توانیوێتی بە ئیمکاناتی زۆر کەمەوە بەرگڕی لە بەرانبەر سوپاکاندا بکات. ڕۆژ هەبووە کە نانیان بۆ خواردن نەبووە، بەڵام بەو ڕێگە ئەستەمەدا و لەو دۆخە سەختەدا ڕۆیشتوون.

پرسیار: بۆچی بارزانی بڕیاریدا بڕوات بۆ ڕووسیا؟
موحسین دزەیی: بێگومان ناچار بوو، بێ حکومەت نەیدەتوانێت لە ئێراق بمێنێتەوە ئەو کات، لە ئێران سوپای ئێرانی قبووڵیان نەدەکرد کە بمێنێتەوە و تەنیا وەکوو خۆیان دەڵێن شا بارزانیی نەمری بانگ کردبوو و داوایان لێ کردبوو کە چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی ئێران بکەن و بچن لە باشووری ئێران دابنیشن و واز لە کوردستان بهێنن و ئەمەش ئاکامەکەی دیار نەبوو کە پاشان ڕادەستی ئێراق دەکاتەوە یان نا، و ئەو کات یەکێتیی سۆڤیەت پشتیوانی میللەتان بوو و [بارزانیی نەمر] ناچار بوو بەرەو سۆڤیەت بڕوات و ئەوێ هەڵبژارد کە ئەگەری هەبوو یارمەتییەکی کورد بدەن و پشتگیریان بکەن.

کە چوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، ماوەیەک لە ئازەربایجان بوو، ئەو کات سەرۆکوەزیران و سکرتێری حیزبی شیوعیی ئازەربایجان باقرۆف بوو، کە نەیدەویست شتێک بۆ کورد بکرێت، دەیانویست بارزانییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن، بەتایبەتیی خودی بارزانیی نەمر کە بۆ ئەوان کار بکات؛ بارزانیی نەمریش پێی

گوتبوو کە 'من بۆ ئەمە نەهاتوومەتە ئێرە، بۆ ئەمە هاتووم کە پشتگیرییەکی میللەتی ئێمە بکەن و یارمەتییەکی ئێمە بدەن؛ کە باقرۆف زانی ناتوانێت کاریگەریی لەسەر دابنێت، ئەم جارە بڵاوەی پێ کردن و بەسەر کۆمارییەکانی دیکەدا دابەشکران، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک یەکدیان هەر نەبینی و نەیاندەزانی لە کوێن و هەموو لە یەکدی دابڕان و هەر چەند کەسە و ناردبوویان بۆ شوێنێک و دۆخێکی خراپیان هەبوو. دوای ستالین و دوای ئەوەی کە گۆرباچۆف و خۆرشچۆف هاتن، بارزانی پەیوەندی پێوە گرتنەوە.

یەکێتیی سۆڤیەتیش بەرژەوەندیی خۆی لەبەرچاو بوو، ئەویش وەکوو ئەمریکا و وەکوو وڵاتانی دیکە زیاتر لە بەرژەوەندیی خۆی دەگەڕا کە ئەو حکومەتانەی کە کوردی تێدا دابەشکراوە، پەیوەندی باشی لەگەڵیان هەبوو، بۆیە ئەوەندە بایەخیان بە دۆسیەی کورد نەدەدا، زیاتر بەرژەوەندیی خۆیان بۆ گرنگ بوو. یەکێک لەوانە ڕێکەوتنێک بوو کە لەگەڵ ئێران کردیان، ڕێککەوتنی نێوان ستالین و قەوامووسەڵتنە کە سەرۆکی حکومەت بوو، بەڵێنیان بە سۆڤیەت دا کە نەوتی باکووریان بدەنێ، بۆیە لە کوردستان و کۆماری مەهاباد و کۆماری ئازەربایجان لە 1947دا کشانەوە، کە دواتر قەوامووسەڵتەنە لێیان پەشیمان بووەوە، واتا ناردیان بۆ پەڕڵەمانی ئێران و لەوێ ڕەزامەندی لەسەر نەدرا.

پرسیار: واتا ئەم خیانەتە بەهۆی نەوتەوە لە کورد و بارزانی کرا؟
موحسین دزەیی: بەڵێ، هەر بەو شێوەیەی کە وتم، هەر دەوڵەتێک بەرژەوەندیی خۆی هەیە، کە ئەویان لا گرنگترە تاوەکوو مافی میللەتێک.

پرسیار: پێمخۆشە ئەگەر بیرەوەری تایبەتیی دیکەت لەگەڵ بازرانیی نەمر لەیادە باسیان بکەیت.
موحسین دزەیی: لە سەرەتاوە وتم زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی باس بکات؛ لە دانیشتنێکی کوورت و بۆ کەسێک ئەستەمە؛ ئەوەندە تایبەتمەندیی باشی هەبوون کە کاتی پێویستە مرۆڤ بیربکاتەوە بۆ ئەوەی باسیان لەسەر بکات، بەڵام بێگومان کەسایەتییەکی زۆر گەورە بوو، کەسێک بوو خزمەتی کوردی کرد و بێگومان شێوەی بیرکردنەوە و کارکردنی ئەو جیا بوو لەگەڵ بیر و باوەڕی نەوەی نوێ، بەڵام بەشێوەی خۆی، تا ئێستا لە مێژووی هاوچەرخی کورددا نەبووە کە یەکێک وەکوو بارزانی خزمەتی گەلی کوردی کردبێت و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی گەلەکەی دابێت. ئەم دۆخەی کە ئێستا بۆ سەرکردەکانی کوردستان هەڵکەوتووە، ئەگەر ئەم دۆخە بۆ بارزانیی نەمر لەوکاتەدا کە مابوو ڕەخسابا، بێگومان ئەو دەیتوانی دەستەبەری کیانێکی کوردی بکات. ئێمە ئەوەین، ئەو سەرکردانەی کە ئێستا هەن ئەم نیمچە کیانەی کە هەبوو ئەوەشمان تێکدا، بەداخەوە.

پرسیار: مەبەستت ئەوەیە کە جێگەی داخە ئەم سەرکردە گەورەیەمان لەدەستدا
موحسین دزەیی: بەڵێ، ئەگەر ئێستا لەم دۆخەدا کەسێکی وەکوو بارزانیی نەمر هەبوایە، هیچ گومانم لەوەدا نییە بەرەو دەستەبەرکردنی کیانێکی دەبردین.

پرسیار: دەکرێت باس لە هۆکاری ناکۆکیی بارزانیی نەمر و مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ساڵی 1964 بکەیت کە بووە هۆی جیابوونەی ئەم دەستەیە لە ساڵی 1966؟

موحسین دزەیی: بەداخەوە ئەم ناکۆکییە کۆنتر بوو لە ساڵی 1964، من ساڵی 1963 کە چوومە نێو شۆڕش، لەو قسانەی کە دەمبیست هەستم بەو ناکۆکییانە کرد، ئەو کات بەرپرسیاریییەتییەکی ئەوتۆم نەبوو لەنێو شۆڕشدا، بەڵام گوێم لەو قسانە دەبوو، تەنانەت لە خەڵکی ئاساییش.

بێگومان (هەر کەس تەعبیری لە شعوری سەرکردە و بەرپرسی خۆی دەکرد). هەستم بەوە کرد کە ناکۆکی هەیە، ئەوەی کە لە ساڵی 1964یش ڕوویدا، ئەوەی جیابوونەوە ڕوویدابوو، بەرژەوەندیی کوردی تێدا نەبوو، بەڵکوو دژی بەرژەوەندیی کورد بوو و بارزانی نەیدەویست کە ناکۆکی و دابەشبوون دروووست بێت و هەوڵی دەدا هەموو کورد یەکگرتوو بێت نەک تەنیا حیزبەکە ناکۆکی نەبێت. بازرانی هیچ کات خۆی بە تەنیا بە سەرۆکی حیزب نەدەزانی، بەپێچەوانەوە خۆی بە بەرپرسیاری هەموو میللەت دەزانی و ڕای وابوو کە حیزب ئامێرێکە بۆ خزمەتکردنی میللەت، لە ڕێگەی حیزبەوە دەتوانێت خزمەتی میللەتەکەی بکات، هەرکات ئەگەر حیزبێک گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بایەخی زیاتری بە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی دابوایە و بەرژەوەندیی میللەتی لەبەرچاو نەگرتبایە، قبووڵی نەدەکرد و ئەو حیزبەی نەدەویست.

پرسیار: واتە زیاتر ئامانج و ستراتیژییەکەی خزمەتکردنی میللەتی کورد بوو
موحسین دزەیی: بەڵێ، بۆیە ئەگەر یەکێک حیزبی نەبوایە، بەڵام کاری باشی کردبا، لای ئەو لە حیزبییەک بەهای زیاتر بوو و خۆشەویستر بوو. پێوەری ئەو حیزبایەتی نەبوو، بەڵکوو پێوەری ئەو کارکردن و خزمەتی میللەت بوو، کە ئەم کەسە دەتوانێت چ خزمەتێک پێشکەشی میللەتەکەی بکات.

پرسیار: بارزانیی نەمر لەگەڵ نوخبەکان و کەسانی خوێندەوار چۆن بوو؟ زۆر دەگوترا کە بارزانی دژی ڕۆشنبیری و نوخبەکانە کە وابزانم زۆر شت هەن دەتوانن ئەم قسەیە ڕەتبکەنەوە.

موحسین دزەیی: نەخێر، بارزانیی نەمر هیچ دژی بیر و باوەڕ و دژی ڕۆشنبیری نەبوو، بەپێچەوانەوە پاڵپشتیی دەکرد و ئەوانەی لەگەڵیشی بوون کە دوایە جیابوونەوە خۆ هەر ڕۆشنبیر بوون (نەزان نەبوون). بەپێچەوانەوە بارزانیی نەمر زۆر باوەڕی بە دیموکراسی هەبوو، پێشتر وتم، کاتێک ڕێککەوتنی 11ی ئازار واژۆ دەکرا، وتی من قەناعەتم نییە، باوەڕم بە بەعس نییە و ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ ناکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئێوە زۆرینەن و بڕیارتان داوە، منیش ڕەزامەندم؛ ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە باوەڕی تەواوی بە دیموکراسی هەبوو.

پرسیار: وەکوو کۆتا پرسیار ئایا بارزانی لە دۆستایەتیی شا و ئەمریکادا هەڵە بوو؟
موحسین دزەیی: من بە هەڵەی نازانم، چونکە ئێستاش مرۆڤ ئەگەر بزانێت بەرژەوەندییەک لە دۆستایەتی لەگەڵ شەیتانیشدا بێت، هەوڵ دەدا ئەم دۆستایەتییە بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەی؛ لەبەر ئەوە من هیچ بە هەڵەی نازانم و بارزانی قەناعەتی وابوو کە لە ڕێگەی دۆستایەتی بتوانێت بەرژەوەندییەکی کورد جێبەجێ بکات، هەرچەند باوەڕی بە [دۆستایەتیی] شا و ئەمریکا نەبووە، بەڵام ئەو کات هەر ئەوان بوون کە ئامادەییان پیشان داوە پشتگیریی کورد بکەن، بارزانی نەمریش هەوڵی داوە کە ئەم دۆستایەتییە بۆ بەرژەوەندیی کورد بەکاربهێنێت، لەبەر ئەوە من بە هەڵەی نازانم.

پرسیار: ئەو لەو ڕوانگەیەوە بینیوێتی کە لە خزمەتی کورددایە.
موحسین دزەیی: بەڵێ، هەموو پەیوەندییەکانی بارزانی هەڵقوڵابوو لەوەی کە بەرژەوەندیی کوردی تێدا بێت، هەر جۆرە پەیوەندییەکی دروستکردبێت، دەیویست کە بەرژەوەندییەکانی کوردی تێدا بێت.

پرسیار: خۆی بابەتەکە لێرەوە دێت کە بەرژەوەندیی کورد دەستەبەر نەبوو.
موحسین دزەیی: بەڵێ دەستەبەر نەبوو، بەڵام ئەمە ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لۆمەی مەلا مستەفا بکرێت، ئەو وای بینیوە و ئیتر لایەنەکەی دیکە خیانەتی کردووە و لۆمەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوان.

پرسیار؛ زۆر سوپاست دەکەین بەڕاستی، زۆر ماندوومان کردی.
موحسین دزەیی: نەخێر، سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ هاتنتان و ئومێد دەکەم سوودبەخش بێت، هەر وەک لە سەرەتاوە وتم مومکین نییە بتوانین کە هەموو شتێکی بارزانی باس بکەین، هەموو تایبەتمەندییەکانی سەرکردەیەکی ئەوها مەزن بە تێروتەسەلی باس ناکرێت بەڵام ئەوەی توانیمان، ئومێد دەکەین کە سوودی هەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-02-29

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-02-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردە و ئاشتیخواز	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net 29-02-2024
کاتی تۆمارکردن: 2024-03-01
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 506

مێژوو چۆن باس لە خەسڵەتەکانی (ئیدریس بارزانی)دەکات؟

20250824153716652794=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هیوا ئەحمەد مستەفا

ئەمڕۆش نەبێت سبەی باس لەکار و کردەوە و خوو ڕەوشت و خەدەو خەسڵەتە تایبەتەکانی ژیانی من و تۆ و ئەوو ئەوانی تریش دەکرێ.

هەرکەسە و بە قەوارە و قەبارەی بڕشت و توانا و ناوو ناوبانگ و کاریگەرییەکانی لەسەر دەوروبەری پڕۆفایلێک، کەیسێک، مێژوویەکی هەیە، لە ئاستی (خێزان، کۆمەڵەیەک، هۆزێک، ناوچەیەک و نەتەوەیەک)، ڕەنگە زیاتریش شوێن پەنجەی خۆی بەجێ دێڵێ، جا ئەوشوێن پەنجە و یادەوەری و مێژوویە باشبێ یان خراپ، دواتر لەمەحەک دەدرێ و هەرکەسە بەشێوازێک هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات.

هەندێک لەمرۆڤەکان کە لەدایک دەبن، لەخێزاندا بۆ خۆیان پەروەردە دەکرێن، هەندێک بۆ هۆزێک و نەتەوەیەک.

ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفای بارزانی، کە هەر لە منداڵییەوە سەرمەست و ئاشقی ناوی باوکی و باپیرانی بووە. بەلاوێتی ڕێگای ئەوانی گرتووە و بۆ گەورەتر لە خێزان و هۆزێک گۆشکراوە و تێکۆشاوە.

شاراوەنییە کە ئەوانەی لەخێزانی سیاسیدا پەروەردە دەبن زۆربەیان هەمان وابەستەییان بۆ کاری سیاسی دەبێ.

ئیدریس بارزانی یەکێک بووە لەوانەی پەروەردەی خێزان و بنەماڵەیەکی گەورەی سیاسی بووە، بۆیەش لەتەمەنێکی پێشوەختەی پێگەیشتووی لەڕووی جەستەیی و بایۆلۆجیەوە، دەچێتە ناو کایەی سیاسی، ئەوەش بەکاریگەریی باوکی خۆی (مەلا مستەفای بارزانی) کە ڕابەرایەتی جوواڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستانی کردووە، نەک هەر لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، بەڵکوو دوای بەشداری کارا و پڕ هیمەتی لە کۆماری کوردستان لەمەهاباد، بە سەرۆکایەتی (پێشەوای نەمر، قازی محەمەد)هێندەی تریش بووەتە هێمای بەرخودانی نەتەوەی کورد، ئەویان بۆ سەر هەمان ڕێباز ڕاکێشاوە.

ئیدریس بارزانی، خوێندەوار و زمان زان بووە، ئەوەی من لە ڕێگەی مێژووەکەیەوە زانیاریم لەسەری هەیە، زمانەکانی عەرەبی و فارسی زۆر باش زانیووە و لە زمانی کوردیش بەهەردوو دیالێکتی کرمانجی سەرو و خوارو نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنی هەبووە.

زۆر سەرسامی هۆنراوەکانی خانی، جزیری، حاجی قادر، جەلالە دینی ڕۆمی، هەژار و هێدی و هیی تریش بووە.

مێژووی ئەو سەرکردەمان پێمان دەڵێت (ئیدریس بارزانی) کەسێکی ڕووخۆش، جددی، وریا و زیرەک، خۆنەویست و قوربانی دەر بە بەژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆی بووە.

ڕادەی بڕوای ئەو، بە کورد و دۆزی ڕەوای میللەتەکەی، گەیشتۆتە ئاستی چڵەتۆپە و لووتکە.

کەسێک بووە زۆر دژی ستەم و غەدر بووە، زۆر بەسادەیی ژیاوە، نەک هەر خۆی بەزلزان و بەگەورە نەزانیووە، تەنانەت دانووی لەگەڵ ئەوانەشدا نەکوڵاوە کە ئەو ئاکارانەیان هەبووە.

کەسێک بووە زۆر بەدوای ئاشتیدا گەڕاوە، ئاشتی بۆ خێزان، بۆحزب و حزبەکانی تر، بۆ کۆمەڵگە و بۆ مرۆڤایەتی.

بڕوای تەواوی بە تێکۆشانی ئافرەت هەبووە، لە خەباتی سیاسی، بە شێوازێک کە پێچەوانەی ئایین و کلتوری کوردستان نەبووبێت.

کەسێکی زۆر ڕاستگۆبووە لە بەڵێندان بە هەڤاڵەکانی.

سیاسەتمەدارێکی گەورەبووە، بەڵام هەرگیز لەژێر ناوی سیاسەتدا، چاڵی بۆ کەس و بۆ ڕکابەرەکانی و تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی، لە کاتی ئاشتی و دۆستایەتیدا هەڵنەکەندووە، دیارە هەر لەبەر ئەوە بووە کە دوژمنەکانی پارتی و

گەلی کوردیش بڕوا و متمانەیان بە بەڵێنەکانی ئەو سەرکردە مەزنە هەبووە.
لەناو پارتیدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە و جەنابی کاک (مەسعود بارزانی) سەرۆکی حزب بووە، بەڵام هەرگیز جەنابی سەرۆک بارزانی لەڕاو سەرنج و بڕیارەکانیدا دژی نەوەستاوەتەوە و هەموو شتێکیان بە مشوەرەت کردووە، لەبەر ئەوەی لەتەمەندا کاک ئیدریس لەو گەورەتر بووە، ئەوەش بۆ یەکێک لە خەسڵەت و پەروەردەی جوانی ژێر دەستی (مەلا مستەفا) دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش زانیویەتی چەندە شایستە و شارەزا و دڵسۆزی گەل و حزب و ڕێبازەکەیەتی.
جگە لەوەش، برایەتی نێوان (کاک مەسعود و کاک ئیدریس) زۆر خۆش و بەهێزبووە، بەشێوەیەک کەهەموو تەمەنیان بەیەکەوەبوون و زیاتر وەک دوو هاوڕێ ژیاون، کە ڕاز و نیاز و نەهێنی ژیانی کەسی و تایبەتیی و حزبی سیاسی و خۆشی و ناخۆشی هاوبەشیان لەیەک کەشکۆڵدا کۆکردووەتەوە و هەگرتووە و ئاڕاستەکردووە.
لەڕووی دینداریەوە، ئەگەر نامەکانی ئیدریس بارزانی بخوێنەوە کە لە شۆڕشی ئەیلول بۆ فەرماندەکانی پێشمەرگە و کەسایەتییەکان نووسیویەتی، یان ئەو نامانەی لە شۆڕشی گوڵان نووسیونی، من زۆر بە دیقەت بەشیک لە دەست خەت و نووسینەکانیم خوێندونەتەوە، تێبینی ئەوەم کرد، لە هەر هەمووی ناوی (خوا) دێنێ، ئەوەی هەستم پێکرد لەنامە کەسییەکان و فەرمییەکانیشیدا جۆرێک لە تەسەوف، جۆرێک لە پەرستنی (خودا)ی تێدا دەبینرێ، کە لە نووسینی کەم کەسی تردا ئەو جۆرە پشتبەستنەم بە (خودا) بینیووە.
دیارە سەرچاوەی ئەو ڕاستگۆیی و پاکی دڵسۆزی ڕەوشت بەرزیەشی بۆ ئەو بڕوا ڕەهایەی گەڕاوەتەوە کە بەنادیار و (غیب) هەیبووە کە خوای خۆی بووە، پێی وابووە لە (غەیبەوە نادیار) چاودێری هەموو گفتار و ئاکار و کردارێکی دەکرێت، بۆیە تا پێی بکرێت نابێت شتێکی وابکات کە خوا پێی ناخۆشبێ.
یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی ئەو زاتە گەورەیە ئەوەبووە کە ئەگەر کەسێک لەوپەڕی نیگەرانیدابوبێت، کە ئیدریس بارزانی بینیووە و دەرفەتی وەرگرتووە، قسە بکات، ئیدی بەتەواوی ڕازی دڵی خۆی بۆ کردووەتەوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە لە کەسایەتی ئیدریس بارزانیدا جۆرێک لە جازیبە و ڕاکێشانی تێدابووە کە بەرانبەرەکەی لە ئاستی ئەودا هەستی بە دڵنیایتو پشتیوانی و ئۆقرەیی و ئارامی کردووە، ڕەوشێکی ئارام، هەم لە پاراستنی خۆی و هەم لەپاستنی نەهێنییەکانی، ئەوەش خەسڵێتێکە لەکەم کەسدا بەدیدەکرێ.
لەڕووی دیقەت و ترکیزەوە ئەوەی پێی دەوترێت (فۆکس)هاوەڵە زۆر نزیکەکانی دەڵێن:
ئیدریس بارزانی دەیتوانی لەیەک کاتدا (نامە بنووسێت و گوێ لەڕادیۆش ڕابگرێت و جاربەجار قسەلەگەڵ دەوروبەریشیدا بکات)
یەکێکی تر دەڵێت: ئەگەر لەژوورێک دانیشتباین کەسێک بەرانبەر بە ئەو نامەیەکی نووسیبا، لەدوری چەند مەترێک دەیزانی ئەوەی بەرانبەرەکەی چی دەنووسێت، هەر بۆیە بۆمجامەلە و بۆخۆشی بەنووسەرەکەی دەگوت:
سەلامی منیش بۆ کاک فلان بنووسە، ئەویش دەیپرسی: جەنابت چۆن دەزانی من بۆ ئەو کەسە نامە دەنووسم؟ لە وەڵامدا دەیوت: بەجوڵاندنی قەڵەمەکەت دەزانم چی دەنووسی.
لەڕووی ئاشتەوایی:
مێژوو و قەدەری گەلی کوردستان وابووە بەداخەوە زۆر جار تووشی کارەساتی ناخۆشی شەڕی ناخۆی براکوژی بوینەتەوە، لە دوای ساڵی 1978 لە سەردەمی شۆڕشی چەکدارانە لە شاخ، کۆمەڵێک شەڕی ناخۆیی لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕوویانداوە، تا سەر ئەنجام لە ساڵی 1986 پارتی و یەکێتی گەیشتنە ڕێککەوتنێک و دواترش بەرەی کورستانی پێ دروست بوو، سەر ئەنجام ساڵی 1991 ڕاپەڕینی لە بەرهەم هات.
جا ئەو ڕێکەوتنەی پارتی و یەکێتی کە ساڵی 1986 هاتە ئارا، لەلایەن پارتییەوە کاک ئیدریس و لەلایەن یەکێتیش بەڕێز (مام جەلال) مۆری کردووە، بەڵام خودی ڕێکەوتنەکە لەلایەن پارتی و لەسەر پێشنیاری کاک ئیدریس بارزانی پێشکەش کراوە و ئەو دەستپێشخەر بووە، بۆیە لای هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی ناو دەبرێ.

لەڕووی سەربازییەوە، ئیدریس بارزانی فەرماندەیەکی لێهاتوو بەسەلیقە بووە، لەڕووی دیپلۆماسی ساڵی 1970 لەگەڵ کاک مەسعود و شاندی پارتی، سەرۆکایەتی شاندی پارتی کردووە بۆ بەغدا و بە ئامادەبوونی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن بەیاننامەی 11 ئازار خوێنراوەتەوە ئەو سەرۆکی شاندی پارتی بووە.
ساڵی 1972 سەردانی ئەمریکای کردووە و ئەو دامەزرێنەری پەیوەندی نێوان پارتی و ئەمریکایە.
واتا هەم سیاسی و دیپلۆماتکار بووە و هەمیش سەربازی و پشمەرگە.
لەڕووی کۆمەڵایەتی، دوای نەکسەی ساڵی 1975 ژیانی هەزاران پێشمەرگە و ئاوارە لە ئێران کەوتە مەترسی و ناخۆشی، ئەو زاتە لەگەڵ ئازاری خەڵکەکەدا ژیاوە و شەوو ڕۆژاوارەکانی بینیووە، نەک هەر لەناو بارەگا، بەڵکوو ماڵەکەی خۆی بۆ هەموویان والا کردووە و توانا پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بۆ چارەسەری گرفتی ئاوارەکان، بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەران و جێگا و ڕێگاو خواردن و ئازوقە بۆیان تەرخانکردووە و خۆی لە خەڵکەکە بەخاوەن زانیووە.
لە ڕووی سەربازیەوە هەر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول و شەڕی داستانی سەفین و هەندرێنەوە تادەگاتە شۆڕشی گوڵان، بەئەوپەڕی لێهاتوییەوە شوێن پەنجەی دیاربووە.
ئەمڕۆ کە یادی کۆچی ناوادەی ئەو تێکۆشەرەی کوردستان و پارتیمان دەکەینەوە، سڵاو بۆ ڕوحی پاک و بێ گەردی ئەو زاتە و تێکڕای شەهیدان و تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان دەنێرین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Facebook ئێزیدخان 30-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 24-08-2025

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 507
مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردی باشوور
20230107145916457097=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



د. سامان شاڵی
جەنگی جیهانی یەکەم:
مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکی (وودرۆو ویلسون) . لە 08-12-1918 بۆ یەکەم جار حکومەتی ئەمەریکی پشتگیری کوردی کرد لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی کۆنگرێس، و لە بەیاننامەیەکی 14 خاڵیدا ئاماژەی بە مافی ڕزگارکردنی میللەتی کورد و ئەرمەنی کرد لەژێر دەستی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بەو پاساوەی کە دەوڵەت درووستبکرێت بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان. هەرچەندە ئەم بەیاننامەیە بە خۆشحاڵیەوە وەرگیرا لەلایەن دیبلۆماتکارانەوە کە ئامادەبوون لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە فەرەنسا، بەڵام هاوپەیمانەکان هیچ بایەخێکیان بەم پشتگیریە نەدا لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ڕۆڵێکی گرنگی نەبوو لە ناوچەکەدا و لە پێناوی ئاشتی ناوچەکە دەوڵەتە زلهێزەکان بە ئەمەریکاشەوە پێیاباشتر بوو کە تورکیا ڕازی بکەن و مەسەلەی کورد بچوککرایەوە بۆ مەسەلەیەک کە لە دواییدا بڕیاری لەسەر بدرێت لەلایەن دەوڵەتە نوێیەکانی ناوچەکە نەک بڕیاری دەوڵەتە زلهێزەکان.

داکوتانی دەسەڵات لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پابەندن بە پشتگیری دەرەکی و ئەوەش بە زۆری بەستراوە بەو ململانێیەی کە لە ناوچەکەدا سەریهەڵدابوو بەهۆی جەنگی سارد و دابەشبوونی ئایدیۆلۆژی و ئۆردوگاکانی ڕاست و چەپ.
سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەمیشە خولیای ململانییە ئیقلیمییەکان و مەترسییەکانیان بووە، و هەروەها هەموکاتێک توانیویەتی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لاوازبکات لە ڕێی مەسەلەی کوردەوە و ئەمەش زیاتر نەهامەتی بۆ کورد دروستکردووە. هەمیشە ئەمەریکا جەختی کردووەتەوە لەسەر سەقامگیری ناوچەکە لەسەر حیسابی مەسەلەی کورد. بە شێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانە بوو بە هۆی تەهمیشکردنی کورد.
ئەوەی ڕاستە شەش هۆکاری سەرەکی هەن بۆ دەستنیشانکردی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و کورد:
1- پەیوەندییەکانی ئەمەریکا بە دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە
2- پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەو حکومەتانەی کە لەناو دەوڵەتەکانیاندا دەژین
3- توانای دەوڵەتەکانی ناوچەکە
4- گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا
5- گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
6- یەکگرتویی کورد لەناو ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین و کارکردنیان پێکەوە وەکوو یەک هێزی بەتوانا و یەک دەنگ.
جەنگی جیهانی دووەم:
لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕۆڵی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەتر بوو، بەڵام بەپێی مێژوونووسان ئەمەریکا هیچ قورسیەکی نەدا بە مەسەلەی کورد. بویە لە 1946دا ئەمەریکا پشتگیری حکومەتی ئێرانی کرد لەسەرکوتکردنی شۆڕشی قازی محەمەد لەبەر ئەوەی کۆماری مەهاباد هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو. ئەمە سەرەتای جەنگی سارد بوو لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت و لە کاتێکدا کە ئەمەریکا بیروباوەڕی شیوعییەتی بە مەترسی دادەنا لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی. ئەم هەنگاوەش بۆ ئەمەریکا بە دژایەتی دادەنرا چونکە کۆماری مەهاباد بە بەرهەمێکی سۆڤیەتی ئەژمار دەکرا.
سیاسەتە لاوازەکانی ئەمەریکا بەرانبەر بە کورد لە سەدەی بیستەم دا
بە پێی وتەکانی د. مەحمود عوسمان مستەفا بارزانی باوەڕی وابوو کە ماف و ئامانجەکانی گەلی کورد نایەنەدی ئەگەر یەکێک یان هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکوو ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت ئەوکات پشتگیری نەکەن. کاتێک کە لە سۆڤیەت دەژیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەی کورد لە ئەجیندای ڕووسەکاندا نییە، لەبەر ئەوە کە هاتەوە بۆ ئێراق لە 05-10-1958 دا هەوڵەکانی خۆی خستەگەر بۆ دەستپێکی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەمەریکا. و لەو کاتەدا کە بارزانی پەیوەندی دەکرد بە حکومەتی ئەمەریکییەوە. ئەمەریکا مەسەلەی کوردی ئیعتیبار دەکرد بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و نەیدەویست خۆی تێوەبگلێنێت بەڵام ئەو ڕاستییەی دەیزانی کە دەتوانێت کورد بەکاربهێنێت بۆ لاوازکردنی حکومەتە ناوەندەکانی ناوچەکە لەهەرکاتێکدا.
لە 1965دا بارزانی دوو نووسراوی بۆ سەفیری ئەمەریکی لە تاران نارد، کە تیایاندا داخوازی هاریکاری ئەوانی کردبوو لە کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی ئێراق. یەکەم هاریکاری ئەمەریکا بۆ کورد 14 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو کە لە ئابی 1969دا لە پاش نامەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ولیام ڕوجرز لە 22-04-1969 دا ناردیان، هۆکاری ئەم هاریکاریە هاندانی پەیوەندی کورد و شای ئێران بوو لەگەڵ پابەند بوونی ئەمەریکا بۆ هاریکاری کوردی ئێراق لە ڕووخاندنی حکومەتی ئێراق بە مرجیک هاریکاری سۆڤیەت ڕەتکەنەوەی.
ئەوەی شایەنی باسە شۆڕشەکانی کوردی ئێراق ڕێکخستنێکی بەهێزتریان بەخۆوە دەبینی بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشی پارچەکانی تری کوردستان، و نزیکبوونەوەی حکومەتی بەعسی ئێراق لە یەکێتی سۆڤیەت ئیشارەت بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سۆڤیەت لە ئێراق بە ناوچە کوردییەکانیشیەوە. ئەمانە دڵەڕاوکێیان بۆ ئەمەریکا دروستکرد و هەر ئەم دڵەڕاوکێیە بوو کە دەرگایەکی نوێی بۆ مەسەلەی کورد کردەوە و بوو بەهۆی

پەیوەندیکردنی سەرەتایی ئەمەریکا بە کوردەوە لە ساڵی 1969 و بەتەنیاش لەگەڵ کوردی ئێراق بەدەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بەڵام ئەو هاریکاریانە و پەیوەیوەندیەکانش ساردیان بەخۆیانەوە بینی پاش بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970.

بەیاننامەی 11-03-1970 ئیعلانکردنی حوکمی زاتی بوو بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێراق و ڕێکەوتنی حکومەتی ئێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان. مەکتبی سیاسی پارتی دیموکرات لەو کاتەدا قەناعەتیان بە بارزانی کرد کە واژوو بکات لەسەر ئەم ڕێکەوتنە سەرپای نارەزایی بارزانی و بێ متمانەیی بە حکومەتی ئێراق کە بنەماکەی دەگەڕایەوە بۆ تەجروبەکانی لە 1963ەوە. ئەم بێمتمانەییەی بارزانی بە حکومەتی بەعس سەلمێندرا لەکاتێک هەوڵی کوشتنی خۆیان دا لە 29ی ئەیلولی 1971و هەروەها هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانیش لە 06-12-1970 دا. ئەمانە هەمویان پاڵنەری زیاتر بوون بۆ کوردی ئێراق لە دەسپێکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێراق لە نییەتیدا نەبوو پابەند بێت بەو ڕێکەوتنە بەڵکوو تەنیا کاتی دەویست بۆ کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی مالی خۆی.

لە ئاداری 1972 نوێنەری مستەفا بارزانی (زەید ڕحمد عوسمان) نامەیەکی زمانی بارزانی گەیاندە حکومەتی ئەمەریکا کەتیایدا داوای کۆبوونەوەی دەکرد لەگەڵ ئەمەریکییەکان لە ڕێگای عێمت کەتانییەوە کە لەو کاتەدا یاریدەدەری ئەمینی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئەویش نامەکەی گەیاندە جۆرج بوش (باوک) کە لەو کاتەدا نوێنەری ئەمەریکا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان.
لە 28-03-1972 جۆرج بوش نامەکەی هاوپێچی نامەی خۆی کرد بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو تیایدا نووسیبوو ڕاوێژکاری بارزانی زەید عوسمان داوی کۆبوونەوە دەکات لەگەڵ وەزیر کێسنجەر و من لە ڕێگای عێمت کەتانییەوە، کەتانی ئەم کارە بەنهێنی دەکات وەکوو کوردێک و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد نەک وەکوو نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها لەتێبینییەکەشیدا نووسیبوی عێمت کەتانی کەسایەتییەکی خۆشەویستە لە نەتەوەیەگرتووەکان و گومان نییە کە ئەو زەید عوسمان وەکوو نوێنەری بارزانی پەسەند ئەکات. وەئێمە لەسەر ڕێنماییەکانی وەزارتی دەرەوە پەیوەندی لەگەڵ دەکەین. تکایە وەڵاممان بدەنەوە کە کۆبوونەوە بکەین لەگەڵ نوێنەری بارزانی یان نا؟
لە 29-03-1972 وەزارەتی دەروەی ئەمەریکا وەڵامی دایەوە: ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر پەیوندیە تەلەفۆنییەکەی ئەمڕۆ بۆ کۆبوونەوەی باڵیۆز جۆرج بوش لەگەڵ زەید عوسمان نوێنەری سەرۆکی کورد مستەفا بارزانی. وەزارەتی دەرەوە هیچ ڕێگرییەکی نییە تەئکید دەکەینەوە کە باڵیۆز بوش نوێنەری سەرۆک بارزانی ببینێت و ئێمەش لە واشنتۆن هەمان سیاسەت بەکار دەهێنین. ئێمە جەخت لەسەر سیاسەتێکی دووڕودڕێژ دەکەین بۆکوبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەکی نهێنی و گوێبگرین لە وتەکانیان.

لە 03-04-1972 کۆبوونەوە لەنێوان تی جەی سکۆتز و زەید عوسمان کرا لە واشنتۆن لە ئوتێل های ڕدمز لەسەر داوای زەید عوسمان بوو، تیایدا ئاماژەی بەم خاڵانەی کرد:
1. پاش دوا سەردانی سەدام حسێن بۆ مۆسکۆ نفوزی ڕووسیا لەناو ئێراق زیادیکردووە.
2. ڕووسەکان فشاریان خستووەتە سەر بارزانی و شیوعییەکان و بەعسییەکان کە حکومەتێکی نیشتمانی دروستبکەن بۆ جەختکردنەوە لەسەر نفوزی ڕووسیا لە ئێراق.
3. بارزانی ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە ببێت بە بەشێک لەم بەرە نیشتمانییەدا چونکە دەترسێت کە حزبی بەعس حزبەکەی لەناوبەرێت (پارتی دیموکراسی کوردستان) .
4. بارزانی داوای یارمەتیی ئابووری و سەربازی دەکات بوو ئەوەی بتوانێت حوکومەتێک لە مەنفا دروست بکات لە کورد و عەرب، لە ناوچە کوردییەکان بۆ ئەوەی ئامادەبێت حوکم بگرێتە دەست کاتێک حکومەتی

سەدام نەما.
5. یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ بارزانی دەتوانرێت ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای لایەنی سێیەمەوە بێت وەکوو مەلیک حسێن.

لە 09-04-1972 دا، حکومەتی ئێراق ڕێکەوتنێکی تەواوی واژوو کرد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە و کۆمپانیای نەوتی ئێراق خۆمالّی (تاَمیم) کرد لە 01-06-1972دا. ئەمە دەخوێنرایەوە بە مەترسی لەسەر ئێران و هەروەها لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش چونکە سۆڤیەتی بە هێزتر دەکرد لە ناوچەکەدا، ئەمە وای لە شای ئێران کرد کە بۆ بەرژەوەندی خۆی فشار بخاتە سەر حکومەتی ئەمەریکی بۆ دایەلۆگ زیاتر لەگەڵ کوردەکانی ئێراق.
ئەوەی شایەنی باسە ئێران هەردەم بانگەشەی خاوەندارێتی دوورگەکانی ئەبوو موسا و تونبی گەورە و بچوک دەکرد و چاوی خستبوە سەر سەرچاوە نەوتییەکانی کەنداوی عەرەبی و دەشیویست سەروەری لەسەر نیوەی شەت و لعەرەب بکات لەسەرو ئەمانەشەوە پەیوەندی ئێراق و سۆڤیەت و ڕوانگەی شای ئێران بۆ ڕژێمی ئێراقی نوێ (کە ناوی نا بوو بە ڕژێمێکی شێت) دوو هۆکاری زیاتر بوون بۆ مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا. لە تموزی 1972دا یەکەم وەفدی کوردی لە ئیدریس بارزانی و د. مەحمود عوسمان پێکهاتبوو بە نهێنی کۆبوونەوەیان لەگەڵ سی ئای ئەی کرد و لە ئەمەریکا، ئەمە بوو بە سەرەتای پەیوەندی وێنەی کوردی باشور لەگەڵ ئەمەریکا بەڵام بە نهینی مایەوە. و لە ئابی 1972دا ئەمەریکا هاوکاری کوردی ئێراق کرد بە چەک و دارایی تا بڕی 16 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی و ئەم هاوکاریە بەردەوام بوو تا ڕێکەوتنی جەزائیر06-03-1975. (لێرەدا کورد بەکارهێنرا وەک کارتێکی فشار لەسەر حکومەتی ئێراق بۆ بەدیهێنانی ئامانج و داواکاریەکانی شای ئێران و ئەو هاوکاریەی ئەمەریکاش بۆ کوردی باشوور لە کاردانەوەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بوو، لەو ڕوانگەوە کە ناوچەکە بپارێزێت لە دەستەڵاتی سۆڤیەت و کۆنترۆڵکردنی تەماعەکانی شای ئێران و سەددام حسێن لە نەوتی کەنداو، نەک پێخۆشحاڵی بە هاوکاری کورد.)

ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا بوو بە هۆی سزادانێکی توند بۆ نەتەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە وەکوو لای خوارەوە:
1- ونبوونی 182هەزار کورد لە هەڵمەتی ئەنفالدا.
2- بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە هەڵەبجەو کوشتنی 5 هەزار منداڵ، ئافرەت و پیری کورد و بریندار بوونی زیاتر لە 10هەزاری تر.
3- کۆڕان و ونبوونی 8 هەزار بارزانی.
4- کۆڕان و ونبوونی زیاتر لە 12هەزار کوردی فەیلی.
5- 4500 گوندیان وێرانکرد وەدانیشتووانەکەی ڕاگوێزرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە دروستکراوەکانی نزیک شارەکان.

لە 1975 تا 1991 هیچ پەیوەندییەکی وێنەیی نەبووە لەنێوان ئەمەریکا و کورد، کورد بە تەنیا بەرەنگاری چارەنووسی خۆی بوەوە لە ناوچەکەدا.
لەپاش شکستهێنانی سیاسی شۆڕشی کوردی لە 6ی ئاداری 1975دا، ئەمەریکا مامەڵەی لەگەڵ کوردا بە حاڵەتێکی تایبەت دانا لە چوارچێوەی سیاسەتە هەرێمییەکانی خۆی کە دایرشتبوو بۆ ئەو لایەنانەی حکومی نین بەڵام چالاکن. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (هینری کیسینجەر) لە ڕاگەیاندنێکیدا ساڕێژی بریتی میللەتی کوردی کرد بەو وتەیەی کاری نهێنی نابێت تێکەڵ بکرێت بە کاری تەبشیری . ....

ڕۆڵی کورد لە ئێراقدا یەکلاکەرەوەبوو بۆ بەرژەوەندییە سیاسییە دەرەکییەکانی ئەمەریکا و شای ئێران لە

حەفتاکان و کاریگەرییەکی سەرەکی هەبوو لەسەر ڕووداوەکانی شەری ئێران- ئێراق.
ڕێکەوتنی جەزائیر چەرخێکی نوێی هێنایە پێش لە بزووتنەوەی کوردی باشووری کوردستان کە کۆمەڵێک حیزبی عیلمانی و ئیسلامی تری بەدوای خۆیدا درووست بوون.
لە پاش ڕووخاندنی شای ئێران لە 16-01-1979 و درووست بوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێران، کوردەکان لەبەر ململانێ ناوخۆییەکانیان نەیانتوانی کار بکەن لەسەر پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتانی تر. و دابەشبوونی کوردی باشوور بەسەر ئێران و ئێراق لەگەڵ شەری ئێران- ئێراق بۆ ئەمەریکا جێی بایەخ بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا. بۆ هەشت ساڵ ئەمەریکا یاریدەدەری سەرەکی هەردوو وڵات بوو، لەبەر ئەوە چاوی خۆی پۆشی لەسەر تاوانەکانی حکومەتی ئێراق بەرانبەر بە کورد بەکارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەشەوە.

پشتگوێخستنی ئەمەریکا بۆ کورد لە دەرئەنجامی پابەندبوونی هەڵبژاردەکانی بۆ حکومەتە ئیقلیمییەکان گەیشتە لوتکە لە ماوەی جەنگی ئێران – ئێراق (1980- 1988) . و لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی بازرگانی بەهێزی دروستکردبوو لەگەڵ حکومەتی ئێراق و بری هەناردەی نەوتی ئێراق ڕۆژانە دەگەیشتە 500 هەزار بەرمیل لە ساڵەکانی 1988بۆ 1991.

لە جەنگی کەنداوی یەکەم لە شوباتی 1991 ئەمەریکا داوای لە کورد و شیعەی ئێراق کرد کە هەڵسن بەرووی حکومەتی ئێراق و ئەوانیش کردیان. بەڵام زوربەی سیاسەتمەدارەکانی واشنگتۆن دەیانوت ئەو داواکاریە لەو ڕوانگەیەوە نەبووە کە ئەمەریکا سیاسەتی خۆی گۆڕیبێت بەرانبەر بە کورد بەڵکوو بۆ لاوازکردنی حکومەتی ئێراق بووە.
بەڵام لەپاش ڕاپەڕین و سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمەریکا، کورد و شیعە لاوەنران و ئەمەریکا ڕێکەوت لەگەڵ سەدام. بەڵام پاش ڕەوە مێژوویەکەی گەلی کورد، و لەژێر فشاری جیهانی و بڕیاری 688ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 08-04-1991دا، ئەمەریکا هەڵبژاردەی لەپێشدا نەما تەنیا پارێزگاری کردن نەبێت لە کورد. ئەمەریکا لەو کاتەشدا سیاسەتی خۆی نەگۆری بەڵام ئەو پارێزگاریکردنەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بوو بەهۆی دروستبوونی پەڕڵەمان و حکومەتی کوردی کە ئەمڕۆ ناودەبرێت بە هەرێمی کوردستان. بەمە گورانکاریەکی گرنگ دروستبوو لە سیاسەتی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد.

شەری ناوخۆی کوردی باشوور لە حوزەیرانی 1994دا هیچ بایەخێکی گرنکی پێنەدرا لەلایەن ئەمەریکاوە هەرچندە ئەمەریکا بەشداری کرد لە بەشێک لە کوبوونەکانی پارتی وەیکیتی دا . بەڵام کاتێک کە ڕۆڵی ئێران بەهێز بوو لە ناوچەکە و لێژنەی پشکنینی چەکی بەکۆمەڵکوژی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن سەدامەوە ڕەتکرایەوە لەسەردانی دامەزراوە هەستیارەکانی ئێراق بکات، لە حوزیرانی 1997 دا ئەمەریکا ڕێگای دا بەکردنەوەی نوێنەرایەتی حوکومەتی هەرێم لە واشنتۆن، ئەمەش پەیوەندییەکانی ئەمەریکای گەیاندە ئاستێکی باڵا و وێنەی لەگەڵ حوکومەتی هەرێم. لە ئەیلولی 1998 ئەمەریکا کوردەکانی کۆکردەوە، بارزانی و تاڵەبانی ڕێکەوتنی واشنتۆنیان واژوو کرد بەرەزامەندی ئەمەریکا و لەژێر چاودێری وەزیری دەرەوە مادلێن ئۆلبراید (ئەمەش دادەنرێت بە یەکەم بەڵگەنامەی کورد کە واژووی ئەمەریکی لەسەر بێت) ، هەروەها واژوکردنی بیل کلینتۆن لەسەر یاسای ئازاد کردنی ئێراق لە 31-10-1998 ڕاگەیەنراوێکی ڕاشکاوانە بوو لەلایەن ئەمەریکاوە کە کورد یەکەم هاوپەیمانە کە دەوڵەت نەبێت بەڵام هاوسەنگیەک لە ناوچەکەدا درووست بکات، و پاشان ئەمەریکا 97 ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بوو یارمەتییدانی موعارەزەی ئێراقی بۆ ڕووخاندنی سەدام.
لە 30-10-1999 موعارەزەی ئێراقی بەفەرمی کۆبوەوە لەژێر چاودێری ئەمەریکا لە نیۆیۆرک بە نوێنەرایەتی جەلال تاڵەبانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سامی عەبد الڕەحمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و

هەندێک کەسایەتی تری کورد و ئیتر ئەم کۆبوونەوەیە بوو بە بناغەیەک بۆ ڕووخاندنی حکومەتی سەددام.

لە 2003دا ئاستێکی نوێی دیبلۆماسی لەنێوان کورد و ئەمەریکا هاتە کایەوە و کورد هاریکاری ئەمەریکای کرد بۆ لەناوبردنی حکومەتی سەددام. لە 12-07-2003 مەجلسی حوکم لە ئێراقدا دروستکرا لە 25 کەسایەتی ئێراق کە 6 کەسیان کورد بوون، لەو 25ە 12 کەسایەتیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی حکومی ئێراق بکەن بۆ یەک ساڵ یەکی یەک مانگ و بە ڕێزبەندی ئەلفابێتی ناوەکانیان حوکم بکەن، جەلال تاڵەبانی لە 1 بۆ 30 تشرینی یەکەم و مەسعود بارزانی 1 بۆ 30ی نیسانی 2003 . لە06-04-2005 ئەمەریکا ڕەزامەندی نیشاندا بۆ دانانی جەلال تاڵەبانی وەکوو یەکەم کورد لە مێژوی ئێراق کە ببێت بە سەرۆک کۆماری ئێراق و بۆ یەکەم جار بە فەرمی بەخێرهاتن لە شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی کرا لە کۆشکی سپی لە تشرینی یەکەمی 2005. و پاش ئەوەش جەلال تاڵەبانی چەند جارێکی ترسەردانی فەرمی کردووە بۆ ئەمەریکا وەکوو سەرۆک کومَاری ئێراق.

پاش ئەوەی ئۆباما لە 2008 دا بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا، بایەخێکی زیاتر درا بە بەغدا. کورد و سوننە پشتگوێخران لەسەر حیسابی شیعە و ڕۆڵی ئێران لە ئێراق تا دەهات زیادی کرد، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاستی دبلوماسی لەگەڵ کوردستان بەرزبوەوە بە کردنەوە کۆنسۆلیەتی ئەمەریکا لە هەولێر لە 20-06-2010، بەڵام ئۆباما تا کۆتایی حوکمکردنی هەر پێداگری لەسەر یەکگرتووی ئێراق دەکردەوە سەراپای بیروڕای بەشێکی سیاسەتمەداران لە ئەمەریکا کە دژی ئەو هەڵوێستەی ئۆباما بوون. هەرچەندە شەڕی دژ بە داعش لە 2014ەدا جارێکی تر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو کوردی نزیکتر کردەوە و ئەمجارەش پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی (سەربازی، سیاسی و ئابووری) و ڕێکدەخران و کورد بوو بە یاریزانێکی سەرەکی لە شەڕی دژ بەداعش بەڵام سیاسەتی ئۆباما هەر مەیلی بەرەو حکومەتی ناوەند بوو، تەنانەت ئەو بڕیارەش کە لە کۆمیتەی چەک لە کۆنگرێسی ئەمریکی دەرچوو بۆ هاریکاری ڕاستەوخۆی کورد و سوننە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەند کاری پێنەکرد تا کۆتایی کاتەکەی لەسەرۆکایەتیدا، بەڵام ئەمانە بۆچونێکی نوێیان هێنایە کایەوە لەلایەن سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد و پاشەرۆژی ئێراق.

بە پێی پەیمانەکانی دونالد ترەمپ (سەرۆکی نوێی ئەمەریکا) لە وتارەکانی بانگەشە و بیروبۆچونەکانی لە چاوپێکەوتنە میدیاییەکانیدا، وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو کورد هەڵبدرێتەوە و پەیوەندییەکان بەهێز و ڕێچکەیەکی پۆزەتیڤانە بگرن بەتایبەتیی لەو لایەنەوە کە پەیوەستن بە شەڕی دژ بە داعش و بڕیاری وەزارەتی بەرگڕی ئەمەریکا لە 19-04-2017 بۆ فرۆشتنی چەک بە پێشمەرگە وەکوو سوپایەکی سەربازی لەناو دەزگای بەرگری ئێراقدا گرنگییەکی خۆی هەیە لە مێژوی کورد و ئەمە یەکەم بڕیاری فەرمی وەزارەتێکی ئەمەریکایە کە تایبەت بێت بە کورد.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەمەریکا هێزێکی سەرەکییە لە جیهاندا و پشتگیری ئەوگەلێک گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام خاڵە هەستیارەکە ئەوەیە کە چۆن و لە کوێدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو کورد یەکدەگرن تا کورد ئەو ئامانجانە بەدیبهێنێت کە سەدان ساڵە خەونیان پێوە دەبینێت. ئەوەی لۆجیکە کورد دەستەڵاتی بەسەر سیاسەت و کاروکاردانەوەی ئەمەریکادا نییە بەڵام دەستەڵاتی بەسەر سیاسەت و کار و کاردانەوەی خۆیدا هەیە. و ڕاستە کە جیوگرافیای نیشتمانی کورد هۆکارێکی نەگەتیڤی بووە بەهۆی هەوڵی دەستەڵات و دەستێوەردانی نەتەوە و وڵاتانی دەوروپشت بەڵام بەشێکی شکستەکان گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆی لەروی نەبوونی یەکریزی نەتەوەیی و وانە وەرنەگرتن لە پێشوو و شی نەکردنەوەی زانستی بۆ شکستەکان، ئەمانە هەمویان نیشانەی لاوازی و ناتەباێی و بێمتمانەییە بەخۆ . ڕاستە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نابێت مساومەی لەسەر بکرێت بەڵام گەیاندنی ئەو مەسیجە بۆ وڵاتانی

جیهان (بە تایبەتیی بۆ وڵاتێکی زلهێزی وەکوو ئەمەریکا) و تێگەیاندنیان لە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دەبێت بە پلانێکی ئیستراجی نیشتمانییەوە بکرێن، و نەبوونی لۆبیەکی کوردی بەهێزو یەکگرتوو لە دەروەی وڵات بەهۆی ململانییە حزبیەکانەوە هۆکاربوون بۆ نەخستنی فشار لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیرینەکردنیان لە دۆزی کورد لە پێناو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان.

ئەوەی پێویستە لەسەر کورد کە کار لەسەر ئەم لایەنانەی لای خوارەوەدا بکات و باش شیانبکاتەوە و هەڵیانسەنگێنێت پێش هەر هەنگاوێک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتەکانی بەتایبەتیی لەگەڵ ئەمەریکادا:

1- لایەنی سیاسی: کورد دەبێت ببێت بە یاریزانێکی دبلوماسی گرنگ و پشتگیری لە سیاسەتی ئەمەریکا بکات بۆ سەقامگیری لە دیموکراسییەت و ئاشتی ناوچەکە.
2- لایەنی ئابووری: کورد دەبێت بەرژەوەندییە سیاسییە ئابووریەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بپارێزێت و لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان کاربکات بۆ گەشەپێدان بە ژێرخانی ئابووری کوردستان.
3- لایەنی سەربازی: کورد دەبێت هاوکاربێت (نەک هەر لە شەری دژ بە داعش) بەڵکوو ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ لە سەقامگیری ناوچەکە.
4- لایەنی مرۆڤایەتی: ڕێزلێنان و پابەندبوون بە مافی ئازادی ڕادەربڕین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
ڕۆژی دەرچوون: 2017-05-03

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.gulanmedia.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 508
مەرگی جەمال بەختیار.. ئاوابوونی یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەی هونەری نیگارکێشیی کوردی
20250712215759645383=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: وەک رێزگرتن لە تێکۆشان و بەرهەمە هونەرییەکانی، لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە (میدالیای بارزانی)ی پێ بەخشراوە
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

هونەرمەندی نیگارکێشی نازداری کورد، جەمال بەختیار کە دوێنێ 16-10- 2020 لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا، کۆچی دوایی کرد، وەک هونەرمەندێکی بەئەزموون و دەستڕەنگین و تێکۆشەر، لەگەڵ ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیدا ژیاوە، بە هەستێکی نەتەوەیی کوردپەروەرانەوە گوزارشتی لە کارەسات و ئازار و بێوڵاتیی نەتەوەکەی کردووە، بە تابلۆکانی زۆگۆشەی پڕ لە نەهامەتی و کڵۆڵیی ئەم گەلەی نەخشاندووە و بەسەر بارستایی تابلۆوە شێواز و دیمەنەکانی کوردستانی بە جیهان ناساندووە.
لە کوردستاندا بە بەردەوامی لەگەڵ پێشمەرگە و لەناو شۆڕش و بە بیروباوەڕی کورداییەتییەوە ژیاوە و وەک هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی ناوبراوە. لە تاراوگەشدا بێ دابڕان بە بیر و هۆش و هەست و نەستی کورداییەتییەوە بەرهەمی ناوازە و تابلۆی هونەریی بە بارتەقای ئێش و ئازار و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و بە ئاستێکی باڵای پرۆفیشناڵانەوە دەربڕیوە و هەردەم داکۆکیکارێکی سەرسەختی گەلەکەی بووە.
لە تابلۆکانیدا شۆڕش و ڕاپەڕین و کارەسات و ڕووداوەکان و وێنەی کەسایەتی و سەرکردە کاریزمییەکانی کوردی بە شێوازێکی هونەریی ناوازە بۆ مێژوو تۆمار کردووە، دەست و پەنجە و فڵچەکەی لەو مەبەستەدا خستووەتە کار و دنیای دەرەوەی لە چەوسانەوەی میللەتەکەی خۆی بەئاگا هێناوە و بە ڕەنگەوە گوزارشتی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی کردووە و سەلماندوویەتی، کە گەلی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆییدا خەباتی کردووە و دەکات، دوژمنانیش بە زەبروزەنگ و کوشتن و بڕین وەڵامیان داوەتەوە.
جەمال بەختیار، تەمەنێکی پڕ لە بەرهەمی هونەریی بەسەر برد، لە هەرکوێ بووبێت، دڵ و هزری ئاوێتەی ڕۆحی کورداییەتی کردووە و بۆ دنیای دەرەوەی سەلماندووە، کە کوردیش نەتەوەیەکە و پێویستە خاوەن کیان و ئاڵای شەکاوەی خۆی بێت و توانای خۆبەڕێوەبەری و داهێنەری و کاری جوان و شایستەی مرۆڤدۆستانەی هەیە.
ئەم هونەرمەندە لەو تەمەنە هەڵکشاوەیدا، سەرگەرمی پەرەپێدانی کاری هونەریی و گوڕوتینی کورداییەتی زیاتر هاندەری بووە و بەو میتۆدەی کورداییەتییەوە ڕۆحی ئاوێتەی نێو بەرهەمەکانی کردووە. ویستویەتی خەبات و تێکۆشان و سیمبولە نەتەوەییەکانی کورد سەرلەنوێ بە نەوەی ئێستا ئاشنا بکاتەوە و وەک فیلمێکی دیکۆمینتاری لە زەین و بیری ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا بەزیندوویی بمێنێتەوە و مێژووی هونەری شۆڕشگێڕیی کوردی پێ ڕازاوەتر و دەوڵەمەندتر بکات.
نزیکەی سێ چارەکە سەدە، ئەم هونەرمەندە شێوەکارە پشوودرێژە تێکۆشەرە بە بەردەوامی بە جیهان و بە دوژمنانیشی وت: ئێمەی کورد، کە دەچەوسێنرێینەوە و دەمانکوژن و کیمیاباران و بۆمبابارانمان دەکەن، هەر سوورین لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانمان، هەر زیندووین و هەر بەزیندوویی دەمێنینەوە.
ئەم هونەرمەندە کوردەی کە لەسەر ئاستی جیهاندا ناوبانگی باشی هەیە، توانیویەتی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی داهێنەری تردا بە تابلۆ بەنرخ و ناوازەکانیان، لە ڕێگەی هونەرەوە کێشەی کورد بە دنیای دەرەوە بناسێنن.
جەمال بەختیار تا ڕادەیەکی زۆر بە کەسایەتیی سەرکردەکانی کورد بە گشتی و بە کارێزمایی مستەفا بارزانی

بەتایبەتیی سەرسام بووە، چەند جارێکیش بە دیداری (بارزانی) شاد بووە و بارزانییش کارەکانی بەرز نرخاندووە. بەردەوام وێنەی داستانە نەبەردییەکانی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕیی بارزانی و بارزانییەکانی خستووەتە سەر خەرمانەی یادەوەریی میژووی شۆڕشگێڕیی کوردستان و هزر و بیر و فلچەکەی خستووەتە خزمەتیان و وەبیر نەوەکانی ئێستا و ئایندەی خستوونەتەوە کە ئەمانە پێشەنگ و شکۆی شۆڕش و کورد‌ایەتی و تێکۆشان بوون و لە ڕابەرایەتیکردنی زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا سەنگ و بارستایی زێڕین و بەرزی خۆیان هەیە، سەدەیەکە بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد قوربانی دەدەن و خەبات دەکەن.

ئەم هونەرمەندە ناوداڕەی کورد، بە دەیان وێنەی سەرکردەکانی کوردی نەخشاندووە، کاتێک بەشداریی کۆماری کوردستانی کردووە، ئەو کاتیش بەرهەمی ناوازەی دروستکردووە، تەنانەت یەکێک لەو تابلۆیانەی وێنەی پێشەوا قازی محەمەد بووە و لە سەردەمی کۆماردا نەخشاندوویەتی و بە دەستی خۆی پێشکەشی پێشەوای کردووە، هەر لەو کاتەیشدا بووە، کە پێشەوا قازی ناسناوی (بەختیار)ی پێ بەخشیوە و دواتر بووەتە ناسناوی کارە هونەرییەکانی و هەتا ئێستاش هەر بەو ناوە ناسراوە و بۆ خۆیشی زۆر شانازیی پێوە دەکات.

کاتێک قازی محەمەد کارە ناوازەکەی دەبینێت، پێی دەڵێت: "تۆ بەختیاری و بە بەختیاری دەژیت"، هەر بۆیەشە ئەم ناسناوەی پێ بەخشیوە. جگە لەوەش، چەندین وێنەی دیکەی سەرکردەکانی تری نەخشاندووە، بەتایبەت مستەفا بارزانیی ڕابەری نەتەوەیی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی هەمیشەزیندوو و سەرۆک مەسعود بارزانی و قارەمانانی پەڕینەوەی ئاوی ئاراس و بۆردومانی قەڵادزێ و مەینەتیی گەلی کورد و ڕاپەڕینەکان و زۆری دیکە..

چەند جارێکیش وێنەی سەرکردە و کەسایەتییە داهێنەر و بەتواناکانی جیهانیشی نەخشاندووە، تا لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە زیاتر کورد و کێشە ڕەواکەی بە جیهان بناسێنێت و داهێنان و هونەری گەلەکەمانیان پێ ئاشنا بکات، لە بەرانبەریشدا بە نووسراوی تایبەت وەڵامیان داوەتەوە، لێرەدا یەکێک لەو نموونانە دەخەینە ڕوو، لە وەڵامی یەکێک لەو کارانەیدا (بیل کلنتۆن) لە نووسراوێکدا بۆی نووسیوە: "بەڕێز میستەر جەمال بەختیار، زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو دیارییە جوان و پرمانایە، خۆشحاڵ بووم بەو دیارییەی، کە بۆت ناردووم. جەنابت پیاوێکی زۆر بەڕێزی بەلامەوە. پشتگیریکردنەکەت بۆ من مانایەکی گەورە دەبەخشێت.. من کار بۆ پاراستن و پڕۆژەی میللەتی کورد لە ئێراقدا دەکەم، ئاگادارم لەو نەهامەتییانەی بەسەرتان هات".. بیل کلنتۆن.

جەمال بەختیار لەپای ئەو خزمەتە زۆر و داهێنانە جوانانەی ئەنجامی داون، بە دەیان جار خەڵات و ڕێزلێنانی پێشکەش کراوە، نزیکەی هەشتا ساڵە جێدەستی بەو هونەرە ڕەسەنەوە دیار و بەرچاوە و دەدرەوشێتەوە. دوا خەڵاتی ڕێزلێنانیشی، بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنانی (میدالیای بارزانی) بووە، کە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە، وەک تێکۆشەرانی دوێنێی ڕۆژانی خەبات پێی بەخشراوە، کە ڕێزلێنانە لە خەبات و تێکۆشانی هونەر و داهێنانەکانی.

یەکێکی تر لە کارە ناوازە و داهێنانەکانی بریتییە لە (لۆگۆ)ی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەم هونەرمەندە دروستی کردووە و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەشی سەرۆک (مەسعود بارزانی)ی کردووە، کە ئێستا بووەتە سیمبول و هێما و لۆگۆی فەرمی و سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

گەلی کورد بەشانازییەوە لەم هونەرمەندە بەئەزموون و بەتوانا و داهێنەرە دەڕوانێت، کە بەو تەمەنە هەڵکشاوەیەوە، لە خزمەتکردنی هونەری نەتەوەکەی، بە دەست و پەنجە و فلچە و پالێتەکەیەوە هەر بەردەوام بوو، لە تاراوگەش دڵ و هزری هەر لای گەلەکەی بوو و لەگەڵیاندا ژیا.

ئەم هونەرمەندە تێکۆشەرە ناوی تەواوی (جەمال حامید ئەسعەد)ە، لە 1927 لە سلێمانی لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە، هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا بووە، کە بەهرەی هونەریی لێ دیاری داوە، لەو تەمەنە بەدواوە جێدەستی خۆی لە بواری هونەردا کردەوە، کاتێک هەواڵی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان دەبیستێت، وەک کوردێک بە پێویستی دەزانێت خۆی بگەیەنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە بڕیاری دا، کە وەک تێکۆشەرێک لە ساڵی 1946 بگاتە شاری (مەهاباد) و باوەشی

خۆشەویستی و پەرۆشیی بۆ کۆماری دیموکراتی کوردستان و سەرۆک کۆمارەکەی گرتووەتەوە.
هەر لەوێدا چەند کارێکی هونەریی ئەنجام دەدات، وەک ئەو وێنەیەی پێشەوا، کە لەو کاتەدا بە دەست و فڵچەی خۆی نەخشاندوویەتی و بە دەستی خۆی پێشکەشی سەرکۆماری کوردستانی دەکات.
پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد ڕێزی لێ ناوە و ناسناوی (بەختیار)ی پێ بەخشیوە، لە 1957 یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرایەتیی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. ساڵی 1969 لە ژمارەیەکی گۆڤاری (بەیان)دا لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم چەند دێڕەی لەسەر نووسراوە:
خاوەنی ئەم نیگارە (جەمال بەختیار)ە و تەمەنی 42 ساڵ دەبێت، لە ساڵی 1946وە خەریکی نیگارکێشانە، لە نیگارکێشاندا پێڕەوی قوتابخانەی ڕیالیزمی دەکات، دەربڕینی ڕەنگ و ڕووخساری واقیعی کوردەواریمان لە وێنەی گەورەیی مرۆڤی کورددا لە بیرەوەریی ئەم نیگارکێشانەی جیهان دەکات (میکائیل ئینجیلو، سیزان، لیونارد داڤنچی نزیکەی (2009 تابلۆی بڵاو کردووەتەوە، لەمانە ئەم تابلۆیانەی خۆی زۆر بە دڵە: کاوەی ئاسنگەر، ڕزگاری، شۆڕشی دەرسیم، کچە هەورامی، شۆڕشی کورد، گڵکۆی تازەی لەیل، ڕاپەڕینی 1948 و مەم و زین).
لە بەرهەمە نوێیەکانی، تابلۆی مەولەوی، کوردستان، جوانیی لادێ، بەرەو ڕووناکی. خۆزگە ئەوەیە، کە هەموو هونەرمەندێک لە کۆسپ و کاری بازرگانی ڕزگار بکرێت و هەموو لایەک یاریدە و هانیان بدەن بۆ سەر پێ گرتنی ئەو ئەرکە گەورەیەی لە ئەستۆیانە.
بەختیار وتی: "لەپاڵ ئەم خۆزگەیەشمدا، هیوایەکی بەپەرۆشم هەیە بە پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەر و ئادابی کوردی، کە دەستەیەک لە لاوانی ڕۆشنبیرمان هەیە لە سلێمانی خەریکین و لەوەدایە کە بکەوێتە کارەوە، ئەم کۆمەڵە بۆی هەیە خزمەتێکی گەورەی هونەر و وێژە بکات. دەبێتە یاریدەری هونەرمەندان و پاڵپشتیان".
دوا بەرهەمی کاک بەختیار دوو تابلۆیە، کە ئێستا وا لە بازاڕدان. بەم بۆنەوەیەوە، کاک جەمال زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی (النوور) دەکات، کە بۆ چاپکردنی ئەو دوو تابلۆیە یارمەتییەکی زۆریان داوە.
بێگومان جەمال بەختیاری هونەرمەند لە ساڵانی حەفتاکاندا پتر بەوی بە نیگارکێشان و خۆشنووسی داوە. تابلۆکانی بوون بە ئاشنای زۆربەی ماڵان و شوێنی کارەکان. ساڵی 1974، کە شۆڕشی کورد دژ بە بەعسی داگیرکەر هەڵگیرسایەوە، ئەم وەکوو پێشمەرگەیەکی هونەرمەند ڕووی کردە شاخ و لەوێ تابلۆی نوێی شۆڕشی لە شێوەی کارتێکی ڕەنگیندا دروستکرد.
لە دوای ماوەیەک لە کارەساتی بۆمبابارانی شاری قەڵادزێ، بە تابلۆیەک ئەو ڕووداوەی خستە ڕوو، لە ساڵی 1975، کە شۆڕش تووشی نسکۆ بوو، ئەمیش بە پەژارە و حەسرەتەوە ڕووی کردە وڵاتی ئەمەریکا و بووە یەکێکە لە درێژەپێدەرانی ڕێبازی هونەری هەڵکەوتووان: حەسەن فەلاح و بەدیع باباجان و شانبەشانی ناوداران محەمەد عارف و ئازاد شەوقی و خالید زامدار، کاروانی دەستڕەنگینیی نیگارەکانی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کورددا پەرە پێداوە، هەروەها لە نەخشەکێشانی چەندین بەرگی پەرتووک و گۆڤاری کوردیدا جێدەستی دیارە.
لەوێش بەردەوام دڵی لە لای نەتەوەکەی بووە و چەندین تابلۆی نازداری لە تاراوگەوە نەخشاندووە.
زاهیر ئەحمەد سەوز، نووسەر و چیرۆکنووسی ناسراو، لەم ڕووەوە لە جەمال بەختیار دوا و پێی وتین: "یەکێک لەو کەسانەی، کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول 07-03-1975 بەناچاری لەگەڵ خێزانەکەی ڕێگای هات و نەهاتی گرتە بەر، هونەرمەندی ناسراو، وێنەکێشی بەهرەداری خاوەن ئەزموون (جەمال بەختیار)ە، ئەم خاوەن توانا لەڕادەبەدەرەی بواری وێنەکێشان، بێ ئەوەی دەرچووی پەیمانگایەکی هونەری، یان خوێندنگەیەکی تایبەت بەم بواڕە بێت، خۆڕسکانە خاوەن توانایەکی بەرز بوو لە بواری وێنەکێشان و هەڵبژاردنی وێنە و بابەتەکاندا، بەتایبەت (پۆرترێت، واقعی=ڕیالیزم، دیمەنی سروشتی) بە فڵچە و بۆیەی زەیت و ئاوی و پاستێل و خەڵووز. لەسەر جانفاس، گونییەی تایبەت، قەدیفە، خامی تایبەت و کاغەزەوە دەینەخشاند".
(جەمال بەختار) زیاتر شێوازی واقیعیی ڕیالیزمیی بەکار دەبرد، دوای ڕووکردنە دەرەوەی وڵات و ئاوارەبوون، ژمارەیەک تابلۆی نایابی جێ هێشت، بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردستان و هێرشی داگیرکەران و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و پشکنینی ماڵان، هەندێک لەو تابلۆیانە فەوتاون.

تابلۆکان بە ئارەزووی ئەم یان ئەو ناو نراون، ناوەکانیش لەسەر تابلۆکان تۆمار نەکراون، بۆ نموونە تابلۆی مانگەشەو، شیرین تەشی دەڕێسێ، بۆردومانی ناوچە ئازادکراوەکان، تابلۆی کچە شۆخوشەنگی شاری سلێمانی (پەخشان ستار).
هەوێنی تابلۆی شیرین تەشی دەڕێسێ، لە هەڵبەستێکی وەفاییدا هاتووەتە بوون، ئەم تابلۆیە لە ماڵی مەحموودی حاجی پارێزراوە. سێ تابلۆی بۆردومانی ناوچە ڕزگارکراوەکان لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی ئێراق پێشکەش کرا بە سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول و گەلی کورد مەلا مستەفا بارزانی.
لە وڵاتی غوربەت و غەریبیدا وێنەی سەرۆک (بیل کلینتۆن)ی نەخشاند و بە دیاری پێشکەشی کرد و سوپاسگوزاریی لە سەرۆکەوە پێ گەیشت. بە هەمان شێوە وێنەی جۆرج بۆشی کوڕ و وێنەی حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیای نەخشاند.
جەمال بەختیار کەسێکی نیشتمانپەروەر، مرۆڤێکی هەستناسک، خاوەن بەهرەیەکی خۆڕسک، موچەیەکی کەم و کۆشێک خێزانی زۆر، سەری بەرز و دەغیلەی بەتاڵ، بەردەوام لە خزمەت کورد و خاکی کوردستان و شۆڕشی ڕەوای میللەتدا بوو. لە ژیانیدا سەری بۆ داگیرکەر دانەنواندووە و هەمیشە لە بەرەی میللەتدا بووە، ئاوات و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە.
زاهیر ئەحمەد سەوز، لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: "دۆستایەتیم لەگەڵ جەمال بەختیار هەبوو، ڕۆژێک چوومە سەردانی بۆ ماڵەوە، لە ژووڕێکی پڕ دووکەڵی جگەرە و بۆچرووکی گۆشتی برژاو لەسەر عەلادین لەپاڵ پەرداخێک شەراب، وێنەی دەکێشا، گوتی: "ئەم وێنانە پێشکەش بە مەلا مستەفای بارزانی دەکەم و دەستاودەست ئەو سێ تابلۆیانە گەیشتنە دەست مەلا مستەفای بارزانی.
لە کۆتاییدا سەوز وتی: بەهیوای ئەو ڕۆژەین شاکارەکانی جەمال بەختیار لە دوتوێی پەرتووکێکی ڕەنگین و ڕازاوە لە چاپ بدرێن و پێشکەش بە سامانی هونەریی نیگارکێشانی میللەتەکەی بکات، تاکوو پتر لەبەرچاوان بێت و لە هەڵسەنگاندن بێبەش نەبێت.

تێبینی: ئەم بابەت و دیدارە، کە لەسەر هونەرمەند (جەمال بەختیار) کاتێک ئامادە کراوە، خۆی هێشتا لە ژیاندا بووە، بەداخەوە کاتژمێر 12ی شەوی پێنجشەممە/ هەینی (2020 10-16/15) لە کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
ڕۆژی دەرچوون: 17-10-2020
فایلی پەیوەندیداریدار:




بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-10-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 17-10-2020

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 509

مەسرور بارزانی: لە 47ەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵاندا یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکەینەوە

20250720122231647194=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: مەسرور بارزانی: لە 47ەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵاندا یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکەینەوە

مەسرور بارزانی لە ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا ڕایدەگەیێنێت: یەکێک لە بەرهەم و دەستکەوتەکانی شۆڕشەکە دروستبوونی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکڕیزی بوو، دەشڵێت: بە ڕێز و شکۆوە یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکەینەوە.

مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی لە پەیامەکەیدا کە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی 26-05-2023 بڵاویکردووەتەوە دەڵێت: شۆڕشی گوڵان کە هەڵگر و درێژەپێدەری پەیام و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، ئەگەرچی لە ڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا هەڵگیرسا، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا، بووە جێی هیوا و ئومێدی کوردستانیان و سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی و دەیان داستانی قارەمانانەی لە خۆڕاگری و بەرگری تۆمار کرد و پەیامی درێژەپێدانی خەباتی گەلی کوردستانی لە پێناو بەرگریکردن لە بوون و ناسنامە و مافە ڕەواکانی، بە هەموو جیهان گەیاند.

جێگری سەرۆکی پارتی ئاماژە بەوە دەکات: یەکێک لە بەرهەم و دەسکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی گوڵان، دروستبوونی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی هێز و لایەنە کوردستانییەکان بوو کە سەرەنجام بووە هۆی سەرکەوتنی سەرهەڵدانی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە ئاداری 1991 و پێکهێنانی دامودەزگا شەرعی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کە پێویستە بە هەموو شێوەیەک، داکۆکیان لێ بکەین و بیان پارێزین.

مەسرور بارزانی دەشڵێت: لە ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، ڕێز و پێزانینم بۆ خەبات و تێکۆشانی هەموو پێشمەرگە و بەشدارانی شۆڕشەکە هەیە و بە ڕێز و شکۆوە یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکەینەوە.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 26-05-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-05-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rudaw.net- 26-05-2023

کاتی تۆمارکردن: 20-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 510
مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکەیدا چۆن باسی ئیدریس بارزانی دەکات؟
20250708150543644708=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کاک ئیدریس کەسێکی لەخۆبوردوو و خاکی بوو، لێبووردە بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە.
سەرۆک مەسعود بارزانی، لە بەرگی چوارەمی پەرتووکی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد -شۆڕشی گوڵان، ستایشی ئیدریس بارزانی دەکات و ئاماژەی بەوە کردووە، کاک ئیدریس، مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو، گەورەییەکەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ببووە هۆی نەرمونیانییەکەشی.
سەرۆک بارزانی لە پەرتووکەکەیدا بۆ کاک ئیدریس بارزانی نووسیویەتی: کەسێکی لەخۆبوردوو و خاکی بوو، لێبووردە بوو و بیری لە تۆڵەکردنەوە نەدەکردەوە، زۆر جار خەڵکی ئاسایی و هەژاری بە ئەندامێکی خێزانەکەی دەزانی، هەستکردن بە کەموکورتیی لای بەرانبەر دەڕەواندەوە.
سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش.

لە گێڕانەوەی یادی کاک ئیدریس بارزانی باسی هەستی هاوکارییەکەی کردووە، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاک ئیدریس جێی خۆی لە دڵی خەڵک و هەموو چین و توێژەکاندا بکاتەوە و بە پشتوپەنا و فریادڕەسی خۆیانی بزانن.
سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەش کردووە، سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی هەبوون، زۆر جار کاک ئیدریس بریندار و پێشمەرگەی لە ماڵی خۆی دەپاراستن و بۆ چارەسەرکردنیشیان لەسەر ئەرکی خۆی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکردن.
ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئێراقی کە سەردانی بارەگای شۆڕشیان کردبوو ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئێراقی کە سەردانی بارەگای شۆڕشیان کردبوو.

ئیدریس بارزانی لە مانگی ئازاری 1944 لە ناوچەی بارزان و لە ئامێزی خێزانێکدا لەدایکبوو، لە 31-01-1987، بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کۆچی دواییکرد، لە شارۆچکەی سلێمانای سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکسپێردرا.
دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، لە 06-10-1993 تەرمی هەریەک لە مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئیدریس بارزانی، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەراسیمی جەماوەری بەرفراوان هێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە شوێنی لەدایکبوونیان و لە ناوچەی بارزان ئەسپەردەی خاک کرانەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | /kurdistan24.net
کاتی تۆمارکردن: 08-07-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 511
مەلا محەمەدی شەڵماشی ژانای ئایینی : جێگای داخە تەنیا کورد نەیتوانیوە بۆ دەوڵەت و سەربەخۆیی سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرێت
20221205124558449216=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
مەلا محەمەدی شەڵماشی ڕووناکبیر و کوردپەروەر و گەورە زانا و مامۆستای ئایینی و نووسەر و وەرگێڕی ڕۆمانی (بێسەرپەرشتان و بێنەوایان)، خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و دەیان پەرتووکی ئایینی و مێژوویی و ئەدەبییە، کەسایەتییەکی دیار و ڕێزلێگیراوی ناو مامۆستایانی ئایینییە.

مەلا محەمەدی شەڵماشی خەڵکی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵانی شەستەکانەوە هاتووەتە شاری سلێمانی، بۆ ای شەهید مامۆستا ئاوارەیە. مامۆستا بە درێژایی تەمەنی لە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بووە و لاپەڕەکانی ژیانی پڕیەتی لە پەند و عیبرەت، لەگەڵ سەرکردە و کەسایەتییە دینی و نیشتمانپەروەرەکان و ڕۆشنبیر و شاعیرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرێمی کوردستاندا ئاشنایەتی زۆری هەیە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەم زانایەی کورد ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

بەو پێیەی شارەزاییەکی باشت لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆر لە سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا هەیە، سەرەتا پرسیارمان لەوەوە دەست پێ دەکەین، بۆچی لەو سەردەمەدا مەلا و مامۆستای ئایینی پێگەی خۆیان لە شۆڕشەکاندا بووە و لە سەرکردەکان نزیک بوون؟

- لە مێژووی گەلی کورددا دەیان زانای بلیمەت و سەرکردەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لێهاتوو هەڵکەوتوون، بەڵام داگیرکاری وای کردووە بەرهەم و گەورەییان دەرنەکەوێت. کورد لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە و خۆیشی دوژمنی خۆیەتی و لە دەوری سەرکردەیەک کۆ نابنەوە و، بەردەوام پەرتەوازە و ناتەبان، لە سەردەمی پێشەوادا زۆر لە هۆزە گەورەکان دەیانوت چۆن دوای مێزەربەسەر دەکەوین و ژێربەژێر لەگەڵ شا-دا پەیوەندییان دژی پێشەوا هەبوو. شێخ مەحموودی حەفید هۆزی کوردی ڕۆژهەڵات دەهات بەرگریان لێ دەکرد، مەلا مستەفا بارزانی گەلەکۆمەکییەکی گەورەیان لێ کرد، ئەمە بە میراتی بۆمان ماوەتەوە و لە هەمووشی خراپتر کورد، هەست بە خۆکەمزانین دەکات. من بە حوکمی ئەوەی باوکم زیاتر لە 50 ساڵ مەلای مزگەوت و حوجرە بووە و ساڵێک دوای شەهیدبوونی پێشەوا منیش چوومە ناو فەقێتییەوە، سەردەمی پێشەوا و مەلا مستەفام لە بیرە و ئەو بارو (د.خ.)ەم بینیوە و تێیدا ژیاوم. ئەو کات لە گوندەکەمان لە (شەڵماشی) لە سنووری سەردەشت کە دەکەوتە ناو جوگرافیای سنووری کۆمارەوە قوتابخانەی لێ نەبوو. لە گوندەکەمان 15 پێشمەرگەی لێ بوون، بە نۆرە دەچوونە ئەرکی پێشمەرگایەتی، زەمەنێکی جوان و پڕ بوو لە کوردایەتی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری، ئەو زەمەنە بۆ یەکەمین جار لە کۆماری کوردستان زمانی کوردی بە فەرمی کاری پێ کرا و خەڵکی و بەتایبەت ئافرەتان چوونە قوتابخانە. لە بیرمە پێشەوا یەکەمین سەرکردە بوو خێزانی خۆی ناردە قوتابخانە. من زۆرم پێ خۆش بوو پێشەوا لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە و شەهید نەبووایە، پێشەوا و مەلا مستەفا پەیوەندییان زۆر باش بوو، یەک زەرە موخالیفی یەکتر نەبوون، مەلا مستەفا بارزانی ژەنەڕاڵێکی بەهێز و دڵسۆزی کۆماری کوردستان بوو، مەلا مستەفا زۆر تکای کرد پێشەوا لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام لەگەڵ نەڕۆیشت، دواجار پێشەوایان لەسێدارەدا، هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆماری کوردستان خیانەت بوو لەلایەن هەندێک هۆزی گەورەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ژێر بە ژێر پەیوەندییان لەگەڵ شا هەبوو.

هەموو ئەم زاتانە و سەرکردە گەورانەی کورد ئەهلی مزگەوت و حوجرە و خانەقا بوون، مەلا و شێخ و مامۆستای ئایینی لە دەوریان بوون و زۆر فیداکار و چالاک و دڵسۆز بوون.لە شۆڕش و خەبات و حوکمداریدا زۆر سەرکەوتوو بوون، بەڵام خیانەتیان لێ کردن. شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و پێشەوا خیانەتیان لێ کرا، لەناو کورد پیاوی وەکوو مەلا مستەفا بارزانی نەبوو، تا کۆچی دوایی کرد، خانووی خۆی نەبوو تێیدا بێت. من لە نزیکەوە زۆر دەچوومە خزمەتی، لە زەمەنی مەلا مستەفا بارزانی مەلاکانی سلێمانی زۆریان چووبوونە دەرەوەی شار و لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون، کەم مەلا لەناو شاردا مابوون، ئەوانیش پاڵپشتی و پشتگیریان لە مەلا مستەفا بارزانی دەکرد، ئەویش رێزی زۆری لە مەلا و زانا و مامۆستای ئایینی دەگرت و هەر خۆی ئەهلی مزگەوت و ئیمان بوو. مەلا مستەفا بارزانی کە هاتەوە بۆ ئێراق نەک تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کورد ژیایەوە، زۆر لە رۆشنبیر و هونەرمەند و مەلا و کەسایەتی دیوی کوردستانی رۆژهەڵاتیش هاتنە لای مەلا مستەفا بارزانی، لە دێیەکانی ئێران یارمەتیی و کۆمەک کۆ دەکرانەوە و دەدرا بە ئەحمەت تۆفیق و دەنێردرایە خزمەتی پێشمەرگەکانی شۆڕش. مامۆستا و مەلای کورد لە رۆژە خۆش و ناخۆشەکانی میللەتەکەماندا بەشدار بوون، ئەوان بەجوانی خوداپەرست بوون و عیشقیان بۆ خواپەرستی هەبووە و، پاڵپشتیی میللەتەکەیان کردووە. مێژووی کورد بخوێنەوە بزانە چەند مامۆستا و مەلای کورد لەناو شۆڕشدا بوون، تەنانەت هێڵیی مزگەوتی گەورەی سلێمانیش خیانەتیان لێ کردووە و درۆیان بە دەمیەوە کردووە، خۆی لە نزیکەوە بەمنی وت بە ناوی منەوە درۆیان هەڵبەستووە لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەو لە شاخ بوو، کاتێکیش گەڕایەوە نەفی عەرەبستانیان کرد و لەناو مزگەوتی گەورە لەگەڵ حکومەتێکی درێندەدا هەر ئەوەندەی پێ دەکرا. کەسایەتییەکی وەکوو مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هەرچوار پارچەی کوردستان قەرزاری ئەون، کە خزمەتێکی وا گەورەی ئەدەبیات و زمانی کوردی کردووە.

ئایا دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم رۆڵەی مەلا و مامۆستای ئایینی بەردەوامە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟

- دوای ساڵی 1975 رۆڵی مەلا و مامۆستای ئایینی کەم بووەوە، ئەوکات مەلا و شێخ و زانای ئیسلام هەبوو ناکۆکییان لەنێواندا نەبوو، لە ساڵی 1968 کاتێک هاتمە سلێمانی یەک مەلا ناکۆکییان لەنێواندا نەبوو، هەمووان یەکگرتوو بوون، ئێستا دەیان حزبی ئیسلامی پەیدا بوون و حیساب بۆ کەس ناکەن. ئەمە زۆر خراپە، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئاندا دەفەرموێت: (لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رِبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ)، . ئەوکات ئەم هەموو حزب و حزبایەتی و حزبی ئیسلامی و چەپە پەیدا نەبووبوون، تەنانەت حزبە ئیسلامییەکان و ئەو هەموو رەوتە ئیسلامییە بڕوایان بە یەکتر نییە، پێشتر لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەموو مەلاکان بێ جیاوازی دوای مەلا مستەفا بارزانی کەوتبوون.

وەکوو زانا و مەلایەکی ئایینی کە لە نزیکەوە مەلا مستەفا بارزانیت بینیوە، دەڵێن ماوەیەک ئەمری گرتنت بۆ دەرچوو بوو، ئایا ئەمە چۆن بوو؟

- من کاتێک هاتمە سلێمانی و لە چەندین مزگەوتێکی ئەو شارە مەلا و وتارخوێن بووم، تەنانەت 10 ساڵ لە خانەقای مەولانا خالید نەقشبەندی وتارخوێن بووم، جارێکیان لە بەیاننامەی 11 ئادار مەلاکانی سلێمانی چوونە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی و بە منیان نەگوتبوو، ئەگینا دەچوومە خزمەتی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەواندا، کاتێک گەڕانەوە وتیان فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە، بۆیە چوومە لای مەلا عوسمان کۆڵە لە دێی وەڵزێ، کە دێیەکی گەورەیە لە باڵەکایەتی، لەوێ داوام لە مەلا عوسمان کرد بمباتە لای مەلا مستەفا بارزانی، مەلا عوسمانی کۆڵە کەمێک بێدەنگ بوو، پێی وتم: بە قسەی من بکە و بچۆ سەر پردی گەڵاڵە و

تەکسییەک بگرە و سەری خۆت هەڵگرە، من زۆرم پێ ناخۆش بوو، بڕیارم دا بچمە لای جەنابی ئیدریس بارزانی لە گوندێک پێیان دەوت دیلمان، ئەو دەمە کاکە ئیدریس خێوەتگەیەکی لە تەنیشت حاجی ئۆمەران هەڵدابوو، کۆمەڵێک پێشمەرگەی زۆر لە دەوری بوون، لەژێر ڕەشماڵی ئەودا ڕێزیان لێ نام و کاتێک خۆم بە کاک ئیدریس ناساند، هەستا لەبەرمدا و پێمی وت مامۆستا خۆت هاتووی؟ ئیدریس بارزانی لە تەنیشت خۆیەوە داینام و ڕێزێکی زۆری گرتم، کاتێک وێستم بڕۆمەوە، وتی: دەتبەمە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی. کاتێک چوومە خزمەتی ئەو زاتەش ڕێزی زۆری لێنام و نۆ شەو لە خزمەتیدا بووم. تەنانەت بارزانی لەگەڵ کاک ئیدریس منی ناردە مەولوودێکی بنەماڵەی خۆیان لە قەسرێ، کاتێکیش ناردیانمەوە زەرفێکیان پێم دابوو، پێم وابێت 30 دیناری ئەو کاتەی تێدا بوو، کە زۆر بوو، پۆلیسێک دوو دینار مووچەی بوو، دواتر زووزوو دەچوومە خزمەتیان و ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرتم.

لە سەرەتای قسەکانت باسی ئەوەت کرد میللەتی کورد نەیتوانیوە وەکوو گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتیی عەرەب و فارس و تورک، کەڵک لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرێت، ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

- گەلی کورد لە هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە موسڵمانترە و بە ڕەسەنی و جوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان وەرگرتووە، جێگای (د.خ.)ە تەنیا کورد نەیتوانیوە کەڵک لە دینی ئیسلام وەربگرێت بۆ دنیا و خۆشگوزەرانی و سەربەخۆیی، کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکە موسڵمانتر بووە و بۆ نوێژ و خوداپەرستی لە هەموو نەتەوەکانی دی ئازاترن، بەڵام کورد سوودی سیاسی لە ئایین وەرنەگرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ناوخۆیاندا یەکگرتوو نەبوون و بەردەوام شکستی کورد لەسەر دەستی خیانەتکاران بووە. کوردەکانیان دابەش کردووە بە ناو و ناوی جۆراوجۆری ئیمارات و میر و ناوچەوە، بۆ ئەوەی لە دەوری یەک سەرکردە و مەرجەعێک کۆ نەبنەوە و یەک نەگرن، هەر بە ناکۆکی و دژایەتی کردنی یەکتر بمێننەوە. ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیانی بە کورد نەگەیاندووە، ئەوە سەرکردە و لێپرسراوانی فارس و تورک و عەرەبن کە بە ناوی دینەوە زیانیان بە کورد گەیاندووە، کوردیش لە ناوخۆدا یەکگرتوو و تەبا نییە، تۆ سەیر بکە کورد بە گەورەکەی خۆی ڕازی نییە، کەچی عەرەبی ئێراق چوون لە مەککە و مەدینە کابرایەکیان هێنا و پێی ڕازی بوون و کردیانە پاشای ئێراق، تەنانەت ڕەخنە لە سەرکردەیەکی گەورەی کورد دەگرن کە سەڵاحەدینی ئەیوبی بوو، خۆ لە زەمانی ئەودا قەومییەت نەبووە و هەموو موسڵمانان و دوژمنەکانیشی بە گەورە و بلیمەتیان داناوە. خوداپەرستی و نیشتمانپەروەری دژی یەک نین، پێغەمبەر ((د.خ.)) کاتێک کافرەکان لە مەککە دەریان کرد فەرمووی: (والله إنک لخير أرض الله وأحب أرض الله إليَّ ولولا أن أهلک أخرجوني منک ما خرجت منک).

ئێستا میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەریەکەو لە لایەک وتاری بۆ (د.خ.)ەکە هەیە. ئایا لەم بێ سەروبەرییەی ئێستادا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی چییە و بۆ ئەرکی نیشتمانی دەبێت مامۆستایانی ئایینی چۆن هەنگاو بنێن؟

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام دژی فیتنە و ئاشووب و نانەوەی دووبەرەکییە، پێغەمبەرمان ((د.خ.)) دەفەرموێت: (المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ....) واتا موسڵمان برای یەکترن و ستەم لە یەک ناکات. بەڵام برا وەکوو کوڕەکانی حەزرەتی نوح نەبێت، هەر خەریکی فێڵ و ئازاردانی یەکتر و کوشتنی یەکتر بوون، پێویستە کورد گەورەیەکی هەبێت و بە قسەی گەورەکەیان بکەن، نەک وەکوو ئێستا کوڕ بە قسەی باوکی نەکات، پێویستە سەرنەکێشین بۆ خراپەکاری و گوێ لە مەلا و مامۆستای ئایینی و وتاری هەینی ڕابگرن و جێبەجێی بکەن، نەک لە دوای نوێژ بیرمان بچێتەوە و ڕەفتارەکانمان ڕەفتاری موسڵمان نەبێت.
مەلا و مامۆستای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبێت پێشەنگ بن بۆ قسە و کاری چاکە، دژی نانەوەی بیدعەی

خراپ و هزر و بیری توندڕەوی و بازرگانی کردن بە ئایین بن. ئیدعاکردن و بیدعەی خراپ زیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت. بوونی ئەو هەموو حزب و لایەنە سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر بۆ چاکسازی و کاری خێر بێت زۆر بەبەهایە، بەڵام حزب و لایەنی سیاسی دژی میللەتەکەی بێت و لە دژی براکەی لەگەڵ دوژمنەکانی ڕێک بکەوێت، ئەوا شتێکی زۆر خراپە. ئێمەش وەکوو بەغدامان لێ هاتووە، دەیان حزبی سیاسی هەیە و کۆمەڵگە و موسڵمانانیان پەرش و بڵاوکردووە و دژی خەڵک و نەتەوە و حکومەتەکەشیانن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ئایین و ئاتەیزم | دۆزی کورد | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سەردەشت | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-12-04

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.kurdipedia.org
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-05
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 512
مەهاباد شێخ لەتیف حەفید، سەربردەی ئەم وێنەیە دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی 7 ساڵییدا لەگەڵ بارزانی گرتوویەتی
20250709122349644889=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: مەهاباد شێخ لەتیف حەفید، سەربردەی ئەم وێنەیە دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی 7 ساڵییدا لەگەڵ بارزانی گرتوویەتی
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی
خاتوو مەهاباد، نەوەی شێخ مەحموودی مەلیکی باشووری کوردستان و کچی تێکۆشەری ناسراو و دیاری کوردستان شێخ لەتیفی حەفیدە و پەروەردەی ئەو ماڵباتە تێکۆشەر و کوردپەروەرەیە، لە 24ی11ی1950 لە گوندی سیتەک سەربە شارۆچکەی چوارتا هاتووەتە دنیا، قۆناغی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە و پاشان کۆلێژی ئەندازیاریی لە 1972 خوێندووە و یەکەم کچ بووە لەو سەردەمدا لە بواری ئەندازیاریی شارستانی بڕوانامەی لە زانکۆی سلێمانی وەربگرێت.

ماڵباتی هێژای شێخان و ماڵەباوانی مەهاباد خان، وەک خانەوادە پەیوەندی و دۆستایەتییەکی بەتینیان لەگەڵ سەرکردەی میژوویی مستەفا بارزانی هەبووە و خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی چەند جارێک لە نزیکەوە بە دیدار بارزانی شاد بوون و ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بەهێز بووە و لەگەڵ (شێخ کاوە)ی برایدا، لە تەمەنی منداڵییدا وێنەیان لەگەڵ بارزانیدا گرتووە و یەکێک لەو وێنانە، ئەو وێنەیەیە کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بڵاوکراوەتەوە، لەو بوارەدا چەند پرسیارێکمان سەبارەت بەو ڕۆژگارە، وەک (باسنیوز) لەگەڵدا وروژاند و بەخۆشحاڵییەوە وەڵامی دایەنەوە.

دۆستایەتییتان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
مەهاباد شێخ لەتیف: دۆستایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ خانەوادەی بەڕێزی بارزانییەکان و جەنابی مەلا مستەفا زۆر کۆن و لەمێژینەیە و بۆ دەمێک ساڵ دەگەڕێتەوە، دەتوانم بڵێم، باووباپیرانمان دۆستایەتی و

پەیوەندیی بەتینیان هەبووە، بە حوکمی ئەوەی هەردوو خانەوادەکە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ و کوردپەروەر بوون و یەک ئامانجیان هەبووە و بۆ مافی نەتەوەی کورد و بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاون و قوربانییشیان داوە و دەربەدەر و ئاوارەیی و ڕاگواستن و زیندانیشیان بینیوە. پەیوەندییەکە زیاتر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە و پەرەی سەندووە.
بۆ لایەنی کۆمەڵایەتییەکەش، لەو ڕووەوە دۆستایەتییەکی تۆندوتۆڵمان لەسەر بناغەیەکی پتەو هەبووە، بۆیە تا ئێستاش ئەو پەیوەندییە بەشانازییەوە درێژەی هەیە و وەک خزم و کەسوکارمان لێ هاتووە. ئێمەش وەک مام ڕوانیومانەتە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی و ئەویش بە چاوی ڕێز و وەک برازای خۆی لە ئێمەی ڕوانیوە و بەردەوام ڕێزی دەگرتین و خۆشیدەویستین، ئێمەش هەمیشە ڕێز و خۆشەویستیی بێپایانمان بۆ جەنابینا و خانەوادەکەیان هەبووە و هەیە.
لە و سەردەمی منداڵییەی ئێمە، هەستمان دەکرد ئەو دۆستایەتییەی لەگەڵماندا هەیانبوو زۆر بەتین بوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە پەرەسەندندا بوو. دواتریش شۆڕ بووەوە بۆ خوارەوە. بەدڵنیاییەوە دۆستایەتییەکەمان زۆر دێرینە و لە سەردەمی شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزان پەرەی سەندبوو، هەتا هاتووەتە سەر پەیوەندیی باوکم (شێخ لەتیف) و جەنابی (مەلا مستەفا)، دواتریش بۆ نەوەکانیان هەتا بە ئێستاش دەگات، هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە.
کاتێک جەنابی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و خزم و کەسەکانیان لەسەر شۆڕش و کوردایەتی ڕاگوستراببوون بۆ شاری سلێمانی، شێخ لەتیفی باوکم و یاوەرانی، بەردەوام لە بەسەرکردنەوە و هەواڵپرسینیان بوون و هاوکارییان پێشکەش دەکردن و یارمەتییان داون، چونکە ئەوان لەژێر چاودێریدا بوون تا دەربازبوونی مەلا مستەفا کە شێخ لەتیف بە هاوکارێی چەند کەسێک هەوڵی تێدا دا، ئافرەتێکیش بە ناوی (وەنەوش) پێداویستیی بۆ ئامادە کردبوون و لەگەڵیان بووە تا لە سلێمانییەوە بەرەو چیای ئەزمر و گۆیژە بەرێ کەوتوون کە بە ڕێنمایی باوکم بووە. جەنابی مەلا مستەفا هەمیشە ئەو هاوکارییەی شێخ لەتیفی لەبەرچاو بووە و پێزانینی بۆی هەبووە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بووە، کە هەمیشە خانەوادەکەمان ڕێزی تایبەتی لای ئەو هەبووە.

سەرەتا چۆن ناوی بارزانی و بارزانییەکانت بیست؟
مەهاباد شێخ لەتیف: وەک خۆم، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ناوی بارزانییەکانم وەک خانەوادەیەکی دڵسۆز و تێکۆشەری کوردستان بیستووە، ناوی بارزانییشم وەک کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بیستبوو، بەردەوام لەناو خانەوادەکەماندا ناوی ئەو زاتە دەهێنرا و باس دەکرا. پێشتریش و پێش ئێمە، کاتێک بارزانی و بارزانییەکان لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕین ڕاگواستراببوون بۆ شاری سلێمانی، بارزانی سەردانی باوکمی دەکرد و پەیوەندی و دۆستایەتییەکی بەتینیان هەبووە، ساڵانی دواتریش جەنابی بارزانی دەهاتە گوندی سیتەک بۆ سەردانی باوکم، باوکیشم بەردەوام سەردانی بارزانیی دەکرد. هەر بەو هۆیەوە ئێمە لە تەمەنی منداڵییەوە ئاشنای ناوی بارزانی بووین، ئەوەندە ئازیز بوو لە لامان، تەنانەت سوێندمان بە سەری بارزانی دەخوارد، لە هەزری هەمووماندا ناوی بارزانی و بارزانییەکان چەسپیبوو، کە بۆ کورد خەبات و شۆڕش دەکەن.
کاتێک لە 1958 بارزانی گەڕایەوە، هەر لەو ساتەدا بوو لە بەغداوە پەیوەندیی بە شێخ لەتیفەوە کرد و بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفیدەوە چاوی پێ بکەوێت، تا دڵگرانی و پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بۆ لەدەستدان و کۆچی دوایی باوکی پێ ڕابگەیەنێت. ئیتر شێخ لەتیف چووە بەغدا بۆ سەردانی.
دوای ماوەیەکیش بارزانی سەردانی سلێمانیی کرد، یەکسەر هاتە ماڵی ئێمە و سەردانی باوکمی کرد.

کاتێک کە بارزانی هات بۆ ماڵی ئێوە، چ شتێکی ئەو سەردەمەت لەبیرە؟
مەهاباد شێخ لەتیف: لەبیرمە جارێکیان باوکم، من و (کاوە)ی برامی بانگ کرد و گوتی، ئێستا دەچین بەرەو پیری کەسێک کە بینیتان تەوقەی لەگەڵ بکەن و بڵێن (بژی کورد و کوردستان)، منیش یەکسەر وتم ئەو کەسە

مەلا مستەفایە، باوکم بیدەنگی کردم و نەیویست خەڵک بزانێت، بۆ ئەوەی کاتێک مەلا مستەفا گەیشت جارێ بحەوێتەوە. پاشان خەڵک لە هاتنەکەی ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام کە چووین بەرەو پیری، بینیمان خەڵکێکی زۆر، بەتایبەت خەڵکی سلێمانی لە پێشوازیی بارزانیدا بوون کە لە خۆشەویستیی ئەودا ئەو ڕێگە دوورەیان بۆ بەرەوپیری بڕیبوو.

چیرۆکی ئەو وێنەیەی تۆ و (شێخ کاوە)ی برات لە ئامێزی بارزانیدا، چۆنە و بۆ کەی و بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟
مەهاباد شێخ لەتیف: ئەوە ئەو کاتەیە کە جەنابی بارزانی لە ڕووسیا گەڕایەوە و پاشان لە ڕێکەوتی 23-10-1958 مەلا مستەفا دانی ئێوارە گەیشتە شاری سلێمانی و لە ماڵی ئێمەدا لە گەڕەکی کانێسکان میوان بوو، من و کاوەی برام، کە ئەو کات منداڵ بووین، من 8 ساڵ و کاوە 7 ساڵ تەمەنمان بوو، وەک ڕێزلێنان جگەرەمان دەگێڕا، کە گەیشتینە لای بارزانی، جەنابینا باوەشی پێدا کردین و تۆند لەئامێزی گرتین، ئیتر لەو کاتەدا ئەو وێنەیەیان چرکاند، وێنەیەکی زۆر جوانی گرنگ و مێژوویی و شانازیی پێوە دەکەین.
ئەو شەوە هەموو کەسایەتییە ناسراو و بەرزەکان، بە کەسە کومەڵایەتییەکان و بە ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی، لە خۆشەویستییاندا بۆی، پۆل پۆل لە ماڵی ئێمەدا دەهاتنە سەردانی مەلا مستەفای بارزانی. ئەوەی لە یادم بێت، لەو کاتەدا لە خۆشەویستییاندا بۆ بارزانی لەلایەن ئامادەبوانەوە پێشبڕکێ بوو، بۆ سەردان و بەسەرکردنەوە و وێنەگرتنی یادگاری لەگەڵ مەلا مستەفادا، ئەو خەڵکە زۆر تامەزرۆی بینینی بارزانی بوون و زۆر تامەزرۆ بوون وێنەی لەگەڵدا بگرن و خۆشحاڵ بوون بە بینینی بارزانی وەک سەرۆک و ڕابەر.

کاتێ بارزانییت بینی، هەستت کرد کەسێکی چۆنە؟ چیت لێ بینی؟
مەهاباد شێخ لەتیف: کاتێک بارزانییم بینی، هەستم کرد سەرکردەیەکی زۆر خاکی و لەخۆبردوو، زۆر بەڕێز و بەنرخە، هەرچەندە زۆر هەیبەت و شکۆی هەبوو، کەچی زۆر میهرەبان و سادە و خاکەڕا دەردەکەوت، لە هەمان کاتیشدا بە چاوی ڕێزەوە لە هەموو خەڵکی دەڕوانی.

چەند جار جەنابی مەلا مستەفا بارزانیت بینیوە؟
مەهاباد شێخ لەتیف: پێنج بۆ شەش جار بینیومە، هەموو کاتێکان هەر لە حاجی ئۆمەران بینیومە، جگە لەو جارەی کە ئێمە منداڵ بووین لە 1958 هاتە سلێمانی و لە ماڵی ئێمە میوان بوو. جارەکانی دیکە لە حاجی ئۆمەران بینیومە و دەچووینە ماڵی کاک ئیدریس بارزانیی ڕەحمەتی، لەوێ میوان دەبووین و پاشان چاومان بە جەنابی بارزانی دەکەوت.
کاتێک لەلایەن حکوومەتی ئێراقەوە، لە ڕێگەی چەند مەلایەکەوە هەوڵی کردەوەیەکی تیرۆریستی دەرهەق بە بارزانی درا و بارزانی بە سەلامەتی ڕزگاری بوو، خەڵکی کوردستان لە خەمی بارزانیدا سەردانیان دەکرد، ئێمەش لەو ساتەوەختەدا لە پەرۆشیی سەلامەتیی بەڕێزیان چووین بۆ حاجی ئۆمەران و سەردانمان کرد، ئەویش خۆشحاڵ بوو بەو سەردان و هەواڵپرسین و پشتگیری و پشتیوانییەی خەڵکی کوردستان. ئێمە لە خەمی ئەودا بووین. بارزانی بۆ ئێمە پشتوپەنا بوو، هەمیشە وەکوو منداڵی خۆی سەیری من و خوشکە بێباوک و بێنازەکانمی دەکرد، هەرگیز ئەوەمان لەبیر ناچێت.

خۆتان دەچوونە سەردانی، یان جەنابی بارزانی بەدوایدا دەناردن؟
مەهاباد شێخ لەتیف: دوای کۆچی دوایی شێخ لەتیفی باوکم لە، 12-05-1972 جەنابینا یەک دوو جار داوای بینینمانی کرد و خۆشمان چەند جارێک سەردانی بەڕێزیانمان کرد، کە سەردانمان دەکرد بە زووترین کات دەگەیشتە لامان، بە 10 خولەک یان کەمتر دەهاتە سەردانمان، بەتایبەت لە ماڵی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی. ئیتر بارزانی ئەوەندە ڕووی دەدایبنێت، ئێمە شەرممان لە دڵدا نەدەما، چونکە بارزانی لەگەڵمان زۆر

میهرەبان و لەخۆبردوو و سادە بوو.

بارزانی پرسیاری چی لێ دەکردن؟
مەهاباد شێخ لەتیف: پرسیاری ژیان و گوزەرانمانی دەکرد و دەیوت چیتان پێویستە و چیتان دەوێ؟ بەردەوام لێی دەپرسینەوە، بەڵام سوپاس بۆ خودا دایکم وای فێر کردبووین، کە هیچ کات داوای شت نەکەین و هیچ وەرنەگرین، ئێمە تەنیا ڕێز و پشتگیریمان دەویست، ئەو ڕێز و پشتگیرییەی جەنابی بارزانی لە ئێمە، گەورەترین شەرەف بوو بۆ ئێمە، چونکە پشتوانێکی گەورەمان بوو، هەمیشە لە خەمی ئێمەدا بوو.

بارزانییەکان وەفا و پێزانینیان چۆن بوو بەرانبەر بە خەڵکی؟
مەهاباد شێخ لەتیف: ئەوان بەوەفا بوون، بۆ نموونە، زۆر وەفایان هەبووە بۆ حەمە پیزە، هەمیشە بەبێ ڕێگریکردن حەمە پیزە سەردانی دەکردن و یارمەتییان دەدا و ئاگایان لێی بوو، ئەوەیان لەبەرچاو بوو، کە ئەو پیاوە لە دەربازکردنی بارزانیدا لە سلێمانییەوە بۆ بارزان ڕۆڵی هەبووە و هاوکاری بارزانی بووە.

بنەماڵەی بارزانی لایەنی عەشیرەتی و مۆرکی ڕەسەنی کوردەواریان پاراستووە، هۆزی ڕەسەن هەمیشە وەفادارە و پێزانینیان هەیە بۆ لایەنی بەرانبەر، وەک هەموو بنەماڵەیەکی ڕەسەن هەندێک پابەند بوون و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە، بنەماڵەی بارزانی وەفایان هەبوو بۆ ئەو کەسانەی، کە دۆستایەتییان کردوون، یا ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوکار و پشتیوانیان بوون، لە بەرانبەردا ئەوانیش ئەمەک و وەفا و پێزانینیان بۆ بەرانبەرەکەیان هەبووە.

سەبارەت بە سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی چی دەڵێت؟
مەهاباد شێخ لەتیف: بە گشتی سێ چوار جار جەنابی کاک مەسعود بارزانییم بینیوە، کەسێکی زۆر بەڕێزە، هەرگیز بڕوا ناکەم هیچ کاتێک کاک مەسعود لە هێڵی کوردایەتی لایدابێت، یا لابدات، ئەوەندە کوردستان و نەتەوەکەی خۆش دەوێت، کە هیچ شتێک نییە کاریگەریی بکاتە سەری و لەو ڕێبازە نەتەوەییە و لە هەوڵ و هەوڵێستە نەتەوەییانەکەی ساردی بکاتەوە.

لە ڕابردوودا زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانیدا هەبوو. ئەویش بە هەمان شێوە تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی بوو، خەمخۆری کوردایەتیی ڕاستەقینە بوو، ئێستاش دێتەوە بیرم، کە چەندە کەسێکی بەڕێز و بەنرخ بوو، خۆشەویست بوو، هەروەک کاک مەسعود، کە لەگەڵ کاک ئیدریس دادەنیشتم وام دەزانی کە چل ساڵە دەیناسم، لەگەڵ ئێمە زۆر ئاشنا و دۆست بوو، بەهۆی نازدارخانی هاوسەریەوە، کە خەڵکی سلێمانی بوو، زۆرمان خۆشدەویست، کە هەر لە سەردەمی شێخ مەحموودەوە دۆستایەتییەکی بەتینمان لەگەڵ ماڵی حەمەی ئەورەحمان ئاغای باوکیدا هەبووە و زۆر تێکەڵ بووین. بنەماڵەیەکی ناسراو و کەسایەتییەکی گەورە و بەناوبانگ بوون.
لە ساڵی 2010 سەردانی جەنابی کاک مەسعود بارزانییم کرد، پێشتریش دوو سێ جار لەگەڵ دایکم (تەڵاخان) و هەردوو خوشکەکەم سەردانم کردبوو. کاک مەسعود کەسێکی زۆر هێمن و میهرەبان و لەسەرخۆ و بەڕێزە.

چۆن وەسفی بارزانیی نەمر دەکەیت؟
مەهاباد شێخ لەتیف: جەنابی مەلا مستەفا سەرکردەیەکی بەهێز بوو، بەڕاستی سەرکردەیەکی خۆڕسک بوو، واتە کەسێک دروستی نەکردووە و نەیکردووەتە سەرکردە، بەڵکوو بە هەوڵ و تێکۆشان و خەبات و قارەمانێتیی خۆی و بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی بووە بە سەرۆک و سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و

کوردایەتی. سەرۆکێکی بە بیروباوەڕ و نەتەوەیی بووە و ئەزموونێکی باشی هەبووە، بە حوکمی ئەوەی کە هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە چ وەک خۆی، چ وەک خانەوادەکەی، تەنیا هەڵقوڵاوی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی بوون و ئەزموونی لەوانەی پێشتری خانەوادەکەی وەرگرتووە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە شارەزایی باشی پەیدا کردبوو، یەکێک لە سیمبول و کارێزما هەرە گەورەکانی کورد و کزردستان، مەلا مستەفا بارزانییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2025-07-10

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-07-10	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
مەلا مستەفا بارزانی، کاوەی شێخ لەتیف و خوشکەکەی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 10-07-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 513

مەهدی حەسەن: 38 ساڵی مانّئاوایی سەرکردەی جوانەمەرگ و خەباتکار ئیدریس بارزانی

20250712105720645299=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە کاتی گەیشتنی هەواڵی کۆچی دوایی شەهید ئیدریس بارزانی بە مەسعود بارزانی، جەنابی سەرۆک لە یاداشتنامەی خۆی دا دەڵێت بڕاگیان خۆزگە من لە جێگەی تۆ بوومایە، من دەزانم تۆ بە دەستی خۆت نەبوی ئەگینا هەرگیز تۆ منت بەجێ نەدەهێڵا، بەڵام دیارە باوکمان بیرت دەکات و کاری پێتە، کۆچی دواییت پڕخێر بێت بەڵام باوەڕ بکە ئێمە زۆرتر پێویستیمان پێتبوو, ئەی خەمخوری گەل و وڵات، خەمخوری هەژار و لێقەوماوان، تۆ پەروەردەی دەستی باوک بووی ..

لە بیرەوەری 38 ساڵەی کۆچی دوایی، ڕەوانشاد، سەرکردە و خەباتگێڕی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئیدریس بارزانی، سەری ڕێز و خوشەویستی بۆ دادەنوێنین، لەو بیرەوەرییە خەمگینەی کۆچی دوایی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی، سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی ئەو و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر دادەنوێنین، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە 31-01-1987 و لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا، بەداخەوە سەرکردەی لێهاتوو و بلیمەت، جوانەمەرگ (ئیدریس بارزانی) مالّاوایی کرد و کەلێنێکی گەورەی لە ڕیزەکانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا دروستکرد، بە درێژایی شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان وەکە سەرکردە و کادر و پێشمەرگە هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بووە و ئامانجی بەتەنیا بەرگریکردن بووە لە بوونی گەل و بە دەستهێنانی ماف و ئازادی، بۆیە سەرکێشی لە دەیان داستانی گەورە و مێژوویی کردووە، لە هەمان کاتدا لە بواڕەکانی سیاسی و دیبلۆماسی و جەماوەری و یەکگرتنی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا، سەرکردەیەکی بێ وێنە بووە و هەر ئەو بوو بە ئەندازیاری ئاشتی دەناسرا، بیرەوەرییەکی ئاوها جێگەی خۆیەتی ببێتە هاندەرێک بۆ زۆرتر پتەوکردنی یەکڕیزی گەلی کوردستان بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی شەهیدی سەرکردە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد و نەتەوەی ئێمە بە هزارەها شەهید و پەککەوتووی بۆ پێشکەش کردووە، سەرباری هەموو قوربانییەکی تر.

کورتەیەک لە ژیانی شەهیدی سەرکردە

شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی لە 04-03-1944 لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندی بارزان لەدایک بووە، کاتێک دەڤەری بارزان لە شۆڕش و خەباتێکی بەردەوامدا بوو بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردستان و فڕۆکەکانی ڕژێمی ئێراق و ئینگلیزی بەردەوام دەڤەری بارزانیان تۆپباران دەکرد و بۆیە خەڵکی ناوچەکە لە ئەشکەوتدا دەژیان، دوای ساڵێک مانەوە لە ئەشکەوتدا، خەڵکی بارزان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتن.

بەپێی وتەی نووسەری کورد (کەریم زەند) زۆرتر لە (150) کەس لە بارزانییەکان لەبەر ساردوسەرما لە چیاکانی سنوور گیانیان لەدەستدا، هەتا ئەو کاتەی گەیشتنە نێزیک شاری شنۆ، دوایی ئیدریس لەگەڵ باوکی و چەند چەکدارێکی تر، بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنە ڕاگواستن بۆ مەهاباد.

دوای شکەستی کۆماری مەهاباد و شەهیدبوونی پێشەوا (قازی محەمەد)ی سەرۆک کۆمار و هەڤاڵەکانی لە ڕۆژی 30-03-1947، سەرۆکی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ براگەورەکەی (شێخ ئەحمەد بارزانی) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا، خێزانی بارزانییەکان لەگەڵ (شێخ ئەحمەد) بنێرنەوە ئێراق و ئەویش لەگەڵ (500) چەکدارا بەرەو یەکێتی سۆڤییەت بکەوێتە ڕێ.

کاتێک کە (شێخ ئەحمەد بارزانی) لەگەڵ خێزانی بارزانییەکان گەڕایەوە ئێراق، ڕژێمی ئەوکاتە، شێخ ئەحمەد و ئەو خێزانانەی لەگەڵی بوون دەستبەسەر کران و بۆ شاری موسڵ گواسترانەوە و ئیدریس بارزانییش یەکێک لە زیندانییەکان بوو. دوایی بارزانییەکان بۆ ناوەڕاست و خواروو ئێراق گوازرانەوە و لە ساڵی (1952) بۆ بەسرا

دوورخرانەوە. لەوێ ئیدریس بارزانی چوو بۆ قوتابخانە و بەردەوام بوو لە سەری، ڕژێمی ئێراق جارێکی تر بارزانییەکانی گواستەوە بۆ شاری موسڵ لە ساڵی (1954). لەوێش ئیدریس بارزانی بەردەوام بوو لەسەر خوێندن و قوتابخانە.
لە ساڵی (1956) ڕژێمی ئێراق مانی بارزانییەکانی گواستەوە شاری بەغدا و لەوێش ئیدریس بارزانی چووە قوتابخانەی سەرەتایی و دواتر ناوەندی. دوای ئەوەی کە بارزانیی نەمر لە یەکێتی سوڤیەت گەڕایەوە ئێراق لە ساڵی (1958)، لە بەغدا مایەوە و ئیدریسیش درێژەی بە خوێندنەکەی دا هەتا دەسپێکی ساڵی (1961)، دوای ئەوەی کە بەینیان لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسمی)ی سەرۆک کۆماری ئێراق تێکچوو، بارزانیی نەمر بە خێزانەوە گەڕایەوە ناوچەی بارزان.
لە ساڵی (1964) ئیدریس بارزانی ژیانی هاوژینی پێک دێنێت. لە ساڵی (1965) دەبێتە هاوکاری باوکی بۆ کاروباری لەشکەری و کۆمەڵایەتی.
لە (12-05-1966) ڕژێمی ئێراق هێرشێکی لەشکەری گەورەی کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە چیای هندرین، پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی هێزی دوژمنی تێشکاند و سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد و دوژمنی ناچار کرد داخوازی چارەسەری دۆزی کوردی بکات بە شێوەیەکی ئاشتییانە و ڕاگەیاندننامەی (29-06-1966) دەربکات.
هەروەها لە ساڵی (1969) چەندین قوتابخانەی لە ناوچە ئازادکراوەکان کردەوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دانووستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق، دواتر ڕێکەوتنی 11-03-1970 دەرچوو، دانیان بە مافەکانی گەلی کورد نا.
لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی ساڵی (1970) ئیدریس بارزانی تووشی پیلانێکی تیرۆر دەبێت لە بەغدا بەڵام لێی دەرباز دەبێت.
دوای ئەوەی کە ڕژێمی ئێراق لە ساڵی (1974) جارێکی تر شەڕی دەستپێکرد، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا بۆ کردنەوەی زانکۆیەک لە قەڵادزێ، ئەویش لە 24-04-1974 بۆمبباران کرا لەلایەن فڕۆکەکانی ئێراق و بوویە هۆی شەهید بوونی (130) قوتابی و بریندار کردنی (200) قوتابی دیکە. دوای شکستهێنانی شۆڕش لە ساڵی (1975)، ئیدریس ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان لە (06-05-1976) .
لە کۆتایی مانگی شوبات ساڵی (1979)، ئیدریس بارزانی سەردانی خومەینی کرد و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لێ پیرۆز کرد.
ئیدریسی جوانەمەرگ ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێکهێنانی بەرەی (جود) لە (28-11-1980)، لە ساڵی (1985) بارزانی کەوتە خۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و هەر بۆ ئەم مەبەستە
لە 08-11-1986 کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە تاران گرێدا و ڕێکەوتنێکی مێژووپی لەنێوانیان ئیمزا کرا، لە ساڵی (1985) چووە وڵاتی لیبیا بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی هێزەکانی شۆڕشگێردا.
لە کۆتایی کانونی یەکەمی ساڵی (1986) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆنگرەی (نصرت الشعب العراقي) دا ئەوەی لە شاری تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران گرێدرا.
بەداخەوە کۆچی دوایی سەرکردەی لێهاتوو ئیدریس بارزانی کۆسپێکی گەورە بوو بۆ دۆزی گەلی کورد، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | میژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | فۆنْدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران | ئێراق |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-01-30

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
مەهدی حەسەن: 38 سالیا مالئاڤاهیا سەرکردەیێ جوانەمەرگ و خەباتکەر ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کرمانجی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کرمانجی | مالپەڕێ سەماتیڤی - 2025-07-12
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | وەرگێڕانی کوردیپیدیا - کاروان م. ئاکرەیی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-12

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 514
نامیلکەی ئیدریس دەریای دڵ بە پەڕۆش بڵاوکرایەوە
20250717145817646635=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە یادی35ساڵەی کۆچی دوایی شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد لەلایەن هەیئەی گشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگە، نامیلکەیەک لەژێر ناوی ئیدریس دەریای دڵ بەپەڕۆش بڵاوکرایەوە.
لە نەمیلەکەدا چەندین شیعر و پەخشانە شیعرێی تایبەت بەو یادە بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئە کۆڕە شیعرێکی ئەو یادەدا لە هاوینەهەواری پیرمام خوێنرانەوە و لە شیعری شاعیران
وەکوو: قادر قەچاخ، حەسەنی دانیشفەڕ، حەمە ئەحمەد جاف، حەسەن نووری، بورهان زێباری، ئیدریس عەلی، فریاد بارزانی، حسێن دەحلێنەوی، دڵشاد میراودەلی، زیرەک سابیر ، عەبدولقادر نۆرمانی .
شایەنی باسە، ئەو نامیلکەیە زنجیرەی (1) ی هەیئەی گشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگەیە بەتیراژی (1000) دانە و دەرهێنانی هونەرێی (تەحسین جەلال)ە و لە چاپخانەی (خانی) لە دهۆک چاپکراوە، ئێمەش بەناوی ڕۆژنامەکەمانەوە پێیان دەڵێین: پیرۆزە و خەرمان بەرەکەت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕاناڵی پەرتووک | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2022-06-07

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-06-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
نامیلکەیەکی تایبەت بە یادی 35 ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 515
ناوی کوڕەکانی ئیدریس بارزانی
20250729125754648732=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئیدریس بارزانی ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایک بووە .
لە تەمەنی منداڵیەوە لە سۆز و خۆشەویستی باوک بەدوور بووە تا گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیە ساڵی 1958.
لە تەمەنی چوار ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەی لە سنووری بارزان دەگوازرێنەوە بۆشارەکانی بەغدا موسڵ و بەسرا لەگەڵ هەموئێش و ئازار و دوور لە سۆز و خۆشەویستی باوکی دەخرێتە بەر خوێندن شۆڕشی 14-07-1958 ئەو دەرفەتە ڕەخساند کە بە دیداری باوکی شاد ببێتەوە.
بارزانی ئەرکی جیاجیا دەسپێر ێتە دەست ئیدریس ئەویش هەموو ئەرکەکانی بە ڕێکوپێکی جێبە جێدەکات و لێهاتووی خۆی دەخاتەروو هەر بۆیە لە تەمەنی لاوێتی دوژمن ئەو بەمەترسی دەزانێت و لە سالی 1961 لە فەرماندەی سەربازی ڕژێم لە مێرگەسۆر داوای بینینی دەکات بەڵام نیازیان پاک نە بۆ ئیدریس بارزانی بە ئازایە تی و د یپلۆماسییەت خۆی ڕزگار دەکات (ساڵی 1964) بارزانی ئەرکی ئیش و کاری پێشمەرگایەتی پێدەسپێرێت (12-05-1966) سەرپەرشتی داستانی بەناوبانگی جیای هەندرێن دەکات و ڕۆڵی سەرەکی لەسەر کەوتنی ئەو داستانە دا هە بووە مانگی 05-1975 دەکرێتە بەرپرسی بارەگای بارزانی (11-03-1970) ڕێککەوتنی 11ی ئازار ڕۆڵێکی گەورە دە بینێت بۆ و دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.
دوای 43 ساڵ خەبات تێگۆشان و ماندوبوونێکی زۆر لە پێناو ئازادی کورد و کوردستان و دوور لە سۆز و خۆشەویستی خانەوادەکەی و دوور لە منداڵەکانی لە پێناو ئەمڕۆدا 31-01-1987 لە گوندی سلیڤانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مالئاوای دەکات ساڵی 1993 تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی دە هێنرێنە کوردستانی ئازاد کراو 08-10-1993 لە ڕێورەسمێکی شایستەدا لە گوندی بارزان بە خاک دەسپێر درێن مرۆڤێکی خاکی بوو و لەناو جەماوەر خۆشەویست بووە سادە و بە قەناعەت بووە هیوایەتی مالی دونیا نە بووە بەسادەیی ژیاوە لە ڕادە بە دەر خۆڕاگر بووە خاوەن قسە و بە لێنە کانی بووە سەرا حەت بێژ ق ڕاستگۆ بووە لە گەل هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی ق ئاستی تێگە یشتنی بەرانبەری قسە و هە لسو کەوتی کردووە مرۆڤێکی بەدین بووە و گشت فەرزە ئایینییە کانی بە جێ گەیاندووە بەشی زۆری سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزی بەمانا و تە

فسیرەوە لەبەر بووە.
ناوی کوڕەکانی ئیدریس بارزانی
1- نێچیرڤان ئیدریس بارزانی (نێچیرڤان بارزانی)
2- دلۆڤان ئیدریس بارزانی
3- بارز ئیدریس بارزانی
4- یوسف ئیدریس بارزانی
5- عەباس ئیدریس بارزانی
6- ڕەوان ئیدریس بارزانی [1]
تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژەپێکراو نووسراوە و کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (Wtakany Barzani Namr) ڕۆژی 2025-07-29

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-29

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 516
ناوەرۆکی ڕێککەوتنی ساڵی 1982ی نێوان عەبدوڵڵا ئۆجالان و ئیدریس بارزانیی چییە؟
20250703111208643816=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دواییین پەیامیدا داوای خستنەسەرێێ ڕێککەوتنێکی نێوان خۆی و ئیدریس بارزانیی دەکات، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1982، ڕێککەوتنەکە لە 11 خاڵ پێکدێت و تێیدا شەڕی کورد بە کوردی بە تاوان لە قەڵەم دراوە.
ڕۆژی 27-04-2020 عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری گەلی کورد لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بە خانەوادەکەیەوە کرد و قسەی لەگەڵ محەمەد ئۆجالانی برای کرد، دواتر محەمەد ئۆجالان ناوەرۆکی پەیوەندییەکەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ڕێبەری گەلی کورد زۆرترین قسەکانی لەسەر باشووری کوردستان بووە. ڕێبەری گەلی کورد جەختی لە پێویستیی پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی کردووە و داوای کردووە هێزە کوردستانییەکان دووربکەونەوە لە شەڕی ناوخۆ، بۆ ئەوەش داوای کردووە ڕێککەوتنی ساڵی 1982ی نێوان خۆی و ئیدریس بارزانی بەگەڕبخرێتەوە.
لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنیوز، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سیاسەتمەداری باشووری کوردستان و کەسایەتیی نزیک لە ڕێبەری گەلی کوردەوە، ناوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی 1982ی خستە ڕوو، کە ڕێبەری گەلی کورد داوای سەرپێخستنەوەی دەکات.
پێنجوێنی باس لە هەلومەرجی پێکهاتنی ئەو پەیمانە دەکات و دەڵێت: ئەو کات پارتی دروشمی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا دەستپێکردبوو، لە یەکێتییەوە دەستی پێ کرد و لەگەڵ مام جەلال لە تاران ئاشتبوونەوە، ئیدریس بارزانی سەرپەرشتیی ئەو پڕۆسەیەی دەکرد، لەو چوارچێوەیەشدا نزیکبوونەوەیان لەگەڵ پەکەکەکە و بەتایبەت بەڕێز ئۆجالان دروستکرد.
جەوهەری پەیمانەکە 11 خاڵە، تێیدا جەخت دەکاتەوە، کە پێویستە هێزی سیاسیی کوردیی ڕاوێژ بەیەک بکەن، خاڵێکی دیکە دەڵێت پێویستە هەوڵ بدرێت هەموو لایەک شەڕی کورد و کورد تەحریم و تەجریم بکرێت، واتا بە تاوان بناسێندرێت، "هەرچەند بەداخەوە دوای ئەو پەیمانەش شەڕ لەنێوان لایەنەکاندا هەر دروستبووەوە".

فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکێک بووە لەوانەی لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا بەشدار بووە لە دانووستانەکان لەگەڵ پەکەکەدا، ئەو بۆ محەمەد ئەمین پێنجوێنیی گێڕاوەتەوە و وتوێتی:
یەکێک لە خاڵەکان ئەوەبووە کە هزری مارکسییەت بەبنەما بگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی و ئابوورییەکان، دواتر کە پارتی تاوتوێی ڕێککەوتنەکەی کردووە لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکییان هەبووە چونکە ئەو کات ئەوان لە ئێران بوون، بۆیە ئیدریس بارزانیی دەگەڕێتەوە بۆ لای سەرۆک ئۆجالان، سەرۆکیش پێی دەڵێت ئەوە کێشە نییە، بەڵام کێشەی سەرەکیی یەکبوونی ئەقڵی سیاسیی هێزە کوردییەکانە، کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە کورد بەدەستی کورد نەکوژێت.
پێنجوێنی ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە چەند جارێک لە سەردانیدا بۆ بیقاع بۆ لای ڕێبەری گەلی کورد، سەرۆک ئۆجالان جەختی کردووەتەوە کە دەبێت ئەو پەیمانە زیندووبکرێتەوە و کاری پێبکرێت.
محەمەد ئەمین پێنجوێنی ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە ڕێبەری گەلی کورد ڕایسپاردووە بۆ ئەوەی کار بکات بۆ زیندووکردنەوەی ئەو پەیمانە و دەڵێت: لە ساڵانی 2013 و 2014دا ڕێبەری گەلی کورد چەند هەڤاڵی نارد بۆ لام و داوای لێکردبووم کار بکەم بۆ وەگەڕخستنەوەی ئەو پەیمانە، منیش تا ئێستا هەر بەو نەفەسەوە کار دەکەم و لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیشم لەگەڵ بەرپرسانی پارتی بەتایبەت کاک مەسعود و کاک نێچیرڤان ئەو پەیامەم پێ گەیاندوون و داوام لێکردوون یەکڕیزیی کوردیی بپارێزن.
پێنجوێنی دەشڵێت: پێویستە هەم لایەنی پەکەکە و لایەنەکانی دیکەش کار بۆ زیندووکردنەوەی ئەو پەیامە بدەن و هەوڵبدەن جارێکی تر شەڕی کورد بە کورد ڕوونەداتەوە و یەکڕیزییەکی سیاسیی پێکبهێنن.
ئەو سیاسەتمەدارە پێشی وایە، کە "ئێستا پارتی زیاتر دەتوانێت هەوڵی ئەوە بدات کە کورد بەدەستی کورد نەکوژرێت" و دەڵێت: پارتی ئێستا حکومەتە و دەرفەتی زیاترە، دەتوانن زەمینەسازییەکی باش دروستبکەن، کە لانی کەم کورد شەڕی یەکتر نەکەن و هێزێکی کوردیی نەچێت هاوکاریی هێزێکی داگیرکەر بکات دژ بە هێزێکی دیکەی کوردیی.
لەبارەی دۆخی زینی وەرتێشەوە محەمەد ئەمین پێنجوێنیی هۆشداریی دەدات و دەڵێت: ئەم دۆخەی ئێستای زینی وەرێ ئەگەر بگاتە شەڕ، یەکەم بۆ زیانگەیاندنە بە پەکەکە، دووەمیش بۆ لەناوبردنی پڕۆسەی سیاسیی باشووری، سەرکێشیی ئەم پیلانگێڕییەش تورکیا و شەخسی ئەردۆغان و ئێران و ئێراق و سووریاش دەیکەن، بۆیە بەتایبەت داوا لە هەرسێ هێزی پەکەکە، پارتی و یەکێتیی دەکەم ئەم پیلانە تێکبدەن.
لەبارەی داواکاریی ڕێبەری گەلی کوردیش بۆ پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی کورد، پێنجوێنی دەڵێت: بەڕێز ئۆجالان پێش ڕووداتی شتەکان خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات، ئێستاش ئەو بەڕوونتر هەست بە مەترسییەکانی سەر گەلی کورد دەکات، بۆیە جەخت لە یەکڕیزیی کورد دەکات و داوا دەکات شەڕی کورد بە کورد نەکرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی rojpress.wordpress.com
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-03
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 517
نیچیرڤان بارزانی درێژە پێدەری شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانیی ئەندازیاری ئاشتی و یەکریزی کورد
20250715212943646279=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناوی نووسەر: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

هەڵسوکەوت و خەسڵەتەکانی نێچیرڤان بارزانی لە کاتە سەختەکاندا، پێمان دەڵێن کە چۆن میرات هەڵگری ئەو سیاسەت و دیپلۆماسییەتەیە کە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا، گەل و نیشتمانەکەی لە پیلانگێڕی ناحەزانی کورد، ڕزگار بکات و بگەێنێتە کەناری ئارامی و دڵنیایی. ئیدریس بارزانی کەسێک بوو بۆ هەموو شوێنە سەختەکان ئامادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگە بوو خەباتی بۆ کوردایەتی بوو، زۆر کەسێکی ڕاشکاو بوو. ئەو کاتەی (بارزانیی نەمر) لە ئەمەریکا نەخۆش بوو، ئەو هەمیشە ئەو بارە قورسەی لەسەر شان بوو، لە لایەک نەخۆشکەوتنی (بارزانیی نەمر) لە لایەک ڕێکخستنی ئاوارەکان لە لایەک ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە، باری سەرشانی (ئیدریس بارزانی) زۆر قورس بوو، ئەو ڕۆحی بەرخۆدان و کوردایەتی لەناو کادیران پەروەردە دەکرد.
ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ڕاسپاردەی پێویستی دەدا بە جەماوەر لە دەنگی کوردستانەوە بۆ شۆڕش، بۆشایی زۆری دروستکرد. دەشڵێت "تایبەتمەندیی کەسایەتیی (ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) تایبەت بوو، لە کاتی پێویست (ئیدریس بارزانی) تووند بوو، لە کاتی ئاشتیدا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. خۆی دەبێت سەرکردە ئەم دوو مەرجەی تێدا هەبێت، کە (کاک ئیدریس) سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو کە سەرکردەیەک هەیبوو. ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد (ئیدریس بارزانی) پڕن لە نموونەی زیندووی وەفاداری بەرانبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی.
سەر ڕاستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەو کردووەتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەرکردن بووبێت درێغی نەکردووە. مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دوور دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتیی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئاڵۆزەی ئەو کات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدابووە.
لە ئێستادا گشت نیگاکان و هیواکان لەسەر هەر دوو سەرکردە و میراتگری قوتابخانەی کوردایەتیی و بارزانیی، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانیی و مەسرور بارزانیی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەڵچنراوە لە پێناو جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و بەرەو پێشبردنی پڕۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا بەرەو کوردستانێکی بەهێز.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-09-2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-09-30	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەندازیاری ئاشتی ئیدریس مستەفا بارزانی لە چەند وتەیەکدا؛ بەشی دوو	قیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 30-09-2020

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 518
نێچیرڤان بارزانی: هەر کاتێک گرفتێک دەهاتە پێش مام جەلال پێی دەوتم وەرە با فسکە فسکێک بکەین
20221003214437437496=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نێچیرڤان بارزانی
گرفتێک دەهاتە پێشەوە، مام جەلال پێی دەوتم وەرە با فسکەفسکێک بکەین، هەموجاریش ئەو فسکەفسکە دەبووە هۆی چارەسەری گرفتەکان, هەمیشە هەستمان بەو بۆ شاییە کردووە کە بەهۆی مام جەلال تاڵەبانیەوە دڕووست بووە.
مێژووی مام جەلال، بەشێکە لە مێژووی گەلی کورد.
مام جەلال کاری زۆری کرد بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری.
مام جەلالم لە ڕۆژانی ئاشتیخوازییدا ناسیوە.
مام جەلال و کاک ئیدریسی باوکم لە ساڵی 1986 بۆ یەکەمجار ڕێککەوتنی ئاشتیان واژووکرد لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
بەهۆی ئەو ڕێککەوتنە ئاشتییەی لەنێوان مام جەلال و ئیدریس بارزانی واژوو کرا، بەرەی کوردستانی دڕووست بوو.
بەهۆی بەرەی کوردستانەوە، ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دڕووست بوو، کە بناغەکەی لەلایەن مام جەلال و کاک ئیدریس دایاننا.
مام جەلال هەموو کارێکی دەکرد بۆ ئەوەی دڵی کاک مەسعود بارزانی خۆش بکات.
سەرۆک بارزانی، هیچ تەنازوڵێکی نەکرد بۆ ئەوەی بەردەوام پۆستی سەرۆک کۆمار لە دەستی مام جەلال بمێنێتەوە.
مام جەلال زۆر پەرۆش بوو، بۆ تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی.
مام جەلال، پێی وتم پەشیمانم لە جیابوونەوە لە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی
ڕێککەوتنی ستراتیجی لەنێوان پارتی و یەکێتی، لەسەر دەستی مام جەلال و سەرۆک بارزانی، بووە هۆی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان.
بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیجی زۆرترین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.
بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیجییەوە ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆرتر بوو.
ئەوانەی ڕەخنەیان لە ڕێککەوتنی ستراتیجی نێوان مام جەلال و کاک مەسعود دەگرت، گرنگی ئەو ڕێککەوتنەیان نەدەزانی
ئێستاش ڕێککەوتنێکی وەک ڕێککەوتنی ستراتیجی لەنێوان پارتی و یەکێتی پێویستە کە لەئاست ئەو قۆناغە بێت.
مام جەلال، گەورەیی بە پۆستی سەرۆک کۆماردا بوو.
مام جەلال، پارێزەری مافی شیعەو سوننە و کورد بوو.
کە گرفتێک دەهاتە پێشەوە، مام جەلال پێی دەوتم وەرە با فسکەفسکێک بکەین، هەموجاریش ئەو فسکەفسکە دەبووە هۆی چارەسەری گرفتەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 03-10-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی بوار میدیا

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-03

ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: کورتەباس

بابەت: 519

نێچیرڤان بارزانی، بۆچی ڕۆژی ئیدریس بارزانی خستە پێش ڕۆژی مەسعود بارزانی؟

20221005220002438020=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نێچیرڤان بارزانی، بۆچی ڕۆژی ئیدریس بارزانی خستە پێش ڕۆژی مەسعود بارزانی؟
بۆچی باسی گرنگی ڕێککەوتنێکی نوێی لەنێوان پارتی دیموکراتی کورستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کرد؟
بۆچی باسی لە ڕۆژی مام جەلال تاڵەبانی کرد بەوەی ئەندازیاری ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بووە؟
کۆدەکانی پشت قسەکانی نێچیرڤان بارزانی چی بوون، کە ویسی بە مام و ئامۆزاکەی بیگەیەنێت؟
بوار لەم شیکارییەدا، خوێندنەوە بۆ ئەو وتارەی نێچیرڤان بارزانی دەکات، کە لە ساڵیادی کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی و کردنەوەی دەزگای سەرۆک مام جەلال لە هەولێر پێشکەشی کرد.
لە سەرەتای وتارەکەدا نێچیرڤان بارزانی بە وەسفێکی زۆری مام جەلال دەستی بە قسەکانی کرد و وتی: ڕاستە چەند ساڵێک بەسەر ماڵاوایکردنیدا تێپەڕیوە، بەڵام ئێمە بە درێژاییی ئەم چەند ساڵە و دوای نەخۆشکەوتنی و دوورکەوتنەوەی لە کاری سیاسی و دەوڵەتی، هەمیشە هەستمان بەو بۆشاییە کردووە، کە مام جەلال بەجێی هێشتووە.
ئەم قسانە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی، کە مام جەلال لە دوای خۆی بۆشایی لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دروستکردووە، بەتایبەتیی دوای نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی ناوبراو ساڵ بە ساڵ پەیوەندییەکانی ئەو دوو حیزبە بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە.
نێچیرڤان بارزانی دواتر باسی لە ڕۆژی مام جەلال و ئیدریس بارزانی باوکی کرد، لە بارەی واژووکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی و وتی: من مام جەلالم لە ڕۆژی دروستکردنی ئاشتی و تەباییدا ناسیوە، لەبەر ئەوە بۆ من زیاتر لە هەموو شتێک، سەرکردە و یادگارێکی گەورەی پاراستنی ئاشتی و پێکەوەکارکردنە.
ئەو نموونەیەکی هێنایەوە و وتی: ڕۆژی 8ی نۆڤەمبەری 1986 هەردوو ڕەوانشاد، مام جەلال و باوکم ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان واژووکرد.
لێرەشدا نێچیرڤان بارزانی بەڕوونی ئەوەی وت، کە باوکی و مام جەلال ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی و تەنانەت لە بەشێکی تری قسەکانی جەختیکردەوە، ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی 1986 کرا، دواتر بە ئاشتبوونەوەی گشتی ناسرا، چونکە هەموو حیزبە کوردستانی و ئێراقییەکان دوای ئەو ڕێککەوتنە ئاشتبوونەوە و شەڕی ناوخۆ کۆتایی هات و بەرەی کوردستانی دامەزرا.
دواتر باسی قۆناغی دوای شەڕی ناوخۆیی کرد و وتی: دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی 1994، ویستی سەرۆک مام جەلال بۆ ئاشتی و باوەڕی جەنابی سەرۆک بارزانی بە ئاشتی، وای کرد ڕێککەوتنی ئاشتیی ساڵی 1998 لە واشنتن واژۆ بکەن و قۆناغێکی نوێی ئاشتی و پڕ لە دەستکەوتی دەستووری و سیاسی بۆ گەلی کوردستان تۆمار بکەن، زۆر دەستکەوت بۆ گەلی کوردستان بەدەست هاتن، هەموویان بەهۆی پێکەوە کارکردنی سەرۆک مام جەلال و سەرۆک بارزانی بوون.
هەروەها وتی: مام جەلال هەموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دڵخۆش بێت، کاک مەسعوودیش هیچ داوایەکی مام جەلالی ڕەت نەدەکردەوە، تەنانەت سەرۆک بارزانی لە پێناو مانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار لەناو چوارچێوەی بڕیاری کوردستانی و لە دەستی مام جەلالدا، ملی نەدایە بەر گوشاری سەرۆکی ئەمەریکا و گوشارە ناوچەییەکانیش لە ساڵی 2010 و تاکوو مام جەلال نەبووەوە بە سەرۆک کۆمار، کۆڵی نەدا.
لە کۆتایی وتارەکەشیدا، نێچیرڤان بارزانی داوای واژووکردنی ڕێککەوتنێکی نوێی نێوان پارتی و یەکێتی کرد و وتی: ئێستاش جارێکی دیکە پێویستییان بە ڕێککەوتنێکی تازەی هاوبەشە بە گوێرەی ئەم قۆناغە. بە هەموو

شێوەیەک ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی و یەکڕیزی و تەبایی لەنێوان هەموو لایەن و پێکهاتە کوردستانییەکاندا زۆر پێویستە بۆ ڕێگرتن لە لاوازبوونی زیاتری بڕیار و ئیرادەی سیاسیی گەلی کوردستان.
ئەوەشی وت: نابێت تەماشای هیچ پێوەرێک بکەین جگە لە بەهێزکردنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان، چونکە هێزی هەموومان بەندە بە هێز و پێگەی هەرێمی کوردستانەوە. بەهێزیمان، یەکڕیزیمانە. ئەوانەی دەتوانن هەرێمی کوردستان بەهێز بکەنەوە، بەر لە هەمووان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تەبایی و یەکڕیزیی هەموو لایەنەکانە.
لەمەشدا نێچیرڤان بارزانی ئەو ئاماژەیدا، کە وەک ئەوەی مام و ئامۆزاکەی کاری بۆ دەکەن و دەیانەوێت پارتی بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی بێت لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئێراقیشدا نابێت، بەڵکوو دەبێت هاوبەشی لە بڕیاردا هەبێت، وەک سەردەمی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوو حیزب.
نێچیرڤان بارزانی لەو وتارەیدا ویستی ئەوە بڵێت ئەوەی لەم قۆناغەدا پێویستە هەبوونی ڕێککەوتنێکی نوێیە لەنێوان ئەو دوو حیزبە نەک هەوڵدان بۆ پشتگوێخستنی لایەنێک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست |
ڕۆژی دەرچوون: 04-10-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی بوار میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: کورتەباس

بابەت: 520

هاوسەرگیری و زەماوەندی ئیدریس بارزانی

20250822122256652365=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: هاوسەرگیری و زەماوەندی ئیدریس بارزانی

دوو ساڵی دوای مردنی حەمە ئاغا، هەباسی مامەند ئاغای و ئیسماعیلی سوارئاغای بە ڕاسپاردەی شێخ بابو، چوون بۆ ماڵی سەرداری حەمە ئاغای و خوازبێنی نازدار خانیان بۆ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کرد کە ئەویش نازدار خانی خوشکی پێشکەش بە ئیدریس بارزانی کرد.

دوای بە ئەنجام گەیشتنی کارە سەرەتاییەکانی هاوسەرگیری، لە پاییزی ساڵی 1964دا، بووک لە سلێمانییەوە بۆ ئیدریس بارزانی هاتە ڕانییە و لە گوندی دێرێ دابەزی. لەم بارەیەوە کەمال محەمەد ئەمین مەحمود دەڵێت: (بەرلە گواستنەوەی نازدار خان بۆ کاک ئیدریس، چادرێکی دوو پایەی گەورە و سپێمان لە گوندی دێرێ هەڵدا. وتیان سبەینێ بووک دێت؛ من و سلێمان حادی، ئەحمەد سەعید و محەمەد عیسا کە هەر چوارمان پاسەوانی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بووین، ڕۆژێک بەر لە گەیشتنی بووک بە دوو ئیستردەوە چووین بۆ ڕانییە. لەوێ مەقەڕێکمان لە خوێندنگەیەکدا هەبوو، شەو لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی بووکیان بە ئۆتۆمبێل گەیاندە ڕانییە. ئێمە بەو دوو ئیسترانە بووکمان گواستەوە بۆ گوندی دێرێ. ئیسترێک بۆ بووک و ئەوەی تریان بۆ دایکی مەقەدەم عەزیز ئاکرەیی. سەری ئیسترمان گرت، بووک لە پێشەوە و دایکی مەقەدەم عەزیز بە دوایدا. کاتی دابەزین لاقی دایکی مەقەدەم عەزیز لە ڕێکێفی ئیسترەکە گیرا و کەوتە خوارەوە.

نزیکە 1000 کەس پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە لە زەماوەندەکەدا بوون. هەموو ئاغا و گەورە پیاوانی ناوچەکە بە ڕێز ڕاوەستابوون.

گەردیلەکان بە دوو تەبەق شایان دەکرد. شایی دوو تەبەق تایبەتمەندیی گەردیلەکانە و تەنیا لە زەماوەندی گەورە پیاواندا بەو شێوازە شایی دەکەن و ئەو جۆرە شایی کردنە بۆ خەڵکی ناوچەکە جێی سەرسوڕمان بوو. ئەوانەی ژێرەوە لە جێی خۆیان بە شان هەڵدەپەڕین و زۆر بەئارامی دەجوڵان و دەچوونە پێشەوە. ساڵی 1965 بارزانی گوندی دێرێی بەجێهێشت و ئێمە چووین بۆ دیلمان.

حاجی مەلا کاک نەبی، خەڵکی گوندی دێرێ دەیڵێت: (کە ئیدریس بارزانی هاوسەرگیری کرد، خێوەتێکی گەورەمان بۆ هەڵدا و ژوورێکیشمان بە بەرد و قوڕ بۆ مەسعود بارزانی دروستکرد. هەردووی ئەوانە لە گوندی دێرێ ژنیان گواستەوە و دواتر چوون بۆ دیلمان). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین) | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-22	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

2025-08-22	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کرمانجی	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 109-112.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 521
هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی: ئیدریس بارزانی ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەخت بوو
20250708151346644709=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕابین شێروانی

کاتێک کە پەڕەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە و قسە لەبارەی کەسانی کاریگەر و خاوەن کەسایەتی بەهێزی مێژووی کورد دەکرێت، دەبێت لە یەکێک لەو پەڕانەدا ناوی ئیدریس بارزانی ببینرێت، هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری هەوڵەکانی یەکڕیزیی گەلی کوردی دادەنێن، پێیان وایە ئیدریس بارزانی ئیرادە و ئومێدی ڕۆژانی سەخت بوو، بۆیە کۆچی دواییی ئەو، خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان.
حەسەن حەدۆ، هاوڕێ و بەرپرسی لقی 26ی گوڵان لە دەڤەری باڵەکایەتی وتی: "کۆچی دواییی ئیدریس بارزانی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی گەورەی بنەماڵەی بارزانی نەمر بوو، هەروەها ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکیی بینی لە دروستکردنی بەرەی کوردستانی، هەروەها ئاشتبوونەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان و گەلی کوردستان، بۆیە لەو کات و ساتەدا لە دەستدانی ئیدریس بارزانی بۆ گەلی کوردستان خەسارەتێکی گەورە بوو و بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە، هەر بە هەوڵ و ماندووبوونی ئیدریسی جوانەمەرگ بوو کە ئەو یەکێتیی و تەباییە دروست بوو، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئەو سەرکەوتنە بە دەست هات، بۆیە گەلی کوردستان هەمیشە پەرۆشی ئەو سەرکردە و قارەمانە بوو، چونکە خەمخۆری هەژاران و لێقەوماوان بوو."

میرۆ کەریم، پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، وتی: "ئیدریس بارزانی، کەسایەتییەکی گەورە و سەرکردەیەکی لێهاتووی گەلەکەمان بوو، هاوکارێکی بەهێزی بارزانی نەمر بوو، کەسێکی شارەزا و لێزان بوو، ماندوونەناس بوو، هیچ کاتێک لە کارەکانی ماندوو نەدەبوو، لە داستانی هەندرێن و زۆزک و گەرووی عومەرەغا ڕۆڵێکی گەورەی بینی، سەرپەرشتیی داستانی هەندرێنی کرد، لە 1974 لە هێڵی پێشەوەی شەڕ بوو، لە

سەرتاسەری کوردستان قیادەی پێشمەرگەی دەکرد، هەموو کارەکانی بە باشی و بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدا، لە بواری سەربازی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبوو، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شۆڕشی ئەیلوول و شکستی حکوومەتی ئەوسای ئێراق، حکوومەتی ئێراقی گەیاند بەو باوەڕەی کە ناتوانێت کێشەی کورد بە شەڕ یەکلا بکاتەوە، ناچار بوو پەنا ببات بەر دانووستاندن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بە ڕابەرایەتیی بارزانی نەمر".

دەشڵێت: "ئیدریس بارزانی مامۆستا بوو، لە ئاوارەیی لە ساڵی 1975 ماندووبوونێکی زۆری بینی، بۆ ئەوەی بە هەزاران خێزان لەناو بەفر ڕزگار بکات، ئەو چەند ساڵەی کە لە ئێران بوو، وەک قائیدێکی گەورە دوای بارزانی نەمر، لەگەڵ سەرۆک بارزانی، نەیانهێشت ئالای ڕێبازە پیرۆزەکەی پارتی و بارزانی بکەوێتە ئەرز و دوژمنانی کوردستانیان نائۆمێد کرد و توانیان شۆڕشی گوڵان بگەیەننە ڕاپەڕین".
سلێمان حاجی، پێشمەرگەیەکی دیکەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان وتی: "شەهیدی نەمر، ئیدریسی جوانەمەرگ، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو لە پێناو بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردستان، هەر لە منداڵییەوە چەکی شۆڕشی کردبووە شان و لە ساڵی 1961 بوو بە پێشمەرگە، کە ئەوکات تەمەنی تەنیا 17 ساڵ بوو، هەر زوو ڕۆڵی خۆی بینی، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو شەڕانەی کە بەرپا کران، لە گفتوگۆی ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 ڕۆڵێکی کاریگەریی گێڕا و بەشدار بوو لە دانووستاندنەکاندا و لە خوێندنەوەی بەیاننامەی 11ی ئازار لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکرەوە، وەکوو نوێنەری بارزانی نەمر ئامادە بوو، پاش ئەوە ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە چارەکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی ئێراق و کوردستان، بۆیە لە هەر شوێنێک بووایە ڕۆڵێکی کاریگەریی دەبینی لە چارەکردنی کێشەکان، بۆیە سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بوو". [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 522

هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی

20250701153346643720=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیدریس مستەفا بارزانی، یەکێک لە سەرکردە هەرە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆڕی مستەفا بارزانی بوو. دوای ئەوەی بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلوول دەکات و وەکوو یاریدەدەری مستەفا بارزانی بۆ کاروباری سەربازیی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی دەنوێنێ، دۆست بە دەرکەوتنی ئەم سەرکردە لێهاتووە دڵخۆش و دوژمنانیش پێی دڵتەنگ دەبن.

درێژەی بابەت

ئیدریس بارزانی، یەکێک لە سەرکردە هەرە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆڕی مستەفا بارزانی بوو. دوای ئەوەی بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلوول دەکات و وەکوو یاریدەدەری مستەفا بارزانی بۆ کاروباری سەربازیی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی دەنوێنێ، دۆست بە دەرکەوتنی ئەم سەرکردە لێهاتووە دڵخۆش و دوژمنانیش پێی دڵتەنگ دەبن.

هەروەها دوای ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ حکوومەتی ئێراق کەوتنە گفتوگۆ بۆ هێنانە ئارای ئاشتی، ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لەم گفتوگۆیانەشدا نکۆڵی لێ نەدەکرا، بۆیە دوژمنان کەڵکەڵەی ئەوەیان دەکەوێتەسەر کە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ لەناوبردنی و بۆ ئەمەش هەر ڕێگایەک دەگرنەبەر و زیاتر لە هەوڵێک دەدەن.

دوای ڕێکەوتنامەی یازدەی ئادار، سەرکردایەتی حزبی بەعس داوا لە مستەفا بارزانی دەکەن کاک ئیدریس بکات بە جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق، بەڵام بارزانی بەمە قایل نابێت، هەروەها ئیدریس بارزانی سەردانی ئەمریکا دەکات و لەوێ لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەم وڵاتە کۆدەبێتەوە، لەوانە: ڕیچارد هیڵمز سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و جێگرانی وەزیری دەرەوە و بەرگری ئەمریکا، ئەگەرچی ئەم سەردانە بە نهێنی بوو، بەڵام نازانرێ دەزگای هەواڵگری ئێراق پێی زانیوە یان نا، ئەم دوو هەنگاوە سەلمێنەری ئەوەن ئیدریس بارزانی نەک تەنیا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سەربازییەوە ڕۆڵ و کاریگەریی هەبووە، بگرە لە ڕووی سیاسیشەوە بووەتە ناو و پشتی پێبەستراوە.

هەموو ئەو ناو و ناوبانگ و ڕۆڵە کارایەی، وا لە ڕژێمی بەعس دەکات هەوڵی لەناوبردنی ئیدریس بارزانی بدات و تیرۆری بکا.

ڕۆژی 01-12-1970 بۆ بەدواداچوون و تاوتوێکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی 11-03-1970 و بەتایبەتیی چارەنووسی پێشمەرگە و پێکهێنانی هێزی زێرەڤانانی سنوور (حرس الحدود) لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ئیدریس بارزانی سەردانی بەغدای کرد و چاوی بە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری ئەوسای ئێراق و سەددام حسێن کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار بوو دەکەوێت، بەڵام لەوێ هەوڵی تیرۆکردنی دەدرێ، مەسعود بارزانی لە پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد) ئەم ڕووداوە بەمشێوەیە تۆماردەکات:

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار، بە تایبەتیی بابەتی پێکهاتەی پاسەوانی سنوور، لە 01-12-1970 ئیدریس بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەی پێشمەرگە لەوانە حەمید بەرواری، سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و جێگرەکانی و هەندێک بەرپرسان کۆبوونەوە، وابڕیار بوو سێ ڕۆژ لە بەغدا بمێنێتەوە، بەڵام نامەیەکی نارد و لەنامەکەیدا هاتبوو، سەرۆک کۆمار داوای لێ کردووە چەند ڕۆژێکی زیاتر بمێنێتەوە، بەڵام شێخ بابۆی مامان کە مەبەستی سەردانی کردنمان لە حاجی ئۆمەران بوو، ویستی بگەڕێتەوە

بۆ بارزان و چاوەڕێی هاتنەوەی ئیدریسی دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵی بڕوات بۆ بارزان، لە 6ی کانونی یەکەم مامم لێی پرسیم دەکرێت بڕیاری ئیدریس بزانیت سەبارەت بە هاتنەوەی؟ ئەگەر دوای سێ ڕۆژ بێتەوە چاوەڕێی دەکەم و ئەگەر زیاتر بمێنێتەوە، ئەوا من بەتەنیا دەڕۆمەوە، هەوڵمدا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسە لەگەڵ ئیدریس بکەم، بەڵام هێڵی تەلەفۆن لاوازبوو و هیچ ێ نەگەشتم و دواتر تەلەفۆنم بۆ شێخ ڕەزا گوڵانی بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر کرد و پێم گوت، هەوڵ بدە پەیوەندی بە ئیدریسەوە بکە و پێی بڵێ، مامم پەلەیەتی لە گەڕانەوە بۆ بارزان، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژی تر بێتەوە، ئەوا چاوەڕێی دەکات و ئەگەرنا مامم بەتەنیا دەگەڕێتەوە بارزان، وبستی خوای لەسەر بوو کە شێخ ڕەزا وا لە قسەکەم ێ بگات کە گەڕانەوەی ئیدریس زۆر پێویستە و دەبێت دەستبەجێ بگەڕێتەوە.

ئیدریس ئەو ئۆتۆمبێلە مارسیدسەی کە سەرۆک کۆماری ئێراق پێی بەخشیبوو ناردبووی بۆ گەراج بۆ چاکردنەوەی هەندێک کەموکورتی ئۆتۆمبێلەکە، بۆیە چاوەڕێی چاکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نەکرد و بە تەکسی گەڕابووەوە هەولێر، ێ ئەوەی کەس بزانێت، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکەیان هێنابووەوە و وابڕیار بوو کە لە ڕۆژی دواتر هەریەکە لە حەمید بەرواری و محەمەد عەزیز کە لەگەڵی هاتبوون بۆ بەغدا و لەوێ مابوونەوە بگەڕێنەوە، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە ئیدریس بەغدا بەجێ دەهێڵێت لە 6ی کانونی یەکەم، هەریەکە لە حەمید بەرواری و محەمەد عەزیز بە ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە دەڕۆن بۆ میوانداریەک بۆ نان خواردن، دیارە هەندێک لە جاشەکان بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی نازم گزار، پیلانێکیان دارشتبوو بۆ لەناوبردنی ئیدریس، من خۆم بە دووری نازانم کە هەندێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئێراق دەستیان هەبووە لەم پیلانە، تیمی جێبەجێکاری پیلانەکە لە چەند خاڵێکی ستراتیژی بۆسەیان دانابوو بۆ ڕێگری کردن لە ئۆتۆمبێلەکە و پێیان وابوو ئیدریس لەناو ئۆتۆمبێلەکەیە، لە کاتژمێر 10ی شەو ئۆتۆمبێلەکە درایە بەر دەستێژی گوولە و پێیان وابوو حەمید بەرواری ئیدریسە، چونکە شێوەی هەردووکیان کەمێک لەیەک دەچوو، حەمید بەرواری بەسەختی بریندار بوو، دواتر ئەو برینەی لێی بووە نەخۆشی و پێوەی دەنااڵند، زیاتر لە 50 فیشەک بەر ئۆتۆمبێلەکە کەوت، بەڵام محەمەد عەزیز و شۆفێرەکەی هیچیان بەسەر نەهات کە بەڕاستی ڕزگاربوونەکەیان موعجیزە بوو، شۆفێرەکە کە ناوی حەسەن کاوانی بوو، شۆفێرێکی خێرا و وریابوو هەر زوو بەخێرایی پێ لە ئۆتۆمبێلەکە دەنێت و دەڕوات بۆ شوێنێکی دەرەوەی مەودای شوێنی بۆسەکە. بەم شێوەیە چارەنووسی ئیدریس وابوو کە لە پیلانی تیرۆرکردنەکەی ڕزگار بێت، چونکە ئەوەی پیلانەکەی دارشتبوو پێی وابوو ئیدریس لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە سەرۆک کۆمار پێی بەخشیبوو، لە کاتێکدا ئیدریس لە ڕێگای گەڕانەوە بوو بۆ نیشتمان ێ ئەوەی کەس بزانێت.

هەوڵە تیرۆرستییەکە بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی سەری نەگرت و تەنیا حەمید بەرواری بریندار بوو، حکوومەتی ئێراق، وەک هەر جارێکی دیکە، خۆی بێبەری کرد لە ڕووداوەکە و داوای لە سەرکردایەتیی شۆڕش کرد، چی زانیارییان هەیە، پێیان بدەن، تا تاوانباران بدۆزنەوە و سزایان بدەن و پارتیش لە ڕێی لقی بەغدای حزبەکەوە هەرچی زانیارێی هەیە، بە سەدام حسێنی دەدەن.

سەدام نامەیەکی دەستنووس بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەنێرێت و دڵنیای دەکاتەوە کە ئەوەی کراوە لە دژی ڕێککەوتنی یازدەی ئاذارە و خەڵک هەن، خواستی جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیان هەیە. ئەو کەسانەی هەوڵی تیرۆری ئیدریس بارزانیان دا، ئاشکرا کران و لەڕێی مەحکەمەی سەورەوە سزاش دران، بەڵام ئەوانەی بڕیاری تیرۆر کردنەکەیان دابوو، بە نهێنی مانەوە، تا کودەتاکەی نازم گزار لە ساڵی 1973، ئەو کات حکوومەتی ئێراق دانی بەوەدا نا کە نازم گزار کارەکەی کردووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: تیرۆریزم | دۆزی کورد | میژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2025-07-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-07-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی سەرکردەی ئازادیخواز و دونیابینییە میژوونووسەکانی بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پارتی پێدیا - 2025-07-01

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-01

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 523
هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی
20250704220538644062=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی یەکەم کەس بوو کە هەر زوو هەستی بە مەترسی کۆتاییهێنان بە جەنگی نێوان ئێراق و ئێران لەسەر حیسابی کورد و دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی 1985 کرد، ئەو دەیزانی پێشگرتن یان کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەگەرێکی لەوشێوەیە تەنیا لە ڕێگەی یەکڕیزیی هێزە کوردستانییەکانەوە دەکرێت، کە ئەوکات بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشبووبوون و شەڕی یەکترکوشتنی براکانیش بە قورسی بەڕێوەدەچوو. بۆیە ئیدریس بارزانی هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ دروستکردنی بەرەیەک کە هەموو هێزە کوردییەکان کۆبکاتەوە، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا بەرهەمی هەوڵەکانی ببینێت و دواتر مەسعود بازانی درێژەی بە هەوڵەکانی براکەی دا و لە ساڵی 1988 بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا.
ساڵی 1985 جەنگی ئێران و ئێراق پێی نابووە ساڵی پێنجەمی و جەنگ بە قورسی لە هەموو بەرەکاندا بەردەوامبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوکات هاوپەیمانێکی بەهێزی تاران بوو، ڕکابەرەکەی واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوکات بەهۆی شکستهێنانی دانووساندنەکانی لەگەڵ بەغدا و هەروەها شەڕی بەردەوامی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی نێو بەرەی جود، تووشی گۆشەگیری سیاسی و سەربازی بووبوو.
ئەوکات مەترسی ئەوەش هەبوو دەرئەنجامی شەڕی ئێران -ئێراق یان ڕێککەوتنێکی تاران بەغدا بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ لەسەر حسابی شۆڕشی چەکداری کورد تەواوببێت و سیناریۆی ساڵی 1975 دووبارە ببێتەوە . ئەو کەسەی هەر زوو هەستی بەو مەترسییە دەکرد ئیدریس بارزانی بوو، بەڵام ئەو دەیزانی پێشگرتن یان کەمکردنەوە لە زیانەکانی ئەگەرێکی بەوشێوەیە تەنیا لە ڕێگەی یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکانەوە دەکرێت، کە ئەوکات بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشبووبوون و شەڕی یەکترکوشتنی براکانیش بە قورسی بەڕێوەدەچوو.
ئیدریس بارزانی هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ دروستکردنی بەرەیەک کە هەموو هێزە کوردییەکان کۆبکاتەوە .
هاوشێوەی ئەوەی ئێستا کە ئێران ڕۆڵێکی کاریگەڕی لە کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوکات لەوەی ئێستاش بەهێزتربوو.
تارانی پایتەختی ئێران ئەو شوێنە بوو کە ئیدریس بارزانی توانی لەوێ هەنگاوی کردەیی لەسەر ئەو ڕێگەیە بنێت.
ڕۆژانی 7 و 8ی کانوونی دووەمی 1986 ئیدریس بارزانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ڕکابەرە تەقلیدییەکەی پارتی و بنەماڵەی بارزانی کۆبوونەوەی ئەنجامدا، بەهیوای یەکخستنی هێزە کوردییەکان و کۆتاییهێنان بە شەڕی یەکترکوشتنی براکان.
هەروەها ئیدریس بارزانی هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا ئەنجامدابوو.
تاڵەبانی هەر زوو بیرۆکەکەی ئیدریس بارزانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی پەسەندکردبوو، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو ئیدریس بارزانی لەپاڵ کەسایەتییە سەربازی و شۆڕشگێڕییەکەیدا... بە کەسێکی ژیر و لەسەرەخۆ و نیازپاکی سیاسیی ناسرابوو، هەروەها وەک هەڤاڵەکانی دەگێڕنەوە توانایەکی زۆری لە قەناعەتپێکردنی بەرانبەرەکەیدا هەبوو. قبوولکردنی دەستپێشخەرییەکەی لەلایەن یەکێتی و حیزبە سیاسییەکانی دیکەشەوە بەشێکی پەیوەندی بە توانای خۆیەوە هەبوو. جگە لەوەش پێویستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی ناو ناوە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبەکاندا لە شاخدا باسدەکران، ئیدریس بارزانی بەکردەوە ئەوەیکرد.
لە ڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکەدا ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتییان ئیمزاکرد و

پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی فراوانیش کرایە ئامانجی ڕێککەوتنەکە.
دوای گەڕانەوەی لە تاران، ئیدریس بارزانی سەرکردایەتی پارتی ئاگادارکردەوە لە پێویستی سەردانی شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی سەربە پارێزگای سلێمانی، سەردانەکەش لە مانگی 10ی ئەو ساڵەدا ئەنجامدرا و لەگەڵ یەکێتی دەستپێشخەرییەکەی ئیدریس بارزانییان تاوتوێکردەوە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، جگە لە پارتی و یەکێتی.
لە سەروبەندی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەنێوەڕاستی تەممووزی ساڵی 2013دا، ئەبدولا ئۆجەلان ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان نامەیەکی بۆ لیژنەکە نارد و تێیدا باسی ئەو ڕێککەوتنەی کردبوو کە لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا لە هەشتاکاندا مۆریانکردبوو بۆ هاوکاری نێوان پارتی و پەکەکە و دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی فراوان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی. ڕێککەوتننامەکە لە 11 خاڵ پێکهاتبوو. ئۆجەلان لەنامەکەیدا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لەبارەی یەکێتی و هزری نەتەوەیی کورد زۆر بە ڕێزەوە نرخاندبوو، ئاماژەی بەوەدابوو کە خۆشحاڵە ئەو هەوڵەی ئەو و ئیدریس بارزانی ئێستا بەوشێوەیە بەکردەوە دەبینێت .
لە دوای ساڵی 1975 و دروستبوونی شەڕ لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (قیادە موەقەتە)ی پارتی، کە ئەوکات کە سەرپەرشتی دروستکردن و ڕێکخستنەوەی پارتی لەناو خاکی باشووری کوردستان لەئەستۆ بوو، هەروەها شەڕی پارتی و حیزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەکی دیکە، لیژنەیەک لە حیزبی سۆسیالستی کوردستان و حیزبی شیوعی ئێراق، سەردانی پارتی و یەکێتی دەکەن و هەوڵی ڕاوەستاندنی شەڕ دەدەن، لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانیش بەشدار دەبێت.
ڕێککەوتنی تارانی جەلال تاڵەبانی و ئیدریس بارزانی کە بە چاودێری هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەوکاتەی پەرلەمانی ئێران ئیمزاکرا، لە کۆتاییدا ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لێکەوتەوە، هەرچەندە مەرگ ڕێگەی نەدا خاوەنی بیرۆکەکە بە کردەوە تەواوبوونی پڕۆژەکەی لە یەکخستنی هێزە کوردییەکاندا ببینێت.
چەند ڕۆژێک دوای ڕێککەوتنی ئاشتی لە تاران، بەرەبەیانی ڕۆژی 31ی مانگی یەکی ساڵی 1987 لە شارۆچکەی سلێمانای سەربە پارێزگای ورمێ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە، ئیدریس بارزانی کۆچی دواییکرد.
بەرەی کوردستانی تاکە ئەزموونی ڕێککەوتنێکی سیاسی کوردییە کە ئەنجامی هەبووە، کە گرنگترینیان ڕابەرایەتیکردنی ڕاپەڕین و سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردن و هەڵبژاردنی 19-03-1992 بوو، بەو پێیە دەگوترێت ئەگەر لە کاتی ڕاپەڕیندا بەرەی کوردستانی نەبووایە ڕاپەڕین شکستی هێنابووایە، وەک ڕاپەڕینی شیعەکان لە هەمان ساڵدا لە باشووری ئێراق.
مەرگی لەناکاوی ئیدریس بارزانی هەڕەشەیەکی گەورەبوو بۆ سەر ئەو هەوڵەی دەستی پێ کردبوو بە ئامانجی یەکخستنی کورد لەو ڕۆژگارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.
دواتر مەسعود بارزانی کاری بڕاگەورەکەی تەواوکرد و لە 17ی تەممووزی 1987 یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی ڕاژان، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە ئەنجامدرا، دواتریش زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بە دواداهات و لە ئایاری 1988 بەرەی کوردستانی ڕاگەیێندرا .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: تاران | ورمێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |

ڕۆژی دەرچوون: 2014-03-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2014-03-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی 2014-03-01 -rudaw.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 524

هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی بۆ نزیک کردنەوەی کۆماری ئیسلامی و دکتۆر قاسملو

20250901110323653690=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی بۆ نزیک کردنەوەی کۆماری ئیسلامی و دکتۆر قاسملو
کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی هەوڵیدەدا کۆماری ئیسلامی لە عەبدولڕەحمان قاسملو نزیک بێتەوە. جارێک وەفدێک لە مەلاکانی ئێران هاتنە لای و وتیان: خودموختاری لە قورئاندا نییە و ئێمە قبوڵی ناکەین. کاک ئیدریس لە وەڵامیاندا وتی هەر ئەو پرسەی کە ئێوە لە منی دەکەن، جارێک لەلایەن بەعسییەکانەوە ئاڕاستەی باوکم کرا. لە وەڵامیاندا فەرمووی: وەرن بە قورئانمان لەگەڵ بکەن بزانن ئەو زیاترە یان حوکمی زاتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 270

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 525
هەڵوێستێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ خالید ئاغای حیسامی (هێدی)
20250914130810656148=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: هەڵوێستێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ شاعیر، خالید ئاغای حیسامی - هێدی
لە سەروبەندی بەیانی یانزەی ئازار، خالید ئاغای حیسامی لە ناوچەی قەیماسان، تووشی کۆمەڵێک کەس دەبێت و دواتر دەردەکەوێت کە ئەو کەسانە لەلایەن ساڤاکەوە نێردراون بۆ لای هێدیی شاعیر. ئەو لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە پەرتووکی ئاوێنە شکاودا دەڵێت: سبەینێ ئەو ڕووداوە بۆ کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیو کاک مەسعود بارزانی گێڕابوو کە ئەو کاتە هەردووکیان پێکەوە لە گوندێک بە ناوی (قەسرێ) کاریان دەکرد.
دیار بوو چاوەڕوانیی شتێکی وایان نەدەکرد، کاک ئیدریس وتی: ئەو وڵاتە بێ دەرک و دەروازەیە، هەموو جۆرە جەماعەت و تاقمێکی تێدایە کە لێک کردنەوەیان زۆر ئاسان نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ پاراستنی خۆت و ئەستۆی خۆت دەگری ئەوە لە هەر شوێنێک دانیشی قەیدی نییە، بەڵام ئەگەر پاراستنی خۆت دەخەیتە سەر ئەستۆی ئێمە دەبێت لەو شوێنە دانیشی کە بۆت دیاری دەکەم، وتم بۆ من فەرق نییە تۆ هەر شوێنێک دیاری بکەی، ئەویش بارزانییەکی بانگ کرد بە ناوی (محەمەد عیسا) ناردییە گوندی (دێلزی) لە ناوچەی باڵەک کە مەقەری بارزانیانی لێ بوو و مەسئولی وان یەکێک بوو بە ناوی (شێخ ئۆمەر) کە لەگەڵ مەلا مستەفا چووبووە ڕووسیا، پێی وت لەوێ لە تەنیشت مەقەڕی خۆیان جێگەی بۆ پەیدا کەن و بیگرنە ژێر چاودێری. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سۆران | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئاوێنە شکاو (بیرەوەریی هێدی)، نووسینی؛ هێدی، 2014، لاپەڕە 199.
کاتی تۆمارکردن: 2025-09-14
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 526

هەڵوێستێکی کوردانەی ئیدریس بارزانی

20250902093222653856=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: هەڵوێستێکی کوردانەی ئیدریس بارزانی
حیزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی 22-01-1984 بە بەشداریی 230 نوێنەر لە گوندە وێرانکراوەکەی گەڵاڵە لە ناوچەی شینکایەتی سەربە پارێزگای سلێمانی، کۆنگرەی شەشەمی خۆی پێکهێنا. پێنج مانگ بەر لە پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم، دوکتۆر قاسملوو لە نیوەی دووەمی مانگی ئاوگوستی 1983دا، نامیلکەیەکی تیۆریی لەژێر ناوی کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم لەلایەن کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب بڵاوکردەوە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا بیکات بە ڕێبازی داهاتووی حیزبی دیموکرات. لە کۆنگرەدا دەنگ بۆ نامیلکەی کورتەباس وەرگیرا. کاتی دەنگدان لە 230 ئەندامی نوێنەر، 208 ئەندام لە هۆڵی کۆنگرەکەدا بوون. بەشێک لەو 22 کەسەی کە هۆڵەکەیان بەجێهێشتبوو، دژی کورتەباس بوون، بەڵام بۆ ڕاگرتنی دڵی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بەشداریی دەنگدانیان نەکرد. دوای دوو جار ژماردنی دەستی ئەندامانی بەشدار، دەرکەوت لەو 208 کەسە، 106 کەس دژی کورتەباسن. لەو ژمارەیە 14 کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو بوون.
دوکتۆر قاسملوو بە لەژێر پێنانی دیموکراسیی، بە زۆرەملێی کورتەباسی بەسەر نوێنەرانی کۆنگرەدا سەپاند. دوکتۆر سادق شەرەفکەندی بە ڕاشکاوی وتی: ئەگەر کورتەباس پەسەند نەکەن، من و دوکتۆر قاسملوو حیزبی دیموکرات بە جێدەهێڵین. بەم جۆرە نوێنەرانیان ناچار کرد کە کورتەباس قەبووڵ بکەن. من و کاک فەریدون میتران و 23 کەسی تر کە دژی کورتەباس بووین بە ناچار ملمان دا.
دوای کۆتایی کۆنگرە، ڕاونانی بیری جیاوازان لە حیزبی دیموکراتدا دەستی پێ کرد و ژمارەیەکی زۆریان ناچار کرد حیزب بەجێبهێڵن. بەشێکیان چوون ڕادەستی ڕژێمی ئێران بوون و ژمارەیەک چوونە لای ڕژێمی ئێراق و چەند کەسێک خۆیان گەیاندە ئەوروپا. دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕۆژی 17-07-1984، پیلینۆمی دووەمی دوای کۆنگرەی شەشەمی پێکهێنا. لەو پیلینۆمەدا، من و کاک فەریدون و 30 کەسی تریان بە تاوانی لەژێرپێنانی دیسپلینی حیزبی لە حیزبی دیموکرات دەرکرد. دوای دەرکردنمان لە حیزب، من چووم لە کۆمەڵگەی کاریزە، ماڵێکم لە کاک ئیبراهیم، خەڵکی گوندی قامیش بە کرێ گرت. چەند ڕۆژ دوای نیشتەجێ بوونم لەو ماڵەدا، شەوێک کاک ئیبراهیمی خاوەن ماڵەکەم و کەسێکی تر بە ناوی حاجی عوسمان هاتنە لام. حاجی عوسمان خۆی وەکوو ئەندامی لیژنەی پارتی دیموکرات ناساند و وتی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە خەڵکی درێ و قامیش کار بۆ پارتی دەکەن. حاجی بەتەواویی ئاگای لە کێشەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات هەبوو، دەیزانی من و ژمارەیەکی تر لەلایەن حیزبەوە دەرکراوین. وتی لەلایەن ئیدریس بارزانییەوە هاتووە تا ئەگەر خۆم و هاورێیانم پێویستیمان پەیداکرد، ئاگاداریان بکەینەوە. داوای کرد لە حکومەتی ئێراق نزیک نەبینەوە و هەوڵبدەین لەسەر پێی خۆمان بوەستین. وتی ئامادەن هەندێک پارە بە ئێمە بدەن کە کاسبی پێوە بکەین. دوای ئەو چاوپێکەوتنە کاک ئیبراهیم هات و وتی ئامادەیە 10000 دینارمان بداتێ کە کاسبی پێوە بکەین و لە قازانجەکەشی شتێک بەو بدەین. من مەسەلەکەم بۆ کاک فەرەیدون گێڕایەوە و 10000 دینارەکەمان وەرگرت کە گۆڕینەوەی دینار و تمەنی پێبکەین.
لەو سەردەمەدا جۆرێک ئاگربەس و وتووێژ لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی سەدامدا هەبوو. لە کۆتایی ساڵی 1984دا وتووێژەکان کەمڕەنگ بوونەوە و هەر ڕۆژەی دەنگۆیەک دادەکەوت کە ڕژێم دێت و کۆمەڵگەی کاریزە دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە من و کاک فەریدون و خالید ڕەزازادە و 2-3 کەسی تر ناچار بووین، ئەو کۆمەڵگەیە بەجێبهێڵین.

بە یارمەتیی حاجی عوسمان و کاک محەمەد ناوێک کە لە سلێمانی لە ڕووبەڕووی مزگەوتی گەورە و ماڵەکانی بنەماڵەی شێخ مەحموددا دەژیا و شۆفێر بوو، ئێمە چووین بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە حەیات و دەشتی بەرزاگر گیرساینەوە. لەوێوە من چووم بۆ شنۆ و ڕۆژی 19-07-1985 لە ناوەندی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکرات کە مولازم بابەکر زێباری بەرپرسی بوو، بە خزمەت کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی گەیشتم و دوای 3 ڕۆژ گەڕامەوە بۆ دەشتی بەرازگر.
خالید ڕەزازادە بەرپرسی وەرگرتنی ئازوقە و خواردەمەنی ئێمە بوو لە بنکەی حەیات. هەموو جارێ ئەو دەچوو پێداویستییەکانی ئێمەی وەردەگرت. ڕۆژی 02-08-1985 کاک خالید نەیتوانی بچێت و پێشمەرگەیەکی تر وتی من دەچم. منیش خۆم ئامادە کرد کە لەگەڵ ئەو بچم و لە ڕووباری حەیات بمێنمەوە و تا ئەو دەگەڕێتەوە مەلە بکەم. ئەو چوو، دوای ماوەیەکی کورت بەپەلە گەڕایەوە و وتی: (کاکە زوو لیباسەکانت لەبەر بکە با بڕۆین). پرسیم چی بووە؟ وتی: (پاسدارێک کە پێشتر زیندانیی حیزبی دیموکرات بووە و ئازادیان کردووە، منی ناسییەوە. ئەوان منییان گرت و بردیان بۆ بنکەی فەرماندەکەیان و خەریکبوون دەستبەسەرم بکەن کە مام خەلیفە و پێشمەرگەکانی پارتی ڕزگاریان کردم).
باوەڕم بەو پێشمەرگەیە نەکرد و بەئارامیی خۆم کۆکردەوە و گەڕاینەوە بنکەکەی خۆمان لە دەشتی بەرازگر، کەچی دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت ئەو ڕاستی کردووە. دوای دەرچوونی ئەو لەو گرفتە پاسدارەکان مام خەلیفە ڕادەگرن و داوای منی لێدەکەن. هەر ئەو کاتە دوو هێلیکۆپتەر لە ورمێ وە دەنێرن کە من و هەڤاڵانم بگرن و بمانگەڕێننەوە بۆ ئێران. دکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی بروسکەیەک ڕەوانەی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی دەکات و لێی دەپرسێت کە چی بکەن کە ئەو دژی ڕادەستکردنی ئێمە دەوەستێت.
لە م بارەیەوە ڕەزا خالید محەمەد لە دایکبووی 1951ی گوندی ژوکسات لە شارۆچکەی فریویسکی ئەلمەزار لە ئوزبەکستان، کوڕی ڕەزا و برازای بابەکر محەمەد زوبەیر بارزانی، دوو خەباتکاری شۆڕشی 1943-1945ی بارزان و کۆماری کوردستان و دوو هەڤاڵی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا کە ساڵی 1959 لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە. بۆ کوردستان و ساڵی 1969 لە تەمەنی 18 ساڵیدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو کاتە کادیری ناوچە و بەرپرسی سنووری باسیان بوو، لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من (نووسەر) پارێزراوە دەڵێت:
- هاوینی ساڵی 1985 بوو. حامید گەوهەری لەگەڵ پێنج کەسی تر لە قوەتی بارزان لە دەشتی بەرزاگر بوون و مەقەڕی دکتۆر سەعید و خەلیفەش لە گوندی حەیات بوو. ڕۆژێک سوپای پاسدارانی ئێران دوو هێلیکۆپتەریان ناردبوو کە کاک حامید و ئەو پێنج کەسە بگرن و بیانگەڕێننەوە بۆ ئێران. پاسدارەکان مام خەلیفە محەمەدیان گرت و وتیان تا ئەوانەمان نەدەنەوە، ئێمە خەلیفە محەمەد ئازاد ناکەین. دکتۆر سەعید وەستابوو و نەیدەزانی چ بکات ناچار بوو بروسکەیەک بۆ کاک ئیدریس بکات. نزیکەی نیو کاتژمێری پێچوو وەڵامی بروسکەکە گەڕایەوە نووسیبووی: دەوری پاسدار و هێلیکۆپتەرەکان بدەن و بە پاسدارەکان بڵێن، سوار بن و بگەڕێنەوە. ئەگەر خەلیفەیان ئازاد نەکرد و نەگەڕانەوە، لێیان بدەن.
ئێمە بە کادیر و پێشمەرگە بە دۆشکە و ئارپیجی و کڵاشینکۆف دەوری پاسدارەکانماندا و وتمان ئەمرمان بۆ هاتووە، ئەگەر خەلیفە ئازاد نەکەن و نەگەڕێنەوە، لێتان دەدەین. ئەوان کە بینییان هەڕەشەکەمان جیددییە، خەلیفە محەمەدیان بەردا و سوار بوون و گەڕانەوە.
لەو کاتەدا کە هەموو ماڵ و منداڵ و بنەماڵەی بارزانییەکان لە ئێران بوون بە بڕوای من ئەگەر قاعیدێکی زۆر جەسوور نەبیت، ناتوانیت بڕیارێکی بەو جۆرەی وەکوو کاک ئیدریس بدەیت. هەر لەو بارەیەوە کاک ڕێبوار کە ئەویش یەکێک بوو لە کادیرانی ناوچە دەڵێت: ئەوەی کاک ڕەزا باسی لێوە دەکات بە تەواوەتی ڕاستە، چونکە هەموو لایەک لەناو پارتی و تەنانەت ئێرانیش بە بڕیاری کاک ئیدریس دەزانی و بۆیان ڕوون بوو کە ئەگەر ئەو بڕیارێک بدات، جێبەجێش دەکات و لێی پاشگەز نابێتەوە. هەر ئەوەش بوو کە ئێرانییەکان کە ناوی کاک ئیدریسیان بیست و بینیان ئێمە دەورمان داون، خەلیفە محەمەدیان ئازاد کرد و سواری کۆپتەریان بوون و

ڕۆیشتن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شنۆ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی حامید گەوهەری، 2014، ل282-287.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-02

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 527
وتارێکی 31 ساڵ لەمەوبەری مام جەلال بەبۆنەی گەڕانەوەی تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی
20250706125542644303=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: وتارێکی 31 ساڵ لەمەوبەری مام جەلال بە بۆنەی گەڕانەوەی تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی

لە ڕۆژی 6-10-1993 بەتەواوی 31 ساڵ لەمەوبەر، دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و وەدەرنانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس و سەرکەوتنی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیار درا، تەرمی نەمران (مەلا مستەفا بارزانی و کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی) لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بە ڕێوڕەسمێک و کەژاوەیەکی شکۆدار و شایەن بەو سەرکردە میژوویانەی کوردستان، لە مەرزی باشماخەوە بهێنرێنەوە بۆ باشووری کوردستان و لە بارزان بنێژرێن.
ئەوە بوو کەژاوەی نەمران بەنێو ئاپۆڕایەکی جەماوەرێی زۆر فراوان و گەورەدا، لە باشماخ و پێنجوێنەوە بۆ سلێمانی و دوکان و کۆیە و هەولێر و تا بارزان، گوند بە گوند و شارۆچکە بە شارۆچکە، خەڵکی وەفادار و بەئەمەکی کوردستان، بە جیاوازیی بیروبۆچوون و حزب و ئایدۆلۆژیا و نەتەوە و مەزهەبیانەوە، بە گریان و هەڵدانی دەستەگوڵەوە، کەژاوەکەیان بەرێ کرد و ڕۆژی دواتر کەژاوە گەیشتە نێو گۆڕەپانی تەلاری پەرلەمانی کوردستان و لەوێ لەلایەن سەرکردە باڵاکانی ئەوکاتی کوردستان و خەڵکی هەولێر و بەشێک لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتی ئێراق، پێشوازیی لێ کرا، لەو ڕۆژەدا هەم سەرۆک بارزانی و هەم چەند سەرکردەیەکی کوردستانی و ئێراق وتاریان خوێندەوە، خوالێخۆشبوو مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە ئەودەم لە ژیاندا بوو، وتارێکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە. (باسنیوز) لە 31مین ساڵیادی ئەو بۆنە گرنگەدا، دەقی وتاری مام جەلال تاڵەبانی، هەم بە نووسین و هەم بە ڤیدیۆ بڵاو دەکاتەوە:

ئەمەی خوارەوە دەقی وتاری مام جەلالە:
خوشک و برایانی خۆشەویست...
بەڕاستی کارێکی زۆر ئەستەمە کە لە ناشتنی دوو قارەمانی ڕزگاریی کوردستاندا، لە ناشتنی ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەماندا، بتوانین ئەوەی لە دڵ و بیرماندایە دەری ببڕین، بەڵام دڵی خۆمان بەوە دەدەینەوە، فەرامۆشیمان بەوە دێت کە ئەو قارەمانانە خەبات و ڕەنجەکەیان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، بەڵکوو وا بە چاوی خۆمان بەشێک لە بەری خەباتیان دەبینین، کە ڕزگاربوونی بەشێکی گرنگی کوردستانی خۆشەویستمان و گەلی کوردی قارەمانە، کە بارزانیی نەمر هەموو ژیانی خۆی لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئاواتەدا تەرخان کردبوو و ڕۆڵەکانی خۆشی (کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و کاک مەسعودی تێکۆشەر) و هەموو کوڕەکانی دیکەشی هەر بەو گیانە پەروەردە کردبوو، مێشکیشی بەو بیروباوەڕە زاخاو دابوون.
فەرامۆشیی خۆمان بەوە دەهێنینەوە، کە ئەو پەیامەی بارزانیی نەمر، دەیان ساڵ هەڵگری ئاڵاکەی بوو، وا ئەمڕۆ ئاڵاکەی لەسەر سەری هەموومان دەشەکێتەوە، پەیامی ڕزگاری و دیموکراسی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ کوردستان و ئێراق وا ئیمڕۆ لە (بارزان)ی پیرۆزدا، لە بێشەڵانی ئەو شۆڕشگێڕە میژوویانەی گەلەکەماندا، کە دەیان ساڵە بگرە، قەرنێکە کۆتا لانەی ڕۆڵانی تێکۆشەر، بێشەڵانی شێخ عەبدولسەلامی نەمر، کە لە بەرانبەر بە داگیرکەرانی عوسمانیدا سەری دانەنواند و بە دەنگێکی دلێرانە وتی: "قورتان بەسەر، بە کوشتنی من نە بارزان،

نە کورد تەواو نابن" بە پێچەوانەوە، بە شەهیدکردنی ئەو، بارزان بووە ناوچەیەکی پیرۆز و لە مێژووی گەلەکەماندا وەک ئەستێرەیەکی درەخشان هەمیشە دەدرەخشێتەوە و هەمیشە رێنوێنیی رێگای ڕزگاری و بەدیهێنەری مافەکانی گەلی کورد دەبێت.
هەر لەوساوە بارزان کردوویەتی بە نەریت، کە قافڵە لە دوای قافڵە شەهید پێشکەش بە کوردستانی خۆشەویست بکات، دەیان نا، بگرە هەزاران بارزانیی قارەمان گیانی پاکیان لە پێناو ڕزگاریی کوردستاندا بەخشیوە. بارزانیی نەمریش هەروەکوو لە ژیانی خۆیدا سەرکردەی ئەوان و ڕۆڵە پێشمەرگە قارەمانەکان بوو، ئا ئەوهاش لە بەهەشتی نەمرییدا سەرکردەی قافڵەی بارزانییە تێکۆشەرەکانە، ئەوانەی کە لەپەنا بارزان، لەسەر چیای شیرین، لە هەموو دۆڵێکی ئەم کوردستانە قارەمانانە گیانی پاکیان بەخت کرد، ئەوانەی کە لە زیندانەکانی حکوومەتی بەعسی فاشیستدا نامەردانە و بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کران، هەموو ئەوانە دەست لە دەستی هەموو شەهیدەکانی دیکەی ڕێگای ڕزگاری و دیموکراسیی کوردستان، ئیمڕۆ بەشداییەوە لە بەهەشتی نەمریدا دەڕوانێ ئێوەی تێکۆشەر و داواتان لێ دەکەن، لە هەموومان داوا دەکەن، کە هەتا سەر ئەو یەکێتی و برایەتییەی کە بۆمان هاتووەتە دی، ئەو یەکێتی و هاوخەباتییەی کە دەستەبەری ڕزگاری و بەختیاریمانە، بپارێزین، هەتا هەموو ئاواتەکانی بارزانیی نەمر دەهێنینە دی.
نەریتەن لە کاتی مردندا، لە کاتی ناشتنی کەسانی ئیعتیادیدا، ئینسان پرسە و سەرەخۆشی پێشکەش دەکات، بەڵام لە کاتی ناشتنی قارەمانانی وەک بارزانی و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، لە کاتی ناشتنی ئەو قارەمانانە، ئەویش بەو شێوەیەی کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەموو توێژ و چینێک بەوپەڕی وەفاداری و دڵسۆزییەوە تیایدا لە پێشوازیکردنیان بەشداربیان کردووە، شایستەی ئەوەیە پیرۆزباییان لێ بکەین، شایستەی ئەوەیە پێیان بڵێین، کە ئێوەی نەمر و کە ئێوەی هێژا تۆوێکی کە چاندتان، شین بوو، دارەکەی بەرز بووەوە و بەری دا و وا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرەکەشی دەخۆن، بۆیە ئێوە ئەی قارەمانان، ئەی دلێرانی گەلەکەمان، هەتاهەتایە لە دڵی میللەتدا دەژین. (بارزان)ی پیرۆزیش، کە هەمیشە ڕەمزی فیداکاری و قارەمانی بووە لە مێژووی کورددا، بە هاتنەوەی تەرمی پیرۆزی هەردووکتان، جارێکی دیکە شەرەفێکی تریشی بەخۆیەوە گرت و چاکتر، ئیتر وەک ئەستێرەی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی لە ئاسمانی بەرزی کوردستاندا ئەدرەوشێتەوە. سڵاو لە گیانی پاکی ئێوە، سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، بەڵێنیش دووپات دەکەینەوە کە هەتا مردن یەکێتیی ڕیزەکانی ئێوە بپارێزین، هەتا سەرکەوتن کۆڵ نەدەین تا هەموو ئاواتەکانتان دێتە دی، ئەوسا زۆر لە ئیمڕۆ باشتر شادتان دەکەین، ئێوەش لە بەهەشتی نەمریدا بەسەربەرزییەوە دەست دەکەنە ملی شەهیدانی دیکەی گەلەکەمان، ملی شێخی نەمر و قازی محەمەدی نەمر و شێخ سەعید و دکتۆر فوادی نەمر و هەموو شەهیدانی ڕێگەی کوردستان و مژدەیان دەدەنێ، کە خوێنی هەموو شەهیدان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، بەڵکوو داری ڕزگاری و ئازادی و دیموکراسیی لە کوردستاندا پێ ڕسکاوە و ڕەخساوە و بەری داوە.
هەزار سڵاو لە گیانی پاکتان، سەروەری و نەمری بۆ ئێوە و بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و دیموکراسی لە ئێراقدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
حۆلەکێ تیرۆرکەردەی مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
دەسپەنەو شۆڕشگێڵنی و کۆششو مەڵا مستەفا بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەڕی basnews.com- 06-10-2024

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 528

وتارێکی محەمەد مەلا قادر لەبارەی کۆنفڕانسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە تاران

20250907200753654786=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: وتارێکی محەمەد مەلا قادر لەبارەی کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق لە تاران
لە م بارەیەوە محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەب سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتارێکیدا کە ڕۆژی02-02-2014، لە سایتی گۆڤاری سفیل دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ کۆنگرەی پشتیوانانی گەلی ئێراق لە تاران و ڕۆڵی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لەو کۆنفرانسەدا دەکات و دەڵێت لە کۆنگرەی بە ناوی (نصرة الشعب العراقي) واتە کۆنگرەی دەربازکردنی گەلی ئێراق کە نزیکەی 2000 ئێراق و ئێرانی تێیدا بەشدار بوون، خەڵکانی بیانیشی تێدابوو، بە چەندین جۆر بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی جیاواز کۆماری ئیسلامی سەرپەرشتی دەکرد و ئاڕاستەی دەکرد شاندی پارتی بریتی بوون لە حەوت کەس کە کاک ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی دەکردن شاندی یەکێتی چوار کەس بوون کە نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی دەکردن شاندی حزبی سوسیالیست ڕەسوڵ مامەند سەرپەرشتی دەکرد. هەندێک کوردی ئیسلامیش هەبوون کە لە دواییدا ناویان بوو بە بزووتنەوە و حیزبوڵڵای کورد بە سەرپەرشتی شێخ محەمەد خالیدی خوالێخۆشبوو. لەو کۆنگرە گەورەیەدا، 14 ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و سۆشیالیستی تێدابوو، هەرچەندە ژمارەکە بۆ کورد کەم بوو، بەڵام ئامادەیی باشیان هەبوو، چونکە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بوون و سەربە سێ حیزبی بەهێز بوون نزیکەی 15 هەزار پێشمەرگەیان هەبوو، بۆیە حسابی تایبەت بۆ نوێنەرایەتی کورد دەکرا. لەناو کۆنگرەکەدا 6-7 لیژنە داندرابوون، لە هەر لیژنەیەک یەک دوو کەس لەم سێ حیزبەی تێدابوو، لیژنەیەک هەبوو بە ناوی ئایینەدەی ئێراق، ئەم لیژنەیە کاک ئیدریسی نەمری تێدابوو، لەگەڵ برادەرانی دیکە. کاک ئیدریس وتاری هاوبەشی ئەم سێ پارتەی خوێندەوە، کە وتارێکی تێروتەسەل بوو و بەڕوونی تێیدا باسی لە مافی چارەنووس کردبوو بۆ کورد و کوردستان، بەڵام ئەوکاتە مافی نۆتۆنۆمی ڕاستەقینە پێشبینی دەکرا. بەڵام لیژنەی ئایینەدەی ئێراق کە کاک ئیدریس بارزانی تێیدا نوێنەرایەتی لایەنی کوردستانی دەکرد، دەیانەویست بە هیچ شێوەیەک کێشەی کورد لە کۆنگرەکە دا باسی لێوەنەکرێت و بۆ دواڕۆژ بمێنێت، بۆیە هەر سێ لایەن کۆبوونەوە و بڕیاریاندا سێ پێشنیار بخەنە ڕوو:
یەکەمیان-مافی چارەنووس.
دووەمیان-حوکمی زاتی ڕاستەقینە.
سێیەمیان-مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.
وەک دەگوتریت کەمترین داخوازی و لاوازترین داخوازی بێت.
بڕیاردرا کاک ئیدریس بارزانیی نەمر دەسەڵاتدار بێت بۆ گفتوگۆکردن لە کاتی باسکردنی کێشەی کوردستان.
هەروەک بڕیاردرا هەموو بەشدارانی هەرسێ لایەنەکە لە کاتی ئەو بابەتەدا لیژنەکانی خۆمان جێبهێڵین و بچینە ناو ئەو لیژنەیەوە، ئەگەر هیچ لەو سێ داخوازییە پەسەند نەکرا، ئەوا کۆنگرەکە بە جێبهێڵین. بە کورتی بابەتەکە لەناو ئەو لیژنەیە هاتەکایەوە، ئێمەش هەریەکەمان چووینە ناو لیژنەی ئایینەدەی ئێراق و لەوێ کێشەکە زۆری خایاند و گفتوگۆی زۆر کرا، لانی کەم 2-3 کاتژمێری پێچوو، لە ئەنجامی گفتوگوکاندا بڕیاردرا کە کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەوایە لە ئێراقدا و دەبێت خەڵکی کوردستان مافە ڕەواکانی لە ئایینده دا بۆ دەستەبەر بکرێت.
دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە، کاک نەوشیروان مستەفا و کاک دوکتور فوئاد مەعسوم هاتن بۆ لای ئێمە داوایان کرد بچینە لای کاک ئیدریس من و کاک فازل میرانی و فەلەکەدین کاکەیی لەگەڵیان چووینە لای کاک ئیدریس، لە ژوورەکەی خۆی لە هۆتێلەکە. هەر پێنجمان بەیەکەوە چووینە لای، لەوێ کاک نەوشیروان زۆر بە

ڕاشکاوی سوپاسی کاک ئیدریسی کرد و پێیگوت: بەڕاستی کەم کەس هەیە لەم کاتانەدا بە م شێوەیە بەرگری لە مافی نەتەوایەتی کورد بکات بۆیەش وەک پێشمەرگەی خۆت حیسابم بکە بەڕاستی من پێشتر لە دووڕە و زۆر لە دژت بووم، بەڵام لێرە بەداخەوە بە پێچەوانەوە دەبم. بەڕاستی کاک ئیدریس لەم کۆنگرەیەدا پاڵەوانی بەرگری لە مافی کورد و کوردستان بوو.
دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی وێنەکان و بەڵگەنامەکانی ئەو کۆنفرانسەی لای خۆی پاراستووە لەگەڵ وتاری کاک ئیدریس کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەشی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر سەرنج بدەنە دەقی ئەو وتارە زۆر گرنگەی ئیدریس بارزانی کە بە زمانی عەرەبی پێشکەشی کردووە و مامۆستا دڵشاد مستەفا وەسانی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
برام سەرۆکی کۆنگرەی پشتیوانانی گەلی ئێراق بەڕێز...
برایانی ئازیز...
سڵاوی خواتان لێ بێ...
ڕێگەم بدەن سڵاوی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە پێشمەرگە قارەمانەکانتان لە باشووری کوردستانەوە بۆ بگوازمەوە کە لەناو وڵاتدا ڕووبەڕوو بەرەنگاری بەهێزترین دوژمنی دڕندە بوونەتەوە. ئاواتەخوازین ئەو کۆنگرەیە سەرکەوتوو بێت و چەندین بڕیار دەربکات کە لە خزمەتی ئەرکی ئاڕاستەکردنی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی ئێراق بێت، هەروەها تێکۆشانی هاوبەشی گەلی ئێراق دژی ڕژێمی خوێناوی بەهێز بکات، لە پێناو ڕووخانی ئەو ڕژێمە، وەکوو ئەرکێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بەرانبەر گشت ئێراقییەکان بە جیاوازی بیرورا سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکانیان.
ئەو ڕژێمە تاوانی بەرانبەر گەل و وڵاتەکەمان کردووە، نقوومی ناخۆشی و مەینەتی کردووە، ترسێکی مەزنی لەنێوانیان بڵاوکردووتەوە، بە جۆرێک میژووی نوێی ئێراق بەم جۆرەی بە خۆیەوە نەبینیوە، هەروەها کارەساتێکی مەترسیداری بە سەردا هێناوە، ئەویش بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگ لە ساڵی 1980 لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو کارەساتە تا ئیستاش بازنە و کاریگەرییەکانی فرەوان دەبن و بارگرانی زیاتر دەبێت لەسەر سنگی گەلی تێکۆشەر و ئارامگرمان. ڕژێمیش بەم جەنگە شێتانەیەی خزمەتی ئامانجەکانی
ڕێککەوتنامەی کامپ دیڤیدی خیانەتکار دەکات و لە هەمانکاتیش خەباتی گەلانی عەرەبی لاواز دەکات، وەکوو چۆن بەردەوامە لە هەڵوێستە دوژمنکارییەکانی بەرانبەر وڵاتان و هێزە ڕزگاریخوازە عەرەبییەکان لە پێشیانەوەش کۆماری عەرەبی سووریا و وڵاتی لیبیا و بەرگریکاری فەلەستینی و...هتد.
برایانی بەڕێز... ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا چەندە لە ڕووخان و کەوتن نزیکتر دەبێتەوە، زیاتر شێت و هار دەبێت کە ئەمەش بەهۆی بارگرانی تەنگژەی سیاسیی ناوخۆیی و قەرزی زۆر و زەبەلاحەکانییەوەیە بەهۆکاری تێچووە زۆرەکانی جەنگ، هەروەها بەرانبەر تەریکبوونی لەلایەن زۆرینەی گەلانی ئێراق و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرخۆدانی سیاسی و چەکداری لە دژی، بۆیە هەڵمەتی یەک لە دوای یەکی سەرکوت کردن و ڕاوەدوونان و لەناوبردنی بە کۆمەڵی نیشتمانپەروەرانی ئێراق بەبێ جیاوازی دەستپێکردووە و ئازادی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی بەرتەسک کردووەتەوە و بە دەیان کەسیش لە سێدارە دەدات لەوانەی دژی جەنگ و ڕژێم دەنگ بەرز دەکەنەوە، بە جۆرێک گەر هەموو تاوانەکانی ئەو ڕژێمە بەرانبەر مرۆڤی ئێراق بژمێرین، ئەوا بە سەدان و هەزاران کەسی بە تاک و بە کۆمەڵ لە ناوبردووە، ئەمە جگە لە کاریگەرییەکانی جەنگ و کارەساتەکانی و قوربانییەکانی کە بە سەدان هەزار کەس دەخەملێنرێت.
لێرەدا ڕووداوێکی دەگمەن لە میژووی تاوانی ڕژێم باس دەکەین کە لە ساڵی 1983 زیاتر لە 8 هەزار هاوواڵاتی کوردی بارزانی دەستگیرکرد و لەو کاتەوەش هیچ هەواڵێکیان نییە و تا ئەمڕۆش چارەنووسیان نادیارە، ئەوان هیچ تاوانێکیان نەکردبوو، بۆیە پێمان وایە هیچ بەشێکی تری گەلی ئێراق ڕووبەڕووی کارەساتێکی بە کۆمەڵی ئاوا

نەبووەتەوە.
ڕژێم پیرۆزییەکانی خەڵکی پێشێل کردووە، هەستی ئایینی و نەتەوەیی پێشێل کردووە، پەیوەندی مرۆڤایەتی لەکەدار کردووە، کاری تێکدەرانەی گەیشتووەتە پەیوەندییەکانی خێزانیش، هەروەها کاری بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووان و مێژووی گەلی ئێراقیش کردووە، ئەمەش بە پڕکردنی وڵات بە کەسانی بێگانە و بڵاوکردنەوەی فسادی کۆمەڵایەتی بە پلانی پێشوەختە.
برایان.. حەزم لێیە باسی لایەنێکی تایبەت بە تاوانەکانی ڕژێمی فاشی بکەم و سەرنجتان بۆ مەینەتی چەند بارەی گەلی کوردستان ڕابکێشم، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لە گەورەیی مەینەتی هەموو گەلانی ئێراق کەم بکەمەوە، چونکە گەلی کورد بە دەست هەمان مەینەتییەکانی ڕۆڵەکانی دیکەی ئێراق دەناڵێت، چ بە هۆکاری جەنگە دوژمنکارییەکەی، چ بە هۆکاری چەوساندنەوەی سیاسی. جگە لەمانەش گەلەکەمان ڕووبەڕووی جەنگێکی تریش بووەتەوە، ئەویش جەنگی دوژمنکارانە و زاڵمانەی ڕژێمە دیکتاتۆرەی یەک لە دوای یەکەکانە کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە لە دژی گەلی کورد بەڕێوەی دەبەن. لە بەرانبەر ئەمانەشدا گەلی کورد لەم ماوەیەدا شەڕێکی بەرگریکارانە و بەرخۆدانێکی چەکدارانەی دوورودرێژی لە خۆی کردووە. شۆڕشی چەکداری کوردیش لە بەهاری ساڵی 1976 دووبارە هەڵگیرسایەوە و تا ئیستاش هەر بەردەوامە. شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش لە ساڵی 1979 هێزێکی بەهێزتری بە خەباتی ئازادیخوازیی کورد بەخشی، وەکوو چون بووە ئیلهامبەخشی گەلانی دیکەی ناوچەکەش. ئەمڕۆ کە شەڕ بەردەوامە لە بەرەکانی جەنگی قادسیەی شوم کە ڕژێم هەڵیگیرساندووە، لە لایەکی تریش جەنگێکی زاڵمانەی تری لەسەر خاکی کوردستان هەڵیگیرساندووە. ململانییەکان بە شێوەیەک تێک چڕژاون کە بووەتە هۆکاری ئەوەی زۆر کەس وەکوو خۆی شەڕەکە نەبینێت. دووبارە دەڵێم، مەبەستم ئەوە نییە خەباتی گەلی ئێراق پارچەپارچە بکەم، بەڵام پێویستە هەموو لایەک بە دڕووستی و بابەتیانە ئەو دیاردەیە ببینن. بۆ سەلماندنی ئەمانەش دەڵێم، ڕژێمی سەدام بەشێکی فراوانی لە کوردستان خاپوور کردووە، گوندی ڕووخاندووە ژیانی نەهێشتووە، بەرهەمهێنانی نەهێشتووە، شار و ژیانی هاوواڵتییانیشی تێکداوە.
برایانی نازیز... وێرانکردنی باشووری کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە لە هیچ شەڕێکی ناوخوێی هاوچەرخ نموونەی نییە و نابینرێت، نە مەگەر ڕاست بێ نە وەی ڕوودەدات ناوبنێرێ بە جەنگی ناوخوێی گەر ئەمانەش لە ڕاستیدا بەرخۆدانی گەلێکی چەوساوە و بێبەش بێت لە هەموو مافێک بەرانبەر ڕژێمێکی فاشی کوێر کە جگە لە وێرانکردن هیچ شتێک سیاسەتی لەناوبردن کە بنەمای بەرنامەی ڕژێمە، لەناوبردنی گەلی کورد و وێران کردنی خاکەکەیەتی، هەڵکەندنی کوردە لە خاکەکەی جا بە هەر ڕێگە و شێوازێک بێ، ڕژێمەکانی پێشووش هەمان کاریان دەکرد، بەڵام لە ئاستێکی بەرتەسکتردا. ڕژێمی ئێستا لە ساڵی 1976ەوە دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بەرفراوان کە ئەنجامەکەی، وێران کردنی 1500 گوند بە درێژایی هێڵی سنووری لەگەڵ تورکیا و ئێران بە قووڵایی 20 کیلۆمەتر بە کۆترەی فەرمانی فەرمی ڕژێم، واتە وێرانکردن و خاپوورکردنی ڕووبەری نزیکەی (16000) کیلۆمەتری چوارگۆشە بە شێوەیەک وشک و تریان سووتاند و کانیاوەکانیشیان تەقاندەوە. لە ساڵانی 1976-1978یش زیاتر لە نیو ملیۆن هاووڵاتیی کوردیان لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگواست کە زۆربەیان بۆ باشووری ئێراق ڕاگویزران، هەموو ئەو کارانەش بە شێوەیەکی زۆر درندانە ئەنجام دەدران تا ڕادەی ئەوەی پیرۆزییەکانیش پێشێل دەکران. پێشتر و دواتریش ڕژێم هەر بەردەوام بوو لەسەر بە زۆر کۆچپێکردنی هاووڵاتییانی کورد لە شارەکانی دیالە، کەرکووک، مووسڵ و...هتد، لە شوێنیشیان هۆزە عەرەبییەکانی نیشتەجێ دەکرد، ئەمانەش هاووڵاتییانی شارەکان بە کاسب و کرێکار و فەرمانبەرانیشی دەگرتەوە. ئەو پرۆسانە دوای ساڵی 1980 بە شێوەیەکی توندتر بەردەوام بوو، بە جۆرێک ئەو گوندانەی کاول کرابوون ژمارەیان لە نیوەی گوندە کوردییەکان زیاتر بوو، تەنیا لە ساڵی (1985) (260) گوند لە شارە کوردییەکان ڕوخێندران و سووتێندران. وردتریش لە (200) گوندی خاپوورکراوی شارەکانی هەولێر، کەرکووک و سلێمانی (4750) ماڵ و خانو خاپوور کران.
لە ئاکامی ئەو کارە ترسێنەرانەش 8900 خێزانی جووتیار کە کۆی خەڵکەکەی نزیکەی 55 هەزار کەس دەبوون

دەربەدەر بوون و زۆربەیان ڕوویان لە ناوەندی شار و شارۆچکەکان کرد، یاخود ناچار کران دژ بە ڕۆڵەکانی گەلەکەیان چەک هەڵبگرن. بەم شێوەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ پارچە زەوییە کشتوکاڵییە جێهێڵدراوەکان ڕێژەکەی زیاتر دەبوو.
لە مانگی شوباتی ڕابردوو ڕژێم ئاگاداری گشت گوندەکانی هەر 4 شارەدێی (دیانا، کەندێناوە، تەقتەق، گوێر)ی سەربە پارێزگەی هەولێری کردەوە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ کۆچکردن بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان کە لەنێوان هەولێر و پردێ دەکرێنەوە کە بە گوێرەی ڕووبێوی فەرمی دەسەڵات ڕووبەری زەوی ئەم ناحیانەش (2380) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئەمڕۆکەش ئەو گوندانەی کە دەکەونە قوولایی نیشتمان و دەوروبەری شارەکان و دوورن لە بەرەکانی جەنگ بە شێوەیەکی بەرفراوان خاپوور دەکرێن، واتە هۆکار ئەوە نییە کە گۆڕەپانی جەنگن، گەر دەسەڵاتیش بەهانەی نەوەبێت کە پێشمەرگەی هێزە کوردستانییەکان دەگەنە ئەو گوندانەی کە ئەمەش واتای نەمە دەگەینێت کە چالاکییەکانی پێشمەرگە فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەرنامەی سەرەکی ڕژێم شتێکی تر، ئەوان پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی گوندەکان لە هەر شوێنێک بن خاپووریان بکەن. بۆیە لە ماوەی 2 مانگی ڕابردوودا 47 گوندی کورد لە شارەکانی کوردستان بە بلدۆزەر ڕووخێنراون یان بەهۆی تۆپبارانکردن و بۆمبارانکردنی فڕۆکەکان سووتێندراون، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی شارە کوردییەکان زۆر زیاد بکات، لە سەرژمێرییەکی فەرمی ڕژێم دەرکەوتووە کە ٪73ی کۆی دانیشتووانی پارێزگەی هەولێر لە ناوەندی شارن، ئاشکرایە هەموو ئەمانەش چ گرفت و تەنگژەیەک بۆ هاوواڵاتیان دروست دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە. بۆیە لێرەدا دەپرسین ئەم بارە بە کوێمان دەگەینێت؟ هەروەها کاولکاری و تێکدان گەیشتووەتە داموددەزگاکانی پەروەردەکردن، تەندروستی و خزمەتگوزارییە پێویستەکانیش هەر لە ماوەی ئەمساڵی خوێندنداا (748) قوتابخانە لە گوندە کوردییەکان داخراون و ژمارەشیان بەردەوام لە زیادبوونداید. هەروەها ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هتد، لە سەدان گوند بڕدراون. بۆ هەموو ئەوانەی باسمان کردن و زیاتریش لیستی تەواومان هەیە بەڵام لەبەر کەمی کات تەنیا دەپرسین ئەو لەناوبردنە بە کۆمەڵە بۆچی؟ ئایا توانیومانە هەندێک لایەنی ئەو مەینەتییانە بگوازینەوە بۆ ڕای گشتی دەرەوە؟ هەروەها دەپرسین: گەلی کوردستان داوای چی کردووە تاکوو بەم جۆرە دڵڕەقانەیە لەناوبیرێت؟ ئایا لە مافی ئاسایی و ساکار زیاتری داواکردووە کە مرۆڤایەتی بۆ هەموو گەلانی دنیای دیاری کردووە؟ ئایا لە مانەوە و تەعبیرکردن لە بوونی نەتەوەیی خۆی زیاتری داواکردووە؟ بزووتنەوەی کوردی تەنیا داواکاری بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوچە زۆرینە کوردنشینەکانی کردووە، ئەمە چ زیان و زەرەرێکی هەیە؟ ئایا گەلانی دیکەی ئیسلام و گەلانی جیهان لەم مافە سادە و ساکارانە بێبەشن؟ ئایا هەموو دانیان بەوەدا نەناوە کە کوردیش گەلێکە وەکوو هەموو گەلانی دونیا؟ پاشان گەلی کورد لە ئێراق گوتوویەتی و ئێستاش دەڵێت ئەو پێکەوە ژیانی بە برایانە و دڵسۆزی هەڵبژاردووە لەگەڵ ئێراقییەکان بۆ بنیاتنانی دوارۆژێکی باشتر بۆ هەمووان بەڵام بە مەرجی ئەو مافەی پێ بدرێت و ئازادانە تەعبیر لە بوونی خۆی بکات و یەکگرتنییشی لەگەڵ هەمووان لەسەر بنەمای یەکگرتنێکی ئازادانە و ڕێزگرتن بێت.
لە بەرژەوەندی گەلی کوردە خەباتی دادپەروەرانەی هەموو گەلانی ئێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام سەرکەوتن بەدەستبێنێت و کۆتایی بێت بە شەڕە دوژمنکارییەکەی و گەلانی ئێراق خۆیان سیستەمێکی حوکم بۆ خۆیان دیاری بکەن بەگوێرەی بەرژەوەندی و ئارەزوویان لە ئازادی و پێشکەوتن، ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی ئازادیی سیاسی بۆ هەموو هێز و حیزبە نیشتمانییەکان و هەروەها دابینکردنی ئازادییە گشتییەکانی تر بۆ ئەوەی هەموو هێز و حیزب و چین و توێژەکانی گەل و نەتەوەکان لە هاوپەیمانییەکی نیشتمانی کۆببنەوە و یەک هەڵوێست بن بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەوەی دیکتاتۆر خاپووری کردووە. لە ئێستادا ڕژێم لەم جۆرە یەکێتییەی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەترسێت، ئەو کاتەش ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هێزە کوردستانییەکان توانیان ناکۆکییە داخبارە پێشووەکانیان وەلا بنێن و لوولەی تفەنگەکانیان بەیەکەوە کردە دوژمن، ئینجا تێبینی ئەوەمان کرد کە چۆن هێزەکانی ڕژێم هێرشی تونديان کردە سەر بنکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

دواتریش هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی تر، ئەم هێرش و پەلامارانەش ئامانجی خۆیان نەپێکا بەهۆی ئازایەتی پێشمەرگە و وەڕەبەرزییان لەگەڵ وەڕەبەرزی جەماوەری گەل لەژێر کاریگەریی یەکییەتی خەباتی هێز و لایەنە کوردییەکان.
ئاواتەخوازین ئۆپۆزسیۆنی ئێراق بە جیاوازی لایەنەکانی و بیروڕایان یەکبگرن، هەروەها گەلانی ئێراق بە شیعە و سوننە و کەمینە ئایینییەکان و عەرەب و کورد و تورکمان و هتد، یەکبگرن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لە مەینەتی حوکمی گەل بۆ گەلیش بچەسپێت، هەروەها لە پێناو ئەوەی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی شادبێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی هەروەها بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانیش کە بە خوێن و قوربانیدان لە ئاداری 1970 بەدەستهاتوون، گەشەیان پێ بدرێت هەروەها بۆ ئەوەی هەموو پڕۆسەکانی بەعەرەبکردن و (تەهجیر) کۆتاییان پێ بێت و هاوواڵاتیانی کوردیش بە گەڕانەوەی زێدی خۆیان و لە ئاسمانی ئێراقی ئازاد و خۆشەویستی و برایەتیدا بەش بگرنەوە.
دواجار سوپاسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین بە ڕابەری ئیمام خومەینی (خوا بیپارێزێت) بۆ ئەو پاڵپشتییەی لە خەباتی گەلی ئێراقی دەکات و میواندارى ئەو کۆنگرەیەی کرد لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ یەکگرتنی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئۆپۆزسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
ئۆپۆزیسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 291.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 529
وتەیەکی ئەدهەم بارزانی لەسەر ئیدریس بارزانی
20250901150248653723=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: وتەیەکی ئەدهەم عوسمان بارزانی لەسەر ئیدریس بارزانی

کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی قۆناغێکی سەختی ژیانی لە نەبوونی باوکیدا تێپەڕاند و دواتریش بێگومان لە ژیانیدا زۆر بەسەختی ژیانی بردە سەر. من کە ئیدریسم بینی لە یەکەم بینینمدا هەستم کرد لە پێش مامۆستایەکی گەورە ڕاوەستاوم، لە پێش کەسێک ڕاوەستاوم کە دەتوانم لە هەر وشەیەک کە لە دەمی دەردەچێت بۆم ببێت بە وانەیەک، ببێت بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی فێربوون و پێگەیشتنی زیاترم. لەو ماوەیەدا کە لە ئێران بووین، بۆ ماوەی مانگێک و دوو مانگ بە بەردەوامی هەتا کاتژمێر 12ی شەو و یەکی بەیانی لەگەڵ کاک ئیدریس بووم.
پیاوێکی سەنگین بوو لە پەروەردەکردنیدا، ئەگەر لە شوێنێک دەیزانی پێویستیم بە زانیاری هەیە، لە جیاتی کاتژمێرێک، چەند کاتژمێر لەگەڵم دادەنیشت و بە شێوەیەک دیاردەکانی بۆم شی دەکردەوە، کە بە قەناعەت بگەم. بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر ئەمڕۆ، بەشێک لە کارەکانی من وەک ئەدهەم بارزانی باش بن، باشییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس کە من وەک مامۆستایەکی زانکو لێی فێری کوردایەتی بووم. جگە لەوەکە من خۆم پەیوەست بەو دەزانم، من نەمبینی لە هیچ کاتێکدا دڵتەنگ بێت، بە تورەییش وەڵامم داوەتە و ڕەخنەم لێگرتووە، بەڵام ئەو هەوڵیدەدا من لەو حاڵەتە دەربێنێت و بمگەیەنێتە قەناعەت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی: حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 272

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-01

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 530

وتەیەکی محەمەد مەلا قادر دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی

20250906091827654395=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: وتەیەکی محەمەد مەلا قادر دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی
لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر دەڵێت: لە ساڵی 1986 لە ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی سەرۆکی شاندی پارتی بوو کە لەگەڵ مام جەلال دانیشتن بە دەسپێشخەریی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مانگی 10ی ساڵی 1986 ئاشتبوونەوەیان ڕاگەیاند، دوای شەڕێکی ناوخۆیی دوورودرێژ لەو کاتەدا یەکێتییەکان بە ئەندازیاری ئاشتی ناوی کاک ئیدریسیان دەبرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 289

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 531

وتەیەکی مەحمود عوسمان دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی

20250906091941654396=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: وتەیەکی مەحمود عوسمان دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی
هەر لە بارەی بەرەی کوردستانییەوە دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت: لە ساڵی 1976 دا یەکێتی نیشتمانی لە لایەک و قیادەی موەقەت لە لایەکی تر دژی یەکتر بوون. 10 ساڵ شەڕی یەکتریان کرد هەتا ئێران لە ساڵی 1986 ڕێکی خستن. ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ڕەحمەتی لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد و بەرەبەرە لەگەڵ حزبەکانی تریش ساڵی 1988 بەرەی کوردستانیان دامەزراند.
بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو بۆ نەتەوەی کورد لە پێکهێنانی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و بە دەستخستنی دەستکەوتی شایان لە ڕاپەڕینی 1991ی باشووری کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 دا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە289

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 532

وتەیەکی کەریم ئەحمەد دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی

20250906090223654394=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: وتەیەکی کەریم ئەحمەد دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی
کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی ئێراق لە وتووێژێکیدا کە رێکەوتی 25-04-2013، لە سایتی ئاگا پرێس دا بڵاوکرایەوە، دەربارەی چۆنییەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، دەڵێت: لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورددا حزبی شیوعی دەستی کرد بە نامە و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و داوای یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکانی لە بەرەیەکی کوردستانیدا لێکردن، بۆیشی ڕوون کردبووەوە کە چ بەرەیەک و چ جۆرە مافێکی نەتەوەییان دەوێت وەکوو پێویستی.
بەرەیەکی وایان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیار کرد لەمەڕ هەمان ئەو ئامانجانە و سەرکردایەتی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان قەناعەتی بەو پێشنیارانە هێنا و شەهیدی تێکۆشەر ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی تەواوی ئامادەیی خۆی نیشاندا و پێشنیارەکەشمان بۆ دروستبوونەوەی پەیوەندییەکی باشی ئەوان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دا سەرکەوتوو بوو و ڕێخۆشکەریش بوو بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بە کردەوەش چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ وتووێژکردن لەمەڕ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی و لەسەر بەرنامەکەی بەسەرکەوتووبی کۆتایی پێهات.
لەگەڵ ئەوەدا کە جەلال تاڵەبانی و هێزە سیاسییەکانی تریش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێکهاتنی بەرەی کوردستانیدا، بەڵام ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری بەرەی کوردستانی ناوبانگی دەرکرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | میژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 288-289

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 533
وەفاداری کاک ئیدریس و ئەرشیفی رەشۆ زیلان
20240828025141593591=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
وەفاداری کاک ئیدریس و ئەرشیفی ڕەشۆ زیلان
کاوە ئەمین

ڕۆژێکی باراناوی و شڵێوەیە، کاتژمێرەکە لەسەر هەشتی بەیانی لایداوە، کەچی دەڵێی هێشتا بەتەواوی خۆر خەبەری نەبووەتەوە، هێشتا مەیلەو تاریکە، هەتا چاو بڕ دەکات سەوزاییە، جاربەجارێک بە تەنیشت جەنگەڵستانێکدا تێدەپەڕین، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە کەشوهەوایە مرۆڤ دەخاتە دۆخێکی خەمۆکییەوە، کەچی چاو لە دیمەنە قەشەنگەکان تێر نابێت. لە ستۆکهۆڵمەوە بەرەو ئۆپسالا دەچین، دەمانەوێت پەنجەمۆرە تەواونەکراوەکەمان لەگەڵ کەسایەتییەک تەواو بکەین کە وەکوو پەرتووکە کۆنێکی ناو ڕەفەیەکی پەرتووکخانەیەکی گەورەیە و دەمێکە کەس لاپەڕەکانی هەڵنەداوەتەوە، ئەو کەسەش کەمتر لە خەمخۆرێکی بەردەوامی زمانی کوردی نییە، ئەو ڕەشۆ زیلانە.
کاک ڕەشۆ خەڵکی بایەزیدە کە لە نزیک ئارارات گەورە و گچکە هەڵکەوتووە لە باکووری کوردستان، شوێنی مەزاری بیرمەندی گەورەی کورد ئەحمەدی خانییە.

ڕەشۆ زیلان لەگەڵ هاوژینەکەی کە هەردووکیان سەردەمانێک پێکەوە مامۆستای زمانی دایک بوون لە خانوویەکی گەورە دا دەژین، هەر چواردەوری سەوزاییە، لێرە و لەوێش گوڵەکانیان سەریان دەرهێناوە، ئەگەر باران و سەرما لێبگەڕێت ڕەنگە تاوەکوو یەک دوو هەفتەی دیکە یەکپارچە ئەو ناوە ببێتە گوڵ و گوڵزار.
ماڵەکەی کاک ڕەشۆ پڕە لە پەرتووک. ئەو کە ئێستا کەسێکی نەتەوەییە، بەڵام هەموو پەرتووک و گۆڤارە تورکی و کوردییەکانی کە لە ساڵانی شەشت و حەفتاکان و دواتریش لەسەر چەپ و مارکسیزم و سۆسیالیزمن خوێندوونییەتەوە، ئەمانە بەشێک لە ڕەفەکانی کتیبخانەکەی پڕ کردوون. ئاخر کاک ڕەشۆش وەک زۆر لە کوردانی باکووری کوردستان سەردەمانێک چەپ بووە، بە گاڵتە بە کاک ڕەشۆم گوت، ئەریێ خێرە ئێوە ئاغاکانیشتان پێیان خۆش بووە، پێیان بڵێن چەپ. بەشێکی زۆری ئەو گۆڤارانە کورد دەریکردوون، بەڵام تەنیا ناوەکانیان کوردییە، دەنا زۆربەی زۆریان بە زمانی تورکی نووسراون. لەگەڵ ئەوەش دا دەیان گۆڤاری کوردی بە شێوەزارە جیاجیاکانی کوردی لە پەرتووکخانەکەی کاک ڕەشۆ دا ئەرشیف کراون، ئاخر کاک ڕەشۆ دەستی بەسەر هەموو زاراوەکاندا بەتایبەتیی سۆرانی و کورمانجی دا دەشکێت. کۆنترین پەرتووکیش کە لە پەرتووکخانەکەیدا ئەرشیف کراوە، وەرگێڕانی ئینجیلە بە زمانی کوردی کە لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەرمەنستان بەپێتی ئەرمەنی نووسراوە.

لە ئەرشیفەکەی کاک ڕەشۆدا دەیان نامەی تایبەت هەن کە لەلایەن کەسایەتییە نێوداراکانی کوردەوە بۆ خۆی یان بۆ خەڵکانی دیکە نووسراون، من دوو لەو نامانەم بینی کە وەکوو بە کورمانجی دەڵێن بەڵامەوە باڵکێش بوون، ئەوانیش نامەیەکی کاک ئیدریس بارزانی کە بۆ کاک موحسین دزەیی ناردووە و تێیدا داوای لێ دەکات هاوکاریی کاک ڕەشۆ زیلان بکات کە بۆ ماوەیەک وەکوو پێشمەرگە لە باشووری کوردستان بووە و لە کۆتایی ساڵی 1969 تاوەکوو دوای ڕێککەوتننامەی یانزدەی ئازار، ئەو ماوەیە لە ڕادیۆ بووە و هاوکاریی تەکنیکی کردووە. نامەکەی دیکە، نامەیەکی ئاپۆ موسا عەنتەرە کە لە زیندانەوە بۆ کوردەکەی ناردووە، چونکە نامەکە بە زمانی تورکی بوو، من هیچی لێ حاڵی نەبووم، بەڵام لە بەرنامەکەدا کاک ڕەشۆ باسی نێوەڕۆکەکەی کرد، باسی

دیدارێکی خۆی و دەزگای هەواڵگریی تورکی میت دەکات، نێوەرۆکی نامەکە، کە پێم وایە لە کاتی خۆی قسە و باسی جددی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بابمێنێت بۆ کاتی بڵاوکردنەوەی پەنجەمۆر لەگەڵ کاک ڕەشۆ زیلان.

هەرچی نامەکەی کاک ئیدریسە، کۆپی نامەکە بڵاودەکەینەوە. بەڕاستی نێوەرۆکی نامەکە پڕە لە ڕێز و خۆشەویستی و بەوەفایی کاک ئیدریس، بۆ پێشمەرگە و کادیرانی شۆڕش، لە نموونەی ڕەشۆ زیلان دا. ئەوە جگە لەوەی کە بە خەتێکی زۆر جوان و هەستێکی کوردانە و وەفادارانە نووسراوە.
دەمەوێت ئەم وتارە بەوە کۆتایی پێبێنم کە لە ئەوروپا دەیان کەسایەتیی وەکوو کاک ڕەشۆ هەن کە خاوەنی ئەرشیف و یادەوەری پڕبایەخن، ئەگەر فریایان نەکەوین و بەدەمیانەوە نەچین، کورد گەنجینەیەکی گەورە لەدەست دەدات، ئاخر هەندێک لەوانە منداڵ و وەچەکانیان، قەدر و قیمەتی ئەو ئەرشیف و پەرتووکخانانە نازانن و تەنانەت لێشیان تێناگەن، بۆیە ڕەنگە ڕۆژێک بێت فڕێیان بدەن و وابزانن شتی بێکەڵکن و بڵێن جا بۆچی جێگەمان لێ بگرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2024-05-09

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-05-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی (Rudaw) - 09-05-2024

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2024

ناوی تۆمارکار: هومام تاهیر

پۆل: کورتەباس

بابەت: 534

وەفادارییەک لە سااڵیادی ئیدریس بارزانی هەمیشە لە یاددا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250715203749646270

ناونیشانی بابەت: وەفادارییەک لە سااڵیادی ئیدریس بارزانی هەمیشە لە یاددا
ئامادەکردنی: سەاڵح بەدرەدین
ڕۆژی 31-01-2019 سی و دوو ساڵ بەسەر کۆچی ناوادەی سەرکردە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی تێپەڕی، لە کاتێکدا کە لە بەخشش و خەباتدا هێشتا بەردەوام بوو، گەلی کوردستان و پارتی و شۆڕش ئەوپەڕی پێویستییان بەو تێکۆشەرە بوو، کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە هاتە نێو کۆڕی خەبات و بەرخۆدانەوە. ئەو لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر بوو، لە سایەی بارزانیی باوکەوە درێژەی بە خەبات دا، بۆیە مافی ئەم سەرکردەیە بەسەرمانەوەیە، تەنانەت ئەرکی سەرشانیشمانە بەرانبەر گەلەکەمان، بەتایبەتیش نەوەی تازە، کە ڕاستییەکانی مێژووی بزووتنەوەکەمانیان بۆ ڕوون بکەینەوە، هەروەها ئەوانەی کە ڕۆڵی ئەرێنییان هەبوو لە بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوەیە و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گەلدا قوربانییان داوە، کاکە ئیدریسیش یەکێکە لەو سەرکردانە.
ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆچکردوو دەگەڕێتەوە بۆ ئایاری 1967 لە کۆنفرانسی سیاسی و سەربازیی (کانی سماق)، کە من لە سەردانێکی فەرمیدا بووم بە سەرۆکایەتی شاندێک لە (حزبی پارتیی چەپ)ی ئەوکاتە، کە سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی وتارێکی گرنگی تێدا خوێندەوە، لەم وتارەیدا باسی لەلایەنە سەرەکییەکانی ڕێبازەکەی کرد لەهەمبەر کێشە سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی شۆڕش و پێشمەرگە و ڕەوشی حزب دوای جیابوونەوەکەی 66، هەروەها پەیوەندیی پارتی لەگەڵ میللەتدا و مەسەلەی دیموکراسی لە ئێراق و مافەکانی گەل لە کوردستاندا، دیداری دووەمم لەگەڵیدا لە حاجی ئۆمەران بوو لە ساڵی 1970 دوای ڕێکەوتنامەی 11ی ئاداری ئۆتۆنۆمی، لەنێو خێوەتێکدا کە وەک نووسینگە و شوێنی کۆبوونەوەکان بوو، لە دەرەوەی شارۆچکەکە بە خزمەتی گەیشتم، کە لەوێ بووم، سەرۆک مەسعود بارزانی تازە لە بەیرووت گەڕابووەوە، ئاگاداری کردمەوە کە هەڤاڵانمان لەوێ بەتەواوی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە. لە ماوەی نزیکەی مانگێک لە مانەوەمدا لە دووەمین سەردان، میوانی بارزانیی نەمر بووم لە حاجی ئۆمەران، بەردەوام چاوم بە کاک ئیدریس دەکەوت و پێکەوە باسمان لە کێشە هاوبەشەکان و بارودۆخی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرد، بەتایبەتیش لە سووریا و تورکیا، کاک ئیدریس ئاگاداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکان بوو، بۆچوونە فیکری و سیاسییەکانی ڕوون و بەرچاو بوون، جیاوازیی فیکری لەنێواناندا گرفت نەبوو لەوەی کە کۆک بین لەسەر زۆر کێشەی سەرەکی و بزووتنەوەی کوردایەتیدا، ئەو لە زۆر بۆنەدا سوپاسی دەکردین کە پشتیوانی بارزانیی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول و پارتی بووین، کاتێکیش ناکۆکییەکان ڕوویاندا و دابەشبوون هاتەئاراوە و شەڕی ناوخۆ بەرپا بوو، ئێمە هەر زوو هەڵوێستی خۆمان وەک چەپی نەتەوەیی دیموکراسی لە سووریا لەپاڵ ئەوان دووپات کردەوە، بەپێی توانا یارمەتیماندان، بەم جۆرە ڕووبەڕووی نەیارەکانمان بووینەوە لە سووریا و ئەوروپا و تورکیا، لەمەشدا سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باش ئاگادارن.
لە سۆنگەی وەفادارییەوە بۆ سااڵیادی ئیدریس مستەفا بارزانی، پێویستە بڵێین هەروەک ناسیومە کە کاک ئیدریس خەباتگێڕ و مرۆڤێکی خاکی و پڕ چالاکی و تێگەیشتوو و زیرەک بوو، تەواوکەری ڕێبازەکەی باوکی بوو، چاکترین هاریکاری بوو، لەبەر ئەوەی بەرپرسی پەیوەندییە نەتەوەییەکان بوو، بۆیە بەردەوام پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەتەواوی دەرکی بە کێشەی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکرد، پشتیوانی خەباتی براکانی بوو، دواجاریش کە چاوم پێی کەوت لە تەڕابلوسی لیبیا بوو لە ساڵی 1983، دوای دابڕانێکی چەند ساڵە بەهۆی نسکۆی 1975 و نەخۆشی و وەفاتی بارزانیی نەمر، لەوێ بەشداریمان کرد لە (کۆنگرەی میللی گشتی) لەگەڵ

نوێنەرانی هێز و حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی، خەم و خەفەت و داخ و کەسەر بە ڕوویەوە دیار بوو، هاوشێوەی ئامادەبووان لە کوردانی دیکەی ئێراق و سووریا لەدوا دانیشتنی کۆنگرەکەدا، کاتێک نوێنەرانی سووریا (محەمەد حەیدەر) و جەزائیر (عەبدولقادر حەجار) ڕەتیانکردەوە کە بەندێک بخەنە نێو بەیاننامەی کۆتایی تایبەت بە دۆستایەتیی کورد و عەرەب، تا ڕادەی هەڕەشە و کشانەوە، بۆیە بەیاننامەکە وێڕای هەوڵێکی زۆری جەللود و نوێنەرانی ڕێکخراوی ڕزگاریخواز و یەمەنی باشوور بێ ئاماژەکردن بە وشەی (کورد) بڵاوکرایەوە.
پێش بەستنی کۆنگرە بە ڕۆژێک لە کافتریای ئوتێلی (ئەلزیوف) لە تەڕابلوس بە ڕێکەوت چاوم بە کاک فازڵ میرانی کەوت، دوای چاک و چۆنی هەواڵی دامێ کە کاک ئیدریس لێرەیە، پێکەوە چوینە ژوورەکەی و زۆر بە گەرمی و بەم دەستەواژەیە بەخێرهاتنی کردم: (سەڵاح بە خوا غەدرمان لێت کرد) مەبەستی لەمەدا مەسەلەی کۆنفرانسی ناوپردان بوو بۆ یەکخستنی کوردانی سووریا، کە هەردوولای کردە یەک (چەپڕەو کە لەگەڵ شۆڕش بوو) و (ڕاستڕەو کە نەیار بوو)، منیش سوپاسم کرد کە تێگەیشتم مەبەستی چی بوو، من بە مانی خۆم گەیشتم، چونکە واتایەکی زۆر لەم قسەیەدا هەبوو، دواتر باسی گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانمان کرد بۆ دۆخی جاران بە ئامادەبوونی بەڕێزان: فازڵ میرانی و دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و سەعید بارزانی و پیرۆت ئیبراهیم، جارێکی دیکە هەستم بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی و ڕێزگرتنی ئەم سەرکردە گەورەیە کرد لەهەمبەر هەڤاڵانی کە ئەمەش هەڵقوڵاوی خەسڵەتەکانی بارزانیی نەمرە.
بۆیە من پێم وایە کە کەسانی ناودار، نموونەی ئیدریس بارزانی شایانی ئەوەن لە ئاست ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی هەڵوێستە بکەین، کۆڕ و سیمینار دەربارەی سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی ساز بکەین، هەموو بەڵگەنامەکانی هاوسەردەمانی ئەو کۆبکرێنەوە، بۆ ئەوەی نەوەی تازە سوودیان لێ ببینێت، دواجار لە هەموو شوێنێکدا لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی خەباتمان هەمیشە بەپاکی و بێگەرد بمێنێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 02-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-02-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2019-01-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی gulanmedia.com- 01-02-2019

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 535
ڕازیکردنی پەکەکە بۆ خواردنی کێکەکە
2023050900554548633=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

رازیکردنی پەکەکە بۆ خواردنی کێکەکە
هێمن عەبدوڵڵا 2
2014-06-02
پەیوەندییەکانی (پ. د. ک)و (پ. ک. ک) لە شەڕی ساردی جارانی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت دەچێت.
هەردوولا دژایەتیی یەکدی دەکەن، بەڵام نایگەیەننە مریشکەڕەشە. هەردوولا دەزانن قازانجی هەوادارانیان لە پێکهاتندایە، بەڵام هەڤڕکی دەکەن. هەردوولا دەزانن کێکێکی گەورەیان لە بەردەمە کە دەبێت پێکەوە بیخۆن، بەڵام نە پێکەوە ئەوە دەکەن و نە هیچیشیان بەتەنیا پێیاندەخورێت.
ڕکابەریی ئەو دوو حیزبە، وەکوو دۆستایەتییەکەیان، مێژوویە. هەرچەندە لە هەشتاکاندا بناخەی دۆستایەتییەکی پتەویان لەسەر دەستی ئیدریس بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان دانا، بەڵام دوای کۆچی دوایی کاک ئیدریس، دۆستایەتییەکە کاڵبوویەوە. لە سەرەتای نەوەدەکانیشدا کارگەیشتە ئەوەی کە حکومەتی کوردستان بە شەڕ PKK لە باشووری کوردستان وەدەرنێت.
ناکۆکیی پارتی و PKK تەنیا لەسەر پاوانخوازی و ڕکابەریکردن لەسەر هەژموونداری بەسەر پارچەکانی کوردستانەوە نییە. تەنیا لەسەر ئەوەش نییە کە هەریەکەیان لەسەر دوو بەرەی جیاوازی ئیقلیمی حیسابن و ئەجێندا سیاسییەکانیان پێکناگەنەوە. بەڵکوو پەیوەندیی بەو قۆناخانەشەوە هەیە کە کێ لە هەریەک لەو حیزبانەدا قسەی ڕۆیشتووە. بۆ نموونە لە دوایین سااڵنی بەر لە گیرانی ئۆجەلان، باڵە چەپە زاڵەکەی ناو PKK، کەشێکیان خوڵقاند کە دژایەتیی پارتی چڕتر ببێتەوە. ئۆجەلان بۆخۆیشی، لەژێر کاریگەریی ئیبراهیم ئەحمەد و ژمارەیەک سیاسەتمەداری دیکەی باشوور، بووە تیۆریسیەنی چۆنییەتی ڕیشەکێشکردنی بنەماڵەی بارزانی.
لەپاش گیرانی ئۆجەلان پەیوەندیی ئەو دوو حیزبە وردەوردە بەرەو باشی دەڕۆیشت. بەتایبەتیش کە ڕژێمی سەدام ڕووخا، PKK لە قەندیل لاواز و قەتیس مابوو. لەو ماوەیەدا، وەک دواتر لە بەڵگەنامە ئاشکراکراوەکانی سەر ماڵپەڕی ویکیلیکس دەرکەوت، ئەمریکایی و تورکەکان چەندجارێک دەچنە لای مەسعود بارزانی و داوای هاوکارییان لێدەکەن بۆ لێدانی PKK و وەدەرنانی لە قەندیل، بەڵام داواکەیان ڕەتدەکرێتەوە. لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە ئەمریکا هەڕەشەی جددی لە پارتی و بارزانی دەکات، بەڵام ئەوان ناچنە ژێر بار و لە قەندیل نادەن.
لەو قۆناخەدا موراد قەرەیلان پیاوی دەستڕۆیشتووی ناو PKK بوو. کاتێک باسی قەندیل دەکرا، یەکسەر قەرەیلان دەبینرا و دەبیسرا. هەر ئەویش وای کردبوو PKK لە حیزبێکی گۆشەگیرکراوی بێدۆستەوە ببێتە دۆستی پارتیش و یەکێتیش و حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش. لە باشووری کوردستان کەس نەبوو قەرەیلان نەناسێت و کەس نەبوو هاوسۆزیی بۆ خۆی و گەریلا ماندووەکانی لەو شاخانە نەبێت. بەڵام ئەوە بە هاتنەوەی جەمیل بایک، کە ڕێبەرایەتیی باڵە چەپە زاڵەکەی ناو PKK دەکات، سەد و هەشتا پلە گۆڕدرا. گەیشتە ئەو ڕادەیەش کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، بە بەراورد لەگەڵ قۆناخی قەرەیلاندا، لە نزمترین ئاستدا بێت.
ئێستا ناکۆکییەکانی ئەو دوو حیزبە لە یەک کەیسدا چڕکراونەتەوە کە ڕۆژاوای کوردستانە. ڕەنگە ئەگەر ئەو کەیسە نەبووایە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەئاسانی ببەسترایە و دانووستانەکان نەگەیشتبانە بنبەست. بەڵام ڕۆژاوا بۆ هەردوولا گرنگیی حەیاتیی هەیە. هەواداری بۆ پارتی لەنێو کوردی ڕۆژاوادا قوواڵییەکی مێژوویی هەیە. هەبوونی سنووری فراوانی ناوچەی نفووزی پارتیش لەگەڵ ڕۆژاوا، وا دەکات پارتی نەتوانێ دەستبەرداری بێت.
ئەگەر PKK لەجیاتی ڕۆژاوا لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان ڕەوشێکی هاوشێوەی هەبووایە، ڕەنگە لەگەڵ پارتی زۆر کەمتر تووشی ناکۆکی ببووایە. ئەگەر لەجیاتی بایکیش کەسێکی دیکە بڕیاربەدەستی PKK بووایە، ڕەنگە توانیبای ناکۆکییەکان وەرگەڕێنێت بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش. چونکە ئەوە ڕوونە کە حوکمڕانیی PKK لە ڕۆژاوای کوردستان، بەبێ هەبوونی پشتیوانی و ئاوەاڵبوونی دەرگایەکی دۆست، ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت. ئەگەر

دەوڵەتی سووریا بەهێزتر بووەوە، ئەو ڕەوشەی ئێستا بۆ PKK هەیە، وەکوو خۆی نامێنێتەوە. دۆستایەتیی سیاسی لە سەردەمی لاوازیدا جیاوازە لە دۆستایەتی لە سەردەمی بەهێزبوونەوەدا. PKK لە ڕۆژاوا بەرگەی شەڕی داعش، تورکیا، پارتی و لە ئایندەدا سووریاش بەسەریەکەوە ناگرێت.
بەڵام پارتیش دەبێت ئەوە قبووڵ بکات کە تازە بەبێ PKK ناتوانێت تامی کێکەکەی ڕۆژاوا بکات. پارتی ڕێگەچارەی سێیەمی نییە: یان دەبێت شەڕ بکات لە دژی PKK یان دەبێت ڕازیی بکات. ڕازیکردنی PKKش تا ئەو کاتەی بایک قسەڕۆیشتوو بێت لەو حیزبەدا ئاسان نییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | ڕەخنەی سیاسی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2014-06-02

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2014-06-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو 2014-06-02
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-09
ناوی تۆمارکار: هومام تاهیر

پۆل: کورتەباس
بابەت: 536
ڕۆحی ئیدریس بارزانی زیندووە
20250715201835646262=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ڕۆحی ئیدریس بارزانی زیندووە
ئامادەکردنی: پیران ئەمیر
مێژووی دوور و نزیکی کورد پڕیەتی لە مرۆڤی سیاسی و شۆڕشگێڕ و خەباتکار و پڕە لەو کەسانەی لە قۆناغێکی خەباتدا جێپەنجەی لەسەر بارودۆخەکان دیارە، بەڵام هیچ کەسێک وەک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی نەبوو، ئەو لە مەیدانی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستاندا بە کار و فەرمان و هەڵوێستەوە تەواو هاوشێوەی باوکی بوو قاڵبی مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی و ئاشنای تەواوی شاخەکانی کوردستان بوو، پێشمەرگە و ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکر و ئاشتی خواز بوو بە جۆرێک گیانی تەبایی تێکەڵی خرۆکەکانی خوێنی ببوو، ئەو داینەمۆی تەبایی ناو ماڵی کورد و شۆڕشگێڕان بوو بە جۆرێک وەک سەرۆک بارزانی وتی (دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی مستەفا بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببنەوە) بەڵێ شەهید ئیدریس بارزانی بەحەق پێشمەرگە و سەرکردەی ڕۆژانی سەختی خەبات و خاوەنی دەسکەوتەکانی بەیاننامەی ئازاری ساڵی حەفتا و ژیانەوەی خەباتی کورد بوو لە شۆڕشی گوڵاندا.
ئێستا کە مێژوو خۆی دووبارە کردووەتەوە و ناپاکی و خیانەتی ناوخۆ گەلی کوردستان و ئەزموونە حوکمڕانییەکەی خسووەتە لەژێر هەڕەشەی لاواز بوون و ئازاری قوڵی ناتەبایی و نارێکی لایەنەکان گیانی کۆمەڵگەی کوردستانی هەپرون هەپرون کردووە و سەنگی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەچێت، خاک و خەڵکی کوردستان و مێژو و ئەزموونە حوکمڕانییەکەی پێویستی بە ئاشتی و تەبایی ناوخۆ و یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی هەیە، پێویستمان بە یەکێکە دەستەکانمان لە یەکتر گرێ بدات و خۆشەویستی بخاتە نێوانمانەوە و یەکێک فریامان بکەوێت و لەشێوەی بەرەیەکی هاوبەش کۆمان بکاتەوە و بۆ قۆناغی نوێبوونەوە دەستمان بگرێت.
ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە ڕوحیەت و وجودی ئیدریس بارزانییە و بۆ ڕزگار بوون لە هەموو ئەو ناخۆشیانەی لە ماوەی ڕابردوو تووشی گەلەکەمان بووە پێویستمان بە فریادڕەسێکە بەرەو کەناری ئارامی و دواتر بەرەو لوتکەی سەرکەوتنمان ببات و ڕوون و ئاشکراشە کەسایەتی کاریزمای نێچیرڤانی کوڕی ئیدریس بارزانی لە ئێستا گرنگ و پێویستە و بۆ قۆناغی ئاشتەوایی و سەرکەوتن تەواوی پشتیوانی نێودەوڵەتی و لە ناوخۆشدا تێگەیشتوترین کەسایەتییە کە شان بداتە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییە و لەقوڕاوی بێ متمانەیی و پاشقول لەیەکتر گرتنەی کە کۆمەڵگەی کوردی تێ کەوتووە دەرمان بهێنێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2018
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی gulanmedia.com- 31-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 537
ڕۆژ نووری شاوەیس: دەسکەوتەکانی ڕیفراندۆم بەشێکن لە خەباتی ئیدریس بارزانی
20250707221605644664=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ڕۆژ نووری شاوەیس: دەسکەوتەکانی ڕیفڕاندۆم بەشێکن لە خەباتی ئیدریس بارزانی

ئیدریس بارزانی لووتکەیەکی سەرکەشی کوردایەتییە

ئەمڕۆ سێشەممە لە پیرمام 31مین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی شەهیدی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تێیدا د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە بەشێک لە دەسکەوتەکانی ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدرس بارزانی و هاوڕێکانی.
د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە وتارەکەیدا وتی: بەردەوام بیرەوەری و ساڵیادی نەمر ئیدریس بارزانی تێکەڵ بە دەسکەوتەکانی کوردستان بووە، چونکە ژیان و خەباتی ئەو بە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەکەمانەوە گرێ دراوە. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی باسی لەوەش کرد، کە دوژمنانی دەرەکی و نەیارانی ناوخۆ هەوڵیان دا پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم سەرنەگرێت، بەڵام دواجار پڕۆسەکە سەرکەوت.
شاوەیس ئاماژەی بەوەش کرد: ڕیفڕاندۆم ئاوات و خواستی گەلەکەمان بوو بۆ ئازادی، بۆیە دەنگیان دا و پڕۆسەکەیان سەرخست". جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە " ئەو ڕیفڕاندۆمە جگە لەوەی لەسەر داوای جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، هاوکات بەشێک لەو دەسکەوتانە بۆ خەباتی برای هەمیشە زیندوومان کاک ئیدریس و هەڤاڵەکانی تری و لە سەروویانەوە، بۆ خەباتی بارزانیی نەمر دەگەڕێنەوە.
دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس وتیشی: خەباتی نەتەوەیەک وەک زنجیرەیەک وایە، ناتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، خەباتی میللەتێک لە دەسپێکەوە تا دەگاتە ئامانجی خۆی، یەک پەرتووکە کە هەموو لاپەڕەکانی پێکەوە بەندن و هەر خشتێکی لەسەر خشتێکیتر بینا کراوە.
شاوەیس باسی نزیکی و پەیوەندیی خۆی و نێوان شەهید ئیدریس کرد و وتی: بیرەوەرییەکان زۆرن، ئێمە لە منداڵی و قوتابخانەدا پێکەوە بووین، هاوڕێی سەردەمی گەنجایەتی بووین، لە ساڵانی هەشتاشەوە بەتایبەتیی دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، هاوخەباتی یەکتری بووین و لە دۆخێکی زۆر زەحمەتدا کارمان کردووە و ئێوەیش کە لێرە ئامادەن، هەمووتان ڕۆڵتان لەو خەباتە سەختەدا هەبوو، کە لە ساڵانی دوای 75ەوە دەستی پێ کردەوە، تا گەلەکەمان بگاتە ئامانج.
د. ڕۆژ لە درێژەدا ڕایگەیاند: کاتێک دەمانەوێت باسی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو بکەین، باسکردنی لایەنەکانی ژیانی دەبێتە زەرورەت، کاکە ئیدریس کەسایەتییەک نەبوو کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، وەک ئەوەی بڵێین فلان ساڵ لەدایک بووە و لە فلان ساڵدا هاتە ڕیزی پارتییەوە و لە خەبات بەردەوام بوو و لە فلان ڕۆژ و ساڵدا کۆچی دوایی کرد، بەڵکوو کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان.
ئیدریس کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزانی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانی نەمرە و لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943 -1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوکات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون. ساڵی 1947 بارزانی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەننە

یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەوکات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن رژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و موسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی بارزانی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14-07-1958 کە ئەوکات کاک ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەرێکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باو و باپیران لە خاکی کوردستان.
سەرەنجام پاش تەمەنێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان, کاتژمێر 6.30 ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی سلێمانای سەربە شاریورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت گلکۆی پیرۆزی بارزانیی باوک و ڕابەر دەنێژرێ و ساڵی 1993 تەرمەکەی لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر گەڕێندرایەوە باشووری کوردستان و لە مەزاری نەمران لە بارزان نێژرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆنداکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 19-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-19	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستۆی ئازادی ژن - basnews.com - 29-01-2019.
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 538
ڕۆژانی ڕاژان
20250717150542646637=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئامادەکردن و کۆکردنەوەی- سەنگەر حسێن

نووسەر و سیاسەتمەدار و سەرنووسەری پێشووتری ڕۆژنامەی خەبات فەلەکەددین کاکەیی ، بەهۆی نزیکی لە کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، هەروەها لەئاوارەیی و بەرەکانی شەڕ و کۆڕو کۆبوونەوەکان زۆر جار یاوەری بەڕێزیان بووە و چەندین بابەت و یادەوەری دەگێڕێتەوە کە باس لە دووربینی و ڕۆشنفکریی ئیدریس بارزانی دەکات و پێشتر لە ڕۆژنامەکانی خەبات (بە زمانی کوردی) و خەبات و تەئاخی (بە زمانی عەرەبی) نووسیوە، دواتریش لە چەندین پەرتووک کۆکراوەتەوە و بڵاوکرایەوە.
بۆ یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ، بەباشمان زانی هەندێک لەو وتارانە دووبارە بڵاوی بکەینەوە، بۆ ئاشنابوونی نەوەی تازە بە خەسڵەت و کار و کردەوەکانی شەهیدی هەمیشەزیندوو.
جێی باسە، فەلەکەددین کاکەیی لە ڕۆژی 31-07-2013 بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ئیدریس بارزانی بەناوی خوا و چەند دێڕی جوان لە دەفتەری تۆماری بروسکە دەنووسێت، کە ئەمە یەکەمین جارە دوای نوشستی ئاداری 1975 تۆڕی بێتەلی شۆڕش دەکەوێتە خێر و سەرکەوتنی کورد و کوردستان (ئەمەیان دەق نووسینەکەی ئیدریس نییە، لێ شتێکی بەو مانایەی نووسی).
هاوینی 1980:
ئەمساڵ، لە سەرەتای زستانەوە، چەند هەنگاوی نوێمان ناوە. دوای دامەزراندنی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان، کەوتینە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کە پایزی 1979 گرێماندا بوو. تا ئێستا بەچی ڕێگایەکا دەڕۆین؟ لەتەک لێکۆڵینەوەو چاودێری بارودۆخی کوردستان و دەوروبەری، بەئارامی و هێمنی، بەجیدی، خەریکین دیواری ئەستووری ئەو گەمارۆیەی دراوین دەشکێنین.

یەک: خەریکی پێکهێنانی (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانین) لە ئێراق، دەزگایەکی هەماهەنگی کوردستانییەتی سەرانسەری (گشت پارچەکان).
دوو: پەیوەندی لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان پتەو دەکەین.
سێ: ئێزگەی دەنگی کوردستان ڕێکوپێک دەخەین، کە لە بەهارەوە بەکارمان خستووە.
چوار: دەزگای تۆڕی (بێتەلی شۆڕش) دادەمەزرێنینەوە.
پێنج: لەشکر ڕێک دەخەینەوەو قسە لەسەر دانانی (یاسای لەشکری کوردستان) دەکەین.
شەش: ئاوڕێکی جیدی دەدەینەوە لە بوونیاتنانەوەی پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی نێودەوڵەتی و ناوچەیی پارتی. داڕشتنەوەی ئەم پەیوەندییانە بە ئیدریس بارزانی دەسپێردرێت. ئەمەو چەند فەرمانێکی گرنگی دیکەمان خستووەتە سەرشان:
ڕێکخستنەوەی حزب لەناو وڵات و ڕیزی پەنابەران و، بژێوی پێشمەرگەو، دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "خەبات"و بڵاوکراوەی دیکە. لە کاتێکدا بارودۆخی داراییمان خراپە، ژیانی پێشمەرگە سەخت و دژوارە.
دەبینم کە چەند کەسین لەسەرکردایەتیدا، بۆ ئەو ئەرکە گرنگانە لەوەختێکدا وەکوو بڵێی لە سفرەوە دەست پێدەکەین. هەندێک لەوەی لە ساڵانی 1976-1979دا، کۆبوونەوە، دەکەوێتە بەر (ڕەشەبا) و پەرش و بڵاودەبێتەوە! جارێکی دیکە ناوماڵ تێکدەچێت!
(با لەمەیان گەڕێین) . ئێستا چەند کەسین؟ بەڵێ! حەوت ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بە سکرتێری پارتییەوە، جگە لە سەرۆک، چواردە ئەندامی مەکتەبی ناوەندیش هەن. واتە: جگە لە سەرۆک، هەموومان بیست و یەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین. بەسەر ئەرکە ناوەندییەکان و لقەکانی سەرانسەری کوردستان دابەش دەبین. (لە کەمتر، لە ساڵێکی دیکەدا، دوو ئەندامی مەکتەبی ناوەندی، هەریەک لەبەر هۆیەک، دەکشێنەوەو، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە ڕەئیس عەبدوڵڵایە، کۆچی دوایی کردووە. دەبێتە هەژدە ئەندام).
(بێتەل) شادەماری پەیوەندی و ڕێکخستنەوە. بەهاری ساڵی (1980)، یەکەمین جار پەیوەندی وێستگەی بێتەلی لقی 1ی (بادینان) بەبارەگای سەرکردایەتییەوە لە (ڕاژان) تاقی دەکرێتەوەو سەردەکەوێت. ڕۆژێکی شادو شانازیمانە. بەرپرسی بێتەل بەخۆشییەوە دێتە ژوورەوە، مزگێنی بۆ ئیدریس دێنێ، کە دەپرسێت:
– کەی تۆماری بروسکە دەکەنەوە؟
– هەر ئەڤڕۆ!
– دەفتەرەکە بهێنە، شتێک بەم بۆنەوە بنووسم.
دەفتەری تۆماری بروسکە دەهێنم. ئیدریس بارزانی بەناوی خوا و چەند دێڕی جوان دەنووسێت، کە ئەمە یەکەمین جارە دوای نوشستی ئاداری 1975 تۆڕی بێتەلی شۆڕش دەکەوێتە خێر و سەرکەوتنی کورد و کوردستان (ئەمەیان دەقی نووسینەکەی نییە، لێ شتێکی بەو مانایە نووسی).
ئەو ڕۆژە هەستمان کرد کە لایەکی دیواری ئابلۆقەکەمان ڕماندووە. بارزانیی نەمر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی 1961وە گرنگی بە دەزگای بێتەل داوە، وابزانم، بێتەلکارێکی نیشتمانپەروەری ئەندامی پارتی، ساڵی 1961 بە دەزگایەکەوە دێتە ڕیزی شۆڕش و، یەکەمین بنکەی بێتەل دادەمەزرێنێت، دەبێت بە یەکەمین ڕەئیسی دەزگاکە. لە ساڵانی دواییدا دەزگای زیاتر، لەشکری ئێراق، بەدەست دەکەوێت و، بێتەلزانی زۆرتر دێنە سەنگەری پێشمەرگە. تا ساڵی 1970 شۆڕش دەبێت بە خاوەنی تۆڕێکی فراوانی ڕێکوپێک کە سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوە، ڕەنگە لە هەندێک بواردە، لە هەندێک وڵاتانی دەوروبەر پێشکەوتووتر دەبێت.
لە ڕێگەی بێتەلەوە، لە حزبەوە بە لەحزە، پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان، ئاگایان لەیەک دەبێت جگە لە پەیوەندی. دەزگای بێتەل، سەرکەوتووانە، چاودێری بێتەلی ڕژێمیش دەکات و خۆی دەدزێتە ناوی و، دەست دەکات بە هەندێک نهێنی چیفرەکانی لەشکر و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس.
لە ئاداری 1975، دوای کارەساتەکە، ئەو تۆڕە مەزنە لە کار دەکەوێت. کادر و پێشمەرگەکانی بێتەل هەمیشە دڵسۆز و نهێنی پارێزو فیداکاربوونە. لە خەباتگێڕە سەربەرزەکانمان کەمبووە بەتەواوی ڕێزیان لێ بگیرێت ئەوە

جارێکی دیکە دەکەونە خەبات.
بەدرێژایی ساڵی 1980 خەریکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەمین دەبین کە لە تشرینی دووەمی 1979دا، بەستراوە. لەو بڕیارانەش، لە ڕووی پەیوەندی جەماوەری و کوردستانییەوە:
– پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و، بەرەیەکی سیاسیی ئێراقی.
– دامەزراندنی (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان).
– پێکهێنای دەستەیەکی باڵا (دەزگایەکی) هاوئاهەنگی نێوان حزب و هێز وکەسایەتییە بەرزەکانی سەرانسەری کوردستان، تێیدا نوێنەری گشت پارچەکانی کوردستان بەشدار بن.
لەبارەی بەرەیەکی کوردستانی، یا هاوپەیمانێتی لە گۆڕەپانی کوردستاندا، پەیوەندی بە گشت لایەنەکانی کوردستانی ئێراقەوە، دەکەین.
یەکەمین حزب کە بە دەنگمانەوە دێ حزبی شیوعی ئێراقی، ئینجا حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە تازە دامەزراوە، هاوین بەیاننامەیەکی هاوبەشمان لەگەڵ سۆسیالست دەردەچێ، تێیدا بەڕابردوودا دەچینەوەو، شەڕی ناوخۆ تاوانبار دەکەین و، لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە. قوربانیانی پێکدادانە ناوخۆیەکانی ساڵانی ڕابردوو، بە شەهید دادەنێین. بەم بەیاننامەیە، لە هاوینی 1980 دا، یەکەمین بەردی بناغەی بەرەیەکی کوردستانی دادەنێین (دوای ئەوە بە چەند ساڵ شین دەبێت و لە 1988 دا گەورەترین بەرەی کوردستانی پێکدێت).
لە ساڵی پارەوە (1979) پەیوەندیی نێوان پارتی و شیوعی چاک دەبێتەوەو، نوێنەریان لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بەشدار دەبێت و، وتار دەخوێنێتەوە. بڕێک لەسەر (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان) بدوێم، کە ئەو بڕیارەمان ساڵی (1979) وەرگرتووە.
بەپێی ئەو بڕیارە (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان) لە کەسایەتییە نیشتمانییەکان و نوێنەری ئەو حزب و لایەنانەی، کە دەبنە هاوپەیمان، لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و، ئەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و ئەندامانی یەدەگ، پێکدێت. ئەنجوومەنەکە بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان دەربارەی مەسەلە سەرەکی و چارەنووسسازەکانی کوردستان کۆدەبێتەوە.
بڕیارەکە بەلامانەوە ئێجگار گرنگە، ئیدریس و سەرۆک و مەکتەبی سیاسی، ماوەیەک خەریکی داڕشتنی شێوەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەبن.
(دواجار بەهۆی هەڵایسانی شەڕی ئێراق و ئێران و تێکچوونی باری ناوخۆی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان.. بیرۆکەی ئەنجوومەنەکە دەبێت بە قوربانی و، دوا دەخرێت. تا ساڵی 1988 لە کاتی دانانی بەرنامەی بەرەی کوردستانی سەرهەڵدەداتەوەو، دەبێت بە ئامانجێکی بەرە. کە دوای ڕاپەڕینی 1991 دەکەوینە جێبەجێکردنی و، ئەم پەڕلەمانەی لێ دەردەچێت، ئەویش لەژێر هەمان ناونیشان کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانە).
لەسەرێکی دیکەوە. لە دوای ساڵی 1975ەوە هەوڵدەدەین پەیوەندیمان بە قوواڵایی نەتەوەییەوە پتەوتر بکەین.
بەبێ پشتیوانی نەتەوەیی پارچەکانی دیکە، دەرباز بوون لە پاشماوەی شکستی 1975 سەخت و دژوارە.
کوردی ڕۆژاوا، بە گەرمی یارمەتیی مەعنەوی و ماددیمان دەدەن. لە پاییزو زستانی 1975ەوە کۆمەکی پێشمەرگە و کادیران دەکەن تا لە سنوورەوە دەربازی دیوی کوردستانی تورکیا دەکەن، لەوێوە بۆ کوردستانی ئێراق. هەر کوردی ڕۆژاواش دەبن کە بە کۆڵ دەزگای ئێزگەی دەنگی کوردستان لە لوبنانەوە بە ناوچەیەکی ڕزگارکراوی کوردستانی ئێراق لە ساڵی 1977دا دەگەیەنن. خەڵکی کوردستانی تورکیا و حزبەکانیان، بەدڵسۆزی و حەماسەتەوە، ڕۆڵی نەتەوەیی خۆیان دەبینن و پشتگیری لە پێشمەرگەی کوردستانی ئێراق دەکەن. هەندێک جار دێن و ڕاستەوخۆ بەشداریش دەبن. (بەخۆم لە بەهاری 1979دا، شایەدی ئەوە دەبم کە چۆن لاوانی کوردستانی تورکیا، بە کۆڵەپشت، نان و میوەمان بۆ دێنن، بۆ دیوی باشوور) . هەروەها کەسانێک و گرووپگەلێکی کوردستانی ئێرانەوە، ئەمە جگە لە هاوکاری و هەماهەنگی سیاسی و ڕاگەیاندن لە ئەورووپا.
نەتەوەی کورد، بەگشتی لە 1975 بریندار بووە، دەیەوێت وەڵامی ئەو نوشوستییە و ئەو زەبرە بداتەوە.
ڕووناکبیران و هونەرمەندانی هەر سێ پارچەکەی دی، بە دڵ و گیان، دەکەونە چالاکی بۆ پشتیوانی موقاوەمەتی

تازەی کوردستانی ئێراق. چ بە نووسین، یا سروودو گۆرانی، یا کۆمەکی ماددی، جەژنێکی نەتەوەییە.
پارتی کۆنفرانسی ئابی 1976 کە لە بەرلین گرێی داوە، بڕیار دەدات تا ئەو هەلومەرجە نەتەوەییە بقۆزێتەوە، هەر بۆیەش بڕیاری پێکهێنانی (دەستەیەکی نهێنی بااڵی نەتەوەیی لە نوێنەرانی هەموو پارچەکان) دەدات. ئەو دەستەیە، وردەوردە، بە عەمەلی پێک دێت، هەرچەندە هێشتا شێوەیەکی تەنزیمی بەخۆیەوە وەرناگرێت. لە مەیداندا ئەو سەتەیە هەیە. لە هەر کوێ کوردێکی هۆشیاری نیشتمانپەروەر هەبووبێت، دانیشتووی هەر پارچەیەک، یا لە هەر وااتێکی ئەوروپادا بێت، بەپێی توانا پشتگیری هەڵسانەوەی خەباتی کوردی ئێراق دەکات.
لە نۆیەمین کۆنگرەیەدا ساڵی 1979، پارتی جارێکی تر، بڕیارەکە وەردەگرێتەوە، ساڵی 1980 هەوڵ دەدات، بە کردەوە، ئەوا (دەستەی بااڵ نەتەوەییە) دابمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە لیستێک ئامادە دەکرێت بەناوی کەسایەتیەکانی هەر چوار پارچە، تا دەستکە (بە نهێنی دابمەزرێت، چەندین کەس لە تورکیا و سوریاوە خۆیان بە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دەگەیەنن. لەم الشەوە، لە ئێراق و ئێرانەوە، کەسایەتییەکان ئامادە دەبن. لەبەر باری ناسکی نهێنی پارێزی، کارەکە لەسەرخۆ و بەهێمنی دەڕوا، تا بەداخەوە گەر داوی شەڕی ئێراق و ئێران بارودۆخەکە تێکوپێکدەدات و شێوەی خەباتمان دەگۆڕێت و، ئەرکی دیکەی ڕۆژانە دێتە پێش و، تەنزیمی (دەستەی بااڵی نەتەوەیی) بەشێوەیەکی کاتی، دوادەخرێت. بەاڵم بیرۆکەکەی بەکردەوە، دەمێنێ و هاوکاریی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دیکە بەردەوام دەبێت و پەرەدەسێنێت.

فەلەکەددین کاکەیی: کۆنگرەی نەتەوەیی، پێشکەوتنی گەورەی بیری سیاسیی کورد
لەو سەردەمە هەندێک کەس ڕەخنەیان لە ئیدریسی نەمر دەگرت کە گوایە حیزبی نییە، پەیڕەوی پڕۆگرامی حیزب نییە و ناهێڵێت حیزب دابمەزرێت! لە واقیعیشدا ئیدریس کۆاڵەگەی حیزب بوو، دەیویست بەهێزبێ و، لە هەموو کەس جەماوەریتر بوو، بەشێوەی خۆی لە هەموومان زیاتر خەڵکی بە دەوری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا کۆدەکردەوە، ئەو، گرنگیی بە بڕیارە سیاسییەکان دەدا.
بیرمەندو نووسەر و سیاسەتمەداری کورد فەلەکەددین کاکەیی لە چەندین بیرەوەریدا، باس لە ڕۆڵی گەورەی شەهید ئیدریس بارزانی دەکات لە هەوڵ و کۆششی بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانجی هەزاران خەباتگێڕی کوردایەتی. لەمبارەیەوە دەنووسێت:
بیری سیاسیی کورد لە سەدەی بیستەم بە دوو پێشکەوتنی گرنگی گەیشت، یەکەم دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918)، دووەم لەگەڵ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی (1940-1945) وەختێ تەوژمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و، سیستەم و بیروبۆچوونی دیموکراتی بە دنیا باڵوبووەوە، ئەوە ئیتر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کەوتە بایەخدان بە هەردوو الیەنی ڕزگاری کۆمەاڵیەتی و ڕزگاری سیاسی.
لەو میانەدا ناوەبەناوە باس لە ڕزگاری و سەربەخۆیی دەهاتە پێش، چ لە ڕێگەی هەندێک کەسایەتییەوە یا لە ڕێگەی هەندێک ڕێکخراوی سیاسییەوە.
بیری سیاسی کورد، بەدرێژایی سەدەی بیستەم وسەرەتای ئەم سەدەیە (بیست و یەکەم)، هێشتا مەلۆتکە مایەوە، نەهاتە بەر، تا ئێستا یەکسەرو، کوتوپڕ، ئەم کۆڕپە جوانە خەریکە دەردەکەوێت، مەبەستم هەوڵدانە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی.
ئەوەش، لە ڕاستیدا کتوپڕ نەهاتووە، بەڵکوو بەرهەمی دەیان ساڵی بیرکردنەوەی سەدان زانا و ژیری کورد و وانەو دەرئەنجامی دەیان ساڵی خەبات و قوربانیدانی خەڵکی کوردستانە، کە چەند نوشستی و کارەساتیان دووچاربووە و، هەرجارەکی، کە لێیان کۆڵیێ بۆیان دەرکەوتووە کە هۆکاری بنچینەی مەینەت وکارەساتەکانیان بۆ دابەشبوونی کوردستان و، دووبەرەکی وچەند بەرەکیی ناوخۆبووە.
هەر بۆیەش لە ساڵی 1980 چەند پارتی سەرەکیی باکوور و باشوور، بەتایبەتیی پارتی کارێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پارتی دیموکراتی کوردستان، هاتنە سەر ئەوەی ئیتر ئەو قۆناغەنا دروستانە ببەزێنن و بیر لە قۆناغی یەکڕیزی نەتەوەیی وخەباتی ڕزگاری وسەربەخۆیی، بکەنەوە.

دوای چەند تەقەڵلای چەند قۆڵی بۆ بەستنی گردبوونەوەی نەتەوەیی گشتی وگەیشتن بەکۆنگرەیەکی گشتگیری نەتەوەیی، هەردوولا هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە، هیچ نەبێت هەردوولا پەیمانی خەباتی هاوبەش و هاو ئامانجی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کوردستان، ببەستن.
لە 1983، لە چەند کۆبوونەوەی دووقۆڵیدا لە شاری دیمەشق، هەردوو سەرکردە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن پەکەکەوەو، ئیدریس بارزانی لەلایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پرۆتۆکۆلی پرۆژەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئیمزا بکەن، ئەویش لەسەر بناغەی خەباتی هاوبەشی هەمەلایەنە بۆ ڕزگاری وسەربەخۆیی کوردستان و، لە چوارچێوەی ئامانجە سەرەکییەکانی دیموکراتی و دادپەروەری ورزگاربوونی ملیۆنان کوردی چەوساوە و، گرتنە دەستی ئیرادەی میللی.
بەو بۆنەوە بانگی گشتیان هەڵدا و، گشت پارت و ڕێکخراوەکانی چوار لایەنی کوردستانیان بۆ ئەو گردبوونەوە نەتەوەییە بانگ کرد.
هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنە، لە سەرەتاوە تووشی کۆسپ و تەگەرە بوو، دڵ و ویژدانی نەتەوەی کوردی هەژاند و، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە دیالۆگی چەند لایەنە و، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی باشتر و خێراتر لە پێنا وسەرخستنی ئەم پرۆژەیە.
لە 1983وە چەند هەوڵ و کۆششی دیکە هاتنە ئەنجامدان، تا ئەمساڵ (2013) لەپڕدا نوێنەرانی گشت پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێکەوە لە سەڵاحەددین دانیشتن، بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانجی هەزاران خەباتگێڕی کوردایەتی.
کەواتە ڕووداوی مێژوویی گردبوونەوەی ئەو هەموو لایەنانە، هەم کوتوپڕ هاتە پێش، هەم ئەنجامی سروشتی تێکۆشانی سەدەی بیستەم وسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە.
یەکەمین جارە هەموو لایەنێک لە دەوری مێزێک جەمدەبن، کە مێزی بڕیاردانی چارەنووسسازی ڕزگاری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە.
هەر بۆیەش ناوی لێ دەنێین گرنگترین پێشکەوتنی بیری سیاسی کورد لەم دوو سەدەیەدا.
نووسەر فەلەکەددین کاکەیی سەبارەت بە بڕیاری کۆنگرەی پارتی 1979، کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان وەکوو بەرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی فراوان دابمەزرێت و ڕۆڵی شەهید ئیدریس بارزانی لەم بارەیەوە، دەنووسێت:
لە مێژووی نزیکدا، بەناوبانگترین بەرەی سیاسی لەم هەرێمەدا، بەرەی کوردستانی (1988 1992) بوو، کە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی پێکا. سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری 1991 کرد و، دەسەڵاتێکی کاتیی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی ئازادکراوی کوردستان دامەزراند، تا هەڵبژاردنی 1992 و دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمان و یەکەمین حکوومەتی هەرێم، دوای ئەوەش بەرەی کوردستانی خۆی هەڵوەشاندەوە و گشت دەسەڵاتەکانی بە پەرلەمان و حکوومەت بەخشی.
بەرنامە و پەیڕەوی (بەرەی کوردستانی) دەرەنجامی بیر و ئەزموون و شارەزایی 40-50 ساڵەی تێکۆشەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بوو، بەرنامەکەی هەمەلایەنە بوو: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندن و پەیوەندی و دیپلۆماسی.
ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) لەبەرنامەی بەرەدا هاتبوو کە ساڵی 1988 پەسەند کرا، بەرلەوەش، لە بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی پارتیدا هاتبوو، کە تشرینی دووەمی ساڵی 1979 لە مەرگەوەری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەسترابوو.
(مەبەستم تەنیا ڕووداوێکی مێژوویە، نامەوێت هەموو شتێک بدەمە پاڵ پارتی، بەڵکوو خەباتی گشت حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، نرخ و جێگە و ڕێزی خۆیان لە دڵی مێژوودا هەیە).
ئەو بڕیارە، وەکوو بڕیارێکی سیاسی کۆنگرە، دەبوا جێبەجێ بکرێت. بەڵام یەک دوو مانگ، دوای کۆنگرە، بڕیارەکە لەبیری زۆربەمان، لە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی نەما. تەنیا کەسێک خەمی دەخوارد

سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی بوو.
بەهاری 1980، کە 3-4 مانگ بەسەر کۆنگرەی نۆیەمدا ڕەت ببوو، ڕۆژێک ئیدریس بارزانی بانگی کردم، وتی ئەم ناوانە لەلای خۆت تۆمار بکە تا دواجار کاریان لەسەر بکەین.
هەوەل لەمەبەستی تێنەگەیشتم کە ڕوونکردنەوەی زیاترم ویست، وتی: دەمەوێت ناوی ئەم کەسایەتییانە بنووسین کە ڕەنگە ببن بە ئەندامی (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان). وتی: لەبیرتان چوو کە بڕیارێکی کۆنگرەیە؟! هەروەها بەپێکەنینەوە وتی: من بڕیارەکەم لە یادە و دەبێت جێبەجێی بکەین.. کامەتان لە یادتان ماوە؟.. پێم بڵێ: من حزبیم، یا ئێوە؟ وتم: سەلماندت کە تۆ.. حزبیتری.. (واتە: پابەندتری بە بڕیارەکان)...
لەو سەردەمە هەندێک کەس ڕەخنەیان لە ئیدریسی نەمر دەگرت کە گوایە حیزبی نییە، پەیڕەوی پڕۆگرامی حیزب نییە و ناهێڵێت حیزب دابمەزرێت! لە واقیعیشدا ئیدریس کۆڵەگەی حیزب بوو، دەیویست بەهێزبێ و، لە هەموو کەس جەماوەریتر بوو، بەشێوەی خۆی لە هەموومان زیاتر خەڵکی بە دەوری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا کۆدەکردەوە، ئەو، گرنگیی بە بڕیارە سیاسییەکان دەدا.
لەوەش گرنگتر لە ڕوانگەی نەتەوەیی فراوان و قوواڵەوە بۆ مەسەلەکان دەچوو، هەر بۆیەش بایەخی بە بڕیاری پێکهێنانی (بەرەی نیشتمانی کوردستان) دەدا، بەتایبەتیی بەو ناوەرۆکە نەتەوەییەوە.
لە چەندین هەڵوێستی دیکەدا، ئیدریس بارزانیی نەمر، بیروبۆچوونی بەرزی نەتەوەپەروەریی دەنواند، کە دواجار بۆم دەرکەوت، کە ئەو، بەبێ ئەوەی بە قسە و وتار، یا بە شێوەی تیۆریی دەربڕێت، لە ناخەوە نەتەوەپەروەرێکی بێگەرد و پاکە، کەمتر سەبارەت بەو بیروبۆچوونە دەدوا، بەڵکوو زیاتر بە کردەوە و، لە هەڵوێستی ڕۆژانەیدا، ئەو ڕۆڵە نەتەوەییەی پیادە دەکرد.
لە بیستەمین ساڵڕۆژی کۆچی دواییدا (1/31)، لەیەک دوو جێگە ئاماژەم کرد بەو لایەنەی کەسایەتیی ئەو، تەنانەت وتم: هەندێک هەڵوێستی نەتەوەیی بەرزتری هەیە، کە هێشتاش وەختی نەهاتووە باسی بکەین، چەمک و بەرنامەی (بەرەی کوردستانی) لە بیروبۆچوونی ئەوەوە دوورنین، (هەرچەندە بەرە، دوای ماڵاوایی ئەو، دامەزرا).
ئیمڕۆ، بەشێوەیەکی دیکە پێویستمان بە (جەمبوونێکی) نەتەوەییە، بێگومان بارودۆخی ئێستا جیاوازە لەگەڵ ساڵی 1976 (کە یەکەمین پڕۆژەی بەرەی کوردستانی هاتە ئاراوە)، هەروەها جیاوازە لەگەڵ ساڵی 1979 و ساڵی 1988 و ساڵی 1991-1992.
ئیمڕۆ کۆمەڵێک شارەزایی و ئەزموون و زانیاری گرنگ، لەلای پارت و ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسیی و ڕۆشنبیرەکان لە گشت هەرێم و پارچەکانی کوردستان کۆبووەتەوە، کە دەتوانین بەشێوەیەکی زانستی تر و ڕێکوپێکتر دەزگایەک، یا ماڵێکی نەتەوەیی، یا چەترێکی ئاوەها فراوان، دابمەزرێنن.

ئیدریس، پیرۆزە
ئیدریس، وردبین بوو، بەبێ شڵەژان و شپرزەبوون، ناوبەناو وەبیری دەهێنایەوە تا بەهیچ شتێک خۆش باوەڕ و دڵنیا نەبین، تەنیا بە بیروهۆش و توانای خۆمان نەبێ.
(1)
ویستم دەربڕینێک بدۆزمەوە بۆ پیرۆزبایی لە خۆمان و لە بەرێز نێچیرڤان بارزانی ، بە بۆنەی وەرگرتنی بڕوانامەی شانازیی دکتۆرا لە کۆلێجی واشنتۆن و جیفرسۆن، یەکسەر ئەوەم بە زەیندا هات کە پیرۆزبایی لە گیانی پاکی ئیدریس بارزانی بکەم، چونکە کەسایەتیی سەرکەوتووی نێچیرڤان بەرهەمی پەروەردەی ئەوە.. ئەو مرۆڤە ژیرودانایە کە هەوڵیدەدا نێچیرڤان و براکانی بە سەربەخۆیی فیکری و سەربەستی ڕابهێنێت، تا ئامادەی ئایینەدەی دژوار ببن، پشت بە توانا و هزری خۆیان ببەستن و، لە ژیاندا سەربەخۆ بژین.
ئەو بەخۆی نموونەی سەربەخۆیی بوو، وەکوو مەلا مستەفا، هەوڵیدەدا (خۆی)بێ و، خۆی بمێنێت، نەچێتە ژێر کاریگەرێتیی دەسەڵاتی هیچ دەوڵەت و ڕژێمێک و، هیچ بیر و ئەیدیۆلۆجییەتێک ئەگەر تۆزقاڵێک لە

سەربەخۆیی بزاڤی کوردایەتیی کەمبکاتەوە.
گەلەک جار نووسیومە کە ئەو شێوە سەربەخۆبوونە فیکرییە کلیلێکی سەرەکیی کەسایەتی و ژیان و خەباتی بارزانییە. ئەوەی لە نزیکەوە نێچیرڤان بناسێت دەزانێت کە یەکێکە لەو کەسانەی بەو ڕۆحە سەربەستییە گەورەبووە.
لە سەرانسەری ماوەی پەنابەرێتی و پەیوەندیمان بە دەوڵەتی ئێرانەوە، چ زەمانی شانشا یا پاش ئەو، کەم و زیاد لەژێر فشاری جۆراوجۆر بووینەو بارودۆخی ژیانمان نالەبار بووە، هەرچەندە بەشێوەی خۆیان ڕێزیان لێناوین. دەبێت ئەوەش بڵێین. بەڵام لەلایەنی خۆمانەوە دڵنیا نەبووینە، هەمیشە بەرانبەر ئایینده دوودڵ و بەدگومان بووینە.
(2)
ئیدریس، وردبین بوو، بەبێ شڵەژان و شپرزەبوون، ناوبەناو وەبیری دەهێنایەوە تا بەهیچ شتێک خۆش باوەڕ و دڵنیا نەبین، تەنیا بە بیروهۆش و توانای خۆمان نەبێ.
بەڵێ.. زۆریش هەوڵمان دەدا دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی تر پشتگیرمان بن و یارمەتیی بزاڤەکەمان و پەنابەرو خەڵکی ناو کوردستانیش بدەن، بەڵام ئیدریس، هەمیشە وتەو ئاموژگارییەکانی بارزانیی وەبیردەهێنایەوە کە پشتیوانی و یارمەتیی دەرەکی کاتی و زوو گوزەرە، ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە خۆمانین، توانا و ژیری و لێهاتوویی خۆمان و خەڵکی خۆمانە.
ئەو، بەو گیانە مرۆڤدۆستانە نێچیرڤان و براکانی پەروەردە دەکرد. فرێی دەدانە ناو کاری زەحمەتەوە، فێری دەکردن لەگەڵ خەڵکدا بژین. نێچیرڤان زوو چووە ڕیزی چالاکیی قوتابیان و لاوان و پارتی و، بە سەربەستی تێکەڵاوی خەڵک دەبوو، ڕاهات لەسەر ئەوەی خۆی بە یەکێک لە پەنابەرو پێشمەرگە و ڕۆڵەکانیان بزانێت، نە زیاتر...
لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بارودۆخمان خراپتری لێهات. ڕۆژێک ئیدریس وتی:
– دەزانی بیر لەچی دەکەمەوە؟!
دوای بڕێک ڕامان، بەخۆی وەڵامی دایەوە:
– ئەگەر وەزعمان لەمە خراپتری لێبێت، دەبێت پشتی خۆمان قایم ببەستین، ئامادە ببین تا بەخۆمان ڕێگەی خۆمان بکەینەوە.
ئەمجا وتی:
– هەموومان باش بیری لێبکەینەوە. بەرچاومان ڕوون بێ باشترە لەوەی خۆ فریو بدەین. ئایا دەزانی بۆ نێچیرڤان و براکانیشی لەو ئایینده‌یە بیر دەکەمەوە؟ هەر لە ئێستاوە پێم گوتوون تا هەوڵبدەن پشت بە خۆیان ببەستن، فێری چەندین پیشەی شەرافەتمەندانە بن، تەنانەت بۆ بژێوی خۆیان.. پێم گوتوون: فێربن چۆن خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن، چاویان لە دەستی کەس نەبێت، چاوەڕوانی کەس نەبن خوای پەروەردگار نەبێ.. بۆ ئەوەی سەربەست و سەربەخۆ بمێنن. هەموو کارێکی شەرافەتمەندانە بکەن، لە کرێکاریی سادەوە تا میکانیک و هیی تر، بەڵام قەت و قەت سەربەستی خۆتان لە دەس نەدەن.
(3)
تا ئەو کاتە نەمدەزانی ئیدریس تا ئەو ڕادەیەی دوور دەڕوانێت. هەرچەندە بارودۆخی سیاسی و ژیانمان بەو ڕادەیە خراپ نەبوو، بەڵام ئەو هەمیشە حسێبی خراپترین ئەگەری دەکرد. هەر وەختێک هەڤاڵێکمان تووشی گرفت و دژواری دەبا، دەهات لە ئیدریس یارمەتیدانی دەویست، ئەم درێغیی نەدەکرد، بەڵام پێیشی دەگوت: بیر بکەرەوە، ئایا بە خۆتیش هیچت پێ دەکرێت بۆ چارەسەری باشتری کێشەکەت؟!
نێچیرڤان پەروەردەی ئەو کولتوورەیە. هەر بۆیەش دبێژم: ئیدریس، پیرۆز بێت بێگومان هاوکاریی خەڵک و حکومەت و پارتی هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەوە. بەڵام دڵنیام کە ئەگەر خۆی بیروتوانای ئەوتۆی خۆی نەبا ئەوا بەو سەرکەوتنە نەدەگەیشت. سەرۆک بارزانی و، هەڤاڵانی پارتی و پێشمەرگە و دڵسۆزانی خەڵک و

حکومەت، پشتیوانی ئەو بوونە، هەروەکوو پشتیوانیی هەر خزمەتگوزارێکی لە خۆبوردوون.
واتە: نێچیرڤان بەخۆی هەوڵیداوە، پشتی بە توانا و هۆش و بیری خۆی بەستووە، بڕوای بەخۆی هەبووەو، لە دووربینی ئیدریس تێگەیشتووە. هەر لە ئەویشەوە ڕێبازی میانەڕۆیی گرتووەتەبەر، کە هەمان ڕێبازی بارزانی نەمرە.
(4)
نێچیرڤان ڕۆڵەی نەوەی سێیەمی شۆڕشی ئەیلوولە، نموونەیەکی گەشی نەوەی گەنجانە، وانەیەکی ئەزموونی کوردستانە، کە لاوان ئەگەر سەربەست و ئازاد بین و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، ئەوا مژدەبەخشی ئایندەی نیشتمانن. واتە: دەبێت بڕوا و متانە و دەرفەتی کار و کۆشش بۆ نەوەی تازە دابین بکەین.
بڕوانامەکەی، بڕوای کۆڕو کۆمەڵەی نێودەوڵەتییە بە ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستان (هەرچەندە هەندێک کەس وەهای نابینن، یا نایانەوێ ببینن).
گەلانی زیندوو و پێشکەوتوو شانازی دەکەن بە سەرکەوتنی ڕۆڵەکانیان لە هەر بوارێکدا. ڕۆژانە پێشوازی و ئاهەنگی خەڵکی دنیا بە وەرزشوان و هونەرمەندو زانای سەرکەوتووی هاووڵاتییانیان دەبینین.
ئێمەی کورد بۆچی وەهاین؟!
خۆ ئەگەر لە هەندێک لایەنی ژیانمان گرفت و کەموکوڕی هەبێت، بە مانای ئەوە نییە چاوی خۆمان ببەستین و تروسکایی هیچ سەرکەوتن و پێشکەوتنێک نەبینین، هەرچەندە بچووکیش بێت!
لە ئاستی هەندێک نووسین و ئاخاوتندا کە بەبێ هۆ و پاساودان، لە وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە کەمدەکەنەوە، دڵی مرۆڤ دەیەشێت، نە لەبەر قسەکان، بەڵکوو لەبەر ڕادەی تێنەگەیشتن و دواکەوتن لە کۆمەڵگەکەماندا.

* نووسەر و سیاسەتمەداری کوردی فەلەکەددین کاکەیی، ئەم بابەتەی کاتی خۆی نووسیوە، بە بۆنەی وەرگرتنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، بڕوانامەی شانازیی دکتۆرا لە کۆلێجی واشنتۆن و جیفرسۆن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 03-02-2024

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2024-02-03 رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا) کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 539

ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەخرێتەڕوو

20250706132733644311=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ یەکشەممە 30-01-2022 بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بانگهێشتنامەیەکی بڵاو کردووە کە تێیدا هاتووە، لە ساڵیادی کۆچی دوایی ''ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی''دا پانێڵێک لەژێر ناوی ''ئیدریس بارزانی و ڕۆڵی لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد''دا بەڕێوە دەچێت.

لە بانگهێشتنامەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، بڕیارە پانێڵەکە ڕۆژی دووشەممە 31-01-2022 کاتژمێر 2ی دوانیوەڕۆ لە هۆڵی میدیا مەڵبەند-دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە بچێت و تێیدا دوو توێژینەوە پێشکەش دەکرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی basnews.com- 30-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 540

ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی

20250824145713652790=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە 02-05-1988 ئەو هەوڵەی کاک ئیدریس بارزانی و مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، کە دوو ساڵ پێشتر دەستیان پێکردبوو، گەیشتە ئەنجام و بەرەی کوردستانی بە ئیمزای هەشت حیزبی کوردستان ڕاگەیندرا. کاک مەسعود بارزانی لە ناوخۆی کوردستان بووە سەرۆک و لە دەرەوەی وڵاتیش مام جەلال سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد.

فازل میرانی باسی ڕۆژی واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتیی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1986 ئاشبوونەوەی گشتی لەنێوان ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە تاران مۆرکرا.

من لە خزمەت خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بووم، کاک فەرەیدون عەبدولقادر لەگەڵ مام جەلال بوو لە هۆتێل ئیستقلالی تاران. من و کاک فەرەیدوون ڕاگەیەنراوەکەمان نووسی کە لەگەڵ کاک فەرەیدون لە ژوورێک بووین، مام جەلال هات من یەکەمجار بوو ڕووبەڕوو ببینم، ئەویش منی نەدەناسی بە منی وت ئەزبەنی ڕات لێیە؟ وتم بەڵێ.

وتی کەواتە من نایخوێنمەوە و یەکسەر ئیمزام کرد، وای لێکرد کاک ئیدریسیش بە کاک فەرەیدون بڵێ تۆ ڕازیت؟ وتی بەڵێ، ئەویش یەکسەر ئیمزای کرد. بێگومان هەموو ئەو شتانە بە ئاگاداری و ڕێنمایی سەرۆک مەسعود بارزانی بوون ئەو سەرۆکی پارتی بوو ڕاستە کاک ئیدریس برای گەورە بوو بەڵام ئیتیکی پارتیایەتی ئێمە ئاوهایە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2025-08-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی بارزانی پێشمەرگەی سەربەخۆیی، نووسینی ئاسۆ حاجی، 2019، لاپەڕە 68-69

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 541

ڕۆڵی گرنگی ئیدریس بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازیی کورد و ڕێبەرایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

20250912193807655816=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: ڕۆڵی گرنگی ئیدریس بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازیی کورد و ڕێبەرایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازیی کورد و ڕێبەرایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ناوبراو لە سەردەمی ئاوارەیی کوردەکانی باشووری کوردستان لە ئێران خزمەتی زۆری بە زیندووکردنەوەی شۆڕشی کورد، لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا کرد. ناوبراو شانبەشانی کاک مەسعوودی برای و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بەشدار بووە لە گەشەپێدانی شۆڕش و سەرخستنی ئاشتی و برایەتی لەنێوان گەلی کورددا و هەرگیز خۆی لە هەژاران و لێقەوماوانی کورد دووری نەگرتووە و خزمەتی ئەو چینەی کردووە. بەم بۆنەوەیە لای ئەندامانی پارتی دیموکرات و دۆستان و کەسانی نزیکی زۆر خۆشەویست و جێگەی ڕێز بووە و هەرکەسێک بۆ جارێک لە نزیکەوە چاوی پێی کەوتبێت، بە باشی یادی دەکاتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | میژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆلدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 311

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 542
ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 لە یادەوەرییەکانی باڵوێزی پێشووی ئێران لە عێراق
20250818212732651715=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 لە یادەوەرییەکانی باڵیۆزی پێشووی ئێران لە ئێراق

49 ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی جەزائیردا تێدەپەڕێت، ئەو پەیلانە گەورە نێودەوڵەتییەی لە06-03-1975 گەلی کورد لە باشوور و شۆڕشی ئەیلوولی تێدا کرایە قوربانی، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەیەکی سنووریی (وشکانی و ئاوی و ئەمنی) کە لەنێوان ئێراق و ئێراندا هەبوو، لەسەر حسابی کورد. ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی و تەنیا چوار ساڵ پێی چارەسەر کرا، تا لەو ڕێگەیەوە کورد و شۆڕشەکەی ببێتە قوربانی و لەناوی ببەن. لەگەڵ ئەوەی لە ناوەڕۆکدا ڕێککەوتنەکە بۆ بەلاداخستنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو، بەڵام زەرەرمەندترین لایەن کورد و جوواڵانەوەکەی بوو لە باشووری کوردستان. دواتریش شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق-ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا و هەریەکە لە ئێراق و ئێران تووشی زیانێکی زۆری ماڵی و مرۆیی بوون.
د. حسێن شەهید زادە باڵیۆزی پێشووی ئێران لە ئێراق لە ساڵی 1975 بەو پێیەی دیپلۆماتکار بووە و ئاگاداری ڕووداوە گرینگەکان بووە، یا ڕەنگە هەندێک جار کارەکتەریش بووبێ. لە یادەوەرییەکانیدا سەبارەت بە یەکێک لە ڕووداوە گرینگ و مێژوویییەکان دواوە کە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیرە و لای کورد بە (پیلانی شووم جەزائیر) بەناوبانگە، لای نەیارانی کوردیش ناسراو بە (پەیماننامەی بەغدا).
ئەو باڵیۆزە بابەتێکی بە زمانی فارسی بڵاو کردووەتەوە، ڕۆژنامەنووسی کورد محەمەد عەبدوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە (374)ی 13-03-2018ی هەفتەنامەی (باس) بڵاوی کردووەتەوە. لەبەر گرنگی بابەتەکە پێم باش بوو ڕاوبۆچوونی خۆمی لەسەر بدەم و پاشان لە دووتوێی پەرتووکێکدا وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە.
د.حسێن شەهیدزادە لەم نووسینەیدا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر کۆمەڵێک نهێنی و ڕاستی دەخاتە ڕوو. لە هەمانکاتیشدا گەواهی بۆ قوربانیدان و ئازایەتی و لەخۆبردووویی و گیانبەخشینی پێشمەرگە دەدات کە بە بەراورد لەگەڵ سەربازانی ئێراقیدا زۆر جیاوازن، پێشمەرگە بڕوا و متمانەیان بە کێشەی ڕەوای خۆیان هەیە و بە

ئیرادەیەکی تۆکمەوە تا ڕادەی گیانبەخشین خەباتی بۆ دەکەن. لە هەمانکاتدا ڕۆڵی سەرکردەی مێژوویی کوردستان مستەفا بارزانیش لەبەرچاو دەگرێت و خەباتەکەی بەرز دەنرخێنێت و بە هەڵوێی چیاکان و نەبەردی دەنرخێنێت و هەڵسەنگاندنی بەرزی بۆ دەکات.
هەرچەندە د. حسێن دان بە کۆمەڵێک ڕاستی دەنێت و تا ڕادەیەکی کەم بە ویژدانەوە لە کێشەکان دەڕوانێت و خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ زۆربەیان هەیە، بەڵام تاوانبارکردن یا تەنانەت گلەیی و گازندە بەرانبەر بە ڕژێمی شای ئێران و پشتکردنە کورد و بارزانی و شۆڕشەکەی بە ڕاست نازانێت و بە نەنگی دەزانێت.
لەم ڕووەوە د. حسێن دەرفەت نادات و ناتوانێت بۆ تۆمارکردنی مێژوو بێلایەنانە ڕەفتار بکات، یەکسەر پاساوی بێ بنەمای خۆیان گوتەنی بێ ئەرزش بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ئێران دێنێتەوە و هەوڵی دەربازکردنیان دەدات، لەو گەلەکۆمەکی و ئەو پیلانە گەورە نێودەوڵتییەی دەرهەق بە گەلی کورد کە ئەو بە ناچاری دەزانێت کە ئێران وەها کارێکی کردووە بەرگریان لێ دەکات و وا پیشانی دەدا ئێران زۆر خاتری کورد و شۆڕشەکەی گرتووە و تەنانەت هاوکاریشی کردوون، بە چەند نموونەیەکی بچووک باسی دەکات.
دەڵێت لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە هێشتا ئێران هاوکاری شۆڕشی کورد بوو، بەوەی 140 هەزار ئاوارە و پەنابەریان گرتەخۆ و بەڵێنیان لە ئێراق وەرگرت کە ئەو پەنابارانەی دەگەڕێنەوە ئازار نەدرێن و ڕاوەدوو نەنرێن، ئێران لەوە زیاتر هیچی پێ نەکرا.
بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پاساوە بە لای کوردەوە هیچ ئەرزشی نییە. وەک لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی (mbc)ی عەرەبیدا، سەرۆک مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات کە شای ئێران لەو سەردەمەدا خەنجەری لە پشتەوە لە ئێمەدا و خیانەتی لە ئێمە کرد. لەبەر ئەوەش من جدی بووم هاوکاریی هەر کەسێ بکەم کە کارێک دژی شای ئێران بکات.
هەروەها ئەم ڕێککەوتنە سەودایەکی ئێرانی -ئێراقی بوو لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هاوکات لەگەڵ مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەدا، حکوومەتی ئێران هەموو یارمەتییەکانی لە کورد بڕی و لەژێر ڕەحمەتی سوپای ئێراقیدا بەجێی هێشت، هەر ڕۆژێک دواتر (1975-03-07) ئێران چەکە قورسەکانی وەک تۆپ و دژەفڕۆکە و تفاقە سەربازییەکانی سوپای خۆی کێشایەوە بەرەو ئێران و هەموویان بە بەردەم بارەگای بارزانیدا تێپەڕین.
نووسەر و لێکۆڵەر حامید گەوهەری سەبارەت بەو ڕێککەوتنە دەنووسێت سەرۆکی هەموو ئەو وڵاتانە لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە سەدام و شای ئێران لە جەزائیر بە یەک بگەن و لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد ڕێک بکەون. شای ئێران هاوکات لەگەڵ ناردنی تۆپی قورس و مووشەکی دژەفڕۆکە بۆ کوردستان و لە دژیان، چەندان کەمپیشی بۆ خێزانی پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاوارەی باشووری کوردستان لە قەسری شیرینەوە تا ورمێ کردەوە کە کوردە ئاوارەکانی وەک بارمتە لەدەستدا بن کە کۆسپ نەخەنە بەر ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ سەدام.
ڕۆژی 26-02-1975 بارزانی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان و موحسین دزەیی بەرەو تاران بەڕێ کەوت، بەڵام نەیتوانی چاوی بە شا بکەوێت و ناچار بوو بۆ بینینی محەمەد ڕەزا شا ماوەیەک لە تاران بمێنێتەوە. بارزانی لە تاران بوو کە شا ڕۆژی 04-03-1975 چوو بۆ جەزائیر تا بە نێوبژیوانیی هەواری بۆمیدیەن سەرۆکی جەزائیر، لەگەڵ سەدام حسێن پەیمانی بەیەکگەیشتنەکەی واژۆ بکات. دوای واژۆکردنی کە خەنجەرێک بوو بە هاوکاریی ئەمەریکا لە پشتەوە لە پشتی کوردیان دا، ڕۆژی 06-03-1975 شا گەڕایەوە بۆ ئێران و ڕێککەوتنەکەیان بڵاو کردەوە.
هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنی جەزائیر، سەرکردایەتیی سوپای ئێران فەرمانی دا بە هێزەکانی تۆپخانە و مووشەک کە لە سنووری دەستکردی ئێراق بکشێنەوە. لەمبارەیەوە کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بە مێژووی 07-03-1975 بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی دەنووسێت برای ئازیز مەسعود بارزانیی هێژا.. دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان شای ئێران و سەدام ڕووی دا، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەستاین دیتمان هەموو تۆپە دژەئاسمانییەکان دەکشێنرێنەوە بۆ خانێ، لێم پرسین وتیان ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی ئەویش هیچ زانیارییەکی نەبوو. دەبینین هەموو تۆپەکان

دەکشێنرێنەوە و دەبرێنەوە خانێ. لە ڕێگەی محێدینەوە بروسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندەکەیان ناردووە، داوامان لێ کردوون هۆی ئەو گۆڕانە لەپڕە ڕوون بکەنەوە.
لە درێژەی نامەکەیدا کاک ئیدریس بارزانی دەنووسێت مهام پێی وتم کە سەیادییان پێی ڕاگەیاندووە، ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بەتەنیا جێ ناهێڵن، وتم کشانەوە بەمشێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێنەهێشتنمانە بە تەنیا لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربڕی و پێم وتن ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت دەکرێت مەرگ بە شەرافەتمەندانە قبووڵ بکەین.
هەروەها گەوهەری دەڵێت لە 09-03-1975 موحسین دزەیی کە لەگەڵ سەرۆک بارزانی چوو بوو بۆ تاران، بە نامەیەکی د. مەحموود عوسمان بۆ سەرکردایەتیی پارتی و بارەگای بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان کە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ بگرنە بەر.
وەک گەوهەری ئاماژەی پێ دەکات سەرەنجام محەمەد ڕەزا شا ڕۆژی 11-03-1975 لە پێنجەمین ساڵڕۆژی ڕێککەوتنی ئاداری 1970ی نێوان حکوومەتی بەعس و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان، چاوی بە بارزانی کەوت.
ئەسەدوڵا عەلەم سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو دیدارەی شا لەگەڵ بارزانی دەکات و دەڵێت ئەو چاوپێککەوتنە لەو ڕۆژەدا دیاری کرا کە شا تۆڵەی خۆی بەرانبەر ڕێککەوتنی 11-03-1975ی نێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری ئێراق بکاتەوە.
ئەوەی جێی سەرنجە شێوەی لەخۆبایینەی شای ئێران لە کاتی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە، وەک تۆڵەی ئەو زەبرە بێت کە بە ڕێککەوتنی 11-03-1970 بە ئێران کەوت، چونکە وەک بە بارزانی گوتبوو چۆن ئێوە بەرژەوەندیتان وای خواست لە ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 لەگەڵ ئێراق ڕێک بکەون، ئەوا ئیمڕۆش لە بەرژەوەندیی گەلی ئێرانداید کە لەگەڵیان ڕێک بکەوین. هەروەک نیگەرانیش باڵی بەسەرشۆڕش کێشا، چونکە لەلایەک نەدەزانرا داهاتووی شۆڕش چی دەبێت و لەلایەکیش ئەوکاتە بارزانی لە ئێران بوو و ترسی ئەوە هەبوو ئێران ڕێگەی گەڕانەوەی نەدا بۆ کوردستان.
هەر بۆیە بەلای کوردەوە ئەوانەی هاوبەش و هاوکار و بەشدار بوون لەو پیلانە شوومەدا، تاوانباری بەردەم مێژووی نەتەوەی کوردن، لای هەموو تاکێکی کورد بە خیانەتکاری پلە یەک دادەنرێن. لە دەرئەنجامی ئەو ستەمە گەورەیەی دەرهەق بە کورد کرا، بەشدارانی ئەو پیلانە (سەدام حوسین و هواری بۆمیدیەن و محەمەد ڕەزا شا) بەو دەردە چوون کە هەمووان بینیمان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 07-03-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 03-07-2024 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-18

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 543
ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 لە یادەوەرییەکانی باڵیۆزی پێشووی ئێران لە ئێراق
20250709133849644897=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 لە یادەوەرییەکانی باڵیۆزی پێشووی ئێران لە ئێراق
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

ئەمڕۆ 48 ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی جەزائیردا تێدەپەڕێت، ئەو پەیلانە گەورە نێودەوڵەتییەی لە 06-03-1975دا گەلی کورد لە باشوور و شۆڕشی ئەیلوولی تێدا کرایە قوربانی، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەیەکی سنووریی (وشکانی و ئاوی و ئەمنی) کە لەنێوان ئێراق و ئێراندا هەبوو، لەسەر حسابی کورد. ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی و تەنیا چوار ساڵ پێی چارەسەر کرا، تا لەو ڕێگەیەوە کورد و شۆڕشەکەی ببێتە قوربانی و لەناوی ببەن. لەگەڵ ئەوەی لە ناوەڕۆکدا ڕێککەوتنەکە بۆ بەلاداخستنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو، بەڵام زەرەرمەندترین لایەن، کورد و جووڵانەوەکەی بوو لە باشووری کوردستان. دواتریش شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق-ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا و هەریەکە لە ئێراق و ئێران، تووشی زیانێکی زۆری ماڵی و مرۆیی بوون.
د. حسێن شەهید زادە، باڵیۆزی پێشووی ئێران لە ئێراق لە ساڵی 1975، بەو پێیەی دیپلۆماتکار بووە و ئاگاداری ڕووداوە گرنگەکان بووە، یا ڕەنگە هەندێک جار کارەکتەریش بووبێ. لە یادەوەرییەکانیدا سەبارەت بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگ و مێژوویییەکان دواوە، کە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیرە و لای کورد بە (پیلانی شووم جەزائیر) بەناوبانگە، لای نەیارانی کوردیش ناسراو بە (پەیماننامەی بەغدا). ئەو باڵیۆزە بابەتێکی بە زمانی فارسی بڵاو کردووەتەوە، ڕۆژنامەنووسی کورد (محەمەد عەبدوڵڵا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە (374)ی 13-03-2018ی هەفتەنامەی (باس) بڵاوی کردووەتەوە. لەبەر گرنگیی بابەتەکە، پێم باش بوو ڕاوبۆچوونی خۆمی لەسەر بدەم و پاشان لە دووتوێی پەرتووکێکدا وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە.
د. حسێن شەهیدزادە، لەم نووسینەیدا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر، کۆمەڵێک نهێنی و ڕاستی دەخاتە ڕوو. لە هەمان کاتیشدا گەواهی بۆ قوربانیدان و ئازایەتی و لەخۆبردووویی و گیانبەخشینی پێشمەرگە دەدات کە بە بەراورد لەگەڵ سەربازانی ئێراقیدا زۆر جیاوازن، پێشمەرگە بڕوا و متمانەیان بە کێشەی ڕەوای خۆیان هەیە و بە ئیرادەیەکی تۆکمەوە، تا ڕادەی گیانبەخشین خەباتی بۆ دەکەن. لە هەمان کاتدا، ڕۆڵی سەرکردەی مێژوویی کوردستان مستەفا بارزانییش لەبەرچاو دەگرێت و خەباتەکەی بەرز دەنرخێنێت و بە (هەڵۆی چیاکان) و (نەبەرد)ی دەنرخێنێت و هەڵسەنگاندنی بەرزی بۆ دەکات.
هەرچەندە د. حسێن دان بە کۆمەڵێک ڕاستیدا دەنێت و تا ڕادەیەکی کەم بەویژدانەوە لە کێشەکان دەڕوانێت و خۆیندنەوەیەکی دروستی بۆ زۆربەیان هەیە، بەڵام تاوانبارکردن، یا تەنانەت گلەیی و گازندە بەرانبەر بە ڕژێمی شای ئێران و پشتکردنە کورد و بارزانی و شۆڕشەکەی، بە ڕاست نازانێت و بە نەنگیی دەزانێت.
لەم ڕووەوە د. حسێن دەرفەت نادات و ناتوانێت بۆ تۆمارکردنی مێژوو بێلایەنانە ڕەفتار بکات، یەکسەر پاساوی بێبەنەمای، خۆیان گوتەنی بێ ئەرزش، بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ئێران دێنێتەوە و هەوڵی دەربازکردنیان دەدات، لەو گەلەکۆمەکی و ئەو پیلانە گەورە نێودەوڵتییەی دەرهەق بە گەلی کورد، کە ئەو بەناچاریی دەزانێت کە ئێران وەها کارێکی کردووە، بەرگریان لێ دەکات و وا پیشانی دەدا، ئێران زۆر خاتری کورد و شۆڕشەکەیی گرتووە و تەنانەت هاوکاریشی کردوون، بە چەند نموونەیەکی بچووک باسی دەکات.
دەڵێت: "لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، هێشتا ئێران هاوکاری شۆڕشی کورد بوو، بەوەی (140) هەزار ئاوارە و پەنابەریان گرتە خۆ و بەڵێنیان لە ئێراق وەرگرت کە ئەو پەنابارانەی دەگەڕێنەوە ئازار نەدرێن و ڕاوەدوو نەنرێن، ئێران لەوە زیاتر هیچی پێ نەکرا."

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پاساوە بە لای کوردەوە هیچ ئەرزشی نییە. وەک لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی (m.b.c)ی عەرەبیدا، سەرۆک مەسعود بارزانی، ئاماژە بەوە دەکات: کە شای ئێران لەو سەردەمەدا خەنجەری لە پشتەوە لە ئێمە دا و خیانەتی لە ئێمە کرد. لەبەر ئەوەش من جدی بووم، هاوکارِیی هەر کەسێ بکەم، کە کارێک دژی شای ئێران بکات.

هەروەها ئەم ڕێککەوتنە سەودایەکی ئێرانی-ئێراقی بوو لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هاوکات لەگەڵ مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەدا، حکوومەتی ئێران هەموو یارمەتییەکانی لە کورد بڕی و لەژێر ڕەحمەتی سوپای ئێراقیدا بەجێی هێشت، هەر ڕۆژێک دواتر 07-03-1975 ئێران چەکە قورسەکانی وەک تۆپ و دژەفڕۆکە و تفاقە سەربازییەکانی سوپای خۆی کێشایەوە بەرەو ئێران و هەموویان بە بەردەم بارەگای بارزانیدا تێپەڕین.

نووسەر و لێکۆڵەر حامید گەوهەری، سەبارەت بەو ڕێککەوتنە دەنووسێت: سەرۆکی هەموو ئەو وڵاتانە لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە سەددام و شای ئێران، لە جەزائیر بە یەک بگەن و لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد ڕێک بکەون. شای ئێران هاوکات لەگەڵ ناردنی تۆپی قورس و مووشەکی دژەفڕۆکە بۆ کوردستان و لە دژیان، چەندان کەمپیشی بۆ خێزانی پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاوارەی باشووری کوردستان، لە قەسری شیرینەوە تا ورمێ کردەوە کە کوردە ئاوارەکانی وەک بارمتە لەدەستدا بن، کە کۆسپ نەخەنە بەر ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ سەددام.

ڕۆژی 26-02-1975، بارزانی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان و موحسین دزەیی بەرەو تاران بەڕێ کەوت، بەڵام نەیتوانی چاوی بە شا بکەوێت و ناچار بوو بۆ بینینی (محەمەد ڕەزا شا) ماوەیەک لە تاران بمێنێتەوە. بارزانی لە تاران بوو کە شا ڕۆژی 04-03-1975 چوو بۆ جەزائیر، تا بە نێوبژیوانیی (هەواری بۆمیدیەن) سەرۆکی جەزائیر، لەگەڵ سەددام حسێن پەیمانی بەیەکگەیشتنەکەی واژۆ بکات. دوای واژۆکردنی کە خەنجەرێک بوو بە هاوکارِیی ئەمەریکا لە پشتەوە لە پشتی کوردیان دا، ڕۆژی 06-03-1975، شا گەڕایەوە بۆ ئێران و ڕێککەوتنەکەیان بڵاو کردەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنی جەزائیر، سەرکردایەتیی سوپای ئێران، فەرمانی دا بە هێزەکانی تۆپخانە و مووشەک کە لە سنووری دەستکردی ئێراق بکشێنەوە. لەمبارەیەوە کاک ئیدریس بارزانی، لە نامەیەکیدا بە مێژووی 07-03-1975 بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی دەنووسێت: "برای ئازیز مەسعود بارزانیی هێژا..

دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان شای ئێران و سەدام ڕووی دا، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەستاین، دیتمان هەموو تۆپە دژەئاسمانییەکان دەکشێنرێنەوە بۆ خانێ، لێم پرسین، وتیان ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی، ئەویش هیچ زانیارییەکی نەبوو. دەبینین هەموو تۆپەکان دەکشێنرێنەوە و دەبرێنەوە خانێ. لە ڕێگەی محێدینەوە بروسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندەکەیان ناردووە، داوامان لێ کردوون هۆی ئەو گۆڕانە لەپڕە ڕوون بکەنەوە."

لە درێژەی نامەکەیدا، کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، دەنووسێت: " (مهام) پێی وتم کە سەیادییان پێ ڕاگەیاندووە، ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بەتەنیا جێ ناهێڵن، وتم کشانەوە بەم شێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێ نەهێشتنمانە بەتەنیا لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربڕی و پێم وتن، ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت، دەکرێت مەرگ بە شەرافەتمەندانە قبووڵ بکەین."

هەروەها گەوهەری دەڵێت: لە 09-03-1975، موحسین دزەیی، کە لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووبوو بۆ تاران، بە نامەیەکی د. مەحموود عوسمان بۆ سەرکردایەتیی پارتی و بارەگای بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان، کە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆبگرنە بەر."

وەک گەوهەری ئاماژەی پێ دەکات: سەرەنجام (محەمەد ڕەزا شا) ڕۆژی 11-03-1975، لە پێنجەمین سالڕۆژی ڕێککەوتنی ئاداری 1970ی نێوان حکوومەتی بەعس و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان، چاوی بە بارزانی کەوت.

(ئەسەدوڵڵا عەلەم) سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران، لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو دیدارەی شا لەگەڵ

بارزانی دەکات و دەڵێت: "ئەو چاوپێککەوتنە لەو ڕۆژەدا دیاری کرا، کە شا تۆڵەی خۆی بەرانبەر ڕێککەوتنی 1970-03-11ی نێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆککۆماری ئێراق، بکاتەوە.
ئەوەی جێی سەرنجە، شێوەی لەخۆبایینەی شای ئێران لە کاتی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە، وەک تۆڵەی ئەو زەبرە بێت کە بە ڕێککەوتنی 11ی ئازاری 1970 بە ئێران کەوت، چونکە وەک بە بارزانیی گوتبوو، چۆن ئێوە بەرژەوەندیتان وای خواست لە ڕێککەوتننامەی 1970-03-11 لەگەڵ ئێراق ڕێک بکەون، ئەوا ئیمڕۆش لە بەرژەوەندیی گەلی ئێراندایە، کە لەگەڵیان ڕێک بکەوین. هەروەک نیگەرانییش باڵی بەسەرشۆڕش کێشا، چونکە لە لایەک نەدەزانرا داهاتووی شۆڕش چی دەبێت و لەلایەکیش ئەو کاتە بارزانی لە ئێران بوو و ترسی ئەوە هەبوو ئێران ڕێگەی گەڕانەوەی نەدا بۆ کوردستان.
هەر بۆیە بەلای کوردەوە، ئەوانەی هاوبەش و هاوکار و بەشدار بوون لەو پیلانە شوومەدا، تاوانباری بەردەم مێژووی نەتەوەی کوردن، لای هەموو تاکێکی کورد بە خیانەتکاری پلە یەک دادەنرێن. لە دەرەنجامی ئەو ستەمە گەورەیەی دەرهەق بە کورد کرا، بەشدارانی ئەو پیلانە (سەدام حوسین و هواری بۆمیدیەن و محەمەد ڕەزا شا) بەو دەردە چوون کە هەمووان بینیمان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2023-03-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 لە یادەوەرییەکانی باڵوێزی پێشووی ئێران لە عێراق	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مانیفێست | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی basnews.com- 06-03-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 544
ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار بناغەداری دەستکەوتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی
20250727135002648469=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
نووسینی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئەمڕۆ 55 ساڵ بە سەر ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 تێدەپەڕێ، کە بە گرنگترین و مێژووییترین بەڵگەنامەی یاسایی و سیاسیی و بەرەنجامی خەبات و تێکۆشانی سەخت و قارەمانانەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوو بوو بە ڕابەرایەتی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانی ، کە لە11ی ئەیلوولی ساڵی 1961 بۆ وەستانەوە لە دژی هەموو ئەو ستەمکاری و هەوڵی ماف زەوتکردن و لەناوبردنەی دژی کوردستانیان ئەو شۆڕشە مەزنەی هەڵگیرساندبوو و کە بەگەورەترین شۆڕشی سەرانسەری چەکداری کوردستان دادەنرێت .
بە درێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ، ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بە گەورەترین و پربایەخترین ڕووداوی سەدەی بیستەم لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێت ، چونکە بۆ کەمینجار بوو لە مێژوودا ، باشووری کوردستان وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دانپێندرانرا و ، زمان کوردی بووە زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی ، و چەندین دەستکەوت و ماف و ئیمتیازاتی تر بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامە مێژووییەدا .
ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەر بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، حکوومەتی ئەو کاتەی ئێراق بەهۆی پاڵپەستۆی بەردەوامی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ، ڕژێمی ئێراق تووشی لاواز بوونێکی زۆر ببوۆوە ، هەر چەندە دواتر دەسەڵاتدارانی بەغدا چەند جارێک هەوڵی تێرۆرکردنی مستەفا بارزانی وکاک ئیدریس بارزانی دا و ئینجا لە بەڵێنەکانیان و ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار پاشگەزبوونەوە و بەهۆی گەلەکۆمەکی وپیلانگێڕی جەزایر نەیانتوانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی لە ئێراقدا کۆبکەنەوە، بەڵکوو گەلی کوردیان ڕووبەڕووی ئاوارەیی لەسەر خاکی باب و باپیرانی کردەوە .
ئەم ڕێککەوتننامە مێژووییە لە بنەڕەتدا زۆری دەستکەوتی بۆ گەلی کورد بەدەستهێنا ، جگە لەوەی کە ئاماژەمان پێکرد ، ئازادکردنی دەیان کەسی لەنێو گرتووخانەکانی ڕژێمی بەعسی لێکەوتەوە، لەگەڵ ڕزگاربوونی دەیان کەسی تر کەلەمەترسی لەسێدارەدان دا بوون .
لە ماوەی 9 ساڵ شۆڕشی مەزنی یەیلوودا ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانی ، هەر زاخۆوە تا خانەقین ، چەندین داستانی مێژووپی و بەرخودان و قارەمانانەیان بە سەرەتایترین چەک ، بەرانبەر بە فڕۆکە و تانک و تۆپی دوژمنان تۆمار کرد ، کە لە مێژوودا بێ وێنە بوو ، ئەوەش بووە هەوێنی گۆڕینی هەڵوێستی ڕژێمی ئەوکاتەی ئێراق و پەبانبردن بۆ گفتوگۆ و دانووستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش.
هەر بۆیە ، ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار ، بەڵگەیەکی ڕاستیی باوەڕی گەلی کورد بوو تا کو بەڕێگەی چارەسەری ئاشتییانە لە هەر کێشە و ململانێیەکدا ، وانە و پەندێکی مێژووپی گرنگیشە بۆ لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی ئێراق کە هەمیشە بژاردەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ، ڕێز لە یەک گرتن و باوەڕی بە مافەکانی یەکتر .
ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، بەڵگەی ڕاستیی باوەڕی گەلی کوردستانە بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە لە هەر کێشە و ململانێیەکدا، وانە و پەندێکی مێژووپی گرنگیشە بۆ لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی ئێراق کە هەمیشە بژارەی دیالۆگ، لێکگەیشتن، ڕێز لەیەک گرتن و باوەڕی بە مافەکانی یەکتر، ئەم ڕێککەوتنە بە گرنگترین و مێژووییترین سەرکەوتنی گەلی کورد دادەنرێت لەناوبراڤی ڕزگاریخوازی کورددا .
ئەمڕۆ لە سایەی ئەم شۆڕشە مەزنەوە ، کۆمەڵێک دەستکەوتنی پرشانازی وەک قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار و شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان و خەبات و

ڕاپەڕینی گەلەکەمان هاتوونە بەرهەم ، بەرهەمی خەبات و قوربانیدان دەیان ساڵە خەباتی بێ وچان و کۆڵنەدانە ئەمڕۆ ئەو دەستکەوت وڕێککەوتنە مەزنە وای کردووە کە گەلی کورد خاوەن قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری بێت لەنێو دەستووری هەمیشەیی ئێراق فیدرالدا ، ئەمڕۆ شوناسی کورد و کوردستان لە سایەی پارتی و بارزانی و هەرێمی کوردستان و دەستکەوتە مێژوویییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ گەیشتوتە لووتکە .
بۆیە ، دەتوانین بڵێین کە، ئەم ڕێککەوتننامەی دەستکەوتێکی پرۆژەخی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بەرهەمی چەندین ساڵ خەبات و قوربانیدان و خۆڕاگری گەلی کوردستان بوو بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، کە بووە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و مێژوویی و بناغەدانەری هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە دواتر بۆ گەلی کورد هاتنە دی و دێنەدی. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژەپێکراو دانراوە و کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 27-07-2025 -https://zagrosn.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-27

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس

بابەت: 545

ڕەوان بارزانی بۆ ئیدریس بارزانی: 33 ساڵە خەمی ئۆغرت لەدڵمدایە

20250702104725643756=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: ڕەوان بارزانی بۆ ئیدریس بارزانی: 33 ساڵە خەمی ئۆغرت لەدڵمدایە
ڕەوان بارزانی لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی باوکیدا نامەیەکی بۆ دەنێرێت و بۆی نووسیوە باوکە گیان ئەگەر چی لەناومان نیت ، بەڵام تۆ بۆ هەمیشە لەناو دڵی هەزارەها تێکۆشەر و خەڵکی بەئەمەک هەر زیندووی.
ئیدریس کوڕی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایکبوو، باوکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دلۆڤان بارزانی (لە ڕۆژی 20-40-2018 بە جەڵتەی دڵ کۆچی دواییکرد) و ڕەوان بارزانی بوو.
ئیدریس بارزانی ڕۆژی 31ی کانوونی دووەمی 1987 لە شارۆچکەی سلێمانای سەر بە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشتی مستەفا بارزانی باوکی بەخاک سپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 تەرمی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە بارزان بەخاک سپێردران.
دەقی پۆستەکەی ڕەوان بارزانی بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
باوکە گیان بێ تۆییمان پێوە دیارە، شەش ساڵان بووم کەجێتهێشتم ، بەڵام 33 ساڵە خەمی ئۆغرت لەدڵمدایە و دەمێنێتەوە ، هەر کە دڵم تەنگ دەبێت لە وێنەکانت دەڕوانم، تێر تێر لەگەڵت دەدوێم.
دڵنیام ئاگات لە ئێش و ئازارەکانمە، پر بەدڵ بیرت دەکەم، پێویستم پێتە لەم ژینە سەختەدا هاوکارم بیت.
باوکە گیان هەرچەندە دووریت تەنگی پێ هەڵچنیوم، بەڵام دڵنیام ڕۆژێک دێت پێت شاد دەبمەوە، چونکە سرووشتی ژین وەهایە...! .
باوکە گیان ئەگەر چی لەناومان نیت ، بەڵام تۆ بۆ هەمیشە لەناو دڵی هەزارەها تێکۆشەر و خەڵکی بەئەمەک هەر زیندووی.
لێرەوە هاوخەمی خۆم بۆ ئەوکەسانە دەردەبڕم کە لەسۆزی باوک بێ بەشن، چونکە من باش دەزانم ئازاری بێ

باوکی چۆنە.
هەموو کات خۆشمویستی و خۆشم دەوێیت. ڕەوانت شاد باوکە گیان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی و ڕەوان بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی www.rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-02
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 546
کارەساتی هەکاریی 1978
20190409132250284576=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



د.سەلام عەبدولکەریم

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی خولی دووەم، کە لە بەهاری (1978) بەسترا، بڕیاریدا بنکە و بارەگاکانی خۆی بۆ ناوچەکانی برادۆست لەسەر سێ سنووری (ئێران- ئێراق-تورکیا) بگوازێتەوە. (1)
گواستنەوە بۆ ئەم ناوچەیەش بۆچەند هۆکارێک دەگەڕایەوە لەوانە: لەلایەک ئێران و ئێراق دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بوون، بەتایبەت ئێران تادەهات ناوچەکانی لەیەکێتی بەرتەسک دەکردەوە و دواجار یەکێتی ئاگادار کردەوە بۆ ئەوەی بارەگاکانی خۆی لە نۆکان چۆڵ بکات.
حکومەتی بەعسیش نیازی هەبوو لە ڕۆژی (01-06-1978) دا گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەقوڵایی (20 کم) ڕابگوێزێت. (2)
یەکێتی دەیویست پێش ئەو ڕۆژە چەک و تەقەمەنی لە سووریاوە بهێنێت و بەسەر هۆز و عەشرەتەکانی ئەو

ناوچانەدا دابەشی بکات، بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆیان پێ بکەن. لەلایەکی تریشەوە پێشنیاز و داواکاری ڕێکخراوی دەدەقەدە (DDKD) . (3)
لە باکووری کوردستان ڕۆژی سەرەکی هەبوو لە قەناعەت پێکردنی یەکێتی بۆ گواستنەوەی بنکە و بارەگاکانی بۆ ناوچەی هەکاری. ڕێکخراوی دەدەقەدە (DDKD) کوورتکراوەی ناوی (کۆمەڵەی کولتووری شۆڕشگێڕی دیموکرات) بوو، ناو تورکییەکەشی (DEVRIMICI DEMOCRAT KULTUR DEREGI) ئەو ڕێکخراوە سیاسییە چەپە بوو، کە کۆمەڵێک لاو و خوێندکاری زانکۆ دایان مەزراند لە ساڵانی حەفتاکان، لە باکووری کوردستان، دەستی کرد بەجموجوڵی سیاسی و ڕێکخستن. سەردەمێک هاوکاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ی کرد لە ڕووی گواستنەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە و چەک و تەقەمەنی و ڕێنیشاندان و چاوساغی.
بەڵام لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا دوو بۆچوون هەبوو، بۆچوونی یەکەم لەگەڵ هاوکاری یەکێتیدا بوو، کەنەجمەدین بیوک کایا (نەجۆ یان سەڵاح) خاوەنی بوو، بۆچوونی دووەم (عومەر چەتین) ، کە بەرپرسی ڕێکخراوەکە بوو بەوشێوەیە بیری نەدەکردەوە. (4)
جگە لەوەی ئەو ناوچەی برادۆست و هەکاری شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بوو، بەئاسانی چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکان لە سووریاوە دەگەیشتە شۆڕش. بۆیە یەکێتی بەپێویستی زانی هێز لەو ناوچەیە جێگیر بکات. (5)
یەکێتی بەهۆی هاوکاری دەدەقەدە لەگەڵ قاچاخچییەکان، کەچەکیان پێ دەفرۆشتن، تارادەیەک خۆی پرچەک کرد و لە کاتی ڕۆیشتنی هێزەکانی یەکێتیشدا بۆ ناوچەی هەکاری پشت بە دەدەقەدە بەسترابوو، بۆ ئەوەی ئەو چەکانەی لە قامیشلییەوە (د.کەمال خۆشناو) ئامادەی کردبوو، بگاتە دەستیان. (6)
بۆیە یەکێتی نزیکەی (800) پێشمەرگەی بەسێ ڕەتڵ بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێخست. (7) .
ڕەتڵی یەکەم بەسەرکردایەتی (د.خالید سەعید) لە زەڵێ و دەرچوو، ڕۆژی (17-04-1978) بەئاڕاستەی بیرکمە و سیدەکان و برادۆست و ژمارەیان (320) پێشمەرگەیەک بوو، (150) پێشمەرگەیان بێچەک بوون و توانیان ڕۆژی (11-05-1978) بگەنە گوندی (جورجان) لەسەر سنووری تورکیا.
ڕەتڵی دووەم بەسەرکردایەتی (عەلی عەسکەری و تایەری عەلی والی بەگ) بوو پاش چەند ڕۆژ لە جولاّنی ڕەتڵی یەکەم بەئاڕاستەی خانە و کێلەشین و حەسارۆست لە سنووری ئێراق و ئێران ڕۆیشتن و زیاتر لە (500) پێشمەرگەی لەخۆگرتبوو، کە (150) یان بێچەک بوون.
ڕەتڵی سێیەم بەسەرکردایەتی مام جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بوو، کە نزیکەی (50) پێشمەرگە دەبوون، لەنێوانیاندا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لیژنەی ئامادەکاری (پ.د.ک) و پاسۆک هەبوون، لە ناوچەی زەڵێ لە نزیک قەڵادزە جولاّن و دوای سێ ڕۆژ گەیشتنە دۆڵە کوگە و چیای قەندیل.

پاش چوونە ناوەوەی ئەم هێزانە بۆ ناو خاکی تورکیا، بەتایبەتیی ڕەتڵی یەکەم و دووەم، لەلایەن هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی تورکیاوە وەک (گۆییەکان، ژیرکی، سلیڤانییەکان) بۆسەیان بۆ دانرا و هێرشیان کرایەسەر. ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگا لەلایەن ئێراق و ئێرانەوە هێرشیان کرابووە سەر. ئەم هۆزانە جگە لەوەی بەکرێگیراو بوون و کێ پارەی زیاتری پێبدابان کاریان بۆ ئەو دەکرد، هاوکات لەلایەن میتی تورکیا و سەرکردایەتی کاتیی پارتی (قیادە موەقەتە) شەوە، کە لە ناوچەکانی (هەکاری، ئولودەرە، شیرناخ) ، بارەگایان هەبوو (8) .
هاندرابوون لەو هێزانەی یەکێتی بدەن. بۆیە لە ڕۆژی (01-06-1978) لە گوندی (بازە) گەمارۆدران و دوای شەڕێکی قوورس ژمارەیەکیان لێکوژرا و بریندارببوو، هەندێکیشیان لەلایەن جەندرمەی تورکیاوە، کە لەو ناوچانەدا بارەگایان هەبوو بەدیلی دەسگیرکران.
لە کۆتاییدا پاش دەردەسەرییەکی زۆر و شەڕی خوێناوی و سەرما و برسێتی بەشێکی زۆری هێزەکانی یەکێتی کوژران و بەشێکی تریشیان بەدیلی گیران و تەنیا هەشت پێشمەرگە خۆیان بەدەستەوە نەدا و ڕزگاریان بوو، لە ڕۆژی (16-06-1978) گەیشتنەوە بارەگای یەکێتی لەقەندیل. (9)

ئەو هەشت پێشمەرگەیەش بریتی بوون لە (محەمەدی حاجی مەحمود، ڕەفیق پارەزانی، مەحوود زەردۆیی، تاهیری حاجی عەزیز، حەمە ڕەش گرێزەیی، جەمال عەلی باپیر، بەکرە سوور، ئاوات گەڕەدێ) . زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بەدیلی کەوتنە دەستی هێزەکانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی (قیادە موەقەتە) ، بەتایبەتیی هەریەکە لە (عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و شێخ حسێن شێخ بابە) ، کە دەستگیرکران دواتر لەلایەن ئەوانەوە بەدیلی کوژران (10) .
بەڵام زۆربەی دیلەکانی تر ئازادکران. (11)

لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین هەرچەندە یەکێتی و سەرکردایەتی کاتیی پارتی (قیادە موەقەتە) باس لەوە دەکەن هیچ لایەکیان نیاز و مەبەستی لێدانی ئەوی تری نەبووە و باسیش لە نامەکانی مام جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و تاهیری عەلی والی بەگ بۆ کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی و خاتوو (حەمایل خانم) ی دایکی کاک مەسعود بارزانی و ڕەشید سندی دەکەن و لەولاشەوە لەلایەن ئیدریس بارزانی و سامی عەبدولڕەحمانەوە نامە بۆ عەلی عەسکەری نێردراوە، کە هێرش نەکەنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی و ئەوانیش هێرش ناکەنە سەریان. (12)
بەڵام جگە لەوەی ئەو نامانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نابێت، دەبێت ئەوە بزانین هەر لایەک ئەوەی دانابوو ئەگەر لایەکەی تر بێتەسەر ڕێگای و هێرش بکاتە سەری، بێدەنگ نەبێت و وەڵامی بداتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو بارودۆخەی لەو کاتەدا بوونی هەبوو، بارودۆخێکی بارگاویبوو بە ناکۆکی و ململانێ و پڕ لە ڕقەبەرایەتی یەکتری، چونکە پێشتر لەلایەن سەرکردایەتی کاتیی پارتییەوە، ژمارەیەک لە فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی لە ناوچەکانی بادینان کوژرا بوون (وەک کوشتنی ئیبراهیم عەزۆ و هاورێکانی، مولازم حەسەن خۆشناو، مەجید هەیبە لە دەشتی کۆیە) و دەستبەسەراگرتنی 10 دۆشکا و چەندین هەزار دیناری ئێراق ئەوکاتە، ...تاد. (13)
یەکێتیش لای خۆیەوە بارەگاکانی ناوچەی سۆرانی بەسەرکردایەتی کاتیی (پ.د.ک) چۆڵکرد و فشاری خستەسەر هەندێک پێشمەرگە، کەواز لەپارتی بهێنن و بچنە ڕیزەکانی یەکێتییەوە، یان دەبێت ناوچەی سۆران جێبهێڵن. بەتایبەت لە ناوچەکانی نۆکان و ڕۆژاوای سەردەشت. لە سەرەتای ساڵی (1978) یش یەکێتی هێزەکانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی لە ناوچەی سیوەیل لە چیاکانی سوورکێو ناچارکرد یان ناوچەکە جێبهێڵن یان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن. بۆیە ئەو هێزەی لەو ناوچەیە بوون خۆیان ڕادەست بە حکومەت کردەوە. لە سەرووی ئەمانەشەوە هەر لایەک لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی ناوچە گرنگ و ستراتیژییەکاندا بوو، بەتایبەت ناکۆکی لەسەر ناوچەی برادۆست و بادینان.
دواییین هەوڵی یەکێتی بۆ گواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ ناوچەی برادۆست، کە لەسەر سێ سنوور بوو، هۆکارێکی کاریگەر بوو لە ڕووداوی هەکاریدا، چونکە سەرکردایەتی کاتیی پارتیش ئەمەی قبووڵ نەدەکرد. (14)
جگە لەوەش ڕێکخراوی دەدەقەدە ڕۆڵێکی خراپیان لە هاندانی یەکێتی گێڕا بۆ ئەوەی هێزەکانی بباتە ئەو سنوورە و بەڵێنی هاوکاری زۆریان پێدابوون، بەڵام جگە لەوەی لەنێو خۆیاندا ناکۆکی هەبوو لەسەر هاوکاریکردنی یەکێتی، بەڵکوو ڕاستگۆش نەبوون و یەکێتی دەستی بەمانەوە سوتا و تووشی کارەساتی هەکارییان کردن و لە کاتی پێویستدا هیچ هاوکارییەکیان نەکردن و زیاتر تەماعیان چووبووە سەر چەک. تەنانەت لەکارەساتەکەدا هەندێک لەڕێبەرەکانیان خۆیان لە هێزەکانی یەکێتی شاردەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان
1. نەوشیروان مستەفا: کارەساتی هەکاری، چ3، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، 1995، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ل6.
2. مەلا بەختیار: یاخی بوون لە مێژوو، بەرگی یەکەم، چ1، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 1998.ل (162) ،

محەمەدی حاجی مەحمود: شۆڕش و پێشمەرگایەتی، تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976-1983) ، ل (29) ، ڕێباز: قەندیل، بەرگی یەکەم و دووەم، ل124، صلاح الخرسان: التيارات السياسية فی كردستان العراق (1946-2001) ، ط1، 2001، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.ص353.
3. ڕێوار ساڵەح: ڕێگایەک بۆ ئازادی، چ1، 2006، بەڕێ چاپخانە و شوێن، ل (28-30) .
4. چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد مەعسوم، 2005/9/11، لەکتێبی (ڕێگایەک بۆئازادی) ، ل29.
5. ڕێباز: قەندیل بەغدای، بەشی یەکەم و دووەم، چ2، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2008، ل12.
6. صلاح الخرسان: التيارات، ص365، 366، دیفید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لەفارسییەوە (ئەبوبەکر خۆشناو) ، چ2، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.ل566.
7. نەوشیروان مستەفا: کارەساتی هەکاری، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چ3، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1995.، ل10، صلاح الخرسان: التيارات، ص374، 373.
8. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل566، 565.
9. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی (2009/5/11) ، لەگوندی گوڵەخانە.
10. پیاونامە: گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری، کۆمەڵێک هاورێی شەهید، چ1، سلێمانی، 2004، ل32.
11. صلاح الخرسان: التيارات، ص379.
12. :سەروەر عەبدورەحمان عومەر: 204. یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان، دامەزراندن و هەستانەوەی شۆڕش، چ1، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002، ل278، نامەی مام جەلال تاڵەبانی بۆعەلی عەسکەری، لە: سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل283، صلاح الخرسان: التيارات، ص376، 375، نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل271، 270.
13. ڕێباز: قەندیل، بەرگی یەکەم و دووەم، ل124.
14. عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەباشوری کوردستانی ئێراق لەساڵەکانی جەنگی ئێراق و ئێراندا (1980-1988) ، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوک.، ل95-97.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | سووریا |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
Salam Abdulkareem	ژیاننامە	English	
سەلام عەبدولکەریم	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
کارەساتی هەکاری خیانەتێک لە هەلومەرجێکی مەترسیداردا!	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-09

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: کورتەباس
بابەت: 547
کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟
20250713185518645562=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
سوورە مەرگەیی
وەڵامی ئەو پرسیارەی کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو زۆر هەڵدەگرێ، بۆیە زۆر بە کورتی دەڵێین: کاک ئیدریس بارزانی کوردێکی کوردپەروەر، سیاسییەکی وردبین و دوورببین و بە سەلیقە، شۆڕشگێڕێکی بە ئیرادە و بڕوا بەخۆبوو، بۆ زیاتر ناسینی کاک ئیدریس بارزانی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەرخودانی بزووتنەوەی کوردایەتی و، بەرزی باڵای هەندرێن و سەنگەرەکانی بەرگری و ئازایەتی و لێزانی و کارامەیی سیاسی، جا ئەگەر لە مێژوو بپرسین: کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟ ڕاست و ڕەوان پێمان دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی هێزی بە بەهێزەکان دەبەخشی و نەیار و دوژمن بە بیستنی ناوی لاواز و بێهێز دەبوون.
ئەگەر لە هەندرێن بپرسین: کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟ بێ دوودڵی پێمان دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی باڵای بەرزی من و قەندیل و هەڵگورد و گارا و مەتین بوو.
ئەگەر لە سەنگەرەکانی بەرگری بپرسین: کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟ بێگومان پێمان دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی ورەیەک لە ڕابووون و تەوژمێک لە بەرخودان و خەرمانێک لە نەسرەوتن بوو، ئەگەر لە ئازایەتی و لێزانی و کارامەیی بپرسین: کاک ئیدریس بارزانی کێ بوو؟ زۆر ئازایانە پێمان دەڵێت: کاک ئیدریس بارزانی فێری کردم چۆن ئازابم و لە ترس نەترسێم.
لێدوان و قسەکردن لەسەر ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی و بڕوا بە خۆبوون و کوردبوون و کوردایەتی کاک ئیدریس بارزانی، بۆ بابەیکی وەک من کە تەنیا چەند جارێک بە دیداری شاد بووم و لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بەهرەمەند بووم کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە بەردەوام لێی نزیک بوون و لەگەڵی ژیاون کارێکی ئەستەمە، چونکە ژیانی کاک ئیدریس بارزانی پڕ بووە لە نوێگەری شۆڕشگێڕی و خەبات و قوربانیدانی بەردەوام، ئەو نوێگەریەشی دەکردە وزەی بەردەوامی شۆڕش و وەڵامی قۆناغە سەختەکانی خەبات و بە ئومێدەوە ڕوانین بۆ سەرکەوتن.
ئەوەی من لەو چەند جار بە خزمەت گەیشتنەی لێی فێر بووم و دەمەوێت لە یادی کۆچی دواییدا بیڵێم: کاک ئیدریس بارزانی پێچەوانەی زۆرێک لە سیاسی و سەرکردەکانی ئێستا و ڕابردوو، سیاسەتی لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕیدا وێنا دەکرد، هەڵوێستی شۆڕشگێڕیشی لە بڕوا بە خۆبووندا پێناسە دەکرد، بڕوا بە خۆبوونیشی لە ئاستی پێشکەوتنی هزر و بیری کوردایەتیدا چڕ دەکردەوە، هەموو ئەوانەش زادەی ئەو ژینگە سیاسی و شۆڕشگێڕی و نەتەوەییە بوون کە کاک ئیدریس بارزانی تێیدا پەروەردە کرابوو، بۆیە کۆچی دوایی نەک هەر بۆ پارتی خەسارەتێکی گەورە بوو، بەڵکوو کەلێنێکی وای خستە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە پڕ کردنەوەی زەحمەتە.

یەکەم دیدار و ئامۆژگارییەک
ساڵی 1984و ساڵێک بەر لەوەی چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شان، کە ئەو کات پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، لەگەڵ خدری حاجی ڕەسوڵ ناسراو بە خدری خەیات لە ئۆردوگای بەستەستێوە کەوتینە ڕێ، دوای گەیشتنمان لە ڕێگای کاک حاجی دێلۆیی من داوای دیداری کاک ئیدریس بارزانیم کرد و بە دیداری شاد بووم، ئەو دیدارە بۆ من کردنەوەی دەرگای جیهانێکی جیاواز بوو، جیهانێک کە گەورەیی کوردایەتی و دوا بڕیاری شۆڕشگێڕی پێ بەخشیم.
لەو دیدار و بە خزمەت گەیشتنە، کاک ئیدریس پرسیاری بارودۆخی پارتی و ڕێکخستنەکانی لە سنووری دەڤەری

مەرگە و پشدەر لێکرم، منیش وەک گەنجێکی خوێن گەرم و تازەپێگەیشتوو لە وەڵامدانەوە زێدەڕۆییم کرد و وتم: کاک ئیدریس 80٪ی خەڵک لەگەڵ پارتییە، سەیرێکی کردم و بە زەردەخەنەوە فەرمووی: ئێمە لەو سنوورە دوورین و ئەو جەماوەرە چۆن ئاوا ماوە، لە زەردەخەنەکەیدا ئەوەم خاێدەوە کە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە زێدەڕۆییم کردووە و دوای وەڵامی درووستم لێدەکات، بۆیە وتم: کاک ئیدیس ڕێبازی بارزانیی نەمر و خەباتی پارتی وای کردووە ئە جەماوەرە ئاوا بمێنێت، ماویەک سەیری کردم و ڕووی لە مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کرد و فەرمووی: مامۆستا ئەو وەڵامە چۆن دەبینی؟ مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کە لەو کاتەدا خەریکی نووسین بوو، دەفتەر و قەڵەمەکەی دەنا و وتی: کاک ئیدریس ئەوە ڕاستییە و نکولی لێناکرێت.
دوای ئەوە کاک ئیدریس ڕووی کردەوە من و فەرمووی: هەڤاڵ.. لە ژیانی سیاسیتدا بۆ سەرووی خۆت نەیار و دوژمنان لەوە بەهێزتر نیشاندە کە هەن، چونکە ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و نەیاران بەرنامەمان هەیە، جا ئەگەر دوژمن و نەیاران بە لاواز و پارتی بە بەهێز نیشان بدرێت، ئێمە دەڵێین: بەرنامەکەمان سەرکەوتووە، لە کاتێکدا وانییە و دوژمن و نەیاران بەهێزن، ئەوەش وا دەکات ئێمە خاڵی لاوازی بەرنامەکەمان دەستنیشان نەکەین و لەسەر بەرنامەی کارپێکراو دەردەوام بین کە کەموکورتی تێدایە، بەوەش تووشی شکستی زیاتر دەبین، بەڵام بۆ خوار خۆت دوژمن سووک لاواز و بێهێز نیشان بدە، بۆ ئەوەی وردیان زیاتر بەرز ببێتەوە و لەسەر خەبات و تێکۆشان و بەرگری بەردەوام بن تا سەرکەوتن.
ئەو ئامۆژگاییەی کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو تا ئێستاش لای من پارێزراو و کار پێکراوە و لە ژیانی سیاسی خۆمدا پێوەی پابەند بووم و لەمەودواش پێوەی پابەند دەبم، ئەگەرچی زۆر جاران باجی پابەندبوون بەو ئامۆژگاریەم داوە، چونکە زۆرێک لە بەرپرسان پێیان خۆش نییە ڕەخنە لە بەرنامەیان بگری، ئەگەر بەرنامەکە وەک پێویستیش نەتوانرێت وەڵامی پیلانگێڕی دوژمنان و نەیارانی پێبدرێتەوە، لە کاتێکدا بۆچوونێکی سیاسی وەها زیان بە کۆی ئامانجە دوور و نزیکەکان و داهاتووی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕێبازی بارزانیی نەمریش دەگەیەنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 21-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 548
کاک ئیدریس.. ئومێدبەخش، ئاشتیساز و خاکەڕا
20250809135749650285=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: کاک ئیدریس.. ئومێدبەخش، ئاشتیساز و خاکەڕا
نووسینی: ئاریان فەرەج

لە یاد و بیرهاتنی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیدا، هەمیشە ڕەوشت و ئاکارە کەسیی و ئینسانییەکانی لە دید و ڕوانگا و باوەڕە سیاسییەکانی زیاتر دێنە بەرباس و یاد دەکرێنەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت زۆرترین هاوڕێ و هاوەڵی سەفەرە کورتەکەی ژیانی، پێشمەرگەی سادە و ئاوارەکانی دوای نسکۆ بوون و بە لای ئەوانیشەوە ڕەوشت و ئاکارە ئینسانییەکانی سەرکردە وەک (مەردی و جوامێری و خاکەڕایی و خەمخۆری و بەدەمەوەبوونی خەڵک)، لە دید و تیۆر و ڕوانگا سیاسییەکەی لەپێشترن.
پێشمەرگە و خەباتکارانی ئەوێ ڕۆژی شۆڕش و بەرخۆدان، کە دەربارەی کاک ئیدریس دەدوێن، هەر یەکە و سەربوردە و سەرگوزشتە و یادێکی تایبەتیی لەگەڵ هەیە و هەر نەبێت نامەیەکی ئەوی لە سینە و ئەرشیڤیدا پاراستووە. کاتێک لەو هەموو یادەوەری و چیرۆک و نامانە ڕادەمێنێ، لەو تۆڕە فراوانەی پەیوەندییەکانی ئەو سەرکردەیە ورد دەبیەوە، سەرت سڕ دەمێنێ چۆن پەرژاوەتە سەر ئەو هەموو خەڵکە و لەگەڵ دانەبەدانەیان هەستی هاوڕێیەتی و لێکنزیکی و بەخەمەوەبوونی چاندووە و لەو کەم دەرفەتی و دۆخە سەختەی شۆڕش و نسکۆدا، هەموو ئەو پەیوەندیانەی ئیدارە و ئیدامە پێداوە!
ئەو توێژەر و چاودێرە سیاسییانەی لە کەسایەتیی ئیدریس بارزانی دەکۆڵنەوە، هەمیشە سەرچاوەی ڕەوشت و ڕەفتار و خەسڵەتەکانی بۆ دیدە سیاسییەکەی دەگێڕنەوە. لە دیدی ئەودا سەرکردە دەبوو خزمەتکاری ئەو خەڵکە بێت کە خۆیان خسووەتە خزمەتی کوردستان، دەبوا هەمیشە قەرزبار و منەتباری پێشمەرگە و جەماوەر بێ. لە دیدی ئەودا سەرکردە لەناو میللەتێکی شۆڕشگێڕدا تەنیا بە ویست و بڕیار و قبووڵی خەڵک دروست دەبێت، سەرکردایەتیکردنیش هیچ نییە جگە لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریی و چوونەژێرباری ئەرکی سەختتر لەو ئەرکەی لە ئەستۆی هاوسەنگەرانییەتی، سەرکردە ئەو کەسەیە لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیدا، پێشەنگی هەمووان و لە پشوودان و حەوانەوەدا لە دوای هەمووانە. هەر لەو پێودەنگەوەیە کە سەرۆک مەسعود بارزانی دەڵێت: ئیدریس هەڵگری تەواوی سیفەتەکانی بارزانیی نەمر بوو.
هەر ئەو دیدە بەرپرسیارە بوو ئیدریسی نەمری کردە شانی بەر زەحمەتترین ئەرکەکانی دوای نسکۆ: لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی نسکۆ و چوونە ژێرباری ئاکام و شوێنەوارەکانی، لە یەککاتدا خەمخواردن لە گوزەرانی ئەو خەڵکە زۆرەی نسکۆ ئاوارەی کردن، هاوکات ئالانگاریی سەختی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دووبارە ژیاندنەوەی گیانی ئومێد و هەستانەوە.
کاک ئیدریس باوەڕی ڕەهای بە دروستیی ڕێبازی حیزبەکەی هەبوو، بەڵام بە هەمان ڕەهاییش باوەڕی واقیعبینانەی بەو ڕاستییە هەبوو کە ئەگەر کۆی هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات پێکەوە لەژێر یەک چەتری نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆنەبنەوە و کۆتایی بە تەفرەقە نەهێنن، کوردایەتی ڕەنج بە خەسارە.
ئاشتبوونەوەی گشتی لای ئەو ستراتیژێک بوو کە باوەڕی وابوو بە هەر نرخێک بووە دەبێت سەربگرێت، دواجاریش هەر ئەو دیدە بوو بەرەی کوردستانی لێ بەرهەم هات و کوردستان و کوردەواری لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گواستەوە.
ئەگەر لە تەمەنی (بەسااڵن) کەم و (بە ڕۆڵ و کاریگەریی) زۆری کاک ئیدریس بڕوانی و بتەوێت بە چەند وشەیەک پێناسەی بکەیت، ڕەنگە (ئاشتیسازی، ئومێدبەخشی، خاکەڕایی و نزیکی لە خەڵک) پڕ بە پێست

بن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆندەرەکان: میژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 2025-01-30

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2025-01-30 - (hawlerweb.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 549
کاکە ئیدریسی ئازیزمان دروود بۆ گیانت!

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250810132005650371

ناونیشانی بابەت: کاکە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی ئازیزمان دروود بۆ گیانت!
هەر کاتێک یادی ژیاناوایی دێتەوە، هەر وەختێک ئەو دیمەنە پڕ ئازار و ناخۆشانەی ئەوسا دەگەڕێنەوە، تەنیا باوەڕبوون بە خودا و گەل و وەفای پارتیمان، باری ئەو ئازارەمان سووک دەکەن. ئاخر نەماندەتوانی و ناشتوانین جگە لە ڕەزامەندبوون بە قەدەری خودا هیچ شتێک دەربارەی کۆچەکەت بڵێین، کە باوەڕمان وایە لای خودا لە ڕیزی بەندەکانی و بەهەشتەکەی دایت.
کاکە ئیدریس، ماندووبوونەکانت بەفیڕۆ نەچوون. هەموو هەوڵێک کە لە کارەکانت لەناو حیزبدا لە ژیانی باوکت مستەفا بارزانی و دوای کۆچی دواییشی دات، هەموو ئاستەنگێک کە بۆ گەلەکەت لە ناوخۆ و هەرێمی و لەنێو هاوکێشە ئاڵۆزەکاندا چارەسەرت کرد، هەموو قوربانییەک، کە لە دڵتەوە پێشکەشت کرد هەتا لە لێدانی وەستا، هەمووی ئەمانە بزووتنەوەکەمانی بەهێز کرد بۆ گەیشتن بە خەونەکەت بەرەو پێشی برد، بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەرز.
سێ دەیە و چەند ساڵێک بەسەر کۆچتدا تێپەڕیوە، هێشتا شوێنەوارەکانت، ڕووحت تێدا نیشتەجێیە و بیرکردنەوە تایبەتەکەت و خۆبەختکردنت بۆ ئەوانی تر و جانفیدایت، وەفاداریت بۆ بەڵێنەکانت بۆ باوکت و براکەت و گەلەکەت لە جۆش و خرۆش دایە.
پیاو و ژنگەل هێشتا سەردان و سۆراغی تۆیان لە کاتی شەڕ و پەنابەریدا لەبیرە، وێنەی زەردەخەنەکەت لە کاتی لابردنی گرفتەکانی خەڵکی تر، هێشتا لە بیرەوەرییەکاندا ماوتەوە.
وشە ڕاستگۆکانت هێشتا کاریگەریان خامۆش نەبووە و لە جێگیرکردن و قەناعەت پێکردنی زۆر کەس بۆ بەردەوامبوون لە خۆڕاگری بەرانبەر بە ڕەشەبای سیاسەتی بەرژەوەندییەکان کە گەلەکەمانی هەژاند، بەردەوامە.
دوانگەکان یادی وتەکانت دەکەنەوە، کە هەر وشەیەک لە شوێنی خۆی و مەبەستی خۆیدا بوو. بڕیاربەدەستان تەنانەت ئەوانەی دژیشت بوون، یادت دەکەنەوە کە هەمیشە بەڵگەبەدەست و ڕاستگۆ و ئازا بوویت...
بێگومان مێژوو شوێن و لاپەڕەی زیاتر تەرخان دەکات بۆ تۆمارکردنی ڕێبازەکەت، کە لە منداڵییەوە دەستی پێ کردووە، تێکەڵ بە هۆشیاریی کێ پێشوەختە بووبوو لە دەستکەوتە گەورەکان لە سەرەتای گەنجێتیدا هەتا کۆچی دواییە بەئازارەکەت، کە ناخۆشییەکانمانی زیاتر کرد. لە کاتێکدا گۆڕەپانەکانی کار بەرگەی نەبوونی تۆیان قبووڵ نەدەکرد...
ئازیزی کۆچکردوومان کاکە ئیدریس:
سڵاو بۆ گیانە پاکەکەت کە بەخشندە بوو و قەت بەخیلی نەکرد، لەناو گەل و خاکەکەتدا توایەوە و تێکەڵ بە سەنگەر و پێنووس و دروستکردنی سبەینێ بوو...
سڵاو بۆ یادەوەریت، وەک ئەوەی هێشتا لەناومان بیت و خۆرت ئاوا نەبووبێت.
ئەوانەی باوەڕیان بەوە هێنا کە تۆ باوەڕت پێی هەبوو ئەوا پەیمانەکەیان لەگەڵ باوکت و تۆ نەگۆڕیوە و هێشتا هەنگاوبەهەنگاو لەسەر ئەو ڕێگایە دەڕۆین کە ئێوە پێشەنگی دەکەن، ئەوانەی دژی باوەڕەکەت وەستانەوە و بە چاوی خراپی ڕابردوو هەوڵی دروستکردنی ئێستا و داهاتوویان دا، هێشتا کار و نەزانینیان بەردەوامە، بەڵام ئێمە هێشتا بەپاکی و ڕوونی قسەکانی تۆ و باوکت و کردەوەکانتان خۆمان پەروەردە دەکەین، تاکوو بیانکەینە بەربەستێکی بەهێز لە بەردەم پڕۆژەکانی وێرانکاریدا، کە دەیانەوێت زیان بە نەتەوەکەمان بگەیەنن...
سڵاوت لێ بێت ئەی خۆشەویستی هەمووان، سڵاو بۆ گیانە ئارامەکەت، ئەی شەهیدی کوردستان و

مرۆڤایەتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: میژووی هاوچەرخ |

ڕۆژی دەرچوون: 00-00-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2025-01-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 01-01-2025 -(hawlerweb.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 550

کتێبی مام وسو دەزیی،گەشتی زۆزگ لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە بڵاو کرایەوە

20220628201441420456=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە رێورەسمێکدا لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک بارزانی پەرتووکی مام وسو دزەیی، گەشتی زۆزگ لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە بڵاو کرایەوە.
ئەردەلان مام وسو دەزیی، نووسەری پەرتووکەکە بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ئە پەرتووکە، پەرتووکێکی بیرەوەرییە لە بارەی ژیان و ڕۆڵی باوکم لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لەگەڵ مستەفا بارزانی نەمر و ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی، ئەم پەرتووکە چەندین تەوەر لە خۆ دەگرێت هەر لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و ئاوارە بوون لەگەڵ بارزانی نەمر تا دوا ساتی کۆچی دوایی.
گوتیشی: ئەم پەرتووکە بەشێکی تری تایبەتە بە سەرجەم ئەو پەڕەوانەی کە ڕۆژانە لەلایەن دایکمەوە تۆمار کراون دەستنووس کراون لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و هاتنی بارزانی نەمر بۆ لای باوکم و تۆمارکردنی داستانەکانی پێشمەرگە.
ڕاشیگەیاند: بەشێکی تری پەرتووکەکە تایبەتە بە ڕۆڵ و کەسایەتیی باوکم کە لەلایەن هەڤاڵانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی باسیان لێوە کردووە، ئەم پەرتووکە لە 340 لاپەڕە پێکهاتووە، کاری دیزاینی لەلایەن د.ئەکرەم فەرەیدوون بۆ کراوە، چاپی یەکەمی ساڵی 2022 بە ژمارەی سپاردنی (132) پێنج هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕاپانی پەرتووک | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-06-09

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-06-28
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 551

کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250908152107654934=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: کوچی دوایی ئیدریس بارزانی

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی کاتژمێر 06:00 ڕۆژی 31-01-1987، لە تەمەنی 43 ساڵیدا، لە شارەدێی سلێمان سەربە شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد و تەرمی پاکی لە تەنیشت ئارامگەی باوکی لە گۆڕستانی گوندی هەڵەج بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

هەر وەکوو لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم پەرتووکەدا بینیمان کاک ئیدریس بە تەمەنێکی کەم خزمەتێکی زۆری بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد و خەڵکانی فەقیر و هەژار کرد و شانازییەکی زۆریشی بۆ خۆی بەدەستهێناوە و بە مردنی زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد و بە تایبەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیاند. ئیدریس بارزانی لە ڕەوتی دوو کۆبوونەوەی ئاشتیدا کۆچی دوایی کرد. کۆبوونەوەی یەکەمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک بوو لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و سوپای ئێران و کۆبوونەوەی دووەم دەگەڕایەوە بۆ پێکهێنانی ئاشتی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعی ئێراقدا کە بە دوای کارەساتی 1983ی پشتئاشان سەری هەڵدابوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە 300.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 552
کورتەیەک لەسەر ژیانی ئیدریس بارزانی
20250701151240643719=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیدریس بارزانی (1944-1987) یەکێک بوو لە گرنگترین و کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری ناسراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئیدریس ڕۆڵێکی بەرچاو و یەکلاکەرەوەی هەبوو لە شکڵپێدانی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە. لە ماوەی ژیانی کورتیدا، ئەو توانی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ڕەوتی مێژووی کورد دابنێت و بناغەی بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوو دابنێت. ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ژیان، کار، بیروباوەڕ و میراتی ئیدریس بارزانی.

ژیانی سەرەتایی و پەروەردە

ئیدریس بارزانی لە 16-12-1944 لە گوندی بارزان لە دایک بوو. وەک کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، لە تەمەنێکی زووەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاشنا بوو. بەهۆی دۆخی سیاسی ناسەقامگیر، بەشێکی زۆری منداڵی و گەنجێتی لە دوورخراوەیی لە یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر برد، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی داهاتووی هەبوو.

لە یەکێتی سۆڤیەت، ئیدریس خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کرد و زمانی ڕووسی فێر بوو. ئەم ئەزموونە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تێگەیشتنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان هەبوو. هەروەها، ژیان لە دوورخراوەیی بیرۆکەی نیشتمانپەروەری و خەباتی نەتەوەیی لە ناخیدا بەهێزتر کرد.

دەستپێکی چالاکی سیاسی

لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئیدریس دەستی کرد بە بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی. گەڕانەوەی بۆ ئێراق لەگەڵ باوکی لە ساڵی 1958، دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ئێراق، دەرفەتی پێدا ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسی کورددا بەشداری بکات. لەم قۆناغەدا، ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک).

ئیدریس بەخێرایی سەرنجی سەرکردە کوردەکانی ڕاکێشا بەهۆی زیرەکی و توانای دیپلۆماسی. ئەو بەتایبەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دانووستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق چالاک بوو. لەم سەردەمەدا، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژاوا دروست بکات بۆ پشتگیری دۆزی کورد.

ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلول

شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی سیاسی ئیدریس بارزانی. لەم ماوەیەدا، ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی وەرگرت لە سەرکردایەتی شۆڕش لەپاڵ باوکی. ئیدریس بەرپرسیاریەتی گرنگی وەرگرت لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد. لە ماوەی شۆڕشدا، ئیدریس سەردانی چەندین وڵاتی کرد، لەوانە ئێران، میسر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.

ئەو هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق، بە تایبەت لە ساڵی 1970 کە بووە هۆی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار کە مافە کولتووری و ئیداریەکانی کوردی بە فەرمی ناسی.

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەیلول و نەخۆشکەوتنی باوکی، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی زیاتری لە سەرکردایەتی (پ.د.ک) وەرگرت. لە ساڵی 1979، دوای مردنی مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس بوو بە سەرۆکی پارتەکە. لەم پۆستەدا، ئەو هەوڵی دا سیاسەتی پارتەکە نوێ بکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی تر و حکومەتی ئێراق باشتر بکات.

لە ماوەی سەرکردایەتی ئیدریس، پ.د.ک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا هات. ئەو هەوڵی دا پارتەکە لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی مۆدێرن. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ک) باشتر بکات و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تر دروست بکات.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دەرەنجامەکانی

ڕێکخەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975 کە لەنێوان ئێراق و ئێران واژۆ کرا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هەبوو. ئەم ڕێکخەوتنە بووە هۆی کۆتاییهاتنی پشتگیری ئێران بۆ شۆڕشی کورد و لاوازبوونی بزووتنەوەکە. ئیدریس ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی کوردی دوای ئەم دۆڕانە.

دوای ڕێکخەوتننامەکە، ئیدریس هەوڵی دا ستراتیژی نوێ بۆ بزووتنەوەی کوردی دابنێت. ئەو جەختی لەسەر گرنگی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کردەوە لە بری خەباتی چەکداری. هەروەها، ئەو هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا بەهێزتر بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی.

کۆچی دوایی و میرات

ئیدریس بارزانی لە 31-01-1987 لە تەمەنی 43 ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد. مردنی زووی ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەتی کوردی هەبوو. میراتی ئەو لە بزووتنەوەی کوردی و پ.د.ک بەردەوام بوو لە ڕێگەی براکەی مەسعود بارزانی کە جێگەی گرتەوە وەک سەرۆکی پارتەکە.

مردنی ئیدریس بۆشاییەکی گەورەی لە سەرکردایەتی کوردی دروستکرد. بەڵام، ئەو بناغەیەکی بەهێزی بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کوردی دانا. زۆر لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە ئەو دروستی کردبوون، لە سەردەمی مەسعود بارزانیدا بەکار هاتن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.

کەسایەتی و شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی

ئیدریس بە زیرەکی و توانای بەرزی دیپلۆماسی ناسرابوو. ئەو دەیتوانی بە چەندین زمان قسە بکات، لەوانە کوردی، عەرەبی، فارسی و ڕووسی، کە یارمەتیدەر بوو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا. هەروەها، ئەو بە بیرکردنەوەی ستراتیژی و توانای چارەسەرکردنی کێشە ناسرابوو. شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس زیاتر لەسەر بنەمای ڕاوێژکاری و بڕیاردانی هاوبەش بوو. ئەو هەوڵی دەدا گوێ لە بۆچوونی هەموو لایەنەکان بگرێت پێش بڕیاردان. ئەمەش وای کرد کە متمانەی زۆربەی لایەنەکان بەدەست بهێنێت و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەناو بزووتنەوەی کوردی.

کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی

کاریگەریی ئیدریس بارزانی لەسەر سیاسەتی کوردی بەرچاو و درێژخایەن بوو. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی لە قۆناغی شۆڕشی چەکداری بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی. هەروەها، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بزووتنەوەی کوردی کە دواتر لە سەردەمی براکەی مەسعود بارزانیدا گەشەی کرد.

ئیدریس هەوڵی دا بیرۆکەی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێراق دا پەرە پێ بدات. ئەم بیرۆکەیە دواتر بووە بناغەی دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق و بووە هۆی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992.

هەروەها، ئیدریس ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە مۆدێرنکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی لە حزبێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕەوە بۆ پارتێکی سیاسی مۆدێرن. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی لەسەر شێوازی سیاسەتکردنی کوردی لە ئێراق هەبوو.

میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی

سەرەڕای ژیانی کورتی، ئیدریس بارزانی میراتێکی بەرچاوی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو بناغەی دانا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کورد کە دواتر یارمەتیدەر بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیری جیهانی بۆ دۆزی کورد. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئیدریس هەوڵی دا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مۆدێرنیتە ببات. ئەو گرنگی بە پەروەردە و گەشەپێدانی ژێرخانی کوردستان دەدا. هەروەها، ئەو هەوڵی دا مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی باشتر بکات و ڕۆڵیان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکات.

ئەنجامگیری

ئیدریس بارزانی کەسایەتییەکی کلیدی و کاریگەر بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد. سەرەڕای ژیانی کورتی، ئەو کاریگەرییەکی قووڵ و درێژخایەنی لەسەر ڕەوتی سیاسەتی کوردی لە ئێراق و ناوچەکە هەبوو. میراتی ئەو لە بواری دیپلۆماسی، یەکخستنی هێزە کوردییەکان، و گواستنەوەی بزووتنەوەی کوردی بۆ قۆناغێکی نوێی سیاسی، بەردەوام کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کوردی هەیە.
شێوازی سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی، کە لەسەر بنەمای دیالۆگ، دانووستان و دیپلۆماسی بوو، بووە نموونەیەک بۆ سەرکردە کوردەکانی دوای خۆی. هەوڵەکانی بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-07-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-07-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی زانیاری - 2025-07-01

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-01
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 553
کۆچی ئیدریس و ئەرکی سەرۆک
20250713185731645563=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
سوورە مەرگەیی
دوای پیلانە نێودەوڵەتییەکەی جەزائیر و نەخۆش کەوتنی بارزانی نەمر و دواتر کۆچ کردنی، ئەرکی هەستانەوە و وەڵامدانەوەی ئەو پیلانە نێودەوڵەتی و فرە جەمسەرە کەوتە سەرشانی کاک ئیدریس و سەرۆک مەسعود بارزانی، ئەو دوو برایەش کە دوو گەنجی تێگەیشتوو لە کوردایەتی و پێگەیشتووی ناو قوتابخانەی رێبازی بارزانی نەمر بوون برایانە ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، ئەوە لە کاتێکدا بوو زۆرێک لە بەرپرس و بڕیار بە دەستانی ئەو کاتی شۆڕش بە ڕاکردن لە بەرپرسیاریییەتی هەوڵیان دەدا شکستەکە بخەنە ئەستۆی بارزانی نەمر، بەشێکی تریشیان هەوڵیان دەدا لە کانیاوی ئەو شکستەدا جوانکاری سیاسی و شۆڕشگێڕی بۆ ڕابردووی پڕ لە خراپەکاری خۆیان بکەن و هەر بەو جوانکاریەوەش خۆیان نمایش بکەن، هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیش لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕا بوون کە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بازنەی ئەو شکستەدا گەمارۆ بدەن.
داگیرکارانی کوردستان و ئەو بەشەی کە لە بەرپرسیاریییەتی ڕایان دەکرد و ئەو بەشەش کە جوانکاریان بۆ خۆیان دەکرد، لە خاڵی دوور خستنەوەی ماڵباتی بارزانی نەمر لە شۆڕش و بەرخودان یەکتریان دەگرتەوە، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان کاک ئیدریس و سەرۆک مەسعود بارزانی بە شاندانە بەر بەرپرسیاریییەتی جیا لەوەی گەمارۆی هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیان کردە پێخوستی شۆڕشگێڕی، چاوەڕوانی نەیارانی ناوخۆشیان کردە خەونێکی بەدی نەهاتوو و بە دۆست و دوژمنیشیان گوت: ئەوە ئێمەین خاوەنی بەرپرسیاریییەتی ڕاستەقینەی هەستانەوەی دوای شکست و جوانکاری ڕاستەقینەش بەردەوام بوونە لەسەر بەدیهێنانی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان.

هەر کەسێک بۆ تەنیا جارێک بە دیداری ئەو زاتە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرە گەیشتبێ و ئامۆژگاری و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بێنێتەوە پێش چاوی خۆی، دەزانێت کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ڕۆژی 31-01-1987 جیا لەوەی بۆشاییەکی گەورەی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جێهێشت، ئەرکی سەرۆک مەسعود بارزانیشی کردە دوو بەرانبەر، بەڵام ئەگەر دوور لە سۆز و ڕقی سیاسیی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی بە بێژینگی شۆڕشگێڕی و کوردپەروەریدا بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی کە سەرۆک مەسعود بارزانی بە پابەند بوونی بە ڕێبازی بارزانی نەمر، هەم توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە کۆچی دوایی کاک ئیدریس خستییە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەمیش ئەرکە دوولایەنییەکە سەرکەوتووانە ئەنجام بدات، بۆیە لە ساڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس دەڵێم: باشترین وەفا و ڕێز گرتن لە خەبات و ئامانجەکانی ئەو زاتە شۆڕشگێڕە، پابەند بوونە بە ڕێبازی بارزانی نەمر و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ڕۆژی دەرچوون: 03-02-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-02-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 554
کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی خەمێکی گەورەی بۆ هەموو کوردستان دروستکرد
20250826123712653023=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بڵند ئیبراهیم
ئەمڕۆ (31-01-2024) 37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردە شەهید (ئیدریس بارزانی)دا تێپەڕ دەبێت، پێشمەرگەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیش باس لەوە دەکەن، ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی دیاری کوردستان بوو و کەسێکی زۆر کراوە بوو و هەمیشە خۆی لە شەڕەکانیش لەپێشەوە بوو، بۆیە کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیە، کەلێنێکی گەورەی دروستکرد.
دکتۆر ناسح غەفوور، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، وتی: من لەگەڵ شەهید ئیدریس لە ساڵی 1980وە پەیوەندییەکی باشم هەبوو و یەکەم جار لە دەرەوە گەڕامەوە بەخێرهاتنی منی کرد لە ماڵەوە، کە گەڕابوومەوە بە بڕوانامەی دکتۆراوە، زۆری پێ خۆش بوو و دواتر لە ڕاژان چوار ساڵ پێکەوە بووین و کاروباری ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی تایبەتیی ئەومان جێبەجێ دەکرد و ئەو پێش هەموو شتێک ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی بارزانیی نەمر بوو و خەمخۆری یەکڕیزی و تەبایی ناوماڵی کوردستان بوو.

غەفوور دەشڵێت: ئەوانەی لەگەڵ شەهید ئیدریس کاریان کردووە، دەزانن کە مرۆڤێکی ژیر و ڕۆحسوک و لەخۆبردوو و دۆستی سازان و ڕێککەوتن بوو و یەکێک بوو لەوانەی داینەمۆی ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و داگیرسێنەری شۆڕشی گوڵان بوو، ئەمە جگە لەوەی لە سەرپەرشتیکردنی شۆڕشدا سەرپەرشتیاریی ئاوارەکانیشی دەکرد.
ئاماژەشی بەوە دا: شەهید ئیدریس چەندین زمانی دەزانی و زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو، بە تایبەت ئەو نووسینانەی پەیوەندی بە شۆڕشەکان و میژووەوە هەبوو و دۆستی هۆنراوەی مەلای جزیری و وەفایی و ئەحمەدی خانی بوو، هەروەها دۆستی کەسانی خوێندەواریش بوو، بۆیە بێگومان ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی بوو و لە ساڵی 1986 لەگەڵ مام جەلال یەکتریان بینی و بناغەی ئاشتبوونەوەی گشتی و بەرەی کوردستانییان دروستکرد، لەوێ نازناوی ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتییان پێ دا.
د. ناسح ئەوەش دەخاتە ڕوو: بەداخەوە لە 27ی مانگ چەند ڕۆژێک پێش کۆچی دوایی، دوایین جار بینیم کە ڕۆیشتمە دەرەوە و داوای کرد زوو بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و باسی لەوە کرد کە شانازی بە ئێوەوە دەکەم خاوەن بڕوانامەن و خزمەت دەکەن لە ڕیزەکانی شۆڕشدا.

هاوکات مەلا قادر محەمەد، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، وتی: شەهید ئیدریس بارزانی، سەرکردەیەکی زۆر بوێر و چالاک بوو و کەسێکی تا بڵێی کراوە بوو، کە من خۆم 10 ساڵ لەگەڵی بوومە و هەمیشە ڕێزی لە پێشمەرگە دەگرت و نانخواردنیشی لەگەڵ پێشمەرگە بووە و ئەوان چییان خواردبووایە، ئەویش هەمان خواردنی دەخوارد و هیچ کات خۆی لە پێشمەرگە جیا نەدەکردەوە.
مەلا قادر وتیشی: شەهید ئیدریس بارزانی لە هەموو شەڕەکان بەشداری دەکرد و چاونەترس بوو و خۆشی لە پێشەوەی هەموو شەڕەکان بوو و هەمیشە سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، نموونە لە شەڕی هەندرێن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و گورزێکی کوشندەی لە دوژمنانی کورد دا و سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد.
لای خۆشییەوە، سدیق گۆران، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، دەڵێت: کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد، سەرپەرشتیی شۆڕشی گوڵانی دەکرد، ئەو کات بارزانیی نەمر و سەرۆک بارزانی لە دەرەوە بوون، کە ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، لە تاران دەگەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ سلێمانە و ئەو کات فازڵ میرانی و عەبدولموهەیمین و بابەکر زێباری هاتبوونە پێشوازی و لە ماڵی ئێمە بوون و کاتێک گەیشتە شوێنی خۆی و دوای بەڕێکردنی بۆ سلێمانە بۆ شوێنی خۆی، لەوێ کۆچی دوایی کرد، کە خەمێکی گەورەی بۆ هەموو کوردستان دروستکرد، چونکە کاک ئیدریس هەر کێشەیەک هەبووایە، چەندیش زەحمەت بووایە، چارەسەری دەکرد، چونکە سەرکردەیەکی زۆر لێهاتوو بوو و کەلێنێکی گەورەی دروستکرد و سەرکردەیەک بوو هەموو ژیانی لە

خەباتی کوردایەتیدا بەسەر برد و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خەباتی کوردایەتیدا هەبوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-13	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2024 - (kdp.info)
کاتی تۆمارکردن: 26-08-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 555
کۆچی مرۆڤی باڵا لە ئاوابوونی خۆر دەچێت ئیدریس بارزانی بۆ ئێستا چیمان پێ دەڵێت؟
20250708172154644712=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
کۆچی مرۆڤی باڵا لە ئاوابوونی خۆر دەچێت ئیدریس بارزانی بۆ ئێستا چیمان پێ دەڵێت؟

یادکردنەوەی پیاوە گەورەکانی قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی، بۆنەیەکە بۆ هێنانەوە گۆی ئەو فیکر و هەڵوێست و پەیڤە شۆڕشگێڕ و گرنگانە کە ئازادی نەتەوەیان لەسەر بوونیادنراوە یان نەخشەی ڕێگەن بۆ گەیشتن بەئازادی، هەر بۆیە یادکردنەوەی گەورە پیاوانی نەتەوە، هێندەی گەڕانەوەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە فیکر و ڕەفتاری ئەوان بۆ ئێستا بخوێنینەوە، هێندە گێڕانەوەی مێژووی ژیانیان نییە، بەڵکوو یادکرنەوەیان بۆ ئەوەیە لە کاتی بیرکردنەوە و هەنگاو هەڵگرتنمان بۆ ئایندە بەزیندوویی بمێننەوە، بەزیندوویی هێشتنەوە بەمانای دووبارە پیادەکردنەوەی پەیڤ و فیکری ئەوان نییە، بەڵکوو بەمانای دووبارە خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ ئێستایەک نەک لە ڕابردوودا چی وتووە، ڕاشکاوانەتر یادکردنەوەی گەورە پیاوان بۆ ئەوەیە پرسیار لە خۆمان بکەین، ئەوان پێشتر بەمجۆرە بیریان کردووەتەوە و بەم جۆرە ڕەفتاریان کردووە، ئایا ئەگەر ئێستا لەگەڵمان بوونایە بۆ ئێستا چیان دەوت و چۆن بیریان لە داهاتوو دەکردەوە؟ کەواتە ئەم میتۆدە باس لەوە ناکات ئەم پیاوە گەورەیە، لە ساڵی ئەوەندە لەدایک بووە و لەوەندە کۆچی دوایی کردووە، بەڵکوو بۆ درێژەپێدانی ئەو مێژووەیە، بۆ نوێکردنەوەی ئەو فیکر و پەیڤ و ڕەفتارانەیە کە دەبنە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ڕەفتاری ئێستامانی پێ ڕاست دەکەینەوە، ئەم نووسینە بەو ئاراستەیە خۆی دەخاتە نێو یادکردنەوەی ئیدریس بارزانی بەوەی جارێکی دیکە موناقەشە لەگەڵ گیانی ئەم پیاوە گەورەیە بکات و هەوڵبدات سەرلەنوێ فیکر و پەیڤەکانی دووبارە بەدیدێکی هاوچەرخانە بخوێنێتەوە، بۆیە کاتێک یادی دەکەینەوە لەهاوسەنگەرانی ناپرسین ئیدریس چۆن بووە و چی کردووە؟ بەڵکوو پەیڤەکانی بیرکردنەوەی دەخەینە بەردەمی نەوەی نوێ، بۆ ئەوەی ئەوان ئێستا جارێکی دیکە لەسەری ڕابمێنن و مانای تازەی بۆ ئێستا لێ هەڵهێنجێنن، مەبەستمان ئەوەیە ئەو خەونە قوونڵەی ئیدریس بۆ نەوەی داهاتوو لە کۆڵی نابوو، ئێستا ئەو نەوەیە پێگەیشتووە، ئایا تا چەند ئەم نەوەیە خۆی لەنێو ئەو فیکرە دەدۆزێتەوە و تا چەند دەتوانێت ئەو فیکرەی ئیرادەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ بەگژداچوونەوەی هەموو داگیرکاراندا بوونیاد نا، ئێستا چۆن دەتوانین بەو فیکرە ئیرادەی بوونیادنان و داهێنان و بڕینی ڕێگەی بەرەو سەرفرازی درێژە پێبدەین، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێک یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەم پیاوە گەورەیە کە چۆن لەبەردەستی بازرانی نەمر بووە، خزمەتکاری خەڵک و لە پێناوی ئازادی کورد و کوردستاندا چۆن خەباتی کردووە و لەقوربانیدان بێ منەت بووە، بێ منەتی بەو مانایەی ئەو بۆ ئەوە قوربانی نەداوە تا ئێستا ئێمە بێین پاداشتی بدەینەوە یان سوپاسی بکەین، ئەو خۆی کردبووە بەردەباز بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لەبڕیاری سەپاوی داگیرکارانەوە کە پێیان دەوتین ملکەچی ئەرکی سەرشانتانە، بپەڕنەوە بۆ ئەوەی بەسەربەرزی بڵێن ئەمە (داواکاریمانە)، ئەم وەرچەرخانەی کە ئیدریس ڕۆڵی کاریگەر و گرنگی تێدا گێڕاوە، گۆڕینی (بەڵێ)ی گەلێکی زۆر لێکراوە، بە (نەخێر) بۆ زۆرداری و چەوسانەوەی گەلێکی ئازادیخواز.
ئیدریس بارزانی وەک قوتابی خەڵک
نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان کە ساڵی پار2011 بڵاوبووەوە، سەبارەت بەم لایەنەی ژیانی ئیدریس بارزانی وەک باوک، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو لە گەنجیدا هەندێک بیروبۆچوونی هەبووە، ئیدریس بارزانی پێی خۆش نەبووە، بەڵام ئیدریس فەرزی نەکردووە بەسەریدا کە کوڕەکەی واز لەو فیکرە بهێنێت، بەڵکوو موناقەشەی لەگەڵی کردووە و هەوڵیداوە بە موناقەشە کوڕەکەی خۆی تێبگەیەنێت، ئاماژەکردنمان بەم قسەیەی نێچیرڤان بارزانی، بۆ هەڵوێستەکردنە لەسەر گێڕانەوەکەی بەڕێزیان، کە دیمەنێکی

هێجگار دەگمەنی ئیدریس بارزانیمان پیشاندەدا، کە بەچەند خاڵێک ئاماژەی پێدەکەین:

1-گێڕانەوەکەی نێچیرڤان بارزانی ئاماژەیە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش واتە تەمەنی ئەو لە15-20 ساڵ بووە، واتە لەو تەمەنەدا نێچیرڤان بارزانی لاوێکی خوێنگەرم بووە، ئیدریس بارزانی مافی خۆی بووە وەک باوک کوڕە گەنجەکەی ناچار بکات لەو ڕێبازە دووربکەوێتەوە کە ئەو بەڕاستی نەزانیوە، بەپێچەوانەوە وەک هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکەی نەک باوک، ڕەفتاری کردووە و هەوڵیداوە کوڕەکەی قەناعەت پێ بکات.

2-ئەمە پێمان دەڵێت پرانسیپی لێکتێگەیشتن و دیالۆگ یەکێک بووە لە خەسڵەتەکانی ئەم پیاوە گەورەیە، ئەمە خەسڵەتی تێگەیشتنێکی قووڵ بووە لە ڕێبازی بارزانی کە لەبنەڕەتدا ڕێبازی بارزانی واتە ڕێبازی خەڵک، واتە ملکەچکردن بۆ داوای خەڵک، بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەم تێگەیشتنە (خۆی و ئەوی دی) لە فیکری ئیدریس-دا یەکسان کردووە، ئەوجا ئەوی دی هەر کەسێک بووبێت لە بەرانبەردا مامەڵەی هاوتای خۆی لەگەڵ کردووە، با ئەوی دی (نێچیرڤان)ی کوڕە گەورەی خۆشی بووبێت.

3-ئیدریس بارزانی وەک یاریدەدەرێکی نزیکی بارزانیی نەمر و قوتابییەکی بەئەمەکی ڕێبازی بارزانی، لەوە تێگەیشتووە کە پێویستە سەرکردە قوتابی گەل بێت، نەک گەل قوتابی سەرکردە بێت، تێگەیشتنیشی بۆ ڕێبازی بارزانی هەر لەم ڕوانگەیەوە بووە، لەبەر ئەوەی بارزانیی نەمر بڕیاری شەڕ و ئاشتی گێڕاوەتەوە بۆ ڕای گەل و ئەو وەک خزمەتکار بڕیاری گەلی جێبەجێ کردووە، سەرۆک مەسعود بارزانی لە نووسینێکیدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر بەپێی بەرنامەی بازرانی نەمر بوایە نەدەبوو شۆڕشی ئەیلوول لە 11-09-1961 دەستی پێ بکردایە، بەڵکوو لانی کەم بەپێی بەرنامەی بارزانیی نەمر چەند مانگێکی بۆ ئامادەباشی پێویست بوو، بەڵام کە گەل فەرمانی پێکرد، بارزانیی نەمر وەک سەربازێکی دڵسۆز فەرمانی گەلی جێبەجێ کرد، هەروەها بۆ ئاشتی و گرێدانی وتووێژ لەگەڵ ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی ئێراقیشدا، بارزانیی نەمر خۆی بڕیاری نەداوە و گەل فەرمانی پێکردووە ئەو کارە بکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئاکار و ڕەفتاری ئیدریس بارزانی بکەین، دەبینین بە جۆرێک لە قووڵایی ڕێبازی بارزانی تێگەیشتووە، کە تەنانەت لەمانەکەی خۆشیدا، وەک هاوڕێ و هاوتا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ڕەفتاری کردووە و هەوڵینەداوە هێزی باوکایەتی خۆی فەرز بکات.
کەواتە ئەم تێگەیشتنە و ئەم ڕامان و قووڵبوونەوە فیکرییەی ئیدریس بارزانی خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ ڕێبازی بارزانی، بەوەی پێویستە ئەم ڕێبازە خەسڵەت و ڕەفتارمان نەک هەر لەناو کۆمەڵگە، بەڵکوو لەناو خێزانەکانیشماندا دەبێت بگۆڕێت و ڕێز لە بەرانبەر بگرین، کەواتە کاتێک یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، یادی ئەوە ناکەینەوە ئەو چی پێوتین، بەڵکوو یادی ئەوە دەکەینەوە گەل چی بەو گووتووە، چۆن ئەوەی گەل پێیگووتووە بووەتە بەرنامەی ئەو لە کاتی جێبەجێکردندا، (لەبەر ئەوەی ئیدریس سەربازێکی جێبەجێکار بووە) ئێستا وەک گوتە و ڕەفتار و فیکری ئەو دەیخوێنینەوە، ئەوەی بەڕەو لایەنێکی دیکەی ژیانی ئیدریس بارزانیمان دەبات، ئەوەیە کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی ئەم پیاوە گەورەیە هەڵدەدەینەوە، هەست ناکەیت مێژوو یان ڕابردوو دەخوێنیتەوە، بەڵکوو هەست دەکەیت لە ئێستادایت و هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگریت، نهێنی ئەم تێکەڵاوبوونەوەی ڕابردوو و ئێستا لەناوگیانی ئیدریس بارزانیدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیدریس فێری کردوین گوێمان لێبگرێت چیمان دەوێت، نەک گوێ لێبگرین ئەرکی سەرشانمان بۆ دیاری بکات، بۆیە کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ جیهانی ئیدریس بارزانی لە ناخەوە دەنگێک دەبیستین پێمان دەڵێت (چیتان دەوێت و چی بکەین باشە؟) ئەو لە ئاڕاستەکردنی ئەم پرسیارەدا دەزانێت ئەو پرسیارە ئاڕاستەی نەوەیەک لەزەمەنێکی دیکەدا دەکات، ئەو چاوەڕێی وەڵامی ئێستایە، بۆیە ئێمەش کاتێک لەوپەڕی ڕامان و بیرکردنەوەدا دێینە گۆ و بەدەنگی بەرز داواکارییەکانمان دەڵێین، ڕادەچەڵەکێین، ئەم ڕاچڵەکاندنە داوای ئیدریسێکی دیکە دەکات گوێمان لێبگرێت و فەرمانەکانمان جێبەجێ بکات، چاوەڕێ دەکەین ئیدریس بەپێوە ڕاوەستابێت و پێمان بڵێت ئەمر

دەکەن بەسەر چاو، ئەم ڕۆحەی ئیدریس کە لە ناخی هەریەک لەوانەی بەدیداری ئیدریس شادنەبووبن، لە ناخماندا ئیدریس دەبێتە ئەو مرۆڤە باڵایەی کە هەر یەکەمان بە جۆرێک وێنای دەکەین و بەڕەفتارەکانی دەیناسینەوە، کە دەچینە بەردەم سندوقی دەنگدان تەنیا ئەو وێنایە دەبینین کە ڕەفتاری ئێستای بەرپرسان کەم تا زۆر، هاوتای وێنای ئیدریسی ناخمان دەبن، بۆیە لەو کاتە دەنگ بە ئیدریس دەدەین و دەنگ بەوانە دەدەین کە لە ئیدریس دەچن.

چۆن فیکری ئیدریس و خواستی خەڵک تێکەڵاو دەبێت

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە ئیدریس بێجگە لە جێبەجێکردنی داوای خەڵک، خۆی شتێکی دیکەی نەبووە، ئەوا پرسیار ئەوەیە ئایا مەبەستمان لە فیکری ئیدریس و پەیڤەکانی ئیدریس چین؟ ئایا کە ئیدریس خۆی قوتابی گەل بووە، ئێستا بۆ دەمانەوێت بیکەینە مامۆستای خۆمان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە قورسانە ئاسانن، لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێک باسی فیکری ئیدریس دەکەین، باسی ئەو فیکرە دەکەین کە بۆ خزمەتکاری گەل داهێنانی کردووە، ڕێگەی جۆراوجۆری تاقیکردووەتەوە بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە (داوای خەڵک) لە داوایەکی زارەکییەوە بگۆڕێت بۆ کردار و جێبەجێ کردن، دڕووست ئەم نموونەیە وەک ئەوەیە سەردارێک خزمەتکارێکی زیرەکی هەبێت، ڕاستە سەردارەکە خواستی هەیە و بەخزمەتکارەکەی دەسپێرێت جێبەجێی بکات، بەڵام هەتا سەردارەکەی پێ نەڵێت خزمەتکارەکە بیری لەو شتە نەکردووەتەوە، بۆیە کاتێک پێی ڕادەگەیەنن دەبێت ئەوکارە بکەیت، ئەو کاتە زیرەکی و لێهاتوویی خزمەتکارەکە دەردەکەوێت چۆن ئەو کارە بۆ سەردارەکەی جێبەجێ دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا داواکاریی هەر داواکاری سەردارەکەیە، بەڵام چۆنییەتی جێبەجێکردنی داواکارییەکە دەبێتە فیکر و زیرەکی و لێهاتوویی خزمەتکارەکە، ئەمە بۆ بارزانیی نەمریش بەو شێوەیە بووە، بارزانیی نەمر داوای لێ کرابوو دەبێت شۆڕش دەست پێ بکات، بەڵام کاتی دەستپێکردنەکەی پێنەوترابوو، بەڵام کاتێک گەل ئەمری کرد دەست پێ بکات، بارزانیی نەمر دوو دڵ نەبوو، بۆیە لەم حاڵەتە ڕاستە شۆڕش ئیرادەی گەلە، بەڵام هەڵسووڕانی شۆڕشەکە و گۆڕێنی شۆڕشەکە بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستانی، فیکر و لێهاتوویی ئەو خزمەتکارە زیرەکەیە کە ناوی مستەفا بارزانیی نەمر بوو، ئەگەر لەم خاڵەوە ئیدریس بخوێنینەوە، دەبینین فیکر و لێهاتوویی ئیدریس بارزانی لە درێژەپێدانی ئەم ڕێبازەیە، واتە بەردەوامیدان بەخزمەتکاری خەڵک، واتە بەردەوامیدان بەگوێ هەڵخستن بۆ ئەوەی گوێبیستی داوای خەڵک بێت، واتە بەردەوامی دان بەوەی چۆن بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی داواکانی خەڵک بەکەمترین قوربانی و زیان بۆ خەڵک جێبەجێیان بکات، بۆیە زۆر جار کە هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەم پیاوە گەورەیە چەردەیەک لەلێهاتوویی و زیرەکی ئیدریس بارزانیمان بۆ دەگێڕنەوە، سەرسامیان بە ڕەفتار و ئاکارە بەرزەکانی ئەم پیاوە وایان لێ دەکات لەبری ئەوەی وەک خزمەتکارێکی لێهاتوو و زیرەکی گەلی خۆی پیشانمان بدەن، هەست دەکەین وەک ئەوەی لە ئیدریسدا مێژوو کۆتایی بێت، بێگومان ئەم وێناکردنەی ئیدریس بارزانی وەک کۆتایی مێژوو لەگەڵ ئەوەی لەدڵسۆزییەوەیە بۆ ڕێبازی بارزانی و درێژەپێدەرانی ئەو ڕێبازە، بەڵام ڕاستییەک هەیە پێویستە هەموومان بیزانین لەناو ڕێبازی بارزانیدا کۆتایی مێژوو نییە، بەڵکوو بەردەوامی مێژوو هەیە، هەتا ئەگەر بۆ ئەم چەمکەی (کۆتایی مێژوو) بگەڕێینەوە بۆ مانا فەلسەفییەکەی کە هیگڵ بۆ شۆڕشی فەرەنسا و فۆکۆیاما بۆ جیهانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین بەکاری هێناوە و لەو چوارچێوەیەدا کۆتایی مێژوو وەک گەیشتن بەئازادی ڕاڤە بکەین، ئەوا هێشتا ئازادی تەواو و بوونیادنانی دەوڵەت و ڕێکخستنی ئازادییەکان لەناو ئەو دەوڵەتە، ئێمە زۆرمان ماوە، هەتا ئەگەر بگەینە ئەم ئاستەش ئێمە هەر پێویستمان بە ئیدریسەکانە بۆ ئەوەی ئەو ئازادییە بپارێزن، لەبەر ئەوەی پاراستنی ئەو ئازادییەش خواستی خەڵکە و دەبێت ئیدریسێک گوێی لێبگرێت و بەرنامەی بۆ دابنێت بیپارێزێت.

فیکر و ئاکاری ئیدریس بۆ هەموو سەردەمێک

ئەم دێڕانە پێدا هەڵدان نییە بۆ مرۆڤێک کە ناوی ئیدریس بارزانی-یە، لەبەر ئەوەی ئیدریس خۆی فێری

کردوین، مرۆڤی باڵا پێویستی بەستایش و سوپاس نییە، بەڵکوو ئەگەر ئاستی بیستنی گوێیەکانمان لەو ئاستە بێت ئەو دەنگە ببیستێت و لێی تێبگات، ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەڵک لەلۆژیک و شێوازی خەبات و قوربانیدانی ئەم مرۆڤە باڵایە بکەینەوە، ئەمەش واتە دووبارە بەدەنگ هێنانەوەی پەیڤەکانی ئیدریس بازرانی کە بۆ ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمانە، هەروەک چۆن ئەمریکا لەسەر زاری ئەبراهام لنکۆڵنەوە دوای چوار بیست و حەوت ساڵ (ئەم دەستەواژەیە دەربڕینی لنکۆڵنە بۆ ئاماژەکردنی بۆ 87 ساڵ)، لە سەربەخۆیی، پێویستی بەوەبوو بگەڕێینەوە بۆ بەیانی سەربەخۆیی (نەک دەستووری ئەمریکا) بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو بەیانە ببێتە ڕێگە پیشاندەر بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆی نێوان باشوور و باکوور و دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆماری ئازادی ئەمریکا، کەواتە دووبارە گەڕانەوەی لنکۆڵن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا بخوێنێتەوە، ئەمە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ ئەوەی دوای 87 ساڵ جارێکی دیکە ئەمریکا پێویستی بە جۆرج واشنتۆن و تۆماس جیفرسۆنە بۆ ئەوەی مانا بەئازادی نەتەوەی ئەمریکا ببەخشێتەوە، ئەمە ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە دووبارە لنکۆڵن داوای هاتنەوەی ئەو سەرکردانە دەکات کە ئەو کۆمارە ئازادەیان بوونیاد ناوە، کەواتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ تێپەڕاندنی ئێستا و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئایندە، نەریتێکی جیهانییە و هەموو نەتەوەکانی جیهان شانازی بە مێژووی خۆیان و سەرکردە مەزنەکانی خۆیانەوە دەکەنەوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ مێژوو و یادکردنەوەی سەرکردەکانیان بۆ ئەوە نییە قسەکانی ڕابردوویان دووبارە بکەینەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە تێبگەین بۆ ئەمڕۆ چیمان پێدەڵێن، هەر بۆ نموونە کاتێک دوای 87 ساڵ ئەبراهام لنکۆڵن دەگەڕێتەوە بۆ جیفرسۆن و جۆرج واشنتۆن، ئەمە گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو تێگەیشتنە لەمانای ئازادی بۆ ئەمریکاییەکان، لەبەر ئەوەی لەبەیانی سەربەخۆیی ئەمریکادا هاتووە دەبێت ئەمریکاییەکان ئازادبن، ئەم ئازادییە بەتەنیا مانای ئەوە نییە کە لەژێر دەستی بەریتانیا ئازاد بن، بەڵکوو پێویستە لەکۆماری ئازادی ئەمریکا کۆیلایەتی نەبێت، سەرنج بدەن کاتی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا، هەموو نەتەوەیەک داگیرکراو بوون، بۆیە مانای ئازادی تەنیا ڕزگاربوون بوو لە دەستی بەریتانیا، بەڵام کاتێک لەو وڵاتە ئازادە کۆیلایەتی بوونی هەبێت پێویستە جارێکی دیکە مانای ئازادی پێناسە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانیت بۆ ئەو سەردەمە چی پێدەڵێیت، لەمەش گرنگتر ئۆباما کە لە 20-01-2009 سوێندی سەرۆکایەتی خوارد وەک سەرۆکی چل و چوارهەمینی ئەمریکا، بەو ئینجیلە سوێندی خواردووە کە لنکۆڵن وەک سەرۆکی شانزەهەمین سوێندی پێخواردووە، هەروەها لە12-02-2002، واتە دوای تێپەڕبوونی تەنیا 22 ڕۆژ بەسەر ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بەشداری ئاهەنگی یادی 200 ساڵەی لەدایک بوونی لنکۆڵنی کرد، تیایدا داوای کرد پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئیرادەیەی کە 159 ساڵ لەم کەبیتەڵ هۆڵە کە ئەو کات سەقفەکەی تەواو نەبووە، بڕیاری داوە، مەبەستیش بڕیاری پاراستنی ئازادی و لێبوردەییە، بۆیە لەوتەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە (دوای ئەوەی ئەبراهام لنکۆڵن شەڕی ئازادی بردەوە، زۆر کەس هەستی دەکرد تۆڵە لە دوژمنەکانی دەکاتەوە، بەڵام ئەو ئەسپ و چەکەکانی لە دوژمنەکانی سەند، بەڵکوو پێی وتن، بگەڕێنەوە ناو ماڵی خۆتان، لەمەودوا ئەسپەکانتان بۆ زەوی کێڵان و کشتوکاڵ بەکاربهێنن و تفەنگەکانتان بۆ ڕاو)، ئۆباما لە خوێندنەوەی نوێی بۆ فیکر و پەیڤەکانی لنکۆڵن مەبەستی ئەوە نییە کە ئێستا و لەم سەردەمە بەئەمریکاییەکان هەمان شت دووبارە بکاتەوە، بەڵکوو دەیەوێت پێیان بڵێت پاراستنی ئازادی بڕیاری بەئاستی ئیرادەی لنکۆڵن دەوێت و لێبوردنیشی بەئاستی دڵفراوانی لنکۆڵن دەوێت.

لێرەوە ئێمەش کاتێک یادی ئیدریس دەکەینەوە زۆر جار نازناوی هەمیشە زیندووی بۆ بەکار دەهێنین، ئەوا پێویست دەبێت لەسەرمان وەک ئۆباما چۆن لنکۆڵن دەخوێنێتەوە ئێمەش بەهەمان ئاست ئیدریس بخوێنینەوە و لە خۆمان بپرسین چۆن دەتوانین وشەی هەمیشەزیندوو وەک کالا بەقەد و باڵای ئیدریس بارزانی بەکاربهێنین، بێگومان ئەو کاتە ئیدریس لەناوماندا زیندوو دەبێت کە بزانین ئەم قۆناخەشمان پێویستی بە بڕیاری بوێرانە بەئاستی ئیرادەی ئیدریس هەیە، دەبێت بزانین قوربانیدان بۆ یەکڕیزی و کۆکردنەوەی تواناکان و جۆشدانیان بۆ ئێستا لۆژیکی بەئاستی لۆژیکی ئیدریس دەوێت، دەبێت بزانین بوون بەخزمەتکاری میللەت و

گوێگرتنمان لەداواکانی خەڵک و هەوڵدان بۆ داهێنان لەچۆنییەتی جێبەجێکردنی داواکانی خەڵک، ئەوە بەئاستی ئیدریس سادەیی و کەسێتی جیاوازی دەوێت، لێرەوە ئەگەر لەگەڵ زەردەشت لە خۆمان بپرسین چ لەو کارە مەزنترە بتوانین دەستبەرداری غرور و فیزی خۆمان بین، بۆ ڕۆحی شادی ئیدریس هەموو ئەم هەنگاوە هەڵگرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2012-02-02

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2012-02-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 556
کۆچیادی سەرکردەی مەیدانیی شۆڕش و ئەندازیاری بەرەی کوردستانی
20250709232743644985=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: کۆچیادی سەرکردەی مەیدانیی شۆڕش و ئەندازیاری بەرەی کوردستانی
ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

ڕۆژی 31-01-1987، گەلی کوردستان سەرکردە و خەباتگێڕێکی گەورەی لەدەست دا، کە ئەویش ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، سەرکردە و تێکۆشەری گەلەکەمان و کوڕی ڕابەری نەتەوەیی مستەفا بارزانییە.
ئیدریس بارزانی، خاوەن مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شێخانی بارزان و شۆڕشگێڕەکانی ئەو ناوچەیە پەروەردە کراوە. ئەو دەڤەرە لە مێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا چەندین ڕابەر و سەرکردەی گەورە و بەتوانای تیادا دەرکەوتووە، لەوانە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و سیمبولی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی و چەندین شۆڕشگێڕی دیکە.
ئیدریس بارزانی، لە شۆڕشی ئەیلوول هاوشان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی، لەژێر ڕێنمایی ڕابەر و باوک و گەورەی بیری نەتەوەییان، مستەفا بارزانیی باوکیان، ڕۆڵێکی کارا و گرنگیان بینیوە. لە دوای نسکۆی شۆڕشیش لە ساڵی 1975، وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو ئالنگارییانەی ڕووی لە گەلی کوردستان و پێشمەرگە کرد، بە شێوەیەکی زۆر ئەندازیارانە شۆڕشی گوڵانیان پێکەوە بەڕێوە برد و لە ڕاپەڕاندنی کاروباری پێشمەرگایەتیدا ئەندازیار و ئازا بوون و بە وردەیەکی پۆڵاییەوە ئەو ئەرکە قورسەیان لەو ڕۆژە سەختانەدا بەڕێوە برد.
بۆ قسەکردن لەسەر لاپەڕەکانی پڕ لە خەباتی ئەم سەرکردەیە و هەڵدانەوەی چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانی پڕ لە خەبات و پێشمەرگایەتی، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی، تێکۆشەر و کەسایەتیی ناسراو کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.
(باسنیوز) وەکوو ئاشکرایە، لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا سەرکردە و کارێزما هەیە، بەتایبەتیی ئەو سەرکردانەی هەموو ژیانیان لە پێناو بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان تەرخان کردووە. لەم ڕۆژانەشدا گەلی کوردستان یادی سەرکردەیەکی گەورەی خۆی دەکاتەوە، کە ئیدریس بارزانییە، ئایا هۆکاری دەرکەوتنی ئەم سەرکردانەی گەلی کوردستان لەم دەڤەرە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟
شێخ تاهیر شووشی: وا دیارە فەرمان و ئیرادەی خوای گەورە لەسەر ئەوەیە، بۆ سەرکەوتن و ڕزگاربوونی هەر میللەتێکی چەوساوە و ژێردەستە، کەسێک یاخود بنەماڵەیەک دیاری بکات کە هێز و توانا و خۆڕاگرییان پێ دەدات و ئامادەیان دەکات. لەناو میللەتاندا نموونەی زۆرمان هەیە، ڕابەری وا هەڵکەوتوون، کە بە ئازایەتی و قارەمانییەتی بوونەتە جێی متمانەی خەڵکی خۆیان و بەڕێ ماندووبوون دروشمی خەبات و تێکۆشانیان هەڵگرت، تا ڕزگار بوون، وەکوو غاندی و نیلسۆن ماندێلا و چەندین سەرکردەی دیکە.
میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی، بە سەدان ساڵە پەرتەوازە و ژێردەست و مافخوراو بووە و بە هەزاران شەهید و قوربانیی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی داوە، زۆر جاریش شکستی هێناوە و بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، خودای میهرەبان بنەماڵەیەکی خوداناس و ئەهلی عیرفان و عەدالەت و مرۆڤدۆستی بۆ میللەتی کورد دەرخست، کە لەناو ڕەحمی ئەو میللەتەدا و لە دەڤەری بارزان سەری هەڵدا و چرۆی کرد، ئەویش بنەماڵەی شێخەکانی بارزانە و بە بیر و باوەڕێکی کوردایەتیی قووڵەوە کەوتنە نێو ڕێڕەوی تێکۆشان و فیداکاری، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەتی کورد.
بزاڤ و تێکۆشانی بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و شۆڕشگێڕانی ئەو ناوچەیە و ناوچەکانی تری کوردستان، ڕۆژ لە

دوای ڕۆژگەشەی دەکرد و پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دەبینی، بەتایبەت لە ڕووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بۆیە دەبینین لەو ماوەیەدا زۆر ڕابەر و سەرکردەی بەتوانا سەریان هەڵدا و بوون بە قوتابیی ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی، بەتایبەتیی لەناو خودی شێخەکانی بارزاندا، وەک شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و و مەلا مستەفا و ئیدریسی جوانەمەرگ.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، دەبیین زۆر سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەی قارەمان لە قوتابخانەی بارزانی پێگەیشتن و پڕ بە بیر و باوەڕی کوردایەتی و لە بواڕەکانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا ناوبانگیان پەیدا کرد، یەک لەوانە ئیدریس بارزانیی جوانەمەرگ بوو.

ئیدریس بارزانی، وێڕای ئەوەی کوڕی مستەفا بارزانی بووە، هاوکات ناوبانگێکی گەورەی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا هەیە، پرسیار ئەوەیە، دەکرێت سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم سەرکردە گەورەیە باس بکەیت؟

شێخ تاهیر شووشی: شەهیدی هەمیشە زیندوو، ئیدریس بارزانی، کوڕی ڕابەری کورد مستەفا بارزانی، لە 1944 لە گوندی بارزان لەدایک بووە، هەر لەو ڕۆژەی چاوی بە دونیا هەڵێناوە، کەوتووەتە نێو دەریایەکی پڕ کارەسات و جەنگ و ماڵوێرانی و دەربەدەری، چونکە لەو کاتەدا مستەفا بارزانیی باوکی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەرخودانی خەڵکی کوردستانی دەکرد و کەوتبوونە نێو کێشمەکێشێکی گەورە لەگەڵ حکوومەتەکانی ئێراق و ئینگلیز، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد.

لە ئەنجامی شۆڕشی بارزان لە 1945 و ئاوارەبوونی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 1946، ئەو کاتە تەمەنی ئیدریس بارزانی دوو ساڵ بووە، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان، ئیدریس بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە شێخەکانی بارزان و خێزانەکانیان، بە فەرمانی حکوومەتی ئێراق دوور خرانەوە بۆ شاری مووسڵ، شێخ ئەحمەد بارزانی و چەند کەسێکی دیکەیان خستە زیندانی بەسرە لە خواروووی ئێراق. ئەمە یەکەمین جار بوو ئیدریس بارزانی لە باوکی خۆی جودا ببێتەوە، چونکە بارزانی لەگەڵ 512 جەنگاوەری کورد سەریان بۆ حکوومەتەکانی ناوچەکە دانەنواند و ڕوویان کردە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، تا 1958 مستەفا بارزانی لەگەڵ هەموو جەنگاوەرەکان لە سۆڤیەت گەڕانەوە ئێراق و جارێکی تر ئیدریس لەگەڵ باوکی بە یەکدی شاد بوونەوە و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی بەغدا لەگەڵ مەسعود بارزانیی برای، درێژە بە خوێندن دەدەن.

لە ساڵی 1962 هەردووکیان واز لە خوێندن دەهێنن و دەچنە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لەگەڵ باوکیان دەمێننەوە و خەباتی کوردایەتی دەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستێرەیان زیاتر دەگەشێتەوە و دەبنە پێشمەرگە و یاریدەدەر بۆ باوکیان، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. ساڵی 1964 ئیدریس بارزانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدات و 8 منداڵیان دەبێت، کە سێیان کچ و پێنجیان کوڕ بوون، بە ناوەکانی: نێچیرڤان، دلۆڤان، عەباس، یوسف، ڕەوان. و هەروەها سێ کچ.

ئەو وێستگە و ڕووداوانەی لە ژیانی ئیدریس بارزانی چ ڕۆڵێکی لەسەر دروستبوونی ئەو خەسڵەتانەدا هەبووە، کە پێی ناسراوە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئەوەی زانراوە لە ژیان و ڕەوشتی ئیدریس بارزانی و بۆچوون و خەسڵەتەکانی، هەر لە منداڵییەوە زۆر زیرەک و ژیر و چالاک بووە و بیرمەندێکی کارامە بووە و زۆر حەزی لە خوێندن بووە و تێکەڵ بە کەسانی بیرمەند و شارەزا و شاعیر و ئەدیبان دەبوو، تەنانەت لەسەر دەستی شێخ بابۆ و کەسانی تر لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و کەسانی بەتەمەنی ئەو ناوچەیە بووە خاوەن مێژوویەکی دێرین و پەند و بەسەرهاتەکانی، بەتایبەتیی ئەوانەی یاوەر و یاریدەدەرانی باوکی و شێخ ئەحمەد و شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوون.

ڕەفتارەکانی ئیدریس بارزانی لە ڕەفتارەکانی شێخەکانی بارزان دەچوو، چونکە خۆی بە موریدی تەکییەی بارزانی دەزانی و هەر لەو ڕێگایەوە بوو بە ئەهلی تەسەوف و خوداناسی. زۆر لە برادەر و دۆستانی ئیدریس بارزانی دەڵێن، ئیدریس هەر لە منداڵییەوە کەسێکی هەستیار و بیرمەندێکی بیرتیژ و چەلەنگ بووە و لە ڕووی هزر و بیر و ڕەفتارەوە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بووە، حەزی لە خوێندن بووە و قوتابییەکی ڕێکوپێک بووە و هەمیشە

ڕێزی لە قوتابیان و مامۆستایانی دەگرت و دۆستی هەمووان بووە و شارەزایەکی تەواوی لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تا ڕادەیەک لە ئینگلیزیشدا هەبووە). ئیدریس بارزانی وەک مستەفا بارزانیی باوکی، خاوەن ئیمان و بیر و باوەڕێکی بێ سنوور بوو، زۆر لە ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ.)ی لەبەر بووە و لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکردن و لە هەمان کاتدا ڕێز و پێزانینی بۆ ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان هەبووە، وەک ئایینەکانی کریستیان و یەهوودی و ئێزدی و ئایینەکانی تر.

هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵەکانی و پێشمەرگە و هەڤاڵانی چۆن بووە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی بۆ منداڵەکانی، باوکێکی بەهیمەت و پڕ ڕەحم و میهرەبانی بووە، زۆر لێیان نزیک دەبووەوە و بە باشترین شێوە پەروەردەی دەکردن، تا لە پاشەڕۆژدا بتوانن خزمەتی خۆیان و خەڵکی کوردستان بکەن، لە هەمان کاتدا، بایەخێکی زۆری بە پێشمەرگە و کادیرانی پارتی و کەسانی هەژار و بێدەرامەت دەدا. خاوەن دڵێکی فراوان و هیمەتێکی بێسنوور بووە و زۆر مرۆڤناس و بە ئەزموون بووە، وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان هەبووە و بەئاسانی دۆست و دوژمنی خۆی لەیەکدی جودا دەکردەوە و خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بوو.

ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە مەیدانی کوردایەتی و شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا چۆن بووە، بەتایبەتیی کە سەرپەرشتیی چەندین داستانی وەک هەندرێن و زۆزکی کردووە؟

شێخ تاهیر شووشی: هەر لە سەرەتای چوونی ئیدریس بارزانی بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە 1962، ببووە جێگای متمانەی بارزانیی باوک و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامودەزگاکانی شۆڕش و پارتی و هێزی پێشمەرگە فراوان و قوواڵتر دەبوون، هەروەها پەیوەندییەکی باش و کارای لەگەڵ ناوداران و سەرۆک هۆز و چینەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پەیدا کردبوو، چونکە خۆی لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی و حزبی و کۆمەڵایەتی سەرکردەیەکی ژیر و لێهاتوو بوو و لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە خاوەنی ئەزموون و خاوەنی بڕیار.

بۆ یەکەم جار بە فەرمانی باوکی سەرپەرشتیی (داستانی هندرێن و زۆزک)ی ساڵی 1966ی کرد و هێرشی درێندانەی سوپای ئێراق و چەتە بەکرێگیراوەکانی تێک شکاند. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگەی کوردستان و سەدایەکی گەورەی لە ناوەوە و دەرەوە دایەوە و ئازایی حیکمەتی ئیدریس بارزانی چووە نێو دڵ و مێشکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ. هەر ئەو حەکیمییەی وای کرد حکوومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز ملکەچی ئاگربەست بکات، بۆ شەڕ ڕاوەستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و دەرکردنی بەیانی 29ی حوزەیرانی 1966 سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا.

ڕاپەڕاندنی کاروباری پێشمەرگەی کوردستان و پرچەککردنیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و خێزانیان، لە ئەجێندای ئیدریس بارزانیدا بوو، هەروەها لە ڕووی حزبایەتی و کوردایەتییەوە، پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی کاراتر و فراوانتر دەبوون و ئاشنایەتیی بەرچاوی لەگەڵ فەرماندە و بەرپرسانی لەشکری و حزبی و پیاوە ئایینییەکان و کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و کوردپەروەر هەمیشە لە زیادبووندا بوو.

ئێستاکە، کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا باس باسی دانووستاندن و گفتوگۆیە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، دەکرێت چ پەند و عیبرەتێک لە ئیدریس بارزانی وەربگرین، بەتایبەتیی کە خۆی و سەرۆک بارزانی لەو گفتوگۆیانەدا ڕۆڵێکی کارایان گێڕا، کە ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970ی لێ کەوتەوە و بووە بنەمایەک بۆ ئەو فیدراڵییەی، کە ئێستا لە چوارچێوەی ئێراقدا بە دەستوور دانی پێدا نراوە؟

شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە گەرمەی گفتوگۆکانی ساڵی 1970 لەنێوان بەرپرسانی حکوومەتی بەغدا و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، بە سەرپەرشتیی بارزانی، هەرچەندە ئیدریس بارزانی لە تەمەنێکی بچووکدا بوو، بەڵام لەبەر ژیری و توانا و دیدی سیاسیی بەهێزی، بەڕێزیان ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی لەو گفتوگۆیانەدا گێڕا و لە کاتی خوێندنەوەی بەیانی 11ی ئاداری ساڵی 1970، خۆی و سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ خودی سەرکۆماری ئێراق لە شاری بەغدا ئامادە بوون و پێشوازییەکی گەرم و بێوێنەیان لەلایەن خەڵکی کوردستان و

خەڵکی ئێراق لێ کرا و لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم لە 12ی ئادار لە گۆڕەپانی تەحریر لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری ئێراق و چەندین بەرپرسی تر ئامادەی ڕێپێوانێکی جەماوەریی گەورە و خۆێندنەوەی وتاری خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆیان بۆ ڕێککەوتنی 11ی ئاداری بەناوبانگ دەربڕی.
ئەی لە بواری حزب و لەناو پارتیدا، تا چەند توانیی ئەو ئەرکە قورسە لەئەستۆ بگرێت؟ بەتایبەتیی لە بواری بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان و لەشکریدا؟
شێخ تاهیر شووشی: ئیدریس بارزانی لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا لە 1970 هاتە هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و لە کۆتایی 1973 بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی، ئیدریس بارزانی وەک سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا، کەچی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و لەشکری و حزبی و پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، هەمیشە خەمخۆری ئاوارە و لێقەوماوان بوو، چ ئەوانەی ئاوارەی خواروووی ئێراق، یاخود ئەوانەی ئاوارەی ئێران و وڵاتانی بیانی بووبوون.
لە مێژوودا باس لەو ڕۆڵەی ئیدریس بارزانی دەکرێت، کە لە 1974 لە کاتی هێرشی درندەی حکوومەتی ئێراق بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەدام حسێن کرایە سەر ناوچە کوردستانییەکان، ئایا چۆن توانیی بەو توانا کەمە لە چەک و تەقەمەنی، شکستی گەورە بە ئێراق بهێنێت؟
شێخ تاهیر شووشی: ڕاستە ئیدریس بارزانی لە کاتی قەیران و ڕۆژە سەختەکاندا توانیی ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و وەرچەرخان بگێڕێت. ئیدریس بارزانی سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، بەتایبەتیی لە مانگی ئاداری 1974، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی ئێراق و بە فەرمانی سەرۆک بارزانیی نەمر، شاندێکی کوردی بە سەرپەرشیی ئیدریس بارزانی چوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەدام حسێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی بەعس پێشنیارەکەیان ڕەت کردەوە و هێرشی سەربازیی درندانەیان بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات فراوانتر کرد.
لە کاتی شەڕ و هێرشەکانی سوپای ئێراق بۆ سەر کوردستان لە 1974، ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی لە بەڕێوەبردنی بەرەکانی شەڕ و دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییە لۆجیستییە سەربازییەکان گێڕا، بۆ تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان، لەگەڵ دابینکردنی چەک و تەقەمەنیی تازە و مۆدرێن، ئەوەش بووە هۆی تۆمارکردنی سەرکەوتن و داستانێکی گەورە، کە لەو نەبەردییەدا، وێڕای کوژران و بریندارکردنی 65 هەزار سەرباز و ئەفسەری ڕژێم، توانییان دەیان فڕۆکەی جەنگی بپێکن، چ جای دەستبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپای ئێراق.
ئەی لە شۆڕشی گوڵاندا، بەتایبەتیی لە دوای ڕێککەوتنامەی شووماە جەزائیر، ئیدریس بارزانی چ ڕۆڵێکی گێڕا بۆ درێژەپێدان بە شۆڕش و گۆڕینی ئەو بارودۆخە ناهەمواریە بەسەر گەلی کوردستاندا هات؟
شێخ تاهیر شووشی: ساڵی 1975، دوای جارەدانی ڕێککەوتنامەی شووماە جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حسێندا، ئیدریس بارزانی حەکیمانە دژ بەو ڕێککەوتنە پیلانگێڕییە وەستا و بڕیاری دا، لەگەڵ مەسعود بارزانیی برای و سەرکردەکانی تر درێژە بە شۆڕش و بەرخودان بدەن و ئەو واقیعە قبوڵ نەکەن. ڕێککەوتنامەی جەزائیر کاردانەوەی گەورەی خستە سەرشۆڕش و خەڵکی کوردستان و بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵگرتن و کۆچکردنی هەزاران پێشمەرگە و خێزانی کورد بەرەو ئێران و گەڕانەوەی هەزارانی تر بۆ ئێراق و پەرت و بڵاوە پێکردنیان لە ناوەڕاست و خواروووی ئێراقدا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، هەروەک بارزانیی نەمر دەڵێت: (بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆژێکی ڕەش بوو).
لە و ڕۆژەدا کورد جگە لە دوژمنی داگیرکەر، هیچ دۆست و کەسێکی نزیکی لە دەوروبەری خۆی نەبینی. پێشمەرگە بەرەکانی جەنگی جێ دەهێشت و پەرت و بڵاو بووبووەوە، بەبێ بیرکردنەوە لە ئایندە و چارەنووسی خۆیان و خێزانیان، نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارەبوونی سەرکردایەتیی پارتی بۆ ئێران، کاردانەوەیەکی

نەخوازراوی هەبوو، بارێکی قورس و گرانتری خستە سەر شانی ئیدریس بارزانی، بەڵام ئەو سەرکردەیە هاوشان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی، بە وردیەکی بەرز و هەستێکی پۆڵایینەوە، بەرانبەر ئەو ئالنگارییانە وەستان و ئەرکەکانی کوردایەتیی خۆیان جێبەجێ کرد و دووبارە دەستیان بە رێکخستنەوەی رێزەکانی پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هەڵگیرساندنی سەرلەنوێی شۆڕش لەنێو جەرگەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان.
هەڵبەتە لەناو ئەو بارودۆخە نەخوازراوەدا، ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە زۆر بوون، کە لەلایەک ئالنگاریەکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگە و شۆڕش، لەلایەکی ترەوە نەهامەتیی گەلی کوردستان و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی زۆر بوو، ئایا ئیدریس بارزانی چۆن توانیی شکست بگۆڕێت بە سەرکەوتن و وەرچەرخان بەرانبەر گەورەترین پیلانی نێودەوڵەتی لە دژی گەلی کوردستان دروست بکات و دۆخەکە بگۆڕێت بە دووبارە هەڵسانەوە و بەردەوامبوونی شۆڕش؟
شێخ تاهیر شووشی: هەر وەک چۆن گەلی کوردستان لە دوای پیلانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوو، ڕەنگە باسکردنی ئەو بارودۆخە لەگەڵ ئەم زەمەنەدا جیاواز بێت، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆک و گۆڕینی واقیع و شکستهێنان بە شکست لێکچوون و پەیوەندییەکی گەورەی پێکەوە هەیە، لێرەدا بەشێک لەو ئاستەنگانە باس دەکەم، کە هاتنە بەردەم ئیدریس بارزانی:

1-ئیدریس بارزانی بە چاوی خۆی دەیدیت چۆن بەشێکی میللەتی کورد لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر تووشی خیانەت و نەهامەتی و بێهیوایی بووە، هەموو خەم و پەژارەکانی میللەتەکەی لەئەستۆ گرت و بووە کۆڵەکەی ڕاگرتنی هاوکێشەکان، کە چۆن و بە چ شێوەیەک بەرەو کەناری ئارامیی ببات و ئەو دڵەڕاوکێ و نەهامەتییە بڕەوێنێتەوە، کە خەڵکێکی زۆر بەدەستییەوە گیریان خواردبوو.
2-زیادبوونی گەف و هەڕەشە و فشارەکان بۆ سەر ئیدریس بارزانی و یاوەر و هاوڕێیانی لە هەموو لایەکەوە، دۆستەکانی دوێنێ بووبوونە دوژمنی ئەمڕۆیان، بەتایبەت ساواک و دەزگا ئەمنییەکان و بەرپرسانی ئێران. هەموو بەرنامەی بەرپرسانی ئێران بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ ئێراق و کوشتنی ڕۆحی کوردایەتی لەنێو دڵ و ناخ و مێشکی هەر تاکێکی وەفادار و شۆڕشگێڕی کورد.
3-زیندووکردنەوەی پڕوپاگەندەی تێکدەرانە لەناو ئەو گرووپە هەڵگەڕاوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ساڵی 64 و 66 لەنێو خانەی دوژمنداری و بۆ لەناوبردنی پارتی و بارزانی، بە سوودوەرگرتن لە ڕەوش و کاردانەوەی ڕێککەوتننامەی شووڤی جەزائیر و گۆڕینی سەنگەریان لە بەغداوە بەرەو دیمەشق و هەڵگەڕانەوەیان، لە لێبوردنی تایبەتیی سەرۆک بارزانیی نەمر لە ساڵی 1970، کە خودی ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەریی لەو لێبوردنەدا بینی، بەرانبەر بەوانەی چەکیان دژی شۆڕشی میللەتی خۆیان هەڵگرتبوو.
4-پەیدابوونی چەند کەسانێکی بیرتەسک و ئاژاوەگێڕ لەنێو سەرکردایەتیی پارتی و ئۆرگانەکانی، کە دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە و تۆمەت بەخشینەوە و تاوانبارکردنی سەرکردایەتیی پارتی و دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوان کادیر و دڵسۆزانی خەڵکی کوردستان، بە شێوەیەک قسەیان دەکرد و پیشانی خەڵکیان دەدا، کە سەرکردایەتیی شۆڕش بەرپرسە لە تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول و ئۆبالی ئەو کارەساتەیان دەخستە سەر شانی ئیدریس بارزانی و مەبەستیان ئەوە بوو، لە ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی دووری بخەنەوە، بەڵام بە پشتبەستن بە ئیرادەی لەبن نەهاتووی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کادیر و جەماوەری خۆڕاگری کوردستان، قسەکانیان وەک بڵقی سەر ئاو پووکایەوە و دواییش لەو قسانەی کردبوویان پەشیمان بوونەوە.
5-سەفەرکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ ئەمەریکا، لە مانگی 6ی 1976 بۆ چارەسەری نەخۆشی و مانەوەی ئیدریس بارزانی بەتەنیا لە سەرکردایەتیی پارتی و پێشڕەویکردنی شۆڕشی گوڵان بە خۆڕاگری و کۆڵنەدەری، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا و ئەرک و چالاکیی خۆی لەدەست نەدا. ڕێڕەوی خەباتی سیاسیی ئیدریس گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا هات و بیروباوەڕی بە ڕێبازی بارزانی فراوانتر بوو، کە ڕۆژ لە

دوای ڕۆژ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەس و لایەنە جۆراوجۆرەکان لە تەواوی ئاستەکانی ئێراق و ئێران و سووریا و لیبیا و چەندین وڵاتی تر پتەوتر و قوونتر دەبووەوە، ئەوەیش بۆ پەیداکردنی کۆمەک و پشتگیری و یارمەتیی بۆ (قیادەی موئەقەتە)، کە سەرپەرشتیی کارەکانی ئەو قیادەیەی دەکرد.
پەیوەندیی نێوان ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی تەنیا پەیوەندییەکی برایانە نەبووە، بگرە پەیوەندییەکی هاوبیر و پێشمەرگایەتیی ڕۆژانی سەخت و مێژوویەکی قوونڵ و دەوڵەمەندیش بووە، دەکرێت باسێکی ئەو پەیوەندییەمان بۆ بکەی، ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان هەبووە؟
شێخ تاهیر شووشی: لێرەدا باسی تەنیا پەیوەندیی برایی و خێزان و بنەماڵە ناکەم، بەڵکوو باسی ئەو پەیوەندییە دەکەم، کە لە شۆڕشەکان و ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەبووە، بەتایبەتیی لە شۆڕشی گوڵان، ئەوە بوو لە ساڵی 1978، دوای گەڕانەوەی کاک مەسعود بارزانی بۆ ئێران و کوردستان و درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەڕێزیان لەگەڵ کاک ئیدریسی برای هەمیشە تەواوکەری یەکتر بوون. بە هەموو هێز و توانایەکەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی گوڵانیان کرد و بە ماوەیەکی کەم توانییان جارێکی تر دەنگوباسی شۆڕشی گوڵان لە سەرتاسەری جیهان بڵاو بکەنەوە و زیانی گەورە لە هێزەکانی داگیرکەری ئێراق بدەن.
دوای مالاوایی مستەفا بارزانی و هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران، هەردوو برا (ئیدریس و مەسعود بارزانی) سۆز و پەیمانیان دووپات کردەوە و بەڵێنیان دا، لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر زیاتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن. دوای مالاوایی باوکی ڕۆحیی (مستەفا بارزانی) لە 1ی3ی1979 و بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی، هەر لەو ساڵەدا ڕێزدار (مەسعود بارزانی) لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا، دەبینین ڕۆڵ و ئەرکی ئیدریس بارزانی گەورە و کاراتر بوو، وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو بۆ ڕاپەڕاندنی شۆڕش و پارتی و هەمیشە برا و یاریدەدەرێکی بەئەمەک و کۆڵنەدەر بوو بۆ مەسعود بارزانی و قیادەی موئەقەتە و پێشمەرگەی کوردستان.
ئەندازیاری بەرەی کوردستانی و ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان، یەکێک لەو خەسڵەت و دەستکەوتانەی ئیدریس بارزانی بووە، ئایا لەو کاتە هەستیار و نالەبارانەدا، چۆن توانیی ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت و بەرهەمەکەشی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی هەموو هێز و پارتە سیاسییەکانی لێ کەوتەوە؟
شێخ تاهیر شووشی: ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوش و بارودۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد بووبن، بەتایبەت لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا، دەڵێن، کوردستان بە کات و ساتێکی هەستیار و نالەبارادا گوزەری دەکرد، ئەوانەی چوونە هەندەران و ئەوانەی لە سەردەستی ڕژێمی بەعسی فاشی بۆ خواروو ئەو وڵاتە دوور خرابوونەوە و ناچار کرابوون ژیانێکی پڕ کوڵەمەرگی لەناو کەمپە زۆرەملێکان بەسەر ببەن، زۆریان تووشی داپڵۆسین و ئەشکەنجە و زیندانی و لەسێدارەدان بوونەوە، ئەو پێشمەرگە و هێزانەی بەرەنگاری ئەو ڕژێمە بوونەوە، لە حاڵەتی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا بوون و زۆر جار دژ بە یەک دەجەنگان.
ئیدریس بارزانی وەکوو خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانی، هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی ئەوەبوو، بتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی پارتەکان و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، ئەوەبوو لە ساڵی 1986 دەنگی خۆی بەرز کردەوە و هەوڵ و تەقەڵا و کۆششی خۆی خستە گەڕ، بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان و شۆڕشگێڕان، بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و تەبایی تەواوی هێزەکان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دژی داگیرکەر.
هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئیدریس بارزانی داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆستانی کورد کرد، یارمەتیی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ناوبژیکردن لەنێوان لایەنە کوردییەکان و هانیان بدەن یەک بگرنەوە و یەکڕیزی لەناوماڵی کورددا بەرپا بکەن، ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش لەلای خۆیەوە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و بەپیر بانگەوازەکەی ئیدریس بارزانییەوە هاتن و ئاکام لە ساڵی 1987، بەرەی هێز و

لایەنەکانی باشووری کوردستانیان ڕاگەیەند، ئەوەش بووە مایەی خۆشحاڵیی هەموو لایەک، بۆیە هەر ئەو بەرەیە بووە هۆی ترس و بیم و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دوژمنانی کورد و توانیی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ، تا سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی مێژوویی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 و دانانی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان و دابینکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ سەر زێدی خۆیان و لاوازکردنی ڕژێم بە کشانەوەی هێزە ئەمنی و سەربازی و ئیدارییەکانی لە کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان لە ساڵی 1992، پاشان چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵیی کوردستان، بە بڕیاری یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ئەم هەموو دەستکەوتانە تێکڕا بەرهەمی بەرەی کوردستانی و یەکڕیزیی گشت پارت و چینەکانی خەڵکی کوردستان بوو.
کاردانەوەی کۆچی دوایی ئەم سەرکردەیە چۆن بوو؟ ئەی چۆن لەم سەرکردە خاکی و بەئەمەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پەند و عیبرەت وەربگرین، تاوەکوو لە ڕۆژە سەختەکاندا ڕووناکی بداتە بەر کاروانی خەبات و میللەتەکەمان و لەم نەهامەتییە دەربازی بێت؟
شێخ تاهیر شووشی: پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بە پێویستی دەزانم باسێکی ئەو ڕۆژەتان بۆ بکەم، کە یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی کورد ماڵاوایی لێ کردین، بەڵام بە ڕۆح و بە فیکر نا، بەڵکوو تەنیا بە جەستە، هەر بۆیە گەلی کوردستان ئەم سەرکردەیە بە ناوی (شەهیدی هەمیشە زیندوو9 ناو دەبەن. ئەوە بوو بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، ئێوارەی ڕۆژی 31ی1ی1987 هەواڵی دڵ ڕاوەستان و ماڵاوایی سەرکردەی کورد (ئیدریس بارزانی) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو بووەوە، ئۆرگانەکانی پارتی و شۆڕشی گوڵان و سەرتاسەری کوردستان و زۆربەی زۆری خانەوادە کوردەکان لە ئێران و ئێراق و وڵاتانی دەرەوە، بە شین و گریانەوە بەرگی ڕەشیان پۆشی، بۆ لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە کوردپەروەر و سیاسەتمەدار و قارەمان و کۆڵنەدەر و خۆشەویستە.
هەموو خەڵکی کوردستان تووشی شۆک بوون بە لەدەستدانی ئیدریس بارزانی، کە هێشتا میللەتی کورد و شۆڕشەکەی پێویستیان بە حیکمەت و فەرمانەکانی ئەو بوو، بەڵام وا دیارە ئەمە دەستی قەدەرە و فەرمانی خودای پەروەردگاری لەسەرە، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەبەر خۆشەویستییان بۆی، ناوی ئیدریس بە سەرکردە و شەهید و جوانەمەرگ و هەمیشەزیندوو ناو دەبەن و ناوی منداڵەکانیان بەوەوە ناو دەنێن.
هەرچەندە ئیدریس بارزانی لە تەمەنی 43 ساڵیدا ماڵاوایی لە شۆڕشگێڕان و خەڵکی کوردستان کرد و چووە بەر ڕەحمەتی خودای گەورە و دلۆڤان، بەڵام لە دڵی هەمووان هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە و حیکمەت و خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە قارەمانە بووەتە بەشێکی گرنگ و پڕ سەروەری لە ڕێبازی بارزانیی نەمردا و هەمیشە قسە و ڕەفتار و چالاکییەکانی لەناو هزر و بیر و دەروونی هەزاران هەوادارانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە لە پێشمەرگە و کادیرانی پارتی و خەڵکی کوردستان لە ئێستا و ئایندەدا هەر دەمێنێتەوە و دووبارە دەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: ورمێ | فۆندەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com - 31-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 557

کۆنسوڵی ڕووسیا: ئیدریس بارزانی ژیان و خەباتی لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی بووە بۆ گەلی کورد و ئێراق

20250704213802644038=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: کۆنسوڵی ڕووسیا: ئیدریس بارزانی ژیان و خەباتی لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی بووە بۆ گەلی کورد و ئێراق

بەڵگەفیلمی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی -ئەندازیاری ئاشتی لە سینەمای ئیمپایەر لە هەولێر نمایشکرا.

بەڵگەفیلمەکە لەلایەن تۆڕی میدیایی ڕووداو بەرهەمهاتووە؛ نوێنەری وڵاتان لە کاتی نمایشکردنیدا ئامادەبوون.

فوئاد خازر، کۆنسوڵی ئۆردن لە هەرێمی کوردستان بە ڕووداوی گوت: بە دڵنیاییەوە بەشداریەکانی گەورە بوون، تا ئێستا کاریگەرییەکانی ئەو بەشداریە لە ژیاندا بەدی دەکرێت، هاووڵاتیان هەستی پێ دەکەن، سەبارەت بە دڕووستکردنی ئاشتی و بەدیهێنانی خواستەکاندا.

ئیدریس بارزانی لە ئاشتەوایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. ئەو لە 31-01-1987 کۆچی دواییکرد.

ماکسیم ڕۆبین، کۆنسوڵی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: بەڕێز ئیدریس بارزانی، ژیان و خەباتی لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی بووە بۆ گەلی کورد و ئێراق. پێویستە نەوەی نوێ لەسەر ڕێچکەی ئەو بڕۆن، بە ئاڕاستەی ئاشتی و گەشەسەندن لە هەرێمی باشووری کوردستان و ئێراق بەشێوەیەکی گشتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2) کورتەباس هەورامی

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی rudaw.net- 31-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 558

کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە تاران

20250907195205654780=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق لە تاران
سوپای ئێراق بە گوێرەی پلانێکی داڕێژراو بە ناوی قادسیەی سەددام و جەنگی بەرگریی، ڕۆژی 22-09-1980 لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری خاکی ئێرانیدا و هێزەکانی تانک و پیادەی ئێراق بەشێک لە باشووری خاکی ئێرانیان داگیرکرد. شەڕی نێوان ئێران و ئێراق، شەڕێکی زۆر پڕ لە کارەساتی مرۆڤ بوو لە سەدەی 20دا و بۆ ماوەی 8 ساڵ درێژەی کێشا. ڕژێمی ئێران بە فەرمانی ئایەتوڵا خومەینی، هەموو دەرفەتەکانی بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەر دژی ڕژێمی ئێراق تەرخان کردبوو و لە هەر هەلێک بۆ لاوازکردنی سوپای ئێراق کەڵکی وەردەگرت. لەو ڕوانگەیەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق بە کورد و عەرەبەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و کارا نەبوو، ڕۆژی24-12-1986 کۆنفرانسێکی لەژێر ناوی کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق لە هۆتێل لالە لە تاران بۆ پێکهێنان، کە بەڵکوو بتوانن بە یەکگرتوویی زەبری کاریگەر و کوشندە لە ڕژێمی بەعس بدەن. ئەو کۆنفرانسە چوار ڕۆژی خایاند. ڕژێمی ئێران هەوڵی دەدا، لەو کۆنفرانسەوە وەک پڕوپاگەندەیەکی سیاسی کەڵک وەربگرێت. هەریەک لە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات، دوکتۆر فوئاد مەعسوم لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕەسوڵ مامەند لەلایەن حیزبی سوسیالیستی کوردستانەوە بە لێژنەیەکەوە بەشداریی کۆنفرانسەکەیان کرد. عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەرنجانی، ئایەتوڵا حسێن عەلی مونتەزری و چەند کاربەدەستی باڵای ئێرانیش لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون. لەو کۆنفرانسەدا ئێران بەئاشکرا دەیوست داخوازەکانی گەلی کورد پشتگوێ بخات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: تاران | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: ئێران |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئۆپۆزسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
ئۆپۆزیسیۆن	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | یەرتووکی: ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، نووسینی؛ حامید گەوهەری، 2014، لاپەڕە290-291.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 559
کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان
[20101210131053124 32=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)



لە 1970-07-01 بە ئامادەبوونی 488 ئەندام بەسترا.
دیارترین ئەندامانی نوێی کۆمیتەی ناوەندی لەم کۆنگرەیەدا کە هەڵبژێردران، ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کوڕی مستەفا بارزانی بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1970-07-01	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
حزب دموکرات کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	فارسی	

کۆنگرەی حەفتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کورتەباس کوردیی ناوەڕاست

کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کورتەباس کوردیی ناوەڕاست

کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کورتەباس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2010-12-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 560
کە بە خزمەتی کاک ئیدریس دەگەیشتین ماندووبوون و گلەییمان لە بیر دەچووەوە
20250824154955652796=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



سەلاح جەلال
کەسایەتی و پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لە یادی 38 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا، باسی ئازایەتی، زیرەکی، خۆنەویستی، دڵۆڤانی و ئاشتیخوازیی ئیدریس بارزانی بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن.

فازڵ ڕەئوف، پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان و ڕێبازی بارزانی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پوختەی دوو دیداری خۆی و هەڤاڵانی سەبارەت بە نەمر ئیدریس بارزانی باس کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە: بەداخەوە بۆ کۆچی ناوادەی کاکە ئیدریس بارزانی لە کاتێکی زۆر ناسک و پێویست بۆ کورد و کوردستان و پارتیمان و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی مااڵوایی لێ کردین، کاک ئیدریس لە هەموو بوارێکدا لە سیاسەتمەداریدا و لە بواری کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی و ئازایەتی و ئیدارەدان و سادەیی و سەبر و تەحەمول و هیوا و ورەبەخشین بە هەڤاڵاندا ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو و جێگای لە فەرهەنگی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ڕێبازی بارزانیدا دیار و بەرچاوە.

فازڵ ڕەئوف لە درێژەی گوتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە: لە بەیانی 11-03-1970 لە قوتابیان بووین دووربەدوور بە خزمەتی گەیشتین لە سلێمانی، بەاڵم لە شۆڕشی گوڵان چەند جارێک لە نزیکەوە لە خزمەتیاندا بووین، لە 26ی ئازاری 1984 لە کەرەج لە ماڵی خۆیان بە خزمەتی گەیشتین لەگەڵ هەڤاڵی کۆچکردوو کاک (عەبدوڵاڵ الاله)، لەو سەردانەدا زیاتر بە کەسایەتیی جەنابی ئاشنا بووم و بۆم دەرکەوت کە چۆن سەرکردەیەکە، بەڕێزیان سادە و ڕووخۆش و کراوە بوو، ئەتوت هاوڕێیەکی زۆر نزیکە لەگەڵماندا، لەو دیدارەدا وا ڕێککەوت کە میوانی تری هات و دەرچوون هەبوو، فەرمووی مەوعیدێکمان هەیە و دەگەڕێمەوە، من تێر نابم لە هەواڵ و دەنگوباسی سلێمانی، ئەمشەو لامان بن بۆ ئەوەی زیاتر دانیشین، عەرزمان کرد مادام وایە

ڕوخسەتمان بدە بەیانی دێینەوە و جەنابیشی قەناعەتی کرد، بۆ بەیانی هاتینەوە خزمەتی، زۆر کراوەتر قسەی بۆ کردین و زۆر قوولتر و ڕوونتر دوا لەسەر سیاسەتی پارتیمان و پەیوەندیی دەرەوەمان و پێشکەوتنی پارتیمان و کوردستان و باسی زەروورەتی بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆی بۆ کردین، وتی دڵنیا بن داهاتوو هیی ئێمەیە، بەڵام دەبێت بەسەبر و خۆڕاگر بین و هیچ تەنگوچەڵەمەیەک نەمانوەستێنێ.

فازڵ ڕەئوف هەروەها باسی ئەوەی کرد کە، کاک ئیدریس چەند بەپەرۆشەوە لەسەر سلێمانی پرسیاری لێکردوون و وتی: پاش ڕوونکردنەوە و ئامۆژگارییە سیاسی و ڕێکخستنییەکان، کەوتە پرسیار لە ئێمە و دۆخی پێشمەرگە و دەوری ڕێکخستنمان لە سنووری سلێمانی و دەوروبەری، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو هەواڵی زۆر کەسی سلێمانی دەپرسی، بەتایبەتیی کەسایەتی و ناسراوەکانی شاری سلێمانی و ئێمە زۆرمان لا خۆش و گرنگ بوو، زۆر ڕێز و تەقدیری هەبوو بۆ خەبات و شۆڕشگێڕیی خەڵکی سلێمانی و کەسایەتییەکانی، بەپێکەنینەوە فەرمووی نەڵێن بەهۆی خزمایەتییەکەمەوە هێندە پەرۆشی سلێمانیم، بۆ من سلێمانی و ئەهلی ئەو شارە قەت لەبیر ناکرێت و ئەوە وتەی جەنابی باوکە بارزانیی نەمر و کاک مەسعودیشە بۆ خەڵکی قارەمان و نیشتمانپەروەری سلێمانی بەڕاستی ئێمە لەو دانیشتنەدا زۆرێک لە سیفاتە جوانەکانیمان بۆ دەرکەوت پاش ئامۆژگاری و ڕێنمایی و باسە بەپێزەکانی، ئەوەم قەت لە بیر ناچێت وتی بە ناوی منەوە سڵاوی گەرم بە پێشمەرگە قارەمانەکان و بەرپرسانی حزبی و بە تایبەتیی کاک عەبدوڵڵا ئاغا بگەیەنن.

لە درێژەی گوتەکانیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی، فازڵ ڕەئوف سەبارەت بە دیداریان لەگەڵ کاک ئیدریس وتی: لە کۆتایی مانگی ئابی 1986 ئێمە چەند هەڤاڵێک بووین کە بە نوێنەرایەتیی ناوچەکانی لقی4 چووین بۆ کۆنفرانسی قوتابیان و لاوان لە خنێرەی سەر سنوور سەربە سیتەکان و سەرەتا سەردانی مەکتەبی سیاسیمان کرد لە ڕاژان، لەوێ بە خزمەت چەند هەڤاڵی سەرکردەی دەڤەری خۆمان گەیشتین لەوانە (شەهید عەبدالڵە ئاغا) و کۆچکردووان کاک (نادر هەورامی) و کاک (ئازاد قەرەداغی) و مامۆستا (فایەق)، کاتێکمان زانی جەنابی (کاک ئیدریس) هاتە دەرەوە لە ژوورەکەی و کاک عەبدالڵە ئاغا چوو بەپیرییەوە و عەرزی کرد ئەوە چەند کادیری لقی4 هاتوون بۆ کۆنفرانس، ئیتر ئەویش هات بۆ لامان و زۆر بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کردین و بەخێرهاتنی گەرمی کردین و ماشەڵڵای لێکردین، زۆری پێ خۆشبوو، فەرمووی زۆر حەزم دەکرد بەشدار بم لەگەڵتان لە کۆنفرانسەکەتان، بەڵام کارێکی زەروور هاتۆتە پێش و ناتوانم بێم، هەر کۆنفرانس سەرکەوتوو بێت، ئەوەمان ئەوێ، هەر لەوێ لە بارودۆخی پێشمەرگایەتیمانی پرسی و پرسیاری لێ کردین، ئێمەش پێمان وت، هەمووان بێتاقەت و تامەزرۆی چوونین بۆ ناوخۆ و جەولەی پێشمەرگایەتی، کاک ئیدریس وتی: چاویان ماچ دەکەم و سڵاوم هەیە بۆ هەمووان، تا ئێستا سەبر کراوە و ئێستاش سەبر بگرن، ئەوە نامەیەکم بۆ (مام جەلال) نووسیووە کە، پێویستە ڕێکبکەوین و هەردوولا بچینە سنووری‌ەکان و ئەم بارودۆخە چاک بکەین و ئەگەر وەڵامی بە باشە دایەوە زۆر چاکە و ئێمە ئەوەمان دەوێت، ئەگەر نا سوێندی بە بارزانیی نەمر و شەهیدان خوارد و وتی، خۆم دێم و پێشتان ئەکەوم بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی و پاش ئەوە خواحافیزیی لێ کردین، ئەوەی لەو دیدارەشدا بەرچاوم کەوت، سەبر و ئارامگری، ئاشتیخوازی، کوردایەتی و ئازایەتی و خەمخۆری بوو بۆ پرسی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی.

دەروێش ئاغا، پێشمەرگەی دێرینی شاخ و بەرپرسی کۆمەڵایەتیی گشتی، لە لێدوانێکی تایبەتدا و لە یادی 38 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، وتی: باسکردن لە ڕەوشت و ڕەفتاری کەسایەتییەکی وەکوو کاک ئیدریس بارزانی، ئاسان نییە، چونکە کەسایەتی وا هەڵکەوتوو زۆر ئەستەمە بتوانی وەک خۆی باسی بکەیت، ئەو سەرکردە مەزنە لە هەموو ڕووبەکەوە، لە ڕووی زانیاری ئەو زاتە لە ئیش و کاری پێشمەرگایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر هەڵکەوتە و بەتوانا بوو، کەسێکی ناوازە

بوو، بەتەحەمول بوو، زۆر زیرەک بوو، هەمیشە هەوڵی دڵدانەوەی پێشمەرگەی دەدا و دڵۆقان بوو، لە کاتی دروستبوونی کێشەدا یەکەم کەس بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە کاتی (مجادەلە) و باس و (مناقەشەدا) کەموێنە بوو لە زیرەکی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ قەناعەتپێکردنی بەرانبەرەکەی.

دەروێش ئاغا هەروەها باسی خەمخۆریی ئیدریس بارزانی کرد و وتیشی: هەمیشە خەمخۆری پێشمەرگە و خاوخێزانیان بوو، هەژاردۆست بوو، لە ئاست دوژمن پتەو، خۆڕاگر و سەربەرز و خاوەن ئیرادە و ڕەئی بوو، زۆر جار کە بە گلەییەکی زۆرەوە ڕوومان دەکردە مەکتەبی سیاسی بەڕێز، خۆ ئەگەر بەڕێزیان لە مەکتەبی سیاسی بوونایە، بە خزمەتی دەگەیشتین و ماندووبوون و گلەییمان لە بیر دەچووەوە و بە گوڕ و تینێکی تازەوە دەگەڕاینەوە بارەگاکانمان، لەوێش پێشمەرگە لێمان کۆدەبوونەوە و لە پێش هەموو شتێکدا پرسیاریان لێ دەکردین کە ئایا کاک ئیدریستان بینی؟ کە باسی لوتف و ئامۆژگارییە جوانەکانی ئەو بەڕێزەمان بۆ دەکردن، ئەوانیش بە شادومانییەوە نەسیحەتەکانیان وەردەگرت، دەبێت بڵێم لێم ببوورن کە ناتوانم لێرەدا وەک خۆی باسی توانایی و دڵسۆزی و ڕا و بۆچوونە بەنرخەکانی ئەو زاتە بەڕێزە بکەم و حەقی خۆی پێ بدەم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دیمانە | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 31-01-2025 - (kdp.info)
کاتی تۆمارکردن: 24-08-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 561
کەسایەتیی ئیدریس بارزانی لە ناوەوە و دەرەوەی سیاسەت
20250712131531645326=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئیسماعیل سەراوی

ڕەنگە لەسەر ژیان و کەسایەتیی ئیدریس بارزانیی ڕەوانشاد زۆر شت وترابێت و هێشتایش زۆر شت مابێت باس بکرێت و تەنانەت زۆر فیلم و ڕۆمان و پەرتووک، لەبارەیەوە دەبێت بەرهەم بهێنرێت، بەڵام ڕازی نەمری و بێگەردی کەسایەتیی ئیدریس تەنیا لە ئامادەبوونی لە تەمەنێکی کەمەوە لەناو جەنگەی شۆڕش و ئاوارەیی و خەباتدت نەبووە، بەڵکوو هەڵسوکەوتی ئەم کەسایەتییە لە زاری بیانی و ناوخۆییەوە وێنەیەکی دڕەوشاوە و پیرۆزی دروستکردووە کە بەحەق جێی ستایش و شانازیی نەتەوەییە.

لەم ڕۆژانە یەکێک لە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەهرام قادر دەنووسێت: کاتێک منداڵ بووم لە شاری قوم کاک ئیدریس لەگەڵ کاک مەسعوود شەو لە ماڵمان مانەوە بە چاوی خۆم بینیم ڕۆژی دواتر، دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، کاک ئیدریس لێنەگەڕا کەس دوای نانخواردن ئاوی بەدەست دا بکات و زۆر بەزەحمەتەوە دەست و چاوی خۆی شوشت، ئەمە لە حاڵێکدا ئەو میوانی ئێمە بووە و لانی کەم هەر دەبوو لەبەر ئەوە بوار بە ئێمە بدات، بەڵام نەفسبەرزیی ئەو ڕێگەی بەو کارە نەدا.

شەهرام بەردەوام دەبێت، بیرم دێت بە یەکێک لە براکانمی گوت: کوڕم، زووزوو ئاوەکە بگرەوە با خەسار نەبێت، من بیرم دێت هەر جارەی ئەم پیاوەم دیووە، بە ڕوویەکی خۆش و پێکەنینەوە دەستی بەسەری منی منداڵێکدا دەهێنا و پێی دەوتم تۆ پێشمەرگەی منی.
ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی ئیدریس بارزانیی ڕەوانشاد لەو تایبەتمەندیانەیە کە کەسایەتییەکی کاریزمایی و نەمر لە زەینی گشتیدا بۆ ئەو دروست دەکات.

هەروەها ئێمە لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەکانی سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی ئێراندا، لە هەواڵنێری تایبەتیی ڕۆژنامەی ئیتڵاعاتی فارسی کە خۆی سەردانی حاجی ئۆمەرانی کردووە و لە نێزیکەوە کاک ئیدریسی بینیوە و وتووێژی لەگەڵ کردووە، دەخوێنینەوە:

(چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئیدریس بارزانی کوڕی جەنەراڵ بارزانی، بەر لە نیوەشەوە و لە شوێنێک بوو کە ئەگەر چەند جاری دیکە بمبەنەوە بۆ ئەوێ قەت فێر نابم. ڕوومەتی ئیدریس وا پێشان دەدات کە 35 ساڵان بێت. شەش منداڵی هەیە چوار کوڕ و دوو کچ. دوو منداڵی دووانەن. ئیدریس بارزانی کە پیاوی ژمارە دووی کوردەکانی ئێراقە، لە بەغدا خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی 1961 هاتووەتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. مرۆڤ لە یەکەم چاوپێکەوتندا شەیدای گەرمی، سادەیی و میهرەبانیی ئیدریس دەبێت. تێگەیشتم کە گەلێک زانا و شارەزایە. زانیاریی لەسەر بارودۆخی ناوخۆی ئێراق و سیاسەتی جیهانیی بەرفراوان و سەرنجڕاکێشە. بەشی زۆری تەمەنی لەناو پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ و پارتیزانانی کورددا بووە، لە ناخی کوێستانەکاندا ژیاوە. کەچی بۆ لێکدانەوە و تاوتێکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان، شارەزاییەکی ناوازەی هەیە.

ئەمە تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسێکی تایبەت و دیارە کە جیا لەلایەنی مەعریفی و سیاسیی کاک ئیدریس، بێگەردی و ئەخلاقی جوان و ساکاری ئەو بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو و دەیگێڕێتەوە.

ئیسمیت هەمپستۆن هەواڵنێری ئەمەریکایی کە لە پووشپەڕی 1977 لە تاران سەردانی بارزانیی نەمر دەکات، لە وتووێژ لەگەڵیدا کە لە ڕۆژنامەی ئاماریلۆ بڵاو دەبێتەوە، دەنووسێت:

لە یەکێک لە ڤیلاکانی باکووری تاراندا سەردانی بارزانیم کرد. هەرچەندە نەخۆشە و کەمتر قسە دەکات، نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە. چاوە ڕەنگی و کارەباییەکانی بریسکەیان دەهات. بە وریاییەوە لە کاتی قسەکردندا، لەسەر خەباتی گەلی کورد بۆ سەربەستی، هەڵوێستەی دەکرد.

بەردەوام دەبێت: سێ ساڵ لەمەوپێش، بارزانیم لەگەڵ دوو کوڕەکەی -ئیدریس و مەسعوود- کە وەکوو دوو شاباز لە شاخە بەرزەکانی کوردستان بوون، دیبوو. لەو دیمانەیەدا بوو کە ئیدریسی 33 ساڵان و مەسعوودی 31 ساڵانم بینی. بە پێڕەوی لە بیر و ئەندێشەی باوکیان بە منیان گوت، ئێمە بۆ کوێستانەکانی کوردستان دەگەڕێینەوە. باشتر ئەوەیە کە لە کاتی شەڕ و لە خاکی کوردستاندا بکوژرێین تا ئەوەی کە بە دڵێکی شکاو لە ئێراندا بمرین.

بەشێکی تری نەمری و زیندووێتی هەمیشەیی کاک ئیدریس سەفەری مەرگێتی لەگەڵ بارزانیی نەمر و دەتوانم بڵێم گەشتە نەمرەکەی گواستنەوەی مەزاریانە لە شاری شنۆوە بۆ بارزان کە ئەمەش سیمای کاک ئیدریس لەژێر تیشکی خەرمانەی پڕ تیشکی مەلا مستەفادا زیاتر دەگەشێنێتەوە و بە ڕۆح و یادەوەرپی گشتیی نەتەوەییمانەوە گرێی دەدات و لە هەر چوار پارچەی کوردستان وێنەی ئەم گەشت و سەفەرە نەمر و ئەبەدییە، تۆمار و جاوید دەبێت. بۆیە با بگەڕێینەوە ئەو چرکەساتە مێژوویییە و شەپۆلانی تیشکی کاک ئیدریس زیاتر ببینین.

لە پەرتووکی لەسەر تڕۆپکی تۆفان بارام وەڵەدبەگی ئاوا هاتووە:
مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری درێژخایەنترین و خۆڕاگرترین شۆڕشی کوردستان، پاش چەند دەیە خەبات و تێکۆشان و ئاوارەیی و ڕەنج و ئازار و بەرخۆدان و پشوودرێژی لەسەر ڕێبازی ڕزگاری کوردستان، لە ڕێکەوتی01-

03-1979 لە نەخۆشخانەی جۆرج تاونی واشینتۆن لە ئەمەریکا، بەرەو جیهانی هەرمان کۆچی دوایی کرد.

مەلا مستەفا لە ڕێکەوتی14-03-1903 لە بارزان چاوی بە دنیا هەڵێنا و پاش 76 ساڵ تەمەن، دوور لە زێد و نیشتمان و ئاواتەکانی، گیانی پیرۆزی بەرەو لای حەق بەڕێکەوت. سەرتاسەری کوردستان، هەر لە سنەوە بگرە هەتا سلێمانی و ئامەد و ئیلام و قامیشلوو، لە کرماشانەوە هەتا کەرکووک و خانەقین و دهۆک و هەولێر و مەهاباد، چاویان پڕ بوو لە ئەسرین و دڵیان تژی لە داخ و دەرد، بۆ لە دەستدانی ڕێبەری خاوەن تەگبیر و دڵسۆزیان.

ئەم داخ و کەسەرە لە ئێراندا هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕۆژگاری بێبەزەیی بوون لە ئاست جەستەی شۆڕشگێڕی پیری کوردستان. بەڵام بەشداری خەڵکی کوردستان لە بەڕێکردن و ئەسپەردەی تەرمی پیرۆزی ئەودا، ڕیفراندۆمێک بوو لە بەرانبەر دژایەتی و تێنەگەیشتوویی کەسانێک کە بۆ هیچ و لەخۆڕا ئەو کارەیان کرد. بێگومان ئەوانەی ئەو بێبەزەییانەیان ڕەوا بینی، ئەمڕۆ لە بەرانبەر ڕاستەقینەی مێژوو و ڕەنج و پشوودرێژی بارزانییەکاندا، ناتوانن لە خۆیان خۆش بن.

ڕۆژی03-03-1979 ، 300/000 کەس لە خەڵکی وریا و بەئەمەگی کورد، لە ئێران، تورکیا، سووریا، ئێراق، ئەوروپا و ئەمەریکاوە لە شاری شنۆ کۆبوونەوە، تا قافڵەسالار و پیر و موراد و سیاسەتوان و ڕێبەری مەزنی شۆڕشی کوردستان ڕەوانەی دیاری نەمرێی بکەن.
ئەم ڕووداوە مێژوویە، بە بەشداری زۆربەی کەسایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بە ژیری و وریاییەکی سیاسییەوە بەڕێوەچوو و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێنا.

بارزانی لە دوارۆژەکانی ژیانی پڕ لە شانازییدا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکای گوتبووی: بۆ من هیچ کوێ نابێتە کوردستان. ئێستە کە نەمتوانی لە کوردستاندا بژیم، با لە کوردستاندا بمرم.

ئەمە دواین هاواری هەڵۆی بەرزەفڕی کوردستان بوو کە پاش ساڵانێک خەبات و ئاوارەیی، زیکری کوردستانی دەگوتەوە و ئەمە تەنیا شتێک بوو کە ئەم ڕێبەرە لەم دنیا بێ شەرت و بەقایەی دەخواست، تا بۆ مانەوەی نیشتمانەکەی، دواین مەنزڵگەی، لەلای خەڵکی کوردستان بێ و بۆ هەتاهەتایە ئۆقرە بگرێت.

هەر بەو چەشنەی خۆی گوتبووی: ئێستە لەسەر بارزان و کوردستان، دوژمنانی ئەم گەلە زاڵن. لەم بەشەکەی کوردستان، لە شاری شنۆ، لە کوردستانی ئێران کە بەشی زۆری تەمەنم لەگەڵ گەورەپیاوانی مێژوو، لەم خاکەدا خەریکی خەبات بووم، بمنێژن تا ئەگەر خوا بیەوێ، پاش ڕزگاربوونی کوردستان، لە بارزانی ئاواتەکانم ئۆقرە بگرم.

بۆیە پانزدە ساڵ پاش ئەسپەردەکردنی لە شنۆ، لە ڕۆژی06-10-1993 ڕاسپاردە و وەسییەتی ئەو ڕێبەرە بێ¬وێنەیە بەجێ هات و لە ڕۆژێکی مێژووییدا، تەرمی ژەنەڕاڵ و کوڕی هەمیشە زیندووی، ئیدریس بارزانی لە شنۆوە تا بارزان، بە نیشانەی ئەمەگ و پێزانین بۆ دووەمین جار لە سەردەستی ڕێبەرانی سیاسی و ئایینی، سەرۆک بارزانی و ڕەوانشاد مام جەلال تاڵەبانی و ڕێبەرانی پارتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و کەسایەتییەکانی تر و سەرۆک هۆز و عەشیرەت و بەشداری خەڵکی ئەمەگناسی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دهۆک و خانەقین، بەرەو بارزان بەڕێ کرا و جەستەی پڕ لە ئازاریان بەو ئاو و خاکەی کە تامەزرۆی بوون و تەمەنێک بۆ ئازادی و ئاوەدانی خەباتیان کردبوو، شاد کردەوە و لە سێبەری دار بەڕوو و بارانی بارزاندا بۆ هەتاهەتایە حەسانەوە.

بەم شێوەیە ژیانی سیاسی ئیدریسی هەمیشەزیندوو تێکەڵ بە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی بەرزی مرۆیی بوو و تیشکی ئەم ڕۆحە نوورانییە ڕەمزی نەمری و کاریزمایی هەمیشە لە سیمای بێوێنەی ئیدریسی هەمیشەزیندوو دەدات، لە یادەوەریی هەموواندا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2023-01-31

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-12

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 562
کەسایەتیی ئیدریس بارزانی، لەسەر زاری هاوڕێباز و نامەبەرەکەیەوە
20250725163220648244=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ڕابین شێروانی-کارزان هەورامی

بە بڕوای پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، ئیدریس بارزانی هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەرکردەی بەرەکانی شەڕ بوو، بڕوای تەواویشی بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو. ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا هەستی بەوە کردبایە تروسکایییەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاریی بۆ درێژ دەکرد.

ئەمڕۆ 31-01-1987 ساڵیادی کۆچی دواییی ئیدریس بارزانییە، سەرکردەیەکی خاکی و خەمخۆری کوردستان و گەلەکەی بووە. لەم یادەدا، هاوڕێبازان و نامەبەرێکی سەردەمی پێشمەرگایەتی، پەنجە دەخەنە ژیانی و نهێنیی سەرکەوتنەکانی دەگێڕێنەوە.

ئیدریس بارزانی لە گوندی بارزان لەدایک بووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەی لە سنووری بارزان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بەغدا، مووسڵ و بەسرا، لەگەڵ ئەوەی لە تەمەنی منداڵییەوە لە سۆز و خۆشەویستیی باوک بێبەش بووە و تا گەڕانەوەی (بارزانی نەمر) لە سۆڤیێت لە ساڵی 1958، مرۆڤێک بووە لەناو جەماوەر خۆشەویست و سادە و بە قەناعەت بووە، بە سادەیی ژیاوە. خاوەن قسە و بەڵێنەکانی بووە، لەگەڵ هەر کەسێکدا بە زمانی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری قسە و هەڵسوکەوتی کردووە. هەرکە شۆڕش بەرپا بوو، بارزانی نەمر سەرپەرشتیی ئەم شۆڕشەی کرد. ئیدریس بارزانییش هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کە قوتابی بوو، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانیی باوکدا بەشداری لە شۆڕش کرد.

د.ناسیح غەفوور، کە یەکێک لە هاوڕێ و نامەبەرە تایبەتەکانی ئیدریس بارزانی بووە، لایەنێکی ژیانی سیاسی و تێکۆشانی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەخاتە ڕوو و دەڵێت: کاک ئیدریس یەکێک بوو لەو کورە بلیمەتانەی بارزانیی نەمر کە بەرچاو بوو، جیددی بوو، حەزی لە بەشداریی سیاسی هەبوو، هەردەم لە دەور و خزمەتی بارزانیی باوک بووە، هاوکارێکی زۆر باش بوو، حەزی لە خزمەتکردن و خوێندن بوو، حەزی لە هاوکاریی پێشمەرگە و بارزانی هەبوو، بۆیە وردەوردە پێگەی ئەو لەناو شۆڕش بەرز بوویەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان خۆشەویست دەبوو.''

د.ناسیح غەفوور زیاتر لەسەر کەسایەتیی ئیدریس بارزانی قسە دەکات و جەخت دەکاتەوە ''ئیدریس بارزانی، جێگەی متمانە بوو، بۆیە لە داستانی (هەندرێن) کە حکوومەتی ئێراق شەڕی فەرز کرد بەسەر کوردستاندا، هێرشێکی گەورەیان کردە سەر کوردستان، جاشەکانی ئەو سەردەمەش بەشدارییان کرد، بەڵام لەو داستانەدا ڕۆڵی کاک ئیدریس زیاتر دەرکەوت، ئەو وەک سەرپەرشتکار دەرکەوت و سەرکەوتنیش بە ناوی ئەوەوە تۆمار کرا.''
عەبدوڵڵا ئەسعەد پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، جەخت دەکاتەوە لەوەی، ئیدریس بارزانی لە بواری سەربازیدا شارەزایەکی زۆر باشی هەبووە، سەرکردایەتیی هەر دوو داستانی هەندرێن و زۆزکی کردووە و، ئەو کات

حکوومەتی ئێراق ناچار کرد پاشەکشە بکات.

سادق سڵێمان پێشمەرگە و هاوڕێبازێکی دیکەیە و، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکاتەوە، ئیدریسی جوانەمەرگ، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە تێکشکاندنی دوژمن، لە ساڵی 1966 کاتێک سەرپەرشتیی شەڕی هەندرێنی دەکرد، بە جورئەت و چاونەترس لەناو هێزی پێشمەرگە بوو، بۆیە توانی سوپای ئێراق بە جۆرێک تێک بشکێنێت کە هەر دوای ئەو شەڕە حکوومەتی ئێراق ناچار بوو داوای دانووستاندن لە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول بکات. حکوومەتی ئێراق زۆر لە کەسایەتی (ئیدریس بارزانی) دەترسا، بۆیە لە بواری سەربازی، سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبوو، هەروەها لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار ڕۆڵی هەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەستی بەوە کردبایە تروسکاییەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی شۆڕشگێڕی، یەکسەر دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرد.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شۆڕشی ئەیلوول و شکستی حکوومەتی ئەوسای ئێراق، حکوومەتی ئێراق گەیاند بەو باوەڕەی کە ناتوانێت کێشەی کورد بە شەڕ یەکلا بکاتەوە، ناچار بوو پەنا ببات بەر دانووستان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر.

غەفوور لەوبارەوە دەگێڕێتەوە ''کاک ئیدریس هەمیشە لەگەڵ بارزانی بوو، بۆیە دەوری باڵای هەبوو لە بەشداریکردن و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، هەڵبەت کاک مەسعوود بارزانییش لەگەڵی بوو، ئەوکاتە، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرپەرشتیی ڕێککەوتنەکەی دەکرد، سەددامیش بەشداریی کرد، لە واقعدا سەددام دەوری باڵای هەبوو لەو ڕێککەوتنە، بەڵام لەبەر ئەوە ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆککۆماری ئێراق بوو، ئەو ڕێککەوتنەکەی ڕاگەیاند و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتییش بەشداریان کرد.''

وتیشی ''دەوری کاک ئیدریس دەورێکی گرینگ و باڵا بوو لە ڕێککەتنەکە. هەم وەک کوڕی بارزانیی نەمر و هەمیش وەک جێگای متمانەی بارزانی، خۆیشی بلیمەت بوو، ئازاد بوو، قسە لەڕوو بوو، بەتوانا بوو، دەیتوانی ڕۆڵ ببینێت. تا ساڵی 1974 ئەو هەمیشە دەیوت دەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، لە بەغدا بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە داخەوە بەغدا پەشیمان بوویەوە.''

ناسح غەفوور هاوکات دەڵێت: ''لەبەر لێهاتوویەکەی، چەندین جار هەوڵی شەهیدکردنی ئیدریس بارزانی دراوە، چونکە یەکێک بووە لە هەرە چالاکەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو شۆڕشەی کە بەداخەوە لە ئەنجامی سەودایەکی نێودەوڵەتی شکستی هێنا. کە پێیم وایە لە ئیستایش کە ئەم سەودایە لەسەر کوردستان دەکرێت. هەڵبەتە هەمیشە کورد لە کاتی سەوداکردن زەرەرمەند بووە، ئەگەرنا بە هێزی پێشمەرگە و قارەمانەتییەکەی کورد قەت چۆکی دانەداوە.

لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیشدا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی بەرچاوە و ناسیح غەفوور ئاماژەی بەوە دا، ''دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول تووشی شکست بوو، هەوڵ درا جارێکی دیکە ئێمە شۆڕش بەرپا بکەینەوە. ئەوکات بارزانیی نەمر تەمەنی هەڵکشابوو، کێ دەبوو ئەوە بکات جگە لە بارزانی؟، کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو و کاک مەسعوود، دەورێکی باڵایان بینی بۆ بوژانەوە و ڕێکخستنەوەی پارتی، کە ئەوکات بە ناوی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو. کاک ئیدریس نەک لەبەر ئەوەی کوڕی بارزانییە، بەڵکوو داینەمۆی هەڵگیرسانی و دروستبوونەوەی پارتییە و دەوری سەرەکیی ئەو بوو لە هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان.

لە دوای بەرپاکردنی شۆڕشی گوڵان، حزبی دیکەش پەیدا بوون، ئەم فرەحزبییەش وای کرد پارتی لەگەڵ ئەو حزبانەدا کۆ ببێتەوە و، هەوڵ بدات لە دەوری یەکدی و بۆ یەک ئامانج تێبکۆشن، ناسح غەفوور دەڵێت ''کاک ئیدریس دەورێکی باڵای هەبوو لەوەی ئەگەر بمانەوێت سەرکەوین، دەبێت یەک بگرین، یەک بەرنامەمان هەبێت، ڕەنگە بیروڕای جیاواز هەبێت، بەڵام دەبێت ئەو بیروڕایە لە پێناوی سەرکەوتنی کوردستان بێت، ئەمانە هەمووی بیرکردنەوەی ئەو بوون.

لەو سەردەمدا بەرەیەک دروستکرا کە هاوپەیمانەتی لەگەڵ حزبی بەعسی ئێراق بەست، لە بەرانبەردا بەرەیەکی دیکە دروستکرا ئەو بەرەیە لە پارتی و حزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک بوو، د، ناسح غەفوور دەگێڕێتەوە کە، ئیدریس بارزانی هەستی بەوە کردبوو کە دەبێت حزبە کوردستانییەکان بە یەکگرتوویی کار بکەن و دەڵێت: ''کاک ئیدریس دەوری هەبوو لە نزیکبوونەوەی لەگەڵ حزبەکان. کاک ئیدریس دەیوت دەبێت لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوین، بۆیە ساڵی 1986 لەگەڵ مام جەلال یەکتریان بینی، لە مانگی 1ی هەمان ساڵ، بناغەی سەرەتای ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی دانرا، دواتر کە بەرەی کوردستانی دروستکرا، لە ساڵی 1991 ئەو لە ژیان نەمابوو، بەڵام بەرەی کوردستانی لە بنەڕەتدا کاک ئیدریس ئەندازیاری بوو.''

کاوە عوسمان پێشمەرگەیەکی دیکەی شۆڕشی گوڵانە، لەو ڕووەوە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی وتی، ڕۆڵ و کاریگەریی ئیدریس بارزانی لە دروستکردنی بەرەی کوردستانیدا، شۆڕشی کوردی بردە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسساز، ئەگەرچی چەند مانگێک دوای جێبەجێ کرا، بەڵام ئەوە بەرهەمی بیری کوردانەی ئەو بوو.

د، ناسح غەفوور هەروەها دەڵێت: لە ماوەی چوار ساڵ کارکردنمادا لە خزمەتی کاک ئیدریس، بۆم دەرکەوت کە ڕۆحی هاوکاری هەبوو، لەگەڵ شیوعییەکان و پاسۆک و حزبەکانی دیکەش هاوکار بوو، لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسییەوە دەوری باڵای هەبوو، دەیزانی چۆن بڕوا بە بەرانبەرەکەی بهێنێت، بۆیە لە کۆنگرەی تاران، ئەو سەرپەرشتیی شاندی کوردستانی کرد، ئەو کاتە عەلی عەبدوڵڵا، سکرتێری پارتی بوو، لەگەڵ کاک فەلەکەددین کاکەیی بەشداریان کرد. کاک ئیدریس دەوری باڵای هەبوو و وتارێکی زۆر گرینگی خوێندەوە.

د، ناسح غەفوور و زۆربەی کوردستانیان، وەفاتی ئیدریس بارزانی بە خەسارەتی گەورە ناو دەبەن، پێیان وایە بە مانەوەی لە ژیاندا دەیتوانی لە پێناوی دۆزی گەلەکەیدا کاری زۆرتر بکات، بەڵام بە داخەوە لە تەمەنی 44 ساڵیدا31-01-1987 کۆچی دوایی کرد.
ئەو دەگێڕێتەوە کە، ''چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی وەفات بکات خواحافیزی لێ کردم، منی نارد بۆ سووریا بۆ کارێک، کاک نێچیرڤان بارزانی لەوێ ئامادە بوو. وتی تا دەتوانیت زوو بگەڕێوە. هەڵگری پەیامی سیاسی و نامەبەری بووم کە شانازی پێوە دەکەم. ڕاستییەکەی بیرکردنەوەیەکی سەیری هەبوو، شتی لە بیر نەدەچووەوە. من پاش دە ساڵ کە گەڕامەوە بۆ کوردستان و چوومەوە خزمەتی، کاک نێچیرڤانیش لەوێ بوو، ناوی نهێنیی منی هێنا کە لە پێشمەرگایەتی بە کارمان دەهێنا.''

عەبدوڵڵا ئەسعەد پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بۆ ماڵپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئیدریس بارزانی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خەڵک هەبوو، سەرکردەیەک بوو بڕوای بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بۆیە ئەگەر جەنابینا نەبووایە ئەو بەرەیە نەدەهاتە کایەوە. بەرەیەک کە بووە هۆکاری سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەت و پەرڵەمان. لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ئیدریس بارزانی لە ئێران زۆر قۆرس بوو، ئەرکی هەموو ئاوارەکانی بەسەر شانەوە بوو، تا

بیتانیبایە کێشە و گرفتەکانی ئەوانی چارە دەکرد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2018

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info.
کاتی تۆمارکردن: 25-07-2025
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 563

یاد و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هیچ کات لە دڵی تێکۆشەرانی گەلی کوردستان دەرناچێت

20250706111852644295=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: یاد و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی هیچ کات لە دڵی تێکۆشەرانی گەلی کوردستان دەرناچێت
ئامادەکردنی: بڵند ئیبراهیم-کاروان باعەدری
ئەمڕۆ 38 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو تێپەڕ دەبێت، لەمبارەشەوە هاوڕێیەکی کۆچکردوو دەڵێت: کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەسەر دەستی ئەو ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان پارتی و یەکێتی واژووکرا، هاوکات باس لەوەش دەکەن ئیدریس بارزانی هەمیشە دەیوت مردن لە پێناو گەلەکەت سەرفرازییە.
خالید شلی، هاوڕێی نزیکی ئیدریس بارزانی باس لە ژیانی خۆی لەگەڵ ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت: ئیدریس بارزانی مرۆڤێکی باوەڕدار و سیاسی و هەڤاڵدۆست بوو، هاوکات باسی ئەوکاتانە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە لە پێشمەرگایەتیدا لەگەڵی بووە و کە هەمیشە ئیدریس بارزانی لەگەڵ پێشمەرگە بوو و ژیانی پێشمەرگایەتی پێش هەموو شتێک دادەنا.
خالید شلی دەشڵێ، ئیدریس بارزانی هەموو ئاواتی ئەوەبووە کورد یەکگرتوو و یەکڕیزبن و بە مافی خۆی بگەن، ئیدریس بارزانی دەشیوت مردن لە پێناو گەلەکەت سەرفرازییە.
هاوکات نەجات حەسەن، لە یادی 38 ساڵە کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی دەڵێ، گەلی کورد قەرزاری توانا و دیبلۆماسییەتی ئەندازیاری ئاشتی گەلی کورد ڕەوانشاد ئیدریس بارزانییە، بێگومان ڕۆڵی ئەو مرۆڤە بەرزە هیچ کات لە دڵی تێکۆشەرانی گەلی کورد و ڕۆڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرناچێت و بەندە زۆر کات لە ئەرکەکانی خۆمان ئەوکاتەی لە لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کارگێڕی لق بووم شەهید ئیدریس بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێمەدا دەکرد و هەمیشە هانی دەداین بۆ یەکبوون و یەکڕیزی و برایەتی لەناو گەلی کورد و ناوخۆ کە بتوانین کارەکانمان لە خزمەتی چینی هەژار و تێکۆشەرانی گەلی کورد بێت و هەوڵبدەین ئایندەیەکی گەش بۆ گەل فەراهەم بکەین.
نەجات حەسەن باسی ڕۆژێک پێش ماڵاوایی دەکات و دەڵێت: ڕۆژێک پێش ئەوەی کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو ماڵاوایی بکات لە دیداری بەڕێزیان لە ماڵی خۆی ئەو شەرەفەم بەرکەوت گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرم و بتوانم بەشێک بم لە فەرمانەکانی کە ئەو بە پەسەندی دەزانی جێبەجێی بکەم.
ناوبراو دەشڵێت، ئیدریس بارزانی ئەوکات بەمنی وت ئێمە لە گەرمیان پێویستمان بەتوانای ڕۆڵەیەکی وەکوو تۆیە چی دەڵێی لە لقی هەشت بگوزارێیەوە بۆ لقی سێی پارتی، منیش بێ یەک و دوو پێشنیازەکەم پەسەندکرد، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی دواتر ماڵئاوای لێمانکرد و خەسارەتێکی گەورەی لە ئێمەدا، بۆیە هیوادارین لە ئەنجامی هەڵەکانی ئێراق ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێمی هێناوە هەموو کورد دەستلەناودەست میللەتی کورد لەم بارودۆخە ڕزگار بکەن و گەلی کورد بەئارامی بژی و بگاتە مافی خۆی، چونکە کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو لەسەر دەستی ئەو ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان پارتی و یەکێتی واژوو کرد، کە دوای ململانێیەکی سەخت ئەو ئاشتییە هاتە ئاراوە کە بتواندرێت لە ناوخۆ زەبری کاریگەر لە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان) | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2025-01-31 -www.kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 564

یادی 41 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

20250723144753647798=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یای 41 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆشی گوڵان

سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە شۆڕشی گوڵاندا گەورەترین هێزی مەعنەوی پێشمەرگەبوون و هەمیشە چەکیان لە شان بوو و ئومێدبەخشی شۆڕشی نوێمان بوون

ناونیشانی بابەت: یادی 41 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

ناوی نووسەر:سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی [1]

کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی یادی 41 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | دیمانە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2017-05-25

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2017-05-25	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-23

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 565
یادی ئیدریس بارزانی و پەیڤێکی کورت/ بەشی دووەم
20250715204732646271=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ناونیشانی بابەت: یادی ئیدریس بارزانی و پەیڤێکی کورت/ بەشی دووەم
ئامادەکردنی: سووڕە مەرگەیی
لێدوان و قسەکردن لەسەر ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی و بڕوا بە خۆبوون و کوردبوون و کوردایەتی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، بۆ بابەیەکی وەک من کە تەنیا چەند جارێک بە دیداری شاد بووم و لە ئامۆژگاری و ڕێنماییە شۆڕشگێڕیەکانی بەهرەمەند بووم کارێکی ئەستەم و لەودیوی مەحاڵە، بۆ ئەوانەش کە بەردەوام لێی نزیک بوون و لەگەڵی ژیاون کارێکی ئاسان نییە، چونکە ژیانی ئیدریس بارزانی تەژی بووە لە نوێگەری شۆڕشگێڕی و خەبات و قوربانیدانی بەردەوام، ئەو نوێگەریەشی دەکردە وزەی بەردەوامی شۆڕش و وەڵامی قۆناغە سەختەکانی خەبات و بە ئومێدەوە ڕوانین بۆ سەرکەوتن.
ئەوەی من لەو چەند جار بە خزمەت گەیشتنەی لێی فێر بووم و دەمەوێت لە یادی کۆچی دواییدا بیڵێم: ئیدریس بارزانی پێچەوانەی زۆرێک لە سیاسیی و سەرکردەکانی ئێستا و ڕابردوو، سیاسەتی لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕیدا وێنا دەکرد، هەڵوێستی شۆڕشگێڕیشی لە بڕوا بە خۆبوون و بەردەوامیدا پێناسە دەکرد، بڕوا بە خۆبوون و بەردەوامیشی لە ئاستی پێشکەوتنی هزر و بیری کوردایەتیدا چڕ دەکردنەوە، هەموو ئەوانەش زادەی ئەو ژینگە سیاسی و شۆڕشگێڕی و نەتەوەییە بوون کە ئیدریس بارزانی تێیدا پەروەردە کرابوو، بۆیە کۆچی دوایی نەک هەر بۆ پارتی خەسارەتێکی گەورە بوو، بەڵکوو کەلێنێکی وای خستە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە پڕ کردنەوەی زەحمەتە.
حیکمەتێکی تری ئیدریس بارزانی کە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم و ئەو حیکمەتەش لە تاکوتەرای ڕابەر و سەرکردەکاندا بوونی هەیە، دەیزانی چۆن وزە و هێزی شۆڕشگێڕی بە پێشمەرگە ببەخشێ و چۆنیش ئومێد بەبەر نائومێداندا بکاتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا دەردەکەوت کە پێشمەرگەیەک یان شۆڕشگێڕێک لەو پەڕی بێ ئومێدیدا بە خزمەت ئەو پیاوە ئومێد بەخشە دەگەیشت، وای هەست دەکرد کە سەرەتای پێشمەرگایەتی و بەرگری کردنییەتی لە کوردستان و ئەرکی ڕزگاری کورد بە تەنیا لەسەر شانی ئەوە.
من لە یەکەم بە خزمەت گەیشتنی زۆر پێی سەرسام بووم و دەرگای جیهانێکی نوێی بە ڕووداکردمەوە، بەڵام لەگەڵ ئاشنا بوونی زیاترم بە قوتابخانەکەی و ناسینی مامۆستاکەی بەرەبەرە ئەو سەرسامیەم کەم دەبووەوە، ئاخر کەسێک لە قوتابخانەی کوردبوون و کوردایەتی وانەی شۆڕشگێڕی وەرگرتبێ و بارزانیی نەمر مامۆستای بووبێ و کولتووری بڕوا بەخۆبوون و خۆڕاگریشی لە بارزانیی نەمر بە میرات بۆ مابێتەوە، دەبێت ئەو ئیدریس بارزانییەی لێ دەربچێت کە شوێنکەوتووانی هێزی بەردەوامی و بڕوا بەخۆبوونی لێ وەربگرن و دوژمنانیش پێی سەرسام بن.
لەلای ئیدریس بارزانی بەردەوامی و بڕوا بەخۆبوون دووانە مەرجی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بوون، بۆیە چەندی باسی لێزانی و بڕوا بەخۆبوونی ئیدریس بارزانی بکرێت هێشتا زۆر لایەنی سیاسی و شۆڕشگێڕی بە شاراوەیی دەمێننەوە و ناتوانی وەک ئەوەی هەبووە بیناسێنی، هەموو ئەوانەش بۆ ئەو قوتابخانە سیاسیی و شۆڕشگێڕیە دەگەڕێنەوە کە وانە و ئەزموونی کوردبوون و کوردایەتی لێ وەرگرتوون، ئێستا کە 32 ساڵ بەسەر کۆچیدا تێدەپەڕێت ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هێزم پێ دەبەخشن و لە شکستدا هێزی هەستانەوەیان لێ وەردەگرم, بۆیە لە یادی کۆچی و لە کۆتایی ئەم کورتە پەیڤەدا دەڵێم: باشترین ڕێز و وەفا بۆ

ئیدریس بارزانی بەردەوامی و بڕوا بەخۆبوونە وەک ئەوەی خۆی بڕوای بە بەردەوامی و بڕوا بەخۆبوون بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 30-01-2022 -gulanmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 566

یادی ئیدریس بارزانی و پەیڤێکی کورت-بەشی یەکەم

20250715201611646260=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: یادی ئیدریس بارزانی و پەیڤێکی کورت

ئامادەکردنی: سووڕە مەرگەیی

لێدوان و قسەکردن لەسەر ژیانی سیاسیی و شۆڕشگێڕی و بڕوا بە خۆبوون و کوردایەتی و کوردبوونی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، بۆ بابەیەکی وەک من کە تەنیا چەند جارێک بە دیداری شاد بووم و لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بەهرەمەند بووم کارێکی ئاسان نییە، بۆ ئەوانەش کە بەردەوام لێی نزیک بوون و لەگەڵی ژیاون کارێکی ئەستەمە، چونکە ژیانی ئیدریس بارزانی پڕ بووە لە نوێگەری شۆڕشگێڕی و خەبات و قوربانیدانی بەردەوام، ئەو نوێگەریەشی دەکردە وزەی بەردەوامی شۆڕش و وەڵامی قۆناغە سەختەکانی خەبات و بە ئومێدەوە ڕوانین بۆ سەرکەوتن.

ئەوەی من لەو چەند جار بە خزمەت گەیشتنەی لێی فێر بووم و دەمەوێت لە یادی کۆچی دواییدا بیڵێم: ئیدریس بارزانی پێچەوانەی زۆرێک لە سیاسی و سەرکردەکانی ئێستا و ڕابردوو، سیاسەتی لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕیدا وێنا دەکرد، هەڵوێستی شۆڕشگێڕیشی لە بڕوا بە خۆبووندا پێناسە دەکرد، بڕوا بە خۆبوونیشی لە ئاستی پێشکەوتنی هزر و بیری کوردایەتیدا چڕ دەکردەوە، هەموو ئەوانەش زادەی ئەو ژینگە سیاسیی و شۆڕشگێڕی و نەتەوەییە بوون کە ئیدریس بارزانی تێیدا پەروەردە کرابوو، بۆیە کۆچی دوایی نەک هەر بۆ پارتی خەسارەتێکی گەورە بوو، بەڵکوو کەلێنێکی وای خستە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە پڕ کردنەوەی زەحمەتە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00-~~2020

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2020-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2020-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی gulanmedia.com- 01-01-2017

کاتی تۆمارکردن: 15-07-2025

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس

بابەت: 567

یادی ئیدریس بارزانی، یادی پێکەوە کارکردن

20250814113404651037=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت:یادی ئیدریس بارزانی، یادی پێکەوە کارکردن

ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی نەک لە بەر ئەوەی کوڕی مستەفا بارزانیە و یەکێک بووە لە فەرماندە سیاسی و سەربازیە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتی شاندی دانووستانکاری شۆڕش بووە لەگەڵ حکومەتی ئێراق کە بەیاننامەی یازدەی ئازاری لێکەوتەوە یادکردنەوەی پێویستە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەشدا ئیدریس بارزانی بۆ یەکەمجار توانی دەستەواژەیەکی نوێ بخاتە ناو کاری سیاسی و بە ڕۆحیەتێکی نوێوە هێز وەبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی بێنێتەوە و دەرەنجامەکەی ڕاپەڕینی کوردستان بێت کە پەڕلەمان و حکومەتی کوردستان مەزنترین بەرهەمییەتی.

ئیدریس بارزانی کۆکەرەوەی هێزە کوردستانییەکان بوو لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕی براکوژی و کولتووری یەکترسڕینەوە بهێنرێت و تێگەیشتنێکی دیکەی نوێ بخاتە ناو دیرۆکی خەبات و تێکۆشانی کوردستان کە ئەگەر یەک حزب نەتوانێت جێگا بۆ هەمووان بکاتەوە بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و فکری ئەوە بەرەیەک دەتوانێت کاروانەکە باشتر و بەهێزتر بەردەوام بکات.

ئیدریس بارزانی کە کاری بۆ دڕووستکردنی بەرەی کوردستانی دەکرد لەوە تێگەیشتبوو کە ڕاگرتنی ئەو بەرەیە و سەرکردایەتی کردنی بەبێ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەدی نایێ بۆیە کە لە براکەی دڵنیا بوو، ئەو یەکەم هەنگاوی بۆ لای تاڵەبانی هەڵگرت و پیشنیارەکەی خستە بەردەمی و پێکەوە توانیان کارەکە سەرکەوتووانە تەواو بکەن، ڕەوان شاد کاک فەلەکەدین کاکەیی بۆی باسکردم کە ئیدریس بارزانی وازی لە هەموو شتێک هێنا تا بەرەی کوردستانی دڕووستکرد، چوونکە بڕوای وا بوو کە پێکەوە نەبێت ناتوانرێت ئامانجەکان و دەست بێن. کاک فەلەکەدین ئەوەشی باس دەکرد کە بیرۆکەی پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی بەرەیەکدا لەلایەن ئیدریس بارزانییەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە کە درێژەدان بە شۆڕش و بەرنگار بوونەوەی داگیرکەران پێویستی بە هەمووانە، کاک فەلەکەدین کە یەکێک بووە لە نزیکترین کەسەکان لە ئیدریس بارزانی، ئەوەشی باسدەکرد کە ئیدریس بارزانی لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکان قسەی کرد بوو بەڵام کەمیان بە پیر بیرۆکەکەیەوە هاتن بۆیە ئەو کارە سەری نەگرت تا حزبەکان خۆیان و گەلی کوردیشیان تووشی کارەساتی براکوژی کرد و دواتر گەڕانەوە سەر بیرۆکەکەی ئیدریس بارزانی و لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی پێکەوە فێری یەکەمین ئەزموونی پێکەوە کارکردن بوون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 31-01-2023 -(kurdistantv.)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 568
یادی ئیدریس بارزانی، یادی پێکەوەکارکردن
20250711095521645153=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
یادی ئیدریس بارزانی، یادی پێکەوەکارکردن
ئاسۆ حاجی

ئیدریس بارزانی کە کاری بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی دەکرد لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو بەرەیە و سەرکردایەتی کردنی بەبێ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەدی نایێ.
ئیدریس بارزانی نەک لە بەر ئەوەی کوڕی مستەفا بارزانییە و یەکێک بووە لە فەرماندە سیاسی و سەربازیە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتی شاندی دانووستانکاری شۆڕش بووە لەگەڵ حکومەتی ئێراق کە بەیاننامەی یازدەی ئازاری لێکەوتەوە یادکردنەوەی پێویستە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەشدا ئیدریس بارزانی بۆ یەکەمجار توانی دەستەواژەیەکی نوێ بخاتە ناو کاری سیاسی و بە ڕوحیەتێکی نوێوە هێز وەبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی بێنێتەوە و دەرئەنجامەکەی ڕاپەڕینی کوردستان بێت کە پەڕلەمان و حکومەتی کوردستان مەزنترین بەرهەمیەتی.
ئیدریس بارزانی کۆکەرەوەی هێزە کوردستانییەکان بوو لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕی براکوژی و کلتوری یەکتر سڕینەوە بهێنرێت و تێگەیشتنێکی دیکەی نوێ بخاتە ناو دیرۆکی خەبات و تێکۆشانی کوردستان کە ئەگەر یەک حزب نەتوانێ جێگا بۆ هەمووان بکاتەوە بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و فکری ئەوە بەرەیەک دەتوانێت کاروانەکە باشتر و بەهێزتر بەردەوام بکات.
ئیدریس بارزانی کە کاری بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی دەکرد لەوە تێگەیشتبوو کە ڕاگرتنی ئەو بەرەیە و سەرکردایەتی کردنی بەبێ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەدی نایێ بۆیە کە لە براکەی دڵنیا بوو، ئەو یەکەم هەنگاوی بۆ لای تاڵەبانی هەڵگرت و پیشنیارەکەی خستە بەردەمی و پێکەوە توانیان کارەکە سەرکوتوانە تەواو بکەن، ڕەوان شاد کاک فەلەکەدین کاکەیی بۆی باسکردم کە ئیدریس بارزانی وازی لە هەموو شتێک هێنا تا بەرەی کوردستانی دروستکرد، چوونکە بڕوای وا بوو کە پێکەوە نەبێت ناتوانرێ ئامانجەکان و دەست بێن کاک فەلەکەدین ئەوەشی باس دەکرد کە بیرۆکەی پێکەوەکارکردن لە چوارچێوەی بەرەیەکدا لەلایەن ئیدریس بارزانییەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە کە درێژەدان بە شۆڕش و بەرنگار بوونەوەی داگیرکەران پێویستی بە هەمووانە، کاک فەلەکەدین کە یەکێک بووە لە نزیکترین کەسەکان لە ئیدریس بارزانی ئەوەشی باسدەکرد کە ئیدریس بارزانی لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکان قسەی کرد بوو بەڵام کەمیان بە پیر بیرۆکەکەیەوە هاتن بۆیە ئەو کارە سەری نەگرت تا حزبەکان خۆیان و گەلی کوردیشیان تووشی کارەساتی براکوژی کرد و دواتر گەڕانەوە سەر بیرۆکەکەی ئیدریس بارزانی و لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی پێکەوە فێری یەکەمین ئەزموونی پێکەوە کارکردن بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2018

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2018-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-11

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 569

یادەوەرییەکانی موحسین دزەیی لە کۆچی دوایی (مستەفا بارزانی)دا: مستەفا بارزانی بەرژەوەندیی میللەتی دەویست و قەت نەحەسایەوە

20250717113112646579=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئامادەکردن- سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی:

45 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ڕابەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان مستەفا بارزانی تێدەپەڕێت کە لە 01-03-1979 ماڵاوایی لێکردین، بەڵام ڕێبازی بارزانی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بەهێزی و بەرفراوانیدایە. ئەمڕۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانییەوە، ڕاستی و ڕەسەنی و نیشتمانپەروەریی بارزانی و ڕێبازی بارزانی بەرز دەنرخێنن و دەزانن، کە تەنیا ڕێبازی بارزانی مایەی ئاشتی و پێکەوەژیان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هیوا و ئاواتی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی کوردستانە، لەم یادە ڕۆژنامەی خەبات بیرەوەرییەکانی هەڤاڵانی بارزانی بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو.

بەڕێز (موحسین دزەیی) نوێنەری جەنابی (سەرۆک مەسعود بارزانی) لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانیدا کە یاوەری بارزانیی نەمر بووە بۆ ئەمەریکا بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی، بەمشێوەیە باسی ئەوکاتە دەکات و دەڵێت: لە 10ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەک لێژنەی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینترناشنال) و (هیومان ڕایتس وۆچ) و هەندێک وڵات یادی ئەم جارنامەیە دەکرێتەوە، بەر لە وادەی ئەم یادکردنەوەیە بە دوو هەفتە و لە کۆتایی ساڵی 1976 لەلایەن لێژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک داوەتنامەیەکمان بە دەست گەیشت، داوەتنامەکە ئاڕاستەی سەرۆک بارزانی کرابوو تا لە بارەگای لێژنە بەو بۆنەیەوە وتارێک بخوێنێتەوە، مانگی 9 بە ئۆتۆمبێل بەرەو نیویۆرک کەوتینەڕێ، من و دۆستێکی، یاوەری بارزانی بووین. ساعەت 10ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پاشتر واتە 10ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1976 بە ئۆتۆمبێلی خۆمان چووینە بارەگای لێژنەی مافی مرۆڤ، بارەگاکە کەوتبووە بەرانبەر بارەگای سەرەکی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جادەیەک لێکی جیاکردبوونەوە، واتە هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی جادە، دوای پشوودانێکی کورت لەلای سەرۆکی لێژنە، چووینە نهۆمێ یەکەم. هۆڵی کۆبوونەوە لەو نهۆمە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لێژنەی مافی مرۆڤ، نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سیاسەتمەداران، ڕۆژنامەنووسان و هەندێک لە ئەندامانی سلکی دیبلۆماسی لەو هۆڵەدا ئامادە بوون. کە چووینە ژوورەوە بارزانی بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا، لە ڕیزی پێشەوە شوێنی دانیشتنمان بۆ ئامادەکردابوو، سەرۆکی لێژنە بەخێرهاتن و سوپاسی بارزانی کرد کە لەم یادەدا ئامادەبووە، ئینجا پوختەیەکی دەربارەی شۆڕشی کورد، بێبەشبوونی میللەتی کورد لە مافە ڕەواکانی بۆ ئامادەبووان باسکرد، دواتر داوای لە بارزانی کرد تا وتارەکەی بخوێنێتەوە. بارزانی چووە شوێنی دیاریکراو و (دۆسکی)ش بۆ تەرجەمەکردنی وتارەکەی یاوەری بوو، بەر لەوەی بگاتە شوێنی دیاریکراو بارزانی لەلای پەنجەرەیەک ڕاوەستا، کە دەیڕوانییە گۆڕەپانی بەردەم بارەگاکە، لەوێ ئاڵای وڵاتانی ئەندام دەشەکایەوە، ئامادەبووان لەم هەڵوێستەیە سەریان سووڕما، بارزانی لە کاتی خوێندنەوەی وتاریەکدا وتی دەزانن بۆ لای ئەم پەنجەرە ڕاوەستام؟ بینیم ئاڵای سەرجەم وڵات و گەلانی جیهان لە بەرانبەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکراوە تەنیا ئاڵای کوردستانم نەبینی، هەندێک وڵاتی ئەندام ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە چەند سەد هەزار کەسێک، بەڵام ژمارەی کورد لە (30) ملیۆن زیاترە. هەروەها بارزانی وتی (سەرەڕای ئەمە و هەرچەندە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد مافێکی ڕەوا و سرووشتی خۆمانە، بەڵام ئێمە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمیمان لە چوارچێوەی کۆماری ئێراق کردووە، ئێستا میللەتی کورد لەژێردەستی ڕژێمی بەغدا لە سێدارە دەدرێن و دەخرێنە بەندیخانە و تاراوگەوە). بارزانی کەوتە باسکردنی بارودۆخی کورد لە سەرەتای

دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقدا و چۆن هاوپەیمانان لە دوای دووەم جەنگی جیهانی و لە پەیماننامەی سیڤەردا بەڵێنی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردییان داو و پاشان ئەو پەیماننامەیە بە پەیماننامەی لۆزان گۆڕدرایەوە دوای ئەوەی کە تورکیا تەنازولی لە ویلایەتی موسڵ بۆ ئێراق کرد.

* بەڕێز (موحسین دزەیی) لە هەندێک لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەو کاتە دەکات، کە لە درەنگانی شەواندا، کە محەمەد سەعید دۆسکی جێیدەهێشتن، ئەم و بارزانی بە تەنیا دەمانەوە. لە هۆڵی نان خواردن مێزێک دانرابوو کە شەش کورسی بەدەورەوە بوو، بارزانی لەوسەر و منیش بەرانبەری دادەنیشتم، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی پەرتووکی مێژووی جەنگەکان بوو و دەوری فەرهەنگە ئینگلیزی و عەرەبییەکانی دەکردەوە، جارجار پرسیاری هەندێک وشە و چۆنییەتی ژنەوتنی دەکرد. هەروەها جارجار سەیری فیلمی سروشت و دارستان و ئاژەڵی کێوی دەکرد، حەزی لە مۆسیقا و گۆرانی فۆلکلۆر و لاوک بوو، جارجار چایەکم دەخستە بەردەمی، چەندان سەربوودەی بۆ دەگێرامەوە بە تایبەتیی هیی سەردەمی منداڵی و زۆر بە (ئەحمەد ئاغای شێروانی) خاڵۆی سەرسام بوو. دەیوت چەند مانگێک دوای کۆچی باوکم هاتوومەتە دنیاوە. خاڵۆم فێری نیشان شکێنی و ڕاوی کردم و لە گەڵیدا چوومەتە ڕاو. تاقانەی دایکم بوومە. براکانی تریشم شەهید شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد و محەمەد سدیق و شێخ بابۆن. شێخ بابۆ تەمەنی چەند مانگێک بوو، کە باوکی کۆچی دوایی کرد بۆیە بەناوی باوکییەوە ناودێر کرا. بارزانی دەیوت عەشیرەتی شێروان عەشیرەتی سەرەکی سەربە شێخانی بارزانن. بە سەرۆکەکەیان دەوت میری شێروانییان، کە ئەو کاتە ناوی سوڵتان بوو و باوکی ئەحمە دئاغای خاڵی بارزانی بوو. ئەحمەدئاغا پیاوێکی بێ فیز و نان دەرو ئازا بوو. بەرگرییەکی گەورەی لە شێخانی بارزان دەکرد و لە هێرشی عەشیرەتەکانی دیکە پاراستی. بارزانی کە منداڵ بوو لەگەڵ خانەوادەکەی چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە دەستگیر کراون. کاتێکیش گەیشتە قۆناغی مێردمنداڵی زۆر جار ئەحمەد ئاغای خاڵۆی، لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ ڕاو و فێری چەک هەڵگرتن و نیشان شکێنی دەکرد. بارزانی دەربارەی یەکێک لەو ڕەوانە دەیگێڕایەوە کە تووشی ورچێکی گەورە هاتن و هێرشی بۆ هێنان، ئەحمەد ئاغا تەقەی لە ورچەکە نەکرد و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ئاخۆ بارزانی گەیشتۆتە ئەوێ و تەقەی لێ دەکات و دەیکوژێت. ئەحمەد ئاغا زۆر بەوە دڵخۆش دەبێت کە بارزانی بوەتە ڕاوچی و نیشانشکێن. بارزانی زۆر باسی ئازایەتی و لیهاتوویی ئەحمەدئاغا خاڵۆی و ئەو خزمەتانەی کە پێشکەش بە شێخانی بارزانی کردووە دەکرد. جارێک لە بارزانیم پرسی:

جەنگاوەرەکان بۆ ئەوەندە تۆیان خۆشدەویست و بە بێ دوودڵی فەرمانەکانتان جێبەجێ دەکرد؟ بارزانی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: هەڵسوکەوتی من لەگەڵ جەنگاوەران هەڵسوکەوتی سەرکردە و سەرباز نەبوو، هەموویانم وەک کوڕ و برای خۆم تەماشا دەکرد، لە سەرجەم ئەو شەڕانەی کە دژی دوژمن بەشداریم تێدا کردوون شوێنی هەرە مەترسیدارم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، گیانی ئەوانم لە گیانی خۆم لا گرنگتر بووە، هەروەها پێداویستییەکانی ئەوانم لە خواردن و جلوبەرگ، پێشی خۆم دابین کردووە. بەمجۆرە بارزانی خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی نەک گەورەی گەلەکەی حسێب دەکرد. چەندان جار بینیومە نامەی بۆ پێشمەرگە و یاوەرانی نووسیوە یان وەڵامی نامەکانیانی داوەتەوە و لە کۆتاییدا نووسیویەتی (برا و خزمەتکارتان). بەڕاستی ئەو زاتە تەمەنی خۆی لە چیاو بەندیخانە بەسەربرد. چاوی لە بەرژەوەندیی کەسێتی خۆی نەبوو بەڵکوو بەرژەوەندیی میللەتی دەویست و قەت نەحەسایەوە. لەبەر ئەو هۆکارانە خەڵک بارزانییان خۆش دەویست و تاکە سەرکردەی بێ ڕکابەری میللەت بوو.

(موحسین دزەیی) لە بارەی بارودۆخی تەندروستیی بارزانی، کە بەرەو خراپی دەڕوات و هەتا بارزانیی نەمر وەسییەتی کردبوو کە لەچ شوێنەک بەخاکی بسپێرین لەمبارەیەوە دەنووسێت:

دوای 20-02-1979 و پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و هەروەها دوای دڵنیابوون لە بارودۆخی پەنابەران و خزمان لە ئێران، تەندروستی بارزانی بەرەو خراپی چوو، زۆر لای ئێمە دانەدەنیشت، زۆربەی کات بەرانبەر ژوورەکەی پیاسەی دەکرد یان لەسەر پێخەفەکەی پاڵی دەدایەوە. بەرگەی ئازارەکانی دەگرت و هیچ گازندەیەکی نەبوو. من و ئیدریس بە نۆرە چاودێریمان دەکرد. لە وادەی دیاریکراو ئەو دەرمانانەم دەدایێ کە

پزیشک بۆی نووسیبوو. بارزانیی نەمر، تەواو دڵنیا بوو کە چەند ڕۆژێکی ژمێردراو لە ژیانی ماوەو ساتی ماڵاوایی نزیک بووەتەوە، بۆیە لە بەرانبەر من و ئیدریس، بە نیسبەت دوامەنزڵ و گۆڕی خۆی وەسیەتی کرد و فەرمووی: (حەزدەکەم ئەگەر کرا لە بارزان بە خاکم بسپێرن و ئەگەر نەشکرا بمبەنەوە کوردستانی ئێران بە ئەمانەت لە تەنیشت شێخ بابۆ بمنێژن و دواڕۆژ بمبەنەوە بارزان). وێستمان تۆزێک دڵی بدەینەوە، بەڵام بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: (من کەسێکم باوەڕم بەخودا هەیە و چارەنووسی هەر مرۆڤێکیش مردنە و ئەمە کارێکی سروشتییە. لە ژیانمدا دەیان جار ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوە و بە ڕێکەوت ڕزگارم بووە، بەڵام چونکە خودا ئیرادەی لەسەر نەبووە و وادەم نەهاتبوو هەر ژیاوم، ئێستاش دەزانم ساعەتەکە نزیک بووەتەوە و بە فەرمانی خوا ڕازیم. خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی پەیوەندی بە نەخۆشخانەی (جۆرج واشنتۆن)ەوە کرد، ئوتۆمبێلی فریاکەوتن هات و بارزانیمان بردە نەخۆشخانەی ناوبراو. ئیدریس و دۆسکی و من و فەرهادی نەوەی، یاوەری بارزانی بووین. پاشنیوەڕۆی 25-02-1979 لە ژوورێکدا پشکنینی پێویستی لەلایەن پزیشکانەوە بۆ کرا. چوار شەو و چوار ڕۆژ بەتەواوی لە نەخۆشخانەدا ماینەوە، نیوەشەو بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ مانی بارزانی دەکرد کە ئەو دەمە لە ئێران کاتی بەیانی بوو. لە شەوی چوارەم، واتە ڕێکەوتی28-02-1979 کات لە ئەمەریکا سپێدەی یەکی ئاداری ساڵی 1979 بوو، کاک ئیدریس تەلەفۆنی بۆ تاران کرد، بارزانی نووستبوو، من لە تەنیشت ئیدریس ڕاوەستابووم، زانیمان کاک مەسعود گەیشتۆتە ئێران و لە کەرەج وا لەنێوان کەسوکاری دایە، چوومە ژوورەکەی بارزانی بینیم نووستووە، دوای چەند دەقیقەیەک چاوی کردەوە، وتم کاک مەسعود بە سەلامەتی گەیشتۆتە کەرەج. وتی: تۆ دڵنیای؟ ڕاستی هەواڵەکەم پێگوت، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی سوپاس بۆ خوا، زۆر دەترسام ئەو کوڕە تووشی بەڵایەک ببێت، چونکە چاودێری دەکەن، سوپاس بۆ خوا. بارزانی دووبارە نووستەوە و منیش لەسەر کورسییەکەی بەرانبەر قەرەوێلەکە دانیشتم. بارزانی خەوی لێکەوتەوە. لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە و بینیم ئیدریس پیاسە دەکات، قسەکانی بارزانیم بۆ گێڕایەوە. ئیدریس وتی: بارزانی وتی چەند ساعەتێکی ژمێردراو یان دیاریکراو؟ وتم: (وتی چەند ساعەتێکی ژمێردراو)، ئیدریس بە خەمباریەوە وتی دەزانێت کە دەمژمێرەکە نزیک بووەتەوە!. گەڕاینەوە ژوورەکە، کەوتینە چاودێریکردنی بارزانی.

* موحسین دزەیی لە بارەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت:

پاش ماوەیەکی کورت، پزیشکی پسپۆڕ و کارمەندان هاتن، چەند پشکنینێکیان بۆ بارزانی کرد، دڵخۆشییان پیشاندا و وتیان تەندروستی زۆر باشە و دەتوانێت سەفەر بکات و نەخۆشخانە بەجێبهێڵێت. ئێمە زۆر دڵخۆش بووین و لەنێوان خۆماندا کەوتینە گفتوگۆ. بڕیارماندا ڕۆژی پاشتر سەفەر بکەین. محەمەد سەعید دۆسکی پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە کرد، ئێمەش پەیوەندیمان بە باڵیۆزخانەی ئێرانەوە کرد. نوێنەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە ئافرەت بوو هاتە نەخۆشخانە تا لە جیاتی حکوومەتی ئەمەریکا ماڵاوایی لە بارزانی بکات. بارزانی لە شوێنی خۆی ڕاست بووەوە، بە درێژی باسی گەلی کوردی بۆ نێردراوەکە کرد، کە چۆن دوای ڕێککەوتننامەی خیانەتکاری جەزائیر لە ئێران لەنێوان هەردوو گۆڕبەگۆڕ شا و سەدام و بە موبارەکبایی گۆڕبەگۆڕ هواری بوومەدین، شۆڕشی کورد بەم ڕۆژە گەیشت، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە ئەمەریکا بە تایبەتیی (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوە ئاگاداری ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو، لەژێرەوە بە نهێنی پاڵپشتی کوردی دەکرد، سەرەڕای ئەوە ئەوان چەندان بەڵێنیان بە گەلی کورد و شۆڕشی بارزانی دابوو. محەمەد سەعید دۆسکی قسەکانی بارزانی بۆ زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕا، بارزانی داوای لە نێردراوە ئەمەریکییەکە کرد کە گەلەیی و گازندە بگەیەنێتە حکومەتی ئەمەریکاو بزانن کە زوو یان درەنگ میللەتی کورد هەر بە ئامانج دەگات. هەروەها بارزانی داوای کرد کە سوپاسی بگەیەنێتە ئیدارەی ئەمەریکا سەبارەت بەو ماوەیەی کە لە ئەمەریکادا مایەوە. دواتر نێردراوە ئەمەریکییەکە ڕۆیشت. کاک ئیدریس و من لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە تا هەندێک پێداویستی بکڕین و خۆمان بۆ سەفەر ئامادە بکەین. دۆسکی و فەرهاد لای بارزانی مانەوە. تەندروستی بارزانی زۆر باش بوو، گەڕاینەوە ماڵەوە، ڕیشمان تاشی و خۆمان شوشت. ئێوارەی پێنجشەممە ڕێکەوتی01-03-1979 بوو، خەریک بوو ماڵەوە جێبهێڵین و بچینە نەخۆشخانە کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کاک ئیدریس

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، فەرهاد لەسەر خەت بوو، هاواری کرد بە ڕاکردن و بەپەلە بگەینە نەخۆشخانە، لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە نەخۆشخانە و چووینە ژوورەکەی بارزانی. بینیمان فەرهاد بە کوڵ دەگری و محەمەد سەعید دۆسکیش فرمێسکی چاوی دەسڕێتەوە، پیاوی گەورە و مرۆڤی ئەسڵزادە دنیای بەجێهێشت. بۆ ئێمە سەدمەیەکی گەورە بوو. تەرمە پاکژەکەیمان بینی لەسەر قەرەوێلە کە ڕاکشا بوو، چەرچەفەکەمان لەسەر لادا دەتوت نووستووە. من و ئیدریس لە پڕمەی گریانماندا بۆ لەدەستدانی ئەو سەرکردە مەزنە. ئەو سەرکردە لێهاتووە بەجێی هێشتین کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەی و بەدیهێنانی مافی ڕەوای میللەتە ستەم لێکراوەکەی تەرخانکرد. ئەو پیاوە مەردە سادە و بە وەفایە دنیای جێهێشت. هەموو حەزی خزمەتی گەلەکەی و ستەملێکراوان و هەژاران بوو. لە پێناوی ئەو ئامانجەی، دەیان جار هەوڵی لەناوبردنی دراوە، تووشی بەندیخانە و تاراوگە هاتووە و چیا سەرکەشەکانی کوردستانی کردووە بە پەناگە تا بەرگری لەو ئامانجە بکات.

* هەواڵی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر گەیشتە پەنابەرانی کورد، لەمبارەیەوە بەڕێز موحسین دزەیی دەنووسێت: دواتر هەواڵەکە گەیشتە پەنابەرانی کورد لە ئەمەریکا و کەنەدا. ژمارەیەکی زۆریان لە چەندان شارەوە بە هەڵەداوان گەیشتنە ماڵەکەی ئێمە لە واشنتۆن. من هەواڵەکەم بە دکتۆر- ماکفیرسن- پزیشکی تایبەتیی بارزانیی نەمر لە مایوکلینک ڕاگەیاند، بە هەواڵەکە زۆر خەمبار بوو و داوای کرد پرسەنامەی بگەیەنمە کاک ئیدریس و وتی لەو کاتەدا ناتوانم ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵدا بکەم. محەمەد سەعید دۆسکی، هەواڵەکەی گەیاندە ڕۆژنامەنووس دانا ئادەم شمیدت، دۆستی دێرینی بارزانی و خاوەن پەرتووکی گەشتێک لەنێوان پیاوە ئازاکان، شمیدت لە ڕۆژنامەنووسە بەراییەکان بوو کە لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا سەردانی کوردستانی کرد. شمیدت لە ڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەردا کاری دەکرد و هەواڵەکەی گەیاندە ئاژانسەکانی دەنگوباس و ڕادیۆکان. بەمجۆرە هەواڵەکە بە هەموو جیهان بڵاوبووەوە. نیوەشەو کاک ئیدریس تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەیان کرد، تازە تەلەفۆنێکیان وەرگرتبوو، خوالێخۆشبوو نازدارخانم هاوسەری وەڵامی دایەوە، ئیدریس بە نازدار خانمی وت داوا لە شێخ محەمەد خالید و مەسعود بکە بێنە ماڵی بارزانی تا قسەیان لەگەڵدا بکەم، بێ ئەوەی کاک ئیدریس هەواڵەکە بە هاوسەرەکەی بڵێت نازدارخانم لە مەسەلەکە گەیشت و لە پڕمەی گریانیدا. دوای ماوەیەکی کەم، کاک ئیدریس دیسان تەلەفۆنی بۆ ماڵی بارزانی کردەوە شێخ محەمەد خالید و کاک مەسعود لەوێ بوون. کاک مەسعود بەر لە 24 ساعەت گەیشتبووەوە تاران. هەموو ئەو هەواڵە دڵتەزێنەیان زانی، کاک ئیدریس دەیویست دڵی کاک مەسعود بداتەوە، چونکە دەگریا، بەڵام بێ کەڵک بوو، ئەو دەمە لە ئێران دەمژمێر هەشت و نیوی سپێدەی ڕۆژی 02-03-1979 بوو، بەڵام لە ئەمەریکا نیوەشەوی 01-03-1979 بوو. گەیشتە ڕۆژی 02-03-1979، دەیان پەنابەر لە شارە جیاجیاکانی ئەمەریکاوە گەیشتنە واشنتن بۆ پرسە وسەرەخۆشی و دەربڕینی هەستیان بەرانبەر بەو کارەساتە دڵتەزێنە. ئێوارەی شەممە 03-03-1979 چووینە باڵەفڕخانەی دالاس لە واشنتۆن، تا باڵەفڕخانە، ژمارەیەکی زۆر پەنابەر یاوەرمان بوون کە حیکمەت بامەڕنیش لەگەڵیاندا بوو. دوای ئەوەی گەیشتینە باڵەفڕخانە، بالیۆز مۆریس دریپەر هاتە لامان و پرسەی حکومەتی ئەمەریکا و وەزارەتی دەرەوەی پێڕاگەیاندین و تا بەڕێکەوتین هەر لامان مایەوە، دوای ماڵاواییمان لە هەمووان کرد و سوپاسمان کردن و ڕوومان لە هۆڵی جێهێشتن کرد. ئیدریس و من و دۆسکی و فەرهاد یاوەری تەرمە پاکژەکەی بارزانی بووین. کاک ئیدریس وتی هەندێک کەس زۆر بەدڵسۆزی و دەستپاکییەوە ئەو ئەرکە بەجێدەهێنن کە داوایان لێکراوە، باڵەفڕەکە باڵەفڕخانەی دالاسی لە واشنتۆن جێهێشت و ئێمەش لەگەڵ تەرمە پاکژەکەی بارزانی بۆ دوا جار لە ساعەت 9ی ڕۆژی 03-03-1979 ئەو وڵاتەمان جێهێشت.

سەرچاوە:

پەرتووکی: سەرۆک مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول 1961-1975

پەرتووکی: وێستگەکانی ژیانم بەشی سێیەم و کۆتایی (موحسین دزەیی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |

ڕۆژی دەرچوون: 2024-03-09

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-03-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
قۆناغەکێ ژیوای مەڵلا مستەفای بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | xebat.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-17

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 570

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی پەیامێک لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی بڵاودەکاتەوە (31-01-2021)

20250706133250644315=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سی و چوارەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی سەرکردە و ئەندازیاری ئاشتەوایی پەیامێکی بڵاوکردەوە.
لە بەشێکی پەیامەکەدا کە وێنەیەکی بۆ (باسنیوز) نێردراوە هاتووە، ئیدریس بارزانی هەمیشە باوەڕی بە گەل و مافە ڕەواکانی هەبوو و هەمیشە دەیووت هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێت لە پێناوی سەرخستنی پرسی ڕەوای گەلەکەمان و تێکشکاندنی داگیرکەرانی خاک و خەڵکی کوردستان بن، هەر بۆیە بەدەسپێشخەری بەڕێزیان پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1986 لەدایک بوو.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:
پەیامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیان لە سی و چوارەمین ساڵیادی کۆچی دڵتەزێنی پێشمەرگە و برا و سەرکردەی لێهاتوو کاکە ئیدریس بارزانی هەمیشە لە یاد.
ئەمڕۆ سی و چوار ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کارەساتێکی دڵتەزێن و خەمێکی گران کە کوردستانی داپۆشی، بە ونبوونی تێکۆشەرێک و ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی، کە لە دامێنی چیای شیرینی سەرکەش لە ناوچەی بارزان هاتبووە ژیانەوە، لە گوندی بارزان لانکەی شۆڕش و بەرخودان و دوژمن شکێن، ئەویش کاکە ئیدریس مستەفا بارزانییە، ئەو سەرکردە خۆشەویست و دڵسۆز و دووربینەی هەموو ژیانی لە پێناو کورد و کوردستان و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە تەرخان کردبوو.
ئیدریس بارزانی لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ خانەوادە تێکۆشەر و فیداکارەکەیدا ئاوارەی باشووری ئێراق دەبن پاش ئەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی ڕوو لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران دەکەن بۆ ماوەی یانزە ساڵ لە شارەکانی بەسرا و بەغدا و موسڵ، لە ژیانێکی پر لە کێشە و دژواردا دەژیان. بەڵام هەردەم متمانە و باوەڕیان بەهێز بوو چونکە خاوەنی پەیام و دۆزی ڕەوا بوون و، بۆ گەل و خاکێکی داگیرکراو تێ دەکۆشان، دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 1958 کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، لەگەڵ خانەوادەکەیان دەگەڕێنەوە بارزان و، لەگەڵ یەکەم چرکەساتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ئیدریس بارزانی وەکوو لاوێکی خوێنگەرم و ژیر و چاونەترسی کوردستان، دەبێتە پێشمەرگە و، لەبەر لێهاتویی و قارەمانێتی و ئاستی بەرزی ڕۆشنیری هەر زوو وەکوو سەرکردەیەکی قارمان و لێزان و دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو دەردەکەوێت و دەبێتە جێگای متمانەی شۆڕش و بارزانیی نەمر و ڕۆڵی گرینگ و کارای لە شۆڕشدا دەگێڕا لە پەیوەندی کردن لەگەڵ وڵاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ناساندنی شۆڕش و ئامانجەکانی و گەیاندنی دەنگی ڕەوای گەلەکەمان بە جیهان. کاکە ئیدریسی سەرکردە لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕژێمی بەعەس ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لەگەڵ بارزانیی نەمر و کاک مەسعود بارزانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی مێژوویی یانزەی ئاداری ساڵی 1970.
پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرینگی هەبووە لە سەرپەرشتیی ئاوارەکان لە ئێران و خەمخۆری ڕاستەقینەی پەنابەران بوو و، لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا لە ساڵی 1976 ئیدریس بارزانی لەگەڵ ڕێزدار جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و ژمارەیەک کادری گیان لەسەر دەست لەژێر ئاموژگاریی بارزانیی نەمر ئومید و هیوا و متمانەیان بۆ خەڵکی سەربەرزی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی گەڕاندەوە.

ئیدریس بارزانی هەمیشە باوەڕی بە گەل و مافە ڕەواکانی هەبوو و هەمیشە دەیووت هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێت لە پێناوی سەرخستنی پرسی ڕەوای گەلەکەمان و تێکشکاندنی داگیرکەرانی خاک و خەڵکی کوردستان بن، هەر بۆیە بەدەسپێشخەری بەڕێزیان پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1986 لەدایکبوو.
ئەم سەرکردە مەزنە ڕۆڵی گرینگی لە کۆنگرەی تاران لە ساڵی 1987 بینی و، پێشنیاری یەکخستنی سەرجەم لایەنە ئێراقیەکانی کرد بە کورد و عەرەب، بە سوننە و شیعەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس.
مخابن بەرەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارۆچەکەی سلێمانای سەربە شاری ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێران دڵە گەورەکەی لە لێدان وەستا و بەدیمەن لەبەر چاو ون بوو. وەکوو ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداری بەرز و پیرۆز لە ئاسمانی کوردایەتی و کوردستان و مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوە.
سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی ئەم سەرکردە مەزنە کە هەمیشە لە ویژدانی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بەزیندووی دەمێنێتەوە.
سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان
سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان
دکتۆر کەمال کەرکووکی
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیان
2021-01-31
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | سەرچاوەی بەڵگەنامە: ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان | شار و شارۆچکەکان: کەرکووک | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 01-02-2021.

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 571

بابەتێکی فەلەکەدین کاکەیی بە ناوی (ئیدریس پیرۆزە) لە ڕۆژنامەی خەبات

20250817110559651370=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



٣٧ ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی | 5

ئیدریس، پیرۆزە

ئیدریس، وردبین بوو، بەبێ شڵەژان و شپرزەبوون، ناو بەناو وەبیری دەهێنایەوە تا بەهیچ شتێك خۆش باوەڕ و دڵنیا نەبین، تەنیا بە بیروهۆش و توانای خۆمان نەبێ.

نووسەر و سیاسەتمەدار و سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی خەبات فەلەکەدین کاکەیی ئەم بابەتەی بەناوی ئیدریس پیرۆزە (ئیدریس بارزانی)، کاتی خۆی بە بۆنەی وەرگرتنی بڕوانامەی شانازی دکتۆرای نێچیرڤان بارزانی لە کۆلێژی واشنتۆن و جیفرسۆن نووسیویەتی، کە لە ژمارە 6676ی ڕێککەوتی 01-02-2024ی ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | دیجیتاڵ |

فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و رێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
فەلەکەدین کاکەیی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی رێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات - 2025-08-17

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-17

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 572

بابەتێکی ڕۆژنامەی خەبات لەسەر ئیدریس بارزانی

20250817104438651365=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕۆژانی ڕاژان

ئیدریس بارزانی بەناوی خواو چەند دێری جوان لە دەفتەری تۆماری بروسکە دەنووسێ، کە ئەمە یەکەمین جارە دوای نوشستی ئادارى 1975 تۆڕی بێتەلی شۆڕش دەکەوێتە خێرو سەرکەوتنی کورد و کوردستان (ئەمەیان دەڵی نووسینەکەی ئیدریس نییە، ئن شتێکی بەو ماناییەی نووسی).

فەلەکەددین کاکەیی: کۆنگرەی نەتەوەیی، پێشکەوتنێ گەورەی بیری سیاسیی کورد

ئەو سەردەمە هەندێ کەس ڕەخنەیان لە ئیدریس نەمر دەگرت کە گوایە حیزبی نییە، پەیڕەوی پڕۆگرامی حیزب نییە و ناهێنێ حیزب دابمەزرێنێ! لە واقیعیشدا ئیدریس کۆنەکەی حیزب بوو، دیموست بهێزبێ و، لەهەموو کەس جەماوەرێتر بوو، بەشێوەی خۆی لە هەموومان زیاتر خەڵکی بە دوورى بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا کۆدەکردەوە، نەو، گرنگیی بە بڕیارە سیاسییەکان دەدا.

نووسەر و سیاسەتمەدار و سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی خەبات فەلەکەدین کاکەیی کە کەسێکی نزیک بووە لە ئیدریس بارزانی، زۆر جار و لە زۆر بابەتدا باسی وردبینی و دوورییەنی ئیدریس بارزانی دەکات.
لە 37ەمین ساڵیادی کۆچی دوایی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی نووسەر (سەنگەر حوسێن) چەند بابەتێکی ڕەوانشاد کاکەیی کۆکردۆتەوە، کە لە ژمارە 6676ی ڕێککەوتی 01-02-2024ی لە ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | دیجیتاڵ |

فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕپادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - 17-08-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-17
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 573

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارەمین سالڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250715154946646221=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارەمین سالڕۆژی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی.
[1]

تێبینی: ئەم بابەتە وەکو وێنەیە، بۆ بینینی سەردانی فایلی پەیوەندیدار بکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | کوالیتی وێنە / دۆکومێنت / فیلم: خراپ |

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، لە کۆڕیادی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی لە نۆروێژ	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی partipedia.org - 15-07-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-15

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 574

بەیاننامەی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای کەرکووک - گەرمیان لە یادی 77 ساڵەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا 22-01-2023

20250818235309651727=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە یادی 77 ساڵەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، یەکەمین کۆماری کورد لە سەردەمی نوێدا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردمان لە هەموو شوێنێکی کوردستان وهەندەران دەکەین.

لە 22-01-1946، پێشەوا قازی محەمەد بە سەرۆکایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، بە ئامادە بوونی جەنابی بارزانی «زەعیمی شۆڕشی بارزان» و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی پارچەکانی تری کوردستان، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بۆ یەکەمینجار ئەو ئالایەی لە 17-10-1945 هەڵکرا بوو، بە فەرمیی کرایە ئالای کۆماری کوردستان. ئەو ڕێوڕەسمە مەزنە نوێنەرایەتیی ناسنامەی کوردی لە چوارچێوەی ئەزموونێکی ساوادا کرد کە دیمەنەکانی دیموکراسی و مافی گەلانی لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیانی تێدا ڕوون و بەرجەستە بوو.

کۆماری کوردستان خەونی ڕەوای دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردانەی لە سەر خاکی کورد بۆ گەلێک، کە خاوەنی گشت بنەماکانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی هاوچەرخە بەرجەستە کرد، بە بێ ئەوەی بەدیهاتنی ئەم خەونە کاریگەریی بخاتە سەر سەروەریی یان قەوارەی هیچ یەکێک لە دەوڵەتانی دەوروبەری.

گەرچی تەمەنی کۆمار درێژ نەبوو، بەڵام ئەم ئەزموونە نەمرە گەلێک دەستکەوتی بەرهەمهێنا کە دەربڕینی خواستەکانی گەلی کوردمان بوون. ئەوە بوو سوپای میللی کورد (هێزی پێشمەرگە)ی دامەزراند و، زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی ڕاگەیاند و، قوتابخانەکان کرانەوە و ڕۆژنامەگەری و شانۆ دامەزران و ئافرەتان تێکەڵی گۆڕەپانی ژیانی نوێی کوردستانی بوون و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دامەزرێندرا.

دوابەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، لە ئەنجامی بارودۆخی ناڵۆزی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە و لەبەر کۆمەڵە هۆکارێکی ئاشکرا، قازی محەمەد لە ڕۆژی 17-12-1946، ئالای کوردستانی ڕادەستی مستەفا بارزانیی نەمر کرد کە سەرۆکی ئەرکانی حکوومەتەکەی بوو، بۆ ئەوەی هێمای نەتەوەیی کورد بپارێزێت. لەبەر ئەمە تا ئەمڕۆ گەلی ئێمە لە کوردستان، لە 17ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا ڕۆژی ئالای کوردستان وەک یادێکی مێژوویی و نیشتمانی بەرز ڕادەگرێت، کە لە ساڵی 2004 ئەم یادە لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا و چەسپێنرا.

پاش دادگاییکردنێکی شێوەیی، فەرمانی لەسێدارەدان بۆ سەرۆکی کۆمار، قازی محەمەد دەرکرا و لە 31-03-1947 جێبەجێ کرا، بەوەیش ئەزموونی کۆماری کوردستان کۆتایی هات، بەڵام بیری ئازادی و ماف و سەربەخۆیی هەر بە زیندوویی لە یادگەی گەلی کورد مایەوە و، ئەم گەلە بە ڕابەرایەتیی سەرۆک مستەفا بارزانیی نەمر درێژەی بە خەباتی خۆی دا لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و بەدیهێنانی خواستە مرۆڤانەکانی خۆیدا.

بارزانیی نەمر کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە سەدەی بیستەمدا چەسپاند و ڕابەرایەتیی شۆڕشێکی درێژخایەنی کرد لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد و وەرگرتنی داننانی نێودەوڵەتی بە ڕەوایەتیی ئەم خەباتە. بەمشێوەیە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی ئەو، پرسی کوردیان خستە سەر نەخشەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستمی نێودەوڵیتییەوە.

کاروانی خەبات بەوەندە نەوەستا و، ئەوەبوو لە پاش لێکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، دەستەبژێرێکی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات بە ناوی (سەرکردایەتیی کاتی) ناسران دووبارە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردیان چەسپاندەوە و ئاگری شۆڕشیان هەڵکردەوە، کە ئەمە مایەی دەستخۆشی و پیرۆزکردن بوو لەلایەن بارزانیی نەمرەوە کە بڕیاری بەردەوامیدانی بە سەرکردایەتیکردنی حزب و شۆڕش دا. ئەو

سەرکردایەتییە کاتییە کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد و سەرۆک مسعود بارزانی و ژمارەیەک تێکۆشەری لاوی لەخۆ گرتبوو، کە سەرکردایەتی گەلی کوردیان لە قۆناخێکی نوێدا کرد کە قۆناخێک بوو چەندین داستان و سەرکەوتنی بەخۆوە بینی، هەروەها ساتەوەختی سەختیشی بەخۆوە بینی کە تیایدا گەلی کورد باڵاترین شێوەکانی قوربانیدان و خۆبەختکردنی تۆمار کرد.
پاش لەدەستدانی کاک ئیدریس بارزانیی نەمریش، سەرۆک مسعود بارزانی بە لێهاتوویی و دانایی و ئازایەتی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی کوردستان بەردەوام بوو تا گەیشتن بە قۆناخێکی نوێ کە ترۆپکەکەی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بەدی هات بە دامەزراندنی ئەزموونێکی نوێی کورد کە هەڵقوڵاوی بیری ڕوونی ئەو بوو لەبارەی ئازادی و سەربەخۆیی و حوکمڕانی، ئەویش ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان بوو. ئەوە بوو پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان پێک هێنران و ئەم ئەزموونە دیموکراسییە ساوایە گەشەی کرد تا بە ئەمڕۆی سەقامگیری و سەربەخۆیی لە بڕیاری سیاسی و گەشەی هەموو ڕووەکانی ژیان گەیشت. هەرچەندە ئێمە هێشتا خوازیاری پێشکەوتن و گەشەی زیاترین، بەڵام ئەوەی کوردستان و گەلی کورد پێی گەیشتووە دەستکەوتێکی ناوازەی مێژوویییە و شایانی ئەوەیە هەموومان شانازیی پێوە بکەین.
لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی قارەمان لە هەموو شوێنێکی کوردستانی خۆشەویستدا، سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کۆماری کوردستان و گشت شەهیدانی کوردستان کە بە درێژایی ساڵانی خەبات و بەخشین و قوربانیدان گیانی خۆیان بە نیشتمان و بە ئازادی بەخشی. [1]

دکتۆر کەمال کەرکووکی
بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای کەرکووک - گەرمیان-ی پارتی دیموکراتی کوردستان
2023-01-22

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ |
ڕۆژی دەرچوون: 23-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-23	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی (kurdistantv.net)- 23-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-18

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 575

پەیامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیان لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2022

20250709181805644947=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ 35 ساڵ بەسەر کۆچکردنی تێکۆشەرێکی ناسراوی گەلەکەمان و ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی کە لە دامێنی چیای شیرینی سەرکەش لە گوندی بارزانی لانکەی شێران و شۆڕش و بەرخودان و دوژمنبەزێن هاتە ژیانەوە، ئەویش سەرکردەی ناسراو و هەمیشە زیندوو کاکە ئیدریس مستەفا بارزانییە.

کاکە ئیدریس ئەو سەرکردە خۆشەویستەی ناو دڵی جەماوەری کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان بوو، کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ خانەوادە تێکۆشەر و سەربەرزەکەیاندا ئاوارەی باشووری ئێراق دەبن پاش ئەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی ڕوو لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران دەکەن، بۆ ماوەی یانزە ساڵ لە شارە جیاجیاکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق و مووسڵ لە بارودۆخێکی پڕ لە ئێش و ئازار و مەینەتی دەژیان.

ئەم خانەوادە خاوەن مێژووی پاک و پڕ سەروەرییە هەمیشە چاوەڕوانی هەواڵی هەڵۆی بەرزی کوردستان بوون و لە پێش هەموو ئێش و ئازارێک خۆڕاگر و خاوەن وڕە و ئیرادەیەکی بەهێز بوون، متمانە و بڕوابەخۆبوونێکی بێ هاوتایان هەبوو، چونکە باوەڕی تەواویان بە هەڵۆی بەرزی کوردستان بارزانیی نەمر هەبوو کە خاوەنی دید و پەیام بوون و تێکۆشانیان بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەیەکی خاوەن خاکێکی پارچەپارچەکراو بوو، ڕەوایەتیی پرسی گەلی کوردستان کە دڵنیا بوو لە شکستی دوژمنان و سەرکەوتن و ڕزگارکردنی گەلی سەربەرزی کوردستان.

دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی 1958 کاکە ئیدریس لەگەڵ خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە بارزان و لەگەڵ یەکەم چرکەساتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کاکە ئیدریس وەکوو لاوێکی خوێنگەرم و ڕۆشنبیر و چاونەترس دەبێتە پێشمەرگە و لە ماوەیەکی کەمدا بوونی خۆی لەنێو شۆڕش و جەماوەردا دەسەلمێنێ وەکوو سەرکردەیەکی ئازا و بوێر و خۆنەویست و ڕۆشنبیر دەردەکەوێت و دەبێتە جێگای متمانەی شۆڕش و بارزانیی نەمر و، وەکوو دبلۆماتکارێکی لێهاتوو لە پەیوەندیکردن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیی و جیهانیدا ڕۆڵێکی گرینگ بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و ئامانجەکانی شۆڕش بە دونیای دەرەوە دەگێڕێ، کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد قارەمانی سەرخستنی شەڕی هەندرێن بوو لە شۆڕشی ئەیلوول.

کاکە ئیدریس لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەگەڵ بارزانیی نەمر و ڕێزدار کاک مەسعوود بارزانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی مێژووی یانزەی ئاداری ساڵی 1970 ڕۆڵی گرینگی هەبوو و، لەوکاتە لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی بەعس بە ڕێگای بەکرێگیراوەکانی هەوڵی تیرۆری کاکە ئیدریسیان لە بەغدا دابوو کەچی لە پێناوی بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە ساتە ترسناکەکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و ڕژێمی بوغرای بەعسی بەغدا سەرەڕای هەموو مەترسییەکان چووە بەغدا و هەوڵی زۆری دا شەڕ ڕوو نەدات و بە ئاشتی لێکتێنەگەیشتنەکان چارەسەر بکەن و هەر لەو سەردانە لەگەڵ باڵیۆزی سۆڤیەت دانیشت و پاشان بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی، خۆی گەیاندەوە شۆڕشی کوردستان.

لە کاتی ڕوودانی هێرشەکانی ڕژێمی بەغدا، کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو ڕۆڵی زۆر گرینگی دەگێڕا و ماندوونەناسانە کاری دەکرد.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کاکە ئیدریس ڕۆڵی کاریگەریی لە سەرپەرشتیکردنی پەنابەران هەبووە و خەمخۆری ڕاستەقینەی ئاوارە و لێقەوماوان و ئەوانە بوو بە ئاوارەیی دەچوونە هەندەران و ئەوانەی لە ئێران مانەوە.

بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازیش لە ساڵی 1976 کاکە ئیدریس لەگەڵ ڕێزدار سەرۆک مسعوود بارزانی و ژمارەیەک لە کادرە دڵسۆز و خۆنەویست و بەئەمەکەکانی پارتی و بارزانی و لەژێر چاودێری و ئامۆژگاریی بارزانیی نەمر ڕۆڵی کاریگەریان لە هەڵگیرسانی شۆڕش و گەڕانەوەی متمانە و هیوا بۆ گەلی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی بینی.

سەرکردە ئیدریس بارزانی هەمیشە باوەڕی تەواوی بە مافی ڕەوای گەلی کوردستان و بە سەرکەوتن هەبوو، شارەزایی تەواوی دەربارەی نەیاران و داردەستانی دژ بە گەلی کوردستان و شۆڕشە پیرۆزەکەی هەبوو.

سەرکردەی هەمیشەزیندوو باوەڕی تەواوی بە فرەحزبی لەسەر بنەمای نیشتمانپەروەی و بەرنگاربوونەوەی دوژمنانی گەلەکەمان و تێکشکاندنی داگیرکەرانی خاک و خەڵکی کوردستان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان هەبوو، بۆیە هەوڵ و دەسپێشخەرییەکانی لەو پێناوەدا خستەگڕ، کە لە ئاکامدا ساڵی 1986 بەرەی کوردستانی لەدایک بوو، دواتر کاکە ئیدریسی سەرکردە لە کۆنگرەی تاران لە ساڵی 1987 پێشنیاری یەکخستنی توانای هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێراقی کرد بە کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتە و مەزهەبەکان دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێم.

ماڵی ئەم سەرکردە لێهاتووە، ماڵی هەموو شۆڕشگێڕانی گیان لەسەردەست و نەخۆشخانەی نەخێنیی پێشمەرگە بریندارەکانی شۆڕشی گوڵان بوو.

کاکە ئیدریس سەربەرز و ناوپاک یاوەری هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی بارزانیی نەمر لە ئەمریکاوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات لە ئێران بوو.

بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە بەرەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 ئەم سەرکردە مەزنەی گەلەکەمان لە شارۆچکەکەی سلێمانای سەربە پارێزگای ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و گەیشتە کاروانی نەمران. بەمەش نەتەوەی کورد ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە و خەباتگێڕێکی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازی و ڕۆشنبیر و خەمخۆری کەموێنەی لە دەست دا و چووە ئاسمانی کوردستان و بۆ هەمیشە درەوشاوە و پرشنگدار دەمێنێتەوە.

لەم یادە دڵتەزێنەدا سڵاو و دروود دەنێرین بۆ گیانی پاکی کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ کە هەمیشە بە کار و خەبات و هەڵوێستەکانی لە مێژوودا بەزیندوویی لە دڵ و ویژدانی دڵسۆزانی گەلەکەمان دەمێنێتەوە. [1]
نەمری بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان و شەهیدانی ئەنفال
سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

دکتۆر کەمال کەرکووکی

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیان
22-2-01-31

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپیدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-09

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 576

پەیامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە سااڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی

20250818232225651724=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: پەیامی جێگری سەرۆکی پەرڵەمانی کوردستان لە سااڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی

د. هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرڵەمانی کوردستان لە سااڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی پەیامێکی بااڵوکردەوە.

دەقی پەیامەکە:

ئەمڕۆ 35 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی هەمیشەزیندوو، کە لە ئاوارەیی گیانی پاکی سپارد و گەیشتە ڕیزی نەمران، کاک ئیدریس وەک سەرکردەیەکی گەورەی گەلەکەمان، هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ بەرگریکردن لە خاک و وڵات و نەتەوەکەی تەرخان کرد.

سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریس بارزانیی برای، بەیەکەوە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە ئاگری خەباتی کورد‌ایەتییان هەڵایساندەوە و گیانی بەرگری و قارەمانییەتییان بەزیندووێی هێشتەوە و هیوایان بۆ گەل و نیشتمان گێڕایەوە.

کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، هەمیشە دەرگای واڵا بووە بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێک، وەک ئەندازیاری ئاشتی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە یەکتر نزیککردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، کەسێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو، لە بوارەکانی سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگ و گەورە و بەرچاوی هەبووە.

لە سااڵیادی ژیانئاوایی کاک ئیدریس بارزانی-دا هەموومان لەسەر ڕێبازی کوردپەروەرانەی ئەو، هەوڵی زیاتر بۆ پاراستنی دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و دەستەبەرکردنی یەکڕیزی و ئاشتەوایی و یەکتر قبووڵکردن بدەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان.

د. هێمن هەورامی

جێگری سەرۆکی پەرڵەمانی کوردستان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیانناما | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | سەرچاوەی بەڵگەنامە: پەرڵەمانی کوردستان | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2022-01-31 -(kurdistantv.net)
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-18
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 577

پەیامی د. هێمن هەورامی لە ساڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی

20250701224652643740=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ 35 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو، کە لە ئاوارەیی گیانی پاکی سپارد و گەیشتە ڕیزی نەمران، کاک ئیدریس وەک سەرکردەیەکی گەورەی گەلەکەمان، هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ بەرگریکردن لە خاک و وڵات و نەتەوەکەی تەرخان کرد.

سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریس بارزانیی برای، بەیەکەوە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە ئاگری خەباتی کورد‌ایەتییان هەڵایساندەوە و گیانی بەرگری و قارەمانییەتییان بەزیندوویی هێشتەوە و هیوایان بۆ گەل و نیشتمان گێڕایەوە.

کاک ئیدریسی جوانەمەرگ، هەمیشە دەرگای والّا بووە بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێک، وەک ئەندازیاری ئاشتی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە یەکتر نزیککردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، کەسێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو، لە بوارەکانی سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگ و گەورە و بەرچاوی هەبووە.

لە ساڵیادی ژیانئاوایی کاک ئیدریس بارزانی-دا هەموومان لەسەر ڕێبازی کوردپەروەرانەی ئەو، هەوڵی زیاتر بۆ پاراستنی دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و دەستەبەرکردنی یەکڕیزی و ئاشتەوایی و یەکتر قبووڵکردن بدەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان. [1]

د. هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
دووشەممە, 31 کانوونی دووەم
تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | سەرچاوەی بەڵگەنامە: پەرلەمانی کوردستان | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تی ڤی & ڕادیۆ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن 31-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-01
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 578

پەیامی فازڵ میرانی لە یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2024

20240131093057548209=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی تۆدا، پەیمان دەدەین و بەڵێن دووپات دەکەینەوە، کە ماندوو نابین و ، درێژە بە رێباز و خەباتی خۆمان دەدەین. تێکۆشەران کۆچ ناکەن، ئەوان لە ویژدانی گەل و نەتەوەی خۆیاندا، هەردەم زیندوون. [1]

فازڵ میرانی
بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] بەیان و ڕاگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان 31-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 31-01-2024

ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 579
پەیامی فراکسیۆنی پارتی بۆ سازیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2022
20250706132211644308=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
پەیامی فراکسیۆنی پارتی بۆ سازیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

ئەمڕۆ یەکشەممە 31-01-2022 فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق پەیامێکی بۆ سازیادی کۆچی دوایی شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی بڵاوکردەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:
لە یادی سی و پێنج ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردەی لێزان و پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات و بەرگری و سەرقافڵەی شۆڕشگێڕان، ئەندازیاری ئاشتی و تەبایی کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی، پابەند بوونمان بە ڕێبازی ئەو سەرکردە مەزنە کە ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان دووپات دەکەینەوە، بەڵێن بە گیانی پیرۆزی دەدەین لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بین و درێژە بە کاروانی خەبات و تێکۆشانی بدەین.
هێژا سەرۆک مەسعود بارزانی لەبارەی کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو دەفەرموێ: کاک ئیدریس مرۆڤێکی زۆر گەورە بوو گەورەییەکەشی لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو.
بەحەق کاک ئیدریس بارزانی هەمیشەزیندوو خاوەن ڕوانگەی سیاسی گەورە و نیشتمانیانە بوو، سیاسەتمەدارێکی ڕۆشنبیر و دووربین و وردبین بوو، ئازادیخوازێکی خاکی و مرۆڤپەروەر بوو، خاوەن بەها و مەبدەئی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە بوو.
لەم بۆنە خەمناکەدا دروود و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی کاک ئیدریس بارزانی هەمیشەزیندوو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمان و سەروەریان بارزانیی نەمر .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆنداسیۆن: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئەژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 31-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 580

پەیامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی 34 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250721222940647428=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە یادی 34 ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەق پەیامەکەی فراکسیۆن:
یادی سی و چوار ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی
کاک ئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتەوایی و سەرکردەیەکی دیپلۆماتکار و کەسی هەژاران و پێشمەرگەی بە ئەمەک و شەهامەتی ڕۆژانی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بوو.
هەنگاوەکانی ئیدریس بارزانی لە بواری ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، نیشاندەری حەکیمی و تێگەیشتن و دووربینی کاک ئیدریس بوون.
لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی، فراکسیۆنی پارتی داوای کۆتاییهێنان بە ناکۆکییە سیاسییەکان لەنێوان حزب و لایەن کوردستانییەکان دەکات، بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتووی کورد لە دژی نەیارانی مافەکانی گەلەکەمان، دروست بکەین.
سڵاوی وەفا و پابەندبوون بە ئاکارە جوان و بەرزەکانی کاک ئیدریس بۆ ڕۆحی نەمر و پاکی دەنێرین و بەڵێنی بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێبازە دەبین، کە مەلا مستەفا بارزانی باوکی ڕۆحی و نەتەوەیمان ڕابەرایەتی دەکرد.
فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان
2021-01-31
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی xebat.net- 31-01-2021

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 581

پەیامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 30-01-2022

20250721234832647431=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فراکسیۆنی پارتی لە پەرڵەمانی کوردستان، لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردووەتەوە و ڕای گەیاندووە، کارەکانی ئەو پێش هەموو کەس بۆ خەڵکی هەژاران بووە.
ئەمڕۆ 35 ساڵ، بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت و فراکسیۆنی پارتی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەیان بەوە کردووە، گەلی کورد سەرکردەیەکی بە ئەمەک و خەمخۆرێکی دڵسۆزی لەدەستدا و ئیدریس بارزانی، کە پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمری ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو.
ڕۆڵ و پێگەی ئیدریس بارزانی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هەمیشە دیار بووە و هەموو تەقەڵایەکی لە پێناو خزمەتکردن بوو بە خەڵکی کوردستان و هەمیشە بۆچوونەکانی لە دەرەوەی کوردستان لەبارەی ئێراق بەهەند وەرگیراون، بڕیار و کارەکانی پێش هەموو کەس بۆ خزمەتی هەژاران بووە و خۆشەویستییەکی بێ کۆتایی هەبووە لەلای خەڵکی هەژاری کوردستان.
لە کۆتایشدا نووسیویانە، لەم ساڵیادە خەمناکەدا دروود و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی ئیدریس بارزانی سڵاو بۆ ڕۆحی ڕێبەری مێژووی گەلی کورد ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەمر و تێکڕای شەهیدانی کورد و کوردستان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | دەیە: 20کان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی | کورتەباس | هەورامی

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی | وێنە و پێناس | کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی wishe.net- 30-01-2022

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 582

پەیامی لقی 18ەی (پ. د. ک) لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2022

20250705132210644246=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ساڵیادی بیرەوەری کۆچی دوایی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی، سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی ئەو و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و سەرقافیلەیان بارزانیی نەمر دادەنوێنین.
لە 31-01-1987 و لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا، بە داخەوە سەرکردەی لێهاتوو و بلیمەت، جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی مالئاوایی کرد و بۆشاییەکی گەورە لە ڕێزەکانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا پەیدا کرد.
بە درێژایی شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان وەکە سەرکردە و کادر و پێشمەرگە هەمیشە لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا بووە و ئامانجی هەر بە تەنیا داکۆکی کردن بوو لە هەبوونی گەلی خۆی و بەدەست هێنانی ماف و ئازادی، بۆیە سەرکێشی لە دەیان داستانی گەورە و مێژویی دا کردووە، لە هەمان کاتدا لە بواڕەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری و یەکگرتنی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا، سەرکردەیەکی بێ وێنە بووە و هەر ئەوە بوو کە بە ئەندازیاری ئاشتی دەناسرا.
جێی خۆیەتی بیرەوەرییەکی بەم جۆرە ببێتە پاڵنەرەک بۆ زۆتر موکوم کرنی یەکڕیزی گەلی کوردستان، لەهەمبەر پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی شەهیدی سەرکردە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد و نەتەوەکەمان بە هزارەها شەهید و پەککەوتووی بۆ پێشکەش کرد، سەرباری هەموو قوربانییەکانی تر. [1]

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی سەروو | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: ئامێدی | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: کرمانجیی سەروو |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی سەرکردەی ئازادیخواز و دونیابینییە مێژوویییەکانی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی پەروردە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

پەیاما لقێ 18 یێ (پ. د. ک) ل بیرەوەریا وەغەرکرنا ئیدریس بارزانی

بەڵگەنامەکان کرمانجی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کرمانجی | ماڵیەری 2021-01-31 - xaniagency

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-05

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 583

پەیامی مەسرور بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی 16 ئاب دا 16-08-2023

20250720123010647195=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی لە یادی 16ی ئابدا پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت: پارتی حیزبی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتیە گەورەکان و بەهێز ڕاگرتنی ئیرادەی کوردستانییانە.

ئەمڕۆ چوارشەممە 16-08-2023، 77مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانییە. مەسرور بارزانی دەڵێت: پارتی حیزبی دایک و شۆڕشە مەزنەکان و دەستکەوتە گەورەکانە، خاوەنی دیرۆکێکی پڕ لە شانازی و سەروەری و سەرۆکێکی پێشمەرگەیە.

وەک مەسرور بارزانی دەڵێت: پارتی تاوەکوو ئەمڕۆ بەردەوامە لە پێشانگەیەتی و پێشڕەوایەتیکردنی خەڵکی کوردستان لە پێناو پاراستنی قەوارەی نیشتمانی و دەستووریی هەرێمی کوردستان و پێشخستن و گەشەپێدانی کاروانی ئاوەدانی و بووژاندنەوەی کوردستان.

لە پەیامەکەدا ئەوەش هاتووە، بە ڕێز و پێزانین و وەفاداریەوە، یادی دامەزرێنەری پارتی و ڕێبەری مێژووویی و باوکی ڕۆحیی نەتەوەییمان مستەفا بارزانی و سەرکردەی شەهید ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی و گشت شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان دەکەینەوە.

پارتی، وەک مەسرور بارزانی دەڵێت: هەرگیز حیزبی ناوچەیەک و دەڤەرێکی دیاریکراوی کوردستان نەبووە بە تەنیا، بەڵکوو لە ساتی دامەزراندنییەوە، هەموو سنوورێکی ناوچەیی تێپەڕاندووە و بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کوردستانی و داکۆکیکاری بەهێزی دەستکەوتە نیشتمانییەکان و بەهاکانی ئازادی و دیموکراسیی و پارێزەری بەیەکەوەژیانی کوردستانە.

پەیامی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی لە یادی شازدەی ئابدا

لە (77)مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵڕۆژی لەدایکبوونی سەرکردە و ڕێبەری نیشتمانیمان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی جەنابی سەرۆک و گشت ئەندام و لایەنگران و دۆستانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانی کوردستان و سەرجەم کوردستانییانی نیشتمانپەروەر دەکەم.

16 ئاب، تەنیا دامەزراندنی پارتێکی دێرین و پێشەنگی کوردستان نییە بە ڕابەرایەتیی باوکی ڕۆحیی نەتەوەییمان مستەفا بارزانی نەمر، بەڵکوو لە هەمان کاتدا یادکردنەوەی قوتابخانەیەکی مەزن و پڕشکۆی کورایەتی و نیشتمانپەروەری و خۆنەچەماندن و بەرگریکردنە لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتە جیاوازەکانییەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە لە خەبات و قوربانیدان و تێکۆشان و هەمیشە لە سەنگەری هەرە پێشەوەی بەرگریکردنە لە قەوارە و خاک و مافەکانی گەلی کوردستان.

پارتی، حزبی دایک و شۆڕشە مەزنەکان و دەستکەوتە گەورەکانە، خاوەنی دیرۆکێکی پڕ لە شانازی و سەروەری و سەرۆکێکی پێشمەرگەیە، کە ژیان و تەمەنی خۆی بۆ بەرگریکردن لە کەرامەت و سەرفرازیی گەل و نیشتمان و شکۆی کوردستان تەرخان کردووە.

پارتی هەرگیز حزبی ناوچەیەک و دەڤەرێکی دیاریکراوی کوردستان نەبووە بە تەنیا، بەڵکوو لە ساتی دامەزراندنییەوە، هەموو سنوورێکی ناوچەیی تێپەڕاندووە و بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کوردستانی و داکۆکیکاری بەهێزی دەستکەوتە نیشتمانییەکان و بەهاکانی ئازادی و دیموکراسیی و پارێزەری بەیەکەوەژیانی کوردستانە.

پارتی، حزبی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتیە گەورەکان و بەهێز ڕاگرتنی ئیرادەی کوردستانییانە و تا ئەمڕۆ

بەردەوامە لە پێشانگەیەتی و پێشڕەوایەتیکردنی خەڵکی کوردستان لە پێناو پاراستنی قەوارەی نیشتمانی و دەستوورپی هەرێمی کوردستان و پێشخستن و گەشەپێدانی کاروانی ئاوەدانی و بووژاندنەوەی کوردستان.
لەم یادە شکۆدارەدا، بە ڕێز و پێزانین و وەفاداریەوە، یادی دامەزرێنەری پارتی و ڕێبەری مێژووپی و باوکی ڕۆحیی نەتەوەییمان مستەفا بارزانی و سەرکردەی شەهید ئیدریس بارزانی و گشت شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان دەکەینەوە.
16 ئاب لە هەموو کوردستانییان پیرۆز بێت.
مەسرور بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
16-08-2023
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 16-08-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 16-08-2023 -rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 20-07-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 584

پەیامی مەسرور بارزانی لە یادی 46 ساڵەی شۆڕشی گوڵان

20220527202200415000=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەقی پەیامەکەی مەسرور بارزانی:
بە بۆنەی چل و شەشەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکان و بەشدارانی شۆڕشەکە و کەسوکاری سەربەزری شەهیدان دەکەم.
شۆڕشی گوڵان وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول، خەونی دوژمنانی کوردستانی لەگۆڕنا کە دەیانویست گەلی کوردستان لە ناوببەن، بۆیە پەیامێکی بەهێزی گەلی کوردستان بوو کە ستەم و داگیرکاری ڕەتدەکاتەوە و هەرگیز دەستبەرداری مافە ڕەواکانی نابێت، لەم پێناوەشدا قوربانییەکی زۆر درا و چەندین داستان و نەبەردی مەزنیش لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستاندا تۆمار کران، دیارترینیان داستانی مێژووپی خواکورک بوو بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی.
ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی ساڵڤەگەڕی شۆڕشی گوڵان دەکەینەوە، کە خەباتی گەلی کوردستان لە پێناو پاراستن و بەرگریگردن لە دەسکەوت و دامەزراوە شەرعییەکانی، بەردەوامە و پێویستە خەڵکی کوردستان بە هەموو لایەن و پێکهاتەکانییەوە، داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی بکات کە بەخوێنی هەزاران شەهید بەدەستهاتوون.
لە ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، بە ڕێز و پێزانینێکی زۆرەوە یادی هەموو پێشمەرگە قارەمان و بەشداربووانی ئەم شۆڕشە دەکەینەوە، لە سەرووشیانەوە شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی.
دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی گوڵان و گشت شەهیدانی کوردستان.
مەسرور بارزانی
26ی ئایاری 2022[1]

⚠️ تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەرچاوەی بەڵگەنامە: بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێم | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-05-26

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵیەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2022-05-26

کاتی تۆمارکردن: 2022-05-27
ناوی تۆمارکار: ڕۆژ هەژار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 585

پەیامی ڕەوان بارزانی لە 35ەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20250805121009649808=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەیامی ڕەوان بارزانی لە 35ەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی باوکی بە وێنە.
ئەمڕۆ 35ساڵە بەجێتهێشتوم لەوکاتەوە تائێستا کۆچت بوە بەناسۆرێک بەخەمێکی گەورەی نەبڕاوە.[1]
ڕێککەوتی پەیامەکە: 2022-01-31

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپیدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-01-31

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-31	رێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و ڕەوان بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Rawan Barzani) ڕۆژی 05-08-2025

کاتی تۆمارکردن: 05-08-2025

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 586

دیداری ئیدریس بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل

20250827102850653198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: بابەت: دیداری ئیدریس بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل

بۆ زانیاری:

-دکتۆر ڕەی ستینیر کلین، لە وەزارەتی دەرەوە.

-ژەنەڕاڵ بن، لە ئاژانسی هەواڵگریی وەزارەتی بەرگریی.

-ژەنەڕاڵ مەک کریستییەن، لە بەشی جیگری فەرماندەیی ستادی سوپای ئەمریکا/ناوەندی. ژەنەڕاڵ مەک کریستییەن، لە بەشی جیگری فەرماندەیی ستادی سوپای ئەمریکا/ناوەندیی فەرماندەیی سەربازیی نیشتمانییی.

ئەدمیراڵ هارلفینگەر، جیگری سەرۆکی شاڵاوە دەریاییەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا.

ئەدمیراڵ گایلیر، لە ئاژانسی ئاساییشی نەتەوەیی.

ژەنەڕاڵ تیریانتافلۆ، لە ناوەندیی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.

1-ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری کورد، ڕۆژی 04-05-1970 لەسەر بانگەیشتی ڕێکخراوی ئاساییش و هەواڵگریی نیشتمانیی ئێران (SAVAK) گەیشتە تاران، بۆ ئەوەی لەبارەی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە داهاتووی شۆڕشی کورد باس و گفتوگۆ بکات.

ڕۆژی 4 و 5ی ئادار ئیدریس بارزانی، سامی سنجاری و ئەمیر قاسمی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل دیداریان کرد. کاربەدەستانی ئیسرائیل نوێنەرانی کوردیان زۆر هان دا لە باکووری ئێراق دەست بە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا بکەنەوە و بەڵێنیان پێدان ئیسرائیل چەکی دژەفڕۆکە و تۆپ و هاوەنیان بداتێ.

ئیدریس بارزانی داوای لە کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان کرد ئۆتۆمبیلی نەفەرهەڵگری زرێپۆشی گەورە و بچووک بدەن بە کورد. کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان ئەو داواکارییەیان قەبووڵ کرد.

لە گفتوگۆکانی ڕۆژی دواتردا ئیسرائیلییەکان بەڵێنیان دا لە ڕێگەی ئێرانەوە تانک و پسپۆڕی بەکارهێنانی تانک بە کورد بدەن، بەڵام وتیان دەبێت هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانی هەوڵ بدەن دەستبەسەر لایەنی کەم 2 تانکی هێزەکانی ئێراقدا بگرن بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە ئەو تانکەی ئیسرائیل داویەتی بە کورد، کورد خۆیان لە هێزەکانی ئێراقیان سەندووەوە (وەرگێڕ).

ئیدریس بارزانی وتی وای پێ باشترە نەفەرەکانی بەکارهێنەری ئەو تانکانە کورد بن و داوای لە کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان کرد کورد فێربکەن چۆن ئەو تانکانە بەکاربهێنن. ئیسرائیلییەکان ئەویش بە خۆشحاڵییەوە ئەو داواکارییەیان قەبووڵ کرد.

2-ئیدریس بارزانی ڕۆژی 6ی ئادار لەگەڵ ژەنەڕال نیعمەتوڵا نەسیری، سەرۆکی SAVAK کۆبووە. نەسیری وتی ئێران دەیەوێت زیاتر یارمەتیی مەلا مستەفا بارزانی بدات و ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران نیگەرانیی و تووڕەییەکانی بارزانی لەگەڵ ڕژێمی ئێراقە. نەسیری هەروەها وتی ئێران بەتەواوی پشتگیری لە پلانەکەی ئیسرائیل بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە باکووری ئێراق دەکات و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئیدریس بارزانی بە دیقەت پێشنیارەکانی ئیسرائیل بنووسێت.

ئیدریس بارزانی ڕۆژی 7ی ئادار دیسان لەگەڵ نەسیری کۆبووە بۆ ئەوەی زیاتر پێشنیارەکانی ئیسرائیل تاوتوێ بکەن.

3-مانگی ڕابردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و ئێران بایی 1,200,000 دیناری ئێراقی (3,360,000 دۆلاری ئەمریکایی)

یارمەتیی بارزانییان داوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | فۆنەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئیسرائیل | کوالیتیی وێنە / دۆکومێنت / فیلم: باش |

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-08-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | سەرچاوە: پەرتووکی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، نووسینی وریا ڕەحمانی، 2023، لاپەڕە 112-113.

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 587

دەقی نامەیەکی تایبەتی دەستنووسی کاک ئیدریس بارزانی

2025091419543765621 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دەقی نامەیەکی تایبەتیی دەستنووسی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە 06-03-1975 کە لە هەمان ڕۆژی مۆرکردنی (ڕێککەوتننامەی جەزائیر)ە، بۆ مەکتەبی عەسکەری کە تێیدا مولازم یاسین حسێن باغەمرەیی پەسەند کردووە و دەقەکەی بەم شێوەیەیە:

بۆ/ مەکتەبی عەسکەری بەڕێز
سڵاو و ئیحتیرام
بە نسبەت دەورەی ڕەسد کە مومکینە لەم هەفتەیەدا تەواو ببێت، من ڕای خۆم بە کاک مولازم یاسین گوتووە، کە چۆن عەمەلییەن ئیش بکەن، تکایە تەفاسیڵ لە کاک مولازم یاسین وەربگرن، و ئەوەی پێویستیشە لەم بارەوە یارمەتییان بدەن جێی سوپاسە.
ئیتر خۆشیتان...
براتان
ئیدریس بارزانی. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دۆکومێنت / فیلم: باش |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Abdulsttar Baghamraee) ڕۆژی 12-09-2025

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 588
دەقی وتاری ئاکۆ محەمەد لە سالّیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2023
20250708184129644719=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە سالّیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی دا وتی، کاک ئیدریس زۆری بۆ گەلی کوردستان کرد، بەڵام کەم کار کراون بۆ نیشاندانی خەباتی کاک ئیدریس بارزانی. دەشڵێت، دوای 10 ساڵ شەڕی نێوخۆیی، کاک ئیدریس ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ مام جەلال مۆر کرد.
ئیدریس بارزانی -ئەندازیاری ئاشتی بەڵگەفیلمێکی تۆڕی میدیایی ڕووداو و بڕیارە ئەمشەو، لە سالّیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، لە ڕووداو پەخشبکرێت و ماوەکەی یەک کاژێرە. ئەمساڵ لە سالّیادی کۆچی دواییەکەی ئەمساڵدا کە لە هەولێر بەڕێوەچوو مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیران ئامادەی بوو.

ئاکۆ محەمەد، بەڕێوەبەری تۆڕی میدیایی ڕووداو، پرۆدیۆسەری بەڵگەفیلمەکەیە و لە ئامادەکردن و دەرهێنانی ئاسۆ حاجییە، کاژێر 22:00ی ئەمشەو 31-01-2023 لە ڕووداو پەخش بکرێت.
وەک ئاکۆ محەمەد لە گوتەکانیدا باسی کرد: سەرۆک مەسعود بارزانی ئەوکاتەی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا دەبێت لە ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای دهۆک، هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی برای پێدەگات،

هەستی خۆی دەنووسێت و لە ڕستەیەکدا دەڵێت: تۆ خەمخۆری خەمی هەژار و لێقەوماوان بووی.

دەق وتاری ئاکۆ محەمەد لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی
ئێوارەباش
بەڕێز کاک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێزان بنەماڵە و هاوخەبات و دۆستانی کاک ئیدریس بارزانی
ئامادەبووانی بەڕێز..

بە گەرمی بەخێرهاتنی ئێوەی بەڕێز دەکەم. سوپاسی هاتنتان دەکەین. دەزانم هەمووتان وەک وەفاداری بۆ گیانی پاکی کاک ئیدریس هاتوون بۆ ئەم ڕێوڕەسم و بۆنەیە. میوانە بیانییەکانیشمان هاتوون زیاتر سەبارەت خەباتگێڕی گەورەی کوردستان کاک ئیدریس بارزانی بزانن.
بیروەری کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی لای بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژێکی زۆر تایبەتیی هەموو ساڵێکە. چونکە بەڕێزیان وەک یەکێک لە هەرە خۆشەویسترین کەسەکانی دەڕوانێتە کاک ئیدریس و بە یەکێک لە ڕێنوێنە هەرە لەپێشەکانی تەماشای دەکات. هەروەها کاک مەسرور بارزانیش زۆر خۆشەویست بووە لەلای بەهەشتی کاک ئیدریس بارزانی. ئامادەبوونی بەڕێزیان ئەمڕۆ لەم بۆنەیەدا جێگەی ڕێز و خۆشحاڵی هەموومانە، بەخێربێن.

من و ملیۆنان کەس لە گەلی کوردستان کاک ئیدریس بارزانیمان نەبینی، بەڵام بەرهەمی خەباتی پڕ لە ماندووبوون و بێ وەستانی کاک ئیدریس بارزانیمان بینی کە ئازادبوونی بەشێکی کوردستان و داننانی یاسایی بوو بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد و هەبوونی یاسایی کوردستان. بەدیهاتنی ئاواتی کاک ئیدریسمان بینی کە گەڕانەوەی خەڵک بوو بۆ شار و گوندەکانیان. چونکە کاک ئیدریس بارزانی پێیوابوو، ئاوارەبوونی خەڵک لە ئەنجامی نسکۆی ئەیلوول بەرپرسیارییەتی ئەوانە و گێڕانەوەشیان بۆ وڵات و شار و گوندەکانیان ئەرکی ئەوانە. ئەمە ئەوپەڕی ئازایەتی سیاسییە لە قبووڵکردنی بەرپرسیارییەتی و ملدانە بەر ئەرکی نیشتمانی.
دوو ڕستە لێرەدا بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشن. سەرۆک مەسعود بارزانی ئەوکاتەی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا دەبێت لە ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای دهۆک و هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی برای پێدەگات، هەستی خۆی دەنووسێت و لە ڕستەیەکدا دەڵێت: تۆ خەمخۆری خەمی هەژار و لێقەوماوان بووی. هەروەها یەکێک لە ڕۆشنبیرترین سیاسەتڤانەکانی کوردستان و یەکێک لە نزیکترین دۆستەکانی کاک ئیدریس کە ئەویش کاک فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: کاک ئیدریس هیچی بۆ خۆی نەدەویست، هەر دەیویست خەمی خەڵک نەهێڵێت. بێگومان هەر ئەوەش نهێنی نزیکبوونی بووە لە خەمی هەژار و لێقەوماوان.

کاک ئیدریس بارزانی، کەسێکی ئاشت بوو لەگەڵ ڕووحی خۆی، چونکە زۆر خاکەرا بوو. کەسێکی ئاشتیخوازبوو لەگەڵ هاوبەش و ڕکابەرانی ناوخۆیی بۆ ئەوەی ئاشتی هەبێت، بۆیەش دوای 10 ساڵ شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ مام جەلال مۆر کرد و ئەوەی کردە ئاشتبوونەوەی گشتیی نێوان هەموو حیزبەکانی کوردستان، کە سەرەنجام ئەو بەرە کوردستانییە دروستبوو کە بەشێک بوو لە ئامانجەکەی بۆ یەکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. هەر لەبەر ئەوەش حیزبەکان و خەڵکی کوردستان جوانترین نازناویان پێبەخشی کە ئەویش ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتی بوو.
کاک ئیدریس نەیدەویست کەس بژاردەی شەڕ هەڵبژێرێت هەر لەبەر ئەوەش لە دواییین دانیشتنیدا لەگەڵ سەدام حسێن پێیگوت، سازش بۆ گەلەکەت بکە نەک بۆ وڵاتێکی دیکە، کە سەدام بە گوێی کاک ئیدریسی نەکرد، خۆی دیکتاتۆربوونی هەڵبژارد و لە ئەنجامیشدا کوردستان و ئێراق وێرانکرد و شەڕی ئێراق و ئێرانی

هەڵگیرساند.
ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بەڵگەفیلمی (ئیدریس بارزانی.. ئەندازیاری ئاشتی)یە، کە بە کوردی بەشێک لە خەبات و باوەڕی کاک ئیدریس بارزانی نیشاندەدات. ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنجە هەموو هاوخەبات و دۆستانی کاک ئیدریس کە باسی دەکەن یەکسەر دەگەشێنەوە. ئەوە مانایەکی زۆر گەورەی هەیە. نیشاندەدات چەند گەورە و خۆشەویست بووە لای هەمووان. وەک یەکێکیان دەڵێت کە قسەی دەکرد زۆر شیرین قسەی دەکرد و زۆریش شیرینتر دەبوو لەلای خەڵک.

زۆر سوپاسی یەک بە یەکی ئەو هاوکارە بەتوانایانەی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەکەم کە بەشداربوون لە بەرهەمهێنانی ئەم بەڵگەفیلمەدا. سوپاسێکی تایبەت بۆ کاک ئاسۆ حاجی کە بەخۆشییەوە ئەم پڕۆژەیەی قبووڵکرد و بەڵێزانی زۆری خۆی کارێکی زۆر باشی کرد بۆ بەرهەمهێنانی.
کاک ئیدریس زۆری بۆ گەلی کوردستان کرد، بەڵام کەم کارکراون بۆ نیشاندانی خەباتی کاک ئیدریس بارزانی.
هیوادارم ئەم بەرهەمەی ڕووداو ببێتە بزووتنەوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیاتر و باشتر لەسەر خەبات و باوەڕی کاک ئیدریس بارزانی.
زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئاسۆ حاجی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئەژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

یونس ڕۆژبەیانی و ئیدریس بارزانی وێنە و پێناس کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-08
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 589

دەقی وتاری سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان 03-11-2022

20250727130322648455=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆک بارزانی دوای ئەوەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی حزبەکە وتارێکی پێشکەشکرد و ڕای گەیاند، من لەوانە نیم، لەو کەسانەی، کە هەتا دەمرێت، سەرۆک یان بەرپرس بێت، حەز بکات، من حەزم دەکرد، کەشێکی وا دروست بوایە لە هەرێم و ناوچەکە، من لەم کۆنگرەیەدا داوای مۆڵەتم لە ئێوە کردبا.

دەقی وتارەکە

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوشک و برایان

هەڤاڵانی بەڕێز

پڕبە دڵ سوپاستان دەکەم، بۆ ئەم متمانەیە، شەرەفێکی گەورەیە، کە من لە خزمەتی ئێوەدا بم، من حەز دەکەم لە دڵەوە پێتان بڵێم، هەرچییەک بم، لای من گەورەترین و پیرۆزترین ناو و ئەرک پێشمەرگایەتییە و من پێشمەرگەم.

من لەوانە نیم، لەو کەسانەی، کە هەتا دەمرێت، سەرۆک یان بەرپرس بێت، حەز بکات، من حەزم دەکرد، کەشێکی وا دروست بوایە لە هەرێم و ناوچەکە، من لەم کۆنگرەیەدا داوای مۆڵەتم لە ئێوە کردبا، چونکە هەموو دەستپێکێک کۆتاییەکی هەیە، هەموو مرۆڤێک چەند گەورە بێت و لە چ پلەوپایەیەکدا بێت ئەنجام ڕۆژێک دێت هەر بەجێتان دێڵێت.

منیش مرۆڤێکم وەکوو یەکێک لەو کەسانە. بمانەوێت نەمانەوێت، بتانەوێت نەتانەوێت، ڕۆژێک خوا ئیرادەی لەسەر بوو من بەجێتان دەهێڵم. ئەمە شتێکی سرووشتییە. بەڵام لەوە دەچێت ئینشائەڵڵا لە کۆنگرەی داهاتوو زووتر بیکەین، من بتوانم ئەو نیازە بەدیبهێنم، چونکە من حەز ناکەم مردن لە ئێوە جیابکاتەوە، دەمەوێت پێش ئەوە بە ئێوە بڵێم خوا حافیز.

ئێستا بۆ ئەوەی بەردەوام بین و پارتیش بەردەوام بێت، من سوپاستان دەکەم، لە خزمەتی ئێوەدا دەبم.

هەڤاڵان

هەر مرۆڤێک لە ژیاندا، هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمەش هەمانە، جەنابی بارزانی پێش ئەوەی وەفات بکات، وەسیەتی کرد لە من و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی، وتی دەبێت ئێوە یەک گیان بن لە دوو قاڵبدا. یەک گیان لە دوو قاڵبدا، سوپاس بۆ خودا ئێمە وەسیەتی ئەومان بەجێگەیاند. نەک یەک گیان لە دوو قاڵبدا، هەموو کاتێک من ئامادە بووم خۆم لە جێی کاک ئیدریس دابنێم، لە جیاتی ئەو بم، قەدەر بە دەست مرۆڤ نییە، بە دەستی خوایە، بەخوا ئەگەر بژاردە لە دەست من بوایە، من خۆم لە جێی کاک ئیدریس دادەنا، من بڕۆم و کاک ئیدریس بمێنێت.

ئێستاش هەروەک لە وتارەکەمدا باسم کرد، پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو لایەنگران و دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەم، کە کۆنگرەکەمان کۆنگرەیەکی چۆنایەتی دەبێت. لە هەمانکاتدا سەرەخۆشی لەوانە دەکەم، خۆیان ئامادە کردبوو، فاتیحا بۆ پارتی بخوێنن. بۆ ئەوەی ڕەوشەکە ڕێکوپێکتر بێت و بتوانین باشتر کارەکان بەڕێوەبەرین، منیش پێشنیاز دەکەم بۆ ئێوە کە نێچیرڤانی کوڕی کاک ئیدریس، وەک جێگری سەرۆکی پارتی پەسەند بکەن و سوپاس.

ئیتر هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، ئینشائەڵڵا کۆنگرەیەکی چۆنایەتی و چەندایەتیش دەبێت و سوپاستان دەکەم و هەر سەرکەوتوو بن. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

ڕۆژی دەرچوون: 2022-11-03

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-11-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
گرنگی و پێویستی کۆنگرەی 14ی پارتی لە چیدایە؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 590

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: داوا دەکەم هەموومان پێکەوە پابەندی ئەو دەستوورە بین 13-01-2024

20240114091053543770=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ شەممە، 13-01-2024، لە شاری بەغدا بە بەشداری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان؛ لەتیف ڕەشید، سەرۆک کۆماری عێراق؛ محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەڕێزان حیزبی ڕێوڕەسمی سااڵیادی تیرۆرکردنی محەممەد باقر حەکیم ناسراو بە شەهیدی میحراب بەڕێوەچوو، تێیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکێش کرد.

دەق گوتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
ئامادەبووانی بەڕێز،
ڕۆژتان باش..

ئەمڕۆ پێکەوە لە یادێکی گرنگدا بەشدارین، کە ڕۆژی شەهیدی عێراق و یادی (21) ساڵەی شەهیدکردنی ئایەتوڵاڵ محەممەد باقر حەکیمە (قُدِّسَ سِرُّهُ). گەلی عێراق بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و لەنێوبردنی تیرۆر، زۆر شەهیدی داوە. باشترین وەفاداری بۆ یاد و ڕۆحی شەهیدان، گەشەپێدانی ئاوەدانی و خۆشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراق و دابینکردنی دواڕۆژێکی گەشە بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو.
شەهیدی میحراب، شەهیدی دەستی تیرۆر، ئایەتوڵاڵ محەممەد باقر حەکیم، لە دووڕەوڵاتیدا، ڕابەر و هاندەرێکی سەرەکیی یەکبوونی خەبات و کاری پێکەوەیی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بوو. یەکبوونی ئەوکات، بۆ ڕزگارکردنی گەل بوو لە چەوساندنەوە و لە دیکتاتۆری.
ئێستا ئێمە کە لە عێراق ئازادکراو لە دیکتاتۆری، یادی شەهید ئایەتوڵاڵ محەممەد باقر حەکیم دەکەینەوە، دەبێت بە دوو شێوە، بە کردەوە وەفاداریی خۆمان بۆ شەهیدی میحراب و هەموو شەهیدان نیشان بدەین.
ئەویش بە نەهێشتنی هەموو جۆرێکی چەوساندنەوە و ناعەدالەتی، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان، لە گواستنەوەی ڕکابەری و ناکۆکیی سیاسیی نێوانیان، بۆ ناو کۆمەڵگە و نەتەوە و پێکهاتەکانی تری عێراق.

پێکەوەکارکردن و یەکێتیی نێوان شەهیدی میحراب و باوکی خوالێخۆشبووم ئیدریس بارزانی، هەروەها لەگەڵ جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرۆکی خوالێخۆشبوو مام جەلال تاڵەبانی و لایەن و سەرکردەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، ئەوکات خۆشەویستیی نێوان گەلی چەوساوەی عێراق، بەهێز دەکرد.
ئێمەی نەوەی دوای ئەوان، دەبێ ئەو خۆشەویستییە بەهێزتر بکەین، نەک تێکی بدەین. بەهێزکردنی یەکسانی و خۆشەویستیی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق، ڕێگەی ڕابەر و سەرکردەکانمانە. پێچەوانەکەی، ڕێگەی ئەوان نییە و دژی ڕێبازی ئەوانە.
ئەوەی ڕابەرانی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی ئێمە دەیانکرد، لە باکگراوەند و قوواڵییەکی گەورەوە دەهات. زانا و ڕابەرانی ئایینیمان، بە زانست و زانینی خۆیان، ڕوانگەیەکی فراوان و مرۆڤانەیان هەبوو، لەبەرئەوەش مەرجەعیەتی گەورە لە نەجەف، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بارزان و زانایانی کوردستان بەگشتی هەبوو.

ڕابەڕی شۆڕشی کوردستان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی، پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ مەرجەعیەتی باڵادا لە عێراق هەبوو. فەتواکانی ئایەتوڵڵا عوزما موحسین حەکیم، لەگەڵ ئایەتوڵڵا عوزما محەممەد باقر سەدر لە ساڵەکانی 1965 و 1974 لەژێر حوکمی دیکتاتۆریدا، بێ ئەوەی گوێ بە مەترسییەکانی سەر ژیانیان بدەن، فەتوای زۆر هەقپەرستانە بوون. ئەو دوو مەرجەعە گەورەیە، فەتوای حەرامکردنی شەڕی کورد و پێشمەرگەی کوردستانیان دا. گەلی کوردستان هەرگیز فەتوا میژوویی و هەڵوێستەکانی ئەوان، لەبیر ناکات.
ئەم یادانە گرنگن، بۆ ئەوەی هەموومان ئێستاش بە کردەوە، ئەو ڕابردووە جوانەمان بپارێزین. ئەو ڕابردووە بە ڕوانگەی فراوان و بە هەبوونی پەیوەندی و خۆشەویستی کە دروست بووە، نابێ بە بڵاوکردنەوەی ڕق و ناکۆکی و دووبەرەکی، ئێستا و داهاتوومان تێک بچێت، بەڵکو دەبێ بە خۆشەویستی و پەرەپێدانی هاوبەشییەکانمان، بەهێزتری بکەین.

ئامادەبوونی بەڕێز ..
جگە لەو ڕابردووە، ئەمڕۆ ئێمە سەرچاوەیەکی گرنگ و گەورەی یاساییمان هەیە بۆ پێشکەوتن و بەهێزکردنی پێکەوەژیانی هاوبەشی پێکهاتەکانی عێراق. لە ساڵی 2005ەوە دەستوورێکمان هەیە. ڕۆحی دەستوور بریتییە لە دروستکردنی دیموکراسی، دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات و سیستەمی فیدراڵی. جێبەجێکردنی دەستوور وەک خۆی، ڕابردووی جوانی کۆمەڵگەمان دەپارێزێت و ئێستا و داهاتووشمان باشتر دەکات.
بۆیە ئێستا کە لێرە زۆر لە بەڕێزان سەرکردە و بەرپرسانی گەورەی عێراق دانیشتوون، داوا دەکەم هەموومان پێکەوە پابەندی ئەو دەستوورە بین. دەستوور، یەکسانیی هەموو پێکهاتە و هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و سەقامگیریی وڵات دەپارێزێت.
بەڕێزان..
ئێستا لەبەر نەبوونی بودجە و مووچە لە هەرێمی کوردستان، فەرمانبەران و خەڵک لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژین. ئەوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردووەتە سەر هەموو کەرتەکان لە هەرێمی کوردستان. زۆر پێویستە ئەو کێشە گەورەیە، بە زووبی چارەسەر بکرێت. ئەمەش بەرپرسیاریەتیی هەموومانە، چونکە هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەشێکن لە عێراق.
بۆیە داوا لە تەواوی سەرکردە و لایەنە سیاسییەکان، فراکسیۆنەکان و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەم، پشتیوان بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان..
حکوومەتی عێراقی فیدراڵی بە سەرۆکایەتیی برای بەڕێزمان محەممەد شیاع سوودانی، بە باشی کاری کردووە، ئەوەش پێگەی عێراقی بەهێز کردووە. ئەو شێوە کارکردنە، دەتوانێت پێگەی عێراق بەهێزتریش بکات. بەڵام پێشێلکردنی دەسەڵاتی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بە هێرش بۆ سەر نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان و پێشمەرگە، کاری حکوومەت تێکدەدات و ئاڵۆزییەکی زۆر و هەمەلایەنە لە عێراق دروست دەکات.
ئەو هێرشانە زیانێکی زۆریان بە ئاسایش و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، بووەتە هۆی ئەوەی دڵەڕاوکێ بە هەموو بازاڕی عێراقدا بڵاو ببێتەوە، هەروەها دەرفەتی داوەتە تیرۆریستانی داعش کە هێرشەکانیان زۆرتر بکەن.
هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر داوای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هاتوون. پێویستە دەرفەت بدرێتە حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێز سەرۆک وەزیران سوودانی بەپێی پلانێکی هاوبەش و لە زەمینەیەکی ئارام و بێ کێشەدا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، بۆ ڕێککەوتن لەسەر داهاتووی هاریکاریی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق.

عێراق دەوڵەتێکی خاوەن دەزگای نیشتمانییە، دەبێت ئەو دەزگایانە کاری خۆیان بکەن، بە پێچەوانە خەڵکی عێراق دەخرێتە کێشە و ئاڵۆزیی تازەوە، لە کاتێکدا عێراق ئێستا زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە پێویستی بەوەیە سەقامگیرییەکەی تێک نەدرێت.
لە کۆتاییدا، سوپاسی برای بەڕێزم سەید عەممار حەکیم دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێورەسمە. سڵاو دەنێرم بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدی میحراب ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حەکیم و ڕۆحی خوالێخۆشبوو سەید عەبدولعەزیز حەکیم و هەموو شەهیدانی عێراق. [1]

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان دەخوازم،
زۆر سوپاس..
تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 13-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-13	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] بەیان و ڕاگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان 13-01-2024
کاتی تۆمارکردن: 14-01-2024
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 591

شۆڕشی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1976-1991

20230128211720462243=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شۆڕشی گوڵان- (شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز – 26-04-1976) . لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان هەوە بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی دژی حکوومەتی بەعسی ئێراق لە باشووری کوردستان هەڵگیرسا و تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 بەردەوام بوو.

هۆکارەکان

ڕێکەوتی 06-03-1975، ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان هەردوو دەوڵەتی پاشایەتی ئێران و حکومەتی بەعسی ئێراق، کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول هێنا کە ساڵی 1961 لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە باشووری کوردستان هەڵگیرسابوو، لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتننامەیە و وەستانی شۆڕش، بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خێزانەوە ئاوارەی وڵاتی ئێران و وڵاتانی دەوروبەر بوون، تەنیا ڕێکخستنەکانی حزب لە ئەوروپا درێژەیان بە چالاکییەکانیان دەدا.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارەبوونی زیاتر لە سەد و هەشتا تاکی کورد بۆ وڵاتی ئێران و هەستی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر کوردی لای دەسهەڵاتدارانی بەعسی ئێراق و تەنانەت ڕژێمی پاشایەتی ئێران دروستکرد، ڕژێمی بەعس لە لای خۆی هەستی بە نەمانی سەرکردایەتییەک دەکرد کە لە سەرەتای دروستبوونی ئێراقەوە ڕابەرایەتی بزووتنەوە کوردییەکانی لە و وڵاتە گرتبووە ئەستۆ، بۆیە کەوتە پیادەکردنی پیلانی وێرانکردنی کوردستان و سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن، دوای نسکۆی شۆڕش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەست بە گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان کرا و لە ماوەیەکی کەمدا ڕووبەرێکی فراوانی کوردستان بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوت و ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتی کورد لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ کران، ڕژێمی پاشایەتی ئێرانیش هاوشێوەی ئێراق خۆی بەرانبەر بە کورد بە سەرکەوتوو دەزانی، پێیان وابوو بەم کارەیان تۆڵەی ڕێککەوتننامەی 11-03-1970 یان لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی کردۆتەوە، ئێران لەسەر داواکاری دەوڵەتی ئێراق سنووورەکانی بە ڕووی هاتنی ئاوارەکاندا داخست و کەمپەکانیان بە ڕووی بەپرسە ئێراقییەکاندا کردەوە بۆ ئەوەی هانی ئاوارەکان بدەن بگەڕێنەوە ئێراق، ئەو کوردانەشی مانەوە لە ئێرانیان هەڵبژارد، دواتر بۆ دوورترین خاڵە سنووورییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئێران گواستراونەوە.

ئەم بارودۆخە نالەبار و مەترسیدارە، خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانی خستبووە بەردەم مەترسی نەمان و نزیککردنەوە لە کۆتایی، بۆیە لەلایەن مەسعود بارزانی و بە ڕاوێژ لەگەڵ ئیدریس بارزانی بڕاگەورەی پێشنیاری دوبارە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی و شۆڕش کرا، لە ڕێکەوتی 02-04-1975 لە کۆبوونەوەی فراوانی نەغەدە کە لەلایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە بۆ دیدار لەگەڵ ئاوارەکان ڕێکخرابوو، پێشنیارەکە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە خرایە بەردەم سەرۆک مستەفا بارزانی، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا، هەر لە مانگی نیسانی 1975 لەلایەن مەسعود بارزانییەوە ئامادەکارییەکانی شۆڕش دەستیان پێکرا.

ئامادەکارییەکان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

دوای کۆبوونەوەی نەغەدەی 2ی نیسانی 1975، لەلایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە ئەرکی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حزب و شۆڕش بە مەسعود بارزانی سپێردرا و خۆیشی لەلایەن دەسهەڵاتدارانی ئێران بۆ شاری تاران دورخرایەوە، هەرێەک لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی کاروباری ئاوارەکانی ئێران بکات و مەسعود بارزانیش ئۆرگانەکانی حزب و شۆڕش چالاکبکاتەوە و کار بۆ سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان بکات، هەر ئەوکات لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستکرا بە پەیوەندییکردن، بە و پێیەی سەرکردایەتی کۆن و کادیرە

بەرناسەکان لەلایەن دەزگای هەواڵگری ساوەکەوە بە چڕی چاودێری دەکران، زیاتر پشت بە کادیرە لاوەکان بەسترا، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر لەگەڵ مەسعود بارزانی کاریان کردبوو و لە بارودۆخێکی لەم شێوەیە دەکرا زیاتر پشتیان پێ ببەسترێت.
لە ڕێکەوتی 15ی نیسانی 1975 یەکەم کۆبوونەوەی نهێنی حزب لەسەر کانیاوێکی دەوروپشتی نەغەدە بە ناوی (حەوت چەشمە) ئەنجامدرا، هەریەک لە مەسعود بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری و محەمەد ڕەزا ئامادەی کۆبوونەوەکەبوون، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا هەریەک لە جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور، د. کەمال کەرکووکی، عزەت عەبدولعەزیز و شێرکۆ عەلی بنێردرێنەوە باشووری کوردستان و سامی عەبدولڕەحمان و محەمەد ڕەزاش بنێردرێنە ئەورووپا، سەرپەرشتی کاری پەنابەرانیش بە ئیدریس بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، موحسین دزەیی، فەلەکەدین کاکەیی و فەرەنسۆ هەریری سپێردرا. هەروەها بڕیاردرا هەرچی زووە پەیوەندیی بە کادیر و پێشمەرگانەوە بکرێتەوە کە لە ئێراق و سووریا مابوونەوە، ڕێکەوتی 16ی نیسانی 1975 لە لایەن مەسعود بارزانییەوە دوو نامە بۆ هەریەک لە محەمەد خالید بۆسەڵی و جەلال تاڵەبانی کە ئەوکات لە سووریا بوو نێردران.
مانگی حوزەیرانی 1975 تارق ئاکرەیی بەرپرسی لقی شەشی ئەورووپا و سەرۆکی کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد و شیرین کەتانی هاوسەری لە ئەورووپا بەشێوەیەکی نهێنی گەڕانەوە ئێران و لە تارانی پایتەخت چاوپان بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوت، دواتر بۆ بینینی مەسعود بارزانی و هەڤاڵانی تر چونە شاری نەغەدە، هەر لە مانگی حوزەیران لە شاری نەغەدە بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، تارق ئاکرەیی، سامی عەبدولڕەحمان، عەلی عەبدوڵڵا و د. مەحمود عوسمان کۆبوونەوەیەکی نهێنی ئەنجام درا و ڕەشنووسی یەکەم بەیاننامەی حزب دوای نسکۆی شۆڕش بەناوی لقی ئەورووپاوە ئاماداکرا، هەروەها بڕیاری بەستنی کۆنفرانسی لقی شەشی ئەورووپا و کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەووپا لە هاوینی هەمان ساڵ دەرکرا، ڕەشنووسی بەیاننامەکە دواتر برایە لای سەرۆک مستەفا بارزانی لە تاران و لەوێ پاش کەمێک دەستکاری بردرایە ئەورووپا و لەوێ بەڵاوکرایەوە.
لەبەرانبەر ئەو هەوڵانەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی خۆ ڕێکخستنەوە و خێرا هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە لە ڕێکەوتی 25ی ئایاری 1975 دروستکردنی نیمچە بەرەیەک بەناوی یەکێتی نیتیمانی کوردستان لە وڵاتی سووریا ڕاگەیەنرا.
مانگی ئەیلوولی 1975 سەرۆک مستەفا بارزانی بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی لەژێر چاودێرییەکی چڕی دەزگای هەواڵگری ساواکی ئێران نێردرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ڕێکەوتی 15ی ئەیلوول لەسەر داوای سەرۆک بارزانی، مەسعود بارزانی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد، دوای وەرگرتنی چارەسەری پێویست لە ڕێکەوتی 10ی تشرینی یەکەمی 1975 گەڕانەوە ئێران و لە عەزیمییەی کەرەج لە نزیک تارانی پایتەخت نیشتەجێ کران.
دوای گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی، مەسعود بارزانی، بەشێکی زۆری ئاوارەکان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی ئێران بە مەبەستی زانینی هەواڵی نەخۆشییەکەی سەرۆک مستەفا بارزانی و بەخێر هێنانەوەی سەردانی عەزیمییەی کەرەجیان دەکرد. هەر لە و دەرفەتەدا ئەو کادیرانەی پارتی کە ئەرکی دووبارە چالاککردنەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتییان پێ سپێردرابوو، جارێکی تر لە دەوری مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی کۆبوونەوە.
لەسەر داواکاری مەسعود بارزانی و دوای پێکگەیشتنەوەی هەڤاڵان، لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی 1975 کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ماڵی مەسعود بارزانی و بە ئامادەبوونی جەوهەر نامیق، کەریم سنجاری، عارف تەیفوور و محەمەد ڕەزا لە عەزیمییەی کەرەج ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکەدا چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکران، لەوانە: دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی هاوبەش لەنێو سەرکردایەتی کۆن و نوێی پارتی. گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و دروستکردنەوەی مەفرەزەی چەکدار و ڕێکخراوی نهێنی حزب و شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستە

بڕیاردرا ناوچەکانی باشووری کوردستان دابەشی سەر دوو هەرێم بکرێت، هەرێمی یەک و هەرێمی دوو (کە دواتر بە بادینان و سۆران ناسران) ، جادەی هامیلتۆن وەک نێوانی سنووری چالاکی ئەم دوو هەرێمە دەستنیشانکرا. لە هەمانکاتدا هەردوو هەرێم ئازادکران لەوەی لەشارەکانی تری ئێراق چالاکی تایبەت بەخۆیان هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە هەریەک لە جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری وەک سەرکردایەتی هەرێمی یەک (بادینان) و عارف تەیفوور، شێرکۆ شێخ عەلی سەرگەڵۆ و شێخ عەزیز شێخ یوسف بۆ سەرکردایەتی هەرێمی دوو (سۆران) هاتە دەستنیشانکردن و ماوەی گەڕانەوە بۆ سنووری چالاکییەکانیان بۆ دەستنیشانکرا.
هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەیاننامەیەک بڵاوبکرێتەوە، مەسعود بارزانی هەڤاڵانی ڕاسپارد ئەو بەیاننامەیە بنووسنەوە، ئەوەبوو هەریەک لە جەوهەر نامیق، کەریم سنجاری، عارف تەیفوور و حەمە ڕەزا پاش گەڕانەوەیان بۆ شاری تاران بەیاننامەکەیان نووسییەوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەڤاڵان چوونەوە عەزیمییەی کەرەج بۆ لای مەسعود بارزانی لەوێ جارێکی تر هەڵسەنگاندن بۆ بەیاننامەکە کرا و پاش دەسکارییەکی کەم برایە لای سەرۆک مستەفا بارزانی و ئەویش ڕەزامەندیی لەسەر بڵاوکردنەوەکەی نیشاندا، بڕیاردرا بەیاننامەکە لە شارۆچکەی نەغەدە چاپبکرێت. هێشتا دیارنەبوو بەیاننامەکە بە چ ناوێکەوە بڵاوبکرێتەوە ئەوەبوو لەوێ بۆ یەکەمجار بڕیار لەسەر ناوی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (القیادة الموقتة) درا، دواتر لە ڕێکەوتی 10ی کانوونی یەکەمی 1975 هەر بە و ناوەوە و بە ناونیشانی (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە) بڵاوکرایەوە.
سەرکردایەتی کاتی
لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی 1975 لە کۆبوونەوەی نهێنی کەرەج بڕیار لەسەر دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ حزب درا، بەوپێیەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە نسکۆ بەسەرشۆڕش و گەلی کوردی هێنابوو بەتایبەت پاش بەجێهێشتنی وڵات، ئاوارەبوونیان و تێکچوونی ڕێکخستنەکانی ناوەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی کردەیی هەڵوەشابووەوە.
بەپێی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی حزب دەبێت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لەنێو کۆنگرە و بە دەنگدانی نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێردرێن، بەڵام بارودۆخی دوای نسکۆ لە لایەک و لەلایەکی تر ئەو چاودێرییە چڕەی لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئێران (ساواک) ەوە خرابووە سەر چالاکییەکانی ئەندامانی حزب، ئەنجامدانی کۆنگرە بە کارێکی مەحاڵ دەهاتە پێش چاو. ئەوەبوو لە کۆبوونەوەکەی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی کەرەج و دواتر بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی بڕیاردرا سەرکردایەتییەکی نوێ بو حزب دەستنیشان بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندامە نوێیەکان بە ڕێگەی کۆنگرەوە هەڵنەدەبژێردران، بڕیاردرا سەرکردایەتییەکە پاشگری کاتی بۆ زیادبکرێت و تا هەڵی بەستنی کۆنگرەی حزب دێتە پێش، ئەمانە بە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی حزب بمێننەوە، بەم شێوەیە سەرکردایەتی کاتی حزب کە بە (القیادة المؤقتة) ناسرابوو دامەزرا.
لە یەکەم هەنگاودا ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی پارتی تەنیا حەفت کەس بوون کە بریتیبوون لە: مستەفا بارزانی، ئیدریس بارزانی، جەوهەر نامیق، کەریم سنجاری، عارف تەیفوور، محەمەد ڕەزا و ئازاد بەرواری، بەم شێوەیە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی نوێ بەگشتی لە لاوەکان پێکهێنرا، جگە لە ئیدریس بارزانی و مستەفا بارزانی کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی پێش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بوون، ئەوانی تر پاش هەڵوەشانەوی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکەی کەرەج بۆ سەرکردایەتی کاتی دەستنیشانکران. بە و ئامانجەی زیاتر پەرە بە کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخستنەوەی ئۆرگانە سیاسی و سەربازییەکانی حزب بدرێت، بڕیاردرا پەیوەندیی بە و ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆن بکرێت کە تا ئەوکات لە وڵاتی ئێران مابوونەوە و ئامادەبوون لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن و کەڵک لە ئەزموونی سیاسییان وەربگیرێت، بەتایبەت لەنێوانیاندا سامی عەبدولڕەحمان و د. مەحمود عوسمان. ئەوەبوو پاش سەردان و گفتوگۆکردن هەریەک لە سامی عەبدولڕەحمان، نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا بۆ سەرکردایەتی کاتی حزب زیادکران، دواتر د. کەمال کەرکووکی پاش ئەوەی عارف تەیفور لەلایەن حکومەتی

ئێرانەوە گیرا، وەک بەرپرسی هەرێمی دوو ڕەوانەی باشووری کوردستان کرایەوە و هاوکات ناویشی خرایە نێو ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی، بەم شێوەیە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی ژمارەیان گەیشتە یازدە ئەندام و تا کۆنفرانسی بەرلینی 11ی ئابی 1976 هەر بەم شێوەیە مانەوە، لە و کۆنفرانسەشدا چوار ئەندامی تر بە دەنگدان زیادکرانە سەر ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی کە بریتیبوون لە: وریا ساعاتی، دڵشاد میران، ئازاد خەفاف و عەبدوڵڕەحمان پێداوی، بەمەش ژمارەی ئەندامەکان بوون بە پازدە ئەندام و تا کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1979 ناوەکان هەر وەک خۆیان مانەوە.

هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دابەشکردنی باشووری کوردستان بە سەر دوو هەرێمی سۆران و بادینان، بنیاتنانەوەی ڕێکخستنەکانی حزب و پێشمەرگە لە و دوو هەرێمە و دەرەوەی وڵات، لە و لاشەوە تەنگ هەڵچنینی حکومەتی بەعسی ئێراق بە گەلی کورد لە ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، سەرەنجام وادەی دەستپێکردنەوەی خەبات و شۆڕشی چەکداری لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ڕژێمی بەعسی ئێراق لە باشووری کوردستان گەیشت، لە ڕێکەوتی 28ی نیسانی 1976 لەلایەن مەسعود بارزانییەوە کۆبوونەوەیەکی نهێنی ئەنجام درا کە هەر یەک لە محەمەد ڕەزا، عارف تەیفور و ئازاد بەرواری تێدا بەشداربوون، لە و کۆبوونەویەدا، کۆتا بڕیار لەسەر دابەشکردنەوەی ئەرکەکان و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی چەکداری دەرکرا.

بەگشتی مانگی ئایاری 1976 مانگی دەستپێکردنەوەی چالاکی پارتیزانی و چەکداری بوو دژی سوپای ڕژێم، سەرەتا لە ناوچەکانی ئامێدی و زاخۆ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی سەر بە سەرکردایەتی کاتی لەگەڵ سوپای ڕژێم پێکیانداداو، لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا ژمارەیەک سەربازی سوپای ڕژێم کوژران، هێزەکانی ڕژێم پاش ئەم پێکدادانە ناچار بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی کران و ناوچەکانی نێروە و ڕێکانی لەسەر سنووری ئێراق و تورکیا بۆردومانکرد، هاوکات دوای هەڵسەنگاندنەوەی بارودۆخ لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە، ڕۆژی 26ی ئایار وەک وادەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری دەستنیشانکرا و یەکەم گوللەی شۆڕشیش لە ڕێکەوتی 26ی ئایار (گوڵان) ی 1976 کاتژمێر چواری بەرەبەیان بەڕووی سوپای ڕژێمی بەعسی ئێراق تەقێنرا.

لە ڕێکەوتی 26ی ئایار مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتی لە زینۆی نزیک حاجی ئۆمەران کەوتنە کەمینی سوپای ڕژێمەوە، پاش ئەوەی شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، هەشت سەربازی سوپای ئێراق کوژران دوازدەی تریش بریندارببوون، لەم شەڕەدا سەید عەبدوڵڵا نەبی ئامر بەتالیۆنی پارتی شەهید کرا و بوو بە یەکەم شەهیدی شۆڕش دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول. هەمان ڕۆژ لەلایەن مەفرەزەیەکی تری چەکداری سەرکردایەتی کاتی پارتی لە گوندی کەشانی دەڤەری بادینان بە فەرماندەیی (ئەبو نەوال) هێرش کرایە سەر سەنگەرێکی سوپای ڕژێم و بەم شێوەیە لە زۆربەی ناچە سنووربیەکان بە تایبەت بادینان و سەر سنووری تورکیا و ئێراق شەڕ و پێکدادان دەستیان پێ کرایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی نێوان ساڵانی 1976 تا ساڵی 1979 کە بە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی گوڵان دادەنرێ و لەلایەن سەرکردایەتی کاتییەوە سەرپەرشتی دەکرێ، سەرەڕای تەواوی سەختی و هەڵبەز و دابەزەکان، سەرەڕای دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی سیاسی تری چەکدار لە باشووری کوردستان کە بەناوی هەڵگیرساندنی شۆڕش ڕوویان لە شاخەکانی کوردستان کرد و لەوێ دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان، پێش دژایەتی ڕژێمی بەعسی ئێراق خست و لە چەندین کات و شوێنی جیاواز پێشمەرگەکانی پارتیان خزاندە نێو شەڕی ناوخۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕاگەینراوە سەربازییەکانی ئەوکاتی سەرکردایەتی کاتی کە بەشێوەیەکی بەردەوام دەردەکران، شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگەی شۆڕش و سوپای ڕژێم سەرەڕای ئەو زیانە گیانی و مادییە زۆرەی لە سوپا دەدرا هەر بەردەوام بوو، لە زۆرێک لە کاتەکان بەشێکی زۆری ناوچە سنووربیەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی شۆڕشەوە کۆانترۆڵ دەکرا و حکومەت دەسەهەڵاتی بەسەریاندا نەدەما، لە و ماوەیەدا چەندین داستانی خۆڕاگری هاوشێوەی شەڕانش 18ی ئابی 1976، شەڕی بنگرد

11ی تشرینی یەکەمی 1976، شەڕی شارستێن 26ی کانوونی یەکەمی 1976، شەڕی گۆڤکێ و شەڕی بێلمبیر 25ی ئایاری 1977 و شەڕی قەسرۆک ساڵی 1978، تۆمارکران کە بوونە هەوێنی درێژەدان بە شۆڕش لە ساڵانی دواتردا.

کۆنگرەی نۆیەم و هەڵوەشانەوەی سەرکرایەتی کاتی

لە ڕێکەوتی 19ی حوزەیرانی 1976 سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ جاری دووەم لەژێر چاودێری چڕی دەزگای هەواڵگری ساواکی ئێران بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشییەکەی نێردرایەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مەسعود بارزانی کە ماوەیەک بوو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی حزبی پێسپێردرابوو، هاوڕێی سەرۆک مستەفا بارزانی بوو لەم سەفەرەدا، وا بڕیاربوو سەردانەکە ماوەی شەش حەفتە بخایەنێت و دواتر بگەڕێنەوە وڵاتی ئێران، بەڵام گەڕانەوەکەیان تا ساڵی 1979 و وەفاتی سەرۆک مستەفا بارزانی درێژەی خایەند. لەوماوەیەدا ڕێکخستنەکانی حزب لەناوخۆی وڵاتدا لەلایەن سەرکرایەتی کاتی کە بەشی هەرەزۆریان گەڕابوونەوە باشووری کوردستان، بەتایبەت سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوە دەبرا، حزب لەلایەن ئەوانەوە و بەتایبەت دوای بەستنی کۆنفرانسی بەرلین بەرگێکی تری بەبەردا کرا و ڕوخسارێکی تەواو مارکسی پێ بەخشرا کە دوور بوو لە سیاسەتی ڕەسەنی پارتی و ڕێبازی بارزانی، لە کۆنفرانسی بەرلین لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان هەوە بە مەبەستی قایمترکردنی پێگەکەی چوار لەلایەنگرانی خۆی زیادکردە سەر ئەندامانی سەرکرایەتی کاتی، دەستکاری پڕۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی حزبیان کرد و نامیلکەیەکیان بەناوی (ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد) کە ناوەڕۆکەکەی ڕەخنەگرتن بوو لە سەرکرایەتی شۆڕش و ئەو هێڵەی تێدا دیاریکرابوو کە پارتی لەمە و دوا خەباتی لەسەر دەکات تێیدا دیاریکرا.

ئەم کارانەی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی و بەتایبەت سامی عەبدولڕەحمان ئەگەرچی بە دڵی سەرکرایەتی پارتی نەبوون، بەڵام لەپێناو ئەوەی زیان بەر یەکڕیزی پارتی و ڕێکخستنەکانی شۆڕش نەکەوێت چارەسەرەکەی بۆ کاتێکی گونجاو دواخرا.

لە شوباتی ساڵی 1979 ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕوخا و حکومەتی کۆماری ئیسلامی شوێنی گرتەوە، ماوەیەکی کەمی خایەند هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی 1ی ئاداری 1975 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهەموو سوچێکدا بەڵاو بووەوە، دەسەهەڵاتدارانی نوێی ئێران ڕەزامەندیان نیشاندا ڕوفاتی سەرۆک بارزانی بگەڕێندرێتەوە وڵاتی ئێران و بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێ بەخاک بسپێردرێت، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی 4ی ئادار 1979 ڕوفاتەکەی گەیەنرایەوە ئێران و لەشارۆچکەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاک سپێردرا. بەشداریکردن لە پرسەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی تەواوی ئەندام، کادیر، پێشمەرگە و سەرکردایەتی حزب جارێکی تر لەیەکتری کۆببنەوە و بڕیار لەسەر چارەنووسی حزب دوای سەرۆک بدەن، ئەوەبوو دوای چەندین کۆبوونەوە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان درا.

لە ڕێکەوتی 10ی تشرینی دووەمی 1979 لە ئۆردوگای زێوەی ڕۆژاوای شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، لە ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەدا بە کۆی دەنگ مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێش بۆ حزب بە دەنگدان دەستنیشانکرا کە شوێنی سەرکرایەتی کاتی حزبی گرتەوە، هاوکات ئۆرگانە حزبی و سەربازییەکانی شۆڕش ڕێکخرانەوە و حزب تا ڕادەیەک برایەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی.

بارودۆخی هەرێمی دوای ساڵی 1979 و شۆڕشی گوڵان

دوای گۆڕانی ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە ئێران، دەسەهەڵاتی سیاسی لە ئێراقیش گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار وازی لە دەسەهەڵات هێنا و لە ڕێکەوتی 17ی تەموزی 1979 سەدام حسێن جێگەی گرتەوە، دوای وەرگرتنی دەسەهەڵات لەلایەن سەدام حسێنەوە، سیاسەتی ڕژێم بەرانبەر بە کورد بەرەو خراپتر ڕۆیشت، حکومەتی بەعس پێنج فرقە و پەنجا هەزار پۆلیس و پاسەوانی سنوور و هێزی یەدەگی بۆ

کۆنترۆلکردنی سنووورەکان دانا کە بنکەکانی پێشمەرگەی لێ دامەزرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوای چەند شەڕێکی بچووک ڕژێم نەیتوانی ڕێگا لە پەرەسەندنی چالاکی سەربازی پێشمەرگە بگرێت، بۆیە هێزی ئاسمانی ئێراق لە حوزەیرانی 1979 چەند گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە بیانۆی بوونی پێشمەرگە بوردومان کرد. بارودۆخی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر سنووری تورکیاش بەرەو خراپی ڕۆیشت، کاتێک عەلی حەیدەر ئوزگا سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا لە ڕێکەوتی 29ی ئاداری 1979 بۆ مەبەستی چارەسەری کێشەی سنووورەکانی هەردوو وڵات سەردانی بەغدای کرد، لە ڕێکەوتی 12ی ئەیلوولی 1980 لەلایەن جەنەڕاڵ کەنعان ئیفرین کودەتای سەربازی لە تورکیا کرا، لە ئەنجامدا هەزاران کوردی ناوچەکانی باکوور کوردستان هەڵاتن و پەنایان بۆ وڵاتە دراوسێیەکان برد، لەلایەن حکومەتی تورکیا هەزاران سەرباز لە ناوچە سنووریەکانی سووریا، ئێراق و ئێران بڵاوەیان پێکرا و فەرمانیان پێدرا هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی پارتی و هێزەکانی تری کوردستان لە نزیک سنووورەکان.
لە ڕێکەوتی 16ی ئابی 1979 مەرسومێکی کۆماری بە ناوی سەددام دەرکرا، لە مەرسومەکەدا هاتبوو تەواوی زیندانیە سیاسییەکان ئازاد بکرێن و لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانە دەربکرێت کە چوونەتە شاخ یان چوونەتە دەرەوەی وڵات و گەڕاونەتەوە، ڕێگەش بدرێ ئەوانەی بەر لێبوردنەکە کەوتوون بگەڕێنەوە سەر ئەرکەکانی پێشووی خۆیان، ئەو کوردانەشی کە بۆ ناوەڕاست و باشووری ئێراق دوورخرابوونەوە بگەڕێنەوە کوردستان، بەڵام دوای گەڕانەوەیان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان نیشتەجی کران.
لە ڕێکەوتی 22ی ئەیلوولی 1980 دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانیان، شەڕ لەنێوان هەردوو وڵاتی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا، بەوپێیەی پارتی دیموکراتی کوردستان دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی بەعس بوو و لە زووەوە شۆڕشی لە دژی دەستپێکردبوو، لەوشەڕەدا یارمەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیدا و بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە نتەوەییەکانی سوودی لە یارمەتییەکانی ئێران وەرگرت.

بەرەی جود

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979 هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێراق زۆر هەوڵیاندا ڕیزەکانیان یەکبخەن و پەیوەندی نێوانیان پتەوبکەن بە مەبەستی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی بەهێز، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەلای خۆیەوە لە کۆنگرەی نۆیەم زۆر داکۆکی لە دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی کردەوە و یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە دروستکردنی بەرەیەکی فراوان بوو لەسەر ئاستی کوردستان و ئێراق، لەبەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتی 7ی نیسانی 1980 لە ناوچەی هەورەمان هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و داواشیان لە حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسک) کرد پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی بپچڕێنن، بەمەش هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن لەباربرا.
هەر بە ئامانجی دروستکردنی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتووی ئێراقی دژی دەسهەڵاتی ژێمە بەعس، لە ڕێکەوتی 12ی تشرینی دووەمی 1980 بەرەی (جوقەد) کورتکراوەی (جبهة الوطنية القومية الديمقراطية) لە سووریا پێکهێنرا کە هەر یەک لەلایەنەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست (سەرکردایەتی هەرێمی ئێراق) ، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، حزبی شیوعی ئێراق، پارتی سۆسیالیستی ئێراق، ڕێکخراوی سوپای ڕزگاری گەلی ئێراق، دیموکراتە سەربەخۆکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیست یەکگرتووی کوردستان (حسک) تێیدا ئەندام بوون، هەرچەندە نوێنەرانی حزبی شیوعی زۆر هەوڵیاندا پارتی لەم بەرەیە بەشدارێ، بەڵام یەکێتی ڕازی نەبوو و پارتی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی ئێراق و بزووتنەوەی عەرەبی سۆسیالیستیش پشتگیری هەڵوێستی یەکێتیان کرد.
دوای ئەوەی چەند لایەنێک ڕازی نەبوون پارتی ببێت بە ئەندام لە بەرەی (جوقەد) ، هەریەک لە حزبی سۆشیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی ئێراق هاتنە پاڵ پارتی و لە 28ی تشرینی دووەمی 1980 بەرەیەکی نوێ بەناوی (جود) ڕاگەیەنرا.
لە ڕێکەوتی 28ی تشرینی دووەمی 1980 لە گوندی کەوپەر سەر بە خانێ (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پەیمانی هاوکاری لەنێوان پارتی و (حسک) و (حشع) ئیمزا کرا، کە لە کۆبوونەوەیەکەدا لە پارتی مەسعود بارزانی، عەلی

عەبدوڵڵا، د.محەمەد سالح جومعە، ڕۆژ نووری شاوەیس و لە (حسک) ڕەسوول مامەند، تاهیر عەلی والی و لە (حشع) ئەحمەد بانیخێلانی و فاتح ڕەسوول ئامادەبوون، لە ڕێکەوتی 29ی تشرینی دووەمی 1980 هەواڵی دامەزراندنی بەرەی (جود) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاوکرایەوە کە ئامانجەکەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی و نیشتمانی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان و کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران بوو. ئەم بەرەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا، لە ڕێکەوتی 10ی تشرینی دووەمی 1981 حزبی (پاسۆک) یش هاتە ناو بەرەی (جود) ەوە، بەڵام دروستبوونی بەرە نەیتوانی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیون کۆبکاتەوە و لەجیاتی ململانێی حزبی ململانێی بەرەکانیش پەیدا ببوو و بووە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان و شەڕی ناوخۆیی نێوان حزبە کوردستانیەکان.

باروودۆخی سیاسی و سەربازی 1980 – 1986

دوای خۆڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حزب و هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و ئێراق چالاکییەکانی پێشمەرگە دژی سوپای ڕژێم لە ناوچە سنووریپیەکان دەستیانپێکرایەوە، بەشێوەیەک بە درێژای سنوورەکانی ئێران و تورکیا لە زۆربەی شوێنەکان هێزی پێشمەرگەی پارتی باڵادەستبوون و تەنگیان بە سوپای ئێراق هەڵچنی بوو، لەبەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام لە بیری قەرەبۆکردنەوەی ئەو شکستەیانبوون کە ساڵی 1978 لە ناوچەکانی سنووری تورکیا و هەکاری لەسەر دەستی هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی تووشیان هاتبوو، بۆیە لە ڕێکەوتی 14ی ئایاری 1980 بە یارمەتیی حکومەتی بەعس شەڕیان دژی هێزەکانی پارتی لە ئاڵوەتان دەستپێکردەوە، هێرشەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دواتر حزبە هاوپەیمانەکانی پارتیشی گرتەوە و شەڕەکە بوو بە شەڕ لەگەڵ بەرەی (جود) کە زیانێکی گیانی و مادی یەکجار گەورەی لە گشت لایەکدا، دەسەهەڵاتدارانی بەعسیش لەلایەن خۆیانەوە بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە وێرانکردنی گوندەکان، ڕاگواستنی خەڵکی و پاکتاوکردنیان، ساڵی 1980 زیاتر لە دە هەزار کوردی فەیلی بێ سەروشوێن کران و لە مانگی ئایاری 1983 دوای ئەوەی عەلی حەسەن مەجید کرا بە بەرپرسی کاروباری باکووری حزبی بەعس، ئەو بارزانیانەی لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان نیشتەجێکرابوون زیاتر لە هەشت هەزاریان لێ بێ سەروشوێن کران.

کۆنگرەی ئاشتی تاران 1986

ساڵی 1985 نێوانی یەکێتی و حزبی بەعسی ئێراق دوای شکستهێنانی گفتوگۆکان تێکچوو، ئەوەبوو لە مانگی تشرینی یەکەمی 1976 ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی سەربازی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران واژووکرا و چالاکی سەربازی هاوبەشیان دژی سوپای ڕژێم ئەنجامدا، هاتنی سوپای پاسداران بۆ کوردستان لەڕێگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و لێدانی بیرە نەوتییەکانی کەرکووک کاردانەوەی تووندی حکومەتی بەعسی لێ کەوتەوە و دەست بە خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان بەتایبەت لە سنووری کەرکووک کرا.

لە کۆتایی ساڵی 1986 حکومەتی ئێران هەوڵیدا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێراق لە دژی ڕژێمی بەعس یەکبخات و کۆنگرەی هاوکاری گەلانی ئێراق لە تاران ببەستێت، ئەوەبوو بانگێشتنامە بۆ تەواوی حزب و لایەنەکان نێردرا و لە ڕێکەوتی 24ی کانوونی یەکەمی 1986 کۆنگرەکە لە تارانی پایتەختی ئێران بەسترا، ئیدریس بارزانی لە و کۆنگرەیەدا وەک سەرۆکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری کرد و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە هێنانەکایەوەی ئاشتی نێوان لایەنەکان بەتایبەت پارتی و یەکێتی و بەهێزکردنی هاوپەیمانییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا.

هەڵوێستی ڕژێمی بەعس دوای کۆنگرەی ئاشتی تاران

لە سەرەتای ساڵی 1987 تەواوی ناوچە سنووریپیەکانی کوردستان لە کۆنترۆڵی حکومەت دەرچوون و لەلایەن پێشمەرگەوە ئازادکران، لە 12ی شوباتی 1987 هێزەکانی ئێران بە یارمەتی هێزەکانی پارتی و یەکێتی هێرشی کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز توانیان بەرزاییەکانی گردەمند وچەند شوێنێکی تر

بگرن، مانگی ئایاری 1987 سەرکردایەتی حزبی بەعس بڕیاریدا عەلی حەسەن مەجید ببێتە سکرتێری گشتی مەکتەبی باکوور و شوێنی محەمەد حەمزە زوبێدی بگرێتەوە و دەسەڵاتێکی ڕەهای پێ درا، ناوبراو هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی چەند بڕیارێکی دەرکرد، وەکوو ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەی تێدایە بە ناوچەی قەدەغەکراو هەژمار بکرێت، تەقەکردن و کوشتن لەم ناوچانە بەبێ هیچ مەرجێک ئازادکرا، لە 30ی حوزەیرانی 1987 بەپێی بڕیاری ژمارە (457) ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئێراق، تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەڵوەشێنرانەوە و هەموو جۆرە ئامێرێکی کشتوکاڵیش قەدەغەکرا.

ساڵی 1988 دوای لاوازبوونی سوپای ئێران لەلایەنی سەربازییەوە، سوپای بەعس زۆربەی قورسای هێزی خۆی خستە سەر ناوچەکانی کوردستان و بە درندانەترین شێوە پەلامارەکانی دەستپێکرد، هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنی خەڵکی، بوردومانکردنی بنکەکانی شۆڕش و کیمیابارانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان، دەستیکرد بە درێژەدان بە هەڵمەتی کۆمەڵکوژی (ئەنفال) و جینۆسایدکردنی گەلی کورد، تەنیا بە درێژایی ساڵی 1988 بە هەشت قۆناغ لە گەرمیانەوە تا بادینان زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار تاکی کورد شوێن بزر و ئەنفال کران.

بەرەی کوردستانی

سەرەتای بیری دڕووستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی لە باشووری کوردستان بۆ کۆبوونەوەکانی مانگی تشرینی دووەمی 1986ی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە تارانی پایتەختی ئێران دەگەڕێتەوە، دواتر و پاش سەرکەوتنی کۆنگری ئاشتی تاران لە مانگی شوباتی 1987 هەر دوو لایەن بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد لەسەر هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و بەڵێنیاندا هێزەکانی پێشمەرگە یەکبگرنەوە، لە ڕێکەوتی 18ی تەمووزی 1987 حزبەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆشیالیست، پاسۆک و پارتی گەل، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکیان دەرکرد لەسەر یەکگرتنی هێزەکانی ئۆپۆزسیونی ئێراق، بەتایبەت هێزە کوردییەکان و بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی درا، دواتر لە ڕێکەوتی 30ی تەمووزی 1987 بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکرا و تێدا باسی ئامانجەکانی بەرەی کوردستانی کرا.

دوای چەندین کۆبوونەوە لایەن و حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی لە پایزی 1987، لە ڕێکەوتی 2ی ئایاری 1988 بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا و لە 12ی ئایاری هەمان ساڵ دەستی بە چالاکییەکانی کرد و یەکەم کۆبوونەوەی لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 1988 لە خواکورک ئەنجامدرا.

تا ساڵی 1988 هێز و حزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە دژی ڕژێمی بەعس یارمەتیدەدران، بە وەستانی شەڕ لەنێوان هەردوو وڵات لە ڕێکەوتی 8ی ئابی 1988، یارمەتییەکانی کورد لەلایەن ئێرانەوە کۆتاییان پێهات و حکومەتی ئێراقیش بە هەموو توانای خۆیەوە کەوتە پەلاماردانی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە، لەبەرانبەردا لە ڕێکەوتی 20ی تەمووزی 1988 لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بڕیاری بەرگری و خۆڕاگری درا و بەرەی شەڕ لە ناوچەکانی خرێنە و خواکورک کرانەوە، خودی سەرۆک مەسعود بارزانیش بە شێوەی مەیدانی لە بەرەکان ئامادەبوو، دواتر و لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای ڕژێم بۆ سەر بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە چەندین شەڕ و قارەمانی لەلایەن هێزی پێشمرگەوە تۆمارکران کە بێگومان شەڕی خواکورک یەکێکە لە شەنازیی و سەروەریی‌یەکانی گەلی کورد لە و قۆناغەدا.

شۆڕشی گوڵان سەرەنجامی تەواوی ئەو شۆڕشانەبوو کە لە دەیان ساڵی ڕابردوو لەلایەن گەلی کوردەوە دژی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق بەرپاکران و بە دڕووستکردنی بەرەی کوردستانی و یەکگرتنی هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان و ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، ئامانجی لەمێژینەی گەلی کورد لە باشووری

کوردستانی بە دروستکردنی هەرێمێکی پارێزراوی سەربەخۆ هێنایە دی.
گرینگترین شەڕەکانی قۆناغی دووەمی شۆڕش (1980 تا 1988)
دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی شۆڕش کە ساڵانی 1976 تا 1979ی خایەند و بە سەردەمی سەرکردایەتی کاتی دادەنرا، دوای وەفاتی سەرۆک مستەفا بارزانی و بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، قۆناغێکی نوێی شۆڕش دژی ڕژێم دەستی پێکرد کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران، شەڕی نێوان هەردوو وڵات، لە و ماوەیەدا کاریگەریی زۆری بەسەرشۆڕشەوە هەبوو، لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە کەڵک لە دەرفەتەکە بینرا و بەرەکانی شەڕیان دژی ڕژێمی بەعس فراوانترکرد و تەنانەت دوای وەستانی شەڕی نێوان هەردوو وڵاتیش شەڕ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشەوە درێژەی پێدرا، لە و ماوەیەدا سەرەڕای تەواوی کێشە و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشەوە چەندین شەڕ و داستانی قارەمانیەتی دژی سوپای ڕژێم تۆمارکران کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاسۆی بەردەم دواڕۆژی گەلی کوردیان ڕۆشەندەکردەوە و مژدەی سەرکەوتنی یەکجارەکی پێدەدان، هەر ئەو شەڕو خۆڕاگرییانەبوون کە سەرەنجام ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و ئازادبوونی باشووری کوردستانی لێکەوتەوە، لە گرینگترین شەڕەکانی ئەم قۆناغە:

- شەڕی کانی سێف، 20-10-1980
- شەڕی حاجی ئۆمەران، 18-11-1980
- شەڕی چیای سۆرین، سەرەتای ساڵی 1982
- شەڕی بیارە، 03-01-1982
- شەڕی شارەزوور، 31-05-1982
- شەڕی سیانی گارە، 10-12-1982
- شەڕی شەرمن، 29-03- 1983
- شەڕی سەیدسادق، 16-08-1983
- شەڕی کانیەلنج، 21-11-1983
- شەڕی ئاکرێ، ساڵی 1983
- شەڕی دهۆک، مانگی ئابی 1984
- شەڕی سەرسەنگ، بەهاری ساڵی 1985
- شەڕی قەرەداغ، مانگی حوزەیرانی 1986
- شەڕی ئامێدی، 08-10-1986
- شەڕی زاخۆ، 12-11- 1986
- شەڕی باسکێ، 20-12- 1986
- شەڕی ئەحمەداوا، 01-07-1987
- شەڕی ئەتروش، 04-01-1987
- شەڕی بامەڕنێ، 26-05- 1987
- شەڕی باسرە، 27-07-1978
- شەڕی کانی ماسی، 13-09-1987
- شەڕەکانی ئامێدی تا دێرەلوک، 11-01-1987
- شەڕی قەرەداغ، 20-04-1987
- شەڕی دێرەلوک، 5-08-1987
- شەڕی هیران، 16-08-1987
- شەڕی دیرەلوک، 11-01-1988

- شەڕی بالیسان، 26-02- 1988
- شەڕەکانی زاخۆ تا باتوفە، 26-02-1988
- شەڕی هێرشی هەڵەبجە، 12-03- 1988
- شەڕی فەوجی 143، 13-03- 1988
- شەڕی زاخۆ، 08-01- 1988
- شەڕی قەندیل، 10-01- 1988

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: ئامێدی | ئاکرێ | بیارە (هەورامان) | پێنجوێن | دهۆک | زاخۆ | سلێمانی | سەیدسادق (شارەزوور) | قەرەداغ | هەولێر | هەڵەبجە | ڕانیە (ڕاپەڕین) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 26-04-1976

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1976-04-26	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
بەرەی یەکگرتووی کورد لە ئێران	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
عەبدولڕەحمان پێداوی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پارتی پیدیا

کاتی تۆمارکردن: 28-01-2023

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 592
فازڵ میرانی باسی چەند وێستگەیەکی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەسیی ئیدریس بارزانی کرد 31-01-2025
20250713171039645553=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە سااڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیدا؛ سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتارێکی پێشکێش کرد و لە بەشێکیدا گوتی، کاک ئیدریس زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا.
فازڵ میرانی ، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێوڕەسمێکدا کە بۆ یادکردنەوەی ئیدریس بارزانی رێکخرابوو، باسی چەند وێستگەیەکی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەسیی ئیدریس بارزانیی کرد.

دەقی گوتەکانی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:
ئەم کاتەتان باش. خودا دەفەرموێت (بسم الله رحمان رحیم ...)، حەقە لە هەموو چالاکییەکانی خۆمان زیکری خودا بکەین و بە قورئان دەستپێبکەین نەک بە گوتار و شتی ئەوها. سوپاسی ئەم رێکخراوە دەکەین، رێکخراوی نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی بۆ ئەم چالاکییە بۆ مرۆڤێک، سەرکردەیەک، شۆڕشگێرێک، ئاشتیپەروەر و ئاشتیخوازێک لەپێناوی مرۆڤایەتی لەپێناوی ئازایەتی، ئەم کۆڕەی کردووە. سوپاسی ئامادەبووەکان دەکەین و سوپاسی دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین. زیندووکردنەوەی یادی تێکۆشەران و مرۆڤە لێهاتووەکانی گەلەکەمان لە هەموو بوارەکاندا ئەرکێکی مرۆییە، مافیان گەرەنتی (زامن) بکەین و ئەرکێکی ئینتیمائی چ نەتەوەییە، چ ئایینییە، چ سیاسییە بۆ ئەو خەڵکانەی کە (مونتەمین) لەو کەناڵەوە و هەر بەم بۆنەیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرفرازە لەوەی یادی سەرکردە تێکوشەرەکانی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی لە رۆژنامەکانیشدا دەیبینم، بەتایبەتی لە خەبات و هەتا لە کوردستانی نوێش ئێمە بە هەزاران شەهید و قوربانیمان داوە، هەر رۆژێک ژمارەیەک لە رۆژنامە دەردەچێت، دڵنیابن بە حوکمی زۆریی قوربانیی گەلەکەمان لەو رۆژەدا کۆمەڵێک شەهیدمان داوە. ئیدی لەم مەیدانە لەو مەیدانە، لەم حیزبە یان لەو حیزبی دیکە، بەڵام هەموو رۆڵەی ئەم وڵاتەن لەپێناوی ئەم وڵات و ئەم میللەتە خوێنی خۆیان بەخشیوە یان چوونەتە بەر پەتی سێدارە یان بزر بوون لە ئەنفال و کیمیاباران.

باسکردن لە پیاوێکی گەورەی وەکو کاک ئیدریسی رەحمەتی، کارێکی ئاسان نییە، لە گوتارێکدا یان لە کۆڕێکدا کە دەرحەق بێت و هەموومان ڕەنگە شایەنی ئەوە نەبین یان ئەوەندە لێهاتوویییمان نەبێت کە باسی هەموو لاپەڕەکانی ژیانی بکەین، بەڵام ئێمە ئەوانەی کە لێی نزیک بووینە و لانیکەم تەمەنێک وەکو بەندە بۆ نموونە من لە 1968وە، ڕەحمەتی شەهید ئیدریسم ناسیوە و لەگەڵی بووینە تاوەکو کۆچی دوایی کردووە، لە ڕۆژەکانی سەخت و لە ڕۆژەکانی کە دەکرێت بڵێین خۆشی. ئەو ڕۆژانە بە نیسبەت تێکۆشەرەکان خۆشییە کە هەست بە سەرکەوتن بکەن و هەست بە ئارامیی پێشکەوتنی دۆزی میللەتەکەیان و پاراستنی وڵاتەکەیان بکەن، بۆیە ناویان لە خۆیان ناوە پێشمەرگە، چونکە مەرگی خۆیان لەپێش خۆیان داناوە، لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزانە کە سەرکردەی باڵابەرزی ئێمە ئیدریس بارزانی و لەپێش ئەو، سەرۆک بارزانی و لەپێش ئەوانیش خەڵکی تریش لە شۆڕەشەکانی کورد چ لە کوردستانی عێراق چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان خەباتیان بۆ کردووە. تاوەکو ئەم میللەتە بێبەشە بگاتە مافەکانی خۆی. چونکە مافی نەتەوەیی کە لای خەڵک گوناحە، دەوڵەتبوون لای خەڵک گوناحە، بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئینسانانە بیربکەنەوە، ئەمە لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ دایە، چونکە هەموومان ئینسانییانە لە یەک وڵات دەژین، ناکرێت لە وڵاتی ئینسانی، هەندێک ئینسان بە ئاسوودەیی بژین و خاوەن پاسپۆرت و کیان و وڵات بن، هەندێک خەڵکی دیکەش لەو جیهانی ئینسانییەدا بێبەش بن لە مافەکانی خۆیان یان مافیان لێ قەدەخە بێت و لەسەری سزا بدرێن.

ئێمەی کوردستانی بەگشتی و کورد بەتایبەتی لەو گەلانەین کە لەو وڵاتە ئینسانییانەدا، بە نائینسان لە قەڵەم دەدرێین، لە چاوی نائینسانەکان کە خۆیان بە ئینسان دەزانن. ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت هەموومان لەسەری بوەستین و هەموومان لەو بوارەدا هەست بە کەموکوڕییەک بکەین بۆچی (ئەلف) وایە، بۆچی من وانەبم، بۆچی بۆ ئەلف حەڵاڵە، بۆ من حەرامە، ئەمە رێبازێک بوو گەورەکان و سەرکردەکانی ئێمە دایانناوە و دەبێت فەلسەفەی ژیانی ئێمە بێت و فەلسەفەی بیرکردنەوە و خەبات و چالاکییەکانی ئێمە بێت، هەر یەک بە ڕادەی خۆی، بە ڕادەی توانای خۆی، من چەندم پێدەکرێت، مەرج نییە تۆش ئەوەندە بکەیت، تۆش بە ڕادەی خۆت، بەڵام هەر هەموومان ئەوەندەی پێمان دەکرێت، هەوڵ بدەین. جاری وا هەیە؛ من حەز دەکەم دیقەت بکەن لە باسکردنی مێژووی سەرکردەکانی خۆمان، یەکەم بۆ ئەوەی غەدریان لێنەکرێت، دووەم بۆ ئەوەی حەقیان بدەینێ.

من بە تەعبیرێکی کوردانەی ئاسان دەڵێم کاک ئیدریس ژیا و کۆچی کرد، بەڵام بە مەزڵوومییەت، شۆڕشگێڕانی ئێران بە خەڵکی قارەمانی ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەڵێن، بەهەشتی شەهیدی مەزڵووم بوو، زۆری کرد و لە سەرکەوتندا کەم مایەوە، بە دیدی بەندە شەهید ئیدریس بارزانی هەمان شەهیدی مەزڵووم بووە، زۆری کرد و کەمی دیت لە سەرکەوتندا، تەمەننام دەکرد بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و شەهیدەکانی ئێمە هاوبەشی ئێمە بووان ئەمڕۆ لەم سەرکەوتنەی کە لانیکەم میللەتی ئێمە لە حاڵەتێکی نسیی سەقامگیری، ئاشتی و ئاوەدانیدایە. بە موتڵەق نااڵێم، چونکە موتڵەقیی ئێمە لەمە زیاترە کە ئێستا تێیداین، بەڵام ئەمڕۆ لێرەین و دەبێت هەوڵ بۆ سبەیەکی باشتر بدەین.

کاک ئیدریس بە ڕەحمەت بێت، پیاوێکی سادە بوو، دەتوانم بڵێم بە حوکمی نزیکیم لێی، سەرەڕای ئەوەی گوتراوە یان دەگوترێت؛ ئینسانێکی زاهید بووە. زاهید بووە لە سیاسەت و زاهید بووە لە دونیا. شەوان و شەوان و شەوان ئیدریس خەوی لێنەکەوتووە و عیبادەتی کردووە، هەر وەکو شەوان و شەوان و ڕۆژانی کردووەتە یەک لەپێناوی پێشمەرگە، ئاوارە و چارەنووسی ئەم حیزبە و ئەم میللەتە و بەشێکی زۆریش لە نەخۆشییەکانی لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان و هەڵسوکەوت لەگەڵ نسکۆی 1975 و کاروباری ئاوارەکان و تەمویلی قیادە موەقەتەی خۆمان؛ شەوان و شەوان کاک ئیدریس شەونخوونی کردووە بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە یەکێک بنێرێت بۆ کوردستان و ڕێگایەک بۆ قیادە موەقەتە بدۆزێتەوە، ڕێگەیەک بدۆزێتەوە لەگەڵ ئێرانییەکان کاروباری پەناهەندەکان چارەسەر بکات، ئینجا کاروباری حیزب و پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و تاوەکو جەبهەی ئاشتبوونەوەی گشتی، بەتایبەتی لەگەڵ پارتی و یەکێتی کە

ئەندازیار و جێبەجێکردنەکەی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بووە، کە لە خزمەتی بووم ساڵی 1986 لە تاران لەگەڵ ڕەحمەتی مام جەلال یەکەمین یاداشتی لێکتێگەیشتن لە نێوان یەکێتی و پارتی پاش ئەو شەڕە خوێناوی و نەگریسەی نێوان هەردوو حیزب (واژۆ کرد).
ئینجا من ناچمە سەر 11ی ئازار ئەم برادەرە باشی کرد بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە کورتی و بە کوردی.
لەبیرمە لە ساڵی 1998 لە شەقڵاوە کۆڕێکم کرد بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە، گوتم ئەگەر ئیدریس مابا، ئێمە ئەمڕۆ دوو بەرامبەر دەبووین. من ئێستاش وا دەڵێم، دوو بەرامبەربوون مەسەلەیەکی مەعنەوییە، بەڵام من دەڵێم لە ڕووی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی کوردستاندا هەمیشە کاک ئیدریس کۆکەرەوە بوو، تەنانەت ئێمە لە شۆڕش بووین، بەڵام ئەگەر ئێمە کارمان بە نێوخۆ هەبووایە، ئەو دەفتەرێکی گچکەی هەبوو؛ خەڵکی هەبوو نامەی بۆ ئێمە دەگەیاندە نێو عێراق و وەڵامەکانیش لە ڕێگەی ئەوەوە دەهاتنەوە. بۆ پەیوەندییە
کۆمەڵایەتییەکان کاک ئیدریس سنگی فراوان بوو، بیری گەورە بوو، ئەوانەی کە چەکداری حکوومەت بوون ئێمە بە جۆرێک تەماشامان دەکردن و بانگمان دەکردن، بەڵام کاک ئیدریس لەژێرەوە پەیوەندییەکی هەبوو بە جۆرێکی دیکە بۆ بەرژەوەندییەکی دیکە، ڕۆژگار دەیسەلماند ئەو ڕاستترە لە ئێمە. من یەک یان دوو بیرەوەری لەگەڵ زیرەکیی ڕەحمەتی ئیدریس بێجگە لە پەروەردەی منداڵەکانی کە پەروەردەیەکی باشی کردووە،
بەرهەمەکەی دیارە کە کوڕەکانی بۆ نموونە؛ کاک نێچیرڤان ئەمڕۆ سوپاس بۆ خودا دەتوانێت بەردەوامی بەو ڕێبازە بدات وەکو کوڕ و باب، ئەگەر نا هەموومان کوڕی ئەم حیزبەین و کوڕی مەلا مستەفاین، کوڕی مەلا مستەفا بە جنسیە و خوێن کوڕی ئەون، بەڵام ئێمە بە خۆبەخشانە کوڕی ئەوین و تەمەنێکە لەگەڵیداین، منەت ناکەین بەسەریانداء ئەمە ئەو پەروەردەیە کە لە مەدرەسەکەی ئەودا فێربووین کە وابین، فێربین هەڤاڵ جێنەهێڵین و بەو جۆرەش دەمێنینەوە.
ئەو (ئیدریس بارزانی) لە پەروەردەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەنێو خانەوادەی بەڕێزی بارزانی دا، کە بووین بە ئەندامی سەرکردایەتی لە ساڵی 1979 لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئێمە دانیشت، ئەوە برای بەڕێزم کاک زەعیم عەلیش لێرەیە و گوتی ئێوە بوون بە بەرپرس، من ئەو ئامۆژگاریانە لای ئێوە دەکەم، یەکەم تاوەکو پێتان بکرێت خەڵک ببینن، خەڵکێک دێت سەردانی ئێوە دەکات، لە دیتنی خەڵک قەڵس نەبن؛ وەکو بۆکانی دەڵێن. ئێوە قازانج دەکەن؛ ئەوان ئێوە دەناسن بە حوکمی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتین؛ بەس ئێوە ئەوان ناناسن. ئەگەر ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ نەکەن دۆستێک لەدەست دەدەن، ناچارییەک پەیدا دەکەن. ئەویتر گوتی، هەر ئینسانێک دوو لاپەڕەی ژیانی هەیە، لاپەڕەی چاکەکان و لاپەڕەی خراپەکان. ئەگەر مەسئولییەتت دا بە یەکێک تەنیا لەسەر لاپەڕەی چاکەکانی نەیدەنێیە، بۆ ئەوەی باری قورس نەکەن و لە ژێری نەکەوێت. بەڵام ئەگەر محاسەبەی یەکێکیشتان کرد تەنیا لەسەر لاپەڕەی هەڵەکان یان خراپەکانی مەیکەن بۆ ئەوەی سزاکەتان قورس نەبێت.
بۆ ئێستاش ئەو قسانە خودا یارمەتی بێت تاوەکو بتوانین پەیڕەوییان لێ بکەین، ڕادەیەکی زۆر، نااڵێم سەت لە سەت، مرۆڤە، هەندێکجار ئینسان لەو شتانەش دەزانێت و نایکات.
ئەوەی لە کۆنگرەی نەسرەتی شەعبی عێراق لە مانگی 12ی ساڵی 1986 لە تاران، دیسان لە خزمەتی دابووم. ڕەحمەتی جەنابی کاک عەلی عەبدوڵڵا، سکرتێری حیزب بوو، ئەحزابی کوردستانی لەوێ بوون، ئەحزابی عێراق لەوێ بوون (ئۆپۆزیسیۆن)، لەوێ مەسەلە هاتەوە سەر مافی چارەسەری کێشەی کورد، لە ڕاگەیێندراوی کۆتایی ئێمە گرووپی کوردی خودا هەڵناگرێت هەموو حیزبەکان، یەکێتی، سۆسیالیست و ئەو ئەحزابانەی لەوێ بوون، ئاڵای شۆڕش هەبوو ئەو وەختە کاک عیماد نوێنەرایەتییان دەکرد، کاک ئیدریسی ڕەحمەتییان کردە گوتەبێژی فەرمی بە ناوی شاندی کوردی، بۆ مێژوو هەر هەموویان گوتیان کاک ئیدریس، جەنابت هەرچی بڵێیت ئێمە لەمەڕ پرسی کوردی پەیڕەوی لێدەکەین، با تۆ براگەورەی هەموومان بیت.
هەر بەو بۆنەیە کە چوویینە هۆتێل ئیستیقلال بۆ دانوستاندن، یەکەمجار لەوێ مام جەلالم بینی، بە ڕەحمەت بێت، کە چوویینە هۆڵەکە کاک ئیدریس دەستی مام جەلالی گرت و خستییە پێش خۆی. ئەویش گوتی نا

قوربان؛ من هەر دەروێشەکەی جارانم، من ناتوانم پێش تۆ بکەوم، تۆ کوڕی مەلا مستەفای.
ئینسان ناکرێت مێژوو نەخوێنێتەوە، هەندێک جار مێژوو دەشێوێنن، خەڵکێک بەپێی ویستی خۆیان مێژووەکە دەگێڕنەوە، بەڵام من مێژوو وەکو خۆی دەگێڕمەوە حەز دەکەم بە ئینساف بم لە مێژوودا.
ئێمە گوتمان چارەسەری پرسی کورد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەوەی 11ی ئازار، واتە دیموکراتییەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، بەڵام ئەحزابی ئیسلامی شیعەی عێراق ڕەتیانکردەوە ئەمەش مێژووە و حەز دەکەم بیزانن، گوتیان ئێمە دەیکەینە دەنگدان، لەو کۆمەڵە حیزبانەی لەوێ بوون عێراقییەکان بە شیعە و کوردەوە، (هەندێک قیادەی حیزبی بەعسیش ئەبو باقر یاسین و ئەوان لەوێ بوون.) کاک ئیدریس تەماشای باقر حەکیمی کرد بە ڕەحمەت بێت و گوتی، ئێوە پرسی کورد دەخەنە دەنگدانەوە؟ دەستی بۆ یەکێک برد و گوتی، ئەمە بە ناوی حیزبێکەوە هاتووە، ئەمە ڕایکردووە لە حاجی ئۆمەران من ناردوومە بۆ ئوسترالیا، ئێستا هاتووە دەنگ لەسەر قەزیەی کورد بدات بۆ من؟ عەیبە بۆ ئێوە. زۆریش بە تووندی وەڵامی دانەوە و گوتی بزانە سەید، هەر ئەوها، پەنجەی ڕاوەشاند و بە عەرەبی گوتی، (اذا لم یقر حق الکرد فی اتفاقیة اذار، سنکون فی حل من التزاماتنا امام هذا المؤتمر من الف الی ی) و ئێمە دەردەچین بە بەیاننامەیەک، ئێمەی کورد.
من لە تەنیشتی بووم، دەستێکم لێدا و گوتم کەمێک لەسەرخۆ. گوتی، ئەمانە ئەم زمانە دەزانن، بۆیە بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکەم.
ئەوە بوو محەممەد مەهدی شەمسەدین، بە ڕەحمەت بێت، سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجوومەنی باڵای شیعەی لوبنانیش ئامادە بوو، ئەو ڕووی لە برا شیعەکانی عێراق کرد و گوتی، ئەم دوو سێ ڕۆژە لە کۆنگرە شتی سەیر دەبینم. گوتیان چییە؟ گوتی، ئێوە بە گەلی کورد دەڵێن برا کوردەکانمان، باشە ئێوە بە حوکمی عروبەتی خۆتان ناڵێن (ئەلئومە کوردیە)، بەس (ئەلئوخوە کورد)؟ کۆمەڵێک کۆچەرین لە قەفقاز هاتوون ئەمانە؟ لانیکەم بڵێن گەلی کورد. گوتی، لام سەیرە ئێوە لە تارانن، سەدام لەوێ دەڵێت، گەلی کورد و حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عێراق، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی هەیە و ئەنجوومەنی یاسادانانی هەیە و ئیدارەی هەیە، باشە ئێوە ناتوانن وەکو سەدامیش بن؟ لەبەر ئەوە من ئەمە بە شایستە نازانم و ڕاست نییە، جێی مافی گەلی کورد بکەنەوە لە حوکمی زاتی و ئەگەر زیاتری نەدەنێ نابێت ئێمەی شیعە کەمتریان پێبدەین.
بە هەر حاڵ ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی لە ساڵی 1986 کارێکی ئاسان نەبوو، خۆتان دەزانن لە دوای شەڕی 1983 بوو، بەڵام هەر ئیدریس بوو بە ڕەحمەت بێت، بە جورئەتی خۆی و بە زیرەکیی خۆی، لە لایەک خەڵکی خۆی ڕازیکرد و لە لایەکیش بە جورئەتەوە چووە پێش و ڕێککەوتنی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد.
هاوسەردەمی کاک ئیدریس یەکجار زۆرن، باسی ئەو نە لە کۆڕێک دەکرێ نە لە گوتارێک و نە لە کتێبێک، بەڵام ئەوەی باسی دەکەن، ئەوەی بۆی دەنووسن یان لەسەری دەنووسن، حەقە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی ڕاست و ئیجتیهادی تێدا نەبێت، دەبێت هەموومان ئەوەندە خۆمان موئەهەل بکەین کە باسی ئیدریس دەکەین بە ڕەحمەت بێت، لە حەق دەربێین، چونکە ئەگەر شتێک بڵێین لە مێژووی ئەودا نەبێت، غەدرمان لێکردووە، ئەگەر شتێکی کردبێت و ئێمە نەزانین بیڵێین ئەوە کێشەیەکە، بەڵام ئەگەر بزانین و نەیڵێین، ئەوەش ناحەقییەکە دەرحەق دەکەین.
بە هەر حاڵ دەستخۆشی لەم ڕێکخراوەیە دەکەم و دەستخۆشی لە ئامادەبوونی ئێوە دەکەم و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پێمان باشە یادی سەرکردەکانی خۆمان بکەینەوە، هەر وەک گوتم لە بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان، لە کردەوەی ڕۆژانەمان یان ئەگەر پێمان نەکرا، لانیکەم لە بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان بیریان بکەینەوە و لە بۆنەکاندا ناویان بهێنین. خودا شەهیدەکانی ئێمە لە بەهەشت جێگیر بکات و پێشمەرگە پەککەوتووەکانی ئێمە ساخ بکاتەوە و بیانپارێزێت، تێکۆشەرە کۆنەکانی ئێمە بەشێکیان دەبینم، ئەوە خاڵە (سلی) لێرەیە تەمەنێکە، خاڵە سلی کە لێرە دانیشتووە لە شەڕی زۆزکدا کە یەکێک لە قارەمانەکانی، سەرکردە کاک ئیدریس بووە، لە سەرتیز ساڵی 1974 بەرەی شەڕ چۆڵ بوو، ئەم خاڵە سلییە دەستی بە تفەنگەکانی خەڵک دەگرت و دەیگوت وەرە با بچینەوە، ئەمە نەکەن دوژمن بێت سەرتیز بگرێتەوە، ئەمانە تەمەنیان درێژ و تەندروستییان باش بێت، لە

هەموو گرنگتر یەکڕێیە، نەک یەکڕیزی، یەکڕیزی زەحمەتە هەموومان لە حیزبێکدا بین، ئەگەر بڵێین یەکڕیزی، بەڵام یەکڕێگەیی بگرین لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و ئەو خەڵکەی لە کوردستاندا دەژین، تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەگەن بەو ئاستەی کە خەڵکی ئێمە بە پێشمەرگە و بە هاوواڵتی گیانیان لەپێناوی بەخت کردووە. کوردستان پارێزراو بێت و سەرکردەکانمان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرفراز بێت و ئاڵای حیزبەکەشمان لەگەڵ تێکۆشەرانی تر هەمیشە بەرز و شەکاوە بێت.
بەخێربێن، سوپاس. [1]

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپیدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kdp.info

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-13
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 593

فراکسیۆنی پارتی لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە 30-01-2019

20250710163038645053=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی پەیامێکی ڕاگەیاند و دەڵێت: ئیدریس بارزانی، پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمری ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو.
32 ساڵ بەر لە ئێستا، گەلی کورد سەرکردەیەکی بە ئەمەک و خەمخۆرێکی لەدەست دا. ئیدریس بارزانی، کە پەروەردەی دەستی بارزانیی نەمری ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو.

لە یادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیدا، کە ئەندازیاری ئاشتەوایی ناو ماڵی کوردستان بوو و خاوەنی بیرۆکەی بەرەی کوردستانی لە دژی ڕژێمی بەعس بوو، هیوادارین لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان هەرچی زووە بگەنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی ئێستا گەلەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت.
دروود بۆ گیانی کاک ئیدریس بارزانی و ڕابەری ڕۆحی نەتەوەییمان مستەفا بارزانیی نەمرو تێکۆشەری شەهیدانی کورد و کوردستان. [1]

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە پەرلەمانی کوردستان
30-01-2019

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | kurdistantv.net

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-10

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 594
فراکسیۆنی پارتی: ئیدریس بارزانی کارەکانی بۆ خەڵکی هەژار بووە
20250730220515648968=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فراکسیۆنی پارتی لە پەرڵەمانی کوردستان، لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردووەتەوە و ڕای گەیاندووە، کارەکانی ئەو پێش هەموو کەس بۆ خەڵکی هەژاران بووە.
ئەمڕۆ 35 ساڵ، بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێدەپەڕێت و فراکسیۆنی پارتی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەیان بەوە کردووە، گەلی کورد سەرکردەیەکی بە ئەمەک و خەمخۆرێکی دڵسۆزی لەدەستدا و ئیدریس بارزانی، کە پەروەردەی دەستی بارزانی نەمری ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو.
ڕۆڵ و پێگەی ئیدریس بارزانی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هەمیشە دیاربووە و هەموو تەقەڵایەکی لەپێنا و خزمەتکردن بوو بە خەڵکی کوردستان و هەمیشە بۆچوونەکانی لە دەرەوەی کوردستان لەبارەی ئێراق بەهەند وەرگیراون، بڕیار و کارەکانی پێش هەموو کەس بۆ خزمەتی هەژاران بووە و خۆشەویستییەکی بێ کۆتایی هەبووە لەلای خەڵکی هەژاری کوردستان. فراکسیۆنی پارتی وای نووسیوە.
لە کۆتایشدا نووسیویانە، لەم ساڵیادە خەمناکەدا دروود و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی ئیدریس بارزانی سڵاو بۆ ڕۆحی ڕێبەری مێژووی گەلی کورد جەنەرالّ مستەفا بارزانی نەمر و تێکڕای شەهیدانی کورد و کوردستان. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش | ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2022

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کڕۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
فراکسیۆنی پارتی: ئیدریس بارزانی گیانلەسەردەستێکی خاکی کوردستان بوو	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی (wishe.net) 2022-01-30

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-30

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 595

فراکسیۆنی پارتی: کاک ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەوایی و کەسی هەژاران و پێشمەرگەی بە ئەمەکی گەلەکەمان بوو

20250814110129651034=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە یادی 34 ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی پەیامێکی بڵاو کردەوە.
دەق پەیامەکەی فراکسیۆن:
یادی سی و چوار ساڵەی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی
کاک ئیدریس بارزانی، ئەندازیاری ئاشتەوایی و سەرکردەیەکی دیپلۆماتکار و کەسی هەژاران و پێشمەرگەی بە ئەمەک و شەهامەتی ڕۆژانی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بوو.
هەنگاوەکانی ئیدریس بارزانی لە بواری ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، نیشاندەری حەکیمی و تێگەیشتن و دوربینی کاک ئیدریس بوون.
لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی، فراکسیۆنی پارتی داوای کۆتاییهێنان بە ناکۆکییە سیاسییەکان لەنێوان حزب و لایەن کوردستانییەکان دەکات، بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتووی کورد لە دژی نەیارانی مافەکانی گەلەکەمان، دروست بکەین.
سڵاوی وەفا و پابەندبوون بە ئاکارە جوان و بەرزەکانی کاک ئیدریس بۆ ڕۆحی نەمر و پاکی دەنێرین و بەڵێنی بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێبازە دەبین، کە مەلا مستەفای باوکی ڕۆحی و نەتەوەیمان ڕابەرایەتی دەکرد.
فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان
2021-10-31. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 2021-01-30

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-30	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 30-01-2021 -(kurdistantv.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 596

لە 34مین ساڵیادی کۆچی ئیدریس بارزانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک -گەرمیان پەیامێکی ڕاگەیاند

20250814112402651036=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: لە 34مین ساڵیادی کۆچی ئیدریس بارزانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک -گەرمیان پەیامێکی ڕاگەیاند

پەیامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیان لە سی و چوارەمین ساڵیادی کۆچی دڵتەزێنی پێشمەرگە و برا و سەرکردەی لێهاتوو کاکە ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانیی هەمیشە لە یاد.
ئەمڕۆ (2021-02-01) سی و چوار ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کارەساتێکی دڵتەزێن و خەمێکی گران کە کوردستانی داپۆشی، بە ونبوونی تێکۆشەرێک و ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی، کە لە دامێنی چیای شیرینی سەرکەش لە ناوچەی بارزان هاتبووە ژیانەوە، لە گوندی بارزان لانکەی شۆڕش و بەرخودان و دوژمن شکێن، ئەویش کاکە ئیدریس مستەفا بارزانییە، ئەو سەرکردە خۆشەویست و دڵسۆز و دووربینەی هەموو ژیانی لە پێناو کورد و کوردستان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە تەرخان کردبوو.
ئیدریس بارزانی لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ خانەوادە تێکۆشەر و فیداکارەکەیدا ئاوارەی باشووری ئێراق دەبن پاش ئەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی ڕوو لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران دەکەن بۆ ماوەی یانزە ساڵ لە شارەکانی بەسرە و بەغدا و موسڵ، لە ژیانێکی پر لە کێشە و دژواردا دەژیان. بەڵام هەردەم متمانە و باوەڕیان بەهێز بوو چونکە خاوەنی پەیام و دۆزی ڕەوا بوون و، بۆ گەل و خاکێکی داگیرکراو تێ دەکۆشان، دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 1958 کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، لەگەڵ خانەوادەکەیان دەگەڕێنەوە بارزان و، لەگەڵ یەکەم چرکەساتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ئیدریس بارزانی وەکوو لاوێکی خوێنگەرم و ژیر و چاونەترسی کوردستان، دەبێتە پێشمەرگە و، لەبەر لێهاتویی و قارەمانێتی و ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری هەر زوو وەکوو سەرکردەیەکی قارمان و لێزان و دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو دەردەکەوێت و دەبێتە جێگای متمانەی شۆڕش و بارزانیی نەمر و ڕۆڵی گرنگ و کارای لە شۆڕشدا دەگێڕا لەپەیوەندی کردن لەگەڵ وڵاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ناساندنی شۆڕش و ئامانجەکانی و گەیاندنی دەنگی ڕەوای گەلەکەمان بەجیهان. کاکە ئیدریسی سەرکردە لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕژێمی بەعەس ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لەگەڵ بارزانیی نەمر و کاک مەسعود بارزانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی مێژوویی یانزەی ئاداری ساڵی 1970.
پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە سەرپەرشتیی ئاوارەکان لە ئێران و خەمخۆری ڕاستەقینەی پەنابەران بوو و، لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا لە ساڵی 1976 ئیدریس بارزانی لەگەڵ ڕێزدار جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و ژمارەیەک کادری گیان لەسەر دەست لەژێر ئامۆژگاریی بارزانیی نەمر ئومید و هیوا و متمانەیان بۆ خەڵکی سەربەرزی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی گەڕاندەوە.
ئیدریس بارزانی هەمیشە باوەڕی بە گەل و مافە ڕەواکانی هەبوو و هەمیشە دەیووت هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێت لە پێناوی سەرخستنی پرسی ڕەوای گەلەکەمان و تێکشکاندنی داگیرکەرانی خاک و خەڵکی کوردستان بن، هەر بۆیە بە دەسپێشخەری بەڕێزیان پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1986 لەدایک بوو.
ئەم سەرکردە مەزنە ڕۆڵی گرنگی لە کۆنگرەی تاران لە ساڵی 1987 بینی و، پێشنیاری یەکخستنی سەرجەم

لایەنە ئێراقییەکانی کرد بە کورد و عارەب، بە سوننە و شیعەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس.
مخابن بەرەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارۆچکەکەی سلیڤانای سەربە شاری ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێران دڵە گەورەکەی لە لێدان وەستا و بەدیمەن لەبەر چاو ون بوو. وەکوو ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداری بەرز و پیرۆز لە ئاسمانی کوردایەتی و کوردستان و مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوە.
سڵاو و درووود بۆ گیانی پاکی ئەم سەرکردە مەزنە کە هەمیشە لە ویژدانی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بەزیندووێی دەمێنێتەوە.
سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان
سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان
دکتۆر کەمال کەرکووکی
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش | ڕۆژی دەرچوون: 01-02-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-02-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی (kurdistantv.net)- 01-02-2021

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 597

لە یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 31-01-2024

20250806110958649942=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: لە یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی
لە یادی 37 ساڵەی کۆچی دوایی تۆدا، پەیمان دەدەین و بەڵێن دووپات دەکەینەوە، کە ماندوو نابین و، درێژە بە رێباز و خەباتی خۆمان دەدەین. تێکۆشەران کۆچ ناکەن، ئەوان لە ویژدانی گەل و نەتەوەی خۆیاندا، هەردەم زیندوون. [1]

فازیل میرانی
بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | میژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | فۆڵدەرەکان: میژووی هاوچەرخ | کوالیتی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش | ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	

هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی 31-01-2024 -(hawlerweb.net)

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 598

لە یادی 48ەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، پەیامێک لە مەسرور بارزانییەوە

20250727141358648479=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیامێک لە مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یادی 48ەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

لە چل و هەشتەمین ساڵڤەگەڕی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی جەنابی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەرانی بەشداری شۆڕشەکە دەکەم.

شۆڕشی گوڵان کە درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر، هیوا و ئومێدێکی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە و پیلانگێڕیی دوژمنانی گەلی کوردستانی تێکشکاند کە دەیانویست کۆتایی بە شۆڕش و خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە پێناو مافە ڕەواکانی بهێنن، چونکە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و یەکڕیزیی و هاوهەڵوێستیی هێز و لایەنە کوردستانییەکان، بووە هۆی بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوتی مەزنی نیشتمانی کە مەزنترینیان ڕاپەڕینی شکۆداری 1991 و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

لە چل و هەشتەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، بە ڕێز و پێزانینەوە یادی هەموو خەباتکار و تێکۆشەرانی بەشداری ئەم شۆڕشە دەکەینەوە بە تایبەتیی سەرکردەی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی گوڵان و گشت شەهیدانی کوردستان.

مەسرور بارزانی

جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان [1]

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستۆی کۆمەڵگای کوردستان - https://zagrosn.com- 27-07-2025
کاتی تۆمارکردن: 2025-07-27
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 599

مالّاوایی ئیدریس بارزانی خەمێکی گران و لەدەستدانێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد 30-01-2024

20250714090611645858=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مالّاوایی ئیدریس بارزانی خەمێکی گران و لەدەستدانێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد

37سال بە سەر مالّاوایی سەرکردەی گەورە و لێهاتووی کورد و ئەندازیاری ئاشتی و یەکڕیزی و پێکەوە ژیان، ئیدریس بارزانی نەمر تێدەپەڕن .
ئیدریسی نەمر هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ شۆڕشەکانی کوردی بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی دەرباز کرد و توانی وەکە سەرکردەیەکی مەیدانی و خاوەن بڕیار بێتە ناو خەبات و شۆڕشی گەلەکەی دا و ئەرکی سەر شانی خۆی بە باشترین شێوە و سەرکەوتووانە ئەنجام بدات و ئەو هەروەها توانی بووی زۆر بەوردی لە ژیانی شۆڕشگێڕی و پارتایەتی و کۆمەڵگەی کوردستانی تێبگات و لە لوتکەی ڕێزگرتن و سادەیی دا بوو ، ئیدریس بارزانی هەموو خسڵەتەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی، شۆڕشگێڕی و نەتەوە دۆستی لە ناخی بارزانی نەمر و ئەو مرۆڤە گەورەیە وەرگرتبوون.
ئیدریس بارزانی لەلایەنی سیاسیشەوە کەسایەتییەکی شارەزا و لێزان و لێهاتوو بوو و بە ئەزموونی دور و درێژی خۆی لەگەڵ شۆڕشدا خاوەن بیر هزر و تێڕامانی دوربین و تایبەت بە خۆی بوو و هەڵگری کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی بەختەوەری و ئاشتەوایی بوو ، جێگەی شانازی و بڕواوی خەڵکی کوردستان بوو بۆیە مالّاوایی ئیدریس بارزانی خەمێکی گران و لەدەستدانێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد.
یادی ئەو سەرکردەیە شۆڕشگێڕ و گەورەیە لە بیری سەرجەم ئازادیخوازەکانی گەلی کورد بەزیندووی دەمێنێتەوە، سڵاو لە خەبات و فیداکاری و بەرخودان و خۆڕاگریی و گەورەیی شەهیدی سەرکردە و ئەندازیاری ئاشتی شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی .
سەرێ ڕێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری خوازی کوردستان و سەروەری شەهیدان، بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو. [1][2]

دلڤین شەمال
30ی کانوونی دووەمی ساڵی 2024

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | فۆنْدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 14-07-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

2025-07-14	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیڤارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
ژیان ئاڤاهیا ئیدریس بارزانی خەمەکا گران و ژدەستدانەکا مەزن بوو بۆ گەلێ کورد	بەڵگەنامەکان	کرمانجی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کرمانجی | ماڵیەڕێ https://helinmedia.org - 14-07-2025

[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | وەرگێڕانی کوردیپیدیا - کاروان م. ئاکرەیی

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-14

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 600

نامەی مام جەلال بۆ مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی

20250730181909648964=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم
هیوام وایە ساغوسەلامەت بن
لەم زروفە نالەبارەدا گەلەکەمان پێیدا تێپەڕ دەبێت زۆر بە پێویستم زانی لەم ڕاستییانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم و بتان خەمە بەردەم مسئولیەتی مێژویی خۆتان.
دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی گەلەکەمان و هێنانەوە جۆش و خرۆشی هێزەکانی شۆڕشی کوردستان بوو. لە پاش ماوەیەکی لەچاوخۆیدا کەم توانرا کە خۆسازدان بۆ دەست کردنەوە بە شەڕی پارتیزانی و بەشێوەی نوێ بگاتە ڕادەیەک بتوانرێت سەدان پێشمەرگە ئامادەبکرێن لە وڵاتدا و سەدانیش لە دەرەوە، ئەوانەی دەرەوە زۆرتر بۆ یارمەتیی دان و یارمەتیی گەیاندن بۆ هەڤاڵانی ناوەوەیە ئەگینا شۆڕش وەک هەموو جۆرە خەباتێکی تر هەر لە وڵات دەکرێت).

ئینجا مام جەلال باس لە دوو مەسەلە دەکات، کە لە خزمەتی شۆڕش و کوردایەتی دایە:
(هەموو هێز و تاقم و کوردێک دەبێت هەڵوێستی خۆی دیار و ئاشکرا بکات بەرانبەر بەم هەوڵەی تاقمێک لە ڕۆڵە جوامێرە لەخۆبردووەکانی کوردستان ئەیدەن دژی حکومی فاشستی بەغدا و ئەو پلانە ئیمپریالیستەی دژی کوردایەتی گێڕدرا. ئەوانەی یارمەتیی ئەم خەباتە تازەیە دەدەن دڵسۆز و کوردپەروەرن و ئەوانەی دژی ئەوەستن دژی کوردایەتی ئەوەستن، دژی ژیاندنەوەی شۆڕش و بەربەرەکانی (تعریب و تشرید)ی گەلەکەمان و لەناوبردنی کوردایەتی ئەوەستن لەریزی حوکمی بەغدا و پلانە ئیمپریالیستییەکەدا.
هەروەها لە سەرەتاوە بەنامە بۆ کاک مەسعود نووسراوە و چەندین جار بەزار و بەراسپاردەش عەرزتان کراوە ئێمە لایەنگری ڕیزەکانی گەلی کوردین لەسەر بناغەیەکی: نیشتمانی و پێشکەوتوو دژی ئیمپریالیزم و فاشیست و (صهیونییەتی ئیسرائیلی)و سەنتۆ و هێزە کۆنەپەرستەکانی خۆماڵی، و زۆر هەوڵیشمان لەگەڵ ئێوە داوە).
مام جەلال ڕوونتر دەنووسێت و داوایان لێ دەکات فەرموو شۆڕش بکەنەوە: (ڕێگەی خەبات و شۆڕش لەکەس نەگیراوە و کەسیش ناتوانێت بیگرێت. ئەگەر ئێوە دەتانەوێت شۆڕش بکەنەوە خۆ ئەوە دەستی پێ بکەنەوە و ئێمە هیچ ڕێگەمان لە ئێوە نەگرتووە. ئەگەر تاقمەکەی ئێوە لە تورکیاوە گەڕەکیانە شۆڕش بکەنەوە فەرموو با بیکەنەوە و ئێمەش هیچ کۆسپمان بۆ دروووست نەکردون تەنانەت ئەمانەی لە سووریاوە گەڕەکیانە بچنە لایان ئێمە لە کۆبوونەوەی گشتی داوایان لێ دەکەین بچن و یارمەتیشیان ئەدەین بڕۆن بۆ لایان وەک یارمەتیی بورهانی برای جەوهر نامقمان دا).
پاشان مام جەلال تکا دەکات: (ئەم نامەیە تکایەکی دڵسۆزانەی برایانەیە بۆ بەربەستی کردنی هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژە لەناوماندا بۆ ئەوەیە کە ئەو خیلافەتە سیاسیانەی نێوان هەردوولا بخرێتە قاڵبی سیاسی و دیعائی خۆی بەشێوەی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن حواری علنی لەبەرچاوی جەماوەری گەلەکەمان بکرێت نەک بەشێوەی بەگژایەکاچونی عەسکەری و یەکترکوشتن و هەوڵدان بۆ ئیغتیال کرنی سەرکردەکانی هەردوولا).
مام جەلال نامەکەی بەم پەرەگرافە کۆتایی دێنێت: (دیسان بانگی ویجدانتان دەکەم کە دەستکەوتی گەلەکەمان دەستکەوتی شۆڕشی کۆرپە و تازەمان بخەنەسەر هەموو شتێکی تایبەتیی فەرموون بۆ یەکێتییەکی نیشتمانی پێشکەوتوو لەنێوان هەموو هێزەکانی کوردستان و عراقدا، فەرموون بۆ هاوکاری یەکی جدی بۆ ژیاندنەوەی شۆڕش و خەبات دژی حوکمی فاشستی بەغدا شانبەشانی هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ئێراق، فەرموون بۆ برایەتی نەوەکا بۆ شەڕی براکوژە. بەهیوای وەرامێکی نووسراو لێتانەوە بەخواتان ئەسپێرم).

[1] 14-08-1976

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 21-05-2025
فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-05-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | knwe.org

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-30

ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 601

نامەیەکی ئیدریس بارزانی بۆ کامەران و بەختیار عیزەت دەرگەڵەیی

20180331103718147861=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



1978-01-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 12-01-1978

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

1978-01-12	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 1980-11-17	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-31

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 602

نامەیەکی ئیدریس بارزانی بۆ کامەران و بەختیار عیزەت دەرگەڵەیی 2

20180331152638147869=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



1979-04-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 1979-04-07

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

1979-04-07	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی ئیدریس بارزانی بۆ کامەران و بەختیار عیزەت دەرگەڵەیی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 1980-11-17	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code: 

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-31

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 603

نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ دەبێتەوە کە هانی خەبات دەدات

20250707211039644659=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



نامەیەکی دەستنووسی شەهید ئیدریس بارزانی، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ دەبێتەوە کە تێیدا هانی خەباتکردن دەدات.

بەختیار عزەت دەرگەڵەیی، پێشمەرگەی دێرین و کەسایەتیی کورد کە لە ئەمریکا دەژی، ژمارەیەک نامەی سەرکردەکانی کوردی بۆ کردەوە کە لە ساڵانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا نارد‌ووبانە، یەکێک لەم نامانە، نامەی شەهید ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانییە کە بۆ کامەران عزەت دەرگەڵەیی برای بەختیار دەرگەڵەیی نارد‌ووە کە ئەو کات لە ئەمریکا بووە.

ئیدریس بارزانی لە نامەکەیدا کە بە دەستی خۆی نووسیویەتی و تێیدا دەردەکەوێت، بە کوردییەکی ڕەوان و ڕێنووسێکی کوردیی بەرز بۆچوونەکانی لەسەر کاغەز دەربڕیوە، لە دۆخێکی نائومێدیدا کە ئەو سەردەمە باڵی بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا کێشابوو، بە ئومێدێکی زۆرەوە لەگەڵ خەڵکی کوردپەروەر لە پەیوەندیدابووە بۆ جۆشدانەوەیان بۆ خەبات و کوردایەتی.

ئیدریس بارزانی لە نامەکەدا کە ڕۆژی 22-03-1978 نووسیویەتی، جەختی کردووەتەوە کە ڕۆڵەی دڵسۆزی کورد، لە هەر کوێ و لە هەر کاتێک بێت، مەسەلەی گەلەکەی لە ویژداندا دەپارێزێت و هۆش و هەستی دەخاتە کار بۆ پێشخستنی کاروانی گەلەکەی.

ئیدریس بارزانی، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە، لە ساڵی 1944 لە گوندی (بارزان)ی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە. لەنێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943-1945 و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو کات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون.

ساڵی 1947 بارزانیی نەمر لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووییدا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەو کات، خۆیان بگەیەنن بە یەکێتیی سۆڤیەتی

جاران، کاک ئیدریس بارزانیش ئەوکات تەمەنی تەنیا 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خواروووی ئێراق دوور دەخرێنەوە و لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی ئێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و مووسڵ و بەغدا.
لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیانی ئاوارەییدا، درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەربەرزانەکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958 کە ئەوکات ئیدریس بارزانی لە شاری بەغدا خەریکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانی باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باب و باپیران لە خاکی کوردستان.
مێژوونووسان و تەواوی ئەوانەی لە خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا ڕۆڵیان گێڕاوە، ئاماژە بە کاریگەریی و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لەو سەردەمەی کورد دەدەن. لەمبارەیەوە د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هاورێی ئیدریس بارزانی بووە، دەڵێت: "کاک ئیدریس کەسایەتییەک نەبوو کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، وەک ئەوەی بڵێین فلان ساڵ لەدایک بووە و لە فلان ساڵدا هاتە ڕیزی پارتییەوە و لە خەبات بەردەوام بوو و لە فلان ڕۆژ و ساڵدا کۆچی دوایی کرد، بەڵکوو کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان.
ئیدریس بارزانی پاش تەمەنێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان، کاتژمێر 6.30ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 31-01-1987 لە شارەدێی سلێمانای سەربە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماڵاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری شنۆ لە تەنیشت بارزانیی باوک و ڕابەر دەنێژرێ و ساڵی 1993 لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر، گەڕێندرانەوە باشووری کوردستان و لە مەزاری نەمران لە بارزان نێژران.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور | ورمێ | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | دەستنووس | فۆلدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 19-12-2019

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-12-19	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڕارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	

مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 1980-11-17	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی basnews.com- 19-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 604

نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07

20250907125217654719=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک اکرم بەگ

لە دوای سلامو احترام

زور ئەحوالت دەپرسم وە داوا ئەکەم کە خوای گەورە صحەتتان باشبیت وە هەمیشە سەرکەوتوبن. ئیمەش بو خوا سەلامەتین.

لە هەموو فرسەتیک هەوالّی جنابتو کاک مصطفی م پرسیوە – تا ئەم جارە کاک دیاری بەگ ئاگاداری کردم کە نامەی جەنابتان هاتووە – زور پیم خوشبو – یەکەم دلخوشبوم کە سەلامەتن دوهەمیش لە میژە بیر ئەکەمەوە برادریکی نزیک لە خۆمان بدوزمەوە بەلکو بو هدفی رئیسی خومان وسیلەتەکەمان لە بەعزی فرسەتی باش لەو ناوە سود وەربگرین. من لیرە ناتوانم نشاط بکەم بەلام بو ئەوانەی کە ئەتوانن ئیش بکەن وەکو دوستو رفیقی کە بە باشیان ئەناسم جاربەجار تەکلیفیان لی ئەکەم – رجایان لێ ئەکەم – لە جیاتی ئیمە خەریکبن – هەرچی پیمان ئەکریت ئەبێ هەولبدەین هدفە عامەکەمان لەبیر نەچیت. دلنیام بکیشن – کول نەدەن – راست بن لەگەل میلەتی خویان – ئیشو زەحمەتیان هەر بە ئەنجامێک دەگات. راستە

توشی انتطاسە و هەلەیەکی گەورە بوین – ممکنە بەعزە قیمی کورد و اخلاقو مثالیاتی کە لە ناو میلەتی ئیمە رعایت ئەکریت لە هەمو شوینەک حیسابی بو نەکریت. بەلام ئەبی نائومید نەبین. دەست هەلنەگرین لە هەولدان. جنابت تجربەیەکی زورت هەیە. شارەزایت لە وەزعی ئەو ناوە. پاش تطوراتی دوایی مەجالیکی تازە فرسەتیکی تازە لە منطقە پەیدا بووە. نازانم پیتان ئەکریت لە ریگەی بەعزە دوستی خوتان تاقی بکەنەوە کە ئایا هیچ مجالیک بو کیشەی میلەتی ئیمە لەو ناوە هەیە یان نە. ئایا امکانە مجالی ئیش کردن بدریت بە نوینەرانی میلەتەکەمان. ئایا امکان ئەبی ئیلاقەیەکی دوستایەتی لەگەل برادەرانی دەرەوەمان دروست بکریت. ممکنە ئەگەر ئیم مجالە بدریت لەگەل برا عەرەبەکانی ولاتی خومان کە ئەوانیش دەربەدەر بون بتوانین ئیش بکەین. تکایە خوتان تاقی بکەنەوە (جس نبض) ئەگەر امکانە یان نە وە تا چ ئەندازەیەک پیتان ئەکەریت باسی ئیم شتاتە بکەن. ئەگەر مەجالی ئیش کردن بە ئیمە بدریت و عیلاقەیەکی دوستایەتی ممکن بی لەگەل ئەو ولاتە دروست بکریت من ناتوانم مباشر ئیدارەی بکەم – بەلام ئیستا جەنابت یا ئەو کەسە لەگەل برایەکم یان برادریکی تر لە دەرەوە ئەبیت. تکایە ولامەکەی جنابتم چەند ممکنە بە زوبی پیم بگات باشە.
ئیتر خوشیتان وە بە خواتان ئەسپیرم.
براتان
ادریس بارزانی
2/7/78 [1]
تێبینی: ئەم بابەتە وەکوو ڕێنووسی بەڵگەنامەکە نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بەڵگەنامەیە لە لایەن (مەتین دلۆڤان بارزانی)یەوە لە ڕێککەوتی (2025-08-26) بە تایبەت بۆ کوردیپیدیا نێردراوە.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-07

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 605

نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 17-11-1980

20250911135258655479=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



جنابي براي بەريز وخوشەويستم كاك حاجي محمد

لەدواي گەرمترين سلاو و إحترام

زور ئەوالتان ئەپرسم . داوا ئەكەم لەخواي گەورە

لە باشترين صحەتو تەندروستي دابن . كاك محمد خالە

زور سلاو إحترامي هەيە بوجنابتان ،

پێشي شەش سال كە ضابطي منطقەي بارزان و ەضرەكاني ئێمە

ولاتي جوبان بەجي هێشت وەچون بو إيران چاكو چياوەتي

وەضرەتي ئێوە وەميلەتي برادوستە بو ئەوان لە بيرجانە

وەهەميشە جي تقديرو إحترامو سوپاسە ،

ئێستاش بە پێشتيواني خواي گەورە گەراينەوە بو ولات

(كوردستاني عراق) وەحالي حازر لەمنطقەي بارزانين وە

بەپيويستم زاني كە بومەعلومات بەعرضتان بگەيەنم ،

خواي گەورە فرصەتيكي باشي هێناوەتە پێش بوميلەتەكەمان

وەزور بەپيويست ئەزانم كە هەموان پێكەوە بەراستي

وەبەإخلاص دەستي برايەتي وەيەكيتي وەهاوكاري

بويەكيتر دريژ بكەين وەبەهەمو توانا إستفادە لەم

فرصەتە بكەين وەكو ميلەتيكي مظلومو ئيردەست وە

هەولبدەين تورشي هيچ كاريكي وا نەبين بەزياني

ميلەتي خومان نەداوبيت ، تكايە بوئێم مەبەستە

لەگەل ئەوكەسانەي بەمصلحت ئەزانن إتصال بكەيت

وەإنتظاري جوابي جنابتانم وەبەخزمتان ئەگەيەنم

١٩٨٠/١١/١٧

جنابی برای بەریز و خوشەویستم کاک حاجی محمد
لە دوای گەرمترین سلامو احترام
زور ئەحوالتان ئەپرسم. داوا ئەکەم لە خوای گەورە لە باشترین صحەتو سلامەتی دابن. کاک محمد خالد زور سلامو احترامی هەیە بو جەنابتان.
پیشی شەش سال کە خەلکی منطقەی بارزان و خزمەکانی ئیمە ولاتی خویان بەجی هیشت وە چون بو ایران چاکە و پیاوەتی وە خزمەتی ئیوە وە میلەتی برادوست بو ئەوان لە بیرمانە وە جی تقدیر و احترامو سوپاسە.
ئیستاش بە پشتیوانی خوای گەورە گەراینەوە بۆ ولات (کوردستانی عراق) وە حالی حازر لە منطقەی بارزان بە پیویستم زانی بو مەعلومات بە عرضتان بگەینم، خوای گەورە فرصەتیکی باشی هیناوەتە پیش بو میلەتەکەمان وە زور بە پیویست ئەزانم کە هوموان پیکەوە بە راستی وە بە اخلاص دەستێ برایەتی و یەکەتی وە هاوکاری بو یەکتر دریژ بکەین وەکو میلەتیکی مظلومو ژیت دەست وە هەولبدەین توشی هیچ کاریکی وا نەبین بە زیانی میلەتی خومان تەواو بیت. تکایە بو ئەم مەبەستە لەگەل ئەو کەسانەی بە مصلحت ئەزانن اتصال بکریت وە انتظاری جوابی جنابتانم وە بە خواتان ئەسپیرم.
براتان
ادریس بارزانی
17/11/1980
[1]
تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە بە ڕێنووسی بەڵگەنامەکە نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 80کان (80-89) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست | ئەم بەڵگەنامەیە لە لایەن (مەتین دلۆڤان بارزانی)یەوە لە ڕێککەوتی (2025-08-26) بە تایبەت بۆ کوردیپیدیا نێردراوە.

کاتی تۆمارکردن: 2025-09-11

ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 606

نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ سالح یوسفی

20250821141549652310=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



حەزرەتی برای بەڕێز سەیدا سالح یوسفی

(السلام علیکم ورحمه وبرکاته)
هەڵگری نامە مەلا عەبدوڵڵا مەلا ڕەشید خەڵکی(سووریا)یە و خۆی کوردە. لە دەرئەنجامی ئەو فشارانەی کە ڕووبەڕووی کوردەکان لە سووریا دەبنەوە ناچار بووە بە خۆی و خێزانەکەی پەنا بۆ ئێراق بهێنێت داوای پەنابەریی سیاسی دەکات. لە بەر ئەوە داوام لێ کردووە نامەیەک (داواکاریەک) بۆ لایەنی ئێراقی بنووسێت بۆ لایەنی پەیوەندیداری ئێراق.
بۆیە تکا دەکەم لە یارمەتیی ئێوە بێبەشن نەبێت بە مەبەست قبووڵکردنی و کارکردن بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە دەستەڵاتی حکومەت بەخێرایی پێویست و سوپاسی زۆرتان دەکەم.
بەردەوام بن و سەرکەوتوو بن بە یارمەتیی خوا.

دڵسۆزتان ئیدریس بارزانی
واژوو
18-09-1971

لە سەر ڕاسپاردەی فەرمانی بارزانی نێردراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: عەرەبی | ڕۆژی دەرچوون: 18-09-1971

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1971-09-18	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڤارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ ئەکرەم بەگ لە ڕێککەوتی 1978-02-07	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی دەستنووسی ئیدریس بارزانی بۆ حاجی محەمەد برادۆستی لە ڕێککەوتی 1980-11-17	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هەژارکامەلا

کاتی تۆمارکردن: 2025-08-21
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 607

نامەیەکی سولەیمان موعینی بۆ ئیدریس بارزانی

20161204121715983 46=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی!

پێشەکی سڵاوێکی شۆڕشگێرانە لە هەمو لایەک،ئەوەی سورە و باوکت لە ڕابوردوو دا شارەزایە،خەبات و کۆل نەدان و ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری و تال و سوێری و شەونخونی و چیاوچۆڵ و ئیمان بە بیر و باوەڕ بە گەل، لە مەیدانی کردەوە بە گەل، لە مەیدانی کردەوە و شۆڕش و کارزاری ژیاندا وای قاڵ کردوم و تواندومیەوە کە لە کوردایەتی و حیزبایەتی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی و ناحەز بەولاوە حەز لە هیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بە پەرۆش نەبم، لە ماوەی بیست ساڵ خەباتی بێ وچان و زیندان و دەربەدەریم بە تەئسیری خاو و خێزان و برادەرانم ئەوەندەم توانا پەیدا کرد لە ژیانمدا ئەوەندە دڵی خۆم ڕازی بکەم دەزگیرانێک پەیدا بکەم. پاش موخالیفەتێکی زۆری داگیرکەری کوردستان بە پەلە گوێستمەوە و بەرهەمی ژیانی تایبەتی کوڕێکم بێ، بەڵام دوژمن وچانی پێنەدام کەوتمە زیندان. سێ سال ئە و ژنە چاوەڕوانی ئازادی منی کرد. پاش ئازاد بونم ئە و بەرهەمە پێکهات، چاوم پێی نەکەوت دوور خرامەوە پاشان ڕام کرد بۆ کوردستانی عێراق، لە ماوەی دە ساڵ ژن و مێردایەتیدا لە پێناوی بیر و باوەر و ئازادی گەلی کورد تەنیا سێ مانگ چاوی بە من کەوت، منی عەودالی کوردستان، تا پار چاوم نە بە خێزان و نە بە منداڵم کەوتوە. تازە گەیشتبوە ئێرە، دو مانگ بوو لە ناو جەرگەی دوژمن و داگیرکەر دا خۆی گەیاندبوە ولاتی ئازاد کراو و کوردستانی ئازاد کە مێردەکەی دەساڵان هەوڵی بۆ داوە و بەردی بناغەی بۆ داناوە، زۆر شاد و بەختەوەر بوو، بەڵام کاتێ بیستی برادەری مێردەکەی بە بێ تاوان گیران و هەڵات هەڵاتیان وێکەوت و مێردەکەی ماوەی خواحافیزی نەبوو، بە بێ ئیمکان لە دەریای غەریبایەتیدا کەس ناناسێ بە جێماوە و لە پاشان تاڵان کراوە،سوکایەتی بە سەر هات، مات و حەیران و گێژ ماوە. تەنیا گریان و قور پێوان ئەیتوانی دڵخۆشی بداتەوە. لە و ولاتە کە کەس ناناسێ ڕای کردو هاتە سەنگەسەر و لە وێ بە دەست بەستراوی مایەوە. کاتێک ئێمە جوتیارێکی هەژارمان نارد کە پارەیەکی پێ بگەیەنێ، کاک حەسۆ گرتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئیرانی داوە. ئیستاش کە ئیستایە لە ژێر دار و ئازاردانْدا شە و و ڕۆژ دەکاتەوە. شەش منداڵ و دایکی پیر و خێزانی برسیەتی هەڕەشەیان لێ دەکا. ئەوەی کوردپەروەران فریای نەخەن نیانە بیخۆن. وێستمان لە قەڵادزە بێ هەتا بتوانین پێ ڕابگەین. بەهۆی دۆستانی کوردپەروەر هەوڵماندا بەڵام لە لایەن حەسۆوە هەموو جەریمە کران و پارەیان لێ ئەستێنرا. تا ناچار بەهۆی باوەر پێکراوێک وەزعی خۆمان و خاو و خێزانمان هێنا گۆڕێ و لێتان دلنیا بووین. کەسێکمان بە ناوی محەمەد مەنگور بە نەهێنی ڕاسپارد، بەڵام کاک حەسۆ ئەویشی گرت و لە بەندیخانەدا ئەوەندەی ئازار داوە لە پیاوەتی کەوتوە و ئێستاش هەر نەخۆشە و ئەنالێنێ، ناچار سەر لە نوێ پێمان ڕاگەیاندن بەڕێزتان و باوکت وەعدەی تەواوتان دا کە ئە و ژنە ڕزگارە و ئێمە کارمان پێ نەداوە، موافەقەتتان کرد کە ڕای گوێزین، پاش دڵنیایی تەواو کە بە حەسۆ ڕاگەیاندراوە. نامەیەکی دۆستانەم بۆ حەسۆ نووسی و بۆم ڕوون کردەوە کە ئە و ژن و منداڵە یا خۆی بۆم بنێرێت یا تەحویلی ڕاسپاردەی بدات. تکام لێ کرد کە ئە و نامەیە بە نەهێنی بمێنێتەوە و قەزیەکە ئاشکرا نەبێ. لە وڵام دا بۆی نوسیبوم تۆ بە قسەی جلە و بلە هەستاوی پیاوی وانی، نامەکەشی لە ڕۆژی جێژندا کە هەموو کەسی سەنگەسەر و پێشمەرگە لە وێ بوون خویندویەتەوە و کابرای ئازار داوە و پاش پشکنین و هەڕەشە کە نەچێتە لای منداڵەکانی من بەڕێی کردۆتەوە. هەر وەکی نووسیومە لە پێناوی شەرەفی نەتەوەکەمدا ژن و منداڵم مەبەست نیە هەر ئاوام. بەڵام لە بەر ئەوە کوردی ئێران دەزانێ لە پێناوی کورد ایەتیدا ئە و ژنە ڕەنجی داوە و ڕەنج بەخەسار بووە، منیش پێی قەرزدارم، هەر بۆیە لێی ئەپرسمەوە و پێوەی ماندووم. لام وایە هیچ قانون و عورفێکی دواکەوتوانە و عەشیرەتی و یا قانونی زۆردار و داگیرکەریش هێندەی لێی ناپرسێ و پێوەی

ماندوو نیە. عەجەبا بۆ ئێوە بۆتە موشکیلەیەک و خەڵکی ئێران و عێراق پێی وابێ کە دەستی بە سەر داگیراوە و بەر دەست و دەست بەسەرە. کوردێکی ئێران و کەس و کارم توانای نەبێ لە و ژن و منداڵە بەندیە بپرسێتەوە و ئەوانیش ترس و وەحشەتێکیان لێ بنیشی کە لە داگیرکەر وا نەترسابن و ئەم حاڵە بە مردن و سووکایەتی بزانن. لە و لایەشەوە حەسۆ میرخان لە بەر ئەوە نەکا ئە و ژن و منداڵە بە شە و ڕا بکەن، ئاڵتون و جل و بەرگی وەک بارمتە لێ بگێرێتەوە و چوار دەوری لە جاسوس و خەبەرچین بتەنێ. ئاخر نابێ بزانین ئێمە چیمان کردوە؟ ئەگەر گۆیا ئێمەش تاوانبارین ئە و ژن و منداڵە غەریب و بێکەسە چیان کردوە؟ من ئەگەر سوچ و خەیانەتێکم لە خۆدا شک بردبا، ئە و ژن و منداڵەم نەدەهێنا و یان ئەگە هێناومن دەرفەتی ئەوەم هەبو بۆ هەر شوێنێکی ئارەزووم هەبا ڕام گوێستبان. ئەوەش هەر دەلیلی ڕاستی و کوردپەروەری ئێمەیە.
بڕا گیان ئەوەی گوێ بیس بوی، لە شوێنی باوەڕپێکراوی خۆمان بۆمان هاتوە لە سابڵاغ، قاوە گۆیا سازمانی ئەمنیەت هەوڵ دەدات کە ئە و ژنە لە دەستی ئێوە وەربگرێ و بە فێڵ بیباتەوە و تۆڵەی ڕابوردووی منیش لە و ژنە خاکسارە بکاتەوە. ئەوە من لە هەموو لایەکەوە ژیانی خێزانم لە مەترسی دایە و هەڕەشە لە وێژدانم ئەکا و پیلانی دوژمن چاوەڕوانیم دەکا. هەر چەندە لە پێناوی ئەڤین بە ڕێگا و خەباتم دا ئەویش هەر شانازییە بۆ من بە دەستی دوژمن نەک کورد!!!
جا من سەر دەر ناهێنم لە و کارەی کە بۆ ژنێک و دوو منداڵ لە گۆڕێ دایە. هەر ئەوەندەم تکا هەیە هەر وەکی لە دوو لاوە وەعدەتان داوە کە ڕزگاری بکەن ئەوە بە قەولی خۆتان وەفا بکەن، نامەیەک بنوسن ولامم بدەنەوە تا کەسێکی بە دوا دا بنێرم بە بێ دەنگی لە شوێنێکی بێ سەر و سەدا و لە دەستێکی ئەمین دا بێ.
حەسۆش ئاگادار بکەن چی تر سیاسەتم لەگەڵ نەکا، کوردانە و مەردانە بێتە پێش. چونکە من حەز ناکەم دڵی کوردپەروەران لە ئێران و عێراق لەوە زیاتر موتەئەسێر بێتو چیرۆکی لێ دروست بکەن و دوژمن و نەیار و ناحەز پێی شاد بن. وەک نمونە بە ناوی ئاکارێک بیخەنە ڕو، خۆی پێ گیف بدەن و لە و لایەشەوە وێژدانم قبوڵ ناکا بۆ ژنێک چی تر کوردی هەژار بخەمە مەترسی لێدان و تەحویل دانەوە. پاش ناهومێد بوون لە و محاوەلەیە و نووسینی ئە و نامەیە ئەگەر ولامێکی ڕاستم دەست کەوت ئەوا بۆی ئەنێرم، ئەگەر بێولام مامەوە پەیمان ئەدەم واز لە و ژنە بێنم، ئیتر لێی نەپرسمەوە بۆ ئەبەد و چی تر پیوە ماندو نەبم. هەر ڕوداوێک لە ناردنەوە بۆ ئێران و تەسلیم بە دوژمن بەڵایەک بەرپرسیاریەتیەکەی ئەخرێتە سەر شانی ئێوە. جا خۆتان و شەرەفی کورداییەتیتان بەرامبەر بە ژن و دوو منداڵی ئێخسیر و بێ تاوان.
لە ئاخریدا ئەبێ ببوری کە هیچ کەسمان شک نەبرد دۆستیکی موتمەئین و دڵسۆز بێ بەرانبەرتان کە ئە و نامە بە نەهێنی بدا بە ئێوە، ئە و برادەرانە نەبێ کە حەولمان دا و وەسیلەمان پێکەوەنا. چاوەڕوانی ولامتان ئەکەم بە حورمەتەوە.
فایق ئەمین
1968-04-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێراق |
ڕۆژی دەرچوون: 15-04-1968

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

1968-04-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیژارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | حەسەنی قازی

کاتی تۆمارکردن: 2016-12-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 608

ڕەوان بارزانی بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

20200130202429378144=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باوکە گیان بێ تۆییمان پێوە دیارە، شەش ساڵان بووم کەجێتهێشتم، بەڵام 33 ساڵە خەمی ئۆغرت لەدڵمدایە و دەمێنێتەوە، هەر کە دڵم تەنگ دەبێت لە وێنەکانت دەڕوانم، تێر تێر لەگەڵت دەدوێم.
دڵنیام ئاگات لە ئێش و ئازارەکانمە، پر بە دڵ بیرت دەکەم، پێویستم پێتە لەم ژینە سەختەدا هاوکارم بیت.
باوکە گیان هەرچەندە دووریت تەنگی پێ هەڵچنیوم، بەڵام دڵنیام ڕۆژێک دێت پێت شاد دەبمەوە، چونکە سرووشتی ژین وەهایە...!.
باوکە گیان ئەگەر چی لەناومان نیت، بەڵام تۆ بۆ هەمیشە لەناو دڵی هەزارەها تێکۆشەر و خەڵکی بەئەمەک هەر زیندووی.
لێرەوە هاوخەمی خۆم بۆ ئەوکەسانە دەردەبڕم کە لەسۆزی باوک بێ بەشن، چونکە من باش دەزانم ئازاری بێ باوکی چۆنە.
هەموو کات خۆشمویستی و خۆشم دەوێیت. ڕەوانت شاد باوکە گیان.
ڕەوان بارزانی
2020-01-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 30-01-2020

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
37 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەواییدا تێپەڕ دەبێت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ئیدریس بارزانی و ڕەوان بارزانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

چەمپەنەکۆتەکی و دیژارەکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی
هەرمانە هەرەئێژێکی ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر مالّپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-30

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆلّا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 609

کۆنفرانسی بەرلینی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1976

20230128185029462110=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنفرانس بەرلینیی پارتی دیموکراتی کوردستان- (کۆنفرانسی بەرلین -11-08-1976) ، بە سەرپەرشتی سامی عەبدولڕەحمان و ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگری دەرەوەی وڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژاوا بەسترا. مەبەست لە ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە پێداچوونەوە بوو بە سیاسەتی ڕابردووی پارتی، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حزب و فراوانترکردنی شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان.

کۆنفرانسی بەرلینیی پارتی دیموکراتی کوردستان- (کۆنفرانسی بەرلین -11ی ئابی 1976) ، بە سەرپەرشتی سامی عەبدولڕەحمان و ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگری دەرەوەی وڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژاوا بەسترا. مەبەست لە ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە پێداچوونەوە بوو بە سیاسەتی ڕابردووی پارتی، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حزب و فراوانترکردنی شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان.

بارودۆخ و هۆکارەکان

لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیری 6ی ئاداری 1975، لەنێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئێراق، شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان (شۆڕشی ئەیلوول) پاش کۆبوونەوەی فراوانی حاجی ئۆمەران لە ڕێکەوتی 18ی ئاداری 1975 بە فەرمانی سەرۆک مستەفا بارزانی وەستا. بە وەستانی شۆڕش، بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی پارتی و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان پاش ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی شاهەنشاهی ئێران وەک پەنابەر ڕوویان لەو وڵاتەکرد. بەمەش نزیکەی تەواوی ئۆرگان و دامەزراوەکانی پارتی بە سەرکردایەتی حزبیشەوە لە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی کردەیی هەڵوەشاندنەوە. پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێک لە ئاوارەبوونیان بۆ وڵاتی ئێران سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی بە سەرپەرەشتی مەسعود بارزانی، لە ڕێکەوتی 15ی نیسانی 1975 لەسەر کانیاوێکی دەرەوەی شاری نەغەدە بەناوی (حەوت چەشمە) بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ هەریەک لە جەوهەر نامیق، کەریم شنگاری، عارف تەیفوور و محەمەد ڕەزا کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی پارتی درا، دواتر لە کۆبوونەوەی نهێنی کەرەج لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی 1975 بڕیاردرا سەرکردایەتییەکی نوێ لە ئەندامانی کۆنی کۆمیتەی ناوەندیی و کادیرە لاوەکانی حزب دروستبکرێت، بۆ ئەوەی شوێنی سەرکردایەتی کۆنی حزب بگرێتەوە. هەر بەو بۆنەیەشەوە بەیاننامەیەک ئامادەکرا و لە ڕێکەوتی 10ی کانوونی یەکەمی 1975 بەناوی سەرکردایەتی کاتی (قیادة الموقتة) بڵاوکرایەوە. ژمارەی ئەندامە هەڵبژێردراوەکان بۆ ئەم سەرکردایەتییە کاتییە پێکهاتبوو لە یازدە ئەندام کە بریتی بوون لە:مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، کەریم شنگاری، عارف تەیفوور، محەمەد ڕەزا، ئازاد ڕێکەوتی، نووری شاوێس، عەلی عەبدوڵڵا و کەمال کەرکووکی.

جێگیرکردنی ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی پارتی پێویستی بە بەستنی کۆنگرە دەکرد، چونکە بەپێی پەیڕە و پڕۆگرامی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی هەشتەمی 1970ی ناوپردان دەبوایە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب لە کۆنگرە هەڵبژێردرێن، ئەگەر بارودۆخیش بۆ بەستنی کۆنگرە لەبار نەبوو ئەوا حزب بۆی هەیە لە هەرشوێنێک بێت کۆنفرانس ئەنجامبدات بە مەرجێک لەلایەن ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو سەرپەرەشتی بکرێت. بەوپێیەی بارودۆخی ئەو کاتی پارتی و ناوچەکە بواری بەستنی کۆنگرەی نەدەدا لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە بڕیاردرا کۆنفرانسێکی فراوان لە ئەوروپا ئەنجامبدرێت.

بە هەوڵەکانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هاوینی ساڵی 1976 سنووری ئەورووپا بەڕووی ئاوارە کوردەکاندا کرایەوە، پاش ئەوەی هەردوو وڵاتی نەمسا و هۆڵەندا ئامادەیی خۆیان نیشاندا ژمارەیەک کورد وەک پەنابەر وەربگرن، لەلایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لە تاران ژمارەیەک پەنابەر کە لەنێویاندا ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی نوێی پارتیشی تێدابوو نێردرانە ئەورووپا. پاش گەیشتنیان لەلایەن لقی شەشی ئەورووپاوە پەنابەرەکان ڕێکخرانەوە و بەشێکی زۆریان بەسەر ڕێکخستنەکانی حزبدا دابەشکران. بەم شێوەیە بارودۆخی حزب لە ئەورووپا بوژایەوە و لە ڕێکەوتی 26ی ئایاری 1976 سامی عەبدولڕەحمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە لەندەن دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان (شۆڕشی گوڵان) ی ڕاگەیاند. هەر لەو ماوەیەشدا لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کۆنفراسی حزب لە ئەورووپا درا.

ئامادەکاری کۆنفرانس

لەلایەن لقی شەشی ئەورووپای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەست بە ئامادەکارییەکانی کۆنفرانس کرا، بەوپێیەی بارەگای لق لە بەرلینی ڕۆژاوا بوو شارەکە وەک شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس دەستنیشانکرا، پاش ئەنجامدانی ئامادەکارییەکان داوا لێژنە ناوچەکانی ئەورووپا کرا نوێنەری خۆیان بنێرنە بەرلین، هەر لێژنە ناوچەیەک بەلایەنی کەم دوو نوێنەری بۆ دەستنیشانکرا، لێژنە ناوچەکانیش لەنێو خۆیاندا بە دەنگدان ئەندامێکیان هەڵدەبژارد و لەگەڵ بەرپرسی لێژنە ناوچە کە ڕاستەوخۆ بۆ کۆنفرانس سەردەکەوت و بە ڕاپۆرتێکەوە هاتنە شاری بەرلین. هۆڵی زانکۆی بەرلین بەکرێ گیرا تا کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی تێدا ئەنجام بدرێت، لێژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسیش پێکهاتنرا کە بریتی بوون لە: سامی عەبدولڕەحمان، نووری شاوەیس، حەمە ڕەزا و عارف تەیفوور.

لە ڕێکەوتی 11ی ئابی 1976 بە سەرپەرەشتی سامی عەبدولڕەحمان و لێژنەی ئامادەکار، کۆنفرانس دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد، ژمارەی ئەندامانی لێژنە ناوچەکانی ئەورووپای سەربە لقی شەش چل ئەندام دەبوون، بە تێکڕا لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی، ئەو کادیرانەی تازە گەیشتبوونە ئەورووپا و میوانەکانیش کە یەکێک لەوان عیسمەت شەریف وانلی بوو ژمارەی ئامادەبووانی کۆنفرانس دەگەیشتە چل و هەشت بۆ پەنجا کەس، لەوانە تارق ئاکرەیی (بەرپرسی لقی شەش) ، عەزیز شێخ ڕەزا، سیامەند بەننا، ڕەمزی شەعبان، د. پیرۆت، حەمید ئاکرەیی، پۆڵا مەغدید قەساب کۆیی، محەمەد ساڵح جومعا، فەوزی ئەسعەد، محەمەد میسۆ، جەمال عەلەمدار، د. عومەر ئۆرەماری، فەرهاد سۆفی (فەرهاد جوبرائیل) ، تۆفیق فەیلی، ماجد فەیلی، عیزەددین ڕێکەوتی، عەبدولقادر ڕێکەوتی، عەبدولسەلام ڕێکەوتی، فایق نێروەیی، محەمەد ئەمین دەلەوی، ئازا مەحمود خەفاف، وریا ساعاتی، عەبدولڕەحمان پێداوی، غازی زێباری، محەمەد حەسەن عەونەت، د. سەباح مەریوانی و ...هتد.

بەستنی کۆنفرانس

کۆنفرانس لەنێوان ڕۆژانی 11 تا 16ی ئاب بەردەوام بوو، لە دەستپێکی کۆبوونەوەکان لەلایەن سامی عەبدەلڕەحمانەوە ڕەشنووسی نامیلکەی هەشتا لاپەڕەیی خوێنرایەوە بەناوی (طريقة الحركة التحريرية الكردية) کە لەلایەن لێژنەی سەرپەرەشتیکاری کۆنفرانس بەتایبەت سامی عەبدولڕەحمان و نووری شاوێس ئامادەکرابوو، کە نامیلکەیەکی ڕەخنەیی بوو لە بارەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردایەتی شۆڕشەوە و لەژێر کاریگەریی فکری توندی چەپڕەوی مارکسی لینینی نووسرابوو، نامیلکەکە لەلایەن ئەندامانی کۆنفرانسەوە گفتوگۆی لەبارەوە کرا و دواتر دەنگی لەسەر درا. بڕگەی دووەم لە ئەرکەکانی کۆنفرانس بریتی بوو لە جێگیرکردنی ناوی یازدە ئەندامەکەی سەرکردایەتی کاتی کە پێشتر بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرابوون، و زیادکردنی چوار ئەندامی تر بۆی، مەرج بوو ئەو چوار کەسەی بە ئەندامی نوێی سەرکردایەتی کاتی هەڵدەبژێردرێن پاش ئاشکراکردنی ناوەکانیان بۆ باشووری کوردستان بگەڕێنەوە، ئەوەبوو پاش دەنگدان هەر یەک لە وریا سەعات، دڵشاد میران، ئازاد خەفاف و عەبدولڕەحمان پێداویت بە ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی هەڵبژێردران و زیادکرانە

سەر لیستی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی، بەم شێوەیە ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی بوون بە پازدە ئەندام و بە شێوەیەکی یاسایی جێگیرکران.
جگە لە کار و ئەرکەکانی کۆنفرانسی بەرلین، لەم کۆنفرانسەدا چەند بڕیارێکی سیاسیش دەرکردان کە هەڵبژاردنەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و زەمینە سازی بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە گرینگترین بڕیارەکان بوون.
پاش کۆتا هاتنی کار و ئەرکەکانی سەرکردایەتی کاتی و هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێ و جێگیر کردنیان، کۆنفرانس لەلایەن لقی شەشەوە درێژەی پێدرا، پاش دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان بڕیاردرا دەنگدان بکرێت بۆ هەڵبژاردنی دوو کارگێڕی لێژنە لق بۆ لقی شەشی ئەورووپا، لە ئەنجامی دەنگدانەکەدا تارق ئاکرەیی وەک بەرپرسی لق دەستنیشان کرایەوە و سیامەند بەنا و عەبدولسەلام ڕێکەوتیش بە کارگێڕی لق هەڵبژێردران. دواتر هەریەکە لە د. جەرجیس حەسەن و حەمید عەقراویش بۆ دەستەی کارگێڕی لق زیادکران.
کۆنفرانس ماوەی شەش ڕۆژی خایاند و لە ڕێکەوتی 16ی ئابی 1976 کۆتایی بە کارەکانی هێنا، کە دەی کردە هەمان ڕێکەوتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی بچووک سازکرا دواتر بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بڕیارەکانی کۆنفرانس بۆ ئەندام و بەشداربووانی کۆنفرانس خوێنرایەوە، بەهۆی هەستیاری بارودۆخی سیاسی ئەوکات هیچ بەیاننامەیەک بە بۆنەی کۆتای هاتن بە کۆنفرانس بڵاونەکرایەوە، نامیلکەیەک دەرکرا بەناوی (ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد) ، دواتر نامیلکەکە وەک ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە (11-15) ی ئابی 1976 دەرکرابوو پەسەند کرا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 70کان (70-79) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: ئەڵمانیا |
ڕۆژی دەرچوون: 11-08-1976

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1976-08-11	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
عەبدولڕەحمان پێداوی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پارتی پیدیا
کاتی تۆمارکردن: 28-01-2023

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 610

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1966

20230128000129461979=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق – 15ی تشرینی دووەم 1966) ، دوای کێشەکانی حزب لەگەڵ گرووپی کۆنی مەکتەبی سیاسی، چوونیان بۆ ئێران و گەڕانەوەیان، شکستی حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف لە گەڕێکی نوێی شەڕ دژی شۆڕش لە حوزەیرانی 1966 و ڕێککەوتنامەی حوزەیرانی 1966 لەگەڵ حکوومەت، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری پارتی لە شارەدێ گەڵاڵە بەسترا.

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق – 15ی تشرینی دووەم 1966) ، دوای کێشەکانی حزب لەگەڵ گرووپی کۆنی مەکتەبی سیاسی، چوونیان بۆ ئێران و گەڕانەوەیان، شکستی حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف لە گەڕێکی نوێی شەڕ دژی شۆڕش لە حوزەیرانی 1966 و ڕێککەوتنامەی حوزەیرانی 1966 لەگەڵ حکوومەت، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری پارتی لە شارەدێ گەڵاڵە بەسترا.

بارودۆخ و هۆکارەکان

لە مانگی شوباتی 1965 شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی ئێراقی دەستی پێکردەوە و دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای سەرکردایەتی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەک. حکوومەتی ئێران کە تەواو لە ئیبراهیم ئەحمەد و دارو دەستەکەی بێ هیوا ببوو، هەوڵیدا پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بکات و لەگەڵی ڕێکبکەوێت، ئەنجامی ئەو هەوڵانە یارمەتیدانی فراوانی حکوومەتی شاهەنشایی ئێران بوو بۆ شۆڕش لە دژی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئێراق. هەر لە سەروبەندی شەڕی ڕژێمدا، ژمارەیەک کەسایەتی و ڕۆشنبیری کوردپەروەر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە نێوان سەرۆک مستەفا بارزانی و گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن کە لە ئێران ئاوارەبوون و داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد، لێبووردنێکیان بۆ دەربکات، ئەوەبوو بارزانی بەبێ مەرج لێی بوورین و لە ڕێکەوتی 6ی تەموزی 1965 گشتیان گەڕانەوە کوردستان، جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد کە داوایکرد لە تاران بمێنێتەوە. دوای گەڕانەوەی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، بە بڕیاری سەرۆک مستەفا بارزانی، پێشمەرگەکان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد و سەرکردەکانیشیان بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی لە دۆڵە ڕەقە نیشتەجێ کران. پاش ماوەیەک لە دۆڵە ڕەقەوە بە نهێنی پەیوەندییان بە حکوومەتی ئێراقەوە کرد.

دوای کوژرانی عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆماری ئێراق، عەبدولڕەحمان عارفی برای شوێنی گرتەوە، ئەویش ڕاستەخۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە کرد و داوای گفتوگۆی کرد، بۆئەوەی کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە حکوومەت وەفدێکی نارد گەڵاڵە و لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش کۆبوونەوە، بەڵام چوونی ئەندامانی گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ پاڵ حکوومەت دانووستانەکانی پەکخست، بەمەش شەڕ دەستی پێکردەوە و حکوومەت بە یارمەتیی گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن نەخشەی هێرشێکی بەرفراوانی داڕشت و و ڕێکەوتی 2ی ئایاری 1966 هێرشەکانی حکوومەت دەستی پێکردەوە، بەڵام حکوومەت لە و گەڕەی شەڕیش شکستی خوارد و لە کۆتایدا هیچ هیوایەکی بە سەرکەوتن نەما، لە ڕێکەوتی 15ی حوزەیرانی 1966 بە مەبەستی ئاگربەست وەفدی خۆی نارد گەڵاڵە کە بارەگای سەرۆک بارزانی لێبوو و لە 18ی مانگ لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبوونەوە، وا ڕێککەوتن کە سەرکردایەتی شۆڕش بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕێککەوتن وەفدێک بنێرێتە بەغدا، ڕێکەوتی 22ی حوزەیران وەفدی سەرکردایەتی شۆڕش گەیشتە بەغدا و لە 29ی حوزەیران بەیاننامەی ڕێککەوتن ئیمزاکرا و ڕاگەیەنرا. ڕێکەوتی 28ی تشرینی یەکەمی 1966 عەبدولڕەحمان عارفی

سەرۆک کۆمار هاتە بەرزێوە و لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی کۆبووەوە.
دوای ڕێککەوتننامەکەی 29ی حوزەیران و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ لە کوردستان، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حزب لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، بڕیاری ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرەی نوێی حزب درا.
بەستنی کۆنگرەی پارتی:
کۆنگرەی حەوتەم لە ماوەی نێوان 15 تا 21ی تشرینی دووەمی 1966، بە ئامادەبوونی 425 نوێنەر، کە نوێنەرایەتیی سی هەزار ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد، لە قوتابخانەی ناوەندیی شارەدێی گەڵاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر بەسترا. مەکتەبی سیاسی ڕاپۆرتی ڕامیاری خۆی پێشکەشی نوێنەرانی کۆنگرە کرد و تیشکی خستە سەر گشت ڕووداوەکانی کوردستان، ئێراق و ناوچەکە بە تایبەتی چاکسازی کشتوکاڵ و بیمەکردنی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی بەغدا و داتەپینی ئابووری ئێراق.
لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەک بڕیاری گرنگ لەبارەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان دران و دەستوورێکیش بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانرا، هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا سەرۆک مستەفا بارزانی یاداشتێک بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی بەیاننامەی 29ی حوزەیران بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بنێرێ.
لە کۆنگرەکەدا، هەریەک لە عەبدوڵڵا و نوری شاوەیس وەک دوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆنگرەی پێنجەم ، کە چووبوونە ڕیزی هەوادارانی کۆبوونەوەکەی ماوەتەوە و لەبەر پشتگیری نەکردنیان لە گرووپی جەلال - ئیبراهیم، بوونەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەروەها ناوی پارتی وەک خۆی مایەوە و سەرۆک مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی حزب هەڵبژێردرایەوە و بۆ یەکەمینجار هەر یەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی لە کردنەوەی کۆنگرەدا بەشدار بوون.
ئەندامانی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی لە کۆنگرە حەوتەمدا:
مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک
حەبیب محەمەد کەریم
دکتۆر مەحمود عوسمان
سالح یوسفی
نوری شاوەیس
عەلی عەبدوڵڵا
سامی عەبدولڕەحمان
شەوکەت ئاکرەیی
ئەحمەد ئەتروشی
یەدوڵا فەیلی
مەجید ئەتروشی
عەزیز ئاکرەیی
ئیسماعیل مەلا عەزیز
عەلی شنگالی
نەعمان عیسا.
ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:
هاشم ئاکرەیی
شەفیق ئەمین ئاغا
فاتح محەمەد ئەمین.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لە پێنج ئەندامەوە کران بە حەوت ئەندام و لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بەم شێوەیە هەڵبژێردران:
حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێر
دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندام
سالّح یوسفی، ئەندام
نوری شاوەیس، ئەندام
عەلی عەبدوڵڵا، ئەندام
سامی عەبدولڕەحمان، ئەندام
عەزیز ئاکرەیی، ئەندام.
لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە حەوت ئەندام و دوو یەدەگ بۆ دەستەی چاودێری و بەدواداچوون هەڵبژێردران:
ڕەشید عارف، سەرۆک
نەجمەدین یوسفی، ئەندام
مەلا حەیدەر محەمەد حسێن، ئەندام
سەبری بۆتانی، ئەندام
مەلا سالّح حاجی حەسەن، ئەندام.
دوای کۆتایهاتنی کۆنگرە، ئەرکە گرنگەکان لەلایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە بە ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی سپێردران، لەوانە مەحمود عوسمان کاری پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێ سپێردرا، سامی عەبدولڕەحمان چەند ئەرکێکی سیاسی و ئەمنی پێ سپێردرا، ئیدریس بارزانی کرایە سەرپەرشتی مەکتەبی سەربازی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، مەسعود بارزانی بەڕێوەبردنی مەکتەبی پاراستنی پێ سپێردرا.
یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی تری کۆنگرە، دووبارە دەرچوونی ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی حزب بوو، پاش ئەوەی مەسعود بارزانی سەردانی بەغدای کرد، هەلەکەی قۆستەوە و توانی فەرمانێک وەربگرێت بۆ ئازادکردنی گیراوەکانی ساڵی 1965 و وەرگرتنەوەی مۆڵەتی کارکردنی ڕۆژنامەی خەبات، ئەوەبوو ژمارەی نوێی ڕۆژنامەی خەبات لە 16ی نیسانی 1967 بەسەرپەرشتی سالّح یوسفی دەرکرا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 60ەکان (60-69) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژی دەرچوون: 15-11-1966

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی پارتی پیدیا
کاتی تۆمارکردن: 28-01-2023

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 611

کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1999

20101210131053124 36=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان – 06-10-1999) ، دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتی واشنتۆنی ساڵی 1998 و کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شاری هەولێر ی پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.

کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان – 6ی تشرینی یەکەمی 1999) ، دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتی واشنتۆنی ساڵی 1998 و کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.

بارودۆخ و ئامادەکارییەکان

لە ڕێکەوتی 6ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1993 ڕووفاتی نەمران، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لە وڵاتی ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان گەڕێندرانەوە. لە مانگی ئایاری 1994 شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرسا کە ماوەی چوار ساڵی خایەند و بووە هۆی دوولەتکردنی هەرێمی کوردستان لەنێوان هەردوو لادا و دواتر لە ڕێکەوتی 17-09-1998 دوای ڕێککەوتنی واشنتۆن کۆتایی پێهێنرا. لە و ماوەیەدا پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی و چەند لایەنێکی تری سیاسی باشووری کوردستان لە هەولێر پێکهێنرا، هەر لە و ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان گەڕانەوە.

دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی یازدەیەم، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی 13-03- 1999 بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی دوازدەی حزب درا، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی 14ی نیسانی 1999 لە کۆبوونەوەیەکی تری کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی پارتی ڕاسپێردرا بە دروستکردنی لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەی مانگی ئایاری 1999 لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی پێکهێنا، کە بریتیبوون لە: فەلەکەدین کاکەیی-سەرۆکی لێژنە، د. محەمەد ساڵح جومعە-جێگری سەرۆکی لێژنە، شێخەلا ئیبراهیم، تەمەر ڕەمەزان، نەجمەددین یوسفی و مامۆستا حەسەن.

دوا پێکهێنانی، لەلایەن لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەوە، پڕۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئەنجام درا، کە چل و یەک ڕۆژی خایاند و لە ڕێکەوتی 4ی حوزەیرانی 1999 تا ڕێکەوتی 15ی تەموزی 1999 و لە 96 بازنەی هەڵبژاردن و 226 بنکەدا، 180 هەزار دەنگدەری پارتی بەشدار بوون و نوێنەرانی کۆنگرەیان هەڵبژارد.

بەستنی کۆنگرە دوانزەیەم

لە ڕۆژی چوارشەممەی 6ی تشرینی یەکەمی 1999، کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هۆڵی زەرد لە شاری هەولێر بە دروشمی ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی بە ئامادەبوونی 1473 نوێنەر، کە 8 ٪یان ئافرەت بوون، بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا، بۆ جاری چوارەم، لەلایەن تێکڕای نوێنەرانی کۆنگرەوە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە و لەسەر پێشنیاری سەرۆک، عەلی عەبدوڵلا ئەمین بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردرایەوە. هەروەها بۆ جارێکی تر، ناوی پارتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو وەک کۆنگرەی دەیەم بووەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان. ژمارەیەک بڕیاریش دران کە گرنگترینیان ئەنجامدانی گۆڕانکاری بوو لە دامودەزگاکانی حزبی و لەشکری، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی لە 37 ئەندام کرا بە 31 ئەندامی کارا و 9 ئەندامی یەدەگ و مەکتەبی سیاسی بە دەنگدانی نهێنی لە 9 ئەندام هەڵبژێردران.

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دوازدەیەم، بریتی بوو لە: شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی،

سکرتێری مەکتەبی سیاسی، جێگری سەرۆک و سەرۆک. هەروەها دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشان کران و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، سەرپەرشتی دەکردن.
ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی:
نێچیرڤان بارزانی
مەسرور بارزانی
فازڵ میرانی
دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس
هۆشیار مەحمود محەمەد فارس
سامی عەبدولڕەحمان
ئازاد بەرواری
جەوهەر نامیق سالم
زەعیم عەلی
شەوکەت شێخ یەزدین
محەمەد مەلا قادر
دکتۆر کەمال کەرکووکی
دکتۆر جەرجیس حەسەن
کەریم شنگالی
نوری عەلی محەمەد ڕەحمان، ناسراو بە نوری حەمە عەلی
عارف تەیفور
سەعد عەبدوڵڵا
فرەنسۆ هەریری
فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان، ناسراو بە فەرەیدون جوانڕۆیی
سەڵاح دەلۆ
ڕەمزی شەعبان
عومەر بۆتانی
شیرین ئامێدی
جەمال عوسمان کارەسوڵ، ناسراو بە جەمال مورتکە
سەرباز نادر عەلی، ناسراو بە سەرباز هەورامی
عومەر عوسمان مێرگەسۆری
بروسک نوری شاوەیس.
سەفین موحسین حەمەدئەمین، ناسراو بە سەفین دزەیی
قادر قادر عەلی
عیزەدین بەرواری
یونس ڕۆژبەیانی.
ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:
عەبدولعەزیز تەیب
مەحمود محەمەد
مەسعود سانەیی
عەبدولموهەیمن بارزانی

جەعفەر ئیبراهیم حاجی، ناسراو بە جەعفەر ئێمینکی
عەبدوڵڵا ئاگرین
دیاری حسێن
قادر جەباری
دکتۆر حەسەن محەمەد سوور.
لە دواڕۆژی کۆنگرە و بۆ جاری سێیەمین لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، میدالیای بازانیی نەمر لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانی بەخشرایە سی و حەوت کەسایەتی لە سەرکردە، فەرماندە و هەڤاڵانی بارزان.
لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیشدا،
دەستەی مەکتەبی سیاسی بە شێوەی خوارەوە هاتنە هەڵبژاردن:
نێچیرڤان بارزانی
مەسرور بارزانی
هۆشیار زێباری
جەوهەر نامیق سالم
فازڵ میرانی
سامی عەبدولڕەحمان
ئازاد بەرواری
دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس
زەعیم عەلی.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 90دەکان (90-99) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1999-10-06	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست	
حزب دموکرات کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	فارسی	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پارتی پیدیا

کاتی تۆمارکردن: 2010-12-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 612

کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1989

20230128191559462132=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان – 02-12-1989) ، دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی ساڵی 1988 و چەندین گۆڕانکاری ناوچەیی و هەرێمی، لە گوندی هێشماوە ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدرا.

کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان – 2ی کانوونی یەکەمی 1989) ، دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی ساڵی 1988 و چەندین گۆڕانکاری ناوچەیی و هەرێمی، لە گوندی هێشماوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدرا.

بارودۆخ و ئامادەکارییەکان

لە کۆتایی ساڵی 1980 ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کاتی پارتی کە لە کۆنگرەی نۆیەم جیابوونەوە، حزبێکی نوێیان دروستکرد بە ناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێکەوتی 28ی تشرینی دووەمی 1980 بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ئێراق بە ناوی جود دروستکرا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و شەش حزبی تری کوردستانی و ئێراق لەخۆگرتبوو. دواتر دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق لە ڕێکەوتی 22-08-1980، کە بە درێژایی شەڕ هێزە کوردییەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو. لە و ماوەیەدا شەڕی ناوخۆیی بەرۆکی زۆربەی هێز و حزبە کوردییەکانی گرتبوو، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا لە کۆنفرانسی تاران ی تشرینی یەکەمی 1986 کۆتایی پێ هێنرا و کۆچی ناوەختەی ئیدریس بارزانی لە 31-01-1987. دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە 2ی ئایاری 1988 کە لە حەوت حزبی کوردستانی پێکهاتبوو. دواتر وەستانی شەڕی ئێران و ئێراق دوای هەشت ساڵ لە 20-08-1988. هێرشە درندانەکانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1988 بۆ سەر کوردستان و کیمیاباران کردن و ئەنفالکردنی کوردستان و چەندین ڕووداوی تر لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ماوەیە بوون.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب دەبووایە کۆنگرەی دەیەم، لە ساڵەکانی 1983 یان 1984 بەسترابا، بەڵام بەهۆی نالەباری بارودۆخ و پێشهاتە نەخوازراوەکان دواەخرا، تا سەرەنجام لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی حوزەیرانی 1989، بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرە درا، هەر لە و کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دروستبکرێت، بە مەرجێک هیچ کامیان ئەندام نەبن لە کۆمیتەی ناوەندی، ئەوەبوو لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان ئیدریس بارزانی پێکهات و لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵ بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرە لەنێو ڕێکخستنە سەربازی و حزبییەکان هەڵبژاردن دەستی پێکرد و تا مانگی تشرینی یەکەمی 1989 کۆتایی بە ئامادەکارییەکانی کۆنگرە هێنرا.

بەستنی کۆنگرەی دەیەم

کۆنگرە لە ڕۆژانی 2-12ی کانونی یەکەمی 1989 لە گوندی هێشماوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئامادەبوونی 332 نوێنەری هەڵبژێردراوی ناوچە ئازادکراوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراق و نوێنەرانی دەستنیشانکراوی ناوچە داگیرکراوەکان، بە دروشمی بەردەوامی خەبات لەپێناوی دیموکراتی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دەستبەکار بوو.

ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرە لەلایەن عەلی عەبدولّا، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییەوە خوێنرایەوە و دواتر بروسکەی 130 حزب و ڕێکخراوی سیاسی دۆستی پارتی خوێنرایەوە. بە بڕیاری ئەم کۆنگرەیە، بۆ جاری دووەم لە مێژووی پارتیدا پلەی جێگری سەرۆک نوێ کرایەوە، لە کاتێکدا لە کۆنگرەی یەکەم (یەکگرتنی یەکەم) دا سەرۆک دوو جێگری هەبووە، بەڵام بە پێچەوانەوە پلەی سکرتێر لادرا، کە لە کۆنگرەی یەکەمدا لەپاڵ جێگردا هەبووە،

لەسەر ئەم بنەمایە، بە پێشنیاری سەرۆک مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا وەک جێگری سەرۆک دەستنیشان کرا و ئەم دەستنیشانکردنەش لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسەند کرا.
لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەک بڕیار دران و بە تەواوی دەستکاری ماددەی 5ی پرۆگرام کرا و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سەرۆکی پارتیدا کرا و دەسەڵاتی سکرتێر نەما، بڕیاردرا لە جێی سکرتێر جێگری سەرۆک لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان بکرێت، مەسعود مستەفا بارزانی بۆ جاری دووەم بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.
پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دەیەم، بریتی بووە لە: شانە، شانەی سەرەکیی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی و سەرۆک. هەروەها لێژنەی پشکنینی ناوەندی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرا و لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێکدەهات، کە بە شێوەیەکی خولی ئەندامەکانی دەگۆڕان.
سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم:
نێچیرڤان بارزانی
دکتۆر جەرجیس حەسەن
جەوهەر نامیق سالم
دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس
هۆشیار مەحمود محەمەد فارس
فازڵ میرانی
عەبدولموهەیمەن بارزانی
فەلەکەدین کاکەیی
حەمید ئەفەندی
مەسعود سانەیی
ڕێبوار یەڵدا
عیزەدین بەرواری
ئازاد قەرەداغی
دکتۆر کەمال کەرکووکی
زەعیم عەلی
دکتۆر پیرۆت ئەحمەد
قادر قادر عەلی
قادر قەچاخ
دکتۆر عەلی بابا شاوەیس
دکتۆر محەمەد سانح جومعە
دەرویش عەبدولڕەحمان ئاغا
عومەر عوسمان عومەر
ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیش بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:
دکتۆر ناسح غەفور
مەحمود محەمەد مەحمود
کەمال حەسەن چاومار
یونس ڕۆژبەیانی
سەید سانح بەرواری.

لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نوێ هەڵبژێردران کە پێکهاتبوون لە:
نێچیرڤان بارزانی، فازڵ میرانی، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، د. جەرجیس حەسەن، جەوهەر نامیق، هۆشیار زێباری و زەعیم عەلی.
بەوپێیەی بارودۆخی کوردستان دوای پرۆسەی ئەنفال تەواو تێکچووبوو، دوای کۆنگرە هەوڵدرا ئاڵوگۆڕ لە لقەکاندا بکرێت و مەفرەزەی پێشمەرگە بنێردرێتەوە کوردستان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 80کان (80-89) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: شنۆ | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 28-01-1989

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1989-01-28	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
کەمال کەرکووکی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پارتی پیدیا

کاتی تۆمارکردن: 28-01-2023

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 613

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1979

20230128185846462117=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق – 10-11-1979) ، دوای کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی و بە بڕیاری کۆبوونەوەوی شاوانە لە ئۆردوگای پەنابەرانی شاری زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدرا.

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- (پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق – 10ی تشرینی دووەمی 1979) ، دوای کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی و بە بڕیاری کۆبوونەوەوی شاوانە لە ئۆردوگای پەنابەرانی شاری زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدرا.

بارودۆخ و هۆکارەکان

ساڵی 1979، دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، ڕژێمی پاشایەتی لە و وڵاتەدا ڕووخا و کۆماری ئیسلامی شوێنی گرتەوە، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، توانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ دەسهەڵاتی نوێی ئێران دروووست بکات. لە ڕووداوە هەرە کاریگەرەکانی تر کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی بوو لە سەرەتای ساڵی 1979 و دواتر گەڕاندنەوەی ڕووفاتەکەی بۆ شاری شنۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕێکەوتی 4ی نیسانیی هەمان ساڵ.

